هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 88

سالّی/ 2013 – بەرگی هەشتاو هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2013

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (36) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/1/23 ل 5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (37) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2013/1/27 ل 69

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (38) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/1/28 ل 135

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (39) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/1/29 ل 227

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (40) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/1/30 ل 319

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (41) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2013/1/31 ل 401

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (36)

## چوار شەممە رێکەوتی 2013/1/23

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە رێکـەوتی 2013/1/23 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلـەمان, دانیشتنی ژمـارە (36)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیرەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (36)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێکـەوتی 2013/1/23 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2013.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خـولی گرێـدانی یەکـەم، ژمـارەی دانیشـتن (36)، ڕۆژی دانیشـتن 2013/1/23، بەرنامەی کار:

بـەپێی حوکمـەکانی برگـە (1)ی مـادده (20) لـە پـەیرەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتان بڕیاریـدا، بەرنامـەی کاری دانیشتنی ژمارە (36)ی ئاسایی خولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوت 2013/1/23 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2013.

بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری رۆشنبیری و وەزیری رێکخەری نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین بەخێر بێن.

ئێستاش بۆ خسـتنەڕوو و گفتوگـۆکردنی پـرۆژەو یاسـای بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق بـۆ سـاڵی 2013، داوا لە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین راپۆرتی وەزارەت بخوێنێتەوە، با بفەرموێت.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق ساڵی 2013

پێشەکی بودجەی گشتی بریتیە لەو خەملاندنانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داهات و خەرجی گشتی بۆ ساڵی دارایی ئاینده بە دراو دەیکات و بە قانون لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت.

لەم روانگەیەوە بودجەی گشتی بەشێکە لە مامەڵە کردن لەگەڵ سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی خەڵك، راگەیاندنی پلانی گەشە پێدانی ستراتیجی سەرانسەری و بەردەوامە بە ژمارەی دراو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی لەسەر بنەمای هاوسەنگی نێوان توانستە داراییەکان کە خۆی لە داهاتی گشتی دەبینێتەوەو پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لە بواری بەردەوامبوونی رێڕەوی ئابووری و خەملاندنی پێداویستی خزمەتگوزاری و چالاکی و ئەنجامدانی پرۆژەکان و خەرجیەکان و هەنگاوەکان بۆ بەدیهێنانی پلانی حکومەت بۆ گەشە پێدان، کە ئەمەش لە خەرجی گشتی بەرجەستە دەبێت.

بەم جۆرە بودجە رەنگدانەوەی چالاکی ئایندەی دەوڵەتە بە هەموو دەزگاکانییەوە بەشێوازێکی روون و شەفاف ئامادە دەکرێ و، لە پەرلەمان دوای گفتوگۆ بڕیاری لەسەر دەدرێ و بۆ خەڵك رادەگەیەنرێ، لەبەر رۆشنایی ئەم یاسایەش حکومەت سیستەم و رێنمایی خەرج کردنی دەستنیشان دەکات، بە مەبەستی زیاتر روون کردنەوەی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2013، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی دارایی راسپارد بە هاوکاری کۆمەڵێك پسپۆر، بەم ئەرکە هەستن و راپۆرتێکی روون سەبارەت بە چەمکە سەرەکیەکانی بودجەو پێکهاتەکەی و بوارە سەرەکییەکانی و بنەمای داڕشتن و دیدە بنەڕەتیەکانی و گرفتە سەرەکییەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵێك پێشنیاز بۆ چارەسەر کردنی ئامادە بکات وەك رەنگدانەوەی زیاتری شەفافیەت و پێدانی زانیاری سەبارەت بە سیاسەتی حکومەت و روون کردنەوەی بوارە جۆراو جۆرەکان بۆ پەرلەمان و هاووڵاتیان.

## ستراتیژییەتی دانانی بودجەی 2013

بودجەی گشتی بەڵگە نامەیەکی سیاسی قانونیەو رەنگدانەوەی فەلسەفەو چالاکی ئایندەی دەوڵەتە بە هەموو دەزگاکانییەوەو ئامرازێکی کاریگەرە بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەی، نە تەنها دۆکۆمێنتێکی ژمێریاری رووتی خەرجی و داهاتی دەوڵەت.

بودجەی هەرێمی کوردستان سنووردارەو بە هیچ شێوەیەك لە ئاستی پێداویستییەکانی وڵاتێکدا نییە، کە ساڵەهای ساڵ وێران کراوەو ژێرخانەکەی لەناوبراوە، لە 96٪ی سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابین دەکرێت و ساڵانە بەگوێرەی رێککەوتنێك لەنێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێم لە ساڵی 2006ـەوە رێژەی (17٪)ی داهاتی گشتی عێراق دەدرێت بە هەرێم، کە ئێستا دوای لێ دەرکردنی هەردوو خەرجی سیادی و حاکیمەو خەملاندنی داهاتی هەرێم و پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و پترۆدۆلار کەم دەکرێتەوە، بۆ ئەمساڵ بەهۆی زۆری خەرجی سیادی بەشی هەرێم دەکاتە (10,4٪)ی کۆی گشتی داهاتی عێراق، واتە ئەمساڵ کەمترە لە ساڵی (2012)، کە رێژەی (10,7٪) بوو لە کاتێکدا بودجە لە عێراقدا زیادی کردووە.

هۆكارەكانی ئەم كۆمبوونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپ مامەڵە كردنی حكومەتی فیدراڵ لەگەڵ بودجەدا بە گشتی و بەشی هەرێم بەتایبەتی، هەرچەندە ماددەی (110)و بڕگەی چوارەمی ماددەی (114)ی دەستوور دانانی سیاسەتی گەشە پێدان و پلاندانانی گشتی بۆ هەموو عێراق بە دەسەڵاتێكی هاوبەشی نێوان حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمەكان دادەنێ و، بێگومان دانانی بودجەش بەدەر نییە لە سیاسەتی گەشە پێدان و پلاندانان، بەلأم حكومەتی بەغدا بە پاساوی ئەوەی ماددەی (110) لە دەستووری عێراق دارشتنی سیاسەتی دارایی بە دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵ دەزانێ، بوار نادات تەنانەت هەرێم رۆڵ بنوێنێ لە دیاری كردنی بەشە بودجەی خۆشیدا، ئەمەش بۆتە گرفتێكی گەورەو بەردەوام.

جگە لەمەش حكومەتی بەغدا تا ئێستا كاری پێویستی ئەنجام نەداوە لەسەر بنەماكانی یاسای بودجەو رێككەوتننامەكان، پێوەری دیار بۆ پشكی خەرجیەكانی پێشمەرگە رێك بخات، هەرێم لەو بڕە بودجە سنووردارەی وەریدەگرێت، خەرجیەكانی پێشمەرگە دابین دەكات، بۆ بەرگری كردن لە عێراق و كوردستان و پاراستنی باری ئاسایش و بەردەوامبوونی سەقامگیری، كە بۆتە مایەی گەشە سەندنی ئابووری و زۆری قەبارەی وەبەرهێنی بیانی لە هەرێمدا، ئەمەش لە كۆتاییدا بە سوودی هاوولأتیانی هەرێم و دۆخی سیاسی شكاوەتەوە.

سیستەمی كارگێڕی گشتی عێراق بە گشتی، بەهۆی سیاسەتی چەوتی رژێمی پێشوو سەرەڕای ئەم گرفتە سیاسییانەش و كەڵەكە بوونی هەڵەكانی لە پەراوێز كردنی پارێزگاكانی كوردستان و كار نەكردن بۆ بینادنانی دامەزراوەی هاوچەرخ لە رووی تەندروستی، پیشەسازی، شارەوانی و پەرەپێدانی مرۆیی، كە بەهۆی ئەنفال و كیمیاباران كردن و تێكدانی سەرچاوەكانی بژێوی هاوولأتیان پێویستی بە چەندین ساڵی ترە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەكی رێك و پێك لەسەر پێی خۆی بوەستێ.

لەبەر رۆشنایی هاوسەنگی نێوان داهات و توانای خەرج كردن لەلایەك و پێداویستی و جێ بەجێ كردنی ئامانجەكان لەلایەكی دیكەوە، رواڵەتی گشتی بودجەی هەرێمی كوردستان لە بەردەوامبوونی بنیاتی ژێرخانی ئابووری و مسۆگەر كردنی پاراستنی كوردستان و دابین كردنی ئاسایشی تاك و كۆمەڵگاو جێ بەجێی پێداویستیەكانی پەرەپێدانی ئابووری و باشتر كردنی باری بژێوی خەڵكی كوردستان و كارا كردنی رۆڵی كەرتی تایبەت لە پرۆسەی گەشە پێداندا بەرجەستە دەبێت، كە لە بڕگەكانی ئەم راپۆرتەدا بە خشتەو ژمارەو زانیاری تەواو دەیانخەینەڕوو.

لە دانانی بودجەدا حكومەتی هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك ئامانج لەبەرچاو گیراوە وەك كار كردن بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو بەڵێنانەی پێش هەڵبـژاردنی پەرلەمان بە خەڵكی كوردستان دراو بەرنامەی كابینەی حەوتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە پێشكەشی پەرلەمان كرا، هەروەها پرۆژەی پلانی ستیراتیجی هەرێمی كوردستان 2012 – 2016، جگە لەو پلان و نەخشە ستراتیجیانەی تایبەت بە كەرتێكی ئابووری، یان خزمەتگوزاری، یان لە بواری پەرەپێدانی مرۆییدا دارێژراوە، نەخشەی كاری وەزارەتە جۆراوجۆرەكانی

حکومەت و، ئەو روپێو و ئامارانەی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان سەبارەت بە پێداویستیەکانی پەرەپێدان ئەنجامیانداوە، بە هەند وەرگیراون.

گرنگترین ئەو ستراتیژییانەی کە حکومەتی هەرێم کاریان لەسەر دەکات بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی کە مۆرکێکی بنیاتنەرانەیان لە هەلومەرجی ئابووری و سیاسەتی ئابووری و دارایی هەرێم دەبێ بریتین لە:

1- بایەخدان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆیی جۆراوجۆری کوردستان، نە تەنها بە بواری دەرهێنانی نەوت، بەڵکو بە گرنگیدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و کەرتەکانی تر.

2- کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی لە خەرجی گشتیدا.

3- بەردەوامبوون لەسەر هەنگاوەکانی حکومەت بۆ چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی بەشێوەیەك کە لە خزمەتی نەخۆش و بەتایبەتی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتدا بێت.

4- گرنگیدانی زیاتر بە بواری پەروەدەو خوێندن و خوێندنی باڵا کە تا ئێستا هەنگاوی گەورەی بڕیوە.

5- دانانی سیستەمێکی گونجاو بۆ وەرگرتنەوەی داهاتی ئاو و کارەبا بە جۆرێك کە بگونجێ لەگەڵ ئەو خەرجیەی حکومەت بۆ ئەم بوارە دەیکات.

6- دانانی میکانیزمێکی گونجاو بۆ پێدانی دەرماڵەکان بە فەرمانبەرانی حکومەت.

7- هەوڵدان بۆ کارا کردنی رۆڵی بانکەکان لە پێدانی قەرزی خانووبەرە، کشتوکاڵی و پیشەسازی.

8- کار کردن بۆ دانانی بنەماکانی سەربەخۆیی ئابووری کوردستان، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی نەوت و گاز، نەك تەنها دەرهێنانی بە جۆرێك کێشە سیاسیەکان کاردانەوەی سلبیان نەبێت لەسەر بارودۆخی ئابووری کوردستان.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم بارودۆخە هەستیارەی هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، هاودەنگی پەرلەمان زۆر پێویستە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوادارە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2013 جێگای متمانەی پەرلەمانتاران بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بە زووترین کات دەست بە جێ بەجێ کردنی ئەم بودجەیە بکات.

### دابەشبوونی خەرجی خەملێندراو بۆ ساڵی 2013

بە مەبەستی ئامادە کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013، وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراوی ژمارە (485) لە 2012/6/20 داوای لە سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت کرد کە پرۆژەی بودجەی خۆیان ئامادە بکەن، پاشان بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (2575) لە 2012/8/26 خشتەیەکی کاتی بۆ تاوتوێ کردنی بودجە لە نێوان (8/29 – 2012/9/30) دیاری کراو، دواتر لیژنەیەکی باڵا پێکهێنرا بۆ گفتوگۆ کردن سەبارەت بە بڕگەکانی بودجەی ئاسایی لەگەڵ وەزارەتەکاندا.

به مەبەستی روون کردنەوەی چۆنێتی دابەش بوونی بودجەی هەرێمی کوردستان لەم برگەیەدا پێکهاتەو بەشەکانی بودجە دەخەینەڕوو، سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی بودجەی هەرێم لە دوو بەش پێکدێت، کە بریتین لە:

بەشی یەکەم:

بودجەی ئەو کەرتە حکومییانەی کە بە مەرکەزی پارەیان پێ دەدرێت و ئەویش دابەش دەبێت بۆ بودجەی بەکاربردن (الميزانية التشغيلية)و، بودجەی وەبەرهێنان (الميزانية الاستثمارية).

بەشی دووەم:

بودجەیەکی یەکگرتوو بۆ یەکەکانی چالاکی خزمەتگوزاری، یان ئابووری، یان بەرهەمهێنان کە بەشێوەی مەرکەزی پارەیان پێ دەدرێ و رەسیدی حیسابی ئەنجامەکەی لە بودجەی گشتیدا دیاری دەکات.

بودجەی بەکاربردن بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەبێت:

1- دابەشبەندیی کارگێڕی:

بەسەر ئەو یەکانەدا دابەش دەبێ کە لەسەر ئاستی دەروازە (أبواب) بودجە جێ بەجێی دەکەن، وەك وەزارەتەکان، یان فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، پاشان لەسەر ئاستی بەش (الفصل)ی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و پێکهاتە سەرەکییەکانی سەر بە وەزارەت.

2- دابەشبەندیی ئابووری:

لێرەدا خەرجییەکان بەپێی کاریگەریی ئابووری دەبن بە چەند بەشێکەوە، ئەوانیش (قەرەبووی فەرمانبەران، کالاّو خزمەتگوزاری و چاککردنەوە، باربوو، بەخشین، سوودی کۆمەلاّیەتی، خەرجییەکانی تر، هەبووی نادارایی) بۆ ساڵی 2013 دابەش بوونی ئابووری بودجەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- قەرەبووی فەرمانبەران: (7113) حەوت ترلیۆن و سەدو سیانزە ملیار دینار.
- شمەك، خزمەتگوزاری و چاککردنەوە: (1906) یەك ترلیۆن و نۆسەدو شەش ملیار دینار.
- باربوو: (115) سەدو پانزە ملیار دینار.
- بەخشین: (672) شەش سەد حەفتاو دوو ملیار دینار.
- سوودە کۆمەلاّیەتیەکان: (690) شەش سەدو نەوەت ملیار دینار.
- مەوجوداتی نادارایی: (298) دوو سەدو نەوەت و هەشت ملیار دینار.
- تێچووەکانی تر: (815) هەشت سەدو پانزدە ملیار دینار.

3- دابەشبەندیی وەزیفی:

بودجە بەگوێرەی وەزیفە سەرەکییەکانیش دابەش دەکرێ بۆ بودجەی (ئاسایش، بەرگری، تەندروستی، پەروەردەو خوێندن، کشتوکاڵ، بازرگانی، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، وزەو خزمەتگوزاری و کۆمەلأیەتیەکان).

لە بودجەی ئەمساڵدا بڕی 11 ترلیۆن و 608 ملیارو 958 ملیۆن دینار بۆ بودجەی بەکاربردن تەرخانکراوە بەپێی دابەشبەندی وەزیفی بەسەر کەرت و چالاکیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە کە وردەکارییەکانی لە (خشتەی ژمارە 28)دا هاتووە:

1- خەرجیەکانی بەرگری و ئاسایش: 3 ترلیۆن و 523 ملیارو 347 ملیۆن دینار.

2- خەرجی کەرتی پەروەردەو خوێندنی بالأ: 2 ترلیۆن و 480 ملیارو 830 ملیۆن دینار.

3- خەرجی وزە (کارەبا + سامانە سروشتیەکان): یەك ترلیۆن و 85 ملیارو 325 ملیۆن دینار.

4- خەرجیەکانی خزمەتگوزاری و کۆمەلأیەتی: یەك ترلیۆن و 75 ملیارو 830 ملیۆن دینار.

5- تەندروستی: 695 ملیارو 165 ملیۆن دینار.

6- خەرجیەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بەشێوەیەکی مەرکەزی "تەمویل" دەکرێن وەك (بانکە حکومیە بازرگانیەکان، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی، شارەوانییەکان): 625 ملیارو 563 ملیۆن دینار. (بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژمارە 16 بکە).

7- کشتوکاڵ: 228 ملیارو 884 ملیۆن دینار.

8- ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن: 183 ملیارو 491 ملیۆن دینار.

9- کەرتەکانی دی: یەك ترلیۆن و 710 ملیارو 523 ملیۆن دینار.

وەزارەتی دارایی و ئابووری پاش گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان بەپێی ئەو توانا داراییەی بودجەی ساڵی 2013 رێگەی پێ دەدات، کە لە لایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵییەوە بە 14 ترلیۆن و 406 ملیار دینار خەملێنراوە، بودجەی بە کاربردن بەگوێرەی سیستەمی ژمێریاریی کارپێکراو لە هەرێم دادەنرێت.

بەم شێوەیە بودجەی بەکاربردن بۆ ساڵی 2013 دەکاتە 11 ترلیۆن و 609 ملیار دینار. (بۆ وردەکاری بودجەی بەکاربردن بۆ ساڵی 2013 (بڕوانە خشتەی ژمارە 1).

4- دابەشبەندیی بودجەی وەبەرهێنان:

بودجەی وەبەرهێنان لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 بە بڕی 5 ترلیۆن و 334 ملیار دینار خەملێنراوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە (بڕوانە خشتەی ژمارە 28):

1- وەزارەتی خوێندنی بالأ: بریتیە لە 115 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 569 ملیار دیناری عێراقی و 67 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 9 پرۆژەی پێشنیارکراو.

2- وەزارەتی پەروەردە: بریتیە لە 254 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 579 ملیار دیناری عێراقی و 427 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 33 پرۆژەی پێشنیارکراو.

3- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە: بریتیە لە 666 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 184 ملیار دیناری عێراقی و 372 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 44 پرۆژەی پێشنیارکراو.

4- وەزارەتی شارەوانی: بریتیە لە 1 ترلیۆن دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 3,154 ملیار دیناری عێراقی و 525 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 78 پرۆژەی پێشنیارکراو.

5- وەزارەتی رۆشنبیری: بریتیە لە 76 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 148 ملیار دیناری عێراقی و 61 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 8 پرۆژەی پێشنیارکراو.

6- وەزارەتی کشتوکاڵ: بریتیە لە 241 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 1,415 ملیار دیناری عێراقی و 377 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 72 پرۆژەی پێشنیارکراو.

7- وەزارەتی شەهیدان: بریتیە لە 44 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 75 ملیار دیناری عێراقی و 17 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 11 پرۆژەی پێشنیارکراو.

8- وەزارەتی کار: بریتیە لە 45 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 136 ملیار دیناری عێراقی و 24 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 22 پرۆژەی پێشنیارکراو.

9- وەزارەتی گواستنەوە: بریتیە لە 113 ملیار دینار عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 326 ملیار دیناری عێراقی و 27 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 8 پرۆژەی پێشنیارکراو.

10- وەزارەتی کاروباری ئاینی: بریتیە لە 28 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 37 ملیار دیناری عێراقی و 37 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 55 پرۆژەی پێشنیارکراو.

11- وەزارەتی ناوخۆ: بریتیە لە 148 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 570 ملیار دیناری عێراقی و 100 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 83 پرۆژەی پێشنیارکراو.

12- وەزارەتی پێشمەرگە: بریتیە لە 17 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 55 ملیار دیناری عێراقی و 8 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

13- وەزارەتی پیشەسازی: بریتیە لە 60 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 230 ملیار دیناری عێراقی و 11 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 9 پرۆژەی پێشنیارکراو.

14- وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان: بریتیە لە 16 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 57 ملیار دیناری عێراقی و 13 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

15- وەزارەتی کارەبا: بریتیە لە 520 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 1,817 ملیار دیناری عێراقی و 112 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

16- وەزارەتی تەندروستی: بریتیە لە 232 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 929 ملیار دیناری عێراقی و 56 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 4 پرۆژەی پێشنیارکراو.

17- وەزارەتی پلاندانان: بریتیە لە 306 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 356 ملیار دیناری عێراقی و 13 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 11 پرۆژەی پێشنیارکراو.

18- وەزارەتی دارایی: بریتیە لە 3 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 391 ملیار دیناری عێراقی و 78 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 41 پرۆژەی پێشنیارکراو

19- دەستەی وەبەرهێنان: بریتیە لە 87 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 322 ملیار دیناری عێراقی و 104 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 60 پرۆژەی پێشنیارکراو.

20- دەزگای گشتی ئاسایش: بریتیە لە 104 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 253 ملیار دیناری عێراقی و 42 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

21- دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە: بریتیە لە 9,5 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 16 ملیار دیناری عێراقی و 4 پرۆژەی بەردەوامی هەیە لەگەڵ 3 پرۆژەی پێشنیارکراو.

22- ئەنجومەنی دادوەری: بریتیە لە 21,5 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 84 ملیار دیناری عێراقی و هیچ پرۆژەیەکی بەردەوامی نییە، لەگەڵ 24 پرۆژەی پێشنیارکراو.

23- دەستەی مین هەڵگرتنەوە: بریتیە لە 25,5 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 84 ملیار دیناری عێراقی و 38 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

24- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە: بریتیە لە 3 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 16 ملیار دیناری عێراقی و 1 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

25- سەرۆکایەتی هەرێم: بریتیە لە 5 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 11 ملیار دیناری عێراقی و 1 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

26- ئەنجومەنی وەزیران: بریتیە لە 23 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 93 ملیار دیناری عێراقی و هیچ پرۆژەیەکی بەردەوامی نییە، لەگەڵ 3 پرۆژەی پێشنیارکراو.

27- دەستەی تەکنەلۆژیا: بریتیە لە 5,5 ملیار دیناری عێراقی، کۆی بودجە گشتیەکەی بریتیە لە 11 ملیار دیناری عێراقی و 3 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، هیچ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی نییە.

4- بەشی هەرێم لە بودجەی 2013ی عێراق و هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ساڵانەو کاریگەری لەسەر هەرێم

وەکو ئاشکرایە لە 96٪ی سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابین دەکرێت، چونکە بەگوێرەی رێککەوتنێك لەنێوان هەردوو حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2006 پێویستە (17٪)ی بودجەی گشتی عێراق بە هەرێمی کوردستان بدرێت لە دوای لێدەر کردنی هەردوو خەرجی سیادی و حاکیمە (النفقات السيادية والحاكمة).

بەپێی پرۆژە قانونی بودجەی عێراق بۆ ساڵی (2013) کۆی گشتی بودجەی عێراق بریتیە لە 138 ترلیۆن و 424 ملیارو 608 ملیۆن دینار، بەشی هەرێم بە بڕی 14 ترلیۆن و 406 ملیارو 735 ملیۆن دینار دیاری کراوە، کە بەهۆی زۆری خەرجی سیادی بەشی هەرێم دەکاتە (10,4٪)ی کۆی بودجەی عێراق، نەك (17٪) ئەم رێژەیە ساڵانەش کەم دەکات، بۆ نموونە بەشی ئەمساڵ کەمترە لە ساڵی (2012) کە رێژەی (10,7٪) بوو، وەك نەریتێك وەزارەتی دارایی عێراق لە مانگی (6)ی هەموو ساڵێك داوا لە

وەزارەتی دارایی هەرێم دەكات كە بودجەی خەملێندراوی خۆی پێشكەش بكات، بەلاّم بەلایەنی كەمی ئەم خەملاّندنەش پابەند نابن كە هەرێم دەینێرێت، بۆ ساڵی 2013 وەزارەتی دارایی عێراق بە نووسراوی ژمارە (33273) لە 2012/6/4، داوای لە حكومەتی هەرێمی كوردستان كردووە كە خەملێنراوی بودجەی 2013 بە پەلە رەوانە بكات، وەزارەتی دارایی هەرێمیش بەنووسراوی ژمارە (981) لە 2012/7/2 بەم شێوەیە وەلاّمیان داوەتەوە:

1- تێچووی بەكاربردن بە بڕی 16 ترلیۆن و 635 ملیار دینار.

2- تێچووی وەبەرهێنان بە بڕی 6 ترلیۆن و 900 ملیار دینار.

3- داهاتی ناوخۆی هەرێم بە بڕی 500 ملیار دینار دیاری كراوە.

بەلاّم وەزارەتی دارایی عێراق یەكلایەنە بەپێی پرۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی (2013) بەشی هەرێمی بە بڕی 14 ترلیۆن و 406 ملیار و 735 ملیۆن دینار دیاریكردووە بۆ هەردوو خەرجی بەكاربردن و وەبەرهێنان و بەشی هەرێم لە پەرەپێدانی پارێزگاكان، بەم شێوەیە سالاّنە سەرەڕای زیاد بوونی داهاتی عێراق كەچی رێژەی هەرێم لە جیاتی ئەوەی بە هەمان بڕ زیاد بكات، بە پێچەوانەوە كەم دەبێتەوە.

بۆ روون كردنەوەی وردەكاری بەشی هەرێم لە بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2013و هۆكارەكانی كەمبوونەوەی سالاّنەی بودجەو رەنگدانەوەی لەسەر هەرێم، لەم بڕگانەی خوارەوە هەندێ زانیاریی پێویست دەخەینەڕوو.

4 - 1: رێگەنەدان بە بەشداری هەرێم لە داڕشتنی سیاسەتی دارایی و دانانی بودجەی عێراق

بەگوێرەی ماددەی 110 لە دەستووری عێراق، دانانی سیاسەتی دارایی لە دەسەلاّتی حكومەتی فیدراڵە، بەلاّم لە بڕگەی چوارەم لە ماددەی (114)ی هەمان دەستووردا هاتووە كە دانانی سیاسەتی گەشە پێدان و پلاندانانی گشتی بۆ هەموو عێراق، دەسەلاّتێكی هاوبەشە لەنێوان حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێمەكاندا، كە بێگومان دانانی بودجەش بەدەر نییە لە سیاسەتی گەشەپێدان و پلاندانان.

**بەڕێز د.كاوە محمود شاكر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان وەزیری پلاندانان بە وەكالەت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای ئەم مافە دەستوورییەش رێگە بە حكومەتی هەرێم نەدراوە هیچ بەشدارییەك لە دانانی بودجەی گشتی عێراقدا بكات، تەنانەت رۆڵی هەبێت لە دیاری كردنی بەشە بودجەی هەرێمیش، بە پاساوی ئەوەی دەستوور ئەم دەسەلاّتەی بە حكومەتی فیدراڵی داوە، بەم جۆرە یەكلایەنە بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە دیاری دەكرێت و بنەما سەرەكییەكانی بودجە تەواو دەكەن و بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی دەنێرن، دوای ئەوە داوای گفتوگۆ و بیرو بۆچوونی هەرێم دەكەن، لەبەر ئەوە دەستكاری كردنی ئەو خشتانەی كە بێ بەشداری حكومەتی هەرێم ئامادە كراون، كارێكی ئاسان نییەو بەم هۆیەشەوە سالاّنە تووشی گرفتی گەورە دەبین.

سەرەڕای رێگری کردن لە بەشداری حکومەتی هەرێم لە ئامادە کردنی پرۆژە یاسای بودجەی عێراق چەند مەسەلەیەکی تری گرنگ هەن کە بێ ئاگاداری و هەماهەنگی لەگەڵ هەرێم بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت لەوانە:

1- سیاسەتی نەختینەی عێراق.

2- ئامادە کردنی پێداویستیەکان و یەکەکانی بودجەی گشتیی دەوڵەت.

3- دیاری کردنی نرخی یەك بەرمیل نەوتی خاو بە 90 نەوەت دۆلار.

4- خەملاندنی ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو بە 2 ملیۆن و 900 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا کە 250 هەزار بەرمیل بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە.

5- حیساب کردنی نرخی هەر دۆلارێکی فرۆشتنی نەوت بە 1166 دینار.

6- قەرزی دەرەکی کە بەشی هەرێمی کوردستانی لێ نادرێ.

7- قەرەبووە نێودەوڵەتیەکان.

بە پێویستی دەزانین روون کردنەوەی زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی حیساب کردنی بەشی هەرێم لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقەوە بخەینەڕوو سەرەڕای ئەوەی لە (خشتەی ژمارە 2) وردەکاری زیاتر هاتووە:

1- کۆی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە 138 ترلیۆن و 424 ملیارو 608 ملیۆن دینار.

2- کۆی خەرجی سیادی 40 ترلیۆن و 381 ملیارو 584 ملیۆن دینار کە لە 43 بڕگە پێکهاتووەو لە (خشتەی ژمارە 2)دا روون کراوەتەوە.

3- پاش دەرکردنی خەرجی سیادی تەنها بڕی 98 ترلیۆن و 43 ملیارو 24 ملیۆن دینار دەمێنێتەوە.

4- کۆی خەرجی حاکیمە 10 ترلیۆن و 101 ملیارو 945 ملیۆن دینار کە لە 8 بڕگە پێکهاتووەو لە (خشتەی ژمارە 3)دا روون کراوەتەوە.

5- پاش دەرکردنی خەرجی حاکیمە تەنها بڕی 87 ترلیۆن و 941 ملیارو 79 ملیۆن دینار دەمێنێتەوە.

6- کۆی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق، بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە 7 ترلیۆن و 256 ملیار دینارە.

7- بڕی پترۆدۆلار بۆ پارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە 1 ترلیۆن و 317 ملیارو 805 ملیۆن دینار دیاری کراوە.

8- دوای دەرکردنی بڕی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و پترۆدۆلار، بودجەی عێراق تەنها بڕی 79 ترلیۆن و 367 ملیارو 274 ملیۆن دینار دەمێنێتەوە.

9- بەشی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە لە کۆی بودجەی عێراق کە 17٪ە دیاری دەکرێت.

(17٪ × 79 ترلیۆن و 367 ملیارو 274 ملیۆن دینار = 13 ترلیۆن و 492 ملیارو 436 ملیۆن دینار).

10- بەشی هەرێمی کوردستانیش لە پەرەپێدانی پارێزگاکان و پترۆدۆلار 914 ملیارو 298 ملیۆن دینارە.

11- بەم پێیە کۆی گشتی بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە 14 ترلیۆن و 406 ملیارو 734 ملیۆن دینار بۆ ساڵی 2013.

لێرەوە روون دەبێتەوە کە بەپێی رێککەوتنی هەردوولا هەرێم مافی وەرگرتنی 17٪ی کۆی گشتی بودجەی عێراقی هەیە، کە بۆ ساڵی 2013 دەکاتە 23 ترلیۆن و 532 ملیارو 183 ملیۆن دینار، بەلاَم تەنها بڕی 14 ترلیۆن و 406 ملیارو 734 ملیۆن دینار وەردەگرێت، بەم شێوەیە بۆ ساڵی 2013 بڕی 9 ترلیۆن و 125 ملیارو 449 ملیۆن دینار لە بەشی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجیەکانی سیادی و حاکیمە بڕدراوە وەك لە (خشتەی ژمارە 4) دەردەکەوێ و ساڵ لە دوای ساڵیش خەرجی سیادی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.

### 4 – 2: هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی لە بەغدا

سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داکۆکیکردن لە مافە داراییەکانی هەرێم لەلای حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، هەروەك لە ماددەی (37) لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2012 ئاماژەی پێدراوە، ساڵانە لەسەر ئاستی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و لیژنەی بالاَ لە ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی بەڕێزان سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران سەردانی بەغدا کراوەو گفتوگۆ و دانوستانی زۆر کراوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی نەوتی حکومەتی ناوەندی و دوا کۆبوونەوەش لە هەردوو بەرواری 2012/9/13 و 2012/10/21 بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ئەم راپۆرتە بە هاوپێچ دۆسێی بەرراییەکانی ئەو کۆبوونەوانەو وێنەیەك لە کۆنووسی کۆبوونەوەکان دەنێرین.

### 4- 3: خەرجی سیادی (النفقات السيادية)

ساڵانە زیاد بوونی خەرجیی سیادی کاریگەری خراپی لەسەر بەشە بودجەی هەرێم دروستکردووە، بەم هۆیەوە هەرێم تەنها 10,4٪ی بودجەی عێراق وەردەگرێت، نەك 17٪، لە کاتێکدا لە عێراقدا رێنماییەکی دیاریکراو نییە سەبارەت بە پێکهاتەی خەرجی سیادی و پێوەرەکانی و زیاد بوونی بڕگەی تازە تیایدا، کە دانانی هەندێ لەو بڕگانە هیچ پاساوێکی نییە، هەروەك لە (خشتەی ژمارە 4) روونکراوەتەوە، خەرجی سیادی لە 43 بڕگە پێکهاتووەو 29,17٪ی کۆی گشتی بودجەی عێراق پێك دەهێنێت، سەرەڕای ئەمەش ساڵانە تەواوی ئەو پارەیەی بۆ خەرجیە سیادیەکان تەرخان دەکرێت، سەرف ناکرێت و بەگوێرەی یاسا دەبێ لە کۆتایی ساڵدا ئەو بڕە پارەیەی ماوەتەوە بگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی عێراق و 17٪ی لێ بدرێت بە هەرێم، بەلاَم تا ئێستا هیچ لەو پارانە نەدراوە بە هەرێم و هیچ زانیارییەکی ئەوتۆشمان لەو بارەیەوە نییە.

### 4 – 4: موستەحەقاتی پێشمەرگە

بەپێی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی 13 لە پرۆژە قانونی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2013 ئاماژە دراوە بەوەی کە بەگوێرەی رێککەوتنی نێوان هەردوو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و هەرێم،

**موستەحەقاتی هێزی پاسەوانی هەرێم (پێشمەرگە) لە مووچەو چەك و راهێنان و پێداویستیەکانی تر کە لە ساڵی 2007ـەوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە بەشێوەی پێشینە (سلفة) خەرج دەکرێت بەو جۆرەی لەگەڵ دەستووری عێراق بگونجێ، تا ئەو کاتەی بە یاسا پشکی خەرجیەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان رێك دەخرێت.**

**سەرەڕای ئەوەی باسکردن لە بودجەی پێشمەرگە بەشێوەی جیاجیا لە یاساکانی بودجەی عێراقدا ئاماژەیان پێدراوە وەك لە (خشتەی ژمارە 5) هاتووە، بەلاّم هیچی لێ جێ بەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوە پێویستە لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی سیاسی لەسەر بنەمای ماددەکانی یاسای بودجە کار بۆ بەدەستهێنانی موستەحەقاتی هەرێم بکرێت.**

**پشکی هەرێم لە ساڵی 2007 تاوەکو ساڵی 2013 لە بودجەی گشتی عێراق بۆ موستەحەقاتی پێشمەرگە بریتیە لە 7 ترلیۆن و 696 ملیارو 478 ملیۆن دینار وەك لە (خشتەی ژمارە 5) هاتووە کە لەسەر بودجەی هەرێم بۆ هێزی پێشمەرگە خەرج کراوە، لە کاتێکدا بەگوێرەی یاسای بودجەی عێراق پێویست بوو ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتی عێراق بە سولفە بدرایە بە هەرێم، جێ بەجێ نەکردنی ئەو بڕگەیە لە یاسای بودجە لە 2007ـەوە تا ئێستا بارگرانیەکی زۆری لەسەر بودجەی هەرێم و کەرتە خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی گشتی دروستکردووە.**

### 4 – 5: خەرجی حاکیمە (النفقات الحاكمة)

**وەك لە (خشتەی ژمارە 3) روون کراوەتەوە خەرجی حاکیمە لە بودجەی ساڵی 2013ی عێراق لە 8 بڕگە پێکهاتووەو کۆی پارەکەی دەکاتە 10 ترلیۆن و 101 ملیارو 945 ملیۆن دینار و رێژەکەی لە کۆی بودجەی عێراق (7,3٪)یە.**

**بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی عێراق دەبێت 17٪ی خەرجیەکانی حاکیمە بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت، کە دەکاتە 1 ترلیۆن و 717 ملیار دینار بۆ ساڵی 2013، سەرەڕای خەرج نەکردنی ئەو بڕە پارەیە لە ساڵانی رابردووشدا بەشێك لە بڕگەکانی خەرجی حاکیمە بۆ هەرێم خەرج نەکراون کە بەم شێوەیەی خوارەوە روونی دەکەینەوە:**

**أ- خەرجی داواکانی ناکۆکی موڵکداری (نفقات دعاوى نزاعات الملكية العقارية) کە هیچی بۆ هەرێمی کوردستان خەرج نەکراوە سەرەڕای دەرچوونی بڕیاری لیژنەکانی ناکۆکی موڵکداری لە هەرێم.**

**ب- خەرجیەکانی هەڵبژاردن (نفقات الانتخابات)، سەرژمێری دانیشتوان (التعداد السكاني)، باربووی جوتیاران (دعم المزارعين)، چاودێری کۆمەڵایەتی (الرعاية الاجتماعية)، خەرجیەکانی حەج و عومرە، هەڵگرتنەوەی مین (إزالة الألغام)، ئەم خەرجییانەش تەنها 20٪ تا 50٪ بۆ کوردستان خەرج کراون.**

**ج- دەرمان و کۆبۆنی خۆراك (البطاقة التموينية) بە رێژەی 85٪ بە سەرەوە گەیشتوونەتە هەرێم.**

### 4 – 6: پەرەپێدانی هەرێمەکان (تنمية الاقاليم)

بەگوێرەی فۆرمی خۆراك، ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە 34 ملیۆن و 410 هەزارو 560 کەس دانراوە، دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیش بە 4 ملیۆن و 320 هەزارو 604 کەس حیساب کراوە، بەم پێیە رێژەی دانیشتوانی هەرێم 12,6٪ی عێراق پێك دەهێنێت.

بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە کە لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دیاری دەکرێت بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە 7 ترلیۆن و 256 ملیار دینار، بەم پێیە 17٪ی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەکاتە 1 ترلیۆن و 233 ملیار دینار، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەنها 914 ملیار دینار بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم تەرخان کراوە.

لێرەوە روون دەبێتەوە کە هەرێم تەنها لە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بڕی 319 ملیار دینار کەمتر لە مافی خۆی وەردەگرێت، وەك لە هەردوو خشتەی ژمارە (6 و 7)دا بە وردی روون کراوەتەوە.

### 4 – 7: بەشی هەرێم لە پارەی پترۆدۆلار

لە بودجەی ساڵی 2013دا لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق پارەی پترۆدۆلار بە بڕی 1 ترلیۆن و 317 ملیارو 805 ملیۆن دینار دانراوە، لەم بڕە پارەیە بۆ ساڵی 2013 تەنها 42 ملیۆن و 400 هەزار دینار بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە.

ئەمە لە کاتێکدا بەگوێرەی رێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێم لە بەرواری 2012/9/13 کە بڕیاری هەردوو ئەنجومەنی وەزیران پەسند کراوەو بۆتە بەشێك لە پرۆژە قانونی بودجەی ساڵی 2013، دەبێت هەرێم رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەناردە بکات، واتا بەشی هەرێمی کوردستان لە پترۆدۆلار بەم شێوەیە دیاری دەکرێت (250 هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە × 365 رۆژ × 1 دۆلار × 1166 دینار) کە دەکاتە 106 ملیارو 397 ملیۆن دینار.

ئەم بڕە پارەیە تەنها بەشی بەهەرمهێنانی نەوتە، بێ لە پاڵاوتن و دەرهێنانی گاز کە بەشی هەرێمی تێدایە، لێرەوەش روون دەبێتەوە کە ناهەقی بەرانبەر هەرێمی کوردستان کراوە.

### 4 – 8: بودجەی تەواوکاری (الموازنة التكميلية)

بەگوێرەی ماددەی 23 لە قانونی بودجەی عێراق لە ساڵی 2012، لە شەش مانگی یەکەمەوە بەهۆی زیاد بوونی نرخ، یان زیادەی ناردنە دەرەوەی نەوت، وەزارەتی دارایی عێراق بودجەی تەواوکاری ئامادە دەکات، بەڵام حکومەتی عێراق کورتهێنان (العجز)و چەند بڕێکی تری لێ دەردەکات کە هیچ پەیوەندییەکی بە هەرێمی کوردستانەوە نییە.

بەشی هەرێم لە بودجەی تەواوکاری بە 4,5٪ دیاری کراوە کە دەکاتە 418 ملیار دینار لە کۆی 9 ترلیۆن و 251 ملیار دینار، هەڵبەت حکومەتی هەرێم ئاگای لە ئامادە کردنی بودجەی تەواوکاریش نییەو تەنانەت ئەو رێژەی 4,5٪یشی وەرنەگرتووە بەهۆی یەکلایی نەبوونەوەی رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنەوەی بودجەی تەواوکاری لە عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش تێبینی و بۆچوونی هەرێم دراوە بە وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرانی کورد لە ئەنحومەنی نوێنەرانی عێراق لە بەغدا،

لەڕاستیدا دوای لێدەر کردنی خەرجی سیادی و حاکیمە ئەگەر هەبن لەو بودجە تەواوکارییە، دەبێ 17٪ی بدرێتە هەرێم، چونکە:

أ- پێویستە پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە (العجز) لە کۆتایی ساڵدا بێت.

ب- ئەو پارانەی لە بودجەی تەواوکاری بڕاون، هیچ پەیوەندییەکیان بە هەرێمی کوردستانەوە نییە.

ج- لە مادده (2/ بڕگەی دووەم/ و)ی بودجەی عێراقدا هاتووە کە 25٪ی زیادەی داهاتی ناردنی نەوت بۆ دەرەوە لە 2012، پاش لێ دەرکردنی کورتهێنان، لە سندووقێکدا دادەنرێ و بەکاش بەسەر هەموو دانیشتوانی عێراقدا دابەش دەکرێت، بەلأم بەهۆی یەکلایی نەبوونەوەی رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی دابەش کردنەوەی بودجەی تەواوکاری لە عێراق ئەم بابەتە بە هەڵپەسێراوی ماوەتەوە.

## 4 – 9: داهاتە سنوورییەکانی هەرێم

بەگوێرەی بڕگەی دووەم لە ماددەی 24ی یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2012، دەسەلأت بە وەزیری دارایی دراوە کە لە ساڵی 2011ـەوە داهاتی فیعلیە (بە دەستهاتووەکان)ی دەروازە سنوورییەکان بە داهاتە سیادییەکانیشەوە بگەڕێنێتەوە بۆ سەر بودجەی پارێزگا سنوورییەکان.

ساڵی 2011 داهاتی هەرێم لەو دەروازانە بریتی بوو لە 326 ملیار دینار، بەلأم تەنیا 16 ملیاری لێ درایەوە بە هەرێم، ئەمەش پێچەوانەی مادده (22/بڕگەی شەشەم)ی قانونی ساڵی 2012ی بودجەی عێراقی فیدراڵە کە دەڵێ:

(على وزير المالية الاتحادي بالتنسيق مع وزير التخطيط الاتحادي إعادة تخصيص الايرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودية، البرية، البحرية، والجوية، بما فيها الايرادات السيادية خلال سنة 2011 الى موازنة المحافظات الحدودية كلاً حسب الايرادات المتحققة فعلاً في المنافذ الحدودية الموجودة في تلك المحافظة وعلى ان يراعى اعطاء الاولوية بتأهيل وإعادة إعمار المنافذ الحدودية التابعة لكل محافظة).

بەپێی ئەم ماددەیە وەزارەتی دارایی عێراق بۆی نییە رێنوێنی و گشتاندنی وا دەربکات کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم ماددەیەی سەرەوە بن، سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێم داوای کردووە وەزارەتی دارایی عێراق ئەم مادده قانونیە جێ بەجێ بکات، بەلأم وەزارەتی دارایی عێراق رێنمایی نوێی دەرکردووە بە نووسراوی ژمارە 10989 لە 2012/2/27 کە تەنها ئەم داهاتانەی خوارەوەی دیاری کردووە کە دەبێ بگەڕێندرێتەوە بۆ پارێزگاکان:

(1- مبالغ رسوم إدخال جثمان العراقي الاصيل المتجنس بجنسية اخرى والمتستحصلة فعلاً خلال عام 2011 من قبل وزارة الخارجية.

2- مبالغ رسوم المسافرين بالطائرات المدنية المستحصلة من قبل المنشاة العامة للطيران المدني مع بيان اسم المحافظة والمطار المستحصل منه فعلاً هذه الرسوم خلال عام 2011.

3- مبالغ اجور خدمات هبوط وايواء الطائرات مع بيان اسم المحافظة والمطار المستحصل منه فعلاً الاجور مدار البحث خلال عام 2011.

4- مبالغ الرسوم المفروضة على السيارات التي ستغادر العراق والمستحصلة فعلاً من قبل الهيئة العامة للكمارك عام 2011.

5- مبالغ رسوم اعادة الاعمار والمستحصلة فعلا عبر المناطق الحدودية وازاء كل منفذ على حدة عام 2011 مع ذكر اسم المحافظة العائد لها المنفذ.

واتە تەنیا ئەم رسوماتانە دەگەڕێندرێنەوە:

1- رسومی هێنانەوەی تەرمی هاوولاتی بە رەگەز عێراقی کە جنسیەی تری وەرگرتووە لە ماوەی ساڵی 2011 لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوە.

2- رسومی گەشتیاران بە فڕۆکەی مەدەنی لە ڕێگای دامەزراوەکانی فڕۆکەوانی گشتی مەدەنی لەگەڵ دیاری کردنی ناوی پارێزگاو فڕۆکەخانە لە ساڵی 2011.

3- کرێی خزمەتگوزاری نیشتنەوەو حەواندنەوەی فڕۆکە.

4- رسومی ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە عێراق دەچنە دەرێ لە ڕێگای دەستەی گشتی گومرگ ساڵی 2011.

5- رەسمی دووبارە ئاوەدانکردنەوە لە ڕێگای ناوچە سنووری و بە هەموو دەروازەکان ساڵی 2011 لەگەڵ دیاری کردنی ناوی پارێزگای سەر بە دەروازەکە.

لە ساڵی 2010دا لە کۆی 305 ملیار دیناری داهاتی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم، تەنها 8 ملیار دیناری بۆ هەرێم گەڕێنرایەوە کە دەکاتە 2,6٪ لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەی سەرەوە.

5- هۆکارەکانی کورتهێنانی بودجەی هەرێم و تەجاوز لەسەر سنووری خەرجی بەکاربردن

وەك ئاشکرایە بودجە بریتیە لە خەملاندنی داهات و خەرجیەکان بۆ ماوەی یەك ساڵی دارایی، بەڵام بەهۆی هەڵاوسان و زیاد بوونی پێداویستی حکومەت و خەڵك خەرجیەکانیش زیاد دەکەن، بۆیە ساڵانە لە پرۆژە قانونی بودجەی هەرێم، کورتهێنانی بودجە جێگیر دەکرێت، بۆیە هەوڵدەدەین هۆکارەکانی کورتهێنانی بودجەی هەرێم لە چەند بڕگەیەکدا روون بکەینەوە.

### 5 – 1: دابینکردنی بودجەی پێشمەرگە لەلایەن هەرێمەوە

لە ساڵی 2007 تاوەکو ساڵی 2013 بڕی 7 ترلیۆن و 696 ملیارو 478 ملیۆن دینار لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ هێزی پێشمەرگە سەرف کراوە، کە بە گوێرەی قانونی بودجەی عێراق دەبوو ئەو پارەیە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە سولفە بدرایە، بۆیە پێویستە ئەو پارەیە بە هەرێمی کوردستان بدرێتەوە (سەیری خشتەی ژمارە 5 بکە).

### 5 – 2: بەردەوامبوون لەسەر پێدانی پێشینەو قەرزەکان

بەردەوامبوون لەسەر خەرج کردنی پێشینەو قەرزەکانی (نیشتەجێ بوون بە گوندەکانیشەوە، هاوسەرگیریی، پیشەسازی، کشتوکاڵی) بە کراوەیی و بەبێ سوودی بانکی و بوونی سەقفی دیاری کراو، سەرەڕای زیاد کردنی بڕی ئەو قەرزانە لەلایەن پەرلەمان بەبێ رەچاو کردنی توانای دارایی حکومەت.

هەروەها پێویست دەکات لێرەدا چەند خاڵێك روون بکەینەوە سەبارەت بە قەرزو پێشینەکان:

أ- له سیستهمه پەیڕەوكراوەكان لەولاّتانی تر، تەنانەت له حكومەتی عێراقی فیدراڵیش، وەزارەتی دارایی له تەرخانكراوی بودجەی گشتی قەرز نادات به هاوولاّتیان، بەڵكو ئەوه كاری بانكه بازرگانییه حكومی و تایبەتییەكانه، رۆڵی حكومەت ئاسانكارییەو دەتوانێت تەنها پشتیوانی سەرمایەی بانك، یان سوودی قەرزەكان بكات.

ب- له یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵانی رابردوو، پێدانی قەرزو پێشینەكان به هەموو جۆرەكانییەوه سەقفێكی دیاری كراو نەبووه، واته به كراوەیی له بودجەی گشتی به بەردەوامی ئەم قەرزانه خەرجكراون سەرەڕای هەرێمی كوردستانیش ئەم قەرزانه به سوودمەندانی دانیشتووی ناوچه كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمێش دراوه.

ج- به جۆرێك كه تاوەكو بەرواری 2012/11/30، وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی 3 ترلیۆن و 824 ملیارو 490 ملیۆن دیناری خەرج كردووه بۆ پێشینەو قەرزەكانی (خانووبەره، هاوسەرگیری، سندووقی نیشتەجێ بوونی دەستەی وەبەرهێنان، كشتوكاڵ، پیشەسازی)، كه نزیكەی 410 هەزار كەس سوودمەند بوون، بۆ وردەكاری زیاتر بڕوانه (خشتەی ژماره 29).

### 5- 3: دابین كردنی كارەبا

بۆ ساڵی 2013 بەپێی نووسراوی وەزارەتی كارەبای حكومەتی هەرێم ژماره (8692) له 2012/7/25 پێویسته بڕی 3 ملیارو 201 ملیۆن لتر گازوایل و بڕی 378 ملیۆن لتر نەوتی رەش (HFO)و، گازی سروشتی به بڕی 340 مق مق دابین بكرێت بۆ وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەبا لەلایەن كەرتی تایبەتەوه سەرەڕای دابین كردنی 45 ملیۆن لتر گازوایل وەك یەدەگ بۆ رووبەڕووبوونەوەی حاڵەتی لەناكاو، یان تێكچوونی سیستەمی گازی، كه بەپێی گرێبەستی كاركردنی وێستگەكان، حكومەتی هەرێم بەرپرسه له دابین كردنی سووتەمەنی بۆیان بەبێ بەرامبەرو نرخی هەر لیترێك 1200 دیناره، ئەم پارەیەش له فرۆشی بەرهەمی پاڵاوگەكانی هەرێم به زیاد كردنی ئاشكرا دابین دەكرێ، سەرەڕای تەرخانكراوی پێویست له بودجەی هەرێم بۆ ئەم مەبەسته.

وەزارەتی كارەبا له وڵاتانی تری جیهاندا داهاتی له خەرجی زیاتره، بەڵام له هەرێمی كوردستان بەپێچەوانەیەو خەرجی ساڵانه 2 ترلیۆن و 500 ملیار دیناره، كەچی داهاتی وەزارەتی ناوبراو 250 ملیار دیناره، كه رێژەكەی دەكاته 10٪ و 90٪ەكەی تر دەبێت حكومەت بیدات، له كاتێكدا دەبوایه پشتیوانی حكومەت له 20٪ زیاتر نەبوایه.

جگه له تەرخان كردنی بودجه به مەبەستی دابین كردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەكانی بەرهەمهێنانی كارەباو سەرەڕای ئەو سووتەمەنیەی له پاڵاوگەكانی هەرێمی كوردستانەوه تەرخان دەكرێ بۆ ئەم وێستگانه بەپێی گرێبەستی كاركردنیان حكومەتی هەرێم بەرپرسه له كڕینەوەی وزەی كارەبای بەرهەمهێنراو لەو وێستگانەو فرۆشتنەوەی به هاوولاّتیان و فەرمانگه حكومیەكان و پرۆژەكانی پیشەسازی و بازرگانی و كشتوكاڵی و گەشتیاری به نرخێكی رەمزیی پاڵپشتكراو، كه ئەمەش پێویستی به بودجەیەكی گەوره هەیه،

سیستەمی ئێستای فرۆشتنی وزە لە هەرێمی کوردستان لە 2009/1/1ـەوە کۆی مێگاواتی بەرهەمهێنراو بریتی بووە لە 1,435 حکومەتی هەرێم بڕی 1 ملیار و 993 ملیۆن و 663 هەزارو 267 دۆلاری خەرج کردووە بۆ پاڵپشتی فرۆشتنەوەی کارەبا. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە هەردوو خشتەی ژمارە (27) و (30).

## 5 – 4: زۆری ژمارەی فەرمانبەران

جگە لە سیاسەتی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری لەڕێگای هەموار کردنی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بیمەی بێکاری و قەرزی بچووك، لە هەمان کاتدا زیادەڕۆیی لە دامەزراندنی فەرمانبەران زیاد لە پێویستی فەرمانگەکان، هۆکارێکی دیکەن بۆ زیاتر بوونی تێچوو و خەرجیەکان، بەجۆرێك رێژەی مووچەی فەرمانبەران بە بەراورد بە کۆی بودجەی بە کاربردن دەکاتە 61,27٪ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد بوونی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشین و شەهیدان و دامەزراندنی 15000 پلەی وەزیفی تر.

سەرەڕای ئەوەی کە مووچەو دەرماڵە 61,27٪ی بودجەی ئاسایی پێك دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانە ماددەیەك لەناو یاسای بودجەی هەرێمدا دادەنرێ کە دەڵێ (دەبێت مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم وەکو مووچەو دەرماڵەی کارمەندانی بەغدای لێ بێت بەمەرجێ هیچ دەرماڵەیەك کەم نەکرێتەوە)، واتە دەرماڵەی بەغدا خەرج بکرێ سەرباری ئەو دەرماڵەیەی لە هەرێم هەیە، چونکە هەندێ دەرماڵە لەهەرێم هەیە لە بەغدا نییە وەك دەرماڵەی مامۆستایانی پلە (7 و 8)، دەرماڵەی دەرچووانی کۆلیژی یاسا، دەرماڵەی دەرچووانی ئامادەیی پیشەسازی، دەرماڵەی ئاسایش و فڕۆکەخانەو ئامارو...............هتد. بۆ زانینی وردەکاری ئەو دەرماڵانەی لە هەرێمی کوردستاندا خەرج دەکرێن و لە حکومەتی عێراقی خەرج ناکرێن.

بۆیە پێویستە تەنیا دەرماڵە بۆ ئەو کارمەندانە خەرج بکرێ کە لە بواری پسپۆڕیی خۆیاندا کار دەکەن، نەك بۆ هەموویان، بۆیە کاتی ئەو هاتووە چاو بە یاسای بودجەدا بخشێنرێتەوە، چونکە:

أ- رێژەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەچاو فەرمانبەرانی تەواوی عێراق لە 23,6٪ زیاترە، لە کاتێکدا بەشی هەرێم لە بودجەی عێراق تەنها 10,4٪ـە، بەڵام حکومەتی عێراق دەرماڵەی توێژێك زیاد دەکات بەبێ ئەوەی تەرخان کراوی بودجەی هەرێم زیاد بکات.

ب- ئێستا (2) پرۆژەی زیاد کردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی مەدەنی لە پەرلەمانی عێراقدا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو بڕیارە لە ساڵی 2013ـەوە کاریان پێ بکرێ، ئەوە لە کاتێکدا هیچ تەخانکراوێکی زیادە بۆ بودجەی هەرێم نانێردرێ، چونکە ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم وەك لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کرا، رێژەکەی زۆرەو لە 17٪ زیاترە. بۆیە وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشنیار دەکات:

أ- تەنها مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی هاوسەرگیریی و منداڵان و بڕوانامە وەکو بەغدای لێ بێت.

ب- هەرچی دەرماڵەی ترە، ئەوە پێویستە ڕێنوێنی تازەیان بۆ دەربچێ و تەنیا بدرێنە ئەو کارمەندانەی کە شیاون و هەر یەکەیان بە ڕێژەی بڕێکی دیاریکراو.

ج- دوو یاسا لە هەرێم بۆ مووچەی کارمەندانی مەدەنی، کاریان پێ دەکرێ:

یەکەمیان/ یاسای ژمارە ($22$)ـە بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتەکان.

دووەمیان/ یاسای ژمارە ($23$)ـە بۆ کارمەندانی پەیمانگاو زانکۆکان.

کارمەندی کارگێڕی لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەرماڵەیان بە ڕێژەی $75$٪ هەیەو زیاترە لە دەرماڵە لە وەزارەتەکانی دی، هەروا مامۆستایان $150$ هەزار دینار وەردەگرن وەکو دەرماڵە.

## $5-5$: چەند هۆکارێکی تر

سەرەڕای هۆکارەکانی سەرەوە چەند هۆکارێکی تریش هەن کە بوونەتە هۆی کورتهێنان و تەجاوز لەسەر بودجەی بەکاربردن لەوانە، خەرجی کڕینی دەرمان، چارەسەر کردنی نەخۆش، دەرماڵەی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، جگە لە خەرج کردنی مینحەیەکی $20$ ملیۆن دینار بۆ خانووبەرە دروست کردن، سەرباری پێشینەی خانووبەرە کە بڕەکەی لەنێوان $20$ تا $25$ ملیۆن دینار دایە، بەپێی یاسای ژمارە $10$ی ساڵی $2012$ی ئیمتیازاتی زیندانی کراوی سیاسی لە کوردستان، بۆ خۆی لە رووی داراییەوە بارگرانیەکی لەسەر بودجەی هەرێم دروست کردووە.

## $5-6$: کاریگەری سلبی دابەزاندنی $15$٪ی بودجەی بەکاربردنی ساڵی $2012$

بەپێی بڕگەی سێیەم و چوارەم لە ماددەی سێیەم لە قانونی بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە ($8$)ی ساڵی $2012$ بڕیاردرا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی ($15$٪) لە بودجەی بەکاربردن کە ئەم بڕیارەش کاریگەری سلبی هەبوو لەسەر کارو چالاکیەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە بودجەی بەکاربردن وەك لە بڕگەی ($6-1$)ی ئەم راپۆرتەدا هاتووە بواری خەرج کردنی زۆر گرنگ لەخۆ دەگرێت، کە کەمکردنەوەی بودجەکانیان کاری سلبی لەسەر بەرنامەو پلانی وەزارەتەکان کرد، بەتایبەتیش بودجەی بە کاربردنی ئەم وەزارەتانە کاتی خۆی لەسەر بنەمای گفتوگۆ و راگۆڕینەوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیاری لەسەر درا بوو، کە بەهۆی سنوورداری داهاتەکانی هەرێم پێش کەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیەش هێشتا لە ئاستی داخوازی و پلان وپرۆژەکانی وەزارەتەکاندا نەبوو.

دەکرێت بۆ مەبەستی دڵنیا بوون سەیری خشتەکانی بودجەی بەکاربردنی وەزارەتەکان بکرێت لە ساڵی $2012$، کە چ جیاوازییەکی گەورە لەنێوان پێشنیار کراوی وەزارەت و پەسند کراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیە، هەر ئەم بڕیارەش وای کرد کە تەجاوز روو بدات لەسەر بودجەی بەکاربردنی ساڵی $2012$و پەککەوتنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری گشتی لە وەزارەتە خەدەمیەکانی وەك شارەوانی و گەشتوگوزارو تەندروستی و زانکۆکان.

بۆ نموونە، لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار چەندین پرۆژەی گرنگ لە چوارچێوەی بودجەی بەکاربردنی ئەم وزارەتە پەکیان کەوت بەهۆی داشکاندنی $15$٪ لە بودجەی بەکاربردنیان وەك پرۆژەی

پاككردنەوەی ئاو و كڕینی مەوادی پاك كردنەوەی ئاو (كلۆر)و بەڕێوەبردنی پرۆژەكانی ئاو، خاوێن كردنەوەی سەرجەم شارو شارۆچكەكان، كڕینی ئامێرەكان (شۆفڵ و قەلاب و كرێن)، چاك كردنەوەی شەقامەكان.

## 6- روونكردنەوەی چەند دەستەواژەیەكی بودجە

### 6 – 1: بودجەی بەكاربردن

بودجەی بەكاربردن بریتیە لە (مووچەو كرێ و دەرماڵە، كاڵاو خزمەتگوزاری و چاككردنەوە، سوود، یارمەتی و هاوكاری، سوودی كۆمەڵایەتی، بوونە نادارایيەكان)، وەك تێبینی دەكرێت بودجەی بەكاربردن بەشی هەرە زۆری بودجە پێك دەهێنێت، شایانی باسە خەرجیەكی زۆر لە چوارچێوەی بودجەی بەكاربردنە، گرنگترینیان پارەی گرێبەستی پاك كردنەوەی شارو شارۆچكەكانی هەرێم لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، پاك كردنەوەی نەخۆشخانەو فەرمانگەو شوێنە خزمەتگوزارییە گشتیەكان، كڕینی دەرمان و پێداویستی پزیشكی، پارەی كڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەكانی كارەبا، كرێی تاقیكردنەوەو وانە وتنەوەی زانكۆ و خوێندنگاكان و دەرماڵەی خوێندكارانی زانكۆ، دابین كردنی سووتەمەنی بەگشتی، خۆراكی زیندانیان، جلوبەرگی رەسمی پۆلیس و هێزی پێشمەرگەو ئاسایش، چاپ كردنی كتێبەكانی پرۆگرامی خوێندن، گرێبەستی راوێژكاری........هتد.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە خەملێنراوی بودجەی بەكاربردن لە ساڵی 2013و بەراورد كردنی بە ساڵی 2012، (بڕوانە خشتەی ژمارە 21).

### 6 – 2: سوودە كۆمەڵایەتیەكان (المنافع الاجتماعیة)

سوودی كۆمەڵایەتی بریتیە لە پاراستنی كۆمەڵ بەگشتی، یان بەشێكی كۆمەڵ لە مەترسییە كۆمەڵایەتیەكان، وەك خزمەتگوزارییەكانی فێركردن، پزیشكی، قەرەبوو كردنەوەی بێكاری، مووچەی دەستەبەری كۆمەڵایەتی و هاوكاری كەسوكاری مردوو، لەم خاڵانەی خوارەوە چەند زانیارییەك دەخەینەڕوو:

أ- لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی 418 ملیار دینار بەوانە دەدرێ كە (شلل الدماغ، نابینا، كورتەباڵا، نابیست، تالاسیما، هیموفیلیا، چاودێری خێزان، كەمئەندام، ئۆتیزم...)یان هەیە هەروا بۆ مووچەی خانەنشینی كارو دەستەبەری كۆمەڵایەتی.

ب- لە وەزارەتی رۆشنبیری بڕی 12 ملیار وەك رێزلێنان بۆ (رۆژنامەنووس، وەرزشكار، هونەرمەندان) تەرخان كراوە.

ج- لە وەزارەتی ناوخۆ بڕی 60 ملیار دینار وەك پێشینە بۆ ئاوارەكانی كە لە توركیاو ئێران دەگەڕێنەوە دانراوە، كە لەلایەن پارێزگاو یەكە ئیدارییەكانەوە بە رێگەی لیژنەی هاوبەش خەرج دەكرێ.

د- له وەزارەتی تەندروستی بڕی 70 ملیار دینار بۆ پشتیوانی کردنی چارەسەری نەخۆشی کەم دەرامەت دانراوە.

هـ- له وەزارەتی شەهیدان بڕی 68 ملیار مووچەو پێشینەی خانووبەرەی زیندانی سیاسی لەگەڵ مینحەی هاوسەرگیری کوڕو کچی شەهید دانراوە.

**6 – 3: باربوو (الاعانات)**

له بڕی 115 ملیار دینار، 65 ملیار دیناری بۆ بواری کشتوکاڵی (پشتگیریی جوتیاران)، له (پەلەوەر، تۆو، پەیین...)و 50 ملیاریش بۆ ناوچە دابڕاوەکان خەرج دەکرێ.

**6 – 4: بەخشین (المنح)**

بڕی 672 ملیار دینار ئەنجامی کۆتایی له بودجەی گشتی دیار دەکرێت بۆ بەخشین بۆ (بانکە حکومیە بازرگانیەکان، فرۆکەخانە، شارەوانییەکان)، کە داهاتیان له خەرجیان کەمترە.

بۆ نموونە، سەبارەت بە بانکە حکومیە بازرگانیەکان: کە (بڕی 102 ملیار دینار کۆی خەرجییان 54 ملیار دینار کۆی داهاتیان = 48 ملیار دینار) بەم شێوەیە کورتهێنان (عجز)یان هەیەو له ڕێگەی تەرخانکراوی بەخشین (المنح) ئەو کورتهێنانە دادەپۆشرێت.

**6 – 5: خەرجیەکانی دی**

له بودجەی ئاساییدا، بودجە بۆ بوارەکانی خەرجیەکانی دی دانراوە بۆ نموونە:

(دەرماڵەی قوتابیان، تواناسازی، بەخشین بۆ حزبەکان، سەندیکاکان، یەکێتیەکان، کۆمەڵەکان و سەنتەرەکان....، یەدەگ (احتیاط)، پاداشت بۆ غەیری کارمەندان (واتە ئەو کارمەندانەی کە لەسەر میلاکی وەزارەتێکی ترن و بەلام خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتێکی تر دەکەن بەهۆی پسپۆڕی و تایبەتمەندی بەتایبەتی له ڕێگەی لیژنە هاوبەشەکان)، برە گەڕاوە جۆراوجۆرەکان، چالاکیی دێدەوانی، وەرزشی قوتابخانەکان، سڕینەوەی قەرز، زەرەری گۆڕینەوەی دراو، قەرەبووی قوربانیان، قەرەبووی جۆراوجۆر).

**6 – 6: شاندو پەیوەندی و بۆنە رەسمیەکان**

شاندو پەیوەندی و بۆنە رەسمیەکان بریتیە له خەرجیەکانی پەیوەندییە گشتیەکان، وەفدەکان، بۆنەو ئاهەنگە رەسمیەکان وەکو (یادکردنەوەی نەورۆزو ئەنفال و کیمیاباران و یادی له دایك بوونی پێغەمبەر (د. خ)و ئاهەنگی یەکتر ناسینی قوتابیان و خوێندکاران).

**7- داهاتی نەوت**

سەبارەت بە داهاتەکانی بەدەستهاتوو له بواری نەوت و گاز له هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی وەزیران بە نووسراوی ژمارە (2297) له 2012/10/7 پرۆژە قانونی سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز له هەرێمی کوردستان ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان، دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند کرا،

سەرەڕای پرۆژە قانونی کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو وەبەرهێنانی نەوت (KEPCO)و، هەردوو پرۆژەکە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە لە پەرلەمان.

بەپێی پرۆژە قانونی سندووقی داهاتەکان دەستەیەکی سەربەخۆ دادەمەزرێت بەجۆرێك لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسند بکرێت بە زۆرینەی ئەندامەکانی و ئەو دەستەیە سندووقی داهاتەکان بەڕێوە دەبات، تا دەستەبەکاربوونی ئەو دەستەیەش دوو حیسابی جیاواز لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوەتەوە بۆ داهاتی فرۆشی بەرهەمە نەوتیەکان و بەخشینی گرێبەستەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی و پابەندبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە لەگەڵ پەسند کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتە نەوتیەکان وخستنە بواری جێ بەجێ کردنی، ئەوا زانیاری دارایی پێویست پەیوەست بە مۆڵەتەکان و گرێبەستەکان و داهاتە نەوتیەکان پێشکەش بە سندووقەکە دەکات، تا دەستەبەکاربوونی ئەم سندووقەش، بەپێی برگەی پێنجەم لە ماددەی پانزدەهەم لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە 22ی ساڵی 2007، ئێستا دوو حیسابی جیا بۆ داهاتە نەوتیەکان کراوەتەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز.

## 8 – دەرئەنجامەکان

لە ئاکامی تێکڕای ئەو بابەت و زانیارییانەی لەم راپۆرتەدا خراونەتە روو، دەمانەوێت ئاماژە بە کۆمەڵێك دەرئەنجامی گشتی بدەین کە پەیوەندییان بە رواڵەتی بودجەی هەرێمی کوردستانەوەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- بودجەی عێراق کە لەم حاڵەتەدا پشکی کوردستانیش دەگرێتەوە لە بواری داهاتدا پشت تەنها بە یەك سەرچاوە دەبەستێتەوە ئەوەش داهاتی نەوتە، واتە بودجە لە چوارچێوەی حاڵەتی دەوڵەتی رەیعیە، ئەمەش گرفت لە دانانی بودجە بۆ ئایندە دروست دەکات، کارتێ کردنی سەلبی لەسەر چەمکی گەشە پێدان هەیە.

2- پابەند بە خاڵی سەرەوە تێکڕای ئەو گرفتانەی لە سیاسەتی ئابووری و دراوی عێراقدا هەیەو کاری نەگەتیڤانەی لەسەر پرۆسەی گەشە پێدانی مرۆیی ئابووری هەیە، بەجۆرێك لە جۆرەکانی کارتێکردنی نەگەتیڤانەی لەسەر ئابووری کوردستان و دانانی بودجەی هەرێمی کوردستان هەیە، سەرەڕای کار کردنی شێلگیرانەی هەرێم و پلانرێژی بۆ دەرباز بوون لەو بارە سەلبیە.

3- بەردەوام دۆسێی ماڤ پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق یەکێکە لە دۆسێکانی گیروگرفتی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ.

4- قورسی ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری خەرجی گشتیدا، بەتایبەتی خەرجیەکانی مووچەو بواری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و پێدانی قەرزو دابین کردنی کارەبا.

**5- زۆر بوونی میلاکاتی وەزیفی لە بواری دامەزراندن بە بەراورد کردن لەگەڵ کەرتی تایبەتدا، هەرچەندە ئاسانکاری زۆر بۆ کەرتی تایبەت کراوە، کە ئەمەش لەخۆیدا لەسەر حیسابی خەرجی حکومەت و کەمی داهات وەرگرتنەوە لەم بوارەدا.**

**6- کەمی ئەو رسومات و باجەی لە کەرتی تایبەت وەردەگیرێت.**

**7- زۆر بوونی ئەو خەرجیەی کە بۆ بواری داکۆکی سەربازی لە کوردستان و پاراستنی باری ئەمنی تەرخان دەکرێ، ئەمەش بەهۆی هەلومەرجی سیاسیەوە لە عێراقداو یەکلا نەکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا.**

**8- کار کردن بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە کە مۆرکێکی بنیاتنەرانەی لە هەلومەرجی ئابووری و سیاسەتی ئابووری و دارایی هەیە، پێویستی بە پلانی کاری درێژخایەن هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ کار بۆ هەندێ هەنگاوی گرنگ لەم بوارەدا بکرێت، وەك بایەخدان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆیی جۆراو جۆری کوردستان، نەك تەنها بواری دەرهێنانی نەوت بەم شێوەیە:**

**أ- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی بواری زێدەڕۆیی لە خەرجی گشتی لە بواری کاری ئیداری و مەکتەبی حکومەت.**

**ب- دانانی سیستەمێکی گونجاو بۆ وەرگرتنەوەی داهات لە بواری خزمەتگوزاری کارەباو ئاو بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ ئەو خەرجییەی حکومەت بۆ ئەم بوارە دەیکات.**

**ج- قورس نەکردنی باری حکومەت بە ئیلتیزاماتی دارایی نوێ لەلایەن پەرلەمانەوەو وەرگرتنی رای وەزارەتی دارایی لە تێکڕای ئەو پرۆژە قانونیانەی ئەرکی دارایی دەخاتە ئەستۆی حکومەتەوە.**

**د- راگرتنی ئەو زیاد کردنەی کە پێش تویژینەوە لە بواری دەرماڵەو مووچە بڕیار دەدرێت.**

**هـ- کار کردن بۆ کارا کردنی رۆڵی کەرتی تایبەت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کردن.**

**و- کار کردن بۆ دانانی بنەماکانی سەربەخۆیی ئابووری کوردستان بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی نەوت و گاز، نەك تەنها دەرهێنانی، بەجۆرێك کێشە سیاسیەکان کاردانەوەی سەلبی لەسەر بارودۆخی ئابووری کوردستان نەبێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەنها خشتەکان ماوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کور دستان، کە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووریان خوێندەوە لەبارەی بودجەی ساڵی 2013، ئێستاش داوا دەکەین لە سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان بفەرموون بۆ خوێندنەوەی راپۆرتی خۆیان، داواش لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەین هەتا بودجە تەواو دەبێت هەموو ئیجازەیەك دەوەستێت تکایە.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئێستا لە وەزارەتی پلانـدانان دایـان پێمـان، دەڵێن لـە ئەسڵی راپۆرتەکـەدا هەیـە، بـەڵام دیـارە لێـرەدا نەهاتووە کە نەقلیان کردووە، وەزارەتی داد بریتیـە لـە (24) ملیـار دینـار، کـە شـەش پـرۆژەی بـەردەوام و (34) پرۆژەی پێشنیار کراوی هەیە، گوژمەی گشتی بریتیە لە (54) ملیار دینار، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.کاوە محمود شاکر/ وەزیری رۆشنبیری و لاوان/ وەزیری پلانداناں بە وەکاڵەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك شت هەیە لەوانەیە لە چاپ کردن پـەڕیبێت، یـەکێك لەوانـە ئێمـە هـی تەنمیـەی موحافەزاتـە کـە ئیزافە نەکراوە لەلای ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان، بەڵام رێژەکە تەواوەو لە راپۆرتی گشتی داراییدا هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیـارە جـەنابی دکتـۆر کـاوە بـە وەکالـەتی وەزارەتـی پلانـدانان هـاتووە، هـەر بـۆ ئاگـاداری پەرلـەمانتارە بەڕێزەکان، فەرموون لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بەپێی دوو نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی 2013، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو نووسـراوکە گەیشـتووە بـە دەسـتمان، لیژنەکـەشمان بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان بـەپێی ماددەکانی (79، 80، 81، 82) مامەڵـەمان لەگـەڵ ئامـادە کردنـی راپۆرتەکـەدا کردووە، کۆبوونەوەی بەردەواممان کردووە، لەو کۆبوونەوانەدا بڕیارمانداوە هـەر لەگـەڵ نـەهجی پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو راپۆرتە بکەین بە سێ بەشـەوە، بەشـی یەکـەم پێکهـاتووە لـە ژمـارە سـەرەکییەکانی بودجـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانی خەملێنـدراو بـۆ سـاڵی 2013 بـە هـەردوو بەشـەکەیەوە بەشـی تێچووەکان و بەشی داهاتـەکان، واتـا نەفـەقات و ئـیرادات، وا دیـارە ئەگـەر سـەیری بودجەکە بکـەین چـەند هـەزار ژمـارەی تێدایـە، ئێمـە بـەپێی پـەیڕەوی نـاوخۆ تەئکیـد دەکەینـە سـەر ئـەو ژمارانـەی کـە ژمـارەی سەرەکین، پابەندن بە بەشی یەکەم و بەشی دووەمەوە، بەشی یەکـەم داهاتـەکان، بەشـی دووەم تێچـووەکان، واتا نەفەقات، دواتر دابەشمان کردووە بەسەر دوو بواردا، شێوەی دابـەش کردنـی بەسـەر بـواری کارگێڕیـدا، هەروەها شێوەی دابەش کردنی بەسەر بواری محاسیبیدا، هەندێ جاریش بۆ روون کردنەوە ئاماژەمـان داوە بە دابەش کردنی وەزیفی، ئەوە بەشی یەکەم.

بەشی دووەم تەرخانمان کردووە بۆ بۆچوون و تێبـینی و پێشـنیارەکانی لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمان، هەر یەك بەپێی تایبەتمەندی خـۆی دەربـارەی بودجـەی خەملێنـدراوی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ

ساڵی 2013 ئاماژەمان بە پوختەی راپۆرتەکان داوە، لەو راپۆرتانە چ سەرنجێك هەبووە، چ پێشنیارێکیش هەبووە، چ تێبینیەکیش هەبووە ئاماژەمان پێداوە هەر راپۆرتێك مومکینە هەندێك مولاحەزاتیشمان هەبێت لەسەر راپۆرتەکان و هەندێك دەستەواژەکان و هەندێك لەو بۆچوونانەی کە هەیە روون نەبوو بێت لەلامان، بەپێی توانا ئێمە توانیومانە ریزبەندییەکی بۆ دابنێین، تا رادەیەك روونی بکەینەوە.

دواتر هاتینە سەر بەشی سێیەمی راپۆرتەکە، بەشی سێیەمی راپۆرتەکە تەرخانمان کردووە بەتایبەتی بۆ مادده یاساییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013، ئەمساڵ بەشێوەیەکی تر مامەڵەمان کردووە لەگەڵ ئەو مادده یاساییانە، مادده بە مادده هەر لیژنەیەکی بەڕێز سەرنجی هەبوو بێت، تێبینی هەبوو بێت، پێشنیاری هەبوو بێت، مادده بە مادده تۆمارمان کردووە، هەر ماددەیەکیش لەلایەن لیژنە بەڕێزەکانەوە تێبینی نەبوو بێت، سەرنجی نەبوو بێت، ئێمە ئاماژەمان پێ نەداوەو، بە دەستەواژەی کەوا هیچ لیژنەیەك کۆمێنتی نییە لەسەر ئەو مادده یاساییە تۆمارمان کردووە لەناو راپۆرتەکەدا، هەر لێرەوە ئاماژە بەوە دەدەین بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی ماددەکانی (80، 81، 82) مامەڵەمان کردووە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو راپۆرتەی کە ئامادە کراوە تەنها راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری نییە، بەڵکو راپۆرتێکی گشتییە، هەموو بۆچوون و سەرنج و تێبینیەکانی هەموو لیژنە هەمیشەییە بەڕێزەکانی پەرلەمانی تێدایە، کەواتە ئەو راپۆرتە تەنها راپۆرتی رەنگدانەوەی بۆچوونی لیژنەی دارایی و ئابووری نییە، هەر لێرەوە لەبەر ئەوەی مامەڵەیەکی زۆرمان لەگەڵ ژمارە کردووە، داوا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین ئەگەری ئەوە هەیە لە ژمارەکان هەڵەیەکمان کرد بێت، لێمان ببوورن، هەر بۆ نموونە لە لاپەڕە (9) سفرێکمان زیاد نووسیوە لە ژمارەیەك، بەڵام دواتر نووسراوەکەی بەڕاستی نووسراوە لە دەرئەنجامی نەبوونی کات و ئەو فشارەی لەسەرمان بووە ئەگەری ئەوە هەیە کەوا هەڵەیەکمان هەبێت لە ژمارەکاندا، لەڕاستیدا ئەو ژمارانەی کە لێرە ئاماژەی پێ دەدەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمساڵ زۆربەی زۆری بەشێوەیەك لە شێوەکان لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئاماژەی پێدراوە، لەبەر ئەوە لێرە تەنها پوختەکەیەتی بە مەبەستی ئیقرار کردنی، ئێستاش بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر رێگامان پێ بدات ئاماژە بدەین بەو کۆنووسەی کە راپۆرتەکەمان پێ ئامادە کردووە، دواتر خوێندنەوەی راپۆرتەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

کۆنووسی ژمارە: (353)

رێکەوتی: 2013/1/17

## كۆنووسی ژمارە (353)

1- نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك/3791) لە (2012/12/23) هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەك لە بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق و، بودجەی پڕۆژە (بەردەوامەکانو پێشنیارکراوەکان) کە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (13442) لە (2012/12/20) بە دەستمان گەیشتووە.

2- هەروەها ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك3800) لە (2012/12/31) هاوپێچ لەگەڵ دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (13564) لە (2013/12/24) سەبارەت بەڕاپۆرتی دارایی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 لەگەڵ وێنەیەك لە ڕاپۆرتی (هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەدەستهێنانی مستەحەقاتی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق).

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان دواین کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی ئەنجامدا بە کۆنووسی ژمارە (353) لە بەرواری (2013/1/17) بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتەو دراسەتکردنی هاوپێچەکانی ئاماژە پێدراو لەسەرەوە بە مەبەست ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دارایی دەربارەی بودجەی خەملێنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 و، بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان گەیشتنە ئەم بڕیارو خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم/ بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی وردەکاریەکانی بودجەی خەملێنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 بە باشمان زانی پوختەکەی لە سێ بەشی سەرەکیدا بخەینەڕوو بە مەبەست گفتوگۆ کردنو بڕیاردان بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- بەشی یەکەم بریتیە لە هێڵەگشتیەکانو ژمارە سەرەکیەکانی بودجەی خەملێنراوی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2013.

ب- بەشی دووەم بریتیە لە تێبینیەکانو پێشنیارەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان دەربارەی بودجەو پڕۆژە یاسای بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013 دەربارەی هەردوو بودجەی وەگەڕخستنو وەبەرهێنان.

ج- بەشی سێیەم بریتیە لە تێبینیەکانو پێشنیارەکان دەربارەی ماددە یاساییەکانی پڕۆژە یاسای بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013.

دووەم/ لیژنەی دارایی هەستاوە بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم بابەتەو ئامادە کردنی ڕاپۆرتی دارایی دەربارەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013 پشت بەستوو بە ماددەکانی (79، 80، 81، 82، 83) لە بەشی حەوتەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی عێراق ژمارە (1)ی ساڵی (1992)ی هەموارکراو.

سێهەم/ لە هەمان کاتدا بەپێی ماددەکانی (80، 81)ی ئاماژە پێدراو لە سەرەوە ڕاپۆرتی دارایی ئامادەکراو لەلایەن لیژنەی داراییەوە ڕاپۆرتێکی گشتگیرە ڕاوبۆچوونو تێبینیو پێشنیارەکانی هەموو لیژنە تایبەتمەندیەکانی پەرلەمان دەگرێتەخۆ، نەك تەنها ڕاو و بۆچوونو تێبینیو پێشنیارەکانی لیژنەی داراییوکاروباری ئابووری. بەم شێوەیە ئێستا دێینە سەر بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکە.

## ڕاپۆرتی ئامادەکراو دەربارەی بودجەی
## خەملێنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013
## بەشـــــــــی یەکـــــەم
## هێڵە گشتیەکانو ژمارە سەرەکیەکانی
## بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013

یەکەم/ بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییو ئابووری هەرێم:

1- بودجەی گشتی عێراق بریتیە (138424608000000) سەدو سیوهەشت ترلیۆنو چوارسەدو بیستو چوار ملیارو شەش سەدو هەشت ملیۆن دینار.

2- بودجەی سیادیی لە بودجەی گشتی عێراق بریتیە لە (40381584000000) چل ترلیۆنو سێسەدو هەشتاو یەك ملیارو پێنج سەدو هەشتاوچوار ملیۆن دینار.

3- بودجەی حاکیمە لە بودجەی گشتی عێراق بریتیە لە (10101945000000) دە ترلیۆنو سەدویەك ملیارو نۆسەدو چلو پێنج ملیۆن دینار.

4- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە بریتیە لە (7256000000000) حەوت ترلیۆنو دووسەدو پەنجاو شەش ملیار دینار.

5- بودجەی پترۆ دۆلار بە هەرێمی کوردستانیشەوە بریتیە لە (1317805000000) یەك ترلیۆنو سێسەدو حەڤدە ملیارو هەشت سەدو پێنج ملیۆن دینار.

6- بودجەی ماوە دوای دەرکردنی بودجەکانی سیادیو حاکیمەو پەرەپێدانی پارێزگاکانو پترۆ دۆلار بریتیە لە (79367274000000) حەفتاو نۆ ترلیۆنو سێسەدو شەستو حەوت ملیارو دووسەدو حەوتاو چوار ملیۆن دینار.

7- بڕی بودجەی هەرێم بە ڕێژەی (17٪) بریتیە لە (17٪ × 79367274000000) = (13492436000000) سیانزە ترلیۆن چوار سەدو نەودو دوو ملیارو چوار سەدو سیوشەش ملیۆن دینار.

8- بەشی هەرێمی کوردستان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانو پترۆ دۆلار بریتیە لە (914298000000) نۆسەدو چواردە ملیارو دوو سەدو نەوەدو هەشت ملیۆن دینار.

9- بەم شێوەیە بەشە بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە
13492436000000

914298000000 +

14406734000000 چوارده ترليۆن‌و چوارسه‌دو شه‌ش مليارو حه‌وت سه‌دو سی‌وچوار مليۆن دينار.

دووه‌م/

أ- به‌پێی ڕاپۆرتی وه‌زاره‌تی دارايی‌و ئابووری بۆ پرۆژه ياسای بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان - عێراق بۆ ساڵی (2013) ڕێژه‌ی (96٪)ی سه‌رچاوه‌ی داهاتی بودجه‌ی هه‌رێمی كوردستان له‌لايه‌ن حكومه‌تی عێراقه‌وه دابين ده‌كرێت به گوێره‌ی ڕێكه‌وتنێك له نێوان هه‌ردوو حكومه‌تی فيدراڵی‌و هه‌رێمدا له ساڵی (2006) و، به ڕێژه‌ی (17٪)ی داهاتی گشتی عێراق.

ب- له كاتی ئێستادا دوای لێده‌ركردنی (هه‌ردوو خه‌رجی سيادی‌و حاكيمه‌و خه‌مڵاندنی داهاتی حكومه‌تی هه‌رێم‌و پاره‌ی په‌ره‌پێدانی پارێزگاكان‌و پترۆ دۆلار ڕێژه‌ی له (17٪) كه‌م ده‌كرێته‌وه بۆ ڕێژه‌يه‌كی نزمتر، بۆ نموونه بۆ ساڵی (2013) ڕێژه‌ی به‌شی هه‌رێم بريتيه له (10.4٪)ی كۆی گشتی داهاتی عێراق.

ج- حكومه‌تی هه‌رێم له‌و بڕه سنووورداره‌ی بودجه‌ی هه‌رێم خه‌رجييه‌كانی وه‌زاره‌تی پێشمه‌رگه دابين ده‌كات.

سێيه‌م/ داهاتی خه‌مڵێنراوی بودجه‌ی حكومه‌تی هه‌رێم بۆ ساڵی 2013 بريتيه له (15257849000000) پانزه ترليۆن‌و دووسه‌دو په‌نجاو حه‌وت مليارو هه‌شت سه‌دو چل‌و نۆ مليۆن دينار به‌م شێوه‌يه‌ی خواره‌وه:-

أ- به‌شی هه‌رێم به‌پێی ياسای بودجه‌ی گشتی فيدراڵی كۆماری عێراق بۆ ساڵی 2013 بريتيه له (14406735000000) چوارده ترليۆن‌و چوارسه‌دو شه‌ش مليارو حه‌وت سه‌دو سی‌وپێنج مليۆن دينار.

ب- داهاتی ناوخۆ بريتيه له (651114000000) شه‌ش سه‌دو په‌نجاو يه‌ك مليارو سه‌دو چوارده مليۆن دينار.

ج- بڕی پترۆ دۆلاری به‌كارهێنراو له‌سه‌ر ئاستی ناوخۆ له ده‌رئه‌نجامی نه‌وتی خاوی به‌رهه‌مهاتوو له هه‌رێم‌و نه‌وتی پاڵێوراو له پاڵاوگه‌كانی هه‌رێم‌و، به‌رهه‌می گازی سروشتی له هه‌رێم بريتيه له:

1- (80000000000) هه‌شتا مليار دينار بۆ ساڵی 2013.

2- (120000000000) سه‌دو بيست مليار دينار موسته‌حه‌قاتی حكومه‌تی هه‌رێمه بۆ ساڵانی دارايی (2010، 2011، 2012).

چواره‌م/ پوخته‌ی دابه‌شبوونی بودجه‌ی خه‌ملێنراوی ساڵی 2013 به‌م شێوه‌يه‌ی خواره‌وه‌يه:

أ- بڕی (11608958000000) يانزه ترليۆن‌و شه‌ش سه‌دو هه‌شت مليارو نۆسه‌دو په‌نجاو هه‌شت مليۆن دينار بۆ بودجه‌ی وه‌گه‌ڕخستن.

ب- بڕی (5333791000000) پێنج ترليۆن‌و سێ سه‌دوو سی‌وسێ مليارو حه‌وت سه‌دو نه‌وه‌دو يه‌ك مليۆن دينار بۆ بودجه‌ی وه‌به‌رهێنان.

ج- كۆی گشتی بریتیە لە (16942749000000) شانزە ترلیۆن‌و نۆسەدو چل‌و دوو ملیارو حەوت سەدو چل‌و نۆ ملیۆن دینار.

پێنجەم/ بەم شێوەیە بڕی کورتهێنان لە بودجەی ساڵی 2013 بریتیە لە:

(+) کۆی گشتی داهات: (15257849000000) ترلیۆن دینار

(-) کۆی گشتی خەرجییەکان: (16942749000000) ترلیۆن دینار

کورتهێنان =(1684900000000) یەك ترلیۆن‌و شەش سەدو هەشتاو چوار ملیارو نۆسەد ملیۆن دینار، بە ڕێژەی (17.6٪) کەم بۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی (2012).

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم/ تێچووەکانی بودجەی وەگەڕخستن بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە بەسەر ژمێرەکاندا:

أ-

1- قەرەبووی فەرمانبەران = (7113380000000) ترلیۆن دینار.

2- شمەك‌و خزمەتگوزاری‌و چاككردنەوە = (1905816000000) ترلیۆن دینار.

3- باربوو = (115000000000) ملیار دینار.

4- بەخشین = (671833000000) ملیار دینار.

5- سوودە کۆمەڵایەتیەکان = (690303000000) ملیار دینار.

6- خەرجیەکانی کە = (814648000000) ملیار دینار.

7- مەوجوداتی نادارایی = (297978000000) ملیار دینار.

کۆی گشتی = (11608958000000) ترلیۆن دینار.

ب- بەم شێوەیە بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ڕێژەی ژمێرەکانی بودجەی وەگەڕخستن‌و ڕێژەی گەشە کردنی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| تێچووەکان | ڕێژەکەی لە بودجەی وەگەڕخستن | ڕێژەی گەشە کردن |
|---|---|---|
| 1- قەرەبووی فەرمانبەران | ٪61.27 | ٪2.63 |
| 2- شمەك‌وخزمەتگوزاری‌و چاكردنەوە | ٪16.42 | ٪34.04 |
| 3- باربوو | ٪0.99 | ٪0.00 |
| 4- بەخشین | ٪5.79 | ٪25.69 |
| 5- سوودە کۆمەڵایەتیەکان | ٪5.94 | ٪7.07 |
| 6- خەرجیەکانی کە | ٪7.02 | ٪14.41 |

| | | |
|---|---|---|
| 7- مەوجوداتی نادارایی | ٪2.57 | ٪79.14 |

**حەوتەم/ ژمارەی پلەکانی دامەزراندن بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە (15000) پانزە هەزار پلە، بەم شێوەیە کۆی پلە وەزیفیەکانی دامەزراو (میلاکات) بۆ ساڵی 2013 دەبێتە (682849) شەش سەدو هەشتاو دوو هەزاروهەشت سەدو چلو نۆ پلەی دامەزراو.**

**هەشتەم/ شێوەی دابەشکردنی بودجەی وەگەڕخستنو ڕێژەکەی بەسەر (31) سەرۆکایەتیو وەزارەتو دەزگاو ئەنجومەنو دەستەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

1- **سەرۆکایەتی هەرێم بریتیە لە (42000000000) چلو دوو ملیار دینار بە ڕێژەی (0.36٪).**

2- **پەرلەمانی کوردستان بریتیە لە (55000000000) ملیار دینار بە ڕێژەی (0.47٪).**

3- **ئەنجومەنی دادوەری بریتیە لە (46787000000) چلو شەش ملیارو حەوت سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دینار. بە ڕێژەی (0.40٪).**

4- **سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (73407000000) حەفتاو سێ ملیارو چوارسەدو حەوت ملیۆن دینار (0.63٪).**

5- **وەزارەتی پەروەردە (1860933000000) یەك ترلیۆنو هەشت سەدو شەست ملیارو نۆسەدو سیوسێ ملیۆن دینار بە ڕێژەی (16.03٪).**

6- **وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن بریتیە لە (183491000000) سەدو هەشتاو سێ ملیارو چوارسەدو نەوەدو یەك ملیۆن دینار بە ڕێژەی (1.58٪).**

7- **وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوە ئاوییەکان بریتیە لە (228884000000) دوو سەدو بیستو هەشت ملیارو هەشت سەدو هەشتاو چوار ملیۆن دینار بە ڕێژەی (1.97٪).**

8- **وەزارەتی ناوخۆ بریتیە لە (1357970000000) یەك ترلیۆنو سێ سەدو پەنجاو حەوت ملیارو نۆسەدو حەفتا ملیۆن دینار بە ڕێژەی (11.70٪).**

9- **وەزارەتی شارەوانیەکانو گەشتوگوزار بریتیە لە (558993000000) پێنج سەدو پەنجاو هەشت ملیارو نۆسەدو نەوەدو سێ ملیۆن دینار بە ڕێژەی (5.07٪).**

10- **وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بریتیە لە (91664000000) نەوەدو یەك ملیارو شەش سەدو شەستو چوار ملیۆن دینار، بەڕێژەی (0.19٪).**

11- **وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان بریتیە لە (120005000000) سەدو بیست ملیارو پێنج ملیۆن دینار بە بڕی (1.03٪).**

12- **وەزارەتی تەندروستی بریتیە لە (695165000000) شەش سەدو نەوەدو پێنج ملیارو سەدو شەستوپێنج ملیۆن دینار بە بڕی (5.99٪).**

13- وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلآیەتی بریتیە لە (486837000000) چوار سەدو هەشتاو شەش ملیارو هەشت سەدو سیوحەوت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.19٪).

14- وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بریتیە لە (482971000000) چوارسەدو هەشتاو دوو ملیارو نۆسەدو حەفتاو یەك ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.16٪).

15- وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی بریتیە لە (118022000000) سەدو هەژدە ملیارو بیستو دوو ملیۆن دینار بە ڕێژەی (1.02٪).

16- وەزارەتی پێشمەرگە بریتیە لە (1333304000000)یەك ترلیۆنو سێ سەدو سیو سێ ملیارو سێسەدو چوار ملیۆن دینار بە ڕێژەی (11.49٪).

17- وەزارەتی دارایی بریتیە لە (1045375000000) یەك ترلیۆنو چلوپێنج ملیارو سێسەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دینار بە ڕێژەی (9.01٪).

18- وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی بریتیە لە (66140000000) شەستوشەش ملیارو سەدو چل ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.57٪).

19- وەزارەتی داد بریتیە لە (48840000000) چلو هەشت ملیارو هەشت سەدو چل ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.42٪).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

20- دیوانی چاودێری دارایی بریتیە لە (13432000000) سیانزە ملیارو چوارسەدو سیودوو ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.12٪).

21- وەزارەتی خوێندنی بالآو توێژینەوەی زانستی بریتیە لە (619897000000)شەش سەدو نۆزدە ملیارو هەشت سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (5.34٪).

22- وەزارەتی کارەبا بریتیە لە (573525000000) پێنج سەدو حەفتاو سێ ملیارو پێنج سەدو بیستو پێنج ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.94٪).

23- وەزارەتی پلاندانان بریتیە لە (24511000000) بیستو چوار ملیارو پێنج سەدو یانزە ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.21٪).

24- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بریتیە لە (511800000000) پێنج سەدو یانزە ملیارو هەشت سەد ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.41٪).

25- دەستەی وەبەرهێنان بریتیە لە (25342000000) بیستو پێنج ملیارو سێ سەدو چلو دوو ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.22٪).

26- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (487443000000)چوار سەدو هەشتاو حەوت ملیارو چوارسەدو چلو سێ ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.20٪).

27- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بریتیە لە (344630000000) سێ سەدو چلو چوار ملیارو شەش سەدو سی ملیۆن دینار بە ڕێژەی (2.97٪).

28- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بریتیە لە (5390000000) پێنج ملیارو سێ سەدو نەوەد ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.05٪).

29- دەستەی گشتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان) بریتیە لە (53645000000) پەنجاو سێ ملیارو شەش سەدو چلو پێنج ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.46٪).

30- دەستەی پاراستنو چاککردنەوی ژینگە بریتیە لە (7100000000) حەوت ملیارو سەد ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.06٪).

31- دەزگای مین (هەولێر، سلێمانی) بریتیە لە (16455000000) شانزە ملیارو چوارسەدو پەنجاو پێنج ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.14٪).

نۆیەم/ بڕی ژمێرەی (باربوو)ی خەملێنراو لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013 بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:

- وەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوە ئاوییەکان: (65000000000) ملیار دینار.
- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان: (50000000000)ملیار دینار.

---

کۆی گشتی = (115000000000) سەدو پانزە ملیار دینار.

دەیەم/ بڕی (بەخشینی) خەملێنراو لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013 بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە بەپێی گرنگی بڕو ڕێژەکەی:

1- وەزارەتی شارەوانیەکانو گەشتوگوزار: (543043000000) ملیار دینار.
2- وەزارەتی داراییوئابووری: (87381000000) ملیار دینار.
3- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن: (34559000000) ملیار دینار.
4- وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان: (3000000000) ملیار دینار.
5- سەرۆکایەتی هەرێم: (2500000000) ملیار دینار.
6- سەرۆکایەتی پەرلەمان: (1350000000) ملیار دینار.

---

کۆی گشتی = (671833000000) ملیار دینار.

یانزەیەم/ بڕی ژمێرەی (قەرەبووی فەرمانبەران) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکراوە:

1- مووچەو دەرماڵە: (5695158000000) ترلیۆن دینار.
2- مووچەو پاداشتی خانەنشینی: (1418222000000) ترلیۆن دینار.

کۆی گشتی = (7113380000000) ترلیۆن دینار.

دوانزەیەم/ بڕی ژمێرەی (شمەك‌و خزمەتگوزاری‌و چاكردنەوە) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە:

1- پێداویستی ماددیی: (1322566000000) ترلیۆن دینار.

2- پێداویستی خزمەتگوزاری: (333351000000) ملیار دینار.

3- چاككردنەوە: (249899000000) ملیار دینار.

---

کۆی گشتی = (1905816000000) ترلیۆن دینار.

سیانزەیەم/ ژمێرەی (باربو) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە:

1- پشتگیری جوتیاران: (65000000000) ملیار دینار.

2- ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان: (50000000000) ملیار دینار.

---

کۆی گشتی = (115000000000) ملیار دینار.

چواردەیەم/ ژمێرەی (بەخشین) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە:

1- لیژنەی ئۆلۆمپی: (22400000000) ملیار دینار.

2- رێكخراوە زانستیەكان‌و رۆشنبیریەكان: (23150000000) ملیار دینار.

3- دامەزراوە شارەوانیەكان: (376021000000) ملیار دینار.

4- لیژنەی پارائۆلۆمپی: (720000000) ملیۆن دینار.

5- فرۆكەخانەكانی هەولێرو سلێمانی: (34559000000) ملیار دینار.

6- بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی گشتی: (167022000000) ملیار دینار.

7- بانكە بازرگانیەكان: (47961000000) ملیار دینار.

---

کۆی گشتی = (671833000000) ملیار دینار.

پانزەیەم/ بڕی ژمێرەی (سوودە كۆمەڵایەتیەكان) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە:

1- التبرعات والاغاثة (نەختینە): (334103000000) ملیار دینار.

2- تۆڕی پاراستنی كۆمەڵایەتی (نەختینە): (306200000000) ملیار دینار.

3-هاریكاری هجرە پێكراوەكان (كاڵا): (50000000000) ملیار دینار.

---

کۆی گشتی = (690303000000) ملیار دینار.

شانزەیەم/ بڕی ژمێرەی (تێچووەكانی كە) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە بەشێوەیەكی سەرەكی:

1- مكافئات لغير المنتسبين: (106972000000) ملیار دینار.

2- مخصصات وبعثات الطلاب: (167835000000) ملیار دینار.

3- تعويضات وغرامات: (25120000000) ملیار دینار.

4- مصاريف آخرى: (514593000000) مليار دينار.

تێبینی/ لیژنەی دارایی کۆمێنتی هەیە لەسەر ژمێرەی (تێچووەکانی کە) لە بەشی دووهەمی ئەم ڕاپۆرتە.

حەڤدەیەم/ ژمێرەی (مەوجوداتی نادارایی) کە بڕەکەی بریتیە لە (297978000000) دووسەدو نەوەدو حەوت ملیارو نۆسەدو حەفتاو هەشت ملیۆن دینارە بە شێوەیەکی سەرەکی دابەشکراوە بۆ کڕینی (بینای نیشتەجێبوون و نانیشتەجێبوون و ئامێرو هۆکارەکانی گواستنەوەو کەرەسەو ئامێری جۆراوجۆری تەختەیی و کانزایی...هتد.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەژدەیەم/ پێکهاتەی ژمێرەی (داهاتەکانی یەکگرتووی) خەملێنراوی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی (2013) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- باجەکان: (183107000000) ملیار دینار.

2- داهاتەکانی کە: (467379000000) ملیار دینار.

3- فرۆشتنی مەوجوداتی نادارایی: (628000000) ملیۆن دینار.

کۆی گشتی = (651114000000) ملیار دینار.

تێبینی/ لیژنەی دارایی کۆمێنتی هەیە لەسەر ژمێرەی داهاتەکانی هەرێم لە بەشی دووهەمی ئەم ڕاپۆرتە.

نۆزدەیەم/خشتەی پلە وەزیفیەکان بۆ ساڵی 2013 بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- ژمارەی وەزیفەکانی ساڵی 2012= (667849) پلە.

2- ژمارەی پێشنیارکراو بۆ پلە بەرزکردنەوە= (84289) پلە.

3- ژمارەی پێشنیارکراو بۆ دامەزراندن= (15000) پلە.

4- ژمارەی پێشنیارکراو بۆ کوژانەوە بۆ مەبەستی پلە بەرز کردنەوە = (84289) پلە.

---

کۆی میلاکی پلە وەزیفیەکان بۆ ساڵی 2013= (682849) پلە.

بیستەم/ پێکهاتەی خشتەی ژمارەی هێزی کار بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- فەرمانبەر = (651605) پلە.

2- میلاکی کاتی= (1049) پلە.

3- فەرمانبەرانی پەیوەست = (19400) پلە.

4- فەرمانبەرانی ناوخۆ لە دەرەوە = (60) پلە.

---

کۆی گشتی = (672114)پلە

بیستویەك/ بەپێی هەردوو ژمێرەی (تێچووەكانی وەگەڕخستنو تێچووەكانی وەبەرهێنان) ڕێژەی تێچووەكانی وەگەڕخستن لە بودجەی گشتی خەملێنراوی ساڵی 2013 بریتیە لە (68.52٪)و ڕێژەی تێچووەكانی وەبەرهێنان بریتیە لە (31.48٪).

بیستودوو/ دەربارەی ڕێژەی ژمێرەكانی خەملێنراوی هەردوو بودجەی وەگەڕخستنو وەبەرهێنان لە بودجەی گشتی بەم شێوەیەی خوارەوەیە بۆ ساڵی :2013

1- قەرەبووی فەرمانبەران= 41.98٪

2- شمەكو خزمەتگوزاریو چاككردنەوە= 11.25٪

3- باربوو= 0.68٪

4- بەخشین= 3.97٪

5- سوودە كۆمەڵایەتیەكان = 4.07٪

6- تێچووەكانی كە= 4.81٪

7- مەوجوداتی نادارایی= 1.76٪

8- بودجەی وەبەرهێنان = 31.48٪

كۆی گشتی = 100٪

بیستوسێ/ دەربارەی شێوەی دابەشكردنی تێچووەكانی وەبەرهێنان كە بریتیە لە (5333791000000) ترلیۆن بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشكراوە بەسەر (31) سەرۆكایەتیو پەرلەمانو ئەنجومەنو وەزارەتەكانو پەرەپێدانی پارێزگاكان كە هەردوو پرۆژە بەردەوامەكانو پێشنیارەكان دەگرێتەوە:

1- سەرۆكایەتی هەرێم بە بڕی (5000000000) پێنج ملیار دینار بە ڕێژەی (0.09٪).

2- پەرلەمانی كوردستان بەبڕی (زیرۆ) بەڕێژەی (زیرۆ).

3- ئەنجومەنی داد بە بڕی (21500000000) بیستویەك ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.4٪).

4- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەبڕی (28500000000) بیستو هەشت ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار بە ڕێژەی (53,٪).

5- وەزارەتی پەروەردە بە بڕی (254034000000) دووسەدو پەنجاو چوار ملیارو سیوچوار ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.76٪).

6- وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن بە بڕی (666398000000) شەش سەدو شەستو شەش ملیارو سێسەدو نەوەدو هەشت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (12.49)٪).

7- وەزارەتی كشتوكاڵو سەرچاوە ئاوییەكان بە بڕی (241772000000) دووسەدو چلو یەك ملیارو حەوت سەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.53٪).

8- وەزارەتی ناوخۆ بـە بـڕی (148978000000) سـەدو چـلو هەشـت ملیـارو نۆسـەدو حـەفتاو هەشـت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (2.79٪).

9- وەزارەتی شـارەوانییەکانو گەشـتوگوزار بـە بـڕی (1038874000000) یـەك ترلیـۆنو سیوهەشـت ملیارو هەشت سەدو حەفتاو چوار ملیۆن دینار بە ڕێژەی (19.48٪).

10- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بە بڕی (113457000000) سەدو سیانزە ملیارو چوارسەدو پەنجاو حەوت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (2.13٪).

11- وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان بەبڕی (76250000000) حەفتاو شەش ملیارو دووسەدو پـەنجا ملیـۆن دینار بە ڕێژەی (1.43٪).

12- وەزارەتی تەندروستی بە بـڕی (232417000000) دووسـەدو سـیودوو ملیـارو چوارسـەدو حەڤدە ملیۆن دینار بە ڕێژەی (4.36٪).

13- وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایـەتی بـە بـڕی (45849000000) چلوپێنـج ملیـارو هەشـت سـەدو چلو نۆ ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.86٪).

14- وەزارەتـی شـەهیدانو ئـەنفالکراوەکان بـە بـڕی (44486000000) چلوچـوار ملیـارو چوارسـەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.83٪).

15- وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی بە بڕی (28240000000) بیستوهەشت ملیارو دووسـەدو چل ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.53٪).

16- وەزارەتی پێشمەرگە بە بڕی (17708000000) حەڤدە ملیارو حەوت سەدو هەشت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (0.33٪).

17- وەزارەتی داراییو ئابووری بە بڕی (182982000000) سەدو هەشتاو دوو ملیارو نۆسەدو هەشـتاو دوو ملیۆن دینار بە ڕێژەی (3.43٪).

18- وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی بە بڕی (60357000000) شەست ملیارو سێسـەدو پـەنجاو حـەوت ملیۆن دینار بە ڕێژەی (1.13٪).

19- وەزارەتی داد بە بڕی (24372000000) بیستوچوار ملیارو سێسەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار بـە ڕێژەی (0.46٪).

20- دیوانی چاودێری دارایی بە بڕی (زیرۆ) بە ڕێژەی (زیرۆ).

21- وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو توێژینـەوەی زانسـتی بـە بـڕی (115069000000) سـەدو پـانزە ملیـارو شەستو نۆ ملیۆن دینار  بە ڕێژەی (2.16٪).

22- وەزارەتی کارەبا بە بـڕی (520829000000) پێـنج سـەدو بیست ملیـارو هەشـت سـەدو بیسـتونۆ ملیۆن دینار بە ڕێژەی (9.77٪).

23- وەزارەتی پلاندانان بە بڕی (307480000000) سێ سەدو حەوت مليارو چوارسەدو هەشتا مليۆن دينار بە ڕێژەی (5.77٪).

24- وەزارەتی سامانە سروشتيەکان بە بڕی (16000000000) شانزە مليار دينار بە ڕێژەی (0.3٪).

25- دەستەی وەبەرهێنان بە بڕی (86945000000) هەشتاو شەش مليارو نۆسەدو چلو پێنج مليۆن دينار بە ڕێژەی (1.63٪).

26- دەزگای ئاسايشی هەرێمی کوردستان بە بڕی (103997000000) سەدو سێ مليارو نۆسەدو نەوەدو حەوت مليۆن دينار بە ڕێژەی (1.95٪).

27- ئەنجومەنی ئاسايشی هەرێمی کوردستان بە بڕی (زيرۆ) بە ڕێژەی (زيرۆ).

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

28- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە بڕی (زيرۆ) بە ڕێژەی (زيرۆ).

29- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانيەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە بڕی (3000000000)سێ مليار بە ڕێژەی (0.06٪).

30- دەزگای پاراستنو چاکردنەوەی ژينگە بە بڕی (9488000000) نۆ مليارو چوارسەدو هەشتاو هەشت مليۆن دينار بە ڕێژەی (0.18٪).

31- دامەزراوەی مين (هەولێرو سلێمانی )بە بڕی (25511000000) بيستو پێنج مليارو پێنج سەدو يانزە مليۆن دينار بە ڕێژەی (0.48٪).

32- پەرەپێدانی پارێزگاکان بەبڕی (914298000000) نۆسەدو چواردە مليارو دووسەدو نەوەدو هەشت مليۆن دينار بە ڕێژەی (17.14٪).

بيستوچوار/ بڕی داهاتەکانی خەملێنراو لە ساڵی 2013 بەم شێوەيەی خوارەوە بەسەر (31) سەرۆکايەتیو پەرلەمانو وەزارەتەکانو دەستەکانو ئەنجومەنەکانو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان دابەشکراوە، کە بڕەکەی بريتيە لە (651114000000) مليار دينار:

1- سەرۆکايەتی هەرێم بە بڕی (250000000) دووسەدو پەنجا مليۆن دينار.

2- پەرلەمانی کوردستان بەبڕی (850000000) هەشت سەدو پەنجا مليۆن دينار.

3- ئەنجومەنی دادوەری بە بڕی (6133000000) شەش مليارو سەدو سیوسێ مليۆن دينار.

4- سەرۆکايەتی ئەنجومەنی وەزيران بەبڕی (415000000) چوارسەدو پانزە مليۆن دينار.

5- وەزارەتی پەروەردە بە بڕی (5126000000) پێنج مليارو سەدو بيستو شەش مليۆن دينار.

6- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نيشتەجێکردن بە بڕی (15625000000) پانزە مليارو شەش سەدو بيستو پێنج مليۆن دينار.

7- وەزارەتـی کشـتوکاڵو سەرچـاوە ئاوییـەکان بـە بـڕی (8776000000) هەشـت ملیـارو حـەوت سـەدو حەفتاو شەش ملیۆن دینار.

8- وەزارەتی ناوخۆ بە بڕی (200508000000) دووسەد ملیارو پێنج سەدو هەشت ملیۆن دینار.

9- وەزارەتی شارەوانییەکانو گەشتوگوزار بە بڕی (400000000) چوار سەد ملیۆن دینار.

10- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بە بڕی (6095000000) شەش ملیارو نەوەدو پێنج ملیۆن دینار.

11- وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان بەبڕی (273000000) دووسەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینار.

12- وەزارەتی تەندروستی بە بڕی (زیرۆ).

13- وەزارەتـی کاروکاروبـاری کۆمەڵایـەتی بـە بـڕی (721000000) حـەوت سـەدو بیسـتو یـەك ملیـۆن دینار.

14- وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بە بڕی (175000000) سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دینار.

15- وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی بە بڕی (850000000) هەشت سەدو پەنجا ملیۆن دینار.

16- وەزارەتی پێشمەرگە بە بڕی (550000000) پێنج سەدو پەنجا ملیۆن دینار.

17- وەزارەتی داراییو ئابووری بە بڕی (270412000000) دووسەدو حەفتا ملیارو چوارسـەدو دوانـزە ملیۆن دینار.

18- وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی بە بڕی (23973000000) بیستوسێ ملیارو نۆسەدو حـەفتاو سـێ ملیۆن دینار.

19- وەزارەتی داد بە بڕی (49481000000) چلو نۆ ملیارو چوارسەدو هەشتاو یەك ملیۆن دینار.

20- دیوانی چاودێری دارایی بە بڕی (18000000) هەژدە ملیۆن دینار.

21- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بە بـڕی (1209000000) یـەك ملیـارو دووسـەدو نـۆ ملیۆن دینار.

22- وەزارەتی کارەبا بە بڕی (زیرۆ).

23- وەزارەتی پلاندانان بە بڕی (3214000000) سێ ملیارو دووسەدو چواردە ملیۆن دینار.

24- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە بڕی (55166000000) پەنجاوپێنج ملیارو سەدو شەستو شەش ملیۆن دینار.

25- دەستەی وەبەرهێنان بە بڕی (57000000) پەنجاو حەوت ملیۆن دینار.

26- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە بڕی 365000000) سێسەدو شەستو پێنج ملیۆن دینار.

27- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە بڕی (150000000) سەدو پەنجا ملیۆن دینار.

28- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤـ بە بڕی (65000000) شەست و پێنج ملیۆن دینار.

29- دەستەی گشتی ناوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتان لـە هـەرێمی کوردسـتان بـە بـڕی (30000000) سی ملیۆن دینار.

30- دەزگای پاراستن‌و چاککردنەوەی ژینگە بە بڕی (32000000) سی‌ودوو ملیۆن دینار.

31- دەزگای مین (هەولێرو سلێمانی )بە بڕی (300000000) سێ‌سەد ملیۆن دینار.

بیست‌وپێنج/ بەپێی فۆرمی وەزارەتی پلاندانان کۆی گشتی پڕۆژە بەردەوامەکان لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتەکان بریتیە لە (2524) پڕۆژە، وردەکاریەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1- گوژمەی پێویست بۆ ئەم پڕۆژانە بریتیە لە (12782199000000) دوانزە ترلیۆن‌و حەوت سەدو هەشتاو دوو ملیارو سەدو نەوەدو نۆ ملیۆن دینار.

2- تێچووەکانی ئەم پڕۆژانە تاکو بەرواری (2012/12/31) بریتیە لە (4789115000000) چوار ترلیۆن‌و حەوت سەدو هەشتاو نۆ ملیارو سەدو پانزە ملیۆن دینار.

3- بودجەی تەرخانکراو بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە (3252451000000) سێ ترلیۆن‌و دووسەدو پەنجاو دوو ملیارو چوارسەدو پەنجاو یەك ملیۆن دینار.

بیست‌وشەش/ بەهەمان شێوە بەپێی فۆرمی وەزارەتی پلاندانان وردەکاریەکانی پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2013 لەم خاڵانەی خوارەوە پیشاندەدرێ:

1- کۆی ژمارەی پڕۆژەکان کۆنەکراوەتەوە لە فۆرمی کەدا.

2- گوژمەی پێویست بۆ ئەم پڕۆژانە بریتیە لە (3197458000000) سێ ترلیۆن‌و سەدو نەوەدو حەوت ملیارو چوارسەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دینار.

3- گوژمەی پێویستی خەملێنراو بۆ ئەم پڕۆژانە بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە (1166850000000) یەك ترلیۆن‌و سەدو شەست‌و شەش ملیارو هەشت سەدو پەنجا ملیۆن دینار.

بیست‌و حەوت/ بەم شێوەیە بەپێی فۆرمی وەزارەتی پلاندانان کۆی بودجەی خەملێنراو بۆ پڕۆژە بەردەوامەکان‌و پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2013 بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- بودجەی پرۆژە بەردەوامەکان = (3252451000000) ترلیۆن دینار.

- بودجەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان = (1166850000000) ترلیۆن دینار.

کۆی گشتی = (4419301000000) چوار ترلیۆن‌و چوارسەدو نۆزدە ملیارو سێ سەدو یەك ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ پڕۆژەکان.

بیست‌وهەشت/ بەم شێوەیە بەپێی هەردوو فۆرمی وەزارەتی پلاندانان، هەروەها (اولا، 2ب، ماددەی پێنجەم) لە پڕۆژە یاسای بودجەی 2013 بڕی بودجەی وەبەرهێنان لەگەڵ بڕی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بریتیە لە:

- بودجەی پرۆژە بەردەوامەکان = (3252451000000) ترلیۆن دینار.

- بودجەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان= (1166850000000) ترلیۆن دینار.

- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان = (914298400000) ملیار دینار.

**کۆی گشتی = (5333599400000) ترلیۆن دینار.**

**تێبینی/ له هه‌مان کاتدا به‌پێی مادده‌ی پێنجه‌م له پڕۆژه یاسای ساڵی 2013 کۆی بودجه‌ی (تێچووه‌کانی) وه‌به‌رهێنان بۆ ساڵی 2013 بریتیه له:**

**- تێچووی پڕۆژه‌کان = (4419492600000) ترلیۆن دینار.**

**- په‌ره‌پێدانی پارێزگاکان = (914298400000) ملیار دینار.**

**کۆی گشتی = (5333971000000) ترلیۆن دینار.**

**تێبینی/ به‌ڕێز نوێنه‌ری حکومه‌ت ئه‌م خاڵه‌مان بۆ ڕوون بکاته‌وه ده‌رباره‌ی ئه‌م جیاوازیه له‌و دوو ژماره‌یه‌دا به بڕی (191.6) ملیۆن دینار.**

**به‌ڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**به‌ڕێز سه‌رۆکی په‌رله‌مان.**

**ئێستاش دێینه سه‌ر به‌شی دووه‌م که بریتیه له تێبینیه‌کان‌و پێشنیاره‌کانی لیژنه هه‌میشه‌ییه‌کانی په‌رله‌مان، به‌م شێوه‌یه:**

**به‌شی دووه‌م**

**تێبینیه‌کان‌و پێشنیاره‌کانی لیژنه هه‌میشه‌ییه‌کانی په‌رله‌مان**

**یه‌که‌م/ ڕاپۆرتی لیژنه‌ی دارایی‌و کاروباری ئابووری:**

**1- داوای ڕوونکردنه‌وه ده‌که‌ین له نوێنه‌ری حکومه‌ت ده‌رباره‌ی بڕی (120000000000) سه‌دو بیست ملیار دینار که موسته‌حه‌قاتی حکومه‌تی هه‌رێمه له بڕی پترۆ دۆلار بۆ ساڵه‌کانی (2010، 2011،2012)، ئه‌م ساڵانه په‌یوه‌ندی چیه به بودجه‌ی ساڵی (2013).**

**2- ده‌رباره‌ی ستوونی ڕێژه‌کانی گه‌شه کردنی ژمێره‌کانی بودجه‌ی وه‌گه‌ڕخستن، ئه‌م حاڵه‌ته گه‌شه کردن نییه، به‌ڵكو زیاد بوونی بڕی ئه‌و ژمێرانه‌یه به‌هۆی زیاد بوونی بودجه‌ی عێراقی فیدراڵ‌و دواتر زیاد بوونی بڕی ڕێژه‌ی (17٪) له به‌شی هه‌رێمی کوردستان بۆ ڕه‌چاوکردنی ئه‌م خاڵه له داهاتوودا.**

**3- ده‌رباره‌ی پله‌کانی دامه‌زراندن هه‌رچه‌نده ئه‌م خاڵه له به‌رژه‌وه‌ندی هێزی کاره‌و ده‌بێته هۆی که‌مکردنه‌وه‌ی دیارده‌ی بێکاری، به‌ڵام ساڵانه تێبینی ده‌کرێ که ژماره‌یه‌کی زیاتر دامه‌زراندن هه‌یه، پێشنیار ده‌که‌ین که ئه‌م خاڵه به‌هه‌ند وه‌ربگیرێ له‌ساڵانی داهاتوداو، په‌یڕه‌وی کردنی مه‌رجی دامه‌زراندن له‌سه‌ر بنه‌مای یاسایی‌و زانستی بێت و، یه‌کسانی کۆمه‌ڵایه‌تی بهێنێته‌دی.**

**4- تێبینی ده‌کرێ که ڕێژه‌ی (70.57٪) له بودجه‌ی خه‌ملێنراوی ساڵی (2013) ئاراسته‌ی هه‌شت وه‌زاره‌ت کراوه که به‌پێی گرنگی ڕیزبه‌ندی ڕێژه‌کان بریتین له وه‌زاره‌ته‌کانی (په‌روه‌رده، ناوخۆ، پێشمه‌رگه، دارایی، ته‌ندروستی، خوێندنی باڵا، شاره‌وانیه‌کان، کاره‌با) یه‌ك له دوای یه‌ك، واته ئه‌م ڕێژه‌یه ئاراسته‌ی سێ بواری گرنگ کراوه که بریتین له به‌رگری‌و ئاسایش‌و ناوخۆو خزمه‌تگوزاری، به‌ڵام له‌هه‌مان**

کاتدا تاکو ئێستا گرنگیدان بە هەردوو کەرتی خوێندنی باڵاو تەندروستی وەکو پێویست گرنگی پێنەدراوە، بۆیە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیری لە ساڵانی داهاتوودا.

5- تاکو ئێستا دیاردەی دوو ئیدارەیی تێبینی دەکرێ دەربارەی دەزگای مین (هەولێر، سلێمانی)، بەڕێز نوێنەری حکومەت ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی ڕێژەی جێبەجێکردنی کارەکانی تاکو ئێستا.

6- لیژنەکەمان داوا لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات کە ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی ئەوەی ئایا لە دەرەوەی کۆی میلاکی (2013) کە بریتیە لە (667849) پلە، پلەی زیادە هەیە لە سەرووی ئەم ژمارەیەوە؟ ئایا میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە کە بریتیە لە (118642) پلە، ژمارەی زیاد هەیە لە دەرەوەی ئەم ژمارەیەوە؟ مووچە چۆن وەردەگرن؟

7- بەهۆی زۆری ژمارەی میلاکەوە تێبینی دەکرێ کەوا ڕێژەی (55.3٪) لە بڕی ژمێرەی قەرەبووی فەرمانبەران تەرخانکراوە بۆ سێ وەزارەت کە بەپێی گرنگی ڕیزبەندی بریتین لە وەزارەتەکانی (پەروەردە، ناوخۆ، پێشمەرگە) یەك لە دوای یەك.

8- بڕی سەرەکی ژمێرەی سوودەکانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی هەردوو وەزارەتی کارو شەهیدان کراوە بە ڕێژەی (70.4٪)، وەزارەتی کار بە ڕێژەی (60.6٪)، وەزارەتی شەهیدان بە ڕێژەی (9.8٪)، ئەم ڕێژەیە ڕێڕەوێکی ئەرێنیە لە ئاڕاستە کردنی بڕی ئەم ژمێرەیەو، پێشنیار دەکەین بۆ ساڵانی داهاتوو ڕێژەی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بەرزتر بێتەوە لەم ڕێژەیەی ئێستا.

9- بڕی سەرەکی ژمێرەی (تێچووەکانی کە) بە ڕێژەی (79٪) ئاڕاستەی هەردوو وەزارەتی داراییو خوێندنی باڵا کراوە، بەپێی گرنگی ڕیزبەندی ڕێژەی وەزارەتی دارایی بریتیە لە (59.3٪)و، ڕێژەی خوێندنی باڵا بریتیە لە (19.7٪)، لیژنەکەمان داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەربارەی ئەو ڕێژە بەرزەی وەزارەتی دارایی و، چۆن ئاڕاستە دەکرێ؟

10- لە هەمان کاتدا لیژنەکەمان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە دەربارەی ژمێرەیی (تێچووەکانی کە)و، چۆنیەتی ئاڕاستە کردنی بڕەکەی کە بریتیە لە (814648000000) ملیار دینارو، شێوەی کۆکردنەوەی ژمێرە سەرەکیەکانی لە فۆڕمی ئامادە کردنی بودجەدا بۆ ساڵی (2013) شێوەیەك لە ناڕوونی هەیە لە ئامادە کردنیداو کۆکردنەوەی ژمارەکانیدا.

11- لیژنەکەمان تێبینیەکی تایبەتی هەیە بۆ بەڕێز نوێنەری حکومەت کەوا ساڵانە جیاوازی هەیە لەنێوان داهاتی خەملێنراوی ناوخۆی هەرێم و، دواتر بەرامبەر بە داهاتی (فعلی) بەدەست هاتوو.

ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاڕاستەی بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکەین:

پ1/ ئایا گشت ئەم داهاتانە دەگەڕێنەوە بۆ حکومەتی ناوەند یان نا؟

پ2/ ئایا بە بڕی داهاتی بەدەست هاتوو (فعلی) حکومەتی هەرێم، حکومەتی ناوەند ئەو بڕە لە بەشە بودجەی هەرێم دادەگرێ، یان نا؟

ئەگەر بەپێی بڕی داهاتی فعلی ناوخۆی هەرێم بەشی بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە بەبڕی داهاتی فعلی دادەگیرێ، ئەو کاتە ئەم حاڵەتە ئەم دەرئەنجامە نێگەتیڤانەی دەبێ لەسەر دانیشتوانو ئابووری هەرێمی کوردستان:

أ- بڕێك لە داهاتی نەتەوایەتی کە لە ڕێگەی (باجو ڕەسمەوە) وەردەگیرێت لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەڕواتە دەرەوەی هەرێم.

ب- ئەم کارەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهاتی دانیشتوانی هەرێمو پووکانەوەی چالاکیە ئابووریەکان.

ج- لە هەمان کاتدا دانانی ڕێژەیەك لە (باجو ڕەسم) بەتایبەتی ئەگەر ڕێژەکەی بەرزبێت لەسەر چالاکیە ئابووریەکان لە هەرێمی کوردستان لەلایەکەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی (نرخەکان) و، لە لایەکیکەوە دەبێتە هۆی بەربەست لە پێش کاری بازرگانیو پیشەسازیو بیناسازی.......هتد.

بۆیە لیژنەکەمان ڕوونی دەکاتەوە بۆ بەڕێز نوێنەری حکومەت دانانی ڕێژەی بەرز لە (باجو رسم) کە لە هەمان کاتدا دەینێرێت بۆ خەزێنەی حکومەتی ناوەندی، (لە کاتێکدا کە سەرتاسەری عێراق لەسەر ئابووری رەیعی گوزەران دەکات و، ڕێژەی سەرووی (95٪) لە داهاتی گشتی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانو بازرگانی بەکاڵای نەوتەوە بەدەست دێت.

بۆیە لیژنەکەمان لە دۆخی ئابووری ئێستای هەرێمو عێراقدا پێشنیار دەکات کە بە جدی لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە حکومەتی هەرێم ڕێکاری یاساییو ئیدارییی بگرێتەبەر بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی باجەکانو ڕەسمەکان لەسەر دانیشتوانی هەرێم، یان هەر ڕێگایەکی کە بگرێتەبەر لەوبارەیەوە بەهاریکاری پەرلەمان.

12- لیژنەکەمان داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەربارەی ئەو (60) شەست فەرمانبەرەی ناوخۆی هەرێم کە لەدەرەوەی هەرێم کار دەکەن، بەڵام مووچە لەسەر بودجەی هەرێم وەردەگرن.

13- لە بودجەی ساڵی (2013)، بەهەمان شێوەی ساڵانی پێشوو ڕێژەی تەرخانکراو لە بودجەی وەگەڕخستن بریتیە لە (68.52٪) بەرزترە لە ڕێژەی وەبەرهێنان کە بریتیە لە (31.48٪) کە لە ڕووی زانستی ئابووریەوە بەلایەنێکی لاواز دادەنرێ لە ئابووری هەر وڵاتێك، هەرچەندە بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە دەسەپێنێ، بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە لە داهاتوودا.

14- لە هەمان کاتدا تێبینی دەکرێ کەوا بڕی هەردوو ژمێرەی (قەرەبووی فەرمانبەرانو شمەكو خزمەتگوزاریو چاککردنەوە) ڕێژەیەکی بەرز پێکدەهێنێت لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی (2013) کە بریتیە لە (53.23٪) ئەم ڕێژەیەش کاریگەری بۆ سەر کەمبوونەوەی تێچووەکانی وەبەرهێنان لە بودجەی گشتی هەیە کە بریتیە لە (31.48٪) بۆیە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە ئەم خاڵە بە هەند وەربگیرێ لە ساڵانی داهاتوودا.

15- دەربارەی بودجەی خەملێنراوی وەبەرهێنان بۆ ساڵی 2013 ڕێژەی (58.8٪) ئاڕاستەی چوار لایەنی سەرەکی کراوە بەپێی گرنگی ڕیزبەندی ڕێژەکە بریتیە لە وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانیەکانو کارەباو پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە بە نیشانەدەرێکی ئەرێنی دادەنرێ و، لە هەمان کاتدا تێبینی دەکرێ کە ڕێژەی هەردوو وەزارەتی تەندروستیو خوێندنی بالاّ بریتیە لە (6.5٪) بەپێی گرنگی ڕیزبەندی یەك لە دوای یەك، کە ڕێژەیەکی نزمە بەرامبەر ڕۆڵی هەردوو وەزارەت لە دروستکردنو گەشەپێدانی مرۆڤ، بۆیە پێشنیار دەکەین کە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێ لەسالأنی داهاتوودا.

16- بڕی سەرەکی داهاتەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2013 لە ڕێگەی (5) پێنج وەزارەتەوە بەدەست دێت، کە بەپێی گرنگی ریزبەندی بریتیە لە وەزارەتەکانی (داراییو ناوخۆو سامانە سروشتیەکانو دادو بازرگانی) یەك لە دوای یەك، کە بریتیە لە ڕێژەی (92٪) لە کۆی داهاتی گشتی هەرێم.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕێژەی داهاتی خەملێنراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بریتیە لە (8.4٪) کە ڕێژەیەکی نزمە بەرامبەر بەکاروچالاکیەکانی وەزارەتی ناوبراو، بۆیە داوا لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکەین کە ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەم خاڵە بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

17- لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بۆ بەڕێز وەزارەتی داراییو حکومەتی هەرێم، کە پێویستە ساڵانە پەرلەمانی کوردستان ئاگادار بکرێتەوە لەو بڕە خەملێنراوەی لە ڕێژەی نەفەقاتی حاکیمەو سیادی کە تەرخان دەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان بە مەبەست بەرچاو ڕوونی ئەندامانی پەرلەمان چ بەشێوەیەکی کالأیی بێت، یان بەشێوەیەکی نەقدینە بێت هەرچەندە بڕی ئەم پارەیە دواتر بە فیعلی لە حساباتی خیتامیدا دەردەکەوێ، بەلاّم پێویستە بە شێوەیەکی خەملێنراو لە ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا ئاماژەی پێبدرێ.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندییەکانو کاروباری ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندنو شوێنەوارەکان:

بە نووسراویان ژمارە (144) لە بەرواری (2013/1/9) ئەم خالأنە دەخەنە ڕوو:

1- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری گرفتیان هەیە لەگەڵ گەنجینەدا، نەشیاون بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی خۆیان (الاعتمادات المصدقة) خەرج بکەن.

2- هەرچەندە بودجەی وەگەڕخستنی وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان زیادی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمە بۆ ڕاپەڕاندنی چالاکیەکانیان.

3- بە باشی دەزانن بڕی (3) ملیار کە تەرخانکراوە بۆ بەخشین بۆ کۆمەك کردنی ڕۆشنبیران، پێویستی بە میکانزمێکی گونجاوتر هەیە (ئاماژە نەدراوە بەو میکانزمە).

4- لیژنـەی ڕۆشـنبیری پێـی وایـە کـە دەبێـت وەزارەت یـەك ڕێنمـایی یـەکگرتووی هـەبێت لەسەرتاسـەری هەرێمدا بۆ جێبەجێکردنو خـەرجکردنی بـڕی سوودەکانی کۆمەڵایـەتی لـە بودجـەی وەزارەت، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیریو هونەرو وەرزش لە هەر پارێزگایەك ئەم کارە ئەنجام بدەن.

5- لیژنە پێشنیار دەکات کە پرسی ڕێزلێنان پێویستە یەك ڕێنمایی یەکگرتووی هەبێت.

6- لیژنـە پێشـنیار دەکـات کـە منحـەی یـەکێتی نووسـەران لـە وەزارەتـی دارایـی بخرێتـە سـەر وەزارەتـی ڕۆشـنبیریو لاوان، جیـاوازیش لەسـەر بنـەمای نەتـەوەیی نـەکرێت، چـونکە یـەکێتی نووسـەرانی تورکمـان گلەییان لە وەزارەتی دارایی هەیە.

7- پێشـنیار دەکـەن وەزارەتـی ڕۆشـنبیری خـانوو بـەکرێ نـەگرێتو، داوا لـە حکومـەتی هـەرێم دەکـەن بیناکانیان بۆ وەرگرێتەوە کە لەژێر دەستی لایەنەکانی تردایە.

8- سـەبارەت بـە گرێبەسـتی فەرمانبـەران گلـەیی ئـەوە هەیـە کـە گرێبەسـتی ئـەو کەسـانەی لـە تیپـەکانی هەڵپەڕکێو میوزیك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری تورکمان بۆیان تازە نەکراوەتەوە.

9- پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری گرنگی بـدات بـە هـەنگاوەکانی سـەبارەت بـە پایتـەخت بـوونی ڕۆشـنبیری شاری سلێمانی.

10- داتاکـان لەسـەر پڕۆژەکـان ورد نـین، بـۆ نموونـە پـڕۆژەی ژمـارە (15) لـە نـاو پـڕۆژە بەردەوامـەکانی پارێزگای هەولێر دەربارەی دروست کردنی کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری لە کۆیە، تا کۆتایی سـاڵی (2012) ڕێـژەی (21٪)ی تەواو بووە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان ئاماژە بەوە دەدات کە لە تەندەرین دایە.

11- هەندێ پڕۆژە هەن لەساڵی (2010) بڕیاریان لەسەر دراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا لـە بـواری دیزاینـدان، بـۆ نموونە دروستکردنی شاری ڕۆشنبیریو هونەری لە سلێمانی.

12- پێشنیار دەکەن ئەمساڵ جێگـە بـۆ پـڕۆژەی دروسـتکردنی بینـا بـۆ بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی ڕۆشـنبیری سریانی بکرێتەوە، هەروەها بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری تورکمانیش نۆژەن بکرێتەوە.

13- پێشنیار دەکەن لـە بودجـەی پەرەپێـدانی هـەرێمو پارێزگاکـان ئـاوڕ لـە بـواری ڕۆشـنبیریو شـوێنەوار بدرێتەوە.

14- ماسـتەر پلانـی شـوێنەوار کـە لـەناو پـڕۆژە بەردەوامـەکانی وەزارەتـی شـارەوانیو گەشـتوگوزار دایـە، پرۆژەی ساڵی (2010)یەو، تازە ڕاگەیاندنی بۆ کراوە.

15- ئەمساڵ (8) پرۆژەی پێشنیار کراوی شوێنەوار هەیە، ئەمەش جێگای خۆشحاڵیە.

16- پرۆژەکـانی پـردی دەلال لـە زاخـۆ، قشـڵەی ئـاکرێ، فوتابخانـەی قۆبـەهان لـە ئامێـدی لـەناو پـڕۆژە تەواوبووەکانی وەزارەتی شارەوانیو گەشـتوگوزار دایـە لـە پارێزگـای دهـۆك، لەکاتێکـدا پـردی دەلال تـەنها دۆکیومێنت کراوە، قشڵەی ئاکرێو فوتابخانەی قۆبەهان نزیکـەی (40٪) جێبـەجێکراوە، لـە ڕاسـتیدا ئـەم پرۆژانە تەواو نەبوون، بەڵکو گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە.

17- پێشنیار دەكەن حكومەتی هەرێم پەلە بكات لە گەلاڵەكردنی پرۆژە یاسایەك بۆ دامەزراندنی دەستەی شوێنەوار لە هەرێمی كوردستان.

18- پێشنیار دەكەن ماددەی (35) لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی (2013) لابرێت، چونكە بەپێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانە.

سێیەم/ راپۆرتی لیژنەی كشتوكاڵو ئاودێری:

به نووسراویان ژمارە (3) لە (2013/1/9) لەسەر بودجەی ساڵی 2013 ئەم خاڵانەی گرتۆتەخۆ:-

1- ریزبەندی وەزارەتی كشتوكاڵ بەپێی گرنگی لە بودجەی وەگەڕخستن بۆتە زنجیرەی دوانزیەم و، رێژەی سەدیەكەی بۆتە (1.97٪) كە دەبوایە ریزبەندیەكەی دەیەم بوایە.

2- بە بەراورد لەگەڵ بودجەی وەگەڕخستنی سالی 2012 نزیكەی (4) چوار ملیار زیادی كردووە، ئەمەش تەنها بۆ مووچەی دامەزراندنی نوێو زیادەی ساڵانەیە.

3- (65) شەستو پێنج ملیار دینار دانراوە بۆ پاڵپشتی كشتوكاڵی (إعانات زراعیە) بۆ چەندین بواری جیاواز.

4- لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان رێژەیەكی زۆر كەم تەرخان دەكرێت بۆ بواری كشتوكاڵی، بۆ نموونە لە نێوان ساڵانی (2007 بۆ 2012) بۆ هەرسێ پارێزگاكەی هەرێم تەنها بڕی (5) پێنج ملیار تەرخانكراوە بۆ بواری كشتوكاڵی كە رێژەكەی بریتیە (0.01٪).

5- هیچ بودجەیەك دابین نەكراوە بۆ ئەگەری ڕوودانی كارەساتە كشتوكاڵیەكانو جێبەجێكردنی یاسای (تسویە وتملیك) و قەرەبووكردنەوە.

6- لە حساباتی ختامی ساڵی (2012) رێژەكەی لە (4٪)ی بودجە دەكات، نزیكەی رێژەی لە (95٪) قەرزەكان بۆ بوارەكانی (خانووبەرەو هاوسەرگیری) خەرج كراون (لیژنەی دارایی تێبینی هەیە لەسەر ناڕوونی ئەم خاڵە).

7- لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژە بەردەوامەكان بڕی (191372) سەدو نەوەدو یەك ملیارو سێسەدو حەفتاو دوو ملیۆن دینار تەرخان كراوە، بۆ پرۆژە پێشنیاركراوەكان بڕی تەنها (50) پەنجا ملیار دینار تەرخانكراوە ئەم پارەیە تەنانەت بەشی ئیحالە كردنی پرۆژەی ئاوی شەمامك ناكات، نەك پرۆژە ستراتیجیەكانی وەك بەنداوەكانی ( تەقتەق، مەنداوە ،دێرەلوك...هتد).

8- لیژنە داوا دەكات بە گەڕانەوەی داهاتی وەزارەت بۆ خۆیان بۆ خەرجكردنی لە بواری دابینكردنی پێداویستیە كشتوكاڵیەكان.

9- لیژنەی كشتوكاڵی داوا دەكەن بە پۆلین كردنی قەرزی كشتوكاڵی و جیاكردنەوەی، كە بكرێتە خاڵێكی جیاواز لە یاسای بودجەدا بەم شێوەیە:

أ- قەرزی پرۆژە ئاساییەكان (150) ملیۆن دینار.

ب- قەرزی پرۆژە ستراتیجیەكان (500) ملیۆن دینار.

ج- دابینکردنی ڕێژەی لە (3٪) لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ کشتوکاڵو ئاودێری.

10- جەخت دەکەنەوە لە بواری پرۆژەکانی بەرهەم هێنان کە بودجەی پێویست دابین بکرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە گەورەکانی ئاودێری، بەربەستە گەورەکان، لە ڕێگەی قەرزی نێودەوڵەتی ودرێژ خایەن یان وەبەرهێنان، یان هەر داهاتێکی تر.

11- داوا دەکەن بە دروستکردنی سایلۆکان لەسەر وەزارەتی کشتوکاڵو، کە نزیکەی چوار ساڵە هەندێکیان لە بودجەدا پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت، بەلاّم نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی:

بە نووسراویان ژمارە (3) لە (2013/1/10) لەسەر بودجەی ساڵی 2013:

1- لیژنەی ناوبراو پشتگیری لە ماددەی (18) لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2013 دەکات دەربارەی تەرخانکردنی (185) سەدو هەشتاو پێنج ملیار دینار بۆ حزبەکان و (15) پانزە ملیار دینار بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکەن:-

پ1/ لە ساڵی 2012 پارە چەند خەرجکراوە بۆ پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکومیەکان؟ لەسەر چ بنەمایەك بووە؟ ئەگەر پارە ماوەتەوە بڕەکەی چەندە؟ ئایا مناقەلەی پێکراوە؟.

پ2/ پلان هەیە بۆ گۆڕینی شێوازی پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ ساڵی (2013)؟

پ3/ چەند حزب سوودمەند بووە لە بڕی پاڵپشتی حزبەکان؟ لەسەر چ بنەمایەك پاڵپشتی هەر حزبێك دەکرێت.

پێنجەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینی:

بە نووسراویان ژمارە (2) لە (2013/1/10) لەسەر بودجەی ساڵی 2013:

1- لیژنەی ناوبراو ئاماژە بە لایەنی ئەرێنیو خاڵە ئیجابیەکانی بودجەی هەرێم دەکات کە بودجەی ساڵی 2013 زووتر گەیشتۆتە پەرلەمان، ڕێژەی بودجەی وەبەرهێنان لە بودجەی گشتیدا زیادی کردووە، پێویستە بەردەوام ڕێژەی وەبەرهێنان زیاد بکرێت، کورتهێنان ڕێژەکەی دابەزیوە.

2- لایەنی نەرێنیو خاڵە لاوازەکانی بودجە بریتیە لە کەمبوونەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان بەهۆی زیاد بوونی تێچووەکانی سیادی عێراق، ڕێژەی بابەتەکانی (شمەكو خزمەتگوزاریو چاککردن، سوودە کۆمەلاّیەتیەکان، خەرجیەکانی تر، مەوجوداتی ناداراییی) بە بەراورد ساڵانی (2011و 2012) زیادیکردووە، زیادەڕەوی لە دامەزراندنی فەرمانبەرانو، پێدانی دەرماڵە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەرجیەکانو کورتهێنان، کەمی بڕی بودجەی تەواوکاری بۆ ساڵی (2012) کە (418) ملیار دینارە، کەمی ئەم بڕە پارەیە جێگەی پرسیارە، (96٪) سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە دێت، بەپێی ماددەی (114) برگەی (4) لە دەستوری عێراق دانانی سیاسەتی

گەشـەپێدانو پلانـدانانی گشـتی بـۆ هـەموو عێـراق دەسـەڵاتێکی هاوبەشـە لـەنێوان حکومـەتی فیـدراڵو حکومەتی هەرێم.

3- ڕاسپاردەو پێشنیازو داواکاریەکان بریتین لە مانەی خوارەوە:

أ- پێویستە حکومەتی هەرێم زیاد بوونی بڕی خەرجیە سیادیەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.

ب- پێشنیار دەکەن بڕی (شمەك، خزمـەتگوزاریو چاکردنەوە، سوودە کۆمەلایەتیـەکان، خەرجیـەکانی تـر، مەوجوداتی نادارایی) کەمبکرێتەوە و زیادەڕەوی تێدا نەکرێ.

ج- پێویستە دامەزراندنو مووچەو دەرماڵە بەسیستەمێکی باشتر ڕێکبخرێتەوە، پەلەبکرێت لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە، شێوازی دامەزراندن بگۆڕدرێت لە لیژنەکانی پارێزگاکانەوە بۆ هەر وەزارەتێك ڕاسـتەوخۆ پلەکانی دابمەزرێندرێت، پێویستە حکومـەتی هـەرێم کـار بکات بـۆ وەرگرتنـی بەشـی هـەرێم لـە بودجـەی تەواوکاری، گرنگیدان بە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵو پیشەسازیو گەشتوگوزارو هاندانی وەبـەرهێنان، هەوڵی زیاد بوونی داهاتی ناوخۆ بدرێن، کار بکرێت بەرەو سەربەخۆیی ئابووری، سەرچـاوەکانی داهـات بـە یاسا ڕێك بخرێت، ڕیزبەندی وەزارەتی ئەوقاف لە بودجەی هەرێمدا بەپلـەی (19) دێـت ناگونجێـت لەگـەڵ گرنگی ئەو وەزارەتە، نابێ بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتـەکان وەزارەتـی دارایـی بـڕی بودجەکـەیان کەمبکاتـەوە دوای ڕەزامـەندی کۆتایی، پێویسته حکومەت کێشـەی قـەرزاری کرێـی کارەبـای وەزارەتـی ئـەوقاف چارەسـەر بکـات، داوا دەکـەن (کرێـی کاتـژمێری زیـادە بـۆ مامۆسـتایانی ئـاینی زیـاد بکرێـت، چـونکە لـە هەفتەیەکـدا (100) سەعات دەوام دەکەن لە مزگەوتەکان و، لە بەغدا دەرماڵەیان بۆ خەرج دەکرێن بەڕێژەی لە (20٪) لە مووچەکانیان، داوا دەکەن بە زیـاد کردنـی پڕۆژەکـانی وەزارەتـی ئـەوقاف بـۆ هەرسـێ ئاینەکـە (ئیسـلام، مەسیحی، ئێزیدی)، هەر وەزارەتێك دەسەلاتی هەبێ بۆ خەرجکردنی بودجـەی تـەرخانکراو بـەبێ ڕۆتینـی دارایی، پێشنیار دەکـەن پـڕۆژە بچووکەکان ڕاسـتەوخۆ لەلایـەن وەزارەتەکانـەوە جێبـەجێ بکرێـت بـەهۆی ئەوەی هیچ بەلێندەرێك وەریان ناگرێت.

شەشەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزشولاوان:

بە نووسراویان ژمارە (2) لە (2013/1/9) پێشنیارو تێبینی لەسەر بودجەی ساڵی 2013:

1- پێشنیار دەکەن بۆ سـاڵی 2013 بـە دابینکردنـی بـڕە پارەیـەك بـۆ دروسـتکردنی پڕۆژەکـانی ژێرخـانی وەرزشـی هەمـەجۆر لـە پارێزگاکـان، گرنگـی بـدرێت بـە دامەزرانـدن بـۆ (کۆمەڵگـەی ڕۆشـنبیری، بنکـە وەرزشـیەکان)، ڕەچـاوی ڕێـژەی دانیشـتوانی پارێزگاکـان بکـرێ لـە پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکانی وەزارەتـی ڕۆشنبیریو لاوان، چونکە جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی دابەشکردنیان.

2- بەپێی زانیاری لیژنە وەزارەتی دارایی بودجەی لیژنەی ئۆلۆمپی (2400) دوو ملیارو چوارسـەد ملیـۆن دینـارە نـەك (22400) بیسـتو دوو ملیـارو چوارسـەد ملیـۆن دینـارە (واتـە (20) بیسـت ملیـار دینـار زیادەیـە)و، پێشـنیار دەکـەن منحـەی لیژنـەی ئۆلـۆمپی زیـاد بکرێـت لەبـەر کـەمی بودجەکـەیان بـۆ بـڕی

(3600) سێ مليارو شەش سەد مليۆن دينارو، ئەو بڕەی دەمێنێتەوە بريتيە لە (18800) هەژدە مليارو هەشت سەد مليۆن دينار.

3- پێشنيار دەكەين بە پێداچوونەوە بۆ دابەشكردنی ميلاكات و، پێشنيار دەكەن بە دروست كردنی {شارێكی وەرزشی ئۆلۆمپی لە بودجەی ساڵی (2014)}و، دروست كردنی ژێرخانی وەرزشی بۆ وەزارەتی پەروەردە لە پارێزگاو قەزاكان و، گرنگيدان بە پەيمانگای وەرزشی سەر بە وەزارەتی پەروەردەو، گرنگيدان بە كۆليژەكانی پەروەردەی وەرزش.

حەوتەم/ ڕاپۆرتی ليژنەی كاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژينەوەی زانستی:

بە نووسراويان ژمارە(10) لە (2013/1/13)، سەرنج و تێبينيەكان و پێشنيارەكانيان بريتيە لە:

1- پشتگيری لە ماددەی (6) لە پڕۆژە ياسای بودجە دەكات بە تەرخانكردنی بڕی (120) سەدوبيست مليار دينار بۆ بەرنامەی تواناسازی، تێبينيان ئەوەيە تەنها بڕگەی ناردنە دەرەوەی خوێندكاران جێبەجێدەكرێ لەو بەرنامەيە بەبێ (ڕاهێنان وتوێژينەوە)، بۆيە پێشنيار دەكەن بڕێك لەو پارە تەرخانكراوە ئاڕاستەی توێژينەوەی زانستی بكرێ و پلانێك دابنرێ بۆ پرۆسەی ڕاهێنانی فەرمانبەران و مامۆستايان و، پێويستە لە پرۆسەی تواناسازی ڕەچاوی پسپۆڕيەتی بكەن و، پێداويستيەكانی وەزارەتەكان و حكومەتی هەرێم ڕەچاو بكرێ، بەپێی ژمارەی دانيشتوانی هەر پارێزگايەك، تێبينی ليژنە ئەوەيە كە ڕێژەی پارێزگای دهۆك كەمتر بووەو، پێويستە بۆردی باڵا ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر جێبەجێكردنی بەرنامەی تواناسازی ئامادە بكات، پێشنيار دەكەن حكومەتی هەرێم كۆمەكی دارايی قوتابيان و خوێندكاران بكات بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا بەشێوەی (بەخشين، پێشينەو، قەرزی خوێندن)و، بە ڕێنمايی ڕێكبخرێت.

2- سەرنج و تێبينی ليژنە دەربارەی ماددەی (7) بڕگەی (1) بەردەوام بوونی حكومەت لەسەر هەڵمەتی دروستكردنی بينای قوتابخانەكان، پشتگيری لە ناوەڕۆكی ئەم ماددەيە دەكەن، لەم بارەيەوە دوو ڕا هەيە:

أ- بڕی (120) سەدو بيست مليار دينار تەرخان بكرێت.

ب- بە مەبەست بەردەوامی هەڵمەتەكە پێويستە پلانێكی ئيستراتيجی هەبێت و، بەڕێز وەزيری پەروەردە ئاماژەی بەوەداوە پلانێكی ئيستراتيجی (10) ساڵە هەيە بۆ دروستكردنی (2000) دوو هەزار قوتابخانە بە ژمارەی (200) قوتابخانە بۆ هەر ساڵێك.

ليژنە پێشنيار دەكات كە ئەركی وەزارەتی پەروەردە تەنها لە چوارچێوەی نۆژەنكردنەوەی بينای قوتابخانەكان بمێنێتەوەو، پێويستە حكومەتی هەرێم بە ميكانزمێكی تايبەت سەرپەرشتی و بەدواچوون بكات بۆ ئەم هەڵمەتەو، ئەم پرۆسەيە بەرەنگاری چەندين رۆتينی سلبيی دەبێتەوە لە قۆناغی پەسندكردن و ديزاين و ڕەوانەكردنی و تا وەرگرتنی بيناكە، ئەم پرۆسەيە پێويستی بە چالاك كردن هەيە.

3-دەربارەی ماددەی (19) كە تايبەت بە دامەزراندنی (15000) پلەی وەزيفی سەرنج و تێبينی و پێشنياری ليژنە بريتيە لە، پێشنيار دەكەن ژمارەی پلەكانی وەزارەتی پەروەردە زياد بكرێ لە (3350) پلە بۆ (5000) پلە، پێشنيار دەكەن كە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستايان لەلايەن خودی وەزارەتی

پەروەردەوە ئەنجام بدرێ، پێشنیار دەکەن کەوا پێویستە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان لە مانگی (7، 8)ی هەر ساڵێك تەواو بکرێت.

4- پشتگیری لەو ڕێژەیە دەکەن لە بودجەی ساڵی (2013) کە تەرخانکراوە بۆ بواری پەروەردەو خوێندنی باڵاو، پێیان باشە لە ئایندەدا ئەم ڕێژەیە بەرزبکرێتەوە بۆ ڕێژەی (25٪).

5- ئەم پێشنیارانە دەخەنە ڕوو:

بڕی (25) بیستو پێنج ملیار دینار کە لە بودجەی تەواوکاری بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- بڕی (20) بیست ملیار دینار بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان.

ب- بڕی (5) پێنج ملیار دینار بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی.

6- سەبارەت بە پرۆژەکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا، پێیان باشە هەردوو وەزارەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان پابەندبن بەتەواو کردنیان لەکاتی یاسایی دیاریکراودا، هەردوو وەزارەت لێپێچینەوە بکەن لەگەڵ لایەنی جێبەجێکارو لەڕووی مەرجەکانی ئەندازیاریو هونەریدا لە گرێبەستەکاندا.

7- سەبارەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان داواکارن بڕێکی گونجاو لە بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردەو کاروکاروباری کۆمەڵایەتی تەرخان بکرێت بۆ بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت بۆ مامۆستایانو قوتابیانی ئەم بوارەو، خزمەت بە پەیمانگاکانی نابینایانو نابیستانو بیرکۆڵان و، سەنتەری ئۆتیزمو پەرەپێدان و، گرنگیدان بە کۆمەڵەکانی چالاك لە بواری خزمەتگوزاری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و، پێشنیار دەکەن کە بەشی پسپۆڕی بۆ پەروەردەی خاوەن پێداویستی تایبەت بکاتەوە لە زانکۆکانو بودجەی پێویستی بۆ دابین بکات.

هەشتەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر:

بە نووسراویان ژمارە (2) لە (2013/1/13)، تێبینیو سەرنجو پێشنیارەکانی بریتیە لە:

1- ئەمساڵ بودجەکە پێش وادەی یاسایی پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، ڕاپۆرتێکی ڕێكوپێکی دارایی ئامادە کراوە.

2- لیژنە پێیوایە پێکهێنانی (ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر) لە هەرێمی کوردستان کە بەستراوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوەو، بەپێی حوکمەکانی یاسایی ژمارە (1)ی ساڵی (2010)ی یاسایی پاراستنی بەکاربەری فیدڕاڵی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی یاساکە، بەپێی ماددەی (5) بڕگەی (9) لە یاسای ناوبراو دەبێت بودجەیەکی تایبەت تەرخانبکرێت بۆ ئەنجومەنی ناوبراو لە بودجەی گشتی، بۆیە پێشنیار دەکەن بڕێك پارە تەرخان بکرێت لە بودجەی ساڵی 2013ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەنجومەنی پاراستنی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان.

3- تەنها بڕی (1500) یەك ملیارو پێنج سەد ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ پرۆژە پێشنیارەکانی بۆ دەستەی پێوانسازیو کۆنترۆڵی جۆری، بۆیە پێشنیار دەکەن بۆ وەزارەتی پلاندانان زیاتر گرنگی بە پرۆژەکانی ئەم دەستەیە بدات بۆ ساڵانی داهاتوو.

4- سەبارەت بە ماددەی (یەکەم) بڕگەی (دووەم)، ئەو بڕە پارەیەی خەملێنراوە بۆ داهاتی ناوخۆ کەمەو، پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە لە لایەن نوێنەری حکومەتەوەو، دەربارەی ماددە یاساییەکانی کە لیژنە هیچ تێبینیو سەرنجیان نییە.

نۆیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیو گواستنەوەو گەیاندنو گەشتوگوزار:

بەپێی نووسراویان ژمارە (9) لە (2013/1/14) ئەم سەرنجو داواکاریانەیان هەیە:

1- لیژنە پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکات دەربارەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان بەڕێز بەندی (1، 2، 3) کە بڕی پارەکەی (5010) پێنج ملیارو دە ملیۆن دینارە تەرخان بکرێت بۆ قیرتاو کردنی کۆڵانەکانی ئوردوگای (کەلەکچی)و، هەروەها لیژنە پشتگیری لە داواکاری بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکات کە هیچ بەشێکی بودجەی وەزارەت کەم نەکرێتەوە.

2- دەربارەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، وەزارەت گلەیی لە حکومەت هەیە کە گرنگی بە گواستنەوەو گەیاندن نادات بە فڕۆکەخانەکانیشەوە، وەزارەت پێویستی بە (97) ملیار هەبووە بۆ پڕۆژەکان، بەلاّم تەنها بڕی (21) ملیار تەرخانکراوە بۆی و، لەبەر کەمی بودجە چەند ساڵێکە نەتوانراوە هیچ پرۆژەیەك لە بواری گەیاندن لەسنووری پارێزگای سلێمانی جێبەجێ بکرێت.

3- بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی سلێمانی جەخت دەکات کە پێویستی بە سیستمی ڕادار هەیە کە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2013 هاتووە بڕی (2) دوو ملیاری بۆ تەرخانکراوە وەکو کوژمەی یەکەم، بەلاّم بڕی تەواوی تێچووی پرۆژەکە بریتیە لە (22) بیستودوو ملیار دینار، لەبەر گرنگی پرۆژەکە بۆ سەلامەتی هەستانو نیشتنەوەی فڕۆکە، لیژنەکە بەکۆی دەنگ پشتگیری لەم داوایە دەکات.

4- لیژنە بۆی ڕوون بۆتەوە کە جیاوازی هەیە لە داهاتی خەملێنراوی ساڵی (2013)ی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنو هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی و، داهاتی خەملێنراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە....لیژنە داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە وەزارەتی دارایی لەم بارەیەوە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدانو قوربانیانی جینۆساید:

بە نووسراویان ژمارە (4) لە (2013/1/14)، ئەم سەرنجو تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:

1- ژیانو گوزەرانی کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان زۆر خراپە، مووچەکانیان زۆر کەمە، لیژنە داواکارە مووچەکانیان زیاد بکرێ لە بودجەی ساڵی (2013) جێگای بکرێتەوەو، هەروەها پێشنیار دەکەن بۆ دروستکردنی خانوو لە بودجەی ساڵی (2013) بۆ وارسی شەهیدان، کە بەبێ خانوو ماونەتەوەو،

زیادکردنی ژمارەی خانووەکان و، داواکارن پلە بەندی بکرێ بۆ شەهیدانی سەنگەرو ساڵی شەهید بوونو بوون بە پێشمەرگە بکرێتە پێوەر لە پلەبەندیەکەداو، پێشنیار دەکەن کە ڕێژەیەك لەو خانوو و شووقانەی دروست دەکرێ بدەنە وارسی ئەو شەهیدانەی سوودمەند نەبوونو، خانوو یان زەویان وەرنەگرتووە، ژمارەیەك لە وارسی شەهیدان ئەمری وەرگرتنی زەویان هەیە لە ساڵی (2009)وە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە بەهۆی نەبوونی زەوی ئیفرازکراو، ژمارەی ئەمرەکان نزیکەی (18) هەژدە هەزار ئەمرە.

2- ژمارەیەك لە وارسی شەهیدان لەکاتی خۆیدا بەهۆی نەبوونییەوە، زەوییەکانیان فرۆشتووە، بۆیە ئەمانیش داواکارن لەپێناو دروستکردنی خانووی خۆکردی نیشتەجێبوون، داواکارن بڕیاری حکومەتی هەرێم بیانگرێتەوە بۆ پێدانی هەر وارسێکی شەهید بڕی (27500) بیستوحەوت ملیۆنو پێنج سەد هەزار دینارە.

3- لیژنە داوای دابینکردنی کرێیی تێچوونی خوێندن لە زانکۆ ئەهلیەکانو دابینکردنی بەشی ناوخۆیی بۆیان و، هەروەها دابینکردنی ڕێژەیەك لە پرۆسەی تواناسازی بۆ مندالآنی شەهید لە دەرەوەو ناوەوەی هەرێم کە پێشبڕکێ بکەن تەنها لەناو خۆیاندا و، ئەم پێشنیارە لەیاسای ژمارە (9)ی ساڵی (2007) مافوئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوان هاتووە، کەوا وەزارەتی خوێندنی بالآ پابەند دەکات بەجێبەجێکردنی و، هەروەها بەپێی هەمان یاسای سەرەوە کرێی تێچووی چارەسەری نەخۆشی کەسوکاری شەهید دەگرێتە ئەستۆ، بەلآم تا ئێستا ئەم مادەیە جێبەجێ نەکراوە.

تاکو ئێستا ڕێژەی (25٪)ی ئەو پارەیەیان پێ دەدەن، لیژنە پێشنیار دەکات کە ڕێژەی (5٪)ی دامەزراندن لەهەر وەزارەتێك بۆ کوڕو کچی شەهید بێت بەپێی مەرجەکانی دامەزراندن و، هەروەها لیژنە پێشنیار دەکات بە کردنەوەی (2) دوو نەخۆشخانە لە پارێزگای هەولێرو دهۆك بۆ چارەسەری نەخۆشی کەسوکاری شەهیدان بێ بەرامبەر وەك نەخۆشخانەی شۆڕش لە سلێمانی و، پێشنیار دەکەن بۆ وەزارەتی پلاندانان بەیەك وەجبە خەرجی پرۆژەکانی خانووی وەزارەتی شەهیدان لەیەك ساڵدا بدات، نەك دوو ساڵو سێ ساڵ بەپێی توانا.

4- داوای زیاد کردنی بڕی تەرخانکراو لە ژمێرەی سوودەکانی کۆمەلآیەتی دەکەن بۆ وەزارەتی شەهیدان، داوا دەکەن بە زوویی پاڵپشتی دارایی دەربچێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری باشکردنی ژیانی کەسوکاری شەهیدانو زیندانیانی سیاسی.

5- داوا دەکەن حکومەتی هەرێم داوای یاسایی تۆمار بکات لە دادگای فیدڕاڵی بۆ گەڕانەوەی موستەحەقاتی وەزارەتی پێشمەرگە لەساڵی (2007)ەوە، داواکارن بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە زیاد بکرێ و، هەروەها حکومەتی هەرێم (بودجەیەکی تایبەت) دابین بکات بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ حاڵەتی نائاسایی، داواکارن کە حکومەتی هەرێم هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە بکات بۆ دروستکردنی سەربازگەو شوێنی مانەوەو، هەروەها داواکارن بە دابینکردنی بودجە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو یەکەکانی (70)و(80) لەژێر دەسەلآتی

وەزارەتـی پێشـمەرگە، هـەروەها داواكـارن لـە وەزارەتـی دارایـی لەگـەڵ خەرجیـەكانی وەزارەتـی پێشـمەرگە پێویستە تەمویلی مووچەی پێشمەرگەش بكەن بەمەبەستی دوا نەكەوتنی.

**پانزەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردنو هاوچەرخكردنی لادێكان:**

به نووسراوی ژمارە (4) له (2013/1/14)، ئەم سەرنـجو تێبینیانە دەخەنەڕوو:

1- جەخت دەكەنەوە لەسەر جێبەجێكردنی تـەواوی یاسـای ژمـارە (3)ی سـاڵی (2012) تایبـەت بـە ڕێگا گشتیەكان لەو داهاتەی بەهۆی جێبەجێكردنی ئەم یاساییەوە دەست دەكەوێت.

2- پێویستە پێشینەكانی (خانووبەرەو، پیشەسازی، گەشتیاری، هاوسەرگیری، پڕۆژە بچووكەكان، سـندووقی نیشتەجێبوون) لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو دەستەی وەبەرهێنان دیاری بكرێت.

3- پێویسـتە لـە مـاددەی (16)دا دەسـەلأتەكانی وەزیـری دارایـی ڕێگـر نـەبێ لەبـەردەم جێبـەجێكردنی بودجەی وەبەرهێنانـدا.

4- بـۆ جێبـەجێكردنی مـاددەی (19)ی پـڕۆژە یاسـایی بودجـە، جـەخت لەسـەر جێبـەجێكردنی یاسـای پێكهێنانی ئەنجومەنی ڕاژە دەكەن.

5- لە ماددەی (26) بڕگەی (6) داواكارن سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی لە زووترین كاتدا دابنـرێت.

6- سەبارەت بە بڕگەی (1)ی ماددەی (32) تێبینی كراوە بەپێی خشتەی پڕۆژەكان ڕەچاوی ئـەم ماددەیـە نـەكراوەو جێبـەجێ نـەكراوەو، هـەروەها سـەبارەت بـە بڕگـەی (2)ی مـاددەی (32) دەبـێ ڕاپۆرتـەكانی وەزارەتی پلاندانان یەكچوون بێت لەگەڵ خشتەی ڕاپۆرتی وەزارەتەكان.

7- پێویستە ڕێگای یاسایی بگرێتەبەر بەرامبەر بەو كەسو لایەنانەی بوونەتە هۆی دواكەوتنیو جێبەجێ نەكردنی پڕۆژەكان.

8- پێشنیار دەكـەن (اعـلان و فـتـح وتحليـل وإحالـه وعقـد) لـە لای بەڕێوەبەرایيەتیـە گشتیەكانی سـەر بـە وەزارەتەكان ئەنجام بدرێت و، تەنها پڕۆژەكانی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە پارێزگا ئەنجام بدرێت.

**دوانزەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری یاسایی:**

به نووسراویان ژمارە (6) له (2013/1/14)، ئەم تێبینیو پێشنیارانەیان هەیە:

1- بەپێی ماددەی (38) لـە یاسـای بودجـەی ژمـارە (8) بـۆ سـاڵی (2012) حكومـەتی هـەرێم پـێش كـاتی یاسـایی بودجـەی ڕەوانـەی پەرلـەمان كـردووەو، پێویسـتە بـەپێی یاسـای (حسـاباتی كۆتـایی سـاڵی 2012) لەكاتی یاساییدا بگات بە پەرلەمان تـاكو (2013/4/15) و، پێویسـتە پابەنـدی مـاددەی (83)ی پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بین دەربارەی هەر گۆڕانكاریەك لە ژمێرەی زیاد كردنی (تێچووەكان)و (كـەم كردنـەوەی داهاتـەكان) و، پێویسـتە بـەپێی یاسـای دیـوانی چـاودێری دارایـی دەبـێ (دەسـتە چـاودێریەكان) ڕاپـۆرتی ساڵانەیان بەرزبكرێتەوە بۆ پەرلەمان و، ئاماژە بەوە دەكەن بەپێی ماددەی (40) لە یاسای بودجـەی ژمـارە (8)ی یاسـای سـاڵی (2012) پێشـنیار دەكـەن كـە پەلـە بكـرێ لـە دەركردنــی سیسـتمێكی تایبــەت بـۆ ڕێكخستنەوەی (دەرماڵەكان) لـە هـەرێم و، پێویست دەكات پەلـە بكـرێ لـە پێكهێنـانی (ئەنجومـەنی ڕاژەی

گشتی بەپێی یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی ژمارە (7) ساڵی (2011)و، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم پابەندی ماددەی (چوار)ی هەموارکراو لە یاسای ژمارە (16) ساڵی 2011 بێت بۆ دابینکردنی بڕێك پارە لە بودجەی ساڵانەی هەرێم بۆ دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت.

2- دەربارەی وەزارەتی داد پێشنیار دەکەن ئەو (ڕەسمو داهاتەی) کە دەستی دەکەوێ ئاراستە بکرێ بۆ دروستکردنی بینای فەرمانگەکانی ئەم وەزارەتەو کرێنی (ئۆتۆمبیل)، چونکە بڕێکی زۆر لە بودجەکەی دەڕوات بۆ بەکرێگرتنی (بیناو ئۆتۆمبیل).

3- لیژنە تێبینی کردووە کەوا دروستکردنی بینای (پەیمانگەی دادوەری) لە چوارچێوەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵانی (2010، 2011) هاتووەو، لە چوارچێوەی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (2012) هاتووەو، تاکو ئێستا کاری لەسەر نەکراوەو، گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی (ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن) بە ڕەزامەندی وەزارەتی پلاندانان، لە کاتی ئێستادا کاری ئەم پرۆژەیە لە قۆناغی ئیحالە کردنە، بۆیە تاکو ئێستا بیناکە تەواو نەبووەو، هەروەها لیژنە تێبینی کردووە تاکو ئێستا دوو پرۆژە لە پرۆژەکانی ساڵی (2012) دەستی پێ نەکردووە، بەلاّم لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی (2013)دا هاتووە کە بریتین لە پرۆژەی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادوەریەکان) لە هەولێر و، پرۆژەی (فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە) لە قەزای ئاکرێ.

4- دەربارەی (ئەنجومەنی دادوەری) لیژنە پێشنیار دەکات بەپێی یاسای دەسەلاّتی دادوەری ژمارە (23)ی ساڵی 2007 دەربارەی تەمویلی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لە (ڕەسمو غەرامەی دادگاکانو بڕی تەرخانکراو بێت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە).

5- پێویستە لەسەر حکومەت بەپێی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2012) مسۆگەری سەرچاوە مالیەکانی سندووقی هاریکاری نەخۆشی شێرپەنجە بکات لەم سەرچاوانەی خوارەوە (بڕی تەرخانکراوی حکومەت، بڕی تەرخانکراوی وەزارەتی تەندروستی، داهاتەکان بەپێی ماددەی چوار لە یاساکە).

6- داوا دەکەن بە دامەزراندنی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی بەپێی ماددەی (35) لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ژمارە (8) بۆ ساڵی (2012)و، هەروەها پێکهێنانی دەستەی نەزاهە بەپێی یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2011.

هەروەها لیژنە داوا لە حکومەت دەکات کە پابەندبێت بە ماددەی (42) لە یاسای بودجەی ژمارە (8)ی ساڵی 2012 بۆ جێبەجێکردنی پێشنیارەکانی پەرلەمان کە هاوپێچە لەگەڵ یاساکە.

7- لیژنە پێشنیار دەکات کە سەرلەنوێ کار بکرێتەوە بە یاسای تەئمینی ژمارە (815)ی ساڵی (1982) یان داڕشتنی یاسایەکی تایبەت بە تەئمین لە هەرێمی کوردستان، یان کارا کردنی کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی بواری تەئمین.

8- لیژنە داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە نوێنەری حکومەت دەربارەی بابەتی داهاتی (باجەکانو ڕەسمەکانی ناوخۆی) هەرێم، ئایا دەچێتە چوارچێوەی بودجەی گشتی عێراق و، دەبێ بە بەشێ لە بودجەی فیدراڵی؟

یان دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم؟ بەپێی ڕای لیژنە تەنها (داهاتەکانی گومرگ) دەچێتە چوارچێوەی بودجەی گشتی حکومەتی فیدراڵی، نەك باجەکانی ناوخۆ، ئەمەش بەپێی حوکمەکانی دەستووری عێراق.

سیانزەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ:

به نووسراویان ژمارە (3) لە (2013/1/13) ئەم سەرنجو تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:

1- سەبارەت بە دەستەی مافی مرۆڤ بڕی تەرخانکراو کە بریتیە لە (5) پێنج ملیار دینار کەمەو، پێویستیان بە (11) ملیار دینارەو، بەپێی خشتەی ژمارە (4) لە بودجەی پێشنیارکراو دەستەی مافی مرۆڤ کەمترین ڕێژەی تەرخانکراوی بۆ دانراوە کە دەکاتە (0.03٪).

2- سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لیژنە پێشنیار دەکات (گوژمەیەکی تایبەت) تەرخان بکرێ بۆیان و، هەروەها ئاوارەکانی ڕۆژهەلأتی کوردستان لە هەرسێ کەمپی (شێرەوەنو باریکەو هەولێر) لە ڕۆلێکی نالەباردا گوزەران دەکەن، پێشنیار دەکەن لە چوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی مانگانەیان پێبدرێ بە پێوەرێکی دادپەروەرانە.

3- پێشنیار دەکەن گوژمەی تەرخانکراو بۆ سێکتەری تەندروستی زیاد بکرێ کە بەپێی ستاندەری نێودەولەتی پێویستە ڕێژەکەی (7٪) بێت بۆ ڕێژەی نزیکەی (10٪) بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی نێودەولەتی کە لە هەولێر سازدراوە لە ساڵی 2011، پێشنیار دەکەن (بودجەیەکی تایبەت) بۆ سندووقی نەخۆشی شێرپەنجە.

4- پێویستە مافی کرێکارو دەستەبەرکردنی ئەو مافە لەناو سیاسەتی ئابووری هەرێمدا ڕەنگدانەوەی هەبێت ژیانیان پارێزراو بێت بەتایبەتی لە یاسای کارداو، پێشنیار دەکەن پێداچوونەوە بەمافو پێداویستی خانەنشینی کوردستان بکرێت بەشێوەیەك دادپەروەری بەدیبهێنێت، لیژنە ئاماژە بەوە دەدات ژمارەی خانەنشینی پێشمەرگە بریتیە لە (103) هەزار، (50) پەنجا هەزار مووچەی (37) هەزار دینار وەردەگرن لەسەر تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی و خراونەتە ناو لیستی مووچەخۆرانی حکومەت.

5- پرسیار دەکەن لە بەڕێز نوێنەری حکومەت بڕی تەرخانکراو بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە بڕی (50) پەنجا ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ پرۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەو، لە ساڵی (2011)ەوە ئەم پرۆژانە جێبەجێ نەکراوەو، لیژنە جەخت دەکاتەوە موناقەلە نەکرێت لەو گوژمەیە.

6- پێشنیار دەکەن بەجێگیرکردنی ماددەیەکی نوێ لە یاسای بودجەی ساڵی 2013دا تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دەربارەی چارەسەرکردنیان لە نەخۆشی بەبێ بەرامبەر، بەخشین لە باجی خانووبەرە، پارەی بلیتی فڕۆکەیان بۆ کەمبکرێتەوە، بەخشینیان لە کرێی وەستانی ئوتومبێلّ لە پاڕکەکان، کوروکچی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بە ڕێژەی (20٪) لە کرێی خوێندن ببەخشرێن.

7- پێویستە بە میکانزمێکی خێرا بەکرێگرتنی بینا حکومیەکان کەم بکرێتەوە مولکە گشتیەکان بگەڕێتەوە بۆ حکومەت.

**8- پرسیار دەکەن لە پێشینەی کشتوکاڵو پیشەسازی لە ساڵانی 2011و 2012 کەمتر لە (50٪)ی تەرخانکراو خەرجکراوەو، پێشنیار دەکەن بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست، هەروەها پێشنیار دەکەن کەوا قەرزی خانووبەرەو هاوسەرگیری بسپێرێت بە بانکە ئەهلیەکانو حکومەت خۆی (سوودەکەی) بدات بە بانکەکان.**

**هەروەها پێشنیار دەکەن بەتەرخانکردنی بڕی (100) ملیار دینار بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناوچە سنووریەکان و، هەروەها پێشنیار دەکەن بۆ حکومەت کە پێشبڕکێ بکات لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە بواری سووتەمەنیو پاڵاوگەی زیاتر دابمەزرێنێت بە مەبەست کەم کردنەوەی نرخی سووتەمەنی بۆ هاووڵاتیان و، هەروەها داواکارن گوژمەیەکی تایبەت تەرخانبکرێ بۆ پرۆژەی ڕۆشنبیری بۆ پایتەختی ڕۆشنبیری (سلێمانی)، پێشنیار دەکەن بۆ حکومەتی هەرێم کەوا پرۆژەی (بیمەی کۆمەڵایەتی) بخاتە ئەستۆی کۆمپانیاکان.**

**9- لیژنە ئاماژە بەوە دەدات پرۆژە بودجەی ئەمساڵ لە ڕووی هونەریو بوونی پاشکۆو خشتەوە باشتر لە ڕابردوو ئامادە کراوە، هەروەها کورتهێنان بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی 2012 کەمی کردووە، بەڵام پێویستە نوێنەری حکومەت ئەوە ڕوون بکاتەوە ئەم کەمکردنەوەیە چۆن ڕوویداوە؟ پلانی حکومەت چیە بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنان و، لیژنە جەخت دەکاتەوە لەسەر بەرزکردنەوەی بودجەی وەبەرهێنان بەرامبەر بە کەمکردنەوەی بودجەی وەگەڕخستن.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چواردەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستیو ژینگە:**

**بە نووسراویان ژمارە (7) لە (2013/1/15)، ئەم سەرنجو تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:**

**1- ئاماژە بەوە دەکەن ڕێژەی کەرتی تەندروستی لە بودجە بۆ ئەمساڵ زیادی کردووە بۆ (5.48٪)، بەریزبەندی حەوتەم، لیژنە داواکارە ڕێژەکەی بەرزبکرێتەوە بۆ زیاتر لە (7.5٪)و، لیژنە پێشنیار دەکات حکومەتی هەرێم هەوڵبدات بڕیاری خەرجکردنی کڕینی دەرمان لە بودجەی حاکیمە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم و، پێشنیار دەکەن سەبارەت بە خاڵی یەکەم، بڕگەی دووەم لە ماددەی دووەم لە پرۆژە یاسای بودجەی تایبەت بە داهاتی وەزارەتی تەندروستی شێوەی خەرجکردنی دیاری بکرێت و، هەروەها لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کەوا ژمارەی دامەزراندن تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی کە (1500) پلەیە ژمارەیەکی کەمەو، داوا دەکەن پێداچوونەوە بکرێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی کارمەندانو پزیشکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، لیژنە داوای هاوتا کردنی دەرماڵەکان دەکات لە پارێزگاکانی هەرێم.**

**2- دەربارەی سندووق بۆ تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە، داوا دەکەن بە زیاد کردنی ماددەیەك لە بەشی دووەمی یاساکە بە دانانی بڕی (15) ملیار دینارو، هەروەها پێشنیار دەکەن بە زیاد بوونی ماددەیەکی نوێ بەمەبەستی دانانی (5٪) لە داهاتی ڕەسمی تۆمار کردنی ئۆتۆمبێلو گواستنەوەی خاوەنداریێتی وە**

**نوێکردنەوەی ساڵانەو سەرپێچیەکانی هاتوچۆ بۆ سندووقی کۆمەك بە تووش بووانی نەخۆشی شێرپەنجە بە گوێرەی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2012، هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە بڕی (دوو) ملیار لە سوودەکانی کۆمەڵایەتی بخرێتە سەر سندووقی ناوبراو.**

**3- لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کەوا لە (ماددەی شەش) تایبەت بە تواناسازی لە ساڵانی ڕابردوودا لەسەر ئاستی داخوازی کەرتی تەندروستی نەبووە، بۆیە پێشنیار دەکەن بڕی (20) ملیار دینار لە بودجەی تواناسازی بۆ پێداویستی وەزارەتی تەندروستی دابین بکرێ.**

**4- بڕی (70) ملیار دینار وەك سوودی کۆمەڵایەتی دانراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریو هاوکاریکردنی نەخۆشیەکانی (دڵ، مێشك، خوێن، شێرپەنجە)و ناردنە دەرەوەی نەخۆش.**

**5- سەبارەت بە ماددەی (17) حەڤدە پێشنیار دەکەن:**

**أ- زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ پێدانی دەسەڵاتی تەندەریو گرێبەست بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی وەزارەتی تەندروستی.**

**ب- ڕێگە نەدات بە خەرجکردنی پارە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشو ناردنە دەرەوەی لەلایەن دامودەزگا جیاوازەکانەوەو، پێدانی ئەم دەسەڵاتە بە لیژنەی تایبەتی وەزارەتی تەندروستی بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی.**

**6- لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کەوا ڕێژەی تەرخانکراو لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی تەندروستی ڕێژەیەکی زۆر کەمە.**

**7- لیژنە پێشنیار دەکات بۆ بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەی زاخۆو هەروەها ئەو (400) قەرەوێڵەی سلێمانی نەدرێتە کۆمپانیاکان، بەڵکو لەهەمان کاتدا سوود وەربگرن لە ڕاوێژکاری تایبەتی بەڕێوەبردن.**

**8- لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کەوا ئەو بڕە پارەیەی تەرخانکراوە بۆ هەردوو نەخۆشخانەی شێرپەنجەو لەدایکبوون لە پارێزگای هەولێر لە ئاستی پێویست نییە، هەروەها نەخۆشخانەی کۆماری لە پارێزگای هەولێر پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، لە ساڵی 2011 پارەی بۆ تەرخانکراوە بۆ دروستکردنەوەی، بەڵام لە پڕۆژە بەردەوامەکاندا ناوی نەهاتووەو، لە هەمان کاتدا کەمترین ڕێژە لە پڕۆژە تەرخانکراوە بۆ ئیدارەی گەرمیان.**

**9- ڕێژەی بودجەی تەرخانکراو بۆ دەستەی پاراستنو چاککردنەوەی ژینگە لەسەر ئاستی پێویست نییەو، پێشنیار دەکەن دامەزراندن لەو دەستەیە گرنگی بدرێت بە دەرچووانی بەشی زانستەکانی ژینگە، هەروەها پێشنیار دەکەن بە تەرخانکردنی بڕی (1) یەك ملیار دینار بۆ سندووقی ژینگەو، داواکارن داهاتی سەرپێچیە ژینگەییەکان بگەڕێتەوە بۆ سندووقی ژینگەو، هەروەها زیاد کردنی بڕی داهاتی فرۆشتنی نەوتو بەرهەمەکان لە هەرێم تایبەت بە پاراستنی ژینگە بگەڕێتەوە بۆ سندووقی ژینگەو، هەروەها پێشنیار دەکەن بۆ زیاد کردنی داهاتی مانگانەی دەستەی ژینگە بۆ سەر بودجەی دەستەی ژینگە.**

**پانزەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازیو وزەو سەرچاوە سروشتیەکان:**

به نووسراویان ژماره (2) له (2013/1/15)، ئەم سەرنج‌و تێبینی‌و پێشنیارانه دەخەنه ڕوو:
1- دەربارەی وەزارەتی کارەبا، لیژنه داوا دەکات ڕاستەوخۆ وەزارەتی دارایی ئەو بڕە بودجەیەی تەرخانی دەکات بۆ کرێی کارەبای دامودەزگاکانی حکومەت‌و پەرلەمان ڕاستەوخۆ بیخاتە سەر حسابی وەزارەتی کارەباو، هەروەها داوا دەکەن بڕی بودجەی وەبەرهێنان کە لە ساڵی (2012) پەسند کراوەو پارەکەی خەرج نەکراوە بۆیان بخرێتە سەر بودجەی ساڵی 2013.
2- دەربارەی وەزارەتی بازرگانی‌و پیشەسازی، لیژنە ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە ڕێنماییەکانی قەرزی پیشەسازی وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، تا ئێستا ژمارەیەکی کەم کە بریتیە لە (36) کەس سوودیان لەم قەرزە وەرگرتووەو، هەروەها سایلۆکانی (کەلارو حەریرو شارەزوورو سلێمانی‌و بەردەڕەش کە سێ ساڵە لەناو پرۆژەکانی وەزارەتی بازرگانی‌و پیشەسازیدایە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوەو، لە کاتی ئێستادا تەنها (5) پێنج سایلۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە کە توانای هەڵگرتنی (265000) دووسەدو شەست‌و پێنج هەزار تەنەو کە تەنها بەشی (20) بیست ڕۆژ دەکات، لە کاتێکدا پێویستی فیعلی هەرێم بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە لە هەرێمی کوردستان بە وتەی وەزارەت (600000) شەش سەد هەزار تەنە.
3- دەربارەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لیژنە تێبینی دەکات کەوا وەزارەت پاساوی نەبوونی بودجەو زەوی دەهێنێتەوە بۆ دواکەوتنی دروستکردنی عەمبارەکانی سووتەمەنی کە ژمارەیان (6) شەش عەمبارە لە (هەڵەبجەو کۆیەو کەلارو سۆران‌و عەربەت‌و ئاکرێ) کە سێ ساڵە لە لیستی پرۆژەکاندا بودجەیان بۆ تەرخان دەکرێ و، لەهەمان کاتدا لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کە بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەم وەزارەتە کەمترە لەسەر ئاستی پێداویستیەکانی بواری کڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەباو کڕینی کەل‌وپەل‌و ڕووپێوی جیۆلۆجی.
4- لیژنە داوا دەکات کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پەلە بکات لە دابینکردنی (غاز) بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارە زۆرەی کە بۆ کڕینی (گازوایل) خەرج دەکرێت بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری تەرخان بکرێت.
شانزەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و خێزان:
به نووسراویان ژماره (2) له ڕۆژی (2013/1/13)، ئەم تێبینی‌و پێشنیارانەی خوارەوە دەخەنەڕوو:
1- لیژنە تێبینی دەکات پرۆژە بچووکەکان ماوەیەکە وەستاون، داوا دەکەن بە بەردەوامی پرۆژە بچووکەکان.
2- لەئەنجامی بەدواچوون بۆ پرۆژەکان دەرکەوتووە بۆ لیژنە کەوا (12) پرۆژە ئەنجامدراوە لە هەرسێ پارێزگاکە، ژمارەی (24) پرۆژەی بەردەوام هەیەو، ئەم تێبینیانە دەخەنەڕوو، بنکەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە مێرگەسوور ڕێژەی (55٪) ئەنجاندراوە لەناو خشتەکەدا نە نووسراوە، هەروەها بنکەی کۆمەڵایەتی لە چۆمان ڕێژەی (52٪) ئەنجامدراوە، بەڵام لەناو خشتەکەدا تۆمار نەکراوە، سەنتەری پێداویستی خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەڵەبجە بە ڕێژەی (9٪) ئەنجام دراوە، پەیمانگای ئاوات بۆ بیرکۆڵان بە ڕێژەی (20٪) ئەنجامدراوە، بنکەی مەشقی پیشەیی لە زاخۆ بە ڕێژەی (99٪) ئەنجامدراوە،

دروستكردنی كۆمەڵگای كەمئەندامان لە دهۆك بە ڕێژەی (97٪) ئەنجامدراوە، بینای بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كۆمەڵایەتی لە دهۆك بە ڕێژەی (35٪) ئەنجامدراوە.

3- پێشنیار دەكەن بڕی ژمێرەی (سوودەكانی كۆمەڵایەتی)و ژمێرەی (سلع) وەكو خۆی بمێنێتەوە.

4- تێبینی دەكەن لەناو بودجەی وەزارەت هیچ تەرخانكراوی پارە نییە بۆ بواری (ڕاهێنانو مەشقكردن)و، داوا دەكەن ژمارەیەك لە تواناسازی ئاراستەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان بكرێت و، داوا دەكەن گرنگی بدرێت بە دامەزراندنی گرێبەستەكان لە وەزارەتەكان، تویژەری دەروونیو كۆمەڵایەتی زیاتر بكرێت و، داوای زیادكردنی ئەو دەرماڵەی ترسناكیە دەكەن بۆ ئەو كارمەندانەی كە لە بەڕێوەبەرایەتی چاكسازیەكانی كۆمەڵایەتی كار دەكەن.

حەڤدەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنی خۆجێییەكان:

بە نووسراویان ژمارە (7) لە (2013/1/16)، ئەم سەرنجو تێبینیانە دەخەنەڕوو:

1- بە گشتی بودجەی وەگەڕخستن كەمكراوەتەوە لە بودجەی ساڵی 2013و، لیژنە ئاماژە بەوە دەكات كەوا ژمێرەی (قەرەبووی فەرمانبەران) بۆ ساڵی (2013) نابێت كەمبكات لەو كاتەی ژمارەی میلاك زیادی كردووە، ئەم خاڵە جیگای پرسیارە بۆ نوێنەری حكومەت و، بەهۆی گواستنەوەی پۆلیس لە وەزارەتی كارەباو كشتوكاڵەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ (6917) میلاكیان زیادی كردووە.

2- لیژنە داوای ڕاستكردنەوەی ژمێرەی (قەرەبووی فەرمانبەران) دەكاتەوەو، پێویستە دەرماڵەی هاوسەرگیری بیانگرێتەوەو، داوا دەكەن یاسای هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا (ماستەرو دكتۆرا) لە وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ بكرێت بۆ پلە تایبەتەكان و، داوا دەكەن ڕێژەی (80٪)ی كۆی مووچە ئەژمار بكرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی نەك مووچەی (بنەڕەت).

3- تێبینی دەكەن بودجەی دەزگا كەمكراوەتەوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە كە بەشی (قەرەبووی فەرمانبەران) ناكات، بۆیە داوای ڕاستكردنەوەی بودجەكەیان دەكەن بۆ مەبەستی قەرەبووی فەرمانبەران.

4- ئەنجومەنی ئاژانسی هەرێمی كوردستان (1332) فەرمانبەریان هەیە لەسەر بودجەی حزب مووچە وەردەگرن و، داوا دەكەن ئەم كێشەیەیان بۆ چارەسەر بكەن.

هەژدەیەم/ ڕاپۆرتی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت:

بە نووسراویان ژمارە (1) لە (2013/1/16)، ئەم سەرنجو تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:

1- داوا دەكەن بە تەرخانكردنی بودجەیەكی تایبەت بە مەبەستی جێبەجێكردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان ژمارە (8)ی ساڵی 2011.

2- داوا دەكەن بە دابینكردنی بودجەیەكی تایبەت بۆ جێبەجێكردنی پلانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە هۆی زیادبوونی ژمارەی نووسینگەكان لە (16) نوسینگە بۆ (30) نووسینگە.

3- داوای دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت دەکەن بۆ جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی هەموار کراوی ژمارە (15)ی ساڵی (2008) و، هەروەها داوای پێکهێنانی سندووقی چاودێری کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ چاودێری ئەو ژنانەی کە جیابوونەتەوەو هیچ داهاتێکیان نییەو، هەروەها دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت لە بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی کار بۆ دروستکردنی لانەی پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی.

4- داوا دەکەن لە وەزارەتی داد کە سندووقێکی تایبەتی چاودێری خێزان پێك بهێنێت لە دادگاکان بە مەبەستی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی هەموارکراو ژمارە (15)ی ساڵی 2008، ماددەی (39) بڕگەی (2)و، هەروەها لیژنە داوای دیاریکردنی بودجە دەکات بۆ ئەنجومەنی خانمان بە بڕی (250) دوو سەدو پەنجا ملیۆن دینار لە بڕی پێدانی پێشینە.

5- لیژنە ئەم پێشنیارانەی هەیە:

أ- پێدانی بەخشینێکی ساڵانەی دیاریکراو بۆ ئەو کچانەی کە تەمەنیان سەرکەوتووەو هیچ داهێنانێکیان نییە.

ب- پەلە بکرێ لە ناردنی پڕۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بۆ پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستاش دەچینە سەر بەشی سێیەمی راپۆرتەکە، کە دەربارەی تێبینی و پێشنیارەکانی لیژنە بەڕێزەکانە لە بارەی هەر ماددەیەکی یاسایی، بێگومان مادده یاساییەکان لەبەردەم بەڕێزانە، هەموو لایانە، بەس ئەو کاتەی کە هاتە گفتوگۆ کردن، ئەو کاتە دەتوانین مادده یاساییەکان بخوێنینەوە، تەنها ئێستا ئاماژە بە تێبینیەکانی لیژنەکان دەدەین دەربارەی ئەو مادده یاساییانە.

**بەشی سێیەم**

**تێبینیەکانو پێشنیارەکان دەربارەی مادده یاساییەکانی**

**پرۆژە یاسای بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013**

یەکەم/ دەربارەی (دیباجەی) پرۆژە یاساکە، هیچ لیژنەیەك تێبینی نییە.

دووەم/ دەربارەی ناوی پرۆژەکە:

- لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات کە وشەی (العامة) زیاد بکرێ بۆ ناوی پرۆژە یاساکەو، ببێت بە (قانون الموازنة العامة لإقليم كوردستان – العراق للسنة المالية 2013).

سێیەم/ دەربارەی (ماددەی یەکەم) هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەکردووە.

چوارەم/ دەربارەی (ماددەی دووەم):

تەنها لیژنەی کاروباری یاسایی پێشنیار دەکات کە وشەی (تقيد) لە سەرەتای (اولاً) بکرێت بە (يقيد)و، هەروەها لابردنی بڕگەی (4)، چونکە پێویست ناکات لە یاسای بودجەدا ئاماژە بە یاسایەکی کارپێکراو (نافذ) بکرێت.

**پێنجەم/ دەربارەی ماددەی (سێیەم): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**شەشەم/ دەربارەی ماددەی (چوارەم): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**حەوتەم/ دەربارەی ماددەی (پێنجەم):**

**1- لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیاری لابردنی (ثانیا/2) دەكات دەربارەی (ترشید الانفاق وزیادة جبایە الایرادات). چونكە پێویستە لەسەر حكومەت پلانی ئابووری هەبێ بۆ ئەو مەبەستە.**

**2- لیژنەی ئاوەدانكردنەوە پێشنیار دەكات كە بڕگەی (اولاً/2ب) بەم شێوەیەی خوارە دابڕێژرێتەوە:**

**{ب- مبلغ قدره.......لأعمار وتنمية مشاريع المحافظات والاقضية والنواحي وعلى المحافظ تقديم خطة اعمار المحافظة والاقضية والنواحي التابعة لها للمصادقة عليها من قبل مجلس المحافظة الى وزارة التخطيط لغرض دراستها والمصادقة عليها، على ان تراعى المناطق الاكثر تضرراً داخل المحافظة وعدد سكانها، مع الاخذ بنظر الاعتبار انشاء وصيانة الطرق الريفية واعطائها الاولوية عند تنفيذ مشاريعها، ويخصص مبلغ (150.000.000.000) مائة وخمسون مليار دينار لدعم وصيانة المشاريع الكهربائية من تخصيصات تنمية المحافظات وتحدد حصة كل محافظة حسب كثافة السكان}.**

**هەشتەم/ دەربارەی ماددەی (شەشەم): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**نۆیەم/ دەربارەی ماددەی (حەوتەم):**

**1- لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار دەكات بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**أولاً: الاستمرار في الحملة الوطنية لبناء المدارس.**

**ثانياً: الاستمرار في دعم صندوق الاسكان للمواطنين من ذوي الدخل المحدود في وزارة الاعمار والاسكان بالشكل الذي يؤدي الى ديمومه بناء الوحدات السكنية بموجب قانون تأمين السكن للمواطنين في اقليم كوردستان المرقم (7) لسنة 2008 المعدل بالقانون رقم (16) لسنة 2011.**

**2- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا:**

**بەپێی ڕاپۆرتیان دوو ڕا هەیە دەربارەی ماددەی (حەوت) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**أ- ڕای یەكەم دابینكردنی بڕی (120) ملیار دینار بۆ جێبەجێكردنی هەڵمەتی دروستكردنی قوتابخانەكان.**

**ب- ڕای دووەم كە ڕای وەزارەتە بۆ بەردەوام بوون لەسەر پرۆسەی دروستكردنی قوتابخانەكان پێویستی بە پلانێكی ئیستراتیجی هەیە بۆ دروستكردنی (2000) دوو هەزار قوتابخانە لە ماوەی (10) ساڵدا بە ژمارەی (200) دووسەد قوتابخانە بۆ هەر ساڵێك.**

**دەیەم/ دەربارەی ماددەی (هەشت) لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار دەكات بە گۆڕینی (هذه) بە (هذا) لە (اولاً).**

**یانزەیەم/ دەربارەی ماددەی (نۆ):**

**لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار دەكات بە زیاد كردنی ئامرازی (التي) لە دوای وشەی (والتعليمات).**

1- لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیار دەکەن ئەم دوو بڕگەیە بۆ ماددەی (نۆ) زیاد بکرێ:
أ- بۆ گوندەکان بڕی پێشینەی خانووبەرە بەبڕی (25) بیستوپێنج ملیۆن دینار.
ب- بۆ شارو قەزاو ناحیەکان بڕی (20) بیست ملیۆن دینار.
2- لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێری پێشنیار دەکەن شێوەی پێشینەی کشتوکاڵی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:
أ- بۆ پرۆژە ئاساییەکان (150) سەدو پەنجا ملیۆن دینار.
ب- بۆ پرۆژە ئیستراتیجیەکان بە بڕی (500) پێنج سەد ملیۆن دینار.
ج- دابینکردنی ڕێژەی (3٪) لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ بواری کشتوکاڵی.
دوانزیەم/دەربارەی ماددەی (دە): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەکردووە.
سیانزەیەم/ دەربارەی ماددەی (یانزە) لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیار دەکات بڕەکە بکرێت بە (100) سەد ملیار دینار.
چواردەیەم/ دەربارەی ماددەی (دوانزە): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەکردووە.
پانزەیەم/ دەربارەی ماددەی (سیانزە): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەکردووە.
شانزەیەم/ دەربارەی ماددەی (چواردە): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەکردووە.
حەڤدەیەم/ دەربارەی ماددەی (پانزە): لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پێشنیار دەکات بڕگەیەك زیاد بکرێ بە زنجیرەی (سادساً) بەم شێوەیەی خوارەوە:
{سادساً: لوزيري الاعمار والاسكان والبلديات اجراء المناقلة اللازمة للمشاريع الخاصة بهم ومن ضمن الموازنة وفي حدود المحافظة الواحدة واعلام وزارتي المالية والتخطيط بذلك}.
هەژدەیەم/ دەربارەی ماددەی (شانزە): لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پێشنیار دەکات کەوا پێویستە دەسەڵاتەکانی وەزیری دارایی ڕێگر نەبن لەبەردەم جێبەجێکردنی بودجەی وەبەرهێناندا.
نۆزدەیەم/ دەربارەی ماددەی (حەڤدە) لیژنەی تەندروستیو ژینگە پێشنیار دەکەن کەوا:
أ- بڕگەیەك زیاد بکرێت بۆ پێدانی دەسەڵاتی تەندەرینو گرێبەست بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ کڕینی دەرمانو ئامێری پزیشکی.
ب- ڕێگە نەدات بە خەرجکردنی پارە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و، ناردنە دەرەوەی تاکو لە ڕێگەی لیژنەی تایبەتی وەزارەتی تەندروستی نەبێ بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکی.
بیستەیەم/ دەربارەی ماددەی (هەژدە): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەکردووە.
بیستویەك/ دەربارەی ماددەی (نۆزدە) لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن جەخت دەکاتەوە لەسەر جێبەجێکردنی یاسای پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاژە ژمارە (7)ی ساڵی 2011.
بیستودوو/ دەربارەی ماددەی (بیست) لیژنەی ئاوەدانکردنەوە پێشنیار دەکات کە بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە زیاد بکرێت بەم شێوەیە:
{بڕگە: مۆڵەتی بێ مووچە بدرێ بە ئەندازیاران وە کراوە بێت بۆیان}.

**بیستوسێ/ دەربارەی ماددەی (بیستویەك): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**بیستوچوار/ دەربارەی ماددەی (بیستودوو): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**بیستوپێنج/ دەربارەی ماددەی (بیستوسێ): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**بیستوشەش/ دەربارەی ماددەی (بیستوچوار)و ماددەی (بیستوپێنج): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**بیستوحەوت/ دەربارەی ماددەی (بیستوشەش):**

**أ- لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار دەكات لە بڕگەی (ثالثاً) وشەی (تكلیف) لە دێری یەكەم بگۆڕدرێت بۆ (بطلب من).**

**ب- لیژنەی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردن داوا دەكات لە ماددەی (26) بڕگەی (6) سەرۆكی دیوانی چاودێری دارایی لە زووترین كاتدا دابنرێت.**

**تێبینی/ بڕگەی ژمارە (6) لەو ماددەیەدا نییە.**

**بیستوهەشت/ دەربارەی ماددەكانی (27، 28، 29): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**بیستونۆ/ دەربارەی ماددەی (سی): لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار دەكات بە لابردنی ئەم ماددەیە، چونكە یاسای ژمارە (11)ی ساڵی (2012) حكومەت ئیلزام دەكات بە دابینكردنی بڕی پارەی پێویست بۆ چارەسەركردنی تووشبوان بە نەخۆشی شێرپەنجە.**

**سییەم/ دەربارەی ماددەی (سیویەك) لیژنەی ئاوەدانكردنەوە پێشنیار دەكات بە زیادكردنی بڕگەیەك بە زنجیرە (2) دوو بەم شێوەیە:**

**{2- تبني فتح دورات تدريبية للكوادر الفنية في وزارتي الاعمار والاسكان والبلديات حسب الحاجة}.**

**سیویەك/ دەربارەی ماددەی (سیودوو) لیژنەی ئاوەدانكردنەوە ئاماژە بەم دوو تێبینیە دەكات:**

**1- سەبارەت بە بڕگەی (1) یەك بەپێی خشتەی پرۆژەكان ڕەچاوی جێبەجێكردنی ئەم ماددەیە نەكراوە.**

**2- سەبارەت بە بڕگەی (2) دوو دەبێ ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانان (چوون یەك) بێت لەگەڵ ڕاپۆرتی وەزارەتەكان.**

**سیودوو/ دەربارەی هەردوو ماددەی (33، 34): هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**سیوسێ/ دەربارەی ماددەی (سیوپێنج):**

**- هەردوو لیژنەی پەیوەندیەكانو یاسایی پێشنیار دەكەن بەلابردنی ئەم ماددەیە، چونكە بە پێچەوانەی یاسا كارپێكراوەكانو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، چونكە خودی پەرلەمان پرۆژە یاساكان كە دەرئەنجامی دارایی هەیە ئاڕاستەی حكومەت دەكات بۆ ڕا وەرگرتن.**

**سیوچوار/ دەربارەی ماددەكانی (36، 37، 38، 39، 40، 41) هیچ لیژنەیەك تێبینی تۆمار نەكردووە.**

**سیوپێنج/ دەربارەی (الاسباب الموجبة) لیژنەی كاروباری یاسایی پێشنیار دەكات بەم شێوەیە بێت:**

**{بغية اقرار موازنة اقليم كوردستان - العراق للسنة المالية 2013، شرع هذا القانون}.**

سی‌وشەش/ لیژنەی تەندروستی‌و کاروباری ژینگە ئەم پێشنیارانە دەخاتەڕوو:

أ- زیادکردنی ماددەیەکی نوێ بۆ بەشی یەکەمی پرۆژە یاساکە تایبەت بە داهاتەکان بە مەبەستی دانانی ڕێژەی (5٪) لە داهاتی ڕەسمی تۆمارکردنی ئوتومبێل‌و گواستنەوەی خاوەنداریەتی‌و نوێکردنەوەی ساڵانەو غەرامەی سەر پێچپیەکانی هاتوچۆ بۆ سندووقی کۆمەك بە تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە بە گوێرەی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2012.

ب- زیاد کردنی ماددەیەك لەبەشی دووەمی پرۆژە یاساکە بە دانانی بڕی (15) ملیار دینار لە بودجەی گشتی بۆ سندووقی کۆمەك بە تووشبوان بەنەخۆشی شێرپەنجە بە گوێرەی یاسای ئاماژە پێدراو لەسەرەوە، ئەمەش پاش بڕینی لە ژمێرەی سوودەکانی کۆمەلایەتی سەرۆکایەتیەکان‌و وەزارەتەکان جگە لە هەردوو وەزارەتی تەندروستی‌و کاروباری کۆمەلایەتی.

سی‌وحەوت/ لیژنەی کشتوکاڵ‌و ئاودێری پێشنیاری زیادکردنی دوو ماددەی یاسایی دەکات بەم شێوەیە:

مادده ( ): گەڕانەوەی داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوە ئاوییەکان بۆ خۆیان بۆ خەرجکردنی لەبواری کڕینی دەرمان‌و فاکسین‌و کەرەسەی تاقیگەکان بۆ بەشی ڤیتەرنەری سامانی ئاژەڵ‌و پەرەپێدانی دارستان‌و باخ.

مادده ( ): تەرخان کردنی ڕێژەی (3٪) لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ بواری کشتوکاڵی.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەم جۆرە کۆتایی بە هەرسێ بەشەکەی راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری دەکەین کە راپۆرتەکەی خۆیان خوێندەوە، دوای راوێژ کردن و تەنسیق لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وا بەچاك زانرا کە دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بهێنین تا سەعات (11)ی بەیانی رۆژی یەك شەممەی داهاتوو بەخواتان دەسپێرین هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (37)

## یەك شەممە رێكەوتی 2013/1/27

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2013/1/27 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سوره جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (37)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (37)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێكەوتی 2013/1/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژه و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2013

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (37)، ڕۆژی دانیشتن 2013/1/27، بەرنامەی كار، بە پێی حوكمەكانی بڕگە یەكی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی

کاری دانیشتنی ژمارە (37)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەووتی 2013/1/27 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2013

بەخێرهاتنی بەرێزان وەزیری دارایی و وەزیری ڕۆشنبیری ئەکەین کە لە بری وەزیری تەختیت هاتووە، هەروەها بەخێرهاتنی مونەسیقی نێوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و وەفدە یاوەرەکەیان ئەکەین و بەخێربێن، ئێستاش بەردەم ئەبین لەسەر گفتوگۆکان، وەزیرە بەرێزەکان وایان پێ باش بوو کە دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان کە کۆمەڵێك پرسیاری لە خۆ گرتووە، پەرلەمانتارە بەرێزەکانیش قسەی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی هەندێك شت دووبارە نەبێتەوە، بۆ ئەوەی دوایی هەمووی بە یەکەوە وەڵام بدەنەوە، ئێمە خۆشمان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو کارەمان پێ باش بوو، بۆیە ئێستا ڕێگە ئەدەین بە پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، فەرموو کوێستان خان

**بەرێز کوێستان محمد**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئایا ئێمە سەرەتا گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە ئەکەین و دواتر قسە لەسەر داهات و خەرجیەکان ئەکەین؟ دواتر دەچینە سەر پرۆژە یاساکە؟ واتە سێ جار مافمان هەیە قسە بکەین؟ یان وەك ساڵی پار لە بودجەی 2012 دا تەنیا دووجار قسە ئەکەین؟ چونکە پار چەند ئەندام پەرلەمانێك تەنیا قسەیان لەسەر ڕاپۆرتەکە کرد، مافمان فەوتا، بۆیە وەڵاممان بدەنەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

پەرلەمانتار دووجار بۆی هەیە قسە بکە، یەکەمیان لەسەر ڕاپۆرتەکە، دووەمیش لەسەر یاساکە، فەرموو کاك برهان

**بەرێز برهان رشید**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە پێی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر سەیر بکەین لە ماددەی 79 باسی بودجە ئەکات، ئێمە لە دوای خوێندنەوەی تەقریری لیژنەی مالیە بۆمان هەیە تەنها تەقریری لیژنەکان جارێ موناقەشە بکەین، نەك ماددەی یەك و ماددەی دووی یاسای بودجە، تەنها ئەو تەقریرانەی خوێندراوەتەوە کە عیبارەتە لە تەقریری دارایی و لیژنەی دارایی، ئەندامان تەها ئەوەیان بۆ هەیە موناقەشە بکەن، ئەوە پەیڕەوی ناوخۆیە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

باشە خۆ هیچ ئیشکالیەتێك نیە، بە پێی ئەو دوو ڕاپۆرتەی کە خوێندراوەتەوە ئێستا ئەندامان بەس لەسەر ڕاپۆرتەکان قسە ئەکەن، کەی قانونەکەش هات ئەو وەختە ئەندامانیش قسەی لەسەر ئەکەن، فەرموو کاك دکتۆر

**بەڕێز د. احمد وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وایە کۆمەڵێك شت لەناو ڕاپۆرتەکە هاتووە، هەم ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و هەم ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر، ئەگەر وەزارەتی دارایی وەڵامی ئەو پرسیارانە یان ئەو مەسلانە بداتەوە لەوانەیە ئاسانکاری بێت، یان لەوانەیە زۆر بابەت هەبێ دووبارەی بکەیتەوە ئەگەر ئەو وەڵامی بداتەوە پێویست نەکات بیڵێمەوە، یەعنی باشترە یەکەمجار وەڵامی ئەو ڕاپۆرتە بدرێتەوە دواتر ئەندامان قسە بکەن،

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەدیدی من ڕاپۆرتی لیژنەکان کۆمەڵێك پرسیار و سەرنج و تێڕوانینی لەسەر ڕاپۆرتی حکومەتی کوردستان هەیە، بۆ ئەوەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دووبارە نەبێتەوە، ئەو وەڵامانە گوێبیست بین لە ڕێگەی حکومەتەوە، لە ڕێگەی وەڵامەکانی حکومەتەوە، ئەو کاتە پەرلەمان بۆی هەیە، و ئەتوانێ باشتر ڕاپۆرتی حکومەت و لیژنەی دارایش دەوڵەمەند بکات، من تەئیدی بۆچوونی برای بەڕێزم دکتۆر ڕێباز ئەکەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك اسماعیل

**بەڕێز اسماعیل محمود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك (ڕیباز و سالار) ئەکەم لەبەر ئەوەی ئێمە ڕاپۆرتمان پێشکەش کردووە، هەموو ڕاپۆرتەکانمان داوەتە سەرۆکایەتی لە لیژنەی دارایی، ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکان، ڕاپۆرتی لیژنەکان واتە گفتوگۆی هەموو ئەندامانی پەرلەمان، پێشکەش کراوە بە جەنابی وەزیری دارایی بۆ ئەوەی وەڵاممان بداتەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك خورشید

**بەڕێز خورشید احمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بیرۆکەکە باشە، بەڵام پرسیار ئەوەیە جەنابی وەزیر ئێستا ئامادەیە ئەو وەڵامە بداتەوە؟ ئەگەر ئامادەیە باشە، ئەگەرنا ئێمە ناچارین بچینە خاڵی دووەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر ئاراس

**بەڕێز د.ئاراس حسين**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر هاتو ئێستا جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە، چونکە ئەو پرسیارانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەوکات ئەبێ ئەندامە بەڕێزەکان تەنها تێبینی تۆمار بکەن، نەك جارێکی تر ئەو پرسیارانە بکەنەوە کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو پەیمان خان

**بەڕێز پەیمان عزالدين**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

نوقتەی نیزامیم لەسەر ئەو پێشنیارەیە کە بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامم بداتەوە یان پەرلەمانتارەکان قسە بکەن، لە ڕووی مەنتیقیەوە ئەو پێشنیارە دروستە، بەڵام پار ئەم ئەزموونەمان هەبوو کە سەرەتا بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی دایەوە، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە قسەکانی پەرلەمانتاران وەکو خۆی کرا، کەواتە باشترە ئەمساڵ ئێمەش پرسیار و بیروڕاکانمان بخەینە ڕوو، ئینجا جەنابی وەزیر وەڵامەکان بداتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕاستیدا باشترە ئەگەر ئێستا حکومەت بتوانێ وەڵامی ئەو سەرنج و پێشنیارانە بداتەوە کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لە ڕاپۆرتی لیژنەکاندا خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەوە ئەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە ئایا ئەگەر ئەوان وەڵامیان دایەوە ئەو پرسیار و تێبینیانە کە ئەوان وەڵامی ئەدەنەوە، ئێمەی ئەندامان لە قسەکانی خۆمان هەمان پرسیار و تێبینی دووبارە ناکەینەوە و جارێکی تریش حکومەت ناچار بکەین کە دووبارە وەڵاممان بداتەوە، لە جیاتی ئەوە کە ئەوان یەکجار وەڵام بدەنەوە، ببێتە دووجار وەڵام دانەوە، ئەگەر وایە ئەو تەئسیرە ئیجابیەی هەیە، باشترە ئێستا وەڵام بدەنەوە، بۆیە ئەکەوێتە سەر ئێمە کە گوێمان لە وەڵامەکان ئەبێ، بەراستی پرسیار و سەرنجەکان دووبارە نەکەینەوە و سوود لە وەقت وەرگرین، خاڵی تر ئەوەیە سەبارەت بە موناقشە و گفتوگۆ ئەوەیە کە ئەوەی کە لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایدا هاتووە، ئەوەی لە

ڕاپۆرتی لیژنەکان هاتووە، سەبارەت بە کۆی بودجەیە، بە بوارە جیاجیاکانی، بە ژمارەکان، بە دابەش کردن، بۆیە ئەگەر قسە لەسەر ڕاپۆرت ئەکەین قسە لەسەر بودجە ئەکەین بە تەفاصیلی، چونکە پرۆژەکانی تێدایە، ژمارەکانی تێدایە، چۆنیەتی دابەش کردنی تێدایە، بۆیە جارێکی لەسەر ڕاپۆرت قسە ئەکەین کە کۆی بودجەی تێدایە، جارێکیش دێینە سەر پرۆژە یاساکە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

خۆی لە ڕاستیدا جەنابی وەزیر وەڵامەکانی ئامادە نەکردووە، چونکە هەم بۆی تەواو نەکراوە، وەقتی زیاتری پێویستووە، هەمیش ئەوان پێیان وابوو، هەم ئەو پرسیارانەی لە ڕاپۆرتی لیژنەکان و لیژنەی دارایی و ئابووریش هاتووە لەگەڵ قسەکانی ئەندامان پێکەوە وەڵام بدەنەوە، بەڵام ئەگەر بتانەوێ ئیجازە بدەن، ئەگەر بتانەوێ یەکەمجار جەنابی وەزیر وەڵام بداتەوە ئەبێ بیخەینە بەیانی،ئەوەی قسە ئەکات بێتە لای مایکرۆفۆنەکە ئەگەرنا تۆمار نابێ، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من سەیرم لێ دێت، ئێمە دوو ڕاپۆرت خوێندراوەتەوە لە جەلسەی پێشوو، بە تایبەتی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەکان، کاری لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمانە لەو ماوەی پێشوودا کە مولاحەزاتیان هەبووە لەسەر بودجەکە، ناکرێ ئێمە قسەی ئەندامانی پەرلەمان لەناو هۆڵەکەدا دەمج بکەین لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە کۆی قسەی هەموو ئەندامانە، بۆیە ئێمە ئەو جەلسەیە جاری پێشوو تەئجیل کرا بۆ ڕۆژی یەکشەممە بۆ ئەوەی حکومەت و وەزارەتی دارایی خۆی ئامادە بکات و وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، ئەو ڕوون کردنەوانە بداتەوە لەسەر کاری لیژنەکان کە ئەوە بابەتێکی زۆر زۆر گرنگە، دوای ئەوە ئەندامان کە هەڵئەستن قسە ئەکەن زیاتر تێبینیان هەیە لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی کە هی حکومەتە لەگەڵ هەندێ تێبینی تر، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاک کاردۆ

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە ڕەنگە واقیعی بێت کە بەڕێزان ئەندامانیش قسە بکەن، وەزیرە بەڕێزەکان وەڵام بدەنەوە، بەڵام لە تەجروبەی ساڵانی ڕابردوو و کارکردنی خۆمان دەرکەوتووە کە پێمان وایە ئەمە شتێکی عەمەلی نیە، چونکە تووشی دووبارە بوونەوە ئەبین، ئەمە یەك، دوو، سەرەڕای لیژنەی دارایی کە هەندێك ڕوون کردنەوەی داوە و پرسیاری هەیە، یان تێبینی لیژنەکانی هەیە، ئێمە قسە لەسەر ڕاپۆرتی حکومەتیش

ئەکەین، یەعنی تایبەت ڕاپۆرتی حکومەت ستراتیجی خۆی دەرخستووە سەبارەت بە بودجە، ئەگەر نەقد هەبێ لە ڕاپۆرتی حکومەت تێکەڵ ئەبێ لەگەڵ سەرنج و تێبینیەکانی لیژنەکان و لیژنەی ڕاپۆرتی دارایی کەوا حکومەت ئەبێ جوابی بداتەوە، ئەوە باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی ئێمە موناقەشەیەکی باش بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عومەر

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پێکهاتووە لە کۆی ڕاپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمان، ئەوانە هەمووی تێبینی و پێشنیاری هەموو ئەندامان بوون لە چوارچێوەی لیژنەکانی خۆیان، پاش ئەوە هەر پەرلەمانتارێك ئازادە بۆخۆی چ پرسیارێك، یان چ تێبینیەك، چۆن ڕا لەسەر پرۆژەکە ئەدات، بە بڕوای من هەردووکی پێکەوە تەکمیلە بکرێت، پاش ئەوە بەڕێزان نوێنەری حکومەت جەلسەی دواتر وەڵام بدەنەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

زۆر قسەمان کرد، داوای لێبوردن ئەکەین، هەموو مەوزوعەکان یەکن، فەرموو کاك عومەر

**بەڕێز عمر عبدالرحمن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش کراوە لە لایەن لیژنەی دارایی و ئابووریەوە کۆی ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانە بە سەرنج و تێبینی و کەموکوری ئەو بودجەیەی کە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر ئێمە پەیڕەوی ناوخۆ جێ بەجێ بکەین، و نابێ لە پەیڕەوەکەشمان لابدەین، بە گوێرەی ماددەی 84 ئەڵێ موناقەشەی تەقریرەکە ئەکرێ بەشێوەیەکی گشتی، کە موناقەشەی تەقریرەکە ئەکرێ بەشێوەیەکی گشتی واتە ئێستا ئەبێ ئەندامان پرسیار و جوابی خۆیان ئاراستەی وەزیر و لیژنەی مالیە بکەن لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کە پێشکەش کراوە، دواتر لە پەرلەمان مەجال ئەدرێ بە وەزیر، بە لیژنەی تایبەت، جوابی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو عەزیمە خان

**بەڕێز عظیمة نجم الدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی دارایی ئامادەی کردووە لەو بڕوایەم کە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان، من بەش بەحاڵی خۆم لە دوو لیژنەم، لیژنەی پەروەردە و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەموو ئەو پێشنیار

و پرسیارانەی کە من هەبووە لە ناو ڕاپۆرتەکە دا نەبێ و ئیمزاشم نەکردووە، چۆن لێرە حەقی من ئەدرێ کە بتوانم ئەو پرسیار و پێشنیارنەی کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە حەقی ئەوەم نەبێ پرسیار لە جەنابی وەزیر بکەم؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

حقت هەیە قسە بکەی، بەلاَم وتوومانە ئێستا قسە بکەی یان جارێ وەلاَمی ڕاپۆرتەکان بدرێتەوە؟ جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د.کاوە محمود/ وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان و وەزیری پلاندانان بە وەکالەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە ئیفتیرازی ئەوە ئەکەین کە ئەو موداخەلانەی کە ئەکرێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی ئەکەن، ئەو موداخەلانەن کە لە ڕاپۆرتەکەدا نەهاتووە، چونکە ئەوەی لە ڕپۆرتەکە هاتووە چاوەڕێی ئەوەین کە دووبارە نەبێتەوە جارێکی تر لە لایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، جگە لەو تێبینیانەی کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان لەوانەیە تێبینی خۆیان هەبێ کە لەوێ تۆمار نەکراوە، وەلاَمەکە ئەبێتە دوو بەشەوە، وەلاَمێك بۆ ڕاپۆرتەکە هاتووە، ڕوونم کردەوە، دووەم هی ئەو موداخەلانەیە کە کراوە، لەبەر ئەوە کاتمان بۆ ئەگەڕێتەوە، و تێکرای تێبینیەکانیش پێکەوە کۆ ئەکرێتەوە، ئەگەرنا کار کراوە لەسەر ئەوانەی تر واتە لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کە هاتووە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا دوو ڕەئی جیاواز هەیە، پێتان باشە بیخەینە دەنگەوە؟ کاك بورهان گیان تەواو تکایە، فەرموو بزانم چیە؟

**بەڕێز برهان رشید**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئیقتیراحی ئەو برادەرانە ڕەنگە زۆر باش بێ، وەلاَمی لیژنەی دارایی بداتەوە وەزارەت، بەلاَم ئێمە لەکاتێکدا بۆمان هەیە پێشنیار وەرگرین و بیخەینە دەنگدانەوە کە نەصێکی قانونیمان نەبێ، لەبەر ئەوەی قاعیدەیەکی قانونی زۆر وازیح هەیە، ئەوە کاك (فرست، عومەر، عەونی) قانونین، (لا اجتهاد في مورد النص) کە نەص هەبێ ناکرێ ئیجتیهاد هەبێ و پێشنیار و شتیش بمێنێ، نەصی سەریحی قانون لە بابی بودجەدا کە هاتووە کاك عومەریش ڕوونی کردەوە، ئەوەیە موناقشەی ڕاپۆرت ئەکرێ، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، ئیتر نازانم چی ئەخرێتە دەنگدانەوە؟ کە نەصی قانونی هەبێ ئەکرێ ئێمە وەکو پەرلەمانتار، وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و عمومی پەرلەمان، موخالەفەی نەصێکی قانونی بکەین کە لە پەیڕەوی ناوخۆ هاتووە؟ پەیڕەوی ناوخۆ یاسا نیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کاك بورهان (اختلف الفقهاء)، فەرموو کاك عەونی

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بابەتەکە پێویست ناکات بخرێتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە وازیحی موعالەجەی کردووە، واتە گفتوگۆ لەسەر راپۆرتەکان ئەکرێ و ئەندامانی پەرلەمان مافی خۆیانە ئێستا قسەی لەسەر بکەن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك خەلیل

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم باشە برادەرانی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان ئەو پرسیارانەی کە ئێستا ئەیزانن با ئێستا جوابی بدەنەوە، قەینا مەجالی تەرکیان ئەدەینێ، و من داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئەکەم و لە ئەندامانیش ئەکەم مەسەلەی دووبارە بوونەوە ئەوەندە لە هەڵسانی ئەندامانی پەرلەمان ڕێگەی پێ نەدرێ، ئەوە باشترین حەلە، ئەوەی کە ئەزانن با جواب بدەنەوە، چونکە پێم وایە بایی موناقەشەکانی ئەمرۆ جوابیان پێیە و ئەوەی تریش با بمێنێ بۆ بەیانی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا ئێستا وەڵامەکانیان هەر نەهێناوە، حازر نیە، چونکە بەرنامەکە ئەوە بووە کە پەرلەمانتارەکانیش قسەی خۆیان بکەن دوایی ئەوان هەر خۆیان، ئێستا بەڕێز کاك فرست سکرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە، فەرموو

**بەڕێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە ڕەئی من ئەو بابەتە نابێت بە ڕەغبەتی ئەندامان بێت، لازمە بە ڕەغبەتی نەصەکە بێت، مادده 84 دیار و وازیحە و هیچ ئیجتیهادی تێدا نیە، ئەڵێ (یناقش التقریر بوجه عام قبل الانتقال الی مناقشة ابواب الموازنة)، دوو: قسەکانی ئەندامان شەرت نیە پرسیاری تێدابێت، دوورنیە تەعقیب بێ، دوور نیە موقتەرەحێك بێ، با ئێمە تەوەقوع نەکەین هەر ئەندامێك قسەی کرد مەجموعەیەك پرسیاری هەبێ، نەصەکەش وازیحە، بۆ لێی دەربچین؟ پێویستی بەو موناقەشەش ناکات، بە ڕەئی من ئەندامان با ناوی خۆیان پێشکەش بکەن و داخیلی مەوزوع ببین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمەش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان باشە موناقەشەکان بەردەوام بێت بەراستی، ئێستا ناو ئەنووسین، تکایە ناوەکانی خۆتان بڵێن (عبداللە حاجی محمود، فاضل بەشارتی، عمر عبدالعزیز، احمد وەرتی، عبدالقادر اکرام، ئارام شاهین، هاژە سلیمان، کاروان صالح، سۆزان شهاب، عمر نورەدینی، بەشیر خلیل، برهان

رشيد، كاردۆ محمد پيرداود، كوێستان محمد، ئاشتی عزيز، شێرزاد، پەيمان عزالدين، پەيام احمد، پێشەوا توفيق، ڤيان عبدالرحيم، دڵشاد حسين، عبدالله محمد، بێريڤان اسماعيل، پەروين عبدالرحمن، تارا ئەسعەدی، تارا عبدالرزاق، جلال علی، ئاواز عبدالواحد خليل عثمان، بلال سليمان، جهان اسماعيل، گوڵيزار قادر، بەيان احمد، سەرگوڵ رضا، حەمە سعيد، زكيه صالح، ژيان عمر، سالار محمود، قادر احمد، سميره عبدالله، دكتۆر سەروەر، شلێر محی الدين، شلێر محمد، شڤان احمد، شۆڕش مجيد، شڤان عبدالقادر، سەرهەنگ فرج، سيوەيل عثمان، پەيمان عبدالكريم، عدنان عثمان، عبدالله مەلا نوری، عظيمة نجم الدين، فرمان عزالدين، لقمان سليمان، نەسرين جمال، كاوە محمدامين، عونی كمال، صباح بيت الله، ڕازاو محمود، علی حسين، ثائر عبدالاحد، سۆزان يوسف، سمير سليم، صباح محمد نجيب، ناسك توفيق، هاوڕاز خۆشناو، حەمە شارەزوری، عبدالرحمن حسين، لانه احمد، اسماعيل محمود، ئەڤين عمر، گۆران ئازاد، قادر حسن، فاضل حسن، عمر هەورامی، عمر عبالرحمن، نەژاد عزيز، عماد محمد، شێردڵ تحسين، ڕێباز فتاح، ڕۆژان دزەيی، امنه زكری، جمال طاهر، نەريمان عبدالله، كەيلی اكرم)، خۆتان ئەزانن ناوەكان زۆر زۆرن، لەبەر ئەوە پێمان باشە هەريەكە چوار دەقە قسە بكات، تكايە تيكراری تێدا نەبێ، داوا لە ليژنەی دارايی و ئابووريش ئەكەين بفەرموون بۆ سەر سەكۆی ليژنەكان، فەرموو كاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ڕاو بۆچوونی ئێمە لە حيزبی ديموكرات سۆسيالی كوردستان سەبارەت بە ڕاپۆرتی دارايی حكومەتی هەرێمی كوردستان و كۆنووسی ليژنەی دارايی و ئابووری لە پەرلەمانی كوردستان، سەبارەت بە ڕاپۆرتی دارايی كورتهێنان بەتايبەتی گوژمەی تەرخان كراو بۆ وەزارەتی پێشمەرگە وێرای دەست خۆشيمان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پشتيوانی كردنيان لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان داواكارين لە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی نوێنەرەكانيەوە لە حكومەتی عێراقی فيدراڵ داوای ياسايی تۆمار بكات لە دادگای فيدراڵی بۆ گەڕانەوەی موستەحەقاتی پێشمەرگە، چونكە لە ساڵی 2007 ەوە ئەو پارەيە خەرج نەكراوە وەكو لەماددەی 33 ی ياساكەش دا هاتووە، هەروەها هەوڵ بدات بۆ دروست كردنی سوپايەكی يەكگرتوو و دانانی بودجەيەكی تايبەت بۆ حاڵەتی نائاسايی و پڕچەك كردنی مووچەی شايستە بۆيان، پێشنياز ئەكەين بۆ حكومەتی هەرێكی كوردستان بە مەبەستی پشتگيری كردنی زياتری سندوقی كۆمەكی تووشبوانی شێرپەنجە لە داهاتی تايبەت ئەو سندوقە فراوان بكرێ لە پێناو خزمەت كردنی زياتری هاووڵاتيانی هەرێمی كوردستان، هەروەها پێشنياز ئەكەين حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ نيشتەجێ كردن هەوڵ بدات يەكەی نيشتەجێ بوون بۆ تەواوی واريسانی شەهيدان جێ بەجێ بكات، بەتايبەت واريسی ئەنفال كراوان و كيميا باران، هەوڵ بدات بۆ دادپەروەری لە مووچەدا بە پلە بەندی بۆ شەهيدانی سەنگەر و زەوی و زار بۆ وەريسی ئەو شەهيدانەی كە تائێستا زەويان وەرنەگرتووە، كردنەوەی نەخۆشخانەی تايبەت بۆ كەس و كاری شەهيدان لە هەولێر و دهۆك وەك نەخۆشخانەی (شۆڕش) لە

سلێمانی، سەبارەت بە کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان داواکارین پاڵپشتی زیاتر بکرێ هەر لە بنە تۆ و گەنم و پەینی کیمیایی بودجەی زیاتری بۆ دابنرێ، هەروەها پرۆژەی ستراتیجی و گەورەی تایبەت بە بەنداوەکان کاری لەسەر بکرێ، وەکو (تەقتەق، دێرەلووك) سوودی ئەبێ بۆ بووژانەوەی هەرێم لە زۆر ڕووەوە، گرنگە پەلە بکرێ لە دروست کردنی سایلۆکان کە نزیکەی چوارساڵە لە بەرنامەدا دانراون، پێشنیاز ئەکەین گرنگی بدرێ بە لایەنی وەرزشی کە هەرێم لەو ڕووەوە دوا کەوتووە، پێشنیاز ئەکەین ئاوڕی جیدی بدرێتەوە لە سەرجەم ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان وەکو لایەنی ئینسانی، پشتگیری و پشتیوانی خۆمان بۆ حکومەتەکەی خۆمان دەرئەبڕین، بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، سوپاسی وەزارەتی پلاندانانیش ئەکەین بۆ ئامادە کردن و داڕشتنی سیاسەتی بودجەی ئەمساڵ کە دوور لە موجامەلە و بە شێوازێکی گونجاو داڕێژراوە، دەست خۆشی لە کۆنووسەکەی لیژنەی داراییش ئەکەین لە پەرلەمانی کودستان، ئومێدەوارین بودجەی ساڵی 2013 ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك فازل

**بەڕێز فاضل بەشارەتی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەرەتا لە ڕاپۆرتی حکومەت کە باس لەوە ئەکات کە بودجەکە سنووردارە...

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

یەك دەقە توخوا کاك فازل، بزانین پەیمان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو

**بەڕێز پەیمان عزالدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەراستیدا نوقتەی نیزامیەکەم لەسەر قسەیەکی جەنابتە کە پێشتر کردت و بەبێ دەنگی تەواو بوو، ئینجا ئەو بێدەنگیە مەعنای ڕازی بوونی ئێمەیە، بۆیە من ویستم قسە بکەم، چونکە بێدەنگیەکە مەعنای ڕازی بوونی من نیە، لەسەر چوار دەقەکە، دەستی کاك عبداللە خۆش بێ بە کەمتر لە چوار دەقە تەواوی کرد، ڕەنگە ئەندامی تریش هەبێ، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم ناتوانم لە چوار دەقە تەواوی بکەم، و حەقی خۆمە وەکو ئەندام پەرلەمانێك، وەکو نوێنەرایەتی خەڵك ئەو پرسیارانەی هەمە بیخەمە ڕوو، بۆیە حەقە ئەو مەسەلەی چوار دەقەیە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە من ناتوانم ئیلتیزامی پێوەبکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کوێستان خان

**بەڕێز کوێستان محمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

منیش تەئیدی قسەی هاوڕێم پەیمان خان ئەکەم، بە پێی پەیڕەو و بە پێی عورفی ساڵانی ڕابـردوو و جگـە لە پار، سێجار قسەمان کردووە، جارێك موناقەشەی ڕاپۆرتەکانمان کردووە، جارێك قسەمان لەسەر داهـات و خەرجیەکان کردووە، دوایی چووینەتە سەر پڕۆژە یاساکە، ئێوە ئێستا بڕیارتان داوە ڕاپۆرتەکەش و داهـات و خەرجیەکانیش بکەن بە یەك، و کاتەکەش بکەن بـە چـوار دەقـە، پـێم وانیـە بـە هـیچ شـێوەیەك ئێمـە بتوانین موناقەشەی ڕاپۆرتیش و داهات و خەرجیش لە چوار دەقە تەواو بکەین، بۆیە بەش بە حاڵی خـۆم مومکین نیە بە چوار دەقە یان بە پێنج دەقە، یان بە دە دەقـەش تـەواوی بکـەم، لەبـەر ئـەوەی دووبابـەتی زۆر دوور و درێـژە، و قسـەی زۆر ئـەهێنێ، و پرسـیاری زۆرم هەیـە، و ڕوون کردنـەوەی زۆرم ئـەوێ، بۆیـە پێویستە یەکەم، سێجار قسە بکەین، دوو، کات تەحدید نەکرێ وەکو ساڵانی ڕابردوو، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەرچەندە من لـەو دانیشـتنە حـازر نـەبووم کـە سـەرۆکی فراکسیۆنەکانی تێـدا حـازر بـووە، بـەڵام ئـەوەی ئاگادار بووم ئیتیفاق کراوە لەسـەر ئـەوەی پێـنج دەقیقـە قسـە بکـرێ هـەموو ئەنـدام پەرلـەمانێك، لەسـەر ڕاپۆرتەکە، کەس باسی داهات و خەرجیەکان و ئەوانەی نـەکردووە، ئـەوە بابـەتێکی تـرە، بـەس تـەنها قسـە لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ڕاپۆرتی حکومـەت ئەکـەین، دوای ئـەوە دێینـە سـەر بـابی نەفـەقات و خەرجیەکان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك کاردۆ

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە پێـی پـەیڕەو پێویسـتە سـێجار قسـە بکـرێ، یەکـەمجار لەسـەر ڕاپـۆرت، دوایـی پرۆژەکـان، ئینجـا لەسـەر یاساکە، بەڵام ئەگەر قسە کردن لەسەر ئەوە بێ کـە دووجـار قسـە بکـەین پێویسـتە کـات دانـەنرێ، کـات لـە کاتێکدا دائەنرێت کە قسەکان دووبارە بێ، لەکاتێك کـە زەروورەتـی نـەبێ، لـە کاتێکـدا مـن ڕەخنـەم هـەبێ، پرسیارم هەبێ، وەڵامم نەدرابێتەوە، ناکرێ تۆ بڵێی چوار دەقە قسە بکە و ئیتر بۆت نیە قسە بکەی، لەبەر ئەوە مادام دووجار قسە ئەکەین، نایکەینە سێجار، پێویستە برادەران و پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان موراعـاتی کات بکەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەك کات تەحدید نەکرێ کە زەروورین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

خوشـك و برايـنـه ئيجـازه بـدەن، ئێـوه داوا ئەكـەن بەتـەوافق، ئێمـه دانيشـتووين لەگـەڵ فراكسـيۆنەكان، نەمويست باسی بكەم، دوو تەرح هاتە پێشەوه، يەكێكيان ئەوه بـوو كـە سـەرۆكی فراكسۆنەكان هەسـتێ بـە ناوی هەموو فراكسيۆنەكانی خۆيان ڕاپۆرت بخوێننەوه، جا نيو سـەعات بـێ، سـيو پێـنـج دەقـە بـێ، گوتيـان ئەوه باش نيه، چونكه پەرلەمانتاران حەقی خۆيانه پرسيار بكەن، ئێ باشه وتمان بـا قسـەی خۆيـان بكـەن، ئێستا ئێمه دانيشتووين به شێوەيەكی بڵێين (جەنتڵمانانه) سووكه ئيتيفاقێكمان كردووه لەسەر ئەوەی كـە پەرلـەمانتارەكان بتـوانن چـوار دەقـە تـا پێـنـج دەقـە بتـوانن قسـه بكـەن، ئـێ باشـە تـەوافق چـۆن ئـەكرێ، دائەنيشين و قسـە ئەكـەين و دوايـی خۆتـان پەشـيمان ئەبنـەوه، چـۆن ئـەبێ؟ حەقـە ئـەوەی داوای تـەوافق ئەكات ئيلتيزاميشی پێوه بكات، فەرموو كاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ديـاره يەكـەم نوقتـە ئـەوەی كـە لـە ڕێگـەی ڕاگەياندنەكانـەوه ئاگـام لـە ليـدوانێكی بـەڕێزتان هـەبوو باسـی ئەوەتان كرد كه دەرفەت بدەن به پەرلەمانتاران بەو پێيەی بودجه بابەتێكه پەيوەنـدی بـه ژيـانی خـەڵك هەيه قسەی لەسەر بكەن به تەواوی، ئەمه يەك، دووەم، من هيوادارم، تكا له جـەنابتان ئەكـەم مـن بۆخـۆم ڕەنگه كەمترين قسه بكەم، بەڵام دەرفەت بدەن به پەرلەمانتاران، ڕەنگـه پەرلـەمانتارێك بـه ده دەقـه قسـه بكات، يەكێكی تر به چوار دەقه، يەكێكی تر به 20 دەقه قسه بكات، نەتيجه، ئەگەر تەواوی كاتەكـه فـەرق بكات چەند سەعاتێكه يان ڕۆژێكه، ڕۆژێك لـه پێنـاو بەرژەوەنـدی گشـتی بـه قەناعـەتی مـن شـتێكی باشـه، هەروەها ئەوەی كه پێويسته بيڵێم پەرلەمانتار نوێنەرايەتی خەڵك ئەكات، قسەی هەيـه لەسـەر پـرۆژەكـان، لەسەر داهات، لەسەر خەرجی، لەسەر ستراتيجی حكومەت، به بڕوای مـن سـەرۆكايەتی فراكسـيۆنەكانيش و سەرۆكايەتی پەرلەمانيش ئەو مافەيان نيه بێن ڕێكەوتنێك لەسەر حەقی پەرلەمانتارەكان و لەسەر حـەقی خەڵك قسه بكەن و ڕێككـەون لەسـەر ئـەوەی چـەند قسـه بكـەن و چـەند قسـه نەكـەن، بۆيـه مـن تكايـەكی برايانـه لـه بـەڕێزتان ئەكـەم دەرفـەت بدەنـه پەرلـەمانتاران بـه كـەيفی خۆيـان قسـه بكـەن، و دڵنياشـت ئەكەمەوه له نەتيجەدا به دڵی ئێوه و هەموو لايەكيش ئەبێ،

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان**

ئێ كەواتە تەوافق قەتعەن ناكرێ، چونكه ئەگەر سەرۆكی فراكسيۆن تەمسيلی فراكسيۆنەكەی خۆی نـەكات هەر پەرلەمانتارێك حـەقی هـەبێ قسـه بكـات كەواتـه تـەوافق چـۆن ئـەكرێ؟ تـەوافق لەسـەر ئـەو ئەساسـه ئەكرێ ئەبێ هەر گروپێك نوێنەری خۆی هەبێ بۆ كۆبوونەوەكان، لەوێ تەوافق ئەكرێ، فەرموو كاك سالار

**بەڕێز سالار محمود**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من دەست خۆشی له سەرۆكايەتی ئەكەم كه له پار ساڵ كاتی تەحديد نەكرد بـۆ پەرلـەمانتاران بـۆ هـەموو ئەو تێڕوانينانەی لەسەر بودجـه و ڕاپـۆرتی حكومـەتی هـەرێم ئامـاژەی پێبكـەن، و هيـوادارين ئەمساڵيش

بەهەمان شێوە بەو نەفەسەوە بەردەوام بن، بەڵام دواجار ئەوە نەبێتە ڕەخنە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و بڵێین ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆیەتی کاتی کردۆتەوە کە تیکرار بێ و پەرلەمانتار پەنجا دەقە یان پەنجاو هەشت دەقە قسە بکات، واتە لە تەحدید کردنی کات ئۆباڵەکە نەخرێتە سەر سەرۆکایەتی کاتێك کە فراکسیۆنەکان ناگەنە نەتیجەیەك، لە کردنەوەی دەرگا بۆ هەموو کاتەکانیش نەخرێتە سەر سەرۆکایەتی و بڵێین ئەوە سەرۆکایەتیە مولزەمە کۆنترۆڵی جەلسەکان و بەرنامەکان بەڕێوەببات، بەڵام منیش تەئیدی ئەوە ئەکەم کە پەرلەمانتار ئازاد بێ لە قسە کردن، سوپاس

**مریز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسۆنەکانمان کرد، دەرگای گفتوگۆ و پیشنیاریش بۆ ئێمە وەکو سەرۆکی فراکسیۆنەکان خرایە سەر پشت، نەك ئێوە ناچارمان بکەن، ئێمە هەموو سەرۆکی فراکسیۆنەکان ڕازی بووین لەسەر ئەوەی کە پێنج دەقە قسە بکرێ و ئێوەش ناچارتان نەکردووین، ئێستا تەرحێکی تر هەیە یان ئیلتیزامی پێوە ناکرێ ئێمە ئەو راستیە ئەخەینە ڕوو، بۆ پێمان وابوو کە پێنج دەقە قسە بکرێ؟ یەکەم، لەراستیدا مانگێکە ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکانە، کە لیژنەکان شوێنی سەرەکی قانونیانە و گفتوگۆ کردن و خستنە ڕووی پرسیار و مولاحەزاتن و پاشان ناردنیەتی لە شێوەی ڕاپۆرتدا چۆن خوێندراوەتەوە، دوو: لەسەر ئەوەش ڕازی بووین کە تیکراری تێدا نەبێ، هەروەها هەوڵ بدرێ ئیلتیزام بەوە بکرێ کە شتی جەوهەری باس بکەین، ئێستاش ئەگەر وەقت پێویستە بۆ ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەکان دا هاتووە لەوەی کە قسەمان لە میدیا لەسەر کردووە شت بڵێین با هێشتان کراوە بێ، بەڵام ئەپرسم چ ماوە بیڵێین؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك فازڵ

**بەڕێز فاضل حسن**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەسەر ڕاپۆرتی حکومەت کە باس لەوە ئەکات هەر لە سەرەتا ئەڵێ بودجەکە سنووردارە، من ئەو تێبینیەی کە لەسەر ئەوە هەمە، بودجەکە بە بەراورد لەگەڵ بودجەی هەندێ لە وڵاتی تر کەم نیە، بەڵام ئەوە کە ئێمە تێبینیمان لەسەری هەیە یەعنی هەر خۆی ئەو بودجەیە کە ئێستا هەیە نارێکی لە دابەش کردنەکەی هەیە، ئەگەرنا هیوادارین کە زیاتریش بێ، و یەکێ لەو شتانەی تر کە باس ئەکات کە بودجەی هەرێم کەم بۆتەوە وەکو ڕێژە نەك وەکو ئەوە، کە ساڵی پار 10,7٪ بووە ئەبێتە 10,4٪، لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم کە لە ڕاپۆرتەکەش ئیشارەت بەوە ئەدات کە بەردەوام کەم دەبێتەوە و هۆکاری تریشی باس کردووە، یەعنی تا کەی بەردەوام ئەبێ لەسەر ئەوەی کە ئەڵێ هۆکاری ئەساسی ئەوەیە

کە ئەڵێ ئێمە بەشدار نابین لە دانانی سیاسەتی بودجەی حکومەتی عێراق، یەعنی تاکەی ئەمە بەو شێوەیە بەردەوام ئەبێ، چونکە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئێمە قسەی لەسەر بکەین سیاسەتی دارایی و ئابووری هەرێمە، یەعنی ئەگەر تۆ لە سیاسەتەکەی خۆت نەتوانی سەرکەوتووبی لەبەرامبەر حکومەتی ناوەند، یەعنی ئەگەر ئەو بەردەوام کەمی بکاتەوە و تۆش بۆ خەڵك وەڵامەکەت ئەوە بێ بڵێی کەم بۆتەوە، ئەمە تا کەی بەردەوام ئەبێ؟ و کە باس لە کۆمەڵێك گرفت کراوە لەسەر سیاسەتی دارایی و ئابووری هەرێم؟ ئێمە پێمان وایە ئەو گرفتانە بەشی هەرە زۆری حکومەتی هەرێم خۆی لێی بەرپرسیارە، بۆ نموونە کە باس لە کەمی داهات ئەکات، هەرچەندە پێم وایە کە داهاتی ناوخۆ سابتە ئەویش وەك باسم کرد کە ساڵ بە ساڵ کەم ئەبێتەوە، بەڵام داهاتی ناوخۆ وەك ئەوە نیە کە کەم بێ وەك باس ئەکرێ، بەڵام وەکو ساڵانی پێشتریش بەداخەوە کە ڕێژەیەکی زۆر کەم دیاری ئەکرێ، یەعنی بەشێکی زۆری دیار نیە لە داهات، و گرفتەکەی بەوە لێکداوەتەوە کە زیاتر هەوڵ بدرێ لە ساڵانی تر، باشە حکومەت ئەوە چەند ساڵە، یان بە تایبەتیش لەم دەورەیەی کە بۆ چوار ساڵ ئەچێ یەعنی داهات ڕۆژ بە ڕۆژ کەم ئەبێتەوە، یەعنی ئایا توانای ئەوە هەیە هەر وەکو خۆی بمینێ نەك زیاد بکرێ؟ بۆیە لە مەسەلەی داهات کە نموونە لە ڕاپۆرتەکەی کە باس لە داهاتی نەوت ئەکات، تەنها بە یەك لاپەڕە باسی ئەکات، زۆر بە کەمی، هیچ تەفاصیلەك و وردە کاریەکی تێدا نیە، ئەوە دیارە بەشی زۆریشی ئێمە کە وەك پەرلەمانتار ئاگادار نین کە قسەی لەسەر بکەین، هەر ئەوەندەیە کە لاپەڕەیەکی لەسەر نووسراوە و کە شتەکانی تری بەو شێوەیە دیار نیە، گرفتێکی تر هەر لە سیاسەتی حکومەت، لەسەر مەسەلەی زێدەڕۆیی لە خەرجیەکان، ئەوە چەندین ساڵە چەندبارە ئەبێتەوە، نەك هەر دووبارە، یەعنی خەرجیەکان ئەو بڕە پارەیەیە کە باسم کرد تەنانەت ناعەدالەتی لە دابەش کردنیشی هەیە بەسەر سێکتەرەکان، لەگەڵ ئەوەی هێشتان مەسەلەن ئەوەی کە هەشە، ئەوەی لە پرۆژە یاساکەش دواتر ئیقراریش ئەکرێ دواتر ئیلتیزام ئەوەش ناکرێ، بۆ نموونە ساڵی پار بەهۆی خەرجی زۆر 50٪ ی پارەی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی وەبەرهێنان گواستراوەتەوە بۆ تەشغیلی، حکومەت خۆشی ئەوە بە گرفت ئەزانێ، بەڵام هەر خۆی ئەو یاسایە پێشێل ئەکات کە بڕیاری لەسەر داوە، ئەوە جگە لە مەسەلەی خراپی سیستەمی تەندروستی و پەروەردە و خوێندن کە ساڵانە ئەو بڕە پارە پێویستەی بۆ دیاری ناکرێ، تەنانەت ئەمساڵیش بۆ تەندروستی و بۆ پەروەردە کەمترە، یەعنی کە ئەڵێم ڕێژەکە بە نسیبەت ئەو بودجەیە کە هەیە، مەسەلەی کەمی مووچەی فەرمانبەران ئەوەش بەراستی گرفتێکی زۆر گەورەیە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەکانیان کەمە، یەعنی نیسبەتەن بەو بودجەیەی کە ساڵ بەساڵ بڕی پارەکە زیاد ئەبێ، بەڵام بەهۆی گرانی بازاڕ ئەو مووچەی کە هەیە یەعنی قوەتی کڕینی کەم ئەبێتەوە، بۆیە ئەوە گرفتێکی گەورەیە، ناکرێ حکومەت لە بودجەیەکی ئاوا ئەم مەسەلەیە نادیدە بکات، ئەگەر مەسەلەکە ئەوەشە مەسەلەن بەشێکی زۆر لەوانەی کە مووچەیان زۆرە ئەکرێ لەوان کەم بکرێتەوە، بەڵام من پێم وایە کە کێشەکە لەوەیە کەتەنها نادادپەروەریە، دواکەوتنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، ئەوە دیارە ئەگەڕێتەوە سەر ئەوەی خەرج نەکردنی

ئەو پارەی کە سالانە بۆی دائەنرێ، ئەوە کاریگەری لەسەر ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانە ئەبێ، لەسەر مەسەلەی کورتهێنان، ئەوە دیارە وەڵامەکە هەموو ساڵێك هەر وەکو یەکە، موخەتەتە، دواتر چارەسەر ئەکرێ لەسەر ئەساسی بەشەکانی تر، بۆیە من بەراستی بە نیسبەت کورتهێنان چەند بەشێك هەیە کە باس ئەکات، خەرجی کارەبا، بەهۆی کڕینی گاز و ئەو بڕە پارەیەی کە سەرف ئەکرێ، کاتی خۆی پرسیار کرا لە وەزیری سامانە سروشتیەکان، داهاتی ئەو نەوتە خاوەی پاڵاوگە ناوخۆیەکان چەندە؟، ئایا نەوتەکە بە پارە ئەفرۆشرێ؟ یان چۆنە؟ لەوەڵامدا گوتی ئێمە نەوتی خاو ئەدەینە پاڵاوگەکان لەبەرامبەر بەرهەمەکاینان لێ وەرئەگرین، بەڵام لەبەدواداچوونمان دەرکەوت هەم پاڵاوگەکان ئەوانەی کە ئێمە پرسیارمان لێکردن و بینیمان کە خۆیان نەوتەکەی ئەکڕن، دووەمیش ئەگەر بەرهەمەکە بۆ نموونە گازەکە وەرئەگرێ، ئەی کڕینەکە چیە؟ جگە لەوەی بەراستی پارەیەکی یەکجار زۆرە بۆ کارەبا ئەمەش کە بەشێکە لە شکستی سیاسەتی حکومەتی هەرێم لە مەسەلەی دابین کردنی کارەبا، خۆ باشە ئێستا لەماوەی دوایی کارەبا باش بوو، بەڵام دیارە جارێکی تریش بەهۆی هاتنی سەرماو سۆڵە، بڕێك لە کارەبایەکە کەمبۆوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو پارەی بۆی سەرف ئەکرێ هێشتان هەر کەمە، هەم باسی بودجەی پێشمەرگە ئەکرێ کە ئەمە وەکو کورتهێنان لە پێشەوە باسمان کرد پێشینەکان خۆ دووبارە ئەو پارە ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، ئەوە ساڵانی تریش باسمان کردووە ئەوەی ئەگەڕێتەوە چەندە و چۆنە؟ بە نیسبەت حکومەت تەنها ئەو ئیزافەیە ئەیدات، بەس ئەو کاریگەرە زۆرەی نیە کە کورتهێنان بەو ڕێژە زۆرە بێ، زۆری ژمارەی فەرمانبەران، ئەوە مەزوعێکی زۆر گرنگە، ئاسان نیە کە باس بکرێ کەمبکرێتەوە لەبەر ئەوەی ئەبێتە هۆی نانبڕینی خەڵك، نانبڕینی خەڵك ئەگەر مووچەیەکی کەمی بدەیتێ هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ نانبڕین، کە کابرا مووچەیەکی هەبێ بەشی نەکات ، بۆیە ئەوە سیاسەتێکی هەڵەیە کە حکومەت هەموو ئیعتیمادی زیاتر لەسەر دامەزراندنە، بە مووچەیەکی کەم، بۆیە ئەکرێ حکومەت هەوڵ بدات لە کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی خەڵك بێ ئیش نەبێ، یان ئیشێکی وای هەبێ کە داهاتەکەی زۆر زیاتر بێ لەو مووچە کەمەی کە هەیە، بۆیە ئەو ڕێژە زۆرە کاری کردۆتە سەر ئەوەی کە ڕێژەکە زۆرە و مووچەکانیان کەم بێ، ئەکرێ ڕێژەکە ئەگەر نموونەیەك بێنمەوە باس لەوە نەکەین، مەسەلەن بۆ نموونە فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم لە چاو حکومەتی ناوەند ڕێژەی زۆر زۆرە، تەنانەت لە ناوخۆی هەرێمیش کە ئەوەی بۆتە بار بەسەر هەرێمی کوردستان، یەك لەوانە کە ئەڵێن پێشمەرگەیە، پێشمەرگە کە ژمارەیەکی زۆری بۆ دانراوە، ئەو ژمارە زۆرە وای کردووە کە نەتوانرێ مووچەیەکی پێویستی پێ بدرێت کە بەشی ژیانی بکات، بۆ نموونە موعەدەلەکە باس ئەکرێ 18000 هەزار پێشمەرگە هەیە، بەڵام لەوانەیە بە فیعلی یان ڕاستەوخۆ ئێمە لەگەڵ وەزارەتیش دانیشتین و باسمان کرد، ئایا 50000 هەزاری فیعلی هەیە؟ خۆ ئەگەر پەنجا هەزار پێشمەرگە بێ ئەتوانی ڕاتبی زیاد بکەی و ئەو قورساییەشی نابێ، لەسەر مەسەلەی دابەزاندنی بودجەی تەشغیلی لە ساڵی پار، ئەمە نەك دابەزاندن، بەراستی ئەگەر ئێمە بتوانین لەوەی کە بڕیار ئەدرێ لێنەگەڕێین حکومەت زیادە ڕەوی تێدا بکات، و من پێشنیار ئەکەم بۆ ئەمساڵ ئەگەر ئەوە ئەکرێ، لە

ئێستاوە ئەو پێنج ترلیۆن و کەسرەی کە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان دانراوە، با لێرە بە بڕیار چەندی دواتر کە نەقڵ ئەکرێ بۆ تەشغیلەیەکە، بۆ ئەوەی حکومەتیش دواتر ئیحراج نەبێ لەوەی کە یاسایەکەی پێشێل بکات، بەڵام ئەوە بۆ ئەوە نەبێ کە وەڵا ئێمە کە مەبلەغێکی ئاوا زۆر بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان سسەرف ئەکەین و دواتریش 50٪ شی سەرف ناکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

تکایە ئەو پەرلەمانتارانەی قسە ئەکەن ئەگەر بە نووسین هەیان بێت بیدەن بە جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی شتەکان لەبەر دەستیان بێت باشترە، فەرموو مامۆستا عومەر

**بەڕێز عمر عبدالعزیز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەرەتا هیوادارم وەختێکی ئیزافی بە بەندە بدەن، لەبەر ئەوەی جەنابت ئەزانی ئەو ڕۆژەش ڕای جیاواز هەبوو لەسەر ئەوەی کە چۆنیەتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرت یان موداخەلە، چونکە هەموومان هاودەنگ نەبووین، من بەش بەحاڵی خۆم پێشنیاری ئەوەم کرد کە سەرۆك کوتلەکان بە کراوەیی وەختێکیان بدرێتێ، دوایی بەڕێزتان داوا بکەن لە پەرلەمانتاران کێ ئیزافەی هەیە لەم کوتلەیە بۆ سەر ڕاپۆرتی سەرۆك فراکسیۆنەکەیان، ئیزافەکانیان تەقدیم بکەن، وا ئەزانم باشترین میکانیزم بوو، بەداخەوە پەسند نەکرا، سەبارەت بە....

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

من یەك پرسیار لە جەنابت ئەکەم مامۆستا، تەبعەن هەموو خوشك و برای منن، ئیحتیرامی زۆر زۆرمان هەیە بۆ هەمووان، ئەگەر سەرۆکی فراکسیۆنەکانیش دوو سەعات قسە بکەن پەرلەمانتارانیش هەر قسە ناکەن دواتر، ئێستا پەرلەمانتار ئەڵێ من ڕەئی خۆم هەیە، حەقم لەسەر سەرۆکی فراکسیۆنەکەم نیە، بەڵێ فەرموو

**بەڕێز عمر عبدالعزیز :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەرزم کردی داوا بکەی بەڕێزت کە ئەوەی لەناو ڕاپۆرتی فراکسیۆنەکان نیە کێ ئەیەوێ ئیزافەی بکات؟ چونکە مافی پەرلەمانتارە لەوێش عەینی قسەم عەرز کردی کە مافی پەرلەمانتارانە، و سەرۆك کوتلە ناتوانێ ئیلزامی ئەندامانی بکات، چونکە مافێکی خۆیەتی، موهیم من داوای چەند دەقەیەك ئیزافی ئەکەم، جەنابتان دەستەڵاتی خۆتانە ئەیدەن یانا سوپاستان ئەکەم، سەبارەت بە ستراتیجی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمەوێ ئەوە عەرز بکەم کە ئەمساڵ حکومەت شتێکی نووسیوە گوایە ستراتیجە، باسی داهاتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەرگرتنی پارەی ئاو و کارەبا و چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و باسی ئەوانی کردووە، کە ئەمانە هەمووی ئەرکی سەرەکی و سەرەتایی حکومەتن، ئەمە ناچنە خانەی ستراتیجی دارایی، کە دوو بابەتە تێکەڵ کراوە، تەنها خاڵێك بۆنی

ستراتیجی لێوە دێت کە باسی کار کردنە بۆ دانانی بنەماکانی سەربەخۆیی ئابووری کوردستان، بەڵام بە چ پلانێك؟ بە چ میکانیزمێك؟ هیچ باسێك لەو بارەوە نەکراوە، ئەبوایە لە ستراتیجی دارایی هەرێم باس لە چارەسەری گرفتی بەردەوامی کورتهێنان بکرایە، نەك تەنها باسی گیروگرفتەك بکرێ بێ ئەوەی باسی چارەسەر بکرێ، باسی چارەسەری گرفتی زۆری بودجەی بەکاربردن و ناهاوسەنگی لەگەڵ وەگەرخستن، باسی چارەسەری دیاردەی زۆر مووچە خۆر کە 61٪ زیاتری بودجەی بردووە، باسی ئاماژە و پلاندانان بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی دارایی، ڕۆتینی دارایی، ناعەدالەتی کە لە کوردستان هەستی پێ ئەکرێ، مسەلەن پلان دانراوە بۆ سەربەخۆیی ئابووری کوردستان کە قسەی لەسەر ئەکەین، باسی پێوەردانان، پێوەری زانستی بۆ دابەش کردنی بودجە لە چەندین سێکتەر و مەجالی جیاجیا، مەسەلەن هاوکاری ڕۆشنبیران باس ئەکەین، بەخشش بۆ یەکێتی نووسەران، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، ڕێزلێنان، دەرماڵەی فەرمانبەران، پلەبەندی شەهیدان، دیاری کردنی پلەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، مەعایر و پێوەر چیە بۆ ئەوانە؟ گوایە هەر ساڵێك چارەسەری یەکێك لەم گرفتانە بکرایە بەو شتانە ئەوترێ ستراتیج، و شتی تریش هەیە ئێستا کاتمان نیە باسی بکەین، سەبارەت بە تەوەری دووەمم، باسی داهاتی هەرێم ئەکەم کە بەراستی ئەمە کارەساتە کە لیژنەی داراییش بە سوپاسەوە ئاماژەی پێکرد، حکومەت دان بەوە دەنێ کە لە 96٪ ی سەرچاوەی داهاتی هەرێم بەغدایە، پرسیار ئەوەیە تاکەی ئەوە وائەبێ؟ بەو حاڵەوە چۆن بتوانین باس لە سەربەخۆیی دارایی هەرێم بکەین؟ مەسەلەی داهاتی ناوخۆ کە ئەمساڵ شەسەد و پەنجا و یەك ملیارە، بەڵام لە 2011 ترلیۆنێك و سی و یەك ملیار زیاتر بووە، قسە ئەوەیە کە نابێ بپرسین پاش دوو ساڵ یەعنی چی داهات لەجێی زیاد بوون بەو ڕێژەیە کەم ئەکات؟ داهاتی نەوت کە هۆی دیار نەبوونیشی باس ناکرێ و لیژنەی دارایی ئاماژەی پێ کردووە باسی دووسەد ملیاری پترۆ دۆلار نابێ بزانین چەندی هێ ئینتاجە؟ مەسەلەی داهاتی فرۆکەخانەی سلێمانی و هەولێر، مەسەلەی داهاتی نەوت کە چەندین بەڵگە و نموونە هەیە کە بەرپرسان بەڵێن ئەدەن بەملاو بەولا بێ گەڕانەوە بۆ بودجە و پەرلەمان لەسەر داهاتی نەوت پارە بۆ پرۆژە تەرخان ئەکرێ و چەندین نموونە لەبەردەمی لیژنەکانیش وابزانم هەیە، من خاڵی سێیەمم لەسەر ئەوەیە کە بودجەی 2012 ئێستا پەلە ئەکەین و کاتی پەرلەمانتاران تەحدید ئەکەین، مەگەر بودجەی 2010 و 2011 و 2012 مان پەسند نەکردووە؟ چەندە لەو خاڵانە جێ بەجێ کراون کە ئەوەی لە لیژنەکان دەستنیشان کراوە کە هەشت، نۆ ماددەی 2012 کە قانونە و ڕیشتووە و لەبەر دەستی حکومەتە جێ بەجێ نەکراوە، عەجەبە لێرە بە دەقە و سانیە قسە لەگەڵ یەکتر ئەکەین، چەندە لەو یاسایانە یەعنی ئەگەر دوو ڕۆژ دواکەوین چ زەرەرێك ئەدەین وەختێك یاسایەك دووساڵ دوائەکەوێ و هێشتان زۆربەی خاڵەکانی جێ بەجێ نەکراوە؟ مەسەلەی چاودێری دارایی، دەستەی نەزاهە، قەرزەکان، ئاگادار کردنەوەی پەرلەمان لە تەغیرات، حیسابی مەسرەفی عائیداتی نەوت، بڕی لە 5٪ ی داهاتی ڕسومات بۆ نەخۆشی شێرپەنجە، بڕی بودجەی کارەبا لە بودجەی 2012، خەرج نەکراوە بۆ کارەبا، پێشنیارە هاوپێچەکانی پەرلەمان بۆ بودجەی 2012، ئەمانە جێ بەجێ نەکراون، ئێستا بۆ لێرە پەلە بکەین لەبەر

خاتری سەعاتێك یان دووسەعات كات؟ خاڵێكی ترم باسی میلاكاتـە لـە سیاسـەتی حكومـەت كـە ڕوون نیـە، ڕاستە گرنگی دان بە هێزی كار ئەركی حكومەتە، بەڵام ئەبێ خۆ بۆ ژمارەی پلەكانی دامەزراندن سیاسەتی ڕوون و هەمەجۆرانە هەبێ، بنەمای زانستی هەبێ، لیژنەی دامەزارندن ئاگای لێبێ، دەستی ئەنجومەنی ڕاژە كارابكرێ لەو مەجالە، ئەبێ دەرفەتی كار و دامەزراندن بۆ هاووڵاتی یەكسان بێ، تـەنها زۆر كردنـی ڕێـژەی دامەزراندن بەڵگە نیە لەسەر گرنگی دان بە هاووڵاتی، خاڵێكی ترم باسی ئەوەیە كە حكومەت بۆچی باسـی داهاتی خەمڵێنراو لە نەفەقاتی سیادی و حاكیمـە بـۆ هـەرێم ڕوون ناكاتـەوە، راسـتە گلـەیی لـە حكومـەتی ئیتیحادی هەیە لەسەر بڕ و ڕێژەكە، بەڵام نابێ ئێمە ئاگادار بین لە تەفصیلاتی ئەو بڕەی كە سەرف كراوە بۆ هەرێم؟ نزیكەی دە ترلیۆن لە بەشی هەرێم بۆ خەرجی سیادی و حاكیمە بـڕاوە، تاكـەی ئەمـە دووبـارە ئەبێتەوە؟ سیاسەتی حكومەت چیە بـۆ چارەسـەر كردنـی ئـەم زوڵمـە كـە لـە هاووڵاتیـانی هـەرێم ئـەكرێ؟ خاڵێكی ترم سەریع ئەیڵێم كە باسی ناهاوسەنگی ئەكات لـەو تەفصـیلاتەی كـە لەبـەر دەسـتمان دایـە دیـارە وەزارەتەكان گلـەییان هەیـە، مـن بـەس لـە ڕاپـۆرتی لیژنەكانـەوە عـەرزتان ئەكـەم، وەزارەتـی گواسـتنەوە و گەیاندن، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی كشتوكاڵ، پەروەردە، فرۆكەخانەی سلێمانی، پێشمەرگە، دەسـتەی مافی مرۆڤ، هەمووی بڕی دیـاری كـردووە، بڕێكـی بـۆ دانـراوە، هەماهـەنگی لـە نێوانیـادا نـەبووە، وەزارەتـی ڕۆشنبیری هەموو بەڕێوەبەرایەتیەكان گلەییان هەیە، باشە ئەی حكومـەت كێـی ڕازی كـردووە؟ نـە جوتیـار ڕازیە، نە ڕۆشنبیر ڕازیە، نە مەلا و قەشە و شێخ ڕازین، نە ڕۆشنبیر ڕازیە، كێ ڕازیە؟ نە مامۆسـتای زانكـۆ ڕازیە، ئەی كێ ڕازیە؟ بودجە موراعاتی كام مەجالی كردووە؟ و ئەو فورمسانەی دروستی كردوون بـۆ كـێن؟ من وا ئەزانم هۆیەكە ناعەدالەتیە، ناهاوسەنگیە، زۆر تەرخان كراوە بۆ هەنـدێ بـوار، وەك پۆسـتە باڵاكـان، بواری كڕینی شمەك و خزمـەتگوزاری چـاك كردنـەوە، هیـوادارم تـەعقیب دوایـی بـدرێ بـەڕێزان، مـن قسـە ئەكەم، كە تەواو بووم ئەوكات كێ تەعقیبی هەبوو ئـەتوانێ بیـدات، سـەبارەت بـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی لەگەڵ دەست خۆشی كە تاحەدێك هەندێ بواری دەستنیشان كردووە، بەس پرسـیاری مـن ئەوەیـە بـەڕێزان لە لیژنەی دارایی، ئێوە ئەڵێن لە شەش خاڵ دیاری كردووە، ئەمە ڕەچاو بكرێ بۆ ساڵی داهاتوو ئێوە ئـەبێ بودجەی ئەمساڵ بنێرنەوە بۆ حكومەت، یان بۆچی دوو مانگ دیاری ئەكرێ بـە پێـی ئـەو سـتاندارەە و بـە پێـی ئـەو تەعلیماتـەی كـە هەیـە و پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانیش ئـەڵێ لـە مـانگی 10 هـەر سـاڵێك دا بنێردرێ؟ بۆ ئەوەی لەو دوو مانگە هاتووچۆ بكات، پێشنیار بنێردرێ، ڕەخنـە بنێـردرێ، چاكسازی بكـرێ، ڕێـژەی گەشـە كردنـی ژمێرەكـانی بودجـەی وەگەرخسـتن ئـەڵێ ڕەچـاو بكـرێ بـۆ داهـات، ژمـارەی پلـە وەزیفیەكان و دامزراندن بكات، یاسای پلـەی زانسـتی ڕەچـاو بكـرێ بـۆ سـاڵی داهـاتوو، ناهاوسـەنگی دابـەش كردنی بڕی بودجەی خەمڵێنراو تەندروستی و خوێندنی باڵا بە نموونە ئەهێنێتەوە، ڕەچاو بكرێ لە ساڵی داهاتوو، جیاوازی بڕی وەگەرخسـتن و وەبـەرهێنان كـە 68 بـە 31 ە ڕەچـاو بكـرێ لـە داهـاتوو، داهـاتووی كـەی؟ تـۆ باسـی بودجـەی ئەمسـاڵ ئەكـەی، بۆچـی نایینێریتـەوە بـۆ حكومـەت و بڵێـی ئـەم ناهاوسـەنگیانە چارەسەر بكە؟ ناهاوسەنگی بڕی بودجەی تـەرخان كـراو بـۆ وەزرەتـەكانی ئـاوەدان كردنـەوە و شـارەوانی و

کارەبا کە هەمووی گلەییان هەیە، بە ڕێژەی 66٪ چووە، بەلاّم تەندروستی 6 و شتێکی هەیە، ئەڵێی ڕەچاو بکرێ بۆ ساڵی داهاتوو، هەتا نووسیویەتی لە بودجەی 2014 لە شوێنێك، ئەمە چۆن وائەکرێ؟ تەصحیحی ئەکەم کاك دکتۆر ئاراس، ئەوەی 2014 ەکە هی دارایی نیە، هی لیژنەکانە، ببوورە کاك دکتۆر، خاڵی ئاخیرم ئەوەیە مەسەلەی نەپرسینەوەی پەرلەمانە لە حکومەت لە مەسەلەی جێ بەجێ کردنی یاسای ساڵانی ڕابردووی بودجە، کە ئەوە ئەبێ لێرەوە بیڵێم، چونکە مەقتەعێکی تر نیە بیڵێم، من دەقیقەیەکی ترم ئەوێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەست نەکردن بە دەیان پرۆژەی 2011 و 2012 تەنانەت پرۆژەی 2010 هەیە لە قۆناغی دیزاینیایە، ئەمە کارەساتە کە ئێمە هەر بڕیار دەربکەین و هەر قەوانینی بودجە کەڵەکە بکەین لەسەر یەك، تا ئێستا چوار پێنج قانون ئەتوانین بڵێین کەڵەکە بووە و زۆربەی زۆری جێ بەجێ ناکرێ، تەواو نەکردنی دەیان پرۆژەی 2011 و 2012، دووبارە بوونەوەی چەندین پرۆژە، پرۆژە هەیە لە 2010 دانراوە، ئەوە ئیعتیراقی لیژنەکانە، لەم پرۆژە یاسایەی 2013 ڕاگەیاندنی بۆ کراوە وەکو شتێکی نوێ، بە نیسبەت پەیوەندی هەرێم و بەغدا لە بواری موستەحەقاتدا، بەردەوام هەرێم حیسابی بۆ ناکرێ لەکاتی سیاسەتی گەشە پێدان و پلاندانانی عێراق کە بەشێکی تایبەتە بە بواری دارایی، ئەم بە پێی ماددەی 114 ی دەستوور کە هەموومان ئەیزانین مافێکی هەرێمە، دەستەلاّتی هەرێم چی کردووە بۆ ئەم خاڵە، غەیری کۆبوونەوەی بێ ئاکام و بێ ئەنجام؟ کەم بوونەوەی داهاتی سیادی و حاکیمە کە ساڵانەش مەم ئەکات، پار 10,7 بوو ئەمساڵ بۆتە 10,4 ، چی کراوە؟ ئەمە مەترسیەکی گەورەیە، هەڕەشە لە داهاتووی کوردستان و بڕی بودجەی هەرێم ئەکات، بێئاگایی هەرێم لە وەردەکاریەکانی قەرزە دەرەکیەکانی عێراق و قەرەبووی نێودەوڵەتی، کێ لێی بەرپرسیارە؟ حکومەت سکاڵا بۆ ئێمە ئەنووسێ ئەڵێ ئەمە گرفتە، ئەی ئێمە بە کێ بڵێین ئەمە گرفتە؟ لە 2007 ەوە تا ئێستا حەفت ترلیۆن و نیو موستەحەقاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەغدا زەوت ئەکرێت، ئیکتیفا ئەکرێ بە کۆبوونەوە، مەحزەری کۆبوونەوەکانمان لە لیژنەکان بە سوپاسەوە کە ماندوو ئەبن، بەلاّم ئەمە نابێتە چارەسەر بۆ ئەوەی بڵێی ئەوەندە کۆبوونەوە کراوە، وامان وت و وایان وت، هەڵوێستی ئێمە چیە؟ ئەمە موستەحەقاتی دەستوورین، بە ئیتیفاقاتی سیاسی چارەسەر ناکرێ، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەستوور و کارتە دەستووریەکان بەکاربێنین، سێ سەد و نۆزدە ملیاری هەرێم لە پەرەپێدان بە هەرێم نەدراوە، نزیکەی یەك ترلیۆن و نیو لە پارەی پترۆ دۆلار تەنها 42 ملیۆنی بۆ کوردستان دانراوە، لەکاتێك دا هەرێم مافی ئەوەی هەیە 250000 هەزار بەرمیل نەوتی خاو بنێرێ، لە سێ سەد و بیست و شەش ملیاری داهاتە سنووریەکانی هەرێم تەنها شانزە ملیاری گەڕاوەتەوە، حکومەتی هەرێم بەشدار ناکرێ لە موازەنەی تەکمیلی، لە دانانی پلانی ستراتیجی ئابووری عێراق، ئەمانە هەموو مەسئولیەتی یاسایی و ئەخلاقی لەسەر حکومەت و لەسەر هەموومان دروست ئەکات، بۆیە بەکورتی ئەڵێم، ئەم ڕاپۆرتەی حکومەت نازانستیە لە ڕووی دانانی ستراتیجی داراییەوە، نا شەفافە لە ڕووی دیاری کردنی بڕە حەقیقیەکانی داهاتەوە، ناهاوسەنگە لە ڕووی دابەش کردنیەوە بەسەر وەگەڕخستن و وەبەرهێنان، نادادپەروەرە لە ڕووی دابەش بوونیەوە چ بەسەر

سێکتەر و بوارەکان، چ بەسەر  ناوچەکان، هاماهەنگە لەگەڵ داواو پلان و ئەولەویات و دامودەزگاکانی حکومەت، یەك، دوو خاڵی ئیجابی تێدایە، یەکەمیان دانپێنانی تیایە کە حکومەت سەرەڕای ئەوە هەوڵی داوە بۆ گێڕانەوەی موستەحەقاتی دەستووری، بەڵام بێ توانایە لە گوشار دروست کردن و سەندنەوەی ئەو مافانەی هەرێم لە بەغدا ، ئەم ئیعتیرافە جێگەی ڕێزە، بەڵام ئیعتیرافێکە هەرچەند دروستە، بەڵام مەسئولیەتی ئەخلاقی بە پلەی یەك ئەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، دانپێنانی حکومەت بە هەندێ هەڵەی گەورە و هەندێ بڕیار کە بەبێ پلان و بەرنامە کراوە، وەکو پێدانی پێشینە و قەرزەکان، زۆری ژمارەی فەرمانبەران، زیادە ڕۆیی لە بەبێ بەرنامە، بەگشتی کورتهێنان تجاوز لەسەر بودجەی بەکاربردن ئەمانە هەمووی ئیعتیراڤ باشن، بەڵام لە یەکەم و لە کۆتاییش حکومەتی کوردستان بەرپرسیارە لە جێ بەجێ کردن و چارەسەر کردنی ئەم گرفتانە، و پەرلەمانی کوردستانیش بەرپرسیارە لە بەدواداچوون و چاودێری کردنی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد، دکتۆر ئاراس یەك مولاحەزەی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بە داوای لیبووردنەوە، ئێمە لە جەلسەی یەکەم ئاماژەمان بەوەدا کە ئەو ڕاپۆرتە تەنها ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی نیە، ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانە، زۆر بیرو بۆچوونی لیژنە هەیە کە ئێستا مامۆستا عومەر ئیشارەی پێدا دەربارەی ساڵی 2014، ئەوە بۆچوونی ئێمە نیە، ئەوەندەی من بیرم بێ بۆچوونی لیژنەی لاوان و وەرزشە، ئەمە یەك/ دوو، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی بەشێکین لەو 19 لیژنەیە، هەر لەو پەرلەمانەش ئاماژەمان بە هەندێ شت داوە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لەوانەیە بۆچوونێکمان هەبێ لەسەری، بۆ نموونە لەسەر ڕێژەکان کە ئێستا مامۆستا عومەر باسی کرد، لەوانەیە لیژنە پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە و لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ بۆچوونی ئێمە نەبن، چونکە ڕێژەکانیان بەرزە، تەنها ئاماژەیەکە ئێمە ئەیدەین وەکو لیژنەی دارایی، دوایی بڕیار دان لەسەر ئەو ڕێژانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، دەربارەی گەڕانەوەی بودجە، لە ڕاستیدا گەڕانەوەی بودجە لە دەستەڵاتی ئێمە نیە، لە دەستەڵاتی ئەندامانی بەڕێزە، بڕیار ئەدەن بمێنێتەوە، پەسند بکرێ، بگەڕێتەوە، گۆڕینی تێدا بکرێ؟ ئەوە دەستەڵاتی لیژنەی دارایی نیە، هەر تێبینیەکی تر، دەربارەی لیژنەی دارایی کە ئاماژەی داوە بە ژمارە سەرەکیەکان وەکو پێشتر لە جەلسەی یەکەم ئاماژەمان پێدا، دەربارەی ژمارەکانی داهات، چۆنیەتی بەدەست هاتنی، چۆنیەتی دابەش کردنی لە ڕووی ئیداری و لە ڕووی محاسیبیەوە، نەفەقاتیش بە هەمان شێوە، ئێمە کەواتە تۆ نایەی موناقەشەی ڕاپۆرتی من بکەی، موناقەشەی ئەو ڕەقەمانە ئەکەی کە لەناو چەند

هەزار ڕەقەمێکدا هێناومانە، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەندامە بەرێزەکان، ڕەزامەندن لەسەری یان نا؟ کەمی ئەکەنەوە یان زیادی ئەکەن، یان موناقەلەی پێ ئەکەن؟ سوپاس

**بەرێز عمر عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان نامەوێ جوابی کاك دکتۆر بدەمەوە، بەس یەك ڕاپۆرتمان هەیە بەناوی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، موتەزەمینە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی موتەزەمینە، ڕاپۆرتی لیژنەکانیش شتی تری تێدایە، لەبەر ئەوە ئەڵێین ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لەبەر ئەوەی لەبەر دەستی پەرلەمانتارن دایە بە سەرنجەکانی خۆیان و بە سەرنجەکانی ترەوە، پێویست ناکات هەمووجار بڵێین، و من داوای لێبووردنیشم لێکرد، وابزانم ئەوە کافی بوو، بەڵام ئەو ڕاپۆرتە ناوی ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەرێز د.احمد وەرتی**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، دیارە ئەمساڵ زووتر لە ساڵانی پێشوو بودجە گەیشتۆتە پەرلەمان و وردەکاری و پاشکۆی زیاتری لەگەڵ دایە، و لە ڕووی هونەریەوە باشترە، لەو ڕووەوە دەست خۆشی لە حکومەت ئەکەین، لیژنەی دارایی و لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان زۆر سەرنج و تێبینی گرنگیان خستۆتە ڕوو، و دەست نیشانی گەلێك لە خەلەل و کەموکوریەکانی بودجەیان کردووە و زۆر پێشنیاری باشیشیان خستۆتە ڕوو، دەست خۆشیان لێ ئەکەم، بە پێی ڕاپۆرتی وەرزاتی دارایی و ئابووری بۆ پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2013 ی هەرێمی کوردستان، ڕیژەی 96٪ ی سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە دابین ئەکرێ، دیارە ڕێژەی زۆرینەشی لە داهاتی نەوتە، بۆیە هەموو ساڵێك بودجە لەسەر یەك شێوازی سیاسەتی ئابووری ئەڕوات، گەرچی بودجە بە خەملاندن و پێشبینی کردنی داهات و خەرجیەکان ئەبێ، بەڵام لە هەمان کات پێویستە پشت ببەسترێ بە داتاو زانیاری مێژوویی و زانستی و واقیعی، وەك ڕەنگدانەوە و فەلسەفە و چالاکی داهاتووی حکومەت و وڵات، ڕێژەی بودجەی بەکاربردن لە 68,52٪ بەرامبەر بە 31,48٪ بۆ بواری وەبەرهێنان ناهاوسەنگی پێوە دیارە، پێویستە هاوسەنگی بەلایەنی کەمەوە ڕێژەیی بێ، ئیتر پاساوەکان هەرچی بن بۆ بەرزی ڕێژەی تەشغیلی بەرامبەر ڕێژەی پرۆژەکان، سەرنج و پێشنیارەکانمان بۆ پرۆژە یاسای بودجەی 2013، یەکەم، گەرچی بە پێی یاسای بودجەی 2012 پێویست بوو سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی دابمەزرێ و دەستەی

نەزاهەش تەشكیل بكرێ لە ماوەی سێ مانگ دوای پەسند كردنی یاساكە، و یاسای بودجەی حیزبەكانیش لە پەرلەمان دەربچێ، ئەمانە ئەركی پەرلەمان بوون كە نەكرا، بۆیە بە پێویستی ئەزانم لە زووترین كاتدا ئەوانە جێ بەجێ بكرێن، دووەم، پەلە كردن لە پێكهێنانی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی بە پێی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2011، گەیشتنی ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان گرنگی زۆری هەیە كە تا ئێستا ئەوە جێ بەجێ نەكراوە گەرچی ئەوان ڕاپۆرتی خۆیان ئەنێرن، بەڵان ناگاتە دەستی ئەندامان و لیژنە هەمیشەیەكان، تەنانەت بە پێی بڕگەی دووەمی ماددەی 34 لە یاسای بودجەی 2012 ڕاپۆرتی بەدواداچوونی وەرزی یان هەر چوار مانگ جارێك لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئەدرێتە پەرلەمان، دیارە بە پێی وەڵامدانەوەمان بۆ پرسیارێك كە لە لایەن بەڕێز وەزیری پلاندانان ئەڵێن لە 2012 دا چوار ڕاپۆرتیان ناردووە بۆ ئەندامان و پەرلەمان، بەڵام لیژنەكان نەیان بینیوە، هەر بە پێی ماددەی 25 ی یاسای بودجەی 2012 حكومەت پەرلەمان لە هەر گۆڕانكاریەك ئاگادار ئەكاتەوە كە لە بودجەی هەرێم ڕوودەدات بە مەبەستی پەسند كردنی، بەڵام ئایا دامەزارندنی دوو هەزار پلەی وەزیفی تر بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان چۆن ئەنجام درا؟ زۆر لە ماددەكانی یاسای بودجەی 2012 و ڕاسپاردەكانیش جێ بەجێ نەكران كە هاوپێچی راپۆرتەكە كرابوون، بە پێی ماددەی 42 لە یاسای ناوبراو ئەبێ حكومەت كار بكات لەسەری، بۆیە داوا ئەكەم ئەمساڵ جێ بەجێ بكرێن و بە ماددەی یاسایی لە یاساكەدا جێیان بۆ بكرێتەوە، وەكو پێدانی ئەولەویەت بە وەزارەتی تەندروستی و كشتوكال و ئاودێری، دابین كردنی چارەسەری پێویست بۆ بەركەوتوانی چەكی كیمیای و پێدانی دەرماڵە بە زانایانی ئاینی و ژمێریار و توێژەرەوانی كۆمەڵایەتی و دەروونی، گرنگی دان بە ناوچە شوێنەواریەكان، پێدانی قەرز بەو قوتابیانەی كە لە دەرەوەی هەرێم و لەسەر حیسابی خۆیان ئەخوێنن لەوانەی بەرنامەی تواناسسازی نایانگرێتەوە، ماددەی 39 لە یاسای بودجەی 2012 پێویست كردووە لەسەر حكومەت كە ئەبێ بەردەوام بێ لەسەر سەرف كردنی پارەی سولفە و بەخشینی هاوسەرگیری و قەرزەكانی عەقار و كشتوكال و پیشەسازی و پرۆژە بچووكەكان، تا ئەوكاتەی بودجەی ساڵی داهاتوو بڕیاری لێ ئەدرێت لە پەرلەمان، بەڵام چەند مانگێكە پێشینەكان وەستاون و مامەڵەی هاوڵاتیان ڕایی ناكرێ، پێشنیار ئەكەم سولفەكان نەوەستێنرێ، چونكە كاریگەری سلبی ئەكاتە سەر ڕێڕەوی ئاوەدان كردنەوەی كوردستان و كاروباری هاووڵاتیان، و سولفەی عەقار بكرێتە 25 ملیۆن بۆ سەنتەری شارەكان و قەزاو ناحیەكان، و 30 ملیۆن بۆ گوندەكان، و ئەو ڕسووماتە زۆرەش لەسەر سولفەی خانووبەرەش هەیە كەم بكرێتەوە بۆ 50 هەزار دینار كە پاریش داواكرا، بەڵام جێ بەجێ نەكرا، جێ بەجێ كردنی سەرنج و تێبینی لیژنەكانی یاسایی سەبارەت بە پابەند بوونی حكومەتی هەرێم بە ماددەی چواری هەموار كراو لە یاسای ساڵی 2011 بۆ دابین كردنی بڕێك پارە لە بودجەی ساڵانەی هەرێم بۆ دابین كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی كەم دەرامەت، و سەرچاوەی دارایی سندوقی هاریكاری نەخۆشی شێرپەنجە دابین بكرێت بە پێی یاسای ژمارە 11 ی ساڵی 2012، هەروەها پێشنیارەكانی لیژنە سەبارەت بە ئەنجومەنی چاودێری كە لە ڕاپۆرتەكەدا ئاماژەیان پێدراوە جێ بەجێ

بکرێن، هاوتا کردنی مووچە و دەرماڵە و پەلە کردن لە دەرکردنی سیستەمێکی تایبەت بۆ ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان لە هەرێم لە یاسای بودجەی 2011 و 2012 دا بە ماددەیەك هەبوو بۆ مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و خانەنشینان، هەرەچەند حکومەت ئەڵێ مووچە و دەرماڵەکان وەکو بەغدای لێ هاتووە، بەڵام هێشتان هەست ئەکرێ جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان مووچە و دەرماڵەی ئێرە لەگەڵ بەغدا، بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆ مووچەی بەشی سەربازی هاوتا کردووە، بەڵام بەشی مەدەنی تا ئێستا هەموار نەکراوە کە هەندێکیان 200 هەزار دینار و شتێك مووچەیانە، کە ئەمە زۆر کەمە، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووریش باس لەوە ئەکات کە تەنیا مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی هاوسەرگیری و دەرماڵە وەکو بەغدای لێبێت و هەرچی دەرماڵەی ترە پێویستە ڕێنمایی تازەیان بۆ دەربچێ، تەنیا بدرێتە ئەو فەرمانبەرانەی کە شیاون و هەریەکەیان بە ڕێژەی بڕیکی دیاری کراو، واتە بەم پێیە بێت هاوتا کردنەکە ناچێتە بواری جێ بەجێ کردنەکەوە بەتەواوی، جگە لەوە هەندێ فەرمانبەر کە لە ساڵی 2003 فەرمانی دامەزراندنیان دەرچووە، بەڵام موباشەرەیان چۆتە ساڵی 2004، مووچەکەیان هەموار ناکرێت و گرفتیان هەیە، بڕیاری حکومەت ئەوەیە کە ئەوانەی لە 2003 لە سلێمانی دامەزراون مووچەکەیان وەکو ئەوانەی هەولێری لێ بێت، بەهەر هۆکارێك بووە مامەڵەکانیان دواکەوتووە و کەوتۆتە 2004، بۆیە ئەوانەش هەموار کردنی مووچەکە بیان گرێتەوە و بێ بەش نەکرێن، دیاردەی دوو ئیدارەیی هێشتان هەر هەستی پێ ئەکرێ، بۆ نموونە دائیرەی مین هێشتان هەولێر وسلێمانی نووسراوە، لەکاتێکدا ئەوتری هەموو دەزگاکان یەکیان گرتۆتەوە، وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان ڕاستەخۆ دەستەڵاتی خەرج کردنیان پێ بدرێت لە چوارچێوەی بودجەی ساڵانەی خۆیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، ئەولەویەت بدرێ بە دامەزراندنی گرێبەستەکان و مەرجی تەمەنیش بۆ ئەوانەی لە ساڵانی ڕابردوو بە گرێبەست دامەزراون لابدرێت، و ماوەی گرێبەستیان بە مەبەستی خانەنشینی هەژمار بکرێ، ئایا تا چەند ئەمە کراوە لە ساڵانی ڕابردوو؟ پێویستە لە لایەن نوێنەری حکومەت وەڵام بدرێتەوە، بودجەی سەرۆکایەتیەکان جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران پێشنیار ئەکەم بە ڕێژەی لە 10٪ کەم بکرێتەوە، هەروەها پێشنیار ئەکەین تەرخان کراوی سوودە کۆمەڵایەتیەکانی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە جگە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لابرێ و بڕی لە 10٪ لە کۆی بودجەی وەگەڕخستن جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران و پارەی پرۆژەکان دابشکێنرێن، و ئەوە کەم نەکرێتەوە بۆ ئەو لایەنانە بگوازرێتەوە و تەرخان بکرێ، پێشینەی خانووبەرە وەکو پێشوو باسمان کرد، بۆ گوندەکان 30 ملیۆن و بۆ شارو قەزاکان 25 ملیۆن زیاد بکرێ، و سلفەی زەواج بۆ 7 ملیۆن دینار زیاد بکرێ، تەرخان کردنی 100 ملیار دینار بۆ ئەو قەزا و ناحیانەی کە زەرەرمەند بوون لە سەردەمی ڕژێمی بەعس و ڕووبەڕووی وێرانکاری بوونەتەوە، وەکو هەڵەبجە و شارەزوور و هەوەرامان و پێنجوێن و پشدەر و چۆمان و ڕواندز، داواش لە نوێنەری حکومەت ئەکەم ڕوون کردنەوە بدات لەسەر شێوازی پێدانی ئەو پارەیە لە ڕابردوودا بۆ ئەو ناوچە زیان لێکەوتوانە، 100 ملیار دینار بۆ ئاوارە گەڕاوەکان لە تورکیا و ئێران کە ئەمساڵ 60 ملیاری بۆ تەرخان

کراوە، و داوا ئەکەم میکانیزمی دابەش کردنی پێشوو و سوودمەندبووان لەو 100 ملیارەی ساڵی ڕابردوو و 10 ملیارەکەی کە لە بودجەی ساڵی 2011 دا بۆ ئاوارە گەڕاوەکانی تورکیا و ئێران تەرخان کرابوو بۆمان ڕوون بکرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەتەوە کە چۆن سەرف کراوە، و چەند خێزان سوود مەندبوون لێیەوە؟ بڕی تەرخان کراویش بۆ ئەمساڵ لەسەر چ بنەمایەکە کە کەم کراوەتەوە؟ لەکاتێکدا تێبینی زۆر هەیە لەسەر میکانیزمی پێدانی پارەکە بە ئاوارەکان، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات ئەوا بە 10 ساڵی تر ئاوارەکان ئەو بڕە پارەیان پێنادرێت کە بۆیان دیاری کراوە، چەند خاڵێکی کەمم ماوە و کۆتایی پێ دێنم، چونکە تا ئێستا حکومەت ئەڵێ ئەوانەی ساڵی 91 هەموو پارەکەیان پێنەدراوە، ئەگەر وابێ بەراستی ئاوارەکان بەو شێوەیە بێت قەرەبوو ناکرێنەوە، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری ماڤ مرۆڤ ئەکەم کە گوژمەیەك بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان تەرخان بکرێ کە ئاوارەی ناو هەرێم بوونە و لە باروگوزەرانی خراپن، بودجەیەك بۆ کارەساتە کشتوکاڵیەکان دابین بکرێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیە جوتیارەکان، بودجەیەك بۆ ئەندامانی هەڵبژاردنەکان تەرخان بکرێ، زیاد کردنی مووچەی کەمئەندامان بۆ 300 هەزار دینار واتە لەو بڕە کەمتر نەبێ کە ماوەیەك لەمەو پێش ئەوان خۆپێشاندانیان کرد، و نوێنەری حکومەتیش بڕیاری دا کە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکرێ، زیاد کردنی مووچەی خانەنشینان بە شێوەیەك هیچ مووچەیەك لە 400 هەزار دینار کەمتر نەبێ، بەردەوام بوونی پێدانی قەرزی کشتوکالی و پیشەسازی و پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی کشتوکال و ئاودێری ئەکەم کە قەرزی کشتوکالی بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن، قەرزی پرۆژە ئاساییەکان 150 ملیۆن دینار بێ، قەرزی پرۆژە ستراتیجیەکان 500 ملیۆن دینار بێ، ئەو سێ ملیارەی تەرخان کراوە بۆ بەخشین بە ڕۆشنبیران پێویستی بە میکانیزمێکی گونجاوتر و ڕۆشنبیر تر هەیە وەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیریدا هاتووە، و ڕێکبخرێتەوە ئینجا سەرف بکرێ، بە تایبەت پێویستە ناوی سندوقەکە لە سندوقی داهێنانەوە بگۆڕێت، و پەیڕەوێکی بۆ دەربچێ لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەمەش لە یاسای بودجەی ئەمساڵ بە ڕوونی ئاماژەی پێ بدرێت، ژمارەیەك لە واریسی شەهیدان فەرمانی وەرگرتنی زەویان هەیە لە ساڵی 2009 ەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی زەوی ئیفراز کراو جێ بەجێ نەکراوە، کە ژمارەی ئەو خێزانانە نزیکەی 18 هەزار خێزانە، وەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان هاتووە، پێویستە ئەوانە زەویان پێبدرێت و چیتر لەو چاوەڕوانیە دا نەمێننەوە، داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بریتیە لە 8,4٪ کە ڕێژەیەکی نزمە بەرامبەر بە کاروچالاکیەکانی وەزارەتی ناوبراو، بۆیە داوا ئەکەم ڕوون کردنەوەی پێویست لەو بارەوە بدرێت، دوا خاڵم، ساڵانە جیاوازی هەیە لە نێوان داهاتی خەمڵێنراوی ناوخۆی هەرێم و دواتر بەرامبەر داهاتی فیعلی بەدەست هاتوو، ئایا داهاتەکان هەر ئەوەندەن کە ڕاگەیەندراوە؟ و هەموویان ئەگەڕێنەوە بۆ حکومەتی ئیتحادی یا نا؟ لە کۆتاییدا داوا ئەکەم کە موناقەشە و گفتوگۆیەکی میهەنی و مەزوعیانەی پرۆژە یاسای ئەمساڵ بکەین بە مەبەستی پێشکەش کردنی بە شێوەیەك لە خزمەتی خەڵکی کوردستان دا بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

**كاك دكتۆر پرسیارێكی برایانە، حیسابت كردووە ئەو زیادەی داوات كردووە ئەكاتە چەند؟ فەرموو كاك عبدالقادر**

**بەڕێز عبدالقادر اكرام**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**سەبارەت بە بودجەی گشتی دارایی ساڵی 2013 هەموومان ئەزانین كە بودجەی گشتی هەر وڵاتێك تەعامول كردنە لەگەڵ سامانی ئەو وڵاتە یان ئەو هەرێمە بۆ خزمەت كردنی هاووڵاتیانی، سەبارەت بە بودجەی ساڵی دارایی 2013 هەروەكو بزووتنەوەی چاكسازی توركمان و فراكسیۆنی چاكسازی توركمان ئەم تێبینیانەمان هەیە، یەكەم، پێشنیار ئەكەم كە ساڵی داهاتوو حكومەت هەڵبستێ بە كەم كردنەوەی عیجزی موخەتەت، كە لە ئێستادا بڕەكەی یەك ترلیۆن و شەسەد و هەشتا و چوار ملیار و نۆسەد ملیۆنە، ئەویش بە كەم كردنەوەی بڕی تێچوو بۆ شمەك و چاك كردنەوە و سوودە كۆمەڵایەتیەكان، و زیادە ڕەوی تێدا نەكرێ، چونكە نازانین پێشهاتە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستان چۆن ئەبێ، و ئەبێ حكومەت پارەی مەدەوەری هەبێ، بەڵام حكومەت 105 ملیار دیناری زیادە ڕۆیی كردووە لە ساڵی 2013 بۆ سلەع و خەدەمات و سیانە و مینەح و مەسروفات ئوخرا، خۆی ئەمە چیە؟ ئەوەی دووەم، داوا ئەكەم مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان هەروەكو حكومەتی عێراقی فیدرال بێ، چونكە ئێستا لەناو هەرێمی كوردستان قانونی بودجە بە دوو قانونە، یەكەم قانونی ژمارە 22 كە بۆ وەزارەتەكانە، دووەمیان قانونی 23 بۆ كارمەندانی پەیمانگاو زانكۆكانە، سێیەم، پێشنیار ئەمەم بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی تەندروستی بە دروست كردنی نەخۆشخانەیەكی مۆدێرن لە پایتەختی هەرێمی كوردستان، هەروەها داوا لە وزارەتی تەندروستی ئەكەم بە موراقەبە و تەقیم كردنی نەخۆشخانە ئەهلیەكان لە ڕووی سیعر و خزمەتەوە، هەروەها پێشنیار ئەكەم بە زیاد كردنی ڕێژەی كەرتی تەندروستی لە بودجەی ئەمساڵ، هەروەها زیاد كردنی ڕێژەی وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی تەندروستی، چوارەم، پێشنیاری حكومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوخۆ ئەكەم بە كەمكردنەوەی باجی تۆمار كردنی ئۆتۆمبێل و باجی موخالەفاتی كامێرای مروری كە بڕی پارەكەیان زۆرە و هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانی تووشی بار گرانی كردووە، پێنجەم، پێشنیار حكومەتی هەرێم و وزارەتی كشتوكاڵ ئەكەم بە زیاد كردنی بڕی تەرخان كراو بۆ پرۆژە پێشنیار كراوەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و ئاودێری، چونكە بڕەكەی كەمە، ئەویش 50 ملیارە، ئەمەش بەشی هیچ پرۆژەیەكی ستراتیجی ئەوە ناكات، هەروەكو ئێمە ئەزانین ئەوە تەقریبەن دوو ساڵە چەند بەنداوێكمان هەیە، وەكو بەنداوی ڕواندز و باوەنوور و گۆمەسپان، ئەوانە كولفەیان پێنج سەدو چل ملیارە، حكومەتی هەرێم ئەمساڵ فەقەت 50 ملیاری داناوە، ئایا ئەمە چۆن حەل ئەكرێ؟ یەعنی هەتا پێشنیاری ئەوەش ئەكەم حكومەتی هەرێم هەڵبستێ داوای قەرز بكات لە بانكە نێودەوڵەتیەكان، لە هەرێم كوردستان دا پێویستمان بە سایلۆی تر هەیە بۆ خەزن كردنی دانەوێڵە، چونكە داهاتی هەرێم لە دانەوێڵە لە گەنم و جۆ لەوانەیە بگاتە 500 هەزار تەن، بەڵام سایلۆكانی هەرێمی كوردستان تەنها ئەتوانن خەزنی**

250 هەزار تـەن بکـەن، یـەعنی بۆیـە داوا ئەکـەم پـرۆژە ڕاوەسـتاوەکانی سـایلۆکانی حـەریر و شـارەزوور و سلێمانی و بـەردەڕەش کـە لـەناو پرۆژەکـانی وەزارەتـی پیشەسـازی و بازرگـانی دایـە سـێ سـاڵە هیچیـان بـۆ نەکردووە، ئەمانە تەحویل بکرێن بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری، و هەروەها پاڵپشتی ڕاپۆرتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەکەم بۆ ئـەم مەبەسـتە، چـونکە ئـەم وەزارەتـە لـە موعانـاتی خـەزن کردنـی دانەوێڵـە ئـەزانن، حەفتەم، پێشنیاری حکومەتی هەرێم و وەزیری پلاندانان ئەکەم هەستێ بە تەقیم کردنـی ڕێـژەی تـەنفیز کراو لە پرۆژەکان، یان دەست پێ نەکردنی پرۆژەکان، یان تا ئێستاکە لە دیزاینە، یان ئەو پرۆژانانەی کە تا ئێستا دەستیان پێ نەکردووە کە لە پاش ئەوەی دەستی پێ کـردووە، بـەڵام لـە فـەترەی شـەش مانگـدا 25٪ ئیش و کارەکانی نەکردووە، یەعنی ئەم پارەی ئەم پرۆژانە یان بدرێتە پرۆژەیەکی تـر، یـان بگەڕێتـەوە بـۆ خەزینەی دەوڵەت، بۆ پڕکردنەوەی عیجزی موخەتەت، هەشتەم، پێشنیاری حکومـەتی هـەرێم و وەزارەتـی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەکەم بە دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاووڵاتیانی هەرێم، بە نیسەبت دامەزرانـدنی 15 هـەزار کـەس لـە هـەرێمی کوردسـتان پێشـنیاری دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی ڕاژە لـە حکومـەت و پەرلـەمانی کوردستان ئەکەم، هەروەها ئەبێ شێوەی دامەزاندن بگۆڕدرێت بەو شوێنانەی پەیوەنـدیان بـەو وەزارەتـەوە هەیـە، یـەعنی ئیحتیاجـاتی میلاکاتیـان بنێـرن بـۆ ئۆرگانێـك، ئینجـا خەڵکەکـەش یـەعنی تـەعیناتی خـۆی تەقـدیم بکـات بـۆ ئـەو ئۆرگانـە، و پێشـنیاری ئـەوەش ئەکـەم یەکـەمجار عەقـدەکان دابمەزرێنـدرێن، ئینجا لەپاشان ئەوانی تر بە گوێرەی ساڵی خدمـە، سـاڵی 2013 دووسـەد و چـل و دوو ملیـار دینـار دانـراوە بـۆ ئیحتیات، ئایا لە ساڵی 2010 ەوە تا ئێستا یـەدەگی حکومـەتی هـەرێم چـەندە؟ و ئایـا چـەندی لـێ سـەرف کراوە؟ لە ساڵی دارایی 2013 (515) پرۆژەی پێشنیار کراومان هەیە، داوا لە حکومەتی هەرێم ئەکەم ئەو پرۆژانەی کە گرنگیان پێوە دیارە یەکـەمجار ئـەوان ئـەوە بکـرێ، و هـەر پرۆژەیـەکیش هـەتا سـاڵێك لـەناو تەنـدەرین دایـە ئـەو پرۆژانـە بگەڕێندرێنـەوە بـۆ نـاو خـەرجی حکومـەت، پرسـیار لـە نوێنـەری حکومـەت ئەکەم، خەمڵێنراوی داهاتی باجەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2013 کـەمی کـردووە، 183 ملیـارە، بـە بەراورد بە پەسـند کـراوی سـاڵی 2012 کـە 233 ملیـارە، هـۆی چیـە؟ هـەروەها بـە داهـاتی خـەمڵێنراوی 2013 زیادی کردووە، کە( 476) ە بە بەراورد لەگەڵ پەسند کـراوی کـە( 243)یـە، هـۆی ئەمـەش چیـە؟ داوا لە حکومەتی هەرێم ئەکەم پێش کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی 2013 لەگەڵ لایـەنی حکومـەتی فیـدراڵی کۆ ببێتەوە لەسەر چەند پرسێك، یەکەمیان، لەسەر بودجەی پێشمەرگە کە لەساڵ 2007 ەوە هەتا ئێستا کە بڕەکەی زیاترە لـە حـەوت ترلیـۆن، دوو: زێـدە بـوونی خەرجـە سـیادیەکان کـە لـە سـاڵی 2007ەوە کـە بڕەکەی 15 ملیار بووە، بـەڵام ئەمسـاڵ بۆتـە 40 ملیـار، یـەعنی ئەمـەش زیـادە ڕەویـەکی بەرچـاوە، ئـەبێ حکومەتی هەرێم داوا لە حکومەتی فیدرالی بکات بۆ ئەم شتانە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك ئارام

**بەرێز ایوب نعمت(ئارام)**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لە لاپەڕە 6 ئاماژە بەوە کراوە کە بودجەی گشتی بەلگە نامەیەکی سیاسی و قانونیە و ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و چالاکی ئاینەدەی دەولەتە، لەم ڕوانگەوە بودجەی ساڵی 2013 هەڵدەسەنگێنین کە ئاراستەی بودجەی هەرێمی کوردستان ئاراستەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ کوێ ئەبات؟ خاڵی یەکەم، سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووری هەرێمی کوردستان جێگر نیە و تووشی قەیران بووە و سیستەمێکی تێکەڵە، ئەمەش لە داهاتوو زیان بە سیستەمی ئابووری ئەگەیەنێ، بۆ نموونە بۆ هەندێ وەزارەت بوار دراوە کە داهاتی وەزارەتەکان بۆ خۆیان بێت، ئەم سیستەمە لە پێش 100 ساڵ لە فەرنسا و تورکیا و مصر کاری پێکراوە، ئەم جۆرە سیستەمە قەبارەی خەرجیەکان زیاد ئەکات، ڕێژەی داهات و خەرجیەکان بۆ پەرلەمان ڕوون نابێت، بوار بۆ گەندەڵی ئاسان ئەکات، زیادە ڕەووی کردن کە سوودی ئابووری ئەوتۆی نەبێت وەك لە ماددەی 2 ی بودجەی 2013 دا کە چوار وەزارەت بەم ئاراستە کار ئەکەن، چونکە تەواوی داهات بۆخۆیانە، و لە 50٪ وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان داهات بۆخۆیان ئەبێت، بەم شێوەیە بڕوات زۆربەی وەزارەتەکان داوا ئەکەن کە داهات بۆ خۆیان بێت و دەستەلاتی سەرفیان هەبێت، کە ئەمەش سیستەمێکی سەرکەوتوو نیە، پاشان لە ماددەی 14 بڕگەی 2 و هەروەها ماددەی 37 جەخت ئەکاتەوە لە بنەمای جێ بەجێ کردنی بنەمای لامەرکەزیەت، بەڵام بە کرداری بنەمای لامەرکەزیەت بوار نادات ئەو بنەمایە جێ بەجێ ببێت، و صلاحیەتی سەرف ناداتە وەزارەتەکان و ئەمەش کاری وەزارەتەکانی پەکخستووە، خاڵی دوو، حکومەت لەکاتێکدا بودجە ئەنێرێ بۆ پەرلەمان، جگە لەو خشتانەی ئەینێرێ پێویستە کۆمەڵێك هاوپێچ پێشکەش بکات، هەروەك ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزارەتی عێراق ئەکرێت، بۆ نموونە خشتەی ڕێژەی ناردنە دەرەوەی نەوت و گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان، چونکە یەکێ لە سەرچاوە گرنگەکانی کوردستان نەوتە و لەو ڕێگەیەوە لیژنەکان بۆیان ڕوون ئەبێتەوە ئاستی ناردنە دەرەوەی نەوت و داهاتەکەی چەندە؟ خشتەی یەدەگی کاش کە چەند لە بانکەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، و هەروەها وردبینی چالاکی وەزارەتەکان، و ڕاپۆرت سەبارەت بەو یاسایانەی لە ساڵی 2012 دەرکراوە و کاریگەری لەسەر بودجەی ساڵی 2012 چەند بووە؟ خاڵی سێ، ئاراستەی بودجەی هەرێمی کوردستان ئاراستەی بە سەربازی کردنی کۆمەڵگایە، بۆ نموونە ڕێژەی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ زیاترە لە 30,36٪، کام ڕێژەیە زیاترە لە وەزارەت و دەستە خزمەت گوزاریەکانی هەرێمی کوردستان؟ وەزارەتی کارەبا، شەهیدان، کاروباری کۆمەڵایەتی، خوێندنی باڵا، کشتوکاڵ، دەستەی مین، ژینگە و مافی مرۆڤ کە ڕێژەکەیان بە هەموویانەوە 27,3٪یە، و ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ ڕێژەی میلاکاتی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش لە هەرێمدا 278380 میلاکاتی ئەو وەزارەتانەیە، کە نزیکەی یەك لەسەر سێی کۆی میلاکاتی فەرمانبەرانی هەرێم ئەگرێتەوە، و بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە پێی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی ناوەندی چوار ملیۆن و سێ سەد و چوار کەسە، لە هەر 15 هاوولاتی کوردستان یەکێك یا ئاسایشە یان پۆلیس، خاڵی

چوارەم، لە هەموو حکومەتێکدا کۆمەڵێك وەزارەتی بەرهەمهێن هەیە و ئەبنە هۆی داهات لەو حکومەتەدا، بەلاّم لە هەرێمی کوردستان دا تەواو پێچەوانە بۆتەوە، وەزارەتە بەرهەم هێنەکان ئەبێت حکومەت پارەیان بۆ دابین بکات، بۆ نموونە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، خەرجیەکەی یەك ملیار و دوو سەد و بیست و شەش ملیار و چوار سەدو بیست و حەوت ملیۆنە، بەلاّم داهاتەکەی بیست و سێ ملیار و نۆسەد و حەفتا و سێ ملیۆنە، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، خەرجیەکەی دووسەد و پێنج ملیارە و سەدو بیست و یەك ملیۆنە، بەلاّم داهاتەکەی شەش ملیار و نەوەد و پێنج ملیۆنە، خاڵی پێنج، حکومەتی بەعس تا ئێستاش خەڵکی کوردستان ئەکوژێت، بەلاّم بە بێ ئەوەی حکومەتی هەرێم پلانی هەبێ بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەم کارەساتە، ژمارەی قوربانیانی مین گەیشتۆتە چواردە هەزار و پێنج سەد کەس، و سی هەزار ئاژەلیش زیانی تەقینەوەی مین بووە لە کوردستان، بەلاّم لە بودجەی هەرێم کەمترین بایەخ دراوە بەم بوارە، کە ڕۆژانە ڕوو بەڕووی خەڵکی گوند و دێهاتەکانی کوردستان ئەبێتەوە، بودجەی تەرخان کراو بۆ دەزگاکانی مین تەنها لە( $0,25$٪) ە، خاڵی شەش، کار نەکردن بە ڕاسپاردەی ساڵی ڕابردوو، بۆ نموونە یەکەم ڕاسپاردەی ساڵی $2012$ پێویستە حکومەت لە بودجەی ساڵی $2013$ بایەخ بە وەزارەتی تەندروستی و کشتوکال بدات، بەلاّم بودجەی هەردوو وەزارەتەکە لە $7,96$٪ لە هەمانکاتدا بە تەنها بودجەی وەزارەتی ناوخۆ لە $11,70$٪ یە، کۆی ڕاسپاردەکانیش $27$ ڕاسپاردەیە، ئەمە ڕوونی ئەکاتەوە حکومەت بایەخ نادات بەو ڕاسپاردانەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە پێشنیار کراوە، لە کاتێکدا لە یاسای بودجەی ساڵی $2012$ بە پێی ماددەی $42$ حکومەتی پابەند کردووە کە کار بکات بۆ جێ بەجێ کردنیان، بەلاّم حکومەت بە پێچەوانەی ڕاسپاردەکان بودجەی $2013$ ی داڕشتووە، خاڵی حەوت، بە پێی ماددەی $30$ دەستووری عێراق پێویستە بیمەی کۆمەلاّیەتی دابین بکرێت بۆ هەموو خێزانێك، بە جۆرێك کە داهاتێکی گونجاوی هەبێت، هەروەها یەکێ لە بڕگەکانی بودجە بریتیە لە داد گەری کۆمەلاّیەتی، بەلاّم بودجەی $2013$ بایەخی بەم بوارە نەداوە، بۆ نموونە نەبوونی سندوقی دەستەی کۆمەلاّیەتی پێك نەهێنراوە، هەروەها کار نەکردن بە یاسای ساڵی $2004$ ی هەرێمی کوردستان، کە بیمە تەرخان ئەکات بۆ کرێکاران و کارگوزاران لە کەرتی تایبەت، لە کاتێکدا کە سێ سەدو شەشت ملیار و نۆسەدو نۆ ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ موساهەماتی ئیجتیماعیە، ئایا کە سندوقی بیمە دروست نەکراوە چۆن مامەڵە بەم پارەیە ئەکرێ؟ و کۆمەڵێك داهاتی تر هەیە بۆ سندوقی بیمەی کۆمەلاّیەتی، هەر لە یاسای بودجەی $2012$ لە ماددەی $2$ دەم ئەبێ حکومەت بە لە $30$٪ لە داهاتی ئەم سندوقە بەشدار بێت، و هەروەها داهاتی کارگوزار و کرێکار لە داهاتی لە $5$٪ و خاوەن کار لە $12$٪، ئایا ئەو هەموو داهاتە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەکری کە سندوقی بیمە تا ئێستا پێك نەهێنراوە؟ هەروەها ئەم داهاتە پێویستە بڕیار بدات بە زیاد کردنی مووچەی بیمەی کۆمەلاّیەتی، بەلاّم ئێستا حکومەت بڕیار ئەدات مووچەکان زیاد بکات، و خۆی مامەڵە بە پارەکانەوە ئەکات کە ئەمەش پێچەوانەی یاساکانە، خاڵی هەشت، لە ساڵی $2010$ەوە پرۆسەی تواناسازی جێ بەجێ ئەکرێ، و ساڵانە $120$ ملیاری بۆ تەرخان ئەکرێ، هەرچەندە چەندین سکالاّی قوتابیان سەبارەت بەم پرۆسەیە خراونەتە

ڕووو، هەروەها لە ڕاسپاردەکانی 2012 خاڵی (9، 10) داوا کراوە لە حکومـەت گۆڕانکاری بکات لـە شـێوەی جێ بـەجێ کردنـی ئـەم پرۆسـەیە، بـەڵام دەقـی ماددەکـە هەمووسـاڵ وەکـو خـۆی ئەنووسـرێتەوە، و هـیچ گۆڕانکاریـەکی تێـدا نـاکرێ، و ڕۆژ بـە ڕۆژ کێشـە بـۆ قوتابیـان زیـاد ئـەکرێ، بـۆ نموونـە پـارە گەیانـدن بـە خوێندکاران، هەنـدێ لـە خوێنـدکاران خوێندنەکـەیان هەڵوەشـێندراوەتەوە لـە ئـەنجامی ئـەوەی پارەکـەیان نەگەیشتۆتە زانکۆکان، و کەمی پارەی دیاری کراو بۆ قوتابیان، نەبوونی ڕێنمایی بۆ ئەو قوتابیانەی لەسـەر خەرجی خۆیان ئەخوێنن، خاڵی نۆ، پلانی دەستەی نیشـتەجێ بـوون نـەیتوانیوە کێشـەی نیشـتەجێ بـوون چارەسەر بکات، بەڵکو کۆمەڵێك خەڵکی کردۆتە سـەرمایەدار، سـاڵانە بڕێـك تـەرخان ئـەکرێت بـۆ دەسـتەی وەبەرهێنان کە لە 100 ملیار کەمتر نەبووە، و ئەمساڵیش لە ماددەی نـۆ لـەو 600 ملیـارەی دیـاری کـراوە پشکێك بۆ دەستەی وەبەرهێنان تەرخان ئەکرێ بۆ پرۆسەی نیشتەجێ بوون، بەڵام ئەم پلانە نەبۆتە هۆی ئەوەی کێشەی نیشتەجێ بـوونی کـرێ نشـینان چارەسـەر بکات، چونکە بـەهای خانووەکـان بـەرزە و تـەنها دەوڵەمەندەکان ئەتوانن بیکڕن و بازرگانی پێوە بکەن، و پێشێلکاری یاسایی ئەکرێ لەو بوارەدا، بـۆ نموونـە پاش ئیفراز کردنی زەویەکان ڕاستەوخۆ زەویەکان ئەفرۆشرێن کە هێشتا زەوین و بینایەی لەسـەر دروسـت نەکراوە، خاڵی دە، ئەو پلانەی کە ساڵانە حکومەت دایناوە بۆ ئەوەی کـە هاووڵاتیـان ڕوو ل کـەرتی تایبـەت بکەن بۆ دامەزرانـدنیان، لـە ڕێگـەی دابـین کردنـی مووچـە بـۆ مـاوەی پێـنج سـاڵ، و هانـدانی فەرمانبـەران بـەوەی کـە پـاش پـانزە سـاڵ خزمـەت کـردن ئـەتوانن خۆیـان خانـە نشـین بکـەن، ئـەم پـلان و ڕێنمایانـە هەموویان شکستیان هێناوە و نەیانتوانیوە ئەو فشارە زۆرەی سـەر حکومـەت کـەم بکاتـەوە، بـۆ نموونـە لـە وەزارەتی داد تەنها یەك فەرمانبەر داوای خانە نشینی کردووە و سێ فەرمانبەر داوای گواستنەوەی کردووە، و سـاڵ بەسـاڵ داخـوازی دامەزرانـدن لـە زۆربـوون دایـە و ئـەم سیاسـەتەش وا لـە خـەڵك ئـەکات ببێتـە کۆمەڵگایەکی بەکاربەر نەك بەرهەمهێن، بەشێك لە چارەسەر کردنی ئـەم کێشـەیە بـە جێ بـەجێ کردنـی یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی ئەکرێ، بەڵام تا ئیسـتا جێ بـەجێ نەکراوە، بە تایبەت لە ماددەی 9 جەخت ئەکاتـەوە لـەوەی ئەنجومـەنی وەزیـران پـەیڕەوێك ڕێکبخـات لـەو بوارە، بەڵام تا ئێستا ئەنجام نـەدراوە، چـونکە گـەر هاووڵاتیـان دڵنیـا بـن لـەوەی فەرمانبـەر و کرێکـارن لـە کەرتی تایبەت ئەتوانن بەشداری لە سندوقی بیمەی کۆمەڵایـەتی بکـەن و خزمـەتیان بـۆ حیسـاب ئـەکرێت ئەو کات هاووڵاتیان ڕوو لە حکومەت ناکـەن بـۆ داخـوازی دامەزرانـدن و کـەرتی تایبـەتیش ئەبووژێتـەوە و بەشێك لە کێشەی دامەزرانـدنیش چارەسـەر ئـەبێ، خـاڵی یـانزە، لـە سـاڵی ڕابـردوودا جـەخت کرایـەوە کـە داهاتی نەوت بخرێتە ڕوو بۆ پەرلـەمان، بـەڵام ئـەو داواکاریـە جێ بـەجێ نـەکراو ئێسـتاش شـێوەی خـەرج کردنـی ئـەو داهاتـە بـێ ئاگـاداری پەرلـەمان جێ بـەجێ ئـەکرێ، لـە کاتێکـدا بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان یەکێ لە ئەرکەکانی پەسند کردنی بودجەیە، هەروەها لە لاپـەڕە 2 ی ڕاپـۆرتی وەزارەتـی دارایـی ئاماژە بەوە کراوە کە حکومەت لە پاش پەسند کردنی بودجە سیستەم و ڕێنمایی خەرج کردن دەستنیشـان ئەکات، بەڵام ساڵانە پارەی داهاتی نەوت لە لایەن حکومەتەوە خەرج ئەکرێت و بێ گەڕانەوە بۆ پەرلـەمان،

ئەمەش پێشێل کارییەکی دیارە لە دەستووری پەرلەمان، بە پاساوی ئەوەی حکومەتی ناوەند ئەو بڕە بودجەیە لە ڕێژەی لە 17٪ ەکە نەبڕێ، بەڵام ئەمش پاساو نیە بۆ ئەوەی حکومەت بێ گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان ئەو داهاتە خەرج بکات،گەر پاساوەکەش ئەوە بێ سندوقی نەوت وگاز دروست نەبووە ئەوەش کارەساتێکی ترە، بۆچی ئەو سندوقە دروست نەکرا لە پاش 6 ساڵ لە دەرچوونی یاساکە؟ لە هەمان کاتدا حیسابێکی تایبەت هەیە بۆ ئەو داهاتانە، بەلاَم خەرج کردنی بێ گەڕانەوەیە بۆ پەرلەمان، کە ئەمەش ڕۆڵی پەرلەمان ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، بۆ نموونە پێش ئەوەی بودجەی ساڵی 2013 پەسند بکرێ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری زیاد کردنی بودجە ئەدات بە بڕی 110 ملیار لە پارەی داهاتی نەوت، کە ئەمەش لە دەستەلاَتی پەرلەمانە نەك ئەنجومەنی هەرێم بۆ نەوت و گاز، دوانزە، حکومەت نەیتوانیوە سیستەمی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ڕێکبخات، بۆتە بارێکی گران بەسر بودجەوە، تا ئێستا سندوقی خانەنشینی دەستەیەکی سەربەخۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سندوقە و یاسایەکی تایبەت بۆ ئەو سندوقە دیار نەکراوە، و ئەو سندوقە مووچەی خانەنشینی دیاری ئەکات و بڕیار ئەدات بۆ زیاد کردنی مووچەیان، و نابێ مووچەی خانەنشینی لە لایەن حومەت دابین بکرێ، ئەم بنەمایانە هەمووی لە کوردستان دا پێچەوانەی بنەما و یاساوە کاری پێ ئەکرێ، بۆ نموونە مانگانە ڕێژەی 7٪ لە فەرمانبەرانی کوردستان ئەبڕێت، کە لە ساڵی 2013 دا ڕێژەی فەرمانبەران گەیشتۆتە شەسەد و هەشتاو دوو هەزار و هەست سەد و چل و نۆ، ئەو پارەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێ؟ حکومەت بەشدارە لە موساهەمەی تەقاعودی بە ڕێژەی لە 12٪ ە، بۆ ساڵی 2013 ڕێژەی ئەو موساهەمەیە سێ سەدو شەش ملیار و نۆسەد و چل و پێنج دینار دیاری کراوە، ئایا ئەو پارەیە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا ئەکرێ ؟ لە کوێ دانراوە؟ و بەدەیان هەزار هاووڵاتی خانەنشین کراوە بەعەسکەری و مەدەنیەوە بێ ئەوەی بە پلەی وەزیفی یان عەسکەری تێپەڕ ببن، کە پێویستە مانگانە لە 7٪ بداتە ئەو سندوقە، بەلاَم حکومەت هاتووە بە بێ جێ بەجێ کردنی ئەم پرەنسیپە خانەنشین ئەکات و مووچەی خانەنشینیش وەرئەگرن، بۆیە حکومەت قەرزاری ئەم سندوقەیە، ئەبێ قەرەبووی ئەم سندوقە بکاتەوە، بۆ نموونە فەرمانبەرێك تا 15 ساڵ تەواو نەکات ناتوانێ ببێتە ئەندامی ئەو سندوقە، یان لیوایەك تا 45 ساڵ تەواو نەکات ئەو کات ئەتوانێ ببێتە ئەندامی ئەو سندوقە، سیستەمی خانەنشینی ئێستای حکومەت کەوتۆتە ژێربارێکی قورس و ئەبێ خۆشی تەحەمولی ئەو وەزعە بکات، خاڵی سیانزە، حکومەت لە بڕی ئەوەی سوود لە کۆمپانیاکان وەرگرێ بۆ خزمەت گوزاری بۆ خەڵك و بەهێز کردنی ئابووری کوردستان، بە پێچەوانەوە خزمەت بە کۆمپانیاکان ئەکات، بە ناوی ئەوەی گوایە یاسای وەبەرهێنان بەو شێوەیە، واتە پاساوەکەی بوونی یاسایەکە، لە کاتێکدا حکومەت زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ داوای هەموار کردنی ئەم یاسایە بکات، بە جۆرێك بێت کە سوود بە سامانی گشتی و خەڵك بگەیەنێ، نەك بە سەرمایە دارەکان، بۆ نموونە زۆربەی پرۆژەکانی دەستەی وەبەرهێنان بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە بازرگانیەکان کە سەربەکەرتی تایبەتن هەمووی، لە ساڵی 2013 بڕەکەی سەد و شەست و نۆ ملیار و پێنج سەدو بیست و نۆ ملیۆن دینار تەرخان کراوە، لە کاتێکدا ئەو

بڕە پارەیە ئەتوانرێ تەرخان بکرێ بۆ کۆمەڵە پرۆژەیەك بۆ کەرتی گشتی، خاڵی چوارده، لە ماددەی 10 یەمی بودجەی حکومەتی ناوەندی دا هاتووە، کە حکومەتی ئیتیحادی بڕێك پارە لە حکومەتی هەرێم ئەبڕێ بە هۆی ئەو زیانەی لە حکومەتی ناوەندی ئەکەوێت لە کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت کە لە کوردستان دا کار ئەکەن، بوار نەدان بە کۆمپانیاکان کەبێنە کوردستان زیانێکی زۆر بە هاووڵاتیان ئەگات لە بەرزی نرخی تێچوونی تەلەفۆن و ئینتەرنێت، لاوازی هێڵەکانی تەلەفۆن و ئینتەرنێت، چونکە زۆربوونی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت موناقەسە دروست ئەکات، ئەمەش ئەبێتە کۆمەڵێك ئیمتیازات بۆ هاووڵاتیان و کوالێتی هێڵەکانیش باشتر ئەبێت، خاڵی پانزه، ناهاوسەنگی لە بودجەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دا کە لە زۆربەی ساڵەکان لە ئاستێکدایەو پلان نیە بۆ دروست کردنی هاوسەنگی، بودجەی وەگەڕخستن بەردەوام لە ئاستێکی بەرز دایە و بودجەی وەبەرهێنان لە ئاستێك نزم دایە، بەلأم بە پێچەوانەوە لە حکومەتی ناوەندی هەمیشە کار کراوە بودجەی بەگەڕخستن کەم بکرێتەوە و بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکرێ، کە ئەمەش هاوسەنگی لە بودجەدا دروست ئەکات، بۆ نموونە بەگەڕ خستن لە هەرێم لە 68,52٪ ە، بەلأم وەبەرهێنان لە 31,58 ە، بەلأم لە حکومەتی عێراقی دا بودجەی بەگەڕخستن لە 60,19 یە، وەبەرهێنان لە39,81٪ ە ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو هاژە خان ،تکایە نووسینەکانتان ئەگەر بەر دەستە بیدەن بە وەزیرە بەڕێزەکان، چونکە کارئاسانی زیاترە بۆ ئەوان

**بەڕێز هاژە سلیمان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە من بە دوو خاڵی ئیجابی دەست پێ ئەکەم، یەکەم، بودجە زووتر لە ساڵأنی پێشوو هاتۆتە پەرلەمان بۆ ئەوەی کە پەسند بکرێ و خەڵك لە ڕێگەی ئەو پرۆژانە سوودی لێ وەرگرن، خاڵێکی تر ئەوەیە، بەراستی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی ئەمساڵ زۆر بە وردی هاتووە، و زۆر شت لە ناو ڕاپۆرتەکەدا شی کراوەتەوە، دەربارەی تێبینیەکانم لەسەر هەردوو ڕاپۆرتەکە، لە ڕاستیدا لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی تێبینیەکم هەیە ئەوەیە ئەوان وەکو لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بودجە دیارە ساڵأنە ڕایان هەیە لەسەر ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکان، بەلأم ئەمساڵ ڕایان نەبووە لەسەری، بۆ نموونە ئێمە پار چەند تێبینیەکمان دابوو لە تێبینیەکان نوسرابوو ئەمە پەسندە یان پەسند نیە، یان پێویست ئەکات کە حکومەت وەلأمی بداتەوە، بەلأم ئەمساڵ دیارە لەناو ڕاپۆرتەکەی ئەوان ئەو شتە بەدی ئەکرێ کە ڕایان نەداوە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر، و هەروەها پشتگیری لە هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەتان ئەکەم کە لەگەڵ ڕاپۆرتەکان هاتبوو، و هەموو ئەو تێبینیانە و پێشنیارانەی کە کردوومانە لە هەردوو لیژنەکە، دێمە سەر خاڵەکانی تر ئەوانەی کە تێبینی لەسەر بودجەی ئەمساڵ، دەربارەی مەسەلەی داهات بە شێوەیەکی گشتی دیارە تەئیدی لیژنەی دارایی ئەکەم کە دیارە ئەوانیش داوایان

کردووە لە ڕاپۆرتەکەیان کە دیارە ئەو داهاتەی گشتی کە هەمووی بە شێوەیەکی گشتی ئەگەڕێتەوە بۆ بەغدا ئینجا لەوێ 17٪ لێ ئەبڕێ، و تا ئێستا ئەوە ڕوون نیە بە شێوەیەکی بەرچاو، بۆیە واپێویست ئەکات حکومەت ئەوە ڕوون بکاتەوە کە داهاتی هەرێم بە داهاتی نەوتیشەوە چۆن ئەچێتە بەغدا دوایی ئەگەڕێتەوە؟ دەربارەی مسەلەی کورتهێنان، دیارە ئەمسالْ بە بەراورد لەگەلْ سالّی پار کورتهێنانەکە کەمترە، بەلاّم کورتهێنان هەر کورتهێنانە، و کورتهێنانیش مەترسیدارە لەسەر بودجە، بۆیە پێویستە کار بکەین بۆ چارەسەر کردنی، و لەناو مەسەلەی کورتهێنانەکە وەکو وتم هەرچەندە بڕەکەی کەمترە لە پارە، بەلاّم میکانیزمەکەی دیاری نەکراوە کە چۆن ئەو بڕە چارەسەر کراوە؟ دەربارەی مووچەی فەرمانبەران دیارە باس لە مووچەی فەرمانبەران ئەکەین کە مووچەی فەرمانبەران چۆنە لە هەرێمی کوردستان، و قورسایی خستۆتە سەر بودجە، بەلاّم لێرە بەرێزان کێشەیەك هەیە ئەویش پلە نزمەکان زۆر گلەییان هەیە کە لە مووچەکان، هەرچەندە جیاوازی هەیە لە هەموو عێراقدا، بەلاّم ئەکرێ حکومەتی هەرێم کار بۆ ئەوە بکات، چونکە بەراستی پلە نزمەکان مووچەکانیان زۆر کەمن، و ئەکرێ ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزینەوە، و دەربارەی مەسەلەی تەرفیع و عەلاوە، دیارە ئەوەش کێشەیەکی زۆر هەیە لە نێوان هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم، و هەندێ کەس هەیە پێنج، شەش سالّە دامەزراوە و پلەیەکی زۆر بەرزی پێدراوە، کە بەراستی ئەمە ناداد پەروەریە لە نێوان فەرمانبەران هەیە، پێویستە بە شێوەیەکی کۆتایی چارەسەر بکرێ لە لایەن حکومەتەوە، لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دیارە چەند وەزارەتێك ئەمسالْ ئەولەویەتی پێدراوە و بڕێکی باش تەرخان کراوە وەکو بودجە بۆی، بەلاّم ئەوەی کە تێبینی ئەکرێ و سالاّنەش قسەی لێ ئەکەین دیارە بە پێی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە چەندین نەخۆشی تووش بووە، بۆیە ئەبێ گرنگی بە سێکتەرەکانی تەندروستی بدرێ، بۆیە ئێمە سالاّنە داوا ئەکەین کە ستانداردی جیهانی بۆ مەسەلەی تەندروستی دابنرێ، بۆ وەزارەتی تەندروستی کە 7٪ ە، بەلاّم ئەمسالْ نەگەیشتۆتە ئەم ڕادەیە، و هیواداریین حکومەت بۆ سالّی داهاتوو کار لەسەر ئەمە بکات، دەربارەی جێ بەجێ نەکردنی هەندێ ماددە کە پار لە یاسای بودجەدا هاتبوو، وەکو ماددەی 35، 36 بەراستی ئەبێ کار لەسەر ئەوانەش بکەین، وەکو پێکهێنانی دەستەی دەست پاکی و دامەزراندنی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، دەربارەی ئەو پلە وەزیفیانەی ئەمسالْ دانراوە کە 15 هەزار پلەیە، بێگومان پار 17 هەزار بوو، بەلاّم دیارە ئەو میکانیزمەی ئێستا بۆ دامەزراندن بەکاردێ پێم وایە باش نیە و خەلّك گلەیی زۆرە لەسەر ئەو بابەتە، لەبەر ئەوەی هەندێ کەس هەیە تەقدیمی کردووە پێنج، شەش سالّە دانەمەزراوە، هەندێکیش ئەمسالْ تەخەروجی کردووە وەرگیراوە، بۆیە ئەمە چارەسەر ناکرێ تاکو یاسای ئەنجومەنی ڕاژە بە یاسای ژمارە 7 ی سالّی 2011 لە پەرلەمان دەرچووە دەست بە ئیش و کارەکانی بکات ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێ، لەسەر مەسەلەی ئەوەی هەندێ لە سێکتەرەکان پارەی بۆ تەرخان نەکراوە، پێشنیار ئەکەم کە هەولێر وەکو پایتەختی گەشتیاری 2014 دەستنیشان کراوە، پێویست ئەکات لە 2013 ەوە کار بۆ ئەوە بکەین کە لەسەر ئەو سێکتەرە ئیش بکەین، بەلاّم دیارە هیچ مەبلەغێك دیار

نیە لە بودجەی 2013 تەرخان کرابێ بۆ ئەوە، و بە تایبەت گرنگی دان بە شوێنە گەشتوگوزاریەکان، ئەوانەی لە هەولێرە، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم هەیە، بەراستی زۆر ئیهمال کراون، دەربارەی بودجەی وەبەرهێنان، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە لە لاپەڕەی 15، 16 ، 17، هەندێ وەزارەت هەیە پرۆژەی پێشنیار کراویان نیە، من پرسیار ئەکەم، ئایا ئەو دەستە و وەزارەتانە خۆیان داوایان نەکردووە یان بۆیان دانەنراوە، هەر بۆ هەمان مەبەست بەراستی ئەگەر بە نموونە بیهێنمەوە، دەستەی مین هەڵگرتنەوە، دیارە بە هۆی ئەو زروف و بارودۆخەی کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە مینێکی زۆر هەیە لە هەرێم، بۆ نموونە قەزای چۆمان دیارە من پەیوەندیم کردووە لەگەڵ قایمقام، داوایان کردووە کە پرۆژەیان بۆ دابین بکرێ بۆ هەڵگرتنەوەی مین، بەڵام پرۆژەکەیان لەبەر چاو نەگیراوە، بۆیە پێویستە ئەو پرسیارە وەڵام بدرێتەوە، دەربارەی کێشەی کارەبا بەراستی ساڵانە بە تایبەتی لە وەرزی زستان ئەبینین کێشەی کارەبا کەموکوڕی زۆری هەیە، ئەویش گرفت ئەوەیە تا ئێستا پێوەری زیرەك کە مەفروز بوو ئێستا دابمەزرێ، و ئەو سەرپێچیانەی کارەبا هەیە کۆنترۆل بکرێ، دیارە نەکراوە، بۆی بەراستی زۆر پێویستە ئەو پێوەرە دابنرێ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو مەترسیە، دەربارەی ئەو بڕە پارەی پار تەرخان کرابوو 100 ملیار دێنار بۆ قەزاو ناحیە و ئەو گوندانەی کە زیانیان لێ کەوتبوو لە سەر سنوورەکان، واتە میکانیزمی دابەش کردنی ئەو پارەیە دیارە پەیوەندی کردنم بەو قەزایانەی کە زۆر ڕوون و ئاشکرا نیە هەندێکیان 10 ملیاریان وەرگرتووە، هەندێك 7، بۆیە پێویست ئەکات ڕوون کردنەوەیەك لەسەر ئەو بابەتە هەبێت کە بە چ پێوەرێك ئەو پارەیە لەسەر ئەو قەزایانە دابەش کراوە، دەربارەی هەندێ لەو پرۆژە پێشنیار کراوانەی کە هەیە بەراستی هەندێ لەو پرۆژانە ئەوە ساڵی چوارەمە لێرە گفتوگۆ لەسەر بودجە ئەکەین، ئەبینین هەندێ لەو پرۆژانە تەسلیم کراوە و هیچ ئیلتیزامێکی نەماوە، ئەبینین هەموو ساڵێك مەبلەغێك تەرخان ئەکرێ بۆ ئەو پرۆژە پێشنیار کراوانە، یان پرۆژە بەردەوامەکان، ئێمە بە پێویستی ئەزانین حکومەت ئەمساڵ لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی کە بۆ حاڵەتی ناکاو دائەنرێت بڕێك تەرخان بکرێ بۆ ئاوارەکانی ڕۆژ ئاوا بە تایبەتی ئەوانەی کەمپی دووەم، بەراستی لە بارودۆخێکی زۆر خراپ ژیان بەسەر ئەبەن، لەسەر پاراستنی مافی کرێکار بەراستی ئەمەوێ قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەم، هەرچەندە پرۆژەیەکمان لە پەرلەمان هەموار کرد، پرۆژەی ژمارە 39 ی ساڵی 71، بەڵام دیارە بە پێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستن ئەو کرێکارانەی کە لە 2012 گیانیان لەدەست داوە ژمارەیان 58 کرێکارە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەناو یاساکە جێگایان بۆ نەکراوەتەوە، و ئەو کۆمپانیایانە ئەو هۆیانەی بۆ پێویستی سەلامەتی ئەو کرێکارانە بە باشی بەکاری ناهێنن، بۆیە پێویست ئەکات لە ڕێگەی وەزارەتی داراییەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، و داوا لە حکومەتی هەرێم ئەکەم کە زۆر بە باشی چاودێری پرۆژەکانی ئیستیسمار بکرێ، چونکە بەراستی ئەو پرۆژانە ئەبینین کەموکوڕی زۆریان تێدایە، پارەیەکی زۆر لە خەڵك وەرئەگیرێ، بەڵام ساڵێك نابات کەموکورییەکانیان زۆر بە باشی بەدەر ئەکەوێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو كاك كاروان

**بەڕێز كاروان صالح**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بە خۆشحاڵییەوە ئەمساڵ ئەبینم بودجەكە جیاواز لە بودجەی ساڵی پار و پێرار هەندێك ماندووبوونی بۆ كراوە، هیوادارین ئەو كەموكورتیانەی كە ماوە ئەویش چاك بكرێ، چونكە بەراستی زۆر ماوە بڵێین ئەو بودجە زۆر باشە، و هێشتان زۆر ماوە بڵێین عەدالەت گەیشتۆتە ئاستێك كە بتوانین هەموو خەڵكی هەرێمی كوردستان لەو بودجەیە سوود مەند بێ، هەندێ لە هاوكارانم باسی زۆر شتیان كرد، من دووبارەی ناكەمەوە، بەلاَم ئەوەی زۆر لام مەبەستە بەراستی ئەو بودجەیە كە دیاری كراوە، 65 ملیارەكە بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ، بەراستی ئەوەیان پێم وایە لە ساڵی پاریش پرۆژەی زۆر گرنگ ناوی هێندرا، وەزارەتی پلاندانان باسی 31 بەنداوی كرد كە هەندێكیان لە بواری جێ بەجێ كردنن، هەندێكیان لە بواری دیزاین دان، لەو بودجەیە نابینین لەسەر ئەم مەسەلەیە زۆر وەستابین، چونكە خۆتان ئەزانن ئێمە لە هەرێمی كوردستان ئەگەر ئەهمیەت نەدەینە بەنداوەكان كۆمەڵێك سەرچاوەی ئاوی سەر زەویمان ڕۆژانە بە هەدەر ئەڕوات، كە لە كۆمەڵێك ڕووبار و زێی بچووك، لە خابوورەوە بگرە كە 160 كیلۆمەتر بە ناو خاكی هەرێمدا ئەڕوات، لە زێی گەورە 473 كیلۆمەتر بە ناو خاكی هەرێم ئەڕوات، لە زێی بچووك 456 كیلۆمەتر بە ناو خاكی هەرێم ئەڕوات، هەروەها سیروان 386 كیلۆمەتر بە ناو خاكی هەرێم ئەروات، كەچی بەداخەوە تا ئێستا گلدانەوەی ئەو ئاوانە تەنها لە دوكان و دەربەندیخانە، ئەوانەی تا ئێستا وەكو پرۆژەی ستراتیجی ئەهمیەتێكی بەرچاوی پێ نەدراوە، و پێم وایە ئەو سەروەت و سامانە زۆر لە نەوت گرنگترە ئەگەر بە خەم وپلان و دڵسۆزی حیساب بۆ ئەم سەرچاوانە بكرێ، پێشم وانیە كە بەرێزتان ماوە ماوە باسی بەنداوەكان ئەكەن، بەلاَم هیچیش دیار نیە گەیشتۆتە كوێ؟ و ئەوانەی كراویشن بەراستی بەنداوی ستراتیجی نین، بۆیە گلدانەوەی ئەو سەروەت و سامانە باشە بۆ ئێمە لە هەرێم پێشكەوتنێكی گەورە و گەشە پێدانێكی گەورە بۆ هەرێم لە بواری جیا جیا فەراهەم ئەكات، هیوادارم ئەو بودجەیەی ئەمساڵ دانراوە بۆ وەزارەتی كشتوكال، پێم وایە كەمە، ئەبوایە ئاوەڕۆی ستراتیجیمان هەبوایە، دوو، سێ ساڵە باسی ئاوەڕۆی شەمامك ئەكەین، هەر ئەڵێین لە دیزاینە و هەر تەواو نەبووە، تا ئێستاش ساڵانە جەرگمان ژان ئەكات كە ئەو هەموو ئاوە كە مەزەندە ئەكرێ بە زیاتر لە 30 ملیار مەتر سێجا ئاو بە هەدەر ئەڕوات، لەبەر چی؟ دەیان دەشتی وەكو شەمامك و حەریر و شارەزوورمان هەیە، با بەرهەمی بێنین، با چیتر چاومان لە تەماتە و خەیار و شتی ولاَتانی دەرەوە نەبێ، ئێ خۆ ناكرێ لە بودجەیەكی ئاوا پرۆژەیەكی ستراتیجی ئاودێری نەكەن؟ بەنداوێكی ستراتیجی نەكەن، ئاخر ناكرێ ئێمە خۆمان خەرێك كردووە بەوەی كە بەراستی ئەبێ بودجەكە ساڵانە پرۆژەی ستراتیجی تێدا بێ، بۆ ئەوەی بتوانین ژیان بگۆڕین، بتوانین باری گوزەران لەو ولاَتە بگۆڕین، بتوانین بەروبوومی خۆماڵی والێ بكەین لە جیاتی ئەوەی هاوردەی بكەین، هەناردەی بكەین، من زۆر باس لە ژمارە ناكەم تەنها ئەوەندە ئەڵێم هەندێك لە

فەرمانگەکان مووچەکانیان دوا ئەکەوێ، لەگەڵ ئەو وەزارەتانە کۆ بووینەتەوە و دانیشتووینە، بەراستی ئۆباڵەکە ئەخەینە ئەستۆی وەزارەتی بەرێزت، چونکە بە هەموو لایەك چاودێری ئەو دواکەوتنەمان کرد هی زێرەڤانی و پێشمەرگە، هی فەرمانگە جیاجیاکان، لە هەموو شوێنەکان ئۆباڵەکە لەسەر ئێوەیە، بەشی پاسەوانی لە زێرەڤانی ئێستا مانگی یەکە، دوو مانگ مووچەیان وەرنەگرتووە، هی ساڵی $2012$، ئەگەر هەر خەلەلێك هەیە حەز ئەکەین بۆمان ڕوون بکەنەوە، چونکە بەراستی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و لەگەڵ فەرمانگەکان زۆر بەدوا داچوونمان کردووە، ئەم مەسەلە حەقیقەتە، دووساڵە ڕوودەدات، مووچە دوا ئەکەوێ، دێمەوە سەر ئەو دواکەوتنە، ئەویش تایبەتە بە وەزارەتەکەی بەرێزتان، مەسەلەی پێشینەی خانووبەرە و پێشینەکانی تریش، بەرێزان ئێمە لە ساڵی پار حکومەت و وەزارەتی داراییمان مولزەم کرد کە ئەو پێشینانە ڕانەگرێ، هیچ پاساوێك نیە، لەبەر ئەوەی ئەو پێشینەیە پارەیەکی مودەوەری هەیە، تۆ کۆمەڵێك ئیستیحقاقاتی ڕۆژانە و مانگانە و هەفتانە و ساڵانە خەڵك ئەو پارەیە ئەگێڕێتەوە بۆ خەزێنەی بەرێزتان، ئەو پرسە بۆ ڕائەگیرێ کە لە لایەك تۆ مولزەم کراوی بە فەقەرەیك لە فەقەرەکان لە یاسای بودجەی ساڵی $2012$، بە چ پاساوێك ئەو پارە ڕائەگری؟ هەفتەیەك ڕاتگرت لەبەر ئەوەی حیساباتت هەیە، دووت ڕاتگرت، ئەوە دوو مانگە ڕاتگرتووە، هاووڵاتی، دوایی لە لایەکی تر تۆ ئیلزام کراوی، بۆ ڕای ئەگری؟ کێ ئەو ڕێگایەی بە تۆ دایە؟ حەز ئەکەم لەو مەسەلەیە ڕوون کردنەوە هەبێ، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە تەماسی گەورەمان هەیە لەگەڵ ئەو بانکانە و هاووڵاتیان، ناکرێ  هاووڵاتی دوو مانگ لەبەر دەمی بانکێك ڕاوەستاوە کە ئیستیحقاقێکی خۆی هەبێ، ئەیەوێ خانوویەك دروست بکا، ئەیەوێ سوودمەند بێ بە پێشینەیەك، جوتیارێك، هەژارێك، ئەیەوێ سوودمەند بێ، بۆ ڕاتگرتووە؟ هیوادارم وەڵامێکمان بدەنەوە، و حەز ئەکەم وەڵامم بدەنەوە،

بەرێزان لە ساڵی پار باسی پێداویستیەکانی قوتابخانەکانمان کرد لە هەرێمی کوردستان، و بڕیار وابوو کە $500$ قوتابخانە بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، دڵنیام قوتابخانەیەکی زۆر لە بواری جێ بەجێ کردنن، و هەنگاوێکی زۆر باش نراوە، بەڵام ئێمە هێشتان پێویستیمان بەو بوارە هەیە کە بە شێوەیەکی زانستیانە درێژە بە نۆژەنکردنەوە و دروست کردنی قوتابخانەی نوێ بدەین، لەبەر ئەوەی تا ئێستا هەندێ لەو دێهات و شارۆچکانەمان لە دوو دەوامی و هەندێکیش لە سێ دەوامی هەندێکیشیان لە دووری ڕێگا لە گوندێك بۆ گوندێکی تر، هیواداریین ئەوەش بە هەند وەرگیرابێ، ئەوەی کە لە ساڵی پار بگەڕێمەوە سەری کە لە $2011$ هەشتا و چوار هەزار هاووڵاتی موستەفیدببون لە پێشینەی خانووبەرە، بڕیار بوو بۆ $2012$ نەوەد و شەش هەزار سوودمەند بن، پرسیارم ئاراستەی جەنابی وەزیر و وەزارەتە بەرێزەکەتان ئەوەیە ئایا ئەو نەوەد و شەش هەزارە سوودمەند بوون؟ بەرێزان ئەوەی کە گرنگە زۆر هەرچەندە ئۆتۆبان دەستی پێکردووە، بەڵام بەداخەوە زیاتر لە $50$ هەزار کیلۆمەتر یەك ئۆتۆبانی لەو هەرێمە نابینی، ئەگەر دەست پێکەکانیش تا ئێستا بە سارد و سڕی هاتبێ، موتابەعەمان کردووە خوشك و براکان لە لیژنەی ئاوەدان کردنەوە، جار جار گرفتی وا هەیە کە پێویست ئەکات حکومەت چارەسەری بکات، بە تایبەتی وەزارەتی

دارایی بەشێك لەو ئەركەی ئەكەوێتە سەر شانی خۆیان لە دواخستنی ئەو پرۆژانە، بەتایبەتی ئۆتۆبان و جووت سایدی ڕێگەی كۆیە، كە ئەبوایە قۆناغی دووەمیش ئێستا لە بواری جێ بە جێ كردن بوایە، و قۆناغی سێیەمیش هێشتا ماوە، و پێم وابێ زۆر دوا ئەكەوێ، نەخشەیەك و سیستەمێكی تازە، ئێمە زۆر گفتوگۆمان لەسەری كردووە، هەمووی هەر پارە نیە، كێشە لایەنی تر و فەنیاتی تری تێدایە لە قەرەبوو كردنەوەی جوتیار، لە قەرەبوو كردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەیە كە ئەو ڕێگا گشتیانەیان بەناو زەوی و زارەكانیان ئەڕوات، جار جار دوا ئەكەوێ، ئەوانە هەمووی كاری ئەوەن بەراستی ئەو كارانە بكەونە ئەوەی خۆیان، شتێك ماوە باسی بكەم ئەویش لە لایەن هەندێ خوێندكار كە زەمالە وەرئەگرن، ماوەی ساڵێكە نووسراو لەسەر وەزارەتی بەرێزتان و وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ڕێنمایی ژمارە 11 بۆ مەسەلەی سوودمەند بوونی ئەو خوێندكارانەی كە زەماڵەیان هەیە لەو موستەحەقاتەی خۆیان سوودمەند بن، بە داخەوە تا ئێستا كێشەیەكی زۆر هەیە، ئەمەوێ بە ڕاشكاوی بڵێم حەق وایە بە ڕوونی وەزارەتی دارایی، ئایا ئەوانەی كە زەماڵەیان هەیە، یان زەماڵەیان وەرگرتووە، یان بە جۆرێك لە جۆرەكان چوونەتە شوێنێك بۆ وڵاتێك لە وڵاتەكان، شمولیان ئەكات ئەو موستەحەقاتە یا نا؟ ئەگەر شمولیان ئەكات بۆ تاخیر كراون؟ بۆ ئەو مافەیان بۆ دابین ناكرێ؟ ئەزانن خەڵكێك هەیە بواری ئەوەی نیە كە ئیحتیاجاتی خۆی جێ بەجێ بكات، لە ماددەی 40 لە یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی دارایی 2012 بەرێزتان ئیشارەتان بە خاڵێك داوە كە وەزارەت پێوە پەیوەست دارە، دەركردنی پەیڕەوێكی یەكگرتوو بۆ دەرماڵەی فەرمانبەران، ئەوانەی لە فەرمانگەكانی هەرێم كار ئەكەن بە ئامانجی بەدیهێنانی عەدالەت و یەكسانی، نازانم ئەو پەیڕەوە و ئەو لیژنەی بەرێزتان كە جارێكی تریش ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر باسمان كرد، گەیشت بە كوێ؟ بۆ ئەوەی عەدالەتێك بەرپا بكەین لە ماف و لە دەرماڵە و لە مووچە و موستەحەقاتی كارمەندان لەو هەرێمە، بەدیهێنانی یەكسانی لە نێوان دەرماڵەی فەرمانبەران ئەوانەی ئێرە و هەرێم زۆر باس كرا، بەڵام ئەمەوێ بچمە سەر خاڵێك كە باس نەكراوە، ئەویش كورتهێنان و ئەوەی كە مووچەی هێزی پێشمەرگە هاوتا ناكرێ، ئەگەڕێینەوە سەر بەغدا، لە ساڵی 2007 ەوە تا 2012 ئۆباڵەكەی لەسەر بەغدا هەژمار ئەكرێ، پێم وایە با واز لەوە بێنین، ئەوە خەونە، قەت چاوتان بەوە ناكەوێ بەغدا ئەو پارە بدات، بۆیە ئەڵێم ئەبێ بەرنامەیەك و پلانێكی ترمان هەبێ، و ناكرێ هێزی پێشمەرگە باجی ئەو ململانێیە بدات، یان ئەو موستەحەقاتەی هەرێم هەیتی بەغدا نایدات، ئەوڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر پێویستت بە دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە هەیە، هێزی پێشمەرگە یەكبخەین، كۆمەڵێك كاری ترمان هەیە تا ئێستا لە كەمی مووچە، كەمی جل و بەرگ، كەمی خواردن، هۆكاری ئەوەن چاوی پێدابخشێنینەوە، پێشنیار ئەكەم بۆ وەزارەتی دارایی و هەموو ئەو بەرێزانەش لێرە دانیشتوون، بەراستی ئێمە هەموو ساڵێك دیار ئەكەین بۆ بەخشیشە حیزبەكان، زۆرینەی ئەو بەرێزانە حیزبەكانیان موستەفیدن لەو پارەیە، و یاساشی نیە، پێم وایە ئەگەر بەشەرعی لێكی بدەینەوە حەرامە، مامۆستا بەشیر لە كوێیە؟ ئەگەر بە قانون نەبێ، ئەگەر بە قانونیش حەلال بێ ئەوە قانونی نیە، بۆ وەری ئەگرن؟ با ئەو پارەیە ئەو ساڵ بلۆك بكەن، مەهێڵن بۆ ئەو

حیزبانە بڕوات، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو حیزبانە داهات و وەبەرهێنان و پرۆژە و مۆڵ و دوکان و بازاڕ و شەریکات و مقاوەلاتی هەیە، خۆی خۆی ئەژیەنێ، پێویستی بەو بودجەی تۆ نیە، پارەت نیە بۆ پێشمەرگە مووچەکەی چاك بکەی، پارەت نیە نەخۆشخانەی پێ دروست بکەی، حەق وا نیە چیتر باس لە شەفافیەت بکەین، کەس ڕێگا بەخۆی نەدا، لە قوتی ئەو خەڵکە ئەبەن بە بێ یاسا؟ دابەشی ئەکەن بە بێ یاسا؟ یان بلۆکی بکەن تا یاساکە دەرئەچێ، یان ئەوانە بۆ بوارێکی خزمەتگوزاری، بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری گرنگ سەرفی بکەن، چیتر لەو مقۆ و مقۆیە نەمێنینەوە، هەموومان وەری ئەگرین، بەلاّم ناشەفافیشە، زۆریشە، کەمیش ئەڕوات، ئێ باشە وەرمەگرە، کەمە، زۆرە، خراپە، باشە، با وەرینەگرین تا یاساکە دەرئەچێ، ئەوکات بە پێی پێوەر هەر لایەك موستەحەقاتی خۆی وەرئەگرێ، ئێستا خەڵکێك وەریئەگرێ زۆر وەرئەگرێ، لە خۆی زیاتر، خەڵکێکی کەم وەرئەگرێ، پێشنیار ئەکەم بۆ ویژدانی هەموو پەرلەمانتاران ڕێگایەك هەڵبژێرن بۆ سەرف نەکرنی ئەو 200 ملیارە، بە هیچ شێوەیەك نە قانونیە و نە شەرعیە، و نەویژدانی کەسیش قبوڵی ئەکات، ئەو پارەیە بخرێتە پرۆژەیەکی ستراتیجی زۆر گەورە و بۆ ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە، بۆ هەرچ موستەحەقات هەیە لەو هەرێمە بۆ هاووڵاتیان سەرف بکرێ باشترە لەوەی حیزبەکان بیخۆن و بە حەلال کە حەرامە لە ئەصلدا، بەرێزان خاڵێکی تر هەیە هاووڵاتیانی بەرێز زۆر سەردانی پەرلەمان ئەکەن و پەیوەندیمان پێ ئەکەن لەسەر ئەوەی هەندێ هاووڵاتی هەیە زیاتر لە 30 ساڵە سوودمەند بووە لە پێشینەی خانووبەرە، هیچ ڕەوا نیە پاش 30 ساڵ پیاووەکو مردووە و ژنەکە ماوە، بەعەکسەوە، من لە بەرێز دکتۆرە ڕۆژانیشم پرسی و وابزانم لە یاساکە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی بەرێزتان مخەوەل کراوە بە تەعلیمات، هەندێ تەعلیمات هەیە کە چاو بخشێنێتەوە کە هەندێ خەڵك هەیە سوودمەند بێ، برادەرینە پێشی 92 و 93 خەڵك هەیە زەوی وەرگرتووە بە 5 وەرەقەی فرۆشتووە، بۆ موستەفیدە؟ بە تایبەتی کەس و کاری شەهیدان؟ لە بواری ململانێ سیاسیەکان خەڵك خوا خوای بوو بگاتە وەرەقەیەك بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی خۆی پێ دابین بکات، زۆرینەی ئەو خەڵکانەی موستەفید بوون بە 5 وەرەقە و 10 وەرەقە و کەس نەیگەیاندۆتە 20 وەرەقە زەویەکانی فرۆشتووە، ئێستا تۆ بە موستەفیدی ئەزانی، پێشینەی خانووبەرەی وەرگرتووە هی زەمانی صەدام حسین، دایکی یان باوکی وەریگرتووە، ئێستا تۆ بە موستەفیدی ئەزانی، پێم وایە ئەوانە پێویستی بەوە هەیە بۆ ئەو مەزوعە و عەدالیەتەی بەرێزاتان باستان کرد، بۆ ئەوەی بمانەوێ جارێکی تر یاسا سەروەر بێ هەموو لایەك لەو بودجەیە و خێر و بێری ئەو بودجەی سوودمەند بن ئەتوانین بە یەکەوە چاوێك بە هاووڵاتیە هەژارەکانی وڵاتەکان دا بخشێنینەوە، و ئەوەی کە گرنگیشە لێرە من دووپاتی ئەکەمەوە لەسەر ئەو 200 ملیارەی کە بۆ بەخشیشی حیزبەکان ئەڕوات، ئەو ساڵ ئێمە ڕای تایبەتمان هەیە، کۆمەڵێك پەرلەمانتاریش قسەمان لەسەر ئەو مەسەلەی کردووە، یان بلۆك بکرێ تا یاساکەی دەرئەچێ، یان هەر لەو پەرلەمانە بکرێ بە پرۆژەیەکی باش، بکرێ بە خێر و بێر بۆ ئەو میللەتە، بکرێ بە بودجەیەکی تایبەت بۆ بارێکی نا ئاسایی

نێوان ئێمە و هەرێم کە ئێستاکە پێم وایە ڕۆژێ لە ڕۆژان ناتوانین ئەو موستەحەقاتە جێ بەجێ بکەین ئەگەر لە ئێستاوە خەمی بۆ نەخۆین، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشەکی ئێمە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی پشتگیری لە هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ڕاپۆرتی لیژنەکان ئەکەین بەراستی ماندووبوونێکی زۆری لیژنەکانی پێوە دیارە، هەوڵیان داوە ئەو خاڵانە بخەنە بەرنامەی کارکردنیان لە ناو لیژنەکان دا، هەستیان پێ کردووە و درکیان پێ کردووە و ئەیانەوێ چ وەکو پرسیار، چ وەکو پێشنیار وەڵامیان دەست کەوێ، هەروەها ئەمساڵ ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆش بەختانە لە چاو ڕاپۆرتی ساڵانی پێشوو زۆر بابەتیانە، زۆر بە ئەرقام، زۆر بە داتە، باسی بودجەکەی کردووە و دەستنیشانی گیروگرفتەکانی کردووە، کە پێم وایە زۆربەی زۆرمان ئەزانین گیروگرفتە سەرەکیەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە ناتوانین ئەو کێشەیەی هەمانە چارەسەری بکەین، دەست خۆشیتان لێ ئەکەم بۆ ئەم ڕاپۆرتە بە تایبەتی کە بە ژمارە، هەموو ئەو بابەتانەی تێدایە کە بودجە چ لە ساڵانی پێشوو و چ لە ئەمساڵیش چۆن ئاراستە کراوە، کۆمەڵێك پرسیار کە لە لای ورووژاو ئەتوانێ وەڵامەکانی وەربگرێ، دەست خۆشیتان لی ئەکەم، ئەمە شتێکی تازە بوو بۆ ئێمە، هاوکاریشی کردین بەراستی، بۆ وڵاتێك وەکو ئێمە، وڵاتێك وێران، کە بە دەستی ئەنفال و ئەنقەست وێران کرا چەندین ساڵە، لە 2003 ەوە ئێمە باسی تەئریخەکە بکەین کە ئیتر بودجەیەکی ئەوتۆمان هەبووەکە بتوانین وڵاتەکەمانی پێ ئاوەدان بکەینەوە تۆزێك، ئەوانەی ساڵانی پێشوو پێم وانیە ئەو بودجەیە بێت کە بتوانین ئەو خەونەی بۆ ئاوەدان کردنەوە هەمانە جێ بەجێی بکەین، بە پێی ئەو دیراساتانەی کە کراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بنیاتنانی ژێرخانێکی ئابووری پتەو و هەمەلایەنە لە هەموو بوارەکان پێویستی بە 33 ملیار دۆلار هەیە، بەس بۆ ئەوەی وەکو بناغەیەك دابنرێ، بۆیە ئەڵێین بەڵی بودجەکەمان سنووردارە، سنوورداری کردنەکەشی ساڵ بە ساڵیش ئێستا تەعەدا لە خەڵکی کوردستان ئەکرێ بەوەی ساڵانە بە ئەنقەست، بە دەستی ئەنقەست نەفەقاتی سیادی و حاکیمە زیاد ئەکرێ، ئەمە مەفروزە حیسابی ئەو ئیتیفاقیانەی کە ئەکرێ لە 17٪ بودجەکە وەرگرین کامیلەن، بەڵام نەفەقاتی سیادی و حاکیمەت لێ ئەبڕن بێ ئەوەی پارەی پێشمەرگە بدەن، نەفەقاتی سیادی و حاکیمەت لێ ئەبڕن بێ ئەوەی بڕە پارەکانی کە پێویستە بدرێتێ 100٪ وەك لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دا هاتووە کە لە هەندێ بواردا نەگەیشتۆتە لە 20٪، بۆ ئێمە قبوڵ بکەین؟ بۆ نوێنەرانی ئێمە لە ئەنجومەنی نوێنەران قبوڵی ئەوە بکەن ساڵانە ئەم بڕانە زیاد بکات و نەدرێ بە هەرێم؟ وەکو لێمان ئەبڕن لە کۆی گشتی بودجەکە مەفروزە لە 100٪ پارەکە بدەن، بۆیە لەسەر ئەنجامی ئەوە داوا لە حکومەت ئەکەم کە بەراستی پلانێکی ڕوون و ئاشکرای

هەبێ بۆ ئـەوەی ئێمـە سـەربەخۆیی ئـابووری بەدەسـت بێـنین، بـە بـێ بـوونی ئـەم سـەربەخۆیی ئابووریـە هەموو ڕۆژ ئەکەوینە ژێر هەڕەشە، جگە لەوەی کە لە بڕی 17٪ لە 10,3٪ وەرئەگرین، کە ئەمساڵ وابوو، هەموو ڕۆژێکیش ئیمـزا کـۆ ئەکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەوەش کـەم بکرێتـەوە، چاویان هەڵنایـە بـەو ئـاوەدان کردنەوەی لە هەرێم هەیە، چاویان بەو ئاستە ئابوورییەی هەرێم هەڵنایە، بۆیە ڕۆژانە هەوڵی ئەوەیانە کـە نوێنەرانی هەندێ حیزب و لایەن لە عێراق دێن باسی کەمکردنەوەی بودجە ئەکەن، ئێمە لەم پەرلەمانـە ئەبێ داوا لەحکەمەتی خۆمان بکەین و پشتگیری لـە حکومـەت بکـەین کـە ئـەبێ ئـەو لـە 17٪ یـە خۆمـان بەدەستی بێـنین، بـەو پلانـەی کـە حکومـەت ئـەبێ دایبڕێـژێت، زیـاد کردنـی داهاتـەکانی نـاوخۆیی ئـەویش پاڵپشت ئەبێ بۆ ئەم بودجەیە، و داوا ئەکەم لە وەزارەتی دارایی بە تایبـەتی سـاڵانە خەملانەکـەتان راسـتە خەمڵاندنە، من تێ ئەگەم کە خەمڵاندنە، و ڕەقەمە راستەکان لە ناو ژمێـرەی کۆتاییـدا دیـار ئەکـەوێ کـە چەندتان داهات بە دەست هێناوە، بەڵام داوا ئەکەم بۆ ساڵانی ئایندە ئەو ژمارەی خەمڵاندنەی کە ئەینێرن نزیك بێ لەوەی کـە بەدەسـتان هێنـاوە لـە سـاڵانی پێشـوو، نزیـك بێـت، واقیعیـەتێك هـەبێ لـە نێـوان ئـەو خەمڵاندنە و ئەوەی بە دەست هاتووە لە ساڵانی پێشوو، لێرەوە داوا لە حکومەت ئەکەم پابەند بێ بە جـێ بەجێ کردنی بڕیاری پایتەخت کردنی سلێمانی وەکو پایتەختی ڕۆشنبیری، ئـەوەی کـە سـەیرم کـردووە لـە ناو بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری بێگومان حیسابی ئەوە کراوە، بەڵام بە پایتەخت بوونی ڕۆشـنبیری شـاری سلێمانی پێویستی بە ژێرخانێکی ڕۆشنبیریش هەیە، داوا لـە حکومـەت ئەکـەین لـەو داهاتانـەی هەمانـە لـە ناوخۆ، بڕە پارەیەکی زۆر باش تەرخان بکات، هەوڵ بدات ساڵانە بە پێی زۆر بوونی پێداویستیەکە و تەواو بوونی ژێرخانە ئابووریەکە ئەم کارەش بکات کە هەندێ کاری جدی ئەوێ بۆ ئەم بابەتە، بـۆ سـاڵی سـێیەم خۆشبەختانە دەست خۆشـی لـە حکومـەتی هـەرێم ئەکـەین کـە ئەمسـاڵیش لـە نـاو بودجـە کـە دانـراوە لـە وەبـەرهێنان شەسـەد و سـی و پێـنج ملیـار بـۆ وەزارەتـی ئـاوەدان کردنـەوە کـە ڕێگاوبـان ئەگرێتـە خـۆی، هەروەها دووسەد ملیاری دروست کردنی خانووەکانی نیشتەجێ بـوون بـۆ خـەڵکی کەمدەرامـەت، کـە ئەمـە بەراسـتی زۆر زۆر ڕەنگدانـەوەی باشـی ئـەبێ بـۆ ئـەو خەڵکانـەی کـە کرێچـین و کەمدەرامـەتن، بەراسـتی پرۆژەکانی نیشتەجێ بوونی ئێستا هەیە لە ئاست تواناکانی ئەوان نیە، ئەم زیاد کردنە لە بوارەکـانی تـەنها ئاوەدان کردنەوە نیە، بە پێی ئەو ڕێژانەی کە لەبەر دەستی ئێمەی ئەندام پەرلەمانان دایە منـیش پابەنـد نابن، داوای لێبوردن ئەکەم، منیش وەکو ئەندامانی تر پابەند نابم، چونکە کـاتێ ئیتیفـاقی جەنتلمانـەمان کردبوو بۆ پێنج دەقیقە پابەند ئەبووم، بەڵام کە ئەوانەی پێشتر لە من ئیتیفاق نەکرابوو، من قسەی خۆم ئەکـەم، ئـاخر بـۆ هەنـدێ دەنگـم گـوێ لێیـە، پرۆژەکـانی وەبـەرهێنان ئەوانـەی کـە تـەرخان کـراوە ئێمـە پشتگیری لێ ئەکەین، بە تایبەتی بـۆ خزمـەتگوزاری شـارەوانی کـە ئـاوی پـاك و ئـاوەڕۆ لـە خـۆ ئـەگرێ بـۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە یەك ترلیۆن دینارە، کە لە 19,48٪ ی ئەو بودجەیە لـە خـۆی ئـەگرێ، ئاوەدان کردنەوە وەکو باسم کرد ڕێگاوبان و کەرتی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت کـە شەسـەد و سی و پێنج ملیارە کە لە 12٪ ی ئەو بڕە پـارەی کـە بـۆ وەبەرهێنانـە، کارەبـا پێـنج سـەد و بیسـت ملیـار

دینار که له 9,77٪ ه، پەروەردە دووسەد و پەنجا و چوار ملیار دینار که 4,76٪ ه، ئاوا ژمارەکان هەمووی هاتووە لە ناو ڕاپۆرتی لیژنی دارایی، و وەزارەتی داراییش باس کراوە، بۆیە ئاراستە کردن و سیاسەتی ئاراستە کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی کرایە ئەولەویاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەردەوام بوون لەو سەقام گیریەی که هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر لای هەندێك وایە ئەمە کارێکی خراپە من دەست خۆشیان لێ ئەکەم لەبەر ئەوەی ئەو سەقام گیریەیە وای کردووە که ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەو مەترسیانە دووربێ کە ڕۆژانە چاومان لێیەتی، و داوا ئەکەین لە حکومەتی هەرێم ئەو ئیهتیمامەی ئەیدات بە هەرێمی کوردستان هەمان ئیهتیمامیش لە ڕووی ئاسایش و سەقام گیری و بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان فەراهەم بکات بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانەش چیتر ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو تەقینەوانە نەبن، ئاسایش زۆر گرنگە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان، ئەگەر هیچ کەسێك هەست بە ئارامی و سەقامگیری و ئاسایش نەکات لە ماڵەکەی خۆشی نایەتە دەرەوە، وڵاتیش ئاوەدان نابێتەوە، گلەییەك هەیە پێم وایە لە لایەن لیژنەی تەندروستیشەوە باس کراوە کە من دەنگم ئەخەمە پاڵ دەنگیان و داوا لە حکومەت ئەکەم لە هەرچ برە پارەیەك کە لەبەر دەستیدایە، ناوی ئەنێن بودجەی تەکمیلی، ناوی ئەنێن داهاتی تر، دەعمی کەرتی تەندروستی بکات، بە تایبەت کە ئەوان بڕیاریان داوە کۆمەڵێك نەخۆشخانەی تایبەتمەند بۆ نەخۆشی تەلاسیمیا و نەخۆشیەکانی شێرپەنجە و ئەم سەنتەرانەی کە زۆر تایبەتمەندن، خەڵکێك هەن بە دەستیەوە ئەناڵێنن، بۆیان تەرخان بکەن، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە نەخۆشە چیتر لە دەرگای هیچ کەسێك نەدات بۆ عیلاج، من داوا ئەکەم حکومەت راستەی ئەو پارەی خەملاندوویەتی و ناردوویەتی باس لە خەرجیەکان ئەکات، داوا کارم هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ ئەوەی ئەو خەرجیانەی ئەزانن زیادە ڕەویە کەمی بکەنەوە، حاڵەتێکی تەقەشوف لە ناو خەرجیەکاندا دروست بکەن، راستە هەموو کورتهێنانەکی ناتوانین پێ پڕبکەینەوە، بەڵام بەشێك لە کورتهێنانەکەی ئەتوانین پڕ بکەینەوە، ئێمە کۆمەڵێك موستەحەقاتمان هەیە، بە تایبەتی هی پێشمەرگە، ئەگەر ئێمە ئەو موستەحەقاتانە بەدەست نەهێنین پێویستە حکومەتی هەرێم لە بودجەی تەکمیلی ناو دەنێن هەرچی ناوێکی هەیە بار و گوزەرانی هێزی پێشمەرگە بە تایبەتی ئێستا، ئەمڕۆ ئەوان لە سەنگەرێك دان دیفاع لە ئێمە ئەکەن بەرامبەر ئەو هێزانەی کە ئەیانەوێ ئارامی و سەقامگیری ئەم وڵاتەمان لێ تێك بدەن، هەروەها پشتگیری لەو هەموو قەرزانە ئەکەم/ چونکە کاتێ سەیری ئەمانە ئەکەم، ئینجا ئەزانم ئەو برە پارانە لە کوێدایە، ئەگەر لە ساڵێك دا پەنجا و یەك هەزار کەس سوودمەند بووبێ لە خانوو دروست کردن یەعنی 51 هەزار خانوو دروست بووە، ئینجا حیسابی خۆت بکە چەند پارە چۆتە ناو بازاڕەوە، چەندی کەوتۆتە کار، ئەوەیە لەسەر ئەساسی داتا ئەبێ قسە بکەین لەوەی پارەکان لە کوێیە و چۆتە کوێ؟ دووپاتی ئەکەمەوە پشتگیری تەواوی لیژنە کشتوکاڵ ئەکەم، لیژنەی کشتوکاڵ ئاماژەی بە بابەتێك داوە کە ئایندەی هەرێمی کوردستانی لەسەر بەندە، گرنگی دان بە بواری کشتوکاڵ، من ناڵێم بە ساڵێك و دوو ئەبێ، بەڵام حکومەت جارێکی تر ئەیلێمەوە ئەو داهاتانەی کە هەیە، یان تەقەشوف ئەکات لەخرجیەکان، یان هەرچی

بڕە پارەیەك دێتە دەستی ئەمجارە بۆ ئەو پرۆژە ستراتیجیەی بەنداوەکان تەرخانی بکات، گلەیەکم هەیە ئەوەشم لی قبوڵ بکەن، وەجبەی دووەمی زیندانیانی سیاسی هێشتان فەرمانیان بۆ دەرنەچووە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، هەموو پشتڕاستکردنەوەیەکیان بۆ کردووە لە لایەن فەرمانگەی زیندانیانی سیاسی، بەلاً/ تا ئێستا ئەو وەجبەی دووەمە قائیمەکەیان ئیمزا نەکراوە، من داوا ئەکەم لە حکومەت ئەوە یاسایە لە پەرلەمان دەرچووە، ئەبێ پابەند بێ پێوەی، و وەجبەی دووەم ئەوانەی پشت ڕاست کراونەتەوە فەرمانیان بۆ دەرچێ، من جارێکی تر ئەیلێمەوە، چونکە ئەوەی ئەیبینم ئەیلێم، من دەست خۆشی لە حکومەت ئەکەم بە زیاد کردنی سەر مووچە، لەسەر مووچەکەیان، ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە 110 ملیار دینارەکە بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان، دەست خۆشیتان لێ ئەکەم حکومەتی هەرێم، و ئەوەی من ئاگادارم پێم وایە هەمان بڕە پارە دانراوە بۆ ئەو سندوقەی ئەمساڵ لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارمان لەسەر دا (سندوقی شێرپەنجە و تالاسیمیا) کە هەموو ساڵێکی تالاسیمیا عیلاجی 100 هەزار دۆلارە، دەست خۆشیتان لێ ئەکەم، بودجەکە بۆ خێری ئەو کەسانەیە کە بەراستی پێویستیان پێی هەیە، کاتێك کە بودجەی دەستەی مافی مرۆڤ دانراوە هێشتان سەرۆکی ئەم دەستەیە دەست نیشان نەکرابوو لە پەرلەمان، سوێندنی نەخواردووە، بەلاًم دەست نیشان نەکرابوو پاش ئەوە  ئیقرار کرا، بودجەیان دانرابوو، بەلاًم زۆر کەمە، بوارەکانی مافی مرۆڤ یەکێکە لەوانەی کە زۆر زۆر گرنگە، ئەبێ گرنگی پێ بدرێ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو بڕە بودجەی بۆ ئەوان دانراوە بەس بەشی ئەو خەرجی ڕۆژانەیان ئەکات، وەکو مەعاشی موەزەفەکانیان، بەلاًم ئەوان پێویستیان بە بودجەی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی کارەکانیان بە تایبەتی لە بەدوا داچوون بۆ ڕاپۆرتی مافی مرۆڤ و ئەوانە زۆر پێویستە، لێرەوە هیوادارم بودجەی هەرێم کە ئەوە دواین بودجەیە لەم خولەدا پەسندی ئەکەین، ساڵانە وە زیاتر بۆ خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێم و بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات بێ، زۆر سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەگەر بە چاوێکی وردبینانە و واقیعیانە سەیری ئامادە کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمساڵ بکەین چەند راستەیەکمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە حکومەت پێش ماوەی یاسایی خۆی پرۆژەی بودجەی ناردە پەرلەمان، چونکە بە گوێرەی ماددەی 38 لە یاسای بودجەی ساڵی 2012 حکومەتی هەرێم ئەبێ لە دوو هەفتە تێنەپەڕێ، دوای ئەوەی بودجەی حکومەتی عێراقی پەسند ئەکرێ بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکات، ئەمەش وەختێکی زۆر ئەخاتە ژێر دەستی حکومەتی هەرێم و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و وەزارەتەکان کە لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکاندا، لە وەگەر خستن و بەکارهێنانی بودجە دەستیان کراوە ترو، پەراوێزی کات زیاتر بێ، چونکە ساڵانی ڕابردوو بودجە لە مانگی شەش پەسند

ئەكرا، جێ بەجێ كردنی پرۆژەكان ئەچوو بۆ مانگی 10 و 11، بۆیە هەمیشە حكومەت گرفتی وەقتی هەبوو، ئەمساڵ پێشكەش كردنی ئەم گرفتەی چارەسەر كردووە، هەروەها ئەگەر سەیری ڕاپۆرتی حكومەت بكەین لە راستی ئەبینین لە ئامادە كردنی دا ، لە ڕوون كردنەوەی راستیەكان جۆرێك لە مەنهەجیەتی تێدایە، بۆ نموونە برگەكانی ڕاپۆرتەكە ئەوەی تێدا خراوتە ڕوو كە ئامانجەكانی بودجە چین؟ ستراتیجیەتی پەیرەو كراو لە بودجەدا بە تایبەتی هەنگاونان لەوەی لە ئایندەدا ئێمە سەربەخۆیی ئابووریمان هەبێ، یاداشت كراوە، راستە ئەو پارەیەی بۆ ئێمە دێت لە بەغداوەیە، بەڵام حكومەتی عێراقی خێر نیە بە ئێمە ئەكات، ئەمە بەشێكی زۆر لەو داهاتەی كە خزمەتی عێراقیشی پێ ئەكرێ سامانی سروشتی خۆمان و داهاتی نەوتی خۆمانە كە ڕۆژانە بەڕێ ئەكەوێ بۆ عێراق و پاشان ئێمە وەری ئەگرینەوە، هەروەها جۆرێك لە دابەش كردنی بودجە خراوەتە ڕوو كە لە ڕووی وەزیفیەوە، لە ڕووی كارگێڕی و ئابووریەوە، كە ئەیخوێنێتەوە بەرچاوی هەموو لایەك ڕۆشن ئەكاتەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دراوە كە هۆكارەكانی كورتهێنانی بودجە چین؟ لەگەڵ ئەوەش كە لە 17٪ كورتهێنانی بودجە چارەسەری بۆ كراوە، بەراستی ئەمە هەنگاوێكی باشە كە جەختیشیان لەسەر ئەوە كردووە لە ئایندەدا هەوڵ دان بۆ كورتهێنانی بودجە ئەبێ ڕێژەكەی كەمتر بكرێتەوە، بۆ نموونە ئاماژە بەوە دراوە كە دوو ترلیۆن و نیو تەنها بۆ كارەبا تەرخان ئەكرێ، ئەمە سەبەبێكە لەو سەبەبانەی كە بۆتە هۆی ئەوەی كە كورتهێنان هەبێ، هەروەها بەشێك لە هۆكارەكان لە سەرووی دەستەڵاتی ئێمەن، لەسەرووی دەستەڵاتی حكومەتی هەرێمن، بۆ نموونە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەبوو 23 ترلیۆن بوایە، واتە نزیكی نۆ ترلیۆن دینار لە لایەن حكومەتی ئیتیحادی بەشی ئێمە نادات، بۆ نادات؟ كێ نایدات؟ ئەمە لە سەرووی دەستەڵاتی حكومەتی هەرێمە، باسی ئەوەش كراوە ڕاپۆرتی پیشكەش كردووە چۆن هەوڵی داوە بۆ ئەوەی ئەم بەشە وەرگرێتەوە؟ دیالۆگی كردووە، وەفدی ڕەوانەی بەغدا كردووە، ڕێكەوتننامەی ئیمزا كردووە، بەڵام دیسان حكومەتی عێراقی پابەند نابێ، ئەوە هەموو ڕێگایەكی دیموكراسی و دیالۆگ پەیرەو كراوە، ماوەتەوە ئەوەی كە ئەبێ بپرسین چیتر بكەین؟ خاڵێكی تر ئەوەیە كە دیسان شی كردنەوەی چەمكەكان، لە راستیدا لە ڕابردووش هەم بۆ ئێمەش هەندێ مەفاهیم و چەمك ناڕۆشن بوو، هەمیش لە بەكارهێنانی میدیایدا بەراستی وەكو خۆی بەكارنەدەهێنرا، بۆ نموونە سوودە كۆمەڵایەتیەكان، بۆنە نیشتیمانیەكان، چەندین چەمكی تر كە لە ڕاپۆرتی حكومەتدا ڕوون كراوەتەوە، سەرەنجام لە كۆتایشدا دەرەنجامەكانی خستۆتە ڕوو، هەروەها ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریش كە هەوڵیان داوە هەم بیرو بۆچوونی خۆیان بخەنە ڕوو، جۆرێك لە ڕێكخستنەوەی تازە بۆ ژمارەكان بكەن و بیخەنە ڕوو كە دیسان ئەبێتە مایەی ئەوەی كە ڕاستیەكان ڕوونتر بێتەوە بۆ هەموو لایەك، هەروەها لە چڕ كردنەوە و پوخت كردنەوەی بیروبۆچوون و پێشنیاری لیژنەكانیش دیسان گۆڕانی ئیجابی لە ڕاپۆرتی ئەوانیش پەیرەو ئەكرێ، مولاحەزاتی جدیان هەیە، پێشنیاری باشیان هەیە، پرسیاری مەنتقیشیان خراوەتە بەردەم كە پێویستە حكومەت لە ئایندەدا هەوڵ بدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، دەست خۆشی لە وانیش ئەكەم، بۆیە من بە كورتی و پوختی

پشتیوانی له ڕاپۆرتەکەی حکومەت ئەکەم، لەو گۆڕانکاریە باشە ئەکەم کە لە ڕاپۆرتی بودجە دایە، دەست خۆشی لە لیژنەکانیش ئەکەم، بەتایبەتیش لیژنەی دارایی و ئابووری، پرسیارێك بخەینە ڕوو، ئایا بودجەی هەرێم چۆن ئاراستە ئەکرێ؟ دوو جۆر ئاراستە کردن هەیە، یەکەم بە شێوەی ڕاستەوخۆ، دووەمیش بە شێوەی ناراستەوخۆ، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشێکی زۆری بودجەی تەشغیلی کە نزیکەی 65٪ ئەچێت بۆ لای هاووڵاتیانی هەرێم، سوودی لێ وەرئەگرن، هەر زیاتر لە 600 هەزار فەرمانبەرەوە، تا ئەگاتە 200 هەزار خاوەن پێداویستی تایبەتی و چاودێری خێزان و ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە، تا ئەگاتە زیاتر لە 30 هەزار بیمەی بێ کاری، زیاتر لە 3 هەزار قەرزی بچووك، زیاتر لە 55288 کەس کە سوودیان لە پێشینەی هاوسەرگیری وەرگرتووە، کە ئەمە ئەگەر جارانی دووی بکەی ئەبێتە 110 هەزار کوڕ و کچی ئەم وڵاتە سوودیان لە پێشینەی هاوسەرگیری وەرگرتووە، لە ساڵی ڕابردوودا 52157 سوودمەند  لە پێشینەی خانووبەرە هەیە، ئەمە خێزانە، نەك ژمارەی هاووڵاتی، ئەگەر جارانی ژمارەی 5 کەسی بکەی، نزیکی 300 هەزار کەس سوودیان وەرگرتووە، هەروەها ئەبینین لە ڕاستیدا ئێمە بەشێك ڕاستەوخۆ بۆ هێزی پێشمەرگە ئەچێ، بۆ مووچەی کەس و کاری شەهیدان ئەنفال کراوان ئەچێ، کە ئەمە منەت نیە لەسەر کەس و حەقی خۆیانە، لە ئێستاو ئایندەش ئەبێ زیاتر بایەخیان پێ بدرێت، بەڵام ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان کۆمەڵگای دوای جەنگین، کۆمەڵگای وڵات کاولکراوین، کۆمەڵگای جینۆساید کراوین، ناچارین بایەخ بەم بەرێزانە بدەین، هەروەها 6372 یەکەی نیشتەجێ بوون لە ژێر دروست کردندایە، حکومەت پارەی بۆ داناوەتەوە ئەمساڵیش، ئەمە تایبەتە بە ئەو کەسانەی خاوەن داهاتی سنووردارن، جگە لە 1465 کەس لە قەرزی وەبەرهێنان بە جیاوازی جۆرەکانی قەرزی وەبەرهێنان سوودمەند بوون، جۆرێك لە ئاراستە کردنی تری بودجە بە شێوەی ناراستەوخۆیە، وەك ئەماژەی پێدرا 2975 پرۆژەی جیاواز بە پێشنیارکراو و بەردەوامەکان پارەیان بۆ تەرخان کراوە، ئەم پرۆژانە پرۆژەی کارەبان، پرۆژەی ئاوە، کشتوکاڵیە، ڕێگاوبانە، دروست کردنی قوتابخانە، هەموو ئەمانە بە شێوەی ناراستەوخۆ دیسان هاووڵاتیان بە یەکسانی سوودی لێ وەردەگرن، ئەگەر بێین لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری بودجە بکەین، ئەویش ئەوەیە کە بودجە و پەیوەندی بە بوارە جیاجیاکانەوە، ئەبینین بە ڕێژەی 21,37٪ بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا دانراوە، هێشتان پێویستە وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاش داوامان کردووە زیاد بکرێ، چونکە هەرچەند لە ڕووی سامانی سروشتیەوە دەوڵەمەند بین، نەوتمان هەبێ، وڵاتەکەمان موئەهەل بێ لە ڕووی کشتوکاڵیەوە، ئەگەر تەنمیەی بەشەری لەگەڵ نەبێ ناتوانین سوودیان لێ وەرگرین، بۆیە تەرخان کردنی ئەم برە پارەیە کە لە ناویدا مەسەلەی تواناسازی و خوێندنی باڵا دیسان پارەی بۆ تەرخان کراوەتەوە بە ئاراستەی ئەوەی کە ڕەوتی تەنمیەی بەشەری هەنگاو بە هەنگاو، ورده ورده بەردەوام بێ، ئاراستەیەکی گرنگ و خاوەن بوعدی ستراتیجیە، خاڵێکی تر ئەوەیە لە بودجەی هەرێم بایەخ بە ئاسایش و دیفاع دراوە، لە هەر وڵاتێك بپرسی ئامانجی سەرەکی هەر وڵاتێك چیە؟ ئەڵێ دابین کردنی سەقامگیری ئاسایش و دیفاعێکی بەهێز بۆ وڵاتەکەم، ئەگەر بێین لە ڕابردوو

سەیری ئەم پرسە بکەین ئەبینین حکومەتی هەرێم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی پڕ لە توندوتیژی و دیاردەی تیرۆر، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەورووپشت ئەبینین حکومەتی هەرێم لەجێ بەجێ کردنی ئەم ئامانجە، واتە تەئمین کردنی ئاسایش سەرکەوتوو بووە، ڕێژەی 7٪ بۆ دەزگای ئاسایش دانراوە، لە 11٪ بۆ وەزارەتی ناوخۆ دانراوە، تێبینی ئەوەم هەیە نابێ ئەوەی بۆ وەزارەتی ناوخۆ دانراوە پێمان وابێ بەمانا ستراتیجیەکەی بۆ ئاسایش دانراوە، چونکە لە ناو وەزارەتی ناوخۆ دامودەزگای مەدەنیمان هەیە، مودیر ناحیە و فەرمانبەرەکانی، قایمقامیەت و فەرمانبەرەکانی، پارێزگاو قایمقامیەتەکانی، بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی، پۆلیسی هاتوچۆ، ئەمانە هیچی بە مانا ستراتیجیەکەی ناچێتە قاڵبی ئەوەی بایەخ بە ئاسایش بدەین، سەبارەت بە هێزی پێشمەرگە 11٪ بۆ دانراوە، ئەمە بۆ؟ چونکە حکومەتی ناوەند پابەند نیە بە دەستووری عێراق، بە یاسای بودجەی عێراقی لە ساڵانی ڕابردوو، بۆیە ناچاربووین لە بودجەی خۆمان ئەو برە پارەی بۆ تەرخان بکرێ، کە هێشتان بۆ بایەخ دانی زیاتر بە وەزارەتی پێشمەرگە و پێداویستیە لۆجیستیەکانی پێشمەرگە، ڕەنگە ئەم برە پارەیە کەم بێ، چونکە ئەبینین کە ئەمە هێزی پێشمەرگەیە کە قەڵغانی دیفاعی دروست کردووە، لە عێراق بۆ ئاسایش 20 ترلیۆن دینار تەرخان کراوە، لە ساڵی 2003 ەوە تا ئێستا عێراق 65 ملیار دۆلاری بۆ چەك کرین بۆ سوپا تەرخان کردووە، ئاسایش و دیفاع لەوێ لەکوێێ و لێرە لە کوێ؟ ئەگەر نموونەش لە وڵاتانی تر بێنینەوە، ئەبینین وڵاتێکی وەك ئیسپانیا نە تەهدیدی لەسەرە، نە تەحدیاتی خاریجی، پلانێکی هەیە لە 2010 بۆ 2015 (60) ملیاری بۆ ئاسایش داناوە، نموونەی تر ناهێنمەوە، لە کۆتاییدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە خاڵێکی زۆر گرنگ لە بودجە بریتیە لەوەی بایەخی زیاتر بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان بدرێ، تێبینی هەیە، بەدوا داچوونیش هەیە، حکومەتیش هەوڵی داوە موئەسەساتی تریش دروست بکات بۆ بەدواداچوونی ئەوە، بەلام لەبەردەم جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان ڕۆتینێکی سلبی هەیە، نوێنەری حکومەت لێرەیە، بۆ نموونە بودجەمان لە مانگی شەش پەسند کرد، تا ئەو ڕادەیەی من چاودێری جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردەم کردووە لە مانگی 10 ئیجازە دراو پارێزگاکان هەوڵی تەندەرین بدەن، پێویستە تەجاوزی ئەم ڕۆتینە بکرێ، هەوڵی ئەوە بدرێ پارە تەحویل بکرێ، ئیعلان بکرێ، تەندەرین بکرێ، بۆ ئەمە پێویستە حکومەت ئیعادە نەزەر بکات، پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە حکومەت کۆنفرانسێك بکات بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان و چۆنیەتی پێداچوونەوە و باشتر کردنی میکانیزمەکانی جێ بەجێ کردن، پێشنیارێکی تریشم هەیە کە حکومەت پرۆژە یاسای سندوقی داهاتە نەوتیەکانی ناردووە بۆ پەرلەمان ئێمەش لە پەرلەمان لە فەصلی تەشریعی تازە هەوڵ بدەین ئەم یاسایە دەربکەین، چونکە هەم لە پرسی بودجە داهات، و بودجە خاڵێکی گرنگە، سەبارەت بە پەروەردە و خوێندنی باڵا حکومەت لە بوجە ئەوەی نیشان داوە کە ئەم پاریەی تەرخان کردووە بۆ بەرنامەی تواناسازی کە خاڵێکی زۆر گرنکە، ئێمە لە لیژنە پشتیوانیمان لێ کردووە، بەلام پێمان وایە حکومەت ئەم سەرنجی ساڵانەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرێ کە پارەکە تەنها بۆ ناردەنە دەرەوە بۆ خوێندنی باڵا نییە، بۆ ڕاهێنان و توێژینەوەی زانستیش، تکا ئەکەین

ئەمسالْ لـەم پارەیـە برِێکـی بـۆ ڕاهێنـانی مامۆسـتایان و فەرمانبـەران تـەرخان بکـرێ، بـۆ توێژینـەوەی زانسـتیش پلانێکـی بـۆ دابنـرێ، سـەبارەت بـە مەسـەلەی بـەردەوامی حکومـەتیش لـە دروسـت کردنـی قوتابخانەکان و هەڵمەتی نیشتیمانی دیسان ئێمە پشتیوانی لێ ئەکەین، لەگەڵ ئـەوەش ئاگامـان لەوەیـە کـە حکومەتی هەرێم پلانێکی گەورەتری بۆ دروست کردنی قوتابخانە هەیە کە لە ئایندەدا بەسـەر یەکـەوە لـە هەموو هەرێمی کوردستان ناوچە کێشە لەسەرەکانیش 500 قوتابخانە، بەلاّم لەسـەر بنـەمای تـازە دروست بکا، تا ئەو ڕادەیەی ئاگامـان لێیـە سـەرۆکایەتی حکومـەت ئـەم پرۆژەشـی پەسـند کـردووە، بـەلاّم پێویسـتە میکانیزمی ئەوتۆ بگیرێتە بەر کە لە شێوازی دروست کردنـی قوتابخانـەکانی ئێسـتا نـەبێ، بـەڵکو هـەم لـە ڕووی زەمەنەوە، هەم کوالێتیەوە جۆرێك لـە زەمانـەتی ئـەوە هـەبێ ئـەم پلانـەی حکومـەت وا جـێ بـەجێ بکرێ کە فیعلەن ئیشکالیەتی گەورەی پەروەردە کە کەمی قوتابخانەیە بچێتە قۆناغێکی ترەوە و چارەسـەر بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

دانیشتنی ئێستا کۆتایی پێدێنین، تا سەعات 5 ی ئیوارە بە خواتان ئەسپێرین

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیام خان

**بەڕێز پەیام احمد محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئیمزای لە سەری کردووە، هەرێمیش بەشێکە لە عێراق، ئەبێ هەرێمی کوردستان پابەند بوایە بەو ئیتیفاقە و ڕۆڵی ژنان هەبوایە لە بودجەکەدا، نموونە زۆرە لە سەر ئەوە، بۆ نموونە فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان دا،(513921)کەسن، کە (158193) کەسیان ژنن، کەواتە 3/1ی کەمتر ژنە، جگە لەوە، زۆربەی مووچەی فەرمانبەران دەڕوا بۆ پیاوان لەبەر ئەوەی خۆمان باش دەزانین ئەو پلە بەرزانەی، ئەو خانەنشینانە و ئەو پلە تایبەتیانە زۆری بۆ پیاوان دەگەڕێتەوە، ژنان لە پلەکانی خوارەوەن، بۆیە ئەو مووچە کە بەریان دەکەوێ زیاتر بۆ پیاوانە ژن لێرەدا بێ بەشە، بۆ جێبەجێکردنی جۆری کۆمەلاّیەتی نەوعی ئیجتیماعی جگە لە مووچە دەبێت خزمەتگوزاریە گشتیەکان دابین بکرێ بۆ ژنان، کە لە نزیکەی

له 5٪ی بودجه دەبێ تەرخان بکرێ، بۆ ئەو خزمەتگوزاریانە، بۆ ئەوەی پاڵ پشتێك بێ، بۆ ژنان له بوارەکانی تەندروستی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی هەتا دوایی بۆ نموونه کەرتی تەندروستی ژنان پێویستیان به چارەسەرکردنێکی تایبەت هەیه، که دەبێت وەزارەتی تەندروستی بودجەیەکی تایبەتی دابنایه بۆ خەستەخانەی منداڵ بوون، هەروەها بۆ ئەو ژنانەی که دوو گیانن و پێویستیان به پشکنینی پێش وەخت هەیه، که به داخەوە ئەمه له هەرێم زۆر به کەمی دەیبینین و تەنانەت دەگەمەنه، بۆیه پێویست بوو له سەر وەزارەتی دارایی ئەو بودجەیەی دیاری بکردابایه، و هەروەها وەزارەتی تەندروستی گرنگیەکی تایبەت بدایه به ژنان، جگه لەوە کردنەوەی دایانگا دیاره ژنان له فەرمانگەکاندا، له خوێندنگادا ئەگەر مامۆستا بن ئەگەر فەرمانبەر بن پێویستیان بەوە هەبوو که دایانگایان بۆ دروست بکرێ، ئەمه پێویست بوو له بودجەدا جێگەی بۆ بکربایەوە و ئەو دایانگانه دروست بکردبایه، هەروەها کەمئەندامان جیاوازی بکرێت له مووچەی کەمئەندامێکی ژن و کەمئەندامێکی پیاو دا، چونکه خۆمان باش دەزانین کەمئەندامێکی ژن وەزعەکەی زۆر زۆر تایبەت تره له کەمئەندامێکی پیاوان، ئێمه ناڵێین ئەو مووچەیەی که وەری دەگرێ، کەمئەندام زۆره، بەڵام سەرەڕای ئەوە که هەموو کەمئەندامەکان مووچەکانیان زیاد بکرێ، بەڵام پێویسته ڕەچاوی ژنان بکربایه لێرەدا، له زانکۆکاندا دەبێت ئەو پارمەتیەی که بۆ خوێندکاران خەرج دەکرێ، بۆ سەرجەم خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان زیاد بکرێ، چونکه له هەستیارترین و ناسکترین قۆناغی تەمەنی گەنجێتی دایه، بەڵام دەبێت بۆ کچان زیاتر بێ بۆ ئەوەی تەمیزێکی ئیجابی بسەلمێنین، و فرسەتەکی زیاتر بدرێ به کچان بۆ تەواوکردنی خوێندن، و ببێته هۆکارێك بۆ هاندانی کەس و کاریان بۆ ئەوەی کچەکانیان خوێندن تەواو بکەن، دیاره نموونه زۆره لەو بوارەدا له وڵاتانی دونیا بودجەیەکی زۆر باش تەرخان دەکرێ، بۆ تەمیزی ئیجابی، نموونەیەکی زۆر بەسیت دەهێنمەوە له وڵاتی ئۆکرانیا له 30٪ ژنان سوودمەندن له ئەنجومەنی شارەوانی که نزیکەی 30٪ی عەقدەکان دەدرێت به ژنان، بۆ ئەوەی ژنان هان بدرێ له کۆمپانیاکان و له بازاڕەکان دا ئیش بکەن، له 30٪ بودجەی هەرێم بۆ هێزه سەربازیەکان و ناوخۆییەکان خەرج دەکرێت، ڕاسته ئەم هێزانه زۆر گرنگن، بەڵام تا چەند ژنان بەشدارن لەو هێزانە، تا چەند سوودمەندن لەو بودجەیه، و کەمترین ژنان بەشدارن لەم هێزانه که دیسان ژن لەو بودجەیه بێ بەشه، له هەمووی گرنگتر حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیجێکی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی له 2012/11/26ی ڕاگەیاندووە، بۆ ئەم مەبەسته وەزارەتەکان جێبەجێ بکەن که ئەوە ستراتیجەتەکەیه لەبەردەمان دایه بڵاوکراوەتەوە، دەبێ وەزارەتەکان جێبەجێی بکەن که ئیشێکی زۆر زۆر باشه پارەیەکی زۆر تەرخان کراوە، بۆ ئەوەی ئەم بەرنامەیه داڕێژن بەشێوەیەکی جوان بکەوێته دەستی هەموو خەڵکی هەرێم، ئایا ئەم ستراتیجه تەنها بۆ ڕاگەیاندنه؟ بۆ ئەوەی ڕوویەکی پێشکەوتوو پیشان بدات، یان ڕاستی مەبەستیتی جێبەجێ بکات، ئەگەر مەبەستییێتی ئەم بەرنامەیه جێبەجێ بکات، باشه بۆ له بودجەدا به هیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەکراوە، و هیچ وەزارەتێك پارەی بۆ تەرخان نەکردووە، هەرچەنده بەپێی ئەم نووسراوانە، ئەمه نووسراوی وەزارەتی ئەوقاف و نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ و نووسراوی وەزارەتی

خوێندنی باڵایە، کە هەر یەکێ لەم وەزارەتانە بۆ نموونە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی پێویستی بە سێ سەدو نەوەت و نۆ ملیۆن دینارە، وەزارەتی خوێندتی باڵا پێویستی بە سەد ملیۆن دینارە، وەزارەتی ئەوقاف پێویستی بە نەوەت ملیۆن دینارە، بۆ ئەوەی ئەم ستراتیجیە جێبەجێ بکات، دەپرسم ئەم پارەیە چۆن خەرج دەکرێ؟ ئەگەر هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە لەو بودجەیە دا، کەواتە ئەمە هەر بۆ ڕاگەیاندن نیە، من ئەو پرسیارە دەکەم، بۆیە زۆر پێویستە بۆ ئەم مەبەستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراجیەتە بودجەیەکی بۆ دیاری بکرێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی مافەکانی ژنان، دیارە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەم پەرلەمانەدا پەسەند کرا، هەر بە هۆی ئەوەوە ناوی بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی گۆڕا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کە ئەم ناوە وای کرد ئەم بەڕێوبەرایەتیە پێویستیەکی زۆری هەبێ بە بودجە، کە (16) نوسینگەی هەبوو، دیارە ئێستا بوو بە (30)نووسینگە، و لە هەموو ناحیەکان دا هۆبەی کردۆتەوە، ئایا وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی بۆ هیچ ئاماژەیەکیان بەوە نەکردووە، و بودجەی زیاتریان بۆ تەرخان نەکردووە، دانانی بودجەیەکی تایبەت لە بودجەی وەبەرهێنان وەزارەتی کار بۆ دروستکردنی لانەی پاراستنی قوربانیانی توندو تیژی، چونکە ئێمە ئەو یاسایەمان پەسەند کردووە، دیارە ئەم یاسایە ئەگەر منداڵ بگرێتەوە یان پیاو بگرێتەوە یان ژن بگرێتەوە هەر یەکە لەمانە قوربانی توندو تیژین، دەبێ لانەیەکیان لە سەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێ لانەیەکیان بۆ دروست بکردبایە، بەڵام بەداخەوە نەکراوە، بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی هەموارکراو ژمارە (15) ساڵ 2008 ماددەی (39) بڕگەی (4) لە سەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە سندوقێکی چاودێری کۆمەڵایەتی پێك بهێنێ بۆ ئەو چاودێری کردنی ئەو ژنانەی کە جیا بوونەتەوە و هیچ دەسکەوتێکیان نیە، بەڵام تا ئێستا نەکراوە کە ئەو یاسایە لە ساڵی 2008ەوە لەم پەرلەمانەدا پەسەند کراوە، لە سەر وەزارەتی داد کە سندوقێکی تایبەتی چاودێری خێزانی دابنێ لە دادگاکان، بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای باری کەسێتی هەموار کراو ژمارە (15)ی ساڵی 2008ی ماددە (39)ی بڕگە (2)، بۆیە پێویستە ئیتر لەم پەرلەمانەدا کە یاسا دەردەچێت، دەبێت ڕێو شوێنێکی بۆ بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، نەك هەر تەنها بۆ یاسا دەرکردن بێ، هەروەها بۆ ئەنجومەنی خانمان بودجەیەك دیاری بکرێت ساڵانە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کار و چالاکیەکان، کە ئەم ئەنجومەنە موئەسەسەیەکی زۆر گرنگە بۆ ژنان کە جێگای وەزارەتێکی گرتۆتەوە دەبوو زیاتر گرنگی پێ بدرابایە، بۆیە پێویستە لە سەر حکومەت بە تایبەتی وەزارەتی دارایی و پلاندانان ئاوڕێکی جدی بداتەوە لە بارودۆخی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا، و نموونەیەکی جوان پێشکەش بکات، دیارە پەرلەمان و حکومەت بۆ ئەم مەبەستە چەندین خولیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی بودجە بە شێوەیەکە تەمیزی ئیجابی لەگەڵ نەوعی ئیجماعی دا جێبەجێ بکرێ لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا، کە چەندین ئیفاد کراوە لە پەرلەمان و لە حکومەت دا، چەندین ورکشۆپ کراوەتەوە، هەر بۆ نموونە مانگێك نابێ لەم پەرلەمانەداو ۆرکشۆپێك کراوەتەوە ماوەی سێ ڕۆژ بوو پارەیەکی زۆر لەم وۆرکشۆپ و ئیفادانە و خولانە خەرج دەکرێ، بەڵام

ئەنجامەکەی بۆ ناخرێتە سەر کاغەز و بۆ لە سەر ئەرزی واقیع ئێمە هیچ شتێك نابینین جێبەجی بکرێ؟ ئایا ئەوە هەر بۆ ئەوەیە بڵێین هەرێمێکمان هەیە و ۆورکشۆپ دەکاتەوە؟ مامۆستا لە دەرەوە دەهێنین و دەوراتمان بۆ دەکاتەوە، ئێمە سوودمەند دەبین، کەواتە ئەنجامەکەی چییە؟ دەبێ دەرئەنجامێکی هەبێ، بۆیە پێویستە لە سەر حکومەت بەتایبەتی وەکو وتم ئەو دوو وەزارەتە گرنگیەکی زیاتر بدەن بە ژنان کە بێگومان باشکردنی باری دارایی و ئابووری ژنان دەبێتە هۆیەکی گرنگ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری ژنان، کەواتە بە دیوێکی تر بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵاگا بەگشتی، بۆیە پێویستە من دووبارەی دەکەمەوە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی پێشتر کە باسیان کردووە، ڕەچاوی ئەم خاڵە گرنگە بکەن، چونکە بەڕاستی نیوەی کۆمەڵگاکەمان ژنە، پێویستە گرنگیەکی زیاتر بە ژنان بدەین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا حکومەتی هەرێم بە جدی ئاوڕێکی جدی نەداوەتەوە لە کێشەی ژنان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە من زۆربەی قسەکانم ئاڕاستەی وەزارەتی داراییە، و لە سەر ڕاپۆرتەکەی ئەوان قسە دەکەم، تەنها یەك پرسیار ئاڕاستەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم؟ حەز دەکەم دوایی بەڕێزیان وەڵامم بدەنەوە، بۆچی ئەوان وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری ئەمساڵ بڕیاریان دا کە لە کاتی گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بودجەی 2013 کاتێك کە ستافی وەزارەت بانگهێشتی لیژنە کرا، بە باشیان زانی، و بڕیاریشیان داوە کە هیچ پەرلەمانتارێکی جگە لە لیژنەکەی خۆیان بەشدار نەبن، نازانم لە سەر چ ئەساسێك بووە، چونکە ڕەنگە ئەگەر من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە لەو لیژنەیە ئەندام نیمە، بەڵام کۆمەڵێ پرسیارم هەیە لە سەر وەزارەتەکانی تر ئەگەر لەوێ ئامادەبوومایە ئاڕاستەی نوێنەری حکومەتم بکردایە کە بەڕێز وەزیری داراییە پێویستی نەدەکرد لێرە دووبارەی کەمەوە، حەز دەکەم دوایی وەڵامی ئەوەم بدەنەوە، دیارە من زۆربەی قسەکانم وەکو ئاماژەم پێ دا، ئاڕاستەی نوێنەری حکومەت دەکەم کە وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانانە لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێزتان کۆمەڵێ ڕستە دووبارە بۆتەوە دیارە بەنیسبەت من، من چوار ساڵە گوێبیستی ئەو ڕستانە دەبم، و پێشم وایە کە کاتی ئەوە هاتووە، کە ئێوە لە ڕاپۆرتەکەتان دا ئاماژەی پێ نەدەن، چونکە ئەگەر وەکو ڕوونکردنەوە بێ، ئەوە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان چوار ساڵە گوێبیستیانم، و ڕەنگە خەڵکیش لەلایەن خۆیانەوە گوێبیستی ئەوە بێ پێویست ناکا، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵیشتان داوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە، باستان کرد بودجەی هەرێم سنووردارە، و بەهیچ شێوەیەك لە ئاستی پێداویستیەکانی هەرێم دا نیە، بەشی هەرێم لە کۆی داهاتی عێراق بۆ ئەمساڵ لە چاو پار ساڵ لەگەڵ ئەوەی بودجەی گشتی عێراق زیادی کردووە، ئەمساڵ حکومەتی عێراق خراپ مامەڵەی لەگەڵ بەشە

بودجەی هەرێمی کوردستان کردووە، حکومەتی عێراق ڕێگە نادات هەرێمی کوردستان بەشداری لە داڕشتنی سیاسەتی دارایی بکات، حکومەتی عێراق خەرجیەکانی پێشمەرگە نادات، بۆیە هەرێم لەو بودجەیەی کە وەری دەگرێت دەیدات بە پێشمەرگە، بەشی زۆری بودجەی هەرێم بۆ بەکاربردنە، بەشی کەمی بۆ وەبەرهێنانە، ڕاستە باسی ئەو هەوڵانەشتان کردووە کە ئێوە وەکو حکومەتی هەرێم داوتانە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بۆیە من پێشنیار بۆ ئێوە دەکەم کە ساڵێکی تر ئەم ڕستانە دووبارە نەبنەوە باشە، لەلاپەڕە (38 و 39) باسی ئەو (15٪) تان کردووە، کە پار پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری دا داشکێنرێ، جگە لە مووچەی فەرمانبەران و کۆمەك و سوودی کۆمەڵایەتی، و بابەکانی تری گرتەوە، ئەم سێ بابەی لێ بەدەر بێ باستان لەوە کردووە، کە گرفتێکی زۆری بۆ حکومەت دروستکردووە بە گشتی، من حەز دەکەم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە دەنگم داوە بۆ ئەو(15٪)یە داشکێنرێ، بە وردی بۆم ڕوونکەنەوە ئەو زەرەرەی یان ئەو گرفتەی کە بۆ ئێوەی حکومەتی دروستکردووە بە گشتی چییە؟ چونکە ئێوە تەنها دوو نموونەتان هێناوەتەوە، بۆ نموونە باسی کڕینی کلۆرتان کردووە، کە پێشتر کوێستان خان باسی کرد، و من دووبارەی دەکەمەوە، کاتێك کە نەخۆشی کۆلێرا بڵاوبۆوە یەکێك لە کە هۆکارەکانی ئەوە بووە کە کلۆر نەبووە لە ئاوی خواردنەوە کە هاووڵاتیان بەکاری دێنن، کە ئەمە دەرخەری ئەمەیە کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو بەڵگەیەی کە هێناوتانە، زائیدەن بۆ شۆفەڵ و ئالیات و کۆمەڵێ شتی تر، من پێم وایە لە بودجەی وەبەرهێنانیش کڕینی کلۆر، و شۆفەڵ و ئالیات دووبارە لە بودجەی وەبەرهێنان پارەی بۆ تەرخان دەکرێتەوە، حەز دەکەم ڕوونکردنەوەی زیاترم بدەنێ بۆ ئەوەی من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان قەناعەت بەوە بکەم کە ئایا چ زیانێکی هەبوو بۆ حکومەت؟ من لە داهات مەبەستم داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە، پرسیار ناکەم لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکم دەست ناکەوێ کە بۆچی داهات بە دوو شێوە هاتووە، جارێك شەش سەد و پەنجا و یەك ملیارە، دوایی بە پاشکۆیەك ئێوە باستان کردووە کە دوو تریلۆن و شەش سەد و حەفتا و نۆ ملیار دینارە، دیارە من بۆیە چاوەڕێی وەڵام ناکەم لەوە دڵنیام کە ئێوە ماوەی سێ ساڵە ئەوە چۆتە سەر بۆ حکومەت کە بەو شێوەیە بە پاشکۆیەك داهات بنێرێ، و ئەوەی کە لە ناو بودجەی داهاتێکە ئاماژەی پێ بدا، و هیچ لایەنێك نیە موحاسەبەی حکومەت بکا، بۆچی هۆکارەکەی چییە پێمان بڵێن کە وەکو پاشکۆ ئێوە ئەم داهاتەی ناوخۆییە لێرە ناهێننە ناو قانونی بودجە بۆ ئەوەی هەم ئێمەی پەرلەمانتار، هەم خەڵکیش بەرچاو ڕوون بن کە هۆکارەکەی چییە؟ من ناپرسم بۆچی داهاتی وەزارەتی پێشمەرگە پێنج سەد و پەنجا ملیۆن دینارە، و زیاترە لە داهاتی وەزارەتەکانی 1. شارەوانی 2. ڕۆشنبیری 3. وەزارەتی شەهیدان، دەستەی وەبەرهێنان، دەزگای مین، دەزگای ئاسایش، ئەنجومەنی ئاسایش، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دیوانی چاودێری دارایی، ئەمە چییە؟ یەعنی بەڕاستی وەکو مەتەڵی لێ هاتووە، پێم بڵێین هۆکاری چییە؟ داهاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە هەموو ئەم وەزارەت و دامەزراوانە زیاترە؟ من ناپرسم بۆچی وەزارەتی دارایی داهاتەکەی دوو سەد و حەفتا ملیار دینارە، داهاتی وەزارەتی ناوخۆ دوو سەد ملیارە، بەڵام داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پەنجا و پێنج

ملیار دیناره، حەز دەکەم ئەو پرسیارانە ئەگەر چی وەڵامم دەست ناکەوێتەوە، بەڵام هەر بیکەم، لە خەرجی وەبەهێنان نا عەدالەتیەکی زۆر زۆر هەیە، دیارە من مەبەستم ئەوە نیە کە بۆچی بۆ فلان وەزارەت دامەزراوە ئەوەندەتان دابین کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی تر ئەوەندەتان دابین نەکردووە، من دڵنیام لەوەی کە هیچ پێوەرێك نیە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئێستا بۆتان دەخەمە ڕوو، دیارە وەزارەتی بازرگانی مەبەستم لە بودجەی وەبەرهێنانە (60) ملیار دیناره، ڕۆشنبیری (76) ملیار دیناره، وەزارەتی شەهیدلن (44) ملیار دیناره، وەزارەتی کار (45) ملیار دینار، ئەگەر هەر چوار وەزارەت کۆ کەیەوە (225) ملیار دینار، دەکا بە چوار وەزارەت لە بودجەی وەبەرهێنان، بەڵام لەولاوە وەزارەتی ناوخۆ (148) ملیار، ئاسایش (103) ملیار، کە هەردووکیان کۆ کەیەوە (251) ملیار دینار، واتە بە دوو وەزارەت موقابیلی چوار وەزارەت کە ئەو وەزارەتانە لەگەڵ ئەو وەزارەتانە ئیشەکانیان جیاوازە، ئەم دوو وەزارەتە زیاتر لە وەزارەتی کشتوکاڵ کە (241) ملیارە، وەزارەتی کشتوکاڵ زیاترە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە (115) ملیار دیناره، بودجەی وەبەرهێنانی پڕۆژەکانیان، من باسی ئەوە ناکەم کە وەزارەتەکانی پەروەردە، و خوێندنی باڵا، و کارەبا لە چاو هەموو وەزارەت و دامەزراوەکانی تر لەگەڵ ئەوەی کە ئەمساڵ بودجە بەگشتی زیادی کردووە، بۆچی تەنیا ئەم سێ وەزارەتە بودجەکەیان بە بەراورد بە پار ساڵ بۆ 2012 کەمی کردووە، حەز دەکەم ئەوەم بۆ ڕوون کەنەوە، بۆ نموونە پەروەردە پار (261) ملیار بووە، ئەو ساڵ (254) ملیارە، حەوت ملیار کەمی کردووە، وەزارەتی خوێندنی باڵا (168) ملیار بووە، ئەمساڵ (115) ملیار، (53) ملیار کەمی کردووە، کارەبا (775) ملیار بووە، ئەمساڵ (520) ملیار کەمی کردووە، بەو پێیە بێ، باسی ئەوە ناکەم کە ناعەدالەتیەکی زۆر هەیە لە دابەشکردنی بودجەی وەبەرهێنان لە سەر وزارەتەکان بۆ نموونە ئەمانەی خوارەوە، کە گرنگن من باسیان دەکەم ڕەنگە مەبەستەکەم ئەوە نیە کە بۆچی فڵان وەزارەت ئەوەندەیە، فڵان وەزارەت ئەوەندە نیە، بەڵام نا عەدالەتی هەیە لە دابەشکردنی بودجە بە سەر پڕۆژەی وەزارەتەکان، بۆ نموونە وەزارەتی شارەوانی نازانم هۆکارەکەی چییە؟ حەتمیەن دەبێ حکومەت داتایەکی هەبێ بۆ نموونە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پێم بڵێ سیاسەتی حکومەت ئەوە بووە کە پار بۆ نمووونە گرنگی داوە بە سێکتەری کارەبا، زۆرترین بودجەی حکومەت تریلۆنێك دینار بووە، بۆ کارەبا تەرخان کراوە، وەزعی کارەبا زۆر چاك بووە، من دەست خۆشیتان لێ دەکەم، ئەگەر بەو شێوەیەی لێ بێ، بۆ نموونە، بەڵام ئەمساڵ کارەبا ئەو ئەولەویەتیەی پێ نادرێ دەیدەین بە کشتوکاڵ، دەیدەین بە پیشەسازی بۆ نموونە، بەڵام ئەوەش نیە، وەزارەتی شارەوانی یەك تریلۆن و سێ و هەشت ملیار دیناری بۆ دانراوە، لە کۆی گشتی بودجەی وەبەرهێنان بە پڕۆژەی بەردەوام پێشنیار کراوە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی کە وەزعی زۆر زۆر خراپە هەموو باس لەوە دەکەن (232) ملیار دیناره، سەیری ئەو فەرقە کەن، وەزارەتی پلاندانان کە نازانم یەعنی ئەو پارەیە بۆ پڕۆژەکانی وەزارەتی پلاندانان چییە؟ (307)ملیار، بەڵام وەزارەتێکی وەکو کشتوکاڵ خۆمان دەزانین وەزعی چۆنە (241) ملیار دیناره، وەزارەتی دارایی (182) ملیار، بەڵام وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی (60) ملیار، وەزارەتی ناوەخۆ (148) ملیار،

بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە (17) ملیار دینار، سەیری ئەو فەرقە کەن، ئاسایش کە نازانم ئەنجومەنی ئاسایشە، دەزگای ئاسایشە بەس بە ئاسایش هاتووە (103) ملیار، بەڵام وەزارەتێکی وەکو شەهیدان (44) ملیار دینار، باسی ئەوە ناکەم کە بۆچی وەزارەتەکانی کارەبا و پێشمەرگە پرۆژەی پێشنیارکراویان نیە، یەعنی حیکمەتی ئەوە چییە؟ سەبەب چییە؟ ئەوانەش وەزارەتن، و ڕەنگە پێویستیان بەوە هەبێ بۆ نموونە وەزارەتێکی وەکو پێشمەرگە پێویستی بەوەیە بینای بۆ دروست بکەی بۆ لیواکانی، بۆ فەوجەکانی، بۆ یەکەکانی، بەڵام بۆچی پرۆژەی پێشنیارکراویان نیە؟ ئەم دوو وەزارەتە، بۆچی وەزارەتی کشتوکاڵ و خوێندنی باڵا زیاد لە هەموو وەزارەتەکانی تر بودجەی پێشنیار کراو بە بەراورد بە پار ساڵ ئەم دوو وەزارەتە کەمی کردووە؟ جگە لە دامەزراوەی وەزارەتەکانی تر، کشتوکاڵ (5) ملیار دینار کەمی کردووە، وەزارەتی خوێندنی باڵا (22) ملیار کەمی کردووە، هەروەها نا یەکسانی لە دابەشکردنی بودجەی پرۆژەکان بە سەر شار و قەزاو ناحیەو گوندەکان هەیە، تەنها من وەزاەتی شارەوانی دێنمەوە بەو حوکمەی کە یەکەم وەزارەتە یەك تریلون و سی و هەشت ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، دانراوە، کە ئەگەر پەرلەمان موافەقەتی لە سەر بکا ئەوە وەزارەت دەتوانێ ئیشی خۆی لە سەر بکا، قەزای ڕانیە کە ژمارەی دانیشتوانی (205) هەزار کەسە چوار ناحیە لە خۆ دەگرێ، و یەکێکە لە قەزا گەورەکان لە کوردستان، ئێستا بۆتە ئیدارەی ڕاپەرین وەکو ئیدارەیەك مامەلەی لەگەڵ دەکرێ بە ناحیەکانیشەوە تەبعەن لە سەر وەزارەتی شارەوانی بەبەردەوامی و پێشنیار کراو، هەژدە ملیارو نۆ سەد و پەنجا و نۆ ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، بەڵام لەم لاوە من دیارە کە باسی ئەوە دەکەم باس لە نا عەدالەتی دەکەم، باس لەوە ناکەم بۆچی بۆ فلان شوێن ئەوەندە؟ بۆ فلان شوێن ئەوەندە؟ بەڵام قەزای زاخۆ کە ڕێزم هەیە بۆ قەزای زاخۆ، و بۆ خەڵکی زاخۆش، مەبەستەکەم ڕوونکردەوەیە، سی و هەشت ملیار و چوار سەد و دوانزە ملیار دیناری بۆ دانراوە، قەزای کۆیە کە پێنج ناحیەی لە سەرە ئەویش قەزایەکی گەورەیە ڕێژەی دانراو سیانزە ملیار و شەست سەدو هەشتا ملیۆن دینارە، لە وەزارەتی شارەوانی بە بەردەوام پێشنیار، بەڵام ناحیەی عینکاوە کە پێشتر ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بوو، و ناحیەکیشە، ئێستا ئەگەر هەڵە نەبم ڕاستەوخۆ سەر بە وەزارەتی شارەوانیە، عینکاوە (32) ملیار و (720) ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، یەعنی ئەمە جیاوازیەکی زۆر زۆرە، نا عەدالیەتێکی زۆر زۆر هەیە، نازانم چ پێوەرێك بووە، ئەگەر ژمارەی دانیشتوان پێوەر بێ، من تەسەور دەکەم ئەوەی بە عەقل دا نەچێ ئەو ژمارەی دانیشتوان بێ، هەر لە گۆترە دانراوە بە تەسەوڕی من وەکو پێشەوا، ناحیەی پیرە مەگروون کە ژمارەی دانیشتوانی زیاد لە (35) هەزار کەسە، و هەمووو کەس و کاری پاشماوەی دۆڵی جافایەتین، و ئەوانەن کە ڕاگوێزراون لە شاڵاوە بەدناوەکانی ڕژێمی بەعس لەو کۆمەڵاگایە نیشتەجێ بوونە دوو پرۆژەی بەردەوامی هەیە لە سەر وەزارەتی شارەوانی بایی یەك ملیار و (926) ملیۆن دینارە، بەڵام سەری بڵند کە من نازانم ژمارەی دانیشتوانی چەندە، و کێش تێدا نیشتەجێ بووە، وەکو ئەندامێکی پەرلەمان حەز دەکەم ئەگەر کەسێکیش دەزانێ پێم بڵێ بۆ ئەوەی موقارەنەی پێ بکەم لەگەڵ ئەوە، ڕێژەی ئەوە (6) ملیار و (360) ملیۆن دیناری دانراوە، کە زۆربەی پرۆژەکانیشی

کەمالیاتە، سەیری ئەم نا عەدالەتییە بکە لە بەینی ئەم دوو شوێنە، و هەروەها وەزارەتی شارەوانی کۆمەڵێك ناحیە هەیە کە پڕۆژەی پێشنیار کراوی هەر نیە، وەکو ئەو ناحیانە، نازانم هیچ حیسابێکی بۆ نەکردوون، و ئەگەر وا بێت دەبێ دوو، سێ ساڵی دیکە بەڕاستی خەڵك دەبێ بەس ستایشی پارێزگاکان بکا، ئەو پارەیەی کە لە پەرە پێدانی پارێزگاکان دێ، چونکە ئەگەر وابێ وەزارەتەکان هیچ ئیشیان نیە، جگە لە مووچەی فەرمانبەران نەبێ، ئەو وەزارەتانەی کە بۆ نموونە ناحیەی پیرەمەگروون، ناحیەی بنگرد، ناحیە خدران، ناحیەی خەلەکان، لە قەزای دوکان یەك پڕۆژەیان نیە لە وەزارەتی شارەوانی کە بۆیان پێشنیار کراوە لە ساڵی 2013، یەعنی ئەوە بۆ چێ دەگەڕێتەوە، من پێم وایە موقارەنەیەك دەکەم لە بەینی ، 2011 و 2012و 2013 بۆ حکومەت کە هیچ فەلسەفە و ستراتیژ و پلانێکی زانستی نیە، لە کاتی دانانی بودجە، بەڵگە بۆ ئەوە چییە؟ ئەگەر مووچەی فەرمانبەران لە 2011 سەیر کەی (5) تریلۆن و (959) ملیار بووە، لە 2012 بۆتە (6) تریلون و (931) ملیار، لە 2013 بۆتە (7) تریلۆن و(113) ملیار، شمەك و خزمەتگوزاری لە 2011 (1) تریلۆن و (511) ملیار بووە، لە 2012 (1) تریلۆن و(422) ملیار بووە، لە 2013 (1) تریلۆن و (906) ملیار بووە، باربوو کە ئەوە گرنگە پەیوەندی بە پاڵ پشتی جوتیارانەوە هەیە، بەشێکی بۆ ناوچە کێشە لە سەرەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پڕۆژانەی کە حکومەت لەوێ جێبەجێیان دەکا ئەمە زۆر زۆر گرنگە، بەڵام سەیر کەن (145) بووە لە 2011، لە 2012 (115) بووە، لە 2013 (115) بووە، یەعنی بیدایەت زۆر بوو، بەڵام کەمیان کردۆتەوە لە 2012 و 2013 هەر وەکو خۆیەتی نازانم بۆچی؟یەعنی ئەمە بەلای حکومەت گرنگ نیە، بەخشین (636) بووە، لە 2011، لە 2012 بۆتە (535) کەمی کردووە، بەڵام ئەمساڵ بۆتە (672)، سوودی کۆمەڵایەتی (345) بووە 2011، 2012 (645) ملیار، ئەمساڵ بۆتە (690) ملیار، تێچووی تر (505) ملیار لە 2011، بەڵام لە 2012 (712) ملیار زیادی کردووە، ئەم ساڵ بۆتە (815) ملیار، مەوجوداتی نا دارایی (148) ملیار، لە 2011، لە 2012 (166) ملیار لە 2013 (298) ملیار، جگە لە مانە ئەگەر سەیری بودجەی وەبەرهێنان بکەی بە چ پێوەرێك زیادی کردووە؟ ئەمانە کە باسم کرد چۆن زیادی کردووە؟ بودجەی وەبەرهێنان (4) تریلۆن و (170) ملیار بووە، لە 2011ی ئەوەی کە لە بەردەستی منەوە هاتۆتە پەرلەمان باوەڕ پێکراوی، بەڵام لە 2012 بۆتە (4) تریلۆن و (700) ئەمساڵ بۆتە (5) تریلۆن و (330)، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە نازانین لە سەر چ ئەساسێك بودجە دادەڕێژرێ لەلایەن حکومەتەوە ئەم پلانە چییە؟ ئەو فەلسەفە چییە ئەو ستراتیجە چییە کە ئەوان ئیشی لە سەر دەکەن؟ من بەو پێیەی ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریم لە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو قسە دەکەم ئەوەندەی پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەبووە پرسیارەکانم ئاڕاستەی ئەوان کردووە، وەڵامی خۆم وەرگرتۆتەوە، بۆیەش بیدایەت پرسیار دەکەم لە لیژنەی دارایی و ئابووری کرد، ئەگەر بمتوانیبایە بێمە لیژنەی دارایی و ئابووری ڕەنگە لەوێ کۆمەڵێ پرسیار هەبوو ئێستا دووبارەم نەدەکردەوەو لێرە ئاڕاستەتانی بکەم، کاتێك لەم وەزارەتە پرسیار دەکەی ئەوان دەڵێن ئێمە خۆمان پێداویستیەکانی خۆمان دەزانین لە کاتی دانانی بودجە، بەڵام وەزارەتی دارایی

یەعنی بە گۆترە مامەلەی لەگەڵ وەزارەتەکەی ئێمە دەکات، ئەگەر هەڵە بم هیوادارم برادەرانی لیژنە لێرە بۆم ڕاست کەنەوە، بودجەی گشتی ئەم وەزارەتە بریتیە لە (470) ملیار (656) ملیۆن لە کۆی گشتی کە بە بودجەی تەشغیلی و وەبەرهێنان بودجەی تەشغیلیەکەی (228)ملیار و (884) ملیۆن، وەبەرهێنانیشی (241) ملیار (772) ملیۆن، ڕێژەی ئەم وەزارەتە لە کۆی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم (2،78٪) ئەوە کارەساتە، تۆ بتەوێ کەرتی کشتوکاڵ گرنگی پێ بدەی، بەڵام ئەوە ڕێژەی بودجەکەشی بێ، لە کۆی گشتی بودجەیەکی زەبەلاحی هەرێمی کوردستان پانزەمین وەزارەتە لەو وەزارەتانەی کە بودجەی بەرکەوتووە لە حکومەتی هەرێم، لە بەکاربردن پرسیارەکان ئاڕاستەی ئێوە دەکەم، لە مووچە ئەوەی کە وەزارەت داوای کردووە، (223) ملیار و (141) ملیۆن دینار، بۆ مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەت، بەڵام ئێوە (142) ملیار و (878) ملیۆن دینار ڕەزامەند بوونە، جیاوازیەکەی (80)ملیار و (263) ملیۆن دینارە، من دەپرسم ڕاستیەکە لای بەڕێزتانە، یان لای وەزارەتی کشتوکاڵە، چونکە ناکرێ ئەوان ئەگەر پێویستی خۆیان بزانن، ئێوە لە سەر چ داتایەك مەسەلەن ئەو پارەیان بۆ دادەنێن بۆ مووچەی فەرمانبەران، شمەك (65) ملیار و (650)یان داوا کردووە، ئێوە (16) ملیار و (806) ملیۆنتان بۆ پەسەند کردووە، (48) جیاوەزیەکەیتی، باربوو (219) ملیاریان داوا کردووە، ئێوە (65) ملیارتان پەسەند کردووە، (154) ملیار جیاوەزیەکەیتی، سوودی کۆمەڵایەتی (1) ملیار و (234) داوا کردووە، ئێوە (400) ملیۆنتان ڕەزامەند دەربڕیوە، (834) ملیۆن جیاوەزیەکەیتی، تێچووی تر (2) ملیار و (747) ملیۆن داواکراوە، ئێوە (500) تان ڕەزامەند دەربڕیوە، مەوجوداتی نا دارایی (34) ملیاریان داواکردووە، ئێوە (3) ملیارتان ڕەزامەند دەربڕیوە، واتا ئەگەر جیاوازیەکە حیساب بکەم، (318) ملیار جیاوازە ئەوەی کە ئەوان داوایان کردووە، و ئەوەی کە ئێوە ڕەزامەندیتان لە سەر دەربڕیوە، بۆیە پێم خۆشە بزانم ئایا ئەوان ڕاستن یان ئێوە؟ ئەگەر ئەوان ڕاستن ئێوە چۆن مامەلە لەگەڵ ئەو وەزارەتە دەکەن؟ ئەگەر ئێوە ڕاستن چۆن موحاسەبەی ئەوان ناکەن ئەو ژمارە زۆرە لێ دەدەن؟ هەندێك شت هەیە کە لاوەکین و هەندێ شت هەیە کە گرنگن لە وەزارەتی کشتوکاڵ من حەز دەکەم ئاماژەی پێ بدەم، و وەڵامیشم دەستکەوێ لە ئێوەی بەڕێز، وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ چاپەمەنیەکان (297) ملیۆنی داواکردووە، ئێوە (150) ملیۆنتان ڕەزامەند دەربڕیوە، بۆ ئیحتیفالات کاتێ کە من لێم پرسین ئیحتیفالات چییە؟ ئەوان وتیان پێشانگامان هەیە سەبارەت بە بەرووبوومی کشتوکاڵی ساڵانە دەکرێتەوە، بە هەر حاڵ من قسەم لە سەر ئەوە نیە، ئیحتیفالات ئاهەنگە، پێشانگایە، هەر چییەکە داوای (270) ملیۆنیان کردووە، (100) ملیۆنتان ڕەزامەند دەربڕیوە، بۆ پاککردنەوەی دائیرە داوای (480) ملیۆنیان کردووە، (275)ملیۆنیتان ڕەزامەندی دەربڕیوە، بۆ سەیاراتی عەمەل، کە نازانم سەیاراتی عەمەل، کڕینە، بەکرێ گرتنە، هەر وا نووسراوە، (4) ملیار و (852) ملیۆن داواکراوە، ئێوە (445) ڕەزامەندیتان دەربڕیوە، بۆ ئەساسی ئوخرا ئەویش نازانم چییە؟ (1) ملیار و (390) ملیۆن داواکراوە (200) ملیۆن ڕەزامەندیتان دەربڕیوە، واتا ئەگەر ئەمانە هەمووی کۆ بکەمەوە لاوەکین (1) ملیار و (170) ملیۆن دینار ڕەزامەندیتان دەربڕیوە بۆ ئەم وەزارەتە، بەڵام لە بەرامبەری ئەمە عەلەف هەیە،

عەلەف بۆ ئەوەیە کە تۆ پاڵ پشتی سامانی ئاژەڵی بکەی بۆ ئەوانەی کە ئاژەڵدارن لە هەرێمی کوردستان، چۆن دەتەوێ ئەو کەرتە ببووژێنیەوە لە وەزارەتدا، ئەوان داوای (1) ملیار و (238) ملیۆن دیناریان کردووە، (20) ملیۆن دینارتان ڕەزامەند دەربڕیوە، (20) ملیۆن دینار بەشی چ دەکا؟ بۆ قەرەبووی جوتیاران دەڵێ ئێمە نەمانتوانیوە داوای هیچ بکەین سفرە لەبەر ئەوەی هیچتان ڕەزامەندیتان دەرنەبڕیوە کە قەرەبووی جوتیاران ئەوەیە کە پاڵ پشتی جوتیارە، دەعمێکیشە، بۆ پاڵ پشتی سامانی ئاژەڵی هیچتان دابین نەکردووە، بۆ جێبەجێکردنی یاسای تەسویە و تەملیك و قەرەبووکرنەوە سفر کە ئەمانە گرنگن، بڕبڕەی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵن، نەك ئەوەی سەروە تۆ بۆ ئیحتیفالات و نازانم بۆ چاپەمەنی و بۆ پاککردنەوەی دائیرە ئەمانە گرنگ نین، بەڕاستی بۆیە دەپرسم یەعنی ئایا ئێوە ئاگاداری ئەوە نین، ئەگەر ئاگادارن مەسەلەن بۆ پێچەوانەی ناکەنەوە ئەوانەی سەرەوە بۆ خوارەوە بێ، و هی خوارەوە بۆ سەرەوە بێ، بۆ ئەوەی بیر لە بووژانەوەی ئەم کەرتە بکەینەوە هەر وەکو لە ڕاپۆرتەکەتان ئێوە دەڵێن هەنگاوی حکومەت ئەوەیە گرنگی بەو کەرتە بدات ببووژێنێتەوە، ساڵی 2012 ئەم وەزارەتە، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو (216) ملیار و (198)ملیۆن دیناری بۆ پەسەندکراوە، لەلایەن پەرلەمانەوە، بۆ بودجەی بەردەوام و پێشنیار کراو، بەڵام کاتێك کە خەرجی دێتە بەر دەستی ئێمە لە 2012 (100) ملیار و (621) ملیۆن دینارە، بەم پێیەش بێ (115) ملیار و (577) ملیۆن دینار ماوەتەوە سەرف نەکراوە، بۆیە من دەپرسم خۆ دەبێ ئەو پارەیە تەدویر بێ، سووڕابێتەوە بۆ 2013 ئەگەر نەسووڕاوەتەوە چیتان لێکردووە وەکو وەزارەتی دارایی، چونکە خەرج نەکراوە، خۆشیان لە بەردەمی لیژنەکەی ئێمە وتیان لە (48٪) جێبەجێکراوە، چوار ساڵ دێنمەوە بۆ ئەو وەزارەتە حکومەت چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەم وەزارەتە کردووە، ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێ، ئێمە دەبێ بەڕاستی دەست لەم وەزارەتە بشۆین ئیشی ئەوەیە بەس مووچە تەوزیع بکات، یەعنی وازی لێ بێنین دەبێ هەر چاوەڕێ بکەین لە دەرەوە بەروبوومی کشتوکاڵی بێ، ساڵی 2010 (117) ملیار 2011 (28) ملیار 2012 (55) ملیار 2013(50) ملیار پێشنیارتان کردووە، بۆ پرۆژەی تازەی ئەم وەزارەتە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان تەنها بۆ یەك ساڵ ئەوەی من کە وتم بۆ چوار ساڵ ئەوەندەیە (251) ملیارتان پێشنیار کردووە، بۆ وەزارەتێکی گەورە و گران کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکە بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان، بەڵام وەزارەتی پلاندانان تەنها بۆ ئەمساڵی 2013 (288) ملیاری بۆ دانراوە، (251) بە (288) سەیر کەن، یەعنی ئەمە پێداچوونەوەی ناوێ حکومەت بیکا، وەزارەتەکی تر هەیە کە من دەمەوێ قسەی لە سەر بکەم ئەویش بەشێکی پەیوەندی بە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە ئەویش پیشەسازیە ڕێژەکەی سفر و (75٪) کە بیست و یەکەمین وەزارەتە بودجەی ئەم وەزارەتە بەکاربردنی (66) ملیار و (140) ملیۆنە، زائیدەن بودجەی وەبەرهێنان (60) ملیار و (357) ملیۆنە، کۆی کەیەوە (126) ملیار و (497) ملیۆن دەکا، دانراوی ئەم وەزارەتە بۆ ساڵی 2012 (41) ملیار و (43) ملیۆن بووە، بەڵام خەرجیەکەی (20) ملیار بووە، بەم پێیەش بێ (21) ملیاری ماوەتەوە، تەدویر نەبووە بۆ 2013، ئەوە دەبێ ئێوە وەڵام بدەنەوە، (15) ملیار و (500) ملیۆن بۆ سایلۆکانی

کەلار، بەردەڕەش، حەریر، سەید سادق دانراوە، لە 2011 و 2012 تا ئەو لەحزەیەی کە قسەی لە سەر دەکەین هیچ ئیشێك لە سەر سایلۆکان نەکراوە، ئەو پارەیە بۆ تەدویر نەبووە چی لێهاتووە؟ چوار ناوچەی پیشەسازی گرنگ هەبوو لە سلێمانی، هەولێر دهۆك، کەلار لە 2011 ەوە بڕیار دراوە جێبەجێ بکرێ، نە پڕۆژەکان ماون، و نە پارەکەشیان تەدویر بووە، کە (16) ملیار دینارە، یەعنی خۆ دەبێ پارەکە دیار بێ، ئەگەر پڕۆژەکان ئەمساڵ تێدا نیە، یەعنی ئەو چوار ناوچەیە چی لێهات، ئەگەر حکومەت ئیلغای کردۆتەوە دەبێ پارەکە شوێنی دیار بێ، ئەم وەزارەتەش ئەگەر بە چوار ساڵ موقارەنەی بکەی کۆی چوار ساڵ پێشنارکراوی هەیە (31) ملیار دینارە، (31) ملیار دینار کە لە خیلالی ئەو چوار ساڵە جگە لەو سایلۆیانە تەنها ئیش کە وەزارەت هەیبوو بێ نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی بینایەی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بووە، ئێ چۆن ئەم کەرتە دەبووژێتەوە، کەچی وەزارەتی ناوەخۆ تەنها لە ساڵی 2013 (47) ملیاری بۆ دانراوە، یەعنی بە یەك ساڵی وەزارەتی ناوەخۆ زیاتر لە چوار ساڵی وەزارەتی پیشەسازی بەرکەوتووە، بەپێی ئەو ئیستیمارانەی کە لەبەر دەستی من دایە، و ڕەنگە درێژەم پێ دابێ، بەڵام چارم نیە، ڕەنگە ئەوە دوو ئیستیمارەن یەکێکیان هی 2012یە، ئەوەی تریان هی 2013یە، هەندێ شوێن هەیە وەزارەت و دامەزراوەیە، هەمووی نا، یەعنی جیاوازی هەیە لە عەدەدی میلاکاتی ئەم شوێنانە، حەز دەکەم ئەگەر نەقلە، پێم بڵێن نەقل بوون لە فلان شوێن بۆ فلان شوێن، و ئەگەر کارەساتێکی سروشتی زۆر گەورە ڕووی دابێ خوا نەخواستە کە ڕووی نەداوە، ئەوانە کارە سروشتیە نەمابن ئەوشم هەر پێ بڵێن بۆ ئەوەی قەناعەت بکەم، سەرۆکایەتی هەرێم لە 2012 عەدەدی میلاکات بەپێی ئەو ئیستیمارەی کە ناردووتانە (606) کەس بووە، بەڵام ئەمساڵ کە ناردووتانە پێش ئەوەی (15)هەزار کەسەکە عەدەدی خۆی بەرکەوێ (380) عەدەد بووە، واتا جیاوازیەکەی (226) کەسە، کەمی کردووە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران 2012 پار (3067) عەدەد بووە، ئەمساڵ بۆتە (2172)، (895) کەس کەمی کردووە، وەزارەتی پەروەردو (161696) عەدەد بووە، ئەمساڵ بۆتە (164216)، (2520) کەس زیاد بووە، یەعنی ئێستا پەرلەمان هیچ موافەقەتی نەکرددووە، ئەوەی من دەڵێم وەزارەتی پەروەردە (161696) ئەمساڵ کە هێناوتانە بەر دەستی ئێمە دەڵێن عەدەدی میلاکاتی 2012 (164216) کەسە، واتا (2520) کەسی زیادکردووە، وەزارەتی کشتوکاڵ من پرسیارم کرد، دیارە بەڕێز وەزیر باسی لەوە کرد کە وەزارەتی کشتوکاڵ وا دەیخوێنمەوە ئینجا (17973) میلاك بووە عەدەدی، بووە بە (14607) باسی لەوە کرد کە (3366) کەس کەمی کردووە، دەڵێ ئەو سێ هەزار کەسە پۆلیسی دارستان بوون، چوونەتە سەر وەزارەتی ناوەخۆ، ئەمەش پرسیارە لێرە، پۆلیسی دارستان لە سلێمانی سەر بە وەزارەتی ناوەخۆ بووە، و مووچەشیان لەوێ وەرگرتووە، بەڵام ئەم سێ هەزارە هەتا پار سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ بووە، ئەگەر لە سنووری دهۆك و هەولێر وابووبێ ئەمانە چین؟ کام پۆلیسی غاباتن، بەڕاستی من ئەو ڕۆژە نەگەیشتوومە قەناعات، چونکە ئەگەر وا بێ من نازانم حەز دەکەم ئێوە بۆم ڕوون کەنەوە دوایی وەزارەتی ناوەخۆ (113200) کەسە پار، ئەمساڵ بۆتە (119341) کەس، خۆ ئەگەر پۆلیسی کارەبای چووبێتە سەر وەزارەتی ناوەخۆ، خۆ دەبێ

وەزارەتی کارەبا عەدەدەکەی کەمی کردبێ، کەمی نەکردووە وەکو خۆیەتی، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵیش چووبێتە سەر ئەوەی کە باس دەکەم پۆلیسی غاباتە، سێ هەزار هەر دیار نیە، واتا (6141) کەس لە وەزارەتی ناوەخۆ زیادی کردووە، شارەوانی (32305) بووە، بە (29357) کەس، (2948) کەس کەمی کردووە، تەندروستی (1959) کەس کەمی کردووە، با تۆزێ کەمی کەمەوە، وەزارتی کار (326) کەس کەمی کردووە، وەزارەتی دارایی (3955) کەس کەمی کردووە، بازرگانی و پیشەسازی کەمی کردووە (1653)، وەزارەتی داد (370) میلاکی زیادکردووە، دیوانی چاودێری (103) میلاکی کەم کردووە، خوێندنی باڵا (22988) میلاکی زیادکردووە، سامانی سروشتی (238) عەدەدی میلاك کەمی کردووە، دەزگای ئاسایش (1789) عەدەدی میلاك زیادی کردووە، من حەز دەکەم پێم بڵێین ئەمانە ئەگەر نەقل بوون فیعلەن بۆ کوێ چوون، ئەو تەنەقولاتە ئاگاتان لێیە ئەگەر نەقلیش نەبوونە؟ چۆن چۆنی بووە؟ ئاخر شت کە من دەمەوێ باسی بکەم، من قسە لە سەر مووچەی پێشمەرگە دەکەم بە گشتی بۆ ئەمەش لە خۆوە ڕەقەم لێ نادەم دڵنیام ئەگەر وەزارەت، و حکومەت کورت هێنانی هەبووبێ یان زیادە ڕەوی هەبووبێ من دڵنیام 100٪ چونکە وەکو پار و پێرار لە پارەی پڕۆژەکان، چونکە هەموو پڕۆژەکان جێبەجێ ناکرێ، ئەوە چارەسەر دەکەن، وەڵلا دوو، سێ شت هەیە من حەز دەکەم لەو شتانە کە بە بەراورد پار زیادەیەکی زۆرتان خستۆتە سەر ئەم زیادانە ببڕن، پێشنیار دەکەم و داواش دەکەم، ئەوانە چینە شمەك و خزمەتگوزاری تێ چووی مەوجوداتی نادارایی، من ناڵێم باربوو ببڕن، پەیوەندی بە جێ ناکۆکەکانی پاڵپشتیە کشتوکاڵیە، ناڵێم بەخشین ببڕن، ناڵێم سوودی کۆمەڵایەتی ببڕن، کە ئەمانە گرنگن، بەڵام دەڵێم شمەك وخزمەتگوزاری چاکردنەوە تێچووی تر مەوجوداتی نادارایی کە بڕەکەیان، هی هەر سێکیان (719) ملیار دینارە، ئەگەر تەنها بەس ئەو زیادەکە دەرهێنین بە بەراورد بە پار، ئەمە ببڕن بیخەنە سەر مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە، چۆن دەخرێتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، دیارە بەپێی ئەو ئیستیمارەی کە لەلای منە وەزارەتی پێشمەرگە (118642) مووچە خۆری هەیە بەپێی ئیستیمارەکە، ئەگەر هەر یەکێك لەو مووچە خۆرانە لەو (719) ملیارە هەر یەکێك (500) هەزار دیناری بۆ بخەیتە سەر مووچەکەی لە دوای ئەوەوە ئیشی وەزارەتی پێشمەرگەوە، و لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدانە ئەوە چۆن چارەسەر دەکەن، چونکە من عەدەدەکەی نازانم بەس ئەوەندەی کە لای منە (118642)، بۆ یەك مانگ (59) ملیار و (321) ملیۆن دینارە پێویستە، ئەگەر هەر یەکێك (500) هەزار دیناری بۆ بخرێتە سەر مووچەکەی هەر لە کار گوزارەکەوە بگرە هەتا دەگاتە پلەدارەك لە وەزارەتی پێشمەرگە لەو (118) هەزارەی وەری دەگرێ، بۆ کۆی ساڵاکە پێویستی بە (711) ملیار دینار دەبێ، بە ڕەئی من ئەوە گرنگترە وەك لەوەی تۆ شمەك و نازانم چاکردنەوەو تێ چووی تر کە بەشێکی لە پارەی حزبەکان و بۆ ڕێکخراوەکان و نازانم بۆ یەکێتیەکان و بۆ چییە؟ مەوجوداتی نادارایی نازانم بۆ چییە؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم  دوای دیراسەکردنی ئەمە، تەبعەن من ئەمە لە خۆوە ناڵێم ئەو پارەیەی کە زیادە بووە، ناڵێم هەموو پارەکەی بڕیوە تەنها ئەو پارەیەی کە ئێوە زیادتان کردووە، ئەگەر ئەوە موافەقەتی لە سەر بکرێ، با ئەمساڵ چییە وەزارەتی

پێشمەرگە بەم شێوەیە بێ، با حکومەت دەست بەوەوە بگرێ، شت چاك نەکاتەوە، شت سیانە نەکات ئەوەی کە پێویست نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پرسیارێك ئاڕاستەی لیژنەکەی ئێمە کرا، بۆچی لە کاتی میوانداری بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان ڕێگەمان نەدا بە ئەندامانی دیکە، بێن ئامادەبن لەو میوانداریە، لە ڕاستیدا ڕێگامان دا بێن ئامادەبن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ژمارەی ئێمە زۆرە لە لیژنەکە وتمان ماڤ ئەوەتان نیە پرسیار ئاڕاستەی ئەو بەڕێزانە بکەن خۆتان دوایی دەتوانن بەشێوەیەکی دیکە میوانداریان بکەن، چونکە ژمارەی ئێمە (10) ئەندامە کاتەکە (2) سەعات بوو، تەنها ئەوە بوو، وا تێ دەگەم ئەوە لە پەیڕەوی ناوەخۆش هەر لیژنەیەك بچێتە لیژنەیەکی دیکە تەنها وەکو گوێگر دەچێ نەك تەوجیهی پرسیار، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە من لێرە دەمەوێ باس لە سیاسەتی دارایی بکەم لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا، و ئەگەر بێتو من سێ ساڵی ڕابوردوو بکەم بە پێوەر لە سەر چۆنیەتی داڕشتنی ئەم بودجەیە، دیارە ئەوی تێبینی دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی ناڕوونی لە ستراتیژیەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت کە بنەما سەرەکیەکان و گەشەکردن و پێشکەوتن و شارستانیەتی پێویستە لە داڕشتنی بودجەدا لە بەرچاو بگیرێ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ستراتیژیەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دا ڕوون نیە، چونکە پێوەری گەشەکردن لە هەر وڵاتێکدا نەبوونی تەزەخومە، یاخود بەر قەراربوونی عەدالەتە لە بودجەدا لە بەرامبەر هاووڵاتیان، کە ئەمە ئەرکی دەوڵەتە باشترین ژیان لە ڕێگەی بودجەوە بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، نەبوونی بێکاریە و قەڵاچۆکردنی گرانیە لە هەر هەرێمێکدا کە تۆ بتەوێ ئیدارەی بدەی لاواز بوونی ژێرخانی ئابووری هەرێمە، دیارە ئەگەر باس لە کۆمەڵێك ڕێکار یاخود پرەنسیپی زانستی تر بکەی کە پێویستە لە بودجەدا لە بەر چاو بگیرێت پێویستە پێنج پرەنسیپی زانستی لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا لە بەرچاو بگیرابایە، یەکێك لەوانە شەفافیەت، دیارە ئەمە لە خستنە ڕووی تەواوی سەرجەم وردەکاریەکانی داهات، خەرجی، قازانج، میزانیەی مدەوەردا دەبینێتەوە کە پێویستە بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، دووەم بریتیە لە گشتگیری کە ئەمە خەرجی و داهاتی سەرجەم ساڵەکان، پێویست بوو بە ڕوونی باس بکرابایە، یاخود بەردەوام لە کاتی موناقەشەکردنی بودجەدا لەبەر دەستی ئەندامانی

پەرلەمان بوایە، دیاریکردنی کات کە ئەمە خۆی لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماوەی پڕۆژەکان دا دەبینێتەوە، کە تایبەتە بە بودجەی وەبەرهێنان ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە ساڵانە حکومەت لە ڕێگەی یاری کردن بە کاتەوە بودجەیەکی زۆری پڕۆژەکان بە هەدەر دەدرێت، هاوسەنگی ڕاگرتن دیارە ئەمە یەکێکە لە پرەنسیپە گرنگەکانی بودجە لە هەر وڵاتێکدا کە پێویستە هاوسەنگی هەبێت لە نیوان بودجەی بەکاربردن و بودجەی وەبەرهێنان دا، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا وەك تێبینی دەکرێ ئاراستەی پێچەوانەی وەرگرتووە، کەمترین موناقەلە پێویستە لە بودجەی هەر وڵاتێکدا بکرێت کە تۆ بتەوێت ستراتیژێکی ڕوونی ئابووری پێشکەش بکەیت یاخود باشترین خزمەت پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەی پێویستە تۆ لە ڕێگەی بودجەوە بێت، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرەو پێش چوونی ئابووری لە هەر وڵاتێکدا پێویستمان بە دەرکردنی فاکتەرە سەرەکیەکانی ئابووری هەیە بۆ بنیات نانی دەوڵەت، یەکێك لەوانە سیستەم، سیاسەت، ستراتیژ، بەرنامە و پلانی ئابووریە، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە، سەرجەمی ئەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە من باسم کرد لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا لە بازنەیەکی ون دا دەخولێتەوە، بۆ لەبەر ئەوەی تا ئێستا خەرجی و داهاتی تاکە کەس و دەوڵەت لە ئاستێکی سەقامگیری دا نابینێ، هۆکاری ئەمەش نەمانتوانیوە هیچ ئامانجێك لە موناقەشەکردنی بودجەی ساڵانەدا بکەین بە پلانی ستراتیژی کاری داهاتوومان و کاری لە سەر بکەین، بۆ نموونە ئەگەر بێتو ئێمە لە هەر یەکێك لە ساڵەکان دا چارەسەری کۆمەڵێك کێشەی موزمنی کۆمەڵگاکەمان پێ بکردایە، لەوانە چارەسەری کێشەی بێکاری و هەژاری یاخود چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون، یاخود زیادکردنی بەروبوومی خۆماڵی دیارە حکومەت لە بەرامبەر بودجەدا ئەوەی من تێبینیم کردووە، هیچ بەرنامەیەکی زانستی و شیکارێکی ئابووریانەی نەبووە لە داڕشتنی بودجە، چونکە ئەمە لە کاتێك دایە هەموو لایەك دەزانێ کە بودجەی گشتی بریتیە لە مامەلەکردن لەگەڵ داهاتی گشتی دواجاریش لە خزمەتی گشتی دا جێبەجێ دەکرێ، بنەمای هاوسەنگی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە بنەمای هاوسەنگی نێوان توانستە داراییەکان لە بودجەدا لەو خەملاندنانە پێك دێت کە لە داهات و خەرجی گشتی دا دەکرێت، کە پێویستە لە هەر وڵاتێکدا یاخود لە هەرێمی کوردستاندا، داهاتی گشتی کە موڵکی تاك بە تاکی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە، بخرێتە خزمەتی پێداویستیە جۆرا و جۆرەکانی هەرێمی کوردستانەوە، یاخود کۆمەڵێك ڕێکاری گرنگ هەیە دەتوانین لە ڕێگەی ئەم داهاتەوە چارەسەری پێ بدۆزینەوە، لەوانە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری وڵات، یاخود دابینکردنی پێداویستیە خزمەتگوزاریەکانی کۆمەڵگا لە سەرجەم ئاستەکان، سێیەم ئەنجامدانی ساڵانە لە بودجەدا ئەنجامدانی کۆمەڵێك پڕۆژەی ستراتیژی بنیات نەر کە ئێمە بتوانین لە ئایندەدا پشتی پێ ببەستین، سستەمی کارگێڕی لە هەرێمدا ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێ تا ئێستا بەشێوازێکی سستەماتیك و دامەزراوەیی کاری نەکردووە، چونکە کاری نەکردووە بۆ بنیات نانی کۆمەڵێك دامەزراوەی هاوچەرخ کە پشتی پێ ببەسترێت، لەوانە نەمانتوانیوە لە بوارەکانی کشتوکاڵی، پیشەسازی، ئاودێری، تەندروستی، گەشت و گوزاری یاخود پەرپێدانی مرۆیی کارمان پێیە، یاخود جێگە دەستی حکومەتی

هەرێمی کوردستان دیار بوو بێت، دیارە من ئەگەر تێبینی و سەرنجەکانم لە سەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بخەمە ڕوو، یەکێك لەوانە بە بڕوای من لیژنەی دارایی تەنها ئەرکی ئەوە بووە لەم ڕاپۆرتە دا خستنە ڕووی ژمارەکان و کۆکرنەوەی ڕاپۆرتەکان و سەرجەم لیژنەکان بووە، بەڵام ئەوەی وەك ئەرکی خۆیان پێویست بوو ڕۆڵی تێدا ببینن، بریتیە لەوەی کە دەبوایە هەڵسابان تێبینی و سەرنجی خۆیان لە سەر وردەکاری سەرجەم کارەکانی وەزارەتی دارایی بە وردەکاریەکەوە بخستبایە ڕوو یاخود دیوانی چاودێری دارایی یاخود هەیئەی ئیستیسمار، و ئەمانە یەکێکن لە ئیشەکان یاخود بودجەی سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان، ئەمانە یەکێك بووە، لە ئەرکەکانی لیژنەی دارایی کە دەبوایە لایەنی کەم بیانوتبایە کە ئایا ڕەخنەیان هەیە، یاخود نا؟ و یاخود سەرجەمی سیاسەتی دارایی حکومەت لە ساڵانی ڕابوردوودا، ئەمان هەڵیانبسەنگابایە بیانزانیبایە بۆ پەرلەمانتارانیان ڕوون بکرادابایە، ئایاسیاسەتی حکومەت لە بەرامبەری بودجەدا لە کوێ دا شکستی خواردووە، و لە کوێ دا پێویست بەوەیە کە تۆ برەوی پێ بدەی یاخود بودجە لە سەرجەم کەرتەکاندا بۆی دابین بکەی، بەنیسبەت وەزارەتی داراییەوە، بە هەمان شێوە وەزارەتی دارایی تەنها خوێندنەوەیەك بۆ ئەو ژمارانەی کە لە حکومەتی عێراقیەوە هێنراوە دواتر بە هەمان فۆڕمی ساڵانی ڕابوردوو دووبارە بۆتەوە، بەڵام ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم وەزارەتی دارایی وەکو پێشتر هاوڕێکانم ئاماژەیان بەوە دا کۆمەڵێك دەستەواژە دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا کە ماوەی پێنج ساڵ بە سەر ئەوە دا ڕۆیشتووە کە ئێمە پێویستە هیچیی تر یەعنی ڕێگەیەك دابنێین لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێ لەمەودوا بوترێت هەوڵمان دا یاخود لە هەوڵ داین بۆ چارەسەرکردنی ئەم مافە دەستورییە و بەدی هێنانی مافە دەستوری و یاساییەکان، چونکە ئێمە گەیشتووینەتە ئەوەی کە پێویستە هەوڵەکە ببێت بە دەرئەنجام، دەرئەنجامەکانمان پیشان بدرێ لەمەودوا لە ساڵانی داهاتوودا بوترێ ئێمە بەدی هێنەری مافە دەستوری و یاساییەکانمان بووین، یاخود وەزارەتی دارایی ڕوونکردنەوەی تەواوی نیە لە سەر سەرجەم ئەو کەم و کورتی و دژ بەیەکی و نا هاوتاییانەی کە لە بودجەدا ڕوو دەدات ساڵانە، یاخود شیکارێکی ئابووریان بۆ نەکردووە، تا ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا بین لەوەی کە ئایا ئەو کەم و کوڕی و زیادە ڕۆیانەی لە بودجەدا دەکرێ بە فیعلی ئەمانە ڕوو دەدەن، و بە بەلگەوە بیهێنە بەردەمی پەرلەمانتاران کە ئەمانە ڕوویان داوە یان تەنها تەبریرێکە ساڵانە دەخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، یەکێك لەو شتانەی کە پێویستم بە ڕوونکردنەوەی بەڕێز وەزیری دارایی هەیە لە سەر هۆکاری نادروستی ئەو خەمڵاندنانەی بودجەی هەرێم کە لە بەرامبەر ئەو بودجەیە دەکرێت، یاخود دەتوانم بڵێم کە وەزارەتی دارایی عێراقی داوای بودجە لە هەرێم دەکات هۆکار چییە بۆ هەردوو سێکتەرەکەی بەکاربردن و وەبەرهێنان وەزارەتی دارایی هەرێم داوای (22) ترلیۆن و (353) ملیار و (5) ملیۆنی کردووە، بەڵام حکومەتی عێراقی ئەوەی کە موافەقەتی کردووە، بۆ وەزارەتی دارایی هەرێمی کورستان (14) ترلیۆن و (406) ملیار و (732) ملیۆن بووە، دیارە هەمان ستراتیجی داواکردن و موافەقەتکردن لە سەر ئەو بڕە پارەیە، لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەتی

هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی دا دووبارە دەبێتەوە، لێرە دا دەبێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئایا حکومەتی عێراقی هۆکاری ڕاستەقینە و باوەڕ پێکراوی لایە کە لەو (22) ترلیۆنەی کە حکومەتی هەرێم داوای دەکا، ئەو کردوویەتی بە (14) ئایا هۆکارەکانی موقنیع کەرن کە ئەو لە (22) کردوویەتی بە (14)، و بە هەمان شێوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە دووبارە دەبێتەوە، بۆ نموونە سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2013 دا سەرجەمیان داوای (22) تریلۆن و (15) ملیار و (120) ملیۆنیان کردووە، بۆ نەفەقاتی وەزارەتەکەیان، بەڵام موافەقەتی وەزارەتی دارایی لە سەر (11) تریلۆن و (68) ملیار و (958) ملیۆن دینار بووە، کە جیاوازیەکەی (10) تریلۆن و (406) ملیار و (162) ملیۆنە، کەواتە لێرەدا دەبێت هۆکارێك هەیە، ئایا دەتوانم بڵێم تەخمینی وەزارەتەکانی هەرێم نادروستە، دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم داواکردنەوە، داوای بودجەی دووقات بکەن، یاخود وەزارەتی دارایی نا بەرپرسانە مامەلە دەکات و دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم کەم کردنەوەیە ئەو بودجەیە بۆ شوێنی تر ببات، چونکە من ئەگەر هی هەر چوار ساڵەکە، کە لە ساڵی 2010 ەوە تا 2013 کۆ بکەمەوە ئەوەی کە سەرجەمی وەزارەتەکان داوایان کردووە، (76) تریلۆن و (485) ملیار و (523) ملیۆن بوو، بەڵام وەزارەتی دارایی لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا تەنها موافەقەتی لە سەر (38) ترلیۆن و (626) ملیار و (185) ملیۆن کردووە، کە جیاوازی نێوانیان (37) ترلیۆن و (859) ملیار و (338) ملیۆنە، دیارە ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی تەواو هەیە، ئەم هۆکارە چییە؟ چونکە لەم نێوەندەدا یان تەخمینی وەزارەتەکان نادروستە، یان موافەقەتی وەزارەتی نا دارایی دروستە، دیارە یەکێك لە سێکتەرە سەرەکیەکانی بودجە بریتیە لە بودجەی بەکاربردن کە ئەمە هەموو لایەکمان دەزانین کە ساڵ بە ساڵ لە زیادبوون دایە، بەڵام کە دەرئەنجامەکانی دەبینین بەو شێوەیەی کە ساڵ بە ساڵ ئاستی زیادبوون بە خۆیەوە دەبینێ نەیتوانیوە لە هەرێمی کوردستاندا جێگەی دەستی دیار بێت، بە بڕوای من دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان دا نابێ بکرێ بە بیانوویەك بۆ زیاد بوونی بودجەی بەکاربردن، چونکە هەموو لایەکمان دەزانین ساڵانە کە ئەو ڕێژەیەی لە پەرلەمانی کوردستان دا موافەقەتی لە سەر دەکرێت، پەرلەمانتاران دەنگی لە سەر دەدەن، نا یاسایی، یاخود پێشێلکاری بەرامبەر ئەو ماددە یاساییە دەکرێت، و لە سەرووی ئەوەوە چەندین خەڵکی تر بەدەر لە یاسا یاخود لە زمنی ئەوە دا نیە کە پەرلەمان موافەقەتی لە سەر کردووە، چەندین هەزاری تر دادەمەزرێت، ئەمە ناکرێت، چونکە ئێمە هەموو لایەك دەزانین تۆ هاتووی لە ڕێگەی ئەم کارە نا یاساییەوە، مافی کۆمەڵێك هاووڵاتی تر پێشێڵ دەکەی، کە ماوەی ساڵانێکی زۆرە لە ماڵەوە دانیشتووە چاوەڕێی حکومەتە دایبمەزرێنێ، هەموو لایەکیش ئەوە دەزانین کە دامەزراندن کێشەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان دا چارەسەر ناکات، لەبەر ئەوەی دامەزراندن بە بڕوای من لە هەرێمی کوردستان دا لە سەر پێداویستی دەوڵەت نیە، لە سەر ناوەندێتیە، بۆ نموونە ئەگەر من باسی کۆمەڵێك لەو شوێنانە بکەم کە سەردانم کردووە، و چووم سەردانی قوتابخانەکانم کردووە، لە زۆربەی هەرە زۆریان دا ئەگەر لە سەر پێداویستی دەوڵەت بێت، ئەبوایە لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا ئەم قوتابخانانەی کە من سەردانم کردووە،

لایەنی کەم لە چەندین شوێن لایەنی کەم سێ، چوار مامۆستا بۆ ئەو قوتابخانانە تەرخان بکرابایە، قوتابخانەی وا هەیە یەك مامۆستا مودیریشە و پێنج پۆل وانە دەڵێتەوە، ئایا ئەم دامەزراندنانەی کە پێشتر ڕووی داوە لە هەرێمی کوردستان لە سەر پێداویستی دەوڵەت بووە، کەواتە هەموو ئەوانە ئەم کەلێنانە شاهێدە بۆ ئەوەی کە لە سەر پێداویستی دەوڵەت نیە، ئەوەی تێبینی دەکرێ بودجەی 2013 بە بەراورد لەگەڵ بودجەی 2012 بڕی (1) ترلیۆن و (83) ملیار و (161) ملیۆن زیادی کردووە، ئەگەر بەراوردی ساڵانی ڕابوردوو بکەین، ساڵی 2010 بە بەراورد بە ساڵی 2009 بودجەی بەکاربردن لە (31,99٪) و هەڵکشاوە 2011 بە 2010، (24,9٪) هەڵکشاوە، 2012 بە هەمان شێوەی 2013 (1) ترلیۆن زیادی کردووە، واتە لە 2008 ەوە تا 2013 کە پێنج ساڵ دەکات، بودجەی هەرێمی کوردستان لە (100,25٪) زیادی کردووە، کەواتە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە دەتوانم بڵێم ڕێژەیەکی خەیاڵیە، کە تۆ لە هەرێمێك دا دەژی بەم شێوە خەیاڵیە بودجەکەت زیاد دەکات، بەڵام ناتوانی دەست بخەیتە سەرجەم ئەو کەلێن و کەم و کورتیانەی کە لە هەرێمەکەتدا هەیە بتوانی پڕی بکەیتەوە، پێویستە لە دانانی بنەماکانی ئابووری دا سەربەخۆیی بدرێت بە کۆمەڵێك وەزارەت کە دەتوانم بڵێم کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لە سەر بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات و دواتر دەتوانی پایەکانی دەوڵەتی لە سەر بونیات بنێی، بۆ نموونە ئەو وەزارەتانەی کە ڕوولێکی گرنگ دەبینن لە بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات دا وەزارەتەکانی کستوکاڵ، پیشەسازی، ئاوەدانکرنەوە، بازرگانی کە هەر چوار وەزارەتەکە، کە وەزارەتی زۆر گرنگن لە (4,91٪ی) کۆی گشتی بودجەی بردووە، دوو وەزارەتی تری زۆر گرنگمان هەیە کە ئەتوانین بڵێین کە زۆرترین چین وتوێژەکان لە ژێر چەتری یاسایی ئەم وەزارەتانەدا مافەکانیان بۆ دەستەبەر دەکرێت، یەکێك لەوانە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیە کە هەموو لایەکمان لەوە دڵنیان، کە یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان کە توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم وەزارەتەوە ئەگەر تا ڕادەیەك مافێکی کەم بێ بدرێت بە سەرجەم ئەو چین و توێژانەی کە لەو وەزارەتە دا جێگەیان دەبێتەوە، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە (4,19٪)بۆ تەرخان کراوە، و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکان بە هەمان شێوە، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من دەمەوێ لێرەوە ئاماژە بەیەك شت بدەم، زیادبوونی مووچەی شەهیدان لە هەرێمی کوردستان دا ئەتوانم بڵێم بەو شێوازەی کە لە ساڵانی ڕابوردوو دا لەم ساڵیش دا پەیڕەو دەکرێ، کە بریتیە لە زیادکردنی نسبی، واتە تۆ بەنسبەت مووچەی شەهیدان زیاد دەکەی کە تۆ دوو چینی زۆر گرنگ لە هەرێمی کوردستان دا دەبێت مافیان بۆ دابین بکەی کە شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە تەجروبەیەکمان هەبێ لە ساڵانی ڕابوردوودا ئەم زیادکردنانە نەیتوانیوە ئاستی بژێوی ژیانی ئەم دوو چینە بەرەو باشتر ببات، بۆ؟ چونکە بۆ نموونە خێزانی پێنج کەسی لە هەرێمی کوردستان دا دەتوانێ گوزەرانی بە (450) هەزار دینار یاخود (500) هەزار دینار بباتە سەر، نەخێر بێگومان ئەمە شتێکی حاشا هەڵ نەگرە ناتوانێ، کەواتە دەبوایە هەرێمی کوردستان لەمساڵ دا ڕێگەیەکی تری چارەسەرکردنی ئەوەی بدۆزی بایەتەوە، بەتایبەتی وەزارەتی

دارایی و وەزارەتی پلاندانان، ئەمە دەبوایە دیراسەتێکی ورد بکرابایە لە سەر ژیانی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، کەواتە دەبوایە ئەو دیراسەتە لە سەر ئەو بنەمایە بوایە کە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نموونە کەمترین خێزان کە پێنج کەسیە، ڕۆژانە یاخود مانگانە بە بڕی چەند دەتوانێ بژێوی ژیانی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی دابین بکات، کۆمەڵێك وەزارەتی ترمان هەیە کە دەتوانم بڵێم پشکی شێریان لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا بردووە، وەزارەتی ناوەخۆ، پێشمەرگە، دارایی، دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش، لە( 39,38٪)ی کۆی گشتی بودجەیان بردووە، ئەم پێنج وەزارەتە، بەڵام ئەو شەش وەزارەتەی تر کە من لە سەرەتاوە باسم کرد (13,26) یان بردووە، کە ئەمە ئەگەر تۆ بێی جیاوازیان وەربگری لە نێوان ئەم شەش وەزارەتەی کە باسم کرد یەکێکن لە کۆڵەکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك کە تۆ بتەوێت کاری جدی لە سەر بکەی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بودجەوە، جیاوازی نێوانیان (26,12٪) یە، کە ئەمە ڕێژەیەکە زۆر زۆرە لە نێوانی چینەی ئەم دوو وەزارەتانەی کە من باسم کرد، کە ئەمە لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نا هاوسەنگی ئابوورییە، ئەم نا هاوسەنگی ئابوورییە لە وڵاتێك دا بەدی دێت، کە هیچ پلانێکی ستراتیجی بۆ دارشتنی بودجەو دابەشکردنی بە سەر سێکتەرەکاندا نەبوو بێ، کەواتە هەموو ئەوانە دەرئەنجامی نەرێنیان دەبێ لە سەر گەشە کردنی ئابووری وڵات، گەشەکردنی هەژاری و بێکاری، گەشەکردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، دروست بوونی پایەکانی دەوڵەت، بەروبوومی خۆماڵی کەواتە دەبێت لە ساڵانی ڕابوردوودا یاخود دەبوایە لەم ساڵیش دا ستراتیجیەتی کاری حکومەت بگۆڕابایە بەو ئاڕاستەی کە بمانتوانیبایە هەرێمی کوردستان ببێت بە هەرێمێکی بنیات نەر بۆ ئایندە کە بتوانێت بە شێوازێکی تر مامەلە لەگەڵ بودجە دا بکات، دەتوانم بڵێم کێشەکانی تر کە لە بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، و بریتیە لەوەی ئەو بڕە بودجەیەی کە ساڵانە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند دەکرێت، و دواتریش کە نەفەقاتی فیعلی هەمان ساڵ دەبینینەوە زۆر زیادە ڕۆیی تێدا کراوە، واتا حکومەت پابەند نابێ بەو بڕەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دا پەسەند دەکرێت لە ساڵی 2010 دا پەرلەمانی کوردستان موسادەقەی لە سەر (7) ترلیۆن و (240) ملیار و (760) ملیۆن کردووە، بەڵام نەفەقاتی فیعلی ساڵی 2010 لە (7) ترلیۆنەکەوە، بوو بە (8) ترلیۆن، واتە یەك ترلیۆن زیادە ڕۆیی کردووە،(8) ترلیۆن (34) ملیار و (847) ملیۆن، لە ساڵی 2011 دا ئێمە موسادەقەمان لە سەر (9) ترلیۆن و (250) ملیار و (670) ملیۆن کردووە، بووە بە (10) ترلیۆن، لە ساڵی 2012 دا (10) ترلیۆن بووە، تا شەش مانگی یەکەم (6) ترلیۆن و (246) ملیار و (663) ملیۆن بووە، کەواتە ئەمانە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێم پابەند نابێت بەو بودجەیەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دا پەسەند دەکرێت، و زیادە ڕۆیی تێدا دەکرێت، یەکێك لەو شتانەی تر کە دەمەوێ باسی بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە، (4) ملیار و (184) ملیۆنی بۆ پەسەند کراوە، بەڵام نەفەقاتی فیعلی ئەم دەستەیە (4) ملیار و (546) بووە، واتا ئەمە زیادە ڕۆییەکی تەواوە هەر لە کاتێك دا هەمووومان دەزانین دەستەی مافی مرۆڤ لە ساڵی 2011 دا هیچ ئەرکێك، هیچ چالاکیەك، هیچ مەهامێکی نەبووە، کەواتە ئەمە

یەکێکە لە هەرە نموونە زەقەکان کە ئێمە ئەتوانین بیهێنینەوە، کە ئەمە یەکێکە لەو دەستانەی زۆرترین زیادە ڕۆیی تێدا کراوە، بەنیسبەت بودجەی وەبەرهێنان ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە، دیراساتی وردی بۆ کرابێ ساڵانە لە (15٪) زیاتر پرۆژەکانی ناچێتە بواری جێبەجێکرنەوە، یاخود لە (16٪) زیاتر ئەو بودجەیەی کە بۆ وەبەرهێنان تەرخان دەکرێت جێبەجێ ناکرێت لە ساڵی 2013 دا لە (31,48٪) بودجەی وەبەرهێنانە کە لە (26٪)ی بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژە پێشنیازکراوەکان دانراوە، لە بەرامبەر دا پرۆژەی بەردەوام دوو هەزار و پێنج سەد و بیست و چوار پرۆژەی بەردەواممان هەیە کە بایی (12) ترلیۆن و (782) ملیار و (199) ملیۆنە، کە لە (74٪)ی پرۆژەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی رابوردوودا بوو بە پرۆژەی بەردەوام، و لەو نێوەندەدا کە تێبینیمان کردبێ لەو دوو هەزار و پێنج سەد و بیست و چوارە نزیکەی (750) پرۆژەی تەرخانکراوی ساڵی پار سفرە، ئەگەر بێت و بودجەی وەبەرهێنان تەنها بەراوردێك بکەم لەنێوان سێ سێکتەری بودجەی بەکاربردندا بۆمان دەردەکەوێت کە بودجەی بەکاربردن بە چ ئاڕاستەیەك ساڵانە بۆ سێکتەرەکانی چۆن بودجە تەرخان دەکرێت، لە سیلەع و خەدەمات، و منح و مەنافعی ئیجتیماعی بە هەر سێ دەروازەکە لە (28,15)ی بەرکەوتووە بە هەر سێ دەروازەکە کە ئەمە ڕێك نزیك دەبێتەوە لە بودجەی وەبەرهێنان، پرسیارەکەم ئەمەیە کە سێ دەروازەی بودجەی بەکاربردن نزیك دەبێتەوە لە بودجەی وەبەرهێنان، ئەمە سیاسەتێکی ئابووری تەندروستە لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێت، ئەمە جێگای سەرسوڕمان نیە کە بوترێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ئەم بیست و یەك ساڵەی کە ئێمە گوزەرانمان کردووە تیایدا پێویستی بە چەندین ساڵی تر هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەشێوەیەکی ڕێك و پێکتر لە سەر پێی خۆی بوەستێت، بۆ بنیاتی ژێرخانی ئابووری یاخود باشترکردنی ئاستی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان، یاخود جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی پەرەپێدان، یاخود کارکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت بۆ خزمەتی گشتی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کۆتا ڕوونکردنەوەم ئەوەیە کە دیارە مەسەلەی کورت هێنان ئەم ساڵانە بۆمان دووبارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی بتوانرێ تا ئێستا هیچ هەنگاوێك بنرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە حەلێکی یەکلاکەرەوە بۆ ئەم کورت هێنانە دابنرێ، ئەوەی لێرەدا زۆر ئەتوانین بڵێین جێگای سەرنج ڕاکیشانە دەڵێت حکومەتی عێراقی ئەم پارەیە لە کاتێکدا سەرف دەکا، لەو کاتەدا کە هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ دەستوری عێراقدا بگونجێت، کەواتە لێرەدا دان پێنانی زۆر زۆر ڕاستەوخۆ هەیە کە تا ئێستا هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان دا بەپێی دەستوری عێراقی ڕێك نەخراون، ئەمەش دیارە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە تا ئێستا ژمارەیەکی تەندروست لە هێزی پێشمەرگە نەدراوە بە حکومەتی عێراقی، یاخود ئەو مەهامانە، و ئەو ئەرکانەی کە پێویستە بەپێی دەستوری عێراقی هەبێت لە هێزەکانی پێشمەرگە دانیە، لە ناو ئەوەدا لە یەکێك لە دەروازەکانی بودجەدا باس لە کرینی کەل و پەلی سەربازی دەکرێت لە بودجەی بەکاربردندا کە بڕی (25)ملیار و (202) ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە، من لێرەدا بۆیە باسی کرینی کەل و پەلی سەربازی دەکەم، دیارە ئێمە لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەین و ڕۆژانە پێشمەرگە پەیوەندیمان پێوە دەکات، یاخود

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (38)

**دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/1/28**

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2013/1/28 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (38)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (38)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2013/1/28 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2013.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (38) رۆژی دانیشتن (2013/1/28) بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (38)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2013/1/28 بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2013.**

**داوا لەلیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری پلان دانان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، لەگەڵ وەفدە یاوەرەکانیان بەخێر بێن، فەرموو کاك دڵشاد.**

**بەڕێز دڵشاد حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی 2013، سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەی کە وەزارەتی دارایی پێشکەشی پەرلەمانی کردووە، من حەز دەکەم سەرەتا لەهەندێ مەبادئی گشتییەوە دەست پێ بکەم، کە کۆمەڵێك مەبادئ هەیە بودجەی لەسەر دادەڕێژرێ، ڕاپۆرتەکە خۆی بەپێی لاپەڕەکان بەو فۆنتە گەورەیەی نووسراوە، نزیکەی (94) لاپەڕەیە، بۆ نووسین وەکو داڕشتن داڕشتنێکی جوانە، بەڵام لەهەمان کات، لەعەمەلدا دێیت سەیری پلانی ستراتیجی و دەرئەنجامەکانی دەکەی دەر دەکەوێ هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە کەسیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێم بۆ خەملاندنی بودجە لەهەرێمی کوردستان خەملاندێکی شکست خواردووە، خەملاندنێکە ناتوانێ پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستان، یەکسانی لەنێوان داهات و عەدالەت لە خەرج کردندا جێ بەجێ بکا، کۆمەڵێك بنەمای سەرەکی هەن لە بودجە کە بەداخەوە ئەگەر بێی خەملاندنی بودجەی هەرێمی کوردستانی تێدا پێوەر بکەی زۆرێك لەو بنەمایانە تێدا جێ نابێتەوە، بۆ نموونە یەکێك لەبنەماکان وەعدەیە، یەعنی یەکە، بەیەك بەڵگەنامە بێ، یەك بەڵگەنامەی داهات، خەرجی هەمووی لەیەك بەڵگەنامەدا بێ، بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان ئێمە بەڵگەنامەیەکمان هەیە ناوی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان (2013)یە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکە دوو حیسابی تایبەت هەیە لەدەرەوەی بودجە کە پارەی تێدایە ئەویش پارەی عقودی نەوتە، شەراکەتی حکومەتی هەرێمە لەنەوتدا، بەپێی زانیارییەکان لەو عەقدانەشدا حکومەتی هەرێم پشکی لە (25) شریکە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە، ئەمانە هیچی لەناو داهاتی گشتیدا نییە، ئەمە دژی بنەمای وەعدەی حیسابییەکەیە، دەبێ یەك بەڵگەنامەبێ، هەموو داهاتەکانی تێدابێ، لەهەمان کاتدا لەداهاتەکاندا حکومەتی هەرێم کۆمەڵێ دەزگای جیا کردۆتەوە لەداهات، کە داهاتەکانیان بۆ خۆیان خەرج دەکەنەوە، بەپێی بنەمای وەعدات بڵێین ئەو یەکە بەڵگەنامەیە دەبێ هەموو داهات بەیەکەوە کۆبکرێتەوە، پێکەوە پاشان تەوزیع بکرێتەوە، هەروەزارەتێك ئەگەر دەستەڵاتی هەیە ئەو داهاتانە بۆ خۆی خەرج بکاتەوە دەبێ بێتەوە ناو دەستەڵاتی گشتی پاشان بدرێتەوە پێیان، بۆ ئەوەی ئێمە لامان روون بێت داهاتەکانیان چەندە؟ بۆ چی سەرف دەکەن؟ لەچی دا سەرف دەکەن؟ بەپێی ئەو یاسایەی کە دەرچووە، بەپێی ئەو یاسایە سەرف دەکەن؟ زۆر بەداخەوە هەندێك شتی تر دەبینین بەپێی بەڵگەنامەکان ئەویش ئەوەیە کۆمەڵێك جێگا هەیە وەکو پاڵاوگە نەوتییەکان، وەکو شارەوانییەکان، وەکو ئەمانە هەست دەکەی حکومەتێکی بچووك لەناو حکومەتدا، ئەمانە داهاتەکانیان بۆ خۆیان خەرج دەکەنەوە، لەهەمان کاتدا لەبودجە پارەیان بۆ تەرخان دەکرێ، بۆ ئەوەی ئەمانە بڵێین کورتهێنانەکانیان پڕبکرێنەوە، داهاتەکانیان بەڕەقەم نایەتە ناو داهاتی گشتی پاشان تەوزیع بکرێتەوە، لەکاتێکدا سەیرم لێ دێ ئەمانە سەر بەوەزارەت بن، لەمینەح پارەی تەعویزاتی موزەفینینان بۆ داندراوە، باشە ئەمانە سەر بەو وەزارەتە نین؟ لەم وەزارەتە بودجەیان بۆ دانەندراوە؟ مەسروفیان لەسەر ئەم وەزارەتە نییە؟ بۆیە ئەم جیا کردنەوەیە ئەمە تەنها بۆ دژی وزوحیە، روون نییە، کە دەبێ بودجە روونی تێدا بێ، یەکێك لەمەبدەئەکانی کە بودجەی هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەو بابانە لێك بدەیتەوە ناروونی تێدایە، تێکەڵاوی تێدایە، هەست دەکەی

زۆرجار لەمەتەڵ دەچێ، دەبێ مێشکت ماندوو بکەی تا چارەسەری دەکەی، تا ئەوانە پێك دەهێنێ، چونکە دەبێ وزوحی تێدابێ، یەکێك لە کێشەکانی مەبدەئی لەبودجەدا مروونەتە، بەپێی ئەو مەرکەزیتە دارایانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی مروونەت نییە لەجێ بەجێکردنی بودجە، یا مروونەت نییە لە جێ بەجێکردنی پڕۆژەکاندا، بۆیە پڕۆژەکان دەبینی چەند فۆڵتەی کارەبا کە دەردەچێ تا دەگاتە ماڵان، دەڵێن تا کارەبا دەگاتە ماڵان چەند فۆڵتەیەکی لێ کەم دەبێ، رۆتینات لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك بەهەدەردانی مالی تێدا روودەدات بەهۆی رۆتیناتەوە، پڕۆژە هەیە بەشەش مانگ دەنێردرێ بۆ وەزارەتی تەختیت تا موافەقەی بۆ دەکرێ، چوار، پێنج مانگی پێدەچێ تاموافەقەکەی بۆ دەکرێ، دەگەڕێتەوە، ئەگەر لەئاستی پارێزگاکاندا بێ، بۆیە ئەو مەرکەزیەتە وای کردووە شەلەل لەئەدائی حکومەت لەخەرەج کردندا بکرێ لەبوارەکانی بەکاربردنیش، لەبوارەکانی پڕۆژەکانیشدا، من هاوڕێیەك پێی وتم مەحاسیبێك بۆ موناقەلەکردنی (100) هەزار لەفەصڵێکەوە بۆ فەصڵێك هاتووە بۆ هەولێر، ئیفاد و مەسروف و هاتووچۆیەکەی (100)هەزار دیناری تێ چووە، بۆ ئەوەی (100) هەزار لەفەصڵێکەوە نەقڵ بکا بۆ فەصڵێکی تر، بۆ ئەو دەستەڵاتانە دانابەزرێندرێ بۆ وەزارەتەکان، بۆ ئەوەی مروونەت هەبێ لەجێ بەجێکردندا، شتێکی تر هەیە کە پێی دەوترێ ئیستیحقاق، یەعنی عەدالەتی ئیستیحقاقی تێدابێ، وەزیفەیەك هەیە زۆر گرینگە ئەویش ئەوەیە لەبودجە لەخەرجی کێ چی دەست دەکەوێ؟ کێ بەرپرسیارەتیەکەی هەڵدەگرێ؟ لەبودجەی هەرێمی کوردستاندا ئەم دوو وەزیفەیە ونە، ئەوانەی کە چیان دەست دەکەوێ لەئاستی بەرزەوە وازحە، بەڵام ئێمە دەپرسین خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەوانە چیان دەست دەکەوێ؟ مەسەلەن بۆ بەساڵاچووان چیان لەبودجە دەست دەکەوێ؟ ئەوانەی کە فەرمانبەری دەوڵەت نەبوون، عومریان گەیشتۆتە سەروی (63) ساڵ لەم وڵاتە، لەم بودجە چیان دەست دەکەوێ؟ دەپرسین منداڵان چیان دەست دەکەوێ لە بودجە؟ ئەو پارەی کە دادەندرێ بۆ منداڵان لەم وڵاتە هیچ پێوەرێك لەچاو وڵاتان ئەگەر موقارەنە بکەی هیچ پێوەرێك نییە بۆ خەرجی منداڵان کە لەحکومەتی هەرێم بەپێی ئەو پرەنسیپەی دادەندرێ تەنها بۆ مۆزەفین دادەنێ، ئەی ئەو منداڵانەی باوك و کەس و کاریان مۆزەف نین چییان دەست دەکەوێ؟ بێکاران چییان دەست دەکەوێ؟ نیسبەتێك بێکاری لەخەریجی مەعهەد و جامیعایەکان (150) سەد و پەنجا هەزاریان دەدەنێ، (150) سەد و پەنجا هەزار بۆ بێکاری نییە، بێ کاری ئەوەیە ژیان دابین بکەی، بێکاری ئەوەیە کە ئێمە بزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی هەبێ، لایەنی کەسێك بەتەنیا ئەگەر خێزانی نەبێ بەچەند دەژی لەم وڵاتە؟ دەبێ لایەنی کەمی ژیانی کەسەکان تەمین بکەی، ئەمە پێدانی بێکارییە، ئەمە ڕێکخستنی بێکارییە، دروستکردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی سۆسیال ئەمە دروستکردنی عەدالەتە بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ کێ چی دەست دەکەوێ و چەندی دەست دەکەوێ؟ بۆیە هەموو ئەمانە کاتێك کۆ دەکەینەوە چینێکی زۆر لە خەڵکی هەرێمی کوردستان لەبودجە ئەوی حەقیەتی دەستی ناکەوێ، ڕاستە کۆمەڵێك خەڵك دوو چینی گەورە دروست بووە، چینێکی بەرزی باڵای پارەدار، چینێکیش دروست بووە لەئاستی خوارەوەدایە، کە بژێوی ژیانیان لەئاستی بژێوی ژیانی

ئینسانێکدا نییە کە بەپێی ژیان شایستەی ئەم سەردەمە بێ، شتێك هەیە پێی دەوترێ پەرەپێدانی ئابووری، کە لەڕاپۆرتەکەدا ئەوەندەی گرینگی داوە من حەز دەکەم لەڕاپۆرتەکە ئەگەر سەیرێکی بکەین حکومەت دەڵێ لەبەردەوام بوونی ژێرخانی ئابووری مسۆگەرکردنی پاراستنی هەرێمی کوردستان، دابینکردنی ئاسایشی تاك و کۆمەڵگە و هەتا دوایی.....، باشە پەرەپێدانی مرۆیی، یەعنی پەرەپێدانی مرۆیی یەکێك لەئەرکەکانی بودجەیە، پەرەپێدانی مرۆیی هەرئەوە نییە تۆ هەمووت کۆکردۆتەوە لەنێوان ئەوەی کە یارمەتی خوێندکار دەدەی بۆ ئەوەی بچێ لەدەرەوە شەهادە بهێنێ، پەرەپێدانی مرۆیی لەهەموو بوارەکاندایە، بواری پەروەردە، تەندروستی ئێمە ئاستی پەروەردەمان لێرە ئیشارەتی پێدا کە گەیشتۆتە ئاستێکی باش، ئێمە قوتابخانەکانمان ئێستا لەئاستی شیاوی خوێندندایە؟ قوتابخانەمان هەیە هەتا ئێستا سێ دەوامی تێدایە، دوو دەوامی تێدایە، ئاستی خوێندن نەهێنی ئاستی خوێندکار لەوەسەتی نهێنیدا نەك داروخاوە، بەڵکو لەئاستێکی زۆر خواردایە، ئاستی تەندروستیش هەموومان دەیبینین کە ئاستی تەندروستی لە چ ئاستێکدایە، بۆیە لەپەرەپێدانی مرۆییدا حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە هیچ بەرنامەیەك جێ بەجێ بکا، ئەوانەی رۆڵی کاراکردنی کەرتی تایبەت لەپرۆسەی گەشە پێدانە، کامە کارا کردنی رۆڵی کەرتی تایبەتە؟ پەرەپێدان ئەوەیە ئینتاجی هەبێ بۆ تاك، بۆ دەوڵەتیش، یەعنی ئەو پارانەی کە لەپەرەپێدان سەرف دەکرێ، چەند ئینتاجی هەبووە بۆ تاك، بۆ داهاتی گشتی؟ پەرەپێدان توانیویەتی ئەمانە بە دەست بهێنێ؟ کە نەیتوانی ئەمانە بەدەست بهێنێ کەواتە تەختیتی پەرەپێدان تەختیتێکی شکست خواردووە، ئێمە هەمووجارێك دەپرسین کاتێك سەیری پرۆژەکان دەکەین ناوی نراوە پرۆژەی پلانی ستراتیجی هەرێمی کوردستان 2012، پلانی ستراتیجی چییە؟ کامە پرۆژەی ستراتیجی لەهەرێمی کوردستان دەکرێ؟ مەشروعی گاپە، تونێلی ژێر ئاوە؟ کامەیە ئەساسی پرۆژەی ستراتیجی؟ یان هەموو پرۆژەکان پرۆژەی کورت خایەنن، ناتوانن ئەنجامی خۆی بپێکن، یەعنی لەکاتێکدا تۆ پرۆژەی ستراتیجی دەکەی هەولێر ئەگەر بەبەردەوامی باران ببارێ لافاو هەڵدەستێ، ئەگەر پرۆژەی ستراتیجی چارەسەری ئاوەڕۆی هەولێر نەکا کە لافاوی تێدا هەڵدەستێ، پرۆژەی ستراتیجی لەکوێدایە؟ لەکاتێکدا شارێکی وەك دەربەندیخان (7)ساڵە ئاوی خواردنەوەی نییە، حکومەت نەیتوانی بە شەش ساڵ پاڵاوگەیەکی بۆ دروست بکا، ئاوی بۆ بپاڵێوێ، لەکوێ پرۆژەی ستراتیجییە؟ نێوان ڕێگەی سلێمانی- دەربەندیخان رۆژانە بەقەدەر تیرۆری نێوان شارەکانی جنوب خەڵك بە رووداوی هاتووچۆی سەیارە تێدا دەچێ، حکومەت یەك پرۆژەی ستراتیجی نەبێ بۆ دروستکردنی ڕێگا و بانێکی شایستە بەهاووڵاتیان لەکوێدا پرۆژەی ستراتیجی دەبینی؟ بۆیە ئەو پرۆژانە کاتێك دەیبینی، ئەو پلانانەی کە دەیبینی، هیچ ڕەچاوی کاری پرۆژەی ستراتیجی نەکردووە لەموقارەنە کردن بە پێداویستییەکانی هاووڵاتی خەڵکی کوردستان، ئەو یاسایەی کە بۆ ڕێگاوبان، بۆ خەتی سەریع دەرچووە، کوا لەپرۆژەی ستراتیجیدا لەحکومەتی هەرێم داناوە چی بۆ کردووە؟ چ هەنگاوێکی بۆ ناوە، بۆیە من لەپرۆژەکاندا دەیبینم کە دەگمەن پرۆژەی ستراتیجی تێدا دەبینم، هەمووی پرۆژەی کورت خایەنن، بەکاتێکی کورتن، زۆرجار پرۆژەکان دووبارە دەبنەوە، لەبەر ئەوەی

**هەدەف و ئامانجی خۆی ناپێکێ، لەبەر ئەوە زۆرجار دەبینن پرۆژەکان لەکاتی خۆیدا شکست دەهێنن، کێ بەرپرسیارەتی لە وەزیفەی خەرج کردن هەڵدەگرێ؟ ئێمە نازانین ئێستاش کێ بەرپرسیارە؟ کێ بەرپرسیارە لەوەی پرۆژەیەك جێ بەجێ ناکرێ؟ کێ بەرپرسیارە لەوەی پرۆژەیەك دوا دەکەوێ؟ کێ بەرپرسیارە لەوەی زیادە رۆیی دەکرێ؟ دەبێ بەرپرسیارەتی دیاری بکرێ لە بودجە، دەبێ حکومەت بۆ ئەوەی کاتێك مەسئولیەت هەبوو دەبێ مەحاسەبەش هەبێ، لە بەودجە لەئەدائی حکومەتدا مەسئولیەت دیار نییە، یەعنی هەموو کاتێك دەڵێی کاکە زیادەڕۆیی بۆ کراوە؟ دەڵێ ئەمن نەبووم ئەنجومەنی وەزیران کردی، ئەڵێی کاکە مۆزەف بۆ لە حەدی قانونی خۆی دامەزراوە؟ دەڵێ ئەمن نەبووم ئەو کردی، دەڵێی کاکە بۆ پڕۆژەکان جێ بەجێ نەکراوە؟ دەڵێ ئەوە خەتای وەزارەتی تەختیت نییە، خەتای فلاَن شوێنە، یەعنی بەرپرسیارەتی دیاری نییە، کە بەرپرسیارەتیش دیار نەبوو موحاسەبەش نییە، کە موحاسەبەش نەبوو بە دوا داچوون بۆ جێ بەجێکردنی خەرج کردن نییە، کە ئەمە لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا ونە، وجوودی نییە، کورتهێنان، حکومەت کۆمەڵێك بیانووی هێناوەتەوە بۆ کورتهێنان، ئەو بیانووە جگە لەبیانووە باوەکان کە لەپەیوەندی نێوان بە حکومەتی هەرێم و بەغدا کە چەندجارێك ئەو بیانووانە دووبارە دەبنەوە، هاوڕێیانم قسەیان لەسەر کرد دووبارەی ناکەمەوە، دوو بیانووی هێناوە کە بیانووێکن لەڕاستیدا موتەناقیزن، لەکاتێکدا خەرجی کارەبا، دابینکردنی گاز و گازوایل بۆ کارەبا ئەمەی کردووە بە گرفتێك کە بڵێین کورتهێنان دروست دەبێ، ئەگەر ئێمە سەیری بکەین لەکارەبا حکومەتی هەرێم نووسیویەتی ئێمە ئەو هەموو لتر گازەی کە دابینی دەکەین بۆ وێستگەکانی کارەبا خەرجییەکەی نزیکەی (2,5) دوو ترلیۆن و نیو دەبێ لەکاتێکدا داهاتی کارەبا (250) دوو سەد و پەنجا ملیار دەبێ، بۆ کڕینەوەی کارەبا (1,933) ملیارێك و نۆسەد و سی و سێ ملیۆن ئێمە خەرج دەکەین بۆ کڕینەوەی کارەبا، من یەك پرسیار دەکەم لێرە، لێرە یەك نوقتە کە لەڕاپۆرتەکەدا خۆی هاتووە، بەڕێزینە لیتری گاز لەهەرێمی کوردستاندا بە(1200) بە هەزار و دوو سەد دینارە؟ حکومەتی هەرێم ئەو گرێبەستە گوماناوییە چییە کردوویەتی بۆ نزیکەی (103) سەد و سێ ترلیۆن لیتر گاز بۆ دابینکردنی مەحەتەکانی کارەبا بە (1200 ) دینار، تێیدا دەڵێ بە موزایدە ئاشکرا کراوە، لیتری گاز لەبازاڕی ڕەشدا ئێستا (800، 900) هەشت سەد، نۆ سەد دینارە، ئەم گرێبەستە گوماناوییە ئەگەر خەڵکی گەورە لەپشتییەوە نەبێ عەقدی گوماناوی بۆ ئەو هەموو حەجمە گازە ناکرێ بۆ پێکهێنانی سووتەمەنی بە (1200) دینار، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین لیتری گاز لەدەرەوە بە (800) دینار تا (900) دینارە، خۆ ئەگەر بە جوملە بکڕیت کەمتریشە، ئەمەمان بۆ روون بکاتەوە ئەم گرێبەستە گوماناوییە چییە؟ لەهەمان کاتدا لەو عیجزانەی کە دایناوە، لەکاتێکی تردا بۆ پێنج ساڵ (3,673) سێ ترلیۆن و شەش سەد و حەفتا و سێ ملیاری داناوە، موتەناقیزە لەوەی کە دەڵێ من ساڵانە (2,5) دوو ملیاری پێنج سەد سەرف دەکەم، یەعنی لەوێ بۆ پێنج ساڵ ئەوەندەی داناوە لەوێ...، من یەك پرسیار دەکەم ستراتیجیەتی حکومەت لێرەدا لەکوێدایە؟ کە کارەبا ببێتە قورسایەکی گەورە، هەمووشمان وەزعی کارەباش دەزانین، خەڵکان لەوڵاتان کارەبا دەفرۆشن،**

ئیستیرادی دەکەن، کارەبا دەستکەوت بەدەست دەهێنێ، لەکاتێکدا بیانووەکەی ئێمە ناتوانین ڕسومی کارەبا وەر بگرینەوە، ئێمە دەزانین ماڵان بەبێ کارەبای مۆلیدە، ماڵان چەند وەصڵیان بۆ دێتەوە؟ ئەو وەصلانە ئەگەر موقارەنە بکەی لەسەر ئاستی دەوڵەتێکی تر کە ئەصڵەن حکومەت واجبیەتی کە بودجەیەك لەبودجەدا تەرخان بکات بۆ کەم کردنەوەی گرانی مەعیشەت، یەکێ لەوانەدا دەعمی کرێی کارەبایە بۆ هاووڵاتیانی هەژار یان هاوڵاتیانی کەم درامەت، بەڵام ئێمە وەصڵەکان دەبینین کە بۆ ماڵان دێتەوە، ئەشبینین ئەوانەی کە کارەبای تیجاریان هەیە پارەکەیان چەندە، بۆیە لەڕاستیدا ئەو داهاتەی کە لە کرینەوەی کارەبادا دێتەوە ئەگەربەبەردەوام وابێت ئێمە وەزعی کارەبایەکەش دەبینین کە چۆنە کەواتە ستراتیجییەت لەپشتی ئەم پرۆژەوە نییە، کارەبا نەبۆتە هۆی خۆشگوزەرانی خەڵك، نەبۆتە هۆی داهات بۆ داهاتی گشتی، نەبۆتە هۆی ئەوەی ئێمە بتوانین بودجەی هەرێمی کوردستان لەبار قورسی کورتهێنان، بۆیە بیانووەکەی بۆ کارەبا بیانووێکە پەیوەندی بە سووئی تەختیتی ئیداری مالی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، خراپی تەختیت و خراپی ئیداری لەهەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەگینا ناکرێ گاز بە هەشت سەد و نۆ سەد دینارەوە بێ تۆ بە (1200) دینار بۆ مەحەتەی کارەباوە بیکڕی، پرسیارێکی تر چەند داهاتێکی تر هەیە من پرسیارێك دەکەم، شتێك هەیە باسی ئاسایش کراوە، ئاسایشی گشتی باسکرا، لەمە من شتێکم ڕەچاوکرد کە لەهەرێمی کوردستان دەیبینم ئەویش ئەوەیە ئاسایشی شارێك، ئاسایشی وڵاتێك نادرێ بە کۆمپانیای تایبەتەوە، ئەوە ئەرکی حکومەتە، من پرسیارەك دەکەم، ئەو سۆنەرەی داندراوە کە دێتە ناو هولێر بۆ هەر سەیارەیەك سی هەزار دینار وەردەگرێ، کە دراوە بەکۆمپانیایەك ناوی کۆمپانیایەکەشم لایە، هەرسەیارەیەك دێتە ناو هەولێر کە دێت سی هەزار دیناری لێ وەردەگرێت، وە سۆنەرەکەش ئەجیزەی سۆنەرەکەش هەمووی وابزانم بەپێی زانیاریەکان هی سەردەمی ئەمەریکییەکان بوو بەجێیان هێشت، ئەم کۆمپانیایە سی هەزار دینار لەهەر بارهەڵگرێك وەردەگرێ، نەك سەیارە، هەر بارهەڵگرێك کە دێتە ناو هەولێر، زەحمەت نەبێ ئەگەر تەخمینی بکەی ڕۆژانە بڵێی سێ هەزار سەیارە بێتە ناو هەولێر داهاتی ئەم داهاتە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەمە ئەرکی حکومەتە ئەمە جێ بەجێ بکا یا ئەرکی کۆمپانیای تایبەتە؟ ئەم عەقدەی کۆمپانیای تایبەتە جێگای گومان نییە؟ کێ لەپشتی ئەم عەقدەوەیە؟ چۆن دەبێ ئاسایشی شارێك بدرێتە دەست کۆمپانیای تایبەت؟ ئەمەمان بۆ روون بکەنەوە زەحمەت نەبێ، سۆنەرەکە، ناوی کۆمپانیایەکەشم لایە دەتوانم دوایی ناوەکەتان بدەمێ، بەپێی قسەی وەزارەتی بازرگانی عێراق دەڵێ تەنانەت ئەو سەیارانەشی کە ئازوقە بۆ هەرێمی کوردستان دێنن لەو چوارچێوەی کە بۆ خەڵکی دابین دەکەن، لەهەرێمی کوردستاندا ئەو سەیارانەی کە داخیل دەبن تاوەکو دەردەچن هەر لۆرییەك نزیکەی (110)دۆلاری لەهەرێمی کوردستاندا لێ وەردەگیرێ، هەر لۆرییەك، یەعنی کە ئازوقە بۆ خەڵك دێ، کە ئازوقەیە لەچوارچێوەی نەفەقاتی سیادی داندراوە، کە لە(85٪)ی بەری خۆمان دەکەوێ، ئەم پارەش وەردەگرێ، کە ئەمە قسەی وەزارەتی بازرگانی عێراقە، ئەم پارانە هەمووی تەبعەن بەرێگەی داخیل بوون و خروج بوون بەو سۆنەرەش وەردەگیرێ، ئەم داهاتانە لەکوێن؟ من پرسیارێکم هەیە یەکێکی

تر له بنەماكانی بودجەدا خەملاندنە، هەموو جارێ ئێمە حكومەتی هەرێم لەبەردەم شتێكدا دەبینین كە زۆر وازحە، پێویست ناكا، ئەمە علمی ناوێ، ئەمە زۆر شتێكی سادەیە ئەویش خەملاندنە، هەموو كەسێك لەماڵەكەی خۆیدا دەتوانێ خەملاندن بۆ ساڵی داهاتووی خۆی بكا، چەند خەرج دەكا، چەند دەهێنێ، بێگومان لەخەملاندا حكومەتی هەرێمی كوردستان داهات بە میزاجی خۆی دەنووسێ، ڕەقەمە پڕی دەكاتەوە لەنێوان وەزارەتەكاندا تەوزیعی دەكا بۆ خوارەوە، چونكە داهاتەكە نزیك نییە لە حەقیقەتەوە هەموومان دەزانین، ئەمە یەكەم، بەڵام لەخەملاندندا من تەنها یەك بڕگە وەردەگرم، مووچەی فەرمانبەران، تەعویزاتی مۆزەفین، لەهەموو خەملاندنێكدا كە حكومەتی هەرێم تەعویزاتی مۆزەفین دادەنێ لە حیسابی خەرجی فیعلی سەیر دەكەی لەوە زیاتری خەرج كردووە، كەواتە حكومەتی هەرێم ساڵ بەساڵ خەملاندن لاوازە، ناتوانێ خەملاندن دابنێ، ئەمە مەبەستت چییە، من نازانم حكومەتی هەرێم وەزارەتی دارایی مەبەستی ئەوەیە بەرچاوی ئێمە ڕۆشن نەبێ لەوەی كە بڵێین وەڵڵا پارە كەم بۆ مۆزەف سەرف دەكرێ و دوایی لە حیسابی فیعلی زیاتر سەرف بكرێ؟ بۆ نموونە لە (2010) جگە لەو خەملاندنەی بۆ تەعویزاتی مۆزەفین داندراوە، (784) حەوت سەد و هەشتا و چوار ملیار زیادەڕۆیی سەرفكراوە، بەسە بە تەعویزاتی مۆزەفین، (2011) نزیكەی ترلیۆنێك، (2012) ئەو (6,931)ترلیۆن و نۆسەد و سی و یەك ملیارەی كە داندراوە بۆ تەعویزاتی مۆزەفین لەشەش مانگی یەكەم چوار ترلیۆنی خەرج كراوە، یەعنی (60٪)ی خەرج كراوە، (40٪)ی ماوەتەوە، ئێمەش دەزانین كە دەرماڵە تەرفیعات ئەمانە لەسەری ساڵ ڕوودەدا، چۆن بە (40٪) تۆ دەتوانی تەعویزاتی مۆزەفین دابین بكەی كە لە (60٪)ی لەشەش مانگدا خەرج كردووە، كەواتە تۆ لەخەملاندنی مۆزەفیندا خەملاندێكی دروستت نییە، خەملاندنێكی زانستی نییە، چەند ساڵێكە ناتوانی ئەم پرسەیە عیلاج بكەی، ئەوە چەندەمین ساڵە دووبارە دەبێتەوە، لەداهاتووش دووبارە دەبێتەوە، نەوەی داهاتوو تاوانی چییە باجی ئەم نەوەی دەستەڵاتدارەی ئێستا بدا لەكورتهێناندا كورتهێنانی بۆ بگەڕێتەوە، لەحیسابی خیتامی 2011،دوو ترلیۆن بە نەقس سووڕاوەتەوە بۆ (2012)ە، 2012 دوو ترلیۆن بە موخەتەت پەسەندكراوە، ئەگەر زیادەڕۆیی تێدا بكرێتن، دڵنیام تێیدا دەكرێتن، چونكە ئەوە ئیشی حكومەتە و بەردەوامە لەو زیادەڕۆییانە، نزیكەی ترلیۆنێك زیادەڕۆیی، سێ ترلیۆن، پێنج ترلیۆن دەسووڕێتەوە بەناقس بۆ (2013)ە، 2013 بە ملیارێك و شەشە سەد ملیار موخەتەت پێش بینی كراوە، یەعنی ساڵ بەساڵ ئەم قورسایی عجزە، ئەم قورسایی كورتهێنانە بەردەوام دەبێ، دەگوازرێتەوە بۆ جیلی داهاتوو، جیلی داهاتوو ئامادە نییە، جیلی داهاتوو تاوانی نییە هەڵەی سوئی ئیداری، سوئی مالی دەستەڵاتی حكومەتی هەرێم بكەوێتە سەرشانی، ئێمە بۆ نەوەی داهاتوو ئەو هەموو قەرزە جێ بێڵین، نەوەی داهاتوو جێ بەجێی بكا، شتێكی تر هەیە، بەشێك هەیە پێی دەوترێت خەرجییەكانی دیكە، تەبعەن خەرجییەكانی دیكە لەناو خەرجییەكانی دیكە جگە لەو بابانەی كە بۆی سەرف كراوە، هەر لەناو خەرجییەكانی دیكە خەرجییەكانی دیكەش هەیە، كۆی خەرجییەكانی دیكە (770) حەوت سەد و حەفتا ملیارە، خەرجییەكانی دیكە تەبعەن من موتابەعەم كرد

بۆ وەزارەتەکان، بزانم ئەو وەزارەتانە زۆر گرینگن بۆ ئەو خەرجییانەی دیکە، موقارەنەیەکم کرد زۆرینەی خەرجییەکانی دیکە کێ دەیبا؟ تەبعەن وەزارەتی داراییە، (483) چوار سەد و هەشتا و سێ ملیار دەبا لە (770) حەوت سەد و حەفتا ملیار، ساف دەکا، بۆ ئەو داندراوە، (10) ملیار بۆ سەرۆکی هەرێم داندراوە، (13) ملیار بۆ پەروەردە داندراوە، ئەنجومەنی ئاسایش (85) ملیاری بۆ داندراوە، کەواتە خەرجییەکانی دیکە لەم فەقەرانە داندراوە، ئەم خەرجییانەی دیکە کاتێك سەیری وەزارەتەکانی دی دەکەین لەچاو ئەمانە زۆر کەمی بۆ داندراوە کەواتە خەرجییەکانی دیکە بۆ مەسروفاتی تر بەکاردێت، خەرجییەکانی دیکە بابی دیکەی تێدا جێ دەکرێتەوە، مەسروفەکەی جیایە، چونکە لەخەرجییەکانی دیکە خۆی دە باب هەیە، لەناو دە بابەکە خەرجییەکانی دیکەشت داناوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو (770) حەوت سەد و حەفتا ملیارە لەناو خەرجییەکانی دیکە ببڕدرێت، تێکەڵ بەو پارەیە بکرێ کە زیادەکان، کاك پێشەوا باسی کرد، ئێمە ئەمساڵ لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن هێزی پێشمەرگە لەسنوورەکانە، هێزی پێشمەرگە لەوەزعێك دایە، هێزی پێشمەرگە چەند ساڵە داوای دەکەین بەهۆی بیانووی ئەوەی کە لەگەڵ حکومەتی عێراقی نەمانتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکەین، نابی ژیانی هێزی پێشمەرگە ببەسترێتەوە بە ئیتیفاقییەکەی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا کە دەوامە دەکێشێ وەکو بەردەکەی سیزیف دەچێتە سەرەوە و دێتە خوارێ، نابێ ژیانیان لەسەر ئەوە پەیوەست بێ، بۆیە پێویستە ئەو پارەش لەگەڵ ئەو پارە کۆبکرێتەوە، ئەمساڵ ئێمە ساڵی ئەوە بێ مووچەی پێشمەرگە بکەینە ئاستێکی پێویست بتوانین بژێوی ژیانی پێ دابین بکا، ئاسایش و پۆلیس و هێزە چەکدارەکان، زۆرجار باس لەچەندایەتی کرا، بەرێزان، بڕوام وایە چەندایەتی بەتەنیا ناتوانی ئاسایشی کۆمەڵگە دابین بکا، چۆنایەتیش دەتوانێ، حکومەتی هەرێم لەبواری دابینکردنی ئاسایشی گشتیدا، لەبواری چۆنایەتی چی کردووە؟ چەند ئەجیزەی کڕیوە بۆ ئەوەی کەمترین بواری فەرد، یەعنی چەند بەکاربهێنێ بۆ دابینکردنی ئەجیزە، بۆ نموونە وڵاتان لەژمارە کەم دەکەنەوە لەتەقەنیدا زیاد دەکەن، بۆ ئەوەی تەقەنی ئەرکێکی زۆرتر دەبینێ، مروونەترە بۆ سەیتەرە کردن، حکومەتی هەرێم لەم بوارانەدا چی کردووە؟ بۆ ئەجیزەی موراقەبە، بۆ کامیرە، بۆ ئەو وەسائیلانەی کە دەتوانێ ئاسایشی گشتی بپارێزێ؟ لەباتی ئەوەی پەناببردرێ بۆ کەسەکان، فەردەکان زیاد بکا، کە زیاد کردنی فەردەکان بێگومان پەیوەندیشی بە.....، لەبەر ئەوەی دامەزراندن لەم دەزگایانە لەدەرەوەی وەزارەتی تەختیت یا بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەختیتە بۆ دامەزراندن بە ئارەزووی خۆیان دادەمەزرێنن، خۆشتان دەزانن هەمووی بەتەزکییەی حزبیش دادەمەزرێن، لەخەملاندن هەر لەتەختیت لەتەوزیعاتی میلاکات، تەوزیعاتی میلاکات ئەگەر تەنها خانە پڕکردنەوە نەبێ، پێویستی بێ، من دوو پرسیار دەکەم، وەزارەتی پەروەردە داوای نزیکەی (20) هەزار کارمەندی کردووە، پێویستی پێیەتی، تۆ (3350)ت بۆ داناوە، وەزارەتی رۆشنبیری داوای (150)ی کردووە، تۆ (250)ت بۆ داناوە، یەعنی پرسیار دەکەم، بە چ پێوەرێك تۆ ئەمەت داناوە؟ ئەو خۆی داوای (150) کردووە، تۆ (250)ت بۆ داناوە، پەروەردە داوای (20) هەزاری کردووە، (3)ت هەزارت بۆ داناوە، ئەنجومەنی ئاسایش داوای (400) کردووە، موحتەرەمانە

(400)ت بۆ داناوەتەوە، پاشان پرسیارێك تۆ لەمانـە هـەمووی کـەم دەکەیتـەوە، لەمـە زیـاد دەکـەی، ئەمـە تەختیتە؟ ئەمە تەختیتی تەوزیعی پلەی وەزیفییە؟ بێگومان ئەمە تەختیتی پلەی وەزیفی نییە، تەختیتی تەوزیعی پلەی وەزیفی بەپێی پێویستیاتە، مـن پرسـیارێکی تـرم هەیـە، هـەر لەچوارچێوەی مووچـەو ئـەو تەوزیعانە، خانەنیشینی، خانەنیشینی بەپێی ڕاپۆرتەکەی بەڕێزتان تا ئێستا نزیکەی (3,824) سێ ترلیۆن و هەشت سەد و بیست و چوار هەزارتان تا 30/ 2012/12 داوە بـە سلفەکان، کـە نزیکـەی (410) چوار سەد و دە هەزار کـەس لێـی سـوودمەند بـووە، مـن ئـەو پرسـیارەم هەیـە، تـەنها پرسـیارە وەڵامـم بدەنـەوە، ئەمانە مانگانە کە پارە دەگێڕنەوە، پارەکانیان دەچن بـۆ کـوێ؟ لەچیدا خـەرج دەکرێتـەوە؟ ئەگـەر بـەپێی ئەمە بێ دەبێ ئەم پارانە کە دێتەوە دەبـێ ساڵانە دانـەوەی سلفە کـەمتر بکرێتـەوە، بـەڵام ئێمـە دەبینـین دانەوەی سلفە زیاتر دەکرێ ساڵانە، هۆکارەکەی چییە؟ ئەو پارانە نەیتوانیوە دەعمی ئەو سندوقە بکا، بۆ ئەوەی ئەو پارانە بتوانێ خـۆی سلفە بـەردەوام بکا، لـەناو خـۆی بسووڕێتەوە یـان ئـەو پارانـە دێتـەوە بـۆ شتێکی دیکە بەکاردێت یان ئەوەتا دەبوایە پێدانی سلفە کەمتر بکرابایەوە، یەك پرسیارم هەیە کـە شـتێکی موتەناقیزە لـە نێـوان (2011، 2012، 2013)دا، ئـەویش ئەوەیـە لـە (2011)دا مووچـەی خانەنیشـینی مەدەنی (645) ملیار بووە، (2012) لەپڕێکدا بووەتە (296) ملیـار، دوایـی لـە (2013) بووەتـە (322) ملیار، ئەم فەرقە چییە؟ خانەنیشینەکان چییان لێهات؟ یەعنی بۆچی کەم بـوو؟ بۆچـی لەوێـدا زیـاد بـوو؟ بۆچـی لەوێـدا کـەم بـوو؟ حەزدەکـەم تـەوزیحاتێکم بـدەنێ، ئـەوە ژمـارەی خۆتانـە کـە داوتانـە، دێمـە سـەر ئەنجامەکان، بەپێی سـەرئەنجامەکان کـە بـەڕێزتان لەڕاپۆرتەکـەدا ئاماژەتـان پێـداوە، سـەرئەنجامەکان ئێـوە گەیشتوون بەو ڕادەیە، بـەپێی دەرئەنجامـەکان ئـاخیر خوێندنـەوەی خـۆم، یەکـەم، ئـەو دەرئەنجامانـەی کـە ئێـوە پێـی گەیشـتوون جگـە لـە یەکـەم کـە پەیوەسـتە بەعێراقـەوە، دووەم خـاڵی سـەرەوەی گـرفتی سیاسـی لەنێوان هەرێم و بەغدایە، بەردەوام دۆسییەی ماڤی پشـکی هـەرێم ئەمانـە هـەمووی پەیوەنـدی بـە وانـەوە هەیە، ئەرکی قورسی حکومەتی هەرێم لەبواری خەرجکردنی گشتیدا بەتایبەتی خەرجییـەکانی مووچـە و بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییەکان و پێدانی قەرز و دابینکردنی کارەبـا، ئەمـە بەدەرئەنجامـە، تەبعـەن ئەمە گرفتە، گرفتەکە ئیستیغلالتان کردووە کە گرفتان هەیە لەمە، زۆربـوونی میلاکـاتی وەزیفـی لـەبواری دامەزراندن بەراوورد کردن لەگەڵ کەرتی تایبەتدا، هەرچەند ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت کـراوە، ئەمـەش خۆی لەخۆیدا لەسـەر حیسابی چ ئاسـانکاری بـۆ کـەرتی تایبـەت کـراوە؟ ئێـوە یاسـایەکتان دانـاوە لەکـەرتی تایبەتدا دەبێ هیچ فەرمانبەرێك، هیچ کەسێك لەکەرتی تایبەتدا کە کاردەکا لەوە نابێ مووچەی کەمتربێ؟ یا لەکەرتی تایبەتدا مووچەکە ئەوەندەی کەمە خەڵکەکە پەنا نابـا بـۆ کـەرتی تایبـەت، ئـەو ئیمتیازاتانـەی کە لەوەزیفەی حکومەت و گشتیدا هەیە، نادرێ بەکەرتی تایبەت، بۆیە خەڵك پەنا بۆ کەرتی تایبـەت نابـا، ئەو پێشنیارەشی ئێوە کردووتانە بۆ ئەوەی خەڵك لەفەرمانبەرییەوە بـڕوا بـۆ کـەرتی تایبـەت پێشـنیارەکە بەپێی نەتائیج ئێوە پێتان خۆشە هەر بمینێتەوە، بەردەوام بێ، بـەڵام ئـەوە نـەیتوانیوە هـیچ نەتیجەیـەك بەدەسـت بهـێنێ، لـەو پێشـنیارە، لـەو ئاسـانکارییە ئێـوە کردووتانـە وەزارەتـی داراییـی ئاسـانکاری دەکـا

نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێ، دووەم کەمی ئەو ڕسوومات و باجانەی لەکەرتی تایبەت وەردەگیرێن، نازانم ئەو ڕسوومات و باجانەی کە لەکەرتی تایبەت وەردەگیرێن لەکوێدا کەمە، لەکوێدا زۆرە، حەزدەکەم بۆمان تەوزیح بکەن، زۆربوونی ئەو خەرجییانەی کە لەبواری داکۆکی سەربازی لەهەرێمی کوردستان و پاراستنی ئەمنی تەرخان دەکرێ، ئەمەش بەهۆی هەلومەرجی سیاسی و یەکلا کردنەوەی لەگەڵ حکومەتی....، یەکێك لەوانەی کە پێشنیارتان پێداوە بایەخدان بەسەرچاوەی داهاتی ناوخۆیی جۆرا و جۆری کوردستان نەك تەنها بواری دەرهێنانی نەوت، بەم شێوەیە، کاراکردنی کەم کردنەوەی زیادەڕۆیی لەخەرجی گشتیدا، تەبعەن ئێوە عەکسەکەی دەکەن، دانانی سیستەمێکی گونجاو بۆ وەرگرتنەوەی داهات لەبواری خزمەتگوزاری کارەبا و ئاو بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ ئەو خەرجییەی حکومەت بۆ ئەو بوارە دابینی دەکا، کێ دەستی گرتوون، خۆ ئێوە حکومەتن، ئێوە ئالیەتی تەنفیزین، ئێوە داوا لەئێمە دەکەن داوا کارییەکە بکەین، دەرئەنجام خۆتان پێی گەیشتوون بۆ نایکەن، ئێستا ئاو نازانم خانوو بە (100) مەتر و (200) مەتر پارەیان لێ وەردەگیرێ، (100)مەتربێ ئەوەندەیە، (200) مەتر بێ ئەوەندە، ئەم پێوەرە لەکوێی دونیادا ماوە؟ لێرە لەکوردستاندا پەیڕەو دەکرێ، قورس نەکردنی باری حکومەت بە ئیلتیزاماتی دارایی نوێ لەلایەن پەرلەمانەوە، وەرگرتنی ڕای وەزارەتی دارایی، بێگومان لەهەموو ئەو پڕۆژانە ڕای وەزارەتی دارایی وەرگیراوە، ڕاگرتنی ئەو زیادکردنەی کە پێش توێژینەوە لەبواری دەرماڵە و مووچە بڕیاردەدرێت، مووچەو دەرماڵە بەڕاستی لەئاستێکدا نیە ئێمە بەخیلی پێ ببەین، ئێمە بڵێین ڕاگرتنی ئەوانە بکەین لەبواری مووچە و دەرماڵە، لەبەر ئەوەی مووچە، سیستەمی مووچە ئێوە دەڵێن کە مەرکەزییە لە ئاستی عێراقدایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئێوەش داواتان کردووە لیژنەیەك پێك بێ لەوەزارەتی دارایی لەکۆمەڵێك شارەزا بەهاوکاری پەرلەمان پێداچوونەوە بەکۆی سیستەمی مووچەدا بکرێ، چونکە ئەو (7) ترلیۆنەی دانراوە بۆ مووچە، بۆ تەعویزاتی مۆزەفین کە شەش سەد و چەندێك دانراوە، ئەگەر تەوزیعی بکەی، بەعەدالەت تەوزیع بکرێ، بەبێ پلەکان، یەعنی دەبێ کەمترین مووچە لایەنی کەم پێنج سەد هەزار بەرەو سەربێ، یەعنی ئەم نارێکخستنە، ئەم ناعەدالەتییە، لەتەوزیعی مووچە، لەتەوزیعی وەزیفیدا، ئەصڵەن حکومەتی هەرێم لەسیاسەتی دارایی، لەبواری وەزیفیدا وایکردووە قیەمی وەزیفی، وەسفی وەزیفی، مانای وەزیفی، داهێنان لەوەزیفە، خەونی مۆزەف ئەوەی نەماوە، چونکە لەکاتێکدا ئەو مۆزەفە بەیانی تا ئێوارە دەوام دەکا، من نموونەیەکتان دەدەمێ، ئەو لەبەیانی تا ئێوارە دەوام دەکا، بەڵام دێت لەولاوە بە ئەمری ئەنجومەنی وەزیران، لەدەرەوەی یاسای دامەزراندن، تێشیدا نووسراوە چی، بڕگەیەك ژمارە (9811) ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (6979) بە دوولیست خەڵك دامەزراوە، لەدەرەوەی یاسای بودجە، تێشیدا نووسراوە ئەمانە یەکێکیان (177) کەس، یەکیان (410) کەس، تێشیدا نووسراوە ئەمانە بۆیان هیە خانەنشین بن، ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ ئەمانە بۆیان هەیە خانەنشین بن، خانەنشین بەیاسا دەکرێ، یەعنی چی ئەمانە بۆیان هەیە خانەنشین بن؟ خەڵکی دیکە بۆی نەبێ خانەنشین بن؟ نووسراوە هەموو خزمەتەکانیان بۆ سەرە مووچە، بۆ زیادکردن، بۆ دەرماڵە هەموو حیساب

دەكرێ، تیدایەتی لە (980) وازی لەوەزیفە هێناوە، تێدایە لە (2006) وازی لـە وەزیفـە هێنـاوە، تەبعـەن ئەمانە بەرێگای تر دەكرێ، ئەمـە دوو دیكـۆمێنتی حكومـەتی هـەرێم خۆیـەتی، لەبـەر ئـەوە كاتێـك دەڵێن بودجە یان ئەو ڕەقەمانەی ئێوە بۆ بودجە دەیدەن لەكاتێكدا ڕەقـەمی بودجـەی (2012) یـەك دانـەی لـێ نەگۆڕاوە، لەكاتێكدا ئێمە دەزانین لـە (2012)وە لـەكۆتایی ساڵدا خـەڵك دامـەزرا، ئـەو ڕەقەمـەتان بەچـی پڕكردەوە؟ چۆن ئەو ڕەقەمانە وەك خـۆی مـاوە؟ ئـەی كـەس خانەنشین نـەكرا؟ كەسـێ وازی نـەهێنا، یـان ئەوە دووبارەمان كردەوە پێویست ناكا من دووبارەی بكەمەوە بە نموونەیەك، بـەپێی ئەنجامـەكان كـاركردن بۆ دانانی بنەمای سەربەخۆیی ئابووری كوردستـان هـیچ بنەمایـەك نـابینم ئێـوە چ كارێـك بـۆ بنـەمای....، ئێوە داهاتی ناوخۆی هـەرێمی كوردسـتان لـە دەزگایـەكی تەشـریعی چـاودێری نـاڵێم هـەر شـاردنەوە، بـەڵام پیشانی نادەن، بەروونی پیشانی نادەن، ئێوە كە داهاتەك پیشان نـادەن چـۆن دەتـوانن داهـاتی سـەربەخۆیی ئەگەر دەزگایەكی تەشریعی ڕەقابی، سیفەی ڕەقابی بەسەرتانەوە، ئەوە مەرحەلەی ڕەقابە وەزارەتی دارایـی بەو ڕۆتینەتە داراییەی كە هەیەتی وەكو وتم وەكو فۆڵتـەی كارەبایەكـە لـەڕۆتیناتی دارایـی زۆرتـرین پـارە بەهەدەردەچـێ، چـونكە ئەوەنــدە ڕۆتینــات دەكـرێ جـاری وایــە بەعــەریزەیك وابــزانم لەبەرێوەبــەری زاتییەكەوە ئیمزای لەسەر دەكا بۆ ئەوەی پارەیەكی بـۆ سـەرف بكـرێ، بـەپێی مەركەزییـەتی دارایـی، بۆیـە پێشـنیار دەكـەم لامەزكـەزی دارایـی پیـادە بكـرێ، بەتایبـەتی بـۆ وەزارەتـەكان، بـۆ بەرێوەبەرایەتییـە گشتییەكان، لەكۆی دەرئەنجامەكان دەگەینە ئـەو ئەنجامـەی ئـەم ڕاپۆرتـەی حكومـەتی هـەرێم ناردوویـەتی لەرووی داڕشتن نووسراوە شتێكی جوانە، بەڵام دەری دەخا سیاسەتی دارایی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان سیاسەتێكی شكست خواردووە، حكومەتی هەرێم هیچ پلانێكی سـتراتیجی نییـە، بـۆ چاكسازی لەسیستـەمی دارایی هەرێمی كوردستاندا، بۆیـە مـن داواكـارم ئـەم بودجەیـە كـە هـیچ بنەمایـەكی علمـی ئەمانـەی نییـە، بەپێی ئەو هە ڵسوكەوتە دەگەمە ئەو ئەنجامـەی حكومـەتی هـەرێم دەیـەوێ بەوەرەقـە ئێمـە بخەڵـەتێنێ، بەڵام لەفیعلا بودجە بودجەیەكی شكست خواردووە، سیاسـەتی حكومـەتی هـەرێم لـەبواری دارایـدا شكست خواردووە، ستراتیجیەتی نییە، بۆیە ئەم بودجەیەو بودجەكانی داهاتووش دەری دەخا حكومـەت دەسـتەڵات و دەسـتێكی ئـەمین نییـە بـۆ داهـات و خـەرجی لـەم وڵاتـە، نـاتوانێ عەدالـەت جـێ بـەجێ بكـا، بۆیـە بـا بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ئاسۆ.

**بەڕێز بكر كریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەبێ بە ئینسافەوە بڵێین كە حكومەت لەڕاپۆرتی خۆیدا بودجەی خەملێندراوی ئەمساڵ بە ئامار، ژمارە، خشتە و داتاوە خستۆتە بەردەستی ئێمـە، بەمـەش ئێمـەی پەرلـەمانتاران بەرچاومان روونـتر بـووە، لەرێگەی ئێمەشەوە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان ئاگادار دەبنەوە كە تاچەند پڕۆژەیەكـە بـۆ خزمـەتگوزاری

و خۆشگوزەرانی باشتری خەڵك، هەروەها حكومەت ئەمساڵ شەفافانە تیشكی خستۆتە سەر گیروگرفتەكانی بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی عێراقدا و پێشنیاریشی هەیە بۆ چارەسەركردنیان لە یاسای بودجەی فیدراڵیدا، دووەم، هەروەها دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی پەرلەمانیش دەكەم كە ئەمساڵ بە وردی سەرەنج و تێبینی و پێشنیار و ڕاسپاردەی یەكە، یەكەی لیژنەكانی پەرلەمانی لەناو ڕاپۆرتی خۆیدا جێكردۆتەوە و پشتیوانی لە زۆرینەی هەرە زۆری پێشنیار و ڕاسپاردەكان دەكەم و سەبارەت بەخۆم وەك ئاسۆ ڕای خۆم لەناو لیژنەی پەیوەندییەكان و رۆشنبیری و لەلیژنەی كاروباری یاسایی داوە و نامەوێ ئەو سەرەنج و تێبینیانەم كە لەوێ دەرم بڕیون لێرەدا دووبارەیان بكەمەوە، سێیەم، بەڕێزان، وەك لەڕاپۆرتی حكومەتدا هاتووە (96٪)ی داهاتی بودجەی هەرێمی كوردستان لەبودجەی حكومەتی ئیتیحادیەوە دێت، ئەوەش وەكو بەشێك لەخوشك و برایانم گوتیان ئەوەش خێرو سەدەقە نییە كە حكومەتی بەغدا پێمانی بكا، بەڵكو عێراق وەك وڵاتێك كە لەسەر ڕەیعی نەوت دەژی، بەگوێرەی ماددەی (111) دەستووری عێراق نەوت و گاز موڵكی سەرجەم گەلانی عێراقە و بەگوێرەی ماددەی (121) بڕگەی سێیەمی دەستوور و ڕێككەوتنی نێوان هەردوو وەزارەتی دارایی فیدراڵی و هەرێمیش لە (2005)ەوە بڕیاردراوە تا سەرژمێری گشتی دەكرێ (17٪)ی كۆی بودجەی عێراق پاش لێ دەركردنی نەفەقاتی حاكیمە و سیادی و حاكیمە بە هەرێمی كوردستان بدرێ، هەڵبەت وەك لەڕاپۆرتی حكومەتدا روونكراوەتەوە بەهۆی بەسەرچوونی نەفەقاتی سیادی ساڵانە ڕێژەی فیعلی بودجەی هەرێمی كوردستان كەم دەبێتەوە، پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان هەموو میكانیزمێك بگرێتە بەر، بۆ وەرگرتنەوەی موستەحەقاتی خۆی وەك لەڕاپۆرتەكەدا هاتووە، چ لەڕێگەی وتووێژ و ڕێككەوتنی سیاسیەوە بێت یان گرتنە بەری ڕێ و شوێنی قانوونی و دەستووری، بە پەنا بردن بۆ دادگای باڵای فیدراڵیشەوە، لەهەمانكاتدا پێوستە نوێنەرانی كورد لەپەرلەمانی عێراق كار بكەن بۆ دامەزراندنی دەستەی گشتی چاودێری و تەرخانكردنی داهاتی فیدراڵی بەگوێرەی ماددە (106)ی دەستوور كە ئەرك و لێپرسراوەتییەكەی دیاری كراوە، بە دامەزراندنی ئەم دەستەیە دەكرێ ئەو غوبنەی تا ئێستا دەرحەق بە هەرێمی كوردستاندا كراوە بەلایەنی كەمەوە بەشێكی لەسەر ئێمە لابچێ، چوارەم وەك چەند خوشك و برایەكم لەموداخەلەكانی خۆیاندا ئاماژەیان بەو ڕاستییەدا كە خەڵكێكی زۆر ڕاستەوخۆ سوود لەبودجە وەردەگرن، ڕاستەوخۆ، موباشەرەتەن، كاش پارەیان دەچێتە گیرفانەوە، كاش نەك ناڕاستەوخۆ، بەگوێرەی ئامارێكی بەردەستی من كۆی فەرمانبەرانی هەمیشەیی و فەرمانبەرانی كاتی و خانەنیشینانی مەدەنی و سەربازی و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفال كراوان كە لەقەرەبووی فەرمانبەران مووچە وەردەگرن، لەگەڵ كەمئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان و ئەوانەی بەناوی چاودێری خێزان و زیندانیانی سیاسی و ئەوانەی ڕێزلێنان دەیان گرێتەوە مووچە لەسوودە كۆمەڵایەتیەكان وەردەگرن لەگەڵ ئەو قوتابی و خەڵكێكی دیكەش دەرماڵە وەردەگرن لەمەسارفی دیكە، ژمارەی هەموو ئەوانە (1,341,558) ملیۆنێك و سێ سەد و چل و یەك هەزار و پێنج سەد و پەنجاو هەشت كەسە، كۆی ئەو پارەیەی كە بەوانە دەدرێ لەساڵێكدا زیاترە لە (7,600) حەوت ترلیۆن و شەسەد ملیار دینار، مانگانە

زیاتر له (630)ملیار دینار دەڕژێته بازار، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکه لەدابەشکردنەوەی داهات لەهەرێمی کوردستاندا، لەم ڕێگەیەشەوە ڕێژەی بێکاری و هەژاری کەم دەبێتەوە، وەکو دەبینن لەو ئامارانەی، خشتانەی لەبەر دەستی ئێمەن وەکو لەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ باقی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا، ئەوە بێ لەوانەی سوود لەقەرزی بچووك و خانوو بەرەو کشتوکاڵ و پیشەسازی و هیتر وەردەگرن که بڕەکەی بۆ ئەمساڵ (600)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، بەڕێزان، وەك دیارە (4٪)ی داهات، داهاتی ناوەخۆی هەرێمە، بەپێی ڕاپۆرتەکە، چۆن دەکرێ ئەو داهاته زێده بکرێ؟ سەرچاوەی تری بۆ پەیدا بکرێ، جۆرێ لەسەربەخۆیی ئابووری لەچوارچێوەی عێراقدا بۆ دابین بکا، هەڵبەته ئەمە کاری حکومەته، که پلانی پێویستی بۆ دابنێ، ئێمەی پەرلەمانتارانیش پشتیوانی لێ بکەین، بەتایبەتی لەبواری نەوتدا، بەڵام وەك دەبیندرێ هەروەزارەتەو دەسته و لایەنێك داوای بەشه بودجەی زیاد دەکات، یان هەر توێژەك داوای زیادکردنی مووچه و دەرماڵه دەکەن، هەندێکجار ڕەنگه ئێمەی پەرلەمانتاریش جا لەبەر هەر هۆیەك بێتن بکەوینه ژێر فشارو داوای زیادکردن بۆ ئەم یان بۆ ئەو بکەین، بەکوردی و کورتی هەمووی هەر دەڵێ بێنە، کەمجار هەوڵ بۆ زیادکردنی واریداتی حکومەت دەدەین، من لەپرسیارێکمدا لەکاك رشید تاهیرم پرسی که داخۆ چەند کۆمپانیا لەکوردستاندا هەن؟ به سوپاسەوە وەڵامی دامەوە که(14,376) کۆمپانیا هەن، که (2,028)یان بێگانەو (12,348)یان خۆماڵین کوردستانی و عێراقین، که لەبواری جیا جیادا کاردەکەن، بەپێی هەندێ ئاماری دیکه ژمارەی ملیاردێران تەبعەن به دینار نەك به دۆلار، چەند هەزارێکه، پرسیار ئەوەیه که داخۆ ئەو خاوەن کارانه ئەو کۆمپانیایانە، ئەو ملیاردێرانه که لەسایەی ئەو هەلومەرجەدا ئازاد و ئەمین و لەو بارەی بۆیان هەڵکەوتووە لەڕێگەی باج دانەوە چەندە بەشداری لەزیادکردنی داهاتی هەرێمدا دەکەن؟ وەك دەزانین باجدان سەرچاوەی سەرەکی داهاته لەهەندێ وڵاتی دونیادا، پێموایه و دەکرێ لەهەرێمی کوردستانیش سیاسەتی باجدانی سەربەخۆی خۆی هەبێت و دەستووری عێراقی ڕێگەی لێناگرێ، من گرفتێکم نییە لەگەڵ ئەو ژمارانەی لەناو ڕاپۆرتی حکومەتدا هاتووە، حکومەت پێمان دەڵێ ڕەنگه ئەمساڵ ئەوەندە پارەیەم دەست بکەوێ و ئەوها و ئەوها بەسەر سێکتەرەکاندا دابەشی دەکەم، ئاواش خەرجی دەکەم، بەڵکو ئەگەر گرفتێکیش هەبێ، هەڵبەت گرفت هەیە و دەشبێ له جێ بەجێکردنی بودجه وەك ئەوەی لەپەرلەماندا پەسەند دەکرێ، جێ بەجێکردنی بودجە وەك خۆی بەر پرسیارەتی حکومەته، بەڵام که دەڵێم ئێمه مەبەستم پەرلەمانتارانە، دەستەی تریش بێ بەرپرسیارەتی نین، پەرلەمان، دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی نەزاهە، داواکاری گشتی هەریەکەیان لەچاودێری و باش بەڕێوەبردنی بودجەدا بەرپرسن، حەقه چیتر خەم سارد نەبین، هیچ پاساوێکمان نییە بۆ فەرامۆشکردنی دیوی دووەمی جێ بەجێکردن، ئەویش چاودێرییە، سەبارەت بەپڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەخۆشحاڵییەوە بۆ ئەمساڵ بڕی (5,334,791) پێنج ترلیۆن و سێ سەد و سی و چوار ملیار و حەوت سەد و نەوەد و یەك ملیۆن دینار، بۆ (2975) پڕۆژە تەرخانکراوە، که (2357) پڕۆژەی بەردەوام و (618) پڕۆژەی پێشنیار کراون، هەڵبەت لەو پارەیە (914,298) نۆسەد و چواردە ملیار و نۆسەد و

نەوەد و هەشتی بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکانە کە دیسان ئەمساڵ بەسەدان پـرۆژەی پـێ جـێ بـەجـێ دەکرێـت، دیسان ئەمەش بۆخۆی کاریگەری ئیجابی دەبێ لەسەر بووژانەوەی بازاڕ، هەم لەسەر ڕەخساندنی دەرفـەتی کـار، هـەروەکو بـرای بـەڕێزم د. نـورەدینی باسـیکرد، باسـی لەهەنـدێ رۆتینـات کـرد لـەجێ بـەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، پێشنیاریشی کرد کۆنفراسێك ساز بکرێ، من پشتیوانی لەو پێشنیارەی دەکەم، پێم وایە پێشنیارێکی بەجێیە، چونکە هەر بۆ نموونە پرۆژە هەن لەبەر هۆی جۆراو جۆر من باسی هۆیەکانیان ناکەم، لەساڵی ($2010$)ەوە بڕیاریان لێ دراوە هێشتا لەبواری دیزاین یـان لـەبواری تەنـدەری دان، هـەروەها لەڕاپۆرتی ئەو سێ مانگەی بەدوا داچوونی پرۆژەکانی بەدوا داچوونی رۆشنبیری و لاوان بۆم دەرکـەوت کـە هەندێ پرۆژە لەرووی جێ بەجێکردنەوە واتـە لـەرووی کـوالێتی کەرەسـتە و ئیلتیـزام کـردن بەسـتاندارتی پەیرەو کراو نەخشەو مەرجەکانی کۆنتراك ($20\%$) وا نووسراوە لـەناو ڕاپۆرتەکە، ($20\%$) یـان ($30\%$) یـان ($40\%$)یان بـەپێی سـتانداردن، بەڕاسـتی ئەمـە بەدواداچوونی دەوێ، ئەمـە لـێ پێچانەوەی دەوێ، بەڕاسـتی ئێمە دەبێ لەڕاسـت ئـەو بەهـەدەردانی سـامانی گشـتییە....، پێویسـتە جێگـای خۆیـان بگـرن، چـونکە ئـەوە پارەی گشتی تێدا سەرف دەکرێ، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن تـەنها باسـی تەندروسـتی و ژینگـە و مـافی بەکاربـەر دەکـەم، چونکە خـۆم ئەنـدامم لـەو دوو لیژنەیـە، بەنیسبەت بودجەی هەرێمی کوردستان خوێندمەوە دە سەعاتی خایاند هەتا لەبودجەکە گەیشتم بـەوردی، هەروەها ڕاپۆرتی لیژنەی دارایشم بەتەواوی خوێندیتەوە، بەڵام تەرکیز دەکەمە سەر تەندروسـتی و ژینگـە و پاراستنی مافی بەکاربەر، پێشەکی دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئـەو بودجەیـەی کـە پێشکەشـیان کـردووە، بـەڕای مـن شـەفافیەتی تێدایـە و روونـەو وردتـرەو باشـترە زۆر لەسـاڵی پـار، دەستخۆشیان لێ دەکەم دووبارە، هەروەها سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بـەوەی کـە دەرگـای حکومەت کراوە بوو بۆ ئامـادەکردنی بودجـە، یـەعنی بۆمـان هـەبوو بچین ڕای خۆمـان، پێشـنیاری خۆمـان پێشکەش بکەین، ڕێگامان پێدرابوو، گوێیان لێ گرتین ئەوجا ئەگەر وەریان گرت یان وەریـان نـەگرت ئەمـە هەر سوپاسیان دەکەم و دەستخۆشـیان لـێ دەکەم، بەنیسـبەت ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی ڕەخنەیـەکم هەیـە لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەرچەندە لەسەرەتا ئاگادار کراینەوە ئەو ڕاپۆرتە تەنها هی لیژنەی دارایی نییە، ڕاستە، بەڵام لیژنەی دارایی جێ بەجێکردییە، وەری گرتییە ڕاپۆرتەکان، ڕەخنەکەی من گەورە نییە، بەڵام تێبینییەکم هەیە دەبوایـە لەدابەشـکردنی بودجەکـە دیـاری کرابـا، ڕێزبەنـدی کرابایـە، کـام وەزارەت زۆری وەرگرتـووە، کامیـان کـەمی وەرگرتـووە، چـونکە ماوەیـەکی زۆر کـە لـەکاتی خوێندنـەوەی بودجـە ئـەوە وەختمـانی کوشـت، ئـەوە لەلایـەك، بەنیسـبەت ئـەوەش ئاسـانتر دەبـوو بـۆ ئەنـدامان کـە یەکسـەر ئـەو

ڕیزبەندییە دیاری کرابایە، بێم سەر تەندروستی بەنیسبەت تەندروستی من پشتگیری تەواو لەڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی دەکەم کە داوا دەکەن ڕێژەی بودجەی تەندروستی زیاد بکرێت، ئەوە چوارەمین بودجەیە لەو بینایەی پەرلەمان داوا دەکەین کە ڕێژەی تەندروستی کەمە، ڕێژەکەی لەژێر ستاندەری جیهانییە کە (7٪)ە، ئەوەش مەقبوولە، باش نییە، بەڵام ئێمە (5,99) پێنج کۆما نەوەد و نۆیە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو ڕێژەیە زیاد بکرێ و ئەندامانی پەرلەمانیش زۆریان پشتگیری لەوە دەکەن، دڵنیام لەوەی، بەنیسبەت ئەوەش سوپاسی لیژنەی پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەم، کە داوایان کردییە ڕێژەی تەندروستی زیاد بکرێ، چونکە بەڕای ئەوانیش کەمە و داواشیان کردییە کە ڕێژەکە ببێتە (10٪)، حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن توانی ڕێژەی بودجە بکاتە (16٪) بۆ وەزارەتی پەروەردە، بۆ بۆتەندروستی ناکا؟ کە ئێمە هەموومان دەزانین تەندروستی پێویستی بە بودجەی زیادە بۆ جێ بەجێکردنی ئەو کەم و کوڕیانەو ئەو خزمەتگوزاریانەی تەندروستی کە هەمانە و کوێمان لێیە ڕۆژانە لەلایەن هاووڵاتیان و خۆمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من حەزدەکەم هەندێك ئیجابیاتی وەزارەتی تەندروستی باس بکەم، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی تەندروستی کە زۆر کەمە لەچاو وڵاتانی دەرەوە و لەچاو وڵاتە پێشکەوتووەکان توانیتی وەزارەتی تەندروستی بەو بودجە کەمە خزمەتگوزاریەکی تەندروستی پێشکەشی هەوڵاتیان بکا، چەند خاڵێکم دیاری کردووە، کە ئەوە ئیجابیاتە بۆ وەزارەتی تەندروستی، بەتایبەتی بۆ بودجەی (2013)، کە (50) ملیاری بۆ زیادکراوە لەچاو بودجەی پار، هەروەها (70)ملیار داندراوە بۆ نەخۆشییەکانی کەم دەرامەت کە وەکو نەخۆشی دڵ و مێشك و خوێنە، جاران شێرپەنجەشی لەگەڵ بوو، بەڵام ئێستا ئەو (70) ملیارە تەنها بۆ ئەو نەخۆشییە دەبێ، چونکە نەخۆشی سەرەتان (کانسەر) ئەوە سندوقەکی بۆ داندرایە، ئەو سندوقە پارەکە دەبێ لەوێوە بۆ ئەو نەخۆشانە بچێتن، خۆی بەڕای من ئەو (70) ملیارەی کە داندراوە بۆ نەخۆشی کەم دەرامەت ناوی وانەبێتن یەکسەر بچێتە سەر بودجەی وەزارەتی تەندروستی و بودجەکەی زیاد بێت، جیانەکرێتەوە، چونکە وەزارەتی تەندروستی خۆی بەرپرسە، ئەرکێتی کە خزمەتگوزاری پێشکەشی هەموو هاووڵاتییەکی نەخۆش بکا، ئەگەر کەم دەرامەت بێ یان دەوڵەمەند بێ، مرۆڤ جیاوازی نییە لە نەخۆشی، بۆیە جوان نییە جیا بکرێتەوە بەڕای من، دەبی هەموو کەس خزمەتی تەندروستی پێشکەش بکرێتن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریش ئەگەر هاتوو داهاتی وەزارەتی تەندروستی کە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ئەوەش ئیجابیاتێکی زۆرە لە بودجەکە، پاریش وابوو، ئەمساڵیش هیوادارم بەردەوام بێ، ئەو داهاتە بەشێکە کە دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێتن بۆ کەم و کوڕییەکانی تەندروستی، لەگەڵ کەمی بودجەی وەزارەتی تەندروستی دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم و وەزیری تەندروستی دەکەم، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییە تەندروستیەکانی هەموو هەرێمی کوردستان، بۆ؟ ئەگەر هاتو نەخۆشییەك، پەتایەك، هاتە هەرێمی کورستان هەموو حکومەت دێتە سەر خەت بە دواداچوونی بۆ دەکا، هۆی بڵاوبوونەوەی بزانێ چییە، ڕۆشنبیری بۆ هاووڵاتیان بڵاودەکاتەوە، خۆم بەشداربووم لەوەی کە کۆلێرا هات زۆر بەسەریعی چارەسەری کراو هەموو هاتنە سەرخەت، لەسەرۆکی حکومەتەوە و جێگیری

حکومەتـەوە و جـەنابی وەزیـر و بەڕێوەبەرایەتییـەکان، هـەموو ئامـادە باشـییەکیان پێشکەشـکرد، بـەهۆی ئەوەی کە من لەدەرەوە ژیایمە، لە وڵاتانی تریش بەم شێوەیە، یەعنی ئەتۆ مادام بۆت دەکەن و چاك دەکەن و بـە دواینـە، ئـەوە ئیجابییـە، ئـەوە شـتەکی باشـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەمانـەوێ بودجـەی وەزارەتـی تەندروسـتی زیـاد بکـرێ، هـەروەها نەخۆشـی ئـەنفلۆزیای بـەراز کـە بڵاوبـووەوە لـەوڵاتانی تـریش هـەموو وڵاتێك موعەڕەزە بۆ نەخۆشی، بەدواداچوونی بۆ دەکرێ، ئامادە باشی بۆ دەکرێ، داتاکـان تەسـجیل دەکـرێ کە چەند کراوە، ئەگەر بودجەی پێویست بوو وەزارەتی دارایی بڕواناکەم ڕێی لێ بگرێتن، وەزارەتەکانی تـر هاوکاری دەکـەن، گـرینگ ئەوەیـە دەسـت دەگـرن بەسـەر ئـەوەی نەخۆشـییەکە بڵاو نەبێتـەوە، بەنیسـبەت بەراوورد کردنی بودجەی ساڵی (2013) لەگەڵ هی پار، لەگـەڵ هـی سـاڵی (2010) زیـادبوونێکی تێدایـە، هەرچەندە بەدڵی خۆمان نییـە، بـەڵام باشـە، بـۆ نموونـە خەرجییـەکانی ئـی سـاڵی (2010) (184,589) سەد و هەشتا و چوار ملیار و پێنج سەد و هەشتا و نۆ ملیۆن بووە، بـەڵام هـی ئەمسـاڵ زیـادی کـردووە کـە بوویتە (837,941) هەشت سەد و سی و حەوت ملیار و نۆ سەد و چل و یەك ملیۆن دینار، ئـەوە شـتێکی ئیجابییە، ئەوە ئیجابیاتەکانی وەزارەتی تەندروستی، بـەڵام حـەزم لـێ بـوو هەنـدێك داواکاریشـم هـەبێ بـۆ ئەوە، دووبارە دەڵێم بودجەی تەندروستی کەمە لەئاستی پێویست نییە، داوا دەکەین زیـاد بکـرێ، هیـوادارم دەنگیشی پێ بدەن، وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری بووە دەبڵ لەچاو ئەوەی تەندروستی، تەندروستی کەم زیادی کردووە، هەروەها داوا دەکەم کە ئەو ڕەسم و باجانەی کە دانـدراوە بـۆ (5٪) بـدرێ بـۆ سـندوقی سـەرەتان، لیژنەی دارایی داوای کردووە ئەو ڕەسم و باجانە کەم بکرێنەوە، بەپێچەوانەوە من دەڵێم زیـاد بکـرێ، یـان وەکو خۆی بمینێ، چۆن کەمی بکەینەوە؟ ئێمە دەمانەوێ سوودی لێ وەربگـرین بـۆ سـندوقەکەمان بەشـێك بڕوا، لەسەدا پێنـج (5٪)، ئەگەر کەمبکرێتەوە کاردەکاتە سـەر سـندوقی سـەرەتانیش لەبـەر ئـەوە دەمـەوێ وەکو خۆی بمینێتەوە، بۆ ئەوەی سندوقەکەمان بەتاڵ نەبی، لەلایەکی تریشـەوە ئێمـە یاسـایەکمان دەرکـرد هەتا وەکو ئـەو سـندوقە بودجـەی بـۆ تـەرخان بکـرێ، بودجەیـەکی دیـاریکراو لەحکومـەتی هـەرێم، بـەڵام بودجە دیاری نەکراوە بۆ ئەو سندوقە، داوا دەکەین وەکو لیژنەی تەندروستی کە (15) ملیـار دابنـدرێ بـۆ ئەو سندوقە، ئەوجا لەکوێ دەهێنن ئەمن نازانم موهیم ئەو سندوقە پێویستیتی بۆی دابندرێ، بەنیسـبەت پلەی دامەزراندن لەوەزارەتی تەندروستی (1500) پلەی بۆ داندرایە، بەڕای من ئەوە کەمە، پێویستی لەوە زیـاترە، چـونکە بنکـەی تەندروسـتی زیـاتر کراوەتـەوە، نەخۆشـخانە زۆر کراوەتـەوە (400) قەرەوێڵـەیی، (200) قەرەوێڵـەیی هەیـە، ئەمانـە پێویسـتیان بـە دامەزراندنـە و پێویسـتیان بـە کارگێڕییـە، هـەروەها بەنیسبەت ژینگە، ئێمە لەلیژنەی تەندروسـتی و ژینگـە زۆر پەیوەنـدیمان هەیـە لەگـەڵ دەسـتەی ژینگـەدا، دەستەی ژینگە دەچین داوایان لێ دەکەین چالاکی بکەن و ئیش بکەن و ژینگە سیاسەتێکی تازەیە و خـەڵك ناینـاسـی ڕۆشـنبیری بـڵاو بکەنـەوە، ئـیش بکـەن لـەبارەی ژینگـە، بـەڵام کـە تەماشـا بودجـەیان دەکـەین بودجەکەیان زۆر کەمە، ئەو داواکاریانـەی خـەڵك و پەرلـەمانیان پـێ جـێ بـەجێ نـاکرێ، بۆیـە داوا دەکـەم سندوقێکیان هەیە ئەوانیش، سندوقی ژینگە، کە بودجەیان بۆ تەرخان بکرێتن، هەروەها ئەو کەسانەی کـە

ژینگـه تـەواو دەکـەن، بڕوانامـەی ژینگـە بەدەسـت هێـنن، مـن داوا دەکـەم یەکسـەر دابمـەزرێن، چـونکە وڵاتەکەمان پێویستی بە ژینگەیە، دەزگای مینمـان هەیـە، ئـەوەی هـەولێر و سلێمانی ئـەوە چـەندین سـاڵە کوردسـتان پـاك دەکەنـەوە لـەمین، بـەڕای مـن ئەوانـە حـەق وایـە بەشـێك بـن لەژینگـە، چـونکە ئیشـیان خاوێنکردنەوەی زەوییە و ژینگەیە، بۆیە ئەگەر بودجەی ئەوانە دەگازی مـین لەگـەڵ ژینگـە ببتـەوە یـەك، یەك بودجەیان هەبێ، ئەو کاتە دەتوانن بەرێك و پێکی بەکاری بهێنن، من پێشنیار دەکەم یەك بودجـەیان هەبێ و زۆرترین بودجەش بـۆ دەزگای ژینگـەبێ، نـەك بـۆ دەزگای مـین، هـەروەها ئەوانـەی ئـیش دەکـەن لەژینگـە ئـەو فەرمانبەرانـەی ئـیش دەکـەن لەژینگـە لەبەغـدا دەرماڵـەیان هەیـە، لـە (30٪)ی وەردەگـرن، داوایان کردووە، پەیوەندییان بەئێمە کردووە کە دەرماڵەکەیان بۆ زیاد بکرێ، نەك زیاد بکرێ، بکـرێ، هـەر نیتیان، (30٪) ئەوانیش ماڤی خۆیانە کە ئەو دەرماڵەیە وەر بگرن، مادام ئێمە هەر دەڵێین هەرێم بەشـێکە لەعێراق، بەنیسبەت ئەو پرۆژانەی، ئەو ڕێژەیەی کە داندراوە بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی وەبـەرهێنان، ئـەو ڕێژەیـە کەمـە کـە (233,417) دوو سـەد و سـی وسـێ ملیـار و چـوار سـەد و حەڤـدە ملیۆنـە، چـونکە وەبـەرهێنان لەتەندروسـتی بەردەوامـە، ئێمـە دەزانـین صـحە موسـتەدامە، یـەعنی ئـەتۆ دەبـێ بـەردەوام لەتەندروستییەوە بکەی، ماوەیەك نییە کە ئەتۆ ڕایبگری و بڵێی پێویستم پێ نییە، تەندروسـتی بـەردەوام نەخۆشی تازە دێتە جیهانەوە، نەخۆشی تازە دێتـە نـاو هەرێمـەوە، پێویسـتمان بەوەیـە کـە ئێمـە بـەردەوام لەوەبەرهێنان حسەیەکی باشمـان هـەبێتن، بۆیـە داوا دەکـەم ئـەوەی بـۆ وەبـەرهێنان داندرایـە زیـاد بکـرێ، چونکە پێویستمان بە نەخۆشخانەی زیاترە، پێویسـتمان بـە سـەنتەری دەروونییـە بـۆ هـەرێمی کوردسـتان، پێویستمان بە نوێکردنەوەی نەخۆشخانەکانە و بنکە تەندروستییەکانە، ئەوانە زۆر سـوودی لـێ وەردەگـرن ئەگەر وەبەرهێنان زیاد بی، ئەگەر هاتو ئێمە تەندروستیمان باش بوو، گرینگی پێ بـدەین، ئـەو حکومەتـە سیاسەتێکی زۆر سەرکەوتوو دەبیت، زۆر دڵی هاووڵاتیان و کۆمەڵگای پێ خۆش دەبێ، ئەگەر من ئەندام بام لەلیژنەی پەروەردە نەدەهاتم گفتوگۆ بکەم، چونکە زۆرترین بودجەیان وەرگرتووە، حەسوودیان پێ نابـەم، دڵم خۆشە پێی، بەڵام حەزم دەکرد تەندروستیش وەك پەروەردەبایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندجارێك ئاماژە بەو خاڵە دەدرێ کە ئێمە داوامـان کـردووە بـاج و ڕسـم نـەمێنێ، ئێمـە پێشـنیارەکەمان وابووە، ئەگەر هاتو شێوەیەك لەباج هەیە، جۆرێك لەباج هەیە، هەتا ئەگەر ڕسمیش هەبێت، دەڕواتـەوە بـۆ بەغدا، دەڕواتەوە بۆ حکومەتی ناوەند، دوایی کە لەحکومەتی ناوەندەوە بودجەکەمان بـۆ تـەرخان دەکـرێ، بڕی ئەو داهاتەیان بڕی بێ، باشتروایە پێشنیار دەکەین ئەگەر ئـەو باجانـە ڕێـژەیان بـەرزە، نـەك لابچێت، ئەگەر ڕێژەیان بەرزە لەرووی مەنتیقی ئابووریەوە کە دەڕوا بۆ بەغدا، بەشێك لەسـەروەتی ئێمـە دەڕوا بـۆ

بەغدا بەبێ هیچ بەرامبەرێك، باشتروایە باجەكان لەكاتی ئێستا مەبەستمە، لەكاتی ئێستا رێژەی ئەو باجانە نزم بكرێتەوە ئەگەر حكومەت بەباشی دەزانێ، ئەوە مەنتقێكی سەلیمیشە بەپێی بۆچوونی ئێمە، موجەرەد ئەوە بۆ بەرچاورروونی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز، خاڵێكی ترش هەبوو بەڕاستس گلەییان لێ كردین ریزبەندیمان ئاماژە پێنەداوە، وەڵلا ریزبەندییەكە لە بودجەكەدا لەخشتەی سێدا هەیە، لەموازەنەی ئیقلیم، نەمانویستوە جارێكی دیكە تیكراری بكەینەوە، ئێمە بەشێوەی مەبدەئی كارگێڕی ڕاپۆرتەكەمان ئامادەكردووە، كە دەبێ سەرۆكایەتییەكان لەسەرووی وەزارەتەكانەوە بن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی بودجەی (2013) وەكو ڕاپۆرتەكانی تر تەبعەن جێگەی سەرەنج و ڕەخنە و تێبینییە، بەپێی پێویست هەوڵدەدەم بیكەمە دەرفەتێك بۆ ئەوەی كە هەموو ئەو پرسیارانەی كە هەمانە دەربارەی سیاسەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان، ڕادەی پابەندبوون بە یاسا، ئاستی دروستكردنی هاوسەنگی ئابووری و كۆمەڵایەتی لەهەرێمی كوردستان، لەرێگەی ئەو ئەداتە ئابووری و داراییانەی كە لەبەر دەستیانەوەیە بتوانین سەرەنج و تێبینییەكانی خۆمانی بخەینە سەر، بەر لەوەی من بێمە ناو ڕاپۆرتەكەوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم یەكێ لەگەورەترین كێشەكانی ئەم هەرێمەی ئێمە بریتییە لە مەسەلەی سەروەری یاسا، ئێستا ئێمە نە دیوانی چاودێری دارایی سەرۆكی هەیە، نە دەستەی نەزاهە سەرۆكی هەیە، نە ئەنجومەنی ڕاژە و قانونەكەی جێ بەجێكراوە، حیكمەت لەقانون ئەوەیە كە جێ بەجێ بكرێ، كە لەوەقایعی ڕەسمی بڵاوكرایەوە پێویستە ئەو قانونە جێ بەجێ بكرێ، كە جێ بەجێ نەكرا بە دڵنیاییەوە حیكمەتێكی تێدا هەیە و هیچ شتێك بەبێ حیكمەت نابێ، بۆیە من داوا لەسەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم وەكو چۆن لەقانونی بودجەی پاردا ئەوە تەسبیتكرا كە دەبێ ئەم سەرۆكایەتییانە دابندرێ، ئەمە یەكلایی بكرێتەوە، بۆ ئەوەی كە بەشێوەیەكی پیشەیی تر، زیاتر لەرێگەی میكانیزمی پیشەییەوە رۆشنایی بخرێتە سەر مەسەلەی بودجە، ئەم حاڵەتانەی كە وەكو جۆرێك لەتەشەنوجاتی سیاسی دروست دەكات و لەرێگەی مەحاوەلاتی شەخسی و مەحاوەلاتی فەردی پەرلەمانتارانەوە دەكرێ بۆ دیاریكردنی خەلەل و كەم و كورتییەكانی بودجە ئەو كات لەرێگەی دەزگای فەرمییەوە بەشێوەیەكی زانستی پیشەیی تر ئەم خەلەل و كەم و كورتیانە دیاری بكرێ، مەوسوفتربێ، دەربارەی ڕاپۆرتەكە تەبعەن سێ ڕەخنەم هەیە لەڕاپۆرتەكە، یەكەمیان ئەوەیە ئەم ڕاپۆرتە كە دەوترێ ستراتیجی دیاریكردووە بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بێگومان ستراتیج بەپێی زانست دیاری دەكرێ، میتۆدی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی كە دەبیندرێ زیاتر شێوەیەكی ئەدەبی هەیە و بەزمانێكی ئینشائی نووسراوە، من پرسیار دەكەم، ئەگەر ئەم ستراتیجە بەشێوەیەكی زانستی نووسراوە بەپێی چ میتۆدێكی علمی، ئیقتیسادی، دارایی نووسراوە؟ لەدونیادا زۆر

میتۆدمان هەیە، پشتیان بەچی بەستووە؟ دووەمیان کاتێك کە ڕووداوێك دەبێ، ئیعلام ڕووداوەکە دەکا بەخەبەر، ئیدارە دەیکا بەئیجرائات، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیبینین وەزارەتی دارایی گەورەترین ڕووداو لەمەسەلەی بودجەدا بۆ ئێمەی کردووە بە خەبەر، کە بریتییە لە بەجێمانی لە (40٪)ی داهاتی هەرێمی کوردستان لەبەغدا، لەجیاتی ئەوەی ئیجرائات بکاو پلان دابنێ بڵێ ئەگەر ئەو پارانەم لێ بگەڕێتەوە من ئەم خوتەیە دەگرمە بەر، ئەم خوتەیە سەری نەگرت، خوتەی بەدیلی من ئەوەیە دەچم بەپێی دەستووری عێراقی شکایەت دەکەم، ئەم ئیجرائاتانە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە نەگیراونەتە بەر، بۆیە زیاتر قاڵبێکی ئینشائی و ئەدەبی نووسراوە، سێ، ئەوانەی کە ڕپۆرتەکەیان نووسیوە، ڕاپۆرتی بودجە لەگەڵ ئەوانەی تەخسیسی بودجەکەیان کردووە، دەڵێی ئاگایان لەیەکتر نەبووە، لەستراتیجییەکاندا، لەڕاپۆرت نووسینەکەدا خاڵی یەکەمی ستراتیجییەتەکە بریتییە لە گرینگیدان بەکشتوکاڵ، بەڵام لەدانانی بودجەکەدا و ژمارەی بودجە بۆ وەزارەتەکان و سێکتەرەکان کشتوکاڵ لە حەوتەم وهەشتەم دایە، بەم جۆرە تیشکی دەخەمە سەر:

یەکەم/ ستراتیجی حکومەت بریتییە لە بایەخدان بەسەرچاوە جۆربەجۆرەکانی داهاتی ناوەخۆی کوردستان، نەك تەنها دەرهێنانی نەوت، بەڵکو گرینگیدان بە کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، تەبعەن ئەوە وەکو جوملە، جوملەیەکی زۆر جوانە، تەوزیفکردنی سێکتەرەکانی سەرچاوەی داهات بۆ ئەوەی تۆ ئیعتیماد نەخەیە سەر نەوت، نەوت سبەینێ بەدیلی دروست بوو، ئەو قیمەتەی نەما، تۆ کیشەی ترت بۆ دروست بوو، ئەمە چەند خەلەلێکی هەیە کاتێك کە تۆ ئیعتیماد دەکەیە سەر نەوت کۆمەڵێك سێکتەر دەمرێ، خەڵکێك لە خەڵکێکی مونتیجەوە دەبێتە خەڵکێکی بەکاربەر، یەعنی سەڕەرای ئەوەی کە کۆمەڵێك لایەنی سەرچاوەی داهاتی تر لە کۆمەڵگادا دەمرێنی، تەسەوراتی خەڵکیش دەگۆڕی، ئەخلاقیات و ئایدیۆلۆجاتی خەڵکیش دەگۆڕی، لەخەڵکێکی مونتیجەوە دەیکەیتە خەڵکێکی بەکاربەر، بۆیە زۆر خەتەرە ئیعتیماد کردنی دەرەجەیەکی حکومەت، هەر حکومەتێك بۆ یەك سەرچاوە، کە سەرچاوەکەشی نەوت بێ، خەڵك پێیەوە مەشغول بێ، ئەمە کارێگەریەکی زۆر سلبی هەیە، من لەئەنجامی سەردانی مەیدانیم دا چەند شتێکم بەرچاوکەوتووە لێرە دەیخەمە بەردەم بەڕێزانی وەزارەتی دارایی، لە دوورە لادێی ئەم وڵاتە پرسیارم کردووە کاکە ئیشتان چییە؟ دەڵێ من چەکدارم، وتوومە بۆ کشتوکاڵ ناکەی؟ دەڵێ لەبەر ئەوەی سندوقێك تەماتە لە ئاواییەکەی من گرانتر دەگاتە بازاڕ وەکو لەسوریا و لەئێران، لەبەر ئەوەی کە تۆ ڕێگا و بانت نییە، هاتوچۆ گرانە، خزمەتگوزاری و دەعمی جوتیاران زۆر کەمە، ئەمە وای کردووە کە جوتیار ساحەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ ڕووبکاتە ڕێگەیەکی تر، پرسیارم کردووە، باشە بۆ شوانکاری ناکەن؟ دەڵێ لەبەر ئەوەی لە وەرگا لەو وڵاتە نەماوە، هەموو داگیر کراوە، هەموو سیاج کرا، ئەوەی کە هەشە مەڕی عەرەب هاتووە بۆ کوردستان زۆر بەگرانتر منافەسەمان دەکات و لەوەرگاکان دەکڕێ، ئێمە ناچارین ساحەکەمان چۆڵکردووە، خاوەن کارگەکان هەموو ڕۆژێك کێشەیان هەیە و دێن بۆ لای پەرلەمانتاران، یەکێك لەخاوەن کارگەکان وتی خشتی سووری عێراقی باشترین مواسەفاتی

عالەمی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بازاڕ کراوەتەوە بۆ خشتی سووری ئێرانی، زۆر بەهەرزانتر و ئاسانی دەگاتە دەست هەرێمی کوردستان، خەڵکی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە هاوکاری ناکرێین لەنەوتی ڕەش و لەو جۆرە شتانە، ئێمە لەبازاڕ وردە، وردە پاشەکشە دەکەین، تا دەگاتە ئەوەی کارگەکانمان دابخەین، ئەمە یەکێك لەوێنەکانە کە لە گوندەکاندا گفتووگۆمان لەگەڵ خەڵکەکاندا کردووە، کا کە بۆ چی شوانکاری ناکەن؟ بۆچی کشتوکاڵ ناکەن؟ خەڵك بە ئاشکرا دەڵێ کاکە ئێمە ساحەکەمان پێ چۆڵکراوە، نەك ئەوەیە کە چۆڵمان کردبێ، دەنا ئێمەش حەزمان لێیە ئیش وکاری خۆمان بکەین، لەڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵیدا زۆر بەجوانی هاتووە دەڵێ بودجەی ئەمساڵی کشتوکاڵ هیچ زیادی نەکردووە و ئەو بەشەی پەیوەندی بە بەکاربردنەوە هەیە، لەبودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیشدا ڕێژەی ($0,01$) بۆ بواری کشتوکاڵی داندراوە، بەم ڕەقەمانە یەعنی دەتوانی کشتوکاڵی بکەیڕەقەم یەکی ستراتیجی خۆت؟ ئێ ستراتیج بودجەی دەوێ، ئالیەتی دەوێ، ختواتی دەوێ، ختواتی عەمەلی دەوێ، خۆ جوملەیەکی ئینشائی نییە، تۆ بڵێی شتێکی جوان نووسراوە، ئیتر ئەمە ئینجازاتەکەیەتی، ئینجازاتی ستراتیج ئەوەیە تۆ ختواتی عەمەلی دابنێی، چۆن ئەم نووسراوە تەرجەمە دەکەی بۆ واقعی عەمەلی، لەبواری پیشەسازیدا زۆر بەڕێز باسیان کرد تا ئێستا کەمتر لە ($40$) کەس قەرزی پیشەسازی وەرگرتووە، یەعنی تۆ سندوقێك دابین دەکەی بۆ پێدانی قەرز، بەڵام ئەوەندە رۆتینات دروست دەکەی وادەکەی خەڵك ڕابکا، یەعنی بە ئاشکرا ناڵێی پێت نادەم، بەڕەسمی دەڵێی ئەمن قەرزی پیشەسازی دەدەم، بەڵام ئەو رۆتیناتە وای کردووە خەڵك نەتوانێ سوودمەندبێ لە قەرزەکە، ستراتیجی دووەم بریتییە لە کەم کردنەوەی زێدەڕۆیی لەخەرجی گشتیدا، ئەمەش ڕستەیەکە زۆر مەسئولیەت تێدا بڵاوە، دیار نییە چۆن چۆنی دەیکا، بەچ پلانێك دەیکا، تەماشا دەکەی خەرجییەکان کە تەوزیع بوون لەم ساڵ وەکو ساڵانی پێشوو کۆمەڵێك خەرجی زیادی تێدایە، کۆمەڵێك باب هەیە کە پێویست بەوە ناکا ئەو هەموو پارە زۆرەی بۆ دابندرێ، کۆمەڵێك ئیش هەیە پێویست ناکا ئەو هەموو پارە زۆرەی بۆ دابندرێ، من پێشتنیار دەکەم وەزارەتی دارایی چەندین مۆدێل هەیە بۆ تەرجومەکردنی ئەم ستراتیجییە، یەکێك لەمۆدێلەکان بریتییە لەموازەنەی سفری، تۆ هێندێ خەرجی هەیە کە پێشوو کردووتە ئێستا پێویست ناکا بیکەی سفری دەکەیەوە، یەعنی لەسەر ئاستی ژیانی تاکەکەسدا، یەعنی کەسێك کە هەندێك سەرفیاتی کرد زەروور نەبوو جاری دووەم ئەو سەرفیاتە ناکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیبینین ئەم حاڵەتانە زۆر دووبارەن، بۆ نموونە ئێمە یەکێ لەکێشەکانمان کە زۆرجار باسی دەکەین لەگەڵ وەزارەتەکاندا، زۆری ئەو هەموو ڕاوێژکارەیە، یەعنی نازانن چیان لێ بکەن، تە قاعودیان بکەن، ئیشیان بدەنێ، بەڵام لەساڵی ($2012$) لەشەش مانگی یەکەمیدا ($1,041$) یەك ملیار و چل و یەك ملیۆن دیناری خەرجکردووە بۆ پاداشتی ڕاوێژکاران، بۆ ئەم ساڵ ($3,274$) سێ ملیار و دوو سەد و حەفتا و چوار ملیۆنی دابینکردووە، یەعنی تۆ ئەو هەموو ڕاوێژکارەت هەیە، ئەی بۆ چیتە؟ بۆ عەقد دەکەی؟ چ پێویست دەکا؟ پێشنیار دەکەم ئەم مەسروفاتە سفر بکرێتەوە، دە کارگەمان هەیە لەکوردستاندا، ئەم کارگانە ناتوانن خەرجییەکانی خۆیان دەربێنن، یەعنی من پرسیار دەکەم لەوەزارەتی دارایی و وەزارەتی موختەسیش کە

حەقی خۆیەتی وەزارەتی دارایی گفتوگۆی لەگەڵ بکا، ئەگەر تۆ کارگەیەکت هەیە نەتوانێ خەرجی خۆی دەربکا لایەنی کەم یەعنی پلانت چییە بۆ ئەم کارگانە؟ چی لێ دەکەی؟ بەس خەرجی دەکەی؟ ئەتۆ نەتوانی کارگەکانی خۆت مایەی خۆی دەربکاتەوە،چۆن من قەناعەت بکەم کە تۆ دەتوانی بواری پیشەسازی لەوڵاتەکەماندا گەشە پێ بدەی؟ وای لێبکەی کە وا بکەی خەڵکی کوردستان دەرفەتی کاری بۆ دروست بێت و لەسەر پێی خۆی بوەستێ؟ یەکێك لەو بابانەی کە زۆر گومانی لەسەرە لەمەسەلەی خەرجییەکاندا بابی مەسروفاتی ئوخرا و خەرجی مەوجوداتی نادارایییە، لەخەرجی دیکەدا ساڵی (2011) و (2012) و (2013) چەند ڕەقەمێك داندراوە بۆ چەند وەزارەت و چەند شوێنێك، یەعنی ئەو پارانە بەشی ئەوە دەکات پانزە، بیست ساڵ ئەم دەزگایە ئیش و کاری خۆی پێ بکا، بەڵام ساڵ بۆ ساڵ تەرخانکردنەکان زیاتر دەبێ، بۆنموونە سەرۆکایەتی هەرێم لە (2011)دا (500) ملیۆنی لەمەسروفاتی ئوخرا بۆ داندراوە، لەشەش مانگی یەکەمی (2012) (3,640) سێ ملیار و شەش سەد و چل ملیۆنی سەرفکردووە، لە (2013)دا (10,150) دە ملیار و سەد و پەنجا ملیۆنی بۆ تەرخانکراوەتەوە، دەپرسم ئەوە بەپێی ئەو وەسفەی خۆتان بێ کە لە موستەڵەحاتەکاندا، لەڕاپۆرتەکەدا شیتان کردۆتەوە مەسروفاتی ئوخرا چ ئیشێك مەسەلەن دەکەوێتە زمنی سەرۆکایەتی هەرێم کە پێویستە مەسروفاتی ئوخرا پارەی بۆ دابندرێ؟ مەسروفاتی ئوخرا لەشیکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی ئێوە دەڵێ مەسەلەی دێدەوانی وەرزشە، مەسەلەی تواناسازییە، ئەم بابەتانە چ ڕەبتی هەیە بەسەرۆکایەتی هەرێمەوە؟ داوا دەکەم بۆم روون بکەنەوە، ئەنجومەنی دادوەری لە (2011) (28) ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، لە (2012)دا لەشەش مانگی یەکەمدا (10) ملیۆن خەرجی کردووە، لە (2013) (200) ملیۆنت بۆ سەرفکردووە، ئەنجومەنی دادوەری چ پەیوەندی بە چالاکی وەرزشی و دێدەوانییەوە هەیە؟ وەزارەتی مالییە، وەزارەتی عەدل، وەزارەتی تەختیت ئەمانە هەر هەموویان پارەیەکی زۆریان بۆ تەرخانکراوە ڕەبتان نییە بەویشەوە، هەبووە نادارایەکان پارەیەکی زۆر داندراوە، لە (2011) سەرۆکایەتی هەرێم (5,460) پێنج ملیار و چوارسەد و شەست ملیۆنی بۆ داندراوە، خەرجی شەش مانگی یەکەمی (2012) (2,498) دوو ملیار و چوار سەد و نەوەت و هەشت ملیۆن بووە، لە (2013) (3,700) سێ ملیار و حەوت سەدی بۆ تەرخانکراوە، یەعنی ئەم پارانە، ئەم تەرخانکردنانە لەم سێکتەرانەدا من داوا دەکەم کەم بکرێتەوە بەڕادەیەك کە بتوانین ئێمە سەیارە دابین بکەین بۆ ئەو لادێیانەی کە خوێندکارەکانیان چەند کیلۆمەترێك بەپێ دەڕۆن، ئەمە وێنەی یەکێك لەگوندەکانە لە دەڤەری پشدەر و بتوێن کە منداڵە تەڵەبەکان سێ کیلۆمەتر، چوار کیلۆمەتر بەپێ دەڕۆن بۆ مەکتەبەکانیان بە بەفرو باران، لەو گوندە پرسیارم کرد وتی زۆربەی کچەکان وازیان لەخوێندن هێناوە لەبەر ئەوەی ناتوانن بەپێ بڕۆن، ماڵەوەشیان فەقیرن ناتوانن سەیارەیان بۆ بگرن، داوا دەکەم ئەو پارەیە لەمەسروفات ئوخراو هەبووە نادارایەکان کەم بکرێتەوە بدرێ بەسەیارە بۆ هاتوچۆی ئەو خوێندکارانەی دوورە دێیانە، حکومەتی فیدراڵی عێراق مەسروفاتی ئوخڕای (205,863) دوو سەد و پێنج ملیار و هەشت سەد و شەست و سێ ملیۆن داناوە، بەڵام لەحکومەتی هەرێم (815) هەشت سەد و پانزە ملیار

داندراوە، ئەم بەراوردە بەو هەموو گەورەیەی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لەچ مەنتقێکی ئابووریدا جێی دەبێتەوە؟ تکایە وەڵامم بدەنەوە، (249) دوو سەد و چل و نۆ ملیۆن داندراوە بۆ چاککردنەوە، پارەیەکی زۆر داندراوە بۆ ناردنە دەرەوەی نەخۆش و دروستکردنی خانوو بۆ هەژاران، باشە من پرسیار دەکەم نەخۆشەکانی هەرێمی کوردستان کە دەچن بۆ دەرەوە بەرەو هیندستان بەرێدەکەون یان ئەوەتا کابرا خانووی دەفرۆشێ یان پارەی بۆ کۆ دەکرێتەوە، ئەگەر خەڵکی نەخۆش دەنێردرێتە دەرەوە، بۆچی هەموو خەڵك ناگرێتەوە؟ بەپێی چ قانونێك ئەو پارەیە خەرج کراوە؟ یەکێ لەستراتیجەکانی تر بریتییە لە گرینگیدان بە چاکسازی لەسیستەمی تەندروستی بەشێوەیەك کە لەخزمەتی خەڵکی هەژار دابێت و گرینگی بە پەروەردە و خوێندن بدات، یەکێك لەگوندەکان پرسیارم کرد بنکەی تەندروستیتان هەیە؟ ئەوە دەربارەی ئەوەیە کە حکومەت گرینگی بە سێکتەری تەندروستی دەدا، گەنجێك وەڵامی دامەوە فزوڵیەکی کرد وتی نەخێر حەبی پاراستۆڵمان هەیە، وتم بۆ؟ ئەی ئەوە چییە ئەو بینایە؟ وتی بەس حەبی پاڕاستۆڵی لێیە، ئەوەش لەماڵەوە هەمانە، یەعنی یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی ئەم وڵاتە بریتیە لە نەبوونی دەرمان، جارێ لەلادێیەکان وەکو گوتم هەرهیچی لێ نییە، دەربارەی پەروەردەش زۆربەی خوێندنگاکان سێ دەوامین، لە دەڤەری پشدەر و بیتوێن حاڵی خوێندکار هەر زۆر وێرانە لە باخچەی ساوایان (50) منداڵ دەکرێتە ناوپاسێکی بچووکەوە، (50) منداڵ، دائیرەی مروور چەندین جار ئاگاداری کردوونەوە ئەم منداڵانە دوایی هەرشتێکیان لێ بێ کارەساتێك رووبدا ئێمە لێیان بەر پرس نین، ئەمە وێنەکەیانە، (50) منداڵ دەخرێتە ناو پاسێکی بچووکەوە، (90) منداڵ دەخرێتە ناو پاسێکی گەورەی (21) نەفەرییەوە، ئەم پاسە هی (10) نەفەرە بەپێی قانونی مروور، (50) کەسی دەخرێتە ناوەوە، تکا دەکەم ئەم پارانە بۆ ئەو شوێنانە زەروورترە، نەك بۆ ئەوەی کەس نازانێ بۆ کوێ دەچن، یەکێك لەستراتیجەکانی تری حکومەت بریتییە لەکاراکردنی رۆڵی بانکەکان، بانك لە دونیادا سەرچاوەیەکی داهاتە بۆ وڵاتەکەی، زۆرجار پێی دەوترێت کارگەیەك کات دەگۆڕێت بۆ پارە، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا عجزی لە (50٪)یە، باشە من پرسیار دەکەم لەحکومەتی هەرێم کە دەڵێ ئێمە یەکێك لەستراتیجییەکانمان بریتییە لە کاراکردنی رۆڵی بانکەکان، بۆ ئەوەی بتوانن قەرزەکان بدەن و ئەم قورساییە لەسەر حکومەت نەمێنێ، باشە حکومەت نەتوانێ بانکەکانی خۆی کە مایەی خۆیان دەربکەن، بە چ رێگەیەك دەتوانێ ئەوەندە کاروباری بانکی لەهەرێمی کوردستاندا گەشە پێ بدا، کە بتوانن قورسایی قەرزەکانی لەسەر لابدەن، کە یەکێکە لەو قورسایانەی لەسەر حکومەت و دەڵێ یەکێکە لەسەبەبەکانی عجزی میزانیە، یەعنی تۆ جارێ وەرە هەنگاوی یەکەم جێ بەجێ بکە، ئینجا بازەکەی تر بدە، خاڵی پێنجەم دابەشکردنی بودجە بۆ شوێنەکان، تەبعەن دوو تەریقە هەیە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان گیراوەتە بەر بریتییە لە رێژەی دانیشتووان لەگەڵ زیانمەندبوونی ناوچەکان، من پرۆژەکانی شاری قەڵادزێ و شاری پشدەرم لە فەیسبووك بڵاو کردبووەوە، گەنجێك نامەیەکی بۆ ناردووم دەڵێ کاك عبداللە ئەم پرۆژانە دوودانەی لێ دەربچێ بەرماڵمان ڕاخستبایە لەمزگەوتی گەورە پارەکەیمان پەیدا دەکرد، یەعنی موقارەنەی بکەین تەبعەن هەر

یەكێك لە ئێمە تەمەنا دەكا هەر گەڕەكێك، هەر ناحییەكی ئـەم وڵاتـە پارەیـەكی زۆری بـۆ تـەرخان بكـرێ، بەڵام بـەراوردی بكـە قـەزای پشـدەر (100) سـەد هـەزار كەسـە، (عینكـاوە (32,720) سـی و دوو ملیـار و حـەوت سـەد و بیسـت ملیـۆنی بـۆ دانـدراوە، قـەزای پشـدەر (17) ملیـاری بـۆ دانـدراوە، لەكاتێكـدا تایبەتمەندترین شوێن لە هەموو هەرێمی كوردستان قەزای پشدەرە، سنوورێكی هەیە داخـراوە، سـنوورێكی هەیە هەموو رۆژێك تۆپبارانە، ئێستاش زیانەكانی بەبەردەوام هەیە، ئەمە ڕەسمی قەلادزێیە لە (89) (كـە سـۆزا میسـی لاز) گـرتیتی وێنـەگرێكی فەرەنسـییە، دەڵـێ قـەڵادزێ تـەختكراو داری بەردەرگاكانیشـی دەرهێنـدرا، ئێسـتا ئـا بـەم بودجەیـە ئـاوەدان دەكرێتـەوە؟ یـەعنی خـەڵك لـە دەڤەرەكـەدا لەبـەر ئـەوەی دوورتـرین شـوێنە، دوورتـرین قەزایـە لـە هـەرێمی كوردسـتان لەسـەنتەری پارێزگـا، سـنوورەكەی داخـراوە، ناوچە گەشتیاریەكانی هەموو لەبەر تۆپباران كەس ناوێرێ رووی تێ بكا، دەرفەتی كـار لـەم ناوچـەیە هـەر نییە، بەهیچ جۆرێـك، یـەعنی كۆمـەڵێك پـڕۆژە هەیـە زەرووره بـۆ ئـەم دەڤـەرە بكـرێ تـا ئێسـتا لـە زمنـی پڕۆژەكـانی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتاندا نەبینـدراوە، لەكاتێكـدا ئێمـە بـەڕێز سـەرۆكایەتی پەرلـەمان ئاگـادارە بەشـێوەیەكی ڕەسمـی لـە 4/24/سـاڵی پـاردا هەرچـی پـڕۆژە پێویسـتیەكان هەیـە بـەراپۆرتێك داومانەتە حكومەت، پێشمان گوتـوە ئـەم پڕۆژەیـە سـەر بـە چ وەزارەتێكە و زەرووره‌تیشی لەكوێدایـە؟ تـا ئێستا ناوەندێكی ڕاهێنانی پیشـەیی بـۆ ئـەوەی خـەڵك فێـری كـار بكرێـت و فێـری پیشـەیەك بكـرێ نییـە، پڕۆژەی ئاوی خاسەمان هەیە لەقەڵادزێ كە ئاوی خواردنەوە بـۆ خـەڵك دابـین دەكا مـن منـداڵ بـووم ئـەو پڕۆژەیـە قسـەی لێكـرا وەو باسـی لێكـراوە بـۆ دەڤـەری پشـدەر و بـۆ قـەڵادزێ، هێشـتا ئـەم پڕۆژەیـە تـەواو نەبووە، لە ساڵی (2006) نووسراو هەیە كە حكومەت ئیدارەی مەحەلی داوایانكردووە لەجێگیری سەرۆكی حكومەت و وتوویانە ئەو پڕۆژەیە بۆ تەواو نابێ؟ نووسیویەتی تكایە بەدواداچوون بكەن ئەم پڕۆژەیـە بـۆ تەواو نەبووە؟ لە (2006) بۆ خۆم وەفدبووم لەگەڵ وەفدەكە بووم بەنوێنەرایـەتی گـەنجان، یـەعنی ئەمـە (2013)یە ئیستاش تەواو نەبووە، ئەمە بۆتە سەبەبی گەورەی بەهەدەردانی مـالی، رۆژانـە (750) هـەزار لیتر ئاو دەكڕێ بەتانكەر بە ماڵان تەوزیع دەكـرێ، سـەرەڕای ئـەوەش بـەش ناكـا، خـەڵك بـە شـان ئـاودێنن، كۆمەڵێك كێشە هەیە ڕەپتی هەیە بەسیاسەتی ئابووری و دارایی لەحكومەتی هەرێمی كوردستان مەسـەلەن یەكێك لەو كێشانە كێشەی سیولەیە، كێشەی سیولە لەئێستادا ڕەپتی دەكەمەوە بە كات، لەماوەی سـێ سـاڵی ڕابردوودا لەناوەڕاستی ساڵدا بودجە پەسەند كراوە نیوەی یەكەمی سـاڵی دارایـی بـە یـەك لەسـەر دوانـزەی ساڵی دارایی پار بەڕێكراوە، كە من پرسیار دەكەم گومـانم هەیـە داخـوا چـۆن بـزانم بەیـەك لەسـەر دوانـزە ئیدارە كراوە؟ لەكۆتایی ساڵیشدا ئیـدارات قوفـڵ دەكرێـت و بەبۆنـەی ئـەوەی كـە كۆتـایی سـاڵ و ئەمانەیـە، كۆمەڵێك ئیلتیزامات دەفع ناكرێ، سەرەڕای ئەوەش كێشەی سیولە هەیـە زۆرجـار دائیـرە هەیـە دوادەكـەوێ مووچەكەی، مووچەی مامۆستایانە، مووچەی شوێنی ترە دوا دەكەوێ، یەعنی ئێمە پرسـیار دەكـەین جـارێ پرسیاری من ئەوەیە لە چ كاتێكدا ئەم پارەیـە سـەرف دەكـرێ؟ تـۆ نیـوەی ساڵەكە بـە یـەك لەسـەر دوانـزە سەرف بكەی لەم سەریشەوە ساڵێك ئیدارەتەكەت قورس بكەیتەوە بەوەی ساڵی دارایی كۆتاییەتی، ئەی ئـەم

پارەیە لەکوێدا سەرف دەکرێ؟ کاتی سەرفکردنی ئەم پارەیە لەکوێدایە؟ من ساڵی پار پرسیارێکم کرد لەبەڕێز جەنابی وەزیری دارایی وتم پرسیار دەکەم ئایا تەداول بە پارەی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێ؟ پێی وتین نەخێر ئەمە ناکرێ و نییە و هەر زۆر عەیبیشە ئەم پرسیارە، بەڵام ئێستا قەزیەك هەیە لەمەحکەمە یەکێك لەبانکەکانی ئەم کوردستانە لەسەر مەسەلەی تەداول کردن بەپارەوە، من ئەمساڵ دەڵێم هێزێك هەیە تەحەکوم بە پارەوە دەکا، نەك تەداولی پێوە دەکا لەم هەرێمی کوردستانە، بۆیە تکا دەکەم کاتێك کە ئێمە پرسیار دەکەین بەتەشەنوجاتەوە وەری مەگرن، ئەگەر وانەبێ ئێمەش پێمان خۆشە وانەبێ، ئەگەر وابوو بە دواداچوونی بۆ بکرێ و چارەسەرێکی بۆ بکرێ، خاڵی هەشتەم، ناڕێکی، نا عەدالەتی لە دابەشکردنی داهات، ئەم بودجەیە پلانێکی پێ نییە بۆ ئەوەی چۆن ئەو داهاتە جارێکی تر ئیعادەی تەوزیعی تەوجیهـ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان یاخود هەموو سێکتەرەکان بەشێوەیەکی یەکسان بەقەدەر ئەوەی کە پێی بژی ئیستیفادەی لێ بکەن، کەمئەندامێك (150) هەزار وەردەگرێ بەس بەشی عیلاجەکەی دەکا، مووچەی (37)هەزاری هەیە لەم وڵاتەدا، فەرمانبەر بەشێوەیەکی گشتی پێشمەرگە مووچەکانیان بەشی ئەوە ناکا کە کرێیەکی فاتێکی خانووی پێبدەی، لەشارەکاندا فاتێکی خانوو کرێیەکەی (600) هەزارە، من پرسیار دەکەم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر داهاتی کەمە بۆچی وەفدەکان کاتێك کە سەفەر دەکەن ئەوانەی کە وەزیرن و لەپلەی وەزیردان، بۆ یەك شەو (600) دۆلار دەتواندرێ سەرف بکرێ، بەڵام بۆچی ناتواندرێ بۆ مۆزەفێك، پێشمەرگەیەك کە دیفاعکەری ئەم وڵاتەیە (500) دۆلار تەرخان بکرێ؟ خاڵێکی تر بریتییە لە نرخی کاڵاو شمەك و خزمەتگوزاری، نرخ یەکێکە لە ئەداتەکان لەبەر دەستی هەر حکومەتێکدا بۆ ئەوەی بتوانێ لەرێگایەوە هاوسەنگی ئابووری وڵاتەکەی بپارێزێ، خەڵکی کوردستان سێ جار باج دەدا لەمەسەلەی نرخدا، جارێکیان کاڵاکان خراپن و کوالێتیان باش نییە، جارێکیان گرانە، جارێکی تریشیان بە عوملەی نیشتیمانی نییە بە دۆلارە، لەگۆڕینەوەکەشدا خەڵك باج دەدا، من پرسیار دەکەم ئەگەر حکومەت دەڵێ من دەستەڵاتی ئەوەم نییە لەگۆڕینەوەی دراو لەعێراقدا دانانی (116) سەد و شازدە هەزار بۆ بەرمیلێك نەوت، ئێ خۆ دەستەڵاتی ئەوەت هەیە لەمۆڵەکانیش بە (117) سەد و حەفدە دەگۆڕدرێتەوە، ئەی من چۆن بزانم خەلەلەکە لەوەدایە عێراق موشارەکەت پێناکا؟ خۆ تۆ مۆڵەکانی خۆت و سوپەرمارکێتەکان لەبەر دەستت دایە، لەوێش بە (117) سەد و حەفدە دەگۆڕدرێتەوە، میللەتەکە باجی دەدا، ئەمە لەزانستی ئابووری زۆرجار پێی دەڵێن کێشەی نەخۆشی (دۆلاریزەیشن)، خاڵی دەیەم نەبوونی ئەولەویەت بۆ زەرووریات، یەعنی پرسیار ئەوەیە کاتێك کە کەسێك بودجە دادەنێ لەماڵەکەی خۆیدا دەڵێ بزانم چیم پێویستە، تۆ زەرووریات دەکەی ئینجا دەچی بۆ کەمالیات، حکومەتیش حەقی خۆیەتی کاتێك کە بودجە دادەنێ سیاسەتی بودجە پرسیار لەو بکا زەرووریاتی خەڵك چییە؟ زەرووریاتی هەموو وڵاتانێك بەپێی هەموو لێکۆڵینەوەکانی زانستی، ئابووری مەسەلەی بێکاری و هەژارییە، یەعنی بێکار و هەژاری زۆرجار لە ئاستێکدایە ناتوانێ ئیستیفادە بکا لەو چەند ساڵەی هەیە، بۆ نموونە سلفەی عەقار ناتوانێ وەربگرێ، ئەوانەی کە لەچینی هەژاریدانە، لەبەر

ئەوەی زەوی نییە، ناتوانی ئیستیفادە بکا لەهەندێ قەرز و لەهەندێك تەسهیلاتی تر کە حکومەت دەیکا، لەبەر ئەوەی زۆر لەوە سەرەتایی ترە، بێکاری لەم وڵاتەدا بێکاری ئەگەر بێت و داتایەکی ورد و دروست بکرێ، بێکاری لەم وڵاتەدا لە (50٪) بەرەو سەرترە، لەبەر ئەوەی بێکاری شاراوە مەترسیدارتر و زۆرترە لە ئاشکرا، بێکاری شاراوە لەم وڵاتەی ئێمەدا زۆربەی بێکاری شاراوەیە، دائیرە هەیە، خوێندنگا هەیە (20) کاتبی هەیە، چەندین مۆزەف هەیە لەگەڵ وەزارەتەکان لەلیژنەکاندا گفتوگۆمان کردووە و گوتوومانە ئێوە فایزتان چۆنە؟ وتوویەتی فایزمان زۆرە، بەلام ئەو فایزەی هەمانە ناکارایە، بڕوانامە و شتەکانیمان پێویست نیە، یەعنی ئەگەر بێت و دراسەیەکی دەقیق بکرێ، بێکارییەکی گەورە لەم وڵاتەدا هەیە، بەلام زۆربەی شاراوەیە، پرسیاری من ئەوەیە حکومەت پلانی چییە بۆ مەسەلەی بێکاری و مەسەلەی هەژاری چارەسەر بکا؟ بەو پلانەی تێیدایتی لەناو ناتوانم قەناعەت بەوە بکەم هیچ کەم دەبێتەوە، یەکێك لەگەنجەکان لەشاری ڕانییە تەلەفۆنی بۆ کردم وتی کاك عبداللە قەرزی بچووك وەردەگرم (6) مانگە دوکانم بەکرێ گرتووە تائیستا چاوەڕێم وەرم نەگرتووە، پرسیارم کرد لەوەزیری پەیوەندیدار وتی بودجە تەسدیق نەکراوە لەبەر ئەوە ناتوانین قەرزەکە بدەین، یەعنی تۆ ئەگەر تەسهیلاتێکیش دەکەی بۆ ئەوەی دەرفەتی کار بۆ خەڵکی بڕەخسێ زەرورەت لەوەدایە ڕۆتینات ئەوەندە کەم بکرێتەوە کە کەسەکە بەئاسانی بتوانێ ئیستیفادە لەم قەرزانە بکا، ئەگەر ئەو ڕۆتیناتانەی ئەو وڵاتەی ئێمە ڕێگە بدەن ئیستیفادە لەو تەسهیلاتانە بکەن کە بەشێوەیەکی نووسراو لەسەر ئەوڕاق هەیە، بەشێك لەو کێشانەو بەشێك لەو ڕەخنانەی ئێمەش کەم دەبێتەوە، بەلام بەداخەوە ڕۆتیناتی ئەم وڵاتە وایکردووە کەس ئیستیفادە لە حەقی مەشروعی خۆی نەکا، زۆربەی ئەو مافانەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی مافن، بوون بەخەون، خاڵی یانزدە، نەبوونی تەکامولی ئابووری، یەکێ: لە گرفتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتیە لە نەبوونی تەکامولی ئابووری، تەکامولی ئابووری کە وەعدەیەکی ئیقتیسادی هەیە چەند شتێك بەیەکەوەیە، حەقی خۆیەتی لەنزیك یەکەوە بن، بۆ ئەوەی تەکلیفیش کەم ببێتەوە لەسەر حکومەت، مەسەلەن ئێستا ئێمە لەهەرێمی کوردستان شتێکمان نییە بەناوی تەکامولیەتی ئابوورییەوە، وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەشوێنێکە، مەسفا لەشوێنێکی ترە، بەرهەمهێنانی نەوت لەشوێنێکی ترە، بەس ئەو نەقڵەی کە دەکەوێتە سەر حکومەت بەهۆی هەم مەسروفات و هاتوچۆوە، پارەیەکی زۆر گەورەیە ئەگەر تەکامولی ئابووری هەبێ بەسەر سێکتەرەکانی تریش ئەمە تەتبیق دەبێت، پارەیەکی گەورە دەگەڕێتەوە، چەند پێوەرێك هەیە دەتوانین ئێمە لەهەرشوێنێکدا هەڵسەنگاندنی پێ بکەین بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بزانین کە ئایا قیاسی ئەدائی حکومەتی ئەمە تەتبیق دەبێت، پارەیەکی گەورە دەگەڕێتەوە، چەند پێوەرێك هەیە دەتوانین ئێمە لەهەرشوێنێکدا هەڵسەنگاندنی پێ بکەین بۆ حکومەت قیاسی ئەدائی حکومەتی پێ بکەین بزانین داخوا ئەدای ئەو حکومەتە چۆن بووە؟ یەکێك لەوانە پێوەری کەرتەکانە، ئایا چەند توانیویەتی کەرتەکان تەوزیف بکا، موشارەکە بکەن لەسەرچاوەی داهات لە وڵاتدا، پێشتر باسم کرد نە کەرتی کشتوکاڵ، نە کەرتی پیشەسازی، نە گەشتیاری نەیتوانیوە بەشداری بکا لەسەرچاوەی داهات لەم

وڵاته، بهڵکو بهپێچهوانهوه بۆته بارگرانی و قورسییهکی زۆر بهسهر ئهم وڵاته، پێوهرێکی تر بریتییه له پێوهری مێژوویی حکومهتی ههرێمی کوردستان نهیتوانیووه ئیستیفاده لهکاتدا بکات، بۆ ئهوهی ببێته سهرچاوهیهك لهداهاتی، پرۆژه ههیه به دوو ساڵ دهبێ تهواو بێ کهچی تهماشا دهکهین به ده ساڵ تهواو دهبێ، یهعنی ئهمه یهکێکه لهکهم و کورتییه گهورهکان له ئهداء لهحکومهتی ههرێمی کوردستاندا، قاعیدهیهکی مهنتیقی ههیه که دهڵێ دهزگایهك چوار، پێنج جار ئینتاجێکی خراپی دهرکرد یهعنی خهلهل ههیه، خهلهل ههیه دهبێ تهحدید بکرێ، که خهلهل تهحدید نهکرا زیان دهگهیهنێ، لهوڵاتی ئێمهدا پرۆژهکان تهوزیع دهبن بهساڵهکاندا دووباره و سێ باره دهبنهوه بهبێ ئهوهی هیچ شتێك بکرێ، بهپێی پێوهری رێژهی کارکردن، پرۆژهکان لهههرێمی کوردستاندا پرۆژهی پێشنیارن، ساڵی ئاینده ئۆتۆماتیکی دهبن به پرۆژهی بهردهوام، پرۆژه بهردهوامهکانیش لهبهردهوامی خۆیان ناوهستن، بهپێی پێوهری جۆرایهتی کارهکان، کوالێتی ئیشهکان لهههرێمی کوردستاندا، یهعنی ئێمه ناسراوین بهوهی که کوالێتی لهم وڵاتهدا ههر مهوزوع نییه، جاده ئهمڕۆ دروست دهکرێ، سبهی ههڵدهتهکێ، پرد دروست دهکرێ کهس ناوێرێ بهسهریدا بپهڕێتهوه، تونێڵ دروستکراوه خهڵك ناوێرێ به ناویدا بڕوا، یهعنی کوالێتی ئهوهنده نزمه، نوکتهیهکیان دهگێڕایهوه دهیان گوت کابرایهکی کۆری هاتووه فۆتۆگرافهر بووه، وێنهی پردێکی گرتووه وتوویهتی بهڕاستی پردێکی ئهسهری و جوانه، خهڵکهکهش وتوویتیان هێشتا ئیستیلام نهکراوه، چهند نموونهیهك ههیه لهو بارهیهوه، پردی دهربهندی ڕانییه (26) ملیۆن دۆلاری تێچووه، لیژنهی ئاوهدان کردنهوه سهردانی کردووه که خهڵك ناوێرێ بهسهریدا بپهڕێتهوه، ناو بهناو دهوهستێندرێ، دهچێته لای پردهکه، لهلای پردهکه دهوهستێ، ئهمه لیژنهی ئاوهدانکردنهوهیه لهههموو لایهنه سیاسیهکانی تێدایه، سهردانیان کردووه، ئهگهر وانییه با وهڵام بدهنهوه، پرۆژهی (400) چوارسهد قهرهوێڵییهکهی سلێمانی، ئهمه یهکێکه لهلۆگۆکانی پرۆژهی ئاوهدانکردنهوه لهم کوردستانه، ئاوی خاس لهقهڵادزێ، تونێڵهکهی کۆیه، پێوهر زۆره، بهڵام با ئهم چواره لێره بهس بێ، خاڵی چوارده پرۆژهی بودجه نه لهڕابردوو نه لهئێستادا هیچ پلان و بهرههمێکی نهبووه بۆ یهدهگی چهند بوارێکی گرینگی ژیانی ئابووری لهم ههرێمه، وهکو ئاو، خۆراك، سووتهمهنی، نهختین، کۆمهڵێك شتی تر، ئهو ههموو ئاوه جوانهی لهههرێمی کوردستاندا ههیه تا ئێستا نهتواندراوه بهشێوهیهکی زانستی گل بدرێتهوه و دوایی دووباره ئیستیسمار بکرێتهوه، بهڵکو بهپێچهوانهوه ئاوهکان بهفیڕۆ دهڕۆن، ئاوی ژێر زهویش ههموو دهرهێندراوه ئهویش خهسار بوو، ههتا ئێستا حکومهت بهم بودجهیه نهیتوانیوه عهمباری پێویستی وا دروست بکا کهئێمه بتوانین یهدهگی سووتهمهنیمان بایی ئهوهمان ههبێ تهنانهت بهشی خۆمان بکات، سێ عهمبارمان ههیه نزیکهی (80) ملیۆن لیتر خهزنیان ههیه، که پێویستی ئێره زۆر لهوه زیاتره، ئهگهر بێت و به حاڵهتێکی سروشتی سنوورهکانی کوردستان بگیرێن و بهفر بباریێ، نهك ئهوهی که به حاڵهتی سیاسی که زۆر موتهوقعه ههرێمی کوردستان رووداوی.....، تووشی قهیرانێکی گهوره دهبێ، لهکوردستان پێنج سایلۆ ههیه توانی (265) ههزار خهزنی ههیه، پێویستی ئێمه (600) ههزار تهنه، کامانه پرۆژهکانی سایلۆن

لەهەرێمی کوردستان؟ یەك قەرار دەرچوو لەوەزارەتی بازرگانی لەحکومەتی عێراق وتی کۆبۆنی خۆراك دەبێ بە پارە، لە بازاڕ گەنم دەست نەدەکەوت نرخەکەی رێك بوو بە دوو ئەوەندە، یەدەگی پارە، حکومەتی هەرێم بەس مووچە دەدا، بەشی زۆری مووچە دەدا، مووچەکەش زۆرجار تاخیر دەبێ، خاڵی پانزدەهەم، موڵك و ماڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین گرفتی گرێ بەستی هەیە لەگەڵ خەڵك بۆ پێشکەشکردنی ئیشێك، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەك یان بۆ بەڕێوەبردنی لایەنێك لەلایەنەکانی ژیانی حکومی، ئەصڵ لەقانوندا ئەوەیە کە حکومەت لەهەر مامەڵەیەکدا بێ، حکومەت حەقی ئیمتیازە، تەرەفی بەقوەتە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە هەمانە لە زۆر شوێندا حکومەت لەبەرژەوەندی کۆمەڵێك خەڵکدا عقود دەکا، عقودەکان لەبەرژەوەندی خەڵکەکانە، زۆر برادەر باسی ئەوەیان کرد فەرمانبەری زۆر شوێن هەیە ئەهلی بەڕێوەی دەبا، فەرمانبەرەکان مووچەکانیان لەسەر حکومەتە، لە عقودەکاندا تەماشا دەکەی بەپارەیەکی زۆر کەم کراون، بەشێکی تری باسەکەم بریتییە لەمەسەلەی کورتهێنان و ئەو هەوڵانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی بۆ وەدەست خستنەوەی ئەو بەشانەی کە لەبەغدا جێماون، تەبعەن گەورەترین کێشەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بریتییە لەو پارانەی کە لەبەغداوە کە دێ بۆ ئێرە لە (40٪)ی بەشی هەرێمی کوردستان لەبەغداوە نایێ بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش هۆکارەکانی زۆر وازحە، دەمەوێ بیبەستمەوە بە مەسەلەی کورتهێنان، لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە سەبەبی کورتهێنان لەو وڵاتەدا هۆکارەکەی ئەوەیە کە پارەی کارەبایە، مۆزەفمان زۆرە، پارەی پێشمەرگە نادرێ، ئەم سەبەبانە نووسراوە، بەڵام لەواقعدا، لەحەقیقەتدا ئەمە سەبەب نییە، سەبەبی ڕەئیسی بریتییە لە:

یەکەم/ لەپڕۆژە یاسای بودجەی عێراقیدا لەماددەی (10) برگەی دوو دەڵێ (ئەگەر هەرێمی کوردستان داهاتە فیدراڵییەکان کە لەهەرێمی کوردستانەوە بەدەست هاتوون، نەیگەڕاندەوە بۆ خەزێنەی گشتی فیدراڵی ئەوە حکومەتی فیدراڵی بە ئەندازەی ئەو بڕە پارەیە کە وەدەست هاتووە لەبودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت، لێرە ئەو داهاتانەی دەنێردرێت بۆ عێراق ئەو داهاتانە دەقیق نین بەتایبەتی پارەی خاڵە سنوورییەکان زۆر دوورن لە ژمارەی دەقیقەوە.

دووەم/ لەماددەی (10) خاڵی سێیەمدا هاتووە هەرکاتێك حکومەتی هەرێم یان پارێزگایەك ببێتە هۆکاری زیان گەیاندن بە هۆکاری ڕێگریکردن لەبەکارهێنانی فەزای ئاسمان، یان ڕازی نەبوون بەڕاکێشانی کێبلاتی زەوی بۆ خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت و گەیاندنی فیدراڵی و جیهانی ڕێگا پێدراو لەلایەن حکومەتی عێراقی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیای تەلەفۆنی و مۆبایل و خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت، بەبڕی ئەو زیانانەی کە دەدرێت پارە لەپشکی هەرێمەوە یان پارێزگاکە کەم دەکرێتەوە لە پێدانی مۆڵەتی دەستکەوتوو لە ئینجازە و ڕەسمی کۆمپانیای تەلەفۆنی مۆبایلەوە بەدەست دەهێت، وەزارەتی دارایی ئەو بڕە پارەیە دەبڕێت، دوای ئەوەی وەزارەتی پەیوەندی عێراقی بڕی ئەو زەرەرە دیاری دەکا، دەیخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لەکاتی بوونی ناڕەزایی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە یان پارێزگا لەسەر بڕیاری

**ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ ئەو پرسە ڕەوانەی دادگای فیدراڵی دەکرێت بۆ یەکلایی کردنەوە، ئەمە سەبەبی دووەمە.**

**سێیەم/ لەماددەی (9) برگەی پێنجەمدا هاتووە رێککەوتنێك لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خەرجیەکانی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان پێشمەرگە لەدابینکردنی مووچەو چەك و پێداویستییەکانی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە خەرج دەکرێ، بەمەرجێك لەگەڵ دەستووردا بگونجێت، چوارەم مامەڵەکردن بەنەوتەوە لەهەرێمی کوردستان بەو شێوازەی کە دەکرێت و حکومەتی عێراقی ڕەخنەی لێیەتی، ئێستا حکومەتی هەرێم خەریکە تەنسیقی لەگەڵدا بکا، ئەم چوار حاڵەتە سەبەبی ئەوەن کە ئەو پارانە لەهەرێمی کوردستان بگەڕێندرێتەوە، بۆچی خەڵکی کوردستان باجی کۆمپانیای تەلەفۆنی و ئەنتەرنێتی بدا؟ چ خوا قبول دەکا کابرایەك شەریکاتێکی تەلەفۆنی هەیە بەهۆی ئەوەوە پارەیەکی گەورە لەحکومەتی عێراقی بگەڕێتەوە و خەڵك باجەکەی بدا، لێرە کورتهێنان دروست بێت و تۆش لێرە بڵێی سەبەبی ئەوەیە من کارەبا بۆ خەڵك دابین دەکەم، ئێ حکومەتێك کارەبا دابین نەکا و خەستەخانە و تەندروستی و پەروەردەی نەبێ ئەی کەواتە بودجە بۆ چییە؟ بودجە بۆ ئەو شتانەیە، یەکەم، ئەو مەحاوەلاتانەی کە وەزارەتی دارایی و نوێنەرانی حکومەتی هەرێم کردوویانە لەگەڵ بەغدا ئەمە مەحزەرەکەیانە واژوو نەکرایە تەرەفی بەرامبەر، کە ئەمە هیچ ئێعتیبارێکی قانونی نییە، ئەم مەحاوەلاتانە کراون بۆیە پارە لەبەغداوە نایەتەوە بۆ ئێرە، بۆ هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم سلفەکان بەهیچ جۆرێك بەهۆی دواکەوتنی موناقەشەکردنی بودجەوە دوا نەکەوێ.**

**دووەم، ئەم بودجەیە ڕابگیرێت و ئەو کەم و کورپیانەو کەلێلانەی کە تێدایتی چارەسەر بکرێ.**

**سێیەم، لەڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایدا تەبعەن بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری تەختیتیش لێرە ئامادەیە ڕاپۆرتەکە کەنووسراوە دەڵێ زانیاریان نییە لەبارەی داهاتی نەوتەوە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت دەیزانێ، لەدانیشتنی لیژنەی سامانە سروشتییەکان بەشداریم کرد، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وتیان ئێمە مەعلوماتمان نییە، ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت دەیزانێ، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم سەرۆکی ئەنجومەنی کاروباری هەرێمی بۆ کاروباری نەوت بهێندرێتە پەرلەمان، بانگهێشت بکرێ بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی لەبارەی داهاتی نەوت بدا بە پەرلەمانتاران پێش موسادەقە کردن لەسەر بودجە، بزانین ئەم داهاتە چەندە و چۆن مامەڵەی لەکەڵدا کراوە لەڕابردوودا؟ لەبەر ئەوە بەبێ ئەو پرسە، بەبێ ئەوەی یەکلایی ببێتەوە مادام ئێمە باسی شەفافییەت دەکەین زانیارییەکە لەلای کێیە بابێ پێمان بڵێ، یەعنی مەعقوڵە وەزارەتی تەختیت، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زانیارییان لەبارەی هەستیارترین و زەروورترین سەرچاوەی داهاتی ئەو وڵاتە نەبێ؟ کە پارەی نەوتە، کەس نازانێ، کێ دەیزانی؟ ئێستا من بڵێم (20) ملیۆن دۆلارە تۆ چۆن دەتوانی پێم بڵێی وانییە؟ خۆ تۆ زانیاریت لەبارەیەوە نییە، بابەرپرسی ئەنجومەنی هەرێم بۆ کاروباری نەوت بێ بۆ پەرلەمان ئەو ڕوونکردنەوەیە**

بدا، دوای ئەوە من یەك حەقیقەت دەخەمە روو ئاخیر قسەمە، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی خۆیەتی ئەوە دەرئەنجامەکانن، چواردە موئەشیراتی دیاریکردووە، هەر چواردە موئەشیراتەکەی سلبییە، ئیتر گوناحی من چییە کە دەڵێم دەرکەوتنی تۆ سلبییە؟ هەشت خاڵە لەگەڵ شەش برگە، من نایخوێنمەوە، خۆتان بی خوێننەوە، هەر چواردە خاڵەکەی موئەشیراتەکەی سلبییە، لەبەر ئەوە ئەمە دەلیلە لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی ئابووری و دارایی لەهەرێمی کوردستان لەقەیران دایە، ئیتر کە کەسێك نەخۆش بێ عەیبەکە لەوە دانییە بڵێ نەخۆشم، ئصول وایە ئەصڵوایە نەخۆشییەکە دیاری بکرێ، خەڵك دەچێتە لای دکتۆر پارەیەکی زۆر دەدا بۆ ئەوەی تەشخیسی خۆی بکات و نەخۆشییەکەی دیاری بکا، ئێستا ئەم سیاسەتی دارایی و ئابوورییە لەهەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی گەورەدایە، ئەگەر بێت و بەم شێوەیە تێ بپەڕێت ئێمە زەمانەتی لە ($40\%$)ی شکستی کابینەکەی دوای ئەمەش مسۆگەر دەکەین، لەبەر ئەوە من تکا دەکەم زۆر بەسینگێکی فراوانەوە ئەم کەم و کورتیانە وەربگیرێ، لیژنەی بۆ پێك بهێندرێ و چارەسەر بکرێ، بەبێ ئەوەی کە ئەم چارەسەری و ئەم کەم و کوڕیانە چارەسەر بکرێ، ئەم بودجەیە تێنەپەڕێندرێ، چونکە تەپەڕێندرێ من بە کارێکی زۆر خراپی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم کە لەوادەی پێش یاسایی خۆی بودجە پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان کراوە، هەروەها دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی و حکومەت دەکەم، بەهۆی ئەو هەموو وردەکاری و روونکردنەوانەی کە لەڕاپۆرتەکانیاندا سەبارەت بە بودجە دایاننـاوە، هەروەها جێگای دەستخۆشی و پێزانینە بە دانانی ($100$) ملیار بۆ زیادەی سەرمووچەی خانەوادەی شەهیدان، دیارە ئەوە جێگەی دەستخۆشییە کە دەبێتە هۆی زیادبوون لەخانەوادەی شەهیدان، هەروەها دانانی ($200$) ملیار دینار بۆ دروستکردنی خانووبەرە بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، دیارە ئێمە ڕێژەیەکی زۆر هاووڵاتیمان هەیە کە کەمدەرامەتن، توانای دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوونیان نییە، ئەوەش جێگای دەستخۆشییە لەحکومەت کە هەڵستاوە بەم کارە، هەروەها دانانی ($2,5$) دوو ملیار و نیو بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ کارەبا، دیارە ئەمەش جێگای دەستخۆشییە، بەڵام پێویستە حکومەت زیاتر هەوڵبدات و گرینگی بدا بەو بوارە بۆ دابینکردنی کارەبا بە تەواوەتی، لەبەر ئەوەی بە پلەی دووەم دێ لەپاش ئەو ئەمن و ئاسایشەی کە لەهەرێم بەرقەرار دەبێ، دیارە ئەمرێك هەیە بۆ پێدانی زەوی بەکەسوکاری ئەنفال لە دەڤەری بالیسان کە ژمارەیان ($73$) کەسە، بەڵام ئەمە پێویستی بە ئیفرازکردنە لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە پێویستە وەزارەتی شارەوانی پەلە بکا بۆ جێ بەجێکردنی، هەندێ لەگوندەکانی دەشتی کەندیناوە و ئەو گوندانەی کە سەر بە ناحییەی کەسنەزانن دیارە کێشەی ڕێگاوبان و قوتابخانەیان هەیە، بۆ نموونە گوندەکانی دەشتی

کەندیناوە دێمەکاری نویٚ و کۆن و چەغەمیرە و کەندارەقەل و بیرەبات، دیارە ئەوانە هەتا دێمەکاری نویٚ ڕێگایەکە بۆی چەو ڕێژکراوە، بەلاٚم ڤیرتاو نەکراوە، بەلاٚم هەتا دەگاتە بیرەبات دیارە ئەو ڕێگایانە پێویستیان بە ڤیرتاوکردن و چەو ڕێژکردن هەیە، بەلاٚم کە دەبینین لەپرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیارەکان هیچ ئاماژەیەکی پێنەدراوە، بۆیە پێویستە ئاماژەی پیٚ بدرێت، هەروەها گوندی چەغەمیرە دیارە هەتا ئێستاکە سەرچاوەیەکی ئاوی خواردنەوەی نییە، پشت بەو ئاوە دەبەستێت کە بەتانکەر بۆی دەچیٚ، بۆیە پێویستە ئاوڕێکی لیٚ بدرێتەوە، کە ژمارەی خێزانەکانیش کە لەو گوندەدا جیٚ نشینن (35 تا 40) ماڵ دەبن، هەروەها گوندی مام چۆغان کە سەر بەناحییەی کەسنەزانە، دیارە ئەوە (50) ماڵی لێیە، بەلاٚم دیارە کێشەی بینایەی خوێندنیان هەیە، ژمارەی خوێندکارانی زۆرە، کەچی بۆ خوێندن ڕوودەکەنە گوندی باخچەی گچکە، کەچی ئەو گوندە بچوکتریشە لەگوندی مام چۆغان، ئینجا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە یان ئەوەتا بینایەکییان بۆ دروست بکریٚ، یاخود قوابخانەیەکی سەرەتایی لێیە، دروستکردنی تابقێك بەسەر ئەوەدا بۆ ئەوەی کێشەکەیان چارەسەر بکریٚ، من بەهۆی ئەوەی کە ئەندامم لەلیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان، یەك لەوانە زیادکردنی مووچەی شەهیدانە، بێگومان ئێمە دەزانین کە ئەوان بوون بۆ دروستکردنی ئەم واقعەی ئەمڕۆی کوردستان، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەك ئاوەڕیان لیٚ بدرێتەوە و خزمەتیان بکریٚ، بەلاٚم ئەو مووچەیەی کە ئێستا وەری دەگرن ڕاستە جێگای دەستخۆشییە کە حکومەت (100) ملیارێکی داناوە بۆ زیادکردنی سەرمووچەی شەهیدان، بەلاٚم دیارە ئەو مووچەیەش هێشتا کیفایەت نییە بۆ خۆسگوزەرانییان، بۆیە داواکارم کە مووچەکەیان زیاد بکریٚ، هەروەها زیادکردنی ئەو خانووانەی بۆ کەسوکاری شەهیدانە، دیارە هەتاوەکو ئێستا کەسوکاری شەهیدانمان ماوە، لەکرێچیدان، پیویستیان بە خانووە، بۆیە داوا دەکەم کە ژمارەی ئەو خانووانە زیاد بکریٚ، هەروەها بۆ نەهێشتنی جیاوازی لەمووچە داواکارم کە پلە بەندی بکریٚ بۆ خاوەن شەهیدانی سەنگەر، بۆ ئەمەش ساڵی شەهیدبوون و بەپێشمەرگە بوون بکرێتە پێوەر بۆ ئەم بابەتە، هەروەها حکومەت هەوڵبدات لەڕێگای پرۆژە ئیستیسمارییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت، بۆ شوقە و خانووبەرە ڕێژەیەك بۆ بنەماڵەی شەهیدان دابندریٚ، ئەمەش بکاتە مەرج لەسەر ئەو خاوەن پرۆژە ئیستیسمارییانە کاتێك کە زەوییان پێدەدەن، دیارە ژمارەیەکی زۆر لە وارسی شەهیدان ئەمری وەرگرتنی زەوییان هەیە لە (2009)یەوە، کە ژمارەیان (18) هەزار ئەمرە، بەلاٚم لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە جیٚ بەجیٚ نەکراوە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی زەوی ئیفرازکراو لەهەرسیٚ پارێزگایەکە، بۆیە داواکارم پەلە بکریٚ لە جیٚ بەجێکردنی، هەروەها یەك لە کارە گرینگەکانی تری حکومەت بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدانە دیارە پێدانی (27,5) ملیۆن و نیوە وەکو مینحەیە بۆ کەسوکاری شەهیدان بۆ دروستکردنی خانووی خۆ کرد، بەمەش دەبیٚ زەوی هەبیٚ، بەلاٚم زۆربەی خانەوادە شەهیدەکانمان دیارە بەهۆی نەبوونی ئەو کاتە و دەست کورتیان، لەبەر ئەوەی ژیانیان ناخۆش بووە، ئەمە ڕۆژێك ناچار بوونە ئەم زەوییە بفرۆشنەوە، یەك لەمەرجەکانی پێدانی ئەم (27,5) بیست و حەوت

ملیۆن و نیوەش دیارە دەبێ زەوی هەبێ، بەڵام کە ئەوانە وەزعیان خراپ بووە زەوییەکەیان فرۆشتییە ئێستا ئەم مینحەیان پێنادرێ، بۆیە داواکارم ئەو بیست و حەوت ملیۆنە ئەگەر زەویشیان نەبێ پێیان بدرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ئیستیفادەی لێ بکەن، شتێکی تریش کە جێگای دەستخۆشییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە دابینکردنی تێچووی تەواوی خوێندنە بۆ کوڕ و کچی شەهید، لەقۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆ و هەموو قۆناغەکان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ دیارە ئەوەی کە خوێندکارە لەزانکۆ حکومییەکان دەخوێنن دەرماڵەیەکی مانگانەیان پێدەدرێ، بەڵام ئەوانەی کە کوڕ و کچی شەهیدن لە کۆلێژە ئەهلییەکانن ئەو دەرماڵەیە نایانگرێتەوە، ئێمە ئەگەر داتایەك بکەین بۆ ئەو کوڕ و کچی شەهیدانەی کە لە زانکۆ ئەهلییەکاندا دەخوێنن دیارە ژمارەیان زۆر نییە، هەر (100 تا 150) خوێندکار دەبێتن، بۆیە من داواکارم لەحکومەت کە دەرماڵەیەکی مانگانە بۆ ئەوانە دابین بکات، من بۆ خۆم سەردانی ئەوانەم کردییە دیارە وەزعیان زۆر خراپ بووە، داخیلیان نەبووە، شتی پێویست بەداخیلییەکە نەبووە، بەڵام سوپاس بۆ سەرۆکی پەرلەمان کە بەدەم هاوکاریەکانیانەوە هات و شتی بۆ دابینکردن، بەڵام من ڕووم لە حکومەتە بۆ ئەوەی بە هانایانەوە بێ، هەشتەم شت دابینکردنی ڕێژەیەکی تواناسازی بۆ کوڕ و کچی شەهید، من ئەوەی ئاگاداربم و قسەشم لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا کردووە، دیارە هەتا ئێستا هیچ شتێك نەبووە بەو ناوە کە بۆ کوڕ و کچی شەهید ڕێژەیەك دابندرێ بۆ ئەم شتە، هەروەها داواکارین دوو نەخۆشخانە بۆ کەسوکاری شەهیدان لەهەریەکە لەپارێزگای دهۆك و هەولێر دابندرێ، هەروەها داواکارین ڕێژەی لە (5٪) لەهەر وەزارەتێك بۆ دامەزراندنی کوڕ و کچی شەهید لەوەزارەتەکان دابندرێ، دیارە بۆ کەسوکاری نەخۆشی شەهید حکومەت لە (30٪)ی پارەکەی بۆ سەرف کردوون، بەڵام ئێمە داواکارین کە تێچووی تەواوی چارەسەری نەخۆشییەکانیان بۆ سەرف بکا، هەروەها ئەو پارەی کە بۆ ئەو خانووانەی و پڕۆژانەی کە وەزارەتی شەهیدان بۆ خۆی هەڵدەستێ دەتوانێت لەماوەی ساڵێکدا تەواوی بکات، داواکارین کە وەزارەتی پلانданان ئەو پارە بەیەك وەجبە بۆیان سەرف بکات، نەك بە دوو ساڵ و سێ ساڵ، ئەو بڕەی کە مەنافعی ئیجتیماعی دانـدراوە بۆ وەزارەتی شەهیدان داواکارین کە بڕەکەی زیاد بکرێ، چونکە مینحەی زیندانیانی سیاسی و چارەسەری کەسوکاری شەهیدانی لەسەرە، چونکە ئەم بڕەیە بەشی ناکا، داواکارین هەر بڕیارێك کە لەپەرلەمانەوە دەردەچێت بۆ خزمەتکردنی کەسوکاری شەهیدان کە پەیوەندی بە پارەوە هەیە پێویستی بە پاڵپشتی دارایی هەیە، داواکارم لەوەزارەتی دارایی کە دوانەکەون و بە زووی ئەم بڕیارە دەربچوێنن، ئێمە دیارە بێجگە لەشەهیدی سەنگەر شەهیدی هاووڵاتیمان هەیە، ڕاستە مووچەی هەیە، مووچەکەی کەمە، ئێمە ئەگەر ناتوانین دەست لەمووچەکەشی بدەین، بەڵام دیارە هەندێك ماف و ئیمتیازات هەیە کە کوڕو کچی شەهیدی سەنگەر دەگرێتەوە، بەڵام بەنیسبەت شەهیدی هاووڵاتی ئەو ماف و ئیمتیازاتە نایگرێتەوە، داواکارین ئەگەر هەر هەمووشی نەگرێتەوە تۆزێك لەو ماف و ئیمتیازاتانەی پێ بدرێ، بۆ نموونە وەکو مینحەی زەواج، سلفەی عەقار، تواناسازی و ....هەتا دوایی، بەنیسبەت وەزارەتی پێشمەرگە دیارە پێشمەرگەش ئەو مووچەی کە پێی

دەدرێ بەشی خۆش گوزەرانی و بەڕێوەبردنی ژیانی ناکاتن، بۆیە ئێمە سەردانی هەرشوێنێك دەکەین رووبەرووی ئەوانە دەبنەوە کە پێشمەرگەن، دیارە ئەگەر (500)هەزار دینار ڕاتبی بێ، خانووشی بەکرێ بێ، چوار منداڵیشی هەبێ، بزانن بەو (500) هەزارە دەگاتە کێندەر؟ کرێی خانووی پێ بدا؟ منداڵەکانی پێ بەڕێوە ببا؟ بۆیە داواکارم مووچەکانیان زیاد بکرێ، هەروەها ئەو بودجەیە خەملێنراوەی وەزارەتی پێشمەرگە پێویستە زیاد بکرێ، چونکە بۆ ئەمەش دەتوانین سوپایەکی یەکگرتوو پێ بکەین و هەروەها هێزی پێشمەرگەش کۆبکەینەوە لەژێر دەستی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ بەسیستەم کردنی هێزی پێشمەرگە پێویستمان بە دروستکردنی سەربازگە و شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە هەیە، بۆیە داواکارین دەست بکرێ بە دروستکردنی سەربازگە و شوێنی حەوانەوەیان بۆیان، هەروەها رێکخستنی یەکەی حەفتا و هەشتا، دیارە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی لەسەرە بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو هێزە، بەڵام هەتا ئێستا ئەم بڕیارە جێ بەجێ نەکراوە، بۆیە داواکارین بۆچارەسەری ئەم کێشەیە هەوڵبدرێ بەزوویی ئەم دوو هێزە یەکبگرێتەوە، داواکارم لەوەزارەتی دارایی کە چۆن تەمویلی پارەی خەرجییەکانی وەزارەت دەکات بڕی پارەی مووچەش تەمویل بکاتن، ئەمەش بۆ دوانەکەوتنی مووچەی پێشمەرگە، هەروەها داواکارین کە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی تایبەت دابنێ بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ حاڵەتی تایبەت، داواکارم لەحکومەتی هەرێم کە داوای دادگایی تۆمار بکات لەسەر حکومەتی مەرکەزی سەبارەت بە موستەحەقاتی پێشمەرگە، سەبارەت بەوەی کە من لەلیژنەی تەندروستیش ئەندامم، دیارە ئەگەر ئێمە سەیری نەخۆشخانەکانی خۆمان بکەین لەحاڵەتێکی زۆر، زۆر خراپدانە، هەم لە رووی خزمەتگوزاری، هەم لەرووی داو و دەرمان، هەم لەرووی تاقیگەکان، بۆیە داواکارین لەحکومەتی هەرێم ئاوەڕێکی جدی لە نەخۆشخانە حکومییەکان بداتەوە، بەچاکترین شێوە خزمەت بکرێن و پیش بخرێن، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە هەموو وەکو یەك نەفسی دارایی نییە، خەڵك هەیە بەباشی دەژی، توانای هەیە ئەگەر نەچێتە نەخۆشخانە حکومییەکان نەتوانێ چارەسەریش لەوێ بکات، دەتوانی بچێتە نەخۆشخانە ئەهلییەکان، بەڵام ئەدی ئەوەی کە کەمدرامەتە و توانای چارەسەرکردنی نییە، بۆیە داواکارین کە حکومەتی هەرێم گرینگی زیاتر بە نەخۆشخانە حکومییەکان بداتن، بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە بتوانێت ئیستیفادە لێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین (ئەسعەدی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەڕاستی جێگای دڵخۆشییە، مایەی خۆشحاڵی خۆمە، کە ساڵ بەساڵ بودجەی هەرێمی کوردستان بەرەو باشتر دەڕوا، بەرەو چاکترو بەسیستەمکردنی زیاتر، بە نیشاندانی وردەکاری زیاتر، کە ئەوە جێگای دڵخۆشییە، بە ڕاستی بۆ هەمووان، ئاسانکارییە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لەو

بودجەیەی هەرێمی کوردستان و قووتی خەڵك کە بزانن چۆن دابەشکراوە، کە لێرەدا لەناو ئەو پەرلەمانە پیرۆزەدا بە دوای گفتوگۆکردن و وەرگرتنی ئێعتیمادات لە پەرلەمان بودجەکە بەرقەرار ببێت و بتواندرێ سوودی لێ وەربگیرێ، دووەم شت کە خۆشحاڵم پێی بەڕاستی ئەمجارە بۆ بودجەی ئەمساڵ هەموو لایەنەکان ئامادەن، بەشێوەیەکی وا هەریەکە بە دڵسۆزانە و بەدیدی خۆی رۆڵێك ببینێ، بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتر بۆ بودجەکە بکرێت، ئەگەر تەماشا بکەین لەناو ئەو بودجەیەدا وێڕای دەستخۆشی خۆم و پشتگیریم بۆ وەزارەتی دارایی و بۆ پیشاندانی خاڵەکانی کە زۆرجار نامۆ بووە، زۆرجار پێی دەڵێین دیارنییە، ئەمساڵ زۆر دیارە، زۆر خاڵ هەیە کە پێویستی بەپشکنینی زیاتر بووە، ئەمساڵ ئاسانکاریەکی بۆ کراوە، سیاسەتی حکومەت نیشان دەدا چۆن ئەم بودجەیەی داناوە بەڕاستی، یەکێك لەشتەکانی کە هەیە هەر لەگەڵ دەستپێکی ئەم خولەدا ئەوەبوو کە بەردەوام بوون لەسەر ئەو سێکتەرانەی کە دەبێتە هۆی ئاوەدانکردنەوە و نوێ بوونەوە، بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك بەکارهاتووە، دووەم شت کە بەڕاستی جەختی لەسەر دەکا حکومەت و سیاسەتەکەی بۆ پیشان دەدات کە بایەخدان بە پەروەردە و کە پەروەردە پێش هەموو شتێك بناغەی دروستکردنی هەر هەرێمێکی پێشکەوتووە کە بەپەروەردە و دوایش بۆ تواناسازی و خوێندنی باڵا کە هەوڵێکی تەواوی داوە بۆ تەحمیل کردن و نوژەنکردنی ئەو مێشکانەی کە کاردەکا بۆ ئاوەدانی ئەم وڵاتە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکم هەیە لەوەدا کە تا چەند بۆ توانا مرۆیەکان کارکراوە لە وەزارەتی پلاندانان، ئەو کەسانەی کە دەنێردرێن بۆ توانای مرۆیی هەوڵدانێك هەبێ کە زیاتر بکرێ بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەرز، سێیەم شت لەسیاسەتی ئەو حکومەتە ئەوەیە کەم کردنەوەی خەرجییەکان و بەردەوام بوون لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە بۆ چاکسازییە، چوارەم خاڵ کە زۆر گرینگە دانانی بنەمای سەربەخۆی ئابوورییە، ئەم چوار بنەمایە کە سیاسەت و ستراتیجیەتی حکومەتمان نیشان دەدا بەتەواوی ڕەنگدانەوەی هەیە لەناو بودجەکەدا، من دوای ئەم حەرزە بچووکە و دەستخۆشیم لە لیژنەی دارایی کە لەناو پەرلەمان سێ تەوەری وەرگرتووە، یەکەم هێڵە گشتییەکانە، دووەم حازرکردنی هەرچی ڕاوبۆچوونەکانە کە لەناو هەموو لێژنەکاندا پیشان دراوە، بەخۆشحاڵییەوە من بەخۆم لە (7) لێژنەدا ئامادەبووم کاتی ئامادەکردنی ئەم پڕۆسەی بودجە، سێیەم شت لەسەر یاسایەکەیە، لەبەر ئەوە ئەوەش گۆڕانکارییەك بووە بەنیسبەت لیژنەی دارایی کە من دەستخۆشیان لێ دەکەم، وامان لێ دەکا دەزانین چی دەڵێین، تۆزێك یەعنی بەسیستەمتر یان با بڵێین بە نیزامتر دەتوانین باس بکەین، ئەمن ئێستا کە دێم قسە دەکەم لەسەر سیاسەتی حکومەت و لەسەر ئەوەی کە لەناو پەرلەمان هێڵە گشتییەکان من چی دەبینم، داوای چی دەکەم، پرسیارم چییە، ئەوەی من داوای دەکەم لە زۆری بڵێین ناو ئەو وەزارەتانە و ئەو لیژنانەی کە کارمان کردووە، بەڵام جەخت دەخەمە سەر دوو لیژنە کە خۆم لەناویم، ئەویش کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خاڵی تر هەیە لەوانی تر، یەکەم شت داوا دەکەم پەلەکردن لە دانانی بودجەیەکی تایبەت بۆ سندوقی کەمئەندامان کە بەیاسا لەناو ئەم پەرلەمانەدا دەرچووە، مایەی خۆشحاڵی ئەو پەرلەمانە بوو کە توانیمان دوای ئەوەی نۆ ساڵ فیئەی موهەمەشە بوو، کەمئەندامان بەیاسا بکەین، بەڵام

بوونی هەندێ تەگەرە بۆ دواخستنی ئەو یاسایە بەڕاستی چیتر ئیتر مەفروزە قبوولّ نەکرێت و هەولّ بدرێت ئەوە بە زووترین کات ئەم بودجەیەی بۆ تەرخان بکرێ، تاوەکو ئیشی لەسەر بکرێ، بەردەوام بوون داوا دەکەم لەدانانی هەر قەرزێك کە بۆ پرۆژەی بچووکە هەر لەکاروباری کۆمەلآیەتی بەڕاستی ئایا جێگای خۆشحالّی نییە کە (3821) کەس سوودمەند بووە لەو قەرزە بچووکانەی کە دانـدراوە بـۆ ئـەو وەزارەتـە، سێیەم شت داوا دەکەم دانانی بودجەیەك بۆ سندوقی کۆمەکی شێرپەنجە کە لەلێژنەکەی خۆمان پشتگیری دەکەم کە لەناو ڕاپۆرتەکەشماندا هەیە، بەس بۆ تەئکیدکردن کە ئەمە کاری حکومەتـە لەهـەموو وڵاتێکـی دونیادا بەخێرو بەسوالّکردنی بەرپرسان و خـەلّکانی تـر کـە بـڕێ لـە پـارە دابنـێن وابـزانم چـارە نییـە بـۆ ئەوەی کۆمەکێکی تایبەت بۆ شێرپەنجە بکرێ، ئەمە ئیشی حکومەتە، ئیشی وەزارەتی تەندروستییە، لەبەر ئـەوە داوا دەکـەم بـۆ سـەندوقەکەی کـە دانـدراوە کۆمـەکی تایبـەت بۆیـان دابنـدرێت لەبودجـەی ئەمسالّدا، سـێیەم دانـانی بودجەیـەك بـۆ ئـەو سـتراتیجیەتەی کـە بـە خۆشـحالّییەوە لـە زۆر وەزارەتەکانـدا دەسـتی پێکردووە و بودجەی تایبەتی بۆ داندراوە، نـازانم خێـرە بـۆ ئەنجومـەنی خانمـان هـیچ نـابینم کـە بـۆ ئـەو ستراتیجیەتە بودجەیەك دابندرێ کە بۆ خزمەتکردنی ئەم لایەنەیە، بەڕاستی پشتگیری خۆم دەکەم لەهـەر کەسێك و لە هەر دەنگێگ کە داوا دەکات بـۆ بەرزکردنـەوەی توانـای ئـەو ئافرەتانـەی بەتایبـەتی لەلایـەنی ئابوورییەوە کە ئێمە بتوانین ئیش بکـەین بـۆ ژنـان نـەك بـۆ جیاکردنـەوەیان، بـەلّکو بـۆ بـەتوانا کردنیـان لەرووی ئابوورییەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تـر مـن نەگەمـە پـەنای ئـەو پرۆژانـەی کـە مـن پـارەی وەکـو خێـر لەمالّەوە بدەمێ، بەپێچەوانەوە من شتی بۆ بکەم و پرۆژەی بـۆ بکـەم و کـاری بـۆ بکـەم، کـە بـەتوانای کـەم ئیش بکات، بتوانێ بژێوی خۆی دەربهێنێت و بتوانێت ئەو مافەی خۆی دەستەبەر بکا، چوارەم داوا دەکـەم کە بەخۆشحالّییەوە یاسایەك دەرچوو دیسانەوە لەپەرلـەمانی کوردسـتان بـۆ توندوتیـژی خێزانـی کـە وای لێکرد چەند نووسینگەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەو توندوتیژیانە ببێ، بەلآم لەبەر بە پەرۆشـی حکومـەت و زۆری سکالآکان کە جێگای خۆشحالّییە وای لێهاتووە دەتوانن بە ئـازادی و بەکـەش و هەوایـەکی زۆر فـراوان بتـوانن سـکالآیەکانی خۆیـان تەسـجیل بکـەن، لەبـەر ئـەوە بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی وای بڕیـاردا بـۆ بەدوا داچوونی ئەم کەیسانە لە (16)وە ببێتە (30) نووسینگە، لەبەر ئـەوەی زۆری کـردووە پێویسـتی بـە بودجەیەکی تایبەتە، پشتگیری خۆم دەکەم بۆ هەرکەسێك لەگەلّە کە لەوەزارەتی ناوەخۆ، ئەو لایەنـەی کـە بەرپرسن بۆ دانانی بودجەیەك بۆ زیادبوونی ئـەو نووسـینگانە، داواکـارم لەگـەلّ لیژنـەی شـەهیدانیش کـە وابزانم ئەوانیش هەرلەدوان بۆ زیـاتر ڕەچاوکردنی پـرۆژەی تایبـەت بـۆ کەسـوکاری شـەهیدان، مـن نـازانم قـەرزاری ئێمـە، وەسـتانمان لێـرە بـەو کـەش و هـەوا ئـازادە هـەر دەگەڕێتـەوە بـۆ پێشـمەرگەکانمانەوە، بـۆ شەهیدەکانمان و بۆ کەسوکارییان، شتی زۆر کراوە، بەڕاستی ئەگـەر ئێمـە ژمارەکانیـان بکـەین و وابـزانم بـە دەسـت خۆشـییەوە زۆر بـەروونی لـەناو ڕاپۆرتەکانـدا هەیـە، چـەند سـوودمەندبوون تـاوەکو ئێسـتا، بـەلآم هەندێك هەیە لەئەنجومـەنی وەزیـران مـاوە، تەقریبـەن حـەفتا و قسـوور کەسـە بـۆ کەسـوکاری شـەهیدان، وابزانم ئیمزاش کراوە، بەلآم نازانم بۆ هەتا ئێستا وەریـان نـەگرتووە، داوادەکـەم ئـەو پرۆژانـەی کـە بلێین

یاساكان دەرچوون، بەڵام تەنفیز كردنیان نییە، وەكو ئەو پرۆژانەی بەڕاستی كە لە وەزارەتی تەندروستییە، بەداخـەوە هەنـدێك لـە پرۆژەكانیـان تـاخیری پێوەیـە، ڕاسـتە ئیشـی ئێمەیـە وەكـو پەرلـەمانتار كـە ئێمـە بەدواداچوونی بۆ بكەین، بەڵام لەرووی تەنفیزییەوە زۆر پێویستی بە هاریكاری لایەنی ئابووریەوە هەیە و لایەنی داراییەوە هەیە، داواكارم كە لەوەزارەتی شەهیدان جگـە لـەوەی كـە كردوویـەتی بـە دەستخۆشـییەوە ئاوەڕێك لە دۆسیە و كەیسی فەیلییەكانیش بداتەوە، بەڕاستی ئەوە سـاڵانە بـاس دەكرێـت، بـەڵام هـەتاوەكو ئێستا هیچ كارێكی وا نەكراوە كە نامانەوێ جیاكردنەوە، بەڵام جیاكردنەوەیەك لەسەر ئەساسی ئەوەی مافی هەیە وەكو ئەوانی تر لـەناو هـەرێمی كوردسـتاندا كـە بـەناوی پـرۆژەی تایبـەت بـۆ دۆسـییەی جینۆسـایدی فەیلییەكان بكرێت، بەڕاستی جێگای خۆشحاڵییە كە من لێـرەدا دەبینـم وەبـەرهێنان بەشـێوەیەكی وا بـووە كە بتوانین شانازی پێوە بكـەین، بـەڵام هەوڵبـدرێ زیـاتر بكرێـت تـاوەكو تەشـغیلییەكانمان زیـاتر نـەبێ لـە وەبەرهێنانەكانمان، كە ئەوەش ماوەی دەوێ تاوەكو دەگەینە ئـەو ئەنجامـە، بـەڵام دیسـانەوە بـوونی (508) كۆمپانیا كە مۆڵەت وەربگرێـت بـۆ وەبـەرهێنان جێگـەی دەستخۆشـی و دڵخۆشـییە، ئـەوەی دەمـەوێ بیڵـێم دووەم تـەوەرەم لەناویـدا كورتهێنانـە، ئـەو كورتهێنانـەی كـە ئێمـە سـاڵانە گوێمـان لـێ دەبێـت، بەتایبـەتی ئەمساڵیش بەڕاستی كورتهێنان لەوڵاتێك دەبێت ئەگەر لایەنی ئابووری زۆر خراپ بێت، بەڵام بـوونی ئێمـە وەكو هەرێمێك وایكردووە غەدری زۆرجار لایەنی بەغدا لەئێمـە وەكـو هـەرێم وایكـردووە ئـەو كورتهێنانـە ببێت، من پرسیارم هەیە لە حكومـەت كـە جـوابم بداتـەوە ئایـا ئـەو كورتهێنانـە كـە لـەناو بودجـەدا هەیـە بەهۆی نەفەقاتی سیادی كە هەیە، كراوە، یەكێك لەسەبەبەكانی كورتهێنانەكـە ئـەوەی مـن بـۆی دەچـم كـە بوونی یان بڕینی بڕێ لەپارەكانە بۆ ئەو هەیئاتانە یا ئـەو دەسـتانەی كـە هەیـە، هاوشـێوە بووەكـەی لـەناو كوردسـتاندا، بـۆ نموونـە مـافی مرۆڤـە، نەزاهەیـە، چـاودێری داراییـە، ئایـا ئەنـدامانمان یـان نوێنـەرانمان لەبەغدادا یان ئێـوە وەكـو حكومـەت ئیقتراحـی ئـەوەتان نـەكردووە كـە ئەوانـە هەوڵبـدەن كـە ئـەم ڕێژەیـە لەباتی لە (17٪)مان بدەنێ، لە (10٪)مان دەدەنێ، یەكێك لەسەبەبەكانی كورتهێنانیش ئەوە هۆكارێكە لـە هۆكارەكان؟ حەزدەكەم ئەو وەڵامەم گوێ لێ بێت، دووەم شت ئەو تەخسیساتانەی كە داندراوە بەڕاسـتی بـۆ پەرەپێدانی هەرێمەكانە یان تەنمیە ئەقالیم؟ لەگەڵ پیترۆدۆلار تێكەڵە، بەشەكەی هەرێمی كوردستان، ئایـا ئێـوە وەكـو حكومـەت چ ڕۆڵێكتـان دیـوە؟ یـان چـی دەتـوانن بكـەن؟ بـۆ جیاكردنـەوەی ئـەو پـترۆدۆلارە لەبەشەكەی تەنمیەی ئـەقالیم، كـە زیـاتر بـڕە بەشـەكەی هـەرێم بەڕاسـتی حـەقمان نـەخورێ لەوەشـدا كـە ئەویش هۆكارێكی ترە، ساڵانی تر (2010 و 2011 و 2012) هەمووی ئەوانە كە بەڕاسـتی ئـەو مافانـەی هەرێم كە لە وەزیری دارایی بەغدا لەگەڵ وەزیری تەختیت هەر لەوێ دەبێ موستەحەقاتی هـەرێم كـە لـە تەرخانكردنی هـەر یـەك دۆلار بـۆ بـەرمیلێك نـەوتی خـاو یـان بـۆ مەسـفا و پاڵاوتنـەكانی كـە لـە هـەرێمی كوردستاندا هەیە، لەگەڵ (150) مەتر سێجا بۆ گازی سرووشتی كە دەرهێندراوە، ئایا ئەو موستەحەقاتانە كـە هـەمووی تەسـلیم بەحكومـەتی...، ئـەوەی لێـرەش هەیـە تەسـلیم دەكـرێ بـەوان، دیسـانەوە دابـەش دەكرێتەوە بۆمان؟ ئایا ئەو موستەحەقاتانە هەمووی بەشی هەرێمی چۆن تێدا دەپارێزین؟ بـۆ ئـەوەی كـە

هەر عەجزێك یان هەر كورتهێنانێك لابدەین وابزانم زۆر رێگا هەیە، حەزدەكەم هەرێمی كوردستان چەند لەو خالآنە دەتوانێ بەدی بهێنێ بۆ نەهێشتنی كورتهێنانەكە؟ پارەی مودەوەر كە بەهیچ شێوەیەك لەو بودجەیەدا نییە، لەبەر ئەوەی كورتهێنانمان هەیە ئایا لەپارەی مودەوەردا لەكێدا دەتوانین ئیستیفادەی لێ بكەین؟ دووەم، زیادبوونی نرخی جیهانی فرۆشتنی نەوت كە ئێمە ناتوانین دیسانەوە بەربەستە لەبەردەمانەوە، ئایا بەهەرشێوەیەك بێ ئەگەر زیادبوونێك بۆ نرخی نەوت بكەین وابزانم ئەوەش هۆكارێك دەبێ بۆ نەهێشتنی ئەو عیجزە، قەرزكردن لەسندوقی نەقدی دوەلی و بانكی دوەلی ئەوەش هەر رێگایەكی ترە، هاندانی ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان بەتایبەتی ئەوانەی كە داهاتی زۆرە و بەردەوامیان هەیە وەك كارگەی گەورە، كە ئەو كارگانەی رستن و چنین و قوتو و دەواجین و ئەلبان و ئەلیكترۆنیات و ئەو جۆرە پرۆژانەی كە هەم هەلی كار كەم دەكاتەوە، هەم دەتوانینت ئیستفادەی باش لە داهاتەكانیان بكەین، تا چەند دەتواندرێ كاری لەسەر بكرێ؟ ئایا سندوقی تایبەت بۆ بەكارهێنان وپەرەپێدانی ولآت تا چەند دەتوانین دەستەبەری بكەین لەناو بودجەی خۆماندا لەهەرێمی كوردستان؟ هیوادارم ئەمانە كە ئیشی لەسەر كرابێت، وەلآمم بدرێتەوە چەند كراوە، چەندیش دەتوانن بیكەن، سوودی لێ وەربگرن، ئەوەی داوای دەكەم ئەنجومەنی راژە بۆ دامەزراندن، ئێمە كە ئەو هەموو دامەزراندن و ئەو هەموو رەخنانەی كە گوێمان لێ دەبێ و هەر خەلك دادەمەزرێنین هێشتا خەلك هەندێكی ناڕازییە، هەندێكی دلی خۆشە، ئەگەر ئەنجومەنی راژە هەبێت، بەراستی لەوەزارەتی پلان دانانەوە داوا دەكەم ئایا ئەم دامەزراندنانە كە سالآنە (15) هەزار دادەندرێ، (25) هەزار دادەندرێ، بەلآم زیاتر جەخت لەسەر لایەنی بەراستی ئەوانەی كە خزمەتە بەنیسبەت تەندروستییەوە، بەنیسبەت كۆمەلآیەتییەوە كە توێژەرە كۆمەلآیەتییەكان و لایەنی دەروونی بایەخێكی باشی پێ بدرێ، ئەگەر بوونی ئەو ئەنجومەنە هەبێ وابزانم ئەمە نابێت كە هەندێك چاوەروان بێت و هەندێكیش دوو، سێ سالە دانەندرابێت، هەندێكیش دوای ئەوەی دەستنیشان دەكرێت بە (15) دەبینین خەلكی تریش جۆرێك لەدامەزراندنی تر دەبێ، بەهۆی ئیلحاحی خەلك و نارەزایی، لەبەر ئەوە ئەگەر بێت و ئیش بكرێ لەسەر ئەوە شتێكی باشە، ئاخێر كۆمێنتم ئەوەش هەرپرسیارە، ئایا قەرزی بانكە موتەخەسیسەكان بۆ نموونە كشتوكالە، عەقارە، ئیسكانە، دەتوانێ قەرز بدا بەهەرێم؟ وەكو پارێزگاكانی تری عێراق؟ ئایا بۆ ئیقتراح ناكرێ كە چۆن بۆ محافەزات و بۆ خەلكی تر دەتوانێ چۆن دەتوانێ هەرێم دەورێك ببینێ بۆ ئەوەی ئەو مەساریفە موختەسانە قەرز لەسەر رێژەی دانیشتووان بكەن، نەك بۆ محافەزات بە تەنیا، بەلكو بۆ هەرێمی كوردستانیش كە دەوری هەبێ بۆ ئەم لایەنە، جەختكردن لەسەر نەوەستاندنی ئەو قەرزانە كە دادەندرێ یان ئەو سلفانەی كە بۆ سندوقی ئیسكان بەتایبەتی بۆ كەمدەرامەتەكان، بەرێزان ئێمە لێرەدا هەرێمی كوردستان ئەو هەرێمەیە كە هەردەم بە خەمی هاوولآتیانەوە هاتووە، یەكێك لەخەمەكانی كە كەمی دەكاتەوە و دەتوانێ بیكات بوونی ئەو بێدەرامەتانەیە بلێین ئەو پرۆژانەیە كە بۆ خەلكی بێ دەرامەت داندراوە، داواكارم لەوەزارەتی دارایی هیچ كاتێك نەبێتە

بەر بەست بۆ دانی ئەو پارانە و سولفە و قەرزانـەی کـە دەدرێـت بـەو کەسـانەی کـە ئـیش دەکـەن بـۆ ئـەو تەوەرە، بەهیوای وڵاتێك كەی هەردەم هەموو لایەك تێدا بە ئاسوودەیی بژی، سوپاس بۆ ئێوەش.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینییەکم لەلا گەڵاڵە بووە سەبارەت بە بودجەی ئەمساڵ، هەوڵدەدەم کورتیـان بکەمـەوە، چـونکە زۆربەی قسەکانم کراون، لەوانە: خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە کە لەبودجەی ساڵانە دووبـارە دەبێتـەوە چـەند ساڵێشە هەر باسمان کردووە، ئەویش دابەشکردنی ئەو بودجەیـە، بـابڵێین پـارەی گشـتی، میزانییـەی گشـتی بەسەر سێکتەرە جیا جیاکاندا، ئەوەی تێبینی دەکرێ کە خۆی دەبینێتەوە لە چەند بابێکدا کـە قـەرەبووی فەرمانبەران، شمەك، بەخشین، سوودی کۆمەڵایەتی و هەبووە داراییەکان، تێ چوونـی تـر، ئـەوە هەمـوو سـاڵ خۆی لەوە دەبینێتەوە، کە لـەزۆر لایـەن و وەزارەت هەیـە، زۆر لـەو ئەبوابانـەی سـەرف ئـەوەکانیان سـفرە، یەعنی بابڵێن خەرجییان نییە، کەواتە ئێمە لێرە دەتوانین بەپێی سیستەمێکی تـر بودجەی خۆمان دابەش بکەین، کە بەگوێرەی پێویستییەکانی لایەنە پەیوەندیـدارەکان بـێ یـان وەزارەتـەکان بـێ، چـونکە بەڕاسـتی ئەگەر بێت و ئەو شێوە کۆنکریتە کە داندراوە و کە وەکو ئەوەی دەڵێن بەگوێرەی پێوەرێکی جیهانییـە کـە لەبەغدا پەیڕەو دەکرێ ئێمەش بێین ساڵانە ئـەوە دووبـارە بکەینـەوە، ئـەوە بێگومـان ئـەو بـە هـەدەردانی سامانی گشتییە لەوە دووبارە دەبێتەوە، ئەوە خاڵێکی گشتی، دووەمینیان ئەگەر بێ و سـەیری دابەشـکردنی بابڵێین ئەو سامانە گشتییە، ئەو هەموو ترلیۆنەی کە لەکوردستاندا بەناوی بابڵێین کە بودجەیـە بـۆ ئێمـە دێت، بۆ قەرەبووی فەرمانبەران بڕێکی زۆر، زۆر داندراوە، ساڵانەش هەر لە هەڵکشان و لـە زیـاد بووندایـە، هەمان تێچووەکان، ئەبوابەکانی بودجە کە سەرفییەکانی بودجـە هـەر لـەناو وەزارەتەکانـدا هـەر لـەپێناوی فەرمانبەرەکان سەرف دەکرێتەوە، واتە لێرە سەرباری ڕاتبەکان دێن دیسان ئەو پارەیەی کە هەیـە دانـدراوە لـە هەریـەك لـە وەکـو گوتمـان لەشمـەك و بەخشـین و ئەوانـە، هـەر لـەپێناوی فەرمانبەرەکانـدا سـەرف دەکرێتەوە، کەواتە لێرە کۆمەڵێك خەڵك دەمینێنەوە لە دەرەوەی بودجە کە مافیان نییـە لـە یـەك دینـاری ئـەو میزانییـەی کـە لـەبۆ هـەرێمی کوردسـتان داندرایـە، ئەوانـەی کـە لـەدەرەوەی وەزیفـە حکومییـەکانن، بێگومان کێ دەگرێتەوە؟ کۆمەڵێك پیاو دەگرێتەوە، ئەگەر بەڕەگەز بێ با بڵێین ڕەگـەزی نێـر دەگرێتـەوە، ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە، منداڵان دەگرێتەوە، کە هێشتان تەوزیف نەبوونە، ئیتر خـەڵکێکی زۆر دەگرێتـەوە، کە بێ بەشن لەبودجەی هەرێم، تەنها لەو پرۆژانەی کە گشتییە لەوە سوود وەردەگرن نەوەك لە بـڕە پـارە بابڵێین وەکو ڕاتب، وەکو پێداویستی هیچ مافێکیـان نییـە لـەو بودجەیـەدا، حکومـەتی هـەرێم دەتوانێـت بەپلانێك بتوانێ لەسیستەمی تەندروستی سوودێك بدا بە ئەوانە، دەتـوانێ لەسیسـتەمی باجـەکان لێخـۆش

بوونێك هەبێ، بەلای کەمی عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێ، چونکە ئێمە رۆژانە بەرەنگاری ئەوە دەبینەوە خەڵك داوای دامەزراندن دەکا، ئەو دامەزراندنە بەڕاستی گەورەترین لێدانە لەبۆ بودجەی هەرێمی کوردستان، رۆژ بە رۆژیش لە هەڵکشاندایە، بێگومان ئەمە دەگەڕێتەوە سەرچی؟ سەر ئەوەی کە ئەو پلانەی کە دەبوایە پلانێکی ستراتیجی بێ، بۆ کشتوکاڵ، بۆ پیشەسازی، بۆ پەرەپێدانی ئەو کەرتانە، بۆ کەرتی گەشتیاری کە دەبوایە دابندرێ و تائێستا بایەخی پێ بدرێ و ئیشی لەسەر بکرێ، بەداخەوە زۆر، زۆر لەپلەیەکی سەرەتایی دایە، هەر لەبەر ئەوەشە خەڵکی لەگوندەکان و لە شارۆچکەکاندا هەمووی کۆچ دەکا بۆ شار، چونکە پرۆژە گەورەکان بابڵێین وەزارەتەکان لەشارەکاندانەو یانیش دەوائیری حکومی لەشارەکانە، تێدا وەزیفەیەك بێنی هەتاوەکو ژیانێکی شایستە ئەگەر پێی کرا دابین بکا بۆ خۆی و خێزانەکەی، ئەوە خاڵێکی زۆر، زۆر گرینگە کە ئەو کۆچکردنە بۆ شارەکان روودەدا لەپێناوی بە دەستهێنانی وەزیفەیەك، لێرەدا سێکتەری کشتوکاڵ زۆر بەپاشکەوتوویی دەمینێتەوە، چونکە گوندەکان چۆڵ دەبن، چونکە بەڕاستی بایەخەکە بەقەرزی کشتوکاڵ چەند کەسانێك سوود وەردەگرن، لەوانەیە ئەوانە ئەصڵەن خەڵکی ئەو گوندانە هەر نەبن، ئیتر داواکارم لە حکومەتی هەرێم کە بەڕاستی ئەو خاڵانە بەهەند وەربگرێ، بەلایەنی کەمەوە ئەو کۆچکردنە ڕابگرێ کە لە شارۆچکە و لە دێهاتەکانەوە بەرە و شارەکان دێ، ڕاستە ئێمە پێشینەی خانووبەرەمان بۆیان زیادکرد، ڕاستە چەند قەرزێك کە مافماندا بە ئەوانیش وەری بگرن، بەڵام ئەوە چارەسەری کێشەکانیان نەکرد، بەشێوەیەك مەسەلەن ئێستا ئەوان داواکاری چین ئەو خەڵکانە؟ من کە وەکو نوێنەری شاری هەولێر با شارۆچکەی مەخمور وەربگرم ئەوانە کەمترین خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە، کارەبا، قیرتاوکردنی شەقامەکان، هەمووی لێ بێ بەشن، سەرباری حاڵی خۆیان کە لەو شتانە بێ بەشن، کەمپی مەخمووریش هەیە کە ئەویش کەمپی ئاوارەکانی کوردەکانی باکورە، ئەوانیش حاڵیان لەحاڵی خەڵکی مەخمور خراپترە، کە زۆر، زۆر بێ بەشن لەخزمەتگوزارییە هەرە، هەرە سەرەکییەکان کە دەبوایە لەبۆیان دابین بکرێ چەند ساڵە، کە لەساڵی 1997 ڕا لەو ناوچەیەدا جێگیر کراون، بە ئەمری حکومەتی بەغدا، ئەوە خاڵە زۆر سەرەکییەکان بوو، خاڵێکی تر کە بەنیسبەت ئەو پڕۆژانەی کە دەکرێ لەهەرێمی کوردستان زیاتر بەنیسبەت شاری هەولێر ئەو پڕۆژە گەورانە کە وەکو بڵێین شاری هەولێر کەوتۆتە بەرچاوان کە پڕۆژەی بۆ دەکرێ هەمووی پڕۆژە خەدەمییەکانە کە حکومەت بۆ وەزارەتەکان دابینی کردووە و دروستی دەکا، ئەو دائیرانە دائیرەی حکومین، بەڵکو ئێستا زۆر گەڕەك هەیە لەشاری هەولێر جادەکانیان سەیارە ناتوانێ پێیدا بڕوا، خوێندنگایەکانیان زۆر کۆنە، هەروەها ئاو و کارەبایان ئێمە چەند ساڵ پێش ئێستا وەزیری کارەبامان بانگ کرد، داوامان لێکرد بەلایەنی کەمەوە تەلی کارەبای ناوگەڕەکەکان چاك بکا، ئەوە هەتا ئێستا لە وەزعی خۆی دایە، چەند گەڕەکێکیش هەیە هەتا ئیستیفادە ناتوانن لەمۆلیدەکانی کارەبا بکەن، ئیتر ئەوە وەزعی زۆر، زۆر گەڕەك و کۆڵانی شاری هەولێرە، چەند خاڵی ترم هەیە لەناو بودجەکەدا کە لەسەر وەزارەتی پەروەردەیە، ئێمە لەوەزارەتی پەروەردە چەند دەروازەیەکمان هەیە کە ئەویش چاپە مەنییەکانە، چاپی کتێبەکانە، بێگومان من ئەوە چوارەمین ساڵە

لەسەر ئەو مینبەرەی بابڵێین لەناو بەرنامەی پرۆژە یاسای بودجە ئەو پێشنیارە دەخەمە روو، چاپی کتێب ساڵانە بڕەپارەیەکی زۆری بۆ دادەندرێ، کە خۆی لە چەندەها ملیار دەدات، لەوانەیە بە سەدان ملیار کتێب چاپ بکرێت، ئێمە لەگەڵ هاوکارم کاک د. سەروەر، ئەمساڵ کە سەردانی مەخزەنی کتێبمان کرد کە ئەو مەخزەنە گشتییە و ئەو کۆگایە گشتییەی لەهەولێردا هەیە، لەکاتێکدا کە هێشتا پارەکە تەسدیق نەکرابوو ئەوان کتێبیان بە دەست گەیشت، ئیتر ئەو بڕە پارەیە کە دادەندرێ بۆ ئەو مەسەلەیە ڕاست و ڕەوان نییە، میقدارەکەی تەواو نییە، یەعنی هەروەها بەهەدەردانێکی زۆری تێدایە و گرێ بەست لەگەڵ ئەو چاپخانانە کرایە کە چاپخانەی لوبنانین، چاپخانەی دەرەکین، کە تێیدا پارە فورسەکانی خۆمان دەچنە دەرەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە بتوانین سوود لەو فرسەتە وەربگرین یانیش چەند ساڵە ئەگەر بایەخماندابایە بە کردنەوەی چاپخانەی دیجیتاڵی نوێ ڕەنگە بمانتوانیبایە ئەو ئەرکە حکومەت خۆی جێ بەجێی بکا، جوانترین خەدەماتی پێشکەشی بە قوتابیان دەکرد، سەرباری ئەوەی لەجیاتی ئەوەی مانگی (12) کتێبەکان چاپ بکرێن و بە لۆری و بە شەحن و بە نازانم چی بگەنە کوردستان و دیسان دووبارە دابەش بکرێنەوە، دەیتوانی هەرلەناوەخۆدا چاپ بکرێن و ساڵانە کە بابڵێین چاپی (2012) تەواو بوو، یەکسەر (2013) دەست پێ بکا، بۆ ئەوەی لەکاتێکی زۆر شایستە کتێبەکان تەوزیع بکرێن و پرۆسەی خوێندنیش بەجوانی و بەرێك وپێکی بەڕێوە دەچوو، ئەمە سەرباری ئەوەی کە ساڵانە....، ئەوە چوارەم ساڵە لەبودجەی هەرێمی کوردستان چیمان هەیە (120) ملیار دینار بۆ دروستکردنی قوتابخانەکان دابین دەکەین، بەڵام ئەوسێ ساڵەی ڕۆیشت کە دەکاتن نزیکی (360) ملیار دینار، کە بۆ (160) قوتابخانە داندرابوو ئەوە، یەعنی دەیکرد مەسرەفی (160) قوتابخانەی (6) پۆلی، (9) پۆلی، (12) پۆلی، (18) پۆلی، (27) پۆلی، بەڵام تا ئێستا هەر نزیکەی (30) تا (40) قوتابخانە تەواو بووە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ تەبعەن ئێمە زۆر لەلیژنەی پەروەردە جەختمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەو هەنگاوە بۆ سەر ناگرێ؟ بۆ بەرەو پێش ناچێ؟ هۆیەکەی لەچ دایە؟ هۆیەکەی لەوە دایە کاتێك ئەوە هی چەند ساڵێك بودجە درەنگ تەسدیق کرایە و درەنگ ئیشەکە کرایە، یەعنی وای لێهاتووە ساڵی یەکەم کە (2010)بوو، پرۆژەکانی ساڵی (2010) لە ساڵی (2011) چووە بواری جێ بەجێکردن، هەروەها هی ساڵی (2011) لەساڵی (2012)، ئی (2012) لە (2013)، جا بۆیە قەیرانی نەبوونی قوتابخانە لەهەموو شارو شارۆچکە و دێهاتی کوردستان بە هەرسێ شارەکەوە بە ئیدارەی گەرمیانەوە زۆر، زۆر بەشێوەیەکی زۆر، زۆر لەسەرەخۆ دروست دەکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەم کە حکومەتی هەرێم کە ئەو بڕە پارەیە بابڵێین دابین دەکا بۆ دروستکردنی قوتابخانە هەم دەتوانێ ئەو بڕە پارەیە لەسندوقێك دابنێ، بۆ کە تایبەت مەندی بداتێ بێ ئەوەی بیبێتە مدەوەر و بگەڕێتەوە بۆ بودجەی گشتی، بابڵێین بۆ بەغدا، دەتوانێ لەهەمان کاتدا میکانیزمێکی تر بەکاربهێنێ بۆ دروستکردنی قوتابخانەکان، چونکە بەڕاستی ئەوە دروستکردنی قوتابخانەیە، ئەوە نانەواخانە نییە، ئەوە هۆتێل نییە، بەڵکو ئەوە پرۆسەیەکی نیشتیمانی پێوە بەندە، هەروەها حکومەتی هەرێم چەند ساڵ پێش ئێستا پرۆگرامی خوێندنی گۆڕیوە، پرۆگرامی خوێندن پێویستی بەوە هەیە کە بتواندرێ لە شوێنێکی زۆر،

زۆر شیاودا پەرە بەو پرۆگرامە نوێیە بدرێ، کە بەداخەوە ئەو نەبوونی قوتابخانەیە وایکردووە دەوامی سێ شەفتی و چواریش هەبێ، لە زۆر لەقوتابخانەکان، چونکە بەمەساییەکانەوە، ئیتر پێویستە لێرە بە دواوە ئەوە ئەهمییەتێکی تری پێ بدرێ، چونکە بەڕاستی پرۆسەی تەندەرینەکەو پرۆسەی ئیحالەکردن ئەوە هەموو ئێمە گلەییمان لەسەرە، دەبێ شەفاف تر بێ و دەبێ رێك و پێکتر بەرێوەبچێ تاوەکو بتوانین باشترین و لەکوالێتی و زۆرترین نسبە لەو قوتابخانانە دروست بکرێ، ئەوە خاڵێکی تر، بەنیسبەت بەرنامەی تواناسازی، بەرنامەی تواناسازیش بەدەر نییە لە چەند تێبینی و گرفتێك کە سەرباری ئەوەی ئێمە ئەو پارەیەمان دابینکردووە بۆ پرۆسەی تواناسازی، تواناسازی تەنیمەی تاقاتی بەشەرییە، کە تێیدا بایەخدانە بە خوێندن و ڕاهێنان و هەروەها بەحسی عیلمی، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا تەنها پرۆسەی تواناسازی کە نێردەکانە هەر ئەوە کراوە، بەڵکو بایەخ نەدراوە بە ڕاهێنان و پرۆسەی بەحسی عیلمی، کە بەڕاستی زانکۆکان دەیانتوانی بە بایەخدان بە پرۆسەی توێژینەوەی زانستی بتوانن بودجەی خۆیان بوێ دابین بکەن، بەڵام بەداخەوە لەو هەموو پسپۆڕییە، لەو هەموو بڕوانامە بەرزەی کە لەزانکۆکاندا هەنە ئەو لایەنە پشتگوێ خرایە، بەنیسبەت دەوراتیش تەنها ئەوە نییە مامۆستایەکانیان چینێك بەشداری بکەن لەو دەورانە و سوودمەند بن، بەڵکو ئێمە پێشنیارمان کردووە فەرمانبەرەکانی ناو زانکۆکانیش بێنەوە مامۆستایەکان هەمووی سوودمەند بن لەو ڕاهێنانە، هەروەها دەتوانین لەو حاڵەتەش بەشی ناردنە دەرەوە کەم بکرێتەوە، بەڵکو کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە و کارمەندانی وەزارەتی تریش سوودمەند بن لە پرۆسەی ڕاهێنان، چونکە ڕاهێنان بەڕاستی ئەوەش تەنمییەی تاقاتی بەشەرییە و زانستەکانیان نوێ دەکاتەوە، ئیتر لەبواری جیا جیادا بڵێین سوودی بۆ کوردستان دەبێ لە ئەوەل و ئاخیری، بەنیسبەت پرۆژەکان، تێبینیم لەسەر پرۆژەکان دەڵێ پرۆژەکان زۆربەی زیاتر لەپێویست بودجەیان لەساڵێکدا بۆ دیاری دەکرێت، بۆ نموونە چەندین پرۆژە ماوەکەیان (360) رۆژە، هەموو بودجەکەیان بۆ داندراوە، لەکاتێکدا تا بودجە پەسەند دەکرێت و پرۆژەکە بانگەواز و تەندەری دەکرێ، سپاردنی بۆ دەکرێ، لایەنی کەم چەند مانگێکی تری دەوێ، بۆیە زەحمەتە نیوەشی لێ خەرج بکرێ، بگرە پرۆژە هەیە ماوەی زیاتریشە لە ساڵێك، تەبعەن پارەکەی سەرف ناکرێت و پارەکە دەمینێتەوە، پرۆژەکە بەنیوە چڵی دەمینێتەوە بۆ ساڵێکی تر، ئەمەش بێگومان ئەگەر هەر پرۆژەیەك، هەر شارێك داوای کردووە بۆ پێداویستی خۆی، ئەو کاتە پێویستی بەو پرۆژە هەیە، دواخستنی پرۆژەکان ئەوە گەورەترین لێدانە لە بەرژەوەندی خەڵك لە پێداویستییەکانی خەڵك، مەسەلەن ئەو ناوچەیە قوتابخانەی پێویستە، ئەو قوتابخانەیە کە تاخیر بوو چی دەکرێ؟ بەڕاستی ئەوە وابزانم لێدانە وەکو وتم بابڵێین چوونە پاشە نەك چوونە پێش لە ئابووری کوردستان، ئەو بودجەیە بەڕەئی من هەروەکو وتم لەسەر شاری هەولێرە، لەسەر شارەکانی تریش تەتبیق دەبێ، بودجەکە بودجەی دروستکردنی فەرمانگەکانی حکومییە، چونکە نزیکەی (580) ملیار داندراوە بۆیان، ئەوەش بۆ دروستکردنی فەرمانگەکان جگە لە مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەکان، من لێرە دەڵێم کەسمان بڕوا ناکەم لە دژی دروستکردنی مزگەوتەکان بین، بەڵام با

**مزگەوتەکان لێبگەڕێین بۆ خەڵکی، بودجەی حکومەت با لەجیاتی مزگەوتەکان قوتابخانەشماڵی میللەتە، بۆ زانست و بۆ خوێندنە، ئەو بڕە پارەیە بۆ قوتابخانەکان تەرخان بکرێ، بۆ نەخۆشخانەکان تەرخان بکرێ، ئەوەتا بەسەدەقە ئێمە نەخۆشخانە دەکەینەوە و پارە بۆ چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی زۆر، زۆرئەستەم و بەبێ عیلاج تەرخان دەکەین کە دەبوایە ئەوە لە ئەستۆی حکومەت دابایە و بیری لێکردبایەوە، وەکو نەخۆشی زۆر قورسەکانە، شێرپەنجەیە، تەلاسیمایە، کەم خوێنییە، ئیتر ئەم نەخۆشی و ئەم عیجز و ئەوانەیە کە بەڕاستی پێویستە لەوە پێداچوونەوە بکرێ، بەنیسبەت کەرتی کشتوکاڵ بەڕاستی دروستکردنی بەنداو زۆر، زۆر زەرووریە لەکەرتی کشتوکاڵ بکرێ، ناوچە هەیە مەسەلەن وەکو ناوچەی دەشتی شەمامك لە هەولێر، کەندێناوە، کە ئەوانە ناوچەی وان لەهەموو ژیانی خۆیان بە زراعەتی گەنم و جۆ و دانەوێڵە مەشهوور بوونە و ناوبانگیان هەیە، چەند ساڵی وشکەساڵی کە تێپەڕی بەسەریدا تووشی قەیرانی ئەوەی کردووە کە ئاوی تێدا نییە، بەڕاستی ئەوە زۆر، زۆر زەرووره ئەو بەنداوەی کە بڕیارە لێی دروست بکرێ بابڵێین هەنگاوێکی زۆر جدی بۆ بندرێ، هەر بەنیسبەت شارۆچکەی مەخمور ساڵی پار کە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت سەردانی شارۆچکەی مەخموریان کرد وەعدیان دا کە پشتێنەیەکی سەوزی بۆ دروست بکەن، ئەویش بە چاندنی هەزاران دار لەو شارۆچکەیە، بەڵام هەتا ئێستا وابزانم ئەگەر ئەو کاتە چەند دارێك چاندراین تا وەکو ئێستا ئەو پشتێنەیەی بۆ نەکراوە، چونکە خۆمان دەزانین شارۆچکەی مەخمور باشووری رۆژئاوای هەولێرە، موعەرەزە لە بۆ تۆزوبا هەڵکردن هەموو دەمێك، ئەگەر بێو ئەو دارانەی لێ نەچێندرێت وەکو مورەشەحەیەك بۆ هەوایەکەیان، ئەو خەڵکەی ئەو ناوچانە بەڕاستی ئەستەمە بتوانن ژیان بەردەوام بکەن لەو ناوچانە و تووشی هیجرەت دەبن بۆ هەولێر، ئێمە کە داوای هەندێك پرۆژە دەکەین بۆ ئەو ناوچانە بێگومان بینایەش دەبێ دابین بکرێ لە بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە، ئێستا بەنیسبەت کردنەوەی جامیعە لە شارۆچکەی مەخمور کە کۆلێژی بابڵێین پەروەردەی تێداکراوەتەوە بە دوو بەشی کوردی و عەرەبییەوە، لە بینایەی قوتابخانە دایە، بێگومان ئەوەش زەڕبەیە بۆ قوتابخانەکان، ئێمە لەلایەك قوتابخانە دروست دەکەین و هەوڵدەدەین قەیرانی قوتابخانەکان نەمێنێ، لەلایەکی تریش خۆمان دەیدەینە لایەنی تر ئەمە بێگومان ڕەوا نییە، لەسەر پرسی دامەزراندن، پرسی دامەزراندن بەڕاستی ئەو سێ ساڵەی ڕۆیشت زۆر، زۆر پرسێکی بابڵێین ترسناك بوو لە هەرێمی کوردستان، هەروەکو وتمان کە وەکو بەتاڵەیەکی موقەنەعەیە پرسی دامەزراندن، چونکە زۆرجار وا ڕێککەوتووە کە ئەو دائیرانە پێویستیان بەو کەسانە نییە لەگەڵ ئەوەش دایدەمەزرێنن، وەکو بڵێی هەر وەزارەتێك هەوڵدەدا زۆرترین حیسە بۆ خۆی ببا، ئەوە بۆ ئەوەی بابڵێین یەدەگی هەبێ نازانم بۆ چی؟ بەڵام لێرەدا ئێمە وامان پێ باشە کە ئەو دامەزراندنەی کە دەکرێ یانیش ئەو پلە وەزیفیانەی کە دادەندرێ لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمایەکی زانستی دابندرێ لێرە بە دواوە، زۆر، زۆر گلەیی لەوە دەکەن ئەوانەی کە دادەمەزرێن، دامەزراوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو کە مووچەکانیان دوای شەش مانگ بۆ سەرف دەکرێ، کە ئێمە لەهەر ساڵێکی دارایدا کە لەبەغدا ئیقراری پلە وەزیفیەکان دەکرێ مووچەکانیشی لەگەڵ دێتە هەرێمی کوردستان،**

نازانم ئەو دواکەوتنی مووچەیە هۆی چییە؟ گلەیش لەسەر ئەوەیە کە لە وەزارەتی دارایی پشتگوێ دەخرێ، ئایا لیژنەکان کەمن؟ ئایا مەحاسیبەکان کەمن؟ نازانم ئەوە چییە؟ بەڕاستی پێویستە ئەمسالەکە ئەو شتە دووبارە نەبێتەوە، هەرچەندە ئێستاش هەمان کێشە هەیە، کە لەوەزارەتی خوێندنی بالاْ چەندەها تەعین کراوە، بەلاْم ئەو ڕاقیان لە وەزارەتی داراییە نەڕۆیشتیتە پێشەوە، سەبارەت بەو بڕە پارەیەی کە لەفرۆشتنی نەوت بەدەستی دەهێنین ئەوە بوو دووسالْ پێش ئێستا حکومەتی هەرێم بڕە پارەیەکی چاکی کە نزیکە (25) ملیۆن دۆلار بوو بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاْ داینا، ئەوەبوو خۆش بەختانە بڕیاردرا کە کەمپی زانکۆی صەلاْحەددینی لێ دروست بکرێ، بەلاْم تائیستا چونکە ئەو بڕە پارەیە داندراوە بۆ دروستکردنی کەمپەکە ئێمە ئەوەی دەبیستین هەر لەقۆناغی دیزاینە ئەو کەمپە، بێ لەوەش ئەو کەم و کورتیانەی کە هەیە لەناو کۆلێژ و پەیمانگاکان و بەشە زانستییەکان و بەشە وێژەیەکانی ئەو زانکۆیە هەر لەحالْەتی خۆی دایە و جگە لە بەشە ناوخۆیەکان کە (في الحالتين يرثى لها)، هەموو ڕۆژێ خۆمان دەبینین کە چۆن ئیزراب دەکەن و چۆن دەنگە، دەنگ دەکەن و قڕە قڕ دەکەن لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاری، لەبەر خراپی ڕێگاکان، ئەوانە هەمووی بێگومان تەئسیری سلبی هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن و لەسەر ئەو شتانە، دواهەمین خالْم، بەڕاستی منیش پشتگیری لە بۆچوونەکانی کاك کاردۆ دەکەم، بۆ باشترکردنی وەزعی پێشمەرگە پێویستە یەعنی ئەو شەریحەیە ئیهتیمامێکی زۆر، زۆری پێ بدرێ، ئاستی ژیانی بژێوی پێ بەرز بکرێتەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش داوا دەکەم کە ئەوە بۆ دووەم جارە کە هێشتا حکومەتی هەرێم ئاوەڕی لەو خالْە نەداوەتەوە، هیچ چارەسەری بۆ نەکردووە، کە بتوانێ یان دەرمالْەی قوتابیان زیاد بکا، یانیش قەرزی خوێندن دابین بکا، بۆ ئەو خوێندکارانەی کە حالْەتی کۆمەلاْیەتییان، ئاستی کۆمەلاْیەتییان نزمە، قەرزی خوێندنیش وابزانم نابێتە بارگرانی لەسەر حکومەتی هەرێم، بەلْکو ئەو قەرزە دەدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا عبدالرزاق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەرەتای قسەکانمدا دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، بۆ ڕاپۆرتەکەیان، کە توانیویانە بەشێوەیەکی زۆر باش هێلْە گشتییەکانی بودجە دیاری بکەن و ئەو کەم و کورتیەی کە لەڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هەیە بە پرسیار ئاراستەیان بکەن و دەستخۆشیان لێ دەکەم، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە، زیاتر تەرکیز دەکەمە سەر ئەوە، هەروەك هاوکارانم ئاماژەیان پێدا، کە پشتگیری هەموو خالْەکانی ئەو ڕاپۆرتە دەکەم، پرسیارێکیشم هەیە لەوەزارەتی دارایی ئەو بڕە بودجەیەی کە بۆ تەندروستی تەرخان کراوە بەو پێیەی کەمن زانیاریم هەبێ هەموو سالێ مانگی (9) بۆ (10) کۆتایی دێ، ئەوانیش بەردەوام دەبن لەسەر پێدانی بودجە و کڕینی دەرمان، ناشوەستێ، بەس پرسیارەکەم لێرە

ئەوەیـە، ئایـا ئـەوان بـۆ لەسـەرەتاوە ئـەو بـڕە پارەیـە بـە زیـادە دانـانێن؟ بەکـەمی دایـدەنێن؟ هـەروەها پێشنیاریش دەکەم کە تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ سـندوقی تووشـبوانی نەخۆشـی شـێرپەنجە کـە دەبێـت بڕێ بودجەی بۆ دیاری بکرێت تاوەکو ئەو یاسایە بچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە، هەروەها تەرخانکردنی بڕە بودجەیەکیش بۆ سندوقی ژینگە، کە کاروچالاکییەکانی دەستەی ژینگە پابەندە بەو سندوقەوە، تاوەکو ئێستا نەچۆتە بـواری جێ بەجێکردنـەوە، پێویستە بـڕە بودجەیـەکی بـۆ تـەرخان بکـرێ، خـاڵێکی تـر کـە دەمەوێ باسی بکەم پڕۆژەکانی وەزارەتی تەندروستین کە (56) پڕۆژەی بەردەوام و چوار پڕۆژەی پێشنیار کـراوە، کـە کـۆی پڕۆژەکـان دەکاتـە (60) پـڕۆژە کـە ئـەم پڕۆژانـە پـڕۆژەی زۆر باشـی تێدایـە، وەك نەخۆشـخانەی (200) قەرەوێڵـەیی بـۆ شـاری هـەولێر، سـلێمانی، دهـۆك، بـەڵام تێبینیەکـەی مـن لێرەدایـە هەندێك لەو پڕۆژانە ماوەی(2) ساڵ یان(3) ساڵە، هەتاوەکو ئێستا دیزاینەکـەی تـەواو نـەبووە، بـۆ نموونـە نەخۆشـخانەیەی لـەدایك بـوون و منـداڵان لەشـاری سـلێمانی، نەخۆشـخانەی شـێرپەنجە، یـان هەنـدێك لـەو پڕۆژانـە لەتەندەرینـە، وەسـتاون و تـاوەکو ئێسـتا هـیچ کۆمپانیایـەك یـان هـیچ لایـەنێك نـەیتوانیوە ئـەو پڕۆژانـە وەربگـرێ، لەبـەر ئـەوەی بـڕی ئـەو پـارەی کـە بـۆی تـەرخانکراوە بڕێکـی زۆر کەمـە، بـۆ نموونـە نەخۆشخانەی شێرپەنجە لە دهۆك، کە (21) ملیار دیناری بۆ داندراوە، کە کەمترین تەندەر کە بۆی کـراوە (40) ملیار دینارە، بۆیە ئەو بڕە پارەی کە بۆی داندراوە زۆر کەمە و نەتوانـدراوە تـا ئێستا بچێتە بـواری جێ بەجێکردنەوە، بۆیە داواکارم کە وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی میکانیزمێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو پڕۆژانە کە لەوەزارەتی تەندروستی هەن، ئەوانە هەموو پـڕۆژەی زەخمن پێویسـتیان بـە بودجەیـەکی بـاش هەیـە کـە ئەگـەر ئـەم پڕۆژانـە تـەواو بـن ژێرخـانی تەندروسـتی خزمەتێکی زۆری پێدەگات و زۆر لەکێشەکانی نەخۆشخانەکان چارەسەر دەبێ، هەروەها پێشنیارێکی تریش لەسەر پڕۆسەی تواناسازییە، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە پڕۆسەی تواناسازی نەیتوانیوە بەپێی پێویست خزمەتی کەرتی تەندروستی بکا، ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە ئەو کەسانەی کـە چوونەتە تواناسـازی بخوێنن زیاتر کلینیکە، پراکتیکی تێدانییە، ئەمەش کـە بەشـێکی گرینگـە لـە بـواری تەندروسـتی کـە پراکتیـك کـار بکەن، بۆیە من پێشنیار دەکەم کـە بەشـێك لـەم بودجەیـەی تواناسـازی بـۆ خـول و ڕاهێنـانی دکتۆرەکـان و پەرسـتیار و کارمەنـدانی تەندروسـتی تـەرخان بکـرێتن، بـۆ ئـەوەی بتـوانن ڕاهێنـان بکـەن، ئەگـەر لـەناو هەرێمی کوردستانیش بێتن یان لە دەرەوەش بێتن، سوودی لێ وەربگرن لەلایەنی عەمەلییەوە، خاڵێکی ترم کـە مـن دەمـەوێ وەك ئەنـدامێکی لیژنـەی وەرزش و لاوان هـەم پێشـنیار هـەم روونکردنەوەیەکیشـە بـۆ هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەکان، بۆ بەرچاو روونیان، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە کە شارێکی ئۆلۆمپی وەرزشـی دروسـت بکـرێ لەهـەرێمی کوردسـتان بەتایبـەتی ئێسـتا هـەرێمی کوردسـتان لـە بـواری وەرزشـیدا کاروچالاکی لە زیادبووندایە، من پێشنیار دەکەم چ لە بودجەی تەواوکاری بـێ یـان پەرەپێـدانی پارێزگاکـان یـان بودجـەی سـاڵی (2014)، دەڵـێم (2014) لەبـەر ئـەوەی بـەپێی ئـەو زانیاریانـەی ئێمـە هەمانـە و دیراسـەمان کـردووە، تێچـوونی ئـەو پڕۆژەیـە (350) بـۆ (400) ملیـۆن دۆلارە، کـە ئەمـەش پڕۆژەیـەکی

زەخمە، بۆیە داواکارم وەزارەتی پلاندانان دراسەیەکی ئەم پرۆژەیە بکات و بتوانێت جێ بەجێی بکاتن، هەروەها پشتگیری هەموو ئەو خاڵانە دەکەم کە هاوکارم پەروین خان سەبارەت بە کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراو و پێشمەرگەکان کردی، پشتگیری هەموو خاڵەکانیان دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی پەرلەمانتار، ئاشکرایە باردۆخی عێراق لەوەرزی بودجەی ئەمساڵەوە زۆر جیاوازە لە سێ ساڵی پێشوو، لە ساڵی (2013)دا لەم وەزعەدا، لەم وەرزەدا دوو پێکهاتەی عێراقی سەرەکی دێرین لە ناحەزی و رقەبەرایەتی و یەکتری سڕینەوە و لەململانێی قورسدان کە پێدەچێت ببێتە هۆی پەرت، پەرت بوونی عێراقی ئێستا، یان هێنانە کایەوەی باروردۆخێکی نەخوازراو و ئاڵۆز لەهەموو ڕوویێکەوە، من وای دەبینم کە دەبوایە و دەبێت پەرلەمانی کوردستان بەهەموو دەنگ و ڕەنگەکانەوە لەخەمی دروستکردنی ئابووریەکی سەربەخۆ دابین بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ داهاتووی عێراق و هەرێم، باسکردن لەهەمووارکردنی بودجە لە پەرلەمانی عێراق بەهەموو لێکدانەوەیەك، دوورە ئەگەر نەڵێم کەوتۆتە چەقی ململانێکان، مەحاڵە پێکهاتەکانی ئەو پەرلەمانە ڕێکبکەون لەسەر هەموارکردنی بودجە، بۆیە تاکە ڕێگا تاکە شانس بۆ ئێمەی کورد بەهەموو دەنگ و رەنگەکانەوە، بۆ بەتەنگەوە هاتنی داهاتووی میللەت و خەڵکی مووچە خۆر و ئەو کەسانەی کە باسکرا سەرو (1,300) ملیۆنێك و سێ سەد هەزار دینار مووچەی هەیە دەبێ لەخەمی ئەوە دابین بیرلەوە بکەینەوە ئابووریەکی سەربەخۆمان هەبێ، ئەگەر نەتوانین سەربەخۆیەکی سیاسیمان هەبێ، بودجەی هەرێمی کوردستان کە (17٪)یە، لەو (17٪)یە (6٪)ی لێ دەبڕێت بەناوی جۆراوجۆر، بەناوی حاکیمە، سیادی، قەرزوقۆڵ، کە دەکاتە ڕێژەی لە (35٪)ی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەداخەوە هەموو لێی بێدەنگین، کەوایە هیچ نەبێت چەند خۆپیشاندانێك، چەند مانگرتنێك، چەند دەرخستەیەك هەبوایە بۆ هەموو دونیا و دەرو دراوسێ و بۆ بەغدا کە غەدر دەکەن ئەو (35٪) لەخەڵکی کوردستان و میللەتەکەمان دەبڕن، من وای لێکدەدەمەوە، تەئکیدیشم ئەگەر عێراق لەژێر بەندی حەوتی (UN) دا نەبێ، تەئکیدتان بۆ دەکەمەوە بودجە نایەتە هەرێمی کوردستانەوە، بودجە بۆ کورد دانانردێت، بە پێچەوانەوە بودجە بەکاردەهێندرێت بۆ چەوساندنەوە و چوونە دۆخی ساڵی نەوەدەکان، بەڵام بەداخەوە ئەم قسەیە دەکەم، زۆر ویستم نەیکەم، ئێمە لەسەر بودجە و کات سازان ئەنجام نادەین، کە هیوادارم، بەئومێدم بۆ شتە گەورەکان بەرپرسانە تر و بە پەرۆشانە تر سازان ئەنجام بدەین، بە ڕاستی داهاتوو روون نییە، ئەمە وەکو هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە و ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان ڕەئی خۆمە، بەڵام وەکو سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری حەزدەکەم هەندێ روونکردنەوە بدەم کە خۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

1- بۆ ڕاستكردنەوەی وتەیەك كە وترا تەنها (48٪) لە بودجە جێ بەجێ بووە، ئەو (48,2٪) بودجەی وەبەرهێنانە، (72٪)ی بودجەی تەشغیلی سەرفكراوە، خوشك و برایان لەماوەی چوار بۆ پێنج مانگ، چونكە ئێمە مانگی شەش بودجەمان هەموار كردووە لەمانگی هەشتدا گەیشتۆتە دەوائیرەكان، داواكارم لەخوشك وبرایانی پەرلەمان ئەگەر خرایە دەنگدانەوە دەنگ بدەن بۆ ئەم پێشنیارانەی خوارەوە كە هەم داوانەكردنی زیادكردنی بودجەیە، چونكە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوەخۆیە زیادكردنی بودجە، پێم وایە ئەمەی كە من داوای دەكەم زیادكردن نییە، یەك، لەمەسەلەی داهاتی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاوییەكان كە بڕێكی كەمە نزیكی هەشت ملیارە، داواكارین كە ئەو داهاتەی خۆیان بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاویەكان بۆ سەرفكردنی، بۆ دەرمانی بەیتینەری، بۆ فاكسین، بۆ پێداویستی موختەبەرییەكان، بۆ مەسەلەی پەرەپێدان لە دارستان و ژینگە.

2- دابینكردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژە گەورەكانی ئاودێری كە باسی شەمامك كرا، كە پرۆژەیەكی گەورەیە بە دەیان هەزار دۆنم دەكاتە بەراو، هەروەها پرۆژەی ئاودێری گەورەی دەشتی كۆیە پارەیان بۆ دابین بكرێت، هەروەها بەنداوە گەورەكان لە بابەتی تەق تەق و دێرەلووك و بەستورەوە و ئەوانەی تر، پارەیان بۆ دابین بكرێ لەرێی دابینكردنی قەرزی نێودەوڵەتی درێژخایەن، یان وەبەرهێنان بەجۆرەكانی وەبەرهێنان كە هەیە لە دەوڵەتانی دراوسێ جێ بەجێكراوە، لەتوركیا و لە مالیزیا و لە سەنغافورا و لە ئوردنیش، یان هەر بودجەیەكی تر كە لەبەر دەستدا بێ بۆ جێ بەجێكردنی ئەو پرۆژە ستراتیجییانە، دوو، بڕیاردان لەوەی كە لە (3٪)ی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان بۆ كشتوكاڵ دابین بكرێت كە بەڕاستی لەماوەی پێنج ساڵدا لەساڵی (2007) تا ساڵی (2012) (0,1٪) پارەی گەشەپێدانی مەحافەزات كە گوێم لەهەندێ خوشك و برابوو وتیان هەرچی كرابێ لەمەحافەزاتەوە كراوە، بە پێنج ساڵ (0,1٪) بودجەی مەحافەزات بۆ كشتوكاڵ جێ بەجێكراوە كە دەڵێین منیش دەڵێم كشتوكاڵ شتێكی ستراتیجییە، دەبێ پشتی پێ ببەستین، دەبوایە نەك دەیەمین بێ، خۆی دەبوایە دەیەمین بێ، ئێستا كراوە بە دوانزەمین، ئەگەر بەژمارەی فەرمانبەرانیش بێت پێویستە گرینگی پێ بدەین بە پێنج ساڵ (0,1٪)ی بۆ جێ بەجێكراوە لە پارەی تەمویلی موحافەزات من داواكارم لەخوشك و برایانی پەرلەمان كە دەنگدرا، بڵێن داوا بكەن (3٪)ی پارەی تەمویلی موحافەزات بۆ كشتوكاڵ بێ، مەسەلەی قەرزی كشتوكاڵی خوشك و برایان لە كۆی (835) ملیار دینار (4٪)ی بۆ كشتوكاڵ بووە، (1٪)ی بۆ پیشەسازی بووە، ئەم (4٪) هیچێك ناگرێتەوە،لەبەر ئەوە داواكارین ئێمە داوای پشتگیریتان لێ دەكەین كە مەسەلەی قەرزی كشتوكاڵ جیا بكرێتەوە لە قەرزەكان، یەعنی بەڕاستی هەموو سولفێك ناكرێ بۆ سلفەی عەقار بێ، ئەو عەقارەش هەموو لەسەر حیسابی زەوی كشتوكاڵییە، پێویستە پۆلێن بكرێت، بۆ پرۆژە ئێعتیادییەكان (150) ملیۆن بێ، بۆ پرۆژە ستراتیجییەكان دەبێت (500) ملیۆن بێ، من بۆ ڕاستكردنەوەیەكی تر كە وترا لە مەساریفی ئوخرای حكومەتی بەغدای ناوەند (200) ملیارە، ئەوەی كە من مەعلوماتم هەبێ تەنها بۆ بواری كشتوكاڵی (600) ملیار دینار دانراوە كە ناونراوە موبادەرەی زراعی، كە ئەوە سێ ئەوەندەی ئەوەیە كە باسكرا، گوایە لەهەرێمی

كوردستان (835) مليارە لە بەغدا (200) مليارە، بەس بۆ كشتوكاڵ بۆ كڕينى پێداويستى كشتوكاڵ لە ئامێر، لە ئامێرى ڕشاندن، لەپێداويستى ديكە (600) مليار دابينكراوە وەكو موبادەرەى زراعى، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو ئاواز خان.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشى لەحكومەتى هەرێمى كوردستان دەكەم بۆ ئامادەكردنى بودجە و زووتر ناردنى لەساڵى پێشوو كە ئەمەش دەورێكى ئيجابى دەبێت لە زۆر بواردا بەتايبەتى لە كەوتنە بوارى جێ بەجێكردنى پرۆژەكاندا، هەروەها چارەسەركردن و كەمتركردنى كورتهێنان بە ڕێژەى (17٪)دا، داواكارين لەم ڕووەوە هەوڵى زياتريش بدات، وێڕاى دەستخۆشيم لەليژنەى دارايى و ئابوورى كە زۆر ماندووبوونە بە ئامادەكردنى ڕاپۆرتى دارايى كە تێبينى و پێشنيارى سەرجەم ليژنەكانى پەرلەمانى لەخۆوە گرتووە، بەڕێزان ئەوەى دەمەوێ باسى بكەم بودجە پرۆژەيەكە بۆ هەمووان، بۆ هەموو بوارێك، ئاساييە لەساڵێكدا نەتواندرێت بودجەى وەكو يەك بۆ هەموو سێكتەرێك تەرخان بكرێت، ئەمەش ماناى ئەوە نييە كە حكومەت گشت سێكتەرەكانى بەلاوە گرينگ نييە، بەڵكو دەكرێت ئەو سێكتەرانەى كە زياتر پێويستيان بە بودجە هەيە لەم ساڵەوە برێكى زياتريان بۆ تەرخان بكرێت و لەساڵانى داهاتوودا دەكرێت گرينگى بەبوارەكانى تر بدرێت، بۆيە وێڕاى پشتگيرى كردنم، دەستخۆشى لەحكومەتى هەرێمى كوردستان دەكەم بۆ گرينگيدان بەسێكتەرەكانى پەروەردە، تەندروستى، شارەوانى و ئاوەدانكردنەوە، بوارەكانى تر، داواكارم كە ميزانييەى دەستەى مافى مرۆڤيش زياد بكرێ، بۆ ئەو بڕەى كە خۆيان داوايان كردبوو، ئەويش بڕى (11) مليارە، لەبەر ئەوەى ئەم دەستەيە تازە سەرۆكى بۆ داندراوە وەكو هەنگاوى يەكەم بۆ ئەكتيف كردن و كارابوونى ئەم دەستەيە پێويستە پشتگيرييان بين، بەڕێزان ئەوەى جێگاى باسە ئەو ڕەوشە ئەمنى و ئارامى و سەقامگيرييە كە لە هەرێمى كوردستاندا هەيە، كە ئەمەش بەشاهێدى گشت لايەكمان بەبێ دوو دڵى دەتوانين باسى لێوە بكەين و شانازى پێوە بكەين، كە ئەمە ڕەنگدانەوەيەكى ئيجابى هەبووە لەگشت بوارەكاندا، بەتايبەتى لەبوارى وەبەرهێناندا، دەتوانم تەنها بەنموونە لە هەولێر باسى بكەم كە لەساڵى (2006) تاوەكو كۆتايى (2012) قەبارەى وەبەرهێنان تەنها لەهەولێرى پايتەخت گەيشتۆتە نزيكەى (14 ) مليار دۆلار ئەمە جگە لەشارەكانى سلێمانى و دهۆك كە ئەمە ڕێژەيەكى زۆر دڵخۆشكەرو جێگاى دەستخۆشييە، بەڕێزان ئەمە تەنيا بۆ ئەوە نەهاتۆتە كايەوە كە بڵێين هەرێمەكەمان دوورە لەهەموو مەترسييەك، بەپێچەوانەوە لەناوچەيەكين كە لەزۆر لاوە كێشە و مەترسيمان لەسەرە، جگە لەوە دەبينين

رۆژانە لە عێراق چ كارەساتێكی دڵتەزێن روو دەدەن، سەرەڕای ئەوەی حكومەتی مالیكی لە (2003) تاوەكو ئێستا نزیكەی (65) ملیاری بۆ باری ئەمنی تەرخانكردووە، تەنها لەم ساڵدا نزیكەی (20) ترلیۆنی بۆ دەزگای ئاسایش و دژە تیرۆر تەرخانكردووە، كەچی خراپترین ناوچەن لەرووی سەقام گیریەوە، بەڵام خۆش بەختانە هەرێمی كوردستان ئارامترین ناوچەیە لەعێراقدا كە ئەمەش بە هەوڵی هەموولایەكمان دەبێت، سەرەتا بەماندووبوون و رۆڵی بەرچاوی دەزگا ئەمنییەكانە، هەروەها بە پاڵپشتی ئێمەو بۆ دابینكردنی بودجە و پێداویستییە بۆ كاری ئەم دەزگایانە تاوەكو بتوانن بەردەوام بن لەسەر ئەو رۆڵە جوانەیان، بۆیە داواكارم لەگشت لایەك كە هاوكار بین بۆ دابینكردنی تەواوی پێداویستییەكانیان، چونكە بەپێچەوانەوە لە نەبوونی ئیمكانیەت و میزانیەتی پێویست بۆ ئەم دەزگایانە لەئاكام كارەساتی ناخۆش و دڵتەزێنی لێ روودەدات كە تێدا هەموو لایەك تێدا زەرەرمەند دەبین، بۆیە دەڵێن خۆپاراستن باشترە لە چارەسەركردن، ئەگەر بتوانی بەمەبلەغێكی گونجاو خۆمان لە روودانی كارەساتێكی دڵتەزێن بپارێزین زۆر لەوە باشترە كە خوا نەخواستە بەدەیان قات پارە لە ئاسەواری روودانی كارەساتێك سەرف بكەین كە زیانی گیانیشی بەدواوە بێ كە ئەمە بەهیچ لایەك تەعویز ناكرێتەوە، بۆیە وەك ئەندامێكی لیژنەی ناوەخۆ پشتگیری لەو بودجەیەی وەزارەتی ناوەخۆ و دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش دەكەم، هەروەها پشتگیری لە دابینكردنی ئەو بڕە بودجەیە دەكەم كە بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئاوارەكانی ئێران و توركیا ساڵانە تەرخان دەكرێ، بەڵام داواكارم لەوەزارەتی دارایی كە كارئاسانیان بۆ بكات لەكاتی پێدانی ئەم بڕە پارەیە تاوەكو زووتر بگاتە دەست هاووڵاتیان، قسەكانی خۆم كورت دەكەمەوە بۆیە چیتر نامەوێ درێژە بەقسەكانم بدەم، بەڵام هەریەك لەئێمە گەر ئەم نامیلكەیەی خوێندبێتەوە، زۆر بەجوانی لە داتا و زانیارییەكان ورد ببێتەوە بۆی دەردەكەوێ كە بودجە تا ئێستا چەند لەخزمەتی خەڵك دابووە، تا هاتووە بارو گوزەرانی خەڵك چەند باشتربووە، ئەمەش بەبەرچاوی هەموو لایەكەوە دیارە، بۆیە هەركەسێك ویژدانی هەبێ سەیری ئەم داتایانە بكا دەزانێ بارو ژیان و گوزەرانی خەڵك تا چەند گۆڕانكاری بەسەر داهاتووە، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنی سەرلەبەیانیمان كۆتایی پێ دەهێنین، تا سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین، هەر بژین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆكانمان، لیژنەی دارایی و ئابووری فەرموو بۆ شوێنی لیژنەكان، فەرمووو كاك خەلیل بۆ قسەكردن.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پڕۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵ من پێم وایە كۆمەڵێك خاڵی ئیجابی تێدایە كە ناكرێ نادیدە بگیرێ، هەروەها لەوانەیە كون و كەلەبەریشی تێدایە، كە ئێمە بتوانین بە هەموولایەكمان بە گفتوگۆیەكی زانستیانە ئەم بودجەیە بە شێوازێك ئاراستە بكەین كە لەخزمەت زۆرترین چین و توێژەكانی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دابێ، دیارە ئەگەر لەرووی تەكنیكییەوە سەیری بودجەی ئەمساڵ بكەین، سەیری هاوپێچەكانی بكەین، من پێم وایە ماندووبونی پێوە دیارە، دەستخۆشی لەهەموو لایەك دەكەین، هەم وەزارەتی دارایی و هەم لیژنەی دارایی كە راپۆرتی باشیان ئامادەكردبوو، بۆیە من پێم وایە بە بەراورد بەساڵانی رابردوو پێشكەوتنی باشی بەخۆیەوە دیوە، خاڵێكی ئیجابیش لەو تەفاسیلە ئەوەیە كە حكومەت هیچی نەشاردیتەوە، هەمووشتەكانی خستۆتە بەردەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی بەرچاوی روون بێ، لەكێشە و كەم و كوڕیەكان، لە گیروگرفتەكان، لەو ئاستەنگانەی كە لەبەینی ئێمە و حكومەتی ناوەندی دایە، بە هەمان شێوەی ساڵانی رابردوو من پێم وایە هاوولاتیانێكی زۆر لەو بودجەیە سوودمەند دەبن چ بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ لەرێگەی مووچە و دەرماڵە و بیمەی بێكاری و كۆمەڵێك بواری جۆر بەجۆری تر، بەهەمان شێوە بەشێوازی ناراستەوخۆش لەرێگەی پڕۆژە خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەكانەوە لەسەرجەم سێكتەرە جیاوازەكان هاوولاتیان لەم بودجەیە سوودمەند دەبن، خاڵێكی تری كە بەردەوام بوونە لەسەر تەرخانكردنی بودجە بۆ بواری تواناسازی و، هەروەها هەڵمەتی دروستكردنی خوێندنگاكان، ئەگەر چی ئێمەش تاوەكو ئێستاكەش كێشەمان هەیە لەمەسەلەی خوێندنگا و ژمارەیەكی زۆر خوێندكارمان هەیە، كە ئەمەش من پێم وایە بەلایەنێكی تر خاڵێكی ئیجابییە بەوەی كە گەشەكردنێكی كۆمەڵایەتی و ژیان و گوزەرانی خەڵك بەرەو باشتر رۆیشتووە، بۆیە خەڵك زیاتر بەرەو بواری زانست و منداڵ ناردنە مەكتەب و، هەروەها خوێندن تەواوكردن هەنگاو دەنێ، ئەمەش بوارێكە گەشەكردنی پێوە دیارە، لەوانەیە كە بودجەش لەم بوارەدا رۆڵی بووبێ لە ساڵەكانی پێشتردا، سەرەڕای زیادبوونی مووچە و دەرماڵەی كەسوكاری

شەهیدان و ئەنفالکراوان کە من پێم وایە حەقی خۆیانە ئەوەیان بۆ بکرێ، هەروەها درێژە بەوەش بدرێ کە لە داهاتوودا خانوو پێداویستییەکانی تریان بۆ دابین بکرێ، هەروەکو وتم دیارە ئەو بودجەیە بەڕاستی بێ کەم و کوڕی نییە، پێویستە هەموومان هەوڵبدەین کە کۆ دەنگییەکمان هەبێت لەسەر ئەوەی بەشێوازێکی زانستیانە کەم و کوڕییەکان دەست نیشان بکەین، ئەم بودجەیە بۆیە هاتۆتە پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی هەموومان دەست لەسەر کەم و کوڕییەکان دابنێین، دوور لە هەر شێوازێکی دەمارگیری سیاسی یاخود تەعەسوبی سیاسی بتوانین ئێمە گفتوگۆ لەسەر ئەو بودجەیە بکەین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین وەك ئەوەی کە بودجە قوتی خەڵکە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، کەم و کوڕییەکان دەست نیشان بکەین، دیارە ناکرێ بەتایبەتی کە ئێستاکە لەزۆر وڵاتانی پێشکەوتوو تەکنیکی ئامادەکردنی بودجە لە بواری ئابووری و کۆمەڵێك بواری مالیدا بەرەو پێشچووە، ئێمە ئەم بودجەیەی خۆمان بە بودجەی وڵاتانی پێشکەوتوو بەڕاستی پێوەر بکەین، یاخود قیاس بکەین، بۆیە لە وڵاتێکی وەکو ئێمە کە ئەزموونێکی کەممان هەیە لەم بوارەدا، من پێم وایە کەم و کوڕی لەبودجەدا هەردەبێت، سەرەڕای هەموو ئەو خاڵە ئیجابییانە من بەڕاستی کۆمەڵێك سەرەنج و تێبینیشم هەیە، کۆمەڵێك پرسیار و پێشنیاریشم هەیە، کە ئاراستەی بەڕێزان وەزیری دارایی دەکەم، یەکەم لەڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا ئاماژە بە پشکەکانی هەرێم کراوە لە لایەن حکومەتی فیدڕالییەوە کە نادرێ یاخود بە کەمی هاتووە، ئێمە هەموو لایەکمان دەزانین کە مەسەلەی نەهاتنی بودجەی پێشمەرگە بارگرانییەکی لەسەر حکومەتی هەرێم دروستکردووە، کە پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە، بەسیاسی کراوە، ئیتیفاقی سیاسی لەسەر کراوە، لەوانەیە بە یاسا رێك نەخرابێت، من هەر لێرەشەوە داوا دەکەم کە بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەهەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا نەهێڵێ کەلێن بکەوێتە ئەو بوارەوە و ئەو بوارە پڕبکرێتەوە، بەهەرجۆرە بودجەیەك کە لەهەرێمی کوردستان هەیە، بە مەرجێك هەموو پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگە و هەروەها ژیان و گوزەرانی هێزی پێشمەرگە بەباشترین شێوە دابین بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەمڕۆکە لەسەنگەری پاراستنی ئەم دەستکەوتانەی هەرێمی کوردستانن، هەروەها بەشێك لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی ئێمە بەندە بە ئامادەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، خاڵێکی تر باس لە نەفەقاتی سیادی کە پڕۆژەی بەنداوەکان و هەروەها نەفەقاتی حاکیمە کە بەشە خۆراکی مانگانە و پارەی هەڵبژاردن و هەروەها بودجەی تەکمیلی و پارەی پترۆدۆلار کراوە، یەعنی ئەم بودجانە هەریەکە بەنیسبەتێك لێی براوە، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرەنجی منە بەڕاستی مەسەلەی پارەی پترۆدۆلارە کە من پێم وایە بەرامبەر بەو کەمیە نەوتەی کە ئێمە بۆ تەکمیلەی حسیەی عێراق پڕی دەکەینەوە من پێم وایە ئەمە زۆر، زۆر کەمە کە بڕەکەی (42،400) چل و دوو ملیۆن و چوارسەد هەزار دینارە، لەکاتێکدا کە رۆژانە (250) دوو سەد و پەنجا هەزار بەرمیل لە هەرێمی کوردستانەوە دەڕوات، من لەجەنابتان دەپرسم ئایا ئەمانە هەموو بەپێی یاساو رێسا رێك نەخراون؟ ئایا ناکرێ ئێمە پەنا بەرین بۆ....، لەکاتێکدا بۆ سەرجەم پرسەکان ئێمە دەڵێین دەستوور و یاسایەکان با حەکەم بن، ئایا ناتوانین ئێمە پەنا بۆ یاسا و بۆ

دەستوور بەرین؟ لە دادگای ئیتیحادیدا ئێمە ئەو حەقەی خۆمان وەر بگرینەوە؟ خاڵێکی تر کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەئکیدی لەسەر کردووە لەڕاپۆرتەکەیدا ئەویش هەنگاونانە بەرەو بنیادنان و جێ بەجێکردنی بنەمای ئابووری سەربەخۆ، کە من پێم وایە لەهەموو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا سوودی باشی هەیە، بەخاڵێکی وەرچەرخان دادەندرێ لەمێژووی ئەو هەرێمە دا، بەڵام پێویستی بە دیراسەت و بە دیقەت و بە ماندووبوونی زیاتر و بەرنامە رێژی باشتر هەیە، پێویستە حکومەت زەمینە سازییەکی باشی بۆ بکا، بەرنامەی موستەلزەماتی خۆی بۆ دابین بکات، بە داخەوە لەڕاپۆرتەکە هیچ ئاماژە بەوە نەکراوە، من پێشم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ کۆمەڵێك هەنگاوی باش بنێ لەو بوارەدا کە لەوانەیە نەتوانن بەشێوەیەکی باش بەشدار بن لە سەربەخۆیی کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، بەڵام حەتمییەن کاریگەری خۆیان دەبێ لەوانە زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت، جگە لە نەوت و کانزایەکان، کە ئەمەش من پێم وایە بە دەرکردنی کۆمەڵێك یاسا و رێسای پێویست دەکرێ، لەوانە پەسەندکردنی یاسای سندوقی داهاتە نەوتی و کانزایەکان کە پێویستە پەرلەمانی کوردستانیش لەوەدا پەلەی لێ بکات، دوو، بەشێوازێك کە هەندێك ئیرادات هەیە ڕاستە بەشێوەیەکی سەرەکی نین کە دووبارە ئەمانیش کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوەی کە داهاتی هەرێمی کوردستان زیاد بکرێ، بەڵام لەوانەیە بەشێوازی جوزئی تەئسیریان هەبێ کە من پێم باشە هەر ئەم هەنگاوانە بندرێ، هەندێك پێی دەڵێن ئیراداتی موشتەقە، یاخود بەزمانێکی تر ئەو ئیراداتانەی کە دەسەندرێن کە لەرووی ئابووریەوە پێم وایە ئەگەر هەڵە نەبم کاك د. ئاراس وا پێناسە دەکرێ، ئەویش من پێم وایە لەرێگەی باج و رسومات و هەروەها غەراماتی جەزائی، بۆ ئەو مەبەستەش من پێم وایە دەتواندرێ ئێستاکە زۆر لە شەریکاتی تەئمین، کۆمپانیاکان پرۆژەیان پێشکەشکردووە بۆ ئەوەی کە کۆمپانیای دڵنیایی پێك بهێنن کە دەتواندرێ لەرێگەی کۆمپانیایەکانەوە خەڵك خۆی دڵنیا بکاتەوە، من پێم وایە حکومەت لەوەش دەتوانێ باج و رسومات وەربگرێ، ئەمەش بەشێك بێ لەو داهاتە، خاڵێکی تر هەموارکردنی یاسای وەبەرهێنان کە بەداخەوە یەعنی ئێمە پێم وایە وا بۆ ساڵێك دەچێ ئێمە چاوەڕوانی هەموارکردنی ئەو یاسایەین، ئەو یاسایەی پێشتر لە هەلومەرجێکدا بووە، ئێستا هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی ترە، بەتایبەتی بۆ بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری کە سوودی زۆری دەبێ، یەعنی ئێمە با ئەو گلەییە لە حکومەت بکەین لە کاتێکدا ئەوان گلەیی لە ئێمە دەکەن کە هەندێك یاسا دەردەکەین تەبعاتی مالی و بارگرانی مالی بۆ سەر حکومەت دروست دەکا، بەڵام ئەم یاسایە من پێم وایە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەهێنێتە کایەوە لەوانەش مەسەلەی بووژانەوی کشتوکاڵ و گرینگیدان بە کەرتی کشتوکاڵییە، هەروەها کەرتی پیشەسازی و گەشتیاری کە من پێم وایە ئەمە هەلی کار دەرەخسێنێ، هەم داهاتێکی باش دەبێ بۆ هەرێمی کوردستان، خاڵێکی تر پشت بەستن بە بەرهەمی خۆماڵی و پارێزگاری کردن لەبەرهەمی ناوەخۆ و نەچوونە دەرەوەی ئەم داهاتی هەرێمە، یەعنی ئێمە دەبینین کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەگەشتیاران روو لەم هەرێمە دەکەن، کە دەبوو بەڕاستی ئێمە ئیستیفادەیەکی زۆر باشمان لێ بکردبایە، بەڵام بەداخەوە ئەو

گەشتیارەی دێتە ئێرە من پێم وایە هەر بەرهەمی هاوردە کە ئێمە هاوردەی دەکەین بەکاری دەهێنێ، لەکاتێکدا ئەگەر ئێمە بەرهەمی خۆمان هەبوایە من پێم وایە داهاتێکی باش بۆ ئەم هەرێمە دروست دەبوو، خاڵێکی تر بە بڕوای من هاندان و تەشجیع کردنی پێکهێنانی شەریکاتی موساهەمە و کۆمەڵێك شتی لەو بابەتە کە حکومەت دووبارە لەرێگەی باج و ڕسووماتەوە دەتوانێ بەشی هەبێ لەم بوارەدا، خاڵێکی تر دانانانی سیستەمێکی بانکی ڕێك و پێك بەجۆرێك کە هەم وەبەرهێنەرانی بیانی، هەم وەبەرهێنەرانی ناوەخۆ و هاووڵاتیان بتوانن سوودی لێ ببینن، کاری وەبەرهێنان بۆ ئەوانە ئاسان بێ، هەروەها ئەرکی هەموو ئەو پێشینە و قەرزانەش بگرێتە ئەستۆ کە ئەمڕۆکە حکومەت لەسەر بودجەی خۆی جێ بەجێی دەکا، ئەمەش بار سووکییەکی تریش بۆ حکومەت زیاد دەکا، خاڵێکی تر بەداخەوە ئێمە یاسایەکی تریشمان پەسەندکرد لەو پەرلەمانە، بەڵام تاوەکو ئێستاکە نەچۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە، ئەویش پاراستنی رێگا گشتییەکان بوو کەمن پێم وایە ئەویش بەجۆرێ لەجۆرەکان کۆمەڵێك داهاتی غەرامات و ڕسووماتی هەیە کە ئەمەش هەر بۆ دەخلی حکومەت من پێم وایە داهاتێکە حەقە ئەمە لەئێستا بەدواوە بچێتە بواری جێ بەجێکردن، خاڵێکی تر وەکو هەموو لایەك باسکرا، بەڵام من بەسەر پێی باسی دەکەم، ئەویش کەمکردنەوەی ئەو زیادەڕۆییانەیە،ساڵ بە ساڵ ئێمە باسیکردنی زیادەڕۆیی لەسەرفکردنی بودجەدا دەکەین، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستاکە شوێنی خۆی نەگرتووە.

چوارەم/ لەپاڵ پێدانی پێشینەی خانووبەرە و گرینگیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کەرتی کشتوکاڵ لەرێگەی بەرنامە و بەرنامەی دروستکردنی جۆرەها بەنداو، کە بەداخەوە ئەویش بەسستی دەڕوا، هەروەها دروستکردنی پڕۆژەی ئاودێری کە وەکو هاوکارم کاك جلال باسی کرد، کە من سەد لە سەد پشتگیری دەکەم، بۆ ئەوەی ئەم کەرتە بەتەواوەتی بکەوێتە سەرپێی خۆی کەرتی کشتوکاڵی، پلانی حکومەت بۆ دەعمی کشتوکاڵ بەشێوازێکی موتەکامیل بچێتە سەر پێی خۆی، بەڕاستی نەقسێکی تر هەیە کە ئێمە هەستمان پێکردووە، ئەویش وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی رێگا و بانی گوندەکانە، بەداخەوە دوای رێککەوتنێك لەنێوان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و پارێزگاکان دیارە بودجە بۆ چاککردنەوە و هەروەها دروستکردنی رێگای گوندەکان کەوتۆتە سەر رێگای پەرەپێدانی پارێزگایەکان، بەڵام وەکو تێبینیمان کرد لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە پڕۆژە یاسایەکە وەکو پێویست ئاماژە بەوە نەکراوە، بۆیە بەڕاستی حەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەگەر بییەوێت مەسەلەی کشتوکاڵ بژیێنێتەوە، مەسەلەی کشتوکاڵ پەرەپێبدا، هەروەها ئەم کەرتە گەشەی پێ بداو ببێ بەپشتگیرییەکی سەرەکی بۆ بەسەربەخۆیی کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان هەموو ئەو پێداویستیانەی گوندەکان بەڕاستی من پێم وایە یەکسەر لێی موتەکامیل دەبێ، هەنگاوی باشی بۆ بندرێ، خاڵێکی تر ئێمە پارەکە لێرە پڕۆژە یاسای بودجەمان پەسەندکرد یەکێ لەو مادانەی کە لە بودجەدا بوو ئەویش مەسەلەی پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاژە بوو، وەکو یەکێ لە هاوکارانم وتی یەکێ لەگرێبەستە گرینگەکان لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا پڕۆژە یاسای بودجەیە، بەڵام بەداخەوە دەبینین کۆمەڵێك رێنمایی، کۆمەڵێك مادده، کۆمەڵێك هین لەو بودجەیەدا جێ

بەجێ نەکراوە، وەکو ئەوەی گوتم کە پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاژە کە بەڕاستی بە پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە دەتواندرێ هەموو ئەو دڕ دۆنگی و گلەیی و گازاندانەی کە لەسەر مەسەلەی دامەزراندنی خەڵك هەیە لە ڕێگەی لیژنەی پارێزگاکانەوە بڕەوێنێتەوە، ئەم گلەیی و گازاندانە لەکۆڵ حکومەت ببێتەوە، کە ڕۆژانە ئێمە خەڵك دەبینین، لە میدیاکانەوە دەبینین، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستاکە ئەم ئەنجومەنە پێك نەهاتووە، یەعنی من نازانم حکومەت بۆ ئەم بارگرانیانە لەکۆڵ خۆی ناکاتەوە، خاڵێکی تر قسەم لەسەر پڕۆژەکانە بەڕاستی، کاری پڕۆژەکان یەکەم لەدواکەوتنیان کە بەڕاستی زۆر پڕۆژە پەسەند دەکرێ، بەڵام دەبینی لەبەر زۆر هۆکار ناچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە، کە یەکێ لەو هۆکارانە ئەویش مەسەلەی ئیحالە و فەتح و تەندەرین و عەقدە، کە من پێم وایە لەچەند مەرکەزێك دەکرێ، بۆیە من پێم باشە حکومەتی هەرێم ئەم دەستەڵاتە بگەڕێنێتەوە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکان لە پارێزگاکان، بۆ ئەوەی چیتر ئەم پڕۆژانە دوا نەکەون، خاڵێکی تر من داواکارم هەم لیژنەی بەدواداچوونی ئەنجومەنی وەزیران و هەم لیژنەی بەدواداچوون لە وەزارەتەکان کارا بکرێ و ئەکتیف بکرێ بەشێوازێك کە لە نزیکەوە چاودێری جێ بەجێکردنی پڕۆژەکان بکەن، یەعنی بەشێك لەپڕۆژەکان لەبەر نەبوونی کۆمەڵێك چاودێری و بەدوا داچوونی ورد لەلایەن حکومەتەوە بەڕاستی یا دوا دەکەون یاخود کوالێتیان باش نییە و بەنەتیجە لەماوەیەکی کەمدا تێك دەچنەوە، چونکە بەبڕوای من دواکەوتنی پڕۆژە ئێمە ئەمساڵ کۆمەڵێك پڕۆژە بۆ سنوورێك بڕیاری لەسەر دەدرێ، لەپەرلەمان پەسەند دەکرێ، بەڵام سەیر دەکەین ناچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە، بەمەش ئەو پڕەنسیپ و بنەمایانە هیچ بایەخی نامێنێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایە پڕۆژەی بودجە، پڕۆژەکان بەسەر ناوچە جیا، جیاکاندا کە ڕێژەی دانیشتووانە دابەش دەکات، یەعنی ئێمە ئەگەر لەوساڵەدا لەسنوورێکدا ئەگەر چوار پڕۆژە نەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە ساڵێکی تریش بودجەی بۆ داناندرێ، دەڵێن ساڵی پار بودجەی زۆری بۆ داندراوە، پڕۆژەی زۆری بۆ داندراوە، یەعنی ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی بۆ سنوورەکان دروست کردووە، بۆ بودجەشی دروست کردووە، خاڵێکی ترم کە ئێمە لە بەدواداچوونمانەوە بەڕاستی تۆزێ تووشی بووین، من پێم وایە وەزارەتی پلاندانان بۆ وەزارەتەکان، بۆ ئەو پڕۆژانەی کە لەو ناوچانەدا جێ بەجێ دەکرێن، کە ماوە و ڕێژەی بەفرو باران بارینی زۆرە، یەعنی پلانێکی تایبەتی هەبێ، ناکرێ پڕۆژەیەك لەقەڵادزێ یاخود لە چۆمان و حاجی ئۆمەران یاخود لە پێنجوین کە جێ بەجێ دەکرێ، بەڵێندەران سکاڵایان هەیە لەوەی کە مودەی ئیزافیان وەکو هەولێر بۆ تەرخان دەکرێ، لەکاتێکدا لەوێ هەم ماوەی باران بارین زۆرە، ئەو ماوەی کە تەعتیلیان دەکا لەئیشکردن زۆر، زۆر زیاترە وەکو ئەوەی کە لەپارێزگای هەولێر هەیە، خاڵێکی ترم مایەی خۆشحاڵییە کە وا بۆ سێ ساڵ دەچێ یاسای ژمارە (7) ساڵی (2008) کە تایبەتە بە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون چۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە، حکومەتی هەرێم پارەی بۆ تەرخان دەکا، بەڵام بەبڕوای من ئەوە بەگوێرەی ئەو داتایانەی کە بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان ساڵی پارەکە خستییە روو لەداتاشۆیەکەدا، ئێستاش من لەبیرمە ئێمە بەپێی ڕاپرسی یاخود بەدواداچوون ئێمە ساڵانە پێویستیمان بە

(15) هەزار یەکەی نیشتەجێ بوونە، بۆیە من پێم وایە ئەم بودجەی کە داندراوە ئەو نەقسەمان بۆ پڕ ناکاتەوە، کە ئێمە بمانەوێ بە چەند ساڵێکی تر کێشەی نیشتەجێ بوون کەم بکەینەوە، بۆیە من هیوادارم حکومەتی هەرێم ئەم مەسەلەیە لەبەر چاو بگرێ وەکو هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لەرێگای قەرز کردن بێ یاخود لەهەر رێگایەکی ترەوە بێ، لەرێگای بانکەکانەوە بێ بتوانێ هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ ئەمە دەست پێ بکا، بۆ ئەوەی وەکو مەسەلەی خوێندنگاکان ئێمەش بتوانین لەو بوارەدا نەقسمان کەمتر بێتەوە، خاڵێکی ترم سەرەڕای هەموو لایەك گلەیی دەکەن لەسەر ئەوەی کە پارەیەکی زۆر بۆ بەرگری و ناوەخۆ تەرخانکراوە، وەزارەتی ناوەخۆ بەخۆشی داهاتێکی زۆر، زۆری هەیە، بەڵام ئەوەی من گوێ بیستی بووم لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، یەعنی بۆ هەموو قەزاو ناحییەکان بەتایبەتی مەسەلەن سلێمانی وەکو سامپڵێك وەرگرین، بۆ ئەساسی هەموو قەزا و ناحییە و مەرکەزی پارێزگاکان (30) ملیۆن دینار داندراوە، کە من پێم وایە ئەم بڕە لەچاو ئەو داهاتەی کە بۆ وەزارەتی ناوەخۆ داندراوە کەمە، مەسەلەن بۆ پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان (25) ملیۆن داندراوە، گلەییەکی تریش لەو بوارەدا هەیە کە ئەوانە گلەیی پۆلیسی ئامادە و پۆلیسی فریاکەوتنن، کە هەمان ئەو ئیمتیازاتانەیان هەیە کە لەگەڵ ئەو پۆلیسانە هیچ جیاوازیەك ناکرێن کە لەمەرکەزەکان دەوام دەکەن، ئەمان لەسەر جادە و بەباران و تووشی مەترسی دەبنەوە، بەڵام هەمان ماف و ئیمتیازیاتیان هەیە، من وای دەبینم کە جۆرێك لەنارێکی هەیە، هیوادارم چارەسەر بکرێ، دووبارە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله (بلال):**

**بسم الله الرحمان الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی بەندە لەسەر پرۆژە یاسای بودجە.

سەرەتا لە ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییەوە دەست پێ دەکەم، لە ڕاپۆرتی داراییدا هاتووە فەرمانبەرانی هەرێم ڕێژەی (23,6٪)ی هەموو عێراق پێك دێنێت، لەکاتێکدا بودجەی هەرێم (10.4%)ە، پرسیار ئەوەیە ئەم هەڵاوسانەی فەرمانبەران بۆچی؟ کێ لێی بەرپرسیارە؟ لەڕاپۆرتی وەزارەتی دارایدا هاتووە: کاریگەری سلبی دابەزاندنی (15٪)ی بودجەی بەکاربردنی ساڵی 2012 بەم هۆیەوە ئەم بڕیارە وای کرد تەجاوزات ڕوویدات لەسەر بودجەی بەکاربردنی ساڵی 2012، یەك کەوتنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری گشتی لەوەزارەتە خەدەمیەکانی ( شارەوانی – تەندروستی – زانکۆکان) وەك: پاك کردنەوەی ئاو (کلۆر)، بەرێوەبردنی پرۆژەکانی ئاو، خاوێن کردنەوەی سەرجەم شارو شارۆچکەکان، کڕینی (شۆفڵ وقەلاّب و کرێن)، چاککردنەوەی شەقامەکان، پرسیارئەوەیە پەرلەمان ڕێژەی 15٪ ی بودجەی تەشغیلی بڕی بۆچەند بابەتێکی دیاریکراو، زێدە ڕۆییەکان لەئەنجامی ئەو سیاسەتەیە کە حکومەت پیادەی دەکات

دروست بووە، نەك لە ئەنجامی بڕیاری پەرلەمان، بۆیە داوای روون کردنەوە دەکەین لە نوێنەرانی حکومەت، چۆن توانیان پارە لەو سێکتەرە گرنگانە ببڕن کە پەیوەستە بە ژیانی یەکە، یەکەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان؟ خەرجی سیادی (29,17٪)ی کۆی گشتی بودجەی عێراق پێك دێنێت، ئەگەر چی ساڵانە پارەیەکی زیاد بۆ بودجەی سیادی دیاریدەکرێت، بەپێی یاسا پێویستە 17٪ ئەوەی دەمێنێتەوە بدرێت بە هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لاپەڕە(24)، تا ئێستا هیچ لەو پارانە نەدراوە بە هەرێم و هیچ زانیاریەکی ئەوتۆشیان نیە لەوەبارەیەوە، پرسیار ئەوەیە جگە لەئێوە ئەوە ئەرکی کێیە بە دواداچوون بکات؟ کێ لەم کەمتەرخەمیە بەرپرسیارە؟ لەساڵی 2007 تائێستا کەساڵی 2013 یە موستەحەقاتی پێشمەرگە بریتی یە لە (7,696) حەوت ترلیۆن و شەسەد و نەوت و شەش ملیار دینار، بەڵام تائێستا ئەو پارەیە نەدراوەتە هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا بەپێی یاسای بودجە دەبوایە ئەم بڕە پارەیە بەشێوەی سلفە بدرابایە هەرێمی کوردستان، پرسیار بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر جگە لەئێوە ئەوە ئەرکی کێ یە بەدواداچوون بکات؟ کێ لەم کەمتەرخەمییە بەرامبەر لەبەدواداچوونی ئەم مافانەی پێشمەرگە بەرپرسیارە؟ خەرجی حاکمە کۆی پارەکەی (10,101) دە ترلیۆن و سەد و یەك ملیار دینارە، کەدەکاتە (7,3٪)ی بودجەی گشتی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بەگوێرەی یاسای بودجە پێویستە بڕی (1,717) یەك ترلیۆن و حەوت سەد و حەڤدە ملیۆن دینار بۆ ساڵی 2013 بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت، کە لەم ساڵ و ساڵانی رابردووش بۆ هەرێم سەرف نەکراوە، وەك لە لاپەڕەی (26)ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم مافە بۆ خەڵکی هەرێم ناگەڕێنەوە لەکاتێکدا ئەوە ئەرکی ئێوەیە؟ بەپێی ماددەی (32)ی بودجەی ساڵی 2012 دەبێت وەزارەتی دارایی هەستێت بەبرینی لە (10٪)ی مووچەی پلە تایبەتەکانی و وەزیر، پەرلەمانتار، حاکمەکان، بەڵام وەزارەتی دارایی هەستاوە بەگێڕانەوەی ئەوبڕە پارەیە کە لەحاکمەکان براوە، لەکاتێکدا ئەوبڕە پارەیە دانراوە بۆکڕینی دەرمان بۆ نەخۆشیەکانی شێرپەنجە؟ ئەمەش پێشێلکارییە لەسەر یاسای بوجەی ساڵی 2012، پرسیار بۆ جەنابی وەزیر ئەم پێشێلکاریە بۆ؟ دابین نەکردنی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەو یاسا و بڕیارانەی کە لەساڵی 2012 دەرچووە کە پێوستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە بۆ نموونە بڕیاری بە پایتەختکردنی شاری سلێمانی، کە لەپڕۆژەی پێشنیارکراوەکاندا تەنها یەك پرۆژە دیاریکراوە بۆ ناو شاری سلێمانی، ئایا بڕی ئەو پارەیەی تەرخانکراوە بۆ بە پایتەخت بوونی شاری سلێمانی چەندە؟ لەکوێی بودجە بۆی دیاریکراوە؟ یاسای کۆمەك بۆ نەخۆشی شێرپەنجە لە یاسای ژمارە (11)ی سالی 2012، کە بەپێی ماددەی (4) پێویستە بودجەیەك لەلایەن حکومەتەوە تەرخان بکرێت ئەو بڕە چەندە؟ لەکوێوە بۆی تەرخاندەکرێت؟ لەکاتێکدا لەیاساکەدا بوونی نییە، هەروەها بودجەیەك لەلایەن وەزارەتی تەندروستیەوە دەبێت تەرخان بکرێت بۆ ئەومەبەستە، ئایا ئەوبڕەی وەزارەت دیاری کردووە چەندە؟ کە دەبوو لە یاسای بودجەی (2013)دا ئەو بڕە بۆ جێ بەجێکردنی ئەم یاسایانە ئاماژەی پێ بدرێت، لەلاپەڕە (6)ی ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا پاساوی هۆکارەکانی کەم بونەوەی بودجە بۆ ئەوەدەگەڕێنێتەوە

که گوایه حکومەتی ناوەند حکومەتی هەرێمی بێ بەش کردووە لە بەشداری کردن لە دارشتنی بودجە بەپاساوی ماددەی (110)ی دەستوور، برگەی چوارەمی ماددەی 114، بەلاّم ماددەی (110) ناونیشانەکەی زۆر روون و ئاشکرایە، کەباس لەتایبەتمەندی حکومەتی ناوەندی دەکات، نابێت ئەو ماددەیە بکرێتە بەلگە بۆ کورد، بەلکو بەلگەیە بەسەرمانەوە، پاشان چۆن دەبێت رێکخستنی بودجە لەسەر بنەمای رێککەوتن بێت لەکاتێکدا بودجە بەلگەنامەیەکی قانونییە و پێویستە بەیاسا رێك بخرێت، ئەویش لەسەر بنەمای ماددەی (11)ی بودجەی حکومەتی ناوەند کەسالآنە ئەم ماددەیە دووبارەدەبێتەوە و جەخت لە ئاماری گشتی دەکات بۆچی حکومەتی هەریم پێداگری ناکات لەسەر ئەنجامدانی ئاماری گشتی؟ تا کوردستان رزگاری بێت لەوەی کە لەسەر بنەمای رێککەوتن بودجە وەربگرێت، پاشان ئایا نوێنەرانی کورد لە حکومەت کاریان ئەوەنیە بەرگری لەبودجەی هەرێمی کوردستان بکەن؟ (4) وەزیر و جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی ناوەند، راوێژکاری دارایی و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری وەزیری دارایی هەموو کوردن، بەلاّم ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو (5) وەزیرە کە تەنها وەزیری کۆچ وکۆچ بەران، وەزیری بازرگانی (تحفظ)یان نووسیووە لەسەر بودجەکە، واتە ئەوانی تر هەموو رازی بوون بەو بودجەیە، پێچەوانەی نیگەرانییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەرخانکردنی( 185) ملیار بۆحزبەکان، بەپێی یاسای بودجەی سالّی (2012) دیاریکراوە، کۆمەلێك ئیجرائاتی کاتی کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دادەنرێت ئەم ئیجرائاتانە کامانەن؟ پێویستە بۆ پەرلەمان روون بکرێتەوە، یەکێك لەرەخنەکانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەبودجەی گشتی عێراق لە سالّی 2013 دا، زیادکردنی نەفەقاتی سیادی وحاکیمەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە نوێنەرانی کورد لەئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەلوێستیان نەبوو سەبارەت بەوەی ئەو خەرجیانە کەمبکرێتەوە و ئەوەندە فراوان نەکرێ؟ لەهەمان کاتدا ئەو خەرجیانە زۆرێکی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بەشی هەرێمی کوردستانی تێدایە، بۆ نموونە خەرجی بەرهەمهێنانی داهاتی نەوت، خەرجی گرێبەستی کۆمپانیا بیانیەکان ، خەرجی بەرێوەبەرایەتی پەساپۆرت و رەگەزنامە، کرێی گواستنەوەی نەوتی خاو بۆ تورکیا، بنیاتنانی سەدی ئاوەکان و ....هتد کەواتە نابێت بە پاساوی خەرجی حاکیمە و سیادی بلێین بودجەمان کەم دەکرێتەوە، بۆیە پێویستە راستیەکان وەك خۆی رابگەیەنرێت لە لایەن وەزارەتی دارایی بەرێزەوە، (60)ملیار تەرخانکراوە بۆ یارمەتی ئاوارەکان، کارێکی باشە، بەلاّم بەبێ ئەوەی ئامارێك هەبێت لەبەر دەستدا، ئایا ئەو پارەیەی کە تەرخانکراوە لەسالّی رابردوودا چەند ئاوارە سوودیان لێ وەرگرتووە؟ پێویستە بۆ ئەم پرۆژانە ئامارێکی دروستمان هەبێت، برەکەی دیاری بکرێت و دابەش بکرێت بەسەر سالّەکاندا، کە داخۆ بە چەند سالّ ئێمە دەتوانین ئەم گرفتە چارەسەر بکەین؟ کە لەکاتێکدا ئێمە 22 سالّە حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە، لەمادەی (89)ی پەیرەوی ناوەخۆی پەرلەماندا کە دەلێت : دەزگای ژمێریاری لەپەرلەمان لەکۆتایی هەرسالێکدا دوا حیسابی خۆی دایدەنێت و دەیخاتە بەردەم سەرۆکی پەرلەمان بۆ رەزامەندی لەسەری و حەوالە کردنی بۆ لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتێك

**لەم بارەیەوە بۆ پەرلەمان، بەلاَم زیاتر لە (3) ساڵە حیسابی خیتامی نەخراوەتە بەردەم پەرلەمان و پرسیارەکە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزە، ئایا بۆچی ئەو ڕاپۆرتە پێشکەش بە پەرلەمان نەکراوە؟ بۆ ئەوەی لە دیاری کردنی بودجەی پەرلەمان بەرچاو روونیمان هەبێت، لە ڕاپۆرتی وەزارتی دارایی لەلاپەڕە (17)دا دەڵێت: وەزارەتی داد هیچ پرۆژەیەکی بەردەوامیان نیە، بەلاَم لەخشتەی پرۆژە بەردەوامەکان (6) پرۆژە تۆمارکراوە (2) لە پرۆژەکانیش هەردەست بەکار نەبوونە، داواکارین لەوەزارەتی پلاندانان روونکردنەوەی پێویستمان بدەنێ، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی جیاوازی هەیە لە خشتەی ژمارە( 3 و 9) لە کۆی بودجەی حاکیمەکە کە جیاوازیەکە (330) ملیار دینارە کە ئەم جیاوازیە بۆچی؟**

**سەبارەت بە داهات، ئەو داهاتە ناوخۆییانەی کە دیاری کراون جێگەی بڕوا پێ کردن نین، وەك داهاتەکانی نەوت، خاڵە سنووریەکان، غەرامەی سەیارات و مروور و کارەبا و هەتا دوایی....، ئەگەر داهاتی کارەبا وەك نموونە وەربگرین، حکومەت لە بەشی صەرفیات نووسیویەتی کرێی کارەبا بۆ دەوائیری حکومی بۆ ساڵی (2013) بڕی (336)ملیار دینارە، کەواتە ئەو مەبلەغە بە شێوەیەکی تر دەبێتەوە بە داهات بۆ وەزارەتی کارەبا ، بەلاَم لە بەشی داهات بۆ وەزارەتی کارەبا بڕی (250)ملیار دینار دیاری کردووە، کەواتە تەنها لە پارەی دەوائیری حکومی (86)ملیار دینار ون بووە، جگە لە هەموو مشتەریەکانی هاووڵاتی کە زیاتر لە (1,051)یەك ملیۆن ویەنجا ویەك هەزار دینار مشتەری هاووڵاتیمان هەیە، بە دەیان شەریکات و مەعمەلان هەیە کە کارەبا لەحکومەت دەکڕن، خۆ ئەگەر هەموو موشتەریەکان و شەریکاتە غەیرە حکومییەکان داهات (صفر) بێ بۆ ساڵی (2013) کە ئەوە موستەحیلە، دەبوایە لایەنی کەم (86) ملیار دینارەکەی تر....، کەواتە (336) ملیار دینار لە دەوائیری حکومی ببایەوە بە داهات بۆ وەزارەتی کارەبا، ساڵانە ژمارەی فەرمانبەران زیاد دەکات بەو ژمارەیەی کە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، لەکاتێکدا بەدەیان فەرمانبەر خانەنشین دەبن یا دەمرن، بەلاَم ناویان هەر لە لیستی فەرمانبەراندا ماوە و نەسڕاوەتەوە، هۆکارەکەی چییە؟ داوای روونکردنەوە دەکەین لەبەڕێز جەنابی وەزیر، لە ڕاپۆرتی هەندێ لە لیژنە بەڕێزەکاندا هاتووە کە بودجە زووتر لە کاتی یاسایی خۆیدا هاتۆتە پەرلەمان، لە کاتێکدا بە پێی ماددەی(79)ی پەیڕەوەی ناوەخۆی پەرلەمان هاتووە کە دەبێت بودجە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی پێش ساڵی دارایی بگاتە پەرلەمان، کەواتە لایەنی کەم بودجەی ئەمساڵ (2) مانگ دوا کەوتووە لەکاتی خۆیدا، درەنگتر لەکاتی خۆیدا گەیشتووە، دیاردەی دوو ئیدارەیی تا ئیستاش بەردەوامە بۆنموونە لە بانکەکاندا لە ئیدارەی سلێمانی بانقی بەریوەبەرایەتی گشتی بازرگانی و لەهەولێر بانکی ناوەندی هەولێر کەپێویستە بکرێتە یەك بانکی مەرکەزی بۆ کوردستان، لەهەمانکاتدا دیاردەی پارە نەمان لەبانکەکانی سلێمانی، بەلاَم لەهەولێر بانکەکان پارەیان تیدابوو، ئەوەش سیمای دوو ئیدارەیی زەق کردوە، لەکاتێکدا هەموو بانکێك لەهەریم کاردەکات دەبێت بارمتەیەك دابنێت کە لە (10٪) بۆ (25٪)بێت، بەلاَم لەم بانکانەدا بارمتەیان دانەناوە و لەسلێمانی بارمەتەکانیان سفرە و بارمتەیان نیە، پێویستە نوێنەری حکومەت روونکردنەوەمان پێ بدا لەو بارەیەوە، مادەی نۆیەم برگەی (5): کەباس لە پێدانی ئەو سلفەیە دەکات (سلفەی هێزی**

پێشمەرگە) لەئەنجامی ڕێککەوتنی  نێوان ئەنجومەنی وەزیران وحکومەتی ناوەند، حکومەتی هەرێم تا دەرچوواندنی یاسایەك کەمافەکانی هێزی پێشمەرگە ڕێك دەخات ، بۆچی ئەو ڕێککەوتنە ساز ناکرێت؟ بۆچی ئەم پرۆژە یاسایە تا ئیستا لەلایەن پەرلەمانتارانی کوردەوە پێشکەش نەکراوە؟ کێ بەر پرسیارە لەم کەمتەرخەمییە؟ بێ ئەوەی دەزگای چادێری چالاکی هەبێت خەرجی بۆدابین دەکریت (13,432) سێزدە ملیار و چوار سەد و سی و دوو ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، پێویستە ئەم برە ببڕدرێت تا ئەم دەزگایە دادەمەزریت، هەروەها لەیاسای بودجەی سالی 2012  پەرلەمان خۆی مولزەم کرد کە سەرۆکی دەزگای چاودیری لەماوەی 3 مانگدا دابنێت، بەلأم نەیتوانی ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکات، بەلێنەکەی نە بردە سەر، کە دەکرێت لەرێگای ئەم یاسایەوە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت و دەکرێت رێگری بکەن لە زۆرترین گەندەلی کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، دووساڵە باس لە پێوەری زیرەك دەکرێ، گوایە وەك چارەسەریك بۆرێکخستنی بەرهەمی کارەبا، بەلأم تائێستا جێ بەجێ نەکراوە، توانای کارەبای هەرێمی کوردستان (2600) مێگاواتە، بەلأم پێویستمان بە(3600) مێگاوات هەیە، لەکاتێکدا هەرێمی کورستان کێشەی بەرهەم هێنانی کارەبای هەیە، تەنها بە پێوەری زیرەك چارەسەناکرێت، چونکە سالأنە داخوازی لەسەر کارەبا زۆردەبێت،لەوەش سەیرتر لەم سالدا تەنانەت یەك پڕۆژەی پێشنیار کراویش دیاری نەکراوە بۆ وەزارەتی کارەبا، لەکاتێکدا ئەو هەموو پێویستیەمان هەیە، لەخشتەی پرۆژە بەردەوامەکاندا (144) پرۆژە تۆمارکراوە، دەستبەکار نەبووە لەهەولێر وسلێمانی ودهۆك، هەروەها (722) پرۆژە بە بۆشایی بەجێ هێلدراوە لەهەرسێ پارێزگاکەدا، ئەمە  بۆچی و چۆن پەرلەمان دەتوانێت چاودێری ئەو پرۆژانە بکات؟ کە کاتی جێ بەجێ نەبوونی دیارنییە، هەندێ لەپڕۆژەکانیش نووسراوە دەست بەکار نەبووە، بەلأم پارەی بۆ سەرفکراوە، پێویستە وەزارەتی پلاندانان روونکردنەوەمان بداتێ، ئەمە چۆنە؟ کاتێك دەست بەکار نەبووە، پارە سەرف دەکا، لەمادەی (2) کورتهێنان (1,684,900) یەك ترلیۆن و شەس سەد و هەشتا و چوار ملیار و نۆسەد ملیۆن دینارە، بەپێی ماددەکە چارەسەری ئەم کورتهێنانە بەوەرگرتنەوەی پارەی وەزارەتی پێشمەرگە کە لەلای حکومەتی ناوەندیە چارەسەر دەکا و هەروەها ڕێکخستنەوەی خەرجیەکان وزیادکردنی داهاتەکانە، لەکاتێکدا لەماددەی (2) لەبودجەی حکومەتی ناوەندی باسی چارەسەری کورت هێنانی بودجەی حکومەتی ناوەندی کردووە بەقەرزی ناوخۆ و دەرەکی و زیادەی بەرهەمهێنانی نەوت و زیادەی نرخی نەوت کە بەشی حکومەتی هەرێمیش لەو پارانە لە(17٪)یە، حکومەتی هەرێمیش دەتوانێ بەم شێوەیە کە حکومەتی ناوەند پڕی دەکاتەوە ئەویش پڕی بکاتەوە، نەك بەو شێوەیەی کە دیاری کردووە، خالێکی تر سالأنە ڕێژەیەك لەهاوولأتیان دادەمەزرێن بەپێچەوانەی یاساوە، کە بەپێی یاسای ژمارە (7)ی سالی (2011) ئەنجومەنی ڕاژە دەبێت پیادە بکرێت بۆدامەزراندن، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەم یاسایە جێ بەجێ ناکرێت؟ خالێکی تر  ئەوگرێبەستانەی دەکرێن هەمووی لەبەرژەوەندی کۆمپانیاکانە و دژی بەرژەوەندی سامانی گشتیە بۆ نموونە، کارخانەی جل و بەرگی سلێمانی دراوەتە کۆمپانیای شێنێ بۆ 25 سالێ  بەرانبەر بەرێژەیەك پارە بەمەرجی ئەوەی مەکینەی پیشکەوتوو بهێنێت بۆکارخانەکە و

بەردەوام بێت لە ئیشدا و (110) فەرمانبەر بمینێتەوە لەو کارخانەیە، بەلأم ئێستا ئەو کارخانەیە بووەتە مەخزەنێکی گەورەی جگەرە و فەرمانبەرەکانیش دەرکراون، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جیهان خان.

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەڤە ڕۆژا سێ یە ئەم ل ڤێرێ موناقەشا بودجێ 2013 دکەین، ئەڤە چارەمین بودجەیە ئەم موناقەشە دکەین ڤێ دەورێ دەورا پەرلەمانی یێ سێیێ، هەر ولأتەکا دونیایێ بودجێ کەم و کورتی تێدا هەبن، باوەڕ ناکەم چەند دەولەتەکا پێشکەفتی ژی بی، کەم و کورتی هەرێت هەی، ئەوجا ئەگەر مە تێبینی و تشتەك سەر بودجێ هەبیتن، ئەز بێژم ئەو ژی مانای ئەوەیە کە ئەم حەزکەین پەرلەمان و حکومەت دگەل ئێك شۆلەکێ باش بکەن ، تاکو مە بودجەیەکی باش هەبیتن، خزمەتەکا باش بۆ هەمی هاوولأتییێ کوردستانی بگەهینیتن، دێ بودجە وەزارەتا تەندروستی دەست پێ کەم، نسبەت بودجا وەزارەتا تەندروستی یا چەند مە ڕاپۆرتا خۆ دا، ئیشارەت ب هندێ کر کو بودجا وەزارەتا تەندروستی یێ کێمە، هەرچەندە ئێکەمین تەوسیا پەرلەمانی بۆ سالا 2012 کو قانونا بودجا هاتیە پەسەند کرن، ئەو بوو کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەڤ سالا گرنگیەکا پتر بدەتە کەرتێ تەندروستی، د ڕاپۆرتا وەزارەتا دارایی یێ هاتی، یەعنی ئەوانە سیاسەتا خۆ وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانی، ئیشارەت ب هندێ دای، کو ئیهتیمامەکە زێدە ب کەرتێ تەندروستی، بەس ئەم وەك لیژنا تەندروستی ئەم بینین هێشتا کێمە، چونکو ئەو نیسبە بۆ هاتیە تەرخان کرن پێنج پۆینت چل و هەشتە ژ سەدێ، ئەگەر ئەم تەشغیلی گەل ئیستیسماری جەمع بکەین، پێنج پۆینت چل و هەشتە، گەر ئەم موقارەنە بکەین گەل مەعایرێ دوەلی ب ڕەئییێ مە کێمە، علی اقل کێمترین مەعیار 7٪ بیتن، ئەم هەتا نووکە ناگەهینە 6٪، ژبەر هندێ ئەم تەئکید ل سەر وێ نوقتەی دکەین، کە پێدڤیا حکومەت ئەهمیەتەکی زێدەتر بدەتە کەرتێ ساغلەمیێ، ل ڤێرێ ژی ئەز حەز دکەم ل ڤێرێ ئیشارەت ب هندێ بکەم، کو ئەڤ ئیهتیماما وێ ئەم بەحس کەین، چونکو ب ڕاستی سیستەما تەندروستی و سیستەما ساغلەمیێ ل هەرێما کوردستانێ، هەرچەندە وەك هاوولأتی و وەك پەرلەمانتار حەتا حکومەت ب خۆ ژی بەحس دکەن کو کەم و کورتییێت د سیستەمێدا هەی، ئەگەر نەبوو ئەوان ب خۆ 2011 کۆنگرەکا نێڤ دەولەتی کرن، بۆ ئەوەی ئەم بشێن سیستەمەکی باشتر بۆ ساغلەمیێ علی اقل تەتویرەکی بێخنێ یان تەغیرەکا بێخنێ، ئەڤ سیستەمە پێدڤیا ئەگەر ئەم بەحس بکەین لازمە گەلەك خالێن گەلەك ژ وان بن، تو هەر جانبەکی بەحس بکەی سیستەمێ تەندروستی و سیستەمێ ساغلەمی بودجەیەك لازمە تو بۆ تەرخان بکەی، ئەڤ بودجێ ژی ئەگەر وێ بودجە کێم بۆ هاتیە تەرخان کرن بۆ وەزارەتا تەندروستی، ئەز بێژم وەزارەتا تەندروستی نەشێتن ئەو ختواتە ب جێهـ بینیتن، بۆ نموونە، ئەگەر ئەم بەحس بکەین لازمە ئەم سیاسەتەکا ساغلەمیێ گشتی هەبیتن، یان

سیاسەتەکا ئیقتیسادی هەبیتن، مەسەلەن هەتا نووکە مە تەئمین سەحی نینە، ئەگەر ئەم بەحسێ تەئمین سەحی بکەین، ئەڤە بودجەیەك لازمە بۆ بێتە تەرخان کرن، ئەگەر ئەم بەحسا سیاسەتا دەرمانا بکەین، مە گەلەك موشکیلە ل سەر دەرمانا هەی، حەسا مە یا هەرێما کوردستانێ حەڤدە ژ سەدێیە، ب رێك و پێکی بۆ هەرێمێ نائێتە فرێ کرن، یان درەنگ دئێت، یان هەتا دەرمان دگەهیتە ئێکسپایەرێ بۆ مە دێتە فرێ کرن، ژ بەر هندێ ئەوە بەرچاڤ بێتە وەرگرتن، ژ بلی هندێ ژی گەلەك ئەو دیێت هەی، مەسەلەن مە دڤێتن گەر ئەم حەز بکەین سیستەمەکێ وەك سیتەمێ ( فاملی مدسن) ل هەرێما کوردستانێ تەتبیق بکەین، ئەڤە ژی گەلەك پێدڤی بودجەیەکی باش بۆ وی مەوزوعی ژی، هەر جانبەکێ تو بگری سیستەما ساغلەمیێ مانەوێ تو لازمە بودجەیەك بۆ تەرخان بکەی، ئەوسا تو ئیستیشارەی کەسەکی خەبیر بکەی دێ دنیایەك پارە ژ تە تەلەب کەتن، یەعنی هەر جانبەك و هەر شتەك پێدڤیا بودجەیەکی تایبەت، ژ بەر هندێ ئەز ب ڕاستی تەئکید دکەم بودجێ وەزارەتا تەندروستی کێمە، هەروەسا دەست خۆشی ل هەر ئەندام پەرلەمانەکی ژی دکەم کو بەحسێ سیستەمێ تەندروستی کر، هەروەسا لیژنا دارایی ب خۆ بەحسێ هندێ کر ل ڕاپۆرتا خۆدا، کو ئەهمیەتەکی زێدە تر بدەنە کەرتێ ساغلەمیێ، ئەوێت تشتێ دوێ ئەز حەز دکەم بەحس بکەم، بۆچی هەتا نووکە هندەك قانون پەرلەمانا کوردستانێ دێنە پەسەند کرن، بەس حکومەت باش تەنفیز ناکەت، بۆ نموونە، قانون رقم (11) سالا 2012 تایبەتە ب نەخۆشیێ سەرەتانێ، سندوقە بۆ نەخۆشیێ سەرەتانێ، ئەڤە ئەوەل موازەنەیە دێتن مەفروز بوو حکومەت پارەیەك بۆ وێ سەندوقێ تەرخان کردبا، ل ماددێ (4) دا (المادة الرابعة/ اولاً تخصيص مبلغ من الموازنة العامة لهذا الصندوق/ ثانياً: مستحقات الصندوق من تخصيصات وزارة الصحة )ئەڤ هەردوکی نەهاتینە هەڤ قانونێ یەعنی موازەنەی ئەڤ سالا، ئەگەر مەسەلەن جواب ژی ئەو بیتن، کو ئەو 10٪ دێتە ئیستیقتاع کرن، پلەیەکی تایبەت بۆ ڤێ سەندوقێ بیتن، ب ڕاستی ئەز نابینم کو ئەڤ نوقتەی باشە، چونکە ئەو ماددەکە د قانونێدا، قابیلە بۆ موناقەشە کرن، ئیحتیمالە نەیەتە پەسەند کرن، ئیحتیمالە ئەو پارە بێتە تەرخان کرن بۆ جهەکی دی، جا ژ بەر هندێ ئەز حەز دکەم ماددەیەکی تایبەت بۆ ڤێ بێتە تەرخان کرن، پارەکێ بێتە تەخسیس کرن بۆ ڤێ سەندوقی، هەروەسا مە ژی سەندوقەکی دی هەی، ئەویش سەندوقی ژینگە، ئەو ژی قانونەکێ دیە قانون رقم (8) یێ سالا 2008 ێ، ئەڤ قانونە ژی هەتا نووکە ئەڤ سەندوقە نەهاتیە یەعنی چ پارەیەك نەچویە تێدا، قانونا پەرلەمانێ کوردستانێیە هاتیە پەسەند کرن، هەتا نوکە نەهاتیە تەنفیز کرن، ئەو ژی ( المادة العاشرة: ثالثاً/اولاً: المبالغ المخصصة من ميزانية حكومة الاقليم /ثالثاً:الاجور و الرسوم و الغرامات البيئية المستوفاة بموجب هذا القانون)یەعنی هەتا نوکە ئەڤانە نەهاتینە کرن، ئەم حەز کەین ب ڕاستی پارەیەك بێتە تەخسیس کرن بۆ ڤی سەندوقی ژی، چونکو ئەم زانین دەستا ژینگەی نەشێت شۆلێ خۆ باش ب ڕێڤە بباتن، ئەگەر ئیمکانیەتەکی باش وێ نەبیتن، هەرچەندە ژینگە ئەهمیەتا خۆیێ هەی، ئەگەر ئەم سەح کەین نووکە دەولەتێ جیهانێ هەمی ئەهمیەتەکی زێدەتر د دەنە ژینگە، چونکو ژینگە عیلاقە هەی دگەل ژیانا خەلکی، ئەگەر مە ژینگەهەکا باش هەبیتن، مانای مە خەلکی تەندروستیەکی باش هەی، مە

شارەوانیەکا باش هەی، مە شارو ئەو هەمی تشتێت باشێت هەی، چونکو ئەڤ ژینگە عەکس بیتن سەر ڤان هەمی جەوانبا، ئەڤ دەستە نەشێت باش شۆلێ خۆ بکەت، ئەگەر ئیمکانیەتێ باش ل بەر دەستێ وی نەبیتن، هەرچەندە نسبەی وان ژی گەلەك کێمە، ئەگەر موقارەنە بکەین موازەنەی ئەڤ سالا، ئەوێ هاتیە تەرخان کرن بۆ دەستا ژینگە گەلەکی کێمە، یەعنی نە دیف تموحێ وانە، ئەسلەن پتر بیتن دا بشێن شۆلێ خۆ پتربە، ئو تشتەکی دی ب نیسبەت ژینگە، هەر چەندە ماوەك لیژنا تەندروستی ژی ئەو ئیقتیراحە کری، کو پارێت وان ئەو ئیراداتێت وان بێنەسەر هەیف، چ رسومات بیتن و غەرامات بی ئێکسەر بچیت بۆ دەستە، ئیستیفادەژی لێ بکەن، چەوا وەکو وەزارەتا تەندروستی و کارەبا، کو ئیستیفادە ژ ئیراداتێت خۆ بکەن، دابشێن شۆلێت خۆ بکەن، نوقتەکا دی بەحسێ مەوزوعێ توانا سازی، نیسبەت وەزارەتا تەندروستی یان وەزارەتا ساغلەمیێ بینن کە هە می ئیستیفادێ ناکەن، ز بێ مەوزوعێ توانا سازی، ئەگەر دختۆر بن ژ ناحیا عەمەلی بێژم، ئەگەر بچنە دەولەتەکی بۆ خاندن و ئیستیفادا عەمەلی ژی نەبیتن، مانا وەیە ب ڕاستی مە چ نەکر، پێدڤیا خەلکەك ئەگەر مەسەلەن شەهادەی بینن، عەمەلیەن شێن ئەڤ شەهادە ب کار بینن، ئێجا ئیقتیراحا من ئەوەیە ل ڤێرێ ئەگەر زمنی تواناسازی هندە خەلکێ پسپۆر و خەلکی موختەس، یێ کەفائاتێت باش هەبن، حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ بینیتە ناڤ هەرێمێدا، هەم ئیستیفادە ژ خیبراتێت وان و کەفائاتێت وان بکەتن، هەم تەدریب و ترەین بۆ دختۆرێت مە و کارمەندێت مە بکەتن ل هەرێما کوردستانێ، ب نسبەت دەستەی ژینگە ژی ئەوانە ژی حەز دکەن نسبەك زێدە تر بۆ وان بێتە دان، یەعنی بۆ تنمیە قدرات، ب تایبەتی ل دهۆکێ، بێژن کو نسبەی وان گەلەك کێمە، ئەم ژی پشتگیریا وە دکەین وەك لیژنا تەندروستی، ئەڤ نسبە بۆ وانا بێتە زێدە کرن، مەوزوعەکی دی هەر ل سەر وەزارەتا ساغلەمیێ، نسبەت مەشاریعا، مەشاریعێت ئیستیسماری، گەلەکێت کێمن بۆ وەزارەتا تەندروستی، ئەز تەئکید ڤێرێ ل سەر مەوزوعێ ئەو دێ دکەم، مە دوو نەخۆشخانێت هەی ل دهۆکێ، نەخۆشخانا ویلادێ و هەروەسا یێ شێرپەنجە، هەرچەندە لیژنا مالیێ یێ بەحس کری ل تەقریرا خۆدا، فەقەرە (8) د تەقریرا لیژنا تەندروستی، بەس ئەوانا یا گوتی ل هەولێرێنە، ئەم ب خۆ ل هەولێرێ نینن، بەحسێ دهۆکێ مەیێ کری بۆ ڤان هەردوو نەخۆشخانە، ئەڤان هەردوو نەخۆشخانە هەتا نووکە نەشێن شۆل ل سەر بکەن، چونکە ئەو کارە بۆ وانە هاتیە تەخسیس کرن یێ کێمە، تایبەت ئەوێ مەرکەزێ سەرەتانی، بیست و ئێك ملیار بۆ هاتیە تەرخان کرن، یەعنی کێم ترین تەندەر چل ملیار وەرگرن، ئەز بێژم گەلەك گەلەك کێمە، ئەڤە بەرچاڤ بێتە وەرگرتن، دێ ڤێ بودجێدا کو پارەکێ زێدە بۆ بێتە تەرخان کرن، ئەڤ پرۆژە ب جێ بینن، خزمەتەکی باش بۆ خەلکی وێ مەنتەڤێ بکەن، هەرچەندە ئەڤ تشتەی تەئسیر ل سەر هندێ دکەت، کو وەزارەتا تەندروستی و ئەو دەوائیرێت سەحی بێژین، نەشێن ئیدی مەشاریعێ نوێ پێشنیار بکەن، چونکو سەر وانا حسێبن، ئەڤە سالا سێیە ئەڤ پرۆژەی دا، نەشێتن ئیدی مەشاریعا مەسەلەن پێشنیار بکەن، هەر دبێژن هێشتا خەلاس نەکرینە مە مەشروعێت خۆ، ژ بەر هندێ ئەم حەز کەین زی ترین وەخت ئەڤە بێنە ئەو دی خەلاس کەن، چونکی مەشاریعێ دیێت هەی، بۆ میسال ئەز بێژم مەنتیقا شێلادزێ،

نەخۆشخانە تێدا نینە، ئەو موحتاجن مەنتقەکا ئەم هەمی زانین سەر ب قەزا ئامێدیێ یە، زڤستانێ ئەگەر بەفر بێتن ئیدی ڕێك نابیتن هەتا ناگەنە ئامێدی ژی، یەعنی نەشێن بکەنە بودجێدا چونکو هێشتا وان مەشروعێت خۆ خەلاس نەکرینە، نەشێن هێشتا تەڵەبا پارەکێ دی بکەن، ئەڤە ب نسبەت وەزارەتا تەندروستی، دێمە سەر ئەوقاف، وەك ئەندامەکا لیژنا ئەوقاف و کاروبارێن ئاینی، ئەز حەز دکەم ئیهتیمامەکا زێدە تر بدەنە ڤێ وەزارەتێ، ب تایبەتی مە دوو ڕێڤە بەرێت هەی، ڕێڤە بەریێن گشتی کاروباری مەسیحی و ئێزدی، ئیهتیمامەکێ زێدە تر بدەنێ، چونکە ئەوە تەمسیلێ خەلکەکێ تایبەت خەلکێ مەسیحی و خەلکێ ئێزدی دکەن، کە ئەوان ژی خەلکێ ڕەسەنێ ڤێ وەلاتینە، پتر ئیهتیمام بدەنێ، بودجەکا باش بۆ تەخسیس بکەن، نەسریەکا باش دا بشێن چالاکیێ خۆ بکەن، هەروەسا ب نسبەت کارمەندێ وان بێنە تەعین کرن، هەروەسا بۆ مەشاریعێت ئیستیسماری، هەرچەندە ئەڤ ساڵ ژ ساڵێن بوری باشتر بوو ب نسبەت مەشاریعێ ئیستیسماری، چەند مەشروعەکێ هاتینە تەرخان کرن بۆ مەسیحی و ئێزدی، بەس ل ڤێرێ غەلەتیەکا هەی هێڤی دارم ژ جەنابێ وەزیرێ تەختیتێ ئەگەر بۆمە تەوزیحەك بداتن، بۆچی خاڵ پازدەیە ل ئەوقافا دهۆکێ، هاتیە دروست کرنی کەنیسەی (کاثولیك مار پۆلس) تەبعەن ئەو پارە بۆ هاتیە تەرخان کرن، پێنج ملیارو پێنج سەدو سی و سێ ملیۆنە، ئەڤ ساڵ دوو ملیارە، ئەڤە ب خۆ ئەڤە سەر دهۆکێ نینە، ئەڤە دیف داخازیا وانە وەك ڕێڤەبەریا گشتی یی کاروبارێن مەسیحی، ئەڤە بۆ هەولێر و عەنکاوەیە، ئێجا بۆچی ئەڤ ل دەڤەرێ هەی، ئەڤ خەلەتیە، ئەگەر بشێن حەلەك بۆ ببینن بەری موازەنە بێتە تەسدیق کرن، تشتێ ئەخیر من دبێژم ئەز پشتگیری کاك جلالی دکەم بۆ ئەو پێشنیارێت وی کرن، نسبەت کشتوکاڵی ب ڕاستی کەرتێ کشتوکاڵ ژی گەلەك گرنگە، ئەم باوەڕناکەم ئەندام پەرلەمان حەزکەن کەرتی کشتوکاڵی بگەهیتە مستەوایەکی گەلەك باش د هەرێما کوردستانێدا، ژ بەر هندێ ئەز جارەکا دی پشتگیری پێشنیارێت کاك جلالی دکەم، گەلەك مەمنون.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵیزار خان.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی دەکەم، کە ماندووبوونێکی بەرچاو بەڕاپۆرتەکەیانەوە دیارە، خاڵێکی ئیجابی بودجە ئەوەیە کە ئەمساڵ حکومەت بودجەی لەکاتێکی باشدا ناردووە بۆ پەرلەمان کە ئەوەش جێگای دەستخۆشییە، لە پرۆژە بەردەوامەکاندا هاتووە دروستکردنی پردی کلاو سووران، ئەگەر پردەکە لەناو گوندەکە بێ گرفتێکمان نییە، بەڵام ئەگەر ئەو پردە بێ کە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکی سلێمانی ئەوە لە زمنی جادەکە دایە کە ئێستا دووساید دەکرێ و پێویست بەوە ناکات بودجەی بۆ دابندرێ، پردی سەرکەپکان، پاریش لە پرۆژە بەردەوامەکاندا هاتبوو، بەڵام هەتا ئێستا دەستی پێ نەکراوە، سەبارەت بە دروستکردنی قوتابخانە داوا دەکەم کە لە نۆ پۆلی کەمتر نەبێ، چونکە لەپرۆژەکاندا شەش پۆلی و چوار

پۆلیشی تێدایە، کە من لەگەڵ ئەوە دانیم، چاککردنی ڕێگای سەرکەپکان، پڵێنگان لەپارەوە تەواو بووە، بۆچی ئەو ساڵیش پارەی بۆ تەرخانکراوە؟ هاتۆتەوە پێویستە حکومەتی هەرێم زۆر بەجدی هەوڵبدات بەشێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە مەسەلەی کەم بوونەوەی بودجەی هەرێم بەهۆی زیاد بوونی خەرجییە سیادییەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، داوا دەکەم کە بڕی شمەك و خزمەت و چاککردن و سوودە کۆمەڵایەتییەکان، خەرجییەکانی تر، مەوجوداتی نادارایی کەم بکرێتەوە، چونکە زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت، پێویستە دامەزراندن و مووچەو دەرماڵە بەسیستەمێکی باشتر ڕێك بخرێ و سوودی تەواو لەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران وەر بگیرێ و بەشێوازی دابەشکردنیان بەسەر فەرمانگەکان بەهاوسەنگی بێ، پەلە بکرێ لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە هەتا ئەو کاتەش شێوازی دامەزراندن بگۆردرێ، لەلیژنەکانی پارێزگاکانەوە بۆ شێوازێکی تر کە هەر وەزارەتێك بۆ خۆی ڕاستەوخۆ ڕایبگەیەنێ و دایان بمەزرێنێ، بۆ ئەوەی حکومەتی فیدڕاڵی عێراق تاکە سەرچاوەی داهات و بودجەی هەرێم نەبێ، پێویستە حکومەتی هەرێم زیاتر گرینگی بدا بە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازییەکان و گەشت و گوزار و هاندانی وەبەرهێنەران لەم بوارانەدا، هەوڵی ئەوە بدا داهاتی ناوخۆیی زیاد بکا و کار بکا بۆ بەرەو سەربەخۆیی ئابووری، بودجەی وەزارەتی ئەوقاف ڕێژەی (0,86٪) بودجەی هەرێمە، لەکۆی (21) وەزارەت و دەستە و فەرمانگەی هەرێم، بە پلەی نۆزدەهەمین دێ، لەگەڵ گرینگی ئەو وەزارەتە لەرووی پاراستنی گیانی بەیەکەوە ژیان و نەهێشتنی توندوتیژی و هێزی ناوەندا ناگونجێ، بۆیە پێویستە ڕۆڵ و پێگەی ئەم وەزارەتە لەبەرچاو بگیرێ، پاش ئەوەی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکان کۆدەبێتەوە و بڕیار لەسەر بودجەیەك دەدا، بەڵام لەدواییدا بێ ڕەزامەندی وەزارەتەکان دەستکاری دەکرێت، پارەکەیان کەم دەکرێتەوە، لەوەی کە هەموویان ئیتیفاقیان لەسەر کردووە بۆنموونە، ئەمساڵیش لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف روویداوە، داوادەکەم بڕی بودجەی بەکاربەری ئەوقاف بگەڕێندرێتەوە کە بریتییە لە (109,750) سەد و نۆ ملیار و حەفت سەد و پەنجا ملیۆن دینار، هەروەها ئەو ژمارەیەی کە بۆ دامەزراندن لەسەری ڕێککەوت بوون کە (500) پلە بوو، ئیستا کراوە بە (400) پلە، وەزارەتی ئەوقاف نزیکەی (8,500) هەشت ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار قەرزاری پارەی کارەبایە، ساڵ بە ساڵیش ئەم پارەیە زیاد دەبێ، پێویستە حکومەت ئەم کێشەیە چارەسەر بکات بەزیادکردنی بڕەکە لە بودجەی بەکاربەردا، لەبەر ئەوەی مامۆستایانی ئاینی لەمزگەوتەکان کاتی دەوام کردنیان زۆر زۆرە، زۆرترە لە هەرفەرمانبەرێکی تری حکومەت، فەرمانبەری تر ئەگەر سەعاتێك زیاتر کاربکات پارەی ئیزافی دەدرێتێ، بەڵام مامۆستایانی ئاینی هەموو حەفتەکە لەکاردان، پشوو، جەژن و هەینی و هەموو ڕۆژەکانیان گیراوە، بۆیە داوادەکەم دەرماڵەیەکیان بۆ دابندرێ کە پاریش لە ڕاستپاردەکان چەسپێندرا، ئەمساڵیش لە بەغدا دەرماڵەی لە (20٪)یان پێدەدرێت، داوادەکەم پەیمانگایەکی تەکنیکی بەگشت بەشەکانییەوە بکرێتەوە لەڕانییە، لەبەر ئەوەی هەرچی لەسنووری ڕانییە دایە ناوی لە مەحافەزەکان و قەزاکانی تر دێتەوە، کە ئەمەش باری هاووڵاتیانی قوورس کردووە، هەروەك ئاشکرایە قەزای ڕانییە لەوەتەی بووەتە ئیدارە سنووری دەستەڵاتی فراوان بووە و پێویستییەکی

هەنووکەیی بەو پەیمانگایە هەیە، ڕانییە یەك شارەوانی هەیە و پێویستە بکرێ بە دوو شارەوانی، شارەوانی ڕۆژهەڵات و شارەوانی ڕۆژئاوا، بۆ کار ئاسانکردنی هاووڵاتیان، گوندەکانی دەوروبەری ناحییەی بنگرد هەتاوەکو ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، لە هەمان کاتدا ئەم گوندانە لانکەی شۆڕش و کوردایەتی بوون، لە هەرگوندێك دەکۆڵیتەوە داستانێکی تێدا تۆمارکراوە، بەڵام هەتا ئێستا زۆربەی گوندەکان جادەشیان نییە، لەوانە گوندی کانی دووکەتن کە چەندجار ماڵیان سووتاوە و خانوویان رووخاوە، تەنانەت جادەشیان نییە، ئافرەتانی پێشمەرگە و شۆڕشگێر، لەسەدەمی ڕژێمی بەعسدا هاوکار و پاڵپشتی پیاوان بوون، بەڕاستی ئەو دەوەرەی کە ئەو ئافرەتانە گێڕاویانە شان بەشانی خەباتی پیاوەکانە، بەڵام بەداخەوە هەتاوەکو ئێستاکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ئازادییەی کە هەمانە، لەگەڵ ئەو هەرێمەی کە هەمانە، لەگەڵ ئەو بودجەی کە هەمانە، خاوەنی بودجە و پارەی خۆمانین ئاوڕێکی لەو ئافرەتانە نەداوەتەوە و خانەنشیینییەك بەڕەوای ئەوانە بزانێت، هەندێك خەڵك بۆ کراوە، بەڵام زۆر بە ناعەدالەتی، هی واهەیە بۆ تاکە ڕۆژێکیش، یەك سەعاتیش خەباتی شاخی نەبینیوە، بەڵام بۆی کراوە، ئەوەشی کە بۆی کراوە (30) هەزار دینارە مانگانە، بەڕاستی شایەنی باسکردن نییە، لەشان و شکۆی ئەو ئافرەتانە، ئەو ژنانە ناوەشێتەوە، کاتێك کە لەشاخ بوون هی وا هەبوو چەکی هەڵگرتبوو، ئەوی تر نانی دەدا بە پێشمەرگە، ئەوەی کە لەشار بوو لەژێر عەبایەکەی ئەو فیشەك و تەقەمەنی و خواردن دەڕۆیی بۆ پێشمەرگە، بەڵام هەتا ئێستا ئاوەڕێك لەو ژنانە نەدراوەتەوە، بۆیە داوادەکەم لەحکومەتی کوردستان، لە وەزارەتی پێشمەرگە، لەوەزارەتی دارایی کە خەمی ئەو حاڵە بخوا، مووچەیەکی قابیل بە خەباتی خۆیان بۆ دابین بکرێ، کە شان بەشانی برا پێشمەرگەکان مووچەی ئەوانیش وەکو ئەوان بێ، ئێمە ئەوە ئەمساڵ سێ ساڵە لەم مینبەرە داوادەکەین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، داوادەکەین لەوەزارەتی تەندروستی کە ئەم نەخۆشانەی لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن پەنا بۆ خەڵکی خێرخواز دەبەن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان لەبەر کەمدرامەتی، دیسان ئەو ساڵیش دەیڵێمەوە، داوادەکەم کە لەوەزارەتی تەندروستی سەندوقێك بۆ ئەوانە دابندرێ، بۆ هاوکاریکردنیان بۆ ئەوەی هیچی تر لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن عەزابی نەفسی نەکێشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بناڤێ خودێ مەزن ودلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ کوردستانێ.**

تێبینێن من دێ لسەر دوو تەوەرا بێت:ـــ

1- یاسا بودجە سالا 2013.

2- ڕاپۆرتا حکومەتێ.

یا یەکێ د یاسایا بودجەیا هەرێمێ دا یا سالا 2013 تەبعەن ئەگەر بەرێ خۆ بدەینێ چەندین مادده نەهاتینە جێ بە جێ کرن، پار سالێ (9) مادده و برگە نەهاتینە جێ بەجێ کرن، بۆیە ئەز داخازێ دکەم بەرێز وەزیرێ دارایی بەرسڤا لسەر بداتن، بۆچی هەتا نووکە ئەڤ مادده نە هاتینە جێ بەجێ کرن؟ ماددەی (18 و 22 و 24 و 25 و 34 و 36 و 39)، ئەگەر هەموو سالەکێ ئەڤە حالێ بیت ئایا هەبوونا ڤان ماددەیا و برگەیا بۆ چی یە؟ بۆچیە جارەکا دی دووبارە ببیتن ئەڤ سالێشدا؟

دوو، تێبینی لسەر ستراتیجیەتا حکومەتێ:ـ

بقەناعەتا من ئەڤ خالێن هاتینە ڕێزبەندکرن نە ستراتیژن، بەلێ نزیکی ژ بەرنامێ هەلبژارتنا یان ژی وەك دروشم هاتینە ریزبەند کرن، خۆ د هەمی ولاتاندا حکومەتێ سیاسیەتا دارایا دارشتیا خۆ هەی، کو دڤێتن سەر هندەك خالا بێتە ریزبەند کرن بۆ نموونە، إسقرار ئابوری و گەشەپێدان، خۆشگوزەرانیا ژیانا هاوولاتیان و باشترکرنا خزمەتگوزریان، کێم کرنا زێدەڕۆیێ، چاڤدێریەکا زۆر باش، ڕوونی. هەر وەسا دڤێت ڤێ سیاسەتا داراییا گشتیدا رۆئیە هەبیتن، کو ئەڤە بۆ نموونە، ڕێڤەبرنەکا دارایی یا ڕێك و پێك کو کار لسەر ئیستیقرار دارایی و ئابووری بکات و باشترکرنا ژیانا هاوولاتیان، هەر وەسا دڤێتن پەیام ژی هەبێتن کو بڤی شێوەیە بیتن :

بلند کرنا ئاستێ میکانزمێن ڕێڤەبرنا داراییا گشتی و ئاستێ پێشکێشکرنا خزمەتان، هەروەسا دڤێت ڤێ سیاسەتێندا قیەم ژی هەبن، وەکو (ئینتیما ، پێشکەفتنا بەردەوام ، ڕوونی، پلانا دروست، تەمەییز)، بەڕێزان، ئێك ژ ڤۆناغێن ڕێڤەبرنا ستراتیجی (هەلسەنگاندنا ئەدائێ یە، بەلێ ئەڤا ئەم دبینین رۆژ ل دیڤ رۆژێ بێ ڕاوەستیان کار تێنە کرن، کۆ بقەناعەتا من یا فرە ڕاوەستیان هەبن ، دا ئەم بزانین ئەنجامێن کارێن حکومەتێ، خالێن هێزێ و لاوازیێ چنە؟، دەرفەت و تحدیات ل بەردەم چنە، بەلێ ئەڤێ چەندێ ئەم نابینین، ئەز دبێژم حکومەتا هەرێمێ دڤێت هندەك ئەولەویات هەبن ، بۆ نموونە، پێش ئێخستنا سیستەمێ ڕێڤە برنا داراییا گشتی لسەر ئاستی حکومەتێ، پلانەکا دیاریکری بۆ کێم کرنا ڕێژەیا نەفەقاتێن تەشغیلی، پێدا چوون لسەر سیستەمێ دامەزراندنێ و خانەنیشینێ، ترشید الإستهلاك، چاڤدێری،بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی، ئەز پرسیارێ ل حکومەتێ دکەم، ئەرێ چاوا و چی شێواز کەرتێ تایبەت دێ هێتە کارا کرن؟ ئایا هەتا نۆکە حکومەتێ چی پێنگاڤ هاڤێتینە بۆ ڤێ مەرەمێ؟ سەبارەت گرنگی دان ب داهاتێ نافخۆ، ئەرێ بۆچی هەتاوەکو نوکە گرنگی پێ نەدایە ؟ و بۆچی داهاتێ نافخۆ سالێ بۆ سالێ جیاوازی هەیە و کێم دبێتن؟ بۆیە داخازا ڕونکرنێ دکەم ژبۆ ئەگەرێن کێمبوونا داهاتێ نافخۆ، ب رەئیا من ئێکەم پێنگاڤ بۆ گرنگیدان ب داهاتی نافخۆ ڕوونیا ڤێ داهاتیە، پلان بۆ گەشە پێدانا ڤێ داهاتی، بتایبەت شارەوانی، کارەبا، کەرتێ گەشتیاری، پیشەسازی، کشتوکالێ، بەڕێزان، ولاتێ مە بەری 50 سالا بەڕێژا 66٪ ژیانا خەلکی وی لسەر کشتوکالی بوو ، بەلێ ئەڤرۆکە ئەڤ ڕێژەیە یا 16٪ یە د دەمەکی دا حکومەتێ پلانەکا 4 سالیا هەی، ژبۆ کەرتێ کشتوکالی، بەلێ لسەر عەردی یا دیار نینە، پێتڤی یە تەعامولەکا عەقلانی و مسئولانە د گەل داهاتێ نەفت و گازێ دا بێتە کرنێ، چونکە ئەڤە 4 سالە لڤی

پەرلەمانی داخازا ڕوونیا ڤی داهاتی تێتە کرنێ، ئەز دبێژم وەختی هاتی کۆ ئەڤ کەیسە بێتە ئاشکرا کرن، ل ئاستەکێ دیاری کری و دیر ل چاڤێن ڕاگەهاندنێ، هەرێما کوردستانێ خودانا بودجەکا باشە یا داهاتی نەفت و غازێ، بەلێ نەیا تۆمار کریە د یاسایا بودجێ دا، بەلێ ل ڤێرێ بۆ پرۆژێن جودان جودا وەك بەخشین و ب میزاج تێنە دابەشکرن، ب ناڤێ پاڵپشتیکرنا قوتابیان ل زانکۆیێ، تەبعەن ئەڤەژی دێرەش دناڤ بودجێ هەرێمێدا، سەبارەت هەوڵدانا حکومەتێ بۆ کاراکرنا ڕولێ بانکادا بۆ دانا قەرزا، بۆچی هەتا نوکە نە هاتیە کرنێ؟ ب بۆچۆنا من کارا کرنا بەنکا کلیلکە بۆ کێم کرنا بارگرانیێ لسەر حکومەتی، چونکە گشت جۆرێن قەرزی دێ ب ڕێکا بەنکان، دێ هێنە دابین کرن، ئەڤە دبێتە کار ئاسانییەك بۆ حکومەتێ و هاووڵاتیان ژی، زێدەڕەوی د بودجێ دا، براستی ئەم چاڤەڕێ بووین حکومەت پلانەکێ بۆ مە پێشکێش بکەت ژ بۆ چارەسەرکرنا ڤێ کێشێ، بەلێ مە نەدیت، بەڕێزان، پرسیار هاتە کرن، نهێنیا پێشکەفتنا ولاتێ یابانێ چی بوو گۆتن (مە ڕێزگرتنا ئیمبراتۆری و دەستهەلاتا وەزیری و حەسانەتا دیبلوماتکاری مە دایە مامۆستای)، لبەر هندێ ئەڤ پێشکەفتنا هەبوویا، پێشکەفتنا هەر وڵاتەکی یا دستسەمێ پەروەردێ دا ، بویە دڤێت لێزڤڕینەکا دڤی واری دا بێتە کرن، وەکو مامۆستا و وەکو سیستەمێ خوێندنێ گشتیدا، من دڤێت ڤێرێ ئەز بەحسێ هەڵەتا نیشتیمانیا ئاڤا کرنا قوتابخانا بکەم، کو ئەڤە سالا چارێ یە برەکی دیاری کری تێتە تەرخان کرن، بەلێ هەتا نوکە مە نەدیتییە ڕاپۆرتەك بێتە پێشکەش کرن، ئەم تێدا ببینین، بدرێژاهیا ڤان چار سالان چەند قوتابخانە هاتینە ئاڤا کرن و چەندێن دی ژ بوارێ جێ بەجێ کرنێ دانە؟ بۆ ئاگەهداریا وێ بەڕێز رێژەیا زێدەتر ژ 80٪ ژ قوتابخانا ڤی وڵاتی دوو دەوامینە، تەبعەن پێتڤیا کوردستانێ پتری (3000) قوتابخانە تەبعەن پێتڤییە، بۆ پارێزگایێ دهۆکێ نێزیکی 200 قوتابخانە ئەم پێدڤینە، سەبارەت بە بابەتێ بەخشین کو برێ 672 ملیارە بۆ بانکێن حکومی و فرۆکە خانە و شارەوانییا هاتییە، کۆ داهاتێ وان ژ خەرجیان زێدە ترە ، ئەرێ حکومەتێ چ پلان دانایە؟ کو ئەڤ کەرتە خۆ ب ڕێڤە ببەن، تەبعەن ببێتە خودان داهات و بەرهەم، د خشتەیا ژمارە 16 دا د ڕاپۆرتا حکومەتێ دا هاتیە کو برێ 46 ملیار دینار بۆ رێکخراوێن زانستی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوێن دیتر هاتیە تەرخانکرن، ئەز داخازا ڕونکرنێ دکەم لسەر ڤی بابەتی و ژمارا ڤان ڕێکخراوا بۆ مە بێتە دیارکرن، د هەمان وەخت دا د خشتەیێ ژمارە 17 برێ 200 ملیار دینارا بۆ حزب و سەندیکا و یەکێتی و ڕێکخراوا جارەکا دی هاتییە تەخسیس کرن، کۆ ئەڤە ژی پێتڤی برونکرنێ هەیە؟ چ پێڤەر تەبعەن ئەڤ برە پارە دێتە دابەشکرن، ئەو رێکخراو کینە کو ڤێرە جارەکا دی دووبارە بوون، ئایا پێوەرێن دابەشکرنێ چۆنە ئەو چو و ڕێکخراون دووبارە بووین . سەبارەت برە پارەیێ تەرخانکری بۆ کەرتێ سەربازی جهێ لسەر ڕاوەستانێ یە، کۆ برێ 3,523,347 سێ ترلیۆن و پێنج سەد و بیست و سێ ملیار و سێ سەد و چل و حەوت ملیۆن دینار هاتینە تەرخان کرن بۆ ڤی کەرتێ، د هەمان وەختدا کۆما تەرخانکری بۆ وارێ کشتوکاڵ، ئاڤەدانکرن، پیشەسازی، ساخلەمی ... گەلەکی تر، هەمی پێکڤە دبیتە 2,828,063 دوو ترلیۆن و هەشت سەد و بیست و هەشت ملیار و شەست و سێ ملیۆن دینارە کۆ ئەڤەژی وێ ڕاستیێ نیشان دداتن

کۆ بودجەیا هەرێمی نەیا هەماهەنگە و نە عادلانە یە و د بیتە ئەگەرێ پاشڤەمانا ژێرخانا ئابووری و خزمەتان. زۆریا ژمارا فەرمانبەرا لایەکیڤە و نەعەدالەتی و نەبونا دەرفەتێن وەك هەڤ بۆ گشت هاوولاٚتیان و هەبوونا میزاجی و دامەزراندنا دەرڤەی یاسایا بودجێدا گرنگترین سیمایێن پرۆسێسا دامەزراندنێ نە ل هەرێما کوردستانێ، سالێ بۆ سالێ دامەزراندن نییە، هەی، ئەرێ سالێ بۆ سالێ خانەنشین کرن ژ هندك نییە؟ بۆیە ئەڤ کەیسە هەمی پێتڤی ب مراجعە کرنێ هەیە، بۆ نموونە: لسەر نەبوونا دەرفەتێن یەکسان بۆ هاولاٚتیان بەتایبەتی بۆ کەرتێ سەربازی، خاڵەکا دی کۆ من دڤێتن باسێ لێ بکەم، شەپرزەیا حکومەتێ د وارێ جێ بەجێ کرنا پرۆژێن وەبەرهێنانێ دا و نەشیانا وێ بۆ جێ بەجێ کرنا پرۆژێیان کۆ بتنێ شیانا 47٪ هەیە کو ئەڤە دێ بێتە ئەگەرێ پاشڤەمانا ئاڤا کرنا ژێر خانا یا ولاٚتی، سالاٚنە پرۆژێن نوێ، سالاٚنە بودجەکا نوێ، سالێ بۆ سالێ تەئخیر بوون، کۆ ماوێ هندەك پرۆژان نڤیسیە 350 رۆژ هەتا 400 ڕۆژ ، بەلێ هیچ پێگیری پێ نەهاتیە کرن، لاوازی د جێ بەجێ کرنێ دا و لاوازی دیڤچونێدا بۆ پرۆژان کۆ ئەڤە دبیتە ئەگەرێ بێزار کرن و بێ ئومێد کرنا هاوولاٚتیان، لڤێرێ پێتڤیە ڕاوەستیانەك لسەر ڤی بابەتی هەبیتن، چونکە سالێ بۆ سالێ ئەنجام هێشتایێ لسەر کاغەزێنە و خەلك نابینیتن لسەر عاردی، دروستکرنا 5000 یەکەیێن ئاکنجی بوونێ بۆ هاولاٚتێن کێم دەرامەت، ئەڤە چەند سالە بەحس لێ تێتە کرن بەلێ هێشتا هندەکا دەست پێ کری و هندەك دەست پێ نەکریە و هندەك ژی ئەساسن، دەمەکی دا کۆ ل هەرێما کوردستانێ (42000) کرێچی هەنە،. ئەگەر بەحسێ هندەك پرۆژێن پارێزگەها دهۆك بکەم وەك نموونە، ڕێکێن نافخۆ ل سنوری قەزا ئامێدیێ و تا سیریێ، یەعنی رێگا و بان تەبعەن خۆی پرۆژێن سالاٚ 2004 نە هەتا نوۆکە دروست دماهی نەهاتینە، ماستەرپلانا چیایێ زاوا، پارکا گشتی ل زاخۆ و ئامێدیێ، دەرگەهێ ئامێدیێ، ئەڤە هەمی پرۆژێن سالاٚ 2010 هەتاوەکو نووکە لسەر کاغەزێنە، هەروسا بەنداوێن گەلیێ زەنتە و کەلێنیێ و باڵندا کۆ پرۆژێن سالاٚ 2010 نە، (2) تونێلێن زاخۆ کۆ د ئەڤەژی پرۆژەێن 2011، ئەڤە هندێکن ژ گەلەکان، تەبعەن من دڤێتن بۆ بەرێزان، بێتە بەرچاڤ کرن، بۆیە ڤێرێ ئەز بۆ بەرێز وەزیرێ پلاندانانێ ڤێ پێشنیارێ پێشکەش دکەم، کو ئەو ژی دڤێتن ئەڤ تشتە ڤێ بواریدا بێتە چارەسەر کرن، پێشنیارا من ئەڤەیە، دابەشکرنا بودجەیا وەبەرهێنان ببیتە دوو بەش:

1- پرۆژێن پێنج سالی، ئەڤە بەشێك بیت و دیاری کری بیت و لیستەکا وازح بیتن.

2- پرۆژێن یەك سالی، تەبعەن ئەڤە بۆ باشتر کرنا جێ بەجێ کرنێ، هەروسا داخازا دکەم بڕە پارەیەك بۆ خەستەخانا 50 پەنجە شێرێ ل دهۆکێ بێتە زێدە کرن، چونکە ئەڤە چەندین سالە بەحس لێ دکەین، بەرێ ل بەر کەمیا پارێ وێ نەچووتە بوارێ جێ بەجێ کرنادا، ل دوماهیێ من دڤێتن لسەر خالاٚکی ئەساس ڕاوەستم کو ئەو ژی ئەو پرۆژێن خزمەتگوزاری یێن دەڤەرێن زممار و شەنگار و شێخان کۆ بەراستی زۆر کێمن، خەلکی وان دەڤەرا گەلەك گلیە و گازاندان ل حکومەتا هەرێمێ دکەتن، هەرچەندە چاڤێت وا ل مە بێتن ئەم گەلەك چاڤەرێ وان بکەین و پشتیوانیا لێ دکەین، ل دیاراکا هەمی سالاٚ بڕە پارەیەك تێتە تەرخانکرن بۆ دەڤەرێن کوردستانی ل دەڤەری هەرێما کوردستانێ، بۆ ئاگەهداریا ئێوەیێ

بەڕێز ژمارا ئاكنجیبوویێن   ل  زممار 150 هەزار كەسن، شنگار 132 هەزار كەسن، شێخان 45 هەزار كەسن، بۆیە ئەز داخاز دكەم ئەڤ ساڵە هندەك پرۆژە ل وان دەڤەرا بێنە جێ بەجێ كرن بتایبەت قوتابخانێن ب زمانێ كوردی و ، هەروسا وەرگرتنا قوتابیان لە زانكۆیێن هەرێما كوردستانێ، ل دماهیكێ من دڤێتن   ئەڤێ چەندێ بێژم كو ل سەر چەندین كەم و كاسیا مە گوتین، بەرێ مە هەڤالا مە گوتین ئەز داخواز دكەم و پێشنیار دكەم لیژنەیەك بێتە دەستنیشان كرن بۆ ماوەیەكی دیاری كری و دیڤ چوونەكێ بۆ ڤێ بودجێ هەمی بكات و ئەڤ خالێت لاواز تێدا بێنە چارەسەر كرن، ژ بۆ هەندێ كە بشێن پتر خزمەتەكی بۆ خەلكی خۆیا خۆش تڤی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینییەكانی من لەسەر پڕۆژە یاسای بودجەی 2013، سەرەتا لەسەر ڕاپۆرتەكەی لیژنەی دارایی، كە وەكو لیژنەیەكی پەرلەمانی من ڕەخنەم هەیە لەڕاپۆرتەكەیان، بەڕاستی ڕاستە ماندوبوونی پێوە دیارە، بەڵام ماندوو بوونەكە زیاتر بۆ دووبارەكردنەوەی ئەو ژمارانەیە وەكو یەكێ لە برادەران باسی كرد، تەنها (20)لاپەڕە تەرخانكراوە بۆ دوویارەكردنەوەی ژمارەكان و نووسینی بە ڕێنووس، بەڵام ئەو ڕەخنانەی كە نووسیویانە ڕاستە، هەمووی ڕەخنەی بنیات نەرە، ڕەخنەیەكە كە پێویستە ئاراستەی وەزارەتی دارایی و حكومەت بكرێ لەسەر بودجە، بەڵام شێوازی تەرح كردنەكەی ئەوان شێوازێك نییە وەكو لیژنەیەكی پەرلەمانی، بەڵكو داوایان كردووە لەداهاتوودا ئەمانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، ئەی بۆ بودجەی (2013) قسەی ئێوە چییە؟ وەكو لیژنەیەكی پەرلەمانی، ئەو خاڵانەی یا بڵێین ئەو ستراتیجەی كە حكومەت ڕاپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی باسی كردووە كە خۆیان كۆمەڵێك قەیرانی ئابووری باس دەكەن، كۆمەڵێك كێشە و كەم و كوڕی دارایی باس دەكەن، كە ئەوە بەڕای من بەسە بۆ ئەوەی هەموومان لەسەر ئەوە كۆك بین كە ئەم بودجەیە كە بودجەی (2013) كەم و كوڕی گەورەی تێدایە، پێویستە ئێمەی پەرلەمانتار لە ئاستی ئەو چاودێریە دابین كە ئەم بودجەیە بگێرینەوە بۆ ئەوەی حكومەت ئەو كەم و كوڕیانە كە دەستنیشان دەكرێ لەم دانیشتنانەی پەرلەماندا، كە كاتی زۆری پەرلەمان دەبا و پەلەرلەمانتاران هەموویان خۆیان ماندوو دەكەن هەرخەلەل و كەم و كوڕییەك هەبێ دەستنیشانی دەكەن، لەپێناوی چی؟ لەپێناوی باشتر كردنی بودجەكە و ئاراستەكردنی بەشێوازێك كە خزمەت بە سەرجەم كۆمەڵانی خەڵك بكا، بۆیە ئەو پێشنیارە لەسەرەتا دەخەمە روو كە بودجەكە پێویستە لەبەر ئەو كەم و كوڕیانە بگێردرێتەوە، حكومەت چارەسەری بكا، خاڵێكی تر بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری ئێمە دەزانین وەزارەتی دارایی و ئابووری وەك وەزارەتێك كە بە بانك دادەندرێ بۆ حكومەت، واتە وەزارەتێكە دەوری

بانك دەبینێت، تا ئێستا ئێمە نازانین ڕەسیدی ئەم وەزارەتە چییە؟ ئەو كێشەی نەبوونی پارە و سیولەیە كە ئێستا لە بانكەكانی هەرێمی كوردستانە كە بێگومان بانكەكان سەر بەوەزارەتی داراین، تا ئێستا روونكردنەوەیەكی پێویست یان پەرلەمان بەرچاوروون نییە لەوەی ئەو كێشەیە لەچییەوە سەری هەڵداوە؟ چونكە بەپێی ستاندەرەكان دەبێ هەموو بانكێك بارمتەی خۆی هەبێ، ئەگەر لە 10٪ بۆ 25٪ بەپێی ستاندارتە جیهانییەكان، دەبێ هەموو بانكێك ئەو بڕەی هەبێ بەهیچ شێوازێك كە بانكێك ناكرێ كە بڵێین سیولەی نییە، یان پارەی تێدانییە، لەبابی داهاتەكاندا بەهیچ شێوازێك ئاماژە نەكراوە بە حیساباتی مودەوەر كە ئەم حیساباتە دەبێتە داهاتێك بۆ حكومەت بۆ ساڵی ئایندە، لەناو بودجەدا باس لە بانكی پیشەسازی و خانووبەرە و ئەم جۆرانە دەكرێ، ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئەمانە ناویان بانكە دەبێ هەموویان بارمتەیان هەبێ، بەڵام زۆرجار ئەم شوێنانە كە سلفە دەدەن بە خەڵك چ سلفەی پیشەسازی بێ یان خانووبەرە، هەموویان لەشێوەی سندوقێك دەچێ كە لەرێی ئەم سندوقەوە ئەوان سلفەكان دەدەن بە حكومەت، بەبێ ئەوەی دیاربێ كە ئایا ئەم سلفانە ئەو تەخسیسەی بۆیان دەكرێ ساڵانە چەندی لێ دەگەڕێتەوە؟ ئەو حیسابە ڕاستە دیاری كراوە كە چەند كەس سوودمەند بووە؟ بەڵام نەوتراوە ئەوانەی كە دەگەڕێتەوە، ئێمە دەزانین ئەمە قەرزە كە دەدرێ بە هاووڵاتیان، پێم وایە لەساڵی (2008)ەوە ئەم سلفانە دەست پێكراوە، لەدوای شەش مانگەوە ئەو هاووڵاتییەی كە سوودمەند دەبێ بیگێڕێتەوە، ئەمانە هەمووی دەبێتە داهات، بەڵام بە هیچ شێوازێ ئاماژەی پێنەكراوە، بودجەی ئیستیسماری لە بەغدا كاتێك كە نێردراوە و لەوێ تەسدیق كراوە حیسەی حكومەتی هەرێم، (5,400,847) پێنج ترلیۆن و چوار سەد ملیار و هەشت سەد و چل و حەوت ملیۆن بووە، بەڵام ئێستا كە نێردراوە لە كوردستان كراوە بە (5,333,791) پێنج ترلیۆن و سێ سەد و سی و سێ ملیار و حەوت سەد و نەوەد و یەك ملیۆن، داوا دەكەم وەزارەتی دارایی روونكردنەوەی پێویست بدا بۆچی لێرە ئەم بڕەی دابەزاندووە، زۆر باس لە سیاسەتی ئابووری حكومەت دەكرێ و ئەو ڕاپۆرتەی كە ئەمساڵ وەزارەتی دارایی ناردوویەتی بۆ پەرلەمان زۆر خاڵی باس كردووە لەو خاڵانەی كە قەیران و گرفتن كە دەبێ ئێمە وەكو پەرلەمان قسەی جدی لەسەر بكەین، دەبێ حكومەتیش وەڵامی پێویستمان بداتەوە، بەپێی ڕاپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی كە باس لە داهات دەكا، وەكو تەوسییە باس دەكا، دەڵێ دەبێ جگە لە نەوت گرینگی بدەین بە كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، بەڵام ئێمە پێمان وایە كە ئەگەر حكومەت ستراتیجی هەبێ، ئەگەر حكومەت بیەوێ پلانێكی هەبێ بۆ گرینگیدان بە زیادكردنی داهاتی ناوخۆیی دەبێ ئەوە بەدەر بكەوێ لەو بودجەیەی كە خۆی ناردوویەتی، بەڵام بەداخەوە بەهیچ شێوازێك ئەوە نابینین، ئەو ڕەخنەی كە ئاڕاستەی ئەو تەرخانكراوە دەكرێ كە بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و گەشەكردنی كشتوكاڵ لەهەرێمی كوردستان و هەروەها پیشەسازی و گەشتیاری كە ئەم سێ سێكتەرە خۆی بە تەحدید باسی لەوە كردووە وەزارەتی دارایی، جێگەی پرسیارە چ شتێك ڕێگری لەبەردەم حكومەتدا دەكا كە گرینگی نادا بەو سێ سێكتەرەی كە خۆی پێی وایە سەرچاوەیەكە بۆ زیادكردنی داهات، خاڵێكی تر كە باسی لێ دەكەن خۆیان، كەم كردنەوەی زێدەڕۆیی لە

خەرجی گشتی، بەڵام هەر پێچەوانەی ئەم قسەیە خۆیان زۆر زێدەڕۆییان کردووە لە تەخمینکردنی، یان بڵێین لە تەخسیسکردنی پارە بۆ نموونە هەر باس بکەین مەساریف ئوخرایە، کە یەکێك لە ڕەخنەکانی لیژنەی داراییش لەسەر ئەم تەرخانکراوەیە، کە بەتەنها بۆ ئەم تەرخانکراوە (815) ملیار داندراوە، کە پێم وایە ئەمە خۆی زێدەڕۆییەکە کە حکومەت خۆی کردوویەتی، خۆیان پلانیان داناوە، خۆیان بودجەکەیان داڕشتووە، دەکرا بەم شێوازە نەبوایە کە زێدەڕۆیی تێدا بکرێ، خاڵێکی تر باس لەوە دەکەن بەردەوام بوون لەسەر چاکسازی لەسیتەمی تەندروستی، لەرووی داڕشتنەوە ئەمە پێم وایە دەستەواژەیە یان بڵێین شێوازێکی ئینشائی جوانە، بەڵام دەکرێ وەزارەتی دارایی پێمان بڵێ ئەو چاکسازییەی کە ئەوان بە تەمان بەردەوام بن لەسەری بۆ سیستەمی تەندروستی چییە؟ زۆربەی پەرلەمانتاران ئەو ساڵ گلەییان لەتەرخانکراوی بودجەی وەزارەتی تەندروستی و سێکتەری تەندروستی هەیە، کە هەمووومان دەزانین ئەو هەڕەشەیەی کە لەرێی تەندروستییەوە هەڕەشە لەهاووڵاتیان دەکا هیچی کەمتر نییە لەو مەترسییەی کە تەبریری پێ دەهێندرێتەوە بۆ زیادە تەرخانکردن بۆ وەزارەتە پۆلیسییەکان یان بڵێین بەرگری و ئاسایشەکان کە ئەوترێ بۆ سەقامگیربوونی زیاتری ئاسایش من پێم وایە کاتێك کە پەتایەك یان نەخۆشییەك بڵاو دەبێتەوە ئەو هەڕەشە تەندروستییەی، ئەو ترس و بیمەی هاووڵاتیان دادەگرێ هیچی کەمتر نییە لە مەترسی ئاسایش کە لەسەر هاووڵاتیانە، بۆیە پێم وایە ئەم دەستەواژەیەش بەهیچ شێوازێك وەزارەتی دارایی و ئابووری یان بڵێین سیاسەتی حکومەت بەم شێوازە نەبووە کە چاکسازی بکا لەم سێکتەرە، خاڵێکی تر باس لەوە دەکا کە میکانیزمی گونجاو دادەندرێ بۆ پێدانی دەرماڵە بە فەرمانبەرانی حکومی، من پێم وایە ئەو میکانیزمەی کە تا ئێستا داندراوە بەوەی کە دەرماڵە بدرێ بە فەرمانبەران پێویستە چاوپێداخشانەوەی پێدا بکرێ، بەڵام هەر بەپێچەوانەی ئەم داڕشتنەی خۆیان ئەم خاڵەی خۆیان کە وەکو میکانیزم دایان ناوە باس لەوە دەکەن کە دەبێ ئەو دەرماڵانەی کە پێشتر بڕیاری لێدراوە یان بڵێین کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لێدراوە، ئەو پێیان وایە کە پەرلەمان سەرشانی حکومەتی قورس کردووە، دەبێ پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، کە بەڕای من ئەمە هەم لەرووی یاساییەوە پێچەوانەیە، هەم ئاڕاستەکردنی بودجەکەیە بۆ غەیری ئەو مەبەستەی کە بودجە بۆی تەرخان دەکرێ کە ئێمە هەموومان یان حکومەتیش دەڵێ بودجەی بەکاربردن زۆرە، بودجەی بەکاربردن ئەگەر بۆ تەعویزاتی مۆزەفین و بۆ دەرماڵەی فەرمانبەران نەبێ ، ئەو بابانەی تری پێم وایە دەتواندرێت زیادەڕۆیی تێدا کەم بکرێتەوە، حکومەت باس لەوە دەکا رۆڵی بانکەکان لە پێدانی سلفەکان کارا بکا، کە من پێم وایە لە خاڵێکی تردا ئەم دەستەواژەیە پێچەوانە دەبێتەوە کە باس لەوە دەکا، بانقی بازرگانی حکومی عیجزی هەیە، باس لەوە دەکا کە خەرجییەکەی زیاترە لە داهاتەکەی، ئەگەر بانکی حکومی بازرگانی ئەوە حاڵی بێ، عیجزی هەبێ، داهاتەکەی کەمتر بێ، چۆن دەتوانێ رۆڵی هەبێ لەپێدانی سلفە بە هاووڵاتیان، چ زەمانەتێك هەیە کە ئەم بانکانە بتوانن ئەو رۆڵە ببینن؟ بۆیە ئەمەش بە هیچ شێوازێك ناتواندرێ ئەم خاڵەش کە وەکو میکانیزم دایانناوە کاری لەسەر بکرێ، خاڵێکی تر کە باسی دەکا وەزارەتی دارایی کە زیادەڕۆیی لە

دامەزراندنی فەرمانبەران زیاتر لە پێویستی وەزارەتەکان، ئێمە دەپرسین وەکو پەرلەمانتار بۆچی زیادەڕۆیی دەکرێ لەسەر ئەو ڕێژەیەی کە پەرلەمان ساڵانە بڕیاری لەسەر دەدا، بۆچی بەدەر لەمیلاکات حکومەت خەڵك بەدەر دادەمەزرێنێ؟ بۆچی بەدەر لەڕێنماییەکان خەڵك خانەنشین دەکرێ؟ بەبێ ئەوەی مەرجی یاسایی تێدا بێ، خەڵك خانەنشین دەکرێ بە پلەی مودیر عام و بە پلەی سەربازی بەبێ ئەوەی ڕۆژێ فەرمانبەربوو بێ یان پلەیەکی سەربازی هەبووبێ، کە ئەمە هەمووی پێچەوانەی ڕێسا و بەرنامەکانە، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانە کە حکومەت خۆی بەرپرسە لەبەرامبەر ئەوە نەك بە خاڵ بینووسێ و بینێرێ بۆ پەرلەمان کە بڵێ ئەوە یەکێکە لە گرفتەکان، ئەو گرفتە حکومەت خۆی سەرچاوەی دروست بوونیەتی، دەبێ خۆی پلانی هەبێ، دەبێ بەرنامەی هەبێ، بۆ ئەوەی ئەو زیادەڕۆییە نەهێڵێ، کە کۆتا تەجاوز لەسەر ئەو خاڵە کە کرابێ (253) کەس خانەنشین کراون بە پلەی مودیر عام کە ئێستا بەڵگەکەی لەبەر دەستی ڕۆژنامە نووسان دایە، بەبێ ئەوەی یەك ڕۆژ ئەمانە هیچ فەرمانبەرێك بووبن لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا، پارەیەکی زۆر ئەمە دەبێتە بارگرانی بەسەر داهاتەوە، وەزارەتی داراییش لەم لایەوە دەڵێت ئەمە زیادەڕۆییە بەسەر میلاکات، خاڵێکی تر باس لە داهاتی وەزارەتی کارەبا کە بەپێی قسەی وەزارەتی دارایی دەڵێ وەزارەتی کارەبا لەهەموو وڵاتاندا داهاتی لەخەرجی زیاترە، ئێمەش دەڵێین وایە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان ساڵانە بڕی (2,500) دوو ترلیۆن و پێنج سەد ملیار دینار ئەمە خەرجییەکەیەتی، بەڵام داهاتەکەی دوو سەد و پەنجا ملیار دینارە، من پێم وایە حکومەتی هەرێم یان وەزارەتی دارایی باش دەزانێ ئەو عەقدەی کە کردوویانە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە، کە کۆمپانیای (ئەحمەد ئیسماعیل)ە، بۆ وەبەرهێنانی کارەبا، چی تێدا نووسراوە ئەو عەقدە؟ لە عەقدەکەدا هاتووە کە مانگانە ئەم کۆمپانیایە چەند بەرهەم دەهێنێ دەبێ حکومەت لێی بکڕێ، ئەمە سەرچاوەکەیە، بۆیە خەرجییەکە زیاترە، ئێمە دەزانین لە هەرێمی کوردستاندا مەوسم هەیە یان مانگ هەیە زیاتر هاووڵاتیان و حکومەت پێویستی بەکارەبا هەیە، لەهاویندا یان لەکاتی سەرمای زستاندا زیاتر پێویستمانە، بەڵام ئەم کۆمپانیایە حکومەتی ئیجبار کردووە بەپێی ئەو عەقدە دەبێ ئەو مانگانەی تریش کە پێویستی زۆرمان نییە، ئەو بڕەی کە بەرهەمی دەهێنێت بیکڕێت، ئەمە بارگرانییە بۆ سەر داهات و بودجەی گشتی، پێم وایە ئەمە خەلەلێکی گەورەیە کە حکومەت خۆی لە ئیمزاکردنی ئەو عەقدە خۆی تێی کەوتووە، دەبێ خۆی چارەسەری بکا، لەمووچەی فەرمانبەراندا دیسانەوە وەزارەتی دارایی باس لەوە دەکا دەڵێت دەبێت تەنها مووچەی بنەڕەتی و هاوسەرگیری و بڕوانامە و منداڵان وەك بەغدای لێ بکرێ، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەمە ئێستا وەکو بەغدایە، خۆتان دەزانن ئەو سیستەمەی کە وەختی خۆی وەزارەتی دارایی موافەقەتی لەسەر کرد، لەسەردەمی پۆل بریمەردا لەو کاتە یەکسان کردنی مووچە کرا لەگەڵ بەغدا ئەوەی کە ئێوە باسی دەکەن، مووچەی بنەڕەتی، هاوسەرگیری، بڕوانامە و منداڵان، ئەوەی جیاوازبێ لەگەڵ بەغدادا موخەسەساتە، هەموومان دەزانین موخەسەساتی میهەنی و موخەسەساتی ختوورە، ئەوانە جیاوازیان هەیە، ئێوە داوا دەکەن ئەوەی پێشوو یەکسان بکا، خۆی یەکسانە، بۆیە دەبێ ئەوەی ئێوە داواتان کردووە

وەكو وەزارەت بدرێت بەوانەی شیاون، من نازانم پێوەری شیاوی لە فەرمانبەردا چییە، ئەگەر هەموویان هەمان بڕوانامەیان هەبێ لە فەرمانگەیەكدا، هەمان ئیختیساسی هەبێت، ناكرێت تۆ دەرماڵە بدەی بە كۆمەڵێك، نەی دەی بە كۆمەڵێكی تر، بەڵكو دەبێ لەسەر بنەمای ئەو ختووریەی وەزیفەیە بێ كە دەیكا، بەڵكو پێوەرەكە ئەوەیە كە بۆی دانراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی خۆی لەمە دەبووێ و دەڵێ ئێمە وەكو بەغدا دەبێت تەنها بنەڕەتی و هاوسەرگیرییەكە بێ، كە من پێم وایە حكومەت دەیەوێت هۆكاری كورتهێنان و ئەو بابانەی كە زیادەڕۆیی دەكا بخاتە ئەستۆی پەرلەمان، كە بڕیار دەدا كە زیادە یان دەرماڵە بۆ چینێك، بۆ توێژێك زیاد بكرێ، هەر بەنموونە باسی (150) هەزاری مامۆستایانی كردووە، كە من پێم وایە ئەو (150) هەزارە كە لەبەغدا بڕیاری لێدرا، ئێمە لەحیساباتی خیتامی ساڵی (2011) باسمان كرد، كە ئەو حیسەیە لە بەغداوە نێردراوە، بەڵام ئێمە بڵێین چی كە حكومەت خۆی زیادەڕۆیی دەكا لە تەعین كردندا، كە ئەو حیسەیەی پێشتر ئاماژەی پێدا (23٪)ی فەرمانبەرانی هەموو عێراق لە هەرێمی كوردستانە، ئەمە هۆكارە، دیارە هەر زیادبوونێك كە دەكرێ، ئەوەی (150) هەزاری مامۆستایان باس بكەین، ئەوە حكومەتی بەغدا خۆی كە زیادەكەی كردووە، بەپێی ئەو تەخسیساتە ناردوویەتی بۆ هەرێمی كوردستان، هۆكارێكی تری كورتهێنانی باس كردووە، بەردەوام بوون لەسەر خەرجكردنی پێشینەكان، هەموومان دەزانین پێشینەكان، وەزارەتی داراییش دەزانێ هەمووی قەرزە وەكو پێشتر باسم كرد دەگەڕێتەوە بۆ حكومەت، بەڵام ئەو باس دەكا بەبێ ئەوەی سوودی هەبێ، ئایا ئەم سوودی بانكییە ئەوەندە زۆر داهاتی هەیە بۆ حكومەت كە كاریگەری هەبێ لەسەر كەمكردنەوەی كورتهێنان؟ ئایا بوونی سەقفێكی دیاریكراو كاریگەری هەیە بۆ ئەوە؟ ئەوە پێویستی بە وەڵامە، پێویستە وەزارەتی دارایی وەڵام بداتەوە، هۆكارێكی تری عیجزی باسكردووە كە دەڵێ خەرجی كڕینی دەرمان، كە من پێم وایە كڕینی دەرمان بەپێی ڕاپۆرتەكەی وەزارەتی داراییش كە خەرجی حاكیمەیە زۆرترین بڕی گەیشتۆتە هەرێمی كوردستان كە (85٪)، كە ئەوەندەی گەیشتبێتە ئێرە پێم وا نییە ئەو بڕەی تری كاریگەری هەبێ لەسەر دروست بوونی عیجز لە هەرێمی كوردستاندا، ئەو كەم و كوڕیانەی كە لە بودجەی ئەمساڵدا هەیە كۆمەڵێك خاڵ هەیە كە پێویستە ئاماژەی پێ بكرێ لە جەدوەلی وەزایفات كە ئەمساڵ بۆمان هاتووە باسی وەزیفەكان دەكا، بێگومان جەدوەلەكان (2012 و 2013)ی تێدایە، لە (2012) بۆ دەرەجە (أ) باسی لەوە كردووە كە لە ئەنجومەنی وەزیراندا (29) كەس هەبووە بۆ (2012)، بەڵام لە (2013) پرسیار ئەوەیە بووە (92) كەس، وەزارەتی داراییش دەزانێ ئەو دەرەجە (أ) پێم وایە ڕاوێژكار و ڕاوێژكاری كۆنە كە (مستەشار ئەقدەم)ی پێدەوترێ، بۆچی ئەم ژمارە زۆرە وا زیادی كردووە؟ هۆكاری چییە؟ لەماوەی ساڵێكدا ئایا لە (29) بۆ (92) ئەمە ڕەقەمێكی زۆر نییە؟ ئەمە نییە كاریگەری دروستكردنی عیجزەكە؟ ئەمە نییە هۆكاری زیادبوونی ڕاوێژكار كە هەموومان دەڵێین ئەو ژمارە زۆرەی ڕاوێژكار لە دام و دەزگاكاندا هەیە؟ خاڵێكی تری جێی پرسیار لەم جەدوەلە ئەوەیە لە حەقلی پەرلەماندا بە (سفر) دانراوە، ئایا لە ناو پەرلەماندا هیچ دەرەجەیەكی (أ)مان نییە؟ ئەمە جێی پرسیارە و پێویستە وەزارەتی دارایی جوابی ئەوەش بداتەوە، لە

هەمان بڕگەی جەدوەلەکاندا خاڵێکی تر هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەین کە ئەنجومەنی وەزیران داوای (50) میلاکی کردووە بۆ ئەمساڵ، بەڵام ئەوەی کە تەسدیق کراوە بۆی (55) پلەیە، وەزارەتی رۆشنبیری داوای (150) پلەی کردووە، بەڵام (250)ی بۆ تەسدیق کراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەستەی مافی مرۆڤ داوای (130)ی کردووە، (50) کەسی بۆ تەسدیق کراوە، خاڵێکی تر هەر لەسەر دەستەی مافی مرۆڤ کە ئەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە 0,0,4٪ لە سەدا سفر و پۆینت سفر و پۆینت چوار، ئایا ئەمە موئەشیرێکە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم گرینگ نییە بەلایەوە پەرەپێدانی مافی مرۆڤ یان بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ، بێگومان ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، چونکە ئێمە دەزانین کە ئەمساڵ سەرۆکی دەستەکە بەکاربوو دەبوایە حکومەت لە (2013) پلان و بەرنامەی هەبوایە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم دەستەیە کە بەداخەوە ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکراو روونە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرینگی نادا بە مافی مرۆڤ و رۆشنبیری مافی مرۆڤ و کارا کردنی ئەو دەستانەی کە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە، هەموومان دەزانین هەموو فەرمانگەیەك تا تەسدیق کردنی بودجەیەك یەك لەسەر دوانزدەی بودجەکەی سەرف دەکا، بەپێی تەعلیماتی حیسابی، ساڵی پار لە مانگی (7) بودجە چووە بواری جێ بەجێکردنەوە، ئەو شەش مانگەی تر، ئەو یەك لەسەر دوانزدەیە، ئەو شەش مانگەی تر کە بودجە سەرفکراوە، ئەوەی دەمینێتەوە دەبێ لە بودجە ئاماژەی پێ بکرێ، بێگومان وەکو داهاتێك بۆ بودجەی 2013یە، کە ئەمە ئاماژەی پێنەکراوە، خاڵێکی تر لەو جەدوەلانە کە بۆمان هاتووە لە وەزارەتی داراییەوە، حەقلێکی تێدایە باس لە جارییە دەکا، کە ئەمە پێویستی بە روونکردنەوە هەیە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە، لە دوو ڕەقەمدا ئاماژەی بەوە کردووە لە شوێنێکدا (671,833) شەس سەد و حەفتا و یەك ملیار و هەشت سەد و سی وسێ ملیۆن داندراوە بۆ ئەم صەقڵە، لە شوێنێکی تردا (814,553) هەشت سەد و چواردە ملیار و پێنج سەد و پەنجا و سێ ملیۆن) داندراوە، ئایا بۆچی ئەو پارەیە داندراوە؟ بۆ جارییە، ئایا ئەمە فائیدەی پارەکانە؟ ئەی دەبێ پارەکە خۆی بڕەکەی چەند بێ؟ بۆیە ئەمە خاڵێکە پێویستە وەزارەت روونی بکاتەوە، خاڵێکی تر لەسەر داهات زۆر باس لە سەرچاوەی داهات دەکرێ، ئێمە دەزانین ئەو کارگانەی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا زۆربەی دراوە بە کەرتی تایبەت، یەکێك لەوانە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەیە، کە بەپێی ئەو عەقدەی کراوە لەگەڵ ئەو لایەنەی کە پێی فرۆشراوە، ساڵانە بڕێك لەو بەرهەمەی بداتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆ بۆ ئەوەی بیفرۆشێ بە هاووڵاتیان، ئەو مەعلوماتەی لای ئێمەیە ساڵانە بایی (18) ملیار چیمەنتۆ دەدرێ بە هاووڵاتیان، جگە لە (150) ملیۆن عزوی کەشف و نەقل، بە هیچ شێوەیەك ئەمە باس نەکراوە لەو داهاتەی کە تۆمار دەکرێ بۆ حکومەت یان بڵێین بۆ وەزارەتی پیشەسازی، یان بۆ وەزراەتی دارایی، ئەو مەسروفات ئوخرایە کە خاڵێکی ترە دێمەوە سەری، ئەو بڕەی کە بۆی دیاریکراوە (814) ملیارە، لەو جەدوەلەی کە وەزارەتی دارایی ناردوویەتی مەسروفات ئوخرا چی دەگرێتەوە، تواناسازی، بەخشینی حزبەکان، دەرماڵەی قوتابیان، ئەگەر ئەم سێ بەشەی لێ دەربکەی (120) ملیاری تواناسازین (200) ملیاری حزبەکان، (48) ملیاری دەرماڵەی قوتابیان، ئەوەی دەمینێ ئیحتیاتی وەزارەتی

داراییش کە (243) ملیارە، ئەوەی دەمینێتەوە (250) ملیارە، ئەم زیادەیە پێویستە لە شوێنێکی تردا بەکاربێت، یەعنی من حیسابم کردووە (205) ملیاری لێ دەمینێتەوە، دەبێ ئەمە لەشوێنێکدا لەو تەخسیساتانەی یان لەو پێشنیارانەی کە کراوە بۆ زیادکردنیان بۆ باشترکردنی ژیانی هاووڵاتیان کە یەکێ لەو پێشنیارانە داواکردنی زیادکردنی مووچەی کەمئەندامان کە حکومەت و پەرلەمان بەڵێنیان دا تا 2/1 چارەسەر بکرێ، من پێم وایە دەتواندرێ بەم پارەیە چارەسەری زیادکردنی مووچەکانیان بکرێ کە ئەوان داوا دەکەن بکرێ بە (500)هەزار، من پێم وایە مووچەیەکی شایستە بۆ وان کە کەمئەندامان هەمووومان دەزانین.....، ئەو یاسایەی کە دەرچوو لەپەرلەمان بەپێی دەرەجەی عیجزەکە کێشە هەیە لە لیژنەکاندا، بۆیە پێویستە پەرلەمان و حکومەت لەم بابەتە قسەی خۆیان هەبێ و لە بودجەی (2013) یەکلا ببێتەوە، خاڵێکی تر کە وەزارەتی دارایی باسی کردووە و دەبێ من دووبارە باسی بکەمەوە، باس لە داهاتی نەوت، بەم دەستەواژەیە نووسوویانە تا دەست بەکاربوونی دەستەی سندوقی داهات دوو حیسابی جیاواز لەوەزارەتی دارایی کراوەتەوە، بۆ فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان و بەخششی گرێبەستەکان، حکومەتی هەرێم ئامادەیە پابەندی خۆی دووپات دەکاتەوە، لەگەڵ پەسەندکردنی پرۆژە یاسایەکە داهاتە نەوتییەکان بخاتە بواری جێ بەجێکردن، ئەو زانیاری و دارایانەی کە پەیوەستە بە مۆڵەتەکان و گرێبەستەکان ئەو کاتە پێشکەشی بکات، یەعنی ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تا ئەو یاسایە لەپەرلەمان تەسدیق نەکرێ ئەو زانیاری و داهاتە حیسابیانە پێشکەش ناکا، کە خۆی بۆخۆی ئەمە خەلەلە، ئەمە ناشەفافییە، دەبێت ئەو داهاتە کە هەمووومان دەزانین، بە ئێعترافی وەزارەتی داراییش زۆرترین داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێی نەوتەوەیە، ئەو دوو حیسابە جیاوازە کراوەتەوە ناکرێ وەزارەتی دارایی کە خۆی دەڵێ ئەو دوو حیسابە کراوەتەوە لەوەزارەتی دارایی بزانێ پارەی ئەو حیسابە یان ڕەسیدی ئەو حیسابە چەندە، ئاشکرای بکە بۆ پەرلەمان، خاڵێکی تری باس کردووە وەزارەتی دارایی کارکردن بۆ کەم کردنەوەی زیادەڕۆیی لە خەرجی گشتی لەبواری کاری ئیداری و مەکتەبی، کە بە پێچەوانەی ئەم دەستەواژەیە ئێمە دەیبینین لە خەملێندراویان، لەو تەخسیساتانەی کە ئەمساڵ کراوە بۆ ئەو بوارانە کە وەکو هاوکارانم ئاماژەیان پێ کرد، زۆر پارە تەرخان کراوە بۆ کڕینی ئەساس، بۆ بواری مەکتەبی کە ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم دەستەواژانە وەزارەتی دارایی دایناوە وەکو دەستەواژەی ئینشائی، بەبێ ئەوەی کاری لەسەر کردبێ، بەبێ ئەوەی پلانی هەبێ بۆ ئەوی جێ بەجێی بکا، بۆیە کۆمەڵێك پیشنیاری تر هەیە پێویستە لەو حیسابەی کە باسم کرد لەخەرجی دیکە کە زیادەیە و بەپێی ئەو حیساباتانە تەخسیس بکرێ بۆ ئەو لایانانەی تر، سەبارەت بە پرۆسەی تواناسازی کە من پێم وایە لەوانەی لیژنەی پەروەردە باشتر بتوانن قسەی لەسەر بکەن کە کۆمەڵێك گرفتی تێدا هەیە، داوا دەکەن کە ئەو تەعلیماتە بگۆڕێ، بۆ ئەوەی کە باشترین سوود بەو قوتابیانە بگەیەنێ کە حکومەت ساڵانە بڕێکی پارە تەرخان دەکا، زۆرجار ئەو کەسانە، یان بڵێین ئەو قوتابیانەی کە سوودمەند دەبن باس لەوە دەکەن کە لەماوەی کۆرسی زماندا پارە بۆ خێزانەکانیان سەرف ناکرێ، کە لە 50٪ی مانگانەی خوێندکارە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە خێزانیان هەیە،

بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان کە بە هیچ شێوازێك ئەمانە حیسابی بۆ نەکراوە لەپڕۆسەی تواناسازی بڵێین لەو (120) ملیارەی کە ساڵانە تەرخان دەکرێ، داوای ئەوە دەکرێ کە سیستەمی نەفەقە خاسە کە ئێستا لە حکومەتی ناوەند جێ بەجێ دەکرێ، ئەو قوتابیانەی هەرێمی کوردستان کە لەدەرەوەن زۆرجار سەردانی سەفارەتەکانیان کردووە لەو وڵاتانە پێیان وتووە لەبەر ئەوەی ئێوە کوردن ئەمە شموولی ئێوە ناکا، ئێوە پشکی خۆتان هەیە، لە 17٪تان هەیە، بەم شێوازە، بەم نەسە پێویستە حکومەتی هەرێم ئەوپشکەتان پێ بدات، پێویستە لەبودجەی خۆتان ساڵانە بۆ نەفەقە خاسەی ئەو قوتابیانەی لە دەرەوە دەخوێنن و بە دەر لەتواناسازی لەم پارەیە بۆیان تەخسیس بکرێ، داواکاریەکیش هەیە لە لایەن کۆمەڵێك لە قوتابیانەوە کە بەنمرەیەك کەم شموولی تواناسازی ناکەن، داوا دەکەن ئەگەر لە ڕێی نەفەقە خاسەش نەبێ حکومەت قەرزی خوێندنیان پێ بدات، کە زۆربەیان لە هاوکارانم لە نووسینگەی سلێمانی ئاگادارن کە سەردانی نووسینگەیان کردووە داوا دەکەن لەڕێی قەرزیشەوە بێ ئەوان بتوانن سوودمەند بن لەم پڕۆسەیە، بۆ ئەوەی درێژەی بەخوێندن بدەن لەدەرەوەی وڵات بخوێنن و سوودێك بگەیەنن بە کۆمەڵگا، لەکاتی دانانی بودجە بۆ پڕۆژەکان و دیاریکردنی جۆری پڕۆژەکان، پێویستە ئەولەویەت بدرێ بە داواکاری ئەو وەزارەتانە، نەك تەنها وەزارەتی پلاندانان، پێویستە هەماهەنگی هەبێ لەبەینی وەزارەتی پلاندانان و ئەو وەزارەتانەی کە داوای پڕۆژەکان دەکەن، چونکە زیاتر ئەو وەزارەتە خۆی دەزانێ چ پڕۆژەیەك ئەولەویەتەکانیان پێویستە بۆ ئەوەی لەسەرەتادا جێ بەجێ بکرێ، باس لە سلفەی کشتوکاڵ و سناعی دەکرێ، ئەو ڕێنمایانەی کە هەیە زۆر گلەیی هەیە لەسەری کە ڕێنمایەکان زۆر قورسن، بەتایبەتی سلفەی کشتوکاڵی کە ئەو کەسانەی سوودمەند دەبن لێی، یەکێ لەمەرجەکان دەبێ ئەو کەسە (20) دۆنمی هەبێ، من پێم وایە جووتیار ناتوانێ ئەوەندە سوودمەندبێ لەو سلفەیە، زیاتر لەوەی کە سەرمایەدار کە خاوەن پارە دەتوانن سوودمەندبێ لەو سلفەیە، سولفەی پیشەسازیش کە ئەو ڕێژەیەی ئاماژەی پێکرا لەلایەن هاوکارانمەوە کە تەنها (40) کەس سوودمەند بوونە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ڕێنمایەکەی ئەوەندە قورسە خەڵك ناتوانێ سوودی لێ ببینێ، یەکێك لە ڕێنماییەکان باس لەوە دەکا کە دەبێ ئەو کەسە کە سلفەی پیشەسازی وەردەگرێ، ئەگەر بۆ کارگەیەك بێ دەبێ هەموو ئامێرەکانی تازە بن، کاریان نەکردبێ، کەواتە ئەوانەی کە ئامێری تریان هەیە بە هیچ شێوازێك ناتوانن سوودمەند بن لەم سلفەیە، پێم وایە ئەمە چوارەم ساڵە لەپەرلەمان باس لەوە دەکەین کە لەساڵی (1996) دوو مووچەی فەوتاوی فەرمانبەرانی سلێمانی هەبوون کە تەنها وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی وەریان گرت، ئەو وەزارەتانەی تر هەتای ئێستا وەریان نەگرتووە، پێشنیار دەکەین کە حکومەت هەڵبستێ بە جێ بەجێکردنی ئەو قەرەبووە، کە خۆشبەختانە ئەو قەرەبووانەی پیشووتر کە بۆ یەکسان کردنی مووچە لەبەینی سلێمانی درا، کارمەندانی یان مۆزەفەکانی سلێمانی سوودمەند بوون، بەڵام هەتا ئێستا بەپێی ئەو نووسراوەی وەزارەتی دارایی هەتا ئێستا خاڵێکی تێدایە کە تایبەتە بە یەکسان کردنی یان بڵێین تەعویزکردنەوەی ڕاستکردنەوەی مووچەکان لە پلە یەك هەتا دە، لە بەڕێوەبەرایەتی میلاکاتی هەولێر و سلێمانی پەسەند بکرێت، لەپاشان

جیاوازییەکان خەرج بکرێن، هەتا ئێستا بەڕێوەبەرایەتی میلاکاتی هەولێر، کە هەولێر و دهۆك دەگرێتەوە، ئەم راستکردنەوەیان بۆ نەکراوە، بۆیە پێویستە وەزارەتی دارایی کە ئەمە نووسراوی بەڕێز وەزیری داراییە، خۆی ناردوویەتی بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەتەوە، بابەتەکە رێکخستنی مووچەیە، باس لەوە دەکات پێویستە وەڵامی هەبێ، بۆ هەتا ئێستا میلاکاتی هەولێر یان مووچەی هەولێر ئەو موستەحەقاتەی بۆ نەکراوە؟ خاڵێکی تر هەر لەم تەعویزاتە باس لەوە دەکرێ دەرماڵەی بڕوانامە هی ساڵی (2008، 2009، 2010) سەرف نەکراوە، لەکاتی قەرەبوو کردنەوەی جیاوازی مووچە حیساب بۆ دەرماڵە نەکراوە، پێویستە ئەوەش حیسابی بۆ بکرێ، وەزارەتی دارایی حیسابێکی بۆ بکا، لەبابی مەنافیعی ئیجتیماعیدا ئەو حیسابەی کە هەیە (690) ملیار داندراوە بۆ مەنافیعی ئیجتیماعی، کە (418)ی بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، (60)ی بۆ ئاوارەکانە، (70)ی بۆ نەخۆش و کەم دەرامەتانە، (68)ی بۆ وەزارەتی شەهیدانە، ئەوەی دەمینێتەوە لە (690) ملیارەکە، ئەمە (616) لێ بڕوا، (12) ملیار داندراوە بۆ داهێنەران، کە من پێم وایە ئەو (12) ملیارە زیادەیە بۆ داهێنەران، کە لەساڵی پارەوە بڕیاری بە پایتەختکردنی سلێمانی وەك پایتەختی رۆشنبیری درا، پێویستە ئەو (12) ملیارە بۆ ئەو بوارە سەرف بکرێ، نەك بۆ خەڵاتکردنی داهێنەران، سندوقی نیشتەجێ بوون لەو تەرخانکراوەی کە داندراوە بۆ سلفەکان، کە هەموو کۆی تەرخانکراوەکە باس لە سندوقی نیشتەجێ بوون دەکا، ئێمە پێشنیار دەکەین ئەوەی بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون دادەندرێ لە دەستەی وەبەرهێنان بدرێتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بەپێی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2008) کە ئەویش بۆی تەخسیسکراوە، بەڵام ئەوەی سندوقی نیشتەجێ بوون پێم وایە کەمدەرامەت سوودی لێ نابینێ، هەمووومان دەزانین ژمارەیەکی زۆر لەیەکەی نیشتەجێ بوون دروستکراوە، بەنرخێکی بەرز و بە کوالێتییەکی خراپ، کە خەڵکی کەمدەرامەت ناتوانێ ئیستیفادەی لێ بکات، سەبارەت بە سلفەی عەقار پێشنیار دەکەین کە بڕەکەی زیاد بکرێ، چونکە لەعێراق بڕەکەی (30) ملیۆنە، ئەو بەڵێنەی کە حکومەت دابیووی بە گوندەکان پێشتر، جێ بەجێی بکا، خاڵێکی تر هەیە لەوانەیە بوترێ ئەم پێشنیارانە بۆ زیادکردن لەچی دابندرێ، دەبێ تەخسیساتی بۆ هەبێ، بابێکی تر هەیە لە بودجە ئیفاد، خەرجی ئیفاد زۆر زۆرە، ئیفادی داخیلی هەر کەسێك (165) هەزاری بۆ تەرخان دەکرێ، ئیفادی خاریجی بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی کە دەرچووە بۆ پلە بەرزەکان (600) دۆلارە بۆ پلەکانی خوارەوە (150 تا 400) دۆلارە، ئەمە زیادەڕۆییەکی زۆر زۆری تێدا دەکرێ، دەکرێ وەزارەتی دارایی چاوپێخشانەوەیەکی بۆ بکا، هەر بۆ نموونە شەش مانگی یەکەمی (2009) چوار ملیار سەرفکراوە، شەش مانگی یەکەمی (2011) (660) موخەسەساتی ئیفاد بووە، شەش مانگی یەکەمی (2010)....، پێشنیارمان ئەوەیە هەموو ئیفادەکانی خاریج لە (60٪) کەم بکرێتەوە، ئیفادی داخیلیش لە (40٪) کەم بکرێتەوە، بۆیە ئەمە پێم وایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو زیادەڕۆییانەی کە دەکرێ بۆ بوارێکی تر بەکاربهێندرێت، دەرچووانی کارگێڕی و ئابووری پێم وایە وەزیری دارایی خۆی ئاگادارە کە ئەوانەی دەرچووی کارگێڕی و ئابوورین

جگە لەوانەی ئەمین سندوقن بەهیچ شێوازێك دەرماڵەیان نییە، داوا دەکەن دەرماڵەیان بۆ حیساب بکرێ، کە ئەرکی دارایی وەزارەتەکان و دام و دەزگایەکان لەسەر شانی ئەوانە، ئەو دەرماڵەی کە بۆ لێکۆڵەرانی داد هەیە داوا دەکەن ئەوانیش لەهەرێمی کوردستان بۆیان تەسبیت بکرێ، بۆ دەعم کردنی ئەو پێشنیارانە من پێم وایە مەنافیعی ئیجتیماعیش زۆری بۆ تەرخانکراوە، لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکە بڕی لە (20٪)ی ببڕێت، ئەو (719) کە باسم کرد لەمەساریفی ئوخرا، پێویستە کەم کردنەوەی تێدا بکرێ، ئێستاش لە ساڵی (2013) پێم وایە ئەنجومەنی بەکاربەر دەست بەکاربووە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، داوا دەکەن بودجەیەکی شایستەیان بۆ تەخسیس بکرێ، ئەوەشمان بیرنەچێ ئەنجومەنی خانمان کە ساڵانە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بودجەیان بۆ دادەندرێ، بەڵام وەکو پەیام خان باسی کرد ئەو پلانە ستراتیجییەی کە داندراوە بۆ بەرە و باشترکردنی کاروباری ئەو ئەنجومەنە، بۆ دروستکردنی یەکەی جەندەری لە وەزارەتەکاندا ئەنجومەنی خانمان داوا دەکا ئەو بودجەیەی کە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە، بودجەکەی ئەو بە جیاواز بۆی تەخسیس بکرێ، بودجەیەکی باش بێ، تەئکید لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە بڕێك پارە داندراوە بۆ دەعمی پڕۆژەکانی (ڕێکخراوە ئێن جی ئۆکان)، پرسیارم ئەوەیە لە وەزیری دارایی کە ساڵی پار ئەو فەرمانگەیە دەست بەکار نەبوو، ئەو پارەیەی کە تەخسیس کرابوو سەرفکرا، بەپێی تەعلیماتە کۆنەکە، ئایا ئەو (15) ملیارە، ئەوەی کە ماوەتەوە لەکوێ سەرفکراوە؟ چۆن ئاراستە کراوە؟ ئایا ئەو (15) ملیارە ئەوەی زیادەکەی وەکو ڕەسیدی ئەوان دەمینێتەوە؟ یان لەشوێنێکی تر بەکارهاتووە؟ بۆیە پێویستە ئەوە روون ببێتەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەمساڵ بەرچاو روون بین ئایا ئەو (15) ملیارە بۆیان داندەندرێ، کاتێك لە ئەمساڵدا دەست بەکاربوون بۆ پڕۆژەی ڕێکخراوەکان کاریگەری دەبێ؟ تەئکید لەسەر بودجەی دەستەی مافی مرۆڤ دەکەمەوە، ئەو تەخسیساتەی کە بۆیان کراوە بەهیچ شێوازێك ناگونجێ لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییەی کە لەو دەستەیە هەیە، لەسەر ئەو کەم و کوڕیانە بۆیە من پێم وایە وەزارەتی داراییش لە ڕاپۆرتەکەیدا روونی کردبووەوە کە کۆمەڵێك قەیرانی ئابووری هەیە، کۆمەڵێك خروقات هەیە، داوا دەکەم ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، حکومەت ئەو کەم و کوڕیانە چارەسەر بکا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبواری قسەکردنی ئەندامانی بەڕێز داوای ئیحتیاتی قانونیان کرد لەبانکەکانی هەرێمی کوردستان، واتێدەگەم لە دۆخی ئێستا مەحاڵە فەرزی ئێحتیاتی قانونی بەسەر بانکەکانی هەرێمی کوردستان دابکات، چونکە وەختێك دەتوانی فەرزی ئێعتیاتی قانونی بکەی ئەگەر سیاسەی ئیقرازی ئەو بانکانە لەلایەن بانکی مەرکەزی عێراقەوە دیاری کرابێ، هەروەها بانکی مەرکەزیش ئامادەبێت ئەگەر ئوزوناتی هەبێ بۆی سەرف

بكا، هەروەها عەمەلیاتی کۆمپیالاتیشی بۆ بگۆڕێتەوە، ئەو حاڵەتە ئێستا مەفقودە، بانکی هەرێمیش، بانکێکی مەرکەزیمان هەیە ناتوانێ بەو عەمەلیەتە هەڵبستێ، لەبەر ئەوە لەرووی یاسابیەوە مەحاڵە تەحدیدی ئێحتیاتی قانونی بکەی، یان فەرزی ئیحتیاتی قانونی بکەی بەسەر بانکەکانی هەرێم، ئەوە لەلایەك، خاڵێکی تریش هەبوو زۆرجار باسی عیجزەکە هەبوو کە ئەو عیجزە تەراکوم دەکات، لەڕاستیدا عیجز تەراکوم ناکات، عیجز نەقڵ دەبێ لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە، کە نەقڵ دەبێ بۆ ئەو ساڵە، لەو ساڵە موعالەجەیەکی تایبەتی دەکرێت، یەعنی ئەگەر لەساڵی (2010) عیجزێکمان هەبێ و لە (2011) هەمان بێ و لە (2012)ش، کولی ساڵێك ملیۆنێك عیجز بێت، لەکۆتاییدا نابێ بە سێ ملیۆن، چونکە ساڵانە مەعامەلەی لەگەڵدا دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلێنەکان و کەم و کوڕییەکانی بودجە و بە هەدەردان و زیادەڕۆیی و ناشەفافی...... هەتا دوایی، بەردەوامە و لەساڵانی رابردوو زیاتر نەبێ کەمتر نییە، بە داخەوە بەشێوازێکی تەقلیدی ئامادەکردنی بودجە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە ئەم خاڵانە کە من عەرزی دەکەم نموونەیەکی کەمی ئەو کەم و کوڕیانەن:

1- سیاسەتی مالی حکومەتی هەرێم چ لەناو ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی داو چ لەناو بودجەدا بەگشتی دیار نییە، ستراتیجیەت و پلان و بەرنامەی چییە؟ زۆر بە عمومی و مەتاتی ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە بۆ نموونە لەلاپەڕەی (8 و 9 و 10) دەستەواژەکانی هەوڵدان، کارکردن، گرینگیدان، بایەخدان، ....... هەتا دوایی، کە پلان و ستراتیجیەت دەبێ بەشێوەی زانستی بێ و پرۆژە و بەرنامە و میکانیزمی دیاریکراو بێ و موحەدەد بێ.

2- نا هاوسەنگی لەنێوان بودجەی وەگەرخستن و وەبەرهێناندا هەیە و ساڵانە دووبارە دەبێتەوە و حکومەت هیچ پلان و بەرنامەیەکی نییە و کاری نەکردووە بۆ هاوسەنگ کردنی، چونکە ساڵانە ڕێژەکە لەنێوان (70٪) بۆ وەگەرخستن و لە (30٪) بۆ وەبەرهێنان بە جیاوازییەکی کەم بەرز و نزم دەکات، هەرچەندە بودجەی هەرێم ساڵانە زیاد دەکا، بەڵام لەبەر نەبوونی بەرنامەیەکی زانستی و واقعی نەتواندراوە سوود لەم زیادبوونە وەربگیرێت، بودجەی وەبەرهێنان لەو ڕێژە کەمەی کە هەیەتی لە (30٪)یە، هەمیشە نیوەی خەرج ناکرێ، واتە لە (50٪)ی خەرج دەکرێ، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بە پێچەوانەوەیە، ڕێژەی وەبەرهێنان زیاترە، هەمیشە لە (60٪) نایەڵن کەمتر بێ، بودجەی وەگەڕخستن هەمیشە لە (40٪) نایەڵن زیاتر بکا، ساڵانەش لە دووبارە بوونەوەی ئەم حاڵەتەدا حکومەتی هەرێم هیچ کارێکی نەکردووە بۆ هاوسەنگی.

**3- گرفتی کورتهێنان ساڵانه له بودجەدا بەردەوامه و بەرەو زیادبوونیش دەڕوات  که بەداخەوە ئەم کورتهێنانه هۆکاری ئەوەیه که بودجه بەشێوەی نازانستی و نا لۆژیکی و، هەروەها بەهەدەردان و بێ بەرنامەیی حکومەت له بودجەدا و هۆکاری تری سەرەکی کورتهێنان خانەنشین کردن و دامەزراندنی هەزارارن کادیری حزبییه، ئایا حکومەت چ کارێکی کردووە و دەیکات بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم کورتهێنانه؟ که دەکرێ ئەم کورتهێنانه زیاد بکا له حاڵەتی ناکۆکی سیاسیمان لەگەڵ ناوەندا، بەهۆی چەند ماددەیەکی تر له یاسایی بودجەی عێراق بەتایبەتی ماددەی 10ی (أ) و 10ی (ب) و 10ی (1) که باسی هەندێك ئەرك خستنه سەر حکومەتی هەرێم دەکا، حکومەتی هەرێم ئامار و داتای لەسەر بێکاری و له ساڵانی ڕابردوودا نییه و ئایا چەند بووە و چۆنه؟ ئایا ڕێژەی بێکاری چۆن هەوڵی داوە بۆ کەمکردنەوەی؟ چ کارێکی کردووە؟ که ئاستی کەم کردنەوەکه چەندە؟ که بودجه دەبێ له خزمەتی یەکێ له ئامانجەکانی بودجه ئەمه بێت، داڕشتنی سیاسەتی کەرتی نەوت و غاز و وزە چۆنه؟ ئاستی گەشەکردن و بەرەو پێشچوونی چییه و له چ ئاستێکدایه؟ بەڕەقەم و ڕێژە پێمان بڵێین چ سوودێکی لێ وەرگیراوە؟ بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەی ئابووری، چۆن دەخرێته خزمەتی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و باش کردنی گوزەرانی خەڵك و ئاستی بژێوییان؟ ئاستی جووڵەی بازرگانی و دراو چۆنه؟ لەهەرێمدا کۆسپ و لەمپەر و تەحەدییەکانی چین؟ هۆکار و بەرنامەی نەهێشتنی کۆسپەکان کامانەن؟ چۆن بازرگانی بەرەو پێش دەبەین؟ و هەتا دوایی.....، کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان لەم بوارانەدا لەهەرێمدا چۆنەو چی کراوە؟ بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و خزمەتکردنی گوندنشینان و دابینکردنی پێداویستییەکانی جووتیاران، تا بتوانین لەکۆمەڵگەیەکی بەکاربەرەوە لەبواری کشتوکاڵی ئاژەڵدا بەرە و کۆمەڵگەیەکی وەبەرهێنەر بچین، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی زۆربەی زۆری تەرخانکراوە بۆ ئەوەی ژمارەکانی ناو خشتەکه، ناو یاسایەکه بەنووسین دووبارە بکاتەوە ، واته زیاتر ئیستیعرازییە، زۆر بە عمومی باسی بودجه دەکا و دەڵێ له ئایندەدا ڕەچاو بکرێ و ئەمه بکرێ و وا بکرێ و وا نەکرێ، زۆر دەستی نەخستۆته سەر کەم و کوڕیەکان و باسی ڕێگه چارەکانی و ستراتیجیەت و بەرنامە، لەڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا باسی گەشەی ئابووری نەکراوە، که بنەمایەکی گرینگە له هەر وڵاتێکدا، لەسەر بنەمای گەشەی دانیشتوان، بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و گرینگیدان به کەرتەکان، قەبارەی چالاکی بازرگانییەکان، ڕێژەی هەنارده و هاورده و هەوڵ و کار چییه؟ چارەسەر چییه؟ بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەك ئیمارات که وەزیری دارایی ئیعلانی کرد گەشەی ئابووریمان ئەمساڵ له (4٪)ە، ئایا حکومەتی ئێمە لەم بودجەیەدا ئەم گەشەی ئابووریەی دیاری کردووە؟ ڕێژەکەی چەندە؟ ئایا هەوڵی داوە بۆ سیاسەتی تەنویعی ئیقتیسادی؟ بۆ ئەوەی گرینگی بدا به کەرتەکان و، کەرتە جۆرا و جۆرەکان، تەنها ئێعتیمادی داهاتمان لەسەر یەك کەرت نەبێ، ئەولەویەتی حکومەتی هەرێم بۆ پەرەپێدان و بەرەو پێش بردنی کەرتە گرینگەکانی پیشەسازی، ئاوەدانکردنەوە، پەروەردە، تەندروستی، بازرگانی، کشتوکاڵ، دیارنییه به پێچەوانەوە ئەم کەرتانه ڕێژەی بودجەی تەرخانکراو زۆر کەمە بۆیان، دەبێ حکومەت گرینگی به کەرتە**

جۆرا و جۆرەکان بدات، حکومەت پلان و بەرنامەی نییە بۆ زیادکردنی داهاتە ناوخۆییەکان، کە ئێمە ئێعتیمادمان وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لە (96٪) لەسەر داهاتی حکومەتی ناوەندە، ئەمە سەرەڕای ناشەفافی و بە فیڕۆدان لە داهاتی گشتی و شکستی سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێم لەو بوارەدا، نەك هەر پلانی نییە بۆ زیادکردنی داهاتی ناوەخۆ، سەرچاوەی داهاتی جۆرا و جۆر گەشە پێبدا، بەڵام بە پێچەوانەوە داهات کەم دەکات بۆ نموونە ساڵی (2011) بڕی داهات یەك ترلیۆن و سەد و سی و یەك ملیار و حەوت سەد و هەشتا و هەشت ملیۆن بووە، ساڵی (2013) بووە بە شەش سەد و پەنجا و یەك ملیار و سەدو چواردە ملیۆن، کە ئەمە بە نزیکەی دەکاتە نیوە، ئەمەش دیارە دەری دەخات کە بەرنامە نییە لەو بوارەدا بۆ بەهێز کردن و زیادکردنی داهات. خاڵێکی تر، داهاتی نەوت دیار نییە، نا شەفافە، کەم خەملێندراوە، بۆ نموونە داهاتی نەوت، شیرینی گرێبەستەکان، تا ئێستا لە ساڵی (2009) حکومەت ئێعلانی کرد (5) ملیار دۆلاری شیرینی گرێبەستی هەیە و یەك ملیار ی خەرج کردووە و چوار ملیارەکەشی تا ئێستا چارە نووسی دیار نییە، ئایا گرێبەستەکان و شیرینیەکانی دوای ئەوە......، پارەی شەریکاتی نەوت بۆ باج، چونکە ئەو شەریکاتانە دەبێ باج بدەن، چەندە؟ پارەی شەریکات بۆ چارەسەری ژینگە کە دەبێ بیدەن چەندە؟ فرۆشتنی نەوتی خاو کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە هی ساڵی (2012) (80) ملیار پترۆدۆلاری داناوە، (120) ملیاریشی بۆ ساڵەکانی پێشوو داناوە، کەواتە (200) ملیار دینارە، کەواتە ئەگەر ئەمە زەڕبی بکەی هەر بەسیعری نەوتی عێراقی کە (90) دۆلارە، هەشتایەکە زەڕبی نەوەد بکەی (7) ترلیۆن دەکا، (120)کەش زەڕبی (90) تەقریبەن ئەویش (10) ترلیۆن دەکا، ئایا ئەم پارەیە کە فرۆشی نەوتە لەکوێیە؟ چەندە؟ چۆنە؟ بەڕێز بریکاری وەزیری دارایی لەڕاگەیاندنێکدا ڕای گەیاند وتی داهاتی نەوت یەك ترلیۆن و سەد و سی و یەك ملیارە، نایخەینە ناو بودجە، بە نووسراوێکی تایبەت دەینێرین بۆ پەرلەمان، ئایا زەحمەت نەبێ بۆ نایخاتە ناو بودجە؟ بەو نووسراوە تایبەتە ئەمە دەنێرێ، پرۆژەکان چین کە پێی دەکرێ؟ ئەم داهاتە کە هی ئەم ساڵە یەك ترلیۆن و سەد و سی و یەك ملیارە، ئەی هی ساڵەکانی تر چەندە؟ ئەمە بەڕێز بریکاری وەزیری دارایی لە ڕاگەیاندنەکاندا ڕایگەیاند، داهاتی گومرگ و خاڵە سنوورییەکان وەك ئیبراهیم خەلیل، باش ماخ، حاجی ئۆمەران، پەروێز خان، هەتا دوایی....، لە رسومات بۆ کاڵا بازرگانییەکان چەندە؟ داهاتی وەزارەت و دەزگاکان زۆر کەم خەملێندراوە، دیار نەبوونی پارەی وەزارەتی تەندروستی و کارەبا و شارەوانی و ناوەخۆ کە ئێمە دەڵێین بۆ خۆیان، بەڵام با دیار بێت بە لیستێك پارەکان بێت، چۆن سەرف کراوە؟ دەبێ پەرلەمان ئاگای لەمە بێت، پارەی خانەنشینی کە لێیان دەبڕێ بە پێی یاسای ژمارە چواری ساڵی (2009) بۆ سندوقی خانەنشینی، پارەی بڕاوەکان لە مووچەی فەرمانبەران چەندە؟ قەرزە گەڕاوەکانی عەقار و پێشینەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و هاوسەرگیری و سندوقی نیشتەجێ بوون و هەموو ئەوانەی تر چەندە؟ ئەو نەفەقاتەی حاکیمە و سیادیەی کە گەیشتووە بە ئێمە چەندن؟ چۆن سەرفکراون؟ لە خروقاتی یاسایی لە ناو بودجەدا، ماددەی هاوتاکردنی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ بەغدا بە داخەوە یەکەم پێشتر زۆر کەم جێ بەجێکراوە، دووەم

**ئەمساڵ لە پڕۆژە یاسای ئەمساڵدا لابراوە، کە دەبێ لانەبرێ بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بێ، کردنەوەی حیساب بۆ بودجەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا جێ بەجێ نەکراوە، ئەمساڵیش لابراوە، بودجەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان موناقەلەی پێکراوە، بەفیڕۆدان و زیادەڕۆیی تێدا کراوە، براوە بۆ وەگەڕخستن کە ئەمە پێچەوانەی یاسایە، بڕی پێشینەی عەقار دیسان لەپڕۆژە یاسای بودجەی پار دیاری کرابوو (25) ملیۆن بۆ لادێکان، (20) ملیۆن بۆ شارەکان، بەڵام ئەمساڵ ئەو بڕە دیاری نەکراوە، کە وەك هاوسەرگیری دەبوایە دیاری بکرابایە، چونکە دواتر حکومەت دەتوانێ ئەوەی پار بۆ یەك ساڵ بوو، دواتر حکومەت دەتوانێ خۆی بە ئارەزووی خۆی سەرف بکا، ئیلزام نەبێ بە بڕێك، بۆیە من لێرەدا پێشنیار دەکەم سلفەی عەقار وەکو بەغدای لێبێ، (30) ملیۆن بێ بۆ هەموو هاووڵاتییەك، سندوقی کوردستان بۆ داهاتەکانی نەوت بەپێی یاسای (22) ساڵی 2007 ماددەی (15)، ماددەکانی یاسای بودجەی (2010 و 2011, 2012) جێ بەجێ نەکراوە، بەداخەوە ئەوە خروقاتی یاساییە، بەپێچەوانەی یاسای ساڵی (2011 و 2012) موناقەلە دەکرێت لە بودجەدا، عیجزی پێ پڕدەکرێتەوە، ئەمەش موخالەفەیەکی یاساییە، نە ناردنی حیسابی خیتامی لەکاتی خۆیدا بە پێی پەیڕەوی پەرلەمان و یاسایەکانی (2011 و 2012) ئیجرائات نەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەمی دەکەن، باس کرا (75) وەرەقە بەخشین بۆ گوندنشینەکان، بۆ ئەوەی کە گوندەکانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە، ئێمە پرسیارمان لەسەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان کرد وتی ئێمە دوو هۆکار ...، خەریکی یەکەم ئامارێکین ئاماری گوندەکان، ئێمە دەزگای ئامارمان هەیە ئایا ئاماری گوندەکانی تێدانییە؟ ئەی ئەم دەزگا ئامارە ئیشی چییە؟ دووەم وتی ئێمە خەریکی تەعلیماتین، یەعنی دوو هۆکار هەیە کە (75) وەرەقەیە جێ بەجێ ناکرێ، ئامار و تەعلیمات، من پێم وایە تەعلیمات بە (15) ڕۆژ دادەندرێ، بە مانگێك دادەندرێ، ئاماریش مەوجوودە، ئەی بۆ نایکەن؟ دانەنانی سەرۆکی دیوانی چاودێری و کارا نەکردنی دیوانەکە بە پێچەوانەوە لەکارخستنی بە نووسراوێکی ڕەسمی کە دەڵێ ئێوە کارتان تەنها بەڕێ کردنی ئیشی ڕۆژانەیە، نەبوونی ڕاپۆرتی دیوان لەسەر بودجە کە سەرەڕای ئەوە لەیاسایەکانی (2011 و 2012) جەختی لەسەر کراوەتەوە، پێك نەهێنان و کارانەکردنی ئەنجومەنی ڕاژە بۆ تەعینات، کە تەعینات بە داخەوە لە لیژنەکانی پارێزگاکان خۆمان دەزانین چیە و مەیلی تێدا دەکرێ، هاووڵاتیان ناڕازین، خوێندکاران ناڕاین، تەعیناتی وەزارەتی پێشمەرگە و ئاسایش و ناوەخۆ دیار نییە، لەوێ ناکرێ، تەعینات بەپێی ساڵەکانی دەرچوون ناکرێ، تەعینات دوا دەکەوێ، ئێمە هەمیشە لەمانگی شەش و حەوتەوە تەعین دەبێ، ئەی ئەو بودجەیەی کە لەمانگی یەکەوە دامانناوە تا مانگی شەش و حەوت ئەو بودجەیە بۆ مۆزەفین چی لێ دێت؟ جێ بەجێ نەکردن و پێك نەهێنان و کارا نەکردنی دەستەی نەزاهە، باشە حکومەتێك دیوانی چاودێری دارایی نەبێ، دەستەی نەزاهەی نەبێ، ئەنجومەنی ڕاژەی نەبێ، ئیدیعای عام وەکو پێویست کارا نەبێ، موفەتیشی عامی نەبێ، ئەنجومەنی دادوەری و سوڵتەی بەپێی پێویست کار نەکا و دەست تێوەردان هەبێ، ئا بەم دەزگایانە گەندەڵی بن بڕ دەکرێ؟ موئەسەسات و یاسا سەروەر نەبێ، پێم ناڵێن ئەگەر ئەم دەزگایانە کە زەرورەتی حکومەتێکی**

پێشکەوتوو، حکومەتێکی هاوچەرخن، ئێستا بەداخەوە یان نین یان ناکاران، جێ بەجێ نەکردنی ڕاسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە بەپێی ماددەی (42)ی یاسای بودجە، بەپێی یاسای بودجەی ساڵی پار دەبوایە حکومەتی هەرێم لیستی ئەو مینەح و قەرزانەی کە دەدرێ بە حکومەت چەندە و چۆن سەرف دەکرێ خۆی نووسراوە دەبێ پەرلەمانی لێ ئاگادار بکا، پێمان بڵێ بۆ نەیکردووە؟ موخالەفەی تەعینات بەپێی یاسای بودجەی ساڵی 2011 کە دەبوایە (25) هەزار کەس تەعین بکرابایە، بەڵام بەپێی حیسابی خیتامی ساڵی (2011) نزیکەی (35) هەزار کەس تەعین بووە، لەگەرمیان خۆ ئێمە حەز دەکەین هەموو هاووڵاتیانی ناوچەکان، هەموو ئەو کەسانەی کە موستەحەقن بەپێی سیستەم و یاسا و ئەنجومەنی ڕاژە دابمەزرێن، بەڵام لە قەرارێکی سەرپێی و خێرا (700) کەس تەعین دەکرێ، (200) بۆ شوێنێکی تر، (300) کەمئەندام تەقاعود دەکرێ، بەدەر لەبودجە، لەبەر ئەوەی کە چەند مەکتەبێك رووخاوە کەرتی پەروەردە دەبێ پلان و بەرنامەی ستراتیجی بێ، (50) ملیۆن دۆلار سەرف دەکرێ بە ئیزافەی ئەوەی لە بودجەدا سەرفکراوە، خەمڵاندن لەنێوان وەزارەت و فەرمانگەکانی پەیوەندیدارو دواتر لەلایەن وەزارەتی داراییەوە جیاوازی زۆرە، ئەمەش نیشانەی بێ پلانی و نازانستی و نا لۆژیکییەو دەربڕی گۆترەکارییە، بۆ نموونە بۆ مووچەی فەرمانبەران بەپێی وەزارەتەکان دە ترلیۆن و دووسەد و پەنجا و یەك ملیارە، کەچی وەزارەتی دارایی کەمی کردۆتەوە بۆ حەوت ترلیۆن و سەد و سێزدە ملیار، واتە سێ ترلیۆن و سەد و سی و هەشت ملیاری کەم کردووە، یەعنی ئەگەر تۆ مووچەی فەرمانبەران لەسەر ئەساسی داتا و زانیاری و ژمارەی فەرمانبەران و بڕوانامە و پلەی وەزیفی و ساڵی خزمەت و ژمارەی منداڵ کە ئەمانە پرنسیپێکن بۆ دانانی مووچە بۆ فەرمانبەران، ئەگەر لەسەر ئەساسی ئەو بنەمایەیە چۆن دەتوانی دە ترلیۆن کەم بکەیتەوە بۆ حەوت ترلیۆن؟ ئایا کامیان ڕاست و دروستە؟ هی فەرمانگەکان و وەزارەتەکان یان وەزارەتی دارایی؟ کە ئەمە دەربڕی ئەوەیە شتەکە بەگۆترەکاری کراوە، بۆ نموونە ئەنجومەنی وەزیران خۆی داوای حەفتا و هەشت ملیار و دووسەد و شەست وسێ ملیۆنی کردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی کەمی کردۆتەوە بۆ سی و یەك ملیار و نۆسەد ملیۆن، یەعنی نیوەی زیاتری کەم کردۆتەوە، ئەگەر تۆ پێویستت بەوەندەیە بۆ مۆزەف بۆ ئەوەندە کەمی دەکەیەوە؟ تەبعەن ئەگەر سەیری خشتەکان بکەی هەر ئەم دوو خشتەیە کە وەزارەت خۆی ناردوویەتی، بەداخەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەڕاستی زۆرو نا زانستییە، زۆر نا واقیعییە، ئێستا کات نییە ئەگەر نا لەم خشتانە بەوردی موقارەنەم کردووە، حەزدەکەی بۆت دەخوێنمەوە، یەعنی ئەوە سەرۆکایەتی هەرێم خۆی داوای نۆ ملیار و حەوت سەد و حەفتا و دوو ملیۆنی کردووە، کەچی هەشت ملیار و حەوت سەد و هەشتا ملیۆنی بۆ داندراوە، هەمووی وایە، هەمووی کەم کردۆتەوە، زۆر، زۆری کەم کردۆتەوە، ئاخر ئەم کەم کردنەوەیە لەسەر چ بنەمایەکە؟ لەسەر چ ئەساسێکە؟ خاڵێکی تر خەمڵاندن بۆ بوارەکانی شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردن، باربوو، بەخشین، سوودە کۆمەڵایەتییەکان، خەرجییەکانی تر، هەبووی نادارایی، دیسان جیاوازی زۆرە لەنێوان وەزارەتەکان و وەزارەتی دارایی، خاڵێکی تر کە زۆر موهیمە ئەم خشتەیە یەکەم وەزارەتەکان و فەرمانگەکان زۆربەی

زۆریان روبعێکی سەرف کردووە، تا 2012/6/30، لەو بودجە بەکاربەرانەی خۆیان، لەوانەی کە باسم کرد، لەبوارەکانی شمەك و خزمەتگوزاری و باربوو بەخشین و سوودە کۆمەڵایەتییەکان روبعێکی خەرج کردووە، باشە دائیرەیەك، وەزارەتێك توانای خەرجکردنی چارەگێکی بودجەکەی هەبێ، ئێستا تۆ چۆن زیاتری بۆ دادەنێی؟ مەفروزە مادام توانای نییە دیارە پێویستی نەبووە، ئەوە یەك، دوو دیسان هاتووە وەزارەتی دارایی زۆری کەم کردۆتەوە، کەواتە ئەو بەڵگەیە لەسەر چی؟ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو بوارانە بوارێکی بەهەدەردانی زۆری تێدایە، بوارێکە کە دیسان بە هەڕەمەکی داندراوە، ئەوەتا سەیری بکە بۆ نموونە سیلەع و خەدەمات و سیانە لەساڵی 2012 ترلیۆنێك و چوار سەد و بیست و یەك ملیار و هەشت سەد و دە ملیۆنە، کەچی مەسروفەکەی لەشەش مانگدا زیاتری سەرف کردووە، ترلیۆنێك و چوار سەد ملیاری بۆ داندراوە، ترلیۆنێك و پێنج سەد ملیاری سەرف کردووە، ئەی ئەم سەد ملیارەی لەکوێوە هێنا؟ دواتر هاتووە ئیعانات، سەد و پانزدە ملیاری بۆ داندراوە سێزدە ملیاری سەرف کردووە، یەعنی یەك تەقسیم دەی سەرف کردووە، لەو شەش مانگە دواتر مینەح، مەنافیعی ئیجتیماعی شەش سەد و چل و چوار ملیاری بۆ داندراوە، کەچی دووسەد و بیست ملیاری سەرف کردووە، واتە یەك تەقسیم سێی سەرف کردووە، ئەو هاتووە دیسان لەجیاتی ئەوەی مادام یەك لەسەر سێی سەرف کردووە، دیارە پێویستی نییە، حکومەت لەجیاتی کەمی بکاتەوە، زیادی کردووە، کردوویەتی بە سەد و نەوەد ملیار، هەروەها مەسروفاتی ئوخرا حەوت سەد و دوانزە ملیاری بۆ داندراوە نەوەد و چوار ملیاری سەرف کردووە، یەك تەقسیم دەی سەرف کردووە، دیسان مادام یەك تەقسیم دەی سەرف کردووە، کەواتە تۆ حەوت سەد ملیارەکەی بۆ بکە بە سەد ملیار، کاکە بۆی بکە بە دووسەد ملیار، کەچی هەشت سەد ملیاری بۆ داناوە، مەوجوداتی غیر مالی سەد و شەست و شەش ملیاری بۆ داندراوە، نیوەی سەرف کردووە، هەروەها لەم خشتەیەوە دەردەکەوێ بەشێوەیەکی نازانستی و ناواقیع و بەپێی پێداویستی نییە، بەپێی توانای وەزارەت و دام دەزگاکان، ئینجا لێرە رێژەیەکی نووسیوە حکومەت لە وەزارەتی دارایی نووسویەتی (نسبة النمو) نیسبەی گەشە، ئەمە رێژەی گەشە نییە کاکە، ئەمە رێژەی زیادکردنی مەسروفاتە بەسلبی، گەشە یەعنی دەبێ ئیجابی بێ لە بواری ئابووریدا، بۆیە ئەو خەملاندنانە پێشنیار دەکەم کە بڕەکانی سەرەوە لە (15٪) کەم بکرێتەوە، چونکە دەرکەوت حکومەت بەپێی خشتەکەی خۆی کە ناتوانن سەرفی بکەن، زیادیش داندراوە، لەبەر ئەوە لە (15٪) کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کورتهێنانی پێ پڕبکەینەوە، ئاوەدانکردنەوەی لادێکان، کشتوکاڵ، تەندروستی، خاڵێکی تر نازانستی و هەڵە لە خەرجکردنی تەرخانکردندا بۆ نموونە لەبوارەکانی مووچەی فەرمانبەران باربوو و بەخشین و خەرجییەکانی تر، دیسان تەخمیناتێکی غەڵەت کراوە، خاڵی تر کێشەی کارەبا و بەردەوام بوونی، کە ساڵانە بەداخەوە ئێمە بودجە دادەنێین بەڵام ئەم کەرتی کارەبایە لەجیاتی گەشە بکات، ئێمە هێشتا نەفوستانی کارەبامان هەیە، بەپێی لێدوانی وەزارەتی کارەبا خۆی، نەفەقاتی حاکیمە و سیادی کە ساڵانە بەشی هەرێم دیاری کراوە، بۆچی سەرفەکەی دیار نییە؟ وەك لەڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا هاتووە دەڵێ بۆ نموونە ئینتیخاباتی ساڵی (2009 و 2010 و 2011) بڕی دووسەد و

نەود و حەوت ملیاری بۆ داندراوە، ئەرێ ئێمە ئینتیخاباتمان لەساڵی (2010و 2011 و 2012) کردووە؟ ئێمە ئێحتیماڵە لێرە نەبووبین، پارەکەی چی لێهاتووە؟ تەعدادی سوکان ساڵی (2010 و 2011 و 2012) بۆی داندراوە، سەد و هەژدە ملیار، ئەرێ تەعدیداتی سوکان کراوە لە هەرێمی کوردستاندا؟ دەعمی موزاریعین سێ سەد و سی و سێ ملیار دیناری بۆ داندراوە، لە چوار پێنج ساڵدا، ئەرێ ئەم دەعمە زەحمەت نەبێ چی کراوە بۆ جووتیاران؟ تەسفییەی حیسابی بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەحزاب و مونەزەمات، من پێم خۆشە حکومەتی هەرێم بە لیستێك و خشتەیەکی دەقیق هەر حزبێك بە شەفاف چەندی بۆ سەرف کردووە بڵێ مانگی ئەوەندەم سەرف کردووە، بۆ پارتی، بۆ یەکێتی، بۆ یەکگرتوو، بۆ هەموو حزبەکان و ئیعلانی بکا، پێم خۆشە، لەسەر چ ئەساس و بنەمایەك، لەزووترین کاتدا یاسایەکەی دەربچێ بۆ ئەوەی میزاج، عیلاقات، حیساباتی تر تەحەکوم نەکا، بەپێی یاسا سەرف بکرێ، بەڕێزان حکومەتی هەرێم نزیکەی (682) هەزار فەرمانبەری هەیە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار خۆیان ئیعلانی دەکەن زیاد لە ملیۆنێك و چوار سەد هەزار مووچە خۆرمان هیە، واتە (750) هەزار بەنزیکی مووچە خۆر زیادە، ئەگەر ئەو (750)هەزارە یەکی بە نزیکەی مانگی سێ سەد هەزار وەر بگرێ، دووسەد و بیست و پێنج ملیارە مانگانە، ئەگەر زەربی 12 بکەین، دوو ترلیۆن و حەوت سەد ملیارە، ئەوە ئەگەر نیوەشی ڕاست بێ، واتە ترلیۆنێك و نیوی راست بێ، ئا ئەم ترلیۆن و نیوە کە هەمووی کەوادیری حزبییە خانەنشین کراوە و تەعین کراوە و پارەی بۆ بڕاوەتەوە، بەمە عیجزەکە پڕدەکەنەوە و ئاوەدانکردنەوەش دەکەن، ئێمە ئەم ناشەفافیەتییەو گەندەڵییە دەبینین، ئەم رۆتینات و بێ سەرۆکایەتییە دەبینین، چەندین جار بەرپرسانی باڵا لەحکومەت بڕیاریان داوە هەوڵبدەن بۆ بن بەرکردنی گەندەڵییەکان و بە جۆرەکانی، دوایەمین بەڵێن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتەوە بوو، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و سەنتەرگەرایی و رۆتین، ئایا چ پلان و بەرنامە و میکانیزمێك هەیە، چی کراوە و چی نەکراوە؟ بە عەمەلی تا ئێستا هەنگاو بەداخەوە نەندراوە، ڕاپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی بە ئامارو داتا، لەکۆڕێکدا کە ئێمە بەشداریمان کرد، خولێکی دوو رۆژە، بە ئامار و داتا ئاماژەی کرد بە نەبوونی شەفافییەت، بە بوونی گەندەڵی لە زۆر بواردا، بەفیڕۆدانی سامان، بوونی ناعەدالەتی لە هەرێمدا، ئایا چی کراوە؟ بۆ رێگە گرتن لەمە؟ ئەو رێکخراوێکە لەسەر ئەساسی مەعلومات و داتا قەسەی کردووە، بۆ وەزیری بەرێز وەزیری پلاندانان، هەندێك لەپڕۆژەکان زۆر دواکەوتوون، چەندجار گوژمەی ئیزافییان بۆ داندراوە، بەمەش لەکۆتاییدا گوژمەی گشتی بووە بە چەند قات، لەخشتەی پڕۆژەکاندا هەڵەی زۆر، کەم و کوڕی زۆر، تەناقوزاتی زۆر، لەرووی گوژمەی گشتی، گوژمەی ساڵانە، ماوەی پڕۆژە، کاتی دەست بەکاربوون، بڕی خەرج کراو، جیاوازی لەنێوان خشتەی وەزارەتی پلاندانان و خشتەی وەزارەتە پەیوەندارەکاندا هاتووە کە نموونەی زۆر، زۆر هەیە، بۆ نموونە ئەوە لیستی (774) پڕۆژەیە کە پارەی بۆ تەخسیس کراوە و بەداخەوە نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، هیچی بۆ خەرج نەکراوە، دوو ترلیۆن و حەوت سەد و شەست و دوو ملیار و پێنج سەد و نەوەد و نۆەد و شەش ملیۆن دیناری بۆ تەخسیس کراوە، پارەکەی لەو ساڵە چی لێهاتووە؟ بەپێی یاسای ژمارە

**حەوتی ساڵی 2008 ی هەموارکراو بەیاسای ژمارە 17ی ساڵی 2011، پێویست بوو لە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2013) گوژمەیەك دابندرێ بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت، بەداخەوە لە یاسایەکە دەڵێ شەش سەد ملیار بۆ ئەو بوارانە، ئەمەش وا دەکا حکومەت بە ئارەزووی خۆی ئیلزام نەبێ، من بۆیە داوا دەکەم لەبەر خاتری خەڵکی کەم دەرامەت و هەژار (200) ملیار دابندرێ بۆ ئەوەی یەکەی نیشتەجێ بوون دروست بکرێ بۆ نەهێشتنی دیاریدەی کرێچیەتی، خاڵێکی تر هەندێك پڕۆژە هەیە دیزاینی بۆ نەکراوە کەچی دێن پارەی بۆ تەخسیس دەکەن، ئاخر پڕۆژەیەك دیزاین و تەسمیمی نەبێ، من موهەندیسم و موهەندیسەکانیش باشتر دەزانن، چۆن دەبێ گوژمەی بۆ دیاری بکەی؟ چۆن دەبێ بخرێتە خشتەی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان؟ لەهەمان ساڵدا، دەستەی وەبەرهێنان کە سەرپەرشتی یەکەی نیشتەجێ بوون دەکات، چەندین جار سکاڵایان کردووە لەلای ئێمە کە یەکەی سەرپەرشتیاری ئەندازەییان نییە، بۆیە بۆ ئیشرافکردنی یەکەکانی نیشتەجێ بوون، بۆ ئەوەی کوالیتیان باش بێ، باش زەبتی بکەن، باش موتابەعەی بکەن، بۆیە داوایان کرد کە دەستەی وەبەرهێنان بڕێك دیاری بکرێ بۆ ستافێکی هەندەسی، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو خانووانە، ئەو بڕە پارانەی کە لەبودجەدا بۆ دەستەی وەرهێنان تەرخانکراوە، بۆ گەیاندنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، بۆ یەکەکانی نیشتەجێ بوون، ناکرێ موناقەلەی پێ بکرێ بۆ هیچ کارێکی تر، وا باشە ئەو پڕۆژانە لە ڕێگەی فەرمانگەکان لەپارێزگاکانەوە بە ئاگاداری دەستەی وەبەرهێنان جێ بەجێ بکرێ، پێشنیار دەکەین کە لە گوژمەی پترۆدۆلاری هەر پارێزگایەك یان قەزایەك ڕێژەی لە (50٪)ی ئەو پارەیە سەرف بکرێ کە بۆ ئاوەدانکردنەوە و بۆ خزمەتگوزاری ئەو پارێزگایە یان ئەو قەزایە، هەروەها داوا دەکەین ئەو کۆمپانیایانەی کە چەند پڕۆژەیەکیان وەرگرتووە پڕۆژەی تریان پێ نەدرێ، چونکە ئەرکەکەیان قورس دەبێ ناتوانن پڕۆژەکان جێ بەجێ بکەن، کە ئەوە هۆکارێکی دواکەوتنە، ئەو کۆمپانیایانەی کە لەکارێکدا دروست نەبوون، یان خراونەتە ناو لیستی ڕەشەوە، پڕۆژەیان پێ نەدرێ، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەندێ ئیعتیبار پڕۆژە دەدرێ بە چەند کۆمپانیا، کە سەرکەوتووش نەبووە، خاڵێکی تر داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەین لەکاتی دانانی پڕۆژەدا کە چارەسەری کێشەی زەوی و زار و قەرەبووی هاووڵاتیان بکاتەوە، چونکە ئەمە کێشەیەکە لەبەردەم جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکاندا، هۆی دواکەوتنیەتی، پێشنیار دەکەین کە ئەمە خەڵکانێکیش داوایان کرد، لە تەعیناتدا ئەولەویەت بدرێ بە گرێبەستەکان، چونکە چەند کەسێك هاتن بۆ نووسنگەی پەلەمان لەسلێمانی کە وتیان ئێمە سێ ساڵ زیاترە گرێبەستین، شارەزایی باشمان هەیە، ئەزموونی باشمان هەیە، بەڵام بەداخەوە هەتا وتی فەرمانگەکەی خۆشمان داوای کردووە کە ئێمە تەعین بکرێین، بەڵام تەعین ناکرێین، ئەوە  خاڵێك، خاڵێکی تر گرێبەست کەم بکرێتەوە یان هەر نەمینێ، مەگەر ئەو کەسانەی کە زۆر زەروورن کە ئەوە وەزارەتەکان خۆیان دەزانن، بەتایبەتی ئەوەی کە مووچەی تری هەیە، کە دوو مووچەی هەیە، مووچەیەکی نەمێنێ، خەڵکێك هەیە دوو مووچە زۆرە، بۆیە داوا دەکەم دوو مووچە نەمێنێ، تەبعەن لەم بودجەی حکومەتی هەرێمەوە لەو خشتانە بە داتاو بە دەقیقی و بە ڕەقەم**

چەندین کەم و کوڕی و زیادەڕۆیی و بەهەدەردان هەیە، من ئێستا بەداخەوە لەبەرکات باسی ناکەم، ئەگەر بەوردی بخوێندرێتەوە، تەوەرەی ئاخیرم دێمە سەر پێشنیارەکان، پێشنیار دەکەم دەڤەری شارەزوور و سەید سادق کە بەداخەوە گرینگی پێ نەدراوە بۆ ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری، کە دوو قەزا و چەند ناحییە و دێهاتی بەدەورەوەیە، کە وەختی خۆی لەسەردەمی رژێمدا سەید سادق بە تەواوەتی تەختی زەوی ببوو، خزمەتگوزاری ناوشار بەتەواوەتی لە ئاو و ئاوەڕۆ و قیرتاو بکرێ، پەیمانگا و کۆلێژ کە خۆیان داوا دەکەن بۆیان بکرێتەوە، سایلۆکانیان بەداخەوە نەچۆتە بواری جێ بەجێکردن، قوتابخانەی زۆریان نەقوستانە، خەستەخانە، رێگا و بان، چەند دائیرەیەکی زۆریان هەیە هەمووی لە موجەمەعێکی دەوائیری زۆر کەمە کە بەشی دوو دائیرە ناکا، بەشی قائیمقامییەت ناکا، ئەگەر بتەوێ بەجوانی ئیشەکان راپەڕێنن، بەڵام زۆربەی دائیرەکان مەحکەمە و قایمقامیەت و شارەوانی و تاپۆ لەیەك دائیرەی بچووکدان، لە یەك بینای بچووکدان، پێشنیار دەکەم کەمپێك بۆ ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان بکرێتەوە، کاتی خۆمان ئاوارە بووین بۆ تورکیا و ئێران حاڵمان چۆن بوو؟ دیاری کردنی بودجەیەك بۆیان، پێدانی خۆراك، بانگکردنی رێکخراوە خێرخوازییەکانی وەکو مانگی سوور و رێکخراوی تری خێرخوازی کە ژیانیان زۆر خراپە، بەداخەوە بە بازاڕدا دەگەڕێن و حاڵەتی مرۆییان لە حاڵەتێکی زۆر دژوار دایە، داواکارم و پێشنیاریش دەکەم قەرز یان بەخشین یان سولفە بدرێ بەو قوتابیانەی کە تواناسازی نایانگرێتەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن، بەداخەوە لە پرۆسەی تواناسازیدا چیەو و مەیل کراوە، بەڵگە هەیە، خاڵێکی تر دەرماڵەی مانگانەی قوتابیان زانکۆ و پەیمانگاکان زیاد بکرێ کە ئێستا (60) هەزارە، (60) هەزار بەشی هیچ ناکات، رۆژی دوو هەزار بۆ قوتابییەك بیەوێ بخوێنێ و بیەوێ هەوڵ و کۆشش بکا، بۆیە داوا دەکەم (150) هەزار بەو قوتابیانەی ناو شار و (200) هەزار بۆ قوتابیانی دەرەوەی شار بدرێ، چاککردن و گرینگیدان بە حاڵەتی بەشە ناوخۆیەکانیان، کە کەم ئاوی و نەبوونی کارەبا و نەبوونی خزمەتگوزاری لەبەشە ناوخۆییەکاندا، دەرماڵەی چین و توێژەکان چاك بکرێ، بۆ نموونە موحەقیق عەدلی لە بەغدا دەرماڵەیان (500) هەزار دینارە هاتن بۆ لای ئێمە داوایان کرد، جیۆلۆجییەکان هاتن بۆ نووسینگە وتیان لەهەموو دونیا دەرماڵە لە (30٪)یە، کەچی لە (20٪) بە ئێمە دەدرێ، بەداخەوە ئەو جیۆلۆجیانە یەکێتی جیۆلۆجیانی کوردستان هاتن وتیان کە سێك لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانەوە تەحەکوم دەکا بە هەموو دانانی ئەو جیۆلۆجیانەی کە لە کفری و کەلارەوە تا ئەو پەڕی زاخۆ یەك کەس تەحەکوم دەکا، ئەویش بە ئارەزووی خۆی ئەو کەسانە دادەنێ کە خۆی لەسەر ئیعتیباراتی بزانە حزبییە، خزمایەتیە، ئەمە یەکێتی جیۆلۆجیای کوردستان لەسلێمانی هاتن ئەمانەیان وت، بەداتاو مەعلومات، یاداشتەکەشیان مەوجوودە، ئەندازیاران داوای ئیمتیازیان کرد، ئەندازیاری کشتوکاڵی توێژەکانی تر بەڕاستی لە رووی دەرماڵە و لە رووی ئیمتیازیاتەوە زۆر مەحروومن، مووچەی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، (60) رۆژ کەمئەندامان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، لەبەردەم نووسینگەی پەرلەماندا، هاتنە بەردەم نووسینگەی ئەنجومەنی وەزیران بەداخەوە هیچیان بۆ نەکرا، کە من پێم وایە ئەوە عەزابێکی ویژدانی بوو بۆ هەموو خەڵکی، بۆیە

داوا دەكەم بەپێی یاداشتەكەی خۆیان مووچەكانیان زیاد بكرێ بەپێی دەرەجەی كەمئەندامی، بەپێی سیستەمێكی روون و ئاشكرا و عەدالەتی كە كەمترین مووچەی لە (400) هەزار كەمتر نەبێ، خۆیان داوایان كردووە و ناردوویانە بۆ پەرلەمان، كێشەی دابەشكردنی زەوی بۆ فەرمانبەران، بۆ رۆژنامەنووسان، بۆ هەموو چین و توێژەكان چارەسەر بكرێ، كە بە تایبەت ئەوانەی موافەقەیان هەیە و خاڵی زۆریان هەیە، كە زەویان پێ بدرێ وەكو هاوەڵەكانیان، چارەسەری نەخۆشییەكانی بەركەوتی كیمیایی و دانانی بودجەیەكی تایبەت بۆیان، كە (78) كەسیان لێ مردووە، تەقریبەن (280) كەسیشیان لەمەترسی دان و روو بەرووی مردن دەبنەوە، خەرجكردنی پارەی ئاوارەكانی ئێران و توركیا زوو جێ بەجێ بكرێ، چونكە زۆر دواكەوتووە، رۆتینیات و كۆسپ لەبەردەمیان دروست دەكرێ، داواكارم كە چەندین جار یاداشت و داوایان كردووە، هاوكاری چارەسەری قوربانیانی مین بكرێ، پێداویستییە پزیشكەكانیان دابین بكرێ، لەسنوورەكانی بە تایبەت سنووری باشماغ و پەروێز خان رۆژانە سەدەها تەنكەر نەوت دەڕوا بۆ دەرەوە، ئەمەش بۆتە مایەی قورساییەك، قەڵەباڵغییەك لەسەر رێگایەكانی ئەو ناوچانە، ناوچەكانی عەربەت و شارەزوور و سەید سادق و گەرمیان و زەڕایەن و دەربەندیخان، هەڵەبجە و هەورامان، بۆیە داواكارم لەسەر داهاتی ئەو نەوتە كە ملیۆنەها دۆلارە رێژەیەك دیاری بكرێ بۆ ئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچانەو خزمەتگوزارییان، داواكارم تەعلیمات و میكانیزم نەبێتە هۆی مراندنی یاسایەكان، هەندێ یاسا هەیە بە تەعلیمات دەیمرێنن، بۆ نموونە عەقار و سلفەكان و یاسای كەمئەندامان، كە لیژنەی تەحقیقی.......، ئەوەندە لیژنە زۆر نییە كە تەحقیق لە دەرەجەی كەمئەندام و عیجزی نەخۆشەكان بكا، ئیشەكانیان دوا دەكەوێ، زیندانیانی سیاسی سكاڵایان كرد وتیان یەك لیژنە هەیە، حاكمێك، دوو حاكم لە هەولێر دادەنیشن رۆژی چوار مەعامەلە بەڕێ ناكەن، بۆیە داواكارم ئەم رۆتینیات و میكانیزم و تەعلیماتە نەبێتە مایەی مراندنی یاسایەكان، داواكارم وەزارەتی دارایی لە بودجەی ئێحتیاتی و چیە؟ خۆی بەزووترین كات قەرەبووی هاووڵاتیانی زیان لێكەوتووی لافاوی ناوچەكانی كوردستان بكاتەوە، بە تایبەتی گەرمیان و كەلارو هەولێر و گوندەكان، هەروەها زیان لێكەوتووی سنوورەكان كە بەهۆی بۆردومانكردنەوە تووشی زەرەری گیانی و ماددی بوون، داواكارم قەرەبوو بكرێنەوە، لەكۆتایدا ئەم دەیەها و سەدەها كەم و كوڕیەی كە لەبودجەدا هەیە، ئەم دەیەها كەلێن و ناتەواویانە، نا شەفافیەتی، بە هەدەردان، زیادەڕۆیی، بۆیە داوا دەكەم بودجەكە دەنگی پێ نەدرێ، بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، لەماوەی دە رۆژدا حكومەت ناتەواویەكانی تەواو بكات، ئینجا بیگەڕێنێتەوە، یان بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان و حكومەتدا لیژنەیەك دابنێن، میكانیزمێك دابنێن بۆ تەواوكردنی ئەم كەم و كوڕی و كەلێنانە، ئینجا تێپەڕێندرێ، چونكە بەڕاستی گەندەڵی و ناشەفافی و بە هەدەردان و نا عەدالەتی و نا هاوسەنگی زۆری تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان.**

بە حەقەت دوو، سێ تێبینیمان هەیە، ئەمە وەلأم دانەوە نییە، بەلأم هەر بۆ روونکردنەوە، مەسەلەن هەندێك وشە بەكاردێنن فریودان و گۆترەكاری و ئەم شتانە، بەڕاستی ئەمە پێویستی بە ئیسپات كردنە، گۆترەكاری، فریودان دوو وشەی بەڕەئی من ناكرێت هەر ئەوها بڵێی، ئەم وشانە ئەگەر ئێستا كەسێك هەبی دەعوا تەسجیل بكا، ئەمە دەعوای لەسەرە، یەعنی بەفیڕۆدان و گۆترەكاری دوو وشەی.....، حەزدەكەم ئێمە خۆمان ئەندام پەرلەمانین لەو وشانە تۆزێك دوور بێخین، ئەوە یەك، دوو، باسی (75)هەزار دۆلاری گوندەكانی كرد، باشە لەیاسای (2011)، یاسای (2012)، ئەگەر باسی لێكراوە حەقە ئێمە موحاسەبەی حكومەت بكەین، بۆ سەرف نەكراوە؟ باس لێ نەكراوە، لەناو یاسادا نییە، چۆن پارە سەرف دەكرێ بەبێ یاسا؟ سێ، باسی دوو مووچەیی كرا، زۆر كەس دوو مووچە وەردەگرن، خۆ وەڵلا ئەمن ئەندام پەرەلەمان بم بزانم كەسێك دوو مووچە وەردەگرێت حەقە موحاسەبەی ئەو وەزارەتە بكەم، بڵێم وەرە چۆن دوو مووچە بە فلأنە كەس دەدەی؟ خاڵێكی تر، ئاخیر خاڵ، باسی كەمپی دۆمیز كرا، ئەوانەی برا كوردەكانی سوریا، بە شایەدی (un) باشترین ژیانی برا سوریایەكان بە بەراورد لە توركیا لەگەڵ ئوردن لەگەڵ لوبنان باشترین ژیانی ئەوان لەكەرتی دۆمیزە، حكومەت بە هەموو توانایەك یەعنی هەوڵی ئەوەیانداوە باشترین گوزەران بۆیان دابین بكات، خەڵكی كوردستان، میللەتی كورد بەیەكەوە، گەنجەكانی ئەوان كە ئەمە لەهیچ وڵاتێكی تر نییە، ئازادن لە ئیشكردن لە دهۆك، لە هەولێر، لە سلێمانی، جێگای ڕێز و تەقدیرن، بڕواناكەم درێغی و تەقسیری لەگەڵیان هاتبێتە كردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر، ئەگەر تەوزیحێكی هەبێتن.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان وەزیران، من هاودەنگم لەگەڵ كاك خورشید، ئەگەر لەم حكومەتە، لەم بودجەیە، گەندەڵكاری، نا شەفافییەت، نا عەدالەتی، گۆترەكاری نییە، ئەو كەسانە هەموو بدرێنە دادگا، كە لێرە ئەو وشانەیان بەكارهێناوە، ئەمە یەك، ئەگەر ئیسپات بوو بەڵێ ئەمانە هەیە چی دەكەین؟ ئەویش حەق وایە ئیجرائات بكرێ، خاڵی دووەم ئەوەیە ئەمە جێگای ئەوە نییە كە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە وەلأمی پەرلەمانتاران بدەنەوە، هەموو پرسیارەكان، هەموو ڕەخنەكان ئاراستەی حكومەت بوو، ئاراستەی دام و دەزگاكا تەنفیزیەكان بوو، حەق وایە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە، دوێنێش ویستم ئەوە بڵێم كە كاك د. ئاراس وەلأمی هەندێك لە ئەندام پەرلەمانتارانی دایەوە، هەموو بابەتەكان دووبارە دەبنەوە، یاداشتی تێبینییەكانیان بكەن لە ئاخیری كۆبوونەوەكە كاتێ سرەیان دێ یەك بە یەك وەلأمی بدەنەوە، ناكرێ هەموو جارێ وتت ناعەدالەتی برادەرێك ئیستیفزاز بێ، وتت ناحەقی یەكێكی تر....، ئەمە

دەرنايەنێ، ئێمە پەلەمانتارین رەخنە دەگرین، رەخنە یەعنی رەخنە، خۆی گوڵبارانت ناکەن، رەخنە گیرا تەبعەن ئیفتیزاز دەبی، نارەحەت دەبی، بەڵام دەبێ بەراستی لە ئاخیری کۆبوونەوەکە من پێشنیار دەکەم لەم موداخەلەیە بەدواوە رێنەدرێ بە ئەندامانی لیژنەی بەرێز، هەروەها بە وەزیرە بەرێزەکان ئیلا لە حاڵەتی دەرچوون لە نیزام کە ئەوەش لە دەستەڵاتی ئێوەیە، پەرلەمانتاران دادەنیشێنن یان کە سێك کە موداخەلە دەکات، لێرەوە دەرگای وەڵام دانەوە داخەن تا موداخەلەکان تەواو دەبن، ئەو کاتە مافی هەر ئەندامێکی لیژنەیە، سەرۆك لیژنەکان بەتایبەتی لەگەڵ وەزیران وەڵام بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەراستی لیژنەی دارایی و ئابووری حەقیان نییە وەڵامی هیچ پەرلەمانتارێك بدەنەوە، بەڵام حەقیان هەیە تەوزیح بدەن، بەڵام وەڵام دانەوە نابێ، بەڵێ فەرموو ژیان قسە بکە.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێشەکی دا من دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی دەکەم، ماندوو نەبن، هیلاکییان پێوە دیارە، دەستخۆشی و پشتگیری لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەکەم، کە بەو وردەکارییەو بەو تێر و تەسەلییە، ڕاپۆرتەکانیان بۆ ئێمە ناردووە و هەموو سێکتەرەکانیان روونکردۆتەوە، بەڕاستی بەرچاو روونیان بە ئێمە داوە، دەستخۆشیان لێ دەکەم، بە نیسبەت ئەوەی کە من ئەندامم لە دوو لیژنە، لە لیژنەی کۆمەڵایەتی کە من داوا دەکەم سوودە کۆمەڵایەتییەکان وەکو خۆیان بمێنێتەوە، چونکە یەکێك لەو سوودە کۆمەڵایەتییانە تۆڕی کۆمەڵایەتییە، کە حکومەتی هەرێم بەبڕی سەد و دوو ملیار و سەد و حەفتا و هەشت ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار سەرف دەکا بۆ تۆڕی کۆمەڵایەتی کە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە منداڵی بێ دایك و باوکن، واتە فاسرن، پیرو پەرکەوتەن، کە پیاو لە تەمەنی (65)ساڵ بێ و ژنیش (60) ساڵ بێ، کچی بە تەمەن کە بەخێوکەری نەبێ، قوتابی خێزاندار، خێزانی حکومدارو، بێوەژن، منداڵی بێ باوك کە دایکی بەجێی هێشتبێ، هەروەها مووچەی کەمئەندامان کە سەد و بیست و یەك هەزارو سەد و پەنجا و حەوت کەس لێی سوودمەندە، هەروەها خۆراك و خواردنی منداڵانی بێ سەورپەرشتیار، پیر و پەرکەوتەکانە لە خەڵوەتگەی پیری، هەروەها خواردن و خۆراکی چاکسازییەکانە، هی سجنەکانە، جل و بەرگیانە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم کە ئەو سوودە کۆمەڵایەتیانە وەکو خۆی بمینێتەوە، لەبەر ئەوەی خۆی بەناوی خۆیەتی کە کۆمەڵایەتییە، هەروەها بە نیسبەت ئەوەی کە من دیسان ئەندامم لە لیژەی کشتوکاڵ پشتگیری قسەکانی کاك جلال دەکەم دەقاو دەق هەمووی، ڕاپۆرتی خۆمان کە دەبێ گرینگییەکی زیاتر بدرێ بە کشتوکاڵ بە تایبەتی قەرزی کشتوکاڵ جیا بکرێتەوە بە بابێکی جیاواز دابندرێ، چونکە ئێمە بە تێبینیەکان بۆمان دەرکەوت کە زیاتر قەرزی خانووبەرە و قەرزی هاوسەرگیری زیاتر بڕەکەی بردووە و کشتوکاڵ کەمتر بووە،

لەبەر ئەوە داواکارین بەبابێکی جیاواز بۆی دابندرێ، هەروەها پشتگیری ئەوەش دەکەین کە داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ خۆی بێت، هەروەها داوای ئەوەش دەکەین کە سایلۆکان گرینگییەکی زیاتری پێ بدرێ، پەلەی لێ بکرێ، چونکە ئێمە هەموو دەزانین پار بڕی گەنم زیادی کرد، الحمدالله ئەوساڵیش بارانەکەی باشە، هەر زیاتر دەبێ، بەڵام کێشەی خەزن هەیە، مەجبوور دەبین ئەو گەنمە بفرۆشینەوە بە بەغدا، بەبڕێکی کەم، تا پارەکەش دێت ئەزیەتی جوتیاران دەدا، دیارە ئەوە ئێمە داواکارین کە وەزارەتی کشتوکاڵیش هەماهەنگ بێ لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی بۆ دروستکردنی سایلۆکان کە زۆر گرینگە، هەروەها من پشتگیری حکومەتی هەرێم دەکەم، دەستخۆشیشی لێ دەکەم بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ کەرتی نیشتەجێ بوون، بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، دیارە ئەوە سێ ساڵە حکومەت ئەو بڕە پارەیە دادەنێ، ئێستاش هەزارەها خانوو لە تەواوبوون دایە، ئەمساڵیش (200) ملیاری بۆ داناوە، تازە عێراق (400) ملیاری داناوە بۆ هەموو عێراق، دیارە ئەمە جێگای دەستخۆشییە، کە حکومەتەکەی ئێمە بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە لە خەڵکی کەمدەرامەت، هەروەها من داوا دەکەم گرێبەستەکان، کاك حەمە سعید بوو وابزانم وتی ڕاست دەکا ئێمە لە نووسینگەی سلێمانی گرێبەستەکان هاتن بۆ لای ئێمە، هەر لە بودجەی (2012) ئێمە وتمان ئەولەویەت بدرێ بە گرێبەستەکان، دیارە ئەوان کێشەی ئەوەیان هەبوو شەهادە کە بڵێین سناعە و تیجارەن، بەڵام ئەوانە کادیری وەسەتین، دائیرەکان زۆر ئیشی بەوانە هەیە، یەکێکیان خەبیرە لە دروستکردنی خانووی پلاستیکی، یەکێکیان خەبیرە لە دروستکردنی قاچ و دەست بۆ خەڵکی کەمئەندام، لەبەر ئەوە شەرت نییە هەر بە کالیۆرۆس بێ، ئەوانەی تریش کە کادیری وەسەتین دەبێ دابمەزرێن و بکرێن بە میلاك، چونکە وەکو بڵێین لە باری دەروونی ئەوان هیلاکن و ناتوانن لە ئیشەکانیاندا سەرکەتوو بن، هەروەها بە نیسبەت قەرزەکان من پشتگیری حکومەتی هەرێم دەکەم بۆ بەردەوام بوون لەو قەرزانە، بە تایبەتی قەرزی خانووبەرە، کە من گوێم لێ دەبێ دەڵێن دێهاتەکان چۆل بوون، بەڵام ئەمە وەعدێکی لیستی کوردستانی بوو کەوا دێهاتەکان ئاوەدان بکرێتەوە و ئەو سلفەی عەقارەش کە زیادکراوە بۆ دێهاتەکان ئێستا زۆربەی دێهاتەکان ئاوەدان بوونەتەوە و قوتابخانەو جادە و بان و کارەبایان پێگەیشتووە، جێی دەستخۆشییە، بەڵام لە خواستی ئێمەدا نییە و دەبێ زیاتریش گرینگیان پێ بدرێ، هەروەها پشتگیری ئەو بڕە پارەیە دەکەم کە دانراوە بۆ دەزگای ئاسایش لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر سەیر بکەین ئەو سەقام گیرییەی کە ئەم هەرێمەی تێدایە لە سایەی دەزگای ئاسایشە، دیارە هەموو سێکتەرەکان گرینگن، بەڵام ئەگەر ئاسایش نەبێت هیچ شتێك گرینگی نامینێت، کە تۆ موتمەئین نەبووی منداڵەکەت بەیانی دەچێ بۆ مەکتەب سەلامەت نییە، تۆ گوێ نادەی بەوەی لە باشترین قوتابخانە بخوێنێ، سەلامەتی ئینسان پێش هەموو شتێکە، لەبەر ئەوە ئێمە هەر سەیری هەرێمی کوردستان دەکەین لە (2007)ەوە هیچ کارێکی تیرۆرستی لەم هەرێمە رووی نەداوە، ئەویش هەموو کەسێك دەگرێتەوە، هەموو چین و توێژێك لە ئاسایشدا دەژیت لەم هەرێمە، هەر بۆ نموونە سەیری وڵاتێکی وەکو بەرازیل بکەین، کە وڵاتێکی زلهێزە کاتێك کە گەشتیارەکان دەچن بۆ بەرازیل ناتوانن لەهەموو شوێنێك بە ئیسراحەت هاتوچۆ بکەن، لە ژێر

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (39)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/1/29

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/1/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (39)ی خولی سێیەم, سالی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (39)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2013/1/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەرەخستنە ڕوو و گفتوگۆو پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عیراق بۆ سالی 2013.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن، سالی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن 39، ڕۆژی دانیشتن 2013/1/29 ، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی برگە یەكی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆوی ژمارە (1)ی هەمواركراوی سالی (1992)ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (39)ی ئاسایی، خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەكاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ڕێكەوتی 2013/1/29 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەرەختنە ڕوو و گفتوگۆو پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2013، بەخێرهاتنی وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان دەکەین، لەگەڵ وەفدە یاوەرەکەیان، داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، کاك سالار فەرموو بۆ قسەکردن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان، خوشك و برایانی بەڕێز، من سەرەتا لە دەستپێك بابەتەکەی خۆم بەوجۆرە دارِشتووەتەوە، کە دەسپێکێکی گشتی و، هەروەها سەرنج و تێڕوانینێکی گشتیە، کە بەشی زۆریان بەو ئاراستەیە کە بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکرێت، یا هەوڵبدەین بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە و، ئاراستەیەکی تری قسەکانم پەیوەست دەکەم بە پرسی مافی مرۆڤ، ئاراستەی ئاخیرم پەیوەست دەکەم بە هەندێك پێویستی کە بۆ دەڤەری گەرمیانە، بەر لە چەند ساڵێك سەرۆك وەزیرانی یابان، کە متمانەی پێدرا لە یەکەم ڕاگەیەندراوی خۆیدا ڕایگەیاند کە ئەو دەست بەکار نابێت تاوەکو لە پەرلەمانەوە بودجەی بۆ پەسەند نەکرێت، بێگومان ئەوە چەند ئاماژەو مەدلوولێکی هەیە، یەکێك لەوانە هیچ حکومەتێك بەبێ بودجەو بودجەی پەسەندکراو ناتوانێت بەرنامە سیاسیەکەی خۆی و، کارنامەی ئابووری و داراییەکەی خۆی ڕایی بکات، یەکێك لە مەدلوولەکانی تر ئەوەیە پەرلەمان ئەو شوێنەیە کە دەعمی حکومەت بکات، بۆبەدیهێنانی بەرنامەکانی و، دەعم کردنیش تەنها لایەنە ئیجابیەکان نیە، بێگومان هەندێکجار دەست نیشان کردنی خەلەل و کەموکوڕیەکانیش هاوکارو یارمەتیدەری حکومەتە، بۆ باشتر بەدیهێنانی خواستەکانی، بێگومان بودجە ڕەسمی سیاسەتی مالی و ئابووری و، دارایی حکومەت دەکات و، حکومەت لەڕێگای بودجەوە دەتوانێت بە هاووڵاتیەکانی بڵێت ئاراستەی هەرێم و حکومەتەکە بە چ ئاقارێك دەبەن و، هەتا بودجە لە بنەڕەتدا دەتوانێت ببێتە مایەی دڵنەوایی دانیشتوانی وڵات و، هەروەها دەتوانێت ببێتە مایەی دڵەڕاوکێی دانیشتوانیش، بۆیە لەو بارەوە واجبی سەرەکی و یەکەم ئەوەیە، ئەم بودجەیە بۆ خێرو بێری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانی دابەش بکرێت، ببێتە مایەی خێروبێری ئەم وڵاتە، من هەوڵ دەدەم بە ئاراستەی هەمووی ڕەشە یان هەمووی سپیە قسە نەکەم، چونکە ئەم بودجەیە کە هاتووە ئەزانین بودجەیەکی خەملێنراوە، هاتووەتە پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەیە کە کەموکوڕیەکانی دەست نیشان بکرێت و، بە سینگ فراوانیەوە وەربگیرێت بە هەموومانەوە پێکەوە هەوڵ بدەین چارەسەری بکەین، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەگەر من هەموو کاتەکەم بۆ ئیجابیەتی ناو بودجە تەرخان بکەم، تەسەور دەکەم کەم بێت، بەلام لە بەرامبەریشدا هەموو کاتەکەم بۆ کەموکوڕی تەرخان بکەم ئەمە خەملێنراوە، کەموکوڕیشی تێدایە، بۆیە هەموو ئەو تێڕوانینانەی کە دەیخەمە ڕوو دەمەوێت خزمەت بە ئەو پرۆسەیە بکات، کە ئێمە چوار ساڵە کاری لەسەر دەکەین و، لەڕاستیدا خودی ئەو گفتوگۆیانە ئەگەر بە تەنها وەربگرین لەناو پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە ئەمساڵەوە بۆ چوار ساڵی ڕابردوو ئەوە بەشێکە لە پرۆسەی عەمەلیەکی سیاسی بە ئاراستەی دیموکراتیزەکردن، خودی گفتوگۆکانیش بەشێکە لەدەرخەری پرۆسەی شەفافیەت، ئەگەر ئەوە

بەشێك نەبێت لە پرۆسەی شەفافیەت، با ئەوە لێگەڕێین بۆ ناوەندەکانی توێژینەوە، زانکۆو پەیمانگاکان، ناوەندەکانی کە کار لەسەر باری ئابووری، ژمێریاری، دارایی ئەم هەرێمە دەکەن، ئەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو جەدەلانەی ئێمە هەبێت و، بۆ ئەو ڕەوشە هەبێت، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێکردووە، خۆ هەموو ئەو فراکسیۆنانەی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان هەموو کاریگەرن، ئەگەر فراکسیۆنی یەك کەس بێت یان پەنجاو نۆکەس بێت، بەلاَم بەشی زۆری ئەو فراکسیۆنانە لە پەرلەمانیش هەمان فراکسیۆنیان هەیە، هەر هیچ نەبێت با هەر لایەنێك لە ئێمە دەزگا لێکۆڵینەوەکانی خۆی هان بدات، بەراوردێك لە جەدوەلی کاری بودجە و سیاسەتی مالی و ئابووری هەرێم و وڵات بکات، بە بەراورد لەگەڵ عیراق و هەرێمی کوردستان، ئەو کاتە دەزانین ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکە ئێمە دەبێت زیاتر دەعمی بکەین یان پاشەکشە بکەین، کە پاشەکشە کردنی خزمەت بە هیچ لایەکمان ناکات، ئەمەوێت ئاماژە بە مەسەلەیەکی گرینگ بدەم، ئەویش پەیوەنداره بەچۆنیەتی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئابووری و دارایی لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن ئێمە لەگەڵ ئەم وڵاتەدا کە ناوی عیراقە بەرەبەرە دەگەینە بن دەست، کە زۆربەی شەڕەکانیش شەڕی بەرژەوەندی ئابووری، شەڕی بەرژەوەندی دارایی و شەڕی سامانی سروشتی و کانزاکانن، بۆیە من دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم، کە ئەمساڵ بودجەی بەر لە پەسەند کردنی بودجەی عیراق هێناوەتە پەرلەمانی کوردستان و، ئەوە ئەگەر بە بەرنامەش نەبووە لێرەوە بیکەین بە هەنگاوی یەکەم، بە بەرنامە بیکەین بە بنەما بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری، واتە لێرەوە ستراتیجیەك پەیڕەو بکەین، کە ستراتیجی پشت بەخۆ بەستن بێت لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی ئابووری و دارایی، چونکە دۆخی عیراق بۆ ئێمە زامن نیە، ئەگەر کێشەکانی دیجلەو ئەگەر ئەو دۆخەی کە ئێستا لە موحافەزاتی سونی عیراقی نەبووایە، بێگومان شەڕی یەکەم و گەورە کەمکردنەوەی بەشی بودجەی هەرێم دەبوو، کە هەر پێش ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت لە پەرلەمانی عیراق 120 ئیمزای بۆ کۆکرایەوە، کە وترا ئەو حسەیە زۆرە لەکاتێکدا ئامارەکان پێمان دەڵێن ئەو (17٪)ـە بە حەقیقی ناگاتە هەرێمی کوردستان، بەڵکو (10,4٪)ـی دەگات، سەرنجە گشتیەکان بۆ خزمەتی زیاد کردنی بودجەی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی بودجەی بەگەڕخستن، لەکاتێکدا من تێڕوانینم وایە بودجەی بەگەڕخستنیش بەشێکە لە بەپیرەوەچوونی داخوازیانی هاووڵاَتیان وەکو چۆن بەشی زۆرینەی هەموو پەرلەمانتاران کاتێك داخوزیەك دەکەن، ئەو داخوازیانە داخوازی خەڵکەو، لەچوارچێوەی بودجەی بەگەڕخستن خۆی دەبینێتەوە، پار ساڵ ئێمە لەو پەرلەمانە نزیکەی یەك ملیار دۆلارمان تەرخان کرد بۆ سولفەی زەواج و، بۆ سولفەی عەقار دەکرێت لەم ساڵەوە حکومەتی هەرێم بە پلان ئەوە بسپێرێت بە بانکە ئەهلیەکان، بە کەرتی تایبەت، بەلاَم لە بەرامبەردا حکومەت سیعری فائیدەکەی بدات، بۆئەوەی ئەوە تەشجیع بێت بۆ هاووڵاَتیان، ئەگەر حکومەت لەوە سەرکەوتوو بێت، تەنها لەوە، ئێمە ساڵانە یەك ملیار دۆلارمان بۆ دەگەڕێتەوە، لە 15 ملیار دۆلار کە بودجەکەیە، تۆ (15/1)، (7٪)ـی بودجەی ئیستسماری زیاد دەکات، حکومەتی ئەلیکترۆنی کە یەکێکە لە بابەتە هەر گرینگەکان و تەسەورم وایە تەرکیزی جدی لەسەر نەکراوەو، ئێمە دەتوانین خزمەتێکی گەورەو خێرا بۆ کەمکردنەوەی خەرجی بەکار بردن و زۆرتر کردنی داهات لە

هەرێمی کوردستاندا، لەڕێگای بەدیهێنانی حکومەتی ئەلیکترۆنیەوە بێنینەدی واتە بەستنەوەی دامودەزگاکان پێکەوە، بەستنەوەی هاوولاتیان و دامودەزگاکان پێکەوە لەڕێگای نەوتەکەوە، ئەوە دەبێتە مایەی یەکەم کەمکردنەوەی رۆتین، پێدانی سیمایەکی مەدەنی بە حکومەت و دامەزراوەکان، کەمکردنەوەی گەندەڵی و دیاردەکانی گەندەڵی و، هەروەها بەدیهێنانی بەشێك لە پرۆسەی شەفافیەت، بۆنموونە ئەگەر من یان هەر هاوولاتیەك لە ماڵی خۆیەوە توانی کرێی کارەباو ئاوو خزمەتگوزاریەکانی تر بدات، ئەوکاتە ناچێتە بەردەم دەرگای دامەزراوەکان، قەرەباڵغی دروست بێت و، لەوێوە جۆرێك لە مەسەلەی شەفافیەت و پێکەوەبەستن دروست دەبێت، بیریشمان نەچێت لە پەرلەماندا زۆرجار قسە لەسەر مەسەلەی بەدەستهێنانی زانیاری کراوە، ئەمەش دەچێتە خزمەتکردنی ئەو بابەوە، بەندە لەگەڵ پشتگیری کردنم بۆ راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری جێگای دەست خۆشیە، ماندوو بوون، بەلام بابەتێك هەیە پەیوەندی بە ستراتیجەوە هەیە، لەڕاستیدا باش بۆی نەرۆیشتوون و، ئەمە ئەو ستراتیجەی بەتایبەتی فراکسیۆنی کوردستانی تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، ناکۆکە لەگەڵی ئەویش مەسەلەی دابین کردن و چەسپاندنی سیستەمی باجە لە هەرێمی کوردستاندا، بەدیدی ئێمە تاوەکو سیستەمی باش لە کوردستاندا رێك نەخرێت، هەرگیزو هەرگیز ناتوانین ئیدعای بەدیهێنانی کۆمەلایەتی بکەین، چونکە لە ڕێگای بەدیهێنانی سیستەمی باجەوە تۆ دەتوانی داهاتی ناوخۆ بەدی بهێنی، دەتوانێت کۆمەڵێك مەسەلەی تر لە بواری دارایی و ئابووریدا چالاك بکات، سیستەمی باج ئەو سیستەمە لەڕاستیدا وادەکات ئێمە ئەو سەربەخۆیەی کە بەجیاکار لەگەڵ عیراقدا بێتەدی ئەوە دروست دەکات، بۆ نموونە تانکەرەکانی نەوت و بارهەڵگرەکان، ئەو چالاکیانەی کە ژینگە پیس دەکەن وەکو مەسفاکان و پالاوگەکان و کۆمەڵێك کارخانەی تر، ئەگەر باجی بخرێتە سەر و، باج بخرێتە سندووقێکەوە کە بەناو سندووقی ژینگەیە، ئەوانە لە خزمەتی گشتی تەواو بن یان نا، ئەوانە خزمەت بە بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دەکات کە ئێمە دەمانەوێت بودجەی وەبەرهێنانی تێدا زیاد بکەین، بێگومان بەڵێ مەسەلەی پێداچوونەوە بەشێوازی هێنانی ئوتۆمبێل بۆ ئەو هەرێمە، لەبەر زۆری ئۆتۆمبێل خەڵك لە شەقامە گشتیەکان ناتوانێت زامنی ژیانی خۆی بکات لە ڕێگاکانی تریش، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا بۆچی لە هەرێمی کوردستاندا نرخی ئۆتۆمبێل لە هەموو دونیا هەرزانترە؟ ئێ لەبەرئەوەیە کە باجی لەسەرنیە، ئۆتۆمبێلێکی دوا مۆدێلی یابانی دێتە هەرێمی کوردستان، لە خودی ئەو ولاتەی کە بەرهەم دەهێنرێت نرخەکەی دووجارە، ئەوە لەڕاستیدا دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، دیراسە بکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەلام لەبەرامبەردا ڕاستە گەشەکردنی ئابووری، باش بوونی دەخلی خەڵك هەموو ئەو سیمایانەی پێوە دیارە، ئەوەش لەخۆیەوە نەهاتووە، بەلام بۆ هەموو قۆناغێك پێویست بە دیراسە کردنی بارودۆخ و سیاسەتی پێداچوونەوە هەیە، بۆ نموونە هەر لە بابەتی ئۆتۆمبێل باس لەسەر سەنەوی سالانەی دەکرێت، تازەکردنەوەی سەنەوی سالانە کە ناوەکەی بەخۆیەوەیە، بەلام ئێمە دەبینین لە دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەوە سالانە پەیرەو ناکرێت، کە هەر هاوولاتیەك قەرزداری دامودەزگای حکومەت دەبێت لەڕێگای سەرپێچیەکانەوە، سالانە سەرپێچیەکانی بدات و، کەڵەکە دەبێت و ئەو داهاتە وەکو خۆی ناگەڕێتەوە، تەدویر نابێت، کورد دەڵێت ئەو پارەیەی بەخۆڕایی درا،

بەخۆڕایش دەڕوات، مەبەستم ئەوەیە پێویستە لە چوارچێوەی وەرگرتن و وەرنەگرتنی باجدا، ئێمە جۆرێك لە هەڵسەنگاندن بکەین، گوێم لە بۆچوونێك بوو کە دەڵێت حکومەت نەیتوانیوە کەس ڕازی بکات، کە بەدیدی من ئەوە تێڕوانینێکی دروست نیە، ئەم تەلاقەتە ناچێتە چوارچێوەی بابەتێکی یان گفتوگۆیەکی زانستیەوە، ئایا ڕاستە؟ بێگومان من وەڵام نادەمەوە، داتاکانی حکومەت بە کەموکوڕیەکانیشەوە پێمان دەڵێن وانیە، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر خوێندن لە دایەنگاکان و خوێندنی باڵا بەخۆڕاییە، ئاوو کارەباو هاتوچۆ بەخۆڕایی نەبێت شوبە خۆڕاییە، سولفەو بیمەکان بەخۆڕاییە، منیش لەگەڵ ئەوەم هیچ حکومەتێك ناتوانێت ئەوە بکات، هیچ حکومەتێك ناتوانێت بەوجۆرە ڕێ بەخۆی بدات، بۆیە مەسەلەی باج و مەسەلەی تەدویرو مەسەلەی بزاوتی ئابووری لەم بابەتانەی کە پەیوەندی بە پێدان و خزمەت کردنی خەڵکەوە دەبێت بەجۆرێك لە جۆرەکان، ئەگەر نیسبەتی زۆر زۆر کەم و پۆینتاتیش بوو بگەڕێتەوە، بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت ئەوە بە عەمەلی بسەلمێنرێت، کە هاوولاتی هەست بکات ئەوەی پێی دەدرێت بەخۆڕایی نیە، لەبەرامبەردا شتێکی هەیە، بێگومانم ئەو قسەیەش دووبارە دەکەمەوە، بێگومانم کە ئەوەنیە لە کوردستان بڵێی کەس ڕازی نیە، هەر لەبارەی زیادکردنی بودجەی وەبەرهێنان، بەڕێزان وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی و جێگری وەزیری دارایی لێرەن، دەیان، ملیۆن دۆلار دەدرێت بە کرێی شوقەی داخلی خوێندکاران، لە زانکۆکانی کوردستان، لە پەیمانگاکان، ئەگەر بە پلانێك ئەوە ڕێك بخرێت لە نزیك زانکۆکان، داخلی دروست بکرێت، ئایا لە ئایندەی نزیکدا ئەوە تەدویر نابێتەوە بۆ حکومەت، هەزاران پاس گیراوە بۆ گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران، بەتایبەتی خوێندکاران و فەرمانبەرانی زانکۆ، ئەوە بەجۆرێك لە جۆرەکانی ئیستسمار نابێت، بێگومان بەڵێ نزیکەی 60 ملیار دینار دەدرێت بە کرێی بیناکانی سەر بە وەزارەتی دارایی، بەتایبەتی ئەوانەی کە بانکەکانی مووچەی خانوو و خانەنشینان ئەوانە دەدەن، بەسەدان ئۆتۆمبێل بەکرێ دەگیرێ بۆ دامودەزگاکانی حکومەت و دائیرەکان، دەبێت ڕێکارێکی تازە بگیرێتە بەر، ئەوە دیراسە بکرێت ساڵانە ئێمە لە موناقەشەی بودجەدا ئەوە دووبارە نەکەینەوە، پێداچوونەوە بە نەسریەی ئەو فەرمانگەو دامەزراوانەی کە لەدوای ساڵێك ئێمە تەماشا دەکەین، ئەو خەرجیەی بۆیان داندراوە نەیانتوانیوە نیوە لەوەی سەرف بکەن، ئێ باشە ئەگەر دیراسەیەکی ئاسان لەبەر دەست دانەبێت، هەر ئەوە بکەن بە بەشێك لە بەڵگە ئەوەی کە پێیدراوە زۆرەو، بۆئەوەی لێی بسەنرێتەوە لە بابێکی ترە، لە فەسڵێکی تردا ئیستسمار بکرێت، هەروەها پێداچوونەوە بە سیاسەتی ئیفاد و سەفەر هەم لەناوەوەی وڵات، هەم بۆ دەرەوەی وڵات، بەدیدی من بۆ حکومەت و پەرلەمانیش پێویستە پێداچوونەوەیەکی تر هەبێت، چونکە هەڵسوکەوتی حکومەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا، شوبە هەڵسوکەوتی دەوڵەتە لەڕاستیدا، لەکاتێکدا واقیعی حاڵ، دەستوور پێمان دەڵێت هێشتا ئێمە ئەو چوارچێوەمان بەخۆوە نەبینیوە، لەبەرامبەردا ئەوە لە بودجەی تەشغیلی زیاد دەکات، بودجە لە ئیستسماریش دەکوژێت، مەسەلەی فەرمانبەران و، زۆر و کەمی فەرمانبەران لە هاوسەنگی لە دابەش بوونی فەرمانبەران بەسەر دامودەزگاکاندا یەکێکی ترە لە گرفتەکان، بەدیدی من ئەو هەڵئاوسانەی دروست بووە، دەبێت موعالەجە بکرێت و، کاری لەسەر بکرێت بە ئەمسالەوە ڕێژەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستاندا دەگاتە 27٪ لە فەرمانبەرانی

عیراق، کە ئەگەر بەپێی ڕێژەی بودجەکەش بێت، نەدەبوو 17٪ کەمتر بێت کە لە (10)ش دەگاتە هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەراورد بکەین بە نزیکترین وڵات کە تورکیایە، بەپێی ئاماری نزیك ئەگەر ببێت ئەگاتە (90) ملیۆن هاووڵاتی، بەڵام لە (90) ملیۆن هاووڵاتی (3) ملیۆن هاووڵاتی فەرمانبەرە واتە لە (5٪)ی خەڵك لە وڵاتی تورکیا فەرمانبەرە، ئەوە کە بەشێکە لە گەڕاندنەوەی داهات، بەشێکە لەسەرخستنی بودجەی ئیستسماری، ئەمساڵ (15) هەزار میلاك پێشنیار کراوە بۆ دامەزراندن، داوا دەکەم کە ئەو بابەتە بەجۆرێك ڕێك بخرێت، ببەسترێتەوە بە تەفعیل کردنی ئەنجومەنی ڕاژە، واتە لە ماددەیەکی قانونی دابێت لە هەر بابێکی تردابێت تەسبیت ببێت، کە ئەنجومەنی ڕاژە کارەکانی خۆی بکات و، لە پەرلەمانەوە بڕیار بدرێت ئەو دامەزراندنە پەیوەست بکرێت بە ئەنجومەنی ڕاژە، بۆئەوەی ئەو سیستەمەی ئێمە دامان نا تەجاوز نەبێت و، هەمووڵایەك حەز بە عەدالەت بکەن لە بەدیهێنانی ئەو خواستەدا، بەرهەمی سووتەمەنی، کێشەی بەرهەمی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیان گرفتێکی گەورەیە، بەتایبەتی بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، بۆئەوانەی کە تەکسی و پاس و ئەوانەیان هەیە، یەعنی دەبێت ئەو پرسیارە بکەین بۆچی لە 15 پارێزگاکەی عیراق نرخی یەك لیتر بەنزین بە 450 دینارە؟ بۆچی لە هەرێمی کوردستان 1000 دینارە؟ ئەوە پێویست بە پێداچوونەوەیەکی جدی هەیە لەڕاستیدا، ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە، لە بەغدا حکومەت خۆی کۆمپانیاکان بەڕێوە دەبات، مەسەلەی پاڵاوگەکان تەفعیل دەکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئیعتماد خراوەتە سەر کەرتی تایبەت، بۆیە ئەرکی حکومەتە بتوانێت ئەو هاووڵاتیە هاوسەنگیە بپارێزێت، ئەگەر لە ڕێگای پاڵاوگەو مەسفاکانی خۆیەوە بێت، بەرفراوانیان بکات، بۆئەوەی یان رکابەرایەتی کەرتی تایبەت بکات یان لەوپێناوەدا بتوانێت لە ڕێگای داهاتی موشتەقاتی نەوتی و ئەو بابەتانەوە، ئەمە لەگەڵ پارێزگاکانی تری عیراقدا هاوسەنگ بکات، داهاتی ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی (2011 و 2012) بەڵێ کەمترە، پرسیارەکەی من ئەوەی ئایا هی ئەوەیە لە (50٪)ی داهاتی وەزارەتی ناوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، یان هەر مەسەلەکە تەخمین کراو، دواجار لە حەقیقەتدا بەجۆرێکی تر ئەکەوێتەوە، لەڕاستیدا پێم خۆش بوو ئەو وەڵامەم دەست بکەوێتەوە، داوای پێداچوونەوەی مووچەی پێشمەرگە دەکەم، چونکە بەشێکی زۆریان ئێستاکە لەناوچە دابڕاوەکان یەك وەزیفە جێبەجێ دەکەن، بەڵام هەندێکیان 900 هەزار وەردەگرن، هەندێکیان 500 هەزار وەردەگرن، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ئەوە موعالەجە بکات، پێداچوونەوە بە مووچەی خانەنشینان بەتایبەتی خانەنشینانی پێشمەرگەو ژنانی شاخ، پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جدی هەیە، هەروەها ئەو 37 هەزار دینارەی کە دەدرێت بە 50 هەزار کەس و، خراوەتە چوارچێوەی مووچە خۆرانەوە، ئەوە پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی جدی هەیە و، بەدیدی من هەر هیچ نەبێت یان بکرێت بە 150 هەزار دینار، یان ئەوەتا ئەگەر دەردەکەوێت لەئەساسدا لەسەر بنەمایەکی عادیلانە ئەوە دانەڕێژراوە بەجۆرێکی تر پێداچوونەوەی بکرێت، بۆئەوەی نەوترێت نزمترین مووچە لە 37 هەزار دەست پێ دەکات، بەرزترین مووچەش نزیکەی 8، 9 ملیۆنە، ئەوە ناهەوسەنگیە لەڕاستیدا پێویستی بە پێداچوونەوەی جدی هەیە، ئێمە دیارە لە پەرلەمانی کوردستاندا مۆفەق نین لەوەی کە مووچەیەك پلە باڵاکان کەم بکەینەوە، ناچار دەبین دەست بکەین بەوەی کە

هەوڵ بدەین مووچەی پلە نزمەکان سەربخەین، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بڕیارێك درا، ئەو بڕیارە لە عیراق قابیلی جێبەجێ کردنە، فەرمانی زەوی بۆ هەزاران هاووڵاتی دەرچووە لە هەرێمی کوردستان، لە ئەنجومەنی وەزیران، لە وەزارەتی شارەوانی، داواکارم ئەوە بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە ساڵانە داوا دەکرێت و، خەڵکیش حەقی خۆیەتی سوودمەند بێت لەوبوارەشدا، چونکە لەبوارەکانی تر مەسەلەی بواری نیشتەجێبوون و پێدانی سولفەکانەوە خزمەتی باش کراوە، ئەوەش دەچێتە پاڵ ئەو خزمەتانەوە، ئەو ئاوڕدانانەوەی کە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەیە، لە ماددەی (9)ی یاسای بودجەدا کاتێك کە تەرکیز دەکرێتە سەر بەردەوام بوون بە سولفەکان، من پێشنیار دەکەم ئەو سولفانە وەکو ڕابردوو تەحدید بکرێتەوە بۆ نموونە سولفەی زەواج بە 5 ملیۆن تەخمین کرابوو، واتە تەسبیت کرا ئەمساڵیش بەهەمان شێوە ناو بهێنرێت و، بە مینحە بدرێت بە کوڕ و کچی شەهید، مەسەلەی سولفەی عەقاری گوندەکان هەر بە 25 ملیۆن، سولفەی عەقاری شاروشارۆچکە و ناحیەکان بە 20 ملیۆن تەسبیت بکرێت، ئەوە یەکێکە لەو دەستکەوتە گرینگانەی کە لەڕاستیدا ئێمە شانازی پێوە دەکەین، کە ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر پرۆسەی ئاوەدانی هەیە لە هەرێمی کوردستان، داواکارم ئەو بابەتەش کە چەندجارێك لەگەڵ وەزارەتی مەعنیدا تەئکیدی لێ دەکەینەوە، زەوی 100 مەتری کە دراوە بە هاووڵاتیان، خانووی 100 مەتریش لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەوانیش سوودمەند بن لەم بابەتە، هەر پەیوەست بەو بابەتە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ئێستاکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە حوکمی ئەو کەمتەرخەمیەی کە حکومەتی ئیتیحادی هەیەتی، لایەنەکانەی تر کە خۆیانی بە ساحێب نازانن بەجۆرێك لە جۆرەکان، لە بواری کەرتی تەندروستی، کەرتی کارەبا، پەروەردە، بوارەکانی تری ژیان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی خۆی خزمەتی ئەو ناوچانەی کردووە، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، دەبێت هەموو لایەك پێزانینی بۆ ئەو ئاوڕدانەوەی هەبێت و، ئێمە تەئکید دەکەینەوە لەسەر بەرفراوانتر کردنی ئەو بابەتە، چونکە لەڕووی بەرپرسیارێتی ئیداری و قانونیەوە، حکومەتی ئیتیحادی نەك خزمەتی ناکات پێی خۆشە وێرانتر بێت، چونکە هیچ ئومێدێکی لەسەر بنیاد نەناوە، نە خاك و نە خەڵکەکەی، بەلام لەڕاستیدا خەڵکی کوردستان ئەگەر لە هەرشتێك موخالف بن، لەوەدا کۆکن کە هەموومان لەسەر خاك، لەسەر ئەو ناوچانە دەبێت کاریان لەسەر بکەین، هیوادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای پەسەند کردنی ئەم بودجەیە، بە چوار مانگ جارێك راپۆرتی خۆی بداتە پەرلەمانی کوردستان، لە قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بودجەکە ئاگادارمان بکاتەوە، خاڵێکی تر کە پەیوەندی بە ڕینمایی داراییەوە هەیە، بۆ ئەو سولفانەی کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان قەرارمان لێدا بەتایبەتی مەسەلەی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار، بەدیدی ئێمە و، بەدیدێکی زانستی و ئابووریش ڕێنماییەکان دەبێت سەرچاوە لە بڕیارو یاساکان بۆ کار ئاسان کردن ببینن، بەلام وا دەیخوێنینەوە بەشێك لەو ڕێنماییانە نەیتوانیوە خزمەت بەو پرۆسەیە بکات، داواکاریەکی زۆریش هەیە بۆ پێداچوونەوە بۆ ئەو ڕێنماییانە، بۆئەوەی بتوانین ئەو کەرتانە کە کەرتی کۆمەڵایەتی زۆر زۆر گرینگن باشتر بووژێنەوە، ئەوەی پەیوەندی بە سلکی مافی مرۆڤەوە هەیە، ئێمە پێمان وایە کە مەسەلەی گەشەکردن و بووژانەوە و پەرەپێدان لە هەرێمی کوردستاندا بە دوو ئاقار دەڕوات،

ئاقارێكیان پەیوەندی بە بیناوە هەیە، ئەوەی كە لەبەرچاو دەیبینن بەپێی ئەو تەعریفە بەشێكە لەژێرخان، گەشەپێدان، لەژێرخانی ئابووری، لەبەرامبەردا بابەتێكی تر هەیەكە پەیوەندی بە سەرخان و پەیوەندی بە پرسە مەدەنیەكانی ئینسانەوە هەیە، پەیوەندی بە بەهێزكردنی نموونەی ئینسانی كورد و كوردستانیەوە هەیە، بە هەموو پێكهاتەوە نەتەوەكانیەوە، بۆیە پرسی مافی مرۆڤ، دەبێت پرسێك بێت بەپێی شایستەی خۆی رەنگدانەوەی هەبێت لە بودجەی هەرێمی كوردستان، بۆ مەسەلەی پەرەپێدان و وشیاری، هەڵمەتی رووبەرووبوونەوەی توندوتیژی، كاراكردنی دامودەزگاكانی سەر بە مافی مرۆڤ، ئەوانەی بە تایتڵ مەعنین بە مەسەلەی مافی مرۆڤ، دەبێت گوژمەكانیان گوژمەیەك بێت شایستە بێت، كە بەدیدی من ئەوەی كە بۆیان تەرخانكراوە كەمە و، دەبێت زیادبكرێت لە راپۆرتی لیژنەشدا ئاماژەی پێكراوە، یەعنی یەكێك لە تێبینیەكانی من لە كەرتەكانی تریشدا، بۆنموونە لە پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ئاستی هەرێمی كوردستان، باشە بۆ تەركیز ناكرێتە سەر ئەوەی ئەو هەموو زانكۆو كۆلێژو پەیمانگانانە دەكرێتەوە، لەبەرامبەردا سێكتەری مافی مرۆڤ نادیدە گیراوە، لە هەرێمی كوردستاندا كۆلێژێك، پەیمانگایەك لەناو ئەو كۆلێژو پەیمانگایانە بەشێكمان هەیە بەناوی بەشی مافی مرۆڤ، لەكاتێكدا لە دونیادا موئەسەساتی گەورە گەورەی تەعلیمی و پەروەردەیی هەیە، بۆئەوە دەبێت لەڕاستیدا دڵنیاشم لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا كاریان لەسەر ئەو بابەتە كردووە، بابەتێكی گرینگ ئەوەیە هەندێك ئیلتزامات كەوتووەتە سەر هەرێمی كوردستان، لەڕاستیدا ئەركی رێكخراوە نێو دەوڵەتیەكانە، ئەوەی پەیوەندی بە ئاوارەكانەوە هەیە، ئێستا هەرێمی كوردستان بووەتە چادرگەی ئاوارەكانی كوردانی چوار پارچەی كوردستان، كوردی رۆژئاوا، كوردی رۆژهەڵات، كوردی باكوور، كوردی ناوچە دابڕاوەكان، هەموو ئەوانە ئێستا كە مەئوای ئەمینیان، هەرێمی كوردستانە، بەڵام لەبەرامبەردا بەپێی یاسای نێو دەوڵەتی (UN) خاچی سووری نێو دەوڵەتی (UNHCR) بەشێكی ئەمین و ئارام بووە، لە بودجەی نێودەوڵەتی خزمەتیان بكات، نایكات لەبەرانبەردا لەرێگای دامودەزگای كۆچ و كۆچبەرانی حكومەتی ئیتیحادیەوە مولزەمە ئاوڕدانەوەیەك بێت، نایكات، حكومەتی هەرێمی كوردستان دەزانین كە زۆر چووەتە ژێر باری ئەو پرسە، جێگای دەست خۆشیە و جێگای خۆشحاڵیە، بەڵام دەبێت ئاوڕدانەوەكە زیاتر بێت، چونكە ئەوان چاوەڕێی زیاتر دەكەن، دەچمە سەر مەسەلەی خزمەتگوزاری پەیوەست بە گەرمیان، ئەمساڵ لە پرۆژەی گەرمیان 11,77٪ داندراوە لەكاتێكدا بەپێی ئیستحقاقی خۆیان ئەوەی كە موتەبەعە 12,4٪ حەقی ئەوانە، بەم كەمكردنەوەیە 4 ملیار لە ئیستحقاقی گەرمیان كەم كراوەتەوە، هیوادارم وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی دارایی ئەم خاڵە بە نەزەر ئیعتبار وەربگرن، بگەڕێندرێتەوە بۆ گەرمیان، لادێیەكانی گەرمیان لەبەر هۆی نەبوونی ڕێگاوبان بەشی زۆریان ئاوەدان نین، خۆتان دەزانن لە هەر كوێیەكی گەرمیاندا باس بكەی مەنتیقەیەكی ئەنفالكراوە، ئەو گوندانە ئەنفال بوون لەڕاستیدا، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی زیاترە، ئێستا 8 پرۆژەی رێگاوبان بە دیزاین، بە تەخمین كراوی دراوەتە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، هیوادارین ئەو بابەتە بە نەزەر ئیعتبار لای ئێوەی بەڕێز وەربگیرێت، چونكە كە قسە لەسەر بووژاندنەوەی كەرتی كشتوكاڵ و كەرتی ئاژەڵداری و سامانی سروشتی و ئاژەڵی كێوی دەكرێت، هەموو ئەوانە بە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان خزمەتێكی

زیاتر دەكات، هەروەها بەشێكە لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئابووری، بابەتی گلدانەوەی ئاو دروست كردنی پۆند و بەنداوی بچووك، یەكێكە لە پێویستیە گرینگەكانی گوند و ناوچەكانی گەرمیان، لە ئێستادا پرۆژەی 10 پۆند بە 10 ملیار بۆ گوندەكانی گەرمیان دراوەتە وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، ئەگەر ئەم پرۆژەیەش جێبەجێ ببێت كاری لەسەر بكرێت، مەسەلەی بووژاندنەوەی ئاوی ژێر زەوی، ژیاندنەوەی ئاژەڵی كێوی، مەسەلەی ئاژەڵداری، گوندەكان هەموو ئەوانە لەم ڕێگایەوە بەدی دێن، لەگەرمیاندا و بەتایبەت لەنزیك كەلار بەنداوێك دیزاین كراوە، داوا دەكەین بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، كە بەنداوی بەردەستوری پێدەڵێن لەسەر ڕووباری سیرواندا، كە دەتوانێت 175 مەتر موكەعب ئاو گڵ بداتەوە، هیوادارم ئەوە بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، نەبوونی كۆگای سووتەمەنی لە گەرمیان، یەكێكە لە گرفتەكان، كە مەسەلەی نرخی سووتەمەنی لە بەرز بوونەوەو نزم بوونەوە دایە، هەم بۆ ئیحتیات، هەم بۆ گلدانەوە خزمەتێكی زۆر دەكات، لە گەرمیان و لە ڕێگای ئیدارەی گەرمیانەوە توانراوە زەویان بۆ تەرخان بكرێت، هیوادارم ئەوە ئەگەر لە ڕێگای وەزارەتی سامانە سروشتیەكانیشەوە بێت، كە دیزاین و تەخمینیەكەیان پێدراوە بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، ئەوە كارێكی زۆر باشە، لەماوەی ڕابردوو 200 ملیار تەرخان كرا لە بەشی نەوت بۆ گەرمیان، من دەمەوێت بەڕای گشتی بە پەرلەمانتارانی بەڕێز بڵێم ئەو تەرخانكردنە لەلایەن بەڕێز سەرۆكی حكومەتەوە جێگای دەست خۆشیە، چونكە ڕەنگدانەوەی باشی لەسەر بووژاندنەوە هەبووە، بەڵام بە بەراورد بەو كاولكاریانەی لە گەرمیاندا هەیە هێشتا كەمە، بە بەراورد بەو نسبەی كە ئێستاكە ئیكتشاف كراوە بە بوونی سامانی سروشتی لە گەرمیاندا هێشتا زۆر كەمە، بۆیە ئێمە چاوەڕێی زیاتر دەكەین لە گەرمیان لە هەموو ڕووەكانەوە شایستەیە، بۆیە هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز كاتێك قسە دێتە سەر مەسەلەی گەرمیان بەبێ دوو دڵی پشتیوانی دەكەن، سوپاستان دەكەین، بەس ئەوەی جووت ساید كردنی جادەی دەربەندیخان- كەلار، دەربەندیخان- سلێمانی، كە هەندێك لە هاوكارەكانی ترم ئاماژەیان پێكرد، بەڕاستی ئەوە یەكێكە لە مەتلەبە هەرە سەرەكیەكان، چونكە ئێستاكە تاكە شت لە كوردستاندا مەسەلەی مەترسی بێت لەسەر ژیانی هاووڵاتیان، بە دەرەجە یەك مەسەلەی ڕێگاو بانە، بەخۆشحاڵیەوە مەسەلەی ئەمنیەت و مەسەلەی پاراستنی ئاسایش و ئەوانە، لەبەر قەراریە، توانیویەتی زامنی كۆمەڵێك بابەت بكات، بەڵام ئەو بابەتە لە بەرامبەردا دەبێت وەكو ستراتیج وەربگیرێت، یاساكەی بۆ دەركرا یاساكە وەكو خۆی دەچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بۆیە من لەسەر ئەو بابەتە هیوادارم گوژمەی باشتر تەرخان بكرێت، ئەمساڵ 24كم تەرخانكراوە بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، كە پێم وایە ئەوە بەو پرۆسە بەتیئە بێت، ناتوانێت هەدەفی خۆی بپێكێت، لەنێوان كەلار و دەربەندیخان شارۆچكەیەكی زۆر دێرین هەیە ناوی باوەنوورە، هیوادارین لەڕێگای ئەو تەرخانكراوەوە بە تەغیر عنوان بێت، بە دیزاینێكی تازە بێت، لەچوارچێوەی سنووری باوەنوورە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ ببێت، چونكە سیمایەكی جوانتر دەدات بە شارۆچكەكە و، لەكاتێكدا ئێمە پێمان وایە ئەو شوێنانەی سەرە ڕێگاشن ئەگەر خزمەتی زیاتریان بكرێت ڕەنگدانەوەی بۆ حكومەت باشترە، وەكو چۆن كاتی خۆی كۆمەڵێك دەزگای خێرخوازی تەنها لە شوێنە گشتیەكان، لەسەر ڕێیەكاندا هەندێك پرۆژەیان دەكرد، ئەوە جێگای خۆشحاڵیەوە، لە هەموو گەرمیاندا

خەڵوەتگەیەکی پیری نیە، لە کاتێکدا مەسەلەی پیری و پیربوون و ئەوانە بە حوکمی کۆمەڵێك ئاسەوارو کارەسات و ئەوانە بەدیی دەکرێت، کۆمەڵێك خەڵکی هەن لە گەرمیانەوە دەبرێن بۆ سلێمانی، بۆ ئەو خەڵوەتگانە، هیوادارم لە شوێنی خۆیان لە گەرمیان ئەم پرۆژەیان بۆ جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی ئینسانی زۆر زۆر گەورەیە، پێویستە بە هەند وەربگیرێت، ژمارە دانیشتوانی کەلار بەپێی نزیکترین ئامار $265$ هەزار کەسە، بەڵام یەك دایەنگای لێیە، ئەوە بۆ مەسەلەی منداڵ و مافی منداڵە، لەڕاستیدا جگە لەوەی کە پێویستیەکی گرینگە، ئەو فەرمانبەرانەی کە ژنن ناتوانن وەکو پێویست خزمەت بکەن، لەبەرئەوەی دایەنگا نیە منداڵەکانی بۆ ببات، قسەیەك هەیە دەڵێت مودیری فەرمانگەکان زۆرجار ئەو ژنانەی کە منداڵیان هەیە پێیان خۆشە، کە فەرمانبەر نەبن لەلایەن، یان لە شوێنێکی تر نەقل نەبن بۆیان، لەبەرئەوەی ئەو حاڵەتە دروست نەبێت، دروستکردنی بازاڕی بازرگانی، یەعنی ئەو بابەتە زیاتر مەعنیە بە وەزارەتی دارایی لەڕاستیدا، لە نزیك پەروێزخان چونکە ئەو دەڤەرە بە حوکمی ئەوەی ناوچەیەکی سنووری گرینگی هەیە، بەتایبەتی مەرزی پەروێز خان و مەرزی مونزریە، مەرزی باشماخ و مەرزی دێ ستوکیش ئێستا هاتووەتە کار بتوانێت بۆ عەرزی کاڵا بازاڕێکی بازرگانی دروست بکرێت، هەروەها لە خودی مەرزی پەروێز خاندا ناکرێت تا ئێستاکە $20$ ساڵە ئەو مەرزە هەیە، فەرمانبەرانی لە کابینە دەوام بکەن، خزمەتگوزاری لەناو موجەمەعەکە نەبێت، بۆیە ئەگەر لەسەر داهاتی خۆشیان ببێت هەوڵ بدەن ئەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، چونکە ئەوە سنوورێکە خەڵکی بیانی دێت و دەڕوات، بەشێکە لە سیمای حکومەتەکە، دەبێت ئەوە ڕوون بێت لای هاووڵاتیانی کوردستان بەتایبەت خودی پەرلەمانتارانی بەڕێز، کە لە $40\%$ دانیشتوانی گەرمیان لەسەر ناوچە دابڕاوەکانن، ئەگەر لەسەر فۆرمی خۆراك پرۆژەیان بۆ دابین بکرێت، بەشێك لە دانیشتوانی ناتوانێت سوودمەند بن لەوە، بۆیە دەبێت جگە لە مەسەلەی فۆڕمی خۆراك میکانیزمێکی تر بگیرێتە بەر، بەدیدی من مەسەلەی ئەو $200$ ملیار دۆلارە بەشێکە لەوە، بەڵام ئەوە بەتەواوەتی ئەو ئیستحقاقەی بەدی نەهێناوە، هیوادارین دیراسەیەکی تر بکرێت و کاری باشتری بۆ بکرێت، پرۆژە هەیە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون بەتایبەتی بۆ خەڵکانی کەم دەرامەت، ئومێدەوارین ئەم پرۆژەیە بەشێکی، نسبەتێکی بە دیاریکراوی تەرخان بکرێت بۆ شاری کفری، کە شاری کفری بە بەراورد بە شاروشارۆچکەکانی کوردستان، ئەو خزمەتگوزاریە گرینگەی پێنەگەیشتووە و، ئێمە پار ساڵیش لەگەڵ یەکێك لە هاوکارەکانم راپۆرتمان دایە سەرۆکایەتی حکومەت بۆ ئەو مەبەستە، ئومێدەوارین ئەو بابەتە بە تەحدید بۆ مەسەلەی کفری بەدی بهێنێ، مەسەلەی چارەسەرکردنی پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان، بەڵێ ئەوە کێشەیەکی زۆر زۆر گرینگە و، ئەو پرۆژەیەی کە جێبەجێ کرا وەکو کەمیە کەم بوو، وەکو نەوعیش سەرکەوتوو نەبوو، لەڕاستیدا ناکرێت دەربەندیخان لەسەر دەریایە بەشێك لە گەڕەکەکانی بە تەنکەر ئاویان بۆ ببرێت، ئەوە پێویستی بە موعالەجەیەکی زۆر زۆر خێرا هەیە و، دڵنیام بە ناڕاستەخۆش بێت بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەڵێنی داوە ئەو موشکیلەیە چارەسەر بکات، هیوادارم نوێنەرانی حکومەت ئەم دەنگە وەکو خۆی بگەیەنن و، ئەو داخوازیە بەدێ بهێنرێت، هەروەها بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ نۆژەنکردنەوەی تونێلی دەربەندیخان، تونێڵی دەربەندیخان لەماوەی رابردوودا مەترسی

هاتووەتە سەر، لە ئێستاشدا پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، تا ئەو کاتەی ئەو جادەیە بەهەر نەوعێك بێت، دەبێت بە دوو ساید تاکە ڕێگا بۆ هاووڵاتیان تێپەڕبوونە بەو تونێڵە، لەڕاستیدا ئەوە مەترسی هەیە، مەترسی لەسەر هاووڵاتیانیش ئەرکی حکومەتە بە پیرەوچوونی بۆی هەبێت، ئومێدەوارین ئەوە بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، لەکۆتاییدا قسەکردن زۆرە، پێویستی هەرێمی کوردستان زۆرە، لەچوارچێوەی ئەو بەرنامەی کە فراکسیۆنی کوردستانی و هاوپەیمانەکانی بەڵێنیان بە خەڵکی کوردستان داوە، لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ئەگەر هەنگاوەکانیش خاو بووبن، ئەگەر زۆر بووبن شتێك بەدیهاتووە و، ئێمە چەند ساڵە، دوا ساڵە ئومێدەوارین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی باشتر و چڕو پرتر، ئەوەی کە داخوازی ئێمەیە جێگای بکاتەوە، ئەوەی داخوازی هەموو پەرلەمانتارانی کوردستانە بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، ئەوەی جدی و ئیجابین بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، چونکە هەموو ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشە دەکرێت، بۆ خزمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و، هەموو دەزگا دەستووریەکانی هەرێمی کوردستان، دەبێت لە خزمەت کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دابن و، هەموو هۆکار خەڵکی کوردستانیش ئامانج و سوپاستان دەکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرایێ دەست خۆشی لە حکومەتە هەرێمی کوردستانێ دکەم، کۆ ئەڤساڵە زوتر ژ ساڵێن بەرێ پرۆژێ بودجێ هنارتیە پەرلەمانێ کوردستانێ، کۆ ئەڤە ژی دێ بێتە ئەگەرێ زووتر کەتنە کاری یا پرۆژێن خزمەتگوزاری، دیسان دەستخۆشی لە وەزارەتی دارایی دکەم، بۆ وێ راپۆرتێ ئامادەکری کۆ تێدا ئاماژە ب پرۆسا ئامادەکاریا بودجێ و پۆلین کرن بودجێ و پێتڤێین یاسایێ یێت بودجێ و، دیسان ئەو خشتێن داتا و ئستراتیج و بنەما و پلانی حکومەتێ دیار کری، هەولێ دایە هەڵسەنگیە داهات و خەرجیا ب گورەی ئەوا لبەردەست بەرچاڤکەت ئەوژی ب کێمکرنا رێژا 17٪ ژ کورتئێنانێ، ئستراتیجیا گرتیە بەر بۆ سەربەخۆیا ئابووری، ئەڤە ژ ب ئاماژەدان ب گرنگی دان ب بوارێ پیشەسازیا نەفت و گازێ، نەك بتەنێ ب دەرئینانا نەفتێ، کۆ ئەز دوێ بادەرێ دامە ئەڤە دێ دەرگەهەکی بۆ حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ، کۆ بێت ژ لایەکی ڤە فشارێن سیاسێن کۆ گەلەك جارا هەڕەشە لسەر نەدانا بودجا هەرێمێ کوردستانێ، ژ لایێ حکومەتا عیراقێ ڤە کێم کەت و ژ لایەکێ دیڤە دێ دەرگە هەکێ دی یێ داهاتی بۆ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ڤەکەت کۆ بشێت هاریکاریا بێت بۆ کەرتێن دیین بەرهەمهێنانێ لە هەرێما کوردستانێ وەك کەرتێ پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار،..هتد، دیسان حکومەتێ هەرێما کوردستانێ پلانە ساڵانە گرینگی دەدەنە سێکتەرەکی ب گوێرەی شیانێن داراییێت هەین ئەڤە جهێ ڕێزێنە، گرنگی دان ب بوارێ ئاسایش و سەقامگیرییێ ل هەرێما کوردستانێ، ئەز ب خالەکا ئەرێنی ل قەلەم دەدەم، ب تایبەت ناوچە ب گشتی و عیراق ب تایبەتی دۆخەکا ئاڵۆز و نە ئارام دا دبوریت و، ژ لایێ زانستی ژی

ڤه ئەركێ سەرەكیێ حكومەتێ دابین كرنا، ئەمن و ئاسایشێ یە بۆ هاووڵاتیان، هەتا ئەگەر ب رێكێن كۆمپانیا ژی بیتن، لێ خۆشبەختانە ئەڤرۆ ئاسایشا هەرێما كوردستانێ و بەرگری كرن ژ ڤان دەستكەفتا ب دەستێ كورِ و كچێن ڤێ هەرێمێ یە و، ئەگەر ئەمن و ئیستقرار و ئاسایش نەبێت واتە گەشەپێدانا مرۆیێ، ئابووری، سیاسی، دبلۆماسی و یا ممكین نینە و ئەم نەشێین بەراورد داڤێ سێكتەری لەگەڵ چ كەرتێن دی بكەین ب تایبەت دگەڵ ماڤێ مرۆڤێ و بكەینە دژ بەریەك، چونكە هەردوو ئامانج دایەكن، دیسان دەستخۆشیێ ل لێژنا دارایی یا پەرلەمانی دكەم، بۆ ئامادەكرنا راپۆرتا كا هەڤپشت، یا هەمی لێژانێن پەرلەمانێ و هەمی تێبینی و پێشنیارێت هەین، داخازێن روونكرنێ د هندەك بواردا كردیە كۆ پرسیارینە بۆ ئەندامێن بەرێزێن پەرلەمانی، بۆ هەندێ ئەڤ بودجە پتر بشێت مەبەستە حكومەتێ جێبەجێ بكەت، ئەز پشتگیریا پێشنیارا بەرێز دكتۆر عمری دكەم، كۆ كۆنفراسەك بهێتە گرێدانی بۆ دیاركرنا رێژا جێبەجێ بوونێ ساڵا 2012، هۆكارێن جێبەجێ بوونێ و هۆكارێن جێبەجێ نەبوونێ ، پرۆژاو چارەسەریا هۆكارا بهێنە دەست نیشان كرن د دەستهەڵاتا حكومەتێ دابێت، وەكو ئەندامەكا لیژنا كشتوكاڵ و ژێدەرێن ئاڤێ هندەك داتا دێخمە بەرچاڤ، كۆ نیشان گرنگی دانا ب كەرتێ چاندێ ژوانا، گوژمێ خەرجكرنێ پرۆژێن قەرزێن كشتوكاڵی ژ 2009 تاكۆ دوماهێت 2012، 138,594,682,300 ملیار دینار كۆ لسەر بودجێ حكومەتا هەرێما كوردستانێ بوون، سەرجەمێ پرۆژێن بڤی مەبلەغێ هاتینە ئەنجام دان 6252 پرۆژەنە، ژبلی وی مەبلەغێ وە كۆ باربوو ساڵانە دهێتە دان بۆ كشتوكاڵی و دەستهەڵاتێ ژی یا وەزیریەو بۆ پاڵپشتیا جوتیاراو، ئەڤە جۆرا ژ مەبلەغێ كۆ ساڵانە بۆ پرۆژێن جودا جودایێن كشتوكاڵی دهێتە ئەو پلانا كۆ وەزارەتێ دانانێ، كۆ ئەولەویات سەرەكی یا وان دابین كرنا سەرچاوێن ئاڤێ بۆ كشتوكاڵی بوونە كۆ ل 2004 هەتا 2012 گەهشتینە 1089 پرۆژا، ئەڤە و زێدەباری بۆ چەندین پرۆژێن دی كۆ دڤێ نامیلێ دا هەنە كو داتا و ژمارە هاتە دیاركرن، لێ دیسان ئەڤە جهێ تموحا مەنینە و ل راپۆرتا لیژنا كشتوكاڵ دا مە هندەك پێشنیار بۆ حكومەتا هەرێما كوردستانێ كرینە، بۆ پتر گەشەكردنە سێكتەرێ كشتوكاڵ و بۆ هندێ ببێتە ژێدەرەكێ بەرهەمئێنانێ بهێنرێ هەرێما كوردستانێ، ژ بەر هەندێ پێشنیاردكەم :

1- ئاراستە كرنا پارێزگەهان بۆ دانان رێژەیەكێ ژ بودجا گەشەپێدانی پارێزگەهان بۆ كشتوكاڵی و ژێدەرێن ئاڤێ كۆ ژ 3٪ كێمتر نەبێت.

2- داهاتێ وەزارەتێ كۆ یێ كێمە ڤە گەرێتە ڤە بۆ وەزارەتێ، بۆ كرِینا دەرمان و ڤاكسینا بۆ بواری ڤێتەرنەری، چونكە زۆر ئێش هەنەن كۆ دناڤبەرا مرۆڤی و ئاژەڵی دا، هەڤپشكن دیسان ژ بۆ هاریكاری كرنا وان دامودەزگاییێكی ڤێتەرنەری كو ناوچەیەك ییێت كوردستان و لە دەرەوەی كوردستان.

3- سەرەرای ڤێ چەندێ ئەز نابینم كەرتێ كشتوكاڵ بشێت بتنێ ب بودجەی گشتی، ڤەژاندنێ بخۆڤە ببینێت، بەلكی پێتڤیە ئەم ل ئەلترناتێڤ دی بگەرێین، ئەو ژی هاندانا كەرتێ تایبەت بۆ وەبەرهێنانێ دڤی سێكتەری داو، دیتنا دەرگەهێن دی یێن تمویلا پرۆژێن كشتوكاڵ، وەك وەرگرتنا قەرزێن نیڤ دەوڵەتی و درێژخایەن، وەكۆ ئەندامەكا لیژنا كاروبارێن كۆمەڵێ مەدەنی دەستخۆشی ل حكومەتا هەرێما كوردستانێ دكەم، دانانا

بودجەکا تایبەت ژ بودجا گشتی یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ب گوژمێ 15 ملیار دینارا بۆ پالپشتا پرۆژێن رێکخراوێن (NGO)، دیسانی تەشکیل کرنا فەرمانگەهەکا تایبەت ب ڤان رێکخراوا، ڤە کۆ ب خۆشحالیم 2013/1/27 ب فەرمی هاتە راگەهاندن، ئەز باوەڕێ دام کۆ دێ ئێشێت بێتە پالپشتەك بۆ رێکخستن و ئەکتیڤکرنا کاری رێکخراوەیی لە هەرێما کوردستانێ، پێشنیار دکەم کۆ هەر وەزارەتەك ب گورەی سیاسەت و پلانا خۆ وان رێکخراوێن کارێن وان نێزیك دگەل سیاسەتا وێ وەزارەتێ، بەشدار بکەت د جێبەجێ کرنا پرۆژێن هەین، دیسان بەشداری دکات د دانانا سیاسەت و پلانا وەزارەتان دا، دیراسەکەن پێتڤێن پرۆژەو ئەولەویاتێن هەر وەزارەتەکێ دا، پێشنیار دکەم ژ گوژمێ هاتیە تەرخانکرنی بو هاتینا، بۆ تواناسازیێ رێژەك بهێتە دیارکرن، بۆ فەرمانبەرێن وەسەتە دناڤ دامودەزگایێن حکومی دا، پێشنیاردکەم ژ مەبلەغێ تەرخانکری یێ وەزارەتا رۆشنبیری بۆ داهێنەرا رێژەیەك بۆ ناوچێن کوردستانی بێت، دەرڤەی هەرێمی ژی بهێتە دانان وەك شنگال و زمارو کەرکوك و...هتد، پێشنیار دکەم سندووقەکا پالپشتیا پرۆژێن نەتەوەیی، سندووقەك بهێتە دانان بۆ هندێ هاریکارییت، بۆ وان کەسێن ل دەرڤەی هەرێم و ناوچێن هەرێمی کوردستانێ یێت دەرڤەی هەرێمی دژین تێدا موستەفید بن، پشتگیریا پێشنیارا لیژنا تەندروستی دکەم بۆ زیادکردنی گوژمێ بۆ هەردوو خەستەخانێن بەردەڕەش، شێرپەنجێ ل دهۆکێ بۆ هندێ ب زوترین دەم بکەڤیتە بوارێ جێبەجێ کردنێ دا، هەروەها پێشنیار دکەم کۆ چاوا حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ خەمخۆرا باشتر کرنا ژیانێ شەهیدێن سەربەرزێن کوردستانێ، وەسا خەمێ ژ خۆش کرنا ژیانا پێشمەرگەی کوردستانێ بخۆتن یێت کۆ سەنگەرێ بەرەڤانییێ ژ گیانێ کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان، ساڵانە لە وڵاتان و بەتایبەتی وڵاتە دیموکراتیەکاندا، بودجە دەخرێتە بەردەستی پەرلەمان، بۆ دیراسەکردن و وردبوونەوە لێی، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەموو ساڵێك بودجە دەهێنێتە پەرلەمان و دەیخاتە بەدەستی ئەندامانی پەرلەمان، بۆ دیراسە کردن لەسەر لایەنە سلبی و ئیجابیەکانی بودجە، بەدڵنیاییەوە بودجەی هەرێمی کوردستان وەکو بودجەی هەموو وڵاتان ئەویش بەشی خۆی لایەنی کەمووکوڕی تێدایە، بەڵام لەدواجاردا بودجەی هەرێمی کوردستان هەم ئەمساڵ و هەم ساڵانی ڕابردووش، لە ئاستێکی باشیی خزمەتگوزاری بووە بۆ کوردستان لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان من چەند مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر هەندێك لە وەزارەتەکان، دواتر دێمە سەر داواکاریەکانی سنوورەکەم، دواتر عەرزێکی ئەو پرۆژانە دەکەم، کە لە سنوورەکەماندا کراون، چونکە لە دوو رۆژی ڕابردوودا گوێم لەوە بوو، کە سنوورەکەی ئێمە لە ڕووی پرۆژەی خزمەتگوزاریەوە وەکو پێویست نیە، بۆیە منیش بەش بە حاڵی خۆم سەرجەمی پرۆژەکان و گوژمەی دیاریکراوی پرۆژەکانیش باس دەکەم، هەرێمی کوردستان کە ئەو سەردەمەی

ئێستا نەبووەتە هەرێمێك، نەبووەتە ناوچەیەكی نەوتی گەورە، بۆیە زۆرتر ئەم عیراقە ولاَتێكی زراعی و كشتوكاڵی بووە، بەدرێژایی مێژووی هەرێمی كوردستان كەرتی كشتوكاڵ یەكێك بووە لە كەرتە گرینگەكان، بۆ دابینكردنی بژێوی هاوولاَتیان و، بۆ دابینكردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی كوردستان، ئێستا كەرتی كشتوكاڵ لە كوردستاندا جگە لە گەنم لە ئاستێكی زۆر خراپ دایە، ئەگەر باس لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەنمیش دەكەین لە كوردستان، دەمەوێت ئەوە بۆ ئەندامانی بەڕێز باس بكەم، زەوی كشتوكاڵی لە كوردستان سالاَنە دوو بەش بوو، بەشێكی بۆ كشتوكاڵ بوو لەڕێی ئاودێریەوە، بەشێكیشی بۆ گەنم بوو، ئێستا هەموو زەویە دێم و بەراوەكانیش تێكڕا دەكرێتە گەنم و، بەرزبوونەوەی ئاستی گەنم لە كوردستان تاكە هۆكار ئەوەیە، كە ئێستا زراعەت لە كوردستاندا ناكرێت، بۆیە ڕێژەی گەنم بەرزبووەتەوە، حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ دابینكردنی ئاسایشی خۆراك، وا بەباش دەزانم گرینگیەكی یەكجار باش وەكو لە ئەولەویاتە یەكەمەكان بە وەزارەتی كشتوكاڵ بدات و، لە پرۆژەی ئاودێری لە كوردستاندا زۆر بكات، شێوازی تازەی كشتوكاڵ فێری جوتیاران بكات و، بەروبوومی تازەی كشتوكاڵ كە لەبەرهەمهێنانی بەرهەمی زۆر بهێنێتە كوردستان، جێگای داخی زۆرە لە بازاڕەكانی كوردستاندا باس لە هەنار دەكرێت دەڵێن ئەوە هەناری میسریە، لەلایەك دەڵێن ئەوە خەیاری لوبنانیە، یەكێكی تر دەڵێت ئەوە خەیاری ئەویەیە، تەنانەت توریش پێش ئەو كێشەیەی لە سوریا بوو توریش لە بازاڕ هەبوو پێیان دەوت ئەوە توری سوریایە، ئەوە ناكرێت لە ولاَتێكدا كە سەرچاوەی ئاومان باشە و، سەرچاوەی باران بارینمان زۆر زۆر باشە و، ئەرزی باشمان هەیە بۆ كشتوكاڵ، ئاستی كشتوكاڵ لە كوردستاندا ئەوها لاواز بكرێت، لەدوای دۆزینەوەی نەوت لە ناوچەكە و لە سەدەی رابردوودا، نەوت بۆ خەڵكی كوردستان مایەی نەهامەتی و قڕكردن و لەناو بردن بووە، مایەی داگیركردنی ولاَتەكەشمان بووە، ئێستا جێگای دڵخۆشیەكی گەلێك زۆرە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پرۆژەیەكی گرینگی ستراتیجی، بە عەقد كردن بۆ گەڕان و دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی كوردستان لەگەڵ كۆمپانیا گەورەكان دەستی بە كارێكی گرینگ و ستراتیجی كردووە، بەلاَم ئەوەی من تێبینیم هەیە كە دەرهێنانی نەوت و عەقدی كۆمپانیاكان، بەداخێكی زۆرەوە ناتەبایی سیاسی دروست كردووە، كورد دەڵێت كاسەی پڕ ئاشتەوایی ماڵە، بۆیە حەقە نەوت و سەرچاوە گرینگەكانی نەوت لە كوردستاندا ئاشتەوایی نیشتمانی و نەتەوەییمان بۆ دروست بكات، كاتی ئەوە هاتووە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی گونجاو داهاتو سەرچاوەكانی داهات لەسەر نەوت بگەیەنێتە پەرلەمان و هاوولاَتیانی كوردستان، وەزارەتی پێشمەرگە یەكێكە لە وەزارەتە گرینگەكان، لە پاراستنی هەرێمی كوردستاندا و، پێشمەرگە لە مێژووی 60 ساڵەی ڕابردوودا یەكێك بووە لە خۆشەویسترین ڕۆڵەكانی ئەم ولاَتەی ئێمە، ماندووترین و پر عەزابترین ژیانیان لە كوردستاندا بردووەتە سەر، هەموو ئەو ڕۆڵە تێكۆشەرانەی لە ڕیزەكانی پێشمەرگەدا شەهید بوون، ئێستاشی لەگەڵ بێت كەسوكاریان ، خۆشیان جێگای ڕێزو خۆشەویستین، بەلاَم هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە باسكی بەهێزی پاراستنی هەرێمی كوردستانە، ئاستی بژێوی ژیانیان گونجاو نیە و، باش نیە، بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم داوا دەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستان بودجەی پێویست بۆ ڕێكخستن و یەكخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دابنێ و، دابینكردنی ژیانێكی گونجاو بۆیان، یەكەكانی

**حەفتاو، هەشتا کە پێشمەرگەیەکی زۆری تێدا کۆبووەتەوە ئەوکاتەی قسە دەکەم رێك نەخراون، مووچەکانیان لە ئاستێکی خراپ دایە، پێداویستی چەك و جل و بەرگ و، پێداویستە لۆجیستەکانی هێزی پێشمەرگە باش بکرێت، وەزارەتی کارەبا لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە پرۆژە باشەکانیان، بە کارە گرینگەکانیان توانیویانە تا ئاستێکی باش کارەبا لە کوردستان دابین بکەن، بەلاَم سیستەمی خراپ دابەش کردنی کارەبا لە کوردستان، لە ئاستێکدایە بە ئاسانی ناتواندرێت بەردەوام کارەبا دابین بکەن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم عەدالەت، هەم سیستەمێکی باشی دابەشکردنی کارەبا پەیڕەو بکات و، نەهێڵرێت کارەبا بەهەدەر بدرێت، ئەگەر تەماشای شارە گەورەکان بکەین هەولێر، سلێمانی، دهۆك بڕوام وایە کارەبایەکی یەکجار زۆر لەو شارە گەورانە و، لە ڕێگاو بانەکان تەنانەت لە قەزاکانیشدا بەهەدەر دەدرێت، کە بە بڕوای من پێویست ناکات ئەو هەموو کارەبایە تەنها بۆ هەڵکردنی گڵۆپ و لەژێر سێبەری ڕووناکیدا بە هەدەر بدرێت، لەکاتێکدا کارەبا لە هەرێمی کوردستان بودجەیەکی زۆری ساڵانەی بۆ تەرخان دەکرێت، کە زۆر زۆرترە لەو داهاتەی وەزارەتی کارەبا هەیەتی، بۆیە پێویستە کەرتی کارەباش لە هەرێمی کوردستان بەپێ ی سیستەمێك بە ئاقارێکی باش دابڕوات و، جگە لەوەی کارەبا دابین بکات ببێتە کەرتێکی بەرهەمهێنیش، دەزگا هەواڵگریەکان نەك لە هەرێمی کوردستان، نەك لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان، لە وڵاتە هەرە دیموکراتیەکانیش دەزگای زۆر گرینگ و ستراتیجین لە پاراستنی وڵاتەکەیاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە دڵنیاییەوە پێویستی بە دەزگای هەواڵگری بەهێز و خاوەن مەعلومات هەیە و، ئەو دەزگایانەش پێویستیان بەوە هەیە کە تەکنەلۆجیای سەردەمیان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگریان هەبێت، هەر دابینکردنی پارە و، تەرکیز کردنە سەر لایەنی بەشەری، کۆکردنەوەی زانیاریەکان، بە بڕوای من نابێتە هۆکاری پێشخستنی دەزگا هەواڵگریەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا، ساڵی پار کە شەش، حەوت مانگێك لەمەوپێش ئێمە بودجەیەکمان دیاریکرد (318) ملیار بوو، هەم مقۆ مقۆیەکی ئیعلامی و جۆرێك لە ناڕەزایی لەسەر بوو، ئەمساڵیش (344) ملیاری ترمان بۆ ئەو دەزگا گرینگە داناوە، بە بڕوای من کۆکردنەوەی زانیاری و پێشخستنی دەزگای هەواڵگری پێویستی زۆری بە پارە هەیە، بەلاَم ئەمجاریش پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش پێویستیان بەو پارەیە هەیە یان زیاتر؟، ئەوە پرسیارێکە ڕووبەڕووی وەزارەتی دارایی دەکەمەوە، هەندێك مولاحەزە لەسەر سنوورەکەمان دەڵێم ئەوە دوو ساڵە وەزارەتی شارەوانی نە لە بودجەی 2012، نە لە بودجەی 2013 لەو پارە زۆرە بۆی داندراوە، هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری لەزمنی وەزارەتی شارەوانیدا بۆ سنووری ناوەندی قەزای ڕانیە نیە، کاك دکتۆر ثائیر بەرپرسی لیژنەی وەرزش و لاوان، بەسەردانێك کە بەندەش هاوکاری بوو لەگەڵی هاتە دەڤەری ڕاپەرین، ئەو یاریگانە گەڕاین کە لە سنوورەکەدا هەیە، زۆر جێگای داخ بوو، بۆ ئەوانیش زۆر ناخۆش بوو، کە هیچ یاریگایەکی 11 لاعیبی نەك شایستە نین، نیمچە شایستەش لەڕانیە دانیە، بەداخەوە ئەمساڵیش وەزارەتی وەرزش و لاوان لەگەڵ ئاگادار کردنەوەیان لەسەر نەبوونی یاریگای 11 لاعیبی لە ڕانیە، لەگەڵ هەموو ئەو پەیامانەی کە پێیان درا دیسانەوە ئەمساڵیش یاریگای 11 لاعیبی لە شاری ڕانیە دانیە، بە حوکمی چەند ساڵەی شۆڕش و شەڕی عیراق و ئێران، هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی**

که زۆرترین لوغمی تێدا چێندراوە، هەندێك کەس بە (20) ملیۆن لوغم تەقدیری دەکەن، ئەم لوغمانە لەناوچە سنووریەکان تەنانەت لەو چیایانەش، کە کەوتوونە نزیك شارە گرینگەکانیشەوە چێندراون ، لە ساڵانی رابردوو سەدان شەهید و سەدان کەمئەندامی لە کوردستاندا دروست کردووە، زۆر جێگای داخە ئێمە بمانەوێت هەرێمی کوردستان لە خەتەرناکترین چەکی شاراوە پاك بکەینەوە، بەڵام پێمان وابێت بە دەزگایەکی مین، کە هەر بۆخۆی دەزگایەکی ناکارایە، لە هەمان کاتیشدا بەو بودجە کەمەی بۆی تەرخان کراوە، هەرگیز و بۆ 100 ساڵی تریش ناکرێت هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت لە مین پاك بکرێتەوە، بۆیە داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان گرینگیەکی بەرچاو بە دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە مین بدات، لە هەمان کاتیشدا ئەنجومەنی وەزیران دەزگایەکی زۆر کارا لە ئاستی پاراستنی هەرێمی کوردستاندا دروست بکات، کەرتی تەندروستی لە چەند ساڵی ڕابردوودا جێگای دەست خۆشیە لە زۆربەی شوێنەکان، لە دروستکردنی نەخۆشخانەدا لە ئاستێکی باش دابووە، بەڵام تەنها دروستکردنی نەخۆشخانە هۆکاری چارەسەرکردنی نەخۆش و باش ڕاگرتنی تەندروستی هاووڵاتیان نیە، ئەگەر تەماشای شارە گەورەکان بکەین نەك سەدان چەندین هەزار دکتۆری پسپۆر لە شارەکاندا هەیە، بەڵام دواجار ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە قەزاو ناحیەکاندا کۆبوونەوە، ژمارەی دانیشتوانی پشدەر و بێتوێن وەك ئیدارەی راپەرین باس بکەم، بەدڵنیاییەوە لە سنووری 300 بۆ 350 هەزار کەس زیاترە، بەڵام کەمترین دکتۆری موماریسی تێدایە بە داخێکی زۆرەوە سیستەمی ئیش کردنی دکتۆرە موقیمەکانیش زۆر سەقەتە، بە تەوزیف دەیانێرن بۆ ئەوێ و، تەنانەت نە قایمقام، نە مودیری سەحەی گشتی لەوێ و، نە هیچ کەسێکی ئیداری ناتوانێت هیچ دکتۆرێك سزا بدات، ئەو دکتۆرانە دوو رۆژ دەوام دەکەن لە یەك هەفتەدا، ئەو دوو رۆژ دەوام کردنە چۆن دەتوانین لە دوو ساڵی ئایندەدا ئەو دکتۆرە موقیمە بڕوامان وابێت لە مومارەسەکردنی دوو ساڵی خۆیدا، لە دوای دەرچوونی لە کۆلێژی پزیشکی توانیویەتی مومارەسەیەکی باش یان علمێکی باش لە چارەسەرکردنی نەخۆش وەربگرێت، لەگەڵ تەواو بوونیشی راستەوخۆ دەگوازرێـتەوە بۆ ناوەندی پارێزگاکان، بۆیە پێویستە وەزارەتی تەندروستی گرینگی بەرچاو بدات بە دابینکردنی تەکنەلۆجیای تازە لە بواری پزیشکیدا، جیهازی پزیشکی، دابینکردنی دکتۆر بۆ ئەو قەزاو ناوچانەی کە قەرەباڵغی ومەسەلەی سوکانی تێدا کۆبوونەتەوە، وەزارەتی پەروەردە لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق، لەدوای راپەرینیشەوە تا ئاستێکی باش لە خوێندنگادا، لە سنوورەکەی ئێمە دەستێکی باشی هەبووە، رەقەمەکانی خوێندنگاکان دەخوێنمەوە دواتر دێمە سەر گلەییەکەم، سنووری قەزای ڕانیەو پەروەردەی ڕانیە 70 هەزار خوێندکاری تێدایە، 27 خوێندنگای ئامادەیی هەیە، 127 خوێندنگای بنەڕەتی هەیە، 26 باخچەی ساوایانی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا 6 خوێندنگای لە کرێدان، 17 خوێندنگاشی سێ دەوامن، 4 خوێندنگاشی چوار دەوامن، کەواتە بە شەویش تێدا دەخوێندرێت، هەم ئیدارەی راپەڕین، هەم قایمقامیەتی ڕانیە، هەم منیش لەلای خۆمەوە لە 2 ساڵی ڕابردوودا، کە هەوڵێکی زۆردراوە بۆئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردە ناوەندی قەزای ڕانیە لە کێشەی 3 دەوامی ڕزگار بکات، هەوڵ بدات بۆ دروستکردنی خوێندنگا لە سنووری قەزای ڕانیە بە گشتی و، ناوەندی قەزاکە بەتایبەتی، چونکە ڕانیە

**ناوچەیەکە کە ساڵ بە ساڵ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان ڕووی تێدەکات، هەر زیادبوونە سروشتیەکەی خۆی نیە بۆ نموونە لە دۆڵی خۆشناوەتی، دۆڵی ئاکۆیەتیەوە بگرە تا دەگاتە دۆڵی جافایەتی و سنووری پشدەریش، ئەگەر هاووڵاتیەك کۆچی کرد لەوناوچانە نەچووە ناو پارێزگای سلێمانی و هەولێر، بە دڵنیاییەوە لە ڕانیە دەگیرسێتەوە، بۆیە دروستکردنی خوێندنگایەکی پێویست زۆر گرینگە، کە بەداخێکی زۆرەوە وەزارەتی پەروەردە دیسانەوە لە بودجەی ئەمساڵیشدا بۆ دروستکردنی خوێندنگا هیمەتێکی نەکرد بۆ ناوەندی قەزای ڕانیە، پێش کەمێك باسی پێشمەرگەم کرد و، پێشتریش هەڤاڵان بە گشتی باسی پێشمەرگەیان زۆر کردووە، جێگای دەست خۆشیە، بەلاّم لەدوای ئەو تێکۆشەرانەی چەکی خەبات و تێکۆشانیان کردووەتە شان و فیداکاریان کردووە، چینێکی تر هەن لە خەڵکی کوردستان کە زیندانە سیاسیەکانن، پێش ئەوەی من بێمە پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەوە یاسای زیندانە سیاسیەکان دەرچووە، کە تێیدا منحەی وەکو مووچە دیاریکردووە، لە هەمان کاتیشدا منحەیەکی 20 ملیۆنی تێدایە، بدرێتە ئەو زیندانە سیاسیانەی کە مووچە وەردەگرن یان پشت ڕاستکرانەوە، بەداخێکی زۆرەوە ئەم یاسایە جێبەجێ نەبووە، ئێستا 900 زیندانی سیاسی تر ناوەکانیان بەپێی بەڵگە یاساییەکان پشت ڕاست کراوەتەوە، ئەوە ماوەیەکی زۆرە لە ئەنجومەنی وەزیران گیری خواردووە، دەرباز نابێت و، چاوەڕوانێکی زۆری ئەو زیندانە سیاسیانە دەکرێت ئومێد دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمانێك بۆ پێدانی منحەی ئەو زیندانە سیاسیانە دەربکات، دەزگای وەبەرهێنان لە دەزگا گرینگەکانە لە هەرێمی کوردستان بەس من ناچمە سەر دەزگای وەبەرهێنان لە هەموو شوێنەکان لە کوردستان، تەنها باسی دوو پرۆژەی دەزگای وەبەرهێنان لە سنووری قەزای ڕانیە دەکەم، کە بەداخێکی زۆرەوە من لەو دوو پرۆژەیە کە لە سنووری شارەکەم دادەکرێت، دەزگای وەبەرهێنان کەوتووەتە ژێر مولاحەزەیەکی زۆرەوە، کۆمپانیای (ڤاری کار) لە ڕانیە، لە چوارقورنە 500 یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات، کۆمپانیای (بەڕێز) لە ڕانیە 1824 یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکات، تا ئەم چرکەیە کۆمپانیای (ڤاری کار) نەیتوانیوە لە مەوعیدە یاساییەکەی خۆشیدا ئەم یەکە نیشتەجێیانە تەواو بکات، کۆمپانیای (بەڕێز) لە (1824) یەکەی نیشتەجێبوون، تەنها (350) یەکەی نیشتەجێبوونی تەواو کردووە، ئەویش ئەگەر بچی تەماشایان بکەی ئەو شێوازی دروست کردنی خانووە نەك ئەوەی لەسەر تەلەفزیۆنەکان دەیان بینن، کە بە کۆمپیوتەر دروست کراون، هێندە جوانن هەر حەز دەکەی تەماشایان بکەی، بەلاّم ئەوانە لە کەمپەکانی ئاوارەکان دەچن، نەك لە بینای تازەو لە پرۆژەی تازەو جواندا، کۆمپانیای (بەڕێز) ئەمساڵ بەهار مانگی 4 مەوعیدی کارکردنی بۆ تەواو کردنی ئەم پرۆژەیە تەواو دەبێت، خۆ ئەگەر ساڵێکی تریش کاتی بدەنێ هەرگیز ناتوانێت ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات، لەلایەکی ترەوە زۆری فەرمانبەر لە سنووری قەزای ڕانیە و، پشدەر داواکاری یەکجار زۆری هاووڵاتیان بۆ پێدانی زەوی و، زیاتر لە 2000 فەرمانی پێدانی زەوی نوێکراوەتەوە لە سنووری شارەوانیەکان، لەو سنوورە هیچ زەویەك نیە بدرێت، ئەو فەرمانەی پێ جێبەجێ بکرێت بدرێتە هاووڵاتیان، بۆیە من پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کۆمپانیای بەڕێز لایەنی کەم 1500 قەتعەی زەوی لێ بسێنرێتەوە، ئەو قەتعە زەویانەی دراونە ئەو کۆمپانیا بەڕێزە بە نرخی ئێستای بازاڕ لە**

سنووری قەزای ڕانیە بایی چەندین ملیۆن دۆلارە، ئەم زەویانەی لێ بستێنرێتەوە، چونکە هەرگیز ئەو پرۆژەیەی پێ جێبەجێ نابێت، بێین و بیدەینە ئەو فەرمانبەر و خەڵکە هەژارەی، کە فەرمانی زەوی هەیە لەڕێی سولفەی عەقارەوە ، باشتر دەتوانین لە کێشەی نیشتەجێبوون لە ڕانیە دەرباز بین، سولفەی عەقار لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بەخشین و پێدانی بە هاووڵاتیان لە ئاستێکی زۆر باش دا بووە، یەکێك بووە لە هۆکارە گرینگەکانی کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە باشەکانی لادێیەکان و، بەشێك لە لادێیە هەرە گرینگەکانی کوردستان، ئەوەی من لە سولفەی عەقار، لە سنووری قەزاو ناحیەکاندا دەیبینم یەك، دوو کێشەی وردە کە بە بڕوای من دەبێت وەزارەتی مالیە ئەو کێشانە حەل بکات، سولفەی عەقار لە گوندەکان بەپێی نەخشەی کادسترۆ دەدرێت، کاتێك گوندی ئەو سەردەمە بە نموونە بیهێنمەوە سەرکەپکان کە ڕەنگە 50 تا 100 ماڵ بوو بێت، بەڵام ئێستا سەر کەپکان لە سەرووی 500، 600 ماڵە، ئەگەر بەپێی نەخشەی کادسترۆ بێت ئەو حەوشەیەی کە ساڵان ماڵێك هەیبوو، ئێستا دەبێت چەند خانوویەکی تێدا دروست بکرێت، چونکە خاریجی نەخشەکە سولفەی عەقار نادرێت، ئەوەش شێوازی لادێیەکانمان زۆر چڕو پڕ تر دەکات، لادێ و ماڵەکان بە یەك دادەچن، سروشتی جوانی لادێ ناهێڵێت تۆ ئیجباری بکەی لەسەر قەتعەیەك زەوی چەند خانوویەك دروست بکرێت، تەنها لەبەرئەوەی لە نەخشەی کادسترۆدایە، بۆیە من داوا لە بەڕێز وەزارەتی مالیە دەکەم لیژنەیەك بۆ هەندێك لەو شوێنانە پێك بهێنێت و، نەخشەی ئەو گوندە گرینگانە زیاد بکات، دەربازی بکات لە نەخشەی کادسترۆ، دوو: هێندێك لەو ناوچانە، لەو گوندانەی ئێمە بووینە شارەوانی بۆ نموونە ناحیەی ئیسێوە گوند بوو بووەتە ناحیە، هەڵشۆ گوند بوو بووەتە ناحیە، ژاراوە گوند بوو بووەتە ناحیە، سەرکەپکان گوند بوو بووەتە ناحیە، بۆسکەریش گوند بوو بووەتە شارەوانی، ئێستا دیسانەوە سولفەی عەقار لەو شوێنە تازانەدا بۆ خۆی کێشەی لەسەرە، نەخشەی شارەوانی بۆ داندراوە، تەسبیتی نەخشەکەی دراوە، بەڵام لەسەر ئەساسی کۆن تەنها لەسەر نەخشەی گادسترۆ، دیسانەوە سولفەی عەقار دەدرێن، بۆیە پێویستە حکومەت ئەوە حەل بکات، ئەو ناوچانەی کە بووینە شارەوانی، بەپێی نەخشەی تازەی شارەوانی سولفەی عەقاریان دەداتێ، ئەوە یەکێکە لە کێشەکان، ئەو دوو کێشەیەی باسم کردن لە کێشەکانی سنوورەکەی خۆمانن، وەك باسمکرد پێشتر وتم دوای ئەوە دێمە سەر پرۆژەکانی سنووری پشدەر و بێتوێن، پرۆژە بەردەوامەکانی پشدەر 37 پرۆژەیە، گۆژمەی بودجەکانیان کە بۆی داندراوە 108 ملیارو 374 ملیۆنە، گۆژمەی داندراو بۆ پرۆژە بەردەوامەکان بۆ ساڵی 2013، 32 ملیار و622 ملیۆنە، پرۆژە پێشنیار کراوەکانی پشدەر 10 پرۆژەیە، گۆژمەی پرۆژەکەیان 36 ملیار و 793 ملیۆنە، گۆژمەی داندراو بۆ ساڵی 2012، 18 ملیارو 565 ملیۆنە، واتە ئەگەر هەردوو گۆژمەکە کۆبکەیتەوە دەکاتە 145 ملیارو 177 ملیۆن، هیچ یەکێك لەو پرۆژە بەردەوام و پێشنیار کراوانە تەمەنی کارتێکردنیان 3 ساڵ نابێت، واتە تا 3 ساڵی تر سنووری قەزای پشدەر جگە لە ساڵانی ئاییندە، کە بودجەی بۆ دادەنرێت بایی 145 ملیاری تێدایە نەك تەنها 18 ملیار، پرۆژە بەردەوامەکانی قەزای ڕانیە (67) پرۆژەیە، گۆژمەی کە بۆی داندراوە لە پرۆژە بەردەوامەکان 306 ملیار و 601 ملیۆنە، گۆژمەی ساڵی 2013 کە بۆ پرۆژەکان داندراوە 87 ملیارو 338 ملیۆنە، واتە گۆژمەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان و پرۆژە بەردەوامەکان

ئەگەر لە 3 ساڵی تردا جێبەجێ بکرێن هەموویان کە ئێستا لە کاردان بایی 341 ملیارو 828 ملیۆن دەبێت، من بەش بە حاڵ خۆم لەگەڵ ئەوەی داوا دەکەم کە بودجەی زیاتر دابندرێتن، چونکە ئەو شارەی ئێمە لە قەڵەباڵغی و لە فراوان بوونێکی گەورە دایە، بەڵام ناشکرێت خۆڵ بکەینە چاوی هاووڵاتیان و، لانی کەمی بودجەی تەرخانکراوی پرۆژەکەمان باس بکەین، بودجەی ئەمساڵی قەزای ڕانیە لە پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیار کراوەکان 99 ملیارو 339 ملیۆن دینارە، ئەوە جگە لەوەی لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان و ، بودجەی پترۆ دۆلار کە دێت بۆ ناوچەکە، لە پرۆژە بودجەدا گەیاندنی کارەبای بۆ پرۆژەی شاری ڕانیەی تێدایە، هی شاری ڕانیەی نوێی تێدایە، ئەم پرۆژە سەفقەتەی کە پێشتر تۆزێك لەوەو پێش باسم کرد، بەڵام نە گوژمەی پارەکەی دیاریکراوە، نە ماوەی کارکردنی تێیدایە لە پرۆژەی بودجە، لەسەر پرۆژە بەردەوامەکان چەند مولاحەزەیەکم هەیە انشاءالله ڕۆژی داهاتوو یان سبەی پێشکەشی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکەم، بۆ هەوڵەکانی، بۆ گەڕاندنەوەی موستەحەقاتی هەرێم لە بودجەی گشتی عیراق، هەروەها دەستخۆشی لە وەزارەتی دارایی و پلاندانان و لیژنەی دارایی لە پەرلەمان دەکەم، منیش هەروەکو برادەران چەند سەرنج و تێبینیەکم هەیە، بەنیسبەت هێڵە گشتیەکان و ژمارەی سەرەکی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013 لە بەشی شەشەم، تێچووەکانی  بودجەی وەگەڕخستن لە چەند شوێنێکی تری ڕاپۆرتەکە، بودجەکە لەلای هەموومان هەیە، تەنها بە ڕەقەم مەبلەغەکان نووسراوە، ئەوەش کاتێکی دەوێت بۆ دڵنیا بوون لەو مەبلەغانە، چونکە ژمارە و سفرەکان بە تریلیۆن و ملیارەو، دەبوایە بە نووسین لە پاڵ ژمارەکە مەبلەغەکە بنووسرایە، ئیتر نازانم ئەوە تەنها لەبیرکراوە یان مەبەستێکی حسابیە، دووەم: لەشێوەی دابەشکردنی بودجەی وەگەڕخستن  سەیری خاڵی (17)بکەین، کە لە لاپەڕە (7)ی ڕاپۆرتەکەدا دیارە ڕێژەی زیاتر لە 9٪  کۆی بودجەی وەگەڕخستن بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم داندراوە، لە کاتێکدا لە لاپەڕە (8)ی ڕاپۆرتەکە دا لە خاڵی (29) کە بڕی تەرخانکراو بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، لە 0,46٪ داندراوە، کە من ئەوەی وەزارەتی  دارایی بە زیاد و، ئەوەی ناوچە کوردستانەیەکانی دەرەوەی هەرێم بە کەم دەزانم، بە هەمان شێوە لە بودجەی وەبەرهێنانیش ئەگەر سەیری لاپەڕە (16)ی ڕاپۆرتەکە بکەین، دەبینین تەنها بڕی لە 0،6٪ لە کۆی بودجەی ئەمساڵی وەبەرهێنان بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم تەرخان کراوە، کە ئەمەش هەر زۆر کەمە، بەتایبەتی ناوچەی زمارو شەنگال و شێخان، سەبارەت بە داهاتە خەملێنراوەکانی حکومەتی هەرێم هەروەك چۆن لیژنەی دارایی پەرلەمان کۆمێنتی هەیە، منیش بە هەمان

شێوە تێبینیم هەیە، نموونەیەکیشتان بۆ دەهێنمەوە کە داهاتی ساڵانەی وەزارەتی ئەوقافە، کە ساڵ بە ساڵ بەرەو زیاد بوون دەڕوات و، لە ساڵانی رابردوو وەزارەتی ئەوقاف، کە خۆیان رایانگەیاندووە کە ملیارو نیوێکە، بەڵام ئەمساڵ 850 ملیۆن دینار داندراوە، دیسان ئەگەر بێینە سەر راپۆرتی دارایی هەر هەمان بودجە بە گشتی باسی پلەی دامەزراندنی 2013 دەکەین، کە 15000 پلە بەمشێوەیە داندرا، بەم شێوەیە کۆی پلە وەزیفەکانی دامەزراو (میلاکات) بۆ ساڵی 2013 دەبێتە (682,849) شەش سەدو هەشتاو دوو هەزارو هەشت سەدو چل و نۆ پلەی دامەزراو، کە ئەمەش بە خاڵێکی ئیجابی دادەنێم، کە بەردەوام سەدان خێزان ئیستفادە دەکەن، کە ئێمە دەڵێین هیچ هاووڵاتیەك سوودمەند نیە، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین میلاکی تەندروستی کە(1500) پلەیە، ئەو میلاکە کەمە، پێویستە کارمەندانی (نێرس) زیاد بکەن،، ئەگەر بچن سەردانی موستەشفا بکەن بەتایبەتی خەفارە کە بەشەو دەچی، یەعنی زۆر کارمەندی کەمە، هەولێر پایتەختە ژمارەی دانیشتوانی زۆرەو کارمەندی کەمە، فەڵەباڵغیەکی زۆر لەسەریان دروست دەبێت، وەزارەتی پەروەردە کە 1 تریلیۆن و 6 ملیار و233 ملیۆن دینار بە رێژەی 16,3 ئەوە برێکی باشە، کە بڕیارە یان پێشنیارە 120 ملیار دینار بۆ دروستکردنی قوتابخانەکان تەرخان بکرێت، بەڵام من لێرە بە پێویستی دەزانم پلانێکی ئیستراتیجی هەبێت بۆ هەڵمەتی دروست کردنی 2000 قوتابخانە، لەگەڵ دروست کردنی چەند کۆمەڵگایەکی پەروەردەیی، کە لە قۆناغی (قبل التعليم) ئیلزامی دەست پێ دەکات، تا شەشی ئامادەیی وەکو کۆمەڵگەیەك لە شەقلاوە هەیە، کۆمەڵگەی بیرکۆت لە هەولێر هەیە، کۆمەڵگەی فاخیر مێرگەسۆری نێودەوڵەتی لە هەولێر هەیە، پێویستە لە شارو شارۆچکەکانیش ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە دروست بکرێت، هەروەها بە تەواو بوونی میلاکی قوتابخانە لە مانگی 8 و 9 لەگەڵ دابینکردنی پێداویستی قوتابخانەکان، بەشێوەیەکی تەندروست و ستاندارد و بەتایبەتی بەڕادی ئاو، ئەگەر ئێمە سەردانی قوتابخانەکان بکەین بە هاوین و بە زستان، دەبینین تەنکیەك داندراوە، چەند بەلوعەیەك داندراوە، زستانان لەبەر ئەو بارانە و سەرمایە منداڵان دەویان پێوە دەنێن، هاوینانیش تا مانگی 4 و 5 و 6 لەبەر ئەو گەرمایەی، لەبەر کوڵانی ئەو رۆژەوە دەویان پێوە دەنێن، چەند پێویست دەکات پرسیار بکەین، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەڵێی دەڵێت بودجە نیە، ئەگەر بکرێت بودجەیەك دابنرێت، چونکە نەخۆشی زۆرەو، کولێرەش بەردەوام تەشەنە دەکات، وەزارەتی تەندروستی بریتیە لە 695 ملیار 165 ملیۆن دینار، کە لە بڕی پار زیاترە بە پلەی پێنجەم هاتووە، کە پار بە پلەی شەشەم هات بوو، ئەوەش جێگای دەست خۆشیە لە حکومەت بکەین، بەڵام ئەگەر تەماشای بودجەی وەبەرهێنانی بکەین بە پلەی حەوتەم دێت، ئەمەش لێرەدا کەمە، پێشنیاری من ئەوەیە کە حکومەت بنکەی تەندروستی مۆدێرن دروست بکات لە بودجەی تەواوکاری، چونکە بە بڕبڕەی پشتی تەندروستی هەرێم دادەنرێت و، بەگوێرەی ئاماری دیگرافیەوە هەر ئێستا نزیکەی 500 بنکەی تەندروستی بۆ هەر 10 هەزار کەس پێویستە، موستەشفایەکی ستاندەردی نێودەوڵەتیش بۆ پایتەخت (هەولێر) پێویستە، تۆ سەردانی هەموو شوێنەکان بکەی موستەشفایەکی ستاندارد هەیە، بەڵام هەولێر بەو شێوە دانیشتووانە زەخمەی تەنها موستەشفا قەدیمەکان هەیە، تەزەخومێکی زۆر هەیە هەموویانیش کۆنن، حکومەتی هەرێم دەبێت هەوڵ بدات بڕیاری خەرج کردنی

کڕینی دەرمان، لە بودجەی حاکیمە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم و، دەرمانەکەش جێگای متمانە بێت بۆ هەموو خەڵك و، ماوەی بەسەرچووی دەرمانیش زۆر بێت وەکو وڵاتانی تر، ئێمە ئەو دەرمانانە هەموو لە بەغداوە بۆمان دێت نزیکی ئێکسپایەرە تەئریخەکانی هەمووی چەند مانگێك مایە تەواو دەبێت 2013 نووسرایە، بەڵام هی وڵاتانی تر کە تەماشا دەکەی هەموو هەتا ساڵی 2017 یە 2018یە، تەواو نابێت، مەخزەنیش پێویستە بۆ خەزن کردنی، مەخزەنی ستاندەرمان نیە یان تەندروستیمان نیە بۆ خەزن کردنی دەرمانەکان، دیسان ئەگەر تەماشای سوودی کۆمەڵایەتی بکەین کە پار ساڵ 7 ملیار داندرا بوو بۆ وەزارەتی تەندروستی، بەڵام ئەمساڵەکە بوویتە 70 ملیار، ئەمەش لێرە دیسان جێگای دەست خۆشیە بۆ هەموو هاووڵاتیان، کە ئەم 70 ملیار دینارەش وەك سوودی کۆمەڵایەتی داندراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری هاوکاریکردنی نەخۆشەکانی دڵ، مێشك، خوێن، شێرپەنجە ناردنەوەی نەخۆش بۆ دەرەوەی وڵات، دابینکردنی دەرمان و تاقیگەو پشکنینی نەخۆش بۆ ئەو نەخۆشانەی پێویست بە نەخۆشخانەو نۆرینگەی تایبەت هەبێت، هەروەها پشتگیری لە لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم، کە دابینکردنی ڕێژەی 3٪ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری، پشتگیری لیژنەی خوێندنی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم، 5 ملیار دینار بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی داندراوە، کە لە کابینەی پێنجەم زۆر گرینگی پێدرا بوو، بەڵام ئێستاش پێویستە بە هەمان شێوە گرینگی پێ بدرێت، لێرەدا پێشنیاری من بۆ بەڕێز وەزیری شارەوانی کە هەر بەخۆشی پێشنیاری کردیە، دەربارەی پرۆژە پێشنیار کراوەکانی بە ڕیزبەندی (1،2،3) بڕی پارەکە 5 ملیار و 10 ملیۆن دینار تەرخان بکرێت بۆ قیرتاو کردنی کۆڵانەکانی ئۆردوگای کەلەکچی، کە سەر بە قەزای شێخانە، ڕێژەی دانیشتوان نزیکەی 35 هەزار کەسن، زۆربەشی ئاوارەکانی موسڵ لەوێ هاتینە، پشتگیری ئەم پێشنیارەش دەکەم، دابینکردنی ڕێژەیەك لە پرۆسەی تواناسازی بۆ منداڵانی شەهید لە دەرەوەی هەرێم، کە پێشبڕکێ بکەن تەنها لەناو خوێندنەوە ئەم پێشنیارە لە یاسای ژمارە 9 ساڵی 2007 ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان هاتووە، بەڵام وارسی شەهیدی هاووڵاتی بێبەش نەبێت لەو مافە، چونکە شەهیدی هاووڵاتی بۆ بەشێك لە هەموو ماف و ئیمتیازاتەکانی تر تەنها مووچەیەکی کەمی هەیە وەکو تۆڕی کۆمەڵایەتی دەیدرێتێ، ئەوەش ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین چەندەها دایك هەن کە ژنی ماڵەوەن تەلەفۆن دەکەن کە 6، 7 منداڵیان هەیە مێردەکەیان شەهیدی هاووڵاتینە، کرێچینە ئەو پارەشیانە دەدرێتی زۆر کەمە و بەشی هیچ ناکات لە هەموو ماف و ئیمتیازەکان بێبەشن، پێویستە ئاوڕێك لە وارسی شەهیدی هاووڵاتیش بدرێتەوە، هەروەها پشتگیری لە لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم، کە سایلۆکانی کەلارو حەریر و شارەزوور و سلێمانی و بەردەڕەش 3 ساڵە لەناو پرۆژەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدا هەیە تا ئێستا هیچیان بۆ نەکرایە و، لەکاتی ئێستادا تەنها 5 سایلۆ لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە توانای هەڵگرتنی 265 هەزار تەنە، لەکاتێکدا پێویستی فیعلی بە هەڵگرتنی دانەوێڵەیە لە هەرێمی کوردستان بە وتەی وەزارەت 600 هەزار تەنە، بە نیسبەت دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ فەرمانبەران و خەڵکی کەمدەرامەت، لە بودجەی ئەمساڵدا بڕی 200 ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، ئەو یەکە

نیشتەجێبوونە بە ستوونی دروست بکرێت و، ئەو کەسانە بگرێتەوە بەپێی ئەم بڕگانەی خوارەوە: ئەو فەرمانبەرانە بگرێتەوە کە لە دامودەزگاکانی حکومەت کاردەکەن، کە مووچەیان لەنێوان 300 تا ملیۆن دینار هەیە، خێزاندارن یا ئەو خێزانانە بگرێتەوە کە لە خوار هێڵی هەژاریەوە دەژین، داهاتی مانگانەیان لە 200 هەزار کەمترە، هەروەها پشتگیری ئەو بودجە دەکەم کە بۆ ئاسایش داندراوە، کە لە زۆر وڵات ئاسایش هەر عەلەنی و ئاشکرا نیە، هەوەها یاساش نیە کە لە مەکسیك ولاتێکی زل هێزەو ڕۆژانە خەڵك دەبینین بە دەیان کوژراوە هەر لەسەرعامود و پردەکانی ئەو شارە، بەلاَم ئێمە لە خوا بەزیاد بێ لە ساڵی 2007 هەتا ئێستا هیچ کارێکی تیرۆریستی نەبووە، لێرەش پێویستە لە کۆتایدا بڵێم سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە گەورەو بچووکی ئەم کوردستانە بەشدارە لە بودجە، بۆ نموونە مندالاَن هەر لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتیەوە بەشدارە، بەخۆڕایی دەخوێنێت تاوەکو زانکۆ پاشان تواناسازیش دەیانگرێتەوە، ئەگەر هەروا تەماشایان بکەین هەتا لە موستەشفاکانیش ڕۆژانە سەدان دایك دەبینین لە موستەشفای ویلادە، هەموو بەخۆڕایی بەوپەڕی تەندروستیەوە خزمەتیان دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك، سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا دەمەوێت دەست خۆشی بۆ هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێم کە هێڵە گشتیەکانیان زۆر باش دیاری کردووە، توانیویانە ئەمساڵ زۆر وردتر و کاریگەرتر زووتر ئامادەی بکەن، کە ناکرێت خاڵە گەش وئیجابەکانی لەڕاستیدا نادیدە بگرین، هەروەك چۆن دەکرێت کەموکوڕیشی تێدابێت، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە دیارە کۆی ڕاپۆرتەکانی سەرجەم لیژنە بەڕێزەکانە، کە هەموو سەرنج و تێبینی و ڕەخنەکانیان و، پێشنیارەکانیان، کەموکورتیەکانیان لە خیلالی مانگێك لەو ڕاپۆرتانەدا دیاریکردووە، ئەوانیش دیارە وەکو لیژنەیەکی موختەس، وەکو لیژنەیەکی شارەزا ئاراستەی حکومەتی هەرێمیان کردووە، بۆیە لێرەدا دووبارەکردنەوەیان بە پێویست نازانم، لە چوارچێوەی کاری لیژنەکەی خۆمدا سەرنجی خۆم دەڵێم و، پێشنیاری خۆم دەکەم هەروەك چۆن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی بەپێی بەرنامەیەکی باش و، بەسوود وەرگرتن لە بڕیارەکان و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، لەوانە یاسای خانەنشین و یاسای کەمئەندامان و، زۆرێك لەو بڕیارانە توانراوە زۆرێك لە چین و توێژە کۆمەلاَیەتیەکان سوودمەند بن، کە لەوانە دەتوانم بڵێم کەمئەندامان، تالاسیما، نابینا، نابیستان، شەلەل دەماغ، بیرکۆڵ، بەسالاَچووان، شیزۆفینیا، مندالاَنی بێ سەرپەشت، تۆڕی پاراستنی کۆمەلاَیەتی کە ئەمانە هەمووی واقیعن، ئەمانە هەمووی حەقیقەتن، ناکرێت نادیدەیان بگرین و، لەسەر ئەرزی واقیعن بەپێی ئامارو داتا، ئەوە

سەرەڕای سندووقی پاڵپشتی گەنجان و، قەرزی بچووك، بیمەی بێکاری، هەروەها هاوکاری یاخود بەپێی ئەو یاسایەی کە دیسان لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە دەرچوو، زیندانیانی سیاسی، خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، ئەنفالکراوەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە پارێزەری راستەقینەی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستانن، بەردەوام بوونی قەرزەکان دیارە، عەقار و هاوسەرگیری و کشتوکاڵ و پیشەسازی، کە ئەوانە لەڕاستیدا خاڵی گەشن، من پێشنیار دەکەم کە مادام ئەو هەموو چین و توێژە، ئەو هەموو شەریحەیەی کۆمەڵگا موستەفیدن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، داواکاریەکی زۆر گەورە لە سەندیکای کرێکاران و ئەوانە هەیە، بۆ کرێکارانی بیناسازی، کە ئێمە دەزانین ئەمڕۆ بە حوکمی ئەوەی کە کەرتی تایبەت لە کوردستاندا گەشەی نەکردووە، ئێمە کرێکارانی بیناسازیمان زۆرە، حەقە ئاوڕێك لەوانە بدەینەوە، لە رێگای ئەوەی کە چۆن لە وڵاتان موعالەجە کراون، ئەوەی کە ئێمە پرسی بێتمان، بەپێی زانیاری ئێمە دوای 63 ساڵ جۆرێك لە موعالەجەیان بۆ کراوە، یاخود خراونەتە سەر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەوە دیارە بەپێی یاسایە، ئەوە یاساکانی دونیا شاهێدی ئەوەن، ئەوە بەپێی یاسایە کە من باسی دەکەم، یاخود تا یاسایەکی کاری نوێ و هاوچەرخ لەم پەرلەمانەوە دەردەچێت، دەتوانێت موعالەجەی ئەوانە بکات، بۆئەوەی ئیتر بەڕاستی بۆ کاری سیاسی و بۆ ئەوانە بەکارنەهێنرێن، دیارە ئەوە حەقی خۆمە لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، دیارە هەروەك چۆن یاسای خانەنشینی یەعنی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، من حەز دەکەم بەڕێز وەزیری پلاندانان و، بەڕێز وەزیری دارایی ئاگای لەوە بێت، هەرچۆن بابڵێین یاسای خانەنشینی کۆمەڵایەتی ژمارە (39)ی هەموارکراو لەم پەرلەمانە، لە کۆی 1026 پرۆژە لە سلێمانی و لە گەرمیان، دیارە من وەکو عەینەیەك باسی ئەوەم کردووە، نموونەیەکم وەرگرتووە لە کۆی 1026 پرۆژە لە سلێمانی و گەرمیاندا 24 هەزار و 513 کرێکار زەمان کراون، دیارە ئەوانە لە کەرتی گشتی دانین لە کەرتی تایبەتن، بۆیە حکومەت حەقە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە بە نەزەر ئیعتبار وەربگرێت، کاری لەسەر بکات، کە دیارە لەسەر ئاستی هەرێم و ئەو ژمارە زۆر گەورەترە، من تەنها توانیومە لە سلێمانی دیارە ژمارەکەی وەرگرم، بۆیە حکومەت حەقە گرینگی زیاتر بدات بە کەرتی تایبەت، لە ڕێگای هاندانی سەرمایەداران، بۆئەوەی سەرمایەکانیان بە گەڕ بخەن، تەفعیل کردن و دەستکاریکردنی یاسای وەبەرهەمهێنان، کە لە هەموو دونیا ئەگەر حکومەت بیەوێت بەڕاستی ئەو لۆدە قورسەی کە لەسەر شانیەتی، ساڵانە داوای لێ دەکرێت کە خەڵك تەعین بکات، هەر ئەو نموونەی کە ئێستا من هێنامەوە لە 1026 پرۆژە 24 هەزار کەس لە دەرەوەی حکومەت تەعین کراون، دەکرێت ئەوە بکرێتە نموونەیەکی زۆر باش و، کاری لەسەر بکرێت، من پێم وایە ئەو پێشکەوتنەی دونیای موتەمەدین و پێشکەوتوو زیاتر کەرتی تایبەتە دەیکات، بۆئەوەی حکومەت لەو وەزعیەتە نەجاتی بێت، حەقە ئاوڕێك لەو مەسەلەیە بداتەوە، کەرتی کشتوکاڵ پێشنیار دەکەم دیارە گرینگی زیاتری پێ بدێت، هەرچەند زۆرێك لە هاوڕێیان، هەڤاڵان باسیان کرد دیارە ئێمە وڵاتێکی لەبارمان هەیە، ئەرزێکی بەپیتمان هەیە، ئاوی باشمان هەیە، مەناخی باشمان هەیە، کاتی خۆی سیاسەتی رەگەز پەرستانەی بەعس، کە دەیزانی ئەوە بڕبڕەی پشتی ئابووری کوردستانە لەوێوە دەستی پێکرد، کە لادێیەکان چۆڵ کرد، دیارە مەبەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوو، بۆ ئەوە بوو کە ئەوانەی لەوێن بەشی خۆیان

بەرهەمیان هێناوە، زیادەکەشیان لە شاردا دەفرۆشت، ئەوانە هەموو خەڵکی مونتیج بوون، بەلأم بەداخەوە بەپێی سیاسەتێکی نادروست ئەوە گۆڕا، کردیان بە خەڵکی موستەهلیك لە دائیرەکاندا تەعین کران بە مووچەیەکی کەم ، تاکو ئێستاش بەردەوامە و ئیدامەی هەیە، من داوا لە حکومەت دەکەم کە بەڕاستی چاوێك بەو مەسەلەیەش دا بگێڕێتەوە، دیارە بەردەوام بوون لەسەر دروست کردنی هەڵمەتی بنیات نانی قوتابخانەکان، زۆر باسکرا، یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکانی کەمدەرامەت، کە ئەوە جێگای کەمدەرامەت و کرێکاران و ئەوانەی کە خەڵکی بابڵێی ئاستی مەعیشیان نزمە، ئەوە جێگای دەست خۆشیە، حەقە پەرەی زیاتری پێ بدرێت، هاوکاری زیاتری ئەو ناوچانەی دیارە من یەك ناوچە باس ناکەم، کوردستان بە عام هەمووی بەر شالأوی کاولکاری و سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان بەتایبەتی حیزبی بەعس کەوتووەتەوە، هەموو ئەو ناوچانەی کاولکاریان زیاترە وەك هەڵەبجە، گەرمیان، پێنجوێن، کوێی دەڵێی ئەو ناوچانەی سەرانسەری کوردستان لە زاخۆوە بۆ شوێنەکانی تر، ئێمە حەقە بەڕاستی بەو نەفەسەو، لەو مونتەلەقەوە دیفاع لە هەموو خەڵکی کوردستان و ئەو شوێنانەی کە بەڕاستی هەرچەندە حکومەت خۆش بەختانە دەڵێم ئەوەی کە من ئاگام لێ بێت، ئەگەر خاریجی ئەم داهاتەش بێت، هەندێك موعالەجەی کردووە، بۆیە داواکارین بۆئەوەی ئەوەش نەبێتە بۆشاییەك، کە مەسەلەن قسەی لەسەر بکرێت یاخود ئەرکی حکومەتە ئەوە هیچ شتێکی تێدا نیە، لەسەر ئەو مەسەلەیش بەڕاستی کاری دروست بکا، دیارە ئاوەدانی ئەوە دەبێتەهۆی راکێشانی دەستی ئاوەدانی ئەرکی زیاتر بۆ ئەو ناوچانە، دەبێتەهۆی با بڵێین دۆزینەوەی هەلی کار لە کوردستاندا، بۆیە دیارە دەبێتە جێگای شانازی هەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، من هیوادارم بودجە بێتە عاملی گەشانەوەو بووژاندنەوە و پیشکەوتنی کوردستانە خۆشەویستەکەمان، ببێتە هۆی خۆش گوزەرانی بۆ کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان، هەروەها ئەو چین و توێژانەی کە ئێستا ئاماژەم پێدان، کە سوودمەندن زیاد بکرێن، کرێکارانی بیناسازی تەئکیدیان لێ دەکەمەوە، لە زۆر وڵات حکومەت موعالەجەی کردووە ، حکومەت ئەگەر بەپێی پلانی خۆی دەکرێت یان بخرێتە سەر تۆری کۆمەلأیەتی لەدوای 63 ساڵ، یان تاکو یاسای کار دەردەچێت، یان یەکێك لە یاساکان، کە بەداخەوە ئەو یاسای زەمان نەیتوانیوە موعالەجەیەکی جدی و جەزری بکات، بۆیە دەکرێت ئێمە موعالەجەیەکی کاتی بکەین، بۆئەوەی بتوانین تا یاسایەکی کاری گونجاو وهاوچەرخ دەردەچێت، دووبارە من زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان، من سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی لە سەرۆك و ئەندامەکانی دەکەم، بەڕاستی ئەو راپۆرتەی کەوا نووسیویانە شایەد حاڵە بۆ پەرۆشیان و، پەرۆشی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان بە لیستە جیا جیاکانیشەوە، کە لە نزیکەی 58 لاپەڕەدا دەتوانم بڵێم سەدان سەرنج و تێبینی بە خاڵ، بە

مەبەستی چاککردنی بودجەکە خراوەتە ڕوو، بەڕێزان دیارە لەماوەی ئەو چوار ساڵەی ئێمە کە لە پەرلەمانی کوردستانین، دەبینین ساڵ بە ساڵ بودجەکە باشتر، دیارتر، شەفافانەتر دێتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام دەکرێت بڵێین ناجۆریەك یان ناهاوسەنگیەك لە دابەشکردنی لەنێوان سێکتەرەکان دا هەیە، یاخود ساڵانە کەموکوڕیشی تێدا هەبووەو، ئەم بودجەیەش کەموکوڕی تێدا هەیە، بەڵام قابیلی ئەوەیە کەوا چاك بکرێت، لەو خاڵەی کەوا بە هەموو لایەکمانەوە بەبێ ئەوەی هیچ گرژیەك یان حەساسیەتێك لەبەر چاو بگرین، گوێ لەیەکتر بگرین و لەم هۆڵەدا هەوڵی چاککردنی بدەین، یەکێك لە کێشەکانی ئەو بودجەیە ئەوەیە کاتێك ئێمە داوا دەکەین لە هەر بەڕێزێك، کە هەڵدەستێتەوە بەپێی ئەو سێکتەرەی، ئەو بوارەی کەوا خۆی کاری تێدا دەکات دەڵێت لەم بوارەدا کەم تەرخان کراوە، بودجەکەی کەمە، هەمووومان بەو جۆرە قسەمان کردووە، ئەی لە کوێ زۆر تەرخان کراوە؟ دەتوانین بڵێین حکومەت پێویستە بۆئەوەی ڕێگا چارەیەکی بنەبڕ دەست نیشان بکات لە داهاتوودا ئەوەمان ڕووبەڕوو نەبێتەوە، کێشەی ئێمە ئەوەیە زۆربەی بودجەکە وەکو بەڕێزانیش دەست نیشانیان کرد، زۆربەی بۆ بواری تەشغیلی فەرەبووی فەرمانبەران دەڕوات، چی بکرێت باشە بۆئەوەی ئێمە چیتر ئەم پارەیە بەو شێوازە سەرف نەکرێت؟، یاخود با بەجۆرێکی تر بڵێین حکومەت چەند ساڵێکە ئێمە داوای ئەوەشمان کردووە، خۆشی دەڵێت بەرنامەم هەیە، بەڵام نەمان بینی هەنگاوێك بۆئەوەی هەلی کار برەخسێنێت، چیتر ئەم بودجەیە بە مەبەستی مووچە نەڕوات، خەڵك خانەنشین بکرێت، ڕێژەی فەرمانبەران کەم بکرێتەوە، ئەوە یەکێکە لەو خاڵانەی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، بەڕێزان چەند ڕۆژێکە ئێمە لێرەدا گفتوگۆ دەکەین، پێشنیاری زۆر باش کران، ڕاوو سەرنجی باش دەربردران، رەخنەی لێگیرا، رەخنەکان هەندێکیان لە شوێنی خۆی بوو، هەندێکی بەدحاڵی بوون بوو، هەندێکی لەوانەیە لە شوێنی خۆی نەبێت، بەڵام ئایا ئەم رەخنانە تا چەند لەبەر چاو دەگیرێن لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکانەوە، من پێم خۆشە بەڕێزان هیچ لەدوای تەواو بوونی گفتوگۆکان، ئەو خاڵانە دەست نیشان بکەن کەوا ئەم رەخنانە بەرچاون، ئەم رەخنانە لەشوێنی خۆیانن، ئەم سەرنجانە چاك دەکەینەوە، دەست نیشان بکرێت نەوەك هەر رەخنە بگرین ئێمە لێرەو، هیچ بابەتێکیش لەبەر چاو نەگیرێت، من ناچمە سەر لایەنەکانی تر بەپێی کاری لیژنە، لیژنەی پەیوەندیدارەوە قسە دەکەم، سەبارەت بە بواری پەروەردە، بەڕێزان دیارە بواری پەروەردە یەکێکە لە بوارە هەرە گرینگەکان، کە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە پەیوەندی پێوە هەیە، هیچ کامێکمان نیە، هیچ خێزانێك نیە منداڵێکی، چەند منداڵێکی لە قوتابخانە نەبێت، خوێندکار نەبێت، مامۆستا نەبێت، فەرمانبەر نەبێت، بەجۆرێك لە جۆرەکان، لە هەر وڵاتێك ئەگەر بێت و سەرجەم بوارەکانی، سێکتەرەکانی سەرکەوتوو بن، سێکتەری پەروەردەیی سەرکەوتوو نەبێت ئەوانی تریش تووشی شەلەل دەبن، بۆیە خەمی پەروەردە، خەمی هەموومانە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین ئێمە پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی زۆر زۆرە، کارکراوە، کاری باشیش کراوە، بەڵام پێویستیەکانی یەکجار زۆرن و ماون، بۆ نموونە بارودۆخی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانین لە چەند خاڵێکدا جێی بکەینەوە، کە پەیوەندیدارە بەم بودجەیەو، پێویستە لێرەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت، کەمی بینا، خراپی بینا، نەبوونی هۆکارەکانی فێربوون،

نەبوونی پێداویستیە پەروەردەییەکان، کەمی میلاك یان بەجۆرێکی تر بڵێم (ناجۆریەك یان ناهاوسەنگیەك لە دابەشکردنی میلاك و مامۆستایاندا) ئەمانە گرفتن، پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، ساڵی ئەمساڵ لە بودجەدا دیارە برێك بودجەی زیاتر لە ساڵی پار تەرخانکراوە بۆ پەروەردە، بەڵام کاتێك دێینە سەر ڕێژەکە، کە ڕێژەکەی وەردەگرین و بەداخەوە دەبووایە زۆر زیاتر بێت، ئەمساڵ کەمتر لە ساڵی پار تەرخانکراوە، بۆ نموونە ساڵی پار ڕێژەی 16,67 بودجە تەرخان کرابوو بۆ پەروەردە، ئەمساڵ سەرباری ئەو هەموو کێشەو کەموکوڕیانەی کەوا هەبوو لە ساڵی ئەمساڵدا، لە رووخانی بینا، لە گیان لەدەستدانی خوێندکار، دەبینین16,03٪ تەرخان کراوە، واتە ئەمساڵ لەجیاتی زیاد بکات، کەمی کردووەتەوە، ڕاستە حکومەت بە دەنگ ئەمەشەوە هات کاتێك ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە بەدواداچوونمان کردووە، بۆ ئەو کێشەو گیروگرفتانە، لە هەوڵێکدا 50 ملیۆن دۆلاریشی تەرخان کرد، بۆ پێداویستیە کاتیەکانی پەروەردە، بۆئەوەی ئەوە چاك بکرێت، بەڵام ئەوە بۆ 3 مانگ دەچێت، بەداخەوە ئەوەندەی ئێمە چاودێریمان کردبێت نەچووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، دیوارێك چاك نەکراوەتەوە، حکومەت کاری کردووە، بودجەشی تەرخان کردووە، بەڵام پێویست دەکات ئەم کارانە ، ئەم بودجەیە تەرخان دەکات بەدواداچوونیش بکات، بۆیە بەڕێزان بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەر دەستی ئێمەیە، کە زیاد لە 600 قوتابخانە لە بینای کرێدان، نزیکەی 400 قوتابخانە زیاترە، من ئێستا پەیوەندیم بە وەزارەتیشەوە کرد وتیان نزیکەی 1000 قوتابخانەی قورمان هەیە لە کوردستان، نزیکەی 300 لادێ قوتابخانەی نیە، بەهەر حاڵ ئەوەی کەوا لەبەر دەستدایە، ئێمە تا دوو ساڵی تر پێویستمان بە نزیکەی 3 تا 4 هەزار قوتابخانە هەیە، ساڵانە بەس بەو ڕێژەیەی کەوا زیاد دەکات ڕێژەی ئاسایی خوێندکاران، کە ئەمساڵ 50 هەزار خوێندکار زیادی کردووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا، پێویستمان بە 100 قوتابخانە هەیە، جا چ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستەکانی تریش، بۆیە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لێرەدا وەکو پەرۆشییەك بۆ پەروەردە، بەدەمەوەچوونی پەروەردە، کە دڵنیام بەڕێزیشتان پەرۆشترن، باشتر بارودۆخەکە هەڵدەسەنگێنن، داوا دەکەم کە لە بودجەی ئەمساڵدا ، بودجەی پەروەردە زیاد بکرێت، هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی کورت هێنانی بودجەش بێت، چونکە ئێمە لە ساڵی پاریشدا بودجەمان بۆ هەندێك سێکتەر زیاد کرد، کاتێك کە وتیان نیە، بەڵام زیادمان کرد زۆریشمان زیاد کرد، وتیان لەسەر حیسابی کورتهێنان بێت، پەروەردە لە هەموو بوارەکانی تر پێویست ترەو ئەوە دەهێنێت، کە بۆی بکرێت، سەبارەت بە هەندێك لە پرۆژەکان وەزارەتی پلاندانان پێویستە باشتر بەدواداچوون بکات، کە کردوویەتی پرۆژەی باشی تێدایە بۆ پەروەردە، بەڵام هێشتا پێویستە بۆنموونە قوتابخانەی 4 پۆلی تێدایە، هەرچەندە ئێمە پێشتریش کە ئەو رەخنەیەشمان گرت، ئایا قوتابخانەی تر دروست دەکرێت بۆ 4 پۆلی بێت، بۆ 6 پۆلی نەبێت؟ کە بچووکترینی 6 پۆلیە، پێویستە ئەوانە کە بەڵێنیش درابوو چاك بکرێت، ئێستاش چەند قوتابخانەیەکی 4 پۆلی هەیە، دەستکاری بکرێت، خاڵێکی تر بەڕێزان، بەڕێز وەزیری پلاندانان ئێمە 3 ساڵ پێش ئێستا لە بودجەدا لەبەر گرینگی پیشەییەکان کە داوامان کرد بوو، بۆئەوەی کەوادیری وەسەتمان دروست بێت، بۆئەوەی فشار لەسەر زانکۆکان کەم بکەینەوە، بۆئەوەی فشار لەسەر دامەزراندن کەم بکەینەوە، پێویستە پیشەییەکان گرینگیان پێ

بدرێت، ئەوە بوو بڕیاردرا حکومەت لە پرۆژەکان دا ناردی کە 3 کۆمەڵگەی پیشەیی دروست بکەین، 3 ساڵ بەر لە ئێستا 3 کۆمەڵگای پیشەیی هەریەکی 20 ملیار دیناری تێ بچێت، بەڵام 3 ساڵە دەبینین لەو کاتەوە کە 720 رۆژی بۆ داندرا بۆ جێبەجێ کردن، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر 720 رۆژی بۆ داندراوە، کە ئێستا دەبووایە دەوامی تێدا کرابا، ئێستاشی لەگەڵ بێت هەر باسی دیزاین دەکرێت، ئایا وەزارەتی پلاندانان توانای ئەوەی نیە لە ماوەی 3 ساڵدا دیزاینێك دروست بکات بۆ قوتابخانەیەك، لەکاتێکدا ئێمە لە بەدواداچوونیشماندا بۆمان دەرکەوت کە دیزاینێك کراوە، بڕی 5 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام دیزاینەکە رەفز کراوەتەوە، بەڕێز وەزیری پلاندانان بەدواداچوونتان چی بووە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەم بوون؟ 5 ملیۆن دۆلار لە دیزاینێك کە بەهەدەر بدرێت، کە تا ئێستاش نەچووبێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لە چاپ کردنی کتێبدا بە هەمان شێوە، ئێمە کێشەی چاپی کتێبمان هەبووە، هەرچەندە ئەمساڵ بڕیاردراوە ئەم کێشەیە نەهێڵدرێت، بەڵام هیوادارم وەکو ساڵانی پێشووی لێنێت، ئەو کەسانەش کەوا بەرپرس بوون لە بەهەدەردانی سامانی گشتی لە چاپ کردنی کتێبدا، دیسانەوە ئەو مەسەلەیە نوێ بکرێتەوە، بۆئەوەی کەسانێکی تر دووبارەی نەکەنەوە، بەڕێزان من پرسیارێك دەکەم لە بەڕێز وەزیری پلاندانان، دانانی بودجە بۆ وەزارەتەکان لەسەر چ بنچینەیەك دەبێت؟ هەرچەندە پێشتر هەندێك لە بەڕێزانیش ئەو پرسیارانەیان بە جۆرێکی تر کرد، بۆ نموونە من باسی پەروەردە دەکەم، ئەو بودجەیەی کە ئەوان داوایان کرد بوو کەم کراوەتەوە، بۆ نموونە لە بواری تەعویزاتی مۆزەفیندا تریلیۆن کە بە گشتی تریلۆنیك و هەشت سەد و نەوەدو چوار ملیار و شەسەد و حەڤدە ملیۆنە، نزیکەی 287ملیار کەم کراوەتەوە، ئایا مووچە سابت نیە، ئایا چەندی پێویستە، پێویست نیە ئەوەندەی بۆ تەرخان بکرێت؟، لە چەند لایەنێکی تریش بەوجۆرە، ئایا ئەو وەزارەتە زیاتری داوا کردووە؟ ئەگەر زیادی داوا کردووە پێویستە ئەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، ئەگەر زیادی داوا نەکردووە لە مووچەی چۆن کەم دەکرێتەوە؟ بەڕێزان لە بواری پەروەردە من یەك، دوو پرسیارم هەیە دەبینین لە پرۆژەکاندا خاڵێك هاتووە هاوکاری کردنی کەرتی تایبەت لە بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕی و خوێندن لە قەزای سۆران، لە زاخۆ، لە کەلار، لە سلێمانی، هەریەك لەوانە بڕی ملیارێك دیناری بۆ تەرخان کراوە، لە هەولێر بە هەمان شێوە، لە سۆران دانەیەکی تر لە قوتابخانەی سابیس ملیارێك و 640 ملیۆن، لە هەولێر بەهەمان شێوە، ئایا کەرتی تایبەت پێویستی بەوە هەیە، بودجەی بۆ تەرخان بکرێت؟ ئەوە پرسیارێکە پێم خۆشە وەڵامەکەی وەرگرین، لە بواری خوێندنی باڵادا دیسانەوە کار کراوە، دەکرێت بڵێین ئێمە بۆ نموونە کەمپی زانکۆی سلێمانی کە دروست کراوە، کەمپێکە دەتوانم بڵێم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە وێنەی کەمە، حکومەت کاری کردووە، کەمپی زانکۆی هەولێر ئێستا خەریکە وا بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوە گرینگی خۆی هەیە، چەند زانکۆیەکمان بیناکانیان دروست کراوە لە بواری جێبەجێ کردندان، مایەی دەست خۆشیە، گەشانەوەیە، بەڵام دیسانەوە بودجەی خوێندنی باڵاش کەمە، بەتایبەت زانکۆ تازەکان پێداویستیان نیە، ئێمە لە دانیشتنمان لەگەڵ ئەواندا، سەرۆکی زانکۆکان باسیان لەوە کردووە، کە تەنانەت گەیشتووەتە حەدێك لە ساڵی پاریش بگاتە حەدی ئەوەی موستلەحێك ببوورن لەناو کەوانە کە خۆیان دەیان وت، خەریکین ئیفلاس دەهێنین، بۆیە پێمان وایە بودجەی

وەزارەتی خوێندنی باڵاش پێوسیتی بەوە هەیە زیاد بکرێت بەتایبەت لە بوارێکدا، کە ئەم وەزارەتە ناوی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستیە، بەڵام تاکە دینارێك بۆ توێژینەوەی زانستی تەرخان نەکراوە، لە هەموو وڵاتێك بەرەو پێشەوە چوون بە توێژینەوەیە، بەڵام لەم وڵاتەی ئێمە ئەوەی ئەو بودجەیە بخوێنێتەوە، سەیری بکات، لەوەیە هەڵسەنگاندنێکی تری بۆ مەسەلەی توێژینەوەو مەسەلەی تری کوردستان هەبێت، بۆیە ئێمە هەرچەندە لە لیژنە داوامان کردووە لە راپۆرتی لیژنە کە بڕی 5 ملیار دینار تەرخان بکرێت لە بودجەی تەواوکاری بۆ توێژینەوە، بەڵام من پێشنیاری ئەوە دەکەم بە هەمان ئەو شێوازەی پەروەردە نەوەك ئێمە چاوەڕێی بودجەی تەواوکاری بکەین، پێویستە لەم بودجەیەدا بڕی 5 تا 10 ملیار بۆ مەسەلەی توێژینەوە تەرخان بکرێت، ساڵی پاریش ئێمە داوامان کرد چەند ئەندامێك لە هۆڵی کۆبوونەوە هەستاینەوە، بەڵام وتیان بودجەکە تێیدا نیە لە کوێ دایبنێین، دواتر بۆ شوێنی تر زیاد کرا، خاڵێکی تر مەسەلەی تواناسازی، تواناسازی هەرچەندە ئێمە دەست نیشانمان کردووە لە راپۆرتەکەشدا، بەجۆرێك بێت داواکارین کە پێداچوونەوەیەکی باشتری بۆ بکرێت، چونکە ماوەیەکی زۆرە خوێندکاران نەڕۆیشتوون بۆ دەرەوە، پارەکانیان وەکو پێویست سەرف نەکراوە، بە هەمان شێوە ئەوەی وەزارەتی پەروەردە کە وتم، لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا من چەند پرسیارێکم هەیە بۆ نموونە ئجوری ئیمتحانات، ئجوری ئیمتحانات 3883 ملیۆنیان داوا کردووە، بەڵام 580 ملیۆن تەرخان کراوە، 3 ملیار و 303 ملیۆن کەم بۆیان داندراوە، ئایا ئیمتحان ناکرێت لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، لە زانکۆکان؟ ئایا پارەیان بۆ سەرف ناکرێت؟ هۆکارەکەی چیە داواکاری ئەوانە کە بۆچی بەم شێوازە کەم بکرێتەوە، لەکوێ بێنن پارە بۆ ئەو بابەی کە داوایان کرد بوو؟، لە ئجوری محازەرات 16 ملیار و ئەوەندە داوا کراوە، بەڵام 11 ملیار و ئەوەندە موافەقەی لەسەر کراوە، 5 ملیار و 400 ملیۆن کەمترە، ئایا ئجوری مەحازەرات نادرێت؟ لە مەتبوعات من نازانم لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا مەتبوعات ئێمە چاپەمەنیەکی ئەوتۆ نابینین، کاتێك قسەیان لەگەڵ دەکەین دەڵێن بودجەمان نیە، داوایان کردووە 13 ملیار و 65 ملیۆن، بەڵام 1 ملیار و 50 ملیۆنیان بۆ تەرخان کراوە بەڕێزان، لە کتێب و موجەلات، کە دەڵێم موجەلات مەبەست لێرەدا موجەلاتی عیلمیە 21 ملیار و 934 ملیۆن داوا کراوە، بەڵام 925 ملیۆن موافەقەی لەسەر کراوە، کە 21 ملیار کەمترە، بە هەمان شێوە پێدا بێین لە کتێبی مەدرەسی و تەعویزاتی مۆزەفین و ئەو بابەتانەش بەهەمان شێوەیە، بەڕێزان بابەتێکی تر، خاڵێکی تر سەبارەت بە بڕیاری بە پایتەخت کردنی رۆشنبیری شاری سلێمانیە، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندیەکان قسە لەسەر ئەو بابەتە دەکەم، کە ئێمە کاتی خۆی لە پەرلەمانی کوردستاندا بڕیارێکمان دەرکرد، کە شاری سلێمانی بکرێت بە پایتەختی رۆشنبیری و کلتوری، ئەو کاتە داوای بودجەشمان کرد، قسە لەسەر ئەوە کرا واتە لە بڕیارەکەدا بۆی تەرخان بکرێت، وترا لە بودجەدا تەرخان دەکرێت، بودجە دەبینین هاتیە، بەڵام هیچ بڕێك تەرخان نەکراوە بۆ ئەم مەبەستە، بۆیە داوا دەکەم لێرەدا لە بەڕێزتان بۆئەوەی ئەو بڕیارەی پەرلەمان سەرکەوتوو بێت، بۆئەوەی شاری سلێمانی بە شێوازێکی شایستە بتوانێت بەو ئەرکەی خۆی هەستێت، بڕێك بودجە تەرخان بکرێت بە مەبەستی دابینکردنی ژێرخانی بوارە رۆشنبیری و هونەریەکان، خاڵێکی تر سەبارەت بە ژینگەیە، بەڕێزان ژینگە لە هەرێمی کوردستاندا دیارە

بەجۆرێك لە جۆرەكان لە مەترسی دایە یان با بڵێین بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتیدا ناگونجێت، یان بەهۆی ئەو پرۆژە نەوتیانەی كەوا هەیە، بەهۆی ئەو دووكەڵەی كە هەیە ژینگەكە، هەواكە پیس دەبێت بەهۆی ئەو شلەیەی كە چووەتە ناو ئاوەوە پیس دەبێت، بەڵام هیچ برێكی ئەوتۆی بودجە دەبینین تەرخان نەكراوە، چ لە سندووقی كە لە یاسای نەوت و گازدا هاتووە ئەو سندووقە نابینن پارەیەكی تێدا بێت، چ لە سندووقێك كە خۆیان كردوویانەتەوە دەستەی باڵای ژینگە، بەڵام سندووقێكی بەتاڵە، بۆیە داوا دەكەین كە بەجۆرێك برێك بودجە بۆ سندووقی ژینگە تەرخان بكرێت، بیرێكی لێ بكەنەوە كەوا ئەوە لە كوێوە دەهێندرێت، خاڵێكی ترئێمە هیچ كام لە ئەندامانی پەرلەمان نیە كەوا ڕووبەڕووی ئەوە نەبینەوە چین و توێژەكان، ئەوانەی فەرمانبەرن داوای زیاد كردنی دەرماڵە یان هاوتا كردنی دەرماڵە دەكەن، ئێمە دوو ساڵ، سێ ساڵ پێش ئێستا بوو بەڕێز خاتوون سۆزان سەرۆكی لیستی كوردستانی پێشنیارێكی كرد، كە وتی پێویستمان بەوە هەیە كە سیستەمێك دابنێین بۆ یەكخستنی دەرماڵەكان، ئێمە بەڕاستی لێرەدا ئەوە دووبارە دەكەینەوە، كە پێویستە سیستەمێك هەبێت بۆ ئەوە لەلایەن حكومەتەوە، بۆئەوەی ئەو كێشانە چیتر ڕووبەڕوومان نەبێتەوە، چونكە ئێستا كێشەی موحەققینی عەدلیمان هەیە، كە لە بەغدا بۆیان سەرف دەكرێت، وتوومانە مووچە و دەرماڵەكان هاوتا بكرێن لێرەدا، بۆ ئەوانە نەكراوە، ژمێریاران بە هەمان شێوە، مامۆستایانی زانكۆ بەشێك بە جۆرێك لە جۆرەكان هەرچەند یاسایەك كە لێرە نەفازی پێ نەدراوە بە هەمان شێوە، توێژەرانە، كۆمەڵێك توێژی تریشن بەوجۆرە پێویستە ڕێك بخرێت، بەڕێز وەزیری دارایی خاڵێكی تر مەسەلەی یەكخستنی مووچەی فەرمانبەرانی هاوشێوەیە لە خودی هەرێمدا، ئێمە هەندێك فەرمانبەرمان هەیە ژمارەیەكی بەرچاویشن، كە مووچەكانیان هاوتا نیە، لەكاتێكدا یەك بڕوانامەیان هەیە، بە یەك شێواز پێویستە تەعامولیان لەگەڵ بكرێت، ئەویش هەندێك لەوانەی دامەزراوەكانی بەرلە 2003 و دوای 2003 بەو سیستەمەی بریمەر نازانم شتێكی وای پێ دەڵێن كە كراوە، ئەوە جیاوازیەكی زۆر لەنێوانیان دا هەیە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، خاڵێكی تر بەڕێزان وەزیرانی حكومەتی هەرێم، خاڵێك كە دەبینین لە ڕاگەیاندنەكاندا زۆر قسە لەسەر ئەوە دەكرێت مەسەلەی ڕابواردنی فەرمیە، ئێمە دەبیستین بە جۆرێك لەوەیە بە تەشهیری دەزانم من، ئەگەر بێت و وانەبێت كە دەڵێت ئەمساڵ حكومەتی هەرێم ڕابواردنی فەرمی زیاد كردووە، لەوەیە ڕابواردنەكانی زیاتر بێت ببوورن لەناو كەوانە ئەوە هاتووە، بەڵام ئایا ڕابواردنی فەرمی چیە؟ ڕابواردنی فەرمی پێویستە بەڕێزتان ڕوونی بكەنەوە ئەگەر لە بواری ئەو كۆنگرەو ئەو كۆبوونەوانەی كەوا دەكرێت، ئەگەر بوارێكی پێویستە حەقە ئێمەش بیزانین، ئەگەر بەو جۆرەشە بەڕاستی حەقە ئێمەش لێرەدا قسە لەسەر ئەوە بكەین كە ئەو بودجەیەی بۆ ڕابواردنی فەرمی دەست نیشان كراوە ببڕدرێت، خاڵێكی تر مەسەلەی داهاتی نەوتە بەداخەوە ئەمساڵیش وەكو ساڵەكانی تر تەنها لاپەڕەیەكی بۆ تەرخان كراوە، باسی یاساكە كراوە، بەڵام ڕوونكردنەوەیەكی ئەو تۆی تێدا نیە، دوا خاڵم مەسەلەی گێرانەوەی بینا حكومیەكانە، بەڕێزان ئێمە پێش 3 ساڵ زیاتر لەم پەرلەمانی كوردستانە پرۆژە بڕیارێكمان پێشكەش كرد، كە مەسەلەی گێڕانەوەی بینا حكومیەكان بێت، بەڵام وەكو پێویست كاری لەسەر نەكراوە، حكومەت وەڵامێكی ئەوتۆی نەداوەتەوە، لە

کابینەی شەشەمدا هەوڵێك درا، ڕێنمایی دەرکرا، بڕیار دەرکرا، بەڵام تەنها 14 بینایە وا هەست دەکەم گەڕایەوە، ئەوی تر وەستا ئێمە لە کابینەی حەوتەمیشدا بە نووسراو بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش ناردوومانە، کەوا هۆکار چیە ئەوە وەستاوە، بڕیاری ئێوە، بەرنامەی بەڕێزتان چیە لە کابینەی حەوتەمدا؟ تەنها بەرنامەکەی کابینەی شەشەمی بۆ ناردووینەوە، بۆ ئەوە دەڵێم، ئەوە پەیوەندیدارە بە بودجەوە، لەم بودجەیەدا 58 ملیار و 117 ملیۆن دینار تەخان کراوە بۆ کرێی بینا، لە کاتێکدا خۆیان 102 ملیار و 411 ملیۆنیان داوا کردووە، ئەگەر بێت و حکومەت کارێك بکات ئەو بینایانە بگێڕێتەوە هیچ لە بۆ خۆی باشترە، لەمەدا رزگاری دەبێت، بینای فوتابخانەکانە، بینای وەزارەتی رۆشنبیریە، بینای وەزارەتەکانی ترە، لەم گرفتە تا ئاستێك دەربازمان دەبێت، من لە کۆتاییدا هیوادارم بتوانین بودجەیەك پەسەند بکەین لە خزمەتی خەڵك بێت، دوور لە مەزایەدەو بەکارهێنانی بۆ مەبەستی شەخسی بێت، بۆ مەبەستی حیزبی بێت، هەر مەبەستێکی تر بێت، دووبارە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبووایە دکتۆر سەروەر باسی ئەوەشی کردبا، ئەو زانکۆ نایابەی کەوا دروست کراوە، کە نەخشەکەی دکتۆر کمال خۆشناو داینا، وەختی خۆشی ئێمە مانان بەشێکمان موعارەزەمان دەکرد، بەداخەوە، فەرموو دکتۆر وەڵامەکەت.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها بە تەما نیم وەڵامی پرسیار بدەمەوە، چونکە وابزانم لە کۆتاییدا کاتمان دەدەنێ، کە بە دەقیقی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، بەڵام من یەك داوام هەیە لە بەڕێزتان ئەگەر مومکین بێتن، وابزانم بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و موناقەشاتی بودجەش، ئێمە چەند رۆژێکە حازر دەبین لێرە، یەعنی داوای ئێمەش ئەوەیە کە ڕێزمان لێ بگیرێتن، کە حازر دەبین لە ئسلوبی قسەکردن، لە تەوجیهـ کردنی توهمە بەبێ دۆکیومێنت، یەعنی کە یەکێك دەڵێت 5 ملیۆن دینار بە هەدەر چووە، یەك کاغەزیشی پێ نیە، یەك دۆکیومێنتیشی پێ نیە، دەڵێت من دەزانم ناشتوانێت ئیسپاتی بکات، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنیش دەیڵێت، یەعنی حەقە مەجال بەو شتانە نەدرێت ئەگینا خۆ ئێمە دانیشتووین بۆ وەرگرتنی تێبینی و رەخنەو ئەوانە، وەڵامی ئەو پرسیارەش دەدەمەوە لەکاتی وەڵامدانەوە، ئێستا وەڵامی نادەمەوە قەیناکە، بەس ئەوە بۆ ئەو کاتە دەبێتن و، بە دۆکیومێنتیش جوابی دەدەمەوە، ئەگەر شتێکیش هەبێت 3 ساڵە نەکراوە، مەسەلەن ئەگەر مەفروزە، یەعنی پرسیاری منیش ئەوەیە بۆچی بەدواداچوون تەنها واجبی منە؟ ئەی واجبی لیژنەی مەعنی لە پەرلەمان بەدواداچوون نیە؟ ئەی باشە ئەو پرسیارە بۆ ناکرێتن، ئەو لیژنەیە چی کردووە؟ ئەو ئەندامی لیژنەیە چی کردووە؟ بەس شتێکی تر هەر تەرجومەیە دیسانەوە وەڵام نیە، مەسەلەی رابواردنی فەرمی کە

ئەوە چەند جارێك وترا، ئیستمارەی ئیعدادی موازنە بانکی نێو دەوڵەتی سیستەمی ئەوانە، حکومەتی عێراقیش و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری دەرچێتن، کەلیمەکە بە عەرەبی (الترفيهة الرسمية) کە هەیە، کە بەین قەوسەینە نووسراوە (الوفود، العلاقات العامة، المناسبات الرسمية)، لەبەرئەوەو تەنها باسکردنی رابواردنی فەرمی کە تەرجومە کوردیەکەی نازانم ئیحتیمالە دەقیقیش نەبێت، بە هەر حاڵ ئەم شەرحەی کە لەگەڵە، ئەم تەوزیحەی لەگەڵە، خۆ دەبێت هەمووی بوترێـتن ئینجا دوای ئەوە ئەگەر رەخنەشی لەسەر بێت ژمارەکەی کەمە، یان زۆرە، هەروەها بەشێکی تری (الترفيهه الرسمية الضيافة والوفود والعلاقات العامة والاحتفالات) ئەوە ئیستمارەکەی مەوجودە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا فیعلەن مەسەلەی، ببوورن کە دەڵێت مەسەلەی رابواردن، یەعنی خۆش نیە نازانم لەبیرم کرد شتێکی تری بۆ بدۆزینەوە، زاراوەیەکی تری بۆ بدۆزینەوە، بەڕاستی ئاوابوون تەرجەمەکەی لە عەرەبییەو تەرجەمە کراوە، دەبووایە شەرح بکرێت ئەم مەسەلەیە، بەڵام جەنابی وەزیر منیش سەرنجی راکێشام 5 ملیۆن دۆلار بۆ دیزاینی مەکتەب، پێمان خۆشە دوایی جوابمان بدەیتەوە بزانین چۆنە، لەکاتی وەڵامدانەوەکان، ئێستا نۆرە دێتە سەر شلێر خان، فەرموو کاك شوان نوقتەی نیزامیت هەیە؟.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی وەزارەتی دارایی بە رەسمی جوابی داوەتەوە، کە دەستەواژەی وانیە، خۆی لە فۆڕمەکەدا هەیە ئەوە بەڕێز وەزیری پلاندانان هەیە، قسەی لەسەر کرد، بەڵێ بە کوردیەکەی نووسراوە (رابواردنی فەرمی) بە مانای چی ضیافە، ئاهەنگ، عیلاقاتی عامە، کە قسە لەسەر ئاهەنگ دەکرێت حەتمەن رەنگە دەستەواژەیەکی تر نەبێت لەوە زیاتر کە رابواردنە، رابواردن بە مانای تری عەفەوی هەیە، بەڵام ئەو مانایە ناگەیەنێت، بەڵام جارێکی تر وترا ئەوە چەواشەکاریە، هیچ چەواشەکاری نیە لە فۆرمەکە هەیە، پەیوەندی بە ئاهەنگە کەوە هەیە، بە نموونە ئاهەنگی یەکتر ناسین، ئاهەنگی یەکتر ناسین کوا حکومەت پارەی بۆ سەرف دەکات؟ شتی وانیە، نەخێر قوتابیان دەیکەن، خوێندکارانیش بە جیا دەیکەن لە خوێندکاریش وەردەگرن پارەکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر کەس فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر هاتووەو تەرجومەکەی بە نەوعێکی وا کراوە، کە لەناو کۆمەڵگاکەی ئێمە رابواردن وشەیەکی خراپە، لە ساڵی پارەوە من داوام کردووە لە وەزارەتی دارایی، کە وشەیەکی تر بدۆزێتەوە، کە ئەوە کاری ئەوان نیە، کاری ئەکادیمیای کوردیە کە وشەیەکی تر بدۆزێتەوە بەرامبەر بەوە، بەڵام من تەنها رەخنەم هەیە بە داوای لێبوردنەوە لەو کەسانەی کە دیفاع لەو بۆچوونە دەکەن، کە نووسراوە( الترفيه 1

الرسمية) رابورادنی فەرمی، بۆ هەمووی تەواو ناکەی، بۆ ناو قەوسەکە نالێیت، بۆ نالێی وفود دەکات؟ کە تۆ بەشەو دەچیت بە وەفد، بەشەو دەمێنێتەوە لە شوێنێك، پارەی شەوەکەت بۆ دەدرێت، بۆ باسی ئەوە ناکرێت؟ بۆ خەڵکی پێ چەواشە دەکرێت؟ تەئکیدم چەواشە کردنە، بە ئەنقەستە، ئەگینا هەموو یەکێك لە ئێمە ئەوەتا لەناو راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی تێدایە، هەموو بابێك لە بابەکان چیە؟ ئەوە یەکەم، دووەم مادام هەر باسی چەواشەکردن کرا، من حەز دەکەم ئیزافەی ئەوەش بکەم، کە گەلابە بۆ پەرلەمان، کە ئێمە رۆژانە ئێستا هەر شەخسی خۆم هەتا ئێستا 10 نامەی مەسیجم بۆ هاتووە دەڵێن پیرۆزتان بێت گەلابەکان بۆ بەوشێوەیە، کە (مع العلم) دوێنێ بەڕێوەبەرایەتی دیوان وتوویەتی کە شتی وا نیە، بۆیە ئێمە دەڵێین با دەریبکەین بودجە لەو جۆرە قسانە، بە پیشەیی قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر گیان قسە کرا بەقوربان، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا یەکەم قسەی من ئەوەیە کە بەڕێزێك لێرە قسە دەکات یان نوقتەی نیزامی هەیە، پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ڕێز لەئیرادەو ویستی قسەکردن و نوقتەی نیزامی بگرن، کۆمەڵێك توانج و تەعلیقم لە هاوڕێکانم لێرە گوێ لێ بوو، ناچارم ئێستا لێرە دەیلێم، بەڵام لەگەڵ ڕێزم بۆ حورمەتی ئەندامی پەرلەمان، من لێرە نایلێم، بەڵام ئەوە لائیق نیە، نوقتە نیزامیەکەی من لەوە دایە سەیری لاپەڕە 43 راپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەگەر باش بمان خوێندبێتەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شاندو پەیوەندی و بۆنە رەسمیەکان وەکو چەمکێك حکومەت چۆن شیکردووەتەوە دەڵێ چی؟ بریتیە لە شاند و پەیوەندی و بۆنە رەسمیەکان، کە بریتیە لە خەرجیەکانی پەیوەندیە گشتیەکان، وەفدەکان، بۆنەو ئاهەنگە رەسمیەکان، وەکو یاد کردنەوەی نەورۆز، ئەنفال، کیمیاباران و یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت)، ئاهەنگی یەکترناسینی قوتابیان و خوێندکاران، چەمکەکەی شیکردووەتەوە، ئەمە حەقیقەتە، ئەمە ڕاستیەکەیەتی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من زۆر بەخێرهاتنی وەفدی حکومەت دەکەم، وەزیرە بەڕێزەکان، ئەوانەی لەگەڵیاندان، دوای ئەوە دەست خۆشی لەو کەسانە دەکەم بەڕاستی بەشداریان کردووە، لە ڕێکخستنی ئەم بودجەیە هەر لە وەزارەتی دارایی و، هەردوو بەڕێوەبەری گشتی بودجەو، هەموو ئەو کارمەندانەی کە من لەنزیکەوە ئاگام لێیانە، کە 6، 7 مانگە چۆن خەریکی ئەوە بوون کە ئەو بودجەیە دابنرێت، دوای ئەوە ئێمە کە دادەنیشین دەڵێین

حکومەت کە بودجەی دادەنێ، چەند جارێکیش لە وۆرك شۆپەکان پێمان وتراوە بۆچی حکومەت بودجە دادەنێت، بۆچی پەرلەمان داینانێت؟ پەرلەمان دەرکەوتووە ئەگەر بێت و ئەندامانی پەرلەمان دانیشن و بودجە دابنێن، وەکو ئێستا لە موناقەشەکان دەردەکەوێت زۆربەی دەچێتە سەر ئەوەی، کە دەبێت بە ناوچە گەریەتی، چونکە هەر ئەندام پەرلەمانێك نوێنەری شوێنێکە و، حەز دەکات خەڵکی ئەو شوێنە لێی ڕازی بن، بەلاّم کە تۆ دەنگ دەدەیت بە حکومەتێك، حکومەتێك کە سەرتاسەری ئەو شوێنە دادەنێت، ئیشەکانی بۆ دەکات ، تۆ متمانەت داوەتێ، وەزیرەکان هەمووی زۆربەی تەکنۆقراتن یەعنی لە ئیشەکان دەزانن، لەبەرئەوە سیاسەتی دانانی بودجە بۆ پرۆژەکانی بە هیچ شێوەیەك نابێت بۆ یەك شوێن بێت لەسەر حیسابی شوێنێکی تر، ئێمە کە باسی پرۆژەی ڕێگاو بانەکان دەکەین، حەز دەکەم ئەندامانی پەرلەمان زۆربەیان دەزانن، کە ڕێگا و بانەکان بەتایبەتی جووتساید کردنی، خزمەتی زۆربەی شوێنەکان دەکات، لەبەرئەوە نابێت تۆ ئەو بودجەیەی کە شی دەکەیتەوە بڵێی هی یەك شوێن نیەو بۆ هەمووی نیە، بەڵکو بۆ هەموویەتی و، شا دەمارەکانی ڕەبت کردنی نێوان پارێزگاکانە، کە زۆربەی ناحیەو قایمقامیەتەکان و، هەموو شارۆچکەکان سوودی لێوەردەگرێت، کە پرۆژەیەکی ئاو دەکرێت، لەو شوێنەوە کە پرۆژەی ئاوەکە دەکرێت هەتا دەچێتە هاوولاّتیەك، کە بە چەند شوێندا دەڕوات هەموو شوێنێك سوودی لێ وەردەگرێت، لەبەرئەوە بەڕاستی بودجە کە دەدرێتە دەستی حکومەت، لەبەرئەوەیە، چونکە ئەو جیهەتی موختەسە بەو ئیشەوە، بەنیسبەت ئێمە کە دادەنیشین دەڵێین ئێمە هەموو ولاّتێك وایە، ئێمە ولاّت نین، مەبەستم ئەوەیە ولاّت نین، لەبەرئەوەی بەپێی ماددەی 110 برگەی 3 کە باسی دەسەلاّتی حەسری دەکات، کە دەڵێت ڕەسمی سیایەی مالی و (وضع میزانیة الدولة، رسم سیاسة نقدیة، انشاء مرکزی و ادارته)، ئەگەر ئەوانەی ئێمە، ئەو برادەرانەی ئێمە کە لە دەستوور موشارەکەیان کرد کاتی خۆی لە 2005، وەکو بەڕێزان لیژنەی یاسایی زۆر ئاگایان لێیە کاك عمرو کاك عونی، ئەگەر ئەوان بەس کەلیمەی تەنسیقیان زیاد بکردبا، ئێمە ئێستا حاڵمان وا نەدەبوو، چونکە بە هیچ شێوەیەك تەنسیق ناکرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی هەموو دەسەلاّتەکە حەسریە، بەنیسبەت ماددەی 114 کە بڕگەی چوار دەڵێت(رسم سیاسة التنمیة و التخطیط العام)، بەڵێ وەزارەتی پلاندانان زۆرجار بانگی دەکەن لە بەغدا، بۆئەوەی ئەو سیاسەتانە، بەلاّم هیچی بە نەزەر ئیعتبار وەرناگیرێت، لەبەرئەوە بەپێی ماددەی 121، 3 کە دەڵێت ( تخصص للاقالیم والمحافظات حصة عادلة من الایرادات محس الاتحادیة ان تکفي للقیام باعبائها ومسؤلیاتها مع الاخد یعین الاعتبار مالدیها و حاجتها ونسبة السکان فیها)، هەتا ئێستا حکومەتی ناوەند (ئیتحادی) لەسەر ئەو ماددەیە زۆر پێداگرە کە هەموو ڕۆژێك پێت دەڵێت ئەگەر من نسبەی سوکان زیاد بکەم تۆ لە 17٪ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نسبەتەی کە بە حەقی خۆی، ئێستا لەو بڕینەی کە دەستی پێکردووە، دیارە ئەو بەهانەیەی کە هەیەتی هەموو جارێك ئەگەر گوێتان لە پەرلەمانتارانی دەوڵەتی یاسا بێت، هەموو جارێك جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە حکومەتی هەرێم بە زیاد ئەو 17٪ وەردەگرێت، نەخێر ئەڵێین نسبەتی خۆی نیە، لەگەڵ ئەو هەموو پیشێلکاریانەی کە لە دەستوور کراوە لەلایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە بەرامبەر کورد، هێشتا

حکومەتی هەرێم لە (2003)ەوە ئەو بودجەیە کە پاشماوەی  قەراری 986 چەندێك بودجەی بۆ مایەوە، توانی ئیشی لەسەر بکات، ئەو پارانەی کە دەستی کەوتووە لەلایەن هەموومان دیارە کە چەند ڕەنگی داوەتەوە لەسەر هاوولاّتیان، کە لە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، من ناڵێم بەس کورد، ئەو هاوولاّتیانەی کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن، بە هەموو نەوعەکانیانەوە، کە سەقامگیری ئاسایش یەکێکە لە بنەماکانی ڕاکێشانی بەرهەمی بەرهەمهێنەری بیانی، چونکە بەڕاستی تۆ ناوچەکە هەمووی لەناو ئاسایشی دوەلیە، عەلامەتێکی سووری هەیە، کوردستان ئێستاش هەر لە پرتقالیەکەیە هەر نەبووە بە سەوز، لەبەرئەوەی ئێستا باشە حکومەتی هەرێم توانیویەتی خەڵکێکی وەبەرهێن یان قانونێکی وا دەربکات بۆ ئیستسمار، کە خەڵك ڕابکێشێت بۆئەوەی پێیان بڵێت وەرن ئەو ولاّتە سەقامگیری تێدایە، ئەم هەرێمە، وەرن پارەکانتان بێنن، لەم ڕۆژانە ئەوانەی موتابەعەی ئەحداسی میسر بکەن، دەبینن کە بەم چەند ڕۆژەی کە ئەو فەوزایە ڕوویداوە، چەند عائیلەی گەورەی میسری دەوڵەمەند هەیە سەحبی پارەکانیان دەکەنەوە لە میسر، مەعنای ئەوەیە ئەو ئاسایشەی کە تۆ هەتە دەبێت قەدری بزانی، دەبێ بە هەموومانەوە ئیشی بۆ بکەین، چونکە لە بەرژەوەندی نەتەوەکەمانەدایە وەکو کورد، بە نیسبەتی ئەو بودجەیەی کە حکومەتی هەرێم ئیشی لەسەر دەکات، بەنیسبەت کەرتی تایبەت لە یاسای وەبەرهێنان ئەمجارە زۆر تەرکیز دەکاتە سەر کشتوکاڵ، گەشتیاری، پیشەسازی، کە بەڕاستی بەس ئەوەیە دەتوانێت کەرتی تایبەت زۆر بە هێز بکات، هەر چەندە حکومەت خۆی لە کەرتی گەشتیاری ئەمساڵ پارەیەکی باشی داناوە، ئەوەی من ئاگام لێ بێت بەنیسبەت ناوچەی سلێمانی کە خۆم مەتابەعەی ئیشەکانیان دەکەم، پارەیەکی باشی بۆ داناوە کە بریتیە بەس بۆ چاککردنی هەندێك شوێن 13 ملیارە، ملیۆن و نیوێك دۆلاریش بەس داندراوە بۆ ماستەر پلانی ناوچە گەشتیارەکان، بۆئەوەی دەست نیشان بکرێت ، بە بەردەوام، بە بەرنامە ئیشی لەسەر بکرێت، من خۆم وەکو شلێر زۆر شانازی بەوە دەکەم، کە لەم خولەی پەرلەمان لە کابینەی شەشەمەوە دەست پێکرا بەم داهێنانە، کە بودجە بەوشێوە تەفسیلیە بێتە ناو پەرلەمانەوە، لە هەموو سایتی ئەنتەرنێت بلاّوکراوەتەوە، ئەگەر یەکێك بیەوێت دەتوانێت هەموو بودجەکە بزانی چیەو چۆن سەرف دەکرێت، بە هەمان شێوە کابینەی حەوتەم بودجەی بەمشێوەیە ڕەوانەی پەرلەمان کرد، دوای وەرگرتنی تێبینی زۆر لە پەرلەمانتاران وشارەزایانی ئابووری، حکومەتی هەرێم کە دەڵێت من وەبەرهێنان بۆ کەرتەکانی بەڕاستی وەکو وتم پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری دەکات، زۆر گرینگی بەوە بدات کەوا ئەو کەرتی، ئەو سێ کەرتە بەس دەبێت بۆ وەبەرهێنان چاك دەکرێت، چونکە هیچ بودجەیەك لە حکومەتدا بەشی ئەوە ناکات، کە بتوانیت ئەو سێ کەرتە ببووژێنیتەوە بەتایبەتی کەرتی پیشەسازی، کە پیشەسازی زۆر باسی دەکەن، ئێوە خۆتان دەزانن، مەعاملەکانمان هەمووی بە بەرنامەی خەس خەسە، لەبەرئەوەی هیچ ئینتاجیان باش نەبوو، ئێستا ئێوە ئەگەر بەراوردێك بکەن لە مەنتیقەی سلێمانی، ئەو مەعمەلە چیمەنتۆیانە هەیە، ئەوەیە کە ڕای گرتووە نرخی چیمەنتۆ لەو ئاستە بێت، ئەگینا ئێستا نرخی چیمەنتۆ دەبووایە تۆ تەنی چیمەنتۆ بە هەزار دۆلار دەست نەدەکەوت، ئەگەر ئێمە سەیری نرخی چیمەنتۆ بکەین ڕۆژانە، سەیر دەکەین ئێستاش ئێران کە

لە خوراسانەوە چیمەنتۆ دەهێنێت، هێشتا چیمەنتۆکەی لە هی ئێمە هەرزانترە، بۆچی؟ چونکە ئەوەندە دەعمی دەکات، ئەو مەنتوجەی خۆی کە بە هیچ شێوەیەك تۆ نەتوانی باش بی لە ناحیەی سناعیەوە، لەبەرئەوە دەبێت ئەو شتانە هەمووی بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، کە ئێمە بەڕاستی لە ڕاکێشانی ئەو کەسانەی کە دێن، ئێستا کە شەریکەیەکی فەرەنسی لە بواری چیمەنتۆ ئیش دەکات، خۆی ئەوە شتێکە لە هەموو عالەم خۆمان دەزانین کە ئەوە ڕەمزی سناعەی چیمەنتۆیە، دەبێت ئێمە شانازی بکەین کە ئەمڕۆ لە کوردستانیش ئیش دەکات، بە نیسبەت ئەو ئیشانە، دووەم شت هیوادارم ئاستەنگی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان هەر لە چارەسەر کردنی کێشەکانی دابینکردنی زەوی، بۆ پرۆژەکان و پەرەپێدانی توانای ئەندازیاران و بۆ دیزاینی پرۆژەکان و بەدواداچوون، چونکە بەڕێزان ئەوەیە ئاستەنگی بەڕێوەچوونی پرۆژەکان، کە بەڕاستی ئێمە لە دیزایندا ئەو توانایەمان نیە، هیوادارم حکومەت بەرنامەی باشی هەیە ئەوەی من لە نزیکەوە ئاگام لێیە، کە بتوانێت کار لەسەر ئەوە بکات، پەرەپێدانی توانای کارمەندانی حکومەت بەتایبەتی لە کارگێڕی و یاسایی و پیشەیی زیاد بکرێت، بۆئەوەی کەرتی گشتی لەو لاوازیە دەربچێت، هیوادارم لە پرۆژەکانی تایبەت بە وەزارەتی پلاندانان، کە بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی (UN)، ئەو وڵاتانەی قەرز دەدەن بە هەرێم لە ڕێگای جێبەجێ کردنی پرۆژەکان بەو قەرزانە بەردەوام بێت، دەرکەوتووە لە ئەنجامی توێژینەوەکانی(UN) هەرێمی کوردستان پێویستی بە 28 ملیار دۆلارە بۆ تەواو کردنی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری، لە ڕێگاوبان و ئاوو ئاوەڕۆ و کارەبا وتەندروستی و پەروەردە، یەعنی ئێوە خۆتان حیسابی بکەن 28 ملیار بەم شێوەیە دەبێت چەند ساڵمان بوێت، هەتاکو بتوانین ئەگەر ڕێگای تر نەبێت بۆ سەربەخۆیی ئابووریمان کە بتوانین ئەو بودجانە لەوێ بەکار بهێنین، ئەندازیاران لێرە زۆر تەئکید دەکەمەوە کە بەشێکی سەرەکین لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان، لە بودجەی وەبەرهێنان دەبێت زۆر بایەخ بە ئەندازیار بدرێت ، ئەندازیارە شارەزا و لێهاتووەکان بە ڕێگای جۆراو جۆر ئاستی بژێویان زیاد بکرێت، یان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی زیاتر، خولی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە، کە داوای مۆڵەتیان کرد بەبێ مووچە بۆیان کراوە بێت، بەهیچ شێوەیەك پێیان نەوترێت کە لە دەوائیر پێویستیان پێیانە، چونکە ئیبداعی موهەندیس بەڕاستی لە ئیش کردندا، لە سەربەستی ئیش کردنیان دەردەکەوێت، هیوادارم حکومەت پەلە بکات لە دانانی دەستەی فڕۆکەوانی، کە ئەوەتانێ هەر فڕۆکەخانەیەکمان سەر بە لایەنێکە، وەکو دەبێت تەنسیق بکرێت لەبەرئەوەی بەڕاستی ئەو فڕۆکەخانانە دەسەڵاتی حەسریە، بۆچی دەسەڵاتی حەسری هەیە؟ هەرچەندە لە دەستوور نەهاتووە، بەڵام یاسای فڕۆکەوانی نێو دەوڵەتی دەڵێت ئەگەر دەوڵەتێك لە ئومەمی موتەحیدە نەبێت، نابێت مەتاری هەبێت، مەتاری تەیارە، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە تەنسیقی باشمان نەبێت لەگەڵ بەغدا، ئاستەنگی زۆر زۆرمان بۆ دروست دەکەن، ئێمە ئەگەر ئێستا ئەو دەستەیە دروست بکەین و جێگری وەزیری نەقلی بەغدا هەر کوردە، سەرۆکی لیژنەی گواستنەوە لە پەرلەمانی عیراقدا هەر کوردە، هیوادارین تەنسیقێکی وا بکەن، کە هیچ موشکیلەیەکمان بۆ فڕۆکەخانەکان و بۆ ئەو پێوەرانەنەبێ، یەك داوام لە وەزارەتی دارایی هەیە، لە ڕێنماییەکانیان دوای بودجە بەڕاستی دەبێت ئەو فڕۆکەخانانە بۆئەوەی کە

(certification) هەیە، شەریکاتی دەرەوە دێن راوێژکارین، بۆئەوەی پێت بڵێن ئەو مەتارە بە کەڵکی ئەوە دێت تەیارەی لێی بنیشێتەوە یان سەربکەوێت، ئەوان دەڵێن ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکانی گرێبەستە گشتیەکان بێت، ئێمە ناتوانین، چونکە ئەو کۆمپانیایە کە دێت دەبێت خیتام زەمان دابنێت، دەبێت ناوی لە کۆمپانیا بێت، ئەو موستەشارەش کە دێت لە دەرەوە ناتوانێت ئەوە بکات، چونکە ئەوە بۆ دوو رۆژە سەیری مەتارەکەت دەکەن، پێت دەڵێت هەموو شتەکانت ڕێك و پێکە، وەرەقەیەکت دەداتێ یان بڕوانامەیەکت دەداتێ، بۆ هەموو ختوتی جەوی جیهان پیشانی دەدەی، ئیتر پێت دەڵێت کە تۆ هەموو شتێکت بەپێی مواسەفاتە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێشدا دەمەوێت پشتگیری خۆم دەربارەی راپۆرتی لیژنەی دارایی دەرببڕم، دەست خۆشیان لێ دەکەم، هەروەها دەمەوێت خۆشحاڵی خۆم دەرببڕم لەسەر ئەو راپۆرتەی کە لەلایەن حکومەت و وەزارەتی دارایی هاتووە، زۆر ڕوون و زۆر بە تێروتەسەلی باسی هەموو ئەو پارانە کراوە، کە چۆن دابەشکراوە، هەریەکەو لە خانەی خۆی زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی، ئێمەش تێگەیشتینەوە خەڵکیش بۆی ڕوون بووەتەوە، پشتگیری لەو سەرنج و تێبینیانە دەکەم، کە لەلایەن برای بەڕێز دکتۆر عمر و سۆزان خان ئاماژەی پێدرا، پشتگیری لە تەواوی هەموو خاڵەکان دەکەم، تەئکید لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە کە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە، لەسەر بەرنامەی تواناسازی، تەرخان کردنی 120 ملیار تاکو ئێستا ئەو پارەیە تەنها بۆ ناردنە دەرەوەی وڵات، بۆ بەدەستهێنانی ماستەر و دکتۆرا، بۆیە تەئکید دەکەمەوە کە داوا دەکەم بڕێك لەو پارەیە تەرخان بکرێت بۆ مەبەستی توێژینەوە، لەبەرئەوەی ناکرێت کوردستان 2، 3 ساڵی تر سێ بەشی ببێتە هەڵگری ماستەر و دکتۆرا، بەبێ ئەوەی هیچ توێژینەوەیەك هەبێت، داوا دەکەم تەرخان کردنی بڕێك لەو پارەیەش بۆ مەشق و ڕاهێنان، کە زۆر زۆر گرینگە بۆ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە، مامۆستایان لە هەندێك بوار زۆر پێویستە مەشق و راهێنان بکەن، وەکو بواری پەروەردەی مەدەنیە، بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکانن، کە تاکو ئێستا یەك بەڕێوەبەرم نەدیتوە لە بواری بەڕێوەبردنی قوتابخانە مەشق و ڕاهێنانی کرد بێت، ئەوانە یان ڕاهێنەریان بۆ بهێندرێت لە دەرەوەی وڵات یان بنێردرێن، زۆر گرینگە ئەو ڕاهێنانە ببینن، هەر لەسەر بەرنامەی تواناسازی و ئەو هەڵمەتەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا و لە وەزارەتەکانی تر و وەزارەتی پەروەردە کراوە، تا ڕادەیەك هەڵمەتێکی زۆر باش بووە، خەڵکێکی زۆر ناردرایە بۆ بواری جیا جیا، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵام هەتاکو ئێستا ڕەچاوی تەواوی پسپۆری نەکراوە، لەبەرئەوەی پلانێکی ستراتیجی لە کوردستان نیە، بە تەواوی بزانرێت کوردستان پێویستی بە چ پسپۆرییەکە؟ کە وا دەکات زیاتر پێشکەوێت لە ناحیەی زانستی، بۆیە داواکارم ئەو پلانە ستراتیجیە بە

**زووترین کات دابڕێژرێت، دوای دیراسەتێکی تەواو بۆ نموونە لە وەزارەتی پەروەردە کۆمەڵێك پلەی زانستی، پلە تەرخان کراوە بۆ ناردنی ماستەر بۆ دەرەوەی وڵات، هەندێك بوار هەیە زۆر زۆر گرینگە هەر لە کوردستان نیە وەزارەتی پەروەردەش زۆر پێویستیەتی، ئەوانەی ڕەچاو نەکردیە وەکو بواری پەروەردەی تایبەت، یەك پسپۆرمان نیە، بەرنامەی پەروەردەی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، یەك مامۆستا نیە دەرچووی بەشی پەروەردەی تایبەتیش بێت، ئەوە زۆر پێویست بوو لێرە هەندێك لەو پلانە تەرخان بکرێت بۆ ئەو بابەتە، لە بابەتی پەروەردەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، هەروەها ئەوە زۆر زۆر گرینگە بۆ وەزارەتی پەروەردە، لە کوردستان  پسپۆری لە بابەتی پلاندانان (تخطیط) زۆر زۆر لاوازە، دەبێت بیر بکرێتەوە لەو بوارە، زۆر خەڵك بنێرن بۆ ماستەر و دکتۆرا لەو بوارانە، هەروەها لە بواری ئابووری، داوا دەکەم لە خوێندنی باڵا بە عەینی شێوە، چەند پلەیەکی ماستەر و دکتۆرا بۆ بابەتی پەروەردەی تایبەت تەرخان بکات، لەبەرئەوەی لقی پەروەردەی تایبەت، بەشی پەروەردەی تایبەت، بەشێوەی لق ئێستا لە زانکۆی صەلاحەدین، لە کۆلێژی پەروەردە کرایتەوە، بەلاّم ئەو بەشە زۆر پێویستی بە پسپۆر هەیە، بە خۆشحاڵیەوە باسی ئەو بەشە دەکەم، ئەو بەشە لەسەر داوای لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، وەکو پرۆژەیەك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، لێرەدا سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەم، کە گرینگی زۆر دەدات بەو بوارەو بەو پرۆژەیە، پرۆژەکەی بە نووسراوی رەسمی نارد بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا، دیراسەتی لەسەر کرا کە زانیان زۆر گرینگە بڕیار درا ئەمساڵ بەشێوەی لق پەروەردەی تایبەت بکرێتەوە، لە زانستە مرۆڤایەتیەکان ئێستا 45 تەلەبەیان هەیە، بەلاّم ئەو 45 تەلەبەیەی لەو بەشە دانا زۆر مەعاناتیان هەیە، لەبەر نەبوونی بودجە، پێویستیان بە هەندێك شت هەیە بۆیان دابین بکرێت، چەندەها جار ئێمە موتابەعەمان کردیە دەڵێن هیچ بودجەك نیە بتوانین بۆیان سەرف بکەین، پێویستیان بە چەند مامۆستایەکی پسپۆر هەیە لە دەرەوەی خوێندنی باڵا بێن لەویّ عەقدیان لەگەڵ بکرێت، دەرس بڵێنەوە لەو بەشە ئەوە نەکراوە، پێویستیان بە تاقیگە هەیە، بە هەندێك کەل و پەلی تاقیگە، کە تایبەتە بەو تاقیگانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەت پێویستیانە، ئەوەش هەر لە بیّ پارەیی نەکراوە، پێویستیان بە پاسێك هەیە بۆ گواستنەوەیان، چونکە تەلەبەی ئەو بەشە پێویستیان بەوە هەیە سەردانی وەزارەتی کار بکەن، پەیمانگەکانی نابیستان، نابینایان، بیرکۆلاّن بۆئەوەی هەندێك لە ئۆتیزم، سەنتەری ئۆتیزم، بۆئەوەی هەندێك مەحازەراتی پراکتیکی لەویّ وەربگرن، لەویّ زیاتر شارەزا بن، بەلاّم لەبەر نەبوونی ئەو پاسە، لەبەر گرفتی هاتوچۆ ئەوەش زۆر بە زەحەمەت بۆیان دەکرێت، سەبارەت بەوەی وەزارەتی کار ئەویش دیسان ئەو پەیمانگایانەی کە لە ئەستۆی ئەوە، بۆ شیاندن و فێرکردن و پەروەردەی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان وەکو نابیستان کە باسم کرد، نابینایان ئەوانیش ئەو پەیمانگایانە شێوازی وانەوتنەوەکان، فێرکردنەکان، کەل و پەلی ناو پەیمانگاکان زۆر زۆر کۆنە پێویستی بە پەرەپێدان هەیە، مامۆستایان پێویستیان زۆر بە ڕاهێنان و مەشق کردن هەیە لەو بوارانە، ئەوە هەمووی ناکرێت لەگەڵ بەڕێز وەزیری کار، کە زۆرجار باسمان کردووە، ئەویش زۆر بە پەرۆشەوە بووە بۆ**

بابەتەكە، بەلاَم دەڵێت ئەو بودجەی لەبەر دەستمە هاوكار نیە، من بتوانم ئەو داواكاریانە جێبەجێ بكەم، من لێرە دەمەوێت باسی ئەو نامیلكەیە بكەم كە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، هەموو پرۆژە خزمەتگوزاریەكان باس كرایە، لەسەر ئەو زانیاریانەی كە لە وەزارەتەكانی وەرگرتیە، بەلاَم لێرە گلەیی خۆم ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە دەكەم، ڕاستە شتێكی جوانی خستۆتە بەر دەستمان، كە باسی پرۆژەكانی وەزارەتی پەروەردەی كردیە، باسی قۆناغەكانی خوێندن بە داتاو ئامار، بەلاَم لەبیری چووە باسی پەروەردەی تایبەت بكات، بەرنامەی جیهانی پەیڕەو دەكات، لەو نامیلكەیە باسی خوێندن بۆ هەمووان دەكات، مەبەست لە خوێندن بۆ هەمووان زیاتری خوێندنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەكانە، ئینجا لەبیری چووە باسی بكات نازانم لەبیر كرا، تەهمیش كرایە، من گلەیم ئەوەیە لەبەرچی باس نەكرایە؟ دەیتوانی بە جەدوەلێك باسی ژمارەی ئەو مندالە خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان بكات، كە لەناو ئەو مەكتەبانەن جۆرەها عەوەقیان هەیە، مامۆستای تایبەتیان هەیە، سەرپەرشتیاریان هەیە، بەرنامەی پەروەردەی پێش وەختیان هەیە، چەند سەنتەری وەكو پرۆژە بۆی داڕێژرایە، لەناو ئەو سەنتەرانە ڕاهێنان بە مندالی پێش تەمەنی قوتابخانە دەكرێت، ئینجا هیچ  باسی نەكردووە (كان شیئاً لم یكن) وەكو عەرەب وتەنی، من لێرە داواكارم لەو حكومەتە بڕە پارەیەك تەرخان بكات بۆ بەرنامەی هۆشیاری، بەرنامەی هۆشیاری لە پاڵ ئەو بەرنامەی تواناسازی و ئەو بەرنامانەی كە هەیە، بەرنامەی دەبێت هۆشیاری لەگەڵ بێت، هەر شتێكی تازە لەو كوردستانە دەكرێتەوە، ئەگەر بەشە، لقە، كۆلیژە لەناو زانكۆكان یانیش لە سیستەمی تازەی خوێندن ، لە وەزارەتی پەروەردە لەپێشدا دەبێت هۆشیاری هەبێتن، خەڵك تەقەبولی بكات شتی تازە لە كۆمەڵگای ئێمە هەندێكجار بە زەحمەت تەقەبول دەكرێت، دەبێت ئەوە تەقەبول بكرێت، بەرنامەی عالەمی هەیە، لە میدیاكان پلانی بۆ دابڕێژن ئەو بەرنامەیە زۆر زۆر گرینگە، من نموونەیەكی بە پەیمانگای فەندەقە و سیاحە دەهێنمەوە، پەیمانگەی فەندەقەو سیاحە كرایەوە، لەبەرئەوەی هیچ هۆشیاریەك نەبوو كۆمەڵگای ئێمە تەقەبولی ئەو جۆرە كارانە ناكات، ئەوانەی كە دەرچوون لەو پەیمانگایانە هەموویان داوا دەكەن لە شوێنی تر دابمەزرێن، لەبەرئەوەی دیدی كۆمەڵگا نەگۆڕایە، شەرمیان پێیە لە فندقەكان، لە مەتاعمەكان، خۆ لە ولاَتان دەبینین شەهادەیان هەیە، لە مەتاعیم سەرپەرشتی مێز و تەرتیب و ئەتەكێتی مەتعەمەكان دەكەن، لێرە لەبەرئەوەی دیدمان نەگۆڕایە هیچ بەرنامەیەكی هۆشیاریمان نیە بۆ ئەو بابەتانە، تەقەبول ناكرێت، وەزارەتی پەروەردە زۆر زۆر گرفتی بەسەر هات، كە بەرنامەی پەروەردەی تایبەتی بە تێكەڵی بردە قوتابخانەكان، چونكە بەرنامەی هۆشیاری نەبوو، مودیری مەكتەبەكان قبوڵیان نەدەكرد، ئەو مندالە خاوەن پێداویستیە تایبەتانە بچنە مەكتەبەكانیان، بۆیە ئەوە زۆر زۆر گرینگە پێویستە وەكو پلانێكی ستراتیجی هەبێت بۆ ئەوەش، هەڵمەتی دروستكردنی قوتابخانە، یەعنی زۆر بە واستەی ئەو هەڵمەتە پرۆژەی باش كراوە، دەست خۆشی لە حكومەت دەكەم، كە ئەو پرۆژەیە بە باشی بەرێوە دەچێ، بەلاَم پشتگیریش لەو خالە دەكەم كە لە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە هاتووە منیش ئەندامم لێی، زیاتر كاری وەزارەتی پەروەردە چڕ بكرێتەوە لە

نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، ئەوەی کە کاك دکتۆر سەروەریش ئاماژەی پێدا، لە پرۆژە بەردەوامەکان هێشتا 6 پۆلی و 4 پۆلی و ئەوانە هەیە، سیستەمی پەروەردە لەلای ئێمە، لە کوردستان گۆڕاوە، سیستەمی بنەڕەتی 6 ساڵ نیە، 9 ساڵە نازانم قوتابخانەی 6 ساڵی بۆچی لەو پرۆژەیە داڕێژرایە؟ یەعنی ئێمە بە دەستی خۆمان کێشە بۆ خۆمان دروست دەکەین، 2، 3 ساڵی تر ئەوانەی لە پۆلی 6 دەگەنە 7 جێگا نەبێت دەوامی لێ بکەن، بۆیە لێرە داواکارم لە ساڵی داهاتوو پرۆژەیەك دابڕێژرێت تایبەت بەو قوتابخانانەی 6 پۆلی و 4 پۆلینە، بۆئەوەی بکرێن بە 18 پۆلی لە ئێستاوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، چونکە هەر ئەوەندەت زانی تەلەبە دەگەنە پۆلی 7 ، شوێن نیە دەوامی لێ بکەن، بەدەستی خۆمان کێشەمان بۆخۆمان دروست کردووە، ئەو پلانەی کە ئێستا بەدەستی حکومەتە زۆر گرینگە کە ئەوە بە ئاراستەیەکی تر ئەو پرۆسەی دروستکردنی قوتابخانە، بە ئاراستەیەکی تر دەچێت کە ئەوە دەست خۆشیان لێ دەکەم باشترە لەوەی کە پێشتر کرایە، لە کۆتاییدا دەمەوێت زۆر سوپاس و خۆشحاڵی خۆم بۆ ئەو وەزارەتەی، ئەو دەزگایانەی کە ئەمن و ئاسایشی ئەو کوردستانەیان پاراستووە، کە ئێمە بتوانین باسی ئەو هەموو پرۆژە و ئەو هەموو داواکاریەمان، ئەو هەموو کەموکوڕیە دەست نیشان دەکەین، ئەوە هەمووی هیچی بۆمان ناچێتە سەر، ئەگەر ئەو ئەمن و ئاسایشەی ئێستا تێیداینە بەرقەرار نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەگەر نەڵێین لە هەموو بودجەکانی وڵاتانی جیهان، لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان لە بودجەکانیدا، قەبارەی داواکاری موئەسەسات و هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە زۆر زۆر گەورەترە لە تواناو قەبارەی بودجەی ئەو وڵاتە، ئەمەش لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوە شتێکی ئاساییە، من زۆر دەست خۆشی و پشتگیری لە قسەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم سۆزانی خالە شهاب، کە دەربڕی زۆربەی بیروباوەڕەکانی لیستی کوردستانی بوو, هەروەها پشتگیری لە هەردوو راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و، لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم، کە بەحەق بەتایبەتی لیژنە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەشێوەیەکی زۆر تەفسیلی و رێك و پێك دروست کرا بوو، یان تەنزیم کرا بوو، کە ئاسانکاریەکی یەکجار زۆر بۆ هەموو کەسێکی کە موهتەم بێت بە بودجە کراوە، دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم، بەڕاستی دەرفەتێکی باش لە زوو ناردنی یان پێش وەخت ناردنی یان لە وەختی خۆی ناردنی ئەم بودجەیە دەخاتە بەردەمی حکومەت، بەتایبەتی لە بواری جێبەجێ کردنی بودجەی وەبەرهێناندا، بەڕێزان دابەزینی ڕێژەی کورتهێنان لەم بودجەیەدا بۆ کەمتر 17٪ وێڕای وەرنەگرتنی موستەحەقاتی پێشمەرگە، کە 7 تریلیۆن و نیو دینارە، سەرەڕای موستەحەقاتی تری حکومەتی هەرێم لەسەر حکومەتی ئیتحادی وەکو موستەحەقاتی پترۆ دۆلار، موستەحەقاتی کە غەدر لە هەرێمی کوردستان

دەكرێت بەهۆی نەفەقاتی حاكیمەو سیادی، دابەزینی ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بودجەی هەرێمی كوردستان، دەكرێت ئاماژەی پێ بكەین لە هەر بۆنەیەكدا، گرینگیدانی حكومەت بە بواری پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزاری و ڕێگاوبانەكان، كە بەڕوون و ئاشكرا لە سێكتەرەكانی تریش لە سیاسەتی حكومەتدا لەم بودجەدا ڕەنگی داوەتەوە، دابەزینی ڕێژەی بێكاری بۆ كەمترین لە 7٪، كە بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی ولأتانی جیهان بگرە لە ولأتە پێشكەوتووەكانیش هەندێكیان، ژمارەیەكی زۆر لە ولأتان لەم ڕێژە بەسەرەوە تریان لەخۆ گرتووە بەهۆی بێكاریەوە، ڕێژەی بێكاری، ئەمە نموونەیەكە كە ئاماژەی پێ دەكرێتن وەكو ئاماژەیەكی پرشنگدار لە مەنتیقەی شەقڵاوە كە كوردستان بە نموونەی پرشنگدار لەم بوارەوە ، لە بوارەكانی پێشكەوتندا ئاماژەی بۆ دەكرێتن نەك بەقسەی دۆستان، بەڵكو بە قسەی ناحەزانی هەرێمی كوردستانیش، پشتگیری تەواو لە قەرزەكانی عەقاری و كشتوكاڵی و پیشەسازی و زەواج و گەشتوگوزار و قەرزی بچووك بۆ گەنجان دەكەم، لێرەدا داواكارم لە وەزارەتی مالیە و، وەزارەتەكانی تری پەیوەندیدار، ئاسانكاری زیاتر بۆ هەردوو قەرزی كشتوكاڵی و پیشەسازی بكرێت، كە زیاتر خەڵك سوودمەند بێت لەم دوو قەرزە بەتایبەتی، بێگومان هەموو ئەو جۆرە قەرزانە لە هەموو سیستەمێكی سیاسیدا لەسەر بانكەكانە نەك حكومەت دەداتن، بەلأم جێگای دەستخۆشیە حكومەت خۆی خستوەتە بەم ئەركە قورسە لەسەر شانی خۆی داناوە، حكومەت ئەم قەرزانە جێبەجێ دەكاتن بۆ هاوولأتیانی خۆی، وێرای قەرزی عەقاری و قەرزی سندووقی نیشتەجێبوون و بۆ هاوولأتیان بەتایبەتی بۆ ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان، كە بە ڕێژەیەكی بەرچاو ئاوەدان بوونەتەوە دەكرێت نموونەی چەندان لە ناوچەكەمان وەكو نموونە (عەینەیەك) وەرگرین لە سەرانسەری كوردستان، كە پێشكەوتنێكی یەكجار زۆر لە ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان بەدیهاتووە بە بۆنەی ئەو قەرزانەوە، بەرنامەی حكومەت بۆ دروست كردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵكی كەمدەرامەت، بە پەسەند كردنی ئەو بودجەیە 9500 یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵكی كەمدەرامەت دەچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، ئەمەش جێگای دەست خۆشیە بۆ حكومەت لەلایەن هاوولأتیانەوە پشتگیری لێ دەكەم، لە بواری كشتوكاڵیدا من پشتگیری تەواو لە قسەكانی برای بەڕێزم كاك جلال علی دەكەم، سەرۆكی لیژنەی كشتوكاڵ، زیادكردنی سەر مووچەی شەهیدان و، شەهیدانی هاوولأتی بەشێوەیەكی گشتی و لەگەڵ بەردەوامی مینحەی سولفەی زەواج، بۆ كوڕ و كچی شەهید جێگای دەست خۆشیە لەلایەن كەسوكاری شەهیدانەوە و، ئێمەش پشتگیری لێ دەكەین، پشتگیری لە بەردەوامی قەرەبوو كردنەوەی ئاوارەكانی ئیران و توركیا دەكەم، من وەكو ئەندامێكی لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، لەم بوارەدا چەند داواكاریەك ئاراستەی نوێنەرانی حكومەت دەكەم، بەو ئومێدەی ئەو داواكاریانە ببنە خزمەت بۆ كەسوكاری شەهیدان و لەو بوارەی كە من ئێستا باسی دەكەم، داوا لە حكومەتی هەرێم دەكەم زۆر زیاتر گرینگی بە پێشمەرگەو بەرگری و ئاسایش بدات، چونكە بە حەق پاراستنی هەموو دەستكەوتەكانی گەلی كوردستان و ئەو پێشكەوتنانەی لە زۆربەی بوارەكان، كە هەرێمی كوردستان وەك نموونەیەكی پرشنگدار لەو ناوچەدا بەرچاو كردووە، هەموو ئەمانە

له سایەی پێشمەرگەو بەرگری دان، بەتایبەتی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا پێشمەرگە لە بەرەکانی، سنوورەکانی کوردستان بەتایبەتی لەو سنوورانەی کە ئێستا لەوێن لەبەرچاو بگیرێت، داوا لە حکومەت دەکەم باشتر و زیاتر گرینگی بە کەسوکاری شەهیدان بدرێت، یەکەم: لەڕووی کورسی خوێندنە، لە کورسی خوێندن چ لە ناوەوە، چ لە دەرەوە بەهۆی بەرنامەی تواناسازی 5٪ بە کوڕ و کچی شەهیدان بدرێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەوان مونافسە لەنێوان خۆیان بکەن، بەپێی هەمان ئەو شروتانەی بۆ تواناسازی دانراوە، چونکە من توانای کوڕ و کچی شەهید قەت کەمتر نابینم لە توانای کوڕ و کچی تر، کە کەسێك وارسی شەهیدی نیە، دووەم: لەڕووی دامەزراندن، داوا لە حکومەت دەکەم لەڕووی دامەزراندنەوە 5٪ بە کەسوکاری شەهید بدرێتن، لە هەموو بوارەکان، لە هەموو ئاستەکانی کە دامەزراندن تێدا دەکرێتن، چونکە ئەوانە حەقێکی خۆیانە و، بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان، حەقێکی خۆیانەو ئەو ئیمتیازاتانە دەبێت پێیان بدرێت، داوا لە حکومەت دەکەم چارەسەری کێشەی تەندروستی کەسوکاری شەهیدان، کە ساڵی سێیەمە، ساڵی چوارەمە لەم مینبەرە ئەو داواکاریە ئاراستەی حکومەت دەکەین، بەحەقیقەت کێشەکە هەتا ئێستا چارەسەر نەبووە، سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت لە بواری چارەسەرکردنی کەسوکاری شەهیدان، لەو بوارانە کە لە راپۆرتەکاندا هاتووە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات بەشێوەیەکی بەرچاو، بەشێوەیەکی کە شایستەی کەسوکاری شەهیدان بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم دوو نەخۆشخانەی تایبەت بە کەسوکاری شەهیدان لە هەولێر و لە دهۆك لەسەر بودجەی تەواوکاری حکومەت دروست بکرێتن، وەکو ئەو نەخۆشخانەی شۆڕش کە لە سلێمانی هەیە، کە ئەمە گرفتی 95٪ کەسوکاری شەهیدان چارەسەر دەکاتن، ئەگەر نا ئەم گرفتە بەهۆی ئەو بڕە پارەیەی کە بە کەسوکاری شەهیدان ببنەوە یان لەم بورەدا چارەسەری کێشەی تەندروستی کەسوکاری شەهیدان ناکرێتن، پێدانی کرێی ساڵانەی خوێندن و خوێندنی کوڕ و کچی شەهیدان، لە زانکۆ ئەهلیەکان پاڵپشتێکی تری دڵسۆزانەیە بۆ بەردەوام بوونی کوڕ و کچی شەهیدان لە خوێندن، بەڵام کێشەی دەرماڵەی ئەو کوڕ و کچە شەهیدانەی، کە لە زانکۆ ئەهلیەکان ماوە پێویستە دەرماڵەیان پێ بدرێتن وەکو هەر قوتابیەك، کە لە زانکۆکانی تری حکومەت دەخوێنن و، کێشەی قسم داخلیەکان بۆیان چارەسەر بکرێتن، داوا لە هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی شەهیدان دەکەم، بۆ وارسی ئەو شەهیدانەی کە لەبەر ناچاری، لەبەر بێ توانایی ئەرزی خۆیان فرۆشتوە بە پارەیەکی کەم، کە برای بەڕێزم کاك کاروان ئاماژەی پێکرد، ئەگەر زەویەکەشیان پێنادرێتەوە کە بە موستەفید حیساب دەکرێن، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی بۆ خانوو کە بە وارسی شەهید دەدرێت، هەمان ئەو بڕە پارەیە پێیان بدرێتن کە مافی خۆیانە، هەروەها داوا لە حکومەت دەکەم کە نزیکەی 18 هەزار شەهیدی موستەحەق بە زەوی هەیە کە زەویان وەرنەگرتووە لە هەر (3) پارێزگاکانی کوردستان، ئەو ئیستحقاقەیان پێ بدرێت لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی بۆ خانوو دروست کردنی شەهیدان کە حەق و مافی خۆیانە، لە کۆتاییدا دووبارە دەست خۆشی لە راپۆرتی حکومەت و راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم، دەست خۆشیان لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە قسەی زۆر کرا لەسەر بودجە، هێشتا نیوەی خوشك و برایانیش ماون، پێم وانیە شتێکی ئەو تۆش مابێت کە دووبارە نەبێتەوە، بەڵام بودجەیەك بەو سنووردارییە، بەو هەموو گیروگرفتەی کە لەبەردەمی دا هەیە بۆ وڵاتێك کە بەو وێرانیە، بەو میراتە پڕ لە وێرانیەی کە بۆی ماوەتەوە وەکو خوشکی بەڕێزم شلێر خان ئاماژەی پێدا، بەپێی لیکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان، بەس بنیات نانەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە، ژێر خانی بونیەی تەحتی ئەو وڵاتە نزیکەی 30 ملیار دۆلاری دەوێت، بە تەئکید بەو بودجەیە، بەو هەموو کێشەی کە وتم لەبەردەمی دا هەیە، بە دەیان ساڵیش ئێمە ناتوانین ئەوەی کە مەبەستی هەموو لایەکمانە و پێویستە بکرێت و، بە ئاسانی بۆمان بچێتە سەر، بەڵام دیسان منیش هەندێك تێبینی و سەرنج و ڕای خۆم هەیە لەسەر ئەوە، کە بە پێویستی دەزانم ڕوونی بکەمەوە، سەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، کە داهاتێکی خەملێنراوە بەوەی کە خۆمان دەیخەملێنین ئەوەشیان نیە، بەڵکو خەملێنراوەکە لەلایەن حکومەتی مەرکەزیەوە بۆمان دیاری دەکرێت و، ئەو کێشانەی کە هەمانە لەو داهاتەی نزیکەی لە 96٪ داهاتی هەرێمی کوردستانی پێك دەهێنێت، بە تەئەکید ئەوە لە مەرکەزەوە دێت، لە دوور و نزیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری پێ ناکرێت، نە لە دیاریکردنی و دەست نیشان کردنی و تەنانەت لە گفتوگۆکردنیشی، بەپێی ئەو ئیتفاقانەی لە هەرێمیش کرا لە ساڵی 2006، بە تەئکید پابەندی ئەوەش نەبوون ساڵانە ئەو بودجەیەی کە بۆ هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت، کۆمەڵێك کێشەو گرفتی دروست دەکەن، بە زیادکردنی کۆمەڵێك سەرفیاتی بەناوی سیادی و حاکیمە، بە ئەنقەست یاخود کە وەکو خۆی کە هەبێت لە بەشی هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە، کە ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر درەنگ جێبەجێ بوون یاخود تاخیر بوون یان ئەو هەوڵ و مەبەستانەی کە هەمانە بۆ بووژاندنەوەی ژیان لەو وڵاتە و هەم بۆ ئاوەدانکردنەوەی، تەنها بە پێویستی دەزانم کە ئاماژەی پێ بدەم، چونکە ڕەنگە لە زۆر لاوە بەشێوەیەکی تر لە وەزعی بودجەو لە هاتنی پارەی تەرخانکراوی خەملێنراو بۆ هەرێمی کوردستان، قسەی لەسەر دەکرێت و زۆر بۆچوونی جیاجیای لەسەر هەیە، هەرچەندە دووبارەش بێت من دەمەوێت جارێکی تر ئاماژەیان پێ بکەمەوە، لە کۆی 138 تریلیۆن و نیوی داهاتی حکومەتی فیدراڵی تەنها 79 ی بۆ دەمێنێتەوە، کە ئەوکاتەی دێن حیسابی هەرێمی کوردستانی بۆ دەکەن، ئەوان لەجیاتی ئەوەی 17٪ لە 138 تریلیۆن و نیوەکە بۆ هەرێمی کوردستان دیاری بکەن، دێن لەسەر کەمتر لە 80 ملیارەکە ئەویش بە بەهانەی جیا جیا، کە بەشێکیان هەموومان پێمان وایە دوور و نزیك پەیوەندیان بە هەرێمی کوردستانەوە نیە، لەوانە خەرجی سیادی کە 40 تریلیۆنە، خەرجی حاکیمە 10 تریلیۆنە، پەرەپێدانی پارێزگاکان 7 تریلیۆنە کە بەشێکی کەمی دەنێرن

بۆ هەرێمی کوردستان، پترۆ دۆلاری پارێزگاکان بە تەئکید لەویش هەر بەشێکی کەم و هەندێکجاریش هەر نایبینیێرن، واتە ئەوەی کە دەوترێت 17٪، لە 17٪ نیە بەڵکو بەپێی راپۆرتی وەزارەتی داراییش ئاماژەی پێکرا تەنها لە 10٪ و شتێکە کە دێت، ئەوە داهاتی مەرکەزی بێت کە پێم وایە ساڵ بە ساڵ گرفتی زیاتری دێتە پێش و، ئەوەی ئەو ساڵیش ڕەچاوی دەکەین پێمان وانیە، چونکە تا ساتە وەختی قسە کردنیشمان هێشتا یاسای بودجەی خەملێنراوی حکومەتی فیدراڵی عیراق بۆ ساڵی 2013 لە مشتومڕی و ململانێی سیاسی دایە، بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك مەرج و پێش مەرج لە بەرامبەر یەکتری، کە بەش بە حاڵی خۆم پێم وانیە بە ئاسانی ئەو بودجەیە پەسەند بکرێت، ئەوکاتە وەزارەتی دارایی و ئەوان بە تەقسیم (12)ـەکە دەبێت، هەموو ئەو کێشانە دەبێت چارەسەر بکرێت، ئەو کێشانەی کە ئێستا ئەو گرژی و توندو تیژیە سیاسیەش کە لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا هەیە لە عیراق، ئەگەر جاران کورد میان گیر بووبێت، ئەوە شتەك بووبێت بۆ بەیەکگەیاندنی، بەڵام ئەمجارە هەمووومان دەزانین هەرێمی کوردستانیش کراوە بە ئامانج، هەم دەستکەوتەکانیشی لە زمنی ئەوەی بودجەکەی، بۆیە پێم وایە دەبێت لە ئێستاوە کە دەبووایە وەزارەتی دارایی ئەگەر بە هەر شێوازێك بووبێت، دەبووایە ئاماژەی پێکردبا ئەگەرێك لە گۆڕێ دا هەیە، ئەگەر ئەو بودجەیە نەهات ئەوە وەزعە سیاسیەکان لە عیراقدا لەبەرچاوە، کە بە چ ئاقارێکی خەتەرناکدا دەڕوات بەدیلمان چیە بۆ ئەوە؟ ئەگەر زۆر بە گەشبینیشەوە تەماشای بکەین، وەکو کێشەکانی چەند ساڵە دێ و دەڕوات، دیسانەوە ئەوە زەنگێکی مەترسیدار بێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی جدی بۆ بەرەو سەربەخۆیی، تا حەدێکیش بێت سەربەخۆیی و ئابووری و دارایی خۆی هەنگاو بنێت، کە ئەمن پێم وایە باشترین چەك بۆ ئەو مەوزوعە پێگەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی و، سیاسەتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای تێبینی کە لەسەریان هەیە، ئەوە وامان لێ دەکاتن ئەو سەرچاوە ژیاریەی خۆمان بتوانین لە ئێستاوە هەنگاوی بۆ بهاوێژین، بۆئەوەی بتوانین لانی کەم لە تەنگژەی وادا پەنای بۆ ببەین، وەکو کارتێکیش ئەگەر لە سەرەتادا بەکاری بهێنین ئەوە کارێکی باش دەبێت، هەر سەبارەت بە بیر کردنەوە لە داهات لە بەدیلی ئەو داهاتە، یاخود بەشێوەیەکی تر زیاد کردنی داهاتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەر ئەو وەزعەی وەکو خۆشی لە ئارا بمێنێتەوە دیسانەکە بەشی هەرە زۆری داهاتەکانمان لە عیراقەوە بێت، دەبێت ئاوڕێکیش لە داهاتی ناوخۆ بدرێتەوە کە ئەوەی ئەو ساڵ تەخمین کرا، ئەوە تەنها لە 4٪ داهاتەکانە، بۆیە من پێم وایە جگە لەو سیاسەتی نەوتیە، کە بەرەو ئاقارێکی باشترمان دەبات پێویستە هەموومان پشتگیری لێ بکەین، بە سەرنج و تێبینیەکانمانەوە کە پێمان وایە بەشێك لە ناڕۆشنی تێدایە، ناڕۆشنیەکان من بەشێکیان بە مەنتیقی دەزانم سەبارەت بەو وەزعە سیاسیەی کە هەیە، دیارە لە داهاتی جۆراو جۆری تر هەیە لەناو هەرێمی کوردستانە کە لە 4٪ ی پێك دێنێت بۆ ئەمساڵ وەکو خەملێنراوە، لەوانە داهاتی وەزارەتەکانی وەکو ناوخۆو شارەوانی و کارەبا ودارایی، کە ئەوانە پێویستیان بە پێداچوونەوە، پێویستیان بە کۆنترۆڵ کردن هەیە، پێویستیان بە باشتر ئاراستە کردنیان هەیە، بۆئەوەی ببن بە سەرچاوەیەکی باشتر و زۆرتر بۆ

داهاتی ناوخۆ، من تەنها نموونەی چەند وەزارەتێك دەهێنمەوە لەوانە وەزارەتی کارەبا، بۆیە دەڵێم چاو پێ خشاندنەوەی تێدا بکرێت، پێویستی بە پێداچوونەوە بە ڕێنمایی تازە هەیە، بە ئیجرائاتی تازە هەیە، هەروەکو لە راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایش ئاماژەی پێداوە ساڵانە خەرجی ئەو وەزارەتە لە بەرهەمهێنانی نزیکەی 2 تریلیۆن و نیو دینارە، کەچی داهاتەکەی 250 ملیۆنە ، واتە دەعمی حکومەت لەسەر کەرتی کارەبا زیاد لە 90٪، کە 10٪ دەکەوێتە سەر بەکارهێنەرەکان، جا بەکارهێنەرەکەی هەر کێیەك بن، بەڵکو دەزگای حکومی بن، کەرتی پیشەسازی یان کەرتی گەشتیاری تایبەت بێت، یاخود هاووڵاتی بێت، بۆیە من پێم وایە حکومەت چاو بەو کەرتە دابخشێنێتەوە، بەو داهاتە بخشێتەوە ئەگەر گرفتەکە لەگەڵ بەشداربووانە، دەبێت بە سیستەمی وەرگرتنەوەی پارەی کارەبا چاو بخشێنێتەوە، خۆ ئەگەر لەگەڵ کەرتی تایبەتی وەبەرهێنی کارەباش دەبێت چاو بە عەقدەکان بخشێنێتەوە کە لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە، ئەو عەقدانە حکومەتی مولزەم کردووە بەوەی ساڵانە بە ملیار لتر گازوایل و نەفتی رەش و ئەوانەی بخاتە بەردەمیانەوە، مەجبوریشە بەرهەمەکەشی لێ بکڕێتەوە، جارێکی تر حکومەت پێی بفرۆشێتەوە بیداتەوە بە بەشدار بووان، یەکێکی تر لەو داهاتانە دەمەوێت باسی بکەم داهاتی نەوتە، موشتەقاتی نەوتە، کە ناومان ناوە موشتەقات، وابزانم ساڵی 2010 بوو بەناوی تەواوکاری بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بوو نزیکەی 250 ملیار دۆلار، بە دۆلار حیساب کرا ئەو کاتە، خرایە بەر دەستی پەرلەمان و، پەرلەمان موسادەقەی لەسەر کرد بەو پرۆژانەی کە حکومەت داوای کرد بوو، کە وابزانم بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان و لەسەر ئەساسی ژمارەی دانیشتوان بوو، وەجبەیەکی تریش بە هەمان بڕ بوو، دیسانەکە پەرلەمان دەسەڵاتی دا بە حکومەت، بەڵام لەو کاتیەوە تا ئێستاکە هەرچەندە حیسابی بانکیشی بۆ کراوەتەوە، بۆ داهاتی موشتەقاتی نەوت، تا ئێستا هیچی تری لێ دیارنیە یاخود پرۆژەی تری پێکراوە، بەڵام پەرلەمانی لێ ئاگادار نەکراوەتەوە، بۆیە من داواکارم گرینگی زیاتر بەو داهاتەش بدرێت و، ئەوەی لە دوای ئەو دوو وەجبەیە هەیە ئەوانیش بە لیستێك لە چەپەوە، چونکە وەکو بیستوومانە لە کۆمەڵێك پرۆژە بەکارهاتووە، لیستەکانمان بۆ بنێرن، ئەوە وەکو نموونە ئەو دوو، سێیەمە ئەگەر نا لە هەموو وەزارەتەکانیش داهاتی خۆیان هەیە، بەشێکیان نیوەی دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەو، نیوەی لە پێویستەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن وەکو ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ، سەبارەت بە خەرجیەکان هەردوو بابەتەکەی یان ئەوەی بەکار بردن و وەبەرهێنانەکە، هەروەکو پێشتریش ئاماژەی پێدراو زۆرێك لە خوشك و برایانیش باسیان کرد، چاوەڕوانی زۆر لەو بودجەیە دەکرێت، پێویستیەکی زۆریش هەیە و دیسانەوە ئەوە دووبارە دەکەمەوە ئەو وڵاتە ژێر خانەکەی وێران بووە، نەتوانراوە لەو داهاتانەی چەند ساڵە هاتووە وەکو پێویست سوودی لێ وەربگرین، ئەو ژێرخانە ببووژێنینەوە، بەردەوامیش پێویستیەکان لە زیاد بوون دان لەو بڕەی کە بۆ بەکارهێنان، بۆ بەکاربردن بەکار دێت، بە تەئکید بڕێکی زۆرە لەچاو ئەوەی کە بۆ وەبەرهێنان بەکاردەهێنرێت، ئەوەشیان کۆمەڵێك ئەسبابی خۆی هەیە پێم وایە بەشێکی بە میرات بۆی ماوەتەوە، بەشێکی خۆمان موسەببی ئەوەین کە پێویستە چارەسەریان بکەین، لەناو خەرجیەکانی بەکاربردنیشدا

دیاره بەشی قەرەبووی فەرمانبەران پشکی سەرەکی دەدات، کە ئەوە گرفتێکی هەرە گەورەیە لە پێوەری هیچ وڵاتێك و، لە پێوەری هیچ مەملەکەتێکدا شتی وانیە نزیکەی 68٪ بودجە بڕوات بۆ قەرەبووی فەرمانبەران، هەرچەندە ئەوە ڕاستوخۆ دەچێتە گیرفان و بەردەستی کۆمەڵانی خەڵك و وەکو دابەش کردنێکیش بێتن ئەوە هەر بەشی خۆیانە، حەقی خۆیانە بۆیان بچێت، بەڵام پێویست بەوە دەکات چاوێکی پێدا بخشێنرێتەوە، من ناڵێم تەنها لە قەرەبووی فەرمانبەران، بەڵکو بە عام لە هەموو ئەو بابانەی لە بودجەی بەکاربردندا سەرف دەکرێت، نزیکەی 11 تریلیۆن و شتێکە، دەبێت بە وردتر چارەسەری بکرێت، پێم وایە بۆ ئەو مەوزوعە حکومەت بۆ کەم کردنەوەی بودجەی بەکاربردن و، پێویستە ئەوە زێدەڕۆییە خەرجیانەی لە مەجالی کاری مەکتەبی و ئیداریەکان و دامو دەزگاکان و فەرمانگەکان ئەوانەش کەم بکاتەوە، چاوی پێدابخشێنێتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لەو ئەبواب و فەسلانە سەرف دەبێت، یەکێکی تر هەوڵدان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ناهاوسەنگیەی کە لەنێوان خەرجی بەکاربردن و خەرجی بەکارهێنان هەیە، چونکە ساڵ لە دوای ساڵ ئەو ناهاوسەنگیە لە زیاد بوون دایە و، بۆ ئەمساڵ خەرجی بەکاربردن وەکو وتمان لە 68,52٪ و، وەبەرهێنانی تەنها لە 31٪ کە ئەویشیان دەبێتە دوو بەش، بەشێکیان بۆ پرۆژە بەردەوامەکانە، بەشێکی کەمی بۆ تازەکانە، بۆیە من لە و بابەتە سەبارەت بە چارەسەر کردنی ئەو کێشەیەم پشتگیری لە 2، 3 پێشنیاری راپۆرتی وەزارەتی دارایی دەکەم، کە پێیان وایە بەو ڕێگایە دەتوانن کەمێك لە بودجەی بەکاربردن کەمتر بکەنەوە، بتوانرێت پلانێکی تۆکمەتر بخرێتە سەر یاخود لە مەجالی پرۆژە وەبەرهێنانەکان بەکار بهێنرێت، لەوانە بەتایبەتیش لە مەوزوعی قەرەبووی فەرمانبەراندا چەند پێشنیارێکیان کردووە، بەڵام پێشی ئەوە پێویستە حکومەت بە جدی هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەرمانبەران و زیاد بوونی ساڵانەی فەرمانبەران و بە هەموو پێداویستیەکانیانەوە، بە هەموو دەرماڵە و ئەوەکانیان دا بکاتەوە، من بە گونجاوی دەزانم، بەڵام ئەوە کارێکی زۆر قورس و حەساسە و، پەیوەندی بە ژیانی سەدان هەزار وەکو لە راپۆرتەکەدا هاتووە، زیاتر لە 600 و قسور هەزار فەرمانبەر هەیە، بۆیە من پێم باشە بەر لە هەموو شتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی بدات، خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا لەو بوارەدا لە وڵاتانی دەوروبەر یان لەوڵاتانی پێشکەوتوو، شارەزا لەو بوارەدا بانگهێشتی ناوخۆی هەرێم بکات، لەگەڵ شارەزایان و پسپۆڕانی ناو هەرێم بۆئەوەی لەو کۆنفرانس و لەو کۆنگرە زانستیانە چارەسەرێك، راسپاردەیەك بخرێتە بەردەمی حکومەت، بۆ کەم کردنەوەی ئەو گرفتە یاخود بە چارەسەر کردنی تەنانەت ئەگەر بە ڕێژەیەکیش دابەزێت هێشتا قازانجە، هەروەها سەبارەت بە پێشنیارەکانی وەزارەتی دارایش، لەوانە لە وەزارەتی دارایی کوردستان تەنها مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەی هاوسەرگیری و منداڵ و بڕوانامە وەك ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بێت، من لەگەڵ ئەوەمە، بەڵام ئەوەشیان وردەکاری زیاتری دەوێت، چونکە ئەوە پەیوەستە بە ژیانی خەڵك و تا ئێستاکە بووەتە حەقێکی موکتەسەب، چۆن دەتوانرێت عیلاج بکرێت؟ لەگەڵ ئەوەشم کە هەموو ڕێنماییەکانی تر سەبارەت بە دەرماڵەکانی تر پێدا بچێتەوەو ئەوەی پێویستە دەرماڵەکان ڕێنمایی تازەی بۆ دەربچێت، باسی

دوو یاسا دەکەن کە لە کوردستان کاری پێ دەکرێت لە مەجالی پێدانی مووچە، یەکێکیان یاسایەکە تایبەتە بە فەرمانبەرانی سەر بەوەزارەتەکان کە یاسای 22، ئەوی تریشیان یاسایەکی تایبەتە بە فەرمانبەرانی پەیمانگا و زانکۆکان خۆیان داوایان کردووە بە 1 یاسا کار بکرێت، من پشتگیری لەو ئەوەشیان دەکەم، من پێم وایە جگە لەو دوو پێشنیارەی کە وەزارەت کردوویەتی، پێویستە حکومەت بەردەوامیش بێت لەو هەنگاوانەی کە پێشتر هیناویەتەوە، ساڵی پار بوو لە یاساکانیشدا ئاسانکاریمان بۆ کرد بوو، ئەوە ئیلزام کرا بوو کە ئەوە بکا، یەکیان بەردەوام بوون لە پێدانی نیوە مووچە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە راژەکانیان لە کەرتی گشتیەوە دەگوازنەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەوەش کاریگەری خۆی دەبێت، هەرچەندە تا ئێستاکە نازانین چەند کەس سوودمەند بووە لەوە، چەند کەس بە پیر ئەو بڕیارەوە هاتووە، ئەوی تریشیان خانەنشین کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە ئارەزوومەندانە لە دوای 15 ساڵ خزمەت دەیانەوێت خۆیان خانەنشین بکەن، نازانین چەند کەس بەرەو پیری ئەو بڕیارە چووە، یەکێکی تر کە من بە گرینگی دەزانم بۆ کەم کردنەوەی خەرجیەکانی بەکار بردن و، کۆنترۆڵ کردنی، ئاراستە کردنی، بەشێوازێکی باش کۆنترۆڵ کردنی داهاتەکانە، سەرفیاتەکانیەتی و، لەسەرووی هەمووشیانەوە دانانی سەرۆکی دەستەی زانیاری و دارایی کاراکردنی ئەو دەستەیە، چونکە کاری ئەو دەستەیە کارێکی فەنیە، بەدواداچوونە بەسەر هەموو وردەکاریەکانی داهات و خەرجی لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بەحکومەت، هەرچەندە ئێستا لە فەرمانگەکان بەشە وردبینیەکانیان کاری خۆیان دەکەن، بەڵام لە غیابی دەستەی چاودێری دارایی بە بوونی هەموو ئەو گرفت و کێشەیە بەتەئکید رەخنە دەبێت و گەندەڵ کاریشی لێ دروست دەبێت، سەبارەت بە پرۆژەکانیش هەروەك باس کرا، بە تەئکید لە پرۆژەکانی بەرهەمهێناندا کە ئەوەی لە راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، 2524 پرۆژە لەوەشیان نازانین چەند کەس بەرەو پیری ئەو بڕیارە چووە، یەکێکی تر کە من بە گرینگی دەزانم بۆ کەم کردنەوەی خەرجیەکانی بەکاربردن و، کۆنترۆڵ کردنی، ئاراستەکردنی بە شێوازێکی باش، کۆنترۆڵ کردنی داهاتەکانە، سەرفیاتەکانیەتی، لە سەرووی هەمووشیانەوە دانانی سەرۆکی دەستەی چاودێری دارایی و کاراکردنی ئەو دەستەیە، چونکە کاری ئەو دەستەیە کارێکی فەنیە و، بەدواداچوونە بەسەر هەموو وردەکاریەکانی داهات و خەرجی لە هەموو دامودەزگاکانی سەر بە حکومەت، هەرچەندە لە فەرمانگەکان بەشە وردبینیەکان کاری خۆیان دەکەن، بەڵام لە غیابی دەستەی چاودێری دارایی بە بوونیەوە هەموو ئەو گرفتە و کێشەیە بە تەئکید رەخنە دەبێت و، گەندەڵکاریشی لێ دروست دەبێت، سەبارەت بە پرۆژەکانیش هەر وەکو باس کرا بە تەئکید لە پرۆژەکانی بەرهەمهێناندا، ئەوەی کە لە راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی هاتووە 2524 پرۆژەیە، کە ئێستاکە لە بواری جێبەجێ کردن دایە لەگەڵ ئەوانەی کە پێشنیاریش کراوە، پارەی پێویست چەند تەئکید لەسەر ئەوەی ئەو وڵاتە وێرانیەکەی بە شێوازێکە، کە بەو بودجە پڕ لەو گرفت و کێشەیە چارەسەر ناکرێت، ئەوەی کە ئێستاکە لە بواری جێبەجێ کردن یان پێشنیار کرا بوو کە جێبەجێ بکرێت، تێچووەکەی 12 تریلیۆن و نزیکی 13 تریلیۆنە، ئەوەی کە تا ئێستا سەرف کراوە 4 تریلیۆنە، ئەوەی بۆ ئەمساڵیش

تەرخان دەکرێت بە هەردوو بەشەکەیەوە 3 تریلیۆنە، کەواتە دەبێت حکومەت بیر لەوە بکاتەوە هەم لە کەم کردنەوەی داهات، هەك لە کەم کردنەوەی سەرفیاتەکانی بەکاربردن و، بیر کردنەوە لە مەعالەجە کردنی ئەو مەوزوعە، بەتایبەتیش ئەگەر لە ڕێگای مەحکەمەکانی، مەحکەمەی فیدراڵی و مەحکەمەی ئیتحادیش بێت، یاخود لە ڕێگای بەکارهێنانی مافە دەستووریەکانیشمان بێت، یاخود لەوەی ئەو وڵاتە لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی کە لە عیراق بوون، ئێستا ئەو حکومەتەی عیراق میراتگری ئەوانە، قەرەبووی دەر و جیران دەکرێتەوە، هەر دوێنێکە بوو ملیارێك و قسور لە داهاتی عیراق، کە پشکی ئێمەش دراوە بە کوێت، ئەوە ئیران، ئەوە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ئەوە نازانم کێ، تەنها ئاوڕدانەوە لەو وڵاتەی ئێمە نەکراوە، ئەو وێرانکاریەی حکومەتەکان، کە ئێستا ئەوان میراتگری ئەوانن دەبێت لانی کەم لەوەش پشکی خۆیان هەبێت، لە ئاوەدانکردنەوە، لە قەرەبوو کردنەوە بۆ ئەو بابەتە، زۆرن ئەو کارانەی کە کراون سەرەڕای ئەو هەموو گرفتەی کە لەبەردەمی ئەو بودجەیە هەبووە، مەحدودیەتەکەی و کێشەکانی و نەبوونی دەستەی نەزاهە، گەندەڵی، کەمی داهاتەکانی ناوخۆ، بەڵام پێم خۆشە بە سەریعی ئاماژە بە چەند سێکتەرێکی گرنگ بدەم، کە ئەوە دەست خۆشی دەوێت لەناو ئەو هەموو کێشەو کەمی داهات، ئەو مەحدودیەتە داندراوە ئەو کارانە بکرێت، دەلیلی ئەوەیە کە بێ بەرنامە نەبووە، بەڵکو پلان هەبووە بۆ جێبەجێ کردنی لەگەڵ هەموو تێبینیەکانی تر، کە لەسەر جێبەجێ کردنیان دا هەیە، ئەگەر ناهاوسەنگیەکیش هەبێـتن لە دابەشکردنیاندا، ناعەدالەتێکیش هەبێتن ئەوە هەمووی تێبینین، ئەوە هی ئەوەن کە حکومەت لەسەریان بوەستێت و، چارەسەریان بکات بەپێی ئەو ئیمکانیەتەی کە لەبەر دەستییێتی، بۆیە من پێم وانیە بتوانین بە نادیدەی بگرین، ئەو کارانەی کە کراوە لەسەر چەند سێکتەرێك هەر بە سەریعی باس دەکەم، کە چ کراوە لە سێکتەری کاروباری کۆمەڵایەتی بەو ئیمکانیەتە کەمەی کە دراوە بەو وەزارەتە؟، تەنها لە قەرزی بچووك نزیکەی 3821 کەس سوودمەند بوون، لە چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی 121 هەزار و 157 کەس سوودمەندە، کەمئەندامان ئەوانە کە سوودمەند بوونە، کە لە 160 هەزاردا تێیدا وەری دەگرێت تا دەگاتە 250 هەزار مووچەی چاودێری خێزان 73 هەزار وپێنج سەد کەس، لە بێوەژن، لە ئافرەتی جیا بووەوە، لە خوێندکاری زانکۆی خێزاندار، لە خێزانی حکوم دراو، لە کچانی بێ دایك و باوك، لە کۆمەڵێك شتی تر کە هەریەکەیان 150 هەزار دیناریان پێ دەدرێت، لە بارەی بیمەی بێکاری کە تا ئێستاکە بەتایبەتی ئەوانەی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان نزیکەی 31 هەزار کەس سوودمەند بووە، لە بواری تەندروستی بێین لە دروستکردنی نەخۆشخانەکان، بنکە تەندروستیەکان، زیاد بوونی پزیشك، زیاد بوونی کارمەندی تەندروستی، من ناڵێم ئەوانە کەموکوڕیان تێدا نیە، بەڵام ئەوانەش هەن، لەبەر چاون، کە پێویستە باسی لێوە بکرێت و، سەبارەت بەوەی کەرتی تەندروستی بن، پشتگیری لە تێبینی و ڕاوو سەرنجەکانی لیژنەی کاروباری تەندروستی دەکەم، بەوەی کە داوایان کردووە، زیاد کردنی ڕێژەی بودجەی ئەو کەرتە جا لە هەر داهاتێکی تر کە هەمان بێت، تەنانەت ئەگەر لە شتی تریش کەم بکەینەوە، بۆئەوەی بگاتە ئەو ڕێژەیەی کە وەزارەتەکە خۆی داوای کردووە،

پێویستی پێیەتی بۆ گەیاندنی ئەو خزمەتگوزاریانە بۆ هاوولاَتیان، خۆی ئێستاکە دیارە (5,48٪)یان بۆ دیاری کراوە، داوا دەکەن بۆیان بکرێت لە 5،7٪، هەروەها بەهۆی دواکەوتوویی سیستەمی تەندروستی لە ولاَتی ئێمە، ئەو ماڵ وێرانیەی بەسەر ئەو ولاَتەدا هاتووە میلاکی دامەزراندنەکەشیان چاوی پێدا بخشێنرێتەوە، لەگەڵ ئەو پێشنیاریەشیانم کە دەڵێ داهاتی 5٪ وەزارەتی ناوخۆ، کە لە وەرگرتنی رسوماتی تۆمار کردنی ئوتۆمبێل و نەقلی موڵکیەت و نویٚ کردنەوەی سەنەوی وەردەگیرێت بۆ سندووقی توشبووانی شێرپەنجە بێت، لە چەند بوارێکی تریش نموونە زۆرن باسیان بکەین، کە دەلالەت لەوەیە کە بەڵێ بەرنامەیەك هەبووە، بەڵێ پلان هەبووە و، کەفائەتێك هەبووە، شەو نخوونیەك هەبووە، بیری لیٚ کردووەتەوە بۆ ئەنجامدانی سەرەڕای کەمو کورتیەکان و تێبینی هەموو برادەرانیش کە هەبوو، بەلاَم ئەوانەش هەبووە ناکرێت نادیدە بگیرێن، سەبارەت بە کورتهێنان ئاخیر شتم لەسەر کورتهێنان، حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆیەکانی کورتهێنانی باس کردووە، کە بەشی زۆری کورتهێنانەکان دیسانەکە یەخەی سەرچاوەی تەمویلی سەرەکی دەگرێتەوە، کە حکومەتی فیدڕالیە، کە پێم وایە ئەو هەولاَنەی کە بەڕێزان لە وەزارەتی دارایی خستوویانە ناو راپۆرتەکەیان، بە راپۆرتێکی مولحەق لەو هەولاَنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە داویەتی لەگەڵ حکومەتی مەرکەز بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، بەڵێ ئەوانە هەموو هەوڵی باشن و، دەلیلی ئەوەن کە بیٚ خەم نەبوونە، بەلاَم ئەنجامیان دیار نەوبووە، بۆیە من لێرەوە داوا دەکەم ئیتر کاتی ئەوە هاتووە نوێنەرانی کورد، چ ئەوانەی لە دەزگایەکی تەشریعینە، لە دەزگای تەشریعینە کە ئەنجومەنی نوێنەرانە، چ ئەوانەی لە دامودەزگاکانی حکومەت و لە وزارەتەکانی فیدڕالی دا کار دەکەن، مافە دەستووری و یاساییەکانمان لەویٚ بە هەند وەربگرن و، هەموو ئەو ڕێگا چارە دیبلۆماسیانەش بگرنە بەر و، ئەو ڕێگا یاساییانە بگرنە بەر، ئەو ڕێگا دەستووریانە بگرنە بەر بۆ گێڕانەوەی ئەو مافانەی خەڵکی کوردستان، چونکە بەشێکی گرینگ لە کێشەو گرفتەکانمان چارەسەر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا سەعات (5)ی پاش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین، هەربژین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆكانمان، لیژنەی دارایی و ئابووری فەرموون بۆ شوێنی سەكۆی لیژنەكان، كاك شوان كریم فەرمووو بۆ قسە كردن.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە گوتە و گوتنەكانی هەردوو هاوكارم كاك عمر و سۆزان خان دەكەم، دواییش بە پرسیارێ دەست پێ دەكەم لە بەڕێزان نوێنەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەمووومان وەزعی هەرێمی كوردستان دەزانین لە چ بارودۆخێك دایە و یەكێك لەو مەسەلانەی كە ئێستا زۆر مولیحە و ڕوونی بكەنەوە، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی كە پێموایە ئەمساڵ ڕاپۆرتێكی تێروتەسەل و هەمەلایەنە بوو بەڕاستی، باس لەو ستراتیجیەی كراوە كە حكومەت دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی خۆی لەو گرفتە رزگار بكات كە هەموو ساڵێ تووشی دەبێ هەم لە دانانی بودجە و هەم لە مەسەلەی دانانی بەرنامەی ئابووری هەرێمی كوردستان لە خاڵی $8$ دا باس لە مەسەلەیەكی زۆر گرنگ دەكات و بە ستراتیجیەتێكی گرنگی دادەنێ و منیش پێموایە یەكێكە لە مەسەلە هەرە گرنگەكانی كە دەبێ حكومەتی هەرێمی كوردستان پەیوەستی بێ و كاری لەسەر بكات، ئێمە هەمووومان بەڕاستی پشتگیری لەو مەسەلەیە بكەین كە ئەویش دانانی بنەمای سەربەخۆیی ئابووریە لە هەرێمی كوردستاندا كە ئەوە من پێموایە ئیتر لە كۆڵ ئەو پارانەوە و لالانەوەمان دەكاتەوە كە هەموو ساڵێ لە بودجە تەبریری بۆ دەهێنینەوە كە حكومەتی عیراق ئەوەندەی نەناردووە و ئەوەندەی ناردووە، پێشموایە ئەوە هەنگاوێكە بۆ ئەو ئاوات و خەونەی كە هەمووومان هەمانە، بەڵام دیارە هەتا نەوتراوە، هیوادارم لەم ساڵەوە حكومەت ئەوە پەیڕەو بكات و ئێمە هەمووومان پشتگیری بكەین، من دوو،سێ سەرنجم هەیە لەو بوارەی كە خۆم لە دوو لیژنە ئەندامم، یەكیان لەسەر پرۆژەكانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، من دەست خۆشیان لێ دەكەم بەڕاستی، لە وەزارەتی شارەوانی كە توانیویەتی هەم بە جوهدی وەزارەت خۆی و لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و دارایی و دواتریش لەناو ئەنجومەنی وەزیران دا توانیویەتی بڕێكی باش پارە تەرخان بكرێ بۆ پرۆژەكانی لەسەروو ترلیۆن دینارەوەیە، ئەوەی كە تەرخان كراوە بۆ وەزارەتی شارەوانی كە بە دڵنیاییەوە ئەوە لە كارە خزمەتگوزاریەكانە كە پێشكەش بە خەڵكی هەرێمی كوردستان دەكرێ ڕەنگ دەداتەوە و وەزارەتێكی گرنگیشە، چونكە پەیوەستی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵكەوە، لەناو ئەوەی كە لە پرۆژەكانی وەزارەت دا هەیە، ئێمە ساڵی ڕابردوو و پێشتریش زۆر قسەمان لەسەر ئەوە كرد كە حكومەت گرنگی نادات بەبواری گەشتوگوزار و مەسەلەیەكی تریش لە كاتی بڵاوبوونەوەی كولێرا ساڵی پار ئێمە زۆر قسەمان لەسەری كرد، مەسەلەی دابین كردنی ئاوی پاك و هەروەها مەسەلەی ئاو و ئاوەڕۆ و یەكێكیش لەو مەسەلانەی كە زۆر قسەی لەسەر كرا، پاك كردنەوەی یاخود ئاوی قورس بوو كە ئەوئاوە جارێكی دیكە پاك بكرێتەوە و نەچێتەوە چەم و ڕووبارەكان، لەو دوو بوارە، لەبواری ئاو و ئاوەڕۆ و چارەسەركردنی ئاو، حكومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی ئەمساڵ لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان دا جگە لە بەردەوامەكان $29$ پرۆژەی پێشنیار كردووە كە من پێموایە پرۆژەی

زۆر گرنگ و باشن و ژمارەیەكی زۆر لە خەڵكی كوردستان سوودمەند دەبن لێی كە لە بواری ئاوی خواردنەوە و ئاو و ئاوەڕۆكان دایە، ئەوەی تریان لە پرۆژەی گەشتوگوزار و هەروەها شوێنەواریش كە بوارێكی گرنگ و لایەنێكی گرنگە لە مەسەلەی ئابووری و هەم بە نیسبەت حكومەتی هەرێمەوە و هەم بە نیسبەت خەڵكی كوردستانیشەوەكە دەكرێ ژمارەیەكی زۆر خەڵك سوودمەند بن لە مەسەلەی گەشتوگوزار، 43 پرۆژەی پێشنیار كراوی هەیە كە دڵنیام بە شێوازێكی باش ڕەنگدانەوەی ئابووری باشی دەبێ، بە نیسبەت شاری سلێمانیەوە من دوو داواكاریم هەیە و لە بەشێكی زۆری قسەی هاوكارانم دا بەهەمان شێوە داواكراوە و لە ڕاپۆرتی لیژنەكانیش دا لەچەند لیژنەیەك بە تایبەتی لیژنەی ڕۆشنبیری ئەو داواكاریانە هاتووە و هیوادارم بەڕێزان نوێنەری حكومەت بە هەندی وەرگرن و ئەو داواكاریانە تەسبیت بكەن و داواكاریەكانیش جێ بەجێ بكەن، یەكێك لە پرۆژەكانی فڕۆكەخانەی سلێمانی مەسەلەی دانانی ڕادارە، دیارە موافەقەتی بۆ كراوە، بەڵام ئەو تەخسیسەی بۆی دانراوە بە پێی پرۆژەكە كە خۆی بۆ ساڵێكە دوو ملیار دیناری بۆ دانراوە، ئەوان لە كۆبوونەوەی لیژنەكەمان داوایان كرد كە هەمووی بۆ دابندرێ بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەوە مەسەلەیەكی حەیاتی موهیمە، تەئسیری زۆرە لەسەر سەلامەتی هەستان و نیشتنەوەی فڕۆكە، بۆیە من داواكارم بڕەكەی كە 22 ملیار دینارە حكومەت دابینی بكات، چونكە ئەوە پرۆژەیەكی گرنگەو و زۆر ئەهمیەتی هەیە بۆ مەتاری سلێمانی، پەیوەست بە بڕیاری بە پایتەخت كردنی شاری سلێمانی و بە پایتەخی رۆشتبیری هەرێمی كوردستان، من دوو داواكاریم هەیە، یەكێكیان ئەوەیە كە چەند هاوكارێكی ترم ئاماژەیان پێیدا كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕێك پارە دیاری بكات بۆ پەرەپێدانی چالاكیە رۆشنبیری و هونەریەكان، هەروەها لەپاڵ ئەوەشدا ئەو هۆڵ و سەنتەرە ڕۆشنبیریانەی كە لە سلێمانی هەن و هەندێكیان بەڕاستی پێویستیان بە نوێ كردنەوە و چاك كردنەوە هەیە، بۆ ئەوە دابنێ و تەرخانی بكەن بۆ ئەوە، ئەوەی تریشیان چەند ساڵێكە بڕیار لە شاری ڕۆشنبیری دراوە، پێموایە دیزاین و ئەوانەشی كراوە پارەشی بۆ دانراوە، بەڵام كێشەیەكی ئەزەلی هەیە، چوار، پێنج ساڵە موشكیلەی زەوی هەیە لە مابەینی زانكۆی سلێمانی و بەلەدیەی سلێمانی و چەند شوێنیكی تر، ئەو مەسەلەیەش یەكلانەبووەتەوە، چەند جارێك شوێنی ئەو شاری رۆشنبیریە كە كۆمەڵێك مەسرەح و سینەما و شوێنێكی زۆر گەورەیە ئەگەر بكرێ بەڕاستی دەبێ ببێتە نموزەجێكی جوان لە هەرێمەكەمان و لە ناوچەكەش دا، لەسەر ئەو مەسەلەیە دواكەوتووە، هیوادارم ئەوە بەجدی وەربگیردرێ و ئەو مەسەلەیە یەكلا بكرێتەوە و بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە بچێتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، من سەرەتا بە پێناسەی بودجە دەست پێ دەکەم، لە کورت ترین پێناسە بودجە بریتیە لە سیاسەتی حکومەت بە ژمارە، بودجە لە لاپەڕە 6 ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە دەڵێ بودجەی گشتی بەڵگەنامەیەکی سیاسی و قانونیە و ڕەنگدانەوەی فەلسەفە و چالاکی ئایندەی دەوڵەتە بە هەموو دەزگاکانیەوە، ئامرازێکی کاریگەرە بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکەی، نە تەنها دیکۆمێنتێکی ژمێریاری و ڕووتی خەرجی و داهاتی دەوڵەتە، هیوادارم بەم پێناسەیە ئێمە کۆتایی بەو جەدەلە بێنین کە دەوترێ موناقەشەی بودجە با دووربخەینەوە لە مەسەلەی سیاسی، بۆ خۆی موناقەشە کردنی بودجە موناقەشەی سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر سەیرێکی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ستراتیجی حکومەتی دەست نیشان کردووە بە پێی بودجەی ئەمساڵ، ئەوەی کە دیاری کراوە، یەکەم/ مەسەلەی داهاتە، داهاتی ناوخۆیی بۆ ئەمساڵی 2013 ئەوەی کە چووەتە ناو خەزێنەی گشتی حکومەتەوە داهاتی وەزارەتەکان (651 ملیار و 114 ملیۆن) دینارە، بەڵام ئەگەر موقارەنەی بکەین وەك لە ساڵی 2011 وەك لە حسابی ختامیەکە هاتووە، لە حساباتی ختامی داهاتی ساڵی 2011 (1 ترلیۆن و 130 ملیار و 788 ملیۆن) دینار بووە، واتە بۆ قسە کردن لەسەر ئەم ستراتیجیەتە، لێرە بەڕوونی دەردەکەوێ بە ژمارە کە ئەم ستراتیجە نەك کاری بۆ نەکراوە، بەڵکو هەر بەرلەوەی هیچ شتێکی بۆ بکرێ فەشەلی هێناوە، لەبەرئەوەی 46٪ داهات کەمی کردووە لەچاو ساڵی 2011، وە (2 ترلیۆن) خەرجی زیادی کردووە، ستراتیجێکی تری کە حکومەت دیاری کردووە لە ڕاپۆرتەکە مەسەلەی کشتوکاڵەوە و هەموو برادەرانیش باسیان کرد، کۆی بودجەی تەرخان کراو بۆ کەرتی کشتوکاڵی (2,78) هەموومان دەزانین بەم ڕەقەمە ناتوانی تۆ کەرتی کشتوکاڵ کە کەرتێکە و نزیك بووەتەوە لە لێواری تیاچوون تۆ پەرەی پێ بدەی و پێشی بخەی و بیپارێزی، لە ساڵی 2008 کۆنفرانسێك گیرا، سەبارەت بە پێشخستنی کشتوکاڵ و بەو کۆنفرانسە ختەیەکی 5 ساڵی دانرا و 5 ملیار دانرا بۆ هەر ساڵێك تا ساڵی 2013 بەڵام ئەو ختەیە بەداخەوە ئیشی لەسەر نەکرا، دەمەوێ ئەوە بڵێم کەرتی کشتوکاڵ کە ئێستا ناو بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بەداخەوە پڕ بووە لە بیبەری سوری و کەرەوزی ئێرانی و توری تورکی و ئەمانە بووژانەوەی ئەم کەرتە بەڕاستی پێویستی بە تەشجیع کردن هەیە، بە پیکاب دابەش کردن بەسەرهەموو چین و توێژەکاندا ناتوانین کەرتی کشتوکاڵی ببووژێنینەوە، بەم بڕە پارەیە بە تەئکید نابووژێتەوە، کەرتی صناعی لەو باشتر نیە، (0,57)ی بۆ دانراوە کە چۆن دەکرێت پێش بخرێ بە نیسبەتێك لەو پارەیە، ئێمە واقعی هەرێمی کوردستان دەزانین کە چەند مەعمەلێکی چیمەنتۆ و هەندێ مەعمەلی زۆر بچووکی مەجالی ئاوی تەماتە و ئەوانە نەبێ، مەعمەلێکی وا ستراتیجیمان نیە، من ئەپرسم چ پلانێك هەیە بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە، ئایا دیراسەیەکی تەواو و شاملمان هەیە ئێمە بۆ دەست نیشان کردنی کانزا لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە پێی ئەو کانزایانە ئێمە پەرە بەم بوارە بدەین و بەرنامەڕێژی بۆ بکەین، مەسەلەی تەندروستی کە ستراتیجێکی تری حکومەت دەست نیشانی کردووە کە لەم بودجەیە کاری بۆ دەکات، (5,48)ی بۆ تەرخان کراوە، ئێمە

دەزانین ئەم کەرتە لە چ قەیرانێك دایە و ڕۆژانە خراپی بیناکان و تەواو نەبوونی ئەو پرۆژە گەورانە دەبینین کە لەم مەجالە تا ئێستا تەواو نەکراوە و پارەیەکی زۆر زۆری تیا خەرج کراوە، ئایا ئەمە چەندی بۆ تەعویزانی موەزەفین و ئەگەر ئەو بابانەی لێ دەربکرێ چەندی دەمێنێتەوە بۆ پێشخستنی ئەو کەرتە کە ئەویش لە قەیرانێکی گەورە دایە، مەسەلەی پەروەردە بە هەمان شێوە، ($12,48$)ی بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر مەسەلەی تەعویزی موەزەفین و خەدەمات و مەنافعی ئیجتماعی و ئەو بابانەی تری لێ دەربکەین، چەند دەمێنێتەوە بۆ پێشخشتنی کەرتی پەروەردە؟ لە کاتێك دا کە چەند جار باسکراوە کە ئێمە پێویستمان بە دروست کردنی $3$ هەزار بینای قوتابخانە هەیە، لایەنی کەم بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو سیستمی خوێندنەی کە حکومەت چەند ساڵە بانگەشەی بۆ دەکات، تۆ ئەگەر بینایەکی ڕێك و پێك و جوانت نەبێ ناتوانی بە تەئکید پەیڕەوی ئەو سیستمە بکەی، بەداخەوە بینیمان لە چەند مانگی ڕابردوو ئێمە کارەساتی گەورە لەم مەجالە ڕووی دا، شەهید بوونی کاکە دانا ئەوەی هەڵەبجەی تازە کە دیوار بەسەری دا ڕووخا ئەوە گەورەترین کارەسات بوو، دەری خست کە مەسەلەی کەرتی پەروەردە لە چ قەیرانێك دایە و بەداخەوە من گەشبین نیم بە چارەسەر کردنی ئەو بابەتە، ستراتیجێکی تر کە حکومەت دەستنیشانی کردووە و دەڵێ سیستمی گونجاو بۆ وەرگرتنەوەی داهاتی ئاو و کارەبا لەم بودجە، وەرگرتنەوەی پارەی ئاو، ئێستا ماوەیەکە پارەی ئاو بە مەساحەی خانوو وەردەگیردرێ، من دەپرسم ئەمە لەسەرچ ئەساسێك ئەم پێوەرە دانراوە؟ خانووی واهەیەکەسی تیا ناژی، خانووی وا هەیە دوو کەسی تیا دەژی، خانووی وا هەیە بەو $100$ مەترە و بەو مەساحەیە دە کەسی تیا دەژی، چۆن و کەی عەدالەتی تیایە تۆ ئەو پارەیە وەردەگری بەو نیسبەتە و لە سەر چ ئەساسێك ئەو پێوەرە دانراوە؟، بابەتێکی تری گرنگ کە مەسەلەی داهاتە بۆ حکومەت و لێرە بەداخەوە هیچ ناوی نەهێنراوە، مەسەلەی داهاتی گەیاندنە، کەرتی گەیاندن لە دوای ئەوەی لە دنیا پڕ بەرهەمترین و پڕ داهاترین کەرت دێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە چەندین موناسەبە قسەمان لەسەر کردووە ئەم کەرتە لە قەیرانێکی گەورە دایە، لە عیراق لە ساڵانی ڕابردوودا عەقد کراوە بۆ کۆمپانیای زەین و بۆ کۆمپانیای ئاسیاسیل و بۆ کۆمپانیای کۆرەك، لەبەرامبەر ئەوعەقدانە بۆ هەر کۆمپانیایەك عیراق ($1$ ملیارە و $250$ ملیۆن)دۆلاری وەرگرتووە، لەبەرامبەر پێدانی تەرەدود و مێگاهێرتزەکان، لە $15$٪ ربحیشی هەیە، بەڵام ئەم کەرتە لەلای ئێمە بەداخەوە، بۆ یەك مێگاهێرتز حکومەت لێرە یەك ملیۆن دیناری تەبعی وەرگرتووە، لە هەندێ کۆمپانیا حکومەت پشکی هەیە و بە $13$٪ و بە $28$٪ و حکومەت قەرزی لای ئەم کۆمپانیایانە هەیە، تا ئێستا یەك دیناری ئەو قەرزەی وەرنەگرتووەتووە، ئەمە بە پێی قسەی بەڕێز وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، کە داهاتە و ئەگەر ستراتیجی حکومەت ئەوە بێ کە داهاتەکان کۆبکاتەوە و پێوەریان بۆ دانێ و ڕێکی بخاتەوە، ئەمە مەجالێکی گرنگی داهاتە بەڕاستی، ڕەنگە پرسیار بکەین وبڵێین یەك مێگاهێرتز کە دراوە بە کۆمپانیاکانی گەیاندن لە هەرێمی کوردستان بە یەك ملیۆن دیناری تەبع بۆ ئەوەیە کە زۆر لەسەر هاووڵاتی نەکەوێ، بەڕێزان هەمووومان دەزانین مەسەلەی گەیاندن، مەسەلەی ئەنتەرنێت لە هەرێمی

کوردستان پارەیەکی زۆر زۆرە و کوالیتیەکی زۆر زۆر خراپیشی هەیە، یەعنی سەبەبەکە ئەمە نیە، عەقدێك هەیە کەمن یەك نموونەی دەهێنمەوە، عەقدێك کراوە بۆ مەسەلەی ریکلام، بۆ 15 ساڵ کە ساڵی بە 1 ملیۆن دیناری عیراقیە، هەموو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ یەك ساڵ خەریکە ناتوانێ ئەو عەقدە تەعدیل بکات، یەك عەقد، ناتوانێ تەعدیلی بکات بۆ 15 ساڵ بە یەك ملیۆن دیناری تەبع دراوە بە کۆمپانیایەك، ئەمە ستراتیجی کۆکردنەوەی داهاتە؟ ستراتیجێکی تر کارکردن بۆ دانانی بنەمای سەربەخۆیی ئابووری کوردستان، لە تەقریرەکەی وەزارەتی دارایی هاتووە لە لاپەڕەی 6 دەڵێ 96٪ داهاتی هەرێم لە بەغداوە دێت، کە تۆ 96٪ی داهاتت لە بەغداوە بۆ دێت، چیت کردووە؟ ئەم هەنگاوانە چین، ئەو میکانیزمانە چین تۆ ئەتەوێ ئێستا لەم بودجەیە و لەدوای ئەم بودجەیەش ئیشی لەسەر بکەی بۆ ئەوەیبتوانی سەربەخۆیی ئابووری دابنێی، بەڕەئی من ئەمە دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، زۆر لەوە زیاترە کە حکومەت لەم بودجەیە خستوویەتیە ڕوو، ئەوەی ئێمە و برادەرەکانیش دەیلێین لەسەر مەسەلەی داهاتی نەوت ڕاستە نەوعێك زمنیەن ئیقراری تیایە، یاخود ئەمە موجەرەد دەستەواژەیەکە دانراوە و بە داخەوە، بۆیە پێویستە روونکردنەوە لەم بارەیەوە بدرێ، تۆ 96٪ ی داهاتت لە بەغداوە بێ، چۆن و بەچ میکانیزمێك بنەمای دانانی ئابووری سەربەخۆ دادەنێی؟ ستراتیجێکی تر کە بیرم چوو باسی بکەم، کەمکردنەوەی زیادەڕۆیی لە خەرجی گشتی کە دێمە سەری، بودجە بەڕێزان هەموومان دەزانین لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، مەسەلەی خەرجی و مەسەلەی داهاتە، ئەوەی کە موتەبەعە بابەتێکی علمیە ئەوەیە کە ئێمە هەموو داهاتەکانمان پێویستە بزانین لەسەر ئەساسی ئەو داهاتانە ئێمە خەرجیەکانی خۆمان دابرێژین، بەڵام بەداخەوە لە لای حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ بودجە ناکرێ، ساڵ بەساڵ بودجەی بەکاربردن زیاد دەکات بەجۆرێك لە ساڵی 2008 خەرجیەکانی حکومەت (4 ترلیۆن و 674 ملیار) دینار بووە، بەڵام لە ساڵی 2013 خەرجیەکان گەیشتووەتە (11 ترلیۆن و 608 ملیار) دینار، واتە لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا خەرجی 7 ترلیۆن دینار زیادی کردووە، مووچەی فەرمانبەران وەکو یەکێك لە بەشەکانی خەرجی باسی مەسەلەی خەمڵاندنی تیا کراوە، بۆمووچەی فەرمانبەران و خانەنیشینان و وەزارەتەکان داوای (10 ترلیۆن و 251 ملیار) دیناریان کردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی کەمی کردووەتەوە بۆ (7 ترلیۆن و 113 ملیار) دینار، واتە (3 ترلیۆن و 138 ملیار) دیناری لێ کەم کردووەتەوە، باسەکە باسی خەملاندنە، پرسیارەکە ئەوەیە، بەجدی داواکاری وەزارەتەکان ڕاستە؟ ئەو ژمارەیەی کە داوایان کردووە؟ ئەگەر ڕاستە چۆن وەزارەتی دارایی کەمی کردووەتەوە؟ بۆ موچەی فەرمانبەران لەم ساڵە (7 ترلیۆن و 113 ملیار) دینار دانراوە، بەڵام لە ساڵی 2010 پارەی تەرخان کراو بۆ ئەم بابە (4 ترلیۆن و 607 ملیار) دینار بووە، شمەك و خزمەتگوزاری وەکو بەشێکی تری بابەکانی خەرجی دوای مووچەی فەرمانبەران، ئەم بابە زۆرترین پارەی بۆ تەرخان کراوە، لە ساڵی 2012 (1 ترلیۆن و 421 ملیار) دینار بووە، بەڵام لە ساڵی 2013 زیادی کردووە و بووە (1 ترلیۆن و 905 ملیار) دینار، بەخشین وەکو بابەتێکی تری خەرجی لە بودجەی گشتی عیراق دا بۆ ساڵی 2013 (219

ملیار و 419 ملیۆن) ی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام لێرە کراوە بە (671 ملیار) واتە لە هەرێمی کوردستان و (833 ملیۆن) دینار، حکومەتی هەرێم (452 ملیار و 414 ملیۆن)ی بۆ زیاد کردووە، کە شارەوانیەکان و فرۆکەخانەکان و بانکەکان و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنیش بڕی (34 ملیارو 559 ملیۆن)ی بۆ تەرخان کراوە، سوودە کۆمەڵاتیەکان، لە بودجەی عیراق دا بڕی(481,701 ملیۆن)ی بۆ دانراوە، بەڵام حکومەتی هەرێم کردوویەتی بە (690 ملیار و 303 ملیار) دینار، بڕی 70 ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی کەمدەرامەتەکان، دەکرێ بە ئامارێك ئێوە پێمان بڵێن ئەو نەخۆشانە کامانەن کە ئەو 70 ملیارە دینارەی بۆ تەرخان کراوە و ئاماری چارەسەر کردنی ئەو نەخۆشیانەمان پێ بڵێن؟، ئەگەر ئەمە بۆ وەزارەتی تەندروستی و بۆ وەزارەتی کۆمەڵایەتی دانانی ئەمە بابە ڕاست بێت، بە حوکمی ئەوەی کە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ مەسەلەی سەرف کردنی پارەی نەخۆش و بۆ مەسەلەی هاوکاری کردنی شەلەل دەماغ و ئەو بابانەی تری تیایە، بەڵام هەر لەم بابانە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ، لێرە پارەیان بۆ دانراوە بە بڕی جۆراوجۆر، برادەرەکان باسیان کرد نامەوێ ڕەقەمەکە بڵێم، ئەی ئەمان بۆچیانە؟ لە بودجەی ئەمساڵدا خەرجیەکانی دیکە، بڕی (814 ملیار و 648 ملیۆن دینار) دانراوە، پرسیار، لەم بەشەدا حکومەت دەڵێ لە بەشی خەرجیەکانی دیکە، (106 ملیار و 972 ملیۆن) دینار تەرخان کراوە بۆ ئەو کارمەندانەیە کە لەسەر میلاکی وەزارەتێکن، بەڵام خزمەتگوزاری پێشکەشی وەزارتێکی دیکە دەکەن، تکایە ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، ئەم بابەتە چیە؟ لەناو خەرجی دیکە، خەرجی دیکە هەیە، ئەوە سەیرە، من هەندێ نموونە دەخەمەڕوو، لە خەرجیەکانی ئیفاد دا جگە لەوەی پارەی هۆکاری گواستنەوە و دەرماڵەی شەوانە و خەرجیەکانی گەشتوگوزار و گەشت کردن تەرخان کراوە، بەڵام بڕی (3 ملیار و 69 ملیۆن) دینار بۆ خەرجیەکانی دیکەی ئیفاد هەم دانراوەتەوە، لە خەرجیەکان بەکرێ گرتنی بینا جگە لەوەی کە پارە بۆ بەکرێ گرتنی بینا و مەخزەن تەرخان کراوە، بۆ کرێی دیکە جارێکی تر (1 ملیار و 340 ملیۆن) دینار تەرخان کراوە، ئەوە هەندێ نموونەی ترە، برادەرەکان هەندێکیان باس کرد، من نامەوێ باسی بکەم، مەوجوداتی نادارایی، لەساڵی 2013 (297 ملیار و 278 ملیۆن)ی بۆ دانراوە، کە ئەم بابە مەسەلەی کڕینی سەیارە و کڕینی ئەساس و ئەو پێداویستیانەیە، داهات/ بەشە سەرەکیەکەی تری بودجە ڕوونی و شەفافی داهات لەهەر وڵاتێك دا پێوەرە بۆ سەرکەوتوویی و کراوەیی و پێشکەوتوویی سیستمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتە، باسەکە باسی داهاتە بەڕێزان، پێم خۆشە، پرسیارم لەسەر داهاتی نەوت دەست پێ بکەم، ئەگەر قەرار بێت نەوت موڵکی هەموو خەڵکی کوردستان بێ، ئێمەش نوێنەری خەڵکی کوردستان بین، لەم پەرلەمانە بەڕێزە، ئێمە دەپرسین داهاتی نەوت چەندە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان کە لێیان پرسیوە دەڵێ نازانم داهاتی نەوت چەندە! ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانیش نازانین داهاتی نەوت چەندە؟ حکومەتیش لێرەیە و بەڕێز وەزیری دارایی ساڵی پار ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ڕایگەیاند کە لای ئەوان نیە

داهاتی نەوت و ئێوەش نازانن چەندە، ئێمە لەکێ بپرسین و بزانین داهاتی نەوت چەندە؟، ڕاستە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێ دوو ژمارە حسابی کراوەتەوە و بۆ ئەو داهاتانە، منیش دەڵێم ڕاستە خۆ ئەم پارانە لە فەردە هەڵناگیرێن لەژێر زەوی، بەڵام پێویستمان بەوە هەیە بزانین ئەو ژمارە حسابیانە چەندێکە و نیسبەتمان دەوێ و پارەی داهاتی نەوت چەندە؟ داهاتی وەزارەتەکان بۆ ساڵی 2013 باسمان کرد کە (651 ملیار و 114 ملیۆن) دینار خراوەتە ناو سەندوقەوە، کۆی داهاتی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ کە دیاری کردووە، (2 ترلیۆن و 679 ملیار) دینارە، بەڵام تەنها (651 ملیار)ی چووەتە خەزێنەی گشتیەوە، ئەی بابەتەکانی دیکە چی لێ هات؟ کە زیاتر لە 2 ترلیۆن دینارە، گرفتی داهاتەکان لە شارەوانیەکان دایە و لە فرۆکەخانەکان دایە و لە بانکەکاندایە، ئەگەر شارەوانیەکان بیانوویەکەیان ئەوە بێ کە یاسای بۆ دەرچووە لە ساڵی 1993 پێویستە ئەم شارەوانیانە،داهاتەکانی خۆیان بۆ خۆیان سەرف بکەنەوە، حکومەت نەقسەکەیان دەداتێ، بەم مەقاسەیە، ئەمە بەڕێزان یەعنی پێویستی بە، ئەگەر شارەوانیەکان ئەمە گرفتیان بێ، ئەی فڕۆکەخانەکان و ئەی بانکەکان؟ پێویستە داهاتەکانیان بەڕوونی لە داهات دابێ، لەسەر ئەساسی داهاتەکان خەرجیەکانیان دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی هیچ شك و گومانێك هەڵنەگرێ، داهاتی سامانە سروشتیەکان، (1 ترلیۆن و 62 ملیار) دینارە، ئەمەش داهاتی بەڕێوبەراتیەکانی بەرهەمە نەوتیەکان و غازە، نابێ ئەم داهاتانە ڕاستەوخۆ بکرێنەوە بە خەرجی وەك لێرە کراوەتەوە بە خەرجی، ئەگەر واش بێ چۆن خەرجی چەند بەڕێوبەراتیەك لە خەرجی چەندین وەزارەت زیاترە، مەبەست سامانە سروشتیەکان، داهاتی وەزارەتی ناوخۆ، داهاتی هاتووچۆ بە 130 ملیار دینار هاتووە، لە بودجەی ئەمساڵ، ڕاستەوخۆ دەکرێتەوە بە خەرجی بۆ وەزارەتی ناوخۆ، لە کاتی موناقەشەی سندوقی سەرەتان دا من باش لە بیرمە، ئەگەر برادەرانیش لە بیریان بێ، بەندە ئیقتراحی ئەوەی کرد کە لە غەراماتی مروری نیسبەتێك دابندرێ بۆ کۆمەك کردن و هاوکاری کردنی سەندوقی سەرەتان، ئەو کاتە وا وەڵام دراینەوە کە پارەی داهاتی غەراماتی مروری نیوەی دەدرێتەوە بە مرور بۆ ئەو کارمەندانە سەرف دەکرێتەوە و نیوەکەی تریشی لە پەرەپێدانی ڕێگاوبانەکان دا سەرف دەکرێ، من دەپرسم، لیستی ئەو ڕێگەوبانانەی کە بە پارەی غەراماتی مروری چاك کراونەتەوە و پەرەیان پێدراوە بێ زەحمەت چەند شەقام و چەند جێگەیە پێمان بڵێن؟، ئەمە لە کاتێك دایە خەرجی بەکاربردن لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ خۆی (2 ترلیۆن 357 ملیار) دینارە، لە داهاتی شارەوانیەکان دا مووچەی فەرمانبەران لە بەشی بەخشین دایە، بەشێکمان هەیە ئێمەلە بودجەی هەر وەزارەتێك تەعویزی موەزەفینە، چ زەرورە لە بەشی مینەح دا مووچەی فەرمانبەرانی تیا بێ، گواستنەوەو گەیاندن، بۆ خزمەتگوزاری تۆڕی زانیاری بڕی (12 ملیار و 101 ملیۆن) دینار تەرخان کراوە، کە لەو بڕە، (8 ملیار و 125 ملیۆن) دیناری بۆ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنە، وەك من پرسیومە ئەوە بۆ تۆڕەکانی زانیاری ئینتەرنێت و پەیوەندی و دامودەزگاکانی حکومەتە لە هەولێر و لە دهۆك، تەنها لە هەولێر و لە دهۆك، پرسیارەکە ئەوەیە، ئەمە بۆچی هەر وەزارەتە بە جیا ئەم بڕە پارەیەی بۆ تەرخان کراوە؟ بۆ مەسەلەی خزمەتگوزاری تۆڕی زانیاری، هەر وەزارەتە بە تەنیا بۆی

تەرخان کراوە و ئەممەش لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەم 8 ملیارە ئەگەر بۆ ئەنتەرنێتی دامودەزگاکانی حکومەت بێ بۆ هەر وەزارەتێکی تر لەو بابە پارە تەرخان کراوە، پرۆژەکان، پرۆژەی ئێمە کە من ئەندامی لیژنەی گواستنەوە و گەیاندنم ئەوە هەموو برادەران لێرەن، لە کاتی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەت لەگەڵ مودیری مەتارەکان بۆ قسە کردن لەسەر بودجە تەبعەن وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و مودیری هەردوو مەتارەکە زۆر زۆر گلەییان هەبوو لە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی، سەبەبی ئیمزا نەکردنی من وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی گواستنەوە و گەیاندن بۆ پەرلەمانی کوردستان سەبەبێکیان گلەیی و گازاندەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنن، یەکێك لە گلەییەکانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەوەیە کە لە مەسەلەی دانانی بودجە هیچ پرسێك بە ئەوان نەکراوە، ئەمە قسەی مدیری عامی تەختیتە، مودیرعامی دیوانە و ستافی وەزارەتە، یەکێك لە گلەیی هەر دوو مودیری مەتار، مەتاری سلێمانی و هەولێر ئەوە بوو کە ئەوان نازانن مەرجەعیان کوێیە؟، سەر بە کوێن و سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، سەر بە وەزارەتی دارییین؟ تا ئێستا مەرجەعی دیاری نیە، شوێنێك نیە بەڕوونی ئەوان سەر بە ئەوێ بن، ئەمە گرفتێکی زۆری بۆ مەسەلەی ئیش و کاری ئەمان دروست کردووە، مەتاری هەولێر تا ئێستا 600، 612 ملیاری بۆ خەرج کراوە، مەتاری سلێمانی بە پێی وتەی مودیری مەتار تا ئێستا نزیکەی 90 ملیۆن دیناری بۆ خەرج کراوە، هێشتا مەتاری هەولێرو مەتاری سلێمانی یەك دنیا کەموکورتیان هەیە، مەسەلەی ئەوان پرۆژەیەك نیە کە دوابخرێ و بخرێتە پلانەوە، پرۆژەیەکە تەکنیکیە و پەیوەندی بە نیشتنەوەی فڕۆکەوە هەیە، کە یەك ملم و یەك نوقسانی هەبێ کارەساتێك دەکەوێتەوە بەڕاستی کە هەم لەسەر هەرێمی کوردستان دەکەوێ و هەم مەتارەکانمان دەکەونە بەر خەتەری داخستنەوە، لە ئەسنای ئەم هەموو کەموکورتیە لە مەتاری سلێمانی و لە مەتاری هەولێر بڕیاری دروست کردنی مەتارێك دەدرێت لە دهۆك، من مەبدەئیەن لەگەڵ ئەنجامدانی هەموو پرۆژەیەکم بۆ هەر بستێکی خاکی ئەم کوردستانە، دهۆکی ئازیزیش بە تەئکید وەکو شوێنێکی گرنگ لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ئەسنای ئەم هەموو کەموکورتیەی لە سلێمانی و لەمەتاری سلێمانی و لە مەتاری هەولێر هەیە، بە ئیعترافی هەردوو مودیری مەتارەکە خێرە مەتارێکی تر لە دهۆك دروست دەکرێ؟ کەموکورتی ئەوان با علاج بکرێ دوایی بیر لە دروست کردنی مەتارێکی دیکە بکرێتەوە، من دەشپرسم بەڕاستی جەدوای ئیقتسادی دروست کردنی مەتارێکی تر لە دهۆك لە ئێستادا لە چی دایە؟ مەشروعەکانی شارەوانی، ئێمە ئاوی قەڵادزەمان هەیە، کە تا ئێستا نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و ساڵانە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە، ئاوی ڕانیە بە هەمان شێوە، ئاوی کۆیەمان هەیە بەهەمان شێوە، مەشروعی پێوەری ئاوی زێرەکمان هەیە بە هەمان شێوە، ئەمە دەلیلە لەسەر مەسەلەی شکستی هەندێ پرۆژە کە بەداخەوە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە بکەونە کار و خزمەتی خەڵك بکەن، هەندێ مەشروع هەیە بەڕاستی لە ڕابردوو دا ئەنجام دراوە، کە مەشروعی حەساسن، مەشروعی ئاون، بەڵام لە ئێستا شکستەکەیان دەردەکەوێ، چونکە بەدواداچوون نەبووە و موتابەعە نەبووە، بۆ نموونە پرۆژەی ئاوی قەزای سیدسادق، لە

ئێستادا زێراب و ئاو تێکەڵ بووە و بە بەردەوامی هەر ڕۆژەی کۆڵانێك هەڵدەکەنن، کە چیمەنتۆش کراوە بۆ ئەوەی بگەڕێن بەدوای خەلەلەکان نایدۆزنەوە، بەڕێز وەزیری پلاندانان لە خشتەی پرۆژەکان دا لە کشتوکاڵ نووسراوە دابین کردنی 50 سەیارە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بە بڕی 2 ملیار دینار، مەسەلەی سەیارە ئێمە دەزانین لە خەرجی بەکاربردن دا باب و فەسڵی خۆی هەیە، بۆ لێرە خراوەتە ناو پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە؟ کڕینی 5 کۆمپرێسەری مۆبایل لەگەڵ بارهەڵگری دەبڵ ئەکسڵ 2012 بە بڕی 450 ملیۆن دینار، بە هەمان شێوە لە پرۆژەکانی کشتوکاڵ داهاتووە و ئەمە بۆ کەوتووەتە ئەوێ؟ من لە جەنابت دەپرسم پێرار و پاریش ئێمە 100 ملیار دینارمان دانا بۆ دەعمی مەشروعی قەزا و ناحیە و گوندە سنووریەکان، دەکرێ پێم بڵێی جەنابت پار ئەو بڕە پارەیە چۆن خەرج کراوە؟ بۆ ئەو شوێنانە، چونکە لە ساڵی ڕابردوو واتە لە ساڵی 2011 پارەی ئەو پرۆژانە سەرف کراوە بۆ هەندێ ناحیە و قەزا کە لە ناوەندن، نەك لەسەر سنوورەکان من داواکارم لە جەنابت کە بەڕوونی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە، یەکێك لەو پێوەرانەی کە باس دەکرێ بۆ مەسەلەی تەوزیع کردنی مەشروعەکان، مەسەلەی پێوەری ژمارەی دانیشتوانە،

لەگەڵ پێوەری وێرانکاری، ئەگەر ئەم پێوەرانە لەبەرچاو گیرابێ بۆ دانانی بودجە، من دوو نموونە دەهێنمەوە، سەید سادق ژمارەی دانیشتوانی 75 هەزار کەسە، لە پرۆژە پێشنیاز کراوەکانی ئەم ساڵ 2013 (4ملیار و 230 ملیۆن)ی بۆ تەرخان کراوە، کەمتر لە 4 ملیۆن دۆلار، هەڵەبجەی تازە، شارەزوور دانیشتوانی نزیکەی 65 هەزار کەسە بە ناحیەی وارماواتەوە، (3ملیار و 930 ملیۆن) دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ پرۆژە پێشنیاز کراوەکانی 2013 ی ئەمساڵ، ئەگەر پێوەری دانیشتوان و وێرانکاری لەبەرچاو گیراوە بەڕەئی جەنابتان ئەمە پێوەرێکی دروستە دانانی ئەم پارەیە بۆ ئەو مەنتقانە؟ دابەش کردنی ژمارەی بودجەی تەشغیلی باسی ئەوە دەکرێ کە 31٪ ئەمساڵ بە 69٪ یە، مەسەلەی بودجەی تەشغیلی، ئێمە ئەگەر ڕازیش نەبووبین، قسەشمان کردبێ لەسەر ئەوەی کە بودجەی تەشغیلی بودجەیەکی زۆرە و بودجەی ئیستسماری بودجەیەکی کەمە، بەڕێزان خۆ ساڵانە ئەمە بەم شێوەیە نەڕۆیشتووە، تەجاوز کراوەتە سەر بودجەی ئیستسماری جارێکی تر، بۆ بودجەی تەشغیلی 84 ـ85 ـ 86 بەرز بووەتەوە، بودجەی ئیستسماری هاتووەتە 15 کە ئەمە لادانە بەڕاستی، ئەمە شکاندنی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، ئێمە لە ساڵی 2011 بڕیارماندا کە سندوقێك دابنێین بۆ ئەوەی پارەی ئیستسماری کە دەمێنێتەوە بچێتە ئەو سەندوقەوە، بەڕێز وەزارەتی دارایی هەتا ئێستا ئەو سەندوقە دروست کراوە، ئەگەر دروست نەکراوە بۆ دروستتان نەکردووە؟، چارەسەر چیە؟ بە بڕوای من چارەسەرەکە ئەوەیە تەبعەن برادەرەکانم و فراکسیۆنی ئێمە هەندێ داواکاریان کرد، من پشتیوانی ئەو داواکاریانە دەکەم، لەسەر ئەساسی کە بودجەی تەشغیلی منیش و برادەرەکانیش هەندێ ڕەقەم و داتامان خستەڕوو کە زیادەڕەوی تێدایە، دەکرێ بودجەی تەشغیلی جارێکی تر ڕێك بخرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو داواکاریانەی کە هەمانە بە هەموومان جێ بەجێ ی بکەین، کە گرنگترینیان مەسەلەی دەعمی زیاد کردنی

مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، کە ئێمە نابێ لەسەر ئەوە بوەستین بەغدا پارە دەنێرێ یان نانێرێ، چونکە ئەوان پێویستیان بەوە هەیە و مەعیشەتی ماڵ و منداڵیان لەسەر ئەوەیە، من داوا دەکەم لیژنەیەك دابندرێ بۆ ڕێك خستنەوەی مووچە و دەرماڵە و بۆ ڕێکخستنی هاوسەنگی، ئەمە داواکاریەکە دەکرێ نەك لە ئێستادا لە چەند ڕۆژی داهاتوو و لە چەند مانگی داهاتوو ئەمە بکرێ، لە ئێستادا سەرباری بوونی ئەم کەموکوڕیانە من داوای گێڕانەوەی بودجە دەکەم جارێکی تر بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی لە ماوەی 10 ـ15 ڕۆژ هەموو تێبینیەکان لەبەرچاو بگیرێ و هەموو هەڵە و کەموکورتیەکان چاك بکرێ و بهێندرێتەوە و ئێمە لێرە بە هەمووومان ئیقراری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایزسەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا حەز دەکەم باس لە لێدوانی هەندەك کەسان، کە تەعلیق نیە و ڕەددانەوەی کەس نیە لێرە کە لە ئیعلام باس دەکەن دەڵێن.... .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە خۆت دەڵێی وەڵامی هەندێ کەس، خوشکی من، لەسەر بودجە قسە، بکە دایکی خۆم، خوشکی خۆم، لەسەر بودجە قسە بکە رجات لێ دەکەم، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەڵێم هەندێ لە خەڵك هەیە جا ئەندام پەرلەمانە و شارەزای ئابووریە کەسانێك هەنە لە وەزارەتی دارایی دەڵێن لە پەرلەمانی کوردستان موناقەشەیەکی زۆر دەکرێ لەسەر یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، منیش دەڵێم ئەوە ڕاستە، جارێ گوێم لێ ڕاگرە، ئەو قسانەی ئەو خەڵکە دەیکەن ڕاستە، حەقی خۆیانە و جاری واهەیە دەبێ ئەندام پەرلەمانیش سەعات و یان سێ چارەك و یان بیست دەقە قسان دەکات، ڕاست دەکەن، بەڵام بەمەرجێك ڕاست دەکەن ئەگەر پەرلەمانی کوردستان یان ئەگەر لە هەرێمی کوردستان، ئەمە دیوانی چاودێری داراییمان هەبا، دەستەی نەزاهەمان هەبا، ئەگەر لە ناو پەرلەمانی کوردستان لیژنەی نەزاهە هەبا، لەناو پەرلەمانی کوردستان لیژنەی وردبینی هەبا، جگە لە لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەگەر ئەو بودجەیەی کە لە حکومەتەوە دێت بۆ پەرلەمانی کوردستان بەو فلتەرانە ، بچووبا ئێمەش پێمان باش بوو لە پەرلەمان و بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان یەك سەعات یان دوو سەعات موناقەشەیەکی بەسیتی بودجەمان بکردبا و کەموکورتیەکانمان لەوێ تەواو بووبا، ئێجا ئێمە موناقەشەی بودجەمان بکردباو پەسەندمان بکردبا، مەبەستم ئەوە بوو، بۆیە دەمگوت پێم مەبڕە.

**بەڕێز د. ارسلان بایزسەرۆکی پەرلەمان:**

جا من سوئالەك لە تۆ دەكەم، توخوا، خوای خۆت، ئەگەر ئەوانەش هەموو هەبووایە ئەو قسانە هەموو نەدەكران؟ سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر نەدەكرا، بەڕێز تەقریرەكان دەچێ و بودجەكە پیشان دەدرێ و بودجەی فعلی، لێرەدا لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە كە دەڵێ 96٪ ی سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی عیراقیەوە دابین دەكرێ، یەعنی زۆر هۆكاری هێناوەتەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من دەڵێم جاری واهەیە كە عەرەب مەسەلەیەكی هەیە دەڵێ (هاى الموضوع بها ان) بە كوردی دەڵێن (ئەو ماستە موویەكی تێدایە)، لەبەرئەوەی كە ئەو ماستە موویەكی تێدایە، با مووەكەی لەناو ماستەكەی دەربینین، ئینجا ئەو كاتە حكومەتی هەرێم لەگەڵ حكومەتی ناوەند لەوانەیە ڕێك بكەون لەبۆ ناردنی بودجەكە بە شێوەیەكی ڕێك و پێك، واتە نە كورتهێنانمان دەبێ و حكومەتی فیدراڵ دەتوانێ جەنتڵمانانە بۆ خۆی بڵێ ئەمن حسەی هەرێمی كوردستان نانێرم و 17٪یش بی بیكاتە 10,4٪، هەر لەسەر ئەوەی كە دەڵێ حكومەتی فیدراڵ بوار نادات تەنانەت هەرێم ڕۆڵ بنوێنێ لە دیاری كردنی بەشە بودجەی خۆیدا، من دەڵێم ئەی ئەو وەزیرانە لە بەغدا ئیش و كاریان چیە؟ ئەی ئەو بەرپرسانە ئیش و كاریان چیە؟ ئەی ئەندام پەرلەمان كە لە بەغدان ئیش و كاریان چیە، حەق وایە هەوڵی ئەوە بدەن كە بودجەكە لە كاتی خۆی زیاد بكرێ نەك كەم بكرێت، ئەگەر كەمیش نەكرێتەوە 17٪ەكە بنێرن، بەڵام لێرە ئێمە با گلەییەكیش لە حكومەتی خۆمان بكەین كە ئەو مامەڵەی حكومەتی فیدراڵ لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەیكات، هەمان مامەڵە حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ پەرلەمان و لەگەڵ هاووڵاتیان و لەگەڵ دامودەزگا حكومیەكان دەیكات و دواییش پێت دەڵێ سەبەبەكەی چیە، خاڵێكی ترمان هەیە لە لاپەڕە 8 هاتووە لە ڕاپۆرتەكە، دەڵێ حكومەتی هەرێم پلانێكی ستراتیجی هەیە لە ساڵانی 2012 ـ 2016 یەك لەو خاڵانەی گرنگی دانە و بایەخدان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆی كوردستان، جگە لە دەرهێنانی بەرهەمی نەوت، بەڵكو بە گرنگی دان بە كەرتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و كەرتەكانی تر، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من یەك نموونە لە كشتوكاڵ دێنمەوە لە یەك جێگا، دەزانم هەموو خاكی كوردستان بە پیت و بەرەكەتە، بەڵام یەك نموونەی دەینمەوە لە ناحیەی تەق تەق و دەوروبەری و ناحیەی سێگردكان تەبعەن سەر بە كۆیەیە، دەشتی كۆیە و منیش نوێنەری كۆیەمە، لەبەرئەوەی ئەو نموونەی دێنمەوە، ساڵی پار لە پرۆژە پێشنیاركراوەكان بەنداوێك دەرچوو بۆ تەق تەق، بڕی 960 ملیاری لە بۆ دەرچوو بوو، پار 15 ملیاری لە بۆ دابین كراو و ئەمساڵ لە پرۆژە بەردەوامەكان نیە، ئەو 15 ملیارەش كە كرا هیچ دیار نیە، دەبوایە حكومەت و وەزارەتی دارایی لە ڕاپۆرتەكەی ئەو پارانە دیاری بكات، لەبەرچی ئەوە سەرف نەكرا، لەبەرئەوەی كە با بڵێین ئەو بەندە وابزانم جێ بەجێ ناكرێ و فەشەلی هێنا، لە بواری پیشەسازی هەمان شت من نموونە بە كۆیە دێنمەوە كە دەڵێ لەبواری پیشەسازی كە گرنگی پێ نەدراوە، مەعمەلی ئاوی

تەماتەمان هەبوو، پوختە کردنی تووتن نازانم چەند ساڵە دروست کرابوو کە ئێستا بووەتە فەرمانگەی دادنووسی، مەعمەل تەماتە نازانم چی لێ هاتووە؟، مەعمەل مافوور کە باشترین مەعمەل مافوور بوو لە هەرێمی کوردستان، کەچی زۆربەی هەرە زۆریشی کارمەندەکانی کە ئیشیان لەو مەعمەلانە دەکرد هەمووی ژن بوون، یەعنی سوودێکی هەبوو لە بۆ ژنان، بەڵام ئەو مەعمەلانە ئێستا لەکار وەستاون، تەنها ئەگەر بڵێی مەعمەل مافوور نەبێ هەندێ کاری لێ دەکرێ، بەڵام کارێکی کەمی لێ دەکرێ، ئەگەر باس لە گەشتیاری دەکات کە بایەخ بە کەرتی گەشتیاری درابێ، تاوەکو ئەو ساڵ کەرتی گەشتیاری پارەی بۆ دابین نەکراوە، جگە لەوەی کە هەندێکیان کەرتی تایبەتە، بەڵام کەرتی حکومیش هەیە، ئەوساڵ نەبێ هەندێ پارەی بۆ دابین کراوە و بایەخدان بە کەرتی گەشتیاری، بەڵام تاکو ساڵی پاریش دینارەکی بۆ سەرف نەکرابوو، ئایا چ پەرەپێدانێك و بایەخدانێکە بەو کەرتانە، بواری سیستمی تەندروستی، تەندروستی بەس پێشنیار دەکەم، ئەمە پرۆژە یاسایەکە کە پرۆژە یاسای بیمەی تەندروستی ئەگەر لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکەین، لەوانەیە بواری تەندروستی سوودێکی لێ وەربگیرێ، باس لە پێداویستی تەندروستی ناکەم، لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری هاوکارانم باسیان لێی کردووە و پێویست ناکات من باسی بکەم، گرنگی دانی زیاتر بەبواری پەروەردە و خوێندن و خوێندنی باڵا، هەر ماوەی دوو، سێ هەفتە بەر لە ئێستا سەردانی چەند گوندێکمان کرد، لە گوندەکان سەردانی قوتابخانەکانمان کرد، لەبەرئەوەی قوتابخانە دائیرەی حکومیە لەوێ، کەچی بە گشتی دەیڵێم قوتابخانە هەبوو درزی دیواری ئەو بەرو ئەوبەری بڵێین نێوان دوو ژوور دیار بوو، قوتابخانە هەبوو دیواری دیسان ڕووخا بوو، یەك شتی زۆر سەیرم دیت لە قوتابخانە و لە پۆلەکە مامۆستایەکە لەبەردەم تەختە ڕەشەکە ڕاوەستابوو، قوتابیەکان هەموو چوو بوونە پەنا دیوارەکە دانیشت بوون و لەرزیان لێ بوو، بارانیش بە کەیفی خۆی دەباری و دڵۆپەی دەکرد، جا کەم تەرخەمیەکە ئەوە ئایا لە وەزارەتە یان لە بەڕێوبەری قوتابخانەیە، واتە هەمووی هەر حکومەت دەگرێتەوە، تەڵەبە چ بکات بچێتە چواردەوری پۆلەکەی دانیشێت و لە ناوەڕاستی هەر هەمووی دڵۆپەی دەکرد، جگە لەوەی قوتابخانە هەبوو چەند ساڵێك دروست کراوە شەبەکەی ئاوی بۆ ڕانەکێشراوە، قوتابخانە هەبوو تاوەکو ئێستا چەند ساڵە دروست کراوە کارەبای ڕەئیسی نەبووە تا ئێمە تەلەفۆنمان بۆ دائیرەی کارەبا کردووە و هەتاکو بۆیان جێ بەجێ کراوە، دانانی سیستمی گونجاو بۆ وەرگرتنی داهاتی ئاو و کارەبا هاوکارم کاك سەرهەنگ باسی کرد، باسی داهاتی ئاو و کارەبای کرد کە چۆن وەری دەگرنەوە، من دەڵێم ئەگەر دەسەڵات بدرێتە وەزارەتی کارەبا دەڵێ خەرجی زیاترە لە داهاتی، ئەگەر دەسەڵات بدرێتە وەزارەتی کارەبا لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە بگرە هەتا ئاخر دامودەزگای حکومی و حزبی حەق وایە ئەگەر پارەی کارەبا نادەن کارەبایان ببڕی، مافی خۆیەتی، واتە یاسایەکە جێ بەجێ بکرێ بۆ پاشا و گەدا وەك یەك بێ، بە دامودەزگا حزبیەکانەوە و بە دامودەزگا حکومیەکانیشەوە، دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ پەرەپێدانی دەرماڵە بە فەرمانبەرانی حکومەت، لێرە پێشنیاریان کردووە دوایی جوابیان دەدەینەوە، لە ڕاپۆرتەکە هاتووە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوادارە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2013

جێگای متمانەی پەرلەمانتاران بێ، منیش لەگەڵ ئەوەمە پرۆژە یاسای بودجە پەسەند بکرێ، بەڵام بەمەرجێك، مەرجەکەش ئەوەیە کە کاك کاردۆی هاوکارم باسی کرد لیژنەیەك پێك بێت، چونکە بە کەموکورتیەوە ئێمە ئامادە نین دەنگی بۆ بدەین و پەسەند بکرێ، بەڵام ئەو کەموکورتیانەی لەناو یاسای بودجەکە هەیە لەناو ڕاپۆرتەکەی دیاری کراوە، جێ بەجێ بکرێ و ئەوکاتە ئێمەش ئامادەین دەنگی پێ بدەین، دێینە دابەش بوونی خەرجی خەملاندن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لێرە هاوکارانم باسیان کرد، تەخمین کردنی بودجە لەگەڵ فیعلی گەلەك زۆری فەرقە، هەتا بە قەرەبووی فەرمانبەرانیشەوە، لە تەخمینەکەی  هاتووە، بڕی 2 ترلیۆن و چەند ملیارەکە، لە فیعلیەکەی 11 ترلیۆنە و چەند ملیارەکە، ئەمە دەزانین تەخمین دائیمەن لە فیعلی زیاتر دەنووسرێ، ئەوە هەموو بەڕێوبەری قوتابخانەکانیش فێرە ئەو بەزمە بوو بوون، کە تەجهیزات و کتاب دەهات چەند قوتابیان هەیە، دوو قاتیان دەنووسی و دەیانگوت ئەگەر دوو قات بنووسی نیوەشمان لێ ببڕن نیوەکەی ترمان هەر دەدەنێ، بەس ئەوە مەسەلەکە پارەیە، پارە کو دەبێ؟، ئەگەر وەزارەتێك ترلیۆنێکی نووسی بێ و وەزارەتی دارایی 500 ملیاری بداتێ، ئەی ئەو ترلیۆنەی کە نووسیویەتی یان بە زیادەوە نووسیویەتی، حەق نیە ئەوە وابێت، یانیش کو جێ بەجێ ی کرد ئەو پێداویستیەی هەیەتی ماوەی ئەو ساڵە جێ بەجێ ی دەکات، بێینە سەر دابەش بەندی ئابووری باس لە قەرەبووی فەرمانبەران و کاڵا و خزمەتگوزاری ئەوانە زۆریان باسیان کرد، ناڵێم ئەوە بڕەکەی ئەوەندەیە و کەمە یان زۆرە، بەڵام هەندێ نموونەم هەیە لەسەر ئەوە، نووسراوە 950 ملیۆن (المسارح ولوازمها)، 1 ملیار و 210 ملیۆن (الاجهزە الموسیقیه)، 907 ملیۆن (موجودات ثابتە اخری) لە دوای هەموو موجوداتی تر، ئینجا موجوداتی سابیتەی ئوخرا، 2 ملیار و 26 ملیۆن (مخصصات الضیافة) کە لە شەش مانگی ساڵی ڕابردوو تەنها 746 ملیۆنیان سەرف کردووە، 1 ملیارو 662 دینار پارەی کتاب، کەچی لە شەش مانگی ساڵی ڕابردوو تەنها 387 ملیۆنیان سەرف کردووە، 703 ملیۆن سجلات، ساڵی پار تەنها 84 ملیۆن بووە، 277 وەسائیقی ساڵی پار بە شەش  مانگ 44 ملیۆن دینار بووە، ئجوری مەجاری کە داوایان کردووە هەندێ لە وەزارەتەکان 3 ملیار و 293 وەزارەتی دارایی دەستی خۆش بێ فلسەکی نەداوەتێ، زۆر باشە، 3 ملیار و 697 ملیۆن مەلابسی ئوخرا دوای هەموو مەلابسەك نازانم مەلابسی ئوخرا یەعنی چی؟، کە دوای هەموو مەلابسەك پاریش دانراوە 662 ملیۆن دینار وەرگیراوە، 117 ملیار و 776 ملیۆن دینار ئەغزیەی ئوخرا، دوای هەموو خواردنەکان نووسراوە، ئەوەندە ملیارەمان دەوێ بۆ خواردن، کە ساڵی پار 57 ملیاریان سەرف کردووە، 30 ملیار و 899 ملیۆن دینار موخەسەسات و نەفەقاتی سەفەر  کە ساڵی پار تەنها 13 ملیار سەرف کراوە، 2 ملیار و 361 ملیۆن دینار جگە لە موخەسەسات، نەفەقاتی سەفەر هاتووە بە نەفەقات ئوخرا، نەفەقاتی ئوخرا یەعنی چیە کە سەفەر و پلیتی تەیارە و هەمووی دابین کراوە، جگە لەوە ئەوەندەیان داواکردووە، 2 ملیار و 430 ملیۆن ئیشتراك لە سحوف، ئەو (اشتراك فی الصحف)ە بەڕێزان ئەوە بۆ فەرمانبەری ئاسایی نیە، بۆ فەرمانبەرە پلە بەرزەکانە، حەق وایە بۆ خۆیان پارەی سوحف بدەن، ڕۆژنامەیەکی دەیخوننەوە پارەکەی بدەن، ئەوە بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی وەزارەتی

دارایی زۆر زۆر باشترە کە ساڵی پار 809 ملیۆنیان سەرف کردووە، ئیجاراتی ئوخرا، جگە لە ئیجارات مەبانی و سەکەن و موعیدات و مەکائین و ئەوانە داوای 1 ملیار و 576 ملیۆنیان کردووە، تەرفیهی ڕەسمی کە دەکاتە وفود و عیلاقاتی عامە و موناسەباتی ڕەسمی، داوای 28 ملیارو 607 ملیۆنیان کردووە کە ساڵی پار تەنها 10 ملیاریان سەرف کردووە، موئتەمەرات و نەدوات 8 ملیاریان داواکردووە، ساڵی پار 858 ملیۆنیان سەرف کردووە، تەنزیفی دەوائیر جگە لە ئەو کۆمپانیایەی پاککەرەوە کە شارەوانیەکان دەیکەن، 28 ملیاری داواکردووە لەگەڵ 215 لە ساڵی پار تەنها 11 ملیاریان سەرف کردووە، 32 ملیار و 356 (صیانە وسائل النقل) ساڵی پار 11 ملیاریان سەرف کردووە، دوای هەموو وەسائیتی نەقلەکان هاتووە، 895 ملیۆن دینار لە ئوخرا، ئوخرا یەعنی چی؟؟ لێرەدا کە هەموو جۆرە سەیارەیەك بە پایسکل و ماتۆرەوەش نیشانت کرد، ئەو ئوخرایە یەعنی؟ چی نازانین، 75 ملیۆن مەحەتاتی ئیداری ئیزاعە وتەلەفزیۆن، نازانم کام مەحەتە و ئیزاعە و تەلەفزیۆن سەربەخۆیە؟ چونکە هەر هەموویان حیزبینە، 22 ملیار و 400 دینار نەفەقات (اللجنە الاولومبیە) ئێمە لەگەڵ ئەوەینە بایەخ بە بواری وەرزش بدرێ، بەڵام ساڵی پار 2 ملیاریان سەرف کردووە، ئێستا داوای 22 ملیاریان کردووە، خاڵێکی تر 814 ملیار و 553 نەفەقاتی ئوخرای موتەنەویعە، یەعنی لە شەش مانگی ساڵی ڕابردوو 94 ملیاریان سەرف کردووە، ئەوە هەندەك بە گشتی باسی لە سیلع و خەدەمات و سیانە و ئوخرا و ئەو شتانە بوو، بێینە سەر دابەش بەندی وەزیفی، لاپەڕە 12 بودجە بە وەزیفە سەرەکیەکانیش دابەش دەکرێ بۆ بودجەی ئاسایش و بەرگری، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە هیچ کاتێك لە شەئنی هێزی چەکداری و هێزی پێشمەرگە و هێزی ناوخۆ و ئاسایش بە هیچ شێوەیەك کەم ناکەینەوە، ڕاستە ماندوو بوون و شەو و ڕۆژ ئیش دەکەن و کار دەکەن، بە هەموو شێوەیەك ئەگەر وەسفیان بکەین، بەڵام من یەك شتتان پێ دەڵێم، ئەو ئەمن و ئاسایشەی کە لە هەرێمی کوردستان بەرقەرارە 60٪ ی فەخر و شانازیەکە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان کە چاوی لە تیرۆر نیە و چاوی لە کوشتنی خەڵك نیە، چاوی لە تەقینەوە نیە و بۆ خۆی بەشدار نیە لەو کارانە، لەبەرئەوە دەڵێم ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان هاوکاری هێزەکانی چەکداری دەکەن بە پۆلیس و ئاسایشەوە و بە پێشمەرگەوە، نموونەشمان لەسەر ئەوەی هەیە، ساڵانی پێشووتر چەند کارەساتی زۆر ناخۆش ڕووی دا هەرچەندە هێزی چەکدار و ئاسایش هەبوو و پۆلیس هەبوو، هەموو شێوەیەکی بڵێین چەکداری هەبوو، بەڵام تەقینەوەش ڕووی دا زۆر بەداخەوە لە 1ی شوبات 300 کەس شەهید بوو کارەساتەکە ئەو کەسەی کە ئەوەی ئەنجامدا لەناو هاووڵاتی هەرێمی کوردستان بوو، جگە لەوەی باندێکی تیرۆرستی هەبوو باش بوو بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەك کە خەبەر درا و خەبەری ئاسایش درا لەو باندەی کە شێخ زانا تێیدا بەشدار بوو، لەناو ئەو باندەش کەسانێك هەبوون لەناو هێزی ئاسایش بە پلەی رائید بوون، باش بوو الحمدلله واستە و واستەکاری نەیخوارد هەموویان ئیعدام کران، ئەو کارە تیرۆریە واتە ئەمن دەیڵێم 60٪ لە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، ئینجا بۆ ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکان و دەزگای پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ، لە لاپەڕە 13 خاڵی

6 هاتووه خەرجیەکان، لەوانە فڕۆکەخانەکان هاوکارم کاك سەرهەنگ زۆر بەجوانی ڕوونی کردەوە، باسی لەوەش کرد کە بڵێین ئێستا دوو مەتار هەیە، بەڵام من دەیڵێم مادام فڕۆکەخانەی دهۆك نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، پاریش بودجەی بۆ تەرخان کرا و ئەوساڵیش بودجەی بۆدانراوە، ئەوە لەسەر زاری هەردوو بەڕێوبەری فڕۆکەخانە ئاسانی فڕۆکە وەکو سەیارە و وەکو وەسائیل نەقەلەکانی دی نیە، پەیوەندی بە ژیانی هاووڵاتیان هەیە، ژیانی گەشتیاران هەیە، ئینجا بە بێگانە و بە خۆماڵیەوە، لەبەرئەوە من یەك پێشنیار دەکەم، مادام فڕۆکەخانەی دهۆك نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ئەو ملیارەی ئەوسا بۆی دابین کراوە، ئەو 50 ملیارە بدرێتە فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی و کەموکوریەکانیان جێ بەجێ بکرێ، بەڵام لە ساڵی دواتر کە دێ قەرەبوویان بکرێتەوە، لەجیاتی 50 ملیارەکە بەشی هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانیش بۆ ئەوان سەرف بکرێ باشترە، بۆ لێرە پلانەك دانراوە ئەوساڵ پڕۆژە پێشنیار کراوەکان زۆر کەمترە لە پڕۆژە بەردەوامەکان، لەبەرئەوەی پڕۆژە بەردەوامەکان تەواو بێ ئینجا پێشنیاری نوێ هەبێ، ئەو فڕۆکەخانەش ئەگەر ئەو بڕە پارەیەی دانراوە بۆ ئەوان سەرف بکرێ، بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان و گەشتیارانە زۆر باشە، بە نیسبەتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن با ئێمە تەکلیفەك لە حکومەت بکەین، ئایا پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی هەیە، پەیوەندی بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەیە، ئەنجومەنی وەزیرانەوەیە، گلەییەکی یەکجار زۆریان هەبوو کە دەیانگوت ئێمە نازانین پڕۆژەیەك دەکرێ، نازانین چەندە، بۆمان دێت نازانین چەندە، ئەمڕۆ تەلەفۆنەکمان لە بۆ دەکرێ ئەوەندە پارەتان هەیە، بەیانی گۆڕاوە و دەڵێ ئەوەندە پارەتان هەیە، واتە ئەو وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن یان سەڵاحیەتیان بدەنێ، ئیش و کارەکانیان بەڕێك و پێکی بەڕێوە بچێت، یان ئەو وەزارەتەی هەڵبوەشێننەوە و دامودەزگاکانی با سەر بە لایەنێکی تر بێ، ئەوە لەسەر داوای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنە، بێینە سەر بودجەی وەبەرهێنان، بودجەی وەبەرهێنان (5 ترلیۆن و 334 ملیارە)، بودجەی وەبەرهێنان بەرێژان من ناڵێم کەمە، بودجەی وەبەرهێنان بودجەیەکی باشە کەلە بۆی دانراوە، ئەوەی دی دەڕوات، ئێستا دێینە سەر وەزیفی، زۆر باشە و هیچ عەیبی نیە، زۆرە کەم نیە، بەڵام بە مەرجێك ئەو بودجەیە هەمووی سەرف بکرێ لە بواری ئیستسمار، نەك ئەو بودجەیە نیوەی سەرف بکرێ و نیوەکەی دی دەڵێی چی لێ هات؟، پێمان ناڵێن چی لێ هات، دەڵێن ئەی ئەنگۆ موخەسەساتی پۆلیس و ئاسایشتان زیاد نەکرد، ئەی ئەنگۆ موخەسەسات و پارەی مامۆستایان و کارمەندانی وەزارەتی پەروەردەتان زیاد نەکرد، یەعنی ئەو پاساوانە دێننەوە، نەخێر با سەرف بکرێت بۆ ئیستسمار، ئێستا ئەوە مانگی یەکە دەتوانن ئەگەر ڕۆتین کەم بکرێتەوە، لەناو حکومەت حکومەتی هەرێم لە هەموو دەزگایەکانی حکومەتی هەرێم تەندەرین بکرێ، بەس دەکرێ ئیتلاقی پارەی بکرێ لە بۆ بەڵێندەرەکان، بەڵکو ئەوانەش بچێتە بواری جێ بەجێ کردن، هیوادارایین ئەو 5 ترلیۆنە ئەوساڵ دابین کرایە بۆ ساڵێکی دی وەك ئەمڕۆ هەتا ئێمە لێرە نین و وەجبەیەکی دی لێرەیە، انشاالله دەست خۆشی بکەن و بڵێن ئەوە سەرف کرا بۆ بودجەی ئیستسمار، لاپەڕە 30 ڕێگەنەدان بەبەشداری هەرێم لە دارشتنی سیاسەتی دارایی و دانانی بودجەی عیراق، ئەوە باسیان

کردووه کە دوو کۆبوونەوەیان کردووه لە 2012/9/31 و لە 2012/10/21 کۆبوونەوە کراوە ڕێك کەوتووینە لەسەر ناردنی پارەی هەرێم 17٪ ەکەی، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو گرژی و ئاڵۆزیەی کە باسم کرد ئەو موەی لەو ماستەی دەربێنن، وابزانم جێ بەجێ دەبی، ئەوەش هەمووی پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە، هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بە دەست هێنانی مافەکانی لە بەغدا ئەوە باسم کرد، چونکە ئەو دوو بەروارەی تێدایە، خەرجی سیادی، خەرجی سیادی و نەفەقاتی سیادی دوای ئەوەی کە لێی دەردێنن، حەق وایە کە لێرە بە پێی ماددەی لە دەستوور داهاتووە یان لە یاسای بودجەی عیراق داهاتووە ئەو خەرجە سیادیەی کە دەمێنێتەوە وەفرەکە کە دەمێنێتەوە ڕێك کەوتووینە لەسەر ئەوەی بخرێتە ناو سەندوقەك یان بگەڕێتەوە بودجەی وەزارەتی دارایی ئەو کاتە 17٪ ی هەرێمیشی لێ بدرێ، هیوادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی جدی بدات و بێ منەت نەبێ لە بۆ وەرگرتنەوەی و شەرمیشی ناوێت دەبێت حکومەتی فیدڕاڵ خاڵەکی لاوازی حکومەتی هەرێمی لەبەردەست دابێ، بۆیە بەو شێوەیە موسیرە لەسەر ئەوەی 17٪ ی هەرێمی کوردستان نەدات، بەڵام ئەمە گلەیی لە حکومەتی عیراق دەکەین، حکومەتی هەرێم گلەیی لە حکومەتی عیراق دەکات و دەڵێ وەفری ئەو پارانەی نەفەقاتی سیادی کە تاوەکو ئێستا ڕێك کەوتووینە بۆمان نەهاتووە با ئێمەش ئەو گلەییەی لە حکومەتی هەرێم بکەین و بڵێین وەفری ئەو پارانەی کە لە بودجەی تەشغیلی دەمێنێتەوە لە وەزارەتەکان هەمووی سەرف نابێ، لەو پارانەی کە بۆ باج و ئەو رسوماتانەی کە وەردەگیرێ داهاتی هەرێمی کوردستانە و ناچێتە بەغدا وەفری ئەو پارانەی لە پرۆژەی ئیستسمار دەمێنێتەوە بە هەمان شێوە حکومەتی هەرێمیش لە بۆمان دیاری ناکات، موستەحەقاتی پێشمەرگە باسی ناکەم زۆریان باس کرد ببێتە هێزێکی نیشتمانی، ژمارەی تەواو بدەنە حکومەتی عیراق، ئێستاش نیشانەی دوو ئیدارەیی پێوە دیارە، ئەو کاتی عیراق ناتوانی موستەحەقاتی پێشمەرگە نەنێری 7 ترلیۆنە و مافی خۆمانە وەری بگرین، بێینە سەر پەرەپێدانی بەشی هەرێم لە پترۆ دۆلار، ئەو ساڵ 42 ملیۆن دینار یان 400 هەزاریان بۆ دانراوە، کە موستەحەقاتی هەرێم دەڵێ بە پێی ئەو ژمارە بەرمیل نەفتانەی کە دەینێرین ڕۆژانە، 250 هەزار بەرمیل دابەش 100 و دابەشی 66 هەمووی دەکاتە 106 ملیار و 397 خۆش مەبن لەو حەقەی بە هەموو لایەکەوە، بەڵام منیش دەڵێم حەق نیە لێیان خۆش بن لە حەقی پترۆ دۆلاری کە پترۆ دۆلار مافی خۆیەتی قەزای کۆیە و ناحیەی تەق تەق لە هەموو حەقلی شیواشۆك ئەو خێروبێرەی هەرێمی کوردستان هەمووی هی ئەوێیە و مافی هەموو خەڵکی کوردستانە لێی سوودمەند بێ، بەڵام جاری واهەیە دەبێ حسەی ئەسەد بۆ ئەو ناوچانە بێ کە بەرهەمی نەفتی لێ هەیە، بەڵام زۆر بە داخەوە کە ئەو ساڵ پرۆژەکانی وەبەرهێنانی تەق تەق و کۆیە نەگەیشتە 4 ملیار دینار، جگە لەوەی ناحیەی سێ گردکان و سکتانیش سفرە، دێینە سەر بودجەی تەواوکاری، بودجەی تەواوکاری زۆر باشە، کە دەڵێ بە گوێرەی ماددەی 23 لە قانونی بودجەی عیراق ساڵی 2012 نایخوێنمەوە، کەواتە بودجەی تەواوکاری ئەو بودجەیەیە کە دوای ئەوەی کە نەوت دەفرۆشێت سعرەکەی بەرز دەبێتەوە، ئەو بودجەی تەواوکاریە بڕیاردرایە کە حکومەتی عیراقی 25٪ ی بدرێتە هاووڵاتیانی هەموو عیراق،

هیوادارین لەو 25٪ ەش ئەگەر انشاللە بەدی کرا، ئەو بودجە تەواوکاریە بۆ هەرێمی کوردستانیش بێ، بەڵکو هاووڵاتیانی کوردستانیش لێی سوودمەند دەبن و دابەش بکرێت، داهاتە سنووریەکان ئەوە زۆر باسکراوە، باسی ناکەم، دابین کردنی بودجەی پێشمەرگە لەلایەن هەرێمەوە باسکرایە، بەردەوام بوون، یەك لە گرفتەکانی کە باسی دەکات کە کورتهێنان لەسەر پێدانی پێشینەی قەرزەکان، بەڕێزان من پرسیارەك دەکەم لە وەزارەتی دارایی، پێشینە و قەرزەکان ڕاستە دراوە، هەرچەندە دوو مانگە ڕاوەستاوە، ئەوان دیاریان کردووە کە ئەوانەی کە سوودمەند بوونە بە ژمارە دیاری کردووە، ئەو بڕە پارەیەی وەریشگیراوە، ئەویشیان دیاری کردووە، بەڵام دیاریان نەکردووە کە چەندیان وەرگرتووە، کە ئەوەی وەری دەگریەوە، ئەگەر هەرچەند بێت مودەوەرە، پاشی یەك، دوو ساڵی دی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی پێویست ناکات لە بودجەی گشتی پارەی بداتە قەرز، واتە لەوەی کە بۆی دەگەڕێتەوە دەتوانێ بیداتە هاووڵاتیان و لێی سوودمەند بن، بەڵام ئەوەی نەکاتە پاساو، خاڵێکی تر هەیە دابین کردنی کارەبا باسی ناکەم هاوکارانم زۆر باسیان کرد، تەنها لێرە دەڵێ لە (ج) دەڵێ بە جۆرێك تاوەکو بەرواری 2012/11/30 وەزارەتی دارایی ئابووری بڕی (3 ترلیۆن و 824 ملیار) دیناری بە قەرز داوە، خانووبەرە و هاوسەرگیری و نیشتەجێ بوون، منیش دەڵێم بەڕێز وەزارەتی دارایی ئەی ئەو دوو ترلیۆن و 44 ملیار دینارەی کە مایتەوە لە پارەی بودجەی ئیستسمار ئەدی چی لێ هات؟ زۆری ژمارەی فەرمانبەران من هیچ ناڵێم فەرمانبەر ژمارەیان زۆرە، هەر یەك لەو جەماعەتەی کە دانیشتوونە خوشك وبرایەکی تەخەروج بکات هەوڵی ئەوەی دەدات کە تەعینی بکات، لە باشترین جێگاش تەعینی بکات، ئەی ئەو گەنجانەی کە تەخەروج دەکەن و چەند ساڵە دەخوێنن چاویان کوێر دەبێ ئەوەی کولیەی توب و هەندەسە و ئامادەیی و بەکەلۆریۆس  تەواو دەکات، ئەی ئەگەر مافی نەبێ دابمەزرێ ئەی ئیش و کاری بچێتە کوێ و بە چی بژیت؟، بەو 150 هەزارەی کە پێی دەڵێن بیمەی بێ کاری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خێری پێ بکات، ئەی ئەو هاووڵاتیە مافی ئەوەی نیە لەو بودجە زەبەلاحەی کە هەمانە لە هەرێمی کوردستان و لەو داهاتە نەوتیەی کە نازانین چەندە داهاتی نەوت مافی خۆی نیە سوودمەند بێت لەوەی؟، کە دەڵێ 65٪ کە دەگەڕێتەوە بۆ مووچەی فەرمانبەران و خانەنیشینان، خانە نیشینان، ئەوانەی سنووری ئیدارەی سلێمانی قەرەبووی 7 ساڵەکەی هەتا دوێنێ شەوێ تەلەفۆنیان کردووە، خانەنیشینان دەڵێن ئەوانە تاوەکو ئێستا ئێمە ئەو قەرەبووەمان وەرنەگرتووەتەوە، هیوادارین وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەگەر دوو مانگ و سێ مانگی دیکەش تاخیری بکات، بەڵام بە کاش بیانداتێ، نەك هەر مانگەی 200 هەزار و 300 هەزار دیناری بداتێ کە لێی سوودمەند نەبێ و بتوانێ با سێ مانگ تەئخیری بکات، بەڵام بە کاش بیانداتێ پارەکە باشترە، بێینە سەر مووچەی شەهیدان، تەبعەن هەفتەیەك یان چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران مووچەی وارسی شەهیدان زیادی کرد، ئەو مووچەیەی کە زیادی کرد، تەبعەن خاڵێکی ئیجابی بوو، ئەوە یەك، بە موبالەغەش نایڵێم، بە هیچ نەوعێکیش نایڵێم، حەز دەکەی لە پرۆتۆکۆلیش ڕەشی بکەوە، بەڵام دەیڵێم ئەو هەموو خەڵکەی لە هەرێمی کوردستان کە دەژین و بە کەیفی خۆیان سەفەر دەکەن و دێ و دەڕوات و

**وەزیرە و ئەندام پەرلەمانەو سەرۆکی هەرێمە، هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکان لە نێوچەوانی خوێنی ئەو شەهیدانەیە کە خۆیان بەخت کردووە لە پێناوی ئەوکوردستانە، بەڵام ئەو مووچەیەی کە زیادی کردووە بۆ مووچەی شەهیدان دەستیان خۆش بێ، بەڵام ناعەدالەتی تێدابوو، ناعەدالەتیەکە ئەوەیە وارسی شەهیدی سەنگەر لەگەڵ وارسی شەهیدی جینۆساید 150 هەزار دیناری بۆ زیاد کراوە، بەڵام وارسی شەهیدی هاووڵاتی 50 هەزاری بۆ زیاد کرا کە هی ئەو کردیە 300 هەزار، هەرچەندە ئەو زیادەش بەشی بژێوی ژیانیان ناکات لەبەرئەوەی گرانی یەکجار پشتی هاووڵاتیانی شکاندووە، من ئاوام تەحلیل کردووە، ئەو زیادەیەی کە بۆ وارسی ئەو شەهیدانە وام تەحلیل کردووە، وارسی شەهیدانی سەنگەر و وارسی شەهیدانی جینۆساید دیارە ڕۆژی سێ جەم نان دەخۆن، بەڵام وارسی شەهیدانی هاووڵاتی ڕۆژی جەمەك نان دەخۆن، چونکە 150 هەزارە، و ئەوانیش 50 هەزاری وەردەگرن، غەڵەت تێ نەگەیشتوومە و بە نیسبەش نیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خاڵێکی دی حکومەتی هەرێم دەڵێ، ئەو دەرماڵەی بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان هەیە، لە بەغدا نیە، داوای ئەوە دەکات ڕێنمایی نوێ دەرچێت، تەنها دەرماڵەی زەوجیە و ئەولاد هاوتا بکرێ لەگەڵ عیراق، تەسەور ناکەم هیچ ئەندام پەرلەمانێك ڕازی بێت بەوەی یەك لە فەرمانبەران و مامۆستایان لە هەرێمی کوردستان تێیدا زەرەرمەند بن بە هاوتاکردنی مووچەکانیان، خاڵی ج لاپەڕە 37 دوو یاسا هەیە لە هەرێم بۆ مووچەی کارمەندانی مەدەنی کاریان پێ دەکرێ، ژمارە 22 و 23 کاتی خۆی حکومەتی هەرێم دەری چواندووە، ئێستا ئەگەر بێتو بیەوێ پەشیمان ببێتەوە، زۆرینەی مامۆستایانی زانکۆ و ئەوانە تێیدا زەرەرمەند دەبن، چەند هۆکارێکی تر هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان باس لە زیندانیانی سیاسی کرا، یەك لە هاوکارانم لە بیرم نیە زۆر جوان شی کردەوە و زیندانیانی سیاسی یاسایەکەی تەواو بووە، ئیش و کارەکانیان هەندێکیان تەواو بووە، بەڵام لە ئەنجومەنی وەزیران عەرقەڵەی خراوەتە ناوی و جێ بەجێ ناکرێ، جگە لەوەی دەڵێن هەرچەندە ئێمە تەدەخولی ئیشی قەزا ناکەین، دەڵێن هەفتەی دوو ڕۆژ حاکمەکە دادەنیشی و دوو سێ معامەلە بەرێ دەکات و ئەوانەی تریش بەجێ دەهێڵێ واتە بە یەك حاکم ئەوەندە معامەلە ناڕوات هیوادارین ئەوجاری وابکەن کە ئایا لیژنەی دی دادەندرێ یان حاکمی تر دادەنێن، یان ئیشەکان جێ بەجێ دەکەن، ئەو کەسەی ئیشەکەشی لەلایە با ناوەکەی نەیەنم، چونکە ناوەکەی لە ئەنجومەنی وەزیران دیارە و با باسی نەکەم، کاریگەری سلبی لەسەر دابەزینی 15٪ ی بودجەی بەکاربردنی ساڵی 2012 هیچ کاریگەری سلبی تەسەور ناکەم لەسەر ئەوەی هەبێ، لەبەرئەوەی نەك ئۆپۆزسیۆن، بەڵکو فراکسیۆنی کوردستانیش تەحلیلەکی وای کردبوو کە 15٪ ی بودجەی بەکاربردن، جگە لە موەزەفین کەم کراوەو دابەشی سەر سێکتەرەکانیش کرا، واتە ئەگەر لە سلع و خەدەمات و مەوجوداتی نادارایی و ئەوانە حکومەتی هەرێم یان وەزارەتەکان زێدەڕۆییان نەکردبێ کاریگەری سلبی نابێت لەسەر ئەو وەزارەتانە کە باس لە کلۆریش دەکرێ لە وەزارەتی شارەوانی یان کڕینی مەوادی پاککەرەوە، بەڵکو کلۆریشیان بەکارهێنا بۆ وەزیری شارەوانی باسی کرد، گوتی ڕاستە هەندەك تەئسیرمان لێ کراوە، بەڵام کلۆریشمان لە دوایی بەکارهێناوە، دێینە سەر ئەوەی لە وەزارەتی کارو کاروباری**

کۆمەڵایەتی 418 ملیار دینار دەدرێ، شەلەل دەماغ و نابینا و کورتە باڵا و نابیست و با بڵێین ئەوانە، لەوانە چاودێری خێزان و کەم ئەندام، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بیستوومە، ئەو مووچەی کە هەبوو 30 هەزار دینارەی چەند مانگە ڕاوەستاوە و نادرێتە ئەو خەڵکانە، بەڵام من پێشنیار دەکەم، ڕاستە لیژنەیەکی بۆ دانراوە، هی وا هەیە وەزعی ماددی زۆر زۆر باشە، ئەو 30 هەزار دینارە یان ئەو 37 هەزار دینارە ئەگەر لێشی ببڕێت هیچ تەئسیر ناکات، بەڵام ئەوەی کە فەقیرە و هەژارە و کەم دەرامەتە بخرێتە سەر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی 30 هەزار دینار هەر پارە نیە، دەکاتە یەك مریشك ئەگەر بچی بیکڕی، یەعنی ئەو خێزانە کو پێوەی بەڕێ دەچی؟ ئەگەر بیخەینە سەر تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ببێتە 150 هەزار دینار، زۆر باشە و تەسوییەی بکەن، ئەوە یەك، کەمئەندامان ماوەی مانگێك زیاتر کە 32 ڕۆژ بوو مانیان گرت لە سلێمانی زۆر لە خەڵکی ڕۆشنبیر و کۆمەڵی مەدەنی و ڕۆژنامەنووس و ئەندام پەرلەمان ئەوانەی پەیوەندی بە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیشەوە هەیە، سەردانی کەمئەندامانیان کرد، بەڵام زۆر بەداخەوە کە هاتنە هەولێر ماوەی 24 سەعاتی پێ نەچوو، هەموویان ئەو وێنە تراژیدیەی کە لە ئیعلام دیتمان زۆر ناخۆش بوو، داوایان کرد کە مووچەکانیان زیاد بکرێ، لێرە پێشنیار دەکەم مووچەی کەمئەندامان زیاد بکرێ، ئەوە کەمئەندام دوو حەقی لەسەرمان هەیە لەبەرئەوەی کەسێکی ئاسایی نیە، ئەگەر لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی 418 ملیارەکەش بەش ناکات دەتوانین لە سلع و خەدەمات و ئەوانەی دی بخرێتە سەر سوودی کۆمەڵایەتی بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، داهاتی نەوت باسی ناکەم زۆر باسکرا، پێویست ناکات من باسی بکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە نیسبەت ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ڕاستە هەمووی ئەرقام بوو و دووبارە نووسرا بووەوە، پێشنیاری باشیشیان کردووە، بەڵام ئەو پێشنیارانەی کە کردیان دەبووایە بڵێ لەو بودجەی بێنن و چارەسەری بکەن، نەك چەند خاڵێکیان هەیە و دەڵێ بۆ داهات و واتە بۆ بودجەی 2014، خاڵێکی دی هەیە من پشتیوانی لە هەموو قسەکانی پەیام خان دەکەم، کە داوای کرد بودجەیەکی تایبەت بۆ گرنگی دان بە ئەنجومەنی باڵای خانمان، ئەنجومەنی باڵای خانمان ئەگەر مووچەکەیان دەرچێ ئەوانیش سەربەخۆ دەبن، لە بودجەی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەت یان سەربەخۆیان بۆ دادەندرێ، جگە لەوەی چەندین نووسینگە زیادی کردووە لە بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی خێزانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تەوزیحەکیان هەیە، وەڵامدانەوە نا، د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحێکم هەیە ئەگەر زانیت وەڵامدانەوەیە بمبڕە و ڕادەوەستم و قسە ناکەم، تێبینی ئەوەمان کردووە لە ڕاستی دا دوو جۆر موازەنە هەیە لە ناو دەوڵەت دا، موازەنەیەکیان پێی دەڵێن موازەنەی بنود، موازەنەیەکی دیکەمان هەیە لەگەڵ موازەنەی بەرامجی، ئەو موازەنەی بنودە بۆ ئەو وڵاتانەیە کە قتاعی

عام موسەیترە بەسەر چالاكیەكان دا، یەعنی دەوڵەت موسەیترە، هەرێمی كوردستان و عیراقیش بەشێكە لەو چوارچێوەیەی كە موازەنەی بنود بەكاردەهێنێ، یەعنی لەو سیستمە بە پێی سیستمی(جنراڵ فایڵ سیستم) بە پێی ئەم سیستمە، حساباتی سەرەكیمان هەیە، حساباتی لاوەكیمان هەیە، نەفەقات دەكرێ بە چەند حساباتێكی سەرەكیەوە بە حەوت حساباتی سەرەكی، كولی حسابێك لەو حسابانە ورد دەبێتەوە بۆ حسابی وردتر و وردتر، كولی ژمێرەیەك لەو ژمێرانە تەعبیر لە نەشاتێك دەكات، لە چالاكیەك دەكات، ئەو چالاكیانەی كەوا باون لەو وڵاتە ئەگەری ئەوە هەیە چالاكیەك هەبێت، یان بوارێك هەبێت، لە موازەنەی بنود دا نەهاتبێ، بەڵام دێتە پێشەوە تۆ حسابێكی بۆ دروست دەكەی پێی دەڵێن حسابات، یاخود حسابێك ناوی ئوخرای لێ بنێی، ئەو ئوخرایە بۆچیە؟ بۆ ئەو شتانەیە كە ناوی نەهاتووە لە ناو موازەنەی بنود دا ئەگەری ئەوە هەیە هەڵبێی، جا ئەوە ئوخرایە، لەوانەیە لە هەرێمی كوردستان شتێك بێ و لە ئەردەن شتێك بێ و لە وڵاتێكی دیكە شتێكی دیكە، لەبەرئەوە مەسەلەیەكی حسابی سرفە و مەسەلەیەكی فەنیە، لە میزانیەی بنود دا هەیە، لە سجلاتی حسابی دا هەیە و وشەی ئوخرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەو بڕوایەوەی كە ئیشی هەمووومان و هەم ئێمە وەكو پەرلەمانتار و هەم ئەو وەزیرە بەڕێزانە وەكو نوێنەرایەتی حكومەت ئەوەیە كە لەم چەند ڕۆژەی گفتوگۆ كردنی بودجەدا ئیش لەسەر ئەوە بكەین كە بە فعلی ئەو بودجەیەی لە پەرلەمانەوە پەسەند دەكرێ و دواتر لە بوار و سێكتەرە جیا جیاكان دا سەرف دەكرێ لە خزمەتی تەواوی چین و توێژەكانی كۆمەڵ دابن، كە پێموابێ ئەمە هەدەفی حكومەتیشە بە دەرەجەی یەكەم كە ناردوویەتی و دواجاریش هەدەفی ئێمەشە كە لەو كەموكوڕیەی یاخود لەو بۆشاییانەی كە تیایدا هەبێ ئێمە پڕی بكەینەوە، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە من دەزانم هەندێ ئیش كراوە، لەهەرێمی كوردستان دا بەشێكی ئەو بودجەیە بۆ ئەو بوارانە تەرخان كراوە كە پێویستە بكرێ، بەڵام بڕوام وایە نە پێویست دەكات ئێمە دەست خۆشی لە حكومەت بكەین و نە حكومەتیش دەست خۆشی لە ئێمە بكات، لەبەرئەوەی هەر یەكەمان بە واجبی خۆمان هەڵدەستین، لەو ڕوانگەیەوە من ئەو تێبینیانەی هەمە لەسەر ڕاپۆرتی حكومەت، لەسەر بودجەی 2013 دەیخەمەڕوو، سەرەتا لە ستراتیجیەتی حكومەتەوە دەست پێ دەكەم كە لە خاڵی 2 دەوە كە باس لە كەم كردنەوەی زیادەڕۆیی دەكات و وەكو یەكێك لەو ستراتیجیەتانەی كە ئەوان دەیگرنە بەر بۆ نەهێشتنی ئەو كەموكوڕیانەی یان ئەو خەلەلانەی كە لە بودجە دا هەیە، بەڵام لێرە پرسیارێك دروست دەبێ، ئەو ئالیەتە چیە كە حكومەت پێی وایە و دەتوانێ زیادەڕۆیی كەم بكاتەوە، كە ئەسڵ ئەوەیە ئەبوایە ئەو كەم كردنەوەی زیادەڕۆییانە لەناو بودجەكەدا ڕەنگی بدابایەوە، من هاوكارانم زۆر نموونەی زیادەڕۆییان خستە بەرچاو، كۆمەڵێك ئەوەی ئێستا بەڕێز د.ئاراس ئیشارەتی پێیدا،

خەرجی دیکە و جل و بەرگی دیکە و ئەمانە لەڕووی با بڵێین علمی حسابیەوە و یان ئەو خشتەیەی کە هەیە بوونی هەیە و وەزارەتەکان و بەڕێوبەراتیەکان لە شوێنی تایبەت دا سەرفیاتی لێ دەکەن، بەڵام ئێمە گرنگە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئەوانە لە تەنیشت ئەوەی کە چەند وەجهی حەقی تیایە بۆ سەرف کردنی، چەندە وەجهی ناحەقیشی تیایە بۆ سەرف کردنی، ئەگەر من چەند بەشێك لەوانە بە نموونە بێنمەوە، لە کۆمەڵێك کرێ و خەرجی بە نموونە کرێی تەلەفۆن و خەدەماتی شەبەکەی مەعلومات، بەشداری ڕۆژنامە، سووتەمەنی و سیانەی سەیاراتی کارت، سیانەی سەیاراتی سالۆن و موخەسەساتی ئیستسنائی، کۆی ئەمانە دەکاتە (840 ملیار و 526 ملیۆن)، من ناڵێم ئەمانە هەمووی زیادەن و نابێ دابندرێ، بەڵام ئەگەر ئێمە سەیر بکەین، لەناو سەرفیات بە تەنیا ئەمانە دا چیمان هەیە ئێمە کە دەکرێ لێرەدا ئێمە زیادەڕۆییەکان کەم بکەینەوە و ئەوەی وەجهی حەقە بۆ ئەو بابانە بهێڵرێتەوە وەکو خۆی، ئێمە بە تەنیا لە پلە تایبەتەکانی سنفی أ و ب دا 1295 کەسمان هەیە، کە ئەمانە وەزیرن، بریکارن، ڕاوێژکارن و ڕاوێژکاری ئەقدەمن، هەموو ئەو پلە تایبەتانەن، ئەگەر بێین و ئەمانە کۆبکەینەوە واتە 1295 سەیارە شەخسی دراوە بەم کەسانە، ئەمە جگە لە پلەکانی تر، کە پلەی بەڕێوبەر و یان بەرپرسی بەشن، لەناو وەزارەتەکان دا سەیارەیان دراوەتێ، لایەنی کەمی تێچووی بەنزین و وقودی هەر یەك لەم سەیارانە وەربگرین بە 400 لتر بیخەمڵێنی، دەکاتە 518 هەزار لتر بەنزین، جگەلەوەی کە ئەمانە لە کۆمەڵێك دەچێتە بواری زیادەڕۆییەوە، چونکە ئەو سەیارانە تێچوونی چاك کردنەوەشی هەیە، لە هەمان کاتدا حکومەت لەدوای کڕینی ئەو سەیارانەش نابێتەوە بە خاوەنی هیچ کام لەم سەیارانە، بە چ بەڵگەیەك؟ بەو بەڵگەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 2181 لە 2011/9/11 دا نووسراوێکی ڕەسمی دەرکردووە سەبارەت بە ئۆتۆمبیلی میری لای بەڕێزان و وەزیر و بریکاری وەزارەتی خانەنیشین کراو و ئەوانەی لەو پەلەیەدان یەك ئۆتۆمبیلیان لا دەمێنێتەوە و تا لە ژیان دابن، باسی ئەوە دەکات کە لەم مەرحەلەیەدا خەرجیەکانی ئۆتۆمبیل لەسەر خۆیانن، بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە تۆ لە دوای خانەنیشین کردنی ئەو پۆستانەش کە ژمارەیەکی زۆرە، حکومەت نابێتەوە بە خاوەنی ئەو سەیارانە، چونکە ئەو سەیارانە ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت کە سوودی لێ وەربگرێت بۆ ئەو پلانەی تر کە دێنە جێگاکانیان، جگە لەوەی کە هەر لە بابی زیادەڕۆیی دا زۆر قسە لەسەر ئیحتفالات کرا، ڕاستە ئیحتفالات بۆنەی ئاینی تێ دەکەوێ و ئیحتفالات کۆمەڵێك موناسەبەی زۆر لە دائیرەکان 8 ی مارسە و ڕاپەڕینە و هەموو ئەمانەی تێ دەکەوێ، بەڵام لە تەنیشت ئەوەشەوە، مەفروزە حکومەت چاوێکی ئەمین بێ لەسەر ئەو بڕە پارانەی کە بۆ ئیحتفالاتی حزبیش لەناو ئەو بودجەیەی حکومەت دا و لەو بڕگەیەدا سەرف بکرێ، زیادەڕۆییەکان لەمانەیەدا، نەك لە کۆی ئەو بابانەی کە دانراوە، کە دواجار ئەمە بودجەیە و قوتی خەڵکە و کە بەو جۆرە زیادەڕۆیی تیا دەکرێ، لە خاڵی 8 کە زۆر لە هاوکارانم باسیان کرد، ستراتیجیەکەی باس لە دانانی سەربەخۆیی ئابووری دەکات، کە دەبووایە بۆ ئەوەی ئێمە دڵنیا بین لەوەی کە حکومەت فیعلەن ئیش لەسەر ئەو ستراتیجیەتە دەکات، لە بەشی 7 ی ڕاپۆرتەکە دا کە تایبەتە بە داهاتی نەوت،

ڕێوشوێنی ئەو ستراتیجیەتە و ئالیەتی ئەو ستراتیجیەتەی بخستایەتە ڕوو، بەڵام بەداخەوە وەکو هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی یان وەکو هەر 10 ئەندام پەرلەمانێك یان وەکو هەر کەسێك کە خاوەنی فکرەیەکە و پرۆژەیەك دەنێرێ بۆ پەرلەمان، لەو بەشە دا باسی ئەوە دەکات، کە ئەو پرۆژەیەکی ناردووە بۆ پەرلەمان بۆ دروست کردنی سندوقی داهاتی نەوت، باس لەوە ناکات، هەتاوەکو ئێستا ئێمە خاوەنی سەندوقەکەش نین، هەموو ئالیەتی جێ بەجێ کردنی ستراتیجی حکومەت بۆ خاڵی 8 لە دروست کردنی سندوقێك دا دەبینێتەوە بۆ داهاتی نەوت، لە بەشی 3 ڕاپۆرتەکە کە تایبەتە بە دابەش بوونی خەرجی خەملێنراو ئەولەویەتی حکومەت دەردەخات بۆ خەرجیەکان کە تەواو پێچەوانەی ئەو ستراتیجیەتەیە کە پێشتر باسی کردووە، بە چ بەڵگەیەك، بەو بەڵگەیەی کە زۆرترین بودجە بۆ بەرگری و ئاسایش دانراوە، کە (3 ترلیۆن و 523 ملیار و 347 ملیۆنە) کەرتەکانی تەندروستی و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوە بە هەموویانەوە بەو سێ بەشەوە (1 ترلیۆن و 107 ملیار و 540 ملیۆن)ی بەردەکەوێ کە (2ترلیۆن و 415 ملیار و 807 ملیۆن) دیناری کەمترە لەو بودجەیەی کە بۆ بەرگری و ئاسایش تەرخان کراوە، لێرە گرفت نیە، زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد کە ئێمە ئەمنیەت و پاراستنی ئاسایش و هەموو ئەمانە و هێزی و پێشمەرگە و مەترسی و سنوورەکان و شەڕ و هەموو ئەمانە باسکرا، ڕاستە ئەمە گلەیی و نیگەرانی لای هیچ پەرلەمانتارێك دروست نەدەکرد، ئەگەر یەکێك لە 8 خاڵەکەی ستراتیجیەتی حکومەت پاراستنی ئاسایش بووایە، ئیشارەتی بەو هۆکارانە بدایە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە حاڵەتێکی مەترسی داین، یەکێك لە ستراتیجیەتە گرنگەکەمان پاراستنی ئاسایش و ئەمنیەتی ئەم هەرێمەیە، بۆیە ئێمە لە بودجەکەماندا زۆرترین بڕی بۆ تەرخان دەکەین، ئەگەر هەر لەو بەشەدا سەیری دابەش بەندی بودجەی وەبەرهێنان بکەین، زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا کە ناعەدالەتی لە دابەش کردنی پرۆژەکان داهەیە، بە تایبەتی پرۆژە نوێکان و پێشنیاز کراوەکان، قسە لەسەر ئەوە نیە کە بە دەرەجەی یەکەم پێشنیاز کراوەبۆ کام مەنتیقەیە زۆرترەو بۆ کام مەنتیقەیە کەمتر کردووە، قسە لەسەر ئەوەیە کە حکومەت لە کاتێك دا کە ئەمساڵ ویستوویەتی ستراتیجیەت دابنێ و بودجەکەی بە شێوازێکی باشتر دابنێ لەم بەشەدا کە دابەش بەندی بودجەی وەبەرهێنانە ئەگەر دیقەتی دابێ و لە نێوان بەردەوام و پێشنیاز کراوەکان دا جیاوازی و فەرقێکی یەکجار گەورە هەیە کە با بڵێین جیاوازی نێوانیان هەر یەکێکیان کەمترینی بە 6 یان 8 یان 13 ئەوەندەیە، بەو مانایەی کە 6 ئەوەندە پرۆژە پێشنیاز کراوەکان، پرۆژەی بەردەوام ماوەتەوە، یان 13 ئەوەندە پرۆژە پێشنیاز کراوەکان پرۆژەی بەردەوام ماوەتەوە، ئەم ناهاوسەنگیە کۆمەڵێك ئاماژەی هەیە، یەکێکیان لاوازی ئەدای حکومەتە لە جێ بەجێ نەکردنی پرۆژە، مانای نیە وەزارەتێك 13 ئەوەندەی پرۆژەی پێشنیاز کراوی هی بەردەوامی مابێتەوە، کەی جێ بەجێ ی دەکات وبۆ جێ بەجێ ی نەکردووە؟ کەمەفروزە و ئیشی حکومەتە و ئیشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە و ئیشی پەرلەمانیشە دوای ئەوەی کە لایەنی کەم تەرخەم لەمەیان دەست نیشان بکات کە کاتێ کە ئەو 13 ئەوەندە پرۆژەی ماوە،ئیتر بە چ حەقێك پرۆژی تر پێشنیاز دەکات، ئاماژەیەکی تری ئەم جیاوازیە زۆرە لە دانانی پرۆژەی نوێ

مەبەست لێی پڕکردنەوەی فۆرمەکانی بودجەی بەکاربردنە، حکومەت دەیەوێ ئەو بودجەیەی کە ئەمساڵ بۆ بەکاربردن دانراوە لە کۆمەڵێك پرۆژەی نوێ داینێ، لە کاتێك دا کە دڵنیایە لەوەی کە ئەوەندە پرۆژەی ماوە جێ بەجێ ی بکات، کە ئەمەش دیسانەوە یەکێکە لە خەلەلی پرۆژەکان لە حکومەت دا، لە بەشی 5 ڕاپۆرتەکە کە تایبەتە بە هۆکارەکانی کورتهێنان من ئاماژە بە دوو هۆکار دەدەم، یەکێکیان بەردەوام بوون لەسەر پێدانی پێشینە و قەرز کە لە کاتێك دا پێشینە و قەرز ئەسڵ ئەوەیە دێتەوە جێگەی، چونکە بۆ خۆی ناوی قەرزە، کە مەفروزە ئێمە لە حساباتی ختامی دا لەبەرچاومان بێت کە چەندێك لەو پێشینانە هاتووەتەوە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە ساڵی داهاتوو دا کە قسە لەسەر پێشینە دەکەین، بە قەدەر ئەوەی کە هاتووەتەوە و بە قەدەر ئەوەی حکومەت دەتوانێ ئێمە داوای پێشینە و قەرز بکەین و یاخود بڕەکەی زیاد بکەین و یاخود بڕەکەی کەم بکەینەوە، هۆکارێکی تر بۆ کورتهێنان ئاماژەیان بە زۆری ژمارەی فەرمانبەران داوە، بە بێ ئەوەی بچنە تەفاسیلی ئەوەی کامە فەرمانبەر و ژمارەی فەرمانبەرانی زیاد کردووە و کردوویەتە بار بەسەر بودجەی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، واتە زۆری ژمارەی فەرمانبەران، چەند پێشنیازێکیان خستۆتەڕوو، یەکێك لەوانە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری هاوتارکردنی دەرماڵەی فەرمانبەران، چونکە داوایان کردووە بە تەنیا مووچەی ئەساسی و دەرماڵەی هاوسەرگیری و شەهادە کە ئەمە خۆی لە ئەسڵدا هەر وایە لە بەغداوە بەو جۆرە پارەکان تەرخان دەکرێ ودێت، کە ئەمە منەتی تیا نیە بۆ هاووڵاتیان ئەگەر بە تەنیا ئەوە هاوتا بکرێ، کە ئەوان ئیشارەیان بەوە داوە  بۆ چارەسەری ئەوە ئەوەیان خستۆتەڕوو، بۆیە بۆ هۆکارەکانی کورتهێنان جگە لەو هۆکارانە چەند پرسیارێکی تر بۆ بەڕێزان نوێنەرانی حکومەت دێتە ئاراوە، ئەو زیادەڕۆییانەی کە باسم کرد لە بەشی یەکەمی قسە کردنەماندا، چ کاریگەریەکی هەیە لە سەر قورس کردنی بودجە، دووەم/ خانەنیشین کردنی دەیان کەس لە دەرەوەی یاسا چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر کورتهێنانی بودجەی هەرێم، کە بە پێی زانیاریەکانی کە دەستم کەوتووە تا ئێستا بە پلەی سەربازی 105 هەزار کەس خانەنیشین کراون، کە زۆربەیان ناچنە ژێر ئەو ڕێنماییانەی کە بۆ خانەنیشنی سەربازی هەیە لە کوردستان دا، جگە لەوەی کە ئێستا دیسانەوە لە بەشێکی زۆری پارتە سیاسیەکانەوە هەتاوەکو فۆرم دابەش کراوە هەتا مەوالیدی 1972 ڕەنگە جەنابی شێخ بایز زۆر بە وردتر ونزیکتر ئاگای لەوە بێ، هەتا مەوالیدی 1972 ی کادیرەکانی حیزب خانەنیشین دەکرێن، کە بۆ خۆی هیچ یاسایەکی خانەنیشینی لەو تەمەنە دا ڕێگە نادات بەوەی کە ئەم ژمارەی خانەنیشینانە چ کاریگەریەك دەکاتە سەر کورتهێنان لە بودجە هەرێم دا، زیاد کردنی 100 پلەی وەزیفی، صنفی أ و ب بە بێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانرێ، چ کاریگەریەکە، بۆ من ئەو سنفەم لە تەنیا داناوە، چونکە 100 کەس لەو دوو پلەیە یەکجار زۆرە، لەبەرئەوەی مووچەی ئەوان ڕەنگە شەش ئەوەندە و حەوت هێندی دەرەجەکانی خوار تربێ، کە ئەمە بارگرانیەکی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات، پێنج/ پارەی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان، کە هەتاکو ئێستا چەند جار پرسیارمان لەبەڕێز وەزیری دارایی و بریکاری وەزیر کردووە جوابێکی تەواومان دەست نەکەوتووە، هەتا ئەو کاتەی یاساکە دەردەچێت،

ئەو سلفەیە تەسویە ناکرێ، بەڵام دائیمەن ئەو قسەیە دەکرێ ڕەنگە حیزب هەبێ زیاتر لەوەی کە بۆی دائەنرێ وەری گرتووە، ئەم زیاتر وەرگرتنە چەندە؟ چەندە کاریگەری کردووەتە سەر کورتهێنان لە بودجەی هەرێم دا، ئەگەر هەموو ئەمانە بەیەکەوە ئەو پرسیارانەی کە منیش کردم لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە جەنابیشیان دەست نیشانیان کردووە، هەمووی کاریگەری هەبێ و هۆکاری کورتهێنان بن، بۆ حکومەت کامیان گرنگترە، ئەولەویەت بە کامیان بدات ئیشی لەسەر بکات؟، زیادەڕۆیی کەم بکاتەوە، فەرمانبەرەکانی حیزب لاببات، هەموو ئەوانەی کە من باسم کرد لە ئێستا دا هۆکارەکان چارەسەری بکات، یان ئیش بکات لەسەر ئەوەی دەرماڵەی فەرمانبەران کە فەرمانبەری فیعلین و ئیشی فیعلی دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا کەمی بکاتەوە، کامەیان مەفروز بوو چارەسەر بێت، کە حکومەتی هەرێم بۆ ئێمەی پێشکەش بکات، ئەوە لەسەر ئەو ئەساسەوە ئێمە کە پەسەندی بودجە دەکەین، ئەوانەمان دەربهێنایە بۆ ئەوەی کورتهێنانەکان کەم بکەینەوە، لە بەشی دەرئەنجامەکان دا حکومەت کۆمەڵێك پێشنیازی گرنگی خستۆتە ڕوو لە ڕاستی دا، بەڵام کێشەکە ئەوەیە من بۆ خۆم کە خوێندمەوە تێ نەگەیشتم کە حکومەت داوا لە کێ دەکات ئەوانە جێ بەجێ بکات وەکو دەرئەنجام ئەگەر ئاراستەی ئێمەیە، بۆ ئێمەیە کە ئەو خەلەلانە چارەسەر بکەین و بە پێی ئەو پێشنیازانە ئەوان کار لەسەر بودجەکە بکەین، ئەوا مەفروزە لێرەوە ئێمە قەرار بدەین کە لە ناو پەرلەمان دا لیژنەیەك دروست بێت، لەسەر زەوئی پێشنیازەکانی بەڕێزیان ئێمە ئەو بودجەیە وا ڕێك بکەینەوە کە لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دابێت، ئەگەر بۆ شوێنێکی ترە، دیسانەوە حەقە بزانین کە حکومەت داوا لە کێ دەکات کە ئەم پێشنیازانەی خستۆتە ڕوو جێ بەجێ ی بکات، چونکە ئەگەر خۆی جیهەی تەنفیزیە و دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنە، دەبووایە لەناو بودجەکە دا ئەوانی دەربهێنایە، پێش ئەوەی بهاتایەتە ناو پەرلەمان، کۆمەڵێك پرسیار هەیە لە دەرەوەی ئەو ڕاپۆرتانە، کە جێگەی سەرنجە، ئاساییە وەزارەتی دارایی خەرجی وەزارەتەکان کەم بکاتەوە و بە وەزارەتێك بڵێ تۆ خەرجیەکەت ئەوەندە نیە و مەفروزە ئەوەندە بێت، ئەمە ئاساییە، لەبەرئەوەی ئەو تەقدیریان دەکات، بەڵام ئیرادات و داهاتی وەزارەتەکان چۆن تەقدیر دەکات، من نازانم هیوادارم وەزیری دارایی وەڵامی ئەوە بداتەوە، چونکە بە نموونە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئەو بۆ خۆی بە ژمارەیەك داهاتەکەی داناوە و وەزارەتی دارایی دەڵێ نەخێر تۆ دوو ئەوەندەیە داهاتەکە، کە ئەمە ئاماژەیەکی خەتەرە بەڕێزان، کاتێك کە وەزارەتی دارایی بۆ خۆی گومانی هەبێت لەوەی کە وەزارەتەکان داهاتی حەقیقیان پێشکەش کردبێ و ئەو داهاتە کە بزانێ و ڕاستی بکاتەوە، بۆ ناحەقی پەرلەمانتارانە کە لە کۆی داهات گومانیان هەبێ، ئەمە پرسیارێکی گرنگە کە هیوادارم وەزیری دارایی وەڵامی بداتەوە، خاڵێکی تر کە دیسانەوە لە پلە وەزیفیەکان دا هەیە، لەو پلە وەزیفیانەی کە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، بە تایبەتی لە سنفی أ و ب دا سفرە، ئەمە بۆ سفرە و بۆ پەرلەمان ئەو پلانەی تیا نیە، جگە لەوە حاڵەتێکی تر هەیە کە ئێمە هەموومان دەزانین ئەندامانی پەرلەمان 111 ئەندامی پەرلەمانین و خولەکانی پێشتریش ئەوەندە بووە، خولەکانی پێشتر خانەنیشین کراون، ئەم خولە کە من هیوادارم پرۆژەی خانەنیشنیەکە لە پەرلەمان دا پەسەند بکرێ پێش

ئەو خولە بۆ ئەوەی بە پێی ئەو سیستمە ڕێك بخرێتەوە، بەلأم لە نەتیجەیە كۆمەڵێك پەرلەمانتاری خانەنیشین كراوت هەیە لە كوێی پلە وەزیفیەكان دان و لە كوێ دا جێی دەبێتەوە لەناو ئەو خشتانەی پێشووتر؟، چونكە دیار نیە و وجودی نیە، من پێش ئەوەی پێشنیازی كۆتایی بكەم، پێشنیازێك دەخەمەڕوو كەئەمساڵ جیا لە ساڵانی پێشوو هاوشانی بەڕێز وەزیری دارایی بریكاری وەزارەتی داراییش بۆی هەبێت وەڵامی كۆمەڵێك لە پرسیارەكان بداتەوە، لەبەرچی؟ یەكەم/ لەبەرئەوەی كە بەڕێز بریكاری وەزیر شارەزایی زۆری هەیە و خاوەنی دەسەڵاتە لە سەرف كردنی بەشێكی گەورەی بودجەی با بڵێین حكومەتی هەرێمی كوردستان دا، ئێمە كە خۆمان سەردانی بەڕێز وەزیری داراییمان كردووە بۆ كێشەی مووچەی خانەنیشینان بە تایبەتی كە پارەی خانەنیشینان كە سندوقی خانەنیشینی نیە و مەفروزە 12٪ ی حكومەت بۆ خانەنیشین دای بنێ لەو سەندوقەدا، ئێمە ئەو وەڵامەی كە دەستمان كەوتووە، بەڕێز وەزیر لە بەشە بودجەی سلێمانی حسەی 12٪ەكەی بڕیوە و دایناوە، بەلأم بەڕێز بریكاری وەزارەت نەیبڕیوە، هیچ كامێكیان نە ئەو دەتوانێ بەو بڵێ بۆ دەیبڕی و نە ئەویش دەتوانێ بڵێ بۆ نایبڕی، بۆیە هەموو ئەمانە و كۆمەڵێك حاڵەتی تریش كە بریكاری وەزارەتی داراییش شارەزایی هەیە وقەراری بەدەستە لە سەرفیات كردندا، بۆیە من پێشنیاز دەكەم كە بەڕێزیشیان بەشدار بن لە وەڵامی پرسیارەكان دا، ئەوەی كە دەمێنێتەوە، كۆتا قسەم، گرنگە ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان دا هەمووومان كە دەزانین گوێمان لە یەكتر نیە كە مەبەستمان بەرژەوەندی گشتیە و ئەم بودجەیە لە خزمەتی هەموو هاووڵاتیان دابێ، بە پلەی یەكەم هەژاران، كە لە كاتی دەست پێ كردنی بودجەدا كەمپینی داواكاری هەڵمەتی داكۆكی لە بەشی هەژاران، قوربانیان هاتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە زەمانەتی ئەوە بكەین كە لەم ساڵە بەشی شێر، لەبەرئەوەی هەژاران زۆر مەغدورن لە هەرێمی كوردستان داو خەڵكمان هەیە لە ژێر هێڵی هەژاریەوە كە بەر ئەوان بكەوێ و سوودمەند بن لێی و ئەو خەڵكە بێنینە سەرەوەی هێڵی هەژاری كە ئێمە گرەو لەسەر ئەوە نەكەین كە بودجەكە پەسەند دەكرێ یان پەسەند ناكرێ، گرەو لەسەرئەوە بكەین كە بودجەكە چەندە لە خزمەتی خەڵك دا دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عدنان فەرمووو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جیاوازتر بمەوێ قسە لەسەر خاڵ بكەم، لەڕاستی دا دیارە من هاوڕام لەگەڵ بەشێك لەو تێبینیانەی كە لەسەر بودجەكە كرا، بەلأم لەوانەیە بەتێ گەیشتنی من بودجەكە تێگەیشتنێكی جیاواز تر بێ، تێڕوانینم بۆ بودجەكەی كوردستان من زۆرجار بودجەكەی كوردستان وەكو پۆكیتمۆنی سەیر دەكەم، وەكو مەسروفی جەیب سەیری دەكەم لەڕاستی دا ئەوەی دێتە هەرێمی كوردستان  و ئەوەی كە سەرف دەكرێ، بۆیە پێم

سەیرە هەم حکومەت و هەم ئێمەش باس لە پلانی ستراتیجی بکەین لە بودجەیەك دا کە تەقریبەن 100٪ مەعلومە چۆن سەرف دەکرێ، لایەنی کەم دەتوانم بڵێم 90٪ ی مەعلومە چۆن سەرف دەکرێ، بۆیە ئەستەمە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئەم بودجەیە چۆن بتوانین هەنگاوی ستراتیجی لێ بنێین، لەڕاستی دا من قسەکانم کورت دەکەمەوە، دەمەوێ بچمە سەر هەندێ پێشنیازی عەمەلی، یەعنی هەندێ قسەی عەمەلی بکەم بۆ بودجەکەی ئەمساڵ، لە چوار خاڵدا کورتی دەکەمەوە، من پێش ئەوەی دەستی پێ بکەم پێموایە ئێمە لە 2009/7/25 واتە لە گەرمای مانگی تەموزی 2009 سەدان هەزار خەڵکی کوردستان ڕۆشتنە سەندوقی دەنگدانەوە، دەنگیان بە لیستە جیاوازەکانی کوردستان دا، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران و نوێنەرانەرەکانیان بتوانن هەم واقعی سیاسی و هەم واقعی مەعیشی و ژیانیان گۆڕانکاریەکی تیا دروست بکەن، ئێستا ئێمە ئەو بودجەیەی کە قسەی لەسەر دەکەین، ئەگەر بە گوێرەی یاسا و مەنتق بێ ئەمە دوا گفتوگۆی ئێمەیە و لەم خولەدا لەسەر بودجەکەی دەکەین، دوا شانسی ئێمەیە کە ئەگەر لە ساڵانی ڕابردوو دا هەرچیمان وت بێت و گوت بێت لە بودجەی ئەمساڵ دا قسەیەکی جدی لەسەر واقعی مەعیشی خەڵك بکەین، چۆن دەتوانین لەم ساڵدا گۆڕانکاریەك لە ژیانی خەڵك و ئاستی مەعیشی خەڵك بکەین، بۆیە من 4 پێشنیازم هەیە بۆ بودجەی ئەمساڵ کاری لەسەر بکەین، وەك باسم کرد من دەمەوێ نە مولاحەزاتی سیاسی بدەن و نە قسە لەسەر هەندێ مەسائیلی ستراتیجی بکەن و قسە لەسەر داهاتیش ناکەم، هاوکارەکانم بە زیادەوە باسیان کردووە، لە هەموو لیستەکانیش مولاحەزاتی زۆر بە نرخ کراوە جێگای دەست خۆشیە، لە پرۆژەی ستراتیجی من پێموانیە لەم بودجەیە بتوانرێ ئەو پرۆژە ستراتیجیەی کە ئیمە دەمانەوێ و عینوانی پرۆژەی ستراتیجیە بکرێ، من پێشنیاز دەکەم با ئێمە شتەکان تایبەت بکەین، یەعنی با بڵێین بوارێك بگرین کە دەزانین ئێستا زۆر گرنگە و زۆر پێویستمان پێیەتی، دیارە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی بە چەند لایەن هەیە، بەڵام بودجە نۆرماڵەکە بە هەموو کەموکورتیەکانیەوە تا ئاستێك دەتوانێ بەشێك و کەلێنێك لەوانە پڕ بکاتەوە، بەڵام کێشەیەکی گەورەمان هەیە کە کێشەی ڕێگاوبانە، پێموایە ئێمە دەتوانین لەو داهاتەی کە ناخرێتە ئەم بودجەیەوە کە داهاتێك هەیە مەعلومە، لەو داهاتی نەوتەش کە مەفروز وایە لە سەندوقەکان دا دانرابێ، یان دادەنرێ، یان یاسایەکەی دەرچێت، لەو داهاتەی دەستمان دەکەوێ، لە هەموو ئەو پرۆسانەی تری دەرەوەی بودجەکە، تەرخان بکرێ، پەرلەمانی کوردستان لە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بڕیارێك بدات، حکومەتیش دەتوانێ لە ماوەیەکی دیاری کراودا دڵنیام لەوە دەتوانێ پلانێك دابنێ بۆ دوو ساید کردنی سەرجەم ڕێگاو بانەکانی کوردستان، ئەمە زۆر گرنگە بۆ گەشە کردنی کوردستان و بۆ ئەمنیەت و سەلامەتی هاووڵاتیان، پێموایە ئەمە هەنگاوێکی ستراتیجی گەورە بێ لەوەی کە کوردستان لە قۆناغێکەوە ببەینە قۆناغێکی تر، دووەم/ ئێستا کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە و با بڵێین ڕاپۆرت هەیە لەسەر هێڵی هەژاری، هەندێ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کردوویانە، لە کوردستانیش دا دیارە خۆشبەختانە چەندە دەقیق نیە لە ڕاستی دا ناتوانین قسەی لەسەر بکەین، لەبەرئەوەی من لەگەڵ چەند خەبیرێکی ئابووی دا قسەم کردووە، لە دەسەڵاتیش و لە نزیك ئۆپۆزسیۆنیش پێیان وایە هەندێ لەوانەیە

**گومان لە ڕێژەکە هەبێ، بەڵام هەر خۆشحاڵین کە ئەو ڕێژەیە هەیە لە کوردستان دا کەمترە لە ئاستی عیراق دا، بۆیە من ئەم پەرلەمانە و سەرەتای قسەکەشم لەسەر ئەوە بوو کە ئێمە ئێستا چۆن بتوانین ئەو ڕێژەی هەژاریە کەم بکەینەوە، تا کەم کردنەوەی بە تەواوەتی چارەسەر کردنی یەکلایی ئەم مەوزوعە چۆن بتوانین ئەم ئاستەی هەژاری لە کوردستان دا با بڵێین لە پەرلەمانی کوردستان و لە بودجەی ئەمساڵ دا بتوانین قەرەبوویەکی ئەم واقعە بکەینەوە کە ئێستا چینێکە با بڵێین توژێکی گەورە و هەژار هەیە لە کوردستان دا و لەم بودجەیە دەبێ ئەوانیش حسەیان هەبێ، خۆشمان هەمووومان دەزانین بودجەی کوردستان بودجەیەکی رەیعیە و داهاتی کوردستان، لەبەرئەوەی داهات بەشێکی پەیوەستە بە نەوت و ژێر ئەرزەوە ئەمە موڵکی هەموو هاووڵاتیانە لە وەزیرێکەوە بۆ وەزیرێك و لە فەراشێکەوە بۆ مودیر عامێك، هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بە هەژار و دەوڵەمەندیەوە دەبێ لێی بەهرەمەند بن، شێوازەکەی چۆنە ئەمە ئەرکی پەرلەمانە و ئەرکی حکومەتە و پێکەوە بیکەن، من پێشنیاز دەکەم و دواتریش شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم سێ پێشنیازە باس دەکەم، پێشنیاز دەکەم مووچەی ئیسمی کەمترین مووچەی ئیسمی ئەمساڵ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان تا ئەوەندەی سیستمێکی عادلانەی مووچە دادەنێین، تا ئەوەندە گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە مووچەیی لە کوردستان دا دەکەین تا ئەوەندی بژێوی بێ یەعنی شێوازێکی ئیعتباتی و مەزاجی نەبێ، بە گوێرەی مستەوای مەعیشە و تەزەخومی بازاڕ بێ، ئێمە مووچەی ئیسمی لە ئەمساڵ لە کوردستان دا پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدا لە 600 هەزار دینار کەمتر نەبێ، کەمترین مووچەی ئیسمی لە کوردستان دا 600 هەزار دینار بێ و پێموایە ئەمە هێشتا ناگاتە ئەو ئاستەی کە من پێموایە و بە گوێرەی دیراسەیەك 750 هەزار لەوانەیە لایەنی کەم بێ، بەڵام لەوانەیە هەندێ تەداعیاتی مالی هەبێ، بەڵام 600 هەزار ڕێژەیەکی موعتەدل بێ بۆ ئەو واقعەی کە بتوانین ئاستی هەژاریە، با بڵێین گەنجێکە تەعین دەبێ پێویستی بە پێکەوەنانی ژیانە و یان کەسێکە خێزانێکی زۆری هەیە...هتد، بەشێك لە کێشەکانی ئاستی هەژاری یان هەژاری لە کوردستان دا پەیوەستە بە منداڵەوە، پەرلەمانی کوردستان دەبێ خەمخۆریەکی زۆری بۆ منداڵی هەژاران هەبێ لە ئێستادا، ئێمە دەبێ لەم پەرلەمانە و لەم بودجەیەدا بڕیارێك بدەین لەسەر چارەنووسی منداڵە هەژارەکان کە توانا و ئیمکانیاتی کەمی هەیە خێزانەکانیان، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لە بودجەی ئەمساڵدا پەرلەمانی کوردستان بڕی 200 هەزار دینار بۆ هەر منداڵی خێزانێك کە لەژێر هێڵی هەژاریەوە تەرخان بکات بۆ ماوەی ساڵەکە، نەك مانگانە، دوا پێشنیازم پەیوەستە بە مووچەی کەم ئەندامانەوە، تەبعەن لە پەرلەمانیش دا ئەو یاسایە پەسەند کراوە و ناعەدالەتیەکی زۆر لە مووچەی کەمئەندام هەیە، مووچەی کەمئەندام ئێستا ئەوەی کە کەمئەندامی فعلیە و توانای نیە و لە ماڵ کەوتووە و توانای کارکردنی نیە و ڕێژەی کەمئەندامیەکەی بواری پێ نادات، لەگەڵ خەڵکێکی تریش دا کە با بڵێین لەوانەیە داهاتێکی زۆری هەبێ، هەندێك بەڕێز کەمن لێم پرسیون داهاتەکەیان لەسەرەوەی 5 ملیۆن و 6 ملیۆن و تەنانەت 10 ملیۆنیشە، بەڵام دوو مانگ جارێ 200 هەزار و 250 هەزاری کەمئەندامی وەردەگرێ، ئەمە نا مەنتقی و نا عەدالەتی و**

غەدرێکی زۆر گەورەیە لە کەمئەندامی فیعلی کە تەنها بژێویەکەی، تەنها هۆکاری مەعیشەتی لەسەر ئەم مووچەیە، لەسەر ئەم مینحەیەی کە حکومەت پێی دەدات، بۆیە ئێمە دیارە وەزارەتی کار ئیحسائیاتی وردی هەیە لەسەر ئەو کەمئەندامانەی کە ناتوانن ئیش بکەن، ئێمە دەتوانین داوا بکەین و پەرلەمانی کوردستان لەم بودجەیە بڕیار بدات کە مووچەی ئەو کەمئەندامانەی یان ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە توانای ئیش کردنیان نیە و ئاستی کەمئەندامیان لە ئاستێك دایە کە ناتوانن و هیچ بکەن و هیچ بژێویەکی تریان نیە و لە مووچەی لایەنی کەمی فەرمانبەرێك ئەوەی کە باسم کرد ئیسمیەکە کەمتر نەبێت لە مانگێك دا، من پێموایە زۆر گرنگە بۆ بژێویان و بۆ ماڵ و منداڵیان و بۆ ئیدامە دان بە ژیانیان و تەبعەن تا چارەسەر کردنی یاسایەکە، ئەو یاسایە دەبێ چارەسەر بکرێ، لەڕاستی دا بۆ ئەوەی هەندێك لەو کەسانەی کە ئیمکانیاتی مالی گەورەیان هەیە وداهاتی تریان هەیە و ئەوانە شمول نەکات، تەنانەت بۆ هەندێ مەسائیلی تریش، ئەمە تەبعەن تەداعیاتی مالی هەیە ئەم پێشنیازانەی من بە تایبەتی پێشنیازی 2 و 3 و 4 کە پەیوەستە بە مووچەوە و مەفروز وایە بە گوێرەی یاسای بودجە ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین کە چۆن ئەم پارەیە بە دەست بێنین، من دڵنیام لە قسەی هاوکارانم کەلێرە باسیان کرد، لەم چەند ڕۆژە بەڕێزان هەموو و وە لەو سیاسەتە تەقەشوفەی کە دەبێ بیگرینە بەر نەمویست قسە لەسەر هەموو ئەو وەسائیلانە بکەم، بەڵام کاتێك کە عەجز دێت ئەمە ئەلف و بێی قسە دەدات، کە عەجز هەبوو دەبێ تەقەشوف بکەی، دەبێ دەست بگری بە خۆتەوە، دەبێ ئیقتسادت هەبێ، ئیقتساد کردن لە هەندێ نەفەقات و لە هەندێ کەمالیات کراوە، بە دڵنیاییەوە کۆمێنت برادەران خستیانەڕوو، کەمالیات کراوە، ئەمساڵیش لە بودجەکە دیارە و زیادی کردووە و هەندێ کەرت بووە، من سێ شێواز دەتوانین ئەم زیاد کردنی موچەیەی هەژاران وفەرمانبەران و بە سێ شێواز دەتوانین، ئەگەر سەندوقێکی بۆ دانێین و بیکەینەوە، یەکەمی ئەوەی کە باسم کرد، جۆرێك لە تەقەشوف لە نەفەقات و لە کەم کردنەوەی بەشێك لەو خەرجیانە پێویستە کەمالیانەی کە دەکرێ لە دائیرەکان دا، دەکرێ ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو جۆرێك لە ئیقتساد بکەین تا ئەوەندە دەتوانین سیستمێکی باشتری هەتا بەرچاو ڕوونیەك یان موستەحەقاتی هەرێم لە بەغدا وەردەگیرێ، دووەم/ مەوزوعی باجە، من پێموایە خۆشبەختانە باس دەکرێ و نازانم خۆشبەختانە بێ یان نا، باسی هەزارەها ملیۆنێر و ملیاردێر دەکرێ لە کوردستان دا، ئێمە لەوانەیە وەکو نموونەیەك بۆ حاڵەتی ئیقتسادی کوردستان باش بێ، بەڵام لەوانەیە نموونەیەکی تر بێ بۆ ئەو حاڵەتی ساروخ ئاسایەی کە دەوڵەمەندی لە کوردستان داو گومان لەسەر شێوازی دەوڵەمەندی دەکەن، من ئەوە شوێنی قسەی من نیە لێرەداو مەفروز وایە لە وڵاتان و زۆریش لەو بەڕێزانەی وڵاتانی جیهانیان بینیوە، باجێکی گەورە دەخرێتە سەر ئەوانەی کە داهاتێکی گەورەیان هەیە و داهاتێکی زۆریان هەیە، ئەمە بە هۆی شەریکاتەوەیە و بە هۆی مەسائیلی عەقاریەوە هەیە و بە هۆی کۆمەڵێ مەسائلی ترەوە هەیە، مەفروز وایە حکومەت باجێکی گەورە بخاتە سەر ئەم هەزاران ملیۆنێرە و دڵنیام لەو باجە دەتوانرێ با بڵێن بەشێك لەو نەقسەی کە دروست دەبێ حەتمەن لە زیاد کرنی مووچەکان دا کە هیوادارم بڕیاری لەسەر بدات پەرلەمانی کوردستان کە ئەمە دوا کاری بێ و لە مەوزوعی بودجە داو ئەگەر بشمانەوێ، چونکە من چەند بەڕێزێك قسەیان لەسەر تەوافوق کرد، من زۆر دڵخۆش بووم لەوەی

که چەند هاوکارێکی ئازیز لێرە باسیان لەسەر تەوافوق کرد لە بودجەی ئەمساڵدا، با تەوافوقی سیاسی و ڕەهەندە نیشتمانیەکان و دەستوور جێ بێڵین بۆ دەرەوەی پەرلەمان و با لایەنە سیاسیەکان بۆ خۆیان تەوافوق لەسەر ئەوانە بکەن، با لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە تەوافوق لەسەر مەعیشەتی خەڵك و لە سەر ژیان و بژێوی خەڵك و لەسەر ئەوەی ئاستی هەژاری لە کوردستان دا کەم بکەینەوە، با ئێمەی نوێنەرانی خەڵك کە وەك باسم کرد ئەو خەڵکە سەدان هەزار خەڵکی کوردستان دەنگی بە ئێمە دا و ئێمە لەسەر مەعیشەتی ئەوان و ژیانی ئەوان تەوافوق بکەین، هیواردارم ئەوە دوا تەوافوقی ئێمەنە بێ لەم خولەدا، ئەمە دوا تەوافوق نەبێ لە کوردستان دا، دوا تەوافوقی ئێمە لە کوردستان کە پەیوەستە بە کۆمەڵگاکەمان و بە ئایندەی کۆمەڵگاکەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبداللە فەرمووو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەسپێکی قسەکانم بەو داواکاریە دەبێ و هیوادارم بە حوکمی ئەوەی بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی لێرەیە و ئەگەر بکرێ هەر ئەمڕۆ و هەر ئێستا ئەمر بفەرموێ سلفەی عەقار یاخود پێشینەی خانووبەرە بکرێتەوە، چونکە بەڕاستی جگە لەوەی نزیکەی 3 مانگێکە ڕاگیراوە، کێشەی زۆری بۆ خەڵك دروست کردووە، بە تایبەتی کۆمەڵێ خەڵك یەعنی قەرزار بوونە لەسەر بابەتە و ڕاستە من بینیم لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی دا بینیم بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی ئاماژەی بەوە دا کە ڕانەگیراوە، بەڵام بە حوکمی ئەو بەدواداچوونەی کە ئێمە کردوومانە ڕاگیراوە، بۆیە هیوادارم بۆ کارئاسانی کردن و بۆ ئەو خەڵکانەی کە پێویستیان بە پێشینەی خانووبەرە هەیە هەرچی زووە ئەو بابەتە و پێشینەی خانووبەرە بکرێتەوە، لە ڕاپۆرتەکەی حکومەت دا ئەوەی کە سەرنجی منی ڕاکێشاوە دیارە لە ڕاپۆرتەکە لەگەڵ پاشکۆکانی نزیکەی 94 پەڕەیە، لەو 94 پەڕە لەسەر سێ ئاست حکومەت دیارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەوە دەنێ کەموکورتی هەیە، وەکو لە قسەی بەڕێزان پەرلەمانتارانیش دا دەرکەوتووە کە کەموکورتی هەیە، بەڵام ئەوەی کە بۆ من جێگای سەرنجە بەڕێزان حکومەت هاتوون هۆکارەکانی کەموکورتیەکان چیە و ئەوەی پەیوەستە بە عجزەوە چیە و ئەوەی پەیوەستە بە خزمەتگوزاریەوە چیە و هەروەها باقی کەموکورتیەکانی تریان دابەش کردووە بەسەر هەندێ دۆخ و لایەنی تردا، بۆ نموونە لە ئاستێك دا هۆکارەکانیان گەڕاندووەتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی لە ڕابردوو دا کە لە هەرێمی کوردستان دا هەبووە، لە ئاستێکی تردا بەشێك لە کەموکورتیەکانیان گەڕاندووەتەوە بۆ حکومەتی عیراقی ئەمە زۆر ڕاستە، لە ئاستێکی تریش دا بەشێك لە کەموکورتیەکان کە پەرلەمانیش لەم مەسەلە نەبەخشراوە، بەشێك لە کەموکورتیەکانی خراوەتە ئەستۆی پەرلەمان بە تایبەتی کاتێ باسی ئەوە دەکات ساڵی پار لە بودجەی بەکاربردن بڕاوە، بەڵام لە تەواوی ڕاپۆرتەکە بە دێڕێکیش ئاماژە بە کەمتەرخەمی و کەموکورتیەکانی خۆیان ناکەن، بەڵام لە بەرامبەر دا لە کاتێك دێیە سەر دەرئەنجامەکان حکومەت لە خاڵێك دا باسی ئەوە دەکات و دەقەکەم لە بیرە وەکو خۆی دەڵێ حکومەت پلانی هەیە شێلگیرانە کار بکات بۆ چارەسەر کردنی

ئەو کێشە سلبیانە، واتە یەعنی لێرە حکومەت وەکو فریادڕەس پیشان دراوە، نەك وەکو ئەوەی بەشێکی گەورەیە لەو قەیرانە دارایی و ئابووریەی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان داهەیە، بەڵام پرسیارەکە لێرە ئەوەیە، من هەوڵ دەدەم بە گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی خودی ڕاپۆرتەکە، قسە لەسەر ئەوە بکەین و بزانین تا چەند ئەم بابەتە و ئەم هاوکێشەیە وایە، دیارە من هەر لە سەرەتاوە خوازیاری ئەوەش بووم، خۆزگە بە پێی پسپۆری لیژنەکان قسە بکرایە، ئەو کاتە ڕەنگە من زۆر کەم قسەم بکردایە، نوقتەی یەکەم کە دەمەوێ لەسەری قسە بکەم، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لێرە وەزارەتێکی گرنگە، لەلاپەڕەی 8 و 9 ی ڕاپۆرتەکەی حکومەت دا کە باسی ئەوە دەکات بە تایبەتی لە خاڵی 8 دەڵێ کارکردن بۆ دانانی بنەماکانی سەربەخۆیی ئابووری بە تایبەت پیشەسازی نەوت، ئەمە وەکو دەق دەقێکی هەرە گرنگە، یەعنی بە تایبەتی بۆ ئێمەی هەرێمی کوردستان پیشەسازی نەوت لە هەموو وڵاتان دا گرنگە، پیشەسازی نەوتیش دیارە ڕوونە، ئەوەی کە پەوەستە بە پاڵاوگەی نەوتەوە، هەروەها پیشەسازی پترۆ کیمیاوی، ئێمە دەزانین ئەمساڵ بڕی 500 ملیار دینار تەنها بۆ گازوایل دانراوە، زیاتر لە ترلیۆنێ دیناریش دانراوە بۆ پارەی کارەبا و گازوایل، لە 4 ساڵی ڕابردووش دا زیاتر لە 5 ترلیۆن دینار جارێکی تر بۆ پارەی کارەبا و گازوایل دانراوە، پرسیارەکە لێرەیە، ئێمە لە دوو ساڵی ڕابردوو دا بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان هاتە پەرلەمانی کوردستان بەڵێنی ئەوەی پێدابین شان بەشانی زیاد کردنی وەحدەکانی کارەبا هەوڵی ئەوە بدات غازیان بۆ ڕابکێشێ، یەعنی وەکو ئەوەی کە ئێستا خۆشبەختانە وێستگەی کارەبای هەولێر بە غاز ئیش دەکات، تا ئاستێکی هەرە گەورە بەو پێیەی کە غازەکەی هی خۆمانە و لە دەرەوە نایهێنین، ئەمە بار سووکیەکی زۆر باشە، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ پێشخستنی یەکەکانی کارەبا بەداخەوە هەست دەکەم جۆرێك لە سستی کراوە، جێی خۆیەتی بپرسین بۆچی ئەم سستیە دەکرێ بە تایبەتی هەندێ بابەتی تر لەچەند خاڵی تر دێم باسی دەکەم بۆ تەواوکردنی قسەکانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر گریمان پرۆسەی پەرەدان بە غازی کوردستان و گەیاندنی بە وێستگەکانی کارەبا پرۆسەیەکی قورسە، پێویستی بە پلانی گەورە هەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە شان بەشانی ئەوە ئایا ڕێگەی تر نەبوو بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە؟ بێ گومان ڕێگە هەیە، یەعنی من دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم لە سێ ساڵی ڕابردوو دا وەکو ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی و سامانەسروشتیەکان لە پەرلەمانی کوردستان دا یەکێك لەو دەست پێشخەریانەی کە کردوومە، ئەگەر برادەرەکانم شایەتی بدەن ئەوە بووە کەداوام کردووە بۆچی پاڵاوگەی نەوت لە هەرێمی کوردستان دروست ناکرێ؟، کە قسە لەسەر پاڵاوگەی نەوت دەکەین و مەبەستمان ئەو پاڵاوگانە نیە کە بێ مۆڵەتن و پاڵاوگەی مۆدێرن باس دەکەین، پاڵاوگەی پێش کەوتوو کە دەتوانێ ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل بپاڵێوێ، ملیۆنێك بەرمیل بپاڵێوێ، پرسیاری ئەوەمان کردووە خێرە لە بوارە جیاجیاکان و لەبواری نیشتەجێ بوون دا لە هەموو بوارەکان وەبەرهێنان دەکرێ، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەمەندی گەورە لە کوردستان دا هەیە، بۆچی لە پاڵاوگە وەبەرهێنان ناکرێ؟ دیارە من بۆ خۆم بە دواداچوونم بۆ ئەو بابەتە کرد، بۆ ئەوەی نێهێنی ئەم بابەتە بزانم، بۆم دەرکەوت لە چەند ساڵی ڕابردوو

دا کۆمەڵێك وەبەرهێنی زۆر شارەزا و زۆر بە ئەزموون و ناسراوی ئەم ولاتە چ خەڵکی هەولێر و چ خەڵکی سلێمانی داوای مۆڵەتیان کردووە لە حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ ئەوەی پالآوگە دروست بکەن، بەڵام بەداخەوە مۆڵەتیان پێ نەدراوە، ڕێگەیان لێ گیراوە، ئەمە لە کاتێك دایە کە قسە لەسەر پیشەسازی نەوت دەکەین من تەنها لەسەر پالآوگەکان قسە دەکەم، چونکە ئەمە بابەتێکی دووردرێژە، ئەگەر پالآوگەی نەوت لە هەرێمی کوردستان دا هەبووایە، پالآوگەی پێشکەوتوو، کۆمەڵێك سوودی هەرە گەورەی دەبوو لەسەر ئابووری ئەم هەرێمە، یەعنی خۆتان دەزانن سووتەمەنی و وزە بەشێوە گشتیەکەی ئێستا شادەماری ئابووریە لە سەر ئاستی هەموو دونیا، ئەگەر پالآوگە هەبووایە یەکێ لە سوودە هەرە گرنگەکانی بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو ئەو گازوایلەی کە وەکو برادەران ئاماژەیان پێیدا لترێکی بە هەزار و دوو سەد دینار دەکڕدرێ، ڕەنگە لە هەرێمی کوردستان دا بۆ هەر لترێك بە 400 دینار دابین بکرایە، ئەمە بۆ بەنزیش هەر ڕاستە و نەوتیش هەر ڕاستە، واتە خۆشتان دەزانن هەرزان بوونی جۆرەکانی سووتەمەنی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەواوی کاڵاکانی تر هەیە، ئەوەی پەیوەستە بە نانێکەوە، ئەوەی پەیوەستە بە کرێی سەیارەوە، ئەوەی پەیوەستە بە شیشەوە، ئەوەی پەیوەستە بە دروست کردنی بیناوە، هەرچی بیری لێ دەکەیتەوە، هەرچی بیری لێ دەکەیتەوە سەرچاوە سەرەکیەکەی لە دونیای مۆدێرن و پیشەسازی و وزەدا، جگە لەوە ئێمە دەزانین یەکێ لە گرفتە هەرە گەورەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێ لە هەرە کێشە گەورەکانی هاووڵاتیانی کوردستان قەیرانی سووتەمەنیە، یەعنی ئێوە دەزانن لەسەر جادەکان دا سەدان سەیارە ڕیزی گرتووە بۆ وەرگرتنی بەنزین، سەدان بارهەڵگر ڕیزی گرتووە بۆ بەزین و گازوایل، ئیتر خۆتان دەزانن دۆخی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان دا چۆنە، لە پاڵ ئەوە یەکێکی تر لە سوودەکانی پالآوگەی نەوت کە من پێموایە دەکرا زۆر زووتر و شان بە شانی ئەنجامدانی ئەو هەموو گرێبەستەی نەوت کار لەسەر دروست کردنی پالآوگە بکرایە و یەکێکی تر لە سوودەکانی ئەوە بوو ئێمە دەزانین ڕاستە تا ئاستێك سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام ئێوە دەزانن نەوعیەتی کوالیتی سووتەمەنیەکان چەند کێشەی بۆ ئێمە دروست کردووە لەڕووی تەندروستیەوە، یەعنی هەندێ جۆری سووتەمەنی دێتە هەرێمی کوردستانەوە قورقوشمی تێکراوە، کە یەك دنیا نەخۆشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، هەندێکی تری سیکۆتینی تیایە و هەندێکی تری خمی تیایە، ئەنواعی شتی سەیر و سەمەرە دەهێنرێتە هەێمی کوردستانەوە و هۆکارە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە ئەو سووتەمەنیەی کە بەرهەم دەهێنرێ، سەرچاوەکەی هەرێمی کوردستان نیە، تا حکومەتی هەرێم خۆی بتوانێ کۆنترۆڵی بکات لە ڕووی کوالیتیەوە، ئیتر ئەمە زیانە ئابووریەکانی لەسەر ژینگە و لەسەر ژیانی هاووڵاتیان لەلایەك زیانە ئابووریەکانی تری کە تۆ لە کاتێك دا سووتەمەنیەکی خراپ بەکاردەهێنی لەسەر ئۆتۆمبیلە و لەسەر تەواوی ئامێرەکان چەند زیانی هەیە، یەکێکی تر لە سوودەکانی دروست کردنی پالآوگە، بۆیە ئەم قسانە وردی دەکەمەوە بە ئومێدی ئەوەی لە دوای قسەکانم پشتیوانی بکرێین، بۆ ئەوەی هانی حکومەت بدەین بەم کارە هەڵسێ، یەکێکی تر لە سوودەکانی ئەو یەکانەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان دا دروست کراوە و وەحداتی کە بەشێکیان بەڕێز کاك احمد اسماعیل دروستی کردووە گرێبەستەکانی بە جۆرێکە ئەرکی حکومەتی هەرێمە گازوایلی بۆ دابین بکات، بەڕێز وەبەرهێن مافی ئەوەی هەیە خۆی جۆری کوالیتی دیاری

بکات، هەر کاتێك گازوایل نەگەیشتە وەبەرهێن، نەگەیشتە یەکە کارەباکە و وەحدەی کارەباکە، یاخود نەوعیەتەکەی خراپ بوو تەبعەن وەری ناگرێت، لەبەرئەوەی زەرەرمەند دەبێ، ئەو کاتە وەحدەی کارەباکە دەوەستێ، بۆ هەر 24 سەعات 8 دەفتەر لە سەر ئێمە حسابە، کەواتە ئەگەر ئێمە لە ناوخۆ دا پاڵاوگەی نەوتمان هەبووایە چەند گرنگ بوو لەوەش نەجاتمان دەبوو، نوقتەیەکی تری هەرە گرنگ کاتێ کە تۆ پاڵاوگەی نەوتی مۆدێرن دروست دەکەی، سەدان کرێکاری دەوێت، دەرفەتی کار دەڕەخسێنی بۆ خەڵك، ئەو هەموو ئەندازیارەی بواری نەوتمان هەیە، کرێکارمان هەیە و پێویستیان بەوەیە ئیشیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئیتر خۆتان دەزانن ئەمە چەند لقی لێ دەبێتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا یەك نوقتەی گرنگی تر هەیە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم هەر لەم بوارەدا، لە دنیای پیشەسازی سەردەم دا بۆ حکومەتێك کە نەوتی هەیە و بۆ نموونە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە حکومەتی عیراق لە یەك بەرمیل نەوت دا 100 دۆلاری دەست دەکەوێ، نەوت دەرئەهێنێت و دەیفرۆشێ بە 100 دۆلار، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە پاڵاوگەیان هەیە لەو 100 دۆلارە، 150 ـ200 دۆلار قازانجە، نەوتیشی نیە، بەڵام ئەیپاڵێوێ، کەوابێ ئەگەر من پاڵاوگەم هەبێ، لەبری ئەوەی بەرمیلێك نەوت بۆ من 100 دۆلار بکات، 250 دۆلار داهاتی دەبێ بۆ ئەم هەرێمەی ئێمە، تەبعەن درێژی ناکەمەوە ئەگەر نا وردەکاری زۆر هەیە، نوقتەی هەرە گرنگ کە بۆ من کە زۆر زۆر گرنگ بوو ئەوەیە دەڵێ..... و تەبعەن هەر لە خاڵی 8 دا کە باسی ئەوە دەکات بە تایبەتی پیشەسازی نەوت بەجۆرێك کێشە سیاسیەکان کاریگەری سلبیان لەسەر دۆخی هەرێم نەبێ، یەعنی یەکێ لە کۆڵەکە هەرە سەرەکیەکانی بنیادنانی سەقامگیری سیاسی، سەقامگیری ئابووری، سەقامگیری وزەیە، یەعنی دەبێ تۆ هەوڵی ئەوە بدەی هەمیشە ئاسایشی وزەی خۆت بپارێزی، لە کاتێك دا ئێمە دەزانین سەرچاوەی سووتەمەنی و گازوایل و نەوت ئێمە لە عیراق هەر کە بەڕێز نوری مالکی تاقەتی هەبوو بەشە سووتەمەنی هەولێر دەبڕێ، هی سلێمانی دەبڕدرێ، بە کەیفی خۆی یاری بە چارەنووسی سووتەمەنی و ژیانی خەڵکی ڕەش و ڕووتی ئەم وڵاتەوە دەکات، بەشێکی تریشی سەرچاوەکەی ئێرانە، هەر وڵاتێکی ترە، لە ئاستێك دا ئەمانە دوژمنی ئێمەن، لە ئاستێك دا کە بەرژەوەندی خۆیان هەیە بێ گومان دۆستن، وەکو دۆست خۆیان نیشان دەدەن، واتە لەم هاوکێشەیە، دەروازەی پەیداکردنی سووتەمەنی هەرێمی کوردستان بە ئێستاشەوە عیراق و ئێرانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبری ئەوەی دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی وەبەرهێنی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان دا پاڵاوگەی نەوت ئەنجام بدات، بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان هاتە پەرلەمان، هاتە لیژنەکەی ئێمە، دەڵێ ڕێکەوتنمان کردووە لەگەڵ حکومەتی تورکیا، بۆ حکومەتی تورکیا لەناو خاکی خۆیدا پاڵاوگەی نەوت دروست بکات، ئێمە نەوتی خاویان پێ بفرۆشین و ئەوانیش بەرهەمەکانیان  بە ئێمە بفرۆشنەوە، من لە ئێوە دەرپرسم ئەمە چەند دەرئەنجامی هەیە، لەلایەك خواردنی حەقی وەبەرهێنی ناوخۆی دەکەن کە خۆی هاتۆتە پێشەوەو دەڵێ کاکە من پارەم هەیە و خزمەتی وڵاتەکەم دەکەم، لەلایەکەوە حەق خواردنی ئەوانە، لەلایەکی ترەوە گۆڕینەوەی عیراق و ئێران بە تورکیا چ فەرقێکی هەیە؟ ئێمە لە پاشکۆیەتی عیراق و ئێران ڕزگارمان دەبێ، بەڵام دەبین بە پاشکۆی

توركيا، ئێمە دەزانین ئاستی دوژمنایەتی ئەوان بۆ ئێمە چۆنە، یەعنی ئەمە بەم شێوازە تۆ سەقامگیری سیاسی و ئابووری و وزەی وڵاتەکەی خۆت دەپارێزی؟ ئەمە تەنها لە بواری پاڵاوگەی نەوت دا، ئەمە جگە لەوەی کە ڕێگەی نەداوە، لەگەڵ ئەوەی ڕێگە نادات بە وەبەرهێن کە پاڵاوگەی مۆدێرن دروست بکات، لەگەڵ ئەوەی دەڕوات لەگەڵ وڵاتێکی تردا ڕێك دەکەوێ بۆ ئەوەی پاڵاوگە دروست بکات بۆ ئێمە، لە هەمان کات دا دەرفەت دراوە کە وەکو دەوترێ بە قودرەتی قادر، سەدان پاڵاوگەی بێ مۆڵەت لەم وڵاتەدا هەیە بە بێ ئەوەی گازوایلی بۆ دەستەبەر بکات، بە بێ ئەوەی بەنزینی بۆ دەستەبەر بکات، بە بێ ئەوەی نەوتی سپی بۆ دەستەبەر بکات، ژینگەکەت خراپ دەکات، مەترسیە لەسەر کرێکارەکانت، نازانی بەرهەمەکەی لە کوێ ساغ دەکاتەوە؟، نازانی داهاتەکەی بۆ کوێ دەڕوات؟، یەعنی ئەنواعی دەرئەنجامی سلبی هەیە، لە پاڵ ئەوەی کە ڕێگە نادات دوو پاڵاوگەمان هەیە و زۆر بەڕاشکاوی تکایە بە سنگ فراوانیەوە لێم وەرگرن، پاڵاوگەی بازیان و خەبات لەلایەن دوو کۆمپانیای حیزبیەوە کۆنترۆڵ کراون، دواییش دەیسەلمێنم هیچ قسەیەکم بە بێ بەڵگە نیە، یەعنی ئەمە چ پرۆسەیە کە چ مانایەك دەگەیەنێ؟ ئەو کێشەیە ئێوە خۆتان قەرار بدەن، یەعنی ئەنواعی حیکایەت لەم بوارە هەیە، من ڕۆیشتم سەردانێکی پێنجوینمان کرد لەگەڵ کۆمەڵێ برادەردا، لێرەوە نەوت دەڕوات بۆ ئێران بە تەنکەر، سەد مەتر لەولای ئەوەوە بە قاچاخ بە جلیکانەوە گازوایل دێتەوە، یەعنی ئەمە وڵات وا دەڕوات بەڕێوە؟ داهاتی نەوت، زۆر بەداخەوە وەڵڵا ئەم قسانەم بۆ ئەوە نیە، زۆر بە نیگەرانیەوە ئەم قسانە دەکەم خۆزگە ئەم وڵاتە وا نەبووایە، داهاتی نەوت هەرچی لەسەر بڵێی و هەرچی گومان بکەی و هەرچی حیکایەتی لەسەر بکەی، تا ئەو کاتەی عەکسەکەی نەسەلمێندرێت ڕاستە، تەبعەن بەشێك لەبرادەران بەشێکی قسەکانیان کرد، من جارێکی تر ناڕۆمە سەری، بەڵام هەر لە دوای ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوو دا چی وتراوە و ئەنواع جۆری شیرینی وەردەگیرێ لە گرێبەستەکان دا، لە داهاتی نەوت دا و لە چیە و لە پاڵاوتنە؟، نازانم ئەنواعی شتە، لە دوای گرێبەستەکانی ئەکسن مۆبیلەوە تاوەکو ئەمڕۆ، کۆمەڵێك گرێبەستی تر کراوە، کۆمەڵێك پشکی کۆمپانیاکان کڕدراوە و فرۆشراوە، ئەمانەش داهاتیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە، یەعنی لە کوێیە؟ خۆ وتراوە دوو حساب کراوەتەوە لە بانکەکاندا، بەڵام ئەگەر حەقە ئێمە بزانین ئەم بڕە چەندە، تا کەی نەزانین نە بە پرسیار جواب دەدرێیتەوە، نە لەناو لیژنەدا جواب دەدرێیتەوە، نە لە تەلەفزیۆن جواب دەدرێیتەوە، یەعنی تاکەی ئەم پرسیارە گوماناویانە، تاکەی وەڵام نادرێتەوە؟ بەڵام من لە ئاستێکی تردا بەداوای لێ بوردنەوە ئەمە نووسراوێکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کابینەی شەشەم، کاك د.بەرهەم، ئەمە نووسراوێکە ئەم نووسراوە، ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە دەیسەلمێنێ کە کاتێ کە ئەو بەڕێزە سەرۆکی حکومەت بووە و ئەویش هەر ئەوەندی من ئاگای لە داهاتی نەوت هەبووە، ئەویش هەر ئەوەندی هاووڵاتیەکانی ئەم هەرێمی ئاگای لە داهاتی نەوت هەبووە، بۆیە من زۆر بە ئاسایی دەزانم سەرۆکی پەرلەمانیش ئاگای لە داهاتی نەوت نەبێ، چونکە سەرۆکی حکومەت، سەرۆکی ئەنجومەنی هەرێمیە، ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت و گاز، ئەگەر ئەو ئاگای لێ نەبێ، ئەی منی پەرلەمانتاری داماو، چۆن ئاگام لێیە، ئەی هاووڵاتی چۆن ئاگای لێیە؟؟ ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە هێنانی داهات دەبێتە مایەی ئەوەی لە حکومەتی عیراق بیبڕن و ئەوانە، منیش لەگەڵ ئەوەم بەشێوەیەك لە شێوەکان، با بیزانین چەندە ئیتر دوایی چۆن خەرج دەکرێ،

شتێکی ترە، یەعنی گرفتێکی تر پەرلەمانتار حەقی خۆیەتی بپرسێ، هاووڵاتیان حەقی خۆیانە بپرسن و بشترسن، یەعنی بە شێوازێکی خراپ مامەڵە لەگەڵ داهاتی نەوت دا بکرێ، پەرلەمان یەکێ لە ئەرکەکانی ئەوەیە بڕی پارە پەسەند بکات، بزانێ چۆن خەرج دەکرێ، یەعنی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دەڕوا بۆ ئەو شوێنە و بۆ ئەو شارە، ڕاستە پارەکە خەرج دەکات بۆ خەڵك، بەڵام بۆ نموونە لە گەرمیان 200 ملیۆن دۆلار خەرج دەکات، دەستی خۆش بێ کارێکی باشە، یەکەم/ ئەمە هی خۆی نیە بیکا بە چاکە بۆ خۆی، دووەم/ هاووڵاتیانی شارەکانی تریش حەقیانە لە داهاتی نەوت سوودمەند بن، ئەی قەڵادزە چی بکات خۆ نەوتی نیە؟، پێنجوین چی بکات؟ یەعنی کەوا بێ دیارە گەرمیان زۆر لەوە زیاتری پێویستە، بەڵام سەید سادقیش پێویستی پێیەتی، واتە پێویست دەکات ئەم پارە لە پەرلەمان دا پەسەند بکرێ، لە پەرلەمان دا بزانرێ چۆن خەرج دەکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر لە ڕاپۆرتەکەی حکومەت دا باسی زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و جۆراو جۆر کردن و نەك تەنها نەوت، بەڵکو پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری، ئیشی من وەکو ئەندامی لیژنەی پیشەسازی قسە کردنە لەسەر وەزارەتی پیشەسازی، وەزارەتی پیشەسازی بۆ لە بودجەی ئەمساڵدا، خەرجیەکانی بەکاربردن و خەرجیەکانی وەبەرهێنانی 81 ملیار دینارە، 6 هەزار تۆزێ کەمتر فەرمانبەری هەیە، 50 ملیار دیناری بۆ ئەو فەرمانبەرانەیە، تەنها 15 ملیار دیناری بۆ پارەی پرۆژەکانی ئەمساڵە، کە 9 پرۆژەیە، 23 ملیار دینار داهاتی خەمڵێنراوە، داهاتی ئەمساڵ، داهات زائیدەن پارەی پرۆژەکان، لەبری خەرجی دەرکە، ئەم وەزارەتە ئەمساڵ نزیکەی 30 ملیار دینار زیان بە حکومەت و بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنێ، لە کاتێك دا وەزاەرتی پیشەسازی لە وڵاتان دا بڕبڕەی پشتی دەوڵەتە، یەکێك لەو وەزارەتانەی دەرفەتی کار دەدۆزێتەوە، یەکێك لەو وەزارەتانەی شەڕی سیاسی پێ دەکرێ، شەڕی ئابووری پێ دەکرێ، لە هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی پیشەسازی بووە بە وەزارەتی بێ کاران، بەداخەوە، بێ کارترین وەزارەتە، ئەمە ئیعترافی بەڕێوبەرە گشتیەکانی ئەو وەزارەتە بەڕێزەیە، بۆ ئاگاداریتان ئەم وەزارەتە لە کابینەی شەش و حەوتەمەوە هەر لەسەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆ، تەنها 23 پرۆژەی هەبووە، تەنها یەك پرۆژەی بۆ جێ بەجێ کراوە، لە ماوەی ئەو چوار ساڵە ئەویش چاك کردنی بینای وەزارەتەکە بووە، لە ئەمساڵیش دا جارێکی تر داوای ئەوە دەکات بڕێك پارەی تری بۆ تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی چەند ژوورێکی تری بۆ ئیزافە بکرێ، بۆ ئاگاداریتان ئەم وەزارەتە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو دا بڕی 151 ملیار دینار زیانی بە دارایی ئەم وڵاتە گەیاندووە، لە پاڵ ئەوەشدا ئەمساڵ 16 ملیار دیناری بۆ دانراوە بۆ بودجەی ئەوەی پێی دەوترێ ئیعانات و چاك کردنەوە و ئەوانە، یەعنی لە ئێوە دەپرسم وەزارتێك کاری نەبێ چۆن دەبێ بەنزین بکەیتە ناو سەیارەکانیەوە؟، وەزارەتێك کاری نەبێ، چ پێویست دەکات ژوورەکانی پاك بکەیتەوە؟ وەزارەتێك کاری نەبێ چ پێویست دەکات سپلیت کارەباکە خراپ بکات؟، چ پێویست دەکات پارە بۆ ئەمە دابنێین؟، چ پێویست دەکات وەزیر و بەڕێوبەرە گشتیەکانی سەفەر بکەن بۆ وڵاتان؟، یەعنی ئەمانە خەمی ئەم وڵاتەن دەبێ چارەسەر بکرێ، ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە یەعنی ئەم وڵاتە پەرەی پێ بدرێ، ئەم وڵاتە لەڕووی ئابوورەیەوە چاك بکرێت، ئەمە خەمن دەبێ چارەسەر بکرێ، ئەم وەزارەتە بەڕێزە شان بەشانی خودی خۆی وەکو بەشێك لە پلانی حکومەت بڕیار دراوە ساڵانە بڕێك پارە بە قەرز بدرێ بەو کەسانەی کە دەیانەوێ لەبواری پیشەسازی وەبەرهێنان بکەن، لەو کاتەوە کە پەرلەمانی بەڕێز بودجە دادەنێ بۆ بەڕێز وەزارەتی پیشەسازی وابزانم دوو ساڵە یان سێ ساڵە، تا ئێستا 36 کەس سوودمەند

بووە لە قەرزی پیشەسازی، دیارە لە ئەوەڵەوە و بێ گومانم لە سەرەتاوە کۆمەڵێك ڕۆتینیات هەبوو لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، بە هەوڵی بەڕێز سەرۆکی لیژنەکەمان و ئەندامانی لیژنە، کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی بەڕێز و لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی بەڕێز و ئەندامانی لیژنەکە، کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا و ئەو ڕێنماییانەمان دەرکرد پێکەوە، بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ ئەو کەسانە بکرێ کە قەرزی پیشەسازی وەردەگرن، زۆر بەڕێزەوە ئەم قسەیە دەکەم، بەڕێز کاك رشید تاهیر تەلەفۆن دەکات بۆ بانکەکان پێیان دەڵێ کاکە ئەو ڕێنماییە کاکە وەکو خۆی جێ بەجێ مەکەن، ڕێنمایی تریشمان هەیە، واتە ڕێنمایی پەرلەمان و حکومەت هەیە و ڕێنمایی کاك رشید تاهیریش هەیە، بەوپەڕی ڕێزەوە قسە دەکەم و دوایی پێت دەڵێم کێ وتوویەتی، ئەگەر لە دادگاش شکات بکەی من ئامادەم بێمە دادگا، وەزارەتی کارەبامان هەیە بەڕێز تەبعەن ناکرێ بچێتە سەر وردەکاریەوە تەنها لەسەر داهاتەکەی قسە دەکەین، ئەمە وەکو هاوکاریەك و وەکو پشتیوانیەك بۆ وەزارەتەکە، چونکە هەست دەکەم کۆمەڵێ ئیشی باشی کردووە بە ویژانەوە باسی بکەین، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێ خەلەلی هەیە و بەس تەنها داهاتەکەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی ئێمە حکومەت وەکو لە پلانی ستراتیجیەکەی هاتووە و باسی ئەوە دەکات کە پلانیان هەیە بۆ وەرگرتنەوەی پارەی ئاو و کارەبا، یەعنی خەتەرترین قسە و قورسترین بەڵێن ئەو بەڵێنەیە و ئەو قسەیەیە یاخود ئەو پێشنیارەیە کە تۆ بۆ خەڵکی بکەیت و بەس لە خۆتا ئامادەییت نەبێ، ئامادە نەبی خۆت جێ بەجێ ی بکەی، ئەمە وەزارەتەکانە و 21 وەزارەت و ئەوانەیە، کێ ناردوویەتی کاك یاسینی بەڕێز، ئەندازیار یاسین لە 2013/1/20 ناردوویەتی بۆ لیژنەکەی ئێمە، وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێز 587 ملیۆن دینار قەرزارە، وەزارەتی خەزێنەت قەرزار بێ توخوا چۆن داوا لە خەڵك دەکەی پارەت بداتەوە؟ یەعنی ئەمە مەنتقی تیایە؟ لۆجیکییە؟ هاوولاتی چۆن پارە بدەن کە حکومەت خۆی پابەند نەبێ بە خۆیەوە، بەڕێز وەزارەتی پلاندانان 76 ملیۆن دینار قەرزارە، تەبعەن ئەوە بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە، 10 ملیار دینار قەرزارە، حیکایەتەکە لێرەیە، وەزارەتی کارەبا خۆشی قەرزاری خۆیەتی، ئەها سەیر کەن، وەزارەتی کارەبا 115 ملیۆن دینار قەرزاری خۆیەتی، ئەمە دوو پەیامی تیایە، پەیامی یەکەمیان/ ئەوەیە کە دەبڕی خەلەلی شێوازی بڕیار و بەڕێوەبردنی کارە ئیداریەکان، بەڕێز وەزارەتی دارایی تا ئێستا ئەو پارەیەی کە پێویستە وەزارەتی کارەبا بۆ خۆی خەرجی بکات، بەڕێز وەزارەتی دارایی پێی نادات، پارەکەی خۆشی نادات، پارە بۆ وەزارەتەکان خەرج ناکات، ئەی ئەوە چۆن دەبێ؟، ئەی من نازانم هەموو کەسێ دەبێ هەستی پێ بکات و زوو چارەسەر بکرێ، بۆیە لەم ڕووەوە هیوادارم حکومەت بۆ خۆی و لە خۆیەوە دەست پێ بکات، وەڵڵا من هاوولاتی بم یەك دینار نادەم بۆ کارەبا تا حکومەت قەرزار بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لێرەوە پەیامم بۆ هاوولاتیانی بەڕێز ئەوەیە وەکو هاوکاریەك بۆ پەرەدان بە کەرتی کارەبا چەند پێیان دەکرێ تا زووە قەرزی حکوت بدەنەوە، ئەمە وەکو هاوکاریەك بەرپرسیاریەتێکی نیشتمانیە، قسە لەسەر کورتهێنان زۆر کرا، تەبعەن شێوازەکانی کورتهێنان کە پرسمان پێ ناکرێ حکومەت بە خەمەڵاندنی هەرێمەوە پابەند نابێ و ڕێگە نەدان بە بەشداری کردنی

حکومەت ئەمانە هەمووی ڕاستە، حکومەتی عیراق دۆستی ئێمە نیە، هەرچی ئەوانەی دەیلێن ڕاستە، هەموو ئەو پاساوانەی کە باسی ئەوە دەکرێ بودجەی حاکیمەمان ناداتێ، بودجەی سیادیمان ناداتێ، دڵنیاتان دەکەمەوە قەد نایدەن، ئەنواعی کێشەمان بۆ دروست دەکەن، بەڵام یەك پرسیار وەڵڵاهی من سەری لێ دەرناکەم یەعنی بەرێزان ئێوە وەڵامم بدەنەوە، لە پاشکۆکاندا هاتووە و باسی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ وەرگرتنەوەی ئەم برە پارانە، ئێمە دەزانین سیستمی حوکمڕانی لە عیراق دا سیستمی فیدڕالیە، هەرێممان هەیە و حکومەتی فیدڕاڵمان هەیە، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی بەینی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵ دادگای فیدڕاڵی باڵامان هەیە بە پێی ماددەی 93 بڕگەی 4 لە دەستووری عیراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە، بڕوا لەو دادگایە سکاڵا لەسەر حکومەتی فیدڕاڵ بەرز بکاتەوە، یەعنی ئیشی ئەو لە دادگا چیە لە کاتێك دا سێ، چوارێك لە دادوەرە بەرێزەکانی کوردن و لەسەر بەشی کورد ڕۆیشتوونەتە ئەوێ، ئەگەر ئیشمان پێیان نیە با بێنەوە، کاتێ کە تۆ پەنای بۆ نابەی، منی پەرلەمانتاری کوردستان گومان دەکەم کە ڕەوایەتی لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، پێموانیە یەعنی چ پێویست دەکات تۆ بڕۆی بە ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ فلان حیزب و فلانە لایەن ڕێك بکەوی، تۆ دادگات هەیە و دەستووریش ڕێگەی پێداوی هەر کە ئەم ڕێگەت گرتە بەر بەشەکانت وەرنەگرتەوە، حسەکانی خۆتت وەرنەگرتەوە کاك فرست تەبعەن ئەم بابەتە بە وردی دەزانێ ڕۆڵی دادگای فیدڕاڵی چیە؟، جەنابیشتان دەزانن بێ گومان، یەعنی بۆ پەنای بۆ نابەن، هەوڵی سیاسی چیە؟ سەد وەفدی تر بنێرن بۆ ئەوێ ئەسڵەن من دەڵێم مەڕۆن، چونکە ڕۆیشتنەکە مەسرەفە لەسەر ژیانی خەڵك، پارە دەڕوات، دەڕۆن بۆ پارە وەرگرتنەوە، پارەکە وەرناگرنەوە، پارەی تریش خەرج دەکەن، بە جدی وایە، یەعنی تۆ جارێ پەنا ببە بۆ دەستوور، خۆ ئەگەر باوەڕیشت بە دەستوورەکە نیە کاکە فەرموو جیا ببەرەوە، تەبعەن وەکو برادەران ئاماژەیان پێدا یەکێ لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی کورتهێنان زیادەڕۆییە، زیاد خەرج کردن و کورتهێنان وەکو ئەوتری دوو دیوی یەك دراون، یەعنی ئاوایە، لەلاپەڕەی 6 داهاتووە، بودجەی هەرێم سنووردارە بە هیچ شێوەیەك لە ئاستی پێداویستیەکانی وڵاتێك دانیە  کە ساڵەهای ساڵ وێران کراوە، ژێرخانەکەی لەناوبراوە، وەڵڵا ئەمە ڕاستە، بەڵام تۆ ویژدانتان و تۆ ئەو خوایەی کە خالقی کردووین، لە ئێوە دەپرسم وڵاتێك ئاوا وێران بووبێ و بودجەکەی ئاوا کەم بێ، ئەبێ چۆن کەسێك بەرپرسی بێ، ئەبێ کەسێ بەرپرسی بێ زیادەڕەوی بکات، یاخود ئەبێ کەسێ بەرپرسی بێ حساب بۆ قورسایی هیلکەیەکیش لەسەر ئابووری وڵاتەکەی بکات، کاتێ کە تۆ بودجەکەت کەمە و وڵاتەکە و وێرانە، لە هەمان کاتدا پلانیشت نیە، وەکو پێویستیش خەمخۆری نیە، ئیتر وڵات وێران تر دەبێ، کاکە هێنانەوەی ئەم پاساوە لە ئێستادا نابێ بۆ پەردەپۆش کردنی خەلەلەکانی ئێستا بێ، ئەبێ بۆ پەند وەگرتن بێ، ئەبێ بۆ ئەوە بێ ئێمە لێرەوە هانی بەرپرسەکانمان بدەین زیادەڕەوی نەکەن، یەعنی کارەساتێکی گەورەیە تۆ پارەت نەبێ، وڵاتەکەت وێران بێ، پلانیشت نەبێ و حکومەتەکەشت وەکو پێویست نازانم و نامەوێ

وشەیەك بەكاربێنم، چ ناوێك بدۆزمەوە بۆ بەرپرسەكان كە بەم شێوەیە زیادەڕەوی دەكەن، تەنها نموونەیەك دەهێنمەوە لەسەر ئەم بابەتە، سەرۆك وەزیرانی .....

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

تكا دەكەم كاك عبداللە هەندێ هێمنی خۆت بپارێزەو قسەكانی خۆت بكە.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، ببورە، تكایە ببورە، سەرۆك وەزیرانی نوێی بریتانیا كە هاتە سەر حوكم یەكسەر ڕووبەڕووی قەیرانێكی گەورە بوویەوە، كە قەیرانی گران بوونی بەنزین بوو، دڵنیام جەنابتان ئاگاتان لێیەتی، ئەم سەرۆكە دوو شتی كرد، یەكەم/ داوای كرد لە هاووڵاتیەكانی خۆی لە كاتێك دا سەیارە لەناو شاردا لێ دەخوڕن، بە گێڕێك لێ بخوڕن بۆ ئەوەی كەمتر بەنزین ببات، لە هەمان كاتدا، خۆی یەكەم جار دەست پێشخەری كرد پایسكل لێ بخوڕێ، بەم شێوازە تۆ ئەتوانی زیادەڕەوی كەم بكەیتەوە، نەك تۆ بڕۆی بۆ ئەمساڵ 156 ملیار دینار دابنێی بۆ كڕینی سەیارە و بۆ كرێی سەیارە، بۆ سووتەمەنی سەیارە، بۆ چاك كردنەوەی سەیارە، یەعنی من نازانم ئەگەر بەرپرسانی ئەم وڵاتە بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە بۆ هەموویان ئەگەر وەكو كێشەیەكیان لەگەڵ هاووڵاتیەكانی خۆیان نەبێ وەڵڵا پێویستیان بەوە نیە لە كاتێك دا سەرۆكێك لە شوێنێكەوە دەڕوات بۆ شوێنێكی تر 50 سەیارەی بەدواوە بێ، جا خەرجیەكانی سەیركە، بەڕێزان لە بارودۆخێكی لەم جۆرەدا تۆ چۆن كار دەكەی؟، لە بارودۆخێكی ئا بەم شێوەیە كە ئەمە دۆخی وڵاتەكەمانە، ئەمە پەرلەمانە و ئەمە وەزعی حكومەتە و ئەوە ژیانی خەڵكە، ئێوە دەزانن، لە تازەترین ڕاپۆرتی وابزانم ڕۆژنامەی ڕووداو بوو كە یەكێكە لە ڕۆژنامە دیارەكانی كوردستان باسی ئەوە دەكات، خەڵك هەیە لەبەرئەوەی پارەی نیە بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیەكەی خۆی ناچاربووە منداڵێكی ببات و بیفرۆشێت، یەعنی ئەمە دەبێ هەمووومان ڕاچڵەكێنێ، لە وڵاتاندا ڕۆژنامە دەوری هەیە لە چاكسازی دا، ڕۆژنامە دەوری هەیە لە ڕاچڵەكاندنی بەرپرسانی وڵاتدا، یەعنی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێموایە لە بواری ڕۆژنامەگەری دا یەكێكە لەو كەسانەی كە شارەزایە و كاریگەری ڕۆڵی ڕۆژنامە دەزانێ، بەڵام ئێمە ئەوە ڕوودەدات و كەسیش و هیچ كەس ڕاناچڵەكێ، خەڵك دەبینن لە ژێرچادر دایە و دینارێكی نیە و كەسیش ڕاناچڵەكێ، یەعنی وەكو برادەران باسیان كرد، پێموایە خۆشبەختانە زۆربەی پەرلەمانتاران شارو شارۆچكەكان گەڕاوین، وەڵڵا ڕۆیشتووینەتە قوتابخانەی وا بەم زستانە دەرگای پێوە نیە، سۆبەشی نیە و نەوتیشی نیە، ئێ توخوا تەڵەبە و خوێندكار وا پەروەدە دەبێ؟ لە هەمان كاتدا منداڵەكانی ئێمەی پەرلەمانتاریش لە باشترین قوتابخانە دەخوێنن و منالی وەزیرەكانیش ئەوە دیارە و بەرپرسانی تریش، بۆ نەخۆشیش ئەسڵەن ناڕۆن بۆ نەخۆشخانەكانی خۆمان، كەم جارێك دەڕۆن، ناڵێم ئەسڵەن ناڕۆن، ئەڕۆن بۆ وڵاتانی دەرەوە، ئێ باشە هاووڵاتیانی تریش ئەو مافەیان نیە؟ وەكو بەڕێز پەیام خان ئاماژەی پێیدا قەیرانێكی هەرە گەورە لە بواری ژندا هەیە كە ڕەنگە ئەو باشتر باسی كرد، ناكرێ بودجە بەشێكی بۆ

ئەوان بێ و بەشێوەیەك لە شێوەكان كە چارەسەری كێشەكەیان بكات لە چوارچێوەی پلاندا، ناكرێ بەشێك لەم بودجەیە كە ساڵی پار من وتم من بۆیاخچیم ئەمڕۆ، هەندێ برادەری پەرلەمانتار گلەییان لێ كردم و وتیان چۆن دەبێ پەرلەمانتار بڵێ من بۆیاخچیم، ئێ باشە ئێمە بە دەنگی بۆیاخچیەك و فەلاحێك و مامۆستایەكی جامیعە هاتووین، ئەبێ ئەمڕۆ كە قسە لەسەر بودجە دەكەین، ئەبێ قسەكانمان ڕەنگدانەوەی واقعی كۆمەڵەكەمان بێ، ئەبێ قسە لەسەر ژنێكیش بكەین و قسە لەسەر بۆیاخچیەكیش بكەین و قسە لەسەر كرێكارێكیش بكەین، ئەبێ قسە لەسەر پێشمەرگەیەك بكەین كە بەڕێز كاك محمد شارەزووری ئاگادارە كە پێشمەرگەیە و بە ئەوانەشەوە كە لە سەنگەرەكانی بەرگری كردندان و لە ئێستادا هیچ كامیان لە 500 هەزار دینار زیاتریان نیە بۆ ئاگاداریتان، تۆ ویژدانتان پێشمەرگەیەك مانگی 400 یان 470 هەزار دینار وەرگرێ چەندی بۆ منداڵەكانی بێ و چەندی بۆ كرێی خانووەكەی بێ، چەندی بۆ چارەسەری كێشەی تەندروستی بێ، چەندی بۆ ئەو هەموو خەون و خەیاڵە گەورەیە بێ كە لە مێشكیا هەیە و وەكو منی پەرلەمانتار؟، هیچی تەبعەن، هیچی بەش ناكات، بەشی چی بكات! فەرمانبەری وەزارەتی دارایی هەیە بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە و دوێنێ تەلەفۆنی كردووە دەڵێ من شۆفێرم لە وەزارەتی دارایی مانگی 300 هەزار وەردەگرم، تەبعەن دامەزراوە و فەرمانبەرە، تۆخوا 300 هەزار دینار بەشی چی دەكات؟ بۆ كەسێك كە چوار منداڵی هەیە، وەڵلاهی دەیوت چوار منداڵم هەیە و خانووشم نیە، بزانم بەشی چی دەكات یەعنی، پرسیارە بۆ ئەبێ من 8 ملیۆنم هەبێ؟، یەعنی ناكرێ تاكەی ئەم عەدالەتە دەستەبەر نەكەین لە ڕێگەی یاسایەكەوە، بۆ ئەبێ وەزیرێك 8 ملیۆنی هەبێ و یەك دنیا پارەش لەبەر دەستی دابێ، ببورن هەندێ هەڵسوكەوت و هەندێ ئیش وكاری ئەم حكومەتەی خۆمان هەیە كە پەرلەمانیش لێی بەرپرسیارە و منیش لێی بەرپرسیارم، چونكە ئەو قسەیەی بەڕێز وەزیری پلاندانان زۆر تەواوە، گوتی بۆچی باسی من دەكەن، بۆچی بەرپرسیاریەتی خۆتانیش نیە بەدواداچوون بكەن؟، بەڵێ بەڕی وەڵلا بەرپرسیاریەتی ئێمەیە بە دەرەجە یەك، خۆشمان هەر فراكسیۆنی گۆڕان، بابە وتم تۆ گوێت لێ نەبووە ماڵئاوا، كاكە پەرلەمانتار 8 ملیۆن وەردەگرێ و فەرمانبەری خەزێنە 300 هەزار وەردەگرێ، یەعنی هەندێ خەرجی هەیە، نموونەیەكی زۆر سادە، وەكو ئەوە وایە پیاوێك چوار، پێنج منداڵی هەبێ، منداڵەكانی جلیان لەبەرنەبێ و بەشێك لە منداڵەكانی پێڵاویشیان لەپێ دانەبێ، بەس دەڕوات قەرز دەكات بۆ ئەوەی سەیارەیەكی ئاخر مۆدێل دەكرێ بۆ كوڕێكی، ئێ وڵات چۆن وا بەڕێوە دەڕوات؟، هەندێ ئیش هەیە وایە، نموونەشتان بۆ دەهێنمەوە، زۆر مەبەست هەیە لەم بابەتە كە من قسە لەسەر بودجە دەكەم، تكایە یەعنی ئێوە تا ئێستا ئەو پرسیارەتان بە مێشكتان بە تەئكید هاتووە، ئێوە دەزانن بەشێك لەم وڵاتە ڕقیان لە مەسئولە و ڕقیان لە بەرپرس و ڕقیان لە وەزیر و ڕقیان لە پەرلەمانتارە، هەر ناوی بەرپرست هێنا ڕقیانە لێی، بۆ تا ئێستا ئەو پرسیارە ناكەین خێرە ڕقیانە لێمان؟ خۆ من تاوەكو تەنەكەچی بووم، ڕاستە خەریجی قانونیشم كەس ڕقی نەبوو لە من، بەڵام ئێستا پەرلەمانتارم ڕقیانە، چونكە ئەزانن من لە ماڵێكی باش دام و دەزانن من سەیارەم هەیە و دەزانن منداڵەكەی من خۆش دەژی و لە هەمان كات دەشزانن خەڵكیشم لەبیر چووەتەوە تەبعەن، بۆ هەمووومان ڕاستە،...... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**تكایە باسی بودجە بکە، تکایە.**

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی بودجە دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کێشەی پرۆژەکان، تەبعەن پرۆژەکان، ڕووی دەممم بە پلەی یەکەم لە بەڕێز وەزیری پلاندانان دەکەم هەندێ پرۆژە هەیە بووە بە گرێی دەروونی بۆ خەڵك، بۆ نموونە جادەی دوو سایدی هەڵەبجە، چەند ساڵە تەواو نابێ، پرۆژەی ئاوی خاس لە قەڵادزە، تەواو نابێ، نەخۆشخانە 400 قەرەوێڵیەکەو دەیان پرۆژەی تر لە هەموو قەزا و ناحیەکان دا، یەعنی تاکەی ئەم کێشانە چارەسەر نابێ، گرفتێکی تر هەیە من ناتوانم ناوی شوێنێکی دیاری کراو بێنم، چونکە چۆن و چەندە کفری پێویستی بە دایەنگە هەیە و هێندەش پێنجوین و قەڵادزە و ڕانیە و دوکان و چەمچەماڵ و زاخۆ و باقی ناوچەکانی تریش پێویستیان بە نەخۆشخانەیە، پێویستیان بە دایەنگەیە، پێویستیان بە پرۆژەی خزمەتگوزاریە، پێویستیان بە دوو ساید کردنی ڕێگەوبانەکانیانە، چونکە پیاو نازانێ، دەچیتە هەر شوێنێك هەمان کێشە هەیە، ئیتر نازانی دیفاع لە کوێ بکەی؟ هەست دەکەی تۆزێ ئیحراج دەبی شوێنێکی دیاری کراو بگری، هەرێمی کوردستان هەمان کێشەیان هەیە، ئەمانە بەڕاستی شیاوی ئەوەیە خەمیان بۆ بخۆی، کێشەیەکی هەرە گەورە هەیە، تۆ لە هەرێمی کوردستان دا ئەگەر سەیری مەرکەزی شارەکان بکەین، لەڕووی دروست کردنی بیناوە گەشەکردنێکی سەیر هەیە، ئەم گەشەکردنە گەشەکردنێکی ناقسە، یەعنی گرفتارییە، قەیرانە لە کاتێك دا تۆ لە تەنیشتی ئەوەوە پەرە بە گوندەکان نەدەی، گوندەکانت هین کردووە، گوندەکانت پەراوێز خستووە، لە پاڵ ئەوە دیارە سەد لە سەد نیە، بەڵام وەکو پێویست پلانی نیە بۆ ئەو بابەتە و بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان، گوندێك مەدرەسەی بۆ دەبەی و جادەی بۆ نابەی، کارەبای بۆ دەبەی شتێکی تری بۆ نابەی، یەعنی تۆ لە کاتێك دا دەتەوێ پەرە بە گوندەکانت بدەی، ئەبێ لە هەموو ڕوویەکەوە بایەخی پێ بدەی، جیاوازی نێوان گوند و شار کەم بکەیتەوە، ئەمە زۆر گرنگە، یەعنی تۆ هەوڵ بدە دە گوند ئاوەدان بکەوە، لەوە باشترە 100 پرۆژە بۆ 100 گوند بکەی، هیچی ئاوەدان نابێتەوە، دیارە زۆر گرنگە لە بودجە بایەخ بە بەنداو بدرێ و بایەخ بە دروست کردنی پۆنت بدرێ، پۆنت تەبعەن جەنابتان دەزانن حەجمی بچووکترە لە بەنداو، بە تایبەتی وەکو بەڕێز کاك سالار ئاماژەی پێیدا گەرمیان یەکێکە لەو شوێنانەی پێویستی بە پۆنت هەیە، هەموو شوێنێك پێویستی بە گلدانەوەی ئاوە و ئەو پۆنتانە هەبێ، دیارە بڕێکیش هەیە خۆشبەختانە و لەگەرمیان دا ئێستا ژمارەیەکیان ئیشی تیا دەکرێ، من بۆ خۆم داوای زیاتر ناکەم، چونکە لەوانەیە ئەوانەی هەیە ئەمساڵ بکرێ بەسە بۆ ئەمساڵ، بەڵام یەك ئەشکالی بچووك دەخەمە بەرچاوی بەڕێز وەزیری دارایی گوندی ڕەزوەر یەکێکە لەو گوندانەی سنووری گەرمیان پۆنتێ دروست کراوە، تێچوونەکەی 500 ملیۆن دینارە، تەبعەن سکاڵایان هێنا بۆ لای من و ڕۆیشتم سەردانم کرد، سکاڵایان ئەوە بوو کە شوێنی پۆنتەکەی خراپە، بۆ نموونە لێرە دروست دەکرێ وبەرمیلێك ئاو دەگرت و ئەگەر بیبەنە ئێرە دە بەرمیل ئاو دەگرێ، خەڵکی گوندەکە هاتن و ڕۆیشتم سەیرم کرد، بەڕاستی وایە، یەعنی ئەگەر وەکو پۆنتەکە لێرە دروست کراوە بە هەمان پارە 10 بەرمیل ئاوی دەگرت لەبری بەرمیلێك ئاو،

تەبعەن پەنامان برد بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و كاك پێشەوا تۆفیق لیژنەیەكیان نارد، پۆنتەكەیان بینی، دەركەوت بەڵێ ڕاستە شوێنی پۆنتەكە دەكرا لە شوێنێكی باشتر دابێ بۆ ئەوەی تۆ پارەیەك خەرج دەكەی و بۆ ئەوەی بڕێكی زیاتر ئاو بگرێ، واتە پرۆژەكە بەشێوەیەك لە شێوەكان شكستی هێناوە، دەركەوت شكستی هێناوە، بەڵام 100٪ ی جێ بەجێ كراوە، دەڵێم دە باشە ڕای گرن، با ئەگەر خەسار كرا لە نیوەی بگەڕێتەوە باشە، دەڵێن ڕێنمایی حكومەتە بەڕواڵەت، بەخوا یان دەبێ بكرێ و یان دەبێ نەكرێ، ئێ كاكە پارەكە تۆ 70٪ ی ماوەتەوە، پارەكەی بێنە لە شوێنێكی تر هەندێك پارە بخە سەری، بۆ ئەوەی پۆنتێكی باشتر دروست بكەی، دەڵێ ناكرێ، منیش ناتوانم وەكو بەرپرسیاریەتی خۆم بڵێم كاكە با ڕابگیردرێ، چونكە دوایی هیچ زەمانێك نیە من جارێكی تر پۆنتێكی باشتر بۆ ئەو خەڵكە دروست بكەن، یەعنی ڕێنمایی چۆن وایە، كاتێك كە دەردەكەوێ پرۆژەیەك خراپە 20٪ یشی تەواو بووە و 30٪یشی تەواو بووە، ڕای بگری باشترە لەوەی تۆ 100٪ ی پارەكەت بڕوا و ئیستفادەشی نەبێ، بانكەكەكان یەكێكە لە كێشە هەرە گەورەكان یەعنی ئەگەر متابەعەتات كردبێ، لەم یەك، دوو مانگەی ڕابردوودا كێشەی پێدانی مووچەی فەرمانبەران هەیە ومامۆستایان زۆر دوادەكەوێت، ئەمڕۆ بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لە هەندێ شارو شارۆچكەی هەرێمی كوردستان مان گرتن كراوە لە دەرس وتنەوە، لەبەرئەوەی مووچەیان وەرنەگرتووە، بەڕێزان تكا دەكەم هەندێ نموونە دەهێنمەوە، پێویستە بۆ دەوڵەمەند كردنی بابەتەكە، بۆ پشتیوانی كردنی قسەكانی خۆم، لە ئیتاڵیا لەم ماوەیە تووشی كێشەیەكی دارایی بوونەوە، یەكێك لە ولایەتەكانیان بەشێكی زۆر لە پەرلەمانتارەكانیان بڕێك لە پارەكانی خۆیان گەڕاندەوە بۆ خەزێنەی گشتی وەك هاوكاریەك بۆ ئابووری وڵاتەكەیان، بەڵام لەم هەرێمەی ئێمە لە كاتێك دا سیستمی بانكی كێشەی تیایە پەرلەمانتار و وەزیر دەڕوات مووچەكەی خۆی پێش هەموو كەسێ وەردەگرێ، بەڵام بۆ فەرمانبەری تر پێی نادرێ، خۆم یەكەم كەس، كە قسە دەكەم قسە لەسەر پەرلەمانتار ناكەم، قسە لەسەر سیستمی ئیدارەو دارایی دەكەم، بەڕێزان لە ماوەكانی ڕابرووددا برادەرێك باسی كرد ببورن ناوەكەیم لەبیر نیە، بۆ ئەوەی پشتیوانی بكەم، كێشەی لافاو و ئەوانە دروست بوو ئەمڕۆش جارێكی تر هەمان كێشە دروست بووەتەوە لە هەندێ ناوچە كە بڕیار بوو قەرەبوو بكرێنەوە، بەڵام تا ئێستا قەرەبوو نەكراونەتەوە، من سەد لە سەد لەگەڵتم لە بریتانیا و لە صین لافاوە، لە زۆر وڵات لافاوە، لە ئەمریكا لافاو بوو لە كاتی هەڵبژاردن دا، قسەكەت زۆر تەواوە، بەس یەعنی ئەمریكا بە پەلە پارەیەكی بۆ تەرخان كرد و بۆی دانا، من ناڵێم نیە، بەس ئەمە چوار مانگە و هەندێ ناوچە سێ مانگە تووشی لافاو هاتوون و هیچیان نەماوە دەی كاكە قەرەبوویان بكەنەوە، هەر لێرەوە من داوایەكم هەیە نزیكەی 10 هەزار هاووڵاتی دیارە پێم خۆشە لە كاتی یاساكان پێشنیازم بكردایە، بەڵام پێشنیاز زۆر كرا، ئیتر با منیش هەر لەگەڵ خەڵك دابم، 10 هەزار هاووڵاتی ئەم هەرێمە سنووورداش كراونەتەوە لە وڵاتانەوە و لە ئەوروپا و ئەوانە بە زۆر نێردراونەتەوە و لێرە یەك دنیا تووشی كێشەی دارایی و كێشەی دەروونی و ئەوانە بوونەتەوە، نزیكەی 10 هەزار كەسی گەنجی ئەم وڵاتەن، یەعنی ئومێد دەكەم لە بودجەی ئەمساڵدا ئاورێك لەمانە بدرێتەوەو لە چین و توێژەكانی تریش كە باسمان كرد، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، تكا دەكەم ئەم گفتوگۆیەم بە دیاری كراوی لەگەڵ بەڕێزتانە، ئەمەیان بە تایبەت، حكومەت دان بەوەدا دەنێ زیادەڕەوی هەیە، ئێمەش هەموومان هەر ڕوومان كردووە لە حكومەت و گلەیی لە حكومەت دەكەین، ڕەخنە لە حكومەت دەگرین، بەڵام لە بیرمان نەچێ بودجە تەنها پەسەند كردن نیە چاودێری

**کردنیشە، چاودێری کردن بە پلەی یەکەم ،ڕاستە حکومەتیش خۆی دەزگای هەیە بۆ چاودێری، بەڵام یەکێ لە ئەرك و کۆڵەکە هەرە سەرەکیەکانی پەرلەمان چاودێری کردنە، یەعنی کاك دڵشاد دوو نموونەی باس کرد، نموویەکمان باسی ئەوەی کرد کە ئەمە قسە لەسەر بە هەدەردانیشە تەبعەن، بە ئیمزای ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمانێك نیزکەی 700 کەس بە دوو فەرمانبەری جیاواز 700 کەس گەڕێنراونەتەوە بۆ سەر وەزیفەکەی خۆیان بە حساب لە فەرمانبەرەکە هاتووە، دوایی بۆتان دەنێرم انشاللە، بە حساب ئەمانە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دەرکراون، بەڵام لە کاتێك دا سەیری لیستی ناوەکان دەکەم، بەرواری دامەزارندن و بەرواری دەرکردن، نووسراوە بۆ نموونە (عبدالله محمد نوری) لە 1978 دامەزراوە و لە 1983 دا دەرکراوە، 78 و 83 چ پەیوەندیەکی بە94 و 98 ، شەڕی ناوخۆوە هەیە، کە تەئریخێکی زۆر ناخۆشە بۆ ئێمە، بۆ ئەم دوو شتە تێکەڵ دەکەین؟ یەك دنیا ناوی تیایە، بۆ نموونە هاتووە أ ی کوڕی ب لە 2009 دامەزراوە لەبەرامبەریشی نووسراوە موباشەرەی نەکردووە، 2009 موباشەرە نەکردن چ پەیوەندی هەیە؟ بۆ تێکەڵی دەکەی؟، خۆ تۆ ئەگەر کێشەیەك هەیە چارەسەری بکە، تەبعەن کاك فرستی بەڕێز ئەم بابەتەی بینی زۆر پشتیوانی کردم کە بیکەمە پرسیار، کردم بە پرسیار کاك فرست گیان تۆخوا با ئەمەش بڵێم، ئەمەم کرد بە پرسیار و پرسیارەکە لە 2012/10/24 کردم بە پرسیار، چل ڕۆژی بەسەردا تێ پەڕی و وەڵام نەدرامەوە، لە کاتێك دا دەبێ بە 15 ڕۆژ وەڵام بدرێمەوە، لە دوای ئەوە کردم بە پرسینەوە بۆ ئەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بانگ بکرێ، بە ئێستاشەوە وەڵامەکەم نەبینی، ئێ باشە ئەمە جەنابتان لێی بەرپرسیارن، خۆ ئەمە ئەرکی من نیە بە تەنها وەڵڵا لەبەرخۆم نیە ئەمە، لەبەر وڵاتەکەیە، لەبەر هەموومانە و لەبەر چالاك کردنی پەرلەمانە، یەعنی باسی داهاتی نەوت ناکەم چەند جار لێپێچینەوە و لێ پرسینەوە کراوە هەر وەڵام نادەینەوە ئەمە شتێکی سادەیە، یەعنی زۆرجار پێمان دەوترێ هەر خەریکی نەوتن، ئەمە شتێکی سادە و بەسیتە، ئێ کاکە سەرۆکی حکومەت بێ وەڵڵا عەیب نیە، وەڵڵا گەورەییە، تەبعەن کاك دڵشاد جارێکی تر باسی کێشەی سۆناری کرد، سۆنار لە قوشتەپەیە، ڕەنگە شوێنەکەی گوازرابێتەوە، سۆنار بۆ هەر بارهەڵگرێك کە دێتە ناو هەولێرەوە، تەبعەن 30 هەزار دیناری لێ وەردەگرن بە حسابی ئەوەی کەشفی دەکەن، کابرا دەپشکنی بۆ ئەوەی کەشفی بکەی، پارەکەش لە خۆی وەردەگری، هەتا ئێستا خۆشبەختانە لە 10 هەزارا یەکیش دەرنەچووە کە تەقەمەنی پێ بێ، ئەکرێ ئەو لێی وەرگری کە خوانەخواستە شتێکی پێ بێ بۆ ئەم وڵاتە، بەڵام 10 هەزارەکەی تر بۆ 30 هەزاری لێ وەردەگری؟ ئەگەر هەر لێشی وەردەگری 5 هەزاری لێ وەرگرە، ئەم بابەتە لە 2012/5/16 کردوومە بە پرسیار بۆ سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی وەڵامم بداتەوە بە ئێستاشەوە وەڵامم بۆ نەگەڕایەوە، خۆ ئەمە ئەرکی من نیە بە تەنها، ئەرکی پەرلەمانتارە، تەبعەن ئەندامی لیژنەی نەزاهەشم جەنابتان دەزانن، وەکو ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەش ئەو حەقەم هەیە ئەو گلەییە بکەم، چەندین جار لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانم بیستووە و وتوویەتی کاکە بڕۆن بەدواداچوون بکەن، ئێ ئەوە کردم، چی بکەم یەعنی، ئێستا بۆیە قسەکانی پەرلەمانتارەکان درێژە، لەبەرئەوەی بەدواداچوونەکانم هیچ وەڵامێکی نیە، بۆیە ئەم گلەییانە لەحزوری**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (40)**

**چوار شەممە رێکەوتی 30\1\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (40)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/1/30

**کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2013/1/30 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (40)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (40)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013/1/30 دا بەم شێوەیە بێت:**

**-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عیراق، بۆ ساڵی 2013.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ڕۆژی دانیشتن 2013/1/30.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانشتنی ژمارە (40) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کات (10) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/1/30 بەم شێوەیە بێ.**

**-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان-عیراق، بۆ ساڵی 2013.**

**بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، وەزیری دارایی، وەزیری پلان دانان، وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان، داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنـەکان، عظیمة خان فەرمووو.**

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەوەی کە سەرنج و تێبینی من هەر لەسەر بودجە لەسەر ئەو ستراتیجیەی ئەمساڵ کە حکومەت هێناویەتیە پەرلەمان، ئەمەوێ قسە لەسەر ئەو ستراتیجیەتە بکەم، پێش ئەوەی کە بچمە سەر خاڵەکان و دابەش کردنی سێکتەرەکان، ستراتیجیەت لە بودجەدا دیارە هەر کاتێك کە سیاسەتی ئیقتیصادی**

حکومەتێك دیاری ئەکرێت، حکومەت یان حیزبی دەسەڵاتدار یان هەر کەسێك کە وڵات بەڕێوە ئەبات، دیارە پلان و سیاسەت و ستراتیجیەتی خۆی هەیە، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەسەر سیاسی حیزبەکە دەرئەکەوێت، دیارە ئەوەی کە لە بودجەی ئەمساڵدا لەناو ئەم ستراتیجیەوە من تێبینیم کردووە، لە دوو ڕووەوە من ئەم بودجەیە هەڵدەسەنگێنم، یەك، لە ڕووی ئەوەی کە ئایا ئەم ستراتیجیەتە کە حکومەت دایڕشتووە تا چەند لە خزمەتی بەرژەوەندی و گەشەکردن و بەرەو پێش چوونی ژێرخانی ئابووری دایە، تا چەند ئەتوانێ یەکسانی وماف و ئازادی و دادپەروەریەکان لەناو بودجە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە گشتی دابین بکات، دیارە دابەش کردنی بودجەو دەستەبەری ماف و ئازادیەکان بۆ کۆمەڵگا، لە ڕووی گەشە کردنی مرۆیی و گەشە کردنی ژێرخاندا، دەستەبەر کردنی یەکسانی لە ماف و ئازادی بۆ هەموو شوناسە ناچوون یەك و جیاوازەکان، کۆڵەکەی یەکەم و چۆنیەکی دادپەروەرە، کۆمەڵەکەی دووەمی دادپەروەری، بریتیە لە دابەش کردنێکی دادپەروەرانەی سەروەت و سامان ودەستکەوتە ماددیەکانی ئەو کۆمەڵگایە، ئەم دابەش کردنە پێویستە دابەش کردنێکی عاقلانی بە ئینساف بێت، وانەبێ کەسێك هەموو شتێکی بە ئارەزووی دڵی خۆی هەبێ، کەسێکیش نەتوانێ سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ئاسایی خۆی مسۆگەر بکات، پێویستە حکومەت ئامادەی یەکسانی و ئازادی بێ لە هەموو ئاستێکدا لەبەرچاو بێ، لە دابەش کردنی سەروەت و سامان و ئاو و کارەبا و مووچە، هەلی خوێندن، دامەزراندن، دابەش کردنی پلەو پایە وەزیفیەکان، هەروەها دابەش کردنی وەزیفە بچووکەکان و خانەنشین کردن و پێدانی پایە سادەکان، یەکسانی لێرەدا ئەوەنیە خەڵك هەموو بەقەد یەك مووچە وەربگرێ، یان کەسێك لە کەسێکی تر دەوڵەمەند تر نەبێ، بەڵکو مەبەستمان لە یەکسانی لە خاڵە سەرەتایەکان وەك یەك بن، بێ جیاوازی لەتواناو لێزانی وخۆماندوو کردن و هەوڵدانەوە دروست بێ، ئەگەر نا یەکسانی لە وڵاتدا هەبێ لە دابەش کردنی داهاتدا، دەبێ ئەو نایەکسانیە لە قازانجی گروپ و کەسە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگا بێ، کاتێك مرۆڤێك لەبەر هەر هۆیەکی بەدەنی بێ یان جەستەیی یان سایکۆلۆژی یان کۆمەڵایەتی، نەتوانێ ژیانی خۆی و ئازادی خۆی دابین بکات، ئەرکی حکومەت و کۆمەڵگایە کە ژیان و داهاتووی بپارێزن، هەژاری و نەداری یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکان کە ئەمساڵ ئێمە قسەی لەسەر بکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە خاوەن داهات و پارەیەکی زل و زەبەلاحین، ژمارەیەی دانیشتوانمان بەو شێوەیە نیە کە نەتوانین ژیان وداهاتووی هەژاری لە هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، بۆیە هەژاری و نەداری لە هەرێمی کوردستان بە ڕادەیەك گەیشتووە، هەندێ خێزانی لێك دابڕیوە و هەندێکی ناچار کردووە، بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان منداڵەکانیان لە تەمەنی چوار، پێنج ساڵیدا ڕەوانەی شەقامەکان بکەن و کاریان پێ بکەن، یان فێری سواڵ کردنیان بکەن، چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، یەکێکە لە خاڵە هەرە جەوهەریەکانی هەر بەرنامەیەکی ستراتیجی و سیاسی و ئابووری، بیەوێ چارەسەری بکات، دەبێت نەهێشتنی هەژاری و دامەزراندنی سیستمی باج کە قورسایی لەسەر شانی دەوڵەمەندان بێ، ببێتە ئامرازێکی باش بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە ئابووریە، ڕەنگە ئەم خاڵە کە دەکرێت لەڕووی پراکتیکەوە بۆ یەکەم جار دەستی بۆ ببرێت، پێداچوونەوەیەکی

سەرتاسەریانە بێ بە سیستەمی مووچەدا، نابێ جیاوازی لەنێوان زۆرترین مووچەو کەمترین مووچە چەند سەد قاتێك بێ، بەڵکو دەبێت ڕێژەیەکی وابێ کە لە لایەن کەمی ژیانێکی مانادار بۆ هەموو مووچە خۆرێك دابین بکات، ئابووری کوردستان ئێستا ڕێگەی تەواوەتی بەو دەدات کە خەڵکانی هەژارو پیر و نەخوێندەوارو پەراوێز خراو کەم ئەندام لەم کۆمەڵگایەدا لەسەر خێرو ڕەحمەت نەژین، بەڵکو یاساو سیستەمێکی زامن کردنی ژیان دابندرێت بۆ خەڵك، لە ڕیسوایی بیان پارێزی وایان لێ بکات هەموو مرۆڤەکان دەستیان بە نان و دەرمان بگات و جیاوازیەکان، بەزۆری وبەتەنها لەشتی کەمالیاتدا بمێنێتەوە، نابێت ئابووری وڵات بەجۆرێك ڕێك بخرێت، گەر بەردەوام توێژی تازەی هەژاری و بێکاری دروست بکات، متمانەی کۆمەڵایەتی لاواز بکات ئەمە ئابووریەکی باش نیە، گەشەکردن لە کوردستان ئەو پرۆژانەی بەناوی شاری بەهەشت و خەونەکانەوە دروست دەکرێت لە پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئۆتۆماتیکەن ئەوانە کۆمەڵە پرۆژەیەکن دەتوانین بڵێین بەشێکی کۆمەڵگا لە بەشەکەی تری دائەبڕێت، دەوڵەمەندان ئاگایان لە هەژاران نامێنێت، لەکاتێکدا بە هەزاران خەڵکی هەژار ئاوی پاکی خواردنەوەی نیە، ماڵی نیە، ژیانی نیە، لە وڵاتەکەی خۆیدا وەکو پەناهەندە دەژی، پێویستە حکومەت لە دابەشکردنی داهات و پرۆژەی بەردەوام، لە خزمەت کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان ژیانی شارو لادێ دابێ، نەوەك پرۆژەی گەورەو گەشە کردنی بەردەوامی شارەکان و لەسەر حیسابی دروست نەکردن و خزمەتگوزاری.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من ئەوە موناقەشەی بودجە نیە، تۆ مووچەکەی خۆت واز لێ بێنە بیدە بە فەقیر، ئەوە موناقەشەی بودجە نیە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەندامی پەرلەمانم، نوێنەری کۆمەڵێك خەڵکم، من لەسەرمە داکۆکی لەو کۆمەڵە خەڵکە بکەم، کە منی هەڵبژاردووە بووم بە ئەندامی پەرلەمان، بۆم هەیە قسەی خۆم بکەم ئەگەر بەهەر شێوەیەك بێ، ئەگەر ڕاپۆرتە ئەگەر قسەیە، یان بەهەر شێوەیەکە، ئەبێ بەردەوام بم قسەی خۆم بکەم، پێویستە حکومەت لە دابەش کردنی داهات و پرۆژەی بەردەوام لە خزمەتی شارو لادێ دابێ، نەوەك پرۆژەی گەورەو گەشە کردنی بەردەوامی شارەکان لەسەر حیسابی دروست نەکردن و خزمەت گوزاری گەیاندن بە قوتابخانە، نەخۆشخانەو ڕێگاو بان و ئاوی پاکی خواردنەوە لە لادێکان، ئەمە واقعێکە هەموومان ئەوانەی کە ئەندامی پەرلەمانین ئەگەر سەردانی لادێکانی کوردستانمان کردبێ، ئەو هەقیقەتەمان بەرچاوە کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی لادێ لە بێکاری، بێ کارەبایی و بێ قوتابخانەیی، لادێکانیان چۆڵ کراوە، ئەوە هەقیقەتە یان نا؟، گەشە کردن و ئاگاداری ژینگە و پاراستنی لە پیس بوون، ئەمە بەشێکی ئەرکی حکومەتە کە ژینگە بپارێزێ لە کاتی دانانی بودجە، گەشە کردنی ئابووری و ژینگە پاراستن و پیس بوون و وێران بوون، ئەوەی سەیری شارەکانی کوردستان بکات، بڕێکی زۆر تۆز و دوکەڵ و پیسی ئەبینین دیارە، بەستنەوەی

پرۆژە ئابووریەکان بە پاراستنی ژینگەوە، لە پیس بوون و وێران بوون، رەهەندێکی گرنگی پێشکەوتن و گەشە کردنە، بۆیە ئەرکی حکومەتە ژینگەیەکی پاك و دروست بۆ هاوولاتیەکانی دابین بکات، پێویستە لەکاتی دابەش کردنی داهاتدا، بیر کردنەوە لە جۆرو چۆنیەتی فوتابخانەکان، لە رادەی خوێندەواری و نەخوێندەواری لە ولاتدا، لە پاکی و لە پیسی، لە سیستەمی سزادان و زیندانەکان، لە جێی باوەڕی و بوێری دادگاکاندا، لەجۆری خۆراك و لە بیری تێری و رادەی برسیەتی لە ولاتدا، لە ژیان و مردن، لە رێژەی لەدایك بوون، دەستبەر کردنی مامەڵەیەکی مرۆڤانەوە تەماشاکردنێکی پڕ رێز بۆ منداڵان و پیران و پەککەوتووەکان و خاوەن پێداویسیتە تایبەتیەکان، پەناهەندەکان، بەرز کردنەوەی ئاستی ژیان و کردنەوەی ئەگەری بەشداری بەردەوام، پێشکەوتنی بەردەوام، هەر بەرنامەیەکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی مەسەلەی ئافرەتان لە کارێکی خۆی دانەنا، ئەوە باس لەسەر لە گرنگترین یەکێك لەو کێشانە دەدات، کە پێویستی بەچارەسەر کردنێکی خێراو دەست بەجێ هەیە، بە هەدەر دانی سامانێکی زۆر لە رابردوو ولە ئێستادا، لە بواری رۆشنبیری و کەلتوریدا خەرج کراوە، ئێمە تەنها لە پەرلەمانی کوردستان ساڵانە بودجە دائەنێین، بەلام پێویستیمان بەوەیە کە ساڵانە چاودێری بکەین، دەرئەنجامەکەشی بخوێنینەوە، بۆیە لێرە ئەوەی کە قسەم لەسەر بواری رۆشنبیری و کەلتورییە، بە هەدەر دانی ئەو سامانە زۆرە لەو بوارەیە، قسەکردن لەسەر دەرئەنجامەکەی، گەشەیەکی راستەقینەو رۆشنبیری و کەلتوری و ئەدەبی نەبووە، هۆکارەکەی ئەو سامانە زۆرەی لەو بوارە خەرج کراوە، هەندێ دامەزراوەی رۆشنبیری و لەیەك چوو بووە، ئەمانە کاری ئیجابی بونە، بەلام بە دیوێکی تردا بەناوی داهێنان، زەمینە سازی سیاسی و رۆحیەتی داهێنان هەر لە دۆخێکی خراپ و ترسناك دایە لە هەرێمی کوردستاندا، پشتیگری کردنی هۆنەرمەندان و نووسەران کارێکی میکانیزمێکی شەفاف وەربگرێت، بە شێوەی دەست گیرۆیی و یارمەتی و بەهەدەردان دەرچێت، شێوەیەکی یاسایی و راستەقینە هەبێ، کاری وەزارەتی رۆشنبیری و دەوڵەتە، زەمینەی راستەقینە خۆش بکرێت، وەك گەورەکردنی بازاڕی کەلتوری بەرز کردنەوەی ژمارەی خوێنەر، کردنەوەی کەناڵی رۆشنبیری، ئیشی وەزارەتی رۆشنبیری نیە، نووسەران و هونەرمەندان بەخێو بکات، ئیشی دەوڵەت ئەوەیە کە سامانی گەورە سەرف بکات، بۆ ئەوەی کە فەزایەك بخولقێنێ تیایدا هونەرو ئەدەب و زانست بەجۆرێك بەرز بێ، دەزگا کەلتوری و ئەدەبیەکان بتوانن خۆیان بژیێنن، کاری دەوڵەت و وەزارەتی رۆشنبیری ئەوەیە ژمارەی کتبێبخانە گشتیەکان لە شارەکان زیاد بکات، ستراتیژییەك بۆ نزیك کردنەوەی گەنجەکان لە فکرو ئەدەب و هونەردا برێژێت، لە کوردستاندا ئابووری دەسەلات، یا سیاسەت و کاری بازرگانی تێکەلاو بوون، پێویستە پیاوی بازار و سیاسی لە هەرێمی کوردستان لێك جیا بکرێنەوە، ئەم تێکەڵیە وادەکات هیچ لێپرسینەوەیەکی راستەقینە، لە گەندەڵی لە کوردستاندا دروست نەبێ، لەم دۆخە وادەکات هیچ شتێك لە ولاتدا لە جێگەی خۆیدا نەبێ، ئابووریەکی راستەقینە، خەڵك بزانێت سەروەت و سامان چیە، چۆن پەیدا دەکرێت، چۆن سەرف دەکرێت، بۆیە بازرگانەکان و سیاسیەکان لە یەکتری جیا بکرێنەوە، ئەمە هەنگاوێکی بەجێیە، بۆ لێپرسینەوەیەکی راستەقینە، لە کۆمپانیاو خاوەن پرۆژەکان کە حکومەت پێیان ئەسپێرێ، بە

ناتەواوی بەخراپی و بە گەندەڵی تەواو ئەکرێن، بۆیە پێویستە هەم سیاسی و هەم بازرگان، هەریەك بە کاری خۆی هەڵبستێ، کار لەسەر یەکتری بکەن، نەوەك یەك کار بکەن، چۆنیەتی سەرف کردنی پارەی گشتی لە ئابووری نەوتدا لە کوردستان، دیارە ئەم پارە زۆرە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی جۆراو جۆر بەکارهێنراوە، بەشێکی زۆری لە پڕۆژەی خراپ و گەڕان بەدوای قازانج و خێرەوە بەهەدەر چووە، ئەمە جگە لەوەی ئابووری وڵات وای کردووە، کوردستان ببێتە ئابووریەکی تەنهاو تەنها پشت بە هاتنی پارە لە دەرەوە ببەستێ، نەوەك بتوانێ لەناو کوردستاندا، لەڕێگەی بەهەم هێنانەوە پارە دروست بکات، ئەمە وای کردووە ئابووریەکی بێ بەرنامەو بێ خەون دروست ببێ، تەنها پشت بە خەیاڵی ئابووری یان لە دروست کردنی بینای بەرزدابێ، پێویستە داهاتی نەوت بخرێتە گڕ بۆ بەهێز کردنی ئابووری کوردستان، لە خستنەگەڕی ئەو داهاتە لە بواری گەشەدان، و پیشەسازی بچووك و مامناوەند، بتوانێت هەلی کار زیاد بکات، هەروەها بەکاربێت بۆ چاك کردن و باش کردنی ژێرخانی ئابووری، لە ڕێگەو بان دروست کردن، لە هێڵی شەمەندەفەر و باش کردنی وزەی کارەبا و باش کردنی کارەبا، پێویستە پارەی زیادەی نەوت بۆ دوو مەبەست بەکاربێت لە کوردستاندا، یەك، دەزگایەك زیادەی داهاتی نەوتی تیادا هەڵبگیرێت بۆ کاتێك کە نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، بەشێکی بۆ گەشە پێدانی ژێرخانی ئابووری بێ، بەشێکیشی هەڵبگیری بۆ ئەوکاتانەی کە وڵات نەوتی تیا نامێنێ بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆیە پێویستە داهات لە خزمەتی خەڵکدابێ، بەشێك بێ لە دابین کردنی خزمەتگوزاری، ئەم داهاتە زۆرەی کە دەیبینین لە نەخۆشخانەکانمان لە هەرێمدا، هەشت هەزار کەس یەك قەرەوێڵەی بەر ئەکەوێ، کەچی لە وڵاتانی دەرو دراوسێمان دوو بۆ سێ هەزار کەس قەرەوێڵەیەك هەیە، لە هەندێ شوێن دوو دەوامی و سێ دەوامی لە قوتابخانەکانمان هەیە، لە سێ سەد و شەست گوند هەر قوتابخانەمان نیە، ئایا حکومەت بیری لەمە کردۆتەوە، کە لەم هەموو سەروەت و سامانە لەم هەموو پارە زۆرەی کە بۆ پەروەردە دائەندرێت، تاوەکو ئێستا سێ سەدو شەست گوند بێ بەش بێ لە خوێندن، ئایا لە دواڕۆژدا کێ بەرپرسیەتی ئەم لەشکرە نەخوێندەوارە هەڵدەگرێت، گەشە کردن هەر ئەوە نیە تەنها لە ڕووی ئابووریەوە گەشە کردن بێ، گەشە کردن ئەوەیە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی لە ڕووی خۆشگوزەرانی و ئەوەوە دروست ببێ، نەوەك گەشە کردن و پێشکەوتن ببێتە هۆی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر، خۆکوشتن و تاوان ئەمە گەشەکردنێکی ناڕاست و هەڵەیە، دیارە قسەکردن لەسەر ئەو پڕۆژانەی کە حکومەت کاری لەسەر ئەکات، یان بابڵێین لە ستراتیجی حکومەتدایە، یەکێك لەوانە وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، کە من خۆم لەو دوو لیژنەیەدام، ئەوەی وەکو ئەندام پەرلەمانێك موتابەعەی ئیشی ئەو دوو وەزارەتەم کردبێ، بڕی ئەو پارانەی کە لەمانەوەی سێ ساڵی ڕابردوو بۆ وەزارەتی پەرەوەردە دانراوە، ئەبێ قسەی لەسەر بکەم، دیارە ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان هەموومان لەخەمی ئەوەداین کە لە هەرێمی کوردستان قەیرانێك هەیە بەناوی قەیرانی نەبوونی قوتابخانە، قەیرانی خوێندن، هەروەها کۆمەڵێك کێشەو گیرو گرفت، هەر لە نەبوونی قوتابخانەوە، هەر لە خراپی گوزەران و ژیانی مامۆستایانەوە، هەر لە گەیشتنی کتێب، لە کاتێکی درەنگ

ئەگات بەدەست خوێندکاران، ئەمانە هەمووی لەدەست پەروەردە بووە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە لە پەرلەمان ساڵانە بڕێك پارەی دیاریکراو لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو بۆ وەزارەتی پەروەردە دانراوە بۆ ئەوەی کە دروست کردنی قوتابخانە لە هەڵمەتی نیشتیمانی، بەش بەحاڵی خۆمان لە ناو پەرلەمان داکۆکیمان لێی کردووە، پێمان باشە کە پرۆسەی پەرەوەردەو فێرکردن لە هەرێمی کوردستان، دروست کردنی قوتابخانەکان بە زووترین کات بکرێت، بەڵام ئایا کێ بەرپرسیارە لە لێپرسینەوە، لەو پارانەی کە لە چەند ساڵی ڕابردوو، ئەوەی کە لە هەڵمەتی نیشتیمانی دانراوە لە پێشترە، لە لە 168 قوتابخانە کە دروست بکرێ لە پارەی هەڵمەتی نیشتیمانی، لە 2010، 2011، 2012 لەماوەی ئەم سێ ساڵە تەنها 40 قوتابخانە تەواو بووە، کێ لێپرسینەوە ئەکات ئەگەر پارە نەبێ؟، ئەڵێن ئەوە پارە نیەو حکومەت توانای نیە، بەڵام کە پارە هەیە کێ لێپرسینەوە لە کەمتەرخەم ئەکات کە نەیتوانیوە؟، ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە ئێستا وەزارەتی پەروەردە هەیەتی بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، 427 پڕۆژەی بەردەوام هەیە، 33 پڕۆژەی پێشنیار کراو هەیە، بەڵام بە پێی ئەوە لێکۆڵینەوانەی کە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کردوومانە 498 پڕۆژەیان هەیە ، یەك قسەم لەسەر مەسەلەی دابەش کردن هەیە، کە من ناچمە ناو تەفاسیلی دابەش کردنی عەدالەت و یەکسانی و پڕۆژە لە ناوچەکان و شارەکان و شوێنەکان، من بچووکترین نموونە تەنها لە دابەش کردنی ڕێژەی قوتابخانەکان بەسەر شارە گەورەکان، نەوەك بچین بۆ لادێ و قەزاکان  کە مەحرومن لەهەموو ئەو بەشانە، گوندی واهەیە، قەزای وا هەیە هیچ پارەی بۆ دانەنراوە، یەك دینار موستەفید نیە لە پارەی ئەم حکومەتە کە قسەی لەسەر بکرێ و موتابەعە بکرێ، ئەو دابەش کردنەی کە دانراوە لە 408 پڕۆژە بەسەر شارەکاندا، من لە وەزیری دارایی، لە وەزیری پەروەردە، هەموو ئەوانەی کە بەرپرسن لەدانانی ئەم پڕۆژانە ئەپرسم، ئایا بەپێی ژمارەی دانیشتوان ئێوە ئەم پڕۆژانەتان دابەش کردووە؟، لە هەولێر 245 پڕۆژە، لە دهۆك 125 پڕۆژە، لە سلێمانی 119 پڕۆژە، لە گەرمیان 9 پڕۆژە، کۆی ئەو پڕۆژانەش کە تەواو نەبووە وتمان 427 پڕۆژەیە، کە ئێستا لە پڕۆژە بەردەوامەکانە، بەڵام بەداخەوە نەئەکرا 62 پڕۆژەی لە پڕۆژە بەردەوامەکان بوایە، لەبەر ئەوە پڕۆژەکانی 2012 ی وەزارەتی پەروەردە یەك پڕۆژەی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، 62 قوتابخانە دابەش کراوە، تاوەکو ئێستا لە 2012ی وەزارەتی پەروەردە یەك پڕۆژەی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کێ لێپرسینەوە لەم وەزارەتە و لەو کەسانە ئەکات کە نەیانتوانیوە ئەم پڕۆژانە جێبەجێ بکەن، کە کێشەشیان کێشە نیە، من لەوەزیری دارایم پرسیوە ئەڵێم بۆچی ئەم پڕۆژانە پارە لەم سێکتەرانە سەرف ناکرێ؟، لەم وەزارەتانە وەزیری دارایی ئەڵێ، ئێمە دەرگامان کراوەیە هیچ کاتێك هیچ کەسێك پارەی لەلای ئێمە بووبێ ئێمە ڕێگامان لێ نەگرتووە، کەمتەرخەمیەکە ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە خۆی، خاڵێکی تر کە قسەی لەسەر بکەم، حەز ئەکەم ئەم پرسیارەم ڕووبەڕووی وەزیری پلان دانان بکەمەوە، ئەوەی کە لەمەسەلەی دانانی پڕۆژەکان من چوومەتە ناو تەفاسیل بە نووسراو، بە جیاکردنەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە لیژنەکەمەوە هەبوو پەیوەندی بە شاری چەمچەماڵەوە هەبووبێ، ئەم پڕۆژانەم جیا کردۆتەوە تەنها لە شاری چەمچەماڵدا کە

پرۆژەکان لە لای منە، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی شارەکەی خۆم ئەکەم، نوێنەرایەتی هەموو کوردستان ئەکەین، بەڵام من بەتایبەتی نوێنەری ئەوێم، ئەبێ موتابەعەی پرۆژەکانی ئەوێ بکەم، ئەوەی کە لە پرۆژەکان من دەرم کردووە، یەك، نا دادپەروەری لە دابەش کردنی بەسەر شارەکان ئەوە خاڵێکە لەکۆی پرۆژە بودجەی ئەمساڵ کە هێناوتانە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، پرۆژە هەیە نە تەندەرین و نە دەست بەکاربوونی، پرۆژە هەیە نە بەرواری دانانی مودەی دەست پێ کردن و تەواو بوونی، پرۆژە بەردەوامەکان ئەوانەی کە پرۆژەی بەردەوامی ساڵی پارن، نە بەردی بناغەی دانراوە، نەتەندەرین و جێبەجێ کردن، پرۆژەکە جارێکی تر هاتۆتەوە، هەندێ پرۆژەمان هەیە لە شارێکی ترە، لەناو شاری چەمچەماڵ پرۆژەکە دانراوە، ئەوەتا بە نموونە، من هیچی ناخوێنمەوە بۆ ئەوەی کاتتان نەگرم وسەرتان نەیەشێنم، بەڵام ئەم پرۆژانە ئەدەمە دەست جەنابی وەزیری پلان دانان، با پیاچوونەوەیەك بۆ ئەو پرۆژانە بکرێ، بزانن من هەڵەم یان ئەوان؟، هەندێ پرۆژە هەیە دوو ساڵە تەواو بووە، ئەمساڵ لە پرۆژەکان جارێکی تر هاتۆتەوە، ئەمانە هەڵەن یان کەم و کورین یان ئێمە هەڵەین؟، خاڵێکی تر کە من لەسەر کۆی ئەو پرۆژانەی کە وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی ناوخۆ ئەمساڵ وتمان هەموو وەزارەتەکان ئەبێ پرۆژەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام لە پرۆژەکان هاتۆتەوە وەزارەتی ناوخۆ نۆژەن کردنەوەی کتێبخانەی گشتی هەولێر، ئایا وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەت ئەبێ نۆژەن کردنەوەی کتێبخانە بکات؟، یان وەزارەتی ناوخۆ بیکات؟، دروست کردنی سێ سەنتەری گەنجان، سەرنتەری گەنجان، ئەمە ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریە کەسەنتەری گەنجان دروست بکات، مەڵبەندی ڕۆشنبیری دروست بکات، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە لایەنی ڕۆشنبیریەوە هەیە یان وەزارەتی ناوخۆ؟، ئەمەش جەنابی وەزیری پلان دانان با سەیری ئەم پرۆژانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان، دیارە بودجە لە دوو پێگەی گرنگ پێك دێت، یەکیان خەملاندنە، ئەوەی تریان پەسەند کردن، بەپێی یاسا وەکو ئێستا لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە، سەرەتا باس لە خەملاندن بکەین، دیارە خەملاندنی بودجە زۆر لاوازە، چ وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم بەرامبەر بە وەزارەتی دارایی عیراق، چ وەزارەتەکانی هەرێم بۆ وەزارەتی دارایی ئابووری هەرێمی کوردستان، دیارە هەر وەزارەتێك داوای بڕێك پارە دەکات بۆ دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران، بەپێی ئەو پێوەرانەی کە لەبەر دەست دایە، پێوەرەکانیش ڕەنگە بڕوانامەو ساڵی خزمەت و منداڵ وتاوەکو دوای، بەڵام ئەوەی جێگای قسە لەسەر کردنە، ئەو پارەیەیە کە وەزارەتەکان و دامەزراوەکان داوای دەکەن لە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم دێت دەیان ملیار دیناری لێ کەم

دەكاتەوە بەبێ ئەوەی كار لە بودجەكە بكات كە داوایان كردووە،  بۆ نموونە، هەموو وەزارەت و دامەزراوەكانی هەرێم لە كوردستان داوای دە ترلیۆن و سەدو پەنجاو یەك ملیار دیناریان لە وەزارەتی دارایی هەرێم كردووە، بەڵام وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم ڕێك هاتووە داشكاندنی بۆ كردوون، تەنها ئەوەندەی بۆ هێشتونەتەوە حەوت ترلیۆن و سەدو سێزدە ملیار دیناری بۆ تەرخان كردوون بۆ هەموو وەزارەتەكانی هەرێم و دامەزراوەكانی، من دەپرسم جیاوازی ئەو سێ ترلیۆن و سەدو سی و هەشت ملیار دینارە، لەكوێیە؟، بۆ لێیان داشكێنرا؟، ئەمە چەند پرسێك لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێ و پرسەكانیش ئەمانەن، ئەگەر وەزارەتی دارایی ئەو پارەی دیاریكردووە دروستە، ئەی كاری ئەو سەدان ژمێریاریە چیە كە لەناو وەزارەتەكان كار دەكات؟، وەزارەتێك نەزانێت چەندی پێویستە بۆ مووچەی فەرمانبەرانی خۆی لە ساڵێكدا چۆن دەتوانێ كاروباری هاووڵاتیان بەشێوەیەكی ڕێك و پێك بەڕێ بكات و خزمەتگوزاریان پێشكەش بكات؟، ئەگەر هی وەزارەتەكان ڕاستە، هەر وەزارەتەكان لەخۆڕا مووچەی فەرمانبەرانی كەم كردۆتەوە، ئەی وەزارەتەكان بۆ پڕكردنەوەی ئەم كەم كردنەوە، پەنا بۆ چ دەبەن بۆ پڕكردنەوەی؟، ئەوەی پێگەی دووەمی بودجەیە پەسەند كردنە، دیارە بودجە وەكو ئەوەی لە پڕۆژە یاسایەكەدا هاتووە، هەر دەبێ پەسەند بكرێ، پێویستە هەموو وەزارەت و دام ودەزگاكان پەیوەندبن، هەروەها تەرجومەیەكی فیعلی بۆ بكەن بۆ جێبەجێ كردنی بڕگەو ماددەكانی، بەڵام ئەوەی من ئاگادار بم هەر لە پڕۆژە یاسای پەسەند كراوی 2010 و 2011و 2012، 2013ی هاتە سەر، بە دڵنیاییەوە وەكو پەسەند دەكرێ جێبەجێ ناكرێ، بودجەیەك لە ڕووی خەملاندنەوە جیاواز بێ، یاسایەكەشی جێبەجێ نەكرێ و وەكو پەسەند دەكرێ، باشە نازانم چۆن بەو بودجەیە بڵێم بودجەیەكی شەفافە، بەشێوەیەكی زانستیانە داڕێژراوە، خاڵێك دەمەوێ بەڕاستی هەر بۆ شەفاف بوونی بودجە دەست نیشانی بكەم، دیارە برادەران زۆر باسیان لە ناشەفافیەتی بودجە كرد، بەڵام من تەنها ئیشارەت بە یەك خاڵ دەدەم، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر باسی لەسەر كراوە،، من دووبارە ئەو قسەیەی بەڕێزان كردیان نایكەمەوە، دیارە باسی داهاتی نەوت ناكەم، لەبەر ئەوەی داهاتی نەوت زۆر چاك دەزانین چۆنەو چۆن نیە، بەڵام تەنها باس لەیەك جیاوازی دەكەم مەبەستیشم لێرە داهاتی ناوخۆیە، باس لە جیاوازی نێوان ساڵی 2011  و 2013 دەكەین، ئەگەر بەچاوێكی بازرگانیانەو ئابووریانە سەیرێكی ئەو قەبارە بازرگانیە بكەین كە لەنێوان هەرێمی كوردستان و وڵاتانی دەرەوە دا دەكرێت، لە نێوان ساڵی 1211 و 1213 ڕەنگە قەبارەكەی بە 60٪ زیاتر بێ لە 2013، ئەی خێرە لە ساڵی 2013 داهاتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان نیوەی داهاتی ناوخۆی هەرێمی كوردستانە بۆ ساڵی 2011؟، خۆ ئەو داهاتە دەبوایە ئێستا بووبایە بە چەندان ترلیۆن، بەڵام لە ترلیۆن زۆر كەمترە، كە داهاتەكەی 2013 بووە بە شەش سەدو پەنجاو یەك ملیار و سەدو چواردە ملیۆن دینار، بەڵام ئەوەی 2011 بریتیە لە یەك ترلیۆن و سەدو سی و یەك ملیار دینار، كەواتە دووجار داهاتی ناوخۆ كەمی كردووە، ئەوەش بەڕاستی بەڵگەیەكی زۆر ڕوون و ئاشكرایە، لەسەر ئەوەی كە بودجە ئایا شەفافە یان نا شەفافە، وەڵامەكەشی دیارە، دیارە لە پێشەكیەكە باس لە ئیستراتیجیەت كراوە، ئیستراتیجیەت و پلانێك

حکومەت لەسەری دەڕوات بۆ جێبەجێ کردنی بەمەبەستی ئەوەی ئەو سێکتەرانەی کە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان دواکەوتوون بەرەو پێشەوەیان ببات، بەڕاستی وەکو یەك لەهاوکارەکانم فەرمووی، ئەو نووسینەوەی ئەو پێشەکیە بەشێوەی ئینشائی نووسراوەتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ بنەمایەکی زانستی تێدانیە لەو پێشەکیەدا، من نازانم چۆن باس لە پلانی ستراتیجی بکەین کە لە 96٪ی داهاتمان لە نەوت بێ، بەشێوەی سولفە لە بەغدا وەری بگرین، پشتی پێ ببەستین بۆ گەشەپێدانی ئابووری لەوەی لە هەرێمی کوردستان، دەبێ هەرێم ئەگەر بیەوێ پلانی ستراتیجی جێبەجێ بکات، زیاتر پشت بە بەدەست هاتووی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ببەستێ، بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و شەفاف کۆبکرێتەوە و ئاشکراش بکرێ بەداهاتی نەوتیشەوە، ئەوکات ئەتوانین هەنگاو بنێنین بۆگەشەپێدانی ئابووری کوردستان، باس لە گرنگترین ئەو ستراتیجیانە دەکرێ کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، چۆنیەتی چارەسەر کردنی من دوانیان بە نموونەوە دێنمەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی، دیارە گەورەترین کارەسات ئەوەیە ولأتێك خاوەنی بە پیت ترین زەوی بێت وچەندان ڕووباری هەبێ، ئاوەکەی بەهەدەر بڕوات، بیر لەبووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ نەکرێتەوە، لە ڕێگای ئەوەوە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاوولأتیان دەکرێ، دیارە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان کەمترین بودجەی بۆ تەرخان کراوە، من ئەگەر بمەوێ کەرتی کشتوکاڵ پێش بخەم کەمترین بودجە بۆ گرنگترین کەرت تەرخان دەکەم، کە بەڕاستی ئێمە لە هەرێمی کوردستان بیرمان لە دوو ئاسایش نەکردۆتەوە، یەکیان ئاسایشی خۆراکە، دووەمیان، ئاسایشی ئاوە، کە هەردووکیان پەیوەندیدارن  بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری لە کوردستان، کەواتە زۆری بودجە لێرە وای لێ دەکەین زۆری بودجە  بە هیچ شێوەیەك نابێتە هۆی پەرەپێدان، چونکە ئەو پارەیە لەناوخۆ نامێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵگایەکی بەکاربەرین، ڕێك هەموو ئەو مووچەیە..، داهاتی هەرێمی کوردستان زیاتر بەشێوەی مووچە هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەرین هەموو کالأکانیشمان لە دەرەوە بۆ دێت، کەواتە ئەو سەرمایە ڕێك ڕوو لە ولأتانی دەرەوە دەکات لەناوخۆدا ناسوڕێتەوە، دەورانی ئابووری ناگیرێ بۆ سێ دەورە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی گەشەسەندنی ئابوورییەوە بەڕاستی بەو شێوەیە دوادەکەوێت تاوەکو ئێمە بەرهەمە ناوخۆییەکانمان یاخود لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر نەبین بە کۆمەڵگەیەکی بەرهەم هێن، ئەوەی تریان پیشەسازیە، یەکێك لە گرنگترین سیماکان پیشەسازیە، ئەو هەرێمەی ئێمە ئەگەر بەچاوێکی بەرهەم هێن و پیشەسازی سەیری بکەین، هەموو ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنانی تێدایە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا شکست خواردوو ترین هەرێم و ناوچەیە لە بارەی پیشەسازی، بۆیە ئەو هەرێمەی ئێمە خاوەن زەویە، خاوەن سەرمایەیە، خاوەن هێزی کارە، خاوەن بازاڕی گەرمی ساغ کردنەوەی کالأکانە، لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە لە مەسینەو سۆندە زیاتر دروست بکەین، بەڕاستی خاوەنی ئەو هەموو داهاتە بی، ئەو هەموو ئیمکانیەتە بی لە ڕووی مرۆییەوە، بەڕاستی ناکرێ ئەم ولأتە وا فەرامۆش بکرێ لە ڕووی پیشەسازیەوە، وەکو کشتوکاڵ فەرامۆش بکرێ، نەتوانی بەرەو پێشەوەی ببەی، دیارە وەکو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئەمە زۆربەی زۆری لەگەڵ ئەوەداین ڕژێمی پێشووی عیراقی گۆڕبەگۆڕ

بەهیچ شێوەیەك هەوڵی نەداوە كارگەی ستراتیجی لە هەرێمی كوردستان دابنێ، دیارە ئەوەش فەلسەفەی تێڕوانینی ئەو ڕژێمە گۆڕبەگۆڕە بووە دەرهەق بە میللەتی كورد، بەڵام لە دوای 1991 وە كوردستان خاوەنی چەندان كارگە بوو، ئەو كارگانە لە كوردستان واقعیان هەبوو، هەمووش كارگەی بەرهەمهێن بوون، بەڵام وردە وردە ئەو كارگانە نەمان و لەناوچوون، لە شوێنی ئەو كارگانە پرۆژەی كەرتی تایبەت دروست كرا، من خەڵكی شاری ئەو هەولێرەم، كارگەی ڕستن و چنینمان هەبوو، منافەسەی ڕستن و چنینی دوروبەری دەكرد بە تەواوی، لەبەر ئەوەی ئەو قوماشەی بەرهەمی دەهێنا یەكێك لە قوماشە باشەكان بوو، كارگەی جگەرەمان هەبوو، دەواجنمان هەبوو، هەندێكیان ئەو زەویانەی كە ئێستا كارگە بوون، لەجیاتی ئەوەی زەویەكان وەكو خۆی بمێننەوە، ئەو كارگانەی كە كۆن بونە كارگەی نوێیان لەسەر داندرێت، بوونە بە كەرتی تایبەت، كارگەی مەڕمەڕ ئێستا دوكانی لەسەر دروست كراوە، كارگەی ڕستن و چنینیش بوویتە كارگەی بیبسی كەرتی تایبەت، بابێینە سەر كەمێك لەو زانیاری و داتایانەی كە لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە، لە هەرێمی كوردستان نزیكەی هەزار ڕاوێژكارو شارەزا هەیە، بەشێك لەو ڕاوێژكارو شارەزایانە بڕوانامەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییان هەیە، كە بەپێی یاسا بەهیچ شێوەیەك نابێ لە لیسانس و بەكالۆریۆسیان كەمتر هەبێ، لە هەرێمی كوردستان شارەزا بەكرێ دەگیرێ، ڕاوێژكار بەكرێ دەگیرێ، ئەی باشە ئێمە نزیكەی هەزار ڕاوێژكار و شارەزامان هەبێ، ئەوە بەهەدەر دانی سەروەت و سامان نیە؟ ڕاوێژكار بە پارە دەگرین، بۆ نموونە، لە شەش مانگی یەكەمی ساڵی 2012 یەك ملیار و چل و یەك ملیۆن دینار دراوە بۆ بەكرێ گرتنی ڕاوێژكار، بۆ ئەمساڵیش سێ ملیار و دوو سەدو شەست ملیۆن دینار، ئەگەر ئەوە بەهەدەر دانی سەروەت سامانی گشتی نەبێ، نازانم چ سەروەت و سامانی گشتی بەهەدەر دەبات؟، جگە لە ڕاوێژی ئابووری، دارایی، ڕاوێژی زانستی و یاسایی هەشت سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دیناری دیكە دراوەتە كرێی ڕاوێژكاران، ئەوە پەیوەندی بە پیشەسازی هەبوو، بەڵام لێرە بەبیرمان هاتەوەو نووسیمان، ئێمە لە كوردستان ڕاستە چەند كارگەیەكمان هەیە، بەڵام من نازانم بەرهەمەكانیان چەندە؟، وە كام كارگەشن كە باس دەكات، ئەو كارگانە بەو شێوەیەی كە ساڵانە پارەیەكی زۆری بۆ تەرخان دەكرێت بۆ چاك كردنەوە، یەكەمیان لە ساڵی 2011 یەك ملیارو دوو سەدو سی و سێ ملیۆن دینار تەرخان كراوە بۆ چاك كردنەوەی كارگەكان، لە ساڵی 2012 پێنج سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دینار، لە 2013 زیادی كردووە، دیارە كارگەكان بەكەڵكی كاركردن نەماون، لایان بدەن باشترە، لەبەر ئەوەی چاككردنەوەكە بوەتە چوار ملیارو دوو سەدو پەنجا و سێ ملیۆن دینار، باشە من دەپرسم پێمان بڵێن ئەو كارگانە چین؟، لە لەكوێن؟، داهاتەكانیان چەندە؟، خۆ ئەگەر ئەو پارەیە سەرف دەكرێت تەنها لە چاككردنەوەی چوار ملیار، دیارە ئەوە كارگەیەكی بەرهەمهێنە، داهاتی ئەو كارگەیەو، چی بەرهەم دێنن پێمان چاكە بەڕاستی بیزانین، دەستەی وەبەرهێنان، دیارە ئەو بینایەی كە دەستەی وەبەرهێنانی تێدایە نۆژەن كراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بودجەی بۆ تەرخان كراوە بۆ نۆژەن كردنەوە، دەستەی وەبەرهێنان دوو ملیارو دوو سەدو پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە بۆ نۆژەن كردنەوە، ئەمساڵیش دوو سەدو سی و پێنج ملیۆن دیناری بۆ

تەرخان کراوە، بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە یەك دینار نیە، لەبەر ئەوەی بینایە بەناوی نۆژەن کردنەوەی بینایەکە، بینایەکەی زۆر نۆژەنە، پێویستی بە نۆژەن کردنەوە نیە، دیارە ئەو بودجەیەی کە لەهەرێمی کوردستان هەیە، پێویستە دابەش بکرێ بەسەر هەموو سێکتەرەکان ئەگەر پێویستی بێ و ئەگەر پێویستی نەبێ، ئەوە زێدە ڕۆییە لەسەر خەرجیەکان و بەهەدەر دانی، دەستەیەك بەناوی دەستەی وەبەرهێنان کە پێویستی بە پارە نەبێ، و پێویستی بەبودجە نەبێ بودجەی بۆ بۆتەرخان دەکەن، دوێنێ دوو لەهاوکاران باسیان لە فڕۆکەخانەی دهۆك کرد، منیش حەز دەکەم تیشکی بخەمە سەر، دیارە دروست کردنی فڕۆکەخانە یەکێکە لەسیما هەرە بەرزەکانی شارستانیەتی، هەم لە ڕووی داهاتەوە و هەم لە ڕووی پێگەیاندن و نزیك کردنەوەی دووریەکان، بەلاّم ئەوەی لەگەڵ فڕۆکەخانەی دهۆك دەکرێت، بەڕاستی نازانم ئەوە لە پڕۆژە بەردەوامەکانە، لە 2011 ئەو پڕۆژە بەردەوامە تەنها هەشت ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، پڕۆژەیەکی وا ئیستیراتیجی گرنگ بێ، هەشت ملیار دیناری بۆ دادەندرێت؟، نازانم ئەو هەشت ملیار دینارە بە چ دراوە بۆ دروست کردنی فڕۆکەخانە؟، چونکە بەس دیزاین کە دادەندرێت لە ملیۆن زیاترە، بۆ ئەمساڵیش تەنها پەنجا ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر بەراوردێکی بکەین لەگەڵ فڕۆکەخانەی هەولێر کەشەش سەد ملیۆن دۆلاری تێدا خەرج کراوە، دیارە فڕۆکەخانەی دهۆك بە ماوەی بیست ساڵ تەواو دەبێ، هەر تەواویش نابێ، کەواتە پێویستە بە زووترین کات باشترین بودجە تەرخان بکرێ بۆ فڕۆکەخانەی دهۆك، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی زۆری شارۆچکەکان فڕۆکەخانە بکرێتەوە ئاساییە، بە گرنگیشی دەزانین و زەروریشە، باس لە هەندێ لەو پڕۆژانە دەکەم کە پڕۆژەی پێشنیار کراون، بەلاّم بەڕاستی جێگای پرسیارن، یەکێك لەو پڕۆژانە کە لەسەر وەزارەتی پلان دانانە بۆ هەرسێ شارەکەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی پارەی بۆ تەرخان کراوە، نووسراوە یەدەگ بۆ پڕۆژە هەنووکەییە پێویستەکان، بەڕاستی ئەمە نازانم پڕۆژەی هەنووکەیی پێویست بە چ جۆرە پڕۆژەکن بۆ هەرسێ شارەکە دوو سەدو پەنجاو یەك ملیۆن و دووسەد وسی و هەشت هەزار دیناریان بۆ تەرخان کراوە، جێگای ئەوەم بۆ بکەوە کە ئەو پارەیەت بۆ تەخسیس کردووە، ئەوکاتە زۆر ئاسوودە دەبم کە بزانم وەزارەتی پلان دانان پارەکەی لە شوێنی خۆی خەرج کردووە، ئامانجێکی پێ جێبەجێ دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێم خۆشە تەواوی بکەم موفاتەعە نەکرێم، لە پڕۆژەکانی تر بەڕاستی هەمانە کە لەساڵی 2006 وە تاوەکو ئێستا تەواو نەبووە، پڕۆژەی کۆلیژی بەیتەریەی بەکرەجۆ، بەڕاستی ئەوەیەك لەکێشەکانە کە تاوەکو ئێستا شەش ساڵ حەوت ساڵە دروست کراوە تاوەکو ئێستا تەواو نەبووە، بەڕاستی ئەوە یەکێکە لە خاڵەکانی بەهەدەر دانی سامانی گشتی، دەنگۆی ئەوەش هەیە ئەو کۆلێژە تەواو نەبووە لەبەر کەلاوەیی، بدرێت بە وەزارەتی ڕۆشنبیری؟، بەڕاستی من تەئکیدیشم کرد لەو بەرپرسانەی کە نزیکن لە کۆلێژەکە وتی ئێمەش دەنگۆی وامان گوێ لێبووە، کۆلێژەك شەش ساڵە تەواو نەکراوە نازانم چۆن دەیدەن و تاپۆی دەکەن لەسەر وەزارەتێك بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری؟ خاڵی تر، دیزاین و ئامادەکردن و ماستەرپلان بۆ کەمپی زانکۆی پزیشکی هەولێر، ئەوە یەکێکە لە پڕۆژە بەردەوامەکان، بەلاّم ئەوە ساڵی دوومە کە تاوەکو ئێستا دەستی پێ

نەکردووە، لەبەر ئەوەی کێشەی هەبووە لەسەر زەوی، هەرچەندە نزیکەی سێ سەد دۆنم زەوی بۆ تەرخان کراوە، بەڵام لەگەڵ کۆلیژی پۆلیس کەمێك لە زەویەکەی بردبوو، ئێستا ڕەنگە تەسفیە کرابێ، ئێمە لە ئەنجامی بەدواداچوونمان لەو کۆلێژە، ئایا ئەو کۆلیژە نەخۆشخانەی لەگەڵە یان نا؟، پاریش بەڕێز وەزیری پلان دانان لێرەیە باسم کرد هەر لێرە، لەبەر ئەوە بە گرنگمان زانی کەمپێکی وا سەردەمیانە دروست بکرێ، دەبێ نەخۆشخانەی لەگەڵ بێ، بە جەنابی وەزیردا، بە نووسینیش دامێ، گوتی دەبێ، ئێمە لە لیژنەی پەروەردە ئیسارەمان کردەوە بە ئامادەبوونی، بەڵێ، لەوێدا تەئکیدی کرد گوتی، نەخۆشخانەکەی لەگەڵەو دووسەد قەرەوێڵەییە، بەڵام من لە پڕۆژەکان تەماشام کرد بەڕاستی هیچ ئیشارەت بە نەخۆشخانە نەدراوە، ئێ باشە سەرۆکی زانکۆی پزیشکی لە هەولێر دەڵێ دەرچووە، بەڵام لێرە لە پڕۆژە بەردەوامەکان ئیشارەت وە ئاماژە بەو نەخۆشخانە نەدراوە، بەڕاستی ئەوە ناگونجێ سەرۆکی زانکۆی پزیشکی بزانێ، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەو تەکمیل و تەخمینی مالی بۆ دەکات لە پڕۆژەکانی دانەبێ، خاڵی ترمان هەیە، کەمپی زانکۆی سەلاحەدین کە ئەوە سێ ساڵە پارەی بۆ تەرخان کراوە، هەر لە دیزاینە، یەعنی بەڕێزان ئێمە لە هەرێمی کوردستان پایتەخت واجیهەیە، پێویستە هەمووشتەکانمان بەراستی نوێ و نۆژەن و سەردەمیانە بێ، ئەی باشە سێ ساڵە ئەو پارەیە تەرخان کراوە، بۆ ناچێتە بواری جێبەجێ کردن؟، هۆکارەکە لە کوێ دایە؟، سەرپێچی کاران لەکوێن؟، بۆ لێپرسینەوەیان لەگەڵ ناکرێ؟، خاڵی ترمان هەیە بەڕاستی زۆر دڵخۆش بووین بەوەی کە پەیمانگایەکی تەکنیکی بۆ شارۆچکەی چۆمان لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی 2011ن، یەعنی شتێکی زۆر چاکە بەڕاستی، کە پێك هاتووە لە بینایەی ڕاگرایەتی و دوانزە پۆل، بەڵام لەسەر ڕێك نەکەوتنی بەرپرسی ئیداری ناوچەکە لە هەڵبژاردنی شوێنەکە، لەگەڵ سەرۆکی دەستەی پۆلی تەکنیکی هەولێر یەکسەر پڕۆژەکە گوازرایەوە، پڕۆژەکە موناقەلەی پێ کرا بۆ دروست کردنی بینایەی سەرۆکایەتی پۆلی تەکنیکی هەولێر، بەڕاستی ئەوەش غەدرێکی زۆر گەورەیە لە چۆمان و دەڤەرەکە دەکرێت، ئەگەر هەر ئەوە لە چۆمان دروست ناکەن، من پێشنیار دەکەم لە دەڤەری سۆران بەشی ناوخۆیی بۆ پەیمانگای تەکنیکی سۆران، لەبەر ئەوەی مانگانە بە دەیان ملیۆن دەدرێ بە بەشی ناوخۆی کوڕان، بەشی ناوخۆیی کچان ئێستا بەشی ناوخۆییان هەیە، بەڵام بەشی ناوخۆیی کوڕان بدرێت بەوان، ناکرێ لەچۆمانەوە موناقەلە بکرێ بینایەکی پێ دروست بکرێ، لەبەر ئەوەی ناوچەکەش پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە هەیە، لەبەر بوونی کۆلێژو پەیمانگا لە شوێنێك، بەمانای بووژانەوەی بازاڕ، بووژانەوەی ناوچەکەیە لە ڕووی زانست، پێش ئەوەی کۆتایی بە قسەکەم بێنم، بەراستی وردە سەرنج و پێشنیاریشم هەیە، پێشنیار دەکەم پێدانی قەرز بە خوێندکاران دوای قۆناغی ئامادەیی، ئەوانەی ئارەزووی تەواو کردنی خوێندنیان هەیە، قەرزە ئەوە، ئەوە قەرزە پێیان دەدرێت، بەڵام ئەوانەی ئارەزووی خوێندنیان هەیە قەرزیان پێ بدرێت بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لێیان بگێڕدرێتەوە، نەوەك ئەو قەرزەی بە کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی دراوە، کەس نازانێ چەند گەڕاوەتەوە و چەند هین بووە، دووەم، هاوتا کردنی دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر و دهۆك، لەگەڵ زانکۆکان و پەیمانگاکانی

سلێمانی و گەرمیان، ئەو کەسانەی لەبەشە ناوخۆییەکان ناخەون لە سلێمانی، مانگانە 100 هەزار دینار وەردەگرن، ئەوانەی لە هەولێر لە بەشە ناوخۆییەکان ناخەون مانگانە 60 هەزار دینار وەردەگرن، کەواتە جیاوازی 40هەزار دینار هەیە، داوا دەکەم ئەوەش هاوتا بکرێ بۆ هەولێر و سلێمانیش، ئەو مامۆستاو فەرمانبەرانەی کە لە کاتی دوو ئیدارەیی لە هەولێر دامەزراون، ئێستا گوازراونەتەوە و نەقل بوونەوە بۆ سلێمانی لەبەر ئەوەی بارەکە ئاسایی بۆتەوە، ئەو بەڕێزانە یەك پلەی وەزیفی یان یەك قۆناغ لە دوای ئەو بەڕێزانەن کە لە هەولێرن، داوا دەکەین ئەوەشیان بۆ چاك بکرێتەوەو هاوتا بکرێ، بە مانای ئەوەی ئەگەر یەك کارمەند یەك ڕۆژ لە هەولێر دامەزرابێ، لەگەڵ ئەو کارمەندەی لە سلێمانی، ئەوەی سلێمانی یەك قۆناغ لە دوای ئەوەی هەولێرە، ئەوەش بەڕاستی پێویستی بە بەدواداچوون و چاك کردن هەیە، بەڕاستی ئەوەی دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، هەولێرەکەی خۆمە، بەڕاستی لەبەر ئەوەی هەولێر پایتەختی کوردستانە، دەبێ سیمای پایتەختی پێوە دیار بێ لە هەموو ڕوویەکەوە، گرینگی پێ بدرێت، بەتایبەتی لە لایەنی تەندروستی لە لایەی ڕۆشنبیری، لە لایەنی کەلتوری، ئەوانە بەڕاستی سیمانە بۆ پایتەخت، بۆیە داوا دەکەم پاریش هەندێ لە هاوکارانمان باسی ئەوەیان کرد، ئەو نەخۆشخانە کۆماریەی کە لە شاری هەولێرە هی ساڵی 1958، هەر کەسێك بچێتە ئەو نەخۆشخانە، نەوەك نەخۆشەکە ئیجبارە، پزیشکێك بیپشکنی و دەرزیەکی لێ بدەن و دوو دەنکە حەبی بدەنێ، مەبەستم ئەوە نیە، ئەوەی بەچاوی ڕەخنەگرانە بچێتە ئەو نەخۆشخانە، ئەو نەخۆشخانە هیچ بنەمایەی نەخۆشخانەی تێدانیە، کۆنە بەڕاستی بەکەڵك نایەت، پار لێرە دیسان داوامان کرد، کۆمەڵێك لە برادەرانیش دووبارە ئەوەیان داوا کردەوە، ئەو نەخۆشخانە تێك بدرێت لە شوێنی ئەو نەخۆشخانە، بەڕاستی نەخۆشخانەیەکی سەردەمیانە شایستە لە شاری هەولێر و پایتەختی کوردستان دروست بکرێ، خاڵی ترمان هەیە، نازانم بەرپرسان ئەوە پێویستی بە وەڵام دانەوە هەیە، بەپێی لێدوانی بەرپرسان دیزاینی ترام لە شاری هەولێر تەواو بووە، دیارە ترامیش کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر گەشە سەندن لە شارەکە، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە بەپێی ئەو داتایەی کە هەیە لە لایەنی بەرپرسیەوە ڕۆژانە، لەگەڵ دەوام بوونەوە زیاتر لە 150 هەزار کەس داخلی هەولێر دەبێ، دیارە زۆربەی زۆریشی بە ئۆتۆمبێلی خۆی دێت، دەچێتە سەر شوێنی کاری خۆشی هەر بە ئۆتۆمبێلی خۆی جەنجاڵ و قەرەباڵغیەکی لە شار دروست کردووە، نازانم لە بەڕێزان دەپرسم ئەو ترامە بودجەی بۆ تەرخان کراوە، کەی دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، خاڵی تر بەڕاستی ئەو پڕۆژە گرنگانەی کە شاری هەولێر پێویستیەتی بکرێ، من پێشنیار دەکەم ئەوانەی کە سووکن وەکو دروست کردنی قوتابخانەك، یاخود پینە کردنی شەقامێکی قیر، ئەوە لەسەر بودجەی پارێزگاکان بێ، بەڵام ئەوانەی کە پڕۆژەی ستراتیژی و گەورەنە، لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان بێ، لەبەر ئەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی باشتر دەتوانێ تەغتیەی ئەو کەم و کوڕیانە بکەن کە لە شاری هەولێردا هەیە، یەکێك لەو خاڵانەی هەر لەبارەی شاری هەولێر دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، نەبوونی ئاوەڕۆیە لە پایتەخت، ئەوەندەی من بینیبم لە هەولێر پارەیەکی زۆر تەرخان کراوە، چووەتە بواری جێبەجێ کردنیش بۆ ئاوەڕۆ

و زێرابەکان، بەڵام هەر هەموویان سەرکەوتوو نەبووینە، سەرکەوتوو نەبوونەکەش دیارە هۆکاری هەبووە، من ناچمە ناو ئەو تەفاسیلەی کە بۆ سەرکەوتوو نەبووە، بۆ سەرکەوتوو بووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بەڕاستی ئێمە لە 2014 هەولێر دەکەین بە پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەب، ئاوەڕۆی نیە، دوو دڵۆپە باران ببارێت زۆربەی زۆری گەڕەکە فەقیر نشینەکان و کەم دەرامەتەکان بەژێر ئاو دەکەون، زۆربەی زۆری ئۆتۆمبێلەکان لە ناوەندی شەقامەکان مەکینەیان جام دەکات و ڕادەوەستن، نازانم کەی ئەو کاتە هاتووە دیزاینێکی چاك دابندرێت و پارەیەکی چاکی بۆ دابندرێت؟، بۆ ئەوەی شاری هەولێر وەکو شارەکانی تر ببێتە خاوەن ئاوەڕۆیەکی چاك، سوودی بۆ شارەکە هەبێ، دیارە ئێمە باس لەوە دەکەین کە هەولێر 2014 دەبێتە شاری گەشتیاری وڵاتانی عەرەب، بەڵام من پرسیار دەکەم، نازانم ئەو شارەی کە دەکرێت بە شاری گەشتیاری دەبێ کۆمەڵێك مواسەفات و بنەمای شاری گەشتیاری تێدابێ، ئایا لە شاری هەولێر مۆزەخانەی نیشتیمانی هەیە، ئەو مۆزەخانەی کە بەقەد قەبارەی پایتەختی هەرێمی کوردستان بێ؟، ئایا لە شاری هەولێر کۆمەڵگەیەکی وەرزشی مۆدێرنانە هەیە بەڕاستی لەسەر ئاستی پایتەختی وڵاتان؟، ئێمە کۆمەڵگەیەکی وەرزشیمان هەیە؟، بەڵام ئەوە بۆ ساڵانی 1960 و 1970 یە زۆر چاکە، بەڵام ئێستا لە هەولێر وەرزش بەڕاستی پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە دیتوە، چەندان جار نادی شارەکەی خۆم هەولێر دەگاتە قۆناغی کۆتایی پاڵەوانێتی ئاسیا، هەتاوەکو ئێستا گۆڕەپانی تێدانیە بە ستاندارده جیهانیەکەی، دەپرسم ئەو شارەی کە دەبێتە پایتەخت خاڵی یەکەمی، دەبێ چەند بنەمایەکی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیارانی تێدابێ، تەنها شتێك ئێمە لەو شارە شانازی پێوە بکەین قەڵاو منارەیە، قەڵاو منارەش دیارە ئەوەیە کە پێش ئێمە و دروست کراوە، هەموو مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە هەر پێنج هەزار ساڵ قەڵاتەکە، منارەی چۆڵیش لەوانەیە چەندان سەد ساڵێك بێت، نازانم کە دەبێتە گەشتیاری چی سەرنج ڕاکێشمان هەیە، کا شوێنە گەشتیارەکانمان، هەر دەبێ لەدەوری قەڵات بیان سووڕێنینەوە، قەڵاو منارەیان پێ پیشان بدەین، یان بیان بەینە هاوینە هەوارەکان، بەس یەکێك بەچاوی نەوەك وڵاتی خۆمە و خۆشم دەوێ، ئەگەر دارو بەردەکەشی هەر چ بێ، بەڵام یەکێك کە لە شوێنی شوێنەوار و شارستانی و گەشت و گوزاری بزانێ، بیبە گەلی عەلی بەگ، لەگەڵ ئەو هەموو ئیمکانیەتە چ کراوە بۆ لایەنی گەشتیاری، بەڕاستی پێویستە ئاوڕێکی چاکی لێ بدرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە دێن شایەدیمان بۆ بدەن کە بەڕاستی هەولێر پایتەختەو شارێکی گەشتیاریە، زۆر سوپاس، داوای لێبوردنیش دەکەم ئەگەر سەرم ئێشان دبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەئیدی قسەکانی مامۆستا فەرمان دەکەم، کە هەولێر، ڕاستە ئێمە هەولێرین، تەئیدی قسەکانی دەکەم شاری خۆمانە، ئێمە کوردستانین، بەڵام هەولێری شاری خۆمان قودسیەتێکی کەورەی هەیە بەڕاستی، لەبەر ئەوە ئەبێ بیپارێزین و پێشی بخەین، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەربارەی ئەو سەرنجەی برای بەڕێزم مامۆستا فەرمان، سەبارەت بە نەخۆشخانەی 200 قەرەوێڵەیی لە کەمپی زانکۆی پزیشکی هەولێر، من ڕاستی ڕوون دەکەمەوە، ئیجازە بدە پەیوەندی بە منەوە هەبوو، وەك خۆی ڕاستیەکە ڕوون دەکەمەوە، چونکە من پەیوەندیم کردووە...

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ناوی ئەوی هێناوە پەیمان خان تۆ لێرە نەبووی، ئەو ناوی ئەوی هێناوە، ئەو تەلەفۆنی کردووە، تۆ دەڵێی ئەو تەلەفۆنی کردووە، مامۆستا فەرمان، با ئەو تەوزیحەکە بڵاو بکاتەوە تەلەفۆنەکە چی بووە؟، ئێ قەیدی ناکا، با تەوزیحەکە بڵاو بکاتەوە، چونکە ناوی ئەوت هێناوە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحەمول بکەن، ئەوەی من دەیڵێم خزمەتی سەرنجەکەی مامۆستا فەرمان و ڕاستی دەکات، ئیجازە بدەن باڕوونی بکەمەوە ....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە قسەکەی قەبوڵە، وانیە؟، بەڵێ فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر پێشتان باشە ئیتر نایڵێم، ڕاستیەکە بەم شێوەیە بوو کە لە بودجەی ئەمساڵدا پارە دانراوە بۆ دیزاین و تەصمیمی کەمپی زانکۆی هەولێری پزیشکی، بۆ تەصمیم و بۆ دیزاین، پرسیمان ئایا لەناو تەصمیم و دیزاینەکەدا نەخۆشخانەی تێدایە یان نا؟، پێویستیمان بە وەڵام بوو، پەیوەندیمان کرد لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی هەولێری پزیشکی، وتی بەڵێ، لەتەصمیمەکەدا نەخۆشخانەیەکی 200 قەرەوێڵەیی تێدایە، کەواتە پارە تەرخان کراوە بۆ تەصمیم و دیزاین، تەصمیم و دیزاین جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە تۆ پارە تەرخان بکەی بۆ دروست کردنی بینایەکە، وازح بوو، بەڵێ....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شڵێر خان، چونکە پەرلەمانتار ناتوانێ وەڵامی پەرلەمانتار بداتەوە، ڕاستە وایە، شارێکە کە هەمیشە ژیانی تێدابووە، کاکە هەولێر لای ئێمە زۆر موقەدەسە، فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من لە پڕۆژەکانەوە دەست پێ دەکەم، پڕۆژە پێشنیار کراوەکان و بەردەوامەکان، کە حکومەتی هەرێم لەناوچە جیا جیاکاندا ئەنجامی ئەدات، هەندێك ناوچە هەیە سەرەڕای پەراوێز خستنی و پێویستی زۆری بە پڕۆژە، بەڵام لە پڕۆژەکاندا مەغدور کراوە، بۆ نموونە، ناوچەی کفری، کەناوچەیەکی پەراوێز

خراوه، ئێستا نەوت لە ناوچەکە دەردەهێندرێت، بەلاّم پرۆژەکانی بەم شێوەیە، لە پرۆژەکانی دە وەزارەت هیچ پرۆژەیەکی نیە، لە پێشنیار کراو، بەردەوامەکان، وەکو وەزارەتەکانی، پەروەردە، تەندروستی، وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، وەزارەتی خوێندنی بالاّ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، وەزارەتی پلان دانان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، تەنانەت لە پرۆژەکانی وەزارەتەکانی تریش پشکی کەمە، پێداویستیەکانی ناوچەکە بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی خوارەوە:

یەکەم/ خزمەت گوزاریە تەندروستیەکان لەو ناوچەیەدا لە ئاستێکی خراپ دان، تا ئێستا ئەو شارە دکتۆری باشی نیە و خەلّك ناچارن بۆ نەخۆشیە سادەکانیش ڕێگای دوور بگرنە بەر، کە هەمووشمان ئەزانین ڕێگاکانی ئەو ناوچەیە چەندە مەترسیدارن، هەروەها شارەکە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی گەورە و مۆدێرنە، من پێشنیار دەکەم نەخۆشخانەیەکی باش لەو شارەدا، مەبەستم کفریە بکرێتەوە.

دووەم/ لەبواری پەروەردەدا قوتابخانەکانی ناوچەی گەرمیان کە ئێمە سەردانمان کردووە، زۆر لە قوتابخانەکانی گەرمیان و کفری کۆنن، پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەکە پێویستی زۆری بە خوێندنگاو بینای نویّ هەیە، هەروەها قوتابخانەکان کەم و کوڕی زۆریان هەیە لەئامێرەکانی کۆمپیوتەرو تاقیگەکان، لە بواری خوێندنی بالاّدا، کفری وەکو شارێکی دێرین کە دواکەوتووە لە کاروانەکە، هەقی خۆیەتی کۆلیژی لێ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی شارەکە تۆزێك لەم دۆخی پەراوێز خستنە ڕزگاری بێت، ئەمەش لەسەر بنەمایەکی زانستیانە بیّ، نەوەك تەنیا وەکو حەزو ئارەزوویەك، داوا ئەکەم یەکێك لە کۆلیژەکانی زانکۆی گەرمیان ببرێتە گەرمیان یاخود کفری، یاخود کۆلیژێکی سەربە زانکۆی گەرمیان لە کفری بکرێتەوە.

چوارەم/ بنکەی پۆلیسی کفری زۆر زۆر کۆن و دارِزاوە، بەڕاستی عەیبێکی گەورەیە ئەوە شوێنی پۆلیس بیّ، شارەکە پێویستی بە بنکەیەکی نویّ و مۆدێرن هەیە بۆ پۆلیس، ئەمە لە کاتێکدایە کە بودجەیەکی زۆر بۆ وەزارەتی ناوخۆ دابین کراوە، ئەمەش حالّی بنکەی پۆلیسەکانە، من پێموایە ئەم کێشە بە تەنها لە کفری نیە، بەلّکو چەندین شوێنی تریش هەیە پۆلیس حالّی ئاوایە، مەبەستم بنکەی پۆلیسەکانە، هەروەها پۆلیسی ئەو ناوچەیە سەیارەی تەواویان نیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، ئێمە کە سەردانی ئەوێمان کردووە، سەردانی بنکەی پۆلیسمان کردووە، پۆلیسەکان ئەم گلەیانەیان هەبووە، هەمووشمان ئەزانین ئەگەر پۆلیس ئۆتۆمبێلی تەواوی نەبیّ بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، یەکسانە بە نارێکی باری ئەمنی، بەڕاستی سەیرە ئەو هەموو بودجەیە بۆ وەزارەتی ناوخۆ دابین ئەکرێت، بەلاّم ئەمە حالّی بنکەی پۆلیسەکانمانە، وەزارەتی ناوخۆ وەکو باسم کرد، بودجەیەکی زۆری هەیە، لەجیاتی ئەوەی بنکەی پۆلیسەکانی چاك بکاتەوە، یان دروستی بکات، پرۆژەی تر لە دەرەوەی تایبەتمەندی خۆی ئەنجام ئەدات، هەر بۆ زانیاریشتان بەڕێزان، پۆلیسەکانمان لە کفری گلەیی ئەوەیان هەیە، کە تاوەکو ئێستا ناسنامەی پۆلیسیان نیە، پۆلیسی وا هەیە نۆ ساڵە پۆلیسە کەچی تاوەکو ئێستا ناسنامەی بۆ نەکراوە، ئەفسەری وا هەیە پلەکەی نەقیبە کەچی تاوەکو

**ئێستا ناسنامەی مولازمی هەیە، باشە ئەو پۆلیسانە کە دەچنە دام و دەزگایەك، کە ناسنامەیان نەبێ بەچی بناسرێنەوە کە پۆلیسن.**

**پێنجەم/ بەشێکی زۆر لە گەڕەکەکانی کفری تاوەکو ئێستا قیڕ نەکراون، ساڵانێکی دورو درێژە خەڵکیان لێ ئەژیت.**

**شەشەم/ لە شارەکەدا یەك بەنزینخانەی حکومی هەیە، بەنزینخانەیەکی کۆنەو مزەخەکانی کەمن و هەروەها کۆنن.**

**حەوت/ کفری وەکو شارێکی دێرینی کوردستان تاوەکو ئێستا پارکێك یاخود شارێکی یاری نیە، تاوەکو خێزانەکانی ئەو شارە و ناوچەکانی دەوروبەری بچن پشوویەکی تیا بدەن، هەناسەیەکی تیا بدەن، ئەو شارە قوربانی دەرە، تاوەکو ڕژێمی سەدام حسین نەڕووخابوو، ماڵەکانی سەنگەری ڕووبەڕووبونەوەی جەیشە ئەنفال چیەکەی بەعس بوون، ڕەبیەکانی جەیشی عیراقی تەنها چەند مەترێك لە شارەکەوە دوور بوون، ئێستا خەڵکی ئەو شارە ناچارن تەنیا بۆ سەردانی پارکێك یان شاری یاری، ڕێگە بۆ شارەکانی تر بگرنە بەر، وەك کەلار و سلێمانی  و شارەکانی تر، ڕێگاکانیش وەکو باسم کرد بە ڕێگای مەرگ ناسراون، من داوا دەکەم پارکێك یان شارێکی یاری مۆدێرن لە کفری دروست بکرێ، تاوەکو خێزانەکانی ئەو شارە بتوانن نەفەسێکی تیا بدەن.**

**هەشتەم/ گەنجەکان لەو شارە گلەییەکی زۆریان هەیە، کە لە شارەکەدا هیچ سەنتەرێك و جێگایەك نیە تاوەکو گەنجان کاتی خۆیان تیا بەسەر بەرن، داوا دەکەم کەسەنتەرێکی مۆدێرن بۆ گەنجان لە شارەکەدا دروست بکرێ. دوای ئەم پێداویستی و کەم و کوڕیانە ئەدەم بە بەڕێز وەزیری پلان دانان، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، حەز ئەکەم ئەوەش بڵێم، داوا دەکەم هەموو ناوچە فەرامۆش کراوەکان گرنگی زیاتریان پێ بدرێت، هەر لە زاخۆوە تاوەکو خانەقین و مەندەلی، بەلاّم من لەبەر ئەوەی خۆم خەڵکی ئەو ناوچەیەم، زیاتر ئاگام لە کەم و کوڕیەکانیەتی، سەرەڕای ئەوەی کە ناوچەیەکی مەغدورە، ئەگینا من کوردستان هەمووی بەشاری خۆم ئەزانم، لە گرنگترین ستراتیژیەکانی حکومەتی هەرێم دا هاتووە، خاڵی یەکەم، ئەوها نووسراوە بایەخدان بە سەرچاوەی داهاتی ناخۆیی جۆراو جۆری کوردستان، نە تەنها بە بواری دەرهێنانی نەوت و گرنگیدان بەکەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و کەرتەکانی تر، لە خاڵی حەوتەمیشدا هاتووە، هەوڵ دان بۆ کارا کردنی ڕۆڵی بانکەکان، لە پێدانی قەرزی خانووبەرە، کشتوکاڵی و پیشەسازی، بەلاّم من ئەپرسم بۆچی بانکی پیشەسازی و کشتوکاڵی دانامەزرێنن، هەروەها لەم پرۆسەیەدا کە قەرزی پیشەسازی و کشتوکاڵیی ئەدرێت کوا پێناسە یان تەعریفی جوتیار، کوا پێناسە یان تەعریفی پیشەسازی، هەتاوەکو ئێستا ژمارەیەکی کەم سوودمەند بوونە لە قەرزی پیشەسازی و کشتوکاڵی، داوا دەکەم ڕێ و شوێنەکان ئاسان تر بکرێن تاوەکو خەڵکێکی زیاتر سوودمەند بن لەو قەرزانە، جوتیاران لە توێژە هەژارەکانی کوردستانن، کرێکاران بە ڕەنج و ماندوو بوونی ڕۆژانەیان ژیانی ماڵ و منالّیان فەراهەم دەکەن، کوا چیان بۆ کراوە لە بودجەدا؟، بۆ جوتیاران، بۆ کرێکاران، بۆ کاسبکارانی ناو بازاڕەکان، ئایا لە بودجەدا**

بیمەی تەندروستی و بیمەی بێکاریان بۆ دابین کراوە؟، هەر لەم دوو، سێ ڕۆژەی ڕابردوودا کۆمەڵێك خەڵکی هەژار بەنوێنەرایەتی هەژاران هاتبوونە بەردەم باڵەخانەی پەرلەمان، کۆمەڵێك داواکاری ڕەوایان هەیە، کە داوای مافەکانی خۆیان ئەکەن لە بودجەدا، داواکارن لەبیر نەکرێن لە پڕۆژە یاسای بودجەی ئەم هەرێمە، ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز داواکاری ئەو خەڵکە هەژارەی داوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆیە من داواکارم مافی هەژاران لە بودجەدا جێگیر بکرێ، دەربارەی دۆخی ئەمنی هەرێم، تەبعەن من دەست خۆشی لە هەموو ئەو کەسانە ئەکەم کە سەرو ماڵی هاووڵاتیان ئەپارێزن، هەروەکو هاوڕێیانم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتیان پێیدا وابزانم سیوەیل خان بوو، منیش پێموایە ڕۆڵی هەرە گەورە لە ئەمنیدا ئەگەڕێتەوە بۆ خەڵك، چونکە خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ڕەوت و لایەنداریمانەوە، بە ئیسلامی و عیلمانیەوە، کەس ئامادە نیە هاوکاری تیرۆرستی وتیرۆر بکات، هەموو کوردێك چاو کراوەیە بۆ ڕوونەدانی کاری تیرۆرستی، نموونەیەکیش دەهێنمەوە کە ڕۆڵی گرنگی خەڵکی دڵسۆزی خۆمان پیشان ئەدات، بۆ نموونە، ناوچە دابڕێندراوەکان بە دیاریکراوی حەز ئەکەم باسی شاری دوز خورماتوو بکەم، کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی ڕابردوودا زۆر بەداخەوە شارەکە خەڵتانی خوێن کراوە لە لایەن تیرۆرستانەوە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی دەزگای ئاسایش و چەندین دەزگای سەربازی تریش، بەڵام تیرۆرستان کاری قێزەوەنی لێ ئەنجام ئەدەن، ئەو شارانە خەڵتانی خوێن ئەکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە تیرۆرستان لەو ناوچانە هاوکاری ئەکرێن، خەڵکی خۆیان هەیە، کەواتە لە دۆخی ئەمنی جێگیری کوردستان، هاووڵاتیانی دڵسۆز و وڵات پارێزی کوردستان ڕۆڵی یەکلا کەرەوەیان هەیە، هەر لێرەوەش داوا لە حکومەتی هەرێم ئەکەم، زیاتر بە تەنگ دۆخی ئەمنی دوز وکەرکووك و خانەقین و شەنگال و مەخموورو هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی تریشەوە بن، نەوعیەت و تۆکمەی هێزە ئەمنیەکانی ئەو ناوچانە زیاتر پەرە پێ بدەن، بە ئەجێندای نەتەوەییەوە هێزەکانی ئاسایش لە ناوچە دابڕێنراوەکان دروست بکرێتەوە، نەوەك بە ئەجێنداو تەشکیلاتی دوو ئیدارەیی حیزب، ساڵ لە دوای ساڵ بودجەی هەرێمی کوردستان زیاد ئەکات، بەڵام بەهۆی نەبوونی پلانەوە نەتوانراوە سوود لەم زیادبوونە وەربگیرێ، زۆربەی ئەم زیادبوونە خراوەتە خەرجیەکانی بەکاربردنەوە، ساڵ بەساڵ بازاڕەکانی هەرێم هەڵاوسانێکی زیاتر ڕووی تێدەکات، ئەمەش بەرۆکی فەرمانبەران و هەژاران ئەگرێتەوە، تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم هیچ پلانێکی نیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڵاوسان، لە بازاڕەکاندا کە ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، دەربارەی پێشینەی خانووبەرە، کوا ڕاپۆرتی بانکەکان؟، چەند گەڕاوەتەوە؟، ئەمە دیار نیە بۆ؟، هاووڵاتیان گلەیی زۆریان هەیە لە ڕاوەستانی پێشینەی خانووبەرە، من پێشنیار دەکەم بڕەکەی زیاد بکرێ، وەکو بەغدای لێ بکرێت، هەروەها لە پێشینەی هاوسەرگیریدا هاتووی پارەکە کوا، ئەگەڕێتەوە بۆ کوێ؟، ئەمە دیار نەکراوە، بانکە حکومیەکان هیچ داهاتێکیان دیار نیە لە بودجەدا، ئەمە بۆ؟، هیوادارم جواب بدرێینەوە، لە مووچەی فەرمانبەران بەشێك لە مووچەکەیان ئەبڕدرێت بۆ خانەنشینی، بەڵام من ئەپرسم سندوقی خانەنشینی بوونی هەیە، ئەی ئەم پارەیە بۆ کوێ ئەچێ؟، هیوادارین وەڵام بدرێینەوە، لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی 2013 وەزارەتی کارەبا

هیچ پرۆژەیەکی نیە، ئەمە بۆچی؟، لەکاتێکدا هەمووومان ئەزانین کە کارەبا لە چ قەیرانێکدایە، دێمە سەر مووچەی پێشمەرگە، تاوەکو ئێستاش مووچەی پێشمەرگە کەمە، هەمووومان ئەزانین چ گرانیەك لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەیە، هەمووشمان ئەزانین کە پێشمەرگە چ ئەرکێکی پیرۆز ئەنجام ئەدات، بۆیە منیش داوا دەکەم مووچەکەیان زیاد بکرێ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکرێ بە هێزێکی نیشتیمانی، کە ئەمە خاڵێکی گرنگە، ئەبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوور بخرێتەوە لە هەیمەنی حیزبی، داوا دەکەم مووچەی کەمئەندامان زیاد بکرێ، چونکە کەمئەندامان توێژێکن پێویستیان بە گرنگیدان هەیە، هەروەکو هەمووشمان ئەزانین ماوەیەکە بەر لە ئێستا گروپێك لە کەمئەندامان دەستیان دایە مانگرتنێك، کە چەند ڕۆژێکی درێژی خایەند، ئێستا ئەوان مۆڵەتیان داوەتە حکومەت بۆ ئەوەی داواکاریەکانیان جێبەجێ بکرێت، بۆیە هیوادارم بە دەنگ داواکاریەکانیانەوە بچن، مووچەیان زیاد بکرێ، لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی باس لەهۆکارەکانی کورت هێنان کراوە، گوایە یەکێك لە هۆکارەکانی کورت هێنان زۆری ژمارەی فەرمانبەرانە، کە ڕێژەی مووچەی فەرمانبەران بەرامبەر کۆی بودجەی بەکاربردن، دەکاتە لە سەدا شەست و یەك و پۆینت بیست و حەوت، من ئەپرسم ئەگەر زۆری ژمارەی فەرمانبەران بەیەکێك لە هۆکارەکانی کورت هێنان دائەندرێت، ئەی بۆچی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی کادیرانی حیزب و کۆمپانیاکانی حیزب خانەنشین کراون، لە بەرێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگەدا بێ ئەوەی هیچ خزمەتی پێشمەرگایەتیان هەبێ، ئەمەش سەرنج و تێبینیەکی زۆری منی لەسەرە، ئەم پرۆسەیەی خانەنشینی کادیرانی حیزب بۆتە مایەی ئەوەی پێشمەرگەی دێرین، تێکۆشەری دێرین مەغدور بکرێ، پێشمەرگە دێرینەکان، کە ئەمان خاوەنی ئەسڵی مەسەلەکەن، خاوەنی ئەسڵی بابەتەکەن، بوون بە قوربانی کادیرانی حیزب و پلەی سەربازی کادیرە خانەنشین کراوەکانی حیزب، کە یەك ڕۆژیش پێشمەرگایەتیان نەکردووە، زۆر لە پێشمەرگە دێرینەکان باشتر بێ، ئەمەش غەدرێکە لەو تێکۆشەرانە، بوەتە مایەی موعاناتێکی گەورەی پێشمەرگە دێرینەکان، کە جێگای داخە، بەڕاستی ئەمە نابەرانبەری و نا عەدالەتی گەورەیە لەم بوارەدا، ئەگرا ئەو هەموو گەنج و لاوە کە هەر لە ئێستاوە خانەنشین کراون، کە دیارە مەبەستەکە چیە لە خانەنشین کردنی ئەوان، بەرژەوەندی حیزب لە پشتیەوەیەتی، ئەگرا ئەم لاوانە لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا بخرانایەتە گەڕ، بە مووچەی باش و سوود لەو وزەو توانا گەورەیە وەرگیرایە کە لە گیان و مێشکی گەنجەکانمان دایە، نەوەك بەم شێوەیەی ئێستا وزەو توانای گەنجەکانمان سڵ بکرێت، ئەکرێت گەنجێك لە کۆمپانیایەکدا وەکو تەکنینك کارێکی بەتوانا کار بکات، کاری حیزبی و فکری خۆشی بکات، کە ئەمە حاڵەتێکی ئیجابیە، بەلآم حاڵەتە سلبیەکە ئەوەیە، گەنجێك لە بارەگایەك سڵ بکرێت، تواناکانی بمرێت، هیچ بەرهەمێکی نەبێ بۆ کۆمەڵگا، لەولاشەوە بە لێشاو کرێکارو تەکنیکاری بیانی بهێندرێتە ولآت، پارەی ولآتەکەشمان وا بەئاسانی بڕواتە دەرەوە، کە ئەمە هاوکێشەیەکی ئابووری و کۆمەلآیەتی خراپی دروست کردووە، لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی داراییدا هاتووە لە لاپەڕە 38 دا، چەند هۆکارێکی تری کورت هێنان، ئیمتیازاتی زیندان کراوانی سیاسی بار گرانیە، چەند هینێکی تریش گوایە ئەویش بار گرانیە، بەلآم من

ئەمەوێ لەسەر زیندانیانی سیاسی قسە بکەم، گوایە ئیمتیازات کردنی زیندانیانی سیاسی بار گرانیە لەسەر بودجەی هەرێم، بەڕاستی مافی ئەو تێکۆشەرانەی زیندان چیان بەسەردا هات، گیانی خۆشیان لا شتێکی زۆر ئاسایی بوو کە بیبەخشن لە پێناو ئازادی ولآت، ئەو هەموو کارەسات و عەزابەی کە بینیویانە، کەچی ئێستا مافەکانیان ببێتە بارگرانی بەسەر بودجەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی زیندانیانی سیاسی تاوەکو ئێستا بودجەیان بۆ دەرچووە ئەوەندە زۆر نین، ئەوانەی کە تاوەکو ئێستا زیندانی سیاسی ناویان دەرچووە، مافەکانیشیان هاوڕێی زیندانی کراوەکانی تر نیە لە پارێزگاکانی تری عیراق، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە لابرێت کە مافی زیندانیانی سیاسی بارگرانی بێ بەسەر بودجەوە، چونکە ئەمە دەربڕینێکی ناخۆش و ئازار بەخشە، لەجیاتی ئەوەش داوا ئەکەم مافی زیندانە سیاسیەکان هاوتای پارێزگاکانی تری عیراق بکرێنەوە، ئەو مینحەیەی کە قەرارە بدرێت هەموو زیندانە سیاسیەکان بگرێتەوە، نەوەك تەنیا ئەوانەی سلفەی عەقاریان وەرگرتووە، ئەمەش داوای زۆرێك لە زیندانە سیاسیەکانە، بۆ ئاگاداریشتان تاوەکو ئێستا هیچ زیندانیەکی سیاسی سولفەی وەرنەگرتووە، مەبەستم ئەو مینحەیە کە بۆ عەقاری هین کراوە، بەحسابی ئەوەی عەقاری وەرگرتووە، من باسی ئەوە دەکەم، مینحەیەك قرارە بدرێت بە زیندانە سیاسیەکان ئەوەی عەقاری وەرگرتووە، موعامەلەیان تەقدریم کردووە هەتاوەکو ئێستا کەس وەری نەگرتووە، من باسی ئەوە ئەکەم، تەبعەن بە موتلەقی نا، من ئەوە داوای لێبوردن دەکەم، ئەوەندەی من ئاگام لێی هەیە، من ئاگام لێی نیە هەندێك وەری گرتووە، هەر بۆ ئاگاداری کاك ارسلان من خۆم زیندانی سیاسیم، لە خشتەی (الوظائف علی مستوی الوزارات الحكومية في اقليم كوردستان)لە کۆی خشتەکە میلاکی فەرمانبەران بۆ ساڵی 2012 شەش سەدو شەست و حەوت هەزارو دوو سەدو چل و نۆیە، بۆ ساڵی 2013 بووە بە شەش سەدو هەشتاو دوو هەزارو دوو سەدو چل و نۆ، کەواتە 15 هەزار فەرمانبەر زیادی کردووە، باشە خۆ ساڵانە ژمارەیەك خانەنشین ئەبێ، ئەی چەند کەس ئەمرێت؟، ئەمانە هیچی دیار نین بۆ؟، لە خشتەیەکی تردا (استماره اعداد موازنه تخمينيه لحكومه اقليم كوردستان) موخەسەساتی ئیستیسنائی هاتووە، کە بڕەگەی سەدو نەوەت و حەوت ملیارو پێنج سەدو هەشتاو پێنج ملیۆن دینارە، بەلآم ئەمە پارەیەکی زۆرە، کوا ئەوەندە موخەسەساتی ئیستیسنائی لەهەرێمی کوردستان هەیە؟، وەلآمی ئەم پرسیارەمان ئەوێ بۆمانی ڕوون بکەنەوە، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی حەز ئەکەم باسی چەند مەسەلەیەك بکەم، وەلەو هاوڕێی بەڕێزم کاك عبدالله باسی کرد، من حەز دەکەم بە کورتی باسی بکەم، بۆ چارەسەر کردنی قەیرانی بەنزین و سووتەمەنی، بۆچی پاڵاوگەی گەورە دروست ناکرێ، ئەمە پڕۆژەی ستراتیژیە، ئەبوایە حکومەتی هەرێم هەر زوو بیری لێ بکردایەتەوە، بۆ بن بڕکردنی ئەم کێشە موزمین و درێژخایەنە، هەموومان ئەزانین کە کێشەی بەنزین هەموو هاوولآتیەکی ئەم هەرێمەی هەراسان کردووە، کاروانی دوورو درێژی سەیارەی هاوولآتیان بەردەم بەنزینخانەکانی ئاوەدان کردۆتەوە، وەبەرهێنی گەورە هەیە لە کوردستان ئامادەیە بۆ دروست کردنی پاڵاوگەی گەورە، بەلآم بۆچی ڕێگای پێ نادرێت؟، من داوا دەکەم ئەمەمان بۆ ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئێمەو بۆ هاوولآتیانیش، بۆچی پاڵاوگەی گەورە لە کوردستان

دورست ناكرێ، بەڕاستی ئەمە پرسیارێكی زۆر گرنگ و جەوهەریە، تاوەكو كۆتایی بەم كێشەیە بێت، خەڵك نەجاتی بێت لە سەرە گرتنی دوورو درێژ لەبەردەم بەنزینخانەكان، كە ئەمە موعاناتێكی گەورەی هاووڵاتیانە، لەكاتێكدا ئێمە لەسەر دەریای ژێر زەمینی نەوت ئەژین، بۆچی عەمباری گەورە دروست ناكرێ، بۆ گلدانەوە یان خەزن كردنی بەنزین و سووتەمەنی؟، كە ئێستا قەیرانی گەورەی بەنزین و سووتەمەنیمان هەیە، دەربارەی داهاتی ناوخۆ، لە بودجەی 2013 دا داهاتی خەملێنراوی ناوخۆ زۆر كەمە، بڕەكەی شەش سەدو پەنجاو یەك ملیارو سەدو چواردە ملیۆن دینارە، داهاتی نەوت، داهاتی تەندروستی، داهاتی كارەبا، ئەم داهاتانە هیچی دیار نین، من ئەپرسم بۆچی نادیارن ئەم داهاتانە؟، كەسمان ئاگامان لە داهاتی نەوت نیە، كە سێكتەری نەوت چەندە حەساس و هەستیارە، بەڵام داهاتی نەوت ناڕوونی و نا شەفافیەكی زۆری پێوە دیارە، هەموومانی نیگەران كردووە، كەس ناتوانێ وەڵامێكی جدیمان بداتەوە، ئەمە لەكاتێكدایە هەروەكو باسم كرد، هاوڕێیانیشمان باسیان كرد، ئەمڕۆ ئەزمەی بەنزین و نەوت و سووتەمەنی بەرۆكی یەك بەیەكی هاووڵاتیانی هەرێمی گرتۆتەوە، دەربارەی دروست كردنی فڕۆكەخانە لە دهۆك، بەڕاستی ئێمە زۆرمان پێخۆشە لە بادینانی خۆشەویست و لە دهۆكی ئازیز، فڕۆكەخانەیەك بكرێتەوە، چونكە هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان گەرمیان و سلێمانی، لە كۆتایشدا ئەڵێم لەبەر ئەو هەموو تێبینی و سەرنجەمان بۆ بودجەی 2013 ئەو هەموو ناڕوونی و كەم و كوڕیەی تیا دایە، من داوا دەكەم پڕۆژە یاسای بودجەی 2013 بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، تاوەكو بەشێوازێكی باشتر بنێردرێت بۆ پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو، تەوزیحە دكتۆر، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند جارێك باس لە سندوقی تەقاعد ئەكرێت، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی تەوزیحێكم هەیە، بەڕێزان بۆ بەرچاو ڕوونی ئەندامانی بەڕێز، نیسبەی تەقاعودی لە سجلی تەقاعودی لە لاپەڕەی ڕاتبی هەر موەزەفێك ئەبڕێت، حەقلێكی هەیە نیسبەتەكەی دائەندرێت، بۆ نموونە، ئەگەر بەڕێزێك مانگانە یەك ملیۆن دیناری هەبێ، لە 7٪ تەقاعودی لێ ببڕن، یەعنی مانگانە 70 هەزاری لێ دەبڕن، ئەم 70هەزارە  بە پارە نیە لاستیكێكی لێ بدەن و لە سندوقێك دایبنێن، ئەوە موعالەجەیەكی حیسابی ئەكرێت دوای بە چەكێك ئەڕواتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، هەر ڕەقەمێك لە ئیزبارەی ئەو موەزەفە هەیە كە تەقاعود ئەبێت، دەرئەكەوێ ئەوە چەند تەقاعودی لێ بڕاوە، ئەساسەن ئەو پارەیە نەهاتووە تاوەكو لێی ببەن و بیخەنە ناو سندوقێكەوە، تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین جەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماوەی چوارساڵە واتە لە ساڵی 2010 کە ئێستا ساڵی 2013 یە، ئێمە ئەمە چوارەم جارە گفتوگۆ لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەو گفتوگۆیەش بۆ ئەوەیە کە زیاتر لە کێشەو کەم و کورپیەکان بکۆڵینەوە بەدواداچوونی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین بودجەی هەرێم بەشێوەیەکی زانیستیانە، بەشێوەیەکی رێك و پێك هەموو تاکەکانی هەرێمی کوردستان بتوانن سوودمەند بن لێی، هەوڵی ئەوەش بدەین کە پێشنیار کردنی کێشەو کەم و کورپیەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە کێشەو کەم و کورپیەکان لەم ساڵانە بەردەوامە، دەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی هەر وەزارەتێکی پەیوەندیدار و وەزارەتی پلان دانان و وەزارەتی دارایی سوودیان لە گفتوگۆیەکانی ساڵانی رابردوو ببینیایە، بۆ ئەوەی بیان توانیایە لەکاتی خەملاندنی بودجەدا هاوسەنگیەك و هاوتایەك لەنێوان داهاتی راستەقینەو خەملاندندا هەبوایە، لە راپۆرتی وەزارەتی داراییدا هەرچەندە ئاماژە دراوە بە کێشەو گیرو گرفتەکانی بودجە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە دراوە بەوەی کە بودجە شەفافە، بەڵام بەداخەوە بە بۆچوونی من بودجە نا شەفافەو بە فیرۆدانی زۆری تێدایە، ئێمە چۆن دەتوانین بڵێین بودجە شەفافە، کە نەزانین داهاتی راستەقینەی هەرێمی کوردستان چەندە، بەرێزان، ئەتوانن چۆن بگەینە ئەو قەناعەتەی کە داهاتی ساڵی 2011 زیاترە لە خەملاندنی ساڵی 2013، بۆ ئەبێ ساڵی 2011 یەك ملیارو سەدو سی و یەك ملیۆن دینار و سەدو سی و هەشت هەزار دینار بێ، بەڵام خەملاندنێکیان کردووە لە 2013 شەش سەدو پەنجاو یەك ملیار دینارە، کە ئەمە بە قەناعەتی من دوورە لە راستیەوە، دیارە لەسەر مەسەلەی راپۆرتی دارایی کێشەو گیرو گرفتەکانی عیراق و هەرێمی تیایە، زۆر ئاماژەی پێ دراوە من باسی ناکەم، بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری گرنگترین ئەو ستراتیژیانەی کە ئاماژەی پێ دەدات حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەم ساڵدا بتوانێت بەرەو پێشەوەیان ببات، بۆ بووژاندنەوەی بواری ئابووری لە هەرێمی کوردستان، سێکتەری کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریە، من خۆشبەختانە لێرەوە ئەڵێم لەسەر مەسەلەی بووژاندنەوەی کشتوکاڵ، هەموومان یەك دەنگین، ئەوەش ئەسەلمێنێ ئەو یەك دەنگیەی ئەندام پەرلەمان دەری خستووە، بواری کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان لە خەتەر دایە و لەوەدایە کە بەرەو نەمان بروات، بەڵام رەئی هەموو لایەکمان بەتایبەتی من رەئی خۆم بابڵێم ئەو بودجەیەی کە دانراوە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کشتوکاڵ، ئایا بە یەك پۆینت نەوەت و حەوت حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەتوانێت گەشە بدات بە بواری کشتوکاڵ، بۆیە من دیارە بابەتی مەسەلەی سێکتەری کشتوکاڵ، زۆرینەی برادەرەکان ئاماژەیان پێیدا، بەڵام سێکتەری کشتوکاڵ بەو برە کەمەی کە دانراوە بۆی، بەرێزینە بەرەو پێشەوە ناروات، ناتوانین بەو بودجەیە بتوانین دەستی جوتیاران بگرین، هەموو ئەو پێداویستیانەی کە هەیانە بۆیان دابین بکەین، ئەگەر بێتو حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ خزمەتگوزاری بگەیێنێتە گوندەکان، چۆن دەتوانین هەوڵی ئەوە بدەین جوتیار زەویەکەی لا خۆشەویست بکەین، بۆیە دەبێ ئەو پارەیەی کە بۆ سێکتەری کشتوکاڵ دانراوە زیاد بکرێ، بۆیە من پشتیوانی پێشنیارەکانی لیژنەی کشتوکاڵ دەکەم بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کەرتی کشتوکاڵ، پرسیارێك لێرە دێتە پێشەوە، ئەگەر ئێمە نەتوانین هاوکاری جوتیاران بکەین،

چۆن دەتوانین گەشە بە بواری کشتوکاڵ بدەین، کە پشتی کشتوکاڵ ئەگرێت ببووژێتەوە لە کوردستان، تا کەرتی پیشەسازیش ئەبووژێتەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەم دوو کەرتە دوو کەرتی زۆر گرنگ بۆ بەرەو پێشەوە بردنی باری ئابووری لەهەرێمی کوردستان، کە ئەو دوو کەرتە بووژایەوە بە تەئکید گوندەکانیش ئەبووژێتەوە، کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە ئەڕوات، لەهەمان کاتدا هێزی کار بەرەو پێشەوە ئەڕوات، ئەبێت بە هۆکارێك بۆ کەم کردنەوەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان، ئەگەر ئێمە نەتوانین دەستی جوتیاران بگرین، بەڕاستی کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە ناڕوات، بۆ ئێمە نەیێن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی ئەو جوتیارانە بگرێت، بۆ نموونە، من باسی ئەکەم، یەك جوتیار بەداخەوە ئێستا وای لێهاتووە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بڕ بووە لە بەرو بوومی ولأتانی دەرەوە کە ئەمە کاری کردۆتە سەر ئاسایشی خۆراك لەهەرێمی کوردستان، سالأنی ڕابردوو کە ئاو هەبوو، کە یارمەتی جوتیار ئەدرا، بەهێز و توانای جوتیار باشترین بەرهەم ئەهاتە ئاراوە، بۆ نموونە جوتیارێك لە گوندی بانی خێلأن، لە قەزای دەربەندیخان توانیویەتی چەڵتووك بچێنێ کە یەك کیلۆ، هەشتاو پێنج کیلۆ غرام چەڵتووکی دەرکردووە، ئایا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی زراعە نەتوانێت دەست گیرۆی ئەو جوتیارە بکات بۆ ئەوەی چەڵتووکەکەی بەرەو پێشەوە بڕوات، ئەمە لە کاتێك هاوکاری نەکراوە توانیویەتی ئەوە بەرهەمەکەیەتی، ئەگەر بێتو هاوکاری بکرێ ئەبێ بەرهەمەکەی چەنێك زیاد بکات، پیشەسازی، هەروەکو ئاماژەم پێدا ئەگەر کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە بڕوات، بە دڵنیاییەوە کەرتی پیشەسازیش بەرەو پێشەوە ئەڕوات، باری ئابووری هەرێمی کوردستانیش بەرەو پێشەوە ئەڕوات، بەلأم بەداخەوە لە وەزارەتی پیشەسازی کە ئەو نەتوانێت نەوتی ڕەش بۆ کارگە بچووکەکان دابین بکات، چۆن ئەتوانێت سایلۆکان تەواو بکات، چۆن ئەتوانێت کۆگاکان تەواو بکات، وەزارەتی پیشەسازی یەکێکە لەو وەزارەتانەی هاوکارە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، بەتایبەتی لەمەسەلەی پلانی ستراتیژی پێنج ساڵی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاودا، بۆ زیاتریش بەرچاو ڕوونی سایلۆکانە، چەند ساڵە نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کۆگاکانی هەشت کۆگایە کەئەمە لە سنووری سلێمانی زۆر زەروریە بۆ کۆکردنەوەو خەزن کردنی ئەو مەوادی غیزائیەی کە دێتە سلێمانی، بەلأم بەداخەوە تاوەکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، زۆر باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی داراییەوە سیاسەتێکی سەرکەوتووی هەبووە، بەلأم من وای نابینم، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە نەمانی پارە لە بانقەکانە، کە ئەمە کاریگەریەکی زۆر خراپی کردۆتە سەر ژیان و گوزەرانی هاوولأتیان و مووچە خۆران، کاریگەریەکی خراپی کردۆتە سەر مەسەلەی بەرەو پێشەوە بردنی پرۆژەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڕێز وەزیری دارایی لە هەمووومان شارەزاترە، جەنابی ئەزانێت کە هەموو بانقێك دەبێ بارمتەی سەدی دە بۆ سەدی بیست و پێنجی هەبێ لە بانقەکان، بۆ ئەو حاڵەتانەی کە دێتە پێشەوە، بەلأم بەداخەوە بانقەکانی ئێمە پارەی تیا نیە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بانقەکانی ئێمە ئیفلاسیان کردووە، ئەتوانین بڵێین بانقەکانی ئێمە ئیفلاسیان کردووە، چونکە کە پارە نەما، ژیان و گوزەرانی خەڵکیش بەرەو پێشەوە ناڕوات، پرۆژەکانی تریشمان بەرەو دواوە ئەڕوات، من یەك پێشنیارم

هەیە، پێشنیارکەشم لەسەر ڕاپۆرتەکەی بەڕێز وەزارەتی داراییە، کە خۆیان ئاماژەیان داوە بەوەی کە لە لاپەڕە 42 باسی شەش سەدو حەفتاو دوو ملیار دینار ئەکات، بۆ بانقە حکومیە بازرگانیەکان و فرۆکەخانەکان و شارەوانیەکاندا دانراوە، کە دەڵێت لەبەر ئەوەی داهاتیان کەمترە لە خەرجیەکان، یەعنی ئاماژەی بەوە داوە، لە لاپەڕە 43 بۆ بانقی حکومی بازرگانی بڕی 102 ملیار دینار کۆی خەرجیانە، داهاتیان 54 ملیار دینارە، کورت هێنانیان 48 ملیار دینارە، لە ڕێگەی بەخشینەوە ئەم پارەیان بۆ دابین کردووە، باشە ئەگەر بانقەکانی ئێمە پارەی تیا نەبێ، بارمتەی نەبێ، ناکرێ ئەم بانقانە کەم بکرێتەوە، تەنها چەند بانقێك بهێڵدرێتەوە، یەکێکیان بۆ کۆکردنەوەی ئەو قەرزانە بێ کە هەیە لەلای هاوولاّتیان و پرۆژەکان، بانقێکیشیان بۆ دابین کردنی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، یەعنی ئەمە پرسیارێکە ئەیکەم و پێشنیارێکیشە لەسەر نووسینەکەی خۆتان ئاماژەم پێی داوە، خاڵێکی تر کە ئەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئاماژە دراوە بە دابەش بوونی بودجەی وەبەرهێنان، کە ئەمەش بەداخەوە ناهاوسەنگی و نا ڕوونی هەیە لە دابەش بوونی پرۆژەکان لە وەزارەتەکاندا، سەرەڕای چەندین هەڵە لەو خشتانە لە ڕاپۆرتەکاندا خراوەتە بەردەممان، بۆ نموونە، یەکەم/ کۆی گشتی وەزارەتی پەروەردە پێنج سەدو حەفتاو نۆ ملیار دینارە، بەلاّم بەپێی خشتەی ژمارە 8 ئەگەر سەیری بکەین، پێنج سەدو حەفتاو پێنج ملیار دینارە، ئەو چوار ملیار دینارە بۆ لەویەدا ون بووە و دیار نیە؟، ئەگەر دەڵێین هەڵەی چاپە، با وەکو ئەوەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە شەش سەدو سی و پێنج بوو، کرا بە شەش سەدو شەست و شەش، ئەمیش ڕاست بکرایەتەوە، دووەم/ هەر لەخشتەی ژمارە 28دا ئەگەر سەیری وەزارەتی پەروەردە بکەین، خۆی بودجەکەی پێنج سەدو حەفتاو نۆ ملیار دینارە، بەلاّم لە خشتەکەدا پێنج سەدو حەفتاو پێنج ملیار دینار نووسراوە، ئەو چوار ملیار دینارە ئایا هەڵەی چاپە یاخود بۆچی دیار نیە؟، هەر لە خشتەی ژمارە 28 دا وەزارەتی ناوخۆ، ئەنجومەنی ئاسایشی ژینگە، دادوەری، مافی مرۆڤ، پلان دانان دەست نیشان نەکراوە، ئایا ئەمەش هەڵەی چاپە؟، سێهەم/ بودجەی وەزارەتی پلان دانان سێ سەدو شەش ملیار دینارە، بەلاّم وەزارەتی کشتوکاڵ دووسەدو بیست وهەشت ملیار دینارە، وەزارەتی تەندروستی دوو سەدو سی و شەش ملیار دینارە، ئایا ناکرێ لە بودجەیەی کە بەمەرجێك وەزارەتی پلان دانان 13 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، ناکرێ لە بودجەی پلان دانان کەم بکرێتەوە، بخرێتە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ؟، یاخود تەندروستی، یان بۆ کەمئەندامان، یان ژنان، یان ئەو خوێندکارانەی لەسەر حیسابی خۆیان ئەخوێنن، بە قەرز بیان دەنێ؟، بودجەی ئەنجومەنی وەزیران بیست و سێ ملیار دینارە، ئەنجومەنی وەزیران هیچ پرۆژەیەکی بەردەوامیشی نیە، ئایا ناکرێ شتێکیان لێ کەم بکەنەوە بدرێت بەو چین و توێژانەی کە زەرورن و پێویستیان پێیە، دیارە من باسی کورت هێنان ناکەم، چونکە زۆر باسی کورت هێنان کرا، بۆچوونەکەشم وایە ئەگەر مەسەلەی کێشەی پێشمەرگەو خەرجیەکان کەم بکرێتەوە، ئەو کورت هێنانەشمان نامێنێ، مەسەلەی میلاك ئەوە زۆر باس کرا، باسی ناکەم، بودجەی بەکاربردن، دوو خشتەمان هەیە، خشتەی ژمارە یەك، خشتەی ژمارە دوو، لە خشتەی ژمارە یەك، سەرجەم ئەو پارانە نووسراوە کە

بۆ قەرەبووی فەرمانبەران و شمەك و باربو و دانراوە، لە خشتەی ژمارەی 21 هەمان شتی تیایە هی ساڵی 2012، دەڵێت قەرەبووی فەرمانبەران شەش ترلیۆن و نۆسەدو سی و یەك، لە خشتەی 21 هەمان شتە، شمەك و چاك كردنەوە یەك ترلیۆن و چوار سەدو بیست و دوو ملیار، بەلاٌم لە خشتەی ژمارە یەك، ئەڵێ یەك ترلیۆن و چوارسەدو بیست و یەك ملیار، لەوەدا ملیارێك دینار نیە، باربو و 115 ملیار دینار، بەخشین لە خشتەی ژمارە یەك ئەڵێ پێنج سەدو سی و پێنج ملیار، بەلاٌم لە خشتەی ژمارە 21 ئەڵێ پێنج سەد و سی و چوار ملیار، سوودە كۆمەلاٌیەتیەكان لە خشتەی ژمارە یەك، شەش سەدو چل و پێنج ملیارە، لە خشتەی ژمارە 21 سەدو چل و چوار ملیارە، ئەمە كە هەردوولاتان كۆ كردۆتەوە كردوویەتیە دە ملیارو پێنج سەدو بیست و پێنج و ئەوەنە، بەلاٌم بەو سێ ملیارەی كە لەولاش كۆتان كردۆتەوە خۆی دەكاتە، دە ملیار و سێ سەدو پەنجاو ئەوەندە، چونكە تۆ لێرە سێ ملیار كورتی هێناوە، ئایا ئەمەش هەڵەی چاپە؟، بۆ ڕاست نەكراوەتەوە، ئەگەر هەڵەی ژمێریاریەكانیشە دەبێ وەزارەتی دارایی خۆی بەدواداچوونی بۆ بكات، مەساریفی ئوخرا، خەرجیەكانی دیكە، داوا دەكەم لە بەڕێز وەزیری دارایی لە داهاتوودا مەسەلەی خەرجیەكانی دیكەمان بۆ ڕوون بكاتەوە، چونكە ئەم بابەتە لە دەلیلی حیسابی نیە، ڕاستە لەفۆرمەكان هەیە، ئەم فۆرمانە لە بەغداوە دێت، بەلاٌم ئەوەندەی من بەدواداچوونێكم كردبێ، دەڵێن لە دەلیلی حیسابی نیە، لەم بوارەش مەساریفی ئوخرا، لەم بوارە جێگەی ئەوە ئەبێتەوە كە بەهەدەر دانێكی زۆر ڕوویدات، مەسەلەی ئیرادات باسی ناكەم چونكە زۆر باس كراوە، مەسەلەی خانەنشینیش دیارە زۆر باس كرا، بەلاٌم هەر دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم 7٪ی هەموو مووچە خۆران دەبڕێ، 12٪ حكومەت دابینی ئەكات، تەنها نموونەیەك ئەهێنمەوە، ئەم نموونەیە لە یەك فەرمانگە كە ژمارەی فەرمانبەرانیان تەقریبەن سەد كەس ئەبێ، بۆ ماوەی ساڵێكە 41 ملیۆن دیناریان لێ بڕاوە، ئایا ئەبێ لەكۆی فەرمانبەران ئەو پارەیەی كە ئەبڕێت ساڵانە تاوەكو ئێستا سندوقی خانەنشین چەندی تیا كۆبووبێتەوە، پڕۆژە بەردەوامەكان، لە كۆی دوو هەزارو پێنج سەدو چل و پێنج پڕۆژە، نزیكەی هەزارە سەدو پێنج پڕۆژە لە بواری جێبەجێ كردن دایە، واتە بە كۆن و نوێ، چونكە هەندێ پڕۆژەی تیایە هی ساڵی 2006 و 2007و 2008و2009 كە هەموو ساڵانی تریش پارەی بۆ دابین كراوە، نزیكەی هەزارو  سێ سەد و پەنجا پڕۆژەیان نەچۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، دڵنیام ساڵێكی تریش هەندێ لەو پڕۆژانە ناچنە بواری جبێبەجێ كردنەوە، بەم جۆرە دابەش بووە، دوو سەدو حەفتاو نۆ پڕۆژە تەندەرینە، نەوەت و یەك گرێبەستە، شەش سەدو نەوەت و نۆ نادیارە، هەشتاو سێ بانگەوازە، سەدو چل و چوار دەست بەكارنەبوونە، شەش شی كردنەوەیە، چل و یەك دیزاینە، پێنج ئیحالە نەكراوە، یەك سەحبە، یەك كێشەی هەیە، بەداخەوە زۆری لەو شەش سەدو نەوەت و نۆیە نادیارە كە هیچ نەنووسراوە، لە سنووری پارێزگای سلێمانی و گەرمیانە، یەك نموونە ئەهێنمەوە لەو پڕۆژانە، پڕۆژە بەردەوامەكان خەستەخانەی منالٌ بوون و منالاٌن، نووسراوە دیزاین، بەلاٌم لە تەندەرینیش دەرچووە، چونكە ئەوە وەزارەتی تەندروستی مەراسیمی بۆ كردووە، لەتەلەفزیۆنیش نیشانی دا، پڕۆژە تەواو بووەكانی وەزارەتی كشتوكالٌ و سەرچاوەكانی ئاو،

سەدو پەنجاو نۆ پرۆژەیە، لەم ژمارەیە شەشیان گرێبەست و تەندەرینە، لە بڕی یەك ملیارو سەدو چل و سێ ملیۆن دینار، من پرسیار لە بەڕێز وەزیری پلان دانان ئەکەم، ئایا پرۆژەیەك لەگرێبەست بێ، یاخود لە تەندەرین بێ دەچێتە خانەی تەواو بووەوە؟، دەخرێتە لیستی تەواو بووەوە؟، پرۆژەکانیش ژمارە 30و 31 ی دهۆك لە تەندەرین دایە، زنجیرەی 39 سلێمانی گرێبەستە، زنجیرەی 58 لە هەولێر گرێبەستە، ژمارە 2 ی هەرێم کە سێ ملیار و سەدو حەفتاو شەشە لەژێر جێبەجێ کردن دایە، ئایا پرۆژەیەك تەواو نەبووبێ لەتەندەرین و گرێبەستە، چۆن دەڵێین تەواو بووە؟، ئەو پرۆژانەی کە نەچوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئایا پارەکەیان تەدویر ئەبێ، ئەگەر تەدویر نابێ پارەکەیان لە چیدا سەرف ئەکرێ، بۆ نموونە، من یەك قەزای بچووکم وەرگرتووە، کە کۆمەڵێك پرۆژەی هەیە، یەکێك لەو پرۆژانە هیچی نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئایا پارەی ئەو پرۆژانە تەدویر ئەبێ یان نا؟، زنجیرە 118 ی شارەوانی حەوت سەد ملیۆن دینار، زنجیرە 222 ی شارەوانی پێنج سەدو پەنجا ملیۆن دینار، 238 ی شارەوانی نەوەت ملیۆن دینار، 239 شارەوانی سی و نۆ ملیۆن دینار، 168 شارەوانی 28 ملیۆن دینار، کە دەکاتە یەك ملیارو چوار سەدو حەوت ملیۆن دینار، ئەمە لە یەك قەزای بچووك ئەوەندە پارە، ئایا تەدویر ئەبێ یان نا؟، دروست کردنی عەمباری سووتەمەنی بازیان، بەبڕی شەش ملیار دینار، ئەمە یەکێکە لەو پرۆژانەی کە لە ساڵی 2010 دا هەبووە، تاوەکو ئێستا لە تەندەرینە، ئایا بەدواداچوون بۆ ناکرێ، دروست کردنی ئەم عەمباری سووتەمەنیە بۆ تاوەکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، پرۆژەی نادیار، دیارە ئێمە لە بەدواداچوونمان بۆ قەزاو ناحیەکان بەدواداچوونمان کرد بۆ یەك پرۆژە، زنجیرە 6 وەزارەتی ئەوقافی سلێمانی، ئەمە رەئیسی وەحدەی ئیداری وتی ئەم پرۆژەیە نە ئێمە ئاگادارین و نە بۆشمان کراوە لە سنوورەکە، لە لیستەکەش نووسراوە بانگەواز، پرۆژەیەکی ترمان هەبوو لە بودجەی 2012 دا، بەڵام ئێستا ئەم پرۆژەیە نەماوە لە لیستەکەدا، کە زنجیرە 45 لە لاپەڕە 65ی وەزارەتی تەندروستی بودجەی 2012، ئایا ئەم پرۆژەیە کە لابراوە لەکوێ تەسبیت کراوە؟، ئەگەر هەر تەسبیتیش نەبووە لە هیچ شوێنێك، پارەکەی ئەگەر کەمیش بێ لە چی سەرف دەکرێ؟، پرۆژە پێشنیار کراوەکان، دیارە بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2013 من چەند نموونەیەکم وەرگرتووە، پرسیار دەکەم لە بەڕێز وەزیری پلان دانان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە زنجیرەی 12, 13, 14, 15, 16, 17) دەڵێ چاکسازی و پاراستنی ڕێگا قیرەکان و ڕاخستنی چینێك بایندەر، ناوچەی سلێمانی، ناوچەی هەڵەبجە، ڕانیە، گەرمیان، چەمچەماڵ، بەڵام ئەمانە ناوچەکان زۆر فراوانە، ئایا هی ناوخودی شارەکانە؟، یان هی دەرەوەی شارەکانە؟، خاڵی دووەم وەزارەتی شارەوانی، زنجیرەی 13، سیاج بۆ شوێنەوارەکان، ئایا ئەمە هەموو شوێنەوارەکانی کوردستان سیاجی بۆ ئەکەن، دەست خۆشی ئەکەین ئەگەر هەموو شوێنەوارەکان لەو ساڵە بتوانن سیاجی بۆ بکەن، یاخود شوێنەوار لەکوێ لە سلێمانی لە دهۆك یان هەولێرە؟، خاڵی چوارەم، زنجیرە 14 وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ زنجیرەی 14، زنجیرەی 15، زنجیرەی 1 و 5 کە ئەمە دروست کردنی خوێندنگایە، دەڵێ خوێندنگای 27 پۆلی کچان لە سلێمانی، 27 پۆلی لە دەربەندیخان، قوتابخانەو باخچەی ساوایان لە دهۆك، بەڵام کوێی

دەربەندیخان؟، کوێی سلێمانی؟، کوێی دهۆك؟، پڕۆژەیەکی تری پێشنیار کراومان هەیە، پەیمانگای ڕاهێنانی کەمئەندامان لە کفری، ئەمە پڕۆژەیەکە کە دەبێ لە ماوەی سێ سەد و شەست ڕۆژ تەواو بێ، تێچووی پڕۆژەکە یەك ملیارو دوو سەد ملیۆن دینارە، تەنیا پێنج سەد ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەمەش یەکێکە لەو پڕۆژانەی کە پێشنیار کراوە، بەلاَم ئایا بەو سێ سەدو شەست ڕۆژە و بەو پارەیە ئەم پڕۆژەیە تەواو ئەبێ، بۆیە لێرەوە ئەڵێم کە ئەو پڕۆژانەی پێشنیار دەکرێن و ناچنە جێبەجێ کردنەوە، لە ڕاستیدا بار قورسیەکی گران لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دائەنێت، بۆیە لە کۆتایدا دەڵێم، دەپرسم سەرەڕای هەبوونی بودجەیەکی گەورەو زۆر لەم هەرێمەدا، بەم هەمووکەم و کوڕیەوە، ئایا دەبێت ئەم هەموو بودجەیە کاریگەری هەبووبێت لەسەر کەمئەندامان و هەژاران و خوار هەژاری و، ژنان و خوێندکاران و جوتیاران و گەنجان، ئایا داتایەکی ڕاست و دروست هەیە، کە ئاماژە بدات بەوەی کەوا ئەم بودجەیەی هەرێمی کوردستان، ئەو چینانەی کە ئاماژەم پێیدا سوودمەند بووبێتن لێی، کەواتە بۆ دەبێ بەلامانەوە ناخۆش بێ ئەگەر بڵێین ئەم بودجەیە شەفاف نیە و بەهەدەر دانی تیایە، کە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، داتایەك و داهاتێکی ڕاستەقینەمان لە لابێ، ئایا گەڕانەوەی بودجە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، تا کەم و کوڕیەکانی چاك بکات لە ماوەی یەك هەفتەدا کاریگەری خراپی هەیە لەسەر بازاڕ و ژیانی خەڵك، ژیانی فەرمانبەران و تەواو کردنی بەرەو پێشەوە چوونی پڕۆژەکان، یاخود نەمانی پارە لە بانقەکاندا، کە هەموو ڕۆژێك مووچە خۆران و فەرمانبەران و کەس و کاری شەهیدان و خاوەن کۆمپانیاکان و موقاولەکان سەرە ئەگرن لە ڕیزەکانی بانقەکان و پارە نامێنێ لەنیوەڕۆیا، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ باشتر کردنی ئەم بودجەیە، بۆ باشتر کردن و نەهێشتنی کەم و کوڕیەکان، ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کەم و کوڕیانەی دەست نیشانمان کردووە، بتوانین لەماوەی هەفتەیەکدا چاکی بکەنەوەو جێبەجێی بکەن و بۆمان بگێڕنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیرە بەڕێزەکان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی بچمە سەر هەندێك سەرنج و تێبینی، بەلاَم بە ئەرکی خۆمم زانی وەکو هەڵسەنگاندنێك بۆ خەملاَندنی پرۆژە یاسای بودجەی 2013 کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەتایبەتی لە لایەن هەردوو وەزارەتی دارایی و پلان دانان ئامادە کراوە، دەست خۆشیان لێ بکەین، لەبەر ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتی ساڵانی ڕابردوو، وا هەست دەکەین ڕوون کردنەوەی زۆر باشی تێدایە، تێیدا بە خشتەو بە ئەرقام داهات و خەرجیەکانیان لەسەر سێکتەرەکان زۆر بەجوانی و بەرێك و پێکی و شەفافانە دابەش کردووە، بێگومان لەگەڵ هەموو ئەو ئیجابیات و ڕوون کردنەوانەی کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی وەزارەتی مالی دا هاتووە، بەلاَم هەندێ کەم و کوڕیش هەیە ئەوە

شتێکی ئاساییە، ئەگەر لە وڵاتێکی هەرە پێشکەووتودا بودجە دابندرێت و خەملاندنی بۆ بکرێت، بێگومان بێ کەم و کوڕی نابێت، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان ئەرکی سەرشانمانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو پرۆژە یاسایەو بۆ راپۆرتی لیژنەی دارایی حکومەت بکەین، لە هەمان کاتیشدا دەبێ بە مەسئولیەتەوە و بە واقع بینانە ئێمە لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی هەڵبسەنگێنین، ئێمە وەکو هاووڵاتیەك لە کوردستاندا، من بەش بە حاڵی خۆم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان لە لیستی کوردستانی، ویژدانم ئاسوودەیە کە ئێمە کاتی خۆی لە هەڵبژاردنەکان لە ساڵی 2009 وەکو لیستی کوردستانی بەڵێنمان بە خەڵکی خۆماندا کە ئێمە لە خزمەتی ئەواندا دەبین، ئەو بودجەی هەرێمی کوردستان کە بەشی هەرێمی کوردستانە، لە خزمەتی ئەوان بۆ بووژاندنەوەو نوێ کردنەوەی کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەکاری دەهێنین، هەر تاکێکی کوردستان ئەگەر بەراورد بکات لەو چەند ساڵەی رابردوو دا هەست دەکات گۆڕانکاریەکی زۆر و پێشکەوتوو بەسەر ژیان و گوزەران، بەسەر کارە خزمەتگوزاریەکان بەسەر بوارەکان وەکو بواری پەروەردەو فێرکردن، وەکو بواری تەندروستی، لە بواری رێگاو بان و ئاوەدانکردنەوە، هیچ شارێك نەما دووجار بەقەدەر خۆی گەورە نەبووبێ، ئەوەش پێویستی بە خزمەتگوزاری و پێویستی بە خانووبەرەو رێگاو بان و کارەباو ئاو و هەموو ئەو پێداویستیانەی هەیەتی لە کوردستاندا، هەموو کەس ئاماژە بەو پێشکەوتنانە دەدات، هەتاوەکو خەڵکی بیانی و خەڵکی نەیاریش، کوردستان لە ئاستی تموحی ئێمەش دانیە، ئێمەش هەوڵ دەدەین چ وەکو پەرلەمانتاران و چ وەکو هەموو ئەو بەرپرسانەی خۆمان، لە کابینەی شەش و حەوتەم لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بوونە، بتوانین کەم و کوڕیەکان چارەسەر بکەین و لە خزمەتی خەڵکی خۆماندابین، ئەو بووژاندنەوەی ئابووری و جموجۆڵی بازرگانی و جموجۆڵی فرۆشتن و کاسب کاری، ئاوەدانکردنەوە و ئەوانە جێگای خۆشحاڵیمانە، هەروەها ئەو سەقامگیریەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، نەوەك بە قسەی ئێمە وەکو هاووڵاتی کوردستان و خەڵکی کوردستان، یان وەکو پەرلەمانتاری کوردستان، بەڵکو خەڵکی تریش ئاماژە بە سەقامگیری و بەوە دەدات، کە بۆتە مایەی هاتنی بەدەیان و سەدان کۆمپانیای بیانی کە دێن لێرە ئیستیسمار لە هەرێمی کوردستان دەکەن، هەروەکو لە بیدایەت ئاماژەمان پێیدا مانای ئەوە نیە ئەو هەموو پێشکەوتن و ئیجابیاتانەی کە لە داهات و خەرجیاتی بودجەکاندا هەیە بێ کەم و کوڕی بێ، بێگومان کەم و کوڕیش دەبێ، مادام خزمەتگوزاری بەردەوامە، مادام ژیان بەردەوامە، بێگومان هەندێ کەم و کوڕی دەبێ، ئەرکی ئێمەیە دەست بخەینە سەر کەم و کوڕیەکان، بە مەسئولیەتەوە، بە واقع بینیانەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ حکومەتی خۆمان موعالەجەی بکەین، و لە پاشە رۆژدا لە خزمەتی هاووڵاتیاندا ئەو بودجەیە هەرچی باشتر و چاکترە لە خزمەتی ئەواندابێ، من بە حوکمی ئەوەی لە دوو لیژنەم، لە لیژنەی کشتوکاڵ، هەروەها لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، بە راپۆرتی خۆمان وەکو لیژنە راپۆرتەکەمان ئاراستەی لیژنەی دارایی کرد، سوپاسی لیژنەی دارایی پەرلەمانیش دەکەین، کە ئەوانیش پێشنیار و داواکاریەکانی هەردوو لیژنەکەی ئێمەیان لە راپۆرتی گشتی لیژنەی دارایی تۆمار کردووە، لەبواری کشتوکاڵیدا من پشتگیری تەواوی پێشنیار و تێبینیەکانی سەرۆکی لیژنەکەمان کاك جلال علی

دەكەین كە ئاماژەی پێیدا بوو، بەڕاستی كەرتی كشتوكاڵ بەلای ئێمەوە لە كوردستان بوارێكی زۆر گرنگە، بودجەی ساڵی 2013 زیاتر ئیهتیمام بەكشتوكاڵ بدات، ئەویش بە پشتیوانی كردنی كەرتی كشتوكاڵ بۆ پرۆژەی ستراتیژی درێژخایەن، هەرچەندە ئەو قەرزەی كە بۆ كشتوكاڵ گۆڕانێكی باشی كردووە لە پەرەپێدان بەرهەمی ناوخۆ و پشتیوانی كردنی جوتیاران، بووژانەوەی كەرتی كشوكاڵ، بەلاْم لە ئاستی پێویستدا نیە، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە زیاتر گرینگی بدرێت بە پرۆژەی ستراتیژی كشتوكاڵی گەورە، لەبەر ئەوەی دەبێتە پێگەیەكی ئەساسی بۆ ژێرخانی ئابووری خۆمان، كە ئێستا لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستیمان بەوە هەیە ببینە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆمان و پشت بە خۆمان ببەستین، لە پاڵ ئەو پرۆژانەی كە هەیە بە تایبەتی من بەهەموو قەناعەتمەوە پشتگیری لە سیاسەتی حكومەت دەكەم، بۆ پرۆژەی وەبەرهێنانی نەوت و گاز لە كوردستاندا، عەقدی لەگەڵ ئەو شەریكە گەورە بیانیانە دەكات، بەڕاستی ئەوە هەر هەنگاوێك لە پێشكەوتنی ئەو پرۆژەو دەرهێنانی نەوتانە، دوو هەنگاو لە سەربەخۆیی ئابووری و بنەمای دەوڵەت نزیكمان دەكاتەوە، بۆیە پێویستە هەر هەموومان بە هەموو لایەنە سیاسیەكانەوە، بە جیاوازی بیر و ڕاوە پشتگیری لەو ئاراستەی حكومەت بكەین، لەبەر ئەوەی ئەوە مەسەلەیەكی زۆر نیشتیمانی و نەتەوەیی خۆمانە كە ئەمڕۆكە كوردستان لەبەردەم زۆر ئەگەری چاوەڕوان كراو دایە، كە پێویستی بە هەماهەنگی و هاوكاری هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین خاوەنی ئابووری خۆمان، سەربەخۆیی سیاسی خۆمان بین، دواجاریش دەبینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین كە پرۆژەی ستراتیژی گەورە لە بواری كشتوكاڵی و پیشەسازیدا بكەین، جگە لەوەی كە دەبینە خاوەن ئابووری سەربەخۆی خۆمان و داهاتی خۆمان، لەهەمان كاتدا هەلی كار دەرەخسێت، هەلی كار دەرەخسێت بۆ ئەوەی ئێمە لە كەرتی تایبەتدا بۆ ئەوەی بارگرانی لەسەر بودجەی تەشغیلی كەم بكرێتەوە، بار گرانی لەسەر حكومەت كەم بكرێتەوە، ئەو بودجەیەی كە بۆ مووچەی فەرمانبەران بەكاردەهێندرێت، دەتوانین ئێمە لە كەرتی تایبەت بیكەینە...، منیش چەند پرسیارێكم كردووە، دوای ئاراستەی نوێنەرانی حكومەتی دەكەم، بۆ ئەوەی كە چ پلانێك هەیە بۆ بووژاندنەوەی كەرتی تایبەت، بۆ ئەو راست كردنەوەی لاسەنگیە لە نێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماریدا هەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ناكرێ،لە لایەك داوا بكەین بودجەی تەشغیلی كەم بكرێتەوە، لە لایەكی تریش داوا بكەین خەڵكیش تەعین بكرێت، ئەوە ناكرێ، ئەگەر ئێمە داوا بكەین خەڵك تەعین بكرێت دەبێ پارەی بۆ پەیدا بكەین، ئەگەر بمانەوێ مووچە بدەینە خەڵك دەبێ بودجەیەك شك ببەین بیدەینە خەڵك، لە لایەكیش بڵێین ئەو هەموو موەزەفە بۆچیە، ئەو هەموو فەرمانبەرانە بۆ چیە، ئەمە لە ئاستی حكومەت نیە، خەڵكیش بێكارە، ئێمە دەبێ وەكو ئەندام پەرلەمان بە مەسئولیەتەوە، دەست نیشانی خاڵەكان بكەین، بە بۆچوونی من لەوەندەی لێی تێگەیشتبم زیاتر دەبێ ئێمە ئیهتیمام بە كەرتی تایبەت بدەین، بۆ ئەوەی هەلی كار برەخسێنین، زیاتر بۆ ئەوەی بار گرانی لەسەر حكومەت و بودجەی تەشغیلی كەم بكرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر حكومەت بتوانێ لە هەندێ خەرجی تریش كەمی بكاتەوە، ئەوە جێگەی دەست خۆشیە، پرسیارەكەی من ئەوەیە لە

وەزیری پلان دانان، پاریش هەر ئەوەم گوت، ئایا ئەوان هیچ پلانێکیان هەیە بەو ئاراستەیە کە بتوانین لە چەند ساڵی داهاتوودا پلانی درێژخایەن و کورت خایەن بتوانن ئەو لاسەنگیە لە بەینی بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماری ڕاست بکەنەوە؟، پێم خۆشە دوایی لە وەڵامەکاندا وەزیر وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان، بەڕاستی هەر هەمووومان لەگەڵ ئەوەین وەزعی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید چاك بکرێت، ئەوەش بەڕاستی بە باش کردنی مووچەیان دەکرێت، بە باش کردنی جێگەو ڕێگەو ژیانیان دەکرێت، ئەویش خانووە، ئێمە لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان داوامان کردبوو مووچەی وارسی شەهیدان زیاد بکرێت، بەس خۆشبەختانە لەگەڵ ناردنی ڕاپۆرتی ئێمە بۆ لیژنەی دارایی، حکومەت خۆی بڕیاریدا هەر مووچەی 150 هەزار دینار بۆ مووچەی شەهیدان زیاد بکرێ، ئەوە دەست خۆشیە، هەرچەندە ئەوان هەقی زیاترن لایەقەی زیاترن، بەڵام داوا لەحکومەت دەکەین لە هەر فورسەتێك و مەجالێك کەس و کاری شەهیدانیان لەبیر بێ، لەبەر ئەوەی بەڕاستی بە پلەی یەك دێن، بۆ ئەوەی هەقی بەشی خۆیان هەبێ لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا، لایەنی دووەم بۆ مافی کەس و کاری شەهیدان ئەوەیە خانووبەرە و زەوی و جێگەی نیشتەجێبوون، زۆر هەوڵ دراوەو پرۆژەی باش کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی زۆر لە کەس و کاری شەهیدان ماوە خاوەن خانووبەرە نین، لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە کراون خانوو هەیە کە لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە دەکرێت، بەڵام من پێشنیار دەکەم لە وەزارەتی پلان دانان و دەستەی وەبەرهێنان، وەزارەتی دارایی سوود لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکەن، بەتایبەتی لە بارەی خانوو و نیشتەجێبوون، زۆر شوقەو خانوو دەکرێت، دەتوانن ئێوە ئیتیفاق لەگەڵ ئەو کەرتە تایبەتانە بکرێت، چەند خانوویەك، چەند شوقەیەك بۆ کەس و کاری شەهیدان، ئەوانیش ئامادەن بە نرخێکی هەرزان و گونجاو بێت، هەر حکومەت خۆی سەرپەرشتی بکات لە پێدانی قستەکان و تەواو بوون و دابەش کردنی بەسەر شەهیدان، بەپێی ڕێژەیان لە شارو شارۆچکەکان، ئەوە بیرۆکەیەکە بەڵکو ئەگەر قسەی لەسەر بکرێ، پێموایە مەجالی ئیش کردنی تێدا هەیە، مەجالی ئەوەی تێدا هەیە کەس و کاری شەهیدان تێیدا سوودمەند بن لە خانوو و شوقەدا، یەك داواکاریم هەیە بەڕاستی ئێوەش لەبەر ئەوەی ئێمە لە تەماسی ڕاستەوخۆ داین لەگەڵ کەس و کاری شەهیدان، هەندێکجار کە ئەو زیادەیە یاخود بۆ نموونە، دەرماڵەی کچ و کوڕی شەهید، دەرماڵەی خێزان و منداڵ، خوێندن، کە بڕیار لە پەرلەمان دەرچوو و درا بە حکومەت، حکومەت بڕیاری دەرکرد، هەندێ ڕۆتینیات لە دائیرەکان وای کردووە دوا بکەوێ، بۆ ئەوەی پەلە بکرێ، تاوەکو ئێستا دەرماڵەی خێزان و منداڵی شەهید، پار ئێمە بڕیارماندا هەتاوەکو ئێستا سەرف نەکراوە، پێمان باشە لەو شتە ڕۆتینیات و ئەوانە دەست و بردی لێ بکرێت، بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی شەهید زیاتر ژیان و گوزەرانیان لە خوێندنیشدا بێ کێشە بن، خاڵێکی تر ئەوەیە ئێمە وەکو لیژنەکەمان لە لیژنەی پێشمەرگەین، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمرۆکە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، پارێزەری هەرێمی کوردستان و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستانە، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، کوردستان لەبەردەم چەند تەحەدیاتێك و پلانێکی دوژمنانەدایە، وەکو ئاماژەمان پێدا

لەبەردەم گۆڕانكاری زۆردایین، ئێمە پێویستیمان بە هێزێكی پێشمەرگەی مۆدێرن و خاوەن چەك و جبەخانەی مۆدێرنە، ئەمە بە قسەو دروشم و شیعار ناكرێ، ئەمەش بە بودجە دەكرێت، ئێمەش وەكو ئەندامی پەرلەمان كە تەماشای بودجەی حكومەتی هەرێم دەكەین من پێموانیە ئێمە بتوانین ئەو هەموو داواكاریانە یان ئەو هەموو سوپاپانە دروست بكەین، بە بودجەی خۆمان، لەبەر ئەوەی حسەی پێشمەرگەی كوردستان لەسەر بودجەی حكومەتی عیراقە، ئێمە جگە لەوەی كە لە بودجەی هەرێمی كوردستان هاوكاری پێشمەرگە كراوە، بەلاَم بۆ زیاتر باشتر كردنی وەزعی پێشمەرگە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی سەربازگەو مووچەو چەك و ئەوەوە، پێویستیمان بەو بڕە پارەیە كە زیاتر لە حەوت ملیار دۆلارە لە بەغدا حظر كراوە، ئەمە هەمووی فشارێكی سیاسی، دیبلۆماسی و هەتاوەكو قانونی لەسەری بخەینە گەڕ، هەروەها داواش لەسەر حكومەتی عیراقی تۆمار بكەین، لە مەحكەمەی فیدراڵی، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو بڕە پارەیەی خۆمان وەربگرینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هێزی پێشمەرگەی خۆمان باشتر و چاكتر پەروەردە بكەین و ئامادە بكەین، بۆ پاراستنی هەرێمی كوردستان، ئیتر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جێگەی دڵخۆشیە كە حكومەت پڕۆژە یاسای بودجەی بە تەواوی زانیاریەكان بە وردەكاریەكانەوە خستۆتە بەردەمی پەرلەمان و ڕای گشتی، بە بەرچاو ڕوونیەوە تاوتوێی بودجەی ساڵی 2013 بكەین، وابكەین داهاتی هەرێم كە هی خەڵكی كوردستانە بچێتە خزمەت و جێبەجێ كردنی داواكاری هاووڵاتیان، ئاشكرایە كە بودجەی حكومەتی هەرێم پشت دەبەستێت بە بودجەی حكومەتی فیدراڵیەوە، بە وەجەبات دەگاتە كوردستان، بودجەی ئەمساڵ بە وردەكاریەكی زیاتر پێشكەشی پەرلەمان كراوە، لە یاسای بودجەی ساڵی پار بەپێی ماددەی 38ی یاساكە، بڕیار درا كە حكومەتی هەرێم دوای پەسەند كردنی بودجەی حكومەتی عیراقی فیدرالی، لە ماوەیەكدا كە لە دوو هەفتە تێپەڕنەكات، بودجەی كوردستان ڕەوانەی پەرلەمان بكات، هەرچەندە هەتاوەكو ئەم ساتەش بودجە لەعیراقی فیدراڵ بۆ ساڵی 2013 پەسەند نەكراوە، لێرەش دەست خۆشی لە حكومەت بكەین، كە بەر لە تەواو بوونی ماوەی دیاریكراو بۆ ڕەوانە كردنی بودجە، توانی بودجەكەی پێشكەش بە پەرلەمان بكات، لە هەمان كاتدا دەست خۆشی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلان دانانی هەرێمی كوردستان بكەین، هەموو ئەو بەڕێزانەی كە دەستیان هەبووە لە ئامادەكردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم، بێگومان پەسەند كردن و ئیقرار كردنی بودجە، یەكێكە لە ئەركە هەرە گرنگەكانی پەرلەمان، بودجە تەعبیر لە سیاسەتی ئەولەویاتی حكومەت دەكات، بڕبڕەی پشتی ئابووری هەر وڵاتێكە، سەبارەت بە فەلسەفەو ستراتیژی ئابووری ساڵانەی حكومەت، بودجە لە هەر وڵاتێك كەم و كورتی تێدا دەبێت، ئەگەر كەم و كورتیشی تێدابێت، ئیشی ئێمەیە كەوا چاكی بكەینەوە، كاری

سەرەکی ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکانی پەرلەمان، پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی دەست نیشان کردنی کەم و کورتیەکانە، پڕکردنەوەیان لەبەر ئەوەی دەبێ هەموو لایەنەکان هەوڵ بدەین بودجەیەکی وا پەسەند بکەین کە لە خزمەتی خەڵکی کوردستان بێ، لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان لەسەر بودجەی خەملێنراوی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2013 ڕاپۆرتێکی پوختەو تۆکمەی ئامادە کردووە، تیایدا ئاماژەی کردووە بەو تێبینی و پێشنیارانەی کە لە لیژنەکان سەبارەت بە بودجە پێشکەشیان کردبوو، لەگەڵ ئەو ئاکامانەی کە پێی گەیشتوون، لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان، بە مەبەستی وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکان، توانیویانە زۆربەی زۆری ئەو سەرنج و تێبینیانە جێگیر بکەن لە ڕاپۆرتەکەیاندا، لێرەدا جێگای خۆیەتی دەست خۆشیان لێ بکەم، لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان و پشتگیریان دەکەم، چونکە دەست خۆشی کردن لە ڕاپۆرتیان، دەست خۆشی کردنە لە ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، تەعبیر لە ڕای زۆربەی زۆری لیژنەکان و ئەندامانی پەرلەمان دەکات، مەبەستی هەر بۆچوونێك و سەرنجێك بەرژەوەندی میللەتەکەمانە و خەڵکی کوردستانە، سەبارەت بە بودجە و چۆنیەتی دابەش کردن و خەرج کردنی، خستنە بەر دیدی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە شەفافیەت، لیژنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لە ڕۆژی 2012/12/26 وە سەرقاڵی گفتوگۆ کردنی بودجەنە، ڕۆژانی ڕابردوو لە نێو لیژنەکانی پەرلەمان، ئێمە پێنج ڕۆژە لەناو ئەم هۆڵی پەرلەماندا، چونکە بابەتێکی هەستیارە پەیوەستەبە قوتی هەموو خەڵکی کوردستانەوە، هەموو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، مەبەستیان ئەوەیە ئەگەر هەر کەم و کورتیەك یان کەلێنەك هەبێ، لە پڕۆژەی بودجەی ساڵی 2013 دا بتوانن دەست نیشانی بکەن و پڕیان بکەنەوە بۆ دەرچوواندن و ئیقرار کردنی بودجەیەك، کەوا بەشێوەیەك ڕێك و پێك و عادیلانە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێ، لەدانانی بودجەدا هەوڵی زۆر دراوە کە زیاتر بایەخ بدرێت بە بواری تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، کارەبا، کەرتی کشتوکاڵی، پیشەسازی، گەشت و گوزار، بایەخدان بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، بەرقەرار کردنی زیاتری ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، جگە لە خزمەتگوزاریەکان کە لە پڕۆژەکاندا هەیە، خزمەتی خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان بکات، ئەویش لە ڕێگای بەردەوام بوون لەسەر پێدانی سولفەی عەقاری، سولفەی هاوسەرگیری، پێدانی پارەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی تواناسازی، پێدانی قەرزی بچووك، پڕۆژە تایبەتەکان، تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت، بۆ کەم کردنەوەی بێکاری گەنجان، چارەسەرکردنی مووچەی خانەنشینی مەدەنی و عەسکەری، جگە لە بوارەکانی تر، لەوانەش تەرخان کردنی 15 هەزار پلەی وەزیفی، دامەزراندنی فەرمانبەر و کارمەندان سەرەڕای دەرکردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە 7652 لە ڕێکەوتی 2012/7/11، دەربارەی دامەزراندن، پێویستە لێرەدا خێرایی بکرێت لە پێك هێنانی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی بەپێی یاسای ئەنجومەنی خزمەتی گشتی ژمارە 7 ساڵی 2011، کە تاوەکو ئێستا ئەمە نەکراوە، پێکهێنانی ئەم ئەنجومەنە دەبێتە هۆی دیاریکردنی مەرج و ستانداردی فەرمانبەر و کارمەندان، سیاسەتەکانی خزمەتی گشتی لە هەرێمدا دادەڕێژرێت، دادپەروەری لە

دامەزراندنی ئەو فەرمانبەرانەی دەیانەوێ بەپێی یاسا دابمەزرێن دێنێتە کایەوە، ئەم گلەیی و نارەزایییەش دەکرێت کەم ببێتەوە یان نامێنێت، بەردەوام بوون لەسەر دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، بۆ هاوولاتیانی کەمدەرامەت و داهاتی سنووردار، بەپێی یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، ژمارە (7)ی ساڵی 2008 ی هەموار کراو، بە یاسای ژمارە (18)ی ساڵی 2011، کە حکومەت گوژمەیەکی ساڵانە لەناو بودجەی گشتی هەرێم دابین دەکات، دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، بۆیە لێرەدا پێویست بوو ئەو برە پارەیەی کە تەرخان کراوە لەناو ئەو بودجەیە بەشێوەیەکی سەبەخۆ دیاریکرابوایە، بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن، رێنمایی (1) ی ساڵی 2012 ی دەربارەی ستانداردو مەرجەکانی بەخاوەن کردنی دەرکردووە، ئەم رێنماییانەش لە ژمارە 149 ی وەقایعی کوردستان بلاّو کراوەتەوە، پرسیارم لێرەدا ئەوەیە، ئایا تاوەکو ئێستا چەند یەکەی نیشتەجێ بوون دروست کراوە؟، چەند خێزان سوودی لێ وەردەگرن؟، پێشنیارم ئەوەیە لەبەر کەمی بودجەکە هەڵمەتێکی نیشتیمانی هەبێت لە رێگای بانکەکانەوە، بۆ چارەسەر کردن و کەم کردنەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم داهاتی دارایی بۆ سندوقی کۆمەك بۆ تووشبووانی شێرپەنجە لە هەرێمدا، بەپێی یاسای ژمارە (11)ی ساڵی 2012 لە رێکەوتی 2012/7/15 دابین بکات، چونکە بەپێی ماددەی 4 برگەی یەکەم و دووەم، داهاتەکانی سندوق پێك دێت (أ) ئەو پارەی کە حکومەتی هەرێم لەنێو بودجەی گشتی دا تەرخانی دەکات، (ب) بەشی سندوق لە تەرخانکراوەکانی وەزارەتی تەندروستی، (ج) داهاتە وەرگیراوەکانی تر بەپێی برگەکانی تری ماددەی (4)، بەلاّم تێبینیمان کردووە کەوا هیچ برە پارەیەك بۆ راپەراندنی سندوقی کۆمەك بۆ تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێمدا تەرخان نەکراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی تەرخان نەکراوە؟، سەرەرای دەرچوواندنی یاساکە لە رۆژی 2012/7/15، چونکە دەبێت یاساکە چۆن دەرچووە وا جێبەجێ بکرێ، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ساڵانە لە بودجەی وەگەرخستن، وەبەرهێنان جیاوازیەکی زۆر هەیە، بودجەی وەگەرخستن بەشێکی زۆری سەراپای بودجەکە دەبات، ئەوەش ساڵانە بەرز دەبێتەوە بۆ بری بودجەی وەگەرخستن بە بەراورد لەگەڵ بودجەی ساڵانی 2010 و 2011 و 2012 زیادی کردووە، بەلاّم بودجەی وەبەرهێنان بەرێژەیەك کەمی کردووە، واتە نەتوانراوە ئەو هاوسەنگیە لە بەرژەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بێت، بە بەراورد لەگەڵ بودجەی ساڵی پار، هەرچەندە ئەم رێژەیە هەتاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی لە (68,5٪) سەدا شەست و هەشت و نیو بۆ وەگەرخستن، لە (31,5٪) سەدا سی و یەك و نیو بۆ وەبەرهێنان ماوەتەوە، هەرچەندە حکومەت موبەریراتی مەعقول و مەنتقی هەیە بۆ ئەمە، بەلاّم ئەوە بەراستی پێویستی بە چارەسەر کردنی زانستی و دارایی هەیە بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر کێشەو گرفت دروست نەکات بۆ بودجەی هەرێم، لێرەدا پرسیارم ئەوەیە ئایا بە چ رێکارێکی زانستی و دارایی، یان چ رێکارێکی زانستی و دارایی هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە؟، چونکە دەبێ هاوسەنگی لەنێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماریدا هەبێ، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، کوردستان هەرێمێکە و بەشێکە لە عیراقی فیدرال، نەخشە کێشەکانی سیاسەتی دارایی و دانانی

بودجەی گشتی، دەوڵەتی عیراق لەدەسەڵاتی حکومەتی عیراقی فیدراڵ دایە، بەڵام بەپێی حوکمەکانی دەستوور، دەبێ حکومەتی هەرێم بەشداری بکات لە دانانی سیاسەتی ئابووری عیراق، لە ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی عیراق و بودجەی تەکمیلی، بەپێی بنەمای هەموو سیستەمەکانی فیدراڵی لەدەوڵەتەکانی فیدراڵیدا، بەشداری پێ نەکردنی هەرێم لەدانای سیاسەتی ئابووری وڵات، ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی عیراق، هەروەها لەبەر پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵی عیراق، لە پێدانی موستەحەقاتی هەرێم، حکومەتی هەرێم پێویستە ڕێ و شوێنی زیاتر ئیداری و یاسای بگرێتە بەر بۆ یەکلا کردنەوەی ئەم پرسە، بۆ وەرگرتنی مافی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا چی نوێ لە بەرنامەی حکومەت دایە، بۆ بەدەست هێنانی مافی زەوت کراوی هەرێم؟، ئەگەر دانوستانەکان نەگەیشتە ئەنجام لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵدا، بۆ زوو یەکلا کردنەوەی کێشەکان لەنێوان هەرێم و بەغدا، پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێم ڕوو بکاتە دادگای فیدرالی عیراقی کە بەیاسای ژمارە (30) ساڵی 2005 هەموار کراو بە یاسای ژمارە 35 ساڵی 2011 پێك هێنراوە، بۆ وەرگرتنی مافی هەرێم بەپێی حوکمەکانی دەستووری عیراقی فیدراڵ، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بەو بەشانەی کە پەیوەستە بە لیژنەی یاسایی، یەك ئەنجومەنی دادوەری، دوو وەزارەتی داد، مەعلومە پەرلەمانی کوردستان یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 23 ی ساڵی 2007ی لە هەرێم دەرچوواند، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی جیا کردۆتەوە بەپێی یاساکە، ئامانجی ئەم دەسەڵاتە پاراستنی شکۆمەندی دادوەری و بەدیهێنانی دادپەروەریە لەهەرێمی کوردستان، لەسەر بنەماکانی دەستووری هەمیشەیی عیراق، بەپێی ماددەکانی (19) بڕگەی یەکەم وە 47، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان واتە (مبدء الفصل بین السلطات) جەخت دەکرێت کەوا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، بۆ ئەوەی سیستەمی قەزائی وەکو پێویست زیاتر حزوری هەبێ، هەیبەتی پارێزراو بێ، چونکە ئەم دامەزراوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان و پایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەوەی زیاتر بچەسپێ کەوا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، بودجەی بۆ تەرخان کراوە لە خەرجیەکاندا، وەك دەسەڵاتێکی جیاواز و سەربەخۆ، دەبێ ڕەچاوی ماددەی 62 لە یاساکەیان بکرێ، تەئکید لەسەر ئەو پێشنیارە دەکەم کەوا جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، دەسەڵاتی خەرج کردنی ڕاستەوخۆی هەبێت لەو ئیعتیمادانەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، تاوەکو بۆ هەر شتێکی بچووك و گەورە نەگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانەیان، وەزارەی دادیش بە هەمان شێوە، وەکو وەزارەت پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ژیانی خەڵك و بەشێکە لەو دامەزراوەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەدیهێنانی دادپەروەری لەهەرێمدا، ئەو دەزگایانەی کە پەیوەستە بەو وەزارەتەوە، وەکو داواکاری گشتی کە لە کاتێکدا سەرۆکی داواکاری گشتی ئەندامە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەریدا، ئاشکرایە کەوا داواکاری گشتی لە ڕووی پەیوەندیەوە بە سامانی گشتی، داکۆکی کردنی لە مافی گشتی چاودێری کردنی یاسا، چۆنیەتی جێبەجێ کردن، لێکۆڵینەوە لەگەندەڵی، نوێنەرایەتی مافی گشتی، دەورێکی زۆر گرنگی هەیە، دەبێ زیاتر کارا تر بێ،

لە بودجەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە بەشێکی بیناو باڵەخانەکانی دام و دەزگاکانی وەزارەتی داد بەکرێ گیراون، کە ئەوەش قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر بودجەی هەرێم، لەکاتێکدا وەزارەت واریداتەکی زۆری هەیە، بۆیە دەبوایە ئەو بینایانەی موڵکی حکومەت بن، نەوەك بەکرێ گیرابن، داهاتی وەزارەتی داد لە رسومات و برە پارەی وەرگیراو لە مامەڵەی فەرمانگەکانی سەر بەم وەزارەتە زۆرن، هەروەها لە تواناڎا هەیە ئەم وەزارەتە ڕابسپێردرێت بە خەرج کردنی داهاتەکانی خۆی، بە مەبەستی دروست کردنی باڵەخانە بۆ ئەو فەرمانگانە، واتە داهاتی وەزارەتی داد بۆخۆی بێت، پێشنیار دەکەم خێرایی بکرێت لەدروست کردنی باڵەخانە بۆ فەرمانگەکان، لەجیاتی ناچاربوونی وەزارەت بە پەنا بردن بۆ بەکرێ گرتن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیان تیایاندا، لە بودجەی ساڵی 2014 دا بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان دا لەبەر چاو بگیرێت، ئاشکرایە بنەمای هەموو سیستەمێکی حوکمڕانی دروست و عادیلانە، بریتیە لە بەر قەرار کردنی سیستەمێکی قەزایی سەربەخۆ و تۆکمە و بەهێز، بە مەبەستی چەسپاندنی سەروەری یاسا، چەسپاندنی دادپەروەری لە کۆمەڵگادا، جێبەجێ کردنی یاساکان، بۆیە دەبێ دەورێکی گرنگی پێ بدرێت لە هەموو بوارەکاندا، لەوانەش بایەخدانی زیاتر لە ماف و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوی، چونکە ئەگەر بمانەوێ یاسا بەرقەرار بێ و سەروەر بێ، دەبێ دەسەڵاتی دادوەری دام و دەزگاکانی وەزارەتی داد، ئەو لایەنانەی کە لە بواری جێبەجێ کردنیان یان تەتبیق کردنی یاساکاندا جێبەجێ بکەن، بەڕاستی کەسەکانیش سەروەر و ئازاد بن، لە چوار چێوەی یاسادا نەوەك بە پێچەوانەوە، قسەکانم سەبارەت بە ڕووداوەکانی هاتو و چۆ و دەوری بودجە لەو بوارەدا، زۆری ئۆتۆمۆبێل و ڕووداوەکانی لە ڕێگای ناوخۆ و دەرەکیەکاندا، زیانێکی گەورە بە تاکەکان و سامانی گشتی و تایبەتەکان دەگەیەنێت، کە ناودەبرێت بە تیرۆری سپی، پێشنیار دەکەم ترسی دڵنیایی ڕووداوەکانی ئۆتۆمۆبێل لە هەرێمدا لەبەرچاو بگیرێ، لەپێناو ڕەخساندنی دووبارە کارکردن لە یاسای ژمارە (815) ساڵی 1982، یان دەرچواندنی یاسایەکی تایەبت بە دڵنیایی لە هەرێم دا، بە دابین کردنی پارەیەکی گونجا و یان کاریگەر کردنی کۆمپانیا تایبەتەکانی دڵنیایی، تاوەکو بەشێوەیەکی کاریگەر بەم کارە هەڵبستن، بەو جۆرەی کەوا کەش و هەوایەك دروست بکەن، دڵنیایی گونجاو بۆ هاووڵاتیان لەگەڵیاندا دروست بکەن، چونکە ئەو زیانانەی بە تاکەکان یان بە ئابووری دەگات، چ لە ڕێگەی مردن یان پێکان لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ئۆتۆمۆبێل زۆرن، هەرچەندە ئەنجومەنی وەزیران نیزامی ژمارە (9) ساڵی 2011 ی دەرکردووە، بەڵام ئەوە کافی نیە، ڕووداوی هاتو و چۆ کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت زیاتر بارو دۆخی تێك دەچێت، لە ڕووداوێکی قەزاو قەدەری هاتو و چۆ، دانانی پلانێکی گونجاو بۆ هاوردە کردنی ئۆتۆمۆبێل، ماددەی (42) لە یاسای بودجەی ژمارە (8) ی ساڵی 2012 پێویستی کردووە لەسەر حکومەت، کەوا لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکات، بۆ ئەو پێشنیارو ڕاسپاردانەی لەگەڵ یاساکەدا هاوپێچ کراون، بە گوێرەی یاساو توانای هونەری و داراییە بەردەستەکان سوودیان لێ وەربگیرێت، پرسیارم لێرەدا ئەوەیە، ئەوە ڕوون بکرێتەوە، ئەوەی پێی وەرگیراوە؟، ئەوەی جێبەجێ کراوە؟، ئەوەی پێ وەرنەگیراوە، لەگەڵ دیاریکردنی هۆیەکانی

جێبەجێ نەکردنیان یان وەرنەگرتنیان، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دەبێ ئێمە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە یاسای دیوای چاودێری دارایی ژمارە (2) ساڵی 2008 لە هەرێمدا بە تەواوی جێبەجێ بکرێ، دامەزراندنی سەرۆکی ئەم دەزگایە، تەفعیل کردنی دیوانی چاودێری بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکانی خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە تایبەتی ئەم دەزگایە پەیوەستە بە پەرلەمانەوە، هەرچەندە دەستەی چاودێریانەی پەیوەست بە دیوانی چاودێری دارایی هەن و بەکاری خۆیان هەڵساون، جەخت لەسەر ئەوەبکرێ کەوا ماددەی (40) بە هەر ڕێگایەك بێ جێبەجێ بکرێ، سەر ژمێری ئیحسا لە عیراق بکرێ، چونکە هەتاوەکو ئێستا حکومەتی ناوەندی ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆرمی خۆراك لە هەرێم بە 4,320,604 کەس حسیاب کردووە، عیراقیش 34,410,560 کەس دانراوە لە ڕاستیدا ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە بەدواداچوونی ئێمە زیاتر لە پێنج ملیۆن و نیو کەسە، دەتوانم بڵێم دەگاتە شەش ملیۆن، چارەسەری هەموو کێشەکان بە جێبەجێ کردنی دەستوور و دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوان، بەشی هەرێم لە بودجە مەعلوم دەبێ بەگوێرەی ماددەی دانیشتوان، دەبێ هەماهەنگی هەبێ لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان، بە پلان و بەرنامەیەکی ڕێکخراو هەماهەنگ کراو تر، بە مەبەستی دوانەکەوتنی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان، لەو ساڵانەی کە بۆی تەرخان دەکرێت، پرسیارم لێرەدا لە بەڕێزان نوێنەرانی حکومەت ئەوەیە، ئایا بۆچی هەماهەنگی و پلان بەپێی پێویست نیە بۆ پڕۆژەکان؟، هەروەها دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە ئەمساڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت، بۆیە دەبێ بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دابندرێت، بۆ ئەوەی حکومەت و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بە پرۆسەی هەڵبژاردن، بتوانن ئامادەکاری تایبەت بکەن، بۆ ئەم مەبەستە، تێبینی ئەوە دەکرێت لە ئەنجامی بەدواداچوونمان ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی سەبارەت بە چۆنیەتی سەرف کردنی سولفەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی قورسن، ڕۆتینی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، لەجیاتی ئەوەی ئاسانکاری بکرێت، کەچی هاندەر نیە بۆ ئەوەی خەڵك پشتی پێ ببەستێ، پێشنیار دەکەین کەوا ڕێنماییەکان بەگوێرەی جێبەجێ کردنی یاساکان دەربچن، نەوەك بە پێچەوانە، ئاسانکاری بکرێ بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان سوود لەو یاسایانە وەربگرن، کە لە پەرلەماندا دەردەکرێت، پار ساڵیش پێشنیاری ئەوەم کرد کە بەدانی سولفەی عەقار بۆ ئەم خاوەن زەویانە کە 100 مەترن، هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تر نەوەك وەکو ئێستا سولفە دابەش دەکرێ لەسەر دوو کەس، کە هاوبەشن لە زەویەکی 200 مەتری، هەتاوەکو تەنها نیوەی سولفەکە وەردەگرێت، دەبێ یەکێکیان تەنازول بکات لە مافی سولفە ئینجا ئەوەی تریان سولفەکەی پێ دەدرێت، لە کۆتایی قسەکانمدا پێشنیار دەکەم، یەکەم/ بایەخی زیاتر بدرێ بە کەرتی کشتوکاڵی و جوتیاران، بۆ ئەوەی بتوانن ئاسایشی خۆراك دابین بکەن، چونکە کشتوکاڵ نەوتێکی بەردەوامە، گرنگی زیاتر بدرێ بە کەرتی پیشەسازی و گەشت و گوزار، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بڕیار درا بە دەست نیشان کردنی هەولێری پایتەختی هەرێم بە پایتەختی گەشت و گوزاری ساڵی 2014، سێیەم/ بایەخدانی زیاتر بە بژێوی پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، چوارەم/

پەلە کردن لە دەرچواندنی ڕێسای ڕێکخستنی دەرماڵە لە هەرێم بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و بابەتیانەو پیشەیی و چین و توێژەکانی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، وەکو لیژنەی دارایی هەقیقەتێك هەیە پێویستە بزاندرێت، بەڕاستی ئێمە زۆر لە ئەندامە بەڕێزەکان دەست خۆشیان لە حکومەت کردووە، کە لە کاتی خۆی بودجەی ڕەوانەی پەرلەمان کردووە بۆ پەسەند کردن، بە داخەوە بەرامبەر بەوە زانیاریەك هەیە، ئێمە لەو کاتەی کە بودجەشمان پەسەند کردن لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو بودجەی حکومەتی ناوەند پەسەند نەکرێت لە لایەن پەرلەمانەوە، بەداخەوە ئەو ڕێژەیەی کە بۆمان دێت، هەر یەك لەسەر دوانزەیە وەك زانیاریەك پێویستە هەموو ئەندامانی بەڕێز ئاگایان لەو هەقیقەتە بێ، ئەو هاووڵاتیانەش، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل بەراهیا بخێرهاتنا وەزیرێ ڕێزدار و شاندا یاوەرێ دکەم، ئەڤ ساڵا ئێك لە خاڵێ ئیجابییێ ل وەختێ خۆداهاتیە پەرلەمانێ کوردستانێ، کەچی هێشتا ل پەرلەمانێ عیراقێ موسادەقە ل سەر نەهاتیە کرن، کاریگەرییێت وێ زووتر سولفەی عەقار و کشتوکاڵ و پیشەسازی و قەرزێ بچووك و دامەزراندن کە ئەڤ ساڵە 15 هەزار کەسە، پرۆژێ دی تر دێ زی کەڤنە بوارێ جێبەجێ کرن، خەڵکەکێ زۆر دێ سوومەند بن، ئەز وەکی ئەندامەکێ پەرلەمانی، تەوازوع دێ خافتنێ کەم، کە بودجە فەلسەفە و سیستەمێ خۆ هەیە، خەڵکەکێ شارەزاو زاناو پسپۆر کارێ ل سەر دکەن، ڕەنگە ئەڤە ئیختیساسا ئەڤان هەڤاڵا بی ئەوێن لێرە حازرن، ئەز ئیدی ب زانینا خۆ ب ڤی ڕەنگێ دێچمە ناڤ بابەتێدا، حکومەتێ ئەڤ ساڵا ستراتیژیەتا خۆ دەست نیشان کردیە بۆ ئابووری ودارایی هەرێمێ، کو ل ڤان چەند خاڵا پێك دێت، ئێك/ بایەخدان سەرچاڤێ داهاتیێ جۆراو جۆر ل کوردستانێ، نەتەنها ب دەرئینانا نەفتێ، بەلکی ب گرینگی دان ب کەرتێ کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتیاری و کەرتێن دی تر، دوو/ کێم کرنا زێدە ڕۆیێ ل خەرجییێن گشتی، سێ/ بەردەوام بوون ل سەر پێنگاڤێت حکومەتێ بۆ چاکسازیێ ل سیستەمێ تەندروستی ب ڕەنگەکی کە خزمەتا نەخۆش و نەخاسمە خەلکێ هەژار و کێم دەرامەت دابیتن، چار/ گرینگی دانێ پتر ب بوارا خیندنێ و خاندنا باڵا، کە هەتا نوکە پێنگاڤێت مەزن بۆ هاتینە هاڤێتن، پێنج/ دانانا سیستەمەکێ باش بۆ وەرگرتنا داهاتیە ئاڤ و کەهرەباییێ، ب ڕەنگەکی کو بگونجێتن دگەل ئەوان خەرجی حکومەتێ بۆ ئەڤی بارێ، شەش/

دانانا میکانیزمەکێ باش بۆ پێدانا دەرمالاً فەرمانبەرێ حکومەتێ، حەفت/ هەوڵدان بۆ کارا کرنا ڕۆلێت بانکا بۆ پێدانا قەرزێت خانووبەرە، کشتوکالی و پیشەسازی، هەشت/ کار کرن بۆ دانانا بنەمایا سەربەخۆیێ ئابووریا کوردستانێ ب تایبەتێ بەیازا پیشەسازیا نەفتێ، و گازێ، نەك بتنێ دەرهینانا وان، ب ڕەنگەکی کێشەی سیاسی کارڤەدانا سلبی نەبیتن ل سەر بارودۆخێ ئەڤرۆیێ کوردستانێ، بۆچوونامن بەلێ حکومەتێ ستراتیژیەتێ خۆ هەیە بۆ پاشەڕۆژێ و دەستنیشان کرنێ کێم و کاسیا کریە و چارەسەریا وی ژی بۆ دانایە، ئەز وەکو ئەندام د لیژنا ناڤخۆ و ئاسایش و کاروبارا پێشمەرگەی و شەهیدان و قوربانیا جینۆسایدا، دێ ل سەر ڤان خالاً ڕاوەستم، ئێك/ مە داخازا زێدەکرنا مووچەی کر بۆ کەس و کارێ شەهیدان، بەری چەند ڕۆژا حکومەتی ڕاگەهاند زێدەکرنا یارمەتییێن کەس و کارێ شەهیدێ سەنگەری و جینۆساید ب سەدو پێنجی هەزار دینارا، شەهیدێ هاوولاًتی ژی بویە سێ سەد هەزار دینار، جهێ ڕەزامەندی کەس و کارێ شەهیدایە، داخاز ل حکومەتێت هەین ئەوە دشانێ دابیتن بۆ کەس و کارێ شەهیدان کێم و کاسیا نەکەتن، چونکە هەر بێتەکرن بۆ وان گەلەکی کێمە، حکومەت هەمی بزاڤەکێ بدەتن بۆ خۆش کرنا ژیانا کەس و کارێ ئەنفالی، سێ/ هەرچەندە حکومەت یا بەردەوامە ل دروست کرنا خانیا کەس و کارێ شەهیدا و ئەنفالێ کریا، بەلێ داخازێ دکەم سالاًنە ئەڤ پرۆسەیە بەردەوام بیتن، حکومەت بزاڤا هندێ بداتن ل هەر بودجەیەکێ دابیتن نەهێلیت ل ئەڤان چەند ساڵە دەرباز ببیتن کەس و کارێ شەهیدان هەمی ببنە خودان خانی و ئەوێ عەرد ژی وەرنەگرتیە عەرد بۆ بێنە دابین کرن، چار/ حکومەت هەر عەقدەکا دگەل هەر کۆمپانیایەکێ بۆ دروست کرنا شوقە و خانیا دکەتن، چونکە ئەو گەلەك سوودمەندن، نسبەیەك بۆ کەس و کارێ شەهیدان بێتە تەرخان کرن، ئەوێت هەتا نوکە سوودمەند نەبووینە، پێنج/ دەست خۆشی ل حکومەتێ دکەین کو بەردەوام بیتن ل دانا پارەی زارۆکێن شەهیدان، ل قوتابخانە و زانکۆیێت ئەهلی، بەردەوام بیتن ل سەر ئەڤی بەرنامەی، شەش/ بۆ بەرنامێ تواناسازی و دامەزراندنێ نیسبەیەك بۆ کەس و کارێ شەهیدان ل هەمی وەزارەتا بێتە دانان ل 5٪ کێم تر نەبی، حەفت/ هەر دوو خەستەخانێ شەهیدان ل هەولێرێ و دهۆکێ بلەز بێتە کرن بۆ دروست کرنا وان، چونکە ب ڕاستی خزمەتەکا باشا کەس و کارێ شەهیدان دکەتن، دەربارەی پێشمەرگەی د ڕاپۆرتا مەژی دا هاتیە، کو هەمی بزاف بێنە کرن بۆ باشتر کرن و چێتر کرنا ژیانا پێشمەرگەی، ئەم باش دزانین ل سالاً 2007 هەتا نوکە حکومەتا عیراقا فیدرالێ پارەی پێشمەرگەی سەرف نەکریە کو نزیکی هەشت ترلیۆن دینارایە، ئەگەر ئەڤ پارە بێتە زڤراندن بێگومان دێ ژیانا پێشمەرگەی باشتر بیتن، چونکی پێشمەرگە دگەل جەماوەری دروست کری ئەڤێ ئەزمونێیە، هەر پێشمەرگەیە ئەڤێ ئەزمونێ پارێزیتن، نەه/ پێشنیار دکەین کو هەرێما کوردستانێ رێکا نینەراتیا خۆبە ل عیراقا فیدرالێ ئو بەرپرسێت مە ل بەغدا، هەمی رێکا یاسایێ بگرنە بەر، ل دوماهیا ئەگەر ناچار بوون داوای یاسایێ ل سەر حکومەتا عیراقا فیدرال تۆمار بکەن، بۆ زڤڕاندنا ئەوان هەشت ترلیۆن دینارێت پێشمەرگەی، چونکی خێرو سەدەڤێت مەناکەن، ئەم دەرۆزەکەر نینە بەرامبەر ڕژێما بەغدا، ئەڤە مافەکێ هەرێما کوردستانێیە تبیا بێتە زڤڕاندن، دە/ ل ئەولەویاتێن هەر ولاًتەکی دابین کرنا ئەمن و ئاسایشێیە،

چونکه ئەگەر ئەو نەبیتن هیچ بەیازەکا ژیانێ ب رێڤە ناچیتن، سێیێ وێ تەناهیا کوردستانێ نۆ پتر 14 هەزار کۆمپانیا بیانی و ناڤخۆ هەنە، ئەڤانە باش کاری دروست کریە بۆ خەلکێ کوردستانێ، وان بینین جموجۆلا بازرگانی ل کوردستانێ ب هێزە، نزیکەی سی قونسولخانە ل کوردستانێ هەنە، ئەڤە نیشانەی ئەمن و ئاسایشێیە، دەزگەها ئاسایشێ شەڤ و رۆژ کاری دکەن بۆ پاراستنا ئەمنیەتێ و سەرو سامانێ خەلکی، کاك عمر نورەدینی بەحسێ هندێ کر، ولاتەکی وەکی ئیسپانیا 60 ملیار دینار هاتیە تەرخان کرن بۆ ئاسایشا ناڤخۆ، کو نە هەرەشە ل سەرەو نە گرفت هەنە، ئەگەر ئەم بەراورد بکەین ئەو میزانیە کو هاتیە تەرخان کرن، بۆ دەزگەهێت ئەمنی ل هەرێما کوردستانێ، بەرامبەری عیراقێ چەندە و ئەم بینین ئەمنیەتا کوردستانێ چەوایا، ئەمنیەتا عیراقێ چەوایا، وەلاتێن دی تر ئەم بینین مەبادیێ عام بۆ میزانیەی دەزگەهێت ئەمنی ئینانە دانان نە وردەکاری، ئایا ئەڤ پارەیێ هاتیە تەرخان کرن بۆ دام و دەزگەهێت ئەمنی جهێ خۆ گرتیە یان نا؟، بێشك بەرسڤێدا بێژین بەلێ، ئەوێ وفودێ ل دەرەوەی کوردستانێ دێن، شاهێدی بۆ ئەمن و ئاسایشێ دکەن، هەمی رۆژێ ولاتەك داخازا کرنا قونسولخانێ دکەتن ئەگەر ئەمن و ئاسایش نەبیتن، ئایا ئەوە دهێنە ئەنجام دان؟، یازدە، پشتگیری ل ئەوی گوژمێ پارەی دکەم، ئەوی بۆ هێزێت ناڤخۆ دەزگەهێ ئاسایشێ و ئەنجومەنێ ئاسایشێ هاتیە دیارکرن، ئەڤ هێزە بوینە بەربەست بۆ بەرسینگ گرتنا پلانێ دوژمن و ناحەزا، پیچ کرنا پلانێت وان، ئەم شانازی پێ دکەین ل کوردستانێ ئەڤ ئەمن و ئاسایشە هەیە، پێشمەرگەو ئاسایش و دەزگەهێت ئەمنی گشتی پارێزەرێ کەرامەت و شکۆمەندیا مرۆڤێ کوردن، پارێزەرێ مافی مرۆڤینە ل کوردستانێ، دوازدە/ بۆ خانەنشینێ هێزێت ناڤخۆ و ئاسایشێ، ئەز داخازا دکەم حکومەت پێشنیارا وا ل بەر چاڤ بگریت، وەکو نینەرێ قەزا ئاکرێ و بەردەرەش، ئەڤان خالا دێ بەحس کەم، ئێك/ جهێ خۆشحالیە کو حکومەتا کوردستانێ پرۆژەی ئاڤا ئاکرێ پەسەند کریە، بەلێ داخازا دکەم بێتە کرن بۆ جێبەجێ کرنا وێ، دوو/ ل سنوورا قەزا ئاکرێ گەلەك پرۆژە هاتینە جێبەجێ کرن و گەلەك گرینگی داتیە دان، بەلێ ئەڤ داخازا ژی هەنە، ڤە کرنا جادێت کەمەر بەند و فرە کرنا رێکێ سنوورێ دینارتەو بجیل و گرەسێن، حکومەتێ بەرنامەکێ باش دارێشتیە بۆ ئاڤا کرنا قوتابخانا، هەر سالێ بەرنامێ پەروەردەیێ داهاتیە 500 قوتابخانە بێنە ئاڤا کرن، هێڤی دارم سنوورێ ئەڤان قەزایە نەخاسم گوندێت وان ل بەرچاڤا بگریتن، دوو یاریگەهێت مەزن ل قەزا ئاکرێ و بەردە رەش هاتینە ئاڤا کرن، لێ هندەك کێم و کاسی تێدا هەنە ل ئاکرێ، هەتا ڤێ گاڤێ کارەب بۆ نەهاتیە دابین کرن، کو خەلك پتر سوودێ لێ وەربگریتن، دبیتن یاریگەها بەردە رەشی بێتە تەمام کرن، چونکی بویە جهێ خۆشحالیا لاوێ و وەرزش وانا وێ دەڤەرێ، بۆ سالێ داهاتی داخازا دکەم ل چیایێ پێرس بەرچاڤێ حکومەتێ بیتن، چونکی دەڤەرا ئاکرێ و بارزان و ئامێدی و سۆران پێکڤە گرێداتن، قەزا بەردە رەش نزیکەی شەش سالە بویە قەزا، گەلەك پرۆژە بۆ هاتینە ئەنجامدان، سەرەدانا ئەڤێ دوماهیا سەرۆکێ حکومەتێ (نێچیرڤان بارزانی) بۆ بەردە رەشی چەند پرۆژە هاتینە پەسەند کرن، کە بویە جهێ رەزامەندیا خەلکێ دەڤەری، ئەڤان خالا ژی پێشنیار دکەم، ئێك رەزامەندی هاتیە دان بۆ ئاڤا کرنا بەردە رەش و

نەخۆشخانە سەد قەرەوێڵەیی، داخازا دکەم گوژمێ پێتڤی بۆ بێتە دانان، بۆ جێبەجێ کرنا وان، چونکی دەڤەرا بەردەڕەش ڕەنگە دووەم دەڤەر بیتن پشتی شارەزوور ل ناحیا کشتوکالی خەلکەکێ باش سوودی لێ وەرگریتن، دوو/ ڕاکێشانا پرۆژێ ئاڤا ڕیباری زێی بۆ دەڤەرا بەردە ڕەشی نزیکەی دێ 45 گوندا دێ سوودمەند بن، ئەڤە دبیتە ئەگەرا هندێ کو بیر بێنە قەپات کرن، کو ب هەقیقەت ئەوە ملکێ جیهێ پاشە رۆژێیە، سێ/ هەرچەندە ل سنوورێ قەزا ئاکرێ و بەردە ڕەش زۆربەی رێگا وی دێتە جۆت ساید کرن، بەلێ ئەز دێ پێشنیارێ دکەم جۆت ساید کرنا جادا بەردە ڕەش- کەلەك کە بویە جادەکا نێڤ دەوڵەتی، مەنتەقا ئاکرێ و هەولێر و دهۆکێ پێکڤە گرێدەتن، ئەڤ جادە بێتە جۆت ساید کرن، چونکی ئەم بینین ڕۆژانە حادیسە لێ دێنە ڕیدان، چار، هەقیقەت پار سالێش هاتنە داخازا کرن، پێنج/ گەلەك پێشنیاری دی ژی من هەنە بەلێ سەرەدانا ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی) بۆ بەردە ڕەش بەری هەیامەکی، زۆربەی ئەوان پێشنیار کو هاتنە کرن، ژ لایێ جەنابێ وێ هاتنە پەسەند کرن، بۆ ئاوارێت ئێرانێ و تورکیا سالآنە ئەڤ هاریکاریا بەردەوام بیتن، هەروەسا دەست خۆشی ل حکومەتێ دکەین کو بڕیار هاتیە دان بۆ ئاڤا کرنا مەتارا دهۆکێ، ئەو ئاوارێت ل سالێ 1975 هاتینە ڤە گواستن بۆ ژێریا عیراقێ و ناڤە ڕاستا عیراقێ، پشتی هنگێ هینانینە ئۆردوگایەکێ خورتی چێ کری، حسابەك بۆ ئازارێت وان بێتە کرن، حکومەتی چەندین خەستەخانەو بنگەهێ تەندروستی ل کوردستانێ ئاڤا کرینە، بەرێ وەکی دبینین ل هندەك گونداو ناحیا کێمی دختۆرا هەنە، ئەز ئەڤێ پێشنیارێ ئاراستەی جەنابێ وەزیرێ پلان دانانی و وەزیرێ دارایی دکەم، هەروەسا وەزیرێ تەندروستی، ئەگەر بشێن عەقدەکێ دگەل وەلآتی وەکی هندستانی و وەلآتێ دی تر گرێ بدەن، بۆ ئینانا دختۆرا، بۆ هندێ دختۆرێ پسپۆر ل ناحیاو گونداش هەبن، چونکە ئیحتیماڵە هندەك نەخۆش گەلەك پێویست بیتن نەگەنە قەزاو پارێزگەها پێویستە حسابەك بۆ ئەوێ چەندێ بێنە کرن، بەردەوامی هەبیتن بۆ دروست کرنا خانیا بۆ خەلکێ هەژار و کێم دەرامەت، دەست خۆشیا ل حکومەتێ دکەین هەر سالێ ئەڤە دێتە ئەنجام دان، بۆ هندێ کو ئەڤ بودجە چەوا کەتیە خزمەتا خەلکیدا، بۆ چونامن ئەز دێ ئەڤ ژمارا بەحس کەم، پێشینەی هاوسەرگیری بۆ هەولێر و دهۆك و سلێمانی ئەژمارا خەلکێ سوودمەند 238418 کەس، پارە حەفت سەدو یازدە ملیارو نۆسەدو پەنجاو شەش ملیۆن، پێشینەی خانووبەرە 173695 کەس، پارە دوو ترلیۆن و حەفت سەدو پەنجاو هەشت ملیارو حەفت سەدو یەك ملیۆن، قەرزێ ئیستیسمار 16927 کەس، پارە دوو سەدو هەشت ملیارو پەنجاو سێ ملیۆن، پێشینەی کشتوکالێ 6852 کەس، پارە نەه ملیارو شەش سەدو بیست و دوو ملیۆن، پێشینەی پیشەسازی 42 کەس، پارە پازدە ملیارو پەنجاو یەك ملیۆن، بەخشینەی هاوسەرگیری شەهید و ئەنفال، 16001 نەفەرە، پارە سی و هەشت ملیارو سەدو حەفتاو یەك ملیۆن، کۆی گشتی ئەڤانە دبیتە سێ ترلیۆن و نەه سەدو چل و یەك ملیۆن و پێنج سەدو پەنجاو چار هەزار، نۆ/ئەژمارا قوتابیا ل کوردستانێ ئەو ڕاپۆرتا حکومەتێ ئیشارەت پێدای من بەری خۆ دایێ، یەك ملیۆن و شەش سەدو شەست و نەه هەزار و دوو سەدو یەك قوتابی هەنە، ئایا خەرجی ئەوانە تو بێژی چەند بیتن؟، ب ڕاستی جهێ دەست خۆشیە ل حکومەتێ، ل ڤان حەفت سالآدا پەنجاو چار هزار و

دووسەدو هەشتێ و هەشت مامۆستا هاتیە دامەزراندن، بۆ هندێ گرینگی بێتە دان ب لایەنا پەروەردێ، سێ زانکۆیا نو بویە پترێ زانکۆیا ل کوردستانێ، بوارێ پزیشکی هاریکاریا چار هزار و سێ سەدو چل نەخۆشی مێشك و دلێ و شێرپەنجەی خینێ هاتیە کرن، گوژمێ پێنج ملیارو حەفت سەدو شەست ملیۆن، هەتا سالا 2012 هەشت هەزارو پێنج سەدو بیست و ئێك خانوو بۆ کەس و کارا شەهیدان هاتیە دروست کرن، کە حەفتێ و پێنج هزارو حەفت سەدو حەفتێ و شەش کەس سوودمەند بووینە، قەرزێ بچیك چل و یەك ملیارو دوو سەدو نەوەت و حەوت ملیۆن هاتیە سەرف کرن، تۆڕا چاڤ دێریا خێزانی، حەفتێ و سێ هزار کەس سوودمەند بووینە، کە پارەکە دبیتە سەدو سی و دوو ملیار و سەدو حەفتێ و شەش ملیۆن، چار سەدو هەژدە ملیار بۆ شەلەل دەماغ و خەلکەکێ نابیناو کەڕ و لاڵ و تالاسیمیاو هیمۆفیلیا، شێست ملیار بۆ ئاوارێت ئیرانێ، ئەڤە هەمی دکەت پێنج ترلیۆن و سەدو سی و چوار ملیۆن و نەهـ سەدو حەفتێ و یەك ملیۆن بۆ دوو هەزارو پێنج سەد پرۆژە هاتینە تەرخان کرن، ئەرێ ئەڤ بودجە نە بۆ خزمەتا خەلکێ کوردستانێیە؟، هێڤی دارم ل بودجا ئەڤ سالا خەلکێ هەژارو بەلەنگاز و کێم دەرامەت پتر سوودمەند بن ل بودجا ئەڤ ساڵەیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، بەرێ بێمە سەر ئاخافتنا دوماهیێ، ئەڤ سالا بارانەکا زۆر باریە و خێرو رەحمەت و بەرەکەت بوون، بەلێ بەری چەند ڕۆژەکا مە دیت ل کوردستانێ گەلەك دەڤەر توشی زەرەرمەندی بوون، دوهی قایمقامێ قەزا ئاکرێ تەلەفۆنا بۆ من کر، کو پازدە پرێ دەڤەرا ئاکرێ هاتینە برن، ڕاستە حکومەتێ لیژنەك پێك هینایە، لێ چەندێ ئەز داخازێ دکەم ل حکومەتێ ئەو لیژنە ب زووترین دەنگ بێتەکاری و ئەو ڕێك و بانێت هاتینە گرتن، بێنە چارەسەر کرن، زەرەرمەندا وی خەلکێ بێتە قەرەبوو کرن، وێ زەرەر لێ کەتی، سوپاسیاوە دکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تا سەعات (4) ی ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین، هەر بژین.**

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە شوێنی خۆتان دانیشن، تکایە دانیشن، ئێستاش بەردەوام ئەبین لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013، لیژنەی دارایی و ئابووری فەرموو بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، ڕازاو خان فەرموو

**بەڕێز ڕازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بودجەی گشتی بەشێکە لەگەڵ مامەڵە کردن بە سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندی خەڵك، هەموومان لە خەمی ئەوەین ئەم بودجەیە بۆ هاووڵاتیان پەسند بکرێ، ئەم بودجەیە خەملێنراوە، بێگومان بە

لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو خاڵە باش و گرنگانەی کە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەرنامەی بۆ دانراوە لە بودجە جێ بەجێ بکرێ، بەڵام کەموکورتی تێدا هەیە، داوا لە نوێنەری حکومەتیش ئەکەین هەموو سەرنجەکانی پەرلەمانتاران وەڵام بدەنەوە، و سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری ئەکەم سەبارەت بە ماندوبوونیان لەم ڕاپۆرتە کە کۆی ڕای لیژنە و ئەندامانیشە، و هەر سەرەتا لە لیژنەکەی خۆیانەوە دەست پێ ئەکەم کە بەریزان ئەندامانی لیژنە 17 خاڵیان خستۆتە ڕوو کە لە چوارچێوەی ڕوون کردنەوە و پرسیارە، بەلەبەر چاو گرتنی گرنگی هەموو ئەم خاڵانە پێم وایە خاڵی (3، 6، 11، 12) گرنگی خۆیان هەیە و پێویستیان بە وەڵام هەیە، بە تایبەتی خاڵی 3 کە دەربارەی پلەکانی دامەزراندنە کە ژمارەیەکی زیاتر دامەزراندن هەیە لە دەرەوەی سیستەمی دامزراندن بە فۆرم، و داوا ئەکەم بە پەیڕەو کردنی بنەمای زانستی و یاسایی، بێگومان ئێمەش لەگەڵ ئەوەین ئەو سیستەمە پەیڕەو بکرێ، داوا لە نوێنەرانی حکومەت ئەکەم کە لە وەڵامدانەوە ئێمە پار ساڵ لە بودجەی 2012 (17) هەزار پلەی وەزیفیمان دانا لە هەرێمی کوردستان، دیارە پشکی ناوچە دابڕێنراوەکانیشمان هەر هەبوو، ئەگەر بکرێ لە داهاتوو ڕوون کردنەوەیەك لە بارەی شێوازی دامەزراندن و کۆی ژمارەکەیان کە لە هەرێم دامەزرا بدەن، چەند تێبینیەکم هەیە لە بارەی بەرگری لە مافی ئافرەت، دیارە ئێمە وەکو ئەو لیژنەیە کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی خۆمان خستبووە ڕوو، کە لێرە تیشك ئەخەمە سەر ئەو خاڵانە، ڕوونیشی ئەکەمەوە بۆچی ئێمە داوای ئەو خاڵانەمان کردووە؟ بۆ ئەوەی حکومەت بە هەند وەریگرێ، دیارە یەکێ لە کارەکانی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ لە کاتی ڕاست کردنەوەکە هەڵەیەك ڕوویدا، ئەوەی کە بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچوونی توندوتیژی هاتبوو کە لە بەدواداچوونمان و ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیە کە دەرکەوت ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هی توندوتیژیە دژی ژنان، نەك بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون، و دواتر بە فەرمی لە لایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمان لە وەقائیعی کوردستان بلاوبۆوە، ئێمە بۆچی ئاماژە بەم ڕاست کردنەوە ئەدەین؟ لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەمان ڕاست کردنەوە دیارە ئەرك و دەسەڵات و پێکهاتەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئەگۆڕێ، لەهەمان کات وەزارەتی ناوخۆ فەرمانی دەرکردووە کە چەند نووسینگە و هۆبەیەك بکرێتەوە، بەڵام هەموو ئەو کارانە بەراستی لە دوای ئامادە کردنی بودجەوە بوو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ، دواتر لە ئەنجومەنی وەزیران، دواتر لە لایەن وەزارەتی دارایی و پلاندانان ڕێکخستنی بۆ کراوە، و ئێمە لە لیژنە کاتێ گفتوگۆی بودجەی ئەمساڵ نوێنەرانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە لامان فۆرمێکیان کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانەوە ئامادە کراوە کاتێك کە ئەوان باسمان کرد لە ئەرك و پێکهاتە و دەستەڵاتدا گۆڕانکاری بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکان هاتووە، بۆیە پێویستیان بەوە هەیە کە ژمارەی نووسینگەکانیان زیاد بکەن، هۆبەی زیاتر بکەنەوە، بێگومان ئەوانەش خانووی ئەوێ، کەل و پەلی ئەوێ، کارمەندی ئەوێ، مووچەی ساڵانە، هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی ئەم فۆرمە خراوەتە ڕوو، بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2013 دا هەر لە چوارچێوەی پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە سنووری پارێزگای سلێمانی بڕیار دراوە کە شەش خانوو دروست بکرێ، لێرەوە داوا لە

نوێنەری حکومەت ئەکەم کە ڕاست کردنەوەیەك بۆ ئەو پڕۆژە پێشنیار کراوانە بکات کە هاتووە بە دروست کردنی خانوو بۆ لابردنی توندوتیژی کە نە لە ڕووی یاساییەوە، و نە لە ڕووی مانـاوە ئـەو مانایـە ئەگەیەنێ، بەڵکو ئەوە دروست کردنی خانووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنـان، وەکـو ئامـاژەم پێکرد لە شەش جێگا، لە سنووری سلێمانی لە سەید صادق و شارەزوور و چەمچەماڵ و پێنجوێن و ڕانیە و پشدەریش پرۆژەی پێشنیار کراو هەیە، بێگومان تا ئەم پرۆژانە ئەخرێنە بواری جێ بـەجێ کردنـەوە ئـەم بەڕێوبەرایەتیە پێویستی بەوە هەیە ئەم بودجەیە داوایان کردووە ئەکاتە بیست و شـەش ملیـار و دووسـەد و سـی و چـوار ملیـۆن، ئـەم بودجـەیان بـۆ دابـین بکـرێ لـە بودجـەی 2013، لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی کـە خستمانە ڕوو، خـاڵی دووەم هـەر سـەبارەت بـە سـەرنجەکانمان کـە وەکـو لیژنـەی بـەرگری لـە مـافی ئـافرەت خستوومانەتە ڕوو، سەبارەت بە ئەنجومەنی باڵای کاروبـاری خانمـان، مـاوەی دوو سـاڵە دامـەزراوە و دەسـت بـەکار بـووە، هـەمووشمان ئـەزانین بـە بڕیارێـك لـە لایـەن ئەنجومـەنی سـەرۆکایەتی سـەرۆك وەزیرانـەوە دامەزراوە، واتە یاسای نیـە، لەبـەر ئـەوە بودجەیـەکی سـەربەخۆی نیـە، بـەلاّم نـابێ لـە کاتێکـدا حکومـەتی هەرێم ستراتیجیەتی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە ژنان لە کوردستان ڕاگەیاندووە کە ئێمە لە کۆی هەموو ئـەو بەدوا داچوونمان شوێنێکمان نەدۆزیەوە بۆ ئەوەی بودجەی دابـین کردبـێ بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی ئەمـە، و هەروەها پرۆژەی ستراتیجەتی بارودۆخی ژنان کە لە 2011 بۆ 2012 تەواو بکرێ و کاری لەسـەر بکـرێ، ئەمەش خاڵێکی تره کـە بەراسـتی پێویسـت ئـەکات حکومـەتی هـەرێم بودجـەی بـۆ دابـین بکـات، هـەروەها سەبارەت بە شێوازی کارکردن و بەڕێوەچوونی ئەم ئەنجومەنە کە مانگانە نەسریەیەك، بڕێکی زۆر کەم کە 25 ملیۆنە بۆیان دابین ئەکرێ بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانیان، وابزانم هەر خۆی لەخۆیـدا بەدواداچـوون بـۆ ئەو کارانە زۆر لەوە زیاتری ئەوێ، خۆیان داوایان کردووە و ئێمەش پشتگیری لێ ئەکەین، هـەر نـەکرێ بـە سێ مانگ جارێك بڕی 250 ملیۆن وەکو نەسریە پێیان بدرێت و دواتر بگەڕێندرێتـەوە بـە پێـی کارەکـانی خۆیان، خاڵێکی تر هەر سەبارەت بە لیژنەی بەرگری لە ژنان، من پار ساڵ لە بودجـەی 2012 ئـەم خاڵـەم خستە ڕوو هیوادارم ئەمساڵ بەهەند وەرگیرێ، یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2008 هەموار کراوی یاسـای بـاری کەسـێتی، دیـارە لـە مـاددەی 39 دا بڕگـەی 2 و بڕگـەی 4 ئیلزامـی حکومـەتی کـردووە کـە لـە کـاتی جیابوونەوەی ژن و پیاودا، سەرەتا لە بڕگەی 2 دا باس لەوە ئەکات کە سندوقی چاودێری خێزان هەبێ لە دادگاکان، بۆ ئەوەی لە ماوەی بەڕێوەچوونی ئەو سکالاّیانە ئـەو ژنـە لـە لایـەن مێردەکەیـەوە پارەیـەك لـەو سندوقەوە دابنرێ، و بڕگەی چوار باس لەوە ئەکات لە دوای جیا بوونەوەی ژن و مێرد ئەو ژنانەی کە هیچ داهاتیان نیە پێویستە لەسەر حکومەت ئەرکی ئەم ژنانە بگرێتـە ئەسـتۆ بـەوەی کـە سـندوقێکی چـاودێری کۆمەلاّیەتی هەبێ تایبەت بێ بە ئەو ژنانە، ڕاستە ئێمـە وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەلاّیـەتی تـۆڕی چـاودێری کۆمەلاّیەتی هەیە، و ئەتوانین بڵێین زۆرێك لـەو ژنانـە لـەو تـۆڕە سـوودمەند بـوون، بـەلاّم جیـاوازی هەیـە لەڕووی بەڕێوەبردن و ئەو بڕە پارەیەی کە بۆیان تەرخان ئەکرێ، بۆ ئەوەی بتوانن هـەم لـە ڕووی ئـەوەی ئەگەر منداڵیان هەبێ ژیانی منداڵەکانیان بگوزەرێنن، لەبەر ئەوە جەخت لەسـەر ئـەوە ئەکەمـەوە لـە 2008

لەم پەرلەمانە یاسایەك دەرچووە، بەلاّم تا ئێستا ئەو بڕگەو ماددانـەی جێ بـەجێ نـەكراوە، دوا خـاڵ هـەر سەبارەت بە لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت، پێشنیارێك كراوە بـۆ ئـەو كچانـەی تەمـەنیان سـەركەوتووە و هیچ داهاتیان نیە، داوا كارم لە لیژنەی دارایی و ئابووری كە ئەو هەڵەیـە ڕاسـت بكاتـەوە لـە چـاپ دا ئـەڵێ هیچ داهێنانێكیان نیە، ئێمە داوامان كردووە بتوانن سوودمەند بن لە تۆڕی چاودێری كۆمەڵایەتی، ئەمانـە بە هۆی ڕێنماییەكان ناتوانن، لەبەر ئەوەی باس لەوە ئەكات كە نابێ دایك و باوكیـان مـابن، وەك ئـەبینین حاڵەتەكان زۆرە، ناكرێ بڵێین كەمن، ئەكرێ هاوكاریان بكرێ لە ڕێی بەخشینی مینحەیەكەوە ساڵانە یەكجار، ڕاستە لە لایەن دایك و باوكیان مەبلەغێكی كەم وەرئەگرن، بەلاّم ئەوە بەشیان ناكات، بۆیـە پێشـنیار ئەكـەین ساڵانە وەك مینحە بدرێتە ئەو كچانە، دیارە زۆرێك لە پەرلەمانتاران باسیان لە هـەموو سـێكتەرەكان كـرد، مـن قسەی ئەو بەرێزانە دووبارە ناكەمەوە، تەنها دووخاڵ هەیە ئەمەوێ ئاماژەی پێبدەم سەبارەت بـە پـەروەردە، ئێمە لە بەدواداچوونمان بۆ دەرەوەی شار، واتە گونـد و شارۆچكەكان، دیـارە بـاس لـە كـەمی بینـای قوتابخانـە ئـەكرێ، هەنـدێ شـوێن هەیـە باشـترین قوتابخانـەی تێدایـە، بـەلاّم گوندەكـە چـۆڵە، هـی واش هەیـە ژمـارەی خوێندكاری زۆرە، بەلاّم خوێندنگای نیە، بۆیە پێشنیار ئەكەین كـە وزارەتـی پـەروەردە پلانـی هـەبێ بـۆ ئـەم بابەتە، بە تایبەتی ئەو خوێنكارانەی كە لە گوندەكانی خۆیانەوە ناچار ئەبن بچن بۆ ئەو گوندانـە درێـژە بـە خوێندنیان بدەن، ئەمەش ئەكرێ لە ڕێگەی ئەوەی بەچەند گوندێك یـەك خوێندنگـەی هـەبێ لەگـەڵ دابـین كردنی پێداویستیەكان، و ژمارەی مامۆستایانی پێویست، ئـەوەیش ئـەركێك لەسـەر حكومـەت كـەم ئەكاتـەوە، تەنها ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆی خۆی كە هۆكاری هاتوچۆ كردنیان بۆ دابین بكات، بەراستی ئەو خوێنـدكارن لە زۆربەی شوێن كە سەردانمان كردوون ئەڵێن ناچارین ئێمە واز لە خوێنـدن بێـنین، زۆر شـوێنیش هەیـە بـە تایبەتی لە وەرزی سـەرماو سـۆڵە كـە لەبـەر سـەختی ڕێگاكـە نـاتوانن هاتوچۆ بكـەن، بۆیـە پێشـینار ئەكـەین وەزارەتـی پـەروەردە ئـەم بابەتـە بـە هەنـد وەرگـرێ، خـاڵێكی تـر ئامـاژەی پـێ ئەكـەم، هـەر لەسـەر بینایـەی قوتابخانەكان، ڕاستە زۆر بینای باشی قوتابخانەمان هەیـە، و كاتێـك سـەردانیان ئەكـەین زۆر خۆشـحاڵ ئـەبین بەوەی كە شێوازی وانە وتنەوە، پرۆسەی خوێندن زۆر سەركەوتووە لە هەندێكیان، بەلاّم هێشـتان قوتابیمـان هەیە لە خوێندنگایەك ئەخوێنێ كە ژوورەكـەی دەیـان درزی بـردووە و ئەگـەری ئەوەیـە بروخـێ، خوێنـدكار هەیە لە تەنیشتیەوە پلاكی كارەباكە هەیە ئەگەری ئەوە هەیە كارەبا بیگرێ، با چیتر ئەو خەمە لـە دڵـی ئـەو دایك و باوكانە نەهێڵین، كار بۆ ئەوە بكەین ئەو ترسە لەسـەر منداڵـەكانمان نـەهێڵین، سـەبارەت بـە سـێكتەری تەندروستی وێرای پشتگیریم بۆ هەمووان، بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی كە خاڵی گرنگیان خستە ڕوو، هـەر سەبارەت بە پرۆژە پێشنیار كراوەكانیان دیارە پرۆژەیان پێشكەش كردووە بە تایبەتی بۆ نەخۆشخانەی هیـوا لە شاری سلێمانی بەوەی كە قاتی سێیەمی بۆ دروست بكـرێ، بـە داخـەوە سـاڵ بـە سـاڵ ڕێـژەی تووشـبوان بـە نەخۆشی شێرپەنجە لە زیاد بوون دایە، و ئەم نەۆشـخانەیە لـە چـەند ژوورێكـەوە دواتـر قـاتی دووەم دروسـت كراوە دواتر گۆڕەپانەكەشی بەكارهێنرا بۆ دروست كردنـی موختەبـەرات و ژوور، بـەلاّم هێشـتان نـاتوانێ ئـەو ژمارە زۆرە لەخۆ بگرێ، پێشم وایە كە دروست كردنی قاتی سێیەمش چارەسەر نەبێ، بەڵكو ئەتوانین خاڵێـك

بێنینەوە لە پرۆژەکانی پەرلەمان کە کاتی خۆی بڕیاری لەسەر دراوە، کە کۆمەڵگایەکی پزیشکی لە قرگە دروست بکرێ لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی 80 قەروێڵەیی، بۆ نەخۆشی شێرپەنجە، بەدەست خۆشیەوە وەزارەتی تەندروستی لەو ماوەی ڕابردوو دوو پرۆژەی ڕاگەیاند، پرۆژەی نەخۆشخانەی 200 قەروێڵەیی بۆ منداڵ و منداڵ بوون، و دواتر نەخۆشخانەی ڕاهێنان و چارەسەری سروشتی، پێمان وایە ئەگەر کار بۆ ئەوەش بکرێ ئەو 80 قەروێڵەیی نەخۆشخانەش بخرێتە بەرنامەوە و کاری لەسەر بکرێ، زۆرێك لەو پێشنیار و سەرنجانە پێم وایە لە لایەن زۆرێك لە پەرلەمانتارەکان ئاماژەی پێکرا، بۆ ئەوەی من جارێکی تر نەچمەوە سەریان، پشتگیری لە هەموو ئەو سەرنجانەی بەڕێز سۆزان خان ئەکەم، و هەموو پەرلەمانتارەکانی تر کە باسیان لە دابین کردنی بودجەیەك کرد بۆ بە پایتەخت کردنی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی، و بەردەوام بوونی حکومەتی هەرێم لە دروست کردنی خانوو بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان و هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەی تایبەتە بە باشتر گوزەران و دابین کردنی پێداویستیەکان لە ڕووی خوێندن و تەندروستی و دابین کردنی خانوو بۆ شەهیدان، بۆ کەسوکاری ئەنفال کراوان و کیمیا باران و زیندانیە سیاسیەکان، و دوا خاڵ کە پێش من کاك صباح ئاماژەی پێ کرد لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوو بە داخەوە هەموو ناوچەکانی کوردستان ڕوو بەڕووی لافاو بوونەوە کە جگە لە زیانی ماددی زیانی گیانیشی لێ کەوتەوە، دیارە ساڵانە حکومەت بڕە پارەیەك تەرخان ئەکات بۆ ڕووداوی لە ناکاو، بەلاّم ئەمساڵ لەکاتی ئامادە کردنی بودجە بە چاوی خۆمان ئەو ڕووداوانەمان بینی، و هەموو ئەو پردانەشمان بینی کە ڕووخان، بۆیە داوا لە نوێنەری حکومەت ئەکەم کە بتوانێ کار لەسەری بکات، و لە ماوەیەکی نزیك هەم قەرەبووی ئەو کەسانە بکاتەوە کە زیانیان پێ کەوت، و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەش کار بۆ ئەوە بکات کە ئەو ناوچانەی کە پەکی هاتوچۆ و پەکی چوون بۆ خوێندنگا بووە ئیتر کاری لەسەر بکەن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی دارایی بۆ پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بە تێبینی وەو سێکترانەی کە خۆشگوزەرانی تێدا دابین کراوە، و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمان کە بە تێبینی و پلانی حکومەت و سەرنج و داخوازی گشت لیژنەکانی پەرلەمان ئامادە کراوە زۆر نزیکە لەو نیازەی کە حکومەت لەبەرنامە ستراتیجیەکەی خۆی کۆی کردوونەتەوە، و بە پێی واقیعی ئەمڕۆمان ئەو بودجەی ئەماڵیش بۆ یەکجار بەکارهێنان واتە تاکتیکێکە وەکو بەشێك لە جێ بەجێ کردنی ئەو ستراتیجیەی کە کوردستان ئەخاتە سەر راستە ڕێی بوونیاتنانێکی سەردەمیانە و جێگیر، هەرچەند ئەزانین ئەو کارە ئاسان نیە، لە هیچ شوێنێکی دونیا بودجە بێ کەموکوڕی نیە، و بێ سەرنج و تێبینیش نابێ، چونکە ئەولەویەتی هەر وڵاتێك جیاوازە، و تەنانەت هەر وەزارەتێکیش پلانی خۆی هەیە، بەلاّم گرفت لەوە دایە بۆ هەرێمی کوردستان کە زۆر نیە سەردەمی ماڵ وێرانی بەجێ

بێڵێ، ئەو برە پارەیە کە ڕێژەکەی دیاری کراوە و دوای ئەوەی ئەگاتە هەرێم بە چەندین بەربەست، ئایا ئەتوانێ بە جارێك هەموو ئەو نیازانە دابین بکات؟ ئێوە ئەزانن کۆی پێشنیار کراوی وەزارەتەکان نزیکەی 22 ترلیۆنە، و ئەوەش کە حکومەت پێی کراوە کە کورتهێنانی تێدا بووە و پێ قایل بووە نزیکەی 17 ترلیۆن دینارە، دیارە ئەم جیاوازیە سەرنج ڕاکێشە، لە ڕوانینی خۆم بۆ هەردوو ڕاپۆرتی حکومەت، و لیژنەی دارایی لە مەڕ ئەم بودجەیە ئەم پرسیارەم لا گەلاڵە بوو، کە لە نێوان ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، یان کوتلەکانی ناو پەرلەمان، خاڵی هاوبەش زۆرترە، یان خاڵی ناکۆك؟ ئەم بودجەیە بە ئەرێنی ئەیبینن یان نا؟ دیارە ناکرێ بۆ وەلامی ئەم پرسیارە دوێنی و ئەمڕۆی کوردستان لە بیر بکەین، هەروەك جیاوازی بیر و ڕای نێوان دەستەلأت و ئۆپۆزۆسیۆنیش بە هەند وەرئەگرین، دەخوازم بێنمەوە بیرتان کە حکومەت بەرپرسیارە و ئۆپۆزۆسیۆنیش ئەرکی چاودێری و ڕەخنە گرتنی هەیە، بەلاَم بە دڵنیایی کلیلی دەرگای ئەم ڕازە و هەموو ئەو گلە و گازەندانەش لە ژمارە و داتاکان لەوە دایە کە ڕاشکاوانە بڵێین حکومەتی هەرێم نەك وەکو دەوڵەت، چونکە کوردستان لەم بوارەدا سەربەخۆ نیە، بەناچاری هەڵگری هەندێ ئیلتیزام و ئەرکی ئەخلاقی و نەتەوەیی مێژوویی ڕاگەیەنراوە، کە لە ڕووی زانستیەوە نابێ پەیوەست بکرێ بە بودجەوە، بەلاَم کراوە، چونکە خواست و نیاز و تایبەتمەندی هەرێم ئەوە ئەخوازێ، بە تێبینی ئەو باگراوندە هەموومان ئەبێ دانی پێدا بنێین کە زەمانی پێ ئەوێ ئەم حکومەتە وەکو ولأتانی تری دونیا ئەو مافەی هەبێ، کە لە نێوان کۆمەڵێ ڕێگا چارە شێوازێك هەڵبژێرێ، تەعبیر لە کۆمەڵێك فاکتەری سەردەمیانەبکا، کە تەنیا تایبەت بە بودجە بێ، بەرێزان لە بیرتان نەچێ ئێمە باسی کوردستان ئەکەین، نەك ئەو ولأتانەی کە دەیان ساڵە بێ شەڕ و سەربەخۆن، زۆر باس کرا ، منیش ئەڵێم پرسیار ئەوەیە، بە نموونە ئەرێ ئەو بارگرانیەی بودجەی تەشغیلی کەبینە قاقای حکومەتی گرتووە، بۆ دەبێ وابێ؟ ئەو ژمارە زۆرەی مووچە خۆر کە زیاتر 60٪ی بودجەی هەرێمی کوردستانی بۆ خەرج ئەکرێ بە حەق و ناحەق، ئایا ڕۆڵەی ئەو میللەتە نین؟ دڵنیاتان ئەکەم بۆ ساڵانێکی زۆر تا خزمی دوور و نزیکیش شەهیدی پێشمەرگە و ئەنفال کراو و ئەو کەسانە کە چەندین جیلیان لە شۆڕش و خەباتدا مابێ، تا زیندانی سیاسی و ئاوارەی بێ پەنای ئەم میللەتە مابێ، هیچ حکومەتێك لەم هەرێمە ناتوانێ دەست بەرداری ئەم ئیلتیزامە بێ، مادام وای لێهات باشترە هەموومان بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن هەوڵ بدەین تا ئەمساڵ ئەرك لە بواری باشتر دابەشین و باشتر خەرج کردنی بودجە بەجێ بێنێ، ئێوەش ئەزانن ئەم پارەی لای حکومەتە ئەبێ خەرجی بکات، بەلاَم حکومەتیش ئەزانێ بڕیار ئەمڕۆ لای پەرلەمانە، و لە ئایندەش چاودێری کردنی ئەدای حکومەت مافی پەرلەمانە، بە کوردی گرنگترین ئەرکی ئێمە ئەوەیە دوای تاوتوێی کردنی ئەبێ بە خێرایی، پەسندی بکەین، بە هیواشن چاودێری بکەین، بودجەی پێشنیار کراوی بەغدا بۆ ئەمساڵ لە حاڵەتی پەسند کران بە ڕێژەی زیاتر لە 18٪ زیاد بوون بە خۆیەوە ئەبینێ، بەلاَم لەگەڵ ئەوەی پێشبینی ئەکرێ زیادەی کوردستان بگاتە 14٪، بەلاَم ژمارەکان پێمان ئەڵێن لە چاو ساڵی پار بە فیعلی کوردستان 10,6٪ وەرگرتبوو، ئەمساڵ 10,4٪ لە بودجەی عێراق وەرئەگرێ، ئەمە شاراوە نیە، لە بودجەدا حکومەتی بەغدا هەموو ساڵێك بە بڕینی 30 تا 40٪ حەقەکانمان، ئەمە جیا لە

پێگەیاندنی زەرەر و زیانی ماڵی بە چەرخی وەگەڕخستن لە کوردستان، ئەو ناڕەزایەتیەش ئەخاتە ناو ماڵی کوردستان، کە بۆ ئەبێ ئەو مافەمان لێ زەوت بکرێ؟ ڕوانگەی حکومەت لە مەڕ سیاسەتی دارایی لەم بودجەیە ڕوونە، ڕوانگەی ئێمەی پەرلەمانتاریش لەم دانیشتنە ئاشکرایە، تەنانەت ئەگەر لە کۆبوونەوە و موناقەشەی ناوخۆی لیژنەکانمان با ئامادە بوون و ئامادە نەبوونی نوێنەرانی حکومەتیش، بە قەناعەت گەیشتبین، یان نەگەیشتبین، ئەبێ لەبیرمان نەچێ کە بە زیادە ڕەوی لە داوا کردن و خەرج کردن بە بڕە پارەیەکی سنووردار قەیرانی دارایی دروست ئەبێ،ناڕەزایەتی و گرفت بۆ هاووڵاتیان دروست ئەبێ، دیسان دڵنیاتان ئەکەم، ئێمە هەندەی بەغدا بودجەمان نیە، بەڵام ئەنجامەکان ئەوە ئەسەلمێنن کە زۆر لە بەغدا باشتر خەرج کراوە و ئامانجی خۆشی پێکاوە، واتە کەممان هەیە، بەڵام باش خەرجی ئەکەین، پێتان ئەڵێم کوردستان بوێرە لە خەرج کردن، بەڵام بەغدا بەخیلە، سەرباری ئەوەی کە ئەوترێ ئەم بودجەیە ناداد گەری تێدایە لە دابەشین، ئەوترێ لە هەندێ شوێن ئامانجی خۆی نەپێکاوە، و بە خەساریش چووە، بەڵام ئەنجامەکەی مەودایەکی دروست کردووە لە نێوان بەغدا و هەرێم تەنانەت ناحەزانیش دانی پێدا ئەنێن کە کوردستان لە مەسەلەی بەکارهێنانی بودجە گرەوی لە هەموو عێراق بردۆتەوە، دڵنیاین شێوەی دابەشینی ئەو بودجە لە کوردستان پەیوەندی نێوان پێکهاتە کوردستانیەکانی باشتر کردووە، تەبایی باشتر کردووە، حەق وایە ئەم پرسیارە بکەین، ئەگەر بودجەی هەرێمی کوردستانی بەم ئاستە لە سەقامگیریی ئاسایش و ئاوەدانی نەگەیاندووە ئەی چی وای لێ کردووە؟ خۆ میراتی بەعس نیە کە بۆمان بەجێ مابێ؟ هەمووومان دڵ نیگەرانین لە کورتهێنانی بودجە، بەڵام پێم ناڵێن بە چی و چۆن ئاسایشمان لە زومارەوە تا مەندەلی پارێزراوە؟ خۆ کوردستان زیاتر موستەهدەفە لە ناوەند، پێم ناڵێن بۆ دۆخی کارەبای هەرێم لەگەڵ ناوەند عەرز و ئاسمان فەرقیەتی؟ بۆ لە بواری نیشتەجێ بوون و خزمەتگوزاری و ڕێگاوبان و ئەو بوارانەی کە نیشانەی خۆش گوزەرانین هێندە کوردستان لە پێش بەغداوەیە؟ پێم ناڵێن ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئومێدیان بە کوردستان زیاترە یان حکومەتی ناوەند؟ کێ زیاتر بە هانایانەوە چووە؟ پێم ناڵێن مووچەی بەردەوامی پێشمەرگە کە ئەم چەند ڕۆژە زۆر باس کرا سەرباری هەموو گلەیەکان کێ دابینی کردووە؟ بۆ بەغدا هێندە ناڕەوایە مافە ڕەواکانمان لە بودجەی سەرەکی و تەکمیلیش ئەبڕێ؟ بەڵام بە دڵنیاییەوە پێتان ئەڵێم، بوونی 23٪ی فەرمانبەرانی هەموو عێراق لەم هەرێمە، و دامەزراندنی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە کە ئەڵێن کاریگەری خراپی هەیە لەسەر بودجەی هەرێم لەم ساتە وەختەدا بەدیلی ترمان بۆی نیە، چونکە ناتوانین چارەسەری بکەین، چونکە تۆ ساڵانە ژمارەیەکی زۆر موستەحەقی کارت هەیە، بە خوێندەوار و نەخوێندەوار دێنە بازاڕ، ئێمەش بە دڵناییەوە هەموومان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هۆکاری ناچاك کردنی حکومەتین بۆ دامەزراندنیان، بۆ بەردەوام بوونی لەسەر ئەو سیاسەتە، کە پێی ئەڵێین دامەزراندن، بە نموونە ئەخەمەوە بیرتان، کە دانامەزرێن مان ئەگرن، خۆپیشاندان ئەکەن، زوومیش ئەکرێتە سەریان، بڵێن حکومەت ئەبێ چی بکات؟ دیارە تا مەسەلەی وەبەرهێنان لەم هەرێمە نەکەوێتە سەر سکەی خۆی، ئەم دیاردەیە چارەسەر ناکرێ، و

هیچ حکومەتێکیش ناتوانێ بەمزوانە لە ساڵێك و لە یەك بودجەدا ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بکـات، نامـەوێ بچمە ناو داهـاتی نـەوت کـە لـە بودجـەی پێشـنیار کـراو ڕەنگدانـەوەی کـەمی هەیـە، بـەڵام خـاڵێکی گـرنگ ئەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، هەر ئەوەندە ئەڵێم ئەگەر حکومەت پابەند بێ بە بەڵێنەکانی خۆی بـۆ خـەرج کردنی بەشێك لە داهاتی نەوت بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردسـتان زۆر زووتـر لـەوەی ئێمـە و ئێـوە پێشـبینی ئەکـەین ئـەو ناوچـانە ئەگەڕێنـەوە ئـامێزی کوردسـتان، زۆر باشـتر لـەوەی ئێمـە چاوەڕوانی ئەکەین ئاواتەکانی گەلەکەمان دێتە دی، بڕیاری سیاسی کورد ئەکەوێتـە عاقـارێکی تـر، منـیش لەسەر ئەو باوەڕەم ئەبێ حکومەت ئیلتیزامی دارایی خۆی لـەو بوارانـە کـەم بکاتـەوە کـە تـەنیا خەرجـە و هیچ بونیاتنانێکی مرۆیی تەنانەت ئاوەدانیشی تێدا نیـە، منـیش هـاوڕام لەگـەڵتان، لەگـەڵ پەسـند کردنـی بودجە تەنانەت بۆ دروست کردنی ڕێگاوبـان ئـەبێ گوژمەیـەکیش بـۆ پـەرەدان بـەو فەرهـەنگ و ئامرازانـە تەرخان بکـەین کـە بـە لێخـوڕینی دروسـت گیـانی ئـەم هەرێمـە ئـەپارێزێ، دیـارە لـە دوای ئـەو ئامـاژە تیـژ تێپەڕانشم سەبارەت بە دیوە گەشەکەی دەست هاتەکانی خەرج کردنی بودجە لە هەرێمی کوردستان چـەند تێبـینی و پرسـیارێکم هەیـە کـە هیـوام وایـە وەڵامـم بدرێتـەوە، بـە حـوکمی ئـەوەی میللـەتێکی خـاوەن مێژوویـەکی ئـاوارەیین، لـە مەسـلەی ئاوارەکانـەوە دەسـت پـێ ئەکـەین، پرسـیارم لـە نوێنـەرانی بـەڕێزی حکومەت ئەوەیە، کە بۆ ئـەو پـارە تـەرخان کـراوەش بـە تـەواوی خـەرج نـاکرێ بـۆ ئاوارەکان؟ ئایـا دۆخـی ئاوارەکانمان هێندە باشە کە ئەتوانن ساڵانێکی تر چاوەڕێ بن؟ ئایا سـەقفێکی زەمـەنی هەیـە بـۆ چارەسـەر کردنی ئەم گرفتە؟ لەگەڵ دووەم پرسـیارم هەیـە پێشـەکی ئەمـەوێ ئـەوە بڵـێم کـە ڕەنگـە مـن وەك عـەلی حسـین گـەورەترین سـوودمەند بم لـە نـاو پێکهاتەکـەی خـۆم، واتـە کـوردانی فـەیلی، بـۆ بەدەسـت هێنـانی متمانەی ئێوە، بەڵام ئەبێ وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەمەوە، ئایـا توانیومـە متمانـەی پێکهاتەکـەی خـۆم لـە دەست نەدەم؟ چونکە لەچەند ساڵی ڕابـردوودا لـە باسـی تـەرخان کردنـی بودجـە هیچـم پـێ نـەکرا، تـەنیا هاتنی بودجە لە دەرگای ئازارەکانی ئێمەی داوە، بە شایەتی هەمووتان، بە دڵنیایـەوە لـەوە ناچـێ هیچیشـم پێ بکرێ ئەگەر ئـەم باوەڕەمـان لا دروسـت نـەبێ کـە پێویسـتیمان بـە بـوونی پـرۆژەی نەتەوەییـە بـۆ ئـەو ئازیزانەی کە منداڵەکانیان لە مەینەتیدا گەورەن، و لاوانیشیان لە غوربەتدا بێ کەسـن، بـە ساڵاچووانیشـیان لە چاوەڕوانیدا نائومێدن، بەڕێزان بە پێی ماددەی 42 ی پەرلەمان سەبارەت بە بودجەی ساڵی 2012 کە ئـەبوو حکومـەت پابەنـد بـێ بـە ڕاسـپاردەکانی پەرلـەمان، ئێسـتا لـە دەرگـای ویـژدانی حکومـەت ئـەدەم، و پرسیاریشم ئەوەیە، چارەنووسی ئەو ڕاسپاردەی کە تایبەت بوو بـە کـوردانی فـەیلی چـی بەسـەر هـات؟ بـۆ زیاتر بیرهێنانەوە ئەڵێم، ئێوەش باش ئەزانن نەلە پرۆژەی پێشنیار کراو، نەلە پرۆژەی بـەردەوام و نـە لـە جێ بەجێ کراویش بە هۆی تایبەتمەندی ئێمەش پشکێکمان بەر نەکەوێ، ئاسایشە، پێشینەی خانووبـەرە، هاوسـەرگیری و قـەرزی بچـووك و تەنانـەت وەرگـرتنی قوتـابی لـە زانکۆکـان و تواناسـازی و دامەزرانـدن لـە فەرمانگـەکانی حکـومی، هیچـمان نیـە، ئەگـەر هـەر پاسـاوێکیش هـەبێ لـە بـیر نەکـەین ئێمـە بەشـێکی نەتەوەکەمان دۆسیەی کوردانی فەیلی وەك جینۆساید ناسراوە، ئەمەش بـەو واتایەیـە کـە جیـا لـە ئـەرك و

سپاردەی حکومەتی ناوەند بەرپرسیاریەتی ماددی و مەعنەویش ئەخاتە سەرشانی حکومەتی هەرێم، پێم خۆشە بەو وتە جوانەی ڕێزدار سەرۆکی هەرێم کە دوێنێ سەبارەت بە ئاوارە کوردەکانی سوریا وتی (ئەوان کەسی ئێمەن، مەینەتی و چارەنووسی ئێمەش لەگەڵ ئەوان یەکە)، بەڕەئی من ئەوە بەرپرسیاریەتیە بەرامبەر بە کێشەی دوا نەهاتووی گەلەکەمان لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێ، بەرێزان لێتانی ناشارمەوە کە مەردومی هەژاری ئێمە لە دەرەوەی هەرێمن، و لە دەرەوەی هەرێمیش ئەڵێین راستە لە مەینەتی ڕابردوو دابەش بووین، بەلاّم ئەمڕۆ تەنیا مەینەتیەکان هی خۆمانە، لە خۆش گوزەرانیەکانی کوردستان هیچ مافێکمان نیە، نالێین لە سندوقی نیشتەجی بوون مافمان هەیە، یان لە باسی دروست کردنی ڕێگاوبان و قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن و تەندروستی کە هەر هەموویان پرۆژەن بۆ نەتەوەکەمان، بەلاّم لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستان، با بێنمە یادتان، خەڵکی ئێمە ئەڵێن ڕۆژگارەکە وای لێهاتووە، ئەوەی بەلاشماندا گوزەر بکات تووشی بەلاّ ئەبێ، وابزانم ئەو باوەڕە ڕێی تێ ئەچێت، چونکە لەمێژە بەشی زمانی کوردی بەغدا لەکار خراوە و بە دەردی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و فەرهەنگی کوردی لە شاری بەغدا ئەچێ، پرسیاری من ئەوەیە حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی خۆی چ بەخشینێکی هەیە بۆ ئەو خەڵکە هەژارەی لە ڕابردوو و ئێستاش و لە داهاتووش سزا ئەدرێن تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن و نازناوەکەشیان کوردی فەیلیە؟ دوا پرسیاریشم ئەوەیە کە زۆربەی وڵاتان بۆ هەر مەبەستێك کە هەیانە بودجە تەرخان ئەکەن تا لە دەرەوەی سنوورەکانیان بەکاری بێنن، بەلاّم ڕەنگە ئێمە لە نەتەوە دەگمەنەکانی ئەم دونیایە بین کە پێویستیمان بەو بودجەیە هەیە، بەلاّم نیمانە، پرسیارم لە نوێنەری حکومەت ئەوەیە، ئایا باوەڕیان بە پێویستی بوونی سندوقێکی واهەیە؟ بە بڕوای من بۆ دەرەوەی کوردستان یان نابێ پرۆژەی نەتەوەییمان هەبێ، یان ئەبێ ئەو سندوقەشمان هەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر سائیر

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشەکی پشتگیری لە ڕاپۆرتی حکومەت ئەکەم و دەست خۆشیان لێ ئەکەم بە گەیشتنی بودجە لەکاتی گونجا و بۆ پەرلەمان، دڵخۆشی هەموو خەڵکە، و پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەکەم، دەست خۆشیان لێ ئەکەم، چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر بودجەی 2013 لە بواری وەرزشی بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی لیژنەی وەرزش و لاوانم، پێش ئەوەی ئیشارەیان پێ بدەم، ئیشارە ئەدەم بە دوو ماددەی دەستووری کە تایبەتن بە وەرزش، ماددەی 36 لە دەستووری عێراق ئەڵێ (ممارسه الرياضة حق لكل فرد و على الدولة تشجيع انشطتها، و ريعايتها وتوفير موستلزماتها)، و ماددەی 19ی دەستووری هەرێم ئەڵێ خاڵی 14 (ممارسه الرياضة حق لكل مواطن و على حكومة اقليم كوردستان ا تشجيعها و انشاء المؤسسات الخاصة بها ، وتوفير موستلزماتها)، واتە حکومەت مولزەمە بە دروست کردنی ژێرخانی وەرزشی بە پلان،

تێبینیەکانی من ئەمانەن، یەکەم، وەرزشی فوتابخانـەکان یەکێکـە لـە هۆیـەکانی پێشکەوتنی وەرزش، ئـەبێ گرنگی پێ بدرێ، و ژێرخانی وەرزشی بۆیان بکرێ، لە هـۆڵی داخـرا و یاریگـا، بـۆ هـەر بەرێوەبەرایەتیـەکی چالاکی و وەرزشی و دێدەوانی سەر بـە کـەرتی پـەروەردە، لـە پارێزگـاو قـەزاکان، بـۆ بـەڕێوەبردنی چالاکی وەرزشی بە تایبـەتی لـە وەرزی زسـتان، ئەمـە لـە پرۆژەکـانی 2013 نیـە، دوو، فوتابخانـەکانی تایبـەت بـە وەرزش وەکـو پـەیمانگاکانی وەرزش سـەربە وەزارەتـی پـەروەردە زۆربـەیان ژێرخـانی وەرزشـیان لاوازە، و فـەرامۆش کـراون، بـۆ نموونـە پـەیمانگای وەرزشـی هـەولێر و ئـەوانی تـر، نـەهۆڵی داخراویـان هەیـە، نـە مەلەوانگە، نە یاریگای نموونەیش، سێیەم، بە نیسبەتی کۆلیژەکانی وەرزش سەر بە وەزارەتی خوێندنی بالاْ هەندێکیان باشن و ئەوانی تر فەرامۆش کراون، زۆر بە سیستی پـرۆژە بۆیـان ئـەکرێ، پرسـیار بـۆ جـەنابی وەزیـری پلانـدانان، تاکـەی ڕەچـاوی ژێرخـانی وەرزشـی فوتابخانـەکان و پەیمانگـەکانی وەرزشـی و کۆلیـژە وەرزشیەکان ئەکرێ بە شێوەی بەردەوام تا کۆتایی بێ؟ چوار، لە یاسای بودجەی 2013 هیچ بڕە پارەیـەك تـەرخان نـەکراوە بـۆ ژێرخـانی وەرزشـی وەکـو هـۆڵی داخـراو ، مەلەوانگـە، یاریگـای 11 یـاریزانی، لـە ئیستیمارەی بودجەی 2013 بڕی 22 ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار تەرخان کراوە بـۆ لیژنـەی ئۆلـەمپی کوردستان، کە بڕی بیست ملیار دینار زیادەیە، بڕی پارەی لیژنـەی ئۆلـەمپی کوردسـتان سـالأنە بریتیـە لـە دوو مليـار و چوارسـەد مليـۆن دینـار، و ئـەو بـڕە پارەیـە زۆر کەمـە، پێشـینار ئەکـەین مینحـەی لیژنـەی ئۆڵەمپی کوردستان زیاد بکرێ لە دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دینار بۆ سێ مليـار و شەسـەد مليـۆن دینـار، ئەو بڕە پارەیە کە زیاد ئەمێنێتەوە بریتیە لە هەژدە ملیار و هەست سەد ملیۆن دینار، تـەرخان بکـرێ بـۆ دروست کردنی ژێرخانی وەرزشی لە هۆڵی داخراو و مەلەوانگە و یاریگای 11 یـاریزانی، پێـنج، سـێ سـاڵە داوای دروست کردنی شـاری ئۆلـەمپی ئەکـەین موافەقـەت نـاکرێ، ئەمسـاڵیش داوا ئەکـەین شـاری ئۆڵـەمپی دروسـت بکـرێ، شـەش، پـرۆژە پێشـنیار کراوەکـانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان لـە بودجـەی 2013 زۆر جیـاوازی هەیـە لـە دابـەش کردنـی پرۆژەکـان، لەسـەر پارێزگاکـان و زۆر کەمـە، داوا لـە جـەنابی وەزیـری پلاندانان ئەکەم ڕوون کردنەوە بدات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمووو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەراستی من پسپۆڕ نیم لە بواری ئابووری، بەلأم ئەزانم کە بـەیتی مـاڵ هـەموو خـەڵك لـە دەرگـای ئـەدەن، بۆیە وەکو نوێنـەری خەڵك تەنها ئەوەم لەسـەرە کـە دەنگـی هاوولاْتیـان بگەیـەنم، بڕیـاری یەکـەم و کۆتـایی ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، بە کوردی (نـان بـۆ نانـەوا، گۆشـت بـۆ قەسـاب)، بـە کـورتی و موختەصـەر چـەند بڕگەیەك هەیە سەبارەت بە بودجەی هەرێم بۆ ئەمساڵ، بڕگەیەك زیاد بکـرێ، پێشـینەی خانووبـەرە ئـەو کەسـانە بگرێتـەوە بـۆ کـڕینی شـوقە، بـە هـەمان گوژمـەی بـۆ دروسـت کردنـی خـانوو دیـاری کـراوە، واتـە

هاوولاَتی لەکاتی کڕینی یان تۆمار کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون سوودمەند بێ لە پێشینەی خانووبەرە، بەهەمان ڕێنمایەکانی وەزارەتی دارایی، دووەم، پێویستە لە بودجەی ئەمساڵ ڕەچاوی مەسەلەی نەوعی ئیجتیماعی بکرێ، و پشتیوانی لە ڕایەکانی خوشکی بەڕێز پەیام خان ئەکەم لەم بارەوە، بۆ ئەم مەسەلەی لە هەندێ لە بڕگەکانی بودجەی خەملێنراو لەژێر ناوی مەسروفات ئوخرا، مەنافع ئیجتیماعی و تادوایی هاتووە کە کۆمەڵێك پرسیاری وردی پێویستە، من پێشنیار ئەکەم لە شوێنی ئەو ئەبوابانەی باسم کرد بۆ کردنەوەی بەشەکانی دایەنگا، لە فەرمانگە حکومیەکان وەکو لە ولاَتانی تر جێ بەجێ ئەکرێ، و ڕەچاو کردنی نەوعی ئیجتیماعی کە پێکهاتووە لە ژن و منداڵ، وابزانم ئەوەش باشترین پشتیوانیە بۆ ئەفرادی فەرمانبەر، سێیەم، هەروەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی ماڤی مرۆڤ هاتووە و هاوکارانم لە پەرلەمان پێشنیاریان کرد کە بودجەی تەرخان کراو بۆ دەستەی ماڤی مرۆڤ زۆر کەمە، بۆیە پێشنیار ئەکەم وەك ئەندامێکی لیژنەی ماڤی مرۆڤ ڕەچاوی کاری ئەم دەستەیە بکرێ، بەشە بودجەیەك تەرخان بکرێ کە ئەم دەستەیە بتوانێ کاروئەرکەکانی کە لە یاسا دیاری کراوە جێ بەجێ بکات، لە کۆتایی پرسیارێکم هەیە بۆ وەزارەتی پلاندانان، بە پێی ماددەی 34 بڕگەی دووەم لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 پێویستە وەزارەتی پلاندانان هەرسێ مانگ ڕاپۆرت و بەدوا داچوونی وەرزی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکات، ئەو ڕاپۆرتە بۆ نەهاتیە بۆ پەرلەمان کە وەزارەتی پلاندانان مولزەم کراوە؟ هۆکار چیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك سەمیر

**بەڕێز سمیر سلیم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەرەتا لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنەی دارایی بۆ ڕاپۆرتەکەیان گلەیشم هەیە، لەبەر ئەوە داوای کات ئەکەم، چونکە نەیانهێشت تێبینیەکانمان وەکو موعارەزە لە لیژنەی دارایی تۆمار بکەین، خۆیان وتیان لەوێ کاتتان ئەدەینێ بۆ عەرزی ڕاپۆرتی خۆتان، بۆیە ئیزن ئەخوازم لە وەقت ئەگەر ئەوان تۆماریان کردبایە تەصەورم نە دەکرد لێرە زۆر قسە بکەم بەراستی، بودجە کارێکی بەشەریە، هیچ کارێکی بەشەریش بی نوقستانی و بێ عەیب نیە، نوقستانی و کەموکوڕی ئەوە ناکات دەست کەوتی نیە و باشی تێدا نیە، ئینجا بەس ئەوە هەیە پەرلەمان شوێنی وەصف کردنی دەست کەوتەکان نیە، بودجە بۆیە هاتووە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی تەحدیدی کەموکوڕیەکان بکرێ و ئیقرار بکرێ دوای ئەوە، ئەصلی فەلسەفەی هاتن بۆ ئەوەیە، دەستەلاَت ئەسپێرێ بە حکومەت دوای چارەسەر کردنی کەموکوڕیەکان....

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان**

تكايه هێمنی بپارێزن، هەمووتان بە ئارەزووی خۆتان قسەتان كرد، هیچ كەسێك ڕێگەی لێ نەگیراوە، قەبوڵیش ناكەین كەس ڕێگای لێ بگیرێ، ئەوەی ئیلتیزام نەكات ئیجرائاتی بەرامبەر ئەكەین، فەرموو بەردەوام بە، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

.....مەسەلەی بودجە لە تەحدید كردنی كەموكوڕیەكاندا تەبیعی خوێندنەوەی جیاوازمان هەبێ و گۆشە نیگای جیاواز، مەرج نیە گۆشە نیگای من بۆ دیاری كردنی كەموكوڕیەكان هاوشێوەی گۆشە نیگای هاوڕێیەكی ترم بێ لە ڕووی سیاسیەوە و لە ڕووی مەنهەجیەوە و ئایدەلۆژیەوە، كۆی ئەوانە جیاوازی گۆشە نیگام لە دیاری كردنی كەموكوڕیەكان، بۆیە لێرە عەرزتان ئەكەم ئەگونجێ من و هاوڕێیەكم هاوڕا نەبین لەسەر ئەو مەوزوعە، لێرەشەوە حیساباتی جیاواز دروست ئەبێ كە دوایی دێمە سەری، نموونە لە خەملاندن كە پایەیەكی گرنگی ئامادە كردنی بودجەیە، سەیری ڕاپۆرتەكەی وەزارەتی داراییم كرد ئیعتیمادی وەزارەتی دارایی لە خەملاندنی داهاتدا كە دوایی بە تەفصیلی دێمە سەری لەسەر دامودەزگاكانی خوارەوە، وەزارەتەكان و دامودەزگاكان كردووە، ئەمە یەكێكە لە شێوازەكانی خەملاندنی داهات، واتە وەزارەت و دامەدەزگاكان داهاتیان چەند ئەبێ؟ هەمووی كۆ ئەبێتەوە و وەزارەتی داهات ئەمە ئەخەملێنێ، شێوازی تر هەیە، ساڵانی ڕابردوو حكومەت كە خەملاندوویەتی، یان داهات لە حیساباتی خیتامی دا هاتووە، ئەمیش شێوازێكی ترە، دوایی لێرەوە تەخمین ئەكرێ ئایا داهاتی ئەمساڵمان چەند ئەبێ؟ ئەلێرە گۆشە نیگای جیاواز دروست ئەبێ لەسەر تەخمینی داهات، دوایی دێمە سەری، لە مەوزوعی تەقریری وەزارەتی مالیە، بەراستی تەفصیلیە، ماندوبوونی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ تەفصیل بوونیشدا ئیشكالیەتی هەیە، و ئیزاحاتی پێویستی نەداوە كە دێمە سەر مەوزوعەكان هەر هەمووی لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی حكومەتی ئێمە وێنەیەكی كێشاوە بەراستی بە دڵم نەبوو، كە پێم وانیە وابێ ئەو وێنەیە، لە پێناو پاساو هێنانەوە بۆ كەمیی داهات، لە پێناو پاساو هێنانەوە بۆ كورتهێنان، حكومەت وا وێنا كراوە لە كۆی هەنگاوەكانی كە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی مالیە هاتووە كەم توانا لە بەرامبەر ئەو داهاتانەی لە بەغداوە لە بەشەكەی هەرێمدا دیاری ئەكرێ بێ توانایە لە دەستەبەر كردن و پاراستن و دابین كردنی ئەو داهاتە، جا حكومەت نەتوانێ لە هەموو ئەو هەنگاوانەش كە گیراونەتە بەر ڕێكاری یاسایی تێدا نیە، گرتنەبەری دادگای تیا نیە، هەمووی ئیتیفاقاتی سیاسیە، هەر بە تەوافوقی سیاسی 17٪ بۆ ئێمەیە، نەك بە قانونێك لە پەرلەمانی عێراقیەوە دەرچێ، یان لە مەحكەمەی عێراقیەوە دەرچێ، بە ڕێككەوتنێكی سیاسی لە نێوان هەرێم و بەغدا ئەم بەشەیە دیاری كراوە، ئەمە ڕێگایەكی داوە بە حكومەتی ناوەند بە میزاجی خۆی و بە پێی پێگەی هێزی سیاسی خۆی بتوانێ لەم ئیلتیزامە سیاسیە كە بە تەوافوقی سیاسی گیراوەتە بەر دەربچێ، ئەگەر بە قانون بوایە نەیدەتوانێ دەرچێ، یەكێك لە خەلەلەكانی حكومەتی ئێمە وا وێنە كێشراوە بێ توانایە، بە تەصەووری من ئەوەندە بێ توانا نیە بەراستی، ئەمە پاساو هێنانەوەیە بۆ كورتهێنان، بۆ كەمی داهات، كە خراوەتە ئەستۆی بەغدا، ئەم وێنە كێشانە لە جێی خۆیدا نیە، لەگەڵ ڕێزم

بۆ ڕاپۆرتەکە، وێنە کێشانێکە تۆزێك وێنەکەی شێواندووە، ئەبوو ڕوونتر بوایە، لە بارەی ستراتیجەوە، تەبیعی یەکێ لەو مەوزوعانەی باسی ستراتیجی وەزارەتی داراییە، تۆ حکومەتی، لە حکومەتدا ستراتیجێك دائرێژی ئەبێ تەرخان کردنی پارەکان ئەم ئیدیعایەی تۆ بسەلمێنێ، نەك تەرخان کردنی پارە پێچەوانەی ئیدیعایەکە بێ، کە وتمان لە ستراتیجی حکومەتی ئێمە بەم شێوەیە، کۆمەڵێك موستەلەح هەیە کە هی حکومەت نین، ئەمانە موستەلەحی هێزێکی کارنامەی هەڵبژاردنە، مەسەلەن بایەخ دان، گرنگی دان، هەوڵدان، کارکردن، دانانی میکانیزمی گونجاو، ستراتیج نابێ ئاوا بێ، ئەبێ مەعلوم بێ، مەلموس بێ، مەحدود بێ، دیاری کراوبێ، ئەمانە هیچیان مواسەفاتی بودجە نین، چونکە نە مەلموسە، نە مەحدودە، نە مەعلومە، هەمووی شتێکە سپاردوویەتی بە ئایندەیەکی نادیار، دێمە سەر دیوە ڕەقەمیەکەی، بە دەر لە دیوی سیاسی، تۆ ئەڵێی بایەخ دان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆ، باشە بایەخ دان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆ، ئەوەی داهاتی ناوخۆ چیە؟ زەریبە زیاد ئەکەی؟ سنووری گومرگی ئەکەیتەوە؟ مەتاری تازە ئەکەیتەوە؟ کە تۆ ئەڵێی بایەخ ئەدەم ئیجرائاتی بایەخ دانەکە لەناو ستراتیجیەکە دیار بێ، لێرە هەر بایەخ دانێکە هاتووە، لەگەڵ ئەوەش نە دیارە مەتار ئەکاتەوە، نە دیارە زەریبە زیاد ئەکات، نە دیارە مەعمەلی تازە ئەکاتەوە، نە ڕێڕەوی بازرگانی تازە ئەکاتەوە، هیچ کامیان لە بایەخ دانەکە دیار نیە، حاڵەتی دووەم، هاتووە باسی داهاتی ناوخۆ لە حیساباتی خیتامی 2011 ترلیۆنێك و سەد و سی و یەك ملیارت داوە بە پەرلەمان، بەڵام ئەمساڵ بە شەسەد و پەنجا و یەك ملیار خەملێنراوە، باشە سەبەب چیە ئەبێ بە نیوە؟ زەریبە کەم ئەکەیتەوە؟ مەصنەعەکان دائەخەی؟ خاڵە سنووریەکان دائەخرێ؟ سەبەب چیە لە ترلیۆنێکەوە بۆتە شەسەد و پەنجا ملیار؟ ئەمە یەکێکە لەو پرسیارانەی، و یەکێکە لەو ئیشکالیەتانەی لە ناو ستراتیجیەکە هەیە، ڕەقەمەکان، بایەخ دانەکان ناسەلمێنن، خاڵی دووەم، کە باسی کەرتی کشتوکالی و پیشەسازی کرا، یەعنی تۆ ئەهمیەتی ئەدەیتێ؟ دووسەد و چل و یەك ملیارت تەرخان کردووە، پیشەسازی ئەهمیەتی ئەدەیتێ؟ چونکە وتووتە لە ستراتیجیەت دا بایەخی ئەدەمێ، شەست ملیارت بۆ تەرخان کردووە، ئەم ڕەقەمانە لەگەڵ ئەم ستراتیجیە ناگونجێ، خۆی پێچەوانەی خۆی کردووە، خاڵی دووەمم کەم کردنەوەی زیادە ڕەوی، پێشنیار ئەکەم بۆ وەزارەتی دارایی، بۆ بەردەم پەرلەمان، ئەیخەمە بەردەستتان بۆ موصادەقە کردن، ئەڵێ کەم کردنەوەی زیادە ڕەوی لە خەرجی گشتی دا، بەڵام لە تەرخان کردنەکاندا دیار نیە، بە نموونە، بودجەی تەشغیلی یەکێکە لە ئیشکالیات، ئێستا بە ڕەقەم دەری ئەکەم چەندی لەم بودجەی تەشغیلیە ئەچێتە لای موەزەف؟ ئێمە لە 2012 دە ترلیۆن و پێنج سەدو بیست و پێنج ملیار و حەوسەد و نۆەد ملیۆن دینار بودجەی تەشغیلی بووە، ئەمساڵ یانزە ترلیۆن و هەشت سەدو هەشت ملیار و نۆسەد و پەنجایە، چەندی ئەم پارەیە؟ واتە ترلیۆنێك و هەشتاو سێ ملیار و سەد و شەست و یەك ملیۆن دینار زیادی کردووە کە تۆ سیاسەتی تەقەشوف، یان سیاسەتی کەمکردنەوەی زیادە ڕەویت کردووە، لەم ترلیۆنە سەدو هەشتاو یەك ملیار و نۆسەد و هەشتاو چوار ملیۆن دینار بۆ تەعویزاتی موەزەفینە، نۆسەدو یەك ملیار کە نزیکەی ترلیۆنێکە، نۆسەد و یەك ملیار و سەدو حەفتاو حەفت ملیۆن

دینار بۆ سیلەع و مینەح و مەسورفات و ئیعانات مەوجوداتی مالیە، ئەگەر بێتو تەنها بە ڕەقەمەکەی پار ئەمە تەرخان بکەین، واتە ڕەقەمی پاری سیلەع و خەدەمات کە سێ ترلیۆن و کەسرێکە، دوایی دێمە سەری، سێ ترلیۆن و پێنج سەدو هەشتا و چوار ملیۆن و چوار سەد و یەك ملیۆن دینار بۆ سیلەع و خەدەمات تەرخان کراوە ساڵی پار، واتە ئەگەر نۆسەد و یەکەکە لەسەر کەم کردنەوەکە بێین کورتهێنانەکە پاکتاو بکەین، ئێمە کورتهێنان ئەکەین بە نیوە، لە نیوەی کەمتریش، ئەم نۆسەدو یەك ملیارە کە لەو فەصلانەیە ئەگەر بێین ئەمە لابدەین، کورتهێنانی پێ پڕ بکەینەوە، واتە لەو فەصلانە هیچ ئیزافەیەکی نەکەین، بەقەدەر بڕەکەی پار تەرخانی بکەین، کورتهێنان لە نیوە کەمتر ئەکەینەوە، یەکێك لە ئیجرائاتەکان کە پێشنیار ئەکەم بۆ پەرلەمان ئەم نۆسەدو یەك ملیار و سەدو حەفتاو نۆ ملیۆن دینارە لە بودجەی تەشغیلی کە چۆتەسەر فەصلەکانی سیلەع و ئیعانات و مینەح و خەدەمات هەڵگرێ، بیخاتەوە سەر پاکتاو کردنی کەموکورتیەکان، یەکێك لە ئالیەتەکانی کەموکورتی ئیجرائاتی لەگەڵ بکەین، چونکە حکومەت ئەڵێ ستراتیجی من کەمکردنەوەی زیادە ڕەویە، یەکێکە لە زیادە ڕەویەکان، بە ڕەقەم ئەیخەمە بەردەستان، و پێشنیار ئەکەم کەمی بکەینەوە بۆ ئەوەی خزمەتێك بە کەمکردنەوەی زیادە ڕەوی بکەین، خاڵێکی تر میعیارێك نیە بۆ تەحدید کردنی زیادە ڕەوی، یان میعیارێکی وازح نیە بۆ خەملاندن، حکومەت لە ساڵی 2012 لە مانگی شەش بودجەی ئیقرار کرد لە هەرێم، بۆ تەعویزاتی موەزەفین ساڵی شەش ترلیۆن و نۆسەد و سی و یەك ملیارمان تەرخان کردووە، لەشەش مانگی یەکەمدا لە هەمان ساڵ چوار ترلیۆن و ئەوەندەمان خەرج کردووە، بە مەرجێك لەشەش مانگی یەکەمدا بودجە ئیقرار نەکراوە تاکو ئێمە بە پاساوی سەرف کردنی زیادە ڕەوی بۆ هێزەکانی ناوخۆ و پەروەردە ئەمە بڵێین وەلا چوار ملیۆنەکەمان شەش مانگی یەکەم کردووە، ئێمە لە ساڵی پار ئەمەمان ئیقرار نەکردووە لە مانگی شەش هەتا زیادەکەیان سەرف کردبێ لە بەشی تەعویزاتی موەزەفین، بە پێچەوانەوە هەر هەمووی خەملاندنێکی هەڵەیەو پێوەری موحەدەد دیار نیە، خاڵێکی تر لە وازح نەبوونی بنەماکان، حکومەت ئەڵێ لە حیساباتی خیتامی لەپرۆژە ئیستسماریەکان لە 49٪ سەرف بووە، دیسان هاتۆتەوە لە بڕی ئەوەی حکومەت خۆی توانای ئینجازی نیە بۆ ئەم مەشروعانە کە لە 50٪ یە، لە بڕی ئەوەی لە بودجەی ئیستیسماری کەم بکاتەوە ئیزافەی کردووە، ئەم بنەمایە چیە؟ خۆی حکومەت ئەڵێ لە 49٪ ی بۆ سەرف کردووە، با نەڵێم پارەکەی بۆ سەرف کراوە، ئینجازی بۆ مەشروعەکەی کردووە، 49٪ هەر لەحیساباتی خیتامی هەر هەمووومان پێش مانگێك موناقەشەمان کردووە، دیسان هاتۆتەوە لە تەخسیسی مالی دا بابەتەکەی زیاد کردووە، ئەمە حاڵەتێك ئەسەلمێنێ بۆ ئێمە، کە بەراستی ئێمە لەسەر بنەمایەکی وازیح تەخمینات یان تەخسیسات ناکەین، دەقیق تر، من وەکو پەرلەمانتارێك داوا لە وەزارەتی بەرێز ئەکەم لەسەر چ ئەساسێك؟ لەسەر چ پێوەرێك؟ تەخسیساتی مالی بۆ وەبەرهێنان دیاری کراوە تا دەنگی بدەمێ؟ چونکە ئەمەوێ پشتیوانی بکەم بەراستی، بەس تەخسیساتەکە دیار نیە، لەو لاوە ئەو دوو، سێ ساڵی ڕابردوو لە 49٪ ی بۆ ئینجاز کراوە، ئێستا زیادی کردووە لە جیاتی ئەوەی کەم بکات، مەنتیقی ئەبێ، خاڵێکی تر کە پرسیارە لە

بەرێز وەزیری ئەكەم و ئەبێ موقنیع بێ بۆم، چونكە پارەكە كەم نیە، نەفەقاتی حاكیمە بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی خۆی بێجگە لە بیتاقەی تەموینی و دەرمان لە 85٪ بەرەو زور بە ئیقراری وەزارەتی مالیە خۆی هاتووە، چونكە شمەكە دێت، نابێت بە پارە تا بڵێی وەلا پارە بێ و داخیلی بودجەی بكەی، ئەمەش مەكە، بەلام لە بەشەكانی تر لە مەسەلەی ئیحسایە، هەڵبژاردنە، حەج و عەمرەیە، كۆمەڵێك ئەو فەصلانەی تر، شەسەد و هەژدە ملیار دینارە، حكومەت ئەڵێ لە نێوان 20٪ بۆ 50٪ ئەبێ، ئەگەر ئێمە لە 30٪ دابنێین، زیاتر لە دووسەد ملیار دینار ئەكات، بە پێی چ ئەساسێك ئەمە داخیلی بودجە ناكرێ، بەلام تەنمیەی ئەقالیم كە لە بەشەكەی ئێمەش نیە داخیل ئەكرێ؟ هەموو ساڵێك ئەمە بەشێكە لە شوێنە نادیارەكەی ئێمەیە، ئەبێ ئەو مەوزوعە داخیل كردنی نەفەقاتی حاكیمە، چونكە بە ڕەقەم داوتە، ژمارەیە، ئەبێ داخیلی ئەم بودجەیە بكرێ، بە چ پێوەرێك داخیل ناكرێ؟ خاڵێكی تر دێمە سەر هۆكارەكانی كوردتهێنان كە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، هۆكاری تەبیعی كورتهێنان بەردەوام بۆتە ئەو بەرمۆدایەی كە ئەو پارانە هەڵئەمژێ بە ئاسمانی هەرێمدا ئەڕوات، كورتهێنان حكومەت خستوویەتیە سەر پێشمەرگە، سەر قروز، كارەبا، داواش ئەكات یاسایەك دەربچێ سەلاحیەت ببەخشین بە حكومەت بۆ ئەوەی ئەم هاوتا كردنەوەی دەرماڵەیە لەسەر ئەساسی تەنها ئیسمی بێت و لەگەڵ زەوجی و ئەتفالدا ماباقی تر كە موخەصەصاتە بەشێكی زۆری مووچەش پێكدەهێنێ، صەلاحیەت بدرێ بە حكومەت دەستكاری موخەصەصات بكاتەوە بۆ ئەوەی كورتهێنان كەم بكاتەوە، كورتهێنان ئەگەر ژمارەی تەبیعی پێشمەرگە....، بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە داخیلی تەعویزاتی موەزەفینە، حەوت ترلیۆن و سێ سەدو سیانزە ملیار دینار و سێ سەدو هەشتا ملیار دینارە، ئەگەر دەری بكەی لە چواردە ترلیۆن، چونكە با بڵێین ئەوە تەعویزاتی موەزەفینە، هێشتان بۆ بودجەی ئیستیسماری و فەصلەكانی سیلەع و خەدەمات حەوت ترلیۆن و دووسەد و نۆەد و سێ ملیار و سێ سەدو پەنجاو پێنج ملیۆن دینار ئەمێنێتەوە، واتە ئێمە موشكیلەكەمان لەمەسەلەی كورتهێناندا، نەك لە هێزی پێشمەرگە، بڵێن وەلا هێزی پێشمەرگە بەردەوام لە میزانیەی حكومەت مامەڵەی لەگەڵ كراوە، ئیشیشمان بۆ كردووە، داوای زیاتریش ئەكەین، لەبەر ئەوە كورتهێنان پەیوەندی بە مەعاشی پێشمەرگەوە نیە، پێشمەرگە ئەوە نیە، جگە لە هەموو تەعویزاتی موەزەفین، بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هیشتان حەوت ترلیۆن و دووسەد و نۆەد و سێ ملیار سێ سەدو پەنجا و پێنج ملیۆنمان بە دەستەوەیە، بۆ بودجەی ئیستیسمار كە پێنج ترلیۆنە، و بۆ فەصلەكانی ترر كە سیلەع و خەدەمات و ئیعانە و هەموو ئەو بەشانەی ترە، لەبەر ئەوە ئەم داواكاریە پێم وایە یەكێكە لەو مشكیلانەی كە جاری پێشوو داوام كرد كە كورتهێنان لەو فەصلی سیلەع و خەدەماتە كەم بكەینەوە نۆسەد و ئەوەندە ملیارە، دیسان لە كەیسی نەوت دوایی هێناوتە بە سندوقێكی نادیار كە هێشتان ئیقرار نەكراوە لای ئێمە، بە نیسبەت تەخصیصات من یەك نموونە ئەهێنمەوە بۆ تەخصیصات كە بەراستی حەز ئەكەم ڕێڕەوی دیموكراسی لە ولاتی ئێمە خەریكە وردە وردە ڕێی خۆی ئەگرێ، و سیمای ئەزموونی حوكم ڕانی ئێمە سیمایەكی دیموكراسی پێوە ئەنیشێ، بەس لە تەخصیصاتی مالی من یەك ڕەقەم ئەخوێنمەوە لە

ڕاپۆرتی وەزارەتی مالیەش دەرکراوە، موکافەئاتی غەیری مونتەسیبین سەدو شەش ملیار و نۆسەد و حەفتاو دوو ملیۆن دینار تەرخانکراوە، یەعنی ئەکاتە سەد ملیۆن دینار بە نزیکەی، سەد ملیۆن دۆلار ئەکاتە سەد دەفتەر، سەد کەرەتی سەد دەفتەر ئەکاتە دە هەزار دەفتەر،، موکافەئات بۆ غەیری مونتەسیبین، گەڕام بە دوایدا لە وەزارەتەکان ئەم پارە لە کوێیە؟ موکافەئاتی غەیری مونتەسیبین چیە؟ لە ئەنجومەنی ئاسایش ڕەقەمێکم دەست کەوت هەشتاو سێ ملیار دینار موکافەئاتە بۆ غیر مونەسیبین لە بەشی ئەنجومەنی ئاسایش، موکافەئات بۆ موتەعاونین واتە غەیری مووەزەفین، ئەم هەشتاو سێ ملیار دینارە ئەکاتە هەشتا ملیۆن دۆلار، یەعنی هەشتا ملیۆن دۆلار کەڕەتی سەد دەفتەری بکە ئەکاتە هەشت هەزار دەفتەر، من لەگەڵ ئەوەم ئاسایش یەکێکە لە وێنە جوانەکانی هەرێمی کوردستان، دابین کراوە، ئەمەش لە مەجالی تەعویزاتی مووەزەفین و لە تەخمینات و لە بەشەکانی تر کە ئەندامم لە لیژنەی ناوخۆ یەکێك بووم لەوانەی زۆر پشتگیریم کردووە، بەڵام 10 هەزار دەفتەر بۆ موکافەئاتی غەیری مونتەسیبین یەکێکە لەو زێدە ڕەویانەی کە کراوە، دێمە سەر سەرچاوەکانی داهات، ئەم 10 هەزار دەفتەرە پرسیار ئەخاتە سەر دیموکراسیەتی هەرێم، سەرچاوەکانی داهات ئەوانەی کە نادیارن بە پێی دیکۆمێنتەکانی موازەنە هێناومانە، نەك بە ڕێگەی تەخمینات بچم لە دەرەوە بیهێنم، یەعنی خوێندنەوەی ژمارەییم بۆ ڕەقەمەکان، تەخمینی دەرەوەم نەهێناوە، لە ماددەی یەکی بڕگە سێی پرۆژە یاسای موازەنەی ئەمساڵ بە هەمان شێوە لە حەقلی داهات دا ئەڵێ سەد ملیار دۆلار پترۆ دۆلارمان هەیە، هەشتای بۆ مەنتوجە، سەد و بیستەکەی تری موستەحەقاتە، من وا تێگەیشتم موستەحەقاتی بەغدایە، بەڵام موستەحەقاتی بەغدا لە شوێنێکی تردا چل و دوو ملیۆن دۆلارە، دوایی لە موازەنەکە لە بەشی داهات دەرمهێنانە هەر 200 ملیار دینارەکە لە مەنتوجە، لە ئیستیمارەی تەقدیرات بۆ ئیرادات ئەم ڕەقەمە خۆی دەرجی کردووە حکومەت لە موازەنەکە، ئەڵێ پترۆ دۆلار دووسەد ملیار دینارە، ئەڵێ ئەگەر مەنتوجی داخیلیە ئەوە من تێئەگەم نەوت بە بۆڕی ئەڕوات، دوو سەدو پەنجا هەزارەکە ئەچێتە بەغدا، چونکە ئەوە لە زمنی موساهەمەی هەرێمە کە مەسئولیاتی گەورەی عێراقی لە ئەستۆدایە، ئەوە ئەچێتە بەغدا قسەم لەسەری نیە، ئەم دووسەد ملیار دینارە ئەکاتە دووسەد ملیۆن بەرمیل، دوو ئیحتیمال لەبەر دەمی ئێمە دایە، خیاری یەکەم دوو سەد ملیۆن بەرمیل حکومەتی هەرێم فروشتوویەتی، پترۆ دۆلارەکەی واتە بۆ هەر بەرمیلێك دۆلارێکە، یان هەر بۆ پەنجا مەتر سێجای گازی سروشتی دۆلارێکە حکومەت لەبەرامبەر ئەوە دووسەد ملیاری داخلی داهاتی هەرێمی کردووە وەکو پترۆ دۆلار، ئەی پارەی فرۆشی نەوتەکە کوا؟ ئەگەر فرۆشی دووسەد ملیۆن بەرمیل کەڕەتی 100 دۆلاری بکەین، ئەکاتە بیست ملیار دۆلار دیار نیە وەکو فرۆشی نەوت، ئەگەر خیاری دووەم عەرز بکەین، پارەی نەوت دابەش ئەکرێ بەسەر هاووڵاتیان یان ئەخرێتە بازاڕی ناوخۆی هەرێم، ئەو پارەیەی بۆ هاووڵاتیان داخل ئەکرێ ملیۆنێك خێزانە، کەڕەتی دوو بەرمیلی بکە ئەکاتە دوو ملیۆن بەرمیل، ئەگەر بە پەنجا هەزاری هاووڵاتیانی بیخەملێنین، دووسەد ملیۆن کەڕەتی پەنجا هەزار دیناری بکەی، زیاد لە ترلیۆنێك دینار ئەکات، ئەم ترلیۆن دینارە، تەبیعی ئەمە بە مەحەلیەکەی، ئەگەر

یەکەمەکەی لێ دەرچین خیاری یەکەم پاساوی بۆ بهێندرێتەوە بە بۆریە نەوتەکەی بەغدا خیاری بەم پارەی نەوتەی ئەیفرۆشی بە هاوولاتیان بە پەنجا هەزار دینار، ئەگەرنا لە بازاڕی ڕەش زیاد لە سەد هەزار دینارە، من پەنجا هەزار دینارم تەخمین کردووە وەکو هاوولاتیان، دوو سەد هەزار بەرمیل کەڕەتی پەنجا هەزار دیناری بکە زیاد لە ترلیۆنێکە، ئەم داهاتە لە کوێیە؟ کە لە زمنی داهاتی ناوخۆ ئاماژەی پێ نەکراوە، خاڵێکی تر ئەیکەمە پرسیار بۆ بەرێز وەزارەتی دارایی، بە پێی هەندێ قسە کە بیستوومە لێرەو لەوێ، نازانم چەندە راستە؟ ئەو وەزارەتانەی کە داهاتیان هەیە، وەك وەزارەتی بەلەدیە، ناوخۆ و تەندروستی و کارەبا کە خۆیان داهاتی خۆیان هەیە لێیان ئەبردرێ، مەسەلەن ملیارێك داهاتی هەیە مەرکەزیەن لە ڕێگەی پەرلەمانەوە سەدو پەنجا ملیار دینار تەخصیصی مالی بۆ کراوە، واتە ملیارێك لێرە وەفەر ئەبێتەوە، ئەگەر وایە ئەو پارانەی کە لای ئێمە نەگەڕاوەتەوە بە ڕەسمی لە ناو داهات دا، تەبیعی کەم نین، زۆرن پارە نەگەڕاوەکانی وەزارەتی ناوخۆ بە پێی حیساباتی خیتامی 2011 دەری بکە نزیکەی دوو ترلیۆن دینارە، ئەم پارە نەگەڕاوانە ئەگەر حکومەت لێیان ئەبڕێ، ئەبێ ئێمە لە حیساباتی داهات تەخصیصاتی مالی حیسابی بۆ بکەین بۆ وەزارەتەکان، ئەگەر لێشیان نابڕێ ئەم پارە من ئەیکەمە پێشنیار بۆ پەرلەمان ئێمە ئەو دەستەلاتەی هەموو ساڵێك لە پرۆژە یاسای بودجە ئەیدەین بەو وەزارەتانە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ خۆیان، واتە نەگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی و سەرف بکرێتەوە، داوا ئەکەم ئەو دەستەلاتە بسەنرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو ترلیۆنە جارێکی تر ببێتە هۆکارێکی تر بۆ کەم کردنەوەی کورتهێنان، چونکە ئەوە ڕێگا بە خراپ بەکارهێنانی خەرج ئەدات، هەتا بۆ دەزگای ڕەقابیش ئاسان نیە کۆنترۆل کردنی، خاڵێکی تر کە نادیار ماوەتەوە، ئێمە لە بودجەی ئەمساڵ ترلیۆنێك و چوارسەد و هەژدە ملیار و دووسەد و بیست و دوو ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ خانە نشینی، مەدەنی و عەسکەری پێکەوە، واتە مووچەی خانەنشینان لە ناو بودجە تەرخان کراوە، نەك لە سندوقی خانە نشینان، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایش ئەمە هاتووە، پرسیار ئەوەیە، پارەی سندوقی خانەنشیان ئەچێتە کوێ؟ چونکە لە بودجە پارە ئەدەین، نەك لە سندوقەکە، ئەمە موساهەمە نیە لێرەوە بدرێ بە سندوقەکە، بودجە خۆی پارەی مەدەنی و عەسکەری داوە، پارەی سندوقی خانەنشینی شەسەد و شەست و حەفت هەزار و هەشت سەدو چل نۆ نەفەرمان هەیە جگە لە پانزە هەزارەکە کە ئەمساڵ تەخصیصی ئەکەین، ئەگەر هەموو موەزەفێك لە ئیستیقتاعات تەقەعود بێ پەنجا هەزار دیناری بۆ ببڕێنەوە کە زۆرە، لە چوار سەد هەزارەوە هەیە بۆ خوارەوە، بە موعەدەلی عام وەرم گرتووە کە 50 هەزار دینار کەڕەتی دوانزە مانگی بکە، ئەکاتە چوار سەد ملیار و سەد و شەست و نۆ ملیۆن و چوار هەزار دینار ئەکات، ئەم پارە لە کوێیە؟ چونکە تۆ لە داهات بودجەت تەخصیص کردووە بۆ مووچەی خانەنشینی ئەبێ ئستیقتاعاتی تەقاعودی لە داهاتی ناوخۆدا دیار بێ، ئەگەر ئەو شەسەد و پەنجایە ئەو چوارسەدەی تێدایە ئەوە پرسیار دیسان ئەگەڕێمەوە سەر داهاتی وەزارەتەکانی تر و پرسیار لەوێ دروست ئەبێ، خاڵێکی تر لە زمنی داهات تەئکید ئەکەمەوە وەکو پرسیار، لە نەفەقاتی حاکیمە، وەزارەتی کارەبا ئەڵێ بە پێی مەعلوماتێك کە لای ئێمەیە ئیقراری

کردووە زیادتر لە چوارسەد ملیاری لە نەفەقاتی حاکیمە لە بەشی کارەبا وەرگرتووە، وابزانم لە لیژنەی پیشەسازی و وزەش وەزیری کارەبا ئەم ئیقرارەی، ئەلوهیم مەعلوماتمان هەیە کە چوارسەد ملیار دینار لە نەفەقاتی حاکیمە بەس وەزارەتی کارەبا وەریگرتووە، ئەم پارەیە بۆ داخیلی بودجە ناکرێ وەك داهات؟ چونکە بە شێکە لە نەفەقاتی حاکیمە، ئەوەی پێشووش کە عەرزم کردن شەسەد و هەژدە ملیار ئەکات، ئەگەر یەك لەسەر سێیشی لە 20٪ کە ئەکاتە زیاد لە دووسەد ملیار، بۆچی داخیل ناکرێ وەك داهاتێك کە لەم هەرێمەدایە؟ پرسیارێکی ترم لە بەرێز وەزیری دارایی، یەکێ لەو ئەزمانەی کە هەیە دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران پاساوەکەی چیە؟ لەبەر ئەوەی لە بەغداوە بە ئەقسات ئەو تەخصیصە مالیە کە هەیە نایەتە ناو بانکەکانەوە لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە هەیە لە نێوان هەرێم و بەغدا، پرسیار لە وزارەتی دارایی ئەکەم، تەعزیزی مالی بنوك لە هەرێم تەنها بانکی مەرکەزیە؟ چونکە دەورانی پارە لە نێوان موئەسەساتی حکومی و قیتاعی خاص کە لە شێوەی شەریکات هەیە، و لە نێوان موستەسمیرین، هەموو ئەوانە وا ئەکات بانك خالی نەبێ، حکومەت پارە وەرئەگرێ خۆ نایباتە ماڵەوە، لە زەرائیبە، لە داهاتەکانی تر ئەبێ بیباتە بانك، کە بردی مەعنای تەمویل هەیە، تەعزیزی مالی هەیە، تا ئێستا پاساوەکان بۆ دواکەوتنی بودجە لە خالی بوونەوەی بانکەکان ئەسپێردرێ بە بانکی مەرکەزی لەبەر بارودۆخی عێراق پارە نامێنێ، کەواتە یەك ئاماژە بە ئێمە ئەدات، تەعزیزی مالی بنوك تەنها بانکی مەرکەزیە، حکومەتی هەرێم هیچ جۆرە تەعزیزێکی مالی کە پارە ئەخاتە بانك چ لە قیتاعی خاص بێ یان عام، و ئەم ئیستیسمارە مالیە ناخاتە بانکەوە، ئەمەش ئاماژەیەك ئەدات بە ئێمە، ئەگەر حکومەت خۆی تەعزیزی مالی نەکات لە داهاتی خۆی، ئەگەر خۆی متمانە نەبەخشێ بە بانکەکانی، موستەسمیرین و هاووڵاتیان چۆن ئەیبەخشن؟ من بۆ بودجەی وەبەرهێنان پرسیارێك ئاراستەی وەزیری پلاندنان ئەکەم، بەراستی هەموو ساڵێك بودجەی وەبەرهێنان لە 15٪ سەرف ئەبێ، حەقە بە ئاشکرا لە بودجەدا بە هاووڵاتیان بڵێین، 50٪ یەعنی لە 15٪، تۆ 31٪ هەیە لە 50٪ لە 30٪ ئەکاتە لە 15٪ لەراستی، بڵێ لە 17٪ لەبەر خاتری تۆ.....

**بەرێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز د.علی سندی_وەزیری پلاندانان**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوە مەسەلەی حیسابیە، ئەمە بۆچوونی من و بەرێز کاك سەمیر نیە، کە جەنابت ئەڵێی لە بودجەی وەبەرهێنان ئەبێ بڵێی 50٪، ئەگەر حەز ئەکەی بڵێ لە بودجەی گشتی ئەوکاتە بڵێ 15٪

**بەرێز سمیر سلیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

....من وتم به پێی حیساباتی خیتامی له 49٪ ی بودجەی وەبەرهێنان سەرف ئەبێ، واتـە ئـەبێ بڵێین لـە 31٪ بۆ وەبەرهێنان تەرخان نەکراوە، له 15٪، 16٪ تەرخان کراوە، چونکە لەو سەرەوە له 49٪ پاکتـاوی پێ ئەکرێ بەراستی، لەبەر ئەوە پرسیارێك له بەرێز وەزیری پلاندانان ئەکەم، ئەو پرۆژانە کامەن کە جێ بەجێ ناکرێن؟ نزیکەی پێنج ترلیۆن تەخصیص ئەکەین هەموو ساڵێك، لـە 49٪ سـەرف ئـەبێ، واتـە لـە 51٪ ی سەرف نابێ، بە قەوائیم، کامە مەکتەبە؟ کۆمەڵێك مەشروع هەیـە، مەسـەلەن عـەمباری نـەوت لـە هەڵەبجەی شەهید، چەند ساڵە تەخصیصی مـالی بـۆ ئەکـەین، هێشـتان بـەردی لەسـەر بەردیـەتی، هـەموو ساڵێك له بەردەوامەکان ناوی دێتەوە، دیزاینی بەنداوی ڕیشێن، ئێستاش بـڕۆ، خـۆم لـە کـام محمـدم پرسـی وتم نەوەك نەهاتبن، سێ ساڵە لەسـەر یـەك هـەر دیزاینـە، ئـەم مەسـەلەیە، ئێمـە بـە لیسـت بـزانین کامـە مەکتەبە؟ چونکە ئەو دوو ترلیۆن و کەسرە ئەگەر دابەشی بکەی بە دوو ملیـار دینـار بـۆ هـەر پرۆژەیـەك، زیاد له هەزار پرۆژە ئەکات، بۆ تەنفیز نابێ؟ ئەم هەزار پرۆژەیە کامەن تەنفیز نـابن؟ بـۆ ئـەوەی بەرچـاو ڕوون بین له موتابەعە، له تەخصیصات، چونکە لەسەر حیسابی ئەوە ئێمە تەقسیم مالی ئەکـەین، تـەبیعی تـا ئێسـتا مەجلیسـی خدمـە دانەمـەزراوە، لیژنـەی دامەزرانـدن لـە ئەنجومـەنی پارێزگاکـان تەشـکیل بـووە، بەعزێك وەزارەت، ئەڵێ وەزارەتی ئێمە هەموویان نیشتیمانین، بۆ هـەموو هاووڵاتیـان ئـەبێ هـەلی یەکسـان بڕەخسێنێ بۆ تەعین بوون، ئەزانم هەندێ  شوێن زوابتی خۆی هەیـە، کـابرا قیافـەی نەفەرەکـەش حیسـاب ئەکات ئەبێ 180 سم کەمتر نەبێ، ئیتر یەکێ 170 سم بێ نابێ، له مەسەلەی لیژنـەی دامەزرانـدن یـەکێ له کێشەکانی ئێمە ئەوەیە ساڵانە دامەزراندن، مەسەلەن ساڵی پار بە خەریجی پێرار وتراوە بە تەسەلسولی تەخەروج تەعینتان ئەکەین، ئەمساڵ هـیچ کـام لەوانـە ریعایـەت نـەکرا، بـە تایبـەت لـە سلێمانی، تـەعینی ئەمساڵ، تەخەروجی ئەمساڵ بووە، تەخروجی پار چاوەڕێ ئـەکات، بـۆ؟ دوو، هەنـدێ وەزارەت بـە تایبـەتی ئەمنیەکان، لە ڕێگەی لیژنەی دامەزراندنـەوە خـەڵك دانامـەزرێنن، ئەمـە نیشانەی ئەوەیـە هـەلی یەکسـان نیە، چونکە ئەگەر هاووڵاتیان وەك یەك ماڧ ئیش کردنیان لـە سـەرجەم دەزگاکانـدا هەیـە ئـەمنی بـێ یـان مەدەنی، ئەبێ لە ڕێگەی لیژنەی دامەزراندنەوە بێ، ئەمەش ئیشکالێکە لە لیژنەی دامەزراندن، داوا ئەکـەم لە ناو پرۆژە یاسای بودجە تەفصیل بدەین بە مەسەلەی دامەزرانـدن، نەیسـپێری بـە ڕێنمـایی و لـەو سـەر کۆمەڵێك خەڵك ماف خوراو بێ، دیسان ئـەزانم وەڵامـی وەزارەتـی دارایـی، مەسـەلەی پڕکردنـەوەی شـوێنی خانەنشینان کە بە قەدەر ئیستیحداس میلاك هەیە، لەوێ بە حیساب ئیسـتیبدال مامەڵـەی لەگـەڵ ئەکـەن، مادام ژمارەکە زۆرە و بە قەدەر ئیستیحداسەکە هەیـە حەقـە هاووڵاتیـان لـە نـاو لیژنـەی دامەزرانـدن، ئـەو پانزە هەزارە، حەڤدە هەزارە، هەرچەندێك هەیە، بێتەوە ناو لیژنەی دامەزراندن، لـە لیژنـەی دامەزرانـدن بە هەلی یەکسان هەموو هاووڵاتیان ئـەو شـوێنانە پـڕ بکەنـەوە، شـوێنی خانەنشـینی کـە ساڵانە بـە قـەدەر ئیستیحداسی میلاکە کەس نازانێ چۆن پڕ ئەکرێتەوە؟ داوا ئەکەم ئەمساڵ لـە مەسـەلەی میلاکاتـدا خـەڵك تـەدوین بکـەین، ئێمـە مەسـەلەی پـڕ کردنـەوەی شـوێنی خانەنشـینی لـەناو بودجـە لـە ڕێگـەی لیژنـەی دامەزراندنەوە بێت، ئـاخر قسـەم، داوا ئەکـەم دەسـتەڵاتی وەزیرەکـان، ئەوانـەی کـە بـە خۆیـان سـپێردراوە

داهاتی ناوخۆیان سەرف بکەن، تەحدیدی بکەین، بەراستی ئەو پارەیە زۆرە، ئەتوانین کورتهێنانەکان پڕ بکەینەوە، ئەوکاتیش وەزارەت هەیە 10، 15 ملیاری بۆ تەرخان کراوە لەم پەرلەمانە و دەستەلآتی ئەدەینێ بۆ سەرف کردن، لەوێ زیاتر لە حیساباتی خێتامی وەزارەتی شارەوانی زیاد لە پێنج سەد ملیار دینار داهاتی بووە بەپێی حیساباتی خیتامی 2011 سەرفی راستەخۆی کردووە، داوا ئەکەم ئەو سەلاحیەتانە کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانین بودجەی تەکمیلی تر بکەین، کورتهێنان کەم بکەینەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من حەز ئەکەم سەرەتا لەبەر ئەوەی ئەم بەشەی گفتوگۆکەمان بۆ تەقیمی ڕاپۆرتی هەر دوو وەزارەتی دارایی و لیژنەی داراییە، سەرەتا لە ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییەوە دەست پێ ئەکەم، دیارە لەبەر ئەوەی پێش من زۆر قسەیان لەسەر کرد، محاوەلە ئەکەم تا بتوانم شتەکان دووبارە نەکەمەوە، سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە جێگەی دەست خۆشیە، وەك ئەزانن یەکەم ساڵ کە لەم پەرلەمانە موناقەشەی بودجەمان کرد تەنها پرۆژە یاساکەو لیستی پرۆژەکان هاتبوو، ئەوکات ڕەخنەگران زۆرتر تەنها ئۆپۆزۆسیۆنە، و هیچ ڕاپۆرتێك هاوپێچ نەکرابوو، بەلآم ئێستا ڕاپۆرت هاتووە، بەلآم جێگەی خۆیەتی ڕەخنە بگرین بۆ ئەوەی ئەگەر ساڵانی تر بوو یان ئەمساڵ چاك کرا باشتر بکرێ، ئەو ڕاپۆرتەی کە سەبارەت بە ستراتیجی کاری حکومەت نووسراوە من حەز ئەکەم سەرەتا لە لاپەڕەی 8 وە دەست پێ بکەم، کە هەشت خاڵی دیاری کردووە بە گرنگترین ستراتیجیەکان کە حکومەتی هەرێم کاریان لەسەر ئەکات، بە کورتی ئەیڵێم، چونکە پێش من باس کراوە، هەر خاڵێك لە ستراتیج تەدوین ئەکرێ ئەبێ کۆمەڵێك سیفات هەیە هەیبێ، موحەددەد بێ، قابیل بێ بۆ قیاس کردن، مومکین بێ، واقیعی بێ، و کاتێکی دیاری کراوی هەبێ، هیچ کام لەم هەشت خاڵە ئەو سیفەتانەی تیا نیە تا بتوانم بە پێی ئەمە بودجەکە هەڵسەنگینم، مەسەلەن ئەڵێ کەمکردنەوەی زێدە ڕەوی لە خەرجی گشتی، ئاخر بە نیسبەی چەند کەمی ئەکەیتەوە؟ بۆ ئەوەی من ئێستا سەیری بکەم بزانم ئایا ئەم زێدە ڕەویە بە نیسبەیەکە کەم بۆتەوە؟ ئەتەوێ نیسبەی چەند ئەبێ دیاری بکەی؟ یان ئەڵێ بەردەوام بوون لەسەر هەنگاوانی حکومەت بۆ چاکسازی، وشەی بەردەوام بوون و گرنگی پێدان و دانانی میکانیزم و هەوڵدان، ئەمانە بە هیچ جۆرێك لە ستراتیج نانووسرێ، وەکو مولاحەزەیەك حەز ئەکەم بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین تەقیمی ئەم بودجەیە بکەین هەڵیسەنگێنین لەگەڵ ئەم ستراتیجیە، ئەو سیفەیەی تیا نیە بتوانم تەقیمی بکەم، بەلآم ئەگەر هەروا وەکو هەموو هاوەڵەکانم بەس بە خوێندنەوە

بێ، ئەزانی کاتێك کە باس لە بایەخ دان بە سەرچاوەی داهات ئـەکات ئێمـە لـە داهاتـەکان هـەمان گرفتمـان هەیە کە ساڵانی پێشوو هەمان بـووە کـە بـاس لـە زێـدە ڕەوی خـەرجی ئـەکات زۆر خرایـە ڕوو، حەزناکـەی ڕەقەمەکان بڵێمەوە، باسی بواری پەروەردە کرا، یەعنی ئەگەر هەروا سەیری بکەین ئەزانین بـە جـدی ئـەم خاڵە ئەگەر گوێ نەدەینە ئەوەی قابیل نیە بۆ قیاس و ناتوانین تەحدیدی بکـەین هـەر کـە ئـەم بودجەیـە لەسـەر ئەساسـی ئـەم سـتراتیجەیە ڕێـك ناکـەوێ، خـاڵی دووەم لـەم بودجەیـە، سـاڵانە دەسـتەواژەیەکی زۆر ئەدرێ بە گوێی هاووڵاتیان، ئەویش ئەوەیە لە جیاتی ڕێـژەی لـە $17\%$ بودجـەی گشـتی دابنـرێ بـۆ هـەرێم کـەمتر دائـەنرێ، ئەمـە وا ئەگەیـەنێ بودجەکـەمان کـەم ئـەکات، راسـتە ئێمـە حـەقی خۆمـان لـە بەغـدا وەرناگرین، بەڵام هەموو ساڵێك ترلیۆن و نیوێك تا دوو ترلیۆن بودجەمان بەرز ئەبێتەوە، ساڵانە بودجەی هـەرێمی کوردسـتان وەکـو ئیسـتیحقاقی خۆمـان بـەرز ئەبێتـەوە، راسـتە تـەواومان وەرنـەگرتووە، بـەڵام بودجەکەمان هەڵکشانە، بەرز ئەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەمە نەوترێ، چونکە هـەر لـە $17\%$ وەکـەش دوای بڕینی بودجەی سیادی و حاکیمـە وەکـو خۆیـان ئـەزانن، ئـەوەی نـەمانتوانیوە بەشـەکەی خۆمـان بـە رەسمی لە بودجەی سیادی و حاکیمە وەری بگرین ئەمە کەم و کورتیەکە کە دیـارە حکومـەت نـەیتوانیوە ئەمـە بکـات، ئەگـەرنا ئێمـە ئـەو چوارده ترلیۆنـە کـە وەرمـانگرتووە لـە 79 ترلیـۆن و کەسـرەکە چوارده ترلیۆنمان بۆ وەرگرتووە، کەواتە ئەو بەشەی ئێمە وەرمان گرتووە لە بودجە حەز ئەکەم لێرەوە هاووڵاتیان بزانن ساڵانە بودجەی ئەمساڵمان لە پار زۆرترە، پار لە پێرار زۆرتر بووە، یـەعنی بودجـەی هـەرێم سـاڵانە زیاد ئەکات، ئینجا لە هەمووی خۆشتر لە ناو لاپەڕە 26 دا پێشتریش ئیشارەتیان پێـدا، لـە $50\%$ ی بودجـە وەرگیراوەتەوە، هی هەڵبژادرن و ئیحسا و دەرمان و کۆبۆن و لە $100\%$ی بودجەی هـەردوو سـاڵی 2012 و 2011 چـوار سـەد و حـەفتا و هەشـت ملیـار بـووە و بەخشـینی وەزارەتـی کارەبـا ئیسـتیحقاقی یاسـایی وەرگرتۆتەوە و چۆتە سەر بودجەی وەزارەتـی دارایـی کـە ئـەبێ ئـەوە دیـار بـێ، ئایـا لـە حیسـابی خیتـامی 2012 دەرئەکەوێ؟ یان لەسەر بودجەی ئەمساڵ؟ ئەبێ دیار بـێ، پـێم وایـە ئـەوەی کـەموکورتی هەیـە لـە لایەن ئێمەوە، ئەگەرنا بودجەکە زیاد ئەکات، لاپەڕە 37 ی ئەم پرۆژە زۆر بـاس لـە ڕژێمـی پێشـوو ئـەکات، ڕژێمی پێشوو 22 ساڵە ڕۆیشتووە، ئێمە ئێستا لە نیزامێکی تازەین، ئەوەی چارەکە سـەدەیەك تەمەنیـەتی ئەو ڕژێمەی نەدیوە، ئیتر تاکەی؟ لەگەڵ ڕێزم ئیشی مرۆڤی شکست خـواردوو هـەمووکات هەڵـەکان دابـەش ئەکات، باسی مێژوو ئەکات، ئەی ئەم ڕژێمەی ئێستا چی ئەکات بۆ ئەو نەوەی ئێستا 25 سـاڵ تەمەنیـەتی؟ ئیتر ئەم باسە جارێکی تر نەکرێتەوە، ئاوای کـرد و ئـاوای کـرد، چـوارەم، ئـەو گلەیانـەی ئـەکرێ لـە بەغـدا دەریئەخات کـە دەسـتەڵات نیتوانیـوە مـافی خۆمـان دەسـت بخـات، لێـرەش بـە داد پەروەرانـە و بـە پلانێکـی دروست ئەو بەشەی دێت وەکو خۆی دابەشی ناکەین، بۆیە ئەمە خاڵێکە حەق وایە ئەو ڕاپۆرتەی وەزارەتی دارایی کە ئەمەنە گلەیی ئەکات، ئەمە بەڵگە بێ لەسەر ئـەوەی ئێمـە بەراسـتی نـەمانتوانیوە وەك پێویسـت نەبودجەی خۆمان وەرگـرین لـە بەغـدا، نـە ئـەوەی ئێـرەش وەکـو پێویسـت دابـەش بکـەین، لـە لاپـەڕە 33 گلەیی ئەکات لە پەرلەمان، ئەڵێ قەرزی عەقار و هاوسەرگیری زیاد کردووە بێ ڕەچاو کردنـی بـاری دارایـی

حكومەت، باشە ئێمە هیچ بودجەیەك لەم پەرلەمانە ئیقرار ئەکەین بێ ئەوەی وەزیری دارایی و وەزیرە بەرێزەکان ئاگایان لێ نەبێ؟ نەخێر، ئەصلەن جاری وا هەبووە کە ئێمە باسی زیاد کردنی پێشینەی هاوسەرگیریمان کرد زۆر بە لایانەوە قورس بوو، دواتر پێش ئەوەی بودجەکە بێتە ئێرە سەرۆکی حکومەت لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە گەریدا وتی پێشینەی هاوسەرگیرمان کرد بە پێنج ملیۆن، کەواتە بۆچی ئەگەر ئەمە کەموکورتیە و قورسیە بۆ سەر بودجە، بۆچی بەسەر پەرلەمان ئەدرێ؟ چونکە بەراستی هەرچی بێ ئەمە ناوی قەرزە، دواتر ئەم قەرزە ئەگەر بە واقیعی بڕۆین بچێتە سندوقێکی مەزبووت، مەفروزە دوای 10 ساڵ ئەم سندوقە خۆی تەمویلی خۆی بکات، ئەوە نیە دابێتت بە بینایەك و دوایی رووخابێ، مێزێکت کڕی بێ و شکابێ، ئیتر چ پێویست ئەکات بڵێین لەبەر ئەوەی قەرز ئەدەین بە هاووڵاتی ئەمە بۆتە بار، لە لاپەڕە 25 دیسان گلەیی ئەکات، نازانم لە کێ؟ ئەڵێ وەزارەتی کارەبا لە وڵاتانی تری جیهان داهاتی لە خەرجی زیاترە، بەڵام پشتیوانی بۆ وەزارەت لە لایەن حکومەتەوە لە 90٪ە، کە ئەبوو لە 20٪ زیاتر نەبێ، ئەکرێ ئێمەش بپرسین بۆچی وایە؟ ئەی نازانن لە چواردەورمان هەموو ئەو وڵاتانەی تر یان ئەوەتا بۆ گەرمی و فێنگی کارەبا بەکارناهێنن، یان ئەوەیە غاز چۆتە ماڵەکانیان، یان هەتا ئەگەر بودجەیان لەسەر نەوت نەبێ و لەسەر باج و دەرامەت بێ دواتر ئەوە جوان دابەش کراوەتەوە بەسەریان، خەڵکەکە خۆی بە دڵی خۆی باج ئەدا و غەرامە ئەدا و داهات ئەدات، بەڵام کاتێك کە داهات کۆ ئەکەینەوە دواتر نازانرێ چۆن سەرف ئەکرێ؟ ئەو خەڵکە ئەو ڕۆحەی تێدا نیە راستەوخۆ بیدات، بەڵام هێشتان ئەو خەڵکەیە کە پارەی کرێی کارەبا ئەدات، حکومەت نایدات، پێش من کاك عبدالله باسی کرد، سەد و حەوت ملیار دینار دامودەزگایانی حکومەت قەرزاری وەزارەتی کارەبان، هاووڵاتیان داویانە، لەبەر ئەوە حکومەت پارەی کارەبا نادات، ساڵانە زیاتر لە سێ سەد وشەست ملیار دائەنرێ بۆ ئجوری کارەبا، من حەز ئەکەم وەزارەتی کارەبا ئەمەم بۆ ڕوون بکاتەوە، ئایا ئەم سێ سەد و شەست ملیارەی دائەنرێ بۆ ئجوری کارەبای دەوائر، بۆ کارەبای ڕەسمی نیە و دواتر ناچێتەوە بۆ داهات بۆ وەزارەتی کارەبا؟ یان بۆ شتێکی تر؟ چونکە ئەگەر وانەبێ ئەو 360 ملیارە کۆ ئەو پەنجا ملیارەی خۆی وەریئەگرێت ئەکاتە شەسەد ملیار، ئەگەر تەنها بە داهاتی ئەمساڵ و پار توانیبێتی زیاتر لە 90 پرۆژە ئەنجام بدات ئەو کات بە شەش سەد زیاتر ئەتوانێ پرۆژە ئەنجام بدات، گلەییەکی تر ژمارەی فەرمانبەرە، لە لاپەڕە 36 ە، هەر وایە، ئێمە لەگەڵ 3 وەزیر دانیشتووین، لەگەڵ هەر وەزیرێکی تریش دانیشین لە یەك کاتدا دوو پرسیاری لێ بکە، یەکێکیان بڵێی فەرمانبەری زۆرت هەیە، ئەڵێ بەڵێ، ئەگەر بڵێ فەرمانبەری تازەت ئەوێ؟ ئەڵێ بەڵێ، ئەی بۆچی کاتی خۆی، ئەمە نەصی قسەیە، کاتی خۆی بە لێشاو لەبەر موراعاتی حیزبی کۆمەڵێك فەرمانبەر دامەزراوە، بەڵام موتەخەصیص نین، پێویستم بە کۆمپوتەرە، بە موهەندیسە، ئێستا ئەم شتە قورسە کێ کردوویەتی؟ هەر حکومەت نەبووە؟ خۆ مالیکی داینەمەزراندوون، سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایش حەز ناکەم زۆر لەسەری بڕۆم، بەس ئەوەندە ئەڵێم پێشتر مامۆستا عومەر زۆر جوان ئیشارەتی پێدا، پشتگیری هەموو قسەکانی ئەکەم، لە 17 خاڵ دا، تەبعەن 17 خاڵی جوانی باس کردووە لیژنەی دارایی، زۆر جێگەی

دەست خۆشیە، بەلاّم ئەوە کێشەیە ئەم ڕاپۆرتە پاریش هەمان شتی نووسیوە، پار هەمان ئەو گومانانەی لەم لیژنەیە هەیە لەسەر داهات، لەسەر دامەزراندن، لەسەر دابەش کردنی پرۆژەکان، پاریش نووسی، ئێستا یان ئەوەتا ئەم دووبارە بوونەوەیە دەریئەخات هەموومان بە گومانین لە داهات و شێوازی خەرجیەکان، ئەگەرنا هەر هەمان شت نووسراوەتەوە، وەزیرە بەڕێزەکان وەلاّمیان داوەتەوە، و ئەو وەلاّمانە بوونە هۆی ئەوەی زۆرینە دەنگی پێبدات، ئەی بۆچی دیسان ئەم پرسیارانە ئەکرێتەوە؟ تۆ بلێی تێنەگەیشتبێتین لە وەلاّمەکان؟ نا، ئەی بۆچی هەمان پرسیار ئەکرێنەوە؟ داهات، پرۆژەکان، جێ بەجێ نەکردنیان، ئەچمە سەر ئەو سێ وەزارەتەی کە من بڕیار دەری لیژنەی پیشەسازی ز وزەم، و ئەندامی لیژنەی ژنانیشم، حەز ئەکەم بە کورتی لەسەر پرۆژەکان بدوێم، دروست کردنی عەمباری نەوت بە قەبارەی 20 ملیۆن لە شاری هەڵەبجەی شەهید سێ ساڵە پرۆژەکان هەیە، ئەم سێ ساڵە کە سەیری پرۆژەکان ئەکەی ئیتر حیسابە لەسەری، ئەڵێ پرۆژە هەیە بۆ هەڵەبجە، بەلاّم بڕواتان هەبێ تا 1/22 خۆم چوومەتە لای شارەوانی، تەبعەن وەزارەت ئەیانوت شارەوانی عەرز دابین ناکات، چووم وتم چۆن عەرز دابین ناکەن بۆ پرۆژەیەکی وا ستراتیجی؟ ئەڵێ وەلاّ چۆن نووسراومان نەکردووە، 1/22 کیتابەکە بە ئیمەیل هاتووە، گەیاندوومانەتە وەزارەت، 2013/1/20، بە نووسراوی ژمارە 582 وەلاّممان داوەتەوە بەڵێ لیژنە با بێت عەرز دیاری بکات، تەصەور ئەکەن لەو پرۆژانە تا 12/31 بۆ ئەو پرۆژەیە کە هیچ نیە حەوسەد و پەنجا ملیۆنی بۆ سەرف کراوە؟ بەچی؟ یەعنی شەست دەفتەر دۆلار، چی لێهات؟ بۆ کێ سەرف کراوە؟ ئەگەر بکرێ جواب دەنەوە، ئایا ئەم پارەیە بە فیعلی سەرف کراوە؟ دروست کردنی عەمباری سووتەمەنی بە قەبارەی 20 ملیۆن لیتر لە کەلار، تەبعەن چووینەتە کەلار هەر دروست نەکراوە، ئەصلەن کاک سیروان بۆیە ناوی ئەهێنم چونکە زۆر دڵنیام لە قسەکانم، ئەڵێ ئەم عەمبارانە هەر پێنجیان بۆیە نەمانکردوون چونکە ئەمانەوێ بە ستاندەری سویدی بیکەین، ئێ باشە تا 2012/12/31 بۆ کەلار شەش ملیار سەرف کراوە، عەفوەن، پێنج سەد ملیۆن سەرف کراوە، بۆ عەمباری نەوتی ئاکرێ پێنج سەد ملیۆن سەرف کراوە، بۆ نەوتی کۆیە حەوسەد و پەنجا ملیۆن سەرف کراوە، کۆی هەموویان چوار ملیار و دووسەد و پەنجا ملیۆن کە ئەکاتە سێ سەد و پەنجا دەفتەر دۆلار، توخوا ڕێگەم پێ بدەن بڵێم لە هەوا سەرف بووە، وەرنە سەر وەزارەتی پیشەسازی، لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی پیشەسازی باسی سایلۆ کراو، پێش من باسیان کرد تاقەی خەزنی ئێمە چەندە؟ یەعنی ئێمە ئێستا 3/1 ئەم توانایەمان هەیە، بەلاّم قەرار وایە پێنج سایلۆ بکرێ، بەوەی سەید صادقەوە و سلێمانی و کەلار کە پێنج سایلۆیە هیچی نەکراوە، جارێ سایلۆی سلێمانی لە سیراعە ئایا وەزارەت بیکات یان موحافەزە؟ وابزانم ئێستا بڕیار دەچووە بدرێتە موحافەزە، چەند سەرف کراوە تا 12/31 بۆ ئەم سایلۆیانە.؟ بە هەموویان کۆی پانزە ملیار و پێنج سەد و سی و دوو ملیۆن دینار بە هەردووکی بە سایلۆکانەوە ئەبێتە نۆزدە ملیار و نۆ سەد و هەشتاو دوو، یەعنی هیوادارم وەزیری پلانداناان گوێ لە ڕەقەمەکان بگرێ، چونکە ئەمانە پرۆژەن، و تەنها موعامەلە لەگەڵ ڕەقەم ئەکەم، ئەگەر بکرێ دواتر جواب بداتەوە، نۆزدە ملیار و حەوسەد و هەشتا و دوو بۆ پێنج سایلۆ و شەش عەمبار، من پێم وایە لە هەوا سەرف کراوە، ناچمە سەر تەفاصیلی زیاد لە جل و بەرگ و

مەسروفات ئوخرا، ، چونکە کوێستان خان زۆر بە وردی چووە ناویەوە، بەس حەز ئەکەم باس لە وەزارەتی پێشەسازی بکەم چونکە پێش من کاک عبداللە ئیشارەتی پیێدا، بەراستی ئەم وەزارەتە مەعامیل دانانێ، ئەڵێن چونکە مەعامیل بەرەو هین ئەڕوات، بەرەو کەرتی تایبەت، لە 2010/2009 ئیشی باشیان کردووە، کەچی لێیان وەرگرتۆتەوە و دایانە بە کەرتی تایبەت، ئەیەوێ سایلۆ دروست بکات، ئەڵێین ئەبێ موحافەزە بیکات، تێناگەم ئەو وەزارەتە زیادەیە؟ ئەگەر زیادەیە ئەو هەموو بودجەی بۆ بۆ سەرف ئەکرێ؟ ئەی ئەم کەفائەتە بۆ ون بکەین؟ ئەم شەخصیەتە بۆ عەیبدار بکەین ئەگەر زیادەیە؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن، وەزارەتێك هیچ ئیشێکی نەماوە، نە مەعامیل دروست ئەکات، نە سایلۆ دروست ئەکات، ئەی چی ئەکات؟ دێمە سەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکان زۆر بە کورتی، بەراستی ئەم وەزارەتە داهاتی هەیە، و خزمەت ئەکات، بەلاَم لەبەر ئەوەی بە موئەسەساتی نەکراوە یان ئەو پارانەی سەرف ئەکرێ وەکو پێویست ئاگامان لێی نیە، جێگەی خۆی ناگرێ، ئەیەوێ بە خەڵك بڵێ ئەمە خێری دەستی فلاَن کەسە، ئەو عەرزە خوا داویەتی پێمان، دەستەلاَتیش خەڵك داویەتی بە کەسێك، و ئەتوانێ ئەم سامانە بخاتە گەڕ بۆ خزمەتی ئەم خەڵکە، منەتی هیچ کەسی تێدا نیە، تەنها ئەمانەوێ بزانین ئەم دەستەلاَتە تا چەند ئەتوانێ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و موئەسەساتیانە ئەم داهاتە تەوزیع بکات، تا ئێستا ئەم وەززارەتە نە لە لایەن ئەنجومەنی هەرێمی، لای من وازح نیە، با بەناوی خەڵکەوە قسە نەکەم، شتەکان سەرف ئەکرێ و دواتر بە لیستێك بۆمان دێت، نامەوێ بچمە سەر سەد و بیست ملیارەکەی پترۆ دۆلار، چونکە لە بودجە قسەی لەسەر ئەکەین، 120 ملیارەکە قەرار بوو پار بێ، ئێستا هی 2010 و 2011 یە، خۆ پار لە بودجە هەبوو، ئەم داهاتە بەراستی لە کاتی یاساکە قسەی لەسەر ئەکەم،من ئەندامی لیژنەی ژنانم، بۆیە تەواو پشتگیری داواکاریەکانی خۆمان ئەکەم لە ناو ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی، چونکە ساڵی پار هەر خاڵەکانیان لابردبووە، ئومیدەوارم وەکو پێویست سەیری ئەم خالاَنە بکرێ، پشتگیری قسەکانی پەیام خان و ڕازاو خان ئەکەم، بەراستی ئەمە لە کابینەی شەشەمە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین، ژنان، گەلەییان لەم حکومەتە کرد و وتیان بۆچی وەزارەتێك نیە بۆ ژنان؟ من ڕەئێ خۆمم هەیە بۆ وەزارەتی ژنان، بەلاَم بۆ ژن کەمە لە وەزارەتەکانیش؟ وتیان خەمتان نەبێ ئەنجومەنێکی خانمان تەشکیل ئەکەین، ئەنجومەنی بالاَی خانمان ناوەکەی زۆر گەورە بوو، بەلاَم بەراستی تا ئێستا سێ ساڵ و شەش مانگە سەرۆکیش و ئەندامانی ئەم ئەنجومەنەش ئیش ئەکەن و هاتووچۆش ئەکەن، بەلاَم تا ئێستا یاساکەیان لە ئەنجومەنی وەزیران نەهاتۆتە ئەم پەرلەمانە، تا ئێستا شەرعیەتیان وەرنەگرتووە، مەعەل ئەسەف شوین هەیە یاساکەی دەرچووە، سێ ساڵە دانەمەزراوە، بەلاَم ئەم دەزگا بەستەزمانە تا ئێستا ئەندامی هەیە هاتوچۆ ئەکات لە ئوتێل ئەمێنێتەوە، بەڕێوەبەری گشتیشی هەیە، بۆچی ئەوە لە ئوتێل بمێنێتەوە؟ بۆ بەڕێوەبەرەکەی ئەبینی لەو شوقانەی زەکەریایە؟ لەبەر ئەوەی ژنن؟ یان وەکو دیکۆر سەیری بکەن و بڵێین ئەم حکومەتە ئەنجومەنی بالاَی خانمانی هەیە، بەلاَم وەکو تر ئەو پەڕی عەزیەت ئەکێشن، ئەبوایە پێش هەموو کەس ئەو ژنانە لە خانووەکان بوونایە، نەك ئەوان لە ئوتێل بن و خەڵکی تر کە پیاوە لە ناو شوقەکاندایە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان**

فەرمووو تەوزیحەکەت

**بەڕێز د.علی سندی_وەزیری پلاندانان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دەربارەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئێمە 17 خاڵمان تۆمار کردووە، ئەو 17 خاڵە پیشاندەرە، بە پێی بۆچوونی ئێمە، بۆچوونەکانی ئەندامە بەڕێزەکانیش هەر لەو 17 خاڵەیە، جا ئەوەی تر بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئەگەر قەناعەتت پێیە یان نا، قەناعەتت بۆ پەیا ئەکات دەنگ بدەی بە ڕاپۆرتەکە، یان بە میزانیەکە، قەناعەتیشت پێ نەکات دەنگی پێ نادەی، ئەوە بەجێ دێڵین بۆ ئەندامانی بەڕێز، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان**

نا ناسك خان، تەوزیحەکی داوە، فەرمووو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەرەتا وەك ئەندامی لیژنەی تەندروستی تێبینیەکانم ئەخەمە ڕوو، دواتر تێبینیەکانم بە گشتی ئەخەمە ڕوو، من پێم وایە قسە کردن لە هەندێ بواری بودجە بێ هودە و بێ ئەنجام دیارە، لەگەڵ ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە بە هەند وەرنەگرتنی تێبینیەکان زیان بە بەرژەوەندی تاك ئەگەینێ، بۆ نموونە ئەو تێڕوانینەی بەرامبەر بە کەرتی تەندروستی هەیە، و ئەو واقیعەی هاووڵاتیانی هەرێمی تێدا ئەژی، خۆمان ئەڵێین بودجەی کەرتی تەندروستی بە هەموو پێوەرێك نەك لە ئاستی پێویست دا نیە، بەڵکو لە ئاستێکی زۆ خراپ دایە، بۆ چوارەم ساڵ ئێمە باس لە بودجەی کەرتی تەندروستی ئەکەین، کە بودجەیەکی کەم، ستاندارد نیە، مەعقولیش نیە، بە داخەوە کەرتێك کە لە هەرستیاریدا ئەگەر لە سەرووی هەموویان نەبێ، لە خوار هیچیان نیە، بەلاًم لە ڕووی ڕیزبەندیەوە لە بودجەدا لە پێنجەمدا دانراوە، لە ڕووی پرۆژەی بەردەوامدا لە دەیەم دانراوە، لە ڕووی پرۆژەی پێشنیار کراو لە شانزەم دانراوە، بە داخەوە لە کاتێکدا کە کەرتی تەندروستی ئەوەندە هەستیارە پەیوەندی بە ژیان و مەرگی هەموو هاووڵاتیان هەیە،یەعنی بەراستی واقیعێك کە هەمووومان ئاگامان لێیەو حکومەتیش، ساڵی ڕابردوو وەزارەتی تەندروستی کەوتە بەر قەیرانێکی زۆر سەخت ئەویش نەبوونی پارەبوو بۆ دەرمان کڕین، ئایا ئەوە کارەسات نیە؟ تەبعەن ئەو دە ملیارەی ساڵی پار کە لە سێ سەرۆکایەتیەکە داشکێنرا و دە ملیاری بەر وەزارەتی تەندروستی کەوت و بڕیار وابوو لە پرۆژە خەرج بکرێ، بەلاًم پارەکە بەشی نەگرد، پاشتر ئەنجومەنی وەزیران هاتە سەر خەت، لەبەر ئەوەی پارە نیە تا دەرمان بکڕێ، ئەم پێنج ملیاری بۆ دیاری کرد، من لە یەکێ لە بنکەکانی تەندروستی لە هەولێر پەیوەندیم پێوە کرا کە ئەو نەخۆشە موزمینانەی کە نەخۆشی زۆر هەستیاریان هەیە، وەکو نەخۆشی شەکرە و نەخۆشی دل، بێنە بەرچاوی خۆتان کەسێك کە نەخۆشی دڵی هەبێ و ئێشەکەش بۆ بێت و ئەو حەبە لە ژێر زمانی

دانەبێ چی بەسەر دێ؟ ژیانی تەواو ئەبێ، بەلآم پەیوەندیان پێوە کـردم وتیـان ئـەم بنکـەی تەندروسـتیە کـە ئـەو عیلاجانـە ئـەدات خـەڵك هەیـە زۆر نـاڕەزایی هەیـە، زۆر بێـزارە، لەبـەر ئـەوەی ڕۆژانـە دێـن، هـەموو ئێوارەیەك دێن، بەلآم عیلاج نیە، من ئەوکاتە پەیوەندیم کرد بە لایـەنی پەیوەندیـدارەوە، راسـت بـوو، بـەلآم ئێستا وا خەریکین چارەسەری ئەکەین، ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی کە بەردەوام بە دوا داچوونمان کردووە بۆ نەخۆشخانەکان، هەندێ نەخۆشخانە کێشەی ئەوەیان هەیە، ئـەو داهاتـەی راسـتە وەك خۆیـەتی وەزارەتـی تەندروستی، بەلآم بەشی ناکات، ئەو قەیرانەی ساڵی پار تووشی بوو بەراستی ئەبێ بە هەنـد وەریبگـرین، مـن ناتوانم یان بڵێم حەق نیە ئەوە نادیدە بگرم کە وەزارەتی تەندروستی بـە تایبـەتی لـە سـاڵی پـار ئیشـی باشـی کردووە، بەلآم ئایا ئەو ئیشانە هـەر لـەوەی کـە سـیمی پـرایڤێتی دانـاوە، هـەر لـەوەی کـە دکتـۆری شـارەزای وا لێکـردووە خـەفارەت بگـرێ، ئایـا بـە زەبـری پـارە نـەبووە؟ بۆیـە بەراسـتی چـوارەم سـاڵە وەکـو پەرلـەمانتار قسەکانمان بە هەند وەرناگیرێ، و ئەبینین واقیعیش ئەوەیە کە ئێمە ئـەیڵێین، تێبینیـەکانی ئێمـە ئەگـەر بـە هەند وەرگیرێ بەراستی کۆمـەڵێك کێشـەی زۆر قـوڵ چارەسـەر ئـەبێ و تەندورسـتی بـەرەو پـێش ئەچـێ، جا کاممان پێویستیمان بە کەرتی تەندورستی نیە؟ بۆیە پێم باشە ئەمساڵ ئـەو بودجـەی بـۆ تەندروسـتی دابـین کراوە هیچ نەبێ لە ئاستی مەقبول بێ، یـەعنی ئەگـەر زۆر کێشـەمان ئـەوەبێ بڵـێین لـەکوێ بێـنین؟ ئەصـلەن حکومەت ئەبوایە چاوی بـەوە بگێرابایـە، ئـەو بودجـەی بـۆ سـاڵی 2011 دیـاری کرابـوو کـەمێك کـەمتر بـوو لەوەی ئێستا، 2012 بودجەکە یـەکجار کـەمبوو، ئەگـەرنا هـی 2011 نزیـك بـوو لـەوەی ئێسـتا، جگـە لـەوە بـەرێزان مـن تێبـینی تـرم هەیـە لـە تەندروسـتی، یەکـەم، سسـتی لـە جـێ بـەجێ کردنـی پرۆژەکـانی کـەرتی تەندروسـتی، هـەم کـاری لـە بودجـەی تەندروسـتی کـردووە، هـەم کاریگـەری لەسـەر خزمـەتگوزاری کـەرتی تەندروسـتی بـووە، زۆرێـك لـە پرۆژەکـان، پـرۆژە بەردەوامـەکان و دیـزاین و مـاوەی تـەواو کردنـی پرۆژەکـان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، ئەو پرۆژەی ساڵێك پێشنیار کـراوە، ئـەبێ بچـێتە پـرۆژەی بـەردەوام، کاتێـك بـاس ئەکرێ ئەبینن گوژمەکەی بەشی ناکات، جارێکی تر ئەبێ کەشف بکرێ و عـەرز بکرێتـەوە، ئـەوە کاریگـەری زۆر خراپی لەسەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت و تەندروستی کردووە، بۆیە میکانیزمێك دابنرێ بۆ ئەوەی ئـەم کێشەیە چارەسەر بکرێ بە شێوەیەك لە شێوەکان، چونکە هەندێ لە پرۆژەکانی کـەرتی تەندروسـتی پـرۆژەی زۆر لە مێژینەن، هی ساڵانی زۆر لە پێشن، خاڵێکی تر، هەندێ لە پرۆژەکانی پێشنیار کراوی 2010 کە پاشتر لە بەردەوامەکانی 2011 دانراون، دواتر نەماون، ئەم پرسیارە لە وەزیـری پلانـدنان ئەکـەم، و نموونـەی ئـەو پرۆژانەش هەندێکیان، تەبعەن ئەوە هەموو ئەو پرۆژانە نین کە باسی لێوە ئەکرێ، بەلآم هەندێ لەو پرۆژانە وەکو نموونە ئەهێنمەوە، وەکو بنکـەی تەدنروسـتی گـەڕەکی بـەختیاری، سـەفین، نیشـتیمان، هـەولێری نـوێ، ڕۆشنبیری، ناز، ئەمانە لە هەولێر لە پرۆژەی پێشنیار کراو بوون لـە 2010، لـە 2011 دانـراون بـە پـرۆژەی بەردەوام، بەلآم دواتر نەماون، هیچ زانیاریەکمان نیە، هەوڵیشمان دا دەستمان بکەوێ، بەلآم بەداخـەوە لەبـەر ئـــەوەی گۆڕانکاریـــەکان زۆرن، بەرپرســـی پرۆژەکـــان لـــە وەزارەت زوو زوو ئـــەگۆڕێن، دروســـت کردنـــی نەخۆشخانەیەکی فریا کەوتن لە ڕۆژئاوای هەولێر بە شێوەی ستوونی، لـە 2012 بـە پـرۆژەی پێشـنیار کـراو

هاتبوو، پاشتر لە پرۆژە بەردەوامەکانی 2013 بە 330 قەرویلەیی دانرا، 130 قەرویلەی زیاد کردووە، بەراستی گۆژمەکەی زیاد کردووە، لە 35 ملیار بۆتە 65 ملیار، ئەمە باشە، چونکە شارە گەورەکان پێویستیان بە نەخۆشخانەی گەورەیە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، چونکە ترسی ئەوەمان هەیە هۆکار بێ بۆ جێ بەجێ نەکردنی، زانیاریمان بدەنێ لەبەرچی ئەوەی بەسەر هاتووە؟ لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی 2013 هەولێر تەنها یەك پرۆژەی هەیە، ئەو پرۆژەش کە لە کەرتی تەندروستیە مەبەستم پێشیار کراوی 2011 یە، وە پرۆژەی بەردەوامی 2012 یە، ئەمجارە بۆتە پرۆژەیەکی پێشنیار کراوی 2013 بۆ هەولێر، گۆژمەکەشی دیارە لە 2011 یانزە ملیار بووە، لە 2012 بۆتە سی ملیار، من وەکو خەڵکی ئەو شارە، و پاریش زۆر لە پەرلەمانتارە بەرێزەکان داوای ئەوەمان کرد نەخۆشخانەی کۆماری بڕووخێنرێ و لە جێگای ئەو نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ دروست بکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەچووە بابەتی بودجە، لەبەر ئەوە داوا ئەکەم ئەو پرۆژە تاقانەی بۆ هەولێر دانراوە ئەمە پرۆژەی پێشنیار کراو نیە، بەردەوامەکانە، لە جیاتی ئەوە پرۆژەیەکی بەردەوام بۆ هەولێر دابنرێ بۆ یارمەتی دانی نەخۆشخانەی کۆماری بێ، دروست کردنی شایەنی بەو شارە بێ، چونکە بەراستی ئەم شارە پێویستی بەوە هەیە، ئەو نەخۆشخانە نەخۆشخانەی ئیمرجنسیە لە هەولێر، لە پرۆژە بەردەوامەکانی کۆیە، نووسراوە دابین کردنی ئامێری خزمەتگوزاری و نووسینگەی پشکینین بۆ نەخۆشخانەی 100 تەختەیی لە کۆیە کە هێشتان بوونی نیە، ئەبوایە ئەو ئامێرانە بۆ نەخۆشخانەی 50 تەختەیەکە بوایە کە بە حیساب تەواو بووە، چونکە نەخۆشخانەی 100 تەختەیی هێشتان لە قۆناغی بانگەوازە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لامانە، وەزارەتی تەندروستی تەنها 56 پرۆژەی بەردەوامی هەیە،و 3 پرۆژەی پێشنیار کراوی هەیە، ئیمرجنسی لە زمنی پرۆژە بەردەوامەکانە بە پرۆژەی پێشنیار کراوی نازانم، بۆیە ئەڵێم تەنها 3 پرۆژەی پێشنیار کراومان هەیە، لە ڕیزبەندی ئەو وەزارەتانەی پرۆژەی بەردەوامیان هەیە لە 10 یەمە، کەواتە لە پرۆژە بەردەوامەکان وەزارەتی تەندروستی لە ڕووی پرۆژە پێشنیار کراوەکانیش لە 16 هەمە، ئەمە بۆ وەزارەتێکی خەدەمی گرنگ و هەستیار جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، من پێم خۆشە دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی پەرلەمان بکەم کە لە خاڵی 4 ، 15 لە ڕاپۆرتەکەیان هەمان مەبەستی ئێمەیان ئاماژە پێکردووە، و دەست خۆشی لە هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانە ئەکەم کە ئەمساڵ جیا لە ساڵەکانی تر زۆرترین داکۆکیان لە کەرتی تەندروستی کرد، ئەمەوێ ئەوە بڵێم حکومەت کاتێ یاسایەك لەم پەرلەمانە دەرئەچێ، کە بودجە ئامادە ئەکات، ئیستیعداداتی خۆی وەرگرتبێ، بۆ ئەوەی بە پێی ئەو یاسایەی کە هەیە ئەگەر پێویستی بە بودجەبێ ئەو یاسایە، بۆی دیاری بکات، نەك بێتە پەرلەمان و دەستی پەرلەمانتار ببەستێ و بڵێ ئەگەر تۆ بتەوێ بۆ شوێنیك پارە دیاری بکەیت ئەبێ خۆت لە شوێنێك دایبشکێنی، یان خۆت جیگایەکی بۆ دیاری بکەی، من مەبەستم ئەوەیە کە یاسای 2011 ی ژمارە 12 ەمان هەیە، یاسای سندوقی کۆمەکی تووشبوان بە شێرپەنجە، ئەم یاسایە هەیە، لەبەر چی حکومەت بودجەکە وا ئەنێرێ هیچ بڕێك، خۆ لەو یاسایە باس ئەکات ئەڵێ لە بودجەی گشتی بڕێك پارە بۆ ئەم سندوقە دیاری بکرێ، لەبەرچی؟ ئەمە پرسیارە لە حکومەت، وەڵامم ئەوێ، لەبەرچی ئەو

ئیستیعداداتی خۆی وەرنەگرتووە؟ لەبەرچی پارەی بۆ دیاری نەکردووە بۆ ئەوەی ئێمە ئێستا بێنین لە شوێنێك بیقرتێنین و لە شوێنێك دایبنێین و پارە بۆ ئەو سندوقە گرنگە دیاری بکەین، ئێمە یاسای ژمارە 8 ی 2008 مان هەیە، لەم یاسایە سندوقی ژینگەمان هەیە، ئەوەش هەر قسەیەکی ترە بەراستی، کاتێ لەم یاسایە لە یەکێ لە خاڵەکان ئەڵێ برێك لە بودجەی گشتی بۆ ئەم سندوقە دیاری ئەکرێ، بۆچی دیاری نەکراوە؟ خۆ ئەگەر کەمیش بێ ئەتوانی قسەی لەسەر بکەین بەلاَم حکومەت هیچی نەکردووە، من نازانم ئەو بودجەی چۆن داناوە؟ ئەبوایە ئەم شتانەی لەبەر دەست بوایە، و ئەم بودجانەی دانابایە، چونکە ئەمانە بە یاسا و پەیڕەو ئەبێ بکرێن، ئەگەر ئەوانە جێ بەجێ نەکرێن بۆچی ئێمە هەر یاسا دابنێین و بەلاش؟ تێبینیە گشتیەکانم، بەراستی خاڵی یەکەم هەندێ پرۆژە بە بێ هیچ زانیاریەك لە لیستی پرۆژەکان ساڵانێك دووبارە ئەبنەوە، نازانین دەست بەکارن یان لە چ قۆناغێك دان؟ حەق وایە زانیاریمان هەبێ، چونکە بەراستی بۆ ئێمەی پەرلەمانتار کە ئەمانەوێ بەدوا داچوونی مەیدانی بکەین کێشەمان بۆ دروست ئەبێ، چونکە زانیاریمان نیە، و پێویستیشە بەدوا داچوونی مەیدانی بکەین، کەرتی وا هەیە پارەی بۆ تەرخان کراوە، و بە تێبینی ئێمەش پارەکە کەمە، بەلاَم وەکو پێویستیش جێ بەجێ ناکرێ، بۆ نموونە ئەو کەرتانەی وەکو پێویست سوودی نەگەیاندووە، بەلاَم پارەشی بۆ تەرخان کراوە ئەگەر کەمیش بێ، وەکو قەرزی کشتوکاڵی، پیشەسازی، ئەمانە ئەبێ ئاسانکاری زیاتری بۆ بکرێ، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری باسی ستراتیجیەتی حکومەتی هەرێم ئەکات، هەر لە گرنگیدان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆی جۆراو جۆری هەرێم و کەمکردنەوەی زێدە ڕەوی لە خەرجی گشتی، بە 8 خاڵ باس کراوە، بەلاَم لە ئەرزی واقیع وابزانم هیچمان هەستی پێ ناکەین، و ڕێژەی جێ بەجێ کاری ئەمە کەسمان نایبینین لە واقیع، ئەگەر پێچەوانەکەی نەبینین، ئەوەی جێگەی تێبینیە هیچ باسی ئەوە ناکەم کە ماددەکانی ناو پرۆژە یاسای بودجە ئەبێتە یاسا و جێ بەجێ ناکرێ، ئەوە خۆی جێگەی هەڵوەستەیە، مەسەلەی دامەزراندن ساڵانە کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسند ئەکرێ، پاشتر حکومەت لە لایەن خۆیەوە گۆڕانکاری بەسەر دێنێ، ئەمە ساڵانە دووبارە ئەبێتەوە، ڕێژەکانیش زۆر وازیحە، هەر لە کەرتی تەندروستیەوە بڵێم تا کەرتەکانی تر گۆڕانکاری بەسەردێ، ئێمەش زانیاریمان نیە چۆن ئەمە کرا؟ لەبەرچی؟ ئەو کاتی داوای زیاد کردنی میلاکات ئەکەین بۆ نموونە بۆ کەرتی تەندروستی لێرە هیچ قسەیەك ناکرێ، بەلاَم دواتر ئەبینم لەولا و لەولا گۆڕانکاری بەسەردێ، حەق وایە لە پەرلەمان ئەو بابەتانە یەکلایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئێمە ئاگامان لێ بێ، ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ کات بەسەر بردنی فەرمی و بۆ ئیفاد و مانەوەی شەو دیاری کراوە، ناڵێم نەمێنێ، بەلاَم حەق وایە کە ئێمە لەمڕۆدا ئەوەندە باس لە کورتهێنان ئەکەین برێك لەو پارانە کەمبکرێتەوە، پێم وانیە ئەم پارانە وەك ئەوەی دانراوە پێویست بێ، لەوانەیە برێکی زۆر بتوانین لەو پارانە کەم بکەینەوە، و سوود بە هاووڵاتیانی خۆیمان بگەیەنین، ئەوانەی هەژارن، چونکە بێکاری هەم زۆرە لە هەرێم بە تێڕوانینی ئێمە لە چاو گەشە کردن و باسی بووژانەوە، بەلاَم هەژاری و نەداری یەکجار زۆریش لە هەرێم هەیە، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی باس لە هۆکاری کورتهێنانی بودجە بە کۆمەڵێك هۆ ئەکرێ، بودجەی پێشمەرگە، پێشینەی قەرزەکان، دابین کردنی

کارەبا، زۆری ژمارەی فەرمانبەران، خەرجی کڕینی دەرمان، دەرماڵەی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی، ئەمانە بە سلبی باس ئەکرێن کەهۆکارن بۆ کورتهێنان، بۆمن جێگەی پرسیارە، ئەمانە شتێکن ئەصل وایە زیاتریش بن، پێم وایە ئێستاش کارمەندانی تەرندروستی کێشەیان هەیە، گلەییان هەیە، مووچەکەیان لە ئاستی پێویست نیە، دەرماڵەیان لەو ئاستە نیە، و ئەو ڕێژە دەرمانەی لە 17٪ ەکە بۆمان دێت 85٪ ئەگاتە هەرێم، پێم وایە زۆر باشە، لەگەڵ ئەوەی زۆر پێویستە بۆ هاوولاتیان، جگە لەوەی قەرزەکان دوایی دێنەوە لای حکومەت، خێر نیە، چارەسەر کردنی نەخۆش بەراستی هەمووی ئەچێتە بودجەی تەندروستی، کۆمەڵێك شتت ناو هێناوە، ئەگەر بودجەی تەندروستیت چاك کرد، بەشێکی ئەوشتانە باش ئەبێ، جگە لە پێشمەرگە و کارەبا و ژمارەی فەرمانبەران، خەرجی کڕینی دەرمان، چارەسەر کردنی نەخۆش، دەرماڵەی پزیشکان، کارمەندانی تەندروستی، ئەگەر تۆ بودجەی تەندروستیت باش کرد ،لە ئاستی پێویست بوو، حەتمەن ئەچنە بودجەی تەندروستی، بەلأم لەبەرامبەر ئەوە باس لە سلبیاتی ئەوە ناکرێ، بە داخەوە ئەوە جێگەی هەڵوەستەیە کە بە سلبی باس ئەکرێن، بەلأم باسی ئەوە ناکرێ شمەك و خزمەتگوزاری چاك کردنەوە لە جیاتی ئەوەی کەم بکات زیادی کردووە، لە چاو ساڵی پار 34,4٪ زیادی کردووە، بەخشین 25,69٪ زیادی کردووە، خەرجیەکانی تر 14,41٪ زیادی کردووە، مەوجوداتی نادارایی 79,14٪ زیاد کردووە، ڕێکخراوەکانی زانستی و ڕۆشنبیریەکان 23 ملیار و سەد و پەنجا ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەمانە ئەگەر کاریان لەسەر بکرێ پێم وایە بڕێکی باش پارە پاشەکەوت بکەین و بیدەین بەو کەموکورتیانە، جگە لە ڕێکخراوە زانستی و ڕۆشنبیریەکان کە 23 ملیار و سەد و پەنجا ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، کە ئێمە زانیاریمان لەسەر نیە، و بەراستی ئەو جوابانەی کە بە ئێمە دراوەتەوە موقنیع نەبوون، چونکە ئەو پارەیە زۆرە ئەگەر باسی یەکێتیەکانش بێ پێم وایە بەو قەدەرە نیە، چونکە ئەو یەکێتیانەی کە باس کران ئەوانە بۆخۆیان ئابوونەی خۆیان هەیە لە هەر شوێنێك ئەندامیان هەبێ، جگە لەوە لە بودجە هاتووە مونەزەمات ئوخراشمان هەیە، یەعنی جارێ لەسەر مونەزەماتی زانستی وڕۆشنبیری هەر زانیاریمان نیە، دنیایەك پارەی بۆ خەرج کراوە، بەلأم مونەزەماتی ئوخراش هەیە کە هەر نایزانین، لە بودجەدا قەرەبووی قوربانیانمان هەیە، قەرەبووی جۆراو جۆرمان هەیە، ئیحتیاتی تەواریمان هەیە، پارەی ئیحتیاتی وەزارەتی دارایمان هەیە، بۆ تەواری، کەچی لە کاتی باران بارینی ئەمساڵ ئەم پرسیارە لە وەزارەتی دارایی ئەکەم کە ئیحراجێکی زۆر بۆ خەڵکی ئەو هەرێمە دروست بوو، هەر لە گەرمیان، هەولێر، ناوچەکانی سەروو لافاوێکی دروست کرد، زۆری ئەو خەڵکە هەژارە زەرەر مەند بوون،بەداخەوە ئەبینم لایەنێکی حیزبی خەڵکی کۆ کردۆتەوە و هاوکاری ئەکات، بەداخەوە ئەڵێم هیلال ئەحمەر پێش حکومەت بە جواب دێت و هاوکاری ئەوە ئەکات، ئایا ئەمە ئیشی حکومەت نیە؟ جگە لەوە بەراستی سکالأمان پێگەیشتووە لە خەڵك کە ئیحراجیان کردوون وتوویانە ئەبێ لەو شوێنە بن، لەناو قوڕاوەکە بن، ئەبێ بێن تەصویر بکرێن تا پارەتان پێ بدرێت، ئەمە کارەساتە، تۆ بە خەڵك بڵێی لە ناو قوڕاوەکە بە بمرە ئینجا پارەت پێ ئەدەم، کۆمپانیا تایبەتەکان کە هەر ئەڵێن چیە و بۆچی تەرخان ئەکرێ، بە بەردەوامی پارە لە بودجەی گشتی بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان تەرخان

ئەکرێ، پێمان وایە ئەبێ ئەمە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، موستەشاری زۆرمان هەیە بەراستی،ئەوەی باس ئەکرێ 8000 موستەرشارمان هەیە،بەڵام ئوخراشمان هەیە، خۆ ئەوەش نەبووە کەل و پەل و شت؟ 8000 موستەشار ئوخرامان بۆ چیە؟ ئەمە پێویستی بە تەوزیحە، تەرخان کردنی پارە بۆ بەکرێدانی ئەساس، من نازانم تا ئێستا ئەوەی تێبینم کردووە نووسراوە تەرخان کردنی پارە بۆ بەکرێ گرتنی ئەساس، تەبعەن پێداویستی تریش نووسراوە، تا ئێستا نەمزانیوە ئەساس بە کرێ بگێرێ، ئێمە کڕینی ئەساسێکی زۆرمان هەیە، مەبەستم پارەی زۆرمان تەرخان کردووە بۆ ئەوە، بۆ بەکرێ گرتن و کڕینیشی، ئەمە چیە؟ کاتێ ئەساس بکڕی و یان سیانەی بکەی، من ئەوەی واقیع بینیومە لە کوردستان پێم وایە ئەساس هەر سیانە ناکرێ، چونکە من لە هەندێ شوێن بینیومە ئەو شتانەی ئێمە دڵمان نایە لە ماڵەکانی خۆمان فڕێی بدەین، بەڵام ئەوان فڕێیان داوە، سەبارەت بە پرۆژەکان، تێبینی زۆر هەیە هەر بۆ نموونە، حەز ئەکەم شتێك بڵێم، ئەم حکومەتە لە بواری پرۆژە دانان، یان زۆر ساکار و سادانە دایان ئەنێ، یان زۆر هونەریانە دایان ئەنێ، دواتر ئەوەی بە شارەزایی دایئەنێ پارەکە ئەڕوات و شتی تری پێ ئەکرێ، ئەمە مشتێکە لە خەروارێك، چونکە نموونەی زۆر هەیە، بەڵام ئێرە جێگەی ئەوە نیە هەموویان باس بکرێ، سەبارەت بە پرۆژەکان، دروست کردنی 255 خانوو لە سنووری پارێزگای هەولێر لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی 2012 هاتووە، بەڵام لە پرۆژەی بەردەوامی 2013 بوونی نیە، نووسراویشە لایەنی جێ بەجێ کار لیژنەی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان، گوژمەکەی بۆ دیاری کراوە، دووسەد و پەنجا و پێنج خانوو لە سنووری پارێزگای هەولێر، بەڵام دواتر نەماوە، لە پرۆژە بەردەوامەکانی 2011 هاتووە دروست کردنی 600 خانوو، بۆیە ئەم شتانە ئەڵێم یان ئەو حکومەتە وایە یان وایە، ئەم نموونانە بە هەند وەرگرن، 600 خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان و جینۆساید لە پارێزگای هەولێر، سۆران کۆیە، هەریر، بالیسان، و دەست بەکارە، بەڵام بە 600 پرۆژە هاتووە، یەعنی دابەش نەکراوە بەسەر ئەو چوار ناوچەیە، لە 2012 دابەش کراوە، 196 خانوو بۆ کۆیە، 196 خانوو بۆ سۆران، 150 بۆ بالیسان، 150 بۆ هەریر، کە کۆی ئەکەیتەوە 692 خانوو دەرئەچێ، ئەمە نازانم ئەبێ ڕوون بکرێتەوە، نووسراوە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان، دروست کردنی دایەنگا لە کۆیە، و لە سۆران، نەنووسراوە لە کام گەڕەك، لە کام شوێن؟ چەند دایەنگا؟ بەو تەعبیرە هاتووە، دروست کردنی دایەنگا لە کۆیە و سۆران بە دوو حەقلی جیا، کاتێك بڕیارە هەولێر ببێتە پایتەختی گەشتیاری بۆ 2014، دیارە ئەمە هەم لە ڕووی مەعنەویەوە، هەم لە ڕووی ماددیشەوە دەست کەوتێکی گەورەیە بۆ کۆی حکومەتی هەرێم، نەك هەر بۆ شاری هەولێر، بەڵام بە داخەوە ئەوەش وەك دوو یاساکەی پێشوو نازانم هیچ ئیستیعدادێکی بۆ وەرگیراوە؟ لەبەرچی هیچ بودجەیەك نابینین؟ هیچ ئامادە کاریەك نابینین؟ ئەگەر بڕیار بێ هەولێر بەو شێوەی ئێستا هەیە، بەو نەخۆشخانە کۆماریەی ئێستا هەیە، بەو شێوە گەشتوگوزاریە نا پێویستەی ئێستا هەیە، بەو شێوەی بینایەکان لە نیوە، نازانم ئەگەر ببێتە گەشتوگوزار و ئەگەر بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکرێ ئەمە هەر قسەیە و پێم وایە بەو شێوەیە نابێ، بەراستی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەم داوایان کرد مووچەی خانەنشیان چاك بکرێ، پێم وایە ئێستا لە ئەنجومەنی نوێنەران ئەو

پرۆژە یاسایە لەبەر دەست دایە، دواتر ئەگەر نەمانتوانی لەو بودجەیە هیچ بکەین، پێم وایە دواتر ئەبێتە کێشە، تەبعەن خانەنشیان وەك گەنجان نین بێنە سەر شەقام، چەند لە مووچەیان ناڕازی بن، چەند ژیانیان خراپ بێ، نایەنە سەر شەقام، حکومەتیش ئەگەر کەس نەیەتە سەر جادە ئاستەمە بە ئاسانی شتێکی بۆ بکات، پێم باشە بەو هەموو زیادە ڕەویەی هەیە، بەو هەموو زیاد کردنەی هەیە بەو بەشانەی وتمان زیادە و نابێ، مووچەی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان چاك بکرێ، شیاو بکرێ بە ژیانیان، دوا قسەم ئەوەیە، بەراستی هەموومان ئەڵێین لە سایەی خوێنی شەهیدان و ئەوەی هەمانە ئەوەیە بە بەرهەمی خوێنی ئەوان هاتۆتە دی، ڕێز گرتن لە خوێنی شەهیدان و کەس و کاریان پرسیارێك دروست ئەکات، ساڵەهای ساڵە نازانم چەند ساڵە حکومەتی خۆمان هەیە، ئایا نەئەبوو لە دەست بەکار بوونی ئەم حکومەتە هەر لە سەرەتای بوونی پارەیەکی زۆر باش بیری لەوە بکردایە ئەو کێشەیە بنبڕ بکات، خانوو بۆ هەموو کەس و کاری شەهیدان دروست بکات، نازانم تا چەند ساڵی تر هەر ئەڵێین خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان، خۆ ئێمە بە بەردەوامی شەهیدمان نەداوە، شەهید لە قۆناغێك دا ئەگەر کەس و کاری پێویستی پێ نەما تۆ چی بۆ ئەکەی؟ ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان ئەکەم چ پلانێکیان هەیە؟ تا کوێ؟ بەردەوام ئەڵێین خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك محمد شارەزووری

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من هەموو ساڵێك، زۆر ئیستیفادەم لە مولاحەزاتی هاوڕاز خان کردووە، لە ساڵانی ڕابردووش، لەبەر ئەوەی پرسیارەکانیشی زۆر بوون لە کۆتایی وەڵام ئەدەمەوە، بەس تەنها شتێك هەیە، ئەگەر بەڕێزیشتان لە بیرتان بێ لە ساڵانی ڕابردووش چەند جارێك گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا کە ئەم لیستی پرۆژەکان نەیەتە پەرلەمان بۆ گفتوگۆی پرۆژە یاسای بودجە، ئەمە کە دێت، تەنانەت ئەمساڵیش پێش گفتوگۆ دەست پێ بکات من هاتمە لای جەنابت ، چونکە تەڵەبەکە لەسەر یەك ئەساسە، کەتۆ مەسەلەن ساڵی ڕابردوو کە هاتین بۆ گفتوگۆ کردن، زیاتر لە سێ هەزار و کەسر پرۆژە هەبوو، ئەمساڵ کە هاتووین زیاتر لە دوو هەزار و پێنج سەدە، باسی پرۆژە پێشنیار کراوەکان ناکەم کە زیاتر لە 600 ن، ئەوانیش دێنە سەری ئەگەر هاتو پرۆژە یاساکە پەسند کرا، کەس نابێ تەصەوری ئەوە بکات کە لە زمنی ئەو ژمارە زۆرە موتەغەیراتی تێدا نەبێ، لەبەر ئەوە هەتا سەبەبێکی ئەو ئیقتیراحەم ئەوە بوو کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، چونکە تەفاصیل زۆرە، ئەگەرنا بە درێژایی ساڵ مومکینە تەعقیبی هەر یەك لەوانە بکرێت، شتێکی تەبیعیە، مەعنای ئەوە نیە کە نەهاتە ئێرە کەس ناتوانێ بە دوایان دابچێ، بەڵام کۆمەڵێك ئیلتیباسات دروست ئەبن، هەر بۆ نموونە، مەسەلەن هەندێ لەو پرۆژانە یان لەو تێبینیانەی بەڕێز هاوڕاز خان ئاماژەی پێدا ئێستا ئەمڕۆ ئەم مەوقیفە نەماوە، چونکە ئەم لیستەی هاتووە بۆ ئێرە مانگی 10 ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران پرسیاریشمان کردووە ئایا ئێمە بە

سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتێكی نوێ بۆ پەرلەمان ئـەنێرین، ئێستا مـانگی یەكە، لـە ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە تـا هاتۆتە پەرلەمان و 30 ڕۆژ دراوە بە ئەندام پەرلەمانان، خۆ من ئەگەر مـەتلوب بـێ هـەر دوو هەفتـە جارێـك لەم ماوەیە لیستێكی نـوێ بێـنم بـۆ ئـەوەی شـتێك نـەگوترێ، دوایـی كـە ئـەڵێم لـە كۆتـایی جـواب ئەدەمـەوە مەبەستم هیچ نیە، بەڵام ئەبێ مەوقوفی حەقیقی پرۆژەكە بكەین.
سەرەتا پشتگیری لە ڕاپـۆرتی وەزارەتـی دارایـی ئەكـەم كـە بـە شـێوەیەكی بـاش و زانسـتیانە شـی كردنـەوەیان كردووە بۆ پرۆژ یاسای خەمڵێنراوی ساڵی 2013، ئـەویش خسـتنەڕووی هێڵـە گشـتی و ژمـارە سـەرەكیەكانی بودجەكەو لە هەمان كات تێبـینی و پێشـنیار و داواكـاری و ڕەخنـەكانی لیژنـە هەمیشـەیەكانی پەرلـەمان، و خەستنەڕووی پرسیار لە سەر بودجە خەمڵێنراوەكە لە لایەن بـەرێز نوێنـەری حكومەتـەوە چـەندین گومـان لەسەر پرۆژە یاساكە ئەڕەوێنێتەوە، و دەست خۆشی لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێم ئەكەم و پێم وایە ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان بە شێوەیەكی باش بـڕی داهات و خەرجیـەكانی خسـتۆتە ڕوو، لـە هـەمان كـات هـاوپێی ڕاپۆرتەكـە چـەندین خشـتە خراوەتـە ڕوو كـە كارئاسـانی باشـی كـردووە بـۆ بـەرێزان ئەندامان، بودجەی خەمڵێنراوی حكومەتی هەرێم بۆ ئەمساڵ بە ڕای من چەند لایەنێكی ئیجابی هەیە، و لـە هەمان كات جێگەی پرسیار و ڕەخنەشی هەیە، لایەنی باشی ئەوەیە بڕیار درا لەسەرەتای ساڵ بودجە هاتۆتە پەرلەمانی كوردستان، بۆ تەندەرین و ئیعلان و پرۆژەكان زۆر باشە، و تاكە سەرنجی من بـۆ هـەردوو بـەرێزان وەزیری دارایی و پلاندانان، دواتر دێمە سەر لیژنەكەی خۆم، ئەوەندەی من سەیرم كردبێ لە نێـوان بودجـەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماری ئەگەر بكرێ بـۆ سـاڵانی داهـاتوو سـتراتیجیەتی حكومـەتی هـەرێم بـۆ كـەم كردنەوەی ئەو ناهاوسەنگیە بۆ ئـەوەی بتـوانین بـۆ بـواری ئیستیسـماری ژێرخـانی ئـەم وڵاتـە چـاكتر بكـەین، هەرچـەندە بودجەكـە سـنووردارە، بـەس پـێم وایـە حكومـەتی هـەرێم بەرنامـە و پلانـی هـەبووە بـۆ دانـانی بودجەكە، ئـەویش كـۆ كردنـەوەی داهـات و كـەم كردنـەوەی خەرجیەكانـە، پلانیشی هـەبووە ئەگـەر بێتـەوە بیرمـان لـە سـاڵی 2010 ەوە لێـرە بودجـەی حكومـەتی هـەرێم ئیقـرار ئەكـەین، هـەر سـاڵێك بـۆ سـێكتەرێك ئاراستە كراوە، ئیتر ئەگەر مەبەستی خۆی پێكا بـێ، یـان لـە 100٪ نـەبووبێ، یـان جێگـەی ڕەزامەنـدی ئێمـە نەبێ، بەڵام پلانی هەبووە ساڵی 2010 ئاراستەی بودجەكە زیاتر بۆ وەزارەتـی تەربیـە بـووە، بـۆ كردنـەوەی خوێندنگا، ساڵی 2011 بۆ كارەبا بوو، ساڵی پاریش بۆ بواری تەندروستی بوو، و ئەگەر هەمووشمان سەیرێكی كوردستان بكەین هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ سەیری وڵات بكەین پێم وایە لە هەموو گونـد و شارۆچـكەیەك دەستی خزمەتگوزاری گەیشتبێ، هەرچەند ئەوە واجبی حكومەتی هەرێمە، بەڵام پێم وایە لەبەر سـنووورداری بودجە وای كردووە حكومەت لە ئاست ڕۆحی ئەندامان نەبێ، مـن بۆخـۆم وەك ئەنـدامێكی پەرلـەمان بـاوەڕم بەوەیە حكومەتی هەرێم لـەم چوارساڵەی كارنامەكـەی هێنـاوە و ئێمـە لـەم پەرلەمانـە دەنگمـان لەسـەر داوە توانیویەتی ئەو كارنامە ناڵێم 100٪، بەڵام لە 70٪ بـەرەو سـەرەوە جـێ بـەجێ كـراوە، تایبـەت قسـە لەسـەر لیژنەكـەی خـۆم ئەكـەم، بـەڵام پێشـنیارێكم بـۆ بـەرێز وەزیـری پلانـدانان هەیـە، نـازانم تـا چـەند تەماسـی موباشری لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاكان هەیە؟ لە بودجەی پێشنیار كراو لەم ساڵ بۆ هەندێ قەزا مەشـاریع و

پارەی کەمی بۆ دانراوە، ئەگەر بکرێ لە ئەنجومەنی موحافەزە و لە بودجەی پەرەپێدانی موحافەزە بتوانێ تەعویزی ئەوە بکرێتەوە، ئەو پێشنیارەم بۆ ئەو هەیە، تایبەت لەسەر لیژنەی خۆم لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و ئەنفال و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، ئیتر ئەوەی قوربەسەری بەسەر هاتبێ لەم لیژنەی ئێمە کۆبۆتەوە، و سەرەتا پێم خۆشە وەك ئەندامێکی ئەو لیژنەیە سوپاسی بەرێز وەزیری دارایی بکەم کە هەرکاتێ چووبووین بۆ لای و بەدوا داچوونمان کردبێ بۆ کاری شەهیدان پێشمەرگە بەراستی دەستی نەهێناوەتە ڕوومان، ئەمەش ناکرێ بەراستی چەند پێشنیارێك و ڕەخنەیەکیشم هەیە بۆی، دوایی ئومێدەوارم بە سنگێکی فراوان وەریبگرێ و بتوانێ جێ بەجێی بکات، سەرەتا من سوپاس و دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم ئەکەم بەراستی بە پێداگیری و پێشنیار و داواکاری ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان و بەتایبەت لیژنەکەی ئێمە کە توانی بڕێکی کەم جارێکی تر بۆ کەس و کاری ئەنفال و شەهیدان و جینۆساید زیاد بکرێ، لە هەمان کات لە ڕاپۆرتی خۆمان خاڵێکی تریشمان داوا کردبوو کە دابین کردنی کرێی خوێندن بۆ منالی شەهید، ئەوانەی کە لە خوێنگا ئەهلیەکان ئەخوێنن، ئەوەش دابین کراوە، بڕیاریشی داوە شتێکی کەم لە موخەصەصات، بەلاّم پێشنیار و سەرنجەکانم بۆ بەرێز وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان، سەبارەت بە دروست کردنی خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان، بەرێز جەنابی وەزیری پلاندنان ئەم پرسیارە بۆ بەرێزتە، کەس وکارێکی زۆری شەهیدان ماون بێ خانوون، یەکێ لە کێشەکانیان تەخصیص نەکردنی زەوی بوو بۆیان، ئێمە دەست خۆشی لە حکومەت ئەکەین بە تایبەت بۆ شەهیدانی کیمیا باران و ئەنفال و جینۆساید هەرەچەندە هێشتا ماون، ئەمساڵ بەرنامەی حکومەت دروست کردنی خانوو بووە، بەلاّم ئەو بڕە خانووە کەمە لە چاو ئەو شەهیدانە کە بێ خانوو ماونەتەوە، داواکارم بڕی ئەو خانووانە زیاد بکرێ، ئیتر ئەوەندەی لە توانا هەبێ، پێشنیارێکی ترم بۆ بەرێزت، ئێمە پارساڵ لێرە جارێکی تر پێشنیارمان کرد کۆمەڵێك مەستەسمیر لە بواری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بە تایبەت دروست کردنی شووقە و خانوو کە لە کوردستان کار ئەکەن، و حکومەتی هەرێم هاوکاریان ئەکات، پار وتمان بۆ ئەوەی کە س کاری شەهیدانیش بەوە ڕازین، پێشنیاری ئەوەمان کرد و وتمان بڕێك لەو شوقانە بێ قازانج نەك بێ بەرامبەر دابین بکرێ بۆ کەس و کاری شەهیدان، پێم وایە ئەوە یەکێکە لە کێشەکان، بۆ نەهێشتنی نا دادپەروەری من ئەوە ڕووبەڕووی هەردووکتانی ئەکەمەوە کە نوێنەری حکومەت لە مووچەی شەهیدانی سەنگەر بە تایبەت، پێشنیاری ئەوەمان کردووە پلە بەندی بکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو ناعەدالەتیە، چونکە ناعەدالەتی هەیە لە مووچەکانیان، لە سەنگ و قورسایی شەهید کەم ناکەمەوە، خوێنیان بەخشیوە نەك ئاو، بەلاّم ناعەدالەتی هەیە، من بە عەدەدێکی زۆر کەم پێتان ئەڵێم لە توانای حکومەت هەیە، کۆمەڵێك لە کەس و کاری شەهێدان لەو کاتی گرانیەکە زەویەکانیان فرۆشتووە بە پارەیەکی زۆر کەم، باوەڕ بکەن ناگەنە 500 کەس، ئێستا مینحەی حکومەت بیست و حەوت ملیۆن و نیوە، ئەوانە خۆیان دابینی ئەکەن نەك حکومەت ئەرزیشیان بداتێ، ئەگەر حکومەت هاوکاریان بکات بە پێدانی ئەو مینحەیە کێشەی ئەوانیش چارەسەر ئەبێ، جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە ئەوان ئەرزیان ناوێ، هەیتیان، هەندێکیشیان ئەگەر لە لادێش بێ، بەلاّم حکومەت ئەگەر

له تواناى بێ ئەوەش باشە، ڕەخنەیەکم هەیە لە حکومەت، یاسا دەر ئەکرێ بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵك و خۆش گوزەرانی، بەلاّم هەندێ جار ڕێنمایەکان کە دەرئەچێ ڕێگر ئەبێ لە یاساکە، من عەرزی بەڕێزتان ئەکەم و سێ نموونە ئەهێنمەوە، لە یاسای ژمارە 9 ی ساڵی 2007 لە ماددەی 7 لە بڕگەی دووەم لە خاڵی پێنجەم، ئەڵێ وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی ساڵانە بڕێك لە تواناسازی دائەنێ بۆ کەس و کاری شەهیدان، بە داخەوە دووساڵە پێشنیاری ئەکەین، جێ بەجێ ناکرێ، دوو، لە هەمان یاسا لە بڕگەی دووەم لە خاڵی حەوت، ئەڵێ کرێی تێچوونی چارەسەری نەخۆشی بۆ کەس و کاری شەهید، ئەمە حکومەتی ئیجبار کردووە کرێی تێچوونەکە بدات، ئەم پرسیارانەم لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان باس کردووە، چارەگێکی یان نیوەی کرێیەکەیان ئەداتێ کە بە یاساش دیاری کراوە، بۆیە داواکارم ئەگەر چارەسەرێکی ئەوە بکرێ، زیاد کردنی بڕی تەرخان کراو لە مەنافیعی ئیجتیماعی بۆ وەزارەتی شەهیدان ئەویش لەبەر سێ هۆ، چونکە مینحەی زیندانیانی سیاسی و چارەسەری نەخۆشی کەس و کاری شەهیدانی لەسەرە و بە پێی قسەی خۆیان ئەو بڕە پارەی بۆیان دانراوە چارەسەریان ناکات، پێشنیارێکیشم هەیە چونکە کۆمەڵێك کێشەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ڕۆتینیات و هەندێ تەعلیمات هەبوو، هێوادارم بەڕێز وەزیری دارایی و جێگرەکەی بە سنگی فراوان قبوڵی بکەن، کۆمەڵێك بڕیار دەرئەچێ لە پەرلەمان پاڵپشتی دارایی ئەوێ، هەندێجار پاڵپشتی دارایی زۆر درەنگ دەرئەچێ، بۆ نموونە ساڵی پار بڕیارماندا کە ژن و منداڵ بۆ شەهیدان، وەکو باسم کرد ئەم لیژنەیە هەرچی نەگبەتی هەیە لەسەری کۆبۆتەوە، بۆ بەستنی ژن و منداڵ بۆیان، بەلاّم بەراستی بە ڕۆتینیاتی بەینی وەزارەت و وەزارەتی دارایی تازە بۆیان ئەبەسترێ، بۆیە داواکارم ئەگەر ڕۆتینیاتێك بۆ کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە و کەمئەندامی سەنگەر هەبێ کەمی بکەنەوە، دێمە سەر پێشمەرگە، من لە خۆشم و لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەپرسم لە ساڵی 2007 ەوە ئیستیحقاقێکی دەستووریمان لە لای بەغدا هەیە، بۆ پارەی پێشمەرگە، لە ئەنجومەنی وەزیران پرۆژە یاسا ئەنێرێ بۆ ئەنجومەنی نوێنەران تێیدایە، لە ئەنجومەنی نێونەران ئیتیفاقی لەسەر ئەکرێ و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە کۆمەڵێك بیانوو و جەنابی نوری مالکی سەرفی ناکات، داوا ئەکەم لە نوێنەری حکومەتی هەرێم ئەگەر دادگای فیدراڵی هەیە و باوەڕمان بە حکومەتی فێدراڵی عێراقی هەیە بۆ شکایەت ناکەن؟ بۆ ئەوەی یەکلایی بێتەوە، تا ئێستاش ڕوون نیە، هەندێ کەس ئەڵێ لەبەر عەدەدە، من حەزئەکەم بزانن عەدەدی یاساکە ئەڵێ لە 17٪ ی بودجەی وەزارەتی عێراقی بۆ وەزارەتی پێشمەرگەیە، بەلاّم کە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و ئەمانە، مەسەلەی سیاسیە، دوو: ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە، سوپاسی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم کە داوای باشتر کردنی ژیانیان ئەکەن، بەلاّم بەراستی نیگەرانیەك دایگرتم کە لەم لاوە ئەڵێن مووچەی پێشمەرگە بێزاری کردووین، حەقە پێشمەرگە بیر لە ژیان و گوزەرانی بکرێتەوە، چوار سەد و حەفتاو پێنج هەزار دینار وەرئەگرێ لە دووزخورماتوو لە زومار و لەکوێ و لەکوێ، ئەوانەش پارێزەری ئاشتی ئەم ولاّتەن، بۆیە داواکارم پەرلەمانی کوردستان و حکومەت چاوێك بە ژیانیان بخشێنێتەوە، داواکارم لە بەڕێز وەزیری دارایی و حکومەتی هەرێم بۆخۆتان وەزعەکانی کوردستان لە مانگی هەشتەوە ئەبینین و

پێشتریش کۆمەڵێك کێشە ڕوو ئەدات، خێرا پێشمەرگە دەنێرن، من ناڵێم حکومەتی هەرێم پارەکەی دابین ئەکات، بەڵام بڕێك پارە لە بودجەی ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی دابنرێ بۆ ئەو مەسەلەیە بۆ کاتی جولەی ئەو هێزە کە بۆ حدودی موصل ڕۆیشتووە، ئێمە هەموومان داوای ئەوە ئەکەین پێشمەرگە ببێ بە نیزامی، بە بڕیار نابێ بە نیزامی، بە ئیمکانیەت ئەبێ، بۆیە داواکارم کە حکومەتی هەرێم سەربازگە دروست بکات بۆ تەدریبی پێشمەرگە، بۆ مانەوەی پێشمەرگە، بۆ جێگەی ئیسراحەتی، چونکە ئەوەندەی ئێمە بە دواداچوونمان کردووە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ئێستاش موعاناتی ئەوەیان هەیە، بڕیاری بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێم دەرچووە بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی 70 و 80، بەڵام ئەو بڕیارە لەبەر بێ پارەیی ناتوانێ جێ بەجێ بکرێ، ئەوەش داواکاری وەزارەتی پێشمەرگەیە کە ئەو بودجەیە دابین بکرێ، جارێکی تریش سوپاسی حکومەتی هەرێم ئەکەین کە بەو ئەرکە هەڵساوە و دابینی بودجەی پێشمەرگەی کردووە، راستە کورتهێنانی بودجە سەبەبی ئەو مووچەیە بوو، ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی جەنابی شێخ بایز ئەکەم، دواکەوتنی مووچەی پێشمەرگە، بەراستی ڕۆتینیاتی زۆر هەیە، بێنە بەرچاوی خۆتان لەبەر ڕۆتینیات مووچەیان وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە ناکات حکومەت پارەکەی نادات، ئەبێ ئەو قائیمەیە فەوج دروستی بکات، بیبا بۆ لیوا، ئەویش بیدات بە وەزارەت، ئەویش ئەیدات بە وەزارەتی دارایی، تەدقیقی تیا ئەکرێ، جارێکی تر بە مەرحەلە ئەگەڕێتەوە ئێنجا پارەکە ئەدرێ، بۆیە داوام ئەوەیە لەگەڵ تەمویلی پارەی خەرجیەکانی پێشمەرگە مەعاشەکە بدرێ، دوایی وەزارەت ئەتوانێ تەدقیق لەگەڵ وەزارەتی دارایی بکات، یان وەزارەتی دارایی نوێنەری خۆی بنێرێ بۆ تەوزیع کردنی مووچەکان، هەشت: بڕیارێك دەرچووە لەم پەرلەمانە لە خولی یەکەم، ئەوەی پێشمەرگایەتی کردبێ پێش 1995 بە مەبەستی خزمەتی خانەنشینی بۆ مووچە، تا ئێستا ئەو بڕیارە لە هەندێ وەزارەت نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردن، بۆیە داوا لە هەردوو بەڕێزان نوێنەری حکومەت ئەکەم کە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەمە تەعمیم بکەن، چونکە هەیە ئەیکات، وەزارەت هەیە نایکات، بەڵام پێویستی بە تەعمیمێکە هەمووتان ئەندامن لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی وەزیران نەیخەنە دەستی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەنجومەنی وەزیران تەعمیمی بکات بۆ جێ بەجێ کردنی، کەم ئەندامانی سەنگەر ئەتوانین بڵێین شەهیدی زیندوون، ئەوانیش کۆمەڵێك کێشە و گرفتیان لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەیە، هەیە وابزانم کاك شێخ ئەزانێ، بەڵام کۆمەڵێك کێشەیان ماوە، ئومێد ئەکەین بۆیان چارەسەر بکرێ، مەسەلەی دەرماڵە و ژن و ئەو شتانە، من ئەخیر شتم تەمانا ئەکەم کوردستان ئاوەدان بێتەوە، بەڵام نووسینەگەیەکمان هەیە لە هەڵەبجە، لەو نووسینگەیە خەڵکی ئەم سنوورەن، ئەم سنوورەش وەك زۆربەی ناوچەکانی کوردستان تووشی کاولکاری و دەربەدەری بوون، بۆیە من ئەوەی ئەیخەمە ڕوو کۆمەڵێك پرۆژەی باشە و دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم ئەکەم، بۆ هەر چوار قەزاکە کە بەدوا داچوونمان کردووە، سەردانمان کردووە، حەز ئەکەم هەر بۆ ئەندامانی بەڕێز، بۆ قەزای هەڵەبجە پرۆژەی پێشنیار کراو بۆ ئەمساڵ پانزە پرۆژەیە، گوژمەکەی دە ملیار و دوو سەد و چوارە، لە هەمان کات پرۆژە بەردەوامەکان 61 پرۆژەیە، بەڵام کە ئەڵێم سوپاسیان ئەکەین حەقە بۆ سەیدسادق و پێنجوێن ئەوانەش بکرێ، قەزای

شارەزوور پرۆژەی پێشنیار کراو بۆی 6 پرۆژەیە، بەردەوامی 22 ە، بە هەردووکی حەڤدە ملیار و نۆسەد و حەفتا و سێ ملیاری بۆ دانراوە، بەڵام یەك داوام لە بەڕێز وەزیری پلاندانان هەیە، لە پرۆژەی پێشنیار کراوی ئەم قەزایە ئەگەر بکرێ تەعویزیان لە پرۆژەی تەمویلی موحافەزات بکرێتەوە، قەزای سەیدسادق پرۆژەی پێشنیار کراو بۆ ئەمساڵ 5 پرۆژەیە، پرۆژەی بەردەوام 26 پرۆژەیە، بە هەردووکی بۆ 2012، 2013 بیست و چوار ملیار و سەدۆ نۆەد، من سایلۆکەم نەخستۆتە سەری، چونکە نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، قەزای پێنجوێن بۆ ئەمساڵ 16 پرۆژەیە، گوژمەکەی چل و یەك ملیار و دووسەد و بیست و هەشتە، پرۆژەی بەردەوامی 48 ە، بە هەردووکی هەشتاو یەك ملیار و هەشت سەد و سێ ملیۆن دینارە، جارێکی تریش داوا کارم ئەو سنوورەی ئێمە سنوورێکە زۆر ماڵ وێرانی دیوە، پێویستی بە ئاوڕدانەوەی زیاترە، بۆیە بە تایبەت قەزای سەیدسادق و شارەزوور پرۆژەی پێشنیار کراوی ئەمساڵی کەمە لە تەنمیەی موحافەزات هین بێتەوە، من جارێکی تر داوا کارم کە دەستەڵات دابەزێنرێ بۆ خوارەوە، تۆزێك ڕۆتینیات کەم بێتەوە، لە مەسەلەی تەندەرین و ئەوانە، بۆ ئەوەی پرۆژەکان زوو بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، داوای لێ بوردن ئەکەم هی ترم ماوە، لەو سنوورەی ئێمە بەراستی وەزعی خوێندنگاکان ناڵێم خراپە و هیچ نەکراوە، بەلام ئەمساڵ دوو، سێ حادیسەی ناخۆش ڕوویدا، تەڵەبەیەك شەهید بوو لە مەسەلەی بینا و ئەمانە، ئەگەر بکرێ حکومەت چاوێکی زیاتری لەم سنوورە بێ، سوپاس

**بەڕێز د_ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان

**بەڕێز لانە احمد**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تەبیعی من ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووریم، لە سەرەتا حەز ئەکەم ئیشارە بە شتێك بدەم، بە نیسبەت هەموو ولاتان و خۆشم شەخصی بەراستی کات زۆر گرنگە، من کە مامۆستا بووم لە کولیەی ئیدارە و ئیقتیصاد مەرحەلە دوو، ماددەکمان هەبوو (ئیدارەی وەقت)، یەعنی ئەو مادده خیلالی ساڵەك بە قوتابیان ئەوترا، دکتۆر ئاراس ئەزانێ، وەقت زۆر گرنگە، ئەبێ تەختیتی بۆ بکرێ، ئەبێ پلانی بۆ دابنرێ، ئەبێ تەوجیه بکرێ، بەس بەداخەوە ئێمە وەقت بە گرنگ وەرناگرین، بۆ نموونە من بۆ قوتابیەکان لە جامیعەی صەلاحەدین لە کولیەی ئیدارە و ئیقتصاد بەحسم ئەکرد ئەموت پێشان ئەمانوت ئەگەر بەرهەمێکمان هەبێ، ئەبێ رەئس مالمان هەبێ، ئەدەوات هەبێ، عاردمان هەبێ، بەس لێرە ئەو عونسورەی موهیمە کات ئەبێ تەنزیم بکرێ، عونسری مەوردی بەشەری، چونکە ئەو عونسرە موحەریکە بۆ رەئس مال، بۆ ئەو ئەرزەی، بۆ ئەدەوات، مەکائین، تا بەرهەمەکە پێڕابگات، لێرە هەست ئەکەم بۆیە باسی کاتم کرد وەقت هەندە گرنگە ئەبێ مەجال نەدرێ خەسار بکرێ، ئەو بودجە ماوەی تەقریبەن مانگەکە گەیشتیتە پەرلەمان، ئێمەش کە ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابوورین، و دکتۆر ئاراس کە سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووریە، بەردەوام کۆبوونەوەمان کردووە، لە ناو لیژنە سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری هەموو ئەندامەکان بەردەوام لەوێ

بوونه، بەردەوام کۆبوونەوەمان کردووە، لەگەڵ وەزیرەکان دانیشتووین،گفتگۆمان لەسەر بودجەکە کردووە، وتیتمان بە تایبەت سەرۆکی لیژنەی دارایی و ئابووری وتیتی چ پێشنیارتان هەیە هەموو بێنن تا لەناو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دابنرێ، من زۆر پێم سەیرە ئێمە خیلال ئەو پێنج، شەش ڕۆژەی کە بەحسی بودجەی هەرێم ئەکرێ بۆ ساڵی 2013 کەئەنەما ئەو چوار، پێنج ڕۆژەیە لەبەر دەستمانە، و تەئکیدیشم هەموو لیژنەکانیش، چونکە سێ بەشی چالاکی ئەندام پەرلەمان لەناو لیژنەکانە، بەس ئەوەندە حەزم کرد ئیشارەت بەوە بدەم کە لە لای من وەقت زۆر گرنگە، بەداخەوە ئێمە بەو شێوەی موناقەشەی بودجەی هەرێم بکەین، دێمە سەر نوقتەیەکی موهیم، سەرەتا حەز ئەکەم ئیشارە بە موازەنەی بدەم، بودجە عادەتەن پێك دێت لە چەند خشتە، تەخمینیە، نەفەقات و ئیراداتی دەوڵەت بۆ ساڵی دارایی نوێ دادەنرێ، بودجە ماوەکەی چەندە؟ بۆ ساڵێکە، داهاتەکان و خەرجیەکانی لەناو دائەنرێ و خشتەکانیش دائەنرێ کە بۆمان پیشان ئەدات نەفەقاتمان چەندە؟ لە عەینی کاتیش بە نیسبەت داهاتەکان ئیرادەتەکان چەندە تا بتوانین ئەو نەفەقاتە پڕ بکەینەوە، ئەتوانین پێناسەی موازەنە بکەین پێك دێ لە مەجموعەیەك لە ئامانج و چالاکیەکان کە تەعبیر ئەکات لە سیاسەتی دەوڵەت، کە پێشکەش ئەکات بۆ هاووڵاتیان بۆ ئەوەی ژیانیان پێش بخات، بۆ ئەوەی گەشەیان پێبدات، حەز ئەکەم ئیشارە بەو نوقتەی بدەم کە لە 96٪ سەرچاوەی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دابین ئەکرێ، و ئەشزانین بە نیسبەت بودجەی هەرێم سنووردارە، ئەوها نیە بتوانین هەموو بوارەکان بە پێی پێداویستیەکان تەرخان بکەین، حەز ئەکەم ئیشارە بە ڕاپۆرتی موازەنە بدەم، لێرە بەنیسبەت نەفەقاتی تەشغیلی و ئیستیسماری ئەوەی ئیقتراح کرایە بۆ وەزارەتەکان بیست و دوو ترلیۆنە، ئەوەی وەزارەتی مالیە بۆی داناوە پانزە ترلیۆنە بە نیسبەت نەفەقاتی تەشغیلی، بەس نەفەقاتی ئیستیسماری پێنج ترلیۆنە، ئەگەر بڵێم کۆیان بکەینەوە ئەکاتە شانزە ترلیۆن، لێرە مەتڵەبی ئەو وەزارەتانە چەندە. بیست و دوو ترلیۆن لە کوێ؟ شانزە ترلیۆن لە کوێ؟ ئەوە بێ قسە ئەکید بوارێك لە بوارێك زیاتر ئیهتیمامی پێ دەدرێ، ئەکید تووشی کێشە ئەبین لە هەندێ بوار، چونکە ئەوەندە ئیمکانیەتەمان هەیە، بودجە سنووردارە، ئیشارەتم پێدا کە 96٪ سەرچاوەی بودجەی هەرێم لە لایەن حکومەتی بەغداوە دابین ئەکرێ، و ئیشارەشم پێدا کە سنووردارە، و بودجەی ئەمساڵی هەرێم لە کۆی بودجەی گشتی عێراق کە سەدو سی و هەشت ترلیۆن و چوار سەد و بیست و چوار ملیار دینارە، بەشی هەرێم دوای دەرهێنانی خەرجیەکانی سیادی و حاکیمە ئەکاتە چواردە ترلیۆن و چوار سەد و شەش ملیار و حەوت سەد و سی و پێنج ملیۆن دینار، بە هۆی زۆری خەرجی سیادیەوە لە بودجەی عێراق بەشی هەرێم ئەکاتە 10,4٪ ، نەك وەك ئەوەی حەز ئەکەم ئەو نوقتە زۆر گرنگە تەوزیحی بکەم بۆ هاووڵاتیانی هەرێم، چونکە زۆر جار بەرامبەرم ئەوترێ بەشی هەرێم 17٪ یە، ئەوەندە نیە، چونکە ئەگەر 17٪ بایە ئەوە زۆر لە پێداویستیەکانمان جێ بەجێ ئەبوو، نیسبەکەمان لێرە دەرهاتووە 10,4 ە، نەك 17٪، لەگەڵ ئەو داهاتەی لە ناوخۆ هەیتمان و ئەو پترۆ دۆلارەی تەخصیص ئەکرێ بۆ هەرێم ئەبێتە پانزە ترلیۆن و دووسەد و پەنجا و حەوت ملیار و هەشت سەد و چل و نۆ ملیۆن دینار، کە دێنە سەر داهاتی هەرێم پانزە ترلیۆن تەخصیص

ئەكرێ، بودجەی پێشنیار كراوی هەرێم بۆ ساڵی 2013 بریتیە لە شانزە ترلیۆن و نۆسەد و چل و دوو ملیار و حەوسەد و چل و نۆ ملیۆن دینار، واتە خەرجیەكانمان شانزە ترلیۆنە، ئەوەی موقتەرەحە كە وەزارتەكان پێیان ئەوێ بیست و دوو ترلیۆنە، ئەوەی داهاتمانە و پێمان ئەگات لە بەغدا چواردە ترلیۆنە، لەگەڵ داهاتی ناوەخۆ و پترۆ دۆلار ئەوجا ئەكاتە پانزە ترلیۆن، لێرە وەزارەتی دارایی شانزە ترلیۆنی بۆ داناوە، یەعنی هەندێ بوار كەموكورتی تێدا دەبێ، ئەوەش زۆر تەبیعیە، لێرە دووبارە ئەیلێمەوە حیسەی هەرێم ئەكاتە 10,4 كە بەشی هەرێم، نەك 17٪، نوقتەیەكی تر هەیە، ئەو كوراسە بەراستی نزیكی 40 ڕۆژ زیاترە لەبەر دەستی هەموو ئەندامانە، ئەوەی بزانم كە زۆر زۆر كەم لە بواری دارایی و ......ئەوەی زۆر زۆر كەم بزانی لە بواری دارایی و ئابووری ئەگەر سەیری ئەو ڕاپۆرتەی بكات بە جوانی ئەزانێ ئەمساڵ بودجەی هەرێم كو دارێژراوە؟ زۆر بەشەفافەیت، زۆر بە ڕوونی، بە داتا، حەز ئەكەم لێرە هەتا بە نیسبەت موقەدیمەی ئەو كوراسە ئەگەر ئیشارەتتان بۆ بدەم، ئەڵێ لەم ڕاپۆرتە بە داتا و ئامار بەراوردێك لە نێوان ساڵەكانی 2004 لەگەڵ 2012 ئەكەین، و ئەو پێشكەوتنە نیشان ئەدەین كە لە هەرێم لە هەموو بوارەكانی خزمەتگوزاری و خۆش گوزەرانی بەدیهاتووە، هەروەك چۆن ساڵ بەدوای ساڵ توانرا پرۆژە یاسای بودجە پێش بخرێ، و كاریگەری باشی لەسەر باش بوونی ژیانی هاوولاتیان هەیە، تەبیعی چەند نموونەی داوە لەناو ئەو ڕاپۆرتە، بۆ نموونە لە بواری پەروەردە، بە بەراورد بە ساڵی 2003_2004 بۆ 2012_2013 قوتابی بە ڕێژەی 98٪ زیادی كردووە، تەنیا بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 10٪ زیادی كردووە، بۆ ئەو مەبەستەش بە ڕێژەی 81٪ ژمارەی قوتابخانە، خوێندنگا زیادی كردووە، كە بریتیە لە 2641 قوتابخانە، بەم شێوەی لەسەرجەم بوارەكانی تەندروستی و پەروەدە و خزمەتگوزاری پێشكەش بە كەس و كاری شەهیدان و جینۆساید و كەمئەندامان و پێدانی قەرزی بچووك بە گەنجان و دابین كردنی بیمەی بێكاری و هەوڵدان بۆ دابین كردنی هەلی كار، بۆ نموونە ڕێژەی بێكاری لە هەرێم لە ساڵی 2012 دابەزی بۆ 7٪ ، لە كاتێك دا لە ساڵی 2008 (13,3) بوو، و ڕێژەی هەژاری بە پێی ڕاپۆرتی بانكی نێودەوڵەتی كە لە 2008 ئەنجام دراوە لە پارێزگاكانی هەرێم ڕێژەكەی 4,7 بووە، بە بەراورد لەگەڵ پانزە پارێزگاكەی تری عێراق كە ڕێژەكە لە 25,6 بووە، بە تێكڕای گشتی لە هەر 18 پارێزگاكەی عێراق 22,9 بووە، و لە بوارەكانی تریش، ئەوە نموونەیەك بوو لەو ڕاپۆرتەی كە ئیشارەتم پێدا، و ئەگەر تێبینیش بكەن لە هەموو سێكتەرەكان، لە خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی، لە خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زاستی، لە شەهیدان و ئەنفال كراوان، كاروباری كۆمەلأیەتی، كارەبا، شارەوانی، ئاوەدان كردنەوە و نیشتەجێ بوون، وەبەرهێنان، هەمووی بە داتایە، ئەوەی هیچ شارەزایی نەبێ لە بواری دارایی و ئابووری كە سەیری ئەو كوراسەی بكات لای ڕۆن ئەبێتەوە، گلەیش لە حكومەتی هەرێم ئەكەم، ئەمساڵ بەراستی ئەو ڕاپۆرتەی بەو شێوەی دایرێشتیە كە زۆر بە شەفافیە، و ئەبێ وازیح بێ لامان، بزانین پرۆژەكانی بۆ ساڵی 2013 چیە؟ لە ماوەی پیشتریش چی پێشكەش كردووە؟ من شانازی بەو حكومەتەی ئەكەم، بەس بە سەراحەت نەك لە مونتەلەقی دیفاع كردن، ئەبێ حەق بگوترێ، ئەو ئیشە باشەی تەقدیمی كردیە بەو شێوەی، لەگەڵ ئەوەش پێم سەیرە زۆر كە ئەڵێن بودجە ڕوون نیە، هەموو شەریحەیەك

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د.حسن محمد سورە
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (41)**

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 31\1\2013

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (41)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2013/1/31

**كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2013/1/31 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سوره جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (41)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (41)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێكەوتی 2013/1/31 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2013.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (41) رۆژی دانیشتن (2013/1/31) بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (41)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی 2013/1/31 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2013.**

**داوا لەلیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ، وەزیری دارایی و ئابووری، وەزیری پلان دانان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، بەخێر بێن، هێشتا (23) کەس ماوەدەمانەوێت ئەمڕۆش تەواوی بکەین، ئەگەر لوتف بکەن زۆر قسەکان کران، دووبارە نەبێتەوە مەمنوونتان دەبین، فەرموو کاک عبدالرحمن.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێشەکی سوپاس دەکەم بۆ ئەو نەفسەی کەوا بە ئەندام پەرلەمانەکانی دای هەموویان قسەی دڵی خۆی بەدڵی خۆی کردی، سوپاسی لیژنەی دارایی دەکەم پێشەکی کە ئەو ڕاپۆرتەی بە تێر و تەسەلی نووسییە، من ئەمڕۆ لێرە زۆر خۆشحاڵم کە باسی بودجەی هەرێمی کوردستان موناقەشە دەکەین، انشاءالله وەختێکی دێت زووترین وەخت دێت هەر لەم پەرلەمانە موناقەشەی بودجەی دەوڵەتی کوردی دەکەین، بودجە هەموومان دەزانین ڕەسمی ئابووری و دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، حکومەت لە ڕێی بودجەوە دەتوانێت ژیان و خۆشگوزەرانی خەڵکی دابین بکات، بەهۆی پێشکەشکردنی کارنامەکەی، ئەویش بە هاوکاری ئێمەی پەلەمانتارەوە، بە دیاری کردنی کەم و کورتییەکانی ناو بودجە، دەبنە دەعم بۆ پشتیوانی بۆ کارنامەکەی هەمووومان کە قسە دەکەین لەسەر بودجە لە دڵسۆزی و خەم خۆری و پەرۆشی حکومەت و وڵاتەکەمانین، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئێمە پێشنیار و خاڵە ئیجابییەکان و سلبییەکان بخرێنە بەردەستی حکومەت بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی و کارئاسانی بۆی، پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ لە ساڵەکانی پێشوو زۆر باشترە، لە ڕووی هونەری و تەکنیکی و زانستی زۆر وردەکاری تێدایە، بە سەراحەت باسی هەموو بابەکانی بودجەی کردییە، کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە ئاشکرا ئاماژەی بە هەموو سێکتەرەکان کردووە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە هیچ کەم و کوڕییەکی تێدا نەبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەك لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە کە دەڵێت لە (96٪) سەرچاوەی داهاتی بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دابین دەکرێ، کەواتە لێرە ئێمە هەموو کاتێك لەبەردەم هەڕەشە داینە، بۆ بڕین و کەم کردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا مافی خۆمانە،**

**کەس خێر بە ئێمە ناکا، پێویستیشمان بە خێری کەس نییە، چونکە دانی بودجە بە هەرێمی کوردستان بەرێکەوتنێکە کە لەساڵی (2006) هەرێم و بەغدا لەسەری رێککەوتوونە، کە لە (17٪) بودجەی گشتی عێراقی فیدراڵ بدرێت بە هەرێمی کوردستان، بەڵام وەك هەمووومان دەزانین کە حکومەتی بەغدا هیچ رێککەوتنێکی جێ بەجێ نەکردییە و ناش کات، نموونە جێ بەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستووری عێراقی کە دەبوایە لەکۆتایی ساڵی (2007) جێ بەجێ بکرابایە، تا ئێستا نەیکردییە، من باوەڕیشم پێ نییە بیکات، رێککەوتنی هەولێر کە حکومەتێکی شەراکەت پێك بهێنێت ئەویشی جێ بەجێ نەکردنییە، وەکو ئێمە هەمووومان دەبینین سەرباز و جەیش و تانکی بەکارهێنا بەرامبەر لایەنەکانی تری تایبەت بە هەرێمەکەمان، زۆر رێککەوتنی تری هەبووە، قسە لەبەینی لایەنەکانی تری سیاسی هەبووە لەم عێراقە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەدی نییە کە جێ بەجێ بکرێت، بۆیە من کە دەبینم بڕینی بودجە سیاسییە، کەواتە مادام سیاسییە ئێمە هەمی ئۆباڵەکەو گلییەکە لە حکومەتی عێراق نەکەین، هەندێك لەسەر نوێنەرەکانی خۆمانە کە ئەوانەی لەبەغدانە، ئەو نوێنەرانەی ئێمە کە ناردینە ئەوێ هەموو لەئەندام پەرلەمانەکان، لەوەزیرەکان، لە جێگرە پلە باڵاکان، دەبوایە ئەوان لەوێ پێداگری بکەن، ئەگەر هەرنا دەبوایە سەدان رۆژنامەگەری قسەیان بکردبایە لەسەر ئەم بودجە و ئەم کارانەی کە حکومەتی عێراق بەرامبەر هەرێم دەیکات، ئەگەر هەرنا دەبوایە شکایەتیان لە حکمەتی عێراقی کردبایە لە دادگای فیدراڵی باڵای عێراق، ئەمانە هەموو نەکردینە، ئەمە لەلایەکی کەم و کورپیەکان دەچنە لای ئەو نوێنەرانەی کە ئێمەی گەلی کورد ناردینە بۆ بەغدا کە دیفاع لە ئێمە بکەن و خزمەت بە گەلی کورد بکەن، کەمتەرخەم بوونە، لەبەر ئەوە من هەموو ئەو موستەحەقاتی هەرێمی کوردستانە لە بەغدا کە نەهاتیتە بەردەستی ئێمە، حکومەت نەیداوە بەئێمە، کەم و کورپیەکان هەمووی یان کەمتەرخەمییەکە هەموو لەلای حکومەتی عێراقەوە بە تەنیا نییە، لەسەر نوێنەرەکانی ئێمەیە دەبێت ئەوانیش پێگری لێ بکەن، مادام سیاسییە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕێت کە هەمووومان دەزانین ئەویش بەبیانووی بودجەی سیادی و حاکیمانە ساڵ بۆ ساڵ کەمتر بودجە بۆمان دەنێری، بودجەی سیادییەکان زیاد دەکا لەسەر هەرێم، لێرە من داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بە جورئەتەوە پلان و بەرنامەی ستراتیجی خۆی هەبێ، رابگەینێ بەسەربەخۆ کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان بەبێ دوو دڵی، هیچ شتێکی تێدانییە من بەلای خۆمەوە دەڵێم دەبێ بیکات، دەبێ بیڵێت، بەبێ منەتی، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە پرۆژەی نۆژەنکردنی پردی دەلال لە زاخۆ، لە ساڵی (2010، 2011، 2012)دا بودجەی بۆ تەرخانکردبوو، بەڵام تائێستا نەچۆتە بواری جێ بەجێکردن، نازانم چی بەسەرهات، کاك عەلیش لێرە نییە، کە هەندێك قسەم هەبوو بۆ ئەویش بڵێم، من لێرە زۆر رەفیقان، زۆر هەڤاڵان، زۆر لەئەندام پەرلەمانان لەوانەیە باسی بودجەی زاخۆی کرد یان وتی پرۆژە لە زاخۆ زۆرە، من وادەبینم بودجەی زاخۆ زۆر کەمە و پرۆژەکانیش بۆ زاخۆ زۆر کەمن، چونکە زاخۆ شارێکی دێرینەو شارێکی گەورەیە، شارێکە دەکەوێتە مەوقعێکی ستراتیجی لەنێوان سێ دەوڵەتەوە، تورکیا، سوریا، عێراق، ئەم شارە دەبێ حکومەتی هەرێم ئیهتیمامێکی تەواوی پێ بدات، لەرووی**

ئابوورییەوە، لەرووی سیاسییەوە، لەرووی گەشت و گوزارییەوە، ئەمن لەساڵی (2010) بیرۆکەیەکم دابوو بۆ پەرلەمان، بۆ سەرۆکی پەرلەمانی ئەو کاتە، کەوا ئێمە لە زاخۆ پێویستیمان بە بەنداوێکە، لەپشت زاخۆ مەنتیقەیەك هەیە پێی دەڵێن (چەمچیرمۆ)، ئەو مەنتیقەیە کاتی خۆی حکومەت کەشفی کردبوو، دیزاینی بۆ کردبوو کە بەنداوێك لەوێ دروست بکات، ئەو بەنداوە بەڕەئی من دەبێتە هۆکارێکی گەشتیاری، هۆکارێکی سیاحی، هۆکارێکی ئیقتیسادی، بۆ گەشاندنەوەی کشتوکاڵ و گەشت و گوزار و بۆ زۆر شتی تر ئێمە ئیستیفادەی لێ دەکەین، ئەو ئاوە هەروا بەفیڕۆ دەڕوا، هیچ ئیستیفادەیەکی لێ ناکەین، بەڵام تا ئێستا نەهاتۆتە بواری جێ بەجێکردن، من لێرە داوا لەوەزیری پلاندانان دەکەم بۆ ساڵی داهاتوو ئەو پڕۆژە بخاتە ناو کارنامەی بەرنامەی خۆی بۆ پڕۆژەکان بیری لێ بکاتەوە و دایبنێ، چونکە زۆر موهیم و زۆر گرینگە بۆ هەموو کوردستان و دەڤەری زاخۆ بەتایبەتی، دەربارەی دامەزراندن، لەپڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان لەساڵی پاردا تەئکیدمان کرد کە ئەولەویەت بدەن بە وانەی کە گرێبەستیان هەیە لەناو دام و دەزگای حکومەت و لە وەزارەتەکان، چونکە ئەوانە لەوانەیە سێ ساڵ، چوار ساڵە لەو دام و دەزگایانە خزمەتیان کردووە، لەبوارەکەی خۆیان شارەزابوونە، لە ئیشەکانی خۆیان خیبرەیان وەرگرتووە، هەر ئیشێك، لە هەر کارێك بێت، ئەو عومرەش بەسەربرد، سێ ساڵ، چوار ساڵ بۆ ئینسان گەلەك زۆرە، لەوانەیە گەورەبوو دامەزرایە لەوێ بە گرێبەست ئێستا بڵێت تەعین نابی و دانامەزرێی بۆ کوێ بڕوا؟ چی بکا؟ ئەوە غەدرێکە لەو کەسە، بەیانی یەعنی دانەمەزرێ هیچ ئیش ناتوانێ بۆ خۆی بکا، عومرەکەی رۆیی و غەدرێکی گەورەیە لەوە، من لێرەش دووبارە داوا دەکەم ئەولەویەتی ئەم ساڵ بە (15) هەزار دامەزراوەکان بدەن بەو کەسانەی کە گرێبەستیان هەیە لەگەڵ حکومەت، لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەت لەوەزارەتەکان، ئەگەر گەورەش بێ هەر مەعاشەکی رەمزی بداتێ، تەقاعودیش بێ بچێتە ماڵ هەر تەواوە، بەڵام مەغدور نەبێ، هەروا نەمێنێ، دەبێ بیرێکی لێ بکەینەوە، هەر سەبارەت بە دامەزراندن بەڕاستی زۆر برادەران باسیان کرد گوتی دامەزراندن بودجەی تەشغیلی و نازانم ئەوە هەموو پارەکە دەچێت بۆ دامەزراندن، ئەمە دامەزراندن ئیشی حکومەتە، پێویستە لەسەر حکومەت خەڵك دابمەزرێنێ، ئێمە قەت با نەڵێین ئەو دامەزراندنە بۆ کوێ دەچێت، با ئێمە هەموومان لەخۆمان بپرسین کە ئەندام پەرلەمانین هەر یەکێك لە ئێمە لە جێگایەك هاتووینە، لە دەڤەرێك هاتووینە، لێرە کۆبووینەوە، هەموومان دەزانین خەڵك و کەسوکارمان هەیە لە دەوروبەرمان، کورد هەمووی خوشك و برا و کەسی ئێمەنە، کێنە ئەوانەی ئەو بودجەیە یان ئەو دامەزراندنە یان ئەو پارەیە وەردەگرن؟.

هەر خەڵکی ئێمەنە، ئێمە بۆ درێغی لێ بکەین بڵێین بۆ دامەزراندن هەیە؟ بۆ مەعاش بدەین بە ئەمە؟، ئێمە با داوا بکەین خەڵك دابمەزرێ، خەڵکەکە بە مووچە بکەوێ، خەڵکەکە ژیان و گوزەرانی خۆش ببێ، هەموو کێنە ئەوانە؟ لە دەرەوە بوون، لەشاخ بوون، کاتی خۆی لەگەڵ پێشمەرگە بوون، لەوانەیە پێشمەرگایەتی نەکردبێ، بەڵام ماڵی لەناو ئەو مەنتیقەیە بوو کە پێشمەرگە تێیدا خەباتی خۆی بەردەوام دەکرد و چالاکییەکانی رۆژانەی خۆی دەبردە سەر، بۆ نموونە دەڵێم هەندێك دەڤەر هەبوو بەسەدان

عائیلەی لێ بوو، لەژێر تۆپ و تەیارەی حکومەت بوون، تەعامولی دەکرد لەگەڵ پێشمەرگە، نانی بە پێشمەرگە دەدا، کە سەعاتێك، دوو سەعات پێشمەرگە بچووبایەوە بحەسابایەوە دەچووە کێ؟ دەچوو بۆ ماڵی ئەو کەسانە، ئێستا حەقی خۆیەتی مەعاشێکی بداتێ، یەعنی ئێمە درێغی لەوە بکەین بڵێین بۆ خەڵك دابمەزرێ؟ بۆ مەعاش دەدەن بەو خەڵکە؟ ئەمە هەر حەقێکە دەبێ حکومەت بیدا، دەبێ حکومەت چاوپۆشی لێ نەکا، بە جورئەتەوە، بە هەموو شێوەیەك بدات، هەرکەسێکیش بڵێت چیش؟ ئەوا بۆ ئەو برایانە دەچێت، ئەگەر ئێمە پارە نەدەین بە فەقیر و هەژاری خۆمان، پارە نەدەین بە خەڵکی خۆمان، ئەی بدەین بەکێ؟ ئەی بۆ کێ ببەین؟ ئێمە دەبێ هەمووومان پشتگیری لە دامەزراندن بکەین، پشتگیری لە مووچە دان بکەین.

من وەکو پێدەزانم لەم وەختانە بە سەدان کەس مووچەیان وەرگرتووە و مووچەدار بوونە، زۆرم پێخۆشە و کەیفیشم پێ دێت، ئەمن پێم خۆشە هەموو هاووڵاتییەك لە ناو ئەم کوردستانە مووچەی هەبێ، ژیانی خۆش ببێ، بەسەر بەرزی بژی، بە بێ منەتی بژیت، ئێمە ئەگەر سەیری خەڵك بکەین....، بەڵام ئێمە لێرە شتێکمان دەوێ دامەزراندن دەبێ بە موئەسەساتی بکەین، ئێمە گلەیی لەوە بکەین کە ئێمە موئەسەساتمان نییە، وڵاتەکەمان موئەسەساسی بکەین، لەوڵاتی فەرەنسا چۆن خەڵك دادەمەزرێ؟ وەزارەتێك بانگەوازی دەکا لە تەلەفزیۆن، لە ئیعلامەکەی خۆی، دەڵێ من پێویستیم ئەو ساڵ بە (200) کارمەندە، بە هەزاران کەس تەقدیم دەکا، خۆیان لیژنەیان هەیە یانیش دوو، سێ سێکتەرەکان تێدەپەڕێ دەچێت لەو لیژنەیە وەکو ئێختیبارێك، وەکو ئیمتیحانێك دەکا، ئەگەر لەم ئیمتیحانە دەرچوو دەچێتە یەکێکی تر، تا دوو، سێ ئیمتیحان لەو دوو هەزار، سێ هەزار کەسە، (200) کەس دادەمەزرێ، ئەوانیش دوای ئەو هەموو ئێختیباراتانە، ئێمە لێرە هەروا بە هەڕەمەکی دادەمەزرێنین، ئەمە لێرە موشکیلەی ئێمەیە، ئێمە ناڵێین وەزارەتی دارایی چ پێویستی بە (100) کارمەندە، بە (100) فەرمانبەرە، ئایا ئەو فەرمانبەرانە دەبێ کێ و کێ بن؟ ئەمە کەسی شەخسی موناسیب بودجەی موناسیب دانانێین، ئەوە موشکیلەی ئێمەیە، هەرئەوها دەڵێن دامەزرا، (15) هەزار ئەمساڵ دادەمەزرێنین، پاریش (17) هەزارمان دامەزراند، بەڵام کەس نازانێ کێ چوو بۆ کوێ؟، کەس لێی نایبینێ کە ئەوەی پێویستی پێ هەبوو ئەو دام و دەزگایە بۆ ئەو فەرمانگەیە بچێتە ئەوێ، ئەمە کێشەی ئێمەیە، کێشەی ئێمە ئەوە نییە خەڵك بە مەعاش بێ، خەڵك مووچە وەربگرێ، ئەگەر سەیری وڵاتانی کەنداو بکەین هەموویان لەسەر نەوت دەژین، هەر ئەصڵەن باسی لەو شتانە ناکەن، ئێمە هەموو رۆژێك دەچینە سەر بودجە و سەر تەشغیلی و سەر نازانم مەعاش و مووچە، خەڵك مووچە خۆربێ، با خەڵك مووچە خۆر بێت، خۆ پارەی من بەتەنیا نییە، پارەی جەنابتان بە تەنیا نییە، پارەی ئەم وڵاتەیە، بدەن بەو خەڵکە بابژیت بۆ خۆیان بە خۆش گوزەرانی، ئێمە دەبێ داوا بکەین خەڵکێك هەیە بە دەگمەن ماون فەقیر و هەژارن، لە ژێرنایلۆنن، ژیانیان زۆر ناخۆشە، دەبێ ئێمە وەك ئەندام پەرلەمان واجبی ئێمەیە سەیر بکەین، لێ بگەڕێن بچین ئەو ناوانە بنووسین بە لیست، بە قائیمە بهێنین تەقدیمی حکومەت بکەین بڵێین بۆ ئەوانە مووچە دابین بکە،

ژیانیان خراپە، ژیانیان ناخۆشە، ئەمە واجبی ئێمەیە، بەڵام ئەمە واجبی ئێمە نییە کەسێك مەعاشی هەبێ بچین وەڵلا مەعاشەکەی ببڕین بیبەین بیکەین بۆ وەبەرهێنان، ئەمە زۆر خراپە، زۆر خەتەرە، ئەمە هەر ناکرێ، دەبێ ئێمە هەموو لەمەو دوا بیرێك لەو بیروبۆچوونانە بکەینەوە کەوا ئێمە تەرح دەکەین رۆژانە کە لە میدیاکان و لە سەردەمی ئێمە هەموومان دەردەچێ، بۆ خەڵك دادەمەزرێ؟ بۆ مەعاش دەدەن بەخەڵك؟ بۆ بودجەی تەشغیلی زیاد بوو؟ ئەمە بەڕەئی من شتێکی زۆر هەڵەیە، دەبێ بیرێکی لێ بکەینەوە، یان ئەگەر سەیری هەر لە دامەزراندنەوە هەندێك فەرمانگە یان هەندێك وەزارەت بکەین، فەرمانبەری زۆرە، یان فایلی هەیە، هەندێکیش شاغری هەیە، من پێم وایە ئێمەش ئەگەر گلەیمان هەبێ، نابێ هەر لە دامەزراندن، هەر لە مەعاش بێ، گلەیمان لەوە بێ کەوا ئەوانە بەرێك و پێکی رێك نەخراون، تەنزیم نەکراون، هەر جێگایەکی فەراغ جێی فایل نەبردییە جێی فەراغ کە بۆشاییەکان پڕ نەکردینە، ئێمە دەبێ لێرە گلەیمان هەبێ، دەبێ لێرە داوا لە حکومەت بکەین ئەمانە رێك بخەن و سیستەم بکەن و تەنزیم بکرێن، ئەمە زۆر موهیمە لەسەری بوەستین و ئەو داواکارییە لەحکومەت بکەین لە رۆژانی داهاتوو ئەم شتە جێ بەجێ بکات، چونکە بۆ خۆیان دەبێتە سیستەمێکی رێك و پێك و نیزامی و خەڵکیش گلەیی و گازاندەی نامینێ و ئەوەی لە جێی خۆشی بێ ئیشی خۆی دەکا بەرێك و پێکی و بەسەر کەوتوویی، لەلایەکی تر خەڵکیش تەمبەڵ نابێ، مەسەلەن فەرمانگەیەك دە کارمەندی دەوێ، بیستی تێدایە، دەیەکە تەمبەڵ دەبێ، چونکە دەچێ سەعاتێك لەوێ دەمێنێ و دەچێتە ماڵێ، خەڵاس دەوامەکەی تەواو بوو، ئەگەر دەی پێویست بێ هەر دە لەوێ بێ و ئیلتیزامی هەبێ و لە بەیانی سەعات هەشت تا سەعات دوو، سێی ئێوارە لەوێ بێ ئەو کاتە کەس تەمبەڵ نابێ، هەموو ئیشی خۆی جێ بەجێ دەکاو بە رێك و پێکی و بە خۆشەویستی دەچێتە سەر کاری خۆی، بۆیە من لێرە داوا دەکەم ئەمەش پێداچوونەوەیەك بکا حکومەت لەو سیستەمە، من لێرە دیسان دووبارە داوا دەکەم، هەرچەندە ئەوە بەیاسا دەبێ بکرێ، بەڵام هەر لێرە ئەو داوایەش دەڵێم ئێمە لەخانەنشینی (63)مان وابزانم لەیاسادا هەیە، من داوا دەکەم ببێتە عومری (55)ساڵ، تا دەرفەت بۆ خەڵکێکی تر بڕەخسێنین، چونکە ئێمە ساڵانە (10،12)هەزار خوێندکار دەردەچن، هەموو تەخەروج دەکەن لەناو ئەم جادانە دەمێننەوە، ئیتر بۆڵە بۆڵیانە و گلەییان هەیە لە حکومەت و لە ئەم و لە ئەو، دەبێ ئەوەش حکومەت بیرێکی لێ بکاتەوە، ئێمە یان پەرلەمان ئەو یاسایە هەموار بکەین، لە (63) بیکەینە (55)، زیاتر خەڵك دادەمەزرێ و زیاتر خەڵك دەرفەت بۆ خەڵك بمینێ و زیاتر خەڵك بێنە پێش و گەنجەکان لەسەر جادە نەمێنن، دەربارەی خانەنشین ئێمە بەڕاستی لەساڵی پاریش باسمان کرد، لەهەرێمی کوردستان خانەنشین دوو جۆرمان هەیە، ئەمن پێم وایە غەدرێکی زۆر هەیە لە هەندێك (فئە) ئەوانەی کە لە پێش (2003) لەکاتی حکومەت خانەنشین بوونە، یان لە دوای (2003) کە فەرمانبەری حکومەت بوونە و تەقاعود بوونە، خانەنشینیان لە (220)، (250) تێناپەڕێ، ئەمە هیچ کەس ناتوانێ ژیان بەوە بکات، ئەگەر کەسێك کرێدار بێ بەشی کرێیەکە ناکا، من لێرە ئەمە زۆر بە غەدر دەزانم، پاریش دیسان تیکرارمان کرد، ئێستاش دووبارە دەڵێمەوە دەبێ حکومەت چاو

پێداخشاندنەوەیەك بكا، ئەم مووچانە زیاد بكا یان هاوسەنگی بكا لەگەڵ ئەوانەی كە ئێستا خانەنشین بوونە، چونكە ئەوانە بەڕاستی زۆر زەحمەتە هەروا سەیری خانەی ماڵێك نەكەین كە دوو، سێ كوڕ و كچی هەنە، هەموویان خانەنشینن، هەموویان مووچە خۆرن، ژیانیان خۆشە، بەڵام هەندێك كەس هەیە پیرەژنێك و پیرەمێردێكن بە (220) هەزار لەناو كرێیەك دەژین، ژیانیان بەچی دەچێتە سەر؟ دەبێ كەسێك خزمەت بەوانە بكا، دەبێ حكومەت ئەوە بكا و خۆی بە خزمەتكاری ئەوان بزانێ، بچێتە پێش و مووچەیان زیاد بكا، من بەباشی دەزانم وەكو ئێستا هاوتای بكا، وەكو ئەوانەی ئێستا تەقاعود دەبن، ئەویش بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان، من ناڵێم هەروا بە هەڕەمەكی زیاد بكرێ و بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان، چونكە ئەوان هیچ گوناحێكیان نییە كە مەعاشەكەیان (220)، لەكاتی خۆی خزمەت و عومری خۆی هەمووی خەرج كردییە لەو فەرمانگەیە، لەو دەزگایەی كە ئیشی تێدا كردیە، ئێستا تەقاعود بووە بە (220) هەزار، حەقی وی لەسەر ئێمەیە كە ئەمڕۆ ژیانی خۆش بكەین و نەچێتە بەردەستی كەسێك داوا لە كەسێكی تر نەكا یان مەلیل و بێزار نەبێ، چونكە ئەو عومرەی هەموو بردییە لەناو دام و دەزگایەكی حكومی، دەربارەی ڕۆتینیات لەناو دام و دەزگای حكومەتی هەرێمی كوردستان بەڕاستی لێرە ڕۆتینیات زۆرە، ئەمن چەند نموونەیەكم هەیە لەو ڕۆتینیانە كە ڕۆژانە لەناو دام و دەزگای حكومەت بەدی دەكرێن، ئەمن لێرە داوا دەكەم ئەو ڕۆتینیاتانە هەر نەمێنن یانش كەم بكرێنەوە، یەعنی ئەگەر نەمێنن هەر زۆر باشترە، چونكە ئێمە عەصرِی ڕۆتینیات نەماوە، ئەلێرە عەصرِی كۆمبیوتەر و ئەنتەرنێتە، كەسێك بێتە ئێرە لە پرسگە هەر یەكسەر ناوەكەی خۆی بلێ بە دوو دوگمە لێدەدا لە كۆمبیوتەر ناوەكەی دەردەچێ، لەسەرەوە بۆ خوارەوە، كێ یە؟ لەكوێ هاتووە؟ بۆ كوێ دەچێ؟ كەواتە ئەو ئینسانە ون نابێ، پێویست ناكا وەرەقەیەكی لە كومبیوتەر دەردەهێنێ هەموو شتێكی دیارە و مەعامەلەكەی زوو بەڕێ بكا و دەربچێ، ئەم پێی ناوێ بلێ لێرە من باسی ئەو ڕۆتینیاتە تابعی وەزارەتی داراییە وابزانم لەبۆ سولفە، سولفەی عەقاری كە دەدەن بەخەڵك نموونەیەك لەوانەیە دوو بەڵێننامە بەدەستیان درووست دەكا، بەڵێننامەیەك هەمووی تێدایە، بەڵێن نامەیەكی تریش هەروەها نووسییە، یەكەم چییە؟ یەكەم دەڵێ بەڵێننامەی پێشینەی خانووبەرە، من كە لەخوارەوە  واژووم كردووە بەڵێن دەدەم نەخۆم، نە هاوسەرەكەم، نە منداڵەكانم لەوەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، لە گشت بانكەكانی هەرێمی كوردستان و پارێزگاكانی عێراقی فیدڕاڵ سوودمەند نەبووین، هیچ خانوو و شوقەیەكمان بەناو نییە، بەپێچەوانەوە ئامادەین هەموو لێپرسینەوەیەكی یاساین، بۆیە لەخوارەوە واژووم كردووە، ئەمەی تریش هەروا دەڵێ، بەڵام چییە بادینییە، فەرقی بادینی و سۆرانی نییە، ئەمە هەر یەكە هەمووی تێدایە، ئەمە لێرە دەڵێ من كە لەخوارەوە واژووم كردووە بەڵێن دەدەم كو چ خانوو یان ئاڤاهی یان شوقە نە بناڤێ من، نە بناڤێ خێزانا من نییە، بەروڤاژی ڤێ چەندێ ئەز بەرامبەر یاسا بەرپرسیارم، ئەمە هەمووی تێدایە، ئەمە پێویست ناكا، ئەمە زیادە، خەڵكەكە لێی بێزارە دەڵێن ئەو دوو بەڵێننامە بەئێمە دروست دەكەن پێیان ناخۆشە، من داوا لە جەنابی وەزیر دەكەم ئەوە نەمینێ، هەر بەڵگەنامەیەك بێ، ئیتر چۆن چۆنی بێ باشە، یەكێكی تریشم هەیە

وابزانم ئەوە سەر بەوەزارەتی دادە، بەڵام لێرە هەر دەیڵێم رەسمی تابع لەدونیا نەماوە، ئەوە باوی نەماوە لەساڵی شەستەکان و حەفتایەکان ئەمەی بەکار دەهێنا، ئێستا لەهەر دام و دەزگایەك بچی دەبێ تابعێك پێوەنێی، تابعەکان لەناو دائیرەکانی حکومەت دەفرۆشن، ئەمە بەڕەئی من یەعنی زۆر کۆنە، هەر نەماوە، یەعنی نابێ ئەم رەسمی تابعە بمینێ ئێستا، من داوا لە حکومەت دەکەم کە ئەمەش نەمێنێ لەناو دام و دەزگای حکومەت، تۆ دەچی زەوییەك تاپۆ دەکەی، دەبێ لە دائیرەکە لەسەرەوە بۆ تۆ مەعامەلە دەکەن، دەبێ برۆیە دەرەوە دووسەد، سێ سەد مەتر، کابینەیەکی لێیە، عەریزە چی لەوێیە دەبێ بچی لەوێ تابیع لێ بدەن لە بۆ تۆ، دووبارە دەچیە ئەوێ و دێیەوە، سێ، چوار جاری پێ دەکەن، بەس بۆ تەبعێك، یەعنی پێی ناوێتن تۆ عەقدێکی زەویت هەبێ، رەسمی بێ، لەم دائیرەیە دەرچووبێ، لەم فەرمانگەیە هەر خۆی بۆخۆیەوە ختمێکی لێ بدا، رەقم و تاریخی لەسەرە، تەوقیعی لێ بکا خەڵاس، تەسدیق بوو، پێی ناوێ بچێت تابیعەی لێ بدات، بێتەوە تەسدیق بکا، یەعنی ئیلا تابیع بکا، ئەصڵەن ئەوە تابیع یەعنی بەڕەئی من هەر جەریمەیە لەناو هەرێم هەبێ، یەعنی دەبێ لابچێ، ئەم تابیعە نەمێنێ و هەر لەخۆیەوە وەکو باسم کرد کۆمبیوتەر و ئەنتەرنێتی هەیە، هەموو شتێك دەتوانێ چارەسەر بکرێ، رۆتینیات هێشتا من.......، مەسەلەن تۆ بچی زەوییەك بکڕی یان خانووەك تەحویل بکەی بۆ سەر ناوی خۆت، مەسەلەن بۆ نموونە قەزای زاخۆ، قەزایەکان دەڵێم، هەر لەمەحافەزەکانیش وایە، ئەو عەقدە بۆ تۆ دروستە کە تەحویلی دەکەم بۆ سەر ناوی تۆ، بەڵام بە تۆ دەڵێم دوو مانگی تر وەرەوە وەری بگرە، لەزاخۆ دێت بۆ دەهۆك نازانم چی لێ دەکەن ئینجا دەگەڕێتەوە، لە دەهۆکیش هەر دەڵێ دوو مانگی تر وەرە وەری بگرەوە، ئەی باشە لەناو دەهۆکیش هەر دەڵێ دوو مانگی تر وەرە وەری بگرەوە، لە زاخۆش دەڵێ دوو مانگی تر وەرە وەربگرەوە، بۆ ئەو دوو مانگە هەبێ؟ کەوا ئەو عەقدە رەسمییە لەلای جەنابیان دەرچووە، من و ئەو برایەی کە کڕیومانە و فرۆشتوومانە لەبەر دەمی ئەو حازرین، هەویەمان پێداوە، ئەوە عەقدەکە رەسمییەو لەلای ئێوە دەرچووە و تەسدیقتان کرد و تەوقیعمان کرد، مەعامەلەکە هەموو شتێکی تەواو بوو، ئینجا دوای دوو مانگ بچێتە دهۆك یان لەجێگای تر بمینێ، بەڕای من ئەوەش شتێکی زۆر رۆتینیاتە و زۆر نالەبارە، خەڵك زۆر گلەیی هەیە، خەڵك زۆر لێی بێزارە، یەعنی من وادەزانم یەعنی بەو رۆتینیاتەوە خەڵك مەعامەلەی بکەوێتە دائیرەیەکی حکومەت، یەعنی وادەزانێ دەچێتە سوغرەی، ئەوەندە پێی بێزار و پەستە و ناخۆشە، من پێم باشە ئەو رۆتینیاتانە کەم بکرێن، خەڵك بەشانازی و بە فەخر و بە سەربەرزی و بڵندی روو لە دائیرەکانی حکومەت بکات، کە بڵێن ئەوە حکومەتی منە، کە من دەچم یەکسەر لە ئینتیزاری منە ئیشەکانی من جێ بەجێ دەکا، وەکو جاران نەبێ، یەعنی شتەکانمان هەمووی پێچەوانەی جاران بێ، ئەوە زۆر موهیمە، زۆر ئەساسە بۆ ئێمە، ئێمە پەیڕەو بکەین، ئێمە کارمەندەکانمان، مۆزەفەکانمان پەروەردە بکەین بەروویەکی ئینسانی، بەرووەکی باش، کە خەڵکەکە زۆری پێ خۆش بێ، زۆر شانازی بە ئێمە بکات، کە ئەوە هەمووومان لە ژێر زوڵم و غەدرو تەعداییدا گەیشتووینەتە ئەو ئاستە، سولفەی پیشەسازی، دەربارەی سولفەی پیشەسازی ڕاستە ئێمە پارەی بۆ دادەنێین و بانك هەیە و سولفە

دەدەین، بەڵام هەنێ ڕێنمایی لە وەزارەت دەرچوونە ئەو ڕێنمایانە وا لە خەڵك دەكەن كە نەتوانن سولفەكە وەر بگرن، یەعنی مانای ئەوەیە ئێمە تەشجیعی ئەو كەرتە ناكەین، من ئێستا لەقسەكانی خۆمدا گۆتم با بودجەی تەشعیلی چەند زیاد بێ یان مەعاش چەند بدەینە خەڵكی باشە، بەڵام كە دێینە ئێرە خەڵكێك دێ ئەم سولفەیە وەردەگرێ شتێكمان بۆ دابنێ، كارگەیەك دابنێ یان شتێكی بكا لە سناعی بۆ ئێمە لەكەرتی تایبەت یان بۆ وەبەرهێنان، دەبێ لەلای ترەوە دەعمی بكەین، پشتگیری بكەین، پشتگیری چییە؟ مەعنەوی مەعامەڵەیە، هیچی تر نییە، ئەو پارەیەی دەدەیێ بە قەرز، بۆتان دەگەڕێنتەوە، بەڵام مامەڵەكەی بۆ تەسهیل بكە، ئەمە زۆر موهیمە، تا بتوانین لەكەرتی تایبەتی تەشغیلی ئێمە دەعمی خەڵك بكەین لە ڕووی مەعاشەوە، ئەگەر لێرەش ڕێگریمان لەخەڵك كرد، لەوێشمان نەكرد ئەی ئێمە چی بۆ خەڵك بكەین؟ ئەی ئەو كاتە خەڵك حەقی نییە گلەیی بكات، ئەی خەڵك حەقی نییە بێت بڵێت حكومەتی ئێمە وایە و وایە، ئەمن پێم خۆشە گلەیی نەمێنێ، پێم خۆشە خەڵك باسی ئێمە بە باشی، بە مەتح و بە فەخر بكا، ئێمە ببینە نموونە بۆ خەڵك و بۆ شەرقی ئەو سەت، خاس بۆ ناو عێراق، كە ئەو هەموو شتانە بە ڕێك و پێكی و بە جوانی بچنە سەری، من پێم باشە تەسهیلاتی زۆر باشی بۆ بكرێ، دەربارەی مووچەی فەرمانبەران، دواكەوتن، یەعنی دوا دەكەوێ، جەنابی وەزیریش لێرەیە من زۆر بە خراپی دەزانم كە سێك فەرمانبەر بێ، كەسێك پێشمەرگە بێ یان زێڕەڤانی بێ، تا سەری مانگ بۆ مووچەكەی ئینتیزار دەكا، لەوانەیە خاوەنی ئەو مووچەیە كە (650،700،800) چەندە، ئینتیزاری ئەو مووچەیە دەكا، خۆی و خێزانەكەی لەوانەیە بچنە دوكانێك شت بكڕن بە قەرز یان وەعدێكی دابێ بە دوكانێك، بە كەسێك كە سەری مانگ ئەو پارەیەت بۆ دێنم، یان بچێت شتێك بۆ خۆی بە سلفە بێنێ لە دوكانێك بۆ سەری مانك، كە سەری مانگیش هات مووچەكەی وەر نەگرت، ئینسانەكە خراپ دەردەچێ لەبەر چاوی ئەو كابرایە، جارێكی تر قەرزی پێ نادا، پارەكەی پێ نادا، ئەمە كێشە دروست دەبێ لەناو خەڵكدا، لەناو جڤاكدا(كۆمەڵدا)، دەبێ ئێمە بیرێكی لێ بكەینەوە، هەموو كات سەری مانگ بیدەین، ئەگەر پارە نەبوو یان كێشەیەك هاتە ڕوو، یەكسەر لەسەر تەلەفزیۆن لە میدیایەكان ئیعلان بكەین، مووچەی ئەم چین و توێژە دوا دەكەوێ، حەفتەیەك، دوو حەفتە، ئەوها هەموو ئاسوودە دەبن، ئیسراحەت دەكەن، ئەوانەی كە قەرز و قەرزاریشیان لەگەڵ یەك هەیە بەینێ خۆ فراوان دەكەن لێی، ئیسراحەتی دەكا دەڵێ بەڵێ مووچەیان نەدایە ئەو مانگە، دوای دە ڕۆژ، پانزە ڕۆژ دوایی دەداتن، ئیسراحەتی لێ دەكا، ئینسانیش تووڕە نابێ و كێشەش دروست نابێ، زۆرجار كێشە لەم ڕوانگەیەوە دروست دەبێ، من لێرەش زۆرم پێ باشە لەوەختی خۆی مووچەكان بدرێن، ئی هەموو فەرمانبەر و پێشمەرگە و زێڕەڤانییەكان لەناو هەرێمی كوردستان، ئێمە با سەیری ئەوە نەكەین هەموو كەسێك خانووی خۆی هەیە، هەموو كەسێك خاوەنی سەیارەیە و هەموو كەسێك خاوەنی هەموو شتێكە، لەوانەیە هەبن هەر بەو مووچەیە یان بە كرێداری یان لەناو ژوورێك دەژی، یەعنی دەبێ ئێمە بیر لەوانە بكەینەوە و دەعمیان بكەین و پشتگیرییان بكەین لەوەختی خۆیان، ئەوەش پشتگیریەكە چییە؟ یەعنی مووچەیان بەرامبەر شتێك دەدەینێ كە خزمەتێك دەكا، بەڵام

ئێمە لەباتی ئەوەی زووتر بیان دەینێ، دوای دەخەین، غەدرێکی لێ دەکەین، من پێم وایە چەند زوو بیدرێتێ باشترە، ئەو خەڵکە زووتر بتوانن ژیانی خۆیان بەڕێوەببەن و لەناو خەڵکی خۆ، لەناو جفاکا خۆ سەرفرازبن، سبەی بە درۆ دەرنەچێ لەگەڵ کەسێکی تر یان کەسێك نەیەتە ماڵی وی هەموو رۆژێ ناو ماڵ و منداڵەکانی کوا قەرزەکانت نەهێنا، پارەکەمت نەدا، یان شتێکی تر، یەعنی زۆر کێشەی وا دروست بوونەو هەمووماں لەناو ئەو جفاکەینە، دەربارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، من داوا لەحکومەتی هەرێم دەکەم کە چۆن هەرێمەکەمان پارێزراوە لەرووی ئەمن و ئاسایشەوە، هەروا دەعم و پشتگیری بۆ ئەو ناوچانەش بەو شێوەیە بێت، درێغی تێدا نیینە، نابێ حکومەت سستی لەم رووەوە بکە، لەمەودوا بەهیچ شێوەیەك نابێ خەڵکی ئێمە لەو ناوچانە بکەونە بەر هێرشی تیرۆرستان و بێنە کوشتن و تیرۆرکردن، دەبێ حکومەت لەرووییەکی وەکو ئێرە چۆن لێرە ئەمن و ئاسایشی هەیە، ئەوها لەکەرکووك و شەنگال و خانەقین و شیخان هەموویان ئەمن و ئاسایش بکرێن و ئەگەر بودجەشی پێویستە با بودجەکەی بۆ زیاد بکەن و بودجەیان پێ بدەن، چونکە دەبێ لەوێش ئاسایش و ئەمن سەقامگیر ببێت، سەروەت و سامانیان پارێزراو بێ وەکو ئێرە چۆن لێرە پارێزراوە ئاوا لەوێش پارێزراو بێ و دیفاع لەو خەڵکانە بکەین، ئەوانیش هەر خەڵکی ئێمەنە، بەخۆمان دەزانین  کەوا غەدریان لێ کردوونە، ئێمە ئەگەر غەدرمان لێ کردبێ یان لەرووی حکومەتەوە غەدریان لێ کردبێ لەکاتی خۆیدا ئێمە نەمان هێناوەتە سەر هەرێمی کوردستان، من پێم وایە لە 2003 دەمانتوانی فرسەتێکی زێڕین بوو بۆ ئێمە کە ئەو مەنتیقانەش هەمووماں گرتبا و بمان هێنابایە سەر حکومەتی هەرێم و ئێستا ئەوانیش لە ئەمن و ئاسایش و لە خۆشگوزەرانی خۆیان دەژیان، نەك وەکو ئێستا هەموو رۆژێك لەبەر دەستی تیرۆرو تیرۆرستان یەکێك دەکوژێ یان ناوێرن بچنە بازاڕ یان ناوێرن بچنە سەر ئیش و کارەکانی خۆیان، لەبەر ئەوە من دووبارەی دەکەمەوە پێم باشە، داوا لە حکومەت دەکەم چۆن ئێرە لە ئەمن و ئاسایش پارێزراوە ئەوها ئەو ناوچانەش بپارێزین لە رووی ئەمن و ئاسایش لەبەر دەستی تیرۆر و تیرۆرستان، ئەگەر بڵێین یاسا و رێنمایی و دەستووری عێراق، ئەمە لەهەمووی دەرچوو، چونکە ئەم دەستوورە بە عەقد و بە ئیتیفاق هیچ بەندێکی جێ بەجێ ناکارێ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، حکومەتی عێراق (تعنت) لەگەڵ ئێمە دەکا وەکو حکومەتەکانی پێشوو سەیری ئێمە دەکا، من پێم وایە بەسە، تائێرە با بەس بێ، بەهیچ شێوەیەکی تر ئەوانەی کە پێش ئێستا ئێمە سستی و نەرمی لەگەڵ یاسا و دەستوور و حکومەتی عێراق کردمان با لەمەو دوا نەیکەین، با مەو ڤیفمان هەبێ، با رەئی خۆمان دیار بێ، دەربارەی وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی ئەوقاف دێنداره، قەرزاری وەزارەتی کارەبایە، هەشت ملیار و پێنج سەد ملیۆن دینار، ئەمە تەراکوم بووە، ناڵێم هی پارە یان هی ئەمساڵە، تەراکوم بووە لەسەر یەك چەند ساڵە تاوەکو ئێستاکە نەدراوە، بەڵام من زۆرجارم وتووە، لێرەش وادەڵێم، ئەگەر من وەزیربام ئەو قەرزە لەخیلالی ئەو چوار ساڵە ئەدام دەکرد، لەهەر جێگایەکی با تەقەشوفم دەکرد، لە هەر جێیەکی با دەمدا، نەم دەهێشت ئەو قەرزە لەسەر من بمینێ، لەسەر وەزارەتەکەم بمینێ، کەواتە وەزیرەکە، وەزارەتەکە یان جورئەتی ناداتە بەرەخۆ یان شیانی نییە، یان

ناتوانێ یان دەترسێ، دەبوایە ئەو قەرزەی سەد کردبا، لە ئەنجومەنی وەزیران هێنابا، لە بودجەی خۆی بڕیبا، لەکوێی هێنابا دەبوایە بدابا، نەیداوە تا ئێستا ،موهیم دەبێ حکومەت بۆی چارەسە بکا، چارەیەکی بۆ ببینێتەوە، یان لێی خۆش ببێ یانیش بۆی بدا، ئەم قەرزەی نەمینێت، ساڵ بۆ ساڵێ زیاد دەبێ و تەڕاکوم دەبێ، واریداتی وەزارەتی ئەوقاف لەساڵی پار هەشت سەد و سی و شەش ملیۆن دینار بووە، ئەم ساڵیش هەشت سەد و پەنجا ملیۆن دینار بووە، لە وەقفەکانی دێت، لە ئەملاکی وەقف دێت، بەڵام لێرە من داوا دەکەم ماددەیەك وەکو یاسا بخەینە ناو بودجەی هەرێمی کوردستانی ئەمساڵ بۆ ئەو وەقفانە، بۆ ئەو پارەی کە لە ئەوقاف هەیە، بکەینە ماددەیەك، بڕگەیەك لەناو پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی ئەمساڵ، کە ئەو پارانە لەوێ کۆ بکرێنەوە و تەنزیم بکرێ بە رێك و پێکی ئینجا سەرف بکرێ بۆ هەر بوارێك، ئینجا وەزارەتی ئەوقاف بێ یان نا، پێداچوونەوەیەکیش لەو موڵکانە بکەین ئێستا هەندێك هەنە بە سەد دیناری بەکرێ هەیە، تا ئێستاش بە سەد دینارە، پێداچوونەوەیەکی بۆ بکا، ئەو موڵکە هەر وا بەڕەڵا ماینە لەوێ و ئەو پارە لەوێ مایە، کەس نازانێ بەچی دەچێ و لە چی سەرف دەکرێ، لەلایەکی تریش قەرزارە، لەلایەکی تریش پارەی دەوێ، بودجەی دەوێ ئەمە هەر بەڕەڵاییەکی تێدایە، دەبێ پێداچوونەوەیەکی بۆ بکەی، ئەوە رەئی خۆمە، هەموو شتێك من لێرە کە قسە دەکەم رەئی خۆمە ڕەئی کەسی لەگەڵ نییە، رەئی خۆمە، شەخسییە، ئەو قسانەی کە دەیکەم، رەئی سولفەی عەقاری دووبارە هە ندێك قسەم ماوە، لەساڵەکانی پێشوو یەعنی پێش سەری ساڵ بە دوو، سێ مانگ سولفەی عەقاری دەوەستێ، ئێمە لێرە قەرار دەدەین ئەو سولفەیە نەوەستێ، بەردەوام بێ، ئێمە نازانین بۆ دەوەستێ؟ دەبێ روونکردنەوەیەك لە جەنابی وەزیرەوە بۆ مان بێت، بۆچی ئەو سولفەیە دەوەستێت؟ خەڵکێك هەیە ئێستا بە سەدان و بە هەزاران مەعامەلەی کردییە لە بانك لە ئینتیزاری بانکن، دەڵێ پارە نییە یان ناتوانن مەعامەلە بکەن یان ناتوانن خانوو بکەن لەبەر ئەوەی کە سولفەکە وەستاوە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، داوا لە حکومەت دەکەم ئەمەش دووبارە نەوەستێنێ، سولفەکە بەردەوام بێ یانیش روونکردنەوەیەك بۆمان بدا، بۆچی ئەو سولفەیەی وەستاندییە؟ هەر دیسان سولفەی عەقاری پێش دوو، سێ ساڵ ئێمە لەقەزایەکان نۆ ملیۆنمان دەدا بەخەڵك، لەشارەکانیش دوانزدە ملیۆن، هەندێ کەس وەری گرتییە، تابقێکی پێ کردییە، داوا دەکەن، خەڵکێکی زۆر داوا و گلەیی لە ئێمە هەیە وەکو ئەندام پەرلەمان لە مەنتیقەکان کە دێنە لای ئێمە ئەو قسانە بۆمان دەهێنن، داوا لە ئێمە دەکەن، نامە دەدەن بە ئێمە، دەڵێن ئەگەر بکرێ حکومەت ئەوەی بیەوێ تابقێکی کردبێ، پارەکە لە نۆ ملیۆنەوە بکرێ بە بیست ملیۆن، کە ئەو باقییەکەی بداتێ بۆ خۆی بکاتە دوو تابق خانووەکەی خۆی، ئەمە لێرە یەعنی زۆر پێم باشە ئەگەر حکومەت رەچاوێکی ئەو شتانە بکات، ئەو مەجالە رێنماییەکی پێ هەبێ، هەر کەسێك بیەوێ خانووی یەك تابقی کردبێ لە پێش یەك، دوو ساڵ، بە سولفەی نۆ ملیۆنی یان دوانزە ملیۆنی، ئێستا بووە بیست ملیۆن، ئەو باقی پارەکەی بداتێ، بۆ خۆی بیکاتە دوو تابق، بەڕەئی من ئەگەر حکومەت پێی بکرێت زۆر باشە و پشتگیریش لێ دەکەم، سەبارەت بە نەوت و بەنزین، بەڕاستی ئەمن لە زۆر جێگا ئەم قسەیەم کردییە،

**لەلای زۆر برادەران، خەڵکەکەی ئێمە وەکو جاران نەمایە، ئێمە بڵێین هەروەها هەر شتێکمان بوێ بیکەین و بڵێین کەس ئاگای لێ نییە، ئەوە نییە، لەماڵی هەر فەقیر و هەژارێك ئێستا کۆمپیوتەرێك هەیە، ئەگەر پیاوەکە لێ نەزانێت کوڕەکە دەچێت دوو دوگمەی لێ دەدات، دەهێنێتە خوارێ دەڵێ بابە ئەمڕۆ واقەومایە و وا بووە و وایە لەدونیا، هەموو شتێکی بۆ روون دەکاتەوە، لێرە ئێمە خەڵك دەزانێ کە وڵاتی ئێمە وڵاتێکی نەوتییە، وڵاتێکی دەوڵەمەندە، چ عێراق چ کوردستان، من پێم باشە ئەو نەوتەی کە بە خەڵك دەدەن بە (42) هەزار دینار، بەڕاستی زۆرە، لەوانەیە بۆ هەندێك کەس زۆر نەبێت، بەڵام هەیە، دەبێ ئێمە چاو لەفەقیر بکەین، چاو لەتەبەقەی خوار بکەین، بەگوێرەی ئەوان سیستەمەکان و قانوونەکان دابڕێژین، نە بەگوێرەی خۆمان، ئێمە ئەگەر بەگوێرەی خۆمان دابڕیژین ئێمە مەلاکین، بەڵام بەگوێرەی خەڵکی هەژار و فەقیر دەبێ ئەو یاسایانە، ئەو رێنمایانە دابڕێژین، خەڵکەکە (42) هەزار دینار زۆر گلەیی لەسەر هەیە، دەڵێن زۆرە، پێمان باشە بیکەنە دە هەزار، بە پانزە هەزارێك زۆر باشترە لەبۆ خەڵك، ژیانی خەڵك باشترە، خەڵك پێی خۆشترە، دڵی خەڵك خۆش دەبێ، ئێمە نامانەوێ خەڵکی خۆمان رازی بکەین، نەمانەوێ خەڵك خۆشەویست بی لەگەڵ ئێمە؟ دەبێ خزمەت بکەین، دەبێ ئەو قسانە، ئەو گلەیی و گازاندانەی خەڵك جێ بەجێ بکەین، سەبارەت بە بەنزینیش بەڕای من بەنزین زۆر گرانە، یەعنی هەزارە و هەشت سەد و پەنجایە و حەفت سەد و پەنجایە و نازانم چی، بەنزین ئەگەر چی نەبێت ئێمە هەشتا پاڵاوگەی بچووکمان هەیە دەتوانین بەنزین بە حەدێکی ئەوە بکەین، کە خەڵك پێویستی بە بەنزین نەبێ، با بەنزینخانەکان کراوە بن، هەرکەسێ بەکەیفی خۆی بچێ لەکام بەنزینخانە تێ بکا، پڕ بکا، کەمی تێ بکا، چەندی تێ بکا بەکەیفی خۆی بێ، بە نرخێکی موناسب بێ، پێنج سەد بێ شەش سەد بێ، چوار سەد بێ، یەعنی چەندە ئێمە بتوانین کەم بکەین خەڵکەکە بۆ خۆمان رادەکێشین، خەڵکەکە حەزی لە ئێمە دەبێ، خەڵکەکە خۆشەویست دەبێ لەبەر چاوی ئێمە، ئێمە خۆشەویست دەبین لەبەر چاوی ئەوان، بۆ یەکتر ئاوا لێ دێین، بۆ یەکتر دەبینە هێز و قوەتێك، بەڵام ئێمە چەند شتەکان و خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکەکە گران بکەین، قورس بکەین، لەسەری، دووری بخەین، درز دەکەوێتە نێوانی ئێمە، گلەیی و بۆڵە بۆڵی خەڵك دەبێ، خەڵك لە ئێمە تووڕە دەبێ و لەوانەیە شتی خراپتر دەبێت، هەر سەبارەت بە وەزارەتی ئەوقاف ئەو وەرەقانە لەولا بوون، دووبارە دێمەوە سەری، لەناوچەی زاخۆ لیستی ناوەکانی مزگەوتەکانی زاخۆ(176) مزگەوتن، (176) مزگەوت لە دەڤەری زاخۆ هەنە، بەڵام لەو (176) نەود و سیٛمزگەوت بەبێ فەرمانبەرە، یەعنی ئەوانە داوایان کردووە کە فەرمانبەریان بۆ هەبن، فەرمانبەریان بۆ دابمەزرێن بەڕاستی، ئێمە بینای دەکەین بە سێ، چوار دەفتەر، لەوێ دادەنێین کەسێکی تێدانییە، نە فەڕاشێك، نە مەلایەك، کەسێکی تێدانییە، بە چەند رۆژێکی تر تێکدەچێ و خراپ دەبێ و پەنجەرە دەشکێ، دووبارە دەچین تەعمیر دەکەینەوە، من پێم باشە یان نەکەین یان کە کردمان با خەڵکیش لەوێ دابنێن و دابمەزرێنین، ئیش وکار و خزمەتکاری لەو جێیە بکەن، دەربارەی کەرتی پەروەردە، بەڕاستی کەرتی پەروەردە پێویستی بە دامەزراندنی مامۆستایە، پێویستی بە بینایە، پێویستی بە خزمەتگوزاری ناو**

**مەکتەبەکانە، من نموونەیەك هەر وا دەڵێم، زۆر مەکتەب هەیە لەناو کوردستان، دوو، سێ دەوامی تێدا دەکرێت، هەر پۆلێکیش چل تا چل و پێنج، پەنجا خوێندکاری تێدا دادەنیشێت، ئەرێ باشە ئەو پەنجا خوێنکارە، چل خوێندکارە، هەر کەسێك قسەیەك بکا، بۆڵە، بۆڵی لێ دەردەچێ و دەنگە، دەنگ لەو پۆلە دەر دەچێ و هیچ تێناگا لەمامۆستا، چی دەڵێ و چی ناڵێ، هیچ ئیستیفادە لەو مەکتەبە ناکاتن، من پێم باشە ئێمە یەعنی لەچاوی بگرین و دووبارە بچینەوە سەر کەرتی پەروەردە، کە کەرتێکی ئەساسییە لەناو هەموو موجتەمەعێك و هەموو وڵاتێك، هەمووومان لە مەدرەسە هاتووینە، لە مەکتەب هاتووینە، دوای ئێمەش هەر لەوێ دێن، پێش ئێمەش هەر لەوێ هاتوونە، دەبێ ئێمە ئەوانە هەموو بە هەمییەتێکی زۆر گرینگ وەر بگرین، مامۆستای بۆ دابین بکەین، قوتابخانە دابین بکەین، خەڵك لەناو ئەو قوتابخانەیەدا هەبن، مەسەلەن بۆ نموونە فەڕاش، حەڕەس نییە، کە مەکتەبەکە تەواو بوو، دەرس تەواو بوو، مامۆستا کردییە سڕە، ئەمڕۆ سەرەی ئەو دوو قوتابییەیە، بەیانی سەرەی دووانی ترە، مەدرەسەکە پاك دەکەن، کە قوتابییەکەش هاتووە دەم  لووت و قوڕگی هەموو تۆز و گڵە، نەخۆش دەبێ و دەکۆخێ و دایکی جلی دەبێ بگۆڕێ و بشواتن، یەعنی بەڕاستی ئەمە مەهزەلەیە، ئەمە زۆر خراپە، بەڕەئی من دەبێ ئێمە فەڕاش دابین بکەین، هەر مەدرەسەیەکمان دانا، فەڕاش دابین بکەین، فەڕاشێك هەبێ، حەڕەسێك هەبێ، شەو کە لەوێ ئەو مەکتەبە چۆڵ بوو، ئیدارەی مەکتەب هەزارەها شتی تێدایە، سجلی تێدایە، دەرەجەی خوێندکاری تێدایە، لەوێ کەسێك چوو ئەو شتانەی سووتاند، یان برد، کێ لێی مەسئوولە؟ کێ بەر پرسیارە؟ ئەمە لەکاتی خۆیدا نابێ، لەکاتی خۆیدا، لەکاتی مەلیك تا ئێستا هەر مەدرەسەیەکی دابمەزراندبایە، فەڕاشی هەبوو، حەرەسێکی هەبوو، دوای ئەوە مامۆستا هەبوو، ئێمە دەمانەوێ یەعنی شتمان هەبێت و هیچ گوێ نەدەینێ، من پێم باشە ئەمە لەبەرچاو بگیرێ وساڵی پاریش هەروا قسەمان کرد لەسەر ئەمە، فەڕاش و حەرەس زۆر موهیمە بۆ مەکتەبان، مامۆستا زۆر موهیمە، مەدرەسەکان بینا بکەین، ئێمە زۆرترین بودجەی بۆ دابنێین بەڕەئی من، بەڵام بچێتە بواری جێ بەجێکردن، هەروا بەس بەقسە دانەنێین، جێ بەجێ بکەین، دەربارەی بودجەی تەشغیلی من قسەم کرد، دووبارە هەندێك قسەم ماوە، هەر لەجێی تر ئیشارەتم پێداوە، بەڕاستی ئەمساڵ بودجەی وەبەرهێنان هەرچەندە باشە، لەساڵی پار باشترە، یەعنی بودجەکەی زیاد کردییە، هی تەشغیلی بووە شەست و نۆ و پۆینت پەنجا و دوو لە سەدا، لەساڵی 2012 (70٪) بوو، یەعنی دوو دەرەجەی کەم بووە، زۆر باشە، من قەت پشتگیری ناکەم بودجەی وەبەرهێنان زیاد بێ، هی تەشغیلی کەم بکرێ، قەت پشتگیری لەوە ناکەم، من پشتگیری ئەوە دەکەم هەموو هاووڵاتییەکی ئەم کوردستانە مووچەی هەبێ، ژیانی خۆش گوزەران بێ، با دوو ترلیۆن بمێنێ بۆ وەبەرهێنان، هیچ موشکیلەمان نییە، ئێمە کۆمپانیامان هەیە دەیدەینێ، بۆمان هەموو خزمەتگوزارییەکی جێ بەجێ دەکات، بە سەدان کۆمپانیا لەناو هەرێمی کوردستان هەیە، بائیشی خۆیان بکەن، با بۆمان جادە دروست بکەن، با بۆمان بینا دروست بکەن، هەر چۆن چۆنی بێ ئێمە ژیانی هاووڵاتی خۆمان بە لای ئێمەوە گرینگ بێ، ئەمە ئەساسە، کە ئەوە بوو هەموو شتێك دەبێ، کە ئەوە نەبوو هیچ شتێك نابێ، بودجەی وەبەرهێنانیش**

بووە بە سی و یەك و پۆینت چل و حەوت لەسەدا، پاریش سی لە سەدا بوو، یەعنی ئەوە شتێكی باشە، وەكو ئەوانەی مە دەڵێن ئێمە خەبیرین لە ئیقتیساد، كە دەچن ئیقتیسادی دەوڵەتێكی تر بۆمان دەینن، دەبێ وابێ و وابێ، بەگوێرەی ئەوانە بێ باشە، ئەگەر بەگوێرەی من بێ قەت باش نییە، من هەموو كاتێك پشتگیری ئەوە دەكەم خەڵك مووچەی هەبێت، خەڵك دابمەزرێت، خەڵك ژیانی خۆش بێت، بەڵام ئەوە لەڕوانگەیەكی ترەوە سەیر دەكەن، لەڕوانگەی وابزانم كام دەوڵەت بۆمان هێناوە، دەڵێن بودجەی وەبەرهێنان وابێ و بودجەی تەشغیلی كەم بكرێ و نازانم چی، ئەی ئەو خەڵكە كێنە ئەو مووچەیە دەبەن؟ كێنە دادەمەزرێن؟ با بپرسم كێنە؟ ئەفریقینە؟ ئەفغانییە؟ ئەمەریكییە؟ هەر كوردن برای ئێمەنە، هەر خوشك و برای ئێمەنە، هیچ ماڵێك نییە دوو، سێ كەس مەعاشی نەبێ، هیچ ماڵێك نییە سێ، چوار مەعاشی نەبێ لەم كوردستانە، ئێمە با شانازی پێ بكەین، ئێمە با فەخر بەوانە بكەین، نەك بچین بڵێین مووچەی ئەو فەقیرە ببڕە بێنە بۆ ئێمە پڕۆژەیەك دابنێ، یان مەدرەسەیەك دروست بكا، بەڕەئی من ئەوە زۆر خراپە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لێرە من هەندێك كەس هەیە هەر وەك گلەیی بۆمن هێناون، ئەمەش روون دەكەم لەبەر چاوی هەموو برادەران، هەندێك كەس هەیە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەساڵی شەست و یەك تا حەفتا و پێنج، پێشمەرگە بووە، لە نەوەد و یەك دوو و سێ مووچەیان بۆ بڕیتەوە وەكو ئەیلوول، دوای ماوەیەك خۆیی و خێزانەكەی مردینە، نەماون، بەڵام موچەكەی بڕی، قەیناكە ئەوە بۆ خۆیتی، مووچە بڕی تەواوە، مندالەكانی كوڕ و كچەكانی گەورەنە، داوا دەكەن دەڵێن بۆچی زەوی بە ئێمە نادەن؟ باشە مووچەكەتان بڕی بەس زەوییەكە بدەن، حەقی خۆیانە زەوییان پێ بدەن، زەوییەكە بۆ پێنادەن؟ كەسێكی لە تەنیشت وییە، یان برای وییە، پیرەمێردە، ماوە، حەفتا ساڵە، مووچە یدەدەنێ ئێستا، زەویشی پێدایە، ئێ باشە ئەوەی تر مرد مووچەی نەدەنێ، بەڵام دەبێ زەوی پێ بدەن، حەقی خۆیتی، یەعنی زەوییەكی بدەنێ هەر كەسوكارەكەی دڵیان پێ خۆش بێ، بڵێ باوكی ئێمە رۆژێك خەباتی كردووە، شۆڕشی كردووە، پێشمەرگایەتی كردووەیەعنی من بەڕاستی زۆر پشتگیری لە ئەمە دەكەم، داوا لە حكومەت دەكەم ئەوانەش حەقی خۆیانە زەوییەكیان پێ بدەن، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەمە هەر بۆ وەزارەتی دارایی وابزانم بۆ تەعویزی خەڵك مەسەلەن بۆ نموونە بڵێین جێیەك سووتا یان لافاوی برد، یان خانووەك بەر شتێك كەوت یان رووخا، یەعنی كەسێك دوكانێ وی سووتا، ئاگری تیبەربوو، من نموونەیەكم هەیە، لەبەر دەستمە، لەزاخۆ مەخزەنێك سووتا، ئاگری تێبەربوو، هی جل و بەرگ بوو، دوكان بوو، مەخزەن بوو، بە هۆی كۆنتاكی كارەباوە، ئیتفا و پۆلیس هەموو هاتن كوژاندیانەوە، كەشفی بۆ كردو زەرەرەكەی بۆ نووسی و ناردی بۆ قائیمقامیەت لەوێندەرێش بۆ مەحافەزە، لە مەحافەزە هەستان كیتابەكی تریش لەسەر ئەو كیتابە كردییە، یەعنی ئەو رەپتی كردییە لەگەڵ ئەوە سەیارەیەكی برادەرێكی تر لە دهۆك سووتییە ئەویشی كردیتە كیتاب و بۆ وەزارەتی دارایی ناردییە، لەكەی؟ جەنابی وەزیری دارایی گوێ لێ بگرە، لەكەی بۆ ئێوە ئەو كیتابە هاتووە؟ دەڵێ كاتی سووتانەكەی 2011/1/30 دوكانەكەی سووتا، لە 2011/6/20 ناردییە بۆ وەزارەت، بە رەقەمی (6352) ئەم كیتابە هاتووە بۆ وەزارەت، تا ئێستا

نەجەوابی هەیە، نە قەرزی داوە، ئەمە ساڵ و دووساڵ بەسەرچوو، یەعنی ناڵێن وەرە دوای ساڵێکی تر، دە رۆژی تر، پێنجی تر، نازانم، بەڵام ئەو کیتابە هاوپێچە لەگەڵ کیتابێکی سەیارەیەکی سووتاو لە دەهۆك، لەوانەیە ئەو زیاتر لەسەری تەئشیر دابن ئەمەش لەبەرچاو بگرن، یەعنی من پێم باشە رەچاوێك بکەن و ئەو خەڵکە گلەیی و گازاندەی هەیە و هەر هەوارەکەی بۆ لای ئێمە دێنن، ئەوانیش دەست ناگاتە جێ، ئەمەش بۆ ئێمە لەکاتێکی وا فرسەتێك دەبینین وا روو بەرووی ئێوەی بکەینەوە، من هەر ئەوەم ماوە لەکۆتایدا چەند پێشنیارێکم هەیە، پێشنیار دەکەم کە حکومەتی هەرێم لە تۆمارکردن و تەملیك کردنی موڵك و ماڵی خەڵکی ئەوانەی کە تا ئێستا تەوسییە نەکراون، پلانێکی تۆکمە ئامادە بکا، چارەسەری ئەم کێشەیە، چارەسەری زۆر کێشەی تر دەبێ لەناو کۆمەڵگادا، من بە زەرووری دەزانم حکومەت ئەم کێشانە لەبەر چاو بگرێ بەزووترین وەخت، لیژنەشمان بۆ دانابوو وابزانم لەکاتی خۆیدا گوتمان با ئەوانە بکەن، بەڵام تا ئێستا نەچۆتە بواری جێ بەجێکردن، داوا دەکەم بە زووترین کات ئەوەش جێ بەجێ بکرێ، پێشنیارێکی تریشم هەیە حکومەت لەبواری گواستنەوە هەوڵی ئەوە بدات بەرنامەیەکی زانستی بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەرجەستە بکات، لەرووی گواستنەوە، بۆ فەراهەم کردنی هۆکارەکانی هاتوچۆی گشتی وەك ترام، وەك رێل، شەمەندەفەر، تۆڕی گواستنەوە زۆر موهیمە بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە ئێستا لێرە بۆ نموونە دەڵێم نەوت دەبەینە ئێران، بەچی دەبەین؟ بە تەنکەر، ئەگەر ئێمە رێلمان هەبێ بە ترێلە دەبەین، جادەکانمان تێك ناچن، ژینگەکەمان پیس نابێت، بۆ تورکیا دەنێرین، بە ڕێل دەبەین، شتومەك دێ بۆمان لە ئێران، لە تورکیا، بە ترێلە دێ، بۆ بەسەیارە بێ هەموو جادەکان تێك بچێ و ژینگە پیس ببێ و لەم لا و لەولا پیس ببێ، یەعنی تێك بچێ شتەکان، ئەمە زۆر موهیمە داوا دەکەم ئەمەش بخرێتە بەرنامەی کار بۆ داهاتوو، جەنابی کاك عەلی لێرە نەبوو دووبارە ئەو قسە دەکەمەوە، من پێشنیار دەکەم بۆ ساڵی داهاتوو لە زاخۆ بەنداوێك دروست بکرێت، بیخەیە ناو پرۆژەکانی ساڵی داهاتوو، ئەو بەنداوەش لە جەرسیرم و سەرەوە بێت، کاتی خۆی حکومەتیش کەشف و دیزاینی بۆ کردبوو، بەڵام نەچووە بواری جێ بەجێ کردنەوە، داوا لەجەنابی کاك عەلی دەکەم، کە وەکو وەزیری پلاندانان بۆ ساڵی داهاتوو ئەمە بخرێتە بەرنامەوە، لەکۆتایش پشتگیری قسەکانی کاك کاروان دەکەم، زۆر سوپاس، ئەمن سەرم ئێشاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا من قسەکانم بەوە دەست پێدەکەم کە دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی دەکەم، کە ماندووبوونێکی زۆریان کێشاوە بۆ ئامادەکردن و شیکردنەوە و دیراسەکردنی ئەم پرۆژە بودجەیە بەشێوەیەکی زانستی و ئابووری، تەنها و تەنها تێبینیەکی بچکۆڵەم هەیە ئەگەر لێمی قبووڵ

بکەن، ئەویش سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی ئێمەیە وەکو لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکان، کە لەخاڵی سێیەمدا باسی ئەوەمان کردووە، کە باسی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانمان کردووە، لەخاڵی کۆتاییدا باسی ئەوەمان کردووە کە دەبێ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پەلە بکات، لە دابینکردنی یاخود گۆڕینی یەکەکانی کارەبا لەگاز وایلەوە بۆ غازی سروشتی، بەڵام دیارە لیژنەی دارایی بەشێوەیەکی تر دایان رشتۆتەوە کە گوایە ئێمە وتوومانە گاز یاخود غازی سروشتی بۆ خزمەتگوزارییەکانی تر دابین بکرێ، هیوادارم ئەو هەڵەیەمان بۆ چاك بکەنەوە، لەگەڵ رێزم، بەڕێزان، لای هەموومان ئاشکرایە کە بودجە یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان کە هەموو حکومەتێك پشتی پێ دەبەستێ بۆ جێ بەجێکردنی بەرنامە و ستراتیجییەتی خۆی، لەپێناو خزمەتکردن و ئاوەدانکردنی وڵاتەکەی دا، بەڵام بە هەمان شێوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بودجە دیاریکراوەی کە لەبەر دەستی دایە هەوڵی داوە لە خزمەتکردن و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان، هەروەها بۆ ئەمن و ئاسایشی هەرێم، باشترکردنی باری ژیانی ئابووری هاووڵاتیانی هەرێمدا بخاتە گەڕ، ئەویش بەبەرنامە و بە پلانی ستراتیجی کە پلانەکانی لەکورت خایەن و مام ناوەندی و درێژ خایەن دا خۆی گرتۆتەوە، کاتێك کە بە وردی بەراورد دەکەین لەنێوان ساڵەکانی $2003$ تاوەکو بودجەی ئەمساڵ دەبینین کەوا لە هەموو سێکتەرەکان، لە هەموو بوارەکاندا یاخود بڵێین وەزارەتەکاندا خزمەتێکی باش لەم سێکتەرانە کراوە، ئەگەر ژمارەکان لەگەڵ خزمەتگوزارییەکاندا بەراورد بکەین، دەبینین هەموو ژمارەکان لە خزمەت و پەرەپێدانی ئەم کەرتانە براوەتە پێشەوە، بەرنامە ستراتیجییەکەی حکومەت کە چەند ساڵێکە دایڕێشتووە دیارە بەشێوەیەکی زۆر تۆکمە و بە سەرکەوتووانە بەرەو پێشەوە دەچێ، بۆ ئەم قسانەی من بەڵگەو نموونەمان زۆر، زۆر هەیە، دەتوانین بە هەموو شێوەیەك بەبەڵگە ئەم قسانە بسەلمێنین، من ئەگەر بێت و سەرەتا لە وەزارەتی کارەباوە دەست پێ بکەم، چونکە وەزارەتی کارەبا بەڕێزان ڕاستە ئێمە دەیبینین وەکو وزە، بەڵام وەکو پرۆژە دیار نییە، بۆیە ئەگەر بێت و هەمووی هێڵە و گواستنەوەیە و ئەو شتانە، بۆیە وەکو ئەوەی کە ببینی دیار نییە پرۆژەکە بەچ شێوەیەکە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی چەندین هەنگاوی گرینگ بنێت بۆ ئەم سێکتەرە، ئەویش لەبەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشکردن و کۆنترۆڵکردنی، ئەم بەرهەمە خزمەتگوزارییە بە شێوەیەکی زۆر دادپەروەرانە، یەکسانە دەگاتە دەستی هەموو هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان، تەنانەت بە هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشەوە، ئێستا ئەگەر بێت و بەراوردێك بکەن ئێمە دەبینین ژمارەی هاوبەشانی هەرێمی کوردستان زیادی کردووە بۆ یەك ملیۆن و سی و شەش هەزار هاوبەش، پێداویستی کارەبا گەیشتۆتە لوتکە کە حاجەی فیعلی هەرێمی کوردستانە سێ هەزار و چوار سەد و هەشتا و هەشت مێگاوات کارەبایە، لەکاتێکدا لە $2006$ بەرزترین پێداویستی هەرێمی کوردستان خۆی لە ($1457$) مێگاوات تەنها دەبینی، هەروەها حکومەت بە بەرنامە کار بۆ ئەوە دەکات کەوا لەساڵی $2016$ دا بەرهەمهێنانی کارەبای هەرێمی کوردستان بگاتە شەش هەزار مێگاوات، کە تەنها ئەمە نەك پێداویستی ناوخۆی ئێمە پڕ دەکاتەوە، بەڵکو ئەو کاتە دەتوانین ئێمە

کارەبا بۆ دەرەوەی هەرێمیش بنێرین، بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئەمساڵدا کە گەیشتۆتە دوو هەزار وحەفت سەد مێگاوات، بەڵام لەساڵی 2007 تەنها ئێمە چوار سەد و هەشتا و دوو مێگاوات کارەبامان بەرهەم دەهێنا، بەڕاستی ئەمە خۆی لەخۆیدا دەبینین ئەو بودجەیەی چەند ساڵێکە تەرخانکرابوو بۆ کارەبا چەند ساڵێکە، پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، وەزعی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك پەرەی پێدراوە کەوا جێگای...، ڕاستە هەندێکجار بڕینی تێدایە، بەتایبەتی لەم مانگەدا، چونکە خەرجی هاووڵاتیان زۆر، زۆر لەوە زۆرترە کەوا تەوەقوع بکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وەزارەتە و حکومەت لەم سێکتەرەدا سەرکەوتنێکی زۆر باشی بە دەستهێناوە، پارەکەی بەفیڕۆ نەچووە، توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە هاووڵاتیان بگەیەنێ، سەبارەت بە گەیاندنی کارەبا بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دیارە لەسەر فەرمانی بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تواندراوە وەزارەتی کارەبا تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستان گرێ بدا بە تۆڕی کارەبای ئەم ناوچانەوە، بۆ نموونە بۆ کەرکووك 200 مێگاوات کارەبا دابینکراوە، بۆ موصڵ 50 مێگاوات، بۆ مەخمور و دەوروبەری کە (150) گوندی لەخۆوە گرتووە 20 مێگاوات کارەبای دابینکردووە، هەروەها خانەقین و شێخانیش کە پێشتر چوار تا شەش سەعات کارەبایان هەبوو ئێستا تواندراوە (16) سەعات کارەبایان ڕۆژانە بۆ دابین بکرێ، هەروەها لە رووی گواستنەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی سێ هەزار و حەوت سەد و هەشتا و یەك کیلۆمەتر ئێمە تۆڕی کارەبا یاخود هێڵی گواستنەوەی کارەبامان هەیە، ئەمەش وا دەکا هێڵی گواستنەوە....، ئەم پرۆژەیە بەردەوامە، چونکە گوندەکان کە لە ئاوەدانکردنەوەدان پێویستیان بەوەیە کە کارەبایان زیاتر پێ بگات، خۆش بەختانە تواندراوە لە دهۆك تاوەکو ئێستا هەشت سەد و بیست و حەوت گوند کە ئاوەدانکراوەتەوە کارەبای پێ بگات، لە هەولێریش هەزار و سەد و پانزدە گوند کارەبای پێگەیشتووە، لە سلێمانیشدا هەزار و سێ سەد گوند کارەبای پێگەیشتووە، ئەوەی ماوەتەوە تەنها (59) گوندە کە لە هەولێر ئێستا بە مۆلیدە کارەبایان پێ دەگات، بەڵام لەماوەیەك دا یاخود لە موستەقبەلێکی نزیکدا کارەبا بۆ ئەوانیش دابین دەکرێ، حکومەت وەکو وتم بەردەوامە بۆ گواستنەوەی کارەبا بۆ هەموو گوندێك کە ئاوەدان دەکرێنەوە، هەروەها حکومەت بۆ کۆنتڕۆڵکردن و بە هەدەر نەدانی وزەی کارەبا بەرنامەی پێوەری زیرەکی بەرپا کردووە، کە ئێستا ئەو بەرنامەیە لەکاتی ئەوەیە کە موفاوەزات یاخود بڵێین خەریکی عەقدەکانن تا ئێستا بیست و هەشت کۆمپانیا تەقدیمی کردبوو، دیارە لەدوای ئەوەی کەوا لە کوالێتی و لەکاتی گرێبەستکردندا تەنها هەشت کۆمپانیا تاوەکو ئێستا ماوەتەوە، بەڵام بەرنامەکە بۆ سێ ساڵ دەخایەنێ ئەو پێوەرە تەنها بۆ کۆنتڕۆڵی کارەبا نییە، بەڵکو بۆ بە هەدەرنەدانی کارەبا و ئاوە بەیەکەوە، ئەگەر بێتو چووە بواری جێ بەجێکردنەوە پاشی سێ ساڵی تر ئێمە 500 مێگاوات کارەبای بە هەدەردراو دەگەڕێنینەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بێینە سەر کەرتی پێشەسازی، حکومەتی هەرێم ڕاستە گرینگی داوە بەم کەرتە، چونکە هەموومان دەزانین ئەم کەرتە لە عێراقدا، لەهەرێمی کوردستانیشدا ئێستا وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، حکومەتی عێراقی پێشتر سیاسەتی کەرتی گشتی بەرپاکردبوو، سیاسەتی ئیشتراکی هەبووە، دەمان بینی

هەموو کارگەکان، زۆربەی هەرە زۆری کارگەی حکومی بوون، بەڵام ئێستا ئەو سیاسەتە نە لەهەرێمی کوردستان، نە لە عێراقیشدا ئەو سیاسەتە بەرپا ناکرێ، چونکە ئەو سیاسەتە جیهانییە بە پراکتیکی، بە حەمەلی، بە عیلمی شکستی خواردووە، بۆیە سەردەکەین کەرتی خاسە، یاخود کەرتی تایبەت جێگای کەرتی گشتی گرتۆتەوە، هەرێمی کوردستانیش، چونکە سیاسەتی هەرێمی کوردستانیش بەپێی دەستووری عێراقی بەپێی ماددەی 110 ئێمە لە سیاسەتی ئابووری و سیاسەتی مالی و بازرگانیمان گرێدراوین بە حکومەتی عێراقەوە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عێراق هەتاوەکو ئەمڕۆش سیاسەتی مالی و سیاسەتی ئابووری و بازرگانیش لە عێراقدا روون و ئاشکرا نییە، بۆیە دەبنین تاوەکو ئێستا نەتواندراوە کۆنترۆڵی یاخود بەرەو پێشچوونی نە رووی بازرگانی بکا، نە رووی پیشەسازیش بکا لە عێراقدا، بەڵام ئێمە موکەمیلین بۆ ئەوان، هەروەها لەبیرمان نەچێ ئێمە گومرگەکانی عێراق هەمووی ئێستا هەروەکو وتم بەپێی دەستووری عێراقی لە دەستەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی ئیتیحادیە، تەنها ئیدارەکردنی ئەو گومرگانە ئیشتراکە یەعنی بڵێین لەو دەستەڵاتە هاوبەشانەیە بەینی ئێمە و حکومەتی ئیتیحادی، بۆیە ئێمە ناچارین بۆ ئەو بابەتانە خۆمان گرێ بدەین، بە عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین هەرێمی کوردستان لەبواری پیشەسازیدا هەنگاوێکی زۆر گەورەی هاویشتووە، بۆ نموونە دەبینین لە ساڵی 2004 تەنها هەزار و شەست و نۆ کارگە لە کوردستان بوونی هەبوو، بەڵام ئێستا یاخود بڵێین ساڵی 2012 ژمارەی کارگەکانمان گەیشتۆتە دوو هەزار و حەوت سەد و چل و نۆ کارگە، کرێکار کە کاری دەکرد لەم کارگانە یاخود بڵێین ئەیدی عامیلەی ئەو کاتە هەشت هەزار و حەوت سەد و هەشتا و شەش کرێکار بوو، خۆش بەختانە ئێستا گەیشتۆتە بیست و چوار هەزار و دوو سەد و پەنجا و پێنج کرێکار لەکەرتی تایبەتی کارگەکان کاردەکەن، کە ئەمە بۆ خۆی دیارە هەرچەندە جێگای تموحی ئێمە نییە وەکو هەرێمی کوردستان، وەکو حکومەتیش جێگای تموحی ئەوان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، من حەزدەکەم نموونەیەکی بەسیت بۆ ئێوەی بەرێز بێنمەوە، چین وڵاتێکی ئیشتراکییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قتاعی، لەتەبەنی کردنی کارگەکانی قتاعی تایبەتی یاخود خەسخەسەی کردووە لە قتاعی بەڕێوەبردنی کارگەکانی، بەڵکو خۆی رزگار کردووە لە قتاعی عام، بۆیە ئەمەیە دەبینی لەبازاڕەکانی هەموو جیهان ئێستا پڕە لەکاڵای سینی، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کێشە هەیە کە رووبەرووی ئێمە بۆتەوە وەکو هەرێمی کوردستان، ئەویش نەبوونی گومرگێکی تۆکمەیە یاخود سیاسەیەکی گومرگی کە هۆکارە بۆ ئەوەی کەوا وای لێ بکات دەرگاکانی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە بۆ هەموو کاڵایەك کە دێتە هەرێمی کوردستان، دووەم نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵێکی باش لە عێراق، لە سنوورەکانی عێراقدا، کە ئەویش وا دەکات دەرگا بکاتەوە بۆ داخیل بوونی یاخود هاتنە ژوورەوەی کاڵای زۆر کوالێتی نزم، هەرزان، کە تۆ ناتوانیت رێگری لێ بکەیت لە عێراقدا کاڵا نزمانە بەهەرزانەوە بێت و لێرە رێگری لێ بکەی نەیەڵی بێتە ناو بازاڕەکانی تۆ، هەروەها نەبوونی یاسای حیمایەی مەنتوجی مەحەلی ئەمانە هەموو هۆکارن بۆ ئەوەی کەوا ببنە بەربەست لەبەر پێشکەوتنی کارگە تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە هیوادارین

لەعێراقدا ئەم کێشانە چارەسەر بکرێ، ڕەنگدانەوەی دەبێ ئەو کات لەسەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان یاخود انشاء الله ئەو رۆژە بێ بەیەکجاری سنوورمان جیا بکرێتەوە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا، هەروەها لەرووی ژمارەی کۆمپانیایەکانەوە لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە مۆڵەتیان پێ دەدرێ، ئێمە دیارە لە ساڵی (2004) تەنیا 1871 کۆمپانیای خۆماڵی مان هەبوو، بەڵام ئێستا ژمارەیان گەیشتۆتە 12,348 کۆمپانیا، کۆمپانیا بیانییەکان 258 کۆمپانیا بوو، ئێستا 2028 کۆمپانیای بیانی لەهەرێمی کوردستان کاردەکەن، ئێستا بە هەموویەوە کە بەڕێژەی هەموو کۆمپانیایەکان کە کاردەکەن 14,376 کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان کاردەکا، لەرووی بازرگانیشەوە دیارە بازرگانی ئێستا بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش هەر دیسانەوە هۆکارێکی یاخود دەبێتە فاکتەرێکی ئیجابی بۆ بەرزبوونەوەی بواری ئابووری هەرێمی کوردستان، کە دەبینین ئێستا تواندراوە بڕی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی لەنێوان هەرێم و وڵاتانی جیهاندا لە چوار ملیار و دووسەد و بیست و چوار ملیۆنەوە لەساڵی 2004 بگاتە چواردە ملیار و هەشت سەد و هەشتا و نۆ بۆ ساڵی 2012، دێمە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، دیارە سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا زۆر تۆکمە و سەرکەوتووانە بووە، پێشکەوتنێکی باش لەم کەرتە بەدی کراوە، کە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لەرووی سیاسی بایەخ و هاوسەنگی خۆی پەیدا بکات، لە جیهان و لە نەخشەی جیهانی وزەشدا جێگەیەك بۆ خۆی داگیر بکات، هەمووشمان دەزانین نەخشەی وزەی جیهانییە کە سیاسەتی جیهان و سیاسەتی وڵاتان دادەڕێژێتەوە، بۆیە هەرێمی کوردستان بایەخ و سەنگێکی تایبەتی خۆی پەیداکردووە لە وڵاتانی جیهانی وئیقلیم و تەنانەت لە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقیش، بۆیە تەعامووڵ کردن و مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەم رووەوە سەنگێکی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام دیارە سیاسەتی حکومەتی هەرێم زۆر سەرکەوتووانە بووە و سەرکەوتنیش لەوەدا خۆی دەسەلمێنێ کاتێك کە کۆمپانیایە جیهانییە زەبەلاحەکان دەست بەرداری بەرژەوەندییەکان و گرێبەستەکانی خۆیان دەبن لە حکومەتی ئیتیحادی و روو لە حکومەتی کوردستان دەکەن، ئەویش لەبەر ئەوەی گرێبەستەکان شەفافترن، گەندەڵی کەمتر تێدایە، دەبینین تاوەکو ئێستا پەنجا و دوو گرێبەستی نەوتی ئیمزا کراوە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم کۆمپانیایانەش کە کاریگەرییان بەسەر سیاسەتی وڵاتەکانی خۆیاندا هەیە هیچ کامیان سومعەت و سەرمایەی خۆی ناخاتە مەترسییەوە، بۆ ئەوەی بێ لە هەرێمی کوردستان بەرهەم بهێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە لە رێگای وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رۆژانە بڕی حەوت تا نۆ ملیۆن لیتر سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا دابین بکا، ئەمە جگە لەغاز و نەوتی رەشیش، ئەم بڕە گازوایلە کەوا بڕێکی دەکڕدرێت و بڕێکیشی هی خۆمانە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دابینی دەکات، هەڵبەتە من دەستخۆشی لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەم، چونکە ئێمە دیارە گرێبەستەکانی بەتایبەتی ئەو گرێبەستەی کە کراوە بۆ کارەبا مەرجێکی تێدایە، کە ئەگەر بێت و کۆمپانیا بەرهەمی هەبێ، بەرهەمی کارەبای هەبێ، حکومەت نەتوانێت ئیستیفادەی لێ بکا، غەرامەی لەسەرە، بەڵام خۆش بەختانە هەتاوەکو ئێستا ئەمە بۆ ماوەی چەند ساڵە حکومەتی هەرێم تاوەکو ئێستا غەرامە نەکراوە، چونکە

بەرۆژانە، هەموو سەعاتێك توانیویانە ئەو بڕە سووتەمەنییە دابین بکەن، چ خۆماڵی بێ، چ ئەوەی دەیکڕن لە دەرەوە، هەرچەندە کوالێتی ئەم گازوایلە زۆر بەرزە، چونکە کوالێتییەکەی دەگاتە سفر پۆینت هەشت، کە کبریتی تێدا نەبێ، یەعنی خاڵی بێ لە کبریتدا، ئەم جۆرە گازوایلەش هەڵبەتە ئەو گازوایلە نییە کە لەبازاڕدا بە هەشت سەد هەزارێك دەفرۆشرێ، بەڵکو مادام کوالێتەکەی بەرزە دیارە نرخەکەشی بەرز دەبێ، هەمووشمان دەزانین دائیمەن بۆ کوالێتی بەرز و بۆ ئەمجۆرانەی کەوا تۆزێك کەم دێتە بازاڕەوە، بازاڕ عەرز و تەڵەبێکی باشی لەسەر دەبێ، ئەمەیە کە نرخەکەی دیاری دەکا، هەروەها کێشەیەکی ترمان هەیە کە نەبوونی مەصدەرێکی سابت یاخود بڵێین ئەو مەصدەرە سابتە من سووتەمەنی لێ دەکڕم، لەگەڵ ئەوەش نەبوونی نرخی سابت لەسەر ئەو شوێنە، لەسەر ئەو سووتەمەنییە، ئەمە هەمووی خۆی کێشەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەوڵێکی جدی نەبوونی نرخی سابت لەسەر ئەو شوێنە، لەسەر ئەو سووتەمەنییە، ئەمە هەمووی خۆی کێشەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەوڵێکی جدی داوە، کاری باشی کردووە بۆ ئەوەی ئەو بڕە گازوایلە دابین بکرێت بۆ وەزارەتی کارەبا تاوەکو هیچ کاتێك وەزارەتی کارەبا نەتوانێ غەرامەتی حکومەتی هەرێم بکات لەسەر ئەم مەسەلەیە، سەبارەت بە داهات نەوت، هەڵبەت هەموومان دەزانین کەوا داهاتی نەوت بەتایبەتی ئەو پارەی کە دەست دەکەوێ لەگرێبەستە نەوتییەکاندا جێگای لەبودجە نابێتەوە، چونکە ئەوە داهاتێکە کە جیا لەم داهاتەی کەوا باس دەکرێ لەناو بودجەدا، ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان وەکو لیژنەی یاسایی و سامانە سروشتییەکان و لیژنەی دارایی بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە لەسەر پڕۆژە یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکان، بۆیە ئومێد دەکەین لەگەڵ تەواوبوونی ئەو سندوقە بتواندرێ ئەو مەوزوعەش رێك بخرێت تاوەکو لەگەڵ بوونی ئەو سندوقە ئیتر ئەو گلەیی و گازاندە لەلای کەس نەمێنێ کەوا چۆنیەتی یاخود بە چ شێوەیەك ئەو داهاتە کۆ دەکەیتەوە یان خەرج دەکرێ، دیارە ئەمەش ئێستا لەلای ئێمەیە، انشاء الله وەکو دەڵێم ئومێد دەکەین لە فرسەیەکی نزیکدا، ئەو یاسایە پەسەند بکرێت، ئەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی هەرێمیشە کە ئێستا بڕیار دەدا لەسەر ئەو پڕۆژانەی کە تەخسیس دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، کە بەو پارەیەی کە لەبەرهەمە نەوتییەکاندا بە دەست دێت بە چ شێوەیەك و بە چ شێوازێك خەرج بکرێ؟ من لەلام هەندێ لەو پڕۆژانە هەیە کە دیاری دەکات کە ئەو پارەیە بە چ پڕۆژەیەك و بە چ شێوازێك خەرجکراوە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە من روونکردنەوەیەکی لەسەر بدەم لەم بارەیەوە یاخود لەسەر پارەی داهاتی نەوت، ئەم داهاتە هەمووی پارەی نییە، زۆرجا بە پڕۆژە پێشکەش دەکرێ، پڕۆژەکانیش بە یەکجار وەکو ئەو پڕۆژەی لە بودجەدا دێ، بەم شێوەیە تەرخان ناکرێ، بەڵکو بە قۆناغ تەخسیس دەکرێ، ئەو پڕۆژانە و پارەکەی بۆ تەخسیس دەکرێ لەلایەن کۆمپانیایەکانەوە، ئەمە دیارە لەکاتی عەقد کردندا ئیتیفاقێك هەیە لەبەینی وەزارەت و کۆمپانیاکە بۆ چۆنیەتی تەخسیسکردنی ئەم پارە و چۆنیەتی جێ بەجێ کردن و قۆناغەکانی پڕۆژەکان، جێگای ئاماژە پێکردنە کەوا هاتنی ئەو هەموو کۆمپانیا زەبەلاحانەی نەوت کە بۆ هەرێمی کوردستان دێ،

دەبێتە مایەی ئەوەی کەوا سەقامگیرییەك بۆ موستەقبەلێکی زۆر نزیك، مایەی سەقامگیری ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا، ئێستا وای لێهاتووە کاتێك کە هەر کۆمپانیایەك یاخود کۆمپانیایەکی نەوتی زەبەلاح بەو هەموو سەرمایەو سومعەوە دێتە هەرێمی کوردستان کار دەکا لە دوای خۆی (ئیتمیئنان و ئیستقرار) بۆ کۆمپانیایەکانی تری وەبەرهێنان دروست دەکا کە ئەوانیش چاو لەوە بکەن کە بزانن باری ئابووری هەرێمی کوردستان لەرووی ئەمنی و ئابوورییەوە ئیستقرارێکی باشی بەخۆیەوە بینیووە، ئیتمیئینانیان دەدەنێ بۆ یاسا بوونی کارەکانیان بۆیە کۆمپانیاکانی تری وەبەرهێنان لەسەر ئەساس و لەسەر سیقەی ئەوان روو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش وا دەکا کۆمپانیای گەورە و کۆمپانیای باش روو لە هەرێمی کوردستان بکا، دیاری لەرووی کوالێتی و لەرووی ئابووریشەوە قازانجێکی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ، هەروەها ئەوەش جێگای سەرەنجە کە ئێمە بڵێین بوونی ئەم کۆمپانیا نەوتیانە لە هەرێمی کوردستان وای کردووە هەلی کار زۆر ببێ، ئێستا خۆش بەختانە (75٪) ئەیدی عاملە لە کۆمپانیا نەوتییەکان کرێکاری خۆماڵین کە لەوێ کاردەکەن، ئەمە جگە لەوەی کەوا چەندین کۆمپانیای نەوتی ئێستا لە هەرێمی کوردستانە، ئەوانیش خۆماڵین کە فێر بوونە کاردەکەن لەبواری نەوتدا، ئەمە دیارە لەرووی بزنسی و لەرووی ئابووریشەوە دیسانەوە عاملێکی زۆر موهیمە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، هەروەها وای کردووە دیسانەوە ئەو بەرهەمانەی کە لە دوو پاڵاوگەکەی هەرێمی کوردستان دێ، چونکە ئێمە دەزانین ڕاستە تەقریبەن 81 تا 83 پاڵاوگەی پێی دەوترێ نا شەرعی هەندێك جار، چونکە هەندێکیان ئیجازەکانیان لە وزارەتی سناعە وەرگرتووە، هەندێکیشیان لە حکومەتی ئیتیحادیەوە وەریان گرتووە، بەڵام ئەو پاڵاوگانە بچووکن، سیعەیان بچووکە، تەنانەت بەرهەمەکانیشیان، پاڵاوتنەکانیشیان لە کوالێتیدا زۆر بەرز نییە، ناتوانن بگەنە ئەو ئاستەی کەوا ئەو سووتەمەنییەی کە پێویستە لە بازاڕەکانی هەرێمدا دابین بکرێ، نەیان توانیووە بەو شێوەیە دابینی بکەن بۆ هەرێم، تەنها و تەنها دوو پاڵاوگە هەیە کە ئەوانە جێگای ئەوەن زیاتر ئەتمیئینانیان پێ بکرێ، پاڵاوگەی بازیان و پاڵاوگەی کەڵەك، کە ئەم دوو پاڵاوگەیەش ئێستا بەڕاستی کار بۆ ئەوە دەکرێ کە پەرەیان پێ بدرێ، چونکە هەتاوەکو ئێستا کوالێتەکانی ئەوانیش نەگەیشتۆتە جێگای تومووحی هەرێمی کوردستان یاخود نەگەیشتۆتە ئەو مستەوایەی کە لەناو بازاڕدا سیقە و پشتی پێ ببەسترێ، بەڵام ئومێد دەکرێ لە موستەقبەلێکی زۆر نزیکدا بتواندرێ کار بۆ ئەوە بکرێ کە ئەو پاڵاوگانە زیاتر تەتەوڕ و پەرەی پێ بدەن، دەبینین ئێستا ئەگەر ئەو بڕە سووتەمەنییە، یاخود ئەو بڕە بەنزینە نەبێ کە حکومەتی هەرێم خۆی دەیخاتە بازاڕەوە، حکومەتی ئیتیحادی ئەو بڕە بەنزینەی کە بۆمان دەنێرێ ڕۆژانە تەلاعوبی پێ دەکا، کەمی دەکا، دەیبڕێ، دەبێتە هۆی دروست بوونی قەیرانی سووتەمەنی، بەڵام باشە خۆش بەختانە لەو لایەنەشەوە تواندراوە کۆنترۆڵ بکرێ، بەڵام سەبارەت بەوەی کەوا پاڵاوگەی تر دروست ناکرێت، بەڕێزان هەتاوەکو ئێستاکە بەداخەوە هیچ سەرمایەدارێك نەیتوانیوە پرو پۆزەڵێك یاخود پرۆژەیەکی زۆر بە مستەوا و بە ستاندارد پێشکەش بکا، بەڵکو ئەوانەی کە پێشکەش کراوە تەنها بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی بچووکە، هەرێمی کوردستان ئێستا پێویستی بەو پاڵاوگە بچووکانە

نييه، بەڵكو پێویستی بە دروستكردنی پاڵاوگەی گەورەتر هەیە، بۆیە ئەمە یەكێكە لەهۆكارەكان وای كردووە كە زیاتر رەفز بكرێن یاخود وەرنەگیرێن ئەو پرۆپۆزەڵانەی تەقدیم دەكرێ، بەڵام تاوەكو ئێستا بە جدی و بە فیعلی هیچ سەرمایەدارێ خۆی پارەی خۆی نەخستۆتە گەڕ بۆ دروستكردنی پاڵاوگەی ستاندارد و گەورە، خاڵێكی تریش هەیە ئێمە لەبیرمان نەچێ بەڕاستی ئێستا ئەو مەحەددەدات هەیە لەلایەن عێراقەوە بۆ دانانی تەسفییە كردنی نەوت لە كوردستاندا، ئێمە رێگا پێدراوین بۆ ئەوەی تەنها (17٪) لە بڕی (700 تا 750) هەزار بەرمیل نەوت كە عێراق دەیپاڵێوێ، ئەگەر عێراق ئەو بڕەی لە (700 تا 750) هەزار بەرمیل لە سووتەمەنی كە دەیپاڵێوێ بەشی ئێمە نەدا، ئێمە مافی خۆمانە (17٪)ی ئەو بڕەی كە دیاری دەكرێت (17٪) كە چەند دەكا ئێمە لەهەرێمی كوردستان بۆ خۆمان بیپاڵێوین و بەكاری بێنین بۆ حاجەی فیعلی هەرێمی كوردستان، بۆیە ئەمە فاكتەرێكە، هۆكارێكە بۆ ئەوەی كەوا رێگری دەبێ لەبەردەم دروست كردنی پاڵاوگەی بچكۆلە یاخود ستاندارد نزم، سەبارەت بە پڕۆژەی وەبەرهێنان لە پیشەسازیدا هەتاوەكو ئێستا لەهەرێمی كوردستاندا (105) پڕۆژە لە دەستەی وەبەرهێنان بۆ پیشەسازی بەكارهاتووە، ئەویش بەسەرمایەیەكی سێ ملیار و حەوت سەد و حەفتا و هەشت ملیۆن دۆلار، كە (15٪)ی هەموو پڕۆژەكانی وەبەرهێنان پێكدەهێنێ، ئەویش بریتییە لە كارگەكانی كەرەستەی بیناسازی و ئاسن و كارەبا و دروستكردنی ئەو مەوادە غیزائییانەی كە سناعی زراعی دەگرێتەوە، تواندراوە شەش هەزار هەلی كار رێك بخرێ بۆ هاووڵاتیان، (94٪)ی ئەم پڕۆژانەش بەرهەمی خۆماڵین، یەعنی ئەوانەی كە سەرمایەدارن، بەرهەم دەهێنن، خەڵكی وڵاتی هەرێمی كوردستانن، دیارە تەنها ئەوە نییە كە باسی ئەوە بكەین بڵێین ئێمە لە سێكتەری پیشەسازی و كارەبا و سامانە سروشتییەكاندا هەرێمی كوردستان توانیویەتی پارەی بودجە لە خزمەتی ئەو سێكتەرانە بەكاربهێنێ، بەڵكو لەسێكتەری پەروەردەدا سەركەوتنی باشی بەدەست هێناوە، لە تەندروستیدا، لەشارەوانی و گەشت و گوزاردا، هەروەها لە دروستكردنی بەنداو و بۆند و ئەو شتانەشدا، لەپێدانی قەرز، هەروەها ئەگەر بێت و تەماشایەكی بچكۆلەی ئەو ژمارەیە بكەین كە هاووڵاتی بەشێوەیەكی باشتر توانیویەتی سوود لەم بودجەیە وەربگرێ، هەتاوەكو ئێستا بایی سێ ترلیۆن و هەشت سەد و حەفتا و سێ ملیارو هەشتا و پێنج ملیۆن دینار سوودمەند هەبووە لە قەرزەكان و بەخشینی هاوسەرگیری و خانووبەرەو  قەرزی وەبەرهێنان و پیشەسازی و كشتوكاڵیدا، دیارە ئەمە خۆی وایكردووە كەوا بودجە بەبێ ئەوەی كەوا بەشێوەی پڕۆژە خزمەت یاخود بڵێین بەشێوەیەكی غێر موباشر، ئەمە وادەكا كەوا بەشێوەیەكی نەقدی و موباشر هاووڵاتی سوودمەندبێ لەم بودجەیەدا، من دێمە سەر بابەتی گەرمیان، بەڕاستی من هەمیشە وتوومە من خۆم بەوە گرێنادەم كەوا من تەنها خەڵكی گەرمیانم، بەڵكو ئێمە هەموو شارەكانی كوردستان.........، جەنابی سەرۆكی حكومەتی هەرێم لەماوەیەكی پێش ئێستادا سەردانێكی گەرمیانی كرد، لەگەڵ ئەوە كۆمەڵێك پڕۆژەی زۆر بەنرخ و زۆر خزمەتگوزاری گەیاندە ئەو ناوچەیە كە بینی فیعلەن ناوچەی گەرمیان پێویستیەكی فیعلی بەو پڕۆژانە هەیە، من دەتوانم بەژمارە هەموو پڕۆژەكان یاخود هەر كەسێكیش پێویستی پێ بوو هەموو پڕۆژەكان لەلای منە

دەتوانن بێن بیبەن بۆ ئەوەی دوای ئەوە وەکو پەرلەمان بۆ خۆتان ئاگاداریتان لەسەر هەبێ، پڕۆژەکانیش هەشت پڕۆژە بۆ ئیدارەی گەرمییانە، کە ئەم پڕۆژانەش جۆراو جۆرن، لەقیرتاوکردنی شەقامەکاندا، کۆنکریت کردنە، دروستکردنی شۆستەیە، گەیاندنی کارەبایە، ئاوە، دروستکردنی قوتابخانەیە، دایەنگەیە، باخچەیە، یاریگای تارتانە،لەگەڵ ئەوەشدا (1500) خانووی تێدایە بۆ وارسی شەهیدان، لە ئیدارەی گەرمیان بەگشتی هەشت پڕۆژەی تێدایە، کە بڕەکەی شەست و چوار ملیار و سێ سەد و پەنجا و پێنج ملیۆن دینارە، ئەمە بەس بۆ ئیدارەی گەرمیان خۆی، بەڵام ئەگەر هاتین وردمان کردەوە، شار بەشاریش پڕۆژەکانیان زۆرە، بۆنموونە لەشاری کەلار سی و دوو پڕۆژە بە گوژمەی شەست و پێنج ملیار و نۆسەد و چل و پێنج ملیۆن دینار تەرخانکراوە، وەکو پڕۆژەکانیش جۆرا و جۆرن لە هەموو شێوازێکی تێدایە، بۆ شاری کفری بیست و دوو پڕۆژەی بڕیاردراوە، بە گوژمەی بیست و حەوت ملیار و نۆ سەد ملیۆن دینار، بۆ شاری چەمچەماڵیش بیست و پێنج پڕۆژەی خزمەتگوزاری جۆرا و جۆر لەخۆ دەگرێ، پڕۆژەکانیش بە گوژمەی پەنجا و پێنج ملیۆن دینار و حەوت سەد و شەست و چوار ملیۆن دینارە، شاری خانەقینیش هەژدە پڕۆژەی بەخۆیەوە گرتووە، بە گوژمەی هەژدە ملیار و سەد و پەنجا ملیۆن دینار، سەبارەت بە شاری دووزخورماتووش چوار پڕۆژەی بۆ بڕیار دراوە بە گوژمەی پێنج ملیار دینار، سەبارەت بەشاری دەربەندیخان یازدە پڕۆژەی بۆ دابینکراوە بە گوژمەی دە ملیار دینار، کۆی گشتی پارەی تەرخانکراو بۆ ئەم پڕۆژانە دوو سەد و چل و حەوت ملیار و سەد و چواردە ملیۆن دینارە، بۆ سەد و بیست پڕۆژەی خزمەتگوزاری، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها من ئێستا پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز کاک عەلی فەیلی دەکەم، پشتگیری لە پێشنیارەکەی دەکەم، هەروەها پشتگیری لە پێشنیاری برای بەڕێزم کاک عدنان عثمان دەکەم، لەکۆتایدا ئەوەی دەمێنێ بە وەزیرە بەڕێزان کاک علی سندی، کاک شێخ بایز، کاک رشید، کاک سەعد، پێتان دەڵێم من وەکو ئەندامێکی لیستی کوردستانی زۆر فەخرو شانازی بە بوونی ئێوە دەکەم وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تاوەکو ئێستا لە 7/25 توانیوتانە ئەو بەڵێنانەی کە ئێمە بەڕەسمی بە خەڵکی و بە دەنگدەری هەرێمی کوردستانمان دابوو شەست و پێنج تا حەفتای بتوانن جێ بەجێ بکەن، بۆیە ئەمە جێگای شانازییە بۆ ئێمە، زۆر سوپاسی ئێوە وەکو خۆتان، وەکو سەرۆکایەتی حکومەت، وەکو برا بەڕێزەکانی تر وەزیرەکان، هەموو فەرمانبەرانی تر کە لەحکومەتدا کاردەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کاتەتان باش، سەرەتا لەدوای دەتوانم بڵێم شەش ڕۆژ قسە کردن، ئەگە ربڵێم بەشێکی زۆری لایەنە باشەکانی بودجە باسکراو بەشێکی زۆری رەخنەکانیش باسکراوە، هیچ بۆ ئێمە نەماوەتەوە لەو قسەکردنە، وابزانم لەجێگەی خۆیەتی، بەڵام لەبەر ئەوەی موناقەشەکردنی میزانییەکە چووە سەر کۆمەڵێك

مەحازەرات لەسەر بودجە، منیش لەو نیتاقەدا لەوانەیە هەندێ سەرنج بخەمە روو، بەر لە هەر شتێ من دەستخۆشی دەکەم لەوەزارەتی دارایی بۆ راپۆرتەکە، بۆ خشتەکانیان، بۆ کۆی وردەکارییەکانی کە خستراوەتە بەردەست ئەندامانی پەرلەمان، قسەکردنی من لەسەر میزانییە نامەوێ لە چوارچێوەی بەرگری و رەخنەگرتنێکی رووتدابێ، ئەوەی من دەمەوێ لێرە قسەی لەسەر بکەم، قسەکردنێك بێ لەسەر واقع حالی هەرێمی کوردستان، قسەکردنێك بێ لە پێناو نەشکان و وێران نەکردنی ئینتیمای هاوولاتیانی تاکی هەرێمی کوردستان بۆ دەسەلات، دەسەلات بە مانای ئەوەی نا ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی لە دەسەلاتن، بەو مانایەی کە بەیانی هەر هێزێکی تر دێتە دەسەلات بتوانین بەشێوەیەك متمانەکە دروست بکەین کە بەیانی هاوشێوەی ئەمڕۆ شتەکان دووبارە نەبێتەوە و خەڵك لەبێ هیواییدا بخولێتەوە، گفتوگۆی میزانییە لەلای من هەر ئەو گفتوگۆیەی ئێرە نییە، من هەموو قسەکان لەسەر خۆم دەکەم، بۆ ئەوەی هیچ هەڤاڵێك نیگەران نەبێت، من پێم وایە بەشێکی رەخنەی ئێمە کە دەیکەین لەسەر میزانییە لە گفتوگۆیەکان و لە دوای پەسەندکردن دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی چاودێری کردنی دوای پەسەندکردنی میزانییە، ئەمە دوو خاڵە، خاڵێکیان دەگەڕێتەوە بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان، کە دیارە لەجێی خۆیەتی بەشی زۆری رەخنەکانی ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئێمەی ئەندامی پەرلەمان لەماوەی یەك ساڵدا کۆی ئەو وەزیرە بەڕێزانەی، کۆی ئەو دامەزراوە بەڕێزانەی دەمانەوێ لەسەر شێوەی لێ پرسینەوە لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەیان بکەین بۆ  خستنەرووی سەرەنج و تێبینی و گلەییەکانی خۆمان بە هەر هۆکارێك بێ لەوانەیە بەر دەست نەکەون، بۆیە کۆی ئەو پرسیارو رەخنانە لەکاتێك گفتوگۆی میزانییە هەموو ئەندام پەرلەمانێك دەیکاتن کە هیچ رەبتی بە مەسەلەی میزانییەوە نییە، بەشێکی تری سەرەنجەکان، بەشێکی تری رەخنەکان لەوەیە کە لەوانەیە بۆ ئێمە ئەندامانی پەرلەمان بگەڕێتەوە، کەوا میزانییە لەدوای تەنفیزکردن وردەکارییەکانی دێتە جێ بەجێکردن، بۆ نموونە من پێم وایە لەمیزانییەدا دەتوانین تەنها قسە لەسەر ئەوە بکەین بۆ نموونە لە پاداشتی رۆشنبیرەکانی ئەوانەی بەناوی داهێنانەوە لەوەزارەتی رۆشنبیری دەکرێ، ئەگەر ئەو بڕەی بۆی داندراوە لەمیزانییە دەکرێ بڵێین زۆرە، دەکرێ بڵێین کەمە، بەڵام وردەکاری ئەوەی عادل بێ و شەفاف بێ و بەکێ بدرێ، پێم وایە ئەمە شوێنی نییە، ئەمە شوێنی دوای پەسەندکردنی میزانییە، شوێنی لیژنەکەیە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەماندا بچن لەگەڵ وەزارەتی مالی دابنیشن قسە لەسەر ئەم حاڵەتە بکەن، بەشێکی دیکە ئەوەیە رەبتی بەمەسەلەی یاساوە هەیە کە ئێمە خۆمان پەرلەمان لێی مەسئولین، هەمووومان لەگەڵ مەسەلەی زیادکردنی مووچەی کەمئەندامانین، هەمووشمان پێمان وایە ئەم یاسایەمان بە مەنتقییەتێکی واقعی هەرێمی کوردستان پەسەند نەکردووە، کە جیاوازیمان نەکردووە لەنێوان کەمئەندامێك کە هیچ مووچەی نییە، کەمئەندامێکیش کە مووچە خۆرە، بەڵام لە نەتیجەدا ئەمە یاسایە، ئەوە ئێمە پەرلەمانی کوردستان دەبێ ئەو یاسایە هەموار بکەین، ئەگەر قسە لەسەر زەریبە دەکەین، لەسەر خەڵکی باڵا، ئەوە پەرلەمانی کوردستانە پێم وایە بە یاسا دەبێ حاڵەتی زەریبە پەسەند بکرێ، لەبەر ئەوە پێم وایە رۆڵی رەقابەی پەرلەمانی کوردستان ئەگەر زیاتر هەڵبستێ

لەدوای پەسەندکردنی بودجەوە، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان سەلیقەی بەدوا داچوون و جێ بەجێکردنی خاڵەکانی بودجەمان زیاتر بێ ئەم جەدەلە دوورو درێژە لەکاتی ئێستادا دروست نابێ، خاڵێکی تر لە مەسەلەی میزانییەدا لەلای من رەقەم شتێکە، واقعی حاڵ شتێکی ترە، کە دەگوترێ من لەگەڵ مەسەلەی خەرجی زۆر، لەگەڵ مەسەلەی ناعەدالەتی نیم، بەڵام یەکێکم لەوانە دەیەها جار چوومە ئەو وەزارەتە بەڕێزە گلەیی ئەوەم کردووە کاکە سەیارەمان دەوێ بۆ ئەتفاء ، ئیسعافمان دەوێ، چووینە مەکتەب لەگەڵ هاوڕێم مامۆستا سەروەر کە باسی پێداویستی و قەنەفە و مێز دەکرێ، چووینە بەشێك لەقوتابخانەکان قەنەفەکانیان بەخێر لە مزگەوتەکان پێ درابوو، کە بەزۆر ئێمەیان دادەنیشاند لەسەری، ناوەکەی ئەوەندە قۆڵبوو کە دادەنیشتین نەماندەتوانی هەستینەوە، بەڵێ من پێم باشە ئەم مەساریفانە هەبێ، لەبەر ئەوەی هەر لەکاتی تەتبیقی میزانییەدا، لەکاتی سەردانی شوێنەکاندا ئێمە تووشی ئەم گرفتانە دەبینەوە، کە قسە لەسەر بوونی پارە دەکرێ بۆ مەسەلەی هاوکاری نەخۆش من لەگەڵ ئەوەمە هەمووی بچێتە ژێر دەستەڵاتی وەزارەتی تەندروستی، من لەگەڵ مەسەلەی موئەسەساتیم، من لەگەڵ ئەوەمە سندوقەکە تەفعیل بکرێ، بەڵام بۆ واقعی حاڵ رۆژانە هەر ئێمەی ئەندامی پەرلەمان، من وەك خۆم با باس بکەم، تەکلیف چەندجار لەوەزارەتی سەحە و لە پەرلەمان و لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین بۆ ئەوەی هاوکاری نەخۆش بکرێ، ئەمە دۆخێکە، یەعنی واقعێکی حاڵە لەوانەیە نەتوانین لە حاڵەتێکی ئێستادا بتوانین لێی دەرباز بین، بۆیە من پێم وایە ئەوەی کە پێی دەوترێ لەناو خوێندنەوەی بابەکاندا کە دەوترێ با سەیارە نەکڕدرێ، با ئەمە نەکڕدرێ، ئێمە ئێستاکە بەس باسی شارەوانی کۆیێ بکەین دوو ساڵە دائیرەی ئاو، دائیرەی شارەوانی بۆ دوو پیکاپ مەعتەلن، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدانیم بچن لاندکرۆزەر بکڕێ بۆ مەسەلەی مودیری دائیرەکان، بەڵام لەگەڵ سەیارە خەدەمییەکانم، لەگەڵ شۆفەلم، لەگەڵ سەلەی کارەبامە، لەگەڵ سەیارەی کەپسم، کە لە رانیە یەکێك لە گرفتەکانیان کە سەردانمان کردبوون سەیارەی خۆڵ رشتنیان نییە، لەبەر ئەوە ئەگەر پارە تەرخاندەکرێ بۆ ئەوانە من بەکارێکی باشیان دەزانم، ئەوەی بەگشتی لەسەر میزانییە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، (14) ترلیۆن دینارە، لەو(14) ترلیۆن دینارە وابزانم حەوت ترلیۆن و کەسرێ هیچمان...، یان دەتوانم بڵێم گلەیی گەورەی لەسەر نەبووە، کە ئەوەی بۆ فەرەبووی فەرمانبەران و راستەوخۆ بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەچێ، ئەو پێنج ترلیۆنەی تریش کە بۆ وەبەرهێنان دادەندرێ، تێبینی ئەوەی لەسەر بوو کە هەمووی ناچێتە بواری جێ بەجێکردن، کەواتە سێ ترلیۆن دینار دەمینێتەوە، کەواتە لێرەدا (75٪) میزانییەکە ئیشکالیەتی گەورەی لەسەر نییە و قسەکردنە لەسەر بەشەکەی کە دادێت، من پرسیارێکم هەیە لەوەزارەتی مالییە کارێکی باشە میزانییەیان ناردووە، بەڵام ئەو سەرنجەی کە برای بەڕێزم کاك ئاراس خستیەروو لەسەر مەسەلەی یەك لەسەر دوانزەکە، کە ئەگەر وابێ وابزانم زوو پەسەندکردنی میزانییەی هەرێم زۆر دەرئەنجامی بابڵێین سەریعی نابێ، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەم ئەو هەوڵەی کە ئێستا لەبەغدا لە ئارادایە بۆ کەمکردنەوەی میزانییەی هەرێمی کوردستان بۆ سەدا سێزدە، واتە لە چواردە ترلیۆنەوە سێ ترلیۆنی تر دادەبەزێ، ئەوکاتە

حكومەتی هەرێم یەعنی لەبەردەم چ ئەگەرێکە؟ یەعنی ئەگەر کرا لەسەر ئەوەدا بەرچاوروونیمان بدەنێ، لەسەر مەسەلەی شکایەتکردن لەمەحکەمەی ئیتیحادی بەو پێیەی من لەوانەیە ئیختیساسەکەم لەسەر سوڵتەی قەزای بێ لە دەوڵەتی فیدالی، شکایەتکردن بۆ وەرگرتنەوەی موستەحەقاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لە مەحکەمەی ئیتیحادی بە رێگایەکی گونجاو نازانم، لەوانەیە وەك یاساییەك ئەم قسەیەم لەسەر بکەوێ، بەڵام مەحکەمەی ئیتیحادی عێراق، مەعکەمەی ئیتیحادی ئەمەریکا نییە، عێراق تا ئێستا لەسەر تەوافقاتی سیاسی دەڕوا، ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی موئەسەساتی قانونە، ئەی مەسەلەی تەوافقاتی سیاسی بۆ؟ مەسەلەی ئەو هەموو گفتوگۆیە سیاسییە بۆ؟ ئەو مەحکەمە ئیتیحادییە چ نیزاعییەکی قانونی لەعێراقدا یەکلایی کردۆتەوە؟ مەحکەمەی ئیتیحادی بۆ مەعلوماتی هەموومان لە نۆ دادوەر پێکهاتووە، سێی کوردە، سێی شیعەیە، سێی سونەیە، سێ کوردەکە بە سەر سێ حزبی کوردستان دابەش بووە، بەسەر سێ شاریش، شیعەکەش بەسەر سێ حزبدا، سونەکەش بەسەر سێ حزبدا، ئەمە پێکهاتەی مەحکەمەی ئیتیحادیە، لەئەگەری شکایەتکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆی لە مەحکەمەی ئیتیحادی، لە ئەگەری دۆڕانی ئەم شکایەتە رێگە چارەی تری بەردەم هەرێمی کوردستان چی دەمینێ؟ خۆ مەسەلەی مەحکەمە یان بردنەوەیە یان دۆڕانە، تۆ ئەگەر لەرووی قانونیشەوە زەمانەتی بردنەوەی مافەکانی خۆت کردبێ، بەڵام لەرووی سیاسییەوە ئەم زەمینە فەراهەم نەبووبێ، پێم وایە ئەو کاتە دەستکەوتێکی گەورە لەمەسەلەی مادی لە عێراقدا لە دەست دەدەی، لەسەر داهاتی مروور من بەکارێکی باشی دەزانم ($50٪$)ی دەدرێتەوە بە پۆلیسی هاتوچۆ، بەو پێیەی کە کارمەندی ماندوون، بە وپێیەیی رووداوی سەیارە زۆر بووە، بەو پێیەی ئوتۆمبێل لە هەرێم زۆر بووە، هەموو ئەمانە حەقی خۆیانە، بەڵام من کە پرسیم سەیری یاسامان کرد، ئەمە بە یاسا، نییە، بە رێنماییەکی ئەنجومەنی وەزیرانە ،دەڵێ، بەڵام ئایا وەزارەتی ناوەخۆ هەر تەنها مرووری هەیە؟ هەر تەنها مروور پێویستی هەیە؟ بنکەی ئاگر کوژێنەوەی شیواشۆك کە مەسفای نەوتی لێیە، یەك تەنکەری زۆر، زۆر بچووکە، کە نازانم ناوی چییە، ئەگەر خوانەکا ئاگر بگرێ بە مە دەیکوژێننەوە، ئەی بۆ ئەم پارەیە بە شێك بۆ مەسەلەی ئەتفاء و ئاگر کوژێنەوە نەبێ؟ ئەی بۆ بەشێك بۆ پێداویستیەکانی تری ناو وەزاەتی ناوەخۆ نەبێت؟ کە لەکاتێکدا من دەڵێم زەرووره ئیحالەتی مروور، بەڵام گەیشتۆتە هەندێك حاڵەت شتەکان چوونەتە ناو کەمالیات لەناو مروور، بەڵام بەشێك لەو دائیرانەی کە هەر سەر بەوەزارەتی ناوەخۆنە و لەبەر چاوی ئەوان دەڵێن ئەو داهاتە بۆ وەزارەتی ناوخۆیانە بۆ سەیارەیەکی زۆر پێویست ئەوە وەزع و حاڵیانە، لەبەر ئەوە بەڕاستی پێشنیار دەکەم ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی بەو رێنمایانەدا بچێتەوە، ئەو پارەیەی کە دەگوترێت بۆ وەزارەتی ناوەخۆ هەر تەنها بۆ مروور نییە، بۆ ئەو دەوائیرانەی تریشە کە لەناو وەزارەتی ناوەخۆن، لەسەر داهاتی نەوت دیارە ئێستا یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستانە بۆ دروستکردنی سندوقەکە، بەڵام ئێمە ساڵی پار ماددەیەکمان دانا کە دەبێ حیسابێك بکرێتەوە و ئەو پارەی تێ بچێ، ئەوەی ئێمە رۆژانە لە ئیعلام دەیبستین پارە دادەندرێ، کە کارێکی باشە من دەستخۆشی دەکەم بۆ

هەڵمەتی نۆژەنکردنەوەی فوتابخانەکان بە بڕی پەنجا ملیۆن دۆلار، پارە زیاد دەکرێ بۆ کەسوکاری شەهیدان، پارە دادەندرێ بۆ بووژانەوەی گەرمیان، پارە بۆ ئەم حاڵەتانە هەمووی دادەندرێ لە سندوقی نەوتدا، بەڵام دەپرسم لەرووی مالییەوە دەکرێ حکومەت دوو قاسەی هەبێ؟ دەکرێ حکومەت دوو سەرچاوەی دەعمی مالی هەبێ؟ هەر بۆ حکومەتەکەی؟ با ئەم پارەیە لەناو ئەم سندوقە دابێ، دواتر هەم بەم بڕیارانەی حکومەت دەکرێ کە دەیداتن بۆ خزمەتکردنی ئەو ناوچانە، کە دەیدا بۆ خزمەتکردنی ئەم چین وتوێژانە، کە هەر بۆ پاڵپشتی وەزارەتی داراییە، بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی زیاتر تووشی عجز نەبێ، با لەژێر دەستەڵات و حیساباتی وەزارەتی مالییە دابێ، بەڵام ئەوەی ئێستا ئێمە دەیبینین حکومەت دوو قاسە و دوو وەزارەتی مالییە بەم شێوەی ئێستا دەکا، پێم وایە لەرووی قانونی نەگونجاوە، لە لاپەڕە سێزدەی راپۆرتی حکومەتدا باسی مەسەلەی بودجەی بەکاربردنی بەرگری و ئاسایش کراوە، کە بڕی سێ ترلیۆن و پێنج سەد و بیست و سێ ملیار و سێ سەد و چل و حەوت ملیۆن دینار بەبەر بەرگری و ئاسایش کەوتووە، تەبیعی ئەمە بودجەی بەکاربردنە، بودجەی بەکاربردنیش بەشە گەورەکەی بۆ مەسەلەی مووچەیە زائیدەن ئەوەکانی تر کە لەناو هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە دەبێ بە جل و بەرگ و خۆراك و ئیتر ئەم وردەواڵانەیکە لەناو بودجەی بەکاربەردایە، بەرگری و ئاسایش لە چ پێکدێت؟ کە من ئەگەر باس بکەم، لە هێزی پێشمەرگە پێکدێ لە وەزارەتی پێشمەرگە، لە دەزگای ئاسایش پێکدێ، لەوەزارەتی ناوەخۆ پێکدێ، لە ئەنجومەنی ئاسایش پێکدێ، من باسی ئەنجومەنی ئاسایش ناکەم بەو پێیەی برادەران قسەیان لەسەر کردو، رەخنەی لەسەرە، بەڵام باسی ئەم سێ دامەزراوەی تر دەکەم، لەپێشمەرگە سەد و هەژدە هەزار کەس مووچە وەردەگرێ، لە هێزەکانی ئاسایش سی و سێ هەزار کەس مووچە وەردەگرێ، لەوەزارەتی ناوەخۆ سەد و سی هەزار کەس ئەگەر هەڵە نەبم زیاترە، کەمتر نییە مووچە وەردەگرن، من هیچ کاتێك لەم پەرلەمانە لەهیچ ئەندام پەرلەمان و لە هیچ کەسێکمان گوێ لێ نەبووە قسە لەسەر کەمکردنەوەی مووچەی هیچ یەکێك لەوانە بکەین، بەڵکو هەمووشمان شانازیمان بەدەرکردنی ئەو یاسایە کردووە و لەمونافەسە بووین کامان رۆڵمان زیاتر بێ لە زیادکردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، هەمووشمان برینداریین بۆ کەمی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە، داوای زیاتریشیان بۆ دەکەین، کەواتە مەسەلەی ئەم سێ ترلیۆنە کە بۆ ئاسایش، بۆ وەزارەتی ناوەخۆ، بۆ پێشمەرگە داندراوە، بەدەر لەئەنجومەنی ئاسایش کە لێم هێناوەتە دەرەوە، هەر ئێمە کردوومانە لەو پەرلەمانی کوردستانە، ئەگەر خاڵێکی خراپە هەر دەکرێ ئێمەش دەستکاری بکەینەوە، حەزم لێ بوو کاك د. علی لێرە با لەسەر پرۆژەکانی وەبەرهێنان من ساڵی پاریش ئەم قسەم کردو ئێستاش دەیکەمەوە، ناردنی ئەم لیستە جگە لەکات کوشتنی پەرلەمان و جگە لەکات کوشتنی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان هیچ ئیزافەیەك بۆ ئێمە ناکا، هەم ئێمەی ئەندامی پەلەمان تووشی هەڵە دەکا، هەم حکومەتیش، من قسەم لەسەر ئەو لیستەیە، نەم دەویست بەڕاستی لەسەر ئەم لیستەیە قسە بکەم، چونکە هەموو ساڵێك لە وەڵامدا دەگوترێت ئەمە دوا خشتە نییە کە لەبەر دەستی ئێوە دایە، ئەو خشتەی هاتە پەرلەمان پێم وابوو دوا خشتە نەبوو، چونکە

بەراوردی بەشێك لە پڕۆژەكانی مەنتیقەكەی خۆم وەك كۆیە بینیم هەڵەی زۆر تێدایە، داوای ئاخیر جەدوەلم كردەوە كە لە 12/26 داویانە بەمن، ئەمە وتیان ئاخیر خشتەیە، ئەوەی لەبەر دەستی تۆیە كۆنە، ئەمیش بەهەمان شێوە كۆمەڵێك هەڵەی تێدایە، بەڵام ئەم هەڵانە لەلای من مانای ئەوە ناگەیەنێ ئەم پڕۆژانە وەهمین، لەلای من ئەوەش ناگەیەنێ كە ئەم پڕۆژانە وجودوودیان نییە و یاخود بە شێوەیەك لەشێوەكان......، بەڵام هەڵە دەكەین، دوێنێ هاوڕێیەكم لێرە باسی نەخۆشخانەیەكی سەد قەرەوێڵەیی كرد كە بەپێی خشتەكەی بێ قسەكەی ئەو ڕاستە، وجوودی نییە، بەڵام بەپێی واقع ئەمڕۆ سەعات 10:30 جێگری سەرۆكی حكومەت و وەزیری تەندروستی وا لەكۆیە ئیفتیتاحی ئەو نەخۆشخانەیە دەكەن بە تەجهیزەوە، بۆیە بەڕاستی ناردنی ئەم خشتەیە وادەكاتن ئێمە ئەندامانی پەرلەمان وەختمان بكوژرێ، قسەی زۆر بكەین، ئێمەش دەگەینە حەقیقەت لەسەر پڕۆژەكان، ئەگەر ئەم خشتەیەش نەبێ، هەموو وەزارەتێك پڕۆژە پلانەكانی خۆی دەنێرێ، كە ئەو پڕۆژەی لەكۆیە ناوی هۆڵێكی ڕۆشنبیرییە دەڵێ ئێستا دەست بەكار نەبووە، لەوەزارەتی ڕۆشنبیری كە هاتۆتە پەرلەمانی كوردستان سەیرم كردووە لە قۆناغی تەنفیز دایە، خۆ ئەگەر لەوێش دەستم نەكەوێ دەتوانم لەگەڵ قایمقام و مودیر ناحییە و پارێزگاری شارەكە قسە بكەین بگەینە حەقیقەت كە ئەم پڕۆژەیە ئایا وجودی هەیە یاخود وجودی نییە، بەڵام پرسیارە ئەساسیەكەی من لەسەر ئەمە نەبوو كە باسی بكەم، بەڵام ئەوەیە كەوا حەددی ئەو پارەیەی كە بۆ شارێك دادەندرێ لەنێوان وەبەرهێنان و بابلێین پڕۆژەی پێشنیار كراو و پڕۆژەی بەردەوام، ئەم پارەیەی كە كۆدەكرێتەوە بۆ شارێك دابندرێ پێم وایە شارەكان مەغدوور دەبن، چونكە پڕۆژە هەیە لەناو ئەو لیستەدا ساڵی پار بە خشتەیەك بۆ من هات، ئەگەر بیرتان بێت، بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز نووسرابوو خشتەی ئەو پڕۆژانەی كارەكانیان تەواو بووە، دوو،سێ پڕۆژە لەو خشتەی ساڵی پار هات كە كارەكانیان تەواو بووە، ئەو ساڵ لەناو بەردەوامدایە، كە پارەی كۆیە كۆدەكەیەوە یان پارەی ڕانیە كۆدەكەیەوە ئەم بەردەوام پێشنیارانەی بۆ كۆدەكەیەوە دەڵێی تۆ ئەوەندەت بەركەوتووە، ئێ لەكاتێكدا ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایەدا، پرسیارەكەی من بۆ وەزیری پلاندانان ئەوە بوو، ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە پارە كۆدەكرێتەوە بۆ موستەحەقاتی هەر شارێك غەدر لە هەموو شارێك دەكرێت، بۆیە زەرووره ئەگەر لەسەر پلانی وەزارەتەكانیشە ئەمە لەوانەیە وەزارەتەكان وردتر ئاگایان لە پڕۆژەكانی خۆیان بی، بەڵام ئەمەی وەزارەتی پلاندانان هەڵەی تێدایە، هیوادارم لەوەدا پێداچوونەوە بكەن، ئەوەی ئێمە دەیبینین كەمتەرخەمییەك هەیە كە من بە هی وەزارەتی پلاندانانی نازانم، هی هەموو وەزارەتەكانە، قودرەی تەنفیز لەحكومەتی هەرێم زۆر خراپە، لەزۆربەی وەزارەتەكان جا وەزارەت تا وەزارەت فەرق دەكاتن، وەزارەتی سامانە سروشتییەكان، ئەوە باسی وەزارەتی بازرگانیشیان كرد، وەزارەتی سامانە سروشتییەكان پێنج پڕۆژەی هەیە هەموو ساڵێك وەك خۆی دایدەنێتەوە، ئەگەر قسە لەسەر عەمباری نەوتەكەی هەڵەبجە بۆ مەسەلەی كێشەی زەویی بوو، ئەوە ئەو پڕۆژە لەكۆیەش هەیە كێشەی زەوی نییە، لەبەر ئەوەی لەباتی زەوییەك سێ زەوی درایتێ، ئاخیرجار دەڵێ ئەو پارەیەی بۆ دروستكردنی ئەو پڕۆژەیە داندراوە بەش ناكاتن، داوامان

کردووە زیاد بکرێ، ساڵی پار دەستی پێ نەکرد، لەبەر ئەوەی پارەکە کەم بوو، ئەمساڵیش بە هەمان مەبلەغ پارەی پرۆژەکە دانراوەتەوە، یەعنی ئەمساڵیش دەست پێ ناکات، لەبەر ئەوەی کە ساڵی پار پارەکە کەم بوو دەستی پێ نەکرد، ئەمساڵیش دەست پێ ناکاتەوە.

لەبەر ئەوە هیچ نەبا لە پێنج پرۆژە بیانکردبا چوار پرۆژە، بۆ ئەوەی چوار پرۆژەکەمان پێ تەنفیز بکردابایە، یان هیچ نەبووایە دەعمی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ ئەم پرۆژانە زیاد بکرابایە، هۆکاری ئەوەی کەوا قودرەی تەنفیزی ئەم پرۆژانە لەوەزارەتەکان لاوازە، بەڕاستی بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، کە پێویستە حکومەت بەرنامەی بۆ هەبێت، ئێمە کێشەیەکی گەورەمان لەگەڵ کۆمپانیایەکانی هەرێمی کوردستان و موقاولات هەیە، کۆمپانیا هەیە پلەی یەکی پێدراوە کە لەو ئاستەدا نییە و دێ ئیش وەردەگرێ و حکومەت تووشی کێشە دەکات، هاووڵاتیانیش تووشی کێشە دەکات، لەبەر ئەوەی چەند ساڵە داوا دەکرێ کە پێویستە حکومەت جارێکی تر موراجەعەی پۆلینکردنی کۆمپانیایەکان بکاتەوە، ئێمە لەگەڵ بەشێك لەکۆمپانیایەکان کۆبووینەوە، بە ئامادەبوونی شلێر خانیش وەك نوێنەری لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، گلەیی گەورەی کۆمپانیایەکان ئەوەبوو کە پێدانی ئەو سولفەیە لەوەزارەتی مالییە بە عەزابێك و رۆتینێکی گەلەك گەورە ئەو سولفەیان دەدەنێ، کە حەزناکەم بچمە سەر وردەکارییەکە، بۆیە پێم وایە ئەرکی وەزارەتی پلاندانان هەر ئەوە نییە ئەو پرۆژانەمان بۆ ریز بکە، ئەرکی ئەنجومونی وەبەرهێنان و ئەرکی هەموو وەزارەتەکان و حکومەتیش ئەوەیە جارێکی تر کۆمەڵێك رێگا بگرێتەبەر کار ئاسانی بکا بۆ لیژنەی تەندەرین لەخوارەوە، پرۆژە هەیە دوو ساڵە لەحکومەتی هەرێم بابڵێین هەر لە کۆیە لەمەسەلەی زراعەدا ناچێتە تەنفیز، لەبەر ئەوەی بیست ملیۆنی نەقسە، دەبێ سێ جار کتاب بۆ هەموو وەزارەتەکان بکرێ هەتا بیست ملیۆن دەچێتە سەر ئەمە، ئەو پارەیەش دوو ساڵە لەسەر ئەو شارە حیساب دەکرێ کە بۆی دانراوە، ئەو پارەی ساڵانە دادەندرێ بۆ مەسەلەی گەڕاوەکان من بەکارێکی باشی دەزانم، لەگەڵ ئەوەی کەوا هەندێك وردەکاری لەمەسەلەی رێنماییەکان هەیە کە دەکرێ کاتی جێ بەجێکردنیان ئێمە زیاتر بەدوا داچوون بکەین، بەڵام دەکرێ لەگەڵ ئەوەشدا چ ئەو هاووڵاتیانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، چ ئەو هاووڵاتیانەی کەوا دیپۆرت دەکرێنەوە لەدەرەوە خۆ ئێمەش دەکرێ لەمیزانییەدا ئەگەر لەگەڵ ئەویشا بێ مەبلەغێك دابنێین بۆ هاوکاریکردنی ئەوانیش، چونکە ئەو باردۆخەی کە ئەوان تێیدا دەگەڕێنەوە لە ئاوارەیی هەم بابڵێین لە نەبوونی سوکنە و ئیش و تەعینات و مووچە، بەهەمان شێوە ئەوانەی دیپۆرتیش دەکرێنەوە لەهەمان بارودۆخدانە، پرسیارێکم بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، لە راپۆرتەکەی خۆیاندا هاتووە کە بودجەی پترۆدۆلار لە ساڵی 2013 دا لە بەشی هەرێمی کوردستان تەنها چل و دوو ملیۆن و چوار سەد هەزار دینارە، یەعنی چل و دوو ملیۆن دینار پێم وایە مەبلەغێکە یەعنی لەناو مەسەلەی پتۆدۆلار و دەرکردنی، یەعنی هۆکاری ئەوەی کە حکومەتی عێراقی تەنها چل و دوو ملیۆن دینار دەدا بە هەرێمی کوردستان لە پترۆدۆلارا هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئێمە یاسای زیندانیانی سیاسیمان دەرکرد وەك خاتوو سۆزانیش باسی کرد، کەوا ئەمرەکانیان

له ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەپێی یاسایەکە هەر زیندانییەکی سیاسی کەوا سوودمەند نەبووبێ و خانوو بکاتن بیست ملیۆن دیناری وەك مینحە پێ دەدرێ، بەڵام بە پێی ئەو نووسراوەی لەلای ئێمەیە تاوەکو ئێستا ئەوانە ئەو مینحەیان بۆ سەرف نەکراوە، ئەگەر هۆکارێك هەیە، ئەگەرنا هیوادارین ئەمساڵ کارئاسانی بکرێ بۆ ئەوەی پێیان بدرێ، لەسەر مەسەلەی رێکخستنی دەرماڵە، ئێمە کاتێك لەگەڵ وەزارەتی کارەبا دانیشتین قسە لەسەر ئەوە کرا کەوا وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو لیژنەیەی پێکیهێناوە بۆ دەرماڵە و مووچە هەموو کارەکانی تەواوکردووە، هەموو دەرماڵە و مووچەکانی یەك خستووە کە ئەوەی وەك یەك نەبووە لەگەڵ عێراقدا، بەڵام پێویستی بە موسادەقەی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بەگوتەی ئەوان تەنها یەکخستنی دەرماڵەی کارمەندانی کارەبا، وەزارەتی کارەبا پانزدە ملیار دیناری پێویستە، جا ئەگەر وابێتن ئایا ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز کە لیژنەکە کاری خۆی تەواوکردووە، ئەم بڕیارە دەدا یان نا؟ ئەگەر ناکرێتن خۆ ئێمە زۆر بە سەڕاحەت دەتوانین باس بکەین کەوا ناکرێ لەبەر ئەم هۆکارانە و موبەریراتەکان روون بکرێتەوە، لەسەر مەسەلەی بودجەی پەروەردە زۆر باسکرا من ناچمەوە سەری، بەڵام یەك شت کە نابێ بودجەی پەروەردەی هیچ ساڵێك کەم بکرێ و دەبێ زۆر زیاتر زیاد بکرێ، لەبەر چەند خاڵێکە، یەکەمیان، ئێستاکە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق کەمن ئەو کەسانەی واز لەخوێندن دەینن، زۆرن ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە خوێندن، بۆیە ئەمە یەکێکە لەو حاڵەتانەی کەوا وایکردووە پێویستیمان بە مەسەلەی خوێندنگا زۆر بێ، دوو: بەشێك لەشارەکان لە زۆربەی حاڵەتی جێ بەجێکردنی پرۆژەکاندا مەکتەبێك دەکەنە قوربانی جادەیەك، فراوانکردنێك، بەبێ ئەوەی هیچ تەعویزێك بۆ وەزارەتی پەروەردە بگیرێتە بەر، وەك ئەوەی ئێستا لە رانییە دوو مەکتەب دەکەنە قوربانی فراوانکردنی شەقامێك کە من ئەویش بە زەروور دەزانم، پاراستنی مەکتەبەکەش هەر بە زەروور دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر حسن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان ئەم کاتەتان باش، بە تەسەوڕی من ئەم وتەیە بەلاش نەهاتووە کە دەڵێ (خیر الکلام ماقل ودل)، ئومێدەوارم خۆشم پێی پابەندبم، سەرەتا دەستخۆشی دەکەم لە لێژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان بۆ ئامادەکردنی راپۆرتەکەیان، هەروەها بۆ راپۆرتی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، کە بەحەقیقەت ماندووبوونیان پێوە دیارە، کە خۆیان ماندوو کردووە، جێگای دەستخۆشین، بەتایبەتی راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان، کە هەوڵی داوە ناوەڕۆکی راپۆرتی لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانیش لەناو خۆیدا جێ بکاتەوە، بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان، من وەکو پەرلەمانتارێك کە لە ئیش و کاری پەرلەمان تێگەیشتبم سەرەتا هەر بەڕێزێك لەپەرلەمان بە ئێختیاری خۆی ناوی خۆی لەلیژنەیەکی هەمیشەیی پەرلەماندا نووسیوە، ئینجا لێژنەیەك یان دوو، ئەکسەریەتی زۆربەی هەرەزۆری پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لە دوو لیژنەن، خیلالی ئەو چەند ساڵەی کە لەو لیژنانە ئیشی کردووە بێگومان پسپۆری و شارەزاییەکی لەو وەزارەتانە پەیداکردووە، کە پەیوەندن بە لیژنەکەی خۆیەوە، هەر بۆیەش حەق وایە لە موناقەشەی بودجە هەر بەڕێزێك لە ئەو وەزارەتانەوە، ئەو بابەتانەوە قسە بکا کە پەیوەندن بەخۆیەوە، چونکە ئەکید شارەزایی لێ هەیە، جا هەردوو حاڵەتەکە رەوایە، چ بەرگرییان لێ بکا، چ رەخنەیان لێبگرێ، بەڵام هەر بەڕێزێك کە لە ئەلفەوە تاوەکو یاء بودجە باس دەکا، لای من سەیرە، چونکە تەسەوڕناکەم هیچ کاممان لەهەموو بوارەکان پسپۆڕ بین، بۆیە بێشك لەم حاڵەتە ناحەقی دەوترێ و هەندێك شتی واش دەوترێ کە دوور و نزیك پەیوەندی بە بودجەوە هەر نەبێ، بێگومان هەر کارو پرۆژەیەك رادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی رێژەییە، ئەم بودجەیەش بە هەمان شێوە، ئەگەر بڵێین بودجەیەکی بێ کەم و کوڕی و پریفێکتە، ئەوە لەوانەیە وانەبێ، بەڵام ئەگەر بشڵێین ئەم بودجەیە هەمووی خراپە ئەمەشیان مومکینە بێ ویژدانی و دووربێ لە راستی، هەر بۆیە حەق وایە بەشێوەیەکی واقعییانە مامەڵەو گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەین، بەڵام شك لەوەدانییە کە ئەم بودجەییەکە چەند ساڵە حکومەتی هەرێم بەکاری دێنێ گۆڕانێکی ئیجابی زۆر گەورەی لەسەر هەرێمی کوردستان هێناوەتە ئاراوە، لەرووی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك، ئاوەدانکردنەوەی بەرچاوی شار و شارۆچکەکان و گوندەکانی هەرێم، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە هەرێم، پێشینەی هاوسەرگیری، قەرزی عەقاری، قەرزی کشتوکاڵ، زیادکردنی مووچە و خانەنشینی فەرمانبەران، هاوکاریکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، گرینگی و تایبەت مەندی لە کەسوکاری شەهید و ئەنفالکراوان، کە ئەمە راستییەکە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان دەیزانن، بۆیە ئێمە هەرچەندە بەواقعی تر قسە لەسەر ئەم بودجەیە بکەین، ئەوەندە زیاتر خەڵك قسەکانمان لێ وەردەگرن، ئەگەر وا تەسەوڕ بکەین کە بودجە ڤی سفربکەین خەڵك پێمان باوەڕ دەکا، وانییە، چونکە وەکو عەرزم کردن خەڵك موستەفیدە لەم بودجەیە، بەشێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، هەروەها هۆشیار و ئاگاداریشن لە پێشکەوتنە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستان، هەر بۆیە بە هیچ شێوەیەك حەزناکەن گرفت بەمەبەستی دواخستنی پەسەندکردنی بودجە دروست بکرێ، مادام ساڵ بۆ ساڵ کوردستان لەپێشکەوتن و گەشەسەندن دایە، تەنانەت بۆتە وڵاتێك کە کۆمپانیا جیهانییە بەناوبانگەکان لەسەرجەم بوارەکانی وەبەرهێنان رووی تێدەکەن، ئەویش لەبەر ئەوەیە چونکە ئایندەیەکی گەش بەدی دەکەن، ئایندەیەکی گەش بەدی دەکەن لەم هەرێمەدا و بەرزبوونەوەی ژمارەی کونسوڵخانەی وڵاتان لە هەولێری پایتەخت ئاماژەیەکی تری دان پێدانانی وڵاتانی جیهانە بەسیاسەتی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان، هەروەها من پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی تەندروستی دەکەم بە حوکمی ئەوەی ئەندامێکم لەو لیژنەیە، ئومێدەوارم حکومەتی هەرێم تا ئەو جێگایەی دەتوانێ و باری دارایی بواری دەدات، گرینگی بە کەرتی تەندروستی بدات، چونکە بەشێوەیەکی

راستەوخۆ پەیوەستە بەژیان و تەندروستی کۆمەڵگەکەمانەوە، لەهەمان کاتیشدا پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی ناوەخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆ جێیەکان دەکەم، کە وەزارەتی ناوەخۆ و دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش دەگرێتە خۆ، پێشنیار دەکەم هەوڵبدرێ هیچ کەم و کورتییەك لە بودجەی ئەم دەزگایانە نەبێ، چونکە لەکار و سیاسەتی ئەمنیان سەرکەوتوبوونە، ئەجامەکەش ئەو سەقامگیریە ئاسایشەیە کە لە هەرێمی کوردستان بەرقەرارە و سەرپشکی هەموو لایەنەکانی تری پێشکەوتن و بووژانەوەکانە لە کوردستاندا، پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان ئەرکێك و زەرەرووتێکە لە پێشەوەی هەموو کار و بەرنامەکانی تر، ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو بڕە بودجە سنووردارە تەرخانکراوەی کە بۆ دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو بودجە زەبەلاحەی کە حکومەتی ئیتیحادی بۆ بواری ئەمنی خۆی تەرخانی کردووە، باوەڕ بکەن جیاوازییەکە ئەوەندەیە قابیلی موقارەنە نییە، یەعنی زۆر، زۆرە، حکومەتی مالیکی دەیان ملیار دۆلاری بۆ بەرگری و ئەمنی و دژە تیرۆر تەرخانکردووە، کەچی ئەنجامەکەشی هەرکەس بە چاوی خۆی دەیبینێ، تەقریبەن رۆژانە کاری تیرۆرستی و خۆکوژی و ئۆتۆمبێلی مین ریژکراو لەشار و شارۆچکەکانی عێراق دەتەقنەوە، دەیان و سەدان قوربانی بە دوای خۆیاندا بەجێ دەهێڵن، هیچ تاکێکی ناوەڕاست و باشووری عێراق لەپاراستنی سەروماڵی خۆی و خێزانەکەی دڵنیا نییە، کەچی لەهەرێمی کوردستان جیا لە سەقامگیری ئاسایشی هاووڵاتیان پێشکەوتن و بەردەوامی پڕۆژە جۆراو جۆرەکانیش بەردەوامە، بۆ وڵاتانیش ئەو حەقیقەتە روون بۆتەوە، کە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازترە لە پارچەکانی تری عێراق، هەر بۆیەش زۆر بە دڵنیاییەوەش رووی تێ دەکەن و بوونی ئەم هەموو خاوەن سەرمایە و کارکردنیان لێرانەدا نیشانەی ئەم ڕاستییەن، بەڕێزان، بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسنوورەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەخاڵە هەرە بەهێزەکانی هەڵوێستی هەموو تاکێك لە هەرێمی کوردستان، یەعنی ئێوە تەسەورکەن ئەگەر ئەو ئیستعدادە نەبوایە ئێمە ئێستا لەسەر مێزی گفتوگۆکان لەگەڵ مالیکی و ئەمسالی ئەو دەبێ لە مەوقعێکی لاوازدا گفتوگۆمان بکردبایە، دانوستانمان بکردبایە، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا لەمەوقعی قووەت ئێمە موفاوەزات دەکەین، بۆیە روحی مانەوە و بەرە و پێشچوون و خۆڕاگری هەرێمی کوردستان بەدەرەجەی یەکەم لەدوو شت دایە، سەقامگیری باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان، هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەو چاوچنۆکییە یان ئەو فیئە دەست درێژکارییەی کە هەندێکجار لەلایەن خەڵکێك بەداخەوە دێتە سەریان و هەوڵدەدەن دووبارەی بکەنەوە، بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لەژێر سایەیاندا هەموو دەستکەوتەکان و پێشکەوتنەکانی تر دێنە ئاراوە، دەبێ هەموو تاکێك شانازی پێوە بکا، هەموو کەسیش بە هی خۆی بزانێ، من گوێم لەهەندێك خوشك و برایان بوو وتیان ئەمەی کە هەیە لەهەرێمی کوردستان دڵسۆزی خەڵکی کوردستانیشە، من سەد لەسەد تەئیدیان دەکەم، بیل فیعل، خەڵکی کوردستانیش دڵسۆزە، بەپەرۆشە بۆ پاراستنی ژیان و ماڵی خۆی و هاووڵاتیان و دەستکەوتەکانی ئەم هەرێمە، بەڵام نوقتەی هەرە گرینگ ئەوەیە کە خەڵکی هەرێمی کوردستان، دام و دەزگا ئاساییشەکان بە

خوشك و برای خۆیان دەزانن، بە پارێزەری کەرامەت و سەرو ماڵی خۆیان دەزانن، بۆیە هەموو شتێکیان پێڕادەگەیەنن، هەموو بەرگرییەکییان لێ دەکەن، ئەمە راستە، ئومێدەوارین ئەم بیرکردنەوەیە هەتا هەتایێ بەردەوام بێ، پێشکەوتن و گەشەسەندنی وڵاتان، تۆکمەی وڵاتان، قوەتی وڵاتان لەیەکڕیزی خەڵکەکەی دایە، ئێمەش ئومێدەوارین رۆژ بەرۆژ ئینتیمای نەتەوەیی نیشتیمانی، خۆشەویستی بەرامبەر بەیەکتر، بەرامبەر بە حکومەتی خۆمان، بەرامبەر بە دام و دەزگاکانی خۆمان، بەرامبەر بە دەزگا ئەمنییەکانی خۆمان، بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان رۆژ بەرۆژ لەگەشەسەندن دابێ، حەزیش دەکەم وەکو پەرلەمانتارێك کە نوێنەرایەتی سنووری سۆران بە هەر چوار قەزایەکەوە دەکەم واتە سۆران، مێرگەسۆر، رەواندز، چۆمان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاوڕێکی جیدی تری لێ بدرێتەوە، بەحوکمی ئەوەی لانك و مەڵبەندی شۆڕشە رزگاریخوازەکانی گەلی کوردستان بووە، هەر لەسەرەتای شەستەکانەوە تاوەکو راپەڕین، لەلایەکی تر سنوورێکی جوگرافی گرینگی هەیە کە هەرسێ وڵاتی هەرێمی کوردستان و تورکیا و ئێران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەرووی بازگانی گرینگی خۆی هەیە، لەرووی سیاحیش گرینگی خۆی هەیە، بۆیە من داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو توانایەی کە لەبەر دەستیان دایە لەرووی رێگاو بان، لەرووی بەدوو سایدکردنی خەتی هاملتۆن، گرینگیدان بەکەرتی سناعە، لەوناوچەیە درێغی نەکەن، لەکۆتایشدا دەڵێم جێگەی خۆشحاڵییە کە ئێمە ئیمساڵ لەکاتێکی گونجاو موناقەشەی بودجەی ساڵی 2013 دەکەین، ئومێدەوارم سوود لەکات وەربگرین، بۆ ئەوەی زووتر بودجەکە لەم پەرلەمانە بەرێزەوە پەسەند بکرێت و حکومەتی هەرێم بتوانێ دەست بەکاروباری پڕۆژەکان بکات و خەڵکی کوردستانیش بە پەرۆشەوە لەچاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجە دان، چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، پەیوەندیشە بەپڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، ئەمە لەکاتێکدایە کە عێراق لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی مالیکی بە قەیرانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی قوڵدا تێدەپەرێت و وەزعی ناوچەکەش بەگشتی نا ئارامە، هەر بۆیە زۆر گرینگە و پێویستە ئێمە کار و بەرنامەکانمان راستە رێ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین رووبەرووی ئەم تەنگەژانە ببینەوە و ئەزموونەکەشمان بەرەو پێشتر ببەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فاضل بەشارەتی:

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو باقی هاوەڵانم دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان دەکەم کە بەڕاستی ماندووبوونێکی زۆر بە راپۆرتەکەیانەوە دیارە، وردەکاری و شیکارییەکی باش لەناو راپۆرتەکەیاندا دیارە، بەرچاو روونییەکی تەواویان خستۆتە بەردەم تێکڕای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دیسان بە خۆشحاڵییەوە دەڵێم ئەمساڵ بە جیا لە ساڵانی رابردوو

حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە پەرۆشەوە توانی پڕۆژەی بودجەی ساڵی 2012 بۆ 2013 ئامادە بکا، بەڕاستی لەساڵانی رابردوو ئێمە پڕۆژەی بودجەمان بۆ ساڵی داهاتوو موناقەشە دەکرد، وەکو مەعلومە ساڵی رابردوو پڕۆژەی بودجە لە مانگی شەش موناقەشە کرا، زۆربەی پڕۆژەکان کە بەتایبەتی پڕۆژەی درێژخایەن یان پڕۆژە پێشنیار کراوەکان نەکەوتنە بواری جێ بەجێکردنەوە بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە، بەڵام ئەساڵ بەهۆی پەرۆشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەم خواردنیان بۆ زووتر ناردنی پڕۆژەی بودجەی ساڵی 2013 خۆشبەختانە پڕۆژەی ساڵی 2013 بۆ ئەمساڵ موناقەشە دەکەین، ئەمە جارێکی تر دەستخۆش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کەمن زۆر پێی خۆشحاڵم بە هەموو فراکسیۆنەکان، تێکڕای ئەندامانی پەرلەمان، ئەمساڵ لە قسەکردنەکانماندا بەرەغمی ئەو هەموو رەخنە و گلەیی و گازاندەیە کە لە حکومەت و لە پڕۆژەی یاسا گیرا، بەڵام خاڵی هاوبەشمان زۆرە، هەرچەند لەقسەکردنەکە یان بابڵێین پێشتر بەڕێزتان ئاگاداری ئەوەتان پێداین کە قسە تیکرار نەبێ، بەڵام پێم وانییە هێچ کامێکمان بتوانین قسەیەك بکەین کە نەکرابێ ، بۆیە بەحەقیقەت ئەوەش کە من بە پێویستی دەزانم مەسەلەی برەودان بە کەرتی کشتوکاڵە، دیارە کەرتی کشتوکاڵ هەتاوەکو ئێستا برەوێکی ئەوتۆی پێنەدراوە کەوا وەکو بڵێی برینی جوتیارانی هەرێمی کوردستان سارێژ بکا یان ببێتە بنەمایەکی ئەساسی، چونکە هەمووومان دەزانین لە رابردوو کەرتی کشتوکاڵ لە (80٪) و زیاتری خەڵکی کوردستان بژێوییان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەم عەددە عەکس کراوەتەوە، ئێستا لە (20٪)ی خەڵکی کوردستانیش بژێوییان لەسەر کەرتی کشتوکاڵ نییە، ئەمەش بەڕاستی موهیمیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند ئیهتیمام یان برەو بەم کەرتە دەدا کە هەمووومان دەزانین هەرێمی کوردستان هەرێمێکی کشتوکاڵییە، هەرێمێکی پڕ لە ئاو و خێر و بەرەکەتە، بەڵام بەداخەوە وەکو هاوەڵانم ئیشارەتیان پێکرد هیچماڵێك نییە، هیچ خێزانێك نییە لە هەرێمی کوردستان نەوعی تەماتەی وڵاتان، سەوزەی وڵاتان، بیبەری وڵاتان لەم هەرێمە نەناسێ کە لەدەرەوە دێ، هەمووشمان زۆر باش دەزانین لە رابردوو زۆربەی وڵاتانی عەرەبی دەهاتن شووتی و بەرووبوومی کشتوکاڵیان لە هەرێمی کوردستان دەکڕی و دەیان بردەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بەڵام ئێستاکە بەعەکسەوە ئێمە لەوانەوە شووتی و بەرووبوومی کشتوکاڵی دێنین و لەبازاڕەکانی خۆماندا ساغی دەکەینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یەکێك لە گرفتەکانی تر کە لە موناقەشەی پڕۆژە بودجەی ساڵانی رابردوو ئێمە موناقەشەمان کرد کە ئەمە گرفتێکی گەورەیە هەرچەندە دەزانم ئەو جۆرە حەرەکاتانە زۆر بە ئاسانی بەدەست نایەن، بە ئاسانیش ئەنجام نادرێن، بەڵام لێرە گرینگە، من دەڵێم ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لێرە بێت و ئەم کارە ئەنجام بدا گەورەترین ئەرکیش لەسەر شانی خۆی، گەورەترین تەزەخوم لەسەر خۆی و بودجەی هەرێمی کوردستان لادەدا، ئەویش برەودان بە مەسەلەی کەرتی کشتوکاڵ و تموح دروستکردن لەبەردەم جوتیارانی کوردستان کە بگەڕێنەوە گوندەکانی خۆیان، چونکە ئێمە لەساڵانی رابردوو بڕیارێکی زۆر باش و سەرکەوتوانەمان دا، ئەویش مەسەلەی سەرفکردنی سولفەی خانووبەرە، کە دەتوانم بڵێم ئەوە حەرەکەتێکی زۆر باشی

ئاوەدانکردنەوەیە لەهەرێمی کوردستان و بەتایبەتی هەتا گوندە دووره دەستەکانیشی دروست کردۆتەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئیهتیمام نەدان یان برەو نەدانی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوە تەزەخومێکی لەشارەکان، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك لەگرفتەکانی تر کە ساڵانی رابردوو باسمانکرد لەمەسەلەی کەرتی کشتوکاڵدا بەڕاستی مەسەلەی نەبوونی سایلۆیە، ئەوەی کە من ساڵی رابردووش ئەگەر لە یادم بێت باسم کرد، کە بەداخەوە دانەوێڵەی هەرێمی کوردستان براوە بۆ سایلۆکانی جنوبی عێراق، ئەمەش بەڕاستی من بە زوڵمێکی دەزانم لەخەڵکی کوردستان،لە جوتیارانی کوردستان دەکرێ، بۆیە هیوادرام مەسەلەی سایلۆ لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و ئەو چوار پێنج قەزایە کە مەرکەزی دانەوێڵەیە چارەسەر بکرێ، ساڵی رابردوو شتێکی هەروا هاکەزایی و سەرپێی وەکو سایلۆ لەسەید صادق دروستکراوە، بەڵام بەڕاستییەکەی ئەوە ناونانرێ سایلۆ، هیوادارم بکرێتە سایلۆیەکی عەمەلی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان پێشووتر باسیان لەمەسەلەی موهیمەی پێشمەرگە و مووچەی پێشمەرگە کرد، من بەش بە حاڵی خۆم ئەو تێبینیانە دەخەمە پێش چاو کە ڕاستە ئێمە ساڵانی رابردوو ئەو هەوڵانەی کە دامان هیچی بە هەدەر نەچووە و مووچەی پێشمەرگەش زیادی کردووە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکەین هەتاوەکو ئێستا هەریەك لە ئێمە  دەبێ بە ویژدانەوە لەخۆمانەوە سەیر بکەین، بەڕاستییەکەی ئەو مووچەی پێشمەرگە هاتووەکو ئێستا کە بە زیادکردنەوەکەشیدا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەوا بژێوی ژیانی عەوائیلی پێشمەرگە چارەسەر بکا، بەتایبەتی دوو تەشکیلەی ئێمە یەکەی حەفتا و هەشتا هەتاوەکو ئێستا بە حەقیقەت مووچەکەیان بەشێوەیەکە ئینسان ویژدانی ناجێگیرە کەوا بەو شکلەیە مووچەی ئەوان، چونکە بەڕاستیەکەی ئێمە خاوەنی ئیمکانیەت و داهاتی زۆر باشین، چونکە هەمووومان دەزانین پێشمەرگە لەهەرێمی کوردستان هەم لە رابردوو دەورەکەیان چی بووە، ئێستا دەوری چی دەبینن بۆ پارێزگاریکردنی ئەم هەرێمە، وەکو برای بەڕێزم کاك قادر و کاك حەمە شارەزووری و باقی ئەو بەڕێزانەی تر ئیشارتیان پێدا، لەو ماوەی کە ئەو تەنگژە سیاسییە لە بەینی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی بەغدا کە دروست بوو، بەبەردەوام ئەو جۆرە تەنگژانە بۆ ئێمە دروست دەکرێن و دەبێ هەر چاوەڕی ئەو بەرهەمانەشیان لێ بکەین، بەڕاستییەکەی ئەوە کە ئەمەلی زۆر گەورە یان روحییەتی بوونی موقاوەمە و خۆڕاگری لە هەرێمی کوردستان بە تێکرای خەڵکی کوردستان بەخشی، بەڕاستییەکەی ئەوە روحی لەخۆ بردوویی و ئامادەباشی و چوونە پێشەوەی هێزی پێشمەرگە بوو، هەتا ئێستاش کە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی تاماس دان، بۆیە هیوادارم ژیانی پێشمەرگە هەرچەندد ئەو بەرێزانە هەریەکە بەپێی تەخەسوسی خۆیان باسیان لەعامی وەزارەتە جۆر بەجۆرەکانی هەرێمی کوردستان کرد، هەر وەزارەتێکیش بۆ ئەمرۆی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی موهیمی خۆی هەیە، بەڵام بەڕاستییەکەی ئەوەی کە من وەکو تێبینی خۆم بەلامەوە گرینگە بە حەقیقەت باشترکردنی ژیانی پێشمەرگە نەك تەنها لەرووی بژێوییەوە هەتا لەرووی سەربازگە و ئیهتیمام پێدانیان لەرووی جموجۆڵی سەربازی و دروستکردنی سەربازگەی

سەردەمیانە کە پێشمەرگە دوو ڕۆژ، دە ڕۆژ، مانگێک لەواجبی خۆی دەمینێتەوە، تووشی یەئس و بێزاری نەبێ لەبەر خراپی جێگەکەی، بۆیە هیوادارم لەهەموو روویەکەوە ئیهتیمام بەبواری پێشمەرگە بدرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لایەنێکی تر هەر لە مەسەلەی ژیانی پێشمەرگە، چونکە نامەوێ بگەڕێمەوە سەری، جارێکی تر باسی بکەم، بەڕاستی مەسەلەی خانەنشینی پێشمەرگە یان مووچەی پێشمەرگە، لەحەقیقەتدا هەندێك لەو بەڕێزانەی یان کۆمەڵێکی زۆر، بەسەدان، بە هەزارەها لەو پیاوە تێکۆشەرو قارەمانانەی کە لەرابردوو سەرکردە و سەروەر و بەرپرسی ئێمە و ئەم وڵاتە بوون، بە حەقیقەت ئەگەر بەراوردی مووچەی ئێستا لەگەڵ ئەو شەهیدانەی ئەوان بکەین ڕاستە لەگەڵ ڕێز و دەستخۆشیم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی حکومەت لەو ماوەیە کە بڕیار درا عامی مووچەی شەهیدان لەهەرێمی کوردستان زیادیکردووە، بەڵام من داواکارم مووچەی پێشمەرگەی شەهیدی سەنگەر لەگەڵ شەهیدە سەرکردەکان لەبەرچاو بگیرێ، چونکە ئەوانەی کە لەڕابردوو بەرپرس و سەرکردەی ئێمە بوون، ئەگەر موقارەنەی مووچەی ئێمە و لەگەڵ ئەوانەی ئەوان بکرێ، ئەوان زۆر مەغدوورن، بە حەقیقەت ئەو مەغدووریەش هەمووومان تووشی ئازارو دڵتەنگی ونارەحەتی دەکا، هیوادرام چارەسەری مووچەی شەهیدانی سەنگەر، بەتایبەتی شەهیدانی سەرکردە بکرێ، چونکە ناکرێ بەڕێزێك لە رابردوو لەشۆڕشی ئەیلوول و لە شۆڕشەکانی تر ئامر بەتالیۆن و ئامر هێز و سەرلقی شۆڕشی ئەیلوول بووە، ئێستاکە مووچەکەی حەوت سەد هەزار و هەشت سەد هەزار و یان ملیۆن و ملیۆن و نیویش بێ، بەڕاستیەکەی ئەوە لە ئاستی رووحی فیداکاری و مەقاوەمەت و بەرپرسیارەتی ئەوان دانییە، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەچارەسەریان بکاتەوە، لایەنێکی تر کە ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان ئیشارەتیان پێدا، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، کە ئەمە بەڕاستییەکەی پێم وایە گرفتی سەرجەم خەڵکی کوردستانە، مەسەلەی چارەسەر کردن یان بابڵێین برەودانی زیاتر بە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، چونکە بەڕاستی کەرتی تەندروستی هیچ کەسێك نییە لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا نەبێت، بەتایبەتی هەرچەند لەو ڕۆژانەی پێشوو من خۆشبەختانە دەستخۆشیم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەوازرەتی تەندروستی هەیە، بینیم گلێنەی چاو زەرع کرا لە هەرێمی کوردستان بۆ یەکەمجار، ئەمە پێشکەوتنێکی هەر زۆر، زۆر جێگەی دڵخۆشی و دڵخۆشکەرە بۆ تێکڕای خەڵکی کوردستان لەگەڵ باقیاتی ئەو عەمەلیات و چارەسەرکردنانەی کەوا لە هەرێمی کوردستان کە لەرابردوو قەت نەبووە، ئێستاکە لەهەرێمی کوردستان وەکو نەشتەرگەری دڵ، زەرع کردنی گورچیلە، لەو ڕۆژانە زەرعی گلێنەی چاویش لە هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، بەڵام ئەوەی کە من و هەموو ئەو بەڕێزانە و تێکڕای خەڵکی کوردستان هەستی پێ دەکەین بە ڕاستییەکەی، بەتایبەتی چینی هەژاران هەست بە مەغدووریەتی خۆیان دەکەن لەکاتی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان بە تایبەت نەخۆشی شێرپەنجە کە ئێستاکە زۆر تەشەنەی کردووە لە هەرێمی کوردستان، داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان کەرتی وەزارەتی تەندروستی چارەسەرێکی زیاتر، نەخۆشخانەی تایبەت بۆ

ئەم بار و لایەنانە بکاتەوە بەتایبەتیش لێرە خەڵکی هەژار زووتر.....، چونکە ئەم نەخۆشیە پەیوەندی بە هەژار و دەوڵەمەند و دەستەڵات و بێ دەستەڵاتەوە نییە، دای لەهەرکەسێك وەکو هەورە بروسکە وایە، بەڵام عیلاجکردن یان چارەسەرکردنێکی مەوزعیانە کە ببێتە مایەی دڵخۆشی بۆ هەرکەسێك بەتایبەتی ئەو خانەوادانەی کە تووشی ئەو جۆرە گرفتانە دەبن، مایەی سەربەرزییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لایەنێکی تر کە من پێم خۆشە ئیشارەتی پێ بکەم، ئێمە ساڵانە لەکاتی موناقەشەی بودجە باسی دواکەوتنی بودجە دەکەین، ئەمە وەکو دەکەوێتە قالبی پێشنیارەوە بەڕێز وەزیری دارایی، باسی کورتهێنان یان دواکەوتنی بودجە دەکەین، من پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان چونکە دەزانین ئێستاکە ئێمە خاوەنی گەورەترین سەرمایەین، ئەویش سەرمایەی سامانە سروشتییەکانە لە هەرێمی کوردستان، بە هەوڵ و هیمەتی کاربەدەستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە ئەمڕۆ گەورەترین موشارەکەمان لە بازاڕی جیهانی لە رێگەی سامانە سروشتیەکانەوەیە کە ئەو سامانەمان لە هەرێمی کوردستان بە دەستهێناوە، بۆ چارەسەرکردنی دواکەوتن یان بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بودجە ساڵانە پێشنیار دەکەم لەداهاتی نەوت بودجەی لە (17٪) تەئمین بکرێ لە هەرێمی کوردستان، ئەوجا بکەوینە حیسابکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، چونکە دەزانین ساڵانە ئەم گرفتە بە عەمدەن بۆ ئێمە دروست دەکا، زەرەر لەخۆشیان دەدەن، لەبەر ئەوەی ئێمە زەرەر بکەین، وەکو مەسەلە کوردییەکە دەڵێ، بەڵام هیوادارم ئێمە بتوانین ئەو چارەسەرە لەلای خۆمان بکەین، ساڵانە نەگەڕێینەوە بۆ لیژنە و لیژنەکاری لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، بۆ ئەوەی چارەسەری بودجەکەمان بۆ بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەم لە رابردوو، هەم لە ئێستا و لەلایەن هەندێ لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان باس لە مەسەلەی زیادکردنی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایش کرا، مەسەلەی ئەنجومەنی ئاسایش من وەکو پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی کوردستانی من پێشنیارم ئەوەیە نەك دیاری بکرێ مەسەلەی کەوادیر بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش بەڕاستی مەحدود نییە بە لایەنێکی سیاسی، بە پارێزگایەك، بە ناوچەیەکی موعەیەن لە هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی ئاسایش ئەو ئەنجومەنەیە کەوا ئەمنییەت بۆ هەر تاکێکی کوردستان بە دەستەڵاتدار و بێ دەستەڵات، بەلادێ و بە شارەوە دابین دەکا، بۆیە من هیوادارم هەموو تێکڕای ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز هاودەنگ بن لەگەڵ من، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش دابینکەری ئەمنیەت و ئەمانە بۆ تێکڕای خەڵکی کوردستان، من نامەوێ ئەوە زۆر تیکرار بکەمەوە، چونکە ئەگەر سەیر بکەین لە دەوروبەرەکەمان بە بەردەوام ئەگەر نەڵێین رۆژانە، حەفتانە چەند کاری تیرۆری و چەند قەتل و عام کردن لە ناوچە جۆر بەجۆرەکان و هەتا لە دەوڵەتانی دەوروبەریش ئەنجام دەدرێ، ئێمە وەکو ئەزموونێك، وەکو هەرێمێکی تازە ئەزموون تەماشا کەن ئەو ئەمنیەتە چ سەرمایەیەکە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەو ئەمنیەتە توانیویەتی چۆن سەرەنجی رای گشتی و سەرمایەدارانی دونیا بۆلای هەرێمی کوردستان ڕابکێشێ، کە ئێمە ئەمڕۆ بتوانین بکەوینە بازرگانییەکی نێودەوڵەتی، بتوانین گەورەترین، زەربەلاحترین کۆمپانیای دونیا رابکێشین بۆ هەرێمی

کوردستان، بۆ کاری وەبەرهێنان و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە هیوادارم ئەنجومەنی ئاسایش وەك ئەنجومەنی ئاسایش مامەڵەی لەگەڵ بکەین، نەك خوا نەخواستە بیکەینە بوار و موناقەشە و مەیدانی سیاسی و سیراعاتی سیاسی، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش پێك نەهاتووە لە لایەنێك، راستە لەرابردوو دەزگای پاراستن هەبووە، دەزگای زانیاری، لە هەرێمی کوردستان سەر بە پارتی و یەکێتی، بەڵام ئەمە کە ئێمە باس لە یاسا دەکەین لەم پەرلەمانە بەڕێزە بە یاسا رێکخراوە، ئێستا ئەمانە خراونەتە چوارچێوەی یاساوە، یاسا لەگەڵ ئەمانە تەعامول دەکا و ئەوانیش یاسایانە ئەمینەت بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکەن، ئەگەر بشمانەوێ خەڵکی کوردستان بە ئارامی بژی، بەڕاستییەکەی نابێ پەنجەی مولاحەزە بخەینە سەر مەسەلەی ئەنجومەنی ئاسایش، من دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەم بە حەقیقەت کارێکی زۆر ژیرانەیان کردووە کە داهاتی هەندێك لە وەزارەتەکانیان گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو وەزارەتانە ،ئەمە بەڕاستییەکەی بۆ ئێمە دوو خاسیەتی زۆر باشی تێدایە، بەبڕوای من یەکێك لەوانە نەمان هێشتووە ئەو داهاتانە بچێتەوە حکومەتی ناوەندی، دوایی بە ئەیدەین و نایدەین بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمە کارێکی زۆر باشە، من هیوادارم ئەم بیر کردنەوەیە ببێتە بیر کردنەوە بۆ باقیاتی وەزارەتەکانی تر، دوو: بەڕاستییەکەی لەرووی مادییەوە، دەستکراوەییەوە چارەسەرێکی باشە بۆ ئەو وەزارەتانەی کەوا ئەو هاوکارییەیان بۆ سەرفکراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕاستی دەمەوێ لێرە وەکو نوێنەری ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور و ئەو چوار، پێنج قەزایەی کە لەو سنوورە دان ئیشارەت بە هەندێك داخوازی ئەو ناوچانە بدەم، من حەزدەکەم بۆ بەرچاو روونی بەڕێزتان کە هەمووومان دەزانین راستە تێکڕای کوردستان تووشی کارەساتی دڵتەزێنی مرۆیی بووە...، بۆیە لێرە مەبەستەکەم ئەوە نییە بڵێم تەنها هەڵەبجە قوربانی داوە، بەڵام قوربانی دانانی هەڵەبجە بوو بە هەژاندنی ویژدانی کار بەدەستانی هەموو دونیا کە لە رابردوو دەعم کەری دەوڵەتی دڕندەی لەناو چووی بەعس بوون، کە ئەو کارەساتە گەورە مرۆییەی بەسەر شاری هەڵەبجە و تێکڕای کوردستان لە ئەنفال و لە کیمیا باران هێنا، بەڵام من وەکو پێشنیار دەڵێم، داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر بکاتەوە لە چارەسەر کردنی ئەو داخراوییەی کە شاری هەڵەبجەی تێ کەوتووە، چونکە لە بنەمای شاری هەڵەبجەوە تا ئێستا ساڵانە زۆربەی بەرپرسە باڵا بەڕێزەکان دێن سەردانی شاری هەڵەبجە دەکەن، یەك رێگا هەیە بۆ چوونە ناو هەڵەبجە و هاتنە دەرەوە لە هەڵەبجە، یەك جادە هەیە، جادەی تر نییە، هەتا دەتوانم بڵێم قەبارەی گەورەیی کارەساتی هەڵەبجە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی هەڵەبجە رێگەی نەبوو خۆی قوتار بکا، لەکاتی ئەو ئاگر بارانەی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران لەکاتی جەنگی عێراق و ئێراندا 1988/3/16 ئەو کارەساتە گەورەیە مرۆییە لە شاری هەڵەبجە بە هەزارەها ژن و منداڵ و پیرە پیا و گەنج و لاو بەسەر یەکدا لاشەکانیان کەوت، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە دەربازبوونی شاری هەڵەبجە لەو داخراوەییە بکاتەوە، ئەویش بە راستییەکەی لە رابردوو پێشنیار خراوەتە بەردەستی جەنابی کاك نێچیروان بارزانی، خراوەتە بەردەستی جەنابی کاك د. بەرهەم لەکاتی سەرۆکایەتی حکومەت، هەتا لەکاتی

**هاتنی هەیئەتێکی شاری هەڵەبجە وەعدیدا کە دوو جسر هەیە لە شاری هەڵەبجە ببەسترێ، جسری پردی سەید محمد لەسەر دەریاچەی سیروان، جسری ئیمامی زامن ئەمە دەبێتە دوو دەرگای تر بۆ کرانەوەی شاری هەڵەبجە، هیوادارم ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچەند دەزانم ئەمە بودجەی زەبەلاحی دەوێ، ئیمکانەتییەکی باشی دەوێ، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بیخاتە ئەولەویەتی کاریەوە، بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گرفتەی شاری هەڵەبجە بکا، کە ساڵانێکی دوور و درێژە خەڵکی هەڵەبجە ئەو داوا و پێشنیارەیان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چارەسەرکردنێکی سنوورەکە بە حەقیقەت من بە پێویستی دەزانم سنوور یان ڕێگای قەزای پێنجوێن کە ڕێگەیەکی نێودەوڵەتی و ڕێگایەکی بازرگانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڕاستییەکەی ئەمانە بەتایبەتی لەکاتی تەڕو تووشیدا گرفتێکی گەورە بۆ هاووڵاتیان دروست دەکا، ڕێگەکەی زۆر خراپ و نا لەبارە، هیوادارم ئەو ڕێگەیە...، دەتوانم بڵێم ئەگەر ساڵانە کەمێك لەبودجەی یان بابڵێین لەداهاتی سنووری باشماغ تەرخان بکرێ بۆ چاککردنی ئەو ڕێگەیە، ئەو ڕێگەیە قەت خراپی بەخۆیەوە نابینێ، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە چارەسەرکردنی بکاتەوە، بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان پێشتر ئیشارەتیان پێکرد گرفتێکی تری ناوچەکە کە دەزانم ئەمە گرفتی تێکڕای سنووری کوردستانە مەسەلەی ئەو گرێبەستانەیە، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەرێکی ئەوانە بکا، چونکە بەڕاستی ئەوانە دانیشتوو و ڕۆڵەی ئەو وڵاتەی ئێمەن، چونکە زۆر جار گلەیی دەکەین دەڵێین خەڵکی بیانی دێت لە هەرێمی کوردستان بە مسۆگەری مووچەکەی بۆ دیاری دەکرێ و کار دەکات لەم وڵاتە، بەڵام خەڵکەکەی خۆشمان ئەوەتا کاردەکا، بەڵام بە حەقیقەت هەتاوەکو ئێستا یان مووچەکەی زۆر کەمە، یان ئەمەلی بە پاشە ڕۆژی خۆی نییە، لەبەر ئەوە تا ئێستاکە بە شێوەیەکی گرێبەست ماوەتەوە، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی چارەسەرێکی ئەو گرێبەستانەش بکات، گرفتێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پێم خۆشە ئیشارەتی پێ بکەم، کە ڕاستییەکەی ئەمە بەبەردەوام لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ئیشارەتی پێدەدرێ، بەڕاستی مەسەلەی کوالێتی کۆنترۆڵ بۆ سنوورەکان، ئەم سنوورانە دەتوانم بڵێم بوونەتە سەرچاوەی گرفت بۆ هەرێمی کوردستان، چ لە ڕووی هاتنی خۆراکی جۆراوجۆری ئێکسپایەر، داو و دەرمان، ئەمانە بەڕاستی پێویستە خەڵکانێك هەر چەند دەزانم سنوورەکان ناتەندرێن، من بابڵێین تاوان یان کەمتەرخەمی هەمووی ناخەمە سەر ئەو مۆزەف و کاربەدەستانەی کەوا لەناو بازگەکاندا دەوامیان هەیە و کاردەکەن، هیوادارم ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەچارەسەریان بە ئامێری پێشکەوتوو، بە کادیری دڵسۆز و پسپۆر لەو سنوورانە بکاتەوە، چونکە بەڕاستی ئەمە بەبەردەوام گرفتیان لەرووی خۆراك و خواردن و خواردەمەنی، هەتا لەرووی دەرمان و دەرمانسازییەوە بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، هیوادارم چارەسەرێکی جدیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەوەش بەڕاستی بۆتە گرفت لە هەرێمی کوردستان، لایەنێکی تر بەڕاستی لەلای منیش بۆتە پرسیار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پرسیارەکەشم ڕووبەرووی نوێنەرانی حکومەت و وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی پلاندانان**

دەکەمەوە، هەرچەند بەڕاستییەکەی من لێرەدا تەعلیقم لەسەر قسەی هیچ بەڕێزێك نییە، بەڵام هەمووومان دەزانین مەسەلەی ئاستی پێشکەوتن لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە چ ئاستێك، من لێرە بۆخۆشم ئەم پرسیارە دەکەم لە بەڕێزتان، لەهەر بەڕێزێك هەرچەند من هەموو تێبینییەکان، هەموو راو بۆچوونەکان و رەخنەکان لەلای خۆمەوە دەخەمە چوارچێوەی دڵسۆزی یان پەرۆشی یان زیاتر هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی ئەو هەرێمە لە هەموو بوارە جۆر بەجۆرەکاندا، بەڵام ئەگەر ئێمە هەرچەند لەرابردوو لە کەناڵەکانی راگەیاندنیش ئەمەمان ئیشارەت پێداوە، بەڵام ئەگەر هەرێمی کوردستان لە رابردوو وەزعی زۆر باش بووە، چونکە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەری راستەقینەی خەڵکی کوردستانین، هیوادارم بتوانین، هیوادارم توانیبێتمان زیاتر ئومێد و ئەمەلی ئەم دەستەڵاتە و هەرێمی کوردستان لەلای خەڵکی کوردستان دروست بکەین، نەك لەکاتی موناقەشەی بودجە بە تەواوی بێ ئومێدی و نائومێدی لە دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستان بڕوێنین، ئەمەش من پێم وایە یان وردنەبوونەوەمانە لەسەر ئەو کارە پێشکەوتووانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری تەندروستی، لەبواری رێگاوبان، لەبواری پەروەردە و خوێندن، خوێندنی باڵا، لەبواری تواناسازی لە هەرێمی کوردستان، لەبواری کەرتی بازگانی و پیشەسازی، لەبواری عیلاقاتی نێودەوڵەتی و داخیلی، لەبواری ئەو پێشکەوتنە موهیمەی کە لەهەردوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانیدا بە دەست هاتووە، ئێمە هەمووومان دەزانین لەرابردوو هەتا بەرپرسەکانمان نەك کەسێکی ئاسایی کە هاتوچۆی وڵاتانی دەرەوەی دەکرد خۆی لە چ وەزعێك دەبینییەوە، لە فڕۆکەخانەکان چەند سووکایەتی بە خەڵکی ئێمە کراوە، هیچ کامێکیشمان نیە گوێ بیستی ئەو هەموو سووکایەتییە بین کە لەسنوورەکان، لە فڕۆکەخانەکان بە خەڵکی ئێمە و بە گەشتیارانی ئێمە کراوە، بەڵام ئێستا ئێمە بەهۆی ئەو دەستکەوتە پێشکەوتووە، بەهۆی ئەو پێشکەوتنە شارستانیەتەی کە لە هەرێمی کوردستان بە دەستهاتووە زۆر بێ منەتانە، زۆر بە حورمەتەوە، بە ئیستقبالەوە لە فڕۆکەخانەکانی خۆمان بۆ هەر وڵاتێکی دونیا بمانەوێ دەچین و دەشگەڕێینەوە بە هەمان شێوە، ئەمە بەڕاستییەکەی پێشکەوتنێکە پێویستە هەموو لایەکمان....، من لێرە مەبەستم ئەوە نییە خوا نەخواستە دیفاع لە کەم و کوڕیەکان بکەم، من بۆ خۆشم لەناو مولاحەزاتی خۆمدا کۆمەڵێك کەم و کوڕیم پێشچاوی رای گشتی و حکومەت و پەرلەمان خست، کە ئەمتنە مولاحەزاتن، کەم و کوڕین هەن، بەڵام ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین مەفروزە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە پەنجە بخەینە سەر کەم و کوڕیەکانی خۆمان، ئیشارەتێکیش بەو هەموو چاکسازی و پێشکەوتنە بدەین کە لە هەرێمی کوردستاندا دەر کەوتووە، ئەوەی کەمن گوێ بیستی بووم لێرە وەکو پێشتر ئیشارەتم پێدا بەڕاستی ئەگەر ئەو هەموو گەندەڵییە و ئەو هەموو بە هەدەردانە و ئەو هەموو بەفیڕۆدانەی سامانی گشتی و بودجە لەناو ئەو بودجەدا هەبێ من دەڵێم دەبێ ئەو هەرێمەی ئێمە بە زەکات و سەرفترە بەرێوە بچێ و بژی، لەبەر ئەوەی کە باس دەکرێ ئەگەر وابێ ئەم هەرێمەی ئێمە نازانم بەچی تر دەچێت بەڕێوە ئەگەر ئەو هەموو بەهەدەردان و بەفیڕۆدانە لەناو بودجە و سامانی گشتیدا هەبێ، بۆیە من هیوادارم حکومەتی هەرێم، وەزارەتی دارایی و

ئابووری لەپاشان روونکردنەوەیان لەسەر تێکڕای قسەکان، بەتایبەت لەسەر ئەم بابەتە هەبێ، چونکە زۆر قسە لەسەر بەهەدەردانی سامانی گشتی و بەهەدەردانی بودجە بەتایبەتی لە بودجەی ئەمساڵدا کە گوایە بە بودجەیەکی زۆر بێ سەروبەر ناو براوە و پڕە لە گەندەڵی، پڕە لە بەهەدەردان، ئەشبینین لەسەرتاپای کوردستان لە خانەقینەوە بۆ زاخۆ، لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوە، بە رەوپێشچوون لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئاخیر خاڵم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ماوەتەوە ئیشارەتی پێ بدەم، داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان رێگە چارەیەك بۆ مەسەلەی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان بدۆزێتەوە، چونکە ساڵانە گرفتێکی زۆر گەورە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکا، وەکو دەبینین کە زۆربەی کات ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانیش قوتابیان و گەنجان و لاوان کە حەقی خۆیانە دێن دەرگا بە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و بە بەرپرسان دەگرن، بۆ مەسەلەی دامەزراندن، وەکو کاك عبدالرحمن ئیشارەتی پێدا من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدانیم یەك ئەفراد لەم وڵاتە لە لەدایك بوونەوە هەتاوەکو رۆژی وەفات بوونی بێ بەش بێ لەم بەهرە و دەستکەوتەی کە لەهەرێمی کوردستان بە دەست هاتووە، بەڵام هەمووشمان زۆر باش دەزانین لە هیچ دەستەڵاتێکی ئەم دنیایە نییە ئەوەی تەخەروج دەکا یەکسەر دابمەزرێ، دامەزراندن بارێکی قورس و گرانە لەسەر ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، بەڵام بارێکی قورس و گرانیشە هەر تاکێك، لەسەر هەر خێزانێك چەندین ساڵ بە هەموو فەقیری و هەژاریەك منداڵەکانی پەروەردە دەکا، بەخێوی دەکا، ئیمکانیەتی دەخاتە ئەختیار بە هەموو فەقیری و داماوییەك تا خوێندنی پێ تەواو دەکا، بەڵام دوایی کەس لێ نەپرسێ و کەس مەرحەبای ناکا، بۆیە هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەدامەزراندنی دام و دەزگا حکومییەکان رێگە چارەی تر لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گەنجانەی کەوا تەخەروج دەکەن بێ کار نەبن و هەست بە مەغدووریەت و مەویسی خۆیان نەکەن، چونکە هەموو کەسێك پشکی حەلاڵ و حەقیقەتی خۆی لەسەر ئەم دەستکەوتە و ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان هەیە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر عبدالرحمن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە وتەکانم ناچمە ناو رەقەم و پڕۆژە و هەڵسەنگاندن و تەوزیع کردن و دابەشکردن، پێم وایە ئەوە زانستێکی مالی سرفە هەرچەند پێمان باشە هەموومان زانیاریمان لەسەری هەبێت، حەقی هەمووشمانە زانیاریمان هەبێ، بەڵام ئەوە زیاتر ئیختیساسییە بەجێی دەهێڵین بۆ ئەوانەی کە موختەسن لەبواری خۆیاندا، من پێم وایە بودجەی ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لە رێنمایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان وەرگرت لە بودجەی ساڵی 2012 کە لەماددەی (38)یش باس لەوە کرا دوو هەفتە دوای تەسدیق کردنی بودجەی عێراق حکومەت پڕۆژە بودجە بنێرێتە پەرلەمان هەرچەند هێشتا ئەو

بودجەیە لە عێراقدا تەسدیق نەکراوە، بەڵام خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان سوودی لەڕاوبۆچوون و دید و سەرەنجی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بۆساڵی پار وەرگرتووە و بۆیە بودجەکەی بۆ ناردین، پێشم باشە، داواکاریشم بە هەمان روحییەت حکومەت بەتایبەت وەزیرە بەڕێزەکانی دارایی و ئابووری و پلاندانان و جێگرەکانیان بۆ ئەمساڵیش ئەو سەرەنجانەی کە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە سەر تێکڕای بودجەکە پێشکەشی دەکەن بە سینگێکی فراوانەوە، بە روحیەتێکی باشەوە لەپێناو پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر، کەمکردنەوەی کەم و کوڕیەکانی ناو بودجە، زیاتر روونی و ئاشکرابوون لە دەرخستنی داهات و خەرجییەکانی هەرێمی کوردستانە بۆ ساڵانی داهاتوو، ساڵانی تر بە نەزەری ئێعتیبار وەربگیرێ و پێشکەش بکرێ، هەرچەند راستە ئەم بودجەیەی کە ئێمە هەمانە بە ئالیەتێکی تایبەتی لەسەر بودجە عێراقی ئیتیحادی بۆمان دێت، گەلێك بڕ و بیانووشی لەسەرە بۆ کەم کردنەوە و نەناردن، هەروەها وەکو بۆ نموونە هەموو ئەندامە بەڕێزەکان باسیان دەکرد جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، نموونەی تەعویزاتی پێشمەرگە کە تا ئێستا لە ملی حکومەتی عێراقی ئیتیحادیدا ماوەو بە هەوڵێکی زۆر و تەقەلایەکی زۆرەوە نایینێرێ و جوابیش ناداتەوە، بۆیە من پێم وایە وێڕای ئەوانە ئەم بودجەیە ئەگەر نیسبەتێکی زۆری بە (80٪) خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی نەکردبێ کەمتر نییە، پێشم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرنامەکارەکەی خۆیدا کە هێشتا لە کاری خۆی بەردەوامە و وەختی زۆری تری بەدەمەوە ماوە، توانیویەتی زۆر لەخواست و داواکاریەکان لە بودجە بێنێتە دی و پێشکەش بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بکەن و پێشم وایە دەبێ بەردەوام بن، بۆ ئەوەی زیاتر مسداقییەتی بەرنامەی کاری حکومەت بەڕێوە بچێ لە هەرێمی کوردستاندا، راستە لەبوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، توانا‌سازی، خانەوادەی شەهیدان، قەیرانی نیشتەجێ بوون و کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێ بوون، بواری کارەبا و گەلێ شتی تر لە بوارەکانی دیکە لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا باسی لەسەر کراوە و خزمەتکراوە و هەوڵی چاککردن و باشتر کردنی پێدراوە، پێم وایە ئەوە دڵخۆشکەرە لە بودجەی ئەمساڵدا، پێمان ر ادەگەیەنێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جارێکی تر دەڵێمەوە سوودی لەسەرەنجی ئەندام پەرلەمانەکان و لیژنە تایبەت مەندەکانی وەرگرتووە بۆ داڕشتنی بودجەی ئەمساڵ، بۆیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان من پێم وایە دەستخۆشی لە هەردوو وەزارەتە بەڕێزەکانی دارایی و ئابووری، وەزارەتی پلاندانان خۆیان و جێگرەکان و ستافەکانیان بکەین بۆ پڕۆژەی بودجەی ئەمساڵ، هەروەها ئەو هەوڵ و کۆششەی کە لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان داویانە لە پڕۆژەکەیاندا، لە راپۆرتەکەیاندا، بۆ باسکردنی کەم و کوڕی و دانانی رێگە چارە و چارەسەرەی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ئەو کەم و کوڕیانەی کە لەبودجەدا هەیە، هەروەها بەڕێزەوە رای لیژنەکانی تریان هەڵسەنگاندووە لە راپۆرتەکەی خۆیاندا باسیان لەسەر کردووە، پێم وایە خزمەتێکی گرینگە لە پێناو بەدی هێنانی بودجەیەکی شەفافترو باشتر و پڕ لە خزمەتگوزاری تر بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من پێم وایە بۆ ئەوەی بتوانین بە قەدەری خۆمان وەك ئەندامی پەرلەمان هەوڵێ بدەین ئەو بودجەیە

تۆزێك دەوڵەمەندتر بكەین ئەگەر دید و سەرەنجەكانمان، ڕایەكانمان بە نەزەری ئێعتیبار وەرگیراوە و وەربگیرێ زیاتر، پێم وایە پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی كوردستان گرینگی و بایەخدانی زیاتر بدات بە داهاتەكانی ناوەخۆ، باسكردنیان بە روونتر، شەفافانە تر، ئەمە بۆ خزمەتی هەمو تاكێكی ئەم هەرێمەی ئێمەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە من باس لە گرینگیدان بەداهاتی ناوەخۆ دەكەم هەوڵدان بێ بۆ زیادكردنی رسوم و زەڕائیب لەسەر شانی هەموو تاكێكی ئەم هەرێمە، بەڵكو لەراپۆرتی وەزارەتی دارایی وئابووری كە خۆیان باسیان لەسەر كردووە، باس لەستراتیجی ئابووری دەكەن، پێم وایە بەهێز و هەوڵدانی ئابوورییەكی سەربەخۆ بكەن بۆ هەرێمەكەمان لە رێگای جێ بەجێكردنی، ئەتوانن هەوڵدان لەگەڵ حكومەتی ئیتیحادابكەن لە رێی نوێنەرەكانمانەوە، لە رێی ئەو زیارەتانەی كە جەنابی وەزیری دارایی و شاندەكانی دەچنە بەغدا، لە رێگەی بەكارهێنانی ماددەكانی (112 و 115 و 121)ی دەستووری عێراقی ئیتیحادییەوە بتوانن هەوڵبدەن، هەروەها وەكو برای بەڕێزم كاك عونی باسی لەسەر كرد و گەلێ لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ كێشەی ئەو پارەی كەلە ملی حكومەتی عێراقە ماوەتەوە نایدا هی پێشمەرگە، دەكرێ ئەو دادگا ئیتیحادییەی كە لە عێراقدا دروستكراوە كە بە گوێرەی ماددەی (93) لە دەستووری عێراق یەكێك لە ئەركەكانی چارەسەر كردنی ئەو كێشانەیە كە لەنێوان ئیتیحاد و فیدراڵدا دروست دەبێ، لە ئیقلیمەكاندا دروست دەبێ، دەكرێ پەنا ببرێتە بەر ئەوە و وەك بوارێكی یاسایی داوای مافی خۆمان بكەین، بەبێ هیچ پاساوێك، من پێم وایە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەبێ هاوكاری زیاتر برا جوتیارەكانمان بكا، بۆ برەو پێدان بە بواری كشتوكاڵی، ئەویش بەدانی سولفە، زیادكردنی سولفەكان، لەهەمان كاتدا كەم كردنەوە و ئاسانكردنی رێنماییە تایبەتییەكان كە رێنمایی مالی پێ دەردەچێ، من ناڵێم هیچ یاسایەك بەبێ رێنمایی دەكرێ جێ بەجێ بكرێت، نەخێر ناكرێ جێ بەجێ بكرێت، بەڵام دەكرێ رێنمایەكان ئاسانكاری تێدا بكرێ، بۆ ئەوەی زووتر برا جوتیارەكانمان سوودمەند بن، ئەمەش بە نەتیجە من ناچمە تەفاسیلەوە بەخۆتان دەزانن، دەكاتە ئەوەی كە بواری كشتوكاڵی لەهەرێمی كوردستان پەرە بستێنێ، هەروەها بوارەكانی تری پیشەسازی بۆ كەمكردنەوەی لایەنی كەم هاوردەكردنی بچووكترین بەرهەمی پیشەسازی هەروەها بواری گەشتوگوزار كە كوردستان سروشتێكی جوانی هەیە، دەكرێ زیاتر بایەخی پێ بدرێ، لەهەمان كاتدا داواكارم وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بەتەنسیق بفەرموون بە كەمكردنەوەی هەندێ لەو خەرجییانەی كە ناكاتە ئەوەی كە تەئسیر لە رەوشی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیانی كوردستان بكا، دەكرێ كەمكردنەوەیەكی تێدا بكرێ بەگوێرەی ئەو پرنسیپانەی كە لەناو وەزارەتی مالی و ئابووریدا جێ بەجێ دەكرێ، دواتر بەنیسبەت دەرماڵەكانەوە ئەندام پەرلەمانە بەرێزەكان زۆر باسیان لەسەر ئەوە كرد كە دانانی میكانزمێكی گونجاو لەدانی دەرماڵە، وەزارەتی دارایی و ئابووری حكومەتی هەرێمی كوردستان دەرماڵە دەدا بە فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان، بەپیشە جیاوازەكان، هەندێك جار لەبەینی یەك پیشە جیاوازی هەیە، دەكرێ هەمان وەزارەت بفەرموون میكانیزمێكی گونجاو تری دابنێن هەم ئەوانیش لە كێشە و ئەزمەی دانی موخەسەسات و

نەدانی و فەرق و فروقەکەی کۆتایی پێ دێ و بە سوودیش بۆ بودجە دەگەڕێتەوە، لایەنێکی تری جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باسی زۆر لەسەر کرا، لە راپۆرتەکەشدا باسی لەسەر کراوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆشی ئیشارەتی پێداوە، ئەو بڕە پارانەی کە دەدرێ ساڵانە بەکرێی باڵەخانەکانی فەرمانگەکان، هەروەها کرێی ئوتۆمبێل و گواستنەوە و گەیاندنی فەرمانبەران کە ئەمە بزەبت منیش تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە کارێکی پێویستە، کە فەرمانبەران لەماڵەکانی خۆیانەوە تا فەرمانگەکانیان بگەیەنرێ و بڕۆنەوە، بەڵام جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بۆ نموونە وەزارەتی داد با وەر بگرین، وەکو عەینەیەك لەبودجە ترلیۆنێك و هەشتا و هەشت ملیار و چەند ملیۆنێك دەدرێتە کرێی باڵەخانەکانیان و کرێی سەیارە، دەکرێ وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم پارەیە بدات بە کڕینی باڵەخانە، بۆ نموونە دام ودەزگاکانی جیهازی قەزایی و عەدلی زۆریان لە کوچە و کۆڵاندان، لەوانەیە ئەو کرێیە بدرێ بەخانوو، ئەو خانووانە هەم دەبێتە موڵکی دەوڵەت، هەم ئەو دام و دەزگایانە هەیبەتێك و سەربەخۆییەکی زیاتر بەخۆیانەوە دەبینن، ئەو ئوتۆمبێلانەش دەبنە موڵکی دەوڵەت، رەنگ بێتن وەزارەتی مالیە بەمن بڵێتن کاکە کەوا ئوتۆمبێلمان کڕی پێویستی بە شوفێریشە و پێویستی بە فەنییە و پێویستی بە تەسلیحاتە، بەڵام خۆ ئەگەر ئەم ئوتۆمبێلانە بکرێن لە هەمان کاتیشدا چەند خێزانێك سوودمەندە بن بە دامەزراندن وەك شۆفێر ئەمەش هەر کارێکی باشە، کارێکی خراپ نییە، هەر خەڵکی کوردستان سوودی لێ وەردەگرێ، من پێم وایە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرینگی بدا بە بواری نیشتەجێ بوون و کەم کردنەوەی قەیرانی نیشتەجێ بوون لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت بۆ خەڵکانی کەم دەرامەت، ئەمە بە کارێکی زۆر باش و گرینگ بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵەکەمان دەگەرێتەوە پێشم وانییە هیچ ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان لەسەر ئەو مەسەلەیە ناکۆك بێ، هەروەها زیادکردنی بودجەی ئەو وەزارەتە پێم وایە ئەگەر زیادیش بکرێ هیچ کەسێك گلەیی و گازاندەی لەسەر ناکا، ئەگەر بەکار بهێندرێ بۆ بە دوو سایدکردنی زیاتر ئەو رێگایانەی کە لەنێوانی شارە سەرەکییەکان، لەنێوانی شار و شارۆچکەکانە بۆ کەمکردنەوەی ئەو رووداوە ئوتۆمبێلەی کە ئەمڕۆ بە رووداوێکی زۆر ئەژمار دەکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من هەندێك پرسیارم لە جەنابی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەیە، پێشم باشە هەر بەو سینگە فراوانەی خۆیان کە جاران جوابیان داوینەتەوە، هەر بە هەمان سینگ و بە هەمان روحییەت جوابمان بدەنەوە و کاریشی لەسەر بکەن، یەکێك لەوانە هەروەکو برای بەڕێزم کاك محمد شارەزوری باسی لەسەر کرد، یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2011 کە تایبەتە بە ماف و ئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی، ئەو یاسایە چۆتە بواری جێ بەجێکردن، بە تەئکید هەر یاسایەك لەم دەستەلاتەی ئێمەدا دەر بچێت، لەم دەزگایە دەربچێ و بچێتە وەقائیعی فەرمی هەرێمی کوردستانەوە لە ماددەکە باس لەوە دەکا کە ئیتر دەکرێت، دەبێت جێ بەجێ بکرێ لەسەر هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە دڵخۆشییەوە هەر دوا بەدوای دەرکردنی یاسایەکە وەزارەتی دارایی و ئابووری بە روحییەتێکی زۆر گەورەوە، بەنووسراوی ژمارە 1956 لە 2012/1/30 رێنمایی تایبەتی پێ دەرکرد و لاریشی لێ نەبوو لەسەرفکردنی ئەو مینحەیە بۆ زیندانیانی

سیاسی، دیارە وەزارەتی ناو براو خەباتی زیندانیانی سیاسی و شەهیدانی هەڵسەنگاند و بەنرخ نرخاندیتی، بۆیە زۆر بەڕێزەوە باسی لە وەکرد کە پێویستە جێ بەجێ بکرێ و سەرف بکرێ، بەڵام تا ئێستا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان یەك وەجبە زیندانیانی سیاسی کە پشت ڕاستکراوەتەوە مینحەکانیان بۆ سەرف کراوە، من ناڵێم بۆیان سەرف نەکراوە، بۆیان سەرفکراوە، بەڵام وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان گەلێك نووسراوی‌ناردووە، ئەگەر ڕێگا بدەن تەنیا ژمارەی نووسراوەکان بیری وەزارەت بخەمەوە نووسراوی ژمارە 6259 لە 2012/10/16، نووسراوی 7154 لە 2012/11/28، کە داوای خەرجکردنی مینحەی ژمارەیەکی دیکەی زیندانیانی سیاسی دەکا، بەڵام پێدەچێت جواب نەبووە، بۆیە تا ئێستا سەرف نەکراوە، دواتر نووسراویان 7582 لە 2012/12/17 کە تەئکید لەسەر نووسراوەکانی پێشوو دەکاتەوە، بۆ سەرفکردنی مینحەکان، هیوادارم جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری خۆی و جێگرەکەی جوابدانەوەی ئەو کتابە بە نەزەری ئێعتیبار وەربگرن، ئەوانەش مافی خۆیانە و حەقی خۆیانە و خەباتیان لە خەباتی هیچ تێکۆشەرێکی دیکەی ئەو کوردستانە لە بزافی رزگاری خوازی گەلی کوردستان کەمتر نەبووە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هەروەکو ئاشکرایە یاسایەکەی دیکە لێرە دەرکرا، هاوکارە بەڕێزەکانم باسیان لەسەر کرد، ئەویش یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2012یە کە تایبەتە بە کۆمەکی سندوقی شێرپەنجە کە ئاشکرایە ئەو نەخۆشییە نەخۆشییەکە پێویستی بەو سندوقە کرد کە بۆی دابندرێ، بەڵام پێم وایە تا ئێستا لەمیزانیەی گشتی هیچ بڕە پارەیەکی بۆ دانەندراوە، بەهیوام بە قەدەری گرینگی نەخۆشییەکە و بە قەدەری گرینگی ژیانی نەخۆشەکان وەزارەت بڕە پارەیەی بۆ دیاری بکا، بۆ ئەوەی کاری سندوقەکە ببا بەڕێوە، هیوادارم هەروەکو جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگاندن و نرخدانانی بۆ شاری سلێمانی ناساندنی بە پایەتەختی رۆشنبیری شاری سلێمانی دا، هەروەها لەم پەرلەمانە بەڕێزە بەکۆی دەنگی ئەندامە بەڕێزەکان بە بڕیاری پەرلەمان ژمارە 14ی ساڵی 2012 بڕیار درا کە سلێمانی پایەتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستانە و لە خزمەت سەرتاسەری هەموو کوردستان دایە، لەماددەیەکیان هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە دەبێ لەمیزانییەی گشتی بڕە میزانییەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان زیاد بکرێ بۆ ژیاندنەوە و بەڕێوەچوونی ژێرخانی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان، بۆیە داواکارم کە جەنابی وەزیری دارایی ئەوەش بەهەند وەربگرێ، لەکاتی دانانی، تەسدیق کردنی بودجەی ئەو وەزارەتە، هەوڵبدرێ هیچ بڕێکی لێ کەم نەکرێتەوە، ئەگەر زیاد نەکرێ، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاشکرایە لەلای هەموومان کە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان، کە کاك محمد شارەوزووری ئاماژەی پێدا، من نامەوێ بچمەوە باسی رۆڵی پێشمەرگە بکەم، هەموومان دەزانین رۆڵی ئەو پێشمەرگانەی کوردستان ئەمڕۆ لەسەر ناوچە دابڕاوەکان لە کوردستان چ رۆڵێکی گرینگیان لە ئەو قەیرانە سیاسییەی، ئەو نیزاعە سیاسییەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحاد دا بینیوە، بۆیە پێم باشە کە چاو بە مووچەکانیاندا بخشێندرێتەوە، هەرچەندە بەرێز و سوپاسەوە، بە جێگای دەستخۆشییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو نەفەقاتەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، کە

وێڕای ئەوەش ئەمساڵ هەوڵی لەگەڵ ئەوەشداوە کە چۆتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەم و کوڕی لە کورتهێنان کەمتر بۆتەوە و کەم و کوڕی کەمترە، لەگەڵ ئەوە داداواکارین ئەمەش بە نەزەری ئێعتیبار وەربگیرێ و هەوڵی بۆ بدرێ لەگەڵ ئەو دەرماڵەی کە بڕیاردرا بۆ کەسوکاری شەهیدانی سەربەرز، بچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە پێش من وەك دەزانن زیاتر لە حەفتا پەرلەمانتار لە هاوکارانم، خوشك و برایانی بەڕێز قسەیان کرد و ژمارە و حیساباتیان لێك دایەوە، بۆیە پێم وانییە لەدوای ئەو هەموو خوشك و برایانە کە ماشاءالله تێیان دابوو نزیکەی پەنجا دەقیقە قسەی کرد، شتێك مابێ پەی پێ نەبرابێ یان هەڵوێستەی لەسەر نەکرابێ، لەگەڵ ئەوەشدا بودجە کە نەخشەی سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەبڕێ، کە حکومەتی هەمووانە و، هەروەها وردەکارییەکانی وێنە دەکا، هەمیشە بۆ دەوڵەمەندکردن و پێشنیاری واقعی و بابەتی وەك هەر یاسا و پڕۆژە یاسایەکەکی دی بایی ئەوەندەی تێدا دەمێنێ ئەو هاوکارانەی دوای منیش دێن قسەی لەسەر بکەن، بەڕێزان، ڕەنگە هەبن لەگۆشە نیگای خۆیانەوە هەندێ لە بۆچوون و تەنانەت خشتە و داتاش بە چەشنێك لێك بدەنەوە ئەگەر بڵێم بۆ ئێمە مانانێك واتە جیلی ئێمە کە زەبری ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم وڵاتەمان دیوە، کە بە عێراق ناسراوە لەگرتن و کوشتن و نەفی و بێ بەشی و خانە وێرانیدا ئەوەی ئەمڕۆی تێدا دەژین کە ئێستا لە پەرلەمانی خۆمان، پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خۆمان دانیشتووین و گفتوگۆ لەسەر بودجەی حکومەتی خۆمان دەکەین، هەنگاو بەو ئاراستەیە داوێین وڵاتەکەمان کە بەهێز و بە بازوو و شەونخوونی ڕۆڵەکانمان لە پێشمەرگە و دەزگاکانیان ئاسایش لە نیعمەتی سەقامگیری و ئەمنییەتدایە و سەرەنجی دۆست و دوژمنی ڕاکێشاوە بارێك بێ لە خەون بچێت، تا ڕاستی، سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرە و بەربەستانەش چاو لێ دەکەین ساڵ بەساڵ کێرڤی بەرەو پێشچوون ڕوو لە هەڵکشانە، بەلای منەوە ئەمە خاڵێکی زۆر ئیجابی و ئەرێنییە لە بودجەی ئەمساڵدا، بە هەموو پێوەران پاش ئەو بارودۆخە نا هەموارانەی زۆربەمان بەچاو بینیمان و بە ژیان تێدا دەژیان، ئێستاکە خۆمان، لەوڵاتی خۆمان، وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین و نەخشە و پلانی دوا ڕۆژمان دەکێشین و بەو پەڕی ئازادی ڕەخنە دەگرین، دیارە خەون بە ژیانێکی چاکتر و دوا ڕۆژێکی گەشاوەتر دەبینین، کەواتە کە ئێمە لە قۆناغی خەون بینین داین بە دوا ڕۆژێکی پڕشنگداری پێشکەوتوو ئیتر پێم وانییە ئومێد ون بێ، بەڕێزان، با ڕۆژگارە ڕەشەکان لەبیر نەچێتەوە، کەوای لێهاتبوو لە کولەکە بانگ بدەین، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیاتر وا دەخوازرێ ئەو ڕاستییە لەگەڵ جیاوازی نەغمەی دەنگەکانیشمان دا بە چاومان، بە ڕوانینمان، تەنانەت بەهێزی دەست و بازوومان، بەهۆش و تێفکرینمان

ئاینده بپارێزین، ئاوازی زیندوو و نەمر لە هارمۆنیای نەغمەکانمانەوەیە، نەغمەیەك بە تەنێ ئاوازێك پێك ناهێنێت.

ئەمە حەقیقەتێکە بەڕێزان، پێویستە ئەو هەل و مەرجە گەشە پێ بدەین، تا لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەین بە راستییەکی چەسپاوی دان پێدانداراو، ئەگەر لێرە و لەوێش بە هەر هۆیەك هەیە هەبن رێگا لە نەغمەکان بگیرێ بچنەوە پاڵ یەك، با هەموومان هەوڵبدەین لایەنی کەم لەبەرچاوی دونیای ئەمڕۆدا کە سبەی رۆژێ لەو روانگەیەوە هەڵمان سەنگێنن، هەوڵبدەین ئاهەنگ و ئیقاعێکی نەشاز نەنوێنین وەك زووربەی جاران کە بەداخەوە چەندی بە پلانی دوژمنان بووە، ئەوەندەش لە نەزانی خۆمان و ئینجا زۆڵمی جوگرافیاوە خراینەتە دەرەوەی مێژوو، با رێز لەو راستیە بەرجەستەیە بگرین، بەڕێزان ئێمە قەدەرمان ئەوەیە هەنگاومان بەرەو ئەوە بێ کە یا دەبێ هەبین یاخود هەبی، ئیتر نابێ نەبوون و مەحاڵ پاش ئەو هەموو دەردە سەری و ستەم و تاڵییە لە قامووسی ئێمەدا بمینێ، دەخوازێ هەر ئەوەش پەیامی ئێمە بێ بۆ نەوەکانی دادێ، بەڕێزان، ئەمڕۆ باس لە بودجەی حکومەتی خۆمان دەکەین، دیارە زۆر لە هاوکاران وەك لەپێشدا ئاماژەم پێدا قسەیان لەسەر کرد، هەبوو پەسندی زۆر لایەنی کرد و لە هەمان کاتیشدا رەخنەی لەهەندێ لایەن گرت و دڵسۆزانە و خەمخۆرانە پێشنیاری جدی خستە روو، دیارە هەش بوو هەر یەکسەر خەتێکی راست و چەپی بەسەرداهێنا، من دەپرسم تۆ بڵێی هەموو ئەو راپۆرت و خشتە و داتا و روونکردنەوانەی حکومەت، هەروەها راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان کە بە شایەدی زۆربەی ئەندامان مایەی دەستخۆشی بوو، بایی ئەوەندەی ترۆسکایی تێدا نەبووبێ؟ ئەی کەوایە بەڕێزان چەند ساڵ و زەمانە ئەو ئاشە بەچی دەگەڕێ؟ ئەو هەموو قوتابخانە و نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیانە چۆن چۆنی بەڕێوەچوون و بەڕێوە دەچن؟ ئەو ئاسایش و ئەمنیەتە بەکێیە و چۆن بەرقەرارە؟ ئەگەر خوانەخواستە بچووکترین کەلێنی بکەوێتێ هەموو لایەنەکانی دی بە هایان نامێنێ و پەکیان دەکەوێ، فەرموو بەراوردی ئێرەو بەغدا بکەن، لەکاتێکدا بودجەی ئەمنیەتی بەغدا لە (14,37٪) هەموو بودجەی عێراقە، ئینجا رۆژیش نییە تەقینەوە و تیرۆری تێدا نەبێ، ئەی فەرمانبەر و کارمەندان کە ژمارەیان لە ملیۆن و نیوێك نزیك بۆتەوە چۆن و کێ و مووچە و سەرمووچە و دەرماڵە و چی و چیان بۆ فەراهەم دەکا؟ ئەدی ئەو هەموو مەبالغانەی کە لە شەش سەد ملیار تێدەپەڕێ بە هەر هۆیەکی وەبەرهێنانەوە بێ یان رێگایەکی تر دەچێتە بازاڕ و ناڕاستەوخۆ بازاڕ دەبووژێتەوە لەکوێوەیە؟ ئەی قوتابیان چ ئەوانەی لەناوەوە دەخوێنن، یان ئەوانەی بەهۆی پرۆسەی تواناسازییەوە چوونەتە دەرەوەی وڵات کە لەبودجەی ئەمساڵیشدا بەردەوامە، هەروەها ئەو گەنجانەی سوود لە قەرزی بچووك وەردەگرن، یاخود ئەو کۆمەکانەی لەلایەن وەزارەتەکانەوە هەر بە نموونە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی فەراهەم دەکرێ، بە توانای کێ ئەو کۆمپانیایانە هاتوونەتە کوردستان، داخۆ هەر حکومەتی خۆمان نەبووە هەر لەسەرەتای کابینەی پێنجەمەوە کوردستانی داخڵی نەخشەی ئابووری جیهان کردووە؟ لە رێگای کۆمپانیا هەرە گەورەکانی نەوت، ئەوانە و زۆر لایەنی دیکە لەکاتێکدا حکومەتی فیدراڵ لە دژایەتی کردنی ئەم ئەزموونە زیاتر

هیچی دیکەی بۆ نە کردووین، تەنانەت بودجە کە جێی ئێعتیمادی سەرەکیمانە بە لێگرتنەوە و پچڕ پچڕ بۆ هەرێمی دەنێرن، سەرەڕای موستەحەقات و مووچەی پێشمەرگە کە تا ئێستا نزیکەی هەشت ترلیۆنیان لایە و نایدەن، حکومەتی هەرێم لەو بەشە بودجەیەوە دەیدات ،حکومەت لە ئاستی بنیادنانەوەی گوند و گەشەی شارەکانیشدا پێم وانییە هەنگاوی جدی نەنابێ، ئەمانەش هەمووی لەکاتێکدابووە کە هەمووومان دەزانین ولاتەکەمان لە چ جوگرافیایەکی هەلایساوی مەترسیدار دایە و چ مێژوویەکی کارەساتاویمان بڕیوە تا گەیشتووینەتە ئەمڕۆ، بەڕێزان، رووخان و رووخاندن بێگومان کارێکی ئەوەندە قورس نییە، ئەوەی ئاسان نییە و هەندێ جار و لە هەندێ شوێن بەهۆی زۆر ئەگەر دەچێتە خانەی نزیك مەحالەوە بیناکردن و بیناکردنەوەیە، بەتایبەتی لەباروودۆخ و هەلومەرجی نەتەوەیەکی هەمیشە ستەم لێکراوی، بە زۆر پەرتەوازە کراوی، خاك لێ داگیر کراوی، پارچە پارچە کراوی، وەکو ئێمە حەقە هەمووومان، هەر هەمووومان بە جیاوازی بیروبۆچوونەوە ئەو راستییەمان لەبەرچاو ون نەبێ، هەرچەندە من دلنیام، زۆریش دلنیام کە لەناخی هیچ یەکێکماندا ون نییە، بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان، وەك خۆم لەرووی رێکخستن و کاتی ناردنی بۆ پەرلەمان دلخۆشم بەوەی ئەمسال بودجە لەوەی بەشێوەیەکی رێك و پێکتر لەسالانی پێشوو لەکاتێکی پێوانەیی زۆر موناسبیشدا گەیشتە پەرلەمان، کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەلام بلێی بودجە بێ کەم و کورتییە،بێگومان هیچ قانون و پڕۆژە قانونێك بێ کەم و کورتی نابێت، بێگومان بودجە کە دێتە پەرلەمان بۆ ئەوە دێت تا بەپێشنیار و رەخنەی دلسۆزانە و بابەتییانە و واقعیانە دەولەمەند بکرێ، لایەنە ئیجابییەکانی دەستنیشان بکرێن تا سالانی ئایندە پەرەیان پێ بدرێ و ئەوەی پێویستی بە چاککردنیشە دەستنیشان بکرێن و قسەی لەسەر بکرێ، ئەوە شتێکی زۆر، زۆر ئاسایی و تەبیعییە، خۆ ئەگەر کەم و کورتیش لە بودجەدا یاخود لە هەندێ لایەندا هەبوو ئەوە ناگەیەنێ بەرەش بینییەوە لێی بڕوانین و لە تونێلێکی تاریك و تەنگدا بەجێی بێلین، لە حالێکدا ئاشکرا و روون، رووناهیمان لەو سەری تونێلەوە لێ دیاربێ، کەچی بە هەر هۆیەك هەیە خۆمانی لێ نەبارن بکەین و دانی پێدانەنێین، بەلام دیسان دەخوازێ ئەوە بە جۆرێکی دی دووبارە بکەمەوە، کە چپلە بە دەستێك لێ نادرێ، ئێمە لەقۆناغی رزگاری نیشتیمانی داین، وا پێویست دەکا هەولەکان هەمووی لەو ئاستەیەدا چڕ بکەینەوە کە بەرەو ئابووری و بودجەیەکی سەربەخۆ هەنگاو بنێین، تاکو سنوورێکیش بۆ ئەو ناحەقییانە دابنێین کە حکومەتی فیدڕال سالانە لەگەلمان دەیکا، لێرەشدا پێشنیار دەکەم حکومەت لە ئایندەدا لەبواری وەبەرهێنان بیر لە هەندێ پڕۆژەی ستراتیجی وا بکاتەوە کە هەم هەلی کار بۆ گەنج و لاوانمان بڕەخسێنێ و هەم ببێتە سەرچاوەیەك بۆ نەوەکانی دوا رۆژ.

هەروەها پێشنیار دەکەم لەپال گرینگیدان بەکەرتی نەوت، هەروەها کەرتی کشتوکال، لێرەشدا بەڕاستی تەئیدی کاك جلال دەکەم لەوەی کە پەیوەندی بەبواری کشتوکالەوە هەبوو، زۆر تەئیدی دەکەم، زۆریش پێویستە بەڕاستی لەو قسانەی کاك جلال کردی سەرۆکی لیژنەی کشتوکال و ئاودێری لە پەرلەمان، لەپال گرینگیدان بە کەرتی نەوت وەکو گوتم کەرتی کشتوکال و مەسەلەی ئەو پێم وایە زۆر، زۆر گرینگن، بۆ

دیاری کردنی دوارۆژی وڵاتەکەمان حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بایەخێکی تایبەتیش بە کەرتی گەشتوگوزار بدات، کە کوردستان زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە هەیە و دڵنیام دوارۆژ هەلومەرجێکی گونجاو تر و گەشاوەتر چ وەك خستنەرووی کار، چ وەك یەدەگی دراوی بەهێز لەوڵاتەکەمان دەخولقێنێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەندێ لەبرادەران لە بارەی خوێندنی باڵاوە باسیان لە باری توێژینەوە کرد، بەڕاستی منیش پێشنیار دەکەم کە ئەگەر وەزیری خوێندنی باڵا حەتمەن سەلاحیاتی موناقەلەی هەبێت، هەرلە بودجەی ئەمساڵدا کە تەرخانکراوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا یان بڕێك لەو بودجەیەی کە بۆ تواناسازی تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی توێژینەوە تەرخان بکرێ، بەڵام بەمەرجێك پێشنیار دەکەم ئەو توێژینەوانە بگرێتەوە کە لەبواری زانستی پەتیدان، یەعنی کیمیا، فیزیا، زیندەوەرزانی، بورای پزیشکی، ژینگە، ئەندازیاری کشتوکاڵ، ئەوانە پێویستن بەراستی، چونکە ئێمە بەڕاستی هەمووومان سیاسینە، ئیتر دەرەوە و ناوەوە و بەقاڵ و چەقاڵ هەمووی هەر سیاسییە، لەبەر ئەوە پێویستیمان بەوانە نییە بە حەقیقەت، لەهەمان کات هەندێك لەو قوتابیانەی تواناسازی بەراستی وا پێدەچی هەندێك مەشاکیلیان هەبێ، گیروگرفتیان هەبێ، کە چوونەتەوە، لەفەقەرەی یەکەمی راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئیشارەتی پێدراوە، بیستوومەتەوە کە هەندێك لەو گرفتانە پەیوەندیان بە مەشق و راهێنانەوە هەیە، هەندێك لەو قوتابیانەی کە بۆ خوێندنی پزیشکی چوون لەوێ مەشقیان پێ ناکرێتن لەسەر نەخۆشەکانی ئەو وڵاتانە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا، دەڵێن لێ ناگەڕێن بچنە سەر نەخۆشەکانی ئەوان، کەواتە ئەوان بەس تەنها بە تیۆری فێری دەبن کە ئەوەش بەراستی فێربوونێکی ئەوتۆ نابێتن ئەوانە، لەبەر ئەوە پێم وایە پێویستە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا رێگەچارەیەکیان بۆ دابنێ، بۆ ئە و خوێندکارانە، ئەو قوتابیانەی کە لە بۆ ئەو بابەتە چوونە بخوێنن، دیارە کە هەر لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئەوانەش هاتووە لە ستراتیجی هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە لەسەر زاری وەزیری پەروەردەوە گوتراوە کە لەماوەی دە ساڵدا دوو هەزار قوتابخانە دروست دەکرێ، ئەوەش جێگای دڵخۆشییە بە حەقیقەت پێم خۆش بوو زیاتریش بوایە، چونکە زۆر پێویستمان بە قوتابخانە هەیە و لەزۆر جێگەدا نەقوستانیمان هەیە لە قوتابخانەدا، لەفەقەرەی دەیەمی بەشی یەکەمدا ژمارە چوار مەسەلەی بڕی بەخشینی ئەو سێ ملیارەی وەزارەتی رۆشنبیری، کە ئەمساڵ بەڕاستی هەڵایەکی زۆری لەسەر کەوتەوە، ئاخیریش هەر تەوزیع کرا.

بە حەقیقەت لە راپۆرتی لیژنەی پەیوەندی و کاروباری رۆشنبیری و شوێنەواردا هاتووە و دەڵێ بەخشین، وانووسراوە، دەڵێ میکانزمێکی گونجاو تری بۆ ببیندرێتەوە، من پێشنیار دەکەم ئەگەر پەسند بکرێتن ئەو مەبلەغە بە حەقیقەت لەو بەینانەشدا وەکو عەرزم کردن هەڵایەکی لێ کەوتەوە زۆر لە نووسەرو توێژەرانیش بە هەڵەداچوون لەو بابەتە، کە وتیان ناوەکەی غەڵەتە، بە عەکسەوە ناوەکەی زۆر راستە، چونکە ئیبداعی فەنی و ئیبداعی ئەدەبی هەر داهێنانی فەنی و ئەدەبی پێ دەوترێ، یەعنی شەرت نییە یەعنی بەمانای ئیختیراعبێ، یەعنی تۆ شتێکی تازە دابهێنی بابڵێین لە لایەنی علمی و ئەمانە، هەتا

وەزارەتیش کە وەڵامی دایەوە تووشی هەڵەیەك بوو کە بەرگری لەخۆی کرد کە گوتی ناوەکەی غەڵەتە، کە وانییە ناوەکەی غەڵەت نییە، بە هەرحاڵ لێرەدا من پێشنیار دەکەم ئەو سێ ملیارە بکرێ بەچوار بەش، بەشێکی بۆ خەڵاتی کتێب یان کاری هونەری جا سینەما بێ یان بابڵێین تەشکیلی بێ یان مەسرەح بێ، تەرخان بکرێ، پارەیەکی شایان...، ساڵی دەکەس یەعنی بەشێکی، سێ بەشی دەمێنێتەوە، بەشێکی ساڵانە دە کەس بڕێکی شایانی لەو مەبلەغەی پێ بدرێ کەبیلفعل ئیستیفادەی لێ بکا، یەعنی بۆ ئایندەی خۆی بۆ ئیش و کاری خۆی، بۆ ئەوانە، ئەوەی دەمێنێتەوە من بەگونجاوی دەزانم پرۆژەیەکی بە حیساب وەکو کە برادەران ناویان لێناوەستراتیجی وەرگێران کە زۆر گرینگە، زۆر لە میللەتان بەوەرگێران زمانەکەی خۆیان پێش خستییە بەڕاستی، یەعنی زمانی ئێمە من تەسەوڕ دەکەم ئەوەندەی بە نووسین زیاتر بەوەرگێران پێش دەکەوێتن، لەبەر ئەوە ئەو سێ بەشەی تر کە دەمینێتەوە لە پڕۆسەیەکی خێرای وەرگێڕان تەرخان بکرێ، کە ئەوەش هەموو لایەنێك بگرێتەوە، پێش هەموو کەسێك وەزارەتی رۆشنبیری دەگرێتەوە، لەناوەڕاستی سەدەی رابردوو هەتا ئێستاکە ئەوەی کە کراوە لەبارەی وەرگێڕانەوە بە حەقیقەت هەمووی جهودی، کۆششی تاکەکەسی بووە، جێگای رێز و پێزانینە، یەعنی زۆر بە زەحمەتیش چاپکراوە، تەنانەت دوای راپەڕین هەندێك دەزگا دروست بوون ئەوان کە هەندێك بابڵێین بەراستی ئەرکی ئەوەیان خستە سەر شانی خۆ و دەوری نکۆڵی لێ نەکراویان هەبووە، بەڵام دیسان بەڕێزان وەك دەزانن ئەگەر ئێستا ئێمە وەزارەتی حکومەتمان هەیە خەمەکی لەو مەوزوعەی نەخۆین نازانم جا چەند موهیمە بە نیسبەت برادەرانی هاوکارانم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، یەعنی نازانم کەی خەمەکی لێ بخۆین؟، ئەو مەبلەغە ساڵانە تەرخان بکرێ، بەشێکی لۆ ئەوەی، سێ بەشیشی لۆ پڕۆسەی وەرگێران، ئەگەر ئێمە حیساب بکەین ساڵی سێ سەد و پەنجا کتێب بەو مەبلەغە چاپ بکرێن، مانای لە یەك لەسەر دەی ئێمە سێ هەزار و پێنج سەد ناونیشان بڵاودەکەینەوە، یەعنی لەخیلالی دوو دەیەدا حەوت هەزار ناونیشان بڵاودەکەینەوە، ئەوە شتێکی زۆر موهیمە جا بەتایبەتی لیژنەیەکی موختەس دابندرێ کە لەکلاسیکیاتی دونیایەوە را دەست پێ بکرێ کە ئێمە نیمانە، یەعنی بەراستی جێگەی سەرنجە کە کتێبێکی وەکو سەربردەی شارستانییەت، ئەوەی ویل دیرۆنت، کە زۆر لەمێژە تەرجەمەی زمانەکانی تر کراوە، هەتا ئیستا بەکوردی نییە، ئەوە بە نموونە دەهێنمەوە، مەسەلەن رۆمانەکانی رووسی و فەرەنسی و شانۆیەکانی شکسپیر و چوزانم یەعنی ئەوەکە زۆرە یەعنی، هەر لەپاڵە خۆمان ئەدەبیاتی فارسی، ئەدەبیاتی عەرەبی، یەعنی شتی زۆر موهیمیان هەیە، ئەو رۆژە خوێندمەوە بڕواتان هەبێ دەڵێ مەسنەوی جەلالەدینی رۆمی تەرجومەی ئینگلیزییەکەی پڕ فرۆشترین کتێب بووە لە ئەمەریکا پاش ئینجیل، جا تۆ تەسەوری بکە، ئێمە ئەوە لەپاڵەوەیە مەسەلەن شتی وامان نەکردووە، بە تەسەوڕاتی من ئەوە شتێکی زۆر موهیمە، هەتا یەعنی ئێستاش عەرەب شانازی بە عەسری مەئمون دەکەن، فکر لێ بکەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی بەیتی حکمەی دانا کە ئەو کاتی کۆمەڵێك موتەرجمی هێنا، موتەرجیم هەبوو بە زێڕ تەرجومەکانیان لێ وەر دەگرت، تەرجومەکانیان دادەنا و زێڕیشیان لەلای تەرازووەکەی تر دادەنا پێیان دەکێشا و لێیان وەردەگرتن و چاپیان دەکرد، هەتا

دوایی كە عەسری مەئموون بە عەسری زەهەبی حیساب دەكرێتن، (مع ما فیە) ڤ دایكیشی فارس بوو، ئینجا لەوەختی عەربی عێراق و ئێراندا كە سەد قسەیان بە فارس و بە ئێران دەگۆ، ئینجا داری مەئمونیان دانا، بزانە تەماشای بكە بزانە یەعنی خەڵك بۆخۆی چ دەكا، ئێمەش لە چ داینە، دەی ئەمن ئەوە پەندی خۆم دەینمەوە رەخنەم لێ دەگرن، پەند، پەندی خۆمە، بە هەرحاڵ، بەڕاستی پشتگیری لەفەقەرەی 17 ی راپۆرتی لیژنەی پەیوەندی و رۆشنبیری و شوێنەوار دەكەم، بە دامەزراندنی هەر چی زووی دەستەیەكی تایبەت بە شوێنەوار، بەڕاستی براینە.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دەزانی نزیكەی حەوت هەزار شوێنەواری ئەسەری بابڵیین یەعنی شوێنەواری كۆن لەكوردستان هەیە، لە كۆی نزیكەی هەشت هەزار و پێنج سەد لە هەموو عێراق حەوت هەزار و قسووری لەكوردستانە، كوردستان یەكەم دانیشتنی بەشەری تێدابووە، یەكەم دانیشتنی بەشەری لە چەرمۆ تەقریبەن حەوت هەزار ساڵ پێش میلاد، یەعنی پاش عسوری حەجەری هەموو چاخە بەردینیەكان لەكوردستان بووە، چاخی بەردینی یەكەم، دووەم، سێیەم، زراعەت لەكوردستان بووە، یەعنی بەڕاستی پێم سەیرە كە مەسەلەی شوێنەوار ئاوا یەعنی ئیهمال كراوە بەو شێوەیە، راستە هەندێك شت كراوە، بەڕاستی بۆ قەڵا هەندێك پارە تەخسیس كراوە، پاش ئەوەی كەوا ئەو خەڵكانەیان ئیستیعاب كرد و ئەرزیان دانێ و ئەوانە چۆڵكرا، ئێستا بەڕاستی جێگەی یەعنی دڵخۆشییە كە خەریكن بابڵیین تەرمیمی دەكەنەوە، هەندێك لەگەڕەكەكانی هەولێر، منارەی چۆڵی، نازانم برادەرێك لەبرادەرەكان باسی كرد كە ئەوا لەعەسری سوڵتان موزەفەری كەوكەبری سێ منارە بوون یەكەكیان لەسنجار، یەكیان ئاڵتون كۆپری، سەیریش لەوەدایە هەرسێكیشان لەیەك شوێن خراپ بووینە، یەعنی شكاون، زۆر سەیرە، دوا پێشنیارم ئەوەیە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕاستی پاریش هەر ئەو پێشنیارەم كرد بەس نازانم بەهەند وەر نەگیرا یان حیسابی بۆ نەكرا، كە زۆریش گرینگە ئەمن وەكو ئەندامێكی لیژنەی تەندروستی بە حەقیقەت پێویست دەكا ئێمە كۆگایەكی گەورەی شایان بە پایتەختمان هەبێ كە بۆ پاراستنی دەرمان، ئەوەی ئێمە بیستوومانەتەوە برادەرانی لیژنەی تەندروستیش دەزانن كە دوو جۆرە دەرمان هەیە، دەرمانێك كە حكومەت خۆی دەیهێنێ و دەرمانێكیش كەرتی تایبەت دەیهێنێ، بەڵام لە هەموو حاڵەتێكدا ئەو دەرمانە هەر دەچێتەوە بۆ هاووڵاتی، لەبەر ئەوە پێویستە كۆگایەكی داكردن، یەعنی خەزن هەبێتن كە بەكوالیێتییەكی رێك و پێك بتوانن ئەو دەرمانانەی لێ دابكرێ و لێ بپارێزێ، لەهەمان كاتیشدا ئەوانەی كە سەر بە كەرتی تایبەتن كە دەرمان دەهێنن ئەوانیش بە موقابیلی پارەیەكی شایان لەوێندەرێ كە دەرمانەكانی خۆیان خەزن بكەن، ئیتر سوپاستان دەكەم، داوای لێبوردن دەكەم ئەگەر ئیزعاجم كردبن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین، هەربژین.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشن، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ شوێنی لیژنەکان، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ساڵانە لێرە موناقەشەی بودجە دەکەین، یەکێك لە گرفتەکانمان یان پەلە کردنمان ئەوەیە کە موناقەشەکان نەبێتە مایەی دواخستنی پڕۆژە یاسای بودجە، کە ئەمە کاریگەری دەبێ لەسەر ژیانی هاووڵاتی و مافی هاووڵاتی، بەڵام ئێمە یاسایەکمان هەیە کە پار وەزارەتی دارایی پابەند کردووە بە ماددەی (39) وەزارەتی دارایی و ئابووری بەردەوام دەبێت لەسەر سەرف کردنی سولفەکانی سولفەو بەخشینی هاوسەرگیری و قەرزەکانی بانکی عەقار، کشتوکاڵ و پیشەسازی و پڕۆژە بچووکەکان، تا کاتی بودجەی ساڵی داهاتوو بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئێستا ئێمە بۆ داوا لەو بەڕێزانە بکەین، بۆ ئەمەیان ڕاگرتووە، قانونیەن دەبێتە کێشەیەك بۆ ئێمە لە چاك کردنی بودجە، سوپاس.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە ڕەسمی هیچ موعامەلەیەکی سلەفمان ڕانەگرتووە، بەڵام زۆرجار سیولەی نەقدی وامان لێ دەکات کە ئێمە بوەستین، لەبیریشمان نەچێت بمانەوێ ونەمانەوێ لە سەری ساڵ ئەمە قانونە، تەنانەت بانقیش ئەوەستێ بۆ چەند ڕۆژێك، خۆ ئەبێ تەسفیەی بکەین، ئێمە ڕامان نەگرتووە بە ڕەسمی، ئێستاکە پارەمان بۆ بێت و پارەمان هەبێ، دەیکەینەوەو سەرفیشی ئەکەین، هیچ ڕاگرتنێك نیە، پێشتریش کە ئەوترا ڕاگیراوە، ئەو سەرفانەی کە مەعلومە لە لایەن ئێمە ڕۆژانە سەرفمان کردووە لێی، بەڵام ئەوەی کە ئێمە کردوومانە هەتاوەکو ئێستا هەموو موعامەلاتیشمان وەرگرتووە لێیان، تەنها کەشفمان ڕاگرتبوو، ئەویش لە حدودی 17 هەزار کەشف زیاتر هەبوو لەناو بانکەکانی ئێمە، لەسەر ئەوە ئیشمان کردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم کە یەکەم جارە بودجەی بە زووترین وەقت ڕەوانەی پەرلەمان کردووە، ئێمە دەتوانین موناقەشەی لەسەر بکەین، دەست خۆشی لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی خۆمان دەکەم، ڕاپۆرتەکەیان بە تێرو تەسەلی بەشێوەیەکی باش ئامادە کردووە، بەڕێزان من دەمەوێ لێرە باسی ڕەوشی وەرزش، بودجە بۆ وەرزش لەکوردستان تۆزێك باسی بکەم، کە چەند برادەرێك بە کورتی باسیان کردووە، ئەگەر مەجالم بدەنێ دەمەوێ بە تێرو تەسەلی باسی بکەم ئەمڕۆ، وەرزش پانتایەکی گەورەی لە ژیانی کوردستانیان بە هەموو چین و توێژەکانی داگیر کردووە، خۆشەویستی و ئاشنابوون بە وەرزش لە هەرێمی کوردستان گرنگی پێدراوە، چەندین یاریزان و پاڵەوان لەسەر ئاستی عیراق، وڵاتانی عەرەبی و ئاسیا ئەنجامیان بەدەست هێناوە، بەتایبەتی لە یاری تۆپی پێ وبەرز کردنەوەی قورسایی و پاسکل سواری و شەترەنج، هەروەها لە لایەن خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانەوە کە چەندین یاریزانی لێهاتووی لێ هەڵکەوتووە لە گۆڕەپان و مەیدان، کە چوارەمی پارا ئۆڵۆمپیات بووە، ئەم ئەنجامانە ئەگەر بودجە نەبوایە بەدی نەدەهات، بۆیە هەر چۆنێك بێت وەرزش بایەخی زۆری پێدراوە، بەرەو پێش چوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە دروست کردنی یاریگاو نەوژەن کردنەوە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ئێستا هەرسێ پارێزگاکانی کوردستان یاریگای ستانداردی نێودەوڵەتی هەیە، یانەکانی کوردستان بەرەو پێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، هۆی گرینگیدانی حکومەت بە وەرزش، بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی 2003 وە لە کوردستان فەزایەکی کراوەی ئازاد بۆ وەرزشوانان ڕەخساوە، بەبەشداری کردن لە چالاکیە نێودەوڵەتیەکان، بوونی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردەکان و یەکیەتیە وەرزشیەکانی عیراقدا، بەهۆی بارودۆخی نالەباری عیراق، تەواوی چالاکیەکان لەهەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت لە شاری هەولێری خۆشەویست و شارەکانی تری کوردستان، یانەکانی کوردستان باڵا دەستن لە زۆربەی یاریەکان لەسەر عیراق دا، ئەویش بە دابین کردنی بودجە بۆیان، بودجەی یانەکان لە لایەن حکومەت دابین کراوە،

نەوژەنکردنەوەو دروست کردنی یاریگاو هۆڵ و مەلەوانگە و ناوەندی وەرزشی لە لایەن حکومەت، بودجەی بۆ تەرخان کراوەو دەکرێ، ئێمە بێویژدانانەیە ئەگەر بڵێین حکومەت هیچی نەکردووە، بەڵام تموحی ئێمە لەمە گەورەترە، لە دروست کردنی یاریگای نێودەوڵەتی و هۆڵی ئۆڵۆمپی بە ستانداردی جیهانی، چونکە ئاسۆیەکی ڕووناك لە وەرزش لە پێشماندایە، ئەم سەرکەوتنانەش هەمووی بە پارەی تەرخان کراو دەکرێت، ئەو ئامانجانەی کە بەسیاسەت بەدی نەهاتووە، بە وەرزش بەدی دێت، بەڕێزان وەنەبێ ئێمە تێبینیمان نەبێ لەسەر بودجە، چەندین تێبینی و پێشنیار و پشتگیریمان هەیە بۆتان دەخەمەڕوو، کە ئەو بودجەیەی بۆ وەرزش دابین کراوە، بەڕێژە نازانین چەندە، چونکە دەزگایەکی ڕەسمیمان نیە، دەزگای ڕەسمی وەرزش بۆ هەتا بتوانین پارەکە تەحدید بکەین بەڕێژە، وەکو مافی مرۆڤ و دەزگای مین، بۆیان تەرخان بکرێت، بۆیە پارەی تەرخان کراو لە دوو، سێ جێگا خۆی گرتۆتەوە، پارەیەکی باش تەرخان کراوە بۆ وەرزش، نموونەشمان لەسەر تێبینیەکان ئەمانەن، یەکەم/ لە بەشی شەشەم، دووەم، لەسوودەکانی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان 12 ملیار تەرخان کراوە بۆ ڕێزلێنانی وەرزشی و هونەری و ڕۆژنامەنووسان، پرسیار دەکەم، ئایا لەم پارەیە چەندی تەرخان کراوە بۆ وەرزش؟، پار ساڵ 11ملیار تەرخان کرابوو بۆ وەرزش ملیارەك و نیو، بەڵام 150 ملیۆن سەرف کرا بۆ هەر چوار شاری کوردستان، لە نەخشەی ژمارە 16 لە لاپەڕە 68، 46 ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ ڕێکخراوی و پارەکانی تر، ئایا بڕە پارەی تەرخان کراو بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی و پارا ئۆڵۆمپی چەندە؟، ئەگەر 22400 ئێمە زۆر زۆر مەمنوونتانین پارەیەکی باش بۆ وەرزش دانراوە، ئەگەر 22400 نیە بزانین ڕێژەکەی چەندە بۆمان تەرخان کراوە؟، بۆ ئەوەی بەگوێرەی ئەوە قسە بکەین، ڕاپۆرتی دارایی ئێمە، لیژنەی دارایی ئێمە، کە ئێمە ڕەوانەمان کردبوو، نووسیبومان پارەکە چی لێ بێت، ملیارەك و دووسەد هەزار بۆیان زیاد بکرێت بۆ لیژنەی ئۆڵۆمپی ببێتە سێ ملیار و شەش سەد، پارەکەی تر ئێمە بە نووسین نووسیبومان، ئەو پارەیە تەقسیم بکرێ بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوان بۆ پارێزگاکان، بدرێتە هۆڵ و مەلەوانگەو هۆڵەکانی تر، لە خشتەی 17، 205 ملیار تەرخان کراوە بۆ کێبڕ کێی جۆراو جۆر، پاداشت و چالاکی دێدەوانی وەرزشیەکانی قوتابخانەکان، ئەم پارەیە ڕێژەکەی بۆ چالاکی قوتابخانەکان چەندە، چونکە ئێمە چەند زیارەت دەکەن و دەڕۆینە لای بەرێوەبەریەتی گشتی وەرزشی و دێدەوانی شارەکان، ئەوان هەر گلەیی ئەوەدەکەن کە پارەمان نیە، ناتوانین نەشاتات بکەین، ئێمە دەمانەوێ تەحدید بکەین پارەکەیان، بۆ ئەوەی بتوانن کارەکانیان بکەن، من گلەییەکم هەیە لە وەزارەتی پەروەردە و گلەیشم هەیە لە وەزارەتی تەعلیم عالی، لەبەر ئەوەی لەو پڕۆژانەی کەتەرخان کراوە، ڕەوانەی وەزارەتی تەختیت و یان وەزارەتی دارایی، پارەیان بۆ تەرخان بکرێت، یەك درهەم بۆ قاعەکان و بۆ هۆڵەکانی نەشاتی ریازی و چالاکی وەرزشی تەرخان نەکراوە، تەبیعی نەشاتی هەولێر ودێدەوانی هەولێر، هەتاوەکو ئێستا یاریگایان نیە لەسەر چیمەنتۆ یاری دەکەن، بۆیە من پێم باشە لە پڕۆژەکان ئەگەر وەزارەتی تەختیت بتوانێ بۆ هەولێر و سلێمانی و دهۆك قاعەکیان بۆ دابین بکەن، لەبەر ئەوەی هیچ قاعەیەك نیە ئەو منداڵە بەستەزمانانە کە

وەرزشی فوتابخانەکان دەست پێ دەکات هەتاوەکو ئێستا هۆڵێك نیە یاری تێدا بکەن، ئیلا دەبێ بپاڕێنەوە لە یانەکان، یان لە یانەی هەولێر یان لە یانەی ئەکاد، هەتاوەکو هەولێر قاعەیان بداتێ و یاریەکەیان تێدا بکەن، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی 2013.

من لێرە پرسیارێکم هەیە ئاراستەی وەزارەتی پلان دانان دەکەم، لەو پێشنیارانە دوو پرۆژە بۆ هەولێر دانراوە، ئەویش پرۆژەکان هیچ یەکی وەرزشی نین، ملیارەك و شەش سەد و دە هەزار دینار تەرخان کراوە، هیچ یەکی وەرزشی نین، لە سلێمانی پێنج پرۆژە دانراوە، چوار ملیارو شەش سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، لەدهۆك یەك پرۆژە تەرخان کراوە، شەش سەدو حەفتا ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئایا چۆن ئەو پارەیە تەقسیم کراوە؟، بە گوێرەی دانشتوانە یان لە گۆترە تەقسیم کراوە؟، دەمەوێ جوابەکەی وەربگرم، چونکە ئەگەر حیساب بکەی، دوو ملیار دینار بۆ هەولێر و دهۆك دانراوە، چوار ملیارو شەش سەدو حەفتاو پێنج بۆ سلێمانی دانراوە، بەچ نیسبەتێك ئەوە دانراوە، پرسیار، هۆی چیە پرۆژەی پێشنیار کراو لەم ساڵدا کەمە، لە ساڵی داهاتوو مانای وایە ئێمە هیچ پرۆژەیەکی بەردەوامەمان نابێ، پێشنیار هەمووی هەشت پرۆژەیان داناوە، پرۆژە بەردەوام بووەکانی هەولێر 19 پرۆژەیە، سلێمانی 19 پرۆژەیە، دهۆك 20 پرۆژەیە، هی هەرێم سێ پرۆژەیە، لە کۆی پرۆژەکان 61 پرۆژەی بەردەوامن، 8 پرۆژە پێشنیار کراوە، 148 ملیار دیناریان بۆ تەرخان کردووە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، من هەندێك پرسیارم هەیە لێرە، ساڵی 2011 بڕی 20 ملیار دینار تەرخان کرا بۆ وەرزش، تاوەکو ئێستا بەشە پارەی شاری هەولێر سێ ملیارو قسورە، پارەکە ماوە، ئێمە لەگەڵ کاك رشید کۆبوونەوەیەکمان کرد، وەزیری ڕۆشنبیریشمان بانگ کردووە لە هۆڵی لیژنە دانیشتین، بەخۆشحاڵیەوە کاك رشید تەلەفۆنی کرد، گوتی پارەکان لە کوێیە؟، هەتاوەکو ئێمە بتوانین دیفاعی لێ بکەین، بەس یانەکانی هەولێرە، یانەکانی سلێمانی و دهۆك کاریان لەسەری کردووە، هەتاوەکو ئێستا جوابەکەمان وەرنەگرتۆتەوە، ئایا چ کراوە و چ نەکراوە؟، سێ ملیار و سێ سەدو هەندەك ملیۆن دینار دەکات، بەخۆی چوار ملیۆنی بەبەردەکەوێت، سێ ملیۆنی بە فیڕۆ چووە، هۆڵێکمان هەیە هۆڵی زەرد، هۆڵی زەرد پار پارەی بۆ دانرا شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان کرا، تەندەر لە موحافەزە درا مقاولەکی ئیشی کرد و هۆڵەکەی ڕووخاند، ئێمە بەڕێزان بۆ ڕووخاندن زۆر ئازاینە، بەلاَم بۆ دروست کردن ئەوە دووساڵە یەك درهەمیان سەرف نەکردووە، پارەکەش تەخسیس کراوە، هەتاوەکو ئێستا هۆڵەکە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، ئەویش کاك رشید وتی من موتابەعەی ئیشەکە دەکەم، نازانم جوابەکەی چیە؟، دەمەوێ جوابەکەی وەربگرینەوە، لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانی، حەز دەکەم باسی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانی بکەم، لە ساڵی 2008 وە دیزاینەك، خەریتەیەك ڕەوانی وەزارەتی تەختیت کراوە لە 2008، سی ملیۆن دیناری بۆ دانرا، ئەو سێ ملیۆن دینارە هەتاوەکو ئەم ساڵ ئێستا تەماشام کرد لە وەزارەتی داخلی جێگەی کراوەتەوە، دەست پێ بکات، ئەو پرۆژەیە ساڵی 2008 دانراوە دیزاینەکەی، ئایا ئەو پارەیەی کە دانراوە پێویستی بە پارەی تر نیە بکرێت ئەو بینایە؟، لێرە موشکیلەکی دیکە پەیدا بووە، کە عەردیان بۆ دانابوو، ئێستا عەردەکە نەماوە، بەتەمانە عاردێکی تری بدەنێ هەتاوەکو ئێستا پارەکەی بۆ

دەرچووە، تەندەرەکە حازرە، بەڵام جێگا نیە بکرێت، پار لە بودجەی 2012 لە 10٪ لە هەرسی سەرۆکایەتی بڕا، تەخسیس کرا پارەکان، بۆ وەزارەتی تەندروستی، بۆ شارەوانی و گەشت و گوزار، بۆ گەشە پێدانی وەرزش، ئێستاش پارەکە دیار نیە لە کوێیە، هەم لەگەڵ کاك رشید دیسان دانیشتینەوە، کاك رشید کتابەکەمان داوەتێ چووە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری یەك درهەم سەرف نەکراوە، پارەکەش نازانین بۆ کوێ چووە، تەبیعی هەندێك پێشنیارم هەیە، پێشنیارەکان و پرۆژە وەرزشیەکان بدرێت بە یەك لایەن لە پارێزگاکان، یان بدرێتە وەزارەتی ڕۆشنبیری پێی هەڵبستێ، یان بدرێتە موحافەزەکان، موحافەزەکان پێی هەڵبستن، یان بدرێتە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، یەك جیهەت بێت، ئێستا کێشە هەیە لە مابەینی پارێزگا لەگەڵ وەزارەتەکان، بۆیە ئەو کێشانە ئاوها بەسەر یەك ڕادەوەستی، هۆڵی زەرد، کێشەکە لە مابەینی پارێزگاو وەزارەتی ڕۆشنبیریە بۆیە هەر ڕاوەستاوە تاوەکو ئێستا، من پێم باشە بدرێتە پارێزگاکان، چونکە مەکتەبی هەندەسیان هەیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری یەك موهەندسی هەیە، ئەو کارانە بە یەك موهەندیس ناکرێ، تەبیعی دەمەوێت لێرە باسی هەندێك پێشنیار بکەم، بودجەیەك دابندرێت بۆ وەرزشوانە دێرینەکان، وەرزشوانە دێرینەکان ئێستا لە پەرلەمانی عیراق یاسایەکیان تەسدیق کرد، بەناوی وەرزشوانە دێرینەکان، ئەوە لە لای ئەوان ئەوە نیە بڵێین مووچەی هەیە یان مووچەی نیە، تەبیعی مووچە نەبوو، ڕێزلێنان بوو، ڕێزلێنانیش لە مینەح دەبیتن، مینەحیش تەبیعیە چۆن سەرف دەکرێت، چۆن سەرف ناکرێت، من لێرە پرسیارێك لە وەزارەتی دارایی دەکەم، ئایا لیژنەی ئۆلۆمپی، ڕێکخراوە جەماوەریەکان، ڕێکخراوەکان، سەنتەرەکان، وەکو وەرزشوانە دێرینەکان پارەیان نیە؟، موخەسەسات بۆخۆیان دانانێن؟، بۆ ئیلا بۆ وەرزشوانە دێرینەکان کابرایەك تەقاعودە 100 هەزار وەردەگرێت، نابێت دەبێتە دوو مووچە، بۆ بۆ ئەوان نابێتە دوو مووچە؟، بودجەیەکی تایبەتی بۆ هەولێر بۆ ساڵی 2014 پایتەختی گەشت و گوزاری وڵاتانی عەرەبیە، لەو پایتەختەدا ئەمشەو شتێکم لە ڕۆژنامە خوێندەوە کە گۆنگرەی زانکۆکانی هەموو وڵاتانی عەرەبی، لە 19 -20 مانگی 2013/3 کە 200 زانکۆ دەکات لەهەولێرە، لە هەولێر ئەنجام دەدرێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کە شتێکی مێژووییە، 200 زانکۆ بێت لە کوردستان، لە هەولێر بێن کۆنگرە ببەستن، پێشنیار دەکەم بودجەیەك تەرخان بکرێت، ئەوە کێشەیەکی زۆر موهیمە حەزدەکەم باسی بکەم، دەرفەت بدەن هەقی هەولێریەکانە، تەبیعی ئەوە سێ، چوار ساڵە سێ، چوار گەڕەك هەیە لە هەولێر ئستیملاك کرایە، ئەو گەڕەکانە گەڕەکی خانەقاو تەعجیل و گەڕەکی عارەبان، ئەو سێ گەڕەکەیە، کرێ نشینەکانیان بیتاقەی عەردیان دانێ و پارەش ئەگەر وابزانم غەڵەت نەبم 40 وەرەقەیان دانێ، گوتیان لەخانووەکان وەرنە دەرەوە قفلیان لێداو قفلەکانیان بردە موحافەزە، پرسیار دەکەم لێرە باشە ئەو کرێ نشینانەیان برد لە کوێ دانا؟، کە عەرد و وەرەقەت دایێ، کە وەرەقەت دایێ وەرەقەکەت ناخوات، عاردەکە تەحدید نەکراوە، لە لایەك ئەوەی خانووی بە 100 هەزار گرتبوو لە مەحەلەی عەرەب و ئەوانە، ئێستا بە 500 هەزار دینار گرتوویەتی، ئێمە چمان کرد لەو ئیستیملاك کردنە، خانووی ساحێب موڵکەکە سێ ساڵە خانووە کەی قفل دراوە، هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، باشە ئێمە فکر ناکەینەوە کابرا حاسێب

موڵکە ئێمە غەدرمان لێی کردووە، من حەز دەکەم بزانم ئاخر سەبەبەکە لە کێندەرێیە؟، على اقل سێ ساڵە خانووت لێ قەپات کردووە و داتخستووە و قفلت لێ داوە، باشە بۆ حیسابەکی بۆ ساحێب موڵەکان ناکەن؟، ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ و لەگەڵ لیژنەی یاسایی موحاوەلەمان کرد، تەعدیلی یاسای ژمارە(10) ی بەغدا بکەین، بە خانەنشین کردنی پۆلیس و ئەوانە، چەندین دانشتنمان کرد، بەلاّم تاوەکو ئێستا هیچ جوابمان وەرنەگرتۆتەوە لە وەزارەت، لەوەی کە لە 80٪ بە مووچەی کاملی خانەنشین بکرێت، پشتگیریەکان، من پشتگیری لە داواکەی ئەوەل جار کاک کاروان، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناخۆ دەکەم بە هەموو خاڵەکانیەوە، بەخۆم یەکەکم لە لیژنەی ناوخۆ، پشتگیری لێ دەکەم بەهەموو خاڵەکانیەوە، من حەزم نەدەکرد لەسەر ناوخۆ هەر قسە بکەم لەسەر ئەو مینبەرە، وەختی خۆی ئێمە ئیتیفاقمان کرد لەگەڵ سەرۆکایەتی کە پێنج دەقە قسە بکەین، ئەویش نەمانتوانی سەیتەرە لەسەر ئەو پێنج دەقەیە بکەین، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ دەکەم بەهەموو خاڵەکانیەوە، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزش برای بەڕێزم د.ثائر و د.تارا دەکەم، ئەوان ئەوەیان کرد کە شارێکی ئۆلۆمپی دروست بکرێت، بەلاّم سەرۆکی حکومەت ئێمە لە دانیشتنێك لەگەڵی دانیشتین چوار شاری ئۆلۆمپی دروست دەکرێت، لە شارەکانی کوردستان بە گەرمیانەوە، ئەویش حەز دەکەین بە زووترین کات، یەکێك بۆمان بکات، لە هەولێر بیکات ئەوجا لە شارەکانی تر، چونکە پارەیەکی زۆری دەوێت، پارەکە بەش ناکات، پارەی هەموو کوردستان بۆ ئەو چوار شاری وەرزشیە بەش ناکات، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزشی دەکەم خالەکانی (6، 8، 12) کەتایبەتی بە پێکهاتەکان، پشتگیری لە کاك عبدالله محمود دەکەم بە هەموو خاڵەکانیەوە، پشتگیری لە کاك کاروان دەکەم لە پرسیار کردنی هۆی دواکەوتنی مووچەی پاسەوانانی زێرەڤانی، 70ڕۆژ 80ڕۆژ جارەك مووچەی وەردەگرن، کاك کاروان شتەکی ورووژاند کە بودجەی ئەحزابەکان، منیش پێم باشە بودجەی ئەحزابەکان 185 ملیاریان بۆ دانراوە، 15 ملیار بۆ سەنتەرکان و ڕێکخراوەکان، من پێم باشە ئەوە رابگیرێت هەتاوەکو یاسایەکە لە پەرلەمان بەدی دێت، پشتگیری لە کاك جلال دەکەم بە هەموو خاڵەکانیەوە، پشتگیری لەکاك عدنان دەکەم بە هەموو خاڵەکانیەوە، پشتگیری لە سەمیرە خان دەکەم، لە کۆتاییدا من حەز دەکەم باسێك لەو 10٪ یە بکەم کە لە سەرۆکایەتیەکان بڕا بۆ سندوقی شێرپەنجە، ئایا من پرسیار دەکەم بەس لە ئەندام پەرلەمانەکان بڕا یان لە وەزیرەکانیش و لە ئەنجومەنی دادوەریش بڕا؟، ئەو 10٪یە چەند بوو کە بڕا؟، لە چی سەرف کرا؟، حەز دەکەم بزانم ئەوەی، ئەگەر 10٪کە بۆ ئەوەیە بەس بۆ بڕین بێت، تەڵەب دەکەم 50٪ بابڕێت، 50٪ مووچەی ئەندام پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان و ئەنجومەنی دادوەری و سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەگەرنا ئەو خاڵە لەناوی هەڵبگیرێ، نەبێتە موزایەدەی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێکێ دەستخۆشی لیژنا دارایی و ئابووری دکەم، بۆ ماندی بوونا وان سەبارەت ئامادە کردنا وێ ڕاپۆرتێ، کەشیاینە کۆمەلەکا سەرنج و پێشنیار تێدا باس کریە، ب ئومێدا وێ چەندێ حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ بە هەند وەرگریت، دیسان جهێ ئاماژەیە کە دەست خۆشیێ ل هەردوو وەزارەتێ دارایی و ئابووری و پلان دانانێ بکەین، سەبارەت ئامادەکرنا ڕاپۆرتا دارایی ل سەر بودجا سالا 2013 ێ ل هەرێما کوردستانێ کە ئەڤ سالێ ب شێوەیەکێ زۆر ڕێك و پێك ئامادە کریە، زانیاریێ پێدڤی پێ تۆمار کرینە، کە بۆ مە ئاسانکاریەك کریە، کە بشێین بزانین کا سیاسەتا دارایی حکومەتا هەرێما کوردستانێ چەوا بویە دەربارەی بودجێ، ئەگەر پێداچوونەکێ د بوجەیا سالا 2013 دا بکەین، بۆ مە چەند لایەنێن ئیجابی تێدا دیار دبن، کە هەر وەکو بەشەکی ژوان لایەنە برای بەڕێز ل پێش من ئاماژە پێ کری، ئێك ژوان ژی گەهشتنا بودجێ ل پێش وادێ خۆیا یاسایی، کە بتەسەوڕا من پێنگاڤەکا زۆرا گرنگە، دبیتە هاندەرەك و هاریکاریەك بۆ حکومەتا هەرێما کوردستانێ کە بشێت ئەو پرۆژێن کو وان پێشنیار کری، ئێت ماوەیەکی دیار کریدا جێ بجێ بکەن، دیسان خاڵەکا دی ئیجابی سالا 2013ێ کێم بونا ڕێژا کورت هینانێنە، کە ئەڤ سالێ ب بەراورد دگەل پار سالێ درێژا حەڤدە فاسیلە شەش ژ سەدێ  کێم بویە، دیسان خاڵەکا دی تر ژ ئیجابیاتێ بودجا سالا 2013، بەرز بونا ڕێژا بودجا وەبەرهێنانێ، ب بەراورد دگەل سالا پار کە ئەڤ سالێ ڕێژا 31 و نیڤ سەرجەم بودجێ هاتیە دەست نیشان کرن، ئێك ژ خالێ گرنگ د بودجا ئەڤ ساڵدا پێدانا ڤەرزێ گەشت و گوزاریە، بۆ یەکەمین جارە حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ ڤەرزێ گەشت و گوزاری ل هەرێما کوردستانێ بدەت، ب تەسەوڕا من ئەڤە پێنگاڤەکە زۆر جهێ خۆ دایە، بۆ پاڵ پشتی کرنا کەرتێ گەشت و گوزاری هەرێما کوردستانێ، بەلاڤ کرنا کەلتورا گەشتیاری، دیسا پرۆژە یاسایە ئەڤ سالێ ژ لایێ سیاغەو تەبویبێ زۆر ب ڕێك و پێکی هاتیە کرن، دیسان د سیاسەتا دابەش کرنا بودجا وەبەرهێنانێ د بودجا سالا 2013 دا، زێدەتر گرنگی ب سێکتەرێ خزمەت گوزاری هاتیە دان، تەسەوڕا من ئەڤەژی جهێ خۆ دایە، چونکە ئەڤرۆکە ئەگەر تە بڤێ ژێرخانا ئابووری ل وەڵاتەکی پەرە پێبدەی و گەشە پێ بدەی، دبیت تو یەکەم جار پرۆژێن خزمەت گوزاری یان ژی سێکتەرێن خزمەتگوزاری پتر ئیهتیمامێ پێ بدەی،  کە ئەڤ سالێ گرنگیەکا تایبەت ب سێکتەرێ شارەوانی و ئاڤەدان کرنێ و نیشتەجێ بوونێ، کارەباو تەندروستی و پەروەردێ هاتیە دان، دیسان ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە سالا 2013 ێ بگشتی دبینین هاتیە ئاراستە کرن، بۆ بەردەوام بوون ل سەر پاراستنا ئەمن و ئیستیقرارێ ل هەرێما کوردستانێ، دیسا بەرز کرنا ئاستێ ژیارا تاکی و کێم کرنا ڕێژا بێکاریێ و ئەنجام دانێن پرۆژێن خزمەتگوزاریا جودا جودا، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، دیارە ئێك ژوان بابەتێ گەلەك قسەو باس ل سەر هاتیە کرن، ئەو ژی بابەتێ ئاسایش و بەرگری بویە، من ژی ب پێویست زانی ئەز ژی کۆمێنتەك ل سەر ئەو بابەتە بدەم، هەروەکو ئاشکرایە ڕێژا 30 فاسیلە 36٪ بودجا تەشغیلی بۆ سێکتەرێ ئاسایش و بەرگری هاتیە تەرخان کرن، بەلاَم ئەگەر بێین ئەڤێ ڕێژا هەنێ ورد بکەین، دابەش بکەین ل سەر ئەوان دەزگایێ کو گرێدای ب سێکتەرێ ئاسایش و بەرگرێڤە، تەسەورا من دێ

بۆچوونەکا دی دەڤ من دیار بیتن، وەزارەتا ناوخۆ ڕێژا یازدە فاسیلە حەفتێ ژ سەدێ بۆ هاتیە تەرخان کرن، دەزگایا ئاسایشێ ڕێژا چار فاسیلە 20 ژ سەدێ هاتیە تەرخان کرن، ئەنجومەنێ ئاسایشێ ڕێژا دوو فاسیلە 97 ژ سەدێ بۆ هاتیە تەرخان کرن، وەزارەتا پێشمەرگەی یانزە و چل و نەهـ ژ سەدێ بۆ هاتیە تەرخان کرن، تەبیعی ئەگەر بێین ئەو رێژا هاتیە تەرخان کرن بۆ خەرجیێن وەزارەتا پێشمەرگەی ژێ دەربکەین، کو ئەم هەمی دزانین حکومەتا هەرێما کوردستانێ ب ناچاریڤە ئەڤ خەرجیە یان ئەڤ پارە تەرخان کریە بۆ وەزارەتا پێشمەرگەی، دێبینین تەنها ڕێژا هەژدە فاسیلە هەشتێ و حەفت ژ سەدێ دمینیتن، بۆ سێکتەرێ ئاسایشێ، ئەگەر بێین بەرێ خۆ بدەینە ئەو ڕێژا هاتیە تەرخان کرن، بۆ وەزارەتا ناوخۆ هەروەکو بەڕێز د.عمر ژی ل دەستپێکێ ئاماژا پێ کری، دبینین نیڤا ئەو پارەیێ ئان ئو تەخسیسا بۆ وەزارەتا ناڤ خۆ هاتیە تەخسیس کرن، تەسەوڕا من نیڤەکا پارە بۆ دچیتە ئەمنی، ئەوی دی تر هەمی دچیتە بوارێ ئەمنی، دیسان ژ بێژین چالاکیێ مەدەنی و خزمەتگوزاری ناچیتە بوارێ ئەمنی، یازدە فاسیلە حەفتێ ژ سەدێ و هەشتە، بەلکو نیڤ دچیتە بوارێ ئەمنی، یا دی تر ژی دچنە چالاکیێ مەدەنی و خزمەتگوزاری، بۆ نموونە ژی کۆمەکا سازیێ مەدەنی و خزمەتگوزاری پەیوەستن ب ناڤخۆ ڤە، بۆ نموونە ژی ڕێڤەبەریا ناحیا، قائیمقامی، پارێزگا، ئەنجومەنێ پارێزگەها، ڕێڤە بەریێ توندو تیژیێ هەتا هاتن و چوون ژی، چونکی ئەو ژی سازیەکێ خزمەت گوزاریە، ژبەروێ چەندێ ئەگەر بێین بەشێ ئاسایشێ وەکی مە ئاماژە پێ کری، ب دروستایی ئەوێ دچیتە بوارێ ئەمنیدا، نابیتە 13٪، ئەگەر بێین تەماشای خەرجیێت هەندەك ولاتێ جیهانێ بکەین، ئایا چەند ژ داهاتێ خۆیێ ئیجمالی تەرخان دکەن بۆ سێکتەرێ کڕینا شتومەکی بەرگریێ؟، کە گەلەك ژ وان وەلاتان د ڕەوشەکا ئارام و سەقامگیردا دژین، ژ وان وەلاتان کە ب ئیستیخباراتی ئەمنی و سیاسی و ئابووری ب ناڤ و دەنگن، دپۆلین کرنەکا دیڤ پێوەرێ ئیستیغباراتا ئەمریکی (C.I.A) کو بەلاڤ بویە د وێب سایتێ (ئینسەر گروپدا) ب تایبەتمەند د ئەمنی و ستراتیژی، تێدا کە بۆ 149 وەلاتا هاتیە کرن، وەکی بێژن هەڵسەنگاندن بۆ 149 وەلاتا هاتیە کرن، تێدا 20 وەلات هاتیە دەست نیشان کرن، ئەوێن کو تەخسیساتێ زۆر د بودجێت خۆدا دانایینە بۆ کڕینا چەکێ و بەرگریێ، ب بەراورد دگەل داهاتێ وان ئیجمالی، مە ژ نینە کە ئەوە هەبی، هەر وەلاتەکێ داهاتیێ وێ ئیجماڵی ب شێوەیەکێیە، ئەوان تەقریبەن ڕێژەیا دەرئێکخستی، کە هەر ئێك ژ وان وەلاتا چەند تەخسیس کریە بۆ کڕینا چەکێ و بەرگریێ، تەبیعی دوێ تەسنیفێداو دەوێ پۆلین کرنێدا، کو دبێژن ل ڕێزا ئێکێ بوینە، دەست پێ دکەتن ژئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، یابان، چین، ڕوسیا، ئیتاڵیا، سعودیە، هیند، ئوستوڕالیا، کۆریا جنوبی، ئیسپانیا، کەنەدا، تورکیا، هۆڵەندا، ئیسرائیل، بەرازیل، تایوان، یۆنان، کە ئەم هەمی دزانین ژی بەرێ فەترەیەکی وەزعێ دارایی یۆنان چەوا بوویە، دیارە ئیحتیماڵە ئەو پرسیار بێتە کرن، بێژن ئەڤە خەرجیێ کڕینا چەکێ و بەرگریێ بووینە، دیارە گومانیان ل سەر هندێ هەی بۆچی خەرجێ بەشێ ئاسایشێ زۆرن؟، هەرێما کوردستانێ ل دیف دەستوورا عیراقا فیدرال، مافێ کڕینا چەکێ قورس و فڕۆکێ جەنگی نینە، تەبیعی وەختێ بەشەکێ بەشی بەرگریێ بەشەکێ زۆر گرنگە، بۆ پاراستنا

ئەمن و ئاسایشا وەلاتێ تە، تە ئەو مافێ دەستووری نەبیتن، کو تو ئەو بەشێ هەنێ گرینگییێ پێ بدەی و ب هێز بئێخی، چەکدار بکەی ب چەکێ قورس و فرۆکێن جەنگی، هەتا دوماهی ئەز تەسەوڕ دکەم ڤلاێتیەك پەیدا دبیتن، ئەو ڤەلاتییە هەنێش دبیتن تو پڕ بکەی، ب ئیهتیمام دان ب بهێز کرنا لایەنێ ئاسایشێ، ژ بەر وێ چەندێ ئەز تەسەوڕ دکەم ئەو سیاسەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ پەیرەو کری چار چێڤێ وێ چەندێ دابوویە، چونکە مە مافەکی دەستووری نەبوویە، ئەم هێزا خۆیا بەرگری، ب هێز بێخین، بۆ هندێ ببیتە یاریدە دەرو هاریکار بۆ بەشی ئاسایشێ، بشێت هەردوو پێکڤە ب هەماهەنگی پاراستنا هەرێما کوردستانێ، دیسا ئەز دبێژم ئایا ب ویژدانا هەوە کیژ ڤان وەلاتێ کو بەری نووکە مە بەحس ژێ کری، هەڕەشەو مەترسی ل سەر ئایندێ وی هەیە ب قەدەر ئەو هەڕەشەو مەترسی ل سەر ئایندێ هەرێما کوردستانێ هەی؟، ئەم هەمی ژی دزانین ئەڤرۆ هەرێما کوردستانێ د هاوکێشێ هەنیدا ل کیڤەیە، تەبیعی زۆر موناقەشە ل سەر وردەکاری دەزگەها ئاسایشێ هاتیە کرن، تەسەورا من ئەو دیف چوونا مە کری، د موناقەشاتێت دەزگایێ ئەمنیدا، ل چ وەلاتەکێ کەس هندە موناقەشەو وردەکارییێ وان دەزگایێ ناکەتن، تەنها موناقەشە ل سەر وێ تەخسیسێ یان ئەو گوژمەی دێتە کرن، ئایا گوژمەکێ زێدەیە ئان یێ کێمە، ڕاستە، دروستە موناقەشە ل سەر وێ تێدا دێتە کرن، گەلەك جارا هندەك دەزگا دێنە بەحس کرن، کە هندە تەخسیسا پارەی بۆ هاتیە دانان، هندە ملیار بۆ فلان دەزگەها، هەندە ملیار فلان دەزگەها، تەسەوڕا من هیچ دەزگایەکێ ئەمنی ل هیچ وەلاتەکێ دنیایێ، نهێنییێن خۆ نائێخیتە سەر وەرەقەیەکێ بێژی من هندە ملیار دۆلارێ تەرخان کری بۆ لێدانەکا ئیرهابی، بۆ نموونە ل هەولێرێ، کا بۆ من یەك بەلگە بینن کو ل موخابەراتیا دونیایێ بێژیتن 100 ملیۆن دینار تەرخان کری بۆ لێدانا خەلیەکا ئیرهابی، گروپەکی ئیرهابی فلان جهە، وەنابێژیتن ئەو پارەیە دێچیتە دەزگەهەکێ وەسا دا، کو نهێنی بۆ دەزگای بێتە پاراستن، ئەگەر بێین تەماشای داهاتی عیراقی فیدرال بکەین، سالا 2007 ێ هەتا سالا 2012 ێ، بەشێ هەرێما کوردستانێ ژوی داهاتی چەند بوویە؟، چەوا ڕەفتار دگەلێ داهاتی هاتیە کرن؟، چەند سوودمەند بوویە بۆ هاوولاتییێن هەرێما کوردستانێ؟، چەند بوویە ئامرازەك بۆ بەرز کرنا ئاستێ خزمەتگوزاریان؟، چەند ژ کێشەو گرفتێن هاوولاتییێ هەرێما کوردستانێ چارەسەر کریە و کێم کرینە؟، هەتا حکومەتا هەرێما کوردستانێ تا چ ڕادەیەك موافق بویە د ئیدارە کرنا ڤی داهاتیدا بۆ خۆش کرنا ژیانا هاوولاتیا هەرێما کوردستانێ، دەماوێ شەش سالێ بووریدا داهاتی عیراقا فیدرال بریتی بوو ژ زێدە تر ژ سێ سەد و هەشتێ و هەشت ترلیۆن دینار، ئەو ژی ل دیف یاسایێ بودجەیێن عیراقا فیدرال ل سالا 2007 دا هەتا 2012، د ماوێن شەش سالێ بووریدا داهاتێ هەرێما کوردستانێ بریتی بوو ژ زێدەتر ژ پێنجی و حەفت ترلیۆن دینار، ئەو ژی دیسان ل دیف یاسایێن بودجێ سالا 2007 هەتا سالا 2012، واتە بۆمە دیار بیتن، ڕێژا داهاتێ هەرێما کوردستانێ ژ سەرجەم داهاتێ عیراقا فیدرال، دگەهیتە 14٪، دیسان ئەگەر بەرێ خۆ بدەینە کورت هینانێ ژی، کورت هینان د بودجا هەرێما کوردستانێ، ب بەراورد یا عیراقا فیدرال ئەو ڕێژا ناگەهیتە 90٪، ئەم هەمی دزانین سالانە چەندین ترلیۆن وەك کورت هێنان ل عیراقا دهێتە دانان، بۆ پتر

ژی زانین ئەم هەمی دزانین ڕێژا دوو ژ سەدێ ژی بودجا وەبەرهێنانا عیراقێ نەکەویتە بوارێ جێبەجێ کرنێدا، ئەو کورت هێنانە ئەو ژی دزانن کورت هینانەکا ڕاستەقینە نیە، بەس دیسان ژی ئەو کورت هێنانە د بودجێ مەدا هەی، ئەم هەمی ژی دزانین کورت هێنانەکا ڕاستەقینەیە، کورت هێنانەکا ڕوون و ئاشکرانە، بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، ل داهاتێ مە ئاماژە پێ کری یا هەرێما کوردستانێ د ماوەی شەش سالێدا، کە زێدە تر پێنجی و حەفت ترلیۆن دینارا بوویە، ل دیف ئەو داهاتەو زانیاریێن بەردەستێ مەیە، ئەم بینین ئەو برە پارەیە ب شێوەیەکێ ڤازانجدار هاتیە مەزاختن، بۆ بەرژەوەندیا هاوولاتیێن هەرێما کوردستانێ، باشترین خزمەتگوزاری یێن جودا جودا پێ هاتینە ئەنجام دان، کە ئەول خالێ شیکار کرنەکا ل سەر چەوانیا دابەش کرن و مەزاختنا وی داهاتی ب سەر سێکتەران، چ ڕێژێ گەشە کردنێ ب خۆوە دیتینە، هەر چەندە ژی مە چەند سێکتەر چەند بوارێت هەڵبژاردی د ناڤ سێکتەرێدا، ئەم هەر سێکتەری ژی ب تەفسیلی بەحس نەکریە، چونکە ئیحتیمالە دەمێ هندێ گونجای نەبیتن، ئەگەر بێین سێکتەرێ پەروەردەو فێرکردنێ و خاندنا بالاٚ هەردووکا پێکڤە وەربگرین، دەبینینن ڕێژی زێدە بوونا قوتابیان د ماوێ شەش سالاٚ دا ب ڕێژا بیست و نەهـ فاسیلە نۆزدە ژ سەدێ گەشە کریە، ژمارا پڕۆژێن دروست کرنا ژێرخانا هەردوو سێکتەران یێت هاتینە ئەنجام دان، د ماوێ شەش سالاٚدا د ڕێژا بیست و دوو فاسیلە حەڤدە ژ سەدێ گەشە کریە، ڕێژا مامۆستایان یان زێدە بوونا مامۆستایان د ماوێ شەش سالاٚ بووریدا ب ڕێژا سی و دووفاسیلە چل و دوو گەشە کریە، ڕێژا نەخویندەواریێ د ماوەیدا ب ڕێژا 13٪ کێم بوویە، ڕێژا تێچوویێ چاپ کرنا پەرتووکان د ماوێ شەش سالێ بووریدا ب ڕێژا هەشتێ و شەش فاسیلە هەشتێ"و پێنج ژ سەدێ گەشە کریە، هەتا ئەم شێین بێژین د سێکتەرێ پەروەردەو فێرکردنێ و خاندنا بالاٚ دماوێ شەش سالێن بووریدا تەنها بۆ وان بوارێت مە نووکە ئاماژە پێ کری، ب ڕێژا سی و شەش فاسیلە حەفتێ و دوو ژ سەدێ گەشە کریە، سێکتەرێ تەندروستیێ د ماوێ شەش سالێن بووریدا، تێکڕایێ خەرجیێن هاتینە تەرخان کرن، ب تەشغیلی و وەبەرهێنانێڤە، د ماوێن شەش سالێن بوریدا د سێکتەرێن تەندروستی ب ڕێژا 19٪ گەشە کریە، ڕێژا زێدە بوونا نەخۆشخانەو بنگەهێن تەندروستی و قەروێڵەو پزیشکان و تەبعەن ئەوە ژی دماوێن شەش سالێن بووریدا ب ڕێژا 12٪ گەشە کریە، ڕێژا تەلقیح کرنا زارۆکا ب ڕێژا پێنج فاسیلە چل و سێ ژ سەدێ گەشە کریە، واتە ئەم بێژین سێکتەرێ تەندروستی دیسان د ماوێن شەش سالێن بووریدا ب ڕێژا دوانزە فاسیلە چار ژ سەدێ گەشە کریە تەنها بۆ وان بوارێت مە نووکە ئاماژە پێ کری، سێکتەرێ شەهید و ئەنفال کریان، تەنها تێچوویێ مووچەو هاریکارێن خاندنێ و چارەسەریێ تەندروستی بەس ئەڤ هەرسێ بوارە، مووچە و هاریکاریێ خاندنێ وچارەسەریا تەندروستی یێن کەس و کارێن شەهید و جینۆساید و بریندارێن چەکی کیمیاوی و زیندانیێ سیاسی، زێدە تر دوو ترلیۆن و شەش سەدو چل و هەشت ملیار دینارا تێچووونە، ژ بەرێ تەبعەن دروست کرنا خانیاو ڤە گەڕاندنا ڕوفاتێ تەڤریبەن سەدەها شەهیدێت مە، دە ئەنجامدا نزیکی 5٪ سەرجەم داهاتێ شەش سالێ بووریدا بۆ وێ سێکتەرێ هاتیە تەرخان کرن، سێکتەرێ کارو کاروبارێن کۆمەلاٚیەتی د ماوێ شەش سالێن بووریدا، تەنها تێچوونێ قەرزێن بچووک

سوودمەندێن وەرگرتنا کێم ئەندامان، چاودێریا خێزانێ و بیما بێکاریێ، زێدە تر ژ دوو ترلیۆن و سەدی و چار ملیۆن دیناری تێچوویە، واتە رێژا سێ فاسیلە شەست و 65٪ ژ سەرجەم داهاتێ شەش سالێن بووریدا تەنها بۆ ڤان هەرسێ بوارا چویە، سێکتەرێ ئەوقاف وکاروبارێن ئاینی د ماوێن شەش سالێین بوریدا رێژا ئێك فاسیلە حەڤدە ژ سەدێ ژ سەرجەم داتێ شەش سالێن بووری بۆ سێکتەرێ ئەوقافی هاتیە تەرخان کرن، رێژا گەشە کردنێ ئەڤێ سێکتەری، د ماوێن شەش سالێ بووریدا بریتی بویە حەفت فاسیلە نەوەت و سێ سەدێ، سێکتەرێ کارەبێ د ماوێن شەش سالێن بووریدا ئاستێ بەرهەم هێنانا کارەبێ دماوێن شەش سالێ بووریدا ب رێژا هەشتێ و چار فاسیلە 14٪ گەشە کریە، واتە نزیکی رێژا 20٪ ژ سەرجەم داهاتێن شەش سالێ بووری بۆ سێکتەرێ کارەبێ هاتیە خەرج کرن، سێکتەرێ شارەوانیێ تەنها ڤیرکرن د ماوێن شەش سالێن بووریدا ب رێژا 93٪ گەشە کریە، کۆنگرێت د ماوێن شەش سالێ بووریدا 74٪ گەشە کریە، باخچە ب رێژا 82٪ بۆ ماوێن شەش سالێن بووریدا گەشە کریە، ئاوەرۆیێن بارانێ و قوڕ 77٪ گەشە کریە، بەس برێ خۆلێ و خۆشاکا، خۆلێ و خۆشاك دماوێن شەش سالێن بووریدا ب رێژا 81٪ گەشە کریە، واتە رێژا گەشە کرنێ ئەڤێ سێکتەری د ماوێن شەش سالێن بووریدا نزیکی 84٪، بەس بۆ بوارێن مە ئاماژە پێ کری، سێکتەرێ ئاڤەدان کرنێ و نیشتەجێبوونێ د ماوێن شەش سالێن بووریدا، چێکرنا رێگا دوو ساید د ماوێن شەش سالێن بووریدا 71,41٪ گەشە کریە، رێکێن ئێك ساید ب رێژا 19٪ گەشە کریە، چێکرنا پرا ب رێژا دوو فاسیلە چل ژ سەدێ گەشە کریە، چێکرنا تونێلا ب ماوێن شەش سالێن بووریدا...، چونکی دوماهیکی 60٪ گەشە کری، چێکرنا یەکێن نیشتەجێ بوونێ بۆ خەلکێ کێم دەرامەت ب رێژا 64,63٪ گەشە کریە، واتە ئەم شێین بێژین رێژا گەشە کرنێ د سێکتەرێ ئاڤەدانکرنێ و نیشتەجێ بوونێدا بریتیە لە 59,51٪، سێتکتەرێ ڤە گواستن و گەهاندنێ، دماوێن شەش سالێن بووریدا، رێژا بەشدار بوێن ئەنتەرنێتێ د ماوێن شەش سالێن بووریدا 93,10٪ بوویە، رێژا بەشدار بویێ مۆبایلێ ب رێژا 75,73٪ گەشە کریە، ژمارا هاتنا گەشتیارا د رێکا فرۆکەخانەدا ب رێژا 73,78٪ گەشە کریە، واتە ئەم شێین بێژین رێژا گەشە کرنێ سێکتەری د ماوێن شەش سالێن بووریدا نێزیکی 72٪ گەشە کریە، سێکتەرێ بازرگانی تەبعەن ئەوە ل ڤان شەش سالێ بووری سێکتەرێ بازرگانیش و هەمی سێکتەرێ دی تر پتر گەشەیا کری، بەس بۆ نموونە، ژمارا کارگەهێن پیشەسازی کو د ماوێن ڤان شەش سالێن بووریدا گەشە کری تەقریبەن ب رێژا 62٪ گەشە کریە، دیسا سێکتەرێ دارایی دماوێن شەش سالێن بووریدا چەند گەشە کریە، پێشینەیا هاوسەرگیری د ماوێن شەش سالێن بووریدا ب رێژا 35, 27٪ گەشە کریە، پێشینەیا خانووبەرە ب رێژەیا 34,2٪ گەشە کریە، قەرزێ وەبەرهێنان 20,10٪ گەشە کریە، پێشینەیا پیشەسازی و کستوکالێ 38,44٪ گەشە کریە، بەخشینا هاوسەرگیریان یا کوڕ و کچێن شەهید و ئەنفال کریان د ماوێن شەش سالێن بووریدا ب رێژا نزیکی 32٪ گەشە کریە، من شەش رێژێت هەنی یەعنی من ئاماژە پێ کر بۆ هندێ کو ئەم بزانین دەر ئەنجامێ وێ گەشە کرنێ چ روویدایە، چ موئەشیرات ل سەر وێ گەشە کرنێ دیار بن، تەبیعی دەرئەنجامێ وێ شیکار کردنێ بۆمە چەند نیشاندەرەك دیار بن، کە ئەڤێن خارێ چەند ژ وانن، تەبیعی

بۆمە دیار بیتن دەرئەنجامێ وێ شیکار کرنێ کە تارادەیەکی زۆرباش حکومەتا هەرێما کوردستانێ شیایە ئەو داهاتێ بۆ ماوێن شەش سالێن بوریدا خەرج کری، دەرهاویشتەیەکی باش پاش خۆ بهێلیتن، ب رێژەیەکا زۆر باش موهیم ترین کێشەو گرفتێ هاوولاتیان چارەسەر بکات، خزمەت گوزاریێن جودا جودا پێشکەش ب هاوولاتیێن هەرێما کوردستانێ و ناوچێن کوردستانییێن دەرڤەی هەرێمێ ژی بکەتن، رێژێ ئاستێ ژیارا بەرز بکەت، ئەڤێن خارێ چەند نیشاندەرەکن ڤێ چەندێ، تەبعەن دی ڤێ شیکار کرنێ دیار بوو ب رێژەیەکا بەرچاڤ رێژا بێکاریێ دڤی ماوەی دابەزیە، ل دیف پیڤەرێن نێڤ دەولەتی خەرج کرنا هەر یەك ملیار دۆلار د بوارێ وەبەرهێنانێدا 40 هەزار بێکاری د بازارێ کاری پەیدا دکەت، واتە ئەگەر ب خەرجیێ هەنێ نێزیکێ 25 ملیار دۆلارا بۆ بوارێ وەبەرهێنانێ هاتبنە خەرج کرن، ئەم شێین بێژین نێزیکی یەك ملیۆن دەرفەتا کاری د بازارا هەرێما کوردستانێ پەیدا بوویە، زێدەباری ئەو پلێن دامەزراندنێ ئەوێت حکومەتا هەرێما کوردستانێ سالانە کەرتێ گشتی دا ژی دابین کری، رێژا پەیوەندی کرنێ ب ناوەندێ خاندنێ رێژەیەکا باش تۆمار کریە، رێژا نەخوێندەواریێ ژی ب رێژەکا باش دابەزیە، کە ئەوە دوو نیشاندەرێ زۆر گرنگن، بۆ دیار بوونا رێژا ئاستێ داهاتێ تاکی، چونکی ئەم هەمی دزانین رێکێ سەرەکیێ ناڤەندا خاندنێ قوتابیان ئەگەرێ سەرەکی ئەو بوویە، لاواز بوونا داهاتێ خێزانێ و ئابووری تاکە کەسی بوو ل هەرێما کوردستانێ، ئەگەر ئەم بیراخۆ بینینەوە سالێن 1990 هەتاوەکو 2000، رێژا تەسەروبا قوتابیان ل ناڤەندێ خاندنێ ب رێژەکا گەلەك بەرز بوویە، بەس خۆشبەختانە د ماوێن شەش سالێن بووریدا رێژا پەیوەندی کرنا زارۆکا ب ناڤەندێ خاندنێ رێژێ گەلەك بەرز تۆمار کرینە، بەلگێ ل سەر وێ چەندێ ئەوە دماوێن شەش سالێن بووریدا رێژا گەشە کرنێ ل ڤان ئاستێ دایە، نێزیکا زێدە تر ژ 514000 قوتابیان پەیوەندیا هەبووی دگەل ناڤەندا خاندنێ، سالێ بۆ سالێ ئاستێ پێشکەش کرنا خزمەتگوزاریێن تەندروستی ل باشیێ دایە، چونکە ل دیف وان ئامارێ هاتیە تۆمار کرن، رێژا مرنا زارۆکێن ژێر ئێك سالی ژێر پێنج سالیێ د دابەزینێ دایە، تەبعەن دیف وان موسوحاتێ یوئێن ژی کری بۆمە دیار بیتن کو ئێك ژ کێشێن سەرەکی ئەو بوو، کە رێژا مرنا زارۆکێ ژێر ئێك سالێدا د رێژێت بەرز دابوویە، دیسان ژی ژێر پێنج سالی ژی دا، خۆشبەختانە ئەگەر وان مسوحاتێ (یو.ئێن) کریە، بۆمە دیار بیتن کو ئێك ژی کێشێن سەرەکی ئەو بوو رێژا مرنا زارۆکێ ژێر ئێك سالێدا د رێژێت بەرز دابوویە، دیسان ژێر پێنج سالی ژی دا، خۆشبەختانە وان مسوحاتێ مە دیتی رێژا هەنێ گەلەك هاتیە دابەزین، ئەڤە ژی موئەشرەکی ئیجابیە گرنگی حکومەتا هەرێما کوردستانێ گرنگی ب کەرتێ تەندروستیێ دایی تایبەتی ژی کو دبێژن ریعایەی ئەوەلی، چونکی ئەویا زۆر موهیم بوویە چونکی ئەو ب تەنێ هەنێ دابەزی، دیسا ژی رێژا نەخۆشیێن وەکو کولێراو هەتا دیماهیێ، ئەسلەن هەندەك کێشێ وەسا نەماینە ل هەرێما کوردستانێ، تەبیعی د ماوێن شەش سالێن بووریدا زۆر گرنگی ب سێکتەرێ کارەبێ هاتیە دان، وێ شیکار کرنا مەکری یەعنی زێدە تر 82٪ ئەوێ سێکتەرێ گەشە کری، تەبیعی ئەگەر ئەم بێین بەرێ خۆ بدەینە پرۆژێ سالا 2013 ێ وەزارەتا کەهرەبێ، دبینین نەقلەیەکا نەوعی ڤێ کەفتی، یەعنی یا دیارە سیاسەتا وەزارەتا

کەهرەبێ یا گۆڕانکاریا تێدا چێ بووی ژ وەزارەتا بەرهەم هێنانا کاهرەبێ، بەرەڤ وەزارەتەکا دابین کرنا ئان ژی بەرهەم هێنانا وزەی دچیتن، چونکی بەشەکی گەلەك ژ پرۆژێن وەزارەتا کەهرەبێ دچنە چارچێوەی وێ چەندێ دا، کو وەزارەت ژ وەزارەتەکا دابین کرنا کەهرەبێ بەرەڤ وەزارەتەکا دابین کرنا وزەی دچیتن، گەلەك پرۆژە ژی ئەگەر بەرێ خۆ بدەنێ هەمی دچنە ئیتارێ بەرهەم هێنانە وزە، ئەوە ژی نەقلەکێ نەوعیەو موئەشرەکێ ئیجابیە د سێکتەرێ ڤە گواستنێدا، وەکی مە ئاماژە پێ کری ڕێژێ گەشە کرنێ ب کار ئینانا ئەنتەرنێتێ مۆبایلێ، ڕێژێن گەلەکێ مەزن تۆمار کرینە د ماوێن شەش سالێن بووری، تەبیعی ئەوە ژی موئەشرەکی زۆرێ ئیجابی و گرنگە، ئەڤە وێ چەندێ دگەهینین کە فیعلەن ئاستێ ژیارا تاکی ل هەرێما کوردستانی د بەرز بوون دایە، دیسان ژی ئاشنا بوون ژ تەکنەلۆژیا نیە، تەکنەلۆجیاو ب کار ئینانا تەکنەلۆجیا ئەڤرۆکە لە هەرێما کوردستانێ گەشە کری، ل بەر هندێ ڕێژا ب کار ئینانە ئەنتەرنێتێ گەیشتیە یان گەشە کریە ب ڕێژا 93٪، سێکتەرێ دارایی د ماوێن شەش سالێن بووریدا وەکی مە ئاماژە پێ کری چەند ڕێژەیێن جودا جودا ......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عیماد ئەگەر دەقەیەك ئیجازە بدەی، بۆ ئەوەی مەوزوعەکە بەسەر نەچێ تەوزیحەکی هەیە د.علی فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك عیماد، جەنابێ تە گۆت مەعەدەلێ وان شەش سالێت چووی، تە ل دیف بودجا هەرێما کوردستانی و عیراقا فیدرالێ، تە گوت موعەدەل 14٪ موعەدەلێ ....

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهاتێ هەرێما کوردستانێ ئەگەر تو داهاتێ عیراقێ دیار بکەی، مەسەلەن 388 ترلیۆن زیاتر بوویە، یان هەرێما کوردستانێ 57 ترلیۆن بوویە دماوێن ڤان شەش سالاْندا، یەعنی تەقریبەن دەکات ڕێژا 14٪، ژ داهاتێ عیراقا فیدرالێ، یێ شەش سالاْ ئەگەر پێکڤە بی.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر موعەدەلێ هەر سالەکێ، هیچ سالەکێ مابەینا 10 و 11 ێ دەرباز نەبوویە، تە چەوا حیساب کریە؟، موعەدەلێ ئیتیفاقیا سالاْ 2006 چێ بوویە، 17٪ میزانیا عیراقێ ژ میزانیا نەفەقات نەوەك واریدات....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی بەرێ کو دبێژن نەفەقاتێ سیادی دەربێخن.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێجا حەز دکەی موراجەعا وێ ڕەقەمی بکە، چێ نابیت ژ 11 پتر بیتن، چونکی هەر سالەکێ مابەینا 10 و 11 ێ دا بوویە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیحتیماله ئەڤێت ڕێژێ هەنێ مە گوتی موقارب بن، موهیم، سێکتەرێ دارایی د ماوێن شەش سالێن بووریدا چەند ئامانجەکێ گرنگ یێ تەحقیق کرین، ئێك کێم کرنا ڕێژا ل کرێچیا کوردستانێ کە ئەڤ ئێشە ب ڤەیران هاتە ڤەڵەم دان، دوو، ئاسانکاری بۆ گەنجێن مە هاتیە کرن، کە بە ڕێژەیەکا باش پرۆسەیا هاوسەرگیری ئەنجام دایە، دەرئەنجامێ پێدانا ڤەرزێن پیشەسازی و کشتوکاڵ و وەبەرهێنانێ ئەڤان سێکتەرا، تا ڕادەیەك ب ڕێژەیەکی جودا جودا گەشە کریە، ئێك ژ هەرە موئەشرێن گرنگ د کار کردنێدا بۆمە دەرکەفتیە، ئەو ژی زێدە بوونا ڕێژا ژ دایك بوویە، ب ڕاستی ئەو ڕێژا کو ب تایبەتی ژی ل کەرتێ پەیوەندی کەرتێ پەروەردەیێ ئەوێ پەیوەندی ب ناڤەندێ خاندنێ کرد، لەوێ بوومە کو ڕێژا ژ دایك بوونێ ل هەرێما کوردستانێ یەعنی د ڕێژێت بەرز دایە، بۆ نموونە ژی ل دیف ئەو تەڤریرا ( یو. ئێن. ئێف. پی) ل سەر حالەتی سوکان بەلاڤ کری، کو دبێژم پارێزگەها دهۆکێ یەکەمین پارێزگەهـ بوویە ل زێدە بوونا یان ژ ڕێژا خسوبێ، کە ئەو ژی 9٪ بوویە، ل هەموو پارێزگەهێن عیراقێ پتر بوویە، واتە ئەڤ نموە سوکانی ژی کو دبێژن کار تێکرنەکا سەلبی تێدا دێتە سەر حکومەتێ، بۆ هندێ کو حکومەت بارێ وی ڤورس تر لێ دێتن، بۆ پێشکەش کرنا خزمەت گوزارییێن جودا ب تایبەتی ژی ل کەرتێ پەروەردەیێ و تەندروستی دا، ئێك ژ موئەشیراتێ دی تر گرنگ گەشە کرنا برێ خۆڵێ و خۆشاکێ بوویە، کە 82٪ گەشە کریە، تەنها بۆ ڤێ چەندێ ئەگەر مەسەلەن بەس گلێژ 81٪ دماوێ شەش سالێ هندە گەشە بکات، باشە وەزارەتا شارەوانی پێدڤی چەند بودجەیە بەس بۆ چارەسەر کرنا خۆڵێ و خۆشاکێ، دیسان ئێك ژی موئەشراتێ دی تر گەشە کرنا عمرانی و وەبەرهێنانی و دابەش کرنا پارچەیێ عاردی ب سەر هاووڵاتیان کە شێوەیەکی چاوەرێ نەکراو تەبعەن گەشە کریە، دماوێن شەش سالێن بووریدا ئەوە ژی تەبعەن بار گرانەکێ گەلەك مەزنە ل سەر حکومەتێ بۆ گەهاندنا خزمەتگوزاریان بۆ ئەوان جیهە، چونکی حەرەکا عومرانی ئەگەر ب شێوەیەکێ نەتەبیعی گەشە کر، تەبعەن ئەوەش دبیتە بار گرانیەك، ل سەر ئەوێن حکومەتێ بۆ گەهاندنا خزمەت گوزاریان بۆ وان جیها، من ژی چەند پێشنیارەکێت هەی، ئاراستەی نوێنەرێ حکومەتێ دکەم، دیارە وەزارەتا پلان دانان هەتا ڕادەیەکی موەفەق بوویە، د دابەش کرنا ئەو برە

پارەیەی هاتیە تەرخان کرن بۆ بودجا وەبەرهێنانی ل سەر پارێزگەهاندا، یەعنی هەتا حەدەکی عەدالەت هاتیە پەیرەو کرن، بەلێ هندەك وەزارەتا دەمێ دابەش کرنا بودجا خۆدا ل سەر پارێزگەهاندا موەفەق نەبووینە، تەقریبەن هەتا حەدەکێ نەعەدالەتیەکا پێوەدیارە، ژ بەر هندێ پێشنیار دکەم وەزارەتا پلان دانانێ وەزارەت و دەستەیان ئیلزام بکەت، ئەوێ چەندێ ل بەر چاڤ بگرن، چونکی ڕاستە مەسەلەن گەلەك جارا دبێژن پارێت پرۆژەیێ بەردەوام دگەل پێشنیار کری کۆم بکە درێژەك بۆتە دەرکەوی، بەس ب دیتنا من ئەگەر پارێ وەبەرهێنانێ تەقسیم بیتن، مە نەوێت دبیتە سێ بەش، بەشەك بۆ پەرەپێدانێ پارێزگەهایە، بەشەك بۆ پێشنیار کریە، بەشەك بۆ بەردەوامایە، ل ڤێرە ڕاستە هەرسێکان کۆم بکەی عەدالەت دەرکەویتن ل وی پارێزگەها، بەس پرۆژێ پێشنیار کری وەسا نیە، بۆ نموونە، وەزارەتا ڕۆشنبیری ئەو پارەیەی بۆ هاتیە تەرخان کری، ل سالا 2013ێ دبینی ڕێژەیا پارێزگەهێ ناگەهیتە 8٪، ئەز دگەل تەمە ئیحتیمالە بەردەوام و وان ژی کۆم بکەی ڕێژەیا پارێزگەهێ دروست بکەی، بەس ب تەسەوڕامن وەزارەت بۆ وەزارەتێ عەدالەت نینە، ڕاستە بۆ وەزارەتا پلان دانانێ عەدالەت پەیرەو کری، بەس ئەز تەسەوڕ ناکەم ئەڤەعەدالەت بی بۆ وەزارەتێ، ل بەر هندێ ب تەسەوڕا من وەزارەتا پلان دانانێ ل سالێت ئایندە ئەوێت خالێت ب نەزەرێ ئیعتیبار وەر گری، دوو، پێشنیار دکەم ل حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ سالێن بهێت، پلانەکا ستراتیژی بۆ ناوچەو قەزای سنووری هەبیتن، ڕاستی یەعنی قەزا و ناوچێن سنووری هەرچەندە سالێن بووری حکومەتا یاسا بوو تێدا، سالانە گۆژمەکێ ئیزافی د هاتە تەرخان کرن، بۆ پالپشتی کرنا پرۆژێن خزمەت گوزاری بۆ ڤان دەڤەرا، خاسەتەن یێ سنووری زیان لێ کەفتی، ب تەسەوڕا من پرۆژەکێ و دوو پرۆژا ئەڤ دەڤەرێت هەنێ ئاڤەدان نابن، پێدڤیا حکومەتێ پلانەك و سیاسەتەکا ئاراستە کری هەبیتن، کا دێ چەوا ئەڤ دەڤەرێت ببنەوە، دێ دگەل خۆ بهینەڤە ئەڤە کو عەکسی لێ بێتن، چونکە ڕاستی ئەو دەڤەرێت هەنێ یەك کێشەیا لێ هەی ئەزێ بەحسێ دەڤەرا ئامێدی دکەم، کە لە سالا 1958 ژمارا ئاکنجیێن قەزا ئامێدیێ 85 هەزار بوو، وەکی نووکەش تو بەری خۆ بدەیێ یەعنی هندە 95٪ نابووریتن، یەعنی هیجرە گەلەك ل وان دەڤەرا چێ دبیتن، ژ بەر وێ چەندێ ب تەسەوڕا من دڤێتن حکومەتا هەرێما کوردستانێ داهاتیدا سیاسەتەکا ئاراستە کری هەبیتن بۆ ڤان ناوچێت هەنێ، پێشنیار دکەم تەنسیق و هەماهەنگی ناڤبەرا وەزارەتا پلان دانانێ و پارێزگەهان، سەبارەت دابەش کرنا پرۆژەها گەشە پێدانا پارێزگەهان، د سەر وەزارەت و سێکتەران، بۆ هندێ ئەگەر ناوچەیەك دناڤ پارێزگەهێدا ژ پرۆژەیێن پێشنیار کری وەزارەتەك بێ بەش بیت، تاکو د پرۆژێ گەشە پێدانا پارێزگەهان بێتە قەرەبوو کرن، چونکی گەلەك جار مەسەلەن دێبنین وەزارەتەکێ یەعنی کۆمەکا پرۆژان ل دەڤەرەکێ یێت پێشنیار کری، دێچی بەرێ خۆ دەیە بودجا پەرەپێدانا پارێزگەها ژی، ئیحتیمالە دیسان کۆمەکا پرۆژان ل وێ ناوچەیان تەرخان کری، تەسەوڕامن ئەگەر ئەڤ تەنسیقەو هەماهەنگیە هەبیتن، ئەگەر هاتو وەزارەت کێم دانابیتن، بلا موحافەزە ئان پارێزگەها قەرەبوو بکەتن، ئەگەر بێژن پارێزگەها کێم دانابیتن، وەزارەت شێتن ئەوێ ناوچەی قەرەبووکەتن بۆ دانانا پرۆژان، پشتگیری پێشنیارا وەرزش و لاوان دکەم، سەبارەت ئەو

تەخسیسە هاتیە دانان بیست و دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دینارە بۆ لیژنا ئۆلۆمپی، نزانم غەلەتی هاتیە، بەس وەختی ئەم کۆمبین بکەین ئەو ڕەقەمە مەوجودە، ئەوجا ئەم حەز دکەین بلا سێ ملیار و تشتەك بۆ لیژنا ئۆلۆمپی بیتن، ئەوی دی تریێ ژی تەخسیس بکەن بۆ ژێرخانا وەرزشی لە هەرێما کوردستانێ، ئەو ژی ل دیف سوکانی بێتە دابەش کرنێ ل سەر هەرسێ پارێزگەهان، تەبیعی ل دیماهیێ بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، ڕاستی یامای بێژین ئەز بێژم بەرهەمێ وێ بودجێ بوویە ئەڤ هەمی ڕێژێن گەشە کرنێ د بواراندا پەیدا بووینە ل کوردستانێ، دیسان بەرهەمێ وێ بودجێ بوویە د مەسحەکا گۆڤارا( ئین.دی .ئای. ئینتەر جێنس) دا، یا تایبەتمەن د بوارێ وەبەرهێنانا جیهانیدا، مەسحەك ل 2012 ی کری ئەنجام دایە، ل سەر ژمارەکا شارێن ڕۆژهەلاتا ناڤین، دە شار دەست نیشان کرینە بە باشترین شارێ گەشە کرنا وەبەرهێنانێ و ئاڤەدان کرێ ل ڕۆژهەلاتا ناڤین، خۆشبەختانا هەولێرا پایتەخت ب زنجیرە 3 هاتیە، سلێمانی زنجیرە 7 هاتیە، یەعنی ئەز تەسەوڕ دکەم ئەڤە ئێك ژ وان بوارێت گەلەك گرنگە کە مەسحەکا کری، هەر سێ شارێ هەرێما کوردستانێ د گەشە کرنا وەبەرهێنان و ئاڤەدان کرنێدا، ئێك ژ واندا باژێرێ ئەوەلێ بووینە، ئەز بێژم بەرهەمێ بودجێ بوویە ل دیف مسوحاتێت (یو.ئێن) ێ گەلەك لایەن دی ژی ڕێژا بێکاری ل هەرێما کوردستانێ ژێر 7٪ بوویە، ئەز باوەرم بەرهەمێ وێ بودجێ بوویە کە هەرێما کوردستانێ بوویە لاندکا ڤە حەواندنا ئاوارەیێن عیراقێ، برایێن مەسیحیێ مە، هەرسێ پارچێن دی کوردستانێ کە ئەڤ ناوچەیێ بوویە بۆ وان ئارامترین ناوچەیا ڕۆژهەلاتا ناڤین، ئەڤرۆکە ئەم زانین ژمارا ئاوەرەیان چەندە ل هەرێما کوردستانێ، ئەز باوەرم بەرهەمێ وێ بودجێ بوویە کەخەلکێ هەرێما کوردستانێ شاد بوویە، ب دابین کرنا 20 -22 سەعاتێ کەهرەبیێ دکەن، ئەم دزانین ئەو عیراقا خودان وێ بودجا زەبەلاحە هەتا نووکە نەشیایە شەش دەمژمێرا کەهرەبەیێ بۆ خەلکێ خۆ دابین بکات، ئەز باوەرم بەرهەمێ وێ بودجێ بوویە کەناحەز و دوژمنێن میللەتێ کورد و کوردستانێ هەتا ب بەرز کرنا ئالایێن کوردستانێ ژی ڕازی نەدبوون، ئەڤرۆ سەرێ خۆ چەماندی بووینە دۆست دگەل مە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرمووو

**بەڕێز .عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕێژەیەی کە برای بەڕێزم کاك عیماد باسی کرد، هەروەها بەڕێز کاك د.علی سەرنجی لەسەر هەبوو، لە ڕاستیدا حیساب کردنەکە بەم شێوەیەیە، ئەگەر ڕێژەی لە 100٪ی حیساب بکەین، کاك عیماد باسی کرد لە 14٪ مەسەلەن هی هەرێمی کوردستان بووە، ئێمە لەو داهاتە لە 10٪ بۆ 11٪ لە عیراقمان وەرگرتووە، بەلام ئەوی تری ئەو یەك دوو دەرەجە ئەوە داهاتی ناوخۆمانە، حیسابەکە بەم شێوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، ڕاپۆرتەکە زۆر بە تێرو تەسەلی بودجەکەی شی کردۆتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کردووە، هەرچەندە تێبینیەکم لەسەر گشت ڕاپۆرتەکانی هەموو لیژنەکان هەیە، ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکان پرسیاری زۆر لەخۆ دەگرێت، بەڕای من ئەو پرسیارانەو وردەکاریانە لە لیژنەکان وەڵام بدرابایەوە و چارەسەری ئەو کێشانە بکرابایەکە هەبوو، نەوەك بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەو وردەکاریەو ئەو هەموو پرسیارە لەناو هۆڵی پەرلەمان بکرێت، ئەوە لەبەر ئەوەی وەزیر مافی ئەوەی هەیە کە وەڵامی هەموو پرسیارێك نەداتەوە، هەرچەندە تاوەکو ئێستا جەنابی وەزیری دارایی ئەو مافەی خۆی بەکارنەهێناوەو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئەو مافەی خۆی بەکارهێنا وەڵامی هەر پرسیارێك یان چەند پرسیارێکی نەدایەوە، بودجەکە پەسەند کرا، ئەوا ئەو پرسیارانە هیچ ڕۆڵیان نامێنێ باشتر وابوو لە لیژنەکان ئەو پرسیارانە چارەسەر بکرابایە، پرسیارەکان لەوێ بکرابایە و لە لیژنەکان وەڵام بدرابایەوە، لە جیاتی پرسیار باشتر وابوو ڕاپۆرتەکان زیاتر جەختیان لەسەر هەڵسەنگاندنی بودجە بکردبا، بودجە وەکو دۆکیۆمێنتەك بە ژمارە تەعبیر لە سیاسەتی دارایی حکومەت دەکات، بابەتی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان، پەرلەمانتارانی بەڕێز زۆر ئاماژەیان بە کێشەکانی مووچەو یەکسانی لەگەڵ بەغدا کرد، بەڕێزان، لەو وڵاتانەی کەوا سیستەمی فیدراڵی پەیڕەو دەکرێت، هەر هەرێمێکی فیدڕال یەکەیەکی دەستووری سەربەخۆیە، سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕاستە هەرێمی فیدڕاڵیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ هاوبەشن لە سەروەری وڵات و پاراستنی ئەو سەروەرە، بەڵام ئەو هاوبەشیە ڕێگر نیە لەسەر بوونی سیستەمی هەرێمە سەربەخۆکان، ئەو سیستەمە وا دەکات کە مەرج نیە مووچەی فەرمانبەران و کارمەندانی هەرێمی کوردستان یەکسان بێ لەگەڵ مووچەو دەرماڵەی کارمەندانی حکومەتی فیدڕاڵ، لەبەر ئەوەی هەندەك هەرێم هەیە داهاتی زۆرە، بۆیە حکومەتی فیدڕاڵ لەو حاڵەتە پێویست دەکات مووچەی زیاتر بێ لە فەرمانبەری حکومەتی فیدرال، یان ئەوەتا هەندەك هەرێم باری ئەمنی نالەبارە، پێویست بە خەرج کردنی جۆرە دەرماڵەیەك دەکات، تا ئەو بارو دۆخە ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام لە شوێنێکی تر بارودۆخی ئەمنی بەو شێوەیە نیە، پێویست ناکات ئەو دەرماڵەیە هەبێ، هەرچەندە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە کاتی پەسەند کردنی یاسای بودجەی ساڵانی 2010 و 2011 و 2012 دەقێکی یاسایمان زیاد دەکرد، زۆر داکۆکیمان لێ دەکرد، کە پێویستە یەکسانی لە نێوان مووچەی فەمانبەران و کارمەندانی هەرێمی کورستان هاوتا بکرێ و یەکسان بکرێ، بەڵام داوای جۆرێکی تایبەتمان یەکسان کرد، لەو حاڵەتە ئەگەر مووچەکە لە هەرێمی کوردستان کەمتر بوو ئەوا یەکسان بکرێ بە فەرمانبەرانی عیراق، لەو حاڵەتە ئەگەر یەکسان نەبوو زیاتر بوو ئەوا مووچەکان کەم بکرێتەوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە ئێمە هەستمان کرد سیستەمی مووچە لە هەرێمی کوردستان کاتی ئەوە هاتووە کە پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، بە ڕەچاو کردنی ئەو بارودۆخی ئابووری و ئەمنی کە لە هەرێمی کوردستان

سەقامگیرە، بەهیچ شێوەیەك بەراورد ناكرێ لەگەڵ عیراق، هەمان تێبینیم هەیە لەسەر مووچەی خانەنشین، فەرمانبەرێك دوای خزمەت كردن ماوەیەكی زۆر، ماوەی 25-30 ساڵ خانەنشین دەكرێت، بە مووچەیەك كە بە هیچ شێوەیەك بەشی پێداویستی سەرەكیەكانی ژیانی ناكات، ئەوە كاتی ئەوە هاتووە حكومەت چاوی پێدابخشێنێتەوە، بە مووچەی فەرمانبەران و مووچەی خانەنشینان، دوای پەسەند كردنی بودجە زۆر ساڵ وا هاتۆتە پێش بەپێی بەرنامەی كاری پەرلەمان و ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشكەش كراوە، پەرلەمان هەندەك یاسا پەسەند بكات، كە پێویستی بەوە هەیە كە لەلایەن حكومەت بودجەیەكی بۆ تەرخان بكرێ، بەڵام بودجەی گشتی پەسەند كراوە، بۆیە جێبەجێ كردنی ئەو یاسایانە دوا دەخرێت، هەمان كێشە ڕووبەڕوومان بۆتەوە لەكاتی پەسەند كردنی یاسای كۆمەكی تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە، ژمارە (11) ی ساڵی 2012 كە بەپێی بڕگە و بەندی ماددەكە پێویست بوو حكومەت بڕە پارەیەكی بۆ تەرخان بكات بۆ دەعمی ئەو سندوقە، هاوكاری كردنی ئەو كەسانەی كە تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیە بووینە، پێویستی بە خەرج كردنی زۆر هەیە، چارەسەر كردنەكە پێویستی بە خەرجی زۆر هەیە، بەڵام دەبینن لە بودجەی 2011 ئەو یاسایە جێبەجێ نەكراوە، ئەو بڕە پارەیە تەرخان نەكراوە، پێویستە حكومەت بڕە پارەیەكی بۆ دابین بكات، لەبەر ئەوەی ناكرێ پەرلەمان ئەگەر بودجەمان پەسەند كرد، هیچ جۆرەك لەو یاسایانەی كە لایەنی دارایی تێدایەو سندوقەو پێویستی بە تەمویل كردنە پەسەند نەكەین، ئەوە سنووردار كردنی كاری پەرلەمانە، پێویستە ئەو یاسایە لە لایەن حكومەتەوە جێبەجێ بكرێ، بڕێك پارە تەرخان بكرێ بۆ تەمویل كردنی ئەو سندوقە، دەزگای مین، بەڕێزان زۆر ئاماژەیان پێ كرد كە ئەو دوو دەزگایە هەرچەندە لە خشتەی بودجە بە دوو بودجە هاتووە، هەولێر و سلێمانی لەواقیع ئەو دەزگایانە یەكیان گرتەوە، پێویستە ئەو هەڵەیە چاك بكرێتەوە، كە بە دوو بودجە هاتووە، بودجەكە یەك بخرێت، ئەو دوو دەزگایە لە واقع یەك خراوە، ئەوەش لە ئەنجامی فشاری پەرلەمان بوو، لە كاتی پەسەند كردنی یاسای بودجەی 2011، ماددەیەكمان دانا كە هەر دەزگایەك یەكی نەگرتبۆوە تاوەكو پەسەند كردنی ئەو یاسایە پێویستە بودجەی بۆ خەرج نەكرێ، جگە لە مووچەی فەرمانبەران، كە فەرمانبەران مافی خۆیەتی كە مووچەكەی خۆی وەربگرێت، ئەوەش بووە فشارێك كە حكومەت پابەند بوو بەو یاسایەی كە لە پەرلەمانی كوردستان پەسەند كرا، كێشەی ئەو دوو دەزگایانە لە هەرێمی كوردستان چارەسەر كرا، كێشەی پرۆژەی بەردەوام، ئەندامانی لیژنەكان زۆر بە وردی باسیان لەو پرۆژە بەردەوامانە كرد، هەروەها ژمارەی پرۆژەكان، كێشەكانیان، هەندێك وەزارەت هەیە زیاتر لە 500 پرۆژەی بەردەوامی هەیە، ئێستاش داوای چەند پرۆژەیەكی تری كردووە كە پێشنیاری كردووە، ئەو پرۆژانە هەندێكیان پێویستیان بەكات هەیە، ناكرێ ئەو كاتەی كە تەرخان دەكرێت بۆ جێبەجێ كردنی و دروست كردنی قوتابخانەیەك هەمان كات پێویست بێ بۆ دروست كردنی نەخۆشخانەیەك، واتە هەندێكیان بۆیە بەردەوامن سیفەتی بەردەوامیان وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی پێویستیان بە كات هەیە، هەندێكیان پێویستی بە بودجەیەكی زۆر هەیە كە ناكرێ یەك ساڵ ئەو بودجەیەی بۆ تەرخان بكرێ، لەسەر بودجەی یەك فەرمانگە یاخود یەك

وەزارەت هەموو بودجەکە بەشی جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیە ناکات، لەکاتی گفتوگۆ کردنی بودجەی ساڵی 2012 جەنابی وەزیری پلان دانان ئەوەی ڕوونکردەوە لە کاتی پەسەند کردنی بودجە هەر پڕۆژەیەك پەسەند بکرێ لەو ساڵی داراییە، بۆ ساڵی ئایندە دەبێتە پڕۆژەی بەردەوام، بەڵام لە ئەنجامی بەدواداچوونمان بۆ ئەو پڕۆژانە بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی زۆری ئەو پڕۆژانە بۆیە بەردەوامن، لەبەر ئەوەی کێشەی ڕۆتینمان هەیە، کێشەی ڕۆتین کە ڕێگرە لەبەر دەم جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانە، ئەو ڕۆتینە ئەگەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەند دەقێکی یاسایی، واتە ڕێکارە یاساییەکان ڕۆتینن و ڕێگر زیاد دەکەن لەبەر دەم جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژانە، ئەوە پێویستە حکومەت دەست نیشانی ئەو دەقە یاساییانە بکات، تاوەکو پەرلەمانی کوردستان هەمواری بکات، بەشێك کێشەی ڕۆتین چارەسەر بکرێ، واتە ئەگەر هۆکارەکە یاساییە ئەوە بە هەموارکردن چارەسەر دەکرێت، سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیا وەکو پێویست لە لایەن حکومەت سوود وەرنەگیراوە لە لایەن حکومەت وەك تەکنەلۆجیا، بۆ کەم کردنەوەی ڕۆتین، لەوانەیە ئەگەر تەکنەلۆجیا بەکاربێت، بەشێك لەو ڕۆتینەش کەم بکرێتەوە، ئەوە کێشەی بەردەوام بوون بەشێکی زۆری پڕۆژە بەردەوامەکان چارەسەر دەکرێت، فورساییەکی زۆر کەوتۆتە سەر هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو بینایانەی کە حکومەت بەکرێ دەگرێت ساڵانە، کە کرێی بینایەکانی حکومی یەکجار زۆرن، ئەوەش وای کردووە کە خەرجیەکی زۆرو بودجەیەکی زۆری بۆ دابین بکرێ، هەندێ بینایە هەیە کە کرێی یەك ساڵی بەشی بینایە دروست کردنەکە دەکات، جگە لەو بینایانەی کە هێشتا لەسەر موڵکی حکومەتن، چەندین لا دەستیان بەسەردا گرتووە، تاوەکو ئێستا بڕیارەکەی حکومەت وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە، هەموو ئەو بینایانە بەتایبەتی بینایەکانی قوتابخانەکان، ڕاستە هەندێك لەو بینایانە و ئەو قوتابخانانە بەشێوەی فەرمانگەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەرداهاتووە،کە بەهیچ شێوەیەك ئێستا ناگونجێت بۆ قوتابخانە، بەڵام دەکرێ قەرەبوو بکرێنەوە لەسەر بودجەی ئەو وەزارەتە، مولزەمیان بکەن و پابەندیان بکەن لەسەر میزانیەی قوتابخانە دروست بکەن، ئەگەر بینایەکانی لە لای ئەوانە لە ئەسڵدا خۆی لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە و قوتابخانە بووە، بەپێی ماددەی (110) بڕگەی (3) لە دەستووری عیراق، ئەو ماددەیە باس لە ڕەنگڕێژ کردنی سیاسەتی دارایی عیراق دەکات، کە لە دەسەڵاتی حەسری حکومەتی ئیتیحادە، بەڵام ئەو ماددەیە بە هیچ شێوەیەك ڕێگر نیە لەبەردەم ئەوەی کە ئێمە سیاسەتێکی دارایی بەهێزمان هەبێ لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئێمە سیاسەتێکی دارایی بەهێزمان هەبوو، سیستەمێکی یاسایی سەربەخۆمان هەبوو، ئەوانە بنەمای سەرەکین بۆ پێش خستنی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، واتە دارایی و یاساییمان بەهێز بکەین، ئێمە دەتوانین سیستەمی سیاسیمان زۆر بەرەو پێش ببەین، ئێمە ناکرێ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو فیدڕالیەتەی ئێستا ببینین، لەوانەیە شێوازی ئەو فیدڕالیەتەو ئەو سیستەمە شێوازێکی بەخۆیەو ببینێ، بەرەو پێشتر بچێ و گۆڕانکاری بەسەردابێ، ئەو پێشنیارەی کە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاری هەولێر کراوە سەبارەت بە بوونی هەولێر وەکو پایتەختی گەشتیاری لە ساڵی 2014، زۆر لە بەڕێزان پەرلەمانتاران پشتگیریان لێی کرد، ئەو

پێشنیاره پێویستی به خەرجیەکی باش هەیە، بودجەیەکی باش هەیە، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئەو پێشنیاره بێتەدی و جێبەجێ بکرێ، پێویستە هەموو ئەو پێداویستیەو مەرجانەی لە لایەن ڕێکخراوی (یۆنسکۆ ) دیاری کراوەو دەست نیشان کراوە دەبێ جێبەجێ بکرێ، پێداویستی و مەرجەکان جێبەجێ بکرێن، ئەویش هەمووی پێویستی بە بودجە هەیە، ڕاستە ئێستا کۆمسیۆنی بالاّی بووژانەوەی قەلاّی هەولێر ئەو کۆمسیۆنە دامەزراوە، لە ساڵی 2012 بڕی 8 ملیار دینار دینار تەرخان کرابوو، ئێستا لە بودجەی 2013 بڕی 12 ملیار دینار تەرخان کراوە، بۆ نۆژەن کردنەوەی قەلاّی هەولێر، بە گشتی لە پێداویستیەکان و مەرجەکانی (یۆنسکۆ) هاتووە، مەرجەکانی نۆژەنکردنەوەی شاری هەولێر بەگشتی، یەك لەوانە کە قەلاّی هەولێرە، ئەو بودجەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی قەلاّی هەولێرە، بەلاّم پێویستمان بە بودجەیەکە، ئەو بودجەیە لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگا تەرخان کراوە، پێویستمان بە بودجەیەکی گشتیە بۆ شاری هەولێر، تاوەکو مەرجەکانی پێداویستی (یۆنسکۆ) جێبەجێ بکەین، و بتوانین لە 2014 ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکرێ، هەولێر ببێتە شاری گەشتیاری، دوا پێشنیارم ئەوەیە کە ئێمە هەوڵ بدەین ئێمە کێشەمان زۆرە لە نێوان هەولێر بەغدا، پەنا ببەینە بەر ڕێکارو یاسا دەستوورەیەکان، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە، هەوڵە دبلۆماسیەکان بەردەوام بێ، ئەو پێشنیارەم تەنیا بۆ حکومەت نیە، بۆ پەرلەمانیشە کە هەوڵ بدات پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی ولاّتان بەهێز بکات، ئەویش لە ڕێگای بانگهێشت کردنی شاند و وەفد بۆ سەردانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ئێمە ئەو پڕۆژەیەی کە پێشتر باسم کرد، کردنی هەولێر بە پایتەختی گەشتیاری، ئەوەش زۆر گرنگە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پڕۆژەیەش، ئێمە لە سەردانی ئەو وەفدانە سوودی زۆرمان وەرگرتووە بەتایبەتی وەفدی هەرێمی کوردستان، کە سەردانی پەرلەمانی ولاّتانی کرد بۆ ئەوەی کە پرسی جینۆساید بەدونیا بناسێنین و هەوڵ بدەین کە هەموو ئەو لایەنانەی کە ڕۆڵیان هەبووە، لەو کارەساتانەی کە بەسەر کورد هاتووە و بەسەر کوردستان دا هاتووە، بەرپرس بن و لە ڕێگای دادگای نێودەوڵەتیەکان هەوڵ بدەین بەپێی یاسا قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە، تەحەمولی ئەو مەسئولیەتەی ئەو کارانە بکەن کە ئەنجامیان داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای شەست کەس قسە کردن، دۆزینەوەی قسەیەك کە دووبارە نەبێت ئاسان نیە، بەس موحاوەلە دەکەم کە دووبارەکان نەکەم، من ڕەنگە پیشەکەم ئابووریناس نەبێ، بەلاّم لەو ڕوانگەیەوە کە ئەندامی پەرلەمانم، سالاّنەش بودجە لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت، هەوڵم داوە کە هەندێ زانیاری لە ڕێگای ئەو دامەزراوانەی کە کار لەسەر مەسەلەی بودجە دەکەن هەستم کرد کە تەنها ئەو ڕێگە چارانەی بابەتی بودجە دانراوە بەراوردێکم کردووە لەگەڵ ئەو بودجەیەی کە ئێمە تەسدیقی دەکەین، بەگوێرەی ئەو دامەزراوانەو یاخود

ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەو دامەزراوانە بلاّو کراوەتەوە، بودجەی باش ئەو بودجەیە کە شەفاف و واقعی و شمولی بێت، پەسەند کردنی بودجە، یاخود بودجەیان دابەش کردووە بەسەر چەند قۆناغێك، قۆناغی یەکەمیان ئامادەکردنی بودجەیە، قۆناغی دووەمیان سەرف کردنیەتی لەناو حکومەتەوە، قۆناغی داهاتوو بەستراوە بە چاودێری کردنی شێوازی سەرف کردنی بودجەوە بۆ ئەوەی بودجەیەکی شەفاف و واقعیمان هەبێ، کۆمەڵێك ڕێگە چارە دانراوە، یاخود کۆمەڵێك ئەتوانین بلێین کۆمەڵێك هەنگاو دانراوە بۆ ئەوەی کۆمەڵێك کاری لەسەر بکرێ، یەکێك لەو هەنگاوانە ئەو خشتەیەیە کە ئێمە ئێستا لەبەردەستمانە و بودجەکەی لەسەر دابەش کراوە، بۆیە دەبێ هەر یەکێك لەو خانانەی ئەو خشتانە بە گرنگەوە وەربگرین، بەبێ ئەهمیەت و بەبێ ئیهتیمام سەیری نەکەین، پێشتر لە وەلاّمەکان زۆرجار تێبنی دەکرێت ئەو ژمارانەی کە لە خانەکانی پێشوو تر هاتووە، بێ ئەهمیەت سەیر دەکرێت، بەتایبەتی لە مەسەلەی خەملاّندن، بۆ ئەوەی ئێمە بودجەی ساڵی داهاتوو بخەملێنین، بێگومان یەکێك لە خانەکان هاتووە خەرجی فعلی تاوەکو شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردووە، کە هەندێجار ئەو قسەیە دەکرێت کە نابێ ئەو بڕە پارەیە کۆ بکەینەوە، یاخود زەربی دوو بکەین کە ئەوە سەرفیاتە، منیش کێشەیەکم لەوە نیە کە ڕەنگە بەدەقیقی ئەو ژمارەیە دەربچێت، بەلاّم ناکرێ ئەم خەملاّندنە زیادە ڕەوی تیا بکرێ، بۆ ئەوەی هەم واقعی بێت، بۆ ئەوەی هەم شەفاف بێ، بۆ ئەوەی کە خەملاّندنەکە خەملاّندنێکی دروست بێ، پێویستە نزیکی هەبێ لە نێوان ئەو ژمارانە، من چەند نموونەیەك ئەهێنمەوە، یەکێك لەو نموونانە، ئیعاناتی هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتە کە تا6/30 ساڵی ڕابردوو، 13140 ملیۆن بووە، سەیری خەملاّندنی وەزارەتەکان بکەن، بێگومان دانانی بودجە بە دوو ئاراستەیە، ئاراستەیەکیان، لەخوارەوە وەزارەتەکان بۆ سەرەوە دایدەنێن و داوای دەکەن، یاخو لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، وەزارەتەکان داوای 419503 ملیۆنیان کردووە، سەیری ئەو جیاوازیەی نێوان ئەو دوو بڕە پارەیە، لەبەرامبەریشا حکومەت 115 ملیاری داناوە، کە ئەکاتە هەشت ئەوەندەی بڕە پارەی کە شەش مانگ کراوە، بێگومان ئەو خەملاّندنێکی ناواقعیە، چونکە ئەکرێت سێ ئەوەندە بێ، چوار ئەوەندەیە، بەلاّم ناکرێت هەشت ئەوەندەی خەرج کراوی بڕە پارەی شەش مانگی یەکەم بۆ ساڵی داهاتوو بیخەملێنی، لە مەسروفاتی ئوخرا تاوەکو 6/30 بڕی 94 ملیار و هەشت سەدو یانزە ملیۆن دینار سەرف کراوە، وەزارەتەکان داوای یەك ترلیۆن و چوار سەدو نەوەت وسێ ملیارو هەشت سەدو نەوت و شەش ملیۆن دیناریان کردووە، ئەو بڕەی کە دانراوە هەشت سەدو چواردە ملیارو شەش سەدو چل و هەشت ملیۆن دینارە، کە ئەمەش ئەکاتە نۆ ئەوەندەی ئەو بڕە پارەیەی کە شەش مانگی یەکەم سەرف کراوە، ئەمەش ئایا خەملاّندنێکی دروستە، ئەتوانین تەنانەت لە مەوزوعی بودجەی وەبەرهێنانیشا نموونە بێنینەوە، کە پێشتریش کاك سەمیر باسی کرد، بڕی جێبەجێ کراوی ساڵانەی ئێمە لە بودجەی وەبەرهێنان لە 15٪ی بودجەی گشتی تێپەڕناکات، واتە لە 49٪ بۆ 50٪ بودجەی وەبەرهێنان لە 15٪ ی بودجەی گشتی تێپەڕناکات، بەلاّم ئێمە هەمیشە لەسەر کاغەز ئەمانەوێ خۆمان بخەڵەتێنین، ئێمە لە 30٪ داناوە بۆ وەبەرهێنان، کە ئێمە ناتوانین جێبەجێی بکەین، بۆچی ئەو بڕە پارەیە دائەنێین،

ئەمە هەم خزمەت و هەم ناواقعیە لە خەملاندن، هەم خزمەت بە پرۆسەی نا شەفافیەت دەکات، چونکە ئەو پارەیەی کە ئەمێنێتەوە هەمیشە یەکێك لە پرسیارەکانی موناقەشە کردنی بودجە ئەوەیە، ئەو برە پارەیەی کە ئەمێنێتەوە زیاتر لە دوو ترلیۆنە، بەلام هۆکاری سەرف کردنەکەی دیار نیە، ڕاستە وەلام ئەدرێتەوە، دەرمالەی کارمەندانمان زیاد کرد، دەرمالەی مامۆستایانمان زیاد کرد، بەلام لەمەوزوعی بودجە قسە بە گشتی ناکرێت، قسە بە ژمارە ئەکرێت، دوو ترلیۆن لە وەبەرهێنان زیاتر بووە، ئەم دوو ترلیۆنە پێنج سەد ملیارم داوە بەکارمەندان، پێنج سەد ملیارم داوە بە پزیشکان، پێنج سەد ملیارم داوە بە مامۆستایان بەم شێوەیە وەلام ئەدرێتەوە، نەوەك ئەوەی کە وەلامەکە ون بکرێت، وەلامەکە ون بکرێت، لەناو یەك وەلامی گشتی ژمارە بە دەقیقی وجودی نیە، یەکێك لە ڕێگاکانی تر بۆ ئەوەی کە بودجەیەکی شەفافمان دەست بکەوێ، ئەو ڕاپۆرتەی کە ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییە لەگەلّ بودجەکە هاتووە، جێگەی دەست خۆشیە کە ڕاپۆرتەکەیان ناردووە، بەلام لەگەلّ ئەوە ڕاپۆرتەکە قسەی گشتین، ئێمە بۆ ئەوەی کە بودجەیەکی دەقیقمان دەست بکەوێ، یەعنی ئەمە قسەی من نیە، زیاتر لە 10 سالە کە هەم بانکی نێودەولەتی وەهەم زۆر لەو دامەزراوانەی کە باسم کرد قسە لەسەر ئەمە دەکەن، بابەتێکە دانانی بودجەیە لەسەر ئەمە، کاتێك کە حکومەت داوا ئەکات 50 ملیار دینار بۆ کشتوکالّ دابندرێت، پێویستە دیاری بکات، کە ئەم 50 ملیار دینارە ئەتوانێ چی لە وەزعی کشتوکالّ بگۆڕێ، ئایا کێشەی کشتوکالّ لەکوردستاندا چەندە؟، بەم پەنجا ملیار دینارە ئێمە ئەتوانین سالی داهاتوو چەند بەرهەمی تەماتە زیاد بکەین لە کوردستان، ئەتوانین ڕێژەی چەند لە کێشەکە چارەسەر بکەین، لە دانانی برە پارە بۆ هەر مەسەلەیەکی تر چەند کەس سوودمەند دەبێ لەو برە پارەیە، تەنانەت لەناو پەرلەمانیش ئەو ....، ناوی ئەنێی هەلە یان ناوی ئەنێی هەر شتێك تکرار ئەبێتەوە، من سێ سالە لەسەر یەك کە پەرلەمانم تەسەور دەکەم کە ئەمە درێژەی هەبێ بۆ خولەکانی داهاتووش، کە ئەوەی ئەندامی پەرلەمانە هەلسێتەوە بلێ ئەرێ کشتوکالّ ئیهتیمامی پێ بدرێ، ئەرێ تەندروستی ئیهتیمامی پێ بدرێ، ئەبێ پیشەسازی ئیهتیمامی پێ بدرێ، برە پارە دابندرێت، برە پارەکە دائەندرێت، بەس لەو سەرەوە نازانین چەندی کێشەکەمان چارەسەر کردووە، تاکەی ئێمە برە پارە دابنێین بۆ سێکتەرێك کەی کێشەی ئەم سێکتەرە چارەسەر ئەبێ کە ئێمە برە پارەی بۆ دانانێین، بۆیە پێویست بوو ڕاپۆرتەکە زۆر وازح بوایە لە ڕووی دانانی برە پارەکانەوە، هەر برە پارەیەك کە دانراوە تەحدیدی کردایە کە ئەتوانین چ دەرئەنجامێکی هەبێ دانانی ئەو برە پارەیە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە نموونە بێنمەوە، مەوزوعی تواناسازیە کە ئێمە 120 ملیارمان دانا، کە سالی پاریش درێژەمان پێیدا ئەمسالیش درێژەی پێ ئەدەین، تاوەکو ئێستا نازانین کە دەرئەنجامی چیمان بەدەست هێناوەلە تواناسازی، ئایا لەکام سێکتەرە بە تواناسازی توانیومانە کێشە چارەسەر بکەین؟، تواناسازی نەیتوانیوە بچێتە خزمەتی کامە سێکتەرەوە، چۆن ئەتوانین باشتر بەکاری بێنین، تەنها ئەوەیە کە ئێمە برە پارەکە سەرف ئەکەین، بەلێ خەلك ئەنێرینە دەرەوە، بەلام کەسێك ئەنێرینە دەرەوە ماستەر ئەخوێنێ لە (ئای تی) کە تەکنەلۆجیای زانیاریە، سبەی ئەیهێنینەوە ئەیخەینە ژووری فایلاتی وەزارەتێك

کە دیسانەوە مەعلوماتەکە لەناو فایلەکە ئەنووسێت، بۆ ئەوەی فایلەکە مشك و جرج بیخوات، بابەتێکی تر کورت هێنانە، دیسانەوە کورت هێنانیش خزمەت بە پرۆسەی نا شەفافیەت ئەکات، ئابووریەکی بەهێز ئەو ئابووریەیە کە کەمترین کورت هێنانی هەبێت، تەنانەت زۆرجار ڕێژەی لە 3٪ دادەندرێت بۆ ئەوەی کە وەکو پێشنیارێك بۆ ئەوەی کە ئەم کورت هێنانە بەڕێژەی لە 3٪ زیاتر نەبێ، لەبەر ئەوەی کە دیسانەوە خزمەت بە پرۆسەی ناشەفافیەت ئەکات، دواتر لە پڕکردنەوەی کورت هێنانەکە کاتێك لە سێکتەرەکانی بودجە و پارە ئەبڕێت بۆ ئەوەی ئەم کورت هێنانەی پێ پڕ بکەیتەوە، دیسانەوە هۆکاری سەرف کردن نا دیار ئەبێت، یەعنی ئێمە ئەو کاتە ئەو بڕە پارەیەی کە سەرفمان کردووە لەناوخشتەکە کە هۆکاری شەفافیەتە، دیاریمان نەکردووە کە ئەم بڕە پارەیە بۆچی سەرف دەکەین، بەڵکو لە پارەی هەر یەکێك خانەی خشتەکان ئەهێنینەوە ئەڵێین کورت هێنانمان پێ پڕکردۆتەوە، لەوێ پارەکە دیار نەماوە، ناشزانین کە پارەکە لە کوێ سەرف کراوە، بەلاّم کورت هێنان لە کوردستان لە سەدا 10٪ی بودجەیە، نەوەك ئەوەی کە باس کرا نەگەیشتووە لە 8٪، من ئەو تەوزیحەش ئەدەم ئەڵێ ئەگەر کورت هێنانێکە کورت هێنانێکە کە خۆمان دامان ڕشتووە، ئەمانەوێ کە سیاسیانە فشارێك دروست بکەین، بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامێك، ئەتوانین بڵێین کێشە نیە، بەلاّم ئەبێ ئەوەش بزانین لە تەجروبەی ڕابردوو نەمانتوانی ئەمە بکەینە فشارێکی باش بۆ ئەوە ئەنجامەی کە ئەمانەوێ بە دەستی بێنین، لەو بابەتەی پێشوو باسم کرد، یەك بابەتی گرنگ هەیە، چونکە لە ڕاپۆرتەکە باسی گەشە کردن کراوە، یەکێك لە خاڵەکانی گەشە کردن کەم کردنەوەی ڕێژەی هەژاریە، بۆیە پێویست بوو ڕاپۆرتەکە ئەوە دیاری بکات کە ئەو ڕێژەی هەژاریەی کە توانیومانە کەمی بکەینەوە چەندە؟، نەوەك بەشێوەی داڕشتنی گشتی هەوڵ دراوە، ئێمە بەردەوامین لە پرۆسەی گەشە کرن، توانیومانە گەشە کردن بەرهەم بێنین، گەشە کردن پێناسەی هەیە لەناو یەکێك لە ئامانجەکانی گەشە کردن مەسەلەی هەژاریەکە ئەبێ چارەسەر بکرێت، لەو قۆناغانەی دانانی بودجە کە باسم کرد، لەبەر گرنگی چاودێری کردن، دوو قۆناغیان گرنگی بە چاودێری کردن داوە، کە ئەمە بۆخۆی گرنگی چاودێری کردن ئەسەلمێنێ، یەکێکیان مەسەلەی ژمێریاری و حیساباتە کە حکومەت ئەبێ خۆی بیکات، ئەمە لەبەردەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەبەردەم پەرلەمانتارانیش ئاشکرابێ، بەلاّم لە ڕاستی وانیە، بابەتێکی تریش چاودێری کردنی دەرەوەی حکومەتە بۆ حکومەت، وەك باسم کرد دوو قۆناغی دانانی چاودێری کردنە، یەکێکیان چاودێری کردنی حکومەتە بۆ خۆی، پێویستە کراوەبێ لەبەر دەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لەبەردەم هەموو تاکێکی کۆمەڵگە، لەبەردەم پەرلەمانتارانیش، بەلاّم بەداخەوە لێرە لەبەردەم پەرلەمانتارانیش ئەو مەسەلە کراوە، بۆخۆشم بەڵگەم لەوەی کە ڕۆیشتوومەتە دام و دەزگا داوام کردووە ئەسڵەن جوابیشیان نەداینەتەوە، خاڵی ئەخیر مەوزوعی دیوانی چاودێری داراییە کە پێموایە باس کرا، بەلاّم من تەنیا ئەوە ئەڵێم لە نێوان ڕەخنەگرتن و وەسف کردنی بودجە یەك حەکەم وجودی هەیە، ئەویش دیوانی چاودێری داراییە کە لە ڕاستی بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی سەرۆکایەتی پەرلەمانە، پێویستە ئەم بابەتە یەکلایی بکاتەوە، بەلاّم ئەبێ ئەو حەکەمە

حەکەمێك بێ کە لە کاتی ڕوودانی فاولێ بتوانێ فیکە لێ بدات، نەوەك خۆی بدزێتەوە لە بەرپرسیارێتی، وەکو چەند تێبینیەك یەکیان لە ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە ئەکات کە بودجەی حاکیمە لە 85٪ دەرمان بۆ حکومەتی هەرێم هاتووە، سەرۆکی کۆماری عیراق کوردە، ئەگەر ئێمە گلەیی بکەین لە لایەنێکی تر، لەوانەیە تا ڕادەیەك گلەیی تێئەچێت، بەلاّم کاتێك کە وەزیرەکە کورد بێ و دەسەلاّتەکە لەدەستی ئەو بێ، چونکە ئەمە پارە نیە لەدەستی وەربگرین، بەڵکو دەرمانەو ئەکڕدرێت و دواتر دێتە هەرێمی کوردستان، بۆخۆی لە چاوپێکەوتنێك لە یەکێك لە کەناڵەکان باسی لەوە کرد بەڕێژەی سەرو لە 100٪ ئەوەی جێبەجێ کردووە، نەوەك ئەوەی کە هاتووە لێرە باسی لە 85٪ دەکات، سەبارەت بە داهاتی وەزارەتی تەندروستی، من لەگەڵ ئەوەم کەداهاتی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆی بێت، بەلاّم لە ڕاستی زیان ئەگات بە وەزارەتی تەندروستی، کاتێك بەم شێوەیە لەناو یاساکە دێت کە باس لەوە دەکات کە داهاتی وەزارەتی تەندروستی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئەمە ئەچێتە خزمەت دیسانەوە پرۆسەی نا شەفافیەتەوە، چونکە ئەوەندەی کەمن ئاگاداربم، بەدواداچونیشم بۆ کردووە، لەو پارەیەی وەزارەتی تەندروستی ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بە ڕێژەی 100٪ نا، بەلاّم لە هەندێ شوێن بە لە 60٪ لە هەندێ شوێن لە 20٪ ئەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بەو بیانووەی کە ئەمە ئەچێتەوە خەزێنە، دوایی سەرەڕای بودجەی دانراو بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئەم بڕە پارە سەرف دەکرێت، بەلاّم دیار نیە، ئەو بۆخۆی بۆ وەزارەتی تەندروستی هیچ زانیاریەکی نیە لەسەر ئەوەی کە ئایا وایە یان وا نیە؟، بۆیە پێویستە ئەم بڕە پارەیە دیاربێ بە شێوەی خەملاّندن، کە چەندە؟، دیاریش بکرێ بۆچی سەرف دەکرێت، ئەوەیان قازانجی وەزارەتی تەندروستی تیایە، هەر سەبارەت بە داهاتی وەزارەتی تەندروستی، دەبوو یەکێك لە داهاتی وەزارەتی تەندروستی، کە یەکێکیشە لە کێشەکانی بودجە، مەوزوعی سندوقی خانەنشینیە، ئەم دوو سندوقە بە دوو شێوەی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە کە ئێمە سنوقەکەمان نیە، خانەنشینان لەسەر تەعویزاتی موەزەفین پارە وەرئەگرن، بەلاّم سەیرەکەی لە شوێنی تر موساهەمەی ئیجتیماعی بۆ سندوقە دانراوە، ئەگەر سندوقەکە بوونی نیەکەواتە بۆ موساهەمەی ئیجتیماعی دانراوە بۆ سندوقەکە، ئەگەر بوونیشی هەیە، هەم لە سندوقی خانەنشینی هەم لە سندوقی کرێکارانیش دیسانەوە ڕێژەیەك لەوە دانرا کە تایبەتە بە تەندروستی، پێویستە ئەوەش ئەگەر بەشێوەی هاوکاری کردنە بۆ کرێکار یاخود خانەنشین بۆ ئەوەی خزمەتەکەی دەست کەوێ، هەر کارێکی باشە، ئەگەر وەکو داهاتێکیش ئەچێتە وەزارەتی تەندروستی هەر کارێکی خراپ نیە، بەلاّم ئەم بڕە پارەیە ونە و نازاندرێت بۆچی سەرف دەکرێت، باس لە ستراتیژێك کراوە کە گەشەپێدان و چاکسازیە لە تەندروستی، ستراتیژێکی جوانە، هەمیشە چاکسازی لە سیتەمی تەندروستی هەموو لایەنەکان ئەیکەنە دروشم، ستراتیژێکی جوانە بۆ بودجەکە، بەلاّم لە ڕاستی ئەم ستراتیژیە لە بودجەکە ڕەنگی نەداوەتەوە، بەو دەلیلەی کە ئێمە ساڵی 2010 پێنج پۆینت دوو بودجەکەمان بۆ تەندروستی بووە، ساڵی 2011 کە بووە بە چوار پۆینت نۆ، یاخود چوار پۆینت نەوەت و نۆ، دابەزیوە، ئێستاکە زیادی کردووە تەنها پۆینت دوو

زیادی کردووه، که بووەتە پێنج پۆینت چوار، لەبەر ئەوە یەعنی هیچ ئەولەویەتێك بە تەندروستی نەدراوە، ئەو بڕە بودجەیەی کە بۆ تەندروستی دادەندرێت پێویستە بەراورد بکرێ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، یاخود بەراورد کردن لەگەڵ سێکتەرەکانی تر، ئەگەر بەراوردی بڕە پارەی تەندروستی بکەین بە گوێرەی وڵاتانی دراوسێی ئێران لە سەدا دە پۆینت پێنجە، تورکیا لە سەدا دوانزە پۆنیت هەشتە، سعودیە لە 7٪، ئوردن لە سەدا هەژدە پۆینت شەشە، لوبنان لە سەدا نۆ پۆینت پێنجە، من بەراوردی ناکەم لە وڵاتە پێشکەوەتووەکان، چونکە لە وڵاتە پێش کەوتووەکان نموونەی ئەمەریکا هێنرایەوە، ئەمریکا بودجەی تەندروستی و (سۆشیالکێر) کە مەسەلەی کۆمەڵایەتی ئەگرێتەوە، زیاترە لەبودجەی بەرگری، کە هەمووشمان ئەزانین ئەمریکا لە زۆربەی وڵاتانی دونیا تەداخولی ئەمنی هەیە، چاکسازی سیستەمی تەندروستی پێویستی بە تەکنەلۆجیای زانیاریە، نەوەك کۆکردنەوەی زانیاری خۆش لە فایلێك، دوایی باسی ئەکەم کە فایلەکە چی بەسەردا دێت، هەر ئەوەش بوو گیان لەدەستدانی ئەو نەخۆشەی کە ساڵی ڕابردوو لە سلێمانی ڕویدا، چونکە لە لیژنەی لێکۆڵینەوە باس لەوە کراوە بە نەخۆشەکە وتراوە یاخود بە هاوەڵی نەخۆشەکە وتراوە حەساسیەتی هەیە بە دەرمانەکە یان نا، زانیاری دروستی نەبووە، ئێمە زانیاری نەخۆش بە شێوەیەکی دروست هەڵبگرین، بێگومان تووشی ئەوە نابین، ئەو کاتە نە ئێمەش و نە هاووڵاتیانش ڕەخنە لە پزیشك و کارمەندان ناگرین کە بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆش کردووە، ئەگەر بەراوردی بودجەی تەندروستی بکەی لەگەڵ سێکتەری بەرگری و ئاسایش، ئەو بودجەی کە بۆ بەرگری و ئاسایش دانراوە شەش ئەوەندەی ئەو بودجەیەیە کە بۆ تەندروستی دانراوە، وەك من نموونەشم هێنایەوە کە لە شوێنی تر چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بێگومان گرنگە ئیهتیمام دان بە ئاسایش، ئیهتیمام دان بە بەرگری، ئەوەتان لەبیر نەچێ وڵاتێکیش نین کە فڕۆکەی جەنگی بکڕین، نە چەکی قورس بکڕین کە لە سەدا سی و پۆینت سێیان بۆ داناوە، ئەی ئەگەر ئەمانە بێتە سەر بودجەکە، یەکێك لەو کارانەی کە وەزارەتی تەندروستی ئێستا کاری لەسەر دەکات، بابەتی کوالیتی کۆنترۆڵە، کە بنەمایەکی گرنگی تەندروستیشە، کە فەحسی دەرمانێك بکەین پێویستە دەرمانەکە لە کوردستانەوە بنێرین، بێگومان کارێکی باشە، بەلأم سەیری تێچوونەکەی بکەن، پێویستە ئێمە دەرمانەکە لە کوردستانەوە بنێرینە بەریتانیا، کە بێگومان تێچوونی ئەو فەحسە دیسانەوە لەو سەرەوە لەسەر کێ ئەکەوێ، لەسەر شانی هاووڵاتی ئەکەوێ، چونکە خاوەنی کۆمپانیاکە ئەو بڕە پارەیە دێتەوە سەر دەرمانەکە، چاك کردنی سیستەمی تەندروستی پێویستی بەدانانی بودجەیە، دانانی موختەبەرێکی پێشکەوتوو چاك کردنی سیستەمی تەندروستی پێویستی بە چاك کردنی سەرخانی تەندروستیە، نەوەك مامەڵە کردنی پزیشکێك وکارمەندێك وەك هەر کارمەندێکی تری وەزارەتەکانی تر، ئەمە لە زۆربەی وڵاتانی تریش کە د.علی بۆخۆشی لێرانە لە پێشنیاری ئەو کۆمپانیایەی کە وەزارەتی پلان دانان گرتوویانە بۆ ڕاوێژ، یەکێك لە پێشنیارەکان باسی لەوەیە، کەمی بودجەیەکە ڕێگرە لە چاکسازی لە شێوازی پێدانی سەرخانی تەندروستی، هەر ئەوەشە کاری کردۆتە سەر ئەو ئەدائە خراپەی کە کەرتی گشتی هەیەو هاووڵاتیان ناچارن ڕوو لەکەرتی تایبەت بکەن، باسی ریعایەی

ئەوەی کرا، هەر بۆ نموونە، بێگومان ئەو داتایەی کە باس کرا منیش ئاگاداری ئەو داتایەم، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع ئێمە کێشەمان لە وەرگرتنی داتا هەیە، داتایە وا دەردەچێت، ئەگینا لە واقع شتێکی تر بوونی هەیە، باشە ئەمە مەقبولە کە کەسێك ماڵی لەهەولێر بێت، تا ئێستا لەبەر قەڵەباڵغی نەخۆشخانەی ولادە لە لای مامانێك کە هیچ زانیاریەکی لەسەر شێوازی منالّ بوون نیە، منالّی ببێت هەفتەی ڕابردوو کەسێك بەو هۆیەوە گیانی لەدەست دا، لەبەر ئەوەی کە لای مامان منالّی بوو، تووشی خوێن بەربوون بوو، تاوەکو گەیشتبووە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دابوو، ئەسڵەن ماڵەکە شوێنی ئەوەنیە کە ئەو کەسە منالّی تیا بێ، تاوەکو ئەگاتە ئەوەی لای کێ منالّی ئەبێ، لەبەر ئەوەی ریعایەی ئەوەلی ئێمە ولادەش تارادەیەك ئەچێتە ئەو بابەوە، بە داخەوە لە ئاستی پێویست دا نیە، سەبارەت بە پڕۆژەکان، لەبەر ئەوەی ئەو قسانەی کە من کردم و کە پێشتریش باس کرا، بودجەی کەرتی تەندروستی بودجەیەکی کەمە، گوایە زۆرترین کەس کە قسەی کرد لەو بارەیەوە، کە بودجەکە کەمە، بۆیە من پێشنیارەکەم ئەوەیە، وەکو لیژنەش پێشنیارمان کردووە، کە پێداچوونەوە بەو ڕیزبەندیەی وەزارەتەکان و کەرتەکان بکرێت، ئیهتیمامێکی گرنگ بەو لایەنەوە بدرێت، سەبارەت بە پڕۆژەکانی دانراو بۆ وەزارەتی تەندروستی، دیسانەوە لە مەسەلەی وەبەرهێنانیش، ئەو بڕە پارەیەی کە دانراوە، بڕە پارەیەکی کەمە، سەرەڕای ئەوەی کەبڕە پارەکە بڕە پارەیەکی کەمە لەناو پڕۆژەکانیش کێشە هەیە، یەکێك لە کێشەکان نا هاوسەنگیە لە دابەش کردنی پڕۆژەکان لەناوچە جیاوازەکان و لە ناو سەنتەری شارەکان و دەرەوەی شار، کە پێویستە لەو ڕوانگەیەوە هاوسەنگی ڕابگیرێت، نموونەیەك بێنمەوە ناوچەی گەرمیانە، ڕەنگە زۆر لە پەرلەمانتارەکان سەردانی ئەو ناوچەیان کردبێ، بەو ڕێگایەی کە لەنێوان گەرمیان و سلێمانی هەیە، تاوەکو ئێستا وەکو نموونەیەك، نەخۆشێکی تالاسیما بۆ وەرگرتنی بوتڵێ خوێن کە ئیشێکی بەردەوامە پێویستە لەکەلارەوە یاخود لە کفریەوە سەردانی سلێمانی بکات، ئەمە مەقبولە، لە جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی، فرە بەرپرسیارێتی و بێ پلانی وجودی هەیە، چوار پڕۆژەی پێشنیار کراو بۆ وەزارەتی تەندروستی دانراوە، یەکێکیان نەخۆشخانەی (ئێمرجنسی) نەخۆشخانەی (ئێمرجنسی) لە هەولێر هەیە، ئێمە لە شوێنی تر کێشەمان هەیە، کێشەی نەخۆشخانەی دیکەمان هەیە، دیسانەوە نەخۆشخانەی (ئێمرجنسی) دانراوە، لە وەزارەتی تەندروستی ئەپرسی ئەڵێ من ئاگام لێی نیە، ئەی کێ ئەو پڕۆژەی خستۆتە ناو پڕۆژەکانەوە؟، لەناو پڕۆژەکان وجودی هەیە، تەنانەت لە شوێنی وا هەیە کە نەخۆشخانە دروست کراوە، نەخۆشخانەی 100 قەرەوێڵەیی، ئەمە دەلیلە لەسەر بێ پلانی و ئەو بودجەیەش کە دائەندرێت بەشێوەیەکی هەڵە بەکاردەهێندرێت، لە شوێنی وا دروست کراوە کە هیچ پزیشکێك و کارمەندێکیش ئامادە نیە بڕوات لەو شوێنە دەوام بکات، نە ژمارەی دانیشتوان و نە جوگرافیای شوێنەکەش بۆ ئەوە لەبار نیە کە نەخۆشخانەی تیا دروست بکرێ، لەکاتێك دا ئێمە لە شوێنی تر لەو شوێنانەی کە قەرەباڵغن کێشەمان هەیە، کەچی ئەم بڕە پارەیە ئەچێ لە شوێنێکی تر بەکاردەهێندرێت کەچی پێویست نیە، تەنها بەڵێنێك هەیە کە مولتەزم بین ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکەین، لەسەر لایەنێکی تری تەندروستی، ئەگەر پێناسەی

تەندروستی بکەین، تەندروستی باش بوونی هاوولاَتیە لە ڕوانەگەی جەستەییەوە لە ڕوانگەی دەروونی و کۆمەلاَیەتیەوە، بۆیە ئیهتیمام دان بە لایەنی کۆمەلاَیەتی بابەتێکی گرنگە، ئەتوانێ خزمەتێکی زۆر باش بکات، بەوەی کە تێچوونی تەندروستی کەم بکاتەوە، چونکە هەمیشە کێشە کۆمەلاَیەتیەکان کێشەی تەندروستی دروست دەکەن، ئێمە ئەتوانین بە چارەسەر کردنی کێشە کۆمەلاَیەتیەکان ئەو تێچوونەی کە لە چارەسەر کردنی نەخۆش، تەندروستی سەرف دەکەین کەمی بکاتەوە، من تەنها ئاماژە بە چەند ڕوانگەیەکی کەمی کۆمەلاَیەتی دەدەم، یەکێکیان تا ڕادەیەك پەیوەندی بە گەنجانەوە هەیە،مەسەلەی بێکاریە، کە پێویستە بە دەقیقی، بە ڕوونی باس لەوە بکرایە، ئەم بودجەیە توانیویەتی چەند ڕێژەی بێکاری و لە چ ڕوویەکەوە چارەسەری بکات، بیمەی بێکاری لە ئێستا بەلێ هەولێك هەیە، بەلاَم لە ڕاستی هەولێکی تەواو نیە، پێویستی بەوەیە کە هاوکاری بێکاران بکەین، بەڕاستی نابێ جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو کەسەی کە زانکۆی تەواو کردووە، لەگەلّ کەسێك کە نەخوێندەوارە، چونکە هەردوو لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم کەسە کاری نیە، دەبێ هەولّی ئێمە بۆ ئەوەبێ کە کاری بۆ بدۆزینەوە، کاتێکیش ناتوانین فرسەتی کاری بۆ بدۆزینەوە کەواتە پێویستە چارەسەرێکی دیکەمان هەبێ، یەکێك لەو چارەسەرانە بیمەی بێکاریە، بۆیە دەبێ ئەم پڕۆژەیە ببێتە پڕۆژەیەکی موتەکامیل، بەگوێرەی یەکێك لە ئاماری سلێمانی بلاَویان کردبۆوە ڕێژەی بێکاری لە 7٪یە، دیارە وەکو بیمەیەکی بێکاری ئێمە مانگانە 200 هەزاریش بدرێت بەو کەسانەی کە بێکارن، ئەو ڕێژەی لە 7٪یە دروست بێ، لەمە زیاتر نەبێ، ئەو برە پارەیەی کە ئێمە پێویستیمان پێیەتی کە سالاَنە بدرێت، نزیکەی 300 ملیارە، من پێوایە پێدانی ئەو 300 ملیارە کە ئەوکاتە ئیلتیزامێکیش لەسەر حکومەت دروست ئەکات، بۆئەوەی ئەم کۆستەی لەکۆلّ بێتەوە، فورسەتی کار بۆ ئەم کەسانە بدۆزێتەوە، پێموانیە کە بڕێکی زۆر بێت، بڕێك پارە دانراوە بەهێز کردنی متمانەی گەنجان لەڕێگەی پێدانی بڕێك پارەیە بۆ چارەسەرکردنی بێکاری، پێموایە زۆر گەورەترە لە سەرف کردنی 300 ملیار، ڕێگەیەکی تر بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێت لە چەوساندنەوەی کرێکاران، ڕێگە بگیرێت لەوەی کە مافی کرێکاران پێشێل بکرێت، باشترە سالاَنە لەگەلّ بودجە لایەنی کەمی پێدانی مووچەی کرێکارانی کەرتی تایبەتیش دیاری بکرابایە، چونکە زۆرجار تەنانەت کۆمپانیایەکانیش کە عەقدیان لەگەلّ حکومەت هەیە، لەکاتێك دا لەو عەقدانە دیاری کراوە لایەنی کەمی پارەکە پێویستە 300 هەزار بێت، نزیکەی 500 هەزار، 600 هەزار کرێی ئەو کرێکارە لە حکومەت وەردەگرێت، بەلگەشم لایە لەسەر ئەو عەقدانە، بەلاَم خاوەنی کۆمپانیاکان، ئەمەش لەناو وەزارەتی تەندروستیش وجودی هەیە، نزیکەی 150 هەزار، 200 هەزار ئەدات بەو کرێکارانە، کە بێگومان ئەو چەوساندنەوەیەکی زۆر ئاشکرای کرێکارانە، مونافەسە دروست کردنە لەنێوان کرێکارێکی ناوخۆ کە ژیانێکی قورسی هەیە لەگەلّ کرێکارێك کە لە ولاَتێکە کە پێداویستی ژیان کەمترە، بێگومان ئەمە مونافەسەیەکی نا دروستە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لایەنی کەمی ئەم مووچەیە سالاَنە دیاری بکرێت، یەك پێشنیار ئەدەم لەسەر تەرحێکی وەزارەتی تەندروستی، حکومەت بۆ هێنانی کارمەندانی بیانی بۆ ناو دام و دەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی، ئەگەر ئەمە هەولێك بێ بۆ

هێنانی ژمارەیەکی دیاریکراوی کەسی کوالیتی بەرز، بۆ ئەوەی کە کوالیتی کارمەندان و پزیشکانی ئێمە بەرز بکاتەوە، هەوڵێکی خراپ نیە، بەڵام ئەگەر هەوڵێك بێ تەنانەت لەناو پرۆژەکانیش دوو پرۆژە بەو ناوەوە هاتووە، ئەگەر هەوڵێك بێ بۆ ئەوەی تەواوی کارمەندان و پزیشکانی نەخۆشخانەیەك و یاخود دامەزراوەیەکی تەندروستی لەوانە بن، بێگومان کارێکی خراپە، چونکە هەر ئەو سەرخانە تەندروستیەی ئێمە ئەگەر پارەیەکی زیاتریان بۆ سەرف بکەین، ئەتوانین لە جیاتی 8 سەعات، 12 سەعات با 14 سەعات کاریان پێ بکەین، لەجیاتی ئەوەی بچێتە کەرتی تایبەت کار بکات، ئەتوانین هەر بەو سەرخانە تەندروستیە ئەو نەقسە چارەسەر بکەین، لەکاتێکیش کە ژمارەی بەرچاو کارمەند هەیە کە تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە، ئێمە بۆ کرێکارێکی بیانی بێنین تەنها لەبەر ئەوەی کە مووچەکەی کەمترە، تێچونەکەی کەمترە لە تێچوونی کرێکارێکی خۆماڵی، یەکێکی تر لە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بابەتی نیشتەجێبوونە، لەڕاستی من پێموایە ئەو سیاسەتەی کە گیراوەتە بەر سیاسەتێکی هەڵەیە، چونکە ئەگەر باوەڕمان وایە، پێویستە بە ئاسۆیی گەشە بە شارەکان نەدەین، بەشێوەیەکی ستوونی، کەواتە بۆ ئێمە زەوی ئەدەین بە کۆمپانیاکان کە ئەوان خانووی لەسەر دروست بکەن، خۆ ئەگەر ئەم زەویە بە هاووڵاتیەکە بدەین، خۆشی ئەتوانێ ئەمەی لەسەر دروست بکات، تەنانەت ئامادەیە کە پارەی بابەتەکە ئەوەبێ پارەی تێچوونی پرۆژەکان لەسەر کۆمپانیاکەیە، دیسانەوە کۆمپانیاکان لەسەر هاووڵاتیان زیاد ئەکات، هاووڵاتیەکە ئامادەیە بۆخۆی ئەگەر زەویەکە وەربگرێت، خانووەکەش دروست بکات و پارەی پرۆژەکەش بدات، بەتێچوونێکی کەمتریش لەوەی لە کۆمپانیاکان هەیە، ئەگەر زیاد بوونی ئاسۆیی پەیڕەو ئەکرێت، خۆ ئەگەر باوەڕیشمان بەوەیە کە زیادبوونەکە، پێویستی بە زیادبوونێکی ستوونی بێت، کەواتە نە پێویست ئەکات زەوی بدرێت بەو کۆمپانیایانە بۆ ئەوەی خانووی لەسەر دروست بکەن، لە هەمان کاتدا ئەکرێت هاوکاری ئەو کەسانە بکرێت، یاخود ئەو گەنجانەی کە شوقە ئەکرن، وەکو چۆن دروست کردنی خانوویەك سولفەی عەقار ئەیگرێتەوە، بۆیە ئەویش هاوکاری بیگرێتەوە، کەمئەندامان بەشێکی تری لایەنی کۆمەڵایەتیە، بێگومان پێویستە ئیهتیمامیان پێ بدرێت، زۆر لە برادەرانی دیکەش باسیان کرد، ڕاستە باس لەوە ئەکرێت کە نابێ بودجەی تەشغیلی بەو شێوەیە ساڵانە زیاد بکرێ، بەڵام ئێمە دێین هەندێ داواکاری ئەم بودجەیە بۆ هەندێ لایەن زیاد بکرێ، نەوەك بودجەی تەشغیلی زیاد ئەکات، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی زۆر لە ئابووری ناسەکان بڕوایان وایە کە ئەو پارەیەی بۆ چارەسەر کردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان سەرف ئەکرێت و بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی سەرف ئەکرێت، ناچێتە بواری بودجەی تەشغیلیەوە، بەڵکو بەشێکی ترە کە پێی ئەوترێ(ترانسفێر بوجێت) ئەتوانین بودجەکە بکەینە سێ بەشەوە، بەشێك ئەوەیە کە پرۆژەکانی پێ جێبەجێ ئەکرێت، کە هی وەبەرهێنانە، بەشێکیان ئەوەیە کە تەشغیلیە، هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکان، بەشی سێیەمیان ئەوەیە بۆ ئەوکەسانەی کە چاودێری کۆمەڵایەتی ئەیانگرێتەوە، لایەنێکی تر کە باسی بکەم، پێش منیش د.ڕۆژان باسی کرد، زۆر ئەندامی تریش باسیان کرد، مەوزوعی جێبەجێ کردنی یاسایە، من باسی بکەم یەکێکیان سندوقی شێرپەنجەیە، کە تەئکید ئەکەمەوە لەوەی کە داواکارم کە

بڕە پارەیەکی بۆ دابین بکرێ، هەروەها سندوقی ژینگەش بە هەمان شێوە، چونکە ئەو بودجەیەکی کە دانراوە، ئێمە دەستەکەمان ناوی دەستەی چاك کردن و پاراستنی ژینگەیە، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە دانراوە بۆ دەستەی ژینگە تەنها تەعبیرە لە پاراستنی ژینگە، هیچ بڕە پارەیەکی تیا نیە بۆ چاك کردنی ژینگە، بۆیە وەکو پێشنیاری ئێمە هەم وەکو ئەندام و هەم وەکو ژینگە، هەم وەکو دەستەی ژینگە بۆ جێبەجێ کردنی یاسایەکە ئەگەر بڕە پارەیەکی کەمیش بێ، بۆ سندوقی ژینگە دابندرێت، یەك تێبینیم لەسەر وەزارەتی شارەوانی هەیە، لەبەر ئەوەی کە باس نەکرا ئەم بابەتە، ئەگەرچی ئەو بڕە پارەیەی بۆ وەزارەتی شارەوانی دانراوە، بە تایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، یەکێك لە کێشەی هاووڵاتیان بەتایبەتی لە سەنتەری شارەکان، کێشەی هاتو و چۆیە، کە ئەمە هەم کاریگەری لەسەر ژینگەو هەم کاریگەری لەسەر تەندروستیش هەیە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان زیاد بکرێ، کاتێك بەهەرماڵێك ئەوترێ بۆچی ئەم ڕێژە زۆرە لە ئۆتۆمبێل، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە هۆکاری هاتوچۆ و گواستنەوەیە لەناو شارەکان، زۆر لە ئاستێکی خراپ دایە، هەروەکو کۆتا قسەم، هەفتەی ڕابردوو برادەرێکم خوێندکاری (ئێك دیە) هاتبۆوە مەوعیدم هەبوو لەگەڵی، زۆر تەئخیر بوو، کە هاتە لام پێم وت بۆچی وا تاخیر بووی، گوتی وەڵاهی حکومەتی هەرێم ئەیەوێ پارێزگایەك بە پاسی 21 نەفەری بەڕێوەبەرێ، لەبەر ئەوە قسەکەم ئەوەیە کە پێویستە هۆکارەکانی هاتو و چۆ و گواستنەوە لە ناو شارەکان چارەسەر بکرێ، بۆ ئەوەی ڕێگە بگیرێ لەو زیاد بوونە نا ئاساییەی ژمارەی ئۆتۆمبێل، کە لە کوردستان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حازم فەرموو.

**بەڕێز حازم تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامێ پەرلەمانێ، بەڕێزان وەزیران، ئەز پێشیا ئاخافتنا خۆدا پشتگیریا ڕاپۆرتا وەزارەتا مالی حکومەتا کوردستانی و لیژنا دارایی پەرلەمانی ئەز دکەم، ئەز دخوازم بۆ جەنابێ وە ئیختیار دکەم ل چ ولاتا ڕازی بوون ل سەر میزانیێ سەدا سەد نینە، چونکە چ دەوڵەت ناتوانن هەموو پێداویستییێت هاووڵاتیا جێبەجێ بکەن، ئەم هەموو دزانین کوردستان خودانا پێنج هەزار گوندێت وێرانێیە، ئو سەد و هەشتێ و دوو هەزار کەسیش ئەنفال کریە، حکومەتا کوردستانێ چەندین ساڵێت بووری ب سەدەهان پڕۆژێت بۆ خەلکی خۆ تەقدیم کریە، ل هەموو بواراندا، بوارێ ئاسایشێ، یێ پەروەردەیی، یێ تەندروستی، یێ کۆمەڵاتیێ، ئەم نابێژین کێم و کاسی نینە، بەلێ هێڤی دارین ژ حکومەتاخۆ ساڵ بە ساڵ پڕۆژێت جۆربەجۆر و ستراتیژی جێبەجێ بکەت، ئەم داخوازێ ژی مەجلس وزەرائی دکەین، ئەگەر میزانیە هەندەك وەزارەتا زێدەیە، تەرخان کریە بۆ هەندەك وەزارەت، بزڤڕینیت بۆ هەندەك مەشاریعێ موهیم ل کوردستانێ بێنە ئەنجام دان، ئەم نابێژین حکومەتا هەرێما کوردستانێ سیاسەتەکا ئیستراتیجی یێ ب قوەت

بەرامبەر خەلكێ خۆ هەیە، بەلاّم هەگەر بڤێت ئەم وەلاّتەكی وێران وەكو كوردستانێ ئاڤا بكەین، ئو بینینە سەر ئاستێ دەولەتێ بیانی، یێ دیموقراتی، یێت حورِ، یێت پێشكەفتی، ئەم دزانین چەندە خێرخواز و دوژمنێت مە هەینە، چەندین موئامەرە دژی میللەتێ كورد بكاردینن، سەرئاستێ ناوخۆ و دەرەوەی عیراقێ، ڤێجا ژ بەر ڤێ چەندێ ئەم لازمە تەحەمول ئێك و دوو بكەین، ئێك و دوو قەبول بكەین، چی بسولّمان و مەسیحی و ئێزدی، چ كوردو توركمان و عەرەب، چ دەسەلاّت و ئۆپۆزسیۆن، ئەز د خوازم جەنابێ سەرۆكێ پەرلەمانی ئەز بەحسا مەناتقێ خارج ئیقلیم بكەم، چونكە ئەز مەحسوبم سەر قەزا شێخان، ل سەر وان مەناتقا مەحسوبین، كو شنگالو زمارو شێخان، هەموو خەلكێ مە وە هەموو خەلكێ دەڤەرێ خۆ ب كوردستانی زانت، ئو دیفاعەكا بێ سنوور ژ خاكێ خۆ دكەت، رِۆژا ئینتیخاباتا كە ل تلفیۆنێ برِێنن یەك بە یەك دچیتن دەنگێ خۆ ددەتە ئەحزابێ كوردستانی، مع العلم هەموو سنوورێ وان عەشائیرێ بن، ئەز نزانم ئەز گەلەك نە شارەزامە ل خەریتا كوردستانێ، بەس ل خەریتا كوردستانێ برِینن بزانن شنگال ل كی دەركەفتی، شنگال وەكو نموونە، قەزا شنگالی 400 هەزار كەسە، پێكهاتیە چەند كۆمەلگەها، ئو هەر كۆمەلگەهەك 20 هەزار كەسە، هەتا ئیرۆش گەلەك ژ وان كۆمەلگەها شارع نینە، ئو ئاڤا ڤەخوارنێ ئەوا تانكەرا دكرن، ئو هیچ ئیهتیمامەكا ئەمنی و سەحی و تەعلیمی نینە، ئو هەكە نەخۆشەك چێ بت 130 كیلۆ مەتری شنگالێ دێنە دهۆكێ بۆ نەخۆشیا خۆ، بۆ ویلادێ و عەمەلیاتا، ئو چەندین ئەندامێت پەرلەمانێ عیراقێ ئەندامێت مەجلس مەحافەزەی نەینەوا خەلكێ شنگالێنە، ئەڤە دەلیلەكێ وازحە دەنگێ قەزا شنگالێ بۆ كوردستانێیە، هندەك پرِۆژە هەینە ل قەزا شەنگالێ بەری پێنج شەش هەیڤا لیژنەك ل پەرلەمانی چوونە شنگالی پرِۆژەكان تەقدیمی حكومەتێ كرن، ئەم دخوازین ژ حكومەتا خۆ ب زووترین وەقت جێبەجێ بكەت، ئەز وەكو ئەندامێ لیژنا كشتوكالێ پشتگیریاخۆ دیار دكەم بۆ سەرۆكێ كارگێرِیێ كاك جلال، چونكە موستەوایێ زراعەتێ ل كوردستانێ ب سەراحەت هیچ نینە، سفرە، ئو زۆر جیاوازی دگەل وەلاّتێ دراوسێ هەیە، ئەز وەكو ئەندامێ لیژنا كاروبارێت ئاینی، دخوازم میزانیا مدیریا عام یا رِێڤەبەریا مەسیحیاو ئێزدیا زێدە بكەن، میزانیا سالاً 2012 ێ یا وەزارەتا ئەوقافێ 118 ملیار بوون، میزانیا مودیریا ئێزدیا 71 ملیۆن بوو، 71 ملیۆن هەقێ سەیارەكێیە، ئەم میللەتەكین 500 هەزار ئێزدی، هەقێ ترومبێلەكێ بدەنەمە بۆ مەزاراتێت مە، چەندین تەعینات هاتن، حەسەتامە سێ تەعین بوون، ئەڤە وەكو ئاخافتنا مودیرێ ئەوقافا ئێزدیا، ئەم رجاییێت دكەین ئەم حساب بكەن وەكو كورد، وەكو كوردێت رِەسەن، چونكو كوردێ رِەسەن دوو هەقێت هەیە، ئەمە وەكو كورد مە حساب بكەن، ئەگەر پرِۆژەك هەیە بۆ جێبەجێ كرنا مەجلس وزەرا تشتێت مە بیستی هەیئەكو هەی داخلی وەزارەتا ئەوقافێ دێ چێ بت، ئو مودیریا عامێ ئێزدیا و فەلا دێتە سەر وێ هەیئێ، ئەم دێ گەلەك مەمنوونین ژ حكومەتا خۆ، بۆمە وی مەشروعی چێ كەت، دوماهیا ئاخافتنا خۆدا، هێڤی دارین هەمی خەلكێ كوردستانێ سوودمەند بن ژ ڤێ میزانیێ، بێ جیاوازی هەر لە زاخۆیێ هەتا خانەقین، مەمنون.

**بەرِێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، هێژا سەرۆك و دەستەی سەرۆکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ، ڕێزداران ئەندامێ پەرلەمانێ و وەزیرێن هێژایا حکومەتا هەرێمێ، ل گۆرِ ئامارا عیراقا فیدرالێ ئاکنجییێن کوردستانێ چار ملیۆن و سێ سەدو بیست هەزار و شەش سەدو چار وەلاتینە، ژ وانا ملیۆنەك و حەفت سەدو حەفتێ و شەش هەزار و نۆسەدو هەشتێ و چار قوتابییێن پەروەردێ و خاندنا بلندن، ئان کو نێزیکێ نیڤا جڤاکیێ مە ب ڕێژا 41٪ قوتابینە، حکومەتا هەرێما کوردستانێ سەد و هەشتێ و حەفت هەزار و حەفت سەدو نەوەت و سێ مامۆستا و خزمەتگوزار و فەمانبەر بۆ ڤان قوتابیان دابین کرینە، واتە سەد و هەشتێ و حەفت هەزار و حەفت سەدو نەوەت و سێ مووچە خۆر، ئان کو سەد و هەشتێ و حەفت  هەزار و حەفت سەدو نەوەت و سێ خێزانێن ڕێگا پەروەردێدا دابین دبن، مووچێن وان مامۆستاو خەرجیاتێن سەر ڤان قوتابیان هاتینە کرن، بگرە ژ ئاڤاهی، کاهرەب، ئاڤ، خزمەتگوزاری، قورتاسی ئو گەلەك شتێن دیێن، بۆ زانین مووچەییێن وان سەدێ و هەشتی و حەفت هەزار و حەفت سەدو نەوەت و سێ فەرمانبەران پارەیەو پارەی عیراقیە، ئەڤ پارە ژ بودجا هەرێمێ چن، سالا 2003 ڕێژا نەخیندەواریێ ل کوردستانێ 34٪ بوو، ئەڤ ڕێژا گەهشتینە 16٪، ئان کو ژ هەشتێ هەزار و دوو سەدو دوو فێرخوازان، ل 2003 ئەڤە گەیشتیە یازدە هەزارو چار سەدو بیست و چار کەسان، واتە وان دە سالاندا نزیکێ حەفتێ هەزار کەسان فێری خیندەواری بووینە، کو زۆری وان ژی ژنن، هەروەسا سالا 2003 ژمارا قوتابخانان سێ هەزارو دووسەدو هەشتێ قوتابخانە بوون، سالا 2012 ێ ئەڤ قوتابخانە گەسشتینە پێنج هەزار و نەهـ سەدو بیست و ئێك، واتە زێدە بوونا دوو هەزارو چل و ئێك قوتابخانان وێ ماوێ دە سالان هاتینە ئاڤا کرن، تەنها ئەگەر بنێرین سالا 2012 سەدو حەفتێ و حەفت قوتابخانە پێت هاتینە ئاڤا کرن، ژ بلی ئەوە حەل کری، ئەڤە ژی بێگومان پارە هاتینە چێ کرن، نە بەلگە چلیان، هەروەسا دوو هەزارو دوو سەدو سی و ئێك کەس ل سەر حسێبا حکومەتێ ژ بۆ پارە پێدانا شیاندنا شیانێن کارێ مرۆڤی، ئان کو ڕێکا بەرنامێ تواناسازیێ چووینە دەرڤەی وەلاتێ و دخینن، هێژایان، حکومەتا هەرێمێ بۆ هەر قوتابیەکێ تواناسازیێ خاندنا ماستەری بۆ ماوێ دوو سالان، ئەگەر یێ خێزان دار بی، ئێك ژ وەلاتێن ئەمریکای، کەنەدا، ئەوروپا، ڕۆژ ئاڤا، ئوستورالیا، یابان، کۆریا باشوور بی، گوژمێ سەدو سی هەزار وهەشت دۆلارێ ئەمریکی مەزێخیت، بۆ خاندنا دکتۆرایێ بۆ ماوێ چار سالان، دوو سەدو پەنجاو ئێك هەزارو شەش سەد دۆلارێ ئەمریکی د مەزێخیت، هەگەر یێ زگورت ئان کو سەلت بیت، گوژمێ سەدو نەهـ هەزارو دوو سەد دۆلارێ ئەمریکی بۆ خاندنا ماستەرێ، بۆ خاندنا دکتۆرایێ دووسەدو هەشت هەزارو چار سەد دۆلارێ ئەمریکی مەزێخیت، لێ بۆ گروپا دوێ، کو ل وەلاتێن مالیزیا، تورکیا، هیندستان، چین، میسر، ئیرانێ پێ دهێن، بۆ خاندنا ماستەرێ بۆ قوتابییێن خێزاندار گوژمێ حەفتێ و دوو هەزار دۆلارێ ئەمریکی مەزێخیت، هەروەسا بۆ دکتۆرایێ سەدو

بيست و پێنج هەزار دۆلارێ ئەمريكى، لێ ئەگەر بێ خێزان بيت، بۆ خاندنا ماستەرێ چووبيت، شەست هەزار دۆلارێ ئەمريكى، بۆ خاندنا دكتۆرايێ سەدو دە هەزار دۆلارێ ئەمريكى، ئان كو مليۆنەك و حەفت سەدو حەفتێ وشەش هەزار و نۆسەدو هەشتێ و چار قوتابى زائيد سەدو هەشتێ و حەفت هەزار حەفت سەدو نەوەت و سێ فەرمانبەر و مامۆستاو زائيدەن دوو هەزارو دوو سەدو سى و ئێك قوتابێن تواناسازيێ كو سەرجەمێ وان دبيتە يەك مليۆن و نەھ سەدو شەست و حەفت هەزار و هەشت كەس موستەفيدن ژ بودجا هەرێمێ كوردستانێ، تەنها د رێكا كەرتێ پەروەدێ، ئەز ئاماژەكى بدەم بەرا چەند مەها ليژنا پەروەردێ سەرەدانا توركيا كر، كو ئەستەنبۆلێ ژ ئاكنجيێت وێ سێزدە مليۆن كەسن، سەدو پێنج هەزار مامۆستاييێت هەی، دوو مليۆن و پێنج سەد قوتابى، ئان كو ئەگەر بنێرين بۆ هەر بيست و پێنج فێركارا مامۆستاى دێتە دابين كرن، ئەگەر هەرێما كوردستانێ ئەگەر سەح كەينێ پتر ژ چار مليۆن كەسا تێدا دژين، مليۆنەك و پێنج سەد قوتابى ييێت پەروەردێ ئو دگەل سەدو دە هەزار مامۆستا، مە هەبن ئان كو بۆ هەر پازدە قوتابى مامۆستايەك دێتە دەست نيشان كرن، لێ ئەز ڤێ ڕاستى ئەڤان نالێم كو هەرێمێ كوردستانێدا، مە سوئا تەوزيعا مامۆستا هەی، ژبەر هندێ ژی هەمى گاڤا كێشە هەبوونا مامۆستا هەی، يەعنى پێداچوونەك دابەش كرنا مامۆستا هەی، لێ پرسيارێ كو مە پرسيارا وان كرى، كو كێشا پەروەردێ وەلاتێ توركيا چيە، هندەك كو وان ژى كێشا ئاڤاهيا وان هەی، ئان كو مەدرەسێ دوو دەوامى و سێ دەواميێت هەی، يان ئەڤ كێشە وەلاتێ پێشكەفتيێ توركيا ژی هەی، لە هەرێمێ مە بيست و دوو زانكۆيێ ئەهلى و حكوميێت هەی، حكومەتێ ئەڤ سالا بڕيارێ داى سێ زانكۆيێ تەكنيك بێنە دامەزراندن، ئەڤە ژی ئاڤا كرنەكا هەی ئاڤەدانى و بازاڕكارى دێ دروست بيتن، ژ بير نەكەين سەرجەمێ ئاكنجييێن هەرێما كوردستانێ چار مليۆن و سەدو بيست هەزار كەسن، ژ ڤێرە بۆمە دياربيت، حكومەتا هەرێمێ كوردستانێ سياسەتا خۆيا وەبەرهێنانێ بۆ تەنميە بەشەريە، ئان كو بدەت هەتا ديار بی، كو حكومەتێ گوژمێن خەيالى يا وەبەرهێنانێ ئيستيسمارا مرۆڤا دانا بۆ پاشە ڕۆژەكا گەش بۆ كوردستانێ دكەت، هێژايان، هەمى وەلاتێن كوردستانێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ موستەفيدن ژ حكومەتا هەرێما كوردستانێ، هەمى خودان مۆنيكاو مولكێ تجارى نينە، هەروەك لە هەمى جيهانێ ئيمتيازات و مووچێن چايەچيێ وەزيران نەوەك ئێكن، ئو دەهزر و بيرو فراكسيۆنا كوردستانی دا، پێدڤيا ژيانا هەمى هاوولاتياييێن كوردستانێ بەرەڤ خۆشى بچن، ئو پێدڤيا حكومەتا هەرێما كوردستانێ پێنگاڤا هاڤێژيت بۆ ڤێ مەبەستێ، لێ هەرێما كوردستانێ ژی بەشەكە ژی كەوكەبێ عەردی، نە ژ مەريخێ هاتيە بە سيستەمەكێ جياواز هەمى جيهانێ هەبی، من نەڤێت هەوەيێ هێژا فەلسەفا چينايەتيێ بكەم، بەس هەمى وەكى من باش دزانن، ل سەر دەمێ ژيان كەفتيە سەر عەردى نە چ دەسەلاتان، نە چ حكومدارێن دينى ژ لايێ پێغەمبەر و خولەفا نەشياينە ژيانێ فەقير و زەنگينا وەكی ئێك لێك بكەن، لێ دانانا ميكانيزمێ، ميكانيزمێن كۆنترۆل كرنا داهاتێن وان، هەكە نا دابۆچی سەدەقەو زەكات هەبن، ئەگەر هەمى وەكى ئێك بان، ئەزى دبێژم گوناهە خەلكی فەلسەفە نەڕاستيێ ڕاگەهاندنێ بۆ هەلبژاردنێ نينە، ئەم ديسان ڤەگەڕێينە سەرجەمێ گشتى ئاكنجييێن هەرێمێ،

دیسان بیرا جەنابێ هەوە بینین، کو چار ملیۆن و سێ سەدو بیست هەزارو شەش سەدو چار کەس ڤی وەلاتی ژ ڤان وەلاتیان، ملیۆنەك و حەفت سەدو حەفتێ وشەش هەزارو نۆسەدو هەشتێ و چار کەس قوتابینە، واتە دوو ملیۆن و پێنج سەدو چل و سێ هەزار و شەش سەدو بیست کەس دمینن ل هەرێمێ کو نەقوتابینە، بودجێدا ڕوون و ئاشکرایە، کو شەش سەدو شەست و شەش هەزار و هەشت سەدو چل و نەهـ فەرمانبەر ل هەمی ل دام و دەزگەهێن حکومەتێ کار دکەن، واتە ملیۆنەك و حەفت سەدو حەفتێ و پێنج هەزارو حەفت سەدو یازدە کەس ژ سەرجەمێ گشتی ل مالن، ئەم ڤێ دابەش کرنێ کەین، هەروەسا ل هەرێمە شەش سەدو حەفتێ و سێ هەزارو حەفت سەدو نەهـ مووچە خۆر ژ دەرڤەی میلاکاتا، کو خێزانێ شەهیدو ئەنفال کریا، زیندانیێ سیاسی، خانەنشین، دەرمالێن قوتابی، دەرچوییێن بێ کار، نابینا، نابیست، بیرکۆلێ، کورتە بالا، تالاسیمیا، مەنگۆل، ئیفلیجی مێشك، کێم ئەندامێن فیزیایی، شیزۆفیمیا، هەتا دوماهیکێ، هەروەسا مووچێ چاڤدێریا خێزانێ، کو بێوەژن، ئافرەتێن تەلاقدایی، قوتابیێن زانکۆیان، خێزانێن حوکم دای، هەمی کچێن بێ دایك و باب، یێن ژیێ وان هەی ل هەژدە سالێ کێمتر نەبی، پیرو پەك کەفتی، زارۆکێ هێتیم و کو تۆڕا چاڤ دێریا خێزان پێك دینن، حەفتێ و سێ هەزارو چار سەدو سی و سێ کەسن، واتە زارۆکێن بن شەش سالێ دا، کەسێن کەرتێ تایبەت کاردکەن، ئو کەسێن ب تنێ مووچە خۆرێن هەرێمێنە، ئەز ب هەمی پشت ڕاست دبێژم، هەکە ئێك ئەندام پەرلەمان هەبی چ ژ مە چ ژ موعارەزێ، بۆ من دە خێزانێ مالباتا خۆ بینن، یێ دەرەجە ئێك و دوو، یێن کو نە مووچە خۆر و موستەفید بن، ژ حکومەتێ ئەم دیف چوون ل سەر بکەین، ئان کو ئەز شێم هەمی پشت ڕاستی بێژم، چ خێزانن ل کوردستان نینن کو ل بودجێ هەرێما کوردستانێ سوودمەند نەبن، لێ بلا ئەم هەمی کوردستانێ بزانن چ ب ڕاستی بەزم و ڕەزم و هەلایێ نینە، بەلکو مەساجێن سیاسی و ئینتیخابی ئو کەسەك مە نە ل کەڤن، نوکە ژی بەرژەوەندیا میللەتی نەپاراستیە موساهەمێ سەر میللەتێ مە ناهێتە کرن، کو دوو دەنگوباسێن چێ کری، بەس تشتێ دلخۆشەکەر ئەوە وەلاتیێن کوردستانێ هەمی زاناو تێگەهشتینە، هەمی دلسۆزێن ڤی وەلاتینە، هەمی ژی دزانن سەرەڕای هەمی کێماسیێن هەی، ل حکومەتا هەمی هەولێن خۆیێ دای، کارەکی ب شەڤ و رۆژ ڤی وەلاتیدا دێتە کرن، کو ژیانا خەلکێ کوردستانێ بەرەڤ باشتر بچیت، هەمی ئەو سۆزێن مە ل هەلبژاردنێ 2009 هێ داین وەك لیستا کوردستانی پتر ژ 70٪ مە یێ جێبەجێ کرین، ئەم شێین سۆزێن خۆ لێ کەڤن هەمی بینینە بیرا هەوە، ب ژمارەو داتا، ئەم شێین ب پشت ڕاستی بێژین دەنگێ دەنگدەرێ لیستا کوردستانی بە هەدەر نەچووینە، ئەم کەلتورێ هیچ نەکراوە، هیچ نیە، هیچ نەبوویە، هیچ و هیچ و هیچ ....، ئەڤ موستەلەحە تەنها یێ وان کەسانە، بودجا سالا 2013 دا د بوارێ بودجا وەبەرهێنانێ گرنگی و ئەولەویەت دایە پڕۆژێن نیشتەجێ بوون و ڕێك و بانا، ژ ڕێکێن دوو سایدی درێژاهیا پێنج سەدو دوازدە پۆینت نۆزدە کیلۆ مێتر، ئێك سایدی نەهـ هەزارو پێنج سەد و یەك پۆینت حەفتێ و حەفت کیلۆ مێتری درێژاهی پرد، شەش هەزارو پێنج سەدو هەشتێ و یەك پۆینت دە میتر، درێژاهی تونێل نێزیکێ چاردە هەزار و سێ سەدو بیست میتران، درێژاهی، ئاڤ...، داوای لێبوردن دەکەم من

مەبەستم هیچ لایەنێك نیە، ئەگەر بەخۆتان هەلبگرن ئەوە مەوزوعەكێ دیە، بەس مەبەستم هیچ كەسەك نیە، من مەبەستم ئەو كەسانەیە كە ئەو كەلتورە بلاڤ دەكەنەوە، ئاڤ و ئاڤەڕۆ، كەهرەب، دروست كرنا نەخۆشخانەو قوتابخانان، گرینگی دان و تەركیز كرنا حكومەتا هەرێمێ لێ دور ئاكنجی بوونێ، یەعنی ئیعمارو ئیسكان ب ڕێژا 12.49٪ موئەشرەكی ئەرێنی و باش و مەزنە، كو پتر ژ 17 سێكتەرێن دی وەكی حەرەكا بازرگانی، كارەب، ڕێك، كۆمپانییێن بچیكێ جۆراو جۆر، كەڤنە كاری، ئو تا نوكە حكومەت یا شیایی بیست هەزارو هەشت سەدو هەشتێ و چار یەكێن نیشتەجێ بوونێ سەر سندوقا ئاكنجی بوونێ دروست بكەت، سەدو بیست و نەه هەزارو سێ سەدو نەوەت و شەش یەكە بێ سندوقا نیشتەجێ بوونێ، ژ وان بیست و حەفت هەزارو پێنج سەدو حەفتێ پڕۆژە ب دوماهی هاتی، هەمی پێكڤە دبنە سەدو پێنجێ هەزار و دوو سەدو پێنج یەكە، كو ئەڤ ژمارا بلند ئاماژەكا بلندە بۆ بەكارخستنا هێزا مرۆڤی و كێم كرنا ڕێژا بێكاریێ، چونكە بۆ هەر هزار خانی، نزیكەی شەش سەد كرێكار بۆ ماوێ پێنج سەد ڕۆژان دكەڤنە كاری دا، ئەگەر ل هەر هەشت سەعاتا كار بكەن، واتە ژ سەرجەمێ پڕۆژێن ئاكنجی بوونێ زێدە ژ نەوەت هەزار دەرفەتێ كاری ب ڕێكا یەكەی نیشتەجێ بوونێ یێن دروست بووی، هێژایان، دیسان بینینە بیرا جەنابێ هەوە، ئەڤە ژی ب پارێ بودجێ هاتینە كرن، نە ب بەلگێن كاغەزان، ئەڤە ژی دیار دكەت، كو پتر گرنگی پێدانێ حكومەتا گەلەكی ئاشكرایە كو خۆش كرنێ ژیانا وەلاتیاندا، هەر بۆ دان پێدان ب ڤێ ڕاستیێ ئامارا وەزارەتا پلان دانانێ دگەل ڕێكخراوان بدەینە نیشان دان، كو سالا 2007 ڕێژا بێكاری ل هەرێمێ 14٪ بوویە، لێ نوكە ڕێژا 7٪ یا واتە ئان كو ئان نیڤی بووی ئەڤ ڕێژە، وەكی من ئاگادارم كو وەلاتێن عەرەبی ڕێژا بێكاری 30٪ ، توركیا 7٪ یە، سەرجەم وەلاتیێن ئێكەتیا ئەوروپا 60٪واتە وەكی ئابووریناس بێژن كوردستان دوو سەدێ مای بگەهیتە ئاستێ نەهێلانە بێكاریێ، هەكە شیا ڤان چار سالێ بهێت دا ژ حوكمدارێی بهێت بكەت دبیتە ژ 4٪، هیژایان بودجا بەكارخستنێ 68.52٪ هاتیە تەرخان كرن، هەرچەندە ڕێژەكا بلندە، ئو 31,48٪ بودجا وەبەرهێنانێیە، كو ئەگەر بەراوردەكێ بكەین ناڤبەرا بودجا وان دوو سالێ چوویە كو حكومەتێ پلان دابەزینا بودجا تەشغیلی هەی، كو ب ڕێژا 1,96٪ بۆ بەرژەوەندیا بودجا وەبەرهێنانێ، هاتیە شكاندن، سالا 2012 دوو ترلیۆن وچل و چار ملیۆن و نۆسەدو چل و حەفت هەزار بوویە، لێ ئەڤ سالا بوویە یەك ترلیۆن و شەش سەدو هەشتێ و چار ملیۆن و نەه سەد ملیۆن دینار، ئان كو ب ڕێژا 17٪ هاتیە پڕ كرن، ئەوە ل دەمەكێ دایە كو زل هێزترین دەولەتا ئابووریێ دونیایێ كو ئەمریكا ڕێژا عجزا وێ شەش سەدو سی و سێ ملیار دۆلارە، ئەڤە ژی وێ چەندێ ڕادگەهینیتن كو ئەو ژورێن هاتینە چێ كرن، ناڤێ ژورێن زانستی و ئابووری ژ ناڤ زانستی و ئابووری دیرن، دەربارێ شەهیدان، ئەم وەك پارتی و ئێكەتی و فراكسیۆنێن هاڤ پەیمان، پتر ژ هەر كەسەكێ خۆ ب خودانێن شەهیدێ كوردستانێ دزانین، كو ڕەوشا ژیارا مالباتێ سەربەرزێ وان خۆش بكەین، بلا كەس موزایەدێ ل سەر شەهیدان ل گەل مە نەكەت، چونكە پتر ژی 90٪ ژ شەهیدێ وێ وەلاتی، ب هەمی شانازیڤە هاڤ پەیمانێن مەنە، حكومەتا هەرێمێ زێدەباری دەرمالا مووچێ شەهیدان و چارەسەریا نەخۆشێن مالباتێ وان هەتا

نووکه، شەست و حەفت هەزار و دووسەدو پەنجاو پێنج پارچێن عەردی ل سەر کەس و کارێن شەهیدان، هەشت هەزار و پێنج سەدو بیست و ئێك خانی بۆ ماڵباتێن وان دروست کرین، کو هەتا ساڵا 2012 دبیتە حەفتێ و پێنج هەزار و حەفت سەدو حەفتێ و شەش کەس و کارێ شەهیدو جینۆسایدێ یێ سوودمەند بووی، ئەڤە ژی ڕادگەهینین کو ئارمانجا حکومەتا هەرێما کوردستانێ خۆش کرنا رەوشا ژیانا ماڵباتێن شەهیدان، گرینگی دان ب ڕەوشا ساغلەمی بارێ پەروەردێدا، د بوارێ پەروەردە کرن و ڕاهێنانا کچ و کوڕێن شەهیدان ل زانکۆیێن حکومی و ئەهلی یا کریە ئێك ژ ئارمانجێن سەرەکی خۆ، هەتانووکە حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ چار هەزارو پێنج سەدو چار کچ و کوڕێن شەهیدان ب ڕێژا سەد دەر سەد ڤرێ کەنە زانکۆیێن ئەهلی و حکومی، بۆ ئەڤ ساڵا زێدە کرنا سەدو پێنجێ هەزار دیناران سەر مووچێ شەهیدان ژ لایێ حکومەتێ جهێ دەست خۆشیێە، ل دور دانا پێشینارو قەرزا وەك سلفا خانووبەرە، هاڤژینی، قەرزێن بچیك، قەرزێ وەبەرهێنان، قەرزا پیشەسازی و کشتوکاڵی، بەخشینا هاڤژینیا شەهید و ئەنفالان، ب گشتی چار سەدو پەنجاو یەك هەزار و نەه سەدو سی و پێنج کەس ب گوژمێ سێ ترلیۆن و نەه سەدو چل و یەك ملیارو پێنج سەدو پەنجاو پێنج ملیۆن یێت سوودمەند بووین ژ سولفێ و قەرزا، ئەڤ هەمی داتایان ئەوێ دیار دکەت، ئەم هەمی پێکڤە بێژین مە نە گوناهە بێژین هیچ نەکراوە، ما نەیاری کرن ب ئیحساسێن خەلکی، ئەگەر ئەم بێژین هیچ ناکەن، ئاخر بودجا هێندە کێم بۆ وەڵاتەکێ کامل و موستەهەق هەمی تشت ب دارێ موسایی و دوعا عیسا مەسیح دێ چێ بن، مە نە هێدی هێدی وەڵات ئاڤا بن، یان ئەم ژی دخەلەتین وەڵات ب ڕێکێن کۆنترۆلا ئاڤا دبن، ئەڤە پرسیارەکە کو دبیت ئەم ل خۆ بکەین، هندەك هاڤکارێ من بەحسێ ڕێکخراو دەزگەهێ ڕۆشنبیری و پەرتوکخانان کر ل گۆڕ ئەو زانیاری وداتایێن بەردەستێ من هەی، ل هەرێمێ دا سێ سەدو حەفتێ و نەه سەنتەرێ ڕەوشەنبیری و تیپێت هونەری مینەحێ ژ حکومەتێ وەردگرن، ساڵا 2011 دوو هەزارو حەفت سەدو چار پەرتوك، ل ساڵا 2012 و2009 سەدو بیست و ئێك پەرتوکێت هاتینە چاپ کرن، کو زۆربەی ئەڤان چاپا سەر ئەرکێ حکومەتا هەرێمێ بویە، ژمارا پەرتوکخانێن گشتی ل هەرێمێ 68، حەفت سەدو سی کەس مووچێ ڕێزلێنانێ وەردگرن، ژمارا ڕۆژنامەو گۆڤارا 470 گۆڤارو ڕۆژنامەنە، ژمارێ ڕادیۆ، تی ڤی ناڤخۆیی و سەتەلایت 199 کەناڵن، ئەڤە ژی سیاسەت و پلان و گرینگی دانێ حکومەتێیە بۆ لایەنێ مەدەنی و میدیایی و ڕەوشەنبیری، گرینگی دان ب ڕۆڵێ سەنتەرێ ڕۆشنبیری و میدیایا و ڕەوشەنبیریا گشتی، ژ بۆ بەر بەلاڤ کرن و فێرکرنا وەڵاتیان بۆ ئازادیا ڕا دەربڕنێ و ئازادیێ تاکە کەسی، ب یاسا کرنا مومارەسا کرنا بەر بەلاڤ کرنا سیاسەتا ئازادانە، وان مافان ژ لایێ حکومەتا هەرێمێ ڤە جهێ دەست خۆشییێە، کو بەردەوام ئەم پەرلەمانتار ڤێ هۆلێڤە ئاماژەو بانگەوازیێ بۆ دکەین، هندەك بێژن 30.36٪ بودجا تەشغیلی بۆ دەزگەهێن ئەمنی و عەسکەری بن، کو ڕێژا وەزارەتا ناڤخۆ کو 11.70٪ یە، هەژی گۆتنێیە ئەڤ وەزارەتا د ڕاستیا خۆدا، ژی یەکێن ئیداری، ڕێڤەبەریا ئیداری، پارێزگار، مودیر، مودیر ناحیە، قائیمەقام، ڕێڤەبەریا نەهێلانا توندو تیژی، ڕێڤەبەریا کۆچ و کۆچبەران پێك دێتن، کو ئەڤە دەزگەهێن مەدەنینە پێك دێن، ئان

کو ڕاستیا خۆدا هێزا ئەمنی ڕێژا وێ تەنها $18,36$٪یە، ئەڤ چەندە ژی دوو تشتا تێ دگەهینیت، ئێك یان نەشارەزا بوونا وان جهان، ئابووری و حوکمداری دیار دکەت، کو ئەڤ کەسە گەلەك زاناو ئابووری ناس و زیرەکن، بەس ناڕاستیا بەلاڤ دکەن، ئەڤ ژی گەلەك خرابن، ئەنجومەنی پاراستنا ئاسایشا ڤێ وەلاتی جهێ شەڕ پێ فرۆتنێ نینە، ب ڕاستی نابی ل سەر حسابا مسامەواتێ حیزبی، بەرژەوەندیا دەست ئینانا دەنگدەران، ئاسایشا ڤی وەلاتی، ببیتە جهێ یاری پێ کرنا هندەك کەسێن چ سیاسیەت و ڕێڤەبرنا وەلاتی نەزانن، ئەمی بەحسێ دەزگەهەکێ دکەین، کو ئاسایشا نەتەوەیی و گەلێ مە پێ یا گرێدانە، شانازی پێ دکەین، ب ڕاستی ژی ئەز تێناگەهم یاریا ب خۆ دکەین، سازشا سیاسی سەر خالێ نیشتیمانی دکەین، پەرلەمانتارێن بەڕێز، هەرێمەکا وەکی کوردستانێ دەهان دوژمن مەزن و بچوکێت هەین، کو پلانا بۆ ڤێ هەرێمێ دادڕێژن، سەر هەرێمێت شۆل دکەن، ئەم هەمی شاهێدین کو بەردەوامی کەنالێت ڕاگەهاندێندا دێنە نیشان دان، ئو فلان دەزگەهان چەند کارێ تیرۆریستیێ کرین و دەست ب سەر چەك و تەقەمەنیان گرتی، ئەز دێ پرسیارەکێ ژ پەرلەمانتارێن هێژا دکەم، ئەرێ باشە ئەڤە هەمی چ دێتە کرن، مانەیا پێ تڤیا دەزگەهێت ئەمنی خەلیێت خۆ ناڤ گروپ و پارتێن تیرۆریستیدا هەبن، داکو بشێن مەعلوماتا وەربگرن، یان ژی گەلێ من موتەفقن کو ئەڤ شۆلە پارێت خەیالی دێنە کرن، جاران یا هەی بۆ خەبەرێ دەفتەرەك دۆلار دێنە مەزاختن، مسۆگەر کرنا پاراستنا ئاسایش و ئارامیا هەرێمێ بۆ وارێن هەوانێ مەترسی دار دا، تاوانێن دارشتی کری و تاوانێن ماددێ هۆشبەر، تەزویرا پارە، پاراستنا ئاسایشا خۆراك، تەندروستی و پاراستنا ئاسایشا ئابووریا کوردستانێ، بەرهەنگاری کرنا تیرۆریستی خۆریێ، کۆم کرن و شرۆڤە کرنا زانیاریێن موخابەراتی، هەڵسەنگاندنا هەر هەڕەشەیەکی سەر ئاسایشا هەرێمێ، خۆ ئەڤ تشتە ئاخافتن و مەزایەدێ سیاسی ناهێتە کرن، بەلکو ئەوە هەمی موحتاج ب پارێت خەیالینە، ل هەمی وەلاتێن جیهانێ دەزگەهێن ئەمنی سەنگا خۆیا هەی، بودجەکا پێدڤی بۆ دێتە تەرخان کرن، نابیت سەر ئاسایشا هەرێمێ موساوەمە بکات، ژیان پاراستنامە هەمیا یەك ب یەکە مەیا تێدا، هێژایان ئەرێ کو دزانن دابین کرنا پێدڤیێن تەکنیکێن ئەمنی ئو کڕینا ماشێنێن سکیورتی ئەلیکترۆنی ب ملیار دینارانا، ڤان دەزگەهان پێدڤیا ب ئەزهێزێ تەکنیکی زۆر پێشکەفتی و سەردەمیانەنە، پێدڤی ب ڕاهێنانێ کادیرێن ئەمنینە، ئەڤە هەمی ب ئیمکانیاتا دێتە کرن، ما ئەڤ تشتە جهێ نیقاشێنە، دیتنامن هاوەلاتیێن کوردستانی ڕۆلەکا مەزن پاراستنا ئاسایشا هەرێمێ یا هەی، ئەڤە ژی زڤڕیت بۆ پەروەردە کرنا ڕاست و دروستی حکومەتا هەرێما ژ بۆ نیشتیمان پەروەری ئو حەژێ کرنا وەلاتی، ئەمنیەتا وەلاتیان ناڤ خەلکیدا، ژ لایەکێ دی تر ڤە میللەتێ مە باوەریەکا مەزن ب حکومەتاهەرێمێ و دەزگەهێن ئەمنی ل کوردستانێ هەی، ئەگەرنا دوز خورماتو، شنگال، کەرکووکی کوردستانینە، چونکی باوەری دەزگەهێن ئیدارییێت وان ناهێت، ئەم بینین بەردەوام پەڤین ل جهێ وان دروست بن، ئەز دێ نموونەکی بۆ هەوە ئینم ب هەولێرا خۆشتڤی باژێرێ پایتەختێ هەرێما کوردستانێیا، بەرێ دەمێ دایکەك کو کوڕێ وێ کارێ تیرۆرستیێ کر، ئەم هەمی هزرا بکەین دایکەك چ ل دایکەك بکەت کو کوڕێ خۆ بچیت تەسلیمێ ئاسایشێ بکات، کوڕێ خۆ دەست کارێ تیرۆرستی دا

هەبووى تەسليمى ئاسايشا هەرێمێ كوردستانێ دكەت، ئايا ئەڤە مەسەلە حەژێ كرن و پەروەردە كرنا يا نيشتيمان پەرەوەرى بۆ وەلأتى ديار ناكات، ئەگەرنا چ دايكەك دشێت زارۆكا خۆ تەسليمێ ئاسايشا حكومەتێ كەت ئايا دێ مەسيرێ وێ چ بيت، ئەڤرۆ پتر چاردە هەزار كۆمپانيا دناڤ هەرێمێدا كاردكەن، ئاستێ ئالوگۆڕيا بازرگانى ژ بلى بەرهەمێ نەفتى ناڤبەرا هەرێمێ وەلأتا جيهانى، گەشە سەندنەكا زۆر ب خۆوە ديتى، كو ئەگەر بەراوردەكێ ناڤ سالأ 2004 و 2012 دا بكەين، دبينين سالأ 2004 دێ ئالوگۆڕى ب گوژمێ چار ملياو دوو سەدو بيست و چار مليۆن دۆلار ل سالأ 2012 ێ ئاستێ ئالوگۆڕيێ گەيشتيە چار مليار و هەشت سەدو هەشتێ و نەهـ مليۆن دۆلارا، كو ب رێژا 254 گەشەيا كرى، ئەڤە هەمى بۆ ئاسايش و ئەمنيەتا كوردستانێ د زڤڕيت، ئەگە ئەمنيەت نەبى، هەرێم دێ پارێ خۆ سەرف بيتن، ئەگەر يەك پەڤين د هەرێما كوردستانێدا خودێ نەكا دروست بيتن، دێ ترليۆنێ پارە ئەم خەسارەت بيت، نە گەشەسەندنا يا ئابوورى هەبيت، ژيانا دوكاندارەكێ و تاجرەكێ و موهەندسەكێ و دكتۆرەكى هەمى د خەتەرادا، نەشێت بەرنامێ بداتە ژياناخۆ، ئەڤرۆكە ڤێ شێوازى تێدا دژيتن، ئەڤ گەشە سەندنا ئابوورى و دبلۆماسى ل هەرێمێ دروست بووى، هەبۆ خۆ نامينێت ژيانا خۆشگوزەرانيێ خەلكى دكەويتە مەترسێدا، ئەڤ هەمى رێ نيشاندەرن كو خەلكێ كوردستانێ باوەڕ ب ژماران و ئەو واقعى رۆژانەى تێدا ژين كەت، تشتێ دلێمە وەك فراكسيۆنا كوردستانى پێ خۆش، ئەو سۆزێ ليستا كوردستانى داينە خەلكى رەنگڤەداناخۆ ل بودجا 2013 ێ داى بينيت، واتە خێزانێ شەهيد و ئەنفال كريان، زيندانێن سياسى، خانەنشين، بێكار، نابينا، نابيست، بيركۆل، كورتە بالأ، ئوتيز، تەلاسيميا، مەنگۆل، ئيفليجى مێشك، كێم ئەندامێن فيزياى، شيزۆرفرينا، هيمۆفيليا، بێوەژن، ئافرەتێن تەلأق درايى، قوتابيێن خێزاندار ل زانكۆ، خێزانێن حوكمداى، هەمى كچێن بێ دايك و باب، پيرو پەك كەفتى، زارۆكێن ئێتيم، دكتۆر، ئاسنگەر، ميكانيك، دارتاش، دوكاندار، بازرگان، مەلا، قەشە، دونكاندار، زەلامێت ئاينى، پاقژكەر، هەمى و هەمى، ب رەنگەكێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، من پاش بودجا هەرێمێ كوردستانێ دبينن، ل دوماهيێ دێ بێژم، كورديش دەمەكە وتوويەتى ئەگەر مانگ بە ئاسمانەوە بدرەوشێتەوە حەوجە بە ڤامك ڕاداشتن ناكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، بەڕێزان نوێنەرى حكومەت، پێشەكى دەمەوێت دەست خۆشى لە حكومەتى هەرێم بكەم، كە بودجەى ئەمساڵ بە زووترين كات ناردیتى بۆ پەرلەمان، هەروەها دەمەوێت بە باشى بنرخێنم ئەو ئەركە كە ليژنەى دارايى لە ماوەى دوو هەفتە، سێ هەفتە زياتر ماندوو بووين لەگەڵ ئامادەكردنى ئەم بودجەيە، سەرنج و تێبينيەكانى باش لەناو ڕاپۆرتەكە هاتووە، بەڕاستى نازانم ئيحتيمالە

78 كەسن، ئەمە نزیکی 30 سەعاتە ئێمە لەم هۆڵە تاوتوێی بودجەی هەرێمی کوردستان دەکەین، 30 سەعات پاش قسە کردن، پاش تێبینی و مولاحەزاتی زۆر، ئیتر نازانم چی لەدوای دێت، چی بۆ دەمێنێت و باسی چی بکات، بۆیە من وەك مامۆستایەك لە زانکۆ ئیشم کردیە و زۆربەی زۆری کاری ئیداریم کردیە، لەوانەیە من بڕۆمە ناو بابەت بەشێوەیەکی ئەکادیمی، ئەگەر بێین بودجەو دانانی بودجە لەهەر وەلأتێك بەپێی هەل و مەرج و کاردانێن ئابووری و کۆمەلأیەتی و ڕامیاری هی ئەو ولأتە دێتە دانان، بۆیە حەتمەن هەل و مەجێت ئابووری و سیاسی و کۆمەلأیەتی کاری گەورە لەسەر فەلسەفەو ڕێباز و ڕێگای دانا ئەم بودجەیە، پێش من بڕۆمە ناو بابەت بە تەفاسیل، دەمەوێت چەند پرسیارێك لەخۆم و لە بەڕێزان بکەم، ئەرێ ئابووری کوردستان ئابووریەکی سەربەخۆیە؟، زانستی ئابووری چیەو چۆن پێناسە ئەکرێت؟، کێشەی ئابووری چیە؟، عجز چیە؟، بودجە کێشەیە یان وەسیلەیە؟.

لە کوردستان بودجە کێشەیە یان تووشی کێشە بووە؟، خاڵی یەکەم دەمەوێت بڵێم ئابووری کوردستان ئابووریەکی سەربەخۆ نیە، لەهیچ وەلأتێك ئابووری سەربەخۆ نەماوە، ئێستا ئابووری، ئابووری عەولەمەیە، ئەم ئابووریە و ئەو عەولەمەیە تەئسیر لە هەموو پێداچوون و پێشڤە چوون و پاش کەوتنی ئابووری هەر ولأتێك دەکەت، ئەوەی لە ئەڵمانیا ڕوو بدات، ئەوەی لە ئەوروپا ڕوو بدات، زەرەر پێ کەوتن، لە ئەوروپا زەرەر پێ بکەوێت، دەوروبەر پێ بکەوێت، حەتمەن تەئسیر لە کوردستانیش دەکەت، دەمانەوێت ئێمە ڕەفتار لەو وەزعە بە شکلێکی موستەقل نەکرێن، بەلأم سیستەمی ئیقتیسادی پێکەوە گرێدایە، خاڵی دووەم ئابووری وەك زانستێك حەڵقەیەکە لەنێوان دوو شت، ئینسان ڕەفتار دەکەت لەنێوان داهاتەکان کە سنووردارن لە ئەسڵدا، پێداویستیەکان کە زۆرن، بۆیە ڕەفتاری ئینسان و ڕەفتاری بەشەر رەفتاری هەر دەوڵەتێك بێت بابڵێین، وەك حەڵقەیەك، عیلمی ئیقتیساد ئەو حەلقەیە، یەعنی وا دەخوێنێتەوە، (الدراسات سلوك بشری، حلقة اتصال بين موارد ذات ندرة نسبية للحاجات المتعددة) ئەوە نەسەکەی بە عەرەبیە، بۆیە کێشەیە و داهاتە، ئەوەی لەم هۆڵە ئەوە ئیسپات دەکات، کە تواناکان، و داهاتەکان هەندی ئەوە نین پێداویستیەکان جێبەجێ بن، لێرەوەش دەڵێم ساڵێکی تر و دە ساڵی تریش و بیست ساڵی تریش، پێداویستیەکان قەت تەواو نابن و قەت کێشە چارەسەر نابێ، چونکە لە بوونی ئینسان کێشە هەیە، سیراع لەگەڵ ژیانە، ڕەغەباتی زۆرە، حاجاتی زۆرە، حاجاتی ئەمڕۆ ئەم جیلی ئێمە، وەك حاجاتی باب و باپیرمان نەبووە، حاجاتی نەوەی تریش وەك ئێمە نابێ، بۆیە تەجەدودە، بەردەوام بوونەو گەورە بوونە، کێشەی ئابووری چی دەبێ، نودرەیە، ئیختیارە، تەزحیەیە، یەعنی سنووردارە، سنوورداریەتیە، قوربانی کردنە، هەروەها ئیختیارە، من بێم داهاتم هەبێ، تەعەدود ئیستیعمالاتم هەبێ، زۆر دەمەوێت ئیستیعمالی بکەم، بۆ ئەم کەرتە ببەم حەتمەن لەسەر کەرت، حیسابی کەرتی تۆ دەبێ، لەسەر حیسابی ئەو کەرتە دەبێ، بۆ ئەملا ببەم لەسەر حیسابی تر دەبێ.

بۆیە کێشەی ئیقتیسادی کێشەیەکی بەردەوامە، لێرە دەوری ئەوە دێت، دەوری بودجە دێت کە تۆ چۆن دەتوانی هەماهەنگیەك، تەوازونێك لەنێوان داهاتەکان و بەکارهێنان یان ئیستیعمالات چۆن تەوازونێك

بکەی، بەباشترین شێوە ئەو داهاتە بەکاربێنی، بە باشترین شێوە ئاراستەی ئەوە بکەتن، کە بتوانێت ئەوەی فەلسەفەی ئیقتیسادی، ئیجتیماعی، سیاسی، سەقافی، کۆمەلأیەتی، ئەو میللەتە یان ئەو کۆمەڵەیە جێبەجێ بکەت، زۆر باسی عجز کرا، زۆربەی زۆری وەلأتان بودجە دائەنێن، حەتمەن عجزی تیا دەبێ، بۆچی عجزە؟، برایان فەلسەفەی مالی، پێشکەوتنی دارایی گشتی بە مەراحل تێپەریە، کە ئێستا ئاخیر مەرحەلە پێی دەڵێن(P.P.P) (پرایڤێت پارتسپەیشن پەبلیك) دەوڵەت کاتێ مەفهوم دەولە حاریسە، نەقل بوویە بۆ مەفهومی دەوڵەتی موتەعەدیدە، لەپێشان بەس ئیشی دەوڵەت حیراسە بوو، و دیفاع بوو، ئەوەی تر شەئنی ئیقتیصادی بۆ خەڵکی تر بەجێهێشت بوو، کە دەوڵەت تەحویل بوو لە ( مفهومی دولە حارسە الی دولە متدخلە) ئیلتیزاماتی ئیجتیماعی و سەقافی خەدەمی لەسەر ئەو دەوڵەتە بوو، بۆیە ناچار بوو بە خەدەمات هەڵسێت، ئەمە بە ئیرادات بۆ تەغتیە کردنی ئەم نەفەقاتانە، لێرە دەوڵەت مولزەمە بە خزمەتکاری هەڵسێت، دانانی بودجە لە قیتاعی خاس، دانانی بودجە لە قیتاعی عام، مەنشەئەیەکی تیابێت و حکومەت جیاوازی زۆرە، لەمەنشەئەی تایبەت ئەوەلەن، خاوەن مەنشەئە یان مەجلسی ئیدارەی مەنشەئە چۆن بێت، یەکەمجار داهاتەکان تەحدید دەکات، لەسەر ڕۆشنایی ئەو داهاتانە خەرجیەکان خەرج دەکات، بەلأم لە(فاینانشیەل فەبلیکان) لەمالیە عامە بە عەکسەوەیە، حکومەت ئەوە دائەنێت، نەفەقات دائەنێت پاشان دەچێ چی دەکات، ئیرادات، دوای ئیرادات دەگەڕێت، چونکە دەوڵەت یان حکومەت خاوەن سیادەیە، خاوەن سوڵتەیە دەتوانێ بە شەرتی وەسائیل چی بکەت، داهاتەکان کۆ بکاتەوە بۆ داپۆش کردنی ئەم نەفەقاتانە، ئەگەر بێین سەیری بابەتی عجز بکەین لەعیراق، کە بودجەی عیراق هاتووە بە حدودی هەژدە ترلیۆن و نۆسەدو پەنجاو حەوت ملیارو چار سەدو شەست و دوو ملیۆن دینارە، ئایا ئەمە عجزی حەقیقیە؟، یان عجزێکی چۆنە؟، عجزێکی موخەتەتە، ئەگەر بێین و ئەم ڕەقەمە حسەی کوردستان لەمە دەربێنین، 17٪ ئەمە لەسەر کوردستان حیساب کرایە، کە کۆی گشتی بودجەی عیراق، سەدو سی وهەشت ترلیۆنە، 17٪ بەبەر کوردستان دەکەوێت، یەعنی عجزی کوردستان کە حیساب کراوە لەسەر عجزی عیراق بە حدودی سێ ترلیۆن و دووسەد ملیارە، ئەگەر ئەو عجزە بگەڕێنیەوە کوردستان، عجزی خۆمان پێ چارە دەکەین، پێموایە یەك ترلیۆن و پێنج سەدو پازدە ملیار وەفر دەبێت لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بێین سەیری بودجە بکەین، وەکو گوتمان بودجە نە کێشەیە، بودجە وەسیلەیە، ئێمە با غەڵەت تێنەگەین، بەلأم لە کوردستان غەڵەت تێگەیشتینە، بودجە کردوومانە بە کێشە، کێشە، کێشەی بودجە نیە، دانانی ئەم بودجەیە بەشێوازی ڕەسمی و علمی دانراوە، بەلأم ئێمە لە کوردستان بە جورئەت بڵێم بودجەکەمان تووشی کێشەمان کردووە، پیکەبێکی دوو تەنە، دەمانەوێ سەد تەنی لێ بار بکەین، قەت تەحەمول ناکەت، ئێمە ئەو مەبدەئە بەکارناهێنین، (العین بصیرە والاید قصیرە) دەمانەوێت عەین بەسیرە، لازمە هەرچی لێ بکەی، ئێمە پەرلەمان زەخت لە حکومەت دەکەن، ئێمە پەرلەمان زۆرجار زەختمان لە حکومەت کردووە، حکومەت لەژێر زەختی جەماوەر، ئێمە لەژێر زەختی جەماوەر، چی ئەکەین؟، داخازیەکان زیاتر لێ دەکەن،  تەبعەن ئەوە هەمووی لەسەر حیسابی چی دەبێت، لەسەر حیسابی بودجە

دەبێت، دوای دەڵێن بۆچی تەشغیلی ئەوەندەیە، بۆچی ئیستیسمار ئەوەندە نابێ، و بۆچی وانابێ و بۆچی وانابێ؟، ئەسئیلە زۆر دەبێ و پرسیار زۆر دەبێ.

جارێکی تر دەڵێم بەو شەش ملیارە و دە ملیارەو یازدە ملیارە، کێشەی ئابووری لە کوردستان چارە نابێ، بە شکل عام کێشەی ئابووری لە جیهان هەیە، ئێستا خۆتان موتابەعەی ئیعلام دەکەن کێشەی ئابووری چۆنە ئێستا لە ئەوروپا، ئوستورالیا ڕێژەی بەتاڵە گەیشتیە 26٪ ئاخیر ئیحسائیە، من نامەوێت بڕۆمە ئەو تەفاسیلە، ئەگەر بێین بودجەی خۆمان تەقیمێکی بەسیت بکەین، ئەوە تەقریبەن 30 سەعاتە ڕەخنەو ڕەخنە گرتن و ئینان و برن، یەعنی ئەوەی لە قاموسی نەقدا هەیە هیچ موستەلەحێك نەمایە بەکارنەهاتبێ، هەموومان بەکارهێنا، بە گۆترە دانانی بودجە هەتاوەکو ئاخیر موستەلەح بەتاڵان بردنی سامانی ئەم میللەتەو، بە هەدەر دان، هەتاوەکو دوایی، من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، بەڕاستی ئەگەر ئینسان بێتو تەقیمی شتێك بکات، دەبێ ئینسافانە تەقیمی بکەین، سپی،سپیە، ڕەش، ڕەشە، خۆزگە ئەو نەقدانە من پێش چوار ساڵ بمبیستایە، دەمگوت ئەم نەقدە لە شوێنی خۆیەتی، بەلأم کە ئێستا دەبیستم من ئەوەی لەپێش چاو دەبینم شتێکی تر لای من دیار دەبێت، کەوا نیە بەنزینی کوردستان پێش چوار ساڵ پێرفێکت نەبوو، ئیمتیاز نەبوو، ئێستا باش نیە، ئێستا تەئسیر لە بیئە دەکات، ڕێگاو بانەکان پێش چوار ساڵ هەموو ئێکس پرێس و های وای نەبوون، ئێستا باشتر هاتووە، بۆیە ئینساف لە هەموو شتێك ئەساسە، واقع بینانە قسە کردن حەتمەن ئەوە تەعبیر لە واقع دەکات، تەعبیر لە حەقائق دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەمەوێت هەندێك تەبعەن هیچ نەما برادەرانم ئەوەی ئیحسائی گۆتی و ئەوەی نیسەب گۆتی، کاك عیماد دەستی خۆش بێت، خوشکە لانە و کاك صباح و ئەمڕۆ خوشکە ئامینە، بەڕاستی من نامەوێت ئەوەندە بڕۆمە ناو بابەت و تەفاسیل و بابڵێین دووبارە سەری ئێوە گێژ بکەم بە نیسەب، بەڕاستی خیلالی ئەم چەند ڕۆژە سێ، چوار جار قسەکانم گۆڕایە، چونکە زۆر قسەکراوە نەمویست دووبارە ببێتەوە، ئەگەر بێین و بودجەی تەشغیلی بێنین، من دوو، سێ میسال دێنم زۆر ناڕۆمە ناو ئەرقام، ئەگەر بودجەی تەشغیلی تەنها بێین و تەحلیلی بکەین، کە یازدە ترلیۆن و شەش سەدو هەشت ملیارو نۆسەدو پەنجا و هەشت ملیۆن دینارە، ئەگەر بێین و تەقسیمی دوانزە مانگی بکەین، مانگانە نۆسەدو شەست و حەوت ملیارو حەوت سەدو سێزدە ملیۆن دینار ئەوانە دەچنە بازاڕ، بەپێی مەبدەئی موزاعفی ئیقتیسادی باشتر ئەزانێ لەمن، بەقەد ئەم پارەیە دە جار پارەی تر، ئەجوڵێنێت، دەجار بازاڕ ئەجوڵێنێ، حەتمەن موتەئەکیدم بودجەی تەشغیلی سەد دەر سەد دێ تەنفیز بیتن، ئەگەر سەدا سەد، دە و سەد و بیستی نەبێت، چونکە دیارە لە ساڵانی ڕابردوو بودجەی تەشغیلی هەموو جارێ زیاتر جێبەجێ بوویە، ئێمە زۆر گلەییمان لە حکومەتە دەڵێین تۆ لە وەبەرهێنان چی ئەبێ تەشغیلی...، من قەت لۆمەی حکومەت ناکەم، چونکە حکومەتیش ناچارە، ئەی چی بکات؟، دەستی بگرن نابێت، بەپێی ئەم مەبدەئە وەکی وتمان دە جار خەرج کردنی ئەو بودجەیە ئەوە دە قات پارە دێنێتە بازاڕ، ئەگەر بێین سەیری بودجەی وەبەرهێنان بکەین، من چەند حیسابێکی ئەوەم کردووە، یەعنی بە کورتی زۆر درێژی ناکەمەوە، کۆی گشتی پڕۆژە

بەردەوامەکان و پێشنیارەکان، بە حدودی چوار ترلیۆن و چار سەدو نۆزدە ملیارە، ئەگەر بێین بەپێی مەعایری دەولی 10٪ بۆ 15٪ ئەوە کرێی کرێکارانە، یەعنی کرێی عاملە، ئەگەر ئەو پارەیە زەرب بکەین لە 10٪ بە حدودی چوار سەدو چل و یەك ملیارو نۆسەدو سێ ملیۆن دینار، ئەوە دەبێتە بەس ئوجرەی عەمەل، ئەگەر بێین و بلێین لە کوردستان عامل ڕۆژانە 100 هەزاری وەربگرێ، ئەگەر ئەو رەقەمە حیساب بکەن، چار ملیۆن و چوار سەدو نۆزدە فورسەت عەمەل پەیدا دەبێ لەسەر ئاستی ساڵ، ئەگەر بێین ڕۆژانە بە حدودی 121 هەزار کرێکار دەتوانێ لە کوردستان ئیش بکەن، وەك دەلیل مەوجودەو واقعە لێرە، ئەجنەبی دێنن، خەلکی دێنن، خەڵکەکانی تر دێنن، ئەوەی تر ئێستا دێنن ئیش دەکەن و ئێمە هەر دەڵێین بەتاڵەیەو ڕێژەی بێکاری زۆرە و ئەم حکومەتە ستراتیژیەتی نیە، ئەمە نازانم چۆن چارە دەکرێت، ئەگەر بێین و سەیری بەتاڵە بکەین، بەتاڵە موستەلەحێکە پێناسە بکەی دەڵێین بەتاڵە چییە؟، بەتاڵە ئەوەیە ئەگەر ئینسان توانای ئیش کردنی هەبێت و حەزی ئیش کردنی هەبێ، و هەلی کار نەبێ ئەوکاتە پێی ئەڵێن بەتاڵە، ئێمە لە کوردستان دەروازەی ئەوەیە، بەتاڵە واتێگەیشتینە حکومەت بۆ من ئیشێکی دابین نەکرد، مانای چیە؟، مانای ئەوەیە من بەتاڵم، من هەندێك ئامارم لە بەردەستە تەقریبەن نوێترین ئامارن، پەیوەندی بە وانەی دوێنێ و پێش دوێنێ نینە، هەندێك ئاماری بەسیتن، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە دەڵێت، دەستە بە هاوکاری لەگەڵ (u.n.d.p) ڕاپۆرتی گەشە پێدانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان باسی دەکات، دەڵێت داهاتی تاکە کەس لە ساڵێکدا 4500 دۆلارە، ئەوە ساڵی 2011 باسی ئەو ساڵە دەکات، تەبعەن ئەو دیراسە لەگەڵ (u.n.d.p) کرایە، داهاتی نیشتیمانیش بە حدودی 35 ملیارە، هەروەها بەپێی دواین ڕاپۆرتی پەیمانگای پرسە سیاسیەکان، دەربارەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی، دەرچووە کە 38,5 لە هاوولأتیان داهاتیان مانگانە بە حدودی 500 هەزار هەتاوەکو یەك ملیۆن دینارە، 8٪ داهاتیان لە ماوەیەکدا یەك ملیۆن دینار بۆ سێ ملیۆن دینارە، 75٪ لەخەڵکی کوردستان لە کەرتی تەندروستی ڕازیەو سوودمەندە، 60٪ خەڵکی کوردستان، ئابووریان باشتر بووە لە دوو ساڵی ڕابردوو، ئەگەر بێینو سەیری پێوەری گەشەپێدان لە دونیا بکەین (1) دانراوە، خاڵێکە لەسەر ئەو خاڵە بەپێی ئەو مەقیاسە، پیوەری گەشە پێدانی مرۆیی دیار دەکەن، نەرویج یەکەمە پۆینت نەوەت و نۆ و سێیە، کوردستان پۆینت حەفتاو سێیە، عیراق پۆینت پێنج وحەفتاو سێیە، مانای ئەوەیە کە کوردستان ئەو هەرێمە لە پێش عیراقە، لەسەر ئەو کێماسی و ئەو داهاتە کە زۆرنیە بەرامبەر بە عیراق، کوردستان لەعیراق پێشکەوتوو ترە، ماوەیەکە برادەران باسی ئەوە دەکەن، ئەم بودجەیە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، من پرسیارێك دەکەم، لە سالأنی ڕابردوو دەمانگوت حکومەت بودجە نانێرێت، تاخیر دەبێ، گلەییمان لە حکومەت دەکرد، ئەمساڵە حکومەت ناردوویەتی، ئیتر گۆڵەکە بکەوێتە ناو مەلعەب وابزانم مەنتقیش نابێت، ئەگەر ئەم بابەتە مەفروزە پێش ئێستا بوایە، پێش ڕۆیشتنمان بۆ ناو موناقەشە کردنی بودجە، بۆیە من نابینم وەك لەناو ئەم پەرلەمانە پاش 30 سەعات قسە کردن و 40 سەعات قسە کردن، دوایی بێی وەللأ با ئەم بودجەیە بنێرینەوە بۆ حکومەت، بۆ تەعریف کردن، لیژنەیەك دابندرێت،

لیژنەیەك بڕوات تەحقیق بكات لەسەر ئاستی وەزارەت، وەك ئێمە ئاگادارین ئەم بودجەیە بە تەنسیق لەنێوان وەزارەتی تەختیت و وەزارەتی دارایی بە ئامادابوونی هەموو ئەم وەزیرە بەڕێزانە كۆبووینەوە، هەر وەزارەتێك ڕۆژ بەڕۆژ ئیجتیماعی لەگەڵیان كردووە، تەقریبەن وەزیر دەوری باڵای هەبووە لە ئامادەكردنی ئەم بودجەیە، ئیتر جارێكی تر نازانم بڕۆن دابەزنەوە، بڕۆن مەعلومات كۆبكەنەوە، جارێكی تر وزەرا كۆ بكەنەوە، مانای ئەوەیە ئەم بودجەیە ئەگەر وابێ بگەڕێتەوە حكومەت زۆری دەوێت، ئەوكات حكومەت دەڵێت فەرموو بودجە لە پەرلەمانەو پەرلەمان موعاریزەو ناهێڵێت دەرباز بێت، بۆیە من نابینم ئەو ئیشە لە خزمەتی خەڵكی كوردستان بێت، ئاخیر شت زۆر پێشنیار هاتنە كرن، زۆر موقتەرەحات و لیجان هەموویان دەستیان خۆش بێت، هەركەسێك دەیەوێت بودجە ئاراستەی لیژنەكەی خۆی بكات، بەرامبەر بە خەڵكەكەی بڵێت من ئەو قسەیەم كرد، ئەوەم گوت، ئەوەم داوا كرد، هەموویان مەشروعن، خۆزگە لە توانادا بوایە ئەو خواستانە هەموو جێبەجێ بكرابانە، بەڵام وەك لە پێشان گوتمان بودجە ئەوەیەو ئەوەندەمان هەیە، دەتوانین ئەوەندە بەجێ بینین، بۆیە داوا لە حكومەت دەكەم ئیلتیزام بەم بودجەیە بكات، پاش پەسەند كردنی، باشترین و ئاسانترین ڕێنمایی دەربێنێت بۆ جێبەجێ كردنی، هەورەها داوا لەحكومەت دەكەم ئیستیهلاك كەمتر لێ بكەت، ئەو نەفەقەی كە ئەبینێت زیادە با خۆی پێدابچێتەوەو دەست نیشان بكات، چەند لەتوانادایە ئەم خەرجیانە كەمتر بكاتەوە، خۆیان ئاراستەی ئەو شوینانە بكەن، كە بووینە جێگەی گازندەو گلەیی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەروەسا پشتگیری لیژنەی زراعە دەكەم، چونكە وەك تەحلیلم كرد ڕێژەیەكی كەم ئەمسالەكە بۆی داناوە، دیسان پارەیەكی بەلەز، بەڕێز جەنابی وەزیری مالیە خۆت ئەزانی ئێستا ئاگاداری ماشەئەڵلا بارانێكی زۆر لە كوردستان باریوەو خەڵكێكی زۆر زەرەرمەند بووە، پێموایە ئەگەر بەپێی ئیجرائات و ڕێگەو شوێنی قایمقامی كۆن ببێت، مودیر ناحیە تەقریر بنووسێت و لیژنە بڕوات، وابزانم ماوەیەكی زۆری دەوێ، ئیحتیمالە پارە زۆر ناگاتە دەستیان، ئەگەر بتوانن یارمەتی ئەو خەڵكە بدەن، زەرەریان تەعویز بكەن، جارێكی تر هیوادارم هەموومان بە نەفەسێك ئیش بكەین، كە خزمەتی كورد و كوردستان بێت و هەر سەركەوتووبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی تێبینیمان كرد ئاماژەیەكی زۆر بە عجز درا، ئەگەر ڕێگەمان پێ بدەن هەر لە ڕووی زانستیەوە عجز ڕوون بكەینەوە، هەم بۆ نوێنەرانی بەڕێز و هەم حكومەت و هەم بۆ ئەندامانی بەڕێز، بەپێی ئەو زانیاریەی كە لامانە، بوونی عجز مەسەلەیەكی زۆر سروشتیە، لەهەموو ولاتێك كە نەهجی سەرمایەداری هەبێ، مەبەستمان ئەوەیە ئەو ولاتەی كەوا نرخی كالاْ لەناو بازاڕە، لە دەرئەنجامی عەرز و تەڵەب دەست

نیشان ئەکرێت یان دروست دەبێ، لەسەر ئاستی سیاسەی عجزو سیاسەی مالی ولأتان سێ سیاسەت پەیڕەو دەکەن، سیاسەتێکیان، خۆی سیاسەی عجز بە موتەعەمدی، عجزی موتەعەمد پەیڕەو دەکەن، زۆربەی زۆری ولأتانی سەرمایەداری، کاتێك مەبەستیان ئەویە کەوا بازاڕ ببووژێننەوە، جاری وا هەیە ولأتەکە لەکاتی تەزەخوم دایە، بەپێچەوانەی سیاسەی عجزەوە سیاسەتێکی تر هەیە، پێی ئەڵێن سیاسەی وەفر، ئەمجارەیان بە پێچەوانەوەیە، ئیرادات زیاد دەکەن، نەفەقات کەم دەکەنەوە، کەواتە دوو جۆر موازەنەمان هەیە، موازەنەی عجز، لەگەڵ موازەنەی وەفر، شان بەشانی ئەو دوو موازەنەیە، موازەنەیەکی ترمان هەیە پێی ئەڵێن موازنەی موتەوازن، ئەمەیان مەحاڵە و زۆر کەم ڕوودەدات، کاتێك ڕوودەدات کە ئەگەر ولأت هەستی کرد بیەوێ ئاستی نرخ، مستەوای عامی سعر بیهێڵێتەوە وەکو خۆی، نیسبەتی ئەو بەتاڵەیەی کەهەیە لەو ڕێژە ئیعتیادیە هەیە کەوا بەدڵیەتی، لەبەر ئەوە مەسەلەی بوونی عجز لەکە نیە، لە سیاسەی مالی، هەر بۆ بەرچاو ڕوونی بەرێزتان، یەکێك لەولأتە زل هێزەکانی دونیا کە ویلایەتی موتەحیدەی ئەمریکیە، سالأنە عجزی هەیە لە موازەنەی عامە، لەوەتای هەیە عجزی هەیە لەمیزانی مەدفوعاتی خاریجی تا ئەم لەحزەیە، بەلأم ئەوەی کەوا ئەمانەوێ ڕووی بکەینەوە بۆ بەڕێز نوێنەرانی حکومەت، کاتێکیش کەهاتن بۆ لیژنەی دارایی پێمان گوتن، ئەو عجزەی بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە هەیە لە ڕاستیدا ئێمە سولفەیەکە وەری ئەگرین، ئەبێ بەقەدەر ئەو سولفەیە ئێمە تەسەروف بکەین، ئەتوانی تۆ پیشانی بەی بۆ ئەندامانی بەڕێز، بۆ حکومەتی ناوەند، بۆ ئەو خەڵکە ئەو پارەی کەبۆمان دێت کەمە بەشمان ناکات، بەلأم وەکو عجز ئێمە وەکو لیژنەی دارایی، پێشتریش پێمان گوتن، تەنها ئاماژە بدەن بەو بڕە پارەیەی کەوا پێویستە بینێرن بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو ناینێرن، ئەوە دانێن وەکو عجزێك، چونکە لە وەزارەتەکانی تر هەڵدەگیرێ بۆ ئەو وەزارەتە، ئەویش چی وەکو ئیلزامێکی قانونی بۆ حکومەتی عیراق، بۆ؟، چونکە ئەو ولأتانەی کە عجز دادەنێن، وەکو ئێمە نین، بانکی مەرکەزیان هەیە، چەند حاڵەتێکیان هەیە بۆ موعالەجەی ئەو عجزە، ئەتوانن سەنەداتی قەرزی داخلی دەربکەن، ئەتوانن سەنەداتی قەرزی خارجی دەربکەن، ئەتوانن پارە چاپ بکەن، ئەتوانن قەرز لە (I.M.F) وەربگرن، ئێمە ئەو حاڵەتانە لای ئێمە ناکرێ، وەکو ئەشڵێن ئەمساڵ عجزمان کەم کردۆتەوە، دایئەپۆشین یان کەمی ئەکەینەوە، لەڕاستی بەپێی ئەو بنەمایانەی کە باسم کرد لەجێگەی خۆیان نیە، تۆبەچی دایئەپۆشی هەر بەو سولفەیە دایئەپۆشی کە بۆت دێت، جگە لەوە ئێمە پێمان باشە وەکو لیژنەی دارایی کاتی خۆشی پێشنیارمان کرد بۆ نوێنەرانی حکومەت کەسەردانی لیژنەیان کرد، ئەگەر بکرێت دیراسەی بکەن لای حکومەت، چونکە بەڕاستی ئەو عجزە بووە بە بابەتێك ئەوترێتەوە لەناو خەڵك و لەناو ئەندامانی بەڕێز، کەئەنەما وەکو لەکەیەکە، ئەگەر بکرێت موناقەشەی خۆیان بکەین ئەو بەڕێزانە، ئەگەر بکرێت بۆ ساڵی داهاتوو ئەو عجزە تەنها ئاماژە بەو بڕە پارەیە بدەن وەکو ئیلزامێك کە حکومەتی ناوەندی ناینێرێ بۆ هەرێم، داپۆشینی و دانەپۆشینی، یان کەم بوونەوەو کەم نەبوونەوەی پابەندە بەو بڕە پارەیەی کە بۆمان دێت لەبەغداوە، پابەندە بە چۆنیەتی دابەش کردنی ئەو بڕە پارەیەی بەسەر وەزارەتەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەعات (8) دانیشتنەكەمان دەست پێدەكاتەوە، خواتان لەگەڵ.

**دانیشتنی سێیەم**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە لە شوێنەكانی خۆتان دانیشن، فەرموو كاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بودجە گرینگی و پەیوەندیەكی راستەوخۆی هەیە بە داهات و داهاتووی هەر وڵاتێك و ژیانی خەڵكەكەیەوە، چەند لە ئاستێكی باشدا هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكرێت و چەند بە دادپەروەرانە و شەفافانە بێ و بەگەڕ بخرێ ئەوەندە رۆڵی چارەنووسسازانە دەبێ لە بەرزكردنەوەی ژیانی خەڵك و ئاستی بژێوی باش دەكات، پێش هەموو شت ئاشتی كۆمەڵایەتی فەراهەم دەكات و وڵات بەهێز و سەقامگیر دەكات، پێچەوانەكەشی تەواو ئەنجامی پێچەوانە دەدات بەدەستەوە، كەواتە شەفافیەت و روونی داهات و

خەرجیەکان و چۆنیەتی بەگەڕخستنی بنەمایەکی گرینگی بۆ خۆشگوزەرانی و هاوولاتیان فەراهەم دەکات، ئەمەش ئەرکی سەرەکی حکومەت و دام و دەزگایەکانیەتی، هەروەها ئەرکی سەرەکی پەرلەمانیشە لە ڕێگای ئەندامەکانی و لە ڕێگای لیژنەکانی پەرلەمان چاودێری دارایی و لیژنەی نەزاهە و لیژنەی داراییەوە چاودێری داهات و خەرج و خەرجیەکان بکات، بۆ ئەوەی ڕێگا نەدات بە بەهەدەردان و خراپ بەکارهێنان، لەسەر یەتی کەم و کورتیەکانی دەستنیشان بکات، دەرگایەکانی گەندەڵی لەناو بودجەدا دابخات، حەقە لەخۆمان بپرسین لەئەنجامی پەسەندکردنی بودجە بۆ چوار ساڵ توانیمانە ئەو ئەرکە بەجێ بهێنین؟ سەبارەت بە راپۆرتی حکومەت چەند خاڵێکی دەستنیشان کردووە، وەك ستراتیجییەتی حکومەتی داناوە بۆ بودجەی $2013$، دەبوو زۆر زانستیانە و ئەکادیمیانە هەموو هەنگاوەکانی دەستنیشان بکردبایە، ئەو ئاست تەنگانەی بەردەمیشی دیاری بکردبایە و پاشان چارەسەری بۆ دابنابایە، بەداخەوە دەتوانم بڵێم تەنها نووسینێکە تەواو بێ هیوایی پێوەدیارە نەك گەشبینی، هەر لەسەرەتاوە بەبیانوو دەستی داوەتە راپۆرتی خۆی، ئەویش بە کەم و کورتی دەستی پێ کردووە، بۆ نموونە دەڵێت پشکی بودجەی هەرێم $10,4$ نەك $17\%$، ئەمە وەك ڕێژەی سەدی راستە، بەڵێ، بەڵام وەك بەرکەوتی هەرێم لەبەشە بودجەی فیعلی زیادی کردووە بە ڕێژەیەکی باش، کەچی ئەم راستیەی نەوتووە و شاردوویەتییەوە، بابزانین چۆن ساڵی $2012$ بەشی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی دوانزدە ترلیۆن و شەش سەد و چوار ملیار و نۆسەد و پەنجا ملیۆن بووە، بەشی هەرێم بە فیعلی لە $2013$ چواردە ترلیۆن و چوارسەد و شەش ملیار و حەوت سەد و سی و چوار ملیۆنە، کەواتە بەشە بودجەی ئەمساڵ لە بەشە بودجەی گشتی فیدراڵ یەك ترلیۆن و هەشت سەد و یەك ملیار و حەوت سەد و هەشتا و چوار ملیۆن زیادەی هەیە لە ساڵی پار، کە دەکاتە چوار دە و بیست و نۆ لە سەدا زیاترە، ئەم راستییە لەناو راپۆرتی حکومەتدا نە پێکاوە، تکایە وەڵام بدەنەوە بۆ؟ راپۆرتەکەی حکومەت ئاماژەی داوە بە بیانوویەکی دیکە کە حکومەتی هەرێم ئاگای نییە لە دارشتنی سیاسەتی دارایی فیدراڵی، دەڵێت بە پێی ماددەی $110$ی دەستوور ڕێگامان لێ دەگیرێت بەشدار بین لە دارشتنی سیاسەتی دارایی فیدراڵ، ئەم حکومەتەی خۆمان لەبیری چووە کە لەو حکومەتەی فیدراڵ کەسایەتی دارایی کە سیاسەتی دارایی فیدراڵ دادەرێژێت شەش وەزیر و جێگر و جێگری سەرۆك وەزیرانمان لەوێیە، بێجگە لە چەند جێگر وەزیرێك و جێگر وەزیری دارایی فیدراڵ و، دەیان مودیر عام و بەرێوەبەرمان لەبەغدا هەن، ئەمە سەرباری ئەندامانی پەرلەمانمان بەداخەوە نوێنەرەکانمان ئەم ئیدیعایەی ستراتیجی حکومەتی هەرێم ناسەلمێنن، ئایا حکومەتی هەرێم داننانیان بە نوێنەرەکانمان دا، تکایە وەڵام، سەیر لەوەدایە حکومەتی هەرێم لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی داوە بە ماددەی $114$ بڕگەی $4$، پاشان چەند نووسراو و پەیماننامە و رێککەوتننامە و یاسا ئاماژە پێدەدات، هات و هاوار دەکات کەمافمان دەخورێت، بەڵێ ئەمە ڕاستە، بەپێی دەستوور یاسا و پەیماننامە بۆ جێ بەجێکردنە، ئەگەر نەکرا بۆ بەدەستهێنانی ماف بۆ دادگا دەبردرێت، لەکاتێکدا ئێمە لەسەر حەقین، سەیرە ئەگەر ئەم بیانووانە راستن لەچی دەترسن؟ بۆچی؟ بۆ پەنا نابەن بۆ دادگای دەستووری فیدراڵی؟ خۆ لەوێش نوێنەری کورد هەیە، یان دەترسین

لەرێگای دادگاوە راستییەکان ئاشکرابێت و بیانوو نەمێنێت؟ تکایە وەڵاممان بدەنەوە، بۆ پەنا بۆ دادگا نابەن؟ لەپلانەکەدا حکومەتی هەرێم دەڵێت بە قەست یان بە مەبەست حکومەتی فیدراڵ بودجەی خەرجی سیادی و حاکیمە زیاد دەکات بۆ ئەوەی پشکی هەرێم لە بودجەکە کەم بکاتەوە، ئەمە ڕاستە، حکومەتی فیدراڵ ململانێی سیاسی هەیە لەگەڵ هەرێم و غەدرمان لێ دەکات، من دەپرسم ئەی حکومەتی هەرێم نەدەبوو ئەگەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو غەدرەی عێراقیش بووایە داهاتی هەرێمی شەفاف بکردبایە و ناروونیەتیان نەهێشتبایەتەوە لەسەری، دەبوو زیادی بکردبایە، نەك کەمی بکردابایەتەوە بۆ نیوە، بە بەراورد بەساڵی پێشوومان، خۆ لە هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی بپرسین سەدان جار گوێبیستی سەرکەوتوویی سیاسەتی دارایی  و سیاسەتی نەوتی هەرێم و گەشەکردنی بازرگانی و گەشتوگوزار دەبین، لەم هۆڵەدا هاوکارێکمان وەك خاڵێکی پڕشنگدار ئەم گەشەسەندنانەی وەك موژدەیەك راگەیاند کە ئێستا حکومەتی هەرێم سێیەم وڵاتی ناوچەکەیە لە وەبەرهێناندا، ئەمە موژدەیەکی زۆر خۆشە لەکاتێکدا لە داهاتیشدا دەبوو سێیەم وڵاتی ناوچەکە بووینایە، ئەو داهاتە قەبەیە کوا؟ لەکوێیە؟ بۆ نیوە لەساڵی پار کەمی کردووە؟ تکایە وەڵاممان بدەنەوە، ئەوەی مایەی نیگەرانیمانە ئێمە رۆژانە دەزانین حکومەتی فیدراڵ چەند بەرمیل نەوت دەفرۆشێت رۆژانە، داهاتەکەی چەندە، دەزانین مانگێگ چەند دەکات و ساڵێك چەند دەکات؟، بە دینار و بە دۆلار، ئەمە نابێتە قەزییەك لای حکومەت و نوێنەرەکانی خەڵك، کەچی پەرلەمانتارێك پەنجا دەقە قسە بکات لەسەری بووە بە قەزیەیەك و دەدرێ بە گوێی هەموو کورد و دونیادا، بێ ئەوەی گوێ بگرن لەو قسەیەدا کە 5500 بەڵگەنامەی خستۆتە روو لە شاردنەوەی داهاتەکان، گوێیەك لەم وڵاتەدا نییە بیبیستێ، کەچی کەس نازانێ هەر لە ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێز سەرۆکی حکومەتی پێشوو، هاووڵاتیانیش داهاتی نەوتی هەرێم چەندە و چۆن سەرف دەکرێ و کێ لێی بەرپرسیارە؟ تکایە وەڵامم بدەنەوە، لە راپۆرتە ستراتیجییەکەی حکومەتدا بۆ داهاتە نەوتییەکان موژدەیەکیان پێداوین کە دوو ژمارەی بانکی کراوەتەوە بێ ئەوەی بنووسن چەندی تێدایە، بەڕێزان من دەپرسم حیسابی بانکی کە مەبلەغەکەی ئیعلان نەکرێ بەچی دەچێت؟ کەچی لە راپۆرتەکەدا نووسراوە بایەخ دەدەین بە داهاتی ناوخۆیی و هەوڵی سەربەخۆیی سیاسەتی دارایی هەرێم دەدەین، ئەمەش تەنها بە شەفافیەت کردن و پەرەپێدانی داهات و دادپەروەری لەبەکارهێنانی دا دەبێت، نەك بە شاردنەوە.

لە پلانە ستراتیجییەکانی حکومەتی هەرێم بودجەی سیادی و حاکیمە و تەکمیلی غایبە، ئێمە دەزانین هەرێم بەرکەوتی خۆی هەیە، هەندێکی بەنەقدی و پارە دەدرێت، ئەوی تری بە مادی دەدرێت، بۆچی نەتان نووسیووە کە بیخەنە بەردەمی نوێنەرانی گەل؟ تکایە وەڵام، بۆ نموونە ئەوانەی بە نەقدی دەدرێ کۆمەڵێك دائیرەی حکومەتی فیدراڵی هەیە لەهەرێمی کوردستان ئەرك دەبینن، وەك بەڕێوەبەرایەتیەکانی رەگەزنامە و پاسەپۆرت و نووسینگەی زانیاری و بەڕێوەبەرایەتیەکانی نیشینگە و پۆلیسی گومرگ و لیواکانی پاسەوانی سنوور و هەتا دوایی، هەندێکیش بە دەرمان و سووتەمەنی و خۆراك و کارەبا و ئامێر و

ئوتۆمبێلّ و ئەساس و ئەو داوایانە سەر بەو دائیرانەن کە سەر بە حکومەتی فیدڕالّن لە هەرێم، ئەوکات دەمانزانی رێژەی راستی بەرکەوتی هەرێم چەندە و چۆن بەکاردێت؟، دەمانزانی چەند غەدر لە هەرێم دەکرێت، تکایە وەلاّمم بدەنەوە، بە ژمارە بۆمان روون بکەنەوە، جارێکی تر لەبەرنامە ستراتیجییەکەی حکومەتدا شتی جوان نووسراوە، بەلاّم بە کردەوە لە ئەرزی واقعدا پێچەوانە کار کراوە، هەر لە کشتوکالّ و پیشەسازی و کەرتی گەشتیاری ئەگەر بەراورد بکەین لەگەلّ بودجەکەیاندا هاوڕێیانم زۆر لەسەر ئەم بابەتە قسەیان کرد، دووبارەی ناکەمەوە.

هەروەها کەمکردنەوەی خەرجیدا هاتووە وەك پرۆژەیەکی ستراتیجی نەك کەمی نەکردووە کەم کردنەوەکەی، بەلّکو زیادی کردووە، عەجزی حکومەت باشترین نموونەیە، بەداخەوە دەلّێم بەرنامە ستراتیجییەکە تەنها هیوا خواستنێکە و بەس، هۆکارەکانی کورتهێنان و تەجاوزتان لە راپۆرتەکەدا نووسیوە، تکایە پلانتان بۆ چارەسەری و میکانزمتان چییە؟ روونی بکەنەوە، سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری جدییەتی تێدا نابینم، هەرچەندە پەنجەتان خستۆتە سەر هەندێك لەکەم و کورتییەکان، بەلاّم هەولّی چاککردن و راست کردنەوە و نەهێشتنی کەم و کورتییەکانتان نەداوە و نەتان نووسیووە چیتان کردووە یان کێ بەرپرسە، ئەرکی هەر لیژنەیەکی چاودێری بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری واتە (جەمعی مەعلومات ودراسەت کردن، تەحلیل کردن، شیکردنەوە، چارەسەرکردنی ئەو خەلەلانەی کەهەیە)، بەداخەوە تەنها زانیاریتان کۆکردۆتەوە ئەویش بە کەم و کورتی، تکایە وەلاّم بدەنەوە، بۆ؟ پێم وایە ئەوانەتان بکردبایە گفتوگۆیەکانی ناو هۆلّی پەرلەمان زۆر درێژەی نە دەکێشا، با گلەییەکیش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین کە نزیکەی زیاتر لە چوار سالّە سێ هەزار راپۆرتی چاودێری دارایی لە زیمەتان دایە، داوا دەکەم لەسەرۆکایەتی بە زووترین کات پێش تەواوبوونی ئەم خولەی پەرلەمان بیخەنە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان و رای گشتی لێ ئاگادار بکەنەوە، تکایە وەلاّم بدەنەوە، سەبارەت بە پرۆژەکان و دامەزراندن و خەرجییەکان، پرۆژەکان بەهەمان شێوەی سالاّنی پێشوو نێردراوەتەوە بۆ پەرلەمان، هەر لەجێ بەجێ نەکردنیان کە 774 پرۆژەیەو، نادیاری گۆژمەی تەرخانکراو بە مودەوەری، بەداخەوە ئەوانەشی کە جێ بەجێ دەکرێن پانزدە تا شازدە لەسەدی ئەوەی کە تەرخان دەکرێ جێ بەجێ دەبێ، زۆریان شکست دێنن و پارە بە هەدەر دەدرێ تێیدا، بەهۆی بێ پلانی و نازانستی پرۆژەکان، نموونە پرۆژەی دلۆپاندن و پرۆژەی ماسی بەخێوکردن لەناو کشتوکالّی کەلار لەگەلّ تەواوبوونیاندا شکستیان هێنا، بەلّکو زیانی گەیاندە دلۆپاندنەکە، تۆیەکەشی نەدایەوە بە حکومەت، پرۆژەی ئاودێری کەلار هەروەها، زائیدەن ئاودێری گوندی ئیسائی لەکاتێکدا جوتیاران پێش دەست بەکاربوونی ئاگاداریان کردبوونەوە کە ئەوە سەرناگرێ.

بۆیە ئێمە خەلّکی ناوچەکەین و شارەزای جوگرافیای مەنتایقەکەین، بە گوێیان نەکردن دوایش فەشەلی هێنا، زیانیشی گەیاند، بەنداوی ئەلی میر بەرێزان ئێمە زۆرجار باس لە پرۆژەکانی کشتوکالّ و ئاودێری دەکەین، بەنداوی ئەلی میر سالّی پار تەواو بوو، موژدەیەکی گەورەبوو بۆ خەلّکی گەرمیان بەتایبەتی

هەرلەسەرەتای بارانی ئەمساڵەوە ئاو بردی و ئاوی تێدا نەماوە، دەتوانن بڕۆن ببینن، بەنداوێکی تریش ئێستا لەگوندی رەزوەر لەجێ بەجێکردن دایە، داوا دەکەم فریای ئەوە بکەون، بۆ ئەوەی ئەویش بەهەدەر نەچێت، ئێستا دەست بەکار بوونە تێیدا، جوتیارانی گوندەکە زۆر ناڕازین و دەڵێن خراپترین شوێنی بۆ هەڵبژێردراوە و بۆ بەنداو نابێ، لەکاتێکدا دەڵێن شوێنی ترمان هەیە بە تەبیعی بەشێوەیەکی خوا کردی وەك بەنداو وایە شوێنەکەی، زۆرترین ئاو لەخۆ دەگرێ و کەمترین مەسروفیش لەخۆی دەگرێ بۆ دروست کردن، گوێیان لێ نەگرتوون تا ئەویش فەشەلی نەهێناوە، تکایە با حکومەت فریای بکەوێ، بەڕێزان من باسێکی لیژنەکەی خۆمان بکەم لەو لیژنانەی کە راپۆرت دەنووسن، چۆن دەنووسرێ، ئێمە لەلیژنەی خۆمان، لیژنەی ناوەخۆ لەگەڵ دەزگای ئاسایش بودجەکانیان لەبەر ئەو هەموو کەم و کورتییەی، ئەو نا زانستییەی کە دارێژراوە لە خەملاندنێکی زۆر نا تەبیعی ئێمە بەکۆی دەنگی لیژنەی ناوەخۆ، بەڕەزامەندی هەموو ئەندامانی وەزارەتی ناوەخۆ کە جەنابی وەزیر و هەردوو جێگرەکەی و سی و پێنج مودیر عاممان لەگەڵ بوو گەڕاندمانەوە بۆ حکومەت، کە دەزگای ئاسایشیش بەهەمان شێوە، کە چاکی بکەنەوە و بیهێننەوە.

بەڵام بەداخەوە بەبێ چاککردنەوە راپۆرتی لەسەر نووسراوەتەوە بەبێ ئەوەی وەڵامەکانیشمان بۆ بێننەوە کە ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگیش بووە، دێمە سەر نازانستی لە خەملاندن، بەڕێزان، بە ژمارەش دەیخەمە روو، لەموازەنەی وەزارەتی ناوەخۆ بەتایبەتی کە لیژنەی خۆمە، لە 2013، وەزارەت داوای دوو ترلیۆن و چوار سەد و نەوەد و حەوت ملیار و شەش سەد و حەفتا و چوار ملیۆنی کردووە، بۆ 2013، بەڵام وەزارەتی مالییە رەزامەندی لەسەر یەك ترلیۆن و سێ سەد و پەنجا و حەوت ملیار و شەش سەد و حەفتا و چوار ملیۆن داوە، واتە یەك ترلیۆن و سەد و سی و نۆ ملیار و حەوت سەد و چوار ملیۆن کەمی کردۆتەوە، واتە سەد و دوو لەسەد کەم کراوەتەوە، ئەمە هەڵەیە یان تەخمینێکە بەگۆترە؟ خۆی دەبێ تەخمینی خەملاندن لە 90٪ نزیك بێ لە راستییەوە، 10٪ دووربێت لە راستیەوە، ئەم خەملاندنانەی وەزارەتی دارایی و پلاندانان، داواکاریەکەی وەزارەتی ناوەخۆ بە بەراورد بەساڵی 2012 کە یەك ترلیۆن و چوار سەد و هەشتا و شەش ملیار و سەد و هەشتا و نۆ ملیۆن بووە، یەك ترلیۆن و یازدە ملیار و چوار سەد و هەشتا و پێنج ملیۆن زیادیان داواکردووە، کامەیە زانستی موازەنە؟ بەڕێزان نزیکەی دوو ئەوەندەی پار ساڵە، تکایە وەڵامم بدەنەوە، بە هەمان شێوە لەموازەنەی ناوەخۆدا لە هەبووە ناداراییەکان، واتە مەوجوداتی غەیری مالیدا وەزارەت داوای سێ سەد و چل و چوار ملیار و چوار سەد و نەوەد ملیۆنی کردووە، وەزارەتی دارایی رەزامەندی لەسەر شەش ملیار داوە، واتە زیاتر لە پەنجا و حەوت جار کەمی کردۆتەوە بەڕێزان، کە دەکاتە پێنج هەزار و حەوت سەد لە سەد کەم کراوەتەوە، داواکەی وەزارەتی ناوەخۆ بەبەراورد بە ساڵی پاریشیان بۆ 2012 حەفتا و نۆ جار زیاترە، واتە حەوت هەزار و نۆسەد لە سەد زیاترە، ئەمە چۆن تەخمینێکە؟ ئەم بودجەیان ئایا ئەمە گۆترەی پێ ناوترێ؟ لەکاتێکدا ساڵی پار چوار ملیار و سێ سەد و شەست و پێنج ملیۆن بووە، تکایە وەڵامم بدنەوە و بەڕێزە بیسەلمێنن بۆمان، دەزگای ئاسایش

موازەنەکەیان لەناوخۆ تۆزێك باشترە، وەك نموونەیەك لە هەبووە ناداراییەکاندا بەرامبەر بە 2012 پێنج ملیار و نۆ سەد و بیست و پێنج ملیار داندرابوو، کەچی بۆ 2013 سەد و دە ملیار و پێنج سەد ملیاریان بۆ داندراوە، واتە بیست و یەکجار زیاتریان نووسیوە، دوو هەزار و سەد لە سەد زیادی کردووە، دارایی شانزە جار کەمی کردۆتەوە، واتە هەزار و شەش سەد لە سەد کەمی کردۆتەوە، ئەمە چۆن خەملاندنێکە بەڕێزان، ئەنجومەنی ئاسایش لە هەردووکیان بە شێوەیەکی نا زانستیانەتر نووسراوە، هاوکارم کاك شێرزاد ئەمەی بەجوانی روونکردەوە من ناچمەوە سەری، تکایە وەڵامتان چییە؟ لەقەرەبووی فەرمانبەران، تەعویزاتی مۆزەفینی ناوخۆ لە 2012 یەك ترلیۆن و دوو سەد و پەنجا و چوار ملیار و سەد و سی و سێ ملیۆن داندراوە بۆیان، لە 2013 کردووتانە بەیەك ترلیۆن و دوو سەد ملیار کە رەزامەندیتان لەسەر داوە، واتە پەنجا و چوار ملیار و سەد و سی و سێ ملیۆن کەمتان کردۆتەوە، ئەمە لەکاتێك دایە کە ژمارەی فەرمانبەرانی سیانزە هەزار و هەشت سەد و چل و یەك زیادی کردووە، بەم شێوەیە شەش هەزار و سەد و چل و  یەك نەقلیان بۆ لا کراوە، دوو هەزار و حەوت دامەزراندیان هەیە، بەهەرەمەکیش پێنج هەزاریان دامەزراندووە بە شێوەیەکی نا یاسایی، نە پەرلەمان رازی بووە لەسەری، نەکەس، نووسراوەکەی خۆیانم لایە دەتوانن وەری گرن لێم، دامەزراندن لە هێزە چەکدارەکان و ناوەخۆ و هەواڵگریەکان و ئاسایشدا بەدەر لەر ێنماییەکان لە دەرەوەی دەستەڵاتی لیژنەی دامەزراندن و بە تەزکییەی حزبی دادەمەزرێن، دەرفەتی یەکسان نارەخسێت بۆ هاووڵاتیان و هەندێك جار بە رەمەکی دامەزراندن روودەدا وەکو باسم کرد، بەدەر لەیاسا، ئەوەی ناوەخۆ وەك نموونەیەك ئایا دەپرسن دەوڵەتی موئەسەسایەتی و یاسای و دەرفەتی یەکسان و حکومەتی هاووڵاتی بوون لەکوێی ئەو مەنتقە دایە؟ تکایە وەڵاممان بدەنەوە، ئەو یەکگرتنەوەش کە باس دەکرا بەم دەزگایانە تەنها عیبرەکە و کاغەزەکەی بەهەدەر دراوە بەڕێزان تاوەکو ئێستا، لەپڕۆژەکانی ناوەخۆ سەرەڕای ئەوەی بودجەیەکی قەبەیان بۆ دادەندرێت، داهاتەکانیشیان بۆ خۆیانە، دەزگاکانی ئەو وەزارەتە و باردۆخی کارمەندەکانیان لەشارەکان بەگشتی و قەزاو ناحییەکان بەتایبەتی تەواو خراپ و پەرپوتن، لەپێداویستی و بینایە و سەیارە و ئەساس و نەسریە بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان هاواریانە لە رۆتینات بۆ رەزامەندی وەرگرتن، کەواتە ئەم بودجە زۆرە بەکەمی دەگاتە دەزگاکانی خوارەوە و دەستەڵاتەکانیش تەنها لە وەزارەتدا چڕ بۆتەوە و لە جیاتی لامەرکەزی مەرکەزی بە ئیمتیازی تێدا هەیە، کە ئەمە هۆکاری رۆتینات و باش ئەنجام نەدانی کارەکانی بەدواوەوەیە.

راپۆرتێکمان نووسی وەکو لیژنەی ناوەخۆ کە سەردانی دەڤەری رانیەمان کردووە بە نموونە لەلامانە کە بەکۆی دەنگ تەئیدمان کردووە کە چەند کەم و کورتی زۆرە لە بەشەکانی ئەم وەزارەتە، لە هەموو ناوچەکانیش کە سەردانمان کردووە، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەم وەزارەتە کرێیەکی زۆر دەداتە خانوو بۆ دەزگایەکانی، ئەوە بارودۆخی خۆیەتی کە باسمان کرد، کەچی 51٪ی پرۆژەکانی کاری وەزارەتەکانی ترە ئەوان ئەنجامی دەدەن، تەنها 49٪ یان پرۆژەی خۆیانن، نموونە لە سەد پرۆژەی بەردەوامی ئەم وەزارەتە 22 بینا سەر بە وەزارەتی دادە، بۆیان دروست دەکەن، نۆ بینا سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە، حەوت

پڕۆژەیان هی شارەوانییەکانە، چوار پڕۆژەیـان سـەر بـەوەزارەتی پیشەسازی و بازرگانییـە، چـوار پڕۆژەیـان سـەر بـەوەزارەتی شـەهیدان و ئەنفالـە، زائیـدەن دوویـان سـەر بـە وەزارەتـی ئەوقافـە، دوویـان سـەر بـە ئاوەدانکردنەوەیە، هـەروەها پـڕۆژە بەردەوامـەکانیان سـێیانزەیان نووسـراوە تەنـدەرین، کـە بەردەوامـە بـۆ نووسراوە تەندەرین؟ چۆن دەستی پێ نەکردووە؟ چەند ساڵە؟ زائیدەن حەوت گرێبەست، زائیدەن بیست و هەشت دەست بەکار نەبوو، ئەگەر بەردەوامە چەند ساڵی تر دەست بەکار دەبێ؟ چۆن بەردەوامە کە دەست بەکار نەبووە؟ زائیدەن یەك بانگەواز، واتـە لـە سـەد پڕۆژەکـە چـل و نۆیـان ئـەوها، دەسـت بـەکار نـەبووە، تکایە وەڵامان بدەنەوە.

لە پڕۆژە تەواو بووەکانیشدا پەنجا و پێنج پڕۆژەیە کەچی چوار پڕۆژەیان نووسراوە دەست بەکار نـەبووە، بەڕێزان، خۆتان نووسیوتانە لە تەواوبووەکانە، کەچی لەشوێنێکی تر نووسراوە دەست بەکار نـەبووە، چۆن تەواوبووە دەست بەکار نەبووە؟ بەتایبەتی پڕۆژەکانی دهۆك بیست و دوو پڕۆژە بـێ چارەنووسـە، زانیـاری نەدراوە لەسەری، نە بەرواری، نە کۆمپانیایەکە، نـە شـوێنەکەی، نـە کـەی دەسـتی پـێ کـردووە، سـێ پـڕۆژە نووسراوە تەندەرین، زائیدەن یەك پڕۆژە نووسـراوە گرێبەسـت، لەکاتێکـدا نووسـراوە تـەواوبووەکان، تکایـە وەڵامێکمـان بدەنــەوە کـە جێگـای متمانـە بـێ، پـڕۆژە هەیـە لـە تـەواوبووەکانی سـاڵی 2011یـە، خۆتـان نووسیوتانە بۆمان، کەچی بە بەردەوام نووسراوەتەوە لەبڕگەی حەوتی بەردەوامەکاندا هاتۆتەوە لە 2013 کە تەواوبووە، چۆن بەردەوامە؟ تکایە وەڵام.

نموونەیەك دوو سایدی جادەی سەرەکی پێنجوێن وەکو نموونە، دەزگای ئاسایش سەبارەت بـە پڕۆژەکانیـان لە 35 پڕۆژەی ئاسایشی گشتی سلێمانیدا نۆزدە ملیار و شەش سەد و پێنج ملیۆنی بۆ دانـدراوە، کەچـی بـۆ چوار پـڕۆژەی ئاسایشـی گشـتی هـەولێر شەسـت و چـوار ملیـار و سـێ سـەد و شەسـت و پێـنج ملیـۆنی بـۆ دانـدراوە، هـەروەها بـۆ سـێ پـڕۆژەی ئاسایشـی دهـۆك بیسـت ملیـار و بیسـت و حـەوت ملیـۆن دینـاری بـۆ دانـدراوە، واتە بۆ حەوت پڕۆژە هەشتا و چوار ملیار و سێ سەد و نەوەد و دوو ملیۆنی بۆ دانـدراوە، کەچـی بۆ سی و پێنج پڕۆژە نۆزدە ملیار و شەش سەد و پێنجی بۆ دانـدراوە، دەپرسم ئەمە چ مەنتقێکە لەکاتێکـدا ئەمانە بینان بۆ یەك دەزگا و هەمان ئەرکیان هەیە و هەمان ئەنجامی کاریان هەیـە، تکایـە وەڵام بدەنـەوە، هەروەها کەم و کورتی زۆر هەیە لە زانیاری پڕۆژەکاندا لە دەست بەکاربوونیان، لە ناوی کۆمپانیایەکان، لـە بەروار، لە تەندەری، لەگرێبەستەکان و هەتا دوایـی، ئەمـە لـەپڕۆژەکانی دەزگـای ئاسـایش، سـەبارەت بـە نـا هەوسەنگی و نا دادپەروەری لە دابەشکردنی بودجە بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا، من گەرمیان بە نموونە دەهێنمەوە کە چەند نا هاوسەنگی هەیە؟ کۆی گشتی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان و بەردەوامەکانی حکومـەتی هەرێم بۆ 2013، مەبەستم پارەکەیە، بریتییە لە چوار ترلیۆن و سەد و بیسـت و هەشـت ملیـار و حـەوت سەد و بیست و سێ ملیۆن، رێژەی سەدی هـەولێر سـی و چـواری بـۆ دانـدراوە، سـلێمانی چـل و دوو، دهـۆك بیست و چوار لە سەدی بۆ تەرخانکراوە، بەپێی رێـژەی دانیشـتوان کـە دوانـزە و پۆینـت بیسـت و یـەك لـە سەدی هەرێمی کوردستان هەموویەتی، هەموو هەرێمە، دەبوو بە هان رێژەی دانیشتوان پـارەی بـۆ تـەرخان

بكرابايە، كە كە ئەوها نەكراوە بەداخەوە، دەبوايە بودجەی گەرميانيان بيكردبايە پێنج سەد و چوار مليار و سەد و حەڤدە مليار دينار، بەڵام جێگای داخە تەنها دوو سەد و پانزە مليا رو شەش سەد و نەوەد مليۆن ديناری بۆ داندراوە، بەم پێيە ڕێژەی پێنج و پۆينت دوو لە سەدی هەرێمی كوردستانی بۆ گەرميان وبۆ پڕۆژەكانی بەردەوام وپێشنيار كراوەكان داندراوە، كەواتە دوو سەد و هەشتا و هەشت مليار و چوار سەد و بيست و حەوت مليۆن لە ڕێژەی بەركەوتی خۆی كەمی بۆ داندراوە، كە شەست لە سەد زياتر مافی خوراوە، تكايە وەڵامما‌ن بدەنەوە.

ئەم هۆكارانە چييە كەوای كردووە ئەم نا هاوسەنگييە هەبێ؟ هەوڵی گەڕانەوەی ئەو مافە بدەنەوە بۆ گەرميان، ئەمە لە زۆر ناوچەی تريش بەدی دەكرێ، بۆ نموونە قەزای خەبات كە سی دەقيقە، نيو سەعات لە هەولێرەوە دوورە، ئەگەر بە سەيارە بە جادەكاندا بڕۆی دەبينی كە گەورەترين پاڵاوگەی نەوتی لێيە كەچی ڕێگايەكەيان بە تەواوی خراپ و تێكچووە و سەرەڕای كەمی خزمەتگوزاری بۆ ئەم قەزايە، هەروەها قەزای بەردەرەش وەك نموونەيەكی تر، بە پڕۆژەكانيدا بڕۆنەوە و ببينن چيان بۆ كراوە، ئايا لە ئاستی ڕێژەی خۆيان دايە؟ دێمە سەر گەرميان كە بەراستی هەندێك كێشەی گەورەتريشی هەيە، يەكێك لەوانە كە كێشەی هاتوچۆی ڕێگای دەربەنديخان كەلارە، بەڕێزان ئەم ڕێگايە بەرێگای مردن ناونراوە، پێم وايە كەس نييە لەم هۆڵە نەيبيستبێ، ئەمە لە خۆيەوە نەهاتووە ئەم قسەكردنەم بە داتا و بە ئامار دەيخەمە بەرچاوی بەڕێزتان، لە ڕووداوەكانی هاتوچۆی نێوان كەلار و دەربەنديخان كە شەست كيلۆ مەترە.

بەڕێزان لەماوە ساڵەكانی 2011 و 2012 نزيكەی سێ سەد ڕووداوی هاتوچۆ ڕوويانداوە، نزيكەی سەد كەس گيانيان لە دەست داوە، نزيكەی چوار سەد كەس برينداربوون، زياتر لە هەشت سەد ئۆتۆمبێل تێكشكاوە و زيانيان بەركەوتووە، كەواتە لەو شەست كيلۆ مەترە بۆ هەر دوو كيلۆ مەترێك زياتر لە سێ كەس گيانيان لە دەست داوە، ئەوە بۆ ساڵێك، بۆ يەك كيلۆ مەتر حەوت كەس بريندار بووە، بۆ يەك كيلۆ مەتر چواردە سەيارە تێكشكاوە و زيانيان بەركەوتووە، تكايە ئەمە لە 2012 ەوە پارەی بۆ تەرخانكراوە ئەم ڕێگايە تا ئێستا چاك نەكراوە، كە ماوەكەی هەزار ڕۆژە، حەوت سەد و بيست ڕۆژی ڕۆيشتووە، دەست بەكار نەبوونە تێيدا، تكايە پەلەی لێ بكەن و جێ بەجێی بكەن، بەڕێزان زۆرێك لە هاوكارانم لە پەرلەمانی كوردستان دەستخۆشيان لێ دەكەم باسی باشكردنی باردۆخی ژيانی پێشمەرگە زۆر قسەی لەسەر كرا، زۆر باسكرا، زۆر قسەی باشی بۆ كرا و هەموو بە ڕەوامان زانيوە كە مافی خۆيان پێ بدرێ، تكايە با بچێتە بواری جێ بەجێكردنەوە و مووچەكەيان و دەرماڵەكەيان وەك سوپای عێراقيان لێ بيێت و چيتر ئەو مەغدووريیە لەسەريان نەمێنێ، داواش دەكەم مووچەكانيان لەكاتی خۆيدا بدرێ، كە زۆربەی فەرمانبەران بەتايبەتی هێزەكانی ناوەخۆ زۆر جار مووچەكانيان دوا دەكەوێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە.

بەڕێزان بابەتێكی تر هەيە كە زياتر لە هەشت مانگە پەرلەمانی كوردستان ليژنەی ناوەخۆ تەعديلی ياسای ژمارە 18ی ساڵی 2011 تەواو كردووە، بە ليژنەی ناوەخۆ و بە ليژنەی ياسايشەوە، كەچی وەزارەتی دارايی ڕێگا نادات بخرێتە هۆڵی پەرلەمان، دەنگی لەسەر بدرێ، تكايە ڕوونی بكەنەوە ئەو

قورساییە داراییەی دەكەوێتە ئەستۆی حكومەت لەمە چەندە؟ كە ئەمە پێویستییەكی وەزارەتی ناوەخۆیە و خۆیان داوای دەكەن، هەموو هێزەكانی ئاسایش و پۆلیس بەبەردەوامی داوای دەكەن، هەروەها ماڤی خۆشیانە، دەپرسین ئەگەر قورسایی دەخاتە سەر بودجەی هەرێمی كوردستان خانەنشینەكان لە هەرێمی كوردستان زۆر بە شێوەیەكی نا سروشتی دەچێتە سەر بودجەكە بەبێ ئەوەی یەك فەرمانبەر لە فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێم كەم ببێتەوە ساڵانە، كەوتە لە دەرەوەی فەرمانبەرایەتی و كاری حكومی خەڵكێكی زۆر خانەنشین دەكرێت.

تكایە ئەوانە رابگرن بۆ ئەوەی بتوانن ئەمانە حەقیان پێ بدرێ، ئەویش یەكسان كردنەوەی خانەنشینەكەیانە بە رێژەی هەشت لە سەدی مووچە و موخەسەسات، كە من دەتوانم دوو نووسراو بخەمە بەردەستتان كە نووسراوەكانم لەبەر دەستە، بە دوو نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان شەش هەزار و سەد و یەك كەس خانەنشین كراوە بەدەر لە یاسا و بەدەر لە رێنماییە زانستییەكان، گەر دەتانەوێ دەیخەمە پێش چاوی بەڕێزتان، داواش دەكەم لە حكومەت كە ئێمە لەناو هۆڵی پەرلەمان بووین كۆمەڵێك كارەسات لەناو هەولێر روویدا، ئەو دڵخۆشییەی هەرێمی كوردستان بەبوونی بارانی ئەمساڵ و رزگاربوونمان لە وشكەساڵی بەراستی بەو رووداوانە خەریكە كاریگەری لێ دەكرێت و خۆشییەكە كەم دەكاتەوە، زیانێكی زۆر بەر هاووڵاتیان كەوتووە، رێگاوبانەكان زیانێكی زۆری بەركەوتووە، داوا دەكەم حكومەتی هەرێمی كوردستان، نوێنەرەكانیان هەوڵێكی جدی و سەریع بدەن بۆ قەرەبووكردنەوەی زیانی هاووڵاتیان، چاككردنەوەی رێگاوبانەكانیش بۆ ئەوەی خۆشی بارانەكە لەخەڵك تێك نەچێ، بەڕێزان دواجار دەڵێم حكومەتی سەركەوتوو خۆ بە حكومەتە سەركەوتووەكان بەراورد دەكات و حكومەتە شكست خواردووەكان هەمیشە خۆیان بە حكومەتە شكست خواردووەكان بەراورد دەكەن، من هیوا خوازم كە ئێمە حكومەتەكەمان لەو حكومەتانە بێ كە هەمیشە خۆی بەراوورد بكا بە حكومەتە سەركەوتووەكان نەك حكومەتە شكست خواردووەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2013، چوارەمین پرۆژەی بودجەیە كە لە خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان گفتوگۆی لەبارەیەوە دەكرێت، ئەم پرۆژەیە لە قۆناغێكی ئابووری گوزەردا موناقەشە دەكەین، مەبەستمان ئابووری هەموو عێراقین (من ضمنها) ئابووری كوردستانە، كە پێشتر ئابووریەكی موخەتەت بووە، هیوام وایە كە بەرەو ئابووری بازاڕ بڕۆین، حەتمەن دانانی پرۆژەیەكی لەو بابەتە كاریگەری دەبێ بەسەر تەخمین و جێ بەجێكردنەكەیەوە، جیا لەمە ئەم پرۆژەیە پێویست دەكا وەڵامی چەند پرس و گرفتێك بداتەوە، پرسی ئاسایش و سەلامەتی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستانە، كە ئێمە لە

ناوچەیەكین پـڕە لـە گرووپـی تیرۆرسـتی، ناوچـەكەشمان چـەندین نـا ئیسـتقراری دەوڵـەتی دەبیـنین لـە ناوچەكەدا، بەهەمان شێوە ئێمە كێشەی نیشتەجێ بوون و هەژاریمان هەیە، كـە میراتگـری رژێمـی بەعسـی گۆڕبەگۆڕین، بەهەمان شێوە چارەسەركردنی كێشەكانی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال پێویستە ساڵانە لەم بودجەیە چارەسەر بكرێ، ئاوەدانكردنەوە و بونیادی ژێرخانی ئابووری خـەونی ئێمەیـە، خـەونی ئـابووری ناسانە، كێشە و پرسی دامەزراندن و هەلی كار خەونی هەر قوتابییەكە كە دەردەچێت لـە پـەیمانگاكان، لـە زانكۆكان، بەڵام لەبەرامبەریشدا خواستی زۆرینەی ئابووریناسـانە بـەوەی كـە زۆرتـرین هـەلی كـار لـە بـازاڕ بڕەخسێت نـەك لـەرێی دامەزراندنـەوە چارەسـەری بێكاری بكـرێ، پـرس و كێشـەی تەندروسـتیمان هەیـە، نەهێشتنی نەخوێندەواری و پەرەپێدانی مرۆیی هەمی ئێمەیە، بووژانـەوەی كـەرتی تایبـەت و بووژانـەوەی كشتوكاڵ و گەشتوگوزار، لەوەش بەدەر جیا لەو كێشانە ئێمە وەكو هـەرێمێك كـە تـازە حوكمڕانی خـۆجێی دەكـەین، بـە هیـوای بەسـتن و گرێـدانی پەیوەنـدی لەگـەڵ وڵاتـانی تـر لـەرووی سـەقافی و سیاسـی و ئیقتیسادییەوەین، بە حكومی ئـەوەی كـە ئەنـدامی لیژنـەی دارایـی و كاروبـاری ئـابووریم، پسپۆڕییەكەشـم كەمێك نزیكـە لـەو بابەتـەوە، مـن لـەوە تێگەیشـتووم كـە ئـەم پڕۆژەیـە بـەپێی بنەمایـەكانی سیسـتەمێكی ئابووری (جی، ئێف، ئێس جەنەراڵ فاینەڵ سیستەم) كە خودی پڕۆژەكە پێكهـاتووە لـە شەسـت بـەرگ، كـە ئاراستەی پەرلەمان كراوە و بەسەر حیسابەكانی جۆر و مادده و دەروازەدا دابەش بووە، ئەم پڕۆژەیە راستە ئاراسـتەكانی، ئامانجـەكانی لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە دەستنیشـان كـراون، بـەڵام شـێوازی ئاوەدانكردنەكەی لەلایەن خەڵكانی پسپۆڕ و ئەكادیمی لەلایەن خەڵكانێك كە فەرمانبەرن یـان بەڕێوەبـەرن ئامـادەكراوە، ئیسـتیمارە ئیسـتعدادەكەی، مـن تـەنها یـەك نموونـە بـۆ بەرچـاوروونی هاوڕێكـانم ئامـاژەی پێدەدەم، ئەویش ئامادەكردنی پڕۆژەی بودجەكەیە تایبەت بە وەزارەتی ناوەخۆ، بـەڕێزان، ئـەو فەرمانبـەر و كارمەندانەی كە بەشدارن لە ئامادەكردنی ئەم پڕۆژەیە كێن؟ ئەو فەرمانبەرانەن لەبەشی زاتیە، لەبەشی حیسابات، لەبەشی تەدقیق، بە هەمان شێوە مودیر و مەعاون مودیرەكانن، واتە لەكۆی هەموو ئـەو وەحـدە ئیدارییە، حیسابیانەی كە هەن لە هەرێمی كوردستاندا ئیمكانە نزیكی دە هەزار فەرمانبەر بەشـدار بـن لـە داڕشتنی ئەو پڕۆژەیە كە لە دوو توێی شەست بەرگ ئاراستەی پەرلەمانی كوردستان كـراوە، بۆیـە دەبیـنین ئەگەر ئێمە سەردانی ناوچەكان بكەین بەتایبەت ئەو وەحدانەی سەر بەوەزارەتی ناوەخۆن، ئێمە بـەردەوام دەڵێین كەلوپەلیان، پێداویستی ئـەمنیان، ئـەجهیزەكانیان، جل و بـەرگیان لەئاسـتی پێویسـتدا نییـە، بۆیـە كاتێك كە ئیستمارەكە دێتە بەردەستی ئێمە دەڕواتە بەردەست وەزارەتی دارایی دەبینین زۆر نا بەرامبـەری هەیە لە تەخمین كردندا، ئەوەی كە ئێمە هەستی پێدەكەین، راستە واقع نابەرامبـەری هەیـە، چونكە بـۆ؟ خواستی ئەجهیزەكانی ئێمە، خواستی كارمەندەكانی وەزارەتی ناوەخۆ زۆر لەوە زیـاترە كـە ئێمـە تـەوەقعی دەكـەین، ئێمـە بونیادێـك و ژێرخـانێكی لـەرووی بینـا، لـەرووی ئـەجهیزە داڕووخانمـان هـەبووە، وڵاتـێكین خۆمان تازە دروست دەكەین، بۆیە دەبنین لەبەرامبەردا وەزارەتی دارایی، ئەو بەڕێزانەشی كە لەوێوە وەكو فەرمانبەر دواتر تا دەگاتە پلەی وەزیر كە ئیقراری ئەوە دەكا لەسەر چی ئیتیفاق بكرێ، وەكو بودجـە بـۆ

فلانـه وەزارەت دابنـدرێ، کـەم دەکرێتـەوە، بـۆ؟ چـونکه لەبەرامبـەردا سـی وەحـدەی تـر کـه پێکهـاتووه لـه سەرۆکایەتی، وەزارەتەکان، ئـەو فەرمانگانـەی کـه نەبەسـتراوەتەوە بـه وەزارەتەکانـەوە، هـەمان داواکارییـان هەیە، بۆیه من جورئەت ناکەم بڵێم به گۆترە دانـدراوە، چونکه ئەمه بەرهەمی کاری بەلایەنی کەمەوە سێ تـا چـوار مـانگی خـەڵکی موختـەس بـووە، بەخوێندنـەوەی راپـۆرتی دارایـی پرۆژەکـه و وردبوونـەوە و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوژمارانەی که تـەرخان کـراون لـەو شەسـت بەرگـەی کـه ئامـاژەم پێـدا، هەوڵدەدەم بەکورتی، سەرتان نایەشێنم، تەنها چەند ئاماژەیەك بخەمەروو، یەکەمیان تایبەته به بەشـداری هـەرێم لـه دارشتنی سیاسەتی دارایی و دانانی بودجەی عێراق.

خاڵی دووەم بوونی سیوله و پارەی پێویست له حیسابەکانی حکومەت بۆ خەرجکردن.

خـاڵی سـێیەم کـه ئەمـه پەیوەنـداره زیـاتر بـه پرۆژەکـەوە، تێچـووی ئامانجـەکانی پـرۆژەی 2013 بـۆ هەرتاکێکی کوردستان، یان بۆ هەر خانەوادەیەك له ئاسایش و سـەلامەتی، لـه ئاوەدانکردنـەوە و نیشـتەجێ بـوون، لـه پـەروەردە و خوێنـدنی بـالا، لـه وزە و کارەبـا، لـه ئـاو و شـارەوانییەکان، لـه تەندروسـتی، هـەتا کەرتەکانی ترەوەش، خـوارەوە، مـن نـاتوانم تەفاسـیلەکەیتان پـێ بـدەم، لەبـەر ئـەوەی کـاتی زۆرتـان نابـەم، ژمارەی زۆریشمان بەرگوێ کەوت، بـەڵام دووبـاره گەڕانـەوە بـۆ ئـەو تەرخانکراوانـەی کـه لەبـەر دەسـتمانن ئیمکانه که بتوانن چ وەکو توێژەر یان پەرلەمانتار سوودمەند بین لێی، لەوەی کـه بـۆ داهاتوومـان بتـوانین هاوکاری خەڵکی تریش بکەین.

خاڵی چوارەم ئەوەی که گرینگه بەلای منەوە ئاماژەی پێ بدەم ئیمکانه کەمترین ئاماژەی پێـدرابێت، هـەر مەبەستمه ئاماژەدانەکەم مەبەستم چییه پێی؟ مەبەستمه بۆ خۆم، دونیا بینی خۆم بۆ پەرلەمانەکـەم، بـۆ حکومەتەکەم، بۆ ئەو هاووڵاتیانەش کەرۆژێك له رۆژان گوێیان له وتـەکانی مـن بێـت، بیبیـنن دونیـا بـینی ئەم هەرێمه چۆن رەنگی داوەتەوە له تەرخانکراوەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان تایبەت بەچی؟ تایبەت بێت به پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و سوود وەرگرتن له پێشکەوتن و ئەزموونی وڵاتانی تر.

خاڵی پێنجەم رێژەی سودمەندبوونی ئافرەتان و منداڵان له بودجەی ساڵی 2013 بەشێوەیەکی تـەقریبی، خاڵی شەشەم کەرتی تایبەت و بودجەی وەبەرهێنان ئەم بودجەیه چۆن هاوکاری دەکا یان مامەڵەی لەگـەڵ دەکا.

خاڵی حەوتەم پێشمەرگه و دامەزراوەی بەرگری هەرێمی کوردسـتان، لـەخاڵی یەکەمـەوە دەسـت پێـدەکـەم، بەکورتی و به کرمانجی دەڵێم ئەوەی که لەراپۆرتەکەدا هاتووه تایبەت به ئەو ئیشکالەی که هەیه له نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، بەتایبەت به بەشداری پێنەکردنی له دانانی بودجه، مـن پێشنیار دەکەم وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تەختیتیش کۆنگره یان کۆنفراس، کۆبوونەوە، هەر نـاوێکی لـێ دەنێن، گرێبدات لەماوەی ساڵی داهاتوو به ئامادەبوونی خەڵکی پسپۆڕ به سوود وەرگرتن لـەو وڵاتانـەی کـه فیدرالین، بـۆ ئـەوەی ئێمـه بـزانین چـۆن خوێندنـەوه بـۆ ماددەکـانی دەسـتووری عێراقـی فیـدراڵ دەکـەین، ئەزموونیش لەوڵاتانی فیدراڵی وەربگرین، چۆن بتـوانین بـه هەماهـەنگی لەگـەڵ پەرلەمانـدا بتـوانین لـەم

بارەیەوە شتێك بەدەست بێنین یان بگەینە قەناعەتێك بەوەی كە ئایا ئێمە حەقمانە بەشداربین لەدانانی ئەم بودجەی عێراقە یان حەقمان نییە؟ ئەم بابەتە بۆ ئێمە گرینگە.

خاڵی دووەم پەیوەندارە بە سیولە و بوونی پارە لەبانكەكانی هەرێمی كوردستان، بەڕێزان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، بەخوێندنەوە و پێداچوونەوە بۆ حیسابەكانی كۆتایی ساڵی 209، 2010، 2011، كە ڕەوانەی پەرلەمان كرابوو تێبینی ئەوەم كردووە دڵنیام بڕی زۆریش لە هاوڕێكانم تێبینی ئەوەیان كردووە كە بڕی ئەو پارەی تەرخانكراوە بۆ هەرێمی كوردستان لەبەشی داهاتی عێراق بەنزیكەی 36 جار گەیشتۆتە هەرێمی كوردستان، واتە وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردەوام پارەی لەبەر دەست نییە بۆ هەر خەرجییەك وەزارەتەكان داوای لێ بكەن، بۆیە من پێشنیار دەكەم، بەڕێزان وەزارەتی دارایی بە دوو خاڵ ئیمكانە پێویست بكات هەڵبستن، یەكەم دووبارە داڕشتنەوە و پۆلێن بەندكردنی بۆ ئەو خەرجییانەی كە هەن، لەسەر ئاستی مستەوا و دەروازەكان، مەبەستم مووچەیە، مەنافیعی ئیجتیماعییە، خەدەمات و سیلەعە، هەتا دوایی، چونكە ئیمكانە هەندێك خەرجی لە بیدایەتی مانگەوە ئەگەر بكرێت ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی كە سیولە لە بانكەكانی ئێمە كەم بكا، خاڵی دووەم من پێشنیار دەكەم خشتەیەك بۆ پێدانی قەرزەكان دەستنیشان بكرێ، واتە قەرزەكانی كشتوكاڵییە، بازرگانییە، خانووبەرەیە، هاوسەرگیری، مەرج نییە ئەو قەرزانە لە بیدایەتی مانگەوە بدرێ، كرێی مامەڵەكانیان بدرێ، بەڵام پاش دراسە بڕیار بدرێ لەوەی كە ئەم قەرزانە لە چ كاتێكدا بدرێ لە مانگەكەدا، ئەوەش كاریگەری دەبێت لەسەر بوونی سیولە لە بانكەكاندا، بەشی دووەم لە قسەكانم تایبەتە بە تێچووی ئامانجەكانی پڕۆژەكە، ئەگەر كۆی بڕی تەرخانكراوی وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی داخیلی، جیهازی ئاسایش، مەجلیسی ئاسایش كۆ بكەینەوە، دەگاتە نزیكەی سێ ترلیۆن و ئەوەندە ملیار دینار، بەلابردنی ئەو خەرجیانەی كە تەرخانكراون بۆ دروستكردنی بینایە یان ژێرخان و بونیادی ئەم ئەجهیزانە دەبینین بڕی تێچووی ئەمنیەت و پاراستنی هەر هاووڵاتییەك لە هەرێمی كوردستاندا نزیكەی حەوت سەد هەزار دینار و بەرەو سەرە، واتە لە ساڵێكدا، ئێمە لەپاش ئەم بڕە تەقریبییە پرسیارێك لە خۆمان دەكەین ئایا سەلامەتی ئێمە لە سەلامەتی گیانمان لە تیرۆر، لە هەڕەشەی تیرۆر، لە هەڕەشەی هاتنی خواردنی خراپ، لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، لە نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەكان، ئەم بڕە پارەی دەوێت؟ یان پێویستییەتی؟ وەڵامەكەی هەریەك لەئێمە دەتوانین دەستمان بكەوێ، بەڵام ئەگەر بڕی تەرخانكراوی بەشی بودجەی وەبەرهێنانی ئەوچوار دەزگایە تەماشا بكەین ئامانجەكانی لە دوور مەودایە، لەماوەی ئەمساڵدا چیمان بۆ بەدی دەهێنن؟ بەردەوامی لەپاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان، بەردەوامی زیادكردنی ئاسایش و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و پاراستنی خواردنەمەنییە، خاڵی سێیەم دەستەبەركردنی ئاسایش و پاراستنی سەرمایە گوزاری و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرە، بەڕێزان ئەم خاڵە بۆ ئێمە زۆر گرینگە، ئێمە لە عێراقدا كە دەژین ئیمكانە بە دەیان گر ووپی تیرۆرستی هەبووبن، لە پێش ساڵی 2003 بەشێك لەهەرێمەكەی ئێمە بەداخەوە بەشێك بوو

**لە بەرهەمهێنانی تیرۆر، چونکە چەند گروپێکی تیرۆرستی لە چەند بەشێکی ناوچەکەی هەرێمی کوردستان هەبوون.**

**ئێستا خۆشبەختانە هەرێمەکەی ئێمە لەمە بەدوورە، گرووپەکانی تیرۆرستی پێچەوانەوە ناتوانن سنوورەکانی ئێمە ببەزێنن، کە ئیمکانیشە ئەمن بۆ خۆم پێش بینی ئەوەش دەکەم لە هەر لەحزەیەك گرووپەکانی تیرۆرستی بتوانن سنوورەکانی ئێمە ببەزێنن، هەرچەندە دەزگاکانی ئاسایشی ئێمە بە سوپاسەوە شەونخونانە تا ئێستا نەیان هێشتووە لە ساڵی 2007 بە دواوە ئەم گرووپانە هیچ چالاکییەکی تیرۆرستی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون، بە کۆکردنەوەی هەموو ئەوبڕانەی کە تەرخانکراون بۆ ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون.**

**دەبینین لە ساڵی 2013 دیزاین و دراسەکردن و قیرتاو کردنی دەیان کیلۆمەتر لە هەرێمی کوردستان وەکو جادە و رێگا و بان جێ بەجێ دەکرێ و ئەنجام دەدرێ، دروستکردنی چەندین بینایەی حکومی، بەردەوام بوون لەسەر دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی چەندین قوتابخانە و بنکەی تەندروستی لەناو هەرێمی کوردستان، لەو ناوچانەشی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، گەیاندنی تۆڕی کارەبا بۆ ئەو شوێنانەی کە پێیان نەگەیشتووە، پێشنیاری من و راسپاردەی من بۆ حکومەت ئەوەیە راستە لە هەرێمی کوردستان لە ناوچە جیا جیاکان چەندین پرۆژەی جۆر بە جۆر هەن، بەڵام بۆ ئەوەی جۆری ژیان جۆرێك لە هاوسەنگی تێدابێ لە ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان ئەولەویەت بە جێ بەجێکردنی پرۆژەکان بدرێ بەو شوێنانەی کە تووشی راگواستن یان کاولکاری کراون، تایبەت بە نیشتەجێ بوون حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم پرۆژەیە لە رێگای چوار رێگاوە بەردەوام دەبێ لە کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون، ئەوانیش بەردەوام بوونە لەسەر رێگای قەرزەکانی پێشینەی خانووبەرە، دروستکردن و تەواوکردنی چەندین یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوان،.**

**خاڵی سێیەم بەردەوام بوونە لەسەر دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت.**

**خاڵی چوارەم بەردەوام بوونە لەسەر دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون لە رێگای وەبەرهێنانەوە، هەریەك لەو رێگایانە فیئەیەکی دیاریکراو لەهەرێمی کوردستان دەپێکێت، کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەخێرایی ئاماژەی پێدەدەم، چونکە بەرێزانم هاوکارانم زۆر شتیان بە وردی لەم بابەتەوە باس کرد، ئەگەر ئێمەبۆ کەرتی پەروەردە تەنها ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانەو لە دایەنگە سوودمەند دەبن لە خزمەتگوزاری پەروەردەییەکان تێچووەکەی پاش ئەوەی کە تێچووی ئیداری یان هەندێك تێچوو کە ناراستەوخۆ نەبستراون بەم خزمەتگوزارییەوە، تەماشا دەکەین تێچووی هەر قوتابییەك ئیمکانە نزیکەی دوو ملیۆن بەرە و سەربێت لەساڵێکدا، واتە هەر خانەوادەیەك لە هەرێمی کوردستان ئەگەر قوتابییەکی هەبێت ئیمکانە بەم خزمەتگوزارییە بە ناراستەوخۆ دوو ملیۆن دیناری بەر بکەوێت، بە هەمان شێوە بۆ ئەو قوتابیانەی خوێندنی باڵاش تێچوویەکی هەر قوتابیەکی خوێندنی باڵا تەبعەن ئیمکانە تێچوونەکە بۆ خوێندنی دبلۆم، بە کالۆریۆس، ماجستێر و دکتۆرا حەتمەن جیاوازی دەبێ.**

بەڵام بەتێکڕایی ئیمکانە بگاتە نزیکی پێنج ملیۆن دینار، واتە ئەگەر هەر خانەوادەیەکی ئێمە قوتابییەکی هەبێ لە خوێندنی باڵا سوودمەند دەبێ بە ناراستەوخۆ لە ماوەی 2013 بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەرامبەر بە پێنج ملیۆن دینار، تێچووی وزە و کارەبای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هاوڕێکانم ئاماژەیان پێدا ناچمە ناو وردەکاریەکەی، بەهەمان شێوە بۆ کەرتی تەندروستی، بۆ کەرتەکانی تر، بۆ ئەوەی کاتی زۆرترتان نەبەم دەچمە سێ خاڵی کۆتایم.

خاڵێکیان ئەوەی کە مەبەستم بوو ئاماژەی پێبدەم بەڕێزان هەرێمی کوردستان پێش راپەڕین لەسەر ئاستی تاك و خێزان و رێکخراوە سیاسی و نا سیاسیەکان زۆربەی دەرگاکانی بەروودا داخرابوو، چ لەگرتنی پەیوەندی یان لە هاموشۆ، بەڵام خۆشبەختانە لەدوای راپەڕین ئەم دەرگایە لەسەر ئاستی تاك، لەسەر ئاستی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، رێکخراوە نا حکومییەکان، سیاسییەکان، موئەسەساتی حکومی کرایەوە، ئەم پەیوەندی و هاموشۆ و گرتنی پەیوەندیانە ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەبەرامبەریشدا ئێمە نابێ نادیدە بگرین بەوەی کە تێچوونی هەیە، من بە وردبوونەوەم لەو خشتانەی کە هاتوونەتە بەردەستی ئێمە چەند ناونیشانێك دەبینم، ئەو بڕانەی کە تەرخانکراون بۆ پڕۆژەی تواناسازی، سەد و بیست ملیار دینار، ئەو بڕانەی کە تەرخانکراون تەبعەن بڕێکی شاراوە هەیە لەپاڵ سەد و بیست ملیارەکە، بە تەقریبی ئیمکانە بگاتە نزیکی پانزدە تا شانزدە ملیار دینار کە ساڵانە خەرج دەکرێ بۆ مووچەی ئەو توێژەرانە یان ئەو قوتابیانەی کە لەرێگای تواناسازییەوە چوونەتە دەرەوە، واتە ئێمە غەیری خەرجی تواناسازی خەرجی مووچەی ئەو فەرمانبەرو کارمەندانەی کە لەوەزارەتە جیاجیاکانن دەیان دەینێ یان ئەوانەی کە بۆ موساحەبە دەچن لەگەڵیان، ئیمکانە قوتابییەك خێزانداربێ خێزانەکەی فەرمانبەربێ، بە سیفەتی موساحەبە و هاوڕێیەتی هاووڵایەتی مووچەکەی خۆی وەردەگرێ، ئەمەش تێچووی هەیە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، زائیدەن بیست و دوو ملیار دینار بۆ وەفدەکان و پەیوەندی گشتی و میوانداری، شەش ملیار دینار بۆ دەورات، هەشت ملیار دینار بۆ کۆنگرەکان، ئەم تەرخانکراوانە پێمان دەڵێن ئەو چالاکییە جۆر بەجۆرانەی کە دەکرێن، کۆنگرە و کۆبوونەوە ئابووریەکان، کۆنگرە علمییەکان، سیاسییەکان، سەقافییەکان، بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان کە دەکرێت بڕەکەی دواتر لەناو بودجەی هەرێمی کوردستاندا رەنگی داوەتەوە، ئەمە دیدگا و بینینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەو میوانانەی کە دێن، لە ئاستی رێکخراو، لە ئاستی موئەسەسەی ناحکومی، لە ئاست موئەسەسەی نێودەوڵەتی، لە ئاستی نوێنەرانی وڵاتان، ئەگەر قونسوڵ بێ یان وەزارەت ئێمە میوانداریمان هەیە، میوانداریش تێچووی دەوێت، بۆیە کۆی ئەو تێچووانە لە ژێر ئەو ناونیشانە کۆ دەبێتەوە، بەهەمان شێوە ئێمە وەفد و شاندمان هەیە بۆ دەرەوە، ئەو وەفد و شاندانەی کە لەرێگەی موئەسەسەکانی هەرێمی کوردستانەوە چ بۆ دەورات بێ، یان بۆ بەشداری کردن بێ لە کۆنگرەکان، یان بۆ سەردانی کردنی هەر موئەسەسەیەکی نیشتیمانی یەکێك لەوڵاتانی ناوچەکە یان بیانی و رۆژئاوا تێچووی هەیە، کۆی ئەو تێچووانە لە ژێر ئەو ناونیشانەدا کۆ بوەتەوە، ئەم تێچوونانە دەمان گەیەنن بەچی؟ ئەم تێچوونانە دەمان گەیەنن بەوەی کە ئێمە دوورە پەرێز نەبین، سوود لە ئەزموون و پێشکەوتنی وڵاتانی تر

وەر بگرین، لەپەنجایەکان بەدواوە ئەگەر ژمارەیەك قوتابی ئەم کوردستانە رۆیشتبنە دەرەوە ناوی یەك، دووانێکیان بلێین د.کەمال ئەزهەر و د. عزەدین مستەفا، چەندینی تریش وەکو ئەوان نموونەی ئەوانە بوون کە سوودیان لە پێشکەوتن و ئەزموونی وانە وەرگرتن و زانست وتنەوە وەرگرتووە و ئێمەش ئێستا رۆژانە یان مانگانە ئەوانەی کە توێژەرن سوود لە بەرهەمەکانی ئەوان وەردەگرین، ئەوە نموونەیەکی خۆماڵی بوو لە رابردوو، ئەگەر ئەوانەی کە لەئێمەوە نزیکن زۆرجار باسی میصر دەکرێت، محمد علی پاشا ئەگەر هەر وەکو هەندێك لە نووسەران یان لە مێژوو نووسان باسی بکەن بەوەی کە تاوانکار بووبێت، بەڵام بەشێکی زۆر بەوە ناوی دەبەن کە نوێکەرەوەی میصر بووە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە لاو و قوتابی وڵاتەکەی خۆی ناردە دەرەوە و دواتر چەندین نووسەر و بەهرەمەندی وەکو د. عبدالرحمن کەواکبی و هەتا ئاخیری لێ دەرچوو، بۆیە من پێشبینی دەکەم ئەم حکومەتە، خولی پەرلەمانی سێیەمیش ئەو خۆشحاڵییە پێ ببەخشرێت لەماوەی چەند ساڵی داهاتوو کە بەهۆی تەرخانکردن و پەسەندکردنی ئەو بڕانەی کە خەرجکراون بۆ ناردنە دەرەوەی قوتابیان و لاوان ببوینە هۆی نوێکردنەوەی ئەم هەرێمە، بە دڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابی و لاوانە و گەنجانەی کە دەگەڕێنەوە ئێمە لەداهاتوو سوودیان لێ وەردەگرین، چونکە فێربوون چۆن بنووسن، فێرببوو قسە بکەن، فێربوون وانە میتۆدی زانستیمان بۆ بەرهەم بهێنن، شاندەکانی حکومەت و پەرلەمانی کە دەڕۆنە دەرەوە دواتر وانەیەك فێردەبن چ لەوانەی میوانداری بێ یان قسەکردن بێ یان مامەڵەکردن بێ لەبەرامبەردا، دوو خاڵی کۆتایم خاڵی بودجە و کەرتی تایبەتە، بە تەماشاکردنی بودجەی تەرخانکراوی ساڵی 2013 تەماشا دەکەین بڕی پێنج ترلیۆن و سێ سەدو سی و سێ ملیار بە نزیکەیی تەرخانکراوە بۆ ئەم بەشە، بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵی 2010 دەبینین بە رێژەی لە سەدا پەنجا بەسەرەوە زیادی کردووە، کە لەساڵی 2010 سێ ترلیۆن و پێنج سەد و چل و سێ ملیار بووە، لەبەرامبەردا کۆی ئەو پرۆژانەی کە هەن ئەگەر پرۆژەی بیانی بن یان هاووبەش یان خۆماڵی دەبینین نزیکەی ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم شانزە ملیار دۆلار لە هەرێمی کوردستان سەرمایە گوزاری هەیە، کۆی ئەم دوو بڕە پارەیە لەساڵی 2013 پێمان دەڵێن کە لەپاڵ ئەو دامەزراندنی کە پێشبینی دەکرێ لەساڵی 2013دا وەکو هەلی کار بۆ گەنجان و لاوانی ئەم وڵاتە دەستەبەربێ، چەندین هەلی کار لەکەرتی تایبەتیش دەستەبەر دەبێ، پێشنیارێکم هەیە تایبەت بۆ ئەم بابەتە، بەڕێز وەزیزی دارایی و بەڕێز وەزیری پلاندانان، بەسەرنجم تایبەت بەو سەرمایە گوزاریانەی کە هەن دەبینین کەرتی کشتوکاڵ و کەرتی تەندروستی کەمترین سەرمایە گوزارییان تێدا کراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر لەرێگەی پێداچوونەوە بە رێنمایەکان یان گرتنە بەری هەررێگەیەکی تر بێ، بە هاوکاریکردن بێ، دەعمی ئەو کەسانە بکەن کە سەرمایە گوزاری لەم بابەتە دەکەن، تەسەوڕ دەکەم ئەم بابەتە زۆر هاوکاری حکومەتیش دەبێ بۆ ساڵانی داهاتوو، خاڵی کۆتایم تایبەتە بەپێشمەرگە و دامەزراوەی بەرگری، بەشێوەیەکی گشتی دەڵێم من پشتیوانی لە وتەی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە تایبەت بوون بە دامەزراوەی بەرگری یان بابلێین هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، هەر لەباشکردنی مووچەیانەوە، لە تەجهیزکردنیانەوە، خاڵی یەکەمە، خاڵی دووەم دەڵێم پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاتێکدا کە حکومەتی فیدراڵی

پابەند نابێ بە پتەوکردن و بنیادنانی ئەم هێزە وەکو دامەزراوەیەکی نیشتیمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان چیتر چاوەڕێی حکومەتی فیدراڵی نەکات، بۆ خۆی لەرێگەی بودجەی تەکمیلی یان هەرپارچەیەکی تر مەشق بکات، هێزی هەرێمی کوردستانیش پڕ چەك بکات، چونکە هیچ مەعقول نییە لەکاتێکدا هێزەکانی عێراقی فیدراڵ پڕ چەك بکرێن، مەشقیان پێ بکرێن، هێزەکانی پێشمەرگە لەم بابەتە بەدوور بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، من سەرەتا دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، بەرلەوەی دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی و ئابووری و راپۆرتی لیژنەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەم، دەستخۆشییەکەم ئەوەیە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کە توانی دەرگای پەرلەمانی کوردستان بکاتەوە بەرووی ئەورووپا و ولاتە پێشکەوتووەکانی دونیا، دەستە، دەستە، پۆل، پۆل لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، لە فراکسیۆنە جیا، جیایەکان بنێریتە دەرەوەی ولات، تا ئاشنا بن بە کاری نهێنی پەرلەمانتارەیان، ئەوەیان جێگای دەستخۆشییە لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەبەر ئەوەی من پێم وایە ئەو هێمنییەی ئێستای قاعەی ئێمە، ئەو گفتوگۆیە باشانەی کە ئێستا بەڕێوەدەچی، من سوپاسی هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەم کە لە رۆژانی رابردوو، تائێستاشی لەگەڵ بی هۆڵی پەرلەمان زۆر بەهێمنی گفتوگۆی تێداکراوە، زۆر بەرێك و پێکی گفتوگۆ لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەگەر موقارەنەی بکەین بەساڵانی پێشوو جیاوازییەکی زۆر، زۆری هەیە، ئەوەش دەلالەت لەوەیە کە بەداوای لێبوردنەوە نە دەستەڵات شارەزایی هەبوو لەوەی کە چۆت تەعامول لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بکا، نە ئۆپۆزسیۆن شارەزایی ئەو تۆی هەبوو کە چۆن لەگەڵ دەستەڵات مامەڵە بکات، ساڵی یەکەم پەرلەمانمان بینی چۆن بوو، ساڵی یەکەممان بینی پەرلەمان چۆن پرۆژە باران کرا، ئەو پرۆژانەی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە پێشکەش دەکران، لەلایەن دەستەڵاتەوە ڕەنگە تەعن دەکران، ئەوانەی کە لەلایەن دەستەڵاتیشەوە پێشکەش دەکران لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە رەفز دەکران، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە هەموو لایەکمان کۆکین لەسەر ئەوەی هەم لەسەر پرۆژە یاسایەکان، هەم لەسەر بودجەی خەملێندراو کە ئەمڕۆ گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بۆیە جارێکی تر دەستخۆشی لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، ئومێدم وایە لە داهاتووش دەستە، دەستە، پۆل، پۆل پەرلەمانتارە بەرێزەکان بنێریتە دەرەوەی ولات بۆ ئەوەی تەواو شارەزای کاری نهێنی پەرلەمانتاری بین، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە گەل و نیشتیمانەکەمان بکەین، هەرچەندە خولەکەمان بەرەو کۆتاییە، بەڵام کۆمەڵێك کادیری نهێنی پەروەردە دەکرێتن، هەم یەکێتی پەرلەمانتاران سوودی لێ دەبینی، هەم حزبەکانی خۆشمان رەنگە لەداهاتوو

سوودیان لێ دەبینی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ بۆ شەشەمین ڕۆژە ئێمە بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای بودجەی پێشنیارکراو بۆ ساڵی 2013 بیروڕای خۆمان گەڵاڵە دەکەین، بەڵکو لەڕێی ئەوەوە پێشنیار و ڕەخنەی هەموو لایەکمان دەستهاتێکی وەهای ببێ کە ڕەزامەندی و خۆشگوزەرانی هەموو کوردستانیانی بەدواوە بێت، بەڕێزان، هەموو لایەکمان دەزانین ئەو بڕە پارەی کە لەبەغدا دێ بۆ کوردستان وەك ژمارە کە سێزدە ترلیۆن و ئەوەندە ملیار دیناری عێراقییە، ژمارەیەکی باشە، بەڵام بۆ وڵاتێك باشتر دەبێ کە خۆی لەبنەڕەتدا بارودۆخی باشە، واتە سەقامگرتووە، دەبێ ئاماژەی پێ بکەم، کە ئەو گوژمەیە لەکوردستان دابەش دەکرێ بەسەر دوو بەشی سەرەکی بەکارهێنان و وەبەرهێنان، من هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە دەڵێن بودجەی بەکارهێنان لەچاو بودجەی ئەو وڵاتانەی لە شێوازی دابەشینی بودجەدا ڕەچاوی بنیادنان دەکەن و پرۆژەی بودجەیان سەرکەوتووانە بەکاردێنن، لەکوردستاندا ژمارە گەلێك زۆرە، بەڵام لەبیری نەکەین ئێستا زۆرترین پێداگیری بۆ ئێمە لە بودجەی ئەمساڵدا بڕە بەشی بودجەی وەبەرهێنانە کە بەشایەتی کارناسانی ئابووری و چاودێرانی بیانی کوردستان توانیویەتی گەورەترین دەستکەوت لەو بەشەدا دەستەبەر بکات، دیارە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە من وەك بیرهێنانەوە ئاماژە دەکەم بە بەشێکی ئەو دەستکەوتانەی کە کوردستانی کاول بووی دەستی ڕژێمی بەعسی هێناوەتە ڕیزی وڵاتانی ئاوەدان لەو ناوچەیەدا، لێرەدا پێش ئەوەی بچمە ناو تەوەری سەرەکی باسەکەم ئەوە دێنمەوە بیرتان هەرچی کراوە و دەکرێ لە عێراقدا لە حاڵی حازردا بەستراوەتەوە بە تەوافقی سیاسی، دیارە بودجەش لەو تەوافقانە دەر ناهاوێژرێت تا ئەو کاتەی سەرژمێری دەکرێ و یاسایەکانیش بە فیعلی ماف هەموو پێکهاتەکان مسۆگەر دەکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دیارە زۆر قسە لەسەر دەستکەوتەکان و لەسەر بودجە کرا، من نامەوێ بەڕاستی باس لە دەستکەوتەکان بکەم، تەنها دوو دەستکەوت باس دەکەم، یەك لەو دەستکەوتە گەورانەی کە هەموو لایەکمان شانازی پێوە دەکەین ئەو ئەمن و ئاسایشەیە کە لە هەرێمی کوردستان بە دەستهاتووە و زۆربەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باس لەو دەستکەوتە دەکەن، ئەگەر ئەمن و ئاسایش نەبێت سەقامگیری لە وڵاتدا نەبێت ژیان دەوەستێت، هەموو ئەو پرۆژانەی ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، هیچ سوودیان نابێ، بۆیە من دەستخۆشی لەوەزارەتی ناوەخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان دەکەم، بەوەی کە توانیویانە ئەو سەقامگیریە لە وڵاتی ئێمەدا بەرقەرار بکەن، بیپارێزن، هەموو لایەکمان دەزانین ئاسایش چەند گرینگە بۆ خەڵکی کوردستان، زۆر قسە لەسەر .....، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەستخۆشی لە وەزارەتی ناوەخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش کرا، هەموومان ئاسایشمان بە هەند وەرگرت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا زۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسی بودجەی هێزەکانی ناوەخۆیان دەکرد کە زۆرە، باسی میلاکی زۆریشیان دەکرد، بەڵام دەبێ هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەوە بزانن کە ئێمە لەکوردستان بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان پازدە یاسا لە پەرلەمانی کوردستان کە دەرچووە ڕووبەرووی وەزارەتی ناوەخۆ و ئاسایشی وڵات کراوەتەوە کە وەزارەتی ناوەخۆمان مولزەم کردووە بەوە بتوانێت ئەو یاسایانە جێ بەجێ بکات، یاسای توندوتیژی خێزانی، یاسای چەك، یاسای

کۆمەڵەکان، یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوەخۆ، دەزگای ئاسایش، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، یاسای خۆپیشاندان، یاسای هاتوچۆ، یاسای حزبەکان، دەزگای فرۆکەوانی، هۆبەی ئاسایش، دەستەی دامەزراندن لە پارێزگاکان، لەگەڵ کۆمەڵێك لەو یاسایانەی تر کە نامەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، وەختتان بگرم، هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەزانن تەنها بۆ بەبیرهێنانەوەیە کە ئێمە وەزارەتی ناوەخۆمان مولزەم کردووە بەوەی کە لە پانزە یاسا لە وڵات مەسئولە لێی لە جێ بەجێکردنیان، لە هەمان کاتدا وەزارەتی ناوەخۆ کە باس لە زۆری ژمارەی وەزارەتی ناوەخۆ دەکرێ دەبێ باس لەوە بکەین کە وەزارەتی ناوەخۆ ئەرکەکەی چەند گران و قورسە، سێ پارێزگا مەسئولن لە پاراستن و ئەمنیەتی وەزارەتی ناوەخۆ، لەگەڵ دوو ئیدارە لە هەرێمی کوردستان، 36 قەزا، 104 ناحییە، بە سەدان بنکەی پۆلیسی، بە سەدان بنکەی دیفاعی مەدەنی، بە دەیان بنکەی ئاسایش لە هەموو قەزاو ناحییەکان هەیە، ئەوە حەقیقەتێکە تەنها بۆ بەبیرهێنانەوەیە و هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەو راستییە باش دەزانن، هەر بۆ بەرچاو روونی بەڕێزان کە باس لە زۆری میلاکی وەزارەت دەکەن، یان باس لە زۆری بودجەی هێزەکانی ناوەخۆ دەکەن، حەقە ئەو راستیەشیان لەبەر چاوبێ کە یەکەم هاتوچۆی گشتی نزیکەی حەفتا و پێنج بەڕێوەبەرایەتی و بەش و بنکەی هەیە لەشار و لە گشت قەزا و ناحییەکانی تر، سەدا بیست و پێنجی بینایان بەکرێیە، رەگەزنامەی گشتی لەرووی ئیدارییەوە خەرجییەکانیان لەسەر هەرێمە زیاتر لە سەد بەڕێوەبەرایەوتی و بنکەیان هەیە لە جنسییە و لە ئەحواڵ و لە نیشینگە و لە پاسەپۆرت لەشار و قەزا و ناحییەکان، پۆلیسی گشتی، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی لە پارێزگاکان، لە قەزایەکان، لە ناحییەکان، لە کۆمەڵگاکان، لە گوندە گەورەکان، هەموویان بنکە و بارەگایان هەیە، زیاتر لە سێ سەد بارەگایان هەیە و زیاتر لە سەدا سی بارەگاکانیشیان تا ئێستا بەکرێیە، پۆلیسی بەرگری شارستانی لە شارەکان، لە قەزاکان، لە ناحییەکان، بنکە و بارەگایان هەیە و زیاتر لە سەدو حەفتا دەبێت، لەسەدا چلی لە کرێ دایە، پۆلیسی کارەبا، پۆلیسی ژینگە، نەفت، دارستان، لەشار و شوێنە جیا، جیاکان بارەگایان هەیە، بەگشتی نزیکەی هەزار بەڕێوەبەرایەتی بەش بنکەیان هەیە، لەبەشەکانی پۆلیسی هاتوچۆ و دیفاعی مەدەنی، جگە لەوەی کە تەواوی ئەو دام و دەزگایانە هەمووی پاسەوانی هەیە، لە بانکەکان، لە کونسولگەرییەکان، لە هەموو میوانی بیانی کە دێنە وڵاتی ئێمە، هەمووی هێزەکانی ناوەخۆ دەیان پارێزێتن، تەنانەت ئێمەی پەرلەمانی کوردستانیش، ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بە هەر سێ خولەکەیەوە ئەگەر رێژەی وەربگرین رەنگە زیاتر لە هەزار پاسەوان، پاسەوانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بکات، بۆیە جێی ئەوەیە کە دەستخۆشی لە هێزەکانی ناوەخۆ بکرێ، بۆ ئەوەی کە توانیویانە ئەو ئەمن و ئاسایشە بەرقەرار بکەن، من داوا دەکەم ئەوەی کە لەوەزارەتی ناوەخۆ لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسەری رێککەوتوون ئەوەیان بۆ بگێڕنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە حەقیقەتێکە کە ئەو هەموو بینایانەیان بەکرێیە کە باس لە هێزی زۆری دەکەن، ئەمن و ئاسایش بەو هێزە زۆرە دەپارێزرێت، کە باسیش لەبودجەکەیان دەکەن دیارە تا ئێستاش چەندین بینایان بەکرێیە، لەگەڵ ئەوەشدا من...، قسە لەسەر خۆمە، لە وەتەی هەم من لە تەیارە دەترسێم، هەر وەختێك من کە تەیارەم

بینیبیّ لێی ترساوم، هەمووشی حەقیقەتە، هەر کاتێك کە ئەمن کۆپتەرم بە ئاسمانەوە بینی، یان لە هەر شوێنێك بینیبم ترساوم لە تەیارە، کورد هەمووی وابووە، لە تەیارە ترساوە، ئێستا دەبینین لەوەزارەتی ناوەخۆ هەشت کۆپتەرمان هەیە، کە بەسەر شار و شارۆچکەکاندا تێدەپەڕن، کە سەر بەرز دەکەمەوە دەبینم ئاڵای کوردستانیان لە ژێرە لەخۆشیان گریانم دێت، ئەوەندە دڵم خۆشە بەوەی کە هەرێمی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی وا کە دەبینین ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئێمە کۆپتەرمان هەیە، چوار کۆپتەری هاتوچۆمان هەیە، چوار کۆپتەری تەدریبیمان هەیە، ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستان کە بەدەستهاتووە، ئەوە دیارە کڕینی ئەو کۆپتەرانە بە پارەیە، رەنگە ئەو پارەیەی کە بە کۆپتەرەکان دراوە تا ئێستا تەقریبەن 204 ملیارە، برادەرینە پارەیەکی زۆرە ئەو پارەیە، کە باس لە بودجەکەی دەکریّ یەعنی باس لە بودجەی وەزارەتی ناوەخۆ دەکریّ، دەبیّ باس لەو حەقیقەتانەش بکرێت، دەبیّ باس لە سیستەمی ئەمنی شەقامەکان بکرێت، دەبیّ باس لەو هەموو کامیرانە بکریّ، سیّ سەد کامیرەی موراقەبەی چاودێری خێرایی هاتوچۆیان داناوە، ئەوانە هەمووی بەپارەیە، هەر یەك لەو برادەرانەش کە گومانی لە سەرفیاتی وەزارەتی ناوەخۆ هەیە کە بەداخەوە ئێمە لە لیژنەی ناوەخۆ کە لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆدا دادەنیشین هەموو لایەك بەس دەستخۆشی و پشتیوانی لە وەزارەتی ناوەخۆ و لە ئاسایش دەکا، بەڵام کە دێتە سەر گفتوگۆ هەم ژمارەکەی بە زۆر دەزانیّ، هەم بودجەکەشی بە زۆر دەزانیّ، بەڵام وەکو سەرۆکی لیژنەی ناوەخۆ داوا لەوەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەم کە ئەو بڕە پارەیەی لەسەری رێککەوتوون حەقە بۆیان بگێڕنەوە، برای بەرێزم کاك نەریمان باسی لە راپۆرتی لیژنەی ناوەخۆ کرد کە...، راستە ئێمە بە ئیتیفاق هەموومان کە لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوەخۆ و بەڕێوەبەرە گشتییەکان کۆبووینەوە باسمان لەوە کرد کە پێویستە ئەوانەی کە ئێمە باسمان کرد ئێوە بە نووسراو ئاگادارمان بکەنەوە، دیارە وەزارەتی ناوەخۆ بە نووسراوی رەسمی وەڵامی ئێمەی داوەتەوە، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان مودەتێکی بۆ لیژنەی ناوەخۆ دانابوو کە دەبوایە لەو مودەتە راپۆرتەکە پێشکەش بکات، هەرچەندە ئێمە چەند رۆژ بوو راپۆرتەکەمان ئامادەبوو، چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە وەزارەتی ناوەخۆ وەڵاممان بداتەوە، بەڵام وەزارەتی ناوەخۆ وەڵامەکەی دواکەوت، ئێمە لە 15ی مانگ راپۆرتمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی دارایی کرد، وەزارەتی ناوەخۆ بەرەسمی 17ی مانگ بۆ ئێمەی ناردووە، کە دوو رۆژ چاوەڕوانی جەنابی کاك نەریمانی هاوکارمان بوون کە راپۆتەکە ئیمزا بکا، بەکارێکی تایبەتی خۆی لەگەرمیان بوو نەیتوانی بیّ بەشداری بکات، لەبەر ئەوە مودەی یاسایمان تەواو ببوو، ناچاربووین راپۆرتەکەمان پێشکەشی سەرۆکایەتی کرد، لەگەڵ دەستکەوتنی وەڵامەکانی وەزارەتی ناوەخۆ دابەشم کردیتە سەر هەموو ئەندامانی لیژنەی ناوەخۆ، هەریەکەی یەك لەو نوسخەیان بەدەستەوەیە، کاك نەریمان داوای لێبوردن دەکەم، لەبەر ئەوەی جەنابت باسی منت کرد، دەبیّ وەڵامت بدەمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من باسی یەك دەستکەوتی تریش دەکەم، کە ئەویش سیاسەتی نەوتی هەرێمە، دەستکەوتی گەورەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، پەرەپێدانی ژێرخانی نەوت و وزە لەکوردستان بناغەی گەشەکردنی کوردستان و رزگارکردنی لە کۆیلەتی و ژێردەستەیی بەغدایە، ئەمڕۆ

بەرهەمی نەوتمان نەبوایە، پاڵاوگەمان نەبوایە لەژێر فشارو ئیبتیزازی هەراسان و ئابلوقەی شارستانی دەبووین، سرەی بەنزین و ئوتۆمبێلەکانمان دەبوایە لە بەنزینخانەکان لەکوێ تاوەکو کوێ سرەیان بگرتبایە، بۆیە وێڕای دەستخۆشی لەحکومەت لەم بوارەدا دەڵێین چاوەڕوانی خەڵك شەفافیەتی زیاتر لە داهاتی نەوت لەساڵی 2011 کۆمەڵێك گرێبەست خرایە بەردەستی پەرلەمان و لە هەنگاوێکی کەم وێنەدا ئەمە متمانەی بە شەفافیەتی دروستی سیاسەتی نەوتی هەرێم پتەوتر کرد، هەرێم بووە بەبەشێك لە موبادەرەی شەفافییەی دەولی بۆ نەوت، ئەمەش جێگای تەقدیرە، بەڵام بۆ وەڵامی پرسیاری رەوای شەفافیەتی داهاتی نەوت لای خەڵك پێویستە زوو بەزوو قانونی سندوقی داهاتی نەوت پەسەند بکەین و حکومەتی پێ پابەند بێت، ئەمە پێویستە و کاتی هاتووە و دەبێ زوو بەزوو پەسەندی بکەین، بۆ ئەوەی ئەم سندوقە ببێتە پاڵپشتێکی گەورەی ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ دانیشتوانی خەڵکی کوردستان، بۆ پرۆژە بەردەوامەکانمان، بۆ پرۆژە پێشنیارەکانمان، بۆ دروستکردنی قوتابخانە نموونەیەکانمان، بۆ بەردەوامی کارەبا، بۆ سەقامگیری ئاسایش لە هەرێمی کوردستاندا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئەوەی کە بیڵێم رەنگە دووبارە بێتن، تەنها دەمەوێ چەند پێشنیارێك بخەمە بەردەمی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان، یەکەم، ساڵانە لە دەرەوەی بودجە پارەیەك تەرخان بکرێتن بۆ دروستکردنی قوتابخانە، کەوا زۆر پێویستە، دووەم، گرینگیدان بەسەرچاوەی داهات لەبواری کشتوکاڵ و پیشەسازی، بۆ ئەوەی هەلی کار بڕەخسێنین بۆهاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، سێیەم بەردەوام بوون لەسەر دروستکردنی خانوو بۆ خەڵکی کەم دەرامەت ساڵانە، بەبێ پێشینە و بەقستی درێژخایەن، دابەشکردنی بەپێی فۆڕم و موستەحەقی، چوار: پەلە بکرێ لەدانانی بودجەیەك بۆ جێ بەجێکردنی یاسای تەسوییەی تاپۆی گوندەکان کە لەساڵی 2007ەوە ئەم یاسایە لەپەرلەمانی کوردستان پەسەندکراوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەسستی جێ بەجێ دەکرێت، پێنج: هەوڵبدرێت ئەوبڕە پارەیەی پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە دوای راپەڕین گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان لە ئەنجومەنی وەزیران تەعلیماتی پێ دەربچێت، چونکە زۆر بە سستی جێ بەجێ دەکرێت، شەش، دووسایدی چۆمان - حاجی ئۆمەران زۆر بەسستی کاری تێدا دەکرێت، هۆکاری ئەم سیستییە کە چەند کیلۆمەترێکە زۆر دواکەوتووە و سەبەبی چییە؟ پێویستە وەزارەتی پلان یان وەزارەتی دارایی وەڵاممان بدەنەوە، حەوت پێشنیار دەکەم بۆ گەڕانەوەی پەیمانگای تەکنیکی بۆ چۆمان، بۆ ئەو شوێنەی کە بڕیاری ئەوەلی بۆ درابوو کە بەڕاستی نا حەقی بەو ناوچەیە دەکرێ، ساڵی پاریش بنکەیەکی رۆشنبیری لێ دروستکرا، بۆی دەرچوو، بەڵام بەداخەوە ئەویش گواسترایەوە بۆ شوێنێکی تر، کە لە موناقەشەی بودجەی ساڵی پار داوامان لەبەڕێز وەزیری رۆشنبیری کرد بنکەکە بگێڕێتەوە، ئێستاش داواکارین لە وەزارەتی پەیوەندیدار کە هەوڵبدات بینای یان پەیمانگای تەکنیکی کە بۆ قەزای چۆمان دەرچووە بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خەڵکی ناوچەکە دەستنیشانیان کردووە و لەسەری رەزامەندن، کە مەرکەزی باڵەکایەتییە ئەو شوێنەی کە لەبیدایەت بۆی دەستنیشان کرابوو.

هەشت: پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوچە راگوێزراوەکان واتە هەموو ئەو قەزا و ناحییانەی بەرشاڵاوی راگواستن کەوتبوون لە بودجەی تەواوکاری یان هەر پارەیەکی تر لەبەرچاو بگیرێن، کە دەبوایە ئەوساڵیش پارەیەکیان بۆ دابندرێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەو ساڵ پارەیان بۆ دانەندرا هەرچەندە لەو سەد ملیارەی ساڵی پاریش کە داندرا نا عەدالەتێکی زۆر لەجێ بەجێکردنی ئەو پارەیەدا بەدی کرا لەوەی کە قەزا هەبوو چەند ملیارێکی بەرکەوتبوو، قەزاش هەبوو دوو بەرامبەری ئەو قەزایەی بەرکەوتبوو کە قەزای وێران وێرانتر بوو لەوەی کە پارەی بۆ دەستنیشان کرابوو.

داواکارم پارەیەك بۆ هەڵگرتنەوەی مین تەرخان بکرێت بۆ سنووری قەزای چۆمان، بەهۆی بوونی شەڕی عێراق و ئێران ئەم دەڤەرە مین رێژکراوە، جووتیارەکان، خەڵکی ناوچەکە ناتوانێ سوود لە کێڵگەکانیان، لەکوێستانەکانیان ببینێت، بۆیە داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەرپارەیەك کە لەبەردەستی دایە، لەپارەی نەوتە یان ئێحتیاتی وەزارەتی داراییە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی گشتیاری گرینگە بتوانین لەمین پاکی بکەینەوە.

دەیەمین: پێشنیار دەکەم ئەو سەدەیەی کەوا بڕیارە لە دۆڵی روست بکرێت، پەلە بکرێت لە دیزاینەکەی، سەدەی دۆڵی باڵەیان دیزاینی تەواو بووە و ئێستا لە تەندەرین دایە و داواکارم بچێتە بواری جێ بەجێ کردن، کە بەداخەوە دوو ساڵە ئەو سەدەیە لە دیزاین دایە و دیزاینەکەی تەواو نەبووە و ساڵی پاریش بەڕێز وەزیری پلاندانان بەڵێنی پێدایین، کەچی تا ئێستا وەکو خۆیەتی.

ئاخیر پێشنیارم، پێشنیار دەکەم پێداچوونەوەیەك بەو بڕە پارەی کەوا لەوەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەك هاوکارییەك دەدرێتە هاووڵاتیان، سەرەڕای ئەوەش گلەیی و گازاندەش هەیە لەسەر نا داد پەوەری لەم هاوکارییە.

بۆیە من پێم باشە هەمووڵایەك، ئێمەش وەك پەرلەمان و حکومەتیش، هەوڵبدەین بەجۆرێك ئەو یارمەتییە رێك بخرێتەوە وەك بیمەیەکی سۆسیالی لێ بێت، ئەمەش دەبێت بە یاسایەك رێك بخرێتن، کەوا ئەرکی ئێمەی پەرلەمانە، هەروەها سوود لە سیستەمی وڵاتانی تر وەربگرین لەگەڵ وەزعی خۆمان لە هەرێمی کوردستان بیگونجێنین، بەم رێگایە دەتوانین تارادەیەکی باش دادپەروەری بچەسپێنین و گلەیی و گازاندەکانیش بنبڕ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك امیر.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ.**

**بەڕێزان ئەندامێن پەرلەمانێ، رێزداران وەزیرێ خۆش تڤی.**

بەرێزان، وا دیارە ئەز یێ دوماهی یێ مە ژ بەر هندی ئەز باوەرم کو هەڤالێت بەری مـن یێـت بـەرێز زۆربـەی خالێ و پێشنیار و بووچوونێن جودا، جودا چەندین جار هاتنە بەحس کرن و بودجا هەریمێ بـۆ ئـەڤ سـالا یـێ هاتیە دەولەمەندکرن، دی دخزمەتا هەمی خەلکێ کوردستانێ دابیت، سۆپاسیا هەمی لایەك دکم کو پشکداری کریە و هەولی دایە و کار کریە بهەر شێوەیەکی بۆ ئامادەکرنا بودجێ لوەختێ خۆدا و بشێوەیەکی باش، دیسان سۆپاسیا لیژنا دارایی لە پەرلەمانێ بۆ کاری یێ بەرچاڤ دگەل هەمی لیژنیت دی، هەر سال ئەم وەك پەرلەمان ئەرکێ خۆ یێ چاڤدێری بۆ بودجا کوردستانێ دکەین، راستییەك بێگومـان دەرکـەڤت کـو کوردسـتان د هـەمی وارادا زۆرتر ژ ئەوا دهاتە چاڤەرێکرن، بەرڤ پێشڤەچونێیە، ئەڤە بـۆ حکومـەتا کوردسـتانێ و سیاسـەتا وێ یـا ئابووری و هاندانا هەمی خەلك و تیژار ل وەلاتێ دزڤریت، بودجە نەك تنێ  ڤوتێ خەلکییـە، بـەلکو دینامۆیـا پێشکەفتن و وەرارا ژیانا خانیاو ئابووریا کوردستانێ یە، هیچ وارییـەك نییـە ل کوردسـتانێ کـو هاتبـت مـەزن بەسـەردا نـەهاتبن وەك پـەروەردە و خوێنـدنێ بـالاٚ و توێژینـەوەی زانسـتی و تەندروسـتی و شـەهید و ئەنفالکراوەکان و کاروباری کۆمەلاٚیەتی و ئەوقاف و کاروبـاری ئـاینی و خزمـەتگوزاری و کارەبـا و شـارەوانی و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون و گواستنەوە و گەیاندن و ئابووری و بەرهەمهێنان و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکالێ، هندەك بەرێز بەرێ من ئەو ئەرەقام خوێندینە پێویست ناکا دووبـارە ئـەرقامێت پێشـڤە چـوونا وانە ئەز بخوینم، ب هـیچ رەنگـێ بـەراورد کردنـا کوردسـتانێ دگـەل دەڤـەرێن دی یـێن عێراقـێ ناهێتـە کـرن، بەراوررد کرنا سالێن بەری نوکە و ئەڤرۆکە ناهێتـە کـرن، ئەڤـە هـەمی ب بودجـەکا کێمـا کوردسـتانێ دهێتـە کرن، هەمی ئابوور ناسێن شارەزا د رۆژ هەلاتا ناڤێن دا ئەڤرۆکە ب چاڤەك باش بـەرێ خـو دەنـە کوردسـتانێ، وەك خودان سەربورەك و تارادەیەك باش سـەرکەفتی دواریـن دامەزرانـدنا بنیـاتێ ئاڤا کرنـێ، هـەمی شـاند و بزنزمانێن جیهانێ کوردستان ب شانەکا ئاڤا کرنـێ نـاس دکـەن و نووکـە دگـەل وەلاتـێن هـەرە ب هێـز دهێتـە ژمارتن بۆ وەبەرهێنان و کار کرنێ، بێگومان ئەڤ رێژا بودجێیـە بڤـی رەنگـی ل سـەر وەلاٚتـێ مـە دیـار بوییـە، ئاڤاکرنێ و ڤەژاندنێ و نویژەنکرنـێ هیچ بوارەك نەهێلایە ل کوردستانێ کـێم یـان زێـدە گوهـارتن تێـدا دیـار نەدیتین، سەرکەفتنا هەرە مەزن بۆ کوردسـتانێ ئـەوە ژینگەهـەك ئـارام و ئاسایشـەك بەرقـەرار ب دەسـت ڤـە ئینایە، مسۆگەر ل سەر بودجا کوردستانێ یە ئەڤ ئاسایشـە ب دەسـت هاتیـە و بهاریکاریـا خـەلکی کوردسـتانێ، سەرباری نەدانا بودجا هێزا پێشمەرگەی ژ لایی بەغداڤە، ئەم وەسا دەبینن ل کوردستانێ لەسـەر ئاسـتی ژیانـا تاکە کەسان، ئاستێ داهاتێ مرۆڤـان بـەردەوام بـەرەڤ باشـیێ یـە، رێـژا هـەژاری و بێکـاری بـەرەڤ کـێم بۆنێیـە، ئەڤەژی رەنگ ڤەدانەك ڤ رەنگەڤەدانێن بودجا کوردستانێ ل سەر ژیانا تاکە کەسان لڤی وەلاتییە، بـۆ نموونـە رێـژا بێکـاری بـۆ سـالا 2012 دابەزییـە بـۆ 7٪، رێـژا هـەژاری نزیـك 4٪، لهنـدەك دەولتـێن جـیران و خـودان مێژووەکا درێژ ددەولت بینی وەك ترکیا بێکاری نزیکی 9٪یە، مصر نزیکی 21٪یە، بوارێن خاندنێ و خاندنا بلند ل کوردستانێ پێنگاڤێن مـەزن هاڤێتینـە زێـدەبوونا ژمـارا ڤوتابیـان سـالانە و ژمـارە زانکۆیـان هـەر سـال سەرمایەك نیشـتیمانی بـۆ کوردسـتان پەیـدا دکـەن، زێـدەباری نـەهێلانا نەخوێنـدەواریێ، بـەراوردەك بچیك دگەل سالا 2006 بتنی 5 زانکۆ هەبین نووکە 22 زانکۆ هەنە، بەرێزان، ئێـك ژوان خـالێن گـرینگ گرێـدایێ

بخەلکێ مە وەکو کلدانی، سریانی، ئاشووری، ئەو ژی نووکە 55 قوتابخانە هەنە و نزیکەی 10 هەزار قوتابی زمانێ دایك سریانی دەخوینن، سوپاسیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ دکەین بۆ ئەڤ کارێ بەرچاڤ، هێڤیدارین ئەڤ هەولە پتر گرینگی پێ بێتەدان، ڤەکرنا بەشێن تایبەت ب زمانێ سریانی ل زانکۆیا، بەری چەند رۆژەکا ئەز پشکداربووم ل گۆنگرەکی ل کەنەدا، دەربارەی رەوشا مەسیحیا ل عێراقێ، چەندین کەسایەتی ئەندام پەرلەمانێ کەنەدی و کۆنگرێسی ئەمەریکی و نوێنەری حکومەتا، نزیکی 5 سەد کەسایەتی تێدا ئامادەبوون، ئێك ژوان خالێن گرینگ د رەوشا کوردستانێ پێش ڤەچوونا وی دهەمی وارادابی، رۆلێ باشیا دگەل هەمی خەلکیا کو هاتیە کرن، ئازادیا تێدا هەی، ئەز بێژم ئەڤە نە ب ساناهی هاتیە کرن، جێهێ سەرفرازی و دلخۆشی هەمی کەسان بوو، هێژایان ئەوە راست و دروست بیت بودجە بخۆ زانستەکە سەربەخویە، بتنێ ئەنجامین وی راستیا باشی و خراپیا بودجێ دیار بکەت، لەورا بودجا کوردستانێ لەسەر کێمیا خو  فاکتەرێ بتنێ نینە بۆ ئاڤا کرن و ڤەژاندنێ، بەلکو بازارەك ب هێز بۆ سەرمایەدار یا سەربەخو دکەرتێ تایبەت ژی رەخساندیە، سالانە چەندین پێشانگەهێن نیڤ دەولەتی د وارین جودا، جودا دهێنە ڤەکرن، کوردستان ژ ئەنجامێ سیاسەتا ئابووری یا حکومەتێ و پشت ب ڤێ بودجێ بوویە بازارەك گرنگ و برپارا ئابووریا رۆژهەلاتا ناڤین، نەمازە د وارێ (وزێ)دا حیسابەك مەزن بۆ دهێتە کرن، فەرە بێژن راستە  دهندەك وارادا هێشتا کێماسی هەیە، وەکو پێتڤی ئەنجامێن وان دیار نەبوونە وەك رێك و بان و سیستەمێت خوێندن و ساخلەمیێ، لێ ئەڤە ل گۆر ستراتیجییەك درێژ و دبن چاڤدێریا پەرلەماندا فەرە بهێتە کرن، بلەز هانا  حکومەتێ بدەین، بالا خوە پتر بدەنە ڤان بواران ئەوێن پەیوەندی ب ژێرخانا کوردستانێ ڤە هەی، هێژایان یا ڤەشارتی نینە خزمەت و ئاڤەدانێ ل هەموو گوند و شار و باژێر وباژێران دیارە، دبیت وەك پێتڤی نەبیت، لێ کار بەردەوامە، ب سەدان شاند و مێڤانێت فەرمی و نە فەرمی دانێ ب هندێ ددەن کوردستان بەرەڤ گوهارتنێ ڤە دچیت، هاتنا ب هزاران گەشتیار بۆ کوردستانێ ئەڤە دسەلمێنن، باشێ هەلبژاردنێ هەولێرێ وەك پایتەختێ گەشت و گوزاریا عەرەبی بۆ سالا 2014، ژ ڤالاهیی نەهاتیە ل گور هندەك پیڤەرێن ستانداردین جیهانی هاتیە ئە نجام دان، بودجەك بڤی ڤەباری و ولاتەك تازە دەست ب ئاڤاکرنا خو کری د هەمی وارادا بێگومان بێ کێماسی نابیت، بێ پرسیار نابیت، لەسەر داهات و خەرجیان لێ دیر سیاسیکرنا بودجێ، بەلکو پێتڤییە بتنێ بۆ زەنگین کرن و راگرتنا عەدالەتێ بیت، ل دابەشکرنا بودجێ دا، باشە سیاسەتەکا ئابووری یا حکومەتێ هەبیت بۆ هەولدانا کەرتێ تایبەت بۆ پشکداری د ئاڤە کرنا وەلاتێ دا، وەك مە دیار کری دەست کەفت زۆرن لێ ئەگەر باسی کێماسیا و پرسیارا ژی بکەین، بێگومان زۆرن، نە بێدەنگی ل سەر کێماسیا، نەژی بێ دەنگی ل سەر دەست کەفتا، خزمەتا سەر بۆرامە ناکەن، ئەم دەست خۆشی دکەین د هەمان دەسدا داخازا نەهێلانا کێماسیان ژی دکەین، لبەر چاڤکرنا عەدالەتێ د دابەشکرنا سامانێ وەلاتی دا، بەرێزان، فەرە وێ ژ بیر نەکەین دەڤەرێن کوردستانێ ئەوین ژ دەرەڤەی ئیدارا هەرێمێ ئەوێن مادەیا 140 یێ دگریت و ئەوێن خزمەتێن کوردستان ل سەر بەهرا، پشکا خۆ ل وان دەڤەرا ئەنجام ددەن، د وارێن پاراستنا ئاسایشا هاوەلاتین وان دەڤەرادا یان خزمەتگوزارێن جودا، جودا کو بەراستی رەنگڤەدانەك ئەرینی بۆ کوردستانێ دروست کریە، هیڤیدارین پتر

خـەم ل ڤـان دەڤـەرا بهێتـە كـرن، نـە مـازە دواری سـلفێن ئاڤا كرنـێ و زەواجـێ و پـرۆژێن بچـیك دا، چـونكە خزمـەتكرنا ڤـان دەڤـەرا ئەركـەكی نیشـتیمانییە، ژ ئالییـەت دی ڤـە وەك لیسـتا ئەنجومـەنی گـەلی كلـدانی و سریانی و ئاشووری، دەستخۆشیێ ل حكومەتا هەرێمێ دكەین، هەمی خەلكێ كوردستانێ، كو هەزاران ئـاوارە و دەربەدەرێن عێراقێ بەتایبەت مەسیحی ل كوردستانێ حەواندینە، لەسەر بودجا خـۆ هاریكاری و ئاسانكاری پێشكەشی وان كرینە.

رۆژێن تەنگ دا دەرگەهێن خۆ بۆ گەلێ مـە ڤەكرینـە، ل دووماهی مـن دڤێت وەك پەرلـەمانتارەك ل دەڤـەرا زاخۆ ژی هنـدەك تشـتا بێـژم: زاخـۆ د مێـژوویا سیاسـی و شۆرشـگێریا كوردسـتانێ دا جهـەك تایبـەت هەیـە و رووبارەك خوێنی درێكا كوردستانێ دا دایە، وەك هەمی دەڤەرێن دی كوردستانێ، داخازا هـەرە سـەرەكی ئـەوە زاخۆ وەك ئیدارەك سەربەخۆ بكەڤیتە كار، فەرە بڕیارا جەنابێ سەرۆكێ هـەرێمێ دڤـێ واریـدا زێـدەتر گـیرۆ نەبیت، هەتاكو پەرلەمان و حكومەت دمیزانی دا هزرا ئیـدارەك سـەربەخۆ بـۆ بكـەن، ژ ئالیـەت دی ڤـە زاخـۆ دەڤەرەكا چیای و سنووریە، پێتڤی دواری خزمەتگوزاریدا بێتە بەرچاڤ كرن، ب تایبەت رەوشا ئاڤا كرن و رێك وپرا و سەخبیرییا وان ل بەرچاو بگرن، نەمازە رۆژانە نزیكی 1500 ترومبێلین باری هاتن و چوونا سنووری دكەن ل زاخۆ، ئەڤە بارگرانییە بۆ خەلكێ زاخۆ، تۆرا شەڤام و پرا ل زاخۆ كریە، دیسان ڤەرەبوو كرنا ئاڤـارێن وان گوندێن دكەین ل سنوورێ ڤەزا زاخۆ، لجهێن دی یێن كوردستانێ ئەوێن كۆمپانین گازی ل ئاڤـارێ وان كـار دكەن و بهێنە ڤەرەبوو كـرن، ل زاخـۆ حكومـەتا كوردسـتانێ نەخۆشـخانەك مـەزن و بەركـەفتی ئاڤاكریـە، لـێ هەتا نووكە نەكەتییـە كـاری باشـە، بلـەز، ئـەڤ بابەتـە بهێتـە چارەسـەر كـرن، لـوارێ پـەروەردی دا كێماسـی ل ئاڤاهێن خاندگەها زۆرن، باشـە، پـتر گرینگـی پـێ بێتـە دان، دگـەل پركرنـا كـێم بوونـا میلاكـی مامۆسـتایان و خزمەتكارا، باشە، بلەز ڤەرەبوو كرنا وان كەسا بێتە كرن ئەوێن زەرەرمەندبوون ڤان لافاوین دوماهی لهـەمی جهێن كوردستانێ، پشتی ڤان هەمی دانوستاندن و گەنگاشەكرن و بۆچوونێن جودا، جودا ژ لایێ هەمی ئالیەت ڤـە روشـت بـین بـۆ پەسـەند كرنـا بودجـەك، هێـژایی بـۆ خـەبات و خزمـەت و مانـدوبوونا هـەمی خـەلكی كوردستانێ دا، ئێدی كوردستان هەر ئارام و ئاڤەدان بێت، دگەل سوپاسیا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كەیلی خان.

**بەڕێز كەیلی اكرم مەنتك:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من پشتگیریە لە بودجەكە، پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی دارایی دەكەم، لە راپۆرتی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایـەتی پێشـنیارمان كـردووە بەمانـەوەی مـەنافعی ئیجتیمـاعی وەزارەتـی كاروبـاری كۆمەڵایـەتی بـە مەبەستی خزمەتی زیاتری چاودێرییە كۆمەڵایەتییەكان، سێیەم پشتگیری دەكەم لە قسـەكانی بـەڕێز د. ثـائر

به نیسبەت وەرزش و لاوان، چوارەم پشتگیری دەکەم لەبەردەوام بوونی بەرنامەی تواناسازی، قەرزی بچووك بۆ لاوان، قەرزی عەقاری، قەرزی کشتوکاڵ، گرینگی زیاتر بەو کەرتە بدرێ، چونکە ئەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە خەڵك هەیە، بە هەموو چین و توێژەکان، پاڵپشتی دەکەم لە سنووقی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت، پستگیری دەکەم لە راپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان، قوربانیانی جینۆساید، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من بەس ئەوەندە دەڵێم کەمکردنەوەی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایش مانای ئەوە دەگەیەنێ کوردستان بگەڕێتەوە خاڵی سفر، چونکە لە رۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆدا کە هەرێمی کوردستان چ لە رووی ئیقلیمی، چ لە رووی لایەنی ترەوە رووبەرووی زۆرترین مەترسی دەبێتەوە، تاڕادەیەك نەبوونی ئاسایش دەبێتە هۆی لە دەستدانی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە ساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ کراوە و قوربانی بۆ دراوە، بۆ بەدەستهێنانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رووف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماندوو نەبن، بەخێربێن وەفدی حکومەتی هەرێم، سەرەتا من پێناسەیەکی قەرنی پازدە دەکەم بۆ بودجەی، بودجە مانای جانتەکی جلدی گچکە ستراتیجییەتی ئەو پارەی لێ دەسووڕێنی ئەوەی لە جێبت هەیە، لە قەرنی پازدەدا ناوی وشەی بودجە هاتە ناو میزانییەی حکومەت، کەواتە بەڕێز وەزیری دارایی ئەو جاتا جلدییەی کە هەڵی گرتییە ستراتیجی بودجەی لەناوە، من باسی راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی دەکەم، بۆ من زۆر سوودمەند بوو، دەستیان خۆشبی، وابزانم بە مەبدەئێك هاتینە ناوی کە سواتی پێدەڵێن لە مەبدەئی دارشتنی تەقریر یان پرۆگرام، ئەو مەبدەئە لە چوار وشە پێکهاتووە کە پێی دەڵێن (سترێن ویکنێس ئەپۆرتنیتی ئاند سترێیت)، بەڕێز د. ئاراس گۆتی ئەمە فرێدەکەی کە ناوی تەهدیدە دەیکەینە پلان، ئەوەش هەتا ئێستا لە عالەمی سیاسەتیش پەیڕەو دەکرێت، ئینجا بۆیە بەڕێزان حەق نییە کەس دڵگران بێ، ئەوەی کە نوقاتی قوەتە لەلای هەندێك بەڕێزان محتەمەلە نوقاتی تەهدید بی لەلای هاوڕێکانی من، ئەوەی کە نوقاتی زوعفە لەلای هەندێکان محتەمەلە نوقاتی قوەت بێ، ئەوەی کە فرسەتە، مومکینە تەهدید بێ، ئەوەی تەهدیدە، مومکینە فرسەت بێ، ئەوەش بە زەمان دەگۆڕێ و حەق نییە کەس لە هیچ رەخنەیەك دڵگران بێ، من تەوەرەکەی خۆم لەسەر چوار حەقل قسەی دەکەم، تەمەنا دەکەم بەکورتی بێ، چونکە برادەران زۆر ماندوونە، کە نا عەدالەتی لە میزانییەکەی دەبینم، ناهاوسەنگییەکی دەبینم لەوەی، یەکەم تەوەرەم لەسەر پلانە، دووەم لەسەر داهاتە، سێیەم لەسەر بودجەی تەشغیلییە، چوارەمی لەسەر ئامار و ستراتیجە، بۆ هەر چواریشی پێشنیارم هەیە، ناتوانم بڵێم حەل، چونکە بەخۆم کە ئەندامێکی پەرلەمانم کە فکرم لێ کردیتەوە بەگوێرەی میهنەتەکەی خۆم من ئەوها بە حەلی دەبینم ئەوجا نازانم هەتا چەند وەزارەتی پلاندانان و بەڕێز وەزیری پلاندانان لەگەڵ ئەو فکرەینە، ئێمە

موشكیلەكمان هەیە لە بودجەی دەڵێین كورتهێنان و زۆرهێنان و پلان وادانداریە، ستراتیجییەت تەواو نییەو تەواوە، ئەگەر بێین تەماشای یەكەم نوقتەی بكەین كە پلاندانانە، من لە مونازەرەیەكی بەڕێز وەزیری پلاندانانم دیت لە تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان، كە باسی لە (25459) دوو هەزارو پێنج سەد و چل و پێنج پرۆژە دەكرد، بە گوژمەی سی و یەك ملیار ئەگەر بێ بۆ پێنج ساڵی داهاتوو جێ بەجێی بكا بە قۆناغ، هەر ساڵێك تەقریبەن سێ ملیار، چوار ملیار و نیو پارەی دەوێ، ئەوە زۆر شتێكی رەوایە و زۆر، زۆر موهیمە ئەوەی بڵێ.

بەڵام لێی دەپرسم لە جەنابی، دەڵێم ئایا تۆ تەختیتەكەت بە چ پلانێك كردووە؟ چونكە ئەگەر بەڕێزان هەندێك ئیتیلاعمان لەسەر سیاسەتی دونیایێ هەبێ و لەسەر پەرلەمان هەبێ و كلیكەكی لەسەر ئەنتەرنێتی بكەین، كو كۆنترۆڵ دەكرێ بودجە؟ كو ئەپرۆف دەكرێ بودجە، دەبینین ئەوەی كە كاك عمر گۆتی، گۆتی كۆنفراسەكی بكەین، ئەوە لە هیند تەتبیق كرا، پێشی بودجە موناقەشە بكرێ ئەكادیمیایەكی زۆر موهیم لە هیندستان لە جامیعەی نیودەلهی هاتە پەرلەمانی هیندی، شێوازی تەختیتی جۆرا و جۆری پیشاندا، گۆتی بەڕێزان ئێوە پەرلەمانی هیند لەسەر چ جۆرە تەختیتێك، تەختیتتان كردییە، هەتا ئەمن فێرتان بكەم چۆن موناقەشەی دەكەن؟ ئایا ئەو تەختیتە مەركەزییە؟ لا مەركەزییە؟ مالییە؟ عومرانییە؟ تەوەجوهییە؟ مەنزوورە؟ چییە؟ ئێمە ئێستا یەخەی ملی وەزیری پلاندانان دەگرین، بەڵام ئەو بەمەی نەگۆتییە لەسەر چ بنەمایەك ئەو پلانەی دانایە هەتا ئێمە بەو شێوازەی لۆی بڕۆین، لۆیە ئەو هەموو ئیشكالاتانەی كە لێی دەبێ، بەتەنیا سووچی ئەندامانی پەرلەمان نییە، ئێمە نازانین بە چ مەنزورێك و بە چ نەزەرییەك كردیتی، هەتا موناقەشەی لەگەڵ بكەین، بۆیە دوو پرسیار لە جەنابی دەپرسم لەپلان، ئایا دەڵێم بەڕێز وەزیری پلاندانان لەسەر چ بنەمایەك ئەو پلانە ستراتیجییەتان داڕشتووە؟

هەتا ئێمە بەو شكلەی بێین موناقەشەی بكەین، بۆ ئێمەش باشە و بۆ جەنابیشی باشە، ئەوە یەك، دوو، ئەگەر جەنابت سی و یەك ملیار بە پرۆژە، بە پارە، بە گوژمە دۆلار لەفكری جەنابت هەبێ، بۆ ئەی مەشروعانەی كە كرایە، دەبا ئێستا لەگەڵ جەنابی جەدوەلێك هەبێ بۆ پرۆژەی 2014، هەتا ئەمن بزانم ئەو قۆناغەی كە كردیتی ئێستا چەندە بۆ ساڵی داهاتوو پێی دەوێ؟ ئەگەر نەهات چەندی لێ لەغو بكاتەوە، چەندی لێ هەڵبگرم؟ ئەگەر هات دوو ساڵی دی چەندی لەسەر دانێم؟ ئەوە بە نیسبەت پلاندانان، حەزدەكەم بەڕێز وەزیری پلاندانان وەڵاممان بداتەوە، بە نیسبەت داهات من پرسیارێكم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە، بە دوو شت، یەكەمجار ئێمە كە دەڵێین نەفت، باسی نەفت دەكەین، تەبعەن باسی پترۆڵ دەكەین بە عام، بەبێ شك، شكی تێدانییە، ئەو حەقڵە و ئەو بوارە زۆر موهیمە، لۆ ئەمنی قەومی موهیمە، لۆ دەوڵەتەكەی موهیمە، لۆ عالەم موهیمە، هەتا لە دونیایێ چەند ئامارەكانی و نەتیجەكانی روون بێ، ئەوەندە باش دەبێ، چونكە ئێستا لە عالەم ئەمرۆ حالییەن 2012 ئێحساییەك كرایە، هەشتا و حەوت و نیو ملیۆن بەرمیل نەوت خەڵك لە بازاڕ دەیەوێ، ئایا ئەگەر ئەمن نیو ملیۆن ئینتاجم هەبی مایەی دڵخۆشییە، چونكە ناوم دەچەسپێ لەسەر

خەریتەی پترۆڵی جیهان ئەوەش لۆ ئیقتیساد زۆر موهیمە، بۆیە بە نیسبەت ئامار و پڕۆژە و داهاتی نەوت هەتا چەند شەفافتر بێ.

هەتا چەند تەکنەلۆجیای بە قوەت بی، ئەوەندە بۆ وڵاتەکەی موهیمە حەق نییە دڵگران بن، کە ئەندامی پەرلەمان ئەو تێبینیانە و ئەو شتانەی لەسەر داهاتی نەوت دەوێ، داهاتەکی دی من دەمەوێ لە وەزیری دارایی بپرسم، ئایا داهات هەیە لە حکومەتی هەرێم وەردەگیرێ بێ پسوولە؟ بێ رەسم؟ ئەگەر نا، ئەگەر هەبێ ئەوە لەکوێ وەردەگیرێت؟ ئەگەر نەبێ بە سەراحەت هەموو ئەوانی کە کۆبوونی بەنزین وەردەگرن دەڵێن ئێمە هەموو سایەقێك پێنج هەزار دینارمان لێ وەردەگیرێ، بەڵام نازانین وەصڵەکە چییە؟ ئایا ئەو پارەیەی بێ وەصڵ دەچێتە کوێ؟ وایە یان نا؟ ئەوە لەسەر داهات، ئەو دوو پرسیارەم هەیە، دێمەوە سەر بودجەی تەشغیلی، من لەسەر بودجەی تەشغیلی وەزارەتی ئیعمار قسە دەکەم، بەڕێزان، بودجەی تەشغیلی وەزارەتی ئیعمار پارەکە سی ملیار داندرابوو، وابزانم، بۆ سیانەی تەشغیلی رێگاوبان و تورق، ئەو ساڵ نەوەد ملیار داندراوە، بە سوپاسەوە.

بەڵام من ئەو ناتەوازنەی لێ تێناگەم، ئەوەی پارەکە سی ملیار چۆن داندرا؟ ئەو ساڵ نەوەد ملیار بە سوپاسەوە چۆن داندرایە؟ ئایا بە تەڵەبە؟ ئایا کە دیتان پرد دەرووخێ؟ پردی دێگەڵەیە، پردی رانیەیە، پردەکی دییە، ئەگەر پارەکە چل و پێنج ملیار دابندرابا ئەمڕۆ ئێحتیاجمان بە نەوەد نەبوو، ئەمڕۆ ئەگەر نەوەد دانێین سبەینێ ئێحتیاجمان بە سەد و بیستی نابێ، ئەوەش تەوازنێکی دییە ئەوەی ئەمن لە بودجەی تەشغیلی دەیبینم، دێمەوە سەر ئامار و ستراتیجییەت و دیراسە، بەڕێزان من لە سێ حەقل باسی ئامار و دیراسەت و ئێحسایییە دەکەم، کە حەقلەك پەیوەندی بە سناعە و کارەبا هەیە، ئەوەی کە ئەڤین خان باسی کرد گۆتی ئێمە ئەوەندە کارەبامان دەوێ و ئەوەندەی دیمان دەوێ، بەڵام ئەگەر ئێمە ئاوەڕێکی لە ناتەوازوونی باژێر بدەینەوە کە دەبینین ئەو پلاکی کارەبای کە ئێمە بەکاردەینین سێ سەر و دوو سەر و ئەنواعی ئەمپێر و ئەنواعی وات و جۆرا و جۆری ئەو ئالاتی کارەبایەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین، رۆژانە لە ماڵێ وا دەکا کارەبا هاوسەنگی نەمێنێ، کۆنترۆڵی ئەدەواتی کارەبای لە باژێڕێ سەبەبێکە بۆ ئەوەی کارەبا هەدەر بێ، هەر لە ئەندام پەرلەمان، هەر بەخۆمان ئێمە چەند کارەبای بەکاردەینین و چەند واتە، مەس کوتلەك هەیە پێی دەڵێن وایەر، ئەو وایەرانە ئایا ئەوە وادەکا ئەو دیراسەیە وادەکا هەموو شتێك بێتە بازاڕی ئێمە، کارەبا بەو ئاستەی بڕوا کە تێیدایە، بەشێکی دی پێی دەڵێن هاوسەنگی نییە لە نێوان مینەح و مەحکەمە، مینەح کە ئێمە دەڵێین پێنج ملیۆن بۆ هاوسەرگیری بێ، دەملیۆن بێ، هەتا هەنووکە هیچ دیراسەیەکمان نەکردووە، ئەو نیسبەی تەڵاق کە لە مەحکەمە دەکرێ، ئایا سەبەبی چییە؟ ئەگەر ئێمە بیکەینە شەش ملیۆن سەبەبی چییە؟ ئەگەر بیکەینە نۆ ملیۆن سەبەبی چییە؟ ئایا ئەگەر ئەو عائیلەیەی کە خێزانداری پێکدەهێنن لۆیان بکەینە پانزدە ملیۆن یان بکەینە دە ملیۆن هیچ ئامارێکمان نییە، دەکەوتەوە سەر موزایەدەی سیاسی و کێ پێش بڕکێی دەکا لەوەی، ئەوەش شتێکی راست نییە.

دێمەوە سەر بەرهەمهێنان و بازرگانی، کە ئێمە مولاحەزەی شتێکی دەکەین لە دونیایێ ئەمەریکا بەو زەبەلاحییەی خۆی دەزانی نیزامی شت بە مەترە، قیاسی خۆی گۆڕی بە فووت کردییە مەتر، پرۆژەیەکی دانا ناوی (سکستی ئێم بە مواسەفات) بۆ گۆتی سکستی ئێم؟ چونکە ئەو ساڵی کە ئەو پەیڕەوەی پەیڕەو کرد لە ئەمەریکای بای شەست ملیۆن بەرهەم فرۆشرا کە بە نیزامی مەتری هاتبووە بازاڕ، ئێمە ئەوەمان نییە، یەعنی هیچ پەیڕەوێکمان نییە، شتمان هەیە بە فووت، شتمان هەیە سینی، دەرگامان هەیە، سڵمان هەیە، لۆڤەرمان هەیە، وەل حاصڵ ئەوەی کە پێت دێ لۆم بینە، ئەو نا هاوسەنگییە و دیراسە نەبوون و ستراتیجییەت هەتا ئێستا لەو بوارەی وای کردییە بودجە بە هەدەر بچێ، من پێشنیارم هەیە بۆ ئەو چوار بابەتەی کە باسم لێ کرد، کە یەکەمجار پلاندانانە، ئێمە کە تەماشای فۆڕم دەکەین گرێبەست بەردەوام نەبوون، شت نەبوون، کە لە مقاولی دەپرسی هەندێك تەعلیماتی مالی و ئیداری هەیە، کە بەربەستە لە پێش ئەو شتە و گۆڕانکاری پێدەوێ، یەك لەوانە تەعلیماتی ژمارە یەکی ئەنجومەنی وەزیرانی 2011، ئەو تەعلیماتە وای کردییە، ئایا ئەوەی دەینی تەعلیماتێك دەست و پێی موقاوەلاتێکی ببەستەوە، لە تەندەرین و لە ئیحالە، لەسەر هەشت هەزار دیناری عێراقی بگەڕێتەوە، ئەو مقاولە لە وەزارەتی زراعەیە، ئایا ئەو تەعلیماتە وا دەکا مقاولەك دەست و پێی ببەستێ؟ بگەڕێتەوە لەسەر سەد هەزار دینار، ئەوەش لە وەزارەتی ئاو و ئاوەڕۆیە، ئەوە بە بەڵگە خۆیان لیژنەی تەحلیل و عەتا دەڵێن، لەلایەکی دی قیمەتی تەغەیورات کە ئەتوو حیساب دەکەی لە هەر تەندەرێکی کە دێتە ژۆرێ، ئەو قیمەتە پێشان ئێمە بە مواسەفاتی عێراقی ئیشمان دەکرد، باشە ئەوە فیدیك فەیدی ناکا کە ئەنواع و ئەشکال شتی لێ دەبێتەوە دەڵێین ئیستیعمالی ناوێ، بەس بەخۆی کە فیدیك پەیڕەو بکرێ، لۆمەش باشە، هەرچەندە ئێمە خاوەن عەلەم نینە هێشتاکە ئیشتراك بکەین لە فیدیك، بەلام زۆر موهیمە ئێمە لە هەوکە را پەیڕەوەی بکەین، انشاءاللە کە دەوڵەتی کوردی بووە دەوڵەت، ئێمە بە خۆمان ئیشتراکی لێ دەکەین و تەدریبەکمان دەبێ لەسەر ئەو مواسەفاتەی، ئەو مواسەفاتە بەڕێزان لێی مەترسێن، چونکە لەگەڵ مواسەفاتی عێراقی لە چەند بڕگەیەکی هیچ فەرق نییە، بە پێچەوانەوە ئێستا یەك بەند هەیە کە حکومەتی خۆمان پەیڕەوی ناکا لە مواسەفاتی عێراقی، ئەویش بەندی پەنجا وسێ پۆینت بڕگە یەك دووە، ئەوەی کە قابیلە بە موتەغەیەرات، ئەو موتەغەیەراتە ئەگەر بێت و ئێمە حیسابی وەی بکەین، هیچ تەندەرێکی پۆینتی تێ نابێ، موقاولێك ناتوانی بەمن بڵێ ئەتوو بڕۆ سعری خشتی ئێرە پێنج دینار لێدە، سبەینێ ئەمن لۆت دەگۆڕم، چونکە بە زەرەروو بە قازانج لۆمانی حیساب دەکا، ئایا بۆ پەیڕەو ناکرێ؟ بۆ هەر وەزارەتێك جۆرە تەعلیماتێکی دەردەینی؟ پێنج، شەش وەزارەت وەبێ ئێمە لە هەموو بڕگەکانی خۆمان دەڵێین گرێبەستە، نەبووە، بووە، یان چی بووە، دێمەوە سەر داهات، لە داهات ئەگەر ئێمە بێت و پەیڕەوی ئاو و کارەبا و پەیڕەوی زیرەك بکەین، هەندێك داهاتی ئەگەر تەتەوڕ پێ بکەین بە تەکنەلۆجیا، بۆ بودجەی هەرێم زۆر، زۆر بە ئیستیفادە دەبێ، مەسەلەن ئەمن دێم لە مەشروعێ دەڵێم وەڵڵا پارەی ئاو و کارەبا ئەمن بە شکلەکی نا عەدالەتی وەری دەگرم، باشە بەڕێزان، ئەگەر ئەمن پەیڕەوی ئەوەی بکەم لە هیچ دونیا مۆدەی وەی مایە تانکی لەسەر بانان بمینێ؟ قەت نییە لە هیچ جێیان ئەوە، ئەگەر من بێم

مەشروعی....، بە خۆشحاڵییەوە کە گوێم لێ بوو، پارێزگاری هەولێر کە مەشروعی ئاوی ئیفرازی چوار دەکا، ئەمەلم ئەوەیە کە مەشروعی ئیفرازی ئاوی چوار دەکرێ، بۆڕییەکان و شەبەکەکان و تەنزیمی شەبەکەی هەولێرێ وابێ وەبێ ئێمە مەرحەلەك عەلەل ئەقەل تانکییەکان لەسەر بانەکان نەهێڵین، بۆ ئەوەی ئەو مەکیاسە، ئەو بۆڕییانە پڕ ئاو بی، بە مەکیاس بێ، هەتا بۆڕی و تانکیش فوتاری بێ و بودجەی کوردستانیش فوتاری بێ، ئەمنیش بزانم چەند لتر ئاوی سەرف دەکەم و یەکەکیش بزانێ چۆن ئیش دەکا، عەینەن شت لە کارەبا، عەینەن شت ئەگەر بێین مولاحەزەی بکەین، لەکارەبا ئەوە هەموو وردکارییە لەسەر بودجەی هەرێم، دێمەوە سەر بودجەی تەشغیلی.

بەڕێزان ئەگەر بێین ئیستیمارەی وەزارەتی ئیعمار و ئیسکان لاپەڕەی یەك، دە، هەژدە، لە لاپەڕە یەك کەمترین رەقەم لە بودجەی وەزارەتی ئیعمار و ئیسکان دوو سەد و پەنجایە، ئەو یش میلاکاتی مۆزەفینە لەو وەزارەتەی بە دەرەجەکانی موختەلیف کە ویستیتیان تەعینی بکەن، دێمە سەر لاپەڕە دە کە بابی سیانە دەگرێتەوە حەفتا و چوار ملیا ر و قسور دانداریە بۆ سیانە، کە دێمە سەر فەقەراتی دی پارە دێتە پێش چاو، حەفتا و پێنج ملیۆن، چوار سەد و حەفتا و پێنج ملیۆن، پەنجا ملیۆن، ئەوانە هەموو پارەی سیانەی سەیاراتی حەمل و سیانەی سەیاراتی گەورەیە، کە لە ئیستیمارەی وەزارەتی ئیعمار هەیە، باشە ئەمن ئەوەی بدەمە لایەکی جەمعی بکەمەوە لەگەڵ سیانەی تورق و جسوور، بێمە سەر لاپەڕەی هەژدە، کە شیرائە، کە مەوجوداتە، کە ئەویش لە فەصڵی دوو و پێنج، فەصڵی دوو قسمی پێنج، هی یەکەمیشیان فەصڵی دوو قسمی چوار کە دەست پێدەکا، دیسان مەجموعە ئەرقامێك دێتە پێش چاوم، شیرائی مەکائنی سەقیلە، شیرائی ئالات، هەموو ئەو بەزمانە کە ئەویش بە گوژمەی ملیارێك و هەشت سەد و پەنجایە، چوار سەد و حەفتا و پێنجە، چوارده ملیار و حەفت سەد و پێنجایە، پێنج سەد و پەنجا ملیۆنە، پەنجا ملیۆنە لۆ شیرائی سەیاراتی خاس و ئالات، ئایا ئەگەر ئەمن ئەو هەموو رەقەمانە خڕ بکەمەوە دەست و پێی ئەو موهەندیسانە بکەمەوە با ئیجازەی وەر بگرن بێنە دەرێ، ئایا ئەگەر ئەو سیانە هەموو رەقەمەکەی بکەم، بیدەمە کۆمپانیای ئەهلی موئەسەساتی دروست بکەم لە ناوەخۆم، هەروەك و کاك سالم گۆتی ئەو میراتەی لە کۆڵە خۆم بکەمەوە، ئایا شتێکی باش نابێ ئەوە؟ خەڵکیش فێرە ئیش و سیستەمی کەرتی تایبەت دەبێ، داهاتی منیش باشتر دەبێ، کە بەفر بارینیش دەبێ، کە جسرەکیش دەرووخێ، ئەو سیانە، ئەو کۆمیتە لەوێ هەیە، ئەمنیش ئەو هەموو قیوەی موهەندیس و کاکە با ئازاد بێ بچێ ئیش بکا، ئیشی منیش باشتر دەبێ لە بۆ موئەسەسات، ئەویش فێری ئیشی ناوخۆ دەبێت، دێمەوە سەر ئامار، ئامار بەراستی ئەوە ئیشی پەرلەمانە مەفرووزە ئێمە ئۆفیسەکی دابنێین ئەو ئۆفیسە لێرە توێژینەوەی بکا، بە چەند موستەشاری دەرێ، کە ئەمن دێم دەڵێم لیستی من یان فراکسیۆنی من ئێمە دەمانەوێ سولفەی زەواج بکەینە دەملیۆن ئەوە دیراسەم بۆ دەکا، دەڵێ ئەو ئامارە وا نیشان دەدا، ئەتوو ئەوەندەت هەیە، ئەوەندە فاشیل بووە، ئەوەندە تەلاقەت هەیە، ئەو تەلاقە لەسەر ئەو پارەیە بووە، ئەوە لە زۆر وڵاتانی دونیایێ ئەو ساڵە داندرایە، بەخۆی ناوەڕۆکەکەی لە کۆنگریسی ئەمەریکی هاتییە، کە (سی، بی، ئۆی) پێ دەڵێن، (کۆنگرێس بوجێت ئۆفیس) ئەو ئۆ فیسە لە کۆنگرێسی

ئەمەریکی دامەزرا لە ساڵی حەفتا و چوار (نیکسۆن) دایمەزراند، بە دوو سەد و حەفتا و چوار مۆزەف بە چل و شەش ملیۆن و نیو دۆلار، ئەو ساڵە حکومەتی ئیتاڵی ئەو ئۆفیسەی دامەزراند لە ناو پەرلەمانی بۆ ئەوەی موزایدات نەکرێ بە ماڵی میللەت، بۆ ئەوەی لەسەر دیراسە بێ، بزانن ئەمن راستم یان غەڵەتم، ئەوەیە نوقاتەکانی من، ئەوەش بوو پێشنیارەکانی من.

لەکۆتایشدا دەڵێم کۆنگرێسی ئەمەریکی دیسان دەڵێ (بوجەت فۆر ئێفری وەن، وەت ئێفەر یوور ئێج ئین وەت ستێج یوور لایف)، کەواتە بودجە بۆ هەموو کەسە، لە هەموو عومرەکی، لە هەموو مەرحەلەکی ژیان، دەبێ زۆر بە سینگ فراوانی هەمواریشی بکەینەوە، بگەڕێنینەوەش، ولاتان ئەوە هەموو ئەوە یەکی وەکو ئیتاڵیا بودجەی 2004ی ستراتیجی راگرتییە ئیتالیا حالییەن، مەرحەلەکی تەسدیق کردییە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك سالم.

**بەڕێز سالم تۆما کاکو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، هیوادارم من دووبارەی نەکەمەوە، هەوڵدەدەم، بەس نووسیتم، لەبەر ئەوەی پێش ئێستا نووسیتم حەتمەن دووبارەی تێدا دەبێ، پێشەکی سوپاسی ئەرك و ماندوو بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی دارایی و ئابووری و گشت لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، بۆ گەیاندی پرۆژە بودجەی ئەمساڵ بەم قۆناغە، من وای دەبینم و موتەئەکیدم کەوا هەموومان لەخەم خۆری و دڵسۆزییەوە بۆ چوونەکانمان دەخەینە روو چ بە رەخنەگرتن و دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی ناو راپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی دارایی و چ بە پێشنیار و بیرۆکە بێت لەسەر بنەمای گفتوگۆ لە لیژنەکانی پەرلەمان و دراسەتکردنی پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی ئەمساڵ کە بنیات نراوە، بە قەناعەتی من هەمووی بە مەبەستی پێشکەشکردنی زیاترین خزمەت بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری کوردستانە، راستە پرۆژە بودجەی ئەمساڵ لە ساڵی پار باشترە، هی پاریش لە پێرار باشتر بوو، ئەمەش بە بۆچوونی من بە سەرەنج و رەخنە و تێبینیەکانی ئێوەی بەڕێز لە پەرلەمانی کوردستان و هەوڵی حکومەت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی ناو پرۆژەکە بە مەبەستی زیاتر رێکخستنی دابەشکردنی بودجەی تەرخانکراو بەسەر سێکتەرەکانی پێویست و دانانی ئەولەویات بەپێی گرینگی و پێویستییەکانی گەلی کوردستان لە روانگەی حکومەتەوە، بۆ زانین بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر فۆڕمی بانکی نێودەوڵەتی GFS کراوە، بە مەبەستی دیارکردنی وردەکاری لە تەبویبی هەموو جۆرە خەرجی و داهاتێك کە دەبێ ولاتانی جیهان پابەند بن پێی و کاری پێ بکەن، ئێمەش بەشێکین لە جیهان، بەس بۆ نموونە نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، ساڵی 89 من مودیر حیساباتی ئیشغال بووم، کتابەکمان بۆ هات لە بانکی رەشید داوای بیست دیناری دەکرد ( عن ایجار مفاتیح القاصة)، هەموومان نەماندەزانی ئەو بیست دینارە لە کوێ تەبویبی بکەین، لەبەر

ئەوەی لە فۆڕمەکەمان نـەبوو، بـە هـەموومان بـە خەزێنـە و بـە ئەمانـە عامـەی مالییەشـەوە تـا توانیمـان لـە موتەنەویعە تەسنیفی بکەین، هەروەها موفتەرەحی (مەق مەق) کە هات، مەق مەق موختەسـەری وەحـدەی قیاسی غازە، (ملیۆن قەدەم موکەعەب قیاسی)، وەحدەی قیاسی غازە ئەوە، هەر وەزارەتێك لەو فۆڕمە ئـەوەی لەگەڵ کارەکەی بگونجێ وەری دەگرێ، ئەوەی ناگونجێ بەجێی دێڵێ، غەریب نەبێ لامان هەنـدێك موسـتەڵەح و ناوی عەنتیکە هەیە لە ناو فۆڕمی بودجە.

بـەڕێزان، دەبـێ بـزانین ئێمـە میراتگری سیاسـەتێکی چەوتی مـەمرەو مـەژی حکومەتـەکانی عیراقـین کـە حکومەت بەرپرس بێ لە فێرکردن وچارەسەرکردن ودامەزراندنی هەمووان کە سیاسەتێکی بەناو ئیشـتراکی سەقەت بوو، کە تەنها نزمترین ئاستی ژیانی بۆ هاووڵاتی دابین دەکرد، ئێستا بەرەو سیاسەتی بـازاڕی ئـازاد دەڕوێن، بەڵام ناکرێ بەعەقلیەتی ئەو زەمانە ئیدارەی حکومەتی کوردستان بکـەین، تـەنها بـە دابینکردنـی نانـە وشـك، ئێمـە میراتگـری هـەزاران قوربـانی ئـەو سیاسـەتەین هـەموومان بـەتیکڕایی داوای زیـادکردنی مووچەی خانەوادەی شەهیدە سـەر بـەرزەکان وئـەنفال وجینوسـاید دەکـەین، حـەقی خۆیانـە، چونکە ئـەو بارەی کەئەمڕۆ تیایداین بەرهەمی خوێنی ئەوانە، زۆرمان داوای زیادکردنی پارەی تەرخان کراو بۆ خـاوەن پێداویستیە تایبەتەکان وتۆڕی کۆمەڵایەتی وقوتابیان وبیمەی بێکاری و..... هتد.

هەر هەموویان کەس وکاری ئێمەن ئەرکی حکومەتە هاوکاریان بکات، بەڵام ئایا لە توانای حکومەتدا هەیـە ئەم ئەرکانە جی بـەجێ بکـات؟ لـە هـەمان کاتـدا کوردسـتان چاوەڕوانی هـەزاران پـڕۆژەی گرنگـی ئـاوەدان کردنەوەیـە لـە گشـت بوارەکـان، چاوەڕان بـووم کەلـەراپۆرتی وەزارەتـی دارایـی وئـابووری بەبڕگەیـەك داوا لەپەرلەمان بکرابایە کە چۆن پێکەوە چارەیەك بدۆزێنەوە بۆ ئەم کێشـەیە، بـەڵام بەداخـەوە ئێمـەش وەك پەرلەمان ئەم موبادەرەیـەمان نـەکرد، جگـە لەهەوڵـەکانمان لەگـەڵ حکومـەتی فێـدراڵی چ بەراسـتەوخۆ، چ بەرێگای نوێنەرانمان لەحکومەت وپەرلەمانی عیراقی بەقەناعەتی مـن دەبـێ ئێمـە وحکومـەت پێکـەوە بـیر لەوە بکەینەوە کەچۆن سەرچاوەی تری داهات بدۆزینەوە بۆ دابین کردنی پارەی پێویست، وەك:

1. دامەزراندنی کومپانیای (مساهمە) لەلایەن حکومەتەوە تاکو خەڵك متمانەی لا دروست ببێ، بـۆ کڕینـی پشك کە نرخەکەی لەتوانای هاووڵاتیان بێت، بەمەستی ڕاکێشانی (پاشـە کـەوتی خـەڵك) مـدخراتی خـەڵك وپەیاکردنی سەرمایەی گەورە بۆ دامەزرانـدن وجی بـەجێ کردنـی پـڕۆژەی گـەورەو گـرنگ، بـۆ ڕاکێشـانی بێکـاران بەمـەرجێك نـابێ بـەهێچ شـێوەیەك حکومـەت یـان هـەر لایـەنێکی تـر دەسـت لـە کاروبـاری ئـەم کۆمپانیانە وەربدات، بەڵکو دەبێ ئیدارەی سەربەخۆ و پسـپۆری خـۆی هـەبێت بەتایبـەتی بـۆ دامەزرانـدنی پرۆژەی ستراتیجی وەك پاڵاوگەی نەوت وبەنداو و ترام و رێگای ستراتیجی...هتد، کـە مـۆرکی سـەربەخۆیی ئابووریان هەیە سوود و قازانجەکەی مسۆگەرە بۆ خەڵکی کوردستانە.

2. هەوڵدان بەراکیشانی کۆمپانیا گەورەکانی جیهانی بۆ بەشداری کردن لەم کارە، بەبەشداری کردن لەهەلی وەبـەرهێنان چ بەشـیوەی جـویین ڤیجـەر بـێ کـە کۆمپانیـا جیهانییـەکان ئـەم جـۆرە شـەراکەتەیان لەگـەڵ کۆمپانیاکانی هەرێم پێ باشە، چونکە زیاتر زەمانەتی سەلامەتی سەرمایەکانی دەکات.

3. لەسـەر نەخشـەی ئـابووری سیاسـی جیهـانی رووبـەرێك هەیـە ئـەمڕۆ بـەناوی كوردسـتانی عیراقـە، دەوڵەمەندە، نەوتی هەیە، نەوتەكـەش تـەنها كـەركووك نییـە، بۆیـە كۆمپانیـا گـەورەكانی جیهـانی چاویان بڕیوەتە كوردستان، بەڵام بەوردی سەیری باری ناوخۆی ئێمەو سەقامگیری ئابووری وسیاسی دەكەن، لێرەدا دەپرسم ئایا واباشە كە ئێمە رووە گەشە دارەكەی كوردستان پێشان بدەین، ئەم هێـزە ئابوورییـە رابكێشـین كە دەبێتە هێزیكی داكۆكی كەری سیاسی لەكوردستان لەئێستا و لە داهـاتوو، لەبـەر هـەبوونی بەرژەوەنـدی ئەم وڵاتە لێرەو بە بەرز كردنەوەی متمانە بە وڵاتەكـەمان كـە دەبێتـە هـۆی زەمانـەتی سـەلامەتی قـەرز و سەرماییەكانیان كە رێگایەكە بۆ ئیمكانیەتی وەرگرتنی قـەرزی گـەورە لـە دامـەزراوە دارایـیەكانی جیهـانی، بەكارهێنانی بۆ هەمان مەبەست جگە لەبەرزكردنەوەی ئاستی ئابووری وڵات یان رووەكەی تری كە دەبێتـە هۆی رەوینەوەی ئەم هێزە ئابوورییە، دەبێ تـەحمولی ئەنجامەكەشـی بكـەین، بۆیـە دەبـێ زۆر بەوریاییـەوە تەعامولی لەگەڵ بكەین، چونكە سیاسەتی نەوتیش وەك شمشێر دوولایەنەیە.

دیاردەی بێ كاری وپەیداكردنی هەلی كار.

بـەڵێ راسـتە دەبـێ حكومـەت بـەدوای دۆزینـەوەی هـەلی كـار بـێ بـۆ هاووڵاتیـان لـە هـەردوو كـەرتی گشـتی وتایبەتەوە، تائێستا ساڵانە هەزاران هەلی كـاری دابـین كـردووە لـە كـەرتی گشـتی، بـەڵام لـە كـەرتی تایبـەت سـەركەوتوو نـەبووە، سـەرەڕای ئیلتیـزام كردنـی كۆمپانیاكـانی وەبەرهێنـەر بـە بەگەڕخسـتنی رێژەیـەكی كرێكاری هەرێم، ژمارەیەكی زۆر لە گەنجانمان بێ كارن، هەموویان داوای دامـەزراندن دەكـەن لـە دام ودەزگا حكومییەكان، بەڵام دەبێ بزانین كەوا وەكو باسم كرد كە ئێمە میراتگـری چ سیسـتەم و سیاسـەتێكین گشـت دەزگاكانی حكومەت بەدەست ئەو فەرمانبەرە زۆرانەی هەڵگری ئەو ناونیشانە وەزیفییانە دەنـاڵێنن كـە بـە هیچ شێوەیەك كاری پێ ناكرێ، لەبەر نەمانی كارەكە و نەگەیشتنیان بـە تەمـەنی یاسـایی تـاكو خانەنشـین بكـرێن، نـەتوانینی گـۆڕینی ناونیشـانی وەزیفییـان و گواسـتنەوەیان .... هتـد، مومكینـە هەنـدێ جـار لـە شوێنیشیان خەڵكی تر دابمەزرێنن ئەگەر خانەنشین بوون یان لە پلەكە نەمان، كەواتە حكومـەت بـە تـەنها نـاتوانێ بڕیـار بـدات بـە چارەنووسـیان و ئـەوانیش چـاوەڕوانی ئـەوەن بـە رێـژەی 80٪ی مووچـەكەیان خانەنشین بكرێن، ئەمەش دیسان لە دەسەڵاتی حكومەتدا نییە، پێویسـتی بـە یاسایە كـە دەبـێ لـە هـەموو عێراق وەك یەك بێ، هەر چەندە مووچەكەشی كەمە، لەبیرمان نەچێ ئێستا زیـاتر لـە 100٪ مووچـەكەی وەردەگرێ ئەمە سەرەڕای دەركردنی یاسای دەستەبەری كۆمەڵایەتی و بڕیاردانمـان لـە یاسـای بودجـەی پـار ساڵ كە دەسەڵات بدرێتە وەزیرە بەڕێزەكان بە خانەنشین كردنی ئەو فەرمانبەرانە كـە خزمـەتیان لـە 15 ساڵ زیاترە و تەمەنی لە 50 ساڵ كەمترە لەسەر داواكـاری خۆیـان، بڕیـاری خـەرجكردنی نیـو مووچـەی 3 سـاڵ بـۆ ئـەو فەرمانبەرانـەی كـە لەكـەرتی گشـتی دەگوازرێنـەوە بـۆ كـەرتی تایبـەت، بەمـەرجێك هـیچ پەیوەندییەكیان بە فەرمانگەكەوە نەمێنێت، لەهەمان كاتدا ژمارەیەكی یەكجار زۆر بیانی لە كوردستان كار دەكەن، تارادەیەك ئەگەر ئەوان نەبن پەكی بەشـی زۆری دەزگاكـان دەكـەوێت، لـەكار دەكـەون وەك (ئۆتێـل، چێشـتخانە، چـاپخانە، و كـەرتی بیناسـازی و پیشەسـازی... هتـد، تـا گەیشـتە خزمـەت كـاری شـوێنە

ئاینییەکانیش )، کە مووچەیان زیاترە لە کەرتی گشتی کەواتە هەر لەسەر بنەمای ئەو پەروەردە سەقەتەی باسمان کرد، رازیە بەکارکردن لە دەزگا حکومییـەکان بـە مووچـەیەکی کـەم و ناچێتە کـەرتی تایبـەت کـار بکات، لەبەر چەند هۆیەکی سایکۆلۆجی و توانای جەسـتەیی.... هتـد، هـەر بۆیـەش بـەدابینکردنی بەشـێك لەو هاوکارییانەی باسمان کرد، کە رازییە نەوەك کارکردن لەکـەرتی تایبـەت، ئەمـەش کـاری سـلبی کردۆتـە سەر خـەڵکی گونـد کـە پـەنا نەبەنـە بـەر کـاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری، سـەرەڕای ئـەو ئاسـانکارییانەی کـە حکومـەتی کوردسـتان دەیکـات، وەکـو قـەرزەکانی کشـتوکاڵی و پیشەسـازی و گەشـتیاری و قـەرزی بچـووك، کەهێشتا پێویستییان بە ئاسانکاری کردنە لەئیجرائاتی وەزارەتی دارایی بۆ سوود وەرگرتن لێیان، بـەردەوام بوونیان، و لە ئەنجامدا بۆتە هۆیەك بـۆ چـۆڵبوونی گونـدەکان، بـەڵام دەبـێ حکومـەت زیـاتر کـار بکـات بـۆ ئاراستەکردنی گەنجان و ئامادەکردنیان بۆ کارکردن لە کەرتی تایبـەت، ببنـە دابـین کـەری قوتـەکانیان وەك بەرهەمهێنەر نەوەك بەکاربەر، ئەم ئەرکە تەنیا بە حکومەت ناکرێـت، مومکنـە هەنـدێکیان دەبـێ یاساشـی بۆ هەموار بکرێت یاخود یاسای نوێ و بڕیاری پەرلەمانی پێویستە وەك هـەموارکردنی یاسـای خانەنشـینی لە رووی تەمەن و ئاستی مووچە و هەندێ بابەتی زیـادکردنی مووچـەی چینەکانی کۆمـەڵگا، نـە بـەس لـە کوردستان بەڵکو لە عێراقیش کە مومکنە لە دەسەڵاتی ئێمەشدا نەبێت.

**کەرتی دارایی و بانکەکان:**

زیاتر لە 30 بانکی کەرتی تایبەت لە کوردستان کاردەکەن، بەڵام تا ئێسـتا مـەجالی ئـەوەیان پێنـەدراوە کـە فیعلەن کاری بانکی بە تەواوی بکەن، لەبـەر نـەبوونی متمانـە بـە هەنـدێکیان یـان روودانـی هەڵەیـەك یـان بوونی گرفت لەکاری هەندێکیان، بە قەناعەتی من دەبێ دەوری زیاتریان پێ بدرێت، حکومەت چاودێرییان بکات، چونکە ناکرێت دامەزراوەیەکی دارایی مۆڵەتی پێ بدرێ بە شێوەیەکی سنووردار کار بکات، بۆیـە داوا دەکەم حکومەت هەڵبستێ بە سپاردنی هەندێ لـە کـاری دارایـی وەزارەتـەکان بـە بانکـە بـەتواناکانی کـەرتی تایبەت لەجیاتی بانکەکانی حکومی تاکو بتوانن بە بەشێك لە ئەرکی حکومـەت هەڵبسـتن، بەشـداری بکـەن لە سیاسەتی دانـی قـەرز کـە بەشـێوەیەك لەگـەڵ ئاراسـتەی سیاسـەتی حکومـەتی کوردسـتان و تەحدیـداتی ئاینی بگونجێ و یەکتر بڕنەبێت، هەتا ئەگەر حکومەت هەموویان بەشێك لەفایدەکەشـی تەعـەموول بکـات، بە مەبەستی زیاتر راکێشانی سیولەی دراو، بکەوێتە ناو بانکەکان، چیتر لای هاووڵاتیان گیرنـەخوات، ببێتـە هـۆی کـەمبوونی سـیولە لـە گشـت بانکـەکانی حکـومی و تایبەتـەکان کـە لـەکاتی خـەرجکردنی مووچـەی مانگانەی حکومەتەوە کە بەدی دەکرێت، لەدنیادا باوی ئەوە نەماوە کە گشت مامەڵەکانی بازرگانی لە بـازاڕ بە پارەی کاش بکرێـت، یـەك لـەو هۆیانـەی کـە لـە ئـابووری لوبنـان بـە تایبـەتی کـەرتی بـانکی سـەقامگیرە سەرەڕای ئەو هەموو بەرز ونزمەی کە لوبنان پێیدا تێپەڕیوە، چونکە هـەر هـەموو چـالاکی دارایـی کـەرتی تایبـەت دەیکـات، حکومـەت تـەنها چـاودێری دەکـات، هەنـدێکیان بـانکی بـە توانـان، پەنجـەرەی دارایـی و تـەعامولی بازرگـانی کوردسـتانن لەگـەڵ وڵاتـانی جیهـان، بـۆ زانـین لوبنـان لـە سـاڵی 2005 ەوە تـا ئێسـتا میزانیەی پەسەند نەکراوە، لەبەر نەگەیشتنی حیساباتی خیتـامی لـەکاتی خۆیـدا، هـەروەها مـەغریب کـە

زۆرجار بەراوردی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتان دەکەی، هەر چەندە هێشتا ئێمە دەوڵەت نین، بەڵام ئەو بودجە سنووردارەی هەمانە بەچاوی دەوڵەت سەیری خۆمان و پێداویستییەکانمان دەکەین، دەبێت کار بکەین کە چۆن هاوسەنگییەك بدۆزینەوە لە بەینی ئیمکانیات و توانا سنووردارەکەمان لەلایەك و پێداویستیەکانمان لەلایەکی تر، کورت هێنانی ساڵانە لەبودجە ئەگەر لەبەر دابین نەکردنی بودجەی پێشمەرگە و مووچەکەیانە، کەنابێ دابین نەکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم لەبودجەی گشتی جێگای بکرێتەوە، لیستێکی ئێحتیات بۆ پرۆژەکان هاوپێچی بودجە بکرێت، ئەگەر هاتو بودجەی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی فیدرالیەوە دابین کرا ئەو کاتە تووشی کورت هێنان نابێت، لیستی پرۆژەکان بەپێ ئەولەولیات وگرنگی جێ بەجێ بکەن، ئەو کات بەوەفر تەعامولی لەگەڵ دەکەین نەك بەعیجز (هەردووکیشی هەر هەمان شتیشە)، منیش بەپێی ئەندامیەتیم لە هەردوو لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان ئەمانەی خوارەوەن دەخەمە روو:

1- دووبارەکردنەوەی ساڵانە بۆ هەندێ پرۆژەی گرنگ کە بەشێکی گرنگن لە سەربەخۆیی ئابووری کوردستان وەك دروست کردنی سایلۆیەکانی دانەوێڵە و عەمباری سووتەمەنی و غازی شل لە پارێزگاکان، دروست کردنی ناوچەی پیشەسازی لەهەرسێ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، پرۆژەکانی بەراوکردنی دەشتی شەمامك و دەشتی کۆیە، نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی رزگاری لەهەولێر.

2- خەرجکردنی بەشێك لەو پارەیە بەبێ دەست بەکاربوون.

3- دیار نەکردنی هۆی دەست بەکارنەبوون.

بەڵام زۆر بە داخەوە من وای دەبینم ئەم پرۆژانە بوونەتە قوربانی رێکنەخستنی ئەرك و دەسەڵاتەکانی حکومەت، بە تایبەتی لە بەینی وەزارەتەکان و پارێزگاکان کە کێ بەرپرسیارە لە راگەیاندن و جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانە بەهۆی:

أ- نە گەڕانەوە بۆ پسپۆری هەر وەزارەتێك و یاسای وەزارەت و ئاستی دەسەڵاتی خەرجکردن و سنوورەکانی.

ب- تەرخان نەکردنی پارەی تەواوی پرۆژەکە و بایەخ نەدان بە برگەکانی پرۆژە وەك پارەی قەرەبوو و دیزاین و سەرپەرشتی ئەندازیاری و گوژمەی ئێحتیات و تەجهیز وتأثیث ئەوەندە، کە لەکاتی کردنەوە و شی کردنەوەی تەندەر و جێبەجێ کردنی پرۆژەکە بەدەر دەکەوێت، ئەمەش هەر دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەو هۆیەی کە پێش ئێستا باسم کرد، چونکە ناتوانم بڵێم لەکوردستان خەڵکی پسپۆرمان نییە لە بواری رێکخستنی دەرخستەی پرۆژەکان و چۆنیەتی قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی پرۆژە.

ج- زۆری ئیجرائاتی رۆتینی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە دواکەوتنی خەرجکردنی سلفەکان، لەبەر گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ هەر سلفەیەك، ساڵانە دووبارەی دەکەینەوە، بەڵام ئەو ئاستەنگانە هەر ماون هیوادارم ئەمساڵ:

1- بودجەکە بەگشتی زوو بچێتە بواری جێبەجێ کردن ئەم ئیجرائاتانە ئاسان بکرێن.

2- دەست بکرێت بە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە بەپێی پسپۆری وەزارەتەکان و دەسەڵاتەکانیان.

3- پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و پێشنیارەکانی بەڕێز سەرۆکی لیژنە (کاك جەلال) دەکەم، تکایە جێگای رەزامەندی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بێت، پشتگیرییان بکەن.زۆر سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایان، شەنسی من بوو وابزانم من ئاخیر کەسم، هیوادارم تەحەمولی ئەم نۆ، دە دەقیقە بکەن، انشاء الله، بێگومان ئێمە ئێستا خەریکین بەشی یەکەمی یەعنی بڵێین رووداوێك یان چالاکییەکی سیاسی دەکەین، ساڵانە دەرفەتمان پێدەدات، ئێمە هەردوو بلۆکی ئۆپۆزسیۆن و بلۆکی زۆرینە هەڵسەنگاندنێك بکەین بۆ بودجە، هەروەها پێشنیار و تێبینی پێشکەش بکەین، بۆ هەردوو ئیتیجاه، بە ئیتیجاهێك کە پیشانی خەڵك بدەین کە ئەو حکومەتە موافەق نەبوو، سیاسەتەکەی راست نییە، بە ئیتیجاهی تر کە لایەنی تر پیشان بدات کە ئەو حکومەتەی بە متمانەی ئە و بووە بە حکومەت سەرکەوتوو بووە لە جێ بەجێکردنی سیاسەتەکەی، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ، تەبیعییە و دەبێ هەر پێشبینی ئەوەش بکرێ بۆچوونەکان جودابن و دژی یەکتر بن، من گوێم لە زۆر قسە بوو، رێگام بدەنێ وەك شتێکی عاتفی من لە پایزی ژیانی خۆمم، تەمەنی خۆمم، ئێستا دەزانم چل ساڵی چاکی من لە ژیانی سیاسی بەهەدەر نەچووە، چونکە ئەم دانیشتنە بە حەقیقەت ئومێدی بە مندا کە رەنگە پاش تەمەنی منیش هێشتا نەمرم ئێمە بگەینە قۆناغی دیموکراسی، قۆناغێکی مەدەنی کە وڵاتی ئێمە شایستەیە ئەو دۆخە سیاسییە و حکومڕانییەی هەبێت.

بەڕێزان وەکو وتم هەڵسەنگاندنی بودجەکەیە، پێشنیارە لە چوار چێوەی ئەو هەوڵەی بلۆکەکە کەمن بلۆکی زۆرینەم بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی حکومەتەکەی بە متمانەی من بووە بە حکومەت بۆ دانانی بودجە، ئەرکی منە نایشارمەوە، بەڵام پێش هەموو شت بە تەسەوری من پێویستە لە قۆناغی هەڵسەنگاندن ئێمە بزانین ئەو بودجەیە لە چ هەلومەرجێك داندراوە، بێگومان نە بودجەیەکی سەبەرخۆیە، نە دەستمان والایە، نە ئێمە حکومەتین، نە تەعامول دەکەین لەگەڵ کەلتوورێکی سیاسی کە تێ دەگات، ئیمتیازاتی ئەو، پابەندی ئەو چییە و چی نییە.

بێگومان لەو هەلومەرجە ئەو بودجەیە کێ دابنێت؟ هەموو داخوازی و ئاواتی خەڵك، ئەو خەڵکە چ جەماوەر بی، چ خودی کاربەدەستانی وەزارەتان بن جێ بەجێ ناکات، بە تەسەوری من ئەمە لەگەڵ راستییەکی زانستی کە مامۆستا جەمال و د. ئاراس و کاك عمر، مامۆستا لانە لە من باشتر دەزانن، جیاوازی هەرە سەرەکی لە نێوان دانانی موازەنەی گشتی، میزانییە بۆ پرۆژەیەکی کەرتی تایبەت لەوە دایە، ئەوە من خۆم نەم دەزانی، بۆیە پار و پێرار ئێمە گفتوگۆیەکمان کرد بۆ لە ماددەی یەکەم باسی سەرفیات دەکرێ؟ لە ماددەی دووەم ئینجا داهات؟ لە دانانی موازەنات تۆ دێی بزانی چ ئەرکێکت لەسەر شانە، چ بەرپرسیارەتییەکت هەیە، چ پابەندیت هەیە بەم کەرتە؟، بەم خەڵکە، واتە چەند پارەت دەوێ؟، بۆیە سروشتییە لە بیدایەتەوە گوێت لە

داخوازییەکان بێ، ئینجا دێی هەوڵدەدەی لە موازەنەی گشتی پارە دابین بکەی، بۆ ئەنجامدانی ئەم پابەندیانە، هەر ئەوەش لای من سروشتییە وەزیرە بەڕێزەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان کە هاتن لە لیژنەکان لەگەڵیان دانیشتین، گازەندەی یەکەمیان ئەوەبوو کە ئەوەی ئەوان لە پاش دیراسەتێکی دوور و درێژ دایان نابوو، بۆ ساڵی داهاتوو لە لایەن وەزارەتی دارایی و پلاندانانەوە مقەسی لێ درا، لای من سروشتییە، چونکە ئەمە ئەو پابەندیەی منە.

بەڵام ئەو بەڕێزانە ئەرکیان بزانن ئەو چەند داهاتیان کۆکرد بۆ ئەوەی بتوانن ئەم داخوازیانە جێ بەجێ بکەن، بۆیە بە تەسەوری من بێگومان هەتا ئەو ژمارانەی دانـدراون نە پێویستیەکانی ئەم قۆناغە، نە داخوازییەکانی خەڵك، نەهی وەزارەتەکان جێ بەجێ دەکات، قسە زۆر کراوە، ئەستەمە پێم بکرێت بەڕاستی بابەتێك بدۆزمەوە تاکو قسەی لەسەر بکەم، کە تاوەکو ئێستا قسەی لە سەر نەکرابێ، بەڵام من دەمەوێ لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیە دوورو درێژە تەرکیز لەسەر یەك بابەت بکەم، کە بە درێژایی مانگێگ، ئەم مانگەی رابردوو لەوەتەی باسکرا کە بودجە هاتۆتە پەرلەمان لە دام و دەزگاکانی راگەیاندن و لەم هۆڵەشدا وەك پرسیار ئاراستە کرا، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکانیش ئەوەش بەگلەیی حیساب نەکەن، لەسەرەتاوە تەفاهومم هەیە بۆ ئەوەی یەکێك جگە لەمن بیر بکات، چونکە مەبەستی شتێکی ترە، ئەو پرسیارە بە ئاراستەیەك کرا تاوەکو تیشك بخرێتە سەر ئەوە، ئەویش ئایا ئەم بودجەیە چەند لە خزمەتی خەڵکی کوردستانە؟ ئایا قۆرخ کراوە لە لایەن ئەم و ئەوی تر؟ ئایا فەقیر و هەژاری کوردستان بەشیان لەو بودجەیە چییە؟ پرسیارێکی رەوایە، بەرپرسیارەتی منیشە کە لە حکومەتی خۆم، کە بە متمانەی خۆم بووە بە حکومەت بپرسم ئایا تا چەند سەرکەوتوو بوون لە دانانی بودجەیەك کە ئەم غەرەزە تەحقیق بکات؟ چونکە بەوە ئەتوانم بە جەماوەر بڵێم ئێوە هەڵە نەبوون کە متمانەتان بە ئێمەدا، بەڕێزان، لە چوارچێوەی لیژنەکەی خۆم کە من تێدامە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی، کە رەنگە لە هەموو وەزارەتەکانی تر، هەموو لیژنەکانی تر زیاتر پەیوەندی راستەوخۆم هەیە لەگەڵ ئەو توێژە یان ئەو کەرتەی خەڵك کە پێی دەڵێن کەمدەرامەت، بێدەرامەت و هەژار.

لە راستیەکی تر کە هەڵقولاوی تەناقوزێکە لەبیر کردنی خۆم، من خۆم بەو کەسانە دەزانم دەڵێم سەرکەوتنی حکومڕانی لەوەدایە چەند حکومەت کەم خەڵك تەعین دەکا، چەند پارەی گشتی دەدات بە مەسائیلی ئیداری، چەند پارە دەمێنێت بۆ بوارەکانی تری غەیری ئیداری، لە کوردستان هەمیشە گوتوومە مەعقول نییە، هەشتا ملیۆن ئەڵمانی دوو سەد و چل هەزار مۆزەفیان هەبێتن، پێنج ملیۆنی کوردستانی شەش سەد و حەفتا هەزار مۆزەفی هەبێتن، هەمیشە ئەو قسەم گوتووە، بەشتێکی نا ساخلەمی دەزانم لە نیزامی ئیداری، بەڵام دوور نیم لە واقعەکە دەزانم ئەمە نە بە تەختیتە، نە بەپلانە، دەزانم ئەمەش نە سیاسەتی ئەو حکومەتەیە، ئەوە پاشماوەی حکومەتی پێش راپەڕینیش بوو، پاشماوەی ئەو وەزعە و باری تایبەتی بوو کە کوردستان پێیدا تێپەڕ بوو پاش 91 تاوەکو ئێستا، بە دوو ئیدارییەوە، بە نەبوونی ژێرخانییەوە، سەرەڕای گلەیی من لە ئەو هەموو ژمارە زۆرە، بەڵام ژمارەکان راستییەکی تر بە من دەڵێن کە وا لە من دەکەن واقعەکە قبول بکەم،

هەرچەندە بە دڵم نییە، بەڕێزان چوار سەدو حەفتا و پێنج هەزار فەرمانبەر لە پلەکانی خوارەوە هی داهاتە مەبەستم، پلە دە تاوەکو پلە شەش کە زیاتر لە حەفتا لە سەدی هەموو فەرمانبەران، چوار ترلیۆن و نیو ساڵانە بەس بۆ مووچەیان تەرخان کراوە، من تێ دەگەم تا چەند ئەم بودجەیە لە بەرژەوەندی جەماوەری ئێمەیە وەکو زانیارییەك بڵاوکرایەوە لە ناو خەڵك، کە چەند پارە کاش دێتە دەستی ئەو فەقیر و هەژار و هاووڵاتییە.

من تێ دەگەم کە ناراستەوخۆ هەر تاکێکی کوردستان سوود وەردەگرێت هەتا لەو مووچەیە زیادەی من و تۆ وەری دەگرین، چونکە بەو مووچەیەی من و تۆ یاسا دەردەکەین، ئیمتیازات دەدەینە ئەم کەرتە و ئەو کەرتە، پارە تەرخان دەکەین بۆ ئەم پرۆژە و ئەوی تر، هەر تاکێکی کوردستان سوودمەندە لە هەر بستێکی شەقامێك، لە قوتابخانەیەك، لە پرۆژەیەکی کەرتی تایبەتیش، خەڵکی کوردستانە دەچێتە ئەم مۆڵانەو ئەم ئوتێلانە، واتە لای من ئاشکرایە کە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی خەڵکی هەژار و نەداری کوردستان بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ سوودمەندە لە هەر چالاکییەکی ئابووری لەو وڵاتە روو دەدات، بەڵام رێگام بدەنێ وەکو وتم لەو ئامارە بەپێی بوونم لە لیژنەیەکی ئاوا، ئەم تێ گەیشتنەی لەلای خەڵك دروستکراوە باس بکەم، کە چەند پارە بە دەست دەگات، بەڕێزان جگە لە چوار سەد و حەفتا و چوار هەزار فەرمانبەر کە ساڵانە چوار ترلیۆن و نیو دینار وەردەگرن، باش بزانە ئەوە واتە عەلەل ئەقل ملیۆن و نیو خەڵکێك، چونکە ئەو خەڵکە خاوەن خێزانن، بەلای کەمەوە ئەگەر زۆر مەدەنی بن، سێ کەس بن عائیلەکە، ملیۆن و نیو کەسن، بێجگە لە دوو سەد و بیست و یەك هەزار کەس لەوەتەی ئێمە پێشینەی هاوسەرگیریمان دەرکردووە، بە بەهای حەفت سەد و دوو ملیار سوودمەند بوون لە پیشینەی هاوسەرگیری، باوەڕناکەم من و ئێوە بچین ئەو پێشینەیە وەر بگرین، دەبێ ئەوە خەڵکێکی نیمچە هەژار بێ، بەرامبەری ئەوانەش، بە تەنیشتی ئەوانەش هەزار و حەفتا و یەك هەزار کەس دوو ترلیۆن و حەفت سەد ملیار دیناریان وەرگرتووە بۆ پێشینەی خانووبەرە، من لە گوندێکم لەسەر سنووری تورکیایە سی ماڵ لە گوندی ئێمە دروستکراوە، سەدو بیست و یەك هەزار خەڵکی ئەم وڵاتە لە ژێر ناوی کەمئەندام و موعەوەق ویەکێك لە خوشك و برایەکان هەموو ئەو نەخۆشیانەی باس کرد کە لە زۆر لە وڵاتان نە بە نەخۆشی دادەندرێ، نە بەهۆی ئەوە کە مووچەیان بدەیێ، پارە وەردەگرن کە دەکاتە دوو سەد و هەشتا و هەشت ملیار لە ساڵێك، حەفتا و چوار هەزار خێزانی هەژاری راستەوخۆ کە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سۆسیالەکە سەدو سی و دوو ملیار دینار وەردەگرن، سی و یەك هەزار قوتابی پار تەخەروجی کرد، بۆ شەش مانگ بیست و هەشت ملیار دیناریان وەرگرت، ئەوەی کە پێی دەڵێن بیمەی بێکاری، چوار هەزار گەنج هەرچەندە ئێمە گلەییمان هەبووە لە لیژنە و لە دەرەوەش لەسەر بەرێوە نەچوونی پرۆژەکانی بچووك، بەڵام چل و یەك هەزار ملیار ئەوانیش بە دەستە، نەوەد هەزار خەڵکی ئێمە، ئینجا تاك بن یان عائیلەنە، لە ژێر ناوی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و کیمیاباران، چوار سەد و سی و پێنج ملیار پارە وەردەگرن، هەشت ترلیۆن و هەشت سەد و بیست و شەشەم کۆکردووە، ئەگەر هی پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرەی لێ لادەم کە دەکاتە سێ ترلیۆن، ئینجا پێنج ترلیۆن و چوار سەد و بیست و چوار

ملیار و دینار دەمینێتن لە ناو ئەو بودجەیەی کە زۆربەی زۆرمان دژی بووین و داوامان دەکرد رەت بکرێ، دەگاتە خەڵکی هەژار و کەمدەرامەتی ئەم وڵاتە، ئەدی ئەو دوو ترلیۆن و نیوەی کە بەکارەبا دەدات تاوەکو خەڵکی کوردستان 22 سەعات کارەبای هەبێت؟ ئەدی ئەو ملیۆن و نیو قوتابییەی کە دەچنە قوتابخانە و دروستکردنی قوتابخانەکانیان، ئەدی ئەو پێشکەوتنانەی لە تەندروستی و رێگاو بان و لەکەرتی تایبەت کراون، کە سەرتان نائێشێنم، هەموو ئەم خوشك و برایانە باسیان کردووە، بۆیە دووبارەی ناکەمەوە، واتە ئەوە من مافم هەیە، بەرێزان مافی هەرکەسێکیش هەیە بەشێوەیەکی تر تەماشای ئەو ژمارانە بکات، بەڵام من مافم هەیە قەناعەتێکی کامل بە ژمارە لای من دروست ببێ، ئەگەر ئەم بەرێزانە هیچیان نەکردبێت، بۆ زیاتر لە سێ، چوار ملیۆن خەڵکی ئەم وڵاتە پێنج ملیۆنییە، بەراستەوخۆ پارەیان داوە دەست، بێجگە لە هەموو ئەو خەدەماتانەی تر، واتە پرسیارەکە لەلای من زۆر، زۆر روونە، نە ئینتیمای حزبی پێ دەوێ، نە سیاسی و نە هەڵوێستی موەفەق، دەستان خۆش بێت، بە پێی ئەو ئیمکانیاتە، بەپێی ئەو زەحمەت و ئەو تەعقیداتەی لە دروستکردنی ئەو بودجەیە هەیە لەگەڵ ئەو هەڵانە کە هەنە، لە حیساباتە، لە ناولێنانی چەند شتێکە، کە برادەران دەستنیشانیان کردووە، دەستتان خۆش بێ، چونکە خەڵکی کوردستان دڵنیایە سێ، چوار ملیۆن کەسێك راستەوخۆ لە بودجەیە سوودمەند دەبن، بەرێزان تاوەکو تەواوی بکەم، چەند تێبینی و پێشنیارێکم هەیە، دەزانم رەنگە لەدەرەوەی بودجە بن، بەڵام رێگام بدەنێ، چونکە زۆر قسە لە دەرەوەی بودجە کرا، من دووبارەی ئەو پێشنیارانە ناکەمەوە ئەوەی لە لیژنەی کۆمەڵایەتی هاتوونە، بێگومان پشتگیرییان لێ دەکەم، لەگەڵ پشتگیری کردن لە زۆربەی زۆری ئەم پێشنیارانەی کە هاتوونە، ئەم پێشنیار و تێبینیانەی من رەنگە بۆ ئەم ساڵە نەبێت، رەنگە بۆ ئەو بودجەش نەبێت، رەنگە چەند ساڵی پێویست بێت، رەنگە وەڵام هەبێ پێم بڵێن مومکین نییە، من دەڵێم پێویستە، حکومەتی ئێمە ئەو بەڵێنەمان یان ئەو بیرۆکەی کە باسکراوە جێ بەجێی بکات، کە بیر بکەن لە سوود و زیانی بە ستنی بانکەکانی رەشید و رافیدێن و بانکی مەرکەزی بەغدا بە سیستەمی ئێمەی بانکی، خەبیر نیم، پسپۆر نیم، بەڵام من دەزانم ئەوە یەکێکە لەو رێگایانەی کە موشکیلەی سیولەمان نەمینێت، بیری لێ بکەن بە تەسەوری من، پیشانی ئێمە بدەن کە بۆ بکرێت، بۆ نەکرێت؟، بۆچی تا ئێستا نەکراوە؟، سوود و زیانەکەی چییە؟، چونکە زۆر شت باس دەکرێ، ئا ئەوە نییە بڵاو بووە رشید تاهیر ئەمری کردووە کە پێشینەکان رابگیرێن، بۆ؟ چونکە سیولە لە بانق نەبووە راتب بدرێت، ئەویش سوێندمان بۆ دەخوات دەڵێتن رام نەگرتووە، ئەمانە بە تەسەوری منی بچووك، چارەسەر دەکرێن، دووەمیان بە تەسەوری من ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە دەرەجەی یەکەم، حەقە ئێمەی پەرلەمانتاریش بیری لێ بکەینەوە، تا کەی گلەیی لە بەغدا بکەین، من باوەڕ دەکەم بە هەموو ئەو بە هانە و ئەو راستییە و واقعانەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتوون، بەڵام پێم هەزم ناکرێ، چونکە بە دڵم نییە، دەمەوێت بگۆردێت ئەو وەزعە، بە تەسەوری من ئەگەر ئالیاتێك بدۆزینەوە بیر بکەین لەوەی لەگەڵ بەغدا ساقی بکەین، زۆر لێرە باسکرا، بۆچی پەرلەمانی کوردستان گلەیی لە نوێنەرانی هەرێم ناکات لە بەغدا؟، من راستییەك دەزانم ئەوان سەر بە ئێمە نین، ئەوە نوێنەری خەڵکی کوردستانە لە هەڵبژاردنێکی گشتی، ئەوان بەشێکن لە حکومەتی

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# 89

**سالَی/ 2013 – بەرگی هەشتا و نۆ**

---

**چاپی یەکەم/ سالَی 2013**

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (42) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/2/5 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (43) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/2/6 ل 59

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (44) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2013/2/7 ل 119

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (45) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/2/11 ل 143

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (46) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/2/12 ل 247

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (47) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/2/13 ل 267

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (48) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2013/2/14 ل 313

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (49) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – هەینی 2013/2/15 ل 471

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (42)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/2/5

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/2/5 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (42)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (42)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/2/5 دا بەم شێوەیە بێت:

ـ بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ ساڵی 2013،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (42) ڕۆژی دانیشتن 2013/2/5 بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەکاری دانیشتنی ژمارە (42)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی 2013/2/5 بەم شێوەیە بێت:

ـ بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ ساڵی 2013، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین، بەخێر بێن، بەڕێزان خۆتان دەزانن لە دانیشتنەکانی ڕابوردوو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بۆچوون و پرسیارەکانی خۆیان کرد، و بە ئازادانە ئەوەی لە دڵیان بوو وتیان، چەند ڕۆژێك دەرفەتمان دایە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ ئەوەی وەڵامەکان و ڕوونکردنەوەکانی خۆیان ئامادە بکەن، ئێستاش داوا لە وەزیری دارایی دەکەین کە وەڵامەکانی ئەو پرسیارانەی کە لێیان کرا، بۆ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ڕوون بکەنەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سوپاسێکی بێ پایانی هەموو سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی دارایی و ئابووری و هەموو لیژنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم، بۆ ئەو بۆچوونانە و بۆ ئەو ڕەخنانە و ئەو تێبینیانەی کە پێشکەشیان کرد، و ئێستاش دەمانەوێ وەڵام بدەینەوە، ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری دا، دیارە وەڵامەکانی ئێمە ئێستا تەسنیفمان کردووە لە وەڵامەکان ئەوەی کە ئێمە تەسنیفی هەموو ئەو ڕەخنە و وەڵام و ئەوانەمان کردووە، دیارە (127) پرسیار و ڕەخنە و پێشنیار هەیە، ئەوانەشمان تەسنیف کردووە، (23)ی ڕەخنەیە کە دەکاتە (18٪) کە ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتی داراییەوە هەیە، داواکاری و پێشنیار (81) ڕێژەکەی لە (64٪)، داوای ڕوونکرنەوە (23) ڕێژەکەی لە (18٪)، من پێش ئەوەی بچمە سەر تەبیعی ئەوەی کە ئێمە دامان ناوە یەك، یەك وەڵامی پرسیارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەدەینەوە، ئینجا وەڵامی لیژنەکان دەدەینەوە، ئینجا دێینە سەر وەڵامی پەرلەمانتارانی بەڕێز، و بەڵام ئەوان زۆربەی پرسیارەکان دیارە دووبارەیە یاخود یەك شێوەیە لەبەرئەوە دەبینین بە گشتی جەوابمان داوەتەوە ئەو پرسیارانە، و ڕوونکردنەوەی تەواومان لە سەر نووسیوە هەر پرسیارێکیش کە نەهاتبێ ئەوە ئەو وەختی دەتوانین وەڵام بدەینەوە، ئەمەوێ لە پێشەوە پێشی ئەوانە چەند خاڵێك هەیە ڕوونی بکەمەوە لەوانە دانانی بودجە، بەڕاستی وەزارەتی دارایی و ئابووری ئێستا یەکێك لە مودیریەتە عامەکانی، مودیریەتی عامی بودجەیە کە ئیش و کاریان دانان و ڕێکخستنی مووچەیە، و ئەوانە چەندەها ساڵە ئەم ئیشە دەکەن و خیبرەیەکی تەواویان هەیە لەو ئیشە دا، و ئەو بودجەیە بۆ ئەم ساڵ، بۆ ساڵی 2013 لە دوای ئەوەی کە موناقەشە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان کرا، و ئیتیفاق کرا لەگەڵ وەزارەتەکاندا، نوێنەری وەزارەتەکان ئیمزایان کردووە، لە سەر ئیتیفاقەکان کە کراوە ئەو بودجەیە هاتە ئەنجومەنی وەزیران، و لە ئەنجومەنی وەزیران پێنج جار کۆبوونەوەی لە سەر کرا، و لیژنەیەکی وزاری بۆ دانرا، لیژنە وزاریەکە پێك هات لە (10) وەزیر و وەکیل وەزیر و موختەسینی وەزارەتی دارایی و هەندێك موستەشارین، و ئیعادەی نەزەر جارێکی دیکە کرایەوە لە بودجەکەدا لە تەخسیسەکاندا، و دوو ڕۆژی خایاند، ئەمەش ئەو جارە گەڕایەوە ئەنجومەنی وەزیران، و لە هەمان کاتدا لیژنەیەکی تری بۆ دانرا، بۆ ئەوەی کەوا ئیعادەی نەزەر لە ڕاپۆرتەکە و ئەرقامەکانی ئێمە بکرێتەوە ئەوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، و هەروەها بەنیسبەتی یاساکە، و یاساکەمان نارد بۆ مەجلیسی شوورا، ئینجا گەڕایەوە، و ئێستا نێردرا بۆ بەردەم ئێوەی بەڕێز، دیارە بودجەکە بەم شێوەیە دانراوە، نەك لە گۆترە، بەداخەوە وشەی گۆترەم دووجار گوێ لێ بوو یەعنی، و هەروەها بودجەکە گوێمان لێ بوو کەوا هەندێك بڕادەر دەڵێت ئەو بودجەیە لە وەختی خۆیدا نەگەیشتووە، بەڵێ ئەگەر بەپێی نیزامی پەرلەمانی بەڕێز بێت، لە وەختی خۆیدا نەگەیشتووە، بەڵام خۆ یاسای بودجە هەر لەم

پەرلەمانــەوە موســادەقەی لــە ســەر کــراوە، و لــە یــەکێك لــە بەنــدەکانی هــاتووە، دەڵێــت دەبــێ لــە دوای موســادەقەی بودجــە لــە بەغــدا لــە مــاوەی دوو حەفتــەدا بگاتــە پەرلــەمانی بــەڕێز، لەبەرئــەوە ئێمــە موخالەفـەمان نـەکردووە لـە نـاردنی بودجـەدا، و ئەمسـاڵ لـە سـاڵانی تـر جیـاوازە لـە وەختـی خـۆی، پـێش وەختی خۆی، ئێمە بودجەمان ناردووەتە ئێرە، یەکێك لـەو مەوزوعانـەی کـە دەمـەوێ ڕوونکردنـەوەی زۆر زیادی لە سەر بدەم ئەویش دیارە مەسەلەی ئەو قەرزانەیە کە ئێمە داومانە وەکو پێشینەی هاوسەرگیری و پێشـینەی خانووبـەرە و قـەرزی ئیسـتیسـمار و پێشـینەی کشـتوکاڵ و پێشـینەی پیشەسـازی و بەخشـینی هاوسەرگیری شەهید و ئەنفال، دیارە ئەوەی کە ئێمە داومانە هەتاك و ئێستاکە کە پرسیاری لـە سـەر زۆرە (3)ترلیۆن (903) بەرەو ژوورە ئەو ڕەقەمە دەتوانم بڵێم ڕەنگە ئیزافاتی تـر دوای ئـەوەی کـە ئێمـە ئـەو ڕاپۆرتـەمان نـاردووە، هـەبێ لـە سـەری، و ئـەوە هـەتا ئێسـتا کـە پرسـیار دەکـرێ، چـەندێك لـەو پارەیـە گەڕاوەتەوە، ئەوە چی لێ هات؟ بۆ کوێ چوو؟ ئـەو پارەیـەی کـە گەڕاوەتـەوە تـەنها بەنیسبەتی عەقاریـەوە (347) ملیـار دینـارە، کـە گەڕاوەتـەوە، و عادەتـەن پـارەی عـەقاری دەچـێتە حیسـابێکەوە، و ئەگەڕێتـەوە هەمان مەسرەف، و جارێکی تـر تـەوزیع دەکرێتـەوە، و ئەگـەر بێـت و ئێمـە کۆی قـەرزەکان هـەر هـەمووی وەربگرین کە وەك وتم (3)ترلیۆن (903)، (938) ملیـار دینـار لـە کۆی قـەرزەکان هـەمووی گەڕاوەتـەوە، ئەگەر ئێمە خۆتان دەزانن ئەم قەرزانە ئێمـە لـە نـاو شـارەکان بـۆ بیست سـاڵ دەیـدەین، بـۆ گونـدەکان بـۆ بیست و پێنج ساڵ دەیدەین، ئەو پارانەی کـە دەگەڕێتـەوە، ئێمـە تەقـدیری دەکـەین بـۆ (80٪) بـۆ (90٪) ملیار دینار سـاڵانە کـە دەگەڕێتـەوە، و ئەمـە پارەیەکـە زۆر درێـژ خایەنـە بـۆ گەڕانـەوەی، ئەگـەر حیسابی بکەین ئەمە تەبیعی ئەم پارەیەی کە ئێمە دەیدەین هەموو ئەوانە لە بانقە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، بـەڵام ئێمە لە بانق جێبەجێمان نەکردووە، چونکە ناگونجێ لەگەڵ ئیش و کاری بانقدا مامەڵە بانقیـەکان لەگـەڵ ئەم وەزعەدا ناگونجێ، یەکەم لەلای ئێمە ئێستا لەبەر ئەوەی فائیدە مەمنوعە لێرە ئێمە فائیدە وەربگرین، لەو حاڵەتەدا ئەوە خیلافی ئیش و کارەکانی لەبەر ئەوە لە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی ئەم پارانە دراوە، و کە ئەم پارانە دراوە، ئەمانە داخلی بودجە نابێت، چونکە قەرزە لە سەر نەقدیە دەڕوات، ئەگەر بهاتبایـە ئێمە ئەم پێشینانە هەر هەمووی، ئێمە ئەگەر فائیدەکانمان وەربگرتبایە ترلیۆنێك (152) (575) ملیـۆن دینار فائیدەی دەبوو هەمووجارێك یەعنی، تەبیعی ئەمە هەر حـەزم کـرد جـەنابتان ئـەوە بـزانن ئاگـاداری ئـەم مەوزوعـە بـن، مـەوزوعێکی تـر هەیـە زۆر باسـی لـێ دەکرێـت مەسـەلەی (7٪) و (12٪)ی تـەقاعودی ڕاستە (7٪) جاران بە دوو نەوع دەبڕدرا لە ئیدارەی سلێمانی کۆن، و لە ئیدارەی هـەولێری کـۆن، بـەڵام لـە دوای ئەوەی وەزارەتی مالیە کە یەکی گرت، و یاسای ڕەقەم پێنج جێبەجێ دەکات، ئێسـتا یـەك تـەعلیمات، یەك ڕێنمایی لە هەموو کوردستان دا هەیە، و حیسابی تایبەتی خۆی هەیـە، دەچـێتە ئـەو حیسابەوە، ئـەم مەوزوعە حەز دەکەم بەڕێزتان بزانن ئەمە بە نەقد ناڕوا، هەتا زۆر جار دەڵێن پارەکەتان چی لێ کرد؟ بۆ کوێ ڕۆیی؟ کە پرسیار دەکرێت چیتان لێ کرد؟ من حەز دەکەم زیاتر بەرچاوتان ڕوون بێ، هەر برادەرێـك کە موەزەف بێت دەزانێـت کـە قائیمـەی مەعاشـەکەی وەردەگـرێ، پێـك دێـت لـە سـێ بـەش، بەشـی یەکـەم:

واجیب سەرفە، بەشی دووەم: (مجموع استقطاع)، بەشی سێیەم: ساڤ دەفعە، یەکێك لەوانە کە لە خۆی دەبڕیٚ (7٪) لە ناو ئیستقتاع دا دەردەکەویٚ لە فەرمانبەرەکە یەکێك لەوەی کە ئیزافەی دەکا حکومەت (12٪) بۆی ئیزافە دەکات لە سەر قائیمەکە (7٪) لەگەڵ (12٪) دەکاتە (19٪) لە واجیب سەرفەکە پیشانی دەدات، و لە ئیستیقتاعدا دەری دەکاتەوە (یدخل فی الحساب) (ویخرج منها دون التأثیر علی الناتج) کە دەردەچێت ئەو وەختە ئەو پارانە بە هیچ شێوەیەك بە نەقدی ناچێتە گیرفان کەسەوە، و بەنەقدیش دائیرەکەی ناینێرێت، بە چەکێك و بە کیتابێکی ڕەسمی دەینێرێت بۆ دائیرەی مەعنی، و پارەکە لەویٚ (رقم محفوظ) دەبێت، و لە زمنی موازەنەتیشدا دەردەکەوێت پێم وایە مولاحەزەی لاپەڕە (88) بکەی لە تەقریرەکەی وەزارەتی داراییدا لەویٚ زۆر بە وازحی ئێمە بەیانمان کردووە ئەم مەسەلەیە، کە (307) ملیار دینار لە (12٪)کەیەتی (224) مووچەی خانەنشینی مەدەنی، (780) مووچەی خانەنشینی سەربازی، و (179) لە خۆیان دەبڕێت، بەڵام یەك و چوار سەدو یانزەکە داخیلی موازەنە دەبێت، چونکە (179 ) لە خۆیان دەبڕێت ئەمەش مەوزوعێك بوو حەزم کرد بەرچاو ڕوونی بدەمە جەنابتان، مەوزوعێکی تر هەیە مەسەلەی پارەی کارەبا، دیارە پارەی کارەبا و مەساریفی کارەبا و لە عەینی وەقت کڕینی گاز ئەمانە مەوزوعێکە بەڕاستی هەموو کەسێك هەستی پیٚ دەکات کە بەشێکی زۆر دەبا لە بودجەدا، ئێمە ئەگەر تەماشا بکەین ئەو پارانەی کە خەرج کراوە بۆ کڕینی گاز لە ساڵی 2008 ەوە تاکو ئێستا کە ترلیۆنێك و (883,071)، و هەروەها پارەی خەرجکراو بۆ کڕینی کارەبا (2) ترلیۆن و (104,944) کۆی گشتی هەردووکی (3)ترلیۆن و (988,015) ئەمە دیارە پارەیەکی زۆرە بەس تەنانەت لە 2012 دا (1)ترلیۆن و (903,275) ملیار دینارمان سەرف کردووە، و مەوجودە ئەوانە بە ڕەقەم، بە داتا، بە موستەنەدات هەر هەمووی مەوجودە لە خەزینەکانی ئێمەداکە کە سەرفمان کردووە، بۆ کڕینی کارەبا و پارەی گازویل، ئەمانە بەشێکی زۆر دەبات دائمەن لە بودجەدا لە سەر حیسابی بودجەی تەشغیلی دەڕوا، مەوزوعێکی ترمان هەیە ئەمیش هەر بە هەمان شێوە باس لەوە دەکرێت دەڵێن فەرقی داهات، دەڵێن داهاتی ساڵی 2011 کە تەحەقوقی کردووە بە فیعلی زۆرە، و ئەو داهاتەی کە ئێوە ئێستا داتان ناوە کەمە، من تکام وایە ئەگەر بگەڕێنەوە سەر میزانیەی موقەدەری 2011 ئەوەی تەقدیرکراوە، لێرە موسادەقە کرا، فەقەراتەکان بخوێنەوە لەوانە (350) ملیار دینار دانراوە بۆ پترۆ دۆلار کە تەحەقوقی نەکردووە نەدرا پێمان (705) ملیار دینار پارەی گومرگی تێدایە ساڵی 2010 و 2011، بە ئێمەیان وت ئەوە بوو لێرە باسمان کرد بەیانمان کرد بۆ بەڕێزتان شەرحمان کرد لە وەختی خۆیدا وتمان ئەوە قەرارێکی حکومەتی مەرکەزی هەیە ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە، بۆیە ئێمە داخلی ئیراداتمان کرد ئەو پارەیە 2010 مان نەنارد، 2011 کۆمان کردەوە نەهات، بە فیعلی ئێمە وەکو بە ئیراد وەرمان گرت، و داخلی حیساباتی قوتابیمان کرد، چونکە وەرگیرا عەلە ئەساس بۆ ئێمەیە، بەڵام لە 2012 دا، ئەو پارەیە بە مەقاسە لێمانیان بڕی سلفەکانمان، و هەر ئەندامێکی بەڕێز یان هەر کەسێك دەتوانێت پرسیار بکات لە وەزارەتی دارایی عێراق و لە کۆبوونەوەی ئەخیری ئەو وەفدەی کە چووین بۆ ئەویٚ مەوجودی ڕەئیسی

وەزیری مالیەی عێراقی وتی بەڵێ ئێمە ئەو پارەیەمان بڕیوە، چونکە دیارە موستەشارەکەی بەڕێز مالیکی ئاگای لێ نەبوو، و داوای کرد وتی ئێوە پارەی گومرکتان نەداوە، ئەگەر بێتو ئەو پارەیە لە داهاتەکە دەربکەین ئێمە کە تەحەقوقی کرد و لیمانیان بڕی لەگەڵ ئەو پارەیەی ئێستا دایدەنێن و کە گومرکمان تێدا داخیل نەکردووە، دەبینین زۆر نزیکە تەقدیرەکان لەگەڵ تەشغیلیەکەیدا ، و بەڵکو بە زیادیشەوە دەردەچێ، زۆرجار باس لە مەساریف ئوخرا دەکرێت و ئەو مەساریف ئوخرایە چییە؟ و بۆچی وا زۆرە و ئەمانە، دیارە ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سەفحەی (43) لە تەقریرەکەی وەزارەتی داراییدا بەڕاستی ئێمە ئەمەمان شەرحکردووە، مەساریف ئوخرایە، چییە؟ بۆ بەڕێزتان جارێکی تر دەیخوێنمەوە لە بودجەی ئاساییدا بودجە بۆ بوارەکانی خەرجیەکانی تر دانراوە، بۆ نموونە دەرماڵەی قوتابیان، تواناسازی، بەخشین، بۆ حیزبەکان، سەندیکاکان، یەکێتیەکان، کۆمەڵەکان، سەنتەرەکان، یەدەگ، ئیحتیات، پاداشت بۆ غەیری کارمەندان، واتا ئەو کارمەندانەی کە لە سەر میلاکی وەزارەتێکی ترن، بەڵام خزمەتگوزاری گشتی پێشکەش بە فەرمانگاکانی سەر بە وەزارەتێکی تر دەکەن بە هۆی پسپۆری و تایبەتمەندی بەتایبەتی لە ڕێگای لیژنەی هاوبەشیان، دیارە ئەو مەوزوعەش هەر شتی لە سەرە ئەمەی کە دەڵێن با بڵێن پاداشت یان موکافەئات بۆ غەیر، ئەم موکافەئات بۆ غەیرە بەو شێوەیە نیە کە باسکراوە یەکەم: پارەکەی ئەوەندە نیە ئەوەی کە بۆ وەزارەتەکان دانراوە، پێم وایە (27) ملیار دینارە کە بۆ وەزارەتەکان ئەوانی تریش بۆ قوتاعی ئاسایش و ئەمنی و ئەوانە دانراوە، ئەوەش نیە کە تۆ بەس تەنها دەیدەی بە یەکێك ئیشێکی بۆت ئەنجامداوە، مەسەلەن مودیرێك ئەڕوات پێویستی بەوەیە موکافەئەی برادەرانی لای خۆی بکات تەماشا دەکات لە بودجەکەدا پارە نیە، بەڵام لە بودجەی وەزارەتی مالیەدا با بڵێین لە دیوانە یان هەر وەزارەتێکی تر پارەیان هەیە بە موافەقەتی وەزیر لە بودجەی ئەوێ سەرف دەکرێ، و ئەو دائیرە بۆ پاداشتکردنی، بەنیسبەتی ئەو دائیرەیە کە پارەکە تێدا سەرف دەکرێ بۆ ئەوان، ئەوە پێی دەوترێ موکافەئات بۆ غەیر، جگە لەوەی دەتوانرێت بۆ خەرجی تر سەرف بکرێ، لەبەر ئەوە ئەویش زۆر جار پرسیاری لێ دەکرێ ویستم ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم، باسی ئەوە دەکرێ کە پارە لە بانقەکاندا نیە، و بانقەکان ئیفلاسیان کردووەو مەفرووزە لە سەدا ئەوەندەی هەبێت و ئیحتیات و جارێ ئەوەی کە ئەو سەدا ئەوەندە و ئەوە عیلاقەی بە ڕەئس مالەوە هەیە، لە هەموو بانقێکدا هەر وەکو هەموو عەمیلێکی بانق شەخسێك کە عیلاقەی بە بانقەوە هەیە حیسابی هەیە، وەزارەتی دارایی حیسابێکی تایبەتی خۆی هەیە لە ناو بانقدا، حیسابە تایبەتەکەی وەزارەتی مالیەیە کە پارەی تێدا نیە، نەك بانقەکە ئیفلاسی کردووە بەو شێوەیە شەرح دەکرێ و تەعریف دەکرێ و بۆچوونی لە سەر دەدرێ، مامەلە بانقیەکان هەموو ڕۆژێك دەکرێت لە هەموو بانقەکاندا، بەڵام وەزارەتی مالیە بۆچی پارەی نیە؟ یان پارەکەی بەشی ناکات؟ ئێمە هەموو جارێ لای پەرلەمانی بەڕێز باسمان کردووە بە (12) قیست دێت، (12) قیستەکە بە (3) قیست دێت، هەر قیستێکی، واتا ساڵەکە بە (36) قیست دێت، ئێستا لەم ڕۆژانەی ئەخیر دا نەقدیە نیە لە ناو بانقدا بۆ ئەوەی مەقاسەی پێ بکەی لە سەر بەغدا، جارێ من هەر بەنیسبەتی ئەوەوە بەداخەوە لێرە وتمان کەوا

نەقدیە نیە لەویٚ لە ناو بانقدا، و پارەکە لە بەغداوە نـەهاتووە، برادەرێـك لـە جەریدەیەکدا نووسـیویەتی وەڵڵا وا نیـە، باشـە ئێستا مـن ئەیسـەلمێنم کـە قسـەکانی ئێمـە وەکـو وەزارەتـی دارایـی ڕاسـتە هـەموو کەسێکیش بۆی هەیە تەعقیب لە سەر ئەو قسانە بکات لای موحافیز بانقی مەرکەزی، ئەمساڵ ئـەم مانگـە کە (12٪) دەدرێت، چونکە بودجەی عێراقی موسادەقە نـەکراوە، ئیستحقاقی ئێمـە تەحدیـدکرا وەزارەتـی مالیەی عێراقی ناردی بۆ محافزیەتی بانکی مەرکەزی بۆ ئەوەی پارەکە وەربگرین ترلیۆنێـك و کەسـر بـوو، ئێمە ڕۆیشتین مودیر عامەکەمان ڕۆیشت لەویٚ داوای کرد بۆ ئـەوەی بتـوانین مووچـە بـدەین وتمـان پێـنج سەد ملیارمان بۆ بنێرن، سێ سەد ملیاری بۆ ناردین، یەك حەفتە تاخیر بوو لەدوای ئـەوە دووسـەد ملیـاری بۆ ناردین، ئەویش وتی من نەقدیەم لە لا نیە، نەقدیەیەکیش نایەتە ناو بانقـەکان ئێستا بـەو شـێوە زۆرە کە ئێمە بتوانین لەگەڵ پارەی ڕەسیدەکە خۆمانـدا مەقاسـەی پـێ بکـەین، خوشـك و برایـانی خۆشەویست، مەسەلە ئیفلاس کردنی بانق نیە، مەسەلە نەبوونی پارەیە لە ناو حیسابی وەزارەتی دارایی هەر یەکێك لـە ئێوە کە پارەتان نـەبێ و حیسابێکتان هەبێ لـە بانقـدا ئایـا چـەکێك بنێـرن بـانق پارەتـان بـۆ سـەرف دەکا؟ تەبیعی نایکات مەسئوول دەبێت، بەڵام ئایا خەڵك ڕۆیشتووە بۆ بـانق کـە بـۆ حیسابەکەی پارەیـەی سـەرف بکات بڵێن وەڵڵا بانق پارەی تێدا نیە، دیارە مەوزوعێکی تر هەیە هەموو جارێك دەڵێن ئەوەندە فەرمانبەر هەیە، بەڵام ئەوەندە مەعاش خۆر هەیە ئەمانە لە کوێن؟ و ئێوە تەسـریح دەدەن دەڵـێن بـەڵێ ئەوەندەیـە، من حەز دەکەم ئەو ژمارانە بۆ بەڕێزتان بخوێنمەوە ئەوانەی کە مووچە بـە موباشـیر و بـە غـەیر موباشـیر وەردەگـرن، و ئـەو ڕەقەمانـە لـە کـوێ هـاتووە؟ فەرمانبـەرانی هەمیشـەیی تـەبیعی ئێمـە کـە دەڵـێن ئـەوە عیلاقەی بە فەرمانبەرانی کاتیدا نیە، هەر ئەوانە (682) هەزار و (849)، فەرمانبەرانی کاتی (20509) دەرماڵەی قوتابیان (127) هەزار و (768)، دەرماڵـەی ئـەلبیر (1842)، مووچـەی موختارەکـان (1297)، مووچـەی خانەنشـینی مـەدەنی و سـەربازی (229682)، مووچـەی خانەنشـینی شـەهیدو ئـەنفالکراوەکان (75855) مووچـەی زینـدانی سیاسـی (3904) تـەبیعی قائیمـەی تریشـیان هەیـە هێشـتان نـەهاتووە، مووچـەی ڕێزلێنـان (724)، تـۆڕی پاراسـتنی کۆمەڵایـەتی کەمئەنـدام (123876)، چـاودێری خێـزان (73211)، پـەیمانگای دادوەری(41) کـۆی گشـتی دەکاتـە (1) ملیـۆن و (341) هـەزار و (558) کەسـن، تێبینیەکان و پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و کاروبـاری ئـابووری؟ پرسـیاری یەکـەمیان داوای ڕوونکردنـەوە دەکەین لە نوێنەری حکومەت دەربارەی بڕی (120) ملیار دینار کە موستەحەقاتی حکومـەتی هەرێمـە لـە بڕی پـترۆ دۆلار بـۆ سـاڵاکانی 2010 - 2011 - 2012، ئـەم سـاڵانە پەیوەنـدی چییە بـە بودجـەی سـاڵی 2013 ەوە؟ دیارە ئەم مەوزوعە لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان بەم نەوعـە یـەك لا کرایـەوە، لـە نـاو بودجەدا (200) ملیار دینارە ئێستا کە دانراوە، کە لە ناو داهاتدا هاتووە (120) ملیار دیناری پـترۆ دۆلارە کـە موسـتەحەقاتی حکومـەتی هەرێمـە بـۆ سـاڵاکانی 2010- 2011 - 2012، لـە سـاڵی 2011دا بـڕی (350) ملیار دینار دانرا بوو، بەڵام حکومەتی ناوەند هیچ لەو بڕەی بە هەرێم نەداوە، بۆ بودجـەی سـاڵی 2013 وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان بـڕی(80)ملیـار دینـاری تـەرخان کـردووە وەك داهـات، چـونکە

**حکومەتی عیراقی فیدرال تەنها (42) ملیون و (400) هەزار دیناری تەرخان کردووە، واتا (200) ملیار هاتووە وەك پترودولار بۆ (120) ساڵەکانی پێشووتر، و (80)ی ئەم ساڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان وتی ئەگەر پارەکە موستەحەقاتی خۆتان نەدەن، ئێمە ئەو پارەیەتان بۆ جێبەجێ دەکەین، بۆیە ئێمە داخلی بودجەی موقەدەرمان کرد، دەربارەی ستوونی ڕێژەکانی گەشەکردنی ژمێرەکانی بودجەی وەگەڕخستن، ئەم حاڵەتە گەشەکردن نیە، ئەمە پرسیاری دووەمی لیژنەی داراییە، بەڵکو زیاد بوونی بڕی ئەو ژمێرانەیە بەهۆی زیاد بوونی بودجەی عێراقی فیدراڵ، دواتر زیادبوونی بڕی ڕێژەی لە (17٪) لە بەشی هەرێمی کوردستان بۆ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە لە داهاتوودا، وەڵام: ئێمە لەگەڵ پیشنیاری لێژنەی داراییین،**

**دووەم: دەربارەی ژمارەی پلەکانی دامەزراندن هەرچەندە ئەم خاڵە لە بەرژەوەندی هێزی کارەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری، بەڵام ساڵانە تێبینی دەکرێ کە ژمارەیەکی زیاتر دامەزراندن هەیە، پێشنیار دەکەین کە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێ لە ساڵانی داهاتوودا، و بە پەیڕەوکردنی مەرجی دامەزراندن لە سەر بنەمای یاسایی و زانستی بێت، و یەکسانی کۆمەڵایەتی بهێنێتە دی. وەڵام ئێمە هەر لەگەڵ هەمان ڕەئین، و لە هەمان پیشنیاری لێژنەی داراییین.**

**چوارەم: تێبینی دەکرێ کە ڕێژەی (70.57٪) لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی (2013) ئاراستەی هەشت وەزارەت کراوە کە بەپێی گرنگی ڕیزبەندی ڕێژەکان بریتین لە وەزارەتەکانی ( پەروەردە، ناوخۆ، پێشمەرگە، دارایی، تەندروستی، خوێندنی باڵا، شارەوانیەکان، کارەبا ) یەك لە دوای یەك، واتە ئەم ڕێژەیە ئاراستەی سێ بواری گرنگ کراوە کە بریتین لە بەرگری و ئاسایش و ناوخۆ و خزمەتگوزاری، بەڵام لە هەمان کاتدا تاکو ئێستا گرنگیدان بەهەردوو کەرتی خوێندنی باڵا و تەندروستی وەکو پێویست گرنگی پێنەدراوە، بۆیە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێ لە ساڵانی داهاتوودا، وەڵام حکومەت گرنگیدانی بۆ هەردوو کەرتی خوێندنی باڵا و کەرتی تەندروستی،**

**یەکەم: ـ کەرتی خوێندنی باڵا:ـ**

1.**دەرچوون لە ساڵی 2006، 2007 لە ژمارە (10573) بۆ ژمارە (30811) بۆ ساڵی 2011، 2012 ڕێژە (91٪)ی زیادە کردوە، واتە لە (91٪) زیاد کردووە، ژمارەیان.**

2.**ژمارەی زانکۆ حکومیەکان لە ژمارە (1) لە ساڵی 1991 بۆ (11) زانکو لە ساڵی 2012.**

3.**ژمارەی کۆلێژ لە (7) بوو بە (58) کۆلێژ.**

4.**ژمارەی پەیمانگا حکومیەکان لە ژمارە (3) بوو بە (24) پەیمانگا.**

5.**ژمارەی زانکۆ ئەهلیەکان بۆ (11) زانکو.**

6.**زیاد بوونی ژمارەی مامۆستایانی زانکۆ ساڵی خوێندنی 2003، 2004 لە گەڵ ساڵی خویندنی 2011، 2012 بە ڕێژەی (196٪).**

**أ.ژمارەی قوتابیانی هەرێم ئەوانەی کە سوودمەندن لە تواناسازی (4000)چوار هەزار قوتابی سوودمەند بوون.**

ب. وەزارەتی تەندروستی: ـ

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە هەرێم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان، چەند ئامارێك لە سەر بواری تەندروستی لە ساڵی 2004 بۆ2012 دەدەین.

ـ نەخۆشخانەی حکومی (42) نەخۆشخانەمان هەبووە لە ساڵی 2004 ئێستا (64) مان هەیە.

ـ قەروێلە: ـ (4325) هەبوو ئێستا (6866) مان هەیە.

ـ کە دەڵێن هۆڵی نەشتەرگەری (92) مان هەیە ئێستا (197) مان هەیە.

ـ بنکەی تەندروستی: ـ (698) هەبوو ئێستا (957) مان هەیە.

ـ پزیشك: ـ (1951) هەبوو ئێستا (6055) مان هەیە.

ـ پزیشکی ددان: ـ (286) هەبوو ئێستا (736) مان هەیە.

ـ دەرمانساز: ـ (212) هەبوو ئێستا (505) مان هەیە

ـ کادیری تەندروستی: ـ (8778) هەبوو ئێستا (12561) مان هەیە.

ـ نەخۆشخانەی تایبەت: ـ (20) هەبوو ئێستا (52) مان هەیە.

چەند بواری گرنگ لە بواری تەندروستی: ـ

ـ هاوکاری کردنی (4340) نەخۆشی دڵ و مێشك و شێرپەنجە و خوێن بە گۆژمەی (5) ملیار و (760) ملیۆن دینار .

ـ دروستکردنی بانکی خوێن لە گەڵ گشت ئامێر و پێداویستیەکان.

ـ دابین کردنی (29) ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن .

ـ دامەزراندنی چاودێری بازاڕ بۆ کونترۆڵ کردنی جۆری دەرمان.

ـ دابین کردنی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی و کەل و پەلی پزیشکی .

5. تاکو ئێستا دیاردەی دوو ئیدارەیی تێبینی دەکرێت دەربارەی دەزگای مین ( هەولێر ، سلێمانی ) بەرێز نوێنەری حکومەت ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی ڕێژەی جێبەجێکردنی کارەکانی تاکو ئێستا . وەڵام: ئێمە وەك وەزارەتی دارایی و ئابووری بودجەی ئەو دەزگایە لەسەر ئاستی یەك ئیدارە پیشکەشمان کردووە، و خراوەتە ناو بودجەی گشتی، هیواداریین پێداویستیەکانی یەکگرتنەوەی ئامادە بکرێت بەزووترین کات .

6.لێژنەکەمان داوا لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات کە ڕوونکردنەوە بدات دەربارەی ئەوەی ئایا لە دەرەوەی کۆی میلاکی (2013) کە بریتیە لە (667849) پلە، پلەی زیادە هەیە لە سەروو ئەم ژمارەیەوە؟ و ئایا میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە کە بریتیە لە(118642) پلە، ژمارەی زیاد هەیە لە دەرەوەی ئەم ژمارەیە؟ و مووچە چۆن وەردەگرن ؟

وەڵام: لە دەرەوەی میلاکاتی 2013 هیچ میلاکاتی دامەزراندنی تر نیە، بەڵام گرێبەست بە پێی پیویستی وەزارەت، و فەرمانگەکان جێبەجێ دەکریت،

7. بەهۆی زۆری ژمارەی میلاکەوە تێبینی دەکرێ کەوا ڕێژەی (55.3٪) لە بڕی ژمێرەی قەرەبووی فەرمانبەران تەرخانکراوە بۆ سێ وەزارەت کە بەپێی گرنگی ڕیزبەندی بریتین لە وەزارەتەکانی (پەروەردە ، ناوخۆ، پێشمەرگە) یەك لە دوای یەك.

وەڵام: بەڵێ وایە ئەو سێ وەزارەتە ( پەروەردە ، ناوخۆ ، پیشمەرگە ) ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی میلاك (59.75٪ ) ژمێرەی قەرەبووی فەرمانبەران بە ڕێژەی(63.93٪ )وەك دیاری کراوە:-

بڕ بە ملیۆن، ناوی وەزارەت، ژمارە: -

-(1) ترلیۆن و ( 860) ملیار و (933) ملیۆن بۆ وەزارەتی پەروەردە ژمارەکەیان (167566)هەزار کەسە.

-(1) ترلیۆن و ( 353) ملیار و (970) ملیۆن بۆ وەزارەتی ناوەخۆ ژمارەکەیان (121841)کەسە.

-(1)ترلیۆن و ( 333) ملیار و (204) ملیۆن بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ژمارەکەیان (118642) کەسە.

کۆی گشتی پارە (4) ترلیۆن و (548) ملیار و (207) ملیۆنە، کە دەکاتە لە (63،93٪)، ژمارەی گشتیان دەگاتە (480049) کە دەکاتە (59,75).

بڕی سەرەکی ژمێرەی سوودەکانی کۆمەڵایەتی ئاراستەی هەردوو وەزارەتی کار و شەهیدان کراوە بە ڕێژەی (70.4٪)، وەزارەتی کار بە ڕێژەی (60.6٪)، وەزارەتی شەهیدان بە ڕێژەی (9.8٪) ئەم ڕێژەیە ڕێژەیەکی ئەرێنیە لە ئاڕاستەکردنی بڕی ئەم ژمێرەیە، وپێشنیار دەکەین کە بۆ ساڵی داهاتوو ڕێژەی وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوەکان بەرزتر ببێتەوە لەم ڕێژەیەی ئێستا .

وەڵام: بەڵێ ڕێژەی لە (60٪) ژمێرەی سوودەکانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کراوە، بە پلەی یەك، چونکە ئەو وەزارەتە لایەنی پەیوەندیدارە بە ئەنجام دانی خزمەتگوزاری کارە کۆمەڵایەتیەکان وەك (تۆڕی کۆمەڵایەتی، چاودێری خێزان، بیمەی بێکاری، قەرزی بچووك) و بە پێی یاسا و بریارە کار پێکراوەکان پارە تەرخان دەکرێت بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان .

9. بڕی سەرەکی ژمێرەی ( تێچووەکانی کە ) بە ڕێژەی (79٪) ئاڕاستەی هەردوو وەزارەتی دارایی و خوێندنی باڵا کراوە، بەپێی گرنگی ڕیزبەندی ڕێژەی وەزارەتی دارایی بریتیە لە (59.3٪)، و ڕێژەی خوێندنی باڵا بریتیە لە (19.7٪) لیژنەکەمان داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەربارەی ئەو ڕێژە بەرزەی وەزارەتی دارایی چۆن ئاڕاستە دەکرێ .

وەڵام: راستە بڕی سەرەکی ژمێرەی (تێچووەکانی) کە:

یەك: بەرێژەی (59.3٪) ئاراستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە، چونکە بودجەی ئەمانەی خوارەوە لە ناو بودجەی وەزارەتی داراییە:-

1. مووچە و پاداشتی خانەنشینی گشت وەزارەتەکان . ئەمە لە ناو وەزارەتی دارایی دایە پارەکە.
2. بودجەی پارت و ڕێکخراوەکان ( الاحزاب و المنظمات ) .
3. یەدەکی فریاکەوتن ( احتیاطي الطوارئ ) .
4. هەڵبژاردنەکان ( الانتخابات ) .

ئەم پارانە لە ناو وەزارەتی مالیە هەیە،

دوو: ڕێـژەی (19.7٪) لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاّ و توێژینـەوەی زانسـتی، چـونکە دابینکراوەکـان (تخصیصات)، (120) ملیار دینار بۆ توانا سازیە، و (40) ملیار دینار دەرماڵەی قوتابیانە.

10. لە هەمان کاتدا لیژنەکەمان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە دەربارەی ژمێرەی (تێچووەکانی ) وەك چۆنیەتی ئاڕاستەکردنی بڕەکـەی کـە بریتیـە لـە (814) ملیـار و (648) ملیـۆن دینـار، و شـێوەی کۆکردنەوەی ژمێرەی سەرەکیەکانی لە فۆڕمی ئامـادەکردنی بودجـەدا بـۆ سـاڵی (2013) شـێوەیەك لـە نـا ڕوونی هەیە لە ئامادەکردنیدا و کۆکردنەوەی ژمارەکانیدا.

وەڵام: خەرجیەکانی تر برێتیە لە :

- سەرۆکایەتی هەرێم (10) ملیار دینار بۆ مینحـەی جـەمعیاتی خـەیری و ئـاینی و قـەرەبووی قوربانیـانی جۆرا و جۆر.

- پەرلەمان (2) ملیار دینار بۆ مینحەی جەمعیاتی خەیری و ئاینی و قەرەبووی قوربانیانی جۆرا و جۆر.

- پەروەردە (14) ملیار دینار دەرمالەی قوتابیان و چالاکی وەرزشی و دیدەوانی.

- رۆشنبیری (12)ملیار دینار رێزلینان + داهێنان.

- ناوخۆ (7) ملیار دینار بۆ قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەرانی بریندار و شەهید.

- دارایی (483) ملیار دینار یەدەگ + پارت و ریکخراوەکان، یەدەگەکە (242) و (200)ی ئەحزابە

- خوێندنی بالاّ (160) ملیار دینار بۆ توانا سازی + قوتابیان.

- دەستەی وەبەرهێنان (17) ملیار دینار قەرەبووی زەوی و موڵك.

- ئاسایش و دەزگا (98) ملیـار دینـار، مـوخبیرین و موتعـاونین و برینـدار و شـەهید، مینحـەی جـەمعیاتی خەیری و قەرەبووی قوربانیانی جۆرا و جۆر.

لیژنەکەمان تێبینیەکی تایبەتی هەیە بۆ بەڕێز نوێنەری حکومەت کـەوا سـالاّنە جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان داهاتی خەمڵێنراوی ناوخۆی هەرێم، وەدواتر بەرامبەر بە داهاتی ( فعلی ) بەدەست هاتوو. هەرچەنـدە من ئەمەم شەرحکرد، بەڵام:

1. داهاتی خەمڵێنراوی ناوخۆ ساڵانە زیاد دەکرێت، ساڵی 2012 خەمڵێنـراو بـوو (476)ملیـار دینـار ، بـۆ ساڵی 2013 خەمڵێنراو بوو بە (651) ملیار دینار.

2. هەموو داهاتی ناوخۆی حکومەت ئەنجامەکەی دەچێتە ناو بودجـە وەك (شـارەوانی، بانـك، فڕۆکەخانـە، فەرمانگەکانی دابەشکردنی نەوت ).

3. هەندێك داهـات دەسـەڵات دراوەتـە وەزارەتـەکان کـە ئـەم داهاتانـە نەچـێتە نـاو گەنجینـەی گشـتی تـەنها بـەپێی یاسـا و پێداویسـتی خۆیـان خـەرج دەکریـت، لـە کۆتـایی سـاڵ دەچـێتە نـاو حیسـاباتی خیتـامی وەك داهاتی ﴿تەندروستی، کارەبا، ناوخۆ، (هاتوچۆ)﴾

4. ئەوەی تەسلیمی حکومەتی ناوەند دەکرێت وەك ( گومرگ و باجەکان )

له ساڵی 2012 داهات خەملێنراوە بە (2) ترلیۆن و (331) ملیار دینار، بەڵام ساڵی 2013 خەملێنراوە بە بڕی (2) ترلیۆن و (679) ملیار دینار وەك لە خشتەی خوارەوە دیاری کراوە:-

بڕی پارە بە ملیار ڕوونکردنەوە: -

2012 (476) ملیار بووە، لە 2013 دا (751) ملیار دینار داهات ئەوەی کە تەقدیرکراوە،

داهات لە سەر ئاستی وەزارەتەکان کە پێشنیارکراوە بۆ ساڵی 2012 لە وێنەی هاوپێچ ڕوونکراوەتەوە،

- (56) بووە بە (54) داهاتی بانقەکان.

- (37) بووە بە (32) داهاتی فڕۆکەخانە.

- (1,75) بووە بە (1,62) داهاتی سامانە سروشتیەکان.

- (67) بووە بە (42)داهاتی شارەوانی.

ئەمانە جیاوازی لە خەرجیەکان و داهات بە کورت هێنان (العجز) داخلی بودجە دەکرێت بە پێی پاشکۆی:

1. أ - داهاتی وەزارەتی تەندروستی (182) بووە بە (250) داهاتی وەزارەت کارەبا.

ب - (128) بووە (130) داهاتی وەزارەتی ناوەخۆ پۆلیسی (هاتوچۆ)، ئەمانە بەپێی ماددەی چوار بڕگەی یەك و دوو لە پڕۆژە قانونی بودجە داهاتیان دەخرێتە سەر بودجەی خۆیان لە حیساباتی خیتامی دا،

ج - (300) بۆ (450) داهاتی گومرگ و باجەکان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدڕاڵ ڕەوانە دەکرێت لە ساڵی 2012، کۆی گشتی لە ساڵی 2012 دا داهاتمان (2,331) بووە، لە 2013 بۆتە (2,679)، بەڵام بۆ ساڵی 2011 خەملێنراو بۆ داهاتی ناوخۆ بە بڕی (1) ترلیۆن و (55) ملیار دینار وەك لە خشتەی خوارەوە هاتووە: -

(تخصیص) (فعلی)

- مەبلەغ ((350) گومرگ (400) داهات، ناوخۆ و گومرگ (305) پترۆ دۆلار، کۆی گشتی (1,55) ملیار،

ـ فیعلی مەبلەغ بەیان (559) زەرائیبە و (80) موساهەمەیە، (487) ئوخرایە، (5) بەیعە، دەکاتە (1,131) کۆی گشتی،

- داهاتی فیعلی لە مەنافیزی حدودی گومرگەکان لەگەڵ باجەکانی حکومەتی ناوەند لە بەشی بودجەی هەرێم دەبڕدرێت،

ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاڕاستەی بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکەین :

- ئایا گشت ئەم داهاتانە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ناوەند یان نا؟

- ئایا بە بڕی داهاتی بەدەست هاتوو ( فعلی ) حکومەتی هەرێم، حکومەتی ناوەند ئەو بڕە بەشە بودجەی هەرێم دادەگیرێ، یان نا؟

- وەڵام : تەنها داهاتی گەمارگ و باج لە ناو مەنافزی حدودی و گمرگەکان و چەند باجی دەرامەتی ناوخۆ تا ئێستا ئەم بابەتە یەك لا نەکراوەتەوە، دوو بۆ چوون هەیە : -

أ ـ داهاتی باجی دەرامەت و عەقار چەند ڕسوماتی تر و چۆن داهاتی تر لە هەرێم ڕەوانەی خەزێنەی گشتی وەزارەتی دارایی بەغداد بکرێت

ب ـ بۆ چوونەکی تر هەیە کە دەڵێت تەنها باج و ڕسوماتی گەمارگ لە ناو مەنافزی حدودی و بەشەك یان ڕێژەیەك لە و ڕسومات و باجی دەرامەت دەچێتە ناو خەزێنەی گشتی حکومەتی ناوەند،

ـ ئەم بابەتە کیشەیەکە کە بڕگەکەی خیلافە لەگەڵ حکومەتی ناوەند تا ئێستا ئەو بابەتە یەك لا ناکراوەتەوە

ـ لیژنەکەمان داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەربارەی ئەو (60) فەرمانبەرەی ناوخۆی هەرێم کە لە دەرەوەی هەرێم کار دەکەن، بەڵام مووچە لەسەر بودجەی هەرێم وەردەگرن.

وەڵام: ئەوانە فەرمانبەری حکومەتن لە نۆێنەرایەتی حکومەت لە دەرەوی هەرێم کار دەکەن.

13. لە بودجەی ساڵی (2013)، بەهەمان شێوە ساڵانی پێشوو ڕێژەی تەرخانکراو لە بودجە بۆ وەگەڕخستن بریتیە لە ( 68.52٪) بەرزترە لە ڕێژەی وەبەرهێنان کە بریتیە لە ( 31.48٪) کە لە ڕووی زانستی ئابووریەوە بەلایەنێکی لاواز دادەنرێ لە ئابووری هەر وڵاتێك دا، هەرچەندە بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە دەسەپێنێ، بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە لە داهاتوودا.

وەڵام: ڕاستە پێشنیاری لێژنەی دارایی ، حکومەت پشتگیری ئەم خاڵە دەکات و لە بەرنامەی حکومەت دایە هەوڵ بدرێت بودجەی بە کاربردن کەم بکاتەوە، و بودجەی وە بەرهینان زیاد بکات .

14 . لە هەمان کاتدا تێبینی دەکرێت کەوا بڕی هەردوو ژمێرەی ( قەرەبووی فەرمانبەران و شمەك و خزمەتگوزاری و چاکردنەوە ) ڕێژەیەکی بەرز پێك دەهێنێت لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی (2013) کە بریتیە لە (53.23٪) ئەم ڕێژەیەش کاریگەری بۆ سەر کەمبوونەوەی تێچووەکانی وەبەرهێنان لە بودجەی گشتی هەیە، کە بریتیە لە ( 31.48٪) بۆیە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێ لە ساڵانی داهاتوودا.

وەڵام: پشتگیری لێ دەکەین.

15. دەربارەی بودجەی خەملێنراوی وەبەرهێنان بۆ ساڵی (2013) ڕێژەی (58.8٪) ئاڕاستەی چوار لایەنی سەرەکی کراوە کە بەپێی گرنگی ڕیزبەندی ڕێژەکە بریتیە لە وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوە و شارەوانیەکان وکارەبا و پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە بە نیشاندەرێکی ئەرینی دادەنرێ، و لە هەمان کاتدا تێبینی دەکرێ کە ڕێژەی هەردوو وەزارەتی تەندروستی وخوێندنی باڵا بریتیە لە (6.5) بەپێی گرنگی ڕیزبەندی یەك لە دوای یەك کە ڕێژەیەکی نزمە بەرامبەر ڕۆڵی هەردوو وەزارەت لە دروستکردن و گەشەپێدانی مرۆڤ، بۆیە پێشنیار دەکەین کە ئەم خاڵە بەهەند وەربگیرێ لە ساڵانی داهاتوودا.

وەلام: پشتگیری لێ دەکەین .

16. بڕی سەرەکی داهاتەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی (2013) لە ڕێگەی (5) وەزارەتەوە بەدەست دێت کە بەپێی گرنگی ڕیزبەندی بریتیە لە وەزارەتەکانی ( دارایی و ناوخۆ و سامانە سروشتیەکان و داد و بازرگانی ) یەك لە دوای یەك، کە بریتیە لە ڕێژەی (92٪) لە کۆی داهاتی گشتی هەرێم.

ئەوەی تێبینی دەکرێ ڕێژەی داهاتی خەملێنراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بریتیە لە (8.4٪) کە ڕێژەیەکی نزمە بەرامبەر بەکاروچالاکیەکانی وەزاەتی ناوبراو، بۆیە داوا لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکەین کە ڕوونکردنەوە بدات لە سەر ئەم خاڵە بۆ ئەندامانی پەرلەمان .

وەڵام: راستە و لە جێ یە.

17. لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بۆ بەڕێز وەزارەتی دارایی وحکومەتی هەرێم کە پێویستە ساڵانە پەرلەمانی کوردستان ئاگادار بکرێتەوە لەو بڕە خەملێنراوەی لە ڕێژەی نەفەقاتی حاکیمە و سیادی کە تەرخان دەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەرچاو ڕوونی ئەندامانی پەرلەمان چ بەشێوەیەکی کاڵایی بێت یان بەشێوەیەکی نەقدینە بێت، هەرچەندە بڕی ئەم پارەیە دواتر بە فیعلی لە حیساباتی خیتامیدا دەردەکەوێت، بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی خەملێنراو لە ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییدا ئاماژەی پێ بدرێ.

وەڵام : ساڵانە لە بودجەی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە تەرخان دەکریت بۆ هەرێمی کوردستان، دیار دەکرێت لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و بڕی نەختینەیی (المبلغ النقدي) هەر چەند بێت، دەبێت بخرێتە ناو ئەژمێرەی کۆتایی (الحسابات الختامیە) هی ئەو ساڵە، و پیشنیاری لێژنەی دارایی لە جێی خۆیدایە.

وەڵامی پرسیارەکانی لیژنەکانی پەرلەمان:

لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری روشنبیری و راگەیاندن و شوێنەوارەکان:-

سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری گرفتیان هەیە لەگەڵ گەنجینەدا نەشیاون بۆ بەڕەێوەبردنی چالاکیەکانی خۆیان ( الاعتمادات المصدقه ) خەرج بکەن.

وەڵام : ئێمە بودجە پاش پەسەندکردنی دابەشمان کردووە وڕێنمایی جێبەجێکردنی بودجەمان دەرکردووە، و دابەشمان کردووە، و دەسەڵاتەکان دابەزیوەتە خوارەوە، بەڕاستی لە وەزارەتەکان هەموو دەسەڵاتەکانیان داگرتووە، چونکە ئەمیش یەکێك بوو لەوانەی کە زۆر باس دەکرا دەسەڵات دابەزێنرێ، و دەسەڵات دابەزێنراوە، و دەسەڵاتەکان هەندێکی لەبەر ئەوەی کە دەبێت ئەنجومەنی وەزیران خۆی دەسەڵاتی داوە بە وەزیرەکان لەبەر ئەوە دەبێت هەر خۆشیان هەندێك لەو دەسەڵاتانە بدەنە خوارەوە و فیعلەن دراوە، و جێبەجێکراوە، بەڵام وا دیارە لە دەرەوەی ئەم بۆچوونانەدایە ئەوەی کە ئەوان باسی دەکەن کە کێشەیان هەیە لەگەڵ خەزینەکاندا، ئەویش ئێمە پەیوەندیان پێوە دەکەین و هەوڵ دەدەین کە ئەوە موعالەجە بکرێ بە زووترین کات،

**ـ لێژنه پێشنیار دەكات كه مینحەی یەكێتی نووسەران له وەزارەتی دارایی بخرێته سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، جیاوازیش لەسەر بنەمای نەتەوەیی نەكرێت، چونكه یەكێتی نووسەرانی توركمان گلەییان له وەزارەتی دارایی هەیه.**

**وەڵام : هەوڵ دەدەین ئەوه بكرێت، و ئێمه پشتگیری دەكەین.**

**ـ لیژنەی كشتوكاڵ :-**

**ـ لێژنەی كشتوكاڵ: داوا دەكەن به پۆلین كردنی قەرزی كشتوكاڵی، و جیاكردنەوەی، كه بكرێته خاڵێكی جیاواز له یاسای بودجەدا بەم شێوەیه :**

**أ- قەرزی پڕۆژه ئاساییەكان (150) ملیۆن دینار.**

**ب- قەرزی پڕۆژه ستراتیجیەكان (500) ملیۆن دینار.**

**ج- دابینكردنی ڕێژەی له (3٪) له بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان بۆ كشتوكاڵ و ئاودێری.**

**ـ وەڵام : ئێمه ئەم پێشنیاره بەجێ ئەزانین، و پشتگیریشی لێ دەكەین.**

**لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی :-**

**ـ لێژنەی ناوبراو پشتگیری له مادەی (18) له پڕۆژه یاسای بودجەی ساڵی 2013 دەكات دەربارەی تەرخانكردنی (185) ملیار دینار بۆ حیزبەكان (15) ملیار دینار بۆ ڕێكخراوه ناحكومیەكان، و ئەم پرسیارانه ئاڕاستەی بەڕێز نوێنەری حكومەت دەكەن :-**

**ـ له ساڵی 2012 پاره چەند خەرجكراوه بۆ پاڵپشتی ڕێكخراوه ناحكومیەكان؟ له سەر چ بنەمایەك بووه؟ ئەگەر پاره ماوەتەوه بڕەكەی چەندە؟ ئایا مناقەلەی پێكراوه؟**

**ـ پلان هەیه بۆ گۆڕینی شێوازی پاڵپشتی ڕێكخراوه ناحكومیەكان بۆ ساڵی (2013)؟**

**پرسیاری سێیەم: ـ چەند حیزب سوودمەند بووه له بڕی پاڵپشتی حیزبەكان ؟ لەسەر چ بنەمایەك پاڵپشتی هەر حزبێك دەكرێت؟**

**وەڵام: (15) ملیار دینارەكه بۆ ریكخراوەكانی حكومەت تەرخان كراوه.**

**ـ پلان هەیه بۆ گۆڕینی شێوازی پاڵپشتی ریكخراوەكان، و بەڕێوبەرایەتیەكی ریكخراوەكان دروست كراوه له ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەسته.**

**ـ به پێی بڕیارەكانی ئەنجومەنی وەزیران تەحدیدی بودجەكان دەكرێت، و دادەنرێت.**

**لیژنەی ئەوقاف:-**

**ـ ڕاسپاردەو  پێشنیاز و داواكاریەكان، بریتین له مانەی خوارەوه :-**

**أ ـ پێویسته حكومەتی هەرێم زیادبوونی بڕی خەرجیه سیادیەكان لەگەڵ بەغداد چارەسەربكات .**

**ب- پێشنیار دەكەین بڕی (شمەك، خزمەتگوزاری و چاكردنەوە، سووده كۆمەڵایەتیەكان، خەرجیەكانی تر، مەوجوداتی نادارایی ) كەمبكرێتەوه، و زیادەڕەوی تێدا نەكرێ.**

ج- پێویستە دامەزراندن و مووچەو دەرماڵە بەسیستەمێکی باشتر رێك بخرێتەوە ، پەلە بکرێت لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە، شێوازی دامەزراندن بگۆڕدرێت لە لێژنەکانی پارێزگاکانەوە بۆ هەر وەزارەتێك راستەوخۆ پلەکانی دابمەزرێندرێت، پێویستە حکومەتی هەرێم کار بکات بۆ وەرگرتنی بەشی هەرێم لە بودجەی تەواوکاری، گرنگیدان بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزارو هاندانی وەبەرهێنان، هەوڵی زیاد بوونی داهاتی ناوخۆ بدرێت، کار بکرێت بەرەو سەربەخۆیی ئابووری، سەرچاوەکانی داهات بە یاسا رێك بخرێت، ڕیزبەندنی وەزارەتی ئەوقاف لە بودجەی هەرێمدا بەپلەی (19) دێت، ناگونجێت لەگەڵ گرنگی ئەو وەزارەتە، نابێ بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتەکان، وەزارەتی دارایی بڕی بودجەکەیان کەم بکاتەوە، دوای ڕەزامەندی کۆتایی، پێویستە حکومەت کێشەی قەرزاری کرێی کارەبای وەزارەتی ئەوقاف چارەسەر بکات، داوادەکەن ( کرێی کاتژمێری زیادە بۆ مامۆستایانی ئاینی زیاد بکرێت، چونکە لە هەفتەیەکدا (100 ) سەعات دەوام دەکەن لە مزگەوتەکان، و لە بەغدا دەرماڵەیان بۆ خەرج دەکرێت بەرێژەی لە (20٪) لە مووچەکانیان، داوادەکەن بە زیادکردنی پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف بۆ هەر سێ ئاینەکە (ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی)، هەر وەزارەتێك دەسەلآتی هەبێ بۆ خەرجکردنی بودجەی تەرخانکراو بەبێ رۆتینی دارایی، پێشنیار دەکەین پرۆژە بچووکەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزارەتەکانەوە جێبەجێ بکرێت بەهۆی ئەوەی هیچ بەڵێندەرێك وەریان ناگرێت .

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیری دارایی بەتەنیا وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە پێمان باشە نیو سەعات ئیسراحەت بێ، چارەگی بوێ بۆ یەك دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە تکایە، تا ئەوکاتە بە خواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لە سەر وەڵام دانەوەی پرسیارەکانی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە، فەرموو.

**بەڕێز بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من ئەوەی ئێستا وەڵام بدەمەوە، ئەوەی دوای ئێستاش بۆ ئاگاداری جەنابتان و ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز وەڵامی هەموو پرسیارەکانە کە ئێستا وەڵام دەدەمەوە ئێستا دەگەڕێمەوە سەر وەزارەتی ئەوقاف.

وەڵام: وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد و رێککەوتن بۆ ساڵی داهاتوو دەبێت بڕگەکانی سیادی تەحدید بکرێت بەنیسبەتی (20٪)ی دەرماڵەی کە باسکراوە لە بەغدا هەیە، ئێمە لاریمان نیە بۆ دانی ئەو موخەسەساتە، سەبارەت بە سیستەمی مووچە، ئیمە لەگەڵ ئەوەداین، من لێرەدا تەئکید دەکەم ئێمە لەگەڵ ئەوە نینە موخەسەسات ببڕێت وەکو بوو بە هەڵا گوایە وەزارەتی دارایی دەیەوێ مووچە کەم کاتەوە، دەیەوێ موخەسەسات کەم کاتەوە، نەخێر، ئێمە دەمانەوێ بەم شێوەیە بێت: ئەوەی

که سابیت بێت ( بڕوانامه و هاوسەرگیری و منداڵ )، و ئەوانی دیکه دەبێت دانیشن له سەری، و قسەی له سەر بکرێ، و لیژنه قەرار بدات بۆ ئەوەی خەڵك هەمووی یەکسان بێت و مەغدوردیەت نەمێنێ، یەعنی عەدالەت هەبێ، بەڕێزێك له ئەندمانی پەرلەمان فەرمووی ئێمه پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتمان هەیه که یاسایەکی خۆمان هەبێت له کوردستان بۆ سیستەمی مووچه،

- ئێمەش پێمان باشه جێبەجێ بکرێ،

لێژنەی وەرزش و لاوان :-

1.پێشنیار دەکەن بۆ ساڵی 2013 بە دابینکردنی بڕە پارەیەك، بۆ دروستکردنی پڕۆژەکانی ژێرخانی وەرزشی هەمەجۆر لە پارێزگاکان، گرنگی بدرێت بە دامەزراندن بۆ ( کۆمەڵگەی ڕۆشنبیری، بنکە وەرزشیەکان)، ڕەچاوی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکان بکرێ لە پڕۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چونکه جیاوازی هەیه له چۆنیەتی دابەشکردنیان .

2.بەپێی زانیاری لێژنەی وەزارەتی دارایی بودجەی لێژنەی ئۆلۆمپی دوو ملیار و چوار سەد ملیون دینارە، نەك بیست و دوو ملیار و چوار سەد ملیون دینار، واتە بیست ملیار دینارەکە زیادەیە، و پێشنیار دەکەن مینحەی لێژنەی ئۆلۆمپی زیاد بکرێت، لەبەر کەمی بودجەکەیان بۆ بڕی سێ ملیار و شەش سەد ملیۆن دینار، و ئەو بڕەی دەمێنێتەوە بریتیە لە هەژدە ملیار و هەشت سەد ملیون دینار.

وەڵام: 1. ئیمه لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکانین.

1.سەبارەت بە خاڵی دووەمی راپۆرتی لێژنەی وەرزش و لاوان لاریمان نیە لە سەر جێبەجیکردنی، مینحەیان لە (2) ملیار و (400) ملیۆن دینار، بکرێت بە (3) ملیار و (600) ملیۆن دینار، ئەوەی دەمێنێتەوە بڕی (18) ملیار و (800) ملیۆن دیناره تەرخان بکرێت بۆ ئەو پڕۆژانەی لیژنەی ئۆلۆمپی رەزامەندی لە سەر دەدات پاش پەسەندکردنی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران.

لێژنەی کاروباری پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی :-

1.دەربارەی مادەی (19) کە تایبەتە بە دامەزراندنی (15000) پلەی وەزیفی سەرنج و تێبینی و پێشنیاری لیژنه بریتیه له پێشنیار دەکەن ژمارەی پلەکانی وەزارەتی پەروەردە زیاد بکرێ لە (3350) پلە بۆ (5000) پلە، پیشنیار دەکەن کە پڕۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان لەلایەن خودی وەزارەتی پەرەوەردەوە ئەنجام بدرێ، پێشنیار دەکەن کەوا پێویستە پرۆسەی دامەزراندنی مامۆستایان له مانگی (7 ، 8)ی هەر ساڵێك تەواو بکرێت.

وەڵام: 1.هەمو وەزارەتەکان پێویستیان به دامەزراندنی فەرمانبەران هەیە، بەڵام ژمارەی زۆری دەرچاتی تازە کە تەرخان دەکرێت بەشی زۆری بۆ وەزراەتی پەروەردە دەبێت، هەموو ساڵ و بەپێی یاسای دەمەزاندن، و له یەك جار و یەك کات ئیعلان دەکرێت بۆ هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر بودجه له کات و سات خودان پێش هاتنی ساڵ پەسەند بکرێت ئەو گرفتە چارە سەر دەکرێت.

لێژنەی پاراستنی مافی بەکار بەر :

سەبارەت بە مادەی (یەکەم) برگەی (دووەم)، ئەو بڕە پارەیەی خەملێنراوە بۆ داهاتی ناوخۆ کەمە، و پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە لە لایەن نوێنەری حکومەتەوە، و دەربارەی مادده یاساییەکانی کە لیژنە هیچ تێبینی و سەرەنجیان نییە.

- وەڵام: پێشتر وەڵامی ئەم بابەتەمان دایەوە،

لێژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار:

- لێژنە بۆی ڕوون بۆتەوە کە جیاوازی هەیە لە داهاتی خەملێنراوی ساڵی (2013) وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، و داهاتی خەملێنراو لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، لیژنە داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە وەزارەتی دارایی لەم بارەیەوە

وەڵام: کە لێژنە موناقەشە لەگەڵ وەزارەتەکان دەکات تەنها موناقەشەی خەرجی ناکات، بەڵکو هی داهاتیش موناقەشە دەکرێت، واتە چۆن خەرجی کەم و زیاد دەبێتەوە، و هەروەها داهات کەم و زیاد دەکات، و لەکاتی موناقەشەکردن بە ڕێکەوتن داهاتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن زیادکراوە لە (3) ملیار و (95) ملیۆن دینار، بووە (6) ملیار و (95) ملیۆن دینار، و هەروەها هی فڕۆکەخانەش زیادکرا بەم شێوەیە :

1/ هی هەولێر (21.376) ملیار دینار.

2/ هی سلێمانی (10.500) ملیار دینار.

لێژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید :

1.ژیان و گوزەرانی کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان زۆر خراپە، مووچەکانیان زۆر کەمە، لیژنە داواکارە مووچەکانیان زیاد بکرێت لە بودجەی ساڵی (2013) جێگای بکرێتەوە، و هەروەها پێشنیار دەکەن بۆ دروستکردنی خانوو لە بودجەی ساڵی (2013) بۆ وارسی شەهیدان، کە بە بێ خانوو ماونەتەوە، و زیادکرنی ژمارەی خانووەکان، داواکارن پلەبەندی بکرێت بۆ شەهیدانی سەنگەر و ساڵی شەهیدبوون، و بوون بە پێشمەرگە بکرێتە پێوەر لە پلە بەندیەکاندا، و پێشنیار دەکەن کە ڕێژەیەك لەو خانوو شووقانەی دروست دەکرێ بدەنە وارسی ئەو شەهیدانەی سوودمەند نەبوون، و خانوو یان زەویان وەرنەگرتووە، ژمارەیەك لە وارسی شەهیدان ئەمری وەرگرتنی زەویان هەیە لە ساڵی (2009)وە، تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە، بە هۆی نەبوونی زەوی ئیفرازکراو، و ژمارەی ئەمرەکان نزیکەی (18) هەژدە هەزار ئەمرە.

وەڵام : 1. ئێمە لە ڕێی وەزارەتمانەوە تەئکید لە وەزارەتی شارەوانی دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم بابەتە، داوای زیادکردنی بڕی تەرخانکراو لە ژمێرەی سوودەکانی کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ وەزارەتی شەهیدان، داوادەکەن بە زووی پاڵپشتی دارایی دەربچێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری باشکردنی ژیانی کەس و کاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی.

وەڵام: وەڵام دراوەتەوە لە پرسیاری ژمارە هەشت هی راپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری.

لێژنەی کاروباری یاسایی:

1.سەبارەت بە خاڵی یەکەمی ڕاپۆرتی ئەم لیژنەیە تایبەت بە دەرکردنی سیستەمێکی تایبەت بۆ ڕێکخستنەوەی دەرماڵەکان لە هەرێم .

وەڵام: پێشتر وەڵام دراوەتەوە پێمان باشە سیستەمێکی تایبەت هەبێت، بۆ مووچە و دەرماڵە لە هەرێم.

2. دەربارەی ئەنجومەنی دادوەری لیژنە پێشنیار دەکات بە پێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (23)ی ساڵی (2007) دەربارەی تەمویلی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری لە (ڕەسم و غەرامەی دادگاکان و بڕی تەرخانکراو بێت لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە ) .

وەڵام : پێویستە گشت ڕسومات و داهاتەکان بچێتە گەنجینەی حکومەتی هەرێم .

3. لیژنە داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە نوێنەری حکومەت دەربارەی بابەتی داهاتی (باجەکان و ڕەسمەکانی ناوخۆی هەرێم) ئایا دەچێتە چوارچێوەی بودجەی گشتی عێراق؟ و دەبێت بە بەشێك لە بودجەی فیدراڵی ؟ یان دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم ؟ بە پێی ڕای لیژنە تەنها (داهاتەکانی گومرگ) دەچێتە چوارچێوەی بودجەی گشتی حکومەتی فیدراڵ، نەك باجەکانی ناوخۆ، ئەمەش بە پێی حوکمەکانی دەستورە عێراق .

وەڵام : پێشتر وەڵام دراوەتەوە لە ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی.

**لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە :**

1. ئاماژە بە. ئاماژە بەوە دەکەن ڕێژەی کەرتی تەندروستی لە بودجە بۆ ئەمساڵ زیادی کردووە بۆ (5.48) بە ڕێزبەندی حەوتەم لیژنە داواکارە ڕێژەکەی بەرزبکرێتەوە بۆ زیاتر لە (7.5)، و لیژنە پێشنیار دەکات حکومەتی هەرێم هەوڵبدات بڕیاری خەرج کردنی کڕینی دەرمان لە بودجەی حاکیمە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، پێشنیار دەکەن سەبارەت بە خاڵی یەکەم، بڕگەی دووەم، لە ماددەی دووەم لە پرۆژە یاسای بودجەی تایبەت بە داهاتی وەزارەتی تەندروستی شێوەی خەرجکردنی دیاری بکرێت، و هەروەها لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کە وا ژمارەی دامەزراندن تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی کە (1500) پلەیە ژمارەیەکی کەمە، و داوا دەکەن پێداچوونەوە بکرێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی کارمەندان و پزیشکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، لێژنە داوای هاوتاکردنی دەرماڵەکان دەکات لە پارێزگاکانی هەرێم .

وەڵام :

1.ڕێژەی بودجەی تەندروستی (5.99) ڕێژەکە بەرزبووە بە بەراورد لە گەڵ ساڵی پێشوو، بەڵام داهاتی تەندروستی زیاد دەکرێت بۆ ئەم ڕێژەیە:

1. بڕی (264)ملیار دینار لە نەفەقاتی حاکیمە هەیە بۆ کڕینی دەرمان ڕێژەکە زیاد دەکات.

2. ساڵ بە ساڵ پلانی حکومەتە لە بەرنامە دایە ڕێژەی بودجەی تەندروستی زیاد بکات و بەڕوونی وەڵام لە پرسیارەی ژمارە (4)ی لێژنەی دارایی و ئابووری ئاماژە پێکراوە.

**لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان: ـ**

1.ليژنه داوا دەكات كه وەزارەتی سامانه سروشتیەكان پەله بكات له دابین كردنی (غاز ) بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارە زۆرەی كه بۆ كڕینی (گازوایل) خەرج دەكرێت بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری تەرخان بكرێت.

وەلام: ئێمه له ڕێی وەزارەتمانەوە تەئكیدمان له وەزارەتی سامانه سروشتیەكان كردووە، بۆ دابین كردنی غاز له جیاتی كڕینی گازوایل، بۆ وێستگەكانی كارەبا، چونكه پارەیەكی زۆر خەرج دەكرێت بۆ ئەم مە بەسته، ئینجا دێمه سەر پرسیارەكانی تر كه به كۆ جەوابمان داوەتەوە، ئەوانەی كه نزیكن لەیەكەوە، یاخود وەكو یەك وایه.

پرسیارێكی تر كه له لایەن هەندێك له بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان كراوە چەند جارێك باسی لێوە كراوە ئەویش گرفتی كورت هێنانی سالانه له بودجەدا

ئێمه ئەلێین كورت هێنان له بودجەدا حالەتێكی سروشتیه له زۆربەی ولاتان ئەم حالەته بەدی دەكرێ، بەلام من لێرەدا ئەمەوێ ئاماژە بۆ ئەو خاله بكەم كه كورت هێنانی بودجەی هەرێمی كوردستان هۆیەكەی زۆر روون و ئاشكرایه كه وەكو بەرێزتان ئاگادارن به پێی یاسای عیراق بودجەی پێشمەرگه دەكەوێتە ئەستۆی حكومەتی فیدرال، چونكه پێشمەرگه هێزێكی نیشتمانیه، و پێویسته هەموو پێداویستیەكانی ئەو هێزە لەلایەن حكومەتی فیدرالەوە دابین بكرێت، بەلام حكومەتی عیراق هیچی بۆ ئەم بابەته جێبەجێ نەكردووە، كه سالی 2007 تاكو 2013 بۆته (7) تریلۆن و (500) ملیار دینار بەبیانووی جیاواز خۆی لێ دەدزێتەوە، بەلام ئێمه سالانه ئەو بودجەیەمان خستۆته ناو بودجەی هەرێمەوە، ئەمه هۆكارێكه له هۆكارەكانی كورت هێنان، هەروەها بڕی پارەی داهاتی گومركەكان كه بڕەكەی (705) ملیارە، لای حكومەتی ناوەند كه پێویست بوو بۆمانی بگەڕێنێتەوە، تا ئێستا هیچ لەمانەی جێبەجێ نەكردوە، و بۆ چارەسەری پڕكردنەوەی ئەو كورت هێنانه پێویسته له سەر ئێمه هەندێ ڕێگا چارە بگرینه بەر له وانه هەولّ دان بۆ زیادكردنی سەرچاوەی داهات و تەفعیل كردنی (جیبایه) وەرگرتنی داهات كه ماددەیەكه له ماددەكانی یاسای بودجه، و یەكێك له ستراتیجەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كاركردن بۆ دانانی بنەمای سەربەخۆیی ئابووری كوردستان، بەتایبەتی له بواری پیشەسازی نەوت و گاز نەك تەنها دەرهێنان، به جۆرێك كێشه سیاسیەكان كاردانەوەی نەرێنیان نەبێت له سەر بارودۆخی ئابووری كوردستان.

**میلاكات**

چەند ئەندام پەرلەمانێكی بەڕێز باسی میلاكاتیان كرد، ڕاسته یاسای ئەنجومەنی ڕاژە دەرچووە، بەلام تا ئێستاش به فەرمی دانەمەزراوە، ئێمەش پشتگیری ئەو بۆچوونه دەكەین كه پەله بكرێت،

لەبەر هۆی سەرەوە لێژنەی بالاّ دروستكرا بۆ دامەزراندن و پارێزگاكانی هەرێم ئەندامن لەو لیژنەیە، و هەروەها نوێنەری پارێزگاكان بەشی ئامار بۆ دانانی ڕێنماییەكانی دامەزراندن،

ڕاسته چەند وەزارەتێك وەك ناوخۆ، ئاسایش له ڕێگای پارێزگاكان میلاكی خۆیان دادەمەزراند، بەلام لیژنەی بالاّ ڕێگەیان پێدان بۆ دامەزراندن به ڕەچاوكردنی عەدالەت و بنەماكانی دامەزراندن،

بۆ ساڵی 2013 (15000) پلەمان هەیە بۆ دامەزراندن دابەشکراوە لە سەر وەزارەتەکان، بە پێی پێویستیان نەك بە یەکسانی، و پشکی شێر بەر وەزارەتی پەروەردە کەوتووە کە (3350) پلەیە.

ساڵانە چەند فەرمانبەر لە میلاك خانەنشین دەکرێن، و دەسەڵات دراوەتە حکومەت کە دابمەزرێنن لە شوێنیان تەبیعی، چونکە کارەکانی حکومەت پێویستیان پێیەتی.

لەبەر ئەوە ساڵانە میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو زیادبوونە، میلاکی تازە ئیستیحداس دەکرێت، لەبەر زیادبوونی کارەکانی حکومەت، ئەویش بە هۆی زیادبوونی فەرمانگەکانی حکومەت وەك کارەبا، قوتابخانە، نەخۆشخانە.

ـ چەند بەڕێزێك پرسیاریان کرد کە (8000) پلەی لە ناو میلاکی حکومەت هەیە ئەو دەرەجانە دابەش کراوەتە سەر سێ بەش: ـ

1.یەکەم پلەی باڵا: ـ

أ ـ (133) پلەیە، (وکیل وزارة، محافظ، مستشار، رئیس مجلس عراقي للأختصاصات الطبیة، رئیس مجلس شوری الدولة، رئیس الجهاز، رئیس جهاز الأشراف، سفیر، رئیس جامعة، مفتش عام، امین عام، رئیس دیوان، رئیس محکمة، نواب رئیس محکمة، رئیس هیئة التقاعد الوطنیة، نائب رئیس دیوان الرقابة المالیة، مستشار الأمن القومي، نائب رئیس الهیئة الوطنیة للأستثمار، رئیس دیوان مجلس النواب، قضاة محکمة التمیز، رئیس هیئة الأشراف القضائي، رئیس الادعاء العام، نائب رئیس هیئة النزاهة) ئەمانە دەگرێتە خۆی دەرەجەی عولیاییە با بڵێین:

ب. ئەمانە ئەگرێتە خۆی (نائب موحافظ، مدیر عام، قائمقام، عمید، رئیس الهیئة، مساعد رئیس الهیئة، مفتش اداري، مستشار مساعد، معاون رئیس دیوان، وزیر مفوض، رئیس القسم العلمی)

دەرەجە یەك خەبیر: ـ ئەمانە دەگرێتە خۆی: ـ (خبیر، استاذ، معاون مدیر عام، مدیر ناحیة، معاون محافظ) پلەی دەرەجە یەك (7571) پلەیە، و پلەی (ب) کە خوێندمەوە (1165) پلە بوو، ئەوانەی پلەی یەك دێت،(7571) لە مانە پێك دێت: ـ(خبیر، استاذ، معاون مدیر عام، مدیر ناحیة، معاون محافظ للشؤون الأداریة، للشؤون الفنیة، للشؤون الأمنیة، للشؤون المالیة، معاون مفتش عام، مدیر تنفیذي، لواء عسکري، مستشار قانونی في الوزارة، رئیس الأطباء الأختصاصي، طبیب استشاري، صیدلي استشاري، طبیب اسنان استشاری، طبیب بیطري استشاري، مستشار في ملحقیة تجاریة، سکرتیر عام مجلس شوری الدولة، معلم جامعي أقدم اول، مشرف تربوي أقدم اول، مدرس اقدم اول، معاون عمید). پرسیارێکی تر گوایە بڕێکی زۆر تەرخانکراو بۆ مووچە و دەرماڵە فەرمانبەران دەکرێ. ئەمە (61.27٪)ی بودجەی بە کاربردنی پێکهێناوە، و لە ناو ئەمەشدا واتە لەم ڕێژەیەشدا بڕی (30٪) چووەتە خزمەتی بواری ناوخۆ و ئاسایش، من لێرە پرسیارێك دەکەم، ئایا بەبێ بەر قەراربوونی بواری ئاسایش و سەقامگیری ئاسایشی هەرێم کەس ڕوو لە هەرێم دەکات؟

نیشانەکانی ئەم بەرهەمە لەم خاڵانەوە دەردەکەوێت: ـ

ـ کردنەوە و زیادبوونی ژمارەی قونسوڵخانەکانی وڵاتانی دەرەوە لە هەرێم.
ـ زیادبوونی ئاستی تەبادولی تیجاری لە نێوان هەرێم و وڵاتانی دەوروبەر.
ـ ڕەخساندنی بواری وەبەرهێنان.
ـ ڕووکردنە هەرێم لە لایەن ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیاکانی دەرەوە .
ـ گەشەسەندنی چالاکیە ئابووریەکان و هەنگاوانی زیاتری هەرێم بەرەو گەشەسەندنی زیاتر.

با ئەوەشمان بیر نەچێت کە زیادبوونی خەملێنراوی قەرەبووی فەرمانبەران دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی تازەی ساڵ بە ساڵی فەرمانبەران، و لە لایەکی ترەوە ئەنجامدانی پڕۆژەکان کاریگەری هەیە بۆ زیاد بوونی قەوارەی خەرجی ئەم بوارە، چونکە دام و دەزگاکان پێویستیان بە خەرج دەبێت، بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان، بە تایبەتی مووچە و دەرماڵە، چونکە زیادبوونی ژمارەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و پڕۆژەکانی تر پێویستی بە کارمەندی تازە و زیاتر دەبێت، بەلاَم بۆ بابەتی (صندوق التقاعد) وە لەو باسیشم کرد، کە زۆر باسی لێ دەکرێت، بەڵێ ڕاستە، ئێمە ئەم سندوقەمان نیە، بەلاَم لێرەدا دەمەوێ ئەوە باس بکەم، لەوێ نازانم دیارە باسم نەکرد، بەنیسبەتی (صندوق التقاعد)، ئێستا ئێمە لەلای خۆمانەوە لە وەزارەتی دارایی دوو مەوزوعمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران یەکێکیان وەك نیزامێك بۆ (صندوق التقاعد)، ئەوەی تریان وەك یاسایەك بۆ (صندوق التقاعد)، و ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیراندا دیراسەت دەکرێت، ئایا بە یاسا بێت؟ یاخود بە نیزام بێت؟ بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لە سەر بدات بۆ ئەوەی بینێرین بۆ پەرلەمان، ئەگەر یاسا بێت، ئەو مەوزوعە عیلاقەی بە بەڕێوبەرایەتی گشتی یاساییەوە هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، و ئێمە کارەکەمان لەلای خۆمان تەواو کردووە و ناردوومانە،

پرسیارێکمان ئاڕاستەکراوە کە گوایە لە یەکێك لە فەرمانگەکاندا (قەرەبووی فەرمانبەران) کراوە بە (اعانات) من نازانم مەبەست چییە؟ و چۆن ئەوە کراوە؟ بە لای منەوە ئەوە جێی سەرسوورمانە؟ کە ئەو کارە نابێت، و ئەگەر حاڵەتێك بێت، لە یەکێك لە فەرمانگەکانی حکومەتدا ئەنجام درا بێت، کە پێ دەچێت هەڵەی ژمێریارێك بێت، نابێت تەعمیم بکرێت کە گوایە حکومەت بەم شێوەیە کار دەکات، ئەوە قەت مومکین نیە بەو شێوەیە غەڵەتە ئەوەی کردوویەتی،

- وە بۆ هاوتاکردنی مووچە و دەرماڵە لە گەڵ بەغدا ئێمە دەڵێین مووچە یەکە و، دەرماڵەش ئەوەی کە ئێمە هەستمان پێ کردبێت داوا کرابێت، و فیعلەن ئەوە بێجگە ئێمە ئەگەر لە دەرماڵەی ترسناکی دا، چونکە ترسناکی عێراق و ئێرە فەرقی هەیە، و ئیلا هەموومان ئەوەی کە دەرکمان پێکردبێت یەعنی هەمووومان یەکسان کردووە، بەپێی بڕیاری پەرلەمان، ئەگەر چەند حاڵەتێك هەیە، مەسەلەن لەوانە حاڵەتێك لە وەزارەتی دارایی بەر خۆشی بکەوێ ئەویش ئەوەیە خەزینەکان لە بەغدا موخەسەساتێکیان هەیە (20٪) کە بۆمانیان هێناوە ئەویشمان بەرزکردۆتەوە، ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆ ئەوەی موافەقەتی لە سەر بکرێت، و کە موافەقەت کرابێ ئێمە ئەوەی کە دەرکمان پێ کردبێت و بە قانون هاتبێت لە عێراقدا ئێمە یەکسانمان کردووە، بەلاَم هەندێك حاڵەت هەیە لە بەغدا من حەز دەکەم ئەوە

جەنابتان بزانن تەماشا دەکەی وەزیر دەسەڵاتی هەیە لەویٚ لە (30٪) موخەسەسات بدات بە مونتەسبینی خۆی، لەو پارانە زیادانەی کە هەیەتی، موناقەلەی پیٚ دەکا، و دەیدا بە مونتەسیبەکانی بۆ مەوزووعێکی موعەیەن لە (30٪) دەیداتیٚ بە ساڵێك، و دوو ساڵ بۆ ئەوەی ئەو شەریحەیەی لای خۆی ئەو مەجموعەیە ئەو موخەسەساتە وەربگرن، و ئیستیفادەی لیٚ بکەن، دێت موناقەلە دەکات، و زۆر جاریش لە هەموو شوێنێکەوە موناقەلە دەکات وا دیارە پارەیان هەیە ئەوان، چونکە لە هەندێك شوێن هەیە ناتوانن هەندێك پرۆژە جێبەجیٚ بکەن، لەبەر قەزائی ئەمنی، ئێمە ناتوانین ئەوە قەراری وەزارەتی مالیەی پیٚ دەرنەچووە، قەرار حکومەتی عێراقیشی پیٚ دەرنەچووە، بۆ دانی ئەو موخەسەساتە، تەنها وەزیرێك لە دەسەڵاتی خۆیەتی لە عێراقدا ئەو دەسەڵاتە دراوە بە وەزیرەکان، ئێمە ئیستینادمان کردۆتە سەر قەراری وەزارەتی دارایی لە عێراقدا لەگەڵ حکومەتی ئەوێیە، هەر شتێك تەعمیم کرا بێت، و بۆ ئێمەیان هێنابێت، ئێمە دەیکەین، و ئەگەر نەشهاتبیٚ ئێستاش بۆمان بێنن لەمەو دوا دەیکەین بەپێی بڕیاری پەرلەمانی بەڕێز، و لەمەو دوا ئەگەر بڕیارێکی تری تازە لە پەرلەمانەوە دەربچیٚ ئەوە جێبەجیٚ دەکەین.

## داهاتی ناوخۆ

1 . تێبینیەکی تایبەتی هەیە بۆ بەڕێز نوێنەری حکومەت کەوا ساڵانە جیاوازی هەیە لە نێوان داهاتی خەملێنراوی ناوخۆی هەرێم و دواتر بەرامبەر بە داهاتی (فعلي) بەدەست هاتووە.

وەڵام:

1.داهاتی خەملینراوی ناوخۆ ساڵانە زیاد دەکریت ، ساڵی 2012 خەملێنراو بوو (476)ملیار دینار زیاد بووە، بۆ ساڵی 2013 بۆ(651) ملیار دینار.

2. هەموو داهاتی ناوخۆی حکومەت ئەنجامەکەی دەچێتە ناو بودجە ئەمەمان خوێندەوە.

## بودجەی وەزارەت و فەرمانگەکان

لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێزەوە پرسیارو سەرنج و ڕەخنە تۆمارکراوە لەسەر ڕیزبەندی وەزارەتەکان، بەڵام لەهەمان کاتدا هەر لەلایەنی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانەوە ژمارەی (63) داواکاری و پێشنیار خراوەتەوە ڕوو، بۆ تەرخان کردن و دابین کردن و زیادکردنی بودجە بۆ چەندین بواری جیاواز کە ئەمەش وادەکات، ئێمە وەك وەزارەتی دارایی و ئابووری ناتوانین هیچ گۆڕانکاریەك لەبودجەی بەکاربردنی وەزارەت و دامودەزگاکان دا بکەین، و هەر بڕیارێك پەرلەمانی بەڕێز پەسندی بکات لەسەر بودجەی وەزارەت و دام و دەزگاکان ئێمە جێبەجیٚ دەکەین بەتەئکید.

ـ لە خشتەی ئامادەکردنی بودجە چەند خانەیەك هەن :-

1. (النفقات الفعلية) بۆ ساڵی پێشتر.
2. پەسەندکرنی بودجەی ئەمساڵ.
3. مونەقەحی ئەمساڵ .
4. خەرجی شەش مانگی ئەمساڵ.

**له كاتی گفتوگۆی بودجه له گەڵ وەزارەتەكان ئـەم چوار بڕگەیـە دەبێتـە بنـەمای داڕشـتنی بودجـە، بـەڵام بەداخەوە زۆر له بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان تەنها تەماشای حەقلی (6) مانگەكە دەكەن، ئەمـەش واتـە ئەم حەقله نابێتە بنەما بۆ ساڵێك بۆ زۆربەی ماددەكان بۆ نموونه (ایجار المبانی، كڕینی مەوجودات، كڕینی شمەك و خزمەتگوزاری، چاككردنەوە ).**

**ـ كرێـی خـانوو، زۆر جـار لـه شـەش مـانگی یەكـەم دەدرێـت وه هەنـدێ جـاریش لـه شـەش مـانگی دووەم دا دەدرێ.**

**ـ كڕینی مەوجودات (كڕینی ئەساس بۆ فەرمانگەیەك یان سەیارەیەك یان جیهازێك)**

**ـ كڕینی سیلەع وەك (دەرمان، جلی عەسكەری، الكتب ) ئیحتماله له (6) مانگی یەكـەم بكڕێـت یـان لـه (6) مانگی دووەم.**

**ـ صیانەی سەیارات و بینا و ئەمانه، ئیحتیماله له سەر یەكەم بكرێ یان له دوو ەمدا.**

**وه ئەم خاڵانه دەبنه بنەما و خاڵی سـەرەكی گفتوگـۆ لـه گـەڵ نوێنـەرانی وەزارەت بـۆ ئـەوەی بگەینـە ئـەو رەقەمەی بودجە.**

## بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایش

**له ستراتیژیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرقەراربوونی ئەمن و ئاسایشە، لەگەڵ ناوچە كوردستانیەكان له دەرەوەی هەرێمی كوردستان، ڕاستە ئەمن و ئاسایش بەرقەرارە، بەڵام پێویستی بە بەردەوامبوون هەیە، چونكە سنوورەكانی هەرێمی كوردستان زۆر گەورەیە، كە سنووری (3) دەوڵەتە، (ئێران، توركیا، سوریا) یە، خاڵی تەماسە له گەڵ حكومەتی عێراق و ئەو پارێزگایانەی كە كاری تیرۆرستی تێدایە كە لە ( سنجار، زومار، تلكێف، بەرتلە، بەعشیقە، مەخموور، كەركووك، خانەقین، جەلەولا) یە، پێشمەرگە و هێزەكانی ئاسایش و هێزەكانی پۆلیس بوونیان هەیە لەو ناوچانە، تەنها لە كەركووك زیاتر لە(1000) شەهید و بریندارمان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە گرنگی تەواوی پێ بدرێت، ئەگەر ئاسایش بەرقەرار نەبێت هەموو بوارەكانی تر وەك (بازرگانی، وەبەرهێنان، تەمسیلی دیبلوماسی، بانقەكانی كەرتی تایبەت، كۆمپانیاكانی دڵنیایی، كۆمپانیا بیانیەكان، گەشتیاران) كە زیاتر لە (2000) كۆمپانیا مۆڵەتیان پێدراوە وە لە ئەنجامی ئەم بەر قەراربوونە قەوارەی تەبادولی بازرگانی گەیشتووتە (14) ملیار دۆلار لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ،**

## پلانی سیتراتیجی بودجە

**پلانی سیتراتیجی حكومەتی هەرێمی كوردستان له ژێر كاریگەری ئەو بارودۆخەی ئابووری و سیاسیە دایە كە عیراق پێیدا تێ دەپەرێت، هەر بۆیە لە لایەن هەندێ لە بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان بـیر و بۆچـوونە رەخنـە ئاراسـتەی ئـەم پلانانـە دەكرێـت، هـەر بۆیـە حكومـەت نـەیتوانیوە پلانێكـی سـتراتیجی درێـژخایان دابرێـژرێ جگـە لـە چـەند بـوارێكی دیـاری كـە بنـەمای سـەر بـەخۆی ئابووریـە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا دەستەوەستان نەبووە لە ئاستی ئەم ئەركەدا.**

ـ كاری كردووه لەسەر سێكتەرەكانی بواری نیشتەجێ بوون .

ـ چالاك كردنی كەرتی تایبەت.

ـ فەراهەمكردنی بارودۆخێكی گونجاو بۆ گەشە كردنی بواری وەبەرهێنان.

ـ پشتگیریی و پاڵپشتی چالاكیەكانی كەرتی پیشەسازی و كشتوكاڵ بە پێی توانای بودجەی سنورداری ساڵانە.

ـ بایەخدان بە سەرچاوەی داهاتی ناوخۆیی جۆراوجۆری كوردستان، نەك تەنها بە بواری دەرهێنانی نەوت، بەڵكو گرینگیدان بە كەرتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری.

ـ كەمكردنەوەی زێدەڕۆیی لە خەرجی گشتی لە بواری كارگێڕی و نووسینگەكانی حكومەت.

ـ دانانی سیستەمێكی گونجاو بۆ وەرگرتنی داهات لە بواری خزمەتگوزاری كارەبا و ئاو بە جۆرێك كە بگونجێ لەگەڵ ئەو خەرجییەی حكومەت بۆ ئەم بوارە دەیكات،

ـ هەوڵدان بۆ دانانی میكانیزمێكی گونجاو، كەوا بە پێی توێژینەوەی تایبەت دەرماڵەكان تەرخان بكرێن.

ـ هەوڵدان بۆ كاراكردنی ڕۆڵی بانكەكان لە پێدانی قەرزی خانووبەرە، كشتوكاڵی و پیشەسازی، و

ئەمەش لە ئەنجامی سنورداری بودجەی هەرێمەوە هاتووە، چونكە حكومەتی فیدرال لە دانانی بودجەی عێراق و ستراتیجیەی بودجەی ساڵانەدا بە بێ بەشداری هەرێم ئەو كارە ئەنجام دەدات تەنانەت حكومەتی فیدراڵ ستراتیجی بۆ ساڵی (2013 – 2017) داڕشتووە بەبێ بەشداری و ئاگاداری هەرێم، لە كاتێكدا ئەم ستراتیجەیە بۆ ماوەی چەند ساڵێك زیاترە بۆ ئاگاداریتان ئەوە ئاراستەی حكومەتی ناوەندە لە گەڵ ئەوەشدا بە بڕوای خۆمان بە پێچەوانەوە ئێمە توانیومانە ئاستێكی باش لە ستراتیجی خۆمان تەنانەت بۆ ساڵ زیاتر بە ئاراستەیەكی باش دابنەین، لایەنی كەم ئابووری و بواری پیشەسازی نەوت و گاز و دەرهێنان، كە لە قۆناغێكدا كە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی داڕشتنی بنەماكانی ئابووری سەربەخۆ .

## ڕێژەی بودجەی بەكاربردن و وەبەرهێنان

ژمارەیەكی زۆر لە سەرنج و ڕەخنە و پرسیارەكان باس لەوە دەكات كە گوایە نا هاوسەنگیەك هەیە لە نێوان بودجەی بەكاربردن و بودجەی وەبەرهێنان، لای هەمووان ئاشكرایە كە هەر گەشەكردنێك لە بودجەی وەبەرهێناندا لە دواجاردا دەبێتە هۆی زیادبوونی خەرجی بەكاربردن، واتە دوای تەواوبوونی پرۆژەكان، (نەخۆشخانەكان، قوتابخانە ....هتد) دەبێتە هۆی پێویستی خەرج بۆ بەرێوەبردنی ئەو بوارە وەك (دكتۆر، مامۆستا) و زیادبوونی خەرجی كارەبا و ئاو و خزمەت گوزاریەكانی ئەو چالاكیە، كڕینی كەل و پەل بۆ بەگەڕخستنیان لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان داوای زیادبوونی مووچە و دەرماڵە دەكەن لە چەند شەریحەیەكی فەرمانبەران و وەزارەتی پێشمەرگە و زیادكردنی ڕێژەی بودجەی چەند وەزارەتێك وەك كشتوكاڵ، تەندروستی، مافی مرۆڤ، پێشمەرگە، ژینگە، دەزگای مین، ئەنجومەنی پاراستن و بەكاربەر، بە بەخشینی مووچە بۆ كچانی بە تەمەن......هتد.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاستی ساڵی 2011 و 2012 دا گەشە کردنێك ڕووی داوە راستە، بەپێی خواست و ویستی خۆمان نیە، بەڵام ئێمە لە هەوڵی بەردەوام داین بۆ زیاد کردنی ڕێژەی وەبەرهێنان، چونکە هێشتا ژێرخانی هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەندێ بوار هەیە کە لە ماوەیەکی دواتردا ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر پەرەسندنی وەبەرهێنان لە هەرێم، و دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتیان ڕوو لە کەرتە تایبەتەکان بکەن، نەك هەوڵی دامەزراندن بدەن لە فەرمانگەکان، و ئەوەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ڕێژەی بودجەی بەکاربردن، کە ئێمە مەبەستمانە وەکو لای هەمووان ئاشکرایە کە (61٪ )بودجەی بەکاربردن دەدرێتە ( فەرەبووی فەرمانبەران).

بەڵام وە کو تێبینیمان کرد سەرەڕای ئەوەی کە ڕەخنەگیراوە کە گوایە نا هاوسەنگی هەیە لە نێوان بودجەی بەکاربردن و بودجەی وەبەرهێنان، هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز داوامان لێ دەکەن کە رێژەی لە(15٪)ی بودجەی بەکاربردن داشکێنرێت و بدرێتە چەند بوارێك کە سەرجەمیان خۆی لە ناو بودجەی بەکاربردن دەبینێتەوە وەك ( تۆڕی کۆمەڵایەتی، زیاد کردنی مووچە، بودجە بۆ خوێنکاران، بیمەی بێ کاری، پێدانی دەرماڵە ... هتد )

<u>12. جۆراوجۆر</u>

دواکەوتنی مووچەی زیرەڤانی یان پیشمەرگە هویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان، لەبەر ئەوەی کات و وەستانی پێشکەشکردنی مووچەیان بۆ گەنجینەکان دیاری کراوە، و دووبارە تەئکیدی لێ دەکەینەوە، ئیمەش لە گەل بۆچوونی بەڕێز (د. عمر نورەدینی ) و چەند ئەندام پەرلەمانیکی تریش بۆ بەستنی کۆنفراسێك لە سەر جێبەجێکردنی پرۆژەکان و گرێبەستی پرۆژەکان و هەموو ئەو کارانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێکردنی کارەکان، پەلە بکرێت لە پەسەندکردنی پرۆژەی سندوقی داهاتی نەوت وهەروەها شێرپەنجە چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز باس لە بودجەی تەکمیلییان کرد هی ساڵی 2012 و حکومەت لە ڕاپۆرتی خۆی ئاماژەی پێ کردبوو، بەڵام ئەم بودجە تەکمیلیە لە پەرلەمانی عێراقەوە پەسەند نەکرا. چەند ئەندامێکی تر باسی دەعمی مولیداتی ئەهلییان کرد، حکومەتی هەرێم پالپشتی دەکات بە پێدانی گازوایل بە نرخێکی گونجاو، و تەحەمول کردنی بەشێك لە خەرجی هاووڵاتیان بە تایبەتی لە وەرزی هاوین.

چەند ئەندام پەرلەمانی تر باسی لە تەرخان کردنی بودجەیەك دەکەن بۆ خانمان:- پیمان باشە بودجەیەك تەرخان بکرێت بۆ خانمان.

بەڕێز ئەندامی پەرلەمان جەنابی کاك (بلال) و چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر باسی داهاتی کارەبایان کرد، بڕی (250) ملیار دینار بۆ داهاتی وەزارەتی کارەبایە، بڕی (337) ملیار دینار تەرخان کراوە لە خەرجی فەسلی (2) بۆ کرێ کارەبا، بڕی (300) ملیار دیناری دەدرێتە کەرتی تایبەت بۆ دابین کردنی کارەبا لە ویستگەی هەولێر کاك (احمد اسماعیل)، و بڕی (37) ملیار دینارەکەی تر ئەوەیە دەمێنێتەوە بۆ هەموو وەزارەتەکان و فەرمانگەکان وەك کرێی کارەبا بۆ ساڵی 2013 و ساڵانی پێشوو.

**ـ چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر باسی چەند بابەتیکی تایبەتیان کرد:-**

**تەرخان کردنی پارە بۆ چاپکردنی کتێب و بابەتی دەرمان و کرێی کارەبا و هەڵبژاردن (الانتخابات) لە بودجە دیاری کراوە :-**

**چاپ کردنی کتێب لە وەزارەتی پەروەردە (42) ملیاری دینار بۆ دانراوە.**

**ـ دەرمان (31) ملیار دینار هەر چەندە دەرمان نەفەقاتی حاکیمەیە ( 264) ملیار دینار لە بەغدا لە نەفەقاتی حاکیمە هەیە.**

**ـ کرێی کارەبا (300) ملیار دینار بۆ کەرتی تایبەت .**

**ـ هەڵبژاردن (الانتخابات) (35) ملیار دینار تەرخان کراوە.**

**ـ مینحەی زیندانی سیاسی لەناو وەزارەتی شەهیدان ( 68) ملیار دینار.**

**ـ وەڵامی چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر کە باس لە تەرخانکردنی بودجەی چەند وەزارەتێك دەکەن وەك (ناوخۆ، پەروەردە، تەندروستی، ئەوقاف، کشتوکاڵ ..........هتد) و هەروەها داوای زیادکردنی دەرماڵەی چەند توێژێك دەکەن و لەلایەکی تر چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز داوا دەکەن کە ڕێژەی بودجەی بەکاربردن کەم بکرێتەوە و بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکرێ، ئەمەش ناکرێت لەبەر ئەوەی ستراتیجیەتی هەموو وڵاتان و کەرتی تایبەتیش دەبێت هەوڵ بدرێت ڕێژەی وەبەرهێنان زیاد بکرێت وڕێژەی تەشغیلی کەم بکرێت،**

**ـ ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز (ئاهەنگ خان) باسی داهاتی هەرێمی کوردستانی کرد کە بەبێ پسوولە داهات وەردەگیرێت، هەر شوێنێکی حکومی بەبێ پسوولەی فەرمی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر کراوە وەربگیرێت، ئەوە نایاساییە، و پێچەوانەیە و ئیمەش لەلای خۆمانەوە تەئکیدی لە سەر دەکەین، و پێمان باشە  بۆمان دیاری بکەن کام شوێنە؟**

**ـ ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز باسی بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی کرد، کە بڕی چاککردنەوە صیانەی ڕێگاوبان لە (15) ملیار دینار بووە بە (74) ملیار دینار، ڕاستە، و هەروەها کڕینی ئۆتۆمبێلی کار زیادی کردووە، ئەمەش ڕاستە، تەئکید کراوە لەمە، چونکە ئەمساڵ لەبەر بارانی زۆر ڕێگا و پردکان پێویستیان بە صیانە هەیە صیانەی کت وپڕ وەك ڕێگای ( دێگەڵە و ڕانیە) مەسەلەن.  ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز باسی هێنانی بانکی رافیدەین و ڕەشیدی بەغدا دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گشت ئاسان کاریمان کرد، بۆ هێنانی بانقەکانی ناوبراو بۆ هەرێمی کوردستان بۆ دانانی ئاسانکاری بۆ (جوتیاران، فەرمانبەران، کومپانیاکان، گشت بوارەکانی تر ) بەهەمان سستەم کە لە بەغدا دەدرێت، وەزارەتی دارایی پشتگیری زەمانی تەسدیدی قەرزەکانی کرد، کە لەلایەن هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە تەسدید نەکرا، بەڵام بەداخەوە دەچنە وڵاتانی تری عەرەبی پارەکانیان ئیستیسمار دەکەن لەهەرێمی کوردستان وەبەرهێنان ناکەن.**

بانکی مەرکەزی عیراق زیاتر لە (65) ملیار دولاری ئیحتیاتی هەیە لە ناو بانك و (85٪) ی ئەو پارەیە لە جیاوازی نرخی بەرمیلی نەوت سالأنە تەقدیر دەکرێت بە جیاوازی لە فرۆشتنی، بۆ نموونە بۆ ساڵی 2013 تەقدیری دۆلاری کراوە بە (1,166) دینار، و دەفرۆشرێت لە سەرەوەی (1,200) دینار، داوامان کرد برێك بدرێتە لقەکانی بانکی مەرکەزی کوردستان، ڕێژەی نەوەك (17٪) بەڵکو (5٪) لەوبڕەو، و زەمانی بودجەی وەزارەتی دارایی کە لە حکومەتی ناوەندی دابین دەکرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی وەزارەتی دارایی هەرێم، وەك (قەرزی خانووبەرە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، پیشینەی ژن هێنان و قەرزەکانی تر و ئاسانکارییەکان بۆ کەرتی تایبەت و.......هتد).

- ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز باس لەوە دەکات کە نابێت ئیمە مدەوەرمان هەبێت، ڕاستە حکومەتی ناوەند ئەگەر بزانێت ئەو بودجەیە تەرخان دەکرێت بۆ حکومەت لە کۆتایی ساڵ ئەگەر پارە مابێت ئەو بڕە لە بەشی هەرێم مەقاسەی پێ دەکرێت، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند، تەوزیعی قەرەبووی فەرمانبەران (تعویض الموظفین) ئەمە تەبیعی مەخسود لێرە ڕەواتبە، بۆ ئەوەی جەنابتان ئاگاتان لێی بێت، ئەمە وەڵامەکانە بە گشتی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامە؟ فەرموو کاك حاجی.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئێمە پێشتر سوئالەکانمان دایە جەنابی وەزیر دەستی خۆشبێ بۆ جەوابەکانی ئێستا دایەوە، بەڵام ئێمە داوای لێ دەکەین کە ئەویش بە نووسراو ئەو جەوابانە بداتەوە ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە موقارەنەی بکەین، هەم بۆ ئێمە باشە، هەم بۆ ئەوەیش، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕووبەڕوو چۆن ئێوە پرسیارەکانتان کردووە، ئێوەش وەڵامی دەنەوە، چونکە ئەو هەموو پرسیارە وەڵام بدرێتەوە، ئەوە وەختی خۆی موافەقەتیان کرد لە سەر، نوقتە نیزامە؟ ئەو هەموو نوقتەی نیزامە ئاخر چۆن دەبێ؟ فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم کە هیلاك بوو ئەو وەڵامانەی دایەوە، بەڵام مەفروزە چۆن ئێمە پرسیارمان کردووە، وەڵامی هەموومان بدرێتەوە، من بۆ خۆم بە دوو نوسخە، نوسخەیەك بۆ وەزارەتی دارایی، و نوسخەیەکی تر بۆ وەزارەتی پلاندانان هەموو پرسیار و تێبینیەکانم ئاراستە کردووە، هیچ کام لەوانە وەڵامی نەدراوەتەوە، بە نموونە بەڕێزیان بەشێوەیەکی گشتی باسی کورت هێنانی کرد، بەڵام من هەر لە کورت هێناندا چوار پرسیارم ئاراستە کردووە، کە ئەوانە هەتا چەند کاریگەریان هەیە، و هۆکارن

بۆ كورت هێنان بە نموونە یەكێك لەوانە پارەی ئەحزاب، چەند سەرف كراوە؟ و چەندێك تەسفیە نەكراوە؟ و ئەمە چەند كاریگەری هەبووە؟ بەڕێزیان هەتاكو ئێستا لە كۆی پرسیارەكاندا بەسەری دا پاسی دا، بە هیچ شێوەیەك باسی نەكرد، چەند حزب پارەی وەرگرتووە، و كۆی پارەكە چەند بووە كە ئێمە بە تەحدید داوامان كردووە، كۆمەڵێك پرسیاری تریش كە هەموو ئەوانە پرسیاری جدی بووون، و ئەگەر بەڕێزیان لە خەیاڵیان نەماوە ئێمە دەكرێ جارێكی دیكە دووبارەی كەینەوە یان سەیری پرسیارەكان بكەنەوە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من نازانم وا تێگەیشتم جەنابی وەزیر وتی ئەمە وەڵامی هەموو پرسیارەكانە، ئەو وای وت، فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید محمد/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەڵامی هەموو پرسیارەكانم داوەتەوە، پرسیارەكان زۆربەی زۆری لە یەك ئەچن، نزیكی یەكن، و بە كۆ گشتیم وەڵام داوەتەوە، و بەنیسبەتی حیزبەكانیشەوە وەڵامم داوەتەوە، پارەكەش هەمان وەڵامم داوەتەوە، پێرارەكەش هەمان وەڵامم داوەتەوە، و نەتائیجی كولی لە دوای تەسفیەی حیساباتی سولفەكان، كە قانونی ئەحزاب دەردەچێ لە دوای ئەوە لە حیساباتی خیتامی دا دەردەكەوێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو كەسێ تر ڕێگا دەدەین، نوقتەی نیزامە؟ فەرموو كاك كاردۆ یەكێكیانە، دەبێ ئێوە حیسابی ئەوە بكەن هێشتان وەزیری پلاندانان ماوە، وەڵامەكان بداتەوە، ئەوە بەشێك بووە لە وەڵامەكان، فەرموو

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا وەزیری بەڕێز وتی وەڵامی ڕاپۆرتی دارایی دەدەمەوە، بەڵام هەموو وەڵامەكانی نەك هەر هی ئەندام پەرلەمان و بڵێین هی ئێمە مانان، هی لیژنەكانیش هەمووی ئەمە تەئكیدی لێ دەكەمەوە، پێم باشە، پێشنیارێكی باشە، ئەوە مومكین نیە، یەعنی لە دەوری ئەو دەستەواژانە دەسووڕاوە كە هیچ وەڵامێكمان وەرنەگرت، بە دیاریكراوی سەبارەت بە كورت هێنان، سەبارەت بە داهات، سەبارەت بە چۆنیەتی خەرجكردنی بودجەی ئەحزاب، سەبارەت بەو زیاد ڕەویەی كە لە هەموو دەروازەكانی جگە لە تەعویزی موەزەفین، هەتا سەبارەت بە فەرمانبەران بە لای منەوە تۆڕی كۆمەڵایەتی، چاودێری ئەوانە كەی لە سەر فەرمانبەران حیساب دەكرێ، لەبەر ئەوەی پێمان باشە بەڕوونی هێشتا بەشی وەبەرهێنانیش ماوە، وەڵامەكان وەرگرین لە بەڕێز وەزیری دارایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێم وایەجەنابیان، چونکە ئەمە نوقتە نیزامیشە؟ بە فیعلی دەیگرین، چونکە ئەمە بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ دەبێ بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە، من دەست خۆشی دەکەم لە جەنابی وەزیر، و هاوکارانی، و ئەزانم زۆریش ماندووبوون، بەڵام ئەویش حەق بدا بە ئێمە کە ئەگەر یان قەناعەتمان نەکردبێ یان وەڵامان وەرنەگرتبێ کە تەعقیبمان هەبێ، بەنیسبەت وەڵامی لیژنەکانەوە، من وەکیلی لیژنەکان نیم بەس بۆ ئەوەی موداخەلات کەمتر بێتەوە، جەنابتان تەحدیدتان کرد، وەکو برایەکی تر یان خوشکێك لە عەرز دەکەم کی وەڵامی نە مافی مرۆڤ، نە ئاوەدانکردنەوە، نە کۆمەڵایەتی، نە ناوەخۆ نە مافی ئافرەت، وەڵامی ئەوانەی نەدایەوە، چونکە سەیری ڕاپۆرتەکانم دەکرد، (12) سەرنجی لیژنەی ڕۆشنبیری وەڵام نەدایەوە، و ئاماژەشی پێ نەکرد، (10) سەرنجی لیژنەی کشتوکاڵی وەڵام نەدایەوە، و چەندین سەرنج و سوئالی لیژنەی پەروەردە و لیژنەکانی تریش، ئەوە بەنیسبەت خاڵی یەکەم، بە گشتی بوو، بەنیسبەت خۆمەوە من بە نووسراو پرسیارم ئاراستەی بەڕێزیان کردووە، هەر لە ڕۆژی یەکەمی قسەکانی، مەجبورم لێرە بیان خوێنمەوە، کە لە خاڵی یەکەمی ستراتیجی بودجە ئاماژەتان پێکردووە، بە گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئێمە پرسیارمان کردووە، تکایە سیما و هەنگاوەکانی ئەو گرنگی پێدانە چییە؟ چونکە ڕوونتان نەکردەوتەوە، خاڵی دووەم: ئاماژەیان کردووە بە کەمکردنەوەی زێدە ڕۆیی لە خەرجی گشتی، پرسیارەکە ئەوەیە بودجەکە بە پێچەوانەوە ڕەنگدانەوەی ئەوەی تێدا نیە، وەڵامی ئەوە چییە؟ خاڵی سێیەم باسی خاڵی سێی ستراتیجە ئاماژەیانکردووە، من هەڵبەتە دەست خۆشی دەکەم لە جەنابی وەزیر،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی مامۆستا عمر گیان ئەگەر تۆ هەموو پرسیارەکان جارێکی تر بخوێنیتەوە، فەرموو

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، نا هەر پانزە سانیەیەکی ترم دەوێ، ئەمە ئیعترافێکی باشە کە دەڵێ حکومەت نەیتوانیوە پلانێکی ستراتیجی درێژخایەن دابنێ، من دەست خۆشی لە وەزیر دەکەم، بەڵام باسەکە لەوەیە، پلانە ستراتیجە کورت خایەنەکە یان مەحدودەکە چییە؟ خاڵێکی تر باسی بواری پەروەردەیە ئێمە پرسیارێکی موحەدەدمان کردووە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێ (19960) کەسم پێویستە، (3350) کەسیان داناوە، کامەیە گرنگی دان بە پەروەردە کە ئەوەش جیاوازی بەینی داواکاریەکان و وەڵامدانەوەیانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامەکەی وەزیر وازیحە، دەڵێ من وەڵامی هەموو پرسیارەکانم داوەتەوە، لە شوێنی خۆت قسە مەکە تکایە؟ تۆ حەقی خۆتە قەناعەت پێ نەکەی، بەڵام ئەو دەڵێ هەموو وەڵامم داوەتەوە، ئیتر ئەوە جەنابی وەزیر ئەمە قسەی تۆ بوو، وەیە یان وە نیە؟ دەڵێ هەموو وەڵامەکانم داوەتەوە، ئەوە وەڵامەکانێتی تۆ حەقت هەیە، حەقتە قەناعەت

نەکەی، خوشك و براینە ئێوە حەقتان هەیە قەناعەت نەکەن یان بڵێ وەڵام نەدراوەتەوە، بەس ئەو دەڵێ هەموو وەڵامەکانم داوەتەوە، باشە ئەو دەڵێ وەڵامم داوەتەوە، ئێوە دەتوانن بڵێین وەڵامم نەدراوەتەوە، وەڵلا قەناعەتم پێ نەکراوە، دەزانی ئەو هەموو نوقتەی نیزامەمان پێ وەرناگیرێ بەڕاستی، چونکە ئێوە پرسیاری خۆتان کرد، قسەی خۆتان کرد، ئەویش وەڵامی خۆی داوەتەوە، ئەو هەموو وەڵامەکەی ئەوەندەیە، دانیشتنی ئەمڕۆ کۆتایی پێ دەینین تا سەعات (5)ی ئێوارە بە خواتان دەسپێرین و هەر بژین، سوپاس.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم کاتەتان باش، لە دانیشتنی سەر لە بەیانی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دایەوە، ئێستاش لە دانیشتنی ئێستامان نۆرە دێتە سەر بەڕێز وەزیری پلاندانان، بۆئەوەی وەڵام بداتەوە، با بفەرمویێت، کاك عبداللە ئەگەر باسی شتی پێشووترە ناچینەوە سەری، تەواو بووە بە قوربان، ئەگەر ڕەبتی بەوە هەیە قەیناکە، بەڵام دانیشتنی بەیانی تەواو بووە، بەقوربان ئەگەر ڕەبتی بە وەزیری پلاندانان هەیە، ئەگەر نا تەواو بووە، نابێت کاکی خۆم، ئەگەر ڕەبتی بەوە نیە تەواو بووە، برای خۆم وەزیر دەڵێت ئەوە هەموو وەڵامەکانی منە، تەواو، کاکە موناقەشە هەیە، تۆ موناقەشە دەکەی لەکاتی موناقەشە تۆ ڕەئی خۆت دەڵێی ئەویش ڕەئی خۆی دەڵێت، شەرت نیە ئەو بە دڵی تۆ جواب بداتەوە، فەرموو دانیشە، جەنابی دکتۆر علی فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی ئیجازەم پێ بدە ئەوەندە بڵێم کە جێگای شانازیە، کە ئەمڕۆ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان، کە مایەی خوێنی شەهیدانی کوردستانە ئامادە بووم بۆ گفتوگۆکردن و وەڵام دانەوەی پرسیارو ڕەخنەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، حەزدەکەم زۆر سوپاسی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بکەم، بۆ ئەو ماندوو بوونەی کە کێشایان لە خیلالی 6 حەفتەی رابردوو، لە کۆکردنەوەی پرسیارو تێبینی و زانیاری و، هەروەها ئامادەکردنی پێشنیار، هەروەها حەز دەکەم سوپاسی برای بەڕێزم کاك شێخ بایز بکەم، کە هەرچەندە لە دوو ڕۆژی رابردوودا تەعزیەی هەبوو، بەهۆی وەفاتی خوشکەکەیەوە، بەڵام هەر لەسەر خەت بوو لەگەڵ ئێمە، چونکە زۆر زانیاری هەیە کە دەبێت لە وەزارەتی دارایی وەربگرین، پەیوەندیمان پێوە کردووە تەعاونێکی زۆر باشی لەگەڵ کردووین، هەموو ئەو تێبینی و پرسیارانەی کە خراونەتە ڕوو لە خیلای 6 هەفتەی رابردوو، کە کۆکراونەتەوە بەڕێزان، حەقیقەتێك هەیە ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە کە تەفاسیلێکی زۆر لەلایەن هەردوو وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش بە پەرلەمانی بەڕێز کرا، کە ئەوەش نیشانەی هەماهەنگیەو، هاودەنگیە بۆ بەرژەوەندی گشتی، کە هەموو زانیاریەك، هەموو داتایەك زۆر بە تەفسیلەوە زیاتر لە ساڵانی رابردوو پێشکەش کرا، هەر ئیحتمالە ئەوە بوویتە هۆیەکی زۆر کە ئەمەش دیسان شتێکی پێویستە و شتێکی گرینگە، جێگای دڵخۆشیە کە ئەو هەموو

بەڕێزە لە خیلالی هەفتەی رابردوو تێبینیان پێشکەش کرد، من بۆئەوەی یەکسەر بچمە ناو بابەتەکانەوە وەك مەنهەجیەك ئەمڕۆ لە 3 تەوەر شتەکان پێشکەش بکەم، یەکەم شت وەڵامی پرسیاری لیژنەی دارایی و ئابووری دەدەمەوە، دوای ئەوە (PRESENTATION) هەیە کۆی گشتی زۆر لە پرسیارەکان لەخۆ دەگرێت، بێ ئەوەی کە ئەو سوئالانەی کە تیکرارە بڵێم ئەوە تیکرار بوو، دوای ئەوەش یەك بەیەکی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە پرسیاریان کردووە، هەموو پرسیارەکان وەڵام دەدەمەوە، هەندێك لەو پرسیارانە کە وەڵام دەدەمەوە تەبیعی تەنها وەزارەتی پلاندانان نیە، وەزارەتی دارایی و ئابووریشە، چونکە زۆر شت هەیە کە موشتەرەکە، تەمویلی موشتەرەك دەکرێت لەسەر فەسڵێك یان بابێکی موعەیەن دەکرێتن، ئێستاش ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن فایلی پرسیارەکان بێنم، ئەوە کۆی گشتی پرسیارەکانە کە لەگەڵ وەڵامەکانیان کە لە خیلالی 35 سەعات لە دوو هەفتە پێشکەش بە ئێمە کرابوو تەقریبەن 90 پرسیارە، 90 ئەندام پەرلەمانی بەڕێز قسەی کردووە، ژمارەی پرسیارەکان زۆر زۆرە، لەبەرئەوە داوا دەکەم کە سەبرو تەحەمولتان هەبێت، چونکە ئیحتماله درێژە بکێشێت لە وەڵامدانەوەیان، بەڵام هیوادارم بتوانم هەموو پرسیارەکان وەڵام بدەمەوە، تەبیعی ئەوە هەروەکو باسم کرد هەندێك لە وەڵامەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریش لەخۆ دەگرێتەوە، ئێستا بە مەتبوعی هەیە مومکینە بەعزێك لەو بەڕێزانەی کە پرسیاریان کردووە، بە خەتی دەستی شتەکانیان داوەتە ئێمە، کە باش بوو ئەوەی توانیمان هەمووی پرینت بکەینەوە پرسیارەکان، هەروەها وەڵامەکانیان، زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان دەست و خەتیان زۆر وازح بوو، بەڵام بەداخەوە هەندێکیان دەست و خەتیان ناخۆش بوو، دەبێت لێمان ببوورن، بەڵام هەوڵمان داوە کە هەموو پرسیارەکان وەکو خۆی و وەڵامی پێویست بدەین، ئەمەش پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، بۆئەوەی کە دواتر بە شێوەیەکی مورەتەبتریش پێشکەشی بکەین، پرسیارو وەڵامەکان لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، پرسیاری یەکەم کە پەیوەندیدارە بە بودجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013، لاپەڕە 14 پرسیاری چوارەم سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەپرسێت لە ئێمە، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بڕی 28 ملیار و 500 ملیۆن دینار دەرج کراوە، وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە کە تەرخان کراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە بودجەی وەبەرهێنان 23 ملیار دینارە، هەروەها بەو ژمارەیەش ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، نەك بە 28,5، لاپەڕە 16 پرسیاری 29، پرسیار ئەوەیە کە دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بە بڕی 3 ملیار پرۆژەی بۆ دانراوە، وەڵام ئەوەیە کە ناوی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمە، نەك دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، کە لە لیستەکەدا بە بە پەیوەندیەکانی دەرەوە هاتووە، بەهەرحاڵ ئەوەیە کە ئەوەی مەبەستە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمە، کە 3 ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، نەك ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، کە دواتر لە (PRESENTATION) بە تەفەسیلی دێمە سەر ئەوەی کە ئایا چی بۆ ئەو ناوچانە تەرخان کراوە، لە چ سێکتەرێك دان، لاپەڕە 19، 26 پرسیاری لیژنەی بەڕێز کۆی ژمارەی پرۆژەکان کۆنەکراونەتەوە لە

فۆرمەکەدا، وەلاّم لە راپۆرتی وەزارەتی پلاندانان هاتووە کە پرۆژە پێشنیار کراوەکان 612 پرۆژەن، لاپەڕە 20 تێبینی، جیاوازی 191,6 ملیۆن دینار، پرسیارەکە ئەوەیە کە لیژنە دەفەرمویێت بەڕێز نوێنەری حکومەت ئەو خاڵەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، دەربارەی ئەو دوو جیاوازیەی لەو ژمارەیەدا مەخسەدیان لە کۆی گشتی تەرخان کراو بۆ وەبەرهێنان، بەبڕی 191 ملیۆن دینار، وەلاّمەکەشی ئەوەیە لەبەرئەوەی کە ئێمە لە مانگی هەشتەوە دەستمان کردووە بە ئامادەکاری بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە یاساکە لەگەڵ لیستی پرۆژەکە بۆ پەرلەمانی بەڕێز، هەتا مانگی 12 کە ڕەوانەی پەرلەمان کراوە کۆمەڵێك موتەغەیرات ڕوویداوە، هەندێکی پەیوەندی بە بەغداوە هەیە، هەندێکیشی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، ئەو موتەغەیراتەش ئەوەن کە ئەو ژمارانەی کە بەغدا هەروەکو خۆتان دەزانن تەرخانی دەکات بۆ هەرێمی کوردستان، یان کە لەناو پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی عیراقی فیدراڵدا باسی دەکاتن هەتا ئەو ڕۆژەی کە پەسەندی دەکات موقابیل بە گۆڕین، لەبەرئەوە ئەو جیاوازیە ڕوویداوە، کە 191 ملیۆن دینار جیاوازی هەیە لە بەینی کۆی گشتی 5,3 تریلیۆنەکە، کە ئەوەش لەگەڵ وەزارەتی دارایی چارەسەردەکرێتن، تەنها شتێك کە سەبەبەکەی ئەوە بوو کە باسم کرد، لاپەڕە 21 سێیەم پرسیار دەربارەی ژمارەی پلەکانی دامەزراندن، هەرچەندە ئەم خاڵە لەبەرژەوەندی هێزی کارەوە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی دیاردەی بێکاری، بەلاّم سالاّنە تێبینی دەکرێت کە ژمارەیەکی زیاتر دامەزراندن هەیە، پێشنیار دەکەین ئەم خاڵە بە هەند وەربگیرێت و لە سالاّنی رابردوودا، بە پەیڕەو کردنی مەرجی دامەزراندن لەسەر بنەمای یاسایی و زانستی بێت، یەکسانی کۆمەلاّیەتی بهێنێتەدی، ئەوە پرسیاری لیژنەیە، وەلاّم ئێمەش تەبیعی پشتگیری لەو خاڵە دەکەین و، بەتایبەتیش کە ئێستا لە ڕێگای لیژنەیەکی بالاّ کە هەم بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی و هەم من تێداین، هەوڵمان داوە کە زۆرترین با بڵێین یان (MAXIMUM)ـی کارەکان بەهۆی فۆرم و بەهۆی نوقات و بەهۆی تەوزیعی ڕێژەی دانیشتوان بێت، لەسەر پارێزگاکان، لەسەر قەزاکان، لەسەر سێکتەرەکان، ماعدا چەند سێکتەرێك نەبێت، کە خسوسیەتی هەیە بۆ نموونە پەروەردە کە دائیمەن حیسابیان زیاتر دەکرێن، هیوادارین کە لە زووترین کاتدا پێکهاتەی ئەنجومەنی راژە دابمەزرێت، کە یاساکە دەرچوونە و، بانگەوازیش کراوە بۆئەوەی کە هەر کەسێك بیەوێت ببێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی راژە، دەتوانێت سیڤی خۆی تەقدیم بکات وابزانم لەسەر ڕێگای وێب سایتی (ARG) کاك سەفین وانیە؟ ئیعلان کراوە، لاپەڕە 21 چوارەم پرسیار لە لیژنەی دارایی پرسیار دەکاتن دەڵێت تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی 70٪ لە بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2013، ئاراستەی 8 وەزارەت کراوە، کە بەپێی گرینگی ریزبەندی ڕێژەکان بریتین لە وەزارەتەکانی پەروەردە و ناوخۆ و پێشمەرگە و دارایی و تەندروستی و خوێندنی بالاّ و شارەوانیەکان و کارەبا، یەك لەدوای یەك واتە ئەم ڕێژەیە ئاراستەی 3 بواری گرینگ کراوە کە بریتین لە بەرگری و ئاسایش و ناوخۆو خزمەتگوزاری، بەلاّم لە هەمان کاتدا تاکو ئێستا گرینگی دان بە هەردوو کەرتی خوێندنی بالاّو تەندروستی وەك پێویست گرینگی پێ نەدراوە، بۆیە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات کە ئەو خاڵە بە هەند وەربگیرێت لە سالاّنی داهاتوودا، تەبیعی ڕاستە ئەو تەحلیلە، تەحلیلی با بڵێین

ژمارەکانە ئەو ژمارانەی کە لەبەر دەستدایە، ئەوە کە سێکتەرێکی موعەیەن رێژەکەی زیاتر بوو، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سێکتەرێکی تر لەسەر حیسابی سێکتەرێکی تر ئیهمال کراوە، چونکە حەتمەن سێکتەرەکان لە کۆتایدا هەر هەمووی وەکو یەك دەرناچن، هەر جیاوازیەك دەبێت و، دواتر لەناو (PRESENTATION)ـەکەش من دێمە سەر ئەوەی کە لە پرسیارەکانیش کە دواتر باس دەکرێتن، زۆر بەڕێزی تریش پرسیاری کردووە کە بۆچی سێکتەرێکی موعەیەن رێژەکەی کەمترە؟ لەکاتێکدا کە کارەبا زۆرە، لێرە پرسیارێك خۆی دروست دەبێت ئایا کارەبا پەیوەندی بە هەموو سێکتەرەکانەوە نیە؟، ئایا هیچ سێکتەرێك هەیە بە تەنها کە رەبتی بە سێکتەرەکانەوە نەبێت؟، مەسەلەی کارەبا بەڕێزان لە تەندروستیش و لە خوێندنی بالأش و لە هەموو تەفاسیلەکان رەنگ دەداتەوە، ئێنجا مەسەلەکانی تری وەکو شارەوانی کە زۆریش باسکراوە، منیش بە تەفسیلی دێمە سەر وەلأمدانەوەی بە هەموو ئەو پرسیارانە، بۆ نموونەکە سێکتەری تەندروستی هەر باسکراوە لێرەش بەڕێز لیژنەی داراییش پرسیاری کردووە، موقارەنە کراوە هەندێکجار بە سێکتەری شارەوانی، من پرسیار دەکەم ئەگەر لە شارێك، لە قەزایەك مەشروعی ئاوی نەبێت، ئاوەکەی باعیسی دروست بوونی نەخۆشی بێت (التهاب کبد ڤایرۆسی، تیفۆ، هەرچی شتێکی تر) نەخۆشخانەشی نەبێت، ئایا ئێمە ئەولەویەت بدەین بە نەخۆشخانە یان مەشروعی ئاو؟ ئایا لێبگەڕێین خەڵکەکە نەخۆش بێت، یان نەخۆشخانەیان هەبێتن چارەسەریان بکەین؟ یان مەشروعی ئاوەکە ئەولەویەتی بدەینێ؟ خۆ ڕاستە ئەگەر بێتە سەر ئەوەی کە تۆ ئیمکانیەتت هەبێت هەردووکی تەواوە، نەك هەردووکی بەڵکو شتی تریش، بەلأم ئەگەر مەحدودیەتت هەبوو دەبێت ڕوو بکەیتە سەر ئەولەویەت، ئێ ئەولەویەتیش هەر بەو شکلە دەکرێتن، یەعنی ئەو ئەولەویەتە کە ئێستا باسم کرد موجەڕەد هەروەکو پێی دەڵێن (COMANSESA) یەعنی شتێکی ئەوەنیە کە زۆر غامز بێت، یان زۆر شاراوە بێت، لەبەرئەوە بەڕێزان کە بودجەی کارەبا زیاد بووە، موئەشەراتی تەندروستیش باشتر بووە، من خۆم بریکاری وەزارەتی تەندروستی بووم لە ساڵی 96 هەتا ساڵی 2001 و 2002، زۆربەی ئەو بەڕێزانەی لەم هۆڵەش دانیشتوون بیریان دێت ئەو ماوەیە نەخۆشی و بلأوبوونەوەی نەخۆشی لە چ حاڵێك دا بوو، ئێستاش کەموکورتی هەیە لە هەندێك سێکتەر بەڕاستی ئەوانەش هیوادارین کە بە تەسەلسول و بەپێی ئەولەویەت بتوانین چارەسەریان بکەین، لاپەڕە 21 پێنجەم پرسیار لیژنەی دارایی دەپرسێت تاکو ئێستا دیاردەی دوو ئیدارەیی تێبینی دەکرێت دەربارەی دەزگای مین (هەولێر و سلێمانی)، بەڕێز نوێنەری حکومەت ڕوون کردنەوە بدات دەربارەی ڕێژەی جێبەجێ کردنی کارەکانی تاکو ئێستا، برای بەڕێز کاك شێخ بایز جوزئێکی وەلأمدایەوە کە پەیوەندی بە بودجەی تەشغیلیەوە هەبوو، بەلأم ئەوەی کە پەیوەندی بە بودجەی وەبەرهێنانیش هەیە، ئێمە خۆمان هەر بەڕێزیشیان و منیش لەگەڵ بەڕێز کاك عیماد احمد جێگری سەرۆکی حکومەت، ئێمە لە لیژنەی تەوحید دابووین و، تەوحیدەکەشمان کردو وابزانم لە قەناتی تەلەفزیۆنیش پیشاندراو، جێگری ئەو شەواغیرانەی هەبوو لەناو دەستەی مینیش پڕکاتەوەو، کۆمەڵێك کێشەی مانگێك بۆ مانگێك مەعاشیشیان دواکەوت، ئەوانەی کە لیستی مەعاشیان لە

سلێمانی دەرچوو، لە خەزینەی سلێمانی هەتا تەوحید کراو، بەڵام ئەم قسەیەی کە دەیکەم مومکینە هی مانگی 7 و 8 ساڵی 2012 بێتن، ئێمە بەش بە حاڵی خۆشمان لەگەڵ یەك دەزگا تەعامول دەکەین، لیستی پرۆژەکانیشمان لەیەك شوێن وەرگرتووە، موتابەعەکەش (UPDATE) کردنەکەش ئێستا لە یەك شوێن دەیکەین، مومکینە لە هەندێك لە ئەوراقەکاندا ئەگەر لە شوێنێك مابێتن، بەڵام بە تەسەوری ئێمە، بە تێگەیشتنی ئێمە، بە قەناعەتی ئێمە دەزگاکە یەکی گرتووە، لاپەڕە 24 پرسیاری 13 لیژنەی دارایی دەپرسێت، لە بودجەی ساڵی 2013 بە هەمان شێوەی ساڵانی پێشوو ڕێژەی تەرخان کراو لە بودجە بۆ وەگەڕخستن بریتیە لە شەست و هەشت و نیو لە سەدا، بەرزترە لە ڕێژەی وەبەرهێنان کە بریتیە لە 31,4 کە لە ڕووی زانستی ئابووریەوە بەلایەنێکی لاواز دادەنرێت لە ئابووری هەر وڵاتێك، هەرچەندە بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە دەسەپێنێت بەسەری، پێشنیار دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە لە داهاتوودا، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان پێمان خۆشە ئەگەر مومکین بێت و ئەگەر داهات هەبێتن ڕێژەکە زۆر لەوەی بەرزتر بێتن، دواتریش دێمە سەر تەفاسیلی ئەوە، ئێمە ئەوەی کە لە پرۆژە یاسای بودجە تەقدیم بە پەرلەمان دەکرێتن ئەوە تەخمینە، یەعنی ئێمە هیواداریین کە بتوانین 30٪ بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان 31٪ لە بواری پرۆژەکان ئەنجام بدەین، بەڵام ئەوە خوتەیە و ئەوە تەخمینە، ئەوەیە کە پێی دەوترێت موازەنەکە پێشکەش کراوە، لە حیساباتی خیتامی کۆتایی ساڵدا، مومکینە ئەو ڕێژەیەمان پێ تەنفیز نەکرێتن، مومکینە نزیك بین، هەدەفی ئێمە 100٪ بۆ ئەمساڵ ئەوەیە کە 30٪ تەنفیز بکەین، ئەگەر پێمان نەکرا حەتمەن ئەوە ئەو شتە نیە کە ئێمە تەمەنای دەکەین، هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانیش لەلامان مەتلەبە ئەوە بکرێتن، ئێمە ناچینە سەر ئەوەی کە بەراوردی خۆمان بکەین لەگەڵ خەڵکی تر، بەڵام مەگەر لەگەڵ دەوروبەریشدا خۆمان بەراورد بکەین، وڵاتانی دەوروبەری ئێمەش لە حەقیقەتدا بودجەی حکومەت زۆربەی زۆری بۆ تەشغیلی دەڕوات، رەقەمەکانیش زۆر لەگەڵ ئێمە موختەلیف نین، تەنانەت لە ئێمەش خراپترن، ئەگەر وەبەرهێنان یان ئەگەر بڵێین ئیقتصادی ئەو وڵاتانە چۆن مومکینە لە بەعزێك حاڵەت ئیختلافی لەگەڵ ئێمە هەبوو بێت، ئەرکی کەرتی تایبەتە و، نەشاتی کەرتی تایبەتە لەو وڵاتانە کەوای کردووە، کە جیاوازی هەبێتن لە ژمارەی پرۆژەو مەشاریع، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی وەکو تورکیا، کە زۆر لە سێکتەرەکان لە ئێستادا بە شێوازی (PUPPLIC BRIVED PART NASHP) یەعنی موشارەکەتی بەینی حکومەت و کەرتی تایبەت بەڕێوە دەچێت، کە لە شێوەی پارە لە بودجەی حکومەت دەرناچێت، ئێمە نموونەیەکمان هەیە لە هەرێمی کوردستان مەسەلەی دابین کردنی کارەبا لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، کە حکومەتی هەرێم دەیکڕێتن و بەعزێك شروتیش هەیە، موستەلزەمات هەیە کە حکومەتی هەرێم دابینی دەکاتن، بەڵام کۆی گشتی تەولید ئەگەر حکومەتی هەرێم خۆی تەولیدی بکات، مومکینە زۆر لەوە زیاتربێتن لەو ئجورانەی کە ئێستا دەدرێت، بە هەر حاڵ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتان لە 2013 ئیمارات 14٪، سەڵتەنەی عومان 17٪، سعودیە 20٪، میسر مومکینە نازانم چۆن بێت وەزعەکەی، بەڵام 5٪، ئوردن 15٪، ئەمانەش هی ئەمساڵن

و هەتا نیهایەتی ساڵ، مومکینە تەحقیق ببن و تەحقیق نەبن، بەڵام وەکو باسم کرد مومکینە نەشاتێکی ئیقتصادی تر هەبێتن، کە موشارەکە دەکاتن لە پڕکردنەوەی بونیەی تەحتی، لاپەڕە 24 ئینجا پانزدەهەم لیژنەی دارایی دەپرسێت، دەربارەی بودجەی خەملێنراوی وەبەرهێنانی ساڵی 2013 ڕێژەی 58٪ ئاراستەی چوار لایەنی سەرەکی کراوە، کە ئەوانیش بریتین لە وەزارەتەکانی ئاوەدان کردنەوە و شارەوانی و کارەبا و پەرەپێدانی پارێزگاکان، کە بە نیشاندەرێکی ئەرێنی دادەنرێت، لە هەمان کاتدا تێبینی دەکرێت کە ڕێژەی هەردوو وەزارەتی خوێندنی بالاً و تەندروستی، لە شەش و نیو لەسەدا بەپێی گرینگی ڕیزبەندی یەك لەدوای یەك ڕێژەیەکی نزمە، بەرامبەر ڕۆڵی هەردوو وەزارەت لە دروست کردن و گەشەپێدانی مرۆڤ، بۆیە پێشنیار دەکەین کە ئەم خاڵە بە هەند وەربگیرێت لە ساڵانی داهاتوو، من بە حەقیقەت جوزئێکم باس کرد تیکراری ناکەمەوە، جوزئێکی تریشی ئەوەیە کە باسم نەکردووە، کە دواتریش هەندێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە پرسیارەکانیاندا ئاماژەیان بە مەعایری دوەلی دا، کە چۆن لەو میعیارانەدا دەبێت ڕێژەی تەندروستی لە 7٪ کەمتر نەبێت یان لە 8٪ کەمتر نەبێت، هەرچەندە کەس ئاماژەی بە ناوی میعیارەکان نەدا، بەڵام وەکو ستانداردێك یان وەکو عورفێك یان وەکو شتێکی وا باسکرا، بەڵام بە هەر حاڵ خۆی لە حەقیقەتدا هیچ میعیارێکی موەحەد نیە بۆ وڵاتانی عالەم، بۆئەوەی کە کێشەی تەندروستی بە میعیارێکی سابت بڵێین ئەوە حەدی ئەدنایەتی، خەڵك لە وڵاتانی بابڵێین لە ئەمەریکاو ئەورووپا کاندید و ئینتخابات مونافەسە دەکەن لەسەر ئەوەی کە وا پێشانی خەڵکی بدەن کە زیاتر خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن زیاتر لە شتی تر، کە ئەمەش وەسیلەیەکی مەعلومەو مەفهومە و حەقە، بەڵام ئەگەر وڵاتێك کێشەی تەندروستی یان کارەساتی تەندروستی تێدابێت، حەتمەن دەبێت میعیارەکەی زۆر لاوە بێت، ئەگەر وڵاتێکیش وەزعی بونیەی تەحتی زۆر خراپ بێتن، دەبێت ئیهتمام بە بونیەی تەحتی بداتن، ئەگەر هاتو ئەو وڵاتەی کە خۆمانی پێوە موقارەنە دەکەین، میعیارەکانیان وەکو ئێمە بوو، وەزعی بونیەی تەحتیان وەکو ئێمە بوو، دەکرێت ئێمەش ئەو وەختە وەجهی تەشابوه هەبێتن، ئەگەر نا پارەیەکی زۆر لە وڵاتە ئەورووپیەکان، لە وڵاتە غەربیەکان بۆ بودجەی تەندروستی تەخصیص دەکرێتن، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری بۆ گەورە ساڵان و با بڵێین بە تەمەنچوان سەرف دەکرێتن، کە کێشە گەورەکە لەوێیە کە پێی دەڵێن (JRIATRIX) ئەمانەن کە زیاترین ئەوەیان لێ خەرج دەکرێت، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە ئیحتیماله ئیحتیاجەکە بە نەوعێکی تر بێت، ریعایەی سەحەی ئەوەلی بۆ زیاتر لە یەك و نیو ملیۆن کەس، کە تەمەنیان لە خوارووی 15 ساڵە و، دوو و نیو ملیۆن کەس، کە تەمەنیان لە خوارووی 20 ساڵدایە، بەهەرحاڵ ئێمە هەروەکو سەرنج و هەروەکو تێبینیش خاڵەکە بە هەند وەردەگرین، وەڵامدانەوەکەشمان تەنها بۆ تەوزیحە، دەنا ئێمە موفقتەنیعین کە ئەم سێکتەرانەش پارەی پێویستیان زیاتر دەوێت بەتایبەتی لە خەدەماتی تەخەسوسی، نەك تەنها لە خەدەماتی ویقایە و کە هەتا حەدێك باش بەرێوە چووە، لاپەڕە 26، دەیەم پرسیاری لیژنەی دارایی و پەرلەمان دەڵێن داتاکان لەسەر پرۆژەکان وردنین، بۆ نموونە پرۆژەی ژمارە 15 لەناو پرۆژە بەردەوامەکانی پارێزگای هەولێر، دەربارەی دروستکردنی کۆمەڵگای رۆشنبیری لە

کۆیە تا کۆتایی ساڵی 2012، ڕێژەی 21٪ تەواو بووە، بەڵام وەزارەتی پلاندانان ئاماژە بەوە دەدات کە لە تەندەرین دایە، ئێمە لە وەڵامدا دەڵێین تەبیعی کە یەکەمجار پرۆژەی دروستکردنی کۆمەڵگای ڕۆشنبیری لە کۆیە، ناوەکەی لەسەر داوای وەزارەتی مەعنی گۆڕاوە بە پرۆژەی هۆڵی کۆنفرانس لە کۆیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری خۆشی موتابەعە دەکات و ئاگادارە گوێیان لێیە، لە (UPDATE) ئێستای ئەو پرۆژەیە، کە جیاوازی هەیە (UPDATE) ئێستا کە دەڵێم 12/31، (UPDATE) نوێمان نیە ئێستا تا ئەمڕۆ، لە (UPDATE) 12/31 لەگەڵ ئەو کاتەی کە پرۆژە نێردراوەتەوە پەرلەمان، لیستەکە نێردراوەتە پەرلەمان ئەو مودەتەی 4، 5 مانگە ئێستا لە 21٪ تێپەڕیوە و، ئەوە ڕاستە، لاپەڕە 27 پرسیاری 11 پرسیاری لیژنەی دارایی ئەوەیە کە هەندێك پرۆژە هەن لە ساڵی 2010 بڕیاریان لەسەر دراوە، بەڵام تا ئێستا لە بواری دیزایندایە بۆ نموونە دروست کردنی شاری ڕۆشنبیری و هونەری لە سلێمانی، من کە وتوومە وەڵامی پرسیارەکانی لیژنەی دارایی دەدەم، ڕاپۆرتەکە بەو شکلە هاتووە ئەگینا وازحە کە هەموو لیجانەکانن، لە سەرەتاشدا کە باسم کرد مومکینە دواتر هەر نەفسی لیژنە ئەندامەکانیش پرسیاریان کردبێتەوە، پرسیاری لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ لیژنەی ڕۆشنبیری کە داویانە بە لیژنەی دارایی، دەڵێ هەندێك پرۆژە هەن لە ساڵی 2010 کە بڕیاریان لەسەر دراوە، بەڵام تا ئێستا لە بواری دیزایندان بۆنموونە دروست کردنی شارێکی ڕۆشنبیری و هونەری لە سلێمانی، وەڵامی ئەو پرسیارە پرۆژەی شاری ڕۆشنبیری لە سلێمانی لە ساڵی 2010 ڕیزبەندە و پەسەندکراوە، بەڵێ ڕاستە ئەو تێبینیە لەجێگای خۆیەتی، لەسەرەتاشەوە وەکو پرۆژەیەکی بچووك بە مەبلەغێکی بچووك داندرابوو، بەڵام دواتر بەپێی فەرمانێك بە نووسراوێکی ڕەسمی لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم، کابینەی شەش، بڕیاردرا کە بکرێتە پرۆژەیەکی گەورەتر واتە تەوەسوع بە پرۆژەکە بکرێتن، لەسەر دیارە داوای لایەنە پەیوەندیدارەکان بووە، لەبەر گرینگی دان بە شاری سلێمانی، لەو وەختەوە تەبیعی هەم زەوی پێویست حەجمەکەی، با بڵێین مەساحەکەی گۆڕا و، هەم دیزاین و شتیش گۆڕا، زەوی پێویست لە مەساحەتێکی کەمەوە بوو بە 400 دۆنم، لەئێستاشدا شوێنەکە بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، کە پرۆژەیەك بەو حەجمەوە، بۆئەوەی بچێتە بواری جێبەجێ کردن کۆمەڵێك بابەت دێتە پێشەوە، دەبێت ئامادەکاری بۆ بکرێت و چارەسەر بکرێتن، مولکیەتی ئەو زەویەش تەبیعی هی هەندێك لایەنی حکومی خۆی بوون، تەبیعی وەکو زانکۆی سلێمانی، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە پاکتاوکردنی کاتی دەوێتن، هەموو ئەو شتانە لەبەرئەوە شتێکی زۆر تەبیعیە، ئەگەر پرۆژەیەکی گەورە هەبێتن، کارێکی مورەتەبی بۆ بکرێتن و حازر بکرێت، دوابکەوێت باشترە لەوەی کە بچێتە ڕێزی ئەو پرۆژانەی دوایی، ساڵانە باس بکرێتن ببێتە مایەی ڕەخنە، لەبەرئەوەی پرۆژەکە بەڕێوە دەچێتن، لاپەڕە 27، پرسیاری (12)ـی لیژنەی دارایی و ئابووری کە تەسەور دەکەم پرسیاری لیجانی پەرلەمان بێت، پێشنیار دەکەین کە ئەو ساڵ جێگا بۆ پرۆژەی دروست کردنی بینا بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری گشتی سریانی بکرێتەوە، هەروەها بینای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری تورکمانیش نۆژەن بکرێتەوە، ئێمە ئەو پرۆژەیە لە ڕێگای هیچ

دامودەزگایەکەوە، وەزارەتەکانی حکومەت بەدەستمان نەگەیشتووە، پێشتر لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی سەردانی ئێمەیان کرد، لە وەزارەت، لە چەند مانگی رابردوودا و، هەندێك گلەییان هەبوو کە بۆ خوشك برا مەسیحیەکان، هەم وەکو دەوائیر و، هەم وەکو موئەسەسات و هەم وەکو خەدەماتی تر، شتێکی ئەوتۆ لەبەرچاو نەگیراوە، بەلاّم باسی ئەو نەکراوە لە حەقیقەتدا، ئێمەش وتمان ئەگەر پرۆژەیەکی موعەیەن هەبێتن، زیاتر باسی کەنیسەش بوو با بڵێین و، تەنها باسی برا یەزیدیەکانیش کراوە، ئێمەش وەعدمان پێ دان ئەگەر شتێك لەکاتی موناسبدا بگاتە بەردەستمان، جا چ لە ڕێگای وەزارەتی مەعنیەوە، چ لە ڕێگایەکی ترەوە بێت کە پرۆژەکە دوای دیراسەی جەدوا بزانین، کە سوودبەخش دەبێتن بزانین داخل دەکرێتن، ئەم دووانەش من دوای ئەوە دێمە سەر ئەوەی کە ئەوە مومکینە دەبێت زیاتر لە کۆتایی وەلاّمەکان تەنسیق لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری بەڕێز بکەین، کە کۆمەڵێکی تری پێشنیار هەن، کە وجهەت نەزەری ئێمە لە جێگای خۆیەتی، ئەگەریش پێشکەش کرابا مومکینە ئێستاکە لەناو لیستی پرۆژەکان دا دەبوون، بەلاّم دوایی باسی دەکەم کە چۆن دەکرێت ئێمە هەتا کۆتایی موناقەشات و دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە جێگای ئەوانەش بکەینەوە، لە لیستی پرۆژەکاندا لەلایەن ئێمەوە هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە و بە پەسەندیشی دەزانین، هەروەها نۆژەن کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تورکمانیش، لاپەڕە $27$ پرسیار لەسەر ماستەرپلانی شوێنەوارە کە لەناو پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دایە، پرۆژە هی سالاّنی پێشووەو تازە راگەیاندنی بۆ کراوە، لە وەلاّمدا تەبیعی کۆمەڵێك پرۆژە هەن ئێستا ئێمە ئەمساڵ مانگی دووە ساڵی $2013$، کە لێرە دانیشتووین موناقەشەی پرۆژەکان دەکەین، زۆربەی پرۆژەکانمان هی ساڵی$2010$، $2011$، $2012$،ئەوە حەقیقەتێکە ئێمە نەهاتووین ئەمڕۆ هیچ بەرنامەیەك لە سفرەوە دەست پێ بکەین، ئێمە هاتووین کە ئیستمراریەت بدەین بەو کاروبارانەی کە دەکرێن، ئەم پرۆژەیە کە ماستەرپلانێکی پرۆفیشناڵ و تەخەسوسیە، دیارە هەتا ئێستا ئێمە کە بەدواداچوونمان بۆ کرد بە دەقیقی، هەتا ئێستا $3$ جار بانگهێشتیشی بۆ کراوە، بەلاّم لەبەر نەبوونی کۆمپانیای موتەخەسیس لە بواری شوێنەوار لەوانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن یان (ئینترستیان) هەیە، کە لە هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن هەتا ئێستا تەنانەت کێشەی ئەوە هەبووە کە کەس نەهاتووەتە پێشەوە، هۆی دواکەوتنەکەشی، پرۆژەکەش هەر ئەصڵەن هەر مەسەلەکە ماستەرپلان بووە، نەك تەنفیزی ماستەر پلانەکە بووە، ئێستا کە وەزارەتی شارەوانی هەندێك تەغیراتی بەسەر داهاتووە، زیاتریش ئەو دەستەی شوێنەواریش با بڵێین خسوسیەتی خۆی وەرگرتووە، ئەو بابەتەش بەدواداچوونی زیاتری بۆ دەکەین و هیوادراین کە بەزووترین کات چارەسەر ببێتن، لاپەڕە $27$، پرسیاری $16$ لەناو راپۆرتی لیژنەی دارایی، پرۆژەکانی نۆژەن کردنەوەی پردی دەلال لە زاخۆ، قشلەی ئاکرێ، قوتابخانەی قوبەهان لە ئامێدی، لەناو پرۆژە تەواو بووەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دایە، پارێزگای دهۆك لە کاتێکدا پردی دەلال تەنها دۆکیومێنت کراوە، قشلەی ئاکرێ و قوتابخانەی قوبەهان نزیکەی $40\%$ جێبەجێ کراوە، لەڕاستیدا ئەم پرۆژانە تەواو نەبوون بەڵکو گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە، ئەمە خودی

پرسیارەکەیە، تەبیعی وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە بەڵێ ئەو پرۆژانەی کە باس کران، لەبەر گیروگرفتی نێوان فەرمانگەی پەیوەندیدار و، کۆمپانیای جێبەجێکار ئیجرائاتی قانونی لەگەڵ کراوە، کێشە هەبووە لەنێوان مونەفیز عەمەل و جیهەتی مەعنی، ئیجرائاتی قانونی کراوە، سەحب عەمەل کراوە، کە سەحب عەمەل دەکرێتن ئێمە لە لیستی پرۆژەکاندا، دەبێت کۆتایی بەو فەقەرانە بێنین، کە جارێکی تر دەست پێدەکاتەوە بە شێوازێکی ترە، ئەو پرۆژەیە لەسەر حیسابی با بڵێین گەیشتوونەتە ئەو وەزعە قانونیەی، کە دائیرەی مەعنی بە تەنفیز موباشر بیکاتن، بە واستەی هەر تەرەفێکەوە لەسەر حیسابی تەرەفی یەکەم، لەبەرئەوە ئێمە کە جارێکی تر پرۆژەکە دەست پێدەکاتەوە، عینوانی ئەم جارەی دەبێتە تەنفیز موباشر، ناچارین لەوێ بنووسین کە ئەوە تەواو بووە، تەواو بوونەکە مەخسەدی ئێمە وەزعێکی قانونیە، کە دەبێت ئاماژەی پێ بدرێت بەو شکلە، چونکە دوایی خەرجیەکانی پارەو ئەوانە لەلای ئێمە نیە، لەلای وەزارەتی داراییە، لە گەنجینەیە، ئەوە شێوازی (معمول بە) کە ئیشەکان تەنفیز ببن و تەکمیلە ببن، لاپەڕە 27، 18، پێشنیار دەکەین، راپۆرتی لیژنەی دارایی پێشنیار دەکەن ماددەی 35 لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2013 لاببرێت، چونکە بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، وابزانم ئەوە زیاتر پەیوەندی بە هەموو بودجەوە هەیە، باسی تەبەعاتی مالیە کرا، پەرلەمانی بەڕێز باشتر دەزانێت، لاپەڕە 28، چوارەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی، لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، دیارە ئەصڵی پرسیارەکە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێریە، لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ڕێژەیەکی زۆر کەم تەرخان دەکرێت بۆ بواری کشتوکاڵ، بۆ نموونە لەنێوان ساڵانی 2007 بۆ 2012 و، هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم تەنها بڕی 5 ملیار تەرخان کراوە بۆ بواری کشتوکاڵ، کە ڕێژەیەکی زۆر کەمە، پەرەپێدانی پارێزگا بەتایبەتی لە ساڵانی رابردوودا شێوازی خەرج کردنی پارەکان بە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگار بووە، ئەوە 2 ساڵە کە وەزارەتی پلاندانان لەسەر فەرمانی بەپێی یاساکانی بودجەی 2 ساڵی رابردوو، وەزارەتی پلاندانانیش هاتووەتە سەر خەت، ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، کە موتابەعەی تەنفیز، موتابەعەی ڕیزبەندی لیستی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان بکات، ئێمەش ئەو تێبینیەمان بە پەسەند وەرگرتووە و، بە باشی دەزانین ئیجرائات و، هەر ڕاستەوخۆش لیژنەکە ئەو پێشنیارەی کردووە، ڕاستەوخۆش کێشەکەمان چارەسەر کردووە، دوای تەفاسیلی چارەسەرکردنەکەش دێینە سەری، هەرچەندە پەرەپێدانی پارێزگاش خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێك با بڵێین ئەهدافی تایبەتی هەیە لەو پرۆژانەی کە سەریعن، لەو پرۆژانەی کە خزمەتگوزاری موباشر بە هاووڵاتی دەگەیەنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەقە بە ڕێژەیەکی موناسب کەرتی کشتوکاڵیش لەبەرچاو بگیرێت، لە لاپەڕە 28، حەوتەم راپۆرتی لیژنەی دارایی پرسیار لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، بڕی 191 ملیار دینار تەرخان کراوە، بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکان، بڕی تەنها 50 ملیار دینار تەرخان کراوە، ئەم پارەیە تەنانەت بەشی ئیحالە کردنی پرۆژەی ئاوی شەمامك ناکات، نەك پرۆژە ستراتیجیەکانی وەك بەنداوەکانی تەق تەق و مەنداواو دێرەلووك...هتد، وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە یەکێك لە بنەماکانی تەرخان کراوی بودجەی ساڵی

(2013)ی هەر سێکتەرێك، یەکێك لە بنەماکانی ڕێـژەی خـەرجی وەزارەتەکە بـووە لـە سـاڵی 2011، کە دوایی بە تەفسیل شەرحی دەکەم، کە ئەساسەکە چۆنە، لـە سـاڵی 2012 وەزارەتـی کشـتوکاڵ 202 ملیـاری هـەبوو، ئـەم بـڕەی کـە ئێسـتا ئەمسـاڵ 191 ملیـار کـە باسـی دەکـرێتن و، ئـەو پرۆژانـەی کـە بـە نموونـە هێنـراون، کە ئایا چۆن دەکرێت ئەمانەی پێ تەنفیز بکرێـت، بـەعزێك لەوانـە تـەنها ئێسـتا لـە مەرحەلـەی دیزایندان دەبێت پارەی بۆ تەخسیس بکرێت، بۆ دیزاینی ئەو پرۆژانـە، پرۆژەکـانی کشـتوکاڵ ئەگـەر باسـی جانبی ئاو بکەین، ئەگەر باسی جانبی بەنداو بکەین، ئەمانە بە دیزاین هەموو شتێك دەبێـت 100٪ کامـل بێتن، ئینجا دەبێت داخلی ختوەی تر بیت، ئەمـە وەکـو دروسـت کردنـی بینایـەکی ئەوەنیـە، بـەڵام ئەگـەر پرسیارەکە ئەوەیە بـیر لەچـی کراوەتـەوە بـۆ کشـتوکاڵ، کـە پـرۆژەی سـتراتیجی ئـەنجام بـدرێتن؟ مـن هـەر لێرەوە بە سەراحەت بە بەڕێزتان بڵێم خۆ بودجەکە لەبەر دەستی خۆتانە، ژمارەکانیش مەوجودن، ئەگەر پرۆژەی بەنداوێك 1 ملیار دۆلار تەکلیف بکات، تۆ 4 ملیار دۆلارت هەبێت نەك ئەمساڵ، ڕاستە لە 1 ساڵدا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام با بڵێین تەنها یەك بەنداو ئەگەر بۆ 3، 4 ساڵێك هەر ساڵێك 300 ملیۆن دینـاری بۆ دابنێین، هەم دیسان مومکینە کارێکی زەحمەت بێت و، خەڵکی تریش پێشـی ئێمـە لـەو وڵاتانـەی کـە بـا بڵێین لە وڵاتێکی وەکو تورکیا، کە کۆمەڵێك لەو پرۆژانە هەن بە حەقیقەت دەوری کەرتی تایبـەت و قـروز یارمەتی داون، ئەگینا ئیحتیاجە هەنووکەیەکانی هەرێمی کوردستانی ئێسـتا، دوایـی دێینـە سـەر بۆچـوونی ئێمە، بۆچوونی حکومەت لەسەر ئەولەویەتەکان و چەندین کولفەیان بەم بڕە پارەیەی کە هەنـدێکجار نـاو لێ دەنرێت بودجەی زەبەلاح، مومکینە زەبەلاح بێت موقارەنەتەن بە 92، بەڵام زەبەلاح نیە موقارەنەتەن بە ئیحتیاجاتی هەرێمی کوردستان و بونیەی تەحتی هەرێمی کوردستان، کە قـەت وجـودی نـەبووە ئـەوەی کە هەش بووە تێکدراوە لە خیلالی 50 ساڵ با بڵێین، لاپەڕە 29، دەیەم ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پرسیارەکە ئەوەیـە وابـزانم هـەر پەیوەندیداریشـە بـەوەی پێشـووتر، جـەخت دەکەینـەوە کـە لـە بـواری پرۆژەکـانی بەرهەمهێنان، بودجەی پێویست دابین بکرێت بۆ جێبەجێ کردنی پـرۆژە گـەورەکانی ئـاودێری، بەربەسـتە گەورەکان لە ڕێگای قەرزی نێودەوڵەتی و درێژخایەن و، یـان وەبـەرهێنان و، یـان هـەر داهـاتێکی تـر، وەڵام، ئێمەش تەبیعی تەئیدی ئەوە دەکەین، بە فەرمیش تەکلیف کراوین، کە هـەوڵ بـدەین و پەیوەنـدی بکـەین لەگەڵ بانکی نیودەوڵەتی، لەگەڵ بانکی جیهانی بابڵێین (وەڵف بانك)، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك بانکەکانی تر، کە ئیحتمالی ئەوەی هەیە بتوانن موشارەکە بکەن، وەکو موشـارەکەی قیتـاعی حکومی لەگـەڵ قیتـاعی خاص، چ وەکو قـەرزی درێژخایـەن ، بـە PUPPLIC BRIVED PART NASHP) بێت، یـان بـە (بیۆتی) بێت. لاپـەڕە 29، ،11 داوا دەکـەن بـە دروسـت کردنـی سایلۆکان لەسـەر وەزارەتـی کشـتوکاڵ، کـە نزیکەی 4 ساڵە هەندێکیان لە بودجەدا پارەیان بۆ تەرخان دەکرێـت، بـەڵام نەچـووینەتە بـواری جێبـەجێ کردنەوە، هەروەکو هەندێك لە بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمانیش ئاماژەیـان پێـدا، ئێمـە لـە کـۆی زیـاتر لـە 2500 ئەو پرۆژەیەی کە هەمانە، بەعزێك بوار هەیە، بەعزێك سـێکتەر هەیـە، هەنـدێك پـرۆژەش هەیـە، کە تووشی تەئخیر بووە، هەندێکی کێشەی لەسەرە، ئەوە هەر خۆمان هێنامان وەکو خۆی عەرزمان کردووە،

زۆربەی لیجانی مەعنیش وابزانم کە موتابەعەی ئەم کارانەیان کردووە، تەفاسیلی ئیشەکانیش دەزانن، بەنیسبەت سایلۆکانیش سەر بودجەی بازرگانی و پیشەسازی، ساڵانی رابردوو بودجەی بۆ تەرخان کرابوو، بەعزێك جار بەهۆی گۆڕینی شوێن و، پشکنین و خول و ئیحالە کردن کاتی بردووە، بەعزێك جاریش بەهۆی ئەوەی کە کێ باشترە، ئەو سەریع ترە، بۆئەوەی پێش مەوسمەوە ئەوانە ببێتە جیهەتی مونەفیز، بووەتە هۆی دواکەوتنیان، لە ئێستادا سایلۆی هەولێر تەواو بووە، سایلۆی سلێمانیش ئیحالە کراوە، ئەوانەی تریش لە پرۆسەی تەندەرینن، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش کار لەسەر ئەوە دەکات ئێستا، بۆئەوەی کە تەجاوزی بەعزێك رۆتین بکرێتن، بۆئەوەی بە زووترین کات دەست بە دروست کردنیان بکرێتن، ئەوانەی کە ماون، لە کۆتاییدا کە تەواو بوو وەزارەتی کشتوکاڵ سوودمەند دەبێت، چونکە پرسیارەکە لەسەر ئەوە بوو کە بۆچی وەزارەتی کشتوکاڵ، لە وەزارەتی کشتوکاڵ نیە، لاپەڕە 31، جیم، ئەوە پەیوەندی بە بودجەوە هەیە، لاپەڕە 31 راپۆرتی لیژنەی دارایی دوا برگە پرسیار پێشنیار دەکەن، کە پرۆژە بچووکەکان راستەوخۆ لەلایەن وەزارەتەکانەوە جێبەجێ بکرێت، بەهۆی ئەوەی هیچ بەڵێندەرێك وەریان ناگرێت، وەڵام زۆربەی وەزارەتەکان پەیڕەوی ئەوە دەکەن لە حەقیقەتدا بەتایبەتی ئەوانەی کە پارەیان، گوژمەیان لە 1 ملیار دینار کەمتر بێت، تەنانەت فەرمانیشی پێ دەرچووە کە تەئکید کراوە لەسەر ئەوە لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمەوە، بەڵام هەندێك وەزارەتیش هەن وەزارەتی هەندەسی و تەنفیزی نین، بۆ نموونە وەزارەتی ئەوقاف، بەعزێك وەزارەتی تریش، کە پرۆژەیان دەبێتن لەو رێنجە مومکینە ئیمکانیەتی تەنفیزی موباشریان هەر نەبێت، یەعنی ئەو کادیرەو ئەو ئیمکانیەتە فەنیە مەوجود نەبێتن، ئەمەش کۆمەڵێك شتن لەناو کاروباری حکومەت دا هەن، رۆژانە ئێمە هەوڵ دەدەین دائیمەن چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، لاپەڕە 32، یەکەم پرسیار، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمانی بەڕێز، پێشنیار دەکەن بۆ ساڵی 2013 دابینکردنی بڕە پارەیەك بۆ دروست کردنی پرۆژەکانی ژێرخانی وەرزشی هەمەجۆر لە پارێزگاکان، گرینگی بدرێت بە دامەزراندن بۆ کۆمەڵگەی رۆشنبیری و بنکە وەرزشیەکان، ڕەچاوی رێژەی دانیشتوانی ناوچەکان بکرێت، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چونکە جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی دابەشکردنیان، وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیارەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە، لە بنکەی وەرزشی لاوان و یاریگا بە هەموو جۆرەکانیەوە، دروستکردنی هۆڵی داخراوی وەرزشی لە هەر سێ پارێزگاو ئیدارەی گەرمیان، هۆڵی ئۆڵۆمپی کە لە ژێر جێبەجێ کردن دایە، ساڵی 2011 لەلایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە 20 ملیار دینار تەرخان کرابوو بۆ ژێرخانی وەرزشی، کە بەشێکی چووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لە ساڵی داهاتووشدا ڕەچاوی زیاتری دەکەین و، لەم ساڵیشدا ئەگەر هەر دەرفەتێك هەبوو ڕەچاوی ئەوەش دەکەین، هەرچەندە من موتەئکیدم کە بەڕێز کاك شێردڵ بەوەش ڕازی نابێت، لاپەڕە 33، یەکەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی، پشتگیری لە ماددەی شەش پرۆژە یاسای بودجە دەکەم بە تەرخان کردنی بڕی 120 ملیار بۆ بەرنامەی تواناسازی، تێبینی لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە کە تەنها برگەی ناردنە دەرەوەی خوێندکاران جێبەجێ دەکرێت،

لەو بەرنامەیە بەبێ ڕاهێنان و توێژینـەوە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم بڕێـك لـەو پـارە تـەرخانکراوە ئاراسـتەی توێژینەوەی زانستی بکرێت، پلانێك دابنرێت بۆ پرۆسەی ڕاهێنـانی فەرمانبـەران و مامۆسـتایان، پێویسـتە پرۆسـەی تواناسـازی ڕەچـاوی پسـپۆڕیەتی و پێداویسـتیەکانی وەزارەت و حکومـەتی هـەرێم بکـەن، بـەپێی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك، تێبینی لیژنە ئەوەیە کە ڕێژەی پارێزگای دهۆك زیاتر بووە، پێویستە بۆردی بـاڵا ڕاپـۆرتی سـاڵانە لەسـەر جێبـەجێ کردنـی بەرنامـەی تواناسـازی ئامـادە بکـات، پێشـنیار دەکـەم حکومەتی هەرێم کۆمەکی دارایـی بـۆ قوتابیـان و خوێنـدکاران بکـات، بـۆ درێـژە دان بـە خوێنـدنی بـاڵا بـە شێوەی بەخشین، پێشینە، قەرزی خوێندن، بە ڕێنماییەك ڕێك بخرێت، وەڵامی ئێمە ئەوەیە کـە بەرنامـەی تواناسازی ئەساسەکەی با بڵێین لەناو یاسای بودجەی حکومەتی هەرێم لە پەرلـەمانی کوردسـتان، لـە ساڵی $2010$ پەسەند کـرا، کۆمـەڵێك ئالیـاتیش موعـەرەفی کـرا میکـانیزم بـوو، ئـەوەی کـە چـۆن پیـادە بکرێـت، لیژنەیەکی باڵا لەناو حکومەت بۆ ئەوە دامەزرا و، کارەکانیش ڕاسپێردران بە هـەردوو وەزارەتـی خوێنـدنی باڵا و وەزارەتی پلاندانان، شێوازی قبوڵکردنیش لە هەردووولا بـەپێی ڕێنماییـەك دەرکـران، بەشـێوازێك کـە وەزارەتی پلانـدانان ئـەرکی نـاردنی یـان ئیختیـار کردنـی کاندیـدەکانی حکومـەتی لـە ئەسـتۆ گـرت، هـەموو مۆزەفینی حکومەت، دامودەزگاکانی حکومەت بێجگە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ بەرنامەی تواناسازی لە ڕێگای وەزارەتی پلاندانانەوە تەقدیمی بەرنامەکەیان دەکرد، وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆی با بڵێین خـەڵکی تر کە دامەزراوی حکومەت نەبوون یان کە خەڵکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بوون، لە ڕێگای وەزارەتی خوێندنی باڵاوە تەقدیمیان دەکرد، وەرگیراون هەتا ئێستا لە خیلالی ئـەم $3$ سـاڵە نزیکـەی زیـاترە لە $4300$ کەس، لەمانە نزیکەی $1300$ کـەس لـە وەزارەتـی پلانـدانان وەرگیـراون، کـە ئـەوانیش کاندیـدی هـەموو وەزارەتـەکانن بـە پەرلـەمانی کوردستانیشـەوە، سـەرۆکایەتی حکومەتـەوە، کـە ئـەو فەرمانبەرانـەی فەرمانبـەری حکـومین بـەپێی میکانیزمێـك، لـە ڕێگـای موئەسەسـەکانی خۆیـەوە پێشکەشـی بەرنامەکـەیان کردووە، تەقدیمی بەرنامەکەیان کردووە، لەلای ئێمە لە وەزارەتـی پلانـدانان بـۆ ئـەو $1300$ کەسـە ڕێـژەی دانیشتوان وەکو هەولێر و سلێمانی و دهۆك بەوشێوازە لەلای ئێمە تەتبیق نەکراوە، چونکە مومکینە ژمارە مۆزەفین ئەصڵەن لە هەولێر، لە سلێمانی و لە دهۆکیش زیاتر بن، بـە حـوکمی ئـەوەی وەزارەتـەکانی لێیـە، سەرۆکایەتیەکانی لێیە، ژمارەی فەرمانبەریشی زیـاترە، ئێمـە مەقاعیـدمان داوە بـە وەزارەتـەکان و، بـەپێی ئەوە تەوزیع بوون، لە وەزارەتی خوێندنی باڵا مەعادەلەیەك هەبوو، کە بۆ ئەو $3$ هەزار کەسەی لـە ڕێگـای ئەوانەوە وەرگیراون یان زیاتر لە $3$ هەزار کەس، کە ڕێژەیەك بۆ پارێزگاکان دابنرێـت، مـن لـەم لەحزەیـەدا بە دەقیقی مەعلوماتم نیە کە ڕێژەی ئەوان بە حەقیقەت چەندە، ئـەو پرسـیارە مەصدەرەکەی لـە کوێیـە، چونکە مومکینە تەعقیبی لەسەر بکرێت، بەهەر حاڵ بەرنامەکە، پرسیارێکی تر ئەوەیـە کـە بۆچـی دەرگـا ناکرێتەوە بۆ قـەرز لەسـەر ئـەو بەرنامەیـە؟، بەڕاسـتی خـۆی فکـرەی قـەرز مومکینـە تەنانـەت لـە فکـرەی مینحـە باشـتریش بێـت، عیلمـی تـریش بێـت وەکـو هـەموو وڵاتـانی جیهـان تەشـجیعی خـەڵك بکـرێتن بـۆ خوێنـدن، بـەڵام ئیلتـزامێکیش دروسـت ببێـت لەلایـەن تـەرەفی موقابـل، بۆئـەوەی شـتەکە بکەوێتـە قـالبی

ئیلتزامێکی موتەبادلی هەردوولا، بەڵام لەحەقیقەتدا ئەو پێشنیارەی کە ئێستا کراوە، لەم وەختـەی ئێـستادا کە لە 4300 کەس، نزیکەی 2300 کـەس ئیلتحاقیـان کـردووە، 2000 کەسـی تـر بـە ڕێگـان کـە ئیلتحـاق بکەن یان کۆرسی زمان بکەن یان هێشتا دەست بە خوێندنەکەیان نەکراوە، لە هـەمان کاتـدا کـە تـۆ 2000 کەست هەیە، وا بەڕێگایە کە بڕوات، ئێمە کە دەڵێین بەرنامەکە بەردەوامـە باسـی تـەمویل کردنـی ئەوانـە دەکـەین، چـونکە 4300 ئەگـەر مەبلـەغێکی سـابت وەکـو ڕەقـەمێك وەربگـرین، دەبیـنین کـە ئیلتزامـاتی حکومـەت بەرامبـەری ئـەو 4300 هێشـتا هـەمووی جێبـەجێ نـەبووە و، ئیحتیمالـە 3، 4 سـاڵی تـری لازم بێتن، بۆئەوەی هەم تەمویل و هەم فەترە زەمەنیەکە ئەوانە بگەن بە ئامانج، ئەگەر لە هەمان کاتدا کە تۆ ئەوانـە بـە ڕێگـاوە هـەن بەرنامەجەیـەکی قـەرز بکـەی، خـەڵکێکت دەبێـت لەلایەکـەوە قـەرزیان دەدەیـێ، خـەڵکێکی تریشـت هەیـە لەلایەکـەوە کـە پارەکـەیان دەدەیتـێ وەکـو منحـە، کـە ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا ئیزدەواجیەتێك دروست دەکات، حەتمەن دەبێتـە باعیسـی کێشـە، دەبێتـە باعیسـی فـەرق و جوداییـەك کـە هیچ مو بەڕڕێکی نابێتن، ئەمە کاتێـك دەکـرێتن، کاتێـك دەسـت پـێ بکرێـت کـە ئـەم پرۆژەیـە، ئـەم 4300 کاندیدە کە هەر هەموویان حەتمەن ئەوانەی تریش موستەحەقی یارمەتین، بەڵام کە ئەوانە دەکەونە سەر سکەیەك بۆئەوەی تۆ بتوانی بەنارمەجەکە بەشێوازێکی تر دەست پێ بکەی، لەبەرئەوە ڕەئی ئێمە ئەوەیـە بەرنامەجەکە بە هـەمان شـێوەی خـۆی بـەردەوام بێـت بەتایبـەتی ئەوانـەی کـە هـەن، چـونکە لـۆدێکی زۆر دروست بووە، زەختێکی زۆر دروست بـووە، تەنانـەت لەسـەر دامودەزگاکـانی حکومـەت و ئـەو لیژنانـەی کـە چەکیان بۆ ئیمزا دەکەن، پارەیان بۆ تەحویل دەکرێت، کۆمەڵێك کێشە هەر تەنانەت لەوەش دروسـت بـووە کە دەبێت جارێ چارەسەر بکرێت، لەبەرئەوە ئێمە بە پەسەندی نازانین کە لە ئێستادا، کـە ئێمـە هێشـتان ئەو بەرنامەیەمان بەدەستەوەیە، هەستین بـە مـوازی لەگـەڵ بەرنامـەجێکی تـر بـە شـێوازێکی موختـەلیف دەست پێ بکەین، لاپەڕە 33، دووەم ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی، پرسـیار سـەرنج و تێبینـی لیژنـە دەربـارەی ماددەی حەوت، برگەی یەك بەردەوام بوونی حکومەت لەسەر هەڵمەتی دروستکردنی بینای قوتابخانەکان

أ- بڕی 120 ملیار دینار تەرخان بکرێت.

ب- بە مەبەسـتی بـەردەوامی هەڵمەتەکـە پێویسـتە پلانێکـی سـتراتیجی هـەبێت، بـەڕێز وەزیـری پـەروەردە ئاماژەی بەوە داوە پێشتر، کـە پلانێکـی سـتراتیجی 10 سـاڵە هەیـە بـۆ دروسـتکردنی 2000 قوتابخانـە، بـە ژمـارەی 200 قوتابخانـە بـۆ هـەر سـاڵێك، وەڵامـی ئێمـە ئەوەیـە کـە بودجـەی هەڵمـەتی نیشـتمانی بـۆ دروستکردنی قوتابخانەکان، لـە سـاڵی 2011 بـڕی 150 ملیـار دینـار تـەرخانکرا، سـاڵی 2012 بـڕی 120 ملیار بـوو، کـە دەڵـێم سـاڵی 2012 لـە حەقیقەتـدا بـە عەمـەلی مەبەسـتی هـەموومان ئەوەیـە، کـە مـانگی حەوتی 2012 کە دەکاتە 6، 7 مانگ لەمەوپێش، لەبەرئەوە ئەوە بێجگە لەو قوتابخانانەی کە لەژێر ناوی هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە ناویان هاتووە، ژمارەیەکی تری زۆری قوتابخانەش هەن کە لە بەرنامەجی ئیعتیـادی وەزارەتـی پـەروەردەدا هـەن، کـە دوایـی دێینـە سـەر تەفاسـیلیان، کـە کـۆی گشـتی بـە هـەموو چالاکیەکانی وەزارەتی پەروەردەوە چ لە ئەوانەی 2011 کە تەواو نەبوون هەتا ئێستا، چ ئەوانـەی 2012

که دەسپێکراون یان دەست پێنەکراون، چ لەوانەی کە وەزارەتی پەروەردە لە خارجی هەڵمەتەکە هەیەتی، ئێستا زیاتر لە 510 قوتابخانە لەژێر دروست کردندایە، لەبەرئەوە ئەمساڵ کە ئەو بڕە دانەنرا لەسەر ئەو ئەساسە بوو، بۆئەوەی دیسانەوە بارقورسیەك دروست نەبێتن، لە ناحیەی تەنفیزیشەوە ئەمانەی کە هەن بکرێت بە شێوازێکی باشتر موتابەعە بکرێت، هەروەها لەبەر مەحدودیەتیش تەبعەن ئەویش هەر عاملێکی موشتەرەکە لە هەموو حاڵەتەکاندا کە باسی دەکەین، لاپەڕە 34، پێنجەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، بڕی 25 ملیار دینار کە لە بودجەی تەواوکاری هاتووە، نازانم مەبەست چ تەواوکاریەکە؟ بخرێتە سەر بودجەی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا بەم شێوەیەی خوارەوە، تەبیعی دەکرێت دوایی لەگەڵ بەڕێزان لە لیژنەی دارایی تەنسیق بکەین، ئەگەر مەخسەدیان شوێنێکی موعەیەنە و، مومکین بێتن ئێمە پێشنیارەکەمان پێ باشە

أ- بڕی 20 ملیار دینار بۆ وەزارەتی پەروەردە، بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان.

ب- بڕی 5 ملیار دینار بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، بۆ پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی.

ج- سەبارەت بە پرۆژەکانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، پێیان باشە هەردوو وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان پابەند بن بە تەواو کردنی پرۆژەکانیان، لەکاتی یاسایی دیاریکراودا، هەردوو وەزارەت لێ پێچینەوە بکەن لەگەڵ لایەنی جێبەجێکار، کە لەم حاڵەتە تەبیعی کەرتی تایبەتە، لەڕووی مەرجەکانی ئەندازیاری، هونەریدا لە گرێبەستەکاندا.

ء- سەبارەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، داواکارن کە بڕێکی گونجاو لە بودجەی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و کاروباری کۆمەڵایەتی تەرخان بکرێت، بۆ بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت بە مامۆستایان و قوتابیانی ئەو بوارەو، خزمەت بە پەیمانگاکانی نابینایان و نابیستایان و سەنتەری ئۆتیزم، پەرەپێدان و گرینگی دان بە کۆمەڵەکانی چالاك لەبواری خزمەتگوزاری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، پێشنیار دەکەن کە بەشی پسپۆری بۆ پەروەردەی خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێتەوە لە زانکۆکان و، بودجەی پێویستی بۆ دابین بکرێت، وەڵام ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارەی بەڕێزتان دەکەین، بەو شێوازەش بابڵێین لە بەرنامەکانی ئەگەر هەتا ئێستا ئەوانە کە وترا بە هیچ شێوەیەك ڕەنگدانەوەیان نەبووبێتن لە بەرنامەکانی وەزارەتی پەروەردەو، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەگەر بەڕێزیشتان بەشێوازێکی موعەیەن ئەو تەرحەی کە کراوە بکرێتن، ئێوە ئاماژەتان بە مەصدەرێك داوە وەکو مەقاسەیە تەسەور دەکەم، ئیحتیماله مەخسەتتان ئەوە بووبێت، بە هەر حاڵ ئێمە پشتگیری ئەو پێشنیارانە دەکەین، ئێوە هەر شێوازێکیش بە باش بزانن کە مومکین بێتن ئێمە تەنفیزی دەکەین، لاپەڕە 36، یەکەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، دەڵێت لیژنە پشتگیری لە پێشنیاری بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکات، دەربارەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان لە ڕیزبەندی 1 و 2 و 3، کە بڕی پارەکەی 5 ملیار و 10 ملیۆن دینارە، تەرخان بکرێت بۆ ڤیرتاوکردنی کۆڵانەکانی ئۆردوگای کەلەکچی و، هەروەها لیژنە پشتگیری لە داواکاری بەڕێز وەزیری شارەوانی دەکات، کە هیچ بەشێکی بودجەی وەزارەت کەم نەکرێتەوە،

ئەم بابەتە لیژنە لێرە دەرجی کردووە، ئەوە بابەتی موناقەلاتە، لەبەرئەوەی ئەم پرۆژانە لە پەرلەمان بوون، کە ئەوان داوای موناقەلەیان کرد، ئێمەش پێمان وتن، وتمان ئەم پرۆژانە ئێستا لە پەرلەمانن، ئەگەر بتانەوێت موناقەلە بکەن، دەبێت بە علمی وەزارەتی لیژنەی دارایی بێتن، چونکە بە فەرمانێك هەتا لە تەئریخێکی موعەیەن، لە وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە تەعمیمێك کرابوو، کە موناقەلات ڕابگیرێت، کە مەبەست ئێمە بووین، کە موناقەلاتەکان ئەنجام دەدەین، ئێمە کێشەمان نیە لەگەڵ ئەوە تەنفیزی دەکەین، لاپەڕە 36، دووەم ، سێیەم پرسیاری راپۆرتی لیژنەی دارایی دەربارەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، وەزارەتی ناوبراو گلەیی لە حکومەت هەیە، کە وەزارەت خۆی حکومەتە، وەزارەت دیارە گلەیی لە ئێمە هەیە، کە گرینگی بە گواستنەوەو گەیاندن نادات بە فرۆکەخانەکانیشەوە، وەزارەت پێویستی بە 97 ملیار هەبووە بۆ پرۆژەکان، بەلأم تەنها بڕی 21 ملیار تەرخان کراوە بۆی، لەبەر کەمی بودجە چەند ساڵێکە نەتوانراوە هیچ پرۆژەیەك لە بواری گەیاندن، لە سنووری پارێزگای سلێمانی جێبەجێ بکرێت، خاڵێکی تر هەر هاتووە لە هەمان بابەت بەڕێوەبەری گشتی فرۆکەخانەی سلێمانی جەخت دەکات، کە پێویستیان بە سیستەمی ڕادار هەبووە، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2013 هاتووە بڕی 2 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە وەکو گوژمەی یەکەم، بەلأم بڕی تەواوی تێچووی پرۆژەکە بریتیە لە 22 ملیار دینار، لەبەر گرینگی پرۆژەکە لیژنەکە بە کۆی دەنگ پشتگیری لەم داوایە دەکات، بەشی یەکەم: کە بودجەی وەزارەت کەمە، دوایی دیسان بە تەفسیل عەرزی دەکەین کە بۆچی بودجەی وەزارەت کەمە ئەمە لەلایەکەوە، پێوەرەکە چی بووە، چۆن چۆنی ئەو رەقەمە داندراوە، ئایا هەر شتێکی ئیعتباتی بووە یانیش لەسەر ئەساسێکە؟.

دووەم: ئێمە ئەمساڵ بۆ یەکەمین ساڵە تەبعەن لە کاری حکومەتدا، لە کاری وەزارەتی پلاندانادا کە شێوازی ئیختیار کردنی پرۆژەکان و، دابەشکردنی پارەی هەبوو بەسەر پرۆژەکاندا، دەسەلأتی کاملمان دا بە خودی وەزارەتەکان، یەعنی ئێمە پێش وەقت تەنها پارەی سێکتەرەکانمان تەحدید کرد، بۆنموونە وتمان کە سێکتەری تەندروستی ئەوەندەی بە بەردەکەوێت، یان سێکتەری گواستنەوەو گەیاندن ئەوەندەی بە بەردەکەوێتن بەپێی هاوکێشەیەك، بەلأم دواتر داوامان کرد لەجیاتی ئەوەی کە وەکو هەموو ساڵێك بێن لەگەڵ ئێمە دابنیشن، یەك بە یەکی پرۆژەکان موناقەشە بکەین، ئەوان بۆچوونێکیان هەبێت، ئێمە بۆچوونێکی ترمان هەبێت، داوامان لێکردن کە خۆیان ئەولەویەت دابنێن، پارەکە خورد بکەنەوە بابلێین بەسەر پرۆژەکانیاندا، یەکەم شت تەغزیەی مەشارعی موستەمری خۆیان بکەن، دووەم شت ئەگەر مومکین بوو لەو بڕە پارەی کە ئێمە لە کۆی گشتیەکە ئیمکان هەبوو، شتێك دابنێن بۆ پرۆژەیەکی نوێ، ئەگەر ئیمکان نەبوو ئەوە هیچ دانانێن لەو حاڵەتە، دەوری ئێمە ئەوەبوو کە پرۆژەکان کە دەهاتەوە لای ئێمە، ئێمە تەئکیدێکی ئەوە بکەین، تەئکیدی چەند شتێکی ئەساسی بکەین، کە وەکو نەهج وەکو پۆلیسی حکومەت، یەکەم شت موراعاتی ئەو ئەساسەی ڕێژەی دانیشتوان وەکو دەڵێن شێوازەکە تێك نەچێت، شیرازەکە تێك نەچێت بەو شکلەی کە وەکو پرەنسیب داندراوە، هەرچەندە تەبعەن ئەوە 100٪ مومکین

نيه تەتبيق بكرێتن، نە لێرەو نە لە هيچ شوێنێكی تريش، كە وەكو يەك وەحدە سەيری بكەين، وەكو يەك وڵات يان وەكو يەك هەرێم، خاڵی دووەم تەدقيقی مەدا گرينگی ئەو هينانە، يەعنی نەك پرۆژەيەك بە هيچ مەنتقێك گرينگ نەبێت، لەپێشی پێشەوە بێت پارەيەكی زۆری بۆ تەخسيس كرابێتن، يانيش لەبەرئەوەی كە ئێمە بە حوكمی ماددەيەكی خۆمان، بەپێی ياسای ژمارە حەوتی ساڵی 2006 بەپێی ئەو ئەركەی كە پێمان سپێردراوە لە خيلالی ساڵانی رابردوو، تەجوربەی ئەوەمان هەيە كە بزانين تۆزێك دەقيق تربين لەوەی كە چەند مومكينە خەرج بكرێتن، تەداخول لەوە بكەين ئەگەر تەخسيسێكيان كەم و زياد دانابێت، وەزارەتی گواستنەوەو گەياندن بە نووسراويان ژمارە 5280 لە 2012/10/18 داوای گۆڕينی پرۆژەی فرۆكەخانەی سلێمانی دەڵێم ئەوەی ڕادار، داوای گۆڕينی ئەو پرۆژەی فڕۆكەخانەكەی كرد بۆ 4 پرۆژەی تر، بە گوژمەی مليارێك و 500 بۆ هەريەك لەو پرۆژانە، يەعنی خۆی 5 مليار بوو نووسراويان كردووە، داوايان كردووە بگۆڕێت بە 3 پرۆژەی تر، كە هەر لە هەمان سێكتەرە، لە هەمان پارێزگايە، وەزارەتی گواستنەوەو گەياندن داوايان كردووە كە پرۆژەكە بگۆڕێت بە 3 پرۆژەی تر، ئەم پرۆژەيە تەبعەن ڕاستە لەسەر داوای وەزارەت ئەوە كراوە، ئێمە لە وەختی خۆيدا كە داواكە هاتووە، هەندێك موبەڕرات دێت بۆ ئێمە بە شكلێكی تەبيعی، بەڵام ئێمە پەيوەنديمان نەكردووە بە خودی فڕۆكەخانەوە يان بچينە خوارتر تەفاسيل ئەو شوعبەيەی كە مەسئولی ڕادارە يان مەسئولی هەر شتێكە، بەڵام ئێمە كە بەدواداچوونمان بۆ كردووە، دوای ئەوەی كە تێبينی ليژنەمان بينی، ئێمە تەبعەن ئەو پرۆژانەی كە داندراوە ئێستا جارێكی تر هەموويان ئيلغا ناكەينەوە سەر لەنوێ، بەڵام چارەسەرمان بۆ بينيوە كە مەبلەغی پێويست بۆ ئەو چالاكيە دابنێينەوە، بۆ فڕۆكەخانەی سلێمانی، دوايش شەرحی دەكەم كە بە چ شێوازێك و لە كوێوە بۆئەوەی وازح بێتن، بەڵام ئێمە خۆمان لەو پرۆژانەدا پەيوەنديمان كرد بە لايەنی پەيوەنديدار لە فڕۆكەخانەی سلێمانی، لەسەر پێشنياری ڕاپۆرتی ليژنەی داراييش چارەسەرمان بۆ دۆزيەوە، لاپەڕە 39 پرسياری سێيەم پێويستە لە ماددەی 16 دەسەڵاتەكانی وەزيری دارايی ڕێگر نەبێت لەبەردەم جێبەجێ كردنی بودجەی وەبەرهێناندا، وەڵام ئێمەش پشتگيری دەكەين و، لەحەقيقەتدا ئەگەر دەسەڵاتێكی فەرميش هەبووبێتن، بەڵام شاهێدی ئەوە بدەم كە لە خيلالی 3 ساڵ و نيوی رابردوو وەزارەتی دارايی بەنيسبەتی زۆربەی وەزارەتەكان كۆسپ نەبووە، ئەگەر مەحدوديەت هەبووبێتن، ئەگەر شت هەبووبێت، ئەگەر بەعزێك ڕێنمايی هەبوو بێتن، كە پابەند بووبن، بەتايبەتيش جەنابی وەزير كاك شێخ بايز زۆر موتاعاون بووە، هەروەها جەنابی بريكاريش و هەموو ئەوانەی كە كارمان لەگەڵ كردوون، لاپەڕە 39، شەشەم پرسيار سەبارەت بە بڕگەی يەكی ماددەی 32 تێبينی كراوە بەپێی خشتەی پرۆژەكان ڕەچاوی ئەم ماددانە كراوە و، جێبەجێ نەكراون، هەروەها سەبارەت بە بڕگەی دووی ماددەی 32 دەبێت ڕاپۆرتەكانی وەزارەتی پلاندانان، يەك چۆن بێتن لەگەڵ خشتەی ڕاپۆرتی وەزارەتەكان، وەڵام بەڵێ باشە و بەسەرچاو ئەمە شتێكی لەجێگای خۆيەتی، بەڵام ئێمەش داوايەكمان هەيە لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ لە مەودواش كە ئەوانيش پشت بە يەك سەرچاوە ببەستن، يەعنی بۆ نموونە لە چەند ڕۆژی

رابردوودا، لە دوو هەفتەی رابردوودا چەند پرسیارێك كرا، مەسەلەن كە پرۆژەیەك هەبووە یان داواكراوە، بۆ ئێستا لە لیستەكان نیە؟، پرۆژەكە لەلای ئێمە قەت وجودی نەبووە، من دەزانم مەصدەری سوئالەكە لە كوێیە، لیژنەی یان ئەو بەڕێزە، ئەندام پەرلەمانە سەردانی وەزارەتێكی كردووە، وەزارەتەكە پێیان وتووە وتوویانە ئێمە ئەو پرۆژەیەمان هەیە، ئەم داواكاریەمان هەیە، بە وەزارەتی پلاندانانمان وتووە یان بە هەر شێوازێك كە تەرح كرابێت، بەتایبەتی ئەوانەی سالآنی پێشووتر، چونكە هی ئەمسالّ ئەو سوئالە هەر وارد نیە بەتایبەتی دوای ئەو میكانیزمە نوێیەی كە تەتبیقمان كردووە، بەلاّم بۆیە هەر باشترە ئێمە هەولّ دەدەین كە لەگەلّ دارایی تەقریبەن ئێستا دەتوانم بلّێم لە هەموو راپۆرتەكاندا، لە مەوقیفی پرۆژەكاندا، مەوقیفەكان موەحەدە، كە عەرزی دەكەین یەعنی ئیلتیباس دروست نابێتن، بەلاّم هەر ئێمەش ببینە سەرچاوەی ئەو مەعلوماتە، ئەو راپۆرتە وەرزیانەی كە ڕەوانەی پەرلەمانی دەكەین، هەر ئەوانەش ببن بۆئەوەی شتەكەش ببێت بە سیستەم بۆ دوای ئێمەش، ئەگەر كەموكورییەكیشی تێدابێتن ئیغنا بكرێتن، بۆئەوەی هەر 3 مانگ جارێك باشتر لێبكرێن، ببنە مەصدەری مەعلوماتی تەبیعی نەك سەرچاوەی تر زۆرە ئیحتماله دەوائیر و مودیریاتی عامە، وەزارەتەكان، لاپەڕە 40، هەشتەم لە راپۆرتی لیژنەی دارایی پێشنیار دەكەن، كە ئیعلان و فەتح و تەحلیل و ئیحالە و عەقد لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی سەر بە وەزارەتەكان ئەنجام بدرێت، تەنها پرۆژەكانی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە پارێزگا ئەنجام بدرێت، وەلاّم خۆی ئەگەر حالّەتێك هەیە كە تەندەر و ئیحالە لە پارێزگاكان كراوە، یان بەتایبەتی تەندەر و فەتح و تەحلیل با بلّێین بۆ پرۆژەكان، ئەسبابی موجەبەی خۆی هەبووە، یان ئەسبابی هەبووە، لەبەرئەوە نەبووە كە دەسەلاّتێك لە شوێنێك نەمێنێت، بە عەكسی ئەوەشەوە ئەگەر هەر وەزارەتێك تەقریبەن ئیمكانیەتی ئەوەی هەبێتن و، بیەوێت ئەو پرۆسەی ئیعلان و ئیعلانی تەندەر و فەتحی تەندەرو تەحلیل و ئیحالە و ئەوانەش بكاتن، هیچ مانعێكی قانونی نیە، ئێمە تەوسیەكە دەخەینە بەر دەست ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر موفەسەل تریش بێت تەوسیەكە، بە دەقیق تریش بێت، چ فەرمانگایەكە، چ شوێنێكە، چونكە زۆربەی وەزارەتەكانیش لە خیلالی ئەمسالّی رابردووش، با بلّێین ژمارەیەكی زۆر یان كەمیەكی زۆری دەسەلاّت دراوە بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكان و فەرمانگاكان لەسەر ئاستی تەنانەت پارێزگاكانیش، كە بتوانن تۆزێك ئەو پرۆسەیەی دواكەوتن یان هەندێكجار ئەو تموحەی كە ئێمە هەمانە و جێبەجێ نابێتن تەنفیز ببێت، لاپەڕە 41، یەكەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی، پێویستە لەسەر حكومەتی هەرێم پابەندی ماددەی چواری هەمواركراو لە یاسای ژمارە (16)ی سالّی 2011 بێت، بۆ دابین كردنی برێك پارە لە بودجەی سالآنەی هەرێم، بۆ دابین كردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ هاوولاّتیانی كەمدەرامەت، وەلاّم ژمارەی یەكەی نیشتەجێبوون ئەوانەی كە لە لیستی پرۆژەكان، كە لەبەردەستی بەڕێزتانە، كە لەژێر جێبەجێ كردن دایەو 300 ملیاری بۆ تەرخان كراوە، بە خزمەتگوزاریەكانیشەوە بۆ سالّی 2012، ئەوە لە بەردەوامەكان هەولێر (1716) یەكەی نیشتەجێبوون، سلێمانی (2272) یەكەی نیشتەجێبوون، گەرمیان (345) یەكەی نیشتەجێبوون، دهۆك (868) یەكەی نیشتەجێبوون، كۆی گشتیان دەگاتە (5201) یەكەی

نیشتەجێبوون لە پرۆژە بەردەوامەکان، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانیشدا (1700) یەکە بۆ هەولێر، (2150) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ سلێمانی، (1150) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ گەرمیان، مەبەست لە یەکەی نیشتەجێبوون خانووە یان شوقەیە، هەروەها (1150) یەکە بۆ دهۆك، بە گوژمەی گشتی هەر چوار پارێزگا (257) ملیار دینار، کە ئەمانیش کۆی گشتیان دەکاتە (5) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا، کەواتە بەردەوام و پێشنیار (300) ملیار دینار لە بەردەوام بووە، (257) ملیار دیناریش لە پێشنیارکراوەکانە کە دەکاتە (557) ملیار دینار، کە دەکاتە نزیکەی نیو ملیار دۆلار، ئەگەر بە دۆلار حیسابی بکەین، یەکەکانی نیشتەجێبوونیش کۆی گشتیان دەکاتە زیاتر لە (10) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، کە هیواداریـن حەدی ئەقسا هەتا ناوەڕاست یان نیهایەتی ساڵی 2014 هەموویان تەواو بن، حەتمەن هەندێکیان زووتر تەواو دەبێتن، بەلاّم مەخسەدم کە هەر هەموویان وەکو تەسفیە، لاپەڕە 41 ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پرسیار، لیژنە تێبینی کردووە کەوا دروست کردنی بینای پەیمانگای دادوەری، لە چوارچێوەی پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2010، 2011 هاتووە، لە چوارچێوەی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2012دا هاتووە تاکو ئێستا کاری لەسەر نەکراوە، گواستراوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، بە ڕەزامەندی وەزارەتی پلاندانان، لەکاتی ئێستادا کاری ئەم پرۆژەیە لە قۆناغی ئیحالە کردنە، ئەوە پرسیارەکەیە، بۆیە تاکو ئێستا بیناکە یان پرۆژەکە تەواو نەبووە، هەروەها لیژنە تێبینی کردووە تاکو ئێستا دوو پرۆژە لە پرۆژەکانی ساڵی 2012، کە پەیوەندیدارە دەستی پێ نەکردووە، بەلاّم لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2013 هاتووە کە بریتین لە پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگا دادوەریەکان لە هەولێر، پرۆژەی فەرمانگەی تۆماری خانووبەرە لە قەزای ئاکرێ، وەلاّمی ئێمە ئەوەیە کە پەیمانگای دادوەری ئەمساڵ لەسەر ڕاسپاردەیان بەپێی فەرمانێك، بە نووسراوێکی فەرمی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر داوای بەڕێز وەزیری داد بە نووسراوی ژمارە (3834) لە 2012/7/10 گواستراوەتەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، دیزاینەکەشی تەواو بووە، ئەمساڵ بینایەکە دەست بە جێبەجێ کردنی دەکرێت، هەرسێ پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگا دادیەکان لە هەولێر، بینای بەڕێوەبەرایەتی تێبینیەکان لە ئاکرێ، لە سێمێل بە نووسراوی وەزارەتی داد ژمارە (5179) لە 2012/11/11 بۆ ئێمە، ئێمەش ڕەزامەندیمان داوە بە گواستنەوەی بە نووسراومان (6442) لە 2012/11/20 دیسانەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئێستاش لە بواری کۆتایی دیزایندان و، بانگەواز لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەدا، هەروەکو دیارە وەکو پێشتر باسمان کرد، کە ئەمە کێشەیەکە کە لە چەند ساڵی رابردوودا بووە ئێستا وا کەم دەبێتەوە، چارەسەر دەکرێت، ئەویش نەبوونی قابلیەتی فەنی یان تەنفیزی لەلایەن دەوائیری موختەسەوە، وەکو قەزا یان وەکو دائیرەیەکی عەدلی کە شتێکی تەبیعیە، مومکینە خەلەلەکە لەوەبێت لە ڕۆژی یەکەمەوە، کە ئەرکی تەنفیزەکە بەو فەرمانگا یان دائیرەیە، بەو وەزارەتە ڕاسپێردراوە، ئێستاش وا چارەسەر دەکرێت وەکو ئاماژەم پێدا بە نووسراوەکانیش چارەسەر کراون، لاپەڕە 43، سێیەم پرسیار لیژنە پێشنیاردەکات، گوژمەی تەرخانکراو بۆ سێکتەری تەندروستی زیاد

بكرێت، كـه بـەپێی سـتانداردی نێودەوڵـەتی پێویسـتە ڕێژەكـە 7٪، بـۆ ڕێـژەی نزیكـەی 10٪ بـەپێی ڕاسپاردەكانی كۆنگرەی نێودەوڵەتی، كە له هەولێر سازدراوە لە ساڵی 2011، پێشنیار دەكەم بودجەیـەكی تایبەت بۆ سـندووقی نەخۆشـی شـێرپەنجەش، ئێمـە وەك فەقـەرەی یەكـەم وابـزانم باسمـان كـرد، پێویسـت ناكات تیكراری بكەینەوە، چونكە دواتریش دیسان هەر ئەو پرسیارە هەیە لەلایـەن پرسـیارەكانی فـەردیش كە كراوە لەلایەن بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانـەوە، سـەبارەت بـە سـندووقی شـێرپەنجەش چارەسـەركردنی نەخۆشیەكانی شێرپەنجە وابزانم بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا، هـەمووومان بەیەكـەوە هـەوڵ دەدەین یەعنی هەر هەموومان پاڵپشتی ئەوەین كە بە هەموو شێوەیەك ئـەو سـندووقە (active) بێـت و، بتوانێت چارەسەری ئەو نەخۆشانە بكات، موتەئكید بن كە ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە بە هـەموو لایەكـەوە هەوڵ دەدەین، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی لاپـەڕە 44، پێنجـەم پرسـیار هـاتووە دەڵێـت پرسـیار دەكـەین لـە بەڕێز نوێنەری حكومەت، بڕی تەرخانكراو بۆ ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم بـە بـڕی 50 مليـار دینار تەرخانكراوە و، لە ساڵی 2011 ئـەم پرۆژانـە كـە جێبـەجێ كـراون یـان مـاون چـین؟ لیژنـە جـەخت دەكاتـەوە كـە موناقەلـە نـەكرێت لـەو گوژمەیـە، وەڵامـی ئێمـە بودجـەی ناوچـە كوردسـتانیەكانی دەرەوەی هەرێم، بەحەقیقەت لە سـاڵی 2011 بـڕی (50) ملیاریـان بـۆ تـەرخان كرابـوو، لـە یاسـای بودجـەی سـاڵی (2011)دا هاتووە، لە ساڵی 2012 هیچ گوژمەیەكی موحەددەد دیاری نەكرا لەناو یاسای بوجەكـەدا، جگـە لەوەی كە لەسەر بودجەی وەزارەتەكان هەندێك پرۆژەیان بۆ ڕیزبەند كـراوە، بـەڵام نـەك وەكـو پـاكێجێكی تایبـەت لـە بـوارە سـێكتەرە جیـا جیاكانـدا هەنـدێك پـرۆژە لـە سـاڵی 2012 جێبـەجێ كـران یـان لـەژێر جێبەجێ كردن دان، كە ئەوانەی لـەژێر جێبـەجێ كـردن دان ئێسـتا لـە پـرۆژە بەردەوامـەكان نزیكـەی 30 پرۆژەن، بە گوژمەی گشتی 32 ملیار دینار، لە پرۆژە پێشنیار كراوەكانی ئەمساڵ بۆ ساڵی 2013، حـەوت پرۆژە بە گوژمەی گشتی 4 ملیار دینار بۆیان تەخسیس كراوە، لـە پـرۆژە بەردەوامـەكانی بـا بڵێـین كـە لـە لیستی ساڵی پێشووتر كە مـاون بـۆ جێبـەجێ كـردن، لـە ناوچـە كوردسـتانیەكانی دەرەوەی هـەرێم دروسـت كردنی كە ماون ئەنجام بدرێن یان تەواو بكرێن، دروست كردنی قوتابخانەی 18 پۆلیە لە گەڕەكی سەوز لە جەلـەولا لـە سـێكتەری پـەروەردە، دروسـت كردنـی ئـاوەڕۆ بـۆ گـەڕەكی سـەوز لـە جەلـەولا لـە شـارەوانی و گەشتوگوزار، قیرتاوكردنی شـەقامی گشـتی كۆڵانـەكان لـە جەلـەولا، دروسـت كردنـی قەنتـەرێكی سـندووقی لتـاخی نـەورۆز سـەنتەرێ قـەزای شـنگال، دروسـتكرنا بینایـەتی پـەروەردێ دگـەل خـانی شـنگال، ئاڤـەكرنا قوتابخانەكە 18 پۆلی، ئامادەیی تل بەنات، قوتابخانەكە 18 پۆلی ئامادەیی سـێكتەری پـەروەردە لـە شـنگال، پـرۆژەی دروست كردنـی باڵەخانـەی راگرایـەتی و 12 هـۆڵی خوێنـدن لـە پـەیمانگای تـەكنیكی لـە شـنگال، دروست كردنـی بینایـەی بانـك لـە شـنگال، دروسـت كردنـی ڕێگـای گونـدی جـەم بـاهیڤ لـە دەڤـەری زومـار 2,8كـم، شـنگال، زومـار، دروسـت كردنـی 60 شـوقە لـە مـەخمور بـۆ هـاووڵاتی كەمدەرامـەت، كـە لـەژێر جێبـەجێ كـردن دایـە، لـە هـەولێر، لـە مـەخمور، دروسـت كردنـی تێبینەرایـەتی ئـەوقافی مـەخمور، دروسـتكردنی پـرۆژەی ئـاوی مـەخمور، كـە لـەژێر جێبـەجێ كـردن دایـە، دیراسـەت كردنـی پـرۆژەی ئـاوی

کوشافی مەخمور، ڕاکێشانی هێڵی کێبڵی (سی وسێ کەیڤی) بۆ تەواو کردنی هێڵی (سی وسێ کەیڤی) لە هەولێرەوە بۆ مەخمور، دروستکردنی بینایەی باخچەی ساوایان، سەنتەری ناحیەی دیبەگە کە قەولە بەم نزیکانە دەست پێ بکات، نۆژەن کردنەوە و دروستکردنی پۆلی زیادە لە هەندێك قوتابخانە لە مەخمور، دروستکردنی ناوەندی وەرزش و لاوان پلە 2 لە مەخمور، کە لە تەواو بوون دایە، دروستکردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە مەخمور، دروستکردنی قوتابخانەی 6 پۆلی لە قادریە، لە مەخمور کە لە نزیکی تەواو بوون دایە، دروستکردنی قوتابخانەی 6 پۆلی لە شورە زرتکە، لە مەخمور، هیوادارم ناوەکەم دروست گوت بێت، لە کۆتایی مەراحلی تەنفیز دایە، دروستکردنی قوتابخانەی 6 پۆلی لە شەمشوولە، لە مەخمور، پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی گوێڕ 9 گەڕەك و 2 گوند، دروستکردنی 2 هۆڵی بۆنەکان لە قەزای مەخمور، تەواوکردنی پرۆژەی ئاوی سمایل بەگی ڕێدار، شوان، کەرکووك، ناصر، تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگاکانی ناوەوەی گەڕەکی رزگاری، شوهەدا، توزخورماتو، دروستکردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە کەرکووك، گەیاندنی هێڵی کارەبا بۆ گەڕەکی ئاوارەکانی رەحیماوە لە کەرکووك، گەیاندنی هێڵی کارەبا بۆ گەڕەکی پەنجا عەلی، لە کەرکووك، گەیاندنی هێڵی کارەبا بۆ گەڕەکی باروت خانە لە کەرکووك، ئەوانە ئەو پرۆژانەن یان ئەوانە لەژێر جێبەجێ کردن دان یان لە تەواو بوون دان و، یان دەست پێ دەکەن، بۆ ئەمساڵیش لەناو پرۆژە پێشنیار کراوەکاندا، دروستکردنی قوتابخانەی 9 پۆلی لە سەنتەری قەزای مەخمور، دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی ئەیلول لە کەرکووك و، چەندین پرۆژەی تریش، لە ساڵی 2013 لە پرۆژە یاسای بودجەدا، هەرچەندە مومکینە هەندێك شت کە وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەم پێدا، کە باسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم دەکرێت، بەو مەحدودیەتەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بە کەمتر لە 11٪ کە مەفروز بوو 17٪ بێت لە بەغداوە، بە هەموو ئەو ئیحتیاجاتانەی کە هەرێم هەیەتی، بار قورسی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش کەوتووەتە سەر هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە حکومەتی ناوەند، وەزارەتەکانی فیدرال چ ئەوانەی با بڵێین لە ڕێگای تەنفیزی دامودەزگاکانی خۆیانەوە، چ ئەوانەی کە لەڕێگای پارێزگاکانەوە یان بە ئەسبابی ئەمنیش بێت، خزمەتەکان پێشکەش بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەشێوەیەکی موناسب نەکراوە، تەنانەت لەسەر میزانیەی تەشغیلیش، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو ئەرکەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، هەر لە قەزای سنجارەوە، لە شنگالەوە بگرین هەتا دەگاتە کفری و خانەقین، زۆربەی هەرە زۆری مامۆستاکانی ئەو ناوچانە مووچەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن و، ئەمە ناکرێتن موستەقبەلی ئایندەی قوتابیانی ئەو ناوچانە ببنە قوربانی ململانێ، چ ململانێی ئێمەو بەغدا، چ ململانێی هەر جۆرێکی تر، ململانێ لە بەینی مونافەسە لەسەر سێکتەرەکان یان لە هەر شێوازێکی تر، تەنها لە شنگال کە لە بارودۆخێکی ئابووری و بونیەی تەحتی و کۆمەڵایەتی زۆر خراپ دایە وەزعەکە، بە سەدا هەزار کەس تەنانەت موجەمەعی وا هەیە، کە ڕێژەی دانیشتوانی 40 هەزار کەسە بە تانکەر ئاوی بۆ دەبرێت، ئێستا وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، بە هەموو تیمی وەزارەت هەموو ئاسانکاریەکیان کردووە، زیاتر لە 2800 مامۆستای پەروەردە تەنها لە قەزای

شنگال مووچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، بەڵام ئەگەر بێینە سەر سێکتەرەکانی تر یان ئەگەر بێین باسی تەفاسیلی تر بکەین، ئەمڕۆ هەر ئێستاکە کە ئێمە لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستان دانیشتووین، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر میزانیەی تەشغیلی بەو داهاتە کەمەی کە هەیەتی بە بەراورد بە ئیحتیاجات، بە بەراورد بە ئیستحقاقاتی خۆشی 267 مێگاوات کارەبا دەدرێتە شاری کەرکووك، ساڵی 2012 زیاتر لە 500 ملیۆن دۆلار تەنها کولفەی کارەبای کەرکووك بووە لەسەر میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە مومکینە بە هەر شێوازێك بێت، ئەگەر بە هەر شێوازێك ئەوە چارەسەر کرابێتن، ئەگەر بە هەر شێوازێك ئەوە جێگیر کرابێتن، ئەمە تەسەور دەکەم جێگای دەست خۆشیە لە حکومەتی هەرێم، هەرچەندە خەڵکی کەرکووك نەك ئەوە ئەگەر چەندی تریشیان بۆ بکرێت موستەحەقن و، چەندی تریش بۆ هەموو ناوچەکانی تری کوردستانی دەرەوەی هەرێم بکرێتن موستەحەقن، بەڵام بەعزێك حەقایقیش هەیە کە دەبێت وەکو خۆی بگوترێت لە ناحیەی مەحدودیەتەوە، کە ئیمکانیەتەکان ئەوەن، هەروەها ئێستا هەر ئەمڕۆکە باسی ئەوە دەکەین لەسەر میزانیەی تەشغیلی بڕی 70 مێگاوات کارەباش دەدرێت بە هەندێك بەشەکانی نەینەوا، دێمەوە سەر پرسیارەکانی لیژنەو راپۆرتی لیژنەی دارایی، دیسانەوە لاپەڕە 45 پرسیار لە راپۆرتی لیژنە دارایی و ئابووری، ئاماژە بەوە دەکەن رێژەی کەرتی تەندروستی لە بودجە بۆ ئەمساڵ زیادی کردووە، بە ریزبەندی حەوتەم، بەڵام لیژنە داواکارە رێژەکەی بەرز بکرێتەوە بۆ زیاتر لە 7 و نیو، لیژنە پێشنیار دەکات حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات بڕیاری خەرج کردنی کڕینی دەرمان لە بودجەی حاکیمە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، پێشنیار دەکەن بە خاڵی یەکەم، برگەی دووەم لە ماددەی دووەم، لە پرۆژە یاسای تایبەت بە داهاتی وەزارەتی تەندروستی، شێوەی خەرج کردنی دیاری بکرێت، هەروەها لیژنە ئاماژە بەوە دەکات کەوا ژمارەی دامەزراندن تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی کە 1500 پلەیە، ژمارەکەی کەمەو داوا دەکەن پێداچوونەوە بکرێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، کارمەندان و پزیشکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی، هەورەها لیژنە داوای هاوتاکردنی دەرماڵەکان دەکات، لە پارێزگاکانی هەرێم، ئەوەی کە پەیوەندی بە بودجەی وەبەرهێنانەوە لە بواری تەندروستی و رێژەی 5,48 زیاد بکرێت بۆ 7، ئێمە وەکو باسمان کرد پشتگیری لێ دەکەین، ئەگەر ئیمکانیش هەبوو یان داهاتێکی تر هەبوو یان بودجەی تەکمیلیش هەبوو بە هەندی وەردەگرین، هەرچەندە لەمساڵدا بە بەراورد لەگەڵ پاردا بودجەی کەرتی تەندروستی بە نزیکەی موقارەنەی بەینی 2012 و 2013، 15٪ زیادی کردووە، لاپەڕە 46، سێیەم لیژنە ئاماژە بەوە دەدات کەوا لە ماددەی 6 تایبەت بە تواناسازی، لە ساڵانی رابردوودا لەسەر ئاستی داخوازی کەرتی تەندروستی نەبووە، بۆیە پێشنیار دەکەن بڕی 20 ملیار دینار لە بودجەی تواناسازی بۆ پێداویستی وەزارەتی تەندروستی دابین بکرێت، وەڵامی ئێمە لیژنەی تواناسازی حاڵی حازر وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، لەسەر بنەمای بەردەوامی ئەو کەسانەی کە ناویان دەرچووە و ئیلتحاقیان نەکردووە، با بڵێین دەست بەکار نەبووە، لەسەر ئەو ئسوسانەی کە پێشتر داندراون ئیختیار کراون، بەڵام وەزارەتی تەندروستی ئێستا بەرنامەیەك لەسەر تەکلیفی

سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم، بەرنامەیەكیان بەدەستەوەیە كە بۆ كۆمەڵێك پسپۆری تایبەت لە بواری پزیشكی، بۆ ئەو خوشك وبرایانەی كە شارەزای تەواویان هەبێت لە ئیختساساتەكان، لە بواری كلینیكال مەبەست نەك تەنها بوارەكانی تر، كە هیوادارین كە ئامادە بوو جێی بكەینەوە چ بەهۆی تەمویل كردنی لە ڕێگای بەرنامەی تواناسازی، یان لە هەر ڕێگایەكی تر، چ لەو فەسڵ و ئەبوابانەی كە لە بەحس و ئەوانە هەیە، لاپەڕە 47، دووەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە، دەربارەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، لیژنە ئاماژەی بەوە دەكات كە پێویستە ڕێنماییەكانی قەرزی پیشەسازی وەكوخۆی جێبەجێ بكرێت، تا ئێستا ژمارەیەكی كەم كە بریتیە لە 36 كەس سوودیان لەو قەرزە وەرگرتووە، هەروەها سایلۆكانی كەلار و هەریر و شارەزوور و سلێمانی و بەردە ڕەش، كە 3 ساڵە ناویان هاتووەو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تا ئێستا دەست بەكار نەبوون بۆ تەنفیز كردنیان، لە كاتی  ئێستادا تەنها 5 سایلۆ لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، كە توانای هەڵگرتنی یان خەزن كردنی 265 هەزار تەنی تێیدا هەیە، كە لە كاتێكدا كە پێویستی فیعلی ئەوە پرسیاری لیژنەیە، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی، لە كاتێكدا كە پێویستی فیعلی بۆ هەرێم، بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە، لەكاتێكدا دەڵێن ئەم تاقەتی خەزنەی كە هەیە لە هەرێمی كوردستان 265 هەزارە، لە كاتێكدا كە ئیحتیاجی هەرێم بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە لە هەرێمی كوردستان بە وتەی وەزارەتی كشتوكاڵ 600 هەزار تەنە، تەبیعی وەڵامی ئێمە باسی سایلۆكانم كردووە، مەسەلەی ئەوەی كە هەندێك كێشە هەبووە لە تەنفیز كردنیان، بەڵام ئەگەر ئێمە باسی سیعەی ئێستا بكەین، سایلۆی هەولێر كە ئێستا تەواو بووە ئەویش 40 هەزارە، ئەگەر 265 هەزار هەبووبێت ئەویش 40 هەزارە ئەوە نزیكەی 300 و شتێك هەزار، سایلۆی سلێمانی 80 هەزارە، ئەمە 380 هەزار، ئەوانەی تر كە بڕیار وایە بە زووترین كات هیوادارین تەنفیز بكرێن، ڕانیە و قوشتەپە و چەمچەماڵ و كەلار و بەردەڕەش، كە هەموویان ئێستا فەحسی توربەیان بۆ كراوە بۆ پرۆژەكان، زەویان بۆ تەرخانكراوە و بانگەوازی كۆمپانیا تایبەتمەندیەكانیش كراوە، كە ئەوانیش 40 هەزارن، پێنج دانەی40 هەزاری، ئەگەر 5 جار 40 هەزار حیساب بكەین دەكاتە 200 هەزار، كە كۆی گشتیان دەكاتە 320 هەزار، وابزانم بە ئەنجامدانی ئەم پرۆژانە وازحە كە ئەو سیعەو ئەوتاقەیەی كە وەزارەتی كشتوكاڵ لەبەر چاوی گرتووە بۆ مەسەلەی خەزن، تەحقیق دەبێتن، لە لاپەڕە 48، سێیەم پرسیار لە راپۆرتی لیژنەی دارایی پرسیار دەربارەی وەزارەتی سامانە سروشتیەكانە و، ئەو 6 عەمبارە سوتەمەنیەی كە هەیە و، ئەو بڕە پارەیەی كە بۆی داندراوە، كە بڕی پارەكە كەمە، دوای تەندەر كردن لە شەشەوە بووە بە 12، بەڵێ تێبینیەكەیان لە جێگای خۆیەتی، ئێمە چارەسەی ئەوە دەكەین بە زیاد كردنی گۆژمەی پرۆژەكە، مومكینە تەرخانكراوەكەی لە حاڵی حازردا وەكو خۆی بمێنێتەوە، خۆی كە لە شەشەوە بووە بە 12 ملیار گۆژمەكەی، تەرخانكراوەكەی هێشتا خەرجی لەسەر نەكراوە، لەبەرئەوە وەكو خۆی دەیهێڵینەوە، كە مەعەدەلی 2 ملیارە، هەروەختێك لە 2 ملیار زیاتر خەرج كرا ئەو كاتە موعالەجەی دەكەین، بەو شێوازانەی كە شێوازەكان دوایی بە تەفسیل باس دەكەم، بۆ ئەم پرۆژەیەو بۆ هەموو پرۆژەكانی تریش، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، زۆر سوپاستان دەكەم، كە

دەرفەتتان پێدام کە جوابی راپۆرتی لیژنـەی دارایی و ئـابووری بـدەم و، زۆر سوپاسـی بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمانیش دەکەم، کە سەرم ئێشاندن، بەڵام سوئالەکان زۆر بوون دەبووایە هەمووی جواب بدەینـەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا سەعات 7 و نیو ئیسـراحەت دەکـەن، 7:30 دێینـەوە دادەنیشـینەوە تـا ئەوکاتـە بـە خواتـان دەسـپێرین، هەربژین.

**دوای پشوو**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بۆ بەردەوام بوون لەسەر وەڵامەکان، فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو لە سەرەتادا باسم کرد، تەوەری دووەم (presentation)ـە کە کۆمەڵێك تێبینـی گشـتی بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان وەڵام دەداتـەوە، بـەڵام مـن یـەك داوام هەیـە لـە حەقیقەتـدا چـونکە لەبەرئـەوەی (presentation)، دەبێـت تەواسـوڵی هـەبێتن، کۆمـەڵێك سـلایدن کـە پەیوەنـدیان بەیـەکترەوە هەیـە، مومکینـە کـاتێکی درێژیشـم پێویسـت بێـت، ئێسـتا کـە سـەعات 7:30، لـە 7:30 رەتـی داوە یـان دەبێـت ئیجازەم پێ بدەن، کە هەتا درەنگانێکی شەو بەردەوام بم لەسەر (presentation)، چونکە هی ئـەوە نیـە بەعزێکی تەقدیم بکەم و بەعزێکیش تەکمیلە بکـەم، ئـەوە هـیچ مـەعنای نابێـت، ئەگـەریش نـا کـێ ئـەمر دەفەرمووێ من لە خزمەت دام، بەڵام هەر ئەو تێبینیەم هەیە لە ئێستاوە باسی بکەم باشترە لەوەی کـە لـە ناوەڕاستدا مولاحەزە هەبێت لەسەری یـان شـتێك هـەبێتن، چـونکە دەبێـت بـە تەواسـول هـەمووی تەقـدیم بکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو پێشنیارەی جـەنابی وەزیـر شـتێکی مەنتقیـە، لەبەرئـەوە دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دوادەخـەین بـۆ بەیانی سەعات 10 پێش نیوەڕۆ، بۆئەوەی بە بەردەوامی کارەکانی خۆی ئەنجام بـدات، بـەبێ ئـەوەی قـەتع بکرێت، بەیانی سەعات 10 پێش نیوەڕۆ، تا ئەو کاتە بەخواتان دەسپێرین.

| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سورە | د. ارسلان بایز اسماعیل |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |

# **پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره** (43)

## **چوار شەممە ڕێكەوتی 2013/2/6**

**كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2013/2/6 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (43)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (43)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێكەوتی 2013/2/6 دا بەم شێوەیە بێت:**

**بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2013.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان. دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (43) ڕۆژی دانیشتن 2013/2/6.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1) ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار كراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (43)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە كات (10) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی (2013/2/6) بەم شێوەیە بێ:**

**-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2013.**

**بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری پلان دانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کار، دوێنێ بەڕێز وەزیری پلان دانان بەشێك لە قسەکانی خۆی کرد، ئەمرۆش بابفەرموێ بۆ تەواو کردنی قسەکانی، بابفەرموێ.**

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن لە شوێنی خۆمەوە قسە بکەم، لەبەر کۆمپیوتەر و ئەوانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کۆمەڵێك شتی گشتی باس کرابوو، پرسیار کرابوو لە ڕەخنە و پێشنیارو ئەوانە، هەندێکیان موشتەرەکن لەبەر ئەوە دوای ئەم (پرەزەنتەیشنە) کە دێمە سەر وەڵام دانەوەی یەك بە یەکی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئیحتیمالە شتە موشتەرەکەکان لەناو ئەو (پرەزەنتەیشنە) جواب بدەمەوە، وابزانم ئەوە تۆزێك مورەتەب تر دەبێت، من ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن ئێمە بودجەی ساڵی 2012 لە 7/1 ی تەموز، لە یەکی تەموزی 2012 لە وەقایعی کوردستان بڵاو کرایەوە، چووە بواری جێبەجێ کردن لە دوای ئەوەوە، ئێمە ئێستا لە سەرەتای مانگی دووین، یەعنی لەو ڕۆژەوە هەتاوەکو ئێستا، مەجموع دەکاتە نزیکەی 7 مانگ، ئەمە بودجەی ساڵی 2012 یە کە ئاماژەم پێیدا، پرسیار کرا لەسەر ڕاپۆرتە وەرزیەکان کە ئێمە بۆ پەرلەمانی بنێرین، بە هەقیقەت ئێمە لە ساڵانی پێشوو تر بە پێی یاسای بودجە وەزارەتی پلان دانان مولزەم کرا کە هەر سێ مانگ جارێك مەوقفی پڕۆژەکان بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە ئەوە بوو ساڵی 2010 و 2011 کە کارەکەمان دەکرد کێشە هەبوو دەماننارده سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەعزێکیان لە کاتی خۆیدا نەدەگەیشت، ساڵی 2012 بڕیار درا کە ئێمە ڕاستەوخۆ بینێرین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئێمەش ڕوخسەتمان وەرگرت لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەو کاتەشەوە بەو شێوەیە کارمان کردووە، لە خیلالی ساڵی 2012 ئێمە پار ڕاپۆرتی وەرزیمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئەمەش نووسراوەکان و ژمارەکانیان و، ئەمە ڕاپۆرتی سێیەمە، ئەمەش ڕاپۆرتی چوارەمە، لە 28/ 11 ناردوومانە، دوای ئەوە لە 2012/12/20 پڕۆژە یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمان کرا، لە 12/26 ڕاپۆرتی دارایی حکومەتی هەرێم پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، ئێمە لە 2012/7/10 وە دەستمان کرد بە ئامادەکاری بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەکانی بەرهەمهێنان، بۆ بودجەی ساڵی 2013، وەزارەتی دارایی و ئابووریش وابزانم هەر لەمانگی شەش و حەوتی 2012 وە خەریك بوون، ئێمە لەو کاتەی کە دەستمان پێ کرد هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە**

پرۆژە یاساکە لە لایەن ئێمەوە نێردرا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دوایش لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، وەکو دوێنێش باسم کرد کۆمەڵێك تەغەیورات ڕوویدا لە بەغداوە، ئەو ژمارانەی کە بە نەزەر ئیعتبار وەردەگیرا چەندین جار گۆڕانکاری بەسەردا هات، دیسانەوە خشتەیەکمان هەبوو کە لەسەری بچین، دانیشتن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان، هەر لە $8/12$ وە دانیشتنەکان دەستی پێ کرا، تەبعەن پێش ئەوە بە دوومانگ تەبلیغ کرابوو، یەکەم وەزارەت ئاوەدانکردنەوە بوو، دوایی کارەبا، شارەوانی، تەندروستی، کشتوکاڵ و هەتاوەکو ئەخیر، هەر یەکەو بە ڕۆژێك دوای ئەوە کە خۆیان حازر کردبوو، سەردانی وەزارەتی پلان دانانیان کردووە، لەگەڵ تیمی ئێمە دانیشتن، ئێمە ئەمساڵ بە شێوازێکی نوێ بۆ هەر وەزارەتێك تەوزیحی ئەوەمان کرد کە چ مەبلەغێك دەبێتە ئیستیحقاقی ئەوان، داوامان لێ کردن کە لە خیلالی مانگێکیش ئەوان ئەو ئیستیحقاقەی خۆیان بەش بکەن بەسەر پرۆژەکانی بەردەوام و پێشنیاری وەزارەتی خۆیان، بەپێی ئەو ئەولەویەتەی کە ئەوان دەیزانن و بە باشی دەزانن، دوای ئەوە ئێمە تەدقیقی ئەوە بکەین، بزانین موتابق بێ لەگەڵ نەهجی عامی حکومەت، دوورنەبێ لە واقعەوە، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵێك مەعیاری تر، لەگەڵ هەر وەزارەتێك دانیشتین ئەمساڵ بۆ جاری یەکەم موعادەلەیەکمان بەکارهێنا، لە پرسیارەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش زۆرجار تیکرار بۆتەوە، کە دیسان ئەمساڵ پێوەری مەعیاری تەوزیع چی بووە، ناعەدالەتی هەبووە، لەسەر چ ئەساسێك هەر وەزارەتێك بەشی خۆی بەرکەوتووە، ئێمە بۆ ئەم مەبەستە هەر لە سەرەتای ساڵی $2012$ وە بە ئیستیشارە لەگەڵ بانکی جیهانی لەگەڵ ڕێکخراوی (u.n.d.p) لەگەڵ کۆمەڵێك پسپۆری بیانیش، کە ئێمە چۆن تەتەور بە شێوازی تەوزیع کردنی بودجەکەمان بکەین بەسەر سێکتەرەکاندا، گەیشتینە دەرئەنجامی ئەم موعادەلەیە کە ئەویش مەبەست لێی ئەوەیە کە ئەوسا ئێمە ئەو موناقەشاتەمان ئەکرد، ئەگەر جەنابتان تێبینی بکەن، بودجەی وەبەرهێنان سێ پۆینت نۆ ترلیۆن بوو، ئێستا چوار پۆینت چوارە، بەڵام ئەوکاتە کە موناقەشەمان کرد، لەبەر ئەوەش ئەو سلایدەم هێنا کە جەنابتان ئەوەش ببینن، دوای ئەوە چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، سێ پۆینت نۆ ترلیۆن بودجەی وەبەرهێنان بوو، زائیدەن نۆ سەد و چواردە ملیار بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، تەبیعی ئەم سێ پۆینت نۆیە دواتر بوو بە چوار پۆینت چوار ترلیۆن، ئێمە لەناو ساڵی $2012$ ئەو موناقەشەیەمان دەرکرد، لەبەر ئەوە ئەبوایە ساڵێك بەساڵی میسالی وەربگرین، یەعنی بە ساڵێك کە هیچ کارەساتێك تێیدا ڕووینەداوە کە هیچ شتێکی غەیری تەبیعی نەبووە، سیستەمی حکومەت ئەو شێوازەی کارکردن هەمان سیستەم بووە، یەعنی شێوەیەك بووە لە شێوازی کارکردنی مەعمول بیهی لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوە ئێمە ساڵی $2011$مان وەرگرت بە مەقیاس کە ئەخیر ساڵ بوو، کارەکانی $2011$ ش تەواو بوون، چوار مەعیاری ڕەئیسی، چوار موئەشری ڕەئیسی بە نەزەر ئیعتبار وەرگیرا، یەکەم شت کۆی گوژمەی پرۆژە بەردەوامەکان، چونکە کۆی گوژمە ئیلتیزامێکە لەسەر حکومەت، پەرلەمانی کوردستان موسادەقەی لەسەر کردووە، ئیعلان کراون، چ دەست بەکار بووبن، چ ئەگەر دەست بەکاریش نەبووبن، تەسمیەکە لێرە وای لێهاتووە، لەبەر ئەوە (المبلغ الكلی للمشاريع المستمره)

یان کۆی گوژمەی پڕۆژە بەردەوامەکان، هەژدە نوقتەی لەسەرە، پێویست بو 2011 بابڵێین ئەوەی کە موخەسەس بوو، لە 2011 بیست نوقتەی لەسەر بوو، ڕێژەی خەرجی لەو موخەسەسە 30٪ ی لەسەر بوو، یان 30 نوقتەی لەسەر بوو، چەند لە موخەسەسی 2011 سەرف کراوە، ئەگەر یەکێك 10 ملیاری هەبووبێت پێنج ملیاری سەرف کردبێ، لەم لا 10 نوقتە وەردەگرێت، لەولا 15 نوقتە وەردەگرێت، ژمارەی پڕۆژە بەردەوامەکانیش 32٪ی لەسەر بوو، تەبیعی ئێمە ئەو موعادەلەیە و ئەو هاوکێشەیە کە بەکارمان هێنا، موعادەلەیەکی علمیە کە زۆر لە موئەسەساتی عالەم بە پێی زروفی خۆیان بەپێی ئەو ئیلتیزاماتانەی کە لەسەر وەزعی بەڕێوەچوونی پڕۆژەکان هەیە بەکاردێت، مومکینە نسەبەکان ئیختیلاف بکات، شەرت نیە بڵێم ئەمە سەد دەر سەد تەمسیلی واقع دەکات، یان ئەمە سەد دەر سەد بۆ هەموو وەزارەتەکان وەکو یەك چارەسەر دەکات، بەلاْم ئەمە موعادەلەیەکە بۆ حکومەت، ئەگەریش تۆزێك لە موعادەلەکە لابدرێت ئەبێ زۆر لێی دوور نەکەویتەوە، ئێمە ئەو موعادەلەیەمان لەسەر یەك بە یەکی وەزارەتەکان تەتبیق کرد، بەهۆی ئەو موعادەلەیەوە ڕەقەمێك دەرچوو تەبعەن کۆی نوقاتەکان بوون بە چوار هەزار و هەشتاو شەش نوقتە، ئەمانە دابەش کران بەسەر وەزارەتەکان بە پێی ئەمە هەر وەزارەتێك بۆ نموونە: وەزارەتی کشتوکاڵ سەدو نەوەت و یەك ملیار دیناری بەبەرکەوت، تەبعەن ئێمە دواتر کە ئەم سێ پۆینت نۆ ترلیۆنە کە ئەو مەبلەغە بوو وەختەك ئیشمان لەسەر دەکرد، کە بوو بە چوار پۆینت چوار ترلیۆن، ئێمە جارێکی تر موراجەعەی وەزعەکەمان کرد، هاتینەوە بزانین کا چ وەزارەتێك مەسەلەن یان چ ناوچەیەك موحاوەلەمان کرد تۆزێك تەعدیلی ئەوە بکەین، ئەساسی تەوزیعەکە بەرێزان ئەو موعادەلەیە بوو، ئێمە هەڵساین لەبەر ئەوەی کە تەجروبەیەکی نوێ بوو، بۆ ئەوەی کە بەرچاو ڕوونیەك هەبێ لای هەموو وەزارەتەکان، یەك بە یەکی وەزارەتەکان هەر لەسەرەوە جەنابی وەزیر هەتاوەکو ئەو تیمەی کە ئیش لەسەر مەسەلەی پڕۆژەکان دەکات، بۆ هەمووتان تەوزیحم کرد، تەبعەن وەکو باسمان کرد موعادەلەی دووەم موعادەلەی تەوزیعی ژمارەی دانیشتیوانە، بەپێی قەزاکان، ئەم ژمارەیەی کە ئێمە بەکاری دەهێنین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ژمارەکانی حەسر و تەرقیمە، هی ساڵی 2010 هی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هۆی بەکارهێنانی ئەم ژمارانە ئەوەیە کە ئەمانە مومکینە لە هەموو ژمارەکانی تر، یەکەم، نزیکتربن بۆ واقع، دووەم، شەرعیەتیان زیاترە، لەبەر ئەوەی بە موشتەرەکی لەگەڵ عیراق کراوە، کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی بەشدار بوون لە پرۆسەی حەسر و تەرقیم، بە کوردی پێی دەڵێن پرۆسەی گەمارۆدان و ژماردنی دانیشتوان و ئاڤاهیان، ئەمە پرۆسەی حەسرو تەرقیم، پرۆسەیەکە لە پێش (تعداد سکان) ئەنجام دەدرێت، یەعنی لە هەر وڵاتێك کە (تعداد سکان) ئەنجام دەدرێت، پێشتر عەمەلیەك هەیە پێی دەڵێن حەسر و تەرقیم، 42 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010 بەشداریان تێدا کرد، کە زۆربەیان مامۆستا بوون، دوای بینینی دەورەیەکی کورت، سەردانی بینینی هەموو بینایەتەکانیان کردووە، یەعنی بە عەدەد هەموو بینایەتێك ژمێر دراوە، پرسیار کراوە ئەم بینایەتە چەند کەسی تێدایە، چونکە بۆ وەختی (تعداد سکان) ئەنجام دەدرێت، کە دەچنە سەر هەمان بینایەت ئەبێ ئەم ژمارەیە موتابق

بێ لەگەڵ ژمارەی یەکەم، ئەگەر ئیختیلافێك هەبێ دەبێ ئەسبابەکەی بگوترێ، ئەگەر نەفەرێك زیادە بووبێ، یان نەفەرێك کەم بووبێ، بابڵێین خانەوادەیەك یان عائیلەیەك جێگەی گواستراییێتەوە مەعلوم دەبێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لە وەزارەتی پلان دانان بۆ دانانی ڕێژەی دانیشتوان ژمارەی حەسر و تەرقیم بەکاردێنین، ژمارەی بیتاقەی ئەرزاق یان هەر ژمارەیەکی تر کە هەبێت، یان هەر ژمارەیەکی تر کە لە بەغداوە بەکاردێت، بەشێوازێکی گشتی تەنانەت بۆ تەحدید کردنی حسەی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەوە بەکارناهێنین، چونکە ئێمە هەردەبێ لە ئێستاوە ڕۆژێك بێت ئیعتیماد بکەینە سەر ئەرقامی حەقیقی، نزیکترین ڕەقەم لە واقعەوە، یەعنی لە بەغداوە هەرچیەك هاتبێتی ئێمە لەسەر ئەم سیتەمە دەچین، بەپێی ئەمەش تەبعەن موعادەلەی ئەمە کە پێشتر باسم کرد، ئێمە وتمان ئەمە ئەساسی تەوزیع بوو لەسەر وەزارات، دوای ئەوە بە هەموو وەزارەتەکانیشمان گوت کە ئەمەشتان لەبەرچاو بێ، کە باسی ئەمەش دەکەین دیسانەوە نە موعادەلەی یەکەم موتلەقە، بە موتلەقی بەکارهاتووە، نەتەوزیعی ڕێژەی دانیشتوان لەسەر قەزاکان موتلەقە، حەتمەن زۆر بە ئاسانی ئەو لیستانەی کە هەر ئێمە دابەشمان کردووە و ناردوومانە بۆ لای جەنابتان و کە سەیری بکەن، مومکینە ئەو موعادەلەیە بە موتلەقی لەسەری تەتبیق نابێ، چونکە خۆ مەعقول نیە...، هەر بۆ نموونە، ئێستا قەزایەك لە چەمچەماڵ هەیە کولفەی نزیکەی 130 ملیار دینارە، یەعنی کەواتە لەو پڕۆژەیە کە دەست پێدەکات هەتاوەکو ڕۆژی کۆتایی، ئەبێ هیچ جادەیەکی تر قیرتاو نەکرێت، ئەبێ هیچ قوتابخانەیەك دروست نەکرێت، ئەوە مەنتقی تێدانیە، باشە من ئەمانە کە جیایان بکەمەوە کامانەن، کامانەیە کە ناوی لێبنێم ستراتیژی، تونێلێك لە قەزای شەقڵاوە لە پیرمام هەیە، لەبەر ئەو تونێلە ئەبێ هیچ شتێکی تر هەتاوەکو ئەو تونێڵە تەواو ئەبێ هیچ شتێکی تر لەو قەزایە نەکرێت، ئێ خۆ ئەو جادەیە هەمووکەسێك پێیدادەچێت، یان ئەگەر مەشروعێکی فرۆکەخانە هەبێ، یان ئەگەر سایلۆیەك لە قەزایەك هەبێ، مەعقولە لەبەر ئەوەی ئەو سایلۆیە هەیە، کێشەی لەسەر بێت لە تەنفیز یان کێشەی لەسەر نەبێ، خۆ ناکرێ هەتاوەکو ئەوکاتەی کە سایلۆیەکە تەواو ئەبێ هیچ شتێکی تر نەکرێت، خۆ ئەو سایلۆیە کەس ناتوانێ بڵێت بەس گەنم یان جۆی ئەو جێیەی تێدا خەزن بکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەمانەی کە باسیان دەکەین، ئەمانە فاکتەرن کە دەبێ بە نەزەر ئیعتبار وەریگیرێن، بۆ ئەوەی ئێمە زۆر لە خەتی عام لانەدەین، ئەگەرنا هیچ یەکێك لەمانە بە موتلەقی نە بەکارهاتووەو نە ئێمەش دەتوانین بەکاری بهێنین، تەبعەن ئێمە ئەو دوو موعادەلەیەی کە باسمان کرد، یەك بە یەکی وەزارەتەکان لەگەڵ هەر هەموویان شەرح کراوە، بۆ وەزارەتی شەهیدان، بۆ وەزارەتی تەندروستی، بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆ وەزارەتی کارەبا، تەبعەن مەخسەدم وایە هەر فکرەیەك دروست بێ، بۆ وەزارەتی شارەوانی، ئەگینا ئیشی ئێمەی ئیعتیادی ڕۆژانەیە، شتێکی زۆر موهیم نیە، بەڵام واجبی خۆمانە، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی تەندروستی و خوێندنی باڵا کە زۆرێك لە بەرێزان تێبینیان لەسەردا، ببورن پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەمەی کە ئێستا بۆ جەنابتان باسم کرد، ئەمە هەمووی زۆر بە موفەسەڵ تر بۆ هەموو لایەك تەوزیح دراوە، لەبەر ئەوەی ئەمساڵیش ئەگەر تێبینی بکەن، هەموو لایەك

بەرچاویان ڕوونە، ئەو تێبینیانەی کە ساڵانە جەنابتان، ئێمە لە جەنابتانمان دەبیست، لە هۆڵی پەرلەمان لیجانی تایبەتمەند کە سەردان، یان دانیشتنیان دەکرد لەگەڵ وەزیر و ئەمانە، کۆمەڵێك ڕەخنە هەبوو لەوەی کە پەیوەندی نیە لەبەینی وەزارەتی پلان دانان و وەزارەتی پەروەردە، تەنسیق نیە لە بەینی وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پلان دانان، ئێمە ئەم شێوازی کارکردنە لەگەڵ ڕەقەمی کە بۆتە ناتجی ئەوە لەگەڵ هەموویان باس کراوە، لەگەڵ وەزارەتی داد، لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان، لەگەڵ دەستەی مین، ئەم شێوازە کۆنووسەش بە هەموو وەزیرەکان، هەموو بەڕێزان وەزیران ئیمزایان لەسەری کردووە، شێوازەکە شتێکی تەحدید کرا بۆ ئەوان، پێمان گوتن بەپێی ئەم فاکتەرانە ئەمەیە مەبلەغی موخەسەس بۆ ئێوە، ئێستا فەرموون لە خیلالی مانگێکدا ئەم مەبلەغە خورد بکەنەوە لەسەر مەشاریعی بەردەوام، ئەگەر پڕۆژەی پێشنیاری نوێشتان هەیە، بەدیراسەت و جەدوەلێکی مورەتەبەوە پێشکەشی بکەن، بۆ ئەوەی تووشی کێشەی ساڵانی ڕابردوو نەبینەوە، ئەوە هەر سەردێك بوو ویستم کە جەنابیشتان لەناو تەفاسیل بن، هەمان شێوەی کە باسم کرد لە وەزارەتی دارایی و ئابووریش کراوە، هەرچەندە ئەوان بەو تەفسیلە باسیان نەکرد، بەڵام لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان دانیشتووین بێجگە لەوەی کە هەندێك ئیجتیماعاتی موشتەرەکیشمان هەبووە، لە ئەسنای ئامادەکردنی بودجە لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی و لەگەڵ هەموو تیمی وەزارەتی داراییش، ئەمە ئەگەر بە سەریعی بەسەریدا بچینەوە، هەر بۆ بەرچاو ڕوونی لە 138 ترلیۆنی عیراق، کە بۆ 2013 مەزندە کراوە، چواردە پۆینت سێ بۆ هەرێمی کوردستان بە حیساب لە بەغداوە تەخسیس کراوە، چواردە پۆینت سێ ترلیۆن دیناری عیراقی، ئێمە یەك پۆینت شەش عجزیشمان بە نەزەری ئیعتبار وەرگرتووە، لەبەر ئیحتیاجاتی سێکتەرەکان، لەبەر ئیحتیاجاتی میزانیەی تەشغیلی و هەم میزانیەی ئیستیسماری هی مەشاریع، لەبەر ئەوە کۆی میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 شازدە پۆینت نۆ ترلیۆن دیناری عیراقیە، کە پێنج پۆینت سێ ترلیۆن بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان یان مەشاریعی بونیەی تەحتی بابڵێین تەخسیس کراوە، بە پەرەپێدانی پارێزگاوە تەبعەن، نۆسەدو چواردە ملیار دیناری پەرەپێدان بە پارێزگاشەوە، یانزە پۆینت شەش بۆ بودجەی تەشغیلی کە مەعاشات تەعویزاتی مومەزەفین و هەموو شتێك لەخۆی دەگرێتەوە، بەراورد کردنەکان بەم شێوەیەن، ئەگەر ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەمساڵ سەد لە سەدی بودجەی وەبەرهێنان موەفەق بین و ئیستیفادەی لێ بکەین، شکلەکان بەم شێوەیە دەردەچێت، هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەموو ئەوانەی کە بەمیسال هێناومانن، ئەوانیش هەموو سەد لە سەد میزانیەی ئیستیسماری خۆیان لەسەر مەشاریع سەرف بکەن، ئەو وەختە سورەکە بەم شکلە دەردەچێت، ئەمەش هەر بۆ ئەوەیە کە بڵێین ئێمە لە پلان دانان یان لە تەوزیعی بودجە شێوازێکی تەبیعیمان هەیە، مومکینە کەم و کوڕیمان هەبێت، هەندێکجار لە سێکتەرێکی موعەیەن، بەعزێك جار لە سورعەتی تەنفیزی، بەعزێك جار لە نەبوونی تەکنەلۆژیایەکی موعەیەن، هەموومان دەزانین ئەوە چەند ساڵێکە دەستی بیانی وەکو کۆمپانیا و وەکو تەکنیك، بەشکلێکی زیاتر داخلی هەرێمی کوردستان بووە، دەنا پێشتر لەبەر ئەو هەموو ساڵانەی

حسار و ئەوانە ئیمکانیاتمان زۆر لەوەش مەحدود تر بوو، بەکاربردن و وەبەرهێنان هەموو میزانییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر سەیری بکەین مەجموعی بەکاربردن و وەبەرهێنان وەزارەتی پەروەردە لەهەمووان زیاتری بەرکەوتووە، دوای ئەوەش وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ناوەخۆ و پێشمەرگە، دارایی و ئابووری، کارەبا، تەندروستی، ئاوەدانکردنەوە و خوێندنی باڵا، ئەمە بەتەسەسلولی مەجموعی، تەبیعی کە باسی ئەم تەسەسولەش دەکەین ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێتن کە پەروەردە (13٪)ی هەموو بودجەی هەرێمی کوردستان بۆی دەچێت، مانای ئەوەیە کە پەروەردە لەباشترین شێوازدایە، تەبیعی ئەم ڕەقەمانە هەر شکلێکی تەقدیرییە، بۆ ئەوەی کە وازح بێتن، کام سێکتەر لەهەموویانی زیاتر وەبەرکەوتووە، تەنها لەسێکتەری پەروەردە ئەگەر بۆ نموونە وەربگرین سێکتەری پەروەردە بەو هەموو ئیمکانیاتەی کە بۆی سەرف دەکرێتن مومکینە کەم وکوڕی تێدا هەبێتن، بەڵام کە کەم و کوڕیەکەی مەعالەجە دەکرێت هەموو کەم و کوڕیەکەش بە پارە مەعالەجە ناکرێتن، یەعنی ئەوە نییە کە تۆ کێشەیەکت هەیە تۆزێك پارەی فەڕێدەدرێتە سەر بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی موعەیەن چارەسەر بکرێتن، خۆ تۆ ئەگەر میزانییەی تەشغیلی وەزارەتی پەروەردە ئێستا ئەگەر پارەی زیادەت هەبێت و بۆیان تەخسیس بکەی دەبێت لەناو سیسیتەمەکە جێی بۆ بکەیتەوە، کە لەکوێ سەرف بێت، ئەم مەعاش زیاد دەکەی، ئەو موخەسەسات زیاد دەکەیت یانیش حەوافیزیان زیاد دەکەی، دەبێت قەرار لەسەر ئەوە بدرێتن، هەموومان موتەفیقین کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پێویست دەکات کە باشتر بێتن، بەڵام خۆ دەبێت شێوازەکەی بۆ دابنێین ئینجا داوای ڕەقەمی پارە بکەین، تەنها مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئەمە سیستەمی پەروەردە کەم و کوڕی تێدایە، بە پارەش چارەسەر دەبێتن، ئەم فەصڵ و ئەبوابانەی کە لەمیزانییەی تەشغیلی هەیە ئەمانە ئیحتیماله پێویستیان بە پێداچوونەوە هەبێتن، هەروەها شێوازی کارکردنیان، لەزۆربەی وڵاتانی کە بابڵێین تەجروبەیان لە ئێمە زیاترە کەرتی تایبەت زیاتر دەوری بینیوە لەچارەسەرکردنی هەندێك لەکێشەکان، من ناڵێم کە حەلێکی میسالییە، بەڵام هەیە، مەداریسی موشتەرەك چارەسەرێك بووە بۆ ئەوە، دوای ئەوە ئێمە کە بینایەك دروست دەکەین ئێستا من دێمە سەر ئەو قوتابخانانەی کە دواتر لە ساڵی (2012) دروست کراون، کە تەواو بوون، وەزارەتی پەروەردە ئیستیلامی کردوون، خۆ ئەم قوتابخانانە کە درووست بوون لەسەر هەمان سیستەمی قوتابخانەکانی پێشتر لەسەر هەمان شێوازی دەوام کردن و هەمان پاك و خاوێنی و لەسەر هەمان شێوە بەڕێوەدەچن، ڕاستە هەندێك بینایە کۆنن، بەڵام هەندێك شتیش لەناو خودی سیستەمەکەدا جێگیر بووە کە پێویست بە چارەسەری دەکاتن، ئێمە دەبێ لەو هۆڵەدا باسی بکەین، لەشوێنی تر باسی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین کە پارە لەسەر چی دابندرێت، یان لەکوێ ئیزافە بکرێتن، تەبیعی ئەمە خوردکردنی بودجەی تەشغیلییە هەر بۆ مەعلومات، جەنابتان ئاگادارن لەکۆی بودجەی ئیستسماری کە 5,3 پێنج پۆینت سێ ترلیۆنە، 4,4 چوار پۆینت چوار بۆ پرۆژەکانی وەزارەتەکان داندراوە، وەکو پێشتر شەرحم کرد، بە پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیار کراوەکانیشیان، (914) ملیاریش بۆ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە ئەم (914) ملیارە ساڵ بۆ ساڵ

بابلێین شێوازی تەعامول کردن لەگەڵی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، هەر بەپێی یاسای ژمارە (8)یساڵی (2012) یاسای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەم بەپێی یاسای ساڵی (2011) ئێمە لەوەزارەتی پلاندانان سەرپشك کراوین کە موسادەقە لەسەر تەفاسیلی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بکەین، ئێمەش ساڵی یەکەم ئیحتیماله کەمتر، پار تۆزێك زیاتر، ئەمساڵ بەتەماین زیاتریش داخیلی تەفاسیلەکان بین، تەفاسیلەکانیش مەبەستمان لێرە ئەوەیە بڕیار هەر بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و بەڕێز پارێزگارەکانن، بەڵام ئەوەی کە ئەوان دەینێرن دەبێت ئێمە تەئکید بکەین کە تەنسیقێکی تەواو هەبێتن لەبەینی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا لەگەڵ بودجەی کە وەزارەتەکان سەرفی دەکەن، خۆ ئەگەر سەیری بکەیت، یەعنی بچییە ناو تەفاسیلەکانیشەوە ئەوەندە شتێکی موعەقەد نییە، چونکە ئەو دائیرەیەی کە سەر بە وەزارەتە لە مەرکەزی پارێزگا یان لەقەزایەك هەمان دائیرە ئەوەیە کە لە پەرەپێدانی پارێزگا پارەی بۆ تەخسیس دەکرێت، یەعنی دوو دائیرەی موختەلیف نین لەحەقیقەتدا هەر یەك دائیرەن، ئەگەر موستەشفایەك بێت، ئەگەر شارەوانی بێت، ئەگەر قوتابخانە بێت، یان هەر بابەتێکی تر بێت، بەهەرحاڵ ئێمە ئەمساڵ بەتایبەتیش ئەو پێشنیارانەی کە کرا لە گفتوگۆکان لە چەند رۆژی ڕابردووشدا لەسەر مەسائیلی کشتوکاڵ بەتایبەتی ئێمە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانمان هێشتا پەسەند نەکردووە، بە ئەنقەستیش ئەمساڵ یەعنی زۆر لەلامان مەتڵەب بوو کە هەموو تەفاسیلەکانی ئێرە تەواو بێتن، هیوادارین ئەوە نەبێتە باعیسی تاخیر بوونی پڕۆژەکانیان، ئێمە لیستەکانمان وەرگرتووە، بەڵام دەشزانین کە کۆمەڵێك تێبینی لێرەش وەردەگرین، لەهۆڵی پەرلەمانیش وەردەگرین، کە شتێکی تەبیعییە، هەموویان کۆبکەینەوە بەشێوازێکی رێك و پێکتر کارەکە ئەنجام بدەین، بودجەی بەکاربردن تەنها تەشغیلی کە بەتەنیا سەیری بکەین دیسانەوە پەروەردە و ناوەخۆ و پێشمەرگە و دارایی و تەندروستی و خوێندنی باڵایە، دیسانەوە دەڵێم ئەوانە نیشاندەری واقیع حاڵی هەرێمی کوردستانن، ئێمە پەروەردەمان لەپێشی پێشەوە داندراوە، یەعنی ئەگەر لەپێشی پێشەوەش بێتن مانای ئەوە نییە کە کەم و کوڕی نییە، شتمان کردووە و شتیش ماوە کە بکرێتن، لەپڕۆژە پێشنیارەکان ئێمە (612) پڕۆژەمان لەهەموو وەزارەتەکان بابلێین ئەوەی کە پێشکەشکراوە وەکو موقتەرەح لەبەردەمی پەرلەمانی بەڕێزە بۆ پەسەندکردنی یاخود هەر تێبینیەکی تر، گوژمەیان (3,2) سێ پۆیینت دوو ترلیۆنە، گوژمەی تەرخانکراو بۆ (2013) (1,6) یەك پۆینت شەش ترلیۆنە، شتێکیش دەمینێتەوە بۆ ساڵانی دواتر، تەبیعی ئەمەش هەمووی ئیحتیمال دەکات لەسەر کاتی دەست بەکاربوونیان، ئەوانەی کە لە (2013) دەست بەکار دەبن، چونکە ئێمە ساڵێکی تر کە دادەنیشین لەگەڵ وەزارەتەکان مومکینە هەمان موعەدەل بەکاربێنین ئەگەر ئێمە بەرپرس بین لەم کارە، مومکینە دەستکارییەك بکرێتن، دیسانەوە بەشێوەی واقع حاڵی ئەو رۆژە بەشێوەیەك کە مەفهوم بێتن بۆ هەموو لایەك کە ئەساسەکان چی بوون، ئەمانە نیشاندەرێکن بەحەقیقەت هەر ویستم بیخەمە بەردەستی پەرلەمانی بەڕێز هەرچەندە ڕەقەمەکان، یەعنی چیمان پێدەڵێن ئەم ژمارانە؟، ئەو ژمارانە ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەگەر پڕۆژەکان تەقسیم بکەین، دەستە بەندییان بکەین بەسەر پێنج مەجموعە،

مەجموعەیەك كە كەمتر لە (300) ملیۆن دینارن، مەجموعەی دووەم لە (300- 500) ملیۆن دینارە، مەجموعەی سێیەم لە (500) بۆ (1) ملیار دینار، مەجموعەی چوارەم لە (1) ملیار بۆ (3) ملیار دینار، مەجموعەی پێنجەمیش ئەوانەی کە لە (3) ملیار دینار بە سەرەوەن، تەماشا بکەین هەر بەراوردێك بکەین لە بەینی پارێزگاکان بزانین لە چ پارێزگایەك، چ شوێنێك پڕۆژەی با بڵێین گەورەتر لەبواری جێ بەجێ کردندایە، چ پارێزگایەك زیاتر پڕۆژەی بچووك لە تەنفیزکردندایە، هەولێر بە ڕەنگی سوور، سلێمانی بەڕەنگی ڕەساسی، دهۆك بەڕەنگی شین، گەرمیان بەڕەنگی پرتەقاڵی کە تەماشا دەکەین بۆ نموونە مەسەلەن لەو پڕۆژانەی کە لە (3) ملیار زیاترن سلێمانی بە پڕۆژەی مەبلەغی گەورەتر لەپێش هەموانە، گەرمیان لەهەموویان کەمترە، ئەگەر بێینە سەر پڕۆژەکانی کە لەهەموویان بچووکترن کە هەتا کولفەیان (300) ملیۆن دینارە، دەبینین کە دهۆك زیاترین ژمارەی پڕۆژەی بچووکی لێیە، تەبیعی ئەمە چەند مانایەك دەگەیەنێتن بەتایبەتی لەتەوزیعی پارە، چونکە ئەو پڕۆژانەی کە لە (300) ملیۆن دینار کەمترن ئەوانە ئەوانەن کە لەساڵێکدا تەواو دەبن، مومکینە لەساڵێکدا تەواو بن، یان خودی مودەتی تەنفیزیان کە لەرۆژی یەکەمەوە هاتووە (360) رۆژ نووسراوە، لەمودەی تەنفیز، بەڵام ئەوانەی تر کە لە (3) ملیار دینار زیاتربن، لەوانەیە (5) ملیار بن، لەوانەیە (10) ملیار بن، ئەوانە حەتمەن ئەوانەن کە مودەتی تەنفیزیان ئەصڵەن مومکینە لە دوو ساڵ زیاتر بێتن، ئێنجا ئەگەر بەهەر هۆیەکیشەوە تەئخیر بوونێك یان سەبەبێکی تریش هەبێت لەمەسەلەی زەوی یان لەمەسەلەی دیزاین یان لە هەر شتێکی تر، ئەوە دەبێتە باعیسی زیاتر تاخیر بوونیش، ئەمە تەبیعی هەر هەمان موعادەلەی پێشووترە، بەڵام بە ژمارە، ئەوی تر بە ژمارەی پڕۆژە، ئەوی تریان تەنها بە بابڵێین ڕەقەمی پارە بوو، چەند پڕۆژە دەکەونە زمنی ئەو نیتاقەوە، ئەمەش ژمارەی پڕۆژەکانە، ئەوەی کە پێشتر باسم کرد، لەبەردەوامەکانیش بەهەمان شێوە زیاتر لە (2500) پڕۆژە لە لیستی پڕۆژە بەردەوامەکانن، کۆی گوژمەیان (12,7) دوانزە پۆینت حەوت ترلیۆنە، گوژمەی خەرجکراو تاکۆتایی (2012) چوار پۆینت حەوت ترلیۆنە، بودجەی تەرخانکراو بۆ (2013) سێ پۆینت دوو ترلیۆنە، پێویستی بۆ ساڵانی تریش هەیە، چ لە (2014) و چ دواتریش، دیسانەوە ئەگەر سەیری پڕۆژە بەردەوامەکان بکەین بەپێی گوژمە، هەروەها پارێزگا، ئێمە ئەو پێنج مەجموعەیەی کە باسمان کرد لە کەمتر لە (300) ملیۆنەوە بگرە هەتا زیاتر لە سێ ملیارەوە، ئەگەر سەیریان بکەین کۆمەڵێك موئەشیرمان دەداتێ، ئەو پڕۆژانەی کە لە یەك ملیار بۆ سێ ملیارن زیادترین ژمارەن (285)یان لە سلێمانین، ئەو پڕۆژانەی کە گوژمەیان لە یەك ملیارەوە بۆ سێ ملیارە دوای سلێمانی بابڵێین هەولێرە بۆ تەسەسولەکەی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پرسیار دەکرێت نازانم ئایا جەوابیان بدەمەوە؟بە ئیجازەی جەنابتان یا...، ئەگەر ئیجازە دەدەن جواب دەدەمەوە، ئەگەریش پێویست ناکاتن ........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کە جەنابت قسەت کرد کەس رێی لێ گرتی؟ کەس رێی لێ نەگرتی بە ئارەزووی خۆتان قسەتان کرد، ئەویش قسە دەکا، ئێمە لێرە خۆمان گوێمان لێ بوو دەڵێن بەگۆترە داندراوە، توخوا تەماشاکەن ئەو

هەموو حیساباتە بە گۆترەیە؟ ئێوە قسەی خۆتان کرد (36) سەعات قسەتان کرد، کەس قسەی کرد؟ کەس موقاتەعەی کرد؟ ئەویش قسە دەکات، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سندی / وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێمە هەوڵدەدەین روونی بکەینەوە لێرە، تەوزیعکردنی ئەوەیە کە ئەم بودجەیە لەسەر ئەساسی چی داندراوە؟ داتاکان چین؟ پێوەرەکان چین ئیحتیاجاتەکان چۆن بوون؟ چی کراوە کە لەبەرچاوگیراوە بۆ ئەوەی کە پلانێك دابنێی بۆ ساڵی ئاینده، وابزانم ئەوانە گرینگن کە باس بکرێن، ئەگینا ئەوە بەنیسبەتی ئێمە ئەمە دوو هەفتەیە ئێمە گوێمان لە هەموو ڕەخنە و تێبینییەکان گرتووە، هەمووشیمان تۆمار کردووە، یەك بەیەکیشی هەر هەمووی جواب دەدەینەوە، هەروەها ئەگەر سەیری ئەو پڕۆژانەی کە هەن کە کۆمەڵێکی زۆر تێبینیان لەسەر پێشکەشکرا لەرۆژانی ڕابردوودا، سەیری ماوەی جێ بەجێکردنیان بکەین، ئەوانەی کە ماوەی جێ بەجێکردنیان لە (360) رۆژ، یەعنی لە ساڵێکدا کەمترە، ئەوانەی کە لەساڵێك بۆ دوو ساڵن، هەروەها ئەوانەی کە لە دوو ساڵەوە بەسەرەوەن دەبینین کە زۆربەی ئەو پڕۆژانەی ماوەیان درێژ خایەنن لە هەولێرن، ئەوانەی کە لەماوەی یەك ساڵدان زیاتریان، زۆربەیان لە سلێمانین دوای ئەوە، بەڵام ئەوانەی کە لە سێ ساڵ و سەرەوەن زیاتریان لەهەولێرن، دوای ئەوە سلێمانی و دوای ئەوە دهۆك دێت، کۆمەڵێکی زۆر تێبینی، پێشنیار، ڕەخنە گیرا لەسەر ئەو پڕۆژانەی کە هیچ لە پڕۆژە بەردەوامەکان ئەوانەی کە هیچ خەرجیان لەسەر نەکراوە، کە تەبیعی شاروانی بە یەکەم دێ، کشتوکاڵ بەدووەم دێ، پەروەوردە بە سێیەم، وەبەرهێنان، ئاوەدان کردنەوە، ناوەخۆ، بەڵێ ڕاستە، ئێمە ئەو پڕۆژانەی کە ئیشیان لەسەر نەکراوە نازانم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەمەش یەك لەو پرسیارانەن، لەو شتانەن کە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە، ئێمەش بۆیە باسی دەکەین، ئەگەریش پێتان زیادە ئێمە باس بکەین، ئێمە دەتوانین ڕەت ببین لەسەر ئەو مەسەلەیە، ئەم پڕۆژانەی کە بە (سفر) ناو نراون زۆربەی هەرە زۆریان لە دوای یەکی تەمووز یان 2012/7/1 ناویان لێنراوە پڕۆژەی بەردەوام لەخیلالی ئەم مودەتە هەتا ئێستا، هەتا 2012/10/31 دەست بەکار نەبووە، ئەگەر جەنابتان من بە نامەیەکی ڕەسمی ئێستا ئەبدەیتی 12/31تان بۆ بنێرم، مەوقفەکە لەم شێوەیەی کە هەیە دەبێت بەم شێوەیە، نەبووە بە سفر، هەر هەمووی چارەسەر نەبووە، بەڵام نزیکەی 150 پڕۆژەی دەستبەکار بووە، تەبعەن هەموو مانگێك ئەم مەوقفە لە گۆڕان دایە، مومکینە هەموو هەفتەیەك کۆمەڵێك پڕۆژە هەیە دەستبەکار دەبێت، دوای ئەوەی کە موسادەقەی پەرلەمان و هەموو ئیجرائاتی قانونی بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەوە زۆر بە شتێکی زۆر تەبیعی دەبینین، ئەمە هەر ڕوو دەدات، نەوەك ئەمجارە لە موستەقبەلیش هەیە، ئەمە زاهیرەیەکی تەبیعیە، لەو کاتەی کە موسادەقەی پڕۆژە دەکرێت، هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە پڕۆژە دەستبەکار دەبێت، ئەگەر ئێمە بڵێین ئەمە چەند بەسەر سەدی پڕۆژەکان دێت، دواکەوتنی پێنج شەش مانگ، بۆ ئەوەی دەست بەکاربێت، لە 2012/7/1 هەتاوەکو 2012/12/31 کە دەکاتە شەش مانگ، ئەمە یەك لەسەر

سێی پڕۆژە بەردەوامەکانی حکومەت هاتووە لە ساڵی 2012 دا کە ئەمەش قابلی ئەوەیە کە لەسەری ڕابوەستین بزانین چۆن باشتریشی لێ دەکەین، بەلاٚم لە هەمان کاتدا بەڕێزان، لەکاتێکدا کە مەوقفی 12/31 ئەم پڕۆژانە لە ئینتیزاری دەست بەکاربوون دابوون، هەندێکیان حەتمەن لەمانگی یەك و دووی ئەمساڵ کەوتوونەتە بواری دەست بەکاربوون، بەلاٚم لەساڵی 2012 دا هەزار و چواردە پڕۆژە لە هەموو سێکتەرەکان تەواو بوو، دەورو تەسلیمی پێ کراوە، من ئەگەر تەنها بە کورتی ناوی سێکتەرەکانتان بۆ بخوێنمەوە، لە چ سێکتەرێك و چەند پڕۆژە تەواو بووە بۆ نموونە، شەهیدان  وئەنفال کراوەکان هەشت پڕۆژە، کارو کاروباری کۆمەلاٚیەتی 12، داد یەك پڕۆژە، سامانە سروشتیەکان دوو پڕۆژە، گواستنەوەو گەیاندن 12 پڕۆژە، ڕۆشنبیری و لاوان 24، بازرگانی و پیشەسازی یەك، ناوخۆ 35، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن 143 پڕۆژە، شارەوانی 112، تەندروستی 26، پەروەردە 138، خوێندنی بالاٚ 48، کشتوکاڵ 155، کارەبا 57، دارایی و ئابووری 27، پلان دانان 5، دەزگای مین چوار، دەستەی وەبەرهێنان یەك، ئەمانە کۆی گشتیان ئەوانەی کە باسم کرد کۆی گشتی ئەو پڕۆژانەن کە لە ساڵی 2012 تەواویش بوون، یەعنی ئەوەشمان هەبووە، ئەمەشمان هەبووە، خۆزگە ئەوەندە وەقت هەبوایە کە یەك بە یەکی هەموو پڕۆژەکانم خوێندبایەوە، بەلاٚم تەسەوڕ دەکەم ئەوە زۆر بێ، پێویست ناکات، چونکە ئەم یەك بەیەکی پڕۆژانە ئەگەر بیان خوێنمەوە، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەم پڕۆژانە دەناسن، دەزانن کە ئەم پڕۆژانە ئایا هەن یان نا، یەعنی پێویست ناکات کە زۆر بچمە ناو تەفاسیلەوە، ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن لەم پڕۆژانە تەنها پڕۆژەکانی پەروەردە بخوێنمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر وەکو میسالێك ئەوانەی کە تەواو بوون کۆی گشتیان 138 قوتابخانەیە کە لە ساڵی 2012 تەواو بوون، ئێستاش وەکو باسمان کرد ئەمڕۆ 510 قوتابخانەی تر لە ژێر جێبەجێ کردن و دروست کردن دایە، دروست کردنی قوتابخانەی 27 پۆلی لە گەڕەکی ئایندە لەبەهاری نوێ لە هەولێر لە ناوەند تەواو بووە، دروست کردنی قوتابخانەی بێکەس، لە گەڕەکی سێتاقان، سەرلەنوێ دروست کردنەوەی قوتابخانەی 27 پۆلی، دروست کردنی قوتابخانەی 27 پۆلی لەگەڕەکی نەورۆز، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی کارێزان، ئەمە پارێزگای هەولێرە بەڕێزان، نامەوێ زۆر تەفاسیلەکانی بڵێم، ئەمانە پارێزگای هەولێرن و تەواو بوون، هەریەکەو گوژمەی خۆی هەیە، بەرواری دەست بەکاربوون و تەواو بونیشی هەیە، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی ژیان، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی باداوە، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی ئاری، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی هەولێری نوێ، بێتواتە، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی موفتی، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی گولاٚنی 121، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی حەسارۆکی سەروەران، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گەڕەکی کوردستان، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە سەروەران، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە هەولێر گرد محمد، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە هەولێر بنەسلاٚوە، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە ناحیەی کەسنەزان 32، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لەناحیەی دارەتوو،

دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە ناحیەی ڕزگاری خەبات، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی کەورگۆسك، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لەگوندی کۆڕێ، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە هەریر، تێکدانی قوتابخانەی گرد خەزێن، دروست کردنەوەی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گۆمەڵگای باسرمە، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی باتاس، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە گوندی بازیان، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە کاولۆکان لە ڕەواندوز، بەڕێزان ئەگەر بەعزێك جار ناوەکان مومکینە ئینسان بەدەقیقی نەیلێت، بەلام دەبێ ببورن، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە خەلیفان، دروست کردنی قوتابخانەی 9 پۆلی لە هەریر لە گوندی بەبیان لە قەندیل، دروست کردنی باخچەی ساوایان لەگەڕەکی زانایان بەرامبەر ناوەندی هەتاوی کچان، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی نەورۆز، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی ڕاپەڕین، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی ڕاستی، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی موفتی، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی نەوەت و نۆ و نەوەت و دوو، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی ئاری، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە سەنتەری چۆمان، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە کۆیە، دروست کردنی سێ ژوور لە گۆڕەپانێك بۆ خوێندکاران و قوتابیان لەهەریەك لە شارەوانی و گوندەکانی سێ کانی و هاومالێ، لە پارێزگای سلێمانی، دروست کردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی ئازادی، دروست کردنی خوێندنگای 9 پۆلی لە کانی وەتمان، دروست کردنی قوتابخانەی 18 پۆلی لە عەربەت سەر بە قەزای سەید صادق، دروست کردنی باخچەی ساوایانی دڵسۆز لە سلێمانی، دروست کردنی باخچەی ساوایانی ئەستێرە لە سلێمانی، دروست کردنی باخچەی ساوایانی پەری لەسلێمانی، دروست کردنی پێنج قوتابخانەی شەش پۆلی لە سیرە مێرگ، گەورەدێ، بەرزەدێ، گوێزلێ و بەروێ، دروست کردنی پێنج قوتابخانەی شەش پۆلی لەزەنگی سەر، لە کانی خان، لە بەرکێو، گولێ، عەوالان، دروست کردنی قوتابخانەی شەش پۆلی لەگرنجاغ، دروست کردنی پێنج قوتابخانەی شەش پۆلی لە دوو گۆمان، دەنگەلان، هەلشۆ، شەروەیت، سولتانە دێ، دروست کردنی قوتابخانەی 12 پۆلی و دروست کردنی گەنجینە لە قەلادزێ، دروست کردنی قوتابخانەی شەش پۆلی لەسەر کەپکان، کانی بناو، سەیدە فەقیرە، گردجان، دروست کردنی بینایەی پەروەردەی ڕانیە، دروست کردنی قوتابخانەی 12 پۆلی لە چەمچەمالێ، دروست کردنی سێ قوتابخانەی شەش پۆلی لە چەم و ژالە، گۆلە بی، کانی هەنجیر، دروست کردنی بینای پەروەردە لە هەلەجەی تازە، دروست کردنی کۆگا، دروست کردنی قوتابخانەیەکی 18 پۆلی لەمەلبەندی دەباشان لە سلێمانی، دروست کردنی باخچەی ساوایان لەبەردەقارەمان، نۆژەنکردنەوەی یاریگای پەیمانگای وەرزشی لە سلێمانی، دروست کردنی بینای سەنتەرێك بۆ پەروەردەی تایبەت لە هەلەجەی شەهید، نۆژەنکردنەوەی باخچەی ساوایانی بەکرەجۆ، لە پارێزگای دهۆك ئاڤاکرنا قوتابخانێ 18 پۆلی، دواناوەندی ل ماسیکائێك، ئاڤاکرنا قوتابخانێ 12 پۆلی دواناوەندی ل مانگێشك، دروست کرنا قوتابخانا 18 پۆلی لە سێمێل، باتێل، دروست کرنا قوتابخانا چار پۆلی ل دهۆك، سێمێل، باتێل، دروست کرنا قوتابخانا شەش پۆلی ل دهۆك ل ئاکرێ، گردەسین، دروست کرنا قوتابخانا 12 پۆلی ل باتێل، دروست کرنا قوتابخانە

9 پۆلی ل مسێریك، دروست كرنا قوتابخانا 4 پۆلی ل دیناتا، دروست كرنا قوتابخانا 4 پۆلی ل بەرێ كر، قوتابخانا 4 پۆلی ل سپی مالێ، قوتابخانا 6 پۆلی ل دەحلەرێ، قوتابخانا 9 پۆلی ل شەرمن، دروست كرنا قوتابخانا 3 پۆلی ل دارۆك ژێر و دارۆك ژوور، كۆلكا مەزن و ڕۆلكا ژۆر، قوتابخانا 4 پۆلی ل دێویك، قوتابخانا 4 پۆلی ل نافدار، دروست كرنا قوتابخانا 3 پۆلی ل سەر كەندارو مێرەك و مەفرەق و دینارتا، قوتابخانا 4 پۆلی بۆسریان، پەیمانگەها هونەرێن جوان ل دهۆك، دروست كرنا قوتابخانەكا 9 پۆلی ل كانی ئاسیاها مەزن، ل بەردە ڕەش، دروست كرنا قوتابخانەكا 9 پۆلی ل بەنێنان، دروست كرنا قوتابخانەكا نەهـ پۆلی ل زمار، فەسرێت ڕۆژ هەلات ل زمار، خراپ كرناو ئاوا كرنەكا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل ناعورێ ل ناوەندا دهۆك، خرا كرنا و ئاوا كرنا قوتابخانەكا 27 پۆلی ل زۆزك، پەروەردە ل ناوەند، ئاوا كرنا قوتابخانا 27 پۆلی ل شكەفت مارا ل زاخۆ، ئافاكرنا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل خەرابات ل زاخۆ، ئافا كرنا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل بێدارێ ل زاخۆ، ئاوا كرنا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل سەنتەرێ سێمێل، ئافا كرنا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل تەناهی سێمێل، ئافا كرنا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل ناوچا باعەدرێ، قوتابخانەكا 18 پۆلی ل كۆمەلگا كەلەكچی، ئافا كرنا قوتابخانەكا سریانی 18 پۆلی ل دهۆك ناوەند، ئافا كرنا قوتابخانەكا 18 پۆلی ل شاخیێ ژێری، ئافا كرنا قوتابخانا 18 پۆلی ل دواناوەندێ ل زەركا، ئافا كرنا قوتابخانا 18 پۆلی دواناوەندی ل ئامێدیێ، ئافا كرنا ئافاهیێ ڕێفەبەریا ئەزمونا ل پەروەردا دهۆك ناوەند، دروست كرنا قوتابخانا 18 پۆلی ل مالتا، دروست كرنا قوتابخانا 18 پۆلی ل خرابات زاخۆ، دروست كرنا قوتابخانا 9 پۆلی ل تربێشێ ل ئاكرێ، دروست كرنا قوتابخانا 9 پۆلی ل هەنجیرۆك، دروست كرنا قوتابخانا 18 پۆلی ل سێریك، دروست كرنا قوتابخانەكا 9 پۆلی ل نیسان، لیستەكە درێژە هی پەروەردەش هێشتا زۆری ماوە كە بیلێم، بەلام وابزانم ئیكتیفا بەوە دەكەم، ئەوە هەر نموونەی دوو شتم باس كرد، یەكێكیان كۆمەلێك شت هەیە دەست بەكار نەبووە، یان قەول وایە كە دەست بەكاربێت، كۆمەلێك شتیش هەیە تەواو بووە لە ساڵی 2012، ئەوانەی كە خوێندمەوە نموونەی ئەوانەیە كە سێكتەری پەروەردە، چونكە سێكتەری پەروەردە زۆر باس كرا، ئەگینا دەكرا سێكتەرەكانی تریش باس بكەین، هەروەها تەبیعی هەقیقەتێكی تریش هەیە كۆمەلێك پڕۆژە هەیە كە ئەو وەختەی كە پێشكەش بە پەرلەمان كراوە، ئێستا هەر نەماون لە لیستی پڕۆژەكان دا لەسەر داوای وەزارەتی مالیە، لەبەر هۆیەكی تریش ئێمە ئەمسالێ لە وەزارەتی پلان دانان بڕیارماندا بۆ ئەوەی كە چارەسەری ئەو پڕۆژانەی كە دوا دەكەون، بەتایبەتی ئەوانەی كە چەند سالێكیان پێ دەچێت، ئێمە وەكو ئینزارێكمان دا بە هەموو دام و دەزگاكان، بە هەموو وەزارەتەكان بە نووسراوی ڕەسمی كەهەتا 12/31، ئەو پڕۆژەیەی كەهی سالانی ڕابردوو بێت، ئەگەر مەوقفەكەی مەعلوم بێت، ئەسبابی دواكەوتن چیە؟، ئەوە خۆ مەفهومە ئەگەر ئەسباب هەبێت یارمەتیشیان بدەین بۆ ئەوەی كە چارەسەر بكرێ، ئەگەر ئەسبابەكان مەعلوم نەبن، ئەوە ئەو پڕۆژانە ئێمە دەسەلاتمان لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگرتووە و ئەو پڕۆژانە لادەبەین، ئێمە لە دوای 12/31 دوای ئەوەی كە لیستەكان پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كراوە و نێردراوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئێمە كۆمەلێك پڕۆژەمان

لابردووه، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، بۆ نموونە پڕۆژە هەبووە یەك خەستەخانە بووە، كە وەزارەتی تەندروستی دوایی خۆیان هاتوون داوای دروست كردنی دوو خەستەخانەی بچووكیان كردووە، لە دوو شارۆچكە پڕۆژەی خەستەخانەكە نەماوە، پڕۆژە هەبووە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بووە، چەند ساڵێك لەوێ بووە بابڵێین، ئێستا ئێمە لە $12/31$ ئەو پڕۆژانەمان هەر لە لیستی پڕۆژەكانیش نەهێشتیتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمەیان نەوەك جیهەتی مەعنی تەڵەبی كردووە، تەفسیر یان ئەسبابی تەئخیر بوونەكەی دوای سێ ساڵ یان چوار ساڵ، ئێمە لە لای خۆمان لامان داوە، دوایی نموونەشتان بۆ دێنمەوە، بەس ئێستا با لەسەر بەنارمەكەمان بڕۆین، لە وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی بەڕێزتان، ئاماژە بە چەند دانەیەك لەو پڕۆژانە دەكەم، كە ئێستاش وا باس دەكرێت هەر وجودیشی نەماوە، هۆكارەكانی دواكەوتنی پڕۆژەكانیش، ئەوانەی كە باسمان كرد، چونكە هەر پرسیار دەكرێت هۆكارەكان چین، ئێمەش ناچارین هۆكارەكان تیكرار بكرێنەوە، یەكەم شتیان تەبعەن پەسەند كردنی بودجە بووە هەتاوەكو ئێستا، هۆكاری ڕەئیسی بووە، هەموو هۆكارەكان دواكەوتنی پەسەند كردنی بودجە نیە، بەڵام هۆكارێكە، دوای ئەوە هەندێك لە وەزارەتەكان كە باسمان كرد وەزارەتی هەندەسی نین، پسپۆر نین لە جێبەجێ كردنی پڕۆژەدا، كە ئەمەش حاڵەتێكە ئێستا زیاتر بەرچاو دەكەوێت، ئێستا بڕی پارەی بەردەستی وەزارەتەكان زیاتر بووە، ئەم زاهیرەیە زیاتر بە وازحی، بە ئاشكرایی باس دەكرێت، وەزارەتی تەندروستی لە ساڵی $1996$ و $1997$و$1998$، كە ئیشی نۆژەن كردنەوەی بنكە تەندروستیەكان بوو، لەسەر پارەی نەوت موقابل غیزا هیچ كێشەی نەبوو، ژمارەی موهەندسی كافیشی هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ كە زیاتر لە $15$ موستەشفا، موستەشفای $100$ قەلیۆرەیی و $200$قەلیۆرەیی لە ژێر تەنفیز بێت، ئیحتیاجی بە تەكنەلۆجیای مۆدێرن هەبێ، بە شێوازێكی مۆدێرن دروستی بكەن، مومكینە وەزارەتی تەندروستی ئێستا ئەو موقابیلەیەتەی ئەو كەفائەتە هەندەسیە لەوێ وجودی نەبێ، چونكە ئەسلەن وەزارەتی تەندروستی بەپێی یاسای خۆیان، پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری تەندروستیە، نەوەك دروست كردنی بینا، لەبەر ئەوە ئەمە شتێكە دەبێ وەكو خۆی باسی بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، كێشەی ئامادەنەبوونی زەوی و گۆڕینی شوێنی پڕۆژە، باوەڕ بكەن لە پڕۆژەی بچووكەوە، لە پڕۆژەی زەویەكی بچووك بابڵێین نیسبیەن، بۆ قوتابخانەیەك لەگوندێك یان ناحیەیەك هەتاوەكو پڕۆژەی گەورە، یەعنی ئێمە وا ئیحساس دەكەین كێشە لەسەر زەوی لە هەرێمی كوردستان هەیە، ئێمە بەعزێك جار وا ئیحساس دەكەین ئیحتیماڵە لە هیچ شوێنێكی تری عالەم ئەوەندە كێشە نەبێت، یەعنی هەتا یەكەم جار موافەقاتی ئەسحابی زەوی، یەعنی تەبیعی زەوی حكومەتیش ئەوەی كەهی میریە، بابڵێین موڵكی وەزارەتی داراییە یان موڵكی وەزارەتی ئەوقافە، یان بە هەر شێوەیەك بێ ئەوانە ئێستا ژمارەی پڕۆژەكان زۆر لە زیاد بوون دایە، یەعنی مەحدودیەتی زەوی بابڵێین لە ناحیەی تەوفیریەوە، ئەم زەویانە حازرن بۆ پڕۆژە، ئەگەرنا زەوی خۆ زۆرە لە هەرێمی كوردستان، بەڵام كە زەوی زۆرە بە $20$ ، $30$ كیلۆمەتر لەدەرەوەی شار نیە، باسی شتێك دەكەین لە تەنیشت شارە، ئەو شتەی كە باسی دەكەین ئیتفائی پێ دەوێت، كۆمەڵێك جیهەت هەیە كە دەبێ

تەعامولیان لەگەڵ بکرێت، ئەمەش یەکێکە لە ئەسبابی دواکەوتنی پرۆژەکان، ئینجا دێینەوە سەر مەسەلەی دیزاین و کەم و کورتی تر، چونکە ئێمە لێرە دەبێ بە شەفافانەو بەسەراحەت ئەو کێشانە لەناو خۆماندا باس بکەین، بۆ ئەوەی کە بکرێت چارەسەر بکرێ، کە پرۆژە دەچێتە ئیحالە هەتا تەنانەت بچێتە تەنفیزیش، هەندێکجار کەم و کوڕی دەردەچێت، لە فەقەرەیەکی موعەیەن دەبێتە باعسی ڕاگرتنی ئیش، بێجگە لەوەی کۆمەڵێك تەعلیمات کە لەسەری دەردەچێ ئێستا تەنفیز کردنی پرۆژەکان و ئەوانە، ئیحتیمالە پێویستی بە دەستکاریش هەبێ، لەگەڵ بارو دۆخی ئێستای هەرێم، هەر بەشێوازی گشتی مومکینە بۆ شێوازێکی ئیشتیراکی، سیستەمێکی ئیشتیراکی مەرکەزی زۆر تەبیعی بن، بەلاَم بۆ ئەو ئینفیتاحەی لە کوردستان هەیە، چ لە ناحیەی ئیقتیسادی، لەناحیەی تەنفیز، چ لە ناحیەی ئیجتیماعی، مومکینە کۆمەڵێك دەستکاری پێویست بێت، بۆ ئەوەی کە بگونجێت لەگەڵ ئەوە، هۆکارێکی تری دواکەوتن مەحدودیەتی ئەو کۆمپانیایانەن بەتایبەتی تەبیعی ئەوانەی ناوخۆ، دەورێکی بالاَیان هەیە بەڵێندەرە ناوخۆییەکان لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئێمە بەڕاستی دەست خۆشیان لێ دەکەین، هەندێك ئیش و کاریشیان لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان بە هەموو شێوەیەك ئاسانکاریان بۆ دەکەین، چونکە بە هەقیقەت حکومەت مومکین نیە بتوانێ خۆی بەخۆی تەنفیز موباشر بکات، لەبەر ئەوە ئێمە دەبێت دەعمی بەڵێندەرانی خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی کە ئاستیان بەرز بێتەوە، بۆ ئەوەی هەموو ئاسانکاریەکیان بۆ بکرێت کە بتوانن ئەو بۆشاییەی کە هەیە پڕ بکەنەوە، لە ئاوەدانکردنەوەی ولاَت، ئەوانیش کۆمەڵێك کێشەیان هەیە، ئێستا زۆر مەشاریعی تەخەسوسی تەنفیز دەکرێت، یان کوالیتیەکی زۆر بەس مەتڵەبە لە لای جیهەتی پەیوەندیدار، ئەوانیش کۆمەڵێك کێشەیان هەیە، بەلاَم لە مەرحەلەی موحەسیلەدا، مەحدودیەتی توانا هی بەڵێندەرایەتی، ئێمە هەمووومان دەزانین ئێستا زۆربەی ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان ئیشی تەنفیزی دەکەن، مومکینە بە ژمارە یەك کۆمپانیای تورکی بن، کە ئەمانەش بۆ چەند ساڵێك هەتاوەکو پێشی چوار، پێنج ساڵیش، تەنانەت ئەوانیش کۆمپانیای کوالیتی باش مومکینە تەرەدودی دەکرد کەبێت بۆ هەرێمی کوردستان، بەم وەزعە کە ئێستا لە گۆڕان دایە، ئەمە سەبەبێکی ترە، ستافی سەرپەرشتیاری زانستی، ئەمەی کە لە دام و دەزگاکانی حکومەت سەرپەرشتیای دەکەن، بەعزێك جار ئەوانن باعیسی دواکەوتنی پرۆژەکان، هەروەها وەکو هەندێك لەبەرێزان قسەکانی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێیدا، مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئێستا نسبیەن دەتوانین بڵێین کۆنە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، وەکو ئاهەنگ خانیش ئاماژەی پێیدا، لێرەوە بگرە هەتا....، یەعنی ئەمانە ئیختیاراتن لەسەر چی ڕابوەستن دەبێ هەمووومان پێکەوە کاری لەسەر بکەین، من هیوادارم لە ژیانی مەعنیش بەدواداچوونەوەی دواکەوتنی پرۆژەکان دەکەن، ئەم ئەسبابانە موقتەرەحەتایش هەبێ بۆ چارەسەر کردنیان، خۆ شەرت نیە ئێمە هەمووشتێك بزانین، ئێمە ئیحتیمالە هەر ئەوەندەی لێبزانین، بەلاَم بەهەر حاڵ ئەمانە کێشەکانن کە ئێمە تەشخیسمان کردوون، بۆ ئەوەی کە چارەسەر بکرێت، من شەش، حەوت سەبەبێکم باس کرد، باسی مین کرا لە کوردستان، تەسەوڕم کرد کە پێویست بێ ئەم

ڕوونکردنەوەیە بدەین، هەرێمی کوردستان بە یەکێك لەناوچە هەرە مین ڕێژکراوەکانی جیهان دادەندرێت، تەنانەت بەپێی چەند تەسنیفێکەوە، هەرێمی کوردستان سێهەمین شوێنە لە عالەم بۆ ژمارەی مین، کە دەکاتە دە بۆ دوازدە، ملیۆن مین بەپێی سەرچاوەکانی دەزگای هەڵگرتنەوەی مین، هەروەها ڕێکخراوی (m.a.g)، هەروەها ڕێکخراوی (u.n.d.p) ئەم دوو ڕێکخراوە (m.a.g) لە ساڵی 1993 وە بەردەوام بووە لەهەرێمی کوردستان، (u.n.d.p)ش لە ساڵی 1997وە، بەهەر حاڵ ئەم ژمارانەی کە باسمان کرد، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991وە هەتاوەکو ئێستا زیاتر لە حەوت هەزارو پێنج سەد کەس گیانیان لەدەستداوە بەهۆی مینەوە، ئەگەر سەیری پەککەوتووان بکەین، ئەوانەی کە دەستێکیان نیە یان قاچێکیان لە دەستداوە، ژمارەکە زیاتر لە حەفتا هەزارە، ئەگەر سەیری تەئسیری ئیقتیسادی هەبوونی ئەم مینانە لە هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کە زۆر ناوچە هەن مومکینە لە موستەقبەلیشدا ئەوە هەر کێشە بێت، بۆ ئەوەی کە دانیشتووانەکانی بگەڕێنەوە یان کشتوکاڵ بکەن، یان لە شوێنی خۆیان نیشتەجێ بن، بەهەر حاڵ، ئیمکانیاتی بەردەست بۆ هەڵگرتنەوەی مینیش تەنها مەسەلەی پارە نیە، کۆمەڵێك مەسائیلی فەنیە کە بەسیت ترینیان هەبوونی خەریتەیە، هەبوونی نەخشەیە، چونکە مین کە دادەندرێت لە لایەن جەیشی عیراقیەوە کەدانراوە بۆ خەریتە دانراوە، بۆ ئەوەی خۆیان خەریتەکەیان هەیە لەبەر خۆیان، بۆ ئەوەی کە ئیشیان بەو شوێنەهەبوو بزانن چۆن حەرەکەتی تێدا بکەن، ئەگەر ویستیان هەڵی بگرن، ئەم خەرائیتانە بۆ ئەم مینانەی کە لە خیلالی 40 ساڵی ڕابردوو لەشۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، حکومەتەکانی عیراقی یەك بەدوای یەك دانراوە، هەتاوەکو کۆتایی هەتاوەکو ئەخیر کۆمەڵێکی زۆر لەم خەرائیتانە لە بەغداش نەماون، بێجگە لەوەش نەوعێکی تر هەیە کە (ڤاڵمارا) ئەوەی کە هەر فڕێ دەدرێتە خوارەوە، مومکینە بەدیقەتی خەریتەش زۆر موفید نەبێ، لەبەر ئەوە من تەنها هەر ئەوەندە لێرە باس دەکەم، چونکە لە پرسیارەکان باس کراوە، وابزانم سێ پرسیار هەیە لەسەر ئەوە، دوایی کە دێمە سەر ئەوە بۆ ئەوەی ئەو شەرحە نەکەم، ئەمە بابەتێکی زۆر گرنگە، ئەمە بابەتێکە نابێ لەبیرمان بچێت، باسی ئەوە کرا کە ئایا هەتاوەکو چەند ساڵی تر، من نازانم ئیحتیمالە 50 ساڵی تریش ئەم پرۆسەیە هەر بەردەوام بێت، مومکینە بۆ نەوەی داهاتووش بمێنێتەوە کە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئێمە لەدوای ئەفغانستان، ئەنگۆلا، هەرێمی کوردستان سێیەم شوێنە لە عالەم، بەپێی زۆر تەقیم تەبعەن، ژمارەکان تەقدیرین، بەڵام حیساباتەکان زۆرن، ئەو دەزگایەی کە کارەکەش دەکات دەزگای هەڵگرتنەوەی مین، کە ئێستا بەم ئەخیرە تەوحید بووە، ئەگەر ئەوان لەسەرەتای کارەکانیان هەتاوەکو ئێستا زیاتر لە نهە شەهیدیان داوە لە ئەسنای پاککردنەوە، سوپاس بۆ وەزارەتی ئەنفال و کاروباری شەهیدان، بە سوپاسەوە شەهیدانی فەرمانبەری دەزگای مین، یان وەکو شەهیدی سەنگەری حیساب کردووە، بەڵام ئەم پرۆسەیە بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان بەردەوامە، گرنگی خۆشی هەیە، تەبعەن بەپێی نەخشەش مەعلومە، لە زۆربەی پرسیارکان ناوی هەندێك گوند دێت، فوتابخانەیەك و ئەوەیەك، ئێمە با هەر لێرەوە دەست پێ بکەین، بۆ ئەوەی کە ناوی گوندەکان دەدەم شتەکان ڕەبتیان بە یەکەوە هەبێ، لە هەرێمی کوردستان سێ پارێزگاو یەك ئیدارە، ئەوەی کە ئێستا

ئێمە تەعامولی لەگەڵ دەکەین، هەرچەندە هەندێك ئیدارەی نوێش لە ئارادان، بەلأم با ئێمە بڵێین هەولێر، دهۆك، سلێمانی لەگەڵ گەرمیان بەو تەسنیفەی کە هەیە تەعامولیان لەگەڵ دەکەین، ئەمانە بە ئیدارەی ئێستاوە 33 قەزا لەخۆیان دەگرن، بە خانەقینیشەوە، بە مەخموریشەوە، بە شێخانیشەوە، 136 ناحیە لە هەرێمی کوردستان، پێنج هەزارو شەش سەد گوند، لەم پێنج هەزارو شەش سەد گوندەی کە لە هەرێمی کوردستانە، هەموومان دەزانین کە لە حدودی چوار هەزار یان زیاتر لە چوار هەزار گوند تێك دراوە، ڕاستە لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوو حەملەیەکی بەچ سورعەتێك و بە کەمێك زیادەوە، پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوند هەبووە، بەلأم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوند مومکینە ئێستا ئەو گوندەی کەجاران ئیحتیمالە پەنجا ماڵ بووبێ، ئێستا دوو کەس چووبن دوو خانوویان تێدا دروست کردبێ بۆ ئەوەی کە جار بەجار بچن بۆ گوندەکەی خۆیان، سەردانی موڵکی خۆیان بکەن، هەشە زۆر خەڵکی چۆتەوە، هەشە مومکینە ئێستا نفوسەکەی زیاتریش بێ، بەلأم ئەمە پرۆسەیەکە ئەبێ بە ژمارە و داتا تەعامولی لەگەڵ بکەین، ئێمە کە باسی ئاوەدانکردنەوەی ئەمانە دەکەین، ڕاستە لەدوای 2006 هەتاوەکو ئێستا بڕی پارەی بەردەستی حکومەتی هەرێم زیادی کردووە، لەبەر ئەوە ئێمەش هەم شەهیەی وەزارەتەکان و خەڵکی کوردستان و شەهیەی ئاوەدانکردنەوە کراوەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بەلأم دەبێ بزانین کە ئێمە ئەو بارەی کە بۆمان ماوەتەوە، ئەو شتەی کە دەبێ تەعامولی لەگەڵ بکەین، زۆر قورسترە لەوە، بەڕێزان خەڵکی ئەم گوندانەی کە ئێستا بە هەر هۆیەکەوە گوندەکانیان بە زوڵم و بە تەعەدا گوندەکانیان تێك دراون، ئێستا مومکینە هەر جیلێکی تر بن زۆربەیان کە ئێستا لە شارەکان نیشتەجێن، گەڕاندنەوەی ئەمانەش زەحمەتە، هەر خۆی تەنها مەسەلەی ئیمکانیات و تەنها مەسەلەی جادەو کارەبا و ئەوانە نیە، ئێمە هیجرەی ریف بۆ ناو شار یان گوندەکان بۆ ناو شار لە هەموو عالەم هەبووە، بەلأم هەندێك جار وەکو هەرێمی کوردستان عاملی ئیزافیش هەبووە، کە تێکدانی گوندەکان بووە، بە زۆرەملێ خەڵك گوێزراونەتەوە، کە باسی دانیشتوان دەکەین دیسان ئەمڕۆ باسی پێنج پۆینت سێ ملیۆن دەکەین، لەسەر داتاکانی حەسرو تەرقیمە کە بۆ پرۆسەی پێشی پرۆسەی تەعداد سوکانە کە لەبەر دەستمان دایە......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك ئیسراحەت دەکەین، دوای ئەوە دێینەوە، لە دانیشتنەکانمان بەردەوام دەبین.

**دوای پشوو:**

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆی ئەوەی کە ئەم ژمارانەم عەرز کردووە، لە ژمارەی دانیشتوان، من دەمەوێت هەر لە ئێستاوە بڵێم بگەم بە چی، یان وەلأمی چ پرسیارێك بدەمەوە؟، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەیانبوو، ئەویش بابەتێکی زۆر گرنگ بوو، وابزانم خەڵکیش زۆر پێی موهتەمە، ئەویش مەوزوعی نیشتەجێیە، یان دروست کردنی خانوو

بۆ هاوولاَتیان، هەروەها دروست کردنی خانوو بۆ کەس و کاری ئەنفال و شەهیدان، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە پێنج پیۆینت سێ ملیۆن مەزەندە دەکرێت، تەبیعی لەم سلایدە دەبینین کە ئەم زیاد بوونەی دانیشتوان کە بەڕێژەی نزیکەی 4٪ هەتاوەکو ساڵی 2020 ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان خۆی لە نزیکی 8 ملیۆن دەدات، ئێمە با سەیرێکی ئیحتیاجاتی نیشتەجێ بکەین، بەشێوەی زانستیانە، بزانین ئێمە لە کوێین ئێستا، ئەمساڵیش لە 2013 لە ساڵانی ئایندەش چەند کەس ئیحتیاجی بە یەکەی نیشتەجێ بوون دەبێت، بەرنامەکانی حکومەتیش ئایا بەشێوازێك توانیویانە دەستکاری یان دەستی یارمەتی درێژ بکەن، تەبیعی ئەمە تەحلیلێکی تری ژمارەی دانیشتوانە، ئەگەر تەماشا بکەین، هەموومان دەزانین کە گەورەترین ڕێژە لە ژمارەی دانیشتوان ئەوانەن کە تەمەنیان لە 5-9ساڵە، دوای ئەوانەش ئەوانەی کە لە 4 ساڵ کەمترن، دوایی ئەوانەی کە تەمەنیان لە 15-20 ساڵە، لە 5,3 ملیۆن ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەگەر موختەسەری بکەم، زیاتر لە 50٪ یەعنی زیاتر لە نیوەی 5,3 ملیۆنەکە تەمەنیان لە 20 ساڵ بەرەو خوارەوەیە، یەعنی لە 20 ساڵ کەمترە، لەبەر ئەوە هەرێمی کوردستانیش بە کۆمەڵگایەکی گەنج دادەندرێت، کە ژمارەی گەنجان تێیدا زۆرن، بەعەکسی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی، بەتایبەتی ئەوروپای غەربی، کە ژمارەی بەساڵاچوان وەکو ڕێژە زیاترە، یان نزیکی ژمارەی گەنجانە، لایەنێکی تری ئەم بابەتە، بابەتی نیشتەجێ بوون وەزعی ئابووری هەرێمی کوردستانە، ئەم ژمارە خەڵکەی کە باسمان کرد، بزانین وەزعی ئابووریان چۆنە، چونکە تۆ ئەگەر بەرنامەیەك دابنێی، ئەگەر حکومەتی هەرێم بەرنامەیەکی هەبێ بۆ هاوکاری کردنی خەڵك لە یەکەی نیشتەجێبووندا، خۆ دەبێ سەیرێکی باری ئابووری بکرێت، خەڵکێك هەیە ئیمکانیاتی هەیە یان دەوڵەمەندە، ئیحتیاجی بەدەعم نیە، لەبەر ئەوە کەبەرنامەکە دادەنێی، دەبێ بەرنامەیەکی موستەهدەف بێت، ئینجا فیعلەن دەبێ بە قەبارەی ئەو خەڵکە بێ کە ئیحتیاجیان بە یارمەتی هەیە، ئاسانە ئەگەر لە لایەنی ئابوورییەوە نەچینە ناو تەفاسیلی موفەسەل، زۆر وردەکاری ئەوانەوە(G.D.P) یە، کۆی داهاتی خۆماڵیە، ئەمە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان مەبەستم، موعەدەلی داهاتی تاکە فەردێك، کە ئەو ژمارانەش ئێمە لە دەستەی ئاماری پلان دانان کە مەزەندە دەکرێن، هیچ یەکێك لەمانە بە تەنیا نایکەین، بەتایبەتی لە دەستەی ئامار، ئێمە چەند ساڵە کە کۆمەڵێك بەرنامەمان هەیە، کۆمەڵێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، هەروەها پسپۆری بیانی یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی کە ڕەقەمەکانمان دەقیق بێ، چونکە ئێمە لامان مەبەستە ژمارە دەقیق بێ، هیچ شتێکی تر خزمەتی ئێمە ناکات لە پلان دانان، ئێمە ئەگەر ژمارەیەکی نا دروست بەکاربێنین، موتەئەکید بن تەئسیرەکەی هەر سوودێکی هەبێ، یەعنی زەرەرەکەی وتەئسیرە سلبیەکەی زۆر زیاترە، ئەمە ئەم فۆڕمەیە کە چۆن ژمارەی داهات حیساب دەکرێت، کە بریتیە لە خەرجیات زائیدەن وەبەرهێنان زائیدەن هەموو خەرجی حکومەت لە هەموو بوارەکان، تەبیعی لە تەشغیلیش و ئیستیسماری زائیدەن بالآنسی تیجاری، دەکاتە ئەوەی کە سادرات ناقیسەن واردات، ئێمە هەموومان دەزانین لە کوردستان واریداتمان لە سادراتمان زیاترە، لەبەر ئەوە ئەو ڕەقەمە بە ناقس

دەردەچێت، بەڵام بەهەر حاڵ ئەو ڕەقەمەی کە دەردەچێت، نزیکەی 23 ملیار دۆلارە لە ساڵی 2012(G.D.P) هەرێمی کوردستان، دابەش کردنی ئەمەش ختوەی دواتر، دابەش کردنی ئەمەیە لەسەر ژمارەی دانیشتوان، کە خۆی لە نزیکەی چوار هەزارو چوار سەد دۆلار بەهەر تاکەکەسی دەدات، ئەگەر حیسابی بکەیت بۆ یەعنی موعەدەلی مانگانە حیسابی بکەیت ئێستا وەکو باسم کرد تەقسیمی دوانزەی بکەین، لە 300 بۆ 400 دۆلارێك دەردەچێت، وابزانم مەفهومەو مەقبولە، بەڵام لەمە گرنگ تر، هەر دیسانەوە کە دێینە سەر هەموو بوارەکانەوە، دەعمی حکومەتە لە پڕۆژە یاسای بودجەدا دەبێ جێگیر بێ، یارمەتی چ فیئەتێك دەدات، چ فەقەرەیەکی بودجە، چ فەقەرەیەکی تر، ئیستیهدافی چ فیئەتێك دەکات کە موستەهەقە؟، ئێمە بە عام دەزانین و دەتوانین بڵێین کەس و کاری شەهیدان، ئەوە دەتوانین بە موتڵەقیش بڵێین، هەرە هەموویان حقوقیان هەیە لەسەر ئێمە، چ لە ناحیەی مەعاشەوە بگرە، هەتاوەکو کردنی خانوو و شتی تر، چارەسەر کردنی نەخۆشی و ئەوانە، بەڵام ئەگەر بێین مومکینە خەڵکی تریش هەبێ لە کۆمەڵگادا لەبەر وەزعی ئابووری خۆیان، لەبەر وەزعی ئیقتیسادی خۆیان کەس و کاری شەهید تەعامولی لەگەڵ بکرێت، لە ناحیەی دەعمی مالیەوە، دەڵێم لە هەرێمی کوردستان موعەدەلی داهاتی تاکەکەس بە پێی ئەم ئامارانە نزیکەی 4400 تۆزێك لەعیراق زیاترە، چونکە هەمان موعادەلە بەسەر عیراقیش تەتبیق دەبێت، لە عیراق 4100، لەمەنتقەی مینا کە دەکاتە هەموو شەرقی ئەوسەت و شیمالی ئەفریقیا، موعەدەلەکە نزیکەی 400، یەعنی لە وڵاتانی دەوروبەری ئێمەوە کە ئەگەر لێرەوە دەست پێ بکەین، هەتاوەکو دێینە لای مەغرب و جەزائیر و تونس، موعەدەلەکەی ئەوەندەیە، بەڵام لەمەش هەردیسان پەیوەندیدار بەمەوە گەشەسەندنێك هەیە لەکۆی داهات، لە ساڵی 2012 بەرامبەر بە ساڵەکانی تر، یەکێك لە ئەسبابەکانی ئەم بودجەیە، بودجە زیاد بووە لە 2012 موقارەنەتەن بە 2011، لە 2013 زیاد بووە، موقارەنەتەن بە 2012، بەڵام لە هەمان کاتدا تەماشا دەکەین ڕێژەی هەڵاوسان زیاد بووە، دیسانەوە بە پێی ئامارەکانی خۆمان بەنزیکەی 7.01 لە ساڵی 2012، هەڵاوسان مانای بەرز بوونی نرخی شتەکانە، نرخی کاڵاو هەموو شتێك، پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، شێوازی حیساب کردنی هەڵاوسانیش، سەرەتا ساڵی موعەیەن بە ساڵی (بەیس) وەردەگیرێ، دوای ئەوە هەر ساڵێك لەساڵەکەی پێشوو تر موقارەنە دەکرێت، بەڵام یەك ساڵی موعەیەن بە ساڵی سفر دادەندێت، لە هەرێمی کوردستان و لەعیراقیش ساڵی 2007 بەوە دانراوە، کە ساڵی 2007 مەسحێکی گەورە لە عیراق کرا، تەعداد سکان نەبوو، بەڵام گەورەترین مەسح بوو کە ناوی مەسحی ئیحاسە، موختەسەرەکەی پێی دەڵێن (ئیحسای)، بە سەدان هەزار کەس بەشداریان لە مەسحەکەدا کرد، نەتائجەکانی ئەو مەسحە باری ژیانی هاووڵاتیان ئەوە کرا بە بەیسێك، دوای ئەوە هەموو ساڵێك سعیری شت و مەك و کاڵا لەمانگێکەوە بۆ مانگێك، لە هەمان مانگ لەگەڵ ساڵی ڕابردوو موقارەنەی پێ کرا، کە ئێمەش ئەو کارە ئێستا لە وەزارەتی پلان دانان لە دەستەی ئامار بە شێوازێکی مونتەزەم مانگانە دەیکەین، یەعنی ڕاپۆرتی مانگانەمان هەیە لەسەر تەزەخومی نزیکەی 320 کاڵا کە لە بازاڕ دایە، ئەم کاڵایانە لە سێ شت خۆیان دەگرنەوە، فیئەتی خۆراك، فیئەتی

سەکەن، فیئەتی جل و بەرگ، ئەمانە بەسەر ئەمانە تەقسیم دەبن، موعەدەلی ئێستا کەهەمانە لە ساڵی 2012، 7٪ بووە، 7٪ش ژمارەیەکی زۆر خەتەر نیە، بەلاّم ژمارەیەکی کەمیش نیە، یەعنی 7٪ش ڕەقەمێکە کە دەبێ لەسەری ڕابوەستین، ئەگەر سەیری ساڵانی ڕابردوو بکەین، ئەگەر سەیری موعەدەلی بەرز بوونەوەی نرخی کالاّ بکەین لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2009وە بۆ ساڵی 2012 گەورەترین بەرز بوونەوەش لە بەینی ساڵی 2011 و 2012 ڕوویدا، ئینجا با بێین سەیری ئەسبابەکانی تەزەخوم بکەین کە ئەسبابەکانی چی بوون، بەتایبەتی کە زۆرێك لە پێشنیارەکان لە پرسیارەکان باسی بەرز کردنەوەی کۆمەڵێك مووچەو موخەسەسات و تەنانەت هەندێ پێشنیار هەبوو، بەڕێز کاك عدنان عثمان مەسەلەن پێشنیارێکی هەبوو، بەتایبەت بۆ منداڵ شتێك ببڕێتەوە، وەکو موخەسەسات، کەمترین سەقفی مووچە لەکوێ ڕابوەستێت؟، ئێمە ئەمانە رەبتی بکەین، تەبعەن زۆرترین بەرز کردنەوەی مووچەو دەرماڵە کە لە هەرێمی کوردستان ڕوویدا، لەبەینی ساڵی 2011 و 2012 ڕوویداوە، 2010 و 2011و 2012، سەبەبەکەشی هەندێکی لە بەغدا بوو، کۆمەڵێك شت لە بەغدا کرابوو، خەڵکی داوایان کرد کە لێرەش تەتبیق بکرێت، بۆ بەعزێك فیئاتی فەرمانبەر و ئەوانە، سەبەبێکی تری خۆمان بووین، ئێمە لە حکومەت کۆمەڵێك موخەسەسات زیاد کرا، هی ئەم فیئەتە یان ئەو فیئەتە، سەبەبێکی تریش لە هەقیقەتدا پەرلەمانی بەڕێز بوو، کە ئەوانیش لێرە لە هۆڵی پەرلەمان پێشنیار کرا چەند فیئەتێك موخەسەساتیان زیاد بکرێت، ئەسبابەکانی زیاد بوونی سیعری کالاّ لە بازاڕ، یەکێك لە ئەسبابە هەرە سەرەکیەکان زیاد کردنی مووچەو موخەسەساتە بەغەیری مونتەزەم، هەموو دونیا، هەموو حکومەتەکان لە هەموو وڵاتەکانی دونیا، ئەگەر بەرنامەیەکی زیاد کردنی مووچە هەبێ، ئەبێ ئیستیهدافی تەزەخومێکی موعەیەن بکات، کە ئەو تەزەخومەش تەئسیر لە هەموو هاووڵاتیان دەکات، مەبەست لێرە ئەگەر من ئێستا، مامۆستا بم لە وەزارەتی تەربیە، تەنها مووچەی من زیاد بکرێ، تەبعەن من سوودمەند دەبم لەم فیئەتە، بەلاّم بەرامبەری ئەوە مومکینە کیلۆیەکی گۆشت سیعری گران ببێ لە بازاڕ، ئەو فیئەتەی تر کە موعاشەکەی زیاد نەکراوە ئەو زەریبەکەی داوە، ئەمە لە علیمی ئیقتیسادیشدا تەزەخوم لە هیچ شوێنێکی عالەم لە هەموو نەزەریاتی ئیقتیسادیش کەس نەیتوانیوە تەزەخوم بن بڕ بکات، بەلاّم وەسائیلێك لەبەرچاو دەگیرێت، کە تەزەخوم بە شکلی تەدریجی بێت، بە نوقات بێ، بە زیاد کردنی مووچە و موخەسەسات و ئەوانە، دەبێت بە بەرنامەیەکی گشتی بێ، کەس لە ئێمە دژی ئەوەنیە کە مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێ، یان موخەسەسات زیاد بکات، بەلاّم لە کاتێکدا کە زیاد کردنی فیئەتێکی موعەین و مووچەی فیئەتێکی موعەیەن، ببێتە سەبەبی ئەوەی کە زەرەر لە فیئەتێکی تر بدات، دەبێ زۆر بە دەقیقی بۆی بچین، مومکینە هەندێك بۆچوون هەبێ بڵێن ئەسڵەن، ئەساسەن قانونی خدمەی مەدەنی عیراقی کە ئێمە لەسەری ئەچین، سولەمی رەواتب و ئەوانە خەلەلی تێدا هەیە، ئەبێ چارەسەر بکرێ، باشە، ئەوە دەبێ یەکجار بکرێت، نابێت هەموو ڕۆژ بکرێت، یەعنی نابێ ئەو مانگە جوزئێك لە سولەمی رەواتب کە کێشەی تێدایە، ئەگەر کەمترین مووچە کە کەمە، ڕاستە، تەبعەن ئێمە با باسی ئەوە بکەین لەگەڵ هەموو ئەوانەی

تریش بەیەکجار چارەسەر بکەن، دوای ئەوەش بەشێوازێکی مونتەزەم یارمەتی هەموو فەرمانبەران بدرێت، یارمەتی هەموو فیئات و هەموو مووچە خۆرەکان بەخانەنشینەکانیشەوە، ئەبێ هەموویان بە یەکسانی بگرێتەوە، ئەگینا لەم موعادەلەیە زۆر شتمان لێ تێك دەچێت، هەر ئەو تەزەخومەی کە باسم کرد، هەلأوسان، با سێ میسالتان بۆ بێنمەوە، بەینی مانگی 12 ساڵی 2011، لەگەڵ مانگی 2012/12، کە ئێمە لە لای خۆمان قیاسمان کردووە، یەك کیلۆی گۆشتی بەرخ لە 14400 دینارەوە، بەرز بۆتەوە بۆ 16500 دینار، کرێی یەك ژوور لە یەك خانوو، لە 82 هەزار دینارەوە، بەرز بۆتەوە بۆ 102 هەزار دینار، ئەمە لە فیئەی سەکەندا، لە فیئەی پۆشاك، ئەو میسالەمان هێناوە، جوتێ پێلأوی دروست کراوی مەحەلی، نەوەك هی ئەجنەبی بابڵێین، لە 14 دینارەوە بۆ 18دینار، ئەمانە ئەم ڕەقەمانە تەبعەن لە بازاڕی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن، یەعنی سەرچاوەکەی ئەمانە، تیمەکانی ئێمە بە بەردەوام فۆڕمێکیان هەیە کە ئەم شتانە لە بازاڕ وەردەگیرێن، ئێمە دەبێ لەبەر ئەوە کە باسی هەر فیئەتێك دەکەین، دەبێت حەزەربین، نەوەك خزمەتی فیئەتێك بکەین، بەسەریشمان داهاتووەو کردوومانە هەموومان، لە ئەنجومەنی وەزیرانیش ڕوویداوە، فیئەتێکی تر لێی موتەزەرر بیت، ئینجا با موقارەنەیەکی خۆشمان بکەین لە هەلأوسان لەگەڵ دەوروبەریشمان، خەڵك هەیە لە ئێمە خراپ ترە، خەڵك هەیە لە ئێمە باشترە، تورکیا لە بابەتی هەلأوسان لە ئێمە خراپ ترە، لە شوێنەکانی تری عیراقیش هەلأوسان نەگەیشتۆتە 7٪، شەش و شتێك بووە بابڵێین، لە وڵاتانی کەنداو ئیستیقرارەکە زیاترە، لە (O.E.C.D)ش ئەو وڵاتانەی کە موستەقرن، تەقریبەن ئەو ژمارانە بە شێوەیەکی مونتەزەم یەعنی ئەگەر زیادبوونێکیش هەبێ، زیاد بوونەکە تەدریجیە، سەبەبێکی تری هەلأوسانیش بەڕێزان، باسی مووچەو داهاتم کرد، سەبەبەکەی تر کە پارەیەکی زۆر دێتە بازاڕەوە، ئەویش سەبەبێکە کە دیسان تەزەخوم دروست دەکات، مومکینە مەسدەرەکەی حکومەت بێت ئەو بودجەیەی لەبەر دەستی هەیە، مومکینە سەبەبێکی تریشی غەیری حکومەت بێت کەرتی تایبەت بێت بۆ نموونە، ئەگەر بتەوێت کۆنتڕۆڵی ئەمە بکەی، ئەمە لە هەقیقەتدا ئەرکی سیاسەتی نەقدیە، ئەمەی یەکەمیان سیاسەتی مالی بوو، ئەمەشیان سیاسەتی نەقدیە، سیاسەتی نەقدی ئێمە زۆر دەسەلأتمان نیە، بەتایبەتی لە دوای 2003 وە، ئێمە لە عیراق دوو عوملەمان هەبوو، ئێمە لەسەر عوملەیەك دەچووین، عیراق لەسەر عوملەیەکی تر دەچوو، دەکرا لە سیاسەتی نەقدیش ئێمە موختەلف بین، بەلأم ئێستا لەبەر ئەوەی یەك عوملەیە، ئەو عوملەیەش لە یەك شوێن تەبع دەکرێت، بانکی مەرکەزی عیراق کە ئێستا ئەمرۆ زیاتر لە شەش سەدو دوو ملیار دۆلاری کاش وەکو ڕەسیدی تێدایە، ئەوانن کە دەتوانن چەند دۆلار بفرۆشن، لەو مەزادانەی کە دەکرێن ڕۆژانە لە بەغدا، چەند پارە برژێننە بازاڕ، ئەوەش تەئسیری هەیە دیسانەوە لەسەر تەزەخوم، یەعنی لە هەمووکاتێکدا دەبێ سیاسەتێکی مەنتقی پەیرەو بکەن، سیاسەتێکی عاقلأنەو ئیقتیسادیانە بابڵێین یارمەتی بازاڕو یارمەتی هاووڵاتیان بدات، بەلأم ئەوەیان بە دەستی ئێمە نیە تەحەکومی پێ بکەین، ڕێژەکانی بێکاریش هەر دیسان شایەنی باسە، کە باسی ئەوانە دەکەین، هەرێمی کوردستان ئێمە هەرسێ مانگ جارێك نەتائیجەکان ئیعلان

دەکەین، ئاخیری سێ مانگ لەبەر دەستمان بووە 7٪ بووە، لە ئیمارات تەبیعی کەمترە، لە کوێت کەمترە، لە تورکیا زیاترە، لە سعودیە زیاترئەبێ، لە ئێران زیاترە لە عیراق، لە میسر زیاترە، لە هەرێمی کوردستان وەکو لەم ژمارانەدا بەدیار دەکەون، تەبعەن کە بێکاریش حیساب دەکەین، دیسان بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، کە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە پێنج پۆینت سێ ملیۆن حیساب ناکەین، پێنج پۆینت سێ ملیۆن ژمارەی دانیشتوانە، هەموو ئەوانەی کە تەمەنیان لە 15 ساڵ زیاترە، ئەوانە پێیان دەڵێن هێزی کار، ئەوانەی کە لە خوار 15 ساڵن ئەوانە بە دەر وەدەردەنێن، ئەوانە بە پێی مونەزەمەی عەمەلی دوەلی ئەمانە لە هێزی کاردان، ئینجا لە ناو هێزی کاریش خەڵکێك هەیە کە خۆی کاری لە لا مەتلەب نیە، خۆی ناو نووس ناکات وەکو بێکار، مومکینە ژنێك لە ماڵەوە منداڵی خۆی بەخێو بکات، ئەمە ئەرکی سەرەکی بێت، بەلاَم خۆشی بە بێکار موعەرەف ناکات، وەکو وەزیفە غەیری وەزیفەی عائیلی هیچ وەزیفەیەکی تری نەبێت، لەو هێزی کارە کە لە هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 38٪ دەکاتە هەموو هێزی کار، لەوانە 7٪ یان بێکارن، ئینجا ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە کە باسی بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێستا دوو زاهیرەی موتەناقز لە هەرێمی کوردستان دروست بووە، لە لایەکەوە ئێمە لێرە لە هۆڵی پەرلەمان دانیشتووین، من وەکو نوێنەری حکومەت ئەم ژمارەیە دەڵێم، لە لایەکی تریشەوە هەموومان دەزانین کە ئێستا وەزعی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان، ئیحتیاجی بە دەستی بیانیش هەیە، یەعنی لە لایەکەوە بێکارمان هەیە، لە لایەکی تریشەوە خەڵکێکی بیانی زۆرمان هەیە کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، ئەم خەڵکەی کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان ئەگەر فورسەتی ئیشیان دەست نەکەوتبا، تەسەور ناکەم لەو وڵاتە دوورانە هاتبانە هەرێمی کوردستان، مانای وایە ئیشیان دەست دەکەوێت، یەعنی ئەمە هەر نەتیجەیەکی مەنتقیە، ئەمانە کە هاتوون یەعنی فورسەی عەمەل هەیە لە کوردستان، بۆیە ئەمانە دێن و ئیشیان دەست دەکەوێت، ئیتر لە ئیندۆنیسیاو بەنگلادیش و لە ناوچەکانی تری عیراق، هەتا ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، هەتاوەکو تورکیا و ئێران و سوریا، ئەمانە کەدێن لەهەرێمی کوردستاندا مانای ئەوەیە کە فورسەی عەمەل هەیە، چونکە دێن ئیش دەکەن، ئەگەرنا کەس نەدەهات، باشە بۆ ئەم 7٪ی ئێمە ئەم بۆشاییەی ئێمە پڕناکاتەوە، ئەگەر بێین تەرکیز بکەینە سەر ئەمە، ئینجا دەبینین کە 7٪ی کە بەبێ کار موعەرەف دەکرێن، تەعریفیان ئەوەیە، لە هەفتەی ڕابردوودا لە هێزی کارە لە تەمەن و ئەوانە، لە هەفتەی ڕابردوودا بۆ ماوەی یەك سەعاتیش کاری نەکردووە، ئەمە بەبێکار دادەندرێت، ئەمانە تەبعەن ئەگەر بێی تەماشا بکەی زۆربەی هەرە زۆریان لەو 7٪ خەریجی زانکۆ و مەعهەدەکانن، ئەو ئیشە و ئەو فەراغەی کە لە بازاڕی کوردستان هەیە وەکو ئیش، مومکینە ئیشە خزمەتگوزاریەکان بن، ئیشی تەکنیکی و فەنی و کارەبایی و نەجاری و ئەوانە بن، ئیشی کرێکاری و عەمەلەو ئەوانە بن، کە بەم فیئەتە لە لای ئێمە وەکو خەریجینی زانکۆ و مەعاهد بە مانە پڕناکرێنەوە، ئەمانەش ئەو ئیستیعدادەیان نیە، هەقی خۆیانە، یەعنی ئەگەر ئینسان ئەو زەحمەتەی کێشا و زانکۆی تەواو کرد، ئیحتیماله زیاتر چاوی لەوەیە کە وەزیفەیەك وەربگری لەناو حکومەتدا، بەلاَم خۆ

وەزائیفیش لەناو حکومەت مەحدودە، یەعنی ئەمە بەردەوامیش دەبێت، بەم ڕێژەیەی گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوانیش ئەم کێشەیە هەم ئەم ساڵیش لە 2013، هەم لە2014، لە 2015 هەم دواتریش حەل نابێت، ئیلا مەگەر فیعلەن ئەو فەراغەی کە هەمانە لە ئەیدول عامیلە، کە چیمان پێویستە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان خەڵك پێویست بوو ئێستیاش مومکینە بۆ دیفاع کردن لە کوردستان، بۆ پاراستن و هەبوون و مان و نەمانی هەرێمی کوردستان، بەڵام خۆ ڕۆژ بە ڕۆژیش پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە دەستی پێ کردووە، ئەمەش ئیحتیاجێکە کە دەبێ لە بەرنامەکاندا ڕەنگ بداتەوە، ئینجا من ئەمە هەمووی ڕەبت دەکەمەوە بە سێکتەری نیشتەجێبوون، لە هەرێمی کوردستان ئەگەر پێنج پۆینت سێ ملیۆنەکەی کە باسمان کرد، موعەدەلی عائیلە پێنج کەس بێت، هەر بە تەقدیری هەرێمی کوردستان یەك ملیۆن وەحدەی سەکەنی بابڵێین مەتلەبە کە پێویستە هەبێ، ئەمە ئینجا چۆن حیساب دەکرێت، ئێمە ئەگەر بێینە سەر ئەم یەك ملیۆنە، ئێمە تەبعەن لە حەسرو تەرقیم ژمارەی هەقیقی خانووەکانمان هەیە، هەمانە بە داتابەیس و ژمارەو ڕەقەم و ناوی ساحێبەکەی هەیە، لە هەموو عیراقیش ئێستا ئەوە هەیە، چونکە پرۆسەی تەعداد سوکان وەکو باسم کرد حەسر و تەرقیمی دەویست، لە 2009 کرا، لە 2010 ئەبدەیت کرا، هیچ شتێکی گەورە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، هیچ کارەساتێکی گەورە لەو ڕووەوە ڕووی نەداوە، بڵێین ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بەرەو لایەك چوون، یان کۆچیان کردووە، یان وەکو مەسەلەی ئینتیفازەو ئەوانە، کە خەڵکێکی زۆر ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت و ڕۆیشتن، ئێمە ئەگەر ئەو ئیحتیاجەی کە هەیە لە 275، ژمارەکانی لای ئێمە 776 هەزار وەحدەی سەکەنی لە 2010 وە تاوەکو ئێستا نیسبەتێکی نمووشمان داناوە، بابڵێین 770 وەحدەی سەکەنی هەبووە، نزیکەی 275 نقوسانە، ئەگەر ئەوانە لە خیلالی 10 ساڵ ئەنجام بدرێت، ساڵی 27 هەزار دینارمان دەوێت، بێجگە لەو 27 هەزارە ساڵانە وتمان ژمارەی دانیشتوان 4٪ زیاد دەکات، پێنج پۆینت سێ ئەگەر زەربی چوار لە سەدی بکەن تەقسیمی پێنجی بکەنەوە بۆ وەحداتی سەکەنی، 44 هەزار خانووی تریشمان دەوێت، ئەگەر کۆی ئەمانە بکەین، ئەمانە دەکەنە 71 هەزار خانوو، ئیحتیاجی هەرێمی کوردستانە، 71 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە خانوو و شوقە، 71 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون ئیحتیاجی هەرێمی کوردستانە ساڵانە، بەڵام ئێمە بابێین سەیری ئەوە بکەین، کە ئەم 71 هەزارە چەند لەمانە ئەرکی حکومەتی هەرێمە، من خانوو بۆخۆم دروست دەکەم، ئیحتیماله بڵێم ئیحتیاجم بە دەعمی حکومەتە، یانیش ئیحیتاجم بە دەعمی حکومەت نەبێ، ئێمە ئەوە چۆن دەربکەین، تابزانین کێ ئیحتیاجی بەدەعمی حکومەت هەیە؟، کێ ئیحتیاجی بە دەعمی حکومەت نیە؟، ئەو داهاتەی کە باسم کرد و ئەو بێکاریەی کە باسم کرد، ئەبێ بێین هەموو خێزانەکانی هەرێمی کوردستان بکەینە چەند مەجموعەیەك و تەقسیمیان بکەین لەسەر چەند فیئەتێك، بۆ ئەوەی بزانین کام لەم فیئەتانە کە ئیحتیاجی بەدەعمی حکومەت هەیە، دەعمەکە دەبێ بە چ شێوازێك بێ، ئێمە ئەو خانەوادانەی کە داهاتیان کەمتر لە 400 دۆلارە لە مانگێك دا، 5 هەتاوەکو 10٪ی ژمارەی دانیشتوان پێك دینن، ئەو خانەوادانەی کە لە 400 دۆلار هەتاوەکو 600دۆلار مانگانەیان هەیە، 20 هەتاوەکو

30%ی دانیشتووی هەرێمی کوردستان پێك دێنن، ئەوانەی کە داهاتیان لە 600 دۆلار بۆ 2000 دۆلارە مانگانە 30 بۆ 40%، ئەوانەی کە داهاتیان لە 2000 بۆ 6000 مانگانە 20 بۆ 30%، ئەوانەی کە زیاتر لە 6000دۆلار داهاتی مانگانەیانە 5 بۆ 10%، ئێمە دەبێ بێین سەیری تەبعەن ئەم ژمارانەش ئەمانە هەمووی نەتیجەی کۆمەڵێك ڕووپێوە، کە ئێمە وەکو باسم کرد، ئەگەر ناوی ڕووپێوەکان بڵێم ئەوانەی کە بە مونتەزەمی دەکەین، ئەوانەی کە لەگەڵ عیراق بە موشتەرەکی دەیکەین و بانك و ئەوانەمان لەگەڵدایە، لە ئیحساسەوە بگرە هەتا ( ئای. کەی، ئێن. ئیراکی نیك ۆر) لەگەڵ ( نێکس فۆر) ئەوانەی لەگەڵ (یونیسێف) دەکەین، ئێستا سێ (مس ڕیپۆرتمان) هەیە لە مەشروعی (مۆنیتەریك سیستەم) ڕاپۆرتی ئامادەبووە ئیحتیمالە هەر دوای پەسەند کردنی بودجە کە مەشغوڵی بودجە بووین، ئیعلانی دەکەین و تەفاسیلی زۆر دەقیقی تێدایە، ئێمە لە وەیان زووتر لە عیراق ئەنجاممان داوە، عیراق دواکەوتووە، نازانم ئیحتیمالە هەر ئەنجامیشی نەدەن، بەهەر حاڵ ئێمە ئێستا ئەو پێنج فیئەتەمان هەیە، ئێمە دەمانەوێت خانوو بۆ کوێ دابین بکەین، هەتاوەکو چ سەقفێك بچین؟، ئەگەر لە لامان مەتلەب بێت، فیئەتی لە هەمووی کەم داهات تر بگرین ئەبێ هەتاوەکو 10% بچین، ئەگەر بە تەقریبی بێت، یەعنی ئێمە لە پلانی خۆماندا ئەبێ حیسابی ئەوە بکەین، 10% ی 71 هەزارەکە، دەکاتە 7000 یەکەی نیشتەجێبوون، ساڵانە ئێمە دەبێ دروست بکەین، بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، ئالیەتی ئەوەش کۆنترۆڵ بکەین، کە فیعلەن ئەم خەڵکانە خەڵکی ئەو فیئەتەن کە بێن ئیستیفادە لەو یەکەی نیشتەجێبوونانە بکەن، ئەگەر بمانەوێت ئیمکانیاتمان هەبێ زیاتر بڕۆین، دەڵێین ئێمە دەستی یارمەتی درێژ دەکەین، بۆ فیئەتی دووەم، ئەوانەی کە داهاتیان لە 400 دۆلار بۆ شەش سەد دۆلارە لە مانگێك دا، خانەوادەیەك کە داهاتی ئەوەندەیە، ئەمانەش ئیحتیاجیان بە دەعم بێ، بەڵام ئەوانەی فیئەتی یەکەم ئیحتیاجی دەعمیان سەد لە سەد هەیە، چونکە ئەوانە پێیان ناکرێ، ئەوانەی فیئەتی دووەم ئیحتیمالە ئیحتیاجی کەمیان بە نیو دەعم هەبێ، نیو دەعمەکە مومکینە فیئەتی دووەم و فیئەتی سێیەمیش کە 30 بۆ 40%، ئەوانەن کە داهاتیان لە 600 دۆلار بۆ 2000 دۆلارە، ئیحتیمالە پێیان بڵێین ئەوەی یەکەم هەم عەرزیان دەبێ بدرێتێ، هەم دەبێ سولفەی عەقاریان بدرێتێ، ئەوەی فیئەتی سێیەم ئەوانە تەنها دەبێ سولفەی عەقاریان بدرێتێ، فیئەتی چوارەم و پێنجەم دەبێ مەسئولیەتی خۆیان بێت کە کێشەی یەکەی نیشتەجێبوون خۆیان حەل بکەن، چونکە داهاتیان بەرزە، ئەمە ئیحتیاجی حەقیقی هەرێمی کوردستانە، بەو شێوەیەی کە شەرحم کرد، ئەگەر زیاد و کەمێکیشی تێدا هەبێت، ئێمە ئەبێ لەسەر ئەساسێك بچین، بابزانین ئێمە چیمان لەبەر دەستە، ئێستا ئەمڕۆ حکومەتی هەرێم لەناو ئەو بودجەیە چی و چی تێدایە، تەبعەن تەسەوڕ بکەین کە ساڵی 2013 ئەم بودجەیە وەکو ساڵی 2012 سەرفی دەکەین، ساڵی 2013 هێشتا تەواو نەبووە، لە ساڵی 2012 زیاتر لە یەك ترلیۆن دینار بۆ سولفەی عەقار و گوند و شارەکان چووە و سەرف کراوە، 54500 کەس موستەفید بوون لێی، 54500 دەکاتە 54500 وەحدەی سەکەنی، چونکە من باوەڕناکەم مومکین بێ کەسێك بتوانێت بچێت سولفەی عەقاری وەربگرێت، بەڵام خانوو دروست نەکات، یان مەسەلەن پارەکە

بۆ غەرەزێکی تر بەکاریبهێنێت، چونکە وابزانم تەفاسیلەکەی بە دەقیقی ئاگادار نیم کە سولفەکە وەردەگرێت چۆنە خەتەواتەکان، بەلاّم حەتمەن ئەوانە دەبنە وەحدەی سەکەنی، ئەم ڕەقەمانە مەوجودن، ئەم خەڵکەش کە ئەم پەنجاو چوار هەزار کەسە ناویان هەیە، عینوانیان هەیە، ئیستیمارەیان تەقدیم کردووە، نازانم سولفەی عەقار مەجموعەیەك ئیجرائاتی هەیە وابزانم، لەهەویەی ئەحوالی مەدەنیەوە لە تاپۆوە و هەتاوەکو دوایی، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە 2012 و 2013 وە نزیکەی 12400 وەحدەی سەکەنی ئەوەی کەناوی لێنراوە وەحدەی سەکەنی بۆ کەمدەرامەتەکان، بەپێی یاسای ژمارە (7) پەرلەمانی کوردستان، ئێستا لەناو پرۆژەکانیاندا هەیە، هی 2013 بابڵێین ئەو پێنج هەزارە کە دەست پێ نەکراوە، بەلاّم ئەوانەی تر لەژێر تەنفیزدانە، وابزانم نیسەبی تەنفیزیشی هەیە، لەهەرسێ پارێزگاو ئیدارەی گەرمیانیش هەیە، دەستەی وەبەرهێنان ئەو خانووانەی کە ئێستا لە ژێر جێبەجێ کردندان زۆرن، بەداخەوە زۆربەیان مومکینە خزمەتی خەڵکی کەمدەرامەت نەکەن، بەلاّم تێیاندا هەیە کە بۆ خەڵکی کەمدەرامەتیشە، بەلاّم ژمارە کەیان کەمترە، ئەگینا لەکۆی 30 هەزار وەحدەی سەکەنی، هەرچەندە ئێستا ئیجازات ڕاوەستاوە، بەلاّم ئەوانەی کە تەحتە تەنفیزن لەکۆی 30 هەزار وەحدەی سەکەنی دیکەی 3600 ی ئەوانەی سیعریان 40 هەزار و 50 هەزار بەحیساب ئیستیهدافی فیئەتێکی موعەیەن دەکەن، بۆ خەڵکی دەوڵەمەند نیە، وەزارەتی شەهیدان 1900 وەحدەی سەکەنی لەناو پرۆژەکانیاندا هەن، بۆ کەس و کاری ئەنفال و شەهیدان، تەبیعی ئەگەر ئەمانە کۆ بکەینەوە، کۆی ژمارەی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەم چوار بەرواره بەهۆی بێجگە لەوەبەرهێنان، بە ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بودجەوە هەیە، ئەگینا وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتی شەهیدان، ئەمانە خۆی لە نزیکەی 72 هەزار یەکەی سەکەن دەدات، لەبەر ئەوە وابزانم هەمووومان دەتوانین گەواهی ئەوە بدەین، لە کوردستان قەیرانی سەکەن نیە، مومکینە وەکو ئیحتیاج هەر هەیە، ئیحتیاجی سالاّنەش هەیە، ئیحتیاجێکی تەبیعیە، بەتایبەتی کە تۆ ژمارەی دانیشتوانت زیاد دەکات، ئیحتیماله زیاتر تەرکیز بکرێت یان ئیستیهدافی ئەو فیئەتانە بکرێت، باشتر بێت، ئیحتیماله لە باتی ئەوەی کە ئێمە مەسەلەن بۆ نموونە، لەباتی ئەوەی کە ئێمە پەنجاو چوار هەزار کەس قەرزی عەقاریان بدەینێ، زۆر کاتیشی پێوە کوژراوە 2010 و 2011و 2012 لەناوهۆڵی پەرلەمان دا، ئیحتیماله ئەگەر ئەم پارەیە زیاتر لێرە سەرف کرێت لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە بە شێوازێك یان بەلاش یان بەشتێکی زۆر ڕەمزی بدرێت بەخەڵك ئەمە باشتر بێت لەمەی تر، چونکە کە خەڵك دەچێت سولفەی عەقار وەردەگرێت، یەکێك لەمەرجەکان کەمدەرامەتی نیە، عەرزی خۆی هەبێ و ئیجازەی بینا وەربگرێت، دەتوانێ بچێت سولفەی عەقار وەربگرێت، سولفەی عەقار لێرە کە تەماشای دەکەین، ئەم پارەیە ئەگەر زیاتر ئیستیهداف بکات، یەعنی کە سەیری کۆی گشتی خانووی دروست کراو بکەیت لەناو بەرنامەکانی حکومەتدا، ژمارەکان ڕاستن و دروستن و نزیکن لەو ئیحتیاجەی کە باسمان کرد، بەلاّم ئەگەر دیسانەوە خەڵك بڵێت باشە بۆ شمولی من ناکات، ئیحتیماله لەوێ حکومەت ئەو پارەیەی کە هەموو دەدات بە سولفەی عەقار، زیاتر ئیستیهدافی ئەو فیئەتانە بکات، کە دەرامەتیان کەمترە، مومکینە

لەوێ کێشەکە باشتر حەل بکرێت، من داوای لێبوردن دەکەم زۆر بە تەفسیل چوومە سەر ئەوە، چونکە زۆر پرسیار هەبوو لەسەر ئەوە نەدەکرا، چەند کەسێك هەمان پرسیاریان کردووە، وەڵامی کێ بدەمەوە بەم شەرحە؟، بەڵام ئەمە وابزانم وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردنی نوێ دەکات، کە 16 لە هەولێرە، 23 ی لە سلێمانیە، 10 ی لە دهۆکە، ئەمە تەفاسیلن پێویست ناکات بیخوێنمەوە، چونکە وابزانم هەر هەمان جەداولن کە لە لای بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، کۆی گوژمەکەیان پێنج سەدو هەشتاو حەوت ملیار دینارە، خەرجی مەزەندە کراو لەو کاتەی کە ئێمە تەقدیمی پەرلەمانمان کرد بۆ نیهایەتی 2012، چونکە ئێمە لە مانگی 10 تەقدیممان کرد، هەشت ملیار دینار بوو، بودجەی تەرخان کراو بۆ 2013 سەدو هەشت ملیارە، بە تەقدیری ئێمە ڕێژەی جێبەجێ کردنی تاوەکو کۆتایی 35٪ دەبێت، بەم پارەیەی کە دامان ناوەو بەو تەقدیرەی کە ئێمە هەمانە بۆ سەرف کردنی پارەکان، ئەمە ئەو تەفسیلەی وەزارەتی شەهیدانە، حەتمەن ئەوەش دەکرێت لە باتی سولفەی عەقار ئێمە خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان ژمارەکەیان زیاتر بکەین، بۆ ئەوانەی کە هێشتا لە ئینتیزار دان، یان هێشتا ماون ئەوە بکرێن، کە یەکەی نیشتەجێبوونیان تاوەکو ئێستا بەدەست نەکەوتووە سوودمەند بن لێی، بە تەسەوری ئێمەش ئەو 57 ملیار دینارە کە بۆ سێکتەری نیشتەجێبوون و بۆ وەزارەتی شەهیدان دانراوە، تاوەکو نیهایەتی 2013 تەسەوڕ دەکەم نەوەت و 96٪ی ئەعمال و ئیشەکان ئینجاز بکرێن، یەعنی مەخسەد بینایە، من لێرە تەنها دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم ئەوانەی کە ئێستا لە ژێر جێبەجێ کردندان، ئەو یەکانەی نیشتەجێ کردن کە لە ژێر جێبەجێ کردن دان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە کۆی گشتی 644 ملیار دینار، 125 ملیاری هەتا نیهایەتی 2012 سەرف بووە، 136 ملیاری بۆ 2013 دانراوە، تەسەور دەکەین هەتاوەکو ئێرە 38٪ی ئیشەکان تەواو بن، 383 ملیاریش دەمێنێتەوە بۆ ساڵی 2014 کە تەغزیەی ئەوانە بکرێن بۆ ئەوەی تەواو بن، ئەمە ئەو هینانەن کە باسمان کرد، تەبیعی بۆشاییەکان و فەراغەکان و پەرەپێدانی زەوییە، قەرزی نیشتەجێ کردنە، کەرستەی بیناسازیە، ژێرخانی تەکنیکیە، بەهەقیقەت ئەمەی کە ئێستا زاهیرەیەکی تر کە ڕوو دەدات لە کەرتی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە موافەقەتی موسادقەی پەرلەمانیشەوە، لە ئەستۆی خۆی گرتووە، پێدانی قەرزە کە حکومەت قەرز بدات، کە ئەمەش لە هەموو شوینێکی دونیا بانکەکان ئەم ئیشە دەکەن، تەنانەت سوودێکیشی لەسەرە، یەعنی بودجەی حکومەتی هەرێم کە سەرف دەکرێت بۆ هەندێ کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات، سولفەی عەقار لەخۆی ناگرێت، تەنانەت ئەوەی هەبوو لە عیراقیش، لە هەندێ بانك هەبوون، ئەو بانکانە ئەوەیان دەدا، ئینجا ئەگەر حکومەت تەحەمولی سوودەکەی بکات، ئەوە دەکرێت، بۆ ئەوەی لەناحیەی شەریعەتی ئیسلامیەوە هیچ ئەوەیەکی نەیەتە سەر، ئەوە لەمەسئولیەتی حکومەت بێ، بەڵام کە هەموو پارەکە لەسەر مەسئولیەتی حکومەت بێت و بە مەفتوحی بێت، بۆ هەموو کەسێك بێت، باری حکومەتیش بەو شکلە قورس دەبێت، من دەچمە سەر بابەتێکی تر کە ئەوویش ئەولەویاتی پەرەپێدانی هەرێمە، بێجگەلە هەموو ئەو شتانەی کە بەڕێزان باسیان کرد، ئێمەش عەرزمان کردن، پەروەردە لە پێشی

پێشەوەیە، شارەوانیە، پرۆژەکانی وەبەرهێنان زیاتر لە هەمووانیان بەرکەوتووە، ئێمە لە ساڵی 2012 دا بێجگە لەو شێوازەو ئەو ئەولەویەتەی کە خۆمان دایدەنێین، داوامان لە ڕێکخراوی (یو، ئێن، دی، پی) کرد کە ئاوەدانکرنەوەو ئەوانە زیاتر دەکەوێتە ئیختیساسی ئەوان، داوامان لێ کردن کە کۆمەڵێك پسپۆری موختەس ئی بیانی، ئێمە ئەوان تەمویلی مەشروعەکە بکەین، ئەوان ئیختیار بکەن، لە هەموو عالەم، لە هەموو بوارەکاندا، لە ئاو و لە کارەباو لە تەندروستی و لە ڕێگاو بان، پێمان بڵێن موراجەعەیەکی بەرنامجی ئێمە بکەن، پێمان بڵێن ئێمە ڕاست و دروست بەڕێوە دەچین لە مەسەلەی پرۆژەکان و ئەوانە، یانیش دەبێت لە شوێنێك مونعەتەفێك هەبێ، ئەبێ تۆزێك لابدەین بەلای مەشروعێك، بەسێکتەرێکی موعەیەندا، لە مانگی 2012/4 دەستیان بەکارەکانیان کرد، 14 کەس بوون، تەقریبەن لە 10 وڵات بوون، هەموویان فیگەری عالەمی شارەزا لەو بوارانە، نیهایەتی 2012 تەقیمەکەی خۆیان دا، ئێمە ئەو وەختە بودجەکەمان ناردبوو بۆ پەرلەمان، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەمان نەبوو، ئێمە بۆ ئەوەمان بوو کە وەکو خاریتە تەریقێك، مەسەلەی ساڵ و ئەوانە نیە، بڵێین بۆ ئەوەندە ساڵ، سێکتەر هەیە تۆ ئیستیهدافی ئەکەی بە سێ ساڵ، سێکتەرێکی تر هەیە، تۆ دەبێ بۆ 10 ساڵ بەرنامجی خۆت بکەی، بزانی هەموو ساڵ چەند دەبێ لەو سێکتەرە سەرف بکەی، ئەمەی کە ئێستا عەرزم کردووە لەسەر شاشە، ئەمە تەوسیاتی ئەوان بوو، تەوسیاتی ئەوان دەڵێن ئێوە ئەولەویەتان هەیە، یەکەم کە بە ڕەنگی سوور هاتووە، دووەم کە بە ڕەنگی زەرد هاتووە، سێیەم کە بە ڕەنگی سەوز هاتووە، بەپێی تەحلیلاتی ئەوان تەبعەن ئینجا دوای ئەوە ئەو تەحلیلاتە بە موفەسەلیش، بە دۆکیۆمێنتیش هەیە، وابزانم نوسخەیەکی دۆکیۆمێنتەکەشمان هێنابوو بۆ ئەوەی پێشکەشی بکەین بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، دوایی دەتوانین نوسەخیش تەوزیع بکەین، هەر لەم ڕۆژانەش ئیعلانی تەفاسیلی ئەمە دەکەین، چونکە ئەمە پارەشی تێدایە، خورد کردنی مەشروعیشی تێدایە، یەعنی کولفەشی تێدایە، بەپێی هەموو بۆچوونەکانی ئەوان گەورەترین کێشەی کوردستان ئێستا نا، بەڵام بۆ ئایندە، چونکە ئایندەش هەر لە ئێستاوە دەست پێ دەکات هەتاوەکو دەگەیە ئایندە، دەبێ لە ئێستاوە ئیشی لەسەر بکەی، ئەمرۆ ڕاستە ئێمە باسی زۆر شتی تر دەکەین، جاران هەر ژیانمان لەخەتەر دابوو، ئەوە فاکتەری یەکەم بوو، مان و نەمان بوو، دوای ئەوە بوو بە شتی تر، دوای ئەوە کارەبا، دوای ئەوە باسی قوتابخانە دەکەین، بەپێی بۆچوونی ئەوان ئاو یەکەمین شتە، مەسەلە مەبلەغی پارە نیە، کە تۆ زۆرترین پارە لە ئاو سەرف بکەی، بەڵام مەسەلە مەسەلەی ئاوە، سیاسەتی ئاوی، تێبینیان زۆر بوو لەسەر هەموو ئەو شێوازەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، تەبیعی چ بە بەرچاوخستن، چونکە ئێستا ئەولەیەت ئەگەر لە ئەوەقسە بکەم، ئەگەر سەرفی پارە بڵێم دەبێ بڵێم ئەولەویەتی من پەروەردە بووە، چونکە زیاترین پارەم لە پەروەردە سەرف کردووە، مومکینە تەبیعش بێت، بەڵام ئاو و ژینگە کە هەر دیسان مەخسەد ئەو ئاوەی کە پیس دەکرێت، بەڕێوەبردنی ئاو، سیاسەتی ئیدارەی مائی، ئینجا مەجموعەی دووەم گەیاندنی ئاو، شەبەکاتی تەوزیع و ئەوانە، ئینجا گواستنەوەی گشتی ڕێگاو بان، کارەبا ئاودێری، ژێرخانی شارستانی، پەروەردە و تەندروستی، چونکە ئەمانەی تر هەر هەمووی دەبنە باعسێکی

باش، لەبەر ئەوە دەبێ ئەولەویەت بەمانە بدەی، هەتا دەگەیتە ئەوێش، ئەگەر ئەمانە تەواو بوو، ئەو وەختە چەندی پارەت هەیە لە تەندروستی سەرف بکەی، ژیانی خەڵك هەتاوەکو 80 ساڵی و نەوەت ساڵیش چی پێت دەکرێت لەموعالەجە، بە باشترین شێوازی خزمەت دەبێ تەوفیر بکەین، ئەمانەی تر زۆر بە تەفسیل ناچمە ناو ئەوەکان، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەیە تۆزێك وەکو باسم کرد تەفسیلەکانی وەکو ڕیپۆرت خۆی و وەکو دۆکیۆمێنت پێشکەشی دەکەین، ئێمە ئیحتیاجمان وەکو بۆشایی، نەوەك شتی کەمالیات، بەڵام وەکو بۆشایی، بونیەی تەحتیەی هەرێمی کوردستان، کە هەندێك لە بەڕێزانیش ئاماژەیان پێیدا لە خیلالی پرسیارەکان، خۆی نزیکەی زیاتر لە 30 ملیار دۆلار دەگرێتەوە، ئەو 30 ملیار دۆلارە بۆ هەموو سێکتەرەکان، ئیحتیاجاتی بونیەی تەحتی هەرێمی کوردستانە لەم کاتەدا، ئەگەر ئەمانەت هەبوو ئەو کاتە دەتوانی شتی باشتر و خەدەماتی باشتر و پێویست تەقدیم بکەی، لەو 30 ملیارەش بەداخەوە ئەوەی کە تەقدیری ئەوان بوو، تەنیا شەش ملیار دۆلار ئیمکانی ئەوە هەیە کە ڤیتاعی خاس موشارەکەی تێدا بکات، چونکە 24 ملیارەکەی تر و ئەو پڕۆژانەی ترمەسلەحەتی ڤیتاعی خاسی تێدا نیە، بۆ نموونە ڤیتاعی خاص ئینتاجی 30 ملیار دۆلارە، خۆی 30 ملیار دۆلارە لێرە بە ملیۆن نووسراوە، چونکە سێ سفرەکەمان حیساب کردووە، بە حیساب بە دیقەت نووسراوە، ئەو سێکتەرانەی کە سوودیان هەیە بۆ کەرتی تایبەت، مومکینە کەرتی تایبەت تۆ ئەوە بەجێی بهێڵی، لەوانەیە بڵێی بۆ نموونە، ڕێگاو بان یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر سوودی نیە بۆ کەرتی تایبەت، ئەو کاتە سوودی هەیە کەرتی تایبەت دەبێت عەریزە دابنێت و پارە لە خەڵکی وەربگرێت، ئەمەش سیاسیەن لە زۆر شوێنی عالەم بۆ کلتوری کۆمەڵگاکە، بۆ تەقەبوڵی ئیشەکە زۆر مەفهوم نیە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە داهاتی نەوتیان هەیە، خەڵکەکەی دەڵێت ئەمە داهاتی نەوتە پێویستە ئەم نەوعە خەدەماتانە بە بەلاش پێشکەشی من بکرێت، ئەگینا لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی بەو شکلەیە، بەڵێ، هەروەها لە تورکیاش وایە، ئەمە تەفاسیلەکانیەتی ناچمە ناو تەفاسیلەکانی پێویست ناکات، چونکە وابزانم کاتمان زۆر بردووە، من حەزدەکەم بێمە سەر..، ئێمە تەبعەن خورد کردنی ئەو ئیحتیاجاتانە و ئەو سێکتەرەی کە باسم کرد، ئەم گرافیکی ئەوەیە کە کێ زیاتر پارە دەبات، ئەولەویەت جودایەو زیاتر پارە بردن جودایە، ئەمە دوو بابەتە کە دەمانەوێت لێکی جودا بکەینەوە، تەبعەن ئاو ئاوەڕۆ و کارەباو گواستنەوەو پەروەردە بەو تەسەلسولە هاتووە، من حەز دەکەم ژمارەیەکی زۆر پرسیار لە تەندروستی ئەوانە کراوە، ئیحتیماله لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بێمە سەر ئەم سلایدانە، بەڵام حەزدەکەم لەو کاتەی کە ماوە یەك شت باس بکەم لەسەر بابەتی سێکتەری کارەبا، تەبیعی ئێمە سێکتەری کارەبا دیسانەوە باسی بکەین، پرسیاریشی لەسەر هاتووە، ئێمە ئێستا 80٪ کەرتی کارەبا تەولید دەکرێت، چونکە کارەبا سێ ئەوەی هەیە، تەولیدە دوای ئەوە محەتاتە دوای ئەوە شەبەکات و تەوزیعە، ئێمە ئێستا فەقەرەی تەولید 80٪ی کەرتی تایبەت بەرهەمی دەهێنێت، مۆفەقیش بووە هەتاوەکو حەدێکی باش مومکینە لە ناحیەی سیعر و ئەوانە لێرەو لەوێ، هەندێك تێبینی هەبێت لەسەری، بەرهەم هێنان زیادی کردووە، جاران کارەبا لە عیراق و لە ئێران و تورکیا مەسدەری رەئیسی بوون، ئێستا لەناو کوردستان

مەسدەری ڕەئیسیە، ڕێژەی زیاد بوونەکەش بەو شکلە بووە کە ئێستا تەقریبەن لە حدودی 2700 ملێگاوات ئینتاجی وەبەرهەم هێنانی کارەبایە، ڕێژەی ئەو هاوولاّتیانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەپێی مسوحاتی ئێمە کارەبایان ناگاتێ، هەیانە دوو پۆینت چوار لە سەد، ڕێژەی ئەو هاوولاّتیانەی کە تۆڕی کارەبای گشتی بەکاردەهێنن وەکو سەرچاوەی سەرەکی ڕۆژانە زیاتر لە 12 سەعات کاتژمێری کارەبایان دەبڕێت، 51٪، ڕێژەی ئەو هاوولاّتیانەی تۆڕی کارەبای گشتی بەکاردەهێنن وەکو سەرچاوەی سەرەکی و ڕۆژانە لە 3-12 کاتژمێر کارەبایان دەبڕێت، 41٪، چونکە ئێمە جاران دەمانوت تەنها کارەبامان نیە کارەبامان دەوێت، ئێستا دەبێت کە کارەبامان هەیە دەبێ دابنیشین تەحلیلی ئەوە بکەین بزانین کێشەکانی چیە؟، بە تەنزیم تر چۆن بگەینە ئیحتیاجاتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە سەرفیش بووە هەتاوەکو ئێستا زیاتر لە 60٪کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە کەرتی نیشتەجێ، یان بابڵێین بەواستەی مەساکین و عەوائیل بەکاردێت، 13٪ لەکەرتی حکومی، 13٪ کەرتی بازرگانی کە دەکاتە دوکاندارو سوپەرمارکێت و ئەو شتانە، 10٪ پیشەسازی، 4٪ لە لایەن کەرتی کشتوکاڵەوە بەکاردەهێندرێت، ئەمەی کە مەبەستم بوو بەڕاستی کە پەیوەندی هەیە بە میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتی بەشە تەشغیلیەکەی، ئینجا جوزئێکیشی شمولی ئێمە دەکات، لە بەشی میزانیەی وەبەرهێنان، یان میزانیەی مەشاریع بابڵێین، ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا سیعری کولفەی تەولید کردنی یەك وەحدەی کارەبا لەسەر حکومەتی هەرێم 15 سەنتی ئەمریکی ڕادەوەستێت، 15سەنت بە دۆلار، حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کارەبا کەپارەکە تەسعیر کراوە، ئەگەر پارەکە وەربگرێت لە هاوولاّتیان، لەسەر هاوولاّتی بە 1,8 سەنت حیساب دەکات، لەسەر سناعات بە 2,5 حیساب دەکات، تەبعی ئێستا زۆر کەس گوێی لەوەبێ لەوانەیە ڕەخنەشی هەبێ لەو وەسڵی کارەبایەی کە بۆی دەچێت، خەڵك هەیە یەعنی مەسەلەکە موستەغرب نیە، ئەوە مەوزوعێکی ترە، مەوزوعی عەداد و مەوزوعی ئەوانە، کە ئێمە خەرجیاتی حکومەتی هەرێم دەگاتە نزیکی 2 ترلیۆن دینار، خۆی لە نزیکی 2 ملیۆن دۆلار دەدات، ساڵانە لەسەر تەولیدی کارەبا، ئەو پارەی کە کۆشیان دەکاتەوە، نزیکەی 150 ملیۆن دۆلار شتێکی وایە، ئێمە ناڵێین با داخلی ئەو تەفاسیلە نەبین جارێ کێشەی عەداد هەیە، داخلی ئەو تەفاسیلە نەبین بڵێین لە کۆکردنەوە، پارێزگایەك باشە پارێزگایەك خراپە، تیمێکی کۆکردنەوە باشن، تیمەکەی تر خراپن، ئێمە با واز لەوە بێنین، ئێمە باخودی تەسعیری بودجە وەربگرین، یەعنی هەر بەپێی ئەوە ئەگەر هەموو پارەکە کۆ بکرێتەوە، ئەبێ ئەم بەشە سەوزەش بخرێتە سەر ئێرە، ئەمەنەی ئەو پارەی کە سەرفت کردووە، هەموو ساڵ ئەبێ بۆ دەعمی کارەبا بیدەی، لە وڵاتێکی وەکو تورکیا کە بۆ زۆر شت بۆ ئێمە بۆتە هەم بابڵێین دراوسێیە، هەم بۆ زۆر شتیش ئیحتیاجمان پێیەتی، لە ئاوەدانکردنەوە، بەعزێك مەسائیلی چارەسەری نەخۆش، لەتورکیا سیعری کولفەی یەك دانە وەحدەی کارەبا لەسەر حکومەتی تورکی 14 سەنت تەکلیف دەکات، بە هەرزان دەیفرۆشێتە سناعات، چونکە سناعات ئەگەر موەفەق بوون و سەرکەوتن، زەریبە دەدەن ئەویش دەبێتە واردێکی تر بۆ حکومەت، لەبەر ئەوە بە حیساب مەدعومە، بە 15 سەنت پێیان دەدرێت،

هاووڵاتی بە بیست و هەشت سەنت وەری دەگرێت، بۆ ئەوەی تەقەشوف بکات، بەخۆشمان دەزانین سیستەمی نیشتەجێبوون لە تورکیا زۆربەی شوقەیە، بابڵێین ژمارەی خانوو کەمترە حەتمەن، نازانم بەدەقیقی چەندن؟، بەلاَم هەرێمی کوردستان مومکینە هەتاوەکو ئێستا شوقە زۆر باو نیە یان زۆر مەقبول نیە، هەموشمان دەزانین لە خانووەکانی خۆمان کارەبا چۆن سەرف دەکەین، یان بە چ حیساب و کتابێك تەعامول لەگەڵ کارەبا دەکرێت؟، لەبەر ئەوە من دەڵێم ئەمە لەناو بودجەدا هەیە، ئەمە کێشەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر بەو شکلەش بەردەوام بێت بەم ڕێژەی گەشە سەندنی دانیشتووان و بەم ڕێژەی زیاد بوونی ئیحتیاجاتی هاووڵاتیان، ئەمە مومکینە تا کاتێکی زۆریش هەر بەکێشە بمێنێتەوە، ئیلا مەگەر بەشێوازێکی زۆر علمیانە لەسەر ئەوە دابنرێت، ڕاستە خەڵکی هەرێمی کوردستان زەحمەتیان کێشاوە، موستەحەقی هەموو دەعم و هاوکاریەکیشن، دەبێ هاوکاریش بکرێن، بەلاَم دەبێ بابەکانی هاوکاری بە هەقیقەت زیاد بکرێ، ئیتر تەوجیهی ئەو کەسانە بکرێت کە ئیحتیاجیان پێیەتی، یەعنی فیئەتێکی موعەین کە کۆی داهاتی کەمە، ئەوەیە کە دەبێ دەعم بکرێت، نەوەك کە تۆ دەعمێکی وا دەکەی بەشێوازێك بێ کە زۆربەی هەرە زۆری هاووڵاتیان بەیەك شێواز تەعامولیان لەگەڵ بکرێت، دەوڵەمەندێك کە ئیحتیاجی کێشەی کارەبا نیە لەگەڵ یەکێك کە داهاتی کەمە، بەهەمان شێوە زەریبەی ئەمە بدەن، حکومەتیش وردە وردە هەم لە ناحیەی تەکلیفەکەی موعادەلەیەکی مەعقول هەبێ، ئەم بەشەی تر کە ئێستا فەرقی بەینی کولفەو ئەو پارەی کە تۆ کۆی دەکەیەوە ئەم پارەیە دەبێ لە پارەی داهاتی تر بیدەی، لەسەرچاوەی تر بیدەی، لەکاتێکدا موعادەلەی تەبیعی ئەوەیە کە تۆ لەداهاتی هەمان سێکتەر بیدەی، بە حەقیەت من سێکتەرەکانی تریش قسەی زۆریان لەسەرە، بەلاَم ئەگەر سێکتەر بە سێکتەر بچم ئیحتیمالە کاتێکی زۆر ببات، تەسەوڕ دەکەم ئەمانەی تر بهێڵمەوە چەند سلایدێکی تر، لەگەڵ چەند پرسیارێك موتابق دەکەن، زۆر نەچمە ناو تەفاسیلەوە، لیستی پڕۆژەکان لای بەڕێزان هەیە، بەعزێکیمان خوێندەوە، من وابزانم هەر لێرە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕادەوستم، زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەم، سوپاسی ئەندامانی پەرلەمانیش دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تا سەعات 5 ئێوارە بە خواتان دەسپێرین هەر بژین، دەست خۆشی دەکەین لە جەنابی وەزیر بۆ وەلاَمدانەوەی، بەلاَم بەشێکی قسەکانی ماوە، پێموایە بۆ وەلاَمدانەوەی پرسیارەکانە، بۆ سەعات 5ی ئێوارە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکانمان و بەڕێز وەزیری پلاندانان با بفەرمووێ.

**بەڕێز د. علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازە بدەن بەدانیشتنەوە قسە بکەم، چونکە زۆر درێژ و موفەسەڵن ئەوانە، سوپاست دەکەم، هەروەکو سەرەتاش ئاماژەم پێیدا من لە تەوەری کۆتایی وەڵامدانەوەکانم هەست دەکەم کە وەڵامی پرسیار و ڕەخنەو تێبینیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بکەم، تەبیعی ئەوەی کە لەلای ئێمە کۆبووەتەوە لە پرسیارەکان و ئەوانەی کە بە نووسراو دراوە پێمان، 91 بەڕێز ئەندانی پەرلەمان قسەیان کردووە، 167 پرسیار کراوە، 68 پێشنیاریش کراوە، کە بە کۆی گشتی دەکاتە 235 ئینجا بۆ ئەوەی کە وەڵامی هەموویان بدەمەوە یەکەم/ ئیحتیاجم بە کات هەیە، دووەم/ ئەگەر جەنابتان ئامۆژگاریم بکەن من کە پرسیارەکان دەخوێنمەوە یەك بە یەك ناوی بەڕێز ئەندامی پەرلەمانیش بخوێنمەوە، چونکە جەنابتان لە پێش دانیشتنەکان چەند تەوجیهاتێکتان هەبوو بە نیسبەتی وەزارەتی دارایش، سەرۆکایەتی پەرلەمان دیارە وای پێ باش بوو کە کاکە شێخیش بە یەك یەك وەڵامی بەناوی ئەو کەسەی کە پرسیاری کردووە وەڵام نەداتەوە، هەرچەندە من ناوەکانم هەیە، هیچ کێشەم نیە، دەتوانم بە ناوەکانیش دا بچمەوە، هەرچۆنێکی پێتان باش بێ بۆ ئەوەی من وەڵامەکان بدەمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێمە پێمان باشە چۆنت ئامادە کردووە بەو شێوەیە بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بەناو ئامادەیە ئەگەر مانعتان نەبێ بەناو جوابی دەدەمەوە، بەڕێز کاك عبداللە حاجی محمود پرسیاری یەکەمی پێشنیار دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نیشتەجێ کردن و بەسەربردنی ژیانێکی ئاسوودە هەوڵ بدات یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ تەواوی وارسی شەهیدان جێ بەجێ بکات، بە تایبەتی وارسی ئەنفالکراوان و کیمیاباران، وەڵام/ یەکەی نیشتەجێ بوون لە بەیانی زۆر بە تەفسیلێ باسکرا، ئەوەی کە هەیە ئێستا لەبەردەست بوو کە لە لیستی پرۆژەکان هەیە، هەروەها تەبیعی لە زمنی ئەوەش هەندێ پێشنیارمان ئاراستە کرد کە پوختەکەی ئەوە بوو کە ئەگەر ئەو هەموو بڕە پارەیەی کە بە بڕیارلە پەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو بۆ سلفەی عەقار بە شکلێکی عام تەرخان کراوە کە بڕەکەی یەك ترلیۆن دینار زیاتر دەکات ساڵانە تەقریبەن، وەکو موعەدەل، مومکینە ئەگەر ئیستهدافی ئەو فیەئەتە بکرێ کەسوکاری ئەنفال و شەهیدان و هەروەها کەم دەرامەتەکان بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەوە بڕیار لە لای پەرلەمانی بەڕێزە، چونکە سلفەی عەقار بە بڕیار و لە یاسای بودجەدا هاتووە، پرسیاری دووەم داوا دەکات بەڕێزیان پرۆژەکانی بەنداوی ستراتیجی گەورە تایبەت بە بەنداوەکان کاری لەسەر بکرێ وەك تەق تەق و دێرەلۆك و بەنداوە، پەلە بکرێ لە دروست کردنی سایلۆکان، پێشنیارێکی بەجێیە، لە ئێستاشدا ئەو بەنداوانەی کە ئێستا لە ژێر جێ بەجێ کردندان، حەتمەن تموحی لەوە زیاترە یان باسی بەنداوی گەورەتریش دەکات، بەڵام بەنداوی بانوی تاڵەبان، خەنەس، ئاقۆبان، دێگەڵە، خەڵکین، کۆڵکە،

نازەنین، بێدهێ، ئەمانە لەناو پرۆژە بەردەوامەکاندان و پێشنیاریش هەیە بۆ بەنداوی قەپەکیان، خێوەتە، کانی سەرد، سەبارەت بە سایلۆکان، هەروەکو دیسانەوە بەیانی باسم کرد لە هەولێر سایلۆیەکە تەواو بووە یان لە وەڵامی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری باسمان کرد، لە سلێمانی سایلۆیەکە لەژێر جێ بەجێ کردنە و چەند سایلۆیەکیش ئامادەن بۆ ئەوەی کە دەست بە تەنفیزیان بکرێت، سێیەم پرسیار پێشنیار دەکەین گرنگی بدرێ بەلایەنی وەرزشی و شاری وەرزشی بۆ هەولێر و سلێمانی و گەرمیان کە هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە زۆر لە دواوەیە، ئێمە پشتگیری دەکەین کۆمەڵێك پرۆژەش هەیە دیسانەوە بە تایبەتیش لەناو کۆلیژە وەرزشیەکان و لەناو زانکۆکانی با بڵێین تەربیەی ریازی، بەڵام وەکو پرۆژەی گەورە لە بواری وەرزشی دا لەبەر مەحدودیەت دیارە ئیمکان نەبووە، بەڕێز کاك فاضل حسن، پرسیاری یەکەمی دواکەوتنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بە هۆی خەرج نەکردنی ئەو بودجەیەی کە بۆی دادەندرێ، وەڵام/ دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی پرۆژە، تەبیعی باسمان کرد، زۆر هۆی هەیە، بەڵام لە ساڵی ڕابردوودا سەبەبە ڕەئیسیەکەشمان باس کرد کەمانگی 7 بودجە پەسەند کرا، بێجگە لەوە هیچ کاتێك، هیچ پرۆژەیەك تەئخیر نەبووە یان دوانەکەوتووە لەسەر ئەوەی کە پارەی بۆ سەرف نەکراوە، لە کاتێکی موناسب دا، کە ئەوەش ببێتە هۆیەك، بەڵام هۆیەکانی تر شەش، حەوت هۆمان باس کرد، یەعنی وەکو هۆیەکانی دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان، بەڕێز کاك عمر عبدالعزیز، پرسیاری یەکەم زۆربەی وەزارەتەکان ناڕازین لە تەرخان کردنی بڕە بودجەی خۆیان، بە پێی ئەو هاوکێشەیەی کە بەیانی باسمان کرد، بە پێی ئەو عەرزەی بەیانی وەڵامی پرسیاری یەکەمی وەڵامی جەنابیانی دابێت، پرسیاری دووەم/ فڕۆکەخانەی سلێمانی داوای 22 ملیاری کردووە بۆ سیستمی ڕادار، بەڵام نەبووە، لە پرسیارەکانی ناو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریش ئەم پرسیارە هاتبوو، باسمان کرد، چارەسەریش کراوە، یەعنی پارەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، پرسیاری سێیەم، دووبارەبوونەوەی چەندین پرۆژە، وەڵام/ تەنانەت یەك پرۆژەش دووبارە نیە، پرسیاری چوارەم/ فەرمانگەی دادوەری، تۆماری خانووبەرە لە پێشنیار کراوی 2010 و 2011 هەیە و لە بەردەوامەکانی 2012 هەیە، وەڵام/ ئەوەی کە هەیە ئێستا بە نووسراوی ڕەسمی وەزارەتی داد داوای گواستنەوەی کردووە، لەبەرئەوەی پێیان تەنفیز نەکراوە بۆ سەر لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، پاشی ئەوەی کە بۆیان جێ بەجێ نەکراوە، لەبەرئەوەی ڕاستە کە هەیە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێی کرد، ئەسبابەکانی ئەنجام نەدانیشی لەلایە، ئەو لایەنەوە لە وەزارەتی داد خۆی فەنی بووە زیاتر، بەڕێز د.احمد وەرتی، پرسیاری یەکەم/ تەرخان کردنی 100 ملیار دینار بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی کە زەرەرمەند بوون لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا، داوا دەکەین لە نوێنەری حکومەت ڕوون کردنەوە بدات لەسەر شێوازی دابەش کردنی ئەم بودجەیە، ئەوەی کە ڕووی دا ساڵانی ڕابردوو، ئێمە هەم سەبارەت بەوە، هەم ئەو قەزایانەی کە با بڵێین کە ناویان لێ نرا زیان لێ کەوتووەکان، ئەگەر باسی ئەوە بکەم بە تایبەتی، ئێمە ئەو ئەرکەمان لە ڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە ئەنجام دا، ئیحتماله مەسەلەن لەمەودوا ئالیەتی تر بدۆزینەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ ئەوەی کە تا ئێستا ئەنجام دراوە ڕێگای ئالیەتەکەی بەو شێوازە ئەوە

بوو كە لە ڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاكانەوە خورد بكرێت، بەڕێز عبدالقادر بازرگان پرسیاری یەكەمی پێشنیار دەكەم بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان وەزارەتی تەندروستی بە دروست كردنی نەخۆشخانەیەكی مۆدێرن لە پایتەختی هەرێمی كوردستان، وەڵام/ پێشنیارێكی باش و لە جێیە، هەرچەندە ئەوەی كە ئێستا لە بەرنامە دایە كە دەستیشی پێكراوە وابزانم ئیحالە كراوە، ئەگەر دەقیق بم لەوە، نەخۆشخانەیەكی 330 قەرەوێلەییە لە ڕۆژئاوای هەولێر، بە گوژمەی 65 ملیار دینار، لەگەڵ نەخۆشخانەیەكی 200 قەرەوێلەیی لە دایك بوون لە باشووری هەولێر  بە گوژمەی 29 ملیار و لە پرۆژكان و لە لیستەكانیش دا هەیە و وابزانم لەو ڕۆژانە یان ئیحالە بوون بۆ تەنفیز وهەندێكیش لە ئیحالە دان، لە ڕێگای پارێزگارەوە، پرسیاری دووەم/ پێشنیاری دەكەم كە حكومەت بودجەی وەزارەتی كشتوكاڵ زیاد بكات، لە 50 ملیار لە پرۆژە پێشنیاركراوەكان كە بۆی دانراوە بەشی پرۆژەی ستراتیجی كە بەشی پرۆژەی ستراتیجی وەك بەنداوەكان ناكات، وەڵام/ ئێمە وەكو عەرزمان كردن لە تەفسیلەكە، بودجەكە بۆ وەزارەتێك تەخسیس دەكرێت، كۆی گوژمەی بودجەكە حسابە نەك تەنها هی پێشنیار یان هی بەردەوام، ئەگەر هی پێشنیاریان كەم بێ مانای ئەوەیە ئیلتزاماتی بەردەوامیان زۆرە، هەروەها كە دەچینە سەر ئاستی پارێزگاكانیش كە باسی بودجەی پارێزگایەك دەكەین كۆی گشتی پێشنیار و بەردەوامی ئەوەیە كە حسابە، نەك پێشنیار بە تەنیا یان بەردەوام بەتەنیا، لەبەرئەوە وەزارەتی كشتوكاڵ كە 241 ملیاری هەیە، 50 ملیاری بۆ پرۆژە پێشنیار كراوەكانە و ئەوانەی تریش بۆ ئەو ئیلتزاماتانەیە كە هەیانە، مەعەل عیلم ئەوە یەكێكە لەو وەزارەتانەی كە بە پێی ئەو هاوكێشەیەی كە بەیانی باسم كرد، میقدارەكەی كەمتریش بوو، بەڵام دوایی كە ئاگاداریان كردینەوە كە ڕەقەمەكە تۆزێ زیاتر بوو، ئێمە یەكەم شت كشتوكاڵمان لەبەرچاو گرت، چەندین پرۆژەی كە سوودی هەبێ وەكو دەڵێن تەرنی هەبێتەوە، ئێستاش و لەمەودواش ئەگەر هەبێت حەتمەن ئەوە لەبەرچاو دەگیردرێ، پرسیاری سێیەم/ دەربارەی سایلۆكانە، هەمان وەڵامی پێشووترە هی هەولێر تەواو بووە و هی سلێمانی ئیحالە بووە، ئەوانەی تریش لە پرۆسەی ئەوە دان كە دەست پێ بكەن بە نزیك ترین كات، پرسیاری چوارەم، گوژمەی بەنداوەكانی باسەڕە، گۆمەسپان و باوەنوور و ڕەواندوز 540 ملیار دینارە، گوژمەی گشتیەتی، بۆیە دەبێ حكومەت تەرخان كراویان بۆزیاد بكات، یان قەرزی نێودەوڵەتی بكات، وابزانم ئەوەی دووەم زیاتر ئیحتمالە مومكین بێت، چونكە ئەوەی یەكەم كە بودجەیان بۆ زیاد بكات ئەگەر بودجە هەبوایە حەتمەن بۆیان تەخسیس دەكرا، یەعنی بەدیلیاتە، پرسیاری پێنجەم/ بۆ وەزارەتی پلاندانان كە هەستێ بە تەقدیم كردن و بەدواداچوونی پرۆژەكان، بۆ چوونە بواری جێ بەجێ كردن و كاری پێویستی لەگەڵ بكرێ، وەڵامەكەی ئەوەیە كە پێشنیارێكی زۆر بەجێیە، هەتا ئێستاش ئەوەی كە پێمان كراوە لە موتابەعە كردن كردوومانە و انشالله زیاتریش موتابەعە دەكەین، بەڕێز مامۆستا ئارام پرسیاری یەكەمی حكومەتی بەعس تا ئێستاش خەڵكی كوردستان دەكوژێت، بەڵام بێ ئەوەی حكومەتی هەرێم پلانی هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوی ئەم كارەساتە، مەخسەدی لە مینە، ئەم مینانەی كە لە زەمانی حكومەتی بەعسەوە چێنراون، ئەم كارەساتەش ژمارەی قوربانیانی مین گەیشتووەتە 14 هەزار و 500

کەس، قوربانی دیارە باسی هەردووکیان دەکات دیارە بریندار وئەوانە، خۆی وابزانم تۆزێکیش لەوە زیاترە وومکینە، 30 هەزار ئاژەڵیش زیانی تەقینەوەی مین بووە لە کوردستان، بەڵام لە بودجەی هەرێمی کوردستان کەمترین بایەخ دراوە بەم بوارە کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی خەڵکی گوندو جوتیارانی کوردستان دەبێتەوە، بودجەی کە بۆی تەرخان کراوە تەنها کەمتر لە 1٪ نووسیویەتی 25٪ بەس 0,25٪، یەعنی کەمتر لە 1٪، وەڵامی یەکەم، هەروەکو دەبینن پرسیاری جۆراوجۆر کراوە لەسەر مین، لەبەرئەوەی ئەو عەرزەی کە کردم بەیانی زەروری بوو، بۆ ئەوەی کە ئەم بۆچوونانە کۆبکرێتەوە، بەهەرحاڵ پاککردنەوەی کیلگەکانی مین کارێکی پسپۆری دەوێ و هەموو کۆمپانیایەکیش تەبعەن ناتوانێ ئەنجامی بدات یان ئەوە نیە کارێك کە جیهاتی موختەس هەیە، ئەجهیزەی موختەس هەیە، وەختێکی زۆریش دەبات بە تایبەتی هەموو ئەمانە لە حاڵەتی نەبوونی خەرائیت و ئەو نەخشانەی کە بە پێی ئەوە دانراون، تۆ دەتوانی ناوچەیەك سنووربەند بکەی، بڵێی ئەم ناوچەیە مین ڕێژکراوە، لەناو ئەو ناوچەیەکە بچی، تەبعەن ئەگەر بە حساب و بەو ژمارانەی کە دەزگای هەڵگرتنەوەی مین تەعامولی لەگەڵ دەکات، ئەوان زیاتر لە نزیکەی 300 کم2 بە مین کراو دادەنێن، کە ئەگەر سەیری خەریتەی عالەم بکەن، ئیحتماله هەندێك وڵات هەبێ هەر لەو حدودەبێ مەساحەتیان، بەهەرحاڵ ئەمەش کە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یەعنی ئینتشارەکەی وەکو لەسەر خەریتەش سەیرمان کرد، بێجگە لەوەش تەبیعی لەو ناوچانەی کەهەن، بە تایبەتی ئەو نەوعەی کە سەتحیە، بەهۆی باران و لافاو و ئەوانەوە حەرەکەتیش دەکەن، یەعنی مومکینە لە شوێنی خۆی بچێتە شوێنێکی تر، بەهەرحاڵ کە باسی 10 ملیۆن دەکەین کە ئەو رەقەمە تەقدیریە خۆی هەر یەك مین یەك کارەسات دروست دەکات، یەعنی یەك مین کافیە بۆ ئەوەی ژیانی یەك تاکە کەس یان خانەوادەیەك تێك بدات، بۆچی ئەم پارەیەی کە بۆیان دانراوە کەمە، ئەمە دوو سەبەبی هەیە، سەبەبی یەکەم مەحدودیەتە، سەبەبی دووەمیش زەحمەتی کارەکە خۆیەتی، یەعنی ئەوە نیە کە ئەگەر ئەوان ئێستا بەم ستافەی کە هەیانە کە ستافێکی زۆر ڕێك وپێك و زۆر باشیشیان هەیە، بەڵام عەدەدەکەو حەجمی ئیشەکە لە تاقەتی ئەوانیش و ئەو وەسائیلانەی کەلەبەردەستیانە زۆر زیاترە، لەبەرئەوە کاتێکی درێژیشی دەوێ، بەڵام ئێمە لە هەموو لایەکەوە تەفەهومی ئەو کێشەیە باش دەکەین، پرسیاری دووەمی مامۆستا ئارام، لە ساڵی 2010 ەوە پرۆسەی تواناسازی جێ بەجێ دەکرێت و ساڵانە 120 ملیاری بۆ تەرخان دەکرێت، هەرچەندە چەندین سکاڵاو ڕەخنە و تێبینی قوتابیان سەبارەت بەم پرۆسەیە خراونەتەڕوو، هەروەها لە ڕاسپاردەکانی 2012 ژمارە 9 و 10 داواکراوە لە حکومەت گۆڕانکاری بکرێ لە شێوازی جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە، بەڵام دەقی ماددەکە هەموو ساڵێك وەکو خۆی دەنووسرێتەوە و هیچ گۆڕانکاریەکی تێدا ناکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ کێشە و گرفت بۆ قوتابیان زیاتر دەبێ و بۆ نموونە پارە گەیاندن بۆ خوێندکاران هەندێك لە قوتابیان خوێندنەکەیان هەڵوەشێنراوەتەوە لە ئەنجامی ئەوەی پارەکەیان پێ نەگەیشتووەتە زانکۆکان و کەمی پارەی دیاری کراو بۆ خوێندن و نەبوونی ڕێنمایی بۆ ئەو قوتابیانەی لەسەر خەرجی خۆیان دەخوێنن، جوزئێکی ئەم تێبینیانە، ئەمەی کە تەئخیر بوون و ئەوە

هەیە، بەڵێ ڕاستە و لیژنە باڵاش ئاگادارە لەوە بە هەموو شێوەیەك كار دەكەین بۆ نەهێشتنی ئەو كێشانە، جوزئی دووەمی ئەوەی كە تەفسیلێكی زیاتر جەنابیان ئاماژەیان بە ماددەی 9 و 10 داوە لە ڕاسپاردەكانی 2012 ئینجا پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵ، لە پرۆژە یاسای ئەمساڵی بودجەدا ئیحتماله عینوانەكەی موختەسەر بێ، بەڵام ئێمە دوایی بە تەعلیماتێك بە حساب وەكو هەموو كارەكانی تر تەنزیم دەكرێ بۆ ئەوەی كە جێ بەجێ بكرێ، بەڵێ ئێمە ئەوە ناشارینەوە، چونكە وازحە ژمارەیەكی زۆری قوتابی لە وەختێكی موختەسەر وەرگیران كە نزیكەی 4300 قوتابین، ئەمانەش هەر یەكەو شێوازی وەرگرتنەكەش بەو شێوەیە بوو كە هەر كەسە و خۆی بۆ خۆی قبوڵی هێناوە، زۆربەی هەرە زۆریان، تەنانەت بێجگە لە چەند مەجموعەیەك كە بە گروپ بابڵێین لە شوێنێكی موعەیەنن، ئەم شێوازە خۆی تەفاسیلی زۆرە، موراجەعاتی زۆرە، هەر كەسێك حاڵەتێكە بۆ خۆی، ئیستاش پرۆسەكە بەردەوامە، لەبەرئەوەی كە ئیمانمان بەوە هەیە كە هەرچیەك بكرێ بۆ گەنجی ئەم وڵاتە شتێكی زەروریە، ئەو كێشانەی كە هەیانە لە چارەسەری دان، 2300 لەو 4300 ئیلتحاقیان بە بەرنامجەكانیانەوە كردووە، ئەوانەی تریش ماون كە ئێستا ئەوانەی كە خەریكی موعامەلات و ئەو شتانەن، بەڵام بەهەرحاڵ هەندێ لەم تێبینیانە ئێمە دركی پێ دەكەین و وایە، كاریش دەكەین لەسەر چارەسەركردنی، لەبەرئەوە ئەگەر لە دەقی ماددەكە دابێ یان نەیەت، ئەوە وەكو تێبینی لەجێی خۆیەتی، ئێمەش ئاگادارین، كاردەكەین بۆ چارەسەر كردنی، دەقی ماددەكەش لەبەردەستی بەڕێزتانە و دەتوانن كە هێشتا دەنگی لەسەر نەدراوە، ئەگەر پێشنیارێكی لەوە دەقیق تریش هەبێ ئەگەر لە عمومیاتەوە بچمە دەرەوە، پرسیاری سێیەم/ حكومەت لە جیاتی سوود لە كۆمپانیاكان وەربگری بۆ خزمەتگوزاری و بۆ خەڵك و بۆ بەهێز كردنی ئابووری كوردستان، بە پێچەوانەوە خزمەت بە كۆمپانیاكان دەكات بەناوی ئەوەی گوایە یاسای وەبەرهێنانە، بەو شێوەیە واتە پاساوێكە بوونی یاسایەكە لە كاتێك داحكومەت زۆر بە ئاسانی دەتوانێ داوای هەمواری ئەم یاسایە بكات بە جۆرێك بێ كە سوود بە سامانی گشتی و خەڵك بگەیەنێ نەك بە كۆمپانیا و سەرمایەداران، بۆ نموونە زۆربەی پرۆژەكانی دەستەی وەبەرهێنان بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكان بۆ یەكەكانی نیشتەجێ بوون، پرۆژەی بازرگانیەكان كە سەر بە كەرتی تایبەتن، لە ساڵی 2013 دا بڕەكەی 169 ملیار و 523 ملیۆن دینار تەرخان كراوە، لە كاتێك دا دەتوانرێ ئەم بڕە پارەیە تەرخان بكرێ بۆ كۆمەڵێ پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ كەرتی گشتی، وەڵام/ یاسایەكە هەمواركردنی یاسای وەبەرهێنان پرۆژەكەی ئامادەیە و ئەگەر نەگەیشت بێتە سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەم نزیكانە دەگات، چونكە لەناو حكومەتیش مولاحەزەی ئەم تێبینیە كراوە و باسكراوە، تەنانەت ئیجازەدانیش ئەمە ماوەی شەش مانگێك زیاترە كە ڕاگیراوە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان بە تایبەتی ئەوانەی كە باسی سەكەن دەكەن، چونكە ئەوانە بەشی هەرە زۆری ئیجازەكانی وەبەرهێنانن، لەناو یاساكە پێشووتر وا هاتبوو كە پرۆژەیەك كەلە شوێنێك دەكرێ خەدەماتی ئەو پرۆژانە حكومەتی هەرێم لێی بەرپرسیارە لە ئاو و كارەبا و جادە كە بیگەیەنێتە دەرگای پرۆژەكان ئەگەر موجەمەعەیەكە ئەگەر شتێكە، ئەمما لەناو خودی پرۆژەكە وەبەرهێنەر لێی بەرپرسیارە لە تێبینی ئەوەی

که ئەم کۆمپانیایانە قازانجێکی زۆریان کردووە، ئیستفادەیان کردووە، بەڵێ ئەوە ڕاستە سەرەتای ساڵی 2006 و 2007 کە ئەم یاسایە دەرچوو هۆیەکەی ئەوە بوو کەتەسهیلاتێك بکرێت بۆ ئەوەی کەخەڵکێك ڕووبکاتە ئەو سێکتەرە، ئێستا وەختی ئەوە هاتووە کە هەموارکردنی بۆ بکرێت، ڕاستە هەر بۆیەش هەموارکرنەکە بەڕێوەیە، ئەگەر نەگەیشتبێت، بەڵام حەقیقەتێکیش هەیە من نازانم یەعنی چەند کەم وزۆر خەڵکێك لەولا ئیستفادەی کردووە، حەتمەن ئەوانەی کە لێی موستەفید بوون وەکو هاووڵاتی رەقەمێك هەر هەیە، چونکە لە کۆی گشتی 127 هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون کە بەو پرۆسەیەدا دروست کراون، کێشەی بەعزێ خەڵك ئیستفادەی کردووە، مومکینە خانووی کرێ بێت یان یەکەی کرێ بێت و فرۆشتبێتیەوە و قازانجی کردبێت، ئەو حاڵەتانەش هەیە، یەعنی مومکینە بڵێین هەردوولا موستەفید بوونە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمەی کە وەکو زەریبە و باج لەسەر ئەو کۆمپانیایانە هەبێ، ئەوەیە کە ئێستا هەمووومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە دەبێ وەستانێك لەسەر ئەوە هەبێ، کەچی دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت، هەتا ئەگەر هەردووڵاش موستەفید بن، پرسیاری چوارەم/ ناهاوسەنگی لە بودجەی بەگەڕخستن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا کە زۆربەی ساڵەکان لە ئاستێك دایە و پلان نیە بۆ دروست کردنی بودجەی هاوسەنگی بودجەی بەگەڕخستن لە ئاستێکی بەرز دایە و بودجەی وەبەرهێنان لە ئاستێکی نزم دایە، بەڵام بە پێچەونەوە لە حکومەتی عیراق دا هەمیشە کار کراوە کە بودجەی بەگەڕخستن کەم بکرێتەوە، بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکرێ، کە ئەمەش هاوسەنگی لە بودجە دا دروست دەکات، ئەوەی کە وەکو نیسەب باسمان کرد کەچی بۆ بودجەی تەشغیلی و چ بۆ میزانیەی ئیستسماری دانراوە، بەیانی باسی ژمارەکانمان کرد، ئەوەی کە ماوە بڵێین بەڕێزان ئەوەی کە گرنگە لە بەینی ئەگەر باسی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عیراق بکەین یان حکومەتی عیراقی بکەین، شەرت نیە کە چەند پارە لە بودجەی وەبەرهێنان دانراوە، وەکو زۆرێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێدا کە لە کاتێك کە 30٪ ی بودجەکە بۆ نموونە بۆ پرۆژەکان دانرابوو هەتا کۆتایی ساڵ تەنها 50٪ ی ئەو پارەیە بە فیعلی تەنفیز کراوە و بوون بە پرۆژە لە ساڵی ڕابردوو دا، لە ساڵی 2012 ئەم ژمارەیە و ئەم نیسبەتە لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە 68 بۆ 70٪ هی ئەو پارەیەی کەتەخسیس کراوە، ئەمەش شتێکی دڵخۆشکەرە، ئەو موقارەنەیەش بە حکومەتی عیراق کە چەند دادەنێ بۆ مەسەلەی میزانیەی مەشاریع و بۆ میزانیەی پرۆژەکان، تکام وایە تەرحەکە وازح بێ، چونکە هەر ژماریەك کە لە بەغدا دادەندرێت بۆ حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ و بۆ میزانیەی وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقی فیدراڵ و بۆ مەشاریع دەکرێت قابلی پرسیار بێ و جێی پرسیار کردن بێ، چونکە حکومەتی عیراقی فیدراڵ لە ساڵی 2004 و هەتا ئەمڕۆش یەك دانە حسابی ختامی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی نەکردووە، لەبەرئەوە من نازانم چۆن یەعنی موقارەنەی ئێرەو ئەوێ دەکەن؟، ئێمە کە باسی خۆمان دەکەین، دەڵێین لە ساڵی 2011 دا 50٪ یمان تەنفیز کردووە، لە ساڵی 2012 دا 67٪مان تەنقیز کردووە، حکومەتی عیراقی موعەدەلی سەرفی لەسەر مەشاریع لەو پارەیەی کە تەخسیس کراوە بۆ مەشاریع هەر لە ساڵی 2004 ەوە هەتا ئەمڕۆ

موعەدەلی سەرفی 20٪ تەجاوزی نەکردووە، ئێمە دانیشتنی ڕەسمیمان هەیە لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عیراق و ئاگاداری بەڕێوەچوونی پرۆژەکانین، ئەو پارەیەش هەمووی دەگوێزرێتەوە بۆ میزانیەی تەشغیلی و یەك دنیا کاری تر، ئەوەی کە وەسیقەیەك و دۆکیۆمێنتێکی هەیە لەسەر حساباتی خیتامی حکومەتی عیراقی فیدراڵ با پیشانمان بدات، بزانین چۆن حکومەتی عیراقی فیدراڵ زیاتر پارەی لە مەشاریع سەرف کردووە، بەڕێز هاژە سلیمان پرسیاری یەکەمی، هەولێر پایتەختی گەشتوگوزارە بۆ ساڵی 2014 و هیچ بودجەیەکی باشی بۆ دابین نەکراوە، وەڵامی پرسیارەکە لەسەرەتای ساڵی 2012 تا 2012/12/31 نزیکەی زیاتر لە 750 ملیار دینار بۆ866 پرۆژەی بەردەوام سەرف کراوە، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانیش بۆ ساڵی 2013 لەو پرۆژانەی کە لەبەردەستی بەڕێزتانە بۆ 507 پرۆژە گوژمەی 177 ملیار دیناربۆ پایتەختی هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە، ئەم پرۆژانەش زۆر پەیوەندیان نیە یان پەیوەندیان هەیە بە هەموو سێکتەرەکانەوە ئەوە نیە کە تەنها بە سێکتەری گەشتوگوزارەوە بێ، چونکە وەکو باسمان کرد لە وەڵامی پرسیارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووریش و هەموو سێکتەرەکان بە نیسبەتی ئەو بابەتە گرنگن، جادە و کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و هەموو شتێکی تر، پرسیاری دووەمی، ناوچە سنووریەکان مینێکی زۆری تێدایە، بۆ نموونە قەزای چۆمان هیچ پرۆژەیەکیان نیە، وەڵام لە پرۆژە بەردەوامەکانی دەزگای مین لە پارێزگای هەولێر و قەزای چۆمان پرۆژەی مین پاکی حاجی ئۆمەران هەیە، بە گوژمەی گشتی 5 ملیار دینار و تەرخان کراوی یەك ملیار دینار، هەتا ئێستا کاریان لەسەری نەکردووە، دەست بەکار دەبن، بە گشتی دەزگای مین 38 پرۆژەی بەردەوامیان هەیە بە گوژمەی 84 ملیار و تەرخان کردنی 25 ملیار لەمیزانیەی 2013 ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسیاری سێیەم/ پرۆژە بەردەوامەکان چەند ساڵێکە هەندێك لە پرۆژە بەردەوامەکان چەند ساڵێکە بودجەیان بۆ دادەندرێتەوە کە تەواویش دەبن، هەر دادەندرێنەوە، نموونە پرۆژەی بەڕێوبەرایەتی قەزای ڕەواندوز و بنکەی پۆلیس، وەڵام/ هەموو پرۆژەیەك لە بودجەی وەبەرهێنان کاتێك بە تەواو بوو دادەندرێ کە پاکتاوی دارایی بۆ کرابێ، یەعنی تەسفیەی حسابی بۆ کرابێ لەگەڵ خەزینە، ئەو وەختە لە لیستەکە دەردەچێت، تەنانەت ئەگەر پرۆژەکە بە کاریش بێ لەو کاتەدا هێشتا تەئمیناتێکی مابێ یان شتێکی مابێ، ناوی هەرلە لیستەکان دا دێتەوە مانای ئەوە نیە کە تەواو بووبێ، زۆرجار هەیە پرۆژە تەواو دەبێ و ڕادەستی لایەنی سوودمەند دەکرێ، بەڵام پاکتاوی دارایی هەرماوە و بەڵێندەر موستەحەقاتی هەر ماوە و پرۆژەی بەڕێوبەرایەتی و بنکەی پۆلیس لە ڕواندوز یەکێکە لەو پرۆژەیەی کە بودجەکەی 483 ملیۆن دینارە، خەرجی 300 ملیۆن دیناری لێ کراوە و گوژمەی پێویستی ماوە بۆ ساڵی 2013 کە 183 ملیۆنە کە پاکتاوی کۆتاییەتی و ئەوە دەبێت لە جەداولەکان دا هەبێ بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی و خەزێنە بتوانن سەرفی بکەن، بەڕێز کاروان صالح پرسیار دەکات پرۆژەی ستراتیجی ئاودێری لە ناو بودجەدا نیە، وەڵام/ لە بودجەی ئەمساڵدا چەند پرۆژەیەکی گرنگ هەن، مومکینە هێشتا هەر تەنانەت ناوی پرۆژەکە دیزاینی پرۆژەکە بێ، بەڵام ئیتر خۆ دەستپێك هەر لەوێوە دەست پێ دەکات، وەکو بەنداوی ڕواندوز و باوەنوور و کە هی یەکەم 48 ملیاری بۆ

دانرابوو، وابزانم پێویست دەكات هەر لە ئێستاوە كە دیزاینەكە دەقیق تر بوو مەبلەغەكەش زیاتر بێ، چونكە شوێنی بەنداوەكە وەزارەتی كشتوكاڵ بەڕێوبەرایەتی گشتی بەنداوەكان بە تەمایە بیگۆڕێت، بەنداوی باوەنوور و بەنداوی باسرەو بەنداوی گۆمەسپان و بەنداوی خێوەتە، ئەمانە هەرهەموویان پێویستیان بە توێژینەوە و پشكنین و دیزاین و گوژمەیان بۆ تەرخان كراوە، ئاودێری كڵێسە و شەمامك، هەروەها ئەویش بەهەمان شێوە، پرسیاری بەڕێزیان لەسەر پرۆژە گەورەكان بووە، لەبەرئەوە پێویست ناكات من باسی پرۆژەی ئاودێری بچووك بكەم كە ژمارەیان چەندن و لە كوێن، جەنابیان دەپرسێ پرۆژەی ستراتیجی ئاودێری، پرسیاری دووەم/ بەڕێز كاك كاروان 15 هەزار یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی كەم دەرامەت دروست دەكرێت، ئەمانە بۆكێن؟ وابزانم ئەوە هەر بە پێی یاساكەش موعەرەفن، خودی عەمەلیەكە وابزانم دەستی پێ نەكردووە، بەڵام تەعریفی ئەوە كراوە یاسای ژمارە 7 كە ئەم خانووانە دەبێت بۆ كێ بن و تەسلیم بە كێ بكرێن، بەڕێز سۆزان شەهاب پێشنیاری هەیە سەبارەت بە ئەو بەشەی بودجە كە پەیوەندی بە وەزارەتی تەختیت هەیە و بە وەزارەتی پلاندانان، كۆمەڵێك پێشنیاری هەیە، كە ئێمەش پشتگیری لە پێشنیارەكانی دەكەین، یەكەمیان/ تەرخان كردنی بڕە پارەیەك بۆ بواری كشتوكاڵی بۆ دروست كردنی بەنداوی كشتوكاڵی، دووەم/ داوا دەكات كە حكومەت لە هەر بودجەیەكی تەكمیلی دا بەشی تەندروستی زیاد بكات، زۆر بەڕێزی تریش داوایان كردووە و ئێمەش ئیعترازمان لەسەر ئەوە نیە، بە مەرجێك پرۆژەكان موعەرەف بێت و تەبەعاتی میزانیەی تەشغیلیەكەشی مەعلوم بێت، نەك شتێك بێ، یەعنی شتێكی موتەكامل بێت، سێیەم/ بۆساڵی 2012 باسی پرۆژەی نیشتەجێ بوونی كردووە كە بریتیە لە 5201 بڕەكەی 300 ملیارە لە پرۆژە بەردەوامەكانە و لە پێشنیار كراوەكانیش 5 هەزار یەكەی نیشتەجێ بوونە، پێشنیار دەكات كە ئەو پرۆسەیە بەردەوام بێ، ئێمەش هەر وەكو بەیانی ئیشارەتمان كرد، من بەش بەحاڵی خۆم شەخسی ئەگەر بڕیاری پەرلەمانی بەڕێز تەبعەن ئەوە پێش هەموو شتێكە و هەروەها سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، منیش بەش بەحاڵی خۆم یەعنی ئەوەم پێ باشترە كە پرۆسەی دروست كردنی یەكەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵكی كەمدەرامەت، چونكە سلفەی عەقار وەكو باسمان كرد منیش دەتوانم بچم سلفەی عەقار وەربگرم و هیچ قانونێكیش نیە ڕێم لێ بگرێ، بەڕێز كاك د.عمر نورەدینی، چەند پێشنیارێكی هەیە، دوو پێشنیاری كە پەیوەندی بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەبێت، یەكەمیان ئەنجامدانی كۆنفرانسێكە بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی جێ بەجێ كردنی پرۆژەكان و دیاری كردنی ئاستەنگەكان و هەوڵدان بۆ چارەسەریان بۆ ئەوەی نەبێتە ئەرك لەسەر بودجە، ئەم پێشنیارە زۆر لە جێی خۆیەتی، ساڵی پار بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێز كاك حاجی خورشید، هەمان پێشنیاری هەبوو تەنانەت تۆزێك كاریشی لەسەر كرد، بۆ ئەوە، بەڵام نازانم بۆچی ئەنجام نەدرا، بەهەرحاڵ من تەئیدی ئەم پێشنیارەی كاك د.عمر نورەدینی دەكەم زۆر لە جێی خۆیەتی و ئێمە ئەو كێشانەمان هەیە، خۆمان باسی دەكەین دەبێ كار بكەین بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، تەنانەت كاك خورشید وەختی خۆی پێشنیاری كرد كۆنفرانسەكە لە دهۆكیش بێت، پرۆسەی دروست كردنی قوتابخانەكان گەورە و فراوان

بكرێت، بەڵێ ئێمەش تەئیدی دەکەین، ئیحتیاجەکە هەیە، بەڵام دەبێ قودرەتی تەنفیزیش لەبەرچاو بگیردرێت، بەڕێز کاك د.بشیر پرسیاری یەکەمی داوا دەکات کە بڕی بودجەی وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە زیاد بکرێ ئەگەر بودجەی تەکمیلی هات، ئێمەش بە پەسەندی دەزانین هیچ ئیعتزازێکمان لەسەری نیە، دیسانەوە بە مەرجێك زیاتر موعەرەف بین کە مەبەستمان لە چیە، لە کوێی تەندروستی یان پەروەردە ئیستهداف بکەین بە پارەیەکی زیاتر یان بەرنامەی بۆ دابنێین، پرسیاری دووەمی، لەسەر دەزگای مین بوو وابزانم وەڵام دراوەتەوە، بەڕێز کاك برهان رشید، وابزانم شەش، حەوت پرسیاری هەیە، پرسیاری یەکەم/ لە کۆی 420 پرۆژەی پەروەردە 85 پرۆژە خەرجی سفرە، دیسانەوە باسمان کرد، پێشتریش بەڵێ کۆمەڵێك پرۆژە هەیە کە خەرجیان سفرە، کۆمەڵێك پرۆژەش هەیە کە هێشتا دەست پێ نەکراون، کۆمەڵێك پرۆژەش هەیە کە تەواو بوون، هەر دوو حاڵەتەکە هەیە، ئەمانەش زیاتر هی دوایپەسەند کردنی بودجە لە مانگی 7 ی ساڵی 2012 بەعزێکیان دەست بەکارنەبوون، ئێستاش هەموو فەترەیەك کۆمەڵێکیان دەست بەکاردەبن، پرسیاری دووەم/ لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، ساڵی 2011 لە کۆی 377 پرۆژە، نازانم دەبێ ژمارەکە هەڵە بێ، بەهەرحاڵ مەبەست ئەوەیە کە لە کۆی 377 پرۆژە، کۆمەڵێکی زۆر پرۆژەیان هەیە کە خەرجی سفرە، بەڵێ کۆمەڵێك پرۆژەش هەیە کە هی ساڵانی پێشووترە، هی ساڵی 2011 یش با بڵێین، لەبەر هەر کێشەیەك لەو کێشانەی کە باسم کرد بە شکلێکی گشتی هەر لە زەویەوە بگرە هەتا مەسائیلی دیزاین و هەتا مەسائیلی قابیلیەتی تەکنیکی ئەو وەزارەتە یان ئەو پرۆژەیە، مومکینە سفر بێ و بەعزێکیان وەزعیان گۆڕاوە، بەڵام من نازانم مەبەستی لە 377 چەند پرۆژە بوو، چونکە بە نووسین کە لەلامانە نووسیویەتی لە 566 پرۆژە 377 پرۆژە خەرجی سفرە، پرسیاری سێیەمی لە لاپەڕە 26 خاڵی 10 لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی باس لە زانیاری هەڵەی وەزارەتی پلاندانان دەکات دەربارەی کۆمەڵگای ڕۆشنبیری کۆیە، وابزانم هەر لە وەڵامی پرسیارەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری باسمان کرد یەك/ ناوەکەی گۆڕاوە بۆ هۆڵی کۆنفرانس، دوو/ لەو کاتەی کە ئێمە لیستی پرۆژەکانمان تەقدیم کرد، ڕاستە سفر بوو، بەڵام لە 12/31 ، 21٪ نیسبەتی تەنفیزەکە دەست بەکاریش بووە، هەموو ئەم پرسیارانەش تەبیعی هەر لەو لیستانە ئێمە ئەو لیستانە خۆمان تەقدیممان کردووە، یەعنی ئەو مەعلوماتانە شاراوە نین، ئەگەر تەغیرێکیش هەبێ لەو مودەتەی کە لیستی پرۆژەکان هاتوونەتە پەرلەمان، تا ئێستا ئەویشمان تەوزیح داوە، پرسیاری چوارەم، چارەنووسی ئەم پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە و خانوو بۆ کەمدەرامەت، وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە تەنانەت ئەمە لە لیستی ئەو قوتابخانانەی کە لە ساڵی 2012 دا تەواو بووە و ئەمڕۆ بەیانی لە دانیشتنی یەکەمی ئەمڕۆدا گوتمان کە 138 پرۆژە هەیە تەواو بوون، ئێمە ئەوانەی کە لە لیستی هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان لەلای ئێمە لیستەکەشی جودایە، ئێمە دوو ڕێگا هەیە بۆ وەڵامدانەوەی یان دەبێ هەر هەموو ئەو لیستەی لە هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان بۆ ساڵی 2012 ئەوانەی خارجی هەڵمەتەکە بوون یان دەکرێ، ئێستا بیدەم بە بەڕێز کاك برهان، یان

سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەگەر حەزیش دەكەن هەر كامێكتان پێ باشە، لیستێكی تریش دەدەین بە جەنابت، پرسیارەكە دەڵێ چارەنووسی ئەم پارەیەی كە تەرخان كراوە بۆ هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانە و خانوو بۆ كەم دەرامەت، ، باسم كرد بەیانی، ئەگەر پێویستیش دەكات لیستێك بە ئەوانەشەوە تەقدیم دەكەین، هیچ كێشەمان نیە، بە نیسبەتی هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانەش ئەم لیستەی كە ئێستا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان كە ڕادەستی بەڕێز كاك برهانم كرد، هەر تەفاسیلێكی زیاتریشی ویست بەڕەسمی لە ڕێگای جەنابتانەوە بێ یان بەخۆشی داوا بكات دەیخەینە بەردەستتان، پرسیاری پێنجەم/ ئەو پرۆژانەی كەخەرجی سفرە، بۆچی و چی لە پارەكەی هاتووە؟، ئەوانەی كە خەرجی سفرە پارەكەی سەرف نەكراوە، یەعنی هیچ شتێكی لەسەر خەرج نەكراوە و ئێمەش هەروەكو خۆی مەعلوماتەكانمان داوە بە پەرلەمانی بەڕێز، لەبەرئەوە پارەكەی سەرف نەبووە، وەڵامی سفرەكانیشمان باس كرد كە بەڵێ پرۆژە هەیە كە نسبەتی خەرجی سفرە و ئێمە خۆمان ئەم مەعلوماتەمان هێناوەتە ئێرە، مانای ئەوەیە كە دەست بەكارنەبووە، ئەسبابی دەست بەكارنەبوونیشی شەش، حەوت سەبەبمان باس كرد هەر لە دواكەوتنی پەسەند كردنی بودجەوە هەتا هەموو ئەسبابەكانی تر، ...... .

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك برهان چەندەمین جارە لە جێی خۆتەوە قسە دەكەی، حەقت نیە قسە بكەی، نابێ، خۆ موناقەشە نیە موناقەشەی بكەی، پرسیارت كردووە و جوابەكانی ئەوەیە و تەواو، نابێ بە قوربان، رجات لێ دەكەم رجای برایانە لە شوێنی خۆتەوە قسە مەكە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیاری هەشتەم/ موقارەنە كردن لە نێوان ئەو پرۆژانەی هەرێم لە پرۆژە بەردەوامەكان چەندی جێ بەجێ نەكراوە؟ عەجەلە مەكە ئەوەیە كە پرسیارەكەی جەنابت باسی دەكەی، بۆچی و چی لە پارەكەی هاتووە؟.

**بەڕێز د.أرسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.علی داوای لێ بوردن دەكەین لە تەسویر لەكۆنترۆڵ موشكیلەمان هەیە، جا داوا دەكەین چارەكە سەعاتێك دوای بخەی، داوای لێ بوردن دەكەین، 6:15 دادەنیشینەوە....... .

**دوای پشوو**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، جەنابی وەزیر بەردەوامی بە قسەکانت بدە.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی بەڕێز کاك برهان، پرسیاری کردووە موقارەنە کردن لە نێوان ئەو پرۆژانەی هەرێم لە پرۆژە بەردەوامەکان، چەندی جێ بەجێ نەکراوە؟ بۆچی و چی لە پارەکەی کراوە؟ بۆ نموونە لە 2421 پرۆژەی بەردەوامی 2012 لە ساڵی 2012 دا 692 پرۆژە هەیە هیچی بۆ سەرف نەکراوە و 72 پرۆژەش هەیە دەست بەکارنەبووە، نازانین ئایا ئەمانە وەهمین یان نا؟ وەڵام هیچ پرۆژەیەك لەمانەی کە لە لیستەکان هەن وەهمی نین، هەر بۆ تەوزیحیش ئێمە کە پرۆژە پەسەند دەکرێت لە پەرلەمانی کوردستان، لەو لیستانەی کە دێت لەگەڵ پرۆژە یاسای بودجەکە، ڕاستە مەبلەغێك تەخمین دەکرێ کە سەرف بکرێ، بەڵام نە لە وەزارەتی پلاندانان و نە لە وەزارەتەکانی تریش ئێمە پارەکە نایەتە لای ئێمە، کە لەلای ئێمە حجز بێت و ئەگەر سەرف نەبوو چی لێ دێت؟، پارە هەر لە وەزارەتی داراییە، ئەگەر پرۆژە خەرجیاتی لەسەر کرا ئەو وەختە بە پێی هەموو ئیجرائاتی قانونی سەرفی پارە دەکرێ، بە پێی وسوڵات وبە پێی جەدوەل تەقەدومی عەمەل و بە پێی هەموو شتێکی تر، لەبەرئەوە ئەو پارانەی کە بۆ ئەو پرۆژانە مەزەندە

کرابوون و تەخمین کرابوون، وەزارەتی دارایی بە شکلێکی عام کاروباری حکومەتی پێ بەڕێوەبردووە و وابزانم لە جەدوەل و حساباتی ختامی دەبێت وەڵامی دەقیقی تێداهەبێ، پرسیارێکی تری کاك برهان، پێویست بوو لیژنەی دارایی وردتر سەیری پرۆژەکانی بکردبایە، کە شتی سەیروسەمەرەی تێدایە، بۆ نموونە من پرسیارەکە وەکو خۆی دەخوێنمەوە ببورن، بۆ نموونە تونێلی پێنجوین تەنها 5 کم، بەو بڕە پارەیەی کە بۆی تەرخان کراوە و تەخسیس کراوە کە 2 ملیار دینارە، بە پێی حسابی گوژمەکەی بە 12 ساڵ تەواو دەبێ، ئەمە چەندین نموونەن کە جێگای دڵخۆشی نین و نیشانەی ئەوەیە کە ژێرخانی ئابووری هەرێم وەکو خۆی دەمێنێتەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە ئەو گوژمەیەی کە بۆی تەرخان کراوە، ئەو دووملیار دینارە بۆکاری ڕاوێژکاری و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەی دروست کردنی دوو تونێلە بە درێژایی 5کم و هەر ئەوەندەش بە 2 ملیار و 575 ملیۆن دینار دەکرێت کە چێك کردنی دیزاینەکەیە کە ئەمە کارێکی زۆر تەخەسوسیە و شارەزایی دەوێت و لەلایەن کۆمپانیای بیانی جێ بەجێ دەکرێت، کەواتە ئەمە بۆ تەنفیز نیە، بەڵکو بۆ چێك کردنی دیزاین و سەرپەرشتی کردنە، بەڕێز کاك کاردۆ محمد دوو پێشنیاری هەیە، پێشنیاری یەکەم/ پێشنیار کردن بە سەوزایی کردنی گۆڕەپانەکانە، لە شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان کە لە کاتی ئێستا بۆ خۆڵ و خاشاك بەکاردێن، بدرێن بە کۆمپانیای شارەزا و لایەنی پەیوەندیدار، وەڵام/ پێشنیارێکی بەجێیە، هەرچەندە کار لەسەر زیاد کردنی زۆربەی ڕووبەری سەوزایی کراوە بۆ ژینگە، 36 پرۆژەی دروست کردنی باخچە و پارك لە پرۆژە تەواوبووەکانی ئەوەی کە بەیانی ئاماژەم پێیدا، 36 پرۆژەی دروست کردنی باخچە و پارك تەواو بوون بە گوژمەی 13,05 ملیار دینار، دووەم/ 20 پرۆژەی باخچە و پارك لەژێر جێ بەجێ کردن دایە بە 16,05 ملیار دینار، پێشنیاری دووەم/لەهەر ساڵێك دا 20 هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون لە شارو دێهاتەکانی هەرێمی کوردستان دروست بکرێن و دابەش بکرێن بەسەر خەڵکی کەمدەرامەت، هەروەکو بەیانیش باسم کردکە من خۆشم زیاتر تەئیدی ئەوە دەکەم لە سلفەی عەقار، ئیحتماله هەردووکیشی ئیجابیات و سلبیاتی هەبێ، بەڵام دەبێت یەکێکیان لەسەر یەکێکیان تەفزیل بکەین، وەڵام/ وەکو بەیانی باسمان کرد دەستەی وەبەرهێنان وەکو لەم خشتانەی سەر شاشەش مەعلومە، لە سلفەی عەقار کە سەرف بووە، 54 هەزار کەس لێی موستەفید بووە، 54500 کەس دەکاتە 54500 یەکەی نیشتەجێ بوون لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەگەر ئەمانەی لەژێر تەنفیز دان و ئەوانەی کە پێشنیار کراون جەمعیان بکەین 12499 پرۆژە، 12499 یەکەی نیشتەجێ بوون و لە دەستەی وەبەرهێنان 3693 و لە وەزارەتی شەهیدان 1975، کۆی گشتیان دەکاتە 72 هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون، بەڵام دیسانەوە دەڵێم یەکەی نیشتەجێ بوون ئەگەر هەموو ئەمانە کۆبکەینەوە و ژمارەی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت زیاد بکرێن، لە هەندێ لایەنی تر کەم بکرێتەوە، بەڕای ئێمەش باشترە، بەڕێز کوێستان محمد، پرسیار دەکات لە بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هیچ حسابێك بۆ کەرتی گەشتوگوزار و شوێنەوار نەکراوە، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان، لە وەڵامدا ئێمە دەڵێین لە بودجەی 2013 وەزارەتی گەشتوگوزار گوژمەی 79 ملیار دیناری بۆ تەرخان

کراوەو پەنجای بۆ گەشتوگوزار و شوێنەوارە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان دان، بەڵام حەتمەن ئێمەش تەئیدی دەکەین کە موستەحەقی سێکتەرەکە موستەحەقی زیاترە، بەڵام مەحدودیەتە، پرسیاری دووەم/ دروست کردنی سایلۆ لە سلێمانی لەلایەن وەبەرهێنەوە بڕیار وایە کە ئەنجام بدرێت، بەمەرجێك کە شوێنی سایلۆ کۆنەکەی بدەنێ کە لە شارەزوور دروستی دەکات، چی لێ هاتووە؟ وەڵام/ نووسراوێکی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیە کە بۆ ئێمە نووسیویانە، لە 2012/11/1 ژمارە 6169 وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەڕێز کاك سنان چەلەبی بۆ ئێمەی نووسیوە بۆ وەزارەتی پلاندانان نووسینگەی تایبەت، پێشنیارەکە دەڵێت کۆمەڵێك تەفسیلی داوە دەڵێ پرۆژەی دروست کردنی سایلۆیەکی 40 هەزار تەن و 10 کۆگای مەوادی خۆراکی 10× 2000 تەن بە گوژمەی 23 ملیار و 500 ملیۆن دینار لە شارەزوور بۆ ساڵی 2012 پەسەند کراوە، بە پێی نووسراوێکی پارێزگای سلێمانی، بەرهەمهێنەرێك ئامادەیە بۆ دروست کردنی ئەم سایلۆیە لە شارەزوور لەبڕی وەرگرتنی زەوی سایلۆی کۆنی سلێمانی و بە بودجەی پەسەند کراو ئەمە سایلۆیە دەتوانرێ سایلۆیەك بێ بە پێناسەی سەرەوە لە شوێنێکی تر دروست بکرێت، بۆیە ڕەزامەندیتان بفەرموون بۆ گۆڕینی شوێنی پرۆژەی دروست کردنی سایلۆ لە ناوچەی شارەزوور بۆ ناوچەی چەمچەماڵ ڕەزامەندیمان داوە، پرسیاری سێیەم/ هاوکاری کەرتی تایبەت ڕوون بکرێتەوە، تەسەور دەکەم مەبەستی بەڕێزیان کەرتی پەروەردە بێت، لە کەرتی پەروەردە ئێمە چەند ساڵێکە بەڕێزان وەکو ئەو قوتابخانانەی کە بۆ نموونە ئەوانەی کە مەعلومن هاووڵاتیان مەعلوماتیان لەسەری هەیە، وەکو قوتابخانەی فاخر مێرگەسۆری لە هەولێر و قوتابخانەی سەروەران لە هەولێر کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە لە ناحیەی کوالیتی خوێندن و بە شاهدی ئەو دایك وباوکانەی کە منداڵەکانیان لەو مەدرەسانە دان، بۆ پڕکردنی جوزئێك لەو فەراغە و لەو بۆشاییەی کە لە کەرتی پەروەردە دا هەیە کە هەمووومان موتەفقین لەسەری و باسیشمان کردووە پێشتر چەندین تەشجیعی کەرتی تایبەت بکرێت کە بەشداری بکەن، بودجەیەك پێویستە لە سەرەتادا کە قوتابخانەیەکی حکومی (مەنح مەنتەکە)ی و ئیدارەکەی بسپێرێ بە جیهەتێك کە جێی بڕوا بێت و جێی سیقە بێت، هەم لە ناحیەی کوالیتی خوێندنەوە، هەم لە ناحیەی عادات وتەقالیدی ئێمەوە ئەو شتانەی کە دەمانەوێت، ئەو کاتە ئەو لایەنەی کە دێت ئیدارەی مەدرەسەکە دەکات هەندێ مەساریفی دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بیانەوێت هەمان مامۆستا کە لەو قوتابخانەیەن بەکاربێنن بۆ مەسەلەی تەعلیم، کۆمەڵێك مەسائیلی تەدریب و مەشق و ڕاهێنان هەیە و بەعزێ شتی تر لە بونیەی تەحتی مەدرەسە هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سیستمەی ئەوان دەیانەوێ پیادەی بکەن بگونجێت، ئێمەش هەوڵمان داوە و پێمان باش بووە کە ئەو نموونانەی کە هێناومانە سەرکەوتوو بوون، هەوڵمان داوە کە بچینە دەرەوەی شارە گەورەکانیش لە قەزاکانی دیانا وهەڵەبجە و لە زاخۆ، بەهەرحاڵ لە قەزاکانی دیکەش بڕەکەی نزیکەی 1 ملیار دینارە بە موعەدەل بۆ یەك ساڵ کە دەعمی  ئەو جیهەتە دەکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بە سیعرێکی ڕەمزی و لە هەندێ حاڵەتیش وەکو قوتابخانەی سەروەران  کە زیاتر منداڵی شەهید و نەوەی شەهیدی تێدایە، با بڵێین خۆڕایی بێت، ئەمە

تەفسیری کەرتی تایبەتە کە پرسیاری لەسەر بووە، پرسیارێکی تر هەندێ پرۆژە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە جێ بەجێ دەکرێن، کە کاری ئەونیە، لە وەڵامدا دەڵێین ئەوانەی کە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە لەسەر وەزارەتی ناوخۆن کە پەیوەندیان بە خودی هەیکەلیەت و خودی دیوانی وەزارەت و ئەوانەوە نیە ئەوانەن کە پەیوەندیان بە پارێزگاکان وئیدارەی مەحەلی و کارگێڕی ناوخۆوە هەیە، جگە لە پەرەپێدانی وەزارەتەکان، لەبەرئەوەی ستافی گەورەی ئەندازیاری هونەریان هەیە لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لەبەرئەوە هەندێ پرۆژە هەیە لە ڕێگای ئەوانیشەوە تەنفیز دەکرێ بێجگە لە پەرەپێدانی پارێزگاکان، لە ئیدارە مەحەلیەکان، پرسیارێکی تر پرۆژەکانی جەلەولا و سەعدیە ناویان چیە؟ لە ئەپدەیتی نوێ دا ڕاستە لەو لیستەی کەهاتبوو پرۆژەکان ناویان نەهاتبوو، بەڵام لە ئەپدەیتی نوێ دا ناوەکانیان دیاری کراوە بۆ ئەم دوو پرۆژەیە، یەکەمیان/ دروست کردنی بازاڕی سەوزە لە سەعدیە، دووەمیان/ دروست کردنی باریگای تارتانە لە جەلەولا، پرسیارێکی تری دەڵێ، پرۆژەی 16 و 17 لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چیە کە بۆ دوکان وکفری هاتووە؟، وەڵام/ ئەم دوو پرۆژەیە بەناوی دروست کردنی ناوەندی وەرزشی ولاوان لەدوکان، دروست کردنی ناوەندی وەرزشی و لاوان لە کفریە، لە ئەپدەیتەکەش ئەگەر موتابەعە بکەن بەهەمان لیست دێتەوە بەردەستتان، پرسیارێکی تر، پرۆژەی 197 و 199 کە گۆڕینی تۆڕی ئاوی ناو گەڕەکە کۆنەکانی ناو شاری سلێمانیە، دروست کردنی تانکی ئاو و کۆکردنەوەی ئاوی گەڕەکەکانی ناو شاری سلێمانیە، پرسیار لەسەر ئەوەیە مەبەست لەم پرۆژانە چیە؟ یان لە کوێن؟، مەبەست لەم پرۆژانە کۆمەڵێکی کەبە ناوێکی موعەیەن نەهاتووە کۆمەڵێکی زۆر با بڵێین ژمارەیەك پرۆژەی بچووکە لە خەدەماتی بۆڕی ئاوی ناو گەڕەکەکان و ئەوانە و لە چەند شوێنێکی موختەلفن، لەبەرئەوە ناوی شوێنەکە نەهاتووە، ئەگینا تەفاسیلی خودی چالاکیەکە هەمووی مەوجودە، پرسیارێکی تر پرۆژەی مەرقەدی بارزان بۆ لەسەر وەزارەتی داراییە؟ وەڵام/ ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی تایبەت بووە، چەند ساڵێك لەمەوپێش دەست بەکاربووە، وەزارەتی دارایی خۆی هەستاوە لە ڕێگای لیژنەیەکی تایبەتەوە بەو کارەو ئێستاش پرۆژەکە بەردەوامە ولە تەواوبوون دایە، پرسیارێکی تر مزگەوتی گوندی ژاژڵەو باڵخ کە مزگەوتیان هەیە، بەهەرحاڵ پرۆژەکە لەسەر وەزارەتی داراییە، لەبەرئەوەی کە پرۆژەیەکی تایبەتە، چەند ساڵێکیشە دەست بەکاربووە، ئێستا لە مەراحلی کۆتاییەکەیەتی، ئەمە وەڵامەکەیەتی، محتەوەیاتی پرۆژەکەش دەتوانین بە تەفسیلێ بخەینە بەردەستتان، مزگەوتی گوندی ژاژڵەو باڵخ مزگەوتیان هەیە، پێویست بە مزگەوت ناکات، لەبەرئەوەی ئاوەدانی لێ نیە، ئێمە بەدواداچوونمان کرد بۆ ئەو دوو پرۆژەیەی کە لەسەر وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیە، بۆمان دەرکەوت کە یەکێك لەوان ڕاستە لە زستانان خەڵکێکی کەمی لێیە، بەڵام ئەوەی کە پێی دەڵێن تابع یان هەرچیەکی تری پێ دەڵێن، کۆمەڵێك ماڵ هەیە کە لەو دەوروپشتەن، لەسەر ئەو ئەساسە تەڵەب کراوە، بەڵام ئێمە تەئیدی ئەو پێشنیارە دەکەین وئەگەر پرۆژەیەکی تر هەبێت کە جێی ئەو پرۆژانە بگرن بۆ هەمان ناوچە لە ئێستاوە تا پەسەند کردنی بودجە لە شوێنی ئەوانە دادەندرێن، بەڕێز کاك شێرزاد حافز کۆمەڵێ تێبینی هەبووە و پێشتریش موتابەعەی پرۆژەکانی سنووری چەمچەماڵی

کردووە، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان دوو جۆری کە لەبەردەستمانە با بڵێین، هی وەزارەتەکان زیاتر و هی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش لە ڕێگەی موسادەقە کردنەوە هەوڵمان داوە کە بە تایبەتی ئەو قەزایانەی ناوچەی گەرمیان کە زەرەرێکی زۆریان بینیوە و ئیحتیاجاتی ئەساسی بە تایبەتی شتە گەورەکان لەبەرچاو بگرین، بە تایبەتی لە قەزای چەمچەماڵ کە ئێستا پرۆژەیەکی گەورەی ئاو هەیە و کۆی گوژمەی 95 پرۆژە کە لە قەزای چەمچەماڵ دان 483 ملیار دینارە، کە 95 ی بۆ تەرخان کراوە لەهەر هەموویان لە کۆی گوژمەی 483 ملیار، لە پێشنیار کراوەکانیش دا 14 پرۆژەیان هەیە بە گوژمەی 7 ملیار و تەرخان کردنی 11 ملیار، هەروەها لە پرۆژەی خزمەتگوزاری بەراوێژ کە وەزارەتی پلاندانان خۆی پێی هەڵدەستێ، ئەمە ساڵی سێیەمە کەلە 16 شوێنی جیاجیای هەرێمی کوردستان جێ بەجێ دەکرێن، دوو پرۆژە بۆ چەمچەماڵ هەیە کە لەناو لیستەکانی وەزارەتی پلاندانان دایە کە ئەم دوو پرۆژەیەش بریتین لە باخچەی ساوایان و دروست کردنی پارکێك بۆ چەمچەماڵ، بەڕێزیان کێشەیەکی تری باس کرد لەسەر مەسەلەی ئەو هاووڵاتیانەی کە بیتاقەی ئەرزاقی خۆیان گواستۆتەوە بۆ کەروکووك یان بۆ، بە تایبەتی بۆ کەرکووك کە نیشتەجێ ی چەمچەماڵن کە ئەمەش ئینعکاس دەکاتە سەر ژمارەی دانیشتوان بەو شکلەی کە مومکینە بە پێی ڕێژەی دانیشتوان کە پرۆژە دابەش دەکرێت ئەوان مەغدور بن، ئێمە بۆ ئەو کێشەیە بە تایبەتی هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت کە ئەو حەقیقەتەمان دائیمەن لەبەرچاو بێ و ڕێژە و نیسبەتی پرۆژەکان لە چەمچەماڵدا لە ئاستێکی موناسب دابێ، ئەگینا هەروەکو خۆتان دەزانن مەسەلەی نەقڵ کردنی بیتاقەی ئەرزاق بە تایبەتی بۆ خەڵکی کەرکووك کە بیتاقەیان نەقڵ کردووە یان کە مەوجودن ئەوە کێشەیەکە لە ناو بودجەدا حەل نابێ، هەرچەندە جەنابیان هەر متابەعەیان کردووە، ساڵانی پێشتریش هەروەکو باسم کرد ئەوەی کە ئێستا لەبەرچاو گیراوە لە کۆی گوژمەی ئەگەر موقارەنەی گوژمە بکەین، نەك تەرخان کراو، چونکە تەرخان کراو مومکینە ژمارەکە زۆر دوور نیە لە واقعی ئەو رەقەمەی کە ئێمە لەبەرچاومان گرتووە لە تەرخان کردنی پارەی ئەمساڵی 2013، بەڵام لە کۆی گوژمەی 483 ملیار کە بۆیان دانراوە لەگەڵ هەندێ قەزای تر باشتریشە، بەڕێز پەیام خان پێشنیاری حکومەت بە تایبەتی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و ئابووری گرنگی بەبواری ژنان بدەن وهەروەها گرنگی بە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بدەن، وەڵام/ ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ساڵی 2013 سێ پرۆژەی هاوبەشمان هەیە بە بڕی نزیکەی 1 ملیۆن و نیو دۆلار کە گشت زانیاریەکان لەخوارەوە هاتووە ولەهەرسێ پرۆژەکەش دا ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەری دەبێت، ئەمە تەنها ئەو پرۆژانەن کە با بڵێین وەکو ماندەیتی ئەو ئەنجومەنە ئەوان بەشێوەیەکی موباشر تەرەفن، وابزانم پرۆژەکانی تریش بۆ هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە هەردوو ڕەگەزیشەوە، ئەو سێ پرۆژەیەی کە ناوم لێ هێنان یەکێکیان پێی دەڵێن (سەنتەر ئۆف ئیکسڵس ئۆرجندەری کوالیتی) کە بۆ کۆمەڵە بابەتێك کە ئەنجومەنی باڵای خانمان خەریکیەتی، دووەم/ گۆڕینەوەی زانیاری لە پێناو وشیارکردنەوەی زیاتر لەسەر خەتەنە کردنی ئافرەتە، ئەویش پرۆژەیەکە، پرۆژەی

سێیەم بەهێز کردنی ئافرەت لەنێوان باری کۆمەڵایەتی و ئابووری بە تایبەتی بۆ کچان لە ناوچە شارستانیەکانی دەوروبەری سێ شاری هەرێم، بەڕێز کاك پێشەوا توفیق، پرسیار دەکات بودجەی وەزارەتەکانی پەروەردە وخوێندنی باڵاو کارەبا لەساڵی پار کەمتریان بۆ تەرخان کراوە؟ وەڵام/ لە ساڵی 2013 وەزارەتی پەروەردە بڕی 254 ملیار، وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕی 115 ملیار دینار، وەزارەتی کارەبا 20 ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر موقارەنەیەکی بەسیت بکەین لەگەڵ 2012 وەکو بەڕێزیان ئاماژەی پێداوە، وەزارەتی پەروەردە لە تەرخان کراوی 261 ملیاری پاریان نزیکەی 179 ملیاریان خەرج کردووە بەڕێژەی 69٪، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا لە 168 ملیارەکەی، نزیکەی 150 ملیاری خەرج کردووە، لە 2012 وەزارەتی کارەبا لە 775 ملیار 515 ملیاری خەرج کردووە، ئێمەش ئەمساڵ کە زووتر بودجە پەسەند بکرێ، ئەوان ماوەشیان زیاترە لە ئەم بودجەیە کە بۆیان تەرخان کراوە، نەك 69٪ و 70٪ بەڵکو 100٪ هەر هەمووی خەرج بکەن، پرسیارێکی تری بەڕێز کاك پێشەوا توفیق، بۆچی وەزارەتی شارەوانی پرۆژەی نوێی نیە لە ناحیەی پیرەمەگروون و خەلەکان و بنگرد و خدران لە قەزای دۆکانن کە پێنج ناحیەن و مەغدورن لە پرۆژەکان، لە وەڵامدا ئێمە دەڵێین هەروەکو لە جەلسەی بەیانیش ئاماژەمان پێدا کە وەزارەتەکان خۆیان سەرپشك بوون لە دابەش کردنی بودجە، بەڵام ئەگەر پرۆژەی پێویست هەیە لە ڕێگەی وەزارەتەوە بۆمان بنێرن، لەڕێگەی وەزارەتی شارەوانی، چونکە ئێمەش تەعقیبی ئەوەمان کرد، ئەم تێبینیە بە تایبەتی لە یەك، دوو ناحیە ئەگەر پرۆژە بێت لەڕێگەی وەزارەتی شارەوانیەوە تەبەنای بکەن، ئێمە داخلی لیستی پرۆژەکانی دەکەین، ئێستا دێمە سەر ئەوەی لە چ شوێنێکەوە دەتوانین جێیان بۆ بکەینەوە، پرسیارێکی تری کاك پێشەوا 16 ملیار بۆ پرۆژەکانی چوار ناوچەی پیشەسازی هەولێر و سلێمانی و کەلار و دهۆك دانراون، بەڵام نە پرۆژەکان ماون و نە پارەکەش تەدویر بووە بۆ 2013 پارەکە سەرف نەبووە، تەبیعی ئەگەر پرۆژەکە ئەنجام نەدرابێ، پارەکەش لە وەزارەتی داراییە وەکو باسم کرد، ئەم چوار ناوچەیەش بە نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە 1714 لە 2012/7/12 لە بودجەی وەزارەتی پیشەسازیەوە گوێزراوەتەوە بۆ سەر بودجەی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و ئیدارەی گەرمیان، لەسەر لیستی وەزارەتی ناوخۆ و گوژمەی گشتی هەر پرۆژەیەکیش گوژمەکەی 45 ملیارە، پرسیارێکی تر، بەڕێز کاك پێشەوا دەڵێت باسی ئەوە ناکەم کە ناعەدالەتی هەیە لە دابەش کردنی بودجەی وەبەرهێنان لەسەر وەزارەتەکان بۆ نموونە، پرسیار/ وەزارەتی شارەوانی 1 ترلیۆن و 38 ملیار دینارە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی 232 ملیارە، وەڵام/ پرۆژەی شارەوانی زیاتر ئاو و ئاوەڕۆن کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە تەندروستیشەوە هەیە، پرسیار/ وەزارەتی پلاندانان 307 ملیار، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ 241 ملیارە، هەروا وابزانم دواتریش پرسیار لەسەر ئەوە هاتووە کە ئەو بودجەیەی کە لە وەزارەتی پلاندانان دانراوە بۆ پرۆژە هەنووکەییەکان ئەوە مەعنای چیە؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە ئەمساڵ چۆن سیستمی دابەش کردنی پارە بەسەر وەزارەتەکان شێوازێکی نوێمان گرتە بەر بۆ ئەوەی کە زیاتر زانستیانە و زیاتریش بەرچاو ڕوونیەکی باش لەبەردەمی هەموو

وەزیرە بەڕێزەکان هەبێت، بەهەمان شێوە ئەمساڵ بڕیارمان دا کە بودجەیەکی یەدەگ لە لیستی پرۆژەکان لەلای وەزارەتی پلاندانان بێ، کە کۆمەڵێك گیروگرفت کە لە ئەسنای بەدرێژایی ساڵدا دێنە پێش لە وەزارەتە جیا جیاکان ئێمە بتوانین چارەسەری بکەین، هەر بۆ ئەوەش بە هەمان ڕێژەی دانیشتوانی هەر سێ پارێزگاکە و ئیدارەی گەرمیان ئێمە ئەو بڕە پارەیەمان بەسەر لیستی وەزارەتی پلاندانان داناوە، کۆمەڵێکی زۆر کێشە بەوە چارەسەر دەبێ، ئەگەر مەبالغی گەورە نەبێت، کۆمەڵێك تێبینی هەر لە هۆڵی پەرلەمانیش دا لە ئەسنای موناقەشە کردنی بودجە، کۆمەڵێك شت دێتە پێشەوە کە ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین وهەندێکیان پێویستی بە چارەسەریە، ئێمەش بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکەین بۆ ئەوەی نەکەوینە موناقەلات لەو پرۆژانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، نسەبەکانیش تێك نەدەین، پێویستمان بەوەیە کە شتێکی وا هەبێت، ئەمەش تەخمینە و لە لیستەکاندا هەیە، کێشەی پێ چارەسەر دەبێت، وابزانم لە بەرژەوەندی گشتیش دادەبێت، لەبەرئەوەی موقارەنە کردنی ئەوەی کە لەلای وەزارەتی پلاندانانە بە وەزارەتی کشتوکاڵ ئیحتماله زۆر علمی نەبێت، ئەگەرنا ئیحتماله ئێمە لەم ڕۆژانە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ کە ئێمە ئەساسی پارەی تەرخان کراوی ئەوانمان لەسەر خەرجیاتی 2011 داناوە، ئەگەر زیاتریان خەرج کرد، ئەگەر لەو گوژمە تەرخانکراوەی کە بۆیان دانراوە تەجاوزیان کرد ئێمە ئەو کاتە دەتوانین بە بێ ئەوەی پەنا ببەین بۆ وەزارەتی دارایی و بڵێین ئێمە مەبلەغێکمان هەیە لە وەزارەتی پلاندانان مومکینە ئەو پارەیە زۆربەی هەرە زۆری بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بچێتەوە، انشاء الله لە ڕاپۆرتەکانی وەرزیش ئەپدەیتتان پێ دەگات کە تەفاسیلی تەکمیله کردن یان با بڵێین یارمەتی دانی سێکتەرەکانی تر بە چ شێوازیك بە واستەی ئەوەوە دەکرێت، پرسیار/ وەزارەتی ناوخۆ 8 ملیارە، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە 17 ملیارە، ئەمەش پرسیارە لەلایەن بەڕێز کاك پێشەوا، وەڵام/ ناوەندی پارێزگاکان لەگەڵ قەزاکان و ناحیەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن و هەموو بیناکانی پۆلیس و دیفاع مەدەنی و ئاگرکوژانەوە و ئەوانە هەموویان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، پێداویستیەکانیان ئیحتماله زۆر لەم مەبلەغەش زیاتر بێ، لەبەرئەوە موقارەنە کردنی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە لە مەسائیلی پرۆژەدا دوو شتی جیاوازن، پرسیارێکی تر بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و کارەبا پرۆژەی پێشنیار کراویان نیە، تەنانەت ئەگەر مەبلەغی وەزارەتی پێشمەرگە کەمیش بێت لە مەسائیلی مەشاریع داو لە پرۆژەکان دا، هی وەزارەتی کارەبا زۆریشە، بەڵام لەهەردوو حاڵەتدا ئەگەر ئیلتزاماتی پرۆژەی بەردەوامیان هەبێت، حەتمەن پرۆژەی پێشنیاریان نیە، ئەمما نابێ، یەعنی زۆر کەم دەبێت، ئەوەش پێشتر باسمان کرد، پرسیارێکی تری باسی ئەوە ناکەم نایەکسانی هەیە لە دابەش کردنی بودجەی پرۆژەکان بەسەر شار و قەزا و ناحیەکان و گوندەکان من ناڵێم جیاوازی بکەن، بەڵام با یەکسانی هەبێ، یان پێوەرێك هەبێ؟ بۆ نموونە لە وەزارەتی شارەوانی کە بڕی دانراو 1 ترلیۆن و .......... ببورن هیلاك بووین، ئەگەر بەعزێ ژمارەش غەلەت بکەین لێمان مەگرن، 1 ترلیۆن و 38 ملیار دینار بۆ وەزارەتی شارەوانی دانراوە، قەزای ڕانیە کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە بە چوار ناحیەوە کە 18 ملیاری بۆ دانراوە، نزیکەی 19 ملیار، بەڵام قەزای زاخۆ

نووسراوه كه ڕێژمان هەیه 38 ملیاری بۆ دانراوه، وەڵام/ ئەمه تەبعەن باسی پێشنیاره ئەو تێبینەی بەڕێزیان وەڵامی ئەگەر بەراوردی هەموو پرۆژەكانی حكومەت بكەین لەم دوو قەزایه، ڕانیه، 102 پرۆژەی هەیه كه تەرخان كراوی 111 ملیار دینارەو ژمارەی دانیشتوانی ڕانیەش 205 هەزار كەسه، زاخۆ 113 پرۆژەی هەیه تەرخانكراوی 125 ملیاره، ژمارەی دانیشتوانی 256 هەزار كەسه، كەواته ئێمه ناڵێین كه ڕانیه زۆری بۆ دانراوه، یان كەمی بۆ دانراوه، ئێمه دەڵێین هەموو كوردستان كەمی بۆ دانراوه، پێویستی به زیاتر و زیاتر هەیه، تا قەرەبووی ئەو ساڵانه بكرێ به تایبەتی بۆ ڕانیەی خۆشەویست، نه بودجەی ئێستا و نه له موستەقبەلیش مومكین نیه تەعویزی كێشەكانیان بكات، بەڵام دیسانەوه دەیڵێم ئێمەش ئەو تێبینیه لەبەرچاو وەردەگرین، بەڕێز عبدالله محمد امین، پرسیار/ دابەش كردنی بودجه بۆ ناوچەكان ناعەدالەتی تێدایه ئەگەر بەراوردی قەزای پشدەر بكەین كه پێكهاتووه له 5 ناحیه و مەركەزی قەڵادزێ ، كه موقارەنەیەكی كردووه، وابزانم وەڵامی ئەو پرسیاره دراوەتەوه وەڵامیان وەرگرتووه، پرسیاری دووەم/ حكومەت نه به ڕێژەو نه كوالیتی بەرز ئەم پرۆژانەی جێ بەجێ نەكردووه، بووه به هۆی به هەردەردانی سامانی گشتی له بودجه، وەكو نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی له سلێمانی و ئاوی خاس له قەڵادزێ و پردی دەربەند له ڕانیه و كارگەی مەڕمەڕ له ماوەت، وەڵام، پرۆژەی نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی ساڵی 2013 تەواو دەبێ، كه لەلایەن دەستەیەكی نوێوه سەرپەرشتی بۆ دەكرا له هەردوو وەزارەتی ئاوەدانكردنەوه و تەندروستی، پرۆژەی ئاوی خاس له قەڵادزێ دووجار گوژمەی زیادی بۆ تەرخان كراوه، سەرباری كه گوژمەكەی له 20 ملیارەوه بۆ 42 ملیار، ئێستاش كار تێیدا بەردەوامه و پرۆژەكەش بەرەو كۆتایی دێت، پردی دەربەندی ڕانیه دیزاینەكەی تەواو بووه و پرۆژەكەش ئەمساڵ دەكەوێته بواری جێ بەجێ كردن به گوژمەی 10 ملیار دینار، پرۆژەی كارگەی مەڕمەڕ له ماوەت گیروگرفتی لەگەڵ كۆمپانیای جێ بەجێ كار بووه، كارەكه وەستێنراوه و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار كراوەتەوه، له ماوەی سێ ساڵی ڕابردوو حكومەتی هەرێم نەیتوانیوه پێداویستی هەڵگرتنی یەدەگ لەم بوارانەدا ئاماده بكات، یەدەگی ئاومان نیه بەهۆی دروست نەكردنی ئاوی بەنداوەوه، وەڵام/ پێشتر باسی كۆمەڵێك بەنداومان كرد، یەدەگی خۆراكمان نیه به هۆی دروست نەكردنی سایلۆ، دروست كردنی سایلۆ دواكەوتووه ئەگینا لەبەرنامه داهەیه، یەدەگی سووتەمەنی نیه، بەهۆی نەبوونی عەمباری سووتەمەنیەوه، ئەویش لەبەرنامه داهەیه، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پرسیارەكانی كاك عبدالله محمدامین، حەز دەكەی لەیەكەمەوه هەر هەموویان كه پەیوەندی به وەزارەتی تەختیت هەیه، ئەگەر پرسیاری تر هەیه پەیوەندی به بودجەی تەشغیلی هەیه و علاقەی به من نیه، جەنابت قەرار بده بیانخوێنمەوه یان نا؟ بەڕێز پەروین عبدالرحمن داوای لێ بوردن دەكەم، پرسیار/ لەڕێگەی پرۆژەی ئیستسماریەوه پرۆژەی دروست كردنی شوقه و خانوو بدرێته وارسی شەهیدان بەبێ قازانج، وەڵام/ وەزارەتی شەهیدان بەردەوام خانوو بۆ وراسی شەهیدان لەلایەن وەزارەتی شەهیدان دروست كراوه، تەئخیر بوونێكیشی پێوەیه، ساڵانی داهاتوو ئەو ڕێژەیه زیاتر دەكەین، به تایبەتیش كه دەست كراوه به سیستمی خۆكردیش كه یارمەتیدەر بێت، پرسیار/

گوندی مام چۆغان سەر بە ناحیەی کەسنەزان 150 ماڵی لێیە و ژمارەی خوێندکارانی زۆرە و قوتابخانەکەشیان بچووکە بۆ خوێندنی ناوەندی دەچنە گوندێکی تر، وەلام/ ئێمە ئەم پێشنیارە بە هەند وەردەگرین، هەر دیسان مومکینە لەسەر ئەو بودجەیەی ئاماژەمان پێیدا چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، بە مەرجێك وەزارەتی پەروەردە بە ڕەسمی داوای ئەو پرۆژەیە بکات، بۆ ئەوەی کە تەنها دروست کردنەکە نەبێ، بەڵکو بەڕێوەبردنەکەشی، پرسیارێکی تر داواکارم لە وەزارەتی پلاندانان کە بەیەك وەجبە پارەی شەهیدان بدرێت، مەبەستی لە دروست کردنی خانووەکان، لەوەلامدا دەڵێین پارەکە لای ئێمە نیە، لە وەزارەتی پلاندانانە سیستەمی پارە دەفع کردنەکەش دیارە کۆمەڵێك ئالیات هەیە کەوەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی دارایی ئیتفاقیان لەسەر کردووە، هیچ کاتێکیش حەسەب مەعلوماتی ئێمە لەسەر نەبوونی پارە و بودجە تەنفیزەکە تەئخیر نەبووە، بەڕێز پەیمان عبدالکریم، سێ ساڵە حکومەت پارە تەرخان دەکات، 120 ملیار بۆ قوتابخانەکان بەلام تاوەکو ئێستا لە کۆی 168 قوتابخانە 38 قوتابخانە تەواو بووە، ئەمە جێگای ڕەخنەیە، وەلام/ لە کۆی گشتی ئەم بودجەیەی کە تەرخان کراوە وەزارەتی پەروەردە لەمساڵدا ئەم بودجانە ئێستا 614 پرۆژەی پەروەردە لە جێ بەجێ کردن دان، لەم ژمارەیەدا کە باسمان کرد ئەوانەی کە خوێندمانەوە بەیانی ئەوانەن کە تەواو بوون و لیستێکی تریش لەوانەی کە تەواو بوون ئاماژەمان پێدان 138 بێجگە لەوانەی تر لەسەر پرسیاری بەڕێز ئەندامی پەرلەمان تەسلیممان کردن، کە ئەمانەن کۆی گشتی لە هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە و هەم لەوانەی تر، مومکینە لە تەنفیزی هەندێکیشیان دا هەندێ تەئخیر هەبێ، بەلام پرۆژەکان کەلەژێر تەنفیز دان، ئەوانە جێی دڵخۆشیە، چونکە مودەی تەنفیز کردنەکەیان کەمە، ئەوانەی کە نەکەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە کاریان لەسەر دەکەین کە تەنفیز بکرێن و دەست بەکاربن، بەعزێ پرسیار هەیە موکەڕەڕە ، من مەبەستم هیچ نیە، ئەگەر لەبەر مەسەلەی کات، چونکە هەمان پرسیارە وهاتووەتەوە، بەلام ئێمە وەکو خۆی داوام کردبوو لە برادەرانم لە وەزارەت کە سوئالەکان وەکو خۆی بنووسنەوە هیچی دەسکاری نەکەن، لەبەرئەوە دوو پرسیار هەیە پێویست ناکات بیخوێنمەوە و بڵێم ئەمە تیکرارە، مەسەلەی سایلۆ و مەسەلەی بەنداوەکانە، بەڕێز تارا عبدالرزاق، بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی دروست کردنی نەخۆشخانەکان لە دهۆك بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی بە تایبەتی دروست کردنی نەخۆشخانەکان لە دهۆك دوادەکەوێت؟، نەخۆشخانەی شێرپەنجە لە دهۆك، گوژمەی 21 ملیۆن دینارە و کەمتر بە 40 ملیار بووە، بۆ وردبینی لە پرۆژەکان ناکرێت؟ خۆی وردبینی دەکرێت، بەلام لە کاتێك کە بودجە پەسەند دەکرێ یان ژمارەیەك بۆ پرۆژەیەك دادەندرێت تەخسیس دەکرێت، دەبینی لەو کاتانەدا دائیرەی مەعنی یان وەزارەتی مەعنی پرۆژەکە تەوسیعە پێ دەکات، داوای گوژمەی ئیزافی دەکات، ئەو شتەی کە تەقدیریان کردووە لە ئەساس دا مومکینە و بە تایبەتی لەو وەزارەتانەی کەهەندەسی نین بە تایبەتی ئەو کێشەیە دێتە پێشەوە، بەهەرحاڵ ئێستا ئەوە چارەسەر کراوە، دوو، سێ لە پرۆژەی نەخۆشخانە لە پارێزگای دهۆك و دووانیش لە هەولێر و دوانیش لە سلێمانی ئیحالە کراون، مەسئەلەی مەبلەغی موخەسەسیان چارەسەر کراوە و دەست بەکاردەبن، پێشنیار

دەکەم لە بودجەی تەواوکاری یان پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2014 شارێکی ئۆلۆمپی دروست بکرێ لە پایەتەختی هەرێم کە تێچووی ئەم پرۆژەیە 350-400 ملیۆن دۆلاری تێ دەچێت، ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین ڕەچاوی ئەم پێشنیارە دەکەین و لە ساڵی داهاتوو بە هەند وەری دەگرین، ئەگەر ئەو توانایە هەبوو، بەڕێز کاك جلال پرسیاری هەیە لەسەر دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکانی ئاودێری، وەکو پرۆژەی ئاودێری شەمامك و تەق تەق و کۆیە، هەروەها پرسیاری هەیە لەسەر تەخسیس کردنی جوزئێك لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە ساڵانە لەبەردەستی ئەنجومەنی پارێزگا و پارێزگایە، تەخسیس بکرێت بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵ، بەشی یەکەم، هەندێك لەو پرۆژانەی کە بەڕێزیان ئاماژەیان پێیدا، لە ناحیەی شەمامك و تەق تەق ئەوانە پارەی دیزاینیان بۆتەخسیس کراوە، من نازانم لەوە زیاتر، چونکە ئێمە هەندێك لەوانە کە حکومەت نیازی ئەوەی هەیە کە ئەو پرۆژە گەورانە یان بە قەرز یان لەڕێگەی وەبەرهێنەوە تەنفیزی بکات، بەشی دووەم جەنابیان کە ئەو پێشنیارەیان کرد، پێشنیارەکە ساڵی ڕابردووش کردی، ئێمە پشتگیری دەکەین و هەر ڕۆژی دواتریش لە 2/4 نووسراومان کردووە بۆ پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، کە 5٪ی میزانیە کە جەنابیان پێشنیاری 3٪ کردبوو، بەڵام ئێمە وەکو تەفاهومی هەمووومان پێکەوە بۆ مەسەلەی دەعمی کەرتی کشتوکاڵی، ئێمە کردوومانە بە مەرجێك کە پرۆژەکانیان پەسەند دەکەین هی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە 5٪ ی بۆ کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری تەخسیس بکرێ، ئەوەش نووسراوەکەیە کەلەسەر شاشە دامان ناوە، نووسراوەکە تەقریبەن 3 ڕۆژە دەرچووە، بەڵێ لە ئەسنای موناقەشەی بودجە بوو لەسەر پێشنیاری لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری بەڕێز کاك جلال ساڵی پاریش هەر عەینەن هەمان پێشنیاری هەبوو، بەڕێز کاك خلیل عثمان، حکومەتی هەرێم بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان لەو ناوچانەی کە باران و بەفریان زۆر لێ دەبارێ بە تایبەتی ناوچە سنووریەکان، دەبێ ماوەی جێ بەجێ کردنیان زیاتر بدرێتێ بۆ پرۆژەکان، وابزانم ئەمە هەر پرۆژەیەك کە کۆمپانیایەك وەری دەگرێت ماوەی پێویست دیاری دەکرێت بۆ تەواو کردنی پرۆژەکە و لە کاتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکەش ماوەی زیاد بۆیان ئەژمار دەکرێت لەبری ڕۆژانی باران و بەفر و سەرماوسۆڵەدا بە فەرمانێ جێگیر دەکرێت کەلە سەلاحیەتی وەزیرە بە پێی ڕاپۆرتی کەشناسی ئەو پارێزگایە، ئەوە چارەسەر کراوە حکومەتی هەرێم پرسیارێکی تر پارەی باش تەرخان بکات بۆ یەکەی نیشتەجێ کردن بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، باسمان کرد، پرسیار لەسەر بەنداوەکانە وەڵاممان داوەتەوە، بەڕێز کاك بلال سلیمان پرسیار دەکات بۆچی حکومەتی هەرێم پێداگیری ناکات لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی، ئێمە لەوەڵامدا دەڵێین ئێمە پێداگیریمان کردووە بە نووسراوی ڕەسمی و کۆمەڵێك دۆکیۆمێنت هەیە دەتوانین عەرزی بکەین، بەس پێویست ناکات، وابزانم لە میدیاکانیش زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئاگادارە کە هەرێم داوای ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دەکات، ئەمە وەکو نەهجێکە هەتا ئەگەر ڕیژەی ژماری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە هەر ڕێژەیەك دەرچێ لە عیراقدا، بەڵام ئەنجامدانی سەرژمێری کۆمەڵێکی زۆر کێشەمان بۆ چارەسەر دەکات لە بوارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەرەوپێش بردنی وڵاتدا،

نەبوونی ژمارە بە تایبەتی لای ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان نەبوونی ژمارەی دەقیق، ئێمە ژمارەکانی حەسر و تەرقیممان هەیە، بەڵام سەرژمێری ئەنجام نەدراوە، بەڵام هەر دیسان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ ئەوەش بڵێم بە پێی دەستووری عیراق ماددەی 110 خاڵی 9 پرۆسەی ئەنجامدانی سەرژمێری یەکێکە کە وا تەعریف کراوە کە دەبێ لە هەموو عیراق ئەنجام بدرێ، بەڵام یاساشی پێ دەرچووە کە یاسای ژمارە 40ی ساڵی 2008 لە پەرلەمانی عیراق کە یاسای (قانون تعداد السکان)ە، بەڵام ئەگەر ئەوە لەلایەك دابنێم و بێین بڵێین لە هەرێمی کوردستان با سەرژمێری بکرێ کە من خۆشم و وەزارەتی پلاندانانیش یەکێکن لەوانەی کە ئەو داوایە دەکەن، ئەو کاتە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەبێت یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێ بەناوی یاسای سەرژمێری، چونکە سەرژمێری پرۆسەیەك نیە کە ئێمە مەسەلەن لەلای خۆمانەوە قەرار بدەین لە وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئامار و بچن ئەنجامی بدەن، سەرژمێری دەبێت باگراوند و خەلفیەتی قانونی هەبێ بۆ ئەوەی شەرعیەت وەربگرێ، مەسەلەی دەستوور ئەوە بۆ موختەسەکان بەجێ دێڵم، من خەبیرنیم لە مەسائیلی قانونی دا، بەڵام ئەگەر هاتو بڕیار یان بۆچوونێك هەبێ کە پرۆسەی سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان دەربچێت یەکەم شت کە دەبێ بکرێ، دەبێ یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێ و عەمەلیەکە تەنزیم بکات بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەی کە ئەنجامی دەدرێت شەرعیەتی هەبێ و تەعنی لێ نەدرێ، پرسیارێك کە بەڕێز کاك بلال سلیمان لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لاپەڕە 17 وەزارەتی داد هیچ پرۆژەیەکی بەردەوامیان نیە، بەڵام لە خشتەی پرۆژە بەردەوامەکان شەش پرۆژە تۆمار کراوە، داواکارین ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، وەڵام/ وەزارەتی داد شەش پرۆژەی بەردەوامی هەبوو لە هەولێر و دهۆك هەرێم بە نووسراویان 5179 لە ڕێکەوتی 2012/11/11 داوای گواستنەوەی سێ پرۆژەکەیان کرد لە هەولێرو 2 لە دهۆك بۆ سەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و ئێمەش بە نووسراومان 6442 لە 2012/11/20 موناقەلەکەمان ئەنجام داوە، پرسیارێکی تری لە خشتەی پرۆژە بەردەوامەکان دا 144 پرۆژە تۆمار کراوە ودەست بەکار نەبووە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، هەروەها 722 پرۆژە بە بۆشایی بەجێ هێڵدراوە لە هەر سێ پارێزگاکەدا، ئەمە بۆچی و چۆن پەرلەمان دەتوانێ چاودێری ئەو پرۆژانە بکات؟ لە کاتێك دا کە جێ بەجێ نەبوونی دیار نیە، هەندێك لە پرۆژەکانیش نووسراوە دەست بەکار نەبووە، لەوەڵامدا ئێمە دەڵێین زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە خەرجی لەسەر نەکراوە، بریتین لەو پێشنیارکراوانەی کە لە ساڵی 2012 پەسەند کراون، دواکەوتوون، پێشتریش شەرحمان دا تەوزیحەکەی لە پەسەند کردنی بودجەی ساڵی 2012 لە مانگی 7 ەوە هەموو ئەسبابەکانی تر لە هەندێکی تریش کێشەی زەوی و دیزاین هەیە، کە پارەشی لەسەر خەرج نەکرابێت، پارە سەرف نەبووە، پرسیارێکی تر دوو ساڵە باس لە پێوەری زیرەك دەکرێ کە گوایە وەك چارەسەرێك بۆ ڕێکخستنی بەرهەمی کارەبا، بەڵام تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، ئەمە ڕاستە، چونکە چەند بۆچوونێك هەبووە و چەند محاوەلەیەك کراوە بۆ دانانی پێوەری زیرەك، تەبیعی ئەمەش لە مەسڵەحەتی حکومەتی هەرێمە کە بە زووترین کات دابندرێت بۆ ئەوەی مەسەلەی جیبایەی کارەبا بە شکلێکی ڕێك و پێك و مونتەزەم

بکرێت و یەکێکیش لەو ئەهدافانەی کە لە پرۆژە یاسایەکە هاتووە یان لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری داهاتووە کە داهاتی کوردستان بەرز بکرێت، ئەمە یەکێکن لەو ڕێگایانەی کە بەفیڕۆدانی تاقەی کارەبا کە لە هەندێ حاڵەتدا وایە جیبایەکەش بە ڕێك و پێکی ناکرێ، لە هەندێ شوێنێك جیبایە دەکرێ، بەڵام مومکینە بەعزێك خەڵك تێبینی لەسەری هەبێت، پرۆژەکە دواکەوتووە، پرۆژەی وەزارەتی کارەبا، ئێستا سەرقاڵی ئەوەن کە بەم نزیکانە بەرنامجەکەیان بخەنەڕوو و بەرنامجێکی گشتگیر بێت و تەنسیقێکیشیان کردووە لە ناحیەی فەنیەوە تەنیسیقێکیان کردووە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی بۆ ئەوەی کە دوو کار پێکەوە ئەنجام نەدرێت کە پێوەرەکە بۆ ئاویش و بێت و بۆ مەسەلەی کارەباش و کۆنترۆڵکردنی کارەبا بێت و بەڵام بۆ ئاویش بتوانن سوودی لێ ببینن سیستمێکی تر دانەمەزرێ، بەڕێز د.جیهان اسماعیل، بودجەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی تەندوستی کەمە، وابزانم زۆرجار باسمان کردووە، پرسیارێکی تری گوژمەی گشتی پرۆژەی دروست کردنی نەخۆشخانەی لە دایك بوون لە دهۆك مەبەستی کەمە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژانە تکایە کار لەسەر زیاد کردنی گوژمەکانیان بکرێ، وەڵام/ وەزارەتی تەندروستی داوای کردووە و لە نەخۆشخانەی لە دایك بوون ئێستا لە ئیحالە دایە، بڕی پارەکەشی زیاد کراوە، لەو بڕەی کە جاری یەکەم داوایان کردبوو، پرۆژەکە لە پارێزگادا لە ئیحالە کردندایە، پرۆژەی دروست کردنی نەخۆشخانەی شێرپەنجەش هێشتا ماوە کە ئیحالە بکرێ، چارەسەری مەسەلەی گوژمەکەی بکەین، بەڕێز گوڵێزار قادر پرسیار دەکات لە قەزای دوکان ناحیەی بنگرد تا ئێستا هیچیان بۆ نەکراوە، بەتایبەتی گوندی کانی تو کە جادە وڕێگاوبانیان نیە، وەڵام/ لەپرۆژە بەردەوامەکانی $2013$ بۆ ناحیەی بنگرد $4$ پرۆژە لە لیستەکان دا هەیە کە بریتین لەمانە، پرۆژەی یەکەم/ قیرتاوکردنی ڕێگای بنگرد، گوندی کانی تو بە درێژی $32$کم، بە گوژمەی $2$ ملیار و $600$ ملیۆن دینار، نازانم ئەوە فاریزەیە یان نا؟ بەس بەهەرحاڵ گوژمەکەی $2$ ملیار و ئەوەندە کە پرۆژەی یەکەمیان قیرتاوکردنی ئەم ڕێگایەیە، بە $2$ ملیار و $600$ ملیۆن دینار، پرۆژەی دووەم/ قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی شارستێن ناحیەی بنگرد بە درێژی $7$کم لە قۆناغی یەکەم بە گوژمەی $1$ ملیار و $400$ ملیۆن دینارە، پرۆژەی سێیەم/ تێکەڵڕێژ کردنی ڕێگای گوندی سێدەر لە بنگرد بە درێژی $3$کم بە گوژمەی $302$ ملیۆن دینارە، پرۆژەی چوارەم/ تێکەڵڕێژ کردنی هەوارە بەرزە لە بنگرد بە درێژی $6$کم بە گوژمەی $383$ ملیۆن دینارە، پرسیارێکی تری لە پرۆژە بەردەوامەکان دا هاتووە دروست کردنی پردی کلاوسووران، پرسیارەکە ئەوە بوو کە ئەم پردە لە کوێیە، دروست کردنی پردی گوندی کلاوسووران گوژمەی $875$ ملیۆنە، $785$ی بۆ خەرج کراوە، ڕۆژی دەستەبەکاربوونی $2011/12/15$ یە، پرسیارێکی تری پردی سەرکەپکان، پاریش لە پرۆژە بەردەوامەکان هاتووە، بەڵام تا ئێستا دەستی پێ نەکراوە، ئەم پرۆژەیە ڕۆژی $2012/11/20$ گرێبەستی بۆ کراوە پاش گۆڕینی دیزاینەکەی لە $200$م درێژی بۆ $250$م درێژی کە پێویستی بە فەرمانی گۆڕین و ڕەزامەندی هەبووە کە دیسانەوە ئەمە مەسەلەی تەغیری دیزاینە، ئێستاش خەرجی لەسەر کراوە بەبڕی $644$ ملیۆن دینار، پرسیارێکی تر چاك کردنی ڕێگای پلێنگان ـ سەرکەپکان تەواو بووە بۆچی دووبارە

بووەتەوە، وەڵام/ ڕێگای سەرکەپکان گوژمەکەی 148 ملیۆن دینارە بڕی 115 ملیۆنی لێ خەرج کراوە، پرۆژەکە تەواو بووە و پاکتاوی دارایی هەیە، بەڕێز بەیان احمد پارکی گشتی لە زاخۆ و ئامێدی بۆ تەواو نەکراوە؟ وەڵام/ ئەم دوو پرۆژەیە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگای دهۆك لە جێ بەجێ کردن دان، لە 11/1 ەوە دەست بەکاربوون لەلایەن دوو کۆمپانیاوە و خەرجیشیان لەسەر کراوە، دوایی لەبەرپێویستی پرۆژەکە گوژمەی گشتی پارکی زاخۆ لە 5 ملیار و 371 ملیۆن دینار کە خەرجی 4 ملیار و 854 ملیۆن دینار لە 11/1 ەوە دەست بەکاربووە و پارکی ئامێدیش لە 4 ملیار و 345 ملیۆنەوە، 3 ملیار و 986 ملیۆن دیناری لێ خەرج کراوە و گواستنەوەی گوژمەشیان بۆکراوە و لە ساڵی 2013 دا تەواو دەبن، پرسیارێکی تری بەڕێز بەیان احمد، پرۆژەی بەنداوی گەلی زەنتە و گلێنە و گەلی باڵندە لە 2010 دا هەبوون لە لیستەکانی ساڵی 2010 هەبوون، بۆچی ئێستا دووبارە بوونەتەوە؟، بەنداوی گلێنە دەست بەکاربووە لە سەرەتای 2012 دا لەلایەن کۆمپانیای زانینەوە تەنفیز دەکرێ و ئەم دوو پرۆژەیەی تر وەڵامەکانی نابینمەوە دوایی کە دیتمەوە وەڵامی دەدەمەوە، کە سبەینێ هاتینەوە تەکمیلەی ئەو سوئالە دەکەین، پرسیارێکی تر زیادکردنی گوژمەی نەخۆشخانەی شێرپەنجە لە دهۆك، ئێستا کاری لەسەر دەکەین، من دوایی دێمەوە سەر تەکمیلە کردنی پرسیارەکانی بەیان خان، بەڕێز سەرگوڵ رضا بودجەی وەبەرهێنان لە بەغدا کە تەسدیق کراوە، بە 5 ترلیۆن و 400 ملیار 847 دینارە، بەڵام لە کوردستان کراوە بە 5 تۆلیۆن و 333 ملیار، یەعنی کە کەمترە لەو بودجەیەی کە لەبەغدا موسادەقەی لەسەر کراوە، لە حەقیقەت دا من بەش بەحاڵی خۆم لە مانگی 10 ساڵی 2012 کە چووین بۆ بەغدا بۆ موتابەعە کردنی مەسەلەی کێشەی بودجەی هەرێم لەگەڵ بەغدا و لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان کە دانیشتین لەگەڵ ئەوان من ئێستاش تێ ناگەم کە لە بودجەی حکومەتی عیراقی فیدراڵ دا بۆچی قەرار دەدرێت یان بۆچی ژمارەی ڕەقەمی موخەسەس بۆ مەشاریع لە هەرێمی کوردستان لەوێ لە بودجەی عیراق دا دێت من تێ ناگەم، چونکە هیچ مەنتقێکی تێدا نیە و هیچ حیکمەتێکی تێدا نیە، نە تەفاسیڵی کارەکان با بڵێین لە لیستی پرۆژەکان و ئەوان ئەوان کەسیان موتابەعەی دەکەن لێرە نەئیشی ئەوانەشە و نەتەعریفی ئالیەتیش وایە، کۆی گشتی ئەوان لە نیهایەت دا و بودجەی تەشیغیلی هەم بودجەی مەشاریع و هەم بودجەی تەنمیەی ئەقالیم ئەوان هەر هەمووی کە دەینێرن بۆ هەرێمی کوردستان بە یەك شت و بە یەك مەجموع هەمووی پێکەوە دەنێردرێت، ئینجا ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەمووی بکەین بە مەشاریع، هەمووی بکەین بە مەعاشات و هەمووی بکەین بە تەشغیلی، ئەمە بڕیارێکە کە لێرە دەدرێت، لەبەرئەوە کە ئەو ئیختلافە لە ئەو ڕەقەمەی کە ئەوان دایدەنێن و من خۆم ئەو پرسیارەم لە وەزیری دارایی عیراق کرد ئەوەی ئێستا، گوتم ئێوە بۆ دەیکەن؟ گوتی وەڵلا ئێمە ئەوە چەند ساڵێکە هەر کردوومانە و هەر بەو شێوازە، وتم خۆ ئەوە مەسڵەحەتی هەرێمی کوردستان ئیحتماله ئێمە هەمووی بکەین بە پەرەپێدانی پارێزگا، وای لێ بێ، مەسەلەن بڵێین بەو شێوازە باشترە، بەهەرشێوازێك بێ، لەبەرئەوە ئەوە زۆر کێشە نیە کە لە ڕەقەمی ئەوان چی هاتووە لە

ڕەقەمی  ئێمە ئێستا چی هاتووە؟، حساباتی ختامیش ئەمانە حەل و فەسڵ دەکات، ئێمە هیوادارین ئەمساڵ بتوانین بڕێکی زیاتر لە مەشاریع سەرف بکەین بەهۆی ئەوەی کە بودجە زووتر پەسەند بکرێ، لە پرسیارێکی تری بەڕێز سەرگوڵ خان لە کاتی دانانی بودجە بۆپڕۆژەکانی وەبەرهێنان و دیاری کردنی جۆری پرۆژەکە پێویستە ئەولەویەت بدرێتە خودی وەزارەتی پەیوەندیدار نەك وەزارەتی پلاندانان، وابزانم لە شەرحەکەی کە کردمان ئەمڕۆ بەیانی خودی وەزارەتی پەیوەندار بە تایبەتی ئەمساڵ بەپێی ئەم میکانیزمە زۆر زیاتر ساحب  قەرار بووە، ئەگەر قەرارەکانیان  با بڵێین ئەوانەی کە تەقدیمی ئێمەیان کردووە، سەبارەت بە پرۆسەی تواناسازی، کۆمەڵێك پێشنیاریان تەقدیم کردووە بەڕێزیان لادانی مەرجی بەدەستهێنانی نمرەی شەش بۆ زمان، چونکە زۆرێك لە زانکۆکان..... نازانم ئەمە زۆر موفەسەڵە، بەڵام ئەگەر پێتان باشە هەمووی دەخوێنمەوە، سەبارەت بە پرۆسەی تواناسازی پێشنیار دەکەین، بەڵام ئەمە پێشنیارە و پێشنیارەکەش کراوە، بەڵام ئەگەر وەڵامەکەی بدەمەوە باشتر بێ لەوەی کە هەمووی بخوێنمەوە، ئێمە هەندێ لەو پێشنیارانە بەشێکیان پەسەندن لەلای ئێمە، ئێمەش ئەم پێشنیارانە لیژنەی باڵای توناسازی هەیە کە تەعلیماتەکان دەردەکات، هەموو مەرجەکان وئەوانە، ئێستاش ئێمە سەرقاڵی زیاتر ئەوەین کە ئەمانەی کە ماون و ئیلتحاقیان نەکردووە با بڵێین ناویان دەرچووە، مەخسەدم نەك کەسێکی تازە کە وەربگیرێ، ئەمانەی کە ئێستا هەن ئیشەکانیان ڕێك بخەین و دەست بەکاربن ئەمە ئەولەویەتی ڕەقەم یەکە، ئینجا دووەم، ئەمانەی کە چوون و هەندێك کێشەیان هەیە کێشەی ئەوانیش چارەسەر بکەین، بەڕێز کاك حەمەسعید دەڵێ نا هاوسەنگی لەنێوان بودجەی ڕێژەی وەبەرهێنان و وەگەڕخستن هەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا وەگەڕخستن 40٪ ەو وەبەرهێنان 60٪، ئێمەش لەوەڵامدا دەڵێین مومکینە وابێت، بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بونیەی تەحتیان تەواوە، لە هەرێمی کوردستان بونیەی تەحتی زۆر خراپە یان دروست نەکراوە، ئەوەی کە هەش بووە تێك دراوە، لەبەرئەوە فەرقمان هەیە لە گەڵ شوێنی تر، پرسیاری دووەم/ ئامار و داتا لەسەر بێکاری لەساڵانی ڕابردوو چەندە و چۆنە؟، ڕێژەی بێکاری چەندە؟ کارکردن بۆ کەم کردنەوەی ئەم ڕێژەیە چەندە؟ ڕێژەی ئاستی کەم کردنی چەندە؟ چی کراوە و چی دەکرێ و دەیەها پرسیاری تر، من ئەمەی بەشی یەکەمە کە جواب دەدەمەوە، بێکاری لە ساڵی 2005 و 2006 ەوە لە 15٪ لەهەرێمی کوردستان دابەزیوە ئێستا بۆ نزیکەی 7٪، چی کراوە؟ تەبعەن زۆرشت کراوە تەبعەن ئەمەش جێگەی دڵخۆشیە، هیواشمان وایە کە بتوانین زیاتریش بکەین، هەم لەڕێگای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەم لەڕێگای هەڵخستنی هەلی کار بۆ خەڵکی لە کەرتی تایبەتیشەوە، وابزانم بەیانیش بە تەفسیلێ باسی ئەو شتانەمان کرد، بە نیسبەتی بێ کاریش هەروەکو لەساڵانی ڕابردووش باسمان کردووە، بێجگە لە تەعینات و بێجگە لەو بوارانەی کە لە ناو بودجەی تەشغیلی داهەیە، خەرج کردنی هەر یەك ملیار دۆلارێك و هەر 1,2 ترلیۆن دینارێکی عیراقیش لەمەسەلەی مەشاریع نزیکەی 40 هەزار هەلی کار دەرەخسێنێ، لەبەرئەوەیە کە بێکاری کەم بووە، چونکە لە ساڵی 2006 هەتا ئێستا هەم میزانیەی حکومەتی هەرێم زیادی کردووە، خەرج بووە، هەم وەبەرهێنانیش

هەبووە، هیوادارین کە باشتریشی لێ بێ، پرسیارێکی تر پرسیار و داواکاری و پێشنیار، قەزای شارەزوور و سەید سادق هیچی بۆ نەکراوە، وەڵام 59 پرۆژەی بەردەوام بە گوژمەی80 ملیار و 700 ملیۆن دینار ئەمە وەکو گوژمە و وەکو تەرخان کراوی 35 ملیار، 200 ملیۆن بۆ ئەمساڵ کراوە، هەروەها لە پرۆژە بەردەوامەکاندا بۆ ئەمساڵ 9 پرۆژەی پێشنیار کراو بەگوژمەی 23 ملیار و 200 ملیۆن دینار تەرخان کراوی 8 ملیار دینار کراوە، 3 پرۆژەش لە بەرنامەی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ هەیە بە بڕی 1 ملیار و 500 ملیۆن دینار، لەگەڵ ئەوەشدا بە تایبەتی لە وەزارەتە خزمەتگوزاریەکان ئەگەر پرۆژەیەکی هەنووکەیی هەبێت وەکو ئەوەی کەتەعریفمان کردووە، ئێمە ئامادەین کە زیاتریش تەخسیس بکەین لە ساڵی 2013 دا، پرسیارێکی تر ئەم پرۆژانەی کە گەورەن وگوژمەیان زۆر بۆ تەرخان کراوە، نابێ بەشێوەی ڕاستەوخۆ جێ بەجێ بکرێ، ئەوە دەکەوێتە سەر وەزارەتی پەیوەندار کە قەرار لەسەرئەوە بدەن، عادەتەن پرۆژە گەورەکان ڕاستەوخۆ جێ بەجێ ناکرێن، ئیللا مەگەر کێشەی تێکەوت یان لایەنی پەیوەندار یان کۆمپانیای جێ بەجێ کار کێشەی هەبوو و نەیتوانی ئەوە بکات، چونکە پرۆژەکانیش و ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ دەکرێن چەند مەرجێکی قانونیان تێداهەیە، یەکەم شت ئەوەیە کەدووجار بانگهێشتی بۆ بکرێت و کەس تەندەر وەرنەگرێ، مەرجی دووەم ئەوەیە کە یەك لایەن بتوانێ ئەم خزمەتگوزاریە پێشکەش بکات واتە مونافسی نەبێ، هەندێ لە پرۆژەکان زۆر دواکەوتوون و چەند جار گوژمەی ئیزافی تریان بۆ تەرخان کراوە، بەمەش لە کۆتایی دا بودجەی گشتی بۆ بووە بە چەند قاتی گوژمەی بنەڕەتیەکەی تەواو بووە و لە خشتەی پرۆژەکاندا هەڵەی تێدایە و تەناقوزات هەیە لە گوژمەی گشتی و بڕی خەرج کراو جیاوازی لە خشتەی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی پەیوەندارهەیە و جیاوازی کە هەبێت یەك شوێن ئەساسە و ڕەئیسە ئەویش خەزینەیە و ئەو تەقریرە مالیەیە کە ئێمە ئامادەی دەکەین بە نیسبەتی ڕێژەی خەرجیەکان نازانم لایەنەکانی تر لەجیاوازیەکانی خەرجیەکان چین، خۆی کە خەرجی دەکرێت لە شوێنێك بە پرۆسەیەك دا ئەو مەعلومەیە دێت هەتا دەگاتە وەزارەتی پلاندانان مومکینە لە یەك کاتدا نەفسی مەعلومە لەوێ نەبێت، مودەتێکی پێ بوێت تا مەعلومەکە بگات، ئیحتماله مەخسەدی بەڕێزیان ئەوە بووبێ، پرسیارێکی تری هەبوو لەسەر هەر دوو بودجەی تەشغیلی و بودجەی وەبەرهێنان، ئەویش بەڕێزیان ئاماژەی بە ئەوەدا مەسەلەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی (ترانسپرەنیسی ئینتەرناشیونال) نازانم بەڕێزیان گوتی کە ئاماژەیان بەوە داوە کە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان دا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێ، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان پەیوەندی کردن لەگەڵ ڕێکخراوە بیانیەکان ئەوانەی کە لە کۆمەڵێك ئیشی ئیداری و پەرەپێدان کاردەکەن، بە پێی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2006 مەسئولیەتی وەزارەتی پلاندانانە، من هەر ئەوەندە لێرە دەڵێم کە ڕێکخراوی (ترانسپەرەنس ئینتەرناشیونال) شەفافیەتی نێودەوڵەتی هیچ ڕاپۆرتێکی دەرنەکردووە لەسەر هەرێمی کوردستان، لەسەر عیراق تەقیمێکیان بۆ داناوە کە لە پلەی خوارەوەیە، ئۆفیسیشیان نیە لە عیراق تەبیعی، چونکە لە حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ قبوڵی نەکردووە کە ئۆفیس بکەنەوە، ئێمە خۆمان داواشمان لێ کردوون لەوانیش و لە خەڵکی تریش کە

تەقیمی هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە ئەوە لە ساڵحی ئێمەدایە کە تەقیم بکرێ و ئەگەر شتیش هەبێ، چونکە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە تەقیمەکە دەکات کۆمەڵێك تەوسیاتیش دەدات، یەعنی مەبەستەکە هەر ئەوە نیە مەسەلەن یەکێك بخرێتە لیستی ڕەشەوە و یان ئەوەوە، وەکو مەسائیلی تریش، کۆمەڵێك تەوسیات هەیە کە دەکرێ سوودی لێ ببینین، بەڵام ئەوان وەڵامی ئەمەیان داوەتەوە کە بە هیچ شێوەیەك ئەوان لەخارجی ئیتاری عیراق ناتوانن هیچ کۆمێنتێکی تر بدەن، هیچ ڕاپۆرتێکیشیان نیە لەسەر هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە پرسیارێکی تری بەڕێزیان کە دەڵێ ئەو کۆمپانیایانەی کە خراونەتە لیستی ڕەش لە ئەنجامدانی پرۆژەکان ئەدایان خراپە، چی تر پرۆژەیان پێ نەدرێ، تەبیعی ئەمە ڕاستە و فعلەن پێشنیارێکە لە جێی خۆیەتی، خۆی لەناو نیزامی پۆلین کردن و نیزامی تەسنیفی مقاولین ژمارەی 1ی ساڵی 2007 ئەم بابەتە باس کراوە، مومکینە زۆر شەدید نەبێت، وەکو پێشنیاری جەنابیان ئەوە باشتر بێ کە یەعنی عقوبەکە زیاتر بێ لەوە، بەڵام ئەوەی کە هەیە بە پێی ماددەی 25 ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە کەم تەرخەمن لە جێ بەجێ کردنی گرێبەستەکانیان دەخرێنە لیستی ڕەشەوە بۆ ماوەی 2 ساڵ، یەعنی مەگزیمەن دوو ساڵ، ئەمەش لەسەر داواکاری وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بێ، دوای تەواوکردنی ماوەکە، دووبارە لەسەر داواکاری وەزارەت ولایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، یەعنی موئەسەساتی حکومی، کۆمپانیاو بەڵێندەر لە لیستی ڕەش دەردەهێنرێت ئەگەر دیسانەوە ئیستئنافەکەیان قبوڵ کرا لەلایەن ئەو وەزارەتەوە، پلەی پۆلینیشیان یەکە پلە دادەبەزێت بۆ ماوەی 2 ساڵ، بۆ زانیاری بەڕێزیشتان ئێمە لە ساڵی پار نزیکەی 6 کۆمپانیامان خستۆتە لیستی ڕەشەوە، کۆی گشتی ئەم دوو ساڵەش 37 کۆمپانیا بوون، ئەگەر جارێکی تر کۆمپانیا کەوتە لیستی ڕەشەوە، یەعنی جارێك و دوای دوو ساڵەکە ئیعفا کراو هاتەوە دەست بەکاربوو جاری دووەم ئیتر ناسنامەی تەسنیفیان لێ وەردەگیرێ، ئیتر پۆلین ناکرێنەوە و ئەوە حەقی کاریان نابێت، بەڕێز کاك سالار محمود ئاماژەی بەوەدا کە ڕێژەی تەنمیەی ئەقالیمی ئیدارەی گەرمیان لە 11,7 کە دانراوە لە کاتێك دا کە بە پێی ئیستحقاقات 12,2 ٪ دەکات، لێرەدا 4 ملیار کە بەڕێزیان حسابی کردووە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نزیکەی 4 ملیار دینار لە بودجەی ئیدارەی گەرمیان کەمتر دەبێت بە پێی ئەم حساب کردنەی کە حساب دەکرێ، دەڵێ پێویستە ئەم خاڵە بچەسپێنرێ و بگەڕێتەوە بۆ گەرمیان، تەبعەن ئیدارەی گەرمیان کە هەم حسەیان لە بودجەی وەزارەتەکان وهەم لە تەنمیەی ئەقالیم ئەژمار دەکەین، وەکو لە پرەسنتەیشنەکەش ئاماژەم پێیدا، چەند سەرچاوەیەك هەیە لەبەردەستمان کە کاری پێ بکەین، ئەمە بیتاقەی ئەرزاقە تەعقیداتی تێدایە، ئەمە نەتائیجی حەسرو تەرقیمە کە ئێمە کردوومانە لەلامان مەبەستە کەئەو ببێتە ئەساس، 11,7 ەکە لەسەر ئەساسی ئەمرێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە کە بۆمان هاتووە، لە کابینەی پێشتریش لە کابینەی 6 بۆمان هاتووە و کاری لەسەر دەکەین، ئێستاش من هەر بەواستەی ئەم پرسیارەوە ئەم بابەتە دەخەمە بەردەستی پەرلەمانی بەڕێز کە هەتا ئەگەر لەدوای مەسەلەی پەسەند کردنی بودجەش بێت، مومکینە 4 ملیار دینار ڕەقەمێکی گەورەیە تەبعەن، بەڵام لەناو ئەم موعادەلاتانەی کە باسی دەکەم من پێشنیار دەکەم

کە پەرلەمانی بەڕێز ئەم بابەتە بەلایەك دا چارەسەر بکات، مەسەلەن ئێمە ئەرقامی حەسر و تەرقیممان هەیە، ئەگەر پەرلەمانیش پشتگیری ئەوە بکات و پەسەندی بکات، مەسەلەن لەسەر ئەوە نازانم ئەو وەختە بە دەقیقی چ ئیختلافێك لەگەڵ ئەمانە دەبێت، ئیحتماله بۆ 12,4 ەکە بچین، بەڵام هەتا بۆ شوێنەکانی تریش، چونکە ئەمە سەرژمێری لە عیراق نەکراوە و ئێمەش سەرژمێریمان ئەنجام نەداوە، ئێمە ئەو رەقەمەی کە ئێستا لەبەردەستمانە بۆ ئیدارەی گەرمیان 11,7 ە کە بەفەرمانی ڕەسمی بۆمان هاتووە، لەساڵی 2012 دا بەو شکلە تەعامولمان کردووە، ئێستا ئەگەر سەیری جەمعەکە بکەن، بووەتە تەقریبەن 12,2 و بەهەرحاڵ بۆ تەسبیت کردنی ئەم بابەتە ئەمە لەناو بودجەی ئێستادا باوەڕناکەم ئێمە بتوانین چارەسەری بکەین یان دەستکاری بکەین بەو شێوەیە، ئیللا مەگەر فعلەن پرۆژەیەکی ئەوەی کە پێی دەڵێن پرۆژەیەکی هەنووکەیی یان شتێکی ئەوە هەبێ کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکیەوە هەبێت کە دەبێ چارەسەر بکرێ و ئەو وەختە حەتمەن چارەسەری دەکەین ئەگەر لە خارجی ئەم نیسبەیەش بێ، پرسیارێکی تری بەڕێزیان بەنداوی بەندەسوور لەسەر ئاوی سیروان دیزاینی بۆ کراوە، ئەم پرۆژەیە و چەند بەنداوێکی تر دیزاینیان هەیە، بەڵام بۆ جێ بەجێ کردنی لەرێگەی بیۆتیەوە و لەڕێگەی وەبەرهێنەری کەرتی تایبەتەوە پێویستی بە تەفاسیلی تر دەبێ، بەڵام مومکینە ئەو وەختە لەسەر بودجە نەبێت، هەر لەسەر وەبەرهێنەر بێت، ئەگەر هاتو ئەم دیزاینی یەکەمە ئەمەی کە تەقدیرێکی کولفە کراوە، بزانین وەبەرهێنەر بە چ شێوازێك ئیتفاق لەگەڵ حکومەت دەکات بۆ مەسەلەی بیۆتی، یەعنی چ سوودێکی دەبێت بۆ حکومەت لە ناحیەی بەرهەمی ئەم بەنداوە، خەڵوەتگەی پیری و دایەنگە لە گەرمیان نیە داواکارین حکومەت ئەم مەسەلە ئینسانیە بەهەند وەربگرێ، خەڵوەتگەی پیری و دایەنگەی گەرمیان نیە داواکارین حکومەت ئەم مەسەلە ئینسانیە بە هەند وەربگرێ، ئێمە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی وەکو لایەنی حکومەت دەبێ ئەم پرۆژەیە لە ئەستۆ بگرێت کە هیچ دایەنگەیەك نەبێت، مومکینە زەروری بێت کە یەکێك هەبێت، ئەگەرنا بەشێوەیەکی گشتی مومکینە تەشجیع کردنی هەبوونی ئەو شوێنانە بۆ پیران لە ناو هەرێمی کوردستان و لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا شتێکی زۆر باش نەبێت، چونکە ئەوەی کە تا ئێستاش هەیە خانەوادەکان خۆیان خزمەتی کەسوکاری بەساڵاچوو دەکەن کەئەمە مومکینە باشتر بێت، بەڵام بەهەرحاڵ ئیحتماله حاڵەتێك هەبێت کەپێویستی بەو شوێنە هەبێت، ئەگەر وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەرجیشی بکردبا ئێمەش پەسەندمان دەکرد، ئێستاش ئەگەر دەرجی بکات پەسەندی دەکەین، ئەگەر ئێستاش نووسراومان بۆ بکات پەسەندی دەکەین، پرسیارێکی تر کە بودجەیەکی تایبەت بۆ نۆژەنکردنەوەی تونێلی دەربەندیخان دابندرێت، وەڵام/ نۆژەنکردنەوە لەناو سیانە و میزانیەی تەشغیلی دا و بودجەشی بۆ دانراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (44)

### پێنج شەممە ڕێكەوتی 2013/2/7

**کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2013/2/7 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (44)ی خولی سێیەم, سالی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاری درا دانیشتنی ژمارەی (44)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2013/2/7 دا بەم شێوەیە بێت:**

**-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ سالی 2013.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان. دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (44) ڕۆژی دانیشتن 2013/2/7.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1) ی مادده (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (44)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کات (10) پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (2013/2/7) بەم شێوەیە بێ:**

**-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2013. فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەرێز د.علی سندی_وەزیری پلاندنان**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەردەوام ئەبم لەسەر وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، بەرێز زەکیە خان پرسیارێکی هەیە لەگەڵ چەند پێشنیارەك، ئایا بۆچی میکانیزمێت ئەڤساڵ پتر دەستەلات دایە دەستێ پەیوەندیدار کو بخۆ بڕیارێ خۆ بدەن؟ هەندەك پێشنیارێت داینەتە مە ل سەر ڕێژا پارێ تەرخان کری بۆ کشتوکاڵ، بتایبەتی بۆ پارێزگاهێ دهۆکێ، وەکی مە بەحس کری بەری ئەڤە مومکینە بێتە موعالەجە کرن ل سەر ئەو پارێ وەکی ئیحتیات کۆ مە داناى، ئەگەر تشتەکی ل وەزارەتا مەعنی دابتن، تەبیعی مەسەلا ڕێژا ل هەمی سێکتەرا وەکی یەك نادەرکەڤی، بەس یا موهیم کو ئەوە نیسبەتا هەر پارێزگاهەکی ڕێژا وێیا سەرەکی،**

یەعنی مەجموعێ هەر هەمی وەزارەتا نیسبەتێك دەرکەڤی کو مناسب بیتن دگەل ژمارە نیشتەجێیت وێ پارێزگاهێ، پشتگیریا پیشنیارا بەستنا کۆنفرانسەکی بۆ دیف چوونا پرۆژەیەت دکەین، ئاراستە کردنا پارێزگاهان بۆ دەرهینانا ڕێژەیەکی ژ بودجە پەرەپێدانا پارێزگاهان ژ بۆ کشتوکالێ و ژێدەرین ئاڤی، مە چارەسەر کری، ڤێ گاڤێ داهاتێ وەزارەتێ کێمە، ئەڤە پەیوەندی کو داهاتێ وان بۆخۆ بتن، پەیوەندی ب میزانیا تەشغیلی هەی، پێشنیارا هەندێ دکات کو بنکەیێ ڕۆشنبیری ل ناڤچێ کوردستانیەن دەرڤێ هەرێمێ وەکی شنگار و زوومار و کەرکووك و ئەوانە بێتە داهینان، ئەمژی پشتگیریەت دکەین، پێشینار دکەم مەبلەغێ تەرخان کری هێ وەزراتا ڕۆشنبیری بۆ داهێنەرا ڕێژەیەك بۆ ناوچێن کوردستانیەت دەرڤێت هەرێم، پێشنیار دکەم سندوقەکا نەتەوەیی بۆ پاڵپشتیا پرۆژێن نەتەوەیی بهێتە دانان بۆ هەندێ هاریکار بێ بۆ وان کەسێت ل دەرڤێ هەرێمێ ناوچێت دەرڤێ هەرێمێ، کار دکەن ئەم ژی پشتگیریا دکەین، بەرێز قادر احمد، پرسیاری یەکەم، پرۆژەی گەیاندنی کارەبا بۆ پرۆژەی ڕانیەی نوێ لە بودجەی 2013 ی دەستەی وەبەرهێنان هەیە و پارەکەی دیار نیە وماوەی پرۆژە دیاری نەکراوە، ڕوون کردنەوەمان ئەوێ، وەلاًم، ئەم پرۆژەیە لەگەڵ پێنج پرۆژەی تر لە یەك دەستە هاتوون کە گوژمەی هەر شەش پرۆژەکە بیست ملیار دینارە و تەرخان کراویان یەك ملیار و سێ سەد و سی دینارە، ماوەی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان 720 ڕۆژە، لە پیرۆژە پێشنیار کراوەکانی دەستەی وەبەرهێنانە، لە خزمەتگوزاری ڕێگا و ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا پێك هاتووە، بەرێز سەمیرە عبداللە پرسیار، پێویستە پلانێکی ستراتیجی هەبێ بۆ هەڵمەتی دروست کردنی 2000 قوتابخانە، لەگەڵ دروست کردنی چەند کۆمەلگایەکی پەروەردەیی لە شار و شارۆچکەکان، وەلاًم، وابزانم ئەو شەرحەی دامان پێشتریش لەسەر کەرتی پەروەردە کە ئێستا نزیکەی 510 قوتابخانە لە ژێر دروست کردندان، و حەتمەن هەدەفەکە ئەوەیە ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە، پرسیاری دووەم، داوا ئەکەین بە دابین کردنی ڕێژەی 3٪ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ کەرتی کشتوکاڵ، ئەوە چارەسەر کرا، پرسیارێکی تر لەسەر سایلۆی کەلار و سلێمانی وبەردەڕەش، تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە، زۆر باس کرا، ئەوەی هەولێر تەواو بووە، هی سلێمانی لە ژێر جێ بەجێ کردندایە لە ڕێگەی وەبەرهێنەر و چەند سایلۆیەکی تریش شوێنەکانیان گۆڕاوە، بە تایبەتی ئەوەی وەبەرهێنەر وەریگرتووە گوێزراوەتەوە بۆ شوێنی تر، کێشەکانیان لە چارەسەر بوونە، و بەو نزیکانە دەست بەکار ئەبن، بەرێزسەردار رشید ئەمانەی هەندێك تەبع نەکراون، هەرچەندە دەست و خەتی بەرێزیشیان خۆشە، بەلاًم لای من وردە، بەردەوام بوون لەسەر هەڵمەتی دروست کردنی، ئەمە پێشنیارە، پشتگیری لێ ئەکەین، یارمەتی دانی زیاتری ناوچەکانی بەر کاولکاری زەمانی بەعس کەوتوون، و گرنگی دانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ، پشتگیری ئەکەین، بەرێز دکتۆر سەروەر عبدالرحمن، سێ ساڵە لە بودجە بڕیاری دروست کردنی سێ کۆمەڵگای پیشەیی دراوە، 720 ڕۆژ بۆ جێ بەجێ کردنی دانراوە و هەریەکە بیست ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، بە پێی ئەم یاسا و بڕیار و پلانە ئەبوایە ئەمساڵ دەوامی تێدا بکرابایە، بەلاًم ئەمساڵیش دیسان هاتۆتەوە، پرسیارێکی تریشی لەسەر مەسەلەی قوتابخانەی چوار پۆلیە کە سەردەم و باوی نەماوە، هەروەها مەسەلەی ئەو 1000

قوتابخانەی کە لە قوڕ دروست کراوە، نازانم بەڕێزیان وابزانم وەڵامەکانی وەرگرتووە، یان وەڵامەکان بخوێنمەوە؟ ئێمە لە کۆی گشتی ئێستا کە نزیکەی 6000 قوتابخانە، مەجموعەیەك هەن بە تایبەتی ئەوانەی هی کۆنن کە ئەبێ بڕوخێنرێن و دروست بکرێنەوە، یەعنی نەقسمان هەیە لە قوتابخانە، هەم قوتابخانەشمان هەیە کە ئەبێ بینایەکەی بگۆڕدرێ، زائیدەن ئەوانەی ساڵانە تەعمیراتێکیان ئەوێ، بەرێزیان ئاماژەی بەوە داوە ئەوانەی لە قوڕ دروست کراون، هەن، 1000 نیە، ئەکرێ بە لیستێك تەقدیم بکرێ، مومکینە 200 بن، بە هەرحاڵ ئەوانەش لە بەرنامەدان کە لەو شوێنانە بگۆڕدرێ، دووەم، مەسەلەی مەدرەسەی چوار پۆلی، قەرارەکە زیاتر ئیحتیماله هەر خۆشیان وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ئەزانن کە ئیختیار کردنی هەبوونی چوار پۆلی و هەشت پۆلی و نۆ پۆلی و هەژدە پۆلی ئەسبابی خۆی هەیە، ئەوە نیە کە لەگەڵ سەردەم ئەگونجێ یان نا؟، ئەوەی هەیە ئەگەر گوندێك 10 قوتابی لێ بوو و دوور بوو لە نزیك ترین مەدرەسە، و بڕیار درا کە مەدرەسەیەکی بۆ دابنرێ، ئیحتیماله مەدرەسەی چوار پۆلیان بۆ دابنرێ، ئەگەر ئەوکات مەدرەسەیەکی هەژدە پۆلی دابنرێ ئیحتیماله هەر هەمان ڕەخنە بگیرێتەوە و بڵێ تۆ بۆ 4 قوتابی مەدرەسەی 18 پۆلی دائەنێی، مەسەلەی پرسیاری سێیەمی لەسەر مەدرەسە پێشەیەکان بوو کە دوا کەوتوون، کە ئەبوایە وەزارەتی پەروەردە ئەنجامیان بدات، بەڵام لە هەمان کات پرۆژەکە زۆر گەورەتر بووە، ئێستاش وەزارەتی پەروەردە ئیتیفاقی لەگەڵ ڕێکخراوی (ج، ئای ، ز) ئەڵمانی کردووە، کە ڕێکخراوێکی نیمچە حکومیە، لە ڕێگای سەفارەتی ئەڵمانیەوە لە عێراق کە مەشروعەکە لە بیست ملیار لە هەر پارێزگایەك بۆتە سەد ملیار، نەك تەنها مەدرەسەی پیشەییە، وەکو مجەمەعەیەکی زۆر گەورەیە، ئێستا بڕیار وایە لە مانگی سێ دیزاینی موجەمەعێکی تەواو بێ، دواکەوتووە، بەڵام خودی پرۆژەکەش گۆڕاوە، جیهەتی مونەفیز بڕیار وابوو خودی حکومەتی هەرێم دروستی بکات، و کۆمەڵێك بەرنامج لەوێ تەتبیق بکات، ئێستا بڕیار وایە کە سوود لە ئەزموونی وڵاتی ئەڵمانیا وەرگیرێ، ئەو ڕێکخراوە سەرپەرشتی بەرنامجەکانیش بکات، بەرێزیان ئاماژەی بە پێنج ملیارێك دا، وابزانم مەبەستی لە پەروەردە نەبوو، چونکە وابزانم تەوزیحەکەشی وەرگرتۆتەوە، بەرێز شلێر خان پرسیار، بودجەیەك تەرخان بکرێ لە پرۆژەی تواناسازی بۆ ڕاهێنانی کارمەندان و فەرمانبەران و مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، پێشنیارەکە ئەخەینە بەردەستی لیژنەی باڵا، وابزانم زۆر لە جێی خۆیەتی، هەرچەندە موتەئەکیدم لەسەر فەصل و ئەبوابەکانی میزانیەی تەشغیلی وەزارەتی پەروەردە، ئەو دەرگایانەش هەیە، بەڵام لە جێی خۆیەتی، لە پرۆژەی تواناسازی ڕەچاوی پسپۆڕی نەکراوە، خۆی پرۆسەیەکە مەرحەلە بە مەرحەلە هەندێ شت ئەکەوێ، بەتایبەتی کە حەجمەکەی زۆرە، لەبەر ئەوە سەرەتا وابوو کە هەر قوتابیەك خۆی بۆ خۆی پسپۆڕیەکی موعەیەن بکات، بە تایبەتی ئەوانەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بوون، ئەگەرنا ئەوانەی لە وەزارەتی پلاندنان بوون بە پێی ئیختیصاصی خودی وەزارەتەکەیە، ناکرێ ئیختیصاصێکی تر بێ، بەڵام پێشنیارەکە بە هەند وەرئەگرین، پرسیارێکی تر لەسەر قوتابخانەی چوار پۆلی و شەش پۆلی کەم بکرێتەوە و 18 پۆلی و 27 پۆلی زیاتر

دروست بکرێ، پێش ئێستا تەوزیحم دا، پێشنیارەکە زۆر مەنتقیە، بەلاَم لە هەندێ شوێن مومکین نیە، پێشنیارێکی تری هەیە کە 5٪ تواناسازی بدرێ بە کوڕ و کچی شەهید،ئێمە لە وەجبەی ئەخیر بە نوقات ئەوەمان موعالەجە کرد، کە کوڕ و کچی شەهید و ئەنفال ئەفزەلیەتێکیان هەبێ، بەلاَم ئەگەر وەجبەی تازە وەرگیرا ئەکرێ ئەم بابەتە زیاتر باس بکرێ، بەرێز کاك شڤان ئەڤ پێشنیار خۆ ژڤاندی کو جەنابێ وی بی، هەروەسا پێشنیارەکا دی هەی ل سەر دروست کرنا دوو نەخۆشخانێن شەهیدا، ل هەولێر و دهۆك، جەنابی کاك شڤان پار ژی ئەڤ موفتەرەحا کر، تەبعەن ئەڤ پێشنیارە وەختێ دیچتە کرنێ یەعنی تشتەکی وەکی نەخۆشخانە ڤێت فەرمانگەها تەندروستیەت پارێزگاها دهۆکێ و وەزارەتا ساخلەمیێ، ئەڤژی ل ئەستۆیێ خۆ ڤە بگریتن، پێشنیارەکا باشە، بەس جێ بەجێ کرنا وی نەك تەنها بینایەتە، ئەو جیهەتێ کو بەڕێڤە بیتن یان ئەما وەزارەتا شەهیدان و ئەنفالە کو ب تەنسیقەکا دکاتن دگەل وەزارەتا تەندروستێ، یان ئەو بخۆ بەڕێڤا بتن، وەزارەتێ تەندروستیێ داخازا هەندێ بکاتن، ئەگەرنا پێشنیارەکا باشە، بەرێز کاك شوان کریم، پرسیار، دابین کردنی کۆی تێچووی پرۆژەی ڕاداری فڕۆکەخانەی سلێمانی بیست و دوو ملیارە؟ ئەوە چارەسەر کراوە، ئیجرائاتمان کردووە راستە وابوو، بەرێز کاك سەرهەنگ، پرسیار فرۆکەخانەی هەولێر بۆنا، ئێستا ئیستلام نەکراوە؟ وەلاَم، دوومانگ زیاترە کە کۆنووسی بۆ نووسراوە بۆ وەرگرتنی فڕۆکەخانە لە کۆمپانیای جێ بەجێ کار، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندەوە کە لە 20 کەس پێکهاتووە، کەموکڕیەکانیش کە هەیە لە ئیستیلامەکە دەست نیشان کراوە، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ، ئێستاش کۆنووسەکە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ بڕیار دان لەسەری، پرسیارێکی تری، بۆ دانیشتوانی سەیدسادق کە 75 هەزار کەسە بڕی چوار ملیار و دووسەد و سی ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، بۆ دانیشتوانی شارەزووریش 60 هەزارە، بڕی سێ ملیار و نۆسەدو سی ملیۆنی بۆ دانراوە، وەلاَم، لە قەزای شارەزوور 20 پرۆژەی بەردەوام هەیە بە گوژمەی 12 ملیار، چوار پرۆژەی پێشنیاریش هەیە بە گوژمەی چوار ملیار هەروەك جەنابیان پرسیاریان کرد، ژمارەی دانیشتوانیش بە پێی دەستەی ئامار هی ساڵی 2010 پەنجا و هەشت هەزار کەسە، سەیدسادق 39 پرۆژەی بەردەوامی هەیە بە تەرخان کراوی 23 ملیار دینار، و لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانیش پێنج پرۆژەی هەیە بە تەرخان کراوی پێنج ملیار و تەرخان کردنی بودجە بۆ هەر قەزایەك بریتیە لەو گوژمەی کە لە بودجەی گشتی بۆی تەرخان ئەکرێ بە بەردەوام و پێشینار کراو، بە پێ ژمارەی دانیشتوانیش، بەلاَم ئێمە ئەبێ ئەوە بڵێن ئەو تێبینیەی جەنابیشتان تەواوە، ئەگەر بە شکلێکی عام موقارەنە بکرێ مومکینە ئەو دوو شوێنە لەوانە بن کە بە نیسبەتی پرۆژەکان نزمیەك هەبێ لەگەڵ ئەوانی تر، لەبەر ئەوە ئێمە موافقین کە چارەسەری بکەین لەو ئیحتیاتەی هەیە، بە مەرجێ پرۆژەکان فیعلەن پرۆژەی وابن کە خزمەتی موباشر بە هاووڵاتیان بگەیەنن، و لە ڕێگەی ئەو وەزارەتەی پێی هەڵدەستێ موافق بێ لەسەر ئەنجامدانی، بەلاَم ئێمە ئەو تێبینیەمان لا گرنگە، لە خشتەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە، با بچمەوە سەر ئەو پرسیارە، مومکینە بتوانین خۆشمان دیراسەتمان کردووە بتوانین تا بڕی دە ملیار دینار پرۆژەکانیان زیاد بکەین، بە مەرجێ لە ڕێگەی

وەزارەتەکانەوە بێ و سوود بگەیەنێ بە خەڵکی، لە خشتەی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هاتووە بە کڕینی 50 ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ تاقیگا، و هەڵمەتەکانی ڤیتەرنەری بە گوژمەی 2 ملیار دینار، نازاتم پرسیارەکە لەسەر چیە؟ ئەگەر لەسەر ئەوەیە کڕینی سەیارە زۆرە، تەصەور ئەکەم زۆربەی بەڕێزان دەعوای ئەوەیان کرد کەرتی کشتوکاڵ کە بەیتەرە و ڤێتەرنەریش بەشێکە لەو کەرتە، و ئەمە مەسەلەی تەلقیحاتە، داخوازیان کرد پارەی وەزارەتی کشتوکاڵ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوە زۆر نیە، ئەگەریش ئەوەیە ئەبێ ئەم کڕینە لەسەر میزانیەی تەشغیلی بێ نەك ئیستیسماری، خۆ پارە هەر هی حکومەتە، با لەوێ بگوازرێتەوە بۆ میزانیەی تەشغیلی، ئێمە مانعمان نیە، بەڵام ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ کە بۆ ئێمەی هێنا هەمووی وەك یەك پرۆژە هێناوە، ئێمەش بە دروستمان زانیوە، چونکە یەك وەجبەیە، کڕینی تاك تاکی سەیارە بۆ ئەم دائیرە و ئەم دائیرە نیە، پرۆژەیەکی موتەکامیلە، بەهەرحاڵ ئەگەر پەرلەمان پێی باشە بگوازرێتەوە بۆ سەر میزانیەی تەشغیلی، بەس بە مەرجێ کە چووە ئەوێ مەزوعی کڕینی سەیارات نەبێ، بڵێن ئەمەش دەچێتە مەوزوعی کڕینی سەیارات و دوایی ئێوە کە بە نیازن پێشنیار بکەن کڕینی سەیارە یان شت کەم بکرێتەوە، ئەمە ئەبێ خصوصیەتی خۆی هەبێ، با لەسەر تەشغیلی بێ، پرسیار، مەتاری هەولێر و سلێمانی ئامێری نیشتنەوەی فڕۆکە هەر 3 مانگ جارێك ئەبێ شەریکاتی تایبەت نوێی بکەنەوە، ئەڵێ ئەم شەریکانەی دێن بۆ ئەوەی ئەم کارانە بکەن لە هەرێم، مەبەست شەریکاتی بیانیە کە دێن کارەکە بکەن داوایان لێ ئەکرێ کە تۆمار بکرێن و باج بدەن، شەریکاتیش لەبەر ئەم ڕۆتینە هەندێ جار نایەن، وەڵام، ئێمە بە پێی یاسای تۆمار کردنی کۆمپانیاکان یاسای ژمارە 21 ی ساڵی 97 کە هەموار کراوی ساڵی 64 ە لە 2004، هەر کۆمپانیایەك لە هەرێم کار بکات ئەبێ تۆمار بکرێ و ڕسوماتیش بدات، مەسەلەکە قانونیە، بەڕێز سیوەیل خان پێشنیاری یەکەم ئەوە بوو کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دهۆك دروست نەکرێ، دیزاینی تەواو بووە، خەریکی مفاوەزاتن لەگەڵ لایەنی جێ بەجێ کار، پرسیارێکی تری هەیە لەسەر بەنداوی تەقتەق، و لیستێکیشی هێنا وتی ئەم پرۆژەیە هەبووە پێشتر، و لیستەکە هی 2012 یە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو لیستەی کە لە گفتوگۆدایە ئەوەیە کە هێناومانە، ئەوە ئەصلەکەیە، راستە کاتی خۆی فیکرەی وا هەبووە، و تەنانەت ڕیزبەندیش کرابوو، چونکە دیزاینێکی یەکەمیشی بۆ کرا، بەڵام لەو ئەخیرە کولفەی خودی پرۆژەکە زیاترە لە نۆسەد و پەنجا ملیار دینار، لەبەر ئەوە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئێستا ئەو بابەتە موناقەشە ئەکرێ، و ئەم پرۆژەی بەنداوانە کران بە دوو مەجموعە، ئەو مەجموعەی کە حکومەتی هەرێم مومکینە ئەمساڵ یان لە ساڵانی ئایندە دەست بکات بە دروست کردنی دیزاین و بە جێ بەجێ کردنیش، مەجموعەیەکی تریش کە تەقتەقیش یەکێکە لەوانە، ئەبێ بیر لە قەرزی درێژخایەن بکرێ، یان بیر لە مەسەلەی وەبەرهێنەر و ئەو شتانە بکرێ، لەبەر ئەوە ئێستا لە لیستی پرۆژەکان نیە، چونکە بە حیساب لە بەرنامەی حکومەت چۆتە دەرەوە، بەڕێز پەیمان عزالدین ئەڵێ لاسەنگیەکی زۆر لە نێوان پرۆژە بەردەوام و پێشنیار کراوەکان هەیە، و زۆربەی وەزارەتەکانیش هەیە هەشت ئەوەندەی پرۆژە پێشنیار کراوەکانیەتی، و لە هەندێ 13 ئەوەندەی پرۆژە

پێشنیار کراوەکانە، ڕاستە لەوانەیە زیاتریش بێ لە 13 و ئەوانە، ئەگەر بەراوردی نێوانی وەزارەتەکانیش بکەین، بەڵام ئەوە هۆکاری خۆی هەیە، ئەوەی کە ئیلتیزاماتیش هەبێ لە پرۆژە بەردەوامەکان ئەوەیە هۆکارەکان کە یەکێك ئیلتیزاماتی زۆر بێ لە مەسەلەی پرۆژەکان لەوانەیە، ئێمە لە دانیشتنەکانیش لەگەڵ وەزارەتەکان کە تەوزیحمان ئەدا پێمان ئەوتن کە باری خۆتان لەوە زیاتر ئەوە مەکەن، بە شکلێکی عەمەلی بیر بکەنەوە، ئەوەی ئیلتیزاماتی زۆر بێ لە پرۆژەی بەردەوام ئەبێ شتێکی کەم دابنێ، ئەوەی کە پرۆژەیەك لە کەرتێکی وا دایە کە ئەزانن کە دەست بەکار بوو بە 360 ڕۆژ و تەنفیز ئەبێ، ئەوە قەینا ئیلتیزامی تر بۆ خۆی دروست بکات، هۆکار ئەوەیە، بەڕێز کاك عەدنان چەند پێشنیارێکی هەبوو لەسەر پێداچوونەوەی مەسەلەی مووچە، چەند بەڕێزێکی تریش باسیان کرد، ئەوە زیاتر تەوجیهی وەزارەتی مالیە کرابوو، هەر وەك باسم کرد منیش پێشنیاری ئەوە ئەکەم ئەگەر ڕۆژێك، چونکە لە ناو پرۆژەی یاسای بودجە حەتمەن مەسەلەی تەعدیلی ڕەواتب و ئەوانە ناکرێ، بەڵام ئەگەر ڕۆژێکم باس کرا بە یەکجار بکرێ، بۆ ئەوەی لایەنی نێگەتیڤی ئابووری ئەم تەعدیلاتە بە مەراحل نەبێ، خەڵك سوودی لێ ببینێ، مەسەلەی موراجەعە کردنەکە ئێمەش پشتگیری لێ ئەکەین، پرسیاری تری هەیە، بە دووساید کردنی ڕێگاوبانەکان لە بودجە و داهاتەکانی تر، ئەویش زۆر باشە، لە بەرنامەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردنە، پێنج ملیار دۆلار ئەوێ بەس بۆ بە دووساید کردنی هەموو جادەکانی هەرێم، ئەمەی ئێستاش لە ژێر جێ بەجێ کردنە لە هەرسێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان ئەمانەی خوارەوەن، بە دووساید کردنی جادەی کۆڕێ و شەقلاوە و قەندیل بە گوژمەی 264 ملیار، بە دووساید کردنی ڕێگەی هەولێر و کۆیە بە هەردوو قۆناغی بە 274 ملیار دینار، بە دووساید کردنی ڕێگەی هەولێر و مەخموور بە هەرسێ قۆناغیەوە بە گوژمەی 35 ملیار دینار، ڕێگەی چۆمان و حاجی ئۆمەران بە گوژمەی 43 ملیار دینار، بە دووساید کردنی دوکان و چوار قوڕنە بە گوژمەی 50 ملیار دینار، بە دووساید کردنی جادەی دەربەندیخان و زەڕایەن بە گوژمەی 48 ملیار دینار، بە دووساید کردنی ڕێگەی سلێمانی و عەربەت بە گوژمەی 26 ملیار دینار، بە دووساید کردنی جادەی سەید سادق و پێنجوێن بە گوژمەی 51 ملیار دینار، بە دووساید کردنی ڕێگەی کفری و کەلار بە گوژمەی 11 ملیار دینار، بە دووساید کردنی ڕێگەی دەربەندیخان و کەلار قۆناغی یەکەم بە گوژمەی 65 ملیار دینار، هەندێ لەوانە تەواویش بوون، و پاکتاویان ماوە، و ناویان لە هینەکان دەربچێ، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوانە هەمووی ئیحتیاجاتی کوردستان نین، ئیحتیاجاتی کوردستان زۆر زیاترە، مەفروزە هیچ جادەیەکی یەك سایدی نەمێنێ، چونکە بە تایبەتیش ژمارەیەکی زۆر سەیارە هەیە، بەڕێز کاك عبدالله مەلا نوری پرسیاری هەیە، چوار ساڵی ڕابردوو وەزارەتی پیشەسازی لە 23 پرۆژە تەنها یەك پرۆژەی بۆ ئەنجام دراوە، ئەویش ناوی وەزارەتە، لە وەزارەتی پیشەسازی نەیتوانیوە پرۆژەکانی خۆی ئەنجام بدات، هۆکارەکانیش هەندەسی و فەنی بوون، لەبەر ئەوە پرۆژەکانیان گوێزراونەتەوە بۆ سەر وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و پارێزگاکان، و پێشتریش باسم کرد لە مەسەلەی سایلۆ و مەناتیقی سناعیش، هەندێ لە پرۆژەکان بوونەتە گرێ بە بودجەی حکومەتەوە، وەك جادەی دووسایدی هەڵەبجە، وەك ئاوی

خاسێ، وەکو پرۆژەی 400 قەرەوێڵەیی نەخۆشخانەی لە سلێمانی و هی تریش، وەلاّم، پرۆژەی دووسایدی هەڵەبجە و سەیدسادق بە درێژایی 29 کیلۆمەتر لە ژێر جێ بەجێ کردندایە، خەرجی تا ئێستا 7 ملیارە، گوژمەی گشتیەکەشی 36 ملیارە، ئاوی خاس لە قەلادزێ 3 جار تا ئێستا ئەمری تەغیری بۆ هاتووە، گەورەتر کراوە، ئەو دیزاینەی کە هەیە، و دیزاینەکەشی بە تەواوی گۆڕاوە، گوژمەکەی لە 20 ملیار گۆڕاوە بە 42 ملیار دینار، پرۆژەی خەستەخانەی 400 قەرەوێڵەیی پێشتریش وەلاّممان داوە، بڕیار وایە لە 2013 بکەوێتە کار، وابزانم لە خیلالی چەند مانگی داهاتووش ئیستیلامی نیهائی ئەکرێ و تەواو ئەبێ، پرسیارێکی تری لەسەر پۆندی گوندی ڕەزوا، کە پێنج سەد ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، شوێنەکەی خراپە، بە قسەی خەڵکی ناوچەکە، ئێستاش 30٪ پرۆژکە تەواو بووە، کەچی پرۆژەکە سەقەتە، داوا ئەکەین شوێنەکەی بگۆڕدرێ پێش ئەوەی بە تەواوی شکست بێنێ، کەچی ئەوترێ ڕێنمایەکان ئاوان، وەلاّم، پۆندی گوندی ڕەزوا پێنج سەد ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، راستە 30٪ ی تەواو بووە، بە پێی دیراساتی لایەنی پەیوەندی دار ئەو شێوێنەی کە پۆندەکەی لێ ئەکرێ موناسیب ترین شوێنە، بەلاّم خەڵکی شوێنەکە داوا ئەکەن لەوێ نەبێ و بگوازرێتەوە، مەسەلە ڕێنمایی نیە، مەسەلە جیۆلۆجیە، هەروەك پێشتریش باس کرا هەندێ هۆ لە دواکەوتنی پرۆژەکان ئەسبابی موختەلیفە، ئەمەش یەکێکە لەو سەبەبانە، بەرێز عەزیمە خان، دروست کردنی 120 یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاّتیانی کەمدەرامەت لە چەمچەماڵ لە ساڵی 2012 نەبووە، ئەمساڵ لە 2013 و گوژمەی یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، وەلاّم، پرۆژەی یەکەی نیشتەجێ بوون لەو سنوورە کە ساڵی 2012 ڕیزبەند کرابوو، لە پرۆژە بەردەوامەکان بە گوژمەی 76 ملیار و تەرخان کراوی 10 ملیار دینار، بەلاّم بۆ ساڵی 2013 بۆ سەر هەموو قەزایەکان دابەش کراوە، و پرۆژەی یەکەی نیشتەجێ بوونی کەمدەرامەت یەکێکە لەو پرۆژانە، پرۆژەی دروست کردنی 48 یەکەی نیشتەجێ بوون لە سەنگا و لە چەمچەماڵ، لە پرۆژە بەردەوامەکانی 2013 ناوی کۆمپانیا و دەست بەکار بوونی نیە، ئەم پرۆژە لە دوای نوێ کردنەوەی زانیاری لە 12/31 کەوتۆتە بواری جێ بەجێ کردن لە ڕۆژی دەست بە کار بوونیشی 2012/11/26 یەو کۆمپانیای ئاکار جێ بەجێی ئەکات، پرسیاری تری، پرۆژە بەردەوامەکان ناوی کۆمپانیا و بەرواری دەست بەکاربوون و ماوەی پرۆژە دیاری نەکراوە، وەلاّم، ئەگەر هەر پرۆژەیەك ئیحالە نەکرابێ بۆ کۆمپانیا، ناوی کۆمپانیا نابێ، بەرواری دەست بەکار بوونیشی نابێ، بەلاّم ماوەی مەزندە کراو بۆ پرۆژەکان دادەنرێ لەسەرەتای پرۆژەکە، هەندێ پرۆژە تەواو بووە، جارێکی تر پارەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، وەکو باسمان کرد پێشتر، هەر مەسەلەی پاکتاوی داراییە، ئەگەرنا پارەی بۆ دانانرێتەوە، نۆژەندکردنەوەی باڵاّخانەی کتێبخانەی گشتی هەولێر و دروست کردنی سێ سەنتەری گەنجان لە سۆران، ئەم پرۆژەیە کە گوژمەی سێ ملیار و چل و شەش ملیۆن دینارە، و خەرجی دوو ملیار و هەشت سەد و بیست و سێ ملیۆن دینارە، بڕی ماوەش دوو سەد و بیست و سێ ملیۆنە، راستەوخۆ لە لایەن پارێزگای هەولێر ئیدارەی مەحەلی جێ بەجێ ئەکرێ، پرۆژەکە تەواو بووە و دەرخستەیەکی زیادەی هەبووە،چاوەڕوانی ڕەزامەندی دارایی ئەکەن بۆ

پاکتاو کردنی یەکجاری، پرۆژەی سەنتەری گەنجان لە سۆران گوژمەکەی 189 ملیۆنە لە 2012/12/30 دەست بەکار بووە، بە راستەوخۆ جێ بەجێ ئەکرێ، هێشتان سلفەی لەسەر سەرف نەکراوە، لە پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە، بۆ پارێزگا گوێستراوەتەوە، پرۆژەی دروست کردنی بیری ئاو بۆ گوندی چەمسوور لە قادر کەرەم ناوی کۆمپانیا دیار نیە، ئەم پرۆژەیە ساڵی 2013 هەشتاو هەشت ملیۆنی بۆ دانراوە و دەست بەکار نەبووە، ئەم پرۆژەیە لە تەندەرە، هێشتان ئیحالە نەبووە بۆ هیچ کۆمپانیایەك، ئێستا لە تەندەرە، پرسیار، دروست کردنی 48 یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، لە سەنگاو جواب دراوەتەوە، تێکەڵە ڕێژکردنی ڕێگای باینجانی بچووك لە تەندەر دایە؟ پرسیارەکە لەسەر ئەو ڕێگایە بوو، ئەو ڕێگایە لە بانگەوازدایە، ناوی کۆمپانیا نیە، پرسیار، قیرتاو کردنی ڕێگای گۆپتەپە - قەرەناو ناوی کۆمپانیا نیە، ئەم پرۆژەیەش لە پەسند کراوەکانی 2012 یەو، دابەش بووە بەسەر دوو قۆناغ، گوژمەی یەکەم دوو ملیار و نۆسەد و سی و نۆ ملیۆنە، ئیحالە کراوە بۆ کۆمپانیا، قۆناغی دووەمیش بە گوژمەی پێنج ملیار و دووسد و چل ملیۆنە، درێژ کردنەوەی ئاوەڕۆی سندوقی بۆ دەرەوەی شارەوانی قەرەهەنجیر، ناوی کۆمپانیا نیە، دەست بەکاریش نەبووە، راستە، لە بانگەوازە بۆیە، کە ئیحالە بوو لە ئەبدەیتی تازە کە بۆتان ئەنێرین نیشان ئەدرێ، پرسیار، پەرەپێدانی ئاوی دوکان، تاسلوجە، چەمچەماڵ، کۆمپانیای راستەوخۆ ئەنجامی ئەدات، ماوەی 120 ڕۆژە، گوژمەی 59 ملیار و چوار سەد و سی و هەشت ملیۆن لە 2012، و چل و شەش ملیار لە 2013، و لە 2009/5/19 دەست بە کار بووە. ئەم پرۆژەیە گوژمەی 59 ملیار و چوار سەد و سی و هەشت ملیۆنە، چل و چوار ملیار تا ئێستا خەرج بووە، سێزدە ملیار و چوار سەد و سی و هەشت ملیۆنی ماوە، و بەردەوامە لە لایەن لیژنەی تایبەت جێ بەجێ ئەکرێ راستەوخۆ، ماوەی دەست بەکاربوونیشی 2009/5/19 یە، کاری پشکینینی قەڵای چەمچەماڵ، ناوی کۆمپانیا نیە، و ساڵی پار و پێرار ناوی لە لیستەکان هاتووە، ماوەی دەست بەکار بوونی نیە، ئەم پرۆژەیە کە پرۆژەیەکی شوێنەوارە، گوژمەکەی دووسەد ملیۆن دینارە، بڕیار دراوە کە بە شێوازی راستەوخۆ جێ بەجێ بکرێ، کڕینی مەواد و تەعقیمی ئاوی گەرمیان لەسەر چەمچەماڵ نووسراوە، 200 ڕۆژ، گوژمەکەی یەك ملیارە لە 2012، هیچی سەرف نەکراوە، لە 2013 لە تەندەر دایە و ناوی کۆمپانیا نیە، قەزای چەمچەماڵ لەسەرەتا لەسەر ئیدارەی گەرمیان بوو، بەڵام دوایی وەکو رەسمیات هاتە سەر سلێمانی، بۆیە پرۆژەکە هی قەزاکە بووە، بووە کەلار نەك چەمچەماڵ، دیزاینی پرۆژەی پاڵاوتنی خاڵ خاڵان ناوی کۆمپانیا نیە، ئەوە لە بانگەوازە، گوژمەکەی 80 ملیۆن دینارە، هەڵکەندنی 3 بیری ئیرتیوازی لە قەرەهەنجیر، ناوی کۆمپانیا نیە، لە 2012 هەبووە، ئەم پرۆژەیە راستەوخۆ جێ بەجێ ئەکرێت و پەنجا ملیۆنی بۆ خەرج کراوە و بەردەوامە، پرۆژەی ئاوەڕۆ و ڕێگاسازی لە گەڕەکی ئاشتی و شەهیدان لە ئاغجەلەر، ناوی کۆمپانیا نیە، ئەم پرۆژەیەش لە تەندەرە، گوژمەکەی شەسەد و پەنجا ملیۆنە، دروست کردنی باخچەیەك لە تەکیەی جەباری، ناوی کۆمپانیا نیە، لە2012 وە هەیە، ئەم پرۆژەیە لە نوێ کردنەوەی زانیاری ساڵی 2012 دا ئیحالە بووە، بۆ کۆمپانیای کەیوان، لە گرێبەستە بە گوژمەی 160

ملیۆن دیناره، دروست کردنی ئاوەڕۆ بەشی 2، شارەوانی تەکیەی جەباری لە ساڵی 2012 هەبووە، ناوی کۆمپانیا و دەست بەکار بوونی دیاری نەکراوە، ئەم پرۆژەیە گۆژمەکەی دووسەد ملیۆنە، بە شێوازی ڕاستەوخۆ جێ بەجێ ئەکرێ، بڕیاری تەنفیزی موباشر دراوە، بەڵام هێشتان خەرجی لەسەر نەکراوە، پرۆژەی ئاوی گۆپتەپە، چەمچەماڵ، ماوەی پرۆژە 700 ڕۆژە، گوژمەی 130 ملیار دیناره، دەست بەکار بوون نیە، کۆمپانیا نیە، ئەم پرۆژەیە لە پەسند کراوەکانی 2012 یە، هێشتان دەست بەکار نەبووە، ئەمساڵیش کە 10 ملیاری بۆ تەرخان کراوە تەنها مەبەست چۆن بەردەوامە؟ مەبەست تەسمیمەکەیەتی کە پار پەسند کراوە، مومکینە ئەو تەسمیمەش دروست نەبێ، بەش بە حاڵی خۆم پاریش باسی ئەوەم کرد، بەڵام نازانم کێ بڕیار لەسەر ئەو تەسمیمانە ئەدات، چونکە ئەگەر ئەمساڵ شتێك پەسند کرا بۆ ساڵی ئاینده کە هاتینە ئێرە هێشتان دەست بەکار نەبووبێ نازانم ناوی لێ ئەندرێ بەردەوام، ئەگەر سفریش بێ، ئەم موستەلەحە و ئەم تەسمیە پێویستی بە چارەسەرە، دروست کردنی یەك قوتابخانەی شەش پۆلی ئاغجەلەر دەست بەکار و تەندەری ئاغجەلەر، ئەم پرۆژەیە ئیحالە کراوە ئێستا، ناوی کۆمپانیا، هاودەنگی نوێ، لە گرێبەست دایە، گوژمەکەی 300 ملیۆن دیناره، دروست کردنی بینای سکوڵی پەروەردە لە چەمچەماڵ کە گوژمەکەی شەش ملیار دیناره لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی پەروەردە لە بوجەی وەبەرهێنان، کۆمپانیای کۆسرەت جێ بەجێی ئەکات، ڕۆژی 2012/9/9 دەست بەکار بووە، خەرجی 556 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە لە 2013، ئێستاش ئەم پرسیارە دوایی وەڵام ئەدەمەوە، لەبەر چاوم وازح نیە، بەڕێز فەرمان عزالدین، دەستەی وەبەرهێنان دوو ملیار و دووسەد و پێنج ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە بۆ نۆژەن کردنەوەی بینایەی دەستەکە، ئەمساڵیش دووسەد و سی و پێنج ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، پرۆژەی ئاماژە پێکراو لە پرۆژە تەواو بووەکانی ساڵی 2012 یە، ئەمساڵ هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، لە لیستی پرۆژەکان کە بۆ پەرلەمان نێردراوە بۆ ساڵی 2013 هیچ پارەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە لە لیستی ئەو پرۆژانەی ناردوومانەتە پەرلەمان، پرسیارێکی تری، گەیاندنی خزمەتگوزاری کارەبا بۆ قەریەی ئیتاڵی 183 ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، ئێستا خزمەت گوزاری کارەبای هەیە، ئەگەر ئەم خزمەتگوزارەیە هەیە ئەم تەرخان کردنە بێ بنەمایە بۆچی؟ بە پێی یاسای وەبەرهێنان گەیاندنی خزمەتگوزاری تا سنووری پرۆژەکە لە ئەستۆی حکومەت دایە، و خزمەتگوزاری ناوخۆ لە ئەستۆی وەبەرهێنەرە، بە شێوەیەکی کاتی وەبەرهێن ئەو کێشەیەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە بۆ ئەوەی پرۆژەکەی بەڕێوەبچێ، و تەحەمولی تەکلیفی کارەباکەی کردووە، وەبەرهێنەر کارەباکەی دروست کردووە لە جیاتی دائیرەی کارەبا، و ئەم شتەش ڕوودەدات لە هەندێ پرۆژەی تریش، کە شتێکی پەلە هەبوو ئەو تەمویلی مەشروعی کارەبایەکە ئەکات ئەبێ پارەکەی بدرێتەوە، تەرخان کردنەکەش هی ئەوەیە، ئەگەرنا ڕاست ئەکات، خۆی کارەباکە هەیە ئێستا، بەڵام با ساڵی پێشتر سەیر بکەن و بزانن ئەو پارەیە دراوە جارێکی تر یان یەکەمجارە؟ ئێستاش کە پارە بۆ گەیاندنی کارەبا تا دەرگای مەشروعەکە هەیە، یەکجار دانراوە، نەبوونی ئاوەڕۆ لە پایتەختی هەرێم سیمای شارەکەی ناشیرن کردووە و هەر دڵۆپە بارانێك ببارێ شەقام و گەڕەکەکان ژێر ئاو ئەکەون،

لە پرۆژە بەردەوامەکانی ئێستا دروست کردنی ئاوی ئاوەڕۆی قورس لە شاری هەولێر، قۆناغی یەکەم ڕێزبەند کراوە، و پەیوەندیش کراوە بە چەندین کۆمپانیای ئەوروپی کە شارەزای تەنفیز کردن بە شێوازی قەرزی درێژخایەن، چونکە پرۆژەکە زۆر گەورەیە، هەتا ئەگەر بە مەراحلیش بکرێتن تەنها یەك قۆناغی 200 ملیۆن دۆلاری ئەوێ، و ئێستاش وەزارەتی شارەوانی لە گفتوگۆدایە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە، و لەچەند شوێنێکیش لە گەڕەکەکانی ناو هەولێر وەکو گەڕەکەکانی پشت نەخۆشخانەی ڕزگاری تاکو کەندی هەولێر بە درێژایی 12 کیلۆمەتر چەندین ئاوەڕۆی سندوقی لە جێ بەجێ کردندان، پرسیارێکی تر، ئەبێ گرنگی زۆر بدرێ بە لایەنی تەندروستی، هەروەك پارساڵ پێشنیارمان کرد کە نەخۆشخانەی تازە بە ستانداردی جیهانی دروست بکرێ، لە پرۆژەکانی تەندروستی باسمان کرد، ئێستا نەخۆشخانەیەکی 300 قەرەوێڵەیی ئیحالە بووە لە ڕۆژئاوای هەولێر، و نەخۆشخانەیەکی لە دایك بوون 200 قەرەوێڵەیی ئەویش ئیحالە بووە، تەبیعی ئەبێ نەخۆشخانەی تریش بکرێن، لە دەرەوەی مەرکەزی ناوەندیش چەند پرۆژەیەك هەیە، لەم ئەخیرە پرۆەیەکیش بە ناوی دروست کردنی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەبوو، و لەسەر داوای وەزارەت بۆ دوو قەزای دەرەوەی شار تەحویل کراوە، هێتشان ئحالە نەبوون تەبیعی، دیزاینی ترام لە هەولێر لە قۆناغی یەکەمی تەواو بووە، پرسیار ئایا بیر لەوە کراوەتەوە بودجەی بۆ تەرخان بکرێ و بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن؟ بیری لێ کراوەتەوە، بەلاَم بە یەك پاکێجی گەورە بیری لێ کراوەتەوە مەبلەغی زۆرە، کە ئیتیسال بە وەبەرهێنەر و ئەوانە کراوە، تا ئێستا ئۆفەرێکی مەعقول ناهاتۆتە پێشەوە، هەبووە، بەلاَم حکومەتی هەرێم بیر لە چارەسەری کێشەی هاتوچۆ ئەکاتەوە، یان ئەبێ هەندێ وەسائیلی نوێ لەبەر چاو بگیرێ، وەکو مەسەلەی ترام، کە ئێستا لەبەرنامەدایە کە بە شێوازی پەبلیگ پرایڤت چارەسەر بکرێ، لەبەر ئەوەی کولفەی زۆرە، پرۆژەی باڵەخانەی ڕاگرایەتی لەگەڵ 12 پۆلی خوێندن لە پەیمانگای تەکنیکی چۆمان ئەنجام نەدراوە، لەبەر ئەوەش پرۆژەی بەردەوامە، ئەم پرۆژەیە ئەنجام نەدرا و گوازراوەتەوە بۆ هەولێر، بۆیە داوا ئەکەم ئەم پرۆژەیە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، بە پێی نووسراوی دەستەی تەکنیکی هەولێر ژمارە 395 لە 2012/11/5 و وەزارەتی خوێندنی بالاَ 24322 لە 2012/12/5 داوای گواستنەوەی پرۆژەکەیان کردووە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر لەبەر نەبوونی زەوی لە چۆمان، مومکین نیە زەوی نەبێ، بەلاَم دیارە ڕێکنەکەوتوون، ئەگەر کێشەکەیان چارەسەر بوو من بەڵێن ئەدەم لە ئیحتیات ئەمە چارەسەر بکەین، دیارە ئەوان بە دواداچوونیان کردووە، بەلاَم ئەگەر کێشەی زەوی هەبێ ئەوە پەیوەندی بە خەڵکی ناوچەوە هەیە، پەیوەندی بە ساحیبەوە هەیە، پرسیاری تری، وەزارەتی پالاندانان یەدەگی بۆ پرۆژە نەوتیەکان داناوە، پرسیار، یەدەگ کامەن تا بزانین پرۆەژکانیان چین؟ وەلاَمەکەی ئەوەی پێشتر هی چۆمان، ئەگەر هاتو کێشەکە حەل بوو و شوێنەکە زەڕووری بێ بۆ قوتابی و چەندین میسالی ترمان باس کرد، دوای ئەوە یەدەگ مەبەست جکە لەوانەی بێین خوردی بکەینەوە و بیکەین بەپرۆژە، ئەگەر لە پرۆژەیەکی موعەیەنیش کێشە هەبوو بۆ ئەوەی مرونەتێك هەبێ کە بتوانین کێشەکان چارەسەر بکەین، خۆ ئەمانە هەمووی تەخمینن، ئەو یەدەگەش کە

لەبەرچاو ئەگرین دیسان تەخمینە، و ئەکرێ لە خیلالی ڕاپۆرتە وەرزیەکان موتابەعەی ئەوە بکەن، ئەمەش حەتمەن بە پێی ئەو سیستەم و ڕێنماییەی کە حکومەت لەسەری ئەچێت، بەلاّم ئەوە زۆر بە زەڕوور ئەزانین بۆ ئەوەی هەندێ لەو کێشانە چارەسەر بکرێن، ئەگەرنا ئەو کێشانەی باسم کرد هیچێکیان قابیلی چارەسەر نین، ئەوەی کە لە پرسیارەکانی بەرێزیان هاتووە، دیزاین کردن و ئامادەکردنی ماستەر پلان بۆ کەمپی زانکۆی هەولێری پزیشکی، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك ناوی نەخۆشخانەی تێدا نەهاتووە کە بەرێزیان دیارە موتابەعەی کردووە، خۆی هەموو کەمپەکە وەکو یەك پاکێج نەخۆشخانەی تێدا ئەبێ، بەلاّم ئێستا کێشە سەرەکیەکە هەر ئەوە نیە، بینایاتی ئەساسی کەمپی زانکۆیەکەیە، لەبەر ئەوە کە باسی کەمپەکە ئەکرێ بە یەك پاکێج لە مەسەلەی دیزاین و ئەوانەی تەفاصیلەکانی تێدایە، بەلاّم نەخۆشخانە کە مەتڵەبە لە لای زانکۆی پزیشکی حەتەمەن کە کەمپەکە ئەوەبوو ئەوەی لەگەڵ ئەبێ، بەرێز بیلال سلیمان، لە بواری پەروەردە قوتابخانەکانی ناوچەکانی گەرمیان زۆریان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، ناوچەکە پێویستی بە قوتابخانەی نوێ هەیە، هەروەها قوتابخانەکان کەموکوڕی زۆری هەیە لە ئامێرەکانی کۆمپوتەر و تاقیگەکان، وەلاّم، نۆژەندکرنەوەی قوتابخانەکان لە ناوچەی گەرمیان و ناوچەکانی تریش بە هەند وەرئەگیرێ، لەساڵی 2013 دا ئەگەر بە شکلێکی دەقیق بێ، مەسەلەن وەك پێشتریش باسمان کرد، هەندێ قوتابخانە هەیە قوڕە، ئەگەر مەبەست شوێنێکی موعەیەنە کە لە لیستی پرۆژەکان نەهاتووە و بەسەر ئێمە تێپەڕ بووە، جەنابیان بە موحەدەدی لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەوە بیڵێن ئێمە چارەسەری ئەکەین، چونکە بە ناوێکی موفەصەڵ نیە، هەرئەوەیە کە لە بواری پەروەردە و ناوچەکانی گەرمیان زۆریان پێویستیان بە نۆژەندکردنەوە هەیە، لە بواری خوێندنی بالاّ کفری وەکو شارێکی دێرین پێویستی بەوەیە کۆلێژێکی لێ بکرێتەوە، داوا ئەکەم ئەم کۆلیژە سەر بە زانکۆی گەرمیان بکرێتەوە، تەبعی ئەوە پەیوەندی بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوەیە، مەسەلەکە هەر بینایەت نیە، و ئەگەر مەتڵەبیشە ئەوە تەوجیهی ئەوان بکەن، ئینجا ئەبێتە مەسەلەی دروست کردنی بینایە و تەعین کردنی خەڵك و پەیداکردنی ستاف، بنکەی پۆلیسی کفری زۆر کۆنە، داوا ئەکەم بنکەیەکی نوێ دروست بکرێ، ئێمە بە هەندی وەرئەگرین، لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان مەحاوەلە ئەکەین چارەسەری بکەین، کفری پێویستی بە دروست کردنی پارکێك هەیە کە تا ئێستا پارکێکی خێزانی تێدا نیە، تەبیعی ئەکرێ تەوجیهی حکومەت بکرێ یان کەرتی تایبەت ئەگەر شاری یاری بێ، لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لە پارك و یاری منداڵان لە کفری یەکێك لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2013 پارکێکە بە گوژمەی ملیارێك و پێنج سەد ملیۆن دینار، بەرێز نەسرین جمال، دروست کردنی عەمباری سووتەمەنی بازیان کە گوژمەی شەش ملیار دینارە تا ئێستا لە تەندەر دایە، راستە گوژمەی سەرەتایی شەش ملیارە، بەلاّم پاش دیزاین و ئامادە کردنی تەندەر دەرکەوت کە مەبلەغەکەی دووقات بووە، داواش لە ئێمە کراوە، ئێمەش موافەقەتمان کردووە، پرسیارێکی تر، پرۆژەی کارگەی مەڕ مەڕی ماوەت سەردانمان کردووە، بەلاّم تەواو نەبووە، وەلاّم، یەکێك لەو پرۆژانە بوو لەساڵانی پێشوو ئەگەر لەبیرتان بێ لە پرۆژە دواکەوتووەکان کە ناومان لێ ئەنا بە

لیستێکی جودا، هی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بوو کە لەگەڵ کۆمپانیای جێ بەجێ کار، ئیتالی بوو، کێشەی داراییان هەیە ئێستا، لەم ماوەیەدا وەزارەت لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو لە گفتگۆدان بە مەبەستی چاراسەر کردنی، چاوەڕوانی وەڵامی کۆمپانیاکە ئەکەین، بەڕێز کاوە محمد امین، پرسیار، پرۆژەی گەورە و ستراتیجی لە هەردوو کەرتی پیشەسازی کشتوکاڵ ئایا حکومەت هیچ پلانێکی هەیە لە ساڵانی داهاتوو بتوانێ پشتیوانی ئەم دوو سێکتەرە گرنگە بکات؟ بەڵێ، باسمان کرد ئێمە هەم بیر لە تەمویلی حکومیش ئەکەینەوە، و محاوەلەی تەمویلی مەصادری تریش ئەکەین، ئەوەی وەك فکرە هەیە، بەڕێز کاك کاوە پرسیاری لەسەر کەرتی کشتوکاڵ هەبوو کە ئایا هەیە بۆ ساڵانی داهاتوو بۆ ئەم بوارە؟ ئێمە هەندێ پرەزەنتیشنمان تەقدیم کرد، بەڵام وام ئیحسا کرد کە دوور و درێژ بوو لە لایەن هەندێ بەڕێزانەوە، لەبەر ئەوە تەکمیلەم نەکرد، ئەگەرنا بۆ کەرتی کشتوکاڵ وەڵامی زۆر موفەصەڵی هەیە، وەك لەسەر ئەم شاشەیە ئەیبینن ئێستا لە هەرێمی کوردستان جگە لە ڕووباری دیجلە لە هەر پێنج ڕووبارەکەی (خابوورە، زێی گەورە، زێی بچووك، سیروان، ئاوە سپی) لە ناو هەرێم بە درێژایی نزیکەی 1800 کیلۆمەترن، قەبارەی ئاوەکەشی نالێم هەر هەمووی، چونکە لە 45٪ مەصادیری ئاویان لەناو خوی هەرێمە، و تا ئێستاش ئێمە بۆ خواردنەوە و زیراعەتیش سوودی لێ وەرگیراوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لەبەر دەستمانە لەسەر ئەم سلایدە پرۆژەی دروست کردنی 65 بەنداو لە ئارادایە، هەشتیان تەواو بوونە، قەبارەکەیان نزیکەی 11 ملیار لیتر سێجایە، ئەوانەی لە ژێر جێ بەجێ کردندان، بەڵام حەجمیان زۆر گەورە نیە، قەبارەیان نزیکەی 14 ملیۆن لیتر موکەعەبە، ئەوانەی لە پرۆسەی تەندەرینگن، 12 دن، ئەوانەی لە ژێر لێکۆڵینەوەن 28 ن، هەیە دیزاینی تەواو بووە، هەیە تەواو نەبووە، هەیە بیرۆکەی لەسەر هەیە، ئەگەر بتانەوێ ئەتوانین بە سلایدات و بە شەرحیش بچینە سەریان، و ئەگەر ئەوانەی ئێستا جێ بەجێ بکرێن ئەوە کۆی هەموو ڕووبەری زەوی لە هەرێم بۆ کشتوکاڵ، ئەمەی خوارەوە ئەو ڕووبەرەیە کە ئیعتیماد لەسەر باران ئەکات، ئەمەی تر ئەوەیە کە ئەو مەساحەی عەرزی ئاوی، کە نزیکەی 220 هەزار دۆنمە، ئەمە هەر هەمووی ئەگەر بە دۆنم یان کیلۆمەتر حیساب بکەین نزیکەی 44 هەزار کیلۆمەتری دووجایە، ئەگەر بە دۆنم حیساب بکەی نزیکەی 17 هەزار و 300 یان 400 دۆنم ئەکات، ئەگەر ئەم بەنداوانەی ئاماژەمان پێدا ئەگەر هاتو ئێمە موەفەق بووین ئەو حەجمە تەنفیز بکرێ، و کۆی ئەو ئاوە هەم بۆ ئاودێری و هەمیش بۆ کارەبا بەکاربێ ئیحتیمالە حەجمی 3 یان 4 بەرامبەر ئەبێ، جگە لە مەسائیلی تری خەزنی ئاو و شتی تر، بەنداوەکان ناوەکانیان هەیە، پرسیار، پێشنیار ئەکەم کە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی و پلاندنان و دەستەی وەبەرهێنان سوود لە پرۆژەکانی خانوو و شوقەکان کە دروست ئەکرێ وەرگیرێ بۆ کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوان، بە نرخێکی گونجا و هەرزان بۆ هەندێ لە خانەوادەیی شەهیدان، بەجێیە، ئەیخەینە بەر دەستی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی باڵای وەبەرهێنان، و پرۆژە یاسایەکەش لە ڕێگایە بۆ ئەوەی لای بەڕێزتان گفتوگۆی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی هەموار بکرێ، مەسەلەی حیسەیەك لە یەکەکانی نیشتەجێ بوون بۆ شەهیدان، بەڕێز عەونی بەزاز، ئایا بۆچی هەماهەنگی و پلان نیە لە جێ

بەجێ کردنی پرۆژەکان؟ وەلاَم، هەماهەنگی باش هەیە لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەکانی تر، پێشتریش شەرحمان کرد، ئەو پرۆژانەی جێ بەجێ نەکراون چەندن؟ مەصیریان چی لێدێ؟ ئەو پرۆژانە کاتێك لیستی پرۆژەکانمان نارده پەرلەمان مانگی 2012/10 نزیکەی 700 پرۆژە بوون، لە دوای ئەوە لە 12/31 ئەوانەی دەست بەکار نەبوون ژمارەکە کەم بۆوە بۆ 500 و کەسرێك، ئێستاش مومکینە کەمتر ببێتەوە، پرۆسەیەکی بەردەوامە، دەست بەکار ئەبن لە داهاتوو، پێشنیارێکی تر گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار، باسمان کرد،ئایا چەند یەکەی نیشتەجێ بوون دروست کراوە و چەند کەس سوود مەند بوون؟ بە تەفصیلی باسم کرد، بەرێز کاك صباح بیت الله پرسیارا نەخۆشخانە و سایلۆیە بەردەڕەش کر، نەخۆشخانە بەردەڕەش حەسەب مەعلوماتێت من یێ حەفتیا چووی یا هاتیە ئیحالە کرن بۆ، ئەساسەن ئەڤە هاتە پێشکەش کرن کە 50 قەرویلەیی بێ، پشتی هنگێ ل سەر دەعوا بەرێز قائیمقام و خەلکێ دەڤەرێ بیە 100 قەرویلەیی، ژ بەر ئەڤە دێتە ئیحالە و تەنفیز کرنێ، و سایلۆ ژی هەروەسا، بەرێز ڕازاو محمود فەرەج، نەخۆشخانەی 80 قەرویلەیی شێرپەنجەیی لە سلێمانی لە کۆمەلگای پزیشکی ڤرگە بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن، وەلاَم، ئەم پرۆژەیە ئێستا دیزاینەکەی لای کۆمپانیایەك ناوی هاتووە لێرە جێ بەجێ ئەکرێ، و هەرکات تەواو بوو ئەکرێ بانگەوازی بۆ بکرێ، و ئەگەر مەسەلە کێشەی پارە بێ ئەوکات، چونکە وەزارەتی تەندروستی ئێستا گوژمەی پرۆژەکانی لە ژێر تەنفیز دایە لە 700 ملیار دینار زیاترە، لە ناو وەزارەتی تەندروستی ئەکرێ بە موناقەلە چارەسەر بکرێ، چونکە پرۆژەیان زۆرە و مەبلەغەکانیشیان زۆرە، پرسیار، دیاری کردنی بودجەیەك بۆ پایتەختی ڕۆشبیری سلێمانی، واتە جێ بەجێ کردنی بڕیارەکە، وابزانم ئەم پرسیارە پێشتریش باسمان کرد، لەگەڵ پێشنیاری هەندێ بەرێزی تریش هاتبوو، وابزانم بەرێز سۆزان خانیش بوو، وتمان کە ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری لە کۆتایی موناقەشاتەکان ئیتیفاق لەسەر ئەوە ئەکەین کە بڕێك پارە لەو شتانەی ناومان لێ نا ئیحتیات تەخصیص بکەین، و بخرێتە بەر دەستی لیژنەیەك بە سەرپەرشتی پارێزگار یان لایەنی پەیوەندیدار لە پارێزگای سلێمانی بۆ ئەوەی چەند شتێك تایبەت کە پەیوەندیدار بێ بە مەسەلەی بڕیاری بە پایتەخت کردنی سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری، بەرێز دکتۆر سائیر پرسیار، بەرێز جەنابی وەزیری پلاندانان تاکەی ڕەچاوی ژێرخانی وەرزشی فوتابخانەکان و پەیمانگاکانی وەرزشی و کۆلیژە وەرزشیەکان ناکرێ؟ وەلاَم، بە نیسبەت ژێرخانی وەرزشی مەبەستی بەرێزیان ئیحتیمالە شتێك موعەیەن بێ، ئەگەرنا سەیری لیستی پرۆژەکان بکەین ئەوەی ئێستا هەیە بە تایبەتی دوێنێش ئاماژەم پێدا لە کۆلیژەکان و زانکۆکان کە سەربەخوێندنی بالاَن، چەندین مەلەوانگە و هۆڵی وەرزشی لە ژێر جێ بەجێ کردندان بەم شێوەی خوارەوە، زانکۆی صلاحەدین گوژمەی گشتی شەش ملیار و سەد ملیۆن دینار، و تەرخان کراوی یەك ملیار بۆ ئەمساڵ، زانکۆی کۆیە گوژمەی گشتی دە ملیار و سەد و سی و هەشت ملیۆن دینار، و تەرخان کراوی سێ ملیار دینار و پێنج سەد ملیۆن دینار بۆ ئەمساڵ هەیە، ئەمانە بەس بۆ هۆڵی وەرزشی و مەلەوانگەی داخرا و ئەوانەن، زانکۆی سۆران گوژمەی گشتی سێ ملیار و حەوت سەد ملیۆن دینار، تەرخان

كراوی یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن، كۆلیژی پەروەردەی وەرزشی خانەقین بە گوژمەی گشتی شەش ملیار و پێنج سەد ملیۆن و تەرخان كراوی سێ ملیار دینار،هۆڵی وەرزشی داخراو لە زاخۆ بە گوژمەی گشتی پێنج ملیار و تەرخان كراوی دوو ملیار و حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دینار، پێشنیار ئەكات كە شارێكی ئۆلەمپی ئەگەر دروستیش نەكرێ لە هەولێر موافەقە بكرێ دیزاینی بۆ ئامادە بكرێ، ئێمە موافقین لەسەری، پرسیاری تری ئەوەیە بۆچی پرۆژە پێشنیار كراوەكانی وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان بۆ ساڵی 2013 كەمە، وەڵام، دابەش كردنی بودجەی تەرخان كراوی وەزارەتی رۆشنبیری و وەرزش و لاوان خۆی سەرپشك كراوە بە پێی ئەو موعادەلەی باسمان كرد، و ئیلتیزاماتی هەیان بوو بۆتە رێگر لەوەی بتوانن پرۆژەیەكی زۆر وەكو پێشیار تەقدیم بكرێ، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی 2013 ئەوان بە گوژمەی 148 ملیار دینار و تەرخان كراوی 76 ملیار بۆیان تەرخان كراوە و لەسەر هەمان هاوكێشە شەرحمان كرد، بە پێی تەوزیعێكی سوكانی مەعقول، بەرێز كاك سمیر سلیم، پرسیار، بە چ پێوەر و بنەمایەك بودجەی وبەرهێنان تەرخان ئەكرێ؟ لە كاتێكدا حكومەت توانای جێ بەجێ كردنی نیوەی ئەم برە پارەی هەیە؟ وەڵام، كە ئەم بودجە تەرخان ئەكرێ ئەمە تەخمینە، و تموحی ئێمەیە كە ناتوانین هەمووی تەحقیق بكەین، راستە، بەڵام رێژەی 50٪ هی ساڵانی رابردوو ئێستا گۆڕاوە و لە ساڵی 2012 نزیكی 70٪ بووە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەبێ سەقفێكی باش دابنێین، و مەحاوەلە بكەین بگەینە 100٪، ئێستا لە 50٪ گەیشتووینەتە 70٪ شتێكی باشە، پرسیار، ئەم پرۆژانەی ساڵانی پێشوو جێ بەجێ نەكراون كامانەن و لە كوێن؟ ئەوە لە لیستی پرۆەكانن، هێناومانە، ئەم پرۆژەیە خەرجی لەسەری سفرە، ئەگەر پرسیارەكە ئەوەبێ ئەم پرۆژانەی ساڵانی پێشوو ناویان بە فەرز كراویە ئەتوانین بیاندەینێ، بەرێز ناسك توفیق، پرسیار، لە بارەی دروست كردنی عەمباری نەوت بە قەبارەی 20 ملیۆن لیتر نەوت لە شاری هەڵەبجەی شەهید و كەلار و ئاكرێ و كۆیە و سۆران كە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان پێی هەڵدەستێ گوژمەی خەرج كراویان هەیە لە 2012 ئەم پارانە بۆ كوێ چوون كە گوژمەی خەرج كراو تا 2013/21/31 ئەگاتە چوار ملیار و دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار كە زیاتر لە 350 ملیۆن دەفتەر دۆلار ئەكات، دروست كردنی عەمبارەكانی سووتەمەنی لە لایەنی وەزارەتی سامانە سروشتیەكانەوە دروست ئەكرێ لە شارەكانی هەڵەبجە و بازیان و ئاكرێ و كۆیە و سۆران ئەگرێتەوە، پێشتریش باسمان كرد، گوژمەی گشتیان شەش ملیار دینار بووە بۆ هەریەكەیان، بەڵام پاش دیزاین و تەندەر گوژمەكەی بە 12 ملیارە دروست ئەكرێ، بۆ هەریەكەیان، جیاوازی لە بڕی پارەكە هەیە دوای ئەوەی دیزاین گۆڕاوە، ئێستاش خەریكی چارەسەر كردنی ئەو كێشەین، داوامان لێ كراوە، و پێشی ئەوەی موناقەشات دەست پێی بكات ئەو مەزوعە هاتە لامان بۆ چارەسەر كردنی، بەرێز هاوڕاز خۆشناو، هەندێ لە پرۆژە پێشنیار كراوەكانی كە پاشتر بوون بە بەردەوام، بەڵام دواتر نەماون بێ هیچ روون كردنەوەیەك، وەك هەندێ بنكەی تەندروستی كە جەنابیان ناویانی هێناوە، لە هەولێر، بەڵێ ئێستاش باسم كرد، ئەو شتە مومكینە، جا ئەگەر بە مەخصوص هۆكاری ئەم پرۆژەیە یان پرۆژەیەكی تر مەتلەب بێ ئەتوانین بە نووسراو وەڵام بدەینەوە، پێش تۆزێك باسی

نەخۆشخانەی ئێمرجنسیم کرد، کە دووجار دانراوە تا ئێستا، جارێك لە 2011 بوو، جارێکی تر لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی دواتر کردیان بە پرۆژەیەکی تر، ئەمساڵیش بۆ ماوەیەك لەو لیستانەی هاتە بەر دەستی پەرلەمان تێدا بوو، دواتر لە ماوەی خیلالی مانگی ڕابردوودا وەزارەت لایان مەبەست بوو کە بچنە دەرەوەی شار زیاتر، دوو قەزایان ئیختیار کردووە ئێستا، کە دوو خەستەخانەی 50 قەرەوێڵەیی دروست بکەن، ئەمەش لەسەر تەڵەبی ئەوان بووە، پرۆژەکە لە لیستەکە هەبووە، ساڵی یەکەم موصادەقەی لەسەر کراوە، ساڵی دووەم خەرجیشی لەسەر نیە، بەڵام ناوی بووە بە پرۆژەی بەردەوام، ئەوە مەوزوعێکە عیلاقەی بەم سیستەمەی گفتوگۆی پەرلەمان و حکومەت هەیە، ئەوانەی کە پەسند ئەکرێن و ساڵی ئایندە خەرجیان هەر سفرە، با ناویان بەردەوام نەبێ، با شتێکی تر بێ، پاریش ئەو ئیقتیراحەم کرد، چونکە تەعبیرەکە لەگەڵ مەزموونەکە موتابق نیە، ناوی پرۆژەکە بەردەوامە، خەرجی سفرە، پەسند کراوە، دەست بەکار نەبووە، هیچیشی بۆ خەرج نەکراوە، با بگۆڕین ناوەکەی، پرسیارێکی تر، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2013 ی هەولێر تەنها یەك پرۆژەی هەیە بۆ کەرتی تەندروستی، ئەو پرۆژەیەش ئەوە بوو کە باسم کرد، ئێستا ئەبێتە دوو پرۆژە، پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی تەندروستی لە کۆیە، دابین کردنی ئامێری خزمەتگوزاری و پزیشکی و نووسنگەیی بۆ نەخۆشخانە 50 قەرەوێڵەیی هێشتان بوونی نیە، و هێشتان لە قۆناغی بانگەوازدایە، وابزانم ئەو پرۆژەیە پێش چەند ڕۆژێك ئیفتیتاح کرا، یەعنی ئەو جیهازانە، ئەم پرۆژەی دابین کردنی ئامێر و خزمەتگوزاری و پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی 50 تەختیە لە کۆیە، راستە، ئەوە هەڵەیەك بوو، بەڵام ئامێرەکان حەقیقین، بەس بۆ ئەم نەخۆشخانەیە، ئەوەش بوو ئیفتیتاح کرا، بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەزیری تەندروستی و ئێمەش دەعوەت کرابووین بچین، بەڵام لەبەر ئەو گفتوگۆیانە نەمانتوانی، بەرێزمحمد شارەزووری، پرسیار، کردنەوەی نەخۆشخانە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك، وەك نەخۆشخانەی شۆڕش لە سلێمانی بۆ چارەسری نەخۆشی کەس و کاری شەهیدان بێ بەرامبەر، ئێمە گرفتمان نیە، بەس جیهەتی مەعنی کە وەزارەتی تەندروستیە، ئەگەر سەر بە وەزارەتی شەهیدان بێ، سەر بە کوێ بێ کاك دکتۆر؟ ئەبێ جیهەتێك تەبەنای بکات و ببێتە پۆزەلێکی موتەکامیل، وەکو عینوان و خزمەتگوزاری ئێمەش پێمان باشە،وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم بەیەك وەجبە خەرجی خانووی ئەو پرۆژانەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال لە توانایاندایە لە یەك ساڵ تەواویان بکەن خەرج بکات، نەك بە دوو ساڵ یان سێ ساڵ ئەویش ئەبێتە هۆی دواکەوتنی پرۆژە، پێشتریش باسمان کرد لە باسی یەکەی نیشتەجێ بوون، پرۆژەکانی دروست کردنی خانوو لە وەزارەتی شەهیدان ئەنفال بە دوو شێواز کراون، یان دراون بە مقاول یان بە سیستەمی خۆ کردکراون، لەوانەی کە دراون بە موقاول تەئخیر بوونی تێدا بوو، بە تایبەتیش لە دوو ساڵی ڕابردوو، ئێستا خەریکە چارەسەری ئەکەن، بە تایبەتیش کە سیستەمی خۆ کردیان دەست پێکردووە، یەعنی کە پارەکە ئەدرێ بە ساحیبی یەکەکە کە خۆی تەنفیزی بکات، ئەوە ئەبێ لەسەر وەجیات بێ، ناکرێ لەسەر هەموو پارەکە بە یەکجار بدرێ، چونکە مەبەست لێی ئەوەیە ئەو هەدەفە تەحقیق بێت و ئەو یەکانە دروست بکرێ،

موتابەعەشی ئەکەین، ئەگەر هەر تەئخیر بوونێکیش هەبێ ئەوە ئەو مولاحەزەیە بە هەند وەرئەگرین، بەرێز کاك عبدالرحمن حسین، ئەو پرسیارە جەنابێتە هەی پێشتر وەلاّم هاتە دان، چونکی پرسیارا وی ل سەر پردێ دەلال بی بۆ نۆژەن کردنا ڤان ساڵە بودجە بۆ هاتیە تەرخان کرن، بەس وەلاّم بدمەڤە جارەکا دی، چونکە ئەو پرسیارە جەنابی وی مە شەرح کر، مەوزوعێ پردێ دەلال وەکی جێهێکی شوێنەوار ئەو کەسێت و ئەو کۆمپانیا دڤێت نۆژەنکردنەوە بکەت لازمە زۆر تەخەصوصی بتن، و ئەو مەوادێت دێنە ئیستیعمال کرن دڤیا زۆر تایبەتمەندبن، داکو ڕوخسارێ وێ جێن نەیەتە گۆڕین، دیارە ئەو کۆمپانیا کو داینێ جارا ئێکێ موەفەق نەبی تێدا، ژبەر هەندێ ناڤێ کومپانیا هەن، و ئیجرائاتێت قانونی دگەل کرین، و ڤێ گاڤێ وەزارەتا باژێرڤانیێ د ڕێگا لیژنەکا تایبەتمەندێ ل هیڤینە کو شکلەکی راستەوخۆ ئەنجام بدەن..

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

تا سەعات 2,30 بە خواتان ئەسپێرین، 1,30 نان حازرە، بەلاّم 2,30 دادەنیشینەوە، مالێ ئاوا

**دوای پشوو**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز د.علی سندی-وەزیری پلاندنان**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەرێز کاك فازل بەشارەتی پرسیار، دەبێ زیاتر بایەخ بە شاری هەڵەبجە بدرێت، بە تایبەتیش لە ڕووی ڕێگەو بانەوە، وەلاّم، پێشنیارەکە لە جێی خۆیەتی، و ئەوەی کە ئێستا هەیە، دروست کردنی سایدی دووەمی هەڵەبجە-سەیدسادقە بە درێژایی 29 کیلۆمەتر، کە کۆمپانیای (ئیکچیلەر) بە گوژمەی 36 ملیار دینار جێ بەجێ ئەکات، 7 ملیار دینار خەرجیەتی، و 10 ملیاری تریش بۆ ئەمساڵ دانراوە، و پشتگیری پێشنیارەکەشی ئەکەین، بەرێز کاك عمر عبدالرحمن، پرسیار و پێشنیارە، لە هەمان کات ئەڵێ هەوڵ بدەن بە زیاد کردنی بودجەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن بە مەبەستی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوونی زیاتر بۆ کەمدەرامەتەکان، وابزانم لە چەند ڕۆژی ڕابردوو زۆر باسی ئەوە کراوە، و لە حەقیقەتدا بودجەی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە نیسبەتێکی باشی بەرکەوتووە، موقارەنەتەن نەك بە ئیحتیاجاتی هەرێم، بەڵکو موقارەنەتەن بەرێژەی وەزارەتەکانی تر کە لەناو لیستی هەموو مەشاریعەکان وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە 15,8 بەرکەوتووە، و ژمارە یەکەکانی نیشتەجێ بوونیش کە لە ژێر جێ بەجێ کردنن ئێستا لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانن، 5201 یەکەن، بە گوژمەی 300 ملیار دینار، و لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی 2013 ش 5000 یەکە پێشنیار کراوە، بە گوژمەی دوو سەد و پەنجا و حەوت ملیار دینار، و هیوادارین بتوانین زیاتریش بێ، بە تایبەتی ئەو

**پێشینەی دامان لەسەر مەسەلەی سولفەی عەقار و ڕەبت کردنی بەم مەوزوعە، بەڕێز کاك شێردڵ تەحسین، پرسیار، لە بودجەی 2013 هیچ بودجەیەك بۆ وەرزش تەرخان نەکراوە، نیسبەتی بودجەی وەرزشی چەند بووە؟ وەڵام، ئێمە ئەو پرۆژانەی لە بواری وەرزشی پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەگەر تەنها باسی ئەو پرۆژانەن کە لە یاریگا و مەلەوانگەی داخراو و ئەوانەی سەربە وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانکۆکان و کۆلیژەکانی تەربیە ڕیازەن، ئەوانە خوێندرایەوە، ئەگەریش تەنها مەبەست وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانە کە گوژمەی پرۆەکانیان بۆ ئەمساڵ سەد و چل و هەشت ملیار و چوار سەد و چوار ملیۆنە، تەرخان کراوی پرۆژەکە حەفتاو شەش ملیار و دووسەد و پەنجا ملیۆن دینار، بە کۆی گشتی 69 پرۆەی بەردەوام و پێشنیارەکان هەیە، خۆشیان سەرپشك بوون لەوەی کە پێشنیارەکان کامەیان هەڵبژێرن، و ئێمەش لاریمان نەدەبوو، بە مەرجێ ئەو پرۆژانەی کاك شێردڵ باسی ئەکات، تەصەور ئەکەم لە حدودی ئەم ئیمکانیەتە زیاتر بێ، لە پرسیارێکی تریش، پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ ساڵی 2013 نازانم چۆن ئەم پرۆژانە دانراون و چۆن دابەش کراون؟ ژمارەکانم خوێندن، گوژمە و شتەکان، چۆنیەتی ئیختیار کردنیان، ئەو پرۆژانەن کە پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، وابزانم تێبینی بەڕێزیان هەر لەسەر ئەوەیە کەنیسبەی پرۆژەی وەرزشی لە کۆی گشتی کەمە، بەلاَم وەك باسم کرد ئەولەویەت ئەمساڵ تەداخوڵمان کردووە، بەلاَم کەمتر بووە، زیاتر خودی وەزارەت دایناوە، و لە زمنی پرۆژەکان دروست کردنی بینایەی لیژنەی ئۆلەمپی دیزاینی کە بۆ کراوە و تەکلیفی مەزندە کراوە و تا ئێستاش دیسان لە لیستەکان هەیە، ئایا نرخی کرێکار و مەواد گران نەبووە لەو پرۆژەیە کە 3 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە؟ ئەڵێ پێم باشە پارەکە زیاد بکرێت، وەڵام، پرۆژەی دروست کردنی بینایەی لیژنەی ئۆلەمپی کوردستان لە پرۆژەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ساڵی 2012، یەعنی لە لیستەکان دانرابوو، گواستراوەتەوە بۆ پارێزگای هەولێر، لەسەر لیستی پرۆژەکانی ناوخۆ، بە مەبەستی تەندەر و بانگەواز و جێ بەجێ کردنی، تەرخان کراوی ئەمساڵیشی یەك ملیار دینارە، و داوای هیچ پارەیەکی زیاتریان نەکردووە تا گواستنەوەی بۆ بکرێ، ئەگەریش داوا بکرێ شێوازی قانونی خۆی هەیە و جێ بەجێ ئەکرێ، بەڕێز دکتۆر ڕێباز چەند پرسیارێکی هەیە لەسەر کەرتی تەندروستی، پرسیاری هەیە لەسەر ئیمکانیاتی نەخۆشخانەی سلێمانی، هەروەها ئایا سلێمانی بە یەك نەخۆشخانەی فریاکەوتن بەڕێوە ئەچێ؟ سێیەم، پرسیاری ئەوەیە لە هەولێر تێبینی لەسەر نەخۆشخانەی کۆماری هەیە، هەروەها پرسیاری ترشی هەیە، بۆچی تا ئێستا ژن لە ماڵێکی نا موعەقەم و لەبەر دەستی کەسێکی ناشارەزا مناڵی ئەبێ لە ناو هەولێر، هەروەها لە دێیەکان؟ وەڵام، یەکەم سەبارەت بە ئەوانەی وەزارەتی تەندروستی داوای کردووە وابزانم ئەوانە کۆی گشتەیە، بەلاَم دێمە سەر پرسیارەکانی بەڕێزیان، لە پرۆژەکانی تەواو کردنی نەخۆشخانەی 400 قەرەوێلەیەکەیە کە ئەمساڵ تەواو ئەبێ، هیوادارین بتوانێ بەشێك لە کێشەی فریاکەوتنیش چارەسەر بکات، ئەگەرنا مومکینە بۆ ساڵانی ئایندە هەر پێویست بکات نەخۆشخانەیەکی تری فریاکەوتن دروست بکرێ، لە سلێمانی نەخۆشخانەی مناڵ و مناڵ بوون بە گوژمەی 37 ملیار دینار، و**

تەرخان کردنی 10 ملیار دینار بۆ ئەمساڵ ئیحال بووە، لە مانگی ئایندە دەست بەکار ئەبن، دروست کردنی نەخۆشخانەی رۆمانتیزم و چارەسەری نەخۆشی سروشتی 200 تەختەیی بە گوژمەی 37 ملیار دینار، تەرخان کردنی 10 ملیار دینار هەیە، دروست کردنی نەخۆشخانەی شێرپەنجە 80 تەختەیی لە سلێمانی پرۆژەیەکی ترە کە لە ئارادایە، نەخۆشخانەی حومەیاتی 50 تەختی، و لە پارێزگای هەولێر سەبارەت بە مەسەلەی منالٚ و لە دایك بوون، پرۆژەی نەخۆشخانەی ویلادەی تازە بە گوژمەی 29 ملیار دینار و تەرخان کردنی شەش ملیار دینار، وابزانم ئەویش ئیحالە بووە، و نەخۆشخانەیەکی 330 تەختی کە بەشی فریاکەوتنیش لە خۆی ئەگرێ، ئەویش دیسان وەکو تەکمیلەی ئەو فریاکەوتنەی هەیە، بە گوژمەی 65 ملیار دینار دەست بەکار بووە، پرسیارێکی تر، لە گەرمیان لەگەڵ ئەوەی زۆر دوورە لە سلێمانی، بەلاّم تا ئێستا نەخۆش بۆ هەندێ چارەسەری بچنە سلێمانی، راستە، وابزانم ئەو پرۆژانەی کە لە زمنی ئەو کۆمپانیا نەوتیە کە پرۆژەیەك هەبوو لە چەند ساڵی ڕابردوو، وابزانم ئێستاش بەردەوامە، بڕێك پارە لە کۆمپانیایەکی نەوتەوە، بە حدودی  وابزانم 200 ملیۆن دۆلار بوو، کۆمەڵێك شت بۆ ناوچەی گەرمیان دروست کرا، یەکێك لەوانە ئەگەر غەلەت نەبم دروست کردنی نەخۆشخانەیە، بە گوژمەی نزیکەی 17 ملیار دینار، ئەوەیان لە ئارادایە، بەلاّم جگە لەوەش بەشێوەیەکی گشتی حەتمەن ناوچەیەکی بەرفراوانە، ئەگەر وەزارەتی تەندروستی وەکو ئەولەویەت نەخۆشخانە پێشنیار بکات حەتمەن داخیل ئەبوو، بەلاّم ئەوەی ئێستا هەیە، لەسەر شاشەش عەرزم کردووە، کۆی تەرخان کراو بۆیان بە بەردەوام و پیشنیارەوە 232 ملیارە، و پرۆژەیەکی زۆری بەردەوامیشیان هەیە، چونکە لە ماوەی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردوو و ساڵی پێشووتر زیاتر لە 14 نەخۆشخانەی گەورە لەناو پرۆژەکانیان هەبووە، هەندێکیان لەبەر نەبوونی ئیمکانیاتی هەندەسی کافی تۆزێك دواکەوتنیان پێوە دیارە، بەلاّم چارەسەر ئەبن، هەندێکیان تەواو بوون، بۆ نموونە هی سۆران و زاخۆ، هەندێکی تریش چارەسەری بۆ کراوە، ئەوەی 400 قەرەوێڵەیی، لە ناوچەی گەرمیانیش ئەگەر پێشنیار بکرابا داخیل ئەکرا، بەلاّم ئەوەش ناگەیەنێ کە ئێمە باسی نەخۆشخانە ئەکەین باسی مەراحیلی چارەسەری تەخەصوصی ئەکەین، ئەگەر هەر سەیری سێکتەری تەندروستی بکەین بە گشتی، ئێستا ژمارەی نەخۆشخانە بە گشتی 64 دانەیە لە ساڵی 2012، و نەخۆشخانەی تایبەتیش زۆر بووە، ژمارەی تەختی نەخۆشخانەکانیش گەیشتۆتە 6600، و ژمارەی ئەو هاووڵاّتیانەی سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە لە ساڵی 2011، ئەگەر 2012 بە هەمان ڕەقەم وەرگرین نزیکەی 10 ملیۆن کەسە، کۆمەڵێك ئاماریش لەسەر بنکە تەندروستیەکان و سەرەتایەکان هەن لەسەر شاشە، وابزانم پێویست ناکات هەموویان بخوێنم، لەگەڵ ژمارەی پزیشکان و پسپۆران ، ئەمەش بە شێوەیەکی گشتی نەتائیجی ئەوە بووە کە لە هەرێمی کوردستان بە ناوچەی گەرمیانیشەوە و هەموو ناوچەکانی تریش ڕیعایەی سەحەی ئەوەلی تا حەدێکی باش موەفەق بووە، ئەوەیە هۆکاری مردنی منداڵی 5 ساڵ و 6 ساڵ، هەروەك لەم خشتەیە دیارە کە موعەدەلی ڕیعایەی سەحی لە هەرێم شتێکی زۆر گرنکە، بەشێکی گرنگە، گەیشتۆتە زیاتر لە 70٪، و کۆمەڵێك ئیحتیاجاتی تریش ماون، ئەوەی ماوەش ئەبێ لە ساڵاّنی ڕابردوو

ئەبێ چارەسەر بکرێ، نەخۆشخانەی ئێمرجنسی لەو پرۆژانەی کە پێشنیارمان کردووە و لە لیستەکە بوونی هەیە، ئەو پرۆژەیە دیسان لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی ئەولەویەتێکی تریان هەبووە، گۆڕاوە بە دوو نەخۆشخانەی 50 قەرەوێڵەیی، لە دەرەوەی شاری هەولێر لە دوو قەزای تر، بەرێز کاك حازم تحسین، هەندێ پێشنیارێت هەی، و هەندەك داواکارێت هەی، ب تایبەتی سەبارەت ب پرۆژێت تەندروستی و پەروەردێ بۆ دەڤەرا شنگال، گەلەك جهێ خۆ دایە، بەری دوو ڕۆژا مە ل هۆڵە پەرلەمان مە هەندەك لیست خاندن، ئەو پرۆژێت کو ل ناوچێت کوردستانییێن ل دەرڤێت هەرێمێ دێنە ئەنجام دان، بەس حەتمەن ئەم تەئیدا وێ دکەین، ئیحتیاجا دەڤەرێت شنگال گەلەك زیاترە، و ئەم ژی محاوەلە دەکەین هەر ئیمکانیەتەك کو ل بەر دەست بیتن ئەوێ نسبێ زێدە تر بکەین، ب تایبەتی ل دوو سێکتەرێ ئاڤێ و جادە و پشتێ هنگێ تەندروستیش هەروەسا، هەندەك پێشنیارێت هەی کو پەیوەندی ب کارێ هەردوو وەزارەتا دارایی و پلاندانانێت هەی، و ئەو ژی کە بەرێز کاك حازم تحسین بێژیتن ئەز خۆ لێژنا ئەوقافێمە، و هیچ پرۆژەك نەهاتیە داهینان، و هیچ پرۆژەك کەسەك پێشنیارا مە نەکریە، وەزارەتێ ئەوقافێ، ئەم ژی پشتگیریا هەندێت دکەین، بەس ئەگەر لایەنەك ب ئەستۆیێ خۆ ڤە بگریتن بۆ تەنفیزێ، کو ل دیڤ مە بەس تەنها مەسەلە ڕیزبەند کردنێیە، وەرگرتنا موافەقتا پەرلەمانێیە ل سەر لیستا پرۆژە، دبی جیهەتەك هەبیتن کو تەنفیز بکات، ئەگەرنا ئەم ژی تەئید دکەین، بەرێز ئامینە زکری، پرسیار، کۆمەڵێك پێشنیار و داتای ئامادە کری، ئەم ژی حەمی تشتا وێ پەسند دکەین، بەرێز نەریمان عبدالله، پرسیار، هۆی چیە وەزارەتی ناوخۆ پرۆژەکانی 51٪ ی پرۆژەکانی وەزارەتەکانی تر جێ بەجێ ئەکات، کەچی خۆی لە پرۆژەکانی خۆی کەموکوڕی زۆری هەیە، وەڵام، پارێزگاری هەولێر لە ناحیەی ئیداری و کارگێڕی ناوخۆ سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە وەکو هەیکەلیەت، ستاڤ هونەری و ئەندازیاری زۆریان هەیە، بۆ بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکان لە هەموو بوارەکان، و هەندێ لە دامودەزگاکانی حکومەت ئەو ئیمکانیەتەیان نیە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانیان، و ئەو بەشەی پارێزگاش ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ ئەوەی ئیشەکانی جێ بەجێ بکات لە ئیعلان و تەندەر، وەك پرۆژەکانی دروست کردنی دادگا و بینایەی وەرزشی و جگە لە پرۆژەکانی لەسەر پەرەپێدانی پارێزگاکان هەیە، پرسیارێکی تری، هۆی چیە لە کارەکانی تەواو بوونان دا نووسراوە دەست بەکار نەبووە، یان لە تەواو بووەکانی ناوخۆدا چواریان تەواو بووە، 22 پرۆژەیان چارەنووسی نەنووسراوە؟ و لە پرۆژە بەردەوامەکان نووسراوە تەندەرین و گرێبەست، کە 28 پرۆژەن دەست بەکار نەبوون؟ ئەم پرۆژە تەواو بووانە گوژمەکانیان کەم بووە لە کاتی ئامادە کردنیان، ئەوانەی کە با بڵێین ڕەقەمیان گۆڕاوە، وەزارەتی پەیوەندیدار، ناوخۆ، بە تەوەقوعی خۆیان لە بیدایەت خەمڵێنراویان داوا کردووە، دوایی لە تەندەر ئیختیلاڤ تێ کەوتووە، بە شێوەیەکی رەسمی و قانونی ئەگەر مەبلەغەکانیان بۆ زیاد کرا، ئەو لیستەی لە مانگی 10 وە ناردوومانە، لە 2011 ئەوانەی تەواو بوون، و سلفەی ئەخیریان نەماوە، یان تەئمیناتیان نەماوە، ئەم بەشەی یەکەمی سوئالی بەرێزیان،20 پرۆژەن، 28 نووسراوە و دەست بەکار نەبووە، ئەمە وازح نیە، دوایی لە خۆی ئەپرسین، وەڵامیش ئەدەینەوە، بەرێز

سەرۆکی پەرلەمان ئیجازە هەیە؟ چۆن نووسراوە ئەوە ئەخوێنمەوە، 20 پرۆژەن، 28 یش دەست بەکار نەبووە، لە لیستی ئەبدەیتی تازە ئامادەیە و چەند ڕۆژێکی تر بۆتان ئەنێرین، ئەوە وەڵامەکی تێدایە، بەرێز اسماعیل محمود، دووسایدی چۆمان-حاجی ئۆمەران زۆر بە سستی کاری تێدا ئەکرێ؟ هۆکار چیە؟ چەند کیلۆمەترێکیشە، بەرێزان خۆ چەند کیلۆمەترێك کەم نیە، بە تایبەتی ئەگەر ناوچەکە شاخاوی بێ، سەخت بێ، 18 کیلۆمەترە و بە گوژمەی چل و سێ ملیار و دووسەد ملیۆن دینارە، تەرخان کراوی ساڵی 2013 شی پێنج و نیو ملیار دینارە، دەست بەکار بووە، خەرجیشی لەسەر کراوە بە بڕی سێ ملیار و دووسەد ملیۆن دینار، کۆمپانیای مارکۆ ئەلیکس جێ بەجێی ئەکات، بۆ گەڕانەوەی پەیمانگای تەکنیکی بۆ چۆمان بۆ ئەم شوێنەی کە بڕیاری ئەوەلی بۆ درابوو، وەڵام، ئەگەر ئەمە هەر ئەو پرسیارە نەبێ کە وەڵامی دایەوە، چونکە تەوزیحمان دا کە لەسەر داوای وەزارەتی خوێندنی باڵا بە نووسراویان ژمارە 24322 لە 2012/12/5 دا داوای گواستنەوەی ئەم پرۆژەیان کردووە، وەزارەتمان بە نووسراوی ژمارە 6934 لە 2012/12/9 ڕەزامەندی بۆ کردوون، سەبەبەکەش نەبوونی زەوی بووە، بەرێز کاك اسماعیل، داواکارم پارەیەك بۆ هەڵگرتنەوەی مین تەرخان بکرێ بۆ قەزای چۆمان بە هۆی بوونی شەڕی عێراق و ئێران ئەم دەڤەرە مین ڕێژ کرابوو، جوتیارەکان ناتوانن سوود لە ناوچەکانیان وەرگرن، وەڵام، گوژمەیەك دانراوە بۆ پرۆژەی مین پاکی لە حاجی ئۆمەران_چۆمان کە بڕەکەی پێنج ملیار دینارە، لە پرۆژە بەردەوامەکانی دەزگای مین لە پارێزگای هەولێر، زنجیرە 6، بەرێز ئاهەنگ خان پرسیار ئەکات، ئایا لەسەر چ بنەمایەك و ستراتیجیەتێك وەزیری پلاندانان ئەڵێ بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان تاکو ساڵی 2014 پێویستمان بە 31 ملیار دۆلار هەیە؟ وەڵام، ئیحتیماله ئەو برادەرانەی لە ڕیزی پێشەوەن باشتر ئەیبینن، من ئەم شتەم باس کردووە، ئەویش بە پێی ڕاپۆرتێك شەرحم کرد پێشتر، من وتم کە ئێمە لە ساڵی 2012 بە یارمەتی ڕێکخراوی (یونایتد نەیشن دیڤلۆپمێنت ئەیجنسی یوئێن دیپی) تیمێکی پسپۆڕی بیانی لە بوارە جیاجیاکان تەڵەبمان کرد خەڵکێکمان بۆ تەشخیص بکەن هەموو ئیحتیاجاتی بونیەی تەحتی ئەساسی بۆمان بپیون لە ناحیەی سێکتەر بە سێکتەر، لە ناحیەی کولفە، و ئەو شتانەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان نیە، نەك شتی کەمالیات، ئیحتیماله تموحمان زۆر بێیە، بەڵام ئەو شتانەی چەند لیتری ئاوی خاوێن پێویستە بۆ هەر هاووڵاتیەك؟ چەند هەیە؟ چەند نوقستانە؟ چەند تەکلیف ئەکات؟ بە شێوازێکی عیلمی، و ببێتە دۆکیۆمێنتێکیش ، کە قسە ئەکەین لە ناو هەرێم یان لەدەرەوەی هەرێم، کە محاوەلەی قەرز ئەکەین، ئێمە ڕاپۆرتێکمان هەبێ کە مەوسوق بێ، کە پێی ئەڵێن ڕاپۆرتی فەراغی بونیەی تەحتی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان، وەکو وەسیقەیەك هەبێ، تەواو بوەوە، پێشتریش باسم کرد۔ دوای ئەوەی لە کاروباری بودجە تەواو بووین ئیعلانیشی ئەکەین، لەم ڕاپۆرتە تەفاصیلی زۆرە، ئەمەی یەك سلایدە راستە شەرحی ئەوێ، ئەمە هەموو تەفاصیلەکەیەتی، بە پێی ئەم ڕاپۆرتە کە تەنها قسەی ئێمە نیە، مەبەستم حکومەت، چونکە هەموو فەرمانگەکانیش بەشدارن، لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە، لەگەڵ ئەو تیمە پسپۆریە، کە دۆکیۆمێنتێکیشە لە نەتەوەیەکگرتوەکانیش کە ئیشی کاروباری عێراق ئەکەن،

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (45)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/2/11

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2013/2/11 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (45)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (45)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/2/11 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2013.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (45)، ڕۆژی دانیشتن 2013/2/11، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بڕیاریدا، بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (45)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/2/11 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2013.**

**بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و وەفدە یاوەرەكەیان دەكەین بەخێر بێن.**

**بەڕێزان، خۆتان دەزانن ئێمە لەو چەند ڕۆژانەی ڕابردوو گفتوگۆیەكی تێرو تەسەل كراو دەرگامان كردەوە بۆ هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەكان، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆیان قسە بكەن، تەعبیر بكەن، پرسیار بكەن، حكومەتی هەرێمیش وەڵامەكانی دایەوە، بەڵام چەند فراكسیۆنێك دواتر وەكو یاداشت شتێكیان نووسی**

داوایان کرد ئاراستەی حکومەت بکرێت بە رەسمی، ئێمەش ئاراستەی حکومەتمان کردو دواتر داوایان کرد بە رەسمی بخوێندرێتە لە هۆڵی پەرلەمان، ئەگەر چی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆتۆکۆل نابێت، چونکە ئەوان پرسیارەکانیان ئاراستەی حکومەت کرد بوو بە تەحریری و بە نووسین، هەر دەبوایە هەر بەو شێوەیەش وەرگیرا بوایە، بەلاّم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ کار ئاسانی و بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان بە چاکمان زانی یاداشتەکە بخوێننەوە، واتا رازی بووین لەسەر ئەوە، حکومەتیش دوایی دەتوانێت وەلاّمی خۆی بداتەوە، فەرموو کاك کاردۆ بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستاش یاداشتەکە دەخوێنمەوە.

**بەڕێزان/ سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنە بەڕێزەکان**

**بابەت / یاداشت و پێشنیار سەبارەت بە بودجە**

پاش سلاّو ورێز.

ئێمە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان، لە پێناو باشتر کردنی بودجەی ئەمساڵی2013، بۆ ئەوەی بخرێتە خزمەتی کۆمەلاّنی خەڵکی کوردستان و، بتوانێت ڕۆڵێکی هەبێت لە باشترکردنی ژیانی هاووڵاّتیان، هەروەها بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین بە ئەرکی پیشەیی و یاسایی خۆمان هەستین و دەنگی پێ بدەین، داوای ئەنجامدانی ئەم چاکسازییانە لە پرۆژەکەداو، سەرنج دانە ئەم کۆمەڵە تێبینییەو، جێبەجێ کردنی ئەم چەند داواکاری و پێشنیازانە دەکەین، کە لەم تەوەرانەدا دەیانخەینەڕوو:

تەوەری یەکەم/ داهات:

لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لە داهاتەکانی هەرێم نادیارن و، نەخراونەتە نێو پرۆژە یاساکەوە، داواکارین لە ماوەیەکدا کە لە هەفتەیەك تێ نەپەڕێت سەرجەمی ئەو داهاتە ناوخۆیانە ڕاگەیەنرێن و، بخرێنە بەردەستی پەرلەمانتاران و، ئەم بڕگانە لە نێو یاساکەدا جێگیر بکرێن:

1- پارەی فرۆشی نەوتی ناوخۆ:

أ- بەپێی پرۆژە یاساکە، لە ماددەی (1)، برگەی (3)، بڕی 200 ملیار دیناری بۆ پترۆ دۆلاری ناوخۆی هەرێم دانراوە، کە دەکاتە 200 ملیۆن بەرمیل، داوا دەکەین بڕی داهاتی ئەو ژمارە بەرمیلە نەوتانە رابگەیەنرێت.

ب- بڕی داهاتی نەوتی خاو بە لیستێکی هاوپێچ بێتە پەرلەمان و چۆنیەتی خەرجکردنشی پەسند بکات.

2- داهاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی:

بەپێی لێدوانە فەرمییەکانی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم بۆ میدیاکان، زیاتر لە (16 ملیار دۆلار) قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێم و دەرەوەیە، کە 5٪ ئەم ئاڵوگۆڕە دەبێتە داهاتی ناوخۆیی بۆ هەرێم، کە دەکاتە (800 ملیۆن دۆلار).

3- نەفەقاتی حاکیمە:

بەپێی راپۆرتەکەی وەزارەتی داراییی20٪-50٪ وەردەگیرێت لەو نەفەقاتە، ئەمە جگە لە پارەی دەرمان و فۆرمی خۆراك, کە لە 85٪ بەرەو سەرەوەیەو وەردەگیرێت. بۆ نموونە وەزارەتی کارەبا دەڵێت: زیاد لە 400 ملیار دیناری نەفەقاتی حاکیمەی وەرگرتووە.

هەروەها بۆ خەرجییەکانی هەڵبژاردن و، سەرژمێری دانیشتوان و، باربووی جوتیاران و، چاودێریی کۆمەڵایەتی و, هەلگرتنەوەی مین و, خەرجییەکانی حەج و عومرە، ئەگەر تەنها30٪ بۆ هەرێم خەرج بکرێت, ئەوە نزیکەی 200 ملیار دینار دەکات, (618 ملیار* 30٪= 185,400 ملیار).

4- سندووقی خانەنشینی:

ئەگەر بۆ هەر فەرمانبەرێك نزیکەی 50 هەزار دینار ببڕدرێت، ئەوە بۆ ساڵێك دەکاتە 400,469,400 دینار. (50 هەزار*12* 667,849 فەرمانبەر)

5- پارە نەگەڕاوەکانی وەزارەتەکان:

پارە نەگەڕاوەکەی وەزارەتەکانی ناوخۆو شارەوانی و تەندروستی و کارەبا بۆ خەزێنەی گشتی، کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەتەکانەوە خەرج دەکرێن، بە نزیکەی (2 ترلیۆن دینار) دەخەملێندرێت، ئەگەر تەنها حیساباتی خیتامی 2011 بە پێوەر وەربگرین.

6- داهاتی ناوخۆیی:

بەپێی حیساباتی خیتامی داهاتی ناوخۆ لە ساڵی 2011دا, (یەك ترلیۆن و 131 ملیار دینار) بووە، بەڵام بەپێی مادده (1)ی برگە (3) لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵ، (651 ملیار و114 ملیۆن دینار)ە. واتە نزیکەی500 ملیار دیناری کەم خەملێنراوە.

7- چەند سەرچاوەیەکی تر, وەك:

ئیستحقاقاتی هەرێم لە بەغدا: (پشکی پێشمەرگە، داهاتە سنوورییەکان، پارەی کۆمپانیاکان، پارەی زیادەی نەوت، بودجەی تەکمیلی) ئەمە بەشێکە لە ئەرکی حکومەتی هەرێم, دەبێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و, لەگەڵ لایەنە هاوپەیمانەکانیدا لە بەغدا بەزووترین کات چارەسەری بکات و، پەرلەمانی کوردستان لە وەرگرتنی ئەو داهاتانە ئاگادار بکرێتەوە. پێویستە ئەو کێشانە لە ڕێگەی یاساییەوە، نەك ڕێککەوتنی سیاسی چارەسەر بکرێن.

تەوەری دووەم/ سەبارەت بە خەرجییەکان:

ئەم پێشنیارانە دەکەین بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان:

1- کەمکردنەوەی زیادەڕەویی لە خەرجی گشتیدا بەم شێوەیەی خوارەوە:

**لــە بەشــەكانی (شمــەك) و (خــدمات) و (چــاككردنەوە) و ( بەخشــین) و (ســوودە كۆمەڵایەتیــەكان) و (تێچووەكانی دیكە) و (هەبووە نادارایيەكان)، خەرجییەكان لە چاو ساڵی پاردا، بـڕی (901 مليـار و177 مليـۆن دینـار) زیادیـان كـردووە. پێویسـتە بـەگوێرەی سـتراتیجیەتی حكومـەت خـۆی, كـە لـە برگـە پێنجـی راپـۆرتی ئەمسـاڵی حكومەتـدا بـاس لـە تەرشـیق دەكـات، ئـەم بـڕە زیادەیـە ببڕدرێـت و، بەشـێك لـە كـورت هێنانەكەی پێ پڕ بكرێتەوە.**

2- **پارەی خەرج نەكراوی پرۆژەكان:**

**سەرباری ئەوەی ئێمە پێداگریی دەكەین لەسەر سەرفكردنی سەرجەم بودجـەی وەبـەرهێنان بـۆ پرۆژەكـان، بەڵام بەگوێرەی حیسـاباتی خیتـامی 2011 و، ئاماژەكـانی سـاڵی 2012، كـەمتر لـە نیـوەی ئـەو بودجەیـە سەرف دەكرێت، بۆیە لێرەدا داواكارین لە حاڵەتی سەرف نەكردنیدا ئـەو بـڕە پارەیـەی كـە دەمێنێتـەوە لـە حیسـابێكی تایبــەت هــەڵبگیرێت و بخرێتــە خزمــەت پرۆژەكــانی وەبــەرهێنان، لــە ئەگــەری جێبــەجێ نەكردنیدا لێپێچینەوەی یاسایی بكرێت.**

3- **برگەی پاداشت:**

**لە بودجەی 2013دا (106 مليار دینارو 972 مليۆن دینار) تەرخان كراوە بـۆ پاداشـتی (غـیر منتسـبین), پێشنیار دەكەین ئەمە تەرخان بكرێت بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی خوێنـدكارانی زانكـۆ بـە زیـاد كردنـی دەرماڵەو قەرزی خوێندن.**

4- **پێشنیار بۆ رێكخستنی داهات وخەرجی:**

**أ- پێشنیار دەكەین پەسند كردنی دەسەڵاتی خەرجكردنی داهات تەنها لە لایەن پەرلەمانەوە بێت.**

**ب- هــەروەها دەســەڵاتی خــەرجی راســتەوخۆش لــە لایــەن وەزارەتەكانــەوە, بــۆ ئــەو داهاتانــەی نایەنــەوە خەزێنەی گشتی, نەهێڵدرێت، چونكە دەسەڵاتدانی ڕەها بۆ داهاتێكی نادیار, یەكێكە لە دەروازەكـانی خـراپ خەرج كردنی داهات.**

**تەوەری سێیەم/ پێشنیازەكان:**

**1- جێبــەجێ كردنــی ئــەو كۆمەڵــە برگــەو یاســا گرنگانــەی پەیوەســتن بــە بودجــەوەو تــا ئێســتا جێبــەجێ نــەكراون لــە ماوەیەكـدا كـە لـە 2 مـانگ تـێ نەپـەڕێت, وەك: ئەنجومـەنی راژە، دیـوانی چـاودێری دارایـی، پێكهێنانی دەستەی نەزاهە، دانانی سندووقی خانەنشینی.**

**2- پێویسـتە میلاكـاتی دەزگـا سـیادی و ئەمنییـەكانی وەك: (سـەرۆكایەتی هـەرێم، پەرلـەمان، ئەنجومـەنی وەزیـران، دەزگا ئەمنییەكان، وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە), وەك وەزارەتەكانی تر لە رێگای فـۆرم و لیژنـەی دامەزراندنەوە دیاری بكرێن.**

**3- ئەركی پڕكردنەوەی جێگای فەرمانبەرە خانەنشین كراوەكان بدرێت بـە هـەمان لیژنـەی دامەزرانـدن و، لە دەرەوەی ئەوان هیچ جۆرە دامەزراندنێك نەكرێت بۆ پڕ كردنەوەی بۆشاییەكان.**

**4- زیادكردنی (مووچەو دەرماڵە)، لایەنی كەم بەم شێوەیە:**

بۆ فەرمانبەر 600 هەزار دینار کەمتر نەبێت. هەروەها بۆ خانەنشین 450 هەزار کەمتر نەبێت.

5- ئەو خاوەن پێداویستییە تایبەتەی هیچ جۆرە مووچەو هۆیەکی بژێوی تری نیە, پێویستە مووچەیەکی بۆ ببڕدرێتەوە کە لە 500 هەزار دینار کەمتر نەبێت.

6- دروست کردنی سندووقی بیمەی کۆمەڵایەتی و، تەرخانکردنی پارەی تۆڕی کۆمەڵایەتی (کە بڕەکەی 306 ملیار دینارو200 ملیۆنە) بۆ ئەو سندووقە, بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی ئەو خێزانانەی لە خوار هێڵی هەژاریدان و, تەرخان کردنی بڕێك پارە بۆ منداڵە هەژارەکان.

7- پاڵپشتی دارایی بانقەکان بۆ دوانەکەوتنی مووچەی فەرمانبەرو خانەنشینان.

8- هاوتاکردنی مووچە و دەرماڵەی پێشمەرگە لەگەڵ هاوتاکانیان لە سوپای عێراقدا.

9- دانانی پێوەرێکی دادپەروەرانە بۆ مووچەی شەهیدان.

10- نابێت هیچ پرۆژیەکی وەزارەتەکە لەلایەن وەبەرهێنان بخرێتە سەر وەزارەتێکی تر کە تایبەتمەندی وەزارەتەکە نەبێت و جێبەجێ بکات.

لە کۆتاییدا ئێمە پێمانوایە بەرەچاوکردنی ئەو سەرنج و تێبینییانەو، جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازانەی سەرەوە کە پوختەو کورتکراوەی موداخەلەو قسەی پەرلەمانتارەکانمانە، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ چاکسازیی لە بودجەکەدا بکرێ و، ئەو بڕە مووچانەش زیاد بکرێن بەبێ ئەوەی قورساییەکی ئەوتۆ لەسەر بودجە دروست بکات.

دیارە ئەم ئاڵوگۆڕو چاکسازییە لە بودجەی ئەمساڵدا بەرپرسیارێتی سەرشانی هەموو فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمانەو، لە ئەگەری گوێنەدان بەم پێشنیارو داوایانە، ئێمە دڵنیاین بودجەی ئەمساڵیش وەك ساڵانی تر دوچاری چەندین گرفت دەبێتەوە، هەر لە دواکەوتنی پرۆژەکانەوە، تا کورتهێنان و، تا گلەیی هاووڵاتیان و، تا دەگاتە قووڵبونەوەی زیاتری ناکۆکیی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق و..هتد.

بۆیە ئێمەی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەم دەستپێشخەرییە دەخەینەڕوو، تا بودجەکە زیاتر ڕوون بێ و، زۆرترین دادپەروەریی و هاوسەنگیی تێدا بێت. دواتر هیچ کام لەو مەسئولیەتانە ناگرینە ئەستۆو، هەمووی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێم و دەنگەکانی زۆرینەی پەرلەماندا دەبینین، ئەگەر ئەو سەرنج و تێبینییانە بە هەند نەگیرێن و، بودجەکە بەم شێوەیەی ئێستای دەنگی پێ بدرێ.

فراکسیۆن گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، ئایندە، هیوادارم ئەمە بخرێتە دەنگدان و پەرلەمانتاران دەنگی پێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەگەر حکومەت وەلامێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو یاداشتەی کە بەرای بەڕێزم کاك کاردۆ خوێندیەوە لەلایەن فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەربارەی پرۆژە بودجەی ساڵی 2013 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا بوو و، لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا، ئێمە لێرە تەئکیدی دەکەینەوە هەرچەندە سەرنج و پرسیارەکانی هاتوو لە یاداشتی خوێندراوە هەمووی دووبارەن و وەڵام دراونەتەوە لە میانەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەلایەن هەردوو وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان، سەرەڕای ناردنی وردەکاری خشتەی زانیاری و ژمارەی پێویست لە چوارچێوەی راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و راپۆرتێکی شیکاری لەبارەی بودجە بە گشتی بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەڵام بۆ بەرچاو روونی پەرلەمانی کوردستان و هەموو لایەك جارێکی تر وەڵامی پرسیارو سەرنج وپێشنیارەکان دەخەینەڕوو.

**وەڵامی یاداشت و پێشنیارەکانی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان دەربارەی پرۆژە بودجەی ساڵی 2013**

## تەوەری یەکەم

### داهات

حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی ڕوون و شەفاف خشتەی وردەکاری داهاتەکانی خستۆتە روو، بەشی یەکەمی پرۆژە قانونی بودجە تایبەت کراوە بە داهاتەکان، کە تیایدا (بەشی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق، داهاتە ناوخۆیەکان کە دەچنە خەزێنەی وەزارەتی دارایی و ئابووری و داهاتی پترۆ دۆلار بۆ ساڵانی پێشوو و خەمڵێنراوی ساڵی 2013) دیاری کراون.

وەکو لە پرۆژە قانونەکەشدا هاتووە بەشێکی داهاتی ناوخۆ دەدرێتەوە خودی وەزارەتەکانی (تەندروستی، کارەبا، شارەوانیەکان، ناوخۆ ئەوەی پەیوەندیدارە بە داهاتی رسومات و سزای هاتوچۆ)، سەبارەت بە داهاتی خاڵە سنووریەکانیش بەپێی دەستووری عێراق دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی فیدراڵی.

**داهاتی پترۆ دۆلار:**

سەبارەت بە پترۆ دۆلار، روونی دەکەینەوە حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵی 2013، تەنها 42 ملیۆن دیناری وەك پترۆ دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکردووە، بەڵام داوا لە هەرێم دەکرێت کە 250 هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە هەناردە بکات.

لە کاتێکدا بەپێی رێککەوتنامەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە 2012/9/13 کە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا پەسند کراوەو بۆتە بەشێکیش لە پرۆژە قانونی بودجەی عێراق، هەرێمی کوردستان مافی 17٪ی کۆی ئەو نەوتە خاوەی هەیە کە لە هەموو عێراقدا بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوخۆ لە بەرهەمە نەوتیەکان (مشتقات) بەکاردەهێندرێت، بەم شێوەیە هەرێم موستەحەقی پترۆ دۆلار دەبێت بەرامبەر نەوتی هەناردەکراو لەڕێگای حکومەتی ناوەندو بەکارهاتووی ناوخۆ لە کێڵگەکانی نەوتی هەرێمەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتی فیدراڵیش تا ئێستا 17٪ی بەشی هەرێم لەو نەوتەی

بۆ بەرهەمە نەوتییەکان دانراوە نەداوەتە هەرێم، بۆیە هەرێمی کوردستان بە مافی خۆی زانیوە لە ئاستی ناوخۆ ئەو ڕێژەیە پڕ بکاتەوە.

خوشك و برایانی بەڕێز.

لەسەر بنەمای ڕوونکردنەوەی سەرەوە، کۆی داهاتی پترۆ دولاریش لە پڕۆژە قانونی بودجەی ساڵی 2013 بە بڕی 200 ملیار دینار خەملێندراوەو ئەو بڕگەیەی پڕۆژە قانونەکەش کراوە بە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم بریتییە لە (120) ملیار دینار کە موستەحەقاتی پترۆدۆلاری حکومەتی هەرێمە بۆ ساڵانی (2010، 2011، 2012) کە تا ئێستا حکومەتی فیدراڵ نەیداوە، هەر بۆ نموونەش تەنها لەساڵی 2010 پارەی پترۆ دۆلار بە (305) ملیار دینار خەملێنرابوو، بەڵام حکومەتی فیدڕاڵ هیچ لەو موستەحەقاتانەی بۆ هەرێم نەناردووە.

هەرچی بەشی دووەمە کە بە بڕی (80) ملیار دینار دیاریکراوە، ئەوە بریتیە لە داهاتی خەملێنراوی پترۆ دۆلار بۆ ساڵی2013و بەهۆی پابەند نەبوونی حکومەتی فیدڕاڵ بە ڕێککەوتنامەی ئاماژە پێدراو، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەرپرسیارێتی وەرگرتووەو، پێشبینی دەکرێت لە ساڵی 2013 ئەو بڕە پارەیەی پترۆ دۆلار دابین بکات.

دەربارەی نەوتی خاویش، تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لەو نەوتەی لەرێگەی کۆمپانیای سۆمۆی عێراقیەوە دەفرۆشرێت و داهاتەکەشی دەچێتەوە خەزێنەی حکومەتی فیدراڵ، هیچ نەوتێکی خاو نافرۆشێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەدرێتە پاڵاوگەکان بۆ بەرهەمهێنانی سووتەمەنی بۆ دابینکردنی کارەباو، دابینکردنی سووتەمەنی بۆ کارگەکان و، پشتیوانی کەرتی تایبەت و، دابینکردنی نەوتی سپی و بەنزین بۆ بەکارهێنانی هاووڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی.

**داهاتی ئالوگۆڕی بازرگانی:**

بەپێی قانونی گومرگی فیدراڵی (5٪) ڕەسم وەردەگیرێت لە بەرامبەر هاتنە ناوەوەی شمەك وکەلوپەل لەدەرەوە بۆ ناو عێراق، لە خاڵە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانیش بۆ هەمان مەبەست هەمان بڕ وەردەگیرێت، بەو پێیەی بەگوێرەی دەستوور ڕەسمی گومرگی لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵەو داهاتەکەشی هەر بۆ ئەوانە، بۆیە ساڵانە هەرێم ئەو ڕەسمەی وەریدەگرێت ڕەوانەی خەزێنەی وەزارەتی دارایی فیدراڵی دەکات، هەر بۆ نموونە لە ساڵانی 2004 تا 2011 بڕی 1 تریلیۆن و 960 ملیار دینار ڕەسمی گومرگی دراوەتە خەزینەی گشتی عێراق.

نەفەقاتی حاکیمە:

بەگوێرەی ڕێککەوتنی هەردوولاو بەپێی خشتەکانی نەفەقاتی حاکیمەی هاوپێچی قانونی بودجەی عێراقی فیدراڵ، بەشی هەرێم لە نەفەقاتی حاکیمە بە ڕێژەی 17 ٪ بە ژمارە دیاریکراوە, کە لە ساڵانی (2005 تاوەکو 2013) موستەحەقاتی هەرێم لە نەفەقاتی حاکیمە دەکاتە بڕی 13 تریلیۆن و301 ملیار و112

ملیۆن دینـار، کـە لـە چوارچـێوەی بودجـەی وەزارەتـەکانی عێراقـی فیـدراڵ تـەرخانکراوە, لـەم خاڵانـەی خوارەوەشدا ئەم بابەتە زیاتر ڕووندەکەینەوە:

أ- بەرنامـەی دابینکردنـی خـۆراك بـۆ هاووڵاتیـان، کـە لـە لایـەن وەزارەتـی بازرگـانی فیدڕاڵـەوە بەرنامەکـە جێبەجێ دەکرێت و هیچ تەرخانکراوێکی نەقدی نایەتە وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان.

ب- تەرخانکراوی نەفەقاتی حاکیمە بۆ کڕینی دەرمان لە وەزارەتی تەندروستی فیدڕاڵ جێبەجێ دەکرێت و هیچ تەرخانکراوێکی نەقدی نایەتە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

ج- سـەبارەت بـە تـەرخانکراوی هـاوردەکردنی وزەی کارەبـا ودابینکردنـی سـووتەمەنی بـۆ ویسـتگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە بودجەی وەزارەتی کارەبا هاتووە، کۆی گشـتی ئـەو پارەیـەی کـە بـۆ هـەردوو سـاڵی 2011 و 2012 گەیشـتۆتە هـەرێمی کوردسـتان دەکاتـە 606 ملیـار و 560 ملیـۆن دینـار، سـەبارەت بـە چۆنێتی خەرجکردنی ئەم بڕە پارەیـە لـە لایـەن هـەرێمی کوردسـتانەوە لـە حیسابی کۆتـایی سـالی 2012 بەڕوونی بوارەکانی خەرجکردنی دیار دەکرێت.

د- پارەی تەرخانکراو بۆ پشتگیری جوتیاران لە تەرخانکراوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدڕاڵە.

بەپێی قانونی بودجەی فیدڕاڵ، خەرج کردنی بـڕە پارەکـانی نەفـەقاتی حاکیمـە لـە وەزارەتـەکانی سـەرەوە دەبێ بە هەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتـەکانی هـەرێمی کوردسـتان خـەرج بکرێـت, بـەڵام ئەمـە وەك پێویسـت جێبەجێ نەکراوە، بۆیە وەزارەتـەکانی حکومـەتی هـەرێم ڕێـژەی خـۆراك ودەرمـان و پشـتگیریی جوتیـاران دەزانن چەند گەیشتۆتە هەرێم، بەڵام نازانن ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە لـە وەزارەتـەکانی عێراقـی فیدراڵ بۆ نەفەقاتی حاکیمـە هـەمووی خـەرج کـراوە یـان نـا بـە بەشـی هـەرێمی کوردستانیشـەوە؟ چونکە ئەوەی خەرج نەکراوە تاکو ئێستا هیچ نەگەڕاوەتەوەو، دڵنیاین هەمووی خەرج ناکرێت و، دەبێت ئەمـە لـە حیساباتی کۆتایی حکومەتی فیدراڵ هەموو ساڵێك دیار بکرێت و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی بەغداوە وردبینی بکرێت.

سندووقی خانەنشینی:

لەبەر ئەوەی تا ئێستا بەپێی قانون سندووقی خانەنشینی پێك نەهێنراوە، بۆیە حیسـابێکی بـانکی بـەناوی خانەنشینی فەرمانبەران لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوەتەوە بۆ خـەرج کردنـی مووچـەی خانەنشـینی و، ئەم حیسابەش لەم سەرچاوانەوە تەمویل دەکرێت:

أ- سەرچاوەی یەکەم بریتیە لە وەرگرتنی توقیفاتی تقاعودی بە ڕێژەی 7٪ی مووچەی بنەرەتی مانگانـەی فەرمانبەران، کە بۆ ساڵی 2013 بە بڕی 179 ملیار دینار خەملێندراوە.

ب- سەرچاوەی دووەم بریتیە لە پاڵپشتی حکومەت لە بودجەی گشتی بە ڕێژەی 12٪ی مووچـەی بنـەڕەتی بۆ (توقیفاتی تقاعودی فەرمانبەران) کە بۆ ساڵی 2013 بەبڕی 307 ملیار دینار خەملێندراوە.

**بەم شێوەیە کۆی گشتی پارەی هەردوو سەرچاوەی سەرەوە، دەکاتە بڕی 486 ملیار دینار، جگە لەو پارەیەی سەرەوەش تەواو کردنی مووچەی خانەنشینان بە گشتی پێویستی بە بڕی 1 ترلیۆن و 104 ملیار دینار هەیە.**

**ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2013 بریتییە لە 682 هەزارو 849 فەرمانبەر، نەك 667 هەزار 849 فەرمانبەر، بەم شێوەیە بڕی توقیفات تقاعودی بەبڕی 2 ترلیۆن و 557 ملیارو 452 ملیۆن دینار دیار کراوە بە هەردوو ڕێژەی (7٪ی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران خۆیان + ڕێژەی 12٪ی پشتیوانی حکومەتی هەرێم) کە لە (فصل تعویضات الموظفین) ئاماژەی پێدراوە.**

**بۆ زانیاری زیاتریش ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە خشتەی میلاکی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم دابەش دەبێت لەسەر 12 پلە، کە 10 پلەی وەزیفی گشتییە لەگەڵ پلەی تایبەتی (أ،ب)، مووچەی بنەڕەتیش لە هەرێمی کوردستان لە 140 هەزار دینارەوە دەست پێدەکات بۆ 2 ملیۆن و413 هەزار دینار، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە یاداشتی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئاماژە دراوە بەوەی کە هەر فەرمانبەریك بڕی 50 هەزار دینار وەك توقیفاتی تقاعودی مانگانە لە مووچە بنەڕەتییەکەی دەبڕدرێت X12 مانگ X849 667 فەرمانبەر بەم شێوەیە ئاماژەیان داوە بەوەی کە دەکاتە 400 ملیار دینار .**

**بەڵام وەکو لە سەرەوە ڕوونمان کردۆتەوە بڕینی ڕێژەی 7٪ لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەر کە مەبلەغی (استقطاع) بگاتە 50 هەزار دینار تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لە پلەکانی (1، 2) و پلەی تایبەت / أ،ب و بەشێك لە پلەی وەزیفی 3 دەگرێتەوە، کە بەپێی خشتەی میلاك هاتوو لە بودجەی ساڵی 2013 ژمارەی ئەو فەرمانبەرانە دەکاتە 143 45 فەرمانبەر، بۆیە ڕاستییەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**143 45 فەرمانبەر X 50 هەزار X 12 مانگ ئەمەش دەکاتە 27 ملیار دینار، نەك 400 ملیار دینار.**

**پارە نەگەڕاوەکانی وەزارەتەکان:**

**أ- بنەمای قانونی تەرخانکردنەوەی داهاتی وەزارەتەکانی (ناوخۆ/ بۆ ڕەسم و سزاکانی هاتوچۆ، تەندروستی، کارەبا، شارەوانییەکان) بریتییە لە قانونی بودجەی هەرێم کە بە ماددەیەکی سەربەخۆ لە یاسای بودجە دەسەڵاتی خەرجکردن دراوەتەوە بە خۆیان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانیان و راییکردنی کارەکانی خۆیان، کە بۆ ساڵی 2013 بە 388 ملیار دینار خەمڵێندراوە، وردەکاری بوارەکانی خەرجکردنی ئەو پارانەش لەحیساباتی ختامی ساڵانە بە تەواوی ڕووندەکرێتەوە.**

**ب- سەبارەت بە داهاتی (بانك وشارەوانیەکان وفرۆکەخانەو فەرمانگەکانی دابەشکردنی نەوت) کە بۆ ساڵی 2013 بەبڕی 1 تریلیۆن و 190 ملیار دینار خەمڵێندراوە و لەم خشتەیەی خوارەوە هاوپێچ کراوەو وەزیرە بەڕێزەکانیش لە خیلالی وەڵامدانەوە ڕوونیان کردەوەو بە وردی و بە ژمارە ڕوونکراوەتەوە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو داهاتانەدا دەکرێت.**

**هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە داراییەکانی لە بەغدا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خوشك و برایانی بەڕێز.**

**سەبارەت بە هەوڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەدەستهێنانی مافە داراییەكانی لە بەغدا، هاوپێچ لەگەڵ پڕۆژە قانونی بودجەیش ساڵی 2013 بە راپۆرتێك هەوڵی حكومەتی هەرێم بۆ وەرگرتنەوەی مافە داراییـەكانی لـە حكومـەتی فیـدراڵ روونكراوەتـەوە، كـە تیایـدا وێنـەی نووسـراوەكانی حكومـەتی هـەرێم و كۆنووسی كۆبوونەوەكان لەگەڵ نوێنەرانی حكومەتی فیدراڵ نێردراوە بـۆ پەرلـەمانی كوردسـتان، سـەرەڕای تەرخانكردنی بەشـێكی راپـۆرتی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری بـۆ روونكردنـەوەی ئـەو كێشانەو كاریگـەری لەسەر بودجە.**

**جگە لەمانەش بیری هەموو لایـەكی دەخەینـەوە كـە حكومـەتی هـەرێم دەستپێشخەری كـرد بـە پێشكەش كردنـی بیرۆكـەی پێكهێنـانی دەسـتەكی تایبـەت بەدانووسـتان لەگـەڵ حكومـەتی فیـدراڵ بـەپێی قـانون و بەدەنگی ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

**داهاتی ناوخۆیی:**

**سەبارەت بەو پرسیارەی كـە گوایـە داهـاتی نـاوخۆی سـاڵی 2013 كـەمتر خەملێنـدراوە لـە سـاڵانی پێشـوو، روونیدەكەینەوە كە داهاتی نـاوخۆی سـاڵی 2011 بـە بـڕی (1) ترلیـون و (55) ملیـار دینـار خەملێنـدرا بوو، بۆ ساڵی 2012 بە بڕی (2) ترلیون و (331) ملیار دینار خەملێندرا بوو، بـۆ سـاڵی 2013 بـە بـڕی (2) ترلیون و (679) ملیار دینار خەملێندراوە وەك لە هەردوو خشتەی ژمارە (1) و (2)ی هاوپێچ لەگەڵ ئەم راپۆرتە دیاری كراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە داهاتی ناوخۆ ساڵانە زیادی كردووە، نەك كەم.**

**تەوەری دووەم**

**خەرجییەكان**

**پێشنیاری فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆن بۆ داشكاندنی 20,48٪ ی بودجەی بەكاربردن:**

**لە یاداشتەكەدا پێشنیاركراوە بە داشكاندنی بڕی (901) ملیارو (177) ملیۆن دینار كە ڕێژەكـەی دەكاتـە 20,48٪ە لـە بودجـەی بـەكاربردن (فەسـلی/2 شمـەك وخزمـەتگوزاری وچاككردنەوەو بەخشـین وسـوودە كومەڵایەتیەكان وخەرجیەكانی ترو هەبووەكانی دارایی), تەئكیـد دەكەینـەوە ئـەم بڕینـە كاریگـەری سـلبی دەكاتــە ســەر كــارو چــالاكیەكانی وەزارەت و دامــەزراوەكانی حكومــەتی هــەرێمی كوردســتان، چــونكە تەرخانكراوەكانی ئەو فەسلە زۆر بواری گرنگ لە پڕۆژەو خزمەتگوزاریەكان لەخۆ دەگرێت كـە راسـتەوخۆ پێشكەش بە هاووڵاتیان دەكرێن، لەوانە:**

**أ- پارەی گرێبەستی پاككردنەوەی شاروشارۆچكەو نەخۆشخانەكان, كڕینی دەرمان بۆ پێداویستی هاووڵاتیـان بەهۆی كەمی ئەو بڕە دەرمانەی لە بەغداوە دێت, سـووتەمەنی، خـۆراكی نـەخۆش، زینـدانیان, پێشـمەرگە، جلوبەرگی پۆلیس و پێشمەرگەو ئاسایش, كارمەندانی تەندروستی، چاپكردنی كتێب و قرتاسیە, كرێـی ئـاو وكارەبا.**

ب- بەرنامەی تواناسازی, دەرماڵەی قوتابیان، چالاکی دیدەوانی وەرزشی و قوتابخانەکان.

ج- چاودێری خێزان، تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی (نابینا, کورتەباڵا, نابیست, تالاسیما, هیموفیلیا, کەمئەندام, ئۆتیزم, مەنگۆل, ئیفلیجی دەماغ).

د- پێشینەی پارت و ریکخراوەکان و قەرەبوو.

هـ- کرێی باڵەخانە, ئەنتەرنێت, پێوەری دیاری کردنی زەوی.

و- چاککردنەوەی ڕێگا، پرد, بەنداو, باڵەخانە، چاککردنی شوێنەوار...هتد.

ز- کڕینی یان دروست کردنی باڵەخانە, کڕینی پێداویستیەکانی فەرمانگەکان.

ح- رێزلێنانی رۆژنامەنووس, وەرزش کار, هونەرمەندان.

ط- پشتیوانی وەزارەتی تەندروستی بۆنەخۆش, بەخشینی زیندانیانی سیاسی و بەخشینی هاوسەرگیری کوڕو کچی شەهید.

ی- پیشتگیری جوتیاران.

سەبارەت بەکاریگەریە سلبیەکانی داشکاندنی ئەم رێژەیە لە بودجەی بەکاربردن لەساڵی رابردوو لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابوری بە روونی ئاماژەیان پێکراوەو هەرچەندە حکومەتی هەرێم پێی وایە بودجەی بەکاربردن لە چاو بودجەی وەبەرهێنان زیاترەو ئەم کێشەیەش پێویستی بە چارەسەر هەیە بەپێی پلان و بەرنامەی دیراسەکراو، نەك بە داشکاندنی ڕێژە لە بودجەکە.

پارەی خەرج نەکراوی پرۆژەکان:

ئەوەی پەیوەندی بەخەرج نەکردنی پارەی پرۆژەکانی ساڵانی 2011 و 2012 هەیە ڕوونیدەکەینەوە بەپێی قانون پارەی خەرج نەکراو لە ساڵی داراییدا بۆ ساڵی دواتر تەدویر نابێتەوە، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو قاعدەیەی کە دەڵێت: (استخدام الاعتمادات المصادق عليها في القانون لغاية 12/31 للسنة المالية)، بەم شێوەیە هەر تەرخانکراوێك ئەگەر تا ئەو بەرواره خەرج نەکرا ئەوا کۆتایی پێدێت، سەبارەت بە چارەنووسی پارەی ماوە لە تەرخانکراوی پڕۆژەکانی 2011 لە چوارچێوەی بودجەی وەبەرهێنان لە حیساباتی خیتامی هەمان ساڵدا ڕوونکراوەتەوەو لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کراوە، بۆ ساڵی 2012 ئەوا بە هەمان شێوە لە حساباتی خیتامی بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕوون دەکرێتەوە.

بڕگەی پاداشت بۆ فەرمانبەرانی (غير منتسبين):

سەبارەت بە بڕی (109) ملیار دینار کە تەرخان کراوە بۆ پاداشتی (غير منتسبين)، دابەش دەبێت بۆ دوو بواری خەرجکردن بەم شێوەیە: بڕی (28) ملیار دینار بۆ پاداشتی دەرەوەی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، کە ئەو فەرمانبەرو کارمەندانە دەگرێتەوە کە خزمەتگوزاری و ئەرك و چالاکییان بەپێی تایبەتمەندییان بۆ فەرمانگەیەکی تری حکومەتە، یان هاووڵاتی دەرەوەی بواری وەزیفین و خزمەتگوزاری پێشکەش بە دامەزراوەکانی حکومەت دەکەن، هەرچی بەشی دووەمە کە بە بڕی (81) ملیار دینار خەملێندراوە، دانراوە بۆ پاداشتی موخبیر و موتەعاون بۆ ئەرك و چالاکییەکانی ئاسایش

و پێشمەرگەو پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بە ڕەچاوکردنی بوارەکانی خەرجکردنی ئەو پارانەو گرنگی ئەو ئەرك و چالاکیانەی لە بەرامبەر ئەو پاداشتە جێبەجێ دەکرێن زۆر نییە.

## تەوەری سێیەم

## پێشنیارەکان بۆ ڕێکخستنی داهات و خەرجی

1- سەبارەت بە پێشنیاری ئەوەی کە پەسند کردنی دەسەلاتی خەرجکردنی داهات تەنها لە لایەن پەرلەمانەوە بێت، بۆ هەموو لایەك ڕوون دەکەینەوە کە بوارو دەسەلاتەکانی خەرجکردن بەڕوونی و ئاشکرایی لە پرۆژە قانونی بودجەی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە کە پەرلەمان خۆی سالانە پەسندی دەکات و تیایدا دەسەلاتەکانی هەردوو وەزیری دارایی وئابووری و پلاندانان و وەزیرەکانی تر بە گشتی و سەرۆکی لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت دیاریکراوە، لە هەمان کاتیشدا هەر بەپێی قانونی بودجە دەسەلات دراوە بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابەزاندنی دەسەلاتی خەرجکردن بۆ ئاستەکانی خوارەوە بۆ بریکاری وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و پارێزگارو سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان، دەربارەی دەسەلاتی خەرجکردنی داهاتی ناوخۆیی وەزارەتەکانی (کارەبا، تەندروستی، شارەوانییەکان، ناوخۆ - رەسمی تۆماری ئۆتۆمبێل و سزاکانی هاتوچۆ) هەمووی لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییە داراییەکان ئەنجام دەدرێت و بنەمای قانونی ئەو دەسەلاتانەش لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی وئابووری بە ڕوونی دیاریکراوە.

2- سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ئەو کۆمەڵە بڕگەو یاسا گرنگانەی پەیوەستن بە بودجەوە وەك پێکهێنانی (ئەنجومەنی راژە ، دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی نەزاهە).

دەربارەی دامەزراندنی ئەنجومەنی راژە، یەکێك لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ساڵی 2012 بڕیار لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاژە درا، بەپێی یاسای ئەنجومەنی ڕاژەش دەبێت بانگەواز بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە بکرێت، هەر لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە لە یەکێك لە رۆژنامە رەسمیەکان بانگەواز کراوە، بۆ ئەوەی بەپێی ڕێکارە یاساییەکان و، بەپێی مەرجەکان هەر کەسێك بواری ئەوەی هەبێت سیڤی خۆی تەقدیم بکات بۆ ئەم پۆستە.

سەبارەت بە دامەزراندنی سەرۆکی دیوانی چاودیری دارایی ئەو دامەزراوەیە وابەستەیە بە پەرلەمانی کوردستانەوە، بۆ دەستەی نەزاهەش دامەزراندنی سەرۆکی دەستەی نەزاهە لە لایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە بانگەوازی بۆ کراوەو ژمارەیەك لە هاووڵاتیان فۆرمیان بۆ ئەو مەبەستە پڕکردۆتەوەو ئێستا ئەنجومەنی دادوەریی سەرقاڵی وردبینی و دەستنیشانکردنی کاندیدە بۆ ئەو مەبەستە.

3- دەربارەی زیاد کردنی (مووچەو دەرماڵە) بۆ فەرمانبەران و زیاد کردنی مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت و زیاد کردنی مووچەی خانەنشینی و پێشنیاری هاوتا کردنی مووچەو دەرماڵەی پێشمەرگە لەگەڵ بەغدا.

ئێستا ڕێژەی مووچەی فەرمانبەران لە بودجەی گشتی بریتیە لە 61٪، کە بڕی (7) تریلیۆن و(611) ملیارو (615) ملیۆن دینار راستەوخۆ بۆ 1 ملیۆن و (341) هەزارو (558) مووچە خۆر خەرج دەکرێت

و ڕێژەکەی دەکاتە 65,57٪ی بودجەی بەکاربردن، ئەمە لەکاتێکدایە باس لە کورت هێنانی بودجە و زۆری بودجەی بەکاربردن دەکرێت بە بەراورد بە بودجەی وەبەرهێنان، کە بێ گومان بە زیاد کردنی مووچەو دەرماڵە ئەم کێشەیە قوڵتر دەبێتەوەو ئەمەش دژیەکی دروست دەکات لە نێوان دوو پێشنیاری ئۆپۆزسیۆن بە کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن و زیاد کردنی مووچەو دەرماڵە لەهەمان کاتدا.

4- سەبارەت بە دانانی پێوەرێکی دادپەروەرانە بۆ مووچەی شەهیدان، پێوەری دادپەروەرانەو زەوابتی دیار پەیڕەوکراوە وەك لە یاسای ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان وئەنفالکراوان و ڕێنماییەکانی ئەو یاسایە بە ڕوونی دیاریکراوە.

5- دەربارەی ئەوەی کە نابێت هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان لەلایەن وەزارەتێکی تر کە تایبەتمەندی نەبێت جێ بە جێ بکات، ئەمە چەند حاڵەتێکی پێشوو بووە لە پرۆژە کۆنەکان، بەڵام ئێستا ئەمە چارەسەرکراوەو لە داهاتووشدا دووبارە نابێتەوەو، ئەگەر هەبێت پرۆژەکانی کۆنن و لە قۆناغی کۆتایدان.

دروست کردنی سندووقی بیمەی بێکاری:

حکومەتی هەرێم لەرێگەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتەوە مووچەی مانگانە لە چوارچێوەی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەداتە ئەم چین و توێژانە: کەمئەندام، تالاسیما، نابیستان، نابینایان، کورتەباڵاکان، شیزۆفرینیا، چاودێری خێزان بۆ بێوەژنان، تەڵاقدراوان، ژنانی جێهێشتراو لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە، منداڵی بێ دایك و باوك، ئەو گەورە کچانەی بەخێوکەریان نییە، خێزانی حوکمدراوان لە چاکسازیەکان، ئەو خوێندکارانەی خێزاندارن و مووچەی تریان نییە، بەساڵاچووی پەککەوتە کە هیچ مووچەیەکیان نییەو، بەپێی ئاماری وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی سوودمەندانی چاودێری خێزان 75 هەزار و 154 کەسن بە بودجەی 135 ملیارو 277 ملیۆن دینار ساڵانە سوودمەندن، کەمئەندامانیش بەبڕی 200 ملیار دینار سوودمەندن ساڵانە بۆ 123 هەزارو 858 کەس، هەرچی بیمەی بێکاریشە ئەوا 31 هەزارو 711 کەس سوودمەند دەبن بە بڕی گشتی 28 ملیار و 539 ملیۆن دینار بۆ ماوەی 6 مانگ.

پاڵپشتی دارایی بانقەکان بۆ دوانەکەوتنی مووچەی فەرمانبەرو خانەنشینان:

وەك ئاشکرایە بانکی ناوەندی عێراق زیاتر لە ( 65) ملیار دۆلاری یەدەگی هەیە لە ناو بانك کە بریتییە لە (85٪) ی ئەو پارەیە لە جیاوازی نرخی بەرمیلی نەوت ساڵانە تقدیر دەکرێت بە جیاوازی لە فرۆشتنی نەوت، هەر بۆ نموونە بۆ ساڵی 2013 تەقدیری دۆلار کراوە بەرامبەر دینار بە بڕی (1166) دینار دەفرۆشرێتەوە لە سەرەوەی (1200) دینار, هەرێمی کوردستان داوای کرد بڕیك بە ڕێژەی (5٪) لە یەدەگی بانکی ناوەندیی بدرێتە لقەکانی بانکی ناوەندی عێراق لە هەرێم نەوەك ڕێژەی (17٪) لەبەرامبەر زەمانەتێك بۆ کارئاسانی و کەمکردنەوەی قورسایی دارایی لەسەر وەزارەتی دارایی هەرێم وەك (قەرزی خانووبەرە, کشتوکاڵ, پیشەسازی, پێشینەی هاوسەرگیریی و قەرزەکانی تر وئاسانکارییەکان بۆ

**کەرتی تایبەت و.......هتد)، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئەو ئاسانکارییانە کێشە ڕووبەڕووی وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێم بۆتەوە.**

**خشتەی ژمارە (1)**

| بڕی پارە بە ملیار | | ڕوونکردنەوە | |
|---|---|---|---|
| 2012 | 2013 | | |
| 476 | 651 | داهات لە سەر ئاستی وەزارەتەکان کە پێشنیار کراوە بۆ ساڵی 2012 لە وێنەی هاوپێچ ڕوونکراوەتەوە | |
| 56 | 54 | داهاتی بەنکەکان | جیاوازی لە خەرجییەکان و داهات بە کورتهێنان (العجز) داخڵی بودجە دەکرێت بەپێی پاشکۆی ژمارە (1) / أ لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دیاریکراوە |
| 37 | 32 | داهاتی فرۆکەخانە | |
| 1075 | 1062 | داهاتی سامانە سروشتییەکان | |
| 67 | 42 | داهاتی شارەوانی | |
| 10 | 8 | داهاتی وەزارەتی تەندروستی | بەپێی ماددەی 4 بڕگە 1 و 2 لە پرۆژە قانونی بودجە داهاتیان دەخرێتە سەر بودجەی خۆیان لە حیساباتی خیتامی |
| 182 | 250 | داهاتی وەزارەتی کارەبا | |
| 128 | 130 | داهاتی وەزارەتی ناوخۆ (هاتوچۆ) | |
| 300 | 450 | داهاتی گومرگ و باجەکان بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ڕەوانە دەکرێت لە ساڵی 2012 | |
| 2331 | 2679 | کۆی گشتی | |

**خشتەی ژمارە (2)**

| داهاتی ناوخۆی دەستهاتوو به فیعلی له حساباتی ختامی ساڵی 2011 | | داهاتی ناوخۆیی خەملێندراو بۆ ساڵی 2011 | |
|---|---|---|---|
| بوار | بڕ | بوار | بڕ |
| باجەكان | 559 | ڕەسمی گومرگی | 350 |
| مساهمات اجتماعیه | 80 | داهاتی ناوخۆ/كمارك | 400 |
| ایرادات اخری | 487 | پترو دۆلار | 305 |
| بیع الموجودات | 5 | | |
| كۆی گشتی | 1131 | كۆی گشتی | 1055 |

بەڕێزان، ئەوەی كه خوێندرایەوە دەقی ئەم وەڵامە بوو لەبەرامبەر یاداشتی لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان نوقتەی نیزامیە؟ تكایە (92) كەس قسەی كردووە، ئەگەر ڕێگا بە تۆ بدەم دەبێت ڕێگا بە كۆمەڵ بدەم، لیستی كۆمەڵەی ئیسلامی، ڕێگا بە یەكگرتووی ئیسلامی بدەم، دوایی ڕێگا بدەم بە لیستی كوردستانی، ئێوە (37) سەعات قسەتان كردووەو موناقەشەتان كردووە، برادەری وا هەبووە، خوشكی وا هەبووە (40) دەقیقە، (50) دەقیقە، تا سەعاتێك قسەی كردووە، تەقریرەكەی فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆنیش دەڵێت لەكۆتاییدا ئێمە پێمانوایە بە ڕەچاو كردنی ئەو سەرنج و تێبینیانەو جێ بەجێ كردنی ئەو پێشنیازانەی سەرەوە كە پوختەو كورت كراوەی موداخەلەو قسەی پەرلەمانتارانمانە، تەواو، كە هەمووتان قسەتان كردووە، جارێكی تر پوختەكەشتان گوتۆتەوە، كەواتە تەواو، ئێستا چەند پەرلەمانتارێكی بەڕێز داوای كردووە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت دەستی بەرز بكاتەوە؟ تەنیا دوو كەس دەستی بەرز كردۆتەوە بۆ گەڕانەوەی بۆ حكومەت، زۆر سوپاس، تكایە موداخەلە نەما، ئەگەر ڕێگا بە ئێوە بدەم، دەبێت ڕێگا بە هەموو لیستەكانی تریش بدەم، جارێكی تر دەیڵێمەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (12) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ

لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (54) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ناگەڕێتەوە بۆ حکومەت بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشە کردنی، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، ئایا ئێمە ئینتیقال بکەین بۆ موناقەشە کردنی یاسای بودجە تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا ئینتیقال بکەین بۆ پرۆژە یاسای بودجە، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین تا سەعات (4)ی پاش نیوەڕۆ، تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم کاتەتان باش، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، فەقەرەی ئێستا موناقەشەکردنی یاسای بودجەیە، بۆیە داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، نوێنەریان بفەرموێ بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموون لیژنەی یاسایی مادده بە مادده بیخوێننەوە

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی و ئابووری، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و هیچ لیژنەیەکی تر تێبینی تۆمار نەکردووە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەنووسین، ئەگەر بیانەوێت قسە بکەن، بەڵام وەکو ساڵی پار هەر پەرلەمانتارێك 3 دەقە قسە دەکات، کێ دەیەوێت ناوی بنووسرێت؟ تا ناوی بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کوێستان خان- کاك کاردۆ- کاك عبداللە- کاك ئارام- کاك عبدالقادر- کاك دکتۆر احمد وەرتی- مامۆستا عمر- حاجی بیلال- کاك سالار- پەیام خان- کاك پێشەوا- کاك عبداللە مەلا نوری- پەیمان خان- سیوەیل خان- کاك سەرهەنگ- کاك حەمە سعید- ناسك خان- کاك نەریمان- مامۆستا فەرمان- عظیمة خان-

کاك لقمان- دکتۆر عمر نورەدینی- کاك سمیر) فەرموو کوێستان خان، بەس تکایە لە مەوزوع نەچنە دەرەوە، 3 دەقەش حەقتان هەیە.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەسەر بڕگەی دووەم لە داهاتی ناوخۆ، پێم وایە ئەو داهاتە زۆر کەمەو پێویستە داهاتەکان ئاشکرا بکرێت، بۆ پەرلەمانتاران و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی نەوت، نەوت بە 7 ڕێگا پارە وەردەگیرێت، نەوتی خاو ئەوەی کە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئەم هەفتەیە دەڵێت 5 ساڵە نەوتی خاو دەنێرین بۆ ئێران و تورکیا، شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان، فرۆشتنی نەوت و غاز، بەرهەمە نەوتیەکان، کە من لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتم نووسیوە، سەرۆکی حکومەت دەڵێ ئەمە وەڵامەکەیە دوایی دەکرێت بیخوێنمەوە، دەڵێ ئەو پارەیەی کە لە بەرهەمە نەوتیەکانمان بەدەست هاتووە، لە حیسابی سامانە سروشتیەکان چووەتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی، کەواتە حیسابێك هەیە لە وەزارەتی دارایی بۆ فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان، تکایە با ئەو حیسابەمان بۆ ئاشکرا بکات، پارەکەمان پێ بڵێت، ئەوە قسەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت خۆیەتی، هەروەها پارەی تەرخان کراو لەلایەن کۆمپانیاکانی نەوت بۆ پاراستنی ژینگە، باجەکانی زەوی و باجی دەرامەت، ڕەسمی گومرگ، کە وەردەگیرێت لە کۆمپانیاکان، لە 20٪ پشکی کۆمپانیاکانی کوردستان بۆ دۆزینەوەی بەرهەمە نەوتیەکان، ئەمەش هەر بەپێی گرێبەستەکان هەیە، 3 پاڵاوگەی نەوت هەیە لە بازیان، زاخۆ، خەبات ڕۆژانە 85 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێون، ئەمە داهاتێکی زۆر زۆرە، کە ئێمە پێمان وایە چەند تریلیۆنێك دەکات، پێویستە ئەوە ئاشکرا بکرێت بۆ کۆمەڵانی خەڵك، هەروەها پێویستە داهاتی گومرگەکان ڕوونتر و ئاشکراتر بێت، ئەو پارەیە زۆر زیاترە لەوەی کە لێرە ئیشارەتی پێداوە، داهاتە حەقیقەکەمان پێ بگوترێت، پارەی گەڕاوە بەتایبەتی پارەی پرۆژە گەڕاوە جێبەجێ نەکراوەکانی ساڵی 2012، کە 2 تریلیۆن و 712 ملیار و 596، پێویستە ئەو پارەیەش بێتەوە سەر بودجە، چونکە ئەوە پارەی گەڕاوەیە، پارەی خانەنشین، دەمەوێت لێرە ئەوە باس بکەم کە پارەی بڕینی خانەنشینی لە 7٪ زۆر زۆر لەوە زیاترە، کە لە ڕاپۆرتەکەی حکومەت هات بوو، چونکە بە تەنها ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان، کە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستی خۆماندا هەیە، هی 111 ئەندام پەرلەمان ، ئەوەی بە پلەی وەزیرە لە حکومەت 133، کە هەر یەکێك لەوانە 399 هەزاری لێ دەبڕدرێت، هەروەها بەپێی ڕاپۆرتەکەی خۆیان 1162 پلەی تر هەیە، کە مودیر عام و موستەشار و ئەوانەن، کە ئەوانە ئەگەر مووچەکانیان 2 ملیۆن و نیویش بێت، کە زۆر لەوە زیاتری تێدایە، هەریەکێ لەوانە 185 هەزاری مانگانە لێی دەبڕدرێت، جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر ی جێگری مودیر عام و خەبیر و کۆمەڵێك پلەی تر هەیە کە ئەوانەش بە نزیکی لە 100 هەزار لە 7٪ لێ دەبڕدرێت، پێویستە هەموو ئەو داهاتانە ئاشکرا بکرێن، بۆ کۆمەڵانی خەڵك و بۆ پەرلەمان، دواتر بچینە سەر بابەکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم لیژنەی یاسایی، ئێمە تێبینیمان هەبووە، یەعنی ئەوە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، وانیە کە هەموو ڕەزامەند بووبن لەسەر راپۆرتەکە، دەمەوێت بڵێم پشتیوانی بۆچوونەکانی کوێستان خان دەکەم، سەبارەت بە داهات، داهاتی خەمڵێنراو پێویستە نزیك بێت لە داهاتی فەرمی، بەپێی پێوانەکان دەبێت داهاتی ئەمساڵ زیاتر بێت، ئەگەر تەماشای 2011 بکەین، تەماشای دۆخی ئابووری، گەشەی بازرگانی، گەشەی ئابووری، هەموو ئەوانە پێمان دەڵێ دەبێت داهاتی 2013 زۆر زیاتر بێت لە داهاتی 2011، کەچی بە پێچەوانەوە نیو ئەوەندەی داهاتی 2011یە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سیاسەتی حکومەت لە ئەدای خۆی لاوازە و، نادیاری و ناشەفافیەت لە داهاتەکاندا هەیە، بۆئەوەی قسەکانمان دیاریکراوبێت حکومەت خۆی دەڵێت 2 حیسابم کردووەتەوە، لە حیسابی داهاتی نەوت، دەبێت بۆمان ڕوون بکاتەوە داهاتەکان کەلەو دوو حیسابە چەندن، چۆنن؟ ئەمە خاڵێکیان، خاڵێکی تر بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە نووسی لە رۆژنامەی هەولێر، دەڵێ ئێمە ساڵانە 3 تا 4 تریلیۆن ملیار بۆ سووتەمەنی کارەبا لە داهاتی نەوت خەرج دەکرێت، بەپێچەوانەی راپۆرتی حکومەت، پێمان خۆشە ڕوونکردنەوە لەو هاودژیە کە لە لێدوانەکانیان سەبارەت بە داهات بدەن، جگە لەوەی بەڕێز کوێستان خان باسی کرد، بۆیە پێویستە پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەکانی ، کە پەیوەندی بە خەرجیە، داهاتەکان بە ڕوونی دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش مولاحەزەم لەسەر داهات هەیە، داهاتی هەرێمی کوردستان دەکرێتە 3 بەشەوە، بەشێکی لە بەغدا جێ دەمێنێت و نایێتە کوردستان، کە لە 7٪ دەبێت بە نزیکەی، ئەمەش بەهۆی کەمەڵێك کەموکوڕیەوە، کە پەیوەندیدارە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەهۆی ئەو کەموکوڕیانەی هەم بەهۆی قانونی رەقابەی دیوانی رەقابەی مالی نیە، دەستەی نەزاهە نیە کە رەقابەی مالی بەغدا بێ بە هاوکاری تەدقیقی تێدا بکەن و، پترۆ دۆلار و کۆمەڵێك داهاتی تر بنێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، دووەمینیش داهاتی نەوتە کە لەناو پرۆژەی بودجەدا ئاماژەی پێ ناکرێت، واتە لە 3 بەشی داهات 1 بەشی داهات لەناو پرۆژەدا هەیە، کە لە پرۆژەی بودجەدا ئاماژەی پێکراوە، بۆیە من لەکاتی موناقەشاتیشدا، لە لیژنەی یاسایی لەسەر مەحزەرەکە نووسیومە ئەو داهاتە، داهاتێکی راستەقینە نیە، بۆیە موناقەشەکان، موناقەشاتێکی

**کەموکورتن تا ئەو کاتەی هەموو داهاتی هەرێمی کوردستان، لە پرۆژەی بودجەدا ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەوکاتە حەقی خۆیەتی پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکات، دەنگی لەسەر بدات، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی من دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، مەسەلەی داهاتی نەوتە، کە بەپێی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، کە کۆمەڵێك داهاتی هەیە، بەڵام ئەو داهاتانە پێویستە بخرێنە ئەم خانەوە، مەسەلەی مۆڵکانە، باجە، رسوماتە، هەروەها کۆمەڵەی سندووقی ژینگەیە، هەروەها پارەی فرۆشتنی نەوتە، ئەو ماددەیەش کە هاتووە لە پرۆژە یاساکەدا کە لە حیسابی تایبەت دانراوە، ئەوە نابێتە بەڵگە بۆئەوەی کە ئێمە لەم داهاتە، باس لە داهاتی نەوت نەکەین، چونکە لە یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2010ی وەزارەتی دارایی، باس لەوە دەکات دانانی بنچینە گشتیەکانی بەڕێوەبردن، رێکخستنی دەرامەتی دارایی، ئابووری، واتە دەبێت ئەو حیسابە تایبەتە لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی دارایی بێت و ئاگادار بێت، هەروەها لە ماددە 17ی یاساکەدا، یاسای نەوت و غاز، کارەکانی سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان لەژێرچاودێری پەرلەمان دەبێت، کەواتە دەبێت بزانین ئەو سندووقە چەندی تێدایە؟، رێژەکەشی دیاری بێت، بۆئەوەی لێرە پەرلەمان پەسەندی بکات، هەروەها وەزارەتی داراییش ئاگادار بێت، خاڵی دووەم سەبارەت بە نەفەقاتی حاکیمەیە، کە لە راپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، کە خۆی تەخمینی کردووە بۆئەوەی کە لە 20٪ بۆ لە 50٪ دێت، بەڵام پێویستە تەخمینێك دابنرێت بۆ ئەو نەفەقاتە حاکیمەیە، نابێت ڕاستەوخۆ ڕێژەکە کەم بکرێتەوە، بگوترێت نەفەقاتی حاکیمە ئەمە هیچ ناگات بەدەست حکومەتی هەرێم، بەڵکو دەبێت وەزارەتی دارایی تەخمینێك دابنێ لە داهاتەکانی 2013، چونکە هەمووی هەر تەخمین نیە، ئەوانی تریش بە تەخمین دابنرێ، ئینجا ئەو کاتە بۆئەوەی پەسەند بێ و، داهاتەکان ئەوکاتە بەڕوونی بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عبدالقادر فەرموو.**

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە داهاتی خۆماڵی هەرێم، تەبیعی هەموومان دەزانین ئەو داهاتە 651 ملیار و 114 ملیۆنە، ئەمەش داهاتێکی زۆر کەمە ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ وڵاتانی تر، یەعنی دەبێت ئەو خاڵانە ڕەچاو بکەین بۆ ساڵانی داهاتوودا.یەکەمیان: گرتنەبەری ڕێ و شوێنێکی تازەو پۆزەتیف، بۆ کۆکردنەوەی داهاتی خۆماڵی، چونکە جۆری وەرگرتنی باج و ئوجرەتی کارەباو کرێی ئەو شوێنانەی، کە حکومەت کرێی داون لە دوکان و ئەرازی زراعی و، ئەرازی سناعی و، ڕێگایەکی مونتەزم و ڕاست نیە، بەڵکو شێوەی کۆکردنەوەی ئەم داهاتانە 100٪ پۆزەتیف نیە، دووەمیان: یەعنی دەبێت حکومەتی هەرێم بایەخ بە بواری سیاحە**

بـدات، یـەعنی لـە هـەرێمی کوردسـتان، چـونکە هـەرێمی کوردسـتان جێگایـەکی گونجـاو و شـیاوە بـۆ ئـەم مەبەستە، تەبیعی زۆر لە دەوڵەتانی تریش هەروەکو (لبنان و تورکیا) هەیە، یەعنی بـە سـەراحەت ئەوانـە دەوڵەتێك بەخێو دەکەن لەسەر ئەم داهاتانە، سێیەمیان: بایەخـدان بـە بـواری کشـتوکاڵی و بـەخێو کردنـی ئاژەڵ، یەعنی ئێمە ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا...

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالقادر ئەوە عیلاقەی بەو ماددەیەوە نییە، چاوەکەم، ئـەوە باسـی سیاحەو کشـتوکاڵ و زیـادکردنی ئەوەیە، وەرە سەر مەوزوعەکە تکایە.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئەوەکەم ئەوەندەیە، یەعنی بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم ئەوەندەیە، یەعنی ئێمە دەتوانین داهاتی خۆمـاڵی زیـاد بکـەین، ئەگـەر زیـاتر ئیهتمـام بـدەین بـە کشـتوکاڵ، یـەعنی لـەجیاتی هێنـانی بـەروبوومی کشتوکاڵی، ئێمە دەتوانین کشتوکاڵ و ئەو شتانە خەزن بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم، بە داهاتی خەملێنراو و پاشان داهاتی فیعلـی بـە دەسـت هـاتوو، پێشـتر لـەکاتی موناقەشـەکاندا زۆر قسـەی لەسـەر کـرا، کـە ئـەوە لـە یاسـای بودجـەی پاریشـدا حکومـەت پێشـتر هەنـدێ تەفاسیلی داهاتەکانی بە جیا نارد بوو، بەڵام ئەمساڵ ئـەو تەفاسـیلە بـەو شـێوەیە بـوو لـە چـاو پـار کـە لـە خاڵەکانی باسی کرد بوو، خاڵی سێیەم برِگەی یەکەم لە ماددەکە، کە دەڵێت یەکەم بەشی هەرێم بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادی کۆماری عیراق، بۆ ساڵی دارایی 2013 دەکاتە 14 تریلیۆن و 406 ملیار و 735 ملیۆن دینار، دیارە بەپێی یاسای بودجەی ئیتحادیش ئێستا پەسەند نەکراوە، نرخـی هـەر بـەرمیلێك مەعەدەلەکەی بە 90 دۆلار حیساب کراوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگـەر ئـەم سـیعرە ئـاڵوگۆڕی بەسـەر داهات، ئەم برِە کە بۆ هەرێمی کوردستانیش هەڵبەتە لەسەر ئەوە حیسابە، کە لەسەر ئەو ئەساسە حیساب کراوە، گۆڕانکاری بەسەر دادێت یان گۆڕانکاری بەسەر دانایەت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەكەم كە 3 بڕگەیە، من ئەو پێشنیارانە دەكەم بەپێی ئەو زانیاریانەی كە لەلامانە ئەو داهاتە، سوپاس بۆ خوا داهاتێكی باشە 15 تریلیۆن و ئەوەندە كە لێرە نووسراوە، بەڵام وا دەزانم بەشێ لەم داهاتە دیاری نەكراوە، كە گوایە لەو ماددەیە ئیزافە بكرێت، یەكەم: پارەی ئەو 900 ملیۆن نەوتەی كە لە بڕگەی 3 خۆی ئاماژەی پێ كردووە، 800 ملیۆن دۆلاری داهاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی كە ئێمە قەناعەتمان نەبووە كەوا نەبێت، مەسەلەی ئەو بڕە خەملێنراوەی لە نەفەقاتی حاكیمە كە هەرچەند هەیە، 400 ملیار و نیوی سندووقی خانەنشینی، كە ئەویش هەر (لایزال) ئێمە هەر لێی مەسئولین كە دەبێت ئیزافە بكرێت، جگە لە 2 تریلیۆن دینار پارەی نەگەڕاوەكانی وەزارەتەكان، ئەمە جگە لە داهاتەكانی ناوخۆ، ئەوە بەنیسبەت ئیزافاتەوە وا دەزانم لەو ماددەیە چارەسەر بكرێت، بەنیسبەت حیساباتی داهاتی نەوتەوە ئەو دوو حیسابەی كە بەڕێزانی لە وەزارەت باسیان كرد، من پشتگیری لە ڕای براو خوشكانی پێش خۆم دەكەم، كە پێویستە پەرلەمان لە وردەكاریەكانی ئاگادار بكرێتەوە، بەنیسبەت بڕێكی ترمان كە لەلای حكومەتی عیراقە، من پێشنیار دەكەم كە ئەویش نەچین بەسەریدا، چونكە ئێرە جێگایەتی كە پەرلەمانی كوردستان بڕیارێكی جدی بدات بۆ گێڕانەوەی موستەحەقاتی پێشمەرگەو ئاسایش، ئەو بڕەی مەبەست ئەو 7 تریلیۆنەی كە (لایزال) كەڵەكە بووە لە بەغدا، دەبێت چارەسەرێكی بكەین، پێشنیار دەكەم لە موناقەشەی بودجە لە بڕگەیەكدا ئەوە بكەن بە بڕیارێك، ئیلزامی حكومەت بكەن كە حیسابێكی جدی بۆ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

سەبارەت بە داهات بڕگەی دووەم، پێشەكی پشتیوانی لە ئەو براو خوشكانە دەكەم، كە باسیان لە چەند بابەتێك كرد بەتایبەتی لە داهاتی نەوت، كە ئەو دوو حیسابەی كە حكومەت خۆی دەڵێت 2 حیساب هەیە، بەڵام پارەكەی لێرە هیچ داخیل نەكراوە، داوا دەكەین ئەو حیسابە دیار بێت چەندە؟ بە هەموو وردەكاریەكانیەوە كە كوێستان خان باسی كرد نامەوێت بچمەوە سەری، جگە لەوە بودجەی سیادی و بودجەی حاكیمە، كە بە تەخمینە هیچی بۆ دیاری نەكراوە، پێویستە دیاربێت ئەو تەخمینە چەندە كە دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە لە ساڵی 2013؟ دیارە داهاتە ناوخۆیەكانیش ئەگەر چی شتێكی كەمیان باسكراوە، پێم وایە شتێكی جوزئیە باس كراوە، ئەگەر نا دەبووایە چوون بە هەموو تەخمینێك داهاتی كارەبا زۆر لەوە زیاترە، شارەوانیەكان، وەزارەتی ناوخۆ، هەموو داهاتەكان زۆر لەوە زیاترن و، جگە لەوەش كە دیارە

هەم وەزارەتی دارایی خۆی لە راپۆرتەکەدا ناردوویەتی، لە خشتەی ژمارە 2 لاپەڕە 86 بەڕوونی هەندێك شتی نووسیوە پێچەوانە لەگەڵ یاساکەیە، لەوێدا داهاتەکانی ڕوون کردوەتەوە کە داهاتی بانکەکان 54 ملیارە، داهاتی فرۆکەخانەکان 22 ملیارە داهاتی سامانە سروشتیەکان 1 تریلیۆن و 62 ملیار، داهاتی شارەوانی 42 ملیار، داهاتی وەزارەتی تەندروستی 8 ملیار، داهاتی وەزارەتی کارەبا 250 ملیار، داهاتی وەزارەتی ناوخۆ 130 ملیار، دیارە بە گشتی داهاتی گومرگ و باجەکانیش 650 ملیار، بە گشتی 2 تریلیۆن و 679 ملیار دینارە، بەلاّم لێرەدا تەنها 651 ملیار دیناری داخیل کردووە، پێویستە ئەوە داخیل بکرێت و، ئەوە ڕوون بێت لەلامان کە پێویستە ئەو داهاتانە بخرێنەوە سەر بودجە و، دیار بێت لە بودجەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، لەڕاستیدا ئەم پرسیارەی من سەبارەت بە ماددەی یەکەم پەیوەستە بە مەسەلەی داهاتی ناوخۆیی، لە پرسیارەکانی کاتی خۆی، کە دەرفەتم هەبوو قسە بکەم، وەلاّمم وەرنەگرتووەتەوە، ئایا داهاتی ئەمساڵی ناوخۆیی بە بەراورد بە پار و پێرار بۆ کەم کرا؟ ڕاستە تەخمینییە، ئایا پەیوەستە بەو مەسەلەیەی کە بەشێك لە داهات و ئەو باجانەی لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ لە 50٪ یان دەدرێتەوە، یان ئەسبابی تر هەیە؟ بۆئەوەی وەلاّمێکی موقنیع بدەینەوە، ئەوەی پەیوەندی بە داهاتەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، پێویست دەکات ستراتیجیەکی ئابووری سەربەخۆ دابڕێژرێتەوە، چونکە ئەوەی باس دەکرێت بڕینی موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، ئەگەری زیاتری هەیە، هەرچەندە گوێم لە دەنگێکیش بوو ئەو ئەگەرانە و، ئەو بڕینانە دەخرێنە سەر ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا کە بەو جۆرە نیە لەڕاستیدا ئێمە دەبێت ئەوە بزانین، کە ئێستاکە بە بەرنامە لە پەرلەمانی عیراقەوە کار بۆ بڕینی زیاتر دەکرێت و، جێگای خۆیەتی، سەبارەت بە داهاتی هەرێمی کوردستان دەست خۆشی لە هەموو فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بکرێت، هی کوردستانیەکان کە یەك: توانیویانە ئەم بابەتە بەرگری لێ بکەن، چونکە لە بەرامبەردا شەڕێکی گەورە هەیە و، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا لەڕاستیدا پێویستمان بەوە هەیە کە ئەو ستراتیجیە هەوڵیدا هەموو داهاتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان بێتەوە یەکە جێگا و، دواجار سەرف بێتەوەو دابەش بکرێت بەسەر لایەنەکان، ئەگینا بەم ئالیەتە پێمان وایە ئەم پرۆسەیە لەژێر باری رەخنە ناچێتە دەرەوە، ئەوەی پەیوەندی بە داهاتی نەوتیشەوە هەیە لەڕاستیدا بە حوکمی ئەوەی لەسەر مەسەلەی داهاتی نەوت پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لە هەرێمی کوردستان، لە سێکتەرە جیا جیاکان دەکرێت، بۆئەوەی لەژێر رەقابە و چاودێری پەرلەماندا بێت، حەقە بەشداری پەرلەمانی کوردستان بکرێت لەو داهاتەو، لەو پرۆسەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر داهات، ئەگەر بودجە يەك بەڵگەنامە بێت، دەبێت هەموو داهاتەكان لە يەك بەڵگەنامە جێگای بكرێتەوە، جياكردنەوەی ئەو داهاتانە كە ئەمڕۆ نوێنەری حكومەت وتی داهاتی ئێمە زۆر زيادی كردووە لەچاو 2012، 2013 سەرووی 2 تريلۆنی باس كرد، بەلأم پێم بڵێن بۆچی ئەو داهاتە بە كۆی گشتی داهات بە داهاتی فڕۆكەخانە، بانكەكان، سامانە سروشتيەكان بۆچی وەك داهات دەرج ناكرێت؟ پاشان پێيان بدرێتەوە، ئەمە پرسيارێكيان، دوو: بۆ دياريكردنی داهات ئەو وەزارەتانەی راستەوخۆ سەرفی دەكەنەوە، دياريكردنی داهاتەكان وەك ژمارە، هەروەكو وتتان ئێمە داوا ناكەين بە گونيە پارەكە بێنن لێرە دابنێن، ژمارەكەمان پێ بڵێن داهاتی ئەو وەزارەتانەی كە بۆيان سەرف دەكرێتەوە، حەقە لێرە بە ژمارە دياری بكرێت وەك داهاتی گشتی، بەپێی ياساكە ئەو وەزارەتانە بۆيان خەرج دەكەنەوە پێيان بدرێتەوە، لەبەرئەوە ئەگەر لە بودجە كە يەك بەڵگەنامە بێت، داهاتەكان لە يەك بەڵگە نامە جێی ببێتەوە، بەڕاستی موتەناقزە لەگەڵ معياری بودجە ناگونجێت، داهات لە 3، 4 شوێن دانرابێت، جگە لەوەی ئەو دوو حيسابە تايبەتيەی كە بۆ داهاتی نەوت داندراوە، كە دەبێت بە حيسابێكی مولحەق لە هەندێ شوێنی دونيا حيسابی خاص هەيە، بە حيسابێكی بێتە پەرلەمانی كوردستان، بزانين داهاتی ناوخۆييەكان بە كێ دەدرێ. لەكاتێكدا وەزيری سامانە سروشتيەكان خۆی ئيقرار دەكات لە چاو پێكەوتنی تەلەفزيۆنی، دەڵێ ئێمە نزيكەی 4، 5 ساڵە نەوت دەنێرين بۆ توركيا، بۆ وڵأتانی تر جگە لەوەی كە لەڕێگای سۆمۆوە دەڕوات، بۆيە داهاتی ئەوانەش دەبێت دياری بكرێت لەو دوو حيسابە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەيام خان فەرموو.

**بەڕێز پەيام احمد محمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لێرە پرسيام هەيە بۆ هەردوو ليژنەو لەگەڵ وەزارەت، پرسيارەكەم ئەوەيە بۆ تاوەكو ئێستا ئێمە قانونی (بلود) بەكاردەهێنين لە هەرێمی كوردستاندا، كە وەكو دەزانين حكومەتی فيدرال قانونی (الادارة المالية) هی عامی ژمارە 94، 2004 پەيڕەو دەكرێت بۆ رێكخستنی پرۆسەی ژمێرياری لە عيراق بە گشتی و لە هەرێميش، دواتر ئەو قانونە چاودێريەكی باش دەكات لەڕووی داهاتە ناوخۆييەكان و دەرەكيەكان، هەروەها سنوورێك دادەنێت بۆ وەزارەتی دارايی و ڕێ نيشاندەرێكی باشە بۆ موازەنەی عامە، ئەم ياسايە بەكاردەهێنرێت بۆ پاراستنی ديارە هەموو سامانی گشتی و تەرشيد كردن و خەرج كردنی و، سنوورێك دادەنێن بۆ خروقاتەكان، پرسياری من ئەوەيە بۆ تاوەكو ئێستا ئەو ياسايە بەكاردەهێنين؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبينی من بەنيسبەت دووەم لە ماددەی يەكەم ئەوەيە، كە جگە لە داهاتی ناوخۆ 851 مليار كە داتان ناوە داهاتێكی تر هەيە هەروەكو بەڵگەيەكی بەڕێز بريكاری وەزير، ئەوەی كە داهاتێكی تريش ئەو داهاتە وەرگرتنی پارەيە بەبێ پسوولە لە خەڵك، ئێستا خۆمان دەزانين لە كوردستان كارتی وەرگرتنی بەنزين دروست دەكرێت بۆ ئوتومبێلەكان، بەگشتی هەموو ساڵێك دووبارە بووەتەوە، كە ئەمە بەڵگەيە بۆئەوەی كە بيخەنە ڕوو كە بەبێ پسوولە پارە لە خەڵك وەرناگرێت، ئەو داهاتە دەچێتە كوێ؟، ئێوە ئاگادارن؟ ئەگەر ئاگادارن بۆ ئاماژەی پێنەدراوە؟ ئەمە يەك، بەنيسبەت راپۆرتەكەشتان لە داهاتی نەوت لاپەڕە 45 ليژنەی دارايی و ئابووری باستان لەوە كرد، كە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ كاروباری نەوت و گاز بەپێی ژمارە 22، ساڵی 2007 بڕياری داوە كە دوو حيسابی جياواز كراو لە وەزارەتی دارايی و ئابووری، بۆ فرۆشتنی بەرهەمە نەوتيەكان و بەخشيشی گرێبەستە نەوتيەكان، من لە ئێوە دەپرسم ئەگەر ئەو دوو حيسابە لەڕووی ئەوە كراوەتەوە سەر بە وەزارەتی دارايی و ئابووريە، پێمان بڵێن چەندی تێدايە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی يەكەم لە 3 بڕگە پێك هاتووە، برادەران باسی سەرچاوەكانی نەوتيان كرد، من تەنها دەمەوێت پێشنيازێكی عەمەلی بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان و ئومێد دەكەم كاری لەسەر بكرێت، لە بڕگەی 30 ماددەی يەكی ياسای نەوت و گاز، جۆرەكانی داهاتی نەوت دەست نيشان كراوە، من پێشنياز دەكەم بڕگەی چوارەم بۆ ئەم ماددەيە زياد بكرێت بەم شێوەيە، بڕگەی چوارەم ( هەموو ئەو داهاتانەی نەوت و گاز كە بەپێی بڕگەی 30 لە ماددەی يەكی ياسای نەوت و گازی هەرێم ژمارە 22 ساڵی 2007، تا ئێستا وەرگيراوە لە ماوەی 30 رۆژدا بە ليستێك ڕەوانەی پەرلەمان دەكرێت)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پەيمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەيمان عزالدين عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە لە كۆی گفتوگۆكانی ئەو چەند رۆژەی پێشوو لەسەر داهات، گريمانەيەك دابنێين ئەو قسانەی كە هاوڕێيانيشم پێشتر باسيان كرد، ئەو داهاتانەی تر بابڵێين قسەی لەسەر نەكراوە و، ئێمە بە تەنها قسە

لەسەر ئەو داهاتە دەکەین، کە حکومەت بۆی ناردووین، هەر بۆ خۆی پرۆژە یاساکە لەگەڵ ڕوونکردنـەوەی ڕاپۆرتی حکومەت لەگەڵ دواتر ئەو وەڵامانەی حکومەت، کە لە وەزارەتی دارایـی پێمـان گەیشتووە بۆخـۆی دەمان خاتە گومانەوە، لەوەی کە ئیقراری ئـەو ماددەیـە بکـەین وەکـو ئـەوەی کـە هـاتووە بـۆ؟ لەبەرئـەوەی بەپێی پرۆژە یاساکە کۆی داهاتە ناوخۆییەکان بە نەوت و گاز و، با بڵێین بە دووەم و سێیەمیشەوە دەکاتـە 851 ملیـار و 114 ملیـۆن، لەکاتێکـدا کـە هـەر لـە لاپـەڕە 29 وەڵامـەکانی حکومەتـدا وەڵامـی ئەنـدامانی پەرلەمان کە هاتووەتەوە، داهاتە ناوخۆییەکان کە نەوت و گاز و با بڵێین داهاتی سەرچاوە سروشـتیەکان و هی سامانە سروشتیەکانیشی تێدایە، بە 2 تریلیۆن و 679 ملیار خەملێنراوە، یەعنی هـەر بـۆ خـۆی لێـرە ئەم گومانە چۆن ئەندامانی پەرلەمان بگەنە قەناعەت، لەنێوان دوو رەقەمدا، کە هەردووکی هی حکومـەت بـووە بـە ئێمـەی پێشکەش کـردووە؟، یـەکێکی لـەپرۆژە یاسـاکەدایە و یـەکێکی لـەو وەڵامانـەی کـە وەڵامـی ئەندامانی پەرلەمان دراوەتەوە، کە جیاوازیەکی ئێجگار زۆر هەیە لەنێوان ئـەو دوو رەقەمـەدا، ئێمـە چـۆن تەسدیقی ئەوە بکەین لەکاتێکدا کە لە وەڵامەکاندا رەقەمێکی ترمان دەست کەوتووە؟، جگـە لـەوەی ئـەوەی کە گومانی زیاتر بۆ ئێمە دروسـت دەکـات وامـان لـێ دەکـات نـەتوانین بەچـاو ڕوونیـەوە دەنـگ لەسـەر ئـەو ماددەیە بدەین، ئەوەیە لەلاپەڕە 13 وەڵامەکانی حکومەتـدا، لـە وەڵامێکـی پرسـیارێکی لیژنـەی دارایـی کـە دەڵێت ئەوەی تێبینی دەکرێت ڕێژەی داهاتی خەملێنراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بریتیە لە 8,4٪، کە ڕێژەیەکی نزمە بەرامبەر کارو چالاکیەکانی وەزارەتی ناوبراو، بۆیـە داوا لـە بـەڕێز نوێنـەری حکومـەت دەکەین، کە ڕوونکردنەوە بدات، وەڵامی حکومەت بە تەنها ئەوەیە ڕاستە و لەجێیە، کەواتە حکومەت خۆی گومانی هەیە لەوەی کە داهاتی سەرچاوەی سامانە سروشتیەکان داهاتێکی کەمە و، نابێت بـەو جـۆرە بێـت، بۆیە بەڕای من هەتا ئێمە دڵنیایی تەواو دەکەین، پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە هەڵپەسێرێت بە موعەلـەقی بمێنێتەوە، هەتا کۆی داهاتەکان دەخرێتە بەردەمی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەوەتەی ئەو خولەی پەرلەمان، کە چوارەم جارە موناقەشەی بودجە دەکەین، کە موناقەشە دەکەین سـاڵانە ساڵ بە ساڵ میزانیە زیاد دەکات، کەچی ساڵ بە ساڵیش دەبینین داهات کـەم دەکـاتن وەکـو خـۆی، حەقوایـە ئەگەر بە موعادەلە لێکی بدەیەوە تەردی و عەکسیە، بۆ خۆی کە بودجە زیاد دەکات داهاتیش زیاد دەکات، چونکە داهات ساڵ بە ساڵی شت گران دەبێت (کرێی دوکان و بازاڕ و پێشانگا و ...هتد)، کەچی دەبینین ئەو ساڵ داهاتەکە کەمە لە چاو ساڵانی پێشووتر، جگە لەوە داهات هەیە بۆ نموونە هەندێك لـە وەزارەت هەیـە دەڵێ من داهاتم ئەوەندەیە، کەچی وەزارەتی دارایی دەڵێ نەخێر داهاتەکەت ئەوەندەیـە، 2، 3 وەزارەت بـە نموونە دەڵێم شارەوانی دەڵێ داهاتم 300 ملیۆنە، کەچی دارایی دەڵێ 400 ملیۆنە، هـەر دارایـی بـۆ خـۆی

دەڵێ داهاتم 260 ملیار و با بڵێین چەند ملیۆنێکە، هەر بۆ خۆشی دەڵێ 270 ملیارە، دوایی جگە لەوەی ئەنجومەنی وەزیران، سامانی سروشتی، گواستنەوە و گەیاندن، داهاتەکانیان دارایی فەرقی دەکات، کەچی کە دەیخەملێنن داهاتەکان زۆر جیاوازی هەیە، جگە لەوە باس لە داهاتی نەوت و کارەبا و وەزارەتی ناوخۆ، کە داهاتێکی ئێجگار زۆری هەیە، سنووری ئەوانە باس ناکەم، لەبەرئەوەی پشتگیری لە قسەکانی هاوکارانم دەکەم کوێستان خان، کاك کاردۆ، کاك عمر و ئەوانە، جگە لەوە تازە کاك پێشەوا باسی لە داهات کرد کە بەبێ وەسڵ پارە وەردەگیرێت، منیش نموونەیەکی با بێنم لە زیندانیانی سیاسی بۆ خۆم لەوێ بووم، پارەیان لە زیندانیانی سیاسی وەردەگرت، بەڵام هیچ وەسڵەکیان نەدەدانەوە، لێشم پرسین وتم ئەو پارەیەی زیندانیانی سیاسی وەردەگرن، ئەو پارەیە هی ئەوەی نیە بڵێن هەویەکی پێ دروست دەکەین، وتیان ئێمە نازانین ڕەوانەی دەکەین و نازانین چی لێ دێت ئەو پارەیە و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، من پشتیوانی قسەی هاوکارانم دەکەم لەسەر مەسەلەی داهاتی نەوت، پێویستە داهاتی نەوت بە ڕوونی و بە شەفافی لێرە دیاری بکرێت بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە لەبەر دەستی ئێمە دا هەیە، ئەوەیە کە 651 ملیار و 814 ملیۆن دینار وەکو داهاتی ناوخۆ دێتە ناو سندووقی داهاتەوە، ئەوەی تر کە باس دەکرێت مەسەلەی 2 تریلیۆن و ئەوانە کە دەکرێت بە خەرجی، ئەوە قسەیەکی موقنیع نیە بەڕاستی بۆ ئێمە، مەسەلەی داهاتە خاڵە سنووریەکان، تەبریرێك دەهێننەوە کە داهاتی خاڵە سنووریەکان بە تەواوی ئاشکرا ناکرێت بۆ بەغدا، بۆئەوەی ناتانەوێت هەمووی بنێرن، ئەوەی کە دەینێرن چەندە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە چەندە؟ مەوزوعێکی تر هەیە مەسەلەی داهاتی گەیاندنە لە دونیا، من باسیشم کرد داهاتی گەیاندن دوای داهاتی نەوت دێت، داهاتی گەیاندن هی کۆمپانیاکانی گەیاندن چەندە لەناو هەرێمی کوردستان؟ حکومەت لەگەڵ هەندێك کۆمپانیا شەراکەتی هەیە، بەشی هەیە، ئەو بەشانە چەندە؟ بۆ خراپ تەعامول لەگەڵ گەیاندن کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داهاتی نەوت هەر بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی خۆی پێش 20 ڕۆژ ڕایگەیاند، کە ئەمساڵ تریلیۆنێك و 131 ملیار داهاتی نەوتیان بە نووسراوێکی سەربەخۆ ناردووە بۆ پەرلەمان و، ئەوە ناچێتە ناو بودجەوە، ئەو داهاتە چۆنە ئایا نێردراوە بۆ پەرلەمان و سەرفەکەی چۆنە؟ ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریش ژوورەکانی تری داهاتی نەوت، شیرینی گرێبەستەکان لە ساڵی 2009 ، 5 ملیار بوو ملیارێکی خەرج کراوە، 4 ملیۆنە دۆلارەکەی تری چی لێ هاتووە، گرێبەستەکانی دوای ساڵی (2009)ش بڕەکەی چەندە؟ خاڵێکی تر باجی شەریکات بەپێی ئەو یاسای نەوت و غازە شەریکات باج دەدەن، باجەکە چەندە؟ هەروەها شەریکات پارە دەدەن بۆ ژینگە و، فرۆشتنی نەوت بەپێی ڕاپۆرتی حکومەت بۆ یاداشتەکەی ئۆپۆزسیۆن خۆیان دەڵێن تەنها ئەو نەوتە دەفرۆشین، کە بۆ سووتەمەنی کارەبا، سووتەمەنی بۆ کارگەکان، پشتیوانی کەرتی تایبەت، دابین کردنی نەوتی سپی، بەنزین بۆ بەکارهێنانی هاووڵاتیان، ئەوەیان فرۆشتووە، ئەوە پارەکەی چەندە زەحمەت نەبێت؟ بۆیە پێشنیار دەکەم فەقەرەیەك زیاد بکرێت، خاڵێکی تر داهاتە سنووریەکان، کە خۆیان دەڵێن تا ساڵی 2011 تریلیۆنێك و 960 ئەوەندەیان داوە بە حکومەت، کەواتە لە 17٪یان بۆ خۆمان هێشتووەتەوە ئەوە هی 83٪ دایانە بە حکومەت، ئەو لە 17٪ ، 333 ملیار دینار و 200 ملیۆنەکە چۆنەو بۆ داخل نەکراوە؟ خاڵێکی تر قەرزە گەڕاوەکانی پێشینەکان، کە چەندین جار باس دەکرێن دەڵێن بەڵێ هەیە، مەبلەغی چەندە؟ خاڵێکی تر پارەی خەرج نەکراوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەڕێز سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت پێش 10 ڕۆژ لەمەو پێش ڕایگەیاند وتی پارەی پرۆژەی وەبەرهێنان خەرج نەکراوە، ئەمساڵ خەرجی دەکەین چەندە؟ کە 2 تریلیۆن و 375 ملیۆن دینارە، داهاتی خانەنشینی کە لە لاپەڕە شەشی خۆیان دەڵێن داهاتی خانەنشینی 486 ملیارە بۆ داخل ناکرێت، بۆ باسی ناکرێت؟ پارەی سووتەمەنی کارەبا کە حکومەت دەیدات پارەکە دەدات، خۆ دەبێت بە داهات بە سەرێکی تر بۆ حکومەت، کە هەر ئەمساڵ 606یان لە بەغدا وەرگرتووە، 400 خۆشیان سەرفیان کردووە ئەوە ملیارێك و، ساڵانە نزیکەی 3 تریلیۆنیان سەرف کردووە، زەحمەت نەبێت ئەوە بۆ نابێت بە داهات و سەرفی ناکەن؟ بۆیە پێشنیار دەکەم دوو بڕگە زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، بڕگەیەکیان بۆ داهاتی نەوت، بڕگەیەکیان بۆ داهاتەکانی ئەو جۆرە داهاتانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بسم الله الرحمن الرحیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی خوشك و برایانی پێش خۆم دەکەم، بەتایبەتی ئەو وردەکاریەی خرایە ڕوو لە مەسەلەی سەرچاوەکانی داهاتی نەوت، کە 9 بابە، بەڕاستی من پێم وایە ئەم دوو ڕەقەمە حیسابیە بە وازحی دیار بێت لێرە، ئێمە لە مانگی 10 نوسخەیەك یان با بڵێین ئەم نووسراوە هاتە لیژنەکە بە

تریلیۆنێك و 132 ملیار دۆلار هاتە ناو پەرلەمان، هی سەرفیاتی نەوت، یەکێك لەو بابانەی کە بۆی خەرج کردووە، ئەو نەوتە خۆڕاییە کە دراوە بە هاوولاّتی، 252 ملیاری سەرف کردووە بۆ ئەو بەرمیلە نەوتە، کە زۆر کەس دەڵێن چەورەو خراپە، هەر بەرمیلێکی نەوت 280 هەزاری کەوتووە لەسەر هاوولاّتی، یەعنی لەبەرئەوە پێویست دەکات ئەم داهاتەی نەوت هەمووی بێتە ئەو پەرلەمانە، دوایی ئەو وجهەتەشی کە بۆی سەرف دەکرێت لێرە ئیقراری بکەین لەچی خەرج دەکرێت، حکومەت پاساوەکەی بۆ ئەوەیە کە نایهێنێتە ناو پەرلەمان و وازح نایخاتە بەردەستمان، لەبەر خاتری ناوەندە قەیناکە با کۆبوونەوەیەکی نهێنی پەرلەمان خاص بێت بۆ داهاتی نەوت، هەمووی بێتە ئەو پەرلەمانە و بە وازحی سەرف بکرێت، دواتریش بخرێتە ناو خەرجیەکان، بۆئەوەی ئێمە بزانین داهاتەکان لە کوێیە و لەچی خەرج دەکرێت؟، سەبارەت بەوەی  کە لە وەڵامەکانی ئەمرۆ، کە راپۆرت خوێندرایەوە ئەو وەڵامانەی کە حکومەت دایەوە، دەڵێت وانیە کە ئێمە دەڵێین داهات کەم دەکات، بیلفیعل دەڵێت داهاتی 2013 زیادی کردووە بووە بە 2 تریلیۆن و 679 ملیار دیناری ناوخۆ، بەلاّم 650 ملیاری نووسراوە لەناو ئەم پرۆژە یاسایە، بۆئەوی تری 450 ملیاری گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا، بەلاّم 1 تریلیۆن و 6 ملیاری دەمێنێتەوە، یەعنی ئەم تریلیۆنە و 600 ملیارە، دیسان سەرف بووەتەوە لەناو وەزارەتەکاندا، ئایا ئێوە دەزانن 4 تریلیۆن و 495 ملیار سەرف دەکرێت بۆ (غیر تعویضات الموظفین)، چونکە 7 تریلیۆن و ئەوەندە دانراوە بۆ (تعویضات الموظفین) یەعنی ئێمە نزیکەی 6 تریلیۆن دینارلەم هەرێمەدا سەرف دەکرێت، بۆ ئەو بابانەی وەکو (مصاریف اخری، اعانة) ئایا ئەوە هی ئەوە نیە موراجەعەی بکەینەوە، ئەم داهاتانە ئەم 1 تریلیۆن و 600 باسی ئەوە ناکەم کە چووە بۆ بەغدا، چونکە بەڕاستی جەدوەلەکە وازحە بیلفیعل داهاتی 2013 زیادی کردووە، ئەوەی لەبەردەستی ئێمە هەیە بۆیە کەمی کردووە ئەوەندە دانەنراوە، 251 داندراوە ئەوە کەمی کردووە، بەس ئەوەی کە حکومەت وەڵامی داوەتەوە دەڵێت 2 تریلیۆن و ئەوەندە، دەبێت ئەوە داخل بکرێت بیلفیعل داهاتی 2013 زیاد دەکات، بەلاّم بۆ داخل ناکرێت؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر یاسایەك کە پێشنیار دەکرێت لە هەر وڵاتێکدا، دیارە بۆ چارەسەر کردنی بابەتێکە بۆ ڕوون کردنەوەیەتی، بۆ دانانی ڕێ و شوێنەکانیەتی، بۆئەوەی بە ڕوونی چارەسەرەکان بدۆزێتەوە، ئەم پرۆژە یاسایەش کە هاتووەتە پەرلەمان دیارە بەڕاستی دەبێت بەو شێوەیە بێت، لەبەرئەوە تەعامول کردنە لەگەڵ ژمارە، ژمارەش دەبێت ڕوون بێت لەوەی کە بەدەست دێت، لەوەی کە خەرج دەکرێت، لەشێوەی بەکارهێنانەکەشی، بۆیە بەڕاستی برگەی یەك باس لە داهاتەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان، کە ئێمە یاسای بۆ دادەنێین، پێویستە زۆر بە ڕوونی و بە شەفافیەت ئاماژە بدات بە هەموو

ژمارەکـان، ئەگـەر ئـەو ژمارانـە بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان سـەرف دەکرێتـەوە بـۆ کـەرتێك لـە کەرتـەکان، سێکتەرێك لە سێکتەرەکان، دەبێت لە بەردەمی پەرلەماندا ڕوونکردنەوەی لەسەر بدرێت و، دیـاری بکرێـت بۆ نموونە ئەو ڕێژەیەی کە داندراوە بۆ داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی بە قەناعەتی من زۆر زۆر کەمە، کە 651 ملیار داندراوە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە بودجەی ساڵی پار، بە داهاتی ساڵی پار، بە نیـوە دێتەوە و، ئەو داهاتانەش کە باس کراوە لێرە لە وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بـۆ داهاتـەکان، دانـی نا بەوەی کە 2 تریلیۆن و 679 ملیارە، نەك ئەو ژمارەیەی کـە هـاتووە، مـن دەپرسـم ئـەو یاسایە، یاسـاش دەبێت زۆر ڕوون بێت، چۆن دێتـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان، چـۆنیش خـەرج دەکرێـت؟ باشـە بۆچـی ئێمـە ئاماژە بە 651 دەدەین، هەروەها لە بابەتی خانەنشین و ئەو پارەیەی کە دەگەڕێتەوە، دانیان نا بەوەی کـە 484 ملیارە لەکاتێکدا لێرەدا نەنێردراوەتەوە، هەروەها لە پترۆ دۆلار بەرێزان تەنها نەوت نیە، بەڵکو گازی سروشتیش دەگرێتەوە کە 150 مەتر موکەعەب، دۆلارێکی بۆ هـەرێمی کوردسـتانە بەداخـەوە بـۆ ئامـاژەی پێ نەکراوە؟ من لێرەدا پشتگیری لە عبداللە ی مەلا نوری دەکەم، بۆ ئیزافە کردنی ئەو برگەیەی کـە باسـی کرد لە داهاتەکانی نەوت، کە لەماوەیەکـدا بێتـە پەرلـەمانی کوردسـتان، مـن داوای زیـاد کردنـی بڕگەیـەکی تریش دەکەم، بۆئەوەی بیکەین بە بڕگەی پێنجەم، هەموو داهـاتی وەزارەتـەکان پێویسـتە بێتـە پەرلـەمانی کوردسـتان، لـە ڕێگـای پەرلـەمانی کوردسـتانەوە بگەڕێتـەوە و، جـارێکی تـر خـەرج بکرێتـەوە بـۆ ئـەو وەزارەتانەی کە داهاتیان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بودجەی ساڵی 2012 لەبـەر مـاوە کـەمی یـان هـەر هۆکـارێکی تـر بێـت، نـەتوانرا ئـەو پارەیـەی کـە تەرخان کرا بوو بۆ چالاکیە ئابووریەکان و، پرۆژەکانی وەبەرهێنان خەرج نەکران، بەڵام لە بودجەی سـاڵی 2013 بـە هـیچ شـێوەیەك ئیشارە و ئامـاژە بـەو بـڕە پارەیـە نـەکراوە، کـە لـە بودجـەی 2013 ماوەتـەوە بەشێوەی (رصيد المدور)، ئایا ئەو پارەیە چی بەسـەر هـات؟ خـاڵێکی تـر داهاتـەکانی نـاوخۆ دیـارە زۆربـەی بـرادەران و هاوکـارن باسـیان کـرد، بەڕاسـتی زۆر کەمــە و بەشـێوەیەکی زۆر ناشـەفافە، دیـارە هـەرێمی کوردستان پشت بەو داهاتە دەبەستێت کە لە بەغداوە بۆی دێت، بەڕاسـتی ئەگـەر هـەرێمی کوردسـتان بـەو شێوەیەش بودجەی ناوخۆ، نازانم چ وشەیەك بەکاربێنم بەو شێوەیە کۆبکرێتەوە، ناشەفاف بێت و نیوە بە نیوەی دیار نەبێت، لە دوو راپۆرتی حکومەتی کوردستانەوە ئەوە هاتووە 3 بە 1 پارەکە کـەمترە، بەڕاسـتی ئەوەش دیارە دڵە ڕاوکـێ لای خـەڵك دروسـت دەکـات، ئەگـەر هـاتو بـە هـەر هۆکارێـك بێـت، ئێمـە ئـەو بـڕە بودجەی کە لە بەغداوە بۆمان دێت، جۆرێك لە جۆرەکان کێشەی تێدا بکەوێت، دیارە ئێمـە لێـرەدا تووشـی

قەیرانێکی ئابووری دێین، هەروەها پشتیوانی لە هاوکارم کاك عبداللە ی مەلا نوری دەکەم، بۆئەوەی لە ماوەی 1 مانگدا داهاتی نەوت بە لیستێك بهێندرێتە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من یەك قسە و یەك پرسیارم هەیە، سەبارەت بە داهات، چونکە داهاتی هەرێمی کوردستان نەك تەنها ئۆپۆزسیۆن لێی بەرپرسیار بێت، کە داوای ئاشکرا کردنی ئەو داهاتە دەکەین، کە نادیارە لە حیسابێکی تایبەتیە و، ئەنجومەنی باڵای هەرێمی بۆ کاروباری نەوت، تا ئێستا ئەو برە پارەیەی ئاشکرا نەکردووە، من لێرە پرسیارێك ئاراستەی وەزیری دارایی دەکەم، کە ئەندامی ئەو بۆردەیە، ئەو ئەنجومەن باڵایەیە، بۆئەوەی کە داهاتی نەوت بەشێوەیەکی شەفافانە و ئاشکرا بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی و ئاشکرا، هیچ گومانێك نەمێنێت لەسەر داهاتی نەوت، من لێرە داوا دەکەم ئەو داهاتەی کە نادیارە لە حیسابی تایبەتی دایە بە بڕێك پارەی دیاریکراو نایاسایی لە دەرەوەی پەرلەمان، بۆئەوەی کە ئەم بەرپرسیاریەتیە گەورە، ئەخلاقی و نیشتمانی و ویژدانیە لای هەموومان جێگیربێت، بۆیە من داوای ئاشکرا کردنی ئەو حیسابە تایبەتە دەکەم، بەشێوەیەکی یاسایی بۆئەوەی دەنگ بە داهاتی هەرێمی کوردستان بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە سەرنج و تێبینی هاوڕێیانم دەکەم، منیش هەروەها تێبینیم لەسەر داهاتی ناوخۆ هەیە، داهاتی ناوخۆ کە بڕەکەی زۆر کەم نووسراوە لێرەدا، 651 ملیار و 114 ملیۆن دینارە، ئەمەش بەڕاستی بڕێکی کەمە، داهاتی تەندروستی، داهاتی کارەبا، داهاتی گومرگەکان و، لە هەمووشیان گرینگتر داهاتی نەوت، کە چەندە سێکتەرێکی گرینگە، بەڵام زۆر تاریك و ناڕوونە، ناکرێت لە بودجەدا داهاتی نەوت دیار نەبێت، هاووڵاتیان بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمان هیچ ئاگایان لێ نەبێت، دەبێت هەموو داهاتێکیش بخرێتە بودجەوە، بەڕای من نابێت لە بودجەدا دیار نەکرێت و یەکسەر سەرف بکرێت، لە وەڵامی ئەمڕۆی حکومەتدا گوێمان لەوە بوو، کە داهاتی هەرێم 2 تریلیۆن زیاترە، بەڵام ئەی بۆ لە بودجەدا دیاری ناکرێت و ناشەفافە بەڕاستی؟ هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك عبداللە ی مەلا نوری دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە قسە و باس زۆر لەسەر ئەو برگەیەی کە پەیوەندی بە داهاتی ناوخۆییەوە هەیە، کرا، لەڕاستیدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ راپۆرتی وەزارەتی دارایی لاپەڕە 86، لەوێ بە خشتەیەك هەموو داهاتی ناوخۆییان ڕوون کردووەتەوە، هەروەها لە وەڵامی خۆیان بۆئەوەی کە ئەمڕۆ پێشکەشیان کرد، حکومەت دیسان لەوێ خشتەیەکیان نیشان داوە، لەوێشدا ئاماژە بەوە دراوە کە داهاتەکە 2 تریلیۆن و 679 ملیار و ئیتر ئەوەندەیە، بەڵام سەیری یاساکە دەکەین مەسەلەن بەشێوەیەکی تر 651 ملیارە ئەوە بۆ؟ ئەمە لەم داهاتی ناوخۆیە کە بە ڕوون و ئاشکرایی لە راپۆرتی حکومەتدا بەشێوەی خشتە نیشان دراو، نەشهێنراوەتەوە، بەشێکی ئەم داهاتە بۆ وەزارەتەکان و موئەسەسات خۆی سەرف دەبێتەوە، کەواتە نایێتە ناو گەنجینەی گشتی داهاتەوە، کە دیسان جارێکی تر حکومەت بەسەر وەزارەتەکان، بیکاتە خەرجی و بیکاتە پرۆژەی وەبەرهێنان، لەوە تەنها 651 ملیاری دێتە ناو گەنجینەی گشتیەوە، ئەوەکەی تر خەرج دەکرێتەوە بۆ وەزارەتەکان، بۆیە لەڕووی فەنیەوە بەمشێوەیە ئامادە دەکرێت، بەمشێوەیە نیشان دەدرێت، لەڕاستیدا نەشهێنراوەتەوە، حکومەت خستوویەتە ڕوو، سەبارەت بە داهاتی نەوت، حکومەتی هەرێم پرۆژەیەکی ناردووە، ئەوەی تایبەتە بە یاسای سندووقی داهاتە نەوتیەکان، بۆئەوەی ڕێکخستنی قانونیانە بۆ پرسی داهاتی نەوت بکرێت، پێشنیار دەکەین کە لەناو یاسای بودجەدا دەقێك بێت، کە پەرلەمانی کوردستان لە فەسڵی تەشریعی تازەی خۆیدا ئەم قانونە دەردەکات، ئەم ڕێکخستنە بەوشێوەیە ڕێك دەخرێت، پێشنیارێکی ترم ماوە سەبارەت بە مەسەلەی ئەو داهاتەی کە لە بەغدا هەیە، بەڕێز مامۆستا عمر عبدالعزیز ئاماژەی پێدا، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو ماددەیەی کە لە بودجەی ساڵی ڕابردوودا ئێمە لەناو یاسادا هێنابوومان، کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە هەموو ڕێکارە یاسایی و دەستووریەکان بگرێتە بەر، بۆ وەرگرتنەوەی ئەم داهاتە جارێکی تر لەناو قانونی بودجەی ئەمساڵ دابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو حکومەت و وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری، کە یەکەمجار بودجەمان ڕەوانە کرد، زۆر بە تەفسیل و زۆر بە شەفافانە باسی هەموو داهات و خەرجیەکانمان کردووە، لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و، دوای ئەوەی کە لیژنەی دارایی پرسیاری کرد و لیژنەکان پرسیاریان کردو، وەڵامی پەرلەمانتارانمان دایەوە بە هەمان شێوە ئەو تەوزیحانەمان دا، جارێکی تر بەتایبەتی لەسەر داهات موزەکەرەیەك تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، ناردرا بۆ حکومەت و، حکومەت ئەمڕۆکە وەڵامی

دایەوە و، بە تەفسیل باسی ئەو هەموو داهاتانەی کردووە، کە چۆن و لە کوێ وەردەگیرێت، بەنیسبەتی داهاتەوە من تکام وایە ئەم مەوزوعەم شەرح کرد، ئێوە حیساباتی خیتامی رەبت دەکەن 2011 بە ئێستاوە، حیساباتی خیتامی هی 2011 داهاتەکەی تەوزیحم دا، براکانم، خوشکەکانم ئەو پارەیەی کە ئێمە بە داهات وەرمان گرتووە، بە فیعلی تەحەقوقی کردووە لەناو حیساباتی خیتامی 2011، بەشی گومرگەکان کە 705 ملیار دینارە لە 2012 لێمانیان بڕیوە، ئەگەر ئەوە دەربکەی دەبینی هەموو ژمارەکان تەقدیری لەگەڵ فیعلی، دەبینن نزیکن لە یەکترەوە و، دوور نین، ئێمە بە تەفسیل بە دوو جەدوەلیش داومانە لەناو تەقریرەکانی خۆماندا، کەوا داهاتەکان زیادی کردووە ساڵانە، نەك کەمی کردووە، تکام وایە ئەو مەوزوعە ئەگەر یەکێك بڕوای بەوە نیە کە پارەکە بردراوە، خۆ زۆر ئاسانە موجەڕەد لەلای خۆتەوە ئیمێلێك بکەن بۆ وەزارەتی مالیەی عیراقی، بڵێن لە 2012 ئەو پارەی گومرکتان بڕیوە بە مەقاسە یان نا؟، ئەو وەختە دەردەکەوێت کە حکومەت ڕاست دەکات یان نا؟ من پێم سەیرە بەعزێك جار سێیەمین جار و، چوارەمین جار هەتا من ئەو مەوزوعەم لەگەڵ بەڕێزتان شیکردەوە، پێتانم وت موناقەشەکانیش چۆن بوون، خوشك و برایە ئازیزەکانم یەعنی بەڕاستی ئەوە حەقیقەتە، ئەگەر حەقیقەت نەبێت من لێرەوە مەسئولیەتی قسەکەی خۆم هەڵدەگرم، کە ئێستا لێرەدا دەیکەم، بۆیە دەبینی ئەو جەداویلانەی کە تەقدیمان کردووە و، مەوجودە ئێستاکە لەلاتان دەبینی ساڵانە زیادی کردووە، پار ساڵ 476 ملیار دینار بووە، ئەمساڵەکە 651 ملیار دینارە، ئەمەش موقەدەرە 651 ملیار دینارەکە، یەعنی تەحەقوقی نەکردووە تا بزانین ئەوە چەند دەردەچێت، حەز دەکەم بزانن بەنیسبەتی داهاتەوە کە جەنابتان دەڵێن بەڵێ ڕاستە، بە مەرجێك تەبیعەتی ئەو حیساباتانە وانەبێت، بەڵام تەبیعەتی ئەو حیساباتانەی کە من پێشتریش شەرحم کردووە، ئێستاش شەرحی دەکەمەوە بۆ بەڕێزتان، یەعنی ئەو بەشەی کە گومرگە، داهاتی گومرگە دەڕواتەوە بۆ گومرگ و دەیبڕن و مەوجودە بە وسوڵات، بڕدراوە و دەیبەنەوە بۆ خۆیان ساڵانە مەقاسەی پێ دەکرێت و دەڕوات، دەتوانن تەئکید بکەن، بەشێکی هەیە لەناو مینحایە، ئێمە لەناو مینحە دیاریمان کردووە وەکو داهات، وەکو خەرجیەکان، وەکو دەعمەکەشی، فەرقەکەی دەبێتە دەعم، تەبیعەتی ئەو حیساباتانە کە بەو شێوەیە نەك لێرە، بەڵکو لە عیراقیشدا بەو شێوەیە، ناچێتە ناو داهاتی گشتیەوە، بەنیسبەتی ئەو وەزارەتانەی کەوا بەڕێزتان لێرەوە لەم قاعەیە، لە پەرلەماندا ساڵانە بڕیارتان بۆی داوە کەوا ئەو داهاتانە بۆ خۆیان بێت وەزارەت، کە بۆ خۆیان بێت ئیتر جارێکی تر ئەوە لەلای خۆیانەوە بە وسوڵاتی رەسمی وەردەگیرێت و، کە وەردەگیرێت سەرف دەکرێت بە موستەنداتی رەسمی و، لە ئاخیردا نەتیجەکەشی دەچێتە ناو حیساباتی خیتامیەوە، ئەوە بەنیسبەتی گومرگەوە، بەشێکی تریشی ئەوەیە کە بریتیە لەو 651 کە موقەدەرە چەندی تەحەقوق بکات دەچێتە ناو موازنەی حکومەتەوە، ئەمەش بەنیسبەتی داهاتەوە، دیارە باس لەوە دەکرێت کە بۆچی قانونەکان جێبەجێ ناکەین؟، حەزدەکەم بەڕێزتان بزانن ئێمە ئێستا لەسەر قانونی ئیدارەی مالی و دەینی عام دەڕۆین، ئەگەر لە قانونی دەینی عام و ئیداریەی مالیە نەبێت، قانونی ئسولی مەحاسبات هەیە لە عەینەن کاتدا، هەرچەندە قانونی دەینی عام ئێستاکە بەدیلە بۆ قانونی

موحاسەبات، ئێمە ئەوە جێبەجێ دەکەین، هەندێك لە خوشك و برايان باس لەوە دەکەن کەوا پارە بێ وەسڵ وەردەگیرێت، وەڵلاهی من وەکو وەزیری مالیە لەو باوەڕەم ستافەکەی کە لەگەڵیشمان دایە ئاگایان لەوە نیە، ئەو رۆژەش خوشکێکی تر ئەوەی باس کرد، من تکام وایە ئەوە ئەگەر مولاحەزەیەکە هاوکاریمان بکەن، پارمەتیمان بدەن ئێوەش لای خۆتانەوە پێمان بڵێن، ئەو دەڵێ لە زیندانە سیاسیەکان من هیچ پارەیەك لە زیندانە سیاسیەکان وەرناگرم، تا ئیرادی بکەمەوە بۆ حکومەت، ئیتر ئەوە حەقە، بێ زەحمەت ئەگەر لوتف بکەن پێمان بڵێن بۆئەوەی ئێمەش بەدواداچوونی بۆ بکەین، بەنیسبەتی ئەوەی گۆڕانکاری لەسەر بودجە، فیعلەن رەنگە گۆڕانکاری لەسەر بودجە بکرێت بە کەمی، بە زیادی، بەڵام ئەوە دەبێت بە ماددەیەك لە ماددەکانی پەرلەمانی کوردستاندا عیلاج بکرێت، ئەگەر کەم بکات چۆن جێبەجێ بکرێت، ئەگەر زیاد بکات چۆن زیاد دەکرێت؟ ئەگەر ئەوان بودجەشیان موسادەقە نەکرد و، گەڕانەوە سەر تەقسیم 12، یەعنی ئەوانە هەمووی دەبێت ئێمە عیلاجی بۆ بکەین، من لێرەوە تکام وایە ئەو مەوزوعی یەکەم داهاتەکە بەو شێوەیە ئەوە وایە، وەکو پێتانم وت هەموو شتێك قابیلە بۆئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بەنیسبەتی داهاتەکان بە گشتی جارێکی تر دەیڵێم هەمووی شەرح کراوە، هەر ئەوەندە جوابی سوئالەکانم پێیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی ئاخیر سیاغەی ماددەکە بخوێنمەوە، ڕوونکردنەوەیەکم هەیە سەبارەت بە قسەکانی برای بەڕێزم کاك کاردۆ، کە دەڵێت ئێمە هیچ لەگەڵ ئەوەی دانەبوویمە، کاك کاردۆ لە هەموو کۆبوونەوەکانی لیژنەمان ئامادە بووە، قسەکانی خۆی کردیە تەنها و تەنها ئاخیری کە راپۆرتەکە ئامادەکرا واژووی نەکرد و، لە راپۆرتەکەمان نووسراوە، سیاغەی ماددەی یەکەم بەوشێوەیەیە:

**الفصل الأول**

**(الإيرادات)**

المادة الأولى:

تقدر إيرادات الموازنة للسنة المالية 2013 لاقليم كوردستان - العراق بمبلغ (15.257.849.000.000) خمسة عشرة ترليون ومائتان وسبعة وخمسون مليار وثمان مائة وتسعة وأربعون مليون دينار حسب ما هون مبين أدناه:

أولاً: حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2012 والبالغة (14.406.735.000.000) اربعة عشر ترليون وأربعمائة وستة مليار وسبعمائة وخمسة وثلاثون مليون دينار.

ثانياً: الايرادات المحلية والبالغة (651.114.000.000) ستمائة وواحد وخمسون مليار ومائة وأربعة عشر مليون دينار.

ثالثاً: مبلغ البترودولار للمستهلك محلياً عن النفط الخام المنتج في الاقليم ومكرر في مصافي الاقليم ومنتج من الغاز الطبيعي في الاقليم وكالآتي:

1- (80.000.000.000) ثمانون مليون دينار للسنة المالية 2013.

2- (120.000.000.000) مائة وعشرون مليار دينار لمستحقات الاقليم من البترودولار للسنوات المالية من سنة 2010 الى سنة 2012.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەو سیغەی كە خوێندرایەوە ماددەی یەك، بە كوردی هەتانە؟.

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەرجومەی كوردیمان هەیە، بەلاَم دیارە برادەران گلەییان لەسەر تەرجومەكە هەیە، ئەگەر پێیان باشە با بیخوێنینەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بیخوێننەوە، بەلاَم عەرەبییەكە دەكەینە ئەساس، فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی یەكەم**

**داهاتەكان**

ماددەی یەكەم

داهاتەكانی بودجەی ساڵی (2013)ـی هەرێمی كوردستان - عیراق، بە بڕی 15.257.849.000.000 دینار دەخەملێنرێت بەگوێرەی ئەوەی لە خوارەوە ڕوونكراوەتەوە

یەكەم: بەشی هەرێم بەگوێرەی یاسای بودجەی گشتی ئیتحادی كۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی 2013 كە دەگاتە (14.406.735.000.000) دینار.

دووەم: داهاتی خۆماڵی (هەرێمی) كە دەگاتە (651.114.000.000 ) دینار.

سێیەم: بڕە پارەی پترۆ دۆلار ئەوەی لە ناوخۆ بەکارهێنراوە لە نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوی هەرێم و، پاڵاوتە کراوی پاڵاوگەکانی هەرێم و بەرهەمهێنراوی گازی سروشتی هەرێم وەك ئەوەی لە خوارەوە دێت:

1- (80.000.000.000) بۆ ساڵی دارایی .2013

2- (120.000.000.000) بۆ شایستەکانی هەرێم لە پترۆ دۆلار بۆ ساڵە داراییەکانی نێوان ساڵی دارایی 2010 تاوەکو ساڵی دارایی 2012.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە لە ماددەی 36 موعالەجە کراوە ئەو پێشنیارەی ئێوە، لە ماددەی 36 تەماشا بکەن موعالەجە کراوە، ماددەی یەکەم بەو سیغەی کە خوێندرایەوە بە عەرەبی و کوردی، تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ با دەست بەرز بکاتەوە، 58 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 31 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئەوە دوایی کاك عبداللە کە گەیشتینە ئەو ماددەیە پێشنیارەکەت دەخەینە دەنگەوە، لە زمنی ئێرە نیە، ئاخەر باشە ئەوە لیژنەی قانونی دەڵێ لە زمنی ئەوێ نیە، شوێنی خۆی هەیە، لیژنەی قانونی توخوا جوابی بدەنەوە، لیژنەی دارایی و ئابووری جوابی بدەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**أولاً: تقيد جميع إيرادات الدوائر الممولة مركزياً إيراداً نهائياً للخزينة العامة ويتم إظهارها في موازين المراجعة الشهرية.**

**ثانياً: إستثناءاً من حكم فقرة (أولاً) أعلاه، على وزير المالية والاقتصاد:**

**1- إضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لأغراض شراء الأدوية والأجهزة وتدارك نفقات الصيانة بأنواعها وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً والأوجه المقررة لصرفها.**

**2- اضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الكهرباء بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لأغراض (تحسين وتطوير وتنفيذ مشاريع الطاقة الكهربائية) وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجدول الايرادات المتحققة فعلاً والأوجه المقررة لصرفها.**

**3- اضافة نسبة (50٪) من مجموع ايرادات رسوم الاجازات ورسوم التسجيل والغرامات التي تستحصلها وزارة الداخلية الى ميزانية هذه الوزارة لغرض استخدامها وإنفاقها من أجل السلامة المرورية، وذلك حسب المادة (11) من قانون (36) لسنة 2007 قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم (68) لسنة 2004 في اقليم كوردستان- العراق.**

4- مراعاة أحكام المادة الثانية والأربعون من قانون إدارة بلديات اقليم كوردستان رقم (6) لسنة 1993 والصلاحية الممنوحة لوزير البلديات والسياحة حسب الفقرة الرابعة من المادة السابعة عشر من هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە تێبینیتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکەی دەکەین بە تەواوی، تەنها داوامان کردیە برگەی چوارەم لابدرێت لە ماددەکە، چونکە قانونەکە قانونێکی عامە، کاری پێ دەکرێت، ئیجابی ئەوەی ناکات لە قانونی بودجە ئەو ماددەیە هەبێتن، لەبەرئەوەی پێشنیارمان کردیە ئەو ماددەیە نەمێنێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ با ناوی بنووسین، ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (هاوڕاز خان- کاك حەمە سعید- شلێر خان- کاك اسماعیل- سۆزان خان- کاك نەریمان- مامۆستا فەرمان- کاك سەرهەنگ- کاك دلشاد- ڤیان خان- د. ریباز- کاك پێشەوا- پەیام خان- کاك کاردۆ- کاك عبداللە- مامۆستا عمر- کاك سالار- د. عمر) فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو، لە برگەی دوو خاڵی سێ من تێبینیم لەسەر ئەو خاڵە هەیە، دیارە ئێمە کاتێ راپۆرتەکانمان پێشکەش بە لیژنەی دارایی و ئابووری کرد لە پەرلەمانی کوردستان، خاڵێکمان تێدا جێگیر کرد بوو، ئەویش باسمان لەوە بوو کە ماددەیەك زیاد بکرێت، بەوەی ئێمە دیارە کە یاسای ژمارە (11)ـی ، 2012 کۆمەکی بۆ تووش بووانی شێرپەنجەمان لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوواند، داوامان کرد بوو کە ماددەیەك زیاد بکرێت، بەوەی 5٪ی داهات و رسوماتی مۆڵەت دانی کە لێرە خاڵی سێیەم باسی ئەوەی دەکات، کە باسی رێژەی 50٪ کۆی گشتی داهاتی رسوماتی مۆڵەت دان، رسوماتی تۆمار کردن، ئەو غەراماتانەی کەوا وەزارەتی ناوخۆ وەریان دەگرێت، دیارە باسمان لەوە کرد بوو ماددەکە وا هاتووە، کە 5٪ ئەو داهاتانە بۆ سندووقەکە دابنرێت، سندووقی تووش بووان بە نەخۆشی شێرپەنجە، لەبەرئەوە من داوا دەکەم لێرە برگەیەك یان ماددەیەك دابنرێت، کە ئەم 5٪ چونکە ئەو سندووقە بەڕاستی بۆئەوەی بچێتە بواری جێبەجێ کردن، دەبێت یەکەمجار لە بودجەدا پارەکەی بۆ تەحدید بکرێت، تاوەکو دوایی قانونەکە دەچێتە بواری جێبەجێ کردن و ئاسایی جێبەجێ بکرێت، یەعنی ئەمساڵ ئەگەر لە بودجەدا ئەم 5٪ پێم وایە دیاری نەکرێت، دوایی ناچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، 5٪ ناچێتە ئەو سندووقە، بۆیە داوا دەکەم لێرە ماددەیەك زیاد بکرێت و 5٪ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بڕگانە كە باسی سەرف كردنی ماددەی وەزارەتی كارەبا و وەزارەتی سەحە دەكات، هەروەها وەزارەتی ناوخۆ و، وەزارەتی بەلەدیات، دەڵێت ( حسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الایرادات المتحققة فعلاً والاوجهة المقررة لصرفها ) ئەوە یەكەم نەنێردراوە، ئەگەر لەلای وەزارەتەكان خۆشیان هەیە، نەنێردراوە بۆ پەرلەمان یان بۆ لیژنەی دارایی، لە بودجەی ساڵانی پێشوودا ئەوە نووسراوە، بەلاّم نەنێردراوە، بۆیە لێرە داوادەكەم بۆئەوەی كە حكومەت ئیلزام ببێت، ئەو پارانەی كە موتەحەقیق بوون و سەرفەكەشی بنووسین ، بۆئەوەی پەرلەمان هیچ نەبێت ئاگای لە داهاتی وەزارەتی كارەبا و سەحە و ناوخۆ و بەلەدیە هەبێت، دواتری سەرفەكەشی بنێرێت، من ئاگادار نیم لەگەڵ ئەو 3 ساڵەی پێشوو و ئەمساڵیش هیچ جەدوەلێكم نەدیوە، كە باسی سەرفی داهاتەكان و سەرفەكەشی بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەی 2، من بەس لەسەر چوارەكەی قسە دەكەم، باسی قانونی ئیدارەی بەلەدیات بۆ یەكەمجار ئەم ماددەیە داخل كراوە، من دەست خۆشی لەو كەسانە دەكەم كە داخلیان كرد، چونكە بەڕاستی ئەوە موعاناتێكی زۆری بۆ وەزارەتی شارەوانی و شارەوانیەكان دروست كرد بوو، كە بە هیچ شێوەیەك سەلاّحیەتی ئەوەیان نەبوو، بەلاّم داوا دەكەم كە ئەگەر ئەو ماددەیە تەتبیق كرا، دێرێكی بۆ زیاد بكرێت بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی، چونكە ئەوە هەر دەسەلاّتی خۆیانە، ئەگەر ئەو دەسەلاّتەیان نەبێت ناشتوانن ئەوە وەكو خۆی جێبەجێ بكەن و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ماددەی 2 تێبینیم لەسەر بڕگەی 1، 2 هەیە، لە بڕگەی 1 دەڵێت ئەو پارەیەی داهاتی مانگانەی وەزارەتی تەندروستی بڕە پارەكە چەندە؟ یەعنی ئەگەر بە تەخمینیش بێت حەقە دەست نیشان بكرێتن، لە بڕگەی 2 بەهەمان شێوە دەڵێت ئەو بڕە پارەیەی كە داهاتی مانگانەی وەزارەتی كارەبایە، بڕەكە ئەگەر تەخمینیش بێت حەقە دەست نیشان بكرێت، چۆن لە بڕگەی 3، ڕێژەی 50٪ كۆی گشتی داهاتی رسوماتی

مۆڵەت دانە و دەست نیشان کراوە، حەقە بۆ ئەو 2 وەزارەتەش ئەگەر بە تەخمینیش بێت، بڕەکەی دەست نیشان بکرێت، یەعنی ئەو بڕە پارەیە چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ برای بەڕێزم کاك اسماعیل، لە 1، 2 لە 3، چونکە ئێمە باس لەوە دەکەین ئەوانە ئیراداتە، لەو جەدوەلەی کە حکومەت ناردوویەتی تەخمینی کردووە، کە ئەمانە داهاتەکانیان چەند دەبێت، بۆئەوەی سوورەتەکە دەرکەوێت لەلای هەمووومان، کە 8 ملیارە مەسەلەن مادام ئێوە تەخمینتان کردووە بە 8 ملیار، لەم ماددەیە باسی دەکەنەوە، کە ئەو پارەیە بگرە لە سەروو ئەو پارەیەشەوە، حکومەت سەرفی دەکات بۆ وەزارەتی تەندروستی، بۆ کڕینی دەرمان و ئەجهیزەو سیانە و ئەو شتانە، لە خاڵی 2، 250 ملیار دینارتان ئێوە تەخمین کردووە، وەزارەتی کارەبا وتراوە دەڵێ ئەوە (مشفوعاً بجداول الایرادات المتحققة) یەعنی ئەوان بە جەدوەل دەینێرن بۆ لای ئێوەو بۆ خۆیان بەکاری دەهێنن، وەزارەتی ناوخۆ لە 50٪ ئەوە حەقە باس بکرێت و، وتووتانە وەزارەتی ناوخۆ 135 ملیار داهاتی دەبێت، لە 50٪ دەکاتە 65 ملیار دینار، من لەگەڵ هەموو ڕێزێکم بۆ ئەو پێشنیارەی لیژنەی قانونی، بەڵام من هەم دیسان جارێکی تر لێرەدا باسی دەکەمەوە، ڕاستە ئەوە یاسای بڵێین ژمارە یەکی ساڵی 1993 لە قانونی ئیدارەی بەلەدیاتا، باس لەوە دەکات داهاتەکەی خۆیان بۆ شارەوانیەکان بێت، ئەوە بمێنێت باشترە وەکو ئەوانی تریش جارێکی تر بیڵێینەوە، ئەو تەخمین کراوەی کە بۆ ئەوان داندراوە 42 ملیارە، هەر لێرەدا باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من پێشنیار دەکەم، کە ماددەی دووەم بەشێوەیەکی گشتی ئیلغا بکرێتەوە، بەڕاستی ئەو دەسەڵاتە موفرەدەی کە دراوە بە وەزارەتەکان، دەرگایەکی گەورەی کردووەتەوە بۆ دروست بوونی گەندەڵی، لەبەرئەوە ئەم وەزارەتانە بە هیچ شێوەیەك لیستی داهاتەکانیان و شێوەی خەرج کردن و بەکارهێنانی ئەو پارەیە، تاوەکو ئێستا ئەوە بۆ 4 ساڵە نەگەڕاوەتەوە ناو پەرلەمانی کوردستان، ئێمە خۆمان لە لیژنەی ناوخۆ 4 ساڵە داوا دەکەین لە وەزارەتی ناوخۆ، تاوەکو ئێستا پێمان بڵێ داهتەکیان چەندە و چۆن سەرفیان کردووە، بە چی سەرفیان کردووە؟ نەیان داوە بە ئێمە، بۆیە بەڕاستی ئەوە دەرگایەکی خراپی کردوەتەوە، ئەگەر ئێمە مەبەستمانە ئەو وەزارەتانە خزمەت بکەین، بە وەزارەتی حەساسیان دەزانین، با بودجەکانیان بێتە وەزارەتی دارایی، لەوێوە بێتە پەرلەمانی کوردستان، بە لیستێك شێوەی خەرج کردنەکە و

دەسەڵاتەکەی بدرێتەوە پێیان، بۆئەوەی بۆ پەرلەمانتاران و لیژنەکان ڕێگا بکرێتەوە، کە بەدواداچوون بکەن، بزانن چەندەو چۆن سەرف دەکرێت؟ بەڕاستی من پێشنیار دەکەم ماددەکە ئیلغا بکرێتەوە بە تەواوەتی، ئەگەر نا، لە بڕگەی یەکەم ماددەی دووەم لە کۆتایی بڕگەی یەکەمەکە، بگوترێت پێویستە وەزارەتی دارایی بە لیستێك سەرجەم داهات و خەرجیەکانی ئەو وەزارەتانە بخاتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی، بۆیە بەڕاستی ئەوە دەرگایەکی خراپی کردووەتەوە، بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەو داهاتانەی کە ئەو وەزارەتانە داهاتیان هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان بەبێ حیساب و کتابی کە پەرلەمان دەچێتە دەرەوەی کاری چاودێری و، ڕەقابەی پەرلەمان، من داوای ئەو دوو خاڵە دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرمو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە داهاتی گشتی، داهاتی ئەم هەموو وەزارەتانەیە کە لە کۆتایی دەبێتە داهاتی کۆتایی، سەرەتا بڕادەران زۆر موداخەلەیان لەو خاڵە کرد، منیش لەسەر ئەوەم، کەواتە دەچێتە خەزێنە، بەڵام ئەو داهاتە کە دەبێتە داهاتی کۆتایی ناچێتە خەزێنە، 50٪ ئەوانەی کە لە پڕۆژەی یاسایەکان دەگێڕدرێتەوە، مەسەلەن بۆ نموونە وەزارەتی ناوخۆیی، کە هەمووی بە تەفاسیل ئەو داهاتەی کە هەیەتی ڕەوانە ناکرێ و، ئەگەر ڕەوانیش بکرێ بەڕاستی ئێمە لە پەرلەمان بۆمان نەهاتووە داهاتی وەزارەتی ناوخۆ چەندە، هەروەها چۆنە ئەو بڕە پارەیەی کە سەرفی دەکاتن چۆن سەرف کرایە؟، بەڕاستی ئەوەش دیار نەبوونی چۆنیەتی سەرف کردنەکەی ڕەنگە ڕێگایەك بێت، بۆئەوەی زیاتر زێدەڕۆیی بکرێت لەسەر ئەو خەرجیانەی کە ئەو وەزارەتانە بۆ خۆیان دەیکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی سێی ئەو ماددەیە، کە ڕێژەی لە 50٪ کۆی داهاتی گشتی رسوماتی، من پشتیوانی ئەو پێشنیازەی هاوڕاز خان دەکەم، بە بیری هەموو ئەندامانی بەڕێزیشی دەهێنمەوە، کە ئێمە یاسای سندووقی شێرپەنجەمان دەرکرد لەناو یاساکە بڕیاردرا لە 5٪ داهاتی غەراماتی مروری بۆ ئەو سندووقە بێت بەڕاستی، پێم خۆشە لیژنەی یاسایی پێمان بڵێن چۆن لێرە موعالەجە دەکرێتەوە، چۆن جێگای دەکرێتەوە؟ مەسەلەی بڕگەی چوارەمیش دەڵێ ڕەچاوکردنی ماددەی 42ی یاسای بەڕێوەبردن، قسەم لەسەر ئەوەیە کە لە مەسەلەی ئەوەی دەڵێن شارەوانی با داهاتی بۆ خۆی بێت، باسی یاسای ژمارە شەشی 93 دەکەن، کە دەڵێ بە موراعاتی بڕگەی ژمارە ماددەی 42 یاسای ژمارە شەشی ساڵی 93، بەس ئەمە ماددەی 42ی یاسای شەشی ساڵی 93یە، بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکات لە کوێ باسی ئەوە کراوە؟

مەسەلەن شارەوانیەکان داهاتەکانیان بۆ خۆیان بێت، بەس دەڵێ ( تبدا السنة المالیة للبلدیة في 1 کانونی الثانی) تەواو دەبێت لە 31 کانونی یەکەم، باسی ئەوە دەکات واریداتی موخەمەن، مەسروفاتی موخەمەن، مەوجوداتی نەقدی، یەعنی لە چ برگەیەکی ئەم یاسایە لە چ ماددەیەکدا هاتووە، کە سەلاحیاتی ئەوە دەدات کە شارەوانیەکان داهاتیان بۆ خۆیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم برگەی یەکەم دەڵێ گشت داهاتەکانی ئەو فەرمانگانەی لە ناوەندەوە تەمویل دەکرێت، وەك داهاتێکی کۆتایی بۆ گەنجینەی کۆتایی ئەژمار دەکرێن لە بودجەی پێداچوونەوەی مانگانە بە دیار دەخرێت، مەبەستی ئەو پارەیەی کە لە ناوەندەوە لە حکومەتی فیدراڵەوە دابین دەکرێت، ئەگەر مەبەستی ئەوە بێت دەبێت لە حیسابی خیتامیش دیاری بکرێت، کە ئەوە ئیزافەیەك، ئیزافەیەکی تر دەبێت نەفسی شت کە بۆ عیراق ئێمە داوامان کردووە، دەبێت بڵێین گشت داهاتەکانی ئەو وەزارەتەو فەرمانگەکانی کە نەلکێنراون بە وەزارەتەکانەوە وەك داهاتی کۆتای دیاری بکرێت، یەعنی بۆئەوەی ئێمە داهاتی کۆتایی دیاری بکەین، من یەك پرسیار دەکەم ئێوە بەپێی کۆمەڵێك یاسا لە برگەکاندا داهاتی وەزارەتی تەندروستی، کارەبا، شارەوانیەکان بۆ خۆی خەرج دەکاتەوە بەس پێم بڵێن بەپێی چ یاسایەك ئێوە داهاتی بانکەکان بۆ خۆیان خەرج دەکەنەوە، بەپێی چ یاسایەك داهاتی فڕۆکەخانەکان دەدرێتەوە بە خۆیان دوایی تەمویلیان دەکەن، بە چ یاسایەك داهاتی بەڕێوەبەرایەتی سەر بە سامانە سروشتیەکان خەرج دەکەنەوە، ماددەیەکی یاسایی نیە چۆن ئێوە بەپێی ئەم یاسایە داهاتی تەندروستی و شارەوانی و کارەبا دەدەنەوە، بەلأم بەپێی چ یاسایەك ئەم داهاتانە لە خۆیانەوە خەرج دەکەنەوە دوایی بە مینەح تەمویلیان دەکەنەوە؟ بۆیە من ڕام وایە ئێمە ئەو ماددەیە زیاد بکەین، یەکەم: هەرچۆن لە بەغدا زیاد کراوە لێرەش گشت داهاتەکانی ئەو وەزارەتەو فەرمانگانە هەمووی وەك داهاتی کۆتایی لە حیسابی خیتامی دیاری بکرێت، لە موازنەی ساڵی داهاتووش دیاری بکرێت پاشان بەپێی یاساکان بدرێتەوە بە وەزارەتەکان و، بەتایبەت داهاتەکانی بانکەکان و فڕۆکەخانەکان و سامانە سروشتیەکان دەبێ هەر دیاری بکرێت، چونکە هیچ یاسایەك نیە کە بۆ خۆیان خەرجی بکەنەوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ماددەی دووەم دیارە باسی ئەو وەزارەتانە کراوە، کە داهاتەکانیان بۆ خۆیانە، کە خۆی دەگرێتەوە لە وەزارەتی کارەبا و تەندروستی و شارەوانی، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە دیارە بودجە مامەڵە کردنە لەگەڵ ژمارە، دەبووایە داهاتی ئەو وەزارەتانە کە پێشتر وەزارەتی دارایی بە پاشکۆیەك ناردوویەتی بۆ پەرلەمانی کوردستان، داهاتی وەزارەتی کارەبای بە 250 ملیار خەملاندووە، تەندروستی بە 8 ملیار، شارەوانی 42 ملیار، دەبووایە لەو برگانە کە باس لەو وەزارەتانە کراوە بڕی داهاتەکەی لەگەڵ خۆی بنووسرابا، بۆئەوەی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان چاومان ڕوون بێت، بۆئەوەی بزانین ئەم داهاتەی کە وەزارەتی دارایی بۆ ئێمەی خەملاندووە نزیکە لە ڕاستیەوە یاخود نا؟ ئەوە تێبینی دەکرێت داهاتی وەزارەتی کارەبا کە بە 250 ملیار خەملێنراوە هەر بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەوە بۆ ئێمە ڕوون کراوەتەوە، کە دەڵێ لە 20٪ بۆ لە 50٪ نەفاقاتی حاکیمە دەگرێت وەزارەتی دارایی، جیا لە پارەی دەرمان و فۆڕمی خۆراك ئەگەر بە نموونە بیهێنینەوە وەزارەتی کارەبا زیاد لە 400 ملیار نەفەقاتی حاکیمەی وەرگرتووە ئەمە لە کوێی بودجە جێگای بۆ دەکرێتەوە؟ من دەمەوێت لەگەڵ ئەو ماددانەی کە باس کراوە پشتگیری ئەو پێشنیارەی هاوڕاز خان بکەم سەبارەت بە خاڵی سێیەم، دواتریش دەکرێت یەك پێشنیار بکەم کە وەك ئیزافە خاڵی تر زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، سەبارەت بە داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ کە پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵیش داهاتەکەی بۆ خۆی بێت، لە فۆڕمی بودجە بۆ ئێمە هاتووە 8 ملیار و 776 ملیۆنە، دیارە ئەوەش پێویستە داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ خۆیان بێت، ئەمەش دیارە خۆی دەبینێتەوە لە خەرج کردن، لە بواری کڕینی دەرمان و فاکسین و ئەو پێداویستیە کشتوکاڵیانەی کە پێویستە بۆ جوتیاران فەراهەم بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من 2 تێبینیم هەبوو هەردوو تێبینیەکەش لە راپۆرتی لیژنەی تەندروستی هاتووە، بەڵام نازانم دواتر چۆن تەعامول لەگەڵ پێشنیاری لیژنەکان دەکرێت؟، یەکیان ئەوەیە کە ئێمە داوامان کرد بوو بڕی داهاتی وەزارەتی تەندروستی دیاری بکرێت لەناو پرۆژە یاساکە، دواتر ئاگادار کردنەوەی لیژنەکەش بێت هەر ئاگادار کردنەوە هەبێت لە شێوازی سەرفەکە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی، ئەصڵی ئەم ماددەیەش یاخود ئەم برگەیە وا داندراوە کە ئەو پارەیە سەرەڕای ئەو پارەیەی کە داندراوە بۆ وەزارەتەکە سەرف بکرێت، بەڵام لەڕاستیدا وەزارەتەکە بۆ خۆشی نازانێت کە ئایا ئەمە سەرەڕای ئەوە سەرف دەکرێت یان لێی دەردەکرێت، یەعنی ئەوانیش زانیاریان نیە، زۆریش

ویستوومانە ئەو نەتیجەیەمان دەست بکەوێت، بەڵام بۆ خۆشیان نایزانن نەك ئێمە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە ئەو پێشنیارەمان کردووە، یەکێکی تریشیان هاوڕاز خان و هەندێ لە ئەندامانی تریش باسیان کرد، جێبەجێ کردنی یاسای سندووقی هاوکاری نەخۆشانی تووشبووانی شێرپەنجە بوو، کە وا بڕیار بوو لە یاساکە لە 5٪ داهاتی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوان بێت، بۆیە پاڵپشتی لەو پێشنیارە دەکەم کە داوای ئەوە دەکات لێرە ئەو بڕە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەو پێشنیارەمان کرد، لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووریش خراوەتە ڕوو کە ئەو پێشنیارە وەکو ماددەیەکی تازە ئیزافە بکرێت لەناو قانونەکە، بۆیە من لێرەوە وەکو ئەندامێکی لیژنە پێشنیاری ئەوە دەکەم کە خاڵێك زیاد ببێت، بەمشێوەیە گەڕانەوەی داهاتی کشتوکاڵ و سەرچاوکانی ئاو بۆ خۆیان، بۆ خەرج کردنی لە بواری کڕینی دەرمان و فاکسین و کەرەستەی تاقیگەکان بۆ بەشی ڤێتەرنەری، سامانی ئاژەڵ و پێدانی دارستان و باخ، چونکە ئێمە دەزانین کشتوکاڵیش هیچی کەمتر نیە لە وەزارەتەکانی تەندروستی و کارەبا و، هەروەها شارەوانی و ناوخۆ، بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە ئەو ڕێژەیەی کە دانراوە لە 50٪ کۆی گشتی داهاتی رسوماتی ئەوەی کە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، من پێشنیار دەکەم تەنها لەپێناو سەلامەتی هاتوچۆیدا سەرف نەکرێت، چونکە زۆر بواری تر هەیە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە، با لەو مەبلەغەی کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان دەست کراوە بن بۆ شتی تریش جگە لە بواری هاتوچۆ بەکاری بهێنن، بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە منیش پشتگیری دەکەم دەسەڵاتێکی زیاتر بدرێت بە وەزیری شارەوانی و شارەوانیەکان، دیارە لە ماددەی 4 ئاماژەی بەوە داوە کە لەبڕگەی چوارەمی ماددەی 17ی یاسای ژمارە شەشی ساڵی 93، کە دەسەڵات بدرێت بە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، من پێشنیار دەکەم ئەم فەقەرەیەی بۆ زیاد بکرێت، داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی بخرێتە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە، بە مەبەستی بەکارهێنان و خەرج کردنی لەپێناو خزمەت کردنی هاووڵاتیان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە بەدەر لەو 3 وەزارەتەی ناوی هاتووە، هەریەك لە وەزارەتی تەندروستی و کارەبا و ناوخۆ و شارەوانیەکانیشە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕی داهاتی

هەموو وەزارەتەکان و لایانە ئیدارییەکان بابڵێین ئیدارییەکان، هەمووی بە لیستێك و خەرجیەکانیشیان بگاتە پەرلەمان، تاوەکو بتوانین ئێمەی پەرلەمانتاران با بڵێین لە کاتی دابین کردنی برە پارە لە بودجەی تەرخانکراوی هەرێمی کوردستان، بتوانین بەلای کەمی هاوسەنگیەکی بۆ بکەین بەرامبەر ئەو داهاتەی کە هەیەتی و ئەوەی کە تەرخان دەکرێت، بتوانین هاوسەنگی بۆ بکەین و بەگوێرەی پێداویستیەکانی برە پارەکە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر برە پارەکانی، جگە لەو 4 دەستەیە یان ئەو وەزارەتەی یان ئەو شوێنەی کە دەست نیشان کراون، پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەر یەك لە وەزارەتەکانی پەروەردە، کە کۆمەڵێك فوتابخانەی تایبەت و فرۆشگای تایبەتی هەیە، کە بە تەندەرین دەدرێت بە فرۆشیارەکان، ئەوە دەست نیشان بکرێت لێرانە، هەروەها وەزارەتی خوێندنی بالآ کە کۆمەڵێك زانکۆ و پەیمانگای تایبەتی هەیە، بێجگە لە فرۆشگایەکان و نەوادی و نازانم چی کە خۆی هەیەتی و، یانیش ئەو فرۆشیاری مەلزەمەو کتێب و ئەوانەی کە لەناو خۆیان دادەکرێت ئەوانە هەمووی دەست نیشان بکرێت، هەروەها پشتگیری لە هاوکارانم دەکەم، کە بەنیسبەت وەزارەتی کشتوکاڵ کە بتوانێت ئەوەی بەدەستی دەهێنێت لە خۆی سەرفی بکات بۆ پەرەپێدانی با بڵێین پێداویستی جوتیاران و، دابینکردنی ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا نوقتە نیزامێکم هەیە، ئێمە لە گفتوگۆکانی خۆماندا بۆ هەر پێشنیارێك 3 کەس پێشنیار بکات، ئینجا بخرێتە دەنگەوە، یەعنی ئەوە هیچ ئەوەمان نیە دەبێت ئەوە پەیڕەو بکەین لە پرۆژە یاساکە، کە ئێستا نەکرا، خاڵێکی تر من بە گشتی لە ماددەی دووەم لەگەڵ ئەوەم ناناوەندیەتی هەبێت، تەبعەن ئەوە خزمەتی بەرەو پێش چوونی ئەو وەزارەتانە دەکات، کە دەستیان کراوە بێت، بەلآم لە کوردستاندا لە حەقیقەتدا ئەوە جێبەجێ ناکرێت، یەعنی ئێمە بۆیە تەئکید دەکەینەوە کە ئەو داهاتەی پەیوەندی بەوە هەیە بێتەوە خەزێنە و، دیاری بکرێت لە داهات ئینجا بیاندرێتەوە، یەعنی گرفت نیە لەوەی دەیان درێتەوە، بەلآم بە ڕوونی بخەملێنرێت بێتەوە خەزێنەی گشتی، ئینجا بۆیان خەرج بکرێتەوە، لەبەرئەوەی بە تەئکید کردنەوە لە پێشنیاری هاوڕێکانم، تا ئێستا لەڕووی عەمەلی لێیان دەپرسین ئەو حەقیقەتە نیە لە سەرف کردن ئەوها دەسەلآتیان هەبێت، جگە لەوەی ئەو پێشنیارەی کە پەیوەندی یەعنی من دەمویست پێشەکی ئەوە بڵێم هەندێ یاسامان لێرە دەرکردووە، یەعنی حکومەت دەبێ ئیلزامی بکات کە تەمویلی بکات بۆ نموونە ئەوەی شێرپەنجە، ئەوەی ژینگە، ئەوەی توندو تیژی بەرەنگاربوونەوەی ژنان، چەندین یاسامان دەرکردووە حکومەت دیارنیە تەمویلی کردووە، بۆیە تەئکید لەوە دەکەم کە بۆئەوەی شێرپەنجە لێرە ئەو برەی کە بڕیارە ببڕدرێت دیاری بکرێت، بۆئەوەی سندووقەکە کاری خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من 3 تێبینیم هەیە، ئەوەلەن ئەو ماددەی 2 ئەگەر برایانی لیژنەی یاسایی هاوڕا بن، 12 دێری بۆ تەرخان کراوە من بەبێ ئەوە لە جەوهەری یاساکە یەك بڕگەش حەزف بکەم، لە 3 دێر کۆتایم پێ هێناوە، دوایی دەقەکەشیان دەدەمێ، ڕەنگە ڕاو سەرنجی هەندێ لە پەرلەمانتارانیشی تێدا بێت، وێڕای پشتگیریم بۆ ئەو فکرەی لە 5٪ نەخۆشانەی تووشبووانی شێرپەنجە، پشتگیری لیژنەی یاسایش دەکەم کە ئەو برگە چوارەی پێویست نیە ئاماژەی پێ بکەین، چونکە یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان یاسایەکی نافیزە، ئەم نەریتە لابەین لە یاسا، تەئکید لەسەر یاسایەکی تر بکەینەوە، ئەوە شتێکی جوان نیە دەبێت بەدواداچوون بکەین، وەکو پەرلەمان بەدواداچوون بکەین، ئەم یاسایە هەیە بۆچی جێبەجێی ناکەین؟ لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ئەو 19 دێڕە بکرێت بەم 3 دێڕە، وابزانم هەمووی دەگرێتەوە بەڕەئی خۆم تەبعەن، بڕی داهاتی وەزارەتەکانی تەندروستی و کارەبا لە 50٪ داهاتی رسوماتی مۆڵەت دان و تۆمار کردن و غەرامات، پاش ئاگادار کردنەوەی پەرلەمان بخرێتە سەر بودجەی خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان، ئەم هەموو تەفسیلەی بۆچیە و، فیعلەن بۆئەوەی دەست کراوەش بین ئێمە بۆ تەحدیدی بکەین بۆ ئەم بوارە، خۆیان ئەولەویاتی و خەرج و پێداویستی خۆیان دەزانن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئەو بابەتە بابەتێکی فەنیە، من نامەوێ قسەی زۆر بکەم، بەلاَم تەنها تەئکید دەکەمەوە سەر ئەو ستراتیجیەی کە جاری پێشوو ئاماژەم پێکرد، کە هەموو ئەو داهاتانەی لەناوخۆ وەردەگیرێت بچێتە جێگایەکی تر و دواجار دابەش بکرێنەوە، هەرچەندە بەپێی سیستەمی عیراق و، بەپێی ئەو جەداولانە هەیە لەوانەیە تەزاروب بکات، بەلاَم ئەوە بۆچوونێکە و، خالێکی تر جارێکی تر تەئکیدی لێ دەکەمەوە، ڕاستە داهاتی گومرگەکان دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی ئیتحادی، بەلاَم ئایا ناکرێت بەشێ لەو داهاتانە پێداویستیەکانی ئەو گومرکانە، یەعنی ئەگەر بینایەیە، شوێنە، خزمەت گوزاریە بۆیان دابین بکرێت،**

نموونەی پەرویز خانمان زۆرجار باس کردووەتەوە، هیوادارام لەو بارەیەوە سەرتان نەیەشێنین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرمووو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داهاتی خەملێنراوی مانگانەی وەزارەتەکان، کە دەسەلآتیان پێدراوە، منیش لەگەڵ ئەوەم کە خۆشی حکومەت ناردوویەتی، کە بە خەملێنراوی چەندە؟، بۆیە دەکرێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت کە بڕەکەی بە خەملێنراوی مەسەلەن وەزارەتی تەندروستی ئەوەندەیە، هی وەزارەتی کارەبا ئەوەندەیە، سەبارەت بە پێدانی سەلآحیاتیش لەڕاستیدا ئەمە گرینگە، چونکە هەمووومان لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا پێشنیاری ئەوەمان کردووە، پێمان لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەسەلآت بدرێت بە وەزارەتەکان، چونکە ئەمە لەگەڵ مەبدەئی ئیدارەی لامەرکەزی دەگرێتەوە، ئەگەر سەرنجێکیش هەبێتن دەکرێت هەر لیژنەیەك لەگەڵ وەزارەتی خۆی موتابەعەی بکات، لەوێ هەوڵ بدەن ئەگەر ئیشکالیەتێك هەبێتن چارەسەرێك بکرێتن، سەبارەت بە بڕگەی چواریش منیش بە هەمان شێوە تەئیدی بۆچوونەکەی سۆزان خان دەکەم، کە پێویستە بمێنێتەوە، ڕاستە ئەوە قانونێکی نافیزە، بەلآم لەبابی تەئکید کردنەوەی ئیجابی، هەروەها ڕەبت کردنی بە ماددەی 17 فەقەرەی 4، کە لێرەبەدوا دەسەلآت دراوە بە وەزیری شارەوانی، بۆیە مانەوەی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شیرزاد فەرمووو.

**بەڕێز شیرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە قسەکانی من کرا، بەلآم من هەر دەمەوێت تەئکید لەوە بکەمەوە ئەو قسەی کاك فەرمان و کاك نەریمان، کە ئەو داهاتەی بۆ ئەو 3 وەزارەتەی دێت هەمووی بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی مالیە، دواتر دەتوانرێت بەسەریان دابەش بکرێت، من پێم وایە ئەو وەزارەتانە پێویستیان بەو پارەیەشە، بەلآم بەو شێوەیە، شێوەیەکی ئسولّی خۆی وەردەگرێت، هەروەها پشتگیری لە پێشنیارەکەی هاوڕاز خان و کاك سەرهەنگ و کاك ڕێبازیش دەکەم، ئەو لە 5٪ کە باس کرا بوو بۆ نەخۆشیەکانی شێرپەنجە تەئکید بکرێتەوە، لێرە لە یاساکە کە دەبێت ئەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: بەنیسبەت سندووقی شێرپەنجە کە باسی 5٪ دەکرێت، وەکو وایە قانونە ئەو قانونە فیعلەن کە هاتووە ئێمە هیچ لاریمان نیە ئەگەر ئیزافە بکرێت یان نەکرێت، بەلام کە لە قانونەکەدا دەست نیشان کرابێت مەفروزە جێبەجێ بکرێت، ئەوەی منیش ئاگام لێیەتی حکومەت هەنگاوی ناوە فیعلەن بۆ جێبەجێ کردن و بۆ تەمویل کردنی، دوو: ئەو وەزارەتانە بە عام جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، حیساباتیان کە پارەکان بۆ خۆیان سەرف دەکەنەوە لە حیساباتی خیتامیا نەتائیجەکان دەردەکەوێت، کە بەفیعلی تەحەقوق دەکات، بەنیسبەتی شارەوانیەوە قانونی رەقەم 6، ئەم قانونە نافیز مەفعولە لە هەموو عیراقدا و، هەموو شارەوانیەك شەخسیەتێکی مەعنەوی تایبەتی هەیە و، ئەو قانونە وای لێکردووە کە یەعنی داهاتەکەی بۆ خۆی بێت، خۆی هەر لە خۆیا کە شەخسیەتێکی مەعنەوی تایبەتی هەبێت، دەتوانن بۆئەوەی جەنابتان تەئکید بکەن کە ئەوە وایە یان نا؟، بەلەدیەی مەخمور کە لە ژێر دەسەلاتی خۆماندایە، شارەوانی مەخمور لێی بپرسن، بڵێین ئێوە چۆن لەگەڵ داهاتەکانتان بەنیسبەتی خۆتانەوە هەڵسوکەوت دەکەن، یاخود شارەوانی کەرکووك، نەخێر ئەوە یاسایە و، من مۆزەفی شارەوانی بوووم و، یاسایە جێبەجێ دەکرێت و، لەوەتەی هەیە شارەوانی 2 حیسابی تێدا هەبووە، حیسابێکی مەرکەزی هەبووە، کە حکومەت تەمویلی دەکات، حیسابێکی شارەوانی خۆشیان داهاتی خۆیان هەبووە و، حکومەت دەعمی دەکات، بەنیسبەتی شارەوانیەکانەوە، بەنیسبەتی وەزارەت و مودیریاتی عامەکان و، دەوائیرەوە ئەوانە هەموویان حیساباتی تایبەتی خۆیان هەیە لەناو موازنەی عامەدا، ئەو داهاتانەی کە باس دەکرێت، هەندێك خوشك و برای پەرلەمانتار شکیان هەیە لەو داهاتانە، کە نایەتەوە لە موستەقبەلدا، یاخود دوایی لە 50٪ نایەتەوە ناو بودجە یاخود وانیە، بەیان ناکرێت وەکو خۆی، مەفروزە رەقابەی مالی و تەدقیقی مەرکەزی و ئەو تەدقیقانە بکرێت و، بەدەر بکەوێت یەعنی ئەوە ئیشی ئەوانە کە ئەوە بکەن، بەنیسبەتی بانقەکانەوە، مەساریف، بانك مەسەلەی رەئس مالی هەیە، ربح و خەسارەی هەیە، ئەو بانکانە تیجارین و، لە هەموو عیراق و لە هەموو دونیاشدا وایە، لەبەرئەوە حەز دەکەم بزانن ربح و خەسارەیان هەیە، رەئس مالی خۆیان هەیە، مەساریفی تیجاریشن، بۆیە بەوشێوەیە تەعامول دەکەن، بۆیە میزانیەکەیان بەو شێوەیە دادەنرێت، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەعمیان دەکەین، داهاتی کارەبا کە باس لەوە دەکرێت 600 ملیار دینار، بەڵێ ئەوە ڕاستە ئێمە خۆمان بەیانمان کردووە لە وەلامەکان، بەلام ئەمە لە ساڵی 2012 ئێستا، چونکە لە 11 و 12 وەرگیراوە دەبینن لە ساڵی 2012 لە حیساباتی خیتامیا دەرکەوتووە، باسی داهاتی گومرك دەکەن و، ئایا دەتوانن بەشێکی لێ سەرف بکەین، حەز دەکەم بەڕێزتان ئەوە بزانن داهاتی گومرك بە وەسڵی 37، (أ) وەری دەگرین، حکومەتی عیراقی کە حیسابمان لەگەڵ دەکات، لەسەر حیسابی ئەو داهاتە حیسابمان لەگەڵ دەکات، داهاتەکەی خۆی حیساب دەکات لە میزانی موراجەعەکاندا هاتووە، یەك مەقاسەی پێ دەکات، لە سەری ساڵدا دەیبڕێت ئیتر هیچ مەسەرفێکی نەداوەتەوە بە ئێمە، ئەوەبوو (علی اساس) داهاتەکانی حدودی بۆ خۆمان بێ و، بتوانین ئەو جۆرە تەسەروفاتانەشی تێدا بکەین و، بۆ مەحافەزاتیش، بەلام هەر ئەوە بوو پێشوو تریش ئێمە بە تەفسیلی باسمان کرد، ئەوەشیان نەدا

پێمان، بۆیە ئێستاکە دەبینیت هەموو ئەو مەرزە حدودیەی کە ئێستا بەم شێوەیە دەیان بینن، هەندێك تازە دەستی پێکراوە، هەندێك تەواو بووە، هەندێك ئیشی لێ دەکرێت، هەموو ئەو پارانە لەناو میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەرف کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە برادەران باسیان کرد، بەنیسبەت یاسای شارەوانی ژمارە شەشی ساڵی 1993ی هەموار کراو، 6 جار هەموار کراوەتەوە، وابزانم لە یەك ماددەکانی هەموار کراوە، باسی ماددەی 42 دەکات، کە دەڵێت داهاتەکانی شارەوانیەکان بۆ شارەوانیەکان دەبێتن، ئێستا لە بەر دەستمان نیە دوایی دەتوانین پیشانتان بدەین، کە هەموار کراوەتەوە، سەبارەت بە پێشنیارەکان کە کرا بۆ لابردنی بڕگەی چوارەمی ماددەی دووەمە کە ئێمە سوورین لەسەر ڕەئی خۆمان کە لابچێتن بەتایبەتی لە ماددەی دواییدا موعالەجە کرایە، ئەگەر مایشەوە ئەوە ڕەئی ئەندامانە کە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا بمینێتەوە یان نەمینێتەوە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی کاك فرست سکرتێری پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نیزامی دەوڵەت مەجموعەی وەحداتی لامەرکەزیان هەیە، ئەو وەحداتانە دوو ڕەنگن، یان وەحدەی لامەرکەزی ئیداریە، ئەویش موئەسەسەیە، مەسلەحەیە، یانیش وەحدەی لامەرکەزی ئیقلیمیە وەك بەلەدیات، یەك لە سیماتی ئەو وەحداتانەی لامەرکەزی هەتا بیری برادەرانیش بێتن، لە قانونەکان دەڵێن (تتمتع باستقلال مالي واداري)، زمەی مالی خاسی خۆی هەیە، بەلەدیات مەجلیسی بەلەدیە تەسدیقی میزانیە دەکات، موحافزیش وەقتێك تەسدیقی دەکرد، هی تر یەك لە سیماتی ئەوانە، ئەگەر بێتو ئێمە وای لێ بکەین زمەی مالی بۆ نەهێڵێن، میزانیەی بۆ نەهێڵێن، حوریەتی تەسەروف بە مەواریدی خۆیان بۆ نەهێڵین، هیچ سیمای لامەرکەزی لەلای نامێنێت، بەنیسبەتی موئەسەسات و مونشەئات و هەیئات، دیسان نەفسی سیفەتی هەیە، نە ئیستقلالیەکی کامل، چونکە لە هەندێك قەوانینم دیتوە، لە دەوڵەتەکانی تریش نیسبەیەك لە مەوارد دەچێتە وەزارەتی مالی، نیسبەیەکی زۆریش ئیحتفازی پێ دەکەن، دوایێ وەزارەتی مالی تەمویلیان دەکات، چونکە دوور نیە مەواریدیان بەش نەکات، دوو: زۆر لەو قەوانینەکان مەسەلەن دەڵێن میزانیەی موستەقیلە، باشە ئەگەر میزانیەی موستەقیل بێتن، چۆن دەبێت واریداتی ئەو مونشەئەیەی یان ئەو بەلەدیە بێت، داخیلی میزانیەی عامی دەوڵەت بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو مولاحەزەیە وەرگرین دیسان دەکەوینە ناو موناقەشەی تر، لیژنەی یاسایی تکایە پێشنیارەکانی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بزانە چۆن تەعامولی لەگەڵ دەکەن؟، فەرموو کاک خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (قانون صندوق اعانة مرضى السرطان)، ئەگەر بێینە ماددەی 4 (تتكون الموارد الماليه للصندوق) لە 2 بەش پێك دێت، بەشێك (ماتخصصه حكومة الاقليم سنوياً ضمن الموازنة العامة للاقليم)، ئەم بەشە لەناو بودجەدا نەهاتووە، بەڵام بەتەماین لە بابی نەفەقات عیلاجی ئەو مەوزوعە بکەین ئەمە یەك، دوو: بەنیسبەت غەرامات 5 ڕێژەی هەیە (نسبة 5٪ من الضريبة و الرسوم المفروضة على المواد والمنتجات الضارة بالصحة المستوردة او المنتجة محليا وتستوفى لمصلحة الصندوق، نسبة 50٪ من الغرامات المستوفاة عن المواد والاغذية المخالفة للشروط الصحي، نسبة 25٪ من الغرامات التي تستوفى بموجب قانون الرقابة الصحية، نسبة 5٪ الى رسم تسجيل المركبات ونقل ملكيتها وتجديد السنوية وتستوفى لاغراض الصندوق، نسبة 5٪ من الغرامات المستوفاة عن المخالفات المرورية)، ئەمە یاسایە دەبێت جێبەجێ بکرێت، پێویست ناکات لەناو یاسا دووبارە باسی بکەین، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتە، کە حکومەت دەبێت ساڵانە پارەیەك تەرخان بکات بۆ ئەو سندووقە، ئەمە لە بابی نەفەقات موعالەجەی ئەو مەوزوعە دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحی ئاخیرمان بەنیسبەت بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەم، لە قانونی مروری ژمارە 86 ساڵی 2004، بە وازحی لە قسمی 11 کە لە قانونی بودجە ئیشارەتی پێدراوە، دەڵێ (تخصص نسبة (50٪) من مجموع ایرادات رسوم الاجازات ورسوم التسجيل والغرامات المنصوص عليها في هذا الامر لموازنة وزارة الداخلية لغرض استخدامها وإنفاقها من أجل السلامة المرورية، اما نسبة 50٪ المتبقي فتخصص للايرادات العامة لوزارة المالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو هەموو موداخەلەو، ئەو هەموو نوقتە نیزامانە، ئاخەر باشە ئەوە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی دانیشتوون، ئەوان دەبێت موعالەجەی ئەو مەسەلانە بکەن؟ 1 کەس وەردەگرین، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی کردن بۆی، کە هەر پێشنیارێك کرابێت، دەبێت 3 کەس پشتیوانی کردبێت، دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ئەوە چەند جار موتەبەع بووە لە پەرلەمان، پێم سەیرە ئێستا پشت گوێ دەخرێت، مەسەلەی غەراماتی مروری ئەوە بە وازحی لە یاساکە هاتووە، من پێموایە لەو فەقەرەیە عیلاج بکرێت ئەوە یەکەم، دووەم: مەسەلەی هەموومان داوامان کردووە چەند ساڵ لەو پەرلەمانە کە مەبدەئی لامەرکەزیەت پەیڕەو بکرێت، بەلاَم مەسەلەی وەلاَمدانەوەکەی ئێمە بۆ ئەوەی شارەوانیەکان بە (لەوانە) نابێت، یەعنی وازحە بە چ بڕگەیەکی یاسایش شارەوانیەکان داهاتی خۆیان بۆ خۆیانن سەرفی دەکەنەوە، لە موداخەلەکەی کاك فرسەتیشدا، نە ئەنجومەنی شارەوانیەکان داهاتی خۆیان موصادەقە دەکەن، نە هی مەحافەزەکانیش، لامەرکەزیەتە، لە کوێیە؟ ئەگەر لامەرکەزی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

شەفافیەت لێرەدایە کە ئیدارەی مەرکەز، لەوە دایە لامەرکەزیەت ئەنجومەنی شارەوانیەکان خۆیان بودجەکەی خۆیان تەسدیق دەکەن و، شەخسیەی مەعنەویان هەیە، خۆیان ئیجرائاتەکانە تەقدیم دەکەن، ئیستقلالیەت لەوەدایە، لامەرکەزیەت لەوەدایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو گەڕەکەش یەکێك وەردەگرین، کامەتان؟ فەرموو کاك سمیر.

**بەڕێز سمیر سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەگەر مەسەلەی شارەوانیەکان لەسەر ئەساسی لامەرکەزی، ئیقلیمێك کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان تەفسیری کرد، دەبێت بچێتە داهاتی ئەنجومەنی پارێزگاوە، چونکە لەدوای ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی شارەوانیەکان تەجمید کراوە و نەماوە، موراجەعە کردنەوەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان لەوێش تەعدیل کراوە ئیشمان لەسەر کردووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین هەم بۆ شارەوانیەکان، هەم مەجلیسی موحافەزەش بە قانون ماوە، بەلاَم ئەوەی کە بەڕێز مامۆستا سمیر باسی دەکات، ئێمە لە تەعدیلەکە بە نیاز بووین کە شارەوانیەکان نەهێڵێن، یەعنی لە ئێستاوە کار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قسەکەی من نوقتەی نیزامی نەبوو بیسڕنەوە، بەڵام ئەو داهاتەی لە وەزارەتی ناوخۆ بە دەستمان دێت، لە (50٪)ـمان خستووەتە سەر داهاتە گشتیەکان، تەوزیعمان کردووە بەسەر وەزارەتەکاندا، لە 50٪مان داوە بە خۆی، ئەو لە (5٪)ـە کە بۆ سندووقی شێرپەنجەیە، دەبێت ئەو لە 50٪ی وەزارەتی ناوخۆ ببڕێت، چونکە ئەوی تر تەوزیع کراوە، ئەی چۆن دەیدەی بە وەزارەتی تەندروستی؟ یەعنی دەبێت لە 45٪ بۆ وەزارەتی ناوخۆی بێت، لە 5٪ بۆ سندووقی شێرپەنجە بێت، چونکە لە 5٪ لە گشتیەکە، لە 50٪ کەی تر تەوزیع کراوە، تۆ لە 50٪ی دەدەی بە وەزارەتی ناوخۆ، ئەی لە کوێ دەیهێنی بۆ سندووقەکە؟ لەبەرئەوە ئەو حیسابە، حیسابیەن غەڵەتە دەبێت ئەو لە 50٪ بکرێتە لە 45٪.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا ڕەئی و دوا سیاغەتان لیژنەی یاسایی؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوە کرا کە بڕگەی 4 بمێنێتەوە، ئایا دەخرێتە دەنگدانەوە یان نا؟ چونکە پێشنیارێکە ئێمە لیژنەی یاسایی کرد بوومان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دەڵێن ئێمە 3، 4 کەس پێشنیارێکمان هەبوو، بزانین پێشنیارەکەیان چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ پێشنیار کرایە تەبعە بە قانون، بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جائیز نیە ئەو پێشنیارانە بخرێتە دەنگدانەوە، لەبەرئەوەی موخالیفی بنەماکانی قانونە، کە لە پەرلەمان کاری پێ دەکەین، واتە هەر پێشنیارێك موخالفی قانونی بێت، یان موخالفەی ماددەکی پەیڕەوی ناوخۆ بکرێت، ئێمە بیخەینەوە دەنگدانەوە، مەعنای قانونەکانمان دەبێت تەعدیل بکەین، نابێت پێشنیارەکان قبوڵ بکرێت

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

**أولاً: تقيد جميع إيرادات الدوائر الممولة مركزياً إيراداً نهائياً للخزينة العامة ويتم إظهارها في موازين المراجعة الشهرية.**

**ثانياً: إستثناءاً من حكم الفقرة (أولاً) أعلاه، على وزير المالية والاقتصاد:**

1- **إضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الصحة بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لأغراض شراء الأدوية والأجهزة وتدارك نفقات الصيانة بأنواعها وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلاً والأوجه المقررة لصرفها.**

2- **اضافة مبالغ الايرادات الشهرية التي تحققها وزارة الكهرباء بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لأغراض (تحسين وتطوير وتنفيذ مشاريع الطاقة الكهربائية) وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجدول الايرادات المتحققة فعلاً والأوجه المقررة لصرفها.**

3- **اضافة نسبة (50٪) من مجموع ايرادات رسوم الاجازات ورسوم التسجيل والغرامات التي تستحصلها وزارة الداخلية الى ميزانية هذه الوزارة لغرض استخدامها وإنفاقها من أجل السلامة المرورية، وذلك حسب المادة (11) من قانون (36) لسنة 2007 قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادي المرقم (68) لسنة 2004 في اقليم كوردستان- العراق.**

4- **مراعاة أحكام المادة الثانية والأربعون من قانون إدارة بلديات اقليم كوردستان رقم (6) لسنة 1993 والصلاحية الممنوحة لوزير البلديات والسياحة حسب الفقرة الرابعة من المادة السابعة عشر من هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 2:**

**یەكەم: گشت داهاتەكانی ئەو فەرمانگانەی لەناوەندەوە تەمویل دەكرێن، وەك داهاتێكی كۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی تۆماردەكرێن، لە بودجەكانی پێداچوونەوەی مانگانە بەدیار دەخرێن.**

**دووەم: بەدەر لە حوكمی بڕگە، بڕگەی یەكەمی سەرەوە پێویستە لەسەر وەزیری دارایی و ئابووری:**

**1- ئەو بڕە پارەیەی داهاتی مانگانەی وەزارەتی تەندروستی بەگشت فەرمانگەكانیەوە دەسەبەری دەكات بخاتە سەر بودجەی ئەو وەزارەتەبە مەبەستی كڕینی دەرمان و ئامێر و پێ ڕاگەیشتنی خەرجیەكانی چاككردنەوە بە هەموو جۆرەكانیەوە، بەگوێرەی داواكاری وەزارەت بە هاوپێچی خشتەی داهاتە راستەقینە دەستەبەركراوەكان و ئەو ڕێگایانەی كەوا بڕیار دراوە بۆ خەرج كردنیان.**

**2- ئەو بڕە پارەیەی داهاتی مانگانەی وەزارەتی كارەبا بە گشت فەرمانگەكانیەوە دەستەبەری دەكات بخاتە سەر بودجەی ئەم وەزارەتە بە مەبەستی چاككردن و پێشخستن و جێبەجێ كردنی پرۆژەكانی وزەی**

کارەباو بەگوێرەی داواکاری وەزارەت بە هاوپێچی خشتەی داهاتە راستەقینە دەستەبەرکراوەکان ئەو ڕێگایانەی کەوا بڕیار دراوە بۆ خەرج کردنیان.

3- ڕێژەی لە 50٪ی کۆی گشتی داهاتی رسوماتی مۆڵەتدار و رسوماتی تۆمارکردن و ئەو غەرامانەی کە وەزارەتی ناوخۆ وەریان دەگرێت بخاتە سەر بودجەی ئەو وەزارەتە بە مەبەستی بەکارهێنان و خەرج کردنی لەپێناو سەلامەتی هاتوچۆ ئەویش بەگوێرەی ماددەی 11ی یاسای ژمارە 36ی ساڵی 2007 (یاسای پیادەکردنی یاسای هاتوچۆی ناوەند ژمارە 86 ساڵێ 2004 لە هەرێمی کوردستان-عیراق.)

4- رەچاوکردنی ماددەی 42 یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە 6ی ساڵی 1993 ئەو دەسەڵاتەی بڕگەی چوارەمی ماددەی حەڤدەهەمی ئەم یاسایە بە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بەخشراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکم هەیە ، ڕوونکردنەوەیەك لەسەر بڕگەی سێیەمی ماددەی دووەم، لە دێڕی ئاخیری ماددەکە (وذلك حسب المادة (11) من قانون (36) لسنة 2007 قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادي)، شێوەکەی دەبێت بەو شکلەی بێت (وفقاً للمادة 11 من قانون المرور الاتحادي رقم 86 لسنة 2004، النافذ في الاقليم بموجب قانون رقم 36 لسنة 2004 قانون انفاذ، قانون المرور اتحادي).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە بەو شێوە عەرەبیە و کوردیەکەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو کاك کاردۆ قسە بکە، فەرموو مولاحەزەکەی خۆت بڵێ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ 1 پەرلەمانتاریش پێشنیار بکات، دەڵێت کاکە لەبەرئەوەی 3 کەس نەبوو پێشنیارەکە ناخرێتە دەنگدانەوە، کە بووە 3 کەس زیاتر وەك فراکسیۆن پێشنیار دەکات دەڵێت کاکە با دەنگی نەدەینێ، دەڵێ کاکە پێشنیارێك هەیە بیخەیەنە دەنگدانەوە، نووسرا بێت کە دەنگی نەهێنا، زۆر زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی قانونی حەقە موعالەجەی ئەو مەسەلەیە بکەن، یان جوابی قانونی بدەنەوە، یان دەبێت موعالەجە بکەن، تۆ لە شوێنی خۆت دانیشە کاکە، برام لە شوێنی خۆت دانیشە، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پێشنیارێك كراوە نەچووەتە قالبی سیاسی، دەڵێت لە 5٪ هاتووە كە هاوڕاز خان پێشنیاری كرد، 6 پەرلەمانتار پشتگیری كرد، بەس تێناگەم بۆ نایخەنە دەنگدانەوە، ئەوە ببێت بە بڕگەیەك ئەسڵەن ئەو لە 5٪ لە كۆی داهاتی وەزارەتی ناوخۆ بێت، لە 5٪ لەسەرەوە دادەنرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو وەڵام بدەوە، وەڵامی ئەو برادەرانە بدەنەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو موقتەرحانەی كە ئەو بەڕێزانە پێشكەشیان كرد، كۆمەڵێك موقتەرحن واریدەو قانونەن، ئەگەر نەبێت لە یاساكانی تر، دەبێت بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، لێرەوە بخرێتە كارەوە، بەڵام وەكو ئەو موقتەرحانە قسمێكی هەیە، بەنیسبەت ئەوەی كە لە 50٪ مەجموعی رسومات و غەرامات، رسوماتی تەسجیلی وەزارەتی ناوخۆ كە بۆ سندووقی سەرەتان بەكار هات، ئەوە لە یاسای سندووقی سەرەتاندا باسی لەسەر كرا، ئەو لە 50٪ یەك فیئە ناگرێتەوە، رەسمە، رەسمی تەسجیلە، غەراماتە، بە هەموو شێوەكانیەوە كە لە یاساكە تەقریبەن 6، 7 فەقەرە باسی لەسەر كراوە، ڕاستە كاك عمر پێشتر تەوزیحی كرد، موقتەرحی ئەو برادەرانە، كە تەقدیمیان كردووە زۆر تەواوە، بەڵام ئێمە لێرە لەو یاسای بودجەیە بە عمومیات هاتووە، دەڵێت لە 50٪ لە رسوم و غەرامات، هەموو رەسمەكانی دائیرەی مرور، وەزارەتی ناوخۆ، هەموو غەراماتەكانی وەزارەتی ناوخۆ كە لە سەری وەردەگیرێت، ئەو موقتەرحە ئیهمال نەكراوە ڕێزی بۆ داندراوە، لە یاساكەشدا باسی لەسەر كراوە، بەنیسبەت فەقەرە چوارەكەش كە باسی لەسەر كرا لیژنەی یاسایی، كە باسی لەوە كرد بوو ئەم فەقەرە چوارە كە لەسەر قانونی ئیدارەی بەلەدیات هەڵبگیرێت، موقتەرح كرا 2، 3 لەو برادەرە بەڕێزانە كردیان ئەوە بمێنێتەوە، هەدەفی ئەوانیش كە وەكو كاك فرسەت باسی كرد، باس لە مەركەزیەتی ئەو شوێنانە كرا و، كاك كاردۆش قسەی لەسەر ئەوەیە كە جۆرە لامەركەزیەكی پێ بدرێت، فیعلەن ئەوەیە كە جۆرە لامەركەزیەكی یاسایی دەدرێت بەو وەزارەتانە، كە بۆ سەرف كردنی ئەو ئیراداتانەی خۆیان بۆ خۆیان و، ئەوە بەعەكسەوە شتێكی زۆر باش هاتووە تەئكیدێكی باش دەكاتەوە، كە ئیرادی واریداتی بەلەدیات بۆ خۆیان بە لامەركەزیەت سەرف بكەنەوە بۆ خۆیان و، ئەوە دەستی وەزیری بەلەدیە والأتر دەكات، بە رەغمی ئەوەی كە لە ماددەی 17 لە فەقەرە 4 باسی لە سەلأحیەتی سەرفی وەزیر كردووە، حەسر كراوە بە 350 ملیۆن، بەڵام لە فەقەرە 4 باس لە مەسەلەكە دەكات و دەڵێت ئەوە سەلأحیەتی سەرفەكە ئیستسنایە لەو 350، بە واتە لامەركەزیەكی تەواو دراوە بەو موئەسەسەیە، بۆ سەرف كردنی واریداتەكەی، ئەو موقتەرحاتانە هەمووی موقتەرحی واریدن، بەڵام لە یاساكە هەن بۆیە كە ئێمە بەو نەسە، بەو شكلە جوابمان دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ، هەروەها ئێستاش کۆمەڵێك لە هاوڕێیانم پێشنیاریان کرد داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ بگەڕێتەوە بۆ خۆی ئەوە یەك، بێجگە لەوە لە کاتی بودجە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان ئەم پێشنیارەیان قبوڵ بوو، ساڵانی ڕابردوو وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی سەحە، ئەوانە بە دەنگدان لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەمان دەنگمان لەسەر داوە داهاتەکەی بگەڕێتەوە بۆ خۆی، هیچ ناقانونیەك نەبووە، بۆ ئەمڕۆ ئەوەی کشتوکاڵ ئەگەر بخرێتە دەنگەوە ناقانونیە، با کاك عونی بۆمان ڕوون بکاتەوە ناقانونیەکەی و، چۆن ڕێی داوە ساڵانی ڕابردوو ئەم ناقانونیە بکەین، ئەگەر ناقانونیە پار ناقانونیمان کردووە، ئەگەر ناقانونی نیە بۆ نەیخاتە دەنگەوە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی ئەو پرسیارانە وەڵام بدەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پێشنیارانە فیعلەن وەکو کاك عمر تەوزیحەکی باشی دا، بە باشی دەزانین و قبوڵمانە، بەڵام دوایێ ئێمە لە ماددەی تر، لە ماددەکانی ئاخیری وەرمان گرتووە و، تەسبیتی دەکەین بە ماددەیەکی قانونی سەربەخۆ، نا لێرەدا، مەرج نیە ئیلا لێرە بێت، لە ئەحکامی خیتامی دەتوانین باسی بکەین، یان پێشنیار بەو وەزعەی بێ سیاغەشمان ئامادە کردووە، ڕەچاوی ئەوەمان کردیە ئەو پێشنیارەی کە وەرگیرا لە راپۆرتی کشتوکاڵ هاتووە و، ئێمە خۆشمان ئەندامانی پەرلەمان ئەو پێشنیارانەیان تەقدیم کردووە، بە ماددەکی قانونی ئیزافە بکرێتە سەر قانونەکە و، دوایی ماددەکان کە سیاغەی دەکەین، جێگیری دەکەین لە ماددەیەك لە ماددەکانی پرۆژەکەداو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ کاکە وازحە وەریان گرتووە، بەڵام لە شوێنی تر جێگای دەکەنەوە، فەرموون بۆ ماددەی 3، ماددەی 2 بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە بە عەرەبی و بە کوردی تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ دەست بەرزبکاتەوە، مامۆستا عمر وەریان گرتووە لە شوێنی تر جێی دەکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە یارمەتی برا و خوشکانی بەڕێزم ئەندامانی پەرلەمان، تا ئێستا ئێمە لە ماددەی 2، من موئەشرێکی نائیجابی دەبینم بەڕاستی، وا دەبینم قەرار دراوە هیچ پێشنیارێك نەخرێتە دەنگدانەوە، داوای روخسەت دەکەم با قسەکانم تەواو بکەم بەڕێزان، ئەگەر بەڕاستی ئاوا دەڕوات ئێمە ئاسنی سارد دەکوتین لێرە خۆمان ماندوو دەکەین، مەعنای نیە، چونکە سوعبەتێکم بیست لە ئەندامێکی بەڕێزی فراکسیۆنی کوردستانی، کە وتی خۆتان ماندوو دەکەن چۆن هاتووەو وا دەڕوات، من داواتان لێ دەکەم هەر ماددەیەك لیژنەی یاسایی

بەڕێز و سەرۆكایەتی بەڕێز، هەر پێشنیارێك ناقانونیە مەیخەنە دەنگدانەوە، هەر پێشنیارێك قانونیە بیخەرە دەنگدانەوە، مەترسە لەوەی دەنگ بهێنێت یان نەهێنێت، با دەنگ نەهێنێت كاكە، ئەو پێشنیارانە تا ئێستاوە ئەوە 3 پێشنیار، باسی داهاتی نەوت برگەیەك بوو، كاك عبداللە ئیزافەی كرد نەخرا، ئەوەی هاوڕاز خان باسی نەكرا، ئەوەی داهاتی كشتوكاڵ، یەعنی موبەڕەر چیە؟ با بخرێتە دەنگدانەوە لێرە بێت یان لە شوێنی تر بێت، هەتا ئەوەش دەبێت بە دەنگدان ئەوە حەسم بكرێت، كە دوابخرێت یان پێش بخرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. عمر فەرمووو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە وەك فراكسیۆنی كوردستانی لەگەڵ ئەوەین، كە پەیڕەوی ناوخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ گفتوگۆی قانون و پێشنیاری قانونی دەكات، بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت و تەعامولیان لەگەڵ بكرێت، ئەوەش ڕوون دەكەمەوە كە ئەگەر بەڕێزێك، ئەندامی پەرلەمان لە فراكسیۆنی كوردستانی ڕەنگە لە بابی گفتوگۆی لابەلا و ڕەفیقانەش شتێكی لەو بابەتەی وت بێت، ئەمە هەڵوێستی فراكسیۆنی كوردستانی نیە، هەڵوێستی فراكسیۆنی ئێمە ئەوەیە كە پێشتر ئاماژەم پێدا، بەلاّم دوای ئەوەی كە لیژنەی قانونیش، موبەرەراتی قانونی، پاساوی قانونی، بودجەی قانونی دەخاتە ڕوو، بەڕاستی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێت بڕوامان بە تەفسیر و، بە تەوزیحی ئەوان هەبێت، ئیجازەم بدەن با بۆچوونەكەم تەواو بكەم بەڕێزان، سەبارەت بە مەسەلەی پێشنیارەكان كە بەڕێزان وتیان وەریان گرتووە، دەستیان خۆش بێت لە داهاتوودا ئەوەی وەزارەتی زراعە پێویستە جێ بكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین كە لە وەلاّمەكانی حكومەتدا ئەوەیان ڕوون كردووەتەوە، كە بڕیاریان داوە لە 5٪ی ئەو پارەیەی كە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاكان داندراوە، دەبێت بۆ پرۆژەی كشتوكاڵی تەرخان بكرێت، كە بەسەر یەكەوە زیاتر لە 50 ملیار دەخرێتە سەر ئەو پرۆژانەی كە لە بواری كشتوكاڵ داندراون، بەم شێوەیە دەبینین حكومەتی هەرێم لە ئێستاوە ئیجرائاتی كردووە، كە ئەو پارەیەی لە هەرێمی كوردستان هەیە بۆ بواری كشتوكاڵ ئیجرائاتی كردووە، بەم شێوەیە پارەیەكی زۆر زیاتر بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو بۆ بواری كشتوكاڵ داندراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خوشك و برايان بەڕاستی زۆر دڵخۆشم كە كۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان پشتگیری لە پێشنیارەكانمان دەكات، بەڵام ئێمە پێشنیارمان كرد كە داهاتی وەزارەتی كشتوكاڵ 8 ملیارە، بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ سەرف بكرێت، بۆمەسەلەی ڤاكسین و پێداویستی ڤێتێرنەری و دارستان و باغ، بەڵام بە سوپاسەوە وەزارەتی پلاندانان نووسراوێكی كرد بۆ هەر 4 موحافەزەكەی هەرێمی كوردستان، لە 30٪ كە ئێمە داوامان كرد بوو، بوو بە 5٪ واتە 18 ملیار لە موحافەزات، لە تەنمیەی موحافەزات بۆ كشتوكاڵ دەبێت، جگە لەوەش پێشنیارمان كردووە جێی بكرێتەوە لە ماددەی 13 دوو بۆ سێ ماددە قانونی بۆ مەسەلەی پشتگیری كشتوكاڵ و ئاودێری لە هەرێمی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیحێك بۆ قسەی جەنابی كاك عمر عبدالعزیز و گەلێك لەو برا بەڕێزانە، كە موقتەرحاتەكان من تەئكیدی لەسەر دەكەمەوە، موقتەرحەكان لە نیتاقی یاسا بن هەمووی پیرۆزە، هەمووی بەڕێزە، بەڵام ئەوەی كە باس لە داهاتەكان دەكات، دیارە ئەم یاسایە ڕەنگە باش نەخوێندرابێتەوە، با بگەڕێینەوە سەر ماددەكانی 36، لەوێ باس لە داهاتی نەوت دەكات، با بگەیەنە سەر ئەوێ لەوێ ئەو ماددەیەی كە خوێندرایەوە تەوزیحاتی لەسەر دەكەین، موقتەرحاتی یاسایی لەسەر وەردەگرێت، كێ دەڵێ ئەو ماددەیە گۆڕانكاری بەسەر نایێت، كێ دەڵێت وەكو خۆی دەمێنێتەوە؟، لەبەرئەوە ئێمە وەك لیژنەی یاسایی موقتەرحاتەكانمان بە نەزەر ئیعتبار وەرگرتووە، ئیهمالیش نەكراوە و، ئیهمالیش ناكرێت و، لەكاتی ماددەی خۆی بەكاری دەهێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر كەس كاك پێشەوایە، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان كرد ئێستا ببێت بە خاڵێك، نەك ماددەیەكی ئیزافی دوایی بخرێتە دەنگدانەوە، حەقە ئێستا وەڵامی ئەوەتان دابایەوە، ئێمە دەزانین لە دوایی دەكرێت بكرێت بە ماددە، ئێمە دەمانەوێت 3، كەس داوامان كرد، كە بكرێت بە خاڵێك، خاڵی پێنجەم داهاتەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ بگەڕێتەوە بۆ خۆی، ئەوە یەك، بەنیسبەت ئەوەوە ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە داهات شتێكە هەموومان دەزانین، ئەوەی لە

بودجەی ئیستسماری و پەرەپێدانی پارێزگا تەرخان دەکرێت بۆ کەرتی کشتوکاڵ شتێکی ترە، ئەگەر وایە ئێ دەفەرموون ئەوەی وەزارەتی تەندروستی و کارەباو ناوخۆش ببڕن، چونکە ئەوانیش لە پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆیان تەخسیس دەکرێت، نەك ڕێژەی لە 5٪ لەوانەیە ڕێژەی زیاتر لە 10٪ و 20٪، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئەندامانی تری لیژنەی کشتوکاڵی پەشیمان بووینەتەوە لە واژووی خۆیان، لەسەر ئەوەی کە داهات بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە شتێکی ترە، بەڵام ئێمە 3 ئەندام داوامان کردووە، بۆیە داوا دەکەم ئێستا وەکو خاڵێکی ئیزافی بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و وەکو لیژنەی هاوبەشی ئێرە، هەروەکو هەموومان هەر لە بیدایەتەوە ئەم پرۆژەیە هاتووەتە پەرلەمان، نزیکەی 27 ڕۆژ لەناو لیژنەکان بووە، پاش ئەوە نزیکی 40 سەعات بەرەو سەر گفتوگۆ بووە لەنێوان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان نوێنەری حکومەت، ژمارەیەکی زۆر پێشنیار هەبووە، من ئەوەندەی مولاحەزەم کردووە و ئەو پێشنیارانەی کە لەلای خۆم تۆمارم کردووە وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی، زۆرینەی پەرلەمانتاران ئاماژە بەوە دەدەن، کە پێویستی هەر یەك لەو وەزارەتە و موئەسەساتانەی کە هەن لەناو هەرێمی کوردستان، زۆر زیاترە وەك لە داهاتەکان کە هەمانە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە تەقدیری ئەوەمان کردووە، ئیمکانە بتوانین بەشێك لەو پێشنیارانەی کە هەن پەیوەندیدارن بە کەرتێك لەو کەرتانە، بەشێکی دەتوانی لێرە چارەسەری بکەین، بەشێکی تر بۆ کەرتێکی تر بێت، یەعنی ناکرێت ئێستا بڵێین ئیلا ئەوەی پەیوەندیدارە بە وەزارەتی زراعەوە، وەکو ئەوەی کە لەناو راپۆرتی خۆیان هەبوو هەمووی پەسەند بکرێت، چونکە توانای حکومەت هەروەکو هاتووە لەناو راپۆرتەکان، تەنها بۆ موازەنەی تەشغیلی نزیکی 22 ملیارمان پێویستە، بۆ پلاندانان و بۆ سەرمایەگوزاری نزیکەی 31 ملیار دۆلارمان پێویستە بۆ ئەمساڵ، بەڵام بۆ ئەمساڵ تەنها 16 ملیار دۆلارمان هەیە، یەعنی 16 تریلیۆن دینارمان هەر لەبەر دەست هەیە، بۆیە کە دابەش دەکرێت بەسەر کەرتەکان و وەزارەت و فەرمانگەکاندا تەقدیری ئەوە دەکرێت، کە پێویستیەکە زۆر لەوە زیاترە، بەڵام ئەوەی کە لەبەر دەستە هەر ئەوەندەیە، بۆیە تەقدیری ئەوە بکەن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە ئێمە وەکو لیژنە لێرە دانیشتووین، هەموو ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە خراوەتە ڕوو، من دڵنیام لە دڵسۆزی خۆیانا بۆ هەریەك لەو کەرت و، بۆ ئەو فەرمانگانەی کە هەیە بە نەزەر ئیعتبار وەرمان گرتووە، بەڵام ئەوەی کە مومکین بێت ئێمە ئینشاللە لە داهاتوو لێرەش جێگامان کردووەتەوە، بەڕێز کاك عبداللە ی مەلا نوریشم ئاگادار کرد بووەوە، بە نامەیەکیش بۆم نووسی، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە سندووقی داهاتە نەوتیەکانەوە، هەم لە پرۆژەکە هاتووە، هەمیش دواتر چونکە ڕەقەمی لەگەڵ نیە، هیچ بڕێکی دیاریکراوی لەگەڵ نیە، نە لەناو

پرۆژە ئەسڵیەکە، نە کە ئەوەی بەڕێز کاك عبدالله ی مەلا نوریش خستیە ڕوو، بۆیە ناتوانین لێرە دەرجی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەموو مولاحەزەتەکان بوو تەسجیلیان بکە، کێ لەگەڵ دایە؟ دەست بەرزبکاتەوە، 28 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد ايراداً نهائياً للخزينة على أن يقوم الوزير بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الأغراض التي منحت من أجلها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە هیچ تێبینیتان نیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیمان نیە و، پشتگیری لێ دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (د. احمد- کاك برهان- ئاهەنگ خان- عظیمة خان- د. سەروەر- پەیام خان) فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێشنیارێکم هەیە دەقی کوردی پێم باشە، لە کاتێ کە ماددەکان بە دەقی عەرەبی دەخوێندرێتەوە، پێویستە دەقە کوردیەکەش بخوێندرێتەوە لە ئەوەڵەوە، نەك هەر تەنها لە ئاخیر ئەوە یەك، سەبارەت بە ماددەکە دەڵێ برە پارەی ئەو بەخشینانەی دەبەخشرێنە وەزارەت و فەرمانگەی بە وەزارەت نەلکاو، من پێشنیار دەکەم کە جگە لە فەرمانگە دەستەشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە ئێمە دەستەمان هەیە، فەرمانگەشمان هەیە، برە پارەی ئەو بەخشینانەی دەبەخشرێنە وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی بە وەزارەت نەلکاو، هەم دەستە، هەم فەرمانگە، پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە، کە ئایا لە ساڵی رابردوودا هیچ بەخشینێکی لەو جۆرەمان هەبووە، کە درابێت بە وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکان، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێیەم کە باس لە بەخشین دەکات، کە دەدرێت بە وەزارەت و فەرمانگەکانی کە بە وەزارەت نەلکاوە (دوائر غير مرتبطة بوزارة) او (جهة غير مرتبطة بوزارة)، من نازانم لەوەتەی ئەندام پەرلەمانم ئەم ماددەیە وجودی هەیە لە هەموو یاسایەکی بودجەدا، بەس تا ئێستا نەهاتە بەردەستم لە تەقریرێکی وەزارەتی دارایی و لیژنەی مالیە، بڵێ ئەوەندە تەبەروعات و ئەوەندە هیبە هەبووە، لەلای ئەشخاسی ناوخۆ و مونەزەماتی دەولی یان دوەلی مانیحە و، بەپێی دەستووری عیراق کە دەبێ هەیئەتی قروز و ئەوان دروست بکرێت ئەو مینحانەی دەدرێت بە عیراق، تا ئێستا ئەو هەیئەتە لە عیراقیشدا دروست نەکراوە، هەرێم بەشی خۆی وەربگرێت، کە بەپێی دەستوور پێویستە یاسایەکی سەربەخۆی لە عیراق بۆ دەربچێت، یەعنی نازانم ئەو ماددەیە نە هیچ ئیستفادەیەکی هەیە، نە هیچ داهاتێکی دیاری هەیە وەك ساڵانی رابردوو، ئەوە چیە هەموو ساڵێ موناقەشە بکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی تەبەروعات من پرسیارێکم هەیە، دەڵێت (تقيد مبالغ التبرعات) تەبەروع بەس مەبلەغ نیە ئەوە یەك، تەبەروع موحتەمەلە پارە نەبێت بە تەنها، موحتەمەلە ئەشیاشی تێدا بێت، چونکە ئەوە عیلاقەی هەیە بە زۆر کەلتورو زۆر شتی تر لە عالەم هەیە، فەیەزانات کە دەبێت تەبەروع بە تەنها مەبادێ نیە، نوقتەی دووەم کە دەڵێین تەبەروعات ئایا چ نەوعە تەبەروعێك، خارجیە و داخلیە؟ لە داخلیەش ئایا ئەوەی لە عیراقیش دێت، یان بەس ئەو تەبەروعە لە هەرێم هەیە؟، چونکە ئەوانە هەموو بابی خۆی هەیە، تەبەروع هەیە ئەمڕۆ لە دونیایێ عایدە بە فەن و حضارة، من ئوتێلێکی دەکەم ئەمڕۆ، قەلات تەعمیر دەکرێتەوە، هەندێ مەوادی کەلەپوورم هەیە، دەچم لە قەلاتی دادەنێم، شاری سلێمانی دەکرێتە شاری رۆشنبیری، سینەمایەکی لێ دەکرێتەوە، ئینتاجی فلیمێکی موهیمی لێ دەکرێت، هەندێ شت هەیە، هەندێ دۆکیومێنت هەیە، ئەوە لە بابی تەبەروعات دادەنرێت، بەلام ئەمن ئەگەر شت بێت عاید بە غیزا بێت، موحتەمەلە ئەمڕۆ هەر لە وەزارەتی کشتوکاڵ زۆر ئەرزی زراعیمان هەبێ، ئومەم موتەحیدەی ئێستا بۆئەوەی تەبەروع دەکات، حالیەن ئێستا لە مەبلەغێکی خۆی بۆئەوەی مەجاعە لە عالەم نەهێڵێت، لە ئەریزۆنای ئەرزی گرتیە کشتوکاڵ (گەنم و جۆی) لێ دەچێنێت، ئایا ئەگەر سبەی شتێك لە کوردستان خوانە خواستە ئافاتێکی زراعی بوو، ئەو تەبەروعانە بە تەنها بە مەبالغ دەبێت، من پێشنیار دەکەم ئەو تەبەروعانە بەس مەبالغ دانەنرێت، تەبەروع هەیە پارەیە، تەبەروع هەیە پارەش نیە، ئەگەر داشنرا بە مەبالغ، دەبێت خاریجی و داخلیشی تەحدید بکرێت، بۆئەوەی بزانین کامە عاید بە حضارة و فەنەکە،

کامەیە عاید بە ئەمن و غیزا، چونکە ئەوە زۆر وەزارەتیش دەگرێتەوە، وەزارەتی ثقافة دەگرێتەوە، بەلەدیات دەگرێتەوە، شەهید و ئەنفال دەگرێتەوە، وەزارەتی سەحە دەگرێتەوە، کارەبای دەگرێتەوە، هەموو نەوعە تەبەروعاتێکی دەگرێتەوە، ئەو ماددەیە هەروەکو کاك بورهان وتی وازیح نیە، سیاغەکەی زۆر وازح بکرێت، موتەئکیدم پرۆژەکەی دەوڵەمەند دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بڕە پارەیەی کە ئەو بەخششانەی کە دەبەخشرێتە وەزارەتەکان، ئەوەی لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا ئێمە بینیومانە هاتووەتە بەردەستمان، لە بڕی ئەو پارە دیاریکراوە کە لە پارەی نەوتە، ئەوەی کە ئەمساڵ و ئەوانەی ساڵانی پێشووش کە لە پارەی نەوت دراوە بە وەزارەتەکان، ئەوە وەکو بەخشش و یارمەتی بە هەر شێوەیەك درابێت پێیان نەگەڕاوەتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام پەرلەمانی کوردستانی بە نووسراوێك لێی ئاگادار کراوەتەوە، بڕی پارەی دیاریکراو درا بە فلاَن وەزارەت، بۆیە لێرە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕە پارەو بەخششانەی کە وەزارەت و فەرمانگەی بە وەزارەت نەلکاو، پێش ئەوەی کە بچێتە وەزارەتی دارایی و ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی، هیچ نەبێت بێتە ناو لیژنەکانی پەرلەمانەوە، بۆئەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لێی ئاگادار بێت، کە بڕی پارەی دیاریکراو لە پارەی نەوتە، لە پارەی هەر شوێنێکە لیژنەکانی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بدات، ئینجا وەزارەتی دارایی بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی گشتی، بەڵام بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، بەبێ ئاگاداری پەرلەمان ئێمە لە بڕی پارەی دیاریکراوی ساڵانی رابردووی نەوت، کە من خۆم لە لیژنەی پەروەردە و، لە لیژنەی وەزارەتی خوێندنی باڵام ئەو 135 ملیۆن دۆلارەی کە دراوە بە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئێستاش نازانین ئەو پارەیە چۆن بەدواداچوونی بۆ بکەین، دراوە بە کێ؟ تەنانەت وەزارەتی خوێندنی باڵا یەك نوێنەریان لەناو ئەو لیژنەیە هەبووە، کە ئەو بۆردەی وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەخشیویانە، بۆیە پێویستە لیژنەکانی پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئینجا ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە بوونی ئەو ماددەیە دەکەم، بەڕاستی ماددەیەکی باشە بۆئەوەی کەوا سەرجەم بەخشینەکان، کە بەشێك بن لە داهات، بەڵام ئایا بەخشین من ناڵێم هەموو داهاتی نەوت دەچێتە بواری ترەوە، بەڵام بەشێك لەوەی لە داهاتی نەوت کە هەیە بۆ نەسەکانن، ئایا پرسیاری من ئەوەیە بۆ نەسەکان کە وەردەگیرێن ناچێتە بواری بەخشینەوە؟ ئەگەر دەچێتە بواری بەخشینەوە حەقە ئەوە دەست نیشان

بكرێت لێرە، ئەگەر ناچێتە بواری بەخشینەوەش بۆ ئەو نەسانەی کە وەردەگیرێت، حەقە ناوێکی تری لێ بنرێت، چونکە وەرگیراوە، کە وەرگیراوە حەقە ئەوە دەست نیشان بکرێت، خاڵێکی تریان دەستەواژەیەکی تێدایە دەڵێت بە مەرجێك وەزیر هەڵبستێت بە تەرخان کردنی ئەوەو تا دوایی، من ئەو دەستەواژەیە بە شیاو نابینم لەناو ئەو ماددەیەدا، چونکە ئەو مەسەلانە پێویستە بە رێکارێ چارەسەر کرابێت، ئەگەر بە یاسا چارەسەر کراوە، پێویست ناکات مەرجی بۆ دابنێی بۆ وەزیر، ئەی کە مەرجی بۆ دادەنێی، ئەی ئەگەر وەزیر هەڵنەستا بەوە چی لێ دەکەن؟ چی دەبێ ئیجرائات بەرامبەر بەوە؟ بۆیە منیش هەست دەکەم ئەو ماددەیە بوونی زۆر باشە، بەڵام حەقە دابرێژرێتەوە سیاغەکەی زۆر باش دیار نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3 دەڵێ (تقيد مبالغ التبرعات) تاوەکو ایراداً نهائیاً للخزینة، ئایا ئەم خەزینەیە خەزینەی ئیقلیمە یان خەزینەی ئیتحادیە؟ ئەگەر خەزینەی ئیقلیمە بۆ دیار نیە ئەو خەزینەیە چەند پارەی تەبەروعاتی بۆ هاتووە؟، ئایا ئەو تەبەروعاتە ئەگەر مالی بێت، ئەگەر شتومەك بێت؟ کێ چاودێری ئەو خەزینەیە دەکات؟ یەعنی تاوەکو ئێستا ئێمە ئەوە 4 ساڵە لە پەرلەمانین، ئەو خەزینەیە لە هیچ شوێنێك نەمان بیستووە ئەوەندە پارەی تێدایە، بەو نەوعە خەرج کراوە، ئەو جیهەتە چاودێری دەکات، بۆیە پێویستە لەو ماددەیەدا زۆر بە ڕێکی و بەشێوەی یاسایی دابرێژرێتەوە، هەروەها ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەم بن لێرەدا بەشێوەیەکی یاسایی تۆ کە دەڵێی وەزیر تەخسیسی دەکات، ئایا وەکو دکتۆر سەروەر وتی ئەگەر وەزیرەکە هەڵنەستا، تۆ لێرەدا شەرتێکی بۆ دادەنێی چی بکەی لەگەڵ ئەو وەزیرە؟ بۆیە دەبێت زۆر ڕوون بکرێتەوە، چونکە وەکو دەبینین لەو تەبەروعاتانە زۆر شت دەکرێت بەناوی تەبەروعاتەوە، بەڵام کەس ئاگای لێ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم لێرەدا هاتووە بە (تقيد مبالغ التبرعات)، ئەمە لێرە قەسدی مەبالغی نەقدی تەبەروعاتە تایبەتە بە وەزارەتی دارایی، وەکو مەبلەغێکی تەبەروعات دێتە ناو وەزارەتی داراییەوە، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان تا ئێستا دەرەکی و ناوەکی فلسێك تەبەروعاتمان بۆ نەهاتووە وەکو مەبلەغ، ئەوە تەبەروعاتی ئێمە لە سندووقی نەوتدا دەردەکەوێت، وەلأمەکانی ئەوانەمان داوەتەوە، ئەمە بەنیسبەتی ئەوی ترەوە ئەوە وەکو

نەقدیە، ئەوەی کە پەیام خان و هەموو کەسێك باس دەکات، هەر تەبەروعاتێکی تر لە هەر شێوەیەکی تر بێت تایبەتمەندە بە وەزارەتەکانی تر، ئەگەر مەوادی بینا بێت لە سجلی (اعلان خطة) دیاری دەکرێت، ئەگەر ئەساس و مەفروشات بێت لە سجلی تایبەت بە مەخازن داخل دەکرێت، ئەگەر مەوادی غیزائی بێت ئەوە لە وەزارەتی سناعەو تیجارە، لە دەوائیری مەوادی غیزائی داخل دەکرێت، هەروەها هەموو شتێك لە وەزارەتە موختەسەکانە داخل دەبێت، وەزیری مالیە بەنیسبەتی مەبالغی نەقدیەوە، وەزیرەکانی تر بەنیسبەتی ئەو مەبالغە ئەو شتانەی کە بەشێوەکانی تر کە بۆمان دێت، تەسەروفی تێدا دەکەن، ئەمما کێ تەدقیقی خەزینە دەکات، حەز دەکەم بزانم ڕەنگە هەر چەندێك لێرە لەلای جەنابتان ئێستاکە رەئیسی دیوانی رەقابەی مالی نەبێت، بەڵام هەیئاتی تەدقیقی خەزائینی ئێمە تەدقیق کراوە، جوابەکانمان بۆ هاتووەتەوە و، وەڵامان داوەتەوە و، بێجگە لەوەش هەیئاتی تەفتیشی داخلی خۆمان هەیە تەدقیقی دەکات، هەموو وەزارەتێکیش مودیریاتی رەقابەو تەدقیقی داخلی خۆی هەیە، مودەقیقی هەیە پێشی سەرف تەدقیق دەکات و، هەیئەی رەقابەی مالی خۆی هەیە لەدوای سەرف، تەدقیقە ئەکا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین، ئەو تەوزیحاتەی کە دای، واتە پشتگیری ماددەکەش دەکەین وەك خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دواسیاغە بخوێننەوە بە کوردی و بە عەرەبی، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد ايراداً نهائياً للخزينة على أن يقوم الوزير بتخصيصها ضمن اعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الأغراض التي منحت من أجلها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: بڕە پارەی ئەو بەخشینانەی دەبەخشرێنە وەزارەت و فەرمانگەی بە وەزارەت نەلکاو لەدوای ڕەزامەندی وەزیری دارایی و ئابووریەوە وەك داهاتێکی کۆتایی گەنجینە تۆماردەکرێت بە مەرجێك

وەزیر هەڵبستێت بە تەرخان کردنی لەنێو پارە داندراوەکانی وەزارەت یان لایەنی بە وەزارەت نەلکاو بۆ خەرج کردنی لەو مەبەستانەی بۆیان بەخشێنراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 16 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان ـ العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة، وبموجب القوانين والأنظمة والتعليمات المرعية.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانی- عیراق مایەپێدانی (تمویل) ژمێرەی وەزارەت و کارگێڕیەکان بەپێی داهاتە داراییە بەردەستەکان لە ئەستۆ دەگرێت، بەپێی یاساو پەیڕەوو ڕینمایە ڕەچاو کراوەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکەین وەك خۆی کە هاتووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 2 کەس فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەربارەی ئەو موستەلەحەی، کە دەڵێت بەپێی داهاتە داراییە بەردەستەکان(الموارد)، من تەحەفوزم لەسەر ئەو کەلیمەیە هەیە، من نازانم کە باسی تەمویل دەکات مەبەستی لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانیشە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەو موشکیلەیەمان هەیە، ئێستا ئەمڕۆ گەرمترین هەواڵ ئەوەیە، کە بانکەکان پارەی بەڵێندەران نادەن، بەڵێندەرەکان زجەیەکیان ناوەتەوە بەیاننامەیان دەرکردووە، ئەم کە دەڵێت بیانووی

ئەوەی موبەررێکی شەرعیم هەیە بەپێی ماددەیەك کە لەبەر دەستمان نەبوو، یەعنی لەبەردەست دانیە، باشە ئەگەر تۆ سیستەمی بانکیت هەیە لەم وڵاتە، بانك دەبەی بەڕێوە، نابێت مشوری سیولە بخۆیت، نابێت چەك بفرۆشیتەوە بە هەندێك دەوڵەمەندی ناوخۆ و دەرەوە، تاوەکو مەوارید پەیدا بکەی بۆ پرۆژەکە، لەبەرئەوە ئەو (حسب الموارد المتاحة) پرۆژەکانی وەبەرهێنانی با لێ دەربکرێت، چیتر ئەو وڵاتە بەهۆی نەبوونی (موارد متاحە)، لە 15٪ پرۆژەکانی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکرێت، کە هەموو ساڵێك ئێمە لە 30٪ لە 31٪ مان بڕیار داوە، ئەوە ئیشی بانکە، ئیشی ئەوان نیە، سیستەمی بانکی دەبەن بەڕێوە لەو وڵاتە، ئایا چەك دەفرۆشێتەوە بە دەوڵەمەندە ناوخۆیەکان و دەرەوە؟، مەوارید پەیدا دەکات بۆ پرۆژەکان، پرۆژەکان پەکی نەکەوێت، بەڵێندەرەکان ئەمڕۆ هەموو لەبەر بانك موزاهەرە دەکەن، بەیاننامە بڵند دەکەن، ئەگەر بەم شێوەیە ناتوانێت بڕوات، یەعنی ئەم وڵاتە سیستەمی بانکی تێدانیە، سیستەم یەعنی وڵاتی سیولەی نەقدی لەبەردەست نەبوو بۆ پرۆژەکانی، چۆن دەتوانی حەملەی ئاوا دەعمی خۆی بکات، با ئەم ماددەیە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی لێ بەدەر بکەوێت، ئەمە مەسلەحەتێکی وەتەنی هەموو لایەکە، پەیوەندی بە هیچ حزب و گروپێکەوە نیە، ئەم مەوزوعە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموستا فەرمان فەرمو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر فەقەری ئاخیری تێبینیەکم هەیە، بەپێی یاسا، یاسایەکە بمێنێت، بەڵام پەیڕەوو ڕێنماییەکان رەچاو بکرێت، دیارە بەڕاستی زۆر کات ڕێنماییەکان دەبنە ڕێگر لەپێناو پێدانی پارە بۆ ئەو پرۆژانەی، کە ئێمە پێیان دەڵێین پرۆژەی پیشەسازی بچووك یان پیشەسازی سەنگین، دیارە زۆری ڕێنمایی بە مانای چیە، بە مانای ڕێگر لەبەردەم پێشکەش کردنی زۆرترین تەغتیەی دارایی بۆ ئەو رۆژانەی، بەڕاستی لێرە پێشنیاردەکەم ئەو پەیڕەو ڕێنماییانە لابچن، تەنها یاسایەکە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حکومەتی عیراقی بە هەموو قوەتی دارایی خۆیەوە، بەو وەزعەی کە ئێستای تێدایە، بەو هەموو ئیحتیاتەی کە هەیەتی ئەم ماددەیەی داناوە، تەمویلی ئێمە 96٪ بەرەو ژوور لە عیراقەوە دێت، چەندجاریش لێرە لەم هۆڵەوە ئێمە ئیعلانمان کردووە بە ئەقسات بێ، ڕەنگە ئەو قستە دوا بکەوێت، بەڵام موهیم ئەوەیە قەت پارەی ئەوە نیە، کە بفەوتێت و نەبێت پێیان، ئەگەر لە ماوەیەکی زۆر کەم نەبێت،

**ئیلا ئێمە ئەو پارەیەی کە دێتە دەستمان یەکسەر سەرفی دەکەین، ئێمە بەدەست خۆمان نیە پارە هێنان لە بەغداوە بە یەك قست و هەر هەمووی بهێنین و بیخەینە بانکەکانمانەوە، یەك لەدوایەك پارەسەرف بکەین، بە ئەقسات بۆمان دێت، تەقسیمی 12 دەکرێت، 12کەش هەرجاری بە 3 قست دێت، لە ساڵێکدا بە 36 قست دێت.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە لەڕاستیدا بەڕای لیژنەی دارایی زۆر لە بەرژەوەندی وەزارەت و فەرمانگەکانە، ئەو خەرجیانەی کە پێویستن لە ساڵی 2013 زۆر پێویستە بمێنێتەوە، لەبەر چی؟ لەبەرئەوەی وەزارەتی دارایی مولزەم دەکات بەوەی بەپێی قەوانین و ئەو ڕێنمایی و بڕیارانەی کە هەن لە هەرێمی کوردستاندا تەمویلی ئەو حیساباتانە بکەن یان ئەو خەرجیانە بکات، کە پێویستن بۆ وەزارەتەکان، یان ئەو فەرمانگانەی کە نەبەستراون بە وەزارەتەکانەوە، کە هەر چالاکیەکیشی هەبێت بەپێی قەوانینی هەرێمی کوردستان، یەعنی دیوە پێچەوانەکەی بخوێنینەوە لەکاتێکدا کە وەزارەتی دارایی پارەی لەبەردەست دا بوو، پێویستە ئەو بابەتە بە هەند وەربگرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو نوقتە نیزامیەکەت چیە؟**

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە نەمان وتووە ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە، وەك بەڕێز کاك عمر وا دەڵێت، ئێمە وتوومانە تەعدیلی تێدا بکەن، شمولی پرۆژەکانی وەبەرهێنان نەکات، ئیشی سیستەمی بانکی و ئەوانەیە، کە سیستەمی بانکی ئەم وڵاتە دەبەن بەرێوە لەرێی چەك و سەفتەجەو قروزی داخلی و خارجیەوە، سیولەی نەقدی بۆ ئەم هەرێمە پەیدا بکەن، پرۆژەکانیان پەکی نەکەوێت، پرۆژەی وەبەرهێنانی لێ بەدەرکرێت.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن جوابی بەڕێزیان نادەمەوە، بەڵام خۆ تەنها یەك پڕۆژە نیە، تەنها مەشاریعی ئیستسماری لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە تەمویل ناکرێت، جۆرەها چالاکیمان هەیە، جۆرەها حیساباتمان هەیە، بەس تەنها ئەوەندە بڵێین تەعویزاتی مۆزەفین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان ـ العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة، وبموجب القوانين والأنظمة التعليمات المرعية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانی- عیراق مایەپێدانی (تمویل) ژمێرەیوەزارەت و کارگێڕیەکان بەپێی داهاتە داراییە بەردەستەکان لە ئەستۆ دەگرێت، بەپێی یاساو پەیڕەو و رینمایەیە رەچاو کراوەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 9 کەس لەگەڵ دانیە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الثاني

(النفقات والعجز)

المادة الخامسة: أولاً: النفقات:

يرصد لنفقات السنة المالية 2013 مبلغ قدره (16.942.749.000.000) ستة عشر ترليون وتسعمائة واثنان واربعون مليار وسبعمائة وتسعة واربعون مليون دينار ويوزع كالآتي:

1- مبلغ قدره (11.608.958.000.000) احدى عشر ترليون وستمائة وثمانية مليار وتسعمائة وثمانية وخمسون مليون دينار للنفقات التشغيلية ويوزع كالآتي:

أ- مبلغ قدره (11.507.171.000.000) احدى عشر ترليون وخمسمائة وسبعة مليار ومائة وواحد وسبعون مليون للنفقات التشغيلية لحكومة اقليم كوردستان.

ب- مبلغ قدره (55.000.000.000)خمسة وخمسون مليار دينار لنفقات برلمان اقليم كوردستان.

ت- مبلغ قدره (46.787.000.000) ستة وأربعون مليار وسبعمائة وسبعة وثمانون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء.

2- مبلغ قدره(5.333.791.000.000) خمسة ترليون وثلاثمائة وثلاثة وثلاثون مليار وسبعمائة وواحد وتسعون مليون دينار للنفقات الاستثمارية ويوزع كالآتي:\

أ- مبلغ قدره (4.419.492.600.000) اربعة ترليون واربعمائة وتسعة عشر مليار واربعمائة واثنان وتسعون مليون وستمائة الف دينار لنفقات المشاريع الاستثمارية.

ب- مبلغ قدره (914.298.400.000) تسعمائة واربعة عشر مليار ومائتان وثمانية وتسعون مليون واربعمائة الف دينار لإعمار وتنمية مشاريع المحافظات والأقضية والنواحي، وعلى المحافظ تقديم خطة اعمار المحافظة والاقضية والنواحي التابعة لها المصادق عليها من قبل مجلس المحافظة الى وزارة التخطيط لغرض دراستها والمصادقة عليها، على ان تراعى المناطق الأكثر تضرراً داخل المحافظة وعدد سكانها، ويخصص مبلغ (150.000.000.000) مائة وخمسون مليار دينار لدعم وصيانة المشاريع الكهربائية من تخصيصات تنمية المحافظات وتحدد حصة كل محافظة حسب كثافة السكان.

ثانياً: العجز: يقدر العجز المخطط بـ(1.684.900.000) واحد ترليون وستمائة واربعة وثمانون مليار وتسعمائة مليون دينار ويغطي هذا العجز من:

1- المبالغ المخصصة لوزارة البيشمەركة من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع الاتحادية حسب قوانين الموازنة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2012).

2- ترشيد الانفاق وزيادة جباية الايرادات.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین وەك خۆی، هەرچەندە پێشنیارمان كرد بوو كە بڕگەی 2 (ترشيد الانفاق وزيادة جباية الايرادات) لابدرێت، بەڵام پاش ئەوەی گفتوگۆمان كرد، پێمان باشە وەك خۆی بمێنێتەوە، وە دەبێ حكومەت ئیلزام بكرێت كە بە سیاسەتی تەرشید ئینفاق و زیادەی ئیرادات بەو بەرنامەیەی كە حكومەت خۆی دایناوە بۆ بودجەی ئەمساڵی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە (مامۆستا عمر- کاک اسماعیل- سۆزان خان- د. بشیر- کاک عبدالله- کاک برهان- کاک کاردۆ- کوێستان خان- کاک شێرزاد- کاک پێشەوا- ڤیان خان- تارا خان- کاک جمال- کاک سالار- کاک خلیل- د. احمد- کاک دلْشاد- کاک حەمە سعید- ناسک خان- کاک عبدالرحمن- کاک کاروان- هاژە خان- پەیمان خان- کاک عبدالله- پەیمان خان- سیوەیل خان- نەسرین خان- کاک نریمان- مامۆستا فەرمان)، فەرموو مامۆستا عمر.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلاهی من بە وردی سەیری ئەو گوژمە تەرخانکراوانەم کردووە، هەروەها سەیری موازەنەکەشمان کردووە، ناچمە سەر تەفسیلات و وردەکاریەکان، بەس پێشنیارێك دەخەمە ڕوو، بەهیوای ئەوەی لیژنەی یاسایی تۆماری بکات، بۆئەوەی لەکاتی دەنگ پێداندا حیسابێك بۆ پێشنیارەکە بکەن، پێشنیارەکە ئەوەیە من پێم وایە بە تەرح و جەمعێکی ئاسایی دەتوانین حدودی 900 ملیار زیاتر، یەعنی خۆی لە 901 ملیاردا زیادەڕۆیی لە خەرجی سەرۆکایەتیەکان، خەرجی ئەوەی ناونراوە شمەك و خەدەمات و چاك کردنەوەو بەخشین و سوودە کۆمەڵایەتیەکان، مەسروفاتی تر، مەوجوداتی تر، پێشنیار دەکەین 901 ملیار و کەسرێك کە تەرخان بکرێت بۆ ئەو 3، 4 بۆنەی خوارەوە:**

**1- مووچەی فەرمانبەران بەرز بکرێتەوە، کە بەلایەنی کەم کەمترین مووچە 600 هەزار بێ.**

**2-هاوتاکردنی مووچەی پێشمەرگە لەگەڵ عیراق، کە وادەزانین بەوە چارەسەر دەبێ.**

**3- مووچەی کەس و کاری شەهیدان پێداچوونەوەیەکی پێ بکرێت، وەکو لە پێشنیارەکانیشدا باسمان لێکرد، کە پێوەرێکی عادیلانە تر دابنرێت، بەپێی ئەو پێوەرە مووچەکان دیاری بکرێت.**

**4- کەم ئەندامان بەلایەنی کەم بکرێتە 500 هەزار، چونکە ئەوە لای کەمی بژێوی ئەگەر دیاری بکات، هەروەها خانەنشینانیش بەلایەنی کەم 400، 450 هەزاریان بۆ بکرێت، ئەگەر شتێك مایەوە، بەپێی ئەو حیساباتەی کە سەیری دەکەی، دەتوانین هەتا سندووقی بیمەی بێکاری پێ چارەسەر بکەین، هیوادارم ئەو پێشنیارانە ئەگەر تەسنیە کرا، بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک اسماعیل فەرموو.**

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بەشی دووەم، ماددەی پێنجەم، من پێشنیار دەکەم لە هەر 3 سەرۆکایەتیە کردنەکان و، لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دادوەری، ئەنجومەنی ئاسایش گشتی، مەبلەغی 100 ملیار دینار لەو 4 موئەسەسەیە ببڕێت، بۆئەوەی ئێمە لە رۆژانی پێشوودا باسمان لەوە کرد کە زۆر شوێن هەیە، کە پێویستە پارەیەکی بۆ دەست نیشان بکرێت، بەتایبەتی قسە لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر کرا، مەبلەغێك دەست نیشان بکرێ، کە لە 25 تا30 ملیار کەمتر نەبێ بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەتایبەتی بۆ هێزی یەکەی 70 و یەکەی 80، کە ئێستا سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن، پارەیەك لەو پارانە دەست نیشان بکرێت بۆ کەس و کاری شەهیدان، بۆ دروستکردنی خانووبەرەو بۆ ماڵە شەهیدەکانمان، مەبلەغێك پارە دەست نیشان بکرێ، کە پێشتریش من پێشنیارم کرد بوو بۆ ئەو قەزا و ناحیانەی کە بە بەر شاڵاوی ڕاگوازتن کەوتوون، پێویستە مەبلەغێك پارە لەو پارەیەی کە دەبڕێت لەو چەند سەرۆکایەتیە بۆ ئەوانە دەست نیشان بکرێ، تا بتوانن قەزاو ناحیە ڕاگوێزراوەکان سوودی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەگەر ئێمە داوای هەرچی خەرجیەکی زیادە بکەین، لەو شوێنانەی کە وتوومانەو وەکو ئەندام پەرلەمان هەستمان پێکردووە، کە پێویستە هەر کەموکوڕیەك هەیە پڕ بکرێتەوە، دەبێ دیاری بکەین لە کوێ ببڕین، بۆیە ئێمە وەکو لیستی کوردستانی ئەم پێشنیارە دەخەینە بەر دەستی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و، وەزارەتی دارایی ، زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی دەڵێین وەزارەتی دارایی لەسەریەتی مەبلەغی 100 ملیار دینار لە تەخسیساتی ئەم لایانانە کۆبکاتەوە،

1- سەرۆکایەتی هەرێم.

2-پەرلەمانی کوردستان.

3- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

4- ئەنجومەنی دادوەری.

5- ئەنجومەنی باڵای ئاسایش.

6- ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی.

لەم چەند شوێنە بە هەر هەمووی ئێوە دادەنیشن بە ئیتفاق لەگەڵیاندا، ئەو بڕە پارەیەی کە کۆی دەکەنەوە مەجموعەکەی 100 ملیار دینار بێ، کە بەم شێوەیە ئێمە داواکارین تەرخان بکرێت:

1- 25 ملیار دیناری بۆ هێزی پێشمەرگەی یەکەکانی 70 و 80، کە بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم خرانە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

2- 10 ملیار دیناری ئیزافه بکرێت بۆ ئەو بڕە پارەیەی کە وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی شەهیدان دایان ناوە، بۆ دروستکردنی خانووی شەهیدان، لەو ڕێیەوە ژمارەی خانووی شەهیدان زیاد دەبێت،

3- 20 ملیار دینار زیاد بکرێت بۆ تەخسیساتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان، بۆئەوەی ئێمە لێرە بڕیارێکمان دەرکرد، بڕیاری ژمارە (14)ی 2012 کە شاری سلێمانیمان بە پایتەختی ڕۆشنبیری ناساند، پێویستی بە ژێرخانی ڕۆشنبیری هەیە، 20 ملیار بخرێتە سەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەی کە پەرلەمان دەریکردووە.

4- 10 ملیار دینار بۆ سندووقی سەرەتان، کە بەپێی یاسای ژمارە (11)ی 2012 لەم پەرلەمانە پەسەند کراوە، دەبووایە حکومەت لەناو یاساکە مەبلەغی جیاوازی بۆ دابنا بووایە.

5- 20 ملیار دیناری بۆ تەنفیزی بۆ ئەو قەزاو ناحیە ڕاگوێزراوانەی کە ڕاستەوخۆ ڕاگوێزراونەتەوە، وێران بوون.

6- 5 ملیار دیناری بۆ دەستەی مافی مرۆڤ.

7- 5 ملیار دینار بۆ ئەو قوتابخانانەی کە ئیزافەی دەکەین بۆ ئەو بڕە پارەی کە وەزارەتی پەروەردە دایناوە، بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان دەبێ 5 ملیار دیناری تری بچێتە سەر، بۆئەوەی عەمەلیەتی نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان زیاتر سەریع تر بێت.

8- 5 ملیار دیناری داوا دەکەین بۆ ئەنجومەنی خانمان و بۆ ژینگە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. بشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم لە ڕای هاوکارانم لە بڕینی ئەو بڕە پارەیەی، کە دەست نیشانیان کرد لەو دەروازەو بابانەی کە لە بودجەی بەکاربەر هاتووە لە غەیری تەعویزاتی مۆزەفین، پشتگیری لە بڕینی بڕەکە دەکەم بۆ ئەو شوێنانەی کە باسیان کرد، لەلایەکی تریشەوە من لێرەدا پێشنیاری ماددەیەك دەکەم، کە ماددەیەك لەپاش ئەو ماددەیە پێشنیار بکرێت، دابنردرێت بە 2 خاڵ، خاڵی یەکەم: لە ماددەکە باسی ئەوە بکا کە بڵێ لیژنەی پێکهاتوو بۆ پێداچوونەوە بە دەرماڵەکان پێویستە لە ساڵی 2013 دارایی دەرماڵەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ڕێك بخاتەوە.

خاڵی دووەم: مووچەی مامۆستایانی ئاینی زیاد بکرێ بە ڕێژەی لە 20٪ لە ڕێژەی بنەڕەتی، لەبەرئەوە لە بەغدا ئێستا ماوەیەکە ئەم بڕیارە دراوە، مووچەی مامۆستایانی ئاینی لە 20٪ زیاد کراوە، وەزارەتی ئەوقاف و یەکیەتی زانایانیش چەندین نووسراویان کردووە بۆ حکومەت، هەروەها بۆ وەزارەتی دارایی بەڕێز وەزیری دارایی بۆخۆشی ڕەزامەندی لەسەر داوە، کەوا لاری نیە لە سەرف کردنی ئەو لە 20٪ی بەغدا بۆ مامۆستایانی ئاینی، لەو کتابەی کەوا لەسەری نووسیوە، بۆیە داوا لە بەڕێزان دەکەم کەوا

پشتگیری لەو بۆچوونە بکەن بە زیادکردنی ماددەیەك، بە زیادکردنی مووچەی مامۆستایان، پارەکەشی لێرە دیاری بکرێ، کە ئەو بەڕێزانە باسیان لە کەم کردنەوەی ئەو بەشانە کرد، لێرەدا ئەمە زیاد بکرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر خۆشحاڵم، کە کۆمەڵێك چین و توێژ هەیە لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر مەغدور بووە، لە ساڵانی رابردوو خەریکە ئێستا گفتوگۆ دەکرێت لەسەر بار و گوزەران و ژیانیان، دەنگێك دروست دەبێ، بۆئەوەی بیر لە ژیانی ئەو خەڵکانە بکرێتەوە، خۆزگە ئەم گفتوگۆیەو ئەو بیرخستنەوەیە لە ساڵی یەکەمی کابینەی خولی ئەو پەرلەمانە هەبووایە، بەڵام ئێستاش درەنگ نیە، یەکێ لە ستراتیجیەکانی ئامادەکردنی بودجەی ئەمساڵ بریتیە لەوەی خەرجیەکان کەم بکرێنەوە، داوا دەکەم لە ئیستمارەی بودجەدا هەموو بابەکان زیاد کراوە بە نزیکەی 901 ملیار، بودجەی تەشغیلی زیاد کراوە، من داوا دەکەم ئەو زیاد کردنەیە بکرێت و، زائیدەن سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی حکومەت، پەرلەمان، ئەنجومەنی دادوەری، ئەنجومەنی ئاسایش، ئەو برەی کە بۆیان تەرخان کراوە بە ڕێژەیەك دابشکێنرێ، بۆئەوەی ئێمە بتوانین کۆمەڵێك شوێن کە زۆر زەرورە، کۆمەڵێك فیئە لە کۆمەڵگای ئێمە هەیە ژیان و گوزەرانیان زۆر خراپە، ئەم بڕانە تەرخان بکرێ بۆ ئەو سێکتەرانە، کە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکەم:

1- مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم بەرز بکەینەوە بەجۆرێك هیچ فەرمانبەرێك مووچەکەی لە 600 هەزار دینار کەمتر نەبێت.

2- مووچەی پێشمەرگە زیاد بکرێت و بەشێوەیەك کەمتر نەبێ لەگەڵ مووچەی هاوتاکانیان لە سوپای عیراق.

3- مووچەی کەس و کاری شەهیدان زیاد بکرێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت، لە ئاستێك بژێوی ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ دابین بکات.

4- خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و کەم ئەندامان تا پێداچوونەوەی یاساکەیان دەکرێت، مانگانە مووچەکانیان لایەنی کەم بۆ بکرێتە 500 هەزار دینار.

5- خانمانی ماڵەوە مووچەیەکیان بۆ دابین بکرێت، بە رەچاو کردنی پیداویستیەکانی ماڵ و منداڵ.

6- مووچەی خانەنشینانی زیاد بکرێت و، کەمترین مووچەیان لە 450 هەزار دینار کەمتر نەبێت.

7- دروستکردنی سندووقی بیمەی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو خێزانانەی لە خوار هێڵی هەژاری دان و، تەرخانکردنی بڕێك پارە بۆ منداڵە هەژارەکان.

8- پارەی ماوەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بەپێی یاسا نابێت بۆ خەرجی بەکاربردن لە حیسابێکی تایبەت دابندرێت و بسووڕێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ پێش هەمو شتێ: سەرەتایەك بۆ ئەو مادده، بەشی یەکەم خەرجیەکانیەتی، بەڕاستی من بەباشی دەزانم وەکو ساڵی پار قەرار دان لەسەر ئەم ماددەیە تەئجیل بکرێت، بۆئەوەی تاوەکو هەتا ماددەکانی 8 بۆ 13 یەك لایی بکرێتەوە، کە پارەی تەخسیس کراوە بۆ ئەو بوارانەی کە فراکسیۆنی کوردستانی، فراکسیۆنی گۆڕانیش و یەکگرتوو و کۆمەڵیش پێشنیاریان هەیە، تاوەکو ئەوانە یەك لایی دەبێتەوە ماددەکانی 8 بۆ 13، لەبەرئەوەی تۆ ئێستا بەمشێوەیە ئیقراری دەکەیت، خۆ نایەیت جارێکی تر موناقەشەی ماددەیەکی تر بکەیتەوە، لەبەرئەوە من بەباشی دەزانم تەئجیل بێت، تاوەکو ماددەکانی 8 بۆ 13 ئەگەر سەیری پرۆژەکە بکەن یەك لایی دەبێتەوە، بەس ماددەی 36 باسی داهاتەو جارێکی تریش موناقەشە دەکرێتەوە، ئەو وەختە دەتوانی قەرار بدەی لەسەر ئەو مەبلەغانە، پاریش هەروامان کرد، تەئجیلمان کرد، من وەکو ئیقتراحێکیش داواشم وایە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە ئەو ماددەیەی تەئجیل کرد، ڕێگا بدات بە هەر 3 فراکسیۆن و هێزەکەی پەرلەمان خۆیان دابنیشن، لەسەر کۆمەڵێك موفتەرحات رێك بکەون، بۆئەوەی ببێت بە دەستکەوتی هەمووان، بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و ئەو خەڵکانەی پێویستیان بە هاوکاریە ئەوە یەکەم، ئەگەر موناقەشەی ماددەی پێنجیش بکرێت، بەڕاستی لە ماددەی پێنجدا لە بەشی یەکەم باسی میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم نەکراوە، لەکاتێکدا بەپێی قانونی رەقەم یەکی ساڵی 2005 ڕاستە بەپێی قانونی رەقەم یەك سەرۆکی هەرێم بەرپرسی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، واتە بەشێکە لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، بەڵام ئەگەر سەیری ئەو جەدوەلەی موازەنەی تەخمینیانە بکەین، کە لە وەزارەتی داراییەوە نێردراوە، بە جەدوەلێکی موازەنەی تەخمینی سەربەخۆ نێردراوە، بۆیە پێویستە لەوەش ئەوە بە جیا دەست نیشان بکرێت، دووەم شت باسی قەزا دەکرێت بەداخەوە لە هەموو فراکسیۆنەکان من گوێم لێ بوو باسی کەم کردنەوەی پارەی قەزا دەکرێ، من لە 5/22 موزەکەرەیەکم بۆ جەنابتان نارد کە ئیحالەی لیژنەی دارایی و لیژنەی قانونیتان کردووە، هەردووکیان پشتگیری قسەکان منیان کردووە، کتابی بۆ کراوە بە ئیمزای بەڕێزت بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، کە گیروگرفتی کەم حاکمی و مودەعی عامان هەیە، من لەگەڵ ئەوەم نەك پارەی لێ کەم بکرێتەوە قەزا، بەڵکو مەبلەغێکی بۆ تەعین کردنی بەپەلەی ژمارەیەکی زۆر حاکم، لەبەرئەوەی لە دەوڵەتێکی ئەوروپای شەرقی وەك چیك بە 6000 کەس حاکمێك و نائیبێك و مودەعی عامی بەردەکەوێت، مەعقول نیە سلێمانی بە 87 حاکم بڕوات بەڕێوە کە پار 120 هەزار دەعوای هەبووە، حاکمم دیوە رۆژی وتوویەتی ئەمڕۆ زیاد لە 250 دەعوام بینیوە، کێ دەتوانێ لە رۆژێکدا 250 فایل بخوێنێتەوە، ئایا کەس هەیە لە ئێمە بتوانێ؟ لەبەرئەو من ئەوە دەنێرمەوە بەردەستی جەنابت، داواکارم موناقەشەی بکرێت دوایی قسەکانم، لەبەرئەوەی سلکی قەزا لە هەر وڵاتێکدا

به ئیسلاحی قانونەکەی دەکرێت، بە سەربەخۆیی مالی موئەسەسەکە دەکرێت، بە چاك کردنی بژێوی حاکمەکان دەکرێت، بە کەفائەتی حاکمەکە دەکرێت، بەم چوار شتە، من وەکو قانونیەك لەگەڵ ڕێزم لەنگیە ئەگەر من مەجلیسی قەزا داوا بکەم، حکومەت سەیارەم بۆ دەکرێت، حاکم و مودەعی عام سەیارەی هەبێ، حیمایەی هەبێ، وەکو بەریتانیا حەقی هەبێ، کارتی مەفتوحی هەبێ بچێتە مارکێتێك شت دەکڕێ، منداڵەکەی لە باشترین شوێن دابێت، ئێمە ئەگەر توانیمان بژێوی ژیان و سەربەخۆیی قەزا چاك بکەین، ئەوە توانیومانە وڵاتەکەمان لە بواری قەزا پێش بخەین، لەبەرئەوە من نەك لە کەم کردنەوەی قەزایا نیم، من ئەوە دەنێرمە بەردەستی جەنابتان، مادام لیژنەی دارایی و لیژنەی قانونی پشتگیریان کردووە، میزانیەیەك دابنێن، ئەگەر دەڵێن مەعهەدی قەزایی هەیە، ئەگەر دەڵێی مەعهەدی قەزایی 40 تەلەبەی وەرگرتووە، ئایا ئەو 40 بە 2 ساڵ، 3 ساڵ خوێندن تەواو دەکات بەشی هە موو کوردستان دەکات، لەبەرئەوە داواکارم مەبلەغێك دابندرێت بۆ تەعینیات بە پەلە، دەربارەی تەخسیسی پارە من ڕەئیم وایە پێویستە مووچەی هەموو پێشمەرگە چاك بکرێت، خانەنشینی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بکرێت بە لە 80٪، مووچەی خەڵکی خاوەن پێداویستی تایبەت کە ئەوانە چاك بکرێت مووچەی شەهیدەکان بە شەهیدی هاووڵاتیانیشەوە، خانوو بۆ خەڵکی کەم دەرامەت و حەملەی دروستکردنی قوتابخانەو، مووچەی مەلاکان، موحەقیق عەدلیەکان، ئەوانە پێویستیان بە چاك کردنە، بۆیە بەو شێوەیە مەبلەغیش بە نیسبە نابڕێت لە سەرۆکایەتی هەرێم، لە ئومەناو قەزا بەنیسبەتی ئەوەندە و ببڕێت، پێویستە ئەوە لیژنەیەك کۆببێتەوە، ئەوانەی مەسروفاتی زائیدەیە لەچاو پار لەو شوێنانە ببڕێت، نەك بێت لە مەعاشی مۆزەف ببڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم کە پەیوەندی بە خەرجی و کورتهێنانەوە هەیە، لە بەشی یەکەم، من سەرەتا پشتیوانی قسەکانی کاك برهان دەکەم، کە پەیوەندی بە دواخستنی ئەو ماددەیە هەیە، چونکە ئەگەر لە ماددەکانی تر بمانەوێت تەسبیتی هەندێك بڕیار بکەین، تەئسیر لەسەر خەرجیەکە دەکات، بۆیە تەئجیل کردنی باشە، بەڵام ئێمە پێمان وایە حکومەت سەرەڕای ئەوەی ئەگەر تەماشای داهات بکەی، بە (17٪)کەشیەوە لەچاو ساڵانی رابردوو زیادی کردووە، ئەو زیاد کردنە خراوەتە سەر شتە ناپێویستیەکان، بۆ نموونە چاککردنەوەو خزمەتگوزاری، بۆ داراییەکان، تێچووەکانی تر تا دەگاتە ئەوەی کە 900 ملیار زیاتر حکومەت ئیزافەی کردیتە سەر شتە ناپێویستیەکان لەکاتێکدا ئێمە باس لە بودجەی بەکاربردن دەکەین، دەڵێین زیادی کردیە بەشێوەیەك هاوسەنگ نیە لەگەڵ بودجەی وەبەرهێنان، بودجەی وەبەرهێنانیش کە نیوەی جێبەجێ دەکرێت، ئێمە لە کوردستاندا لە 85٪ بودجەی تەشغیلیە، نەك وەکو ئەوەی کە دیاریکراوە، بەڵام کە ئەوە

کراوە دەمانەوێت ئەو شتانەی کە ناپێویستن بخرێتە خزمەت ئەو توێژانەی، کە پێمان وایە پێویستە بودجەکە لە خزمەتی ئەوان دابێت، نەك لە شتی ناپێویست، وەکو هاوڕێیانم باسیان کرد مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم بەرز بکرێتەوە، بەجۆرێك هەر فەرمانبەرێك مووچەکەی لە 600 هەزار دینار کەمتر نەبێت، مووچەی پێشمەرگە زیاد بکرێت بەشێوەیەك کەمتر نەبێت لەگەڵ مووچەی هاوتاکانیان لە سوپای عیراق، کەس و کاری شەهیدان مووچەکەیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت، بە ئاستێك بژێوی ژیانێکی سەربەرزانەیان بۆ دابین بکەن، خاوەن پێداویستی تایبەت و کەم ئەندامان تا پێداچوونەوەی یاساکانیان مانگانە مووچەکانیان لایەنی کەم بکرێتە 500 هەزار، خانمانی ماڵەوە مووچەیان بۆ دابین بکرێت بە ڕەچاوکردنی پێداویستی ماڵ و منداڵ، شەشەم مووچەی خانەنشینان زیاد بکرێت و کەمترین مووچەیان لە 450 هەزار دینار کەمتر نەبێت، حەوتەم: دروستکردنی سندووقی بیمەی کۆمەڵایەتی، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو خێزانانەی لە خوار هێڵی هەژاری دان، تەرخانکردنی بڕێك پارە بۆ منداڵە هەژارەکان، هەشتەم: کە ئێمە بەلامانەوە گرینگە بۆ پرۆژەی وەبەرهێنەکان، کە بەپێی یاسا دیاریکراوە، ئەو پارەیەی کە سەرف ناکرێت یان خەرج ناکرێت دابندرێت و مدەوەر بکرێت بۆ ساڵی ئایندەو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا حەزدەکەم هەمووتان تێبینی بکەن، ئەو خوشك برایانە هەموویان قسەکانیان دووبارە بوو، بڵێین تەئیدی قسەکانی برادەرانمان دەکەین، ئەو هەموو دووبارەیە حەق نیە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پارە بە ئیتفاقی هەموولایەك، لە بودجەی تەشغیلی جگە لە مووچە، لە 15٪مان بڕی لە وەزارەتەکان ، پێم وایە لە 10٪ لە سەرۆکایەتیەکان، بەلاَم ئەمساڵ بەبێ بڕینی ئەو پارەیە هاتوون لە 25٪ زیادی کردووە بودجەی تەشغیلی، کە ئێمە کۆمان کردووەتەوە ئەو پارانەی کە لە زیادەڕۆیی لە خەرجیە ناپێویستیەکان هەیە 901 ملیار و 177 ملیۆنە، بۆیە پێشنیار دەکەین کە زیادەڕۆیی لە خەرجی پێویست و خەرجیەکانی سەرۆکایەتی ببڕێت بە بڕی 901 ملیار و 177 ملیۆن دینار، ئەو پێشنیارانەی کە مامۆستا عمر و کاك عبدالله و کاك کاردۆ باسی کرد بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانی فەرمانبەران و خانەنشینان و کەم ئەندامان و ژنانی ماڵەوە، شەهیدان و پێشمەرگە هەموو ئەوانە پشتگیری دەکەم، لەگەڵ خانەنشینان، لەگەڵ ئەوەی پشتگیریان دەکەم بۆ مدەوەر کردنی پارەی پرۆژەکان، بۆئەوە جارێکی تر نەخرێتە سەر بودجەی تەشغیلی، هەروەها پێشنیارێکی زیادم هەیە ئەویش ئەوەیەکە لەکاتی قەرەبووی ئەو فەرمانبەرانەی سلێمانی و هەولێر، قەرەبووکرانەوە لە ساڵانی رابردوو کە جیاوازی هەبوو لە مووچەکانیاندا، بەلاَم ئەو فەرمانبەرانەی کە لە شاری کەرکووك لەسەر ئیدارەی پێشووی سلێمانی دامەزراون، ئەم قەرەبوو و ئەم زیاد کردنە شمولی نەکردوون، بە حوکمی ئەوەی ئەوانە لەسەر میلاکی

هەرێمی كوردستانن لێرەوە مووچە وەردەگرن، هەمان مافیان هەیە، بۆیە داوا دەكەم كە ئەوانیش مووچەكانیان زیاد بكرێت و قەرەبوو بكرێنەوە، هەموو ئەو یاسایانەش كە پێشتر پەرلەمان دەری كردووەو، تەبەعاتی مالی هەیە، كە داوامان كردووە پارەیان بۆ دابندرێ، چونكە ناكرێت تۆ یاسایەكت دەركردووە لە پەرلەمان داوا دەكەی پارەی بۆ دابندرێت، بەلأم لە بودجەدا هیچ برە پارەیەكی بۆ دەست نیشان نەكرابێت، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێرزاد.

**بەرێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەپێشدا تەئیدی ئەو برادەرانە دەكەم، كە ئەگەر بكرێت ئەو ماددەیە تەئجیل بكرێت و بخرێتە دەنگدانەوە، بۆئەوەی ئەوەندە قسەی لەسەر نەكەین و وەقتیش نەكوژین، ئەگەر پێتان باشە، ئەگەر پێشتان باش نیە قسەكانم دەكەم، منیش هاورام لەگەڵ كاك كاردۆ و كوێستان خان لەسەر ئەو زیادانەی كە بۆ ئەو چین و توێژانە باسكران، كە منیش دووبارەی ناكەمەوە، بەلأم ئەوەی دەمەوێت باسی بكەم بۆ تەنمیەی موحافەزات، كە لێرە باسكراوە ئەو مەبلەغەی بۆ داندراوە، دیارە من پێشنیاری ئەوە دەكەم ئەگەر بكرێت زیاتریش بكرێت ئەوە یەك، دووەم: بۆیان دەست نیشان نەكرێت كە ئەو پارەیەی لە كوێ سەرفی دەكەن، كە ئەوان موحافەزەكان زۆر لە حكومەت باشتر دەزانن لەچیدا سەرفی دەكەن، موحافەزەكان پێویستیان بەچیە، هەروەكو پێشتریش باسی شاری چەمچەماڵم كرد، كە وتم پێویستیان بەو شتانەیەو، بەلأم بۆیان نەكراوە، ئەوەی تر كە دەمەوێت باسی بكەم، وەزارەتی دارایی تا ئێستا قەرەبووی ئەو فەرمانبەرانەی نەكردووە، كە لەناوچە دابراوەكانن، كە سەر بە سلێمانین بابلێین مووچەیان لە سلێمانیە، ئەوانە تا ئێستا كە لەناوچە دابراوەكانن بۆیان سەرف نەكراوە، بۆیە داواكارم لەوە كە ئەوانیش وەكو ئەوانەی لە هەرێمی كوردستانن بۆیان سەرف بكرێت، ئەمرۆ خەبەرێكم بیستووە دوایێ تەئكیدیشم كردەوە لێی، كە دژەتیرۆری سلێمانی تا ئێستا قەرەبوو نەكراونەوە، وەكو ئەوەی دژەتیرۆری هەولێر قەرەبووكراونەتەوە و مووچەكەشیان زیادی كردووە، بۆیە من داوا دەكەم ئەوەشیان بۆ زیاد بكرێت، بۆیە هەروەكو یەك تەماشا بكرێن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەرێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داواناكەم لە هەموو ئەو زیادانەی كە پێشتر داندرابوون ببڕێت، تەنها هەندێك شت دەهێنمەوە، حەزدەكەم بریكاری وەزارەت جوابم بداتەوە، لەشمەك و خزمەتگوزاری و چاككردنەوە، كە 1 تریلیۆن و 900 ملیار داندراوە، تەنها لەو شتانەی كە من باسی دەكەم لەوانە بیبڕن، كە پێویست نیە 175 ملیار، ملابس اخری، اغذیة اخری، لوازم اخری، نفقات اخری، اجارات اخری، استشارات اخری، اجهزە مكتبیە اخری، خدمات اخری، سیانەی وسائیتی نەقلی اخری، سیانەی وەسائیتی تەسجیل اخری، ئەوە 175 ملیار، لە مەسروفاتی اخری كە 815 ملیار داندراوە، 2 شوێن هەیە بۆ ئەوێ كە پێویست نیە دەتوانن بیبڕن، مینەح و تەحویلاتی اخری 254 ملیارە، یان لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی 242 ملیارە، داوا دەكەم 55 ملیار دینار ببڕێت، لە مەوجوداتی غیر مالی بۆ كڕینی سەیارە و ئەساس كە 252 ملیار و 801 ملیۆن دینار داندراوە، داوا دەكەم 55 ملیار دینار ببڕن، بەڵام ئەو بڕینانە بیخەنە سەر كوێ؟، بیخەنە سەر مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە، ئەو پێویستیەی كە ئێوە ناردووتانە 118 هەزار 642 مووچە خۆر هەیە لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەگەر هەر مووچە خۆرێك من ناڵێم 700 و 800، ناشڵێم هاوتای بكەن لەگەڵ عیراق، چونكە 3 ساڵە ئەوە دەڵێین و هاوتا ناكرێ، دڵنیام بە 2 و 3 ساڵی تریش هاوتا ناكرێت، هەر فەرمانبەرێك یان مووچەخۆرێك لە وەزارەتی پێشمەرگە 200 هەزار دیناری بۆ بخەنە سەر مووچەكەی، ئەوە بۆ یەك مانگ 23 هەزار ملیار دەكات، كە بۆ ساڵەكە 285 ملیار دەكات، داوادەكەم بڕگەیەك زیاد بكرێت، بۆئەوەی كە گوژمەی سەرۆكایەتی هەرێم 142 ملیار دینارە تەسبیت بكرێت لەناو یاساكە، بۆئەوەی كە خەرجی مەفتوح دیاری نەكرێت لەناو ئەنجومەنی وەزیران بۆ خەرجیەكانی سەرۆكایەتی هەرێم، بەڵكو بە یاسا ئەوە ئاماژەی پێ بدرێت، لە گوژمەی پەرەپێدانی پارێزگاكان پێشنیاردەكەم لە ئاخیر دێرەوە ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، كە تەرخانكردنی ڕێژەی لە 5٪ لەو بودجەیە بۆ بواری كشتوكاڵی، لە پەرەپێدانی پارێزگاكان تەرخان بكرێت، ڕاستە وەزیری پلاندانان باسی كردووە، بەڵام داوا شتێكە، ئەگەر ئێمە تەسبیت بكەین و قوەیەكی قانونی دەبێت و، ئەوان مولزەم دەبن بەوەی كە ئەو ڕێژەیە دیاری بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت ماددەی پێنجەمەوە، دوای ئەوەی كە هاوكارانی بەڕێزم باسیان لە 5 دەروازە كرد، كە دیارە بەبەراورد كردن لەگەڵ ساڵانی رابردوو 901 ملیار و 177 ملیۆن دینار زیادی كردووە، داوایان كرد كە بۆ چەند بوارێكی تر تەخسیس بكرێت، بەڵام من جگە لەوە كۆمەڵێك تەسمیە یاخود ناوی تر هەیە لەناو ئیستمارەی بودجەی 2013، بەبڕوای من بە پێویستی نازانم و ژمارەیەكی زۆر یاخود مەبلەغێكی زۆریش

له بودجەیان بۆ تەرخانکراوە، ئەگەر من ئیزافەیەك بکەم بۆئەوەی کاك پێشەوا، کە ئەو کۆمەڵێك ناوی وت، ئیزافەی ئەوەیش دەکەم و دواتر مەبلەغەکە دەخوێنمەوە، جل و بەرگی دیکە، خواردنی دیکە، لەوازمی دیکە، خەرجی دیکە، دیارە 3 خەرجی دیکە لە 2 پەڕەی ئەم دیو ئەو دیو دووبارە بوویتەوە، خەرجی دیکە، خەرجی دیکە، خەرجی دیکە، ئیجاراتی دیکە، ئیجاراتی دیکە، ئیستسماری دیکە، خەدەماتی دیکە، سیانەی وەسائیتی نەقل اخری، سیانە وەسایتی تەسجیلی اخری، اعانات اخری، نفقات اخری متنوعە، مینەح و تەحویلات اخری، ئینشائات اخری، اثاث اخری، اثاث کبیرة اخری، موعدات امنیة اخری، شریکات اخری، منظمات اخری، دیارە هەموو ئەوانە کە خۆی لە 21 اخری دادەبیننەوە، موافەقەتی وەزارەتی دارایی، کە موافەقەتی کردووە بۆ بودجەی سەرجەم ئەم 21 ناوەی، کە من هێنام 1 تریلیۆن و 329 ملیار و 535 ملیۆن دینارە، بە هەمان شێوە کۆمەڵێك خەرجی زیادەیە بەبڕوای من، کە پێویستی دەکرد ئەوانە لە کۆمەڵێك بواری تردا بخرێتە بواری خەرج کردنەوە، جگە لەوەی کە هاوکارانم باسیان کرد، پشتگیری تەواوی داواکەی ئەوان دەکەم، بەتایبەت بۆ زیادکردنی مووچەی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، کە من دژی ئەوەم، بەنیسبەتی زۆر کەم ساڵانە مووچەکانیان 100، 150 هەزار بۆیان زیاد بکرێت، دەبێت ئاستی بژێوی ژیانی کەس و کاری شەهید و قوربانیانی جینۆساید بکرێت بە پێوەر، بۆ زیادکردنی مووچەکانیان، بەهەمان شێوە مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە بە ئاستێك بێت، کە لەگەڵ ئاستی بژێوی ژیانیان یاخود لەگەڵ مستەوای ژیانی هەرێمی کوردستان بگونجێت، یاخود هاوتاکانیان لە حکومەتی عیراقی، یەکێك لە داواکانی تر لەو گوژمەی 914 ملیارەی کە بۆ گەشەپێدان و تەنمیەی ئەقالیم دانراوە، ڕێژەی لە 5٪ لەو بودجەیە تەرخان بکرێت بۆ بواری کشتوکاڵ، خانوو بۆ خەڵکی کەم دەرامەت بەبێ بەرامبەر، کە ساڵانی پێشووش ئێمە بودجەمان بۆ تەرخان کرد نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە، زیادکردنی مووچەی مەلا و موحەقیق عەدلیەکان و، پشتگیری دەکەم کە ئەو زیادکردنانە خوشك و برای شەهید و قوربانیانی جینۆسایدیش بگرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی من هەر لەو ماددەیە ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، کە ئەو پارانەی بۆ خەرجیەکان دانراوە، کە بۆ خەرجی بەکارخستن، کە نەفەقاتی تەشغیلیە و، لەگەڵ نەفەقاتی ئیستسماری، دەبووایە گرینگی هێشتان کە چەند داویەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا، دەبووایە هێشتان زیاتر گرینگی بە وەبەرهێنان بدرێت، لەو بوارەوە کە من پشتگیری تەواوی خۆم بۆ هەموو ئەو بڕگە و بابەتانەی، کە هاوکارم سۆزان خان ئاماژەی پێدا، کە بڕینی لایەك لەو پارەیە، کەبە 100 ملیار خۆی دەبینێتەوە، لە هەر 4 سەرۆکایەتیەکە بە مەبەستی ئەوەی کە ئەو تەعویزاتی مۆزەفیانەی کە هەیە دەتوانین لەو زیادەڕەویەی کە لە مووچەی بەرز

دادەنرێت، هەم لە خانەنشینی، هەم لە تەعین کردنی زۆر، لەو تەعویزاتە مۆزەفینانە کە دەیبینین دەتوانین لای ببەین ئەو پارەیە، کە ئەو پارەیەمان لادا بەپێی گرینگی ئەو بابەتانەی کە ئاماژەی پێکرا، منیش پشتگیری لێدەکەم، لەگەڵ ئەوەدا دەمەوێ ئیزافەی ئەوە بکەم، کە 5 ملیار لێرە داندراوە بۆ دەستەی مافی مرۆڤ، دەتوانین هەر لەو بوارەشەوە کە ئێمە 1 ملیاری لێ لابدەین، بۆ کۆمەك کردنی هەمیشەیی بۆ کەم ئەندامانی سەنگەر، کە بەڕاستی بایەخدان بە ئەوان و ، بە کوڕ و کچی ئەوان دانی مینحە بۆیان، من زۆر بە زەروری دەزانم، کە زیاتر بایەخ بەو کەسانە بدرێت، کە سەنگەریان گرتووە لەپێناوی ئەم میللەتە، کە هاوکاری زیاتریان بکرێت و، هەروەها بۆ هێنانەوەی روفاتی ئەنفالەکان، بەڕاستی کە پرۆسەیەکی زۆر دوورو درێژە، ئەگەر بێتو لەویش بڕە پارەیەك تەرخان بکرێت بۆ هێنانەوەیان، بە دوورو درێژی نەبێت و کاتێکی تر بتوانرێت کار بکرێت، واتە لەوەی کەبۆ چاککردنەوەی قوتابخانەکان هەندێکی بۆ ئەو بوارە تەخان بکرێت، ئیقتراحەکەی تریشم کە لە مافی مرۆڤە بۆ کەم ئەندامانی سەنگەر تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەمڕۆ بەیانی حکومەت وەڵامی هەبوو، لەسەر یاداشتێك دیار بوو، کە ئەوە بڕە پارەی داواکرا بوو، داشکاندنی پێ بکرێت حەتمەن تەئسیر لە بوارانی تر دەکات، یان مەجالاتی ترە کە بۆیان من وا دەبینم تەنها ئەو 100 ملیارەی هاوڕێم خوشکە سۆزان پێشنیاری کرد، ئەو 100 ملیارە لەو جیهەتانە دابەزێتن و دووبارە تەوزیع بکرێتن وەکو ئاماژەپێکراو، ئێمە لێرە دەبینم هەمووومان تەئکید لەوەدەکەنەوە، کەچۆن خەرجیەکان، بەڵام کەسێك باسی عەجزی نەکرد، نازانم کە ئەو عەجزە چۆن موعالەجە دەکرێت؟، دەبینم لێرە هەموومان تەرکیزمان لەوە کرد، بابڵێین ڕەقەم وتن و بۆ بازاڕ بڕۆن، نەك بڵێین شتەکە علمیانە چارەسەر بکرێت، بۆیە من دەمەوێ خاڵی دووەم (العجز)، چۆن یارمەتی حکومەت دەدەین؟ ئەو عەجزە چۆن چارەسەر بکرێت؟ لێرە بەس باسی ئەوە دەکاتن موستەحەقاتی پێشمەرگە، ئایا ئیستحقاقاتی حکومەتی ئقلیم لەگەڵ بەغدا، تەنها ئیستحقاقاتی پێشمەرگەیە نەخێر، وانیە، ئیستحقاقاتی ترمان هەیە، بەڵام لەوانەیە لەبیرمان چووبێت یان ناتوانین بەدەستی بێنن، بۆ نموونە بودجەی عیراق 138 تریلیۆن و 254ملیار و 126 هەزار دینارە، ڕێژەی 18 تریلیۆن 957 ملیار و کەسر ئەوە عەجزە، حسەی هەرێم لەم عەجزە، ئەم عەجزە بودجەی هەرێم جوزئێکە لە بودجەی عیراق، ئەم عەجزە کە لە عیراق هەیە، ئەوە کوردستانیشی بەردەکەوێت نیسبەیەك 3 تریلیۆن و 200 ملیار لەسەر کوردستان عەجز حیساب کراوە، بۆیە من دەبینم پاش (المبالغ) دەڵێت (ویغطی هذا العجز)ئەمن جوملەکەی هەموو ناخوێنم، ئەوە موازەنەی تەکمیلیش بەخۆ دەگرێتن بە عەجز، شوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی من پشتگیری ئەو مەبالغانە دەكەم، كە لەم سێكتەرانەدا ببڕێت، چونكە لێرەوە دەتوانین دەستكراوە بین بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێنانەی، كە پەرلەمانتاران زۆر لە سێكتەرە جیاجیاكاندا ئاماژەیان پێكرد، بەڵام دەكرێت ئەو پرسیارەش بكەین، ئایا ئەو تەرخان كراوە لە ئەساسدا لەسەر بنەمایەكی زانستی بووە، كە ئێستا ئێمە لێی دەبڕین؟ ئایا ئێمە چۆن بۆمان دەردەكەوێت لە نەتیجەیا كارێكی باشمان كردووە، بەوجۆرە لەو سەرۆكایەتیانە دەبڕین كە من دەست خۆشی لە پێشنیارەكەی سۆزان خان دەكەم، پێشم وایە ئەو 100 ملیارە كەمە، ئەگەر بكرێت زیاتر بێت ئەوا باشتر، لەو بابەتانەی كە ئاماژەی پێكرا پڕبكرێتەوە، مووچەی پێشمەرگە، چونكە هەرە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەم بابەتەیان تەئكید كردووە، مەسەلەی نیشتەجێبوون بەتایبەتی خانوو بۆ كەس و كاری شەهید و ئەنفال كراوان، بابەتێكی زۆر گرینگە، ئەوەی پەیوەندی بە مووچەی كەس و كاری شەهید و ئەنفالكراوان و قوربانیانەوە هەیە، بابەتێكی جدی و بەجێیە، نوێنەری حكومەت لە ئێستادا لێرەیە ئەوە یاسایەی كە لە ئەنجومەنی شوراش گەڕاوەتەوە، هیواداریین تەئكید بكرێت دوای بودجە، بەزوویی بێتە پەرلەمانی كوردستان، بۆئەوەی قسەی لەسەر بكەین، مەسەلەی مووچەی پێشمەرگە، تەسەورم وایە ناتوانین ئەو حەقەی كە پێویستە بیان درێتێ، لەم بڕینانە بۆیان جێبەجێ بكەین، بۆیە داخوازیمان لە نوێنەرانی حكومەت ئەوەیە، پشتیوانیمان بكەن ئەو یاسایە بەزوویی بێتە پەرلەمانی كوردستان، خاڵێكی تر پەیوەندی بە مەسەلەی ئەو ناوچە سنووریانەوە هەیە بەتایبەتی قەزاو ناحیە كاولكراوەكان، گوژمەیەكی باشی بۆ تەرخان بكرێت، لە دەستەی مافی مرۆڤ ئەگەر گوژمەیەك زیاد بكرێت، من دەست خۆشی لەو بۆچوونەی سۆزان خان دەكەم، ئەوە لێی كەم نەكرێتەوە ئەوەی خۆیان داوایان كردووە، دەستەكە داوای كردووە 11 ملیار ئەوە تەسبیت بكرێت، خاڵی دووەم ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی وەبەرهێنانەوە هەیە، ئەو پارەیەی كە تەرخان كراوە هەوڵ بدرێت بەشێكی لە ساغكردنەوە موڵكەكان و، ئەو زەویانەی كە یەك لانەكراونەتەوە، چونكە بەشێكی زۆر لەو تەرخانكراوانەی كە دادەنرێت، لە نەتیجەدا جێبەجێ نابێت، چونكە كێشەی زەوی و موڵك و موڵكداری دێتە پێشەوە، ئەگەر بكرێت ئەوە بنەمایەكی بۆ دابندرێ، بۆ موعالەجە كردن، بۆئەوەی ساڵ بە ساڵ پرۆژە بەردەوامەكان زیاتر بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خليل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری لە پێشنیارەکانی هاوکارانم، سۆزان خان و کاك اسماعیل و برادەران ، کە ئەو پارەیە لە سەرۆکایەتیەکان ببڕێت، بخرێتە سەر کۆمەڵێك سێکتەری تر، لەوانە چاککردنی ژیان و گوزەرانی پێشمەرگە، بەتایبەتی هێزەکان 70، 80، هەروەها ئەوەی کە بۆ ژێرخانی رۆشنبیری شاری سلێمانی بەشێکی تەرخان بکرێت، جگە لەوەی بۆ سندووقی سەرەتان و بۆ ناوچە راگوێزراوەکان، هەروەها بۆ نۆژەنکردنەوەی خوێندنگاکان، هیوادارام بتوانین ئەوە جێبەجێ بکرێ، خاڵێکی تر ئێمە وەکو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بەداخەوە لیژنەی دارایی ئەو سەرنجەی ئێمە کە لە راپۆرتەکە داندرابوو، بەڵام نەیانخوێندەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانم لێرە باسی بکەم، ئەویش هەر لەو خاڵەیە ئەو پارەیەی کە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان داندراوە، دیارە ئێستاکە رێکەوتنێك لەنێوان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو ئەنجومەنی پارێزگاکان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەنها رێگاوبانی ناو شارەکان جێبەجێ دەکات، ئەو رێگایانەی کە ستراتیجی گەورەن، رێگای گوندەکان کەوتووەتە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، بۆیە ئێمە داوامان کرد بوولێرە بە نەسێکی سەریح بێت، لەو پارەیەی کە بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرخان کرا بوو، بەتایبەتی لە خاڵی دوو (ب)، کە دەڵێت (مبلغ قدره ئەوەندە... وتنمية مشاريع المحافظات والأقضية والنواحي، وعلى المحافظ تقديم خطة اعمار المحافظة والاقضية والنواحي التابعة لها المصادق عليها من قبل مجلس المحافظة الى وزارة التخطيط لغرض دراستها والمصادقة عليها، على ان تراعي المناطق الأكثر تضرراً داخل المحافظة وعدد سكانها)، لێرانەوە دەمانەوێت ئێمە برگەیەك زیاد بکەی یان بەشێکی بۆ زیاد بکەین ئەویش بەوشێوەیە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم لە پێشنیاری هاوڕێکانم، لە بڕینی ئەو پارانەو بەخشینی بۆ پڕکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە، بەڵام هیوادارم هێزی پێشمەرگە ئێمە جیایان نەکەینەوە، یەك هێز بێت، هەموو هێزەکان پێشمەرگە بەیەکەوە بگرێتەوە ئەو مووچەیە، نەك تەنها چەند یەکەیەك، چونکە ئەوانەش لە داهاتوو رێك دەخرێنەوە، پێویست دەکات هەمووی بگرێتەوە، دووەم جگە لەو پێشنیارانەی کە کرا، من لەسەر کورتهێنان قسەیەك هەیە، دەڵێن ئێمە ئەو کورتهێنانەی چۆن پڕبکەینەوە، هاوکارانم هەندێ برادەر باسیان کرد، داواکارم ئەو کورتهێنانە جگە لەو خاڵی یەکەم و دووەم داندراوە بۆ کورتهێنانەکە، سێیەم ئەو کورتهێنانە داواکارم لە داهاتی نەوتی ناوخۆ جگە لەوەی لە رێگای سۆمۆوە دەڕوات، ئەم کورتهێنانەی پێی پڕبکرێتەوە و، ئەو پێداویستیانەی بۆ تەرخانکردنی مووچە ئەگەر پێویستی بە پارەی تر هەبوو، لە

داهاتی ئەو نەوتە پێی پڕبکرێتەوە، ئەگەر بێی سەیری خەرجیەکان بکەی لێرە 16 تریلیۆن داندراوە، بەڵام بەپێی هاوپێچێك لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی 18 تریلیۆن و ئەوەندە داندراوە، لەبەرئەوەی بانکەکان و فرۆکەخانەکان و سامانە سروشتیەکان و شارەوانیەکان بە جیا خەرجی و داهاتەکانیان دیاریکراوە، بۆیە ئەگەر داهاتەکان لە ماددەی پێشوو داخیل بکردبا لە کۆی داهاتەکان، ئێستا خەرجیەکان دەگەیشتە 18 تریلیۆن، بۆ مسەلەی پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەڕاستی هەندێ رۆتینات هەیە لە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەویش جۆرێك لە مەرکەزیەتی تێدایە، لە برگەی (ب) جگە لەو گوژمەی بۆی تەرخانکراوە، لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پەسەند کراوە، پێشکەشی وەزارەتی پلاندانا دەکرێت بە مەبەستی لێکۆڵینەوەو پەسەند کردنی، هیوادارم بۆئەوەی ئەو مەرکەزیەتە نەمێنێ لامەرکەزیەت پیادە بکرێت لە ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، ئەنجومەنی پارێزگاکان پێشتر بەڕێوەبەراتیی گشتی پلاندانانی پارێزگاکان بکرێت، بۆ پەسەند کردن و لێکۆڵینەوە، نەك وەزارەتی پلاندانان، چونکە زۆرینەی پرۆژە هەیە 6 مانگە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان نێردراوە بۆ وەزارەتی پلاندانان، هێشتا لەچوارچێوەی گشتی جێگای نەکردووەتەوە، کۆمەڵێك رۆتینات بوویتە رێگر لەبەردەمی پرۆژەکاندا، سەرەڕای ئەو بڕینانە بۆ بەرزکردنەوەی مووچەی پێشمەرگە بۆ فەرمانبەران، بۆ خانەنشینان، بۆ ئەوانە، شتێك هەیە کە لەبیرمان نەچێت سندووقی چاودێری کۆمەڵایەتی یان سۆسیال، ئێمە داواکارین کە حکومەت ئەوە دانێ و بڕێکی بۆ تەرخان بکات، چونکە ئێمە ئەگەر لە ملیۆنێك خێزان، ئەگەر نزیکەی چەند خێزان لەخوار هێڵی هەژاریەوەن، دەبێت حیسابێك بۆ ئەوانە بکرێ، جگە لەوانەی کە فەرمانبەرن یان فەرمانبەر نین، بتوانن سوودمەند بن لە مووچەکان، هیوادارم هەموو ئەو پێشنیارانە بخرێتە دەنگەوە، وەزارەتی دارایی بۆ جیاکردنەوەی، کە ئێمە بەپێی مەبالغ جیامان کردووەتەوە، ئەگەر جێگای تریش هەبێت دەتوانین پەنا بۆ داهاتی 2 حیسابە نەوتیەکە بەرین، کە نازانین رەقەمەکەی چەندە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان من پێشنیار دەکەم لە 20٪ی ئەو بابانەی وەکو شتومەك و خزمەتگوزاری، باربو، بەخشین، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، خەرجیەکانی تر، هەبووی نادارایی لە 20٪ی ببڕێت، کە تەقریبەن نزیکەی تریلیۆنێکە لەسەر 2 بنەما، بنەمایەکیان هەموو دام و دەزگاو وەزارەتەکان تا نیوەی ساڵ ئەگەر بیکەین بە پێوەر تا 2012/6/30 لە روبع کەمتریان خەرج کردووە، کەواتە دیارە توانای ئەو وەزارەت و فەرمانگایانە بۆ خەرج کردنی ئەم مەجالانە توانایەکی کەمە، خۆیان روبعێکیان خەرج کردووە ئەوە خاڵێك، بنەمایەکی تر دیسان کاتێك کە پێشنیاریان کردووە بۆ ساڵی 2013، وەزارەتی دارایی هەمووی کەم کردووەتەوە بۆ روبع، کەواتە بنەماکە چیە؟ ئەوان داوای 22 ملیاریان کردووە، ئەو کردوویەتی بە 11 ملیار بەهی تەعویزاتی

مۆزەفینەوە، کەواتە من پێشنیار دەکەم لە 20٪ کەم بکرێتەوە، بێجگە لە تەعویزاتی مۆزەفین ئەوە خاڵێك، دیسان سەرۆکایەتیەکان، ئەو 4 سەرۆکایەتیەی کە باس کرا، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری، سەرۆکایەتی مەجلیس وەزارا، دیسان ئەگەر سەیری مەسروفاتەکانیان بکەن ئەو خشتەیە کە وەزارەتی دارایی ناردوویەتی، سەرۆکایەتی هەرێم 49 ملیار و 990 ملیۆنی بۆ داریکراوە، یەعنی لە 50، 18 خەرج کردووە، کەواتە سێیەکی کەمترە، 59 بۆ پەرلەمان، 17ی خەرج کردووە، مەجلیسی قەزا 51، 19 ی خەرج کردووە، ئەنجومەنی وەزیران 197، 31ی خەرج کردووە، کەواتە ئەگەر سەیر بکەی توانایان بۆ 6 مانگی یەکەم خەرجکردنی کەمە، کەواتە پێویستیان کەمە، بۆیە ئەوانیش لە 20٪ کەم بکرێنەوە، ئەو کەم کردنەوەیەش بەو شێوەیە کە بەڕێزان پشتگیری دەکەم، بۆ زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، بەداخەوە فەرمانبەران و پێشمەرگەو ئاسایش ئێمە داوامان کردووە وەکو بەغدای لێ بکرێت، هاوتا نەکراوە ئەوە دوو ساڵی پێشووە، بەلاّم ئێستا سەرف بکرێت، بۆ زانایانی ئاینی لە 25٪ مووچەکانیان زیاد بکرێت، عەفووم بکە یەك خاڵ ، لەو پارەیە 50 ملیار دینار دابندرێت بۆ 2 بوار، ئەو قوتابیانەی کە تواناسازی نایانگرێتەوە بە سولفە یان بەخشین یان قەرز بیاندرێتێ، هەروەها بۆ دەرماڵەی قوتابیان کە دەرماڵەکانیان 60 هەزارە، قوتابیانێك کە لە زانکۆ، مەعهەد بخوێنێت بەشیان ناکات، بەشە ناوخۆییەکانیان ئەوەتا تووشی کارەسات دەبن، بەشە ناوخۆییەکانیان پێ چاك بکرێت، بۆ مووچەی خانەنشینی، مووچەی خاوەن پێداویستی و کەم ئەندام، کە چەندین داواکاریان کردووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم، کە ئەمساڵ لەچاو پاردا ئەو بڕەی کە داندراوە بۆ شمەك و مەسروفات اخری، چاککردنەوەو خەدەمات 900 ملیار بەرەو سەر زیاتر لەپار، ئێمە پاریش دەمان وت ئەوە زۆرە بۆئەو ئەبوابانە، چونکە من پێم وایە ساڵێك قەنەفەت کڕی، 2 ساڵی داهاتوو بۆ دەیکڕی، ئەمساڵ چاککردنەوەت هەیە، ئەم بڕە بەسە داندراوە بۆ چاککردنەوە بۆ ئەمساڵیش، لەبەرئەوە ئەو 900 ملیارە کە مامۆستا عمر عبدالعزیز و کوێستان خان و هاوەلأنی پێش من ئیشارەتیان پێدا، منیش پشتگیری دەکەم، دواتر وابزانم ئیشارەتیان پێدا ئەبوابێك دابندرێ، بەڕاستی من حەز دەکەم لێرە ئیشارەت بدەم بە خاڵێکی تر، کە ئێمە هەموو ساڵێك بڕێك پارە دادەنرێت لە بودجەی تەشغیلی لە بەغدا، تەنها بۆ ئەو ژمارە فەرمانبەرانەی کە تازە تەعین دەبێ، بەلاّم هەموو ساڵێك دەچێتە ساڵی داهاتوو، هەتا ئێستا 17 هەزار تەعینەکەی کە بۆ 2012 زیاتر لە تریلیۆنێکی بۆ داندرابوو، ئەوە مانگی دووە تازە خەریکی موعاملاتی تەعینن، هێشتا یەك دیناریان وەرنەگرتووە، کەواتە ئەگەر ئەو تریلیۆنەش زیاد بووبێ ببەن

عجزی پێ پڕبکەنەوە، خۆ ئەو 900 زیادەیە دەتوانین دایبنێین بۆ ئەو بوارانەی کە باسکراوە، لەبەرئەوە من جارێکی تر سەرتان نائێشینمەوە و نایلێمەوە، پشتگیری هەموو ئەو خالآنە دەکەم، کە کوێستان خان و ئەوان وتیان، من پار مانگی 2012/4/3 یاداشتێکم بەرز کردەوە بۆ گرینگی دانێکی تایبەت بە شاری هەڵەبجەو هەورامان و سەید صادق، کە عایدی ئەو شارە بوون، بە سوپاسەوە بەڕێزت بەرزت کردەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش ئاراستەی 6 وەزارەتی کردووە، یەکێك لەو وەزارەتانە وەزارەتی داراییە، تا ئێستا وەلآمیان نەبووە، یەعنی ئەوە 2 مانگ و نیوە، حەزدەکەم ئەو 2 خاڵەی کە عایدی وەزارەتی داراییە ئەگەر تۆزێك گوێم لێبگرن کە بەڕاستی ئەوە وەکو بەرچاو ڕۆشنێك وایە بۆ حکومەت، چونکە ئەو شارە شاری هەڵەبجەو ئەترافەکانی لەوکاتەی کە کیمیایی ڕوویداوە کۆمەڵێك ئافرەت لە خوێندن دابوون، بەلآم دابڕان لە خوێندن، دواتر لەبەرئەوەی لەبەرنەبوونی یان نەخۆشی یان هاوسەرگیری نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، ئێستا بووەتە ژنی ماڵەوە، هیچ ئیمکانیەتێکی مالی نیە، لەبەرئەوەی لە وەزعێکی ئیقتصادی ناباشا دەژی، ئێمە تەرحمان کرد بوو کە لە سندووق، کەمیشن چونکە تۆ دەڕۆی ئەوەی موالیدی ئەو قەزایەیە، قەزا بە فۆتۆغرافەکەی پێش کیمیاییەکە بە سید صادق و هەورامانەوە، موالیدی خوار هەشتاکان دەکات، ئەگەر ئیحسایەکی ورد بکرێت، عەدەدەکەی زۆر کەمە لە بیمەی بێکاری شتێك تەرخان بکرێت بۆ ئەو خەڵکە، وەکو قەرەبوویەکی خاس بۆ ئەو شارە، خاڵێکی تر قەرەبووکردنەوەکەی ئاوارەکان، ئەمساڵ 50 ملیار دانراوە، ئەم ئاوارانە تازە خراونەتە سەر خەت، نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران لەبەر ڕۆتینێکی زۆر تازە 5 ملیارەکەی 2011 سەرف کردووە، 100 ملیارەکەی 2011 ماوە، بەلآم بەڕاستی 50 ملیار کەمە، چونکە 40 هەزار ئاوارە ناوی نووسیوە، خەڵکێکی زۆر لەو شارە کەوتووەتە ڕێ بۆ ئێران، بۆئەوەی بچێت بەڵگە بێنێت کە ئاوارە بووە، لەبەرئەوە من پێم وایە ئەو خاڵە هەم ڕۆتینی لەسەر کەم بکرێت، هەم بڕی ئاوارەکان زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش دەربارەی ماددەی پێنجەم، کە خەرجیەکان و کورتهێنانن، منیش پشتگیری هاوڕێکانم دەکەم، کە لەپێش من قسەیان کردووە، ئەو بڕە پارانە ببڕن لەو سەرۆکایەتیەی کە ئاماژەیان پێداوە، بۆ نموونە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئاسایش، سەرۆکایەتی دادوەری ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی، ئەوانەش خەرج بکرێت بۆ پێشمەرگەو ژیانیان خۆش بکرێت، مووچەیان زیاد بکرێت، چونکە لەوانەیە ئێستا ئەوان لەژێر نایلۆن بژین، لەپێشی جەبهەنە وەك بڵێی دیفاع لە ئێمە بکەن، ژیانیان زۆر نارێك و ناباشە، مووچەیان کەمە، داوادەکەم بڕێکی باش بۆ ئەوان دابنێن، بڕێکیش دابندرێت لەو پارەیە بۆ خانەنشینی، کە مووچەیان لە

220 تا 250 هەزار دینارە، لەوبارەیەوە کە ئەوانەش ژیانیان زۆر نارێکە بڕێکیش بۆ ئەوان خەرج بکرێت، بڕێکیش بدرێت بە شاری سلێمانی ئێمە لێرە خۆمان بڕیارماندا ببێت بە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان، بودجەیەك لەو پارەیە بۆی تەرخان بکرێت، کەوا ئەوانیش لەخۆیان ببینن و بتوانن زیاتر ئیش بکەن، دیسان سەرۆکی هەیئەی موستەقیلی مافی مرۆڤ، خۆی داوای کردووە وتی بودجەی من کەمە، ئەگەر بۆمن زیاد نەکەن ئەوا ناتوانم دەست بەکاربم، لەوانەیە دەست بەکاریش نەبووبێت، داوادەکەین بڕێکیش بۆ ئەوان زیاد بکرێت و بودجەیەك لەو پارەیە بۆیان تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری لە ڕای هاوکارنم دەکەم، بەتایبەتی لە بودجەی سەرۆکایەتیەکان، پێشتریش من پێشنیارم کرد بوو، جگە لە تەعویزی مۆزەفین، بە بڕی لەسەدا 10٪ کەم بکرێتەوە، هەروەها تەرخانکراوی سوودە کۆمەڵایەتیەکانی 3 سەرۆکایەتیەکەو وەزارەتەکە، جگە لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەڵبگیرێن و، 10٪ لە کۆی بودجەی وەگەڕخستن بێجگە لە قەرەبووی فەرمانبەران و پارەی پرۆژەکان دابشکێندرێت، زائیدەن پارەی ئەو پرۆژەیەی کە تەرخان کراوە لە ژمارە یەکی پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، پەرەپێدان و پێشخستنی، گەشتوگوزاری ئاینی، مەرقەدی رابەری ئاینزای بەهاییەکان لە ناوچەی سەرگەڵو، من پێم باشە ئەو پرۆژەیە هەڵبگیرێت، پارەکەی بگوێزرێتەوە بۆ ئەو تەرخانکراوانەی کە لێرە بۆی تەرخان دەکرێت، منیش پشتگیری لەو بەڕێزە دەکەم، کە پێشنیاری کرد مەجلیسی قەزا هیچ پارەی کەم نەکرێتەوە، چونکە ئەوان داوایان کرد بوو کە پارەکەیان زیاد بکرێت، نەك کەم بکرێتەوە، پێم باشە لەو پارانەی کە لێرە تەرخان دەکرێت، پێشینەی خانووبەرە بۆ گوندەکان 30 ملیۆن و ، بۆ شار و قەزاکان 25 ملیۆن بێت، سولفەی زەواجیش بکرێ بە 7 ملیۆن، 100 ملیاریش بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی وەکو کاك اسماعیل باسی کرد تەرخان بکرێت، کە زەرەرمەند بوونە و، هەروەها پێشنیاردەکەم کە ئەو پارەیەی 60 ملیارێکە بۆ ئاوارەکان داندراوە ، بکرێت بە 100، چونکە کەمە، من لەکاتی گفتوگۆکانی راپۆرتی وەزارەتی داراییش، ئەو پرسیارەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی کرد، بەڵام وەڵامەکەم وەرنەگرتەوە، ئەوەی کە لەساڵی 2010 ملیارەکە و، هەروەها 100 ملیاری ساڵی 2012، ئایا 2011 چۆن سەرف کراوە؟ پێم باش بوو کە تەوزیحێکی ئەوەمان بۆ بدات، ئاوارەکانی گەڕاوەی ئێران و تورکیا ساڵی 2010 10 ملیار، ساڵی2011 100 ملیار دیاریکرا بوو، ئەو پارەیە چۆن سەرف کراوە، چەند خەڵك لێی سوودمەند بووە؟، کە بەو شێوازەی ئێستا پارەکەیان پێ دەدرێت، بە 10 ساڵی تر ناتوانن هەموویان قەرەبوو بکەنەوە، مامۆستایانی ئاینی، پشتگیری لە پێشنیارەکەی د. بشیر دەکەم، کە پارەیان بۆ زیاد بکرێت، بۆ موحەقیق عەدلیەکان و ژمێریاران.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵلاهی ئەگەر لوتف بكەن، دوایی تەماشا بكەن ئەو هەموو پارەیە بۆ فلاَن شوێن و فلاَن تەخسیس بكرێت، بزانن هەموو بودجەكە بەش دەكات، كاك كاروان فەرموو.

**بەڕێز كاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من پشتیوانی لەو ڕەئیە ڕەنگاو ڕەنگە دەكەم، وابزانم هەموویان موتەفەقن لەسەر زیادكردنی مووچەو، زیادكردنی دەرماڵەو هەموو ئەوانە، تەبعەن من لەوان زیاتر بە دڵسۆزیەوەش دەڵێم پێویستە مووچە لە 2 ملیۆنیش كەمتر نەبێت، بەلاَم ئەو پارەیە لە كوێ دەهێنین؟ من حەزم هەیە جێگای ئەو پارانە بكەمەوە، ئەگەر روخسەتم بدەنێ، جێگای ئەو پارانە بە 3 شت دەكرێتەوە، یەكێكیان حكومەت دەبێت لە مەودوا حكومەت شەو و رۆژ دەوام دەكات، عوتلانیش دەوام دەكات، موناسەبانیش دەوام دەكەن، لە بۆ گواستنەوە هەموو سەیارەكانتان ، هەموو كەل و پەلەكانتان لە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتە، لەوە تەقەشوف بكەن، بە دەیان ملیار لەسیانەو لە شت و مەكی تر و، لە هی دیكە لەوانە بگێڕنەوە، بۆئەوەی ئەو بودجەیەی پێ چاك بكەن، من پێشم وایە پێتان دەكرێت ، ئەگەر بیكەن، دووەمیان حزبەكان لەگەڵ ڕێزم بۆ پێكهاتەكان لێرە مەوجودن، زۆربەیان ئەوانەی بودجەی حزبەكان وەردەگرن، بەڕاستی حەقوایە ئەوانیش سەدا 50٪ بیكەن و، بیدەن بە مووچەی پێشمەرگەو هاووڵاتیان و كەم دەرامەت و، زیندانیانی سیاسی و، ئەوانەی تر، ئەوە دوو یاداشتم لەبەر دەستە، یەكێكیان هەر چوار لایەنی ئۆپۆزسیۆن، تەنها مولاحەزە لەسەر حزبەكان، ئەوەش وەلاَمی حكومەت، ئێوە رێكن لەسەر ئەوەی بودجەی حزبەكان بەیەكەوە بخۆن، ئەو 200 ملیارە بگێڕنەوە بەشی هەمووی دەكات، جەنابی حكومەت ئێوەش 100 ملیار تەقەشوف بكەن، لەو مەسروفاتە زیادانە، هەموو ئیشەكان پێك دێت، ئەو ئیستقتاعەتانەی ئێوە دەیڵێن لێرەدا 300 ملیارتان دێتە بەردەست، دەتوانن مووچەی پێشمەرگە، مووچەی فەرمانبەر، كەس و كاری شەهید، ئەنفالكراو، زیندانی سیاسی، هەمووی چاك بكەن بەبێ ئەوەی كەستان توورە بێت، 50٪ بگێڕنەوە، بۆ ناڵێین چەند وەردەگرین، دە جورئەت بكەن هەر كەسێك لە شوێنی خۆی هەستێت، ئەوانەی بودجەی حزب وەردەگرن فەرموون چەندی وەردەگرن؟ چەند ملیار وەردەگرن، چەند ملیۆن وەردەگرن؟، بۆ ئەوە ناڵێین لەوەی شەفافتر،كە لە هەموو شتێك داوای شەفافیەت دەكەن، حەق وایە لە هەموو مەسەلەكان زیاتر، كە ئەوەی داوای شەفافیەت دەكات با بشڵێت چەند وەردەگرم لەو حكومەتە؟، دەبێ لێرەش جێگای ئەوە بكرێتەوە، كە ئەو پارانەی دەڕوات بەبێ ئەوەی كە كەس بزانێ چۆن سەرف دەكرێت، لەوە بگێڕدرێتەوە ئەسڵەن ئەوە ناشەفافیەتە، ئەو زیادەڕۆییە لەسەر حیسابی خوێنی خەڵك و ئارەقەو فرمێسكی خەڵك، ئەو پارەیە بگێڕنەوە بۆ خەڵك، ئەو ساڵ تەقەشوف بكەن، ئەو ساڵ یەدەگ بۆ

حکومەتەکە زیاد بکەن، بۆئەوەی حکومەت ئەو کات بتوانێ مولزەمی بکات، لەسەر ئەوەی زیاتر بتوانێ خزمەتی شەهید و پێشمەرگەو مۆزەف و هەموو فەرمانبەر و، هەموو پرۆژەکان بکات، من پێم وایە قسە زۆرە لەسەر ئەوە کە بیکەین، بەلاّم کە گەیشتینە ماددەی 8 لەسەر بودجەی حزبەکان، من داوا لە هەمووتان دەکەم بە ویژدانی خۆتانەوە ئەو بودجەیە ڕابگرن، ئەو بودجەیە بکەنە خزمەتی زیاد کردنی مووچەی پێشمەرگەو چاککردنی مووچەی فەرمانبەران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی خەرجیەکان من چەند پێشنیارێکم هەیە، لەوانە لەسەر مەسەلەی زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی پلە نزم، من پێشتریش لە گفتوگۆکانمدا ئاماژەم بەوەدا، کەئەو فەرمانبەرانەی کە پلەکانیان نزم و مووچەکانیان زۆر کەمە، بە بەراورد لەگەڵ نرخەکانی بازاڕ ناگونجێت، بۆیە دەکرێت وەکو حەقلێك لەناو حەقلی راتبدا بەناوی (غلاء المعیشه)، شتێکیان بۆ زیاد بکرێت، بۆئەوەی بتوانن ژیانیان گونجاو بێت لەگەڵ گوزەرانی بازاڕ، خاڵێکی تر پێشنیاردەکەم کە بڕی 50 ملیار دینار لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی تەرخان بکرێت بۆ هاوکاریکردنی ئاوارەکانی، کوردانی رۆژئاوا، کە پێشتریش ئاماژەم پێکرد، چونکە بەڕاستی ئەوەش شتێکی ئیحتیاتەو، وەکو بەرپرسیاریەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەکرێت ئێمە لە ئیحتیاتی وەزارەتی مالیە ئەو بڕە تەرخان بکەین، چونکە باروگوزەرانیان زۆر خراپە، ئێمە سەردانمان کردوون و ئاگادارین لە ژیان و گوزەرانیان، خاڵێکی تر ئێمە پێشتر 100 ملیار دینارمان تەرخان کرد بوو بۆ ئەو قەزا و ناحیانەی سەر سنوورن و، زیانیانن بەرکەوتووە، دیارە بەپێی پێوەرەکان زۆر بەباشی دابەش نەکراوە بەسەر قەزاو ناحیەکان، بەلاّم دەکرێت ئێمە ئەمساڵیش ئەو بڕە تەرخان بکەین، چونکە زۆر سوودمەند بوون لەو بڕە پارەیەی کە پار بۆیان تەرخان کرا بوو، هەرچەندە لە بڕگەی (ب)دا هاتووە، کە دەڵێت بە مەرجێك رەچاوی ئەو ناوچانە بکرێت، ئەو گوژمەیەی کە لە پەرەپێدانی پارێزگاکان دیاریکراوە، بەلاّم وا باشە کە ئەو بڕەیان بۆ تەرخان بکرێت بە دیاریکراوی، پشتگیری لە هاوکارانم دەکەم، بە زیادکردنی تەرخانکراوی دەستەی مافی مرۆڤ، کەخۆیان داوای 11 ملیاریان کردووە، 5 ملیاریان بۆ تەرخانکراوە، بکرێتەوە بە 11 ملیار، دەربارەی کورتهێنان دیارە ئەمساڵ بڕی کورتهێنانەکە کەمترە لە پار، دوو خاڵیش لێرە دەست نیشان کراوە، کە چۆن تەغتیە کراوە مەسەلەی کورتهێنانەکە، بەلاّم لە خاڵی دووەمدا دەڵێت ڕێنوێنی کردنی خەرجی و زێدەکردنی کۆکردنەوەی داهات، زێدەکردنی کۆکردنەوەی داهات نازانین مەبەستەکە زۆر ڕوون نیە، ئایا داهاتی گشتی یەعنی لەسەر هەموو داهاتەکە، یان تەنها وەزارەتی پێشمەرگە؟ ئەگەر ئەوە ڕوون بکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمە زۆرجار لە جەنابتانەوە گوێمان لێ بووە، کە ئەمساڵ 92 ئەندامی پەرلەمان 37 سەعات قسەیان کردووە، لەسەر بودجە ئەمە قسەیەکی تەواوە، بەڵام کۆی ئەو قسانە لەم ماددەیە دایە، کە ئەو قسانە، جەوهەری ئەو قسانە، کرۆکی ئەو قسانە لەناو ئەو ماددەیە دایە، کە دەبێت جێی بکرێتەوە، چونکە قسە لەسەر دابەشکردنی عەدالەتی بودجەیە، کە لە بودجەی تەشغیلی دایە، لێرەوە بەڕاستی نیەتێکی زۆر باش هەیە لەوەی کە یەکەم کەس مامۆستا عمر پێشنیارێکی کرد، کە ئەوە پێشنیاری کۆی ئۆپۆزسیۆنە بۆ داشکاندنی بڕێك و، تەخسیس کردنی لە مەجالێکی تردا، من پشتیوانی تەخسیساتەکان دەکەم، لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانیشەوە دیسانەوە نیەتی داشکاندن هەبوو، کە ئەوە بۆ خۆی کۆدەنگیە لەسەر ئەوەی کەزیادەڕەوییەك هەیە و، لەبەرامبەریشدا ناعەدالەتیەك هەیە، کە دەمانەوێت، کۆدەنگین لەسەر ئەوەی ئەو زیادەڕەوییە ببڕین، ئەو ناعەدالەتیانەی پێ پڕ بکەینەوە، بەڵام من لەسەر 2 خاڵ قسە لەسەر ئەوە دەکەم، یەکەمیان پێشنیار دەکەم لیژنەیەك پێك بهێندرێت، بۆئەوەی ئەوە مەعامەلە نیە لەنێوان ئۆپۆزسیۆن و فراکسیۆنی کوردستانی، مەعامەلە بکەین لەنێوان چەند ملیار دابشکێندرێت، ئەوە بودجەیە و، رەقەمە و، حیسابە، پێشنیار دەکەم لیژنەیەك هەر ئەو لیژنە هاوبەشە، ئەو زیادەڕۆییانەی کەباس کراوە و، ئەو پارانەی کەداوا کراوە ببڕێت، ئەم لیژنەیە فیعلەن تەقیمی بکەن و بیخەنەوە بەردەمی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، بۆئەوەی بزانین وەکو ئەوی جەنابت وتت، ئەم تەخسیساتەی دەیکەین لەکوێوە پارەکەی دەهێنین، بزانین چەندە زیادەڕۆییەکە، بۆئەوەی بزانین چۆن تەخسیسی بکەین، زائیدەن من ئیزافەی ئەو تەخسیساتانەی، کە مامۆستا عمر و برادەرانی ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان باسیان کرد، ئیزافەی ئەوە دەکەم، کە کەمئەندامانی هەڵگرتنەوەی مینیش یەکێك بن لەوانەی کەلە تەخسیساتەکاندا مووچەیان زیاد بکرێت، چونکە ئەوانە هیچیان کەمتر نیە لەو پێشمەرگانەی کە گیانیان فیدا کردووە، چونکە ئەوانیش دیسانەوە ئێمەیان لە مەترسی پاراستووە، خاڵی دووەم کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە ئێمە لە زیادکردنی مووچەکان و تەخسیسەکاندا، جارێکی تر ئاگادار بین ناعەدالەتی دروست نەکەین، بە نموونە ئێمە دەڵێین مووچەی فەرمانبەران زیاد بکرێت، بەڵام کام فەرمانبەرانە؟، یەعنی ئێمە مەفروزە لێرە تەئکید لەوە بکەینەوە، کە فەرمانبەری حەقیقی، چونکە من یەك نموونەتان بدەمێ لەناو فەرمانبەراندا بە تەنها دائیرەی ریکخراوەکانی سلێمانی ئێستا دوای خانەنشین کردنی کۆمەڵێك لە فەرمانبەرانی حزب، ئێستا 5600 مۆزەف کۆی حزبەکانی تێدایە، کە کادیری حزبن و، لەوێ پارە وەردەگرن و، کەمترین مووچەیان 336 هەزار و 650 دینارە هەتاکو ملیۆنێك و 360هەزار دینارە، ئەوە ئەگەر نیسبەی موعەدەلی ناوەڕاستیشیان وەربگرین زیاتر لە 3 ملیار دینار دەکات، ئەوە لە پارەی مۆزەفیندایە، وەختێك

ئێمە کە قسە لەسەر زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران دەکەین کەمترینی بێت، ئێمە ئاگادار بین دیسانەوە ناعەدالەتی نەپارێزین، یان کە قسە لەسەر هێزەکانی 70 و 80 دەکەین، فیعلەن هێزەکانی 70 و 80 پێشمەرگەن و، لەبەرەکانی پێشەوەن، بەڵام لەناو ئەوپێشمەرگانەشدا کۆمەڵێك پێشمەرگەی تێدا هەیە، کۆمەڵێکی زۆر کە پاسەوانی حزبن، کەئەوانە مەفروزە بچێتەوە ناو ئەو بودجەیەی کە کاك کاروان باسی کرد، کە بودجەی ئەحزابە، لە کۆی بودجەکە حزبیش هەی بێت، دواتریش لەناو بودجەکەشدا بە ئیشتراکی رۆژنامەکانیشەوە، ئیشتراکی رۆژنامەی حزب بێت، رۆژنامەکانیشیان لەسەر بودجەی گشتی ساغ بکەنەوە، ئاخیر شت دووپاتی ئەو پێشنیارە دەکەمەوە، کە لیژنەیەك پێك بهێندرێت، بۆئەوەی هەموو زیادەڕۆییەکان بە عەدالەتەوە، بە مەنتقی ئێمە رەسدی بکەین لێرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە زۆرمان پێ خۆشە دابنیشن بەیەکەوە، خوا دەکات ئێوە بگەنە سیغەیەکی موشتەرەك، دوعاشتان بۆ دەکەین و کارئاسانیشتان بۆ دەکەین، بۆ ئێمەش زۆر باشە، ئیمە تەشجیعی ئێوە دەکەین، ئەگەر ئێوە لەنێوان خۆتان بگەنە سیاغەیەك، ئەوە کەیفی خۆتانە، کاك عبداللە ی مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ئەو پێشنیارەی خاتوو پەیمان خان دەکەم، وەکو ئەو وتی بودجەی خەڵکە، هیوادارم لیژنەیەکی هاوبەش دروست ببێت لەنێوان فراکسیۆنەکاندا، یاخود ئەو دەسەڵاتە بدرێت بە لیژنەی دارایی، بۆئەوەی هەموو ئەو پێشنیارە لۆجیکیانە یاخود مەنتقیانەی، کە لەم هۆڵە خراوەتە روو بەشێوازێکی باش لە بەرژەوەندی خەڵك دابڕێژرێتەوە، بەتایبەت برێکی باش لە بودجە ناپێویستەکانی بەکاربردن دابشکێندرێت، بۆ خزمەت کردن، یاخود بۆ باشتر کردنی ژیانی ئەو چین و توێژانەی کەبرادەران ناویان هێنا، ژنی ماڵەوەیە، پێشمەرگەیە، خەڵکی بێکارو ، خەڵکی هەژار و نەخۆش و ئەوانەیە، کە من ناویان ناهێنم، پشیتوانی ئەو ڕەئیە دەکەم، ئومێد دەکەم کاری لەسەر بکرێت، چونکە لە بەرژەوەندی خەڵکە و بۆ هەموو لایەکمانە، هەر لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر کرا، لیژنەیەك دروست کرا بۆ ئەو داشکاندنە، زۆر بەلامانەوە مەبەستە، ئێمە 2010 ، 60 پەرلەمانتاری ئێرە پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە، کە پێدانی قەرز بەو خەڵکانەی کە دەخوێنن لە دەرەوە، یان لەناوخۆ بۆ ماستەر، دکتۆرا، یاخود بەکالۆریۆس لەسەر حیسابی خۆیان، ئەمانەش پارەیەکیان پێ بدرێت، بۆئەوەی لە ماوەی 20 ساڵێکدا بتوانن بیدەنەوە بە حکومەت، ئەوە پشتیوانێکی باشە بۆ مەسەلەی برەو دان بۆ دروستکردنی کادر و ئەو بابەتانەی تر، هەر لەپاڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك خەڵکی ترمان هەیە دیپۆرت کراونەتەوە، پێشتریش باسم کرد، 10 هەزار کەس و گەنجی ئەو وڵاتە رووبەڕووی کێشە بوونەتەوە، بەزۆر نێردراونەتەوە، چونکە تووشی کێشەی دەرونی و قەرز و ئەوانە بوونەتەوە، ئەمەش ئەرکی حکومەتە هاوکارییان بکات، دوا پێشنیاری من ئەوەیە کە ئەمەش هەر بڕگەیەکی ترە، پێم وایە بڕگەیەکی عەمەلیە زۆر زووتر کاری لەسەر بکرێت، بەتایبەت لە

خاڵی دووەمدا کە کورتهێنانە، لە 3 خاڵ پێکهاتووە، بڕگەی دووەم کە کورتهێنانە لە 2 خاڵ پێکهاتووە، هیوادارم خاڵی سێیەمی بۆ زیاد بکرێت و ، برادەران کە ماونەتەوە پشتیوانی ئەم بڕگەیەم بکەن، کە من پێم وایە حکومەت لە رابردوودا کەمتەرخەمی کردووە، پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، پێویست دەکات لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەیەکدا کە لە 45 رۆژ تێپەڕ نەکات، پشت بەستن بە ماددەی 93 لە دەستوری عیراقی فیدرال، کە دەسەڵاتەکانی دادگای فیدرالی باڵای دیاری کردووە، سکاڵای یاسایی لەسەر حکومەتی فیدرال بەرزبکاتەوە، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی هەموو ئەو مافە داراییانەی، کە حکومەت نەیداون یاخود دەستی بەسەر داگرتوون، ئێمە ئەگەر پێمان وایە ئەوە کۆتایی نوقتە بابڵێین، ئەگەر پێمان وایە مافە، مافی دەستووریە و زەوت کراوە، دادگای باڵای فیدرالی هەیە، تا ئێستا پەنای بۆ نەبراوە و هەوڵی سیاسی هەیە، ئەم کارتەش، ئەم ڕێگا ئسوڵی و یاسایەش با بگرێتە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە بۆچوونی هەر هاوڕێیەك بۆ کەم کردنەوەی خەرجی هەر سێ سەرۆکایەتیەکان، هەروەها کەم کردنەوەی خەرجی لە دەروازەکانی خەرجی دیکە، پێشنیاری ئەوە دەکەم تەبعەن پێشنیارەکانی برادەران هەمووی زۆر مەعقولە، هەروەها ئەوەی زیادی دەکەم لەسەری زیادکردنی دەرماڵەی خوێندکاران، خوێندکارانی زانکۆ، زۆرجار ئیقتراحمان کردووە لە لیژنەی پەروەردەش، بەڵام خۆشحاڵ دەبین کە ئەمجارە وەزارەتی دارایی بە هەندی وەربگرێت، ئەو بابەتە گرینگی پێ بدرێت، دووەمیان: زیاد کردنی مووچەی پێشمەرگە، سێیەم: بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژنانی ماڵەوە، هەریەك لە ژنانی ماڵەوە، ژنانی بێ هاوسەر، تەڵاقدراوان، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم کە شاری هەولێر بۆ پایتەختی گەشتیاری 2014 ئامادە کراوە، لێرەدا بڕە پارەیەکی بۆ تەرخان بکرێت، بۆ زیاتر پەرەپێدان بە هەندێ پرۆژەی گەشتیاری، کە بەڕاستی شایەنی ئەوەبێت، هەولێر و کوردستان بەشێوەیەك پیشانی گەشتیاران بدات، کە خاوەنی چەندەها وەکو بڵێی ڕووداوی مێژوویی گرینگە وەك ئەوەی لە پانۆرامای ئەستەمبۆل هەیە، وەك ئەوە لە وڵاتانی دونیادا هەیە، کە تاریخی خۆیان لەناو لەوحەیەك پێشکەشی گەشتیاران دەکەن، بەنیسبەت پرۆژەکانی تەرخانکراوی پەرەپێدانی پارێزگا، پێشنیاری ئەوە دەکەم، کە لێرە بابڵێین پارەی تەرخانکراو بۆ پەرەپێدانی پارێزگا، بڕێکی بەرچاو نزیکەی 20 ملیارێك هەبێ، بۆ چاککردنەوەی یان بۆ بایەخدان بە ژێرخانی پەروەردەیی و زانکۆیی بدات، لە هەریەك لە نۆژەنکردنەوەو چاککردنی سیستەمی ئاوو ئاوەڕۆیی قوتابخانەکان، پۆلەکانی خوێندن و کردنەوەی خەلی ڕاهێنان بۆ گشت مامۆستاو فەرمانبەری وەزارەتی پەروەردە، ئەمە جگە لەوەی چاوخشاندنەوە بە دەرماڵەو مووچەی مامۆستایان و ، دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ، ئەگەر نەبێت دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ مامۆستایان و، دایەنگای پێویست بۆ ئاسان

کردنی وەزعی گوزەرانیان، وەزعی خێزانیان، هەروەها تەرخان کردنی بڕێك لەو پارەیە بۆ پەرەپێدانی پارێزگا، بۆ چاککردنەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەتایبەتی بەشە ناوخۆییەکان، کە لێرە بەدواوە ئەمە پاش ئەوەی قوربانیمان دا، دەبێ ئەو بابەتە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە هەند وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە زیادەڕۆیی و زیادەی ئەو پارانە کرا، لە خەدەمات و مینەح و مەسروفات اخری، نموونەیەك بهێنین سەرۆکایەتی هەرێم ساڵی پار، بابڵێین هەر 12 مانگی 36 ملیاری سەرف کردیە، کەچی 42 ملیاری لە بۆ داندرایە، 10 ملیاری تەنها بۆ کاری خێرخوازی و چالاکی و ئاینی بووە، ئەمن چوارەمین ساڵمە لە پەرلەمان نەمزانیە ئەم کارە هەبێ، بە هەمان شێوە لە پەرلەمانیش 34 ملیار 625ملیۆنی سەرف کردیە، 2 ملیاریش لە بۆ داندرایە لە بۆ کاری خێرخوازی و چالاکی ئاینی، بەیانی بیستمان ئەو قسانە، ئەنجومەنی دادوەری 46 ملیاری سەرف کردیە، هەیئەی ئیستسمار 6 ملیاری سرف کردیە، 25 ملیاری لە بۆ تەرخان کرایە، پشتیوانی لە هاوکارانم دەکەم، ئەگەر زیادە دەکرێت لە مووچەی هەر چین و توێژێك بێت، من ناوەکانیان نایەنم، درێژەی پێ نادەم وەك باسم کرد ئەگەر فراکسیۆنەکان لەنێوان خۆیان ڕێك بکەون و ئەو پارەیەی تەخسیس بکەن، پێم باشترە، یەك، دوو پێشنیارم هەیە، قەرەبووی فەرمانبەرانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کە پێشتر لە ئیدارەی سلێمانی بووین، نەقلی ناوچەکانی تر وەك کەرکووك و ئەو شوێنانە کراین، وەکو هاوکارم کاك شێرزاد باسی کرد قەرەبوو بکرێنەوە باشە، هاوتاکردنی مووچەی فەرمانبەرانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك تاکو ئێستا مووچەی فەرمانبەران، مامۆستایانی هەولێر و دهۆك کەمترە لە مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایانی سلێمانی ئەگەر هاوتا بکرێن، پێشنیارێکی تریشم هەیە ڕاستی زیندانیانی سیاسی ئیشی لە بۆ کرایە، بەڵام کارەکانیان زۆر بە سستی دەڕواتن، یەك حیساب نەکرایە لە بۆ زیندانیانی سیاسی، ناوخۆ ئەگەر بکرێت، بەنیسبەت کورتهێنانەوە، کورتهێنان دەتوانین لە داهاتی نەوت پڕ بکرێتەوە، وابزانم کورتهێنانیشمان موخەتەتەو فیعلی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا پشتیوانی پێشنیارەکانی مامۆستا عمر و کاك کاردۆ دەکەم، لەڕاستیدا بڕی 901 ملیار زیاتر، ئەگەر ئێمە پێداچوونەوەی پێ بکەین زیادەڕۆیی هەیە لەسەر مەسەلەی مەسەرفی سەرۆکایەتی و بەخشین و ئەوانە، ئەوە بڕێکی زۆرە کە دەکرێت بەشێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێت بەسەر ئەو چین و

**توێژانەی، کە برادەرانم ئاماژەیان پێدا، خاڵی دووەم من دەمەوێت پشتیوانی پێشنیارەکەی کاك برهان بکەم، لەڕاستیدا ئێمە هەتاوەکو ماددەی 8 لە بۆ 13، کە ئەوە ڕێژەیەك پارە لەخۆ دەگرێت جگە لە مەسەلەی پێشینەی هاوسەرگیریە، لە 8 بۆ 13، 965 ملیار دینارە هەتا ئێمە ئەو 965 ملیار دینارە یەك لای نەکەینەوە لە ماددەکانی تر، ناتوانین دەنگدان بدەین لەسەر مەسەلەی خەرجی و کورتهێنان، خاڵێکی تر کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم پشتیوانی کردنی کوێستان خان و کاك شێرزادە، لەڕاستیدا ئەو فەرمانبەرانەی کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان، تا ئێستا مووچەیان هەر لەسەر ئیدارەی سلێمانی وەردەگرت، بۆیە دەبێت لێرەوە ئیدارەی سلێمانی پێداچوونەوەی بۆ بکات، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە فەرمانبەرانەی کەرکووك ناوچە دابڕێنراوەکان، بۆئەوەی عەدالەتێك هەبێت لەنێوان مووچەکانیانەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك نەریمان فەرموو.**

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم، کە داوای کەم کردنەوەی بودجەی گشتی سەرۆکایەتی دەکەن، سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، کە کەم بکرێتەوە بە ڕێژەی 10٪، هەروەها ئەگەر بەراورد بکەین بە ساڵی پار 901 ملیار زیادەی خەرجی ناپێویست هەیە، کە بۆ شمەك و مەسروفاتی اخری، نادارابیەکان و مینەح، کە زیادی کردووە لە ساڵی پار ئەوانە بگەڕێتەوە، هەروەها لە پارەی بودجەی تەکمیلی کە هەموو ساڵێك دێتە هەرێمی کوردستان، کە ئەویش لە زیادبوونی سیعری نەوتەوە دێتە هەرێمی کوردستان لەو بودجەیە و، ئەو 2 حیسابەش کە بەڕێزان وەزارەتی دارایی ئاماژەیان پێداوە، کە کردوویانەتەوە بۆ داهاتە نەوتیەکان، کە تائێستا نەکراوەتەوەو کەس نازانێ چی تێدایە، ئێمە دەتوانین بەو بڕە پارەیە جێی بکەینەوە بۆئەوەی بتوانین کۆمەڵێك خزمەتگوزاری باشتری پێ بکەین، بۆ نموونە مووچەی پێشمەرگە بە گشتی، بە لیواکان و بە هێزەکانی 70 و 80شەوە، ئێمە ئەوە چوار ساڵە ماددەیەکی یاسایی فەرز دەکەین بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەڵێین پێویستە مووچەکان یەکسان بکاتەوە بە هاوپیشەکانیان لە سوپای عیراقی، بەداخەوە تا ئێستا نەکراوە، بەڕاستی ئێمە دەبووایە لێرە لێپرسینەوەمان بکردبا لە وەزارەتی مەعنی کە تا ئێستا نەیکردووە، لەکاتێکدا هەمووومان هاوڕاین لەگەڵ ئەوە، تکا دەکەم کە ئەمساڵ بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە مووچەکانیان هەموو یەکسان بکرێتەوە، هەروەها من هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کە باسی باش کردنی مووچەی کەم ئەندامانیان کرد، ئەوانەی کە هیچ دەرامەتێکیان نیە و، توانای بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی خۆیان نیە، کە لە 500 هەزار کەمتر نەبێت، من پرسیارێکیشم کرد، کە وەڵامم وەرنەگرتەوە دووبارەی دەکەمەوە، ئێمە لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەتایبەتی یاسای خزمەت و خانەنشینی، کە لەم پەرلەمانە بڕیاری لێدرا، پێش ئەو یاسایە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران 80٪ مووچەو موخەسەساتی پێشتر دەدا بە ئەوانەی کە خانەنشین دەبن لەو هێزانە، بەلاَم بەداخەوە ئەو یاسایە گەڕاندیەوە بۆ 80٪ تەنها مووچەی ئیسمی، مووچەی ئیسمی هێزەکان زۆر کەمە، ئەوەی کە تۆزێ مووچەکانی زیاد کردووە، بەڕاستی موخەسەساتەکەیە، من دەیلێم هەیە دوا مووچەیان ئەوانەی کە بچووکترین مووچەیان لەو هێزەکانە 164 هەزارە، کە دادەمەزرێت، خانەنشین کردن بە 164 هەزار سەدا (80)کەی چی دەکات؟ بۆیە داوا دەکەم وەزارەتی دارایی چیتر ڕێگری نەکات، هەروەها من پشتگیری دەکەم لە دابینکردنی مووچەیەك بۆ ئەو مندالأنەی کە لەژێر هێڵی هەژاری دان، کە لە 200 هەزار کەمتر نەبێت و، قەرەبووی ئەو فەرمانبەرانە دووبارە دەکەمەوە کە لە سنووری کەرکووك و، لەسەر میلاکی هەرێمن کە قەرەبوو نەکراوەتەوە، بەڕاستی من پێشنیارێك دەکەم کە بودجەی کفری زۆر کەمی بۆ داندراوە، کە یەکێك لەو قەزایانەی کە زۆر مەنکوبە، لە پرۆژەکانیش زۆر مەغدورە، تکایە با ئێمە بودجەیەکیان بۆ تەرخان بکەین، کە دەستەکان باس کراون، کە دامەزراون، من پشتگیری ئەوانە دەکەم کە داوا کرا مووچەیان بۆ دابنرێت، دەستەی مافی مرۆڤیش دامەزراوە لە هەرێمی کوردستان، لەوکاتەی کە بودجە هاتووەتە ئێرە بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە، هەمووومان دەزانین کە چەند گرینگە بۆ هەرێمی کوردستان، دەست بەکاربوونیان و بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی باشتر ئیش بکەین، وەزعی تەندروستی لە هەرێم دەزانین چەند لە ئاستێکی خراپ دایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە مامۆستا عمر و ناسك خان و كاك كاردۆ و كاك عبدالله و كوێستان خان دەكەم، بۆ ئەو پێشنیارانە، پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك عبداللە ی مەلا نوری دەکەم، بۆئەوەی سکالاَ لە ناوەند بکەین بەرامبەر بەو موستەحەقاتەی کە هەیتمان بگەڕێتەوە، دیارە برادەران باسیان لەوە کرد، من تەنها باس لە کورتهێنان دەکەم، دیارە کورتهێنانەکە کە لە هەرێم دایە، کورتهێنانێکی نەخشە بۆ داڕێژراوە، بەلاَم ئایا ئەو هەنگاوانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە دەست نیشان کراوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کورتهێنانە، جۆرێك لە ناڕوونی پێوە دیارە، ئەگەر وەزارەتی دارایی ئەوە ڕوون نیە سەرەتا بەو سیاسەتەی کە هەیەتی، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بەڕاستی خەرجیەکانی کەم بکاتەوە، لەبەرئەوەی خۆی لە سیاسەتی دارایی ئێستا ئێمە لامان هەیە خەرجیەکان وردە وەردە زیاد دەبێ، ئێمە کە داوا دەکەین ئەو خەرجیانە لەو زیادەیە کە جیاوازی نێوان سالَی 2012 و 2013،بەلاَم لێرە ڕێنمایمان دەکات خەرجیەکان چی لێ دەکەن ئەوە یەك، دوو: زێدەکردنی داهاتەکان، زێدەکردنی داهاتەکان ئایا لە کۆکردنەوەی ئەو داهاتانەیە کە لە داهاتەکانی ناوخۆیە؟ یەعنی ئەوان ڕێژەکەیان زیاد دەبێت، بۆئەوەی ئەو کورتهێنانەی پێ پڕ بکرێتەوە، من پێم وایە کورتهێنان بە یەکێك لەو ڕێگایانە پڕ دەکرێتەوە، هەرچەندە دەشلێم هەرێمی کوردستان یەکێك لەو دەسەلاَتانەی نیە، یەکەم دەبووایە ئەگەر بیبووایە هەرێمی کوردستان یەدەگی هەبووایە، چ پارە بووایە،

یاخود زێڕ بووایە، کە یەدەگەکەی بفرۆشتبا، بیتوانیبا جۆرێك لە کورتهێنانەکەی پڕکردباوە، پاشان ئەگەر هاتو قەرز، قەرزەکان ئەگەر ناوخۆیی بێت یان دەرەکی بێت، جارێك بە هیچ جۆرێك متمانە دروست نەبووە لەنێوان بانکەکانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان، بۆئەوەی ئەو هەموو ملیار دینارە بە چەند رۆژێك بوونە ملیار دینارو، بە چەند ساڵێك بتوانین قەرزیان لێ بکەین، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە، پاشان قەرزی دەرەکی، بەڕاستی لە قەرزی دەرەکی لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین قەرزی دەرەکی بکەین، لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کە قەرزی دەرەکی پەیوەندە بە سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، کە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی مامەڵە دەکات، خاڵی ترمان هەیە بۆ پڕکردنەوەو کورتهێنان و یاخود سەر ڕێژ کردنی ئەو تەرازوو پارەدانەی کە بەردەوام لای ئێمە کورتی هێنایە، چاپ کردنی پارە دیارە ئێمە ناتوانین پارە چاپ بکەین، لەبەرئەوەی لە مەرکەزەوە پارە چاپ دەکرێت، هیوادارم جوابمان بدەنەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش کۆدەنگم لەگەڵ پێشنیارەکانی برادەرەکانما، لە بڕینی ئەو بڕە پارەیەی کە لە هەر سێ سەرۆکایەتیەکەیە بۆ ئەو سێ مەبەستانەی خوارەوەی: 1- مووچەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم بەرز بکرێتەوە، بەجۆرێك کە هیچ فەرمانبەرێك مووچەکەی لە 600 هەزار دینار کەمتر نەبێت، مووچەی پێشمەرگە زیاد بکرێت، بەشێوەیەك کەمتر نەبێت لەگەڵ مووچەی هاوتاکانیان، کەس و کاری شەهیدان مووچەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بدرێت، کە بەو شێوەیەی ئێستا زیاد کراوە شایەن بە کەس و کاری شەهیدان نیە،قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەرانی سەر بە حکومەتی هەرێم، ئەوانەی کە لە کەرکووکن، کە وەختی خۆی لە سلێمانی دامەزراون، هەتا ئێستاکەش چەندجارێك سەردانی وەزیری دارایمان کردووە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی کە چوونەتەوە سەر ئیدارەی هەولێر، خاڵێکی تر من لەگەڵ ئەوە دام کە بڕێك پارە لەم زیادەیە دابندرێت، بۆ دۆزینەوەو هێنانەوەی تەرمی روفاتی ئەنفالەکان، کە ئێمە لەدوای 20 ساڵ نەمان توانیوە لە بودجەی ساڵانەی خۆماندا بڕێك پارە دابندرێت بۆ دۆزینەوەو هێنانەوەی روفاتی ئەنفال کراوەکان، بۆیە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە چیتر چاوەڕوانی شوانێکی عەرەب نەکات، کە گۆڕەکانی بۆ بدۆزێتەوە بۆ کەس و کاری ئەنفالەکان، ئەرکی حکومەتە، ئەرکی پەرلەمانە کە داکۆکی لەوە بکات، ساڵانە بڕێك پارەی دیاریکراو بۆ دۆزینەوەی قوربانیانی ئەنفال دیاری بکرێت، من لەگەڵ ئەوەم کە بڕێك پارە دابندرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی دیپۆت کراوەکان، ئەو گەنجانە، ئەو کچ و کوڕانەی کە دیپۆت کراونەتەوە دیارە حەقی ئەوەیان هەیە لەم وڵاتەدا جارێکی تر ژیان دروست بکەنەوە، بڕێك پارەی دیاریکراویان بدرێتێ، من لەگەڵ ئەوەم کە بڕێك پارەی دیاریکراو بۆ خانووبەرەو بۆ کەس و کاری شەهیدان، لەگەڵ مووچەی خانەنشینان زیاد بکرێت بە کەمترین مووچە کە لە 450

هەزار کەمتر نەبێت، خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان تا پێداچوونەوەی یاسـاکەیان مووچـەکانیان لایەنی کەم بکرێتە 500 هەزار دینار، دروستکردنی سندووقی بیمە بە مەبەستی چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەو خێزانانەی کە لە خوار هێڵی هەژارین، تەرخانکردنی بڕێك پارە بۆ هەژاران و ژنانی ماڵەوە، بڕێـك بـۆ قەرزی خوێندن دابندرێت، هەروەها دەرماڵەی خوێندکاران زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەر یەکێك لە ئێمە لەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە سەبارەت بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێمە هەڵدەستیّ بە دەربڕینی ئەو ڕاو پێشنیارانە، بۆیە من پشتگیری تەواوم هەیە بۆ هەموو ئەو بڕگانەی کە سۆزان خان و کاك اسماعیل ئاماژەیان پێدا، سەبارەت بە بڕینی 100 ملیار دینار لە بودجەی هەر 5 سەرۆکایەتیەکە و، دابەش کردنی بەسەر ئەو لایانانەی کە باسیان کرد، بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەندە بە زیادکردنی مووچەی یەکەکانی 70 و 80، زیادکردنی ژمارەی ئەو خانووانەی کە بۆ کەس و کاری شەهیدان دادەنرێت، لەبەرئەوەی ئەو 2 چینە، ئەوەی کە ئێمە دەیبینین دوو چینی زۆر موزەحین لە هەرێمەکەمان، بۆیە پشتگیری تەواو بۆ ئەو خاڵانە دەکەم، هەروەها ئەو بڕە پارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ سندووقی هاوکاری، نەخۆشی شێرپەنجە، هەروەها ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ناوچە ڕاگوێزراوەکانە، ئەو گوند و ناحیانەی کە ڕاگوێزراون، دیارە ئەو ناوچانە زۆر گرینگن، بۆیە پێویستە حکومەت بەجدی ئاوڕیان لێ بداتەوە، هەروەها داواکاریەکی تریشم هەیە لە حکومەت، دیارە ئێمە کوڕ و کچی شەهیدمان هەیە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، پێشتریش من ئاماژەم پێدا، پارەکەش لە بودجە ئاماژەم پێدا، دیارە ئەوانە دەرماڵەی مانگانە ئەوەی کە لە زانکۆ حکومیەکان دەخوێنن، دەرماڵەی مانگانەیان هەیە، بەڵام ئەوەی کە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن دەرماڵەیان نیە، بۆیە من داواکارم لە حکومەت بتوانێت پارەیەك تەخسیس بکات، بۆ دابینکردنی دەرماڵە بۆ کوڕ و کچی شەهید کە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، هەروەها دابینکردنی داخیلی بۆ ئەوانە، ئەمەش بە ڕێکار دەکرێتن، لەبەرئەوەی ئەوانەی کە لە زانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، دیارە حکومەت دەتوانیّ یان ئەوەتا کرێی داخلیەکەیان بخاتە سەر تێچووی ساڵانەی خوێندنیان، یاخود تەنسیق بکات لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆکان، بۆ دابینکردنی داخلیەکان بۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو قسانە دەکەم کە سۆزان خان کردی، بەڵام یەك خاڵ هەیە بەنیسبەت ئێمە، بۆئەوەی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان بەباشی بڕوات کە بایی 5 تریلیۆن و 300 ملیارە، ئەگەر بمانەوێت جێبەجێی بکەین، کێشەیەکی گەورەمان هەیە لە شارو شارۆچکەکان، ئەویش کێشەی موڵکداریە و، ئەوان ئەگەر بێتو ئەو قەزایانەی کە باسی کرد، کە بڕێك پارە داندراوە هەر بۆئەوە دایبنێین کە بتوانن بە رێك وپێکی ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، چونکە ئەگەر ئەو کێشەیەی موڵکداریە، ئێمە 2 کێشەمان هەیە لە بەڕێوەچوونی پرۆژەکان، یەکێکیان ئەوەیە کەزەویەکان هەمووی کێشەی خەڵکی لەسەرە، دووەمیش کێشەیەکمان هەیە کە تایبەتە بە دیزاینی پرۆژەکان، ئێمە ئەگەر بێتو لەم بودجەیە پارەیەك بۆ ئەوە تەرخان بکەین، بۆئەوەی وەزارەتی شارەوانی بتوانێ بە رێك و پێکی ئیشەکانی خۆی بکا، هەروەها وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوە نیم لە خەدەمات و سیانە پارە کەم بکرێتەوە، لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجارە ئەمساڵ 80 ملیار بۆ چاکسازی و رێگاو بانەکان داندراوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە زۆر پێی خۆشە کە ئەو ئیشە بە رێك و پێکی بکات، لەبەرئەوەی هەر بڕێك کەم بکرێتەوە تەئسیریش دەکاتە سەر ئەو، لە مینەح بەهیچ شێوەیەك کەم نەکرێتەوە، چونکە پار تووشی موشکیلەیەك بووین بۆ شارەوانیەکان، دەمەوێت پارەیەك بۆ ئەو بەڵێندەرانەی کە زەرەرمەند بوون لەساڵی 2003 و 2004، لە نەتیجەی دابەزینی نرخی دۆلار و، ئێستا نووسراوەکەیان لە ئەنجومەنی وەزیرانە و، هەموو ئەو پارەیەی کە بۆ تەعویزی ئەوانە کە زۆربەیان ئیفلاسیان کردووە بە ناحەق، هەمووی 5 ملیار دینارە، تکام وایە کە ئەوەیان بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من ئەمڕۆ خۆشحاڵم کە هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی زیادەڕۆیی هەیە و، ئێمە دەبێت حەلی ئەو زیادە ڕۆییە بکەین و، خەرج بکرێت بۆ ئەو بەشانەی کە باسیان کرد، پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عمر و کاك کاردۆ و کوێستان خان دەکەم، تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە قەرەبووی ئەو مامۆستایانە بکرێت، کە لە دەرەوەی هەرێمن(ناوچە دابڕاوەکان)، چونکە ئەوانیش هەر لەسەر سلێمانی هەولێر دامەزراون، بەڵام قەرەبوو شمولیانی نەکردووە، هەروەها پشتگیری دەکەم لە نۆژەنکردنەوەو ژێرخانی پەروەردەو زانکۆ و، نیسبەتی 5٪ تەرخان بکرێت بۆ کەرتی کشوکاڵ، دواتریش پشتگیری دەکەم کە نیسبەتێك دابندرێت بۆ ژنانی ماڵەوە بۆ هاوکاری کردنیان، ئەو ئەرزەی کە هەشمانە پشتگیری بۆچوونەکەی کاك دڵشاد دەکەم، کە لە نەوتی ناوخۆ ئەو کورتهێنانە پڕ بکرێتەوە، تایبەت بە (ثانیاً: العجز) دووەمیان دەڵێ(ترشید الانفاق وزیادة جبایة الایرادات)، لێرەدا ڕوون نیە ئەو پرۆژە یاسایە چۆن چۆنی جێبەجێی ئەم یاسایە دەکرێت؟، هەروەها مەبەستی چیە؟، لێرەدا (زیادە جبایەو ترشید) چ

ئالیەتێکی بۆ داناوە؟ دیارە لێرە پرسیارێك دروست دەبێت، حکومەت چ ئالیەتێك و چ شێوەیەکی داناوە، بۆئەوەی تەرشید بکاتن، هەروەها جبایەتەکان زیاد بکات، دەکرێت ئەوە بەڕوونی لێرەدا باسی بکردباو ئەو ئالیەتەی پیشان دابا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من سەرەتا بە (عجز) دەست پێ دەکەم، برادەرێك باسی عجزی کرد وەزارەتی دارایی زۆری پێ خۆش بوو، کە باسی عجز دەکرێت، بە حەقیقەت عجزەکە من دەپرسم ئەگەر عجز هەبوو تەبعەن تەرشید دەکرێت، یەعنی زیادە مەسرەفی ناکرێت، بەڵام ئێمە هەموو برادەرەکانم و هاوڕێکانم لە موناقەشەی بودجە باسی ئەو 901 ملیارەمان کرد، کە لە بابەکانی جگە لە تەعویزاتی مۆزەفین زیادی کردووە، ئەگەر عجز هەیە چۆن ئەم زیادەیە کراوە؟ لەکاتێکدا ئەم زیاد کردنە بەڕاستی عیلاقەیەکی عەکسی هەبووە، ئەگەر ئەم زیادکردنە بۆ بەرەو پێش بردن و بۆ چالاك کردنی ئیش و کاری وەزارەتەکان هەبووبێ، ئەوە پرۆژەکان لە 49٪ی جێبەجێ کراوە ساڵی ڕابردوو، یەعنی عیلاقەیەکی عەکسی هەیە، ئەو 901 ملیارەو لەگەڵ ئەوانەی کە برادەران باسیان کرد، پێم باشەو پشتیوانی ئەو پێشنیارانە دەکەم، کە هاوڕێکانم کردوویانە بۆ زیاد کردنی مووچەی مۆەزەفە کەم دەرامەتەکان (پێشمەرگە- زیندانیانی سیاسی- ناوخۆ بەتایبەتی- کەمئەندامان- خانەنشینان- مامۆستایان ئاینی- ژمێریاران- کابانی ماڵ- فەرمانبەرانی ناوچە دابڕاوەکان- هەروەها ئەو بەڵێندەرانەی کە ماوەیەك لەمەو پێش هاتنە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان) داوای قەرەبوویان کردووە، ئەوە حەقێکی شەرعی خۆیانە، باسی بودجەی ئەحزاب کراوە، بەڵام من پێم خۆش بوو کە باسی ئەو مەوزوعە کرا، ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان دووەم فراکسیۆنین وەکو هێزی سیاسی سێیەم، هێزی سیاسی لەناو پەرلەمانی کوردستاندا مانگانە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان 580 ملیۆن دینار وەردەگرین، کە کەمترە لە نیو ملیۆن دۆلار، ئەگەر ئێمە 7 ملیاریش لەو 200 ملیارە وەرگرین، ئەوە 193 ملیاری دەمێنێتەوە، دایم داوامان کردووە بۆ ڕێکخستنی دارایی ئەحزاب بەپێی کورسی، بەپێی ژمارەی دەنگ هەرچەند هەیە، گرینگ ئەوەیە یاسایەك هەبێت ئەو پارەیە تەرخان بکات بۆ حزبەکان، من پێم باشە ئەو مەوزوعە ئێمە پەرلەمانی کوردستان یەك لایی بکەینەوە، پێوەرێك هەبێت بۆ تەوزیع کردنی ئەو پارەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سليمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەكانی كاك نەریمان دەكەم، كە ناوچەی كفری بەشی لە بودجەی تەرخانكراو كەمەو پرۆژەكانی كەمن، هیوادارم پرۆژەكانی زیادە بكرێت، چونكە بەڕاستی ناوچەیەكی مەغدورە، هەروەها ئەو پێشنیارەی تری كاك نەریمان بۆ موخەسەساتی هێزەكانی ناوخۆ لەكاتی خانەنشین كردندا، هەروەها پشتگیری لە قسەكانی كاك عبدالله دەكەم، كە حكومەتی هەرێم سكالاْ لەسەر حكومەتی عیراق تۆمار بكات، بۆ موستەحەقاتی خەڵكی كوردستان لە دادگای فیدرالی عیراق، وێڕای پشتگیری كردنم لە وتەی هاوڕێكانم بۆ كەم كردنەوەی هەندێ خەرجی ناپێویست، داوا دەكەم مووچەی پێشمەرگە هاوتای عیراق بكرێت، چونكە هەموومان دەزانین پێشمەرگە چ ئەركێك ئەنجام دەدات، كە پێویست ناكات لێرانە دووبارەی بكەمەوە، هەروەها داوا دەكەم دەرماڵە و مووچەی فەرمانبەرانیش لە هەرێمی كوردستان هاوتای فەرمانبەرانی عیراقی لێ بكرێت، ئەوەی كە لە فەرمانبەرانی عیراق مووچەیان كەمترە، بۆ نموونە كۆمەڵێك فەرمانبەرو كارمەندانی وەزارەتی كارەبا سكالاْی ئەوەیان هەیە دەرماڵەی مەترسی، واتە موخەسەساتی خەتورەیان لە شوێنەكانی تری عیراق كەمترە، سكالاْكەیان ئەوەیە كە موخەسەساتی خەتورەی كارمەندانی كارەبا لە بەشەكانی تری عیراق لە 75٪ـە، بەلاْم لە كوردستان ئەو موخەسەسات و خەتورەیە لە 30٪ـە، هەندێك فەرمانبەری حكومەتی هەرێم هەن كە دانیشتووی ناوچە دابڕێنراوەكانن داوا دەكەن پێشینەی خانووبەرە بیان گرێتەوە، من ئەوەی زۆر بە گرینگی دەزانم، چونكە بەڕاستی پشتیوانی كردنی هەر كوردێك لە ناوچە دابڕێنراوەكان، كە خانوویەك دەكات ئەركێكی نەتەوەیی و نیشتمانی گرینگە، چونكە گرینگە كوردێك لە ناوچە دابڕێنراوەكان خانوویەك بكات، خانەنشینانی هەندێك ناوچە وەكو ناوچەی گەرمیان موعاناتی ئەوەیان هەیە، كە مووچەكەیان لە شارەكانی تری عیراق وەردەگرن، داواكارم بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەوە چارەسەر بكەن و ، مووچەكەیان لە شارەكانی كوردستان و لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان وەرگرن، چونكە مافی ڕەوای خۆیانە، دوای ئەو هەموو ساڵەی خزمەتیان و، بە تەمەنی پیریان مووچەی خانەنشینیان لە شاری خۆیان وەرگرن، نەك ڕێگای مەترسی و دووری شارەكانی تری عیراق بگرنە بەر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان ( بيلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داوای لێبووردن دەكەم ئەگەر 2 دەقەیەك زیاترم بدەیتێ، لەبەرئەوەی من بە ناوی فراكسیۆنی كۆمەڵەی ئیسلامیەوە قسە دەكەم بە گشتی، پێشەكی سەبارەت بە بڕگەیەك كە پیشتر لە ڕاپۆرتەكەی حكومەت هات

بوو، گوایە ئۆپۆزسیۆن بڕگەیەکی دژیەکی هەیە، لەلایەك داوا دەکات بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بودجەی تەشغیلی زیاد کردەوە، حەز دەکەم ئەوە ڕاست بکەمەوە، نەخێر هەر بودجەی تەشغیلی بۆ بودجەی تەشغیلی ئالۆگۆڕی پێ بکرێت و موناقەلەی پێ بکرێت؟، نەك لە بودجەی تەشغیلی یان لە ئیستسماری هەڵبگیرێ بۆ تەشغیلی، حەزم کرد ئەوە ڕاست بکەمەوە، سەبارەت بە کەم کردنەوەی، پێشنیار دەکەین کە بڕی 901 ملیار دینار لە شمەك و خەدەمات و بەخشین و سوودە کۆمەڵایەتیەکان و مەسروفاتی تر و مەوجوداتی نادارایی کەم بکرێتەوە، بڕی 106 ملیار دینار لە پاداشتی غیر مونتەسیبین کەم بکرێتەوە، بڕێ 100 ملیار دینار لە بودجەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی ئاسایش و، لە هەر شوێنێکی تریش کە وەزارەتی دارایی پێی وایە دەکرێت لێی کەم بکرێتەوە، لێی کەم بکرێتەوە، بۆ ئەو شێوانانەی خوارەوە: 1- زیادکردنی دەرماڵەی قوتابیان بەشێوەیەك کە لەگەڵ گرانی بازاڕ بگونجێت. بەرزکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران بەشێوەیەك کە لە 600 هەزار دینار کەم تر نەبێت، بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینان کە لە 450 هەزار کەمتر نەبێت، مووچەی کەمئەندامان کە لە 500 هەزار دینار کەمتر نەبێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە هیچ مووچەیەکی تریان نیە، هاوکاری بۆ ئەو خێزانانەی کە لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، مووچەی مامۆستایانی ئاینی وەکو برای بەڕێزم مامۆستا بشیر باسی کرد، کە زۆر مەغدورن، لێرەشەوە کاك سالار ئەمنی کردە وەکیل، کە لەکاتی خۆی باسی نەکردووە، بەڵام پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کرد، داوادەکەم کە بخرێتە دەنگدانەوە، لایەنی کەم مانگانە بۆ مامۆستایانی ئاینی بڕی 200 هەزار دینار زیاد بکرێت، مووچەی خانەوادەی شەهیدەکان زیاد بکرێت بەتایبەتی کە لەگەڵ زیندانیانی سیاسی لانی کەم وەکو ئەوان وەربگرن، لە مووچەو لە ئیمتیازات، ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ چەند پرۆژەیەك، کە پێشتر لە پەرلەمان قسەی لەسەر کراوەو و، پەرلەمان داویەتی بە حکومەت و، حکومەتیش پێی باش بووە و، داواکاری هەنووکەیی هاووڵاتیان بووە، ئەو پرۆژانەی پێ جێبەجێ بکرێت، لیستی پرۆژەکانم لەلایە ئەگەر قبوڵ کرا، لیستەکە ئەوکاتە پێشکەش دەکەین کە هەموویان حکومەت قبوڵی کردووە کاتی خۆی، دیارە کۆمەڵێ بەڵێندەریش بەهۆی بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی دۆلار زەرەریان کردووە، داوا دەکەین کە ئەوانیش قەرەبوو بکرێنەوە بەپێی توانا و، پشتیوانی لە پێشنیارەکانی برای بەڕێزم کاك کاردۆ و مامۆستا عمر و کاك اسماعیل محمود دەکەم، هیوادارام هەموو ئەو پێنیارانە بخرێنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوانەی ئێستا باس کران لەسەر ئەو ماددەیە، زۆری دووبارە بوو لە پرسیارەکان و لە بۆچوونەکانیشدا و، هەروەها ئەوانە ئەمڕۆ کە ئەو ماددانە هەر هەمووی، بەتایبەتی باسی ئەم ماددەیە بە

دوورودرێژی حکومەت وەڵامی لەسەر داوەتەوە، بەڕوون و ئاشکرایی ڕای حکومەت بوو لەو بارەیەوە، بۆیە من ناتوانم ئێستا لێرە بەهیچ شێوەیەك بڵێم ئێمە لەسەر مەسەلەی 901 ملیار دینار، کە زیادە، کەمی بکەینەوە یاخود موناقەلەی تێدا بکەین، چونکە کارەساتێکی تر دروست دەکات، وەکو ساڵانی تر دروستی کرد بوو، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان حکومەت بە 10 فەقەرە جوابی ئەوەی داوەتەوە، دیارە لەبەر دەستان دایە وەڵامەکانیش، من دوایی دێمە سەر 100 ملیارەکەو ئەوەی دابەزینەکەی تر، کە برای بەڕێزم کاك اسماعیل و خوشکی بەڕێزم سۆزان خان باسیان کرد، بەنیسبەت موخەسەسات بۆ مامۆستایانی ئاینی کە دکتۆر باسی کرد لە 20٪، ئەوە فیعلەن ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە موافەقەتمان کردووە، چونکە بڕیاری پەرلەمانی لەسەرە، کە موخەسەسات و مووچە دەبێت وەکو بەغدا بێت، بۆیە ئەگەر لە بەغدا هەبێت ئێمە نابێت بڵێین نا، چونکە موافقین، باس لە (اخرى و اخرى) ناو دەکرێت، بەڕاستی ئەو هەموو (اخرى)یانەی باس دەکرێت، هەر هەمووی مەوجودە، لە هەموو شتێك لە قاعیدە دەرچوونی تێدایە، دروستمان نەکردووە، مەوجودە ئەو هەموو (اخرى)یانە، دەڵێن لەسەر چ بنەمایەك ئەو بودجەیە داندراوە، ئایا دەتوانرێت کەم بکرێتەوە؟، وەڵلاهی پێشتر زۆر باسمان کرد، ئەمە ئیتفاقی وەزارەتی مالیەیە لەگەڵ وەزارەتەکاندا، لە ماوەیەکی ئێجگار زۆر ئێمە موناقەشەمان کردووە، بەتایبەتی هەندێك وەزارەت هەیە، ئێمە وەزیرەکانیشمان بانگ کرد، وەزیرەکانیش لە چەند لوجانێك ئامادە بوون لەو موناقەشەیە، بەڕاستی نازانم چۆن لەسەر بنەمای زانستی نیە، ئیستیمارات سندووقی نەقدی دوەلی تەوزیعی کردووە بەسەرماندا، ئەوەی لە عیراق دەکرێت لێرەش دەکرێت و، هەروەها ئیتیفاق لەنێوان ئێمەو وەزارەتەکاندا داواکاری ئەوان، بەڵام داواکاری وەزارەتەکان زۆر لە داواکاری ئێمە زۆرترە، ئێمە مەجبور بووین بەپێی ئەو بودجەیە کە داندراوە و، لەگەڵ ئەو عەجزەی کە ئیزافە کراوە بەپێی ئەوە تەوزیعی بکەین، خۆ ناتوانین لەوە دەربچین، بۆیە دەبینی بۆچی ئێستا ئەو میزانیەیە بەم شێوەیە داندراوە میزانیەی تەشغیلی کە لێی کەم بکرێتەوە، ئێستا ئەوان حالیەن لە میزانەکەیان ڕازین، هەتا ئێمە بێین جارێکی تر لێی کەم بکەینەوە، بەنیسبەت ئەوانەی کە جەنابی دکتۆر باسی ئاوارەکان دەکات، من هەر چەندێك پێم وایە ئەو برادەرەی کە وەڵام دەداتەوە ئیش و کاری پەرلەمان، ئەوە لە تەنیشتم دانیشتووە، ئێمە کاتی خۆشی پرسیار کرا وەڵاممان داوە، ئەم مەوزوعە لە وەزارەتی ناوخۆ و، لەوێ لیجانی تایبەتی هەیە، وەزارەتی دارایی تەنها یەك مومەسیلی هەیە لەوێ و، ئێمە تەمویلی وەزارەتی ناوخۆمان کردووە بەو پارەیە و، دەتوانرێت لەدوای ئەوەی بپرسین لە وەزارەتی ناوخۆ کە چەندەو چۆنە؟، بۆئەوەی جەنابی دکتۆری بنێرن، بەنیسبەت مووچەو موخەسەسات یەکەم: ئێمە مووچەو موخەسەسات وەکو پێشوو تریش باسم کرد، ئێمە لەگەڵ بەغدادا ئەوەی دەرکمان پێکردبێت وامان کردووە، بەڵام لە هەندێکجار بەنیسبەتی تەعویزی مۆزەفینەوە بە کۆمەڵ وەکو کۆمەڵێك، وەکو دائیرەیەك بەگشتی، وەکو ئەوانە ئێمە کەسمان نەماوە هەموومان کردووە، بەڵام لە بەعزێ جار هەندێ کەس هەیە ئیعادەی نەزەری دەوێت جارێکی تر، یاخود ئەو خۆی بە مەغدور دەزانێت و، ئێمە ئیعادەی نەزەرمان کردووە کە مەغدور نیە، ئەوان هەیە دێتەوە لای جەنابتان، کە دەچێت لە

ئەنجومەنی وەزیران داوا دەکاتەوە و سکالاَ تەقدیم دەکات حەقی خۆیەتی، ئەوە ڕێگایان بۆ داندراوە، بۆیان هەیە لەڕێگای پەرلەمانی بەڕێزەوە جارێکی تر داوا بکەنەوە، کە داوا لە ئێمە دەکەن کە نەگەنە قەناعەت، ئێمە بە تەعلیمات دەرمان کردووە بۆیان هەیە بچن لە مەحکەمەی ئیداری شکات لە وەزارەتی دارایی بکەن، ئەو وەختە مەحکەمەی ئیداری ئەوە یەك لادەکاتەوە، بەنیسبەتی ئەوانەی کە لە کەرکووکن و، یان ئێستا لە مەنتیقەی ناوچەکانی کوردستانی دەرەوەی هەرێمن، ئەوانە بەڵێ فیعلەن هەیە تیایاندا و ، بەتایبەتی هەندێ هەن لەسەر سلێمانی وەختی خۆی تەعین بووینە، تەنسیب کراون بۆ کەرکووك بابڵێین، بەلاَم دوایی مووچەکانیان هاتووە لەسەر خەزینەی دیوانی وەزارەتەکان ئێستا لە هەولێردا سەرف دەبێت، هەندێك لەوانە ئەو مەشاکیلەیان هەیە، بەلاَم ئەوەو ئەوە نەبێت، بە کۆمەڵ بێت، ئەوانە تاك، تاکن هاتوونەتە لای خۆم، لەلای منیش و لەلای برادەرانیش ئێستاکە لە میلاکات، لە بودجەی گشتی تەماشای ئیشەکانیان دەکەن، بەنیسبەت خانەنشینیەوە بەڕاستی مەوزوعی 80٪ یەی وەکو کاك نەریمان باسی کرد، ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەوەدابووین ئەو 80٪ یەی سەرف کردووە، ئێمە سەبەب نینە کە ئێستاکە کەمی کردووە، قانونەکەی کە بەڕێزتان دەرتان کردووە سەبەبە، ئەی بۆ ناگەڕێنەوە سەر قانونەکەی خۆتان؟ ئێوە بە قانون ئێمە نابەستنەوە ناڵێن قانون جێبەجێ ناکەن، یەعنی ئەوە لەوێوە هاتووە، باسی ئالیەتی تەرشید دەکرێت، چۆنیەتی تەرشید، وەڵلاهی کەی بڕگەکە لەسەری موافەقەت کرا، کە ئێمە تەرشیدیش دەکەین و ئالیەتیشی بۆ دادەنێین و، ئاگادارتان دەکەینەوە بە نووسراوێکی ڕەسمی کە چۆن دەست پێ دەکەین لەو تەرشیدە، ڕەنگە ئێمە هەست بە هەندێك شت بکەین، کە پێویست دەکات ئێستا لەمەودوا ئەو ڕێگایانە بگرینە بەر، بۆئەوەی تەرشید بکەین، باس لە مەوزوعی عەجز دەکرێت و دەڵێن ئێمە ئێستاکە ئەو عەجزەی کە بەسەرمان سەپێنراوە، ئەمە ئەوە نەبێت لەخۆمانەوە ئەو عەجزە بێنین و لە خۆمانەوە دروستی بکەین و دایبنێین، دیارە عەجز شتێکە لە هەموو ولاَتێك هەیە، لە ئەمەریکا هەیە عەجز، ئەم عەجزە ئێمە ئێستاکە دەست نیشانمان کردووە، ئێوە بۆچی باس لەوە ناکەن عەجزەکە کەمی کردووە، زیادی نەکردووە؟ یەعنی هەر هۆکارێك بێت مەعنای وایە تەرشیدێکمان کردووە، بۆیە عەجزەکە کەم بووەتەوە و، ئومێدەوارین کەمتریش ببێتەوە ئەو عەجزە، بەلاَم دەستکاری کردنی ئەو عەجزە بە کەم کردنیەوە دەبێتەهۆی ئەوەی زیادەڕۆیی بکرێت، ئێستا زیادەڕۆیی هەبێت زیاتر دەکرێت، هەروەها یەعنی هەر کەم کردنەوەیەك بەو نیسبەتانەی کە بەڕێزتان دەڵێن جارێکی تر هەم دیسان دەیبینین لە خیتامی 2011 دەبینن زیادەڕۆیی دروست دەبێتەوە، پێشینەی خانووبەرەو زیادکردنی بەڕاستی یەعنی ئێستاکە یەکێك لە ئەسبابی ڕەئیسی، ئێستا کەم بوونی پارە لەناو بانکەکاندا ئەو نەقدیەیە، من یەك شتان بۆ باس دەکەم ئێستا بودجەتان لەبەر دەستدایە، فەرموون ئەو قەرزانە لەچ بابێکەوە هاتووە، لە چ فەسڵ و ماددەیەکدا هەیە؟ تەنها لە یاساکەدا دەردەکەوێت، ئەی پارەکە لە کوێ سەرف دەبێت؟ غەیر نەقدیە، یەعنی جەنابتان ئێستاکە کە باس لەوە دەکەن، کە ئێمە ئێستا بێین زەوجیە زیاد بکەین، یاخود عەقار زیاد بکەین، ئایا ئەوە تەبیعیە ئەو حاڵەتە؟ بەڵێ ئێوە دەتانەوێت زیاد بکرێت، ئەندام پەرلەمانن دەتانەوێ

ئەو مەوزوعە باس بكرێ، واجبی خۆتانە و هەوڵی بۆدەدەن، ئەی باشە ئێوە لای حكومەتەكەی خۆتان ناگرن پارەكە لە كوێ سەرف بكرێت، لە كوێوە بیهێنین؟ چەند رۆژە باسی نەقدیەو باسی تەجاوز دەكەن لەگەڵ ئێمە، باس لەوە دەكرێت كە خانەنشینەكانی مەنتیقەی بابڵێین بەغداو واسط و جنوب و ئەوانە، ئێمە پارەكانیان لێرانە سەرف ناكەین، نەك خانەنشین، مۆزەفێك ئەگەر بیەوێت لە بەغداوە نەقلی ئێرە بێت، حكومەتی عیراقی موستەعید نیە پارەكەی بەپێی شەهادەی ئاخیر راتبەكەی تەحویل بكات بۆ ئێمە، نەك ئەوەی پارەكەی تەنانەت پلەكەشی نادات، ئەگەر پلەكەی كاتبیش بێت، كە ئەدنا دەرەجەی وەزیفیە پلەكەی تەحویل ناكات بۆ ئێمە، دەبێت لەسەر پلەی حكومەتی كوردستان بێت، ئیلا خانەنشینێك كە لە كوردستاندا، هاووڵاتی كوردستانە حەقی خۆیەتی لەسەر ئێمە، هەر وەختێك بودجەی ئێمەو ئیمكانیەتی ئێمە و بتوانرێت ئەوە جێبەجێ بكات، مەفروزە یەكەم كەس ئێمە خزمەتی ئەوانە بكەین، وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕاستی حەزدەكەم بزانن ئیش كردن لەناویدا زۆر زۆرە، یەكێكە لەو وەزارەتانەی كە شەوو رۆژ ئیش دەكات، خۆشی بە خزمەتكاری هەموو هاووڵاتیەك دەزانێت، لەبەرئەوە ئێمە قەد تەقسیر ناكەین، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئێستا عەقاری ببێتە دە ئەوەندە، هاوسەرگیری ببێتە دە ئەوەندە، بۆئەوەی تەئویلی قسەكەم بە نەوعێكی تر نەكرێت، بەڵام ئایا ئێوەی پەرلەمانتاری بەڕێز ئەوە میزانیەكەیە لەبەردەستتان دایە لە كوێ دەریدێنێت؟ ئەگەر ئێمە نەیزانین و نەشارەزا بین، موستەشارەكانمان و خەبیرەكانی وەزارەتی دارایی، ئەوانەش كە پرسیان پێ دەكەین و هاوكارمانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوەم هەیە لەسەر تەبعەن هەندێك وشە كە هات، بە حوكمی چی ئەو ڕوونكردنەوەیە دەدەم، بە حوكمی ئەوەی دواتر بۆئەوەی بزانن ئێمە وەكو لیژنەی دارایی هاوكاری لیژنەی یاساییین بۆچی ئەو پێشنیارانە بەو شێوەیە تەسنیف دەكەین؟ چی وەردەگیرێت و چی وەرناگیرێت؟، ئێمە ئەگەر تەماشای موازەنەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەین، هەروەكو بەڕێز وەزیری داراییش وتی، تەبعەن ئەم ئیستمارەیە حكومەتی هەرێمی كوردستان داینەناوە بە تەنها، بە هاوكاری چەند موئەسەسەیەكی نێودەوڵەتی داندراوە، 7 حیسابی رەئیسیمان هەیە، یەكێك لە حیسابە رەئیسیەكان كە لە خوارەوەیە نووسراوە خەرجیەكانی تر، بە هەمان شێوە غەیری ئەو حیسابە رەئیسیە دەبینی هەندێك حیساباتی تر، لە 6 حیسابەكەی تر جارێكی تر ناونیشانی خەرجیەكانی تر هاتووە، ئەم بابەتە بۆچیە؟ لەڕاستیدا ئەم بابەتە بۆ ئەوەیە جۆرێك لە چالاكی، ئیداری، یان مالی لە عیراقدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن موئەسەسەكان یان وەزارەتەكانی عیراقی، یان هەرێمی كوردستان، ئیمكانە لە وڵاتێكی تر نەبێت، بە نموونە ئەو خەرجیانەی كە پەیوەندارن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان، ئێمە لەبەرئەوەی دامەزراوەیەكمان هەیە پێی

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (46)**

**سێ شەممە رێكەوتی 12\2\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (46)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/2/12

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2013/2/12 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (46)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (46)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/2/12 دا بەم شێوەیە بێت:

بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2013

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی چـوارەم، خـولی گرێـدانی یەکـەم، ژمـارەی دانیشـتن 46، ڕۆژی دانیشـتن 2013/2/12، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کـراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی کـاری دانیشتنی ژمارە 46 ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/2/12 بەم شێوەیە بێت:

بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2013

بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری دارایی و وەفدە یاوەرەکەی ئەکەین، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنـەی دارایـی و ئـابووری ئەکـەین بفـەرموون بـۆ سـەر سـەکۆی لیژنـەکان، بـەرێزان دیـار دوێـنێ مـاددەی 5 موناقەشـەی تێروتەسەلی لەسەر کـرا، هەنـدێ پێشـنیار هـەبوو، جـەنابی وەزیـریش تـەوزیحاتی خـۆی دا، ئێسـتا داوا لـە لیژنـەی یاسایی ئەکـەین بـزانین ئـەو پێشـنیارانە چـۆن ئامادەیـان کـردووە بـۆ ئـەوەی بیخەینـە بـەردەمی پەرلەمانتاران، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە کۆبوونەوەی دوێنێ قسەی زۆر لەسەر ماددەی 5 ەمی پرۆژەی یاساکە کرا، و پێشنیاری زۆر پێشکەش کرا، لەوانەیش دوو پێشنیاری بە گشتی یەکەم، بڕینی نۆسەد و یەك ملیارو نۆ سەدو حەوفتاو حەوت ملیۆن دینار لە زیادە ڕەوی خەرجی گشتی شمەك، خزمەتگوزاری چاکردن، سوودی کۆمەڵایەتی، خەرجیەکانی تر، مەوجوداتی نادارایی ، پێشنیاری دووەم، بڕینی سەد ملیار دینار لە بودجەی وەگەڕخستن و لەو بوارانەی کە لە پێشنیارەکان هاتبوو، لێرەوە پێش ئەوەی داخیلی فەرز کردنی وردەکاریەکانی پێشنیارەکان بکەین، پێمان باشە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو دوو پێشنیارە بخاتە دەنگدان، کامە دەنگی هێنا تا بتوانین بە گوێرەی ئەو صیاغەی ماددەکان بکەین.**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاکە ئەوە دوو پێشنیارە، یەکیان نۆسەد ملیار دینار لەم شتانە ببڕدرێ، فەرموو بزانم چیە؟**

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**پێشنیارێك هەبوو کە دوورترین پێشنیارە، حەقە ئەو بخرێتە دەنگدان، داوای دواخستنی ئەو ماددەیان کرد، بۆ ئەوەی جۆرێك لە گفتوگۆی لەسەر بکرێ، چونکە هەموویان باس لە بڕین ئەکەن**

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاخر ئەو هەموو نوقتە نیزامیە ناکرێ، دوێنێ هەرکەس بە دڵی خۆی قسەی کرد، فەرموو کاك کاردۆ، ئاخیر کەس.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**دوێنێ چەندین پێشنیار هەبوو، ڕاستە، پێویستە پێشنیارەکان بخرێنە دەنگدانەوە، ئەوەی دوورەکان پێشتر، خاڵێکی تر، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئێستا یەکێ لە کێشە گەورەکانمان مەسەلەی بودجەیە لەگەڵ بەغدا، ئێستا هەموو لیستە کوردستانیەکان لە بەغدا بە لێبڕاوی بەرگری ئەکەن لە ئیستیحقاقاتی دەستووری، پێویستە لە کوردستان بە ڕەچاو کردنی ئەو ئامانجە هاوبەشەی کە پەیوەندی بە ئیستیحقاقاتی نەتەوەیی و دەستووری و دارایی هەیە، لە کوردستانیش بە تایبەت لیستی زۆرینە ڕەچاوی ئەوە بکات چۆن لە بەغدا دیفاع ئەکەین، لێرەش بە هاوبەشی دیفاع لەو پێشیارانە بکەین کە لە خزمەتی هاووڵاتی دایە، لەو میکانیزمانەی شەفافیەت ئەخاتە بودجە، بە شێوەیەك ئەبێ ڕەزامەندی هەموو لایەك و سازانی**

هەموو لایەکی تێدابێ، بۆیە تەئجیل کردنەکە زەروریە قسەی لەسەر بکەین، ئەگەینە ئەو نەتیجەی پێکەوە پێشنیارە گونجاوەکان قبوڵ ئەکەین، ئەوکات بیخەینە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێزد.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێك هەیە ئەڵێ ئەم ماددەیە دوا بخرێ تا ماددەکانی تر موناقەشە بکرێ، ڕەئیەکی تر هەیە ئەڵێ ئەم ماددەیە موناقەشە بکرێ ئینجا بچینە سەر ماددەکانی تر، ئێستا ئەوە ئەخەینە دەنگەوە، کێ ئەڵێ ئەم ماددەیە دوا بخرێ؟ 27 دەنگ ئەڵێ دوا بخرێ، کێ لەگەڵ دایە موناقەشەی بکەین؟ 52 کەس لەگەڵ ئەوەیە موناقەشە بکرێ، دوو پێشنیار هەیە، پێمان خۆشە ڕەئی حکومەتیش وەرگرین، پێشنیاری یەکەم بخوێنەوە کاك عونی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیاری یەکەم، بڕینی نۆسەد و یەك ملیارو نۆ سەدو حەوفتاو حەوت ملیۆن دینار لە زیادە ڕەوی خەرجی گشتی شمەك، خزمەتگوزاری چاکردن، سوودی کۆمەڵایەتی، خەرجیەکانی تر، مەوجوداتی نادارایی

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە من دوێنێش وەڵامی ئەو دوو موقتەرەحەم دایەوە، ئێستاش بە هەمان شێوە، ئەمە ئەگەر بەم نەوعە ئەم مەبلەغە ببڕدرێ دیارە ئێمە تەجروبەمان هەیە لەگەڵ پار و پێرار کە بودجە زۆر وای لێدێ ناتوانین ئیش و کارەکانی خۆمان جێ بەجێ بکەین، لەو بوارانەی پەیوەندی هەیە بەم نۆسەد و یەك ملیار دینارەوە، و کارێکی زۆر سلبی ئەخاتە سەر بودجە، و چالاکیەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم، دیارە لە ڕای حکومەتیش، بەهەمان شێوە دوێنێ حکومەت هەمان ڕای هەبوو، و وەڵامی دایەوە کە ڕای ئەوەیە، ئەمە تەنها زۆر کاریگەری هەیە لە سەر زۆر شت، لەوانە پارەی گرێبەستی پاکردنەوەی شار و شارۆچکە، نەخۆشخانەکان، کڕینی دەرمان، و پێداویستی هاووڵاتی بە هۆی کەمی ئەو بڕە دەرمانەی لە بەغداوە دێت،سووتەمەنی، خۆراکی نەخۆش، زینندانیان، پێشمەرگە و جلوبەرگی پۆلیس و ئاسایش و کارمەندانی تەندروستی و چاك کردنی کتێب و کرێی ئاو و کارەبا، بەرنامەی تواناسازی و دەرماڵەی قوتابیان و چالاکی دێدەوانی وەرزش و قوتابخانەکان، چاودێری خێزان و تۆڕی پاراستنی کۆمەلأیەتی نابینا، کورتەبالاَ، نابیست، تالاسیمیا، کەم ئەندام، ئۆتیزم، مەنگۆل، ئیفلیجی دەماغ، پێشینەی پارت و ڕێکخراوەکان و قەرەبوو، کرێی بالاَ خانە و ئینتەرنێت و پێوەری دیاری کردنی زەوی، چاك کردنەوەی ڕێگا، پردو بەنداو و بالأخانە و چاکردنەوەی شوێنەوار و تادوایی، دروست کردنی بالأخانە، کڕینی پێداویستیەکانی فەرمانگەکان، ڕێزلێنان، ڕۆنامە نووس، وەرزشکار، هونەرمەندان، پشتیوانی وەزارەتی تەندروستی بۆ نەخۆش، بەخشینی زیندانیانی سیاسی، بەخشینی هاوسەرگیری کوڕ و کچی شەهید، پشتگیری جوتیاران،

ئەمانە هەمووی ئەگرێتەوە، و ڕای حکومەتیش زۆر بە وازحی هاتووە، لە موزەکەرەکەی دوێنێ کە وەڵامی داوەتەوە، بۆیە ناتوانین ئێمە وەکو حکومەت بڕیار لەسەر ئەوە بدەین ئەو نۆسەد و یەك ملیار دینارە ببڕدرێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا ئەیخەینە دەنگەوە، ئەوەی داوا کراوە نۆسەد و یەك ملیار دینار ببڕدرێ، وەزیریش ڕەئی خۆی داوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو مەبلەغە ببڕدرێ؟ 24 کەس لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە، کێ لەگەڵ نیە؟ 56 کەس ڕەتی ئەکاتەوە، کەواتە ئەم پێشنیارە قەبوڵ نەکرا، فەرموو بۆ پێشنیاری دووەم

**بەڕێز عونی کمال بەزاز**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بڕینی سەد ملیار دینار لە بودجەی وەگەڕ خستن، و ئاراستە کردنی بۆ ئەم بوارانەی کە دوایی ئاماژەی پێدەدەین

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

جەنابی وەزیر ڕەئیت؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

جگە لە مانەی خوێندمەوە ئەگەر لە شوێنێکی تر مەجال هەبێ بتوانین ئەو پارەیە دابین بکەین و بیبڕین، ئێمە مانعمان نیە لەسەر بڕینی، بە مەرجێك تەئسیر نەکاتە سەر بودجەی وەگەڕخستنی ئێمە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو پێشنیارە کێ لەگەڵ دایە؟ 54 کەس لەگەڵ ئەو پێشنیارە دایە، کەواتە پەسند کرا، کاك کاردۆ ئەو پێشیناره هی تۆ نیە، کۆمەڵێك پەرلەمانتاری تر کردوویانە، فەرموو

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەر پێشنیارەك ئەکرێ ئەبێ پشتیوانی هەبێ بە پێی پەیڕەو، لە وەزیری بەڕێز ئەپرسی ئەڵێی ڕوون کردنەوە بدە لەسەر ئەو بڕینە، ئەڵێی فەرموو ئەو سەرچاوەیەم پێ بڵێ کە ئێوە ئەیهێنن، جواب نادرێتەوە، ئەمە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، جگە لەوە ئەگەر وایە بە جدی لە ناخی دڵەوە ئەڵێم بۆ موناقەشەی ئەکەین، هەموو پرۆژە یاساکە بخەنە دەنگەوە، یەکجار دەنگی بۆ ئەدەین، چونکە نایگۆڕن، ئەگەر ئیتیفاقی سیاسی نیە بۆ وەزیر ئێمە وەکو ئەوە ئەژمێرێ، ئەوە ئەبڕی لە کاتێك ئێمە وتوومانە لە زیادە ڕەوی، لە چاکسازی، لە تێچووەکانی تر، لە هەبووە داراییەکان، ئەڵێین حکومەت بە موفارەنە لەگەڵ پار زیادە ڕەوی کردووە، ئەو ئەچێ هەموو ئەو نەخۆشخانەیە لەبەر کردووە کە 400 هەزارە، ئەو نەخۆشخانەیە دووبارە ئەکەنەوە، ئێمە باسی ئەوەمان نەکردووە لە نەخۆشی ببڕێ، وتوومانە لە شتە

ناپێویستەکان ببڕێ، بە ویژدانەوە ئەگەر ئێمە بڕیارمان داوە و هیچ نەگۆڕێ، ئیتر ئەو ماندووبوونەی بۆ چیە؟ ئێستا هەمووی بخەنە دەنگەوە و ئێمە دەرئەچینە دەرەوە و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

هەر گروپێك، هەرچەند پەرلەمانتارێك كە بەرەسمی پێشنیاریان كرد، خۆی مەسئولە لە چۆنیەتی پێشكەش كردنی پێشنیارەكە، ناتوانی بەرامبەرەكەی بیگۆڕێ، خۆی وای داوا كردووە، لیژنەی یاسایی فەرموو

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پاش دەنگدان لەسەر بڕینی سەد ملیار دینار لە مەجموعی موازەنەی تەشغیلی پێشنیارەكە بەم شێوەیە، ئێستا بۆتان عەرز ئەكەم، بە عەرەبی (یخصص المبلغ اعلاه للجهات) مەبەست سەد ملیارەكەیە

1-اضافة 25 مليار دينار الى تخصيصات وزارة البيشمركة لتدارك الزيادة المقررة في الرواتب الادنى لقوات البيشمركة

2-اضافة مبلغ قدره 10 مليار دينار الى تخصيصات بناء الدور السكنية لذوي الشهداء

3- تخصيص مبلغ 20 مليار دينار لوزارة الثقافة والشباب لتنفيذ متطلبات القرار رقم 14 لسنة 2012 الخاص بجعل مدينة السليمانية العاصمة الثقافية للاقليم

4-تخصيص مبلغ قدره 10 مليار دينار للصندوق الخاص بمرضى السرطان في الاقليم وفق القانون رقم 11 لسنة 2012

5-تخصيص مبلغ 20 مليار دينار لتنفيذ مشاريع خدمية في الاقضية والنواحي التي تعرضت لحملات التهجير والترحيل القسري من قبل النظام البائد

6- اضافة مبلغ قدره 5 مليار دينار لتخصيصات الهيئة المستقلة لحقوق الانسان

7- اضافة مبلغ قدره 5 مليار دينار الى تخصيصات وزارة التربية لاعادة ترميم و صيانة المدارس المتضررة

8- اضافة مبلغ 5 مليار دينار الى تخصيصات هيئة حماية البيئة والمجلس الاعلى لشؤن المرأة

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

كاك اسماعیل نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو

**بەڕێز اسماعیل محمود**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە دوێنێ پێشنیاری ئەوەمان كرد كە پارەیەك بڕێ لە نەتیجەی گفتوگۆی ئەندامانی پەرلەمان، كە هەندێ شوێن هەیە پێویستی پێیە، وەكو هێزی پێشمەرگە، شەهیدان، قەزاو ناحیەكان، داوامان كرد ئەو پارەیە بڕێ ئەگەر تەئسیر نەكا، بە تایبەتی پێشنیاری ئەوەم كرد كە لە هەرسێ سەرۆكایەتیەكە و

ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی ئاسایش ئەگەر تەئسیر لە مووچەکەیان نەکات لێیان ببڕێ و دابەش بکرێ بەسەر ئەو سێکتەرانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کاکە ئەوە خرایە دەنگەوە، لەبەر ئەوە شتێك تەسویتی لەسەر بکرێ نایەتەوە، ئێستا ژمارەیەك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان داوا ئەکەن فەقەرە، فەقەرە بخرێتە دەنگەوە، ئەیخەینە دەنگەوە، کاکە ئەو پێشینارەی ئێوە دەنگی نەهێناوە، فەرموو کاك دڵشاد

**بەڕێز دڵشاد حسین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەپێی پەیڕەو هەر قەتعێك کە ئەکرێ ئەبێ بزانین لە کوێ ئەیبڕین و بۆ کوێیە؟ دووەم، ئێمە دەنگمان لەسەر ئەو مەبلەغە دا کە ببڕێ، بەڵام پێشنیارێکی تر هەیە لە موقابیلی ئەو پێشنیارانە کە ئێمە کردوو مانە، مووچەی فەرمانبەران ئەبێ یەك یەك ئەو پێشنیارنە بخرێنە دەنگەوە، ئێمە وتووشمانە، ئەگەر ئەوە نەبڕا ئەکرێ لە پارەی حیسابە خاصەکەی نەوت ئەو پارە بخرێتە سەر بودجە بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارەی ئێمە جێ بەجێ بکرێ، یەعنی ئێمە ئەوەشمان جێ کردۆتەوە، بۆیە هەموو پێشنیارەکان هی ئێمەش و هی ئەوانیش ئەبێ بخرێتە دەنگ یەك یەك

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کاك حەمە سعید فەرموو

**بەڕێز حەمە سعید حمە علی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بێگومان ئەبێ ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە کە لەکوێ ئەم پارەیە ئەبڕێت؟ دوو، پشتگیری پێشنیارەکەی کاك دڵشاد ئەکەم، سێ، بەراستی ئێمە ئەو نۆسەد ملیارە نەمانووت لەوانە ببڕێ کە جەنابی وەزیر وتی، ئەوانەمان نەوتووە، ئەو هێنای بۆ ڕەت دانەوەی ئێمە ئەو ناوانەی وت، ئێمە وتمان لە نێوان ساڵی 2012 و 2013 نەوەد ملیار زیاتر دانراوە، و ئەوانیش روبعێکیان خەرج کردووە، بۆیە ئەو نۆسەدە زیادەیە، خاڵێکی تر، ئێمە داوا ئەکەین خاڵ بە خاڵ ئەوانەی ئێمە بخرێتە دەنگدانەوە، لە زیادەی نەوتە، لە هەر داهاتێکی ترە، شەش سەد هەزار بۆ فەرمانبەر کەمتر نەبێ، بۆ خانەنشین، بۆ کەمئەندام، بۆ پێشمەرگە، بۆ شەهید، بۆ مەلا، بۆ هەموویان، ئەوانە یەکە یەکە بخەنە دەنگدان، ئەوە تەسنیەی لەسەر ئەکەم، داوا ئەکەین یەکە یەکە بخرێتە دەنگ

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر احمد 2 دەقە فەرموو

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

دوێنێ ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیارمان کرد کە مووچەی مامۆستایانی ئاینی زیاد بکرێ، و زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان تەسنیەیان کرد لەوەی دەرماڵە دیاری بکرێ، لەو تەخصیصاتە هیچیان بۆ دیاری نەکراوە، لەگەڵ ئەو تەخصیصاتانەی لێرە کراوە داوا ئەکەم شوێنی ئەوە بکرێتەوە، و ئەو پێشنیارەی کاك اسماعیلیش باسی کرد ئەکرێ زائیدەن لەسەر ئەو سەد ملیارەی لێرە دەنگی لەسەر درا، لە سەرۆکایەتیەکان برێکی تر ببڕدرێ بۆ ئەو تەرخان کراوانەی کە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار کراوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئاهەنگ خان

**بەرێز ئاهەنگ عارف**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەسەراحەت ئەو شتەی ئەکرێ لەسەر بودجە، ئێمە غەدر لە بودجەی ئەکەین، ئەو پێشنیاری بڕین و هێنان و بردن، بە قەراری قەتعی بودجە ئەگەر لەسەر ئەساسی مفاوەزات بکرێ ئەوەی کاك شێخ وتی مفاوەزات لەگەڵ وەزیرە بەرێزەکان، ئەو بودجە بە ژیانی جەدوای ئیقتیصادی خۆی نابێ، چونکە ئەساسەن کە بودجە موناقەشە ئەکرێ بونیەی تەحتی لەسەر دیراسات و لەسەر ستراتیجیەت ئەکرێ، ئەڵێم کە شتێك ببڕێ، خۆم شەخصیەن تەئیدی ئەوە ناکەم ئەوەی شێخ ئەو ژمارانەی ژمارد لەوەی ببڕێ و لەوەی ببڕێ، ئەوە بە ژیانی لەگەڵ ئەوە نین مەعاشی کەس ببڕێ، من قەت ناڵێم لە بودجەی تەشغیلی تورق ببڕێ، چونکە ئەزانم موسیبەتی جسرەکان چیە، ئەوجا چونکە ئەو بودجەیە تەحدیدە لەسەر ئەساسی موفاوەزات و موزایەدەی سیاسی کرایە، تکایە پێشنیاری بڕینەکان ئەبێ وابێ بە دەنگدان بێ، ئەوەی کاك حەمە سەعید وتی ئەوە ئەبێ تەحدید بکرێ، نابێ بکرێتە سەد ملیاری یەکەکی و دوو سەد ملیاری یەکەکی تر، ئەوە ئەبێ زۆر بە جوانی بۆی بڕۆی، ئەگەر ئەوانی تریش لەسەر ئەساسی مفاوەزات ڕۆیشتبی ئەوە ئەبێ لەسەر دیراسە بڕوات، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کاك شێردڵ دەمێکە دەست بەرز ئەکەیتەوە، فەرموو

**بەرێز شێردڵ تحسین**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

خۆی لە خۆی بڕینی ئەو پارەیە لە سەرۆکایەتیەکان و لە ئاسایش زۆر شتێکی باش نیە، حوریەتی ئینسان لە کوێ دەست پێ ئەکات؟ لە ئەمن و ئاسایش، تەبیعی هەمانە، حاکیمەکان گلەیی ئەکەن پارەیان کەمە، ئێمە لێیان ئەبڕین، با ئێمە ئەو سەد ملیارەی قەرارمان لەسەر دا با حکومەت خۆی تەسەروفی پێ بکات، بەخۆی لە جێگایەکانی تر ببڕێ و بیدات بەوێ، من لەگەڵ ئەوە نیم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من بەوە دەست پێ ئەکەم بە پێی ماددەی 83 کە لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ پێشنیاری زیاد کردنی خەرجی یان هێنانی خەرجی نوێ و یان دابەزاندنی داهات قەبوڵ ناکرێ ئەگەر پێشنیارەکە ڕێگەی ئەنجام دانی ڕوون نەکاتەوە، لێرە دوو پێشنیار خرایە دەنگەوە، یەکیان بڕینی نۆسەد ئەوەندە ملیارە بەگشتی لە بودجەی تەشغیلی، ئەوەی تر سەد ملیار بوو، هەرکیان بێ پێویستە ڕوون بکرێتەوە، ئەوەی دوێنێ گفتوگۆی لەسەر کرا ئەو سەد ملیارە، پێم وا نیە لە بودجەی تەشغیلی ئەگەر ببڕی وەکو ساڵی پار من بەش بە حالی خۆم وەکو ئەوەی ئاهەنگ خان باسی کرد، لەکوێ کارەسات دروست ئەبێ؟ منیش ئەڵێم لە پەروەردە و خوێندنێ بالاّ و وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆیە لەو سەرۆکایەتیانەی تەرح کراوە، سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی ئاسایش، لەوانە پارەکە زیاترە، و بە پێی ئەوەی بینیومانە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری پارەکەیان بەشێکی ماوەتەوە، ئەو پێشنیارە پێم باشە کە خرایە دەنگەوە سەرەتا ببڕێ، بەڵێ خرایە دەنگ، بەلاّم ئەمجارە ئەوەم پێ باشە ئەوە بخرێتە دەنگەوە کە لە کوێ ببڕێ، ئایا لە تەشغیلی یان سەرۆکایەتیەکان؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو دکتۆر عومەر

**بەڕێز د.عمر نورەدینی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە راستیدا ئەوەی لێرە ئەصلە کە دوو بۆچوون هەبوو سەبارەت بە بڕین، هەردووکیش تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەنەوە لە بەشی تەشغیلی بێ، کەواتە یەکەمیان بڕینە، بەس نیسبەتەکەی جیاوازە، هەردوویانیش ئەڵێن لە تەشغیلی، بۆیە سەرچاوەکە دیارە، بۆیە بەراستی جۆری بڕینەکە بەم شێوەیە هیچ تەناقوزێکی لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ نیە، چونکە تۆ ئەڵێی لە بودجەی تەشغیلی و ماعەداش، واتە بە شێوەیەك تەئسیر نەکاتە سەر مەسەلەی مووچەی فەرمانبەران، دەرمان، نەخۆشی، بەم شێوەیە ئیتر صیاغەکە کە پێشنیاری دووەم دەنگی هێناوە بەرێزان صیاغەیەك ئامادە ئەکەن کە ئەم پارەیە وەزارەتی مالیە، یان حکومەت خۆی لە بودجەی تەشغیلی کەمی ئەکەنەوە و بۆ ئەو مەجالانە تەخصیص ئەکەن، کەواتە بڕینە، لە بودجەی تەشغیلیە، چۆنیش ئاراستە ئەکرێ؟ ئەگەر سەیری بکەین ئەبینین لە پێشنیاری هەردوولا جیاواز ئەوەیە نیسبەتەکەیە، ئەگەرنا ئاراستە کردنەکە خاڵی هاوبەشی تێدایە، مەسەلن لە هەردوو لا چۆن ئاراستە بکرێ

خاڵی هاوبەش لەوەیە کە بڕینەکە چۆن تەسەروفی پێوە بکرێ، سیاغەیەکمان بۆ بکەن مەسەلەکە چارەسەر ئەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك ئارام

**بەڕێز ایوب نعمت(ئارام)**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی کاك دکتۆر سەروەر و هەندێ لە هاوکارن وتیان ئەوە یاساییە کە پێویستە سەرچاوەی بڕینەکەش دەست نیشان بکرێ، و جیاوازی هەیە، هەردووکی تەشغیلی نیە، چونکە تەشغیلی دەروازە دەروازەیە، ئەوەی کە داوامان کردووە جیا بکرێتەوە، چونکە ئەگەر بێتو بەم شێوەیە بێ وەکو ئەوەیە لە نەخۆشی تەلاسیمیا بیبڕیت و بیدەیت بە شێرپەنجە، لەبەر ئەوە پێویستە دەروازەکان جیا بکرێتەوە، لەچی ئەبڕێ و بۆچیشە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عدنان بەس دوو دەقە

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ئەمەوێ نەختێك ئیشەکە فۆرمەلەیەکی تری بکەین، یەعنی ئەم دوو مەوزوعە لەیەك جیا بکەینەوە، مەوزوعی بڕینەکان ئەکرێ ئێمە لیژنەی دارایی یان سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی لەسەر ئەو بڕەی ڕێکئەکەوین بێین بزانین بە گوێرەی حیساباتی خیتامی 2011 و مەسروفی فیعلی پار 2012 بتوانین هەندێ بڕین بکەین کە تەئسیر لەو فەقەرانە نەکات کە باس کرا، قسەکە لەسەر ئەصلی مەزوعی ئێمە وەکو فراکسۆنی گۆڕان و ئۆپۆزۆسیۆن لەسەر ئەوەیە ئێمە ئەمانەوێ لەم بودجەیە بە جیا لە بڕین و تەئسیر کردنێکی سلبی لەسەر وەزارەتەکان و کاری وەزارەتەکان چۆن بتوانین بە گوێرەی بودجەی ئەمساڵ تەئسیرێکی ئیجابی لەسەر ژیان و مەعیشەتی خەڵکەکە هەبێ، سەرەتا قسەی ئێمە لەسەر ئەوە بووە چۆن بتوانین بە بودجەی ئەمساڵ بە گوێرەی تەخصیصات بێ، بتوانین ژیانی ئەوانەی مووچەیان کەمە، ئەوەی کەمئەندامە، ئەوەی لە ژێر هێڵی هەژاریە، ئەوانەی قسەمان لەسەر کرد چۆن ئەتوانین لە بودجەی ئەمساڵ ئەمە لە ئاستێکدا ئەبەینە سەرەوە لایەنی کەمی مستەوای مەعیشیان بکات، بۆیە مەفروز وایە پێش ئەوەی قسە لەسەر مەسەلەی بڕین بێ، قسە لەسەر ئەوە بکەین ئەمانەوێ مووچە زیاد بکەین، مووچەی کەمئەندام، پێشمەرگە، ئەوانەی لە ئاستی خوار هەژارین، کە گەیشتینە ئەوە، پێم وایە ئەوکات لیژنەی تایبەتمەند ئەتوانێ لەگەڵ وەزارەت ئەو ئیستیقتاعاتانەی پێویستە لە شتێك و مەجالی تێدایە بیکەین

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان كريم كابان**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من لەگەڵ حورمەتی زۆرم بۆ سەرۆكايەتی و بۆ ليژنەی هاوبەش ئەم موناقەشە سەربارەی ئێستا ئەكرێ لە نادەقيقی خستنە گەنك و صياغەی موقتەرەحەكانەوەيە، دوێنێ دوو مەقتەرەحی بنەڕەتی هەبوو لەگەڵ چەند موقتەرەحێكی تری خوشك و برايانی پەرلەمانتار، يەكيان نۆ سەد و يەك مليارەكە و تـوزيعێكی بـۆ كرابوو، يەكيانيش سەد مليار كە لە سێ سەرۆكايەتی و ئەنجومەنی ئاسايش ببڕدرێ، ئەتوانن بچنەوە سـەر پرۆتۆكۆل، وازيح بوو دوێنێ، بڕينەكە لە كوێيە؟ بۆچی تەوزيع ئەكرێ؟ هەردووكی، ئێستا سەد مليارەكە كە دەنگی هێناوە وازيحە، ئەگەر زۆر وازح نيە و لاتان دەقيق نيە ئەوە پرۆتۆكۆلی دوێنێ كە ئەو 5، 6 بەڕێزەی كە موقتەرەحەكەيان كردووە، تەئيديشيان كرا لە لايەن چەند بەڕێزێكی ترەوە، زۆر وازحە ئـەڵێ لە كوێ ببڕدرێ؟ لە سێ سەرۆكايەتيەكە و ئەنجومەنی ئاسايش، دوای ئەوە دوو تەوزيع كراوە، يەكيان لە نۆسەد و يەك مليارەكەيە، ئەويتر بۆ سەد مليارەكە، جارێكی تر ناكرێ پارەكە تەوزيع بكرێتەوە بەسەر چی و بەسەر كوێ؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كوێستان خان

**بەڕێز كوێستان محمد**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

وەكو كاك شوان باسی كرد زۆر وازيحە، دوێنێ بەڕێز سۆزان خان، سەرۆكی فراكسۆنی كوردستانی ئيشارەتی پێدا لە چی ببڕێ، لە سێ سەرۆكايەتيەكە، ئەنجومەنی دادوەری لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسايش، لەبەر ئەوە ئەمە مونتەهييە كە ئەبێ لەوانە بـبڕێ، دووەم، ئێمە جگە لەوەی وتوومانە لە كوێ ببڕێ، باسی سێ سەرۆكايەتيەكە و نەوتيشمان كردووە، بۆيە ئەبێ پێشنيارەكانی ئێمەش بخرێتە دەنگەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك سالار

**بەڕێز سالار محمود**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بێگومان لە ماوەی ڕابردوو ئێمە دوو ئاراستەمان بينی لە شێوەی تەقەشوف كردن، ئەوەی كە بەڕێزان لە فراكسۆنەكانی ئۆپۆزۆسيۆن تەرحيان كرد وەڵامی خۆيان وەرگرت جا بەدڵيان بێ يان نا، ئەوەشی ئێمە بە

پێی بەرنامەی خۆمان دەردەشەمان کرد وەقەرار بوو لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەرۆکایەتیەکان کە ناو هێندران، و لە پرۆتۆکۆلیش تەسجیل بووە، ئێمە خۆشمان حەملەی ئیعلامیمان بۆ کرد کە ئەوە تەسبیت ببێ، ئەگەرنا و لە سەرۆکایەتیەکان نابڕێ، و لە حاڵەتێکی تر پەیڕەو ئەکرێ لەسەر عامی تەشغیلی، باشە با ئەوە هەر نەکرێ، چونکە لە ماددەی 16 ی یاساکە و بە پێی بڕگەکە وەزارەتی دارایی حەقی هەیە موناقەلە لەو بابەتانە بکات، بۆیە ئێمە ئیسرار ئەکەینەوە سەر ئەو مەبدەئەی ئیتیفاقمان لەسەری کرد،ئەو سەد ملیارە لەو بابانە ببڕێ بۆ ئەو پێویستیانەی کە بەرێز سەرۆکی فراکسۆنی کوردستانی ئاماژەی پێکرد، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو پەیمان خان

**بەرێز پەیمان عزالدین**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

من لەسەر دووخاڵ قسە ئەکەم، یەکەم ئەوەیە لە سەرەتای قسە کردن برادەرێك کە باسی گۆترەی کرد زۆر نیگەران بوون، بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان نیگەران بوون لە وشەی گۆترە، ئێستا ئێمە فیعلەن سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێگەی دا بەوەی کە ئەو مەبدەئە پیادە بکرێ بەوەی کە ئێمە دوێنێ زیاتر لە 3 ئەندام پشتگیری پێشنیازێکمان کرد کە لیژنەیەك پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی مەسەلەی پەرژینەکان گۆترەکاری نەبێ، ئەو لیژنەیە بزانێ چەندە زیادە ڕەوی هەیە ئەوەندە ببڕێ، دوو، لە کاتێکدا کە ئەو مەبدەئە سەری گرت و دەنگی لەسەر درا، دەنگ لەسەر بڕەکە دراوە کە سەد ملیارە، بەلام ئەوەی بدرێ بەچی؟ یەعنی مەرجە ئەو لایەنەی پێشنیاری کردووە سەد ملیار بڕدرێ، مادام سەد ملیارەکەیە ئەبێ بۆ هەموو ئەو تەخصیصەش بێ کە ئەو قسەی لەسەر کردووە، بۆیە مەفروزە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ هەموو ئەو پێشنیازانەی کراوە بەوانەی ئۆپۆزیۆسیۆن و بەوانەی دەستەلاتیشەوە بخرێتە دەنگدانەوە لەسەر ئەو سەد ملیارە ئینجا بزانێ بۆچی تەخصیص ئەکرێ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

پەیمان خان، وەزیری تەختیت 3، 4 دانە سەعات بە شاشەیەکەوە ئەو هەموو ئەرقام و خەریتە و نەخشەیەی پیشان دا، توخوا ئەمە هی گۆترە بوو؟ دووەم، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیدارەی جەلسەکان ئەکات، ئێمە ئیدارەی هەموو لایەك ئەکەین، پێشنیارەکانی ئێوەمان وەرگرتووە و خستوومانەتە دەنگەوە، پێشنیاری فراکسۆنی کوردستانیمان خستە دەنگەوە، ئێستا فراکسیۆنەکانی یەکگرتوو قسەی کرد، کۆمەڵ قسەی کرد، تورکمان قسەی کرد، هەر ئەتوانین ئیدارەی ئەوە بدەین، داوای لیژنەتان کردووە، ئێمە موکەلەف نین لەوە، ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ موکەلەف نین تەنها ئەبێ زەخت بکەین کە لیژنەتان بۆ دروست بکەین، خۆتان پێ بگۆڕن خێری عەلا خێر، دوێنێش پێمان وتن بۆ خۆتان پێك وەرن، دانیشن بەسەرچاوان، ئاخیر کەس فەرموو کاك حاجی بیلال، دوایی ئەیخەینە دەنگەوە

**بەرێز احمد سليمان(بلال):**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

من دوێنێش ئیشارەم كرد، كۆمەڵێك پێشنیار كراوە، ئەو پێشنیارانە بەراستی ناكرێ بە هەنـد وەرنـەگیرێ، ئەگەر كۆمەڵێك كەس پێشنیاری كرد وتیان یەك كەس، دوو كـەس، كـورە سـێ كـەس ، دە كـەس، پێشـنیاری كرد ناكرێ بە هەند وەرنەگیرێ، ڕێزم بۆ قسەكەی جەنابی وەزیر هەیە، كۆمەڵێك شتی بۆ ئێمـە ڕیـز كـرد، هەمووی تێكەڵ كرد، بە مەعنای نەوعێك لە چەواشەكاری بوو بەراستی، چـونكە ئێمـە نـەمانوتووە لەوانـە ببڕێ، وتوومانە نازانم گوێی لـێ نـەبوو، وتمـان لـە سـاڵی 2012 مەسـرەفی 2012 ئەمسـاڵ زیـادە مەسـرەفی خراوەتە سەر، زیادە مەسرەفەكە نۆسـەدو یـەك ملیـارە، دەسـتتان خـۆش بـێ دەنگتـان پـێ نەدا،بـەلام ئێمـە پێشنیاری دووەممان كردووە، ئەوە بوو بڕی سەد و شەش ملیار دینار ببڕدرێ لە پاداشتی غێر مونتەسیبین، ئـەو پاداشـتەیە سـەد و شـەش ملیارەكـەی لـێ بـبڕدرێ و بـدرێ بـەو فەقەرانـەی كـە باسمـان كـرد، وەكـو مامۆستایانی ئاینی كە مەغدور ترین چینن، وەكو خانـەوادەی شـەهیدان، پێشـمەرگە، كەمئەنـدام، ئەوانـەی مووچەیان زۆر لە خوارەوەیـە، هـەموو ئەوانـە مەغـدورن، داوا ئەكـەین یەكـەمجار ئـەو كەسـانەی پێویسـتە مووچەیان بۆ زیاد بكرێ بخرێتە دەنگدانـەوە، دوایـی ئەگـەر دەنگـی نـەهێنا پێویسـت ناكـات مووچـەكانیان ببڕین، ئەگەر هێناشی ئەوە نیعمەلاً، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

نوقتەی نیزام نەماوە، یەك سانیەش نیە، دوو پێشنیار هەبوو، یـەكیان داوای نۆسـەد ملیـاری كـردووە بـبڕێ ئەوە دەنگی نەهێنا، ئەوەی تر داوای سەد ملیاری كردبوو دەنگی هێنـا، ئێسـتا ئەمانـەوێ بـزانین ئـەو سـەد ملیارە چۆن سەرف ئەكرێ ئەوە ئەخەینە دەنگەوە، فەرموو، نۆسەد ملیارەكـە دەنگـی نـەهێناوە بۆیـە هـیچ نایگرێتەوە، چونكە دەنگی نـەهێناوە، فـەرموو بیخوێنـەوە، كاكـە سەرچاوەكەشـی دوێـنێ تەحدیـدیان كـرد، ئەوە پێشنیاری خۆیانە هی ئێوە نیە،

**بەرێز خورشید احمد سلیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان**

(يخصص المبلغ اعلاه للجهات)

1-اضافة 25 مليار دينار الى تخصيصات وزارة البيشمركة لتـدارك الزيـاداة المقـررة في الرواتـب الادنـى لقـوات البيشمركة

**بەرێز د. ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

كێ لەگەڵ دایە ئەو مەبلەغە بۆ پێشمەرگە تەخصیص بكرێ؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ قەبوڵ كرا، فەرموو بۆ خاڵێكی تر

**بەرێز خورشید احمد سلیم:**

2-اضافة مبلغ قدره 10 مليار دينار الى تخصيصات بناء الدور السكنية لذوي الشهداء

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پارەیە تەخصیص کراوە بۆ شەهیدان کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟

بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵێکی تر.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

3- تخصيص مبلغ 20 مليار دينار لوزارة الثقافة والشباب لتنفيذ متطلبات القرار رقم 14 لسنة 2012 الخاص بجعل مدينة السليمانية العاصمة الثقافية للاقليم

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵێکی تر

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

4-تخصيص مبلغ قدره 10 مليار دينار للصندوق الخاص بمرضى السرطان في الاقليم وفق القانون رقم 11 لسنة 2012

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

5-تخصيص مبلغ 20 مليار دينار لتنفيذ مشاريع خدمية في الاقضية والنواحي التي تعرضت لحملات التهجير والترحيل القسري من قبل النظام البائد

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵێکی تر

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

6- اضافة مبلغ قدره 5 مليار دينار لتخصيصات الهيئة المستقلة لحقوق الانسان

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

7- اضافة مبلغ قدره 5 مليار دينار الى تخصيصات وزارة التربية لاعادة ترميم وصيانة المدارس المتضررة

**بەڕێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

8- اضافة مبلغ 5 مليار دينار الى تخصيصات هيئة حماية البيئة والمجلس الاعلى لشؤن المرأة

**بەرێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا. ئێستاش تۆزێك پشوو دەدەین.

**دوای پشوو**

**بەرێز د. ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام ئەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئەکەین فەرموو بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، شێخ بایز فەرموو

**بەرێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

کاك حاجی بیلال لە قسەکانی ئەڵێ وەزیر بۆ چەواشەکاری ئەو قسانەی خوێندەوە، ئایا ئەگەر ئەو لەفزە لە دەمم دەربچێ بەرامبەر بە یەکێ لە پەرلەمانتاران ئەوەم لێ قبوڵ ئەکرێن نازانم بۆ ئیجرائات نەکرا؟ بۆ نەسڕایەوە؟ سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بیلال

**بەرێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بەو وشە مەبەستم ئەوە نەبووە خوا نەخواستە کاك شێخ مەبەستی شتێکی خراپ بێ، هەر شێخیشە، من ڕێزیشم بۆی هەیە، بەس مەبەستم ئەوە بوو شتەکەی لێ تێکداین، ئەگەر وابێ داوای لێ بوردن ئەکەم، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەرێز برهان رشید حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەرچەند ئەوە ئیش من نیە، بەڵام زۆر پرسیارمان کرد وەزیری دارایی وەڵامی نەدایەوە، چۆن بودجەی حیزبەکان و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان تەوزیع کردووە؟ لەبەر ئەوە ڕەنگە بۆیە وای گوتبێ، لەبەر ئەوەی هەندێ وشە هەیە....

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**توخوا ئەوە نوقتەی نیزامـە؟ فـەرموو دانیشـە، بـەرێزان لـە دایشـتنی پێشـتر دوو پێشـنیار کرابـوو، یـەکیان دەنگـی هێنـا، ئێسـتا پێمـان باشـە صـیاغەکەی بخوێنینـەوە و بـزانین چـۆنە بـۆ ئـەوەی بیخەینـە دەنگـەوە، فەرموو، فەرموو کاك ئارام یەك دەقە.**

**بەرێز ایوب نعمت(ئارام)**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**پێش ئەوەی مادده قانونیەکە بخوێنێتەوە ئـەو پێشـنیارانەی کـە دوێـنێ خوێندراوەتـەوە و تەسـنیە کـراون ئەوانە ئەبێ بخرێتە دەنگدانەوە با دەنگ نەهێنێ ئەوکات ئەو صیاغە، ئەوەی کـە فەرمانبـەران مووچـەیان با لە 600000 کەمتر نەبێ، مووچـەی پێشـمەرگە زیـاد بکـرێ، و هـەروەها کەمئەنـدامان لـە 500 کـەمتر نەبێ، مووچەی خانەنشین لە 450 کەمتر نەبێ، با ئەوانە بخرێتە دەنگدانەوە**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

**ئاخر ئەوە مەربوت بوو بە ئیستیقتاعاتی نۆسەد ملیارەکە، ئێستا دەنگی نـەهێنا، باشـە ئەگـەر ئـەو نۆسـەد ملیارە دەنگی نەهێنا چۆن تەئمینی ئەو شتانە ئەکەی؟ کاك عەدنان فەرموو**

**بەرێز عدنان عثمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئەگەر لە پرۆتۆکۆلیش بیسڕنەوە ئاساییە، من ئەمەوێ جەوێکی هێمن تر و ئاسایی تر قسە بکەین، ئەصلی مەزوع بە هیچ شێوەیەك عیلاقەی بە ئیستیقتاعەوە نیە، عیلاقەی بە دەنگدان لەسەر نۆسەدو سـەد نیـە، لەسەر هەشت سەد و دوو سەد نیە، قسەی ئێمە لەسەر مەجموعەیەك پێشنیاز بوو، کە ئەم پێشـنیازانەمان تەقدیم کردووە لەبەر ئەوەی دەقێکی یاسایی هەیـە، ئـەڵێ کـە تـۆ مەجموعەیـەك پێشـنیاز بـۆ خەرجیـەك ئەکـەی پێویسـتت بەوەیـە کـە شـوێنەکەی بـۆ بدۆزیـەوە، چـۆن پـڕی ئەکەیـەوە؟ وتمـان ئەگـەر کۆمـەڵێك تەقەشوف بکرێ ئیحتیمال هەیە پێشنیاری نۆسەد ملیار لەبەر دەستی پەرلەمان بێ، کاکە با نۆسەد نەبێ و سێ سەد بێ، ئێمە پێشنیازەکانمان لا گرنگە، ئەم پێشنیازانە بە دوو سەد ملیار تەواو ئەبێ، بـە سـەد ملیـار تەواو ئەبێ، بە سێ سەد ملیار تەواو ئەبێ، گرنگ پێشـنیازەکانمانە، بڕیارمـان داوە و سـوێندمان خـواردووە کە ئەبێ هەر نۆسەد ملیار بێ، بۆیە تکام وایە، هیچ دوور و نزیك عیلاقەی بـە نۆسـەد ملیـارەوە نیـە، ئـەو پێشنیازانەی ئێمە ئەگەر بە دووسەدە، ئەگەر بەسـێ سـەدە، دوێـنێ هاوکـارانم پێشـنیازیان کـرد ئـەکرێ بـۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشایەی کە دروست ئەبێ لیژنەیەك، ئەگەرنا با هەر خودی لیژنەی دارایی دانیشـێ ئـەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە، بۆیە ئێمە مەجموعەیەك ئیقتیراحات....**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (47)**

**چوار شەممە رێکەوتی 13\2\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (47)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/2/13

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/2/13 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (47)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (47)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/2/13 دا بەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری پڕۆژە ویاسای بودجە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

ئەم کاتەتەان باش، بەناوی خودای گەورە و میهربان، بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم ژمارەی دانیشتنی (47) ڕۆژی دانیشتن 2013/2/13، بەرنامەی کار: بەپێی حوکمەکانی بڕگە یەکی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (47)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوت 2013/2/13 بەم شێوەیە بێت،

1. بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری پڕۆژە ویاسای بودجە.

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێزایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕجا دەكەم ئەوە بڕە بێتە سەر ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلاّ سەبارەت بەم ماددەیە من لەگەڵ دەقی ئەوەم كە لیژنەی یاسایی سیاغەی كردووە، بەتایبەتی بڕگەی دووەمی من ئەوەی كە تایبەتە بە یەكەی دروستكردنی نیشتەجێبوون، دەمەوێ قسەی لە سەر بكەم، لەگەڵ دەقی ئەو ماددەیەم، بەڵام هیوادارم كە دوو، سێ هێن هەیە، بۆی زیاد بكرێ، ئەویش بەو شێوەیە: (الأستمرار في دعم صندوق الأسكان للمواطنين من ذوي الدخل المحدود في وزارة الأعمار والأسكان بالشكل الذي يؤدي الى ديمومة بناء الوحدات السكنية في المحافظات والأقضية والنواحي) بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەمە ناحیەكانیش بگرێتەوە، و بە نەصێكی سەریع بێت ناحیەكانیش بگرێتەوە، تەنها لە سەنتەری شارەكان نەبێ، خاڵێكی تر سەبارەت بە دیاریكردنی بڕی ئەو پارەیە، دیارە ئێمە وەكو لیژنەی ئاوەدانكردنەوە بەڕاستی زۆر داكۆكیمان لەوە كرد كاتی خۆی لە لیژنە كە ئەم بڕە دیاری بكرێ، بەڵام دیارە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە تموحی ئەوەی هەیە، ئەگەر پارە هەبێ دروستكردنی یەكەی نیشتەجێبوون لە چوارچێوەی هەڵمەتێكی نیشتیمانیدا لەلایەن حكومەتەوە سەیر بكرێ، بەمەش وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە پابەند نەبێ بەو بڕەی كە بۆی دیاری كراوە، بەڵكو ئەگەر بكرێ لە چوارچێوەی هەڵمەتێك دابێ زیاتریشی بۆ دابنرێ، یەعنی بەپێی ئەو ئیمكانیەتەی كە لەبەر دەستی حكومەت دایە، ئەگەر حكومەت ئیمكانیەتی زیادەی هەبێ بەتایبەتی ئەو پارانەی كە بەتەمان وەربگیرێتەوە لە پشكەكانی ئێمە لە بەغدا ئەمە قسەی وەزیری ئاوەدانكردنەوەیە دەڵێ ئێمە تموحی زۆر زۆر زیاترمان هەیە لەو بوارەیەوە، و هەر بەو بۆنەیەشەوە ئەوەندەی ئاگادار بین حكومەتی هەرێمی كوردستان سەرقاڵی دروستكردنی دامەزراوەیەكە، بەناوی دامەزراوەی نیشتەجێكردن، موئەسەسەی ئیسكان دەیەوێ هەموو ئەو پرۆسانەی كە پەیوەندی بە مەسەلەی نیشتەجێكردنەوە هەیە، چ لە دەستەی وەبەرهێنان، چ لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە، چ لە سەرجەم وەزارەتەكان كە جێبەجێی دەكەن، هەتا مەسەلەی دابەشكردنی زەوی بە سەر هاووڵاتیاندا بهێنێتەوە بەر دەستی ئەم موئەسەسەیە، بۆیە من بەڕاستی گرنگی پێدانێك لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە دەبینم بۆ ئەو بوارەوە مایەی دەست خۆشیە بەڕاستی، بۆیە ویستم ئەو سەرنجانە بدەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان..

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیارە لە سەر خاڵی دووەم، یاخود بڕگەی دووەم تێبینیم هەیە، ئەویش تێبینیەکی شکلیە، من بە پێویستی دەزانم کە ئەو بڕگەی دووەم بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، چونکە لە بڕگەی دووەمدا باس لە کێشەی نیشتەجێبوون دەکات، بە هەمان شێوە لە ماددەی نۆیەم: باس لە قەرزی خانوو بەرە و مایە پێدانی صندوقی نیشتەجێبوون دەکات، بۆیە من بە پێویستی دەزانم کە ئەوە بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، بکرێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەمیان باس لەوە بکات کە حکومەت بەردەوام دەبێت لە کۆمەکی صندوقی نیشتەجێبوون، بڕگەی دووەم باس لە قەرزی خانوو بەرە بکات کە ئەویش پەیوەندی بە کێشەی نیشتەجێبوونەوە هەیە، ئەویش دیار بکرێت، کە (20) ملیۆن بۆ شار و شاروچکەکان، و (25) ملیۆنیش بۆ گوندەکانە، لە ڕووی مەزمونیەوە لە سەر بڕگەی دووەم من بە پێویستی دەزانم کە بەڕاستی ئەو فۆڕمانەی کە دابەشکراون بە سەر ئەو کەسانەی کە ئەو یاسایانە دەیانگرێتەوە، ئالیەتی دابەشکردنەکە پێویستە ئێمە موتابەعەی بکەین، چونکە بەڕاستی هەندێ کەس هەیە بەتایبەتی مامۆستاکان کە فۆڕمەکانیان بە سەر دابەشکراوە ڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە ئەو کەسە چەند نوقتەی تێدا هەیە کە موستەفید نەبووە لە حکومەت، بۆیە پێویست دەکات ئێمە موتابەعە بکەین لەو ڕووەوە، لە ڕووی مەزموونەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە هەموو ئەو ماددانەی کە ئێمە ئێستا موناقەشەیان لە سەر دەکەین، لە ماددەی شەشەوە تا کۆتایی پەیوەندیەکی ڕاستەخۆیان بە ماددەی پێنجەمەوە هەیە، کە ئێمە بە زۆرینەی دەنگ بڕیاردرا دوا بخرێ ئەو ماددەیە، بۆیە من ئەساسی دواخستنی ئەو ماددەیە ئەوەیە کە لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن و لیستی کوردستانی کۆمەڵێك پێشنیاریان هەبووە، بۆ ئەوەی کە لە بودجەی تەشغیلی ببڕدرێ، هەر لە ناو بودجەی تەشغیلی بۆ خزمەتی کۆمەڵێك چین و توێژ تەرخان بکرێت، بۆیە بە پێویستی دەزانم بەڕێزتان داوا لە لیژنەی دارایی و ئابووری بکەن کە نوێنەری هەردوو لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن و کوردستانی تێدایە، لە ماوەیەکی کورت دیراسەی ئەوە بکەن، بۆ ئەوەی کە بەزووترین کات ئەوە نەبێتە هۆکارێك بۆ دواخستنی بودجە، چونکە ئەو ماددانەی کە دێن پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی پێوە هەیە، بەنیسبەت ئەو ماددەیە من پێشنیاز دەکەم ئەوەی کە بڕگەی یەکەم، ئەو بڕە تەحدید بکرێ، ئەگەر سەرچاوەکەی لە کوێیە، بۆ ئەوەی لە حیساباتی کۆتایی بۆ پەرلەمان ڕوون بێتەوە، ئەوەی کە دانراوە چەندە؟ ئەوەی کە خەرجکراوە، چەندە؟ بۆ دروستکردنی قوتابخانە، بەنیسبەت خاڵی دووەمیشەوە ئەوەی کە سۆزان خان باسی کرد، (200) ملیار دینار لە بودجەی وەبەرهێنان ئەگەر ئەمەیە ئەوە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێ، بەڵام ئەگەر

بەدەر لەم (200) مليار دينار پارەيەك هەيە، پێویستە ڕێژەكە ئاماژەی پێ بدرێ، و سەرچاوەی ئەم پارەیە لە كوێیە؟ حەز دەكەم بەڕێز وەزیری دارایی كە نوێنەری حكومەتە، وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەیام خان..

**بەڕێز پەیام محمد احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە سەر ئەم ماددەیە هاوكارانم زۆر باسی ئەوەیان كرد، هەر تەئكید لە سەر ئەمە دەكەمەوە كە هەر دەبێ ئەو بڕانە دیاری بكرێ، لە خاڵی یەكەمدا، ئەو بڕە پارانە دیاری بكرێ، بۆ ئەو حەملەیەی كراوە، بۆ دروستكردنی خوێندنگاكان، دووەم ئەو دەعمی صندوقی ئیسكانە وەكو ئەوەی سۆزان خان وتی ئەگەر ئەو (200) ملیار دینارە لە وەزارەتی ئاوەدانكرنەوە دانراوە، لە بودجەی وەبەهێنان، ئەوە لێرەدا دیاری بكرێ ئەو (200) ملیارە یان دەبێ نسبەیەكی تری بۆ دیاری بكرێ؟ چونكە زەرووورە دەبێ ئێمە بزانین ئەو نسبەتە چەندە؟ بۆ هەردوو خاڵەكە بۆ ئەوەی لە حیسابی خیتامیدا بۆمان دەركەوێ، كە چەند سەرفكراوە؟ كە چەندیش ماوەتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش پشتگیری هاوڕێكانم دەكەم، هەموو ئەو پێشنیارانەی كە هەبوو بۆ دیاریكردنی بڕی پارەی دیاریكراو بۆ هەردوو بڕگەكە، بڕگەی یەكەم و دووەم، ئەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان پابەند نەبێ بەردەوام بوون لە هەڵمەتی نیشتیمانی پێویستە بڕی پارەكە دیاریكراو بێ، و هەروەها خاڵی دووەم، بۆیە من لێرە پێشنیار دەكەم لەبەر ئەوەی لە هەرێمی كوردستاندا گەورەترین كێشەی قوتابخانەمان هەیە، نەك (120) ملیار دینار لە بڕی ساڵانە دیار بكرێ، من داواكارم دوو سەدو بیستی تر، كە (240) ملیار دەكا، لەگەڵ (33) پڕۆژەی بەردەوامی تری وەزارەتی پەروەردە، بۆ ئەوەی كە لە ماوەی (10) ساڵە (2000) قوتابخانە دروست بكرێ، لە هەرێمی كوردستاندا، و پێشنیارەكی تریشم هەیە بۆ ئەوەی كە وەزارەتی پێشمەرگە یان وەزارەتی پلاندانان ئەو قوتابخانە چوار پۆلی و شەش پۆلیانەی كە لە پڕۆژەكاندا هەیە، هەموو ئەوانە دەربهێندرێ لە نێوان چەند گوندێك دا، و منداڵی لادێكان و ناحیەكان و شایانی قوتابخانەی ڕێك و پێك و باشن، كە بۆیان دروست بكرێ، بۆیە هیوادارم ئەم قوتابخانانە بەشێوەیەكی

نموونەیی دروست دەکرێن ئەو شوێنە دوورانە بگرێتەوە، تەنها ناو سەنتەری شارەکان و قەزاکان نەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەردوو بڕگە منیش پشتیوانی لە قسەکانی کوێستان خان و کاك کاردۆ دەکەم، کە بڕەکەی دیاری بکرێ، و پشتیوانی لە قسەی کاك خلیل دەکەم کە ئەگەر وەحدەی سەکەنی دروست دەکرێ لە قەزاو ناحیەکانیش دروست بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان..

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەردەوام بوونی هەڵمەتی نیشتیمانی بۆ دەرچوونی قوتابخانەکان کارێکی زۆر باشە بەردەوام بێت، بەڵام بڕە پارەکەی بەڕاستی دەبێ دیاری بکرێ، چونکە ئیلتیزام ئێستا لە سەر حکومەت هەیە، بەڵام ئیلتیزامێکی کراوە هەیە، زەمانەت چییە؟ ئەو بڕە پارەیە لەو ئاستەیە کە بۆ قوتابخانەکان دیاری بکرێ، کە لە ساڵی ڕابوردووتەرخان کراوە، لەبەر ئەوەی ئێستا سەدان قوتابخانەمان هەیە قوڕە لە کابینە دایە بەڕاستی، چوار پۆلیمان هەیە، دیارە پارەکە دیاری بکرێ، ئەگەر پارەکە ئێستا دیاری بکرێ، پارەکە کەم بێ، ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان ئێمەی پەرلەمانتاران هەوڵی ئەوە دەدەین پارەکە زیاد بکەین، بەڵام بەشێوەیەکی کراوە پارەکە دیاری نەکرێ، بەڕاستی ئیلتیزامێکی وا نەکەوێتە سەر حکومەت بەیانی بگاتە ئەو ڕادەیەی، کە پێداویستی لە خوێندنگاکان پڕ بکرێتەوە، بۆیە بەڕاستی داوا دەکەین ئەو بڕە پارەیە دیاری بکرێ، بۆ ئەوەی ئیلتیزامەك دروست بێ لە مابەینی دروستکردنی و دروست نەکردنی، و هەروەها بەدواداچوون بکرێ بۆ ئەو بڕە پارەیە ئایا چۆن سەرف دەکرێ؟ چۆن پێ دروست دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا هەر یاسایەك كە دادەنرێ دەبێ زۆر ڕوون و ئاشكرا بێ، و كەمترین مەجال بهێڵێتەوە بۆ ئیجتیهاد من ئەم یاسایە دەبینم بە شێوەیەكی وەها دانراوە مەجالێكی زۆری هێشتۆتەوە بۆ ئیجتیهادات كە حكومەت بیكات یان نەیكات؟ ئێمە هەر لە سەرەتای ماددەكە بڕگەی یەكەمی ماددەی حەوتەم باسی لە هەڵمەتی نیشتیمانی دروستكردنی قوتابخانە كردووە، ئێمە ساڵانی پێشتریشمان بووە و تەحدیدشمان كردووە، من پێم وایە ئێستاش تەحدیدكرنەكەی وەكو بەردەوام بوونەك زۆر پێویستە، وەكو بەڕێزان كوێستان خان و كاك كاردۆ هەندێك لە هاوڕێكانم پشتگیری دەكەم كە تەحدید بكرێ، و ئەم ماددەیە بڕگەی دووەم من پێم وایە ئەمە ماددەیەك بووە ساڵی پار هەبووە، و من لەوێ پشتگیری لە سۆزان خان دەكەم كە ئەو (200) ملیارەی كە دەست نیشان كراوە، لێرە تەحدید بكرێ، لەبەر ئەوە مەجالی كەمتر بمێنێتەوە بۆ ئیجتیهادات، و من لەو ماددەیە ئەوە دەبینم كە وەزارەتی دارایی ئەمساڵ ئیلغای كردۆتەوە كە قەرزی خانووبەرە بدات بە هاووڵاتیان، كە لە ساڵی پار (20) ملیۆنمان بۆ موحافەزات و قەزا و ناحیەكان، و (25) ملیۆنیشمان داناوە بۆ لادێكان، لەكاتێكدا لە ساڵی پار ئێمە تەحدیدمان كردووە، ئەمساڵ نەهاتووە، بۆیە بەڕاستی ئەگەر وەزارەت مەبەستی لەوەیە لەم ماددەیە هینی تێدا بێ، دەبێ ئەم ماددەیە تەحدید بكرێ بۆ موحافەزات و قەزا و ناحیەكان چەندە؟ بۆ لادێكان چەندە؟ وەكو ساڵی پار، بۆیە ئەگەر ئەوە نەكەن پێم وایە كراوەیە، و ئەوكاتەی لەوانەیە نەیكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی ماددەی حەوتەم دەكەم لە بڕگەی یەكەم كە بەردەوامبوونە لە هەڵمەتی نیشتیمانی دروستكردنی قوتابخانە، بەڵام پێویستە بڕەكەی لێرە دیار بكرێ، و هەروەها بیجگە لە بڕەكەی چۆنیەتیەكەشی نازانم، دەبێ هەرشوێنی بكەینەوە، كە لێرە بەدواوە هەر چەندە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ڕێككەوتین كە كوالێتیەكان بەرزكەینەوە كە واز لە دروسكردنی قوتابخانەی چوار پولی و شەش پولیش بهێندرێ، بەڵام دەبێ بەڕاستی هەندێك ئیلزام بخرێتە سەر وەزارەت پێویستە دەست نیشان بكرێ، بەنیسبەت خاڵی دووەم، بێ لەوە كە دەست نیشان بكەین ئەو ئیلتیزاماتە عەدالەتێك دروست بكەین لە بەینی شار و شارۆچكە و گوند و هەمووی حسەی هەبێ لەو قوتابخانە نوێیانە كە بە دیزاینی نوێ و بە با بڵێین سستەمێكی نوێ دروست دەكرێ كە شایستە بێ بۆ ئەو خوێندنەی كە ئێمە دەمانەوێ بایەخی پێ بدەین، بەنیسبەت خاڵی دووەم كە بەردەوام بوونە لە كۆمەك كردنی صندوقی نیشتەجێكردنی دانیشتوانی كەمدەرامەت ئەو لێرەش هەر پێویستە بڕەكەی دیاری بكرێ، و هەتا ئێستا ئێمە نازانین ئالیەتی وەرگرتنی ئەو خانووانە چۆنە؟ یان ئەو یەكەی نیشتەجێیانە چۆنە؟ و هەروەها دانەوەی قەرزەكە چۆنە؟ ڕاستە

ئاسانکاری زۆری تێدایە بۆ خەڵکی کەمدەرامەت، بەڵام یەعنی تا ڕادەیە ئیستغلالی تێدایە، خەڵکی تر سوودی لێ وەردەگرێ، پێویستە یەعنی بە لایەنی کەم چاو لە وڵاتێك لە وڵاتانی جیهان بکەین، کە بەلایەنی کەم لەو بڕە پارەیەی کە وەردەگیرێتەوە، ئێستا وڵاتی تورکیا بە قەرزێکی زۆر درێژ خایەن کە مانگانە نزیکەی تەنها (100) لیرە لە هاووڵاتیان وەردەگرێتەوە، کە سوودمەند دەبن، و بەتایبەتی کارمەندەکان، فەرمانبەرەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە ڕاستیدا بەنیسبەت بڕگەی یەکەم کە پەیوەندە بە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانەکانەوە، منیش هەمان ڕای ئەو هاوڕێیانەم هەیە، پێویستە بڕی پارەکە دەست نیشان بکرێ لێرە، و پێم باشە بڕگەیەکی تریش ئیزافە بکرێ هەر لێرەدا بەپێی پێداویستی شارەکان، چونکە ئەگەر موقارەنە بکەین بەپێی ئەو مەعلوماتەی لامە هەندێك لە شارەکان وەزعی قوتابخانەکان ڕەنگە لەوی تر باشتر بێ، لەبەر ئەوە پارەیەك تەخسیس دەکرێ، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێ چ شارێك لە کوردستاندا زیاتر پێویستی پێیەتی و وەزعی قوتابخانەکانی خراپترە، بڕی بودجەکەی بۆ دەست نیشان بکرێ، بەنیسبەت دووەم، بڕگەی دووەم کە نیشتەجێبوونە لە ڕاستیدا لەم بڕگەیەشدا پێویستە بڕەکە دەست نیشان بکرێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ کاری تەواو جدی لە سەر ئەم بابتە بکرێ، و موتابەعە بکرێ لەلایەن ئەندام پەرلەمانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکەم کە دیارە ئەمساڵ بەڕێژەیەکی باش بڕیاری داوە بۆ دروستکرنی قوتابخانە لە کوردستان، بەڵام ئەوەی کە ئەو بەڕێزانە باسی دەکەن باسی ڕێژەی پارەکە بکرێ، ئەوەیان نازانم پێم وایە دەگەڕێتەوە بۆ سەلاحیەتی حکومەت هەر لە ماددەی حەوت پێم وایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ماددەی حەوت و نۆ یەك مەفهوم دەبەخشێ، هەرچەند نازانم ئەندامانی لیژنەی یاسایی ڕەئیان چییە لە سەر ئەوەی کە بکرێ بە یەك ماددە؟ من پێشنیار دەکەم بکرێ بەیەك ماددە، چونکە باسی یەکەی نیشتەجێبوون و قەرزی خانووبەرە و ئەوانە دەکات، یەك بەرچاو ڕوونی دەخەمە پێش چاو، دیارە حکومەت لەپەرلەمانی کوردستان لە ساڵانی ڕابوردوو بڕیارێکی زۆر باشی دەرکرد، و سەرکەوتوو بووە، مەسەلەی پێدانی قەرزی خانووبەرە و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، بەڵام

ڕاستیەکەی ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانم بڵێم حکومەت سەرفەکەی کردووە، بەڵام وەکو پێویست سوودی لێ نەبینراوە، لەبەر ئەوەی بە حەقیقەت هەندێ جێگا هەیە دوو ماڵی تێدا دروستکراوە، ئەو دوو ماڵە نەیتوانیوە تێی بچێ سوودی لە ئەو پارە وەرگرتنە بکات لەبەر ئەوەی قوتابخانەی نیە، جادەی نیە، کارەبای نیە، خانووەکەی دروستکردووە، ئیمکانیەتەکەی لە حکومەت وەرگرتووە، بەڵام نەیتوانیوە نیشتەجێ هیوادارم، و پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان پەنا بەرێ بۆ دروستکردنی گوندی سەردەمیانە لە ڕێگەی ئەو قەرزی خانووبەرەو یەکەی نیشتەجێبوونە لە هەرێمی کوردستاندا دروست دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەگشتی پشتیوانی لەو ماددەیە دەکەم، چونکە هەم فەقەرەی یەك و هەم فەقەرەی دوو، دوو بواری گرنگن، کە حکومەت خۆی مولزەم کردووە، بۆ ئەوەی کە پارەیان بۆ تەرخان بکا و لەم بوارەدا خزمەتگوزاری پێشکەش بکا، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەویش پابەندبوونی حکومەتە بە هەڵمەتی نیشتیمانی دروستکردنی قوتابخانە کە ئەمساڵ پارەی بۆ تەرخان نەکراوە، لە ڕاستیدا ساڵانی ڕابوردوو بڕێك پارەمان بۆ تەرخان کردبوو کە (120) ملیار بووە، بەڵام ئەمساڵ سەیر بکەین حکومەت لە پرۆژەکاندا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لە دوو ئاڕاستەدا ئەمساڵ ئەم هەڵمەتە بەردەوام دەبێ، یەکێکیان ئەوەیە کە ئێستا هاتووە لە ژێر دەستمانە ئەویش (460) پرۆژە بۆ وەزارەتی پەروەردە کە زۆربەیان قوتابخانەن لە پێشنیارەکان و لە بەردەوامەکان، ئەمساڵ دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە یان لە جێبەجێکردن دان، بەسەر یەکەوە زیاد لە (120) ملیاری بۆ دانراوە، (244) ملیاری بۆ دانراوە، کەواتە پارەی زیاتری بۆ دانراوە، کە لە ناو پرۆژەکاندا لە ناو بودجەدا، ئەوە ڕوونکراوەتەوە، هەروەها حکومەت بەرنامەیەکی تریشی هەیە، ئەم ماوەیە ئیعلانی کردووە، هەم لە مەوقیعی ئەلیکترۆنی ئەنجومەنی وەزیران، هەم وەزارەتی پەروەردە کە لە ئایندە دا جگە لەوەی کە ئێستا نێردراوە، (500) قوتابخانەی تریش دروست دەکا، ئیعلانیشیان کردووە، ئیعلانەکە تا مانگی سێ بەردەوام دەبێ لە هەندێ کۆمپانیا تا ئەو ڕادەیە ئێمە موتابەعەمان کردبێ، هی فەرەنسی، هی کۆری، هی ئیتاڵی عەرزیشیان کردووە، بۆیە بەم ئاڕاستەیەدا هەڵمەتەکە بەردەوام دەبێ، کەواتە دەبینین ئەو بڕەی کە بۆی تەرخان دەکرێ، بۆ ئەم هەڵمەتە زۆر زۆر زیاترە لە (100) و لە (200) ملیاریش، بۆیە تەحدیدکردنی مەبلەغەکە بەم شێوەیە کە نەهاتووە، لە بابی ئەوەیە بایەخی زیاتر پێ دەدرێ، نەك مەبلەغەکە کەم بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك د. سەروەر.**

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە مایەی خۆشحاڵیە كە ئەمساڵیش حكومەت پابەندە بە مەسەلەی بەردەوام بوون لە سەر هەڵمەتی دروستكردنی قوتابخانەكان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكەین لێرەدا دیارە ئێمە زۆر باسمان لەو حاڵاتانە كردووە، كە لە بواری پەروەردە دا ئەگەر بمانەوێ كێشەكان چارەسەر كەین گەورەترین كێشەی ئێمە نەبوونی بینایەی خوێندن، یاخود وەكو پێویست نەبوونیەتی، كاك د. عمر سەرۆكی لیژنە ئەوەی ڕاگەیاند كە ژمارەی ئەو قوتابخانانە دەكرێ، بەڵێ من نامەوێ دووبارەی كەمەوە زۆر هەنگاوێكی باشە، بەڵام دەكرێ ئێمە كارێك بكەین لایەنی جێبەجێ كار ئەكتیف تر بێ، و یاخود باشتر بەدوای ئیش و كارەكانی بچێ، بۆ نموونە، من شوێنێك بە نموونە دەهێنمەوە، كە ئەمڕۆ ئەم حاڵەتە لامان بوو، شاری ڕانیە، لە ڕانیەدا دوو قوتابخانە هەیە كە دەرووخێندرێن و دەیانەوێ بیناكانی بەرجادە دەكەوێ و زەویەكەی بفرۆشێ، هەرچەند ئێمە وەكو لیژنەی پەیوەندیدار بە دوایەوەین كە دەمانەوێ ئەمە قبوڵ نەكەین دوو قوتابخانە لە سەنتەری شاردا كەم بێتەوە، بەڵام ئەوەتا بەهەمان شێوە بەشی بیناسازی وەزارەتی پەروەردە لامان بوون، من ئەو پرسیارە دەكەم لەوێ كە ئەو قوتابخانە كەم دەبێتەوە، بەڵام قوتابخانەیەكی (18) پۆلی كە لە ساڵی 2011 دەرچووە بۆ ئەوێ پارەشی بۆ سەرفكراوە، بەڵام بەڕێوەبەری بیناسازیەكە دەبێ ئەمساڵ تەواو بێ بەپێی ئەو حیساباتەی لێرە هەبووە، پڕۆژە بەردەوامەكانە كە تەواو دەبێت، بەڵام هیچ شتێكی بۆ تەرخان نەكراوە، تەنها زەویەكەیە، بەهەمان شێوە لە بواری تریشدا ئێمە ئەو كێشانەمان هەیە، من ئەو ڕۆژە پرسیارێكم كرد لە بەڕێز وەزیری پلاندانانیش لەوێیە ئیشتیباهێك لای من هەبێ كاتێك باسی قوتابخانە پیشەییەكانم كرد، بەڵام لەویشیاندا ئەمە لەو لیستەدا كە جەنابی باسی كرد بەدواداچوون كراوە، وەڵامەكانم پێگەیشتووە، بەڵێ ئەو (5) ملیۆن دۆلارە پارەی زانكۆ بوو، خوێندنی باڵا بوو، بەڵام لەوەیاندا بەڕێزان (4,5) ملیار و نیو دینار سەرفكراوە بەپێی ئەمە، بەڵام وەزارەت دەڵێ سەرفمان نەكردووە، بەهەر حاڵ قوتابخانەی چوار پۆلی تێدا بووە وتوومانە نەمێنێ، وەزارەت خۆشی وتی، بەڵام دەبینین تیایدا ماوە، ئەوەی گرنگە لێرەدا من پێم وایە پێویستە بڕی پارەكە دەست نیشان بكرێ، ساڵ بە ساڵ بەپێی ئەو ژمارەیەی قوتابیان، خوێندكاران، منداڵان دەچنە بەر خوێندن پێویستمان بە قوتابخانەی زیاترە، تەنها لەمساڵدا بەپێی حاڵەتی تەبیعی پێویستمان بە (200) قوتابخانە هەیە، تەنها بۆ ئەو (50) هەزار خوێندكارەی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار زیاد بووە، جگە لە قوتابخانەی دوو دەوامی و سێ دەوامی كەوا ئێمە هەمانبێ، بۆیە من پێم وایە پێشنیار دەكەم بەلای كەمەوە بۆ ئەوەی حكومەت مولزەم بێ بەجێبەجێكردنی بڕی پارەكە دەست نیشان بكرێ، و لە (150) ملیار دینار كەمتر نەبێ، چونكە ئێمە پێشتر (150) مان دەست نیشان كردبوو، لە جیاتی ئەوە، ئەمە زیاد بێ، بۆچی كەم بێتەوە، ببێ بە (120)، و ئەگەر بێت و ئەو هەنگاوەی كەوا حكومەت دەینێ لە پاڵ ئەوەدا زیاتر بتوانێت لە پارەی نەوتدا**

یاخود لە پارەی بودجەی تەکمیلیە زیاتر مەشاریعی تریش بە هەمان شێوە جێبەجێ بکات، سەبارەت بەوەی مەسەلەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەوێش من هەر پێم وایە باشترە بۆ ئەوەی حکومەت پلانی دیار بێت و بەرچاوی ڕوون بێت، بڕی پارەکە ئەو پارەیەی کەوا بۆی تەرخان دەکرێ دەست نیشان بکرێ، چونکە هەموومان دەزانین مەسەلەی موازەنە ڕەقەمە، لەمەشیان ئەگەر بێت و دەست نیشان نەکرێ، ئاخۆ چۆن بەڕێوە دەچێ؟ و یاخود پلانەکانی تا چەند دەتوانێ سەرکەوتوو بێت، و یاخود بەرچاو ڕوونیەکی ئەوتۆی نابێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێرخان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ماددەی حەوتەم، بەڕاستی بۆیە حکومەت پارە تەرخان ناکات بڕەکەی حەقیەتی، چونکە بەتەنیا ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەی (12) ڕەبتی بە بودجەی ئیستیسماریەوە هەیە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات پارەی بۆ تەرخان بکرێ، لەبەر ئەوەی مەکتەبەکان هەمووی لە پڕۆژە بەردەوامەکان و پێشنیارکراوەکان پارەی هەیە، ئەگەر بۆ پێشنیار باس دەکەن، بەنیسبەت ماددەی دووەم ئێمە تەبعەن پەرلەمان خۆی تەفعیلی قانونی ڕەقەم حەوتی کرد کە ئەوە بوو قانونی رەقەم (16) دانرا، سێ ساڵە لە سەر یەك، یەکەم ساڵ (49) ملیارەکە کە چۆتە بواری جێبەجێکرنەوە هەتا ئێستا یەعنی لە پڕۆژە بەردەوامەکاندا دیارە، و هەروەها ساڵی 2012 ئەوەبوو (100) ملیاری بۆ دانرا زۆربەی تازە ئیحالە دەکرێ، لەبەر ئەوەی خۆتان دەزانن کێشەی ئیحالەکردنی ئیش زۆربەی ڕەبتی بە شوێنی پێگەی پڕۆژە و ئەوانە هەیە کە ئێستا بۆ قەزاکانیش دانراوە، بەنیسبەت پڕۆژەکانی دیکە لە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2013دا ئەوەیە کە ئەو (5) هەزار یەکەی نیشتەجێبوونە دەکا، لەبەر ئەوە ئەم ماددەی حەوتە، تکا دەکەم ئەمە عیلاقەی بە بودجەی وەگەڕخستنەوە نیە، هی بودجەی ئیستیسماریە لەبەر ئەوە نابێ بڕی بۆ دابنرێ، لەبەر ئەوە وەکو مەشاریعی پێشنیارکراو خۆی حکومەت ئیلزام کراوە، بەسە بۆ ئێمە هەموو ساڵێ تەئکید بکەینەوە کە (تلتزم الحقوق) لە هەردووکیان لە مەکتەبەکانیش و لە یەکەکانیشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕاستی یەکێك لە کارە هەرە گرنگەکان کە هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی بایەخی پێ داوە، ئەوەیە کە پیشندانی بایەخدان لەلایەنی ئەو نیشتەجێبوونانە یان بڵێین ئەو یەکانەی کە دروستکراوە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت کە جێگای خۆشحاڵیە کە ئەگەر بێتو هەر لە ساڵانی زووەوە کە بڵێین لەو کاتەی کە یاساکەی

لێ دەرچووە کە ساڵی 2008 بووە، و لە هەموارکرنیشی 2011 کە ئەگەر (1372) یەکە بێت، و تا ئێستا ژمارەکانی زیاد لە (20) هەزار یەکە کراوە بە گشتی، بەڵام بۆ کەمدەرامەت دەبینین بڕێکی باشی بۆ دانراوە دەیبینین لەوانەی تاکو ئێستا جێبەجێکراوە، بەڵام من وا ئەبینم کە جۆرێك لە تەنسیقی زیاتر ببێ کە هەر یەکەیەك کە دەکرێ، ڕاستە خزمەتی چینێك و بوارێك دەکات، بەڵام بۆ زیاتر تەئکیدکردن کە خۆی دەیکا بۆ کەم دەرامەت بێ، چونکە یارمەتی هەژاران، یارمەتی کەسان لەوە نابێ کە تۆ بڕێ پارەی بۆ ببڕێتەوە، بەڕاستی ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانە گەورەترین یارمەتیە کە هەرێمی کوردستان پێشکەشی ئەو خەڵکانەی کە سنووردارن لە ڕێگای دەرامەتیانەوە کە ئێمە یارمەتیان بدەین بەبێ پێشەکی بەزووترین کات بۆیان دەست نیشان بکەین جێگای خۆشحاڵیە، و ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە شلێر خان بەڕاستی لێرە ڕوونی کردەوە دەست بەستنەوەی حکومەت نەبێ بە بڕێکی تایبەت، چونکە مولزەمە حکومەت کە خۆی خستوویەتیە سەر شانی خۆی ساڵانەش ئامارەکان لەبەر دەمان دایە کە ساڵانە شت دروست دەکات بۆ ئەم چینە کەم دەرامەتە، لەلایەن قوتابخانەکانیشەوە بەپێی پێویست دەبێ، مومکینە ئەگەر دانانی بڕێکی تایبەت وای لێ دەکات پێویستیەکان زیاتر جێبەجێ نەکات لەوەی کە دەست واڵا بێت بەپێی پێویست شارو شارۆچکەکان، و من حەز دەکەم ئەوەش بڵێم کە دەڵێن هەر سێ پارێزگا، پارێزگاکان لادێکانیش دەگرێتەوە، شوێنەکانی تریش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە شەرت نیە ئێمە بڵێین دەبێ بۆ گوندەکانیش بکرێ، خۆی بێ ئەوەی بڵێین بۆ گوندەکانیشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید محمد/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە باس لە ئەم مەوزوعە کرا، زۆربەی زۆری باسکرا، ئەوانەی کە پەرلەمانتاران کە باسیان کرد مەعلوماتیان هەبوو تا حەدێك لە سەر ئەو مەوزوعە، بەڵام من دەمەوێ ئەوە باس بکەم یەکەم: عیلاقەی بە پرۆژەکانەوە هەیە، و عیلاقەی بە وەبەرهێنانەوە هەیە، بۆیە بەم شێوەیە نەصەکە هاتووە کە دەبێ بەردەوام بین، هەر وەکو هەموو مەشروعەکانی تر، دووەم: ئێمە خۆ (200) ملیار دینارمان تەخسیس کردووە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، و پارەکە لە ناو میزانیە هاتووە، هەروەها کە دەبینین ئێستا کە (427) مەکتەب لە ژێر تەنفیز دایە، (33) ئێستا دەکرێت، ئەمە (460) لە ناو میزانیە دا هاتووە، (254) ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، ئەمانە هەمووی تەخسیسن، بەڵام ئەمە سەرەڕای ئەمەش دەبێ ئێمە هەر بەردەوام بین لە ئیشەکانماندا، نازانین یەعنی چەند ئینجاز دەبێت، مایەی ئینجازەکەش سیلەف بەردەوام دەبێ، بەنیسبەتی یەکەی نیشتەجێبوونەوە تەبیعی تاکو ئێستا ئەوە (5000) یەکەی نیشتەجێبوون وا ئێستا لە ژێر تەفیز دایە، و تاکو ئێستا (20884)یەکەی نیشتەجێبوون تەواو بووە، هەروەها ئەو خانووانەی کە بۆ کەمدەرامەت کراوە، ئەوە ئێستا وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بەپێی یاساکە

جێبەجێی دەکات، و دابەشی دەکات لە عەینی وەخت، بۆیە من تکام وایە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، کە لە تەعدیلەکەی بەشی برادەرانی یاساییدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە مەبلەغێکی موحەدەد لە قانونەکە دیار بکرێ، سەبارەت بەردەوام بوون لە دروستکردنی قوتابخانە و خوێندنگا، و هەروەها دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەڵام تێبینی ئەوەی دەکەین کە لە بودجەکە دا بەشێوەیەکی گشتی مەبلەغەکان دیار کرایە، لە پڕۆژەکان، پڕۆژەکانی بەردەوام یان پڕۆژەکانی پێشنیارکراوەکان، و هەروەها لە ئیستیسمارەکەدا، سەبارەت بە قانونی تەئمینی سەکەن ژمارە (7)ی ساڵی 2008، و هەموارکردنەکەی ساڵی 2011 کە بە ژمارەی (16) بوو، ماددەی تێدایە دەڵێ:( تلتزم وزارة الاعمار والاسكان ببناء الوحدات السكنية الشقق في مراكز المحافظات وشقق ودور سكنية في الأقضية والنواحي و تسليمها خلال مدة من تأريخ المباشرة ببناء الوحدات السكنية) واتا ئێمە لەگەڵ ئەوە دا نین کە پارەکە تەحدید بکرێ لەو ماددەیە، بۆچی؟ یەکەم: قانونەکەی دیاری کردووە، و لە بودجەکەدا هاتووە، دوو: ئەگەر ماددەکەی تەحدید بکەین پارەکە تەحدید بکرێ بۆ دروستکردنی قوتابخانە یان هەروەها بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، واتا حکومەت ئەو کاتی مولتەزیم نابێ بەجێبەجێکردنی بە بەردەوام بوون، پارەکە کەنگی تەواو دەبێتەوە، دەڵێ ئەو پارەیە پەرلەمان تەخسیسی کرد بەو ڕەقەمە پارەکە تەواو بوو، من سەلاحیەتی ئەوەم نەما پارەی ئیزافە بکەم، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە بێت کە کراوە بێت، ئەوا حکومەت مولزەمە بە دابینکردنی قوتابخانە و بەردەوام بوون لە دروستکردنی قوتابخانە، و هەروەها بەردەوام بوون لە دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت، یاساکەش بەو شێوەیە تەحدیدی کردووە، پرسیارێك لەلایەن بەڕێزێك لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرا؟ دەڵێ ئالیەتەکە دیار نیە لە چۆنیەتی دابەشکردنی یەکەی نیشتەجێبوون؟ ئەگەر تێبینی یاساکە بکەی ئالیەتەکە زۆر وازیحە، و بەتایبەتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕێنمایی ژمارە (1)ی ساڵی 2011ی دەرکرد لە وەقائیعی کوردستان، بەژمارە (149) بڵاوبۆتەوە ئالیەتی تەوزیع کردنەکە چۆنە؟ ئەو کەسانەی کە کەمدەرامەتن بە چ شێوازێك سوودی لێ وەردەگرن، و فۆڕمەکە چۆن پڕ دەکرێتەوە پێشکەش دەکرێ،ئەندام پەرلەمانێکی تر پێشنیاری ئەوەی کرد کەوا هەردوو ماددەی (7 و 9) دەمج ببێتەوە،ئەگەر تێبینی بکەین بابەتەکان جیاوازە، ماددەی (7) پەیوەستە بە دروستکردنی قوتابخانە، و یەکەی نیشتەجێبوون، و ماددەی (9) پەیوەستە بە دانەوەی قەرز بۆ مەشاریعی زراعی و صناعی و سیاحی، واتا بابەتەکان جیاوازە

یەکگرتنەوەیان وارد نیە، وەك خۆی بمێنێتەوە، و لە کۆتایی قسەکانم برادەران لە لیژنەی دارایی وا دیارە بەنیازن ئەوانیش تێبینیان هەیە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەمووومان ئاگادارین بەوەی کە پڕۆژەی بودجە تەنها یاساکەی نیە، ئێمە لەگەڵ پڕۆژە یاساکە خشتەمان بۆ هاتووە بەشێکی پەیوەندارە بە بودجەی تەشغیلی، بەشێکی تری پەیوەندارە بە بودجەی ئیستیسماری هەر یەك لەو دوو خشتەیە بودجەی ئیستیسماری، و بودجەی تەشغیلی بە وردی بڕی تەرخانکراوی پارە بۆ هەر یەك لەو پڕۆژانەی هەن تەرخانکراون، بەڵام کە دێینە سەر یاساکە، یاساکە چوارچێوەی گشتی مامەڵەکردنی حکومەت یان دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان هەر یەکێك لەو موئەسەسانە دەست نیشان دەکات واتە نایەتەوە وەزارەت بۆ وەزارەت ئەوەی کە تەرخانکراوە بۆ بودجەی ئیستیسماریەکانی چەندە؟ لێرە لە یاساکە دووبارەی بکاتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابوردوو، و پەرلەمانیش گرنگی بەو بابەتەی کە داویەتی لەبەر ئەوەی کێشەی لە ناو هەرێمی کوردستاندا دوو کێشەمان هەیە، یەعنی بە زەقی بینراون، یەکەم: کەمی خوێندنگا و قوتابخانە، دوو: کەمی یەکەی نیشتەجێبوون، بۆیە تەئکیدکراوەتەوە لێرە لە ناو یاساکەدا هێنراوە، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێمان باش نیە  هیچ بڕێك دەست نیشان بکرێ، چونکە ئیمکانە هەر ئێمە دواتر بە هەڵەدا بچینەوە، تەماشا کەن ئەگەر ئێمە بنووسین (120) ملیار بۆ قوتابخانە و خوێندنگاکان، دەبینین بڕی تەرخانکراوی وەزارەتی تەربیە (254) ملیار و (34) ملیۆن دینارە، بەهەمان شێوە ئەوەی کە پەیوەندارە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنەوە، بڕی (666) ملیار (398) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، کە بەشێکی پەیوەندارە بە چی؟ بۆ ئەو یەکانەی کە دروست دەکرێن بۆ خەڵکی کەمدەرامەت بۆیە بە باوەڕی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی بڕی تەرخانکراوەکان لە ناو خشتەکاندا هەن پێویست ناکات لە ناو یاساکاندا بێتەوە، چونکە یاساکە چوارچێوە گشتیەکە دەست نیشان دەکا، بۆ حکومەت و بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی چۆن مامەڵەی پێوە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێك چەند برادەرێك، چەند خوشکێك پێشنیاریان کرد کە تەحدید بکرێ، بابە نوقتەی نیزام یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، دە چەند نوقتەی نیزام؟ نیە نوقتەی نیزام؟ پێشنیارەکانیان چەندە بیخەنە دەنگەوە، دەنگی هێنا باشە، دەنگی نەهێنا تەواو، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیاری ئەوە کرا کەوا مەبلەغەکان تەحدید بکرێ، بۆ هەردوو برگە. ئەوە بخرێتە دەنگدان،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك ئەوەیە کە دەڵێ مەبلەغێك تەحدید بکرێ، کێ لەگەڵ دایە تەحدید بکرێ دەست بەرزکاتەوە؟ (28)کەس لەگەڵ دایە تەحدید بکرێ، کێ لەگەڵ دایە وەکو خۆی بمێنێتەوە دەست بەرزکاتەوە؟ (46) کەس لەگەڵ دایە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ فەرموو مامۆستا عمر

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ببورن تازە دەنگی بۆ درا، بەس من پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێزان لە لیژنە ئەکەمەوە، و بەڕێز وەزارەتیش، ئێمە یەکەمان پێشتر ئەمەمان دیاری کردووە، پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر لە پڕۆژەی تەشغیلی و ئیستیسماری پڕۆژەکان بە تەفسیلات هاتووە، لێرەش تەحدیدی ناکەین ساڵانی تریش کردوومانە، فەلسەفەی ئەو ماددەیە چییە لێرە بەس ئەوەیە پرسیارەکەم؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة الثامنة: أولاً: یخصص مبلغ قدره(185) ملیار دینار لدعم الاحزاب، ویتم الصرف من هذا التخصیص بموجب اجراءات مؤقتة من قبل مجلس الوزراء على أن تتم تسویة مبالغ السلف المستلمة من قبل الاحزاب خلال سنتي (2011 ، 2012) لحین اصدار قانون الدعم المالي للأحزاب.

ثانیاً: یخصص مبلغ قدره (15) ملیار دینار للمنظمات غیر الحكومیة وفق قانون المنظمات غیر الحكومیة رقم (1) لسنة 2011.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە تێبینیمان نیە لە سەر ماددەكە، تەنها زمانەوانی هەندێك ناحیەی قەواعیدی غەلەتی تێدا بوو ،چاكمان كردووە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان نیە وەكو خۆی بمێنێتەوە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دەیەوێ ناوی خۆی بنووسێ؟ (نەریمان عبدالله، ناسك توفیق، عمر عبدالعزیز، سەرهەنگ فرج، نەسرین جمال، پەیمان عزالدین، دلشاد حسین، سیوەیل عثمان، فرمان عزالدین، برهان ڕشید، پێشەوا توفیق، شڤان احمد، كاردۆ محمد، شێرزاد عبدالحافظ، احمد سلیمان، علی حسین، د. سەروەر عبدالرحمن، ئاهەنگ عارف، عبدالسلام مصطفى، اسماعیل محمود، د. عمر) تا سەعات پێنج بە خواتان دەسپێرین و هەر بژین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم كاتەتان باش ئێستا دەست بە دانیشتنەكەمان دەكەینەوە فەرموو لیژنەی یاسایی ماددەی (11) بخوێنەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

المادة الحادية عشرة: یخصص مبلغ قدره (50) ملیار دینار لقضایا الهجرة والمهجرین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی ڕەئیی خۆتان لەم بارەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە هیچ تێبینیمان لە سەر ماددەكە نیە، پشتگیری دەكەین وەكو ئەوەی كە هاتووە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان لە سەر نیە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمەش داوا دەکەین وەکو خۆی بمێنێتەوە ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسەی لە سەر بکا؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( کوێستان محمد، اسماعیل محمود، علی حسین، سەردار رشید، تارا تەحسین، پەروین عبدالرحمن، نەژاد عزیز، عبدالله محمد نوری، فرمان عزالدین، پەیمان عزالدین، عظیمة نجم الدین)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێشنیار دەکەم ئەمە بکرێ بە (60) ملیار دینار، (10) ملیار دیناری بدرێ بە کوردانی ڕۆژ ئاوا کە ئێستا لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دان، ناکرێ ئەوانە بە هاوکاری و کۆمەکی خەڵك ژیان بەسەر بەرن کە هەمووومان دەزانین لەم زستانە دا کە چۆن وەزع و گوزەران بەڕێوە دەبەن، دووەم: یەك وشەی بۆ زیاد بکرێ، پرسی کۆچ کردن و کۆچ پێکراوان و دیپۆڕتکراوەکان، ئێمە هەموومان دەزانین دیپۆڕتکراوەکان، چەند ساڵێکە لە عێراق هەر کەسێك دیپۆڕت دەکرێتەوە پارچەیەك عەرز و پێنج ملیۆن دیناری دەدرێتێ، بۆیە داوا دەکەین لێرە دیپورتکراوەکانیشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە ئەوانەش کە دەگەڕێنەوە هەموو شتێکیان لە دەست داوە، بۆ ئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان دەست پێ بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە ماددەی (11) ساڵی پار (100) ملیاریان بۆ دانرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران ئەکتیڤ نەبوو نەیانتوانی ئیستیفادە و سوود لەو (100) ملیارە بکەن، بە ئەمانەتەوە پارە بگاتە دەست گەڕاوەکان، من بۆیە پێشنیار دەکەم، و پشتیوانی لەو ماددەیە دەکەم کە بە دەست نیشان کردنی ئەو (50) ملیارە، بەڵام من لە کۆبوونەوەکانی پێشتریش وەکو پێشنیار، پێشنیارم کرد بۆ ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران تەعلیماتێك دەرکا بە تەعلیمات ئەوە بڕوا، لەبەر ئەوە زۆر بە سستی دەڕوا ئەگەر ئەم ساڵیش تەعلیماتی نەبێت نووسینگەکە ناتوانێت، نووسینگەکە دەبێ ئەکتیڤ بکرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە بتوانێ ئەو پارەیە بە ئەمانەتەوە بگاتە دەستی خەڵکی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاواز خان.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ویڕای دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی بۆ قەربوو کردنەوەی کۆچ و کۆچ بەران، بەڵام ساڵی پار (100) ملیار دانرابوو، دیارە ئەم ساڵ مەبلەغەکە کەمتر کراوەتەوە، ئەگەر بکرابە زیاتر بکرێ، حکومەت لە توانای دابێ باشترە، جگە لەوەی کاك اسماعیل باسی کرد، ئەم نووسینگەیە نەسریەیەکی ئەوتۆی لەبەر دەست دانیە، ئێمکانیەتی نیە، ئەو ڕۆژە خۆمان کە مەیدانیەن سەردانمان کردن لەگەڵ ئەوەی کارمەندانیان تا سەعات پێنجی ئێوارە دەمێننەوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکە هەتا پارەی کارتی موبایل و نان خواردنیشیان نەبوو کە بیدەن بەوان، پێشنیار دەکەم ئەگەر وەزارەتی دارایی لێرە ئاسانکارییەك بکات هەروەکو (استثناء) ئەم ماوەیە نەسریەیەکیان لەبەر دەست دابنێ، تا وەکو بتوانن ئەکتیف تر کار بکەن ئەو پارەیە زووتر بگاتە دەست خەڵکەکە، ئیشێکی باش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حسین محمد (فەیلی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تێبینیەکم هەیە لە پاشکۆی ژمارە (3)ی لەلاپەڕەی (87) بڕی گوژمەی کە دیاریکراوە بۆ کۆچ و کۆچ بەران نوسراووە (60) ملیار، و لە پرۆژە یاساکە نووسراوە (50) ملیار تەسەور دەکەم هەڵەیەکی ژمارەوانی هەبێ لەو مەسەلەیە، لە لاپەڕەی (87) لە پاشکۆی ژمارە (3) لە ڕاپۆرتی وەزارەتەکەتان، ئەوە فەقەرەیەك، بۆ تەئیدی هاوکارانم کاك اسماعیل و ئاواز خان منیش ئەڵێم ساڵی پار گوژمەیەکی باش، واتە (100) ملیار تەرخان کرا، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەو ڕێکارانەی بۆ تەفعیلی ئەو لیژنەیە نەتوانرا ئەو پارەیە بەکار بهێنرێ لە حاڵەتێك دەخەمە بیرتان، ئێمە لە حاڵی حازر (41) هەزار خێزان بێ پۆلین کردن، واتە گەڕاوەی ئێران و تورکیا و سوریامان هەیە، ئەو گوژمەیەی کە ئەم ساڵ تەرخان کراوە، و بۆ هەر خێزانێکیش وەك پێویستە (20) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان بکرێ، واتە (2500) خێزان لەو گوژمەیە بێ بەش دەبن، لە حاڵەتێك ژمارەکە گەلێك زۆرترە، منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارەکانم کە دەبێ ئەو لیژنەیە تەفعیل بکرێ، تاکو بتوانن زیاتر بۆ ئەو مەسەلەیە ڕا بکەن، و تەسەور دەکەم ئەگەر مەجالی هەبێ ئەو (50) ملیارە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە سەبارەت بەم ماددەیە کە پار (100) ملیاری بۆ دانرابوو، منیش پشتیوانی هاوڕیانم دەکەم کە ئەمساڵ لە ڕاستیدا سەبەبی کەمکردنەوەکەی من پێم وایە ئەو لیژنەیە ئەکتیف نەبوو، و نەیتوانی وەکو پێویست کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، و گرفتی زۆری دروست کرد، بۆ نموونە لە سلێمانی دا ئەوانەی بۆیان سەرفکراوە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن، لام وایە زۆرێك لەو برادەرانە ئاگایان لەوە هەیە، بۆیە من داواکارم وەك هاوکارانم حکومەت ڕێنمایی نوێ دەربکات بۆ ئاسانکاری بۆ ئەوانەی کە بەڕاستی بە زۆر کۆچیان پێکراوە بۆ نموونە وەکو شارێکی وەکو هەڵەبجە ئەوەی من ئاگام لێی بێ تەنها سێ کەس لە هەڵەبجە موستەفید بووە، کە هەموو هەڵەبجە بەڕاستی لە دوای کیماوی چوونەتە دیوی ئێران و گەڕاونەتەوە، ئێستا داوای ئەوەیان لێ دەکرێ بەپێ بڕۆن بۆ ئێران و بێنەوە، دەچنە تەهران و دێنەوە، بەهیچ شکلێ بەڕاستی پشتگیریان ناکەن، بۆیە من داوا دەکەم حکومەت ئاسانکاریان بۆ بکات، بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەو گرفتەش چارەسەر ببێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕاستی لەم ماددەیە من پشتگیری لە کوێستان خان دەکەم لەو فەقەرەیەی کە دەڵێت کوردەکانی ڕۆژئاوا ئەمڕۆ پێویستە لەم بڕگەیەدا بتوانین بەشێکی تەواوی بۆ ئەوان دابنرێ، من ئەگەر بە بڕگەیەکی جیاواز لە ماددەکانی تر بتوانین وەکو پەرلەمانی کوردستان لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاز دەکەم کە بڕێك لە پارە بکرێت بە هاوکاری بۆ ئەوان بەناوی پەرلەمانی کوردستان، کە وابزانم ئەوە لە خولی پێشتریش ئەوە کراوە بۆ بناری قەندیل کاتێك کە تووشی ئەو قەسف و شتانە بوون و توانرا بکرێ، ئەگەر نا من بزانم پار (100) ملیار بوو، ئەمساڵ بۆ بۆتە (50) ملیار، ئایا ئەو تەوزیعەی کە دادەنرێت لە سەر چ بنەمایەك دانراوە؟ لە سەر بنەمای تاکە؟ یان لە سەر ئەساسی خێزانە؟ یان کێیە ئەو کەسەی مەسئوولە بۆ تەوزیع کردن؟ بەڕاستی تەوزیع کردنەکەی بەشێوەیەك سست بوو کە لیژنەکانی ناو پەرلەمان و بەتایبەتی بەدەست خۆشیەوە لیژنەی ناوەخۆ زۆر بەدواداچوونیان کردووە بۆ ئەم مەسەلەیە، یەعنی وەکو چۆن سواڵێك بکرێت بەو شێوەیە ویستوویانە بۆ ئاوارەکانی ئێران و تورکیا، هیواداریین ئەمساڵ شوێنێکی تر بدرێتە بەر، و حەزیش دەکەم ئەم پرسیارەم وەڵام بدرێتەوە، بۆ کەم بوویتەوە؟ لەبەر چی سست بوو؟ ئایا ئەگەر هەر بۆ باسکردنی ئیعلام بێ ئێمە ئاوارەکانی تورکیا و ئێران و سوریا ئەکەین وەڵلاهی با ئەو ماددەیە لە ئێستاوە نەبێ، ئەگەر نا بە ڕێك و پێکی ئیشی لە سەر بکرێت، و ئیقتیراحەکەشم بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر قبوڵ کرا ئەوەش پێم باشە بۆ ڕۆژئاوا بەناوی پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە جێگای دەست خۆشیە کە ئەمساڵ حکومەتی هەرێم بڕە پارەیەکی زیاتری داناوە بۆ قەرەبووکرنەوەی ئەو ئاوارانەی کە لە تورکیا و سوریا و ئێران هاتوونەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای باسکردنە دیارە بەهۆی نەبوونی ئەو نووسینگەی کۆچ و کۆچ بەرانەوە گلەییەکی زۆر هەبووە سەبارەت بەو خەڵکانەی هەندێك شوێن زۆر بەچاکی قەرەبووکراونەوە، بەڵام هەندێك شوێن هەتا ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە بۆ قەرەبووکردنەوە، بۆیە من داواکارم ڕێنمایی تایبەت و زۆر بەپەلە لە ئەنجومەنی وەزیران دەربچێ بۆ ئەوەی هەموو لایەك قەرەبوو بکرێنەوە بە چاکی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم، دیارە پار وەکو برادەران باسیان کرد (100) ملیار بوو ئێستا بۆتە (50) ملیار هێوادارم ئەو ڕێژە زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران هەیە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە ئێران دەگەڕێنەوە، و هەتا ئێستا ژمارەیەکی زۆرکەم سوودمەند بووینە لەو بڕە پارەیەی کە (20) ملیۆنە، بەڕاستی هۆکارەکەشی دەگەڕێنینەوە بۆ ئەوە، ئەو فەرمانگانەی کە هەڵدەستن بە دانی ئەو بڕە پارەیە بەڕاستی جۆرێك لە پێشگیریان لێدەکرێ، بە مانای ئەوەی دەسەڵاتیان نیە، ئەو ڕێنماییانەی کە دانرایە، ڕێنماییەکان زۆر زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە هەر یەکێك لە ئێران دەگەڕێتەوە یان گەڕایتەوە، خۆی دەبێ بیسەلمێنی کە ئەو لە ئێران گەڕایتەوە، بەڕاستی دەکرێ زۆر بە ئاسانتر بکرێ لەوەی کە ئێستا دەکرێ، کۆمەڵێك ئاڵۆزی و تەعقیدات هەیە لە پێدانی ئەو بڕە وەهەروەها ژمارەکەی زۆر کەمە هەتاکو ئێستا بە ئاشکرا بووە، ئاواز خانیش وتی ژمارەی (90) کەس هەتا ئێستا لەو ژمارەی کە دەیان هەزار کەسە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (12) ویڕای پشتگیری کردنم لە کوێستان خان، کە تەرخانکردنی گوژمەیەك بوو بە بڕی (50) ملیار، بەڵام من بە هەمان شێوە پێشنیار دەکەم ئەو (50)ملیارە بکرێ بە (60) ملیار، یەعنی بە نسبەیەکی کەم وەکو بڵێی کە زیاد بکرێ، کە زۆر کەمە بەنیسبەت ئەوەی وەکو پار تەرخان کرابوو

(100) مليار بوو، ئەو (60) مليارەش هەر لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی خۆی هاتووە، و چۆنیەتی خەرجکردنەکەی بۆ پرسی کۆچ کردن و کۆچ پێکراوان، و هەروەها لەگەڵ زیادبوونی پەنابەرانی کوردانی ڕۆژ ئاوا، و هەروەها خەڵکی تری پەنابەری با بڵێین سوریا لە هەرێمی کوردستان ئەو ڕێژەیە لەبەر چاو بگیرێ، ویڕای ئەوانەی کە دیپۆڕت دەکرێنەوە لە وڵاتانی ئەوروپا ئەوانیش بە هەند وەربگیرین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەموو قسەکانی کوێستان خان دەکەم، لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو بڕە پارەیەی دانراوە، دیپۆڕتکراوەکانیش بگرێتەوە، و هەروەها (10) ملیار دیناریش دابنرێ، بۆ ئاوارەکانی سوریا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەپێی ئەو بڕگەیە جارێ من کوردیەکەم لەبەر دەست دایە، (50) ملیار بۆ پرسی کۆچ و کۆچ پێکراوان تەرخان دەکرێ یان بۆ هاوکاری؟ پێشنیار دەکەم بکرێ بە هاوکاری، چونکە قەزیە یەعنی چییە؟ دیراساتە، چونکە قەزیە زۆر شت دەگرێتەوە، بەس هاوکاری، هاوکاری ماددی دەگرێتەوە، دوو: مادام کۆچ و کۆچ پێکراوانە ڕام وایە دیپۆڕتکراوان لێرە جێی دەبێتەوە بەتایبەتی ئەو دیپۆڕتکراوانەی کە بە زۆر نێردراونەتەوە، کە زۆریان لە وەزیعێکی نەفسی دان، و خەڵکیش هەیە لە ڕاستی پاریش ئێمە لە بودجەی 2012 لە لیژنەی یاسایی، لە لیژنەی موشتەرەك ئەو ماددەیەمان داخل کرد، بەڵام لە سیاغە کردنەوە نەنووسرایەوە، هەموو فراکسیۆنەکان لە سەری پار کۆك بین کە ئەوانیش مەشمول بن بە هاوکاریەك بۆ ئەوەی بکەونەوە سەر کار و لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ئەوانیش هاووڵاتی ئەم وڵاتەن و پێویستە هاوکاریان بکرێن بۆ ئەوەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیان ئیندیماج بکرێنەوە لە هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

وەڵلا من لە سەر ئەم ماددەیە قسە لە سەر مەسەلەی عەدەدی پارەكە ناكەم، بەڵام قسە لە سەر ئەوە دەكەم وەكو مولاحەزەیەك كە دەڵێ (50) ملیار دینار بۆ پرسی كۆچ كردن و كۆچ پێكراوان، من پێم وایە مەسەلەی كۆچ كردن و كۆچ پێكراوان چەند شێوەیەكە، یەعنی یەك شێوە نیە، بەس نازانم لێرە بەڕاستیەكەی بە نیو دێڕ ئەم ماددەیە هاتووە، و پێم وایە گەورەترین كارەسات و میحنەتی خەڵكی كوردستانیشی تێدا دروست بووە، بۆیە بە حەقیقەت من پێشنیار دەكەم ئەمە جودا بكرێتەوە، ئەگەر مەسەلە ئیمتیازات بێ، چونكە خەڵكێك هەیە بەتایبەت لە كەركوك و هەندێك لە ناوچەكانی گەرمیان و خانەقین و كوردانی فەیلی لە مەنتیقەی مەندەلی ئەمانە دەستیان گیراوە و دەركراون، یەعنی هەموو ماڵ و موڵكیشیان حیجز كراوە، خەڵكیش هەبووە، بەڵام لێرە مەبەستەكەی من ئەوە نیە خوانەخواستە كەس مەحروم بكرێ لە ئیمتیازاتی دەركردن ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش ماڵی خۆی بەجێ هێشتووە بەڕاستیەكەی مەفروزە حكومەت ئاوڕی تەعویز دانەوەی لێ بداتەوە، بەڵام لێرە مەبەستەكە ئەوەیە لە سەر حیسابی ناوچەیەك، ناوچەیەكی تری پێ تەقویە نەكرێ، ئەمە بەڕاستیەكەی زۆر گرنگە لەیەك جودا بكرێنەوە، چونكە خەڵك هەیە گەورەترین زەرەرمەند بووە، وەكو ئیشارەتم پێ دا لە كەركووك و كوردانی مەندەلی و مەنتیقەی هەندێك لە ناوچەكانی گەرمیان، هەشە بۆ ساڵ و شەش مانگ كۆچی پێكراوە و دەركراوە ئەمە جیاوازە، بۆیە لە مەسەلەی ئیمتیازاتیش دا مەفروزە ئەو جوداییە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

یەكەم: ئەوەی كە ئەم ئیشە دەكات لە وەزارەتی ناوەخۆیە كە هەڵدەستی بە تەوزیع كردنی، ئەو پارانە،و ئەو نووسینگەیە نەسریەی تایبەتی خۆی هەیە لە میزانیەی 2012 دا، (425) ملیۆن دیناریان هەبووە، و ئەمساڵیش كە ئێستا كە میزانیەی دوایی تەوزیع دەكرێتەوە لەلایەن وەزارەتەكانەوە، مەعلوم وەزارەتی ناوەخۆ پارەیان بۆ دادەنێ، و لە عەینی وەخت وەزیری ناوەخۆ خۆی دەسەڵاتی هەیە وەكو لە پەرلەمان تەحدیدكراوە كە چەند پارە دەتوانێ بە پاداشت بیان داتێ، بەنیسبەتی ئەو پارەیە كە ئێستا لێرە هاتووە، دەڵێ ﴿یخصص مبلغ (50) ملیار دینار لقضایا الهجرة والمهجرین﴾، لێرە هجرە و موهەجەرین ئیتر ئەم نەی وتووە ئەمە هی ئێرانە، ئەمە هی توركیایە، ئەمە هی سووریایە، ئێمە (50) ملیارەكە لە گۆترە دامان نەناوە ڕجائەن، ئێمە تەماشامان كردووە، تەبیعی بە ئیتیفاقی ئێمە و وەزارەتی ناوەخۆ دانراوە، و لە شەش مانگی یەكەم دا هیچیان سەرف نەكردووە، فیعلەن سستی هەیە بەنیسبەتی سەرفی ئەو لیژنەیەوە، و ئێمە لە كاتی خۆی دا ئەمەمان داواكردووە لێیان، و پێانمان وتووە، و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش دا قسەمان كردووە، ئێستا جارێكی تر ئێمە ئەو داواكاری سستی ئەم لیژنەیەی كە هەڵدەستێت بەم ئیشە

ئەیگەیەنینەوە ئەنجومەنی وەزیران، و بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان وەزارەتی مالیە تەنها یەك مومەسیلی هەیە لەوێ، کەسی دیکەی نیە، بۆیە من داوام وایە ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەس یەك ئەوە هەبوو، دیارە ئێمە لەلای خۆمان وەختی خوی چەند نوسخەیەك دا تەسحیح کراوە، ئەوەی کە پێی دەوترا بە (80) ملیار خۆی (50) ملیارە، و ئێستا لەم نوسخانەی لای ئێمە تەسحیح کراوە لەگەڵ چەند تەسحیحی تردا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە پێشنیارێك کرا، وپشتگیری زۆر کرا تەقریبەن پێنج کەس زیاتر پشتگیری کرد، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش لێرە ئەگەر بێتو ئێمە تەصنیفی جۆرێك لە جۆرەکان بکەین یاخود ناوی جۆرێك لە ئاوارەکان بێنین، ئەبێ هەموویان بەیەکەوە باس کرێ، بەڵام کە دەڵێ هیجرەو موهەجەرین هەموویان دەگرێتەوە بەبێ تەصنیف کردن، بۆیە پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی تەصنیف بکرێ، کە ناوی لایەنێ بێنی، دووەم: ئەمڕۆ ئەمسالە هەمووی لەبەر دەست دایە بۆ ساڵەکە هەموویەتی ئەگەر ئەمڕۆ باسی ئاوارەی ڕۆژئاوا دەکەی سبەی لەوەیە حالەتێکی تازەترت بێتە پێش، ئەوەی چۆن داخل دەکەی، ئینجا بۆیە ئەگەر بەشێوەیەك کە خۆی هاتووە بمێنێتەوە، ئەوە موتلەقە هەموو کەسێك دەگرێتەوە، کەس ناتوانێ کەسی تر تەخسیس بکات و یان تەسنیفی جۆرێك لە جۆرەکان بکات،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە موتلەقی بمێنێتەوە باشترە کە تۆ ناوی یەکێکت هێنا، هیچ تەوزیح نیە بەڕاستی بۆیان بخە دەنگەوە، فەرموو ئەڤین خان

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشنیارێك کرا کەوا بڕەکە زیاد بکرێ بۆ (60) ملیار دینار.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دارایی (50) ملیارە یان (60) ملیارە؟ فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

(50) ملیاره.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێستا ئەگەر ئێمە هەر گۆڕانێك بکەین لە بڕی تەرخانکراو کە (50) ملیارەکەیە بەکەم بێ؟ یان بە زیاد، گۆڕانکاری ڕوودەدات لە جەداولی ئیستیمارەی ئیعدادی موازەنە، بۆیە ناتوانین لێرە گۆڕانکاری بەسەر دا بێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی کە کاك کاردۆ پێمانی نیشان داوە بەشێکی موختارەکان و ئەوانی ترو بەشێکیشی ئەمەیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك پێشنیار هەیە، پێشنیارەکانیان بخە دەنگەوە، ئەوەی قانونیە بیخە دەنگەوە، ئەوەی قانونی نیە مەیخە دەنگەوە.جەوابیان دایەوە دەڵێن ئەوە نیە، شێخ بایز تەوزیح بدە زیاتر، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەخوا تابیعەمان پێ نیە، و کومپیوتەریشمان پێ نیە، با سێ کەس بێ بیخوێنیتەوە ئەگەر ئەوە جەدوەلەکەیە، (50) نەبوو چیمان پێ دەڵێن بڵێین،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

یخصص مبلغ قدره (50) ملیار دینار لقضایا الهجرة والمهجرین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کی لەگەڵ دایە دەست بەرز کاتەوە؟ (55) کەس لەگەڵ دایە کێ لەگەڵ دا نیە؟ پێشنیارەکە ئەوەتا بۆتانی تەصلیح کردووە، تەواو بووە، فەرموون بۆ ماددەیە کی تر، هەر جارێ سێ جار قسە دەکەنەوە، چوار جار قسە دەکەنەوە کاکە ناکرێ برام، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشرة: اضافة الى تخصيصات الموازنة الاستثمارية للمناطق الكوردستانية خارج الاقليم، يخصص مبلغ قدره(50) مليار دينار لتلك المناطق.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.**

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین وەك خۆی كە هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی دارایی.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش هەر پشتگیری ماددەكە دەكەین و لەگەڵی داین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**داوا دەكەین ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ دەیەوێ قسە بكا؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ئەوەی ناوی نەنووسرابوو پێمان بڵێن بۆ ئەوەی ناوی بنووسین، ( كاك كاردۆ، كاك عبدالله، كاك قادر، كاك علی، كاك عبدالرحمن، شڵێر خان، پەیمان خان، كاك دڵشاد، ئاهەنگ خان، كاك صباح، كاك پێشەوا، پەیام خان) فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**بۆ ئەوەی كەوا برادەران دیارە زۆر ئیستیمارەكانیان بە دەستەوەیە لە سەر مستەوای عام وەریانگرتووە، كە دەكاتە (60) ملیار دینار، (60) ملیارەكە (50) ملیاری هی ئەوەیە (10) ملیاریش هی مووچەی موختار و ئەوانەیە، و لە سەر ئەساسەكەی تر كە وەری دەگرین ئەوەی ئێستا لە جەداویلەكانی تردا كە بە تاك تاك وەرگیراوە، دەبینین بە تەنیا (50) ملیارەكە بۆ ئەوێ دانراوە، ئەوە كۆی فەصڵەكەیە ئەو جەدوەلانە لە دەستی ئێوە دایە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم بەڕاستی با نەچینەوە سەر خاڵی سفر، ئێمە قەرارمان دا هەر پێشنیارێك بێ بخرێتە دەنگدان، ئەمە یەكیان، بەڕێزتان وتت كاكە با عام بێ باشترە، ئەوە بە موشەخەسی نووسراوە بۆ ئێران و توركیا، گوتمان كاكە وای لێ بكەن كە نیەتی موشەریع لێرە مەبەستی عامە، نا، نا؟ ئاخر دەبێ پێشنیارەكان بخرێتە دەنگدانەوە، بە مانای كوردستانی ڕۆژئاوا دەگرێتەوە، یەعنی (10) ملیارەكە بۆ ئەوانیشە بۆ ئاوارەكان، سەبارەت بە ماددەی (12) سەرباری تەرخانكراوەكانی بودجەی وەبەرهێنانی ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم گوژمەیەك بە بڕی (50) ملیار دینار بۆ ئەم ناوچانە تەرخان بكرێ، بەڕاستی ئێمە بەلامانەوە گرنگە بزانین كێ دەسەڵاتی سەرفكردنی ئەو پارەیەی هەیە، ئەمە خاڵێكیان، چونكە لە ساڵی 2011دا، و ساڵی 2012دا ئەو بڕەی تەرخانكراو بوو بۆ ئەو ناوچانە (70) ملیار، (50) ملیار لە حیسابی خیتامی خەرجكردنیان سفر بووە، با بزانین بۆ كام پڕۆژە سەرفكراوە؟ بۆچی سەرفكراوە؟ بۆچی سەرف نەكراوە؟ تكایە با وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر

**بەڕێز قادر احمد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ناوچانەی كەوتنەتە دەرەوەی هەرێمی كوردستان ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بە حوكمی سیاسەتی پێشووی ڕژێم، ئەم ناوچانە لە بواری زمانی خوێندن بە زمانی كوردی بە بڕوای من لە ئاستێكی باش دا نین، بۆیە من پێشنیار دەكەم لەو بودجەیە تا ئاستێكی باش بۆ دروستكردنی خوێندن و بواری پەروەردە تەرخان بكرێ،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك علی.

**بەڕێز علی حسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ تەئیدی قسەكانی كاك قادر بۆ پەرە پێدان بە زمانی كوردی، تەسەور دەكەم ئەولەوەیەت لەو گوژمەیە بدرێت بۆ مەسەلەی دروستكردنی خوێندن و خوێندنگاكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەش تەسەوڕ دەكەم بەحوكمی ئەوەی كە لە چەند ماددەیەكی تر ئیشارەتمان دا بە مەوزوعی كوردە فەیلیەكان ئەگەر مەجال بدرێ، لێرە بە تەحدید لەم بودجەی ئیستیسماریە مەبلەغێكی یان گوژمەیەك تەخسیس بكرێ، لێرە بۆ مەشاریع كە تایبەت بەو پێكهاتەیە بێت،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەر وا پشتگیری کاك علی دەکەم برِێك لەم پارەیە (20 یان 25) ملیار دینار تەخسیس بکرێ بۆ برا فەیلیەکان، لێرە جێگەیەکی بۆ دەست نیشان بکرێ، چ گوند بێ، چ شار بێ، چ هەر جێگەیەك بێ، ئەو پارەیە بۆ ئەوان تەخسیس بکرێ، تا لە بەغدا بێنەوە، زۆربەیان ویستیان بێنە ناو هەرێمی کوردستان، بەڵام جێگا نیە، شوێن نیە، هاوکاری نیە، داوا دەکەم ئەم پارەیە برِێکی لێ تەخسیس بکرێ بۆ هاوکاری برا فەیلیەکان، تا بگەڕێنەوە سەر وڵاتی خۆی و جێگای خۆی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕاستی ماددەی (12) کە دەڵێ (اضافة الى تخصيصات الموازنة الاستثمارية للمناطق الكوردستانية خارج الاقليم، يخصص مبلغ قدره(50) مليار دينار لتلك المناطق)خۆی ئێمە بەپێی ئەو لیستانەی کە لەلامانە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە زۆر لە پڕۆژەکان لەوە کراوە، بەس من پرسیار دەکەم لێرە؟ ئەم (50) ملیارەلە بودجەی وەگەڕخستنە، بودجەی ئیعتیادیە، باشە ئەی ئێمە هەر لە تەسریحاکانی کە دائیمەن کە خزمەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، هەر (500) ملیۆن دۆلار پارەی کارەبایە بۆ دەدرێت، ئەوە لە پارەی وەزارەتی کارەبایە یان ئەم (50) ملیارە حەز دەکەم ئەگەر جەنابی وەزیر بۆمان ڕوون کاتەوە لە جی دا سەرف دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەنیسبەت ماددەی (12) من پێم باشە ئەو برِە پارەیەی کە تەرخان کرایە، ئەو گوژمەیە کە تەرخان کرایە (50) ملیار دینار بۆ ئەم ناوچانە بێگومان ناوچەکان زۆرن، ئەو (50) ملیارە هەروا ناکرێ لە گۆترە (50)ملیار تەرخان بکرێ، حەق وایە هەر ناوچەیەك برِی خۆی بۆ زیاد کرێتەوە، و ئێمە زانیاریمان هەبێ و لە سەردانەکانمان ئەو ناوچانەمان بەسەر کردبێتەوە، ئەوە چەند ساڵە پارەیان بۆ تەرخان کراوە، کەچی ئاستی ژیان هەر وەکو ئەو کاتانەیە کە دابڕابوون لە هەرێمی کوردستان، لە خوێندن، لە پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان، لەو گوندانەی کە ڕاگوێزرابوون، بەڕاستی یەعنی دیار نیە، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئەو پڕۆژانەی بۆیان تەرخان دەکرێ، لەو برِە پارەیە پڕۆژەکان دیار بێ، و لایەنی سەرپەرشتیار کێیە؟ ئەوە

ئاشكرا بێ له بۆ پەرلەمان، تاوەكو ئێمەش بتوانین ئەو پڕۆژانە بەسەر بكەینەوە و لایەنی كەم تەرخەمیش لێرە دەست نیشان بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان جگە لەوەی كە لە ئیعدادی موازەنە لە قائیمەی (بنوو) دا هەیە، ئەوەی كە تەبعەن یەك فەسل تەرخانكراوە، خاص بۆ ئەمە (50) ملیاری بۆ دانراوە، چەند ساڵە بۆی دادەنرێ، ئێمە دەزانین لە بودجەی وەبەرهێنانی هەرێم هی ناوچە دابڕاوەكانی تێدایە، ئەزانین لە بودجەی تەشغیلی تەربیە سەر بە وەزارەتی تەربیە مووچە وەردەگرێ، هەر چی فەرمانگەكان هەیە سەر بە فەرمانگەكەن مووچە وەردەگرن، ئاسایش، پۆلیس هەر هەمووی ئەوانەی سەر بە هەرێمی كوردستانن، ئەم (50) ملیارە، دەبێ وەزیر بۆمان دیاری بكا، بۆكێیە؟ بۆ چییە؟ چونكە ئەو (50) ملیارە دانراوە، ئەوە چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە، و فەسڵێكی بۆ زیادكراوە، دوور لە قاعیدە عامەكەی ئەو قاعیدەی ئیعدادیەی كە كردووتانە یەك فەسلتان بۆ زیاد كردووە، ئەمەتان بۆ داناوە، ئەمە دیار نیە بۆ كێیە؟ ئەمە جێگەی گومانە، و بڕوام وایە ئەمە زۆر خاسە، نازانم بۆچی سەرف دەكرێ؟ وەڵامان بدەنەوە، دەڵێن ئەو (50) ملیارە بۆچی سەرف دەكرێ؟ تەشغیلی لە تەشغیلی هەیە، ئیستیسمار لە ئیستیسمار هەیە، یەعنی هەموو شتەكان لە ناو بودجەی تەشغیلی و ئیستیسماریش هەیە، ئەگەر مەبەستان دەستەی جێ ناكۆكەكانیش بێ، ئەویش (53) ملیاری لە تەشغیلی هەیە، ئەم (50) ملیارەتان بۆ چییە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەو پارەیەی كە تەخسیس دەكرێ بۆ مەناتیقە دابڕاوەكان، هەڵبەتە زۆر زۆر زەروریە، بەڵام من تەوازنێكی لێ نابینم لەوەی، چونكە زۆر جار ئێمە كە سەردانی هەندێك ڕێگاوبانمان كردووە، دەبینێ ئێمە هەندێك ئیلتیزامان كردووە، تا حەدی حدوودی ئەوان، بەڵام ناوچە دابڕاوەكان، مەسەلەن بڵێ موحافیزی كەركووكێ، یان موحافزێكی دی پلانێكی نیە، بۆ ئەوەی لە عەینی وەخت مەشروعەكەی من یان پارەكەی تەخسیسی من تەواو بكا، بۆیە بۆیی ئەو پارەیە وەكو بڵێی لە ڕیكلامێك دەچی، یەعنی دەبێ ئەوە پلانێكی هەبێ، بۆ ئەوەی حەدی تەكمیلەی هەبێ ئەو پارەیەش بە خەسارەت نەچێ، ئەوانیش ئیستیفادەی لێ بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دەست خۆشیە ل حکومەتە هەرێمە کوردستانی د کەم بۆ تەرخانکرنا ئەڤێ گوژمێ کو (50) ملیار دینارە، بۆ دەڤەرێت کوردستانیە دەرەڤەی هەرێمێ، ل بەر چ؟ چونکە سەردەمێ ڕژێمە بەعس، و پشتی هەرفینە ڕژێمە بەعس، هیچ گرنگیەك ڤان دەڤەرە نەهاتیە دان، ئەوە کو پێ هاتیە دان حکومەتا هەرێما کوردستانیە، کە دەستی یارمەتیە و هاریکاریە بۆ درێژ کری، نموونە بەری عەیامەکی ئەم چەندین ئەندام پەرلەمانی کوردستانێ مە سەردانە دەڤەرە شنگال کر، دەڤەرە شنگال هندەك جهێت وان (30) هزار و(40) هزار نفووسن، هەتا ڤێگاڤێ ئاڤێ ب تانکەرە بۆ د بەن، لە وا جهێ دەست خۆشیە کە پار هاتیە دانان، و ئەز داخازی د کەم ئەوەل دەستی حکومەتێ بێتن کە باسی ڤان دەڤەرە نەکەتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفيق مغديد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیار ناکەم، لەبەر ئەوەی جەنابت و لیژنە پەیوەندارەکان نایخەنە دەنگدانەوە، بەس پرسیار دەکەم لە بەڕێزان وەزیری دارایی و بریکاری وەزیری دارایی، دیارە ماددەی (12 و 13) یەك شتە، پەیوەندی بە ئیعاناتەوە هەیە، کە ئەو ساڵ (115) ملیاری بۆ دانراوە، کاك شێخ حەز دەکەم گوێم لێ بگرن ئەگەر پرسیارتان لێ دەکەم بۆچی تەنها ئیعانات زیادی نەکردووە ئەمساڵ، تەنها ئیعانات (115) ملیار بووە پاریش، بۆچی زیادی نەکردووە، بەگرنگتان نەزانیوە لە چاو بابەکانی دیکە سوودی کۆمەڵایەتی و ئەوانە، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەردووکی بخرێتە یەك، بەڵام ئەوە شتێکی دیکەیە، بەنیسبەت ئەو (50) ملیار دینارە باستان کردووە کە بودجەی وەبەرهێنانە بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکانە پرۆژەکانە، بەس کێ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە و ئیعلانکردنی هەیە، و حیکمەت لەوە چییە؟ ئێوە کردووتانە بە دوو بەش مەسەلەن لەبودجەی تەشغیلی ئەو مەبلەغەتان داناوە، لەو لاش لە وەبەرهێنان کۆمەڵێ پرۆژەتان هێناوە بە ناو دیاریتان کردووە، پێم بڵێن حیکمەتی ئەوە جییە لەو مەبلەغە؟ سوپاس. فەرموو پەیام خان.

**بەڕێز پەيام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی (12) دیارە جێگای دەست خۆشیە و دڵخۆشیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پارەیەك دیاری دەکەین بۆ ناوچە دابڕاوەکان، چونکە ئێمە دەزانین ئەم ناوچانە چەند مەغدورن، چەند پێویستیان بە هاوکاریە، چەند پێویستیان بەوەیە، چونکە ئەوان ئێستا بووینە پشتێنیەکی ئەمنی بۆ ئێمە، پێویستە تا بتوانین

ئێمە خزمەتی ئەو ناوچانە بکەین، بەڵام دیارە ئەو پارەیەی کە دانراوە ئێمە دەزانین وەزارەتی دارایی خەرجی دەکات، ئایا بۆ ناخرێتە سەر دەستە جێ ناکۆکەکان، دوو: ئەو جیهەتەی جێبەجێی دەکات، یەعنی ئەو جیهەتە کە ئەو مەشاریعانە و ئەو پرۆژانە جیبەجێ دەکات، بۆ دیاری ناکرێ، نموونەیەك دەهێنمەوە ئێمە لەو پرۆژانەی کە دانراوە وەزارەتی پلاندانان دایناوە، نووسراوە مەشاریعی جەلەولا و سەعدیە، کام مەشاریع؟ لە چ شوێنێك؟ لە چ جیهەتێك؟ یەعنی بۆیە دەبێ ئێمە لێرەدا شوێنەکان دیاری بکەین، ئەو جیهەتەی تەنفیزی دەکات دیاری بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین دواتر لەگەڵ حیساباتی خیتامیدا لەگەڵ کێ دا حیساب دەکەین؟ چونکە وەکو دەرکەوتووە لە 2011 دا سفرە، لە 2012 شەش مانگی یەکەم هەر سفرە، کەواتە لە کوێ خەرجکراوە؟ بۆ خەرج دەکرێ؟ پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە و بۆمانی دیاری بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ئێستاوەزارەتی پلاندانان مەسئولە لەوە، لە ڕێگای وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی تەربیە و وەزارەنی پەروەردە و ئەوانەوە، و مەعلومیشە، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان لە ساڵی 2012 دا لەو (50) ملیارە (42) ملیاری دراوەتە تەربیە بۆ مەداریس بۆ مەکتەب، و ساڵ 2012 (70) ملیارەکە بۆ پرۆژە دەست نیشان کراوە، و ئەوەی کە باس دەکرێت لەبەر ئەوەی ئەو ئیشانە هەمووی موستەمیر بووە، دەبینین لە 2012 دا لە خیتامی ئەوەی کە تەواو دەبێ ئەوەی دەردەکەوێ لە حیساباتی خیتامی دا، ئەمە ئیزافەتەن ئەگەر ماددەکە خۆشی بخوێنیتەوە ئیزافەتەن (الی تخصیصات الموازنة الأستثماریة) ئەم (50) ملیارە سەرف دەکرێ، و ئێمە وتمان لە حدودی (500)ملیاری تریشدا سەرف دەکەین، بۆ پارەی گازوایل وکڕینی کارەبا بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، و ئەمە چەند جاریشە قسەمان کردووە، و ئێمە بێجگە لەمانە مەعاشی زیاتر لە (30) هەزار کەس لە ناوچە دابڕاوەکان دەدەین، لە کاتی خۆیدا هەمووم بە جەداول هێنا، و بۆتانم خوێندەوە، بۆ ئەوەی بە بیر بەڕێزتان بێنمەوە، بە منتان وت، وتتان ئەوە دیعایەیە دەیکات، بۆیە دەیخوێنێتەوە، ئەگەر بشگەڕێتەوە سەر کۆنترۆڵیش مەعلومە ئێستا کە هەتا قبوڵیان نەکرد بیخوێنمەوە بە تەواوی، ئێستا بەنیسبەتی ساڵ 2013 بە گشتی (53,600)بودجەکەیان، (50) پرۆژەکانە، بەس کاك عبداللە پرسیارێکی کرد، دیارە هەر ئەوەندە پێویستی کردووە، بۆیە زیادی نەکردووە، بۆیە داوا دەکەم ماددەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە هیچ پێشنیارێك نەبوو تەنها و تەنها پرسیار بوون تەوجیهی جەنابی وەزیر کرا، و هیچ شتێك نیە ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە تەنها ئەوە نەبێ،

المادة الثانية عشرة: اضافة الى تخصيصات الموازنة الاستثمارية للمناطق الكوردستانية خارج الاقليم، يخصص مبلغ قدره(50) مليار دينار لتلك المناطق.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك كەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة: يخصص مبلغ قدره(65) مليار دينار كاعانات زراعية ويكون لوزير الزراعة والموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصة لغرض تغطية احتياجات الاقليم على أن لا تتم المناقلة منه لأغراض أخرى.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەكە دەكەین وەكو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلیر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین وەكو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تالەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە داواکارین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (فاضل محمد، عبداللەمحمد امین، جلال علی عبداللە، قادر احمد سمایل، شێرزاد عبدالحافظ)، فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم ئەم پڕۆژەی ئەمساڵ خۆشبەختانە زۆر باسی ئیمتیازی کشتوکاڵی جوتیارانی تێدایە، بەڵام هیوادارم بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوەندەی من ئاگادارم بەڕاستی لە ساڵانی ڕابوردوو زیانێکی زۆر گەورە بە جوتیارانی کوردستان بەتایبەتی جوتیارانی ناوچەی شارەزوور کە من خۆم لەگەڵیان هەڵس و کەوت دەکەم، زیانی زۆریان بەرکەوت، چ کشتوکاڵیان، چ بەرووبوومی باخیان، بەحقیقەت هیچ جۆرە تەعویزێك نەکران، یەعنی ئەم مەسەلەی دەڵێ وەك پیتاکی کشتوکاڵی یەعنی پیتاکەکە دیاری بکرێ، ئایا قەرەبووی جوتیارانی زەرەرمەند دەکرێتەوە یان دەدرێتە کەرەسەی جوتیاری بۆ جوتیارانی ناوچەکە، چونکە تا ئێستا ئەوەندەی ئاگادارین کەرەستەی جوتیاری کە بە دەست جوتیارانی ناوچەکانی کوردستانەوە بێ نیە، بۆیە داواکارم ئەوە ڕوون بکرێتەوە، یان بکرێتە قەرەبووی ئەو جوتیارانەی کە زەرەر دەکەن لە کشتوکاڵ و لە باخداری یان بدرێتە کەرەستەی جوتیاری، کە جوتیاران ئیستیفادەی لێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێزعبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئامانج لە باربۆ و ئیعانات بریتیە لەوەی کە هەم تەوزیفی سێکتەری کشتوکاڵی بکرێ، و هەم دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان بڕەخسێندرێ، ئەوەی کە ئێمە تێبینی دەکەین جیاوازی هەیە لە بەینی ناوچەکان، بۆ نموونە ئەو شوێنانەی کە نزیك پارێزگاکانن، شەریکاتی ئیستیسماری و زراعی و ئەمانە ڕووی تێ دەکا، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك عەواملی پشتیوانی ئیقتیسادی کە وا دەکا لەوێ پڕۆژەکانی خۆی دابەزێنێ، و ئیستیفادە لە کارەکانی خۆی بکات، بەڵام ناوچە دوورە دەستەکان شەریکاتی ئیستیسماری و زراعی کەمتر ڕووی تێ دەکا، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك کە بابەتێکی لەو شێوەی هەیە، دەبێ ئیعانات وەکو ئالیەتێك بەکاربهێنێ بۆ ئەوەی کە تەوازونی ئیقتیسادی دروست بکات، زیاتر هەوڵ بدات مەعایر دابنێ لە ناو قانونەکاندا، ئەم ئیعاناتە زیاتر بەرەو ئەو قەزاو ناحیانە بچێ کە سەر سنوورین و شەریکاتی ئیستیسماری زراعی ڕووی تێ ناکا، حکومەت بەو هاوکاری و بەو دەعمانە هانی خەڵك دەدات کە موشارەکە بکات، هەم بۆتەوزیفی سێکتەری زراعی، هەم بۆ ئەوەی کە دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیان

دەستەبەر بێ، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە لەگەڵ بڕگەکەدا ئەوە ئیزافە بکرێ، کە ئەولەویەت بدرێ بەو ناوچە دوورە دەستانەی کە هەم زیانیان بەر کەوتووە، هەم لە پارێزگاکانیش دوورن، بۆ نموونە قەزای پشدەر کە حکومەتی بەعس کاتی خۆی بە قانون ویستوویەتی کۆمەڵێك کێشەی زراعی دروست بکا، هەم بۆ زەویەکانیان هەم بۆ ئەوەی کە خەڵك دوور بکەوێتەوە لە ئیشکردنەکە، لەبەر ئەوە من بە گرنگی دەزانم، و برادەرانیش ئەم مەسەلەیە زۆر بە گرنگ تەماشا بکەن، و لە زۆربەی قەزاو ناحیەکانیشەوە ئەم کێشانە هاتووە بۆ پەرلەمان کە خەڵك بەڕاستی داوای ئەوە دەکات هەم موشکیلە زراعیەکان، موشکیلە زەوی و زارەکانیان بۆ حەل بکرێ، هەم دەعمی زراعیان زیاتر بکرێ، لەبەر ئەوەی تەنیا ڕێگەی ئیشکردن لەو ناوچانە بریتیە لە کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی تەوزیحێك بدەم، پشتگیری جوتیاران ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە: 1. بنە تۆی جوتیاران 2. پەین 3. قڕکەر و دەرمان و ڤاکسین و هەڵمەتی کۆنترۆلکردنی نەخۆشیەکان. ئالیکی ئاژەڵ و پەلەوری ماسی، دەعمی بە بازاڕکردنی بە بەروبوومی جوتیاران، پەروەردەی مێش هەنگوین، خانووی پلاستیکی، باخی نموونەیی، ڕێنمایی کشتوکاڵی، بەکارهێنانی ئامێرە کشتوکاڵیەکان، پاڵپشتی بەروبوومە ستراتیجەکان، وەك پەتاتە، گەنمە شامی، گوڵەبەڕۆژە من پێشنیارەکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری، دیارە ئەم دەعمە زۆر سێکتەر لەوانەی کە باسم کرد (100٪) دەعم ناکرێ، بڕی لەو پارەیە دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ، من پێشیار دەکەم کە شتێك ئیزافە بکرێ، ئەگەر جەنابی موافیق بێ بوترێ( وتصرف المبالغ المستحصلة من قیمة الاعانات احتیاجات وزارة الزراعة من الاعانات الزراعیة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کشتوکاڵ من لە موداخەلەکانی پێشتریش باسم کرد لە سەدان ساڵی ڕابوردووەوە یەکێك بووە لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕینەوە کشتوکاڵ لە ئاستێکی باش دا نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پارەیەی کە دانراوە،

چەند ناوچەیەك هەر ساڵە بە نموونە وەربگرێ، بۆ نموونە دەشتی شارەزوور، دەشتی بتوێن، دەشتی ئاکرێ، کە سێ ناوچەی فراوانن بۆ کشتوکاڵ، حکومەت ئەو ناوچانە هەریەکەیان نموونەیان لە کشتوکاڵ تێدا بەرهەم بێنێ، و بەپێ تەکنەلۆجیای تازەو سەمادی کیمیاوی و پێداویستیەکانی کشتوکاڵ دەعم بکرێ، وەك نموونەیەك بۆ ئەوەی بزانین شێوازی کشتوکاڵ لە کوردستاندا لەو شێوازە تەقلیدیەی بچێتە شێوازێکی تر، و ئاستێ بەروبوومی جوتیارانیش بەرەو پێش بچێ، دابینکردنی پێداویستیە کشتوکاڵیەکان بۆ کوردستان لە تەکنەلۆجیاکە هۆکارێکی باش دەبێ یەکێك لە سەبەبەکانی کە لە کوردستان جگە لە گەنم شتی تر ناکرێ، هۆکاری ئەوەیە کە ئالەت و تەکنەلۆجیای تازە نایەتە بەرهەم نەهاتۆتە کوردستان، تا بتوانین بەروبوومی پەتاتە، بەروبوومی گێزەر، بەروبوومی شێوازەکانی تری پێ بهێنین، و لە کوردستاندا شێوازی کوردستان بەرەو باشتر ببەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە بەڕاستی ماددەیەکی زۆر باشە من دەست خۆشی لە حکومەت دەکەم، بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان کارێکی زۆر زۆر باشە، بەڵام ئەوەی کە داوا دەکەم، ئەوەی کە پێشنیار دەکەم، لایەنی پەیوەندیدار ئیجبار بکەین بەوەی کە ئەم پارەیە بەس لەو شوێنانە سەرف بکرێ، بۆ ئەو جوتیارانە بکەین کە ئینتاجیان هەیە، بۆ باغ و شتی وا سەرف نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە کاك جلال ئەوانەی باس کرد کە دەعم دەکرێ، بەڵام ئێمە دیارە وەکو حکومەت بەشێك لەو پارەیە دەدەین، بۆ نموونە ئەگەر سەماد بکڕین سەد تەن بێت مقاویلێك بیهێنێت، ئێمە بەنیسبەتی فەلاحەوە لە (80٪) ئەگەر تەحەمول بکەین، فەلاحەکە خۆی لە (20٪)ی تەحەمول دەکا، بەڵام لە _100٪)کە دەدرێ بە مقاول، و لەبەر ئەوەی ئەو مەوزوعە مینحە نیە، کە هەمووی بەجارێك بدرێ بە فەلاحەکە لەلای ئێمەوە یان بۆی سەرف بکرێت، لەبەر ئەوە ئەمە ئیعاناتە بۆیە حکومەت دەعمی دەکات، نەك وەکو مینحە سەرفی بکات، ئەمەمان وەختی خۆی بۆ شەرح کردووە، و ئێستاش شەرحی دەکەین، لە سەر ئێمە ئەوەیە (65) ملیارمان داناوە، (65)ملیاری خۆمان دەدەین، بۆ ئەوانەی کە باست کردووە، و ئێستا باست کرد، لە زمنی ئەو (65) ملیارە ئێمە پارە سەرف دەکەین وەکو ئیعانات بۆ وەزارەتی زراعە، و حتی ئەگەر

بەتەمویل بێت بە تەمویلەکانیان بەتەمویل دەیان دەینێ با بڕۆا بۆ لای خۆیان، خۆیان تەسەروفی تێدا بکەن، بەڵام لە سەرووی (65) ملیارەکەوە وەکو ئیعانات ناتوانین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يخصص مبلغ قدره(65) مليار دينار كاعانات زراعية ويكون لوزير الزراعة والموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصة لغرض تغطية احتياجات الاقليم على أن لا تتم المناقلة منه لأغراض أخرى.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێزعمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**(الصلاحيات)**

المادة الرابعة عشرة:

أولاً: يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية (الرواتب، السلع والخدمات، الصيانة، الاعانات، المنح، المصروفات الاخرى، النفقات الاستثمارية) ضمن موازنة اقليم كوردستان ـ العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ثانياً: لمجلس الوزراء تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة، للوزير تخويل المحافظين ووكلاء الوزارات والمدراء العاميين صلاحية الصرف مباشرة في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن موازنتهم السنوية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین وەك خۆی کە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی بە هەردوو بڕگەکەیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە داوا دەکەین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ قسەی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاردۆ محمد پیرداود، عبدالله محمد امین، پێشەوا توفیق مغدید، سیوەیل عثمان احمد، ئاهەنگ عارف رؤوف) فەرموو کاک کاردۆ.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**سەبارەت بە دەسەڵاتەکان ماددەی چواردەم: یەکەم بەڕاستی من دەمەوێ ئەوەم بۆ ڕوونکرێتەوە، پێشنیاریشم هەیە کە بە گشتی ئەو دەسەڵاتەی کە دراوەتە وەزارەتی دارایی یەك ناوەندێتی دروست کردیە لە هەرێمی کوردستان، کە کێشە و گرفتەکی زۆری بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان یان ئەو تەرخانکراوانەی کە بۆ وەزارەتەکان دادەنرێت، یەعنی ئێمە مەیدانی چووینەتە وەزارەتەکان، دەڵێن بە هیچ شێوەیەك توانای سەرف کردنی (100) هەزار دینارمان نیە، ئەگەر وەزارەتی دارایی ڕازی نەبێ، ئەوە لیژنەی یاسایی لێرەن هەر نەك وەزارەتەکان، دەسەڵاتی قەزائی وتیان ئێمە دەسەڵاتمان نیە، لە کاتێکدا پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری ئەوانە بودجەی سەربەخۆیان هەیە، هیچ پێویستیان بە وەزارەتی دارایی نیە، هەموو دەسەڵاتەك لە دەست خۆیانە، بۆیە دەبێ ئێمە بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە مەرکەزیە بە پێشنیاری ئەوەی ئەو تەخسیساتانەی دەکرێ لە دەسەڵای وەزارەتەکان، و دامەزراوەکان خۆیان بێ سەرف بکەن، بۆ دەسەڵاتی وەزارەتی دارایی نەبێ کە بە ئیرادەی خۆی ڕێیان لێ دەگرێ دەیوت توانای کڕینی پوڵمان نیە بۆ دەعواکان سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاک عبدالله.**

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش ڕەخنەم لەم ماددەیە بەڕاستی کۆکردنەوەی دەسەڵاتە لە جیاتی ئەوەی مەبدەئی لامەرکەزیەت پەیڕەو بکرێ و تەوزیعی دەسەڵات بکرێ، یەعنی مەنتق نیە دەسەڵاتێکی وەکو ئەنجومەنی دادوەری کە یەکێکە لە سێ دەسەڵاتەکان سەلاحیەتی لە ژێر دەستی وەزارەتی دارایی بێ بۆ سەرفی چاکردنەوەی**

بەلوعەیەك، یەعنی ئەمە ناكۆكە لەگەڵ فەلسەفەی لامەركەزیەت، بۆیە من پێچەوانەی ئەو ماددەیە دەڵێم دەبێ ئەودەسەڵاتانە لە دەستی وەزارەتی داراییەوە تەوزیع بكرێ بۆ وەزارەتەكان و دەسەڵاتەكانی تری وەكو ئەنجومەنی دادوەری بە قەدەر ئەوەی كە ئیمكانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەی پێشووتر دەنگمان لە سەر ئەوە دا كە دەسەڵاتمان داوە بە وەزیری زراعە بۆ سەرف كردنی ئیعاناتی زراعی، كەچی لەو ماددەیە ئەو دەسەڵاتەی لێ وەردەگرینەوە، پێم وابێ ئەمە دژ یەكێك هەیە ئەو دوو ماددەیە لەگەڵ یەكتر، بۆیە پێشنیار دەكەم لیژنەی یاسایی موعالەجەی ئەوە بكەن، ماددەی پێشووتر دەسەڵاتمانم دا بە وەزیری كشتوكاڵ كە سەلاحیەتی سەرفی هەبێ لە سەر ئیعاناتی زراعی، بەڵام لێرە ئەو دەسەڵاتەی لێ وەردەگرینەوە، بەنیسبەت دووەم ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە وەزیر و سەرۆكی لایەن بە وەزارەت نەلكاو ڕابسپێرێت، وەزیریش بۆی هەیە پارێزگار و بریكاری وەزارەت، لێرە من باسی دوو ئیدارە دەكەم كە ئێستا ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەكا ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین، پێویستە ئەو ئیدارانەش بۆ ئەوەی لا مەركەزیەت شۆڕبێتەوە دەسەڵاتیان پێ بدرێ، حەقە لێرە ئیزافەی ئەوە بكرێ كە بەرپرسی ئیدارە سەربەخۆكان كە دوو ئیدارەیە، ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینیش ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتیان بۆ شۆڕبكاتەوە بۆ ئەوەی سەلاحیەتی سەرفیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە: ثانیاً: لمجلس الوزراء تخویل الوزراء ورؤساء الجهات غیر المرتبطة بوزارة، للوزیر تخویل المحافظین ووكلاء الوزارات والمدراء العامیین صلاحیة الصرف مباشرة في ضوء التخصیصات المعتمدة ضمن موازنتهم السنویة. وەك هاوكارم باسی كرد ئەدی ئیدارەی سەربەخۆ ئیش و كاریان چییە؟ ئەگەر پەیوەندی تەنها بە پارێزگار بێ، ئەوە یەك، دوو: پێم باشە (للوزیر تخویل رؤساء الوحدات الأداریة) باشترە ئەو كاتی لامەركەزیەت زیاتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من له سەر ئەو ماددەیە یەك كۆمێنتم هەیە، ئەو ماددەیە تەداخولەكی هەیە لە فەقەرە دووەمی لەگەڵ بڕگەی (15، 16، 17) وا دەكا ئینگلیز گۆتەنی (مس ئاندروستانیك) (سوء فهمك) گێژاوەك پەیا ببێ لە مابەینی سەلاحیاتەكان، و من بەخۆم بۆچوونێكی تایبەتم هەیە بۆ سەلاحیات، چونكە سەلاحیات بە ئیعتیقادی من، من كە موهەندیسم تەخویل ناكرێ، سەلاحیات (تێرم ئۆفرفرێنسە) من ئەندامی پەرلەمانم، من موهوندیسەمە، من وەزیرم سەلاحیاتی من لە بیدایەتی ڕۆژی كە تەعین دەكرێم ئەوەیە، بۆ ئەوەی من بتوانم زۆر زۆر بە تەوازن ئوموری وەزارەتەكەی خۆم، یان ئوموری دائیرەكەی خۆم، یان ئوموری شوعبەی هەندەسیەكەی خۆم زۆر بە دەست فراوانی بەڕێوەی ببەم و بتوانم من چ پارەم سەرف كردووە چ نەبێ، بۆیە ئەو سەلاحیەتانە كە لێرە تەخویل دەكرێ، بۆ هەندێك وەزیر و تەخویل ناكرێ بۆ هەندێك وەزیر، تێكەڵی هەیە لەگەڵ فەقەرەی (15، 16، 17) وابزانم ئەوە ڕێگریە و (سوء فهمە)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئەگەر بەم شێوەیە هەموو دەسەڵاتەكان وەزیری دارایی بەستوویەتیەوە، نەیداوە بەهیچ وەزیرێك و بە هیچ كەسێك، و ئەم هەموو دەسەڵاتەن ئێستا كە دابەزیوە، و بەتایبەتی لەساڵی 2012 دا بەڕاستی ئەوە مەعنای ئەوەیە هیچ نەكراوە ئێستا لە وەزارەتەكان، كەس نەیتوانیوە ئیش بكا، و هیچ عانەیەكیشی تێدا سەرف نەكراوە، ئەوە یەك، دووەم: ئەگەر فەقەرەی دووەم بخوێننەوە خۆی لەوێ دا مەجلیسی وزەرا تەخویل دەكات، تەخویلی هەموو وەزارەتەكان و شوێنەكانی تریش دەكات كەوا لە دووەمدا بە هەموو جیهاتی غەیر مورتەبەتە بە وەزارەتەكان، بە خەزینەكان، بە هەموو شوێنەكان، یەعنی بەڕاستی من نازانم ئەی باشە سەیری موازەنەی عێراقتان كردووە، بزانن نەفسی ماددە بە هەمان شێوە دانەبەزیوە لەوێ، لە وەتەی من لە وەزیفەدام لە ساڵی (68) دەوە ئەم ماددەیە هەموو ساڵێك بەم شێوەیە دێت، ئیتر ئەمە دەسەڵاتیش دەسەڵاتی پەرلەمانە، ئەگەر ئێوە گەیشتوونەتە ئەم قەناعەتە وەڵلا فیعلەن حەقە لە وەزارەتی مالیە هەموو شتێكی لێ بسێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارەتی دارایی لەبەر ئەوەی ئیعتیبار دەكرێ خەزێنەی دەوڵەت، و ئوموری مالی ئەوەی پەیوەنداره بە وجودی نەقدیەوە بە سەرفكردن ئەو مەسئولە لێی، بۆیە پێویست دەكات تەوازن ڕاگرێ لە مابەینی

وەزارەتەکاندا، ئێمە ئەگەر تەنها تەماشای ئەو مادده بکەین زۆر ڕاستە دەتوانین بڵێین مەرکەزیەتی تێدایە، بەڵام ئەگەر ماددەکانی دواتری بخوێنینەوە، ماددەی (16، 17، 18)، و زائیدەن لە فەقەرەی دووەمی هەمان مادده هاتووە کە سەلاحیەت دراوە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، هەر شوێنێك کە پێویستی بوو ئەولەویەتی کاری کویێ بوو سەلاحیەتی پێ دەدات، بە هەمان شێوەش وەزارەتەکانیش بۆ هەر خەرجیەك (350) ملیۆن دیناریان سەلاحیەت پێ دراوە، بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵام ئەمە لەبەر ئەوەی باس لە کۆی خەرجی دەوڵەت دەکا، ئەوە وەزارەتی مالیە لێی مەسئوولە، پێویست دەکات ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە تکا دەکەم قسەی خۆت کرد، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەی دووەمەی کە بەڕێز وەزیری دارایی و لیژنەی دارایی ئاماژەیان پێکرد، ئەنجومەنی وەزیران دەڵێ بۆی هەیە، یەعنی دەتوانێ ئەم تەخویلە بکات، و دەتوانێ نەیکات، ئەمە یەك، دوو: کە لە (68)ەوە بەو شێوە بووە ئەمە مەرکەزیەتەکی توند بووە ئیدارەی کوشتووە لەم وڵاتە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەمە بگۆڕین، دەبێ بەڕاستی لە فەلسەفەی حوکمڕانیەکەوە بیگۆڕین، لە فەلسەفەیەکی توندەوە بیکەین بە شتێکی نەرم، ئێمە ئەنجومەنی دادوەری برادەرانی لیژنەی قانونی ئاگادارن هاتوون بۆ لای ئێمە پێیان وتین، وتیان ئێمە دەسەڵاتین، کە وەزارەتیش نین کە سەرۆکەکەیان ئامادە نیە لەگەڵمان دانیشی، لەبەر ئەوەی پێی وایە مستەوای گەورەترە، بەڵام سەلاحیەتی ئەوەی نیە کە بۆ چاکردنەوەیەکی بەسیت سەلاحیەتی سەرفی بێ، لەبەر ئەوە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی کە ئەمە بگۆڕدرێ ئەم جۆری ئیدارەیە دەبێ لەم ماددەیە دەستی پێ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەکی ڕەنگە نیو ڕەق بکەم، خۆزگە هەر یەکەمان بزەبت لەو سیستەمەمان بزانیبایە پاشان قسەمان بکردایە، (الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية)، هیچ عیلاقەی بە سەلاحیەتی سەرفی هەموومان باسمان کرد هەیە، ئەو شتێکە، و ئەو ئەوامرەی سەرف و سەلاحیاتی کە لە ماددەکانی تر دایە، کاکە ئەوە پارەکە

**له خەزینەیە، ئەوە نە ئەچێتە ئەبوابی خوارەوە، (الحسابات الرئیسیة، الرواتب، السلع والخدمات، الصیانة، الاعانات، المنح) ئەوانە ئەرقامن لە سەرەوە، خوارەوە ئێمە دین هەتاکو لە جەدوەلەکە لە مەرتەبەی شەشەم، ئەوە یەك، دوو: لێرە ئەنجومەنی وەزیران تەخویلی وەزیر دەکات ئەوەی داواکرا لە دووەم هەمووی هەیە وەزیر ئەوانەی خوارەوە تر داوا دەکات، من وابزانم ماددەکە زۆر زۆر وازیحە ئەسلەن پێویست نەبوو منیش قسە بکەم لە سەری، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ماددەکە زۆر بە وازح دەزانین، و پشتگیری ماددەکە دەکەین، داوا دەکەین بخرێتە دەنگدانەوە،**

**المادة الرابعة عشرة: أولاً: یتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئیسیة (الرواتب، السلع والخدمات، الصیانة، الاعانات، المنح، المصروفات الاخری، النفقات الاستثماریة) ضمن موازنة اقلیم کوردستان ـ العراق من قبل وزارة المالیة والاقتصاد.**

**ثانیاً: لمجلس الوزراء تخویل الوزراء ورؤساء الجهات غیر المرتبطة بوزارة، للوزیر تخویل المحافظین ووکلاء الوزارات والمدراء العامیین صلاحیة الصرف مباشرة في ضوء التخصیصات المعتمدة ضمن موازنتهم السنویة.**

**پێم باشە کە کاك عبداللە پێشنیارەکەی کرد با سیاغەکمان بۆ بنووسێت هەتا بتوانین ئیشی لە سەر بکەین،**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبداللە.**

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو بڕگەی دووەمەی کە دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە، بڵێ لە سەریەتی، یەعنی لە حاڵەتی جوازی بکرێتە وجوبیٚ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا پێشنیارێك هەیە، ئەوان وەری ناگرن، فەرموو لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێم باشە ڕەئی حکومەت وەربگیرێ لەو مەوزوعە، چونکە ئێمە وەکو لیژنەی قانونی و لیژنەی دارایی لەگەڵ دا نییە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بڵێین (على) فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لە پێشەوە باسی ئەوەم كرد كە ماددەكە وەك خۆی بمێنێتەوە، بەلای منەوە كە نیەت پاك بێت (على) بێت و (لا للوزیر) بێت هیچ فەرقێكی نیە ئەوە، یەعنی ئەمە كەی موشكیلەیە، و بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان حەز دەكەم ئەوەش بزانن ئەنجومەنی وەزیران هەموو دەسەڵاتەكانی لای خۆیەوە داگرتۆتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوو پێشنیار هەیە، یەكیان دەڵێ (لمجلس الوزراء) ئەوی تریان دەڵێ (على مجلس الوزراء)كێ لەگەڵ ئەوە دایە كە بڵێ (على مجلس الوزراء)؟ (30) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ (45) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە وەرنەگیرا، فەرموون ماددەكە بخوێننەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة: أولاً: يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية (الرواتب، السلع والخدمات، الصيانة، الاعانات، المنح، المصروفات الاخرى، النفقات الاستثمارية) ضمن موازنة اقليم كوردستان ـ العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ثانياً: لمجلس الوزراء تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة، للوزير تخويل المحافظين ووكلاء الوزارات والمدراء العاميين صلاحية الصرف مباشرة في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن موازنتهم السنوية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوە دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (53) كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ (15) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا فەرموون بۆ ماددەیەكی تر،

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة: أولاً: لرئيس برلمان كوردستان ـ العراق إجراء المناقلة ضمن الاعتمادات المخصصة للبرلمان.

ثانياً: لرئيس مجلس القضاء في الاقليم اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات المخصصة لمجلس القضاء.

ثالثاً: لوزير التخطيط وبناءاً على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية لنفس الوزارة وفي حدود المحافظة الواحدة واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.

رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.

خامساً: يخول وزير البلديات والسياحة صلاحية اجراء المناقلة بين الموارد الذاتية لموازنات مؤسسات البلدية ضمن المحافظة الواحدة واجراء المناقلة ضمن حساب السلع والخدمات والصيانة لكل مؤسسة بلدية.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەكەین تەنها (والقضاء) او (القضاء الواحد) تەنها ئەوە ئیزافە بكرێ لە سەر بڕگەی چوارەم، واتا بەو شكلەی دەبیتەوە:لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء الواحد وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ بۆچوونەكەی لیژنەی یاسایی داین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز سعید تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕازین لە سەر ئەو تەعدیلەی كە لیژنەی یاسایی كردوویەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ قسەی هەیە؟ سێ كەس قسەی هەیە، (شلێر خان، ئاهەنگ خان، سیوەیل خان)، فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە، ئێمە وەكو لیژنەی ئاوەدانكردنەوە لە تەقریرەكەی لیژنەی دارایی بەهەند وەرگیرا كە وتوویانە لە سەر ئەم ماددەیە لیژنەی ئاوەدانكردنەوە ئەم سەلاحیەتە دەڵێ:

لوزير التخطيط وبناءاً على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية لنفس الوزارة وفي حدود المحافظة الواحدة واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.

بەڕێزان ئەم کێشەیە بەڕاستی ئێمە لەگەڵ هەردوو وەزیرەکە قسەمان کرد، ئەوان دەڵێن ئەگەر بێتو ئەم برگەیە زیاد بکرێ بۆ ئێمە لە زمنی مەشاریعەکانی خۆمان کە زۆر جار دەبێ موناقەلە بکەین ئەگەر بەوان بوترێ بە موراسەلات جاری وایە سێ، چوار مانگی پێ دەچێ، بەس ئێمە ئەگەر لە پەرلەمانەوە ئەم دەسەڵاتەیان بدەینێ، چونکە ئەوان هەر بۆ عیلم دەیدەنەوە بە هەردوو وەزیرەکە لەبەر ئەوە ئیشەکان زۆر سەریع تر دەڕوات بەنیسبەت پرۆژەی وەبەرهێنان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بەڕێز شلێر خان دەکەم فیعلەن ئەوە ئیقتیراحی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بوو، و بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە موعاناتی هەبوو لەوەی کە سەلاحیاتی ئەوەی نیە موناقەلە بکات، دەبێ لە ڕێگای وەزارەتی تەختیت بێ، ئێمە داوا دەکەین وەزیری بەلەدیەو وەزیری ئیعمار سەلاحیەتیان هەبێ، وەکو وەزیری تەختیت بە ئیعلامی تەبعەن ئاگاداری وەزارەتی بەلەدیات دەکەنەوە، چونکە بەڕاستی خوتەی ئیستیسماری و مەشاریعی ئیستیسماری بتەوێ و نەتەوێ بە کۆڵ ئەو وەزیرەیە زیاتر لە وەزارەتەکانی دی، بۆیە دەبێ دەستیان بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئێمە پێشنیار دەکەین ئەگەر دوو، سێ کەسیش پێشنیار بکا، پشتیوانی یەکتریش بکەین، بەس وابزانم نایخەنە دەنگدانەوە، وەڵلاهی قسەی خێرە، پشتیوانی لە قسەکانی شلێر خان و ئاهەنگ خان دەکەم دووبارەی ناکەمەوە، پێم باشە (قضاء)ی بۆ زیاد بکرێ، وەك لیژنەی یاسایی کە باسیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمرعبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامساً: يخول وزير البلديات والسياحة صلاحية اجراء المناقلة بين الموارد الذاتية لموازنات مؤسسات البلدية ضمن المحافظة الواحدة واجراء المناقلة ضمن حساب السلع والخدمات والصيانة لكل مؤسسة بلدية.

سادساً: لوزيري الأعمار والأسكان والبلديات اجراء المناقلة اللازمة للمشاريع الخاصة بالوزارة و ضمن الموازنة وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء الواحد واعلام وزارتي المالية والأقتصاد والتخطيط بذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ بە تێكرای دەنگ پەسەند كرا،دانيشتنی داهاتوومان سەعات (11)ی بەيانيە، تا ئەو كاتە بەخواتان دەسپێرين، سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانيشتنی ژمارە (48)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 14\2\2013

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (48)

## پێنج شەممە رێكەوتی 2013/2/14

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی پێـنج شـەممە رێكـەوتی 2013/2/14 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سوره جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـاره (48)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (48)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی پێـنج شـەممە رێكـەوتی 2013/2/14 دا بـەم شێوەیە بێت:

بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عـیراق بـۆ ساڵی 2013.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەست پـێ دەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، خـولی چـوارەم، خـولی گرێـدانی یەكـەم، ژمـارەی دانیشـتن 48، ڕۆژی دانیشـتن 2013/2/14، بەرنامەی كار، بە پێی حوكمەكانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره 1ی هـەموار كـراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی كـاری

دانیشتنی ژماره 48ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن، لـەکات 11ی پێشـنیوەڕۆی ڕۆژی پێـنج شـەممە، ڕێکەوتی 2013/2/14 بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:
بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عـیراق بـۆ ساڵی 2013.
بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیـری و دارایـی و وەزیـری هـەرێم بـۆ کاروبـاری پەرلـەمان دەکـەین لەگـەڵ وەفـدە یاوەرەکەیان، داوا لە لیژنەی یاسایی و دارایی دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، چیە سۆزان خـان بـەم بەیانیە زووە دەست بەرز دەکەیتەوە خێرە انشالله، هێشتا قسەمان نەکردووە نوقتەی نیزامی چیت دەوێت؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ڕۆژی خۆشەویسـتیتان پـیرۆز، بەبۆنـەی ئـەم ڕۆژەوە ئێمـە وەکـو لیسـتی کوردستانی، چـەپکێ گـوڵی خۆشەویسـتی پێشـکەش بـە ئۆپۆزسـیۆن دەکـەین، ئەگـەر هەرچـیەك بـووبێ لـە بەینماندا لەم فەترەیە بە تایبەتی لەم کاتی موناقەشەکردنی بودجەیـەدا داوای لێ بـوردن دەکـەین، چـونکە ئەمە کارە، کاریش پێك هەڵپژانی تیا هەیە، بـەڵام یـەك گـوڵی خۆشەویسـتی پێموایـە مەعناکـەی زۆر لـەوە گەورەتر دەبێ و من زۆر سوپاست دەکەم بۆ ئەم ڕێگە پێدانەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەرێ موعارەزە خۆشەویستی قەبوڵ دەکەن؟ تکایە بێ دەنگی، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ڕۆژەدا ئێمە سوپاسی هەڵوێستی لیستی کوردستانی دەکەین، ئێمە تەئکیـد دەکەینـەوە لەسـەر ڕێزدانـان بۆ کاری پیشەییمان و بۆ سەرجەم پەرلەمانتاران و ڕێزدانان لە جیاوازیەکانمان، ئێمە سـەرەڕای ئـەوەی کـە هەر شتێکمان هەبێ کە بەرگری بێ لە پرەنیسپەکان پەیوەندی بە کاری پەرلەمانی بێ و لە مافەکانمان بـێ لەو ڕۆژەدا داوای دەکەین درێژەدانە بە کاری پیشەییمان بـە متمانـەبوون، یـەعنی ئێمـە داوای متمانـەبوون دەکەین، ڕێزگرتن لە جیاوازیەکانمان دەکەین، لە شەفافیەت و کاری پەرلەمانی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان حەزدەکەی جەنابت دانیشە بیدە بە خوشکە شەرمین با ئەو تەوزیعی بکات، فەرموو لە شوێنی خۆت دانیشە، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ ماددەی تازە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

أولاً: لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الموازنة لأغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد ووحدة الصرف الواحدة.

ثالثاً: لا يجوز اجراء أية مناقلة بين المحافظات ضمن تخصيصات (مشاريع اعمار وتنمية الاقليم والمحافظات).

رابعاً: لا يجوز اجراء المناقلة من تخصيصات نفقات المشاريع الاستثمارية اي تخصيصات (الموازنة الاستثمارية) الى تخصيصات النفقات التشغيلية أي تخصيصات (الموازنة الجارية).

خامساً: تستخدم الاعتمادات المصادق عليها في هذا القانون لغاية 21 كانون الأول من السنة المالية 2013 وتقيد الايرادات المتحققة لغاية 2013/12/31. أما الايرادات المقبوضة بعد نهاية السنة المالية 2013 فتقيد ايراداً لموازنة السنة المالية 2014.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی دارایی، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکوخۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش داوا دەکەین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە تکایە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك سەرهەنگ، کاك دڵشاد، نەسرین خان، کوێستان خان، کاك ئارام، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەنـدامانی بـەڕێز، وەڵـڵا قسـەی مـن لەسـەر ئـەم ماددەیـە لەسـەر بڕگـەی 4 (لایجـوز اجـراء المناقلـة مـن تخصیصات نفقات المشاریع الاستثماریة ای تخصیصات الموازنة الاستثماریة ای تخصیصات النفقات التشغیلیة) ئەمە بڕگەیەكە ئێمە هەموو ساڵێك لەناو ئەم یاسایە دای دەنێینەوە، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە هەموو ساڵێ پێشێلكاری دەكرێ لەم بڕگەیـە، ئایـا وەزارەت و حكومـەت توانـای جـێ بـەجێ كردنـی ئـەم بڕگـە یاساییەی هەیە یان نا؟ ئەگەر نیـەتی و ئـەم ساڵیش وەكو ساڵەكانی تـر پێشـێل دەكرێتـەوە بۆچـی دابنـدرێ لێـرە؟، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كاك دڵشاد فەرموو.**

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لە مـاددەی 16 دەسـەڵاتی موناقەلـە لەیـەك دەروازە ئەنجامـدان كـە دراوە بـە وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری، بەڕێز وەزیری دارایی دەزانێ كە ئێستا پۆینت نـەماوە لـە قسمەكاندا، بۆیـە زۆرجـار دەبیـنین ئەشـكالیەتی ڕۆتینیـات بـۆ وەزارەتـەكان دروسـت دەبـێ، بۆیـە داواكـاری لێـرە وەزارەتـی دارایـی لـە چوارچـێوەی خۆیـان دەسەڵاتی موناقەلە لە بەینی ئەقسامەكان بداتە وەزارەت خـۆی بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕۆتیناتانـە دروسـت نـەبن، هەروەكو باسم كرد كاتێك مدیریەتێك داوای موناقەلە دەكات كە پۆینتەكەی ماوە، چونكە یەعنی ملیۆنێك لە قسمێك دادەنـانرێ، بۆیـە كـاتێ داوای موناقەلـە دەكـات دەبـێ وەزیـر موافەقـە بكـات لـە كۆتـایی دا هـەر وەزیری دارایی موافەقە دەكات، بەڵام ئـەم ڕۆتیناتـە ئیدرایـە وای لێ دەكـات مەسـاریفی خـەرج كردنـی ئـەو موناقەلە بە ئیفاد و بە هاتنی موحاسبەكە بۆ هەولێر و گەڕانەوەی بەقـەدەر پارەكـە خـۆی تـێ دەچـێ، بـۆ ئەوەی هەم پارە بگەڕێتەوە لە ڕۆتینـات دا، هـەم دەسـەڵاتی لامەركـەزی بـدرێ بـە وەزارەتـەكان، بۆیـە پـێم باشە لێرە دەسەڵات بدرێ بە وەزیر لە چوارچێوەی وەزارەتەكەی خۆی و لە چوارچێوەی فەسڵەكان جگە لە فەرمانبەران، دەسەڵاتی موناقەلەی پێ بدرێ بە قیسمەكان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**نەسرین خان فەرموو.**

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە من سەرەڕای پشتیوانیم بۆ كاك سەرهەنگ و كاك دڵشاد، پێم باشە یەك بڕگە زیاد بكـرێ، بڕگەكـەش لەدوای 4 ببێ بە بڕگەی 5 وەزارەتی دارایی سندوقێك دابنێ بۆ پارەی ئەو پڕۆژانەی كـە چوونەتـە بـواری**

جێ بەجێ کردنەوە، یەعنی پارەی ئەو پرۆژانەی کە تا ئێستا نەچوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، وەزارەتی سندوقێك دابنێ ئەو پارانە لەو سندوقانە دابنێیت و بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی بەکاری بێنێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پشتیوانی ئەو ڕایەی نەسرین خان دەکەم، بڕگەی 4 کە پێویستە لە سەندوقێك دا حفز بکرێ ئەو پارەیە بۆ ئەوەی نەڕوات بۆ بەکابردن، بە نیسبەت ماددەی 16 سەبارەت بە موناقەلە ئێمە ساڵانی رابردووش داوامان کردووە لە وەزارەتی دارایی چەند جار دەکرێت، پێویستە بە نووسراوی ڕەسمی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان لەوە ئاگاداربکرێتەوە کە هەر موناقەلەیەك دەکرێ، پێمان بوترێ بۆ دەکرێ و بۆچی دەکرێ؟ دەبرێتە کوێ یاخود بۆ چ شتێکی تر دەکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە کاتێك دا کە بمانەوێ بەدواداچوون یاخود لێپرسینەوە بکەین بزانین لەکوێ لێپرسینەوە دەکەین و لەگەڵ کێشدا ئەم لێپرسینەوە دەکرێت، چونکە ئێمە دەزانین کۆمەڵێك دەزگا هەیە لە هەرێمی کوردستان دا دەست بەکارنەبووە تاکو لە ڕێگەی ئەوانەوە بزانین لێپرسینەوە کراوە لە ئەرقامەکانی وەزیری دارایی یاخود دەستەی نەزاهە لیژنەی نەزاهە کە لە پەرلەمانی کوردستان هیچ دەست بەکارنەبووە تاکو ئێمە کۆمەڵێك وردەکاری یاخود کۆمەڵێك لە ڕێگەی ئەمانەوە ئێستا جارێکی تر ئەویش دەیڵێمەوە کە هەر موناقەلەیەك دەکرێ پەرلەمانی کوردستان لێ ئاگادار بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لە حسابی ختامی 2012 هاتە بەردەستمان بە پێی بەدواداچوونەکانمان لە بودجەی 2012 تێبینیمان کردووە کە ساڵانە کەمتر لە 50٪ی پارەی تەرخان کراو بۆ بودجەی وەبەرهێنان کە دەکاتە 16ی بودجەی گشتی، دەچێتە بواری جێ بەجێ کردن و دوایی پارەکە موناقەلەی پێ دەکرێ، 50٪ کەمتری بودجەی وەبەرهێنان 16٪ ی بودجەی گشتی 15 ـ18 ئەم پارەیە دواتر موناقەلەی پێ دەکرێ، هەروەکو وەزیر عجزی پێ پڕدەکەنەوە دەیخەنە سەر بودجەی بەکاربردن و ئەوانە، بۆیە من پشتگیری ئەو ڕایەی نەسرین خان دەکەم بۆ ئەوەی ئەم پارەیە موناقەلەی پێ نەکرێ، چونکە ئەمە ڕاستە بە بڕگەیەك لەم ماددەیە نووسراوە و موناقەلەی پێ ناکرێ، بەڵام دواجار دەیکا وەزارەت، بۆ ئەوەی کە ئەمە نەکرێ، پشتگیری ئەو ڕایەی نەسرین خان دەکەم کە سندوقێك دروست بکرێ لە وەزارەتی دارایی هەموو پارە

گــەڕاوەکانی پرۆژەکــانی وەبــەرهێنان بخرێتــە  ئــەم ســەندوقە و تــەنها بــۆ پرۆژەکــانی وەبــەرهێنان بەکاربهێندرێ و بکرێتە برگەی 5، برگەی 5 یش بکرێ بە برگەی 6 و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لە چوارچێوەی ئەوەی کە دانانی حسابێکی تایبەت بۆ ئەو پارەیەی کە پرۆژەکان سەرف نەکرێ، لە پرۆژەی بودجەی ساڵانی ڕابردووش دا ئەو ماددەیەمان جێگیر کردووە، بکرێ بە برگەیەك، بەڵام نەك ماددەیەکی سەربەخۆ کە ئەو پارەیە ئەو پرۆژانە تەواو نەبێ بکرێتە حسابێکی تایبەتەوە و هیچ موناقەلەیەکی پێ نەکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هیچ وەختێك دا موناقەلەیەکی ڕەسمی نەکراوە لە وەبەرهێنانەوە بۆ بودجەی تەشغیلی، ئەمڕۆ بێ یان بەیانی بێ، بە تەئکید ڕەقابەی مالی مەوجود دەبێ و تەدقیق دەکات و ئەو وەختە ئەگەر موخالەفەی تیا کرابێ، حەتمەن دەنووسێ بۆ پەرلەمان و ئێوەش ئیتلاعتان دەبێ، ئەمە یەك، موناقەلەش ناکرێ، بەڵام قانونەکان زۆر وازحن، (تستخدم) هەموو تەخسیسێك لەهەر موازەنەیەك دابێ، تەشغیلی بێ، یاخود ئیستسماری بێ بە پێی قانون (تستخدم لغایە 12/31 ی ئەو ساڵە) ئەو وەختە وەزارەتی دارایی بە پێی ئیشەکانی خۆی پێویستیەکانی خۆی تەسەروف دەکات و هیچ پارەیەك ناخورێ، بەڵام تۆ ئەگەر عەجزت هەبێ، عەجزی فعلیت هەبێ، میزانیەی تەکمیلی نەبێ پارەت بۆ نەیەت ئەی باشە، ئەی کە پارەت نەبێ غەیر عەجزی فعلیت هەبێ پارەت نیە چۆن پارە دائەنێی لە سەندوقێك دا؟، رجاتان لێ دەکەم ئێوە ئەم مەوزوعە بپرسن و تەئکید بکەن ئەوە قانونەکانمان پێیە و ئەوەش بەغدا و ئەوەش قانونەکانی بەغدا بزانن چۆن تەسەروف دەکرێ؟، ئێمە پارە ناخۆین، ئێمە پارە لەناونابەین، ئێمە ئەو پارەیەی کە ئێستاکە دائەنرێ بۆ ئیش و کاری ئەم حکومەتە سەرف دەکرێ، ئێوە هەمووتان دەبینن کەوا لە حساباتی خیتامی بێ لە هەموو حساباتێکی تردا دەبینن تەجاوز هەیە، کە تۆ تەجاوزت هەبێ چۆن دەتوانی پارەی نەقدی بخەیتە سەندوقێکەوە، ئایا ئەم سەندوقە لە چ وەختێك داهەبووە، لە چ دەوڵەتەکانی دراوسێشمان دا ئەوە هەیە، ئەوە قانونەکان لە دوو، سێ شوێن هەیە لەلام سوپاستان دەکەم، بۆیە داوا دەکەم ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە تکایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی موناقەلە ئێمە لە ماددەی 15 کەدەنگی لەسەر دراوە، باس لەوە کرا کە وەزیری تەختیت لەسەر تەڵەبی وەزارەتە مەعنیەکان ئەو موناقەلانە دەکرێ کە پێویستە بۆ نەفسی ئەو وەزارەتە لە حدودی ئەو محافەزەیەی کە ئەو پرۆژەیەی کەتیا ئەنجام دەدرێ، هەروەها لە برگە 4 باس لەوە کرا کە وەزیری مالیە و ئیقتساد بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی تەختیت و وەزارەتە پەیوەندارەکان موناقەلات ئەنجام دەدەن لەو پرۆژە ئیستسماریانەی کە لە بەینی وەزاەتەکانە لە حدودی محافەزەیەك بێ و زمنی موازەنەی ئیستسماری بێ، لە ماددەی 16 ئەم ماددە 15 یە قوربان دەنگی لەسەر دراوە، بە نیسبەت چۆنیەتی موناقەلە کردن لە وەزارەت بە تەنیسیق لەگەڵ وەزارەتی تەختیت و وەزارەتی مالیە و ئیقتساد، لە ماددەی 16 ئەگەر سەیری فەقەرە 2 ەکەی بکەین، باس لەوە دەکات کە چۆنیەتی لەگەڵ وەزارەتی مالیە و ئیقتساد ئیجرای موناقەلە دەکات لە بەینی ئەو ئیعتماداتانە و بۆ وەزیری موختەس، یەعنی ئەوەی کە داواکرا کە وەزیر سەلاحیەتی موناقەلەی هەبێ، حەقی دراوەتێ و دەڵێ (لوزیر المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة) بە واتا ئەو سەلاحیەتە لە ماددەی 6 دا تەحدید کراوە و تەوزیع کراوە و دراوەتە دەست وەزیری موختەس، لەبەرئەوە ئێمە هیچ سەرنجێکمان نیە و دواتر بۆ ئەندامە بەڕێزەکان، بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بە نیسبەت ئەو موقتەرەحەی کە ئێستا ئێمە تەوزیحێکمان لەسەری دا ئەوەش بریتیە لەوەی کە وەزیر دەسەڵاتی گواستنەوەی هەبێ لە نێوان ئیعتماداتی یەك فەسڵدا، لە چوارچێوەی ئەو بودجەیەی کە هەیەتی، جا ئێمە پێویست دەکات داوا دەکەین جەنابی وەزیری دارایی و ئابووری وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە و بزانین تا چەند بە گوێرەی تەعلیماتی مالی ڕەوایە ئەوە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم دەسەڵاتەمان داوە بە هەموو وەزیرەکانی تر، کە لەناو فەسڵێك دا موناقەلات بکات، ئەمە پێشتر دراوەو چەند ساڵە لەگەڵ ئەمەدا تەعامول دەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر کرا لەلایەن بەڕێزان نەسرین خان و ڤیان خان و کوێستان خان و کاک ئارام، بەڵام کاک ئارام بەشێوەیەکی تر بوو کەوا بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەوەی سەندوقێ دانرێ ئەو پارەیەی کە لە ئیستیسماری دەمێنێتەوە و ئەو پرۆژانەی جێ بەجێ ناکرێن نەقڵ بکرێ بۆ ئەو سەندوقە و لەوێ دەستکاری نەکرێ و موناقەلەی لێ نەکرێ، بەڵام هەموومان دەزانین ئەگەر سەندوق دروست بکرێ ئەبێ بە یاسایەك سەندوقێك دروست بکرێ، ناکرێ هەر وا ئێمە ئێستا لێرە بڕیارێك بدەین بە یەك بڕگە سەندوقێ دروست بکەین بۆئەوەی ئەو پارەیەی تیا دابنێین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر بۆ ئەو سەندوقە دەڵێن چی؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەوزوعی سەندوقە ئەسڵەن قانونی نیە، بەڵام لێرە کرا بە قانونی ئەو ساڵە و ئەوەتانێ ئێمە وەکو حکومەت نە ئەوەمان پێ باشە ئەو سەندوقە هەبێ و نە پێشمان باشە ئەوەندە قیود لەسەر ئەم مەوزوعە دابنێن، هەتاوەکو ئێمە عەجز و تەجاوزمان هەبێ نابێ ئەو قیودەمان لەسەر دابنرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە یاسایەکە لێرە دادەنێین حکومەت خۆی پلانی بۆ داناوە بە نموونە ئەمە ساڵانی ڕابردووش ئەو موناقەشەیە کراوە و پێشنیار کرا و قبوڵ کرا، بڕە پارەیەك دادەندرێ بۆ بودجەی وەبەرهێنان بۆ وەزیر نیە موناقەلەی تێدا بکات بۆ بودجەی تەشغیلی، باسی زیادەڕەوی دەکات، بە چ حەقێك زیادەڕەوی دەکات؟ لێرە بۆی دانراوە، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە بودجەی وەبەرهێنان نابێ موناقەلەی لێ بکرێ بۆ بودجەی بەکارخستن، دەبێ هەڵبگیرێ و مودەوەر لێرە ونە ساڵانە ئێمە تووشی ئەو کێشەیە دەبینەوە، ئینجا چارەسەرەکەی بە سەندوقە بڕیار دەدەین و دوایی یاسایەکەی بۆ دەردەکەین، بەلای ئێمەوە کێشە سەندوقەکە نیە، کێشە مانەوەی پارەکەیە و بەکارنەهێنانی بە زیادەڕەوی یان گواستنەوەی بۆ بودجەی تەشغیلی یان خۆی هەموو ساڵێ دان پێدادەنێ و وەزیری دارایی دەڵێ بەڵێ ئێمە دەیخەینە سەر بودجەی تەشغیلی، بە چ حەقێك و بە چ یاسایەك ئەوە دەکەی؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر و دوێنێ و ئەمڕۆش گوتم، بگەڕێنەوە سەر قانون (تستخدم لغایە 12/31) ئەمە قانونە و بە پێی ئەم قانونە هەتا چەند سەرف دەبێ و ئەوانی دیکە ئەگەڕێتەوە لە ساڵی تازەدا جارێکی تر ئیشی پێ دەکرێتەوە، پارە نە دەخورێ و نە زیادەڕەوی تیا دەکرێ، لە کاتێك دا کە تۆ پارەیەك کە ئەمە نەقدیەی وەزارەتی داراییە، نەقدیەی وەزارەتی داراییە نە موناقەلەی ڕەسمی لەسەر دەکرێ و نە هیچێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەیە کەوا سەندوقێك دروست بکرێ بۆ ئەو پارانەی کە لە پرۆژەکان دەمێنێتەوە وموناقەلە نەکرێ بۆ بودجەی تەشغیلی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوەی کە خوێنرایەوە تکایە کێ لەگەڵ دایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 25 کەس لەگەڵ دایە، چەند کەس لەگەڵ دانیە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆرینەیە وەڵلا دەنگی نەهێنا، فەرموو بۆ ئەسڵی ماددەکە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

أولاً: لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

ثانياً: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الموازنة لأغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التي يتقرر فك ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد ووحدة الصرف الواحدة.

ثالثاً: لا يجوز اجراء أية مناقلة بين المحافظات ضمن تخصيصات (مشاريع اعمار وتنمية الاقليم والمحافظات).

رابعاً: لا يجوز اجراء المناقلة من تخصيصات نفقات المشاريع الاستثمارية اي تخصيصات (الموازنة الاستثمارية) الى تخصيصات النفقات التشغيلية أي تخصيصات (الموازنة الجارية).

خامساً: تستخدم الاعتمادات المصادق عليها في هذا القانون لغاية 31 كانون الأول من السنة المالية 2013 وتقيد الايرادات المتحققة لغاية 2013/12/31. أما الايرادات المقبوضة بعد نهاية السنة المالية 2013 فتقيد ايراداً لموازنة السنة المالية 2014.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

تكايه كێ لەگەڵ دايه دەستی بەرز بكاتەوە؟ 58 كەس لەگەڵ دايە، كێ لەگەڵ دانيە؟ 18 كەس لەگەڵ دانيه، به زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

أولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على (350.000.000) ثلاثمائة وخمسون مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا يزيد على (250.000.000) مائتان وخمسون مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على (300.000.000) ثلاثمائة مليون دينار لكل حالة.

ثالثاً: يراعى في أولاً وثانياً أعلاه ما يلي:

1/ أن يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللأغراض المحددة لها.

2/ التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولا يجوز الدخول في التزامات مالية بما يزيد عما هو مخصص لها في الموازنة السنوية.

رابعاً: لوزير البلديات والسياحة صلاحية الصرف المباشر من مبالغ واردات البلديات.

ئێمە وەك ليژنەی ياسايی مولاحەزەمان نيه لەسەر ئەسڵی ماددەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ليژنەی دارايی؟ كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هيچ تێبينيەكمان نيه لەسەر ئەم ماددەيە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزير؟ فەرموو.

**بەڕێز بايز تاڵەبانی (وەزيری دارايی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشه ماددەكه وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە، مامۆستا عمر، د.احمد، ئاهەنگ خان، كاك سەرهەنگ، كاك كاردۆ، كاك دڵشاد، ڤیان خان، د.ڕێباز، كاك پێشەوا، كاك حاجی بلال، كاك حەمە سعید، كاك عبدالسلام، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێكی ئاساییم هەیە، تێبینیەكی وام نیە، بەڵام پرسیارم لەجیاكردنەوەی وەزیری شارەوانیە بە تەنیا بۆ سەلاحیەتی سەرف، بۆچی هەر بە تەنها مەسەلەن بۆ وەزارەتی تەندروستی تیا نیە، بۆ نموونە ئەو وەزارەتانەی كە داهاتی خۆیان هەیە یان تایبەتمەندیەكیان هەیە بە تەنیا وەزارەتی شارەوانی دیاری كراوە، بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامان بداتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەكم هەیە لەسەر ئەوماددەیە، وێڕای ئەوەی كەپشتیوانی لەوە دەكەم كە وەزیری تایبەتمەند ئەو دەسەڵاتی سەرف كردنی 350 ملیۆن دیناری هەبێ، هەروەها فەرمانگەكانی 250 ملیۆن، لە بڕگەی 2 كە باسی سەرۆكی ئەو دەستانە دەكات، من پێم باشە لێرە، چونكە ئێمە لە ماددەی 3 لە باسی بەخشینەكان باسی مینەح و تەبەروعات كە باسكرا بەخشینەكان كە دەبەخشرێنە وەزارەت و فەرمانگەكان لەوێ باسی وەزارەت و فەرمانگە كراوە، من لەوێش پێشنیارم كرد كە دەستەشی تیا بێ، بەڵام لێرە بە عەكسی ئەوەوە لێرە دەستە هاتووە و فەرمانگە نەهاتووە، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە سەرۆكی ئەو دەستە و فەرمانگانەی بە وەزارەت نەلكاون دەسەڵاتی سەرف كردنی بڕێكیان هەبێ كە لە 300 ملیۆن دینار بۆ هەرحاڵەتێك زیاتر نەبێ، ئەمە یەك، سەبارەت بە بڕگەی 4 كە باس لە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و دەسەڵاتی سەرف كردنی ڕاستەوخۆی هەیە لە بڕە پارەی داهاتی شارەوانی، دیارە ئەمە لە ماددەی 2 دا باسمان لەوە كرد كەوا داهاتەكانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی كارەبا و هەروەها وەزارەتی ناوخۆش 50٪ ی كۆی گشتی داهاتی رسوماتی مۆڵەتدان و رسوماتی تۆماركردن و ئەو غەرامانەی وەزارەت وەریان دەگرێ بۆ خەرج كردنی لە پێناو سەلامەتی هاتوچۆ بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەكەم لێرە ئەمانەشی بۆ زیاد بكرێ، واتە هەم وەزیری تەندروستی و وەزیری كارەبا و وەزیری ناوخۆش لەو 50٪ یە دەسەڵاتی سەرف كردنی ڕاستەوخۆیان هەبێ و زائیدەن ئێمە لە یاسای بودجە و پارە دەسەڵاتی ئەوەشمان دابوو بە وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو كە دەسەڵاتی پێدراوە بە سەرف كردنی ئەو بڕانەی تەرخان

کراون بۆ کۆمەکی کشتوکاڵی و بۆ مەبەستی فریاکەوتنی لە کاتی گونجاوی خۆیدا و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری، پێشنیار دەکەم ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ماددەی 17 من ئاوا وەسفی بۆ دەکەم (قانون القیود بتوقیتات وسیاسات) بزەبت ئەو عەیبەیە لە قانونی 94 ی پۆل بریمەر لە مەجلسی حوکم کە ئێستا ئەوەی لە بەغدا بە دەستیەوە دەناڵێنین هەموو ئێمەی کورد، بزەبت ئێمە لێرە هاتووینە و لەسەر کچکەی تەشخیسمان کردووە، (صلاحیە الصرف بما لایزید 350 ملیون دینار) بۆ وەزیر ئەوە هەر هیچ نیە، من موهەندس بوومە لە مەوقع سەلاحیاتی سەرف کردنی پارەی لە مەشروع لەوە زیاتر بووە، برادەران ئەگەر ئێمە بمانەوێ وەزیری ئیستسمار خوتەی خۆی تەنفیز بکات نابێ ئەو سیاسەتەی لەگەڵ بەکاربێنین، ئەوەی دووەم/ ثالثا: التقید بالاعتمادات المخصصة فی الموازنة العامة) ئەمن لەگەڵ تۆمە ئەو پارەیە بە وەخت دێ و بە تەوقیتەکی موعەیەن دێت، بە من بێ مانگانە ئێمە بە وەزیر بڵێین ئەوەندە بۆهاتە سەر حسابی، دەستت کراوە بێ با سەرف بکەی، بۆیە ئەوەی کە لە بەغدا ئێمە موعاناتی پێ دەکەین حەق نیە ئێمە لێرە تیکراری بکەینەوە و ئێمەش بە دەستی بناڵێنین لە مەشاریعی ئیستسماری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە قسەم لەسەر بڕگەی 4 کە بۆ وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار هەیە کە دەسەڵاتی سەرف کردنی داهاتەکانی هەبێ، داهاتی شارەوانیەکان ڕاستەوخۆ، پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ بە تەنها وەزیری شارەوانی و تەبریرەکە چیە؟ ئێمە ئەو ڕۆژە باسمان کرد لێرە باسی ئەوەمان کرد لە یاسای ژمارە 6 ی ساڵی 1993 لە ماددەی 42 وەلەو کاک عونی لە دەرەوە پێی گوتم کە تەعدیلەکە کراوە، بەس تەعدیلەکە هیوادارم لێرە بۆمان بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێ لەسەر ئەو تەعدیلەی کە دەسەڵاتی داوە بە وەزارەتی شارەوانی توانای ئەوەی کە داهاتەکانیان بۆ خۆیان بێ، بەڕاستی باسی مەوزوعێکی تریش کرا ئەو ڕۆژە، لێرە باس کرا، لیژنەی یاسایی گوتیان ئەنجومەنەکان ئەنجومەنی شارەوانیەکان کە ئێستا هەموومان دەزانین هیچ دەسەڵاتێکیان نیە و تەواو پەراوێز خراون و مودەی هەڵبژاردنیان دەمێکی بەسەرداچووە، ئەوەی سەیر بوو لێرە گوتیان دەسەڵاتی دانانی موازەنەی خۆیانیان هەیە کە ئەمە لە ڕاستی دا وانیە، یەعنی ئەوە کە بزانێ و لەسەر ئەرزی واقع علاقەیەکی هەبێ لەگەڵ ئەو ئەنجومەنانە دەزانێ کە

وا نیە، ئەگەر ئەمە واش بێ و ئەگەر ئێمە دەعمی ئەو ئەنجومەنانە بکەین کە ئێستا هەن و واقعێکن ئەبێ ئەمە لابەیەن بەڕاستی و بیکەین (للبلدیات یان لمجالس البلدیات) بۆ ئەوەی ئێمە پشتیوانی ئەو مەبدەئە بکەین کە مەبدەئی لامەرکەزیەتە کە یاسای شارەوانیەکان خۆیان ڕێگەیان پێداوە و تەبریرێکیش بووە بە بەردەوامی کە ئێمە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو قسەمان لەسەر داهاتی شارەوانیەکان کردووە و گوتوویانە بۆ ئەوەیە کە شارەوانیەکان دەعمی خۆیانیان هەبێ و بتوانن پرۆژەکانی خۆیان بکەن، یەعنی ئەگەر مەهما کان بمێنێتەوە دەبێ بڵێین (لمجالس البلدیات أو للبلدیات) بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دەسەڵاتێکیان هەبێ و پارەیەکیان لەبەردەست دابێ کە بتوانن ئیشەکانی خۆیان پێ بەڕێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ بڕیارمان دا ڕۆژی خۆشەویستی بێ، پێشنیارەکان هەمووی ڕەفز نەکرێتەوە، وەڵڵا من تەئکید لەسەر ئەو خاڵانە دەکەمەوە کە ئاهەنگ خان باسی کرد، دوێنێ گفتوگۆمان کرد لەسەر ئەم مەسەلەی مەرکەزیەتە و باشتر کردنی بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ ئەدای بەهێزتر بێ، بەڕاستی ئەوە گرفتێکی زۆرە، ئەگەر تەماشاش بکەین هەر لەو پێناوە لە 4 باسی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەکا و باسی سەرف کردنی ڕاستەوخۆی هەیە، خۆی ئەمە لەپێناوی چیە؟ لە پێناوی دەست کردنەوەیەتی بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو پرۆژە و بەرنامەی هەیە بە باشتر جێ بەجێ ی بکات، ئەی بۆ تەندروستی وا نەبێ؟ ئەی بۆ کارەبا وانەبێ؟ یەعنی ئەم تایبەتمەندیە چیە؟ بەلای منەوە و پێشنیار دەکەم وەزیر ئەو تەخسیسەی کە بۆی کراوە، مانای ئەوە نیە ڕۆڵی وەزارەتی دارایی نامێنێ لە تەعلیمات و لە ڕێنمایی، لە تەرخان کردنی پارە، وەکو ئەو قاسەیەی کە هەیە، بەڵام ئەو تەخسیسەی بۆ ئەو وەزارەتە و بۆ ساڵێك دانراوە وەزیر بە پێی ئەو تەعلیماتە حەقی خەرج کردنی هەیە، دیاری کراو نیە، بە پێی پێویستی، چونکە دیاری کردنی بە مانای دەستگرتنی سەرەڕای ئەوەی من جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە نەك توانای 350 ی نیە، دڵنیاتان دەکەمەوە توانای یەك ملیۆن دیناریش سەرف کردنی نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جگە لەوەی کە هاوڕێیان باسیان کرد، کە پشتگیریان دەکەم هەر لە لامەرکەزیەتی سەرفی داراییەوە تا مەرکەزیەت لە داهاتەکان، ئەو پرسیارەم لا دروست بووەتەوە بۆچی وەزیری شارەوانی بە تەنیا لێرە ناوی هاتووە، وەزارەتەکانی تر کە داهاتەکانیان بۆ خۆیانە و ناویان نەهاتووە، ساڵی پار ئەم بڕگەیە وا تێ ئەگەم

نەبووە ساڵی پار، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر مەبەستمان بۆ لامەرکەزیەتە داهاتی شارەوانی هەر پارێزگایەك بۆ پارێزگاکەی خۆی بێ، بۆ ئەوەی بۆ پارێزگاکەی خۆی بێ، ئەو مەبدەئی لامەرکەزیەتەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ڕوونی کردەوە کە داهاتی شارەوانیەکان بۆ مەبدەئی لامەرکەزیەت بێ، بەڵام لێرە لامەرکەزیەت نیە، مەرکەزی کردنەوەیە لە چوارچێوەی وەزارەت، بۆ ئەوەی ئەو ڕوونکردنەوانەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان جێ بگرێ کەلامەرکەزیەت بێ، پێموایە ئەو دەسەڵاتە بە سەرۆکی شارەوانی پارێزگاکان بدرێ بە ئاگاداری ئەنجومەنی پارێزگاکان یان ئەنجومەنی شارەوانیەکان بۆ سەرف کردنەوەی داهاتەکانی خۆی دیاریش بکرێ بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، نەك بۆ بەخشین و هەدیە دان و سەفەر کردن، بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکان تەحدید بکرێ، ئەمە لامەرکەزی دەچەسپێنێ، بۆیە بە تەنیا ناوی وەزارەتی شارەوانی هاتووە، پێموایە وەزارەتەکانی دیکەش سەرفی ڕاستەوخۆیان هەیە یان ناویان بێ، یان لێرە ئەگەر مەسەلە مەبدەئی لامەرکەزیەتە بۆ شارەوانیەکان وبۆ پارێزگاکان لە چوارچێوەی پارێزگای خۆی بێ ئەو داهاتە لە چوارچێوەی شارەوانیەکان و پارێزگاکەی خۆی بێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیەوە منیش لەگەڵ ڕای ئەو برادەرانەم کە لێرەدا دەسەڵاتی قەید دانراوە لەسەر وەزارەتەکان بۆ ئەوەی چۆنیەتی سەرف کردنی پارە، بە بڕوای من ئەو مەبلەغە هەر نەنووسرێ، چونکە تۆ لێرەدا وەزارەتەکان ڕووبەڕووی کێشەی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان دەکەیتەوە، وەڵامیش بۆ ئەمە لە بڕگەی 4 دا هەر خۆی وەزارەت لە پرۆژە یاسایەکەدا وەڵامی ئەمەی داوەتەوە کە تۆ قەید دادەنێی لەڕاپەڕاندنی کارەکانی وەزارەتەکان تەنها وەزیری شارەوانی ئیستسنا کراوە، کەواتە ئەمە خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویستە وەزارەتەکان دەست کراوە بن لەسەرف کردنی، بەڵام لە چی لە زمنی ئەم موازەنەیەی کەتەخسیس کراوە بۆ وەزارەتەکە خۆی، نەك دانانی مەبلەغێك و تۆ قەیدی بکەی تەنها بەو مەبلەغەوە، بۆیە پێویستە ئەم دەسەڵاتە شۆڕببێتەوە بۆ خوارەوە و بۆ سەرجەمیان بە تایبەت وەزیرەکان لە زمنی موازەنەی خۆیان بتوانن سەڵاحیەتی سەرفی تەواویان هەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەیە لەسەر بڕگەی 4 ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە وەزیری شارەوانی، ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە نەبێ کە داهاتەکە بۆ خۆیەتی ئەو وەزارەتە، ئەوا وەزارەتی تەندروستیش داهاتەکە بۆ خۆیەتی،

لەبەرئەوە ئەویش لەسەر ئەو بنەمایە دەبێ ئەو دەسەڵاتەی هەبێ، ئەوەیان پێشنیارە، بەڵام پرسیارێکیشم هەیە، ئەوە چەند ساڵە کە ئێمە لە پرۆژە یاسای بودجە ئەوە تەسبیت دەکەین کە سەرۆکی فەرمانگەکان دەسەڵاتی 250 ملیۆنیان هەبێ، بەڵام ڕێنماییەکیش هەیە لە حکومەت کە هەر بڕە پارەیەك سەرف کردنی لە 50 ملیۆن زیاتر بێ، لە پرۆژە یاسای بودجەش ئەوە دانراوە کە هەموو ساڵێك ئەو بڕگەیە دانراوە کە سەرۆکی فەرمانگەکان دەسەڵاتی سەرف کردنی 250 ملیۆنیان هەیە، بەڵام لە حکومەت ڕێنماییەك هەیە کە سەرف کردنی هەر بڕە پارەیەك 50 ملیۆن زیاتر بێ دەبێ بکرێتە گرێبەست کە لە پارێزگا گرێبەستەکە دەکرێ، جا کێشەکە ئەوەیە کە هەموو فەرمانگەکان پێویستە گرێبەستەکانیان بچێتەوە پارێزگا، یەعنی ئەمە کێشەیەکی دروست کردووە، تەنانەت لە وەزارەتی تەندروستی بۆ کڕینی دەرمانیش گرێبەستەکە هەر دەبێ بچێتەوە پارێزگا، ئێ باشە پارێزگا حەقی چیە بە کڕینی دەرمانەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، ئایا بە فیعلی ئەو دەسەڵاتەی کە ئێوە لەو ماددەیە داتان ناوە لە ساڵانی ڕابردوو مومارەسە کراوە لەلایەن ئەو لایەنانەوە؟ چونکە هەروەکو ئەوەی د.ڕێباز باسی کرد ئەگەر لە 50 ملیۆن دینار زیاتر بێ، ئەوان سەڵاحیەتی سەرفی ڕاستەوخۆیان نیە ودەبێ ئیعلانی بکەن، بۆ هەر پرۆژەیەك کە لە 50 ملیۆن دینار زیاتر بێ، پرسیارێکی دیکەشم ئەوەیە، ئێوە دەسەڵاتتان داوە بە وەزیر و سەرۆکی فەرمانگەکان کە بە وەزارەتەوە لکاون یان نەلکاون، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینیش هەیە، ئایا ئەوانیش دەسەڵاتی سەرف کردنی ئەو مەبلەغەیان هەیە، چونکە ئەوانیش لەخوار وەزیرەوەن، بە پلەی بریکاری وەزیریان هەیە ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، بۆیە ئەگەر ئەو دەسەڵاتەتان داوە بە ئەوان بۆچی لەناو ماددەکە بوونی نیە، ئەگەر نەتان داوە پێیان، بۆچی ئەو دەسەڵاتەیان نیە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاسی لیستی کوردستانی دەکەین بۆ ئەو گوڵە، بەڵام حەز دەکەم لێرە ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەگەر وەکو کەلیمەی ڤالانتاین بێ ئێمە بەڕاستی وەکو ئیسلامی ڤالانتاینمان پێ جائیز نیە و حەرامە، بەڵام وەکو خۆشەویستی و دۆستی ئێمە هەموو دەم لەگەڵ ئەوە داین سوپاسیان دەکەین و ئامادەین بۆ وەرگرتن و

ئامادەین گوڵیشیان بدەینێ بە بەردەوام، هیوادارم ئەو گوڵ بەخشینە ببێتە مایەی سازان و پێکەوەژیانێکی بەردەوام لە کوردستان، بتوانین هەموو بە یەکەوە وەکو گوڵ بژین انشاللە، سەبارەت بە بڕگەی 4 منیش ئەم تێبینیەم هەیە، تێبینیەکەی من ئەوەیە من پشتیوانی لە ئەم بڕگەیە دەکەم کە دەسەڵات دراوە بە وەزیری شارەوانی، بەڵام پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە بۆچی ئەم دەسەڵاتە کە مادام هەندێ وەزارەتی تریشمان هەیە وەکو تەندروستی و کارەبا و ناوخۆ، ئەم دەسەڵاتەیان نەدرێتێ؟، یان بۆ ئەوان دیاری نەکراوە، ئەگەر دەسەڵاتیان هەیە بۆ دیاری نەکراوە؟، ئەگەر دەسەڵاتیان نیە کەواتە ئەم پارەیەی کە بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە چ تەئسیرێکی هەیە لەسەر وەزعی گۆڕانکاری لە وەزارەتەکەیان؟، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی تەندروستی و کارەبا و ناوخۆش بە هەمان شێوەی وەزارەتی شارەوانی لێرە دەرج بکرێ و دەسەڵاتی سەرف کردنیان هەبێ لە چوارچێوەی وەزارەتەکەی خۆیاندا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاک حەمە سعید فەرموو.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەم ماددەیە بە تایبەتی بڕگەی 4 من چەند مولاحەزەیەکی خێرام هەیە، ئێمە هەموومان تەئکید دەکەینەوە لەسەر مەبدەئی لامەرکەزیەت، کە لامەرکەزیەت شتێکی باشە، خاڵی یەکەم، من پێموایە دەبێت کۆمەڵێك تەفاسیلی تیا بێ، خاڵێکیان ئەوەیە کە بەڕاستی وەزارەتەکانی تریش بێت، بە تایبەتی هەندێك وەزارەت هەیە کە پێویست دەکات وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وکارەبا و تەندروستی و کۆمەڵێ وەزارەتن پێویست دەکات ئەگەر عامی بکەین، پێموایە باشترە، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەو واریداتەی کە دێتە وەزارەتەوە، من پرسیار لە جەنابی وەزیری دارایی دەکەم، کە دێت ئایا ئەم واریداتە نابێ تەدقیق بکرێ؟، بۆیە بە لیستێك واریداتەکە دیاری بکرێ، دواتر سەرفەکەی لە زمنی ئەو واریداتە بێ، بۆ ئەوەی دیار بێ، حەتمەن دەزانم نیزامی محاسەبە و حسابات هەیە، بەڵام واریداتەکە وابێ وەزارەتی دارایی پێی بزانێ و بنێردرێ بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمانیش، چونکە وەزیرێك چەندێك مەفتوح بێ لەبەردەستیا ئەو کاتە هەمووومان دەزانین لە نیزامی موئەسەساتیش دا ڕەئیسی موئەسەسە سەڵاحیەتی هەیە دوای ئەو سەڵاحیەتە دەبێ سەڵاحیەتی ببێ بە سەڵاحیەتی دەستەجەمعی، بۆیە من تەئکید دەکەمەوە ئەگەر بکرێ وەزارەت بێ، یەعنی وەزیر ڕاستە سەڵاحیەت لە وەزیر نابڕم، بەڵام دەستەجەمعی لیژنە بێ، مەسەلەن هەیئەیەك لە وەزارەت بێ، سنووری وەزیر دیاری بێ، بۆ نموونە ئەگەر ملیارێ دینار واریداتی بوو، ئایا

وەزیرێك سەڵاحیەتی هەیە هەمووی سەرف بكات؟ ئەوە پرسیارەكەمە و هەندێكی پرسیار بوو و هەندێكی پێشنیار بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لە پێشەوە دەمەوێ ئەوە باس بكەم كە لەم بڕگەیە وەزارەتی شارەوانی هات بە ئیعتبار وەزارەتی شارەوانی خۆی یاسایەكی تایبەتی هەیە، ئەویش یاسای ڕەقەم 6، بەڵام ئەوەی كە ئێستا ئێمە لەسەر ئەو داواكاریانە و ئەو پێشنیارانەی كە ئێستا كرا، ئێمە هیچ مانعێكمان نیە وەزارەتی سحە و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی كارەبا و ئەمانە كە دەرج بكرێ بە هەمان شێوە، بەڵام دەبێ هەموو لایەك ئەوە بزانن دەبێ لە زمنی ئیعتماداتی موخەسەس سەرف بكرێ، لە هەمان كاتدا دەبێ تەخسیس هەبێ، تەخسیس نابێت 1500 وەحدەی حسابی هەیە، بۆ هەر حاڵەتێك 350 ملیۆن دینار سەحب دەكات، ئەگەر ڕۆژێك 5 حاڵەتی بوێت، چەندەها حاڵەت لە حكومەت دا دروست دەبێ، ئایا ئەو نەقدیەی كە بە قست دێ بۆ ئێمە، بەشی ئەوە دەكات؟ دەبێ ئێمە ئەمانە هەمووی بە نەزەری ئیعتبار وەربگرین، بۆیە ئێمە حكومەتی هەرێم ئەو تەعلیماتەی دەركردووە و ئەو دەسەڵاتەی داوە بەهەموو وەزارەتەكان دەڵێ لە زمنی تەخسیسی خۆتان دا ئێوە دەتوانن سەرف بكەن، دابەزیوە ئەو دەسەڵاتە، هەندێ جار باس لەوە دەكرێ دەڵێن وەزیری دارایی دەسەڵات بدات، جارێ حەز دەكەم جەنابتان بزانن موخەوەل لەهو ناتوانێ تەخویل بكات، ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ تەخویل بكات، چونكە ئەو ساحبی دەسەڵاتی ئەسڵیە، لەبەرئەوە من تەنها لە زمنی ئەو دەسەڵاتانەی كە بۆم دیاری كراوە لەناو قانونی موازەنەدا دەتوانم ئیشی خۆم بكەم، بە نیسبەتی ئەوەی كە باسی 50 ملیۆن زیاتر بێ، بەڵێ لە 50 ملیۆن زیاتر بێ دەڕواتە موحافەزە و بە تەندەرین دەكرێ و ئەمە كراوە هەتاوەكو ئێستاش كارمان پێی كردووە، لە عەینی وەخت دەبێ ئێمە ئاگامان لەوە هەبێ شروتی عامەی مقاولات هەیە كە تیایدا دەست نیشانی كردووە ئیشەكان چۆن دەكرێن، یەعنی هەندێ شت هەیە لە دەسەڵاتی وزارەتی دارایی نیە، ئیللا دەبێ بە ئیعلان و بە تەندەرین، یەعنی ئەمە قانون وای كردووە، دەبێ شروتی عامەی موناقەسات ئەبێ جێ بەجێ بكرێ، بە نیسبەتی ئەوە حەز دەكەم جەنابتان بزانن هیچ موستەنەدێك ناكرێ و سەرف ناكرێ، ئەگەر مونەزیم و مودەقیق و محاسب و مودیری حسابات و ئامر بسرەف ئیمزای لەسەر نەكات، هەروەها بە نیسبەتی داهاتیشەوە، هیچ داهاتێك وەرناگیرێت ئەگەر سەرچاوەكەی دیاری نەكرێت، ئەگەر تەدقیق نەكرێت، ئەمانە هەمووی بە قیود داخڵ دەكرێ، چەندەها سجل هەیە دەچێتە ناو ئەو سجلاتانەوە، سجلی سەندوق هەیە، سجلی موحاسەبە هەیە، ئەنواع و ئەشكال لەو بابەتانە سجل هەیە، تەسجیل دەكرێ و مەعلوم دەبێ، بۆیە ئێمە لاریمان نیە، ئەگەر ئەو وەزارەتانەش داخل بكرێت لەگەڵ وەزیری شارەوانی، بە نیسبەتی ئیداراتەوە، كە دەڵێن ئیدارات دەسەڵاتی پێ دراوە یان

**نا، ئەوەی من مەعلوماتم هەبێ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو دەسەڵاتانەش دابەزیوە و نوسخەش دراوە بە ئێمە، بەڵام ئیتر ئەوان خۆیان دەزانن لە زمنی ئیمکانیەتی خۆیان ئەوان پێموایە ئەوان لە هەموو لایەکەوە دەسەڵاتی محافزیان هەیە بۆ سەرف کردن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئاهەنگ خان فەرموو.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دەمەوێ تەوزیحەك بۆ جەنابی ئەندامانی پەرلەمان بدەم، بە نیسبەت سەلاحیاتی وەزیری شارەوانی، من خۆم ئەگەر تەکلیفی وەزارەتی شارەوانیم لێ بکەن ئەگەر ئەو سەلاحیەتەم نەدەنێ ئەو ئیشە ناکەم، بەڕێزان وەزارەتی شارەوانی وەزارەتێك نیە بە تەنیا مەشاریع تەنفیز بکات، وەزارەتەکە تەماسی بە حەیاتی هەموو فەردەك هەیە، ئەوە فەیەزانە، ئەوە ئالیاتە، ئەوە رەفعی تەجاوزە، ئەوە ئیش کردنە، ئەوە مەشاریعە، ئیمکانی نیە ئەو سەلاحیەتەی نەبێ وەزیر بتوانێ ئیش بکات، بۆیە تکایە دەستکاری سەلاحیاتی وەزیری شارەوانی مەکەن با ئیشەکەی خۆی بکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**شلێر خان فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ یەکەم جارە ئەو دەسەڵاتە دەدرێ بە وەزیری شارەوانی، لەبەرئەوەی موعاناتێکی زۆری هەیە، بۆ نموونە چەندجار لە لیژنە بووە و بە ئێمەی وتووە، وتوویەتی چوومەتە (وارماوە) مدیری شارەوانیەکە پێم دەڵێ من ئەوەندە پارەی واریداتم هەیە و ناتوانێ مەنهۆڵێك بگۆڕێ، لەبەرئەوە ئەوەی کە ئاهەنگ خان فیعلەن ئێمە لە شارەوانی دا ئیشمان کردووە، با شتێ بکەین دەشتخۆشی لە خۆمان بکەین کە ئێمە بەڕاستی ئەو دەسەڵاتە بدەین بە وەزیری شارەوانی، فیعلەن ئەو وەزیرە ئەگەر وابێ وەڵلاهی هەر ئیشەکەی نەکات باشترە، ئەگەر ئێمە ئەوەندە ڕێگری لێ بکەین، چونکە ژیان وایە هەمووتان دەڵێن نابێ، بۆچی بە تەنیا، دەبێ ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە وەزیری شارەوانی و ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت بڕگەی 4ی ئەم ماددەیە کە باسی لەسەر دەکەن ئەندامە بەڕێزەکان کە گوایە ئەو سەلاحیەتە تەنیا خاسە بە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ سەرف، ئێمە لە ماددەی 2 ئەگەر بگەڕێینەوە لە**

برِگەی 1 دا ئیستسنا چەند وەزارەتێك كراوە لە ئیراداتی دەوڵەتی مەركەزی، یەكێ لەوانە وەزارەتی سحە، وەزارەتی كارەبا، وەزارەتی ناوخۆ، بەو نیسبەتەی كە بۆی تەحدید كرابوو لە غەرامات و رسوم و رسومی تەسجیل كە دەكاتە 50٪ بە گوێرەی ماددەی 11ی قانونی شەریكەی تەئمین، دواتر لە برِگەی 4ی هەمان مادده باس لە سەلاحیەتی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار كراوە بەخاس سەلاحیەتی دراوەتێ، كە دەڵێ (مع مراعات أحكام المادە 42 من قانون ادارە البلديات لاقليم كوردستان المعدل) بە واتا دەستی وەزیری شارەوانی والایە، نەگیراوە، ئەم ماددەیەش دەنگی لەسەردراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەو موفتەرەحانەی ئەو بەرِێزانە ئاهەنگ خان وكاك كاردۆ وكاك سەرهەنگ و كاك رِێباز، كۆمەڵێك برادەری تر پێشكەشیان كرد، ئێمەش پێمان باشە وەكو لیژنەی یاسایی و وەكو لیژنەی دارایی لەگەڵ فەقەرەی 4 بە ئیزافەی وەزیری بەلەدیات، ئەو وەزارەتانەی تر بەم شێوەیەی خوارەوە ئیزافە بكەین، ئەوە جەنابی وەزیر و حكومەتیش رِایان لەسەریەتی و نكوڵیان لێی نیە، ئەو فەقەرەی 4 بەم شێوەی خوارەوە سیاغە بكەینەوە، (لوزراء البلديات والسياحة والكهرباء والصحة و وزارة الداخلية، بالنسبة المحددة فی الفقرة 2 و 3 من المادة الثانية من هذا القانون صلاحية الصرف ضمن الاعتمادات المخصصة لها).

**بەرِێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەرِێز دڵشاد حسین:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست دەكەم لەو وەلامانە لێك تێ نەگەیشتنێك هەبوو، ئەویش ئەوەیە كەس داوای نەكرد ئەم سەلاحیەتە كە بە پێی یاسا داهاتەكانیان بۆ خۆیانە، ئێمە داوای لامەركەزیەتمان كرد بۆ ئەم سەلاحیەتە، داهاتی شارەوانی پارێزگای سلێمانی و داهاتی شارەوانی پارێزگای دهۆك بۆ دەزگای دهۆك، داهاتی شارەوانی پارێزگای هەولێر بۆ پارێزگای هەولێر، مەبەستم ئەوەیە بۆ جێ بەجێ كردنی مەبدەئی لامەركەزیەت، ئەبێ ئەمەی بۆ زیاد بكرێ لە چوارچێوەی پارێزگاكەی خۆیدا، چۆن لە زۆر شوێنی دیكە ئەو موستەڵەحە هاتووە، لە چوارچێوەی پارێزگاكەی خۆی دا، بەڵێ لە شارەوانیەكەی خۆیدا یان لە چوارچێوەی شارەوانیەكەی دا، یەعنی ئەوەی بۆی زیاد بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەرِێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك بلال فەرموو.

**بەرِێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا هەست دەكەم تێ نەگەیشتنێك هەبێ لە ئەندامانی بەرِێز كە هەستان لەسەر برِگەی 4 قسەیان كرد، من خۆم یەكەم وشەم ئەوە بوو كە پشتیوانی لە ماددەكە دەكەم، بەلام ئەو وەزارەتانەش كە مادام بە پێی یاسا

داهاتەکەیان بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە، با دەسەڵاتی سەرفیان هەبێ، یەعنی فراوانتر بکرێ نەك ئێمە پێمان وابێ وەزارەتی شارەوانی ئەومافەی نەبێ، بە عەکسەوە ئەوە باشترین پشتیوانە، ئەگەر زیاتریش نەبێ هەر پێمان باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئەوەی شارەوانی من ئەسڵەن نازانم کێ وتی با لابرێ، ئەو موداخەلانەی ئەو برادەرانە لەسەر چ ئەساسێ بوو، مەوزوعەکە ئەوەیە دەسەڵات بدرێتە خوارەوە، یەعنی ئێمە بڵێین (للبلديات) بەڕێزان خۆ مەسەلەن باسی ئەوەکرا وەزیری شارەوانی مەسەلەن چووەتە وارماوە، خۆ هەموو ڕۆژێ وەزیری شارەوانی ناچێتە وارماوە، شارەوانیەك هەیە لە وارماوە موشکلیەی هەیە، سەری مەنهۆڵێك مەسەلەن ئەوەی کەباسیان کرد برادەران، ئەی نابێ دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ چاکی بکات، ئەبێ بینێرێتەوە بۆ شارەوانیەکان، شارەوانیەکان بینێرێتەوە بۆ وەزارەت، وەزیر موافەقەی لەسەر بکات ئەمجا بڕواتەوە، خۆ موشکیلەکە ئەمەیە، ئێمە دەڵێین با ئەو دەسەڵاتە بدرێتەوە بۆ خودی شارەوانیەکان و لێرە تەسبیتی بکەینە ناو قانونەکە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆتینیاتە نەهێڵێ بتوانێ تەعامول لەگەڵ مەنتیقەکەی خۆیدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەم بڕگەیەدا بۆیە وەزارەتی شارەوانی بە جیا دانراوە، لەبەرئەوەی تەماسی موباشری هەیە لەگەڵ خەڵك دا شارەوانیەکان واریداتیان هەیە، بەڵام حەقی سەرف کردن لەو واریداتە بەحەدێکە کە ئەگەر هاتو لەمەنتیقەیەکی وەکو پێنجوین بەفرێکی زۆر ببارێ تایەی شۆفڵێك لە شۆفڵەکانی بەلەدیە خراپ بووبێ ناتوانێ ئەو بەلەدیەیە ئەو تایەیە بکڕێتەوە، ئیللا دەبێ بەمەراجع بگەڕێتەوە هەتا ئەگاتەوە وەزارەتی دارایی، هەتا ئەگاتە وەزارەتی دارایی، بۆیە بە پێی ئەوەی کە یاسای بەلەدیات خۆی یاسایەکی جیای هەیە، بیرمان نەچێتەوە سەلاحیەتی سەرفی واریداتی وەزارەتی سحە و وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەو وەزارەتانەی تر ئێمە لەناو ئەم قانونەیا جێ بەجێمان کردووە و دامان ناوە، بەڵام هی شارەوانی جیایە، بۆیە داوادەکەم هی شارەوانی بە تاقی تەنیا بێ، چونکە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێز ئەنـدامانی پەرلـەمان، مـەوزوعی وەزارەتـی شـارەوانی، مـەوزوعی وەزارەتـەکانی تـر فـەرقی هەیـە، وەزارەتـی شـارەوانی بـە پێـی یاسـاکەی نەشنووسـین هـەر دەسـەڵاتی خۆیـەتی و دەتـوانێ بیداتـە لەخۆشـی خـواتر، وەزارەتـەکانی تـر ئیحتمـالی هەیـە سـبەی و دوو سـبەی وەزعـی داراییمـان بـاش بـێ، ئەسـڵەن دەرج ناکرێتەوە بۆیان، بەس تـەنها وەزارەتی شـارەوانی ئـەو خسوسـیەتەی هەیـە، وەزارەتـەکانی تـر سـاڵانە نـوێ دەکرێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوەندە دەرج کراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، باسمان لەوە کرد کە وەزارەتـی شـارەوانی بەڕاسـتی خسوسـیەتی خـۆی هەیـە، تەعامول لەگەڵ خەدەمات وکاروباری ڕۆژانە دەکات، بۆ نموونە ئەم ماوەی ڕابـردوو مەسەلەی باران بـارین و لافاو ئـیتر هەنـدێ ڕووداوی نـەخوازراوی هێنایـە پێشـەوە، ئێمـە متابەعـەمان کـرد و پەیوەنـدیمان دەکـرد، لەڕاستی دا ئەم موشکیلەیان هەبوو وەزارەتی شارەوانی بۆ تەعامول لەگەڵ ئەو شتە خێرایانـە موشـکیلەیان هەبوو، باسی ئەوەش دەکەین کە با لامەرکەزی ئیداری بچەسپێنرێ، ئەی وا حکومـەت بـۆ خـۆی پێشـنیاری کردووە و ڕەچاوی ئەم خسوسیەتەی کردووە، دەیهـەوێ لامەرکـەزی ئیـداری فیعلـەن بچەسـپێنرێ، بـا ئێمـە دەنگی پێ بدەین و هەوڵ بدەین کـە ئـەم سـەڵاحیاتە بەشـێوەیەك بـێ کـە دەسـتی ئـەوان بکرێتـەوە و ئـەم خسوسـیەتەی کـە ئـەوانیش هەیانـە بپـارێزرێ، ماددەکـە بـۆ خـۆی ئـەوەی داوا کـردووە، بۆیـە پێویسـتە پشتیوانی لێ بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی سکرتێری پەرلەمان هەندەك تێبینی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەڕاستی با ئیتجاهی موناقەشات بەولایەنەدا نەچـن کامـە وەزارەت مەسـئولە لـە خـەدەمات زیـاتر لـە وەزاریـەکی تـر، بـا ناحیـەی قـانونی ئێمـە موناقەشـەی بکـەین، وەزعـی بەلـەدیات فەرقـە لەگـەڵ وەزعـی وەزارەتەکانی تر، هی بەلەدیات هەر بەلەدیەك میزانیـەی خـۆی تایبـەتی هەیـە، لـەژێر ئیشـرافی وەزیـری بەلەدیاتە، وەزارەتەکانی تر تەخسیساتی خۆیان هەیە لەناو میزانیەی عامی هەرێم لەژێر ئیشرافی وەزیری مالیەیە، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەمە سـەڵاحیاتی سـەرف بدەنـە وەزیـری سـحە و کارەبـا و نـاوخۆ، بـەڵام دەمجی نەکەن بە یەك فەقەرە، چونکە وەزعی قانونی هەردووکیان لێك جیاوازە، یەکێك بە حوکمی قـانون

سەلاحیاتی هەیە کە بەلەدیات میزانیاتی موستەقیلی هەیە، یەکێك تەخویل دەکرێت لە وەزیری مالیە یان لە مەجلسی وەزیر فلان، چونکە ئەسلەن سەلاحیاتی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری مالیە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی تەئیدی قسەکانی کاك سالم و سۆزان خان دەکەم و دوای ئەوە بە تەئکید کە ئەکیدی دەکەمەوە کە تەئید دەکەم 100٪ ئەو قسانەی جەنابی سکرتێری پەرلەمان وتی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو مولاحەزاتانەی کە وەرمان گرتووە و ئەو ڕوونکردنەوانەی کە لە جەنابی وەزیر و سکرتێرەوە وەرمان گرت، پێمان باشە بڕگەی 4 وەکو خۆی بمێنێتەوە دەستکاری سەلاحیەتی وەزیری شارەوانی نەکرێ، بە ئیشارەت لە ماددەی 2 دەنگمان لەسەری داوە بە گوێرەی قانونی بەلەدیات، تەخسیساتی خۆی هەیە، پێمان باشە بیکەینە فەقەرەی 5 و بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسین (لوزراء الصحة والكهرباء والداخلية ضمن النسبة المحددة لها في الفقرة 3 ثانيا من المادة 2 من هذا القانون صلاحية الصرف المباشر من مبلغ وارداتهم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی وەلامتان کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاکە لە ماددەکانی پێشووتر سەلاحیەتی سەرف لە دەست ........ .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ئەو تێبینیەی کاك سەرهەنگ چۆن معالەجەی دەکەن؟ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا لە ماددەی 2 دەنگی لەسەر دراوەو حەل بووە و کۆتایی پێ هاتووە، ئێستا ئەمە موقتەرەحێکی تازەیە، ئەم موقتەرەحە لەسەر تەڵەبی ئەندامانی بەڕێز و لەسەر تەوزیحەکەی جەنابی وەزیرەوە هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

باشه بەو شێوەیە ئەو ماددەیە، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له قانونی ئیدارەی بەلەدیات کە لە رەقەم 6 ساڵی 93 لە ماددەی 3 بڕگە لە 42 ەکە دوای ئەوەی ماددەی 3 ئەسڵەن دەسەڵاتی وەزیری شارەوانی لە مەوزوعی سەرف دا موقابلی وەزیری داراییە، کە بۆ واریداتی خۆی، ئەو زروفە ئەوەی تیا دەرچوو واریداتێکی نەبوو وەزارەتی شارەوانی لەوەی بە عام حکومەت، لەبەرئەوە دائیمەن وەزارەتی شارەوانی تایبەتمەندی خۆی هەبووە، یەکێك لەو شتانەی کە هەی بوو مەسەلەن موەزەف یان لە واریداتی خۆی ئەو کاتە، لەبەرئەوە دەسەڵاتێکی زۆری هەیە وەزیری شارەوانی، دوای ئەوە ئێمە بە ماددەی یەکەمی هەر ئەمە ئێمە دەڵێین دەسەڵات دابەزێنێت، تەبعەن وەزیری شارەوانی بەس بە نووسراوێك پێی دەڵێن ئێمە پێویستمان بەوەیە یەکسەر موافەقەتیان بۆ بکات، دەسەڵات دابەزیوەتە سەر سەرۆکی شارەوانیەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك لەسەر قسەکەی شلێر خان ئێمە دەڵێین لە ماددەی 2 لە فەقەرە یەك باس لەسەری کراوە و دەڵێ هەموو ئەو ئیراداتانە دەکرێتە ئیرادی مەرکەزی بۆ ئیستسنای ئەم دائیرانە، بیما فیها قانونی (مع مراعات قانون ادارات البلديات)، بە واتا ئەوەی لە ئیدارەی بەلەدیاتە دراوەتە دەست بەلەدیاتەکان بۆ خۆیان و سەڵاحیەتی سەرفی موباشریش ئا لێرە هاتووەتە دەست وەزیری بەلەدیە و سیاحە، هیچ ئەشکالێکی تیا نیە ئەمە بە نیسبەت وەزارەتی بەلەدیەوە تەنها موقتەرەحەکە حەسرە لەسەر ئەوەی کە دەسەڵاتی وەزارەتی سحە و داخلیە و کارەباش بدرێ، ئەوا ئێمە بە فەقەرەی 5 ئیزافەمان کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة السابعة عشرة:

أولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على (350.000.000) ثلاثمائة وخمسون مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا يزيد على (250.000.000) مائتان وخمسون مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد على (300.000.000) ثلاثمائة مليون دينار لكل حالة.

ثالثاً: يراعى في أولاً وثانياً أعلاه ما يلي:

1/ أن يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللأغراض المحددة لها.

2/ التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولا يجوز الدخول في التزامات مالية بما يزيد عما هو مخصص لها في الموازنة السنوية.

رابعاً: لوزير البلديات والسياحة صلاحية الصرف المباشر من مبالغ واردات البلديات.

خامسا: لوزراء الصحة والكهرباء والداخلية ضمن النسبة المحددة لها فى الفقرة 3 من ثانياً من المادة الثانية صلاحية الصرف المباشر من مبلغ وارداتهم.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئەو هەڵەیەی کە سیوەیل خان باسی کرد، المادة السابعة عشرة لە جیاتی المادة السابعة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشرة:

يجب أن لا يزيد مجموع المكافئات النقدية والعينية التي تدفع للموظفين عن مليوني دينار سنوياً للشخص الواحد ولنفس العمل وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة في حالة قيامهم ببذل جهود استثنائية أثناء تأدية الواجبات الوظيفية الملقاة على عاتقهم، ويستثنى من ذلك المكافئات الممنوحة للعاملين في المشاريع الاستثمارية من نسبة المتابعة والاشراف ومكافئات أعضاء مجالس البلديات التي تصرف لهم شهرياً. وفق تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەكەین ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ تێبینی هەیە؟ د.بشیر، گوڵێزار خان، مامۆستا عمر، عەزیمە خان، د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە كە باس لە موكافەئاتی موەزەفین دەكات، بەڵام ئەو موكافەئەیە دیارە موتڵەق نیـە موقەیـەدە، هەر لەماددەكەش بۆ خۆی تەقیدی كردووە و دەڵێ (فی حالـە قیـامهم ببـذل جهود اسـتثنائیة اثنـاء تأدیـە الواجبات الوظیفیة ) كەواتە لە حاڵـەتی ئەگـەر هـاتو فەرمانبـەرەكە یـان موەزەفەكـە جهـودێكی ئیـستسـنائی زیادی كرد، یان مەسەلەن دەوامێكی زیادی كرد، یان لە كاتێكی قیاسی دا ئیشەكانی خـۆی تـەواو كـرد، بۆیـە ئەوەی ئەمرۆ تەماشای دەكەین لە هەندێ لە فەرمانگەكان ئـەوەی كـە ئێمـە بەدواداچـوونمان بـۆی كـردووە مانگانە ئەمە دابەش دەكرێ بۆ سەر چەند فەرمانبەرێك بێ ئەوەی سەبەبی دابەش كردنەكـە دیـار بكـرێ، بۆیە من داوا دەكەم لە تەعلیمات و ڕێنماییـەكان دا ئـەوە زیـاد بكـرێ، كـاتێ كـە وەزیـر یـان كـەوا سـەرۆكی فەرمانگـە داوا دەكـات بـۆ ئــەو موەزەفانــە ســەرف بكــرێ، دەبــێ ســەبەبەكەش دیــاری بكــرێ، جهــودە ئیستسنائیەكە چیە كە بۆتە سەبەبی سەرفەكەی و؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 18 ئەو دوو ملیۆن دینارەی دەدرێت بە فەرمانبـەران سـاڵانە بـۆ یـەك كـەس كـە لێـرە دەڵێ هەڵسان بـە ڕەنجدانی ڕادەبـەدەر و جوهـدی ئیستسـنائی، ئایـا ئـەو جوهـدە ئیستسـنائیە چـۆن دیـاری دەكرێت و ڕێنمایی ئایا لەو بارەیەوە هەیە لە وەزارەت یان لە حكومەت؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پشتیوانی لـە ماددەكـە دەكـەم تێبینیەكـەم بەشـێكی مامۆسـتا بەشـیر ئامـاژەی پێـی كـرد، ئـەویش زۆرجار لەو حاڵەتانە مەیل و مەزاجی شەخسی و ئەوانە دەور دەبێنێ، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمـە یەكێكـە لەو دەرگایانەی كە ئەگەری گەندەڵی و ئەوانـەی تیـا واردە، بۆیـە مـن پێشـنیار دەكـەم لـە ئـەخیری دێرەكـە بنووسـرێ (وفـق معـاییر علمیـە وعادلـە) یـەعنی مـەعایرێك هـەبێ بـۆ ئەمـە، چیە كـە تـۆ نـاوی دەنێـی

(استثناءات) مەسەلەن جهودی ئیستیسنائی کێ تەحەکوم دەکات لەو مەسەلەیە؟، ئایا مەزاجی شەخسی یەکەمە؟، لیژنەیەکە چۆنە؟، عەلەل ئەقەل شتێك هەبێ بۆ ئەوەی وەزارەت بتوانێ بە پێی ئەو کەلیمەیە لە تەعلیمات دا ڕەچاوی ئەم حاڵەتە بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە ئەخیر دێڕی دا (فی حالة قیامهم ببذل جهود استثنائیة اثناء تأدیة الواجبات الوظیفیة الملقاة علی عاتقهم وفق معایر علمیة وعادلة) ئەو جوملەیەی بۆ زیاد بکرێ، داوا لە لیژنەی بەڕێزیش دەکەم ئەو کەلیمەی (نفس العمل) وەکو دوێنێ بیکەنە (للعمل نفسه)، چونکە ئەوە غەڵەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

عەزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر ئەم ماددەیە ئەم پاداشتە نەختینەییە بە ڕەئی من هەر نەمێنێت، چونکە بە حوکمی ئیش کردنی ئێمەو بەدواداچوونمان لەگەڵ فەرمانگەکان و وەزارەتەکاندا من گوێم لێ بووە، جاری واهەبووە وەزیر وتوویەتی ئەم بڕە پارەیە پاداشتە هیچ پێویستیەکی نیە لە وەزارەتەکان یان لە فەرمانگەکاندا دەدرێ، یەکێك لە دەرگاکان وەکو مامۆستا عمریش باسی کرد ئەگەری کردنەوەی ناعەدالەتی و بە میزاجی شەخسی فەرمانگەکە و هەروەها گەندەڵیشی تیا دروست دەبێت، بۆیە ئێمە دەبێ فەرمانبەرانی حکومەت لە وەزارەتەکان و لە دامودەزگاکان بە گیانی بەرپرسیاریەتیەوە بە سوپاس و پێزانین و بە بەرزکردنەوەی پلە و پاداشتەوە مەعنەویەوە ئێمە بتوانین هاوکاریان بکەین، نەك بە پاداشتێکی نەختینەیی کە جیاوازی و ناعەدالەتی لە نێوان فەرمانبەران و فەرمانگەکان دا ساردبوونەوەی هەندێ فەرمانبەر بکرێ لەناو فەرمانگەکاندا، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو 25 ملیارو 460 کە پاداشتی نەختینەیی کە 2 ملیۆن دینار بۆی هەیە فەرمانبەرێك لە ساڵێك دا وەری گرێ، من داواکارم ئەم بڕە پارەیە نەمێنێ، بەڵام ئەو موکافەئانەی کە بۆ هاتوچۆ، بۆ مەسرەفی دائیرەیە بەم شێوازەی تر بمێنێ، بەڵام بە پارەی نەختینە بێ و هیچ فەرمانبەرێك نەمێنێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ موکافەئات سیفەتی دەیمومەی نیە و نابێ سیفەتی دەیمومەشی هەبێ، لە هیچ وەزارەتێك و دائیرەیەك دا، قەت دیوانی رەقابەی مالی ئەگەر پێشی ئێستا تەدقیقی کردبێ ئەوەی قبوڵ نەکردووە، ئەم دوو ملیۆن دینارە، قەت شەرت نیە بدرێ بە هەموو موەزەفێك و تا ئێستا هەموو موزەفێك قەت وەری نەگرتووە، ڕەنگ هەیە ئەوەی کە جەنابتان باسی دەکەن، یەکێك عادلانە دەستی پێ نەکردبێ و ئیشەکەی

پـێ نـەکردبێ، بـەڵام زۆر کـەس لـە فەرمانبـەران پێویسـتیان بـەوە هەیـە پاداشـت بکـرێن لـە نەتیجـەی ئیشەکانیان، بۆیە من لێرە پێم باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە یەك، هەر لەم بابەدا حەز دەکەم شتێك بڵێم، چونکە نامەم بۆ دێت و داوام لێ دەکەن بـە نیسبەتی ماموٚسـتایانی ئایینیـەوە ئێمـە بەڕاسـتی وەختـی خـۆی کـە هـاتووە کتابەکـە موافەقـەتمان لەسـەری کـردووە، وەکـو وەزارەتـی مالیـە بـە پێـی ئـەو دەسەڵاتەی کە دراوە پێمان، چونکە ئەو موخەسەساتە، ئەوەی کە دانراوە بۆیـان لـە بەغـدا وایـە ئـەوەی لـە بەغدا وابێ، موخەسەسات بێ وەیاخود مووچە بێ، ئێمە بە پێی قانونەکە وەکو بەغـدای لێ دەکـەین، بۆیـە حکومەت موافقە لەسەر پێدانی ئەوە، بەڵێ بڕیارە بە نیسبەتی ئێمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەکو لیژنە هیچمان نیە، هینەکانیش تەسـنیە نـەکران لەسـەر یـەکتری، بۆیـە ناچارین بخرێتـە دەنگدانیش، بۆیە هەروەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە.

المادة الثامنة عشرة:

يجب أن لا يزيد مجموع المكافئات النقدية والعينية التي تدفع للموظفين عـن مليـوني دينـار سـنوياً للشـخص الواحد وللعمل نفسه وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصـة في حالـة قيـامهم ببـذل جهـود اسـتثنائية أثناء تأدية الواجبات الوظيفية الملقاة على عاتقهم، ويستثنى من ذلك المكافئات الممنوحة للعـاملين في المشـاريع الاستثمارية من نسـبة المتابعـة والاشـراف ومكافئـات أعضـاء مجـالس البلـديات الـتي تصـرف لهـم شـهرياً. وفـق تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنـگ پەسـەند کـرا، بـۆ ماددەیـەکی تر کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**(الملاكات)**

المادة التاسعة عشرة:

أولاً: على وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى إعداد مفردات ملاكات هيئـات الاقلـيم للسـنة المالية 2013 والمصادقة عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للاقليم والبالغـة (15.000) خمسـة عشـر الـف درجة وظيفية مستحدثة لسنة 2013.

ثانياً: على الهيئات والوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك سنة 2013 على ملاك مؤسسات الاقليم والمحافظات حسب التعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين تطبيق قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم رقم (7) لسنة 2011.

ثالثاً: على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة الاعلان عن الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك 2013 على أن تكون آلية التعيين وشروطها موحدة ومعلنة في وقت واحد لحين تشكيل مجلس الخدمة العامة في الاقليم.

رابعاً: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة تزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين وأسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية الذين تم تعينهم حسب النسب المشار اليها أعلاه مع الأوامر الخاصة بالتعيين.

خامساً: لا يجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم إلا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد وتعطى الأولوية في التعيين للعقود النافذة وتحتسب فترة التعاقد خدمة لأغراض التقاعد ولوزير المالية والاقتصاد تخويل هذه الصلاحية الى الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة حسب الحاجة.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی دارایی؟ کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ هاوڕاز خان، زەکیە خان، کاک حەمە سعید، سەرگوڵ خان، ناسک خان، کاک حاجی بلال، کاک خلیل، کاک سالم، کاک جمال، هاژە خان، شلێر خان، د.بشیر، ژیان خان، کاک صباح، کاک فاضل، مامۆستا کاوە، نەسرین خان، سیوەیل خان، کاک نەریمان، مامۆستا فەرمان، عەزیمە خان، پەیام خان، کاک کاردۆ، پەیمان خان، د.احمد، کاک ئارام، کاک شێرزاد، کوێستان خان، کاک کاردۆ، هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتی میلاكاتە لە بەشی چوارەم بەڕاستی پێموایە تێبینی زۆری لەسەر بێ، لە بڕگەی یەكەم دا كە باسی 15 هەزار میلاكاتە، ئەمە بۆ ساڵانی دیش بە دووبارەیی گۆڕانكاری لەلایەن حكومەتەوە نازانم بە مەیل و مەزاج و بەهەرچی هۆكارێ بێ ناوی واستەكاریشی لێ بنێین پێموایە هەر دروستە، چونكە ئەوەی ئێمە لەناو كۆمەڵگا دەژین حەقیقەتمان لەناو كۆمەڵگا بینیوە كە ساڵانە گۆڕانكاری بەسەر ئەو میلاكاتانە دێت، من نازانم هەرچی كاتێك ئێمە لێرە زۆر داوا دەكەین داكۆكی لە وەزارەتێك دەكەین كە دەڵێین میلاكاتەكەی كەمە بە هیچ شێوەیەك ئاگادارنین، یان بڵێین قسەی ئێمە وەرناگیرێ، دواتر دەبینین گۆڕانكاری هاتووە، ئێمە بەڕاستی پێویستە لەو میلاكاتانە ئاگادار بین كەدواتر چەندی پەسەند دەكرێ و ئەوەی كە لێرە هاتووە ئایا هەر ئەوەیە، تەبعەن من دەڵێم هەر ئەوە نیە، گۆڕانكاری بەسەرداد‌ێت، لەبەرئەوە پێم باشە ئەگەر زیاد كردن دروست بوو بۆ وەزارەتێك پەرلەمانی لێ ئاگاداربكرێتەوە، خاڵێكی دی بەڕاستی ئێمە ساڵانە خانەنیشین كردنمان هەیە، ئەوانەی كە خانەنیشین دەكرێن، دیارە دەبێ ئەو لیژنەیەی كە باس دەكرێ و دادەمەزرێ بۆ ئەوەی دامەزراندن بكرێ، لەڕێگەی ئەو لیژنەوە پڕبكرێتەوە، نەك بۆ پەرلەمانیش وازح نیە، بەڕاستی ئەمانە چۆن جێگاكانیان پڕ دەكرێتەوە، ئەوە خاڵێكە بەڕاستی دەبێ حكومەت بەهەندی وەربگرێ، یەعنی جێگای ئەو كەسانەی كە خانەنیشین دەبن دەبێ بە شێوەیەك ئەو لیژنەیە و لەڕێگای ئەو لیژنەوە شوێنەكانیان پڕ بكرێتەوە، خاڵێكی دی نازانم ئێمە یاسای ئەنجومەنی ڕاژەمان بۆچی داناوە؟، ئەگەر قەرارە هەر جێ بەجێ نەكرێ، بەڕاستی وەزیری دارایی قسەیەكی كرد پێشتر لە زمنی قسەكانی وتی حكومەت هەنگاو دەنێ، یەعنی من نازانم حكومەت هەنگاو دەنێ چیە؟ ئەسڵەن دەبێ ئێمە بزانین و مەلموس بێ شتەكە لەلامان، حكومەت چی كردووە بۆ ئەوەی ئەم دەستەی نەزاهەی ئەنجومەنی ڕاژەیە دروست بێ؟، من پێموایە چونكە بەڕاستی شتم هەیە لەسەر ئەم بابەتە ئەو شێوە دامەزراندنەی كە ئەم چەند ساڵە كراوە بەڕاستی وەكو پێویست نەبووە و گلەیی و ناڕەزایی زۆری خەڵكی لێ كەوتووەتەوە، یەعنی ئەوەتانێ خۆمان بینیمان لە چەند شوێنێك دا خەڵك ناویان هاتووە و پاشتر ناوەكانیان لابردراوە و خەڵكی تر لە شوێنی ئەواندا دانراوە، لەبەرئەوە زۆر زەرورە ئەو ئەنجومەنی ڕاژەیە دەست بەكاربێ و حكومەت ئەگەر گلەیی لەو یاسایانەیە كە پەرلەمان دەری ناكات، بەڕاستی دەبێ پەرلەمانیش زەخت لەسەر ئەوە بكات كە حكومەت ئەم ئەنجومەنی ڕاژەیە دابنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دكەم كو لڤێ دركێ بڕگەكا دی بهێتە زیاد كرن بۆ وان فەرمانبەرێت یەت كو عەقدن كو بەستن، چونكو بەڕاستی ئەگەر ئەم بهێین سەح كەینێ چەند فەرمانبەرێت یەت گرێبەست زێدەنە مە هەندەك

کەسێت هەین کو مقابلێ وی مستەحەقن تەقاعودێ ژی و هەتا وێ گاڤێ نەهاتینە تەقاعود کرن، ئەگەر ئەم بهێین پۆلینەکی بکەین بۆ وان فەرمانبەران، یان گرێبەستا ئەوژی سێ سالا زێدەتر بیت مودەیێ گرێبەستا وی بهێتن شوینا وان تێنە تەقاعود کرن بهێتە دانان یەکسەر بهێتە دانان کو بچیتن کە ڕکابەریا ئەوێ پرۆسا دامەزارندنێ ئەوا نوکە تێتە کرن ل هەرێما کوردستانێ ئەڤە دحالەتەکی دا ئەگەر هاتو ئەو یاسایا ڕاژەیێ نەهاتە جێ بەجێ کرن، یەعنی یەکسەر بێ کوبچیتن فۆرمێ دامەزراندنێ پڕکەتن بهێتە جێگیر کرن، بۆ وان فەرمانبەرێت تێنە خانەنیشین کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیکد دەکەمەوە لەسەر ئەو خاڵەی کە هاوڕاز خان باسی کرد کە ئەم ئەنجومەنی ڕاژەیە ئێمە بۆچی لە یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2012 بۆ جێ بەجێ ی ناکەین؟، با ئەم وڵاتە ببێ بە موئەسەسات و بە پێی یاسا بێ و یاسا جێ بەجێ ی بکەین وموئەسەسەکە دروست بکەین، یەعنی ئەنجومەنی ڕاژە پێك بێنین، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم لە فەقەرەیەك دا ئیشارە بکەین کە تا تەئریخێك تا 4/1 تا 4/15 بێ کە 4/15 بێ دوومانگ دەکات، لەماوەی دوو مانگ دا ئەنجومەنی ڕاژە پێك بهێندرێ و بە پێی یاسای ئەنجومەنی ڕاژە تەعینات بکرێ، ئەوە خاڵێك، داوا دەکەم تەئکید لەو قسەیەی زەکیە خان بکەنەوە و پشتگیری دەکەم کە عەقدەکان کە بەڕاستی زۆر هاووڵاتیان کە بە گرێبەست دامەزراون و کە سێ ساڵ و چوار ساڵە ئەزموونێکی باشی هەیە و شارەزاییەکی هەیە، بۆیە ئێمە نووسیویشمانە ئەولەویەت بە ئەوە بدرێ، بەڵام بیکەین بە شێوەیەکی ئیلزام، بەڕاستی ئەو گرێبەستانە، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەگەر ئەم ئەنجومەنی ڕاژەیە پێك نەهێنراو بە پێی ئەو فۆرمە بوو من داوا دەکەم ئەم فۆرمە و ئەو پرەنسیپ و معیار و پێوەرانە ڕوون بکرێنەوە و پەرلەمان چاودێری بکا و بەدواچوونی بکات، فەرمانبەرەکانی دەزگاکانی تری وەکو سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و پێشمەرگە و ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش ئەمانە تا ئێستا بەبێ فۆرم نەکراون، ئەوانیش با بە پێی ئەو فۆرمە بێ، خاڵێکی تر پرسیار دەکەم لە ئەنجامی تەقاعود بووندا شاغیرێك دروست دەبێ، پلەی وەزیفی بەدەر لەمەی ئێستا کە 15 ساڵە ئەو پلە وەزیفیانەی کە لە ئەنجامی تەقاعودی دروست دەبن، بەڕێز وەزیری دارایی چەندە و چۆن شوێنەکانیان پڕ دەکرێتەوە؟، داواکارم ئەوانیش هەر بە پێی ئەنجومەنی ڕاژە و بە پێی ئەو فۆرمە شوێنەکانیان پڕ بکرێتەوە و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ماددەی 19 کە من پێموایە ماددەیەکی گرنگە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە زۆربەی چین و توێژەکانەوە هەیە، میلاکاتە، منیش ئەو پێشنیارە دووبارە دەکەمەوە کە کاک حەمە سعید و هاوڕاز خان باسیان کرد، ئێمە یاسای ئەنجومەنی ڕاژەمان دەرکرد لە پەرلەمانی کوردستان گرنگی ئەم یاسایە لەوەدابوو کە هەموومان کۆك بووین لەسەر ئەوەی دامەزراندن بە یاسایی دەکات لەژێر دەستی لیژنە و وەزارەتەکان دەری دەهێنێ، بۆیە تەئکید لە پێشنیارێکی موحەددەد دەکەم کە ماوەیەك دابندرێ ئێمە لە یاسای بودجەدا ئەو ئەنجومەنە دەست بەکاربێ بۆئەوەی دامەزراندنی 2013 لەسەر دەستی ئەنجومەنی ڕاژە بێ، چونکە هەموومان لە ڕابردوو دا ئەو ناڕەزایی و گلەییەی خوێندکاران و ئەو دەرچووانەمان ئاگا لێ بووە لەسەر ئەوەی کە لەم دامەزراندنە لە ڕێی ئەم لیژنانەوە کۆمەڵێك ناعەدالەتی کرا و کۆمەڵێك خەڵك لێی بێ بەشکراون لە مافی تەعین بوون، خاڵێکی تر ئێمە ئەم دەقەمان لەیاسای 2012 ی بودجە تەسبیت کرد کە دەبێ هەموو هەیئات و وەزارەتەکان ئەو دەرەجە وەزیفیانەی کە هەیانە لەڕووی ئەو لیژنەیەوە بێ کە ئەنجومەنی وەزیران تەعلیماتی بۆ دەرکردووە، پرسیارەکەی من لێرە بۆ وەزیری دارایی ئەوەیە، لە ساڵی ڕابردوو دا کۆمەڵێك خەڵك تەعین کران هەندێ لە وەزارەتەکان کە لەڕۆژانی ڕابردوودا باسکرا لەلایەن پەرلەمانتارانەوە، بەدەر لە ڕێنمایی ئەو لیژنانە بوو، بەدەر لەو میلاکەی کە ساڵی پار بڕیاری لێ درا لە پەرلەمان کە خەڵك تەعین کرا، بۆیە ئەمەش پرسیارێکە دەکرێ وەزیری دارایی مەعلوماتی هەبێ و وەڵامماں بداتەوە، داوای ئەوەش دەکەم ئەگەر نەتوانرا ئەنجومەنی ڕاژە لەو ماوەیەی کە ئێمە پێشنیار دەکەین کە تەسبیت بکرێ، ئەو لیژنەی دامەزراندنەی کە ساڵانە لەڕێی ئەوەوە خەڵك تەعین دەکرێ ئەو موەزەفانە یان ئەو میلاکانەی کە دائەنرێ بۆ سەرۆکایەتیەکان و بۆ دەزگای ئاسایش و وەزارەتی پێشمەرگە و ئەو وەزارەتانەی کە بەدەربوون ساڵی پێشتر و ئەمساڵ ئەوانیش لەڕێی ئەو لیژنەیەوە خەڵك دامەزرێنن و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەوەوە دەست پێ دەکەم مانای نیە کە ئێمە باڵاترین دەسەڵاتی تەشریعین و دەسەڵاتی رقابیمان هەیە، ئێمە لەم یاسایە بڵێین (لحین تطبیق) قانونێك کە 2011 دەرچووە، ناکرێ لە ماددەی پێشوودا بۆ شتێکی تر وتمان و یاسایەکی تر بوو هەر عەینەن شت ئاوا، یەعنی مانای نیە ئێمە مودەتی دوو ساڵ بدەین بە حکومەت بۆ تەتبیقی قانونێك بە شەرتی ئەم حکومەتە دەسەڵاتی تەنفیزیە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەی ئێمە دوایی چۆن داوا لە هاووڵاتیان بکەین ئیلتزام بکەن بە یاساکانی ترەوە؟، مەعقولە یاسایەك پەرلەمان دەری بکات لە 2011 ەوە یاسایەکی ئەوەندە گرنگ کە باس لە ئەنجومەنی ڕاژە دەکات و بۆ

تەعیناتی خەڵکە و لەبەرئەوەی خەڵك زۆر گرفتی هەبوو، ئێستاش هەموو وەزارەتەکان دەڵێن هەموو ئەو تەعیناتە کەڵەکە بووە بۆ ئەو فەرمانبەرە کەڵەکە بووەی هەیە هەمووی نەتیجەی ئەوەیە بە میزاج تەعین کراوە لەسەر حسابی حیزبایەتی، بە تەزکیە تەعین کراوە، لەبەرئەوە کۆمەڵێکی زۆر، جەیشێك فەرمانبەر هەیە کە تۆ ناتوانی ئێستا دەسکاری بکەی، لەبەرئەمە دوو ساڵ لەمەوپێش ئەم پەرلەمانە یاسایەکی دەکردووە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە، مەعقولە ئێستا لە 2011 ئێمە دیسان بیشەرعێنینەوە وبڵێین (لحین تطبيق القانون) جا ئەگەر ئەمە حکومەت ئاوا دوو ساڵ قانونێکی بۆ تەتبیق بکرێ، بەم هەموو ئیمکانەتە مالیەو بەشەریە لەبەردەستی دایە من چۆن داوا لە هاووڵاتیەك بکەم کە ئیلتزام بکا بە قانونەوە، ئەم دێرە لاببەین، چونکە دەزگایەکی تەشریعین مەعقول نیە یاسایەك دوو ساڵە دەرمان کردووە، لە باتی ئەوەی محاسەبەی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، لەباتی ئەوەی دەسەڵاتی تەنفیزی بکەین، بۆ ئەوەی دوو ساڵە بۆچی ئەم یاسایەی جێ بەجێ نەکردووە، ئێستا خۆمان جارێکی تر بە یاسا پێی بڵێین (لحين تطبيق قانون)، ئەوە یەك، دوو/ دەرچوانی هەندێ کولیات هەیە بەرێزان هەتا ئێستا پێیان دەڵێن تەعیناتی ئەم قسمانەمان ناوێ، کوردیە و مێژووە و بەعزێ قسمن، باشە ئەگەر ئەمەنەتان ناوێ من دوو ساڵ لەمەوپێش ئەم قسەیەم کردووە و بۆ تەنسیق نیە لە بەینی وەزارەتەکاندا، بۆ وەزارەتی پلاندانان ئەو تەنسیقەی نیە و بڵێ ئەم کۆلیجە بۆ خولێك دایخەن، چونکە منداڵێك بە فەقیری و بە داماوی کۆلیجێك تەواو دەکات دوایی سەیر دەکات دەڵێ پێویستم بەم هینە نیە، ئەگەر پێویستت پێی نیە، کۆلیجەکە بۆ داناخەی بۆ ماوەیەك؟، خاڵێکی تر کە حەز دەکەم ئیشارەتی پێی بدەم، گرێبەستەکانە کە ئێمە جاری پێشوو، ساڵی پێشووش وتمان ئەولەویەت بدرێ بە گرێبەست، ئەوە ئێستا زەکیە خان تەرحی کرد و انشاءالله دەخرێتە دەنگدانەوە و زەکیە خان تەرحی کردو ئێمەش پشتگیری دەکەین، ئومێدەوارم ئەم گرێبەستانە ئەولەویەتیان بدرێتێ بەس رەجائەن لەو گرێبەستانە ئەوانە نا کە دیسانەوە دەیلێمەوە بە میزاج تەعین بووە، هەیە قانونی تەواو کردووە وچوار ساڵە لە دەزگایەکە پێویستیان بە ڕاژەکەیەتی، گرێبەستە تا ئێستا تەعین نەکراوە، بەڵام لە پاڵ ئەوە خەڵکێکی تر تەعین دەکرێ دەڵێن یاسایەکە ئەولەویەتی داوە بە گرێبەست، لەبەرئەوە محاوەلە بکرێ ئەمانە چارەسەر بکرێ، خاڵی ئەخیر کە قسەی لەسەر دەکەم، ئەوەی کە هاوڕاز خان ئیشارەتی پێی دا ئەو ئیستحداس و ئیستبدالەی کە هەیە، ئەمە ئیستحداسی کارمەندی تازەیە، ئەی گۆڕانەکان ئەوانەی کە دەگۆڕێن، مەسەلە ئەوەی خانەنیشینە ئەوەی تەقاعودە، ئەوەی ئەمرێ، کێ دەخرێتە جێگەی ئەوانەوە و ئەوانە چۆن پڕ دەکرێنەوە، کێ تەعینیان دەکات؟، لەبەرئەوە ئەخیر قسەم جارێکی دیکە دەیلێمەوە رەجائەن ئەو (لحين تطبيق قانون) لابەن چونکە عەیبێکی گەورەیە بۆ پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حاجی بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە هاوكارانم خوشكی بەڕێز هاوڕاز خان و سەرگوڵ خان و ناسك خان دەكەم، سەبارەت بەوەی كە پێویستە دامەزراندن بە پێی یاسا بێ، كە مادام یاساكەمان دەركردووە پێشتر حكومەت بەهانەیەكی هەبوو كە دەیگوت یاسایەكەتان دەرنەكردووە، بەڵام ئێستا ئەمە ماوەی دوو ساڵە یاسایەكە یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2011 ی ئەنجومەنی ڕاژە دەكراوە، بەڵام تا ئێستا جێ بەجێ نەكراوە، من داوا دەكەم ئەم دامەرزاندنانە بە پێی ئەم یاسایە بێ، مادام یاسایەكەمان هەیە، لەسەر حكومەت واجبە كە ئەمە بكات، پێویستیشە بەڕاستی هەموو سەرۆكایەتیەكانی وەكو پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكایەتی هەرێم بەشی عەسكەری و مەدەنیش هەمووی لە چوارچێوەی یاسایەكەدابێ و بە پێی یاسایەكە دابمەزرێ، سەبارەت بە گرێبەستەكانیش ساڵی ڕابردووش لە یاسایەكە هێنامان، بەڵام ئەوەی كەمن پرسیارم كرد كەمترین گرێبەست توانی ئیستفادە لە دامەزراندن بكات، پێویستە ڕێنماییەكان بەڕاستی بەشێوەیەك بن، بەشێوەیەك كەلە یاسایەكەشدا حسابێكی تایبەتیان بۆ بكرێ كە لێرە ناوی دێ، حسابێكی تایبەت بۆ گرێبەستەكان بكرێ، چونكە ئەو گرێبەستانە زۆربەی زۆری ئیشیان ئەوەیە و كە دامەزراوە دیارە حكومەت ئیشی پێیانە، بۆیە دایمەزراندوون، بەڵام بە پێی توانا هەوڵ بدرێ گرێبەستەكان دابمەزرێن، دوو پرسیارم هەیە لە نوێنەرانی بەڕێزی حكومەت، پرسیاری یەكەم/ ئەوان لێرە بۆ ئێمەیان نووسیوە 15 هەزار پلەی وەزیفی، بەڵام ئەو ڕۆژە بەڕێز وەزیر كە بە وەكالەتی وەزیری پلاندانان لێرە بوو لە كاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكە وتی ئەم بووەتە 17 هەزار، ئایا بووە بە 17هەزار پلەی وەزیفی یان 15 یە؟ پرسیاری دووەم/ بۆچی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2011 ی ئەنجومەنی ڕاژە كە ئێوە نوێنەری حكومەتن لێرە داوا دەكەم ئەو پرسیارەم جواب بدەنەوە بۆچی ئەم یاسایە جێ بەجێ ناكەن، ئایا هۆكارەكەی ئەوەیە بڕواتان بە یاسایەكە نیە؟ پێتان باش نیە؟ تێبینیتان لەسەری هەیە؟ یان چی؟؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم بڕگەیەك زیاد بكرێ بڕگەی 6 ئەویش ئەوەیە سەقفێكی زەمەنی دابندرێ بۆ ئەوەی بۆ حكومەت بەڕاستی ئەنجومەنی ڕاژە پێك بێنێ، یەعنی سەقفێكی دیاری كراو هەبێ و بەبڕگەیەكیش لە ماددەكە دابندرێ، خاڵێكی تر دووبارە بەداخەوە ئێمە پارەكە لە پرۆژە یاسای بودجە ئەولەویەتیان داوە بە عەقدەكان، بەڵام من حەز دەكەم وەكو مولاحەزەیەك دووبارەی بكەمەوە، خەڵك هەیە دەڵێ من لە دائیرەیەك دام حەوت ساڵە تەعین بووم و عەقدم، بەڵام خەڵكێك هەیە دوو ساڵە و ئەو پێش من تەعین بووە، یەعنی ئەمە جۆرێ لە ناعەدالەتی هەیە هیوادارم ئەو موئەسەسەیە دروست بێ بۆ ئەوەی هەموو ئەو نارەزایەتی و ئەو گومان و جۆرێكیش لە گەورەكردن هەیە بەرامبەر قەزیەكە هەموو ئەمانەش

برەوێتەوە، خاڵێکی دیکە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی من حەزدەکەم لە مەسەلەی تەعینات دا جۆرێ لە وردەکاری و گوێ لە وەحدە ئیداریەکان ڕابگرین، یەعنی من قائیمقامەکەم پێم دەڵێ من موزەفی سیانەی کارەبام پێویستە، من کارەبام پێویستە، کەچی $42$ موەزەفی ئەوقافم بۆ هاتووەتەوە، بەڵام $2$ موەزەفی کارەبام بۆ هاتووەتەوە، یەعنی ئەمە حاڵەتێکە من پێموایە بە پێی پێویستی شوێنەکان، حاڵەتێکی دیکە کە بە تایبەتی زۆر لە مەجالی پەروەردەدا ڕوودەدات، ئێمە لە سنوورەکەی خۆمان پێویستیمان بە ئیختساساتی کیمیا و فیزیا و کۆمەڵێك بابەت هەیە، خەریجینی خۆشمان هەیە بۆ دامەزراندن ناویشیان دەرچووە، بەڵام ڕەوانەی سنوورەکانی تر کراون، ڕەوانەی شوێنەکانی تر کراون، لە کاتێك دا خەریجینی کوردی وەکو برادەرانی تر وتیان تاریخ و مێژوو و جوگرافیا بۆ ئێمە هاتووە کە ئێمە پێویستیمان پێی نیە، من هیوادارم ئەم حاڵەتانە چارەسەر بکرێ، حاڵەتێکی دیکەش هەیە وەکو ئەوەی پارەکە ڕووی دا، یا ئەوەتانێ ناوی خەڵك ئیعلان مەکەن بۆ دامەزرانـدن، یان کە ئیعلان کرا جێ بەجێ بکرێ، بڵاوی دەکەنەوە ولە سایتەکاندا بڵاوی دەکەنەوە وناوی دەردەچێ و دوایی دەڵێن ئێوە ناوتان دەرنەچووە و غەڵەت بووە، یەعنی ئەمە زەحمەیەکی زۆر بۆ ئێمەش و بۆ پەرلەمانتارانیش دروست دەکات و خەڵکیش دڵی لێمان دەیەشێ و گەورەترین کێشە بووە کە پارەکە ڕووبەڕوو بووەتەوە بە تایبەتی لە سنووری شاری هەولێردا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستی دا لەسەر ئەو بنەمایەی کە خواست بۆ ئەم ماددەیە زۆر زۆرە، وا پێویست دەکات پشت ببەستێ بە بنەمایەکی عادلانە، چونکە بە پێی ئەو حەقیقەتانە، بۆ نموونە پار ساڵ $17$ هەزار میلاك پەسەند کراوە، بەڵام سەدان هەزار خەڵك داوای کردبوو دابمەزرێ، چۆن بتوانی ئالیەتێك بدۆزیتەوە تا ئاستێك هەوڵ بدرێ دادپەروەری بەدی بهێندرێ، چونکە ئەمە بابەتێکی موعەقەدە لەڕاستی دا، چونکە ناتوانی هەرە زۆرینەی خەڵك کە خواستی دامەزرانـدن دەکەن، خواستەکانیان بەدی بێنین، بۆیە بەدیدی من مەسەلەی جەخت کردنەوە لەو داوایەی کە لە پەرلەمانەوە دەکرێ بۆ تەفعیل کردنی ئەنجومەنی ڕاژە دەتوانێ ئەم گرفتە لەکۆڵ بکاتەوە، من دەست خۆشی دەکەم کە حکومەت هەوڵی داوە ئەمساڵیش $15$ هەزار میلاك دابمەزرێنێ، کە ئەمە هەر هیچ نەبێ لەم بودجەیە $17$ هەزار کەس دەتوانێ سوودمەند بێ و دەتوانێ لە چوارچێوەی میلاك دا کاری خۆی ڕایی بکات، بەڵام تکایە با ئەم بابەتە لە دەرەوەی سیستمەکە نەبێ، هەرچەندە ئێمە دەزانین ئەو سیستمە بێ کەموکوڕی و کەلێن نیە، بەڵام حەدی ئیمکان دەتوانرێ شتێك لە عەدالەت بەدی بێنێ، ئەگەر لەو چوارچێوەیە ئەو بابەتە نەچێتە دەرەوە، لە بڕگەی $5$ ماددەکە قسە لەسەر ئەولەویەت دراوە بە گرێبەست، لەڕاستی دا ئەمە کارێکی باشە، بەڵام بە

حوكمی ئەوەی لەسەر بنەمای فۆرمێك و لیژنەیەك هەیە بۆ مەسەلەی دامەزراندن كار دەكات، وە كۆمەڵێك خاڵ دەست نیشان كراوە بۆ ئەوەی ئەولەویەت بدرێ بە دامەزراندنەكان بە پێی خاڵبەندی، هیواردارین لەناو ئەو خاڵبەندیە كە تەسەورم وایە لەو لیژنە باڵایەی دامەزراندن دا وەزارەتی دارایش لایەنێكی مەعنیە، هەوڵ بدرێ بۆ گرێبەست چەند خاڵێكی زیاتر هەبێ، بۆ نموونە ئەوانەی دیپۆرت دەكرێنەوە، خاڵیان هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانن فرسەتی دامەزراندنیان هەبێ، مناڵی شەهید وئەنفال خاڵی زیاتریان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن فرسەتی دامەزراندنیان زیاتر بێ، ئەگەر بۆ هەر دامودەزگایەكی تر مەسەلەی گرێبەست بەكاتی جۆرێك لە میلاك حساب بكرێ بۆ نموونە بۆ وەزارەتی پەروەردە، ئەو مامۆستایانەی كە بە وانەبێژ دەرس دەڵێنەوە پێیان ناوترێ فەرمانبەری كاتی، بۆ ئەوانەشی كە وانەبێژن هەوڵ بدرێ خاڵیان بۆ دەست نیشان بكرێ بۆ ئەوەی بتوانن ببنە مامۆستا وەكو فەرمانبەر كاریان لەسەر بكرێ، بۆیە ئەم بابەتە بابەتێكی گرنگە بتوانرێ تا ئاستێكی باش عەدالەتی تیا پەیڕەو بكرێ، چونكە لەبەرامبەردا ئەوەی ئیمكانە حكومەت بۆ نموونە 15 هەزار پەسەند دەكات، پشت ببەستێ بە قەراری پەرلەمان و 15 هەزارەكە تەجاوز نەكات بۆ ئەوەی گلەییەكان زیاتر نەبێ لەوەی كە حكومەت و ئێمەش مەبەستمانە ئەو خاڵە وەكو ئینجازێك نەتیجەی هەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، هەرچەندە بابەتێت تەعینێ بابەتەكی گرنگە و ئیحتماله چەندێ كەرتێ حكومەتێ زێدە بیتن بارێ حكومەتێ یا ئابووری یان ژی دارایی یان نەفەقات زێدەتر لێ بێن، ئەز ناچمە تەفاسیلێت برادەرێت مە گۆتی هەژی دەنگێ خۆ ددەمە دەنگێ وان پێتڤیا حكومەتێ بە زووترین كات تەفعیل كرنا ئەنجومەنێ راژە بكاتن، چونكە یاسا پێتڤیا دەركەتی و ئەگەر بێتو ئەڤ ئەنجومەنە تەفعیل بێتن، ئیحتماله زۆربەی زۆری كێشەكان چارەسەر دەبی، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانێ كێشەیەكا دائیرەیەت حكومەتێ ئەو ژی كێشا دامەزراییێ ب عەقدێ، هەرساڵ مە ل قانونا ژی گۆتی (تعطی الاولویة عند التعین) ئەگەر بێین سەیری جێ بەجێ كرنێ بكەین بەرێ خۆ بدەینێ وانینە یەعنی پۆینتەكی یا دوو پۆینتا دەینێ، بۆ نموونە ئەوێ ساڵێ كە بێتن پۆینتەكی دداتێ و ساڵێ زێدەتر هەتا دە ساڵ دوو پۆینتا ددەنێ، ل ڤێرێ بەرناكەڤن، وەكی ئەم دزانین ساڵانە ڕێژەیەكیش هێزا كاری قتاعی عام دا تەقاعود بیتن یان خانەنیشین بكرێت، ئەرێ ل ڤێرێ پرسیارەك ژ حكومەتێ دكەم، ئەگەر حكومەت بشێت شوینا ڤان متەقاعدا ئەوێ بعەقد تەعین بكاتن ل دیڤ حدودێت پێتڤی، دیڤ ئەو جها دائیرا، ئەڤ بابەتە بەری مەن ژی هاتە پێشنیار كرن، ژ لایەكا برادەرا وا ئەو ژی پشتەڤانیا دكەم، مسوەدەیەك ما حازر كریە، ئەگەر پێ ڕازی بن دەمە

لیژنا دارایی  ئەگەر بخوێنن، (لمقتضیات المصلحة العامـة وللحیلولـة دون ذهـاب جهـود المتعیـنین بعقـد بـلا جدوی واستفادة من الخبرات التی تکسبها خـلال فـترة عقـودهم تخـول وزارة المالیـة وبالتنسیق مـع الـوزارات المعنیة تعیین نسبة منهم علی الملاك الدائم، وبحـدود نـسبة الـذین یـتم احـالتهم علـی التقاعـد للـسنة المالیـة 2013).

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی دامەزراندن ساڵانە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێ، ئەوەی بۆ ئەمساڵ کـە ئـەو پلانـە بـۆ پلەی وەزیفی دانـراوە 15 هەزار پلەیە، بەڵام من دەمەوێ قسە لەسەر ئالیەتی چۆنیەتی دامـەزراندن بکـەم، ئێمە دیارە دەسەڵاتمان دا ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەوەی کە ئەم کارە ئەنجام بدەن، ئـەوانیش لـە ڕێگـەی دەستەی ئامارەوە دیارە، دیارە ئاماریان دەست کەوتووە و وەکو بنەمایەك ئەو ئامارەیان بەهەند وەرگرتـووە بۆ ئەوەی کە بتوانن دامەزارندن لەسەر ئەو فۆرمانەی کە لەلایانە و دابەشی بکـەن بەسـەر ئـەو خەڵکانـەی کە دەیانەوێ دابمەزرێن، بەڵام لێرەدا بە تەئکید ئەشکال هەیە لە چۆنیەتی دامەزراندن، لەبەرئەوەی ئـیش کردنەکە موەحەد نیە لەسەرتاسەری هەرێم، بۆ نموونە لەهەولێر و لە دهۆك و سلێمانی هەریەکە و بەجیا ئیش وکارەکانی دەکات، بۆ نموونـە ئەگـەر ئێمـە بـاس لـە ئـەو 17 هـەزار پلـە وەزیفیـە بکـەین کـە بـۆ پـار دانـرابوو تاوەکو ئێستا 17 هەزارەکە تەواو نەبووە، من دوای ئەوەی کە بـە دواداچـوونم بـۆی کـرد دیـارە تـا دوو، سێ مانگی تریش ئەو 17 هەزار پلە وەزیفیە تەواو نابێ، بۆیە ئەشـکالەکە لێـرەدا یـە، مـن پێموایـە و وەکـو هاوکارانیشـم باسـیان کـرد، تەئکیـد بکەینــەوە لـە دامەزارنـدنی ئەنجومـەنی ڕاژە تـا بتـوانرێ ئـەو وردەکاریانەی دامەزراندن بە ئەوان بسپێردرێت و ئەوان بە وردی ئیشی لەسەر بکەن، هەر پارێزگایـەك بـە جۆرێك ئیش لەسەر ئەوە نەکات، خاڵێکی تر  دەمەوێ باسـی بکـەم کـە هاوکارانیشـم باسـیان کـرد، ئـەویش ئەوەیە کە هەندێ لەو کەسانەی کە بەڕاستی دەیانەوێ دابمـەزرێن و ئیختساسـەکانیان بەهەنـد وەرنـاگیرێ، وەکـو هاوکـارانم باسـیان کـرد، ئیختساسـی تـاریخ و جوگرافیـا ئـەو کەسـانەی کـە داوای فـۆرمی تـەعینیان کردووە، وتوویانە ئەم ئیختساساتانەمان ناوێ، یەعنی هەیە چوار ساڵ و پێنج ساڵە دەرچووە، بەڵام ناتوانێ دابمەزرێ، خاڵێکی تر کە پێموایە یەکێك لە هاوکارانم باسی کرد ئەویش ئەوەیە کە ئەوانەی کە لـە دەرەوە دەگەڕێنەوە بەڕاستی لەبەرئەوەی کە تەمەنیان زۆرە، ڕێگەیان لێ دەگیرێ کـە تەمـەنیان زۆرە ونـاتوانن کـە ئەو فۆرمە پڕبکەنەوە و ئەولەویەتیان پێ نادرێ کە ئەمەش بەڕاسـتی مـن پێموایـە ئەمـە شـتێکی عادلانـە نیە و دەبێ بەو پێوەرانەی کە هەیە  مامەڵە لەگەڵ ئەوانەش بکرێ، من یـەك خـاڵم مـاوە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلەمان لەسەر خاڵی 5 یەك پرسیارم هەیە لەبەڕێز وەزیـری دارایـی ئـەویش ئەوەیـە دەڵـێ نـاکرێ بـەبێ ڕەزامەندی وەزارەتـی دارایـی و ئـابووری گرێبەسـتی کـارکردن لـە فەرمانگـەکانی هـەرێم ببەسـترێ، یـەعنی

ڕێگری چیه، من پرسیار لەوەدەکەم ئەگەر وەزارەتەکان دەسەڵاتیان پێ بدرێ کە ئەو گرێبەستانە بکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە بێ دەنگی قاعەکە بپارێزن، شلێر خان فەرمووو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە برادەران وتیان بەنیسبەت دانەمەزراندنی مەجلسی خدمە، بەڕاستی بووە بە کێشەیەکی زۆر ناخۆش کە ئەمە ئەسلەن بەپێی دەستووریش لە ماددەی 107دا زۆر تەئکید کراوەتەوە سەر ئەوەی کە مەجلسی خدمە دابمەزرێ، دوو ساڵە دامەزراوە و ئیشی پێ ناکرێ، ئەو وەڵامەی حکومەتیش هیچ قەناعەت بە ئێمە ناکات، چونکە بەڕاستی کە سیفی داواکراوەو ئەوە کارێکی زۆر ناخۆشە بۆ هەمووومان، بەنیسبەت ئەوەی کەئێمە ئەوەی کە تەعین دەکرێ فیعلەن ئەوانەی لە عەقدەکاندا هەمووی بەردەرگای نووسینگەکانی پەرلەمان دەگرنەوەو ئێمەش بەرامبەر دیوارێکەوە وەستاوین کە پێت دەڵێن نیە، تەعین یەکێکی تریش هەر لەگەڵ ئەو ئەمساڵ تەخەروجی کردووە و سەیردەکەی دەبێ بە دائیمیش ئەویش هەتا ماوە عەقدە، کە تەسەور بکەن ئازاری دەروونی چەند بۆ ئەو کەسە دروست دەبێ، نەفسی خەریجی کولیەیەو ئەو سێ ساڵە تەعین بووە ئەوەی تر هەموو ئیمتیازاتێکی دائیمی هەیە، ئەویش هەر دەبێ ئاوا بێ دەڵێ من دەستم ناگا بە هیچ کوێیەك، کاکە ئەم کەلیمەیە چەند ناخۆشە بۆ ئێمە، لەبەرئەوە پشتگیری برادەران دەکەم کە ئەوانەی بەڕاستی گرێبەستن و ئەوانەی ساڵانی پێشوو، بۆیە ڕێگە نەدرێ بە هیچ کەسێك کە وەعد بدات بەخەریجی تازە بڵێ ئەمساڵ تەعینتان دەکەم وەکو ئەوەی پار ڕووی دا زۆر کێشەی زۆر گەورەی بۆ ئێمە دروست کرد، بە نیسبەت ئەو کۆلیجانە ئەمە کە بەڕاستی تەعین ناکرێن، ناتوانن لە کەرتی تایبەتیش دا تەخەسوسەکانیان زۆری وێژەییە، چەند جاری تر باسی دەکەین دایخەن، خۆیان خەریجی جیۆلۆجین کە بەشێکی علمیشە هاتوون بە ئێمە دەڵێن دایخەن، چونکە ناتوانین لە بواری تریش دا ئیش بکەین، ئەسڵەن ئەو خەڵکانەی کە ئێمە باسی کشتوکاڵ دەکەین یان باسی بووژانەوەی گوند و ئەوانە دەکەین با ئەوانەی کە لەو شوێنانەوە دێن هیچ مەرجی دەرەجە بەسەریاندا تەتبیق نەبێ، .......

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

شلێرخان کاتەکەت تەواو بوو، د.بشیر فەرمووو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نیازم وابوو لەو ماددانە یان لە ماددەکانی داهاتوو ئەو پێشنیارەی خۆم بە بیر بەڕێزان بێنمەوە کەوا بەڕێزان ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان لێی کرد، ئەویش ماددەیەك ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی بودجەی مامۆستایانی ئاینی زیاد بکرێ، بەڵام من ئێستا ئەو پێشنیارەی خۆم سەحب دەکەمەوە،

لەبەرئـەوەی بـەڕێز وەزیـری دارایـی بڕیـاری ئـەوەی دا لێـرەوە و گـوتی ئێمـە مووچـەکەیان لەگـەڵ بەغـدا یەکسان دەکەینەوە، کەواتە ئەوە مزگێنیـەکی گەورەیـە وەکـو بڕیارێکیشـە کـەوا حکومـەت دای لـەناو هۆڵی پەرلەمان، بە نیسبەتی ئەو ماددەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێویستی دەزانم نـەك هـەر ساڵانە ئێمـە چەند هەزار فەرمانبەرێك زیاد بکەین و 17 هەزار و 15 هەزار و 20 هەزار، لەشکرێك لە فەرمانبەر زیاد بکەین زۆر گرنگە ئەم دامەزراندنە بە پێی پێویست بێ و بە پێـی پسپۆڕیەکان بـێ نـەك هـەر ژمـارە زیـاد بکەین و تـەواو، خـاڵێکی دیکـە ئەوەیـە ئەنـدامانی پەرلـەمان بەشـێوەیەکی گشـتی بـە کـەم تەرخـەم دەزانم لەوەی کە بەدواداچوونی وەکو پێویستمان نـەکردووە لەسـەر حکومـەت بـۆ دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی ڕاژە، بۆیە ئێستا لێرە داوا لە نوێنەرانی حکومەت دەکەم کە ئەمە بگەیەننە حکومەت، هەروەها پشتگیریش لـەو ڕایە دەکـەم کـە ماددەیـەك یـان لـە شـوێنێك جێگـەی بکەینـەوە، سـەقفێکی زەمـەنی بـۆ حکومـەت دابنـێین بەلایەنی کەم بڵێین لە خلالی سالی 2013 دا دەبـێ (یجب) یـەعنی بەشـێوەیەکی وجـوبی بڵـێین کـە ئـەو ئەنجومـەنی ڕاژەیـە پێویسـتە دابمـەزرێ، خـاڵێکی دی، بـە نیسـبەت عەقـدەکان و گرێبەسـتەکان بەڕاسـتی عەقدەکان لە کاتی پێویست دا دەکرێ، بەڵام ئێمە تەماشا دەکەین لە هەندێ لە وەزارەت دا کە مـن ناویشـم لایە بەداخەوە ئەوانەی کە تەقاعود دەبـن واتـە خانەنیشـین دەکـرێن، کەواتـە هـیچ ئیشـێکیان پـێ نـەماوە، ئینجا موباشەرەتەن و ئۆتۆماتیکیەن دیسان بە عەقد دادەمەزرێنەوە ئەمەش بەڕاستی ئەوە کارێکی خراپـە و داوا دەکەم ئەولەویەت بدرێ بە ئەوانەی کە عەقدن لە دامەزراندن و ئەوانەی کە مامۆستای وانەبێژن لە قوتابخانەکان، هەروەها سەنەواتی سابقەش حساب بکرێ لە کـاتی دامەزرانـدن نـەك ئـەوەی دەرچـووی نـوێ دابمەزرێ، بەڵام دەرچووی ساڵانی پێشوو لەماڵەوە دابنیشێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە پێشـەکی دا مـن پشـتگیری لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی شـەهیدان دەکـەم کـە 5٪ دیـاری بکـرێ بـۆ کـچ و کـوڕی شەهید، هەروەها بە نیسبەت میلاکات، منیش عەینەن پشتگیری برادەرانم دەکـەم بـەڵێ ڕۆژانـە سـەردانمان دەکەن لە نووسینگە، هەموو بوون بە خەبیر لە ئیشەکانی خۆیان پێـنج سـاڵە عەقـدن ئەوانـە، ئـەو ڕۆژەش من وتمەوە ئەمڕۆش دەیلێمەوە خەبیرن لە دروست کردنی بیـوتی پلاستیکی، خـەبیرن لـە دروسـت کردنـی قاچی دەستکرد بۆ کەم ئەندامان، من بچم ئەمە نەکەم بە میلاك و یـەکێکی تـازە بێـنم تـا فێـر دەبێتـەوە، زۆری پێ دەچێ، لەبەرئەوە ئەوانیش کێشەیان هەیە، بێجگە لەوەی کە حەقی خۆیانە، هـەروەها بـێ بەشـن لە مۆڵەت ولە ئیجازات، لە موخەسەسات دا بێ بەشـن، لـە بـارێکی دەروونـی نـاخۆش دا دەژیـن، مـن خۆشمان پار دەنگمان پێی داوە، لەبەرئـەوە تکا دەکـەین کـە ئـەمجارە تـەرکیز بکرێتـە سـەرعەقدەکان، ئـەو قسەیەی مامۆستا بەشیر ڕاسـتە و منـیش لەگـەڵێم ئەوانـە کـە تەقـەعود دەبـن و جـارێکی تـر دەگەڕێنـەوە

ئەوانە هەمووو گەنجن و تواناى ئیش كردنیان هەیە و خەبیرن، لەبەرئەوە داوا دەكەم ئەوانە بكرێن بە میلاك و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگرى سەرۆكى پەرلەمان):**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

دەربارەى ماددەى 19 كە دبینین جهێ خۆشحاڵیە ئیعلان كرنا 15 هەزار پلەییت وەزیفى، بێ شك دكاریگەریەكا گەلەكا مەزن هەبیتن، ل ڕاپۆرتا مەیا لیژنا كاروبارێت پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیا جینۆسایدا هاتیە ل خالا دەهێ بێژیتن دانانا ڕێژەیا 5٪ لەهەر وەزارەتەك لە وەزارەتەكانى حكومەتى هەرێمى كوردستان ودەستەكان بۆ دامەزراندنێ كوڕو و كچێ شەهیدان بە پێى مەرجەكانى دامەزراندن، لێرە داخازێ ل حكومەتێ دكەین كە ئەڤێ پێشنیارا لیژنا مە لبەر چاڤا بگریتن، چونكى ڕەنگە ئەم هەمى یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن كە هەر دەسكەفتەك و هەر ئیمتازەك بەرى هەمى تشتەكى بۆ كەسوكارێ شەهیدا ببیتن، دیسا پشتگیریێ ل پێشنیارا زەكیە خانێ دكەم بۆ دامەزارندنا ئەوێ هەندە ساڵا بە عقد هاتینە دامەزراندن، ئەولەویات بۆوان بێتن دامەزراندنێ دا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره (جێگرى سەرۆكى پەرلەمان):**

كاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

وەڵلا من دوو مولاحەزە دەدەم هەر دووكیان هەر تەئكید كردنەوەیە و یەكێكیان لەسەر مەسەلەى گرێبەستەكان، پار ساڵ لەم پەرلەمانە بەڕێزە بڕیارمان دا كە لە كاتى تەعین بوون ئەولەویەت بدرێ بە گرێبەستەكان، بەڵام بەڕاستى ئەو بڕیارە پەیڕەو نەكرا، داواكارم ئەمساڵ لە دامەزراندن حكومەتى هەرێمى كوردستان و وەزارەتى دارایى ئەو بڕیارە لەبەرچاو بگرێ، چونكە بەڕاستى خەڵكێكى زۆر لە گرێبەست دانراون و ساڵانێكى زۆریشە چاوەڕوان دەكەن، جگە لەوەى قەلەقى ئەوەن كە بە بەردەوامى دانەمەزراون و بەحەقیقەت مووچەكەشیان لە ئاستى پێویست نیە، بۆیە ئەوە دوو گرفتى گەورەیە داواكارم ئەو گرفتە چارەسەر بكرێ و جارێكى تر بە سەریا نەچینەوە، خاڵێكى تر كە مولاحەزەیە لەسەر ئەوەى بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان مەسەلەى دامەزراندن، من تەئیدى ئەو بۆچوونەى ناسك خان دەكەم كە بەڕاستى حكومەتى هەرێمى كوردستان لە كۆلیژ و بەشە زانكۆكانى هەرێمى كوردستان بەڕاستى پێموایە ئەو سەرفەى لە زانكۆ ولە كۆلیژەكانى هەرێمى كوردستان دەیكات لەگەڵ مامۆستا و لەگەڵ داخل كردنى ئەو

قوتابیانەی کە داخڵ کراون لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و پاشان کە هەتا ئێستا قوتابی 2008 و 2009 لە هەرێمی کوردستان ماون و دانەمەزراون، قوتابی 2012 کە تەخەروجی کردووە دامەزراوە، ئەمە بەڕاستیەکەی دەبێتە زوڵم لەوانە، چونکە بێ ئەمەلی لەلا دروست دەبێ، ناشکرێ بەڕاستیەکەی ئەم هەرێمە هەرێمی هەمووانە و زۆربەی ئەو خەڵکانە مناڵی فەقیر و هەژارن، کە دەخوێنن و تەخەروج دەکەن و پاشان شمول ناکا، ئەگەر شمول ناکات ئەو کۆلیژە بۆ هەیە؟ یان ئەو ڕەنجە بۆ دەدرێ؟، هەم مامۆستاکە لەگەڵ قوتابیەکە وهەم قوتابیەکە لەگەڵ خۆی، بۆیە هیوادارم ئەو گرفتە چارەسەر بکرێ و خەڵك مەحروم دەکرێ لە حەق و مافی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەگەر بەردەوام بن ناوی شەش کەس دەڵێم کە ماوەی دە دەقیقەیە پێکەوە قسە دەکەن، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ماددەی میلاکات ماددەیەکی زۆر گرنگە، کە 15 هەزار میلاك ئەو ساڵ لە بودجەی 2013 جێگەی کراوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو میلاکاتانە زانستیانە بێ و هەروەها ئیختصاسەکان و پلە وەزیفیەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و لەسەر ئەساسی پێویست بێ، بۆیە منیش پێم باشە بەڕاستی لەسەر بنچینەی مەجلسی خدمە بێ و بە پێی قانونی مەجلسی خدمە دامەزرێن بۆ ئەوەی هەم دادپەروەرانە بێ و هەم زانستی بێ، هەروەها ئێمە کاتی خۆی وەکو لیژنەی شەهیدان ڕاپۆرتی خۆمان دابوو بۆ ئەوەی 5٪ ی پلەی ئەو میلاکاتانە بدرێ بە کەسوکاری شەهیدان بە منداڵی شەهیدان، دیسان لێرەدا پشتگیری خۆم بۆ داواکاری و پێشنیارەکانی کاك صباح و ژیان خان وهەروەها ئەوانەی کە داوایان کردبوو ئەو ڕێژەیە بۆ منالانی شەهید لە دامەزراندن بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە میلاکات قسە وباسی زۆری لەسەر دەکرێ، زۆر زیاتریش هەڵدەگرێ، لە ماددەی 19 بەشی یەکەم کە باسی 15 هەزار دامەزراندن دەکات، ئێمە پێمان خۆشە کە ژمارەکە زیاد بکرێ، بەڵام هەر لێرەشدا نوێنەری حکومەت باسی لەوە کردووە ئەو 15 هەزارە بووە بە 17 هەزار، ساڵی 2012 ژمارەکە زیادی کردووە و 17 هەزارەکە زیادی کردووە، ساڵی 2013 ژمارەکە زیادی کردووە، لە وەزارەتی مالیە پرسیار دەکەم ئایا لە حاڵەتی ئەو زیاد کردنە ئەو مووچەیەی کە فەرمانبەرانی کە دادەمەزرێت لە چی دابین دەکرێ؟، دووەم/ من بە باشی دەزانم ڕام وایە سەرجەم ئەو دامەزراندنانەی کە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمەش بە پێی ئەو

فۆرمانە بێ کە لە دائیرەی ئامارەوە دائـەنرێ و چۆن خوێنـدکارانی تـر پـڕی ئەکەنـەوە و پێـی دائەمـەزرێ وئــەمانیش بەهــەمان فــۆرم دابمــەزرێن و، لــە بڕگــەی 3 زۆر باســی ئەنجومــەنی ڕاژە کــرا، هۆکـارێکیش هێنرایەوە کە چاوەڕوانی سیڤی دەکەن کۆدەکرێتەوە، بەڵام هاوڕێیان هەر ماوەیەك لەمەوپێش دەسـتەیەك دامەزرا و کۆمەڵێ سیڤیش تەقدیم کرابوو، بەڵام ئەو سیڤیانە نەخرانـە کارنامـەوە، تـەنها بـە یـەك سـیڤی دەسـتەکەیان دامەزرانـد، ئەمـەش دەتـوانن هـەمان شـت بکـەن ئەگـەر سـیڤیەکان کۆکراوەتـەوە یـەك سـیڤی هەڵبژێردرێ و تەقدیم بکرێ، چونکە ئەمە یاسای تایبەتی خۆی هەیـە لـە سـاڵی 2011 ڕاسـپاردەی ژمـارە 11ی سـاڵی 2012 هـەمان بابـەت تەئکیـد دەکاتـەوە، بـۆ تـاوەکو ئێسـتا حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان نەیتوانیوە، ئەگەر زەرورە بۆچی ئەو ئەنجومەنە پێك ناهێنـدرێ؟، خـاڵێکی تـر کـە ئەمـەوێ ئامـاژەی پێـی بدەم مەسەلەی گرێبەستەکانە، ئەمە هەموو ساڵێك ماددەی تایبـەتی خۆشـی هەیـە و ڕاسـپاردەشمان هەیـە، بۆ ئەوەی کە ئەولەویەت بدرێ بە عەقدەکان، ئەم عەقدانە لەڕاستی دا ئەگـەر پێویسـتە لـە فەرمانگـەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ناکرێن بە دائیمـی، ئەگـەر پێویسـتیش نیـە بـۆ چارەسـەرێکیان ناکـەن؟، بەڵام دەبێت ئەو گرێبەستانە لەڕاستی دا بەدەر بێ لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، چونکە لـە دائیرەکانـدا ئەو مەحسوبیەت و مەنسوبیەتە تا ئێستا هەیە، پێویستە بەدەربێ لە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بە پێـی ئەو خاڵبەندیانە بێ کـە خوێنـدکاری تـر و خـەڵکی تـری پـێ دائەمـەزرێ، بۆیـە مـن لێـرەوە یـەك پێشـنیار دەکـەم ئەگـەر ئێمــە سـاڵانە لـە بودجـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا چـەندین مـاددە و چـەندین ڕاسپاردەمان هەیە، ئەو ماددە و ڕاسپاردانە ناچنە بـواری جـێ بـەجێ کردنـەوە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم ئـەو مـاددە و ڕاسـپاردانە ئەگـەر پێویسـت نـین لەڕاسـتی دا بـا لـەم بودجەیـە لێـی دەرکـەین، ئەگـەر حکومـەتی هەرێمی کوردستان پێی جێ بەجێ ناکرێ، ئەگەر زەرور نیە با لێی دەرکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم ساڵ بەساڵ بودجە زیاد دەکات، بەڵام دامەزراندن کەم دەکات، هۆیەکـەی چیە نـازانم؟ پێـرار 25 هەزار دامەزرا، بودجە کەمتر بوو پار 17 هەزار دامەزرا بودجە لە هی ئەو ساڵ کەمتر بوو، ئەوساڵ بودجە زیاترە کەچی 15 هەزار دامەزرانـدن هەیـە، سـەرەتا لـە پەرلـەمان داوا دەکـەین هەنـدێك کارمەنـدی هەیـە ڕاگەیاندنەکان ئەوانەی ئیعلامیەکان پێشتر لە تەلـەفزیۆنی نـەوڕۆز کاریـان دەکـرد، ئێسـتاکە زۆر دڵسـۆزانە کـار دەکـەن ژمارەکـەیان وابـزانم 27 کارمەنـدە لـە سـتۆدیۆش کـار دەکـەن شـەو و ڕۆژ کـار دەکـەن ئـەو کارمەندانـە، جـاری واهەیـە ئیشـی پاسـەوان دەکـەن، ئیشـی بەردەسـت دەکـەن و وێنـەگرن وپێشکەشـکارن و هەموو شتەکن لە دڵسۆزی خۆیانە دەستیان خۆش بی ئەو ئیشەی دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا یەك حسابیان بۆ نەکراوە، ......... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

خوشکی من ئەوە حەق نیە تۆ لە خۆتەوە قسە بکەی، ئەوانە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرین، لێرە تەنسیب کراون، نابێ تەحقیق لە مەسەلەکان بکەی ئینجا قسە بکەی؟، خۆ موەزەفی ئێمە نین ئەوانە، ئەوانە بە کاتی ئیش لەلای ئێمە دەکەن، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم گوتی عایدی تەلەفزیۆنی نەورۆز بوو، بەڵام هەتا ئێستا یەك حسابیان بۆ ناکرێ، با دەزانم بۆ خۆیان باسیان کردووە، خۆ من لە خۆمەوە ئەو قسەیە نایەنم، بەڵێ، بە نیسبەت گرێبەست باسی ناکەم تەنها پشتوانی لە هاوکارانم دەکەم، پشتیوانی لە کاك خلیل دەکەم کە بایەخ بدرێتە دامەزراندنی با بڵێین کارمەندی دائیرە خەدەمیەکان لەوانە ئاو و کارەبا کە زۆر زۆر پێویستیان پێیەتی، نموونەشمان هەیە کە چەند ساڵە ئێستا لە فەرمانگەی ئاوی کۆیە کەس دانەمەزراوە لە کارەبا بە هەمان شێوە، ئەو کۆلیژانەی کە دەرچووی ئەو کۆلیژانە دانامەزرێن حەق وابوو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا چەند ساڵە لەگەڵ وەزارەتی پەروەدە قسەیان بکردبا بۆ ماوەیەك دای بخەن، ئەو دەرچووانە زەنبیان چیە و تاوانیان چیە کە دانامەزرێن؟، بە نیسبەت دامەزراندنی پەروەدە حەق وایە لەلایەن بەرێوبەرایەتی پەروەردەکان بێ، لەبەرئەوەی ئەوان باشتر دەزانن کێیان پێویستە، بە نیسبەت دامەزراندن بە کۆی گشتی لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە هەتاوەکو ئاخر دەستە حەق وایە بە پێی فۆرم بێ، ئەنجومەنی ڕاژە ئەگەر یاسایەکە دەرنەچووبا حکومەت گلەیی دەکرد دەیگوت تاوەکو ئێستا یاسا دەرنەچووە ناتوانین کەس دابمەزرێنین، خۆ ئەوە دوو ساڵە یاسا دەرچووە، بەڵام کەسیش دانەمەزراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی 19 لەڕاستی دا من کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیم هەیە و هەندێکیشی پرسیارە و ڕەخنەشی تێدایە، یەکەمیان/ ئەوەیە کە ئێمە باسی دەوڵەتی یاسایی و دەوڵەتی دیموکراتی بوون و دەوڵەتی دیموکراتی دەکەین لە هەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئەمەش لە پراکتیکا دەبێ بیسەلمێنین، یەکێك لەو خاڵانەش پەیوەندی بە دامەزراندنەوە هەیە، بۆ ئەوەی فەرق و جیاوازی نەکرێ لەنێوان هاووڵاتیان دا و دادپەروەری جێ بەجێ بکەین، پێویستە بەڕاستی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەنجومەنی ئاسایش و هەموو هێزە چەکدارەکان بە پێشمەرگە و بە ئاسایش و بە پۆلیسەوە ئەوانیش خازع بوون، ئەو جۆرە دامەزراندنەی کە مەدەنیەکانی پێ دادەمەزرێ بەداخەوە تاوەکو ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، خاڵێکی تریش بەڕاستی پەیوەندی بە

خانەنیشـینەوە هەیـە، بـەڕێزان ئێمـە سـاڵانە هـەزاران کـەس خانەنیشـین دەبـێ لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەکەیـەوە یـان وەزارەتەکەیـەوە خـەڵك دەخرێتـە شـوێنی، ئەمـە لێرە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و ناعەدالەتی دروست دەبێ، بەڕاسـتی شـوێن پڕکردنـەوەی ئەوانـە دەبـێ جارێکی تر بێتەوە پەرلەمان و بۆ ساڵی نوێ سەڵاحیەت بدرێتەوە بـە دامەزرانـدنی ئەوانـە، بۆیـە ئەمـەش بەڕاستی ناعەدالەتی گەورەی تێدا دەکرێ، بەڕێزان من دوو نموونەتان پێشان دەدەم، بەڕاسـتی مـن وای تـێ دەگەم کە بێ سەروبەریەکی تەواو لە یاسا هەیە لەم هەرێمە بە تایبەتی کـە پەیوەنـدی بـە دامەزراندنـەوە هەیە، تەمەنا دەکەم ئەم دوو نووسراوە وەڵام بدرێتەوە لەلایەن حکومەتەوە، یـەکێکیان پەیوەنـدی بـەوەوە هەیە بەڕاستی دامەزراندنی هەڕەمەکی هەیە، بەداخەوە کەوا دەڵێم، لەبەرئەوە ئێمە لە وەزارەتی ناوخۆ و لە لیژنەی ناوخۆ بەهۆی کەموکورتی بودجەکەیانەوە کە ئەوەندە جیاوازی هەبوو لەگەڵ ئەوەی کە داوایان کـردووە و لەگـەڵ ئـەوەی کـە موافەقـەت کـراوە، گەڕاندنـەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی و حکومـەتی هـەرێم چارەسەری بکەن، وەڵامی ئێمەیان دایەوە کـە چارەسـەریان نـەکرد، وەڵامـی ئێمـەی دایـەوە انشاءالله وەڵامـی نەدایناوەتەوە، لەبەرئەوە دەڵێ 5 هەزار کەس کە ئەوە نووسراوی ڕەسمی خۆیانە بەڕێزان 5 هەزار کـەس لـە 1/17 بۆ لیژنەی ناوخۆ هاتووە، هـەموو ئەنـدامانی لیژنـەی نـاوخۆ لەبەردەسـتیانە، ئـەم 5 هـەزار کەسـە بەدەر لە ڕێنماییەکان و بەدەر لە میلاکات و بەدەر لە موافەقەتی پەرلەمان دایـان مەزرانـدووە، نووسـراوی خۆیانــە، تکایــە ئەمــەمان بــۆ ڕوون بکەنــەوە هۆکارەکــەی چــیە؟ دامەزرانــدنی 5 هــەزار کارمەنــد بــۆ فەرمانـدەیی هێزەکـانی زێڕەڤـانی، دامەزرانـدنی 2700 ئـەوە میلاکـە، گەڕانـەوە واتـە گواسـتنەوە 3500 کەس، گواستنەوە جیاوازە، دێمە سەر باسی نووسراوێکی تر کە بەڕێز کـاك رشـید تـاهیر تـەوقیعی کـردووە، ئەمە بەڕاستی هیچ هینێکی ئیداری پێوە دیار نیە، حکومی پێوە دیار نیە، بـۆ نموونـە ئەمـە گواسـتنەوەیە بە ژمارە 7450 لە 2012/4/23 دەڵێ مووچەی ئەوانەی لە خوارەوە ڕوون کراونەتەوە مووچەکەیان لـە وەزارەتی دارایی وئابووری خەرج دەکرا، سەر بە فەرمانـدەیی زێڕەڤـانین، بـەڕێزان ئەمانـە ئەگـەر سـەر بـە فەرماندەی زێڕەڤانین چۆن لە وەزارەتی دارایی خەرج دەکرا؟، ئێمە هەمووبمان دەزانین زیاتر لە 55 هەزار زێڕەڤانیمان هەیە سەر بە وەزارەتی ناوخۆیە، پاشان دەڵێ بگوازرێتـەوە بـۆ سـەر فەرماندەییەکـەتان، ئەمـە بۆ وەزارەتـی نـاوخۆ دەڵـێ، باشـە چـۆن شـتی وادەبـێ؟، پاشـان دەڵـێ ژمـارە 1 ئـەم بڕگانـە، ئەمـە ناوەکانـە، گواستنەوەی ڕاژەی 4461 پۆلیسـی موتەفەریقـە، ئەمـە هـەر ئەوانـەن و ناویـان نـاوە موتەفەریقـە، پاشـان گواستنەوەی ڕاژەی 1745 کەس لە لەشکری تایبەتی فلان، باشە ئەمە چۆن دەبێ؟ نە جیهەتەکەیان داوای کردووە و نە موافەقەتی ئەنجومەن هەیە، لێرەشەوە دەڵێ چی وەزارەتی پێشمەرگەی یەکـەی 80 بـۆ کـاری پێویست، یەعنی بەڕاستی ئەمـە نووسـراوێکە هـیچ هینێکـی قـانونی و یاسـایی و ئیـداری پێـوە نیـە، تکایـە وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دامەزراندن بەشێوەی فۆرم بەڕاستی یەك لە کارە چاکەکان بوو، کە جۆرێك لە دادپەروەری تێدابوو، جۆرێك لە دادپەروەری، بەڵێ هەندێ دامودەزگا هەیە وەکو هاوکارانم بەڕاستی ئیشارەیان پێدا پێشنیار دەکەین و بە چاکی دەزانین ئەوانیش بێنە ژێر ئەو فۆرمە بۆ نموونە ئاسایش هەروەها سەرۆکایەتی هەرێم و هەروەها ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان تاوەکو ئێستا ئەوان دادەمەزرێن لە دەرەوەی ڕێنماییەکان، دیارە ئەو خەڵکانەی کە لەو دامودەزگایانە دامەزرانە، هەر خەڵکی ئەو هەرێمەنە، بۆ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا، پێمان چاکە بەڕاستی و پێشنیار دەکەین ئەوانە بەشێوەی فۆرم وەکو هەموو کەسێکی تر لە هەرێم دا دابمەزرێن، دیارە ئەنجومەنێکی باڵا پێکهاتبوو لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی دامەزراوانی ساڵی 2012، سەرەتا بەڕاستی کۆمەڵێك گرفتی دروست کرد بەتایبەتی ئێمە ئەگەر بێین وردی بکەینەوە لەلایەنی پەروەردەوە کۆمەڵێك گرفتی بۆ پەروەردە دروست کرد، لەبەرئەوە ڕێزم بۆ ئەو برادەرانەی کە لە لیژنەکە بوونە لیژنەکە پێك هاتبوو لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی پەروەردە، لەگەل وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، لەوانە پێك هات بوون، جا ئەوانە  بە نوێنەرایەتی دیارە چەند کۆمەڵێك شارەزا و پستپۆڕێکیان ناردووە، بەڵام بەڕاستی لە ئەنجامی وردبوونەوەمان ئێمە لە بواری پەروەردە ئەوانە نە شارەزا بوون و نە پسپۆڕیش بوون لە دانانی ڕێنماییەکان، بۆ نموونە بەڕاستی ڕێنماییان داناوە سەرەتا دێمە سەر خاڵێك ئەوانەی کە دەبن بە مامۆستا بریتین لە ئەوانەی کە پەیوەندیان دەرچووی کۆلیژی پەروەردە و بنەڕەتیەکانن و هەروەها پەیمانگاکانی پێگەیاندن، 100٪ داناوە، من دەپرسم دەرچوویەك دەبێ پلەکەی 100٪ بێ ئەوجا دادەمەزرێ بە مامۆستا، ئەوە چ جۆرە ڕێنماییەکە؟ ئەوە ڕێنمایی دامەزراندنە یان ڕێنمایی دانەمەزراندنە، من داواکاریەکم لە کنە دەرچوویەکە پلەکەی 97 دەرچووی یەکەمە لەسەر پەیمانگا دانامەزرێ، بە پێی ڕێنماییەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم دەبێ دامەزرێ، لەبەرئەوەی ڕێنمایی ساڵی 2012 دەبێ دەرەجەکەی 100٪ بێ، یەعنی بەڕاستی نازانم ڕێنمایی دامەزراندنە یان دانەمەزراندنە؟، ئەگەر وەڵاممان بدەنەوە، لەبەرئەوەی وەزارەتی داراییش لێرە ئەندامە و لە لیژنەکەشە، ئەگەر ئەمریش دەفەرموون ئەوە داواکاری و سکاڵای ئەو بەڕێزەشتان بدەمێ و ئەگەر داشی مەزرێنن ئەوە باشتر، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەوە دیسان هەر لە ڕێنماییەکان دا هاتووە، نازانم ئەوەی ئەو ڕێنماییانەی داناوە چۆنیان بیرکردووەتەوە، دەرچووانی ساڵی 2008 و 2009 و 2010 و 2011 و 2012 کە 2009 دانەمەزراوە کەچی 2011 دامەزراوە، چ فەلسەفەیەك لەوەیە و چ حیکمەتێك لەوەیە، 2010 دانەمەزراوە، 2011 دامەزراوە، خاڵی ترمان هەیە، بەڕاستی با بێینە سەر وەزارەتی پەروەردە ئێمە داوا دەکەین بەڕاستی دامەزراندنی مامۆستایان بگەڕێنینەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە، خۆی وەزارەتی پەروەردە بە پێی پسپۆڕاتی میلاکەکان دیاری بکات چی دەوێ، کۆمەڵێك پسپۆڕیەتێکی بەسەر وەزارەتی پەروەردە دا

دەسەپێنن، بەڕاستی وەزارەتی پەروەردە ئەو پسپۆریانەیان پێویست نیە، بەڕاستی وەزارەتی پەروەردە دەبێ خۆی پسپۆریەکان دیاری بکات، خاڵی ترمان هەیە ڕێژەی ئەو دامەزراندنەی کە بۆ وەزارەتی پەروەردە دەرچووە، 3500 فەرمانبەر و مامۆستایە، بەڕاستی ئێمە داوا دەکەین ڕیژەکەی بەرز بکەینەوە بۆ 5 هەزار مامۆستا و فەرمانبەر، برادەران زۆر باسیان لە خانەنیشین کرد، بەڕاستی خانەنیشین خانەنیشین دەکرێ لەبەرئەوەی بە پێی یاسا و ڕێسایەك کە دیاری کراوە تەمەنی گەیشتە ساڵی دیاری کراو خانەنیشین دەکرێ، بەڵام ئەو بەڕێزە خانەنیشین دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا گرێبەستی لەگەڵ دەکرێ، من نموونەم لایە بە دەرەجەی وەکیل وەزیر خانەنیشین کراوە، پاشان گرێبەستی لەگەڵ کراوەتەوە، بەڕاستی ئەوە بەهەدەردانی سەروەت و سامانە یەکێك بە دەرەجەی وەکیل وەزیر خانەنیشین بکرێ، پێویستی بە گرێبەستە دووبارە لەگەڵ هەمان دائیرەکەی خۆی بکاتەوە و بوجە وەرگرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو کۆنترۆڵ مایکرۆفۆنەکەی بکوژێننەوە، پێنج دەقیقە قسەت کردووە خوا دەزانی، عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر قسە لەسەر دامەزراندن بکەین کاتێك کە ئێمە ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن ئێمە بڵێین ناعەدالەتی و نا یەکسانی هەبووە لە مەسەلەی دامەزراندندا، یان خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتە کە لە دامەزراندندا هەبووە ڕەنگە لەسەرمان بکەوێ، بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە ئەو دەزگایەی کە حکومەت هەنگاوێکی نا بوو کە بەشێوەیەکی سیستماتیکیانە بتوانێ کار لەسەر مەسەلەی دامەزراندن بکات نەیتوانیوە وەکو پێویست سەرکەوتوو بێ، بۆیە من لێرەوە دەڵێم پێویستە دەزگای دامەزراندن یان ئەنجومەنی راژە بە زووترین کات دابمەزرێ لە ماوەیەکی زەمەنی لەو یاسایە دیاری بکەین کە ئەنجومەنی ڕاژە دابمەزرێ و مودەی زەمەنی دیاری بکرێ بۆ یاسایەکە تا ئەو کات ئینجا دامەزراندن دەست پێ بکات، من یەك پرسیار لە وەزیری دارایی دەکەم، وەزیری دارایی لە یاسایەکە هاتووە پێویستە لەسەر وەزارەتی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تر وردەکاری میلاکات دەست نیشان بکات، ئایا ئەم میلاکاتانەی کە ساڵانە حکومەت دەست نیشانی دەکات و 15 هەزارە دەبێ بە 20 هەزار، 17 هەزارە و دەبێ بە 30 هەزار، ئەم میلاکاتانە کە حکومەت پێویستیەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان ئایا لەسەر ئەساسی پێویستی وەزارەتەکانە یان حکومەت بە گۆترە ئەم ژمارەیەی دانا، خاڵێکی تر کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم لەسەر مەسەلەی دامەزراندن، ئەو سێ دەزگایەی کە تا ئێستا کاری کردووە سێ دەزگای زۆر جیاواز بوونە هیچیان بەڕێنمایەکان کاریان نەکردووە، بۆیە من دەڵێم ئەو ڕێنماییانە یەك بخرێن، یەك دامەزراوە و یەك موئەسەسەی دامەزراندن هەبێ کە کار لەسەر کۆی دامەزراوەکانی حکومەت بکات، لەسەر ئەساسی پێویستی دامودەزگاکان بێ نەك وەك فۆرمی خۆراك بە پێی ژمارەی دانیشتوان دابەش

بكرێ بەسەر وەزارەتەکاندا، چونکە مەسەلەی دامەزراندن لەسەر ئەساسی پێویستی فەرمانگەیە، لەسەر ئەساسی پێویستی وەزارەتە، لەسەر ئەساسی پێویستی ناوچەیەکە کە چەندی پێویستە بۆ دامەزراندن نەك لەسەر ئەساسی شوێنێك هەر دوو حیزب دەسەڵاتدار بوونە، بۆیە ناوی ئەهێنین چونکە دوو ئیدارە بووە، ئیدارەی ئێرەو ئیدارەی ئەوێ خەڵکی تەعین کردووە، کە ژمارەیەکی زۆر لە هەندێ فەرمانگە لە هەندێ ناوچە بە موەزەفی زیاد و فەرمانبەری زیاد کە هەندێ جێگایان نابێتەوە لەناو فەرمانگەکاندا نەك کاریان هەبێ لەناو دامودەزگاکاندا، ئێمە دەمانەوێ حکومەتێکی موئەسەساتی ڕێك وپێك دابمەزرێ بۆ ئەوەی کە کاروبارەکانی حکومەت بە باشی بەڕێوەبەرێ یان دەمانەوێ دڵی خەڵك ڕازی بکەین لە مەسەلەی دامەزراندندا سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، من یەکەم خاڵم ئەوەیە کە ئەولەویەت لە دامەزراندن بدرێ بە ئەوانەی سەنەواتی سابیقە، ئەوانەی پێشتر تەخەروجیان کردووە، بەڵام دانەمەزراون، تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەو پێشنیارەی کە ئەو بەشانەی پێویستیان پێ نیە لە دامەزراندندا، ئەو بەشانە کە ئەمە لەزۆر وڵاتاندا پەیڕەو دەکرێ پێی دەڵێن (سنە التفرغ) واتە ساڵی ڕاگرتن، یەعنی ئەو ساڵە ئەو بەشە هیچ خوێندکارێك وەرنەگرێ بۆ ئەوەی ئەو بەشە بە دامەزراندن نیە لەو بەشەدا، پێویست ناکات خوێندکاری بۆ وەرگیرێ، دواتر من خاڵێکم هەیە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە کە ئەویش دامەزراندن بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، پێویستە ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە ئەو خەڵکانەی لە دەرەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمن بەشێکیان بۆ دیاری بکرێ لەم ماددەیەدا، چونکە ئەوان پێویستیەکەیان زۆرە بۆ دامەزراندن و ئێمەش ناومان ناوە ناوچە کوردستانیەکان کەواتە حەقی خۆیانە کە لە هەرێمدا بەشیان هەبێ، هەر ئەوەش کە ئەمە بەشێکە لەوە کارێکی نەتەوەییە کە ئێمە دەسەڵاتمان هەیە پێویستە خزمەتی ئەوانیشی پێ بکەین، هەر ئەوانیشن کە ئێمە بەهۆی دامەزراندنەوە ئەو خەڵکانەی لەوێ دادەمەزرێن و دادەچەسپێن بۆ خزمەت کردنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆمانە، پێویستە ئێمە لێرەدا خەمی ئەوانیش بخۆین، چونکە ساڵانە وەکو ئاگامان لێیە دواتر بەشێك دائەنرێ لەوە پێویستە لێرە ئاماژەی پێ بدرێ، هەروەها ئەولەویەت بدرێ بە گرێبەستەکان، بەڵام ئەو گرێبەستانە کە ساڵانی پێشتر کراوە، ئێستاش کە گرێبەست دەکرێ ئەبێ بە پێی شروت بێ، چونکە بۆ ئەوەی وەکو هاوکارانم باسیان کرد بە واستە و واستەکاری نەبێ و بەوە نەبێ کە گرێبەست ئەولەویەتی هەیە لە دامەزراندن، بۆیە بچین کەسی خۆمان و خزمی خۆمان بێنین ئەو گرێبەستەی لەگەڵدا بکەین پێویستە گرێبەستەکانی بە شروت

بێ، کە ئەو شروتانە لەسەری بچەسپێ و دوای ئەوە گرێبەستەکەی لەگەڵ دا بکەن و ئەولەویەت بدرێ بەوانە بۆ دامەزراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزت دەکەم کە وەڵامی پەرلەمانتاران نەدەیتەوە بەو شێوەیە..... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەرلەمانتار ناوی ئەحزاب بێنێ و ناوی ئەشخاس بێنێ دەبێ وەڵامی بدرێتەوە، لە چوارچێوەی عام قسە دەکات بەسەرچاو، بەڵام بە عام قسە نەکات وەڵامی دەدرێتەوە، کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسە لەسەر ماددەی 19 دەکەین و پێشم وایە ئەو هەنگاوانەی نراون بۆ دامەزراندن بە تایبەتی دابەش کردنی فۆرم هەنگاوێکی ئیجابیە و سەرەتایەکی باشە، بۆ ئەوەی کە ئێمە بمانەوێ دەرفەتی یەکسانی هاووڵاتیەك بە پێی یاسا بڕەخسێنین کە بتوانین لە هەر مافێك کە هەیە لە کوردستان ئەمە دەبێتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی کە موئەسەساتەکانمان بەڕاستی ببنە موئەسەساتی نیشتمانی و ببنە موئەسەساتی هاووڵاتی و متمانەیەك دروست بکات لەنێوان دامەزراوەکان و هاووڵاتی، پێویستە ئەو دامەزراندنە سەرجەم دامەزراوەکان بگرێتەوە، بە تایبەتی دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی و ئاسایشیش و وەزارەتی ناوخۆش، چونکە بەم ڕێگایە کە پێموایە ڕێگایەکە لەڕووی قانونی چارەسەر کراوە، بەڵام یەکێك لە گرفتەکانمان ئەوەیە کە ئەو مەجلسە یان ئەو ئەنجومەنی ڕاژەیە دروست بکرێ، ئێستا دەبێ ئێمە قسە لەسەر ئەوە بکەین، هەموو قسەکان بۆ ئەوەیە، ئەو هەیئەتە لە ماوەیەکی دیاری کراو دروست بکرێ، کە دەتوانێ بە پێی یاسا دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیەك بڕەخسێنێ و داواکارین حکومەت لەماوەیەکی دیاری کراو ئەم دامەزراوە دامەزرێنێ کە شتێکی قانونی نیە و دانەمەزراندنیشی پێشێلکاری یاساییە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە هاورێکانم کاك کاردۆ و پەیام خان، خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە بە نیسبەت دامەزراندنی ساڵانی ڕابردوو، بە تایبەتی دامەزراندنی 2012 لە وەزارەتی پەروەردە، تەبعەن ئەو خاڵە

هەموو برادەران ئاگایان لێیە و هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری ئەوەن کە ئێمە ڕۆژانە خۆپیشاندان دەهاتە بەردەرگای پەرلەمان، جارێك نەبوو و دوو جار نەبوو لەوانەیە نزیکەی 10 جار هەتا ئێستاش کتابەکم بەرز کردووەتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کە خەڵك هەنە و دامەزراون لە ناوچە جۆراوجۆرەکان ئاخر کتاب هی کۆیەیە، ئەوانە دامەزراون، دوای ئەوە چوونە پەروەردەکان متابەعە بکەن و موباشەرە بکەن ناوەکانیان لەلیست دەرهێنراوە، هەتا ئێستاش کەس بەرپرسیاریەتی خۆی پیشان نەداوە کە ئەو ناوانە بۆ دەرهێنراون، تەنانەت وەزیری پەروەردە ئەو دەسەڵاتەی نیە، چونکە دەڵێ دامەزراندن لە ناو وەزارەتی پەروەردە نەکراوە، بەڵکو لە ئەنجومەنی پارێزگا کراوە، بەڵام ئەوان پاساوەکەی دەگەڕێننەوە بۆ چ؟ کە ناوی کۆلیژەکان گۆڕدراوە، لە فەکەڵتی و سکوڵەوە و ئەو ناوانە گۆڕاوە، یەعنی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نازانم یەعنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ چارەسەری ئەو کێشانە بکات، بەڕاستی ئێمە لە سلێمانی و لە هەولێر هەمان کێشە هەبوو، یەعنی ناکرێ ئەوانە بەو جۆرە دامەزراندنە، بۆیە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە و دەکردنی یەك ڕێنمایی بەڕاستی ئەو کێشە گەورەیە چارەسەر دەکات، وەکو پەروەردە ئێمە بۆ خۆی وەزارەتی لە یاسای بودجەدا هاتووە کە 3500 پلەی بۆ دانراوە، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ئیقتراحی ئەوەمان کردووە کە زیاد بکرێ و بکرێ بە 5 هەزار پلە، خاڵێکی تر ئەو کەسانەی کە بابلێین خوێندوویانە ببنە مامۆستا، کاتی دامەزراندن ئەوانە بەڕاستی هیچ چانسێکیان پێ نادرێ و ناوەکانیان دەرناچێ لەگەڵ ئەوەی کەهەموو مواسەفاتەکانیان هەیە دامەزرێن، بە بیانووی ئەوەی کە ئەو بەشانەی ئەوان خوێندوویانە کەڵکی دامەزراندنی نیە، بۆیە داوا دەکەین ئەوەش بەهەند وەربگیرێ، چونکە بەڕاستی لە کۆبوونەوەکان باسمان کردووە هەر کەسە و بێ بەری خۆی لێ پیشان دایە کە ناتوانێ چارەسەری بکات، بەش هەیە دەتوانرێ خوێندنەکەی تەعلیق بکرێ، هەتاوەکو دەرچووەکانی دابمەزرێن جارێکی تر ئینجا دووبارە خوێندنەکان دەست پێ بکاتەوە، پێی ناوێ ناوی ناوەکان بێنم مێژوو و کوردی و جوگرافیا و ئەوانە بەڕاستی فەلسەفەیە و ئەوانە دانامەزرێن و نازانن یەعنی چارەسەرێکیان دەبێ بکرێ، چونکە ئەوە داواکاری خەڵکە، خاڵێکی تریشم هەیە پێوەرەکان زۆر عادیلانە نین لە دامەزراندن، دوای ئیعلان کردنی ئەو دەرەجانەی کە وەزارەتی دارایی دەست نیشانی کردووە هەموو ساڵێك کۆمەڵێك پلەی شاغیر دەمێنێتەوە، ئەو پلە شاغیرانە بەڕاستی بەشێوەیەکی ناعەدالەتی دووبارە دابەش دەکرێتەوە سەر خەڵکی، ئەوەی زۆر بابلێین دیاردەیەکە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بە نیسبەتی پەروەردە کاتێ کە خوێندنی کوردیان تێدایە، ئەوانەش پێویستە یان مامۆستا لە شارەکان بنێردرێن بۆ ئەوان یان ڕەچاوی دەرچووانی خۆیان بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە بۆیە زۆر گرنگە بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان زۆر قسەیان لەسەری کرد، پێویستە حکومەت سوود لەو کەموکوڕیانە کە لە بواری دامەزراندن داهەیە وەربگرێ بۆ ئەوەی لەم ساڵە دووبارە نەبنەوە، من ناچمەوە سەر هەموو ئەوانەی کە هاوکارانم باسیان کرد، پشتیوانی لێ ئەکەم بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە زیادەڕەوییەوە هەیە لەو ڕێژەیەی کە بۆ دامەزراندن دائەنرێ، پێویستە بەڕەزامەندی پەرلەمان بێ، بە گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، پشتیوانی لە کاك خلیل وهاوکارەکانی ترم دەکەم کە ماوەیەك دیاری بکرێ بۆ پیادە بوونی ئەنجومەنی ڕاژە، مەجلسی خدمە، بەڕاستی پێویستە پەرلەمان لەوە بپرسێتەوە کە یاسای دەرکردووە بۆچی جێ بەجێ ناکرێ؟، یەعنی چۆن تەئکید دەکاتەوە کە پیادە بکرێ؟، لە کاتی دەرچوونی دا کە ساڵی 2011 دەبوو جێ بەجێ بکرابایە، سەبارەت بە بڕگەی 3 کە سەبارەت بە دامەزراندنە لەڕاستی دا تێبینی دەکرێ کە دامەزراندنەکە زۆر دوادەکەوێ، بۆ نموونە دامەزراندنی ساڵی 2012 هێشتا کە تەواو نەبووە، من پێشنیار دەکەم کە لێرە ئەوە دیاری بکرێ کە حکومەت هەموو ئەو ڕێکارانە تەواو بکات کە بۆ دامەزراندن پێویستە ئەنجام بدرێ لە ماوەیەك دا کە لە مانگی تەمووز تێ پەڕ نەکات لە هەموو ساڵێك دا پێش ئەوەی کە ساڵی خوێندنی تازە دەست پێ بکات، سەبارەت بە گرێبەستەکانیش منیش هەر پشتیوانی لە هاوکارەکانم دەکەم بەڕاستی زۆر قسەی لەسەر کرا، پێویستە ئەوە بەهەند وەربگیرێ بەشێکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان تەئکیدیان لەسەر کردەوە، پرسیار لە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئەکەم کە ئایا ئێمە چەند گرێبەستمان هەیە لە هەرێمی کوردستان؟، بە پێی ئەوەی کە لە یاسای بودجەی پاریش دا هاتووە چەند دامەزراوە؟، هەندێ گرفتی دیکەشمان هەیە بەڕاستی لە مەسەلەی گرێبەست دا ئەویش ئەوەیە کە هەندێ لە گرێبەستەکان ماوەی تەمەنی یاساییان بۆ دامەزراندن بەسەر چووە گەیشتوونەتە حەدی خانەنشینی دوایی کە داوای دامەزراندن دەکات دەڵێ تەمەنت بەسەر چووە، بەڕاستی ئەمە پێویستە چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە پێشنیاریش دەکەم کە خاڵێکی دیکە زیاد بکرێ، ئەو پلە قیادیانەی کە لە بەڕێوەبردن و ڕاوێژکارەوە بەرەو سەرەوە، ئەوانە ئەگەر پلە وەزیفیەکەی لە یاسای وەزارەتەکەی دا نەبوو دانەمەزرا زیاد لەوە، چونکە تێبنیی دەکرێ من بە بەڵگە لامە هەندێ وەزارەت بۆ نموونە ڕاوێژکاریان داناوە و دامەزراندووە، بەڵام زیاد لە حەدی ئەو سنوورەی کە لە یاسای وەزارەتەکەی داهەیە، یەك خاڵم ماوە، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی ئاماژەی پێیدا بە نیسبەتی زانایانی ئاینی بەڕاستی ئەگەر زەمانەتێك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر ماددەیەکی قانونی دانەنرێ لێرە کە مووچەکەیان هەموار بکرێ، یان دەرماڵەیان بۆ بڕدرێتەوە، چونکە بەڕێزیان وای وت، من بە پێچەوانەی بەڕێز د.بشیر داواکەی خۆم سەحب ناکەمەوە، پێم باشە کە بەماددەیەکی قانونی لێرە حکومەتی پێ ئیلزام بکرێ، چونکە ئەو هەموارکردنانەی کە لە بەغداوە بووە پێشتریش پەرلەمان لێرە بڕیاری لەسەر داوە بۆ ئەوەی کە هەموارکردنەکان لێرە ئەنجام بدرێ، بۆیە پێویستە ئەوەش بە ماددەیەکی قانونی بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**كاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ايوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پشتیوانی لەوە دەكەم كە ئەو هاوكارانەم باسیان لە تەعینات كرد لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ڕاژە، بۆیە پێشنیار دەكەم كە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، چونكە دەقەكە تەبعەن نایاسایی تیایە (حسب التعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين تطبيق قانون مجلس الخدمة) ئەوە تەبعەن هەر خۆی نایاساییە، چونكە ئێمە یاسای ئەنجومەنی خدمە دەرچووە لە ماددەی 13 كە دەڵێ دوای شەست ڕۆژ بە تێپەڕبوونی ئەوەی یاسا دەبێ جێ بەجێ بكرێ، لەبەرئەوە ئەو دەقە نایاسییە، هەروەها دەبێ بڕگەی 3 ئیلغا بكرێ، چونكە مەجلسی خدمە كە دەرچوو نابێ بە پێی تەعلیمات بێ، بەڵكو دەبێ بە پێی ئەو یاسایە بێ، بەڕێزان نوێنەرانی حكومەتیش بەڵێنیان داو و موژدەشیان دا كە مەجلسی خدمە دەڕواتە بواری جێ بەجێ كردنەوە هەرچەندە وەڵامێك هەبوو، یەكێك لە وەڵامەكان ئەوە بوو گوایە لە پێگەی حكومەت ڕاگەیاندن كراوە بۆ سیڤیەكە هەرچەند زۆر گەڕان نەشم بینی، هەروەها وەڵامێكی دیكەشیان ئەوە بوو كە داوای سیڤی دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەكرێتەوە، بەڵام وەڵامەكانیش پێچەوانەی یاسایەكەیە، چونكە دەبێ لە هەموو ڕاگەیاندنەكان بینراو و بیسراو خوێنراو بڵاوبكرێتەوە نەك تەنها لە ڕۆژنامەی فەرمی و هیوادارم ئەم دەقە بەو شێوەیە بێ بۆ ئەوەی كە جێ بەجێ كردنی یاسایەكە بە شێوەیەكی یاسایی بێ و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كاك شێرزاد فەرموو.**

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە قسەكانی من بەڕاستی بەزۆری كران، بەڵام من هەر تەئكید لەوە دەكەمەوە كە ئەو ئەنجومەنی ڕاژەیە بەنزیكترین كات كە پەرلەمان بتوانێ دایبمەزرێنێ، هەموو ئەو دامودەزگا ئەمنیانەی كە هەیە لەم وڵاتەدا كە پێشتریش ئێمە باسمان كردووە و من خۆشم لێرە باسم كرد كە بە فۆرم بێ وەك ئەوانی تر دابمەزرێن بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی كوردستان هیچیان بێ بەش نەبن لەوە، ئەوانەی كە گرێبەستن ئەولەویاتیان هەبێ، نسبەیەك بۆ كوڕ و كچی شەهیدان دابنرێ كە پاریش ئەوەمان دانا ئەمساڵیش تەئكید لەوە بكەینەوە كە ئەوە بۆیان جێ بەجێ بكەین، پاریش ئالیەتەكمان دانا بۆ ئەوەی كەمئەندامان بەشدار بن لە دامەزراندنەكە كە ئەمە كارێكی واش دەكات كە كۆمەڵێك ئەرك لە كۆڵ حكومەتیش دەكاتەوە ئەو مووچەیەیان دەداتێ و ئیتر ئەوە واز لەو مووچەیەش دەهێنن، تەئكید لەوە دەكەمەوە كە وەزارەتی پەروەردە بەدەست وەزارەتی پەروەردە خۆی بێ، چونكە خۆیان دەزانن چیان دەوێ؟، چەند برادەر باسی ئەوەیان كرد كە من تەئكید دەكەمەوە لەوە، پشتگیری پەیام خان دەكەم بۆ دامەزراندنی**

ئەوانەی کە لە دەرەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمن ئەوانەش تەئکیدیان لێ بکرێتەوە و لێرە ژمارەیەکیان بۆ دابندرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری برادەرانم دەکەم لەوەی کە ئەنجومەنی ڕاژە تا 4/15 دابمەزرێ، تەئکید دەکەمەوە لەوەی کە فەرمانبەرانی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە ودەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش لەڕێی فۆرمی دامەزراندن و ئەو سیستمەوە بێ کە حکومەت دایناوە، پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەولەویەت بدرێ بە ساڵانی ڕابردوو و فۆرمی ئەم ساڵ زۆر نارێك و ناعەدالەتی زۆری تیا بوو کە حەقی ساڵانی ڕابردووی خواردبوو، منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەولەویەت بدرێ بە فەرمانبەرانی گرێبەست و وانەبێژانی وەزارەتی تەربیە، پشتگیری لەوە دەکەم کە بەشێك دابنرێ لەم میلاکی 15 هەزارە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان، پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەو بەشانەی کە زیادن وەکو کوردی و فەلسەفە و ئەوانە بۆ چەند ساڵێ ڕابگیرێ، بەڵام لەبەرامبەر دا ئەو بەشانەی کە پێویستن وەکو ئینگلیزی و کیمیا و فیزیا و ئەوانەی کە ئێستا بەشێك لە خوێندگاکان کێشەیان هەیە لەوەی کە مامۆستای پسپۆریان نیە، من بۆ خۆم چوومەتە چەند ناوچەیەك تا مانگی 11 هەندێ مامۆستای پسپۆریان نەبووە، خوێندکار لەم بەشانە زیاد بکرێ، من پرسیارێکم هەیە لە وەزیری دارایی ئەگەر بێ زەحمەت گوێم لێ بگرێ، دیارە پار 17 هەزار کەس وابڕیار بوو دابمەزرێ، ئەمانە زۆربەی هەرە زۆریان لە مانگی 11 و 12 دامەزراون پارەیەکی زۆر کە زیاتر لە ترلیۆنێك دینار دانرابوو بۆ ئەمانە، بەڵام ئەم مووچەیەیان وەرنەگرت، چونکە 11 دامەزراون و لە 12 موباشەرەیان کردووە، لە 12 دامەزراون و لە 1 موباشەرەیان کردووە، پارەکەیان چی لێ هاتووە، خاڵێکی دیکە جیاوازی نەکرێ لە نێوان دەرچووانی زانکۆکانی هەرێم و ئەو خوێندکارانەی بەڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە زانکۆکانی ناوەڕاست و باشوور دەخوێنن، چونکە ئەوانیش هەر دانیشتووی ئەم هەرێمەن، پرسیارێکی دیکەم هەیە لەبەڕێز وەزیری دارایی، لە کاتی سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ناوچەی گەرمیان 200 کەسیان دامەزراند بەدەر لە 17 هەزار میلاکەکە، بۆ تا ئێستا مامەڵەکانیان ڕاگیراوە لە وەزارەتی دارایی، چونکە پەیوەندیمان زۆر پێوە دەکەن و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، مـن دەستخۆشـی لـە حكومـەت دەكـەم سـاڵانە ئێمـە ئـەو ژمـارە زۆرە دادەمـەزرێنین، ئەگـەر بـە كەموكورتیشـەوە بـێ، بـەڵام پرۆسـەكە مـن بـەجۆرێك لـە عەدالـەتی دەبیـنم، لەبەرئەوەی واستە و واستەكاری تیا نەماوە، خەڵك فۆرم پڕ دەكاتەوە و بە پێی فۆرم و پۆینتـەكان خـەڵك تەعین دەبێ، ئەگەر من نكۆڵیش لەوە ناكەم ئەگەر كەموكورتی تیا بێ، یان حاڵەتی تێ نەگەیشتن هەبێ بە تایبەتی لەدوای گۆڕینی ناوی سكوڵ وفەكەڵتی و ئەو شتانە، هەندێك غەدر كراوە لە هەندێ كەس بە هۆی گـۆڕینی ناوەكـەوە، بـەڵام وێـڕای ئـەوە ئەمـە پرۆسـەیەكە تـەعبیر لـەوە دەكـات كـە عەدالـەت هـەبێ لـە دامەزراندن، هەتاوەكو ئەنجومەنی ڕاژەكە من لێرە جەخت دەكەمەوە كە ئەنجومـەنی ڕاژە دوو ساڵە تـەواو بـووە یاسـایەكە حەقـە ئـیتر حكومـەتی هـەرێم ئـەم هـەنگاوە بنـێ بـۆ ئـەوەی ئـەو ئیعلانـە بكـات و سـیڤی پێشكەش بكرێت و خوابكا وەكو دەستەی نەزاهەی لێ نـەیێ كەسـێك نـەبێ وەكـو چاودێری دارایـی كەسـێك نەبێ بوێرێ بێت ئەو سیڤیە تەقدیم بكات و بێت و ئەو دەزگایە بگرێتە دەست، مـن لێـرە دەمـەوێ باسـی حاڵـەتێ بكـەم، حاڵـەتی ئـەوەی كـە سـاڵانە مـن پێموایـە 5 هـەزار كـەس خانەنیشـین دەكـرێن لـە هـەرێمی كوردستاندا، ئەم 5 هەزاركەسە چۆن پڕبكەینەوە، ئێمە دەبێ ئێستا قسە لەسەر ئەوە بكەین كە ئەو پێوەرە چی بێ بە تایبەتی بۆ ئەوانەی كە گرێبەستن، من پێشنیارێك پێشكەش دەكەم هیوادارم لیژنەی قانونی بە هەندی وەربگرێت حكومەت ئەگەر ڕەزامەندی بكات، ئێمە داوا بكەین لەو پلانەی كە خانەنیشین دەكرێت، بە پێی ئیختیساسەكان، تەبعەن هەموو كەسێك وەكو یەك نیە، هەموو كەسێكیش كە گرێبەستە وەكو ئـەو ئیختیساسە نیە كە خانەنیشین دەكرێت، بەڵام بە پێی ئیختساسات هەر كەسێك مـاوەی گرێبەسـتەكەی لـە 3 ساڵ كەمتر نەبێ، چونكە تۆ لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا ئـەو كەسـە خیبرەیەكیشی پەیـدا كـردووە، ئـەو 5 هەزارە یاخود ئەمساڵ لەوانەیە 6 هەزار بێ، موعەدەل وەربگرین ئەو 5 هەزارە بەو كەسانە پـڕ بكرێتـەوە كە گرێبەستن بە حەسەب ئیختساس پلەكەی، یەعنی ئەگەر ئەو پلەیە هەبوو و یەكێك خانەنیشین كرابوو عەقدەكە ئەولەویەتی هـەبێ و تەبعـەن ئەمـە خـاتوو زەكیـە خـانیش باسـی كـرد، مـن پشـتگیری لـەو خاڵـە دەكەم و پشتگیری لەوە دەكەم ئەنجومەنی ڕاژە دابمەزرێ بەزووترین كات انشاللە، من ناتوانم لێرە بڵێم هەتا ماوەی 45 ڕۆژ، چونكە دەبێ خەڵك هەبێ ئیستعدادی تیـا هـەبێ ئـەو سیڤیە تەقـدیم بكـات و ئـەو پلەیـە وەرگرێ، چونكە بەڕاستی مەسئولیەتێكی گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، من هیوادارم بەڕێز سەرۆكایەتی مەسەلەن تەحەمول بكەن و بێ لایەنی خۆیان بپـارێزن، بە سەریعی هەندێ شت دەڵێم، تەرخان كراوی دامەزراوانی پـار 17 هـەزار كـەس، ئەگـەر شـێخ بـایز ئاگـای لێرە بێ، تەرخان كراوی دامەزراوانی پار ساڵ كـە 17 هـەزار كـەس بـوو تـا 2012/12/31 كەسـیان هـیچ

مووچەیەکیان وەرنەگرت بوو، دەتوانین بڵێین و بزانین ئەوە لە کوێیە ئەو تەرخان کراوانە؟ تەئکید لەو پێشنیازانە دەکەمەوە کە موئەسەساتەکانی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم ئاسایش و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت بە فۆرم خەڵك تەعین ببێ، چونکە ئەمانە ئەگەر قەرارە دامودەزگای نیشتمانی بن دەبێ دەرگایان کراوەبێ بۆ هەموو هاونیشتمانیان بەڕاستی، بۆ هەموو خەڵك بتوانێ فۆرم تەقدیم بکات بۆ تەعین بوون، خۆ ئەگەر بە فۆرم نەبێ حەتمەن ئەوەیە کە سۆزان خان باسی کرد واستە و واستەکاریە، گرێبەستەکان زۆر باسکرا، بەڵام گرێبەستی شارەوانی و ئەمانە هەیە بەڕاستی، شارەوانیەکان هەندێ گرێبەستیان هەیە کرێکارن و ئەوانەن کە لەسەر ئالیات ئیش دەکەن و لەسەر شۆفەل و لەسەر کابیسە و ئەمانە زەرورن، یەعنی حەقە بەڕاستی حسابێك بۆ ئەمانە بکرێ، ئەو کۆلیژانەی کە زەرور نیە بەڕاستی من حەزم دەکرد وەزارەتی پلاندانان لێرە بوونایە، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانە، یەعنی وەزارەتی پلاندانان حەق بوو لێرە بوونایە بۆ ئەوەی پێمان بوتنایە ئەو کۆلیژانەی کە زەرور نیە و دەرچووەکانیان تەعین ناکەن دایانخەن، ئەگەر موئەقەتیش بێ، زیادکردنی مامۆستایانی ئاینی من حورمەتم بۆ مامۆستا بەشیر هەیە، ئێمە سێ برادەر پشتیوانیمان کردووە و سەحبی ناکەینەوە، بۆ تەئکید کردنەوە بۆ جێ بەجێ کردنی، من پێشنیاز دەکەم و ئەگەر کرابێ پێش من پشتیوانی دەکەم کە نیسبەتێك دابمەزرێ 5٪ لەناو دامەزراوان بۆ کەمئەندامان بەڕاستی، بۆ هەندێ کۆمپانیا ئەم نیسبەتی دامەزراندن بۆ کەمئەندامان دابنێ، حکومەت بۆ داینەنێ، پێشنیازی 5٪ دەکەم بۆ کەمئەندامان و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سیستەم کردنی پرسی دامەزراندن لەڕاستی دا هەموومان لەگەڵ ئەوەین، بەڵام ئەگەر بێین بەراورد بکەین ئەمساڵ چۆن بوو لەگەڵ پار و پار چۆن بوو لەگەڵ پێرار، بێ گومان باشتر بووە، سەرنج هەیە و تێبینی هەیە و بەشێکی زۆری ئەرکی ئێمەیە موتابەعە و چاودێری بکەین کە لەساڵی ڕابردووشدا و ئێستاش دەبینین و سەیری بڕگە 3 دەکەین کە حکومەت دەڵێ لەسەر وەزارەت و دامودەزگاکان پێویستە بە پێی ئالەتێك و مەرجی یەکگرتوو و ئاشکرا لە یەك کاتدا هەوڵ بدرێ خەڵك دابمەزرێ، تا ئەو ڕادەیەی پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین دامەزراندنی مامۆستاکان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە بدرێتەوە بە خۆیان، چونکە وەکو تێبینیمان کردووە لەڕێگای لیژنەی باڵای دامەزراندنی پارێزگاکانەوە گرفتی زۆر هەیە، هەروەها سەبارەت بە مەسەلەی ئیختساس، ڕەنگە هەندێ جار دەرچوویەکی ساڵی 2009 هەبێ و تا ئێستا دانەمەزرابێ، بەڵام دەرچوویەکی ساڵی 2012 هەبێ

ودامەزراوە، لە وێنەی گشتی دا وایـە، بـەڵام کـە دێـین شـی دەکەینـەوە پەیوەنـدی بـە ئیختیساسـەوە هەیـە، دەرچوویەکی ساڵی 2012 کە بیرکاریە، دادەمەزرێ لەبەرئەوەی دەیان قوتابخانە و پەروەردە پێویستیان بە مامۆسـتای بیرکـاری هەیـە، بـەڵام دەرچـوویەکی سـاڵی 2009 کـە دەرچـووی کـوردی بـێ، لەبەرئـەوەی داوا نەکراوە بۆ ئەو ئیختساسە ڕەنگە مابێتەوە، کە وردی دەکەیتەوە، هۆکارەکانت بۆ ڕوون دەبێتەوە، دەربارەی ئەو سەرنجەی کە باسکرا، حەق بوو و حەق بوو و حەق بوو چەندین جار لیژنەی پەروەردە باسی کردبایە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان کە ئەگەر پێویستیان بە ئیختساسێك نەبێ ئەمە دابخەن، ئێمـە وەکـو لیژنـەی پەروەردە هەموو خوشك و برایان شاهیدن چەندین جار لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا باسـی ئـەوەمان کـردووە کـە ئـەم عـەدەم تەوازونـە و ئـەم ناهاوسـەنگیە هـەوڵ بـدەن چارەسـەر بکـەن، بەشێکی پەیوەندی بە پرۆسەی وەرگرتنی ئەوانەوە هەیە کە دەبن بـە قوتـابی و خوێنـدکاری زانکـۆ، بـەڵام دەبینین خۆ خوێندن لە هەموو دونیادا تەنها بە مەبەسـتی دامەزرانـدن نیـە، مەسـەلەن خوێنـدن لـەبواری فەلسەفە دا، خوێندن لەبواری ئەدەبیات دا، لە زۆر بواری تریش دا تەنها بە مەبەسـتی دامەزرانـدن نیـە لـە حکومەتدا، ئەمە بابەتێکی گرنگە و حەز و ویستە و ئارەزوویە و بۆیە پێویستە هاوسەنگی ڕابگیرێ، بـەڵام ئەو حەقیقەتانەشمان لەپێش چاو بێ، دەربارەی وەزارەتی پەروەردە و مامۆستا ئێمە بە گرنگی دەزانین کە ئێستا سەدان مامۆستای وانەبێژ هەیە کاتێ دادەمەزرێن حەقە حسابێك بۆ ئەوانە بکرێ، چونکە لەڕابردوو دا خزمــەتیان کــردووە، مامۆســتای وانەبێــژ بــە گــوێرەی داواکــاری و پســپۆریەتی حەقــە ئەفزەلیــەت وئەولەویەتی پێ بدرێ، چونکە خزمەتی کردووە، هەروەها ئەگەر وانەبێژ دادەمەزرێنن لە ساڵانی ئایندەدا، بیکەن بە گرێبەست، دەسەڵات بدەنە بە پەروەردەکان یان بە وەزارەتـی پـەروەردە و بیکـەن بـە گرێبەسـت، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ساڵانە بۆ وەزارەتـی پـەروەردە ئەگـەر 100 کەسـیان پـێ دەدەن و 200 کەسیان پێ دەدەن، نسبەتەکەیان بدەنێ، بەڵام دەسەڵاتی گرێبەست بدەن بە خۆیان و بـە پـەروەردەکان بـۆ ئەوەی ڕۆتین کەم ببێتەوە، ئەمە یەکێك بووە لە داواکاریـەکانی پـەروەردەکان و وەزارەتـی پـەروەردەش کـە ئێمە لە ڕابردوو دا بەدواداچوونمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی 19 بەڕاستی ئەم ماددەیە پەیوەستە بـە ژیـانی ڕۆژانـەی خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتانەوە، من کە ساڵانە دەبینـم بـڕێك یان ژمارەیـەك دامەزرانـدن دادەمـەزرێن یـان لـە نـاو یاسـای بودجـەی هـەرێمی کوردستان دێن کە دادەمەزرێن لەناو هەرێمی کوردستان زۆر جێی خۆشحاڵیە، یەعنی پار سـاڵ و پێـرار 25 هـەزار دامـەزران و پـاریش 17 هـەزار و ئەمسـاڵیش 15 هـەزار، ئەمـە موژدەیەکـە بـۆ 15 هـەزارخێزانی هەرێمی کوردستان کە کوڕ و کچەکانیان دادمەزرێن، بەڕاستی جێی دڵخۆشیە کـە ئـەم دامەزراندنـە هـەموو

ساڵێك ئاوا بەو شێوەیە لە هەرێمی كوردستان دادەمەزرێ، چونكە ئێمە لەناو مەكتەبەكانمان و مەدرەسەكانمان ساڵانە 12 هەزار و 15 هەزار خوێندكار تەخەروج دەكەن ئەمە جێی خۆشحاڵیە هەموو ساڵێ، داوا دەكەم حكومەت ساڵانە بەردەوام بێ بۆ ئەم دامەزراندنە، بەڵام ئەویش هەتا حەدێك عەدالەتی تیا بێ، عەدالەت لەناو دامەزراندنی خوێندكارەكان و لەناو دامودەزگاو فەرمانگەكانی حكومەت مەسەلەن بۆ نموونە دەڵێم وەزارەتی پیشەسازی لەوانەیە پێویستی بەهیچ دامەزراندنێك نەبێ، وەزارەتی پەروەردە پێویستی لەوانەیە زۆر بێ، دەبێ ئەوە ڕەچاو بكرێ، یەعنی زیاتر ژمارە بدات بۆ وەزارەتی پەروەردە، یان وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستی ئێستا زۆر پێویستیان بە معاونی توبی هەیە و بە مزەمیدە و ئەمە زۆر دەبێ ڕەچاوبكرێ و بەرچاو بگرن و زۆربەی دامەزراوەكان بدەن بە ئەم دوو وەزارەتە، وەزارەتی پەروەردە منیش پشتگیری د.عمر دەكەم كە خۆیان دامەزرێنن و خۆیان ئەو پسپۆرانەی ئەو كەسانەی كە دەیانەوێ دامەزرێنن، خۆیان دەست نیشانی بكەن، نەك لە ڕێی لیژنەوە، دەربارەی بڕگەی 5 زۆر باس لە مووچە كرا، كە زیاد بكرێ و نازانم چی.

من پێموایە مووچە زیاد نەكرێ، بەڵام ئەم دامەزراندنە زۆر موهیمە و زۆر گرنگە ساڵانە هەبێ و زیادیش بكرێ، بڕگەی 5 باسی گرێبەست دەكات، من پێموایە پار وپێراریش هەر تەئكیدمان كردەوە كە ئەو گرێبەستانە دابمەزرێن، ئەم ساڵ با كۆتایی پێ بێنین، هەر هەموویان دامەزرێنن، ئەوەی بە كەڵك نایە تەقاعودی بكەن، بەو مووچەیەی كە پێی دەدەن با تەقاعود بكرێ و بابچێتە ماڵی خۆی، ئێمە ئەو كێشەیە وئەو سەرئێشیە بۆمان نەمێنێ و بۆ خەڵكیش نەمێنێ و بۆ وەزارەتەكان و بۆ حكومەتیش نەمێنێ، داوا دەكەم هەموویان دامەزرێنن، لەمەودوا گرێبەست نەكەن، كە پێویستتان بە یەكێكە دادەمەزرێنن خۆ بگرن تا سەری ساڵ ئەمە دامەزراندنە وتازە دامەزرێنن، تەواو ئەو سەرئێشەیە بۆ ئێمە هەمووومان دروست نابێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی دامەزراندنەوە دیارە لیژنەی باڵا هەیە و لیژنەی باڵا كە پێك هاتووە لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی سەقافە، هەروەها موحافزەكان و هەروەها سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران و موختەسەكان، چەندەها موختەس و وەزیری پەروەردەش بەشداری كردووە لە زۆربەی زۆری كۆبوونەوەكان و هەتاوەكو ئەو فۆرمەی كە تایبەتە بە دامەزراندنی مامۆستاوە خۆیان فۆرمەكەیان داناوە و خۆیانیش شەرت و شروتیان بۆی داناوە وخۆشیان لەگەڵ موحافەزەكاندا ئیتفاقیان كردووە، بۆیە من لێرەوە دەڵێم لیژنەكە لەڕووی ئیداری و لەڕووی قانونی و لەڕووی فەنیەوە زۆر لیژنەیەكی موختەس بووە، ئەوانەی كە ئیشیان تیا كردووە زۆربەی زۆریان شارەزا بوونە، نەك شارەزا نەبوونە.

بە نیسبەتی ئیشەكانی موحافزەكانیش كە ئیشیان كردووە، قائیمقامێك كە گلەیی هەبووە مەفروز بووە ئەو قائیمقامە لەگەڵ موحافەزەكەی خۆی قسە بكات، ئەوانیش لە سەر مستەوای موحافەزات ڕەئی دەوائیرەكانیان وەرگرتووە و من ئاگام لە دەوائیرەكانی مالیە هەیە ڕەئیانیان وەرگرتووە چەند كەستان دەوێ؟ لە چ ئیختساسێك دەتانەوێ؟.

بە نیسبەتی ئەوەی كە ساڵانە چەند كەس تەقاعود دەبێ، پێموایە ئەو ڕەقەمەی كە سۆزان خان وتی نازانم لە كوێوە وەری گرتووە، دیارە فیعلەن لەو حدودانەیە كەمێ زیاد و كەمێ كەم تەقاعود دەبن، ئەمساڵیش كە باس لەوە دەكرێ كە 15 هەزار و بووەتە 17 هەزار، ئێمە لێرە بەوازحی بە 15 هەزار هێناومانە و 15 یە نەوەك 17 هەزار بە ڕەسمی تەقدیممان كردووە، سەبارەت بەوەی شوێنەكانیان چۆن پڕكراوەتەوە، هیچ شتێك حەز دەكەم بزانن وەزیری دارایی دەسەڵاتی تەعینی یەك كەسی نیە، هەمووی تەعینات ئەوە لەڕێگای فۆرمەوە دەكرێ، ئەوانی تریش لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە و كراوە، لەبەرئەوە حەز دەكەم بزانم ئەو فۆرمانەی كە دابەش كراوە لەسەر مستەوای محافەزات زۆر بە دیقەتەوە ئیشی تیا كراوە، بەڕاستی من پێموایە وەكو مەعلوماتم هەبێ و وەكو لیژنەی دامەزراندن پێموایە زۆر بەعادلانە ئەوانەی كە لەوێ ئیعلان كراوە ڕۆیشتووە، بەڵام خۆ لەڕێگای كۆمپیوتەراتەوە ئەو ئیشانە بە ئیحسائیاتی دەقیق دەرچووە، بەڵام خۆ ڕەنگە ئێستا ئەویشی تیا بێ و غەڵەتیشی تیا بێ، دوای ئەوە لیجانی تەدقیق هەیە و لیجانی تەحقیقیش هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە تەحقیق و تەدقیقی تیا كراوە، بە نیسبەتی ئەوەوە كە ئەگەر عەدەد زیاد بكات پارەكەی لە كوێ سەرف دەبێ؟، هەر عەدەدێك كە زیاد بكات بە تەئكید ئەو عەدەدانە كە شێوەیەكی ئسوڵی خۆی و قانونی خۆی وەرگرتبێت بە زیادی هاتبێت و لە وەزارەتی مالیە تەمشیە كرابێ بۆ كاری پێویست لەسەر تەعویزی موەزەفین سەرف دەبێ و ئەگەر زیاد بێ لە میلاك ئەوە بە تەئكید دەبێتە سەبەب ئەوەی كە تەجاوزە لەسەر نیسبەتەكە، بە نیسبەتی ئەوەی كە میلاكات هەر لە خۆتانەوە داتان ناوە ئەم میلاكاتانە و بە گۆترە، بەڕاستی بە گۆترە دانەنراوە بە ئیتفاق لەگەڵ وەزارەتەكاندا دانروە و وەزارەتەكانیش هاتوون خۆیان موناقەشەیان كردووە، ئەوانیش ڕەئی مودیریەتەكانی خۆیانیان وەرگرتووە، بەڵام ڕەنگە هەندێ شت هەیە بەدڵی ئەوان نەبێ، ئەوان زۆریان داوا كردووە و ئێمە كەممان داوە، ئا لەوەیا بەڵێ وایە، چونكە عەدەدەكە چۆن میزانیە ومەبلەغەكە تەحدید كراوە، میلاكاتیش بە هەموو شێوەیەك تەحدید كراوە.

بە نیسبەتی ناوچە كوردستانیەكانەوە، ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی ناوچەی هەرێم بەڕاستی ئەوانە هەمووی حسابیان بۆ كراوە لەناو میلاكاتەكان دا لەسەر مستەوای هەموو وەزارەتەكان و لەسەر مستەوای ئەوەی هەیئەی تەنسیق كە ئێستاكە ئیعلانیان تیا كردووە، هەیئە لای كاك محمد احسانە سەرپەرشتی ئەوانەی ناوچە دابڕاوەكان دەكات.

بە نیسبەتی كەمئەندامەوە بەڕاستی لە تەعینات دا مەسەلەی كەمئەندام ئەوەی كە من ئاگام لێی بێ، لەبەرئەوەی ئەوەم لەبیر چوو تەبیعی وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی خۆی ئەندامە لە لیژنەكە، زۆر

تەئكیدی كردووە كە یاسایەكەی كەمئەندام جێ بەجێ بكرێ، ئەو نیسبەتە بە نـەزەری ئیعتبـار وەربگـیرێ، نیسبەتێك وەرگیراوە بە نەزەری ئیعتبار ئیتر من بەڕاستی ناتوانم بە دیقەتەوە بڵێم بزەبت ئەوەیە كـە لـە یاسایەكە هاتووە، یان كەمترە و چەنێ كەمترە نازانم، بەڵام ئەوە بە نەزەری ئیعتبار وەرگیراوە، بە نیسبەتی ئەوەی كەمەجلسی خدمـە، وەڵڵاهـی ئێمـەش لەگـەڵ ئـەوەداین كـە مەجلسـی خدمـە تـەفعیل بكـرێ، بـەڵام ئەوەی من ئاگام لێی بێ، وەكو ئەندامێك لە ئەنجومەنی وەزیران، ئاگام لێیەتی مەسـەلەی مەجلسـی خدمـە ئیعلان كراوە، ئیعلان كراوە لەسـەری سـاڵی ڕابـردووەوە ئـەم مەسـەلەیە ئـیعلان كـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا بـۆ نەگەیشتوونەتە نەتیجە ئەوەیان من نازانم، بەس ئاگام لە مەسەلەی ئیعلانەكەی هەیـە، بـە نیسـبەتی ئـەم كتابەی لای كاك نەریمانەوە ئەوە كراوە، ڕاستە فیعلەن وایە، ئێستا لە دوای پرسیار كردنم دیارە دەوترێ بە ئیعازی جەنابی سەرۆكی حكومەت ئەو ئیشە كراوە و ئەوانە نەقڵن، پێشتر لـە وەزارەتـی دارایـی مەعاشـیان وەرگرتووە و دوایی گواستراونەتەوە دوای یەكگرتنەوەی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆدا كە دەڵـێ یەكیان گرتووەتەوە ئەو وەختە نەقڵمان كردووە.

من حەز دەكەم بۆیە ئێستا ڕەنگە بڵێن ئـەی تـۆ بـۆ لـە 4/23 دا كـراوە، لـە 2012/10/21 دا وەزارەتـی دارایی بەڕەسمی ئیعلانمان كرد كە یەكی گرتووەتـەوەو، بـە نیسـبەتی پـارەی ئـەو موەزەفانـەی كـە تـەعین دەبن دیارە پار و پێراریش ئەم سوئالە كرا، ئەوە كە تۆ حساباتی ختامی دێتـە پێشـەوە، هاتـە بەردەسـتتان، ئەو وەختە دەزانن لە تەعویزی موەزەفین دا تۆ چەندت سەرف كردووە، ئەگەر كەمت سەرف كردبـێ ئـەوە ئەو وەختە مەعلومە و ئەگەر زیادیش سەرف دەكرێ، مەعلومە ئەوەشی تیا مەعلوم دەكرێ و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی یاسایی؟ ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەمجارەیان پێشـنیارمان زۆر هەیـە، بـەڵام ئـەو بـاقی هـەمووی پرسـیار بـوو جـەنابی وەزیـری دارایـی وەڵامی داوەتەوە، یەكـەم/ پێشـنیاری ئەگـەر روخسـەت بـدەن ئێمـە هەنـدێ شیكاریشـی لەسـەر دەكەینـەوە، یەكەم/ دەڵێ ئەولەویەت بدرێ بە دامەزارندنی گرێبەستەكان، بەڕێزان ئەوە لە یاساكە خۆی هاتووە، كە لە 5 دەڵێ (وتعطى الاولویە للعقود النافذة وتحتسب فترە التعاقد خدمە لاغراض التقاعد) كەواتە خۆی هاتووە كەواتە ئێمە ناتوانین چی لەوە زیاتر ئیزافە بكەین لەسەر یاسایەكە، لە شوێنێكی تر چەند كەسێك باسیان كرد كەوا ئەگەر بكرێ ئەو كەسانەی كە تەقاعود دەكـرێن لـە شـوێنیان خـەڵكانێك دامـەزرێن ئەوانـەش لـە كوێ پڕ بكرێتەوە لەوانەی كە گرێبەستن لە وەزارەتەكان و دەوائیرەكان، بەڵام زیـاتر لـە 3 سـاڵ خزمـەتیان هـەبێ، ئێمـە شـتێكمان نووسـیوەتەوە حـەز دەكـەم جـەنابی سـەرۆك بیخوێنمـەوە بـۆ ئـەوەی بخرێتـە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی كەوا زیـاتر لـە 5 كـەس پێشـنیاریان كردبـوو، ئەگـەر حـەزیش دەكـەن ناوەكان

دەڵێینەوە زکیە خان، کاك حەمە سعید، ناسکە خان، ئەمە ببێتە بڕگەیەکی ئیزافی (تخول وزارة المالیة والاقتصاد وبالتنسیق مع الوزارات المعنیة تعین المتعاقدین بعقود مضی علی عقودهن اکثر من ثلاث سنوات علی الملاك الدائم وبنفس العدد والاختصاص المحالین علی التقاعد لسنة المالیة 2013 وبموجب تعلیمات تصدرها وزارة المالیة والاقتصاد)، جەنابی سەرۆك ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 6 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ئەوەی تر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای ئەوە کرا کەوا لە خاڵی 2 کە دەڵێ (لحین تطبیق قانون مجلس الخدمة العامة للاقلیم رقم 7 لسنة 2011) شەتب بکرێ، جەنابت ئەگەر ئەوەش بخەیتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ لابرێ، بەڵام حەسەب قانونی مەجلسی خدمە، ئێمە تەعینات کراوەتەوە تا ئێستا شەرعیەتیان کردووە، ئەوە هەمووی هەڵدەوەشێتەوە، خەڵك موتەزەرر دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندارە و باس لە چۆنیەتی تەشکیل کردن و کاروباری ڕێك کردنی ئەو مەجلسەیە نەك تەعلیماتی تەعین، یەکێك لە کارەکانی مەجلسی خدمە دەرکردنی تەعلیمات و چۆنیەتی دامەزراندنە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئارام ئەم مەجلسە پێك نەهاتووە هەتا پێك نەیەت و کەی تەعینات دەکات، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە یاسایەکەیە، تەبعەن ئەنجومەنەکە کە پێك دێت ئەوان مەرج وهەموو شتەکان جێ بەجێ دەکەن، ئەبێ ئێمە باس لەوە بکەین بە پێی ئەو یاسایە دامەزراندن بکرێ، کە ئەوەشمان وت کەواتە دەبێ حکومەت

ئیلزام بکرێ بەوەی کە مەجلسی خدمە دامەزرێنێ، بەڕێز وەزیری دارایی باسی کردو وتی ئێمە ئیعلانمان بۆ کردووە، کەواتە دامەزراوە و هیچ ئەشکالێکی تیا نامێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاخر کێ دەڵێ تاکەی ئەو مەجلسی خدمەیە دادەمەزرێ، دوو مانگی دیکە و سێ مانگی دیکە، ئەو خەڵکە چی لێ دێ دوایی، دەڵێ کەس تەقدیمی نەکردووە هێشتا، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە جیاتی کاك نەریمان قسە دەکەم، ئەو تەرحەی کاك ئارام ئەگەر دابنێین ناتوانین ئەم 15 هەزارە تەعین بکەین بە هیچ جۆرێك مەعنای ئەوەیە کە کەس تەقدیمی نەکردووە هەتا ئێستا، ئەوەتا نوێنەری حکومەت لێرەیە و دەڵێ هەتا ئێستا کەس تەقدیمی نەکردووە، تەئخیر بوونی مەجلسی خدمە ئەگەر بەو نەوعە دایبنێین مەعنای ئەوەیە ئەو 15 هەزارە ئەخرێتە لاوە هەتاوەکو مەجلسەکە دەبێ، ئایا ئەمە لە مەسڵەحەتی گشتیە؟ یاخود ئێمە تەئکید بکەینەوە لەسەر ئەوەی ئەوانەی کە وتوومانە وەزارەتی پەروەردە و ئەو شەرتانەی کە دامان ناوە عەدالەتەکەی کە پەیڕەو دەکرێ، ئێمە باس لەوە بکەین نەك تەئخیری بکەین، بەڕاستی نابێ تەئخیر بکرێ مەسەلەی تەعینات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئارام وەڵامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە وترا (حسب) یەعنی ئەوە ئەوە نیە کە بڵێی کە 15 هەزارەکە تەعین نابێ، چونکە بە پێی یاسایەکە دەڵێ تەنها 3 ڕۆژ، بۆ 3 ڕۆژ ڕاگەیاندن دەبێ بکرێ لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، بەڵام من نەمبینیوە لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا ڕاگەیاندنی بۆ بکرێ، ئەگەر بکرێ خەڵك ئامادەیە بۆ ئەوەی کە سیڤی خۆی تەقدیم بکات، چونکە هەموومان ئاگادارین زۆربەی ساڵەکان لە مانگی 7 و 10 تەعینات دەست پێ کراوە، هێشتا تازە مانگی دووە، دەتوانرێ لە ماوەیەکی کورتدا مەجلسی خدمەش دامەزرێ و تەعیناتەکەش بە پێی ئەم یاسایە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك ئارام ئێمە ساڵان گلەییمان هەبوو دەمانگوت بودجە لە مانگی 7 و 8 ئیقرار دەکرێ، ئەوسا تەعین دەبوون، ئەمساڵ چونکە بودجەکە زووتر ئیقرار دەکرێ موناقەشەمان کردووە حەتمەن تەعیناتەکە زووتر

دەبێ، کە ماتوڵ بودجەمان ئیقرار کرد، بۆچی ئێمە دوای بخەین ئەو تەعیناتە و بڵێین وەڵڵا هەتا مەجلسی خدمە دادەمەزرێ، مەجلسی خدمە دەبێ مەجلسەکەی دابمەزرێ کەی دادەمەزرێ و کەی ئیش و کارەکانی خۆی تەنزیم دەکات، کەی تەعلیمات دەردەکات، بۆ ئێمە ئەوە بکەین؟، ئێمە ئیلحاح بکەین لە حکومەت بە دوو شێوە، یەکێکیان وەکو تەوسیە، تەوسیەیەك بڵێین حکومەت حەقە قانونی مەجلسی خدمە جێ بەجێ بکات، ئەمە یەك، دوو/ کاك فرست پێشنیارێکی کردو دەڵێ ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێك دەکەین بۆ ئەنجومەنی وەزیران دەڵێین حەقە ئیلتزام بە بڕیارەکان و بە قانون بدەین کە لە پەرلەمان دەردەچێ ئیلزامی پێوە بکەین، حەقە مەجلسی خدمە ببێتە تەنفیز، ئەوە باشترە بە ڕەئی من، خۆی ئەوە لیژنەی قانونیش باش دەزانن، بەڵام ئەوە هەروەکو تەوزیحەك بوو بەڕەئی من وابوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ ئێمە ئاگامان لەوە بێ ئەنجومەنی وەزیران قەراری ژمارە 7652 لە 11/7/ 2012 دەری کردووە پار 17 هەزار کەس بەو قەرارەی تەعین بوو، ئەو قەرارە بەردەوامە ئێستاش ئەگەر ئەو پێشنیارە وەربگیرێ مانای وایە خەڵکەکان تەعینات ڕادەوەستی و کەس تەعین نابێ، واتە مەغدور دەبێ ئەو خەڵکە کە فۆرمیان پڕ کردووەتەوە و تەقدیمیان کردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

عزیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانی کوردستان خۆی بە هەموو ئەندامەکانیەوە دەبێ داکۆکی لە یاسایەك بکات کە خۆی دەری کردووە، لە دوای دوو ساڵ ئەم یاسایە نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئێمە چاوەڕێی ئەوە بکەین لەبەرئەوەی حکومەت پێی ناکرێ و حکومەت لەبەرئەوەی ماوەکەی کەمە و بەڕاستی ئەمە ئیشی ئەندام پەرلەمانە لەناو پەرلەمان دا ئێمە دیفاع لەوە بکەین، ئێمە دەبێ هەموومان داکۆکی لەوە بکەین کە یاسایەکمان دەرکردووە و دەبێ ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێ و بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئێستا حالیەن تەعیناتی 2012 تەواو نەبووە، ئێمە دەتوانین لە ماوەیەکی زەمەنی لە ماوەی 3 مانگ دا حکومەت بە زووترین کات کار لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو دەزگایە دابمەزرێ و بۆ ئەوەی ئیش بەوە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشترین حەل ئەوەیە، ئێمە کارێ بکەین لە بڕگەیەك دا حکومەت مولزەم بێ لە فەترەیەکی موعەیەن دا ئەم دەستەیە پێك بێنێ، خۆ ئەگەر خەڵك تەقدیمی نەکرد ئەوە حوکمەت گوناحی نیە و با بەشێوازێکی دیکە پێکی بێنین، خەڵك ئەگەر سیفی تەقدیم نەکرد بۆ ئەوەی ئیشی خەڵك ڕانەوەستێ، من پێشموایە بەڕاستی ئەگەر وەکو ئەوەی کاك ئارام دەیڵێ وابکەین ئێمە زەربە لە خەڵك دەدەین، هاووڵاتیان بەدەیان دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا و خەڵکمان هەیە چاوەڕێی ئەوەیە کە تەعین بێ، بەڕاستی ئەمە زەربە لە خەڵکەکە و من لەگەڵ ئەوەیا نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیە داوای قسە کردنم کرد تێ گەیشتم پێشنیارێك هەیە بە گۆڕینی ئەو دەقە، بۆیە من قسە دەکەم، داوای ئەوەم کرد، من پێشنیار دەکەم ئەو نەسەی هەیە وەکو خۆی بمێنێ، ئەو پێشنیارەی هەیە یەکێکی ناقانونیە کە بنووسین (حسب) چونکە نیە، تەحسیلێ حاسڵە، دووەمیان بۆمان نیە ئێمە خۆمان بە وەعدێك رەبت بکەین کەوا نازانین جێ بەجێ دەکرێ یان جێ بەجێ ناکرێ، خوشك کە تۆ قسەت کرد من قسەم نەکرد، تەحەمولم بکە، سێیەمیان کاك عمر ویستی شتێکمان بۆ شەرح بکات، ئەوە کاك ئارام قانونەکەی بە دەستە، وەکو من لێی تێ گەیشتوومە ئەنجومەنی مەجلسی خدمە دائیرەی تەعین نیە، رجاتان لێ دەکەم یاسایەکە بخوێنن ئەو جەختە کرا لەسەر دانانی ئەو یاسایە، ئەو یاسایە زەوابت دادەنێ دیراسات دەکات، ئەگەر ئەم مەجلسە هەشبێت ئەوە دائیرەی تەعین نیە، بۆیە رجاتان لێ دەکەم ئەم دەقەی هەیە وەکو خۆی بمێنێ و ئەو پێشنیارە ڕەد بکەنەوە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی زۆر لەسەر ئەم مەجلسی خدمەیە کرا، ئەسڵی ماددەکە تاکو (لحین) باسی لەسەر دەکات، (حسب التعلیمات الصادره من مجلس الوزراء) بە واتا ئەم مەجلسی خدمەیە هێشتا دروست نەبووە، کە دروست نەبووە، ئەو یاسایەشی جێ بەجێ ناکرێ، لەبەرئەوە موقتەرەحیش کرا، (لحین تطبیق قانون مجلس الخدمە) هەڵگیرێ لەسەر ئەمە و دواتر ماددەکە بخرێتە دەنگدانەوە بۆ دەنگدان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك ئارام سێ جار قسەت كرد، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە یاسایەكەیە كە پەرلەمان دەری كردووە، بۆ تەعین كردنە، یەكێك لە ئەركەكانی با بیخوێنمەوە، یەكەم/ ئەنجومەن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەكانی پسپۆر یان پەیوەندار ئەم ئەركانە دەگرێتە ئەستۆ، یەكەم/ دامەزراندن ودامەزراندنەوە، ئەوە یەكێكە لە ئیشەكانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

تكایە بیخوێنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەئكید دەكەینەوە ئەگەر فەسڵەكە دانەمەزرێ كێ یاسایەكە جێ بەجێ دەكات؟.

**الفصل الرابع**

**(الملاكات)**

المادة التاسعة عشرة:

أولاً: على وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى إعداد مفردات ملاكات هيئات الاقليم للسنة المالية 2013 والمصادقة في ضوء كلف الرواتب المصدقة للاقليم والبالغة (15.000) خمسة عشر الف درجة وظيفية مستحدثة لسنة 2013.

ثانياً: على الهيئات والوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك سنة 2013 على ملاك مؤسسات الاقليم والمحافظات حسب التعليمات الصادرة من مجلس الوزراء.

ثالثاً: على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة الاعلان عن الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك 2013 على أن تكون آلية التعيين وشروطها موحدة ومعلنة في وقت واحد لحين تشكيل مجلس الخدمة العامة في الاقليم.

رابعاً: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة تزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين وأسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية الذين تم تعينهم حسب النسب المشار اليها أعلاه مع الأوامر الخاصة بالتعيين.

خامساً: لا يجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم إلا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد وتعطى الأولوية في التعيين للعقود النافذة وتحتسب فترة التعاقد خدمة لأغراض التقاعد ولوزير المالية والاقتصاد تخويل هذه الصلاحية الى الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة حسب الحاجة.

سادسا: تخول وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع الوزارات المعنية، بتـعين المتقاعـدين بعقـود مضى على عقودهم اكثر من ثلاث سنوات على الملاك الـدائم وبـنفس العـدد والاختصاص المحالين على التقاعد للسنة المالية 2013 وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ 11 كەس لەگەڵ دانيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، تا سەعات 5,30 بە خواتان دەسپێرين، خواتان لەگەڵ.

**دانيشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ ماددەيەكی تر، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەو كاتەی كە بەڕێزت پێت داين، بەڕێزان بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەندامانی بەڕێز، من نوقتە نيزامم هەيە بەپێی پەيڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، تێبينيەك عەرزی حزوری موحتەرەم دەكەم، كۆبوونەوەی پێش نيوەڕۆ، وا ئەزانم تاكە ماددەيەك لەخيلالی ئەم چەند ڕۆژەی قسەی لەسەر دەكەين، كۆ

دەنگی لەسەر بووبێ لە پێشنیارەکان، ئەم ماددەی (19) یە بوو کە پەیوەندی بە میلاکاتەوە هەیە، من خۆم ژماردم نووسیویشمە ماددەکان، وابزانم 20 پەرلەمانتار لەسەر یەك، تەئکید لە هەموو فراکسیۆنەکان کە ئەمە یەکەمجارەو یەکەم ماددەشە، لە هەموو فراکسیۆنەکان، بە ئۆپۆزسیۆن و زۆرینەو برادەرانی تریشەوە، قسە بکەن لەسەر زەروریەتی هەندێ برگە، کە یەکێك لەوانە ئەنجومەنی ڕاژە بوو، یەکێك لەوانە مەسەلەی گرینگیدانی جدی بوو بە عقودەکان و گرێبەستەکان، کە پار ساڵ و پێرار و پەستر پێرار هەر گلەیی ئەکەن و لێرەش نووسیومانە، ئاماژە کرا بە زۆرێك لەو مەسائیلانە، بۆیە ئەڵێم نوقتە نیزامی جدیە، ئەم بابەتە بابخرێتە دەنگدانەوە دەنگ نەهێنێ، 20 جار ئەم بابەتەمان دووبارە کردەوە، بابەتێ بەدڵی برادەران نیە لە لیژنەی یاسایی، ئەوە موقنیع نیە بۆ ئێمە، لیژنە پێی باش نیە یان جەنابی وەزیر پێی باش نیە، مولاحەزەم کردووە هەرچی بەڕێز وەزیری دارایی وتی، ئێمە لاریمان لێی نیە، ئەخرێتە دەنگدانەوە، هەرچی وتی لەگەڵیدا نین، ئەو قسە پەرلەمانتار مولزەم نیە، کە بەڕێز وەزیر بە گونجاوی نابینێ، یان بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی بە گونجاوی نابینن، من داکۆکی لە پەیڕەوی ناوخۆ دەکەم، من بەلامەوە گرنگ نیە 20 جار بنووسرێ، ئەنجومەنی ڕاژە لە مانگی یەك دابمەزرێ، من ئەزانم دانامەزرێ، چونکە 20 ماددەی یاسایتان بۆ دێنم کە دانەمەزراوە، من دیفاع لە پەرلەمان، لە موئەسەسەی پەرلەمان، لە لایحەی ناوخۆی پەرلەمان دەکەم، لەبەر ئەوە تکام وایە بەڕێزان لەسەرۆکایەتی، ئەم مەسەلە بەسەریدا نەچین، زاهیرەیەکی خراپە، وای لێهاتووە پەرلەمانتار لە نائومێدیا هەڵدەستێ دەڵێت، خۆ ئەزانم فائیدەی نیە، یان هەر لەسەر ئەم مەنەسەیە ئەو یادخستنەوەیەم عەرزی بەڕێزان کرد کە ئەم قسەیە لەدەمی ئێمە جوان نیە دەربچێ، ئەدرێ بە ئیعلام ئەم لێدوانانە، چۆن ئەبێ پەرلەمانتار لێرە وا نائومێد بکرێ بڵێ وەللا من بیڵێم و نەیڵێم هەر وەکو یەك وایە، خۆ ئەزانم ناخرێتە دەنگدانەوە، ئێ باشە ئێمە ئاسنی سارد ئەکوتین؟، ئێمە پەرلەمانتارین، موشەرعین، بەشی خۆمان لە یاسا ئەزانین، لە شەریعەت ئەزانین، لە قەوانین ئەزانین، لە ئسوڵیات، لەهەموو مەسائیلێك ئەزانین، خەڵکی سیاسین، لەبەر ئەوە رەجاتان لێ ئەکەم هەرچی سێ کەس زیاتر تەسنیەی کرد بیخەرە دەنگدانەوە، بەکەڵك دێت باشە، بە کەڵك نایەت دەنگی پێ نادەین، خۆ ڕەئی کەس بۆ کەس مولزەم نیە، بیست ڕەئی دراوە لەناو موعارەزە تەرح کراوە، من دەنگم پێی نەداوە، ئاگام لێیە برادەرانی فراکسیۆنی کوردستانی 20 جار لەگەڵ ئێمە دەنگیان داوە، ئێمە پەرلەمانتارین هەموومان وەکو ستافێك ئیش بکەین، هەمووومان لە شەرعیەت و لە قانون بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەردەوام بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ مامۆستا عمر عبدالعزیز نیم، نوقتە نیزامیەکەی موخالفی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو، بەپێی ماددەی (56) بڕگەی (2) چونکە بابەتێك موناقەشەی لەسەر کرا، نابێ دووبارە بکرێتەوە و دەبوایە

قسەكانیش نەكاتەوە، یەك، لیژنەی یاسایی، هیچ پێشنیارێك ئیهمال ناكات، تەنها ئەو پێشنیارانەی كە موخالفی قانونە، ئێمە پێشتر گۆتیتمان لە جوابەكانمان، پێشنیارێك كە موخالفی قانونە، لە چوار چێوەی قانون نیە، وادەكەین كە نەخرێتەوە بەڕاستی .....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا بابە ئەوە نوقتە نیزامیەكە بۆ داهاتووە، بەڵێ فەرموو، مامۆستا بۆ داهاتووە، ڕەچاوی دەكەین، كاك عمر بڕۆن بۆ سەر ماددەی تازە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر چەند فەقەرەیەكمان ئیزافە كردووە، گوناحە بڵێین موفتەرەحات وەرنەگیراوە، لەماددەی 17 فەقەرە (6) ئیزافە كرد، لە ماددەی (19) فەقەرەیەكی ترمان ئیزافە كرد .....

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العشرون:

عند الموافقة على نقل الموظف لخدماته من دائرة من دوائر الاقليم الى القطاع الخاص:

اولاً: تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذي يتقاضاه من الدائرة المنقول منها لمدة خمس سنوات اعتباراً من تاريخ نقله على ان تنقطع علاقاته مع دائرته نهائياً.

ثانياً: على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليه في اولاً اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها الموظف.

ثالثاً: على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەكی لەسەر ئەو ماددەیە نیە، پشتگیری دەكات، وەكو ئەوەی هاتۆتەوە لە پڕۆژەكەدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان نیەو بەشتێكی باشی دەزانین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەكەین ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، هەرچەندە تاوەكو ئێستاكەش كەس نەهاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە، با لەو ناوەڕاستە دەستی پێ بكەین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، كاك شڤان، شلێر خان، د.سەروەر، كاك سەردار، شەونم خان، كاك سالار، كاك خورشید، كاك ئارام، زكیە خان، كاك برهان، كاك دڵشاد، ئاهەنگ خان، د.عمر، تارا خان، كاك عمر هەورامی، ئاواز خان، داواتان لێ دەكەین و ڕەجاشتان لێ دەكەم كەس دوایی نەڵێت ناوم بنووسن، ناوی كەس نانووسم، چونكە جاری پێشوو دوو، سێ كەس وتیان ناویان بنووسین، ناوی كەس نانووسم، دەچنە دەرەوە، لەكاتێك بڕۆنە دەرەوە وەختی ئەوەیە كەناوتان بنووسرێ، ڕەجا دكەم كەس ئیلحاحمان لێ نەكات، فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە ئەوە ساڵی دووەمە ئەو ماددەیە دێت، پێموایە ئەم ماددەیە وەكو ماددەیەكی مردوو حیساب دەكرێت، كە هەتاوەكو ئێستا چەند حاڵەتێك بە پەنجە بژمێرین، تێپەڕناكات لە پەنجەمان، ئەم ماددەیە چۆتە بواری جێبەجێ كردنەوە، من پێشنیار دەكەم ئەم ماددەیە تەفعیل بكرێت، عیلاجی ئەم قورساییە لەسەر قیتاعی عام هەلگرین، خەڵكی ڕوو لە قیتاعی خاس بكات، من پێشنیار دەكەم ( تتحمل وزارە المالیە والاقتصاد) ئەو نوسف ڕاتبە ببێتە ڕاتبی كامل، بۆ ئەوەی خەڵك ڕوو لە قیتاعی خاس بكات، بە خیلالی 5 ساڵ، بەلاَم تەنیا ڕاتبی ئیسمی نەوەك موخەسەسات، بەنوسەف ڕاتب هیچ كەسێك ناچێت، ئەم ماددەیە بە مردوو دەمێنێتەوە، یان بۆ تەفعیلی ئەم ماددەیە، بۆ حەیەویەت دانی ئەم ماددەیە، دیارە ئاراستەی جەنابتان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو بەڕێز وەزیر وتی بەڕێز كاك شڤان، كە بەڕاستی لە ئەنجومەنی وەزیرانیش هەر پێیان وتین بەدەگمەن ئەگەر خەڵك تەقدیمی ئەمەی كردبێ، چونكە كەرتی تایبەت هی ئەوەنیە كەخەڵك ئەو

موجازەفەیە بكات، وەزیفە بەجێ بهێڵێ نیو مەعاش وەربگرێت، ئیتر هەتا هەتایی واز لە وەزیفە بێنێ، لەبەر ئەوە وەكو كاك شڤان وتی ئەگەر بكرێ ڕاتبە ئیسمیەكە، بەڕاستی هەر وجودی موەزەف لەناو دەوائیر مەسرەفێكی زۆرە لەسەر حكومەت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو فورسەتەیان بدەینێ، دوای ئەوە ئێمە لیژنەی ئاوەدانكردنەوە ئیقتیراحێكمان كرد، نووسراویشە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، كە ئەندازیاران مووچە وەربگرن و مەفتوح بێ بۆیان، كەس لەوە نەترسێ ئیتر موهەندسەكان دەوائر بەجێ بهێڵن، ئەو موهەندسانەی كە پلەی ڕەئیس موهەندسین ئەقدەمیان هەیە، خزمەتیان زۆرە، مووچەیان و موخەسەساتیان هی ئەوەیە كە قەت دائیرە بەجێناهێڵن، هەر ئەوانەشە زۆری خیبرەیان هەیە، بەلاَم ئەو ئەندازیارانەی كە هەر بەس بۆ تەعین تەعین ئەبن، دوای ئەوە ئەبینن پێیەكی لەدائیرەیەو پێیەكی لەناو موقاوەلاتە، كەس ناتوانێ تەحەكومی پێوە بكات، بە ڕەئی من ئەو موهەندسانە هەموویان ئیجازەی بدون ڕاتبیان بدرێتێ هەم ئیستیفادەیان لێ ئەكەن و خیبرەیان زۆر ئەبێ، دوایش ئەگەر گەڕانەوە موشكیلە نابێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو هاوكارانم باسیان كرد ئەوە دووەم ساڵە ئەو ماددەیە لێرە دادەندرێت، من پرسیارێك دەكەم لە بەڕێز وەزیری دارایی، ساڵی پاریش كەئەو ماددەیە هەبووە، ئایا ڕێژەی بە دەنگەوە چوون و خواست لەسەر ئەمە هەبووە؟، ئەگەر هەبووە چەند بووەو چۆنە؟، ئەگەر باشە پێویستە ئەمە پەرەی پێبدرێت، ئەگەر نەبووە، یان ئەوەتا پێویستە دەستكاری بكرێ، یاخود ماددەكە لابدرێت، لە بڕگەی (3) دا هاتووە دەڵێ پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەو بڕگەیەو دیاری كردنی ستانداردو مەرجەكانی دەربكات، ئایا كەلەساڵانی ڕابردوودا هەبووە، ڕێنمایی نەبووە بۆ ئەمە، ڕێنمایی دانەندراوە، ئەگەر ڕێنمایی هەبوبێت پێویست ناكات لێرەدا بڵێین دەردەكات، واتە دەكرێ بڵێین بەپێی ڕێنماییەكانی كەوا دەركراوە هین بێ، كە ئەمە وەكو ئەوەیە یەكەم ساڵ بێ دابندرێت، ئەو ماددەیە كە دەیبینین تیایدا، پێویستە دەستكاری بكرێت، ڕێنمایی هەبووە یان نەبووە؟، داواكەشم ئەوەیە من وەكو گلەییەك نازانم بڵێم بەڕێز لە لیژنەی یاساییە یان لیژنەیەكی تری پەیوەندیدارە بەداخەوە، ئێمە پاش هەفتەیەكی تر ڕۆژی زمانی دایك و زمانی فەرمیە، لە پەرلەمانی كوردستاندا گفتوگۆی پڕۆژە یاسایەكی زۆر گرنگ دەكەین بە زمانی عەرەبیە، بە كوردیەكەی نە دەخوێندرێتەوەو نە گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

غەرەز لەو یاسایە وازح بوو، لە پرۆگرامی حکومەت باس لەوە کرا کە هانی خەڵك بدەین بچنە کەرتی تایبەت، بەو نەسەی هاتووە، برادەران کە پرسیار دەکەن بەڕاستی فیعلەن جەنابی وەزیر ئەزانێ کەم کەس ئەم هەنگاوە ئەنێن، بۆ؟، چونکە ئەگەر دەقە بخوێننەوە موەزەف هیچ سوودمەند نیە، نیوەی ڕاتبەکەی ئەدرێت بە خاوەن کار، واتە تۆ هانی خاوەن کار ئەدەی وەربگرێ، ئەویش مەجبور نیە، بۆیە ئەگەر ڕێگام بدەن من ئەم گۆڕانگاریە پێشنیار دەکەم، بۆئەوەی مەبەستە سەرەکیەکەی دانانی ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێت، (المادة العشرون: بهدف تشجيع انتقال الموظفين من القطاع العام الى القطاع الخاص: اولاً: تستمر الدائرة المنقول منها الموظف في صرف نصف مرتبه الشهري لمدة خمس سنوات اضافة الى ما يستلمه من عمله الجديد) واتە ئیشێك بۆخۆی ئەدۆزێتەوە لەکەرتی تایبەت، پارەکەی ئەکید زیاترە لەوەی لە کەرتی گشتی، نیو ڕاتبیش وەردەگرێت، دوو، من شتێکی ئیزافی ناهێنم، چونکە ئەوە هەبوو لەو ئەوە (يتم نقل كافة الحقوق التقاعدية للموظف الى ضمانه الاجتماعي في القطاع الخاص وفق احكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعي للعمال رقم (93) وتعديلاته. ثالثاً: وەکو خۆی بمێنێت، على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه المادة وتحديد ضوابطها وشروطها) بە تەسەوری من ئەوهای لێبکەین، هەدەفەکە تەحقیق بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بەم ماددەیە ماددەی (20) من پێموایە یەکێکە لە ماددە هەرە گرنگەکان، کە پاریش لەهۆڵی کۆبوونەوە ئیقرارمان کرد، لە یاسای زەمان (39)ی ساڵی 1971 ئاماژەمان پێیدا، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر کرێکارانی کەرتی گشتی هان بدەین، بچێتە کەرتی تایبەت، بەڵام بەداخەوە ئەو هەنگاوە وەکو جەنابی وەزیر ئێستا لێرە ئاماژەی پێیدا، هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆچی؟، ئەو بەتاڵە شاراوەی کەئێستا لەدامو دەزگاکان هەیە، دیارە بەتاڵەی شاراوە، بمبوورن کە ئەڵێم بەتاڵەی شاراوە، لە هەموو دونیا ئەم زاراوەی پێدەڵێن، هەموو ساڵێك ئێمە تەعین دەکەین، بەتاڵەی شاراوە ئەو کەسەیە کە مووچەیەك وەردەگرێت و کار ناکات، یەعنی پێچەوانەی ئەو بەتاڵەیە کە بابڵێین لەکۆمەڵگا ویستی لەسەر کار هەیە، بەڵام کاری دەست ناکەوێ، بەڵام ئەوەی دامودەزگاکان، کە ئێستا هەیەو حکومەت هەقە زۆر بەجدی بیری لێبکاتەوە، ئەو ڕێژە زۆرەی فەرمانبەرانە کە لەشکرێکە ساڵانە تەعینی دەکەین، پارەیەك وەردەگرێت و هیچ کارێکی نیە، ئێمە هەمووومان شایەتی ئەو وەزعەین، بەڵام حکومەت بۆچی نەهاتووە هەنگاوێکی جدی لەو ڕووەوە بنێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەوە بکات، من پێموایە کەرتی تایبەت چۆن ئەبووژێتەوە، یەعنی ئەگەر بێتو حکومەت لەیەك خاڵدا ئەویش هاندانی سەرمایەدارانە، تەفعیل کردنی

یاسای وەبەرهێنانە کە پێش ئەم خولەی ئێمە دەرچووە، کە ئاسانکاری زیاتر...، کەرتی تایبەت چۆن ئەبووژێنیتەوە، کەرتی تایبەت بە شکلێ ئەبووژێنیتەوە کە حکومەت زەمانی بکات، بۆ ئەوەی خەڵك ئەو لەشکرە گەورەیەی کەرتی گشتیە بچێتە کەرتی تایبەت، ئەگەر بێتو حکومەت ئەوە نەکات، ئێستا من داوایان لێ ئەکەم یەعنی بەڕاستی گوێ بگرن لەوە، هاندانی کۆمپانیاکانی دەرەوە کە بێنە ناو کوردستان، هاندانی کۆمپانیاکانی ناوخۆ بۆ ئەوەی سەرمایەکانیان بخەنە گەڕ، ئەوەش پار ئێمە لە دوو یاسا ئیقرارمان کرد، نابێ بڵێین ئەوەی کە پێنج ساڵەکە بکەین بە مووچەی تەواو، چونکە ناکرێ، ئەکرێ بکرێ بە 75٪ یان دەرماڵەیەکیان بۆ زیاد بکەین، ئەوەیان ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە ئێستا لە وڵاتی ئێمە حاڵەتێك دروست بووە کە بێ سیقەییە بە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوەی ئیهتیمامێکی وا نەدراوە بە کەرتی تایبەت، کە خەڵکان بەتایبەتی گەنجەکان ڕوو لەکەرتی تایبەت بکەن، هەروەها ئەوەندە شەرت و شروت دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کەئەچنە کەرتی تایبەتەوە، ئەمەش یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە بووە بە هۆی ئەوەی کە خەڵك زۆر بەکەمی ڕوو لەکەرتی تایبەت بکات، ئاشکراشە کە ئێمە بمانەوێ ئەم وڵاتە بکەوێتە سەر پێی خۆی، ژێرخانی ئابووری بەرەو باشتر بڕوات، ئەبێ ئێمە بەتاقی تەنیا ئیعتیماد نەکەینە سەر کەرتی حکومی، کەرتی تایبەت ئەبێ ببووژێتەوەو هاوکاری بکرێ لە لایەن حکومەتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر ڕووی تێبکات، یەکێك لەو حاڵەتانە بڕگەی ماددەی (20) لەبڕگەکانی باس لەوە ئەکات خەڵك چۆن بچێتە کەرتی تایبەت و چۆن حکومەت هاوکاری بکات؟، منیش هاوڕام لەگەڵ هاوڕێکانم لەپێش منەوە قسەیان لەسەر ئەو ماددەیە کرد، بەتایبەتی ئیقتیراحەکەی کاك عبدالسلام، کە هەوڵ بدرێت مووچەی تەواو واتە مووچە ئەسلیەکە و موخەسەسات، هەموو فەرمانبەرێك ئەچێت بۆکەرتی تایبەت بۆ ئەوەی زەمانەت بکات، بەتایبەتی بۆ موهەندسەکان، چونکە زۆربەی موهەندسەکان کەناچنە کەرتی تایبەتەوە لەبەر ئەوەی ئیجازە مەحدودە، ئیجازەکە کراوەبێ، لەگەڵ ئەوەی کەبۆماوەی پێنج ساڵ ئەو پارەیە ئەدرێ، وەکو لە بڕگەکانی ئەو ماددەیە هاتووە، بەس ئیجازەکە کراوەبێ، بۆ فەترەیەکی تەواو، نەوەك بۆ دووساڵ و سێ ساڵ و پێنج ساڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ڕاستیدا ئەو ماددەیە زۆر زۆر گرنگە، من ڕام وایە نەوەك هەر بۆ ئەو یاسایە، بۆ کۆمەڵێك یاسای تریش گرنگە تەعزیز بێ، چونکە ئەمە پەیوەندی بە فەلسەفەی حوکمڕانیش هەیە، بیرمان نەچێت سۆسیالیستەکانی دونیا لەسەر ئەم بابەتە بەشێکی ئەخەنە ئەستۆی دەوڵەت، بەرپرسیارێتی دەوڵەت، بەشێکی تریشی پەیوەندی بە بازاڕی ئازادەوە هەیە، بۆیە ئەم ماددەیە ئەگەر لە بواری پراکتیك گرفتەکەی لە کوێ دایە؟، تەسەوڕ دەکەم حکومەت باش ئاگادارن، کار لەسەر ئەوە بکرێ ئەو بەرپرسیاریەتییە زیاتر بخرێتە ئەستۆی کۆمپانیاکان، حکومەت خۆشی بەتایبەتی ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بەتەقاعودی و زەمانەوە هەیە بۆ ئایندە، کە ئەو کەسە ئەچێتە کەرتی تایبەت، چۆن بتوانێ دوای تێپەڕاندنی تەمەنێکیش هەر هیچ نەبێ وەکو ئەو فەرمانبەرەی لەکەرتی گشتی دایە، بتوانێت بەردەوامی شتێك لەو دەستکەوت و لەو ماندوو بوونەی کە هەیە لە ڕێگەی تەقاعودیشەوە وەری بگرێت، ئەوەی کە پەیوەندی بە تەقاعودیشەوە هەیە بگوازێتەوە سەر کەرتی تایبەت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕاستی بێت کاك عبدالسلام زۆر بە دەقیقی بابەتەکە و عیلەتەکەی تەشخیس کرد، بۆ لە کەرتی گشتی ناچێتە کەرتی تایبەت، من ئیقتیراح دەکەم بەو شکلە بابەتەکە بنووسین، دووبارەی بکەینەوە، (ثانياً على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليه في المادة اولاً اعلاه من هذه المادة الى الموظف المنقول) ئەو جارێ مەعاش وەردەگرێت، ئەگەر بچێتە کەرتی تایبەت و پارەیەك لەکەرتی تایبەت وەربگرێت و نیوەی مەعاشی خۆشی وەربگرێت، ئەو کاتە قازانج دەکات، بەس ئەگەر پارەکە بدەینە کەرتی تایبەت، خۆ هەر لە جێگای خۆی بێت باشترە، دوو، فەقەرەیەك ئیزافە بکەین (يحتفظ الموظف المنقول بكافة حقوقه التقاعدية وفق التعليمات التى تصدرها وزارة المالية) ئەگەر بابەتی تەقاعود یەك لانەکەینەوە، مووچەی کاملیشی بیدەینێ مومکین نیە فەرمانبەرێك لەکەرتی گشتی بچێتە کەرتی تایبەت، ئەم دوو فەقەرە عیلاجە، ئەگەرنا هەمووساڵێك ئەوبابەتە لەناو یاسایەکە دێت، هیچ کەسێك لە کەرتی گشتی بچێتە کەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، خۆی کە باسی لەوە کرد کە هیچ موەزەفێك لە کەرتی گشتیەوە نەڕۆیشتیتە کەرتی تایبەت، یەعنی حیکمەت چی بووە کە دیسان جارێکی تر ماددەکەیان

بەعەینەن دەق هێناوەتەوە  لە یاساکەیان جێگیر کردووە، خاڵی دووەم، پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك خورشید دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا ئاخافتنێ کاك عبدالسلامی و کاك خورشیدی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بودجە تەعبیر لە فەلسەفەی سیاسی و ئیقتیصادی هەرچ حکومەت و دەوڵەتێك بکات، بەڕاستی من لە ماددەی (20) هیچ فەلسەفەیەکی سیاسی و ئیقتیصادی و قانونی شك نابەم، بە دەلیل قسەکانم ئەهێنمەوە، ئەم ماددەیە لە دوو حاڵەت تێپەڕ ناکات، یەکەمیان، ئەگەر تەشجیعی کەرتی تایبەت بێ، ئەمە ئیحتیمالی یەکەم، ئیحتیمالی دووەم ئەوەیە بۆ کەم کردنەوەی ژمارەی موەزەف بێ، ئەگەر بۆ تەشجیعی کەرتی تایبەتە، کەرتی تایبەت بەمە تەشجیع ناکرێ، کەرتی تایبەت بەوە تەشجیع دەکرێت، قەرزی درێژخایەنی بدرێتێ بە سعرو فائیدەیەکی کەم، بەوە تەشجیع دەکرێت قەرزی درێژخایەنی بدرێتێ، نەوەك چوار ساڵە 36 مەشروعی صناعی تاوەکو ئێستا قەرزی وەرگرتووە، دووەم، بە ئیعفای زەریبی تەشجیع دەکرێت، من بەبیرمە ساڵی پار دەواجنەکانی تورکیا، کە دەواجن چەنێ صنعاتێکی مەحەلی بەسیتە لە تورکیا، لە پارەی ئاو و کارەباو زەریبەی دەخل و هەمووی ئیعفا کران، سێهەمیان بە قانونی حیمایەی مەنتوجاتی مەحەلی حیمایە ئەکرێت و تەشجیع ئەکرێت کەرتی تایبەت، ئەمە دەرکەوت کە هەدەف لێی کەرتی تایبەت نیە، دووەم، هەدەف کەم کردنەوەی موەزەف بێ بۆ ئەو تەزەخومەی هەیە لە ژمارەی موەزەف، ئەمە پێچەوانەی نەسی ماددەی (19) کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر موەزەف تەعین ئەکرێت، ئەگەر هەدەفی حکومەتیش لەمە کەم کردنەوەی ژمارەی مووچە خۆرەکانیەتی ئەی بۆ ساڵانە ئەو ژمارەیە تەعین ئەکات؟، لەحیاتی ئەوەی تەشجیعی کەرتی تایبەت بکات، بەو شێوازانەی کە وتم لەحیاتی تەشجیع بدۆزێتەوە جوانتر نەبوو ماددەکە وەك قانونی وڵاتە ئەوروپیە پێشکەوتووەکان، وەکو قانونی وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا، کە قیادەی سیاسی و ئیقتیصادی ئەوروپا ئەکات، بڵێت هەرچ گەنجێك ئیشێك بدۆزێتەوە ئیشێ دانێ ئەمەنەی قەرز ئەدەمێ، ماوەی ساڵێکیش تەحەمولی زیانەکەی ئەکەم، ئەوە باشتر نەبوو، لەبەر ئەوەی من هیچ فەلسەفەیەك و هیچ حیکمەتێك...، یان نەمێنێت، یان ئەوەتا بڵێین لەپاڵ ئەمە قانونی تەشجیعی

حیمایەی مەنتوجات مەحەلی دەربچێت، لەگەڵ ئەوەی ئەو نیوەی پارەیە نەدرێت بەخاوەن کارەکە، بدرێت بەو کەسەی کە واز ئەهێنێ لە ئیشەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر تۆ پێشنیاری ئەوە دەکەی ئەم ماددەیە نەمێنێت، من تەئیدت دەکەم، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو بڕگەیە کە دانراوە، چەند ساڵ، سێ ساڵ بوو، پار کردمان بە پێنج ساڵ، ئەم بڕگەیە بۆ تەشجیعی کەرتی تایبەت نیە، ئەم بڕگەیە بۆ کەم کردنەوەی هەلأوسانی فەرمانبەرە و بودجەیە لەسەر حکومەت، لەسەر دەم و زروفێك کۆمەڵێك فەرمانبەر لەسەر حکومەت دامەزراوە، ئەو فەرمانبەرانە ڕەنگە لە فەرمانگەکان پێویست نەبن، من دائیرەی بچووکی وا ئەزانم 38 موەزەفی تیایە لە ژورێکا، یەعنی ڕەنگە پێویست نەبن، ئەمە وای کردووە عەمەلییەی ئەکتیفی وەزیفی زۆر کەم بێت و زۆر لاواز بێت، قیەمی وەزیفی و ئیش کردن لە دائیرەکان کەم بێتەوە، چونکە بە عەدەدی زۆر ئەکتیفی دائیرە ناکرێت، هەدەفەکە بۆ ئەوەیە، لەبەر ئەوە قورسایی باری ئابووری لەسەر حکومەت کەم بکاتەوە، قورسایی هەلأوسانی فەرمانبەر لەسەر ئەو لۆدەی لەسەر حکومەتە کەمی بکاتەوە، ئەو ماددە دانراوە، بەلأم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بەپێی ئەزموون کە دووساڵە دووبارە ئەبێتەو، جەدوای نەبووە، یەعنی هەدەفەکەی نەپێکاوە، بۆئەوەی هەدەفەکە بپێکێ، من دوو پێشنیارم هەیە، یەکەم ئەو پێنج ساڵە...، تەبعەن یەکێك لە موشکیلەکان ئەوەیە خەڵك بۆیە ناچێتە کەرتی تایبەت، لەبەر ئەوەی زەمانی نیە، ئەگەر ئێمە پێمان وابێ ئەو یاسایەی کە دەرمان کرد، یان تەعدیلمان کرد بۆ زەمانی ئیجتیماعی، توانیویەتی هەدەفی خۆی بپێکێ و لە کەرتی تایبەت تەشجیع بێ، بۆ ئەوەی لەوێ زەمانی هەبێ لە تەقاعودی و لە هەموو شتەکان، ئەوە بێگومان خەڵك گومانی هەیە لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، لە وڵاتی ئێمە ئیستیسمار و کەرتی تایبەت زەمانی نیە بۆ ئەوەی موستەمڕ بێ، بۆیە ئێمە ساڵانە ئەبینین مەعمەلێ دائەندرێت و دوای دوو ساڵ دائەخرێت، کەرتی تایبەت کاتێ ئەڵێین کەرتی تایبەت، مەبەستمان ئەوەنیە مەعمەل بێ تەنها کار بکرێ، من کابرایەکم ئەچم دوکانێ بۆخۆم دائەنێم، ئەچم کاسبیەکی حوڕ دەکەم، سایەق تەکسیەتی ئەکەم، بۆ ئەوەی ئێمە لۆدەکە لەسەر حکومەت کەم بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەوەش کەم بکەینەوە ئەبێ ئالیەتێك بدۆزینەوە، ئالیەتی یەکەم، تاوەکو پێنج ساڵ تەبعەن لە وڵأتان ئالیەتێکی تر هەیە، ئەویش ئەوەیە، حکومەت خۆی عەقد لەگەڵ کەرتی تایبەت ئەکات، مووچەکە خۆی لەوێ وەری ئەگرێت، دوای خۆی ئەیداتەوە بە موەزەفەکە بە زیادەوە، بەس ئەم ئالیەتە جێبەجێ نابێ، لەبەر ئەوەی ئەو زەمانە نیە، لەنێوان کەرتی تایبەت وحکومەت، بەلأم بەشێوەیەکی تر، یەکەم، حکومەت بۆ ئەوە فەرمانبەرە پێنج ساڵ نیوەی مووچەکەی ئەداتێ، دوای پێنج ساڵ تەبعەن زەمانێك ئەوێ بۆ ئەو موەزەفە بۆ ئەوەی بڕوات، دوای پێنج ساڵ بۆی بکرێت بە مۆڵەتی بێ مووچە، بۆ ئەوەی بەردەوام بێ، لەبەرچی؟، لەبەر ئەوەی کاتێك

کابرا له دەرەوە ئیشی نەما، کاری نەما، تۆ شەش مانگ کاری ئەدەیتێ، دوای ئەوە چی بکات، ئەیخەیتەوە سەر جادە، لەبەر ئەوەی ئەو زەمانەشی نەما، کاری نەما بێتەوە سەر حکومەت، مۆڵەتی بێ مووچەی بۆ حیساب بکرێ، نەوەك بەو مەرجەی بەیەکجاری دەست هەڵبگرێ، بۆ ئەوەی زەمانی خۆی بکات لە داهاتوو موستەقبەلەن، لەبەر ئەوەی لە کەرتی گشتی ئیمتیازات هەیە، ئیمتیازاتی تەقاعودی هەیە، بۆ ئەوەی بۆ تەقاعودی زەمانی هەبێ لەسەر حکومەت، چونگە ئەگەر لەولاش تەقاعود بێ، هەر حکومەت ئەڕواتە ژێرباری ئەوە، بۆیە بە بڕوای من ئەو بڕگەیە ئاوای لێ بکرێت، دوای پێنج ساڵەکە بکرێت بە مۆڵەتی بێ مووچەو، تاخۆی ئەتوانێ بەردەوام بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەسەر هۆی ماددەکە تەئیدی کاك شڤان دەکەم، بەلأم ئیقتیراح دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ، (یمنح المهندسون اجازه مفتوحه بدون راتب) بۆ جەنابیشتان شی دەکەمەوە کە ئەوە فەقەرە (7) لە ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەکۆی نۆ ئەندام، 7 ن ئیمزامان کردووە، شی دەکەمەوە بەو نەوعەك هەتاوەکو بڵێن ئەوە لە پێشنیارەکانی بەڕێز لیژنەی داراییە لە لاپەڕە 55، ئەوەندە تەعقیبمان کردووە دەزانم لاپەڕەکەشی 55 کە ئەو پێشنیارەیان کردووە، ئەگەر بێتو ئێمە ئیجازەی بدەینە موهەندس، بۆ جەنابتان شی دەکەمەوە و تەحلیلی دەکەم کە ئەوە ئاساری حازری و موستەقبەلی لەسەر بودجە دەبێ، بەڕێزان ئێمە ئەگەر لە وەزارەتی ئیعمار قسە بکەین، هەروا وەکو گوتم لە بودجەی وەزارەتی ئیعمار لە ئیستیمارەکە مارە (1) 250 میلاکیان بەڕێز نوێنەرانی حکومەت میلاکیان داواکردووە وەزارەتی ئیعمار، ئەو میلاکە کەداوا دەکات حەتمەن بە دەرەجاتی وەزیفی زۆرە، حەتمەن ئەوانەش پارەیان دەوێ، ئەگەر ئێمە بێین ئیجازەی مەفتوح بدەینە موهەندسەکان ئایا ئەوە لە بودجەی تەشغیلی ئاسارەکی کەم ناکاتەوە، هەندەك پارە ناگێڕێتەوە بۆ حکومەت، کە ئەوە ببێتە هاوسەنگیەك بۆ بودجەی تەشغیلی پەیدا بکات، ئەوە یەك، دوو، ئێمە دائیمەن دەڵێین مەشروعی بەرهەم هێنان، ئەو مەشروعە هیچ بەدواداچوونێکی لەسەر نیە، ئەوەی کە کاك خلیل باسی کرد دوێنێ لە بڕگەی (4) دا، کە مەشاریعی بەرهەم هێنان موهەندسەکان ناتوانن، ستافی هەندەسی بەگوێرەی پێویست نیە کە ئیشرافی لەسەر بکات، ئەگەر بێتو ئێمە دەست و پێی موهەندسەکانی خۆمان نەگرین ئەو گەنجانە بچنە دەرەوە، شی بکەینەوەو بڵێین کاکە بڕۆ دەرەوە بۆخۆت مەکتەبەکی هەندەسی دابنێ و ئیشرافی ئەو مەشاریعانەی بەرهەمهێنان بکە، ئایا ئەوە بۆ حکومەت و بۆ موهەندسەکانیش باش نابێ؟، موستەقبەلیەن؟، بەڕێزان، من بەخیلالی تەجروبەی وەزیفەی حکومەتم دیتیە لە ستافی (یو.ئێن) ئیشم کردووە، لە کەرتی تایبەتیش ئیشم کردووە، موستەقبەلیەن ئەو موهەندسەی کە فێر بێ لە کەرتی تایبەت ئیش بکات، کە فێری

ئیستیقلالیەتی مالی خۆی بێت، باوەڕت پێی بێت نە دەهێڵێ کوڕی خوشکی، نە دەهێڵێت کوڕی برای، ناهێڵێت یەك لە عائیلەی خۆی تووشی حکومەت بێ یان ئیش بکات، یان ببێتە موەزەف یان هەوڵی ئەوە بدات، موحاوەلە دەکات لە کەرتی تایبەت لە ئەترافی خۆی خڕیان بکاتەوە، بۆیە رەجا دەکەین، ئەو پێشنیارەمان بۆ بخەنە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی موهەندس ئیجازەی مەفتوح وەربگرن، ئەوە پێشکەوتنی مەشاریعی ئیستیسماریە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی بیرو بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاك عبدالسلام دەکەم، هەروەها پشتیوانی بۆچوونەکەی ئاهەنگ خانیش دەکەم، بەلاَم ڕەنگە ئەوە لە قانوندا بۆ ساڵێکی بودجە جائیز نەبێ، بۆیە بە تەوسیە بنێردرێت بۆ حکومەت و حکومەتیش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، ئەوەی پەیوەندی بە ئیجازەی موهەندسینەوە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە دووبارەی ناکەمەوە، پشتگیری خۆم بۆ خاڵی دووەمی کاك عبدالسلام کە لە لایەنی زەمانەکەوە تەئیدی دەکەم، چونکە تەئیدەکە کە کاك عبدالسلام باسی کرد، نازانم من پرسیارەکەم لێرە ئەو کەسەی کە لە کەرتی گشتی ئەچێتە کەرتی تایبەتیەوە، ڕاستە نیوەی ڕاتبەکەی ئەچێت، بەس ئایا بەبێ مووچە چۆن ئیش دەکات کەسێك بچێتە کەرتی تایبەت، بەس یەك مووچەی هەیە، نیوەشی لە لایەن حکومەتەوە ئەدرێت، لەبەر ئەوە خاڵی یەکەم خۆی پێکراوە لێرە، ئەوەی کە شلێرخان و ئەوان ئیقتیراحیان کرد، پشتگیری لێ دەکەم کە بە ڕاتبێکی کامل بێ ئیسمیەکەی، بەبێ دەرماڵەو شت لەگەڵی، بەلاَم پرسیاری ئەخیرم بۆ وەزیری داراییە، ئەگەر زەحمەت نەبێ ئەو پرسیارەم وەلاَم بداتەوە، ئەڵێت کەس هەتاوەکو ئێستا نەهاتووە، هۆکارەکەی بە موحەدەدی خۆیان وەکو پسپۆڕیەك لە لایەنی ئابووریەوە بزانین بۆچی نەجاحەتی نەهێناوە؟، کە مع العلم ئەمە کارێکی باشە کە کراوە، ئەگەر ئێمە تەشجیعی خەڵك بکەین لە کەرتی گشتی بچێتە کەرتی تایبەت، بۆچی نەبووە؟، دووەم، ڕێنماییەکان چیە کە دەرهێنراوە، دەڵێت ( علی وزیر المالیه اصدار تعلیمات) ئایا چەند وەختێك تەعلیماتەکان بە گشتی ئەوەی هەیە لە کەرتی گشتی، ئێستاکە کەرتی تایبەتی خراوەتە سەر چی ئەو ڕێنماییانە، حەز دەکەم بۆمان ڕوون بکاتەوە، چونکە ئێمە هەدەفەکە زۆر گەورە بوو بۆ دانانی ئەمە، ئەویش کەم کردنەوەیە لەسەر کەرتی

گشتی، بەلاّم بەبیّ تەشجیعی کەرتی تایبەتی، بەڕاستی ئێمە ئەبیّ بوێرانە باسی بکەین، لەسەر کەرتی تایبەتی تەشجیعێك هەبیّ بۆ کەرتی تایبەتی، زیاتر لەوەی هەشە، چونکە ئەزانین ئێمە ئاراستەی حکومەتیشمان تەشجیع کردنێکە بۆ کەرتی تایبەت، بەلاّم هێشتا بەپێی پێویست نیە، چۆن وا لە کەرتی تایبەتی دەکەی خەڵکانێك بێتە لای، ئەگەر خۆی ئەسلەن هێشتا پێویستی بەو زەمانە نیە، لە باتی دانی ئەو کەسانەیە کە لە لای ئیش دەکات، لەبەر ئەوە ئەو دوو پرسیارەم لەوەزیر هەیە وەلاّمم بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لەم بابەتە ئەوەیە، یان لەم فەقەرەیە ئەوەیە، تەشجیع کردنە لەکەرتی تایبەتی بۆ کەرتی گشتی بڕواتن، موقتەرەحاتی باش هاتووە، من لەگەڵ ئەوەمە لە جیاتی نیوەی ڕاتبی بکرێتە راتبی ئیسمی، ئەم جوملەیە ئیزافە بکەن (ویبقی محتفظاً بالحقوق والامتیازات التی تمنح لاقرانه فی القطاع العام) خەڵکەك ئیحتیماله بڵێت من بڕۆم بەیانی پارچە زەوی بۆم دەربچێت پێم نادەن، ئیحتیفاز لەو حقوقانە بکات، سەبارەت بە موهەندسینیش ئیقتیراح دەکەم (لرئیس الدائرة منح المهندس الفائض عن الحاجة ممن تقل سنوات خدمته عن عشر سنوات اجازة بدون راتب للمدة التی یرتأیها المهندس وتحتسب بالفترة اعلاه لاغراض علاوة وترفیع والتقاعد) سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پرسیار کرا ئەو ماددەیە بۆ دایان ناوەتەوە، بەڕاستی ئێمە وامان پیّ باش بوو کە ماددەکە جارێکی تر بێتەوە ناو پەرلەمان و لەناو پەرلەمان موناقەشە بکریّ، ئەوە ڕەئی وەزارەتی دارایی بوو، چونکە لەکاتی خۆی پەرلەمان موسادەقەی لەسەر کردبوو، حەلمان کرد لە ڕێگەی پەرلەمانیشەوە هەڵبگیریّ یان دابندرێتەوە، ئەوەی کەتاوەکو ئێستاکە ئێمە مولاحەزەمان کردووە ڕاستە، هیچ کەسێك نەبووە، لە 2012 نەبووە، بەلاّم بەدرێژایی ئەم چەند وەختەی کە ئەم ماددەیە هاتووە لە حدودی سیّ کەسە یان چوار کەسە هاتوون، پێشموایە ئەسبابی ئەوەیە دەوام کردن لەحکومەت سەهل ترە، ڕەنگە مووچەی کەرتی تایبەت

کەمتر بێ، ڕەنگ هەیە زۆر ئەوەش نەبێ، موەزەفەکە وا تەسەور بکات ئەم وەزعەی کە بۆی ڕەخساوە بیکات مەزموون نەبێ، ئەمانە هەموویان ئەسبابن لەگەڵ تەئیدم بۆ ئەو موقتەرەحەی کاک عبدالسلام، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان پێشنیاری جۆراو جۆریان کرد سەبارەت بەو ماددەیە، یەکێك لەو پێشنیارانە سەرف کردنی مووچەی تەواو بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ڕاتب ئیسمی تام، بۆ ئەو کەسانەی کە داوا دەکەن لەوەزیفە نەمێنن، بگەڕێنەوە کەرتی تایبەتی، دوو، ئەندازیاران مۆڵەتیان پێ بدرێت بێ مووچە، پاشان مەجالیان بدەنێ کە بگەڕێنەوە دائیرەی خۆیان یان وەزیفەی خۆیان، پێشنیاری ئەوە کرا کەفەقەرەیەك ئیزافە بکرێ، ئیحتیفاز بکرێ بە هەموو مافەکانی خۆی، کە لە دەوڵەتە یان لە حکومەت کاری کردووە، بەو سیاغەیە (الزام الحكومة بدفع التوقيفات التقاعدية خلال المدة الواردة في الفقرة) واتا پێنج ساڵەکە، یەعنی ئەو موەزەفەی داوا دەکات لە حکومەت نەمێنێت و نەقل بێ بۆ کەرتی تایبەتی، ئەو مافەی هەبێ، پێشنیاری ئەوەش کرا ئەو موەزەفەی کە نەقل دەبێ لە دائیرە بۆ کەرتی تایبەتی بەو شکلە سیاغەکە ببێت (على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليها في اولاً اعلاه من هذه المادة الى الموظف المنقول الى القطاع الخاص) لەجیاتی ئەو سیاغەیەی کە لە پڕۆژەکە هاتبوو (على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليها في اولاً اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص) واتە لە جیهەتی کەرتی تایبەتی ئیمتیازەکە بدرێتە بۆ موەزەفەکە بۆ خۆی، ئەو پێشنیارانە داوا دەکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان یەك یەك ئەگەر ڕەزامەندیان کرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بابزانین لیژنەی دارایی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانەی هاتوون، پێویست دەکات پێشنیارەکان یەك یەك بخرێتە دەنگدان، دواتر مەسەلەی سیاغەکەی ئێمە هەم ئەسڵی ماددەکە بۆخۆی بەرچاو ڕوونی بە ئێمە داوە، هەم کاك عبدالسلام و مامۆستا جمال سیاغەیان بۆ ئێمە ناردووە، کاك حاجی خورشید، بەڵێ، زۆر سوپاس، لەبەر ئەوە بۆیە پێویستە یەکەمجار پێشنیارەکان.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عبدالسلام دەیخوێنیەوە مانعمان نیە ئێمە هیچ، باشە دەیخوێنینەوە زۆر تەبیعیە، پێشنیاری کاك عبدالسلام بەرواری دەڵێت (المادة العشرون: بهدف تشجيع انتقال الموظفين من القطاع العام الى قطاع الخاص وترشيد الملاك الحكومي: اولاً: في حالة موافقة الموظف التخلي عن وظيفته والانتقال الى القطاع الخاص تستمر الدائرة المنقول منها في صرف نصف مرتبه لمدة خمس سنوات اضافة الى دخله في العمل الجديد. ثانياً: يتم نقل كافة الحقوق التقاعدية للموظف الى ضمانه الاجتماعي في القطاع الخاص وفق احكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعي وتعديلاته المعمول بها في الاقليم. ثالثاً: وەکو خۆی ( على وزارة المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو سیاغەیە هەمووی لەخۆی گرتووە، لە شوێنی خۆت قسە بکە بزانم چیە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك دڵشاد تەنها پێشنیاری کاك دڵشاد بوو، کەس پشتیوانی نەکرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك، یەك شتەکان بخەنە دەنگەوە، بۆ ئەوەی بڕوات، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کە بخرێتە دەنگەوە، لەبەر ئەوەی چونکە پێشتر من تەئیدی کاك عبدالسلامم کردبوو، ئێستا ئەوەی کە کاك دڵشاد ئەڵێت، ئەوەش بە نیسبەتی ئێمەوە ئەوەی کە بەبێ مووچە وەربگرێت، بەڵام ئایا دوای چەند ئەتوانێ بگەڕێتەوە، ئەوانە حیسابی تیایە، لەبەر ئەوەی کاك عبدالسلام زۆر بە باشی ئێمە دیراسەمان کرد، لێرە وەکو حکومەت و نوێنەری حکومەت لێرە، دیراسەمان کرد و تەئیدمان کرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەو خاڵە خۆشیەوە و سەرجەم ئەو پێشنیازانەی کە کران، هەم غەڵەتن، هەم دژی مافی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی ناکرێت ماف بدەی بەکەسێك لەسەر حیسابی کەسێکی تر، ئێمە موەزەفمان هەیە لە حکومەت، بەڵام خەڵکێکیشمان هەیە نە لە کەرتی تایبەت ئیشی هەیە، نە لە حکومەت ئیشی هەیە، یەعنی ئەوە نیە ئێمە هەلی کارمان لەناو بازاڕ زۆر بێ، خەڵکێکمان نەبێ کاری نەبێ، ئێستا بمانەوێ خەڵك لەحکومەتەوە بەرینە ناو کەرتی تایبەت، ئێمە دێین ئەو کەسەی کە دامەزراوە جارێ مافی پێدراوە دامەزراوە، جارێکی تر ئەینێرینە کەرتی تایبەت، مافێکی زیاتری پێ دەدەین، یەعنی لەکاتێك مونافەسەیەك دروست دەکەین لەبەینی کەسێك کەهیچ هەلی کاری بۆ نەڕەخساوە، لەگەڵ کەسێك کە هەلێکی مافی بۆ ڕەخساوە، مافێکی زۆری پێ ئەدەی، لەبەر ئەوە هەڵەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دەرفەتمان بدەی کاك خورشید بابیخوێنینەوە پێشنیارەکەی کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ ئەمە ئیلزام نیە، ئەمە ئیختیاریە، هیچ عیلاقاتی بە ماف نیە، کابرا بە ئیختیاری خۆی دێت شوێنێك بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، ئەچێت داوای گواستنەوە دەکات، بەو ئیمتیازاتەی کە لە پێشنیارەکەدا هاتوە، ئەمە چ عیلاقەتی بە مافی مرۆڤە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە ئەو پێشنیارە و ئەو سیاغەیەی لیژنەی قانونی کردوویەتی شتێکی زۆر باش و جوانە، ئەو موقتەرەحانەی کە ئێمە ئەمانەوێ پارەکە بۆ ئەو کەسە بێ کە گواسترایتەوە، بەڵام ئەگەر قسەکەی کاك دڵشادیش پێنج ساڵ ئیجازەی بدون راتب بکرێت بە فەقەرەی دووەمی ماددەکە، پێویست بەم هەموو موناقەشەو دەنگە دەنگە ئەکات؟، شتێکی زۆر عەمەلی، زۆر زۆر باشیشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با پێشنیارەکەی کاك خورشید بخوێنینەوە، سەبارەت بە ماددەکە، کاك خورشید دەڵێ( ثانیاً: على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليها في اولاً اعلاه من هذه المادة للموظف المنقول. رابعاً: يحتفظ الموظف المنقول بكافة الحقوق التقاعدية وفق التعليمات التى تصدرها وزارة المالية والاقتصاد).

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی تەئید دەکەین، چونکە بۆ؟ نەقل بوو لە خدمەی مەدەنی چوو بۆ کەرتی تایبەت؟، ئەبێ قانون و دەستەبەری کۆمەلأیەتی شمولی ئەکات، ئەو حقوقەکانی ئەپارێزێت، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین بڵێین بەپێی قانونی تەقاعدی خدمەی مەدەنی مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی کاك خورشید چەند برادەران پشتگیریان لێی کرد، (ثانياً: على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليها في اولاً اعلاه من هذه المادة للموظف المنقول. رابعاً: يحتفظ الموظف المنقول بكافة الحقوق التقاعدية وفق التعليمات التى تصدرها وزارة المالية والاقتصاد) فەقەرەکانی تر وەکو خۆی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو فەقەرانەیە کە خوێندرایەوە؟، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بابە ئەو دەقە چۆن دەکرێ هەمووی بە کوردی، کێ لەگەڵدایە ئەو فەقەرەی کەخوێندیەوە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 13 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆرینەی لەگەڵدانیە، فەرموو بۆ پێشنیارەکەی تر، تکایە گوێ بگرن بۆ ئەوەی بزانین چی دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەین، کەستان گوێی لێ نەبێ چۆن دەتوانن دەنگی لەسەر بدەن، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی ماددەکە بەو شکلە دەبێت، بهدف تشجع انتقال الموظفين من القطاع العام الى القطاع الخاص وترشيد الملاك الحكومى اولاً: في حالة موافقة الموظف التخلى عن وظيفته والانتقال الى القطاع الخاص تستمر الدائرة المنقول منها في صرف نصف مرتبه (بە ڕەئی من بکرێتە راتبه، چونکە ئەو سیاغەیە لە قەوانینی ئێمە نیە) لمدة خمس سنوات اضافةً الى دخله من العمل الجديد. ثانياً: يتم نقل كافة الحقوق التقاعدية للموظف الى ضمانه الاجتماعى في القطاع الخاص وفق احكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعى وتعديلاته المعمول بها

في الاقليم. ثالثاً: على وزارة المالية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 13 كەس لەگەڵدانیە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئەوە پەسەند كرا.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر موقتەرەحەكانی تر بخەینە دەنگدانەوە، پێویستە ئەو موقتەرەحەی كاك عبدالسلام بژمێردرێت چەند كەس تەئیدی كرد، چەند كەس دژی بوو، بۆ ئەوەی ئەوانی تر كە ئەخرێنە دەنگدانەوە، یاخود ئیكتیفا بەوە بهێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وا ئەڵێین، ئەڵێین ئەو موقتەرەحاتانەی كە پێشكەش كراوە، بەسەرچاو ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی كاك عبدالسلام خراوەتە دەنگدانەوە، پێویستە....

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوەی كاك عبدالسلام دەنگەكانمان نەژماردووە، پێویستە بژمێردرێت، چونكە ئێمە پێمان وابوو ئەو مونتەهای ماددەكە بوو، مونتەهای ماددەكە بەكاملی بوو، رەجا دەكەم كەسی تر قسە نەكات، ئەوە یەك دانە سەعاتە ئێمە لەسەر ئەو ماددەیە قسە دەكەین، من پێموایە بە 20 دەقیقە ئەوە ماددەیە تەواو دەبێ، یەك دانە سەعاتە ڕێگە بە كەس نادەم بەڕاستی، فەرموو ماددەكانی تر بخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو موقتەرەحەی موهەندسین، لە ئەسڵی ماددەكە باسی موهەندسین نەهاتووە، ئەوە موقتەرەحێكی ئیزافیە، ئەم موقتەرەحە ئیزافیە فەرموو بیخە دەنگدانەوە، بزانە دەنگ ئەهێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە گوێمان لێ بێت.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەی فەقەرەی ماددەكە بەو شكلەیە، (لرئیس الدائرة منح المهندس الفائض عن الحاجة ......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیقتیراحەكە یەك كەس بوو، چوار، پێنج كەس تەئیدیان كرد.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یمنح المهندسین اجازە مفتوحە بدون راتب......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەرێ ئەگەر بمانەوێ گوێمان لەیەكتری بێ، ئێوە لەسەر چ ئەساسێك دەنگ ئەدەن، با گوێمان لێ بێت بزانین چۆن دەخوێندرێتەوە، پێشنیارەكە چیە؟، ئیقتیراحی یەك كەس نابێ، ئەو ئیقتیراحەی موهەندسین كە كراوە، مەجموعەیەك تەئیدیان كرد وەختی خۆشی لیژنەی ئاوەدانكردنەوە چەند كەس تەئیدی كردووە، ئێستا ناوتان دەنووسمەوە كێ دەیەوێ قسە بكات، تەواو نەبووە، فەرموون، كاك عبدالسلام، كاك سەروەر، لانە خان، ئاهەنگ خان، كاك برهان، د.عمر، مامۆستا عمر، فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من داوای قسە كردنم كرد، نەمویست نوقتەی نیزامی بڵێم، چەند مەشروع بێت، وەزیری دارایی لێرەیە حكومەت ئەتوانێت بەدرێژایی ساڵ ئەتوانێ هەر وەختێك تەعلیماتێك دەربكات، موەزەفێك ئیجازەی بداتێ یان نەداتێ، ئێمە باسی بودجە دەكەین، باسی حاڵەتی عام دەكەین، بۆیە بە ڕەئی من ئەگەر ڕاستیش بێت، هیچ جێگای نیە لە ماددەیەك لە ماددەكانی بودجە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش وەخت من پشتگیری لەكاك عبدالسلام دەكەم، كە ئەو سیاغەیەی پێش هەندێك خوێندیانەوە، یەعنی سیاغەكەی كاك عبدالسلام بوو، دەنگیشمان بۆ دا، بەنیسبەت ئەو ئیجازەی كە داوا كراوە بۆ موهەندس، بە ڕەئی من ئەگەر لە ڕووی واقعیش و عەمەلیش ڕاست بێ، كە موهەندس دەستیان كرابێتەوە، بەس لێرە لەناحیەی سیاغەی قانونی ناكرێ تەحدید بكرێت ئەو فیئە، یەعنی بۆ؟، بۆ نموونە مەسەلەن هەر فەرمانبەرێك هەر موەزەفێك ئەو عایدی تەعلیماتە، ئەگەر موەزەفە بیەوێ ئیجازەی وەربگرێت بدون

راتب، مەفروزە تەسهیلاتی بۆ بکرێت، بەڵكو ئەوە بارگرانیش لەسەر كەرتی گشتی هەڵبگرێ، ئیجازەی پێ بدرێت، كە بێی دایبڕێژی لەناو قانون ئەوە ناكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر داواكاریەكەی ئێمە زۆر ناڕەوایە بە نیسبەتی موهەندسین، ئومێدەوارم هەموو موهەندسەكان گوێیان لێی بێ، شەش كەس ئیمزای نەدەكرد لە لیژنەی ئاوەدانكردنەوە، نەدەبووە پێشنیاری لیژنەی دارایی، هەڵبەت دارایی هەنگینێ بەیان دەگوت، پێشنیارەكە موهەندسینە ڕەوانیە، هەڵبەت ئەوەی كە شیم كردەوە بۆ جەنابی شێخ، ئەرێ كاك شێخ ئەگەر خەڵك ئیجازەی وەربگرێت بێتە دەرێ، بدون ڕاتب بۆ بودجەی تەشغیلی خەفیف دەبێ یان نا لەسەرتان؟، هەر ئەوەندە جوابم بدەوە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

هەموو مووچە وەرنەگرتنێك لە سالحی بودجەی تەشغیلیە.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش دەڵێم سایكۆلۆجیەن وە بەرهەم هێنان، ئەو بەنیسبەت موهەندسین شتێكی زۆر باشە، باوەڕ بكەن ئەگەر 100 كەس بڕوات ئێوە مەمنون بن، چونكە خەڵك ئەوەندە موتەعەلقی مەعاش و زیادەو تەرفیع و دوو دینار زیاد كردنە، ناوێری دائیرەكەی بەجێ بهێڵی، بەلاَم ئەگەر جورئەتی هەبێ بێتە ژوورێ، كەرتی تایبەت باوەڕ بكەن گەشەی پێدەدات و بەرهەم هێنانیش باش دەبێ، حكومەتیش لێرە دەست خۆشی لێ دەكات، من تەئكیدم ئەوە لێرە ئیقتیراحی خۆشیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كێشە لە بەینی موەزەف و موهەندس لێرە ماددەكە ئەسلەن بە كەلیمەی موەزەف هاتووە، موەزەف یەعنی موهەندسیش، كەواتە هەموو فەرمانبەر ئەی موهەندس موەزەف نیە؟، ئەگەر بیەوێ نەقل بێ، لەبەر ئەوە پێویست ناكات شەرائیحی موەزەفین بە جیا جیا لێرە باسی لەسەر بكرێت، چونكە كەلیمەی موەزەف عامە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم، من نازانم ئەو موناقەشەیە لەسەر چیە؟، سێ ئیقتیراح هەبووە، هی یەکەمیان دەنگی هێنا، ئەمە سابت بوو، ئیقتیراحی دووەم ئاهەنگ خانە ئەویش بخەنە دەنگدانەوە، ئیقتیراحی سێهەم کاك دڵشاد کردی و من تەئیدم کرد، برادەرێکیش لەولا ئەڵێ کولی موەزەفێ هەقی هەبێ پێنج ساڵ ئیجازەی بدون راتب وەربگرێت، نیوەی پارەکەش نارِوات، ببێت بە فەقەرەی سێیەم، بیان خەرە دەنگدانەوە و کێشەکە حەل بوو، ئەوە وەزیری مالیەیە پێم خۆشە لەسەر ئیقتیراحەکە ڕەئی خۆی دەربڕێ، ئەگەر خەڵك بۆی هەبێ پێنج ساڵ ئیجازەی بدون راتب وەربگرێ، بەڕای من 100 هەزار موەزەف ڕەنگە بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو، سەد جار تکامان کردووە، رەجامان کردووە، هەر بۆ خۆتان گوێتان لەموناقەشەکە بێ، گوێتان لە ڕەئیەکان بێ ئەی چۆن دەنگ دەدەن، کەس ئاگای لێ نیە؟، علی الله دەنگ دەدرێت؟، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو قسەیەی بەڕێز کاك عمر کردی، بەپێی قانونی خدمەی مەدەنی، دکتۆر و موهەندس و هەموویان هەر فەرمانبەر و موەزەفن، ئەمە هەقیقەتێکی قانونیە، ئەمە یەك، دوو، من لەگەڵ فکرەکەم لە ڕاستی، لەگەڵ پێشنیارەکەی ئاهەنگ خانم ئێستاش، بەڵام من دەپرسم لە لیژنەی قانونی ئایا جائیزە لەناو قانونی بودجە کە بۆ ساڵێکە تۆ پرسێك تەنزیم بکەی کە پێدانی مۆڵەتە بە فەرمانبەرێك، بۆ دەساڵ و بۆ پانزە ساڵ مۆڵەتی دەدەیتێ؟، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بەتەوسیە بنێردێت بۆ حکومەت و تاوەکو حکومەت پاشان دیراسەی بکات، خۆی بە تەعلیمات نەوەك لەناو قانونەکە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جوابمان بۆ کاك د.عمر نورەدینی، ئەوەیە نەخێر قانونی نیە، بەڵام گلەیەکەمان ئەوەیە کە دەڵێن پێشنیارەکان ناخرێتە دەنگدانەوە، ئیهمال دەکەن، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەدانینە ئیتلاقەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر ڕەئیتان لیژنەی هاوبەش، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە بەو شکلەیە(یمنح المهندسین اجازه مفتوحه بدون راتب)، دوایی سیاغەکەی چاك دەکەینەوە، ئەگەر قبوڵ کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 29 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 36 کەس لەگەڵدانیە، کەواتە دەنگی نەهێنا، فەرموون بۆ ئاخیر سیاغە.

**بەڕێز عونی کمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخیر سیاغە وابزانم پێش ئەو خوێندمانەوە، ئەگەر دووبارە ئەتانەوێ،

الماده العشرون: بهدف تشجیع انتقال الموظفین من القطاع العام الى القطاع الخاص وترشید الملاك الحكومی:

اولاً: في حالة موافقة الموظف التخلي عن وظيفتيه والانتقال الى القطاع الخاص تستمر الدائرة المنقول منها في صرف نصف راتبه لمدة خمس سنوات اضافة الى دخله من العمل الجديد. ثانياً: يتم نقل كافة الحقوق التقاعدية للموظف الى ضمانه الاجتماعی في القطاع الخاص وفق احكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعی وتعديلاته المعمول بها في الاقليم.

ثالثاً: على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 2 کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية والعشرون: للوزير المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة احالة الموظفين الفائضين عن الحاجة ممن لديهم خدمة فعلية لاتقل عن خمسة عشر سنة على التقاعد بناءً على طلبهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکات، هیچ تێبینی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ماددەکە دەکەین و هیچ تێبینیەکمان لەسەری نییە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە ئەویش وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، پەیمان خان، کاك پێشەوا، کاك دڵشاد، کاك نەریمان، پەیمان خان، کاك بورهان، کاك کاردۆ، ڕازاو خان، ژیان خان، ناسك خان، د.احمد، کاك عمر هەورامی، د.بشیر، عبدالله مەلا نوری، کەسی تر هەیە ناوی نەنووسرابێ؟، دوایی ناوی کەس نانووسین، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 21 وەزیری تایبەتمەند، ئەو ماددەیەو مەفهومی ئەو ماددەیە لە لای ئێمە ڕوون نیە، بەڕاستی من وەکو ئەندام پەرلەمان لە لام ڕوون نیە، هۆی چیە ئەو موەزەفەی کە 15 ساڵ خزمەتی هەیە دەتانەوێ خانەنشین بکرێ؟، لەکاتێکدا کە دەزانین نیسبەی خانەنشینیەکەی زۆر کەم دەبێ، پێم خۆشە وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە پەیوەندی بە یاسای بودجەی ساڵی 2013 وە هەیە بۆ یەك ساڵە، ئەم ماددەیە ڕێك پێچەوانەی ماددەی 19یە، کە ئێمە دەنگمان لەسەری داوە، ماددەی 19 دەنگ لەسەر ئەوە درا، وەزارەت و دامەزراوەکانی لکاو بە وەزارەت، پێویستیان بە پلەی وەزیفی هەیە، بۆیە بڕیار درا 1000 پلەی وەزیفی دابمەزرێ، کە تەنها وەزارەتێك بەری نەکەوتووە، وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەویش هۆکارەکەی نازانم خۆی پێویستی پێی نەبووە یان وەزارەتی دارایی غەدری لێی کردووە، بۆیە پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە دەقی

ماددەکە بەو شێوەیە هاتووە، وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی بە وەزارەت نەلکاو بۆی هەیە ئەو فەرمانبەرانەی کەزیادەن لە پێویست، تۆ کاتێ کە فەرمانبەری زیادەت هەیە پێویستیت پێی نیە، چۆن لەماددەی پێشوو ئێمە بڕیارماندا کە 15 هەزار دابمەزرێ لەسەر ئەساسی ئەوەی کە پێویستیمان پێی هەیە، پێویستیمان پێی هەیە، بۆ دەڵێین پێویستیمان پێی نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو وشەیە لابدرێت، ببێت بە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی بە وەزارەت نەلکاو، بۆی هەیە ئەو فەرمانبەرانەی داوا دەکەن خانەنشین بکرێن، خزمەتی کرداریان لە 15 ساڵ کەمتر نیە، داوای خانەنشینیان بۆ بکات، داوا لەوەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار، نووسراوە زیادەن لە پێویست، زیادە لە پێویست بسڕنەوە، داوای خانەنشینی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان ئەو ماددەیەش کەساڵی پار دانرا 15 ساڵ و پەنجا ساڵ تەمەنی لەگەڵ بوو، لە یاسای بودجەی 2012 پەنجا ساڵەکەمان لابرد کردمانە 15 ساڵ، بەڵام وەزارەتی دارایی وەکو ماددەکەی پێشوو تر، 50 ساڵ تەمەنەکەمان لێی لابرد، بەس 15 ساڵ خزمەتەکەی مایەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی ئەبێ پێشمان بڵێ چونکە وەکو ماددەکەی تر کەس تەشجیع نەبووە، ئەم ماددە بەکاربهێنێ و خۆی تەقاعود بکات، ئەگەر تەقاعود کرابێ عەدەدێکی زۆر کەمە، کەواتە ئەو ماددەیەش جەدوای نیە، هەدەفی خۆی نەپێکاوە، لەبەر چی؟، لەبەر ئەوەی وەزارەتی دارایی بەپێی ڕێنمای دارایی ژمارە (33) بۆ گشت وەزارەتەکان ئەو ماددەی ئاوا تەعمیم کردووە، ئەو کەسانەی کە بەم ماددەیە خانەنشین دەبن بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 27 ساڵی 2006، ماددەی 7 بەپێی بڕگەی 2 تەقاعود دەبن، بەپێی بڕگەی 2 واتە مووچەی بنەڕەتی زەربی ساڵی خزمەت، زەربی لە 2٪، یەعنی بەپێی ئەم حاڵەتە لە 25٪ مووچەکەی بەردەکەوێت، کێ ئامادەیە خۆی تەقاعود بکات 15 ساڵ لە 25٪ ی مووچەی ئیسمیەکەی بدەیتێ، کەس ئامادە نیە، لەبەر ئەوە ئەم ماددەیە ماددەیەکی تەشجیعی نیە، بۆ ئەوەی حاڵەتەکەی بۆ بدۆزیتەوە، ئەگەر بەپێی ئەم یاسایە بکرێ و بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی، وەزیری دارایی جەنابی لێرەیە چەند کەس بەم ماددەیە ساڵێك کردی؟، نەیکردووە، لەبەرچی؟، ئەمیش تەشجیعی نیە، کەواتە ماددەیەك دائەندرێت بۆ ئەوەی جەدواو هەدەفی هەبێ، کەواتە ئەم ماددەیە هەدەفی خۆی ناپێکێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەپێی ئەو ڕێنماییە تەقاعود بکرێ، چونکە لە 25٪ خەڵك ئامادەنیە کە 500 هەزار مووچەی ئیسمیەتی بە 150 بڕوات تەقاعود بێ، نایکات، بۆیە پێشنیار دەکەم لێرە بەدەر لەمە بڵێین بە لە 80٪ی مووچەی ئیسمی ڕەنگە خەڵك تەشجیع بێ و بیکات بەو 15 ساڵە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك نەریمان فەرموو.**

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ڕاستیدا من وەکو یاساییەك، بوونی ئەم بەندە لەناو ئەو پرۆژە یاسایەی بودجە، من بەموخالەفەی قانونی دەزانم، لەبەر ئەوەی ئێمە یاساییەکمان هەیە کە لە هەرێمی کوردستان کارپێکراوە، کە ئەویش یاسای ژمارە $(7)$ ساڵی $2006$ی خزمەت و تەقاعودی موەزەفینی موەحەدەی پێ ئەوترێ، ئەمە هاتووە بە نەس هاتووە، کەواتە ئێمە لێرە ئەگەر هەر گۆڕانکاریەکیشی تێدا بکەین، بەهەر جۆرێك دایبڕێژین پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، کەواتە ئەم ماددەیە کە بۆ ساڵێکە، یاسایەك ڕادەگرێت، من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە ئەسڵی خۆی هەیە لە یاسای خزمەت و خانەنشینی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**پەیمان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەتی ئەم ماددەیەوە من پێم باشە کە ببێ بە دوو خاڵ، خاڵی یەکەمی تایبەت بێ بەوانەی کە $15$ ساڵیان تەواو کردووە، پشتیوانی لە پێشنیازەکەی کاك دڵشاد دەکەم، بەوەی کە نیسبەی خانەنشینیەکەیان زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین فیعلەن خانەنشین بن، لە خاڵی دووەم، من پێشنیازی ئەوە دەکەم کە ئێمە فیئەیەکی تری خەڵك لەبەرچاو بگرین، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵك هەیە، $15$ ساڵی خزمەتیان تەواو نەکردووە، بەڵام تەمەنیان تەمەنی خانەنشینیە، بۆ نموونە، ژمارەیەکی زۆری خەڵك هەن تەمەنیان بۆتە $63$ ساڵ، بەڵام ئەو کاتەی کە دامەزراون بەپێی ئەو کاتەی کەتەمەنیان دەرئەکرێن، چونکە خانەنشین ناکرێن، تەمەنیان ئەبێ بە $63$ ساڵ بۆ نموونە $13$ ساڵ خزمەتیان هەیە، ئەمانە بە تەنیا موکافەئەیەکی خدمەیان ئەدرێتێ دواتر هیچ جۆرە مووچەیەکیان نیە، ئەمە ژمارەیەکی زۆری خەڵك هەیە، من پێموابێ ئەوە غەدرێکە لەو خەڵکانە ئەکەین، چونکە کەسێکە تەمەنی $63$ ساڵە، $13$ ساڵ یان $10$ ساڵ خزمەتی کردووە لە دائیرەکانی حکومەت، دوای ئەوە دەرکراوەتە دەرەوە، هیچ جۆرە مووچەیەکی نیە، هیچ جۆرە شتێکیش شمولی ناکات، من پاریش ئەم پێشنیازەم کرد، ئەمساڵیش ئەم پێشنیازە ئەکەمەوە، بڕگەی دووەمی وای لێبێت کە ئەوانەی تەمەنی ساڵی خزمەتیان لە $15$ ساڵیش کەمترە، بەڵام تەمەنیان تەمەنی خانەنشینیە، خانەنشینی بکرێن بۆ نموونە، ئەمانە بەڕێژەی لە $30$٪ یاخود لە $40$٪ مووچەکانیان نیسبەیەك دابندرێت ئێمە ئەوخەڵکە لەدەرکردن و بێ مووچەیی ڕزگار بکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك برهان فەرموو.**

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبێ هیچ تەعلیق و تەشهیرێ ئەگەر ئێستا بەڕای من بێن ئادەم سمیسی ئیقتیساد زیندوو بکەنەوە، لە قەبرەکەی دەری بێنن و زیندووی بکەنەوە، بەلایەنی کەم لەم ماددەی 19 و 20 و 21 کە قەناعەتم وایە نازانێ جوابی باتەوە، کەعالەمی ئیقتیسادیەو لە ئەزمەی ئیقتیسادی ئەوروپای ڕزگار کردووە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی 19 خەڵك تەعین دەکەی، لە 20 فائیز هەیە پاڵی پێوەئەنێی، لە ماددەی 21 دەیدەیە خیلافی قانونی تەقاعودی مەدەنی دێیت نەسێکی ئیستسنائی ئەهێنی، لێرە مەعامەلەی پێ دەکەی، ئێ باشە ئەگەر لە لایەك پێویستیت بەموەزەفە تەعینی دەکەیت و لە لایەکی تر لێت زیادەیە، ئێ کاکە ئەمە جوابمان بەنەوە، ئەمە چی فەلسەفەو حیکمەتێکی لە پشتەوەیە، من تێناگەم، یەعنی ئەم ماددەیە چ نەفعێکی هەیە، ئەی تۆ ئەوانەی 25 ساڵ و 30 ساڵ خزمەتی هەیە، ئەوانەت تەقاعود کردووە، ڕێ وشوێن بۆ 15 دائەنێی، ئەگەر تۆ موەزەفت پێویست نیە بۆ تەعینی دەکەی؟، لە ماددەی 19، ئەگەر پێویستیشت نیە بۆچی لە ماددەی 20 و 21 پاڵی پێوە ئەنێی؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە سێ کەس دەڵێ ئەو ماددەیە پێویست نیە، موناقەشە بکەین یان ئەوە بخەینە دەنگەوە بەڕاستی، جەنابی کاك فرست سکرتێری پەرلەمان تەوزیحەکی هەیە بابفەرموێ.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆ ئەندامان بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەیەکیان پێ بدەین، مەفعولی ئەو ماددەیە بۆ ساڵێکە، پاش ساڵێك ئەوەی داوا بکات مەشمول نابێ بەو ماددەیە، چونکە قانونەکە نامێنێت، قانونی میزانیەیە ئەمە، مەفروزە نەسێکی ئەوها لە قانونی تەقاعود بێ، لە قانونی خدمە بێت، یەعنی تەئیدی قسەی کاك برهان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە چوار کەس ئێستا داوای ئەوە دەکەن کە ئەسلەن ئەو ماددەیە نەمێنێت، ئێمە موناقەشە بکەین و دوایی ماددەکە نەمێنێت، یەکسەر بیخەینە دەنگەوە بەراستی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی حکومەتیش وەربگیرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر ئەم ماددەیە نەمێنێت چ ئیشکال دروست دەکات؟، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئید دەکەین ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێکی چوار، پێنج کەسی هەیە، حکومەتیش تەئید دەکات ئەم ماددەیە نەمێنێت، کێ لەگەڵدایە نەمێنێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 12 کەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا کە نەمێنێت، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الخامس: الاحكام الختامية

المادة الثانية والعشرون:

على حكومة اقليم كوردستان اعلام برلمان كوردستان في حالة حصول تغير في حصة موازنة الاقليم لسنة 2013 وعرضها عليه للمصادقة.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەکەمان نیە، لیژنەکانی تریش تێبینیان نەبووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە، کەس تێبینی نیە، کەواتە کێ لەگەڵ ئەم ماددەیە دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون: لايجوز مفاتحة وزارة المالية والاقتصاد بشأن طلب اى تخصيصات اضافية بعد تشريع هذا القانون في اقليم كوردستان-العراق.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هیچ تێبینیەكمان نیە، لیژنەكانی تریش هیچ تێبینیەكیان نەبووە لەسەری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش داوا دەكەین ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە، تەنیا سێ كەس پەیمان خان و كاك خلیل و كاك سالار، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا من پێشنیازێكم هەیە بۆ ئەم ماددەیە، بەڵام بۆ ئەوەی بزانم ئەو پێشنیازەم پێشكەش بكەم، گومانم هەیە لە زانیاریەكەی كەهەمە، من پرسیارێكم هەیە لە بەڕێزتان وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئەگەر وەڵامی ئەوەم بدەنەوە دواتر من پێشنیازەكەم پێشكەش دەكەم، لێرە ئەم ماددەیە تایبەتە بەوەی كەلەدوای دەرچواندنی ئەم یاسایە نابێت هیچ تەخسیساتێك داوا بكرێت لە وەزارەتی مالیە، بۆ سەرف كردنی، ئایا ئەمە هەمووی ئەگرێتەوە، یان بەتەنیا ئەم ماددەیە بۆ پەرلەمانە، مەبەست لەپرسیارەكە ئەوەیە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەتوانێ لە دەرەوەی ئەم بودجەیە هیچ تەخسیساتێك لە ڕووی دامەزراندن، لە ڕووی تەخسیساتی ترەوە، بڕیاری لێ بدات؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لیژنەی قانونی ئەبێ وەڵامی ئەوە بدەنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیمان خان ئەگەر دووبارەی بكەنەوە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە، بۆ ئەوەی ئەو ماددەیە جێگیر بێ مانای ئەوەیە، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش ناتوانێت لە دەرەوەی ئەم پرۆژەیە هیچ تەخسیسێکی کە چ لە دامەزراندن، چ لە موکافەئات و هیچ تەخسیسێکی تر و مەشاریعەکان لە دەرەوەی ئەمە بکات و بڕیاری لەسەر بدات؟.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ وابێت، ئەمە وازحە ئەحکامی ماددەکە (لايجوز مفاتحة وزارة المالية والاقتصاد بشأن طلب ای تخصيصات اضافية بعد تشريع هذا القانون في اقليم كوردستان-العراق)قانونەکە بۆ ساڵێکە، پاش تەشریعی قانونەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی سکرتێر فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەنجومەنی وەزیران ئەتوانێت بڕیار بدات لەژێر سێبەری ئەو ماددەیە، تەخسیسات زیاد بکات، وەزارەتی مالیە ئەتوانێ زیادی بکات سەربەخۆ، بەس ئەترافی تر ناتوانن داوا بکەن، بە ڕەئی من سیاغەتەکە ڕاست نیە بەو شکلە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە من پێشنیازەکەم پێشکەش دەکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە بە بەردەوامی ئەبینین وەکو من لە ماددەکانی تریش ئاماژەم پێی کرد، سەرۆکی حکومەت جێگەی دەست خۆشیە، من لێرەوە دەست خۆشی لێ دەکەم، کە کەمئەندامانی لە سولفەی زەواج بەخشی، زۆرجاریش هەر بەرپرسانی حکومەت لە دەرەوەی ئەو ژمارەی میلاکاتەی کە دائەندرێت میلاکی تر دائەمەزرێنن، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئێمە بۆ ئەوەی ئاگادار بین لەو تەخسیساتانەی کە ئەکرێت، بۆئەوەی بزانین لە چ بەشێکی بودجە ئەکرێت، لە دوای دەرچواندنی ئەم یاسایە نابێ بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مالیەوە هیچ تەخسیساتێك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو ماددەیەو لە ماددەی 35 ش پێموایە دەتواندرێت ئەو دوو مادەیە دەمج بکرێت، ماددەی 35 دەڵێت (لاتقدم مشروعات القوانین والقرارات التی تترتب علیها تبعات مالیة الی البرلمان الا بعد موافقة مجلس الوزراء) بەلاّم بەڕای من ئەوە زۆر بە موتلەقی هاتووە، لەوانەیە قوەیەکی قاهیرە بێ، حاڵەتێکی لەناکاوبێ، ئەم پەرلەمانە کۆ ئەبێتەوە بڕیارێك ئەدات، وەکو کارەساتێکی سروشتی، یان بۆ هەر حاڵەتێکی تر، لەوانەیە بڕیارەکەی جۆرێك لەتەبەعاتی مالی تیابێ، کە پەرلەمان مەجبورە ئەم بڕیارە بدات، لەبەر ئەوە لەوانەیە حاڵەتی تارئ بێ، بۆیە من داوا دەکەم ماددەکان، ماددەی 23 چ ماددەی 35 کە زۆر بە موتلەقی هاتوون، بەڕاستی جۆرێك لە مرونەتی تیا بێ، چونکە وەکو وتم حاڵەتێکی ئیستیسنائی و حاڵەتێکی تارئ دێتە پێشەوە، لەوانەیە پەرلەمان بیەوێ بڕیارێك بدات، کۆمەڵێك خەڵك لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاّتیان زەرەرمەند بێ، پێویستی بە بڕیاری پەرلەمان بێ، پەرلەمان بڕیار بدات، بۆ ئەوەی تەعویز بکەنەوە، من پێموایە ئەم ماددەیە زۆر بەموتلەقی هاتووە، بۆیە من داوا دەکەم کە سیاغەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، جۆرێك لەمرونەتی تیابێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من تەسەورم وایە، پەسەند کردنی ئەم ماددەیە وەکو خۆی لە ئایندەدا، لە ئایندەی نزیك ئیشکال بۆ پەرلەمان و هەم حکومەت دروست دەکات، چونکە ئەمە زۆر بە موتلەقی هاتووە، هەندێك بابەت هەیە لە ئایندەدا ئێمە پێویستیمان ئەبێ، لە ڕاستیدا تەبەعاتی مالی ئەبێ، بۆ نموونە، لە دوو، سێ ڕۆژی ڕابردوودا ئەنجومەنی وەزیران یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و ئەنفال کراوانی هێناوەتە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لە ماددەکانی پێشوو تر داوامان کردووە، حکومەت و پەرلەمان هەماهەنگ بن، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیك دا لە ڕێگەی ئەم یاسایە ئەو پڕۆژەی کە ئێستا لەبەردەستمان دایە پیا چوونەوەی ژیان و گوزەرانی کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوان بکەین، یان ئەوەتا بە زوویی لە ڕێگەی هەموار کردنی ئەم یاسایە ئێمە ژیان و گوزەرانیان بگۆڕین، ئەگەر ئەم ماددەیە وەکو خۆی پەسەند بکرێ ئێمە لە ئایندەدا دەست کراوە نابین بۆ ئەم بابەتە، من پێشنیار ئەکەم ئەگەر ئەو ماددەیە پیاچوونەوەی بۆ کرا، ئەو تەرخان کراوانە لە ڕێگەی هەماهەنگی نێوان حکومەت و پەرلەمانەوە بێ و ڕێگە پێ دراو بێ، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش یاسایی و ئابووری و دارایی، پێمان باشە جەنابی وەزیر تەوزیحێکمان بداتێ لەسەر ئەو سیاغەیە، بزانین ئایا ئەو سیاغەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە، کاك سالار ئاماژەی پێدا، لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەعدیلێك هاتووە، ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، کەس و کاری شەهید چاوەڕێن، تەبەعاتی مالی ئەکەوێتە سەری، ئەگەر وابێ بەڕاستی نازانین ئێمە چۆن جوابی کەس و کاری شەهید بدەینەوە، یاساکە ئێستا هاتۆتە پەرلەمان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە، ئەگەر ئەم ماددەیە بەموتلەقی بێ، ئاوا ڕێگەمان نادات بەڕاستی تەعدیلی ئەو یاسایە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا دەکەین لە بەڕێز وەزیری دارایی ڕوون کردنەوە بدات لەسەر ئەو ماددەیە، مەبەستمان ئەوەنیە لەگەڵیەتی بمێنێتەوە یان نا؟، بۆ ئەوەی پەرلەمانتاران کاتێك کەدەنگ دەدەن، بەرچاویان ڕوون بێ بۆچی دەنگ دەدەن یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هێنانی ئەم ماددەیە ئەوەیە ئێمە هەرچی تەخسیساتێك و هەرچی پارەیەکمان هەیە، بەعجز و بەوەی کەدێت ئێستاکە تەوزیع کراوە، لەسەر فەسل و ماددەکانی ئێستا، لە مە هەرچی شتێکی تر زیاتر بێ، ئەبێ

شوێنێکی بۆ بهێندرێتەوە کەلەوێ پارەی بۆ پەیدا بکرێ، یەعنی ئەوەیە مەسەلە، بۆیە ئەمە هاتووە، ئێمە جاران ئیحراج ئەکراین، ئەمە چەند ساڵە ئەم ماددەیە دێت، هەموو تەخسیساتمان تەوزیع ئەکرد بەسەر فەسل و ماددەکان، کەچی دوای ئەوە بۆمان دەهات دەوترا، دەبێ ئەوە سەرف بکرێ، کە سەرفی بکەین بەتەجاوز ئەڕوات، کە تەجاوزمان کرد هەم دیسان دێنەوە موحاسەبەشمان ئەکەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة والعشرون: لایجوز مفاتحة وزارة المالیة والاقتصاد بشأن طلب ای تخصیصات اضافیة بعد تشریع هذا القانون في اقلیم کوردستان-العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 32 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 15 کەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون: علی الوزارات ودوائر الاقلیم تقدیم کافة حساباتها الشهریة، موازین المراجعة في مدة لاتتجاوز عشرة ایام من نهایة کل شهر الی وزارة المالیة والاقتصاد، مدیریة المحاسبات العامة.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی تێبینی لەسەر ماددەکە نیە و پشتگیری دەکات.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایش هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، یەك کەس تێبینی هەیە، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 23 دەنگی لەسەر درابێ و دەنگی لەسەر نەدرابێ، لەگەڵ حورمەتم ناقانونی و موخالفی قانونە، ئەمە ماددەی 56 قانونی ئینتیخاباتی ساڵی 1992، ئەڵێ سەلاحیەتی پەرلەمان یاسا دانانە، ئەم کەباسی

ئەوە ئەكات، نابێ تەبیعاتی مالی زیاتر بێ، دووەم موخالەفەی قانونی، ئەگەر سەیری ماددەی 71 بکەی لە پەیڕەوی ناوخۆ، ماددەی 71 ڕێ و شوێنی تەقدیمی یاسای کراوە بە شکلێکی عام و موتلەق هاتووە، ئەمە یەك لێرە تەخسیسی ئەكات، بە قانونێکی دائیمی بە قانونێکی خاس دێت تەخسیسی ئەكات، ئەمە تەعتیلی ئەمەیە، ماددەی 83 بۆ جەنابتان بخوێنمەوە، ئاخر بڕگەی ماددەی (83) ئەڵێ ( للمجلس بعد الانتهاء من المناقشة واقرار مشروع الموازنة ان يقرر مشروع قانون احداث نفقات جديدة) ئەگەر تۆ ئەم ماددەیە ئیقرار دەكەی بەڕاستی ئەبێتە هۆی تەعتیل کردنی حوکمی ماددەی 56 بڕگە 1 ی قانونی ئینتیخابات، ماددەی 71 لە پەیڕەوی ناوخۆ، بڕگەی 3 لە ماددەی 83 ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەگەر ئامادەی پەرلەمان تەعتیلی حوکمی ئەو سێ ماددەی قانونی خۆی بکات، تەنازول لەو سەلاحیەتەی خۆی بکات، بە نەسێکی موبەتەن ئەمە زۆر جائیزە، بەلام لە ڕووی قانونیەوە، مادام تۆ سێ ماددەی تر ڕێگەی پێ نەداوی ئەو نەسە لە قانونی بودجە لە ماددەی 23 بنووسرێت، بە یارمەتی خۆت.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو دەقە، سێ دەقە نیزامی کەی پێنج دەقە دەبێ، نوقتە نیزامی یەك دەقەیە، پێنج دەقەیە قسە دەكەی.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە ماددەی 23 موتەناقزە لەگەڵ حوکمی ماددەکانی 71 و 83 ئاخیر بڕگە، بڕگەی 3 لە پەیڕەوی ناوخۆ، لەگەڵ ماددەی 56 بڕگەی 1، لەبەر ئەوە ناقانونیە، هەموو دەنگدانێك ئەبێتە هۆی تەعتیل.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ویستت قسە بکەی فەرمووی؟.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 24، من پێشنیارم ئەوەیە کە 10 ڕۆژ زۆر کەمە بۆ دائیرەکان دایدەنێن میزانیەی موراجەعە، ڕاستە هەموو مانگ میزانیەی موراجەعەیان هەیە، ئەگەر هەندێك مودەکەیان زیاتر بکرێ باشترە، لەبەر ئەوەی چەند بەڕێوەبەری دائیرە هەبووە، تەلەفۆنی بۆ ئێمە کردووە، دەڵێ لەبەر ئەوەی کەنەسریەکەمان هەندێکجار درەنگ دەگات، سەری مانگ دەبێ تەواوی بکەین، پێمان تەواو ناکرێ، مەجبورین دەبێ ئێمە لە 60٪ی نەسریەکەمان ئیعادەی خەزێنە بکەینەوە، جالەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو 10 ڕۆژە زیاد بکەن، پێیان باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو، ئەو پرسیار و ڕوون کردنەوەیەی سیوەیل خان.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو دە ڕۆژە ئێمە پێمان کەم نیە، چونکە مەفروزە وەزارەت زووتریش بیهێنێت، هەر وا موقەرەر بووە و مەفروزیش بووە پێشووتر، ئەگەر ئەوانە زووتر نەیهێنن، ئێمە ناتوانین زووتر ئیشەکانمان جێبەجێ بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی قانونی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة والعشرون:

على الوزارات ودوائر الاقليم تقديم كافة حساباتها الشهرية، موازين المراجعة في مدة لاتتجاوز عشرة ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد، مديرية المحاسبات العامة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، یەك کەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون: يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الذى يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2013 لدائرته في موعده المقرر الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية والتعليمات النافذة.

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینیەکی لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە، کەس تێبینی نیە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة والعشرون:

اولاً: على جميع الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة توزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية على محافظات الاقليم مع مراعات الكثافة السكانية لكل محافظة والمناطق الاكثر تضرراً بعد استبعاد مصاريف مركز الوزارة.

ثانياً: على المحافظات كافةً التنسيق مع الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التأكد من تنفيذ الفقرة اولاً من هذه المادة اعتباراً من تأريخ التنفيذ الفعلي للموازنة.

ثالثاً: على ديوان الرقابة المالية للاقليم تكليف الهيئات الرقابية التابعة له الموجودة في محافظات الاقليم التأكد من تنفيذ الفقرة اولاً اعلاه من هذه المادة اعتباراً من تأريخ التنفيذ الفعلي للموازنة.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەی یاسایی تەنها داوای کردووە کەلیمەی (تكليف) لە بڕگەی 3 ببێتە (الطلب من الهيئات الرقابية التابعة).

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە، لیژنەکانی تریش هیچ تێبینیان نیە، تەنها لیژنەی یاسایی ئەوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو تەعدیلەی بەڕێز کاك عونی فەرمووی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، تەنها سێ کەس تێبینی هەیە، کاك پێشەوا، کاك سالار، کاك شێردڵ، فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من تەنها لەسەر یەك وشەیە، ئەگەر لیژنەی یاسایی گوێمان لێ بگرن بۆ تێبینیەکە، لە خاڵی یەکەم دێری سێیەم وشەی (الاكثر) بە کوردیەکەش ( زیاتر) هاتووە، دیارە مەبەستەکەی من لێرە ئەوەیە

ئەو وشەیە لابدرێت، چونکە حکومەت ئەو ناوچانەی کە زەرەرمەند بوونەو زیانیان بەرکەوتووە جیاوازی دەکات لە نێوانیان، واتە لە دابەش کردنی پارەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان، ژمارەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەکی زیاتر زیانیان بەرکەوتووە، خۆی وا باشترە بڵێی ئەو ناوچانەی زیانیان بەرکەوتووە، نەوەك زیاتر، چونکە ئەمە فەرق و جیاوازی دروست دەبێ لە نێوان ناوچەیەك و ناوچەیەکی تر کە زەرەری بەرکەوتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئەو بابەتەی کەپەیوەندی بە دەست نیشان کردنی چڕی دانیشتوان هەیە، ئیعتیماد کردنە سەر چڕی دانیشتوان، بۆ کۆمەڵێك ناوچە گرفت دروست دەبێ، بۆ نموونە، ئەو ناوچانەی کە تەماسیان هەیە لەگەڵ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و ناوچە دابڕاوەکان، بۆ نموونە، ئەگەر ئێمە چەمچەماڵ یان کفری و کەلار وەربگرین، ئەبینین ئەگەر بەپێی ئەو ئالیەتە بێ، لە ڕاستیدا ئەوان مەحروم ئەبن لەکۆمەڵێك تەرخان کراو، چ لە بواری وەبەرهێنان چ لەبواری وەگەڕخستن، چونکە ئیعتیمادی گەورە بەپێی بەرنامەی حکومەت لەسەر فۆڕمی خۆراکە، لە 40٪ی دانیشتوان فۆرمی خۆراکیان لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە، لەو ڕوانگەیەوە لە ڕابردوودا، ئەم بابەتەمان لە چەندین جێگە ورووژاندووە، موعالەجە نەکراوە، پرسیاری من بۆ حکومەت ئەمەیە، ئایا ئەمە تا چەند ئەتواندرێت قەرەبووی ئەو مەنتیقانە بکرێتەوە؟، ئەوە ڕەچاو کراوە یان هەر چڕی دانیشتوان بەشێوەیەکی گشتی وەرگیراوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لێرە کە باسی موحافەزات دەکات، لێرەدا کە هەولێر پایتەختی کوردستانە، هیچ حیسابێك بۆ پایتەخت نەکراوە، خۆمان دەزانین کە لە شوێنان پایتەخت حیسابێکی جودای هەیە، مەسەلەن لە بەغدا امانە العاصمە هەیە لەگەڵ موحافەزە، لە ئەنقەرە هەم نەفسی شت هەیە، بۆیە پێم باشە کە حیسابێکی عاسیمە بە جودا بکرێتەوە، خۆشتان دەزانن کە 2014 هەولێر دەبێتە پایتەختی گەشتیاری، دەبێ بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەنیسبەتی ئەوەی كە كاك سالار فەرمووی كەسافەی سوكانی یان (اكثر) ئەمانە هەمووی ئەوەنە كە ئەو حیسابانە بكرێ، لە عەینی وەقت هەمووجارێك ئەو مەنتیقانەی ئەو باس دەكات بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، من باوەڕناكەم ئەگەر پێویستیان پێی بێت بە نەزەری ئیعتبار وەرنەگیرێن، بۆیە پێم وایە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموون.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پاش بەنەزەر وەرگرتنی ئەو ئیعتیبارانە، كە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەشیان كردووە، سیاغەكەی بەو شێوەیە كە ئێستا دەیخوێنینەوە، ڕەزامەندی وەرگیرا دەیخەینە دەنگدانەوە،**

**المادة السادسة والعشرون:**

**اولاً: على جميع الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة توزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية على محافظات الاقليم مع مراعات الكثافة السكانية لكل محافظة والمناطق المتضررة بعد استبعاد نفقات مركز الوزارة.**

**ثانياً: على المحافظات كافةً التنسيق مع الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التأكد من تنفيذ الفقرة اولاً من هذه المادة اعتباراً من تأريخ التنفيذ الفعلي للموازنة.**

**ثالثاً: على ديوان الرقابة المالية للاقليم الطلب من الهيئات الرقابية التابعة له الموجودة في محافظات الاقليم التأكد من تنفيذ الفقرة اولاً اعلاه من هذه المادة اعتباراً من تأريخ التنفيذ الفعلي للموازنة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟، یەك كەس لەگەڵدانیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة والعشرون: على حكومة اقليم كردستان، العمل على استيفاء مستحقاتها لدى الحكومة الاتحادية من البترو دولار للسنوات 2010، 2011، 2012 بمعدل دولار واحد عن كل برميل نفط خام منتج في المحافظة و دولار عن كل برميل نفط خام مكرر في مصافي المحافظة و دولار عن كل مائة وخمسين متر مكعب من الغاز الطبيعي المنتج في المحافظة على ان تصرف المبالغ المستحصلة مستقبلاً لمناطق المنتج.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە هیچ مولاحەزەیەكمان لەسەر ئەم ماددەیە نیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوا دەكەین ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟، تەنیا دوو كەس كاك عبدالله مەلا نوری، كاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ئەم ماددەیە تەنها پارەی پترۆ دۆلار و شتمان لە لای حكومەتی عیراق نیە، پارەی ئەوەی حاكیمەو ئەو پارانەی تر كە باس كراوە لە لایەن حكومەتی عیراقەوە دەستی بەسەردا گیراوە، ئەگەر قسە لەسەر هەوڵی سیاسیش بێت، پێویست بەوە ناكات ئێمە لە ناو یاسا ئاماژە بەوە بدەین حكومەت هەوڵی سیاسی بدات، ئەكرێ لەناو یاسا ئاماژە بەوە بدەین حكومەت هەوڵی یاسایی و دەستووری بدات، بۆیە من پێشنیاز دەكەم دەقەكە بەو شێوەیەی لێ بكرێت، ماددەی 27، حكومەتی هەرێم لە ماوەیەكدا كە لە 45 ڕۆژ تێپەڕ نەكات لە بەرواری پەسەند كردنی یاسای بودجەی 2013 ی هەرێمەوە، پشت بەستن بە مادده 93 دەستووری عیراقی فیدرال، سكاڵای یاسایی لەسەر حكومەتی فیدرال بەرز بكاتەوە، بە مەبەستی وەرگرتنەوەی هەموو ئەو مافە داراییە دەستووریانەی هەرێمی كوردستان، كە لە لایەن حكومەتی فیدراڵەو نەدراون، یان دەستیان بەسەرداگیراوە، ئەگەر مافەكانی ئێمە مافی دەستوورین، ئەوە ئەبێ لە ڕێگەی دادگای فیدراڵی باڵاوە هەوڵی بەدەست هێنانەوەیان بدەین، ئەگەر سیاسیشە پێویست ناكات لێرە ئاماژەی پێ بدرێت، بۆیە هیوادارم ڕێگە بدەی بە برادەران پشتی بگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوە تەحسیل حاسلە، پێویست ناكات ئەو ماددەیە هەبێ، چونكە ئەگەر ماددەكە بخوێنینەوە پێویستە لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان كار بكات، ئەگەر ئەمە لێكدانەوەی بۆ بكرێت تا ئەو لەحزەیە دەری دەخات، حكومەتی هەرێم كاری نەكردووە، ئەگەر بەو شێوەیە لێكدانەوە بكرێ، بۆیە تۆ

هاتووی مولزەمی دەکەی کە لێرە بەدواوە کار بکات، من پێموایە تەحسیل حاسلە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە لە ماددەی 33، باسی ئەوە دەکات کەحکومەتی هەرێم ڕێگەی یاسایی بگرێتەبەر، بەڵام پێویستە ئەوە ڕێگا یاساییە بۆ ماددەی 27 ش بێت، یان هەردووکی بکرێت بە یەك و ماددەی 33 بهێندرێتە ئێرە، یان وەکو هاوڕێم کاك عبداللە باسی کرد، لێرەش باسی ئەوە بکرێ کە حکومەتی هەرێم ڕێگەی یاسایی بگرێتەبەر بۆ وەرگرتنی ئەو موستەحەقاتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داڕشتنی ئەو دەقە بۆ بەدیهێنانی هەموو مافە دەستووری و یاساییەکانی خۆمانە لە ئاستی عیراق، ئەو چەندین ساڵە 2010و 2011 و 2012 دووبارە کراوەتەوە، ڕێگایەکی عەمەلی بگرینەبەر بۆ ئەو پێشنیارەی کاك عبداللە پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ماددەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەو پێشنیارانەی کە ئیلتیزام بکەین بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی، بۆ وەرگرتنی مافەکانمان، ئەوە موعالەجە کراوە لە ماددەی 33 ی قانونەکە، دەڵێت (علی حکومة اقليم كوردستان اتخاذ الطرق القانونية

**لتحصيل جميع مستحقات الاقليم لدى الحكومة الاتحادية حسب احكام الدستور) ئەو ماددەیەش تەبیعی لە زمنی ئیستیحقاقاتی هەرێمی کوردستانە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك برهان .**

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە پەیوەندی بە مەجموعەیەك شتەوە هەیە، کە ئەوانەی موحاماتیان کردووە، کاك عمر و کاك فرست و ئەوان باشتر ئەیزانن، پێش ئەوەی تۆ داوا قەید بکەی پێویستە مەجموعەیەك ئەوەلیاتت هەبێ بیکەی بە ئەساسی دەعواکەت، تۆ لێرە فەرزی دەعوا دەکەی ئەوە فەرزێکی ترە، ئەو کەسانەی کە لەو بوارە موفاوەزاتیان کردووە، چی پەرلەمانە کتاب بکات بۆ وەزارتی عیراقی، چی حکومەتی هەرێمە مەجموعەیەك ئەوەلیات کۆ بکاتەوە و دانیشن دیراسەتی بکەن، بزانن ئەسبابی ئەو بڕینانە چیە؟، لەسەر ئەساسی ئەوە دەعوا قەید دەکرێت، حاڵەتێکی وا نازانی دەعوا یان براوە یان دۆڕاوەیت، دێیت فەرزی دەکەی کە دەعوا قەید بکات، کە دۆڕای هەقی ئەوەت نابێ کە باسی بکەیت و داوای بکەیت، ئەوە کاك فرست و کاك عمریش ئەزانن، لەبەر ئەوە پێویستە تۆ ئەو ماددەیە وا بنووسی ئیجباری حکومەت بکەیت و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش خۆی بەو سیفەتە کتاب بکات بۆ سەر وەزارەتی مالیە، ریئاسەی وزەرای عیراقی، بەو پێیەی کە بە پێی دەستووری عیراقی، بە پێی ماددەکانی 109 و 110و 111 و 112و 113 و114، موئەسەسەیەکی شەرعی موعتەرەف پێکراوە، وەڵامی بدەیتەوە، بزانین ئەساسی ئەمە چیە؟، ئەوە ئەبێ لیژنەیەکی بۆ دروست بکرێ، دیراسەی ئەوە بکات، ئەو دەعوایە چۆن بکات و چۆن نەیکات؟، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك سالار.**

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئەو ئیستیحقاقانەی هەرێمی کوردستان لە لای حکومەتی ئیتیحادیە، هیچ گومانێك هەڵناگرێ، بۆیە ئەگەر گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایش ئیزافە بکرێ لەم ماددەیە، یان لە ماددەی 33 دەمج بکرێ کارێکی زۆر باشە، بەڵام من لەگەڵ ئەوە نیم وەقت تەحدید بکرێ، یان ئەگەر مانگ بێ یان چەند مانگ بێ، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموون.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحەی کە کاك برهان دای ڕاستە، ئەوە ناکرێ لە ئێستاوە ئیلزامی حکومەتی کوردستان بکەی بڵێی ئەبێ بچی شکایەت لە حکومەتی ئیتیحادی عیراق بکات، بە گوێرەی ئەو ماددەیە، بەڵام ئەکرێ ئەمە موستەحەقاتی حکومەتەکەمانە داوا بکرێ، تەنازولی لێ نەکەین، باسی لەسەر بکەین، دوای موستەمسەکات و کۆبوونەوە، لەماددەی 33 زۆر بە وازحی هاتووە، هەقی داوە بە حکومەت، بە (طرق قانونیة حسب احکام الدستور العراقي) کە وتی ئەحکام دەستوور، یەعنی ماددەی 93، یەعنی مەحکەمەی ئیتیحادی، لەبەر ئەم ماددەیە تەئکید لەسەر موستەحەقات و حقوقی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لە ملی حکومەتی عیراق، بۆیە پێویستە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله، کاك کاردۆ ئێوە هەر سوورن لەسەر قسەکەی خۆتان، باشە ئەوە کاك برهان، فەرمووو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە هەقێکی دەستووریمان هەیە، حکومەتی هەرێم ئەو هەقە بۆ بەکارناهێنێ، لەکاتێکدا حکومەتی فیدراڵی دەڵێت ئەم هەقە بۆیە بەکارناهێندرێت، خەلەل هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەکارهێنانی ئەم هەقە دەستووریە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوو ست تەسبیت دەکات، یەکەمیان تۆ تروقی قانونی و دەستووری خۆت بەکاردێنی، دوو، وەڵامی حکومەتی فیدراڵی دەدەیەوە، کە خەلەل لە تۆ دانیە و ئەوراقی تۆ پاکە، ئەگەر ئەوراقی ئێمە و مەلەفی ئێمە موشکیلەی نیە، ئێمەش فاوڵمان نیە وەکو برادەرێك زوو وتی، ئەوە پێویستە ئەم تەریقە دەستووریە بەکاربهێندرێت، ئەم دەعوایە قەید بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو کاك عبدالسلام ئەڵێ تۆزێك تەحەمولم بکەن، لە ماددەی 33 ئەڵێت (علی حکومة اقلیم کوردستان اتخاذ الطرق القانونیة لتحصیل جمیع مستحقات حکومة الاقلیم) زۆر باشە، ئەمەی کە لەم ماددەیە هاتووە باسی پترۆدۆلار ئەکات، موستەحەقات نیە، ئینجا کەدێتەوە ئەڵێت (حسب احکام الدستور)یەعنی هیچ فەرقێك ناکات، ڕاستە لەوێ نەهاتووە، بەڵام دواتر بە ماددەیەك هاتووە، هەرچی موستەهەقات هەیە، بەپێی ئەحکامی دەستوور داوای ئەکەی، چ پێویست دەکات جارێکی تر تۆ لە شوێنێکی تر دووبارەی بکەیتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە پێشنیارەکەیان ئەوان تەنازولی تێدا ناکەن، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو دوو ماددەیە یان دەمج بکرێ، یان یەکێکیان زیادە بەڕاستی، چونکە یەك مەوزوعە لەوێ تروقی قانونی باس کراوە، ئەوەی بەڕێزان لە لیژنە تەوزیحیان دا، کاك عبدالله هەر ئەوەی ئەوێ، چونکە کە وتراوە (جمیع الطرق القانونیة بما فیها) ئەکرێ تەئسیسی بکەین، کە هەتا بگاتە حەدی سکالاّ، لێرەش باسی پترۆدۆلار کراوە، لەبەر ئەوە ئەو دوو مەوزوعە یەکتر تەواو دەکەن، یان هەڵیگرن بۆ ئەوێ، یان ئەوەی ئەوێش ئەبێ بێتە ئێرە، بۆ ئەوەی مەوزوعی سکالاّکەشی تێکەڵ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 27 ئەگەر تێبینی بکەن، بڕگەی ئەخیری لە مەسلەحەتی ئەو مەنتیقانەنە کە ئینتاج دەکەن، بمێنێتەوە باشە، دەڵێت (علی ان تصرف المبالغ المستحصلة مستقبلاً للمناطق المنتج) پێشنیارەکە دەڵێت، ماوەیەك دیار بکرێ بۆ 45 ڕۆژ بۆ ئیقامە کردنی دەعوا لەو مەحکەمەی ئیتیحادی، ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر داواکاریەك دەڵێت وەقت تەحدید بکرێ 45 ڕۆژ بۆ کردنی ئەو شکایەتە، ئێوە لەگەڵ دەقی قانونەکەن یان لەگەڵ ئەوەن؟.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ تەحدیدی وەقت نین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارەك هەیە دەڵێن 45 ڕۆژ تەحدید بکرێ بۆ ئەوەی شکایەت بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 26 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە زۆرینەی لەگەڵدانیە، کەواتە وەرنەگیرا، فەرموو بۆ دەقی ماددەکە، پێشنیارێکی تر هەبوو، دەکرێ هەردوو ماددەکە دەمج بکەین، تەوزیح بدەن بزانن دەکرێ یان ناکرێ، تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به ڕەئی من دەكرێ هیچ كێشەش نیە، دوو ماددەیە یەكیان دەكەینە فەقەرەی یەكەم، ئەوی تریان دەكەینە فەقەرەی دووەم، بە وەزعی خۆی و زۆریش تەبیعیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە لیژنەی یاسایی بۆمان عیلاج بكەن، ئامینە خان فەرموو قسەت نەكردووە.

**بەڕێز ئامینە زكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەتا نووكە نەبوویە پێشنیارەك بێت، گەل دەقێ ماددێ بهێتە دەنگدان، بەلكو ئەو دەنگی نەینیتن، بزات ئەو پێشنیارە دەنگی نەینێ، ژ بەر هندێ ژی ئەو پێشنیارە بكەویتە دەنگدانێ، پشتی هەنگی دگەل ماددێ ئەساسی بكەویتە دەنگدانێ.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەوەی ئەو دوو ماددەیە دەمج بكرێ، ماددەی 27 بە سیغەی خۆی، ماددەی 33 بە سیغەی خۆی، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبولیان كرد، دەمج بكرێ، ماددەی 27 دەبێتە فەقەرەی یەكەم، ماددەی 33 دەبێتە فەقەرەی دووەمی، یەك ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەمە كە هەردوو ماددەكە دەمج بكرێ، بەلام لە ئێستاوە فەرز نەكرێ كەهەر وكو سیغەی خۆی، چونكە هەقی ئەندامانی پەرلەمانە كە ماددەی 33 ش موناقەشە بكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 27 و ماددەی 33 لەیەك بدرێ ئاساییە، هەرچەندە من پشتیوانی دەقەكەی خۆم دەكەم كە هینم كرد، بەلام ئەوەی كە كاك عونی وتی باسی لەوە كرد ئەم پارەیە وەربگیرێتەوەو خەرج بكرێ بۆ ئەو ناوچانەی كە نەوتەكەیان لێ دەرهێنراوە، وابزانم برادەران بەرچاویان ڕوونە لەوەی كەداهاتی پترۆدۆلار لە هەرێمی كوردستان ئەبێ بە داهاتی گشتی، وەكو یەك بۆ ناوچەكان خەرج ئەكرێتەوە، بۆیە ئەم دەقە ئەبێ لە ئەساسا نەبێ، یەعنی تەنها پێویستیمان بە ماددەی 33 هەیە، ئەم دەقە زیادە، ئەگەر قسە لەسەر ئیستیحقاقە، پارەی پترۆدۆلار و سیادی و حاكیمەو هەموو ئەوانە وەكو یەك ئیستیحقاقن، مافی ئێمەن،

بۆیە ماددەی 27 بە تەواوی زیادە، پێویستیمان بە ماددەی 33 هەیە، هیوادارم لەماددەی 33 ئەو دەقە دابندرێت کە من پێشنیازم کرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 27 دیارە تەئیدی ئەوە دەکرێت کە ئەو ماددەیە زیادە، لیژنەی یاسایش تەئیدی دەکەن، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو ماددەیە زیادە، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، لەسەر 45 ڕۆژەکە دەنگمان داوە، لەسەر ئەم ماددەیە دەنگ نەدراوە، ئێستا ڕەئیەك هەیە، دەڵێن ماددەی 27 و ماددەی 33 زۆر لێك نزیکن و بەتایبەتی ماددەی 27 پێویست نیە، چونکە ماددەی 33 تەعویزی هەموو شتەکان دەکاتەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە ماددەی 27 نەمێنێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 52 کەس دەڵێت ئەم ماددەیە نەمێنێت، کەواتە کێ لەگەڵ ئەوەدایە کەبمێنێت؟، 8 کەس لەگەڵدایە کە بمێنێت، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا کە نەمێنێت، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والعشرون:

للمحافظة الطلب من اى وزارة حسب الاختصاص تنفيذ المشاريع المخصصة للمحافظة على حساب تخصيصات مشاريع اعمار وتنمية الاقاليم والمحافظات.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نیە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لەسەر ماددەی 28.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، تەنیا دوو کەس تێبینیان هەیە، دوایێ ناوی کەسی تر نانووسم، پەیام خان، سیوەیل خان، کاك عبدالسلام، فەرمووو پەیام خان.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە باسی ئەوە ئەكات ئەگەر موحافەزە داواكاریەك پێشكەش بكات، بۆ ئەوەی ئەو مەشاریعانە دیاری كراوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بكرێ لە وەزارەتەكانەوە، ئەگەر هاتو ئەو وەزارەتە جێبەجێی نەكرد، هیچ شتێك دانەنراوە بەرامبەر ئەوە، ئەگەر هاتو موحافز داوای ئەو پێشنیارەی كرد بۆ شارەكەی، بەلاّم وەزارەت جێبەجێی نەكرد، چی ئەكرێت بەرامبەر بەوە، یەعنی هیچ شتێك دانەنراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو، دەڵێت وشەی ئەقالیم بكرێتە ئیقلیم، لیژنەی یاسایی، كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەوزیحەی كە كاك عبدالسلام دای، سەبارەت بە تێبینیەكان تەواوە زۆر لە ناحیەی قانونی،

المادة الثامنة والعشرون:

للمحافظة الطلب من ای وزارة حسب الاختصاص تنفیذ المشاریع المخصصة للمحافظة علی حساب تخصیصات مشاریع اعمار وتنمیة الاقالیم والمحافظات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة والعشرون:

اولاً: تعفى من الرسوم الكومركیة كافة البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقلیم والقطاع العام، شریطة ان یتم الاستیراد بأسمها ولاستخدامها.

ثانیاً: یشمل الاعفاء علی البضائع و السلع المستوردة لدوائر الاقلیم والقطاع العام من الحكومات او المؤسسات المانحة.

لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەكە دەكات وەكو خۆی كەهاتووە، هیچ تێبینیەكی لەسەر نیە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەكمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بۆ ئەوە ماددەیە جەنابت دەڵێی چی؟.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، تەنیا یەك کەس کاك جمال، کەسی تر نیە؟ کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەم ماددەیە (لدوائر الاقلیم و القطاع العام) چ فەرق هەیە لەنێوان دوائر الاقلیم، وە کەرتی گشتی، کەلیمەی ئیقلیم لێرە زیادە، بنووسن( لدوائر قطاع العام) ئەمە یەك، خاڵی دووەم، (یشمل الاعفاء علی)ئەگەر ئەم جوملەیە بخوێننەوە، وا دەردەچێت تەنیا ئیعفایەکە ئەو کەسانە دەگرێتەوە، یان ئەو بیضاعة سلعه دەگرێتەوە  کە لە جیهاتی مانیحە دێت، ئەوەش غەڵەتە، بۆیە پێم باشە بکرێتە (یشمل الاعفاء علی ایضاً السلع والبضائع والسلع التی تمنح لدوائر القطاع العام من الحکومات والمؤسسات المانحة خارج الاقلیم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێمان باشە حکومەت جوابی ئەو پێشنیارە بدات کە کاك جمال کردی، ئایا وەکو خۆی بمێنێتەوە، یان بەو شێوەی کە داوای کرد قبوڵ بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارین ماددەکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکە بخرێتە دەنگدانەوە، بەو شکلەی کە خوێندمانەوە.**

**المادة التاسعة والعشرون:**

**اولاً: تعفى من الرسوم الكومركية كافة البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام، شريطة ان يتم الاستيراد بأسمها ولاستخدامها.**

**ثانياً: يشمل الاعفاء على البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من الحكومات او المؤسسات المانحة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثلاثون: الاستمرار باستقطاع 10٪ من رواتب رئيس الاقليم و نائبه ورئيس البرلمان ونائبه والسكرتير واعضاء البرلمان ورئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وزير و وكلاء وزارات ومن بدرجتهم ومن يتقاضَى راتب وكيل وزارة والمستشارين واصحاب الدرجات الخاصة والقضاة واعضاء الادعاء العام لغرض دعم صندوق اعانة مرضى السرطان حسب قانون صندوق اعانة مرضى سرطان في اقليم كوردستان المرقم (11) لسنة 2013.**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەکەمان داوا دەکات ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، بە تایبەتی پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (11) ی ساڵی 2012، پێویست ناکات ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، تەنها جێبەجێ کردنی یاسایەکە کیفایەتە، بۆ ئەو مەبەستەی کە لەو ماددەیە ئیشارەتی پێدراوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی فەرموون.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی دارایی لەگەڵ ماددەکە داین، بەڵام بە مەرجێك هەموو ئەو ناونیشانە وەزیفیانەی کە هاتوون، هەموویان لێیان ببڕدرێت و ئەو ڕێژیەی کە وتراوە لە 10٪.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر لێرە ئیختیلافێك هەیە، لە بەینی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی، لیژنەی یاسایی دەڵێن ئەو ماددەیە نەمێنێت، لیژنەی دارایی دەڵێن بمێنێت بە کۆمەڵێك تەعدیلاتەوە، ڕەئی جەنابت و حکومەت چیە؟.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، تکایە ئاگاتان لە ناوی خۆتان بێ، چونکە دواتر ناوی تر نانووسم، د.احمد، کاک فاضل، سۆزان خان، د.سەروەر، کاک سالار، کاک عبدالرحمن، کاک دڵشاد، ئاهەنگ خان، کاک برهان، سیوەیل خان، پەیمان خان، کاک عدنان، کاک شێردڵ، کاک خلیل، کاک عمر هەورامی، کەس ماوە؟، تارا خان و ڤیان خانیش ئیزافە کران، کەس ماوە؟، تەواو، فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو ماددەیە هیچ کێشەیەك چارەسەر ناکات، بە بڕینی ئەو لە 10٪یە، بۆیە من پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسایی دەکەم، کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ بەڕاستی، پێموایە هیچ شوێنی خۆی نەگرتووە، ئەو جیهەتەش کە بۆی تەرخان کراوە، دەڵێت بە مەبەستی پشتگیری کردنی سندوقی کۆمەکی تووشبوانی شێرپەنجە، ئەمە بەپێی یاسایی ژمارە (11) ساڵی 2012، حکومەت ئیلزام کراوە کە ئەو گوژمەیە پێویستە بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی شێرپەنجە، دیاری بکات، لەبەر ئەوە من هیچ بە پێویستی نازانم، ئەگەر بەڕاستی مەسەلە ئەو کەسانەیە کە مووچەیان بەرزە، دەکرێت ئێمە موعالەجە بەوە بکەین کە مووچە نزمەکان بەرز بکەینەوە، یان مووچە بەرزەکان بهێنینە خوارەوە، نزمەکان بەرز بکەینەوە، بەڵام ئەوە هیچ چارەسەری ناکات، من لەگەڵ ئەوەدامە ماددەکە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ماددەکەدام، بەڵام لێرەدا ئێمە دەزانین ئەو لە دووساڵی ڕابردوودا ئەو ماددەیە هەبوو لەو یاسایەدا، بۆیە پرسیارێك لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەم، هیوادارم بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لای بەڕێزیانە وەڵاممان بداتەوە، بەپێی ئەو ماددەیە لە یاساکەی ساڵی پار و ساڵی پێراریشداهاتبوو کە لە هەموو ئەو پلانە دەبڕدرێت هەر لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمەوە، تاوەکو ڕاوێژکارەکان، ئەوەی دەکەوێتە ئەو نێوانەوە، ئایا لە کێ بڕدراوە؟، بەفیعلی یاساکە جێبەجێ کراوە؟، چونکە ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردبێت بەپێی هەندێك زانیاری ئەندامانی پەرلەمانیش ئەو زانیاریانەیان هەیە، دەسەڵاتی دادوەری کە یەکێکە لە دەسەڵاتەکان، چونکە لەهەموو دەسەڵاتەکان دەبڕدرێت، ئەوان ئەو پارەیان بۆ گەڕاوەتەوە، بودجە بودجەی گشتیە لێرە لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت و ئەوانیش دەگرێتەوە، بە چ سیفەتێك بە چ یاسایەك و بە چ

بڕیارێك ئەو بڕە پارەیە بۆ ئەوان گەڕاوەتەوە، ئەمە خاڵێك، خاڵی دووەمیان ئەو سندوقەی کەوا پێك هێنراوە، چەندی پارە تێدابووە، بەپێی زانیاری ئێمە، ئەوەی ساڵی ڕابردوو لە 2012 شەش سەدو چل و حەوت ملیۆن دیناری تیا بووە، ئایا ئەو پارەیەی کەوا بڕدراوە لەو هەموو پلەیە تەنها ئەوەندی کردووە، خاڵێکی تریان سەبارەت بەوەی پێرارێش بەو شێوەیە ئەو پارەی کە لێرەدا دەبڕدرێت، مووچەکانمان بۆ ئەوەیە شوێنێك بگرێت، بەداخەوە ئەوەی بۆ کەس و کاری شەهیدان دەست نیشان کرابوو شوێنی خۆی نەگرتووە، چونکە بەپێی بەدواداچوونی ئێمە تاوەکو ئێستا نزیکەی 300 ملیۆن دینارێك لەوەی کە لە ساڵی 2011 دا بڕدراوە، سەرف نەکراوە، سەرف نەکراوە بۆ کوێ دەچێ؟، ئایا دێتە سەر ئەو سندوقەی کەوا هەیە، یاخود بۆ مەبەستێکی تر بەکاردەهێندرێت، بۆیە من وێڕای پشتیگیریم لەو ماددەیە، هەر پشتگیری ئەوەش دەکەم ئەو بڕە پارەیەی کەوا دەبڕدرێت بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشەکانی شێرپەنجە تەرخان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە پێموایە ساڵی سێیەمە ئەو بڕیارە پەرلەمانی کوردستان داویەتی، بۆ بڕینی 10٪، پێم خۆشە ئێستاو بۆ جارێکی تر ڕەئی خۆم ئیعلان بکەمەوە، لە یەکەم ساڵەوە تاوەکو ئێستا من موخالفی ئەو بڕیارەم، چونکە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان کە لە 10٪یەکە دەبڕدێت، هەتاوەکو ئێستا حیکمەتی ئەو لە 10٪یە تێنەگەیشتووم بۆچی دەبڕێت، ئەگەر لە وڵات ئەزمەیەکی مالی دروست بووە، من ئەوە زۆر بەکەم دەزانم، لەگەڵ ئەوەدام ئەو پلە باڵایانە بە بەردەوام بەشێك لە مووچەکەیان ببڕێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو ئەزمە مالیە، هەرچەند لێرە لەناو بڕینەکە ناوی نەخۆشانی شێرپەنجە هاتووە، بۆ ڕاکێشانی عاتیفەی ئێمە، پێموایە مەسەلەی عاتیفە، یان ویژدان و بەزەیی هەر تاکێکی خەڵکی ئێمە زۆر لەوە زیاترە لێرە باس بکرێت، هەموو کەسێك لە ئاستی خۆی و لەلای خۆیەوە زۆر لەوە زیاتر هاوکاری خەڵکی نەخۆش و پەککەوتە دەکات بەبێ بڕیاری پەرلەمانی کوردستان، بۆیە بەڕەئی من ئەم بڕیارە کە بەشێك لەو وتو وێژەی لەوانەی کە لە 10٪یەکەی لێ دەبڕێت، بەبێ بڕیاری پەرلەمان بڕیارەکە ڕەت کراوەتەوە، ئەوەندەی کە من بیستوومە نازانم ئایا لە سەدا سەد وایە، بڕیارەکەیان ڕەت کردۆتەوە 10٪یان بۆ ئیعادە کراوەتەوە، پەرلەمان ئەو بڕیارەی دا، کەواتە ئەبێ یان بڕیارەکە بە عام تەسویت بکرێ، یان ئەبێ بڕیارەکە ئیلغا بکرێ، ئیلغاش بکرێت من لە لایەنی خۆمەوە لەگەڵی نیم، بۆیە ئەوەی کە من دەبینم لەم بڕیارەی کە دراوە، پەرلەمانی کوردستان داویەتی، من دوو لایەنی تێدا دەبینم، یان لایەنی حەسادەتە، بەوانەی کەوا ئەو مووچەیان هەیە، پێموایە هەر کەسێك ئەو مووچەیەی کە بۆ بڕاوەتەوە نە بە تەکلیف و نەبە خێرکردن پێی نادرێ، ئەوە هەقێکە، ئەو هەقەش لە هەموو دەستوور و قانوونی وڵاتی دونیا هەیە، بۆیە

هەندێك لەو بەڕێزانەی کە ئێستا لێرەدان، زۆر لەو بەڕێزانەی کە لێرەدان دەیان ساڵ خەبات و پێشمەرگایەتیان کردووە، بەبێ بەرامبەر تەنها ئەسپێ لە باغەڵیان بووە، داواشی لەکەس نەکردووە، بەڵام ئێستا ئەو هەقەی هەیە، ئەو سانسۆرە یان ئەو حیساباتەی بۆچی دەخرێتە سەری، بۆیە من کە ئەڵێم حیکمەتی ئەو لە 10٪یە تێنەگەیشتووم هەتاوەکو ئێستا، بەناهەقیشی دەزانم، بۆیە لەگەڵی نیم، داواکارم ئەو قەرارە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیستی کوردستانی پشتگیری لەمانەوەی ئەو ماددەیە ئەکەین، یەکێك بووە لەو بەڵێنانەی کە ئێمە داومانە بەخەڵکی خۆمان، حیکمەتەکەی لەوەدایە تۆ لەو ماوەیەی سێ ساڵە ئەگەر ناعەدالەتیش هەبوبێ لەدابەش کردنەوەی ئەو بڕە پارەیە، بەڵام بە ئەرکی خۆمان هەڵساوین، ئەوە جێگەی خۆی گرتووە، ئەگەر باغەڵی یەك کەسی پڕ کردبێتەوە بۆ ئێمە سەربەرزیە، هەق نیە دەست لەو سەر بەرزیە هەڵبگرین، سەبارەت بەوەی کە ، بەڵێ منیش گلەیم هەیە، پێموایە گلەییەکەی خۆشم گەیاندە بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ئەنجومەنی دادوەری، بڕەپارەکەی کە لێیان بڕابوو بۆیان گێڕایەوە، ئەمە پەرلەمانی کوردستانە بڕیاری داوە، بودجە بودجەی گشتیە، لەو بودجەی گشتیە ئێمە کە بڕیارێك دەدەین هەق نیە بە پێچەوانەی ئەو بڕیارەوە تەسەروف بکرێ، بۆ فیئەیەك لە فیئەکان، هەموومان هاووڵاتی ئەو وڵاتەین، هەموومان مەعاش خۆری ئەو حکومەتەین، بۆیە لەناو ئەم یاسایە کە ئەم بڕیارە دەردەچێت، هیوادارم ئەوەی کەپاریش لێتان بڕینەوە، هەرچەندە خۆیان پەیوەندیان کردووە بەمنەوە، پێیان وتووین ئەمە تەدەخولی دەسەڵاتی ئێمەیە، ئێمە تەدەخولی دەسەڵاتی دادوەریمان نەکردووە، وەکو ئەو کارەی کە ئەوان ئەیکەن، ئێمە تەنها لەسەر بودجەی گشتیە کە ئەمەمان کردووە، لەو 10٪یە وەکو خۆی بمێنێت، هەرچەنێك و هەر کەسێك چۆنی حیساب کردووە، هەر چەنێکە ئەگەر تاکە یەك دیناریش بێ، نەخۆشێکی شێرپەنجە، لە ئازارێك بە دەنکە حەبێك ڕزگار بکات، ئێمە هەقە شانازی پێوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕەئی و بیر و بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاك د.سەروەر دەکەم، کە لەگەڵ مانەوەی ماددەکە بوون بەڵام ئەو پرسیار و شتانەشی هەبوو، باسی ئەوەش کرا کە زیاتر لە شەش سەد ملیۆن

دیناره، بەڕاستی ئەگەر شەش سەد ملیۆن دینار بە باشی سەرف بکرێ، دەکرێ بڵێین کۆمەکێکی خراپ نیە، لە ڕووی داراییەوە، بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی سەرەتان بوون، بۆیە من تەئیدی ئەوە دەکەم کە ماددەکە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە حکومەت خۆی موسبەقەن قراری داوە ئەو لە 10%ی پەرلەمان ببڕێت، چونکە ئەوە بەپێی ئەم یاسایە بێ ئەم یاسایە بۆ ئەمسالە لە 1/1 کەوە نافزە، بەڵام ئەوە دوو مانگە پەرلەمانتاران لێیان ئەبڕێت، هیواداریین یاسایەکە لەسەر هەموو لایەنەکان جێبەجێ ببێت، هەر لایەنێك و هەر دەسەڵاتێك ئەمە تەداخول کردنە لە شەئن و لە دەسەڵاتی ئەو دەزگایانە، هیواداریین لە شئونەکانی تریش کە تەداخول لە دەسەڵاتەکانیان ئەکرێت، بێ دەنگ نەبن، لەو ڕوانگەیەوە من لەگەڵ ئەوەم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لە پار ساڵ و پێرار ساڵیش ڕەئیم وابووە ئەو ڕێژەیەی کە ئەبڕدرێت کەمە، بەڵام پێشنیار ئەکەم لەبەر ئەوەی ئەم مەبلەغە ئەچێتە سندوقێکەوە بۆ سێکتەری تەندروستیە، ئێمەش هەموومان داوامان کرد سێکتەری تەندروستی ئیهتیمامی زیاتری بدرێتێ، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ، ڕێژەیەك لە مووچە بەرزەکان بێتە خوارەوە، تۆزێك لەگەڵ مووچە نزمەکان ئێمە هەمووجارێك موەفەق نابین ئەو مووچانە بەرز بکەینەوە، پلە نزمەکان، هەوڵ بدەین ئەوانە بێنینە خوارەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم وەزارەتی تەندروستی شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر ئەو سەرفەی لەو سندوقە ئەیکات بیداتە پەرلەمان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرتا سەری پشتگیری قسەکانی کاك فاضل دەکەم، ئەگەر بێین سەیری بکەین ئەمە سێ ساڵە ئەم ماددەیە لەم یاسایە دادەبەزێ، ئەمەش بەهۆی موزایەداتی سیاسیە لەناو ئەم پەرلەمانە دەکرێت، ئەگەر پێویستی پێیە ئێمە پارە بدەین بۆ شێرپەنجە یان شەریحەیەکی تری لەم موجتەمەعە، با هەر لە ئێستاوە بڵێین دوو ملیۆن دینار لەمووچەی هەمووومان کەم بکرێت، نەوەك بڵێین 10%، یان 5% یان 20%، هەر دوو ملیۆن با کەم بکرێت لە هەموو مەعاشەکان هەموو ساڵێك، بۆ هەموو وەختێك و بۆ هەموو ساڵێك و بۆ هەموو ڕۆژێك، نەوەك بڵێم 10% و 5% بۆ ئەمە بچێت و بۆ ئەمە بچێت، شەریحەیەکی وایەو یان وایە، حکومەت پێویستی پێی نیە، ئەسلەن حکومەت پێویستی بە 10%ی بڕینی ئێمە نیە، ئەوە ئێستا حکومەت لێرەیە بابڵێت پێویستی پێی هەیە، ئێمە دوو ملیۆن و چوار ملیۆن لە مووچەی خۆمان پێی دەدەین، بەڵام

پێویستیان پێی نیە، ئەمە موزایەداتی سیاسیە لەناو ساحە و لەناو هەرێمی کوردستان و لەناو پەرلەمان دەکرێت، بەڕەئی من ئەوە زیادە، هەر ئەو ماددەیە لابدرێت، منیش پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئەم ماددەیە نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، من لەسەر ئیستیقتاعی 10٪ لە ڕاتب، بۆچوونەکی جیاوازم هەیە، شاعیرانەم هەیە، خەڵك کە خێری دەکات دەبێ زۆر بەنیەتەکی ساف بێ و دەبێ دڵیشت بە تەواوی بۆی بچێ، ئەوجا ئەو خێرە بەجێگەی خۆی دەگات، لە شەرع هەیە ئەو شتە، ئەوەی کە کاك فاضل گۆتی لەناخی دەروونی خۆی تەفسیری کرد، بەڕاستی تەفسیرەکی مەنتقی و زۆر زۆر جوان بوو، بەڕێزان، نەخۆشی سەرەتان ئەگەر بهاتبا ئەو لە 10٪ ئیستیقتاعە هەتاوەکو ئێستا کۆ بکراباوە، خەستەخانەکی سەرەتانی پێ بکرابایە، ئێستا ببوایە لە 30٪ هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەیانگوت بیدەن، هەر ئەوەندە تەعلیقەشم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر تەبیعیە ئەگەر چین و توێژەك پێویستی بە پارە بێ، پێویستی بەهاوکاری بێ، بەڕەئی من ئەگەر ئەو وەختە لە 30٪ و 40٪ ی مووچەی ئەندامانی پەرلەمانیش ببڕێت، وەزیرەکانیش ببڕێت هەر تەبیعیە، بەلاَم ئێمە ساڵی پێرار پارەیەکی زۆرمان دا زیاتر لە 600 ملیۆن لەم پەرلەمانە، بە نەس نووسیمان بۆ سندوقی شەهیدان، بەپێی یاسای سندوقی شەهیدان ئەبێ بکرێت بە مەشروع، بە موخالفی قانون وەزیری شەهیدان نووسراوێکی کردووە، ئەو پارەیەی تەخشان و پەخشان کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ جێگەیەك بگرێت، لەگەڵ حورمەتم ئەگەر لەو ولاَتە قانون و مەحکەمە هەبوایە ئەبوایە عقوبەی بدایە، لەو موخالەفە قانونیەی کە کردوویەتی، پارەیەکی زۆری بە هەدەر داوە، لەوەی کە ئەندامانی پەرلەمان لێی خۆش بوون، دوای ئەوە من گوێ بیستی ئەوە بووم لە لیژنەی قانونی کە هەندێ چین و توێژ مولتەزم نەبوون بە تەنفیزی ئەو قانونە ئەو یەك، دوو ساڵە، من پێم خۆشە وەزیری دارایی جواب بداتەوە، ئەوەش نەبێ بە پرسیارەکانی تر، بلێ مافی خۆمە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (56) بڕگەی 6 مولزەمە جوابی

هەموو پرسیارێکی ئەندامانی پەرلەمان بداتەوە، لەبەر ئەوە من داواکارم ئەو قسانەی کاك عونیش کردی تۆزێك غموزی تیابوو، داواکارم زیاتر ڕوونی بکاتەوە، بۆ ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە منیش پێم باشە بمێنێتەوە، بەڵام بە مەرجێك کە یاسا دەردەچی مەبەست ئەوە نیە ئێمە تەدەخول لە ئیشی قەزا دەکەین یان لە ئیشی ئەنجومەنی دادوەری، یاسا دەردەچی لە پەرلەمان دەردەچی، پێویستە من جارێکی تریش باسم کرد، یاسا بۆ پاشا و گەدا وەك یەك بێ، بەڵام ئەو یاسایەی کە دەرچووە بۆ هەموو پلە بەرزەکانە، وانیە بڵێین لەبەر یەکێکی دیە، بەڵام حەق وابوو بڵێین ئەنجومەنی دادوەریە یان نازانم ئایا وەزیرەکان پارەکەی دەدەن یان نا؟، بەڵام پێم باشە ئەوە بمێنێتەوە و فەرزیش بکرێ لەسەر هەر هەمووان لێیان ببڕدرێ نەك بەشێك بیدات و بەشێك نەیدات، ئەگەر وای لێ دەکەن بە ئیجتهاد بیت و بەشەك بیدات لێی ببڕێ پارەکە و بەشێك نەیدات، من لەگەڵ ڕەئی کاك فاضلم با ئەو ماددەیە نەمێنێ، ئێمە بۆ خۆمان دەیدەین، بەڵام بە گشتی لەگەڵ ئەوەم کە بمێنێتەوە و بڕەکەش ببڕێت و هەموو وەك یەك پارەکەی بدەن و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من قسەیەکم هەیە بۆ سەر قسەکانی د.سەروەر کە لە سەرەتاوە ئەو برادەرانەی لە دوای ئەویشەوە قسەیان کرد، من ڕەئیەکیشم هەیە کە ئێمە لەم مەوزوعە دا پێویستمان بە ئەوە نیە کە بەڕێز وەزیری دارایی ئیحراج بکەین لەوەی کە پێمان بڵێ بڕاوە یان نەبڕاوە، ئێمە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەزانێ بە نووسراوی ڕەسمی ئەنجومەنی دادوەری هەیە کە داوایان کردووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نووسیویانە پەرلەمانی کوردستان بۆی نیە تەدەخول لە دەسەڵاتی ئێمە بکات نووسراوی ڕەسمی وەزارەتی شەهیدانیش هەیە کە ئەو پارەیەی 10٪ لە ئەنجومەنی دادوەری بڕاوە گێڕدراوەتەوە بۆیان لە سەندوقی شەهیدان دەرهێنراوە، یەعنی ئەمە شتێك نیە لێرە وەزیری دارایی بڵێ وایە یان وا نیە، ئەمە وازحە پێویستی بە دوو دڵی و گومان نیە هەتا بەڕێزیان بۆمان ڕوون بکەنەوە، ئەوەی کە پێویستە قسەیەك لێرە بکرێ، ئەوەیە کە ئێمە قسە لەسەر سەربەخۆی بوونی ئەنجومەنی دادوەری بکەین، ئایا ئەنجومەنی دادوەری و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆییەکەی لە قەرارات و حوکمدایە یاخود لە تەبەعاتی مالیش دایە، ئەگەر وابێ، کەواتە پەرلەمانیش ئەمە دەسەڵاتی خۆی ناتوانێ جێ بەجێ بکات لەسەر ئەوەی

که بودجه و بودجەی گشتی قسەی لەسەر بکات و دەبێ ئێمە هەتا ئەو بەشە بودجەیەی بۆشیان دائەنرێ بینێرینەوە بۆیان بڵێین جەنابتان بە چەندی مەزەندە دەکەن، دەزگای چاودێری دارایی بۆی نەبێ رەقابەی دەسەڵاتی دادوەری بکات ئەگەر ئێمە مەفهومی تەدەخول نەکردن لە دەسەڵاتی دادوەری بەمە وەربگرین، بۆیە یەکەم، ئەو نووسراوەی دەسەڵاتی دادوەری هیچ جۆرە ڕەواییەکی نیە و ناچێتە ناو خانەی تەدەخول کردن لە دەسەڵاتی ئەوەوە من لێرەوە پێشنیاز دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان لە ڕێی لیژنەی یاساییەوە وەڵامی ئەنجومەنی دادوەری بداتەوە کە ئەوان دەبێ ئەو پارەیەی پار ئیستقتاعەکەیان وەرگرتووەتەوە بگەڕێنەوە بۆ سەندوقی شەهیدان، داوا دەکەم ئەمەش بە سەرپێچی بۆ وەزارەتی دارایی حساب بکرێ بۆ ئەوەی موافەقەتیان کردووە لەسەر گێڕانەوەی ئەو بەشەیان، جگە لەوەی کە قسەیەکی کە هەیە، ئەمە نەبێ بە قسەی ڕۆژنامەکان، بە پێی سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ ئەو ئیستقتاعە سەرچاوەیەك لە وەزارەتی دارایی، ئەو ئیستقتاعە لە خودی ئەنجومەنی وەزیرانیش نەکراوە، کە ئەمەیان پێویستە لەبەرئەوەی سەرچاوەکە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، وەزیری دارایی ڕوونی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پێشنیازی ئەوە دەکەم بۆ ئەو لیژنەیەی کە لەسەر ماددەی 5 کۆبوونەوە دەکات، با بڵێین جۆرێك هێن دەکەن، لە بودجەی دەسەڵاتی دادوەری و ئەنجومەنی وەزیران هی ساڵان، هی ئەو ساڵانەی کە بڕیار لەسەر ئەو 100 دراوە، پێش ئەوەی بێمە سەر 10٪ ەکە بڕیاری لەسەر دراوە، لە بودجەکەیان ببڕدرێت، پێشیان بوترێ ئەم مەبلەغە لە بودجەکەتان دەبڕدرێ بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە و بگەڕێندرێتەوە بۆ سەندوقەکە، سەیرە دەسەڵاتێك ئامادە بێ سەیارە وەربگرێ لە دەسەڵاتی تەنفیزی بە هەدیە، بەڵام ئامادە نەبێ ئیستقتاعەکەی بۆ مەبەستێك کە مەبەستێکی ئینسانیە ئەوە بە تەدەخول بزانێ، بەڵام سەیارە و خانوو و ئەرزە بە تەدەخول نەزانێ، من ئەگەر ئیجازەم بدەن و لە سیاقی خۆی دا قسەکەم وەربگرن، بە تەفسیرێکی سلبی نەکرێت، من ئەم ماددەیەم پێ عەیبە و بە عەیبەی دەزانم، عەیبە لەڕووی قانونیەوە، ئەمە جگە لە مەکروناز و جگە لە سۆزێك وعەتفێك هیچی تری نیە، مەنتقی تیا نیە تۆ بێی ئەگەر پێتوایە ئەم 10٪ لە مووچەی ئەمانەی کە هاتووە زیادە دەبێ قسە لەسەر چارەسەرکردنی ئەم مەوزوعە بکەین، ئەگەر پێتوایە زیاد نیە ئەمە ئەیبڕی دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە تۆ کە ئەمە بڕینە، ئەم بڕینەش تەئسیرێکی سلبی لەسەر ژیان و مەعیشەتی ئەو خەڵکانە دەکات، بۆیە ئەمە هەموو ساڵێك کە دائەنرێ جگە لە مەکرومەیەك، یەعنی بە روحیەت و بە عەقڵیەتی مەکرومە دانراوە، وەکو جۆرێك لە خێر دانراوە، یان زەکاتێکە یان شتێکە ناوێکی تری هەیە، ئەم 10٪ من هیچ مەنتقێکی تیا نابینم، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ لەگەڵ ئەوە نیم، بەپێچەوانەوە من لەگەڵ ئەوەم لە بری ئەو ماددەیە ئێمە بیر لەوە

بکەینەوە زەریبەیەك دابنێین، لەسەر دەخلە بەرزەکان دابنێین بەشێوەیەکی تەساعودی لە 10٪ ەوە دەست پێ بکات تا 30٪ یەعنی 30٪ ی دوا ئەوەی بێت، بەرزترین پلە کە زیاترین مووچە وەردەگرێ، بەم شێوەیە بە شێوەی زەریبە، زەریبە لەسەری دەسکاری مووچەکان ئەگەرناکرێ زەریبەی لەسەر دائەنرێ، دەیهێنیتە خوارێ تا خوار بە شێوەیەکی تەساعودی با بڵێین موچەکان ئەمەش پێموایە ئەو سەندوقە زۆر دەوڵەمەند تر دەکات یان ئەوەی کە وترا دەتوانی خەستەخانەی پێ دانێی یان دەتوانی هاوکاری جدی بکەی، ئەمەش شێوازێکی مەنتقی دەوڵەتداریە، نەك بەو روحیەتەی مەکرومە کردن، نازانێ ئەبڕدرێ یان نابڕدرێت و ئەوانە، ئەمە شێوەیەکی موئەسەساتیە و شێوەیەکی دەوڵەتداریە، ئەمە وردە وردە سیستمی زەریبەش لە وڵاتەکەی ئێمە دەبێ زەریبە لەسەر دەخلی زیاد، با بڵێین جێگای خۆشی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك فاضل و لیژنەی یاسایی دەکەم، بەڕاستی ئەو بڕینە چ تەئسیر لە ئەندام پەرلەمان و لە کەسیش ناکات، بەس ئێمە بۆ ببینە هۆی بڕینی رزقی خەڵك ئەوانەی تر کە وەکو موستەشارەکان و وەکو ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری، ئێمە با بەس لە پەرلەمان ببڕین، با هی پەرلەمان ببڕێت، ئەگەر نا ببێتە ئیختیاری کێ دەڵێ من لە10٪ زیاتر نادەم و تەبەروع ناکەم، هەموو مانگێ، ئێمە وەکو کوتلەی تورکمانی هەموو مانگێ 30٪ مان تەبەروع کردووە بۆ خەڵکانی فەقیر، بۆیە من پێم باشە ئەو ماددەیە نەمێنێ و هەڵبگیرێ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ماددەکەم، برادەران زۆربە باسیان کرد بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم وەکو یەك هەر هەمووی سەیر بکرێ، گلەیی لە وەزارەتی دارایی هەیە و گلەیی لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە، گلەیی لەئەنجومەنی دادوەری هەیە، یەعنی پێویستە هەمووی وەکو یەك بەڕاستی سەیر بکرێ و لە هەر هەمووی ببڕدرێ، چونکە من حاڵەتێکی دیکەشم بیستووە ئەوەیە کە ئەوانەی کە بە فعلی هەندێ لە مستەشارەکان کە دەوامی فعلی دەکەن لەوانە نەبڕدراوە و لە هەندێ خەڵکی تر بڕاوە کە لەسەر میلاکی وەزارەتێکن و بەڵام لەوانەیە دەوامیان لە شوێنێکی تر بێ، من پێم باشە وەکو ئەو برادەرانە وتیان ئەم پارەیە لە ژێر چاودێری وەزارەتی سحە و لەژێر چاودێری لیژنەی تەندروستی و پەرلەمانی کوردستان سەرفی بکا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ئەم ماددەیەم، بۆ؟ نە لەبەر ئەوەی10٪ یان 20٪ یان هەر بڕێكی تر ببڕدرێ لە پلە باڵاكان، چونكە ئیمكانە ئەم بڕە پارەیەی كە دەبڕدرێ كەم بێت یان زۆربێ، گرنگ ئەمە نیە، گرنگ پارەكە نیە بە نیسبەت ئەو پلە باڵایانەوە، ئەمە لایەنێكی تری ببینین، سەندوقێك دروست بووە بەناوی سەندوقی هاوكاری ئەوانەی نەخۆشی سەرەتان، یان شێرپەنجەن، ئەم سەندوقە پێویستی بەهاوكاری هەیە، ئەگەر هاوكاریەكە زۆر كەمیش بێ، گرنگ ئەوەیە بەشێوەیەكی  موئەسەساتی لە هەرێمی كوردستان دا هاوكاری ئەم سەندوقە دەكرێ، ڕاستە ئیمكانە هەر یەك لە ئێمە مانگانە یان ساڵانە هاوكاری خەڵكی بكەین، بەڵام گرنگ لێرە غەرەزێك دەپێكین، ئەویش ئەوەیە بە موئەسەساتی تۆ هاوكاری كۆمەڵێك خەڵك دەكەی كە پێویستی بەو هاوكاریە هەیە، من لەگەڵ ئەوەم ماددەكە وەكو خۆی بمێنێ و هەروەها ئیزافەیەكیشی بۆ بكرێ، ئەوەی كاك سالار محمود وتی، بەڵام هەندێ تەفسیلێ تر بوترێ لەماوەی بە مەرجێك ساڵانە یان 6 مانگ جارێك ڕاپۆرتی خەرج كردنی ئەو بڕە پارەیە ڕەوانەی پەرلەمان و حكومەت و دەسەڵاتی دادوەری بكرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرمووو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی ئەم بڕینی 10٪ یە لە هەر لایەك كە لێرەدا دەست نیشان كراوە با ئێمە موجامەلەی یەكتری نەكەین، خێركردن یان بڕین بانێك و دوو هەوا نیە، ئەندام پەرلەمان هەیە دەچێتە سەر جادە و لەگەڵ خەڵك قسە دەكات و من بۆ 8 ملیۆن وەردەگرم و تۆ بۆ ئەوەنە وەردەگری؟، كوڕە تۆ موستەعید نیت 10٪ ی مەعاشەكەی خۆت بۆچی؟ بۆ میللەتێك كە هەمووی جینۆساید و قوڕبەسەری و كیمیاباران كراوە، بۆیە تووشی سەرەتان بووە، من تێ ناگەم ئەو 10٪ یەی كە دەیبڕین هاوكاریەكە بۆ نەخۆشیەك یان بۆ ئاوارەكانی سوریایە بۆ هەر بوارێكە پێمان باشە هەر ساڵێكی بودجە دا ئیختیار دەكرێ، نازانم لێرە زۆر ڕەئی دراو و من لەگەڵ ئەو ڕەئیانەم كە بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی یارمەتی دانەكە و هاوكاریەكە پشتگیری تەواوی خۆم بۆ سۆزان خان و كاك عمر هەورامیش دەكەم، بۆ كاك سالاریش لەوەی كە بیلفعل بۆ بەدواداچوونی زیاتر و دڵنیایی زیاتر ئەگەر ڕاپۆرت هەبێ ئاگاداریمان هەبێ چۆن سەرف دەكرێ، بەڵام ئیقتراحێكی تریشم هەیە، ئەگەر بێتو پەرلەمان خۆشی لیژنەی تەندروستی كە پێی ڕاسپێردرێ كە ئەمە

کاری ئەویش بێ بۆ بەدواداچوون، چونکە عیلاقەی بە نەخۆشی شێرپەنجەوە هەیە وابزانم ئەوەش کارێکە ئیزافە بکرێ بۆ لیژنەی پەرلەمانی شتێکی باشە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرمو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ماددەی 30 دیارە من لەگەڵ مانەوەی ماددەکەم وەکو خۆی و سەرجەمی ئەو پرسیارانەی کە د.سەروەر کردی دیارە هەمان پرسیار منیش ئاراستەی وەزیری دارایی دەکەم کە ئیتر ئەو پرسیارانە دووبارە ناکەمەوە و چاوەڕێی وەڵامیشم لەبەڕێز وەزیری دارایی، دیارە دەبێ ئێمە ئەوەمان لا ڕوون بێ کە خراپ بەکارهێنانی پارە نابێ ببێت بە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە ئەم پارەیە نەبڕدرێ، ڕاستە ئەم پارەیە، چونکە هەمووومان بە دۆکیۆمێنت لامانە کە ئەم پارەیە لە ساڵانی ڕابردوو کە 10٪ بڕدراوە بەشێوەیەکی تەندروست بەکارنەهێنراوە، وەکو ئەو دەقە ماددەیەی یاساییانە بەکارنەهێنراوە کە ئێمە ئەم 10٪ یەمان بۆ بڕیوە، بۆ نموونە ئەوەی سەندوقی شەهیدان، کە لە10٪ مان بۆ بڕی بە نەسە قانونیەکەی کە لە وەقائیعی کوردستانیش دەڵێ ئەم پارەیە دەچێتە سەندوقی شەهیدان بۆ بنیادنانی پڕۆژە دیارە ئەمە یەکێکە لە سەندوقە باشەکان، ئەگەر وەزارەتی شەهیدان بەشێوە مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ بکردایە بە پێی ئەو یاسایەی کە هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردو دواتر بەدواداچوونمان بۆی کرد لە لیژنەی شەهیدان، دیارە هەمووی خەرج کراوە لە کۆمەڵێك بۆنە و سەردان و کۆمەڵێك مەبلەغی تر کە دراوە بە کەسوکاری شەهیدان، بەڵام ئەمە بووەتە ئەوەی کە شوێنێکی تەواو یاخود ببێتە هۆی پڕکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان ئیتر لەئاستی مووچە دا بێ یاخود لەهەر ئاستێکی تردابێت، دیارە ئێمە وەکو پێشتر باسم کرد خراپ بەکارهێنانی ئەم 10٪ یە ئەمە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت، چونکە دەبێ ئەوە بۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان ڕوون بکاتەوە هۆکاری ئەم خراپ بەکارهێنانە لەلایەن وەزارەتەکانەوە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا کەمی مەبلەغەکە بووە کە نەتوانراوە کارەکەی پێ ئەنجام بدرێ وەکو ئەوەی کە پێشتر هاوکارانم باسیان کرد کە جگە لە پەرلەمانی کوردستان زۆربەی ئەو فیئانەی کە هاوکارانم باسیان کرد پارەکەیان لێ نەبڕدراوە، بە نموونە وەزارەتی شەهیدان لە لیژنەکەی ئێمە وتیان ئەنجومەنی دادوەری بە فەرمی پارەی 6 مانگی ئەو 10٪ یەی کە دراوە بە ئێمە لێیان سەحب کردووینەتەوە، کەواتە دەبێ وەزیری دارایی ئەوە بۆ ئێمە ڕوون بکاتەوە، هۆکار چیە کە سەرجەمی فیئەکانی تر ناتوانن پابەند بن بە بڕینی ئەو 10٪ یە تەنها پەرلەمانی کوردستان نەبێ، ئەگەر تەنها پەرلەمانە دەبێ لە ماددەکە دا تەنها بنووسرێ بڕینی 10٪ ی مووچەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان، چونکە نابێ تەنها ناو بهێندرێ و کەسیش پابەند نەبێ بەدانی ئەو 10٪ یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرمووو.

**بەڕێز كاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باس لەو 10٪ یە دەكەین، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم یەعنی هەمووو شتێك بەشێوەیەكی یاسایی بێ و ئەمە ئەگەر بەڕاستی بیر بكەینەوە و بیر لە چارەسەری بكەینەوە، چونكە ئەمە بەشێك بوو لە داواكاری ئەوەی كە ناعەدالەتی هەیە لە نێوان مووچەكان، بۆ ئەو نا عەدالەتیە لە جیاتی چاك كردنی سیستمی مووچە، ئەمە هاتە پێش، سەرەڕای ئەوەی یەعنی بیر لە مافی ئینسان دەكەمەوە، لەو ماوەیە ئەو موناقەشانەی كە چونكە ئەوە پەیوەندی بەخۆشمانەوە هەیە چەند تەئكیدی لێ دەكەینەوە تا گەیشتە سەر ئەوەی بڵێین كاكە دەبێ ناوە ناوە ڕاپۆرت بنووسن بۆ ئەوەی ئێمە 10٪ مان لێ دەبڕدرێ، لە كاتێك دا بۆ زۆر داهاتی زۆر گەورەی تر وەكو نەوت ئێستا بیخەینە دەنگدانەوە بڵێین كاكە 4 مانگ جارێك ڕاپۆرتمان بۆ بنووسرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جا تو سەری خۆت ئەو نوقتەی نیزامی بوو؟ تو سەری خۆت یان ئەوە مەسەلەیەكی سیاسی بوو، رجاتان لێ دەكەم كە بزانن نوقتە نیزام نەبێ دوایی هەڵتان ناستێنم جارێكی دیكە، بۆیە هەڵتان ناستێنم جاری واهەیە بەڕاستی، نوقتەی نیزام دەبێ نیزامی بێ بە تایبەتی جەنابت كە قانونی كاك كاردۆ، جەنابی وەزیر ئەگەر وەڵامت هەبێ؟ فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بە نیسبەتی ئەم ئیستقتاعەوە، حەز دەكەم بزانن دوو شوێن هەیە كە دەتوانن تەئكیدی لێ بكەن و بزانن پارە لە وەزیرەكان و دەرەجاتی خاس براوە یان نا، ئەویش ئەوەیە یەكێك بنێرن، پەرلەمان خۆتان یەكێك بنێرن قائیمەی مەعاشی وەزیرەكان و موستەشارەكان ببینن، بزانن ئیستقتاعەكەی لێ كراوە یان نا؟، یاخود بچن لەو بانكە حسابیان بۆ بكەن كە مەعاشەكەیان وەردەگرن، نوسخەیەك لە قائیمەكەشیان لەوێیە، بۆیە تەئكید دەكەمەوە كە لە خۆمەوە كە وەزیرم و لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئیستقتاعە براوە، دووەم بە نیسبەتی قەزا و دادوەریەوە یەعنی ئەمە ئەوان كە هاتنە لای ئێمە و ئێستا وا بە ئێمە دەوترێ كە ئێمە وەكو وەزارەتی مالیە موقەسرین و ئێمە قانونەكەمان جێ بەجێ كرد، ئەوان هاتنە لای ئێمە وتیان ئێمە لە 1/1 ەوە پارەكەمان بڕیوە، یاسایەكە دەڵێ 2012/7/1 ئەمە یاسایەكەی ماددەی 33 ی ساڵی 2012 وتی ئێمەش وەكو هەموو لایەك حەقی خۆمانە ئەو پارەیەمان بۆ بگێڕنەوە، ئەوان كتابێكی ڕەسمیان نووسی ئێمە وەڵامی كتابەكەمان داوە، ئیستنادمان كردووەتە سەر ئەم ماددەیە ئەمەش تەئكید دەكەمەوە ئەو پارانە دەبڕدرێ ئێستاكە و ئەوەش كە د.سەروەر داوای كرد من حەز دەكەم بۆ بەڕێزتان بیخوێنمەوە، بە نیسبەتی ساڵی 2011 ئەوەی كە وەرگیراوە ملیارێك و 42 ملیۆن بووە، 176 ی لێ سەرف

کراوە، 866 ی لێ ماوەتەوە، لە ساڵی 2012 دا ملیارێك و 810 ملیۆن وەرگیراوە، مەعنای ئەوەیە کۆی وەرگیراو هی ساڵی 2012 با بڵێین لەگەڵ ئەوەی کە ماوەتەوە هی 2011 هەردووکی دەکاتە 2 ملیار و 676 ملیۆن دینار مەوجود بێ ئێستاکە ئەوەی مەعلوماتم هەیە وابزانم سحە تا ئێستا پارەی لێ سەرف نەکردووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی؟ ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە بەڕەسمی وەکو لیژنەی یاسایی داواکاریەکی ئەنجومەنی دادوەریمان بۆ هاتووە ئەگەر روخسەتم بدەی بیخوێنمەوە بۆ بەڕێزان، لە یەکێتی دادوەرانی هەرێمی کوردستان، بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بابەت/ یاداشت، دەڵێ: سڵاوێکی دادپەروەرانە، پەرلەمانی کوردستان بەو پێیەی دەسەڵاتی یاسادانانە لە هەرێمی کوردستان و کاری سەرەکی و بەردەوامی دانانی یاسایەکانە، کە یارمەتی و بەشداری کاریگەریان هەیە لە پاڵپشتی کردن و جیاکردنی دەسەڵاتەکان بە گشتی و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێم دا کە یەکێك لەو یاسایانە باس لەسەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەکات لە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، کە بە یەکێك لە هەرە گرنگترین یاسایەکان دائەنرێ، بەهۆیەوە بودجە هەریەك لە دەسەڵاتەکان دیاری دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان بە پێی یاسای بودجەی ژمارە 8 ی ساڵی 2012 لە ماددەی 32 داهاتووە بڕی 10٪ لە مووچەی ئەوانەی کە لە ماددەکە باسکراون بە مەبەستی دابین کردنی دەرماڵە و هاوکاریەکانی چارەسەر کردن بۆ ئەو کەسانەی کە تووشی شێرپەنجەی هاتوون، کە ئەو بڕینەش لە 2012/7/1 ەوە جێ بەجێ دەکرێ، ئەوەی ئاشکرایە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی گفتوگۆ کردن و کەم کردن و زیاد کردنی بودجەی هەر سێ دەسەڵاتەکەی هەیە، بەڵام نابێ دەسەڵاتی یاسادانان پەنا ببات بۆ بڕینی یان کەم کردنەوەی مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی، چونکە مووچەی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی یەکێك لە پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی دادوەری لە هەموو وڵاتێکدا، هەروەها دەقی ماددەی32 ی یاسای ئاماژە پێکراو....... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم لیژنەی یاسایی جارێکی دیکە کەشت دەخوێننەوە، موافەقەتی ئێمە وەربگرن، بێ ئێمە شت نەخوێننەوە، ئەم جارەش بە موخالەفە خوێندتانەوە، فەرموون جوابی بدەنەوە و تەواو وازی لێ بێنن، وەڵامی پەرلەمانتارەکان بدەنەوە. ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە تەنها دوو جۆر موقتەرەحمان بۆ هاتووە یەکێکیان ئەوەیە کە ئایا ئەم ماددەیە بمێنێ وەکو خۆی، یەکێکیش ئەوەیە کە هەلگیرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارێك هەیە دەڵێ ئەم ماددەیە نەمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم ماددەیە نەمێنی تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 7 کەس لەگەڵ دایە کە نەمێنێ، کێ لەگەڵ دایە کە بمێنێ، زۆرینە، فەرموون ماددەکە بخوێننەوە و بۆ ئەوەی تەسدیقی بکەین، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکیش هەبوو کەوا دەبێت پەرلەمانی کوردستان کە 3 کەس زیاتر داوایان کرد کە دەبێ پەرلەمانی کوردستان ساڵانە تەقریرێك بۆ چۆنیەتی سەرف کردنی ئەو پارەیە بۆ ڕەوانە ئەکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی سکرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەگەر قانونێك هاتبێ و تەنزیمی حاڵەتێك بکات، نابێ ئێمە ماددەکان پەرت و بڵاوبکەینەوە، هەر ماددەیەك ببەینە جێگایەك سەندوق لەوێیە، قانونەکی تایبەتی خۆی هەیە و تەنزیمی حاڵەتەکە دەکات، بە ڕەئی من ئەو موقتەرەحە نازانم ڕێز و ئیحترامم بۆ برادەران، بەس بە ڕەئی من زیادە، ئەگەر موسیڕ بن لەسەری ئەوە مافی ئەوانە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوورن لەسەر ئەو ڕەئیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یجب تزوید برلمان کوردستان بتقریر سنوي عن کیفیة صرف هذه الاستقطاعات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 33 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 39 کەس لەگەڵ دانیە کەواتە نەڕۆیشت، فەرموو ئەسڵی ماددەکە بخوێننەوە، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثلاثون:

الاستمرار باستقطاع 10٪ من رواتب رئيس الاقليم و نائبه ورئيس البرلمان ونائبه والسكرتير واعضاء البرلمان ورئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وزير و وكلاء وزارات ومن بدرجتهم ومن يتقاضَى راتب وكيل وزارة والمستشارين واصحاب الدرجات الخاصة والقضاة واعضاء الادعاء العام لغرض دعم صندوق اعانة مرضى السرطان حسب قانون صندوق اعانة مرضى سرطان في اقليم كوردستان المرقم (11) لسنة 2013.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ 2 كەس لەگەڵ دانيە بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 31 على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التى لديها بعثات او زمالات او الاجازات الدراسية خارج العراق الالتزام بتوزيع حصص المقاعد المخصصة لها حسب النسب السكانية والاختصاص لكل محافظة.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، ئێمە پشتگيری ماددەكە دەكەين وەكوخۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی دارايی فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هيچ تێبينيەكمان لەسەری نيە و پشتگيری ماددەكەش دەكەين.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير فەرموو.

**بەڕێز بايز تاڵەبانی (وەزيری دارايی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەين ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبينی هەيە؟ ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من قەت كۆڵ نادەم لەسەر موهەندسین و كەوادیری وەزارەتی ئیعمار و ئیسكان و وەزارەتی بەلەدیات، قەت قەت كۆڵ نادەم، تەڵەبەكەی خۆشم هەر دەڵێم ئەورۆ گوێیان لێ نەبێ سبەینێ گوێیان لێ دەبێ، بەڕاستیشی دەزانن، انشاللە تەتبیقیشی دەكەن، ئێمە لەو ماددەیە داوامان كردووە وەكو لیژنەی ئاوەدانكردنەوە، كە دەوراتی تەدریبی بۆ كەوادیری فەنی لە وەزاراتی ئیعمار و ئیسكان و بەلەدیات بكرێتەوە، بەڕێزان سەبەبیشمان هەیە، چونكە تەماشای هەدری ئەموال دەكەین كە بۆ (ڤاریەشن ئۆردەر) سەرف دەكرێ، بۆ شەریكەیەكی موعەیەن بۆ وەزارەتەكی موعەیەن كە بە خۆی ئەساسەن ئیشی موهەندسی خۆمان دەكات، بە تەدریبەكی كەم ئەو موهەندیسەی خۆمان بێنین لەو جێگایەی دانێین و تەدریبی بكات، ئەو پارەیەی بە ملیارات وەكو ئەمری تەغیر دەدەینە ئیشراف و دەدەینە تەسمیم، ئەوە هەندەی دەینی لێرە كەوادیری خۆمان تەدریب پێ بكەین و ئەو پارە بەهەدەر نەبەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ماددەیەكی زۆر باشە و پشتگیری لێ دەكەم، بەڵام لە ئەخیری كە دەنووسرێت بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوانی بۆ نموونە دەڵێ بەشكو گەورەترە لە زاخۆ، بەڵام 20 كەس لێی دەرچووە و زیرەك و بەتوانانە و بچنە دەرەوە، بەڵام زاخۆ 40 كەسی لێ دەرچێ بە توانا و زیرەكن و بتوانێ ئەو چل كەسەی، بەڵام 20 كەسەكە بنێرێ یان 40 كەس لە دوور بنێرێ 10 كەس لە زاخۆ بنێرێ بۆ نموونە، ئەوە مەوهیبەیە و زیرەكیە، بەشكو یەكێكی زیرەك لە جێگایەكی، لە گوندێك چوار ماڵە یەكێكی تر لە شارێكی 10 كەسی لێ زیرەكە، یەعنی بەو ڕێژەیە دابەش بكرێ، دەبێ 40 كەس لە شار بچن، بەڵام لەو گوندە دوو كەس لێ بچن، چونكە گوندە، من پێموایە بەڕێژەی دانیشتوان زۆر غەدرە و دەبێ بە گوێرەی زیرەكی و لێهاتوویی بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 31: على الوزارات والجهات غيرالمرتبطة بوزارة التى لديها بعثات او لزمالات او الاجازات الدراسية خارج العراق الالتزام بتوزيع حصص المقاعد المخصصة لها حسب النسب السكانية والاختصاص لكل محافظة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 32 تلتزم حكومة الاقليم ب:

أولا/ تنفيذ المشاريع وفق الخطة المعلنة فى الموازنة الاستثمارية، من قبل الوزارات وحسب اختصاصها ولايجوز لاية وزارة تنفيذ المشاريع خارج اختصاصها.

ثانيا/ تزويد برلمان كوردستان بتقارير متابعة فصلية أو كل اربعة اشهر من قبل وزارة التخطيط.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پشتگیری ماددەکە دەکەین، هیچ تێبینیمان لەسەری نیە، تەنها دەمەوێ عەرزی ئەو بابەتەی بکەم کە هەندێك ماددە لە قانونەکە ئیلغا کرا، واتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، ڕێمان بداتێ لەگەڵ سکرتاریەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی هاوبەش لەسەر مەنەسە ڕێزبەندی ماددەکان دوای ئەوەی کە ..... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان لەسەری نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو کەس، ئاهەنگ خان و د.احمد، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من لەو ماددەیە دەڵێم، سەبارەت بە بڕگەی 1ی ماددەی 32 ئەوە تێبینی کراوە بە پێی خشتەی پرۆژەکان ڕەچاوی ئەم ماددەیە نەکراوە، بە پێی خشتەی پرۆژەکان کە بۆمان دێت، بەڕێزان ڕەچاوی ئەو ماددەیە نەکراوە، لەسەر بڕگەی 2 ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانان دەبێ موتابق لەگەڵ

خشتەی ڕاپۆرتی وەزارەتەکان، زۆرجار کە بۆمان دێت ئەوەش موتابق نیە، عیلاجەکی لێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ماددەیەکی زۆر باشە کە حکومەتی پێ پابەند کردووە بەوەی کە پابەند بێ بە ئەو پلانەی کەلە بودجەی وەبەرهێنان هەیە، بەڵام بەڕاستی زۆرجاران ئەو پلانەی کە لە بودجە دیاری کراوە، چونکە پلانەکە هەمووی ئەوە دەگرێتەوە کە مێژووی دەست بەکاربوون و جێ بەجێ کردنی و زۆرجاران کە پرۆژەکان کە دەمێننەوە دەبن بە پرۆژەی بەردەوام هۆکارەکەی ئەوەیە کە پابەند نەبوونە بەو پلانەی کە بۆی دیاری کراوە، لەماوەی کاتی دیاری کراوی خۆی دا جێ بەجێ ناکرێن، سەبارەت بە بڕگەی 2 ئەو ڕاپۆرتەی کە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بۆ پەرلەمان دەنێردرێ، دیارە لێرەدا دەڵێ بۆ پەرلەمان نەك بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، مادام بۆ پەرلەمانە دەبێ بدرێتە ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان لێی ئاگادار بن، ئەوەی من بزانم تا ئێستا وەزارەتی پلاندانان لە ساڵی 2012 چوار ڕاپۆرتی ناردووە، بەڵام هیچی نەدراوەتە ئەندامان و لیژنەکانی پەرلەمان، تەنها لە سەرۆکایەتی ماوەتەوە، بەڵام لێرە دەڵێ بۆ پەرلەمان، مانای وایە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەزارەتی تەختیت هەموو چوار مانگ جارێك ناردوویەتی، ئەگەر موتابق نەبێ مەفروزە پەرلەمان وەڵامیانی بدابایەوە، بیوتبایە ئەو فەقەرەتان موتابق نیە یاخود بانگیانی بکردبایە بۆ موتابەقە کردنی، بۆیە ئێمە داوا دەکەین ماددەکە، وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری ماددەکەمان کرد وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەو هۆیە و ئەسبابانەی کە جەنابی وەزیری دارایی خوێندیەوە:

المادة 32: تلتزم حكومة الاقليم:

أولا/ تنفيذ المشاريع وفق الخطة المعلنة فى الموازنة الاستثمارية، من قبل الوزارات وحسب اختصاصها ولايجوز لاية وزارة تنفيذ مشاريع خارج اختصاصها.

ثانيا/ تزويد برلمان كوردستان بتقارير متابعة فصلية أو كل اربعة اشهر من قبل وزارة التخطيط.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانيە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا فەرموون بۆ ماددەيەكی ديكە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 33: على حكومة اقليم كوردستان اتخاذ الطرق القانونية لتحصيل جميع مستحقات حكومة الاقليم لدى الحكومة الاتحادية حسب احكام الدستور.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە پشتگيری ماددەكە دەكەين وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی دارايی فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هيچ تێبينيەكمان لەسەری نيە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير فەرموو.

**بەڕێز بايز تاڵەبانی (وەزيری دارايی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داواكارين ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبينی هەيە؟، تەنيا سيوەيل خان و مامۆستا عمر، سيوەيل خان فەرموو.

**بەڕێز سيوەيل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەيە، ئێمە ماددەی 27 مان لێرە ئيلغا كرد، گوتمان سياغەيەكی نوێ لە ماددەی 33 دادەڕێژينەوە، كەچی بە هەمان ماددە و بە هەمان سياغە خوێندرايەوە نازانم لەبەرچی؟.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم ماددەیە ماددەیەكی گرنگە هیوادارم تۆزێ بە تەئەنی لەسەری تێنەپەڕێن و هەروا بڕوا بەسەرماندا، ئەم ماددەیە باس لەوە دەكات كاك عبداللە لە ماددەكی تر ئاماژەمان پێی كردو بەعزێكمان لەسەری قسەمان كرد، ئێمە لێرە ئیلزامی حكومەتی هەرێم دەكەین بە بەدواچوونی ڕێگە یاساییەكان، ڕێگە دەستووریەكان، لێرە پرسیارێك هەیە، ئەوەڵەن بەچی دەست پێ بكات و كەی دەست پێ بكات؟ ئەو سەقفە زەمەنیە كەیە؟ كە پەرلەمانی كوردستان دایدەنێ بۆ حكومەت، لە بەیانیەوە دەست پێ بكات وەەر ئێستا دەست پێ بكات،یان هەروا دووبارە تا ساڵێكی تر ئەم كاتە ئێمە دێینەوە و دووبارە پرۆژە یاسای ساڵی 2014 یش دێت، هەروەها نووسراوە لە ماددەیەكی دەستووری دا ئێ ماددەیەكی قانونیە، من پێشنیارەكەی كاك عبداللە دووپات دەكەمەوە، كە خۆی نازانم بۆ هەڵنەستایەوە، كە ئیلزامی حكومەت بكەین بە سەقفێكی موحەدەد، نا نا ئەوە باسێكی تر خۆ من لێرە بووم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، باسی ماددەكەی تر بوو..... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر لەسەر وەقت تەحدید بكرێ، كاكە موناقەشەمان كرد دوایی، موقتەرەحی كاك عبداللە بوو كە وەقت تەحدید بكرێ، دەنگی نەهێنا، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیجازە بدەن با قسەكەم تەواو بكەم، ئێستا ئێمە لە ماددەیەكی تازە داین یان ماددەیەكی كۆنە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێ بۆیە ئەوەمان لەغو كردەوە، بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە، بەڵام لە ماددەی پێشوو كە ڕەبتی بە ماددەكە هەبوو كە لەغومان كردەوە هەمووی موناقەشە كراو تەسویتی لەسەر كرا، كە وەقت نەبێ، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەهەرحاڵ با كەس تەسنیەی نەكات، من پێشنیار دەكەم و هیوادارم كەسیش تەسنیەی نەكات، با هەر قسەیەكە بێ و بڕوات، ئەوە لیژنەی یاسایی پێنج، شەش برادەر دانیشتوون، ئێمە پرسیارێكی موحەدەد ئاراستەی بەڕێزتان دەكەم وەكو موئەسەسەی تەشریعی و ڕەقابی ئەم وڵاتە، ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان ئیتخازی تورقی قانونیەی نەكرد، ئێوە هەڵوێستتان چی دەبێ؟، كەی ئیلزامی ئەم حكومەتە دەكەن؟ بیكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاک عونی فەرمووه.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەکو جەنابت ئاماژەت پێی دا بە دەنگدان ئەو ئیقتراحە تەحدید کردنی ڕۆژ دەنگی لەسەر دراو بە پێی ماددەی 56 بڕگەی 2 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نابێ ئەو ماددەیە دووبارە موناقەشە بکرێتەوە، پێشنیارەکەش هی کاک عبداللە مەلا نوری بوو.**

**المادة 33: على حكومة اقليم كوردستان اتخاذ الطرق القانونية لتحصيل جميع مستحقات حكومة الاقليم لدى الحكومة الاتحادية حسب احكام الدستور.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لە گەڵ دانیە بە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرمووه.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**على حكومة اقليم كوردستان ارسال مشروع موازنة الاقليم للسنة المالية 2014 الى البرلمان خلال مدة لا تتجاوز اسبوعين من تصديق قانون موازنة الحكومة الاتحادية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا ئەوە پێشخرا، هەر دەمێنێ ئەو ماددەیە، ئەو ماددەیە ڕەئیەك هەیە دەڵێ ئیلغا بکرێ کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ ئیلغا کرا، جەنابی وەزیر فەرمووه.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە ئەگەر ئیلغای بکەنەوە ئێوە دێن بە پێی نیزامی پەرلەمان لەگەڵماندا تەعامول دەکەن، مەعنای ئەوەیە دەگەڕێینەوە عەینی مەشاکیلەکانی جاران، بۆیە دەبێ ئەوە مولاحەزە بکرێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەمە دەنگی هێنا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، وەکو ئێستا کاک عونی فەرمووه.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة 35: لاتقدم مشروعات القوانين والقرارات التى تترتب عليها تبعات مالية الى البرلمان الا بعد الحصول على موافقة مجلس الوزراء.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لە لیژنەی یاسایی داوامان کردووە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ، لەبەرئەوەی موخالفی قانون و پەیڕەوی پەرلەمانی کوردستانە، ئەندامانی پەرلەمان مافی ئەوەیان هەیە پرۆژە تەقدیم بکەن، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان دائیمەن وا موتەبەعە کە هەر پرۆژەیەك ئیلتزاماتی مالی لەسەر دروست بکرێ یان دامەزراندنی هەیئات و ئەوانە ئیحالەی حکومەت دەکات و ڕەئی حکومەت وەردەگرێ، یان کاتی خوێندنەوەی پرۆژەکە یان دوای ئەوەی کە پرۆژەکە دەخوێندرێتەوە، ئینجا ڕەوانەی حکومەت دەکرێ، واتە ماددەکە موجیب نیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ بۆچوونی لیژنەی یاسایی داین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە ڕەئیەك هەیە، چونکە ئەگەر ماددەکە لەغو بکرێ، ئەم هەموو موناقەشەیە بۆچی بکەین، ئەوە دوو کەس و پێنج کەس داوای لەغویان کردووە، کێ لەگەڵ دایە ئەم ماددەیە لەغو بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 7 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆربنەی دەنگ لەغو کرا، بۆ ماددەیەکی تر کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 36: يتم التعامل مع العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية حسب احكام الدستور العراقي والمادة 15 من قانون النفط والغاز للاقليم لحين اصدار قانون صندوق كوردستان للعائدات النفطية.

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لەگەڵ ماددەکەین وەکو ئەوەی هاتووە لە پرۆژەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکمان نیە لەسەر ماددەکە و لەگەڵی داین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك عبدالله زۆر بە ئەوە ماندوو بووە با یەکەم جار ئەو بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسرا، کاك عبدالله مەلا نوری، کاك دڵشاد، سیوەیل خان، کاك کاردۆ، کاك برهان، کاك عبدالله، کاك ئارام، کاك حمه سعید، ناسك خان و د.احمد، کەس ماوە؟ کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ڕوونکردنەوەیەك، سەرەتا تەنها دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، لەم ماددەیە دوو شت هەیە تێکەڵ کراوە، بابەتی داهاتی نەوت و بابەتی سەندوقی داهاتە نەوتیەکان، یەعنی ئەمە دوو شتی جیاوازە، بە قەناعەتی من ئەوەی پەیوەستە بە سەندوقی داهاتە نەوتیەکان کە لە ماددەکە باسی ماددەی 15 یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمە شتێکە داهاتی نەوت شتێکی ترە، ئەرکی دەرچوواندنی یاخود پەسەند کردنی یاسای سەندوقی داهاتە نەوتیەکان ئەمە ئەرکێکە دەبێ پەرلەمان پێی هەڵسێ و ئەنجامی بدات، ئەم سەندوقە هەر دروست بێ، چونکە پێشتر لە یاسایەك دا ئاماژەی پێدراوە، قسەی من لێرە لەسەر داهاتی نەوتە، من دەمەوێ بۆ بەدیلی ئەم ماددەیە، ئەم ماددەیە پێشنیاز بکەم، هیوادارم دەنگیش بێنێ و ماددەی 36 بەو شێوەیەی لێ بکرێ، (1/ حکومەتی هەرێم هەموو ئەو داهاتانەی وەك لە خاڵی 30 ماددەی 1 ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ـ عیراق دیاری کراوە و هەر داهاتێکی دیکەی پرۆسەکانی نەوت کە تا بەرواری 2012/12/31 وەری گرتوون هەمووی بە لیستێك لە ماوەی 30 ڕۆژ دا لەبەرواری پەسەند کردنی یاسای بودجەی 2013 ی هەرێمەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێ، ناو بڕ و تێچوون و ناونیشانی تەواوی هەموو ئەو پرۆژانەی کە لە سەر داهاتی نەوت تا 12/31/ 2012 ئەنجام دراون حکومەت بە لیستێك ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات، 3/ هەر داهاتێك کە لە پرۆسەکانی نەوت بەدی دێن خەرج کردنیان دەبێت بە ئاگاداری و ڕەزامەندی پەرلەمان بێ)، بڕگەی 3 ئەگەر ئیجازەم بدەی تەنها ڕوونکردنەوەیەك دەدەم داهاتی ئێمە هەمانە و مەبلەغەکە و سەرچاوەکان باس ناکەین و مەبلەغەکەش کەمن بۆ خۆم بۆچوونێکم هەیە و پێموایە زۆر زیاترە لە بودجەی ئەمساڵ، ئەمانە حەقی خەڵکی کوردستانی لەسەرە بە تایبەتی بە کورتی ئێمە ڕاستە بودجە بۆ خەڵکی کوردستان خەرج دەکرێ، بەڵام حەقی خەڵك لەسەر داهاتی نەوتە، لە زۆر وڵاتدا بۆ نموونە لە نەرویج و لە ئەمریکا سیستمی جیاجیا پەیڕەو دەکرێ بۆ ئەوەی خەڵك ڕاستەوخۆ لە داهاتی نەوت سوودمەند بێ، بۆیە هیوادارم و داواکارم ئەم ماددەیە لە یاسایەکە جێ بەجێ بکرێ بە شێوازێك بتوانین لە ئێستا بەدواوە داهاتی نەوت ڕاستەوخۆ بخەینە خزمەت خەڵکی کوردستان، چ مووچە خۆر و چ خەڵکی بێ مووچە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە ئەگەر بينێری دەستاو دەست بمانگاتێ و بينێرين بۆ ليژنەی ياسايی، كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگيری پێشنيارەكەی كاك عبداللە دەكەم، پێموايە ئەگەر پێشنيارە كە ئاوا دانەڕێژرێ بوونی ئەم ماددەيە لێرە نازانين زەرورەتی چيە وەك ئەو شێوەيەی كە نووسراوە؟، بۆيە ئيزافەت بۆ ئەو بڕگانەی كە كردی يەك بڕگەی ديكەی بۆ زياد دەكەم، ئەويش ئەوەيە (بۆ ساڵی داهاتوو داهاتەكانی نەوت كە بەرێگا جيا جياكان وەدەست دێن لە هەرێمی كوردستان، لە بودجەی 2014 وەك داهاتی ناوخۆ ئەژمار بكرێ، داهاتی نەوت بۆ پرۆژە بودجەی 2014 وەك داهاتی ناوخۆ ئەژمار بكرێ و بێتەوە پەرلەمان)، زۆر سوپاس تەنها ئەو خاڵەی بۆ زياد بكرێ ئيزافەتەن بۆ خاڵەكانی كاك عبداللە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سيوەيل خان فەرموو.

**بەڕێز سيوەيل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نيسبەت ئەو ماددەيە لە يەكەم ڕۆژی گفتوگۆ كردن لەسەری پرۆژە ياسای بودجە، كاك عبداللە پێشنياری كرد زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان باسيان كردو گوتيان ئەوە لە ماددەی 36 چارەسەر دەكرێ، ئێستا پێشنيارەكە هاتووەتە ئاراوە كاك عبداللە پێشنيارەكەی خوێندووەتەوە و باسی كردووە، منيش پشتيوانی لە پێشنيارەكەی كاك عبداللە مەلا نوری دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتيوانی لە پێشنيارەكەی كاك عبداللە دەكەم كە بەڕوونی ديارە، بەڵام ئەوەی كە پەيوەندی بە ماددەكەوە هەيە، زياتر كەمن پێموايە ئەمە گرفتێكە كە ساڵانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لەبەرئەوەی حكومەت يەكێك لە بيانووەكانی بۆ جێ بەجێ نەكردنی ياسای نەوت و گاز ناردنی پرۆژەيە بۆ پەرلەمانی كوردستان، كە گوايە ئەگەر ئەمە پرۆژە ياسايەكانی كە پەيوەندارن بە ياسای نەوت و گاز پەسەند بكەين، ئيتر ئەو كێشەيە نامێنێ، داهاتەكە دەچێتە ئەم سەندوقە لە كاتێك دا ياسای نەوت و گاز دياری كردووە، دەبێ سەندوقەكە، هەيئەتەكە، دروست بكرێ، ئينجا حكومەت بينێرێتە پەرلەمان، تەنها پەرلەمان سەلاحيەتيان و پەسەند كردنيان دياری دەكات، نەك پرۆژە ياسايەكە بە هەمان ئەوەی ياسای نەوت و گاز كە دەينێرێ و ئەوەی كە پەيوەندی بە سەندوقی داهاتەوەيە، بە هەمان هەر ئەو دەقانەی كە لە ياسای

نەوت و گاز هاتووە دەینێرێتە پەرلەمان لەموناقەشەش ماوەیەکی دوورودرێژە ئەو پرۆژە یاسایانە لە پەرلەمانە بە بێ ئەوەی ئێمە بتوانین پرۆژە یاسایەکە دەربکەین، خۆی یاسایەکە هەیە، بۆ کۆمپانیاکانیش و بۆ سەندوقی داهات، حکومەت کە هەیئەکەی دروست کرد تەنها سەلاحیەتیان و پەسەند کردنی هەیئەتەکەی دەبێ بینێرێتە پەرلەمان، وەکو هەموو ئەو پرۆژانەی کە ناردوویەتی پرۆژەکان یاسایی نین، کە دەیانێرێ بەو شێوەیە، جارێکی دیکە پشتیوانی لەو پێشنیارانە دەکەم بۆ خستینە دەنگدانیەوە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو، سێ ساڵە ئەم ماددەیە دەنووسینەوە لە مەشروع بودجەی 2011 دا ماددەی 17 بوو و پاریش ماددەیەکی تر بوو لە 2012، ئیمامی عەلی قسەیەکی هەیە و دەڵێ (لا خیر فی حکم لانفاذ له) بەڕاستی من نازانم لەگەڵ حورمەتما ئەگەر ئەوە بۆ ئەوەیە ڕای گشتی پێ هەڵدەخەڵەتێنی یان منی ئەم ئەندام پەرلەمان، ئەو ماددەیە هەر نەنووسرێ باشترە، لەبەرئەوە 3 ساڵە بە ئێمە دەڵێن دوو حساب پارەی نەوتی تیایە، ئەم دوو حسابە لە کوێیە؟ پارەکەی لە کوێیە؟ دەبێ ئێمە کە ئەندام پەرلەمانێکم لە جەریدە و گۆڤارەکان بیخوێنمەوە ئەم پارەیە لە کوێ دێ؟، یەعنی بەڕاستی برواناکەم لە ئێستا دا لە وڵاتانی جنوبی شەرقی ئاسیا بەم دەرەجەیە داهات و خەرجی شاردنەوە هەبێ، دوو ساڵە بە کاك رشید تاهیر و کاك شێخ بایز دەڵێین خەرجی پارت و حیزب و سەنتەرەکانمان بۆ ئاشکرا بکەن....... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە کەی عیلاقەی بەوە هەیە؟، ئەوە باسی نەوت و غازە، بۆ دەچیە سەر مەوزوعی تر تێکەڵاوی مەکە، ئەم ماددەیە قسەی خۆتی لەسەر بکە و کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەلاقەی هەیە پێوەی کاکە، داوای داهات دەکەین دیار نیە، سێ ساڵە لەسەر بودجە دەنووسرێ دوو حساب هەیە و پارەکەی وا و وا، ئەم پارەیە نە بینیمان چەندە و نە پێمان وترا لە کوێیە و نە پێمان وترا چۆن سەرف دەکرێ و لە جەریدە دەخوێنینەوە سەیارە بۆ چین و توێژی حاکمەکان لە یەك ڕێ دا لێ ئەدرێ بە بێ ئەوەی ئێمەی پەرلەمان ئاگامان لێی بێ، ماددەکە دەنووسرێ و کەس موتابەعەی ناکات، پەرلەمان بە دەوری رەقابی خۆی هەڵناستێ، یان ئەوەتا ئەگەر بە تەمان تەنفیزی ماددەکە بکەن، بینووسن، یان ئەوەتا مەینووسن کاکە، بە ئاشکرا بڵێن نایینووسین، بۆیە من پشتگیری برادەرەکانم دەکەم بەڕاستی تەواو من وەك ئەندام پەرلەمان خۆم بێ تاقەت بووم و نە دیوانی رەقابە دروست دەکرێ و نە مەجلسی دەستەی نەزاهە

دروست دەكرێ، نە مەجلسی ئەمە تەعینات دروست دەكرێ، نە داهاتی نەوت و نە پێی دەڵێن خەرجیەكان لە كوێیە؟، و هینی وەكو حیزب و كۆمەڵە و سەنتەرەكان پێم دەڵێ وەڵڵاهی ئەندام پەرلەمان ئەو پارەیەی پێم حەرامە و بڕۆمەوە ماڵەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەكە دا ئاماژەی بەوە كردووە كە بە پێی ماددەی 15 لە قانونی نەوت و گاز دا تەعامولی لەگەڵ دەكرێ، با بزانین ماددەی 15 دەڵێ چی (بڕگەی 5 و 6 ی ئاماژە بە دوو خاڵی زۆر گرنگ دەكات، لە بڕگەی 5 دەڵێ ئەم داهاتە دەبێتە بەشێك لە داهاتی گشتی و لە ژێر چاودێری پەرلەمان دادەبێ كە تا ئێستا ئەوە نەكراوە لە ژێر چاودێری پەرلەمان نەبوو بۆتە بەشێك لە داهاتی گشتی، بڕگەی 6 دەڵێ (ڕەوایە بۆ هاووڵاتی، كە وردبینی بكات لە داهاتی نەوت) یەعنی مەعقولە ئێمە ئەندامی پەرلەمانین و نازانین ئەم داهاتە چەندە؟، لە كوێیە و بۆ كوێ سەرف دەكرێ و چۆن سەرف دەكرێ؟، لە ناكاو لە ئیعلام دەبیستین دەڵێن دەرگای حەوشەیەكی لێ دروست كراوە بە مەبلەغی 800 ملیۆن، سەیارە كڕاوە بۆ فلان شوێن لە پارەی نەوت، فلان وەزیر لەناكاو لە دەمی دەردەچێ و دەڵێ لە پارەی نەوتەكە ئەمەمان دروست كرد، یەعنی ئێستا پرسیارەكە لەوەدایە ئەگەر پارەی نەوتەكە سەرف دەكرێ بۆ بە قانون سەرف ناكرێ، بۆ بەو شێوەیەی كە ئاماژەی پێ كراوە لە قانونی نەوت و گاز لە قانونی بودجە ساڵانە ئاماژەی پێ دەكرێ وەكو ئەوەی كاك بورهان وتی ئەگەر ئێمە تەتبیقی ناكەین با هەر نەینووسین وەڵڵا، خۆ من نابێ فاڵ بگرمەوە و بزانم داخوا پارەی نەوت چەندە و لە كوێیە؟، دەبێ ئەم پارەی نەوتە، یەعنی ئەمە قانونە و ئەمە رەغبەتی كەسێك و دوو كەس نیە، بهێندرێتە پەرلەمان و ئاماژەی پێ بكرێ ببێتە بەشێك لە داهاتی گشتی و لەو لیژنەیەی كە تایبەتە بە زیادكردنی داهاتی فەرمانبەران و پێشمەرگە و كەسوكوكاری شەهیدان و بیمەی بێ كاری گەنجان و ئەمانە، ئەم پارەی نەوتە ئیستفادەی لێ بكرێ بۆ تەوزیع كردن بەسەر ئەم فیئانەی كۆمەڵانی خەڵك كە ژیان و گوزەرانیان نالەبارە، هەر ڕێگەیەكی تر بگردرێتە بەر بۆ تەعامول كردن لەگەڵ نەوت نا قانونیە و پەرلەمانی كوردستان نابێ قبوڵ بكات بە هیچ جۆرێك، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە وەزیری دارایی ئاگادار بێ لە هەموو داهاتە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە پرسیارێکی موحەدەدی لێ دەکەم، کە داهاتی ئەو حسابە چەندە؟، و بیخاتە ڕوو بۆ پەرلەمان، ئەوەش نووسراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە کە باس لە داهاتەکان دەکات و ناردوویەتی بۆ حکومەتی ناوەندی، پەرلەمانی کوردستان پێش حکومەتی مالکیە کە بزانێ ئایا داهاتەکەی چەندە و بیخاتە ڕوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئاگادار بن و بۆ ئەوەی کەبتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین، خاڵی دووەم پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاک عبداللە دەکەم و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی 2 هەمووومان جەختمان کردەوە لەسەر ئەوەی کە داهاتی نەوت دیاری بکرێ، وەعد درا کە لەم ماددەیە کە ماددەی 36 جێی بکرێتەوە، بۆیە من پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک عبداللە و برادەران دەکەم، کە بخرێتە دەنگدانەوە چونکە ئەوە وەعدی سەرەتای ماددەی 2 یش بوو، ئەوە خاڵێ، خاڵێکی تر ئەم پاساوە (لحين اصدار صندوق كوردستان للعائدات النفطية) بۆ ئەوەی ئەم پاساوە ساڵانە نەهێندرێتەوە تا داهاتی نەوتەکە بشارێتەوە من داوا دەکەم بڵێین لە خولی گرێدانی داهاتوو ئەم قانونە تێ پەڕێندرێ، ئەم قانونە دەربچوێندرێ بۆ ئەوەی نەبێ بە پاساو بۆ ئەوەی کە سەندوق و حسابەکە دوابخرێ و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسک خان فەرموو.

**بەڕێز ناسک توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری لە داڕشتنەوەکەی بەڕێز کاک عبداللە مەلا نوری دەکەم، هەروەکو خۆی هیوادارم بخرێتە دەنگدان، چونکە بەڕاستی ئەم نەسە کە ئێستا داڕێژراوە لەو یاسایە وەکو هاوکارانم پێش من وتیان ئەوە سێ وا دائەڕێژرێ، ئەگەر دەشوترێ بۆچی مەسەلەن لەناو لیژنە موتابەعە ناکەن، من بە ئەم ساڵێشەوە هەموو ساڵێ لە کاتی بودجە و کاتێ کەوەزیر هاتبێ کاک سیروان خۆی هاتبێ دوو شتم داوا کردووە و وتوومە ئەو پرۆژانەی کەلەسەر داهاتی نەوت دەکرێ و بڕی ئەو داهاتەی کە هەیە و بۆ ئەوەی موتابەعەی بکەین، کە بەڕاستی ئێستا دوای ئەو هەموو فشارانەی کە وەکو لیژنە کردمان لیستێك هاتە ناو پەرلەمان و لیژنەی ئێمە وابزانم چووشە بۆ لیژنەی دارایی، ئەم لیستە باس لە یەك ملیار و 132 ملیۆن و 34 هەزار و 823 ملیار دۆلار دەکات، کە ئەمە مەجموعەیەك داهاتە سەرف کراوە، یەعنی دوای ئەوەی کە

سەرف کرا هاتە ناو لیژنە، سەرفەکەش باس لە 2010 ەوە کە هەتا ئێستا کە ئەم برِە هەم کەمە و هەم ناتوانین شێوازی موتابەعە کردنی نیە، چونکە مەسەلەن دەڵێ 135 بۆ زانکۆکان، من چۆن موتابەعە بکەم نابێ بزانم ناوی پرۆژەکان کامەیە، داواشمان کردووە لە وەزارەتەکە کە بە لیست بۆمان بنێرن، بەڵام هیچ جوابێکی نیە، ئەمسالێشی لەگەڵ بێ من هەمان ئەو پرسیارەم کردەوە بۆ مەسەلەی پترۆ دۆلارەکە، کە من بە کاك سیروانم وت جیای کەرەوە بۆمان ئەم دوو سەد ملیاری پترۆ دۆلارە پێمان بڵێ چەندی نەوتە و چەندی غازە؟ چەندی ئەوەیە کە سەرف کراوە و لە موستەهلکی داخلی و چەندی ئەوەیە کە خەرج کراوە؟ بەس رەجائەن با پێش بودجە بێ بۆ ئەوەی کەمن هەستام پرسیار لەو مەوزوعە نەکەم، بەڵام هەتا ئێستا ئەوەشمان پێ نەگەیشتووە لەناو لیژنە بۆیە جارێکی تر دەڵێمەوە پشتگیری لەو دارِشتنەی کاك عبدالله دەکەم، چونکە بیزەبت ئەوەی کە ئەو دەیەوێ ئەوە پێویستمان پێیەتی و بیزانین وەکو پەرلەمان.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەرێز د.احمد وەرتێ:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستی دا ئەگەر ئەو ماددەیە بۆ ئەوە بێ کە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ حکومەتی عیراقی بۆ ئەوەی کە حوجەی بە دەستەوە نەمێنێ کە چۆن هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ نەوت دا دەکات، پێموایە ئەو ماددەیە شتێکی باشە بۆ ئەوەی ببێت، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە ئەو سەندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان پێموایە ئەگەر بکرێ ئێمە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکەین، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاری کراودا ئەو سەندوقە پێك بێت بۆ ئەوەی ئێمە هەموومان لەو کێشانەی کە پەیوەندیان بە نەوت و غازی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و چەند ساڵە ئێمە باسی ئەو سەندوقە دەکەین و لەوە رزگارمان بێ، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ فەرموو.

**بەرێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کاتی خۆیدا وەکو تەقلیدی وەزارەتی دارایی باسمان کردووە لە مەسەلەی داهاتی نەوت و ئەگەر مولاحەزە بکەن لە سەفحەی 45 دا باسمان کردووە، ئەو پرسیارانەشی کە لەحکومەت کرا، لە هەمان کاتدا حکومەتیش وەڵامی داوەتەوە و بە ئەوەی کە ئەو وەڵامانەی دراونەتەوە ئەوەیە وەڵامی ئێمە بە نیسبەتی ئەم مەوزوعەوە، ئەگەر بتانەوێ حەز دەکەن جارێکی تر من بیخوێنمەوە یاخود پێویست ناکات؟ رەقەمی پارە لە ناو حسابی وەزارەتی نەوتدایە، هەر کاتێك سەندوقەکە کە ئەوەتا ئێمە لێرە وتوومانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی و پابەندبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە لەگەڵ پەسەند کردنی یاسای سەندوقی

داهاتە نەوتیەکان و خستنە بواری جێ بەجێ کردنی، ئەوا زانیاری دارایی پەیوەست بە مۆڵەتەکان و گرێبەستەکان و داهاتە نەوتیەکان پێشکەش بە سەندوقە دەکات، تا دەست بەکاربوونی ئەم سەندوقەش بە پێی برِگەی 5 لە ماددەی 15 هەم لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە 22 ی ساڵی 2007 ئێستا دوو حسابی جیا بۆ داهاتە نەوتیەکان کراوەتەوە، بە بریاری ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز، من وەکو وەزارەتی مالیە ئەوە عیلاقەی بە وەزارەتی نەوتەوە هەیە و لێیان بپرسن.

**بەرِێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا جەنابی وەزیر قسەی ترت ماوە؟ فەرموو.

**بەرِێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر قسەی ترم نەماوە، داواکارم ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەرِێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەی کردیان بیخەنە دەنگەوە، کاکە پێشنیارتان کردووە و دەخرێتە دەنگەوە بە قوربان، ئەی چی؟ کاکە ئێوە پێشنیارێکتان کردووە لەسەر ئەم ماددەیە، پێشنیارەکەتان دەخەینە دەنگەوە، تەواو ئیتر چیتان دەوێ زیاتر، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەرِێز پێشەوا توفیق:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە قانونە و لەو پەرلەمانە دەرچووە، ئایا ئیشی پێ دەکرێ یاخود نا؟ بەس ئەم پرسیارەم هەیە لە برِگەی 5 دەڵێ ئەم داهاتی نەوتە دەبێتە بەشێك لە داهاتی گشتی و لە ژێر چاودێری پەرلەمان دایە و لە برِگەی 6 دەڵێ هاووڵاتی بۆی هەیە ئەم پارەیە بزانێ، مەعقولە ئێستا ئێمە نەزانین.

**بەرِێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەرِێز ایوب نعت (ئارام):**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی هەرێمایەتی بۆ نەوت و گاز یەکیان بەرِێز وەزیری داراییە، پێویستە ئەو حسابە بزانێ و بیخاتەروو بۆ پەرلەمان.

**بەرِێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر وەڵامی ترت هەیە لەوەی زیاتر وتووتە؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئەگەر من بۆ موسائەلە بانگ کراوم ئەوە شتێکی ترە، بەس من بۆ ئەو مەوزوعە عیلاقەی بە موازەنەوە هەیە، ئەوەی کە من دەیڵێم ئەوەندەی لێ دەزانم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی پێشنیارەکەیان بخەنە دەنگەوە ، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك کرا لەلایەن کاك عبدالله دیارە کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان پشتگیریان کرد، یەکەم، حکومەتی هەرێم هەموو ئەو داهاتانەی وەك لە خاڵی 3 ماددەی 1 ی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی عیراق دیاری کراوە، هەر داهاتێکی دیکەی پرۆسەکانی نەوت کە تا بەرواری 2012/12/31 وەری گرتوون هەموو بە لیستێك لە ماوەی 30 ڕۆژدا لە بەرواری پەسەند کردنی یاسای بودجەی 2013ی هەرێمەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکات، دووەم، ناو و بڕی تێ چوون و ناونیشانی تەواوی هەموو ئەو پرۆژانەی کە لەسەر داهاتی نەوت تا 2012/12/31 ئەنجام دراون، حکومەت بە لیستێك ڕەوانەی پەرلەمانی دەکات، سێیەم/ هەر داهاتێك کە لە پرۆسەکانی نەوت بەدی دێن خەرج کردنیان دەبێ بە ئاگاداری و ڕەزامەندی پەرلەمان بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارەی کە عبدالله مەلا نوری کردی کە ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارەکان پشتیوانیان لێی کردووە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 32 کەس لەگەڵ دایە و کێ لەگەڵ دانیە؟ 48 کەس لەگەڵ دانیە، کەواتە وەرنەگیرا، ئەسڵی ماددەکە بخوێننەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة 36:** يتم التعامل مع العائيدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية حسب احكام الدستور العراقي والمادة 15 من قانون النفط والغاز للاقليم لحين اصدار قانون صندوق كوردستان لعائدات النفطية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 59 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 27 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة 37 : على مجلس الوزراء اصدار الانظمة والتعليمات التي تسهل تطبيق مادة اللامركزية عند تمويل الوزارات وفق الصلاحيات الواردة في القانون.**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەكە دەكات بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە و پشتگیری دەكەین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ماددەی 37 ڕەئیتان؟**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ ئەو ماددەیەین.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا یەك كەس، فەرموو كاك نەریمان.**

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە، ئەمە بڕگەیەكی مەتاتیە بۆ ئەوەی ئێمە وەقت دەست نیشان بكەین، لە چ ماوەیەك دا حكومەت ئەو پرەنسیپانەی لامەركەزیەت دەربكات، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە مانگێك دوای دەركردنی ئەم یاسایە دەرچوونی و چوونە بواری جێ بەجێ كردنەوە بەڕاستی ڕێنماییەكانی لامەركەزیەت دەربكات حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆ ئەوەی دەست نیشان بێ، ئێمە بە یاسا دەست نیشانی زۆربەی شتەكان دەكەین و جێ بەجێ ناكرێ، بەڵام ئەو ڕێنماییانە چۆن دەردەكرێ ئەگەر هەر ئاوا كراوە بێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینت هەبێ؟ فەرموو.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**داواكارین ماددەكە هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر پێمان باشە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

المادە 37: علی مجلس الوزراء اصدار الانظمة والتعلیمات التی تسهل تطبیق مادة اللامركزیة عند تمویل الوزارات وفق الصلاحیات الواردة فی القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرمووون بۆ ماددەیەكی تر كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 38: علی وزیر المالیە والاقتصاد..... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیەی كەمن پێشنیاری دەكەم، تەبعەن هاوڕێكانیشم قسەیان هەیە، بۆ ئەوەی ببێ بە پێشنیار و بخرێتە دەنگدان، ئێمە پێشنیار دەكەین كە ماددەیەك ئیزافە بكرێ، بەدیهێنانی یەكسانی لە نێوان مووچە ودەرماڵەی فەرمانبەران و مووچەخۆران، ئەوانەی لە هەرێمی كوردستان كار دەكەن، لەگەڵ هاوشێوەكانیان لەوانەی كە لە حكومەتی ئیتیحادی كار دەكەن، بەمەرجێك ئەم نەبێتە مایەی كەم بوونەوەی دەرماڵەكانیان، ئەم ماددەیە ساڵی پار لە 2008 ەوە دەنووسرێ، من لە خولی پێشوو 2008 و 2009 و 2010 و 2011 و 2012 نووسراوە، ئەمە جێ بەجێش نەبووە، ئەگەر وەزیر بڵێ جێ بەجێ كراوە، نەخێر ئێستاش كۆمەڵێك چین و توێژ هەیە كە دەرماڵەكانیان هاوتا نیە لەگەڵ مەركەز، وەك وەزارەتی كارەبا، بۆیە تكا دەكەم ڕێگە بە هاوڕێكانیشم بدەی پێشنیار بكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بزانین جەنابی وەزیر ڕەئی چیە لەو مەسەلەیە؟ فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاره ئەم ماددەیە ڕاستە لەملاوئەولا دەڵێن ئەوە جێ بەجێ نەکراوە و ئەوە جێ بەجێ کراوە، ئێمە بە گشتی جێ بەجێ مان کردووە، مەبالغی مەسروف مەوجودە ئێستا ئەوانە هەمووی تەئکید دەکات لەسەر ئەوەی کە جێ بەجێمان کردووە، بەڵام خۆ بتەوێ و نەتەوێ ئەمێنێتەوە بەعزێ مەسائیلی تیا دەمێنێتەوە، هەیە قانونیەن مەشمول نیە و دێت لێرە داوا دەکات، هەیە هەتاوەکو ئێستاکە معامەلەکانیان تەواو نەبووە، بەڵام ئەوانە کەمن، یان هەندێکمان هەیە لە حدودی موحافەزەی هەولێر و دهۆك ماون و ئێستاکە ڕێنماییان بۆ دەرچووە و وا جێ بەجێ دەکرێت، ئێمە ئەو ماددەیەی کە هاتووە لەو ساڵەدا لە ساڵی ئەو میزانیەی کە تیا تەسدیق کراوە مولزەمین بەوەی کە جێ بەجێ ی بکەین لەمەودوا انشاللە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە کەواتە ئە ماددەیە قەبوڵە، بماندەنێ و بیخوێننەوە و تەسویتی لەسەر دەکەین، حکومەت قەبوڵیەتی ماددەکە قسە کردنی بۆ چیە؟ حەسەب ئەو مولاحەزاتانەی کە ئەو داویەتی، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەبیرمان نەچێ ماددەی 5 ماوە یەعنی دەبێ پرۆتۆکۆڵەکان نەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر ماددەی 5، کاکە موهیم ئەوەیە هەموو ماددەکان بخەینە دەنگدانەوە، هەموو ماددەکان ناخەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على حكومة اقيم كوردستان، تحقيق المساوات بين رواتب ومخصصات العاملين فى الاقليم مع رواتب ومخصصات اقرانهم من العاملين فى الحكومة الاتحادية، على ان لا يؤدى ذالك الى انقاص رواتب ومخصصات اى منهم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە من پرسیارەك دەکەم، منیش وەکو ئێوە حەقم هەیە، ئەگەر لێرە موخەسەساتێك هەبوو، لە بەغدا ئەو موخەسەساتە نەبوو، ئەویش ئیزافە دەکەی و ئەویش هەر بمێنێ؟ ئاخر خۆ ئینسان دەبێ بە ویژدانیشەوە قسە بکات بەڕاستی، هەندەك موخەسەسات لێرە هەیە و لە بەغدا نیە، موخەسەساتەکانی بەغدا ئیزافە بکەی ئەو موخەسەساتەی ئێرەش بمێنێ؟ ئاخر شتێك ئیزافە بکەن، بۆ ئەوەی موخەسەساتی ئێرە نەمێنێ، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم حکومەت بە روئیایەکی وازحمان بۆ ئەوەی بتوانین سیاغەکەی دووبارە بنووسینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر بزانین شتی وا هەیە یان نیە؟ تۆ دەڵێی عەلائەساس کەم نەکاتەوە کاکە، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی هەر یەك نەوع موخەسەسات دەبێت لە هەموو شوێنێك دا ناشبێ موخەسەساتێك لێرەش بدرێت ئەوانەی ئێرە کەم نەکرێتەوە، ئەوانەی بەغداش بدرێ، ئەمە بەڕاستی هەتا ئێستا کەوا کراوە ئێمە تەوازونمان پێی کردووە، بەڵام وەڵڵاهی لە ئێستا بەولاوە پێمان ناکرێ ئەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە وەکو یەك بێ و تەئیدی دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە لە کوێ دەبێ دوو موخەسەسات وەربگرێ، نابێ غەڵەتە، د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە تا پێمان بکرێ، لەڕێگای یەکسانی و لەڕێگەی عەدالەتەوە مەسەلەی مووچە و موخەسەسات بەشێوەیەك ڕێك بخەین کە بەشێوەی یاسا و ماف بۆ ئەوانە بەشێوەیەك ڕێك بخات کە کەس غەدری لێ نەکرێ، بەڵام من دەپرسم لە لیژنەی قانونی ئایا ئەگەر بڵێین یەکسانی مانای چی؟ مانای ئەوەیە دەبێ مووچەکەشی یەکسان بێ، دەرماڵەکەشی یەکسان بێ، وایە یان وانیە؟ ئەگەر بڵێین یەکسان بەڕێزان 110 هەزار مامۆستا، هەروەها 60 هەزار فەرمانبەری وەزارەتی تەربیە هەموویان زەرەر دەکەن، دەتانەوێ دەنگی پێ بدەن بەم شێوەیە؟ ئەوە تەنها لە لیژنەکەی من، ئەوەی من ئاگام لێیە، نزیکەی 200 هەزار مامۆستا و مووچە خۆر زیانیان پێ دەگات، ئەی مامۆستا؟، 110 هەزار مامۆستایە، دەتانەوێ غەدریان لێ بکەن؟ دەتانەوێ زیانیان پێ بگەیەنن؟ پرسیارێکی ترم هەیە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، من لە وەزیری دارایی دەپرسم ئایا هەر پەرلەمانی عیراقی موخەسەساتێك بە قانون دەردەکات، بەشی یاسایی هەرێمی کوردستان لەو پارە بۆ ئەو مووچەخۆر و بۆ ئەو فەرمانبەرانەی دەیانگرێتەوە تەواوی پارەکە دەنێرێ یان نا؟ یان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیلتزاماتی مالی تەحەمول دەکات، ئایا دەکرێ هەر لەوێ بڕیارمان بۆ بدەن و ئیلتزاماتە مالیەکە لە بەغدا جێ بەجێ نەکاو بارگرانیەکە لەڕووی داراییەوە بکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان تۆ ساحبی پێشنیارەکەی فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە سالآنی پێشووش هەبووە، تەنها مامۆستا موخەسەساتێكی هەیە، كە بلێین لە ناوەڕاست و باشوور نیە، بە هیچ شێوەیەك نابێ ئەو موخەسەساتەی مامۆستایان كەم بكرێتەوە، بەلآم ناكرێ فەرمانبەرانیش لە هەرێم بە پلە 2 هەژمار بكرێن، لێرە فەرمانبەر مووچەكەی یان دەرماڵەكەی كەمتر بێ، لەبەرئەوەی ئێمە فەرمانبەرمان زیاد دامەزراندووە، فەرمانبەر تاوانی چیە باجی هەڵەی حكومەت بدات، لەبەرئەوە ......... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە ئێمە چۆن عیلاجی ئەوە بكەین كوێستان خان؟ فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بە پێی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، بەلآم ناكرێ چینێك دوو موخەسەسات وەرگرێ و چینێكیش مەغدور بێ، با وا بكەین هیچ لایەكیان مەغدور نەبن و هیچ لایەكیش زیادە وەرنەگرێ، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەلآم ئەمە تەنها مامۆستا موخەسەساتێكی هەیە، بەلآم بەشێوازێكی دیكە مامۆستایان لە كاتی ئیجازە و لە كاتی ئیجازەی ئومومە و ئەوەیا 6 موخەسەساتی 150 زیادەكەی دەدرێتێ كە ئەمەش فەرقی هەیە لەگەڵ مەركەز دا، بۆیە من تەئكید دەكەمەوە لەو ماددەیەی بەو شێوەیە و نابێ مامۆستایانیش زەرەر بكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە حكومەت خۆشی لەسەر ئەو مەبدەئە موتەفقە، بەلآم ئێمە دەبێ زۆر دیقەت بكەین و ئەم داڕشتنەوەیە مەتاتی نەبێ، چونكە مەسەلەی یەكسانی ڕامان دەكێشێ بۆ ئەو بابەتانەی كە برای بەڕێز د.عمر نورەدینی وتی، كۆمەڵێك شەریحە لەوانەیە زەرەرمەند بن، بەلآم من تەئكید دەكەمەوە، لەسەر ئەو بابەتەی كە دەبێ ئیستسنای پلە تایبەتەكان بكرێ لەم بابەتە، چونكە پلە تایبەتەكان لە عیراق زۆر زیاتر لە هەرێمی كوردستان وەردەگرن و ئەمە نەبێتە ئیمتیازێك بە تایبەتیش لە نێوان پەرلەمانی عیراق و پەرلەمانی كوردستان، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە بوو پەرلەمانتار لێرە هەوڵ بدرێ، عەدالەتێك بەدی بێت

ئێمە نەمانتوانیوە ئەوە وەکو پێویست پلە نزمەکان بەرز بکەینەوە، پلە بەرزەکان کەم بکەینەوە، بەڵام ئێستاکە قسە لەسەر ئەوە، یەعنی ئەمە ئەگەر موعالەجەی باش نەکرێ، دواجار تەفسیری قانونی بۆ بکرێ ئیمتیازی پەرلەمانتاری کوردستان و پەرلەمانی عیراقیش وەکو یەك بێ کە لەوانەیە لەوێ موزاعف بێ، بۆیە هەرێم دەبێ تەحدید بکرێ لەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوتان دەنووسین دوای ناونووسین یەك کەسی دیکە قسە ناکات، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك کاردۆ، کاك برهان، د.عمر، کاك کاروان، د.احمد، مامۆستا عمر، کاك خورشید، ناسك خان، کاك حمە سعید، کاك شڤان، کاك دڵشاد، کاك سەرهەنگ، کێی تر؟؟ کاك پێشەوا، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەم دەرماڵانەی کە هەیە، لە هەرێمی کوردستان داو لە بەغدا نیە و لە عیراق نیە، هەر تەنها دەرماڵەی مامۆستایان نیە، دەرماڵەیەکی زۆرە، دەرماڵەی تایبەتی مامۆستایان و وەزارەتەکانی پەروەردە و ئەوقاف و ڕۆشنبیری و کار و تەندروستی بە بڕی 50 هەزار دینار بۆ پلەکانی 5 و 6و بڕی 100 هەزار دینار بۆ پلەکانی 7 و 8 دەرماڵەی مەترسی بۆ گشت فەرمانبەرانی وەزارەتی داد بەڕێژەی 50٪ دەرماڵەی مەترسی بۆ گشت فەرمانبەرانی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی بەبڕی 500 هەزار دینار، دەرماڵەی قوتابیانی کۆلیژ و پەیمانگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەبڕی 60 هەزار دینار بۆ دەرەوە، بڕی 40 هەزار دینار بۆ ناوەوە، دەرماڵەی تایبەت بۆ دەستەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لەڕێژەی نێوان 8٪ بۆ 50٪ بە پێی پلەی وەزیفی پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران 1645 لە 2011/7/4 دەرماڵەی هاوسەرگیری تەبیعی ئەوەیان ناخوێنمەوە حەز ناکەم باسی ئەو شەریحەیە بکەم، دەرماڵەی ئیشکگری بۆ وەزارەتی تەندروستی، دەرماڵەی خواردن بۆ پزیشکەکانی موقیمی دەوری و موقیم ئەقدەم لە نەخۆشخانەکان بە بڕی 350 هەزار دینار، ئەوجار بە نیسبەتی ئەوەی کە باس لەوە دەکەن کە بەغدا دەینێرێ، کە بەغدا تا ئێستا دوو مەبلەغی بۆمان ناردووە، مەبلەغێك هی پەروەردە بووە، هەر زۆر بە کەمی، مەبلەغێکیش بۆ وەزارەتی ناوخۆ بوو، بۆ مەعاشی پۆلیسەکان، ئێمە یەکسەر هەر ئەو ساڵە ئەوەندی ترمان خستە سەری، ئێستا دوو ئەوەندە ئەدەین و ئەوانیش بۆ مان نانێرن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەی پەرلەمانتاران ئاگادارن چەندین ساڵە ئەو دەقە ئێمە لە یاسای بودجە دووبارەی دەکەینەوە، پێشموایە بەڕێز نوێنەرانی حکومەت لێرەن، پار ساڵ لیژنەی داراییش ئاگادارە حکومەت خۆی لیژنەیەکی

دروست کرد، بۆ هاوتاکردنی مووچە، داواشیان کرد لە پەرلەمان، نوێنەرێك ئامادە بکات لە لیژنەی دارایی بۆ هاوتاکردنی، خۆشمان ئاگادارین، بەڕێز وەزیری دارایی سەرەتا زۆر پێی ئیجابیش بوو، پێشی ئاسایی بوو، بەڵام دوای ئەوەی کە تەدەخولات دەکرێت و مەترسیەکان دەخرێنەڕوو کە گوایە ئەمە کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات تەئسیر لە توێژەکانی دیکە دەکات، ئەو دەقەی ساڵان کە وتوومانە ئەوەی کە هەیە و بڵێین سەر مافە و ئیمتیازاتەی کە لێرە هەیە یان دەرماڵەی هەیە، کاریگەری نابێ لەسەر ئەو توێژانە، کاریگەری نەبێ، بەڵام پێویستە هاوتای مووچە بکرێ، هاوتای مووچە زۆر فراوانترە لەوانەی کە دەرماڵەیان هەیە، ئێمە ناڵێین کەم بێتەوە، وەکو ساڵان دووبارە بکرێتەوە، داواش لە وەزیری بەڕێز دەکەم کە نەتائیجی ئەو لیژنەمان بۆ دەربخات چی لێ هات ئەو لیژنەی کە دەیویست هاوتای بکات، ئەوەش بە مەبەستی ئەوە نیە پلە باڵاکان بگرێتەوە، خۆی ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە بۆ چارەسەر کردنی سیستمی مووچە، ئەمە تەنها بۆ فەرمانبەرانە کە پێمان وایە ئەمە لەبەرژەوەندیان دایە و شتێکی گشتیشە لە عیراق دەبێ ڕەچاوی بکات بە پێی یاسا و سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی باسی دوو چینی کرد لە چینی فەرمانبەراندا ناوی هێنان کە مووچەیان هەیە و لە بەغدا زیاترە، یەکەمیان ناوی قوتابی هێنا ئەگەر لیژنەی قوتابی فەرمانبەر نیە، ئێمە باسی فەرمانبەران دەکەین لەو ماددەیە، ئەمە یەکەم، دووەم/ باسی خەڵکی قانونی کرد کە موخەسەساتیان لێرە زیاترە تا بەغدا، نەخێر موحەققینی عەدلی و موعاونی قەزائی لە بەغدا مووچەیان زیاترە تاوەکو ئێرە، بەڕێزیشیان دەزانن قانونیەکانیش موزەکەرەیان داوە بە مەجلسی قەزا و بە حکومەت، باسی ئەوە دەکرێ کە مامۆستا زەرەرمەند دەبێ، باشە ئەم نەسی ماددەیە لە بودجەی 2011 و 2012 یشدا هەبووە، لە 2011 ئێمە داوای ئەوەمان کردووە ئەوەی کەمە لە چاو بەغدا زیاد بکات، داوای ئەوەمان نەکردووە زیادە لە چاو بەغدا کەم بکات، ئێمە داوامان کردووە نەسەکە بەم شێوەیە بنووسرێ، ئەگەر لیژنەی قانونی دیقەت بدات، بەڕێز کاك عونی و کاك عمر، (على ان لايؤدى ذلك الى انقاض رواتب ومخصصات اى منهم، ويستثنى من ذالك المدراء العامون والمشمولين باحكام المادة) لەبەرئەوە ئەگەر ئەو ماددەیە بنووسین ئەوانەی دەرماڵەیان لێرە زیاترە لەچاو بەغدا کەم ناکات دەرماڵەکەیان، ئەوەی کەمە لەچاو بەغدا زیاد دەکات، لەبەرئەوە من نازانم بەڕێزێك هەستاوە و وتی مامۆستا و ئەمانە زەرەری لێ دەکات، نەخێر ئەگەر نەسی ماددەکە وەکو بودجەی 2011 و 2012 بنووسرێ، هیچ عەیبی نیە، ئەو چینانەی مەزلۆمن، ئەوانە ئیستفادە دەکەن و مامۆستا زەرەر ناکات.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر  فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ ڕوون کردنەوەیەك لەسەر ئەوە بدەم کە سەبارەت بە دەرماڵەی بڕدراوە ئەوەی کە پێی دەوترێ (المخصصات المقطوعة) بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە، ڕێك وەکو چۆن لە عیراق جێ بەجێ بووە، بەهەمان شێوە بۆمان مسۆگەر کردوون، بەڕێزان لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەزانن و هەروەها وەزیری دارایی و وەزیری پەروەردە دەزانن چۆن ئێمە کارمان لەسەر ئەوە کرد، هەروەها بۆ ئەوانەی کە مۆڵەتیشیان پێ دەدرێ، چەند جۆر مۆڵەت هەیە، بە هەمان شێوەش بۆ ئەوانمان مسۆگەر کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی مۆڵەتی خوێندنە و مۆڵەتی دایکایەتیە و ئەوەی درێژخایەنە، بە هەمان شێوەش بۆمان مسۆگەر کردوون و ئەمە بۆ بەرچاوی بەڕێزتان کە هیچ جیاوازیەك لەوەدا نیە، خاڵی دووەم و منیش ئەم سەرنجەم هەبوو دەمویست لە شێوەی پرسیار دا بیخەمە ڕوو، ئەویش ئەوەیە حکومەت بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم ماددەیە لە ڕابردوودا لیژنەی پێك نەهێناوە، ئەم ماددەیەی جێ بەجێ نەکردووە، کاروباری لیژنەکە لەوەدا کە هەنگاوی ناوەوە و کاری کردووە، تا ئێستاش بەردەوام نیە و لەڕابردوودا چی کردووە؟ واتە برای بەڕێز کاك کاردۆش ئیشارەتی پێیدا کە لیژنە پێکهێنراوە و حکومەت کاری تێدا کردووە و بەرهەمی هەبووە و ئەی باشە مادام پرۆسەکە بەردەوامە، ئیتر تەبیعیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاروان  فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە حکومەتی عیراقی، بەجۆرێك لە جۆرەکان جۆرە ململانێیەکە لەگەڵ هەرێمی کوردستانی دەکات، لە حاڵەتێك کە بودجە بەڕێ دەکات بۆ هەرێمی کوردستان، دوای بودجەکە هەڵدەستێ بە زیاد کردنی هەندێ دەرماڵە و موخەسەسات بۆ ئیستفزاز کردنی هەرێمی کوردستان یان وروژاندنی شەقامی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە خەڵك دەرهەق بە ئەو هەرێمەی ئێمە بکەوێتە گلەیی و گازاندە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك بەهاوتاکردنی مووچەمان ئەنجام دا ئەگەر بەراورد بکەین عیراق لەگەڵ ئێران، عیراق ئەوەندەی خەریکی مەسائیلی دەرماڵە و موخەسەساتە بۆ موەزەفین، ئەوەندە خەریکی ئیستسمارات و مەشاریع نیە بەڕاستی، دەرکەوت عیراقمان بەرەو وێرانە دەڕوات، ئێرەش وردە وردە ئەو گەشەسەندنە ئابووریە وردە وردە پێوەی دیار دەبێ، بەڵام لە لایەکەی تریش ئەگەر بێێن باسی ئەوە بکەین، لە دوو ساڵی ڕابردوو دا هێزی پێشمەرگەی لێ دەربێنە، مەسەلەن پۆلیس و ئاسایش موچەکانی و دەرماڵەکانی بە هاوتاکرا، ئەو ساڵ خۆشبەختانە هێزی پێشمەرگەش وەبەر ئەو بە یەکسان بوونە کەوت،

دوو چین هەیە پێموایە ئەوانیش ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە، کە فەرمانبەرانی کەم دەرامەتن، وابزانم ئەوەی ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ موتابەعەمان کردووە، ئەو 4 هەزار فەرمانبەرەی مەدەنی لە وەزارەتی ناوخۆ کە کتابی لە وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی وەزیران بۆ کراوە، ئەوە بە هاوتا نەکراوە دەرماڵەکانی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی عیراقی، دائیرەی کارەباش کە بە ڕەئی من چاوخشاندنەوەیەکی دەوێ بە پێی ئەو لیژنەیەیە کە جەنابی وەزیری دارایی باسی کرد، کە لێرە 30٪ بۆ خەرج دەکرێ و لە بەغد 70٪ تا 75٪ ی بۆ سەرف دەکرێ، ئەوەی تر پێموایە حکومەت هەنگاوی ساڵ بەساڵی باشی ناوە، ئێمە بەو تەدەروجە و بەو پێیە هەر ساڵێ بتوانین شتێك بە شتێك بکەین قەناعەتم وایە بە ژیان و گوزەرانی خەڵکیەوە دیارە، یەعنی ئێمە ناکرێ بڵێین هەر هیچ نەکراوە، بەڵام ئەوانەی کە ماون حەقی خۆیەتیان بۆ نەیکەین، ئەوەش ناکرێ ئێمە هەموو شتەکان بخەینە سەر ئەوەی هەرێمی کوردستان و ئاگامان لەوەش نەبێ کە بەغدا صراعێك و ململانێیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، هەموو ساڵێ کە بودجەکە بەڕێ دەکات، پاش بودجە کە سێ، چوار قەراری زیاد کردنی دەرماڵە دەدا و هەوڵی ئەوە دەدات کە بە فەرمانبەران و بە هاووڵاتیان و بە موووچەخۆرانی ئەو هەرێمە بڵێ ئەها لێرە ژیان چۆنە و تا ئەو حەدەش هێشتا لە هەرێمی کوردستان ژیان و گوزەران و ئەمنیەت و خۆشگوزەرانی دە بەرامبەر بە عیراق باشترە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك کاروانیش گوتی دیارە بێ گومان ئەو بڕیارە هەدەفی خۆی پێکاوە لە ساڵانی ڕابردوو کە مووچەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی ناوە بۆ هەموارکردنی مووچە و دەرماڵەکان لەگەڵ هەرێم و لەگەڵ بەغدا دیارە هەمووی کە نەکراوە، بۆیە ئەم بڕیارە پێویستی بە ئیستمراریەت هەیە، ماددەی 40 لە یاسای بودجەی پار دوو فەقەرەی لەخۆ گرتووە، یەکەمیان/ دەڵێ دەرکردنی پەیڕەوێکی یەکگرتوو بۆ دەرماڵەی فەرمانبەران، ئەوانەی لە فەرمانگەکانی هەرێم دا کاردەکەن بە ئامانجی بەدیهێنانی مەوزوعیەت و عەدالەت و یەکسانی، فەقەرەی دووەم دەڵێ بەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان دەرماڵەی فەرمانبەران ئەوانەی لە هەرێم دا کاردەکەن و لەگەڵ هاوشێوەکانیان لەوانەی لە حکومەتی ئیتحادی کاردەکەن، بە مەرجێك ئەمە نەبێتە مایەی کەم بوونەوەی دەرماڵەکانیان، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر ئەو ماددەیە کردبێ لە ساڵانی رابردوو، هەندێکی ئەنجام دابێ، ئەگەر ماددەی تر نەبێ ئیلزامی حکومەت بکات، واتە ئەوانەی کە ماون بێ بەش دەبن لەو هەموارکردنەو یەکسان کردنە، بۆیە پێویستە ئەم ماددەیە دابندرێتەوە و ئێمەش لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دا لە پێشەکیەکەی دا داکۆکیمان لەسەر ئەوە کردووە هەم ئەو پەیڕەوە دەربچێ، پەلە بکرێ لە دەرکردنی ئەم پەیڕەوە، دەرماڵەکانیش هاوتا بکرێن بەڕاستی

ئەوانەی کە ماون بەڕێزان ئاماژەیان بە هەندێکیان کردووە و وەکو موحەققینی عەدلی و وەکو مامۆستایانی ئایینی ئەوانە بەڕاستی پێویستە دەرماڵەکانیان و مووچەکانیان هەموار بکرێت و یەکسان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برا و خوشکانی بەڕێز، وابزانم کەسمان نکۆڵیمان نیە لەسەر مەبدەئی هاوتاکردن کە نزیك ترە لە عەدالەتەوە، بەڵام ئەو تێبینیەی کە کاك د.عمر باسی کرد، تێبینیەکی جدی و واقعیە، یەعنی مەسەلەی مەحروم بوونی مامۆستایان، بەڵام لە عەینی کاتدا ئەوەش خۆ نابێ ببێتە پاساو بۆ مەحروم کردنی، ئێستا من باسی هاوتاکردن دەکەین، باسی تەحقیقی عەدالەت دەکەین، باسی گەڕانەوەی مافی کارمەندان و فەرمانبەرانی کوردستان دەکەین وەکو عیراقی فیدراڵ، لەبەرئەوە مامۆستایان مەحروم دەبن، ئەگەر چارەسەری هەبێ نابێ هاووڵاتیانی تر فەرمانبەرانمان مەحروم بن لەو لێك چوواندنە یان لەو هاوتاکردنە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ماددەکە بەم شێوەیە سیاغە بکرێ و ڕەنگە ئەوەی لیژنەی یاسایی ئەگەر لێم وەربگرن هەر ئەوەی ئەوانە بەس بە شێوەیەك هەموو ئەو تێبینیانەی بەڕێزانیشی تیا تەحقیق دەبێ، ماددەکە دوو بڕگە بێ، یەکەمیان/ هاوتاکردنی مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەرانی هەرێم لەگەڵ فەرمانبەرانی عیراقی فیدراڵ بە مەرجێ لە مووچە و دەرماڵەی ئێستایان کەمتر نەبێتەوە، ئەوە خاڵی یەکەم، دووەم/ ئەم بڕیارە پلە باڵاکانی هەرێمی کوردستان نەگرێتەوە، هەموو داواکانی خۆم بە ڕەئی خۆم تیایا تەسبیت کردووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من حەز دەکەم پرسیارێك بکەم ئایا دەسکەوتی خەڵك لە بودجە تەنها ئەو پارەیە کە وەردەگرێ یان شتی تریش هەیە، ئەگەر بێین بەراوردێك بکەین لە مابەینی بەغدا و ئێرە لەڕووی کارەوە، خەدەمات، ئەمنیەت، یەعنی هەموو ڕەنگ و ڕووی ژیان کە بەغدا ئەوساڵ دەرکەوت بە ئیمتیاز پیسترین عاصمەیە، باشە خەڵکی کوردستان الحمدلله لەڕووی خەدەماتەوە، خەدەماتێکی باشی بۆ بەردەست کراوە، کارەبایەکی باش و ئاوێکی باش و خزمەتگوزاریەکی باش، مستەشفای باش و هەموو شتێك، یەعنی فەرقێکی زۆر گەورە، ئەم فەرقە لەسەر هەمان بودجەیە و عەینی بودجەیە، خۆ دوو بودجەمان نیە، ئەو بودجە یان دەبێ مەعاش زیاد بکەین، یان دەبێت خەدەمات کەم بکەین، کامیان بکەین، من پرسیار دەکەم، ئێوە

دەتانەوێ کارەبا نەمینێت و پارەی خەڵك زیاد بکەین، دەتانەوێ خزمەتگوزاری و ئاو نەبێ و پارە زیاد بکەین، حکومەتی هەرێم دەتوانێ یەکێك لەو شتانە بکات، ڕاستە من لەگەڵ ئەوەم وەڵڵاهی من حەز دەکەم ئێستا هەر فەرمانبەرێك دوو ئەوەندە پارە وەرگرێت، بەڵام وەکو بە عەرەبی دەڵێن (العین بصیرە والاید قصیرە) ئەوەی هەیە، من لە سەفەرێك بووم لەگەڵ وەفدەکی عیراقی کە ئەندامێکی پەرلەمانی عیراقی لە لیستی دەوڵەتی قانون بە منی گوت ئێمە دەتوانین، بە ماوەی مانگێك حکومەتی هەرێمی کوردستان فەشەلی پێ بێنین، گوتم چۆن؟ گوتی ئێمە جورئەت بە خۆمان بدەین مەعاشەکانی بەغدا فی دوو بکەین، ئێوە ناتوانن ئەو پارە بدەن و خەڵك لێتان هەڵدەستێ و حکومەتی ئێوە فەشەل دێنی، ئێمە ئەگەر بە قسەی بەغدا بکەین ڕۆژانە ئەو پارەیە زیاد بکەین و ئەوا ئەو حاڵەتە وابزانم حکومەت ناتوانی ئیدامە بە کارەکان و خزمەتگوزاری بکات ئەوەی کە ئێستا هەیە، لەبەرئەوە دەبێت ئێمە تۆزێك بە ئینساف تەماشای شتەکە بکەین، بە عاقڵانە تەعامول لەگەڵی بکەین، ئەگەر یارمەتی خەڵکیش بدەین و حکومەتیش بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمان):**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو نەسەی کاك عونی و مامۆستا عمر عبدالعزیز دەکەم بەڕاستی ئەوە وەکو هاوکارانم ئیشارەتیان پێیدا، ئەمە دوو ساڵە دەڵێین، ئینجا ئێمە وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان تا ئێستا فەرمانبەرەکان یەکیان لێ نەکراوە، بەشەرتی وەزارەتی کارەبا خۆی موافەقەی کردووە و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش موافەقەی کردووە، کە ئەم فەرمانبەرانە وەکو یەکی لێ بکرێت، هاوکارانم باسی بەعزێ شوێنی تریشیان کرد، ئینجا ئەم فەرمانبەرانە خاسەتەن ئەوانەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەڵێ لە ماوەی 24 سەعاتدا 535 تەنکەر نەوت دەڕوات، بەڵام ئێمە لەو خەتەریاتە دەژین و نابێ راتبەکەمان وەکو بەغدای لێ بێ بەشەرتێ وەزیر خۆی ئیمزای کردووە، ئەم تەڵەبەمان لە مانگی 10 گەیاندووەتە جێگری سەرۆکی حکومەت وتوویەتی لیژنە هەیە بیل فعل وەکو یەکی لێ دەکرێ و ئەوە مانگی 2 و هەتا ئێستا وەکو یەکی لێ نەکراوە، هەتا ئێستاش لایەزال لە دوێنێوە بە مەسەج نامە دەنێرن بۆ من و دەڵێن ئێمە یەعنی بەڕاستی زۆر موستەحەقین بەوەی کە وەکو بەغدای لێ بکرێ، مەعنای نیە لە خەتورەتدا لە پاڵ پاڵاوگەیەك داو لە پاڵ نەوت دا مامەڵە بکات و هەمان خەتورەی بەغدای هەبێ، بەڵام فەرمانبەرەکە وەکو ئەو وەرنەگرێ، لەبەرئەوە من پێموایە ئەو ماددەیە تەنها مامۆستامان هەیە 150 هەزاری زیادەیە، ئەو ژیانەی کە مامۆستا تیایدا دەژی هی ئەوەی زیاتر لەوە، چەندێکتان هێناوە بە بێ ئەوەی مەکتەب زیاد بکەی و بە بێ ئەوەی مەکتەب چاك بکەی و بە بێ دەوام زیاد بکەی و بە بێ ئەوەی تەوزیعاتی مامۆستا زیاد بکەی، هەرچی فشارە لەسەر ئەمە دروست بووە، ئێستا چاومان لەو 150

هەزارەیە بلێین چۆن ئەوەی زیاد بێ و وەکو بەغدای لێ نەکەین، نەخێر وەکو بەغدای لێ بکەین بە بێ ئەوەی ئەوان کەم بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیری دارایی دەڵێ جێ بەجێ مان کردووە، ئەگەر جێ بەجێ یان کردووە، ئیتر ئەشکال و عجز و پارە نیە و پارەمان هەیە، ئێمە لێرە تەئکیدی موئەکەدێك دەکەینەوە دەڵێ جێ بەجێم کردووە، کە جێ بەجێ ی نەکردووە بەو دەلیلەی کە مامۆستایانی ئایینی داوا دەکەن و فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا و فەرمانبەرانی سامانە سروشتیەکان، موحەققی عەدلی هاتن بۆ نووسینگەی پەرلەمانی سلێمانی، جیۆلۆجیەکان هاتن، چەندین چین و توێژی تر هاتن کە نەکراوە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر ئەمە یاسای ساڵی 2010 یە ئێمە لێرە لە ماددەی 24 باسی فەرمانبەرانمان کردووە و باسی خانەنیشینمان کردووە، باسی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و هەموویمان کردووە، ئەوە ماددەی 2011 باسی هەموو فەرمانبەرانمان کردووە لە ماددەی 30 ئەوە یاسای 2012 دیسان ئەویش لە ماددەی 40 مین باسمان کردووە، من پێموایە ئەو دارشتنەی مامۆستا عمر و بەڕێزان باسیان کرد، کێشەکە چارەسەر دەکات، کە ئەو بیانوو و پاساوەی دەهێنرێتەوە نەك هەندێك چین و توێژ زەرەرمەند بن، خۆی ئەوە پاساوە بۆ ئەوەی هەر هاوتاکە نەکەین، ئەگینا ئەوەتا دەڵێ لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەکسانی لە نێوان مووچە و دەرماڵەی کارمەندانی هەرێم لەگەڵ مووچە و دەرماڵەی هاوتاکانیان لە کارمەندانی حکومەتی فیدراڵی وەدی بێنێ، بەمەرجێ ئەمە نەبێتە هۆی کەم کردنەوەی مووچە و دەرماڵەکانی کەسیان، لەمەشدا بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی 26 کە پلە تایبەتەکانی مەبەستە، ئەوانە ناگرێتەوە، کەواتە ئێمە ئەگەر بلێین بە مەرجێك کار نەکاتە سەر کەسیان و پلە تایبەتەکانیش نەگرێتەوە، ماددەکە ئەڕواو تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز ( سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەم وەکو ئەوەی هاوڕێیان باسیان کرد، دوو، سێ ئەسباب هەیە، خۆتان دەزانن مووچە و دەرماڵە و گرانی ژیان گۆڕانی بەسەردا دێت و مووچە لە هەموو دنیا ساڵ بەساڵ تەحدید دەکرێ و لە هەر وڵاتێك دا پێت دەڵێ ئەمساڵ مووچە لەهەر کارێك دا ئیشەکە و دەرەجەی ئەوەندەیە، بۆیە ساڵ بە ساڵ گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە بە بەردەوام دەبێ، ئەم ماددەیە لە پرۆژە یاسا بەردەوام ببێ، چونکە

**ئێستا له‌ به‌غدا قه‌راره‌ مووچه‌ی خانه‌نیشینان به‌رز بكرێته‌وه‌، یه‌عنی ئێستا حكومه‌تی هه‌رێم مولزه‌م نابێ مووچه‌ی خانه‌نیشینان به‌رز بكاته‌وه‌، بۆیه‌ پێموایه‌ ئه‌بێ ئه‌مه‌ به‌ به‌رده‌وام هه‌بێ نه‌وه‌ك بڵێ ئه‌مه‌ ته‌واو بووه‌، چونكه‌ مووچه‌ی فه‌رمانبه‌ران، ده‌رماڵه‌ ساڵ به‌ساڵ به‌پێی پێویستی ژیان گۆڕانی به‌سه‌ردا دێت، له‌ عیراقیش گۆڕانی به‌سه‌ردا دێت، ئه‌و بیانووانه‌ی عیراق به‌ شه‌ری ئێمه‌ ئه‌كات، بیانوویه‌كی زۆر به‌ ڕه‌ئی من چونكه‌ ئه‌وه‌ ڕه‌ئی شه‌خسی خۆمه‌ نامه‌نتقین، چونكه‌ عیراق ئێمه‌ به‌ نیسبه‌تی عیراق له‌ 17٪، یان پێنج ملیۆن له‌ 33 ملیۆن ناچێ به‌ عه‌قڵ، ئه‌م دروست كردنی شته‌ وه‌همیانه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی ئێمه‌ به‌ڕاستی ئه‌مه‌ ناكرێ به‌ بیانوو، ئه‌مه‌ بیانووه‌ ته‌نها، پرسیاری دووه‌مم ئه‌وه‌یه‌، ئه‌و پرۆژانه‌ی ناوی كه‌سم نه‌بردووه‌، ئێوه‌ هه‌ڵئه‌ستن به‌ناوی حكومه‌ته‌وه‌ وه‌ڵامی هه‌ر هه‌موومان ئه‌ده‌نه‌وه‌، ئێمه‌ قسه‌ ناكه‌ین، من ناوی كه‌سم نه‌بردووه‌، ئه‌ڵێم بیانووه‌كان، ئێوه‌ دێن له‌باتی حكومه‌ت هه‌رچی وه‌ڵامی ئێمه‌ ئه‌ده‌نه‌وه‌ ئێمه‌ قسه‌ ناكه‌ین، ناوی كه‌سیشم نه‌بردووه‌، ڕه‌ئی خۆمه‌، ئه‌مه‌ بیانووی نامه‌عقولن، ئه‌و بیانووانه‌شی وه‌زیری دارایی ئه‌یهێنێته‌وه‌، به‌ڕاستی ئێمه‌ باسی موه‌زه‌ف ئه‌كه‌ین، باسی ده‌رماڵه‌كانیان ئه‌كه‌ین، باسی موه‌زه‌فی وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری ئه‌كات، وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری له‌ كوێ له‌هه‌رێمی كوردستان ده‌رماڵه‌ی هه‌یه‌؟، من نازانم، به‌نداوه‌كان كه‌ ڕاپۆرتیان نووسیوه‌ له‌ ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران له‌كوێ لێره‌ بۆتان چاك كردوون؟، بۆیه‌ له‌ ساڵی 2009 له‌هه‌موو پرۆژه‌ یاساكان هاتووه‌، به‌ڕاستی سه‌یریشم لێ دێت ئێمه‌ له‌باتی ئه‌وه‌ی ئه‌ڵێین هه‌رێمێكی باشین، هه‌رێمێكی زۆر پێشكه‌ووتوین، خۆمان به‌ پێشكه‌وتوو تر و جوانتر موقاره‌نه‌ نه‌كه‌ین، هه‌موو ده‌م دێن ئێمه‌ خۆمان به‌ شتی خراپ موقاره‌نه‌ ئه‌كه‌ین، به‌ڕاستی ئه‌وه‌ ده‌لیلی ئه‌وه‌یه‌ ئێمه‌ به‌ شتی زۆر باش خۆمان موقاره‌نه‌ بكه‌ین، به‌ وڵاتی زۆر باش، به‌ ژیانی زۆر باشتر، نه‌وه‌ك بێین ئێمه‌ هه‌موو ڕۆژێ خۆمان به‌ به‌غدا موقاره‌نه‌ بكه‌ین، كه‌ تاوه‌كو ئێستا ئه‌منیه‌تی تیا نیه‌، یه‌ك ئیزافه‌م هه‌یه‌، به‌ ئیستیسنا ماعه‌دا پله‌ تایبه‌تیه‌كان، كه‌ ئه‌بێ نه‌یگرێته‌وه‌ زۆر سوپاس.**

**به‌ڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

**كاك سه‌رهه‌نگ فه‌رموو.**

**به‌ڕێز سه‌رهه‌نگ فرج:**

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان.**

**من پشتیوانی ئه‌و پێشنیازه‌ی مامۆستا عمر و ئه‌و هاوڕێیانه‌ی خۆم ئه‌كه‌م، پێموایه‌ مه‌بده‌ئیه‌ن زۆرینه‌یه‌ك هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ته‌رحه‌كه‌ دایه‌، به‌ڵام ڕه‌نگه‌ ئیشكالیه‌ت هه‌بێ له‌ نه‌وعی ته‌رح كردن، له‌ نه‌وعی ئه‌و میكانیزمانه‌ی كه‌ ته‌رح كراون، به‌گشتی ئێمه‌ ئه‌م مادده‌یه‌ ته‌سبیت بكه‌ین ڕه‌نگه‌ له‌ به‌رژه‌وه‌ندی هه‌موو فه‌رمانبه‌رانی كوردستان بێ، به‌ ته‌نها به‌ڕاستی هه‌ق نیه‌ ئه‌وه‌ی مامۆستایان و وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ بكه‌ین به‌ پاساوێك بۆ نه‌كردنی ئه‌مه‌، چونكه‌ ئێمه‌ له‌ ڕابردوو، وه‌كو براده‌ره‌كان باسیان كرد، له‌ ساڵانی ڕابردوو ئێمه‌ ئه‌م مادده‌یه‌مان ته‌سبیت كردووه‌، نه‌تیجه‌شی هه‌بووه‌، به‌ده‌لیلی ئه‌وه‌ی كه‌ هه‌ندێك زیاد كراوه‌، براده‌ره‌كانیش ته‌ئكیدیان كرده‌وه‌ كه‌ هه‌ندێكیان ماوه‌، ئه‌م ته‌ئكید كردنه‌وه‌یه‌ به‌ بڕوای من شتێكی خراپ**

نیە، لەگەڵ تەئکید کردنەوەم لەوەی کە ئەمە پلە تایبەتەکان ناگرێتەوە، بەهیچ شێوەیەك، مومکین نیە جێگەی پلە تایبەتەکانی تیا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، سوئالەك لەهەموو لایەك دەکەم، نەوەك لە جەنابی ڕەئیسی پەرلەمان، ئایا هەرێمی کوردستان لە 17٪ میزانیەی زیاتری هەیە لە عیراق بۆ کوردستان بێت؟، 10,4 دەمێنێتەوە، لە هەمان کاتدا پرسیارێکی تر لە جەنابی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، ئەگەر هاتو ئیفتیرازەن ئەوەی کاك خورشید باسی کرد، عیراق سبەینێ بڕیارەکی خۆی دا چوار بەرامبەری ڕاتب و موخەسەساتی خۆی، دەستی خۆش بێ، ئەمە ئەوە بۆ ڕووخانی ئەم تەجروبەیە و ئەم حکومەتەیە، ئەم هەرێمەیە، بۆیە ئەوەی کەباس لە عەدالەت دەکرێت قسەیەکی زۆر خۆشە، زۆر وەکو دەڵێن سەرنج ڕاکێشە و عاتفیە، بەڵام دەبێ مەنتقیش بێ لە هەمان کاتدا، ئەوەی بگەینە ئەو نەتیجەیەی کە هەمووومان تێدەکۆشین بۆی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەنیم هەقیقەتەن، خسوسیەتی هەرێمی کوردستان لەدەست بدەین لە پێناو بەعزێك شتی عاتفی، قەت غەدر لە موەزەفین نەکرێ، من تەمەننا دەکەم موەزەفینی کوردستان دە بەرامبەر موەزەفینی ئەمریکای هەبێ، بەڵام بەپێی ئەو توانایەی کە هەرێم هەیەتی دەبێ تەعامولی لەگەڵدا بکات، ئێمە مولزەم نین هەموو قانونێکی عیراق لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکەین، ماعەدا یاسا سەروەریەکان نەبن، دەلیلیش بۆ ئەوە هەموو یاسایەك کە دەردەچێ لێرە نەفازی دەبێت، لەپاش تەعدیلێك ئەگەر پێویست کرا، بۆیە ئێمە مولزەم نین، دەبێ خسوسیەتی خۆمان بپارێزین، ئەم خسوسیەتەش ئەرکی پەرلەمانە، پێش هەموو کەسێك داکۆکی لەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بەهەموو چین و توێژەکانیانەوە ئەوەندە پولەکی و پارەپەرست و چاو چنۆك نین، لە پێناوی پارە هەستن حکومەتەکەی خۆیان بڕووخێنن، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە لەدوای 1991 وە ئەم تەجروبەیە بە چەندین ئەزموونندا تێپەڕیوە، هەر مووچە خۆرانی ئەم هەرێمە بوون لەمامۆستایان، لە چین و توێژەکانی تر کەبەبێ مووچە بەردەوام بوون لەکارەکانی خۆیان، پشتیوانی حکومەتەکەی خۆیان بوون، بۆیە من بۆ ئەوەی ئەم ماددەیە تەنها وشە نەبێ لەسە وەرەقە وەکو ساڵانی ڕابردوو، پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و بریکاری وەزیری دارایی دەکەم، بەو پێیەی

كه ئەوان نزیكترین كەسن، ئاگاداری ئەوەن، ئێوە پار وەكو حكومەت بە ڕەسمی ڕاتان گەیاند كە لیژنەیەكتان پێك هێناوە بۆ ئەوەی كار لەسەر ئەم مادده قانونیە بكات، بە ڕەسمی ڕاتان گەیاندووە لە ڕاگەیاندنەكان، پێم بڵێن ئەم لیژنەیە لەكوێ پێك هاتوە؟، كارەكانتان چی بووە؟، دواین هەنگاو نەتیجەی لیژنەكە چیە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پێشنیارەم، تەبعەن ساڵانە بودجە دێتە هەرێمی كوردستان، بودجەیەكی كەمیش نیە، بودجەیەكی باشە دێتە هەرێمی كوردستان، ئەو بودجەیەی دێتە هەرێمی كوردستان، ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەو بودجەیەی لە ئاوەدانكردنەوە، لە خۆش گوزەرانی، لە چاك كردنی جادەو بان، لە دروست كردنی نەخۆشخانەو شتی وا، ئەی ئەو بودجەیەی چ لێبكات، بینێرتەوە بەغدا یان بیخاتە خەزێنە، نابێ سەرفی بكات، مافی هاووڵاتیان نیە، دەبێ سەرفی بكات ئەو بودجەیە، هەق نیە منەت لەسەر هاووڵاتیان بكەی، چونكە ئەوە بەشی هاووڵاتیانە، ماڵی میللەتە هەر تاكێك لەهەرێمی كوردستان دەژێ مافی خۆیەتی ژیانەكی خۆش بژی، ڕاستە هەرێمی كوردستان ئارامە لەچاو بەغدا، لە چاو شوێنانی تر، با ئێمەش هەرێمی كوردستانیش بەراورد بكەینەوە لەگەڵ وڵاتانی پێشكەوتوو، خۆ عەیبی تێدانیە، ئیلا دەبێ لەگەڵ وڵاتان و دەوروبەرمان كە دواكەتوونە بەراوردی بكەین، بەنیسبەت درێژەی پێنادەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پشتیوانی لە هاوكارانم دەكەم، ئەگەر هاوتا بكرێ، بەڕێز وەزیری دارایی دەڵێت هاوتامان كردووە، ئەگەر هاوتای كردبێ و لەپارەوە دەست بەكاربووبن لە هاوتا كردنی مووچەی فەرمانبەران، واتە لەوانەیە فەرمانبەرێكی زۆر كەم مابێ، لەوانە فەرمانبەرانی وەزارەتی سامانی سروشتی، وەزارەتی كارەبا، عەفو یەك خاڵی دیكەشم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە هەق نیە بەهیچ شێوەیەك خۆمان لەگەڵ حكومەتی عیراق بەراورد بكەین، بەتایبەتی لە ڕووی بودجە، لە ڕووی مادده، چونكە هەمووومان دەزانین حكومەتی عیراق چەندین بەرامبەری ئێمە پارەی لەژێر دەستە، جیا لەوەش حكومەتی عیراق ئەو پارە ئیزافەكانی نەوت كە وەری دەگرێ، ناداتە ئێمە، سەرەڕای ئەمانەش حكومەتی عیراق نەوتی قاچاغ زۆر دەفرۆشێ كە ئێمە هەر ئاگامان لێی نیە، دوای ئەوە زروفی حكومەتی عیراق لە ڕووی ئەمنیەوە زۆر خراپە، ناتوانێ هیچ پرۆژەیەكی

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (49)**

**هەینی رێكەوتی 15\2\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (49)

## هەینی ڕێکەوتی 2013/2/15

کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2013/2/15 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (49)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (49)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2013/2/15 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2013.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (49)، ڕۆژی دانیشتن 2013/2/15، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا، بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (49)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی هەینی ڕێکەوت 2013/2/15 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پڕۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2013.

بەخێر هاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین بەخێر بێن، داوا لە لیژنەی هاوبەش، لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان.

دیارە دوێنێ دانیشتنەکانمان دواخست بۆ ئەمڕۆ، چونکە کۆمەڵێك موشتەرەکات هەبوو لەنێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ئەمڕۆ بەیانیش هەر لەبەر ئەوە دانەنیشتین، دیارە گەیشتوونەتە نەتیجەیەکی باش و، ئێمە پڕ بەدڵ دەستخۆشیتان لێ دەکەین، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی میللەتەکەمانە، بۆیە ئێستا

ڕێگا دەدەین بە لیژنەی هاوبەش، بۆ ئەوەی دەقی ئەو کۆنووسە هاوبەشەی لەسەری ڕێککەوتوون بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کۆنووسی کۆبوونەوە**

ئەمڕۆ ڕێکەوتی 2013/2/15 کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان سازدرا بە مەبەستی پێداچوونەوە لەسەر پێشنیارەکانی ماددەی (5) پێنجەمی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013، پاش گفتوگۆ گەیشتین بەوەی ماددەیەکی یاسایی زیاد بکرێت بۆ ئەم خەرجی و تەرخانکراوانەی لای خوارەوەو بەم شێوەیە:

ئەم گوژمە پارانەی خوارەوە لە تەرخانکراوی (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەن و دەزگای ئاسایش، یەدەگی دارایی و وەزارەتی دارایی و ئابووری) دەبڕێت:

1- زیاد کردنی بڕی (40) چل ملیار دینار بۆ سەر تەرخانکراوی وەزارەتی پێشمەرگە بە مەبەستی پێدانی بەخشینێك بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە مووچەکانیان لە (600) شەش سەد هەزار دینار کەمترە.

2- قەرەبوو کردنەوەو هاوتاکردنی مووچەو دەرماڵەی هێزەکانی پێشمەرگە وەکو هاوتاکانیان لە هێزەکانی سەربازی لە عێراقی فیدراڵ پاش وەرگرتنەوەی هەموو مافە داراییەکانی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی بودجەی گشتی عێراق، بەپێی یاسا.

3- زیاد کردنی بڕی (10) دە ملیار دینار بۆ تەرخانکراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ کەسوکاری شەهیدان.

4- تەرخانکردنی بڕی (20) بیست ملیار دینار بۆ تەرخانکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (14)ی ساڵی 2012 تایبەت بە ناساندنی شاری سلێمانی بە پایتەختی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان.

5- زیاد کردنی بڕی (5) پێنج ملیار دینار بۆ سەر تەرخانکراوەکانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ هاوکاری ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە ڕێژەی کەمئەندامیان لە (49٪) زیاترە.

6- پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم مووچەو دەرماڵەی کارمەندان و خانەنشینان لە هەرێم هاوتا بکات بە مووچەو دەرماڵەی هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵی عێراق، بەپێی یاسا بە مەرجێك نەبێتە کەمبوونەوەی مووچەو دەرماڵەی کارمەندان و خانەنشینان بەدەر لەوانەی ماددەی (30) سی ئەم یاسایە ناویان هاتووە.

7- تەرخانکردنی بڕی (10) دە ملیار دینار بۆ سندووقی شێرپەنجە لە هەرێم ژمارە (11) ساڵی 2012.

8- زیاد کردنی بڕی (3) سێ ملیار دینار بۆ تەرخانکراوەکانی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان.

9- زیاد کردنی بڕی (5) پێنج ملیار دینار بۆ تەرخانکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی زیانیان لێکەوتووە.

10- زیاد کردنی بڕی (3) سێ ملیار دینار بۆ تەرخانکراوی دەستەی پاراستنی ژینگەو ئەنجومەنی باڵای خانمان بەم شێوەیە:

- بڕی (2) ملیار دینار بۆ دەستەی پاراستنی ژینگە.

- بڕی (1) یەك ملیار دینار بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان.

11- پاڵپشتی دارایی بانکەکان بۆ دوانەکەوتنی مووچەی فەرمانبەرو خانەنشینان.

12- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ژمارە ( ) ساڵی () پێشکەش بکات بە پەرلەمان، بەجۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ تێکۆشانی ئەوان.

13- زیاد کردنی بڕی (10) دە ملیار دینار بۆ تەرخانکراوی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال بۆ پاڵپشتی مووچەی کەسوکاری ئەو شەهیدانەی مووچەیان لە (600) شەش سەد هەزار دینار کەمترە.

14- لەسەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە یاساکانی (ئەنجومەنی راژە، دیوانی چاودێری، دەستەی نەزاهە) لە ماوەی خولی گرێدانی دووەم ساڵی 2013 بچێتە بواری جێ بەجێ کردن.

15- پێدانی دەرماڵەی شیاو بە مامۆستایانی ئاینی (پێش نوێژ، وتارخوێن).

16- پێویستە حکومەت بە بڕیارو رێنماییەکانی تۆڕی کۆمەلاّیەتی و بیمەی بێ کاریدا بچێتەوە لەپێناو کەمکردنەوەی رێژەی بێکاری و هەژاری.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە پاڵ ئەم بڕیارە، پێشنیارێکیشمان هەیە، تەوصیەکیشمان هەیە، ئەویش بریتیە لە

(حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەك تەرخان دەکات بۆ مەبەستی زیاتر گەشە پێدانی ژێرخانی گەشتیاری پارێزگای هەولێر بۆ ئامادەکاری وەك پایتەختی گەشتیاری ساڵی 2014).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو صیغەیەی کە خوێندرایەوە، ئەمە ئیتیفاقی هەموو فراکسیۆنەکانە، ئەمە خۆی هەمووی دواتر لیژنەی یاسایی، هەموو پێکهاتەکان تەنزیم و تەبویب بەپێی یاساکەو بەپێی تەسەلسول دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، دەستتان خۆش بێت و پیرۆزباییتان لێ دەکەین هەربژین، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والثلاثون:

على وزير المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزير التخطيط إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، ولتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز (15) خمسة عشرة يوماً من تاريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمانە ماددەی پرۆتۆکۆلین، پێویستی بە شتێکی ئەوتۆ نییە، شلێر خان ماددەی پرۆتۆکۆلین، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باسی یەکخستنی دەرماڵەو ئەو شتانەی کە بۆ فەرمانبەرانە کرا، بەلاّم وەزارەتی دارایی و ئابووری لەم ماددەیە دەڵێت دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، بەلاّم ئەوەی تێبینی کراوە لەم چەند ساڵە بەتایبەتی لە ساڵی 2012 من راپۆرتەکەشم دا بە هەردوو بەڕێزان لەکاتی کۆبوونەوەدا، بەڕاستی ئەو شتانەی کە لە ناوەند دەکرێت لە دەستەلاّتەکانی وەزیری پلاندانان، لێرە بە هیچ شێوەیەك حیسابی بۆ نەکراوە، کە زۆر تەئسیری کردۆتە سەر بەرەو پێش چوونی پرۆژەکان، ئەگەر وەزیری بەڕێز پێی باشە من ئەو سەرنجانەی کە بەڕاستی زۆر غەدر لە بەرەو پێش چوونی پرۆژەکان دەکات، دەبێت لەم ماددەیە باس بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری پلاندانان ئەو رێنماییە دەربچێت وەکو لە ناوەند دەرچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە شلێر خان دەکەم، من ئیزافەیەکم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بودجە هاتە کۆتایی دەستتان خۆش بێت، لەو ماددەیە دەڵێت (على وزير المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزير التخطيط إصدار التعليمات) تەبعەن ئەو تەعلیماتانە دەردێت بۆ ئەوەی سیاسەی مالی ئەو قانونە رەچاو بکرێت زۆر زۆر باشە، بەلاّم ئەو رۆژە مونازەرە هەبوو لەسەر میزانیەی عێراق بە عام و لەسەر میزانیەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئەو مونازەرەیە لە لەندەن بوو مەرکەزی ئیقتیصادی ئیصلاّحی ئیقتیصادی کە دکتۆر کەمال بەسیر لەسەر میزانیەی عێراق گوتی میزانیەی عێراق وا وەسف دەکرێت (قانون التقيد بالسياسات والتوقيتات) کەوا دەڵێت گوتی بە من باشە، بۆ ئەوەی هاوولاّتی عێراقی لەسەر ئەو بودجەیە دەبێت وەزارەتی مالیە کوڕاسەیەك دابنێت پێی دەڵێن (موازنة المواطن) لە موازەنەی هاوولاّتی بۆی روون دەکاتەوە چی بە بەر کەوتووەو چۆن مەعاشی زیاد کردووەو چ لەسەر کارەبا سەرف دەکرێت، چ لەسەر ئاو سەرف دەکرێت، چەند نەوتی بەردەکەوێت، پارەی نەوتەکە چیە؟ تەبعەن نا بەو تەفاسیلەی کە لێی سەرف

دەكرێت لە كارەباو ئەو بەرمیلە نەوتەی دراییتێ و، ئەو كوڕاسەی هاوولاَتیە وا دەكات ئەو میزانیەیە هاوسەنگیەكی بێتەوە، چونكە ئەو میزانیەیە كە بەخۆی لە خۆیدا ئیقتیصادی دایان نەناوە، لەسەر بنەمایەكی ئیقتیصادی دانراوە، بۆیە زۆر پرسیار لەخۆی دەگرێت، پێشنیار لەخۆ دەگرێت، تەمەنیات لەخۆ دەگرێت، بار قورسیشی لەسەر دەگرێت، بۆ ئەوەی هاوولاَتی عادی، هاوولاَتی دەوڵەمەندو فەقیر لە هەموو بوارەكانی ژیان ئەگەر ئەو كوڕاسەیەی هەبێت و وەزارەتی دارایی پێیان بكرێت، هاوولاَتی پێش چاوی روون دەبێت و بودجەكەش بە شەفافتر دێتە پێش چاوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە پێشنیارەكەی شلێر خان و ئاهەنگ خان دەكەم، داواكارم لیژنەی هاوبەش صیغەیەكی بۆ بدۆزنەوەو بیخەنە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر تێبینیت؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەتاكو ئێستا هەرچ رێنماییەك دەرچوو بێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی پلاندانان و دائیرەی پلاندانان و موتابەعە لە ئەنجومەنی وەزیران و پاشان ناردوومانە بۆ مەجلیسی شورا، بۆ ئەوەی موتابق بێت لەگەڵ قانون، بەو شێوەیە دەرچووە، هەموو شتێكمان لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانـدا بە تەنسیق كردووەو هەر شتێكیش باش بێت وەزارەتی پلاندانان بەباشی ببینێت، ئێمە ئەوە جێ بەجێ دەكەین و، لە هیچ وەختێكدا خلاف نەبووە لەنێوان ئێمەو وەزارەتی پلاندانان لە جێ بەجێ كردنی پرۆژەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی دوا صیاغەتان تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والثلاثون:

على وزير المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزير التخطيط إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون، ولتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز (15) خمسة عشرة يوماً من تاريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.